maharaja /ˌmɑ:hə'rɑ:dʒə/ *noun,* also maharajah, *pl.* maharajas or maharajahs
(مێژوویی) مەهاراجە، گـەورەڕاجا (شـازادەی هیندی) ۞ مهاراجه

maharani /ˌmɑ:hə'rɑ:ni/ *noun,* also maharanee, *pl.* maharanis or maharanees
مەهارانی، مێرژن، ژنی مەهاراجە ۞ مهارانی

maharishi /ˌmɑ:hə'rɪʃi, US -'ri:-/ *noun,* also Maharishi, *pl.* maharishis
مەهاریشی، گەورەریشی، پیاوی ژیری هیندی ۞ مهاریشی

mahatma /mə'hætmə, US -'hɑ:t-/ *noun*
1 (سـەرنێو) مـەهاتما (بنـەڕەت: سانـسكریتی: *mahā* "گەورە" + *ātman* "رۆح یان گیان") 2 (لـە هێندێ شـێوەی theosophyدا) كەسـێ لـە هیند یـان تیبـەت (تەبەت) كـە پێدەچێ هێزی سـەرووسروشتی هەبێ ۞ مهاتما

Mahayana /ˌmɑ:(h)ə'jɑ:nə, US ˌməhɑ:-/ *noun, also* also Mahayana Buddhism
ماهایانا، بـودایيزمی ماهایانـا، رەورەوە یـان چـەرخی بچـوک: یـەكێ لـە دوو نـەریت یـان رێبـازی مـەزنی بـودایيزم (ئـەوی تریـان Theravada یـان Hinayana، یـان لقێكـی ئازادیخواز و خودایاوەرانە)، ب.ت. لە چین، ژاپۆن، كۆریا و تیبەت (بەكاردێنرێ)، باوەڕی بە گەرانی هاوبەش بە دوای رزگاری salvation دایـە، بڕوانـە Theravada یـان Hinayana، بنـەڕەت: لـە سانـسكریتەوە: *mahā* "گـەورە" + *yāna* "دەزگا، وەسیلە") ۞ ماهایانا

Mahayanist *noun, adjective*
ماهایانیست، ماهایاناباوەڕ(ی‌انە؛ Mahayanistic *adj*: ماهایانیستی، ماهایاناباوەڕانە، ماهایاناباوەڕی‌یانە) ۞ ماهایانیست، ماهایانیستی

Mahdi /ˈmɑːdi/ *noun, pl.* Mahdis
1 (لە باوەڕی باوی مسوڵمانان‌دا) مەهدی، ڕیبەری ئایینی کە بەرلە کۆتایی جیهان بەسەر دنیادا دەسەڵات دەگێڕێ (یان فەرمانڕانی دەکا) و دین و داد دەبووژێنێتەوە 2 (لە باوەڕی شیعەدا) ئیمامی دوازدەیەم ۞ مهدی

Mahdism *noun*
مەهدی‌باوەڕی (*n* :Mahdist *n, adj* مەهدی‌باوەڕ *adj* مەهدی‌باوەڕی‌یانە، سەربە مەهدی‌باوەڕی) ۞ مهدی‌گرایی

Mahican /ˈmahɪk(ə)n/ *adjective, noun, also* Mohican
adj سەربە ماهیکانەکان یان زمانیان *n* ماهیکان، مەهیکان: ئەندامی گەلی سوورپێستی ئەمریکا کە جاران دانیشتووی دۆڵ و دەرەی هودسۆنی سەروو Upper Hudson بوون، زمانی تیاچووی ئالگۆنکوییەن Algonquianی ئەو گەلە (بنەڕەت: دەڵێن بە واتای "گورگ"ـە) ۞ ماهیکان

mahimahi /ˈmɑːhɪˌmɑːhi/ = dorado (Hawaiian term)

mahjong /mɑːˈdʒɒŋ, US -ˈʒɑːŋ/ *noun,* also mahjongg
ماهجونگ: جۆرێ کایەی چینی، نێوان 4 کەس، بە 136 یان 144 کاشی لاکێشەیی ۞ ماهجونگ

mahlstick /ˈmɔːlstɪk/ = maulstick

mahogany /məˈhɒɡəni, US -ˈhɑːɡ-/ *noun, adjective*
n 1 دار یان درەختی ماهوون [*Swietenia mahagoni* (ئەمریکای گەرمێنان) و جۆرەکانی تر] 2 داری سەختی قاوەیی سوورباوی ماهوون 3 ڕەنگی قاوەیی مەیلەو سوور *adj* مسی، قاوەیی ئاماڵ سوور ۞ *n* 1 درخت ماهون 2 چوب ماهون 3 رنگ قهوه‌ای مایل به قرمز *adj* مسی

mahonia /məˈhəʊnɪə/ *noun*
ماهونیا: دەوەنێکی هەمیشەسەوز evergreen shrub، خێزان barberry، کە هێشووە گوڵی زەردی بۆن‌خۆشی ورد دەگرێ [تۆخم *Mahonia*] (بنەڕەت: لە ناوی ڕووەکناسی ئەمریکایی Bernard Mc*Mahon*، دەوروبەری 1775–1816) ۞ ماهونیا

mahout /məˈhaʊt/ *noun*
فیلەوان (بنەڕەت: لە *mahāvat* ی هیندی‌یەوە) ۞ فیل‌بان

Mahratta = variant spelling of Maratha
Mahratti = variant spelling of Marathi

mahseer /ˈmɑːsɪə/ *noun*
شاکەپوور، گاکەپوور، کەپوورەزلە، جۆری carpی گەورەی باکووری هیند و ناوچەی هیمالایا [تۆخم *Tor*: چەندین جۆرن] (بنەڕەت: لە *śaphara* + *mahā* ("carp") ۞ کپور بزرگ

mahua /ˈmʌhʊə/ *noun,* also mahwa /ˈməʊwə/
1 جۆرێ داری هیندی کە گوڵە گۆشتنەکەی دەخورێ و دەنکی پڕڕۆنی هەیە [*Madhuca latifolia*] 2 خواردنەوەیێکی ئەلکولی کە لە شیلەی گوڵی پرشیلەی ئەو دارە دەگیرێ (بنەڕەت: لە *madhūka* سانسکریتەوە، لە *madhu* "شیرین") ۞ مهوا

ma huang *noun*
یەکێ لە چەندین جۆری ephedraی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ب.ت. *Ephedra sinica*)، ئێفێدرین ephedrine دەگرێ ۞ نوعی گیاه

maid /meɪd/ *noun*
1 کلفەت، کارەکەر، سەرەوش، خزمەتکار، قەرەواش 2 (کۆن، وێژەیی) کچ، کەنیشک یان ژنی لاو ۞ 1 کلفت 2 دوشیزه یا زن جوان

maidan /mʌɪˈdɑːn/ *noun*
گۆڕەپان، مەیدان (بنەڕەت: لە *maidān* ئوردوو و فارسی‌یەوە، لە *maydān* ی عەرەبی‌یەوە، ویدەچێ بنەڕەتەکەی ئێرانی بێ) ۞ میدان

maiden /ˈmeɪdn/ *noun, adjective*
1 کچ، کەنیشک 2 دەس‌لێنەدراو، لاکۆمۆر، مۆر، تازە، بەکارنەهێنراو، سەربەمۆر، دەق‌نەشکاو 3 یەکەمین، هەوەڵین 4 بێ‌مێرد، شوونەکردوو ۞ 1 دوشیزه 2 بکر 3 اولین 4 مجرد

maidenhair /ˈmeɪdnheə(r), US -her/ *noun,* also maidenhair fern
(ڕووەکناسی) سیاوپوور، سیاوەش، چەمەسیاولە، خاڵەڕەشە، قەیتەران، پارەزە، پەلی سیاوشان [*Adiantum capillus-veneris* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ۞ پر سیاوشان

maidenhair tree *noun*
داری سیاوپوور، ginkgo، گەڵاکانی شێوەی (هی) maidenhair fern دەدا ۞ درخت پر سیاوشان

maidenhead /ˈmeɪdnhed/ *noun*
1 کچێنی، کەنیشکێتی 2 پەردەی کچێنی ۞ 1 بکارت 2 پردەی بکارت

maidenhood /ˈmeɪdnhʊd/ *noun*
1 کچێتی، کچێنی، کەنیشکی 2 سەردەمی کچێتی یان کچێنی، سەروبەندی کەنیشکی ۞ 1 دوشیزگی 2 دوران دوشیزگی

maidenlike /ˈmeɪdnlaɪk/ *adjective*
کچانە، کەنیشکانە ۞ دوشیزەوار، دخترانه

maidenly /ˈmeɪdnli/ *adjective*
1 کچانە، کەنیشکانە 2 بەحەیا، بەشەرم (ب.ت. لە ڕابردوودا) ۞ 1 دوشیزەوار، دخترانه 2 محجوب

maiden name *noun*
ناوی کچ، پاشناوی ژن بەر لە شووکردن،

دوانیوی باوکی ○ نام خانوادگی پدری

maiden speech *noun*

یەکەمین وتاردان (لە پەرلەمان) ○ اولین سخنرانی، نخستین نطق

maiden voyage *noun*

یەکەمین گەڕان یان سەفەر ○ اولین سفر

Maid Marian *noun*

یەکێ لە هاوڕێیانی رابین هود Robin Hood ○ مایْد مارین

maid of honour *noun*

1 شاژنیار، لەگەڵبووک 2 برازاوا 3 (لە بریتانیا) جۆرێ شیرینی یان کەیکی چکۆلەی پەنیردار ○ 1 ندیمە 2 ساقدوش 3 نوعی کیک

maidservant /'meɪdsɜːvənt, US -sɜːrv-/ *noun*

کارەکەر، بەردەست، سەرڕەش، کەلفەت، قەرەواش ○ کلفت

maieutic /meɪ'juːtɪk/ *adjective, noun*

adj سەربە یان ئاماژە بە شێوەی لێکۆڵینەوەی (یان پرسیار و وەڵام) سۆکراتی کە مەبەستی گەیشتن بە دوایین بیر و هزری کەسێ بوو *n* (maieutics) ئەو شێوازە ○ میوتیک

mail[1] /meɪl/ *noun*

1 پۆست 2 نامە، بەستە یان بوخچەی پۆستی ○ 1 پست 2 محموله یا مراسلات پستی

mail[2] /meɪl/ *noun*

1 (مێژوویی) زرێ 2 (گیانەوەرناسی) لەپکە، قاپیلک یان پوولەکەی پارێزەری هێندێ گیانەوەر، زرێ (*adj* :mailed زرێپۆش، زرێمەند؛ بنەڕەت: لە *maille* فەرەنسیی کۆن، لە *macula* لاتین "mesh یان spot") ○ زره

mailbag /'meɪlbæg/ *noun*

توورەکە یان جانتای نامەبەر، جانتای پۆستی، کیف یان کیسەی نامەبەر یان پۆستی ○ کیف پستچی، کیسەی پستی

mail bomb *noun*

بۆمبی نامەیی یان پۆستی ○ بمب پستی

mailbox /'meɪlbɒks, US -bɑːks/ *noun*

سنووقی نامە یان پۆست ○ صندوق پست

mail car *noun*

واگۆنی پۆستی ○ واگن پستی

mail carrier *noun*, also letter carrier

نامەبەر ○ پستچی

mail cart *noun*

عەرەبانەی پۆست یان چەپەری ○ گاری پست

mail coach /'meɪl kəʊtʃ/ *noun*

عەرەبانەی پۆست یان چەپەری ○ دلیجان پست

mailer /'meɪlə(r)/ *noun*

1 نامەنێر، بەستەنێر، پۆستەنێر، پۆستکەر 2 بوخچە، بەرگەنامە یان قوتو (بۆ ناردنی شتومەکی چکۆلانە بە ڕێگای پۆستەوە) ○ 1 پاکت یا جعبه 2 پوست‌کننده

mailing /'meɪlɪŋ/ *noun*

ناردن یان بەڕێکردن بە ڕێگای پۆستەوە ○ ارسال توسط پست

mailing-card *noun*

کارتی پۆستاڵ ○ کارت پستال

mailing list *noun*

لیستەی پۆستی ○ فهرست پستی

maillot /mʌɪ'jəʊ/ *noun, pl.* pronounced same

(فەرەنسی) 1 بەرگی تەنگی سەماباز و ژیمناستیککاران 2 مایۆی یەکتیکەی تەنگی ژنان ○ مایلوت

mailman /'meɪlmæn/ *noun, pl.* mailmen

نامەبەر، چەپەر، تەتەر ○ پستچی

mail order *noun*

سیستمی کڕین و فرۆشتن بە ڕێگای پۆستەوە، راسپاردنی پۆستی ○ سیستم خرید و فروش توسط پست

mailshot /'meɪlʃɒt, US -ʃɑːt/ *noun*

1 ئاگاداری پۆستی، بڵاوکردنەوەی ئاگاداری پۆستی 2 ناردنی ئاگاداری پۆستی ○ 1 آگهی پستی 2 ارسال آگهی پستی

mail slot = letterbox

maimed *adjective*

مجرۆ، نوقسان، سەقەت، جۆنگ، پەککەوتوو ○ معلول، ناقص‌عضو

main[1] /meɪn/ *adjective, noun*

adj سەرەکی، گەورە، بنگەهی، بنەڕەتی، گرنگترین، هەرەگرنگ، تەواو، :sheer *the main force* ◊ *main idea* ◊ *by main strength* ◊ *Be careful crossing the main road* ◊ *a leaking gas main* :شالوولە، شابۆری *n* 1 2 شاکابڵ، شاوایەر، کابلی سەرەکی 3 لوولەی ئاوەڕۆ 4 (کۆن، the main) ئۆقیانووسی ئازاد 5 (mains) کارەبا، ئێلیکتریسیتە، (ئاو، کارەبا و گاز) هێڵی سەرەکی، سەرچاوەی ئاو، کارەبا و گاز: *The electricity supply has been cut off at the mains* 6 (دەریاوانی) کورتەی :in the main) mainmast و mainsail بە زۆری، بە گشتی) ○ *adj* عمده، اصلی، مهم‌ترین *n* 1 شاه‌لوله 2 کابل اصلی 3 لولەی فاضلاب 4 دریای محیط 5 (در جمع) برق، جریان اصلی

main[2] /meɪn/ *noun*

(کۆن) شەڕ و پێشبڕکێی نێوان کەڵەبابەکان، شەڕەکەڵەشێر ○ مین، ماین

main beam *noun*

کاریتە، نیرگە ○ تیر اصلی

main clause *noun*

(ڕێزمان) شارستە، رستەی سەرەکی، رستەی تەواو، سەررستە، برگەی سەرەکی ○ بند پایه

main crop *noun*

بەرهەمی سەرەکی (وەرزێ) ◌ محصول اصلی یا عمده

main deck *noun*
پشتەکەشتی سەرەوە، پشتەی سەرەکی ◌ عرشەی اصلی

main drag *noun*
(نافەرمی) شەقامی سەرەکی، گرنگترین شەقام (هی شار) ◌ خیابان اصلی

Maine Coon *noun*, also Maine cat or coon cat
جۆرێ ڕەگەزی پشیلەی زل و بەهێزی مووددرێژ، لە بنەڕەتا هی ئەمریکایە (لەبەر هاوشێوەیی بە ڕاکوونەکان) ◌ نوعی گربه

mainframe /'meɪnfreɪm/ *noun*, also mainframe computer
1 شاکامپیوتر، کامپیوتێری سەرەکی 2 CPU و یادگەی سەرەکی کامپیوتێر ◌ 1 کامپیوتر بزرگ 2 مین‌فریم

mainland /'meɪnlænd/ *noun*
گەورەوشکانی، بەشی سەرەکی ولاتێ، پارچەی سەرەکی، وشکانی سەرەکی، وشکانی بێ‌دوورگە: *a boat to/from the -nland* ◌ سرزمین اصلی

mainlander *noun*
دانیشتووی گەورەوشکانی یان بەشی سەرەکی ولاتێ، دانیشتووی پارچەی سەرەکی ولاتێ ◌ ساکن سرزمین اصلی

main line *noun*
1 هێڵی سەرەکی، شاهێڵ، شارێ 2 (نافەرمی) شارەگ ◌ 1 خط اصلی 2 (غیررسمی) شاهرگ

mainline /'meɪnlaɪn/ *adjective*
سەرەکی ◌ اصلی

mainly /'meɪnli/ *adverb*
زۆرتر، پتر، زۆربەی، primarily، chiefly: *They eat mainly fruit and nuts* ◌ عمدتاً

main man *noun*
1 (نافەرمی، ئەمریکا) دۆستی نزیک و جێی‌باوەڕ 2 کەسایەتی سەرەکی (لە ڕێکخراوە، تیپ و...) ◌ 1 رفیق صمیمی و مطمئن 2 چهرهٔ اصلی

mainmast /'meɪnma:st/ *noun*
شادارالا، دارالای سەرەکی ◌ دکل اصلی

main pipe /'meɪn paɪp/ *noun*
لوولەی سەرەکی، شالوولە ◌ لولەی اصلی

main road *noun*
شارێ، شۆستە، ڕێگای سەرەکی ◌ جادەی اصلی

mainsail /'meɪnseɪl, US 'meɪnsl/ *noun*
1 (کەشتی) شابادەوە، چارۆکەی سەرەکی، شاباگەڕ، باگەڕی سەرەکی 2 تەناف یان گوریسی ڕاگرتنی شابادەوە یا باگەڕی سەرەکی ◌ 1 بادبان اصلی 2 طناب مهار بادبان اصلی

mainspring /'meɪnsprɪŋ/ *noun*
1 شازەمبەلەک، شافەنەر، شاسپرینگ 2 (خوازە) هۆ یان پاڵنەری سەرەکی، هاندەری سەرەکی ◌ 1 شاه‌فنر 2 دلیل یا انگیزەی اصلی

mainstay /'meɪnsteɪ/ *noun*
1 پشتیوان، پاڵپشت، بەشی سەرەکی، ناوەندی سەرەکی یا بنەڕەتی 2 ڕاگری شادارالا، دارالابەست ◌ 1 حامی، بخش عمده 2 نگهدارندەی دکل اصلی

mainstream /'meɪnstri:m/ *noun, adjective*
(the mainstream) *n* ڕەوتی گشتی، ڕێڕەوی سەرەکی، ڕەوت یا ڕێڕەوی بیرکردنەوە، ڕەوتی زاڵ، بیر یا هزری زاڵ *adj* بلاوەبوو، پەرەسەندوو، باو، ڕۆژەف، پەسندکراو، نوێ، تازە ◌ *n* روند کلی *adj* شایع، پذیرفته، جدید

Main Street *noun*
شەقامی سەرەکی (شار) ◌ خیابان اصلی

Manit *abbreviation* Manitoba

maintainable *adjective*
1 لەڕاگرتن‌هاتوو، ڕادەگیرێ، ئیگای دەدێردرێ، دەپارێزرێ، ئاگاداری دەکرێ 2 بەردەوام دەکرێ (maintainability *n*: لەڕاگرتن‌هاتوویی) ◌ 1 قابل نگهداری 2 ادامەدادنی

maintained school *noun*
خوێندنگایێ کە بە پارەی گشتی دابین دەکرێ ◌ مایتینید اسکول

maintainer *noun*
ڕاگر، پارێزەر، نیگادێر، ئاگاوان ◌ نگهدارنده

maintenance /'meɪntənəns/ *noun*
1 ڕاگرتن، ئاگالێبوون، نیگادێری، درێژەپێدان، بەردەوامکردن، پاراستن، چاوبەسەرەبوون، پێڕاگەیشتن، پێ‌چاران: ◊ *car maintenance* 2 *the maintenance of international peace* - child: پێ‌بژێو، بژێوە، گوزەران، خەرجی ◌ *intenance* 1 نگهداری، ادامه، حفظ 2 نفقه

maintenance man *noun*
کاربەدەستی ئاگالێبوون یان نیگادێری ◌ مأمور نگهداری

maintenance order *noun*
(ماف) دەستووری پێدانی پێ‌بژێو یا خەرجی ◌ حکم پرداخت نفقه

maintop *noun*
سەکۆی سەر بەشی خوارووی شادارالای کەشتی ◌ مین‌تاپ

maintopmast /meɪn'tɒpməst/ *noun*
بەشی دووەمی شادارالای کەشتییەکی بادەوەدار ◌ مین‌تاپماست

maisonette /,meɪzə'net/ *noun*, also -nnette
دوبلێکس، ماڵۆچکە، ماڵی چکۆلە ◌ دوبلکس، خانەی کوچک

Maithili /'mʌɪtɪli/ *noun*
زمانی Bihari ب.ت. لە بیهاری باکووری قسەی پێ‌دەکرێ (بنەڕەت: سانسکریتی، لە

Mithilā شوێنێ لە بیهاری باکووری) ۞ مایتیلی

maître d'hôtel /ˌmeɪtrə dəʊˈtɛl, French mɛtʀ dotɛl/ *noun*, also maître d' /ˌmeɪtrə ˈdiː/

بەڕێوەبەری هوتێل ۞ مدیر هتل

maize /meɪz/ *noun*

(ڕووەکناسی) گەنمەشامی، گوڵەیێغەمبەرە، کـوڕە، زورات، سەرداری، گوڵەکابە [*Zea mays*] ۞ ذرت، بلال

Maj. *abbreviation* major

majestic /məˈdʒestɪk/ *adjective*

گەورە، مەزن، بەسام، بەشەوکەت، بەئەندیش، جـوان، شـایانە، بەشکۆ، awe-inspiring، splendid، stately: *a majestic castle/river/view* ◊ *The Rockies are majestic in size* (majestically /-kli/ *adv*: بەسامانە، بەشکۆیانە) ۞ باعظمت، شکوەمند

majesty /ˈmædʒəsti/ *noun*, *pl.* majesties

1 گەورەیی، مەزنی، ئەوڕەنگ، سام، شەوکەت، ئەندیش، شکۆ، دەسەلات، هێزی پاتشایی: *the majesty of the music* 2 (His, Your, etc. Majesty) خاوەنشکۆ (ج شا و ج شاژن): *Their majesties, the King and Queen of Spain* ۞ 1 عظمت، شکوه، سلطنت 2 اعلیحضرت، علیاحضرت

Maj-Gen *abbreviation* major-general

majlis /ˈmadʒlɪs, US madʒˈlɪs/ *noun*

ئەنجومەن (ب.ت. ئێران، بنەڕەت: لە عەرەبییەوە بە واتای "assembly") ۞ مجلس

majolica /məˈjɒlɪkə, US -ˈdʒɒl-/ *adjective*

گڵێنەی لیاوی یان لۆعابی یان ڕەنگکراو (ب.ت. لە ئینگلتەرە بەدرێژایی سەدەی 19 بە لاسایی لە ئیتالیایی) ۞ سفالینەی لعابی

major /ˈmeɪdʒə(r)/ *adjective, noun*

adj 1 گەورە، مەزن 2 گەورەتر، باوخۆشتر، زلتر 3 زۆرتر 4 گرنگ، سەرەکی 5 گەورە، پێگەیشتوو، بالق، کامل 6 (نەخۆشی) پڕمەترسی، کەسکۆن، ئاستەم، گران 7 (موسیقا) گەورە، بەیزەی گەورە، ماژور *n* 1 (موسیقا) کلیلی گەورە یان ماژۆر، بەیزەی گەورە 2 (سەربازی) ماژور 3 (خوێندن لە کۆلێژ یان زانکۆ) بابەت یان بواری خوێندنی سەرەکی 4 خوێندکاری بابەت یان بواری خوێندنی سەرەکی ۞ *adj* 1 بزرگ، اعظم 2 بزرگتر 3 بیشتر 4 مهم، اصلی 5 بالغ 6 جدی 7 ماژور *n* 1 کلید ماژور، گام ماژور 2 سرگرد 3 رشته یا موضوع اصلی 4 دانشجوی رشته یا موضوع اصلی

major axis *noun*

تەوەری گەورە، گەورە تەوەر ۞ محور بزرگ

Majorcan /məˈjɔːkən/ *adjective, noun*

adj سەربە ماژۆرکا، ماژۆرکایی (دوورگەیێکی سپانیایی لە ڕۆژاوای مەدیتەرانە، گەورەترین دوورگەیە لە کۆمەڵە دوورگەی Balearic دا (3653 کیلۆمیتری چوارگۆشەیە) *n* خەڵکی ماژۆرکا ۞ ماژورکائی

major-domo /ˌmeɪdʒə ˈdəʊməʊ, US ˌmeɪdʒər ˈdoʊmoʊ/ *noun*, *pl.* major-domos

سەرکارەکەر، گەورەی کارەکەرەکان، وەکیلخەرج ۞ سرپیشخدمت

majorette = drum majorette

major-general *noun*, also major general

ئەفسەرێکی پایەبەرز لە ئەرتەشی ئەمریکا و بریتانیادا یا هێزی ئاسمانی ئەمریکا ۞ سرلشکر

majoritarian /məˌdʒɒrɪˈtɛːrɪən/ *adjective, noun*

adj بەڕێوەدەبری بەپێی بڕیاری زۆرینە *n* کەسێکی زۆرینەباوەڕ، زۆرینەگەر، زۆرینەخواز ۞ *adj* ماژوریتارین *n* فرد اکثریتگرا

majoritarianism *noun*

زۆرینەباوەری، زۆرینەگەری، زۆرینەخوازی ۞ اکثریتگرایی

majority /məˈdʒɒrəti, US -ˈdʒɔːr-, -ˈdʒɑːr-/ *noun*, *pl.* majorities

1 زۆرینە، زۆرترایەتی، پرانی، زۆربە 2 زۆرتر 3 (دەنگدان) دەنگە زۆرترەکان، جیاوازی دەنگ(ەکان) 4 تەمەنی قانوونی یان یاسایی (زۆرتر لە 18 وە تا 21 ساڵان) 5 پلە و پایەی ماژۆری، ماژۆریتی ۞ 1 اکثریت 2 بیشتر 3 اختلاف رأی 4 کبر، سن قانونی 5 درجەی سرگردی

majority leader *noun*

ڕێبەری زۆرینە (= پارتییێکی سیاسی، ئەنجومەنی نوێنەران یا سێنات) ۞ رهبر اکثریت

majority rule *noun*

دەسەلاتداری یان حکومەتی زۆرینە ۞ حکومت اکثریت

majority verdict *noun*

دەنگی زۆرینە (دەستەی سوێندخوران) ۞ رأی اکثریت

major league *noun, adjective*

(لە ئەمریکا (ی باکووری)، لە وەرزشە پیشەییییە تایبەتییەکاندا، ب.ت. بەیسبۆل) لیگی سەرەکی (major leaguer *n*) ۞ لیگ اصلی

majorly /ˈmeɪdʒəli, US ˈmeɪdʒərli/ *adverb*

(نافەرمی) یەکجار، گەلێ، خەیلێ، very، extremely ۞ (عامیانه) خیلی

major order *noun*

دەستووری priesthood، diaconate یان subdiaconate لە کلیسەی کاتۆلیکی ڕۆمدا (بڕوانە Minor Order) ۞ ماژور اردر

major party *noun*

پارتی زۆرینە ۞ حزب اکثریت

major planet *noun*

هەسارەی گەورە (= هەریەک لەو هەشت هەسارەی سەرەکی کۆمەڵەی خۆری لەچاو مانگەکانیان یان moon (asteroid ۞ سیارەی بزرگ

major premise *noun*
(لۆژیک) پێشەکی گەورە، پێشەکی syllogism ی ۞ مقدمەی کبری

Major Prophet *noun*
پێغەمبەرانی گەورە (هی پەیمانی کۆن کە بریتین لە: Isaiah، Jeremiah و Ezckiel، بڕوانە Minor Prophet) ۞ پیامبران بزرگ

major scale *noun*
(موسیقا) پەیژەی گەورە ۞ گام ماژور

major seminary *noun*
کۆلێژی شەش‌ساڵە بۆ ڕاهێنانی قەشەکانی کاتۆلیک ۞ ماژور سمیناری

major suit *noun*
پیک و دڵ، دەستی چاک و پڕخاڵ (لە bridge دا) ۞ پیک و دل

majuscule /'madʒəskju:l/ *adjective, noun*
adj گەورە، درشت، مەزن *n* پیتی گەورە (*adj* /mə'dʒʌskjʊlə/ majuscular: سەربە پیتی گەورە) ۞ *adj* بزرگ *n* حرف بزرگ

Makah *noun, pl.* same or Makahs
1 ئەندامی گەلێکی سووورپێستی پاسیفیکی هەرەباکووری 2 زمانی Wakashanی ئەو گەلە ۞ ماکا

Makasarese /mə,kasə'ri:z/ *noun, adjective,* also archaic Makassarese, *pl.* same
n 1 خەڵکی Makassar، ماکاساری (ئێستا Ujung Pandang)، لە ئیندۆنیزیا 2 زمانی ئیندۆنیزیایی ئەو گەلە *adj* سەربەو گەلە یا زمانەکەیان ۞ ماکاساری

make /meɪk/ *noun*
1 جۆر، ناوا، ڕەنگ، شێوە، بیچم 2 مودیل 3 بەرهەم 4 نیشانە، پێکهاتە 5 مەزاج، خوو 6 لێک‌کەوتن (ئێلیکتریسیتە؛ ئەلمانی بنەڕەت) ۞ 1 نوع، شکل 2 مدل 3 محصول 4 علامت 5 ساخت 6 مزاج 7 اتصالی

make-believe /'meɪk ,bɪliv/ *noun, adjective*
n 1 واخۆنیشان‌دان، خۆنواندن 2 خەیاڵ‌کردنەوە، وازانین، پێ‌وابوون *adj* خەیاڵی، ناڕاستەقینە، قەستینە، ناڕاست، درۆ، imaginary، pretended ۞ *n* 1 تظاهر، وانمود 2 تخیل *adj* خیالی

make-do = makeshift

makefast *noun*
لەنگەر، شتی پێ‌بەستنەوەی گەمی ۞ لنگر

maker /'meɪkə(r)/ *noun*
1 دروسکەر، سازکەر، سازەر، سازندە، کارگەی دروسکەر، (لەلێکدانا)، ـدروسکەر، ـساز، ـندە، ـگار، ـگەر 2 (the Maker) کردگار، خودا ۞ 1 سازندە، کارخانەی سازندە، ـساز 2 (the Maker) خالق

makeshift /'meɪkʃɪft/ *adjective, noun*
adj کاتی، بەروەخت (جاری وا ماوەتەوە تا شتێکی چاتر جێی دەگرێتەوە) *n* چارە یان جێگرەوەی کاتی ۞ *adj* موقتی *n* جایگزین موقتی

make-up /'meɪk ʌp/ *noun*
1 پێکهاتە، دارشتە، بنیات، لێکدان، دامەزران، پێکەوەنان، پێکهاتن، دروستبوون 2 خوو، کارەکتێر، سروشت 3 گریم، خاڵ‌ومیل، خەت‌وخاڵ‌ڕێژی، ماکیاج، (خۆ)جوان‌کردن، ئاڕایشت 4 کەل‌وپەلی خۆجوان‌کردن، شت‌ومەکی خۆڕازاندنەوە 5 لاپەڕەبەندی 6 تاقیکاری وانەی کەوتوو ۞ 1 ساختار، ساخت، ترکیب، تشکل 2 طبیعت، کاراکتر 3 گریم، آرایش 4 لوازم آرایش 5 صفحه‌آرایی 6 امتحان تجدیدی

makeweight /'meɪkweɪt/ *noun*
1 پارسەنگ 2 تەواوکەر ۞ 1 پارسنگ 2 مکمل

making /'meɪkɪŋ/ *noun*
1 دروستکردن، پێکهێنان، چێ‌کردن، پێکەوەنان، سازکردن، بەرهەمهێنان، پێکەوەنان 2 پێشکەوتن، پێشقەچوون 3 شتی دروس‌کراو، شتی دەسکرد (ب.ت. بڕی بەرهەم هاتوو لە یەک‌جاردا) 4 (لە لێکدانا) ـسازی، دروستکردن 5 (makings) توانایی، مایە، جەوهەر، بەهرە، تایبەتمەندی یان بارودۆخی پێویست 6 لێهاتوویی، لێوەشاوەیی 7 شارەزایی 8 داهات، قازانج، خێر، بەهرە ۞ 1 ساختن، ایجاد 2 پیشرفت 3 شیء ساخته‌شده 4 (در ترکیب) ـسازی 5 (در جمع) استعداد، صفات لازم 6 لیاقت 7 مهارت 8 درامد، سود

mako[1] /'mɑ:kəʊ, US 'meɪkəʊ/ *noun, pl.* makos
جۆری sharkی خێرا و زلەی ئۆقیانووسی [تۆخم *Isurus*: دوو جۆرن] (بنەڕەت: لە مائۆرییەوە) ۞ نوعی کوسه

mako[2] /'mɑ:kəʊ, US 'makəʊ/ *noun, pl.* makos
جۆری داری چکۆلەی نیوزیلەند کە هێشووە گوڵی پەمەیی زلە دەگری [*Aristotelia racemosa*] ۞ نوعی درخت

Makonde /mə'kɒndeɪ/ *noun, pl.* same or Makondes
1 ئەندامی گەلێکی دانیشتووی باشووری تانزانیا و باکووری ڕۆژهەڵاتی مۆزامبیک 2 زمانی بانتۆیی ئەو گەلە ۞ ماکوندا

Makua /'maku:ə/ *noun, pl.* same or Makuas
1 ئەندامی گەلێکی دانیشتووی ناوچە سنوورییەکانی مۆزامبیک Mozambique، مالاوی Malawi و تانزانیا Tanzania 2 زمانی

بانتویی Bantu ئەو گەلە ◯ ماكوندا

makuta /məˈkuːtə/ plural form of likuta

Mal *abbreviation* Malachi

mal- /mæl/ *prefix*

پێشگر: (بە شێوەیێکی) خراپ، کەج، دژ، (بە شێوەیێکی) نادروست، ناڕاست: *malpractice*: نا: *maladroit* ناتاسایی، بە شێوەیێکی ناتاسایی: *malodorous* *malformation* (بنەڕەت: لە *mal* فەرەنسییەوە، ئەویش لە *male* لاتینەوە "badly") ◯ پێشوند: (بە طور) بد، دژ، (بە طور) غیرصحیح، نادرست؛ غیر؛ غیرعادی، به طور غیرعادی

malac(o)- /ˈmaləkəʊ/ *prefix*

پێشگر: شل، نەرم، سست، پفەڵ، فشەڵ: *malacostracan* (بنەڕەت: لە *malakos* یۆنانییەوە "soft") ◯ پیشوند: شل، نرم

malacca /məˈlakə/ *noun*

جۆرێ قامیش یا لەوەنی قاوەیی (دەسکی چەتر و گۆچانی لێ ساز دەکرێ؛ لە ناوی Malacca (یان Melaka، هەرێمی لە مالیزیا) ◯ مالاکا

Malachi *noun*, also Malachias, Hebrew *Mal'ākhī*

1 مەلاکی: دوایین پێغەمبەری گەلی ئیسرائیل 2 کتێبی مەلاکی پێغەمبەر کە سەربە پەیمانی کۆنە ◯ Old Testament 1 ملاکی 2 کتاب ملاکی نبی

malachite /ˈmæləkaɪt/ *noun*

مەرمەری سەوز، مەلەکایت: کانیێکی سەوزی گەش، لە کاربۆناتی مسی ئاودار پێکهاتووە $Cu_2CO_3(OH)_2$ (بنەڕەت: ئینگلیسی نێوەڕاست، لە *melochite* فەرەنسی کۆن، بە ڕێگای لاتین لە *molokhitis* یۆنانی، لە *molokhē*، گۆڕاوی *malakhē* ("mallow") ◯ مرمر سبز

malacology /ˌmaləˈkɒlədʒi/ *noun*

لەشنەرمناسی، زانستی لەشنەرمەکان، لقێ لە گیانەوەرناسی لەبارەی mollusc ەکانەوە، بڕوانە conchology :malacological *adj*) :malacologist *n* لەشنەرمناس، مالاکۆلۆژیست) ◯ مالاکولوژی

Malacostraca /ˌmaləˈkɒstrəkə/ *noun, pl.*

(گیانەوەرناسی) نەرمەلەپکەییان، نەرمەقاپیلکان، قاپیلکنەرمان: پۆلێکی بەربلاوی پێستڕەقان کە قرژاڵەکان، shrimp ەکان، lobster ەکان، isopod ەکان و وشکاوەکییەکان amphipod دەگرێتەوە، سنگیان لە هەشت برگە segment پێکهاتووە (بنەڕەت: لە لاتینی نوێوە، لە -malaco + *ostrakon* یۆنانی "لەپکە shell") ◯ مالاکواستراکا

malacostracan *noun, adjective*

(گیانەوەری) نەرمەلەپکەیی، نەرمەقاپیلکە، قاپیلکنەرم ◯ مالاکواستراکان

maladaptation *noun*

نەگونجان، نەسازان، یەکنەکەوتن، ڕێکنەکەوتن ◯ عدم انطباق

maladjustment /ˌmæləˈdʒʌstmənt/ *noun*

نەسازاوی، نەگونجاوی، ناجۆری، ڕێکنەکەوتوویی، هەڵنەکردوویی :maladjusted /ˌmæləˈdʒʌstɪd/ *adj*) نەسازاو، نەگونجاو، ناجۆر، ڕێکنەکەوتوو، یەکنەکەوتوو، هەڵنەکردوو) ◯ ناسازگاری

maladministration /ˌmælədˌmɪnɪˈstreɪʃn/ *noun*

بەدبەڕێوەبەری، خراپ بەڕێوەبردن، بەدگێری، بەدبەڕێوەبەری، لاوازی بەڕێوەبەرایەتی، دژبەڕێوەبەری، دژبەڕێوەبەرایەتی ◯ سوءمدیریت

maladroit /ˌmæləˈdrɔɪt/ *adjective*

1 ناشارەزا، لێنەزان، بێدەسوپل، خاو، گەلحۆ، تەپلۆس، دەسوپێسپیلکە 2 ناشارەزایانە :maladroitness *n* :maladroitly *adv*) ناشارەزایی، لێنەزانی، خاو(وخلیچک)ی، تەپلۆسی) ◯ 1 بی‌مهارت 2 ناشیانه

malady /ˈmælədi/ *noun, pl.* maladies

1 شێوان، تێکچوون 2 نەخۆشی، ناسازی، دەرد، ئازار ◯ 1 اختلال 2 بیماری

mala fides /ˌmeɪlə ˈfʌɪdiːz, US ˌmalə ˈfiːdeɪz/ *noun*

(زۆرتر ماف) باوەڕی خراپ، بیری خراپ ◯ عقیدەی فاسد، فکر بد

Malaga /ˈmaləgə/ *noun*

جۆرێ مەی بەهێزکراوی شیرین، هی مالاگای سپانیا، هەروەها مەیێکی وا کە لە شوێنێکی تر دروست دەکرێ ◯ مالاگا

Malagasy /ˌmaləˈgasi/ *noun, pl.* same or Malagasies

1 خەڵکی ماداگاسکار، ماداگاسکاری 2 زمانی Austronesian ی ماداگاسکار، ماداگاسکاری ◯ ماداگاسکاری

malagueña /ˌmaləˈgeɪnjə/ *noun*

جۆرێ سەمای سپانیایی، لە fandango دەچێ ◯ مالاگینیا

malaguetta /ˌmaləˈgɛtə/ *noun*, also malagueta = grains of Paradise

malaise /məˈleɪz/ *noun*

1 نەخۆشی، دەردەداری (بێ‌ئەوەی کە نیشانەیەکی تایبەتی هەبێ) 2 سستی، داهێزراوی، داگیراوی 2 نارەحەتی، نگەرانی، دڵەڕاوکێ ◯ 1 کسالت 2 رخوت 3 نگرانی

malamute /ˈmaləmjuːt/ *noun*, also malemute

جۆرێ ڕەگەزی بەهێزی سەگ، زۆرتر بۆ ڕاکێشانی خێشکەکان بەکاری دێنێ ◯ مالاموت

malanders /ˈmæləmdəz/ *noun, pl.*, also mallenders or mallem

وەفە، ئوفە، ماسینی ڕەفیسکە یان پشتنەزنوی ئەسپ ○ مالاندرز

malanga /mə'laŋgə/ = tannia

malapert /'maləpəːt/ *adjective, noun*

adj (کۆن) بێشەرم، ڕوودار، بێحەیا، ڕووشە *n* مرۆی بێشەرم ○ *adj* گستاخ، وقیح *n* آدم وقیح

malaprop /'mæləprɒp, US -prɑːp-/ *noun*, also malapropian

هەڵەبێژ ○ عوضی‌گو

malapropism /'mæləprɒpɪzəm, US -prɑːp-/ *noun*

هەڵەبێژی ○ عوضی‌گویی

malapropos /ˌmalaprə'pəʊ/ *adjective*

(فەڕەنسی) بێوەخت، بێجێ، نابەجێ ○ بی‌موقع

malar /'meɪlə/ *adjective, noun*

adj کولمەیی، سەربە گۆنا یان ڕوومەت *n* (هەروەها malar bone) = zygomatic bone

○ *adj* وابسته به گونه

malaria /mə'leəriə, US -'ler-/ *noun*

تاوولەرز، لەرزوتێ، لەرزوتا، یاو، بەهۆی مشەخۆر [تۆخم *Plasmodium*] protozoan یکەوە لە نێو خڕۆکە سوورەکانی خوێندا تووش دەبێ و بە هۆی گازی مێشی anopheline ـەوە ڕادەگوێزرێ ○ مالاریا

malarial /-iəl/ *adjective*, also malarian or malarious

تاوولەرزی، تاولەرزگرتوو، لەرزوتالێنیشتوو، هەبوونی لەرزوتا، یاوی: *malarial insects/patients/regions* ○ مالاریایی

malariology /məˌlɛːri'ɒlədʒi/ *noun*

مالاریاناسی، لەرزوتاناسی (malariological *adj*: سەربە مالاریاناسی، لەرزوتاناسییانە؛ malariologist *n*: لەرزوتاناس) ○ کالاریولوژی

malarkey /mə'lɑːki, US mə'lɑːrki/ *noun*

هەڵیتوبلیت، قسەی هیچەکە و پووچەکە ○ چرت و پرت

malate /'mæleɪt/ *noun*

(کیمیا) خوێ یان ئێستێری ترشەڵۆکی سێو malic acid ○ مالات

malathion /ˌmalə'θʌɪən/ *noun*

ئاوێتەیێکی ئەندامۆفۆسفۆرۆسی دەسکرد، وەک مێرووکوژ وایە و تا ڕادەیێ بۆ گیانەوەر و ڕووەک بێزیانە ○ مالاتیون

Malawian /mə'lɑːwiən/ *noun, adjective*

n خەڵکی Malawi *adj* سەربە مالاوی یان مالاوییەکان ○ مالاویایی

malaxation *noun*

نەرمکردن، هەویراندن، شێلان ○ عمل نرم کردن

Malay /mə'leɪ/ *adjective, noun*

adj مالزیایی، سەربە مالزیا یان مالیزیا *n* خەڵکی مالزیا، مالزیایی، زمانی مالزیایی ○ *adj* مالزیایی *n* اهل مالزی، زبان مالزیایی

Malayalam /ˌmalə'jɑːləm/ *noun, adjective*

n زمانێکی دراڤیدی هەرێمی Kerala لە هیند، پێوەندی زۆرە لەگەڵ Tamil *adj* سەربەو زمانە یان ئاخێوەرانی (بنەڕەت: لەو زمانە بە واتای: پیاوی چیا) ○ مالایالام

Malayan *noun, adjective*

n = Malay *adj* سەربە مالزیەکان، زمانی مالزی یان مالایا (ئێستا بەشێکە لە مالیزیا) ○ مالزیایی

Malaysian /mə'leɪziən, US -'leɪʒən/ *noun, adjective*

n خەڵکی مالزیا، مالزیایی، مالیزیایی *adj* مالزیایی، مالیزیایی ○ مالزیایی

malcontent /'mælkəntent, US ˌmælkən'tent/ *noun, adjective*

ناقایل، ناڕازی، دژبەر، بەرهەڵستکار، یاخی، سەربزێو، پشێوینەرەوە، discontented (ب.ت. سیاسی) ○ ناراضی، متمرد، یاغی

mal de mer /ˌmal də 'mɛː, French mal də mɛʀ/ *noun*

دەریاگرتوویی، دەریابردوویی ○ دریاگرفتگی

Maldivian /mɔːl'dɪviən/ *noun, adjective*

n 1 خەڵکی Maldives 2 زمانی Indicی مۆلدیڤییەکان *adj* سەربە مۆلدیڤیز، مۆلدیڤیزەکان یان زمانەکەیان ○ مولدیویایی

male /meɪl/ *adjective, noun*

adj 1 نێر، نەڕ، جوور، نێرینە 2 نێر، سەر (شتێ کە بچێ بە نێو شتێکی تردا) 3 پیاوانە 4 سەربە پیاو یان پیاوان *n* 1 گۆڵ، گیانەوەری نێر 2 ڕووەکی نێر 3 پیاو، کوڕ ○ *adj* 1 نر، مذکر 2 نر 3 مردانە 4 وابسته به مرد یا مردان *n* 1 حیوان نر 2 گیاه نر 3 مرد، پسر

maleate *noun*

خوێ یان ئێستێری ester ترشەڵۆکی مالئیک یان مەلەیک ○ مالئات

male chauvinism *noun*

پیاوسالاری، پیاوپەرستی، پیاوبەسەرترزانی ○ مردبرترنگری

male chauvinist *noun, adjective*

n پیاوسالار، پیاوپەرست، پیاوبەسەرترزان *adj* پیاوپەرستانە، پیاوسالارانە ○ *n* مردبرترنگر *adj* مردبرترنگرانه

malediction /ˌmalɪ'dɪkʃ(ə)n/ *noun*

لەعنەتکردن، نەفرەت، زەمکردن، لەپادو(و)ان، بەدگۆیی، خراپەوتن، نێوزڕاندن، curse، execration ○ لعن، بدگویی

maledictory /ˌmalɪ'dɪktəri/ *adjective*

لەعنەتاوی، نەفرەتاوی ○ لعن‌آمیز

male-dominated *adjective*

پیاوبەسەردازال، پیاوزاڵ، پیاودەس‌بەسەراگرتوو

(وەکوو کار و پیشەیێ) ⬡ مال‌دومیناند

malefaction *noun*
خراپەکاری، تاوان‌کاری، گوناهکاری، کاری خراپ ⬡ تبەکاری، جنایت‌کاری، عمل بد

malefactor /'mælɪfæktə(r)/ *noun*
خراپەکار، تاوان‌کار، گوناهکار، بەدکار ⬡ تبەکار، جنایت‌کار، جانی

male fern *noun*
توژینگ؟، سەرخەس یا سەرەخەسی نێر [Dryopteris filix-mas و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ⬡ سرخس نر

malefic /mə'lɛfɪk/ *adjective*
1 زیاناوی، بەزەر، بەوەی، موزیر، پیس، چەپەڵ، خراپ، کوشندە 2 (ئەستێرەوانی) سەربە هەسارەی Saturn و Mars کە باوەڕ وایە کاریگەری خراپیان بێ ⬡ 1 مضر، خبیث، مرگ‌بار 2 مالفیک

maleficence /mə'levələns/ *noun*
1 تاوان، گوناه 2 پیسی، چەپەڵی، خراپی، شەیتان‌ئاسایی، بەدخوویی، بەدفەڕی، بەدکاری، بەدنیاری ⬡ 1 جرم 2 خباثت، شیطان‌صفتی

maleficent /mə'levələnt/ *adjective*
بەزیان، موزیر، خراپەکار، شەیتان‌ئاسا، شەیتان‌رەفتار، بەدخوو، بەدفەڕ، بەدنیار، بەدکار، baleful ⬡ موذی، شیطان‌صفت

maleic acid /mə'leɪɪk/ *noun*
(کیمیا) ترشەلۆکی مەلەیک یان مالێئیک $C_4H_4O_4$ ⬡ اسید مالئیک

male menopause *noun*
قۆناخی ناهومێدی یان هیواوەستانەوەی پیاو، سەروبەندی نگەرانی پیاو (کاتێ تەمەنی لە نیوە تێدەپەڕێ) ⬡ دورەی یائسگی مرد

malemute = malamute

maleness /meɪlnəs/ *noun*
پیاوەتی، پیاوبوون، نێریتی، نێرینەیی ⬡ مردی

male voice choir *noun*
کۆر بە دەنگی پیاوان ⬡ کر با صدای مردان

malevolence /mə'levələns/ *noun*
بەدنیاری، بەدنیازی، بەدویستی، خراپی، قین‌گێران، بوغزگێری، کینەلەزگی، دڵڕزیوی ⬡ سوءنیت، غرض‌ورزی

malevolent /mə'levələnt/ *adjective*
بەدنیار، بەدنیاز، بەدویست، خراپ، شەیتان‌ئاسا، بوغزاوی، دڵڕەش، بەدخواز، پیس، قین‌گێڕ، کینەلەزگ، دڵڕزیو، بەدنیارانە، قین‌گێڕانە (-levolently /mə'levələntli/ *adv*: بەدنیارانە، قین‌گێڕانە، کینەلەزگانە، بە شێوەیەکی بوغزاوی، بوغزاوی‌یانە) ⬡ بدخواە، مغرض، مغرضانە

malfeasance /mal'fi:z(ə)ns/ *noun*
(ماف) کردەوە یان چالاکی ناقانوونی، کاری خراپ، کاری پێچەوانەی یاسا ⬡ اقدام یا فعالیت ناقانونی

malfeasant *noun, adjective*
خراپ‌کار، بەدکار ⬡ غلط‌کار

malformation /ˌmælfɔ:'meɪʃn, US -fɔ:r'm-/ *noun*
خواروخێچی، نوقسانی، لاری، ناڕێکی، تێکچوون: *Some foetal malformations cannot be diagnosed until late in pregnancy* ⬡ بدشکلی

malformed /ˌmæl'fɔ:md, US -'fɔ:rmd/ *adjective*
(تکنیکی) عەیب‌دار، خواروخێچ، تێکچوو، نوقسان، سەقەت، لار، گێڕ، ناتەواو، ناشیرین، misshapen ⬡ معیوب، بدریخت

malfunction /ˌmæl'fʌŋkʃn/ *noun*
باش‌کارنەکردن، گرفت، کەم‌وکووڕی، کەچی، عەیب: *The drug caused a malfunction in the brain* ⬡ نقص، عیب

Malian /'mɑ:liən/ *noun*
n خەڵکی Mali، وڵاتێ لە ئەفریکای رۆژاوا *adj* سەربە مالی یان مالی‌یەکان، مالیایی‌یەکان ⬡ مالیایی

Malibu /'malɪbu:/ *noun*, also Malibu board, *pl.* Malibus
surfboardی سووک ⬡ مالیبو

malic *adjective*
بەرهەم‌هاتوو لە ترشەلۆکی مالیک، سەربە ترشەلۆکی مالیک ⬡ مالیک

malic acid /'malɪk/ *noun*
(کیمیا) ترشەلۆکی مالیک یان سێو $C_4H_6O_5$ (ترشەلۆکێکی کریستالی لە سێوی کاڵ و میوەی نەگەییودا هەیە) ⬡ اسید مالیک

malice /'mælɪs/ *noun*
1 بوغز، رق‌گێران، کینەلەزگی 2 خراپی، پیسی، بەدنیاری، بەدنیازی ⬡ 1 غرض‌ورزی 2 خباثت

malicious /mə'lɪʃəs/ *adjective*
1 کینەلەزگ، بوغزاوی، کیناوی: *-licious gossip* 2 بەدنیارانە، قین‌گێڕانە 3 پیس، خراپ، بەوەی، موزیر، بەئازار ⬡ 1 مغرض 2 مغرضانە 3 خبیث

maliciously /mə'lɪʃəsli/ *adverb*
بەدنیارانە، قین‌گێڕانە، کینەلەزگانە، بوغزاوی‌یانە ⬡ مغرضانە

maliciousness /mə'lɪʃəsnəs/ *noun*
بەدنیاری، بەدنیازی، خراپی، قین‌گێران، کینەلەزگی، دڵڕزیوی ⬡ سوءنیت، بدخواهی

malign /mə'laɪn/ *adjective*
1 بەدنیارانە، قین‌گێڕانە، کینەلەزگانە 2 بوغزاوی، کیناوی، رقن، کینەلەزگ 3 بەوەی، بەئازار، خراپ، موزیر، پیس، بەزیان، کوشندە: *a malign force/influence/effect* ⬡ 1 مغرضانە 2 مغرض 3 مضر، خبیث، مهلک

malignancy /məˈlɪɡnənsi/ *noun, pl.* malignancies
1 پیسی، خرابی، موزیری، بەزیانی، بەئازاری، بوغزاویبوون، کینلەزگی، بەقینی 2 مەترسیداری 3 لووی پرمەترسی یان مەترسیدار، لووی پیس، لووی شێرپەنجاوی، جۆری شێرپەنجە ◌ 1 خباثت، زیانباری 2 بدخیمی 3 غدەی بدخیم، نوعی سرطان
malignant /məˈlɪɡnənt/ *adjective*
1 خراپ، پیس، گلاو، چەپەڵ، بەقین، کینەنەزگ، بوغزاوی 2 بەوەی، بەئازار، موزیر، کوشندە، مەترسیدار، پرمەترسی، پیس، بەدخوو (پێوانە benign) *malignant cells* ◌ 1 شرور، خبیث، موذی، کینەجو 2 مهنک، بدخیم
malignantly /məˈlɪɡnəntli/ *adverb*
خراپانە، کینلەزگانە، بوغزاویانە ◌ شرورانە، کینەجویانە
malignant pustule *noun*
کوانی مەترسیدار یان شێرپەنجەوی، جۆری anthrax ◌ کورک بدخیم
malignity /məˈlɪɡnɪti/ *noun, pl.* malignities
1 خراپی، پیسی، بەدنیەتی، رق، کینەتوتی، کینلەزگانە جوولانەوەی خراپ یان رەفتار، کاری لە رووی رقەوە رەفتار کردن 2 مەترسیداری، malevolence، malignancy ◌ 1 خباثت، عمل کینەجویانە 2 بدخیمی
malik /ˈmælɪk/ *noun*
(لە چەند بەشێکی هیند و رۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا) سەرۆکی دێ یان کۆمەڵی (لە عەرەبییەوە) ◌ مالک
malimbe /məˈlɪmbi/ *noun*
جۆری مەلی جۆلا، زۆرتر لە رۆژاوا و ناوەندی ئەفریکادا دەبینری [توخم *Malimbus*] (بنەڕەت: لە ناوی شاری *Malimbe* لە ئانگۆلا) ◌ مالیمب
malingerer *noun*
خۆنەخۆشخەر ◌ تمارض‌کنندە
malingering *noun*
خۆنەخۆشخستن، خۆلەنەخۆشیدان ◌ تمارض
Malinke /məˈlɪŋkeɪ/ *noun, pl.* same or Malinkes
1 ئەندامی گەلێکی ئەفریکای رۆژاوا، زۆرتر لە سێنێگال، مالی و کەناری عاج 2 زمانی Mandeی ئەو گەلە ◌ مالینک
Malinois = Belgian Malinois
malison /ˈmalɪz(ə)n, US -s-/ = malediction
malkin *noun*
1 دەڵەدێو 2 داوەڵ (هی سەر خەرمان و...) ◌ 1 مادە دیو 2 مترسک
mall /mɔːl, US; BrE also mæl/ *noun,* also shopping centre
1 ناوەندی کڕین، بازاڕچە، قەیسەری، بازار (شوێنی کە ماشێنەکان ناتوانن بچنە نێوی) 2 جێی پیاسە یان گەڕان، پیادەڕەوی بەردڕێژ و پردار 3 (مێژوویی) وشەیێکی تر بۆ pall-mall 4 کۆڵانی کایەی pall-mall ◌ 1 مرکز خرید، بازارچە 2 محل گردش 3 و 4 مول
mallam /ˈmaləm/ *noun*
(لە چەند بەشێکی ئەفریکادا) زانا، شارەزا، scribe ◌ عالم
mallard /ˈmælɑːd, US ˈmælərd/ *noun, pl.* same or mallards
سەرسەوز، مراوی کێوی، سۆنەی کێوی: ئاسایی‌ترین مراوی نیوەگۆی باکووری [*Anas platyrhynchos*] ◌ اردک وحشی
malleability /ˌmæliəˈbɪləti/ *noun*
1 چەکوشخۆری، لەپیاکێشانهاتوویی، لەکوتینهاتوویی، لەکوترانهاتوویی، کوتەنیتی 2 نەرمی، سازاوی، گونجاوی ◌ 1 چکش‌پذیری 2 انعطاف‌پذیری
malleable /ˈmæliəbl/ *adjective*
1 چەکوشخۆر، لەپیاکێشانهاتوو، کوتەنی، دەکوتری(تەوە)، لەکوتینهاتوو، لەکوترانهاتوو 2 نەرم، سازاو، گونجاو ◌ 1 چکش‌پذیر 2 انعطاف‌پذیر
malleation /ˌmæliˈeɪʃn/ *noun*
1 چەکوشخۆری، پیاکێشراوی، کوتراوی، نیشانەی چەکوش پێوەبوون، (چەکوش) پیاکێشان، کوتین 2 جێگای چەکوش ◌ 1 چکش‌خوری، تطریق 2 جای چکش
mallee /ˈmali/ *noun*
جۆری eucalyptusی دەوەنی کورتەباڵای ئوسترالیایی [*Eucalyptus dumosa* و جۆرەکانی تر] (بنەڕەت: لە Wuywurung، زمانێکی رەسەن) ◌ مالی
malleolar *adjective*
سەربە قولەپێ یان گوێزینگ malleolus ◌ وابستە بە قوزک
malleolus /maˈliːələs/ *noun, pl.* malleoli /-lʌɪ/
(توێکاری) ئێسکی قولەپێ، ئێسکی گوێزینگ (بنەڕەت: لە لاتینیدا بە واتای: چەکوشی چکۆلە) ◌ استخوان قوزک
mallet /ˈmælɪt/ *noun*
1 مێکوت، چەکوشی دار(ین) 2 (ئامێرەکانی پیاکێشان) دەنووکە، پێژەن، زەنەک 3 مشتە (ی پینەچی) 4 گورز، گۆپاڵ 5 کوتک ◌ 1 چکش چوبی 2 مضراب 3 مشتە 4 گرز 5 پتک
malleus /ˈmaliəs/ *noun, pl.* mallei /ˈmaliʌɪ/
(توێکاری) ئێسکی چەکوشی (بنەڕەت: لاتین، چەکوش) ◌ استخوان چکشی
malling /ˈmɔːlɪŋ/ *noun*

1 پەرەسەندنی development بازاری کرین و دووکانوبەرەی 2 بەسەربردنی وەخت بەنێو قەیسەریدا ◯ مالینگ

Mallophaga /məˈlɒfəgə/ *noun, pl.*
(مێروناسی) تیرەیێ لە مێرووەکان کە ئەسپێ گازگرەکان دەگرێتەوە، خوریخۆران ◯ مالوفاگا

mallophagan *noun, adjective*
(مێرووی) ئەسپێی، خوریخۆر ◯ (حشرەی) شپشی، مالوفاگان

mallow /ˈmæləʊ, US -loʊ/ *noun*
(رووەکناسی) تۆلک، تۆلکە، تۆلەکە، گیانانەشان، پەپکەچەورە، چیچن، نانە حاجیلەکلەک [توخم *Malva* خێزان Malvaceae: زۆر جۆرن] ◯ پنیرک

mallow rose *noun*
(رووەکناسی) گولە هێرۆ ◯ گل ختمی

malm /mɑːm/ *noun*
1 جۆرێ بەردەگەچی نەرم و تورت و ناسک 2 crumbly خشتی باشی لەو بەردەگەچە ◯ مالم

malmsey /ˈmɑːmzi/ *noun*
1 جۆرێ مەی شیرین و توندی یۆنان، سپانیا و مادیرا 2 (مێژوویی) جۆرێ مەی سپی شیرین و بەقەوەت (گیرا) لە یۆنان و دوورگەکانی مەدیتەرانەی رۆژهەلاتییەوە هاوردە دەکرا (یان دەهێنرایە نێو ولاتەوە؛ بنەرەت: لە ناوی *Monemvasia* ناوی بەندەرێ لە باشووری رۆژهەلاتی یۆنان) ◯ مامزی

malnourished /ˌmælˈnʌrɪʃt, US -ˈnɜːr-/ *adjective*
بەدخۆراک، پیسخۆر، گەن(د)خۆر، کەچخۆراک، تووشبوو بە بەدخۆراکی: *Tired, malnourished people are prone to infection* ◯ دچار سوء تغذیه

malnutrition /ˌmælnjuːˈtrɪʃn, US -nuː-/ *noun*
بەدخۆراکی، پیسخۆری، گەنخۆری، باشنەخۆری ◯ سوء تغذیه

malodour *noun*
بۆنی ناخۆش، بۆگەن، بۆنی پیس ◯ بوی بد

malodorous /ˌmælˈəʊdərəs, US -ˈoʊdərəs/ *adjective*
بۆگەن، بۆسار، بۆخاو ◯ گندناک، بدبو

malolactic /ˌmalə(ʊ)ˈlaktɪk/ *adjective, noun*
adj سەربە ترشانی بەکتریایی کە ترشەلۆکی سێوی دەگۆرێ بۆ ترشەلۆکی شیری: *n malolactic fermentation* ترشانی بەو شێوەیە ◯ مالولاکتیک

malope /ˈmaləpi/ *noun*
رووەکێ لە تیرەی mallow بە گولی کەرەنایاساوە trumpet-shaped [توخم *Malope*] ◯ نوعی گیاه

maloti = plural form of loti

Malpighian layer /malˈpɪgɪən/ *noun*
(گیانەوەرناسی و توێکاری) توێ یان چینی مالپیجی: توێیێ لە epidermis کە خانە پێستییەکان لە بەستا بەهۆی دابەشبوونەوە سازدەبنەوە ◯ مالپیجین لایر

Malpighian corpuscle *noun*
خرۆکەی مالپیجی: بەشێکی nephron کە لە Bowman's capsule و glomerulus پێکهاتووە (بنەرەت: لە ناوی وردبینگەری Marcello ئیتالیایی microscopist *(Malpighi* ◯ مالپیجین کورپوسکل

Malpighian tubule *noun*
(گیانەوەرناسی) لولەزە یان بۆریچکەی مالپیجی: ئەندامێکی دەرهاوێژەری لولەیی ◯ مالپیجین تیوبول

malposition *noun*
جێگۆرکێی ئاوەلمە، باری نائاسایی ئاوەلمە ◯ جابجاشدگی جنین

malpractice /ˌmælˈpræktɪs/ *noun*
1 خراپەکاری 2 کەمتەرخەمی پزشک، درێخی نۆژدار یان پزشک، چارەسەرکردنی هەلە ◯ 1 تخلف 2 قصور پزشک

malpresentation *noun*
باری نائاسایی ئاوەلمە (یان ئاولەمە) لە سەروبەندی منالبووندا ◯ حالت غیرعادی جنین در زمان وضع حمل

malt /mɔːlt, US mɒlt/ *noun*
1 مۆلت، چەقەرەی وشکەوەبووی جۆ، سەمەنی (جۆی) وشکەوەبوو (بۆ دروستکردنی بیرە یان ویسکی بەکاردێ) 2 (بریتانیا) کورتەی malt whisky 3 (ئەمریکا) کورتەی malted milk (ئەلمانی بنەرەت) ◯ مالت

Malta fever = undulant fever

maltase /ˈmɒlteɪz, US ˈmɔːl-/ *noun*
(زیندەکیمیا) مالتاز، مۆلتیز (= جۆرێ هەوێنە enzyme لە لیک و ناوگی شیلاوک pancreatic juiceدا هەیە) ◯ مالتاز، مولتیز

malted *adjective*
تێکەلکراو لەگەل مالت یا ناوی مالت ◯ مالتید

malted milk *noun*
شیری مۆلتتێکراو، خواردنەوەیێ کە لە مۆلت و شیری وشکەوەبوو دروست کرابێ ◯ مالتدمیلک

Maltese /ˈmɔːltiːz/ *adjective, noun, pl.* same
adj سەربە مالتا، خەلکەکەی یان زمانەکەیان، مالتایی، مالتی *n* 1 خەلکی مالت، مالتی، مالتایی 2 زمانی نەتەوەیی مالتا، مالتایی، مالتی ◯ *adj* وابستە بە مالت، مردم یا زبان مالتی *n* 1

اهل مالت 2 زبان مالتی

Maltese cross *noun*

1 خاچی مالتی (ئەم خاچە جاران لە لایەن شۆرەسوارانی مالتایییەوە لەبەر دەکرا (کە دەستەیێکی دینی بوون) 2 جۆرێ گیای نوراسیایی لە خێزانی pink [*Lychnis chalcedonica*] ◌ 1 صلیب مالتی 2 نوعی گیاه

Maltese dog *noun*, also Maltese terrier

سەگی مالتی (زۆرتر تووکسپی) ◌ سگ مالتی

maltha /ˈmælθə/ *noun*

چەسپی قیر و مێو ◌ چسپ قیر و موم

malthouse *noun*

مالتخانە (= جێگایێ کە مالتی لێ ئامادە دەکرێ) ◌ مالتهاوس

Malthusian /malˈθjuːzɪən/ *adjective, noun*

adj مالتوزی (سەربە تیۆری ئابووریی ئینگلیسی تۆماس مالتوز Thomas Malthus (1766–1834)) *n* لایەنگری مالتوز ◌ *adj* مالتوسی *n* طرفدار مالتوس

maltings = (Brit.) malthouse

malt liquor *noun*

لیکۆری مالت ◌ لیکور مالت

maltodextrin *noun*

دیکستریني مالتۆزدار، وەک سەرختەی خۆراک وایە ◌ مالتودکسترین

maltose /ˈmɔːltəʊz, -təʊs, US -toʊz, -toʊs/ *noun*

(کیمیا) مۆلتۆز، مالتۆز $C_{12}H_{22}O_{11}$: شەکرێ کە بەهۆی شیبوونەوەی نشاستە بەرهەم هاتووە، ب.ت. ئەو هەویتانەی کە لە مالت و لیکدا دۆزراونەتەوە ◌ مالتوز، مولتوز

maltreater *noun*

بەدڕەفتار، کەچڕەفتار، بەزەبروزەنگ، توندوتیژ ◌ بدرفتار، خشن

maltreatment /ˌmælˈtriːtmənt/ *noun*

خراپجوولانەوە، بەدڕەفتاری، کەچڕەفتاری، زەبروزەنگ، توندوتیژی ◌ بدرفتاری، خشونت

maltster *noun*

(بریتانیا) مالتگرەوە، مالتنەرەوە، مالتساز ◌ سازندەی مالت

malt whisky *noun*

ویسکی مالت ◌ ویسکی مالت

malty *adjective* (maltier, maltiest)

مالتی ◌ مالتی

malvaceous /malˈveɪʃəs/ *adjective*

(رووەکناسی) تیرەی تۆلەکیان، تۆلەکیان، سەربە ئەو رووەکانەی کە لە تیرەی تۆلەکە mallow ن ◌ پنیرکیان

Malvasia /ˌmalvəˈsiːə, US -ˈziːə/ *noun*

چەند جۆرێکی ترێ بۆ نانەوەی مەی سوور و سپی، ب.ت. لە ئیتالیا (لە ناوی Monemvasia دێیێ لە یۆنان) ◌ مالواسیا

malversation /ˌmalvəˈseɪʃ(ə)n/ *noun*

1 کاری خراپ، کردەوەی ناقانوونی 2 خراپ یا بەدبەکارهێنان، دەغەلی، ناپاکی، خەیانەت (لە کار و...) ◌ 1 کار خلاف 2 سوءاستفاده، خیانت

malvoisie /ˈmalvɔɪzi, ˌmalvɔɪˈziː, French malvwazi/ *noun*

(لە ولاتانی فەرەنسیزماندا) چەند جۆرێکی ترێ بۆ نانەوەی مەی سپی (لە ناوی Monemvasia ـەوە، بڕوانە Malvasia) ◌ مالویز

mam /mæm/ *noun*

1 (نافەرمی، بریتانیا) دایکە، دایک 2 دایکەکەم، دایەگیان (وشەی بانگکردن بە حورمەتەوە بۆ هەر ژنێ) ◌ 1 مامان 2 مام

mama /ˈmæmə, US məˈmɑː/ *noun*, also mamma

(نافەرمی) دایکە، دایک، دایە: *Mama Ngina Kenyatta* ◌ مامان، ننه

mama's boy *noun*

لووسکە، لاقوونە، (کوڕ یا پیاو) سوسول ◌ بچەننه

mamba /ˈmæmbə/ *noun*

مەمبا، مامبا: مارێکی رەش یا شینی ژاراوی ئەفریکایی [*Dendroaspis polylepis*] (هی رەش) و جۆرە پێوەندیدارەکان] ◌ مامبا

mambo /ˈmæmbəʊ, US -boʊ/ *noun, pl.* mambos

مامبۆ: 1 سەما و هەڵپەڕکێی سەربە کوبا؛ پارچە موسیقایێ بۆ مامبۆ 2 priestess ی ڤودوو (بنەڕەت: لە سپانیایی ئەمریکاییەوە) ◌ مامبو

mamee = mammee

mamelon /ˈmamɪlən/ *noun*

تەپی خڕ، گردی خڕ ◌ پشتەی گرد

Mamelukes *noun, pl.*

مەمالیک (= بەرە پاتشاییێکی تورکنژاد بەسەر میسر و سووریادا لە 648 تا 922 کۆچی مانگی ◌ ممالیک

mamey = mammee

mamilla /maˈmɪlə/ *noun*, also mammilla, *pl.* mamillae /-liː/

(توێکاری) گۆی مەمک، گۆپکە، سەرچیچک، گۆ ◌ نوک پستان

mamillary /ˈmamɪləri/ *adjective*, also mammillary

1 (دەربارەی کانەکان) گۆپکەیی، بە چەندین رووی قۆقزی convex خڕەوە 2 (توێکاری) سەربە گۆپکە (ئاماژە بە دوو گۆپکەی تەرکی هیپوتالاموس لە مێشکدا) ◌ ماميلاری

mamillated /ˈmamɪleɪtɪd/ *adjective*, also mammillated

1 داپۆشراو لە تەپی خڕ، گردگرد 2 (دەربارەی کانەکان) mamillary ◌ پوشیده از پشتەی گرد

mamma[1] /'mamə/ *noun, pl.* mammae /-mi:/
(تویکاری) مەمک، گوان، گرێز، قێل (بنەرەت: لە لاتینەوە بە واتای "breast") ۞ پستان

mamma[2] /'mamə, US mə'mɑ:/ *noun*
(نافەرمی) دایکە، دایک ۞ مامان

mammal /'mæml/ *adjective*
شیردەر، گواندار (پۆل *Mammalia*) ۞ پستاندار

Mammalia *noun, pl.*
گوانداران، شیردەرەکان ۞ پستانداران

mammalian /mæ'meɪliən/ *adjective, noun*
سەربە گوانداران، سەربە شیردەران ۞ وابستە بە پستانداران

mammaliferous /ˌmamə'lɪf(ə)rəs/ *adjective*
(زەویناسی) پاشماوەی بووبەرد یان فوسیلی شیردەرەکان یان گواندارەکانی تیایە، مامالیفێرۆس ۞ ماماليفروس

mammalogist *noun*
شیردەرانناس ۞ مامالوژیست

mammalogy /ma'malədʒi/ *noun*
لقێ لە گیانەوەرناسی zoology دەربارەی شیردەرەکان و گواندارەکانەوە (دەدوێ)، شیردەرانناسی ۞ مامالوژی

mammary /'mæməri/ *adjective, noun* (*pl.* mammaries)
adj سەربە گوان، سەربە مەمک، مەمکی، گرێزی *n* (mammaries، نافەرمی) مەمک ۞ *adj* وابستە بە پستان *n* (در جمع) پستان

mammary gland *noun*
رژێنەی مەمکی یان گوانی ۞ غدەی پستانی

mammate *adjective*
گواندار، شیردەر ۞ پستاندار

mammee /ma'mi:/ *noun,* also mamee, mamey
1 (هەروەها mammee apple) داریکی ئەمریکای گەرمێنان، بەریکی سووری زلەی خۆراکی هەیە 2 [*Mammea americana*] (mammee sapote) داریکی ئەمریکای ناوەندی، میوەیکی خەنەیی خۆراکی هەیە [*Pouteria sapota*] ۞ مامی

mammifer *adjective*
گواندار، شیردەر ۞ پستاندار

mammiferous /ˌmamə'lɪf(ə)rəs/ *adjective*
گواندار، شیردەر ۞ پستاندار

mammiform = mamilary

mammilla = mamilla

mammogram /'mæməgræm/ *noun*
ماموگرام (- وێنەیێ بە تیشکی X لە مەمکی ژن بۆ پەیداکردنی نیشانەی شێرپەنجە) ۞ ماموگرام

mammography /mæ'mɒgrəfi, US -'mɑ:g-/ *noun*
ماموگرافی، مەمکۆگرافی (تاقیکردنەوەی مەمکی ژن بە بەکارهێنانی تیشکی X بۆ پەیداکردنی نیشانەی شێرپەنجە) ۞ ماموگرافی

mammon /'mæmən/ *noun,* also Mammon
1 پارە، پوول 2 ماڵی دنیا، سامان 3 ماڵپەرستی، پارەپەرستی ۞ 1 پول 2 ثروت 3 مال‌اندوزی

mammonism *noun*
ماڵپەرستی، پارەپەرستی ۞ مال‌اندوزی

mammonist *noun,* also mammonite
ماڵپەرست، پارەپەرست ۞ مال‌اندوز

mammoth /'mæməθ/ *noun, adjective*
n ماموت (فیلێکی تیاچووی سەردەمی Pleistocene [*Mammuthus primigenius*] (هی کولکن یان خورینە) و جۆرە پێوەندیدارەکان]) *adj* زەبەلاح، یەکجار زلە، زۆرگەورە، کەلە ۞ *n* ماموت *adj* غول‌پیکر

mammy /'mæmi/ *noun, pl.* mammies
1 (نافەرمی، بە زمانی منالان) دایە 2 (سووکانە، جاران لە هەرێمەکانی باشووری ئەمریکا) دایکە ۞ 1 مامان 2 ننه

man /mæn/ *noun, interjection, pl.* men /men/
n 1 پیاو، مەرد، مێر 2 مرۆڤ، بنیادەم، مرۆ، سەر، کەس: early/modern/Prehistoric man 3 مێرد، شوو، هاوسەر 4 دۆستی کوڕ 5 نۆکەر، خزمەتکار، راژەوان 6 (میلیتاری) سەرباز 7 (شەترەنج) سەرباز 8 کرێکار، کارکەر 9 خواردەس، ژێردەس، گوێڕایەڵ *interj* هۆی کاکە! هۆی کورەکە! (ب.ت. بە تووڕەیی: *Man, that was great!* بنەرەت: پێوەندی بە سانسکریتەوە "مرۆڤ" هەیە *manu*) ۞ *n* 1 مرد 2 انسان، فرد، آدم، تن 3 شوهر 4 دوست‌پسر 5 خدمت‌کار 6 سرباز 7 (شطرنج) سرباز 8 کارگر 9 تابع *interj* هی داداش!

-man *suffix*
پاشگر: پیاو، کەس، مرۆ ۞ پسوند: مرد، شخص

mana /'mɑ:nə/ *noun*
(ب.ت. لە باوەڕی مالیزیایی، پۆلینیزیایی و مائۆریدا) هێزی جادووی و سەرووسروشتی زاڵ (بنەرەت: لە مائۆرییەوە) ۞ مانا

manacle(s) /'mænəkl/ *noun, pl.*
کەلەپچە، دەسبێن، کۆتوزنجیر، کۆتوبەند، handcuff ۞ دستبند، غل‌وزنجیر

manageability /mænɪdʒə'bɪləti/ *noun*
(زوو) رامکراوی، لەمەهارهاتوویی، کۆنتڕۆڵکراویدەسبەسەرداگیراوی ۞ قابلیت مهار

manageable /'mænɪdʒəbl/ *adjective*
(زوو) رامکراو، لەکۆنتڕۆڵ‌هاتوو، لەمەهارهاتوو، کۆنتڕۆڵ‌ئاسان، کۆنتڕۆڵکراو، مەهار دەکرێ،

دەس‌بەسەرداگیراو، بەڕێوە دەبرێ ◌ مهارکردنی

manageably /ˈmænɪdʒəbli/ *adverb*

لەکۆنترۆڵ‌هاتووانە، دەس‌بەسەرگیراوانە ◌ بە طور مهارکردنی

management /ˈmænɪdʒmənt/ *noun*

1 بەڕێوەبەرایەتی، بەڕێوەبەری، لەدەس‌گرتن، هەڵسووڕاندن، گێڕان، لێهاتوویی، کارزانی، شارەزایی بەڕێوەبەری 2 دەستەی بەڕێوەبەرایەتی 3 (کۆن) فێڵ ◌ 1 مدیریت، اداره، تدبیر 2 هیأت مدیره 3 حیله

management accountant *noun*

ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتی ◌ حسابدار مدیریت

management accounting *noun*

ژمێریاریی بەڕێوەبەرایەتی ◌ حسابداری مدیریت

management consultant *noun*

ڕاوێژکاری بەڕێوەبەرایەتی ◌ مشاور مدیریت

manager /ˈmænɪdʒə(r)/ *noun*

1 بەڕێوەبەر، سەرۆک، کارگێڕ، [illegible] بەسەرداگر [illegible] *bank/hotel manager* 2 [illegible] بەڕێوەبەر 3 بەڕێوەبەری [illegible] [illegible] 1 [illegible] 2 [illegible] 3 [illegible]

manageress /ˌmænɪdʒəˈres/ *noun, fem.* **manager**

بەڕێوەبەر، کارگێڕ (ژن) ◌ مدیره

managerial /ˌmænəˈdʒɪərɪəl, US -ˈdʒɪr-/ *adjective*

بەڕێوەبەرایەتی‌یانە، سەربە بەڕێوەبەرایەتی (managerially *adv*) ◌ [illegible] مدیریت

managership *noun*

بەڕێوەبەرایەتی، بەڕێوەبەری، هەڵسووڕان، گێڕان ◌ مدیریت

managing director *noun, abbreviation* MD

بەرپرسی بەڕێوەبردن، سەربەڕێوەبەر، چاودێری بەڕێوەبەرایەتی ◌ مدیر عامل

Manasseh *noun*, Hebrew *Mĕnashsheh*

مێناشێ، مێناسێ: 1 کوڕی یوسف Joseph سەرەڕەچەڵەکی یەکێ لە خێڵ و هۆزەکانی ئیسرائیل 2 پادشای Judah لە سەدەی حەوتەمی بەرلە زایین، گرنگە چونکو حەولی دا فرەخوداباوەڕی دامەزرێنێ ◌ منسی

manakin /ˈmanəkɪn/ *noun*

پیاویلکە: جۆرێ باڵندەی چکۆلەی سەرزل و دەنووک‌چکۆلەی گەرمێنانی ئەمریکا [خێزان Pipridae: زۆر جۆرن] ◌ ماناکین

mañana /manˈjɑːnə/ *adverb*

1 پاشەڕۆژ، شەوەکی، داهاتوو 2 لە داهاتوویێکی نادیاردا ◌ 1 آینده 2 در آینده‌ای نامشخص

manat /ˈmanat/ *noun, pl.* same

مانات: یەکەی بنەڕەتی پارەی ئازەربایجان و تورکەمنستان، بەرامبەر بە سەد gopik لە ئازەربایجان و سەد tenge لە تورکەمنستان ◌ مانات

man-at-arms *noun, pl.* men-at-arms

(کۆن) سەرباز ◌ سرباز

manatee /ˈmænətiː/ *noun*

گاناوی، مەناتی (گیاخۆرە [توخم *Trichechus*: سێ جۆرن]) ◌ مناتی

Manchester *noun*

1 (ئەوستراڵیا) پارچە و کوتاڵی کەتانی 2 کەتانی خۆماڵی ◌ 1 منسوجات کتانی 2 کتان خانگی

Manchester terrier *noun*

تاجی (یان سەگی ڕاوی) مەنچستێر ◌ سگ شکاری منچستر

manchet /ˈmantʃɪt/ *noun*

(کۆن) نانی گەنمی چاک، نانی سمەوەژ ◌ نان گندم عالی

manchineel /ˌman(t)ʃɪˈniːl/ *noun*

سێوێلکە (دارێکی کاریبیەن، شیلەی شیری ژاراوی ئەو دارە ئەتوانێ بۆ ماوەیێ چاو کوێر کا [*Hippomane mancinella*]) ◌ نوعی درخت

Manchu /manˈtʃuː/ *noun, pl.* same or Manchus

1 ئەندامی گەلێ کە لە بنەڕەتا لە Manchuria دەژین، کە دوایین بەرەی ئیمپراتۆری چینیان لە 1644-1912 دامەزراند 2 زمانی Tungusicی مەنچووری‌یەکان ◌ مانچو

manciple /ˈmansɪp(ə)l/ *noun*

وەکیل‌خەرج (لە کۆلێژ یان دەیر) ◌ وکیل خرج

Mancunian /mænˈkjuːniən/ *adjective, noun*

adj مەنکونیایی، مەنچستێری *n* خەڵکی مەنچستێر (باکووری ڕۆژاوای ئینگلتەرە) ◌ *adj* منچستری *n* اهل منچستر

-mancy *suffix*

پاشگر: پێش‌بینی، بینی، فاڵ‌گرتنەوە: *geomancy* (بنەڕەت: لە *-mancie* فەرەنسی کۆن، بە ڕێگای late Latin *-mantia* لە *manteia* یۆنانی‌یەوە "divination") ◌ پسوند: پیش‌بینی، بینی، تفأل

Mandaean /manˈdiːən/ *noun*, also Mandean

n 1 ئەندامی تیرەیێکی Gnostic، لە ئێراق و باشووری ڕۆژاوای ئێران 2 زمانی ئەو تیرەیە، شێوەیێکە لە ئارامی *adj* سەربە ماندایی‌یەکان یان زمانەکەیان ◌ مندایی

mandala /ˈmændələ/ *noun*

مەنداڵا (= وێنەی بازنەیی بە دەوری چوارگۆشەیێ، کە لە دینی بودیستی و هیندوویی‌دا جیهان پیشان‌دەدا؛ بنەڕەت: لە *mandala*ی

سانسکریتی‌یەوە بە واتای پەپکە disc) ۞ ماندالا

mandalic *adjective*

سەربە مەندالا ۞ وابستە بە ماندالا

mandamus /man'deɪməs/ *noun*

(ماف) بڕیاری دادگەری(یانە)، بڕیاری دادگای سەرتر بۆ دادگای خوارتر (بنەڕەت: لە لاتینەوە "ئێمە دەستوور دەدەین") ۞ حکم قضایی

Mandan /'mand(ə)n/ *noun, pl.* same or Mandans

1 ئەندامی گەلێکی سووورپێست، جاران بەدرێژایی رووباری میسوری‌دا دەژیان 2 زمانی Siouanی ئەو گەلە ۞ ماندان

mandarin[1] /'mændərɪn/ *noun*

1 کەسێکی دەس‌ڕۆیشتوو، مرۆی بەدەسەلات، مرۆی پایەبەرز 2 کاربەدەستانی پایەبەرز (لە چینی کۆن‌دا کە لە نۆ ئاستا بوون) 3 (Mandarin) مەندەرین، ماندارین (= زمانی ستاندارد و فەرمی چینی) ۞ 1 آدم متنفذ، صاحب‌منصب 2 مأمورین عالی‌رتبە 3 (با M) ماندارین

mandarin[2] /'mændərɪn/ *noun*

1 نارنگی، لالەنگی، خۆش‌داکەنە (بە شۆخی) 2 داری نارنگی [*Citrus reticulata*] ۞ 1 نارنگی 2 درخت نارنگی

mandarin collar *noun*

ملیوان یان یەخەی ماندارین (چکۆلە، تەنگ و قیت) ۞ یقەی ماندارین

mandarin duck *noun*

مراوی چینی [*Aix galericulata*] ۞ اردک چینی

mandarin jacket *noun*

چاکەتی ملیوان‌ماندارین ۞ ژاکت ماندارین

mandarin orange *noun*

نارنگی ۞ نارنگی

mandatary /'mandət(ə)ri/, *pl.* mandataries = mandatory

mandate /'mændeɪt/ *noun*

1 دەستوور، فەرمان 2 بریکاری، بریکارنامە، بری‌نامە 3 سەرەپەرشتی 4 پێدانی دەسەلات، پێ‌سپاردنی دەسەلات، ماف، حەق 5 ولات یا ناوچەی سەرپەرشتی‌کراو 6 (مێژوویی) لێژنەیێ لە لایەن کۆمەلەی نەتەوەکانەوە بۆ ولاتێکی ئەندام تا ولات یان ناوچەیێ بەڕێوە ببا 7 دەستووری خەلک بە (بریکار) ئەنجومەن ۞ 1 حکم 2 وکالت(نامە) 3 قیمومت 4 تفویض اختیار، حق 5 سرزمین یا ناحیەی تحت قیمومت 6 و 7 ماندیت

mandated /'mændeɪtɪd/ *adjective*

1 زۆرەملی، زۆرەکی: *a mandated curriculum* 2 لەژێر سەرپەرشتی: *mandated territories* ۞ 1 الزامی 2 تحت قیمومت

mandator *noun*

دەسەلات‌پێدەر ۞ مفوض اختیار

mandatory /'mændətəri, US -tɔːri/ *adjective, noun*

1 زۆرەملی، تەوزیمی، بەزۆری، ناچاری، پێویست، compulsory: *the -ory retirement age* 2 سەرپەرشت 3 حکومەتی سەرپەرشت ۞ 1 اجباری، ضروری 2 قیم 3 دولت قیم

mandatory payment *noun*

پێدانەوەی زۆرەملی ۞ پرداخت اجباری

mandatory power *noun*

حکومەتی سەرپەرشت ۞ دولت قیم

Mande /'mɑːndeɪ/ *noun, pl.* same or Mandes

1 ئەندامی هەریەک لە کۆمەلە گەورەکانی رۆژاوای ئەفریکا 2 کۆمەلی زمانەکانی نایجێر-کۆنگۆیی ئەو گەلانە ۞ ماندی

Mandean = Mandaean

mandible /'mændɪbl/ *noun*

1 (گیانەوەرناسی و توێکاری) شەویلکەی خوارەوە یان ژێروو، ئارزەن 2 هەریەک لە دوو بەشی سەروو و خوارووی دەنووکی بالندە 3 نیوەشەویلکەی مێرووەکان ۞ 1 فک یا آروارەی پایین 2 و 3 ماندیبل

mandibular /mæn'dɪbjələ(r)/ *adjective*

شەویلکەیی، ئارزەنی ۞ آروارەای

Manding /'mandɪŋ/ also Mandingo /man'dɪŋgəʊ/ = Mande

Mandinka /mən'dɪŋkə/ *noun, pl.* same or Mandinkas

1 ئەندامی گەلێکی رۆژاوای ئەفریکا، زۆربەیان لە سینیگال، گامبیا و سیرالیۆن دەژین 2 زمانی Mandeی ئەو گەلە ۞ ماندینکا

mandola /man'dəʊlə/ *noun, also* mandora /-'dɔːrə/

(مێژوویی) ئامێرێکی سەرەتایی ژێ‌دار، لە جۆری ماندۆلین یان cittern؛ جۆرێ ماندۆلینی گەورەی باس یان تێنۆر، لە ensemble و تیپە فۆلکەکان‌دا بەکاردێنرێ ۞ ماندولا

mandolin /'mændəlɪn, US ˌmændə'lɪn/ *noun,* also mandoline

ماندۆلین (ئامێرێکی 6 یان 8 ژێیی، شێوەی عوود دەدا)، عوودی فەرەنگی ۞ ماندولین

mandolinist *noun*

ماندۆلین‌ژەن ۞ نوازندەی ماندولین

mandorla /man'dɔːlə/ *adjective, noun,* also vesica piscis

adj بادەمی، بادەمی‌ئاسا *n* خەرمانەی بادەمی (خەرمانەیێکی پیرۆز کە بە دەوری لەشی سەینتەکانی کریستانیەت، ب.ت. کریست یا مریەمە لە هونەری سەدەکانی نیوەڕاست‌دا دادەنرێ) ۞ *adj* بادامی‌شکل *n* ماندورلا

mandragora /man'dragərə/ *noun*

mandrake - ‏(ب.ت. کاتـــێ وەک بـــەنگ narcotic بەکاردێت) ❁ ماندراگورا‏

mandrake /'mændreɪk/ *noun*

‏1 گیائادەمـە، سـێوەخووگانە، هەســەن‌بـەگی، قیرەگیا، تەماتەمارانە، لە تیرەی nightshade بـە گـەڵای زلی هێلکـەیـی‌یـەوە؛ رەگ و ریـشـەی گیائادەمـە (لە شـێوەی مـرۆڤ) وەک دەرمـان بەکاردێت‏ [*Mandragora officinarum*] - 2 mayapple ❁ مهرگیاه، استرنگ، مردم گیاه

Mandrax /'mandraks/ *noun*

‏(دروشمی بازرگانی) مەندراکس، ماندراکس؛ جــــۆری sedative methaqualone و diphenhydramine ی تیایە ❁ مندرکس‏

mandrel / mandr(ə)l/ *noun*, also mandril

‏1 گیرە 2 میل، میلە 3 تەوەر، تەوەرە 4 قـاڵب 5 (بریتانیا) قولـنگ، پاچی دووسـەر ❁ 1 مرغک 2 میله 3 محور 4 قالب 5 کلنگ‏

mandrill /'mændrɪl/ *noun*

‏مەنـدریل، مانـدریل، [illegible] جـــۆری مـــەیموونی گـەورەی ئـەفریکای رۆژاوا [illegible] *Mandrillus* [illegible] *sphinx*]: [illegible]‏
‏❁ مندریل‏

[illegible] *noun*

‏جاوین، جوون، خواردن ❁ [illegible]‏

[illegible] *noun*

‏1 یال، بژ، بژو، بژی 2 (بۆ گاڵتە) مووی [illegible] ❁ 1 یال 2 [illegible]‏

man-eater /'mæn i:tə(r)/ *noun*

‏1 مرۆخـۆر 2 ژنی سەلیتە، ژنی [illegible] ❁ 1 آدم‌خوار 2 زن [illegible]‏

man-eating *adjective*

‏مرۆخۆر: a man-eating tiger [illegible]‏

maned *adjective*

‏یالدار، بژدار، یالاوی، بژاوی، بژووی [illegible] یال‏

manege /mæ'neʒ/ *noun*

‏1 فێرگـەی ئەســپ‌ســواری، مــانێژ 2 رەوت و جووڵەی ئەسپی راهاتوو 3 هونەر یان شارەزایی سـواری، دەس‌وجـڵەو ❁ 1 و 2 مـانژ 3 هنـر یـا مهارت سوارکاری‏

manes /'mɑ:neɪz, US 'meɪni:z/ *noun*, *pl.*, Latin

‏(لە میـتۆلۆژی رۆمی‌دا) گیـانی مردووان، رۆحی باوباپیران (بە خودا دانراو) ❁ ارواح اموات‏

maneuver = US spelling of manoeuvre

maneuverable = US spelling of manoeuvrable

maneuvering = US spelling of manoeuvring

man Friday *noun*

‏شاگرد یان یاریدەدەری بەکار (لە ئافیس و هتد) ❁ معاون خوب‏

manful /'mænfəl/ *adjective*

‏1 ئـازا، نـەترس، چاوسـوور، پیـاو، بـەغیرەت، بەبڕیار، پتـەو، شـێلگیر، سـوور 2 پیاوانـە ❁ 1 شجاع، مصمم 2 مردانه‏

manfully /'mænfəli/ *adverb*

‏1 ئازایانـە، نەترسـانە، پیاوانـە:‏ *They rose manfully to the challenge* ‏2 بەبڕیارانـە، شێلگیرانە ❁ 1 با شجاعت 2 مصممانه‏

manfulness /'mænfəlnəs/ *noun*

‏1 ئازایـەتی، نەترسـی، پیـاوەتی 2 بەبـڕیاری، شێلگیری، پتـەوی، سـووربوون ❁ 1 شـجاعت، مردانگی 2 مصمم‌بودن‏

manga /'maŋga/ *noun*

‏ژانرێکی ژاپۆنی کارتۆن، کتێبە پێکەنینی‌یەکان، فیلمـە ئەنیمەیـشنەکان، زۆرتـر بـە بابـەتێکی خەیاڵـی‌یـەوە (ژاپـۆنی؛ بنـەڕەت: لـە *man* "هەرەمەکی، رەمەکی" "indiscriminate" + *ga* "وێنە "picture") ❁ مانگا‏

mangabey /'maŋgəbeɪ/ *noun*, *pl.* mangabeys

‏جـۆری مـەیموونی دەسـتەی medium-sized کلـک‌درێـژ، رەسـەنی دارسـتانەکانی رۆژاوا و ناوەندی ئەفریکا [توخم *Cercocebus*: چەندین جۆرن] (بنەڕەت: لە *Mangabey*، ناوچەیی لە ماداگاسکار) ❁ نوعی میمون‏

manganese /'mæŋgəni:z/ *noun*

‏(کیمیا) مەنگەنیز (بە ژ.گ. 25، ن. Mn) ❁ منگنز‏

manganese dioxide *noun*

‏(کیمیـا) دوائۆکـسایدی مەنگەنیز: ئاوێتـەیێکی لەتووانەوەنەهاتووی رەش MnO_2، ب.ت. وەک ئۆکـارێکی ئۆکـسێنەر بـەکاردێت و لـە بـواری شووشەسازی و سێرامیک‌سازی(دا) دەخرێتەکار ❁ دی‌اکسید منگنز‏

manganic *adjective*

‏سەربە مەنگەنیز، داڕێژراو یان بەرهەم‌هاتوو لە مەنگەنیز؛ ب.ت. ئەم توخمەی تیایە بە هاوهێزی سێ یان شەش ❁ وابسته به منگنز، منگنزی‏

manganic acid *noun*

‏ترشەڵۆکی مەنگەنیز ❁ اسید منگنز‏

manganiferous *adjective*

‏مەنگەنیزی تیایە، مەنگەنیزدار ❁ دارای منگنز‏

manganite /'maŋgənʌɪt/ *noun*

‏مەنگەنیت، مەنگەنایت: جۆرێ کـانی بۆر یـان رەش کە لە ئۆکسایدی مەنگەنیزی بنەڕەتی (یان ئاودار) پێکهاتووە MnO (OH)، کانزای خـاوی مەنگەنیزی بۆر ❁ منگنیت‏

manganous *adjective*

‏سەربە مەنگەنیز، داڕێژراو یـان بـەرهەم‌هـاتوو لـە مەنگەنیز؛ ب.ت. ئەم توخمەی تیایە بە هاوهێزی دوو، مەنگەنیزی ❁ وابستە به منگنز، منگنزی‏

mange /meɪndʒ/ *noun*

گڕوێ(گڕوێ)بوون، گەڕۆڵی، گەڕ(ی) ۞ گری، جَرب

mangel-wurzel /ˈmæŋgl wɜːzl, US wɜːrzl/ *noun*, also mangel, mangold
جۆرێ چۆنەر (یان چەوەندەر، وەکوو تفاق بۆ گاڕان بەکاردێترێ [*Beta vulgaris subsp. crassa*]) ۞ چغندر گاوی

manger /ˈmeɪndʒə(r)/ *noun*
ئاخوڕ، ئافر (درێژ) ۞ آخور

mangetout /ˈmɒ̃ʒtuː, -ˈtuː/ *noun*, also snow pea, *pl.* same or mangetouts pronunc. same
نۆکەبەفرینە؟، جۆرێ نۆک ۞ نوعی نخود

mangey = mangy

manginess /ˈmeɪndʒinəs/ *noun*
گڕوێ(گڕوێ)بوون، گەڕۆڵی، گەڕ ۞ گری

mangle /ˈmæŋgl/ *noun*
(ساڵان، بریتانیا) دەزگای کزرکردنەوە، کزرەک ۞ مانگل

mangled *adjective*
1 لێکزەبەردراو، شێرزە(کراو)، گرمۆڵەکراو، وردوخاش کراو، پلیشاو، تیکەتیکەکراو 2 شێواو، دەسکاریکراو، تێکدراو، زایەکراو ۞ 1 متلاشی شده، لەشده 2 تحریف شده

mango /ˈmæŋgəʊ, US -goʊ/ *noun*, *pl.* mangoes or mangos
1 مەنگۆ، ئەنبە؛ داری مەنگۆ: دارێکی هەمیشەسەوزی هێندی [*Mangifera indica*] 2 جۆرێ hummingbird [توخم *Anthracothorax*: چەندین جۆرن] ۞ 1 انبه؛ درخت انبه 2 نوعی پرنده

mangold = mangel-wurzel

mangonel /ˈmaŋgən(ə)l/ *noun*
(مێژوویی) مەنجەنیق، هێلکاڵ، هێلکان، بەردهاوێژ ۞ منجنیق

mangosteen /ˈmaŋgəstiːn/ *noun*
1 میوەیێکی گەرمێنانی ئاوشیرین 2 دارێکی درەنگهەڵدەری مالیزیایی کە ئەو میوەیە دەگرێ [*Garcinia mangostana*] ۞ مانگوستین

mangrove /ˈmæŋgrəʊv, US -groʊv/ *noun*
دەوەن یان داری مەنگروڤ یان مانگرۆڤ، لە قوڕاودا شین دەبێ [*Avicennia Rhizophora* و توخمەکانی تر] ۞ درخت کرنا

mangy /ˈmeɪndʒi/ *adjective* (mangier, mangiest), also mangey
1 گڕوێ، گەڕۆڵ، گەڕ: *a mangy dog* 2 ناحەز، ناشیرین، دزێو، شێواو، شڕ، چڵکن، پیس: *a -ngy old coat* ۞ 1 گر 2 کریه، کثیف

manhandling *noun*
توندوتیژی، زەبروزەنگ، خراپجوولانەوە، بەدڕەفتاری ۞ بدرفتاری

manhattan /ˌmænˈhætn/ *noun*
کوکتایلێ کە لە vermouth و ویسکی دروست دەبێ ۞ منهاتان

Manhattan clam chowder *noun*
جۆرێ چەودێر لە clam ی هاڕاو، باینجان، سەوزە و ئاڵەت و زەردەچێوە دروست دەبێ ۞ نوعی چاودیر

manhole /ˈmænhəʊl, US -hoʊl/ *noun*
پیاوپیاچوو، کونەپیاو، پیاوڕەو، پیاوەڕۆ، کونی(پیا)چوونەژوورەوە (ب.ت. هی زێراب) ۞ ادمرو

manhood /ˈmænhʊd/ *noun*
1 پیاوبوو، مێرایەتی، پیاوەتی، جوامێری: *to teach manhood* 2 سەردەم یان سەروبەندی پیاوەتی 3 توانایی سێکسی، پیاوەتی 4 مرۆڤایەتی 5 پیاوان (هی وڵاتێ) 6 (نافەرمی) دەزگای پیاوەتی ۞ 1 مردی، مردانگی 2 دوران بزرگسالی 3 قدرت جنسی 4 انسانیت 5 مردان 6 قضیب

man-hour *noun*
سەعاتەکار، کار-کاتژمێر، کەس-کاتژمێر یان سەعات (ئەو کارەی کەوا لە ماوەی سەعاتی لە لایەن کەسێکەوە دەکرێ) ۞ نفر-ساعت

manhunt /ˈmænhʌnt/ *noun*
شوێنکەوتن یان لەدواگەڕانی بەربلاو، شوێنکەوتنی سەرتاسەری (و ڕێکخراو، بۆ تاوانکار یا راکردوو لە زیندان) ۞ تعقیب (گسترده)

mania /ˈmeɪniə/ *noun*
1 (دەروونناسی) مانیا 2 (خوازە) شێتی، تامەزرۆیی لەڕادەبەدەر، بەپەرۆشی نائاسایی، دڵبەستەیی، سووتان، کەڵکەڵە، خولیا: *a mania for saving things* ۞ 1 مانی 2 جنون، اشتیاق مفرط

-mania *suffix*
پاشگر: شێتی (بنەڕەت: لە یۆنانییەوە) ۞ پسوند: دیوانگی

maniac /ˈmeɪniæk/ *noun, adjective*
n مانیک، نەخۆشی مانیا، تووشبوو بە مانیا: *a homicidal maniac* مرۆی شێت، بنیادەمی شێت و دەلوو، سەوداسەر، دڵبەستە، (بۆ)سووتاو، شێتوشەیدا *adj* شێتانە، گەوج، نەفام: *a maniac driver/fan/killer* ۞ *n* مانیک، آدم دیوانە، شیفتە *adj* دیوانەوار، دیوانە، احمق

manic /ˈmænɪk/ *adjective*
1 (دەروونناسی) مانیایی، مەنیک 2 شێتانە ۞ 1 مانیایی 2 دیوانەوار

manical /məˈnaɪəkl/ *adjective*
1 شێتوشەیدا، کوشتە 2 شێت، شێتانە ۞ 1 شیفتە 2 دیوانە، دیوانەوار

manically /-kli/ *adverb*
شێتانە ۞ دیوانەوار

manic-depression *noun*
مانیایی-دڵتەنگی ۞ شیدایی-افسردگی
manic-depressive *adjective, noun*
adj مانیا-دڵتەنگ *n* نەخۆش بە مانیا-دڵتەنگ
۞ *adj* شیدا-افسردە *n* بیمار شیدا-افسردە
Manichaean /ˌmanɪˈkiːən/ *adjective, noun*, also Manichean
adj (مێژوویی) = سەربە Manichaeism *n*
لایەنگری مانی ۞ مانوی
Manichaeism /ˌmanɪˈkiːɪz(ə)m/ *noun*, also Manicheism
مانی‌گەری، مانی‌باوەڕی (لە لایەن مانی Manes (216-276 ۞ مانویت
Manichee /ˌmanɪˈkiː/ = Manichaean
manicou /ˈmanɪkuː/ = (West Indian) opossum
manicure /ˈmænɪkjʊə(r), US -kjʊr/ *noun*
مانیکور، نینۆک‌ڕازاندنەوە: *to have a manicure* ۞ مانیکور
manicured /ˈmænɪkjʊəd, US -kjʊrd/ *adjective*
نینۆک‌ڕازاوە ۞ مانیکورشدە
manicurist /ˈmænɪkjʊərɪst, US -kjʊr-/ *noun*
مانیکوریس، نینۆک‌ڕازێن ۞ مانیکوریست
manifest[1] /ˈmænɪfest/ *adjective*
ئاشکرا، دیار، بەرچاو، ڕوون، ڕۆشن، خۆیا، clear ۞ آشکار، واضح
manifest[2] /ˈmænɪfest/ *noun*
1 (کەشتی، فڕۆکە و هتد) بارنامە 2 لیستی ڕێبوار یان سوارەکان 3 لیستی واگۆنەکان ۞ 1 بارنامە 2 صورت مسافران 3 صورت واگون‌ها
manifestation /ˌmænɪfeˈsteɪʃn/ *noun*
1 دەربڕین، هێنانەزمان، وتن، دەرخستن، ئاشکراکردن 2 خۆوانیشاندان، خۆنواندن، خۆدەرخستن 3 دەرکەوتن، دیارکەوتن، هاتنەبەرچاو، ڕووکانەوە، بڕووکە، سەرهەڵدان، پەیداکردن 4 نموونە، هێما، نیشانە، پیشاندەر، دەربڕ 5 خۆپیشاندان ۞ 1 ابراز، اظهار، هویداسازی 2 تظاهر 3 ظهور، تجلی 4 مظهر 5 تظاهرات
manifestative *adjective*
ئاشکراکەر، دەرخەر ۞ هویداساز
manifest destiny *noun*
باوەڕێکی سەدەی نۆزدەیەم کە پێی وایە فراوانبوونەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە سەرتاسەری وشکاری ئەمریکادا هەم جێی پاساوە و هەم ڕێی تێدەچێ ۞ مانیفست دستینی
manifestly /ˈmænɪfestli/ *adverb*
بە ئاشکرایی، بە ڕوونی: *manifestly unfair* ۞ بە وضوح
manifesto /ˌmænɪˈfestəʊ, US -ˈfestoʊ/ *noun, pl.* manifestos
مانیفێستۆ، ڕاگەیاندننامە (ڕاگەیاندنی گشتی لەمەڕ بنچینە سیاسییەکانی پارتییەک یان دەسەڵاتداری) ۞ بیانیە
manifold /ˈmænɪfəʊld, US -foʊld/ *adjective, noun*
1 *adj* زۆر، فرە، چەندینە، جۆراوجۆر، جۆربەجۆر، فرەجۆر: *The possibilities were manifold* 2 فرەلایەنە، گشت‌لایەنە، چەندلایەنە، فرەلا، چەندقۆڵی *n* 1 لولەی چەندڕێ، بۆری چەندکونە یان چەندلقە، مەنیفۆڵد، لولەی هەزارکونە: *the exhaust -fold* 2 دیوی چەن‌کونە ۞ *adj* 1 متعدد، بسیار، متنوع، گوناگون 2 چندجانبە *n* لولەی چندشاخە، منیفولد
manifoldness /ˈmænɪfəʊldnəs, US -foʊldnəs/ *noun*
زۆری، فرەیی، چەندینەیی، جۆراوجۆری، جۆربەجۆری، چەشناوچەشنی، فرەجۆری ۞ تعدد، بسیاری، گوناگونی
manikin /ˈmænɪkɪn/ *noun*, also mannkin
1 گزگل، گرگن، پیاویلکە، کورتەبالا 2 نموونە یان مۆدێلی لەشی مرۆڤ (بۆ توێکاری) ۞ 1 کوتولە 2 منیکین
manila /məˈnɪlə/ *noun*
1 کاغەزی بەرگەنامە، کاغەزی پێچانەوە 2 cigar یان cheroot ی لە مانیلا ۞ 1 کاغذ گراف 2 مانیلا
Manila hemp *noun*, also Manila
گوشی مانیل، ڕیشاڵی قایمی گیایێکی فیلیپینی [*Musa textilis*] (بنەڕەت: لە ناوی *Manila* پێتەختی فیلیپین) ۞ کنف مانیل
manila paper *noun*
کاغەزی بەرگەنامە، کاغەزی پێچانەوە ۞ کاغذ گراف
manilla /məˈnɪlə/ *noun*
جۆرێ دەزبینی کانزایی کە لە لایەن هێندێ لە گەلانی ئەفریکا وەک پارە بەکاردێتری ۞ مانیلا
man in the street *noun*
مرۆ یان کەسێکی ئاسایی ۞ آدم معمولی
manioc /ˈmænɪɒk, US -ɑːk/ *noun*, also cassava
1 (گیا) شیرهەرد، شیرگیا 2 ئاردی شیرگیا ۞ 1 گیاه مانیوک 2 آرد مانیوک
maniple /ˈmanɪp(ə)l/ *noun*
1 لابەشی لیژیۆنی ڕۆم (120 تا 60 کەسی تیابوو) 2 جبەیێ کە جاران لە لایەن قەشەکانەوە لە ڕێوڕەسمی شێوی خواوەندیدا Eucharist دەپۆشرا و لە بازووبەندێکی (باریک و درێژ لە هەوێشم) پێکهاتوو کە لە قۆڵی چەپ دەکرا 3 چەند کەسێک ۞ 1 و 2 منیپل 3 منیل
manipulation /məˌnɪpjuˈleɪʃn/ *noun*

1 چارەسەری شارەزایانە بە دەست، دەس‌گێری 2 دەس‌کاری، دەس‌تێبردن، هەڵفریواندن، گزە، لەخشتەبردن، فریودان، تەفرەدان، زیرەکی ○ 1 معالجەی ماهرانە با دست 2 دست‌کاری، تقلب، فریب

manipulative /məˈnɪpjələtɪv, US -leɪtɪv/ *adjective*, also -nipulatory

1 هەڵفریوێنەر، لەخشتەبەر، دەس‌کاری‌کەر، گزەوون 2 تەفرەدەرانە، هەڵفریوێنەرانە: *manipulative behaviour* 3 دەس‌کار ○ 1 فریب‌کار، متقلب 2 فریب‌کارانە 3 دست‌ساز

manipulatively /məˈnɪpjələtɪvli, US -leɪtɪvli/ *adverb*

1 هەڵفریوێنەرانە، لەخشتەبەرانە، دەسکاری‌کەرانە، گزەونانە 2 تەفرەدەرانە، هەڵفریوێنەرانە ○ 1 فریب‌کارانە، متقلبانە 2 فریب‌کارانە

manipulativeness /məˈnɪpjələtɪvnəs, US -leɪtɪvnəs/ *noun*

هەڵفریواندن، لەخشتەبەری، گزەونی ○ فریب‌کاری، تقلب

manipulator /məˈnɪpjuleɪtə(r)/ *noun*

1 هەڵفریوێنەر، لەخشتەبەر، دەس‌کاری‌کەر، گزەون: *a ruthless manipulator* 2 تەفرەدەر، فێڵاوی، دەسبڕ ○ 1 متقلب 2 حقەباز

Manipuri /ˌmʌnɪˈpʊəri/ *noun, pl.* same or Manipuris

1 خەڵکی Manipur، مانیپۆری 2 زمانی فەرمی Tibeto-Burmanی مانیپۆر ○ مانیپوری

Manitoban /ˌmanɪˈtəʊbən/ *noun, adjective*

مانیتۆبایی: *n* خەڵکی هەرێمی کەنەدی Manitoba *adj* سەربە مانیتۆبا، مانیتۆبایی ○ مانیتوبایی

manitou /ˈmanɪtuː/ *noun*

(لە نێوان هێندێ لە گەلانی سووری‌پێستی Algonquianدا) گیانی باش یان خراپ وەکوو بابەتێکی تۆڵە(کردنەوە) ○ مانیتو

mankind /mænˈkaɪnd/ *noun*

1 مرۆ، مرۆڤ، ئینسان، ئادەمیزاد، مرۆڤایەتی 2 رەگەزی مرۆڤ 3 پیاوان (لە بەرامبەر ژنان) ○ 1 بشر، بشریت 2 جنس بشر 3 مردان

manky /ˈmæŋki/ *adjective* (mankier, mankiest)

1 چڵکن، چەپەڵ، پیس 2 بێ‌نرخ، سووک، هیچ ○ 1 کثیف 2 بی‌ارزش

manlike /ˈmænlaɪk/ *adjective*

پیاوئاسا، شێوەپیاو، پیاوانە ○ مردگونە، مردصفت

manliness /ˈmænlinəs/ *noun*

پیاوەتی، مەردایەتی، جوامێری ○ مردانگی

manly /ˈmænli/ *adjective* (manlier, manliest), *adverb*

مەردانە، پیاوانە، جوامێر: *manly sports* ○ مردانە، مردصفت

man-made *adjective*

دەسکرد، مرۆکرد، دەس‌کار: *a man-made lake* ○ مصنوعی

manna /ˈmænə/ *noun*

1 گەزۆ، مەنا، مانا (بەپێی کتێبی پیرۆز: خۆراکی ئامادە لە لایەن خوداوە بۆ ئیسرائیلییەکان لە ماوەی 40 رۆژ مانەوە لە چۆڵگەدا (Exod. 16) 2 خوداپێداوی، نیعمەتی خوایی 3 (لە دەقەکانی کریستیانیەتدا) خۆراکی ئایینی، ب.ت. لە شێوی خوایی‌دا 4 جۆرێ جەوکی شیرین گەزی داربناوچ یان رووەکێکی وا دەگیرێ بۆ دەرمانی رەوانی بەکاردێتری ○ 1 مَن، موهبت الهی 2 غذای معنوی 3 مانا

manna ash *noun*

گەزی داربناوچ، داربناوچی گوڵ، رەسەنی باشووری ئەورووپا و باشووری رۆژاوای ئاسیا [*Fraxinus ornus*] ○ زبان گنجشک گل

manna grass *noun*

کۆمەڵێ گیای چەندساڵەی perennial زۆرتر ئەمریکای باکووری، لە شوێنی زنە و تەڕەلاندا دەڕێ [توخم *Glyceria*] ○ نوعی گیاه

mannequin /ˈmænɪkɪn/ *noun*

مانکەن، کۆتەڵە(مرۆ) ○ مانکن

manner /ˈmænə(r)/ *noun*

1 شێوە، رێگا، ئاسا، بار، تەرز، چەشن، رەنگ، جۆر، ئاوا، چۆنێتی، رەوت 2 رەفتار، رەوتار، هەڵس‌وکەوت، دەم‌ودوو، هەستان و دانیشتن 3 (manners) رەفتار یا هەڵس‌وکەوتی کۆمەلایەتی، هەستان و دانیشتن 4 (manners) رەوشت، ئەدەب 5 داب‌ونەریت، دەستوور، کەفنەشۆپ، خوو، عادەت 6 شێواز (بنەڕەت: لەسەر بنەمای لاتین "لەمەڕ دەست"، لە *manus* *manuarius* "دەست") ○ 1 طرز، طریق، روال، روش، نوع، رویە 2 رفتار، لحن 3 (بە جمع) رفتار اجتماعی 4 (بە جمع) ادب 5 آداب و رسوم، عادت 6 سبک

mannered /ˈmænəd, US -nərd/ *adjective*

1 نائاسایی، ناسروشتی، دەسکرد، تایبەتی، نابەسند 2 (لە لێکدانا) ـرەفتار، ـجوولاو، ـهەڵس‌وکەوت‌کردوو ○ 1 غیرعادی، غیرطبیعی 2 ـرفتار

mannerism /ˈmænərɪzəm/ *noun*

1 شێوەگەری، شێوەباوەری (Mannerism) 2 شێوازێکی هونەری ئیتالیایی سەدەی شازدە) تایبەت بە کەسێ یان بەکارهێنانی شێوازێکی جیاواز لە وێژە و هونەردا) 3 ئاکار، خوو و خدە، تەرزوئەدا، رێ‌وشوێن: *nervous/odd/irritating mannerisms* ○ 1 و 2 مانریسم 3 اخلاق، ادا و اصول

mannerist /ˈmænərɪst/ *noun*

شێوەگەر، شێوەباوەر ○ مانریست

mannerless /ˈmænələs/ *adjective*

بێ‌رەوشت، بێ‌ئەدەب، بێ‌شەرم ○ بی‌تربیت

mannerliness *noun*
رەوشت، تۆرە، ئەدەب ۞ نزاکت

mannerly /'mænəli/ *adjective*
بەرەوشت، بەتۆرە ۞ مؤدب

mannikin *noun*
1 = manikin 2 جۆرێ waxbillی گەرمێنانی جیهانی کۆن، زۆرتر قاوەیی، رەش و سپی، وەک باڵندەی ناو قەفەز باوە [توخم *Lonchura*: زۆر جۆرن] ۞ 1 = manikin 2 نوعی پرنده

manning *noun*
هێزی کار، ژمارەی کرێکاران ۞ نیروی کار

mannish /'mænɪʃ/ *adjective*
(لە باس‌کردنی ژن‌دا) نێرانی، پیاویلە، رەنگ‌پیاو، پیاوانە، وەکوو پیاو: *her -ish clothes* ۞ مردانه

mannishly /'mænɪʃli/ *adverb*
پیاوانە، وەکوو پیاوان، وەکوو نێرانی ۞ مردانه

mannishness /'mænɪʃnəs/ *noun*
ئەدا یان هەڵس‌وکەوتی پیاوانە (یان نێرانی) ۞ ادا یا رفتار مردانه

mannitol /'manɪtɒl/ *noun*
(کیمیا) مانیتۆل: ئەلکۆلی کریستالی شیرین $C_6H_{14}O_6$، لە گەڵێ گیادا هەیە ۞ مانیتول

mannose /'manəʊz, US -s/ *noun*
مانۆز، مەنۆس $C_6H_{12}O_6$: شەکرێکی دەستەی hexose کە وەک پێکهێنەرێ لە زۆربەی پۆلی‌ساکاریدە سروشتی‌یەکان‌دا هەیە، ماکێ کە لە ئۆکسانی مانیتۆل دەگیرێ ۞ مانوز

mano a mano /ˌmɑːnəʊ æ 'mɑːnəʊ, US ˌmɑːnoʊ ɑː 'mɑːnoʊ/ *adverb*
یەک‌بەیەک: *It's time to settle this mano-a-mano* ۞ یک به یک

manoeuvrability /mə'nuːvərəbɪləti/ *noun*
لەمانۆڤرهاتوویی ۞ مانورپذیری

manoeuvrable /mə'nuːvərəbl/ *adjective*
لەمانۆڤرهاتوو، مانۆڤر دەدرێ، مانۆڤری پێوە لێ‌دەدرێ ۞ مانورپذیر

manoeuvre /mə'nuːvə(r)/ *noun*, US maneuver
1 مەشق 2 مانۆڤر، جووڵانی شارەزایانە یان ئاگادارانە 3 شارەزایی، فێڵ، زیرەکی 4 ئامادەکاری، گەلاڵەکاری 5 (manoeuvres) مەشق (سەربازی)، راهێنانی لەشکری، مانۆڤر ۞ 1 رزمایش 2 مانور 3 مهارت، نیرنگ، ترفند، زیرکی 4 تمهید 5 (در جمع) رزمایش، مانور

manoeuvrer *noun*
مانۆڤردەر، مەشق‌پێدەر ۞ مانوردهنده

manoeuvring /mə'nuːvərɪŋ/ *noun*, US maneuvering
مانۆڤر، زیرەکی: *The political manoeuvring never stops* ۞ مانور

man of letters *noun*
وێژەوان، تۆرەڤان، نووسەر، نڤیسکار ۞ ادیب، نویسنده

man of straw *noun*
مرۆڤی دەستەوسان، بەیدەس، بێ‌دەسەلات ۞ آدم بی‌اراده

man of substance *noun*
مرۆڤی دەوڵەمەند ۞ مرد توانگر

man-of-war *noun, pl.* men-of-war or men-o'-war
1 کەشتی شەڕ 2 = Portuguese man-of-war 3 = frigate bird ۞ کشتی جنگی

manometer /mə'nɒmɪtə/ *noun*
پەستان‌پێو، گوشارپێو ۞ فشارسنج

manometric *adjective*, also manometrical
پەستان‌پێوی‌یانە، سەربە پەستان‌پێوی ۞ وابسته به فشارسنجی

manometry *noun*
پەستان‌پێوی، گوشارپێوی ۞ فشارسنجی

manor /'mænə(r)/ *noun*
1 کەلەبڕ؟، زەوی‌وزاری ئاغایی (یان دەرەبەگ) 2 سەرا، ماڵی ئاغایی، کۆشک‌وبەرە 3 (نافەرمی) مەڵبەند، ناقار (ئەفسەرانی پۆلیس) ۞ 1 تیول 2 خانه‌ی اربابی 3 (عامیانه) قلمرو

manor house *noun*
ماڵی ئاغایی ۞ خانه‌ی اربابی

manorial /mə'nɔːriəl/ *noun*
کەلەبڕی، سەربە مەنۆر، مەنۆریاڵ ۞ تیولی

manorial system *noun*
رێکخستەی مەنۆریاڵ، سیستمی کەلەبڕایەتی ۞ نظام تیول‌داری

manpower /'mænpaʊə(r)/ *noun*
هێزی کار، (سەرجەم) کرێکاران (سەربە کارێ) ۞ نیروی انسانی

manqué /'mɒŋkeɪ, US mɑːŋ'keɪ/ *adjective*
(فەرەنسی) سەرنەکەوتوو، تێداماو، زایەبوو، لەدەس‌چوو، لەخەسارچوو، کارەڕۆ، ترازاو (بریتی لە کەسێ کە دەیتوانی کارێ بکا، بەڵام نەی‌کردووە): *He's really an artist manqué* ۞ ناموفق، ضایع‌شده

manrope *noun*
تەناف یان گوریسی قەراخ پەیژە، بۆ دەس‌پێوەگرتن ۞ من‌روپ

mansard /'mænsɑːd, US -sɑːrd/ *noun*, also mansard roof
1 بانی دوولێژ، بانی چوارلا، بان‌وبانیژە (بنەڕەت: لە ناوی سازەوان یان ئارکیتێکتی فەرەنسی François *Mansart*) 2 (بریتانیا) = gambrel ۞ بام چهارترک

manse /mæns/ *noun*
ماڵە قەشە (ب.ت. لە سکاتلەند) ۞ خانه‌ی کشیشی

manservant /ˈmænsɜːvənt, US -sɜːrv-/ *noun, pl.* manservants
نۆکەر، بەردەست ۞ پیشخدمت

-manship *suffix*
پاشگر: هونەر یان شارەزایییەکی تایبەت: *brinkmanship, marksmanship* ۞ پسوند: فن یا مهارت ویژه

mansion /ˈmænʃn/ *noun*
1 سەرا، کۆشک، بەروار، دەزگا، کاشانە: *an 18th century country mansion* 2 ماڵ، خانوو 3 (ئەستێرەوانی) کەلوو 4 (mansions) (لە بریتانیا) خانووبەرەی ئاپارتمانی: *2 Moscow Mansions, Cromwell Road* ۞ 1 خانەی مجلل 2 خانە 3 برج 4 (در جمع) ساختمان آپارتمانی

mansion house *noun*
ماڵی ئاغا، کۆشک ۞ خانەی ارباب

man-size *adjective,* also man-sized
گەورە، گونجاو بۆ پیاوان، پیاوبەر، پیاوانە ۞ بزرگ، مردانە

manslaughter /ˈmænslɔːtə(r)/ *noun*
کوشتنی نامەبەستانە یا (بە)ناتانقەست، پیاوکوژی ناتانقەست ۞ قتل ندانسته

man-slayer /ˈmænsleɪə(r)/ *noun*
پیاوکوژ (ناتانقەست) ۞ قاتل

mansuetude /ˈmænswɪtuːd/ *noun*
(کۆن) نەرمی، نیانی، هەڵکردن، دەربردن ۞ ملایمت، مدارا

manta /ˈmæntə/ *noun*
1 عەبا، باڵاپۆش، جبە، سەرجل 2 سەرجل، سەرکورتان 3 سەرجلە: جۆری devil ray دەریا گەرمەکان کە دەتوانێ زۆر (زوو) هەڵدا [*Manta birostris*] ۞ 1 عبا 2 پالانپوش 3 نوعی ماهی

manteau /ˈmantəʊ/ *noun*
(مێژوویی، فەرەنسی) مانتۆ ۞ مانتو

mantel /ˈmæntl/ also mantle = mantelpiece

mantel-board /ˈmæntl bɔːd/ *noun*
تاقەی دارین (هی سەرکوورە) ۞ طاقچەی چوبی

mantelet /ˈmant(ə)lɪt/ = mantlet

mantelletta /ˌmantɪˈlɛtə/ *noun,* mantellettas or mantellette /-teɪ/
جبەیێکی بێقۆڵ تاسەر ئەژنۆ (کاردینال، گەورەقەشە و پیاوانی کاتۆلیکی پایەبەرزی ئایینی تر لەبەری دەکەن) ۞ مانتلت

mantelpiece /ˈmæntlpiːs/ *noun,* also mantlepiece
1 سەرکوورە، سەرئاگردان، سەرکولین، بانئاگردان، نەخش، گەچبڕی یا رەفحەی سەر ئاگردان 2 = mantelpiece ۞ سر بخاری، نمای بخاری

mantelshelf /ˈmæntlʃelf/ *noun,* also mantleshelf, pl. mantelshelves
1 سەرکوورە، سەرئاگردان، سەرکولین، بانئاگردان، رەفحەی سەر ئاگردان 2 (شاخەوانی) رەفحەی دەرپەڕیوی بەرد ۞ 1 نمای بخاری 2 مانتل شلف

mantic /ˈmantɪk/ *adjective*
سەربە پێغەمبەرایەتی یان غەیبزانی یان پێشزانی، فاڵگرتنەوەیی، prophetic ۞ وابسته به نبوت یا غیبگویی، وابسته به تفأل

manticore /ˈmantɪkɔː/ *noun*
پیاوخۆر(ە): گیانەوەرێکی ئەفسانەیی بە لەشی شێرەوە، دەموچاوی پیاو و چزووی دووپشک (لە وشەیێکی کۆنی ئێرانییەوە) ۞ مانتیکور

mantid = mantis

mantilla /manˈtɪlə/ *noun*
مەنتیلا: لەچکەی سەری ژنانی سپانیایی ۞ مانتیلا

mantis /ˈmæntɪs/ *noun,* also praying mantis, *pl.* mantises
(گیانەوەرناسی) تاجیلۆکە، باڵباڵوکە، ئەسپی پێغەمبەر، کوللەحاجی، باڵووک، حوشترحۆ، دەوریشە (باشووری ئەورووپا)، [*Mantis religiosa*] ژێردەستە [Mantodea] (بنەڕەت: لە یۆنانییەوە: "پێغەمبەر") ۞ آخوندک

mantissa /manˈtɪsə/ *noun*
پارسەنگە (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای makeweight) ۞ مانتیسا

mantle[1] /ˈmæntl/ *noun*
1 پلەوپایە، رۆڵ یان بەرپرسایەتییێکی گرنگ کە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر رادەگوێزرێ (یا دەساودەس دەکا، ئامارە بە دەساودەس کردنی تەرگەکەی Elijah بۆ Elisha (2 Kings (2:13). 2 (خوازە) بەرگ، داپۆشە، باڵاپۆش: *a grey hills with a mantle of snow* ◊ 3 *mantle of mist shrouding the slopes* (زەویناسی) بەشێ لە زەوی لە خوار تۆیکڵەوە کە دەوری چەقی زەوی داوە، چەقپۆش، داپۆشە، گۆشتەزەوی (باوەڕ وایە کە لە (تەختە)بەردە سیلیکاتی چڕ dense و گەرم (زۆربە peridotite) پێکهاتبێ) 4 سەرئاگردان، سەرکوورە 5 (هەروەها gas mantle) تۆڕی (چراتۆر) 6 چارەکە، کوڵوانە، کەوا، عەبا، جبە، تەرگە، باشەڵ 7 (گیانەوەرناسی) پەردە، تویی دەرەوەی شانەیی tissue، ب.ت. (لە cirriped ،mollusc و brachiopod)؛ بنەڕەت: ئینگلیسی mentel کۆن، لە *mantellum* لاتین "cloak" ۞ 1 مقام 2 پوشش 3 (زمین شناسی) جبە 4 سربخاری 5 توری چراغ 6 شنل، ردا، کت 7 شامه

mantle[2] = mantel

mntlepiece = mantelpiece

mntleshelf = mantelshelf

mantlet *noun,* also mantelet

1 (مێژوویی) کوڵوانەی بێقۆڵ و کورتی ژنان 2 (مێژوویی) پەرێز یان پەردەیێکی گەرۆک، بۆ پاراستنی سەربازەکان بەکاردێتری ◌ مانتلت

mantling *noun*
(heraldry) پارچەکوتاڵێکی نەخشین بۆ دەوری مەتال یا کڵاوخود (بنەڕەت: لە mantle[1] + - ing[1]) ◌ مانتلینگ

man-to-man *adjective*
بێلەرووداماں، ڕێکوڕاست، لەڕوو، بەڕەوڕوو ◌ بی رودرواسی

Mantoux test /'mõtu:, US 'mantu:/ *noun*
تاقیکردنەوەی پێستی بۆ پاراستن لە بەرامبەر سیلدا (لە ناوی پزشکی فەرەنسی Charles *Mantoux*) ◌ تست مانتوکس

mantra /'mæntrə/ *noun*
1 مەنترا (= بەشێ لە پارچە نووسراوەیەکی پیرۆزی دینی هیندوویی) 2 سرودی Vedic (بنەڕەت: سانسکریت "ئامێری بیرکردنەوە یان هزر"، لە *man* "بیرکردنەوە") ◌ مانترا

mantrap *noun*
داوی مرۆ ◌ دام برای انسان

mantric *adjective*
سەربە mantra ◌ وابستە بە mantra

mantua /'mantjʊə/ *noun*
جۆرێ gownی فشی ژنان، بەدرێژایی سەدەکانی 17 و 18ی باو بوو (بنەڕەت: لەژێر کاریگەری ناوی *Mantua* شارێکی ئیتالیا) ◌ مانتوا

Manu *noun*, Sanskrit
باپیر یان پێشینی نژادی مرۆڤ و بەخشەری قانوونە دینییەکانی مانو بەپێی میتۆلۆژی هیندوو ◌ مانو

manual /'mænjuəl/ *adjective, noun*
adj 1 دەستی، بەدەست، بەدەسکراو: *manual labour/jobs/skills* 2 سەربە دەست یان دەستەکان *n* 1 دەستنامە، نامیلکەی کارپێکردن یان دەستووری کار 2 (بە)دەسکار(کردوو)، نائوتوماتیک، دەستی 3 کەیبوردی ئۆرگ کە بە دەست لێدەدرێ (نە بە پێ) ◌ *adj* 1 دستی، یدی 2 وابستە بە دست یا دستها *n* 1 کتاب راهنما 2 غیراتوماتیک، دستکار 3 مانوال

manual arts *noun, pl.*
هونەرە دەستییەکان ◌ هنرهای دستی

manually /-juəli/ *adverb*
دەستی، بە دەست: *-ally operated* ◌ با دست

manual training *noun*
ڕاهێنانی دەستی، مەشقی دەستی ◌ آموزش دستی

manubrial *adjective*
سەربە manubrium ◌ وابستە بە manubrium

manubrium /mə'n(j)u:brɪəm/ *noun*, manubria or manubriums
1 (توێکاری و گیانەوەرناسی) دەسک(ـە): بەشی پانی سەرووی ئێسکەکوڵەی سنگی گوانداران، ئەندام یان بەشی دەسکئاسا 2 دەسکی چەقۆ یا کێرد، مشتە (بنەڕەت: لاتین "haft") ◌ 1 مانوبریوم 2 دستەی چاقو یا کارد

Manueline /'manjʊəlʌɪn/ *adjective*
مانیولاین، مانیوئێلین: سەربە شێوازی بیناسازی پۆرتوگالی بەدرێژایی دەسەڵاتی Manuelی یەکەم (1495-1521) ◌ مانوئلین

manufactory /ˌmænju'fæktərɪ/ *noun, pl.* manufactories
(کۆن) کارگە، کارخانە، سازگە ◌ کارخانە

manufacturability *noun*
لەبەرهەم(هێنان)هاتوویی ◌ تولیدپذیری

manufacturable *adjective*
لەبەرهەم(هێنان)هاتوو، بەرهەم دێنرێ، دێتەبەرهەم ◌ تولیدپذیر

manufacture /ˌmænju'fæktʃə(r)/ *noun*
1 بەرهەمهێنان، کارسازی، ڕەعەمەلهێنان، دروستکردن: *the manufacture of cars* 2 بەرهەم، شتی دروسکراو 3 کۆبەرهەم (بنەڕەت: فەرەنسی نێوەڕاست، لە *manufactura* لاتینی سەدەکانی نێوەڕاست، لە *manu factus* لاتین "دەسساز، دروستکراو بە دەست، دەسکرد") ◌ 1 تولید، فرآوری 2 فرآوردە 3 تولیدات

manufactured goods *noun, pl.*
بەرهەمە پیشەسازییەکان ◌ فرآوردەهای صنعتی

manufacturer /ˌmænju'fæktʃərə(r)/ *noun*
بەرهەمهێنەر، دروسکەر ◌ فرآور، تولیدکنندە

manufacturing /ˌmænju'fæktʃərɪŋ/ *noun, adjective*
n بەرهەمهێنانی پیشەسازی: *Many jobs in -turing were lost during the recession* *adj* بەرهەمهێنەرانە ◌ *n* تولید صنعتی *adj* تولیدی

manuka /'ma:nʊkə, US ma'nu:kə/ *noun*
(مائۆری) جۆرێ داری چکۆلەی گەڵابۆنخۆش کە جاروبار وەکوو چایی بەکاردێنرێ، ڕەسەنی نیوزیلەند و تاسمانیا Tasmania [*Leptospermum scoparium*] ◌ نوعی درخت

manumission /ˌmænjə'mɪʃn/ *noun*
(مێژوویی) ڕزگارکردن، ئازادانەن، ئازادکردن (کۆیلە) ◌ آزادسازی

manumitter *noun*
(مێژوویی) ڕزگارکەر، ئازادێنەر، ئازادکەر ◌ آزادساز

manure /mə'njʊə(r), US mə'nʊr/ *noun*
پەیێنک، پەیین، پێینە: *Dig plenty of well-rotted -nure into the soil* (ئینگلیسی نێوەڕاست بە واتای (زەوی) کێڵگە؛ بنەڕەت: لە *mainoverer* فەرەنسەی ئەنگلۆـنۆرمان، *manouvrer* فەرەنسی کۆن، لە *manu operare* لاتینی سەدەکانی نێوەڕاست. لە "بە *manu*

دەست" + operari "کارکردن") ◯ کود
manurial *adjective*
پەیینکی، سەربە پەیین، پێوەندی بە پەیینەوە هەیە ◯ وابستە بە کود
manus /'meɪnəs/ *noun, pl.* same
(زۆرتر گیانەوەرناسی) بەشی دوایی دەست، دەست، دەس (بنەڕەت: لە carpus تا terminus) ◯ قسمت انتهایی دست، دست
manuscript /'mænjuskrɪpt/ *noun*
دەسنووس، کتێبی دەسنووس (بنەڕەت: لە med. Latin *manuscriptus* لە *manu* "بە دەست" + *scriptus* "نووسراو") ◯ نسخەی خطی، کتاب خطی
Manx /mæŋks/ *adjective, noun*
adj سەربە دوورگەی مان (مرۆڤ)، سەربە خەڵک یان زمانی مان *n* زمانی (سێلتیک) دوورگەی مان (جاران لە دوورگەی مان Man قسەی پێدەکرا) ◯ مانکس
Manxman *noun, pl.* Manxmen
دانیشتووی ڕەسەنی دوورگەی مان ◯ بومی جزیرەی مان
Manxwoman *noun, pl.* Manxwomen
دانیشتووی ڕەسەنی دوورگەی مان (ژن) ◯ بومی جزیرەی مان (زن)
Manx cat *noun*
پشیلەی بێکلک (یا زۆر کورت) ◯ گربەی بی‌دم
Manx Loghtan /'lɒxt(ə)n/ *noun*
مەڕێکی نژادسەرەتایی ◯ نوعی گوسفند
Manx shearwater *noun*
جۆرێ shearwater لە دوورگەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاتلانتیک و مەدیتەرانە هێلانە دەکا [*Puffinus puffinus*] ◯ نوعی پرندە
many /'meni/ *adjective* (more, most), *noun* (as *pl.* n. the many)
adj زۆر، زەعف، فرە، چەند، پڕ، گەلێ، خەیلێ: *n* 1 ژمارەیەکی زۆر *worked for many years* 2 (the many) زۆرینە، پرانی، زۆربە ◯ *adj* بسیار، متعدد *n* 1 عدەی زیادی 2 (در جمع) اکثریت
manzanilla /ˌmanzə'nɪlə, US -'niːljə/ *noun*
مانزانیلا: جۆرێ شێری sherry تاڵ و پەمەیی سپانیایی ◯ مانزانیلا
manzanita /ˌmanzə'niːtə/ *noun*
سێوچە، دەوەنێکی کورتی سەربە bearberry، ڕەسەنی کالیفۆرنیا [*Arctostaphylos manzanita* و جۆرەکانی تر] (چکۆلینراوی *manzana* سپانیایی "سێو") ◯ مانزانیت
man-year *noun*
ساڵەکار، کەس ـ ساڵ کار ـ ساڵ (ئەو کارەی کەوا لە ماوەی ساڵێدا لە لایەن کەسێکەوە دەکرێ) ◯ نفر ـ سال

many-sided *adjective*
چەندڕوویی، فرەڕوویی، چەندلایی، فرەلایەنە، چەندلایەنە، چەندڕەهەندی، فرەڕەهەندی ◯ چندوجهی، چندجانبە
Maoism /'maʊɪzəm/ *noun*
مائۆئیزم، مائۆگەری، مائۆباوەڕی: ڕێبازی مارکسیستی مائۆ زێدۆنگ Mao Zedong (1893-1976) ڕێبەری دەوڵەتی چین 1949- 59 ◯ مائوئیسم
Maoist /'maʊɪst/ *noun, adjective*
n مائۆئیست، مائۆگەر، مائۆباوەڕ *adj* مائۆگەری‌یانە، سەربە یان پێوەندی بە مائۆباوەڕی‌یەوە هەیە ◯ *n* مائوئیست *adj* مائوئیستی
Maori /'maʊri/ *adjective, noun, pl.* same or Maoris
adj مائۆری *n* خەڵکی ڕەسەنی نیوزیلەند، مائۆری، زمانی (پۆلینیزیایی Polynesian) مائۆری ◯ *adj* مائوری *n* بومی زلاندنو، زبان مائوری
mao-tai /maʊ'tʌɪ/ *noun*
جۆرێ لیکۆری گیرای باشووری ڕۆژاوای چین ◯ مائوتای
map /mæp/ *noun*
1 نەخشە، خەریتە 2 (زیندەناسی، هەروەها genetic map) نەخشە، نەخشەی بۆماوەیی genetic: ڕیکخستەی ژینەکان لە سەر کرۆمۆزۆمێ (بنەڕەت: لە *mappa mundi* لاتینی سەدەکانی نیوەڕاست "پەڕی جیهان"، لە *mappa* لاتین "napkin sheet") ◯ 1 نقشە 2 (زیست‌شناسی) نقشە
map index *noun*
ئیندێکسی نەخشە ◯ شاخص نقشە
map legend *noun*
ڕێنوێنی نەخشە ◯ راهنمای نقشە
maple /'meɪpl/ *noun*
1 درەختی کەوت، کێکەف، مەیپڵ [*Acer campestre* (field maple)، ئەورووپا، *A. saccharum* (sugar maple)، و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] 2 دار کەوت ◯ 1 درخت افرا، اسفندان، کَهْکَم 2 چوب افرا
maple leaf *noun*
گەڵای کەوت، دروشمی کەنەدا ◯ شربت مایل
maple sugar *noun*
شەکری کەوت (لە شەربەتی کەوت دەگیرێ) ◯ قند مایل
maple syrup *noun*
خۆشاوی کەوت، شەربەتی مەیپڵ ◯ شربت مایل
maple tree *noun*
درەخت یان داری کەوت (مەیپڵ) ◯ درخت افرا
map-maker /mæp meɪkə(r)/ *noun*
نەخشەکێش، نەخشەساز ◯ نقشەساز

mapping *noun*
نەخشەهەڵگرتنەوە، نەخشەهەڵگری: *the -ping of the Indian subcontinent* ◇ نقشەبرداری

map-reading *noun*
نەخشەخوێندنەوە ◇ نقشەخوانی

map-reader *noun*
نەخشەخوێن(ەرەوە) ◇ نقشەخوان

map scale *noun*
پێوەری نەخشە ◇ مقیاس نقشە

Mapuche /ma'pʊtʃi/ *noun, pl.* same or Mapuches
1 ئەندامی گەلێکی سوورپێست ناوەندی شیلی و ناوچە دەوروپشتەکانی ئارژانتینا 2 زمانی Araucanianی ئەو گەلە ◇ ماپوچی

maquette /ma'kɛt/ *noun*
ماکێت، نموونەی سەرەتای شتێ ◇ ماکت

maquillage /ˌmakɪ'jɑːʒ/ *noun*
(فەرەنسی) ماکیاج، ماکیاژ، cosmetics، make-up ◇ ماکیاژ

maquis /'mɑːkwɪs/ *noun*, also the Maquis
1 ماکویز (= سپای نهێنی نیشتمانپەروەرانی فەرەنسە کە دژی ئەڵمانییەکان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا جەنگان) 2 ئەندامی ئەو سپایە ◇ ماکویز

maquisard /ˌmakɪ'zɑː, French makizaʀ/ *noun*
ئەندامی ئەو سپایە یان ماکویز یان ماکی ◇ عضو ماکویز

Mar *abbreviation* March

marabou /'marəbuː/ *noun*
1 لەکلەکی ئەفریکایی (ڕۆژاوا)، سەقاقوش [*Leptoptilos crumeniferus*] 2 پەڕی سەقاقوش ◇ 1 مارابو 2 پر مارابو

marabout /'marəbuːt/ *noun*
پیاوی پیرۆز، دەروێش یان گۆشەگیری مسولمان، ب.ت. ئەفریکای باکووری (لە *murābiṭ*ی عەرەبی) ◇ مارابوت، مرابط

maracas /mə'rækəz, US -'rɑː-/ *noun*
ماراکاس (= جووتێ ئامێری موسیقایی سادە؛ بنەڕەت: لە توپییەوە Tupi) ◇ ماراکاس

maranta /mə'rantə/ *noun*
1 جۆرێ گیای گەرمێنانی ئەمریکا سەربە تیرەی arrowroot و prayer plant کە دادەگرێ [*Maranta* توخم] 2 = calathea ◇ مارانتا

maraschino /ˌmærə'ʃiːnəʊ, -'skiːnəʊ, US -noʊ/ *noun, pl.* maraschinos
مەرەسکینۆ: لیکۆرێکی توند و شیرین کە لە گێلاس یان باڵلووک دروست دەکرێ) ◇ ماراسکینو

maraschino cherry *noun*
گێلاسی ماراسکینۆ ◇ گیلاس ماراسکینو

marasmic /mə'razmɪk/ *adjective*
پێچوو، ڕوولەپێچوون ◇ تحلیل‌رونده

marasmus /mə'razməs/ *noun*
پێچوون، ڕۆژبەڕۆژ تیاچوون، پووکانەوە ◇ تحلیل تدریجی

Maratha /mə'rɑːtə, US -'ratə/ *noun*, also Mahratta
ئەندامی چینە سەربازی یان میرییەکانی جارانی پاتشایی Maharashtraی ناوەندی هیند ◇ ماراتا

Marathi /mə'rɑːti, US -'rati/ *noun*, also Mahratti
زمانی Indicی ماراتاکان، ماراتی ◇ ماراتی

marathon /'mærəθən, US -θɑːn/ *noun, adjective*
1 پێشبڕکێی هەڵاتن یان ڕاکردنی ماڕاتۆن (42.195 کیلۆمیتر، 26 مایل) 2 (خوازە) دووروودرێژ (لە *Marathōn* لە یۆنان، یانی سەرکەوتنی یۆنانییەکان بەسەر سپای ئێراندا لە 490ی پێش‌زایین، لەودا نامەبەرەکەی هێزەکانی یۆنان یەکسەر لە ماڕاتۆنەوە تا ئاتێن (22 مایل) هەڵات تا ئەو شەڕەیان پێ ڕاگەیێنێ) ◇ 1 مسابقەی دو ماراتون 2 طولانی

marathoner *noun*
ڕاکەری ماڕاتۆن ◇ دوندەی ماراتون

marathon runner = marathon

marauder /mə'rɔːdə(r)/ *noun*
1 تالانکەر، ڕاوڕووتکەر، تالانچی، چەپاوکەر 2 گیانەوەری ڕاو(چی)، ڕاوی ◇ 1 غارتگر 2 حیوان شکاگر

marauding /mə'rɔːdɪŋ/ *adjective*
تالانکەر، تالانچی، ڕاوڕووتکەر، چەپاوکەر، (گیانەوەر) ڕاو، ڕاوی ◇ غارتگر، (حیوان) شکاگر

marble /'mɑːbl, US 'mɑːrbl/ *noun, adjective*
1 بەردی مەڕمەڕ، مەڕمەڕ: *a slab/block of marble* (دەستە)کەڵلا، هەڵمات، مەردەک، تیلە، تەشیلە 2 پەیکەری مەڕمەڕین 3 لووس، مەڕمەڕین 4 سەخت، ڕەق، بەردئاسا 5 (نافەرمی) توانایی مێشکی، توانستی بیری 6 (marbles) مەڕمەڕێن، مێشێن، مووشێن، ماتانێ، کەڵلاێن، تیلێن، تەشیلان، گوڵلان، هەڵماتێن: *Three boys were playing marbles* ◇ 1 سنگ مرمر، تیلە 2 مجسمەی مرمری 3 صاف 4 سخت 5 (عامیانە) استعداد ذهنی 6 (در جمع) تیلەبازی

marbled /'mɑːbld, US 'mɑːrbld/ *adjective*
مەڕمەڕی، مەڕمەڕ، لە مەڕمەڕ، بە مەڕمەڕداپۆشراو، مەڕمەڕپۆش، بە نەخشی مەڕمەڕەوە، مەڕمەڕنەخش ◇ مرمری

marbled white *noun*
جۆرێ پەپوولەی سپی بە خاڵی ڕەشەوە [*Melanargia galathea* و جۆرەکانی تر] ◇

نوعی پروانەی سفید
marble-hearted /mɑ:bl 'hɑ:tɪd/ *adjective*
دڵرەق، بێبەزەیی ◌ سنگدل
marbly /'mɑ:bli, US 'mɑ:rbli/ *adjective*
مەڕمەڕی، مەڕمەڕئاسا، رەق ◌ مرمری
Marburg disease *noun*
نەخۆشی ماربورگ (= جۆرێ تای خوێنپژانی ئاتەم و کوشندە لە لایەن Marburg) filovirus (virus)ەوە، کە زۆرتر لەنێو مەیموونە (سەوزە) کانی ئەفریکادا دەژی) ◌ بیماری ماربورگ
Marburg virus *noun*
ڤایرۆسی ماربورگ [جۆر *Marburg virus*] ◌ ویروس ماربورگ
marc *noun*
1 تڵتە یا پاشەڕۆکی ترێ 2 خواردنەوەی ئەلکوڵی لەو تلتەیە ◌ مارک
marcasite /'mɑ:kəsaɪt, -zi:t, US 'mɑ:rk-/ *noun*
بەردی رووناکی، مارکازیت ◌ مارکازیت
march /mɑ:tʃ, US mɑ:rtʃ/ *noun*
1 سنوور، تخوب 2 هەنگاوی سەربازی، سانی هەنگاو(هەڵێنانەوە) 3 رێپێوان، رەو، مەش، رێوەچوون، خۆنیشاندان 4 رەوت 5 پێشکەوتن، پێشڤەچوون، چوونەپێش 6 رێگاڕەوی، پیادەڕەوی 7 تێپەڕین، رۆیشتن 8 (موسیقا) مارش، موزیکی سەربازی ◌ 1 مرز 2 قدم‌رو 3 راهپیمایی 4 جریان 5 پیشروی 6 پیاده‌روی 7 گذشت 8 (موسیقا) مارش
March /mɑ:tʃ, US mɑ:rtʃ/ *noun*
ئادار، مارچ، مارت، ئازار، پوولان، رەشەمە (سێیەمین مانگی ساڵ، نێوان February و April؛ بنەڕەت: لە *Martius (mensis)* لاتینی "مانگی بارام Mars") ◌ مارس
marcher(s) /'mɑ:tʃə(r), US 'mɑ:rtʃ-/ *noun*
1 خۆنیشاندەران، خۆپیشاندەران، رێپێوەران 2 سانبینەکان، رێژەڕەوان 3 (زۆرتر مێژوویی) دانیشتووی سەرسنوور، سنوورنشین ◌ 1 راه پیمایان 2 رژه‌روندگان 3 مرزنشین
marches *noun, pl.*
ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئینگلتەرە و ویلز، و نێوان ئینگلتەرە و سکاتلەند ◌ مناطق مرزی میان انگلستان و ویلز و میان انگلستان و اسکاتلند
marching band *noun*
دەستەی موسیقاژەنانی سانبین ◌ مارچینگ باند
marching orders *noun, pl.*
دەستووری رۆیشتن ◌ فرمان حرکت
marchioness /ˌmɑ:ʃə'nes, US ˌmɑ:rʃ-/ *noun*
ژن یان بێوەژنی مارکویز، ژنێ بە پلەوپایەی مارکویزەوە ◌ مارشینس
marchland /'mɑ:ʃlænd/ *noun*
زەوی سنووری یان سەرسنوور ◌ زمین مرزی
marchpane /'mɑ:tʃpeɪn/ = marzipan
march-past *noun*
سان، رێژە ◌ رژه
marcid *adjective*
لاواز، کز، پێچوو، قوپاو ◌ لاغر
Marconi rig = Bermuda rig
Mardi Gras /ˌmɑ:di 'grɑ:, US 'mɑ:rdi grɑ:/ *noun*
ماردی گراس، مەردی گرەس، سێشەممەسووران (= کەرنەڤاڵێ کە لە هێندێ وڵاتدا بۆ گێڕانی ئاهەنگی دوایی رۆژی Lent یان رۆژانی پێش (Shrove Tuesday) دەگیرێ ◌ ماردی گراس، سه‌شنبه‌ی اعتراف
mardy *adjective* (mardier, mardiest)
(نافەرمی) گرژ، رووگرژ، بەزەرڕە، مۆن، نەدوێن، رووترش، رووتاڵ، رووناخۆش، مرۆمۆچ، بەدخولک ◌ عبوس، اخمو
mare[1] /meə(r), US mer/ *noun*
مایین، مەهین، ماکەر، ماچە ◌ مادیان، ماده الاغ
mare[2] /'mɑ:reɪ, US -ri/ *noun, pl.* maria /'mɑ:rɪə/
(ئەستێرەوانی) دەریا، زەریا ◌ دریا
mare clausum /ˌmɑ:reɪ 'klaʊsʊm, 'klɔ:zəm/ *noun, pl.* maria clausa /ˌmɑ:rɪə 'klaʊsə, 'klɔ:zə/
(ماف، لە لاتینەوە) دەریا یان زەریای داخراو، دەریای ژێر دەسەڵاتی وڵاتێکی تایبەتی (لاتین "closed sea") ◌ دریای بسته
mare liberum /ˌmɑ:reɪ 'li:bərʊm, 'lʌɪbərəm/ *noun, pl.* maria libera /ˌmɑ:rɪə 'li:bərə, 'lʌɪbərə/
(ماف) دەریا یان زەریای ئازاد (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "free sea") ◌ دریای آزاد
maremma /mə'remə/ *noun, pl.* maremme /-mi/
(ب.ت. لە ئیتالیا) ناوچەیێکی زەلکاوی نەوی نزیک بە کەنار ◌ مارما
mare's nest *noun*
1 دۆزینەوەی درۆ یان بێنرخ، دۆزینەوەی بێبایەخ یان خەیاڵی 2 باروودۆخی ئاڵۆز ◌ 1 کشف کاذب یا بی‌ارزش 2 وضعیت بغرنج
mare's tail *noun*
کلکەماینە؟: جۆرێ رووەکی ئاوی [*Hippuris vulgaris*] ◌ هیپوریس
Mareva injunction /mə'reɪvə, mə'ri:və/ *noun*
(قانوونی ئینگلیسی) دەستوور یان فەرمانی ماریڤا: دەستووری دادگا بۆ راگیرکردنی دارایی قەرزار بە مەبەستی بەرگیری لە بردنەدەرەوە ◌ ماروا اینجانکشن

Marfan's syndrome /'mɑːfãz/ *noun*
کۆنیـشانەی مارفـان یـان مارفـانز: جـۆری نـارەحـەتی بۆمـاوەیـی شـانەبـەسـتەرەکـان (بنەڕەت: لە ناوی پزشکی connective tissue فەرەنسی بۆ منالان *Marfan* (Antonin B. J. ۞ نشانگان مارفان یا مارفانز

margarine /ˌmɑːdʒə'riːn, US 'mɑːrdʒərən/ *noun*
کـەرەی گـیـایی، کـەرەی رووەک یـا گـیـا، رۆنی چێشتلێنان ۞ کرەی نباتی

margarita /ˌmɑːgə'riːtə/ *noun*
کوکتایلێ کە بە tequila و ئاوی میوەی ترش ساز دەبێ ۞ مارگاریتا

margate /'mɑːgɪt/ *noun*
ماسـیـیـێ بۆربـاوی ئـاوە گەرمـەکانی رۆژاوای ئەتلانتیک [*Haemulon album* و *Anisotremus surinamesis* هی رەش] ۞ مارگیت

margay /'mɑːgeɪ/ *noun*
پشیلەکێوییێ چکۆلـەی ئـەمریکای باشـووری [*Felis wiedii*] ۞ مارگی

marge[1] /mɑːdʒ, US mɑːrdʒ/ = margarine

marge[2] /mɑːdʒ, US mɑːrdʒ/ = margin

margin /'mɑːdʒɪn, US 'mɑːrdʒən/ *noun*
1 پـەراوێز، زێـوار، کـەنارە، لێـوار، کـەف 2 رادە، سـنوور، تخـوب، کەوشـەن، بەسـتە 3 جیـاوازی، جـودایی، رادە یـان ئەنـدازەی جیـاوازی 4 جیاوازی نێوان نرخی تێچوون و نرخی فرۆشتن ۞ 1 حاشیە، لبە 2 مرز، حد 3 اختلاف، میـزان یـا مقدار اختلاف 4 سود ناخالص

marginal /'mɑːdʒɪnl, US 'mɑːrdʒ-/ *adjective*
1 *adj* پەراوێزی، کەنارەیی، زێواری 2 سـنووری، رادەیی، تخـوبی، لێـواری 3 لاوەکـی، لابـەلایی، لاتەنیشتی، ناگرنگ، کـەمگرنـگ، هیچەکـە، کـەم، سـووک 4 (زەوی) بـێبرشـت، بـێپیـت، نەبـر، کەمبەرهەم 5 (هەڵبژاردن و هتد) بە زۆرینەیەکی کەمـەوە 1 *n* (بریتانیـا) کورسـی پـەراوێزی (بەرلـەمان): *a Labour marginal* 2 گیـای لێواری (لە نێو ئاو نزیک بە لێواری زەوییەوە): marginally /'mɑːdʒɪnəli, US 'mɑːrdʒ-/ *adv*: کەمێ، هێندێ، برێ ۞ 1 *adj* حاشـیەای، کناری 2 مرزی 3 فرعی، ناچیز 4 کممحصول 5 بـا اکثریت ناچیز 1 *n* کرسی حاشیەای 2 مارگینال

marginalia /ˌmɑːdʒɪ'neɪliə, US ˌmɑːrdʒ-/ *noun, pl.*
تێبینییە پەراوێزییەکان ۞ ملاحظات حاشیەای

marginalization *noun*
بـەهیچدانـان، ناسـەنگاندن، لـەلاوەدانان، خستنەپەراوێزەوە، خستنەلاوە، لەپەراوێزدانان، پەراوێزاندن، بەهێندنەگرتن، گرنگیپێنەدان ۞ ناچیزشماری، نادیدەگیری

marginalized *adjective*
پـەراوێزخراو، گرنگـیپێنـەدراو، بـەهیچدانـراو، پەراوێزێنراو، لەلاوەدانراو ۞ نادیدەگرفتەشدە

marginate /'mɑːdʒɪnət/ *adjective*
(زیندەناسی) خاوەنی پەراوێزی جیا، پەراوێزدار، پەراوێزمەند ۞ دارای حاشیە

margination *noun*
پەراوێزدانان، پەراوێزلێنان ۞ حاشیەگذاری

margin of error *noun*
ئەگەری هەڵە، شیان یان ئەگەری لێشێوان ۞ احتمال خطا

margosa-tree = azedarach

margrave /'mɑːgreɪv/ *noun*
1 (مێژوویی) سەرناوێکی بۆماوەیی هێندێ میری ئیمپراتـۆری رۆمـی پـیـرۆز 2 سـنووورپارێز، سنوورەوان ۞ 1 ماریگریو 2 مرزبان

margravine /'mɑːgrəviːn/ *noun*
(مێژوویی) ژنی سنوورپارێز (لە ئەڵمانی کۆن) ۞ زن مرزبان

marguerite /ˌmɑːgə'riːt, US ˌmɑːrg-/ *noun*, also ox-eye daisy
یەکێ لە چەند جۆری گوڵی daisy ۞ مارگوریت

Mari /'mɑːriː/ *noun, pl.* same or Maris
1 ئەندامی گـەلێکی ناوەنـدی دۆڵی Volga لـە رووسیا 2 زمانی Uralicای ئەو گەلە ۞ ماری

maria = plural form of mare[2]

mariachi /ˌmæri'ɑːtʃi/ *noun, pl.* mariachis
ماریـاچی (- جـۆری موسـیقای گـەلی یـان هەڵپەرکێی مەکسیکی) ۞ ماریاچی

mariage blanc /ˌmariaːʒ 'blõ, French maʀjaʒ blɑ̃/ *noun, pl.* mariages blancs pronunc. same
ژنومێردایەتی سپی یا پێکنەبڕاو ۞ زناشوئی سفید

Marian /'meːrɪən/ *adjective, noun*
1 *adj* سـەربە مریەمـە 2 سـەربە مـاری Maryی یەکـەمی شـاژنی ئینگلتـەرە *n* لایـەنگری شـاژنی ئینگلتـەرە ۞ 1 *adj* وابسته به مریم 2 وابسته بـه ماری ملکەی انگستان *n* طرفدار ملکەی انگستان

Marianist *noun*
ئـەنـدامی کۆمـەڵـەی کـاتۆلیکی رۆمـی ماریـای پاریس، لەلایەن William Joseph Chaminade لە فەرەنسـە لە 1817 دامەزرا و ب.ت. تـەرخـان درا بە لایەنی پەروەردە ۞ مارینیست

Marian Theresa dollar *noun*
جۆرێ کۆینی زیوینی بازرگانی لە 1780 بەرەوی هەبوو (وێنەی ماریا ترێزای پێوەبوو) ۞ مـارین ترزا دولار

mariculture /'mærɪˌkʌltʃə/ *noun*
بـەخێوکردنی ماسـی و گیانـەوەرانی تری ئـاوی، ئاوەژیراگری، ئاوەژیداری (لەبەر خۆراک) ۞ آبزیانداری

marigold /'mærigəʊld, US -goʊld/ *noun*
1 (ڕووەکناسی) شەشپەڕ، گوڵبوهار، هەمیشەبەهار [توخمەکانی *Calendula* و *Tagetes*] (گوڵی شەشپەڕ French marigold) 2 بۆ ناونانی هێندێ ڕووەکی تری گوڵزەرد بەکاردێنرێ، ب.ت. marsh marigold ۞ گل جعفری

marijuana /ˌmærə'wɑːnə/ *noun*, also marihuana
مەریوانە (بنەڕەت: لە سپانیای ئەمریکای لاتینەوە) ۞ ماری‌جوانا

marimba /mə'rɪmbə/ *noun*
ماریمبا (جۆرێ ئامێری موسیقای پیاکێشانی ئەفریکایی) ۞ ماریمبا

marimba /mə'rɪmbə/ *noun*
جۆرێ xylophone ی دەنگگرێ بنەڕەت‌ئەفریکایی ۞ ماریمبا

marina /mə'riːnə/ *noun*
لەنگەرگا (بۆ سەیران) ۞ لنگرگاه

marinade /ˌmærɪ'neɪd/ *noun*
ماریناد (= تێکەڵەیێ لە ڕۆن و ئالەت‌وزەردەچێوە کە لەودا ماسی یان گۆشت دەخووسێنرێ پاشان لێدەنرێ) ۞ ماریناد

marinara /ˌmɑːrɪ'nɑːrə, US 'mar-/ *noun*
(ئاشپەزی ئیتالیایی) سۆسێ کە لە باینجان، پیواز و گیا ساز دەبێ ۞ ماریناد

marination *noun*
هەڵگرتن لە نێو marinade ۞ ماریناسیون

marine /mə'riːn/ *adjective, noun*
adj 1 دەریایی، ئاوی، ئاوەژی 2 سەربە ئەو گیانەوەرانەی کە لە دەریادا دەژین 3 سەربە دەریاوانی یان کەشتی‌گێڕی 4 سەربە هێزی دەریایی *n* 1 مارینز، سەربازی کەشتی شەڕکەر، سەربازی ڕاهاتوویی دەریایی، ئەندامی دەستەی سەربازانی ڕاهاتوو بۆ شەڕ لە دەریا و وشکانی (مارینزی ئەمریکایی و مارینزی پاتشایی بریتانیا) 2 کەشتی‌گەل، کەشتی‌گەلی بازرگانی 3 کەشتی‌گێڕی، کەشتی‌وانی 4 (Marine) سەربازی کەشتی شەڕکەر، سەربازی ڕاهاتوویی دەریایی، ئەندامی دەستەی سەربازانی ڕاهاتوو بۆ شەڕ لە دەریا و وشکانی (مارینزی ئەمریکایی و مارینزی پاتشایی بریتانیا) ۞ *adj* 1 دریایی 2 وابستە بە آب‌زیان 3 وابستە بە دریانوردی یا کشتی‌رانی 4 وابستە بە نیروی دریایی *n* 1 تفنگ‌دار دریایی 2 ناوگان، ناوگان تجاری 3 کشتی‌رانی 4 (با M) مارین

marine architect = naval architect

marine architecture = naval architecture

marine biology *noun*
زیندەناسی دەریایی ۞ زیست‌شناسی دریایی

marine climate *noun*
ئاووهەوای دەریایی ۞ اقلیم دریایی

Marine Corps *noun, pl.*
یەکێ لە بەشە سەرەکی‌یەکانی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا، کە لەو سەربازانە پێکهاتووە کە لەسەر کەشتی ڕاژە دەکەن، یەکینەی مارینز ۞ یکان تفنگ‌داران دریایی

marine iguana *noun*
جۆرێ مارمێلکی زلەی پێ‌پەردەیی، ڕەسەنی دوورگەکانی Galapagos، زۆر توند مەلێ دەکا، تەنیا مارمێلکەی ئاوی‌یە [*Amblyrhynchus cristatus*] ۞ نوعی مارمولک

mariner /'mærmə(r)/ *noun*
(وێژەیی) مەلەوان، دەریاوان ۞ ملاح

mariner's compass *noun*
لادۆزی دەریاوانی ۞ قطب‌نمای دریانوردی

Mariolatrous /ˌmɛːrɪ'ɒlətrɪəs/ *adjective*
مریەم‌پەرست ۞ مریم‌پرست

Mariolatry /ˌmɛːrɪ'ɒlətri/ *noun*
مریەم‌پەرستی ۞ مریم‌پرستی

Mariological *adjective*
سەربە ماریۆلۆژی ۞ وابستە بە ماریولوژی

Mariology /ˌmɛːrɪ'ɒlədʒi/ *noun*
بەشێ لە دین‌ناسی کریستانیەت لەبارەی مریەمەوە ۞ ماریولوژی

marionette /ˌmærio'net/ *noun*
بیجبیجەخانم، بووکەشووشەی بە پەت جوولاندن، بووکەڵێن (بە پەت دەجوولێنرێ) ۞ عروسک خیمه‌شب‌بازی

mariposa tulip /ˌmarɪ'pəʊsə/ *noun*, also mariposa lily
جۆرێ زەمبەقی ئەمریکای باکووری [توخم *Calochortus*] (بنەڕەت: لە سپانیایی‌یەوە بە واتای "پەپوولە") ۞ نوعی سوسن

marish *noun, adjective*
n زەلکاو، زۆنگاو، لەژم، زەل *adj* زەلکاوئاسا ۞ *n* باتلاق *adj* باتلاق‌مانند

Marist /'mɛːrɪst, 'marɪst/ *noun*
1 ماریست: ئەندامی کۆمەڵەی مریەمەی کاتۆلیکی ڕۆم، لە لایەن Jean Claude Colin لە فەڕەنسە لە ساڵی 1816 دامەزرا و تەرخان درا بە لایەنی پەروەردە 2 ماریست: ئەندامی برایانی پچووک Little Brothers ی ماری، تیرەیێکی فێرگەری کاتۆلیکی ڕۆم ۞ ماریست

marital /'mærɪtl/ *adjective*
1 سەربە ژن‌ومێردایەتی 2 سەربە پێوەندی نێوان ژن و مێرد (*adv* maritally: لەباری ژن‌ومێردایەتی‌یەوە)؛ بنەڕەت: لە لاتین، لە *maritalis* لە *maritus* "husband") ۞ 1 وابستە بە زناشویی 2 وابستە بە رابطه میان زن و شوهر

marital status *noun*
ڕەوشی هاوسەرگرتوویی (ب.ت. بە شێوەیێکی فەرمی) ۞ وضعیت تأهل

maritime /'mærɪtaɪm/ *adjective*

1 سـەربە دەریـا (زەریـا)، دەریـایی 2 سـەربە بازرگـانی دەریـایی 3 سـەربە کەشتیگیری یـان کەشتیوانی 4 نزیک دەریا، کەناری، پاڵ دەریا ⬡ 1 دریایی 2 وابسته به تجارت دریایی 3 وابسته به کشتیرانی 4 نزدیک دریا

maritime pine /'mærɪtaɪm/ *noun*

کاژی دەریایی، ڕەسەنی کەنارەکانی مەدیتەرانە و Iberia [*Pinus pinaster*] ⬡ کاج دریایی

marjoram /'mɑ:dʒərəm, US 'mɑ:rdʒ-/ *noun*

1 مـەزرە، جـاترە، هـەزبی، مـەرزەنگووش [*Origanum majorana*] 2 (جاترەکێویلـە، مەرزەکێویلـە wild marjoram)، گـوێمـلە، گـوێمـشک، oregano ⬡ 1 مرزنگـوش 2 = oregano

mark[1] /mɑ:k, US mɑ:rk/ *noun*

1 نیشانە، مارک، هێما، دروشم، بەرزەنگ، ئامازە، درف، دەسنیشان، شـەقڵ، مـۆر، مـۆرک، داخ، شوێنەوار، شوێن 2 لکە، پەڵە، خاڵ 3 رووشان، خەت، رووشاوی 4 هێڵ 5 نیشانە، تایبەتمەندی 6 (تاقیکاری) نمرە، نیشە 7 ئامانج، مەبەست، نیشانە، سەگمان، کۆلک، خاڵ 8 نێوبانگ 9 پێوانە، پێودانگ 10 هێڵ یان نیشانەیێ لەجیاتی مۆر یان ئیمزا 11 (پێشبڕکێ) هێڵی دەسپێک یان سەرەتا 12 گرنگایەتی 13 وریابوونەوە، ئاگاداربوونەوە، هۆشیاربوونەوە، سەرنجپێدان 14 (کارداری) یافتە، بەرچەسپ 15 (ماشێن و هتد) مودێل، جۆر (*a Mark 10 Jaguar*؛ *mearc*، *gemerce* ئینگلیسی کۆن (ناو)، ئەلمانی بنەڕەت) ⬡ 1 مارک، نشانه، نماد، علامت، اثر، داغ، مهر 2 لکه 3 خراش 4 خط 5 مشخصه 6 نمره 7 هدف، نشانه 8 شهرت 9 معیار 10 مارک 11 خط آغاز 12 اهمیت 13 انتباه، توجه 14 برچسب 15 (ماشین) مدل

mark[2] /mɑ:k, US mɑ:rk/ *noun*

1 یەکەی بنەڕەتی پارەی ئەلمانیا، بەرامبەر بە سەد pfennig 2 پارەی زووی ئینگلتەرە و سکاتلەند، بەرامبەر بە 13 شیلینگ و 4 پێنسی ئەمڕۆکە 3 جۆرێ کێش و سەنگی زێڕ و زێو، جاران لە سەرتاسەری ڕۆژاوای ئەورووپا بەکاردێنرا (بەرامبەر بە 8 ئەونس 226.8 گرەم) ⬡ مارک

Mark /mɑ:k/ *noun*

1 مـارک، مـەرکـوس، مـارکوس (لە Marcus لاتین): نووسەری Gospel ی مارک 2 Gospel دووەم لە پەیمانی نوێدا، ئینجیلی مارک 3 پادشای Cornwall، مێردی Isolde ⬡ 1 مَرقُس 2 انجیل مرقس 3 مارک

mark-down /'mɑ:kdaʊn, US 'mɑ:rk-/ *noun*

هاتنەخوارەوەی نرخ و بایی، هەرزانبوون، دابەزینی نرخ ⬡ کاهش قیمت

marked /mɑ:kt, US mɑ:rkt/ *adjective*

1 ئاشکرا، لەبەرچاو، ڕۆهن، روون، خۆیا، دیار، بەرچاو 2 دەسنیشان، دەسنیشانکراو، نیشانکراو، نیشانکرد 3 (زمانەوانی) نیشاندار، نیشانمەند (**markedly** /'mɑ:kɪdli, US 'mɑ:rk-/ *adv*: بە ئاشکرایی، بە روونی؛ **markedness** *n*: (زمانەوانی) نیشانداری، بەنیشانی، نیشانمەندی) ⬡ 1 واضح، برجسته، مشخص 2 علامتگذاریشده 3 نشاندار

marker /'mɑ:kə(r), US 'mɑ:rk-/ *noun*

1 نیشانە، بەرزەنگ، هێما، نیشانکرد، دەسنیشان، پیشاندەر، نیشاندەر 2 نیشانەدانەر 3 (لە کایەدا) خاڵژمێر، لەلەدانەر، خاڵبژێر، خاڵڕاگر 4 ماژیک ⬡ 1 علامت 2 علامتگذار 3 امتیازشمار 4 ماژیک

marker pen *noun*

ماژیک ⬡ ماژیک

market /'mɑ:kɪt, US 'mɑ:rk-/ *noun*

1 بازار، بازڕ، کڕین و فرۆشتن، سەودا 2 مەزنەیان نرخی بازار 3 کڕیار و فرۆشیاران 4 داخوازی، داوا 5 بورس (بنەڕەت: ئینگلیسی نێوەڕاست، بە ڕێگای فەڕەنسی ئانگلۆ-نۆڕمان لە لاتین *mercatus* "market-place، trade"، لە *mercari* "کڕین، سەوداکردن") ⬡ 1 بازار، دادوستد 2 مظنهی بازار 3 خریداران و فروشندگان 4 تقاضا 5 بورس اوراق بهادار

marketability /ˌmɑ:kɪtə'bɪləti, US ˌmɑ:rk-/ *noun*

لەفرۆشهاتوویی، بەبرەوی، ئاسانفرۆشراوی ⬡ قابلیت فروش

marketable /'mɑ:kɪtəbl, US 'mɑ:rk-/ *adjective*

بابەتی بازار، بەبرەو، ئاسانفرۆش(راو)، بازارگەرم ⬡ قابل فروش

market day *noun*

رۆژی بازار (بازاران رۆژانی بازار) ⬡ روز بازار

market economy *noun*

ئابووری بازاری سەربەخۆ یان ئازاد ⬡ اقتصاد بازار آزاد

marketeer /ˌmɑ:kɪ'tɪə(r), US ˌmɑ:rkə'tɪr/ *noun*, also marketer

بازارەوان: *a free marketeer* ⬡ مارکتیر

marketeering *noun*

بازارەوانی ⬡ مارکترینگ

market forces *noun, pl.*

هێزەکانی بازار (سیستمێکی ئازادی بازرگانی کە لەودا نرخ و کرێکان بێکۆنترۆڵی حکومەت دەچنەسەرەوە و دێنەخوارەوە) ⬡ مارکت فرسس

market garden *noun*

(زۆرتر بریتانیا) بێستان، کیار ⬡ جالیز

market gardener *noun*

تەرەکار، بیستانەوان، بیستانکار ◌ صیفیکار
market gardening *noun*
تەرەکاری، بیستانەوانی، بیستانکاری ◌ صیفیکاری
market hall *noun*
بازاڕ (سەرگیراو)، قەیسەری ◌ بازار
marketing /ˈmɑːkɪtɪŋ, US ˈmɑːrk-/ *noun*
بازاڕدۆزینەوە، بازاڕدۆزی، خستنەنێو بازاڕەوە، گەیاندنە بازاڕ، فرۆشتن: *She works in sales and marketing* ◌ بازاریابی، مارکتینگ
marketization *noun*
بازاڕاندن، گۆڕینی ئابووری پلانڕێژکراو بۆ ئابووری بازاڕی ◌ مارکتیزاسیون
market leader *noun*
ڕێبەری بازاڕ، بازاڕبەدەست، بازاڕگیر ◌ رهبر بازار
market-maker *noun*
بازاڕساز ◌ مارکتماکر
market-place /ˈmɑːkɪtpleɪs, US ˈmɑːrk-/ *noun*
ناوەندی بازرگانی یان سەودا، بازاڕ(گا) ◌ مرکز دادوستد، بازار
market price *noun*
نرخی بازار، نرخی ڕۆژ ◌ قیمت بازار
market research *noun*
بازاڕتوێژی، توێژینەوەی بازاڕ، لێکۆڵینەوەی بازاڕ ◌ بررسی بازار
market researcher *noun*
بازاڕتوێژ، توێژەری بازاڕ، لێکۆڵەری بازاڕ ◌ بررسیکنندهی بازار
market share *noun*
شار یان بەشی بازاڕ ◌ سهم بازار
market square = market-place
market town *noun*
بازاڕشار، شاربازاڕ، بازێر ◌ مارکت تاون
market value *noun*
نرخی بازار، بەهای ڕۆژ ◌ قیمت بازار
markhor /ˈmɑːkɔː/ *noun*
مارخۆرە: بزنەکێوییەکی گەورەی زۆر شاخدرێژ، ڕەسەنی ناوەندی ئاسیا [*Capra falconeri*] (بنەڕەت: لە *mār-ḵwār* "مارخۆر" وەرگیراوە) ◌ مارکور
marking /ˈmɑːkɪŋ, US ˈmɑːrk-/ *noun, pl.* markings
1 نیشانەدانان 2 نیشانە، دروف، بەرژەنگ: *Road markings indicate where you can stop* 3 نمرەدانان 4 نەخش(ونیگار) ◌ 1 نشانهگذاری 2 علامت 3 نمرهدهی 4 نقش
marking-ink *noun*
جەوهەری پاکەوەنەبوو یا لێوەنەبوو ◌ مرکب ثابت
marking-nut /ˈmɑːkɪŋ nʌt/ *noun*
گوڵشەیتان، قورسی کەمەر ◌ بلاذر
Markovian *adjective*, also Markov or Markoff
سەربە زنجیرە یا نموونەی مارکۆف، سەربە پرۆسەی مارکۆف ◌ وابسته به مدل مارکوف یا فرایند مارکوف
Markov model /ˈmɑːkɒf/ *noun*, also Markov chain or Markoff chain
(سەرژمێری) زنجیرە یان نموونەی مارکۆف (بنەڕەت: لە ناوی بیرکاری ڕووسی *Andrei A. Markov*) ◌ مدل مارکوف
Markov process *noun*, also Markoff process or Markov model
پرۆسەی مارکۆف، زنجیرەی مارکۆف ◌ فرایند مارکوف
markka /ˈmɑːkɑː, US -kə/ *noun*
مارکا: یەکەی بنەڕەتی پارەی فینلەند (پێش یۆرۆ)، بەرامبەر بە سەد pennia؛ بنەڕەت: لە فینلەندییەوە) ◌ مارکا
marksman /ˈmɑːksmən, US ˈmɑːrk-/ *noun, pl.* markesman
نیشانەچی، نیشانەپێک، نیشانەشکێن، تیراوێژی ئەنگێوە ◌ تیرانداز ماهر
marksmanship /ˈmɑːksmənʃɪp, US ˈmɑːrk-/ *noun*
نیشانەپێکی، نیشانەشکێنی، نیشانەچێتی، نیشانەئەنگێوی، شارەزایی لە تیرخستندا ◌ مهارت در تیراندازی
mark-up /ˈmɑːkʌp, US ˈmɑːrk-/ *noun*
1 چوونەسەرەوە یان هەستانی نرخ، زۆربوونی قیمەت و بایی، گرانبوون: *an average markup of 10%* 2 خێری زیادکراو، قازانجی سەرخراو ◌ 1 افزایش قیمت 2 سود افزوده
marl[1] /mɑːl, US mɑːrl/ *noun*
مارل، گلەپەیینە، خاکەپەیینە (= خۆڵی کە قوڕ و قڵی تیابێ، وەکوو پەیینێک بەکاردێتری) ◌ مارل
marl[2] /mɑːl, US mɑːrl/ *noun*
دەزوو یان پارچەی گوڵگوڵ یان خاڵخاڵ: *blue -rl leggings* ◌ مارل
marlin /ˈmɑːlɪn, US ˈmɑːrlɪn/ *noun*
مارلین، ڕمەماسی، نێزەماسی (جۆرێ ماسی [توخمەکانی *Makaira* و *Tetrapterus*: چەندین جۆرن]) ◌ مارلین
marline /ˈmɑːlɪn/ *noun*, also marlin
(دەریاوانی) تەناف یان پەتی دوولۆنە ◌ مارلین
marline-spike /ˈmɑːlɪn spaɪk/ *noun*
تەنافکەرەوە، کەندر یان گوریسڕەوێن ◌ طنابواکن
marmalade /ˈmɑːməleɪd, US ˈmɑːrm-/ *noun*

مرەبــای نــارنگی، هــەنگوینوســێو، رەچەڵــی پرتەقاڵ ۞ مربای پرتقال

marmite /ˈmɑːmʌɪt, US mɑːˈmiːt/ *noun*
دیزە، دەفر یان جێگای گڵێنەی بۆ چێشتلێنان ۞ مرمیت

marmoreal /mɑːˈmɔːriəl, US mɑːrˈm-/ *adjective*, also marmoreant
(وێژەیی) مەڕمەڕی، مەڕمەڕئاسا، شێوەمەڕمەڕ ۞ مرمری، مرمرمانند

marmoset /ˈmɑːməzet, US ˈmɑːrm-/ *noun*
مارموزێت (مەیموونێکی چکۆلانەی ئەمریکای ناوەندی و باشووری [توخمەکانی *Callithrix* و *Cebuella*: چوار جۆرن]) ۞ مارموست

marmot /ˈmɑːmət, US ˈmɑːrmət/ *noun*
مــارموت، مــشکەکێوی: جــۆرێ کرتێنــەری تێــکسمــڕاوی کۆمــەڵژی (لــە لاتــینی *mus montanus* "مــشکەکێوی") (خورماپێچـان؟، لـە خێزانی سمۆرە [تـوخم *Marmota*: چـەنـدین جۆرن]) ۞ موش‌خرما

marocain /ˌmarəˈkeɪn/ *noun*
جۆرێ پارچەی کرێپی ڕێڕێ ۞ ماروکین

Maronite /ˈmarənʌɪt/ *noun*
ئەنــدامی تیرەیێکــی کریــستانی ســووریایی، زۆربەیان لە لوبنان دەژین و پێوەندییان لەگەڵ کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆمیدا هەیە ۞ مارونیت

Maroon /məˈruːn/ *noun*
ئەندامی گەلێکی ڕەشی کە لە چەند بەشێکی Suriname دەژیــن و پاشمــاوەی کۆیلــە دوورەوەخراوەکانن ۞ مارون

maroon /məˈruːn/ *noun, adjective*
n ڕەنگی سووری تۆخ یان بلالووکی، ڕەنگی سووری ڕەشباو *adj* سووری تۆخ، زرشکی ۞ *n* رنگ قرمز تیره *adj* قرمز تیره

marooned *adjective*
تاکوتەنیا، بێکەس و بێدەر، داماو، گیرکردوو، گیرخواردوو، لاتەریککەوتوو، تەنیاکەوتوو، بەجێماو ۞ یکه و تنها، گرفتار، تک‌افتاده

marplot /ˈmɑːplɒt/ *noun*
لاپرەسەن، خۆتێهەڵقورتێن ۞ فضول

marque /mɑːk, US mɑːrk/ *noun*
(فەڕەنسی) مودێل، جۆر، نیشانەی تایبەتی: *the Porsche -que* ۞ مدل

marquee /mɑːˈkiː , US mɑːrˈkiː/ *noun*
1 گــەورەکاول، خێــوەتی گــەورە، خــەرگــا 2 ســەیوان، چادر، هــەواری، ڕەشماڵ، دەوار، کاول ۞ 1 چادر بزرگ 2 چادر

Marquesan /mɑːˈkeɪz(ə)n, US -s(ə)n/ *noun*
1 ڕەســەنی دوورگــەکانی Marquesas لــە پاسیفیکی باشووریدا، ب.ت. ئەندامی گەلی سەرەتانشینی پۆلینیریایی دوورگەکانی تر 2 زمانی پۆلینیریایی ئەو خەڵکە ۞ مارکویاسی

marquess /ˈmɑːkwɪs, US ˈmɑːrk-/ = marquis

marquetry /ˈmɑːkɪtri, US ˈmɑːrk-/ *noun*, also marquetery or marqueterie
دارهەڵکۆڵی، هەڵکۆڵین لەسەر دار ۞ منبت‌کاری

marquis /ˈmɑːkwɪs, US ˈmɑːrk-/ *noun*
(لە بریتانیای گەورە) پیاوێ بە پلەی سەرتر لە carl و خوارتر لە duke، (لە وڵاتانی تر) پیاوێ بە پلەی سەرتر لە count ۞ مارکویز

marquise /mɑːˈkiːz, US mɑːrˈkiːz/ *noun*
1 ژنی مــارکویز، مــارکویزژن 2 جــۆرێ ئەنگوستیلە کە نقێمەکەی گەوهەرێکی بادەمی تیژە یان هێشووە گەوهەرە 3 = وشەیێکی کۆنە بۆ marquee ۞ مارکیز

marquisette /ˌmɑːkɪˈzɛt/ *noun*
جۆرێ کوتاڵی تەنک، سووک و باش، زۆرتر وەکوو پەردەی تۆڕی بەکاردێترێ ۞ مارکیزت

marram = marram grass

marram grass /ˈmærəm ɡrɑːs, US ɡræs/ *noun*
گیازیخ، گیاچەو، پووشی دەریا [*Ammophila arenaria*] ۞ شن‌دوست

Marrano *noun, pl.* Marranos
جوولەکە (یان موسڵمان)ی سپانیایی سەدەکانی نێوەڕاست کە بووەتە دیانی یان مەسیحی ۞ مارانو

marriage /ˈmærɪdʒ/ *noun*
1 ژنومێردایــەتی، هاوســەرگری، ژنهێنــان، شووکردن، مێردکردن 2 زەماوەند، شایی، گۆڤەند 3 (خوازە) یەکێتی، یەکگرتوویی، تێکەڵبوون ۞ 1 ازدواج، زناشــویی 2 عروســی 3 وحــدت، یگانگی، آمیزش

marriageability /ˌmærɪdʒəˈbɪləti/ *noun*
گەیشتن بە تەمەنی ژنومێردایەتی ۞ مناسب بودن برای ازدواج

marriageable /ˈmærɪdʒəbl/ *adjective*
گەیشتوو بە تەمەنی ژنومێردایەتی یان زەماوەند، بۆ زەماوەند یان ژنومێردایەتی دەشێ ۞ مناسب برای ازدواج

marriage bureau *noun*
نووسینگەی ژنومێردایەتی یان زەماوەند ۞ دفتر ازدواج

marriage certificate *noun*, also marriage lines
قەباڵەی ژنومێردایەتی یا زەماوەند، زەماوەندنامە، بەڵگەی ژنومێردایەتی ۞ سند ازدواج

marriage guidance *noun*, also marriage counseling
ڕاوێژکاری ژنومێردایەتی یان زەماوەند ۞ مشاورەی زناشویی

marriage licence *noun*
(نافــەرمی) دەســتوورنامەی ژنومێردایــەتی، دەستوورنامەی زەماوەند ۞ مجوز زناشویی

marriage of convenience *noun*
1 (سیاسەت) ڕێککەوتنی بەرژەوەندی‌یانە (لە ڕووی بەرژەوەندی‌یەوە) 2 ژنومێردایەتی یا زەماوەندی بەرژەوەندی‌یانە (لەبەر هۆی ئابووری، کۆمەلایەتی و سیاسی‌یەوە نەک خۆشەویستی) ۞ 1 موافقت مصلحتی 2 ازدواج مصلحتی

marriage-portion = dowry

marriage settlement *noun*
مارەیی ۞ مهریه

marriage vow *noun*
پەیمانی ژنومێردایەتی ۞ عهد زناشویی

married /ˈmærid/ *adjective, noun*
adj 1 ژنهێناو، مێردکردوو، زەماوەندکردوو، شووکردوو، ژندار، مێردار، بەژن، بەمێرد 2 یەک‌گرتوو، یەک‌کەوتوو *n* (marrieds) ژن و مێردە لاو یان گەنجەکان ۞ *adj* 1 متأهل 2 متحد *n* زوج‌های جوان

married life *noun*
ژیانی ژنومێردایەتی ۞ زندگی زناشویی

marron /ˈmarən/ *noun, pl.* same or marrons
جۆرێ crayfishی زلەی ئاوی شیرین ئەوسترالیایی، لە تەرکی زیخەلانی چۆم و ڕووبار دەژی [*Cherax tenuimanus*] ۞ مارون

marrow /ˈmærəʊ, US -roʊ/ *noun*
1 مۆخ، مەغزی ئێسک، ئێسکەمۆخ، مەزی، مێزوک، 2 bone marrow (خوازە) بەشی سەرەکی، واتای بنەرەتی یان ناوەندی، کاکل، گەوهەر، کرۆک 3 نێوی پێنووس، مەغزی پێنووس 4 کەدوو، کوولەکە 5 توانایی، هێز ۞ 1 مغز استخوان 2 (مجازی) قسمت اساسی، معنای مرکزی، لب 3 مغز قلم 4 کدو 5 توان

marrowbone /ˈmærəʊbəʊn, US ˈmæroʊboʊn/ *noun*
ئێسکی مۆخدار یا مێزوکدار ۞ استخوان دارای مخ

marrowfat *noun*
نۆکەسپیلکە، نۆکەزلە، نۆکەدرشتە ۞ نخود درشت

marrowfat pea /ˌmærəʊfæt ˈpiː, US -roʊf-/ = marrowfat

marrow squash = marrowfat

Mars /mɑːz, US mɑːrz/ *noun*, Latin *Mart-, Mars*
1 بارام (= چوارەمین هەسارە لە کۆمەلەی خۆری‌دا، نێوان زەوی و زووپیتێر، تیرەکەی 6794 کیلۆمیتر (4222 مایل)، مەودای لە خۆرەوە 227.9 میلیون کیلۆمیتر (141.6 میلیون مایل)، ماوەی سوورانەوەی 686.95 ڕۆژ، دوو مانگی هەیە 2 مارس (خودای شەڕ لە میتۆلۆژی ڕۆمی‌دا، بڕوانە Ares (خودای شەڕ لای یۆنانی‌یەکان) ۞ 1 مریخ 2 مارس

Marsala /mɑːˈsɑːlə, US mɑːrˈs-/ *noun*
مارسالا (جۆرێ مەی شیرین و توندی سیسیل) ۞ مارسالا

Marseillaise /ˌmɑːsəˈleɪz/ *noun*
مارسێیێز (= سرودی نیشتمانی یان نەتەوەیی فەڕەنسە) ۞ مارسەیز

marsh /mɑːʃ, US mɑːrʃ/ *noun*
زۆنگاو، زەلکاو، چامۆر، گەناف، لیتاو، قوڕەلان، زەردەلیکاو (marshy /ˈmɑːʃi/ *adj*: زەلکاوی، لیتاوی، زۆنگاوی) ۞ باتلاق

marshal /ˈmɑːʃl, US ˈmɑːrʃl/ *noun*
1 مارشال 2 (مێژوویی) ئەفسەرێکی پایەبەرزی حکومەت 3 سەرۆکی پۆلیس 4 سەرۆک یان بەرپرسی ئاگرکوژێنەوە 5 سەرۆک یان بەرپرسی داب‌ودەستوور 6 بەرپرسی فەرمی بۆ چاودێری ڕووداوە گشتی‌یەکان، ب.ت. وەرزش یان سان ۞ 1 ارتشبد 2 افسر بلندپایەی دولت 3 کلانتر 4 رئیس آتش‌نشانی 5 رئیس تشریفات 6 مارشال

Marshallese /ˌmɑːsəˈliːz/ *noun, pl.* same
1 خەلکی دوورگەکانی Marshall 2 زمانی Micronesianی دوورگەکانی مارشال ۞ مارشالی

marshaller *noun*
مارشالێر (کەسێ کە ڕێنوێنی فڕۆکەکان لە پارکینگ‌دا دەکا) ۞ مارشالر

marshalling yard *noun*
دەوروبەری ڕێی ئاسن، دەوروپشتی ڕێگای ئاسن ۞ محوطەی راه‌آهن

Marshal of the Royal Air Force *noun*
پایەبەرزترین ئەفسەر لە RAF دا ۞ ارتشبد نیروی هوایی سلطنتی

marshalship *noun*
پلەوپایەی مارشالی، مارشالێتی ۞ مقام مارشالی

Marsh Arab *noun*
ئەندامی گەلی عەرەبی نیمچەڕەوەند semi-nomadic دانیشتووی زۆنگاوی‌یەکانی باشووری ئێراق ۞ مارش عرب

marsh elder *noun*
گولی بوداغ [توخم *Iva*] ۞ گل بداغ

marsh fever = malaria

marsh gas *noun*
گازی زەلکاو، میتان methane ۞ متان

marsh harrier *noun*
جۆرێ تاژی، تاجی زەلکاوان [*Circus aeruginosus* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ۞ نوعی سگ شکاری

marsh hawk = hen-harrier

marsh hen *noun*
شێلاقەی زەلکاوی ئەمریکا ۞ آبچلیک باتلاقی آمریکا

marshland /'mɑ:ʃlænd, US 'mɑ:rʃ-/ *noun*, also marshlands
زەوی زۆنگ، زۆنگایی، زەل ۞ زمین باتلاقی

marshmallow /ˌmɑ:ʃ'mæləʊ, US 'mɑ:rʃmeloʊ/ *noun*
1 هەرمەنە، تۆلەکە، هێرۆ [*Althaea officinalis*]
2 جۆرێ شیرینی کە لە شەکر و ولولە دروست
دەبێ ۞ 1 گیاه ختمی 2 مارش‌مالو

marsh marigold *noun*
گیایێ لە تیرەی buttercup [*Caltha*
palustris] ۞ نوعی گیاه

marsh treater = water measures

marshwort *noun*
گیازۆنگ، گیازەلکاو، لە تیرەی parsley [توخم
Apium: چەندین جۆرن، بە تایبەتی *A.*
nodiflorum] ۞ نوعی گیاه

marsupial /mɑ:'su:piəl, US mɑ:r's-/ *adjective, noun*
(گیانەوەر) توورەکەدار، کیسەدار، توورەکەوەر،
کیسەوەر (وەکوو کەنگورۆ [دەستە
Marsupialia]) ۞ (حیوان) کیسەدار

Marsupialia *noun, pl.*
توورەکەداران، توورەکەوەران، کیسەداران،
کیسەوەران ۞ کیسەداران

marsupialian *adjective*
توورەکەدار، توورەکەوەر، کیسەدار، کیسەوەر
۞ کیسەدار

marsupium /mɑ:'su:pɪəm/ *noun*, marsupia /-pɪə/
(گیانەوەرناسی) توورەکە، کیسە (بنەڕەت: لە
marsupion یۆنانییەوە، چکۆلێنراوی
marsipos "purse") ۞ کیسە

mart /mɑ:t, US mɑ:rt/ *noun*
1 بازاڕ (ب.ت. حەیوان و پاتاڵی لێبفرۆشرێ)
2 ناوەندی کارداری یان بازرگانی، شوێنی کڕین
و فرۆشتن ۞ 1 بازار 2 مرکز تجاری یا بازرگانی

martagon /'mɑ:təg(ə)n/ *noun*
زەمبەقی سوور، سوورەزەمبەق (لە *martagān*
تورکی‌یەوە، ئاماژە بە جۆرێ پێچ یان مێزەری
تورکی) ۞ سوسن قرمز

martagon lily /'mɑ:təg(ə)n/ *noun*
زەمبەقەمێزەرە [*Lilium martagon*] ۞ نوعی
سوسن

Martello /mɑ:'tɛləʊ/ *noun*, also Martellow tower, *pl.* Martellos
قەڵا یان کەلوو و برجی کەناری (خڕ و بۆ
بەرگری لە کەنارەکانی بریتانیا بەدرێژایی
شەڕەکانی ناپۆلیۆن) ۞ دژ یا برج ساحلی

marten /'mɑ:tɪn, US 'mɑ:rtn/ *noun*
1 دەڵەک، سمۆرە: هی دارستانەکانی ئوراسیا و
ئەمریکای باکووری، لەبەر کەوڵەکەی لە
چەندین وڵات ڕاو دەکرێ [توخم *Martes*:
چەندین جۆرن] 2 پێستی سمۆرە (بنەڕەت: لە
martrine (peau) فەڕەنسی کۆن " marten
(fur)"، لە *martre*: بنەڕەت ئەڵمانی ڕۆژاوایی)
۞ 1 سمور 2 پوست سمور

Martha *noun*, late Latin, from Greek
مارتا: خوشکی لازاروس و ماری Mary و
یاری عیسا ۞ مارتا

martial /'mɑ:ʃl, US 'mɑ:rʃl/ *adjective*
1 شەڕی، جەنگی 2 سەربازی، شەڕگەری،
میلیتاری 3 قارەمان، شەڕکەر، نەبەز (لە
فەڕەنسی کۆن یا لە *martialis* لاتین، لە *Mars*
ەوە "ناوی خودای شەڕ لای ڕۆمی‌یەکان") ۞
1 جنگی 2 نظامی 3 جنگجو

martial art *noun*
هونەر یا وەرزشی شەڕی یا جەنگی (وەک جۆدۆ
و کاراتە) ۞ ورزش رزمی

martial artist *noun*
وەرزش‌کاری شەڕی، وەرزش‌کاری جەنگی ۞
ورزش‌کار رزمی

martial eagle *noun*
(باڵندەناسی) جۆرێ هەڵۆی قاوەیی، زلترین
هەڵۆی ئەفریکایی [*Polmaetus bellicosus*]
۞ نوعی عقاب

martial law *noun*
حکومەتی سەربازی یان میلیتاری (ب.ت.
بەدرێژایی سەرهەڵدانێ): *The city remains*
firmly under martial law ۞ حکومت نظامی

Martian /'mɑ:ʃn, US 'mɑ:rʃn/ *adjective, noun*
adj بارامی، سەربە بارام *n* بوونەوەریکی
خەیاڵاوی لە بارامەوە ۞ *adj* وابستە بە مریخ *n*
موجود مریخی

martin /'mɑ:tɪn, US mɑ:tn/ *noun*
(جۆرێ) پەرەسلێرکە، هەجەجک،
حاجی‌ڕەشک، بۆ ناونانی تەیرە کلک‌کورتەکان
بەکاردێنرێ، ب.ت. house martin ۞ پرستو

martinet /ˌmɑ:tɪ'net, US ˌmɑ:rtn'et/ *noun*
1 مرۆی توند یان سەختگر، بنیادەمی سەختگر و
وشک، مرۆی پێبەند بە داب‌ودەستوور 2
بەردخەر، بەردهاوێژ ۞ 1 آدم مقرراتی 2 منجنیق

martinetism *noun*
توندی، سەختگری، سەختگیری، سەختگربوون،
توندگیری ۞ مقرراتی بودن

martingale /'mɑ:tɪŋgeɪl/ *noun*
1 قایشی ژێر ملی ئەسپ (تاکوو زۆر سەر
هەڵنەهێنێ) 2 گوریس یان زنجیری ژێرەوەی
دارالا یان بادەوەی کەشتی 3 جۆرێ قومار کە
لەودا کەسی دۆڕاندوو بڕی گرێوەکە چەند
بەرامبەر دەکاتەوە ۞ مارتینگال

Martini /mɑ:'ti:ni, US mɑ:r't-/ *noun*, also martini
مـارتینی (- خواردنەوەیـەکی ئەلکۆلـی کـە لـە تێکەڵکردنی جین، ڤۆدکا و ڤێرموت دروست دەبێ) ۞ مارتینی

Martiniquan /ˌmɑ:tɪ'ni:kən, French maʀtinikɑ̃/ *noun, adjective*, also Martinican
n خەڵکی مارتینیک Martinique، دوورگەیێکی فەرەنسی لە Lesser Antilles *adj* سەربە مارتینیک، مارتینیکی ۞ مارتینیکی

Martinist *noun*
لایەنگری جۆرێ لە گشتخوداباوەڕی عیرفانی mystical pantheism کە لە لایەن فیلسووفی فەرەنسی L. C. de Saint-Martin (1743–1803) پەرەی پێدرا ۞ مارتینیست

Martin Luther King Day *noun*
ڕۆژی مارتین لوتێر کینگ: سێهەمین دووشەممەی ژەنیوەری، ڕۆژێکی پشووی فەرمی‌یە لە هێندێ ئەیالەتی ئەمریکادا ۞ روز مارتین لوتر کینگ

Martinmas /'mɑ:tɪnməs/ *noun*
ڕۆژی سەینت مـارتین، 11ی نۆڤـامبر ۞ روز قدیس مارتین

martlet /'mɑ:tlɪt/ *noun*
1 جۆرێ پەرەسێلکەی ئەورووپایی [*Delichon urbica*] 2 (heradlry) تەیر یان پەرەسێلکەی بێ‌پا ۞ 1 بادخِک 2 مارتلت

martyr /'mɑ:tə(r), US 'mɑ:rt-/ *noun*
1 شەهید، فیدایی (لە ڕێی خودا یان باوەڕی): *a martyr to the cause of freedom* ◊ *the early Christian martyrs* 2 دیل، گیرۆدە 3 کەسێک کە بۆ ماوەیێکی زۆر بە دەرد یان نەخۆشی‌یێکی سەختەوە دەناڵێنێ (بنەڕەت: لە *martur*، *martyr-*، *martys* یۆنانی "witness" (لە کریستانیەتدا بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنرا) ۞ 1 شهید، فدایی 2 اسیر 3 مارتیر

martyrdom /'mɑ:tədəm, US 'mɑ:rtərdəm/ *noun*
1 شەهیدبوون، شەهیدایەتی 2 ئازار، دەردی زۆر، ڕەنج، ئەشکەنجە، torment، affliction، torture ۞ 1 شهادت 2 عذاب (الیم)، زجر

martyred /'mɑ:təd, US 'mɑ:rtərd/ *adjective*
1 چەوساو، دەرددیتوو، مەینەتی‌چێشتوو، ئەشکەنجەدراو: *She wore a perpetually -ed expression* 2 شەهید ۞ 1 رنج‌کشیده 2 شهید

martyrium *noun*
مۆزەخانەی شەهید ۞ موزەی شهید

martyr of truth *noun*
شەهیدی ڕاستەقینە ۞ شهید حقیقت

martyrolatry *noun*
شەهیدپەرستی ۞ شهیدپرستی

martyrology *noun*
1 شەهیدناسی 2 لیست یان تۆماری شەهیدەکان، شەهیدنامە (*adj* martyrological، martyrologist *n*) ۞ 1 شهیدشناسی 2 فهرست شهدا

martyry *noun, pl.* martyries
گڵکۆ یان کلیسەی شەهیدێ ۞ مرقد یا کلیسای شهید

marvel /'mɑ:vl, US 'mɑ:rvl/ *noun*
1 سەیری، سەرسووڕمان، سەیربوون، astonishment 2 پەرجۆ، موجیزە 3 مایەی سەرسووڕمان، سەرسووڕهێنەر: *her talent is a marvel to behold* ◊ *the -ls of nature/technology* ۞ 1 شگفتی 2 معجزه 3 تعجب‌انگیز

marvellous /'mɑ:vələs, US 'mɑ:rv-/ *adjective*, US marvelous
سەیر، سەرسووڕهێنەر، یەکجارباش، زۆرچاک، خۆش: *This will be a marvellous opportunity for her* ◊ *The weather was marvelous* ◊ *It's -rvellous what modern technology can do* ۞ شگفت‌آور، عالی

marvellously /'mɑ:vələsli, US 'mɑ:rv-/ *adverb*
سەرسووڕهێنەرانە، بە شێوەیەکی سەیر؛ یەکجار چاک: *This recipe is marvellously simple and quick* ۞ به طور شگفت‌آور؛ خیلی عالی

marvellousness /'mɑ:vələsnəs, US 'mɑ:rv-/ *noun*
سەیربوون، سەرسووڕهێنەری ۞ شگفت‌انگیزی

marvel of Peru *noun*
گوڵی لالەعەباسی، لالەباس: بە گوڵی شەپووری بۆنخۆشەوە، درەنگانی نیوەڕۆ دەکرێتەوە [*Mirabilis jalapa*] ۞ گل لاله عباسی

Marwari /mə:'wɑ:ri/ *noun*
مـارواری: زمـانێکی Indic، لـە هـەرێمی Rajasthanی هێند ۞ مارواری

Marxian *adjective*
مارکسی: سـەربە، پـەرەسـەندوو یـا لـەژێر کاریگەری ڕێباز و بیری مارکس‌دا، کۆمۆنیست ۞ مارکسی، کمونیست

Marxism /'mɑ:ksɪzəm, US 'mɑ:rks-/ *noun*
مارکسیزم، مارکس‌باوەڕی: تیۆری‌یە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری‌یەکانی کارل مارکس (1818-83) کە گۆڕان و پەرەسەندنەکانی نێو کۆمەڵگا لە ئەنجامی دژایەتی و ململانێ نێوان چینەکانی کۆمەڵگا ڕوون دەکاتەوە ۞ مارکسیسم

Marxism-Leninism *noun*
مارکسیزم-لینینیزم: ئەو تیۆری و پرەکتیـانەی کۆمـۆنیزم کـە لـە لایـەن لینینـەوە لـە ئـایین و بیروباوەڕی doctrine مارکسەوە لە یەکێتی سۆڤیەت پەرەی پێدرا ۞ مارکسیزم - لنینزم

Marxist /ˈmɑːksɪst, US ˈmɑːrks-/ *noun, adjective*
مارکسیست، مارکس‌باوەڕ: *Marxist theory/doctrine/ideology* ۞ مارکسیست

Marxist-Leninist *noun, adjective*
n مارکسیست ـ لینینیست *adj* مارکسیستی ـ لینینیستی ۞ *n* مارکسیست ـ لنینیست *adj* مارکسیستی ـ لنینیستی

Marxology *noun*
مارکس‌ناسی ۞ مارکس‌شناسی

Mary /ˈmeəri/ *noun*
1 ماری، مریەم (ـە): دایکی عیسا 2 خوشکی لازاروس Lazarus و مارتا Martha. یاریکی عیسا ۞ 1 مریم 2 ماری

Mary Jane = marijuana

Maryknoller *noun*
ئەندامی کۆمەڵەی مزدەبەرانی بیانی کاتۆلیک لە ئەمریکا، لە لایەن J. A. و T. F. Price لە Walsh لە ماریناوڵی Maryknoll نیویۆرک لە 1911 دامەزرا ۞ ماریناوڵ

Marylander *noun*
ڕەسەن یان دانیشتووی هەرێم یان ئەیالەتی مێریلەند ۞ اهل مریلند

Mary Magdalene *noun*
مریەمی مەگدیلی (لە لایەن عیساوە چاک کرایەوە) ۞ مریم مجدلیه

marzipan /ˈmɑːzɪpæn, ˌmɑːzɪˈpæn, US ˈmɑːrtsəpæn, ˈmɑːrz-/ *noun*
مارزیپان، لەبزینە (ئەڵمانی، لە *marzapane* ئیتالیایی) ۞ مارزی‌پان

masa /ˈmasa/ *noun*
(لە ئاشپەزی ئەمریکای لاتین‌دا) هەویری ئاردی گەنمەشامی، بۆ سازکردنی tamale و tortilla ۞ ماسا

Masai /ˈmɑːsʌɪ, məˈsʌɪ, mɑːˈsʌɪ/ *noun*, also Maasai, *pl.* same or -sais
1 ماسای: ئەندامی گەلی لادێیی کە لە تانزانیا و کینیا دەژین 2 زمانی نیلۆتیکی Nilotic ئەو گەلە ۞ ماسای

masc. = masculine

mascara /mæˈskɑːrə, US -ˈskærə/ *noun*
(چاو) ماتک، رمەیل، ماسکارا (بنەڕەت: ئیتالیایی بە واتای "mask") ۞ ریمل

mascaraed *adjective*
ماتک‌پیاهێنراو، ماتک‌ڕێژ، ماتک‌لێدراو، بە رمەیل‌ڕێژراو، برژانگ‌ڕازاندوو ۞ ریمل‌زده

mascarpone /ˌmaskəˈpəʊneɪ, US -ˈpəʊni/ *noun*
جۆرێ پەنیری تویشکەیی نەرمی ئیتالیایی (بنەڕەت: لە ئیتالیاییەوە) ۞ ماسکارپون

mascle /ˈmɑːsk(ə)l/ *noun*
پوولەکەی پۆلایینی زری (بنەڕەت: heraldey) لە فەرەنسی ئانگلۆ-نۆرمان، لە ئانگلۆ-لاتین *mascula* ("mesh") ۞ ماسکل

mascot /ˈmæskət, US -skɑːt/ *noun*
(کەس یا شتێ) بەودم، پێ‌باش، سەربەخێر، بەشووم، بەخت‌هێنەر، بەهات، ناوچاوان‌باش، پێ‌وقەدەم‌باش، بەفەڕ، بەبەرەکەت ۞ شگون‌آور

masculine /ˈmæskjəlɪn/ *adjective, noun*
1 *adj* پیاوانە، مێرانە: *He was handsome and strong, and very masculine* ◊ *That suit makes her look very masculine* 2 (ڕێزمان) نێر: *masculine nouns* 1 *n* (ڕێزمان) زایەندی نێر، نێرینە 2 ناوی نێر ۞ 1 *adj* مردانە 2 (دستور زبان) مذکر 1 *n* جنس مذکر 2 اسم مذکر

masculinely *adverb*
پیاوانە، مەردانە، مێرانە ۞ مردانە

masculinity /ˌmæskjuˈlɪnəti/ *noun*, also masculineness
مەردایەتی، پیاوەتی، پیاوبوون، نێرینەیی، نێرێتی، نێرایەتی، مێراتی: *He felt it was a threat to his masculinity* ۞ مردانگی، مردی، رجلیت

masculinization *noun*
پێدانی تایبەتمەندی پیاوانە یا نێرانە، پیاواندن، نێراندن ۞ ماسکیولینیزاسیون

maser /ˈmeɪzə/ *noun*, acronym from: microwave amplification by the stimulated emission of radiation
مەیزێر (= دەزگایێ بۆ بەرهەمهێنان یا بەهێزکردنی وردەشەپۆلەکان) ۞ میزر

mash /mæʃ/ *noun*
1 (نافەرمی) پلیشاوە یان پیشاوەی پەتاتە (تێکەڵ بە شیر تا جوان‌جوان بخووسایە)، تێکەڵەیێ لە ماڵت و ئاوی گەرم بۆ دروست‌کردنی ئاوجۆ (یان ویسکی) بەکاردێنرێ 2 لەپە، دانووڵە 3 کەپەکی خووساو بە ئاوی گەرم (وەک تفاقێکی گەرم)، دەدرێ بە ئەسپ ۞ 1 پورەی سیب‌زمینی 2 نواله 3 ماش

mashed potatoes *noun*, also mashed potatoes, mash esp. in BrE
پلیشاوەی پەتاتە، پەتاتەپیشاو (تێکەڵ بە شیر تا جوان‌جوان بخووسایە) ۞ پورەی سیب‌زمینی

masher *noun*
پلیشێنەری پەتاتە ۞ پورەکنندەی سیب‌زمینی

mashie /ˈmaʃi/ *noun*, also mashy
دارگۆڵفی لە ئاسن ۞ چوگان آهنی

Mashona /məˈʃəʊnə/ *noun*
گەلی Shona بە گشتی، ب.ت. هی زیمبابوێ ۞ ماشونا

mashy *adjective*
خووساو، خووسێنراو، نەرم، کوتراو ۞ خیساندە، نرم

masjid /'mʌsdʒɪd, US 'mas-/ *noun*
مزگەوت، مزەفت ◇ مسجد
mask /mɑ:sk, US mæsk/ *noun*
1 دەمامــک، دەمبــین، رووبەنــد، رووپــۆش، رووهەڵــپێچ: 2 *a gas/surgical mask* دەمامک‌پۆش 3 (خوازە) پەردە، بەهانە، بیانوو، پەلــپ، دیزەبەدەرخۆنە، داپۆشین (بۆ داپۆشینی راستی‌یێ) 4 (پزشکی) دەمامک، بەردەم(ە) 5 روو یان سەر (ی گیانەوەری، ب.ت. ریوی ◇ 1 ماسک، نقاب 2 نقاب‌پوش 3 (مجازی) بهانه، لفافه 4 ماسک 5 صورت یا سر
masked /mɑ:skt, US mæskt/ *adjective*
1 دەمامک‌دار، دەمامک‌لێداو، دەمامک‌لەسەر: *a* 2 *masked gunman* شاراوە، نادیار، داپۆشراو، لە پەردەدا؛ (لەشکری) داپۆشراو، شاردراو، حەشاردراو ◇ 1 نقاب‌دار 2 مستتر، در لفافه؛ (نظامی) استتارشده
masked ball *noun*
دەنس و هەڵپەرکێ بە دەمامکەوە ◇ بالماسکه
masker *noun*
بنیادەمی دەمامک‌پۆشیو یان دەمامک‌دار، دەمامک‌لەسەر، دەمامک‌لێداو، دەمامک‌هەڵبەستوو ◇ آدم نقاب‌زده
masking tape *noun*
چەسپی کاغزی، کاغزی سریشاوی، شریتی چەسپی رەنگ‌کردن (بۆ ئەو جێگایانەی کە رەنگیان ناوێ) ◇ چسب کاغذی
maskinonge /'maskɪnɒn(d)ʒ, US -'nɒn(d)ʒi/ = muskellunge
masochism /'mæsəkɪzəm/ *noun*
1 مازۆخیزم (= رەفتاری سێکسی لە رووی توندوتیژی و ئێش‌پێگەیاندنەوە، بۆ بەدەس‌هێنانی خۆشی) 2 ئازارگەری، ئازارخوازی: *You spent the whole weekend in a tent in the rain? That's masochism!* ◇ 1 آزارطلبی جنسی 2 آزاردوستی
masochist /'mæsəkɪst/ *noun*
1 مازۆخیست 2 ئازارگەر ◇ 1 آزارطلب 2 آزاردوست
masochistic /,mæsə'kɪstɪk/ *adjective*
مازۆخیستی: ◊ *-ic behaviour/tendencies* *He has a -ochistic streak and seems to enjoy being treated badly by women* ◇ آزارطلبانه
masochistically /,mæsə'kɪstɪkli/ *adverb*
(بە شێوەیێکی) مازۆخیستانە ◇ به طور آزارطلبانه
mason /'meɪsn/ *noun*
1 قورەکار، بەردکار، وەستا، بەردچن، بەننا 2 (Mason) فراماسۆن Freemason ◇ 1 بنا، سنگ‌کار 2 (با M) فراماسون
mason bee *noun*
هەنگەقورەکار: بە تەنیا دەژی [*Osmia* و تۆخمەکانی تر] ◇ نوعی زنبور
Mason-Dixon line /,meɪsn 'dɪksn laɪn/ *noun*
سنووری نێوان ئەیالەتەکانی (ئەمریکای) پێنسیلڤانیا و مێریلەند (ئەمەش وەکوو دابەش‌کردنێکی ئەمریکای باکووری و باشووری دەزانرێ) ◇ ماسون دیکسولاین
Masonic /mə'sɒnɪk, US -'sɑ:n-/ *adjective*
فراماسۆنێری، فراماسۆنێری ◇ وابسته به فراماسونری
Masonite *noun*
(دروشمی بازرگانی) تەختەرێشاڵ لە باشەرۆکی رێشاڵی دار، لەژێر هەڵم لە پەستانێکی یەکجار زۆردا ◇ ماسونیت
mason jar *noun*, also Mason jar
گۆزەڵە یان شووشەی دەم‌گەورە ◇ کوزه یا شیشه‌ی دهن‌گشاد
masonry /'meɪsənri/ *noun, pl.* masonries
قورەکاری، بەننایی، وەستایی، وەستاگەری، بەردکاری ◇ بنایی
Masonry /'meɪsənri/ *noun*
فراماسۆنێری ◇ فراماسونری
mason wasp *noun*
هەنگەزاڵەی قورەکار: بە تەنیا دەژی [خێزانEumenidae: زۆر جۆرن] ◇ نوعی زنبور
Masora *noun*, also Masorah
مێسۆرا(ه): کۆمەڵە تێبینی و بۆچوون (و پەراوێز)ی سەر دەقەکانی پەیمانی کۆن بە درێژایی هەزارەی یەکەمی کریستانیەت ◇ ماسورا
Masorete *noun*, also Massorete
تێبینی‌نووس یان پەراوێزنووسی دەقەکانی پەیمانی کۆن ◇ ماسورت
Masoretic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە ماسوریتەوە هەیە ◇ وابسته به ماسورت
masque /mɑ:sk, US mæsk/ *noun*
شانۆی هۆنراوە(یی)، درامایەکی هۆنراوە زۆرتر لەگەڵ موسیقا و هەڵپەرکێ لە ئینگلتەرە لە سەدەکانی 16 و 17دا ◇ ماسک
masquerade /,mæskə'reɪd, US ,mɑ:sk-/ *noun*
1 هەڵپەرکێ یا سەمای بە دەمامکەوە، ماسکێرێد، ماسکێرەیـد، هەڵپەرکێی گاڵتەجارانە 2درۆ، خۆوادەرخستن، هەڵفریواندن، خۆوانیشان دان ◇ 1 بالماسکه 2 تظاهر
masquerader *noun*
خۆوادەرخەر، واخۆنیشان‌دەر، ماسکێرادێر ◇ وانمودکننده، ماسکرادر
mass /mæs/ *noun, adjective*
1 *n* تۆپەڵە، کۆما، کۆمەڵکە، کۆ، ئاپۆرە، کۆگا،

لۆدە، دەستە، جەماعەت، گروپ، جەماوەر 2 (فیزیک) بارستە 3 بڕ، ئەندازە 4 ژمارە یان بڕێکی زۆر، بەشی سەرەکی، زۆرتر، زۆرینە، پترانی، زۆربە adj بەکۆمەڵ، جەماوەری، دەستەدەستە، گەلی: *mass ◊ mass education* *destruction* n ◌ 1 تودە، گروە 2 (فیزیک) جرم 3 مقدار 4 تعداد یا مقدار زیادی، بخش عمدە، بیشتر، اکثر adj جمعی، انبوە

Mass /mæs/ *noun*

1 ئاهەنگی شێوی خواوەندی (ب.ت. کلێسەی کاسۆلیکی ڕۆمانی) 2 مەس (موسیقاێ بۆ ئەم بۆنە) ◌ 1 آیین عشاء ربانی 2 مس

Massachusett *noun*, also Massachuset, *pl.* same or Massachusetts or Massachuset

ئەندامی گەلێکی سووریێستی ماساچوسێتەکان؛ زمانی فەوتاوی Algonquianی گەلی ماساچوسێت (واتای خۆی: لەسەر گرد یان تەپێکی گەورە)◌ ماساچوست

massacre /'mæsəkə(r)/ *noun*

1 کۆمەڵکوژی، کوشتوکوشتار، قەلاچۆ، قڕتێخستن: *the bloody -ssacre of innocent civilians* 2 (نافەرمی) بەزینی زۆر بە شێرزەیی، دۆڕاندنی شێرزانە، پیسدۆڕاندن (یاری یان پێشبڕکێی) ◌ 1 قتل‌عام 2 شکست مفتضحانە

massage /'mæsɑ:ʒ, US mə'sɑ:ʒ/ *noun*

مشتومال، شێلان، داماڵین، ماڵشت، هەنوون، کەفماڵ ◌ ماساژ، مالش

massage parlour *noun*

1 شێلانگە، خانەی شێلان، شێلانخانە، ماڵشتخانە، هۆڵی شێلان 2 جێگای ڕابواردن (جندەخانە، قەحبەخانە، خەڵک وابیرنەکەنەوە کە ئەوێنە جێگایەکی خراپە) ◌ 1 سالن ماساژ 2 عشرتکدە

massasauga /ˌmasə'sɔ:gə/ *noun*

جۆرێ ماری زەنگی چکۆلەی ئەمریکای باکووری، لە نمایی‌دا دەژی ([*Sistrurus catenatus*]، بنەڕەت: لە ناوی *Mississauga* شارێ لە باشووری ئۆنتاریۆی Ontario کەنەدا) ◌ نوعی مار زنگی

mass balance *noun*

(کیمیا) هاوکێشی بارستە، هاوسەنگی بارستە ◌ موازنەی جرم

mass communications = mass media

mass concrete *noun*

کۆنکریتی مایەدار، بێتۆن یان شفتەی خەست ◌ بتن متراکم

massed *adjective*, *noun*

adj زۆر، کەڵەکەبوو، سەریەکەوتوو، کۆوەبوو، خڕوەبوو، کۆمبوو: *the massed ranks of his political opponents* n (the massed) خەڵکی ئاسایی، خەڵکی ڕەمەکی، جەماوەر ◌ adj متراکم، گردآمدە n عوام

mass education *noun*

پەروەردەی بەکۆمەڵ، فێرکاری پێکەوەیی یا بەدەستە ◌ آموزش دستەجمعی

masseter /ma'si:tə/ *noun*

(توێکاری) ماسوولکەی جاوین ◌ عضلەی مضغ

masseur /mæ'sɜ:(r)/ *noun*

مشتوماڵدەر، شێلەر، ماڵشتدەر ◌ ماساژور

masseuse /mæ'sɜ:z, US mə'su:s/ *noun*

مشتوماڵدەر، ماڵشتدەر، شێلەر (ژن) ◌ ماساژور (زن)

mass hysteria *noun*

پرکام یا هیستریای بەکۆمەڵ ◌ هیستری جمعی

massicot /'masıkɒt/ *noun*

جۆرێ یەکۆکسایدی monoxide قورقوشمی زەرد ◌ ماسیکوت

massif /mæ'si:f/ *noun*

(زەویناسی) کەڵەبارستە، شاخستان، کەڵەکێو، کێوەڵان (دەستە کێوێ کە وەکوو بارستەیەکی گەورە داڕێژراون) ◌ گران‌کوە

massive /'mæsıv/ *adjective*

1 گەورە، زلە، مەزن، فیل(ئاسا)، زەبەلاح، کەتە، گەپ، نێوپڕ، قورس، گران: ◊ *a massive rock* 2 *the massive walls of the castle* (زەویناسی، سەربە بەرد یان ڕەگە) شێوە یان پێکهاتەیێ کە شیاوی لێککردنەوەی نییە 3 بەرچاو، دیار، زۆر، بەربلاو، بەرین، گەورە، بەرفرەهـ یەکپارچە، سەخت، دژوار: *The explosion made a massive hole in the ground ◊ a massive increase in spending* 4 ڕشت، تونـد ◌ 1 عظیم، سنگین 2 ماسیو 3 چشمگیر، وسیع 4 جدی

massively /'mæsıvli/ *adverb*

1 توند، بە توندی، بە سەختی 2 بەربلاوانە، بە شێوەیەکی بەرین ◌ 1 به شدت 2 به طور گسترده

massiveness /'mæsıvnəs/ *noun*

گەورەیی، مەزنی، زلەیی، زەلامی، قورسی، گرانی، هەڵنەگیراوی، بەربلاوی، بەرینی، بەرفرەهی ◌ بزرگی، سنگینی، وسعت

mass-market *noun*

بازاری هەمەبابەتە یان بەربلاو ◌ بازار گستردە

mass media *noun*, *pl.*, *sing.* mass medium

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی، ڕاگەیێنە گشتییەکان: *the relationship between politics and the mass media* ◌ رسانەهای گروهی

mass murderer *noun*

کۆمەڵکوژ، قڕتێخەر، کوشتارگەر ◌ قتل‌عام‌کنندە

mass noun *noun*

(ڕێزمان) ناوی نەژمێردراو یا لەژماردن‌نەهاتوو یا نەژمێر ◌ اسم ناشمردنی

mass number *noun*
(فیزیک) ژمارەی بارستەیی ✧ عدد جرمی

mass of earth *noun*
بارستەی زەوی ✧ جرم زمین

mass-produced *adjective*
زۆر بەرهەمهاتوو، بەکۆمەڵ بەرهەمهێنراو ✧ انبوه تولیدشده

mass-producer *noun*
زۆر بەرهەمهێنەر، بەکۆمەڵ بەرهەمهێنەر ✧ تولیدکنندەی انبوه

mass production *noun*
زۆر بەرهەمهێنان، بەکۆمەڵ بەرهەمهێنان ✧ تولید انبوه

mass spectrometer *noun*
شەبەنگپێوی بارستە(یی) ✧ طیفسنج جرمی

mass spectrometry *noun*
شەبەنگپێویی بارستە(یی)، شەبەنگپێویی بارستە(یی) ✧ طیفسنجی جرمی

mass spectrum *noun*
شەبەنگی بارستە(یی)، بارستەشەبەنگ ✧ طیف جرمی

mass transit *noun*
راگوێزانی بەربلاو، گوێزانەوەی بەرفرەهـ یان بەربلاو ✧ ترابری گسترده

massy /mæsı/ *adjective*
قورس، تێوپڕ، گران، زلە، گەپ، گەورە، massive، weighty ✧ سنگین، بزرگ

mast[1] /mɑ:st, US mæst/ *noun*
1 دارالا، دەگ 2 دەستەک، رازە 3 کۆڵەکە یان ستوونی راگرتن، ستوونی مەهار 4 میلە، دار (ئالا) ✧ 1 دکل 2 دیرک 3 تیر مهار 4 میله

mast[2] /mɑ:st, US mæst/ *noun*
بەری دار بەڕوو یان نارەوەن beech کە دەدرێ بە بەراز ✧ ماست

mast- *prefix*
پێشگر: مەمک (بنەڕەت: لە *mastos* یۆنانییەوە) ✧ پیشوند: پستان

mastaba /'mastəbə/ *noun*
1 سەکۆ 2 گۆڕی میسری (کۆن) ✧ 1 مصطبه 2 مقبرەی مصری

mast cell *noun*
خانەی ماست: خانەیێکی پڕ لە دەنک(ـۆڵە)ی granule باسۆفیل، لە شانەبەستەرەکاندا دۆزراوەوە و هیستامین، هێپارین و ماکی تر بە درێژایی کاردانەوە ئالێرژیک و ئاوسانییەکاندا ئازاد دەکا ✧ سلول ماست

mastectomy /mæ'stektəmi/ *noun, pl.* mastectomies
مەمکبڕی، مەمکدەرکێشی ✧ پستانبرداری

master[1] /'mɑ:stə(r), US 'mæs-/ *noun, adjective*
n 1 گەورە، ئاغا، سەیدا، فەرمانبەدەست، سەروەر، سالار 2 سەرۆک 3 خاوەنکار 4 وەستاکار، مامۆستا، هۆزان، هونەرمەند، شارەزا، لێزان، مامۆستا (پیاو) 5 کەشتیوان، فەرماندەری کەشتی 6 (سەگ، ئەسپ و هتد) خاوەن، خودان، ساحەب، خێو 7 پیر 8 (پێشبڕکێ و هتد) کەسی سەرتر، سەرـ 9 (بەڵگە، فیلم و هتد) ئۆریجینال، دانەی سەرەکی یان عەسڵی *adj* سەرەکی، هەرەگرنگ، بنەڕەتی ✧ *n* 1 ارباب، سرور 2 رئیس 3 کارفرما 4 استاد، هنرمند، ماهر 5 ناخدا 6 صاحب 7 مرشد 8 نفر برتر 9 (فیلم، مدرک و غیره) نسخەی اصلی *adj* اصلی، مهم

master[2] *noun*
1 کەشتی یان گەمییێ بە ژمارەیێ دیاریکراوی دارالاوە 2 ـدارالا ✧ 1 کشتی یا قایق دارای تعداد مشخص دکل 2 ـدکله

master-at-arms *noun, pl.* masters-at-arms
پۆلیسی کەشتی (بۆ چاودێری لەسەر ئەرک و کاروباری کەشتی) ✧ مأمور انتظامات کشتی

master bedroom *noun*
ژوور یان دیوی خەوی سەرەکی، گەورەدیوی خەو ✧ اتاقخواب اصلی

master chief petty officer *noun*
پایەیێ لە هێزی دەریایی ئەمریکادا ✧ ناو استوار یکم

masterclass /'mɑ:stəklɑ:s, US 'mæstərklæs/ *noun*
پۆلی مامۆستا (ب.ت. موزیک و مامۆستایەکی گەورەش بیلێتەوە) ✧ کلاس ماستر

master corporal *noun*
پلەیێ لە ئەرتەشی کەنەدا و هێزی دەریایی لە زوور corporal و لە خوار sergeant ✧ سمتی در ارتش و نیروی دریایی کانادا

masterdom /'mɑ:stədəm/ *noun*
سەروەری، سەردەستی، زاڵی، سەرکەوتن ✧ سیادت، تفوق

masterful /'mɑ:stəfl, US 'mæstərfl/ *adjective*
1 کۆنترۆڵبەدەست، زۆردار، دەسەڵاتخواز 2 مامۆستایانە، شارەزایانە: *a masterful performance* ✧ 1 سلطەجو 2 ماهرانه

masterfully /-fəli/ *adverb*
مامۆستایانە، وەستایانە، شارەزایانە ✧ ماهرانه

master gunnery sergeant *noun*
پلەیێکی نائەفسەرێتی لە مارینزی ئەمریکادا، لە زوور master sergeant و لە خوار sergeant major دا ✧ سمتی است

masterhood /'mɑ:stəhʊd/ *noun*
مامۆستایی، وەستاکاری، شارەزایی، لێزانی ✧ استادی، مهارت

master-key /'mɑ:stə ki:/ *noun,* also pass

key
شاکلیل ۞ شاه‌کلید

masterliness *noun*
مامۆستایی، وەستاکاری، شارەزایی، لێزانی ۞ استادی، مهارت

masterly /ˈmɑːstəli, US ˈmæstərli/ *adjective*
وەستایانە، شارەزایانە، مامۆستایانە: *a masterly performance* ◊ *Her handling of the situation was masterly* ۞ ماهرانه

master mariner *noun*
کەشتیوان ۞ ناخدا

mastermind /ˈmɑːstəmaɪnd, US ˈmæstərm-/ *noun*
کەسێکی زۆر زیرەک و بەهۆش، ڕۆشنبیر، دایک‌هەڵگر، کوڕی ڕۆژگار: *The mastermind behind the robbery was never caught* ۞ مغز متفکر

Master of Arts *noun*
1 بڕوانامەی ماستەر لە زانستە مرۆڤییەکاندا 2 ماستەر لە زانستە مرۆڤییەکاندا ۞ 1 درجەی کارشناسی ارشد در علوم انسانی 2 کارشناس ارشد در علوم انسانی

Master of ceremonies *noun, abbreviation* MC
1 ئاهەنگ‌گێڕ، سەرۆک یان بەرپرسی داب‌ودەستوور 2 بەڕێوەبەر، پێشکەشکار ۞ 1 رئیس تشریفات 2 مجری

Master of Science *noun*
1 بڕوانامەی ماستەر لە زانستەکاندا 2 ماستەر لە زانستەکاندا ۞ 1 درجەی کارشناسی ارشد در علوم 2 کارشناس ارشد در علوم

masterpiece /ˈmɑːstəpiːs, US ˈmæstərp-/ *noun*, also masterwork
شاکار، گەورەکار، شاهەسەر، کاری گەورە، کاری گرنگ: *The museum houses several of his Cubist masterpieces* ۞ شاهکار

master plan *noun*
پلانی دووورودرێژ، پلانی گشتگیر یا هەمەلایەنە، پلانی بەربڵاو ۞ طرح مفصل یا جامع

master race *noun*
ڕەگەزی سەرتر، نژادی بەرزتر ۞ نژاد برتر

Master's = Master's degree

Master's degree *noun*
بڕوانامەی ماستەر ۞ درجەی کارشناسی ارشد

master seaman *noun*
پلەیێ لە هێزی دەریایی ئەمریکادا، لە ژوور leading seaman و لە خوار petty officerدا ۞ سمتی است

master sergeant *noun*
پلەیێکی بەرزی ئائەفسەری هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا ۞ استوار ارشد

mastership /ˈmɑːstəʃɪp/ *noun*
1 شارەزایی، لێزانی، وەستایی 2 زاڵی، سەرکەوتوویی، سەروەری، بەسەرداشکانەوە 3 سەرۆکایەتی ۞ 1 مهارت 2 تفوق 3 ریاست

masterstroke /ˈmɑːstəstrəʊk, US ˈmæstərstroʊk/ *noun*
1 کردەوەی یەکلاییکەرەوە، دوایین هەنگاو، کردەوەی شارەزایانە یان وەستایانە 2 شاکار ۞ 1 ضربەی نهایی، اقدام مهارت‌آمیز 2 شاهکار

master switch *noun*
(کارەبا) سەرکلیل (سەرجەم خانووبەرە یان ناوچەیێ) ۞ کلید اصلی

master warrant officer *noun*
پایە یان پلەیێ لە ئەرتەش و هێزی ئاسمانی کەنەدا، لە ژوور warrant officer و لە خوار chief warrant officerدا ۞ ماستر وارانت افیسر

masterwork /ˈmɑːstəwɜːk, US ˈmæstərwɜːrk/ = masterpiece

masterwort /ˈmɑːstəswɜːt/ *noun*
گیایێ لە تیرەی parsley، ڕەسەنی ناوەند و باشووری ئەورووپا [توخمەکانی *Peucedanum* و *Astrantia*] ۞ ماسترورت

mastery /ˈmɑːstəri, US ˈmæst-/ *noun*
1 شارەزایی، مامۆستایی، لێهاتوویی، command: *The orchestra is unrivalled in terms of technical mastery and sheer vitality* 2 سەروەری، بەسەرداشکانەوە، لەسەرتربوون، زاڵی، superiority 3 دەس‌بەسەراگرتن، کۆنتڕۆڵ، ascendancy، دەسەڵات: *human mastery of the natural world* ◊ *He struggled for mastery over his emotions* 4 سەرکەوتن ۞ 1 مهارت 2 سیادت، تفوق 3 کنترل 4 پیروزی

masthead /ˈmɑːsthed, US ˈmæst-/ *noun*
1 سەردەگ، سەرداراڵا، نووکی داراڵا 2 سەربەر (ڕۆژنامە) 3 بەشێ لە ویبسایتی ڕۆژنامە یان دەنگ‌وباس ۞ 1 سردکل 2 سرصفحه 3 ماستهد

mastic /ˈmæstɪk/ *noun*
1 مەستیک، مەستەکی 2 جۆرێ داری تەڕەوونی مەدیتەرانەیی کە مەستیک دەگرێ، زۆر لە پستەوە نزیکە [*Pistacia lentiscus*] 3 بۆ ناوی ئەو دارە پێوەندیدار یان هاوشێوانە بەکاردێترێ، ب.ن. 4 جۆرێ ماکی درزبەند یان نێوئاخنی بەتانەیی putty-like ئاوگیرەوە (یا ئاوبەند waterproof) کە لە خانووبەرەسازی یا قوڕەکاریدا بەکاردێترێ. American mastic ۞ 1 ماستیک، مصطکی 2 درخت مصطکی 3 و 4 ماستیک

masticable /ˈmæstɪkəbl/ *adjective*
جەوینی، دەجاورێ، لە جاوین دێ ۞ جویدنی

mastication /ˌmæstɪˈkeɪʃn/ *noun*

جاوین، جوون: *a fibre-rich diet which encourages mastication* ۞ جوش

masticator *noun*

جاوین(ـەر) ۞ جونده

masticatory *adjective*

1 جاوین(ـەر) 2 سەربە جاوین 3 دەرمانی لیکدەردەر، بنێشتە ۞ 1 جونده 2 وابسته به جویدن 3 داروی مدر بزاق

mastic tree *noun*

داری مەستیک ۞ درخت ماستیک

mastiff /'mæstɪf/ *noun*

سەگی پاس یان ئاگالێبوون (موو کورت و زلە) ۞ مستیف

mastiff bat *noun*

1 جۆرێ شەمشەکوێرەی بێکلکی قورس و لموزپان، زۆرتر لە ئەمریکا و ئەوسترالاسیادا دەبینرێ [*Molossus*، *Eumops* و توخمەکانی تر، چەندین جۆرن] 2 - bulldog bat ۞ نوعی خفاش

Mastigophora *noun, pl.*

(زیندەناسی) شێلاقەوەران، شێلاقەداران، مەستیگافۆرا ۞ تاژکداران

mastigophoran *noun, adjective*

شێلاقەوەر، شێلاقەدار: جۆرێ سەرەتاژیاوی لقی Mastigophora، زۆرتر شێلاقدارە نەخۆشخەرە ئازادژیەکان دەگرێتەوە ۞ تاژکدار

mastitis /mæ'staɪtɪs/ *noun*

مەمکئاوسان، هەوکردن یا ئاوسانی مەمک، بەرە، ئاوەشی (هی مەڕ؛ بنەڕەت: لە *mastos* یۆنانییەوە "breast" + -itis) ۞ التهاب پستان

mastitic *adjective*

سەربە یان پێوەندی بە mastitis ـەوە هەیە ۞ وابسته به التهاب پستان

mastodon /'mastədɒn/ *noun*

ددانگوانە، مەستۆدۆن (جۆرێ گیانەوەری فیلئاسای قڕتێکەوتوو، هی سەردەمانی Miocene تا Pliestocene) ۞ ماستودون

mastoid /'mastɔɪd/ *adjective, noun*

adj سەربە پەڕی گوێ *n* پەڕی گوێ، گزگلاگە ۞ *adj* وابسته به زائدەی پستانی *n* زائدەی پستانی

mastoiditis /ˌmastɔɪ'dʌɪtɪs/ *noun*

(پزشکی) ئاوسانی پەڕی گوێ ۞ التهاب زائدەی پستانی

mastoid process *noun*

پەڕی گوێ، گزگلاگە ۞ زائدەی پستانی

masturbation /ˌmæstə'beɪʃn, US -stər'b-/ *noun*

دەسپەڕ، مشتە، کابلەمە، جلق، ئاوهێنانەوە ۞ استمنا، جلق

masturbatory /ˌmæstə'beɪtəri, US 'mæstərbətɔːri/ *adjective*

دەسپەڕی، مشتەیی، پێوەندی بە دەسپەڕەوە هەیە ۞ استمنایی

masurium *noun*

(کیمیا) ماسوریوم (بە ژ.گ. 43 ن. Ma) ۞ ماسوریم

mat[1] /mæt/ *noun*

1 حەسیر، فەڕش، مافوور، بەڕە، پلاس، مەرش، رایەخ، ژێرەخەر 2 رایەخی بەردرگا 3 ژێرلیوان، ژێرقاپ، ژێرگولدان 4 گلۆلە، خلۆک، گنا، تۆپ، تۆپەڵە 5 (وەرزش ب.ت. ژیمناستیک) رایەخی قایشی، دۆشەک: *a judo/an exercise mat* ۞ 1 حصیر، بوریا، فرش، زیرانداز 2 پادری 3 زیربشقابی، زیرگلدان 4 گلوله 5 (ورزش) تشک

mat[2] /mæt/ *adjective*

مات، تەڵخ، ناڕۆشن، تاریک، نەدرەوشاوە، بێبریقە ۞ مات

Matabele /ˌmatə'biːli/ *noun*

گەلی Ndebele بە گشتی، ب.ت. هی زیمبابوێ ۞ ماتابیلی

matador /'mætədɔː(r)/ *noun*

گاکوژ، ماتادۆر (بنەڕەت: سپانیایی، لە *māt* ی ئێرانی وەرگیراوە) ۞ گاوباز

Mata Hari /ˌmɑːtə 'hɑːri/ *noun*

ماتا هاری، سیخوڕی ژنی سەرنجڕاکێش (بنەڕەت: لە ناوی کچە سەماکێشی هولەندی کە وەک سیخوڕ لە حکومەتی ئەڵمانیادا بە درێژایی شەڕی جیهانی یەکەم کاری دەکرد) ۞ ماتا هاری

matai[1] /'matʌɪ/ *noun, pl.* matais

(مائۆری) درەختێکی سنەوبەری نیوزیلەند، دارێکی بەمەیی دەگرێ [*Prumnopitys taxifolia*] ۞ ماتای

matai[2] /mə'tʌɪ/ *noun, pl.* same

(لە خێزانی بەربلاو یان خێڵێکی Samoan دا) سەرۆک ۞ رئیس

matamata /ˌmatə'matə/ *noun*

جۆرێ کیسەڵی ناوی شیرینی ئەمریکای باشووری کە سەر و ملی پانە [*Chelus fimbriatus*] ۞ ماتاماتا

match[1] /mætʃ/ *noun*

1 پێشبڕکێ، بەریکانە، کێبڕکێ: *a box of matches* ◊ *If you suspect a gas leak do not strike a match or use electricity* 2 *to win/lose a match* ◊ *tennis match* 3 نەیار، هەڤڕک، بەرچەپ، بەرامبەر 3 ژنومێردایەتی: *He was determined that his daughter should make a good match* (= find a suitable husband) 4 هاوسەری دوارۆژ 5 وەکوویەک، هاوشێوە، لێکچوو، هاوتا، هاوشان: *This paint is a close enough colour match to the original* 6 تا، لف، جووت ۞ 1 مسابقه 2 حریف، رقیب 3 ازدواج 4

همسر آینده 5 همانند 6 نظیر، لنگه

match[2] /mætʃ/ *noun*

1 شەمچە، گورت، نفتەک، شقارتە 2 پلیتە ۞ 1 کبریت 2 فتیله

matchbox /ˈmætʃbɒks, US -bɑːks/ *noun*

1 قوتـوی شـەمچە، قاوغەشـەمچە 2 (وەکـوو ئاوەڵـناو) زۆر چکۆلـە، قوتـو، گردوکـۆ: *her matchbox apartment* ۞ 1 قـوطی کبریـت 2 بسیار کوچک

matched *adjective*

1 (پێکـەوە) سـازاو، یـەکـکـەوتوو، جـووت، پێکھاتوو، یەکگرتوو، پێکخواردوو 2 هاوهێز، هاوتین ۞ 1 سازگار 2 همقوه

matchet *noun*

سیکارد، کێرد (دەمبان)، چەپەجاغ ۞ ساطور

match-fit *adjective*

وەرزشپێکراو، گونجاو بۆ (کردنی) وەرزش ۞ مناسب برای ورزش

match-fitness *noun*

وەرزشپێکـراوی، گونجـاوبوون بـۆ وەرزش ۞ مناسب بودن برای ورزش

matching /ˈmætʃɪŋ/ *adjective*

وەکیـەک، هاوشـێوە، لێکچـوو، یـەکدەس، موولێنەدەر، جووت ۞ جور، شبیه

matchless /ˈmætʃləs/ *adjective*

بێهاوتا، بێتـا، بێوێنـە، بێئـاوەڵ: *matchless beauty/skill* ۞ بی‌نظیر

matchlock /ˈmætʃlɒk/ *noun*

1 (مێژوویی) چەک یا تفەنگی پلیتەیی 2 پلیتە ۞ 1 تفنگ فتیله‌ای 2 فتیله

matchmaker /ˈmætʃmeɪkə(r)/ *noun*

1 دەلال، چارەنووس، ڕێکخەری ژنومێردایەتی 2 شەمچەساز ۞ 1 دلاله 2 کبریت‌ساز

matchmaking /ˈmætʃmeɪkɪŋ/ *noun*

1 دەلالـی، ڕێکخـستنی ژنومێردایـەتی 2 شەمچەسازی ۞ 1 دلالی 2 کبریت‌سازی

match point *noun*

(ب.ت. لە تێنیسدا) دوایین خاڵ، خاڵی بردنەوە ۞ آخرین امتیاز

matchstick /ˈmætʃstɪk/ *noun*

لقە شـەمچە، چڵە شـەمچە، زلووک ۞ چـوب کبریت

matchwood /ˈmætʃwʊd/ *noun*

1 داری شەمچە دروسـتکردن، داری شـەمچە 2 وردکـەدار، پـرزەدار، چرپـی، splinters ۞ 1 چوب کبریت‌سازی 2 خرده‌چوب

mate[1] /meɪt/ *noun*

1 (لە لێپرسیندا) کاکە: *Sorry mate, you'll have to wait* ◊ *All right, mate?* 2 شـاگرد، بەردەست، کۆمەک، یاریدەدەر 3 جـووت، مۆت (نێر و مێ، گۆڵ و دێڵ) 4 تـا، لف 5 ئەفـەری کەشتی خوارتر لە کاپیتان، ئەفـەرێکی پایەنزمی هێزی دەریایی ئەمریکا 6 دۆست، هاوڕێ، ئاواڵ، ئاوەڵ، ڕفێق: *They've been best mates since school* 7 (ئافـەرمی) هاوسـەر 8 (لـە لێکـدانا) هاو، هەڤ- ۞ 1 (در خطاب) داداش 2 دستیار 3 جفت 4 لنگه 5 مَیت 6 دوست، رفیق 7 همسر 8 (در ترکیب) هم-

mate[2] /meɪt/ *noun*

1 (شەترەنج) مات، checkmate 2 تێشکانی یەکجارەکی، بەزین، شکـستی یەکجاری یان بە تەواوی ۞ 1 (شطرنج) مات 2 شکست کامل

maté /ˈmateɪ/ *noun,* also yerba maté

1 (also maté tea) چایی ماتێی، دەمکردەیەکی تاڵ کە لە گەڵای دەوەنێکی ئەمریکای باشووری دروست دەبێ 2 دەوەنێ لە تیرەی هالی holly کـە ئـەم گەڵایانـە دەردەکـا [*Ilex paraguariensis*] ۞ ماتی

matelassé /ˌmat(ə)ˈlaseɪ/ *noun*

پارچەیێکی نەخشبەرجەستە ۞ ماتلاسی

mateless *adjective*

1 بێهاوسەر 2 بێجـووت، بێتـا، بێلـف 3 بێدۆست، بێئاواڵ ۞ 1 بـدون همسر 2 بـدون جفت 3 بدون رفیق

matelot /ˈmatləʊ/ *noun*

(ئافەرمی، بریتانیا) مەلەوان، sailor ۞ ملاح، ملوان

matelote /ˈmat(ə)ləʊt/ *noun*

چێشتی ماسی لەنێو سۆسی مەی یان پیوازەوە ۞ ماتلوت

mater /ˈmeɪtə/ = mother

materfamilias /ˌmeɪtəfəˈmɪlɪas/ *noun, pl.* matresfamilias

ژنەکەیخودا، کەیبانوو، ژنەسەرۆکی خێزان یان بنەماڵەیێ ۞ بانوی خانه، رئیس زن خانواده

material /məˈtɪərɪəl, US -ˈtɪr-/ *adjective, noun*

adj 1 مـادی، مـەتریاڵ، دنیـایی، گـێتییانـە 2 لەشی، جەستەیی، فیزیکی 3 بنەڕەتی، سـەرەکی، بنگـەهی، بنچینـەیی، گرنـگ، پێـشەم *n* 1 مـادە، ماک، مەتریاڵ، بابەت، هێمان، شت، کەلوپەل، شمەک، ماڵ، جنس 2 کوتاڵ، پارچە 3 زانیاری 4 (materials یـان building materials: بـەرکـار، کـەرەسـەی قـوڕەکـاری یـان خـانوو سازکردن، وەک: خشت، زیخ و هتد؛ بنەڕەت: لـە late Latin *materialis* لـە *material* "matter") ۞ *adj* 1 مادی 2 جـسمانی 3 اساسی، عمده *n* 1 ماده، جنس 2 پارچه 3 اطلاعات

material atom *noun*

گەردیلەی مادی، ئەتۆمی مادی ۞ اتم مادی

material culture *noun*

فەرهەنگ یان چاندی مادی، کولتووری مادی ۞ فرهنگ مادی

materialism /mə'tıəriəlızəm, US -'tır-/ *noun*
ماتریالیزم، مادەباوەری ◌ مادەگرایی

materialist /mə'tıəriəlıst, US -'tır-/ *noun, adjective*
ماتریالیست، مادەباوەر، مرۆی باوەڕمەند بە فەلسەفەی مادەباوەری؛ کەسێکی باوەڕمەند بە مادیات ◌ مادەگرا، آدم ماتریالیست

materialistic /mə,tıəriə'lıstık, US -,tır-/ *adjective*
ماتریایستی، مادەباوەری‌یانە، مادەباوەڕانە ◌ مادەگرایانە

materialistically /mə,tıəriə'lıstıkli, US -,tır-/ *adverb*
مادەباوەڕانە، بە شێوەیەکی ماتریالیستی یان مادەباوەڕانە ◌ بە طور مادەگرایانە

materiality /mə,ti:ərı'ælıti/ *noun, pl.* materialities
مادی‌بوون، مادیتی؛ شتێ کە مادیەیە ◌ مادیت

materialization /mə,tıəriəlaı'zeıʃn, US -,tıriələ'z-/ *noun*
1 هاتنەبەرچاو، وێنابوون، دەرکەوتن (لەپەر)، دەرکەوتن بە شێوەی جەستەی مرۆڤ، بوونەمادی 2 هێنانەبەرچاو، وێناکردن 3 هاتنەدی، بەدیهاتن، ڕوودان ◌ 1 تجسد 2 مجسم‌سازی 3 تحقق

material logic *noun*
لۆژیکی مادی ◌ منطق مادی

materially /-iəli/ *adverb*
1 بە شێوەیەکی سەرکی 2 لەباری مادی(یەوە)، بە شێوەیەکی بابەتی ◌ 1 بە طور اساسی 2 از لحاظ مادی

material machinery *noun*
دەزگای مادی ◌ دستگاه مادی

material necessity *noun*
پێویست(بوون)ی مادی ◌ ضرورت مادی

material substance *noun*
کرۆک یان گەوهەری مادی ◌ جوهر مادی

material world *noun*
جیهانی مادی ◌ جهان مادی

materia medica /mə,tıərıə 'medıkə/ *noun*
1 کەرەسە یان مەتریالی پزشکی 2 لێکۆڵینەوەی بنەڕەت و تایبەتمەندی ئەو کەرەسانە ◌ 1 مواد طبی 2 ماتریا مدیکا

maternal /mə'tɜ:nl, US mə'tɜ:rnl/ *adjective*
دایکی، دایکانە: *She didn't have any -al instincts* ◌ مادری، مادرانە

maternally /-nəli/ *adverb*
دایکانە، وەک دایک: *She behaved -y towards her students* ◌ مادرانە

maternity /mə'tɜ:nəti, US -'tɜ:rn-/ *noun, pl.* maternities, *adjective*
1 *adj* دایکی، دایکیتی، motherhood 2 motherliness سکپڕی، دووگیانی 3 منداڵبوون، لێبوونەوە 1 *n* بۆ ماوەی سکپڕی داڕێژراوە: *2 a -ternity dress* سەربە سکپڕی یان منداڵبوون: *1 adj* ◌ *maternity leave* مادری 2 حاملگی 3 زایمان 1 *n* ماترنیتی 2 وابستە بە حاملگی یا زایمان

maternity hospital *noun*
نەخۆشخانەی منداڵبوون، جێگای منداڵبوون ◌ زایشگاه

maternity leave *noun*
مۆڵەتی منداڵبوون ◌ مرخصی زایمان

maternity pay *noun*
حەقی سەروبەندی منداڵبوون ◌ حقوق زمان زایمان

maternity ward *noun*
بەشی منداڵبوون ◌ بخش زایمان

mateship *noun*
(نافەرمی، ئەوستراڵیا) دۆستایەتی، ڕەفێقایەتی، هەواڵەتی ◌ رفاقت

matey /'meıti/ *adjective* (matier, matiest)
(نافەرمی) خۆمانە، دۆستانە، companionable ◌ دوستانە

math /mæθ/ = maths

mathematical /,mæθə'mætıkl/ *adjective*, also mathematic
1 ماتماتیکانە، بیرکاری‌یانە، سەربە بیرکاری یا ریازی: *2 to assess children's -tical ability* (بەڵگە یان شی‌کردنەوەیێ) ورد، دروست، یەکجار ورد، precise :/- mathematically *It's -ically impossible* :لەباری بیرکاری(یەوە) /kli/ *adv* بنەڕەت: لە *mathematicalis* لاتین، لە یۆنانی *mathēmatikos*، لە *mathēmat- mathēma* "زانست، زانایی، فێربوون، بیرکاری" mathematics، لە *manthanein* "فێربوون" ◌ 1 ریاضی 2 دقیق

mathematical deduction *noun*
ئەنجام‌گیری بیرکاری(یانە) ◌ استنتاج ریاضی

mathematical logic = symbolic logic

mathematical method *noun*
شێواز یا ڕێچکەی بیرکاری(یانە)، شێوازی ماتماتیکانە ◌ روش ریاضی

mathematician /,mæθəmə'tıʃn/ *noun*
ماتماتیک‌زان، بیرکار، بیرکاری‌زان، ریازی‌زان ◌ ریاضی‌دان

mathematics /,mæθə'mætıks/ *noun, pl.*
(زانستی) ماتماتیک، بیرکاری، ریازی، ریازیات ◌ ریاضیات

maths /mæθs/ *noun, pl.* short for mathematics
(ئافەرمی، زانستی) بیرکاری ◌ ریاضیات
matin / mætɪn/ *adjective, noun*
adj بەرەبەیانی، بەیانییانە *n* خوێندنی بەیانییانەی بالندە (بنەڕەت: لە *Matuta* ناوی خواژنێکی بەیانی) ◌ *adj* بامدادی *n* و... بامدادی پرندگان
matinal / matɪn(ə)l/ *adjective*
(دەگمەن) بەرەبەیانی، بەیانییانە، شەوەکییە ◌ صبحگاهی
matinee mætɪneɪ, US ˌmætn'eɪ/ *noun,* [illegible]
(سینەما یان تیاتر) بەرنامەی نیوەڕۆ ◌ سانس بعد از ظهر
matinee coat *noun*
(بریتانیا) کەوا یان کوتی کورتی منداڵ ◌ کت کوتاه بچگانه
matinee idol *noun*
(ئافەرمی، ئەکتەری پیاو) خۆشەویستی ژنان ◌ محبوب زنان
matinee jacket *noun*
ژاکێتی چکۆلانەی منداڵان ◌ ژاکت بچه
mating /'meɪtɪŋ/ *noun*
جووتگرتن، جووتبوون، (پەلەوەر) پێدافسان، پیافسان ◌ جفتگیری
mating season *noun*
جووتبەندان، جووتگیران، وەرزی جووتگرتن ◌ فصل جفتگیری
matins /'mætɪnz, US 'mætnz/ *noun*
1 (لە دینی کریستیانیەتدا و ب.ت. لە کلیسەی ئەنگلیکاندا) نوێژی بەیانی، خواپەرستی بەیانیان 2 ڕێوڕەسمی بەیانییانە ◌ 1 نماز صبح 2 مراسم صبحگاهی
matr(i,o)- *prefix*
پێشگر: دایک mother: *matriarch* (بنەڕەت: لە *matri-* *matr-* *matronymic* لاتین، لە *mater* *matr-*) ◌ پیشوند: مادر
matriarch /'meɪtriɑːk, US -ɑːrk/ *noun*
ژنسالار، دایکسالار ◌ مادرسالار
matriarchal /ˌmeɪtri'ɑːkl, US -'ɑːrkl/ *adjective*
1 سەربە ژنسالاری یان دایکسالاری: *The animals live in -rchal groups* 2 ژنسالارانە ◌ 1 وابسته به مادرسالاری 2 زنسالارانه
matriarchy /'meɪtriɑːki, US -ɑːrki/ *noun, pl.* matriarchies
1 ژنسالاری 2 دایکسالاری ◌ 1 زنسالاری 2 مادرسالاری
matric /mə'trɪk/ *noun*
(لە ئەفریکای باشووری) 1 دوایین سالی خوێندنگە: *We studied that book in matric* 2 کار یان تاقیکارییەکانی دوایین سالی خوێندنگە: *He passed matric with four distinctions* ◌ ماتریک
matrices /'meɪtrɪsiːz/ = plural form of matrix
matricidal /ˌmætrɪ'saɪdl/ *adjective*
1 سەربە دایککوژی 2 دایککوژ ◌ 1 وابسته به مادرکشی 2 مادرکش
matricide /'mætrɪsaɪd/ *noun*
1 دایککوژی 2 دایککوژ ◌ 1 مادرکشی 2 مادرکش
matricula *noun, pl.* matriculae
لیستی ئەندامان ◌ دفتر ثبت
matricular *adjective*
1 سەربە matricula 2 سەربە منالدان ◌ 1 وابسته به دفتر ثبت 2 زهدانی
matriculant /mə'trɪˌkju'lənt/ *noun*
خوێندکاری وەرگیراو یان ناونووسکراو ◌ دانشجوی پذیرفته‌شده
matriculation /məˌtrɪkju'leɪʃn/ *noun*
ناونووسی، وەرگیران (بۆ زانکۆ) ◌ پذیرش
matrifocal *adjective*
(کۆمەڵگایی) دایکسالار، دایکمیر، سەرۆکی بنەماڵە ◌ مادرسالار
matrilineal *adjective*
لە دایکەوە، دایکی (خزمایەتی؛ matrilineally *adv*) ◌ از جانب مادر
matrilocal *adjective*
سەربە matrilocal ◌ ماتریلوکال
matrilocality *noun*
دایک(ە)شوێنی، زاواسەرماڵی، نەریتێکی ژنومێردایەتی کە لەودا مێرد دەچێتە نێو کۆمەڵگای ژنەکەی و لەوێ دەمێنێتەوە ◌ ماتریلوکال
matrimonial /ˌmætrɪ'lɪniəl/ *adjective*
سەربە matrimony (matrimonially: *adv*) لەباری یان بەپێی دابودەستووری ژنومێردایەتی) ◌ وابسته به زناشویی، نکاحی
matrimony /'mætrɪməni, US -mooni/ *noun, pl.* matrimonies
ژنومێردایەتی، زەماوەند، ژنومێردی، هاوسەرگیری ◌ زناشویی، ازدواج
matrix /'meɪtrɪks/ *noun, pl.* matrices /-siːz/ or matrixes
1 چوارچێوە، دارێژگە، قالب 2 تۆڕ 3 سەرچاوە، چاوگانی، ئاخێزگە، ژێدەر، بنەما، ماک، جێگای پەیدابوون 4 منالدان 5 (بیرکاری و کامپیوتێر) ماتریکس، خشتەی ژمارە 6 (زیندەناسی) ماکی نێوانخانەیی 7 (زمانەوانی) خشتەی تایبەتمەندی) 8 دایک: ماک یان مەتریالێکی

سروشتی (دەنـکورد، وەک گـل یـان
(تەختە)بەردێ) کە شتێکی (وەک فوسیل یان
کریستالێ) تیا گیربووە (یان چەقیوە) ۞ 1 قالب
2 شبکە 3 منشأ 4 زهدان 5 (ریاضی و کامپیوتر)
ماتریس 6 مادەی میانیاختەای 7 جدول 8 ماتریکس

matrix printer *noun*
چاپگـەری دەرزی، چاپگـەری ماتریـسی ۞
چاپ‌گر ماتریسی

matron /'meɪtrən/ *noun*
1 ژنی کەیبانوو، کابان 2 (خوێندنگا) بەڕێوەبەر
3 (جـاران) بەرپرسـی نەخۆشـیاران(ی
نـەخۆش‌خانـەیێ) 4 ئێـستا senior nursing
officer) سـەرنەخۆشیار، سەرنەخۆشەوان 5 ژنی
(گـەڕاوە) مەنـد، ژنی قـورس 6 (زۆرتـر لـە
ئەمریکا) ژنەئەفسەری زیندان ۞ 1 زن کدبانو 2
(مدرسە) خـانم نـاظم 3 و 4 مـدیرە 5 زن مـوقر 6
(امریکا، زن) افسر زندان

matronage /'meɪtrənɪdʒ/ *noun*
کەیبانوویی، کابانی، کابانێتی ۞ کدبانویی

matronhood /'meɪtrənhʊd/ *noun*
کەیبانوویی، کابانی، کابانێتی ۞ کدبانویی

matronly /'meɪtrənli/ *adjective*
1 (ژن) قورس، سەنگین، مەند، ماقووڵ 2 کەمێ
قەڵەو، گۆشتن ۞ 1 موقر 2 نسبتاً چاق

matron of honour *noun*
بەربەوک ۞ ساقدوش عروس

matronymic /ˌmatrə'nɪmɪk/ *adjective*, also metronymic
1 دایکـی 2 لـە نـاوی دایـکهەڵـگیراو، لـە
ڕەچەڵـەک یـان بـەرەی دایکی 3 نـاوی‌دایکی،
دایـکناوی، وەرگـیراو لـە نـاوی دایـک (بڕوانـە
patronomic) ۞ 1 مادری 2 از نـسب یـا نـسل
مادری 3 مادرنامی

matsuri /mat'su:ri/ *noun*
فێستیـڤاڵێکی فـەرمی، ناوەنـاوە لـە نزرگـەکانی
شینتۆ Shinto لە ژاپۆن بەڕێوەدەچێ (بنـەڕەت:
لە ژاپۆنی‌یەوە) ۞ ماتسوری

matt /mæt/ = mat

mattar /'mʌtə:/ = (Indian) pea

matte[1] /mæt/ = mat

matte[2] /mat/ *noun*
بەرهـەمێکی نایـەتی یـان تێکـەڵدارە، ب.ت. لـە
مس و نیکل ۞ مات

matted /'mætɪd/ *adjective*
شێواو، دانـەهاتوو، ئاڵۆسـکاو، تێـکئاڵاو: *the*
dog's matted fur ۞ ژولیدە، بەهم‌تنیدە

matter /'mætə(r)/ *noun*
1 مادە، مایە، مـاک، مەتریاڵ، کرۆک، گەوهـەر:
◊ *to study the properties of matter*
elimination of waste matter from the body 2 بابـەت، بـارە، مژار، نیـار: *They had*
important matters to discuss 3 ناومایـە،
نێوەڕۆک، نێواخن 4 کردە، کـار، مەسـەلە، شـت،
بـارە، پرس، پرسـگرێک، کێشـە، دۆز: *What's*
the -tter? Is there something wrong? 5
مایە 6 گرنگایـەتی، بایـەخ 7 شـت، کـاڵا، بابـەت،
تشت 8 (برین) چڵـک، کێم، هەو، زووخ، زنچکاو
(بنـەڕەت: لـە *material* لاتینـەوە "timber,
substance"، ئەویش لە *mater* "mother") ۞
1 مادە، هیولی، مایە، جـوهر 2 موضـوع، مطلـب 3
محتوا 4 امر، مـسألە، خصوص 5 موجب 6 اهمیـت
7 کالا 8 (زخم) چرک

matter-of-course *adjective*
ئاسـایی، سروشـتی، شـتی چـاوەڕوان‌کـراو ۞
عادی، چیز مترقبە

matter of fact *noun*
ڕاستی شتەکە ۞ حقیقت امر

matter-of-fact /'mætə əv 'fækt/ *adjective*
ساردوسـڕ، وشـک، کەمتەرخـەم، بـێدەربەسـت،
بێهەست، بـێسـۆز: *She told us the news of*
his death in a very matter-of-fact way ◊
He was very matter-of-fact about the
breakdown of his marriage (matter-of-
factly *adv*: ساردوسـڕانە) ۞ سـرد، بـی‌اعتنـا،
بی‌احساس

matter-of-factness *noun*
ساردوسڕی، بێهەستی، بێسۆزی ۞ سـردی،
بی‌احساسی

Matthean *adjective*, also Mathaean
سەربە ئینجیلی ماتیۆ یان مەتا ۞ وابستە بە انجیل
متی

Matthew *noun*, from Hebrew *Mattithyāh*
1 مـاتیۆ، ماتیهیـا، مـەتـا: نووسـەری Gospelی
یەکـەم لـە پـەیمانی نوێدا New Testament 2
Gospelی یەکەمی پەیمانی نوێ، ئینجیلی ماتیۆ
۞ 1 متی 2 انجیل متی

matting /'mætɪŋ/ *noun*
1 حەسـیر، بـەڕە، پـلاس 2 حەسـیرچنی،
تەلیس‌چنی، خێش‌چنی: *coconut matting* ۞
1 حصیر، فرش 2 حصیربافی، گونی‌بافی

mattins = matins

mattock /'mætək/ *noun*
قولینگ، پاچ(ی دووسەر) ۞ کلنگ

mattress /'mætrəs/ *noun*
دۆشـەک، نالیـک: *a soft/hard mattress*
(دۆشەکۆلە، دۆشەکچە، نالیچە small mattres؛
بنەڕەت: لە *maṭraḥ* عەرەبی "carpet or pad;
cushion") ۞ تشک

maturation /ˌmætʃu'reɪʃn/ *noun*
1 پێگەیـشتن، گەیـشتن، گـەیین، ڕەسـیدەبوون،
باڵق‌بوون، کامڵ‌بوون، فراژی‌بوون، گەورەبوون 2
(دمەڵ و...) گـەیین، ئـاودز(کـردن) 3 ڕەوتێکـی

گشتی کە خانە گامێتسازە دیپلۆئیدەکان دەگۆڕدرێن بۆ گامێتە هاپلۆئیدەکان کە هەم میوز meiosis و هەم گۆڕانە پێکهاتەیی و کارئەندامناسییەکان physiological and structural changes دەگرێتەوە؛ spermiogenesis ◌ 1 بلوغ، رسیدگی 2 رسیدن 3 ماتوراسیون

maturational /ˌmætʃuˈreɪʃnl/ *adjective*
سەربە maturation ◌ وابستە بە maturation

maturative /mæˈtʃureɪtɪv/ *adjective*
گەیێنەر ◌ رساننده

mature /məˈtʃʊə(r), -ˈtjʊ(r), US -ˈtʃʊr, -ˈtʊr/ *adjective* (maturer, maturest)
1 پێگەیشتوو، پێگەییو، گەییو، خۆناسیو، کامڵ، رەسیدە، گەورە، فراژی، خۆشە، ژیر، ژیرانە، ئاقڵ، چێکەوتوو، گەیشتوو، پوختە: *mature wine* ◊ *a mature judgment* ◊ *a mature and sensible attitude* 2 هەڵداو، هەراش، گەشەکردوو، پەرەسەندوو، لێکەوەدراو، هەڵسەنگێنراو: *a mature oak/eagle/elephant* 3 (قەرز) وادەی دانەوەی هاتوو، سەرروادە ◌ 1 بالغ، عاقل، رسیده 2 رشدکرده، سنجیده 3 به سررسید رسیده

maturely /məˈtʃʊəli, -ˈtjʊli, US -ˈtʃʊrli, -ˈtʊrli/ *adverb*
پێگەیشتووانە، بە شێوەیەکی کامڵ ◌ به طور بالغ

matureness *noun*
پێگەیشتوویی، کامڵی، پوختی، هەراشی ◌ بلوغ، رسیدگی

mature student *noun*
خوێندکاری گەورەتر یان باوخۆش‌تر (لە کۆلێژ یان زانکۆ) ◌ دانشجوی مسن‌تر

maturity /məˈtʃʊərəti, -ˈtjʊə-, US -ˈtʃʊr-, -ˈtʊr-/ *noun*
1 پێگەیشتن، پێگەیشتوویی، گەییوی، رەسیدەیی، کامڵی، کامڵبوون، گەورەبوون، خۆناسین، فراژیبوون، پوختەبوون، هەراشی: *Her poems show great maturity* ◊ *The forest will take 100 years to reach maturity* 2 (بۆند و هەند) وادە یان وەختی دانەوە ◌ 1 بلوغ، کمال 2 سررسید

matutinal /ˌmatjʊˈtʌɪn(ə)l, US məˈtjuːtɪn(ə)l/ *adjective*
بەیانییانە، شەوەکییانە، early (matutinally *adv*) ◌ صبحی

maty = matey

matzo /ˈmætsəʊ, US ˈmɑːtsoʊ/ *noun, also* matzoh or matzah, *pl.* matzos, matzohs, or matzoth /-əʊt/
ماتزۆ، ماتسۆ (کوتی نانی (یان بەنچک) پانی ناسک کە خەڵکی جوولەکە بەدرێژایی جەژنە فتیرە passove دەیخۆن)، ئاردی ماتسۆ بۆ لێ‌کردنی نان و کەیک ب.ت. بەدرێژایی جەژنە فتیرە لە لایەن خەڵکی جوولەکەوە دەخورێ، نانی شکەفا؛ بنەڕەت: لە *maṣṣāh* عیبرییەوە) ◌ مصا، نان فطیر، ماتسو

mauby /ˈməʊbi/ *noun*
خواردنەوەیێکی سووریێستەکان، لە توێکڵی دارەکانی تیرەی buckthorn دەگیرێ (بنەڕەت: لە *mabi* کاریبی، ئاماژە بە خواردنەوەیێ کە لە پەتاتەی شیرین دروست دەکرێ) ◌ ماوبی

maudlin /ˈmɔːdlɪn/ *adjective*
بەسۆز، sentimental (ب.ت. لە کاتی مەستیدا) ◌ احساساتی

maul = beetle[2]

maulana /maʊˈlɑːnə/ *noun*
مەولانا (بنەڕەت: لە *mawlānā* عەرەبی "مامۆستاکەمان") ◌ مولانا

maulstick /ˈmɔːlstɪk/ *noun*, also US mahlstick
پاڵپشتی دەست، داری ژێردەس (هی وێنەکێش) ◌ چوب زیردست

Maundy Thursday /ˌmɔːndi ˈθɜːzdeɪ, -di, US ˈθɜːrz-/ *noun*
پێنجشەممەی پێش جەژنە فتیرە ◌ پنج‌شنبەی پیش از عید پاک

Mauritian /məˈrɪʃ(ə)n/ *adjective, noun*
adj سەربە مووریس، مووریسی *n* خەڵکی مووریس، مووریسی (دوورگەی Mauritius، ئۆقیانووسی هیند) ◌ *adj* وابسته به موریس *n* اهل موریس

mausoleum /ˌmɔːsəˈliːəm/ *noun, pl.* mausolea /-ˈlɪə/ or mausoleums
گڵکۆ، گۆڕ، مەرقەد، قسن، گڵکۆی بەشکۆ ◌ مرقد، مقبرەی عالی

mauve /məʊv, US moʊv/ *adjective, noun*
1 (رەنگ) ئەرخەوانیی رۆشن یان کاڵ، خامەکی، مۆر 2 (مێژوویی) رەنگی دەسکردی ئەرخەوانی کاڵ ◌ 1 (رنگ) ارغوانی روشن 2 موو

maveine /ˈməʊviːn/ = mauve2

maven /ˈmeɪv(ə)n/ *noun*, also mavin
(نافەرمی، ئەمریکا) شارەزا، لێزان، پسپۆڕ، سەرەندەرکردوو، سەردەرچوو، expert ◌ صاحب‌نظر، متخصص، وارد

maverick /ˈmævərɪk/ *noun, adjective*
n مرۆڤی تاکڕەو، مرۆی سەربەخۆ، یاغی، تاکڕەوانە، سەربەخۆیانە، یاغییانە: *a political maverick* *adj* (لە ئەمریکا) گوێلکی داغنەکراو ◌ *n* آدم مستقل، خودمدارانه *adj* (در آمریکا) گوساله‌ی داغ‌نخورده

mavis /ˈmeɪvɪs/ *noun*
(وێژەیی) رەشێشەی دەنگخۆش thrush ◌

طرقه

maw /mɔː/ *noun*
1 گەروو، قورگ، قوڕووو 2 ورگ، هێرک، عور، گەدە 3 (خوازە) گەروو 4 چیکەڵدان، تاقەت ۞ 1 حلقوم 2 شکم 3 (مجازی) کام 4 حوصله

mwkish /ˈmɔːkɪʃ/ *adjective*
سۆزاوی، بەسۆز، هەستبزوێن: *a mawkish poem* (بە :mawkishly /ˈmɔːkɪʃli/ *adv*) شێوەیەکی بەسۆز، بەسۆزانە؛ mawkishness /ˈmɔːkɪʃnəs/ *n*: بەسۆزبوون، سۆزاویبوون) ۞ سوزناک، احساساتی

maw-worm /ˈmɔː wɜːm/ *noun*
کرمی زگ ۞ کرم شکم

max = maximum

maxi /ˈmæksi/ *noun* (*pl.* maxis), *adjective*
1 جل(وبەرگ)ی درێژ، درێژ، قەسری 2 گەمی پێشبڕکێی نزیک بە 15 تا 20 میتر درێژایی (کورتەی maximum) ۞ ماکسی

maxilla /mækˈsɪlə/ *noun, pl.* maxillae /-liː/
1 (توێکاری و گیانەوەرناسی) شەویلکە، ئێسکی شەویلکە 2 شەویلکەی سەرەوە یان سەروو (بنەڕەت: لاتین "jaw") ۞ 1 فک، استخوان فک 2 فک فوقانی

maxillary /mækˈsɪləri/ *adjective, noun*
adj سەربە شەویلکەی سەرەوە، شەویلکەیی *n* ئێسکی شەویلکەی سەرەوە ۞ *adj* وابسته به فک فوقانی، آروارەای *n* استخوان فک فوقانی

maxillary bone *noun*
ئێسکی شەویلکە ۞ استخوان آرواره

maxim /ˈmæksɪm/ *noun*
پەند، دروشم ۞ ضرب‌المثل، شعار

maxima = plural form of maximum

maximal /ˈmæksɪml/ *adjective*
زۆرترین، پڕترین، هەرەزۆر، باڵاترین، :highest *It takes several weeks for the treatment to have -ximal effect* ۞ بیش‌ترین، حداکثر

maximization /ˌmæksɪmaɪˈzeɪʃn, US -məˈz-/ *noun*
هەرە زۆرکردن، گەیاندنە ئەوپەڕ، زۆرزۆرکردن، گەیاندنە لووتکە، تا ئاخر گەیاندن ۞ بیشینەسازی

maximum /ˈmæksɪməm/ *noun, adjective,* maxima /-mə/ or -ximums
زۆرترین ڕادە، زۆرترین، هەرەزۆر، ئەوپەڕ، دوایین ڕادە، زۆریزۆر: *a maximum of 30 children in a class* ۞ منتهادرجه، حداکثر

maxixe /makˈsiːks, US məˈʃiːʃə/ *noun*
جۆرێ سەمای مەکسیکی بۆ جووتێ (ژن‌ومێرد)، شێوەی polka و tango ی خۆجێیی دەدا ۞ ماکسیکس

maxwell *noun*
(فیزیک) ماکسوێل: یەکەی ڕەوەندەیی مەگناتیکی magnetic flux لە دەزگا یان سیستمی cgs دا (کورتەکەی Mx؛ بنەڕەت: لە ناوی فیزیکزانی سکاتلەندی J. C. *Maxwell* (1831-79) ۞ ماکسول

May /meɪ/ *noun*
مایس، بانەمەڕ، گوڵان (~ پێنجەمین مانگی ساڵ، نێوان April و June بنەڕەت: ئینگلیسی کۆن، لە *mai* فەرەنسی کۆن، لە *Maius (mensis)* لاتین، (مانگی) خواژن *Maia*) ۞ مه

may /meɪ/ *noun*
hawthorn و گوڵەکەی ۞ ولیک

Maya /ˈmʌɪ(j)ə, ˈmeɪ(j)ə/ *noun, pl.* same or Mayas
1 مایا، مایایی (ئەندامی گەلی سووورپێستانی ئوکاتان Yucatán و بەشەکانی تری ئەمریکای ناوەندی 2 زمانی مایایی ۞ مایا

maya /ˈmɑːjə/ *noun*
(هیندوئیزم) هێزێکی سەرووسروشتی کە لە لایەن خوا و دیوەکانە دەگێردرێ (بنەڕەت: لە سانسکریتی، لە *mā* (ئافراندن) *māyā* ۞ مایا

Mayan /ˈmʌɪ(j)ən, ˈmeɪ(j)ən/ *adjective, noun*
adj 1 سەربە خێزانی زمانی مایایی 2 سەربە گەلی مایا *n* خێزانێکی گەورەی زمانە سووورپێستەکانی ئەمریکایی کە لە ناوەندی ئەمریکا قسەی پێدەکرێ ۞ مایایی

Mayanist *noun*
شارەزا یان پسپۆر لە شارستانیەت و زمانەکانی مایاییدا ۞ مایانیست

mayapple *noun*
(ڕووەکناسی) جۆرێ گیای پڕگەڵای ئەمریکایی لە تیرەی barberry [*Podophyllum peltatum*]؛ بەرەکەی ۞ مای‌اپل

maybe /ˈmeɪbi/ *adverb, noun*
adv لەوانەیە، ڕەنگە ڕێی تێدەچی، پێدەچێ، لەوەدەچێ، وێدەچێ، ئەشێ، ئەگونجێ، :possibly ,perhaps *Maybe he'll come, maybe he won't* *n* شیان یان ڕێتێچوونی تەواو ۞ *adv* ممکن است *n* احتمال محض

May beetle = chockchafer

May bug = chockchafer

May Day *noun*
یەکەم ڕۆژی مانگی مایس، ڕۆژی کرێکار ۞ روز کارگر

mayday /ˈmeɪdeɪ/ *noun*
مەی دەی، مێی‌دێی (پەیامی ڕادیۆیی کەشتی و فڕۆکەکان بۆ داوای یارمەتی‌کردن لە دۆخی تەنگەتاویدا) ۞ می‌دی

mayday signal = mayday

mayest /ˈmeɪɪst/ = archaic second person singular present of may

1 مێلۆدی، ئاواز 2 هەوا، بەستە، بەند، ئاهەنگ، گۆرانی، ستران (لەگەڵ ئاوازێکی روون و سادە) ۞ 1 ملودی 2 آهنگ، ترانە

melon /'melən/ *noun*

1 کاڵەک، قەرپوز، گندۆرە 2 بڕکەی کاڵەک 3 [*Cucumis melo subsp. melo*] (گیانەوەرناسی) تۆپەڵەیێکی مێوینی سەری هێندێ نەهەنگی ددان‌دار کە باوەڕ وایە پێوەندی بە ئامازە دەنگی‌یەکانەوە هەبێ 4 نەو خێر و قازانجە زیادی‌یانەی کە دەبێ لە نێوان خاوەن‌بەشەکان دابەش بکرێ ۞ 1 خربزە 2 بوتەی خربزە 3 و 4 ملون

melon-bed /'melən bed/ *noun*

کاڵەکەجاڕ، کاڵەکەدێم، بێستان، کیار ۞ خربزەزار

melphalan *noun*
میلفـــــالان: دەرمــــــانێکی antineoplastic
(C$_{13}$H$_{18}$Cl$_2$N$_2$O$_2$) ◌ ملفالان
Melpomene *noun*, Latin, from Greek *Melpomenē*
میلپۆمێن (← Muse ی کارەسات، لە میتۆلۆژی یۆنانیدا) ◌ ملپومن
melt /mɛlt *noun*
1 تواندنەوە، شلکردنەوە 2 کانزای تواوە 3 بڕ و ئەندازەی تواوە لە جاریکدا ◌ 1 گدازش 2 فلز گداخته 3 مقدار گداخته در یک مرحله
meltability /ˌmɛltəˈbɪlətɪ/ *noun*
لەتوانـــــــەوەهاتوویی، شـــــــلەوەبوویی ◌ گدازش‌پذیری، قابلیت ذوب
meltable /ˈmɛltəbl/ *adjective*
لەتوانەوەهاتوو، شلەوەبوو، تواوە، دەتوێتەوە ◌ گدازش‌پذیر، قابل ذوب
meltdown /ˈmɛltdaʊn/ *noun*
1 (ریاکتۆری ناوکی) توانەوەی ناوکی ناوەندی (کە رادیۆئەکتیڤیتی ئازاد دەبێ) 2 (خوازە) داکەوتن، دابەزین، لێکهەڵوەشان: *The country is in economic -own* ◌ 1 گداخت هسته‌ی مرکزی 2 (مجازی) سقوط، فروپاشی
melted *adjective*
شلەوەبوو، تواو، چووەوە ◌ آب‌شده
meltemi /mɛlˈtɛmi/ *noun*
بـــایێکی وشـــکی رووەو بـــاکووری رۆژاوا، بەدرێژایی هاوین، لە رۆژهەڵاتی مەدیتەرانە ◌ نوعی باد
melting /ˈmɛltɪŋ/ *adjective*
خـــۆش، نـــەرم، نیـــان، بەســـۆز، بـــەرەحم، پڕخۆشەویـــــستی، delicate ,tender: *his a love song's melting lyric* ◊ *melting eyes* ◌ خوشایند، نرم
meltingly *adverb*
بە شێوەیەکی نەرم و خۆش ◌ به طور خوشایند
melting-point *noun*
خاڵی شلەوەبوون یان شلبوونەوە، خاڵی توانەوە ◌ نقطه‌ی ذوب
melting-pot *noun*
1 (تواندنـەوەی کانزا) بۆتە، رێـژە، مەنجەڵی توانەوە، دریجە 2 تێکەڵە، هەرەمە ◌ 1 بوته 2 مخلوط، معجون
melton *noun*
جۆرێ پارچەی پەشمی قورس ◌ ملتون
meltwater *noun*, also meltwaters
تو(و)اوکاو، بەفراو، ئاوی بەفر و سەهۆڵ، ب.ت. glacier ◌ ملت‌واتر
mem[1] *noun*
میم، میم: سێزدەیەمین پیتی ئاوبێی عیبری (واتا: ئاو، "m") ◌ مم، میم

mem[2] = 1 member 2 memoir 3 memorial
member /ˈmɛmbə(r)/ *noun*
1 ئەندام، ئەندامی لەش، ئازا: *a member of characteristics* ◊ *staff/society/the family* ◊ *common to all members of the species a meeting of* ◊ *party/union members* 2 ئەندامی نێرینە *member countries/states* پیـاو، دەزگـا، چـووک (لـەبـەر ئـەوە نـەوتـری "penis") 3 (لە بریتانیا) نوێنەر یان ئەندامی پەرلەمان، ئەندامی ئەنجومەنی ژێرین 4 بەش، پشک، کەرت، لق، لک 5 فەرمانبەر، کارکەر ◌ 1 عضو، همونـد، عضو بدن 2 آلـت تناسـلی مـرد 3 (بریتانیا) عضو پرلمان 4 بخش، جزء، شاخه 5 کارمند
Member of Congress *noun*
(لە ئەمریکا) ئەندامی کۆنگریس، نوێنەری کۆنگریس ◌ نماینده‌ی کنگره
Member of Parliament *noun*
ئەندامی ئەنجومەنی ژێرین، نوێنەری پەرلەمان ◌ نماینده‌ی پرلمان
membership /ˈmɛmbəʃɪp, US -bərʃ-/ *noun*
ئەندامێتی، ئەندامان ◌ عضویت، اعضا
membranaceous /ˈmɛmbrənəs/ *adjective*
پەردەیی ◌ غشایی
membrane /ˈmɛmbreɪn/ *noun*
1 (توێکاری و گیانەوەرناسی) پەردە، کاژێ، پێست، لوخ، ئەتەم 2 تێکە یان پارچەیێ لە کەوڵ و پێست کە بۆ تۆمار بەکاردێنرێ 3 هەر مەتریالێکی نەرم pliable و ناسک کە وەک پالێوک، جیاگەر separator یان زرینگێنە resonator بەکاردێنرێ 4 (زیندە(وەر)ناسی) دووتوێی لیپید و پرۆتێینەکان کە رادە و سنووری خانە cell و ئەندامژەکان organelle پێکدێنێ؛ پەردەی دەرەکی خانەکان membraned *adj*؛ membraneless *adj* بنەڕەت: لە *membrane* لاتین، لە *membrum* ("limb") ◌ 1 شامه، غشاء 2، 3 و 4 ممبران
membrane bone *noun*
ئێسکی پەردەیی ◌ استخوان غشایی
membrane filter *noun*
پالێوکەپەردە، پالێوکی پەردەیی ◌ صافی غشایی
membranous /ˈmɛmbrənəs/ *adjective*
پەردەیی، پەردەئاسا، شێوەپەردە: *membranous membranous croup* ◊ *leaves* (membranously *adv*) ◌ غشایی، غشاءمانند
membranous labyrinth = labyrinth
membrum virile /ˌmɛmbrəm vɪˈrʌɪli, vɪˈriːli/ *noun*
(کۆن) حەیتار، حەیتە، دەزگا، خەرەزەنگ؟، ئەندامی نێرینە (لە لاتینەوە ئەندامی نێرینە male member) ◌ آلت مردی

meme /mi:m/ *noun*
(زینده(وه ر)ناسی) لاسایه: توخمێکی element چاندی cultural یان ڕەفتاری behavioural که به ڕێگای لاسایی‌یه‌وه imitation یان به‌هۆی نابۆماوه‌یی‌یه‌وه له که‌سێکه‌وه بۆ یه‌کێکی تر را راده‌گوێزرێ؛ بیر، هه‌لس‌وکه‌وت، شێواز یان شتی وا که له که‌سێکه‌وه بۆ که‌سێکی تر له‌نێو فه‌رهه‌نگێکدا راده‌گوێزرێ (یان ده‌ته‌نرێته‌وه)، memetic *adj*؛ بنه‌ڕەت: له *mimēma* یۆنانی "شتێ که لاسایی کراوه‌ته‌وه") ◊ میم

memento /mə'mentəʊ, US -toʊ/ *noun, pl.* mementos or mementoes
یادگاری، یادگار، نیشانه، souvenir ◊ یادگاری

memento mori /mɪ,mentəʊ 'mɔ:ri, US -raɪ/ *noun, pl.* same
شتێ که مرۆڤ وه‌بیری مردن ده‌خاته‌وه ◊ میمنتو موری

Memnon *noun*, Greek *Memnōn*
مێمنۆن: پادشایێکی ئه‌تیۆپیایی که له دوایین قۆناخی شه‌ڕی ترۆجاندا به ده‌ستی ئه‌کیلیز Achilles ده‌کوژرێ ◊ ممنون

memo /'meməʊ, US -moʊ/ *noun*, also memorandum, *pl.* memos
(نافه‌رمی) یادنامه، تێبینی ◊ یادداشت

memoir /'memwɑ:(r)/ *noun*
1 ژیان‌نامه، بیرنامه، بیره‌وه‌ری، memorandum 2 biography بابه‌تی زانستی = report 3 ◊ 1 زندگی‌نامه، خاطره 2 مقاله‌ی علمی

memoirs *noun, pl.*
1 ژیان‌نامه‌ی خۆ، autobiography 2 بیره‌وه‌ری(یه‌کان) 3 ڕووداوه‌کان، بوویه‌ره‌کان؛ یادداشته‌کان، بیرنامه‌کان ◊ 1 زندگی‌نامه‌ی شخصی 2 خاطرات 3 وقایع؛ یادداشت‌ها

memorabilia /,memərə'bɪliə/ *noun, pl.*
یادگاری‌یه‌کان ◊ یادگاری‌ها

memorability /memorə'bɪləti/ *noun*
له‌بیره‌وه‌نه‌چوویی، خۆشی، به ئاسانی بیرخراوی ◊ فراموش‌ناپذیری

memorable /'memərəbl *adjective*
له‌بیره‌وه‌نه‌چوویی، فه‌رامۆش‌نه‌کراو، زووه‌بیرکه‌وتوو، خۆش، به ئاسانی بیرخراو، نائاسایی، به‌رچاو، دیار، تایبه‌تی، notable: *a memorable occasion* ◊ فراموش‌ناپذیر، خاص

memorably /-əbli/ *adverb*
له‌بیره‌وه‌نه‌چووانه، فه‌رامۆش‌نه‌کراوانه، له‌بیر ناچێته‌وه، به شێوه‌یه‌کی له‌بیره‌وه‌نه‌چوو ◊ به طور فراموش‌ناپذیر

memorandum /,memə'rændəm/ *noun, pl.* memoranda or -orandums
1 تێبینی، یادنامه: *an internal -morandum* 2 *leaks of confidential memoranda* ◊ رێکه‌وتن‌نامه، نامه (نافه‌رمی، که هێشتا به شێوه‌یه‌کی فه‌رمی ئاماده و مۆر نه‌کراوه): *The two sides have signed a memorandum of understanding aimed at ending the conflict* 3 راپۆر 4 پێشنیاز، پێشنیار ◊ 1 یادداشت 2 توافق‌نامه 3 گزارش 4 پیشنهاد

memorial /mə'mɔ:riəl/ *noun, adjective*
1 *n* یاد، یادکردنه‌وه، بیرئانین، بیرکه‌وتنه‌وه 2 شتی یادگاری، یادگار، مۆنۆمێنت، میل 3 ئاهه‌نگی یادکردنه‌وه، ڕێوڕه‌سمی وه‌بیرهێنانه‌وه 4 تۆماری نوسراو *adj* سه‌ربه یاده‌وه‌ری: - *a* ◊ *orial statue/plaque/prize the John F Kennedy Memorial Hospital* 1 *n* ◊ یادبود 2 بنای یادبود 3 یادواره 4 موریال *adj* وابسته به حافظه، موریال

Memorial Day *noun*
(له ئه‌مریکا: دوایین دووشه‌ممه‌ی مانگی مایس) ڕۆژی یادکردنه‌وه‌ی شه‌هیدانی شه‌ڕ ◊ روز یادبود

memorization *noun*
له‌به‌رکردن، له‌مێشکاراگرتن، له‌بیرداراگرتن، فێربوون، گرتنه‌گوێ ◊ به یادسپاری

memorizer *noun*
له‌به‌رکه‌ر، له‌مێشکاراگر، له‌بیرداراگر، له‌گوێ‌گر ◊ به یادسپار

memory /'meməri/ *noun, pl.* memories
1 یاده‌وه‌ری، (کامپیوتێر) یادگه 2 بیره‌وه‌ری، یادگار، بیر، فیر، بەر، هۆش، زه‌ین، یاد 3 ناوبانگ ◊ 1 حافظه 2 خاطره، ذهن 3 شهرت

memory bank *noun*
بانکی یادگه (به‌شێ له ده‌زگای کامپیوتێری گه‌وره که زانیاری هه‌ڵده‌گرێ) ◊ بانک حافظه

memory book – scrapbook

memory card *noun*
کارتی مێموری، مێموری کارت: که‌ره‌سه یان شتێکی ئێلێکترۆنی که بۆ زانیاری تیاهه‌ڵگرتنه‌وه به‌کاردێنرێ، و ب.ت. له‌گه‌ڵ دووربینی دیجیتالی، موبایل، موزیک پلەیەر و هتد به‌کاردێنرێ ◊ مموری کارت

memory hog *noun*
مێموری‌هاگ (= به‌رنامه‌یه‌کی کامپیوتێری که یادگه‌یه‌کی زۆر به‌کاردێنێ) ◊ هاگ مموری

memory lane *noun*, a trip/walk down memory lane
بیره‌وه‌ری زوو یان کۆن، یاد و بیره‌وه‌ری رابردوو، که‌وتنه یاد و بیره‌وری زووه‌وه (یان رابردوو): *Visiting my old school was a real trip down memory lane* ◊ خاطرات گذشته (افتادن)

memory stick *noun*, also flash drive
ئامێرێکی مێموری چکۆله که ده‌توانێ زانیاری له‌سه‌ر هه‌ڵبگیرێته‌وه و له کامپیوتێرێکه‌وه بۆ

یەکێکی تر رابگوێزرێ ◌ مموری استیک

memsahib /'memsɑ:b/ *noun*
(لە هیندوستان) ژنانی ئەوروپایی ◌ زنان اروپایی

men = plural form of man

menace /'menəs/ *noun*
1 مەترسی، هەڕەشە، گوڕەشە، گەف، نەهێو، تاپاڵ 2 هەراسانکردن، بەربینگگرتن 3 مایەی سەرێشە، ملۆزم (ج مروڤ یان چ شت) 4 (ماف) ترساندن، هەڕەشە(وگوڕەشە؛ بنەڕەت: بە ڕێگای فەرەنسی کۆن لە late Latin *minacia* لە *minax*، *minac-* "هەڕەشەکەر"، لە *minae* "threats") ◌ 1 خطر، تهدید 2 مزاحمت 3 مزاحم 4 (حقوق) ارعاب

menacing /'menəsɪŋ/ *adjective*
هەڕەشاوی، هەڕەشەییانە، پڕمەترسی، هەڕەشەمەند، جێی ترس: *a menacing face/tone* :menacingly /'menəsɪŋli/ *adv*) بە شێوەیەکی هەڕەشاوی، هەڕەشەمەندانە، پڕمەترسییانە، هەڵکوتهەڵکوت: *The thunder growled menacingly* ◌ تهدیدآمیز، مخاطرەآمیز

menadione *noun*, also vitamin K3
جۆرێ گەردەی کریستاڵی زەردی دەسکرد $C_{11}H_8O_2$، لە ناودا دەتوێتەوە و وەک تەواوکەرێکی ڤیتامین K بەکاردێنرێ ◌ منادیون

ménage /meɪ'nɑ:ʒ/ *noun*
(لە فەرەنسەوە، فەرمی یان بە شۆخی) خێزان، خاو و خێزان، بنەماڵە، ماڵبات، ئەندامانی ماڵێ، household ◌ خانوادە، اهل خانه

ménage à trois /ˌmeɪnɑ:ʒ ɑ:, 'trwʌ/ *noun, pl.* ménages à trois pronunc. same
هاوجێیی سێکەسە، پێوەندی سێکسی سیانە ◌ رابطەی جنسی سەنفرە

menagerie /mə'nædʒəri/ *noun*
1 پیشانگای گیانەوەرانی کێوی 2 پۆل یان ڕەوەی ئاژەڵە کێوییەکان 3 باخچەی ئاژەڵان ◌ 1 نمایشگاه وحوش 2 مجموعەی حیوانات وحشی 3 باغ وحش

menaquinone /ˌmenə'kwɪnəʊn/ *noun*
(زیندەکیمیا) ڤیتامین K، ئاوێتەیێ کە لە لایەن بەکتریای ریخۆڵەوە سازدەبێ و بۆ ڕەوتی مەیینی خوێن شتێکی بنەڕەتییە ◌ ماکوینون

menarche /mɛ'nɑ:ki/ *noun*
یەکەم ڕوودانی بێنوێژی، یەکەم عوزرشۆری ◌ منارکی

mend /mend/ *noun*
1 چاکبوونەوە، ساڕێژبوون، باشبوون 2 جێگای پینەکراو یان چاکەوەکراو، پینە، پاتک، پاتەتە ◌ 1 بهبود 2 محل تعمیرشده، وصله

mendacious /men'deɪʃəs/ *adjective*
1 نادروست، هەڵە، شاش 2 درۆ: *mendacious tales of his adventures*) (mendaciously :*adv*) نادروستانە، بە درۆ) ◌ 1 غلط 2 دروغ

mendacity /men'dæsəti/ *noun*
درۆکردن، درۆ و دەلەسە، نادروستی، شاشبوون ◌ دروغگویی، کذب

Mende /'mɛndi/ *noun, pl.* same
1 ئەندامی گەلێکی دانیشتووی سیرالیۆن، لە ئەفریکای ڕۆژاوا 2 زمانی ئەو گەلە، سەربە کۆمەڵی مەندی یان مێندی ◌ مندی

mendelevium /ˌmendə'li:viəm, US -'leɪv-/ *noun*
(کیمیا) مەندەلیڤیۆم (بە ز.گ. 101، ن. Md؛ بنەڕەت: لە ناوی کیمیازانی ڕووسی Dimitri *Mendeleev* (1834–1907) ◌ مندلیم

Mendelian *adjective, noun*
adj مێندیلیەن، مەندەلیەن (= سەربە تیۆری مەندەل 1884—1822) *n* لایەنگری مەندەل، مەندەلی ◌ مندلین

Mendelian inheritance *noun*, also particulate inheritance
بۆماوەی تایبەتی: بۆماوەی تایبەتمەندییەکان کە ب.ت. بە هۆی ژینەکانەوە بەپێی قانوونی مەندەل ڕادەگوێزرێ ◌ وارثت مندلی

Mendelian factor = gene

Mendelian's law *noun*
قانوون یان زاکوونی مەندەل ◌ قانون مندل

Mendelism /'mɛnd(ə)lɪz(ə)m/ *noun*
(زیندەناسی) مەندەلگەری (لە لایەن ڕووەکناسی مۆراڤیایی سەدەی نۆزدەیەم Gregor Johann Mendel) ◌ مندلگرایی

mender /'mendə(r)/ *noun*
(لە لێکدانا) ـساز، ـدرووسکەر، چاککەرەوە، کارساز، چارەساز: *road menders* ◌ (در ترکیب) ـساز، تعمیرکار

Menelaus *noun*, Latin, from Greek *Meneluos*
مێنێلاوس: پادشای ئەفسانەیی Sparta برای ئاگامێمنۆن Agamemnon، و مێردی هێلێنی Helen هەڵگیراوی ترۆی Troy ◌ منلاوس

mendicancy /'mendɪkənsi/ *noun*, also mendicity
سواڵکەری، خوازەڵۆکی، درۆزە، سواڵ، دەسپانکردنەوە ◌ گدایی

mendicant /'mendɪkənt/ *noun, adjective*
n 1 سواڵکەر، خوازەڵۆک، درۆزەکەر، دەسپانکەرەوە، پارسەک 2 ئەندامی تیرەی دینی *adj* mendicant 1 سواڵکەرانە 2 سەربە تیرەیێکی دینی کە بەندبوون بە خێرات ◌ *n* 1 گدا 2 مندیکانت *adj* 1 گدامنشانه 2 مندیکانت

mendicity = mendicancy

mending *noun*

1 پینەکردن، چاککردنەوە، پنج‌کردن، دوورینەوە، سازکردنەوە 2 جل‌وبەرگی چاکەوەکراو یا پینەکراو ◌ 1 تعمیر، رفو 2 البسەی تعمیرشدە

menfolk /'menfəuk, US -fouk/ *noun, pl.*, US also menfolks
پیاوان، میران، خزم‌وکەسی پیاو: *a society sending its menfolk off to war* ◌ مردها، خویشاوندان مرد

menhaden /men'heɪd(ə)n/ *noun*
جۆری ماسی گەورە لە تیرەی herring لە رۆژهەلاتی کەناری ئەمریکای باکووری‌دا دەبینرێ [*Brevoortia tyrannus*] و جۆرە پێوەندی‌دارەکان ◌ نوعی ماهی

menhir /'menhɪə/ *noun*
بەردەدرێژە، گاشەکێل: بەردی درێژی بەپێوەی سەردەمی پێش‌مێژوو لە رۆژاوای ئەورووپا (بنەرەت: لە *men* "بەرد" + *hir* *Breton*: "درێژ") ◌ منهیر

menial /'mi:niəl/ *noun, adjective*
n 1 نۆکەر، کارەکەر، بەردەست، خزمەتکار، کلفەت 2 نۆکەری، بەردەستی، کلفەتی *adj* 1 نۆکەرانە، کارەکەرانە، خزمەتکارانە، کلفەتانە، سووک، چرووک، نزم، humble: *answered in menial tones* ◊ *a menial task* 2 لێنەهاتوو 3 ناگرنگ، هیچ: *menial jobs/work* (menially *adv*: نۆکەرانە، وەکوو نۆکەر) ◌ *n* 1 مستخدم، کلفت 2 کلفتی *adj* 1 کلفت‌مابانە، نوکرمابانە، پست 2 غیرماهر 3 بی‌اهمیت

Ménière's disease /men'jɛ:/ *noun*, also Mnire's syndrome
نەخۆشی گوێی نێوەوە، ئەبێتە هۆی tinnitus، و کەرِی بەرەبەرەیی vertigo (لە ناوی پزشکی فەرەنسی *Prosper Ménière*) ◌ بیماری منیر

meningeal /mɪ'nɪdʒɪəl/ *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە پەردەی مێشکەوە هەیە، مێشکەپەردە ◌ وابستە بە مننژ

meninges /mə'nɪndʒi:z/ *noun, pl., sing.* meninx
پەردەی مێشک (بنەرەت: لە لاتینی نوێ‌وە، لە یۆنانی‌یەوە *mēning-*, *mēninx* "پەردە membrane") ◌ مننژ

meningitic *adjective*
سەربە ئاوسانی پەردەی مێشک ◌ وابستە بە مننژ

meningitis /,menɪn'dʒaɪtɪs/ *noun, pl.* meningitides
ئاوسانی پەردەی مێشک (بەهۆی بەکتریا (وەک meningococcus ـەکان) یا ڤایرۆسەوە (وەک Coxsackie virus) تووش دەبێ) ◌ مننژ

meningococcus /mɪ,nɪŋgəu'kɒkəs, -,nɪndʒəu-/ *noun, pl.* meningococci /-'kɒk(s)ʌɪ, -'kɒk(s)i:/
بەکتریای هێندێ جۆری meningitis [*Neisseria meningitidis*] (meningococcal or meningococcic *adj*) ◌ مینگوکوس

meningoencephalitis *noun, pl.* meningoencephalitides
داگیرسان یان ئاوسانی inflammation مێشک و پەردەی مێشک (meninges-) (meningoencephalitic *adj*) ◌ التهاب مغز و مننژ

meninx /'mi:nɪŋks/ *noun*, singular form of meninges
(توێکاری) پەردەی مێشک، پەردە مێشکی‌یەکان ◌ مینکس

meniscus /mə'nɪskəs/ *noun, adjective, pl.* menisci /-sʌɪ/
n 1 (فیزیک) رووی کەوانەیی، روو یان ئاستی چەمیو؛ لێنزێکی رووچاڵ و قۆقز concavo-convex 2 رووی (زووررووی) کەوانەیی ستوونێکی شلە column of liquid، رووی (زووررووی) رووچاڵ یان قۆقزی ستوونێکی شلە 3 (توێکاری) کرۆژە یان کرکراگەی (ریشاڵاوی تەنکی) جومگە؛ کرۆژەیێکی ریشاڵی fibrous نێو جومگەیێ، ب.ت. هی ئەژنۆ، کرۆژە یان کرکراگەی داسی یان کەوانەیی؛ تەبەق یان پەرەیێکی کرۆژەیی نێوان هێندێ لە جومگە و بەندەکان؛ بوازەیێکی کرۆژەیی کوتایی(یەکانی) ئێسکەکان لە هێندێ جومگەدا کەوانەیی، *adj* داسی، چەماوی، مانگی (meniscoid *adj*؛ بنەرەت: لاتینی نوێ، لە *mēniskos* یۆنانی، چکۆلێنراوی *mēnē* "مانگ (مانگیلە)"، crescent") ◌ *n* 1 سطح هلالی 2 سطح کوژ یا کاو یک ستون مایع 3 غضروف مفصلی *adj* هلالی

Mennonite /'menənaɪt/ *noun*
مێنۆنایت، مێنۆنیت (= ئەندامی کۆمەڵێکی ئایینی کە لە ئەمریکا و کەنەدا دەژین و لە سەرەتادا لە فریزلەند Friesland لە سەدەی شازدەدا سەریان‌هەڵداوە. ئەم دەستەیە ژیانێکی سادەیان هەیە، و کاروباری کشتی یان راژەی سەربازی بەرێوەنابەن (Mennonitism *n*)؛ بنەرەت: لە ناوی دامەزرێنەرەکەی *Menno* Simons (1496–1561) + -ite) ◌ منونیت

meno- *prefix*
پێشگر: بێ‌نوێژی، حەیز menstruation، سووری بێ‌نوێژی menstrual cycle: *menopause*, *menorrhagia* (بنەرەت: لە *mēn* یۆنانی‌یەوە "مانگ month") ◌ پیشوند: قاعدگی، حیض

Menominee /mɪ'nɒmɪni:/ *noun*, also Menomini, *pl.* Menominees
1 ئەندامی گەلی سووریێتی باکووری رۆژهەلاتی ویسکۆنسین 2 زمانی تیاچووی

Algonquianی ئەو گەلە ۞ مینومینی

menopausal /ˌmenəˈpɔːzl/ *adjective*

1 سەربە لەسکچوونەوە، لەزگچوونەوەیی: *menopausal symptoms* 2 لەزگوەستاو، ئاوەسوو: *menopausal women* ۞ 1 وابستە بە یائسگی 2 یائسە

menopause /ˈmenəpɔːz/ *noun*

لەسکچوونەوە، لەزگوەستان، لەسووڕوەستان، ئاوەسوویی، بێنوێژیوەستان (زۆرتر تەمەنی 45 تا 50 سالان) ۞ یائسگی

menorah /mɪˈnɔːrə/ *noun*

1 مینورە (جۆرێ مۆمدانی جووەکانە کە جێگای حەوت مۆمە) 2 جۆرێ مۆمدانی جوولەکەکان بە هەشت لقەوە ۞ منورا

menorrhagia /ˌmenəˈreɪdʒɪə/ *noun*

خوێنی نائاسایی لە کاتی بێنوێژیدا ۞ منوریجیا

menorrhoea /ˌmenəˈriːə/ *noun*

رژان یا بەربوونی خوێن لە بێنوێژیدا ۞ منوریا

mensal /ˈmensl/ *adjective*

میزی، سەرمیزی، سفرەیی، خوانی ۞ میزی، سفرەای

menses /ˈmensiːz/ *noun, pl.*

1 خوێنی بێنوێژی، خوێنی عوزر 2 سەروبەندی بێنوێژی ۞ 1 خون قاعدگی 2 زمان قاعدگی

Menshevik /ˈmenʃɪvɪk/ *noun*

ئەندامی باسکی نائینینی پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتیکی رووسیا، لە 1917 لە لایەن Bolshevikـەوە تێشکا ۞ منشویک

men's room *noun*

دەستاوی پیاوان، دەسبەئاوی پیاوان ۞ توالت مردانە

menstrual /ˈmenstruəl/ *adjective*

1 سەربە بێنوێژی، عوزری، سەربە حەیز، مانگانەیی 2 سەربە خوێنی بێنوێژی ۞ 1 وابستە بە قاعدگی 2 وابستە بە خون قاعدگی

menstrual cycle *noun*

سووڕی بێنوێژی ۞ چرخەی قاعدگی

menstrual period *noun*

(سەروبەند یان ماوەی) بێنوێژی ۞ (زمان یا دورەی) قاعدگی

menstruating *adjective*

بێنوێژکەوتوو، عوزرشتوو، عوزرشۆر، بە حەیزکەوتوو ۞ قاعدەشوندە

menstruation /ˌmenstruˈeɪʃn/ *noun*

بێنوێژی، عوزر، حەیز، سووڕی مانگانە، پیسار، پۆن ۞ قاعدگی، حیض

menstruous /ˌmenstruːəs/ *adjective*

بێنوێژکەوتوو، عوزرشتوو، بە حەیزکەوتوو، عوزرشۆر ۞ قاعدەشوندە

menstruum /ˈmenstroəm/ *noun. pl.* menstrua /-stroə/

1 (کۆن، لاتین) توێنەر، شلکەرە(وە) 2 ← menses ۞ گدازندە

mensurable /ˈmenʃərəbl/ *adjective*

لەپێوانهاتوو، دەپێوورێ، ئەندازەی دەگیرێ (mensurability /ˈmenʃərəbɪlətɪ/ *n*: لەپێوانهاتوویی) ۞ قابل اندازەگیری

mensural /ˈmenʃ(ə)r(ə)l, US -sjə-/ *adjective*

سەربە پێوان یان ئەندازەگرتن، پێوەرانە ۞ وابستە بە اندازەگیری، پیمایشی

mensuration /ˌmensjʊˈreɪʃn/ *noun*

پێوان، ئەندازەگرتن، ئەندازەگیری ۞ اندازەگیری

menswear /ˈmenzweə(r), US -wer/ *noun*

بەرگی پیاوان، جلوبەرگی پیاوان ۞ لباس مردانە

-ment *suffix*

پاشگر: 1 دۆخ، بار، رەوش، کار، کردار، کردە، شێوە، شێواز، ئەنجام، کەرەسە: *curtailment*، *embankment*، *encirclement*، *development*، *amazement*، *entertainment* 2 ناو لە ئاوەلناو ساز دەکا (وەک *merriment* لە *merry*) (لە فەرەنسە یان لە *-mentum* لاتین) ۞ پسوند: 1 حالت، عمل، روش، پیامد، ابزار 2 اسامی را از صفات می‌سازد

-mental *suffix*

پاشگر: ئاوەلناو دروست دەکا، ئاوەلناوساز ۞ پسوند: صفت‌ساز

mental[1] /ˈmentl/ *adjective*

1 هۆشی، مێنتاڵ، مێشکی، زەینی، رۆحی، فکری، بیری، هزری: *the mental process of remembering* ◊ *The experience caused her huge amounts of mental suffering* 2 عەقڵی، عەقلانی، ئەقلانی 3 دەروونی: *mental health* ◊ *a mental disorder/illness/hospital* ◊ *The analysis of dreams can reveal details of a person's mental state* 4 (نافەرمی) شێت: *Watch him. He's mental* (mentally /ˈmentəli/ *adv*: لەباری دەروونی(یەوە)، لەباری هۆشی یا زەینی(یەوە)) ۞ 1 ذهنی، روحی، فکری 2 عقلی، عقلایی 3 روانی 4 (عامیانە) دیوانە

mental[2] /ˈmentl/ *adjective*

(توێکاری) چەناگەیی، سەربە چەنە یان چەناگە، چەنەیی، genial ۞ چانەای، زنخی

mental ability *noun*

توانایی هۆشی یان مێنتاڵ ۞ استعداد ذهنی

mental activity *noun*

چالاکی عەقلانی ۞ فعالیت عقلی

mental age *noun*

تەمەنی ژیری یان عەقڵی ۞ سن عقلی

mental complex *noun*

گرێی دەروونی ۞ عقدەی روانی

mental conflict *noun*
ململانێی دەروونی ۞ کشاکش روانی
mental confusion *noun*
تێکچوون یان شێوانی دەروونی، شڵەژاوی دەروونی ۞ آشفتگی روانی
mental deficiency *noun*
ناتەواوی دەروونی، دواکەوتوویی مێشکی یان مێنتاڵ، دواکەوتوویی هۆشی ۞ نقص روانی، عقب‌ماندگی ذهنی
mental development *noun*
گەشە(سەندن)ی مێنتاڵ یا هۆشی ۞ رشد ذهنی
mental disorder *noun*
تێکچوون یا شێواوی دەروونی ۞ اختلال روانی
mental distinction *noun*
جیاوازی مێنتاڵ یان هۆشی ۞ تباین ذهنی
mental elements *noun, pl.*
رەگەزە عەقڵی‌یەکان، توخمە عەقڵانی‌یەکان ۞ عناصر عقلی
mental events *noun, pl.*
رووداوە دەروونی‌یەکان ۞ رویدادهای روانی
mental existence *noun*
بوونی هۆشی یان مێنتاڵ ۞ وجود ذهنی
mental faculty *noun*
توانستی هۆشی یان مێنتاڵ ۞ قوەی ذهنی
mental fixity *noun*
جێگیری هۆشی یان مێنتاڵ، سەقامگیری مێنتاڵ ۞ ثبات ذهنی
mental growth *noun*
هەڵدان یا گەشەی مێنتاڵ یا هۆشی ۞ رشد ذهنی
mental handicap *noun*
دواکەوتوویی هۆشی یان مێنتاڵ ۞ عقب‌ماندگی ذهنی
mental handicapped *adjective*
دواکەوتووی هۆشی یان مێنتاڵ ۞ عقب‌ماندەی ذهنی
mental health *noun*
سلامەتی دەروونی ۞ بهداشت روانی
mental hospital *noun*, also mental home
نەخۆشخانەی نەخۆشە دەروونی‌یەکان ۞ بیمارستان بیماری‌های روانی
mental illness *noun*
نەخۆشی دەروونی ۞ بیماری روانی
mentalism *noun*
مێنتالیزم (mentalistic *adj* ;mentalist *n*) ۞ ذهن‌گرایی
mentality /men'tæləti/ *noun, pl.* mentalities
1 توانایی مێنتاڵ یان هۆشی، توانایی زیرەکی یان ئینتێلێکتواڵ 2 توانایی یان شێوەی بیرکردنەوە، بۆچوون، روانین: *a criminal/ghetto mentality* 3 ورە ۞ 1 توانایی ذهنی، ذهنیت 2 قوە یا طرز تفکر 3 روحیه
-mentally *suffix*
پاشگر: ئاوەڵکار دروست دەکا (بچنەوە بۆ - ment) ۞ پسوند: قیدساز
mental make-up *noun*
پێکهاتی هۆشی یان مێنتاڵ ۞ ساخت ذهنی
mental maturity *noun*
پێگەیشتنی دەروونی ۞ بلوغ روانی
mental mobility *noun*
جموجۆڵی هۆشی یان زەینی ۞ تحرک ذهنی
mental motion *noun*
جوولە یان بزاوتی هۆشی (یان مێنتاڵ) ۞ جنبش ذهنی
mental need *noun*
پێویستی دەروونی ۞ نیاز روانی
mental note *noun*, make a mental note
بەبیرهێنانەوە، بەیادبوون ۞ به یادسپاری
mental patient *noun*
نەخۆشی دەروونی ۞ بیمار روانی
mental picture *noun*
وێنەی زەینی یان مێنتاڵ ۞ تصویر ذهنی
mental process *noun*
رەوت هۆشی، پرۆسەی هۆشی یان مێنتاڵ ۞ فرایند ذهنی
mental retardation *noun*
دواکەوتوویی هۆشی یان مێنتاڵ ۞ عقب‌ماندگی ذهنی
mentation *noun*
چالاکی هۆشی یان مێشکی ۞ فعالیت ذهنی
menthol /'menθɒl, US -θɔːl, -θɑːl/ *noun*
مێنسۆل، مێنتۆل: جۆرێ ئەلکۆلی کریستاڵی $C_{10}H_{20}O$ بە تام و بۆنی مەزرە یا جاترەوە، لە peppermint و رۆنە سروشتی‌یەکانی تردا هەیە، بۆ داشکاندنی ژان و ئێش) ۞ جوهر نعناع
mentholated /'menθəleɪtɪd/ *adjective*
مێنسۆڵدار، مێنسۆلاوی، مێنتۆڵدار، مێنتۆلی تیایە: *a mentholated salve* ۞ دارای جوهر نعنا
mention /'menʃn/ *noun*
1 باس(کردن)، دوان، ناوهێنان، ناوبردن 2 ئامازە، مێزە (mentionable /'menʃnəbl/ *adj*: شیاوی باس(کردن) ۞ 1 ذکر 2 اشاره
mentioned *adjective*
باسکراو، لێدواو، ناوبراو ۞ ذکرشده
mento *noun, pl.* mentos
مێنتۆ: شێوازێکی موسیقای خۆماڵی جامائیکایی Jamaican ۞ منتو
mentor /'mentɔː(r)/ *noun*
ئامۆژگاری جێی‌باوەڕ و بەئەزموون، راوێژکار، نەسیحەتکەر، رێنوێن(یکەر)، مامۆستا ۞ مشاور، مرشد، معلم
menu /'menjuː/ *noun*

1 لیستەی خۆراک 2 (کامپیوتێر) هەڵبژێرە، مێنۆ ◇ منو

menudo /mɪ'nu:dəʊ/ *noun, pl.* menudos
سوپێکی تیژی مەکسیکی، لە tripe سازدەکرێ ◇ منودو

Meo /mɪ'əʊ/ = Hmong

meow = miaow

MEP /ˌem i: 'pi:/ *abbreviation* Member of the European Parliament
ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا ◇ عضو پارلمان اروپا

meperidine /mɛ'pɛrɪdi:n/ = pethidine

Mephistophelean /ˌmefɪstə'fi:liən, US -fɪ'li:ən/ *adjective, also* Mephistophelian
شەیتانی، خراپ، دیورەوشت ◇ اهریمنی

Mephistopheles /ˌmɛfɪ'stɒfɪli:z/ *noun*
شەیتان، شەیتانی سەرەکی ئەفسانەی فاوست Faust ◇ اهریمن

mephitic /mɪ'fɪtɪk/ *adjective*
(ب.ت. هی گاز یان هەڵمی) ژاراوی، بۆگەن: *mephitic vapors* ◇ زهرآگین، بدبو

mephitis /mə'faɪtɪs/ *noun*
هەڵم و بۆخی بۆگەن و کوشندە و نەخۆشخەری زەوی، بۆگەن، بۆنی ناخۆش، بۆگەن و بۆسار، هەروەها stench ◇ بوی کریه

meprobamate *noun*
مێپرۆبامیت: جۆرێ کارباماتی تال $C_9H_{18}N_2O_4$ وەک دەرمانی دامرکێنەر tranquilizer بەکاردێنرێ ◇ مپروبامیت

-mer *suffix*
پاشگر: بەش، پار، پارژە، پاریژە، پارچە: *elastomer* (بنەڕەت: لە بنەڕەتا لە meros ی یۆنانی بە واتای بەش، پار(چە) ◇ پسوند: ـپار

mer- *prefix*
پێشگر: دەریا ◇ پیشوند: دریا

meranti /mə'ranti/ *noun*
(مالیزیایی) سەختەدارێکی سوور، سپی یان زەردی لە درەختێکی باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا [توخم *Shorea*] ◇ مرانتی

merbau /'mə:baʊ/ *noun*
(مالیزیایی) سەختەدارێکی درەختێکی باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا [توخم *Intsia*] ◇ مربو

merbromin *noun*
مێربرۆمین: جۆرێ ئاوێتەی جیوەیی بلووریني سەوز $C_{20}H_8Br_2HgNa_2O_6$ ◇ مربرومین

mercado /mə:'kɑ:dəʊ/ *noun, pl.* mercados
(بنەڕەت: لە *mercatus* لاتین، لە ولاتانی سپانیاییزمان) بازاڕ ◇ بازار

Mercalli scale *noun*
پلە یان پێوەری مێرکالی (بۆ توندی بوومەلەرزە، لە 1 وە تا 12 یە و 12 کەی بەرامبەر بە 8 پلەی ریختێر یا ریشتێرە؛ بنەڕەت: لە ناوی قەشە و زەویناسی ئیتالیایی *Mercalli* Giuseppe) ◇ درجه یا مقیاس مرکالی

mercantile /'mɜ:kəntaɪl, US 'mɜ:rk-, -ti:l/ *adjective*
1 بازرگانی 2 سەربە کارداری، سەربە کاروباری بازرگانی: *mercantile system* 3 سەربە کارداران یان بازرگانان ◇ 1 بازرگانی 2 تجاری، وابسته به امور بازرگانی 3 وابسته به تاجران

mercantile marine *noun*
کەشتیگەلی کارداری یان بازرگانی ◇ ناوگان بازرگانی

mercantilism /mɜ:'kæntɪlɪzəm, US mɜ:r'k-/ *noun*
گیانی کارداری، رۆحی بازرگانی، مێرکانتیلیزم
mercantilist /mɜ:'kæntɪlɪst, US mɜ:r'k-/ (*n, adj*) ◇ مرکانتیلیسم

mercaptan /mə'kapt(ə)n/ = thiol

Mercator *adjective*
سەربە Mercator's projection ◇ وابسته به سیستم تصویر مرکاتور

Mercator's projection /mɜ:'keɪtə prədʒɛkʃn, US mɜ:r'keɪtər/ *noun*
شێواز یان سیستمی نەخشەدانانی مێرکاتۆر (لە ناوی جوگرافیزانی فلاندیری Gerhard Kremer) ◇ سیستم تصویر مرکاتور

mercenary /'mɜ:sənəri, US 'mɜ:rsəneri/ *noun* (*pl.* mercenaries), *adjective*
n سەربازی بەکرێگیراو، سەربازی کرێگرتە *adj* پوولەکی، پارەکی، مادی، پارەپەرست: *a mercenary society/attitude* ◇ *n* سرباز مزدور *adj* مادی

mercer /'mɜ:sə(r)/ *noun*
پارچەفرۆش، کوتاڵفرۆش، بەزاز ◇ بزاز

mercerized *adjective*
مێرسێریزە، حەریری ◇ مرسریزه

mercerized cotton *noun*
کەتانی مێرسێریزە ◇ کتان مرسریزه

mercery /'mɜ:səri/ *noun, pl.* merceries
پارچەفرۆشی، کوتاڵفرۆشی، بەزازی ◇ بزازی

merchandise /'mɜ:tʃəndaɪs, -daɪz, US 'mɜ:rtʃ-/ *noun*
کەلوپەل، شمەک، کالا، ماڵ، بابەت، شتومەک، wares: *a wide selection of merchandise* ◇ کالا، متاع

merchandising /'mɜ:tʃəndaɪzɪŋ, US 'mɜ:rtʃ-/ *noun*
1 بازرگانی، کارداری 2 کڕین و فرۆشتن 3 بانگەشە، ئاگاداری بلاوکردنەوە ◇ 1 تجارت 2 خرید و فروش 3 تبلیغات

merchant /'mɜ:tʃənt, US 'mɜ:rtʃ-/ *noun, adjective* *n* 1 کاردار، تاجر، بازرگان 2 دووکان‌دار *adj* 1 سه‌ربه که‌شتی کارداری یان بازرگانی 2 سه‌ربه کارداری یان بازرگانی ⬡ *n* 1 بازرگان 2 مغازه‌دار *adj* 1 وابسته به کشتی بازرگانی 2 تجاری

merchantable /ˈmɜːtʃəntəbl, US ˈmɜːrtʃ-/ *adjective*

شیاوی خسته‌بازار، له‌فرۆش‌هاتوو، له‌ باروودۆخێکی باش‌دا بۆ فرۆشتن، :salable *of* (merchantability *n*) *merchantable quality* ⬡ قابل عرضه

merchant bank *noun*

بانکی کارداری یان بازرگانی ⬡ بانک بازرگانی

merchant banker *noun*

بانکه‌وانی کارداری یان بازرگانی ⬡ بانک‌دار بازرگانی

merchant banking *noun*

بانکه‌وانیتی کارداری یان بازرگانی ⬡ بانک‌داری بازرگانی

merchantman /ˈmɜːtʃəntmən, US ˈmɜːrtʃ-/ *noun, pl.* merchantmen

1 کاردار، بازرگان، تاجر 2 که‌شتی کارداری یان بازرگانی ⬡ 1 تاجر 2 کشتی بازرگانی

merchant navy *noun,* also merchant marine

1 (بریتانیا) که‌شتی‌گه‌لی کارداری یان بازرگانی 2 کارکه‌رانی که‌شتی‌گه‌لی کارداری ⬡ 1 ناوگان بازرگانی 2 خدمه‌ی ناوگان بازرگانی

merchantry *noun*

کارداری، بازرگانی ⬡ تجارت، بازرگانی

merchant seaman *noun*

مه‌له‌وانی که‌شتیگه‌لی کارداری یا بازرگانی ⬡ ملاح ناوگان بازرگانی

merchant ship *noun*

که‌شتی گوێزانه‌وه‌ی که‌ل‌وپه‌ل ⬡ کشتی حمل و نقل کالا

Mercian /ˈmɜːʃɪən, US ˈmɜːsɪən/ *adjective, noun*

adj سه‌ربه یان پێوه‌ندی به مێرسیاوه Mercia هه‌یه *n* خه‌ڵکی مێرسیا، مێرسیایی، مه‌ڵبه‌ندی ناوه‌ندی ئینگلته‌ره‌ی پێشوو ⬡ مرسیایی

merciful /ˈmɜːsɪfl, US ˈmɜːrs-/ *adjective*

1 لێبورده، به‌خشنده، به‌خشه‌ر، به‌خشایشت‌گه‌ر، لێخۆشبوو، به‌به‌زه‌یی، به‌ره‌حم، دڵسۆز، دڵۆڤان، دڵنه‌رم، 2 *a merciful God* :compassionate ،رزگارکه‌ر (mercifulness *n*) ⬡ 1 بخشنده، مهربان، رحیم 2 نجات‌بخش

mercifully /ˈmɜːsɪfəli, US ˈmɜːrs-/ *adverb*

به‌خۆشی(یه‌وه)، به‌خته‌وه‌رانه، به‌به‌زه‌یی‌یانه ⬡ خوش‌بختانه، رحیمانه

merciless /ˈmɜːsɪləs, US ˈmɜːrs-/ *adjective*

بێ‌به‌زه‌یی، لێنه‌بورده، بێ‌ڕه‌حم، دڵڕه‌ق، زاڵم، زۆردار، ◊ *a merciless killer/attack* :pitiless mercilessly) *the merciless heat of the sun* بێ‌به‌زه‌یی‌یانه، :/ˈmɜːsɪləsli, US ˈmɜːrs-/ *adv* لێنه‌بوردانه، دڵڕه‌قانه : *His friends teased him* *mercilessly when they found the poem* mercilessness /ˈmɜːsɪləsnəs, US ˈmɜːrs-/ *n*: بێ‌به‌زه‌یی، لێنه‌بورده‌یی، بێ‌ڕه‌حمی، دڵڕه‌قی) ⬡ بی‌رحم، سنگ‌دل

mercurial /mɜːˈkjʊərɪəl, US mɜːrˈkjʊr-/ *adjective, noun*

adj 1 جیوه‌یی، سه‌ربه جیوه 2 جیوه‌تیابوو، جیوه‌دار 3 زووگۆڕ، بگۆڕ، ناجێگیر، وازی‌وازی، تاوتاو 4 چالاک، چاپک، فرز، قوت، زیره‌ک و هه‌ڵسوور، گورج‌وگۆڵ 5 (Mercurial) سه‌ربه هه‌ساره‌ی زاوه *n* ده‌رمانێ که جیوه‌ی تێده‌کرێ (mercurially *adv*) ⬡ *adj* 1 وابسته به جیوه 2 جیوه‌دار 3 متغیر 4 فرز 5 (با M) وابسته به سیاره‌ی تیر *n* داروی حاوی جیوه

mercuric /məˈkjʊrɪk/ *adjective*

جیوه‌یی، جیوه‌ی تیایه، ب.ت. به هاوهێزی دوو valence ⬡ جیوه‌ای

mercuric chloride *noun*

کلۆرایدی جیوه‌یی: جۆرێ ناوێته‌ی ژاراوی بلووورینی قورس $HgCl_2$ وه‌ک ده‌رمانی پاکژکه‌ره‌وه و که‌رووکوژ و له بواری وێنه‌گری‌دا به‌کاردێت ⬡ کلورایدجیوه‌ای

Mercurochrome *trademark* merbromin

mercury[1] /ˈmɜːkjəri, US ˈmɜːrk-/ *noun*

جیوه، زیوه، مێرکوری (به ژ.گ. 80، ن. Hg، بنه‌ڕه‌ت: له *Mercurius* ؛mercurous *adj* لاتین، ناوی خوداێکی رۆمی (بڕوانه Mercury) ⬡ جیوه

mercury[2] /ˈmɜːkjəri, US ˈmɜːrk-/ *noun, pl.* mercuries

ڕووه‌کی تیره‌یی که dogsmercury داده‌گرێ [توخم *Mercurialis*] (بنه‌ڕه‌ت: له ناوی توخمه‌که‌ی، له *mercurialis* لاتین "سه‌ربه خودای ") ⬡ مرکوری

Mercury /ˈmɜːkjəri, US ˈmɜːrk-/ *noun*

1 زاوه، مێرکوری: نزیک‌ترین هه‌ساره به خۆر و چکۆله‌ترین له کۆمه‌ڵه‌ی خۆری‌دا، تیره‌که‌ی 4878 میلیۆن کیلۆمیتر (3031 میلیۆن مایل)، ماوه‌ی سووڕانه‌وه‌ی 87.96 ڕۆژ، هیچ پاشکۆ یا ساته‌لایتێکی نییه؛ *adj* (Mercurian 2 خودای ڕۆمی بازرگانی ،commerce دزی ،thievery ڕه‌وانبێژی eloquence و زانست، په‌یامبه‌ر messenger ی خودایان (بڕوانه Hermes) 3 - messenger ⬡ 1 تیر، عَطارُد، عُطارد 2 رب‌النوع عطارد

mercury chloride *noun*

کلۆرایدی جیوه: وه‌ک 1 کالۆمێل 2 calomel

✿ کلوراید جیوه mercuric chloride

mercury vapour lamp *noun*

گڵۆپی بۆشایی جیوەیی ✿ لامپ خلاء جیوه‌ای

mercy /ˈmɜːsi, US ˈmɜːrsi/ *noun, pl.* mercies

1 لێبووردەیی، بەخشندەیی، بەخشایشت، لێخۆشبوون، بەزەیی(پیاهاتن)، دڵسۆزی، دڵنەرمی، دڵۆڤانی، ڕوحم، ڕەحم، پیاوەتی، جوامێری: God have -ercy on us 2 ڕزگاری، نەجات 3 مایەی دڵخۆشی، مایەی خۆشی ✿ 1 عفو، بخشش، رحم 2 نجات 3 مایەی خوش‌وقتی

mercy killing *noun,* also euthanasia

(نافەرمی) ئاسانکوژی، کوشتن(ـی) لەرووی بەزەییەوە ✿ بەکشی

mere[1] /mɪə(r), US mɪr/ *adjective*

تەنیا، پەتی، ڕووت، سادە، تەواو، وشک‌وبرینگ، ساف، کەم، *a mere mortal* :pure ✿ محض، صرف، فقط، ناچیز

mere[2] /mɪə(r), US mɪr/ *noun*

1 (ویژەیی) گۆم، گۆماو، گۆلاو، ئاوگیر، گۆل 2 سنوور، سەرحەد، تخوب، مەرز ✿ 1 دریاچە، برکە 2 مرز

-mere *suffix*

پاشگر: بەش، پشک، پارچە، پار، پارژە، پاریژە ✿ پسوند: جزء، بخش، پار

merely /ˈmɪəli, US ˈmɪrli/ *adverb*

تەنیا، تەنها، فەقەت، بە تەنێ ✿ صرفاً

merengue /məˈreŋgeɪ/ *noun,* also meringue

1 شێوازێکی موسیقای سەمای کاریبیەن 2 شێوازێکی سەما ✿ مرنگی

meretricious /ˌmerəˈtrɪʃəs/ *adjective*

1 فریوودەر، بەزریقەوبریقە، بەئالاوواڵا، ڕووبازاڕی، دوورکوژ، لەخشتەبەر، سەرسەرەکی: *meretricious relationships* 2 (کۆن) قەحبانە :meretriciously /ˌmerəˈtrɪʃəsli/ *adv*) ڕووبازارانە، بە شێوەیەکی بە زریقەوبریقە؛ :meretriciousness /ˌmerəˈtrɪʃəsnəs/ *n* ڕووبازاڕیبوون، زریقەوبریقە، ئالاوواڵا) ✿ 1 پرزرق و برق، سطحی 2 فاحشەوار

merganser /mɜːˈɡænzə, US -sə/ *noun*

(گیانەوەرناسی) قازەلوورە، مراوییەکی خۆلوورکەری ماسیگرە، بە دەنووکی درێژ، چەماوە و برگەبرگەوە [*Mergus serrator*] (سنگ‌سوورەکەی) و جۆرە پێوەندیدارەکان؛ بنەڕەت: لە لاتینی نوێوە، لە *mergus* "diver" + *anser* "goose"] ✿ مرگانسر

mergence *noun*

تێکهەڵکێشان، کردنەیەک، لێکدان، یەکخستن ✿ ادغام

merger /ˈmɜːdʒə(r), US ˈmɜːrdʒ-/ *noun*

تێکهەڵکێشان، بوونەیەک، کردنەیەک، تێکەڵاندن، یەکخستن: *a merger between the two banks* ✿ ادغام، تلفیق

merger movement *noun*

بزووتنەوەی یەکخستن یان تێکهەڵکێشان ✿ نهضت تلفیقی

meridian /məˈrɪdiən/ *noun*

1 مێریدیەن، نیو(ە)ڕۆژ، بازنەی هێڵی درێژی (هێڵێکی خەیاڵی کێشراو لە جەمسەری باکووری بۆ جەمسەری باشووری) 2 نیوەڕۆ، نافرۆژ 3 لووتکە، چڵەپۆپە، ئەوپەڕ، ترۆپک 4 جەنگە، تاف، هەرەت (بنەڕەت: لە *meridian* فەرەنسی کۆن، لە *meridianum* لاتین "نیوەڕۆ". لە *medius* "نیوەڕاست" + *dies* "ڕۆژ") ✿ 1 نصف‌النهار 2 ظهر 3 اوج 4 بحبوحه

meridian circle *noun*

گۆشەی نیو(ە)ڕۆژی یان مێریدیەنی ✿ زاویەی نصف‌النهاری

meridional /məˈrɪdiən(ə)l/ *adjective, noun*

adj 1 مێریدیەنی، نیوڕۆژی، نیوەڕۆژی 2 *n* باشووری (ب.ت. باشووری ئەورووپا) دانیشتووی باشوور، ب.ت. فەرەنسە (meridionally *adv*) ✿ *adj* 1 نصف‌النهاری 2 *n* جنوبی ساکن جنوب

meringue[1] /məˈræŋ/ *noun*

مێرەنگ (جۆرێ کەیک) ✿ مرنگ

meringue[2] /məˈraŋ/ = merengue

merino /məˈriːnəʊ, US -nəʊ/ *noun, pl.* merinos

مەڕی مێرینووس، خوری مێرینووس ✿ گوسفند مرینوس، پشم مرینوس

meristem /ˈmerɪstem/ *noun*

(ڕووەکناسی) دابەشان: ناوچەیێ لە شانەی ڕووەکی کە لە خانە چالاکەکانی دابەشکەر پێکهاتووە؛ ناوچەی دروستبوونی پرۆتۆپلازم و زێدەری شانەکان (بنەڕەت: لە *meristos* یۆنانی "divisible" + *-em*) ✿ مریستم

meristematic /-stəˈmatɪk/ *adjective*

سەربە یان پێوەندی دابەشان یان مێریستیمەوە هەیە، مێریستیمی (meristematically *adv*) ✿ وابسته به مریستم

meristematic cell *noun*

خانەی دابەشان یا مێریستیمی ✿ سلول مریستمی

meristem culture *noun*

چاند(ن)ی دابەشان یا مێریستیم ✿ کاشت مریستم

meristic *adjective*

سەربە یان دابەش بووە بەسەر کەرتە توێکارییەکان anatomical segments یان بەشە لەشییە هاوتاکان ✿ مریستیک

merit /ˈmerɪt/ *noun*

1 لێوەشاوەیی، لێهاتوویی، لێوەشانەوە، شایانی، شیاوبوون، بەرحەقبوون، پێشیان، پێڕەوایی،

a work of :پێ‌ڕەوابوون، بایەخ، نرخ
The plan is ◊ *outstanding artistic merit*
باشی، چاکیتی، چاکی 2 *entirely without -erit*
◌ 1 لیاقت، استحقاق، شایستگی، ارزش 2 مزیت

merit badge *noun*
(پێشەنگایەتی) نیشانەی هونەر ◌ نشانەی هنر

meritocratic /ˌmerɪtəˈkrætɪk/ *adjective*
سەربە مێریتۆکراسی، سەربە شایانسالاری ◌
وابستە بە شایستەسالاری

meritocracy /ˌmerɪˈtɒkrəsi, US -ˈtɑːk-/ *noun, pl.* meritocracies
1 شایانسالاری، حکومەتی لێوەشاوان، مێریتۆکراسی 2 وڵاتێ کە بەپێی ئەو سیستمە بەڕێوەبچێ، وڵاتی مێریتۆکراتیک ◌ 1
شایستەسالاری 2 کشوری با نظام شایستەسالاری

meritorious /ˌmerɪˈtɔːriəs/ *adjective*
(فەرمی) لێوەشاو، شیاو، لێهاتوو، پێ‌ڕەوا، پێ‌شیاو، بەرحەق، بەبایەخ، بەنرخ، شیاوی پیاهەڵدان یان پەسن، praiseworthy ◌
شایستە، لایق، مستحق، ستودە

meritoriously /ˌmerɪˈtɔːriəsli/ *adverb*
لێوەشاوانە، بە شێوەیەکی لێوەشاو ◌ بە طور شایستە

meritoriousness /ˌmerɪˈtɔːriəsnəs/ *noun*
لێوەشاوەیی، لێهاتوویی، لێوەشانەوە ◌
شایستگی، لیاقت

merle /mɜːl/ *noun*
(کۆن، سکاتلەند) ڕەشێشە، ڕەشپەڕ ◌ توکای سیاه، تُرمُتای

merlin /ˈmɜːlɪn, US ˈmɜːrlɪn/ *noun*, also pigeon hawk
مێرلین (بازی چکۆلە، سەقری چکۆلە، لاچینی چکۆلانە، جۆرێ بازی ڕەشی چکۆلە، باڵندەی ورد ڕاو دەکا [*Falco columbarius*]) ◌ مرلین

Merlin /ˈmɜːlɪn, US ˈmɜːrlɪn/ *noun*
مێرلین: غەیب‌بێژ و جادووگەرێ لە ئەفسانەی ئارتوردا ◌ مرلین

merlon /ˈmɜːlən/ *noun*
پایە: دیواری نێوانِ دوو کونی شوورە یان تیرگە embrasure ◌ شُرَفە

Merlot /ˈmɜːləʊ, US -lɒt/ *noun*
جۆرێ لە ترێ‌ڕەشەی مەی، لە بنەڕەتا هی Bordeaux (ناوچەیێ لە فەڕەنسە) ◌ مرلوت

mermaid /ˈmɜːmeɪd, US ˈmɜːrm-/ *noun*
پەری ئاوی، پەری دەریایی: بوونەوەرێکی دەریایی ئەفسانەیی بە سەر و بەژنی ژن و کلکی ماسی‌یەوە ◌ پری دریایی

mermaid' purse *noun*
کیسک یان جانتای پەری ئاوی یان پەری دەریایی: کیسەگەرای چەرمینە یان شاخینەی هێندێ لە ماسی‌یەلەبزینە skate، شارکە چکۆلەکان یان کرۆژەماسی‌یەکان cartilaginous fishes ◌ مرماید پورس

mermaid' wineglass *noun*
مەی‌خۆری پەری دەریایی: کلۆنی قەوزە سەوزەکان، هی دەریا گەرمەکان [*Acetabularia crenulata*] ◌ مرماید واینگلاس

merman /ˈmɜːmæn, US ˈmɜːr-/ *noun, pl.* merman
پیاوی دەریایی یان ئاوی ◌ مرد دریایی

mero- *prefix*
پێشگر: بەشی، تا ڕادەیێ، تا ئەندازەیێ: *meronym* (بنەڕەت: لە *meros* یۆنانی‌یەوە "part") ◌ پیشوند: جزئی، تا حدی

meroblastic *adjective*
بەشەداتلیشاو، بەشەداقلیشاو: خاوەنی قلیش یان تلیشی ناتەواو incomplete cleavage، لە ئەنجامی بوونی کۆمەڵکەیێ مەتریالی زەردێنە (بڕوانە holoblastic)؛ (ڕووەکناسی) بەشەڕسکاو، چەکەرەی هەڵدەر لە بەشێ لە توو ◌ مروبلاستیک

meroblastically *adverb*
لەباری مێرۆبلاستیکەوە، بەشەداتلیشاوانە ◌ از لحاظ مروبلاستیک

merocrine *adjective*
مێرۆکرین: خاوەنی دەردانێ کە زیانێکی گەورە یا زۆر بە خانە دەردەرەکان ناگەیێنێ ◌ مروکرین

merogonic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە مێرۆگۆنی‌یەوە هەیە ◌
وابستە بە مروگونی

merogony *noun*
بەشەگووران، بەشەپێکهات: گوورانی ئاولەمەیێ لە بەشەکانی هێلکەوە کە ناوکی هێلکەی نییە بەڵام خاوەنی ناوکی نێرینەیە ◌ مروگونی

meronym /ˈmɛrənɪm/ *noun*
(زمانەوانی) وشەی بەشەناو، پاژەناو، پاژەنێو (بنەڕەت: لە *meros* یۆنانی "بەش، پاژ part" + *onoma* "ناو، نێو") ◌ مرونیم

meronymy *noun*
(زمانەوانی) بەشەناوی، پاژەناوی، پاژەنێوی ◌
مرونیمی

-merous *suffix*
پاشگر (زیندەناسی): ـبەشی، ـبەشە: *pentamerous* (بنەڕەت: لە *meros* یۆنانی‌یەوە "part") ◌ پسوند: ـجزئی، ـبخشی

Merovingian /ˌmɛrəˈvɪn(d)ʒɪən/ *adjective, noun*
adj سەربە بەرەی Frankish، لە گۆل Gaul و ئەڵمانیا لە 500-750 دەسەڵاتیان گێڕا *n* ئەندامی ئەو بەرەیە، مۆرۆڤینگی ◌ مروونگین

merozoite *noun*
مێرۆزۆئیت (لە زاوزێی ناڕەگەزی هێندێ

sporozoan دا): خانەیێ کە لە schizont ـەوە
پەرەی سەندووە و لە(سەر) خڕۆکەیێکی سوور
مشەخۆری دەکا؛ ئەو خانانەی کە پێکهێنەری
مالاریان و لە خڕۆکە سوورەکانی خوێنەوە
پەرەیان سەندووە ۞ مروزوئیت

merrily /'merəli/ *adverb*
بە خۆشحالی(یەوە)، بە شادی(یەوە)،
خۆش‌خۆش ۞ با خوشحالی

merriment /'merimənt/ *noun*
1 خۆشحالی، شادی، (دڵ)خۆشی، دڵشادی،
کەیف، سەرخۆشی. 2 hilarity سوور، ئاهەنگ،
پێکەنین، قاقا، بەزم(ورەزم)، festivity ۞ 1
خوشحالی، شادمانی 2 جشن

merriness /'merinəs/ *noun*
خۆشحالی، شادی، دڵخۆشی، خۆشی، دڵشادی
۞ خوشحالی، شادمانی

merry /'meri/ *adjective* (merrier, merriest)
1 خۆش، بەکەیف، دڵشاد، دڵخۆش، شاد،
خەنی، رووبەپێکەنین: *a merry grin* 2
پێکەنینی 3 (نافەرمی، بریتانیا) سووکەمەست،
نیوەمەست، سەرخۆش، سەرمەست: *I was merry after only a glass of champagne*
۞ 1 خوشحال، خندان 2 خندەآور 3 نیمەمست

merry andrew *noun*
(کۆن) گاڵتەجاڕ، کۆستەبابی، قەشمەر، تەڵخەک
۞ دلقک

merry-go-round /'meri gəʊ ˌraʊnd/ *noun*
1 سارسارۆک، چەرخ‌وفەلەک، ماین‌چەقەڵ 2
مەیدانێ کە چەندین شەقام دەچنەوە سەر ئەو
۞ 1 چرخ‌وفلک 2 مری گو راند

merrymaker /'merimeɪkə(r)/ *noun*
خۆش‌گوزەران، شایی‌کەر، رابوێر، خۆش، شاد،
دڵخۆش، خۆشحاڵ، reveler ۞ عیاش،
خوش‌گذران، خوشحال

merrymaking /'merimeɪkɪŋ/ *noun*
خۆش‌گوزەرانی، بەزم‌ورەزم، بەزم، شایی،
رابواردن، شریخە و قاقای پێکەنین، revelery
۞ عیش و نوش

merrythough /'merim θɔːt/ *noun*
چەلەمە، چۆلەمە ۞ جناغ مرغ

mes(o)- /'mesəʊ, 'mezəʊ, 'miːsəʊ, 'miːzəʊ/ *prefix*
پێشگر: نیوەڕاست، نیوان، ناوین، ناڤین، میان
(بنەڕەت: لە *mesos* یۆنانی‌یەوە "middle") ۞
پیشوند: میان

mesa /'meɪsə/ *noun*
میسا، زەوی تەخت و بەرز (بنەڕەت: سپانیایی
"میز"، لە *mensa* لاتین) ۞ مسا

mésalliance /me'zalɪəns/ *noun*
زەماوەند یان ژن‌ومێردایەتی ناوهاوشان ۞
زناشویی ناهم‌کفو

mescal /'meskal, US me'skal/ *noun*
1 = maguey 2 جۆرێ لیکۆری مەستێنەر، لە
شیلەی agave دەگیرێ 3 = peyote ۞ مسکال

Mescalero *noun, pl.* same or Mescaleros
ئەندامی گەلێکی Apache ی تێکزاس و
نیومەکسیکۆ ۞ مسکالرو

mescaline /'meskəlɪn/ *noun*, also mescalin
مێسکالین: ئالکالۆیدێکی کریستاڵی
هالۆسیناتۆری hallucinatory $C_{11}H_{17}NO_3$، لە
جۆرێ کاکتوس دەگیرێ ۞ مسکالین

mesclun /'mesklən/ *noun*
مێسکلۆن: جۆرێ سالادی سەوزی Provencal،
تێکەڵەیێ لە گەڵا و گوڵی خۆراکی ۞ مسکلون

Mesdames /meɪ'dɑːm, -'dam/ = plural form of Madame

Mesdemoiselles /meɪd-, French med-/ = plural form of Mademoiselle

mesembryanthemum /mɪˌzembrɪ'anθɪməm/ *noun*
گوڵەنیوەڕۆ؟: جۆرێ رووەکی ئاوداری
ئەفریکای باشووری [تۆوخم
Mesembryanthemum] (بنەڕەت: لەسەر
بنچینەی *mesēmbria* یۆنانی "noon" +
anthemon "flower") ۞ نوعی گل

mesencephalic *adjective*
سەربە مێشکی نیوەڕاست ۞ وابستە بە مخ وسط

mesencephalon /ˌmesen'sef(ə)lɒn, ˌmiːz-, -'kef-/ *noun*
مێشکی نیوەڕاست، مێشکی ناوین ۞ مخ وسط

mesenchymal *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە mesenchyme ـەوە هەیە
۞ وابستە بە mesenchyme

mesenchyme /'mesəŋkʌɪm, 'miːz-/ *noun*
(ئاولەمەناسی) مێسینکیم، مێسینشیم، شانەی
ئاوەڵمەیی (یان ئاوڵەمەیی) embryonic tissue
کە پەرە دەستێنێ بۆ شانە بەستەر و
پەیکەرییەکان connective and skeletal
tissues ۞ مسنشیم، مسنکیم

mesenteric *adjective*
ریخۆڵەنیوەڕاستەیی، سەربە یان پێوەندمەند بە
ریخۆڵەڕاستەوە ۞ حاویەای

mesenteron /mɪ'sentərɒn/ *noun*
(گیانەوەرناسی) ریخۆڵەنیوەڕاستە: بەشی
نیوەڕاستی ریخۆڵە، ب.ت. لە ئاوەڵەمە embryo
یان جومگەداری ۞ مسترون

mesentery /'mes(ə)nt(ə)ri/ *noun, pl.* mesenteries
(توێکاری) ریخۆڵەنیوەڕاستە ۞ حاویە

mesh /meʃ/ *noun*
1 تۆڕ: *Nets should have fine meshes to*

wire mesh over the ◊ trap small particles
چاوە، کونی تۆڕ 3 *door of the cage* 2
تـــۆڕ 4 داو، تـــەنگوچەڵـــەمە. (meshes)
گیرەوکێشە، گێچەڵ، کێشە: *She felt trapped*
in a mesh of loyalty and guilt (meshed
adj: تۆڕی، تۆڕدار) ◌ 1 توری 2 سوراخ توری
3 (به جمع) شبکه 4 دام، مخمصه

meshuga /mɪˈʃʊɡə/ *adjective*, also meshugga
(نافەرمی، ئەمریکا) شێت ◌ دیوانه

meshwork /mɪˈʃwɜːk/ *noun*
تۆڕ: *a vascular meshwork* ◌ شبکه

meshy /ˈmɪʃɪ/ *adjective*
تۆڕی، تۆڕئاسا ◌ مشبک

mesial /ˈmiːzɪəl, ˈmɛsɪəl/ *adjective*
(تویکاری) نیوەڕاست(ی)، ناڤین (mesially
adv: نیوەڕاستانە) ◌ میانی

mesic /ˈmiːzɪk, ˈmɛzɪk/ *adjective*
(ژینگەناسی) کزر، نماوی، نیوەتەڕ، شێدار: *a*
a mesic plant ◊ mesic habitat (بڕوانە
xeric ،hydric) ◌ مرطوب، نمناک

mesic[2] /ˈmiːzɪk, ˈmɛzɪk/ *adjective*
سەربە meson ◌ وابسته به meson

mesmeric /mezˈmerɪk/ *adjective*
1 سەرنجڕاکێش، تەڵەسماوی، دڵڕفێن، ئەفسووناوی، چاوئەستێن: *She gave a mesmeric performance* 2 سەربە هیپنۆتیزم 3 خەوێنەر ◌ 1 جذاب، مسحورکننده 2 وابسته به هیپنوتیسم 3 خواب‌آور

mesmerism = hypnotism

mesmerist = hypnotist

mesmerized *adjective*
دڵڕفێنراو، شێت‌وشەیدا، دڵبەستە، سەوداسەر ◌ مسحور، مفتون

mesmerizing *adjective*
سەرنجڕاکێش، تەڵەسماوی، دڵڕفێن، ئەفسووناوی، چاوئەستێن (mesmerizingly
adv: سەرنجڕاکێشانە) ◌ مسحورکننده

mesne /miːn/ *adjective*
ناوین، نیوەڕاست، ناوەند، ناوەندی، لەنێوان ◌ میانی، متوسط

meso- /ˈmɛsəʊ, ˈmɛzəʊ, ˈmiːsəʊ, ˈmiːzəʊ/, also mes(o)- *prefix*
پێشگر: نیوەڕاست، نێوان، ناوەند، لەنێوان ◌ پیشوند: میانی، متوسط

Mesoamerica *noun*, geographical name
1 میزۆئەمریکا: ناوچەیێکی باشووری ئەمریکای باکووری کە بە درێژایی سەردەمانی pre-Columbian لە لایەن گەلانی Olmec، Mayan و Aztec ـەکانەوە داگیرکرا کە تایبەتمەندی هاوبەشی فەرهەنگییان هەیە، ناوچەیێ لە دەوروبەری ناوەندی مەکسیکەوە تا هۆندوراس و نیکاراگوا 2 (نە بە تەواوی) = Central America ◌ مزوامریکا

Mesoamerican *noun, adjective*
میزۆئەمریکایی ◌ مزوامریکایی

mesoblast /ˈmɛsə(ʊ)blast, ˈmɛz-, ˈmiːs-, ˈmiːz-/ *noun*
(ئاوەڵمەناسی) پێستی نیوەڕاستی ئاوەڵمە لە سەرەتاترین قۆناخەکانیدا (mesoblastic *adj*: سەربە میزۆبلاست) ◌ مزوبلاست

mesocarp *noun*
توێی نیوەڕاستی توێکڵی میوەیێ، نێوبەر ◌ مزوکارپ

mesocarpic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە mesocarp ـەوە هەیە ◌ وابسته به مزوکارپ

mesocephalic /ˌmesə(ʊ)sɪˈfalɪk, ˌmez-, ˌmiːs-, ˌmiːz-, -ke-/ *adjective*
(تویکاری) نێوانسەر، خاوەنی سەرێکی ئەندازە ◌ میان‌سری

mesocyclone *noun*
میزۆسایکلۆن: بارستە هەوایێکی نێو thunderstorm ی کە بە خێرایی دەخولێتەوە و زۆرجار گێژەڵووکەی لێ‌دەکەوێتەوە ◌ مزوسایکلون

mesoderm *noun*
(ئاولەمەناسی) نێوانپێست، پێستی نیوەڕاست، پەردەی نیوەڕاست، توێی نیوەڕاستی خانە یان شانەی ئاوەڵمەیێ، یان ئەو بەشانەی لەوەوە پێکهاتوون (ب.ت. کرۆژە، ئێسک و ماسوولکەکان) ◌ مزودرم

mesodermal *adjective*
نێوانپێستی، سەربە پەردەی نیوەڕاست ◌ وابسته به مزودرم

mesogastric *adjective*
سەربە ناوچەی نیوەڕاستی زگ ◌ وابسته به مسوگاستریوم

mesogastrium *noun*, *pl.* mesogastria
(تویکاری) ناوچەی نیوەڕاستی زگ (یان ورگ) ◌ مزوگاستریوم

mesoglea *noun*, also mesogloea
نێو(ان)ولولە، نێو(ان)چەسپ(ـە): ماکێکی ولولەیی gelatinous material (و ناخانەیی noncellular) نێوان endoderm و ectoderm ی ئیسفەنجەکان و coelenterates ◌ مزوگلیا

mesogleal *adjective*
نێو(ان)ولولەیی، سەربە mesoglea ◌ وابسته به مزوگلیا

Mesolithic *adjective*
نێو(ان)بەردین ◌ میانه‌سنگی

Mesolithic Age *noun*

سه‌رده‌می به‌ردینی نیوه‌راست (= به‌شێ له سه‌رده‌می به‌ردین که له کۆتایی سه‌رده‌می کۆنی به‌ردین تا ده‌سپێکی سه‌رده‌می به‌ردینی نوێ به‌رده‌وامه، و نیوان 6000 تا 10000 سالی خایاندووه، و کشت‌وکاڵ ده‌ستی پێ‌کردووه) ۞ عصر میانه‌سنگی

mesomere *noun*
نیو(ان)پارژه: بلاستومێرێ به ئه‌ندازه‌ی مام‌ناوه‌ندی‌یه‌وه، به‌شی نیوه‌راستی نیوان‌پێست mesoderm ۞ مسومر، مزومر

mesomeric *adjective*
سه‌ربه یان پێوه‌ندی به mesomerism ـه‌وه هه‌یه ۞ وابسته به مسومریسم

mesomerism /mɪ'sɒmərɪz(ə)m, mɪ'zɒm-/
= old-fashioned term for resonance (Chemistry)

meson /'miːzɒn, 'mɛzɒn/ *noun*
(فیزیک) مێسۆن، میزۆن، مێزۆن، نیوانۆن، ناڤۆن: پارچۆلکه‌یێکی ژێرگه‌ردیله‌یی ده‌که‌وێته نیوان بارستایی ئێلێکترۆن و پرۆتۆن (بنه‌ره‌ت: meso "ناڤ، نیوه‌راست، نیوان" + -on "پاشگر")، میزۆن ۞ مزون

mesonephric *adjective*
سه‌ربه یان پێوه‌ندی به نیوان‌گورچیله‌وه هه‌یه ۞ وابسته به مزونفروس

mesonephros *noun, pl.* mesonephri
نیوان‌گورچیله، گورچیله‌ی نیوه‌راست ۞ مزونفروس

mesonic /mɪ'zɒnɪk/ *adjective*
مێسۆنیک، ناڤۆنی، سه‌ربه مێسۆن یان مێزۆن ۞ وابسته به مزون

mesoparasites *noun, pl.*
(زینده‌ناسی) نیوان‌مشه‌خۆره‌کان، نیومشه‌خۆره‌کان ۞ میانگل‌ها

mesopause *noun*
ئه‌و سنووره‌ی که‌شی زه‌وی نیوان میزۆسفێر و تێرمۆسفێر ۞ مزوپوز

mesopelagic /ˌmɛsə(ʊ)pɪ'ladʒɪk, ˌmɛz-, ˌmiːs-, ˌmiːz-/ *adjective*
(زینده‌ناسی) نیوان‌ده‌ریازی، نیوان‌زێ: دانیشتووی قووڵایی‌یه ناوه‌راسته‌کانی ده‌ریا، سه‌ربه‌و قووڵایی‌یانه‌ی ده‌ریا و ئۆقیانووسه‌کان ده‌وربه‌ری 600 پێ تا 3000 پێ (200 تا 1000 میتر) ۞ مسوپلیاجیک

mesophil *adjective,* also mesophilic or mesophilous
(زینده‌ناسی) نیوان‌خواز، نیوان‌دۆست ۞ مزوفیل

mesophily *noun*
(زینده‌ناسی) نیوان‌خوازی، نیوان‌دۆستی، میزۆفیلی ۞ مزوفیلی

mesophloem *noun*
(زینده‌ناسی) نیوان‌نیان، نیوان‌ریشالاوک، نیوان‌ره‌گاو، نیوان‌ئاوبه‌ر، نیوائاوکێش ۞ مزوفلوم

mesophyll /ˌmɛsəfɪl/ *noun*
(زینده‌ناسی) نیوان‌گه‌ڵا، نیوگه‌ڵا: شانه‌ی نیوه‌وه‌ی گه‌ڵایێ، که کلرۆپلاستیکی زۆری تیایه ۞ مزوفیل

mesophyllic *adjective,* also mesophyllous
نیوان‌گه‌ڵایی، نیوگه‌ڵایی ۞ وابسته به مزوفیل

mesophyte *noun*
رووه‌کێ که پێویستی به بڕێکی که‌می ته‌ڕایی هه‌یه (mesophytic *adj*: سه‌ربه یان پێوه‌ندی به mesophyte ـه‌وه هه‌یه) ۞ مزوفیت

mesoplankton *noun*
(زینده‌ناسی) نیو(ان)سه‌رئاوه‌کی ۞ میان‌دروازی

mesoplast *noun*
(زینده‌ناسی) ناوکی خانه، نیوکی ژووره، میزۆپلاست ۞ هسته‌ی یاخته

Mesopotamian /ˌmɛsəpə'teɪmɪən/ *noun, adjective*
n دانیشتووی ره‌سه‌نی میزۆپۆتامیا (Mesopotamian /ˌmɛsəpə'teɪmɪən/) میان‌دووان، مێسۆپۆتامیا، میزۆپۆتامیا، ناوڕوان: ناوچه‌یێ له باشووری رۆژاوای ئاسیا نیوان دیجله Tigris و فورات Euphrates، چیاکانی رۆژهه‌ڵاتی ئاسیای بچووک تا که‌نداوی فارس)، میزۆپۆتامیایی *adj* سه‌ربه میزۆپۆتامیا، میزۆپۆتامیایی ۞ بین‌النهرینی، (وابسته به) میان‌رودان

mesopsammon *noun*
(زینده‌ناسی) نیوان‌لم(ـه‌)ژی: ئه‌و گیانه‌وه‌رانه‌ی که له نیوان که‌ڵێن و کونی چۆڵی نیو لمه‌کاندا ده‌ژین ۞ میان‌ماسه‌زی

mesorchium *noun*
(زینده‌ناسی) نیوان‌باتوو، نیوان‌هێلکه ۞ میان‌بیضه

mesosaur *noun*
نیوه‌راسته(مار)هێلکه، ناوینه(مار)هێلکه: خشۆکێکی ئاوی چکۆله‌ی قرتێکه‌وتووی سه‌ره‌تای سه‌رده‌می Permian، لمۆزی باریک و درێژ و ددانێکی زۆره‌وه ۞ مزوسور

mesoscale *noun*
به ئه‌ندازه‌ی (مام)ناوه‌نده‌وه، ب.ت. ئه‌وه‌ی که پێوه‌ندی به دیارده‌یێکی که‌ش‌ناسی یان هه‌واناسی‌یه‌وه بێ و له 10 تا 1000 کیلۆمیتر له به‌رینایی و پانتایی ئاسۆیی‌یه: *mesoscale cloud* *pattern* ۞ مزوسکیل

mesosome *noun*
نیو(ان)له‌ش: 1 به‌شی پێشه‌وه‌ی زگی جاڵجاڵۆوکیان 2 پێکهاته (یان ئه‌ندامچه) یێکی نیو خانه‌ی به‌کتریایی که به هۆی تێچوونی به‌رده‌ی پلازمایی بۆ نیو پرۆتۆپلازمه‌وه پێکدێ و هه‌وێنه‌کانی هه‌ناسه‌دانی respiratory

Mesozoic /ˌmɛsə(ʊ)ˈzəʊɪk, ˌmɛz-, ˌmiːs-, ˌmiːz-/ *adjective*
ژیانی نیوەڕاست، نێوانژیان ◌ میانزیوی

Mesozoic Era *noun*
سەردەمانی ژیانی نیوەڕاست یان نێوانژیانی (دووەمین سەردەمانی سیانەی زەویناسی کە لە نێوان Palaeozoic و Cenozoic دایە و بەسەر سێ سەردەمی ترياسیک Triassic، ژووراسیک Jurassic و کریتاسـیە Cretaceous دابـەش دەکرێ. ئەم سەردەمانە 245 تا 65 میلیۆن ساڵ لەوە پێش بووە و بەدرێژایی ئەو گیانەوەرانی خشۆک و لەشنەرم و جۆرێ لە باڵندە سەرەتاییەکان دەرکەوتوون و گڕکانەکان چالاک بوون) ◌ دوران میانزیوی

mesquite /ˈmɛskiːt, US mɛˈskiːt/ *noun*
جۆرێ داری درکاوی، ڕەسەنی باشووری ڕۆژاوای مەکسیک و ئەمریکا [*Prosopis glandulosa* و جۆرە پێوەندیدارەکانی] ◌ کهور

mess[1] /mes/ *noun*
1 چێشتی ئاوەکی، شلپیتاو، شۆرباو 2 تێکەولێکەیی، شپرزەیی، نارێکوپێکی، شێواوی، ئاڵۆزی: *The room was in a mess*. (سەگ، پشیلە و هتد) پیسایی، گوو، تەرس 3 گووکاری، تیریان 4 گەنوگوو، پیسوچەپەڵ 5 تەنگوچەڵەمە، گیرەوکێشە، گێچەڵ، کێشە، گیرکردن، پێوەبوون: *The economy is in a mess* ◊ *The whole situation is a mess* 6 مرۆی گڵاو، تەرەس ◌ 1 غذای آبکی 2 بەهەمریختگی 3 مدفوع 4 افتضاح 5 کثافت 6 دردسر، گرفتاری 7 آدم کثافت

mess[2] /mes/ *noun*
(ئەندامانی ئەرتەش و هێزی دەریایی) دیوی نانخواردن ◌ مس

message /ˈmɛsɪdʒ/ *noun*
پەیام، سپارشت، ڕاسپاردە، میساژ: *I left a message on her voicemail* ◊ *an email message* ◊ *a film with a strong religious message* ◌ پیام، پیغام، رسالت

message board *noun*, also electronic bulletin board
جێپەیام (شوێنێ لەسەر ویبسایت کە دەتوانی پەیامی لەسەر بنووسی یان بەجێبێڵی): *I posted a question on the message board* ◌ میسیج بورد

mdessage stick *noun*
داری پەیام (نێوان سەرەتانشینانی ئەوسترالیا) ◌ میسیج استیک

messaging *noun*
پەیامنێری: ناردنی پەیام بە یارمەتی دەزگای ئێلیکترۆنیک ◌ میسیجینگ

messenger /ˈmɛsɪndʒə(r)/ *noun*

enzymes تیایە ◌ مزوزوم

mesosphere /ˈmezəsfɪə(r), ˈmiːz-, US -sfɪr/ *noun*
نێوانگۆ، گۆی نیوەڕاست، چینەناوینە، مێسۆسفێر، ناوچەیێ لە بەرگەزەوی لە ژوور stratosphere و لە ژێر thermosphere، (دەوروبەری) نێوان 50 تا 80 کیلۆمیتر بەرزاییەکەیەتی (mesospheric *adj*: سەربە نێوانگۆ، سەربە مێسۆسفێر، چینەناوینەیی) ◌ میانکره

mesosternum *noun*
نێو(ان)سنگەکوڵە، نێو(ان)سنگەچەڵەمە: بەشی نیوەڕاستی ئێسکەکوڵەی سنگ لە بڕبڕەدارەکاندا ◌ میانجناغ

mesothelial *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە مێزۆتێلیۆمەوە هەیە ◌ وابستە بە مزوتلیوم

mesothelioma /ˌmɛsə(ʊ)ˌθiːlɪˈəʊmə, ˌmɛz-, ˌmiːs-, ˌmiːz-/ *noun*
(پزشکی) شێرپەنجەی شانەی mesothelial ◌ مزوتلیوما

mesothelium /ˌmɛsə(ʊ)ˈθiːlɪəm, ˌmɛz-, ˌmiːs-, ˌmiːz-/ *noun*, *pl.* mesothelia
رووکەشەشانەی بێخ و بنەڕەتی mesodermal کە بۆشاییەکانی لەش (ب.ت. هی ئاوەڵمە) دادەپۆشێ ◌ مزوتلیوم

mesostherm *noun*
نێو(ان)گەرما، نێو(ان)گەرمی: ڕووەکێ کە لە گەرماییکی کەم یان مامناوەندا باش هەڵدەدا ◌ میانگرما

mesothoracic *adjective*
سەربە نێو(ان)سنگ، سەربە mesothorax ◌ وابستە بە مزوتوراکس

mesothorax *noun*
نێو(ان)سنگ، نێوسینە، بەش یان کەرتی نیوەڕاستی سنگی مێرووی insect segment ◌ مزوتوراکس

mesothorium *noun*
نێوانتۆریۆم، تۆریۆمی نیوەڕاست، هەریەک لە دوو بەرهەمی ڕادیۆئەکتیڤیتی نێوان تۆریۆم و ڕادیۆتۆریۆم ◌ مزوتوریم

mesothrophic *adjective*
(ژینگەناسی) نێو(ان)خۆراک، نێو(ان)خواردەمەنی، مێزۆترۆفیک: شێوەی ژیانێ کە لە نێوان ساپرۆفیتی و مشەخۆریدا بێ (بڕوانە eutrophic و oligotrophic) ◌ مزوتروفیک

mesozoan *noun, adjective*
نێوانگیانەوەران: دەستەیێ لە زیندەوەرە کرمینە مشەخۆرەکان، کە فرەخانەیین بەڵام ڕێکخستنێکی یەکجار سادەیان هەیە [لق *Mesozoa*] *adj* سەربە یان پێوەندی بە نێوانگیانەوەرانەوە هەیە ◌ مزوزوان

راسـپارده، نێـردراو، نامەبـەر، پـەیامراگـوێز، پـەیامهەڵـگر، پەیامبـەر، ئیلچـی، پـەیک: *a motorcycle messenger* ۞ قاصد، فرستاده، پیک

messenger boy *noun*

پەیامبەر، نامەبەر، پەیامهەڵگر ۞ پادو

messenger RNA *noun, abbreviation* mRNA

ئـارئێنئـەی راسـپارده، ئـارئێنئـەی زانیـاری (informational RNA): شێوەیێکی ئارئێنئەی کە لەودا زانیاری بۆماوەیی لە (ڕووی DNA یەوە هـەڵدەگیرێتـەوە، ئـارئێنئـەی یێ کـە بـە ڕێگـای لەبـەرهـەڵـگرتنەوە transcription (وە) بەرهەم هاتووە کە کۆدێ بۆ پرۆتێینێکی تایبـەتی لە دیئێنئەی ناوکی یەوە nuclear بۆ ریبۆزۆمێکی نێو سایتۆپلازم هەڵدەگرێ و وەک نموونەیێ بۆ پێکهێنـانی ئـەو پرۆتێینـە کـار دەکـا (بڕوانـە transfer RNA) ۞ آرانای پیک یا اطلاعاتی

mess hall = mess[2]

Messiah /mə'saɪə/ *noun*

1 (لە دینی جوولەکەدا) مەسیحی بەڵێنیدراو یان چاوەڕوان کراو 2 (مەسیحیەت) عیسا مەسیح 3 (messiah) ڕزگارکـەر، ڕێبـەر (بنـەڕەت: بـە ڕێگـای late Latin و یۆنـانی لـە *māšīaḥ* عیبری یەوە) ۞ 1 (دیـن یهـود) مـسیح موعـود 2 عیسی مسیح 3 (با m) منجی، رهبر

messianic /ˌmesi'ænɪk/ *adjective*

میـسـانیک، میـسـایاباوەڕ، میـسـایاباوەڕانە ۞ مسیحاباور، مهدویت‌باورانه

messianism /mɪ'sʌɪənɪz(ə)m/ *noun*

میسایاباوەڕی ۞ مهدویت

messieurs = plural form of monsieur

messing alowance *noun*

پارە یان حەقی خۆراک یان نان، حەقی خوان ۞ پول غذا

mess jacket *noun*

چاکەت یا کەوای ئەفسەران، لە mess دا لەبەری دەکەن ۞ ژاکت نظامی

mess kit *noun*

1 قـاپوکـەوچکی نـانخـواردنی سـەربازان 2 یونیفۆرمێکی سەربازی لە بۆنەی تایبەتی mess دا دەیپۆشن ۞ 1 ظروف غذاخوری سربازان 2 مس کیت

messmate *noun*

هاوخۆراک، هاوخوان، ناوەڵقاپ، هاوسفرە (لە کەشتیدا) ۞ هم‌غذا

Messrs /'mesəz, US -sərz/ *noun, plural form of* Mr.

بەڕێزان، سـەیدایان، ئاغایـان (بنـەڕەت: کورتـەی Messieurs) ۞ آقایان

mess tin *noun*

(بریتانیا) یەغلەبی، قاپێکی کانزایی لاکێشەیی، بەشێکە لە mess kit ۞ یغلاوی

messuage /'meswɪdʒ/ *noun*

1 نیوە، نێوەڕاست، ناوەند، ناقبەند، مابەین، ناقین، نێوان، ناقبەر، ناوچەق، چەق 2 نێوەڕاستەکانی ⬡ 1 میانه، وسط، نیمه 2 اواسط

mid[2] /mɪd/ = amid

mid- /mɪd/ *prefix*
پێشگر: نێوان، نێوەڕاست، ناو، نیوە، چەق، ناوچەق، مابەین (بنەڕەت: لە *midd* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت، پێوەندی بە *medius* لاتین و *mesos* یۆنانییەوە هەیە) ⬡ پیشوند: میان، میانی

midair *noun, adjective*
لە حەوادا، لە ئاسماندا، نە لە عەرز، شوێن یان ناوچەیێ لە حەوا، زۆر نزیک عەرز نییە: *the planes collided in midair* ⬡ در هوا

Midas touch /ˈmaɪdəs tʌtʃ/ *noun*
(the Midas touch) توانایی پێکەوەنانی ماڵ و دارایییەکی زۆر (میتۆلۆژی یۆنانی؛ بنەڕەت: لە *Midas* پادشای Phrygia، ئەو هێز و توانایییەی (لە لایەن Dyonysus) پێی بەخشرابوو تاکوو دەست لە هەر شتێ بدا، بیکا بە زێڕ) ⬡ اعجاز پول‌سازی

mid-Atlantic *adjective*
1 هەڵکەوتوو یان ڕووداو لە نێوەڕاستی ئۆقیانووسی ئەتلانتیک 2 خاوەنی تایبەتمەندی هەم بریتانیایی و هەم ئەمریکایی ⬡ میدآتلانتیک

midbrain *noun*, also mesencephalon
(توێکاری) مێشکی نێوەڕاست، نێوانمێشک: بەشی ناوەندی و چکۆلەی پایەمێشک brainstem، لە ناوەند یان نێوەڕاستی مێشکی ئاوەڵمەیی یان سەرەتادا پەرە دەسێنێ ⬡ مغز میانی

midday /ˌmɪdˈdeɪ/ *noun, adjective*
نیوەڕۆ، نێوەڕاستی ڕۆژ، ناقرۆژ ⬡ ظهر

midden /ˈmɪdn/ *noun*
1 سەرانگوێلک، سەنوێلک، سرکەوان، گووفک، سر، جێگای پەین و پاڵ 2 کورتەی kitchen midden ⬡ تودەی زباله

middle /ˈmɪdl/ *noun, adjective*
n 1 نێوەڕاست، ناوەڕاست، چەق، کونەڵە، نێوان،

ناوەند، ناڤین، ناڤبەند، ناوچەق: *the middle house in the row ◊ a lake with an island* 2 (نافەرمی) پشتێنە، نیوقەد، کەمەر: *He grabbed her around the middle ◊ I've put on weight around the middle* *adj* نیوەڕاست، مابەین، ناڤین: *Pens are kept in the -dle drawer ◊ a middle-sized room* ۞ *n* 1 وسط، میان 2 کمر *adj* میانی، وسطی

middle age *noun*

پاییزی تەمەن، قەرتی، نێوانتەمەنی، سالانی ناوەڕاستی عومر (45 تا 60): *a pleasant woman in early/late -ddle age* ۞ میانسالی

Middle Ages *noun, pl.*

سەدەکانی نیوەڕاست: سەردەمێ لە مێژووی ئەوروپادا لە رووخانی ئیمپراتۆری رۆم لە رۆژاوا (سەدەی پێنجەم) تا دارمانی Constantinople (1453) یان وردتر، لە دەوروبەری 1000 تا 1453 ۞ قرون میانه

middle-aged /'mɪdl 'eɪdʒd/ *adjective*

نێوانتەمەن، قەرت، قەیرە، گەڕاوە، گەیشتوو بە سالانی نیوەڕاستی ژیان (سەرەمێر: پیاوی ئەو تەمەنە) ۞ میانسال

middle-age(d) spread *noun*

قەڵەوی سالانی نیوەڕاستی تەمەن، قەڵەوی نێوانتەمەن ۞ چاقی میانسالی

Middle America *noun*

1 ئەمریکای نیوەڕاست (تەکەنارەکانی رۆژهەلات یا رۆژاوا) 2 مەکسیک و ئەمریکای ناوەندی ۞ 1 امریکای میانه 2 مکزیک و آمریکای مرکزی

middlebrow /'mɪdlbraʊ/ *adjective, noun*

adj بێمایە، سەرپێی، سەرسەرەکی، فشە، کەممایە، نیمچە رۆشنبیر *n* مرۆی کەممایە یان بێمایە ۞ *adj* سطحی *n* آدم سطحی

middle C *noun*

(نۆت) سی نیوەڕاست ۞ دو میانی

middle class *noun*

چینی نیوەڕاست (ی کۆمەڵگا) ۞ طبقەی متوسط

middle-class /ˌmɪdl 'klɑːs/ *adjective*

تایبەت بە چینی نیوەڕاست: *a middle-class background /family/suburb* (middle-classness *n*) ۞ خاص طبقەی متوسط

middle course *noun*

ریگای مامناوەندی ۞ راه متعادل

middle distance *noun*

مەودای نێوان، نێوانمەودا (بەشێ لە وێنە، دیمەن و هتد کە لە نێوان پێشخان و پاشخان یان پێشەوە و پاشەوە دایە) ۞ میانزمینه

middle-distance *noun*

پێشبڕکێی راکردنی مامناوەند یان نێوانمەودا (لە نێوان 800 یان 1500 میتر)، راکەری پێشبڕکێی نێوانمەودا ۞ میدل دیستنس

Middle Dutch *noun*

زمانی هولەندی لە 1100-1500، هولەندی نیوەڕاست ۞ هلندی میانه

middle ear *noun*

گوێی نیوەڕاست ۞ گوش میانی

the Middle East *noun*

رۆژهەلاتی نیوەڕاست، خۆرهەلاتی ناڤین ۞ خاورمیانه

Middle Eastern *adjective*

سەربە رۆژهەلاتی نیوەڕاست ۞ وابسته به خاورمیانه

Middle England *noun*

چینە نیوەڕاستە کۆنەپارێزەکانی ئینگلتەرە ۞ طبقات متوسط انگلیستان

Middle English *noun*

(زمانەوانی) ئینگلیسی نیوەڕاست (1100_1500 یان 1150-1470ی زایینی) ۞ انگلیسی میانه

middle finger *noun*

قامکی نیوەڕاست، بالابەرزە، براقیتە، ئال، دوڵەدرێژ ۞ انگشت وسط

Middle Franch *noun*

(زمانەوانی) فەرەنسی نیوەڕاست (1300_1500ی زایینی) ۞ فرانسوی میانه

Middle Greek *noun*, also Medieval Greek

(زمانەوانی) یۆنانی نیوەڕاست (600_1400ی زایینی) ۞ یونانی میانه

middle ground *noun*

1 هەڵوێستی نەرم(ەوانە)، باروودۆخی ناتوندڕەوی، رەوشی مامناوەندی یان نیوەڕاست 2 مەودای نیوەڕاست (لە وێنەکێشی یان وێنەگری‌دا) ۞ 1 حد وسط 2 حد زمینه

Middle High German *noun*

زمانی ئەڵمانی باشووری (لە 1200-1500ی زایینی) ۞ زبان آلمانی جنوبی

Middle Irish *noun*

زمانی ئیرلەندی نیوەڕاست (لە نێوان سەدەی دەیەم تا سێزدەیەمی زایینی) ۞ ایرلندی میانه

middle lamella *noun*

توێ یان توێژاڵی نیوەڕاست (نێوان دیوارەکانی خانە رووەکی لێکنزیکەکان) ۞ لایەی میانه

Middle Low German *noun*

زمانی ئەڵمانی باکووری (لە ئەڵمانیای باکووری قسەی پێدەکرێ) لە دەوروبەری 1200-1500ی زایینی) ۞ زبان آلمانی شمالی

middleman /'mɪdlmæn/ *noun, pl.* middlemen

1 دەلال 2 ناوبژیوان، رێکخەر، intermediary، go-between ۞ 1 واسطه 2 میانجی

middle management *noun*

بەڕێوەبەرایەتی پارچەیی، نیوەبەڕێوەبەرایەتی (بەرپرسی دەستەیەکی چکۆلەی خەڵک کە ناتوانن بڕیارێکی وا بدەن کە کار بکاتە سەر

تیکرای سیستمی ریکخراوەکە) ۞ مدیریت میانی
middle manager *noun*
نیوەبەڕیوەبەر، بەڕیوەبەری پارچەیی ۞ مدیر میانی
middle name *noun*
ناوی چکۆلەی دووەم، نێوی دووەم ۞ اسم دوم
middle of nowhere *noun*
جێگـای لاپـەڕ، جێـی چەپـەک، چەپـەکان، دوورایی، دوور لە ناوایی: *ran out of gas in the middle of nowhere* ۞ جای دورافتاده
middle-of-the-road *adjective*
1 نەرمـڕەو، نـەرم‌ڕۆ، ناتونـڕەو، مـام‌ناوەنـد، ناپـەرگیر، ناتونڕەوانـە، پەسـندکراوی زۆرینـە، نەرم‌ڕەوانـە: *a middle-of-the-road newspaper* 2 ئاسـایی، رەمەکی، مام‌ناوەند ۞ 1 میانەرو، بینابینی 2 معمولی
Middle Passage *noun*
سەفەری زۆرەملێی کۆیلە ئەفریکاییەکان لە ئۆقیانووسی ئەتلانتیکەوە تا ئەمریکا ۞ میدل پاساژ
Middle Persian *noun*
فارسی نیوەڕاست (لە دەوروبەری 200 پێش زایینەوە تا 1000ی پاش زایین) ۞ فرسی میانه
middle-ranking *noun*
پایەنیوەڕاست، پایەناوین، پلەناوین، پایەمیانە ۞ میدل رانکینگ
middle school *noun*
خوێندنگای ناوەندی (لە ئەمریکا بۆ منداڵانی تەمەن 14_11) و (لە بریتانیا بۆ منداڵانی تەمەن 12_8 ساڵان) ۞ مدرسەی راهنمایی
Middle Scots *noun*
زمـانی سـکاتلەندییەکـان (لـە نیوەی دوایـی سەدەی پازدەیەم تا دەیە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەیەم) ۞ میدل اسکاتس
middle-sized /ˈmɪdl saɪzd/ *adjective*
ئەندازە، نە زۆر گەورە و نە زۆر چکۆلە، دەستە ۞ اندازە
middleware /ˈmɪdlweə(r)m US ˈmɪdlwer/ *noun*
میدڵوار: بەرنامەیێ بۆ پێکەوەکارکردنی بەرنامە جیاوازەکان ۞ میدلوار
middle watch *noun*
ئۆبەداری یان کێشکی نیوەشەو تا سەعات 4ی بەیانی لەسەر کەشتی ۞ نگهبانی نیمەشب
middleweight /ˈmɪdlweɪt/ *noun*
(بۆکسۆر) نێوان‌کێش، دەستە (لە نێوان 72/5_67 کیلۆگرەم) ۞ میانوزن
Middle Welsh *noun*
وێلزی نیوەڕاست (لە دەوروبەری 1150 تا 1500) ۞ ولزی میانه
the Middle West = Midwest
middling /ˈmɪdlɪŋ/ *adjective, adverb*
1 مابەین، مام‌ناوەند، ناوەند، ناقبەند، ئەندازە، دەستە، نە باش نە خراپ، نیوەڕاست: *a golfer of middling talent* 2 کەم‌تاکورتێ، تا ئەندازەیێ ۞ 1 بینابین، متوسط 2 نسبتا
middlingly /ˈmɪdlɪŋli/ *adverb*
بە شێوەیەکی مابەین ۞ بە طور متوسط
middlings *noun, pl.*
1 شتومەکی خراپ یان دەستە 2 ئاردی زبر ۞ 1 جنس بنجل 2 آرد زبر
middy, *pl.* middies = (informal) midshipman
midfield /ˈmɪdfiːld, US ˌmɪdˈfiːld/ *noun*
1 (تۆپێن و هتد) بەشی نیوەڕاستی یان ناوەندی گۆرەپـان (ی وەرزشـی): *He plays (in) midfield* 2 یاریزانی بەشی نیوەڕاستی گۆرەپان (یان مەیدان) ۞ 1 بخش میانی میدان 2 بازیکن بخش میانی زمین
midfielder /ˈmɪdfiːldə(r)/ *noun*
یاریزانی بەشی نیوەڕاستی گۆرەپان، یاریزانی هێڵی نیوەڕاستی یاریگا ۞ بازیکن بخش میانی زمین
Midgard *noun*, Old Norse *mithgarthr*
میدگارد: مەکۆ یان خانووی مرۆڤ (لە میتۆلۆژی Norse دا) ۞ میدگارد
midge /mɪdʒ/ *noun*
1 وردەمێش، خاکە، مێشەخاکی، مێشوولە، مـووروک، وردەپێشکە [خێزانـەکـانی Ceratopogonidae (پێـوەدەرەکـان) و Chironomidae، زۆر جۆرن]: بۆ ناوی مێشە وردەکانی تر بەکاردێتری کە کرمۆکەکانی بەلای رووەک یان گژوگیان، ب.ن. gall midge 2 (نافەرمی) مرۆی کرگن، گرگل ۞ 1 پشەریزە 2 آدم ریزەمیزە
midget /ˈmɪdʒɪt/ *noun, adjective*
n مرۆی بستەباڵا، گرگن، فیرنەگولە، گرگل *adj* ورد، وردیلانە، چکۆلانە ۞ *n* آدم کوتولە *adj* ریز
midgut *noun*
(گیانەوەرناسی) نێوان‌ریخۆلە: بەشی نیوەڕاستی کاناڵ یان جۆگەی هەرس(اندن) alimentary canal ۞ قسمت میانی مجرای هاضمە
Midh *abbreviation* midshipman
MIDI /ˈmɪdi/ *noun*, acronym from musical instrument digital interface
میدی: کاتێکشن یان بەرنامەیێ کە ئامێرە موسیقاییە ئێلیکترۆنییەکان و کامپیوتێرەکان پێک دەبەستێتەوە ۞ میدی
midi *noun, pl.* midis
کەوا، کراس یان داوێنی تا سەرپووز ۞ میدی
Midianite *noun*, *Midian*, son of Abraham
(*Midian* کـوری بـرایم (= ئیـبراهیم) Abraham) ئەندامی گەلێکی کۆنی عەرەبی باکووری ۞ میدیانیت
midland /ˈmɪdlənd/ *noun, adjective*
n 1 ناوچە نیوەڕاستەکان، بەشی نیوەڕاستی

ولاتێ 2 (Midland) بەشی نێوەڕاستی ئینگلتەرە 3 بەشی ناوەندی ولاتە یەکگرتووەکان 4 (the Midlands /ˈmɪdləndz/) بەشی نێوەڕاستی ئینگلتەرە، پشتێنەی ئینگلتەرە *adj* 1 سەربە (Midland) 2 midland سەربە بەشی نێوەڕاستی ئینگلتەرە 3 سەربە بەشی ناوەندی ولاتە یەکگرتووەکان ۞ *n* 1 بخش میانی یا مرکزی کشور 2 (با M) بخش میانی انگلستان 3 (the Midlands) 4 بخش مرکزی ایالات متحده midland *adj* 1 وابسته به بخش میانی انگلستان 2 (با M) وابسته به بخش میانی انگلستان 3 میدلند

Midlander *noun*
1 دانیشتووی بەشی نێوەڕاستی ئینگلتەرە، خەڵکی ئەوێ 2 (midland) خەڵکی بەشی نێوەڕاستی ولاتێ ۞ 1 ساکن بخش میانی انگلستان 2 ساکن بخش میانی یا مرکزی کشوری

midlife /mɪdˈlaɪf/ *noun*
پاییزی تەمەن، ناوەڕاستی تەمەن، قەرتی، نێوانتەمەن ۞ میانسالی

midlife crisis *noun*
قەیران یان تەنگژەی نێوانتەمەنی، قەیرانی تەمەنی نێوەڕاست، تەنگژەی پاییزی تەمەن ۞ بحران میانسالی

midline *noun*
هێڵی نێوەڕاست، هێڵی ناقین (هەردوو لا هاوتا) ۞ خط میانی، خط وسط

midmost *adjective, adverb*
adj نێوەڕاست، دروست لە نێوەڕاستا، لە ناو چەقا، ناوەندیترین، ژوورەوەترین، نێوەڕاستترین، هەرەنێوەوە *adv* دروست لە نێوەڕاستا ۞ *adj* میانی، درست در وسط، درونیترین *adv* درست در وسط

midnight /ˈmɪdnaɪt/ *noun*
نیوەشەو، نێوەڕاستی شەوێ ۞ نیمەشب

midnight blue *noun*
ڕەنگی شینی تاریک ۞ رنگ آبی تیره

midnight feast *noun*
سوور یا جەژنی نیوەشەو (منالان بە دزییەوە دەیخۆن) ۞ سور نیمەشب

midnight sun *noun*
ڕۆژ یان خۆری نیوەشەو (لە نیوەشەوی هاوین نزیک بە جەمسەری باکووری و باشووری دەبینرێ) ۞ خورشید نیمەشب

midpoint *noun*
نێوەڕاست، ناوەند، مابەین، ناوچەق، چەق، ناقین، ناقبەر ۞ وسط، میانە

mid-range *adjective*
نێوانبایی، نە هەرزان و نە گران، ئەندازە، تەواو ۞ نە ارزان و نە گران

Midrash /ˈmɪdraʃ, -rʌʃ/ *noun, pl.* Midrashim /-ˈʃɪm/
لێکدانەوەی کۆنی سەر بەشێکی دەسنووسەکانی عیبری، شیکردنەوەی کتێبی پیرۆزی جوولەکە ۞ میدراش

midrib /ˈmɪdrɪb/ *noun*
بتی، ڕەگی نێوەڕاست (هی گەڵا) ۞ رگ میان

midriff /ˈmɪdrɪf/ *noun*
1 (توێکاری) نێوپەنچک 2 زگ، ورگ، گەدە ۞ 1 حاجز، دیافراگم 2 شکم

midsection *noun*
بەشی نێوەڕاست، پشتێنە (شت یان مرۆڤ) ۞ بخش میانی

midship *noun*
بەشی نێوەڕاستی کەشتی یان گەمی ۞ قسمت میانی کشتی یا قایق

midshipman /ˈmɪdʃɪpmən/ *noun, pl.* midshipmen
1 کەسێ کە خەریکە ڕادێ تا ببێتە ئەفسەر لە هێزی دەریایی بریتانیادا 2 خوێندکاری کە خەریکە ڕادێ تا ببێتە ئەفسەر لە هێزی دەریایی ئەمریکادا ۞ 1 ناوبان سوم 2 میدشیپمن

midships = amidships

mid shot *noun*
وێنە یان گرتەیێ کە لە مەودای نێوەڕاستەوە گیراوە ۞ مید شوت

mid-sized *adjective*, also mid-size
ئەندازە، نە زۆر گەورە و نە زۆر چکۆلە، دەستە، قوتو ۞ اندازە

midst /mɪdst/ *noun, preposition*
n نێوەڕاست، جەرگە، دڵ، ناوەند، مابەین، ناوچەق، چەق، ناقین، ناقبەر: *Such beauty was unexpected in the midst of the city* ◊ *The house is set in the midst of large gardens* ◊ *She appeared from the midst of the crowd* *prep* لە نێوەڕاستی ۞ *n* میان، وسط *prep* در وسط

midstream /ˌmɪdˈstriːm/ *noun*
1 نێوەڕاستی ئاو، چەقی ڕووبار، ناوەندی چۆم 2 نێوەڕاست، چەق، جەرگە، ناوین، ناقبەر 3 نیوەڕێ ۞ 1 وسط رودخانە 2 وسط 3 نیمەراه

midsummer /ˌmɪdˈsʌmə(r)/ *noun*
1 چلەی هاوین، نێوەڕاستی هاوین، نیوەی هاوین 2 خۆرگەڕانەوەی هاوینی summer solstice ۞ 1 وسط تابستان 2 انقلاب تابستانی

Midsummer's Day *noun*, also Midsummer Day
(زۆرتر لە بریتانیا) جێژنی (لەدایکبوونی یوحەننا (24ی حوزەیران یا ژووەن) ۞ عید میلاد یوحنا

midsummer madness *noun*
شێتی تەواو، کەرێتی تەواو یان ڕەبەق ۞ دیوانگی محض

midterm /ˌmɪdˈtɜːm, US -ˈtɜːrm/ *noun*

midterm :1 (سیاسەت) نیوەڕاستی قۆناخی
electiona 2 (تاقیکاری و هتد) نیوانتیرم ۞ 1
میاندورەای 2 میانترم

midterm elections *noun, pl.*
هەڵبژاردن(ەکان)ی (لە) نیوەڕاستی قۆناخی ۞
انتخابات میاندورەای

midtown *noun*
(ئەمریکا) بەشی نیوەڕاستی شار ۞ بخش
مرکزی شهر

midway /ˌmɪdˈweɪ/ *adjective, adverb*
لە نیوەی رێ، نیوەرێ، لە نیو رێگا، لە مابەینی،
The goal was scored :لە نیوان، لە نیوەڕاستی
-dway through the first half ۞ در وسط راه

midweek /ˌmɪdˈwiːk/ *noun, adjective, adverb*
to :1 لە نیوەی حەوتوودا، لە نیوەڕاستی حەفتەدا
play a match in midweek 2 نیوانحەوتەیی
۞ 1 وسط هفته 2 میانهفتهای

Midwest /ˌmɪdˈwest/ *noun*
1 ناوچە نیوەڕاست یا ناوەندییەکانی ئەمریکا 2
بەشی باکووری ناوەندی ولاتە یەکگرتووەکان ۞
1 نواحی مرکزی امریکا 2 شمال مرکزی ایالات متحده

Midwestern /ˌmɪdˈwestən, US -ərn/ *adjective*
ناوەندی، نیوەڕاست ۞ مرکزی

midwife /ˈmɪdwaɪf/ *noun, pl.* midwives
مامان، سەرڕشتەدار، قابیلە، نیوکبر، تایەن ۞
قابله، ماما

midwifery /ˌmɪdˈwɪfəri, US -ˈwaɪf-/ *noun*
مامانی، سەرڕشتەداری، قابیلەیی، نیوکبری،
تایەنی ۞ مامایی

midwinter /ˌmɪdˈwɪntə(r)/ *noun*
midwinter :1 نیوەی زستان، چلەی زستان
winter 2 خۆرگەڕانەوەی زستانی *weather*
solstice ۞ 1 وسط زمستان 2 انقلاب زمستانی

mielie = mealie

Mien /mjɛn/ = Yao

mien /miːn/ *noun*
1 قیافە، روخسار، سەروسەکوت 2 رەفتار،
I was impressed :خوودوخدە، هەڵسوکەوت
by her calm mien ۞ 1 چهره، هیأت 2 منش

Miesian /ˈmiːzɪən/ *adjective*
Ludwig سەربە کارەکانی ئارکیتێکتی ئەڵمانی
Mies van der Rohe (1886–1969) ۞ میزین

miffed /mɪft/ *adjective*
(نافەرمی، کەمی) خەمبار، جاڕز، نارەحەت،
annoyed بێزار، ۞ پکر

miffy *adjective*
(نافەرمی) دڵناسک، زووڕەنج ۞ زودرنج

might[1] /maɪt/ = past of may

might[2] /maɪt/ *noun*
هێز، ستێن، شیان، زۆر، قەوەت، تاقەت، توانست،
America's military :تابشت، تین، تەیم
might (ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ قدرت، نیرو

might-have-beens *noun, pl.*
دەرفەت و هەلی لەکیسچوو ۞ فرصتهای از
دسترفته

mightily /ˈmaɪtɪli/ *adverb*
بە توندی، یەکجار، بە (تەواو) هێزەوە، تۆکمە:
We have ◊ *mightily impressed/relieved*
struggled mightily to win back lost trade
۞ به شدت، با قدرت

mightn't = might not

might've = might have

mighty /ˈmaɪti/ *adjective* (mightier, mightiest), *adverb*
adj 1 بەشیان، بەقەوەت، بەتین، (بە)توانا،
a :دەسڕۆیشتوو، بەدەسەلات، بەهێز، بەسام
mighty warrior 2 پتەو، تۆکمە، قایم، قورس،
the mighty :گەورە، مەزن، زەبەلاح
mighty :زۆر، یەکجار *adv Mississippi river*
difficult (*n* mightiness :گەورەیی، مەزنی،
بەهێزی، بەدەسەلاتی) ۞ *adj* 1 نیرومند، قوی،
مقتدر 2 سنگین، بزرگ *adv* زیاد

mignonette /ˌmɪnjəˈnet/ *noun*
(رووەکناسی) رووەکێ بە هێشووی گوڵی
Reseda lutea] زەردی چکۆلەی بۆنخۆشەوە
و جۆرە پێوەندیدارەکانی] ۞ نوعی گیاه

migraine /ˈmiːgreɪn, ˈmaɪg-, US ˈmaɪg-/ *noun*
لاسەرێشە، میگرێن (-grainous *adj*) ۞ میگرن

migrant /ˈmaɪgrənt/ *noun, adjective*
migrant :1 کۆچەر، کۆچبەر، رەوەند، مشەخت
workers 2 گیانەوەری کۆچەر 3 کرێکاری
وەرزی یان کۆچەر ۞ 1 مهاجر 2 جانور مهاجر
3 کارگر موسمی

migrating *adjective*
کۆچەر، کۆچبەر، مشەخت ۞ مهاجر

migration /maɪˈgreɪʃn/ *noun*
کۆچ، کۆچبەری، مشەختی، رەو،
گەرمێن‌وکوێستان‌کردن، کۆچ‌وبار،
seasonal -gration :بارگەوبنەتێکنان، بارکردن
the migration routes ◊ *mass migrations* ◊
of birds (migrational *adj*) ۞ مهاجرت

migrator *noun*
کۆچەر، کۆچبەر، مشەخت ۞ مهاجر

migratory /ˈmaɪgrətri, maɪˈgreɪtəri, US ˈmaɪgrətɔːri/ *adjective*
migratory :1 کۆچەر، کۆچبەر، مشەخت
flights/birds 2 سەربە کۆچکردن، کۆچی،
سەربە کۆچوبار ۞ 1 مهاجر 2 وابسته به مهاجرت

mihrab /ˈmiːrɑːb/ *noun*

میـراو، پـێش‌نوێژگـە، میحـراب (بنـەڕەت: لـە عەرەبی‌یەوە *mihrāb*) ۞ محراب

mikado /mɪˈkɑːdəʊ, US -doʊ/ *noun, pl.* mikados
میکادۆ (ئیمپراتۆری ژاپۆن؛ بە واتای دەروازەی مەزن) ۞ میکادو

mike¹ /maɪk/ *noun*
(نافەرمی) میکرۆفۆن، مایکرۆفۆن ۞ میکروفن

mike² /maɪk/ *noun*
ماوەی بێکاری ۞ مدت بیکاری

Mi'kmaq = Micmac

mil¹ *noun*
میل (هەزاریەکی ئینج) ۞ میل

mil² *noun*
1 = milliliters 2 = millimetres ۞ میل

milage = mileage

milch /ˈmɪltʃ/ *adjective*
(ئاژەڵی ماڵی ب.ت. مانگا) بەشیر، شیری، بەگوان، دۆشەنی، شیردەر (ئەڵمانی بنەڕەت و لە ڕەگی milk) ۞ شیری

milch cow *noun*
1 مانگای بەشیر، مانگای بەگوان 2 کەس یان ڕێکخراوەیێ کە سەرچاوەی خێز و قازانجە ۞ 1 گاو شیری 2 میلچ کوو

mild /maɪld/ *adjective, noun*
1 *adj* ئارام، هێمن، هێدی، لەسەرەخۆ، مەند، نەرم، نیان 2 خۆش، سازگار، ساو، مامناوەند، فێنک *n* (بریتانیا) ئاوجۆی نەرم ۞ 1 *adj* آرام، متین 2 ملایم، معتدل *n* آبجوی ملایم

mildew /ˈmɪldjuː, US -duː/ *noun*
کەروو، کەرەکیفە، برش، کەرەوڵ، بۆڵەنمە، دۆکە، کەپەک، بندۆکە، بنۆکە ۞ کپک

mildewed /ˈmɪldjuːd, US -duːd/ *adjective*
کەرووا‌وی، کەرەکیفاوی، برشاوی، کەپەکاوی: *mildwed wood* ۞ کپک‌زده

mildewy /ˈmɪldjuːɪ/ *adjective*
کەرووا‌وی، کەرەکیفاوی، برشاوی، بۆبا، برشەڕێز ۞ کپک‌زده

mildly /ˈmaɪldli/ *adverb*
بە نەرمی، بە نیانی، کەمێ، بڕێ: *mildly surprised/irritated* ۞ با ملایمت، اندکی

mild-mannered *adjective*
مەند، قورس، لەسەرەخۆ، ئارام ۞ متین، باوقار

mildness /ˈmaɪldnəs/ *noun*
1 ئارامی، هێمنی، لەسەرەخۆیی، مەندی، نەتوندی، نەرمی، نیانی 2 خۆشی، سازگاری، ساوبوون، مامناوەندی، فێنکی: *the mildness of a sunny spring day* ۞ 1 متانت، آرامی 2 ملایمت، اعتدال

mild steel *noun*
پۆڵای نەرم ۞ فولاد نرم

mile /maɪl/ *noun*
1 مایل (= یەکەی پێوانی مەودا بەرامبەر بە 1760 یارد، 1609 میتر و 5280 پێ)، (مێژوویی) پێوانی ڕۆمی 1000 هەنگاو 2 (سپۆرت) ڕاکردنی یەک‌مایل (1500 میتر) 3 (miles) ڕێگای یەکجار دوور، ڕێگای ماران: *There isn't a house for miles and miles of desert* ◊ *miles around here* ۞ 1 میل، مایل 2 دو یک‌مایل 3 (در جمع) مسافت خیلی دور

mileage /ˈmaɪlɪdʒ/ *noun,* also milage
1 مایل‌پێو، مایل‌ڕۆ، بڕی ڕێگەی پێوراو بەپێی مایل، ڕادەی سووتان یان سووتەمەنی بەپێی مایل 2 (نافەرمی) بەهرە، سوود، قازانج، خێر: *got a lot of mileage left in it* ۞ 1 مسافت پیموده‌شده برحسب مایل، میزان سوخت 2 فایده

mileometer *noun,* also milometer
کیلۆمیترژمێر، کیلۆمیتربژێر ۞ کیلومترشمار

milepost /ˈmaɪlpəʊst, US -poʊst/ *noun*
1 مایل‌ژمێر، مەوداژمێر، مەودابژێر، مەوداده‌رخەر، دارەمەودا، مەوداپیشاندەر 2 خاڵی وەرچەرخان ۞ 1 مسافت‌نما 2 نقطه‌ی عطف

miler *noun*
(نافەرمی، ئەسپ یان مرۆڤ) ڕاکەری 1500 میتر، پێشبڕکێ‌دەری یەک‌مایلی (miling *n*) ۞ مسابقه‌دهنده‌ی یک مایلی

milestone /ˈmaɪlstəʊn, US -stoʊn/ *noun*
1 مەوداژمێر، دارەمەودا، ماوەدەرخەر، مەوداپیشاندەر 2 خاڵی وەرچەرخان، landmark: *This voyage marked an important -lestone in the history of exploration* ۞ 1 مسافت‌نما 2 نقطه‌ی عطف

milfoil /ˈmɪlfɔɪl/ *noun*
1 (ڕووەک‌ناسی) بێزانە، گوڵەمێش، بێزان، هەزارگەڵا 2 (هەروەها water milfoil) بێزانەی ئاوی [توخم *Myriophyllum*] ۞ بومادران

milia = plural form of milium

miliaria /ˌmɪlɪˈɛːrɪə/ = prickly heat

miliary /ˈmɪlɪəri/ *adjective*
هەرزنی ۞ ارزنی

milieu /miːˈljɜː/ *noun pl.* milieux or milieus pronounced same or /-ljɜːz/
مەڵبەند، دەوروبەر، دەوروپشت، ژینگە (کۆمەڵایەتی) ۞ محیط

militancy /-ənsi/ *noun,* also militance
شەڕخوازی، شەڕفرۆشی، توندوتیژی، زەبروزەنگ، سەختگری، توندگری: *a growing militancy amongst the unemployed* ۞ ستیزه‌جویی، خشونت

militant /ˈmɪlɪtənt/ *adjective, noun*
1 *adj* شەڕخواز، شەڕفرۆش، توندوتیژ، بەزەبروزەنگ، توند، سەختگر، توندگر،

2 *militant groups/leaders* :fighting
خەبات‌گێر، شەڕکەر، شەڕڤان، بەرخۆدانڤان،
a militant feminist :بەرەنگارەوەبوو
Some trade unions have a ◊ *movement*
more militant approach to pay
negotiations 3 توندەو، بەرگیر *n* کەسێکی
خەبات‌گێر (militantness *n*) ۞ 1 *adj*
ستیزەجو، خشن 2 مبارز 3 افراطی *n* آدم مبارز

militantly /ˈmɪlɪtəntli/ *adverb*
توندوتیژانە، بە زەبروزەنگ ۞ بە طور خشن

militarily *adverb*
لەباری سەربازی(یەوە)، لەباری یان لە بواری
لەشکری(یەوە)، لەباری میلیتاری(یەوە): *a*
militarily superior country ۞ از نظر نظامی

militarism /ˈmɪlɪtərɪzəm/ *noun*
میلیتاریزم، سەربازی‌گەری، لەشکری‌باوەڕی،
ئەرتەش‌سەروەری، ئەرتەش‌سالاری، زاڵی چینی
لەشکریان یان بیر و بۆچوونیان ۞ نظامی‌گری

militarist /ˈmɪlɪtərɪst/ *noun, adjective*
n سەربازی‌گەر، میلیتاریست، لەشکری‌باوەڕ،
ئەرتەش‌سەروەر، ئەرتەش‌سالار *adj*
سەربازی‌گەرانە، سەربازی‌گەرانە، میلیتاریستی،
لەشکری‌باوەڕانە ۞ *n* نظامی‌گرا *adj* نظامی‌گرایانە

militaristic /ˌmɪlɪtəˈrɪstɪk/ *adjective*
1 سەربازی‌گەر، میلیتاریست، لەشکری‌باوەڕ،
ئەرتەش‌سەروەر، ئەرتەش‌سالار: *militaristic*
government 2 سەربازی‌گەرانە، میلیتاریستی،
لەشکری‌باوەڕانە (militaristically *adv*:
سەربازی‌گەرانە، بە شێوەیەکی میلیتاریستی،
میلیتاریستانە) ۞ 1 نظامی‌گرا 2 نظامی‌گرایانە

militaristic regime *noun*
ڕێژیمی سەربازی‌گەرانە یان میلیتاریستی ۞
رژیم میلیتاریستی

militarization /ˌmɪlɪtəraɪˈzeɪʃn, US -rəˈz-/ *noun*
1 (بە)سەربازی‌کردن، لەشکری‌کردن،
میلیتاریزاسیۆن، میلیتاریزەیشێن: *the*
increasing militarization of society 2
ناردنی هێزەکان بۆ ناوچەیێ ۞ 1 نظامی‌سازی 2
گسیل یا اعزام نیرو

militarized *adjective*
سەربازی(کراو)، لەشکری(کراو) ۞ نظامی

militarized zone *noun*
ناوچەی سەربازی(کراو) ۞ منطقەی نظامی

military /ˈmɪlətri, US -teri/ *adjective, noun*
adj 1 سەربازی، لەشکری، سپایی، شەڕی،
میلیتاری: *military training/intelligence* ◊
military uniform ◊ *a military coup* 2
n سەربە هێزەکانی سەربازی یان لەشکری
ئەرتەش، سپا، سەربازان، هێزە چەکدارەکان:
The -litary was/were called in to deal
with the riot ۞ *adj* 1 نظامی، جنگی 2 وابستە
بە نیروهای نظامی *n* ارتش، نیروهای مسلح

Military Academy *noun*
فێرگە یان ئاکادیمی سەربازی یان لەشکری ۞
آکادمی نظامی

military adviser *noun*
ڕاوێژکاری سەربازی یا لەشکری ۞ مشاور نظامی

military aircraft *noun*
فڕۆکەی سەربازی یا لەشکری ۞ هواپیمای نظامی

military attaché *noun*
دەتەشێی یان بەرپرسەی سەربازی یان لەشکری
۞ وابستەی نظامی

military authority *noun*
دەسەلاتی سەربازی یا لەشکری ۞ اقتدار نظامی

military centre *noun*
لەشکرنشین، ناوەندی لەشکری ۞ میلیتاری سنتر

military commission *noun*
لیژنەی سەربازی یا لەشکری ۞ کومیسیون نظامی

military court *noun*
دادگای سەربازی یان لەشکری ۞ دادگاه نظامی

Military Cross *noun*
خاچی سەربازی یان لەشکری (خەلاتێ کە
دەدرێ بە ئەفسەرانی ئەرتەشی بریتانیا بە بۆنەی
قارەمانێتی‌یان لە شەڕدا) ۞ صلیب نظامی

military intelligence *noun*
هەوالگری سەربازی یان لەشکری ۞ اطلاعات
نظامی

military law *noun*
قانوون یان یاسای سەربازی، زاکوونی لەشکری
۞ قانون نظامی

military obligation *noun*
بەلێنی‌دانی سەربازی، پێبەندی لەشکری،
پەیمان‌دانی میلیتاری ۞ تعهد نظامی

military occupation *noun*
داگیرکردنی سەربازی یا لەشکری ۞ اشغال نظامی

military pact *noun*
پەیمانی سەربازی یان لەشکری ۞ پیمان نظامی

military operation *noun*
کرداری سەربازی یا لەشکری، ئۆپێراسیۆنی
لەشکری ۞ عملیات نظامی

military police *noun*
پۆلیسی سەربازی یان لەشکری ۞ دژبان

military policeman *noun*
پۆلیسمەنی سەربازی یان لەشکری ۞ دژبان

military policewoman *noun*
پۆلیسمەنی سەربازی یان لەشکری (ژن) ۞
دژبان (زن)

military power *noun*
هێزی سەربازی یان لەشکری، شیانی لەشکری
۞ قدرت نظامی

military service *noun*

سەربازی، راژەی سەربازی یان لەشکری: *to be called up for military service* ✿ خدمت نظام وظیفه

military targets *noun, pl.*
ئامانجە سەربازی‌یەکان، نیشانە لەشکری‌یەکان ✿ اهداف نظامی

militia /məˈlɪʃə/ *noun*
هێزی نیمچەلەشکری، میلیشا، میلیشیا (سەدەی 16؛ بنەڕەت: لە لاتینەوە "military service") ✿ نیروی شبه نظامی

militiaman /məˈlɪʃəmən/ *noun,* also militiamen
نیمچەلەشکری، میلیشیا ✿ شبه‌نظامی

milium /ˈmɪlɪəm/ *noun, pl.* milia /ˈmɪlɪə/
(پزشکی) هەرزنە (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای هەرزن millet، چونکو لە دەنکی هەرزن دەچێ) ✿ میلیم

milk /mɪlk/ *noun*
1 شیر: *a pint/litre of milk* 2 شیلە، ئاووگ ✿ 1 شیر 2 عصاره

milk-and-water /ˈmɪlk ən ˈwɔːtə(r)/ *adjective*
کز، لاواز، جووقن، جیقن، بەسەزمان، ناکاریگەر، weak، insipid ✿ ضعیف، غیرمؤثر

milk chocolate *noun*
نوقڵ یان چاکلێتی شیری ✿ شکلات شیری

milk churn *noun*
شیردان، جێ‌شیر، دەبەی شیر ✿ دبه‌ی شیر

milker *noun*
1 مانگای بەشیر یان دۆشەنی، شیرا، بەگوان 2 مرۆی شیردۆش ✿ 1 گاو شیرده 2 آدم شیردوش

milk fever *noun*
تای شیر، شیرتا (هەم لە مالات و هەم لە ژنیش‌دا) ✿ تب شیر

milkfish *noun, pl.* same or milkfishes
شیرماسی (هی ناوچەی هیند و پاسیفیک، بۆ خۆراک پەروەردە دەکرێ [*Chanos chanos*]) ✿ نوعی ماهی

milk float /ˈmɪlk fləʊt/ *noun*
دەزگای گەیاندن یان بڵاوکردنەوەی شیر ✿ ماشین پخش شیر

milk glass *noun*
شووشەی شیری (جۆرێ شووشەی نیوەروون) ✿ شیشەی شیری

milking /ˈmɪlkɪŋ/ *noun*
شیردۆشی، شیرپەزی، دۆشینی شیر: *to do the milking* ✿ دوشیدن شیر

milking-machine *noun*
شیردۆش، دەزگای شیردۆش(ین) ✿ ماشین شیردوشی

milk-jug /ˈmɪlk dʒʌɡ/ *noun*
شیرخۆری ✿ شیرخوری

milk-leg /ˈmɪlk leɡ/ *noun*
ماسینی پێ (لە ژنانی زەیستان‌دا) ✿ آماس پا

milk-livered /ˈmɪlk lɪvəd/ *adjective*
(کۆن) ترسەنۆک، حیز، cowardly، timorous ✿ بزدل

milk-loaf *noun*
نانی شیراوی، نانی بە شیر کراو (لە جیاتی ئاو) ✿ نان شیرمال

milkmaid /ˈmɪlkmeɪd/ *noun*
(کۆن) بێری، مەردۆش، کچی شیردۆش ✿ دختر شیردوش

milkman /ˈmɪlkmən/ *noun, pl.* milkmen
شیرفرۆش، شیرپەز ✿ شیرفروش

milk of magnesia *noun.* also Milk of Magnesia
دەرمانی گەدە یان مێعدە، شیری مەگنیسیا ✿ داروی معده

milk-pail /ˈmɪlk peɪl/ *noun*
مانگادۆش، سەتڵ، شیردۆش ✿ ظرف شیردوشی

milk product *noun*
بەرهەم یان بەروبووی شیر ✿ فراورده‌ی شیر

milk pudding *noun*
شیروبرنج، شیربرنج ✿ شیربرنج

milk round *noun*
ڕێگای شیرفرۆش ✿ مسیر شیرفروش

milk run *noun*
سەفەری بێ‌ڕووداو یا ئاسایی ✿ سفر بدون حادثه یا عادی

milk-shake /ˈmɪlkʃeɪk/ *noun*
میلک‌شەیک (= خواردنەوەیەکی شیرینە کە لە شیر، دۆندرمە، چاکلێت و میوە دروست دەکرێ): *a banana milkshake* ✿ میلک‌شیک

milksop /ˈmɪlksɒp, US -sɑːp/ *noun*
ژنالیلە، ژنانی، پیاو یا کوڕی دەلەچە، حیز ✿ پسر یا مرد زن‌صفت، بچه ننه

milk sugar = lactose

milk thistle *noun*
1 کەرتەشی شیری، چاوبازە، دڕکەدەرزی؟، دڕەبزماری؟: جۆرێ کە لە بواری دەرمانی گیایی‌دا بەکاردێنرێ [*Silybum marianum*] 2 وشەیێکی تر بۆ sowthistle ✿ نوعی گیاه

milk tooth /ˈmɪlk tuːθ/ *noun*
ددانی شیری، شیلە، خوارک، ناوبژە (هی ئاژەڵ) ✿ دندان شیری

milk vetch /ˈmɪlk vetʃ/ *noun*
گۆنی، گوینی، گیاکەتیرە، گەوون [*Astragalus glycyphyllos*] ✿ گون

milkweed /ˈmɪlk wiːd/ *noun*
1 گیاشیر، خۆزێلک، شیرشیرۆکە، شیرمار [*Asclepias* تۆخم (هەروەها 2 milkweed

علف شیر ◌ monarch 3 = (butterfly

milk-white /'mɪlk waɪt/ *adjective*
(ڕەنگ) شیری ◌ شیری

milkwort /'mɪlkwɜ:t/ *noun*, also polygala
شیرگیا، گیاشیر (= ساڵان باو بوو کە شیری ژن زیـاد دەکـا [*Polygala vulgaris* و جـۆرە پێوەندیدارەکان]) ◌ شیرزا

milky /'mɪlki/ *adjective* (milkier, milkiest)
1 شیری، شـیرا، پڕشـیر، شـیراوی، شـیردار، بـە شیرەوە، شیری تیایە: *a* ◊ *milky tea/coffee* 2 تەڵخ، لێڵ 3 وەک شیر، شیرئاسا: *milky* (= white) *skin* (milkily *adv*؛ milkiness *n*: شیرئاسایی) ◌ 1 شیری، شیردار 2 کدر 3 شیرمانند

milky disease *noun*, also milky spore disease
نەخۆشییەکی ئاستەمی destructive کرمۆکەی قالۆنچـەی scarab و ب.ت. کرمۆکـەی قالۆنچەی ژاپۆنی کە بە هۆی بەکتریایێکەوە بە نـاوی (*Bacillus popilliae*) تـووش دەبـێ و جاروبار بۆ مەهاری زیندەوەری یان بایۆلۆژیکی biological control بەکاردێ ◌ نوعی بیماری

Milky Way *noun*, also the Galaxy
(ئەستێرەوانی) ڕێگای شیری، ڕێی کاکێشان ◌ راه شیری

Milky Way galaxy *noun*
(ئەستێرەوانی) کاکێشانی ڕێگای شیری (= ئەو کاکێشانەی کە خۆر و کۆمەڵەی خۆرێ بەشێکن لەو و هەروەها بە میلیارد ئەستێرەشی تیایە کە ئەو ڕووناکی ڕێگای شیرییان ئافراندووە) ◌ کهکشان راه شیری

mill[1] /mɪl/ *noun*
1 ئاش، ئاسیاو (ئەو وشانەی پێوەندییان بە ئاشەوە هەیە بریتین لە: ئارداوێژ، ئاردکێش، ئاردماڵک، ئاردەبارە (= ئاردەوارە)، ئاردەشان، ئاردەلووکە (یان ئاردەلووکە)، ئاژنە یان چەقچەقە (= چەقچەق یان چەقچەقۆک یان چەقەنە)، ئاشانە، ئاوان، ئاشەوان (= باراشهار)، ئاشگێر (ئەو ئاوەی بتوانی ئاشێ بگێرێ)، ئاشێر. باراش، میراش، بست یان بستە یان بستە (= بستو یان بلسۆک)، بەرگردەڵە (= داری ژێر بازەناو)، بازەناو (= لەوازە، وژە)، پالووگیر، پەردەڵە، تووپ (= دولاب)، تەمۆ، تەنوورە (دەمی دۆلاش)، تەوەرە، تەپان، گردەڵە، مووروولە، مووروووەئاش، مۆرەسەنگ، کۆماج، چەرەخۆرە، دۆلابە (= کونی جێگەی دۆلاش)، دولاب، دۆلاب، دۆلاش (= نێ، دولاب)، دۆلیانە (= دۆلی دان(ـە)، ڕاستەک، ئاوپەڕ، زەمبوور، زەمبوورە (= دەمنێ)، پیک، کەویژە (= کەویچە، ناوەل)، کڵاوە، خەردار، مشتاک، گەرووڵە، نایژە، ناوچە، گوێل یان گوێلە (= کونی بەرداش)، بەرداش (= لنگەهارە)، فەراش، ناوسار، سەرهار (= بەردی سەرەوەی ئاش)، ژێرهار، نادۆل (= کووزە، ناچە)، ئاوەژنە، ئاوەشکێنە، قەڵەمگیر، میستن (تا ئاش لە میستن بێ، هەر دەمیزێ)، ئاوەسار، زۆرخاخ (= شیو و دۆڵی ئاش؛ جۆگەی ئاشگێران)، بەرازە، کەپوولە (یان قەپوولە)، دۆزەخە (یان دۆژز، دۆژەزەر، دۆژەکائێش) 2 کارگە، کارخانە، سازگە: *a cotton/cloth/steel/paper mill* 3 چەرخ، دەزگا 4 (کانگا) بەردار، بەردشکێن 5 ددانە، کۆنگرە، برگـە 6 دەسـتـار، هـارە (بنـەڕەت: لـە *mylen* ئینگلیـسی کۆن، لەسەر بنچینەی late *molinum* لاتین "بەرداش grindstone، لە *mola* Latin ئاش mill"؛ بنەڕەت: لە *molere* "هارین، کرەکردن، کوتان to grind") ◌ 1 آسیا 2 کارخانە 3 ماشین 4 (معدن) سنگشکن 5 کنگرە 6 آسیاب دستی

mill[2] /mɪl/ *noun*
میل (= یەکەی پارە بەرامبەر بە 1/10 سێنت) ◌ میل

mill[3] /mɪl/ *noun*
(نافەرمی) میلیۆن، هەزارهەزار ◌ (عامیانە) میلیون

millage /'mɪlɪdʒ/ *noun*
ئاشانە، باجی ئاش ◌ مالیات آسیا

millboard /mɪlbɔ:d/ *noun*
مقەبای ئەستوور (ی کەتانی، هی بەرگی کتێب) ◌ مقوای کلفت

mill-dam *noun*
بەنداوی ئاش ◌ سد آسیاب

milled *adjective*
ددانەددانە، بڕگەبڕگە، کۆنگرەدار ◌ دارای کنگرە

millefeuille /mi:l'fɜ:i/ *noun*
(فەرەنسی) هەزارگەڵا (= جۆرێ کەیک) ◌ نوعی کیک

millefiori /ˌmi:lɪfi'ɔ:ri/ *noun*
(ئیتالیایی) هەزارگوڵە، هەزارتیکە، هەزاربڕگە ◌ میلیفیوری

millefiori glass *noun*
شووشەی millefiori ◌ شیشەی میلیفیوری

millefleurs /'mɪlflɜ:/ *noun*
هەزارگوڵـە (= جـۆرێ نەخـشی چـینی و tapestry) ◌ میلفلورس

millenarian /ˌmɪlɪ'neəriən, US -'ner-/ *adjective, noun*
1 *adj* سـەربە هـەزارەباوەڕ 2 ئامـاژە بـە کۆمەڵێکی دینی یان ڕامیاری کە بە دوای گۆڕانی خێرا و بنەڕەتی دەگەڕێ *n* کەسێکی باوەڕمەند بە سەردەمی هەزارساڵەی بەختەوەری، هەزارەباوەڕ ◌ میلناریَن

millenarianism /-'neəriənɪzəm, US -'ner-/ *noun*, also millennialism
باوەڕ بە سەردەمی هەزارساڵەی بەختەوەری، هەزارەباوەڕی ◌ میلناریَنیسم

millenarianist /-'neəriənɪst, US -'ner-/ *noun, adjective*
n باوەڕمەنـــد بـــە ســـەردەمی هەزارساڵـــەی بەختەوەری، هەزارەباوەڕ *adj* هەزارەباوەڕی‌یانە
۞ *n* میلناریـنیـــست *adj* میلنارینیستی

millenary /mɪ'lcnəri, US 'mɪlɪnəri/ *noun* (*pl.* millenaries), *adjective*
n 1 هەزار 2 هەزارساڵـە 3 ماوە یـان سـەردەمی هەزارساڵە *adj* 1 سەربە سەردەمی هەزارساڵەی بەختەوەری 2 هەزارەمین ساڵوەگەڕ ۞ *n* هزار
1 2 هـزار ســال 3 دورەی هزارســاله 4 هــزارمین سالگرد *adj* میلناری

millennial = millenary (*adjective*)

millennium /mɪ'leniəm/ *noun, pl.* millennia /-nɪə/ or millenniums
1 سەردەم یان قۆناخی هەزارساڵە، هەزارە: *the second millennium AD* 2 هـــەزارەی دەسـەڵات‌داری کریـــست، سـەردەمی دەسـەڵاتی هەزارساڵـەی مەسـیح (بـەپێی کتـێبی پـیرۆز) 3 ســـەردەمی بەختـــەوەری، قۆنـــاخی زێـــڕین، سەردەمی خۆشی و هـات 4 (خـوازە) سـەردەمی زێڕین ۞ 1 دورەی هزارساله 2 هـزارەی سـلطنت مسیح 3 عصر سعادت 4 عصر طلایی

millennium bug *noun*
مێرووی هـەزارە: یـەک‌کـەوتـنی software ی کامپیوتێر، دروست لە یەکەمی ژەنیوەری 2000 یان پاش‌تر ۞ بوگ میلنیوم

millepede = millipede

millepore /'mɪlɪpɔ:/ *noun*
(گیانەوەرناسی) شیلانی هەزارکونە یان کون‌کون ۞ مرجان سوراخ‌سوراخ

miller /'mɪlə(r)/ *noun*
1 ئاشەوان 2 ئاشەوانە: جۆرێ پەپوولە(شەوگەڕ، باڵ‌تۆزاوی [خێزان *Noctuidae*]) 3 = milling machine ۞ 1 آسیابان 2 نوعی پروانه

miller's thumb *noun*
ماسی‌یەسەرپانە [*Cottus gobio*] ۞ نوعی ماهی

millesimal /mɪ'lesɪm(ə)l/ *adjective, noun*
adj هەزاریەک *n* بەشی هەزارەمین (-esimally *adv*) ۞ *adj* یک‌هزارم *n* قسمت هزارم

millet /'mɪlɪt/ *noun*
هـەرزن، سـۆرک، سـوورکە، کـۆرەک، باچیـک، کزن، گلێنە، گاڵ، گارس، بۆ ئارد یان خواردنەوە ئـەلکولـی‌یـەکـان بـەکـاردێنرێ [*Panicum miliaceum* و جۆرەکانی تر] (خوزوڤی Italian millet) ۞ ارزن

millhand *noun*
کرێکاری کارگە یان کارخانە ۞ کارگر کارخانە

milli- /'mɪli/ *prefix*
پێـشگر: میلـیـ‍ هەزاریـەکی...: *milligram milliampere* (بنـەڕەت: لـە *mille* لاتیـنـەوە "هەزار") ۞ پیشوند: میلی-

milliammeter /ˌmɪlɪ'amɪtə/ *noun*
ئـامێری پێـوانی تـەوژمی ئێلیکتریکـی لـە milliampere ۞ میلیامتر

milliamp = short for milliampere

milliampere *noun*
میلی‌ئامپێر، هەزاریەکی ئامپێر ۞ میلی‌آمپر

milliard /'mɪlɪɑ:d/ *noun*
میلیارد، بیلیۆن، هەزارمیلیۆن (بنەڕەت: لە *mille* "هەزار thousand") ۞ میلیارد

milliary *adjective*
میلی، سـەربە میلی ڕۆمی بەرامبەر بە 1620 یارد ۞ میلی

millibar /'mɪlibɑ:(r)/ *noun*
میلی‌بار، هەزاریەکی بار (یەکەی پەستانی کەشی بەرامبەر بە هەزاریەکی بارێ) ۞ میلی‌بار

millicurie *noun, pl.* millicuries
میلی‌کوری، هـەزاریـەکی کـوری یـان کیـوری، یەکەی تیشک‌دەرێتی radioactivity، بەرامبـەر بە هـەزاریـەکی کوری (کورتـە: mCi, mc) ۞ میلی‌کوری

millieme /ˌmi:(l)'jɛm/ *noun*
یەکـەی پـارەی میـسر، بەرامبـەر بـە هەزاریـەکی pound ۞ میلێم

millifarad *noun*
هەزاریەکی فاراد، میلی‌فاراد ۞ میلی‌فاراد

milligal *noun*
هەزاریەکی گال، میلی‌گال، یەکەی تاو unit of acceleration ۞ میلی‌گال

milligram /'mɪligræm/ *noun,* also milligramme
میلی‌گرەم، هەزاریەکی گرەم (کورتـە: mg) ۞ میلی‌گرم

millihenry *noun, pl.* -henries or millihenrys
هەزاریەکی هێنری، میلی‌هێنری ۞ میلی‌هنری

millilambert *noun*
هـەزاریـەکـی لامبێرت، میلـی‌لامبێرت، یـەکـەی ڕۆشنایەتی (کورتە: mL) ۞ میلی‌لامبرت

millilitre /'mɪlili:tə(r)/ *noun,* also milliliter
میلـی‌لیتـر، هەزاریـەکی لیتـر (کورتـە: ml) ۞ میلی‌لیتر

millime *noun*
میلیم: یـەکـەی پـارەی monetary unit تونیـسیا یا تونس، بەرامبەر بە هەزاریەکی دینار ۞ میلیم

millimetre /'mɪlimi:tə(r)/ *noun,* also millimeter
میلـی‌میتـر، هەزاریـەکی میتـر (کورتـە: mm؛ millimetric *adj*) ۞ میلی‌متر

millimicron *noun, pl.* -icrons or millimicra
میلی‌میکرۆن، هەزاریەکی میکرۆن ۞ میلی‌میکرون

millimole *noun*

میلی‌مۆل، هەزاریەکی مۆل (کورتە: mM؛ millimolar *adj*) ◯ میلی‌متر

milliner /ˈmɪlɪnə(r)/ *noun*

کلاودروو یان کلاوفرۆشی ژنان ◯ کلاەدوز یا فروشندەی کلاە زنان

millinery /ˈmɪlɪnəri, US ˈmɪlɪneri/ *noun, pl.* millineries

1 کلاوی ژنان 2 کلاودرووی ژنان 3 کلاوفرۆشی ژنان ◯ 1 کلاەهای زنانە 2 کلاەدوزی زنانە 3 کلاەفروشی زنانە

milling /ˈmɪlɪŋ/ *noun, adjective*

n 1 ئاش کردن، لێکردن، هارین، هێرتن، گەزمراندن، گەزمرین 2 زنجیرە (= هێی کۆین) *adj* پردەنگەدەنگ، جەنجالی، پرهەرا و قریوە ◯ *n* 1 آسیاب کردن 2 زنجیرە *adj* پرهیاهو

milling cutter *noun*

تیغەیێکی سووڕاوە و برندەی ئاست و رووی کانزاکان ◯ میلینگ کاتر

milling machine *noun*

دەزگای میلینگ ◯ ماشین فرز

million /ˈmɪljən/ *cardinal number noun*

میلیۆن، ملیۆن، هەمزار هەمزار، میلیۆنی (millionfold *adj, adv*) ◯ میلیون، میلیونی

millionaire /ˌmɪljəˈneə(r), US -ˈner/ *noun*

میلیۆنێر، ملیۆنێر: *a millionaire businessman* ◯ میلیونر

millionairess /ˌmɪljəˈneərəs, US -ˈner-/ *noun, fem.* millionaire

میلیۆنێر، ملیۆنێر (ژن) ◯ میلیونر (زن)

millionth /ˈmɪljənθ/ ordinal number *adjective, noun*

adj میلیۆنیوم، میلیۆنەمین *n* میلیۆن‌یەک: *a/one millionth of a second* ◯ *adj* میلیونیم، *n* یک‌میلیونیم

millipede /ˈmɪlɪpiːd/ *noun*

هەزارپا، زیلۆ، خشکە، خشۆخشۆک، گوەسم [پۆل Diplopoda: زۆر جۆرن] (بنەڕەت: لە لاتینەوە *mille* "هەزار" + *pes, ped-* "پا") ◯ هزارپا

milliradian *noun*

هەزاریەکی رادیەن، میلی‌رادیان ◯ میلی‌رادیان

millirem *noun*

هەزاریەکی رێم، میلی‌رێم ◯ میلی‌رم

milliroentgen *noun*

هەزاریەکی رانتگێن، میلی‌رانتگێن ◯ میلی‌رونتگن

millisecond /ˈmɪlisekənd/ *noun*

میلی‌سێکۆند، هەزاریەکی چرکە ◯ میلی‌سکوند

millivolt *noun*

هەزاریەکی ڤۆلت ◯ میلی‌ولت

milliwatt *noun*

هەزاریەکی وات، میلی‌وات ◯ میلی‌وات

millpond /ˈmɪlpɒnd, US -pɑːnd/ *noun*

حەوز یان گۆلاوی ئاش ◯ حوضچەی آسیاب

mill-race *noun, also* millrace

1 ئاوی ئاش، ئاشاو 2 جۆگەی ئاوی ئاش ◯ 1 آب آسیاب 2 جوی آسیاب

Mills bomb *noun*

(مێژوویی) نارنجۆک یان هەنارۆکی دەستی هێلکەیی (بنەڕەت: لە ناوی ئەندازیاری ئینگلیسی Sir William *Mills*) ◯ نارنجک دستی بیضی‌شکل

millstone /ˈmɪlstəʊn, US -stoʊn/ *noun*

1 بەرداش، بەردی ئاش، هارە، هارەئاسیاو 2 بار یان قورسایی بەرپرسایەتی، باری قورس، ئەرکی گران (be a millstone round one's neck) 3 باری ملی کەسێ بوون، بەلای گیانی کەسێ بوون، ملۆزم ◯ 1 سنگ آسیا 2 بار مسؤلیت 3 وبال گردن کسی بودن

millstream *noun*

1 تەوژمی ئاو کە دۆلاب یان چەرخی ئاش دەگێڕێ 2 = millrace ◯ میل‌استریم

mill-wheel /ˈmɪl wiːl/ *noun*

پەرە یان پێچکەی ئاش، دۆلاب یان چەرخی ئاش ◯ چرخ آسیاب

millwork *noun*

1 شتومەکی داری (ئامادە، وەک دەرگا و هتد) کە لە کارگەدا سازکراوە 2 کاری کراوی ناو کارگەدا ◯ میل‌وورک

millwright /ˈmɪlraɪt/ *noun*

ئاش‌ساز، وەستای ئاش ◯ آسیاب‌ساز

milo /ˈmaɪləʊ/ *noun, pl.* milos

زوورات یا گەنمەشامی هێشوویی ◯ ذرت خوشەای

milometer maɪˈlɒmɪtə(r), US -ˈlɑːm-/ = mileometer

milord /mɪˈlɔːd, US -ˈlɔːrd/ *noun*

(مێژوویی) میلۆرد (= وشەیەکی فەرەنسی کە جاران بۆ لۆردی ئینگلیسی یان پیاوی دەولەمەندی ئینگلیسی بەکاردێنرا) ◯ میلورد

milpa *noun,* Mexican Spanish, from Nahuatl *mīlpan*

1 (لە مەکسیکۆ و ئەمریکای ناوەندی) کێڵگەیێکی چکۆلە، لە هەر کۆوگیا و شتێ پاک دەکرێتەوە (ب.ت. بە سووتاندن) 2 کێڵگەی گەنمەشامی لە مەکسیکۆ و ئەمریکای ناوەندی‌دا 3 رووەکی گەنمەشامی maize ◯ میلپا

Milquetoast /ˈmɪlktəʊst/ *noun*

(زۆرتر لە ئەمریکا) کەسێکی حیز و ترسەنۆک، خۆبەدەستەوەدەر (بنەڕەت: لە کەسایەتی کارتۆنی Caspar *Milquetoast*، لە لایەن H. T. Webster 1924 دروست کرا) ◯ آدم بزدل

milreis *noun, pl.* same

میلرەیس: یەکەی پارەی پێشووی برەزیل و پۆرتوگال، بەرامبەر بە هەزار reis ◯ میلریس

milt *noun*
گەراماسی، خرز، ولّتە، نوتنە، هێکماسی، شلەی سپێرمداری ماسییێکی نێر ◌ تخم ماهی، میلت

Miltonian /mɪl'təunɪən/ *noun, adjective*
n لایەنگری هۆنەری ئینگلیسی John Milton (1608-74) *adj* (هەروەها Miltonic) سەربە میلتون ◌ میلتونی

mime /maɪm/ *noun*
1 شانۆی بێقسە: *The performance consisted of dance, music and -me* ◊ *a mime artist* 2 لاسایی کردنەوە ◌ 1 نمایش لال‌بازی 2 تقلید

mimeograph *noun*
دەزگای لەبەرهەڵگرتنەوە ◌ دستگاه پلی‌کپی

mimesis /mɪ'mi:sɪs, US maɪ'm-/ *noun*
1 لاسایی کردنەوە، دەمەلاسکە 2 (زیندەناسی) خۆگۆڕین وەک گیانەوەر یان رووەکێکی تر، لاسکە؟ ◌ 1 تقلید 2 میمیس

mimetic /mɪ'metɪk/ *adjective*
(تەکنیکی یان فەرمی) لاسایی کردنەوەیی، لاساییانە، دەمەلاسکە: *mimetic art* (*mimetism n* ،*mimetically adv*) ◌ تقلیدی

mimic /'mɪmɪk/ *adjective, noun*
adj 1 لاسایی کردنەوەیی، لاساییانە 2 (گیانەوەر یان رووەک) رەنگگیریانە، خۆگۆڕانە، هاورەنگی *n* 1 لاساییکەر، گاڵتەجار، پەند 2 رووەک یان گیانەوەری خۆگۆڕ ◌ *adj* 1 تقلیدی 2 استاری *n* 1 مقلد 2 جانور یا گیاه میمیک

mimicry /'mɪmɪkri/ *noun, pl.* mimicries
1 لاسایی، لاسایی کردنەوە، دەمەلاسکە، دەمەداچەقین، خۆوادەرهێنان: *a talent for mimicry* 2 رەنگگیریانە، بووئاسایی، خۆگۆڕین، هاورەنگی، رەنگ گرتنی خۆپاریزانە ◌ 1 تقلید 2 استاری

mimosa /mɪ'məuzə, -'məusə, US -'moo-/ *noun, pl.* mimosas
1 جۆرێ acaciaی ئەوسترالیایی گوڵزەرد [*Acacia dealbata*] 2 جۆرێ رووەک [تۆخم *Mimosa*] 3 خواردنەوەی شامپەین و ئاوگی پرتەقاڵ ◌ 1 گل ابریشم، گل ناز 2 میموزا

mimulus /'mɪmjʊləs/ *noun*
جۆرێ رووەک [تۆخم *Mimulus*] ◌ نوعی گیاه

min. *abbreviation* 1 minimum 2 minute

Min. *abbreviation* Ministry

Min /mɪn/ *noun*
زاراوەیێکی چینی زۆرتر لە هەرێمەکانی Fujian و Hainan و Taiwan قسەی پێدەکرێ ◌ مین

mina *noun*, Semitic origin
مینا: یەکەیێکی کۆنی سەنگ و بەها بەرامبەر بە 1/60 تالێنت talent ◌ مینا

minable *adjective*, also mineable
لەدەرهێنانهاتوو، دەردەهێنرێ (دەربارەی کانزا و کانەکان)، ب.ت. بە شێوەیێکی بەقازانج ◌ قابل استخراج

minacious /mɪ'neɪʃəs/ *adjective*
هەڕەشە(لێ)کەر ◌ تهدیدکننده

minacity /mɪ'næsɪtɪ/ *noun*
هەڕەشە، گەف، راخوڕین، گوڕەشە ◌ تهدید

Minamata disease *noun*
جۆرێکی سەختی ژاراوی‌بوون لە جیوە، بە دافەترانی دەماری neurological degeneration دەستنیشان دەکرێ (بنەڕەت: لە *Minamata* Bay ژاپۆن) ◌ بیماری میناماتا

Minangkabau /ˌmi:naŋkə'bau/ *noun*
مینانگکاباو (= زمانێکی ئیندۆنیزیایی کە لە سوماترا و برێ شوێنی تر قسەی پێدەکرێ) ◌ مینانگ‌کاباو

minaret /ˌmɪnə'ret/ *noun*
منارە (بنەڕەت: لە *manār(a)* عەرەبی) ◌ مناره

minareted *adjective*
خاوەن منارە، منارەدار ◌ داری مناره

minatory /'mɪnətəri, US -tɔ:ri/ *adjective*
هەڕەشەلێکەر، هەڕەشاوی، پڕمەترسی، بەسام، *minatory words* :threatening ،menacing (*minatorily adv*) ◌ تهدیدآمیز

minaudière *noun*, also minaudiere
سنووقێکی چکۆلە و زۆرجاریش گەوهەرڕێژ (یان گەوهەرنیشان) بۆ (تێنانی) کەلوپەلی ئارایشتی ژنان یان شتومەکی تر، زۆرتر وەک handbag هەڵدەگیرێ ◌ میناودیئر

mince /mɪns/ *noun*
قیمە، گۆشتی چەرخکراو یان لەچەرخدراو ◌ گوشت چرخ‌کرده

minced *adjective*
(گۆشت) قیمە، چەرخکراو، لەچەرخدراو ◌ چرخ‌کرده، خردشده

mincemeat /'mɪnsmi:t/ *noun*
قیمە، گۆشتی چەرخکراو یان لەچەرخدراو ◌ گوشت چرخ‌کرده

mince pie *noun*
پای گۆشتی لەچەرخدراو، پای قیمە ◌ مینس پای

mincer /'mɪnsə(r)/ *noun*
چەرخی گۆشت، گۆشتاڕ ◌ چرخ گوشت

mincing /'mɪnsɪŋ/ *adjective*
بە نازونووز، بە ناز و کریشمە، بە ناز و ئەدا، بە لارولەنجە، بە لەنجەولار، بە نازوداو، بە ئەدا و ئەتوار، بە ناز: *-ncing steps* ◌ با ناز و کرشمه

mincingly /'mɪnsɪŋlɪ/ *adverb*
بە نازەوە، بە ئەداوە، بە ناز و ئەدا ◌ با کرشمه

mincing machine *noun*
چەرخی گۆشت، گۆشتاڕ ◌ چرخ گوشت

mind /maɪnd/ *noun*

1 هـــۆش، زەیـــن، ماینـــد، بـــیر: *the*
2 *conscious/subconscious mind* بۆچـوون،
هزر، را، دیتن، نێرین 3 نیاز، خەیاڵ، مەبەست،
بـڕیار 4 ویـــت، داشـکانەوە، مـەیل، حـەز 5
Sorry— :مێشک، مەژی 6 یاد، بیر، بیرەوەری
your name has gone right out of my
mind 7 ناوەز، ئەقل 8 تێگەیشتن 9 سەرنج، بال
She was one :10 مرۆڤی بیریار یان بیرکەرەوە
۞ *of the greatest minds of her generation*
1 ذهن، فكر 2 نظر 3 قصد، تصمیم 4 تمایل 5 مغز
6 خاطره 7 عقل 8 فهم 9 توجه 10 مغز متفكر

mind-bending *adjective*
1 کاریگەر لەسەر هۆش 2 تێگەیشتن‌سەخت،
گران، قورس، دژوار (mind-bendingly *adv*)
۞ 1 مؤثر بر روی ذهن 2 غیرقابل فهم

mind-blowing *adjective*
سەیر(وسەمەرە)، وروژێنەر، هەژێنەر،
سەرسووڕمێنەر، کاریگەر: *the -owing beauty*
of Africa ۞ عجیب، مهیج، بهت‌آور، مؤثر

mind-blowingly *adverb*
بە شێوەیێکی سەیر(وسەمەرە)، وروژێنەرانە،
هەژێنەرانە، سەرسووڕمێنەرانە ۞ به طور عجیب
یا مهیج

mind-boggling *adjective*
سەیر، سەرسووڕهێنەر، تێگەیشتن‌سەخت، ئاڵۆز،
تاسێنەر، باوەڕپێنەکراو: *a problem of mind-*
boggling complexity ۞ حیرت‌آور، غیرقابل
تصور

mind-bogglingly *adverb*
سەیرانە، سەرسووڕهێنەرانە، بە شێوەیێکی
تێگەیشتن‌سەخت، ئاڵۆزانە، باوەڕپێنەکراوانە ۞
به طور حیرت‌آور یا غیرقابل تصور

minded /'maɪndɪd/ *adjective*
1 خوازیار، پێخۆشبوو، مایل، حەزلێبوو، داواکار
2 شێلگیر، پتەو، بەبڕیار، سوور: *a fair-minded*
employer ۞ 1 خواهان، متمایل 2 مصمم

minder /'maɪndə(r)/ *noun*
1 (نافەرمی) نەخۆشیار 2 چاودێر، بەدیارەوەبوو،
چاوبەسەر، ئاگالێبوو، پارێزەر: *a star*
surrounded by her minders ۞ 1 پرستار 2
مراقب، محافظ

mindful /'maɪndfl/ *adjective*
ئاگادار، بەسەرنج، هۆشیار، وریا، بەئاگا، ئاگا،
بەبیر: *-ul of the danger of tropical storms,*
I decided not to go out ۞ متوجه، مراقب

mindfully /'maɪndfli/ *adverb*
ئاگادارانە، بە وریایی ۞ به طور مراقب

mindfulness /'maɪndflŋəs/ *noun*
ئاگاداری، وریایی، ئاگالێبوون، سەرنج‌پێدان،
هۆشیاری، ئاگایی ۞ مراقبت، توجه، موظبت

mindless /'maɪndləs/ *adjective*
1 گەوج، نەفام، بێ‌مێشک 2 گوێ‌پێنەدەر،
کەمتەرخەم، لامەرلا، بێ‌دەربەست، ئاڵۆزی،
بێ‌گوێ 3 ماندووکەر، وەڕەس‌کەر: *a mindless*
and repetitive task ۞ 1 احمق 2 بی‌توجه 3
خسته‌کننده

mindlessly /'maɪndləsłı/ *adverb*
گوێ‌پێنەدەرانە، بە بێ‌سەرنج‌دان ۞ با بی‌توجهی

mindlessness /'maɪndləsnəs/ *noun*
1 کەرێتی، گەوجێتی، بێ‌مێشکی 2 گوێ‌پێنەدان،
کەمتەرخەمی، لامەرلایی، ئاڵۆزێتی، بێ‌گوێیی
۞ 1 حماقت 2 بی‌توجهی

mind-reader *noun*
بیرزان، پێزان ۞ فکرخوان

mind-reading *noun*
بیرزانی، پێزانی ۞ فکرخوانی

mindset /'maɪndset/ *noun*
کۆمەڵە را و بۆچوون، چوارچێوەی بیرکردنەوە:
the mindset of the computer generation
۞ مجموعه‌ی آرا، ذهنیت، قالب ذهنی

mind's eye *noun*
دنیای خەیاڵات، خەیاڵ ۞ عالم تصور، پندار، خیال

mine[1] /maɪn/ *pronoun*
(جێناوی خاوەنداری، یەکەم کەسی تاک) هی
من، ـی من، هی خۆم: *That's mine* ◊ *He's a*
friend of mine ۞ مال من، ـمن، ـم

mine[2] /maɪn/ *noun*
1 کان، کانگا، کاراک 2 ڕەهۆڵە، ڕەهەند 3
سەرچاوەی زەبەند یان دەوڵەمەند، کانگا 4 مین
۞ 1 معدن 2 نقب 3 منبع سرشار 4 مین

mine-detector *noun*
مین‌دۆز(ەرەوە) ۞ مین‌یاب

mine-disposal *noun*
لەکارخستنی مین ۞ خنثی‌سازی مین

minefield /'maɪnfi:ld/ *noun*
1 مینگە، مەیدانی مین، جێ‌مین، مینەڵان،
ناوچەی مین‌ڕێژکراو 2 شوێنی پڕمەترسی یان
پڕخەتەر: *Tax can be a minefield for the*
unwary ◊ *a legal minefield* ۞ 1 میدان مین
2 عرصه‌ی پرخطر

minehunter *noun*
(بریتانیا) کەشتی شەڕکەری هەڵگرتنەوە و
لەکارخستنی مین ۞ مین‌هانتر

minehunting *noun*
هەڵگرتنەوە و لەکارخستنی مین ۞ مین‌هانترینگ

minelayer /'maɪn leɪɔ(r)/ *noun*
کەشتی مین‌ڕێژ یان مین‌چێن، کەشتی مین‌دانەر
۞ ناو مین‌گذار

minelying *noun*
مین‌چێنی، مین‌ڕێژی، مین‌دانان (بە کەشتی) ۞
مین‌گذاری

miner /'maɪnɔ(r)/ *noun*

1 کرێکاری کانگا، کان‌کار، کان‌کەن، کان‌چی، کان‌گەر 2 بۆ ناوی باڵندە یان مێرووە ڕەهۆڵ‌کەنە یان ڕەهۆڵ‌لێدەر بەکاردێتری، ب.ن. leaf miner ۞ 1 معدنچی 2 ماینر

mineral /ˈmɪnərəl/ *noun, adjective*
n کانی، مەتریاڵی کانگایی، مەتریاڵی نائەندامی، کەرەسەی کانی: *mineral deposits/extraction* ◊ *the recommended intake of vitamins and minerals* *adj* کانی، کانگایی، کاراکی، نائەندامی، inorganic ۞ *n* کانی، مادەی معدنی *adj* معدنی

mineralization /ˌmɪnərəlaɪˈzeɪʃn/ *noun*
کاناندن، بەکانی‌کردن، مەعدەنێن ۞ مینرالیزاسیون

mineral kingdom *noun*
کانیمەنی، دنیا یان جیهانی مینیراڵ (گیانەوەر و ڕووەک لەخۆناگرێ، لە بەرامبەر animal kingdom و vegetable kingdom) ۞ عالم جمادات

mineralogical /ˌmɪnərəˈlɒdʒɪkl, US -ˈlɑːdʒ-/ *adjective*
کانی‌ناسی‌یانە، سەربە کانی‌ناسی، سەربە کانگاناسی ۞ کانی‌شناختی

mineralogist /ˌmɪnəˈrælədʒɪst/ *noun*
کانی‌ناس، کانگاناس، کاراک‌ناس ۞ کانی‌شناس

mineralogy /ˌmɪnəˈrælədʒi/ *noun*
کانی‌ناسی، کانگاناسی، کاراک‌ناسی، لێکۆڵینەوەی زانستی کانەکان ۞ کانی‌شناسی

mineral oil *noun*
ڕۆنی کان(گایی) ۞ روغن معدنی

mineral pitch *noun*
قیری کانگایی یان سروشتی، قیری خۆڕسک ۞ قیر معدنی

mineral spirit = white spirit

mineral water *noun*, also minerals
ئاوی کان(گایی)، کاناو: *A glass of mineral water, please* ۞ آب معدنی

mineral wax *noun*
مۆمی کان(گایی) یان کانی ۞ شمع معدنی

mineral wool *noun*
خوری کان(گایی) یان کانی، خوری نائەندامی یان شووشە ۞ پشم سنگ، پشم شیشە

Minerva /mɪˈnɜːvə/ *noun*
مینێرڤا (= خواژنی ژیری و زانایی ڕۆمی، بڕوانە Athena) ۞ مینروا

Minervois /ˌmɪnɛːˈvwʌ, French minɛʀvwa/ *noun*
جۆرێ مەی ناوچەی Minervois لە باشووری فەرەنسە ۞ مینرویس

minestrone /ˌmɪnəˈstrəʊni, US -ˈstroʊ-/ *noun*
مینیسترۆنی (= جۆرێ سوپی ئیتالیایی؛ بنەرەت: ئیتالیایی) ۞ مینسترونی

minesweeper /ˈmaɪnswiːpə(r)/ *noun*
کەشتی مین‌لابەر، کەشتی مین‌سڕ(ەوە) ۞ کشتی مین‌روب

minesweeping *noun*
مین‌لابەری، لابردنی مین، مین‌سڕی(نەوە) (بە کەشتی) ۞ مین‌روبی

mineworker /ˈmaɪnwɜːkə(r), US -wɜːrk-/ *noun*
کرێکاری کانگا، کانکار، کان‌گەر، کان‌چی ۞ معدنچی

Ming *noun*
1 بەرەبێ کە لە 1368 تا 1644 بەسەر چیندا دەسەڵاتی کرد 2 (وەکوو ئاوەڵناو) جۆرێ چینی porcelain بەدرێژای دەسەڵاتی مینگ دروست دەکرا ۞ مینگ

minge /mɪn(d)ʒ/ *noun*
(بریتانیا) تووکەبەر و گەڵوقوزی ژن ۞ مینج

minger /ˈmɪŋə/ *noun*
(نافەرمی) کەس یان شتێکی وەڕەزکەر ۞ آدم یا چیز خسته‌کننده

minging /ˈmɪŋɪŋ/ *adjective*
(نافەرمی، بریتانیا) زۆر خراپ، یەکجار ناخۆش ۞ خیلی بد

mingy /ˈmɪndʒi/ *adjective* (mingier, mingiest)
پیسکە، بەرچاوتەنگ، سەقیل، stingy ،mean ۞ خسیس

mini /ˈmɪni/ *noun, pl.* minis
1 جۆرێ ماشینی چکۆلانە 2 مینی‌ژوپ، داوێنی کورت 3 = minicomputer ۞ 1 نوعی ماشین کوچک 2 مینی‌ژوپ

mini- /ˈmɪni/ *prefix*
پێشگر: ورد، چکۆلە، ورکە: *minibus* ۞ پیشوند: ریز، کوچک

miniature /ˈmɪnətʃə(r), US -tʃʊr/ *noun, adjetive*
n 1 مینیاتور، مینیچێر 2 وێنەی مینیاتوری 3 کۆپی یان مۆدێلی مینیاتوری *adj* ورد، وردیلانە، چکۆلانە، مینیاتوری ۞ *n* 1 مینیاتور 2 تصویر مینیاتوری 3 کپی یا مول کوچک *adj* کوچک

miniaturist /ˈmɪnɪtʃərɪst/ *noun*
مینیاتورکێش ۞ مینیاتورساز

miniaturization /ˌmɪnətʃəraɪˈzeɪʃn, US -rəˈzeɪ-/ *noun*
چکۆلاندن، چکۆلەکردنەوە، بچوکاندن ۞ ریزه‌سازی

miniaturized *adjective*
چکۆلێنراو، چکۆلەکراو، بچوکەوەکراو: *a miniaturized listening device* ۞ ریزه‌ساخت

minibar /ˈmɪnibɑː(r)/ *noun*

مینی‌بار ۞ مینی‌بار

minibus /'mɪnibʌs/ *noun*

مینی‌بوس، مینی‌باس ۞ مینی‌بوس

minicab /'mɪnikæb/ *noun*

تاکسی تەلەفونی ۞ تاکسی تلفنی

minicam /'mɪnikæm/ *noun*

دووربینی ڤیدیۆیی دەستی ۞ مینی‌کام

minicomputer /'mɪnikəmpju:tə(r)/ *noun*

کامپیوتێری گەورەتر لە personal و چکۆلەتر لە mainframe، کامپیوتێری مامناوەند یان دەستە یان ئەندازە ۞ مینی‌کامپیوتر

Mini Disk /'mɪnɪdɪsk/ *noun*, minidisc

مینی‌سێلک، مینی‌دیسک ۞ مینی‌دیسک

minidress *noun*

کراسی زۆرکورت ۞ پیراهن بسیار کوتاه

minikin /'mɪnəkɪn/ *adjective*

1 (کۆن) چکۆلە، ورد، گچکە 2 ناگرنگ، هیچەکە ۞ 1 کوچک 2 بی‌اهمیت

minim /'mɪnɪm/ *noun*

1 (نوت) سپی 2 گیانەوەری وردیلانە 3 مرۆی گرگن 4 کۆینێکی چکۆلەی رۆمی کۆن. زۆرتر لە مەفروخ 5 دڵۆپ (بۆ پێوانی شلەمەنی. بەرامبەر بە 5./. میلی‌لیتر 6 (لە خۆشنووسی‌دا) چوکلە (وەکوو *i, m, n, u*) ۞ 1 نیم‌گرد 2 جانور ریز 3 آدم کوتوله 4 و 5 مینیم

minima = plural form of minimum

minimal /'mɪnɪməl/ *adjective*

1 کەم‌ترین، چکۆلەترین، هەرەکەم، کەمینە، کەم‌ترین رادە، کەمی کەم، لانی‌کەم: *The work* ◊ *The was carried out at -mal cost* 2 سەربە یا *damage to the car was -l* پێوەندی بە هونەری کەمینە یا مینی‌مالیزمەوە هەیە ۞ 1 کم‌ترین، اقل 2 وابسته به هنر مینی‌مال یا مینی‌مالیسم

minimalism art *noun*

هونەری کەمینەیی، مینی‌مالیزم، ۞ هنر مینی‌مال

minimalism /'mɪnɪməlɪzəm/ *noun*

هونەری کەمینەیی، مینی‌مالیزم، کەمینەگەری ۞ مینی‌مالیسم

minimalist /'mɪnɪməlɪst/ *noun, adjective*

n مینی‌مالیست، کەمینەگەر: *minimalist* *adj paintings/sculptures* کەمینەگەرانە، مینی‌مالیستی ۞ *n* مینی‌مالیست *adj* مینی‌مالیستی

minimally *adverb*

کەمی، پشکی، نەختێ: *minimally invasive* *surgery* ۞ اندکی

minimal pair *noun*

جووتی کەمینە: جووتێ وشەی وەک *pin* و *bin* کە جیاوازی‌یەکەیان تەنیا لە دەنگێک دایە. ب.ت. کاتێ وەک بەڵگەیێ بۆ دژایەتی فونیمی phonemic دیترێتەوە ۞ جفت کمینه

minimart /'mɪnimɑ:t, US -mɑ:rt/ *noun*

مینی‌مارت (دووکانێکی چکۆلانە کە سیگار، خواردەمەنی و شتی وا دەفرۆشێ) ۞ مینی‌مارت

minimization *noun*

1 چکۆلەکردنەوە، سووکاندن 2 هەرەکەم‌کردنەوە، کەم‌ترینانـدن، کەم‌کردنەوە تا دواپین رادە ۞ 1 کوچک‌انگاری 2 به حداقل رسانی

minimum /'mɪnɪməm/ *noun, adjective, pl.* minima or minimums

n کەم‌ترین رادە، لانی‌کەم، کەم‌کەمە، کەمینە: ◊ *Costs should be kept to a minimum* *adj The room had a -nimum of furniture* *a* کەم‌ترین، ئەمپەڕ، هەرەکەم، چکۆلەترین: *the minimum* ◊ *minimum charge/price* *age for retirement* ۞ *n* حداقل، کم‌ترین حد *adj* کم‌ترین

minimum lending rate *noun*

(لە بریتانیا) کەم‌ترین رادەی سوود (یان بەهرە) ۞ حداقل نرخ بهره

minimum security prison = open prison

minimum thermometer *noun*

گەرمی‌پێو یان تێرمۆمیتری کەمینە (یان هەرەکەم، لە ماوەیەکی دیاری‌کراودا کەم‌ترین تێمپراچێر پیشان دەدا) ۞ دماسنج کمینه

minimum wage *noun*

کەم‌ترین کرێ یان حەق یان حەق‌دەس ۞ حداقل دست‌مزد

mining /'maɪnɪŋ/ *noun, adjective*

n 1 دەرهێنانی کان، کانکەنی 2 مین‌ڕێژی، مین‌چینی، مین‌دانان، مین‌چاندن *adj* کانی، کانگایی، کاراکی، سەربە کانگا یان کانگاکان ۞ *n* 1 استخراج معدن 2 مین‌گذاری *adj* معدنی

minion /'mɪnɪən/ *noun*

کارکەر، بەردەست، خزمەتکار، ژێردەس، خواردەس ۞ مستخدم

mini-pill *noun*

حەبی بەرگیری (لە جیاتی oestrogen، progestogenی تیایە) ۞ مینی‌پیل

miniscule = minuscule

miniseries /'mɪnɪsɪəri:z/ *noun, pl.* same

سێریاڵ یان زنجیرەی تەلەفزیۆنی ۞ مجموعه‌ی تلویزیونی

miniskirt /'mɪnɪskɜ:t, US -skɜ:rt/ *noun*

داوێنی کورت، تەنوورەی کورت ۞ مینی‌ژوپ

minister /'mɪnɪstə(r)/ *noun*

1 وەزیر، شالیار 2 ژێربالیوز، کاربزێر، کارڕاپەڕین 3 قەشە 4 نوێنەر، بریکار 5 ئەندامی پیاوانی دینی، ب.ت. لە کلیسەکانی Presbyterian و Nonconformist دا ۞ 1 وزیر 2 کاردار 3 کشیش 4 عامل 5 مینیستر

ministerial /ˌmɪnɪ'stɪərɪəl, US -'stɪr-/

adjective

1 سەربە شالیار، پلەوپایە یا ئەرکەکانی وەزارەتی، شالیارگەیی، سەربە شالیار یا وەزیرەکان 3 سەربە جێبەجێکردن 4 یارمەتیدەر، بەسوود ۞ 1 وابسته به وزیر، مقام و وظایفش 2 وزارتی 3 اجرایی 4 وابسته به وزرا 5 مؤید

ministering /'mɪnɪstərɪŋ/ *noun*

بەدەمخەڵکەوەبوون، دڵسۆزی ۞ نوعدوستی

ministering angel *noun*

(خوازە) فریشتەی رەحمەت یان یاریدەدەر، فریشتەی هەل یان بەزەیی ۞ فرشتەی رحمت

minister of state *noun*, also Minister of State

شالیار یان وەزیری حکومەتی بریتانیا ۞ وزیر حکومت بریتانیا

Minister of the Crown *noun*

(لە بریتانیا و کەنەدا) ئەندامی کابینە ۞ عضو کابینه

ministrant *adjective, noun*

1 (کۆن) خزمەتکار، راژەوان (ب.ت. بۆ ئاهەنگە دینییەکان) 2 یاریدەدەر، کۆمەک، فریاکەوتوو 3 پشتیوان، پشتگیر ۞ 1 خادم 2 کمک، مؤید 3 حامی

ministration /ˌmɪnɪ'streɪʃn/ *noun*

1 خزمەت، راژە (ب.ت. بۆ ئاهەنگی دینی) 2 (ministrations) ئاگاداری، ئاگالێبوون، فریاکەوتن، چاوبەسەرەوەبوون، بەدیارەوەبوون، چاودێری 3 یاریدەدان، کۆمەک، یارمەتی 4 جێبەجێکردن، راپەڕاندن 5 ئامادەکردن 6 خزمەت و راژەوانی دینی 7 شالیاری، وەزارەت ۞ 1 خدمت 2 مراقبت، پرستاری 3 کمک 4 اجرا 5 تهیه 6 خدمات مذهبی 7 وزارت

ministry /'mɪnɪstri/ *noun, pl.* ministries

1 شالیاری، وەزارەت 2 بنکەی وەزارەت، وەزارەتخانە، شالیارگە 3 ئەندامانی وەزارەت، وەزیران، شالیاران 4 پیاوانی دینی یان ئایینی، دینەوەران 5 کار و پیشە یان ئەرکی قەشەییتی (ب.ت. لە کلیسەی پرۆتیستانتدا) 6 خزمەت و راژەی دینی، کاری ئایینی (ministry of agriculture *n*: شالیاری یان وەزارەتی کشتوکاڵ؛ ministry of communication *n*: شالیاری یان وەزارەتی پێوەندی؛ ministry of culture *n*: شالیاری چاند یان فەرهەنگ، وەزارەتی فەرهەنگ یان چاند، وەزارەتی کولتور یان فەرهەنگ؛ Ministry of Defence *n*: شالیاری یان وەزارەتی بەرگری؛ ministry of education *n*: شالیاری یان وەزارەتی پەروەردە؛ ministry of finance *n*: شالیاری یان وەزارەتی دارایی؛ ministry of foreign affairs *n, pl.*: شالیاری یان وەزارەتی (کاروباری) دەرەوە؛ ministry of health *n*: شالیاری یان وەزارەتی تەندروستی؛ ministry of higher education *n*: شالیاری یا وەزارەتی خوێندنی بالا (بەرز)؛ ministry of interior *n*: شالیاری یان وەزارەتی نێوخۆ؛ ministry of justice *n*: شالیاری یان وەزارەتی داد؛ ministry of oil *n*: شالیاری یان وەزارەتی نەوت؛ ministry of trade *n*: شالیاری یان وەزارەتی کارداری یان بازرگانی؛ ministry of transport *n*: شالیاری یان وەزارەتی گواستنەوە (و گەیاندن) ۞ 1 وزارت 2 وزارتخانه 3 هیأت دولت 4 روحانیون 5 روحانیت 6 خدمت مذهبی

minium /'mɪniəm/ *noun*

1 مینیۆم 2 خاک یان گڵی سوور 3 ئۆکسایدی سوور ۞ 1 شنگرف 2 خاک سرخ 3 اکسید قرمز

minivan /'mɪnɪvæn/ *noun*

مینیڤان ۞ مینی‌وان

miniver /'mɪnɪvə/ *noun*

1 کەوڵ یان پێستەی سپی 2 قاقوم، ئاس ۞ 1 خز سفید 2 قاقم

mink /mɪŋk/ *noun, pl.* same or minks

1 (گیانەوەرناسی) مینک [*Mustela vison* (ئەمریکای باکووری) و *M. lutreola* (ئوراسیا)] 2 کەوڵ، پێستە یا چەرمی مینک 3 کۆت یا کەوای مینکی (کە لەو پێستە سازکراوە) ۞ 1 مینک 2 پوست مینک 3 کت مینکی

minke /'mɪŋkə, US -ki/ *noun*

جۆرێ نەهەنگی چکۆلەی rorqual، پشتی پۆری توندە و ژێرەوەی سپییە [*Balaenoptera acutorostrata*] ۞ مینکی

Minn. *abbreviation* Minnesota

minneola /ˌmɪnɪ'əʊlə/ *noun*

جۆرێ tangeloی سووری تۆخی توێکڵناسک (بنەڕەت: لە ناوی شارێکی Florida لە ئەمریکا) ۞ مینیولا

Minnesinger /'mɪnəsɪŋə/ *noun*

گۆرانیبێژ یان هۆنەری لیریکی ئەڵمانی سەدەکانی 12 تا 14 (بنەڕەت: لە *Minnesinger* "گۆرانیبێژی دڵدارانە") ۞ مینسینگر

Minnesotan /ˌmɪnɪ'səʊt(ə)n/ *noun, adjective*

n خەڵکی ئەیالەت یان هەرێمی مینیسوتای ئەمریکا *adj* مینیسوتایی، سەربە مینیسوتا یان خەڵکانی ئەوێ ۞ مینسوتایی

minnow /'mɪnəʊ, US -noʊ/ *noun*

1 زیتکە (= جۆرێ ماسی لە تیرەی ماسی کەپوور [*Phoxinus phoxinus*]) 2 بۆ ناوی ئەو ماسییێ لێکچووانە بەکاردێرێ، ب.ن. mudminnow 3 تیپی وەرزشی، رێکخراوە یان کۆمپانیای هیچەکە و ناگرنگ ۞ 1 مینوماهی 2

و 3 مینو

Minoan /mɪˈnəʊən/ *adjective, noun*

adj مینۆسی، سەربە شارستانیەتی سەردەمی مەفرەغ Bronze Age لە کریت Crete دا (3000-1050) پێش‌زایین *n* 1 دانیشتووی کریتی مینۆوایی 2 زمان یان نووسراوەکانی بەند بە مینۆوایی ◇ مینوسی، مینوان

minor /ˈmaɪnə(r)/ *adjective, noun*

adj 1 چکۆلە، بچووک، بچیک، چکۆلەتر، منال‌تر 2 پایەنزم، پلەنزم 3 سەرپێیی، ناگرنگ، نیوەچڵ، لاوەکی، لاتەنیشتی، ناسەرەکی 4 (موسیقا) چکۆلە، مینۆر، بچووک *n* 1 (ماف) چکۆلانە، چکۆلە (کەم‌تر لە 18 ساڵ) 2 (موسیقا) کلیل، پەیژە و... مینۆر یان چکۆلە 3 بواری خوێندن یان لقی ناسەرەکی ◇ *adj* 1 کوچک‌تر. کوچک 2 پایین‌رتبە 3 جزئی، فرعی 4 (موسیقی) مینور *n* 1 (حقوق) صغیر 2 مینور 3 رشتەی فرعی

minor axis *noun*

(ئەندازە) تەوەری چکۆلە (بڕوانە **major axis**) ◇ محور کوچک

Minorcan /mɪˈnɔːkən/ *noun, adjective*

n **مینۆرکایی، خەڵکی مینۆرکا Minorca** ***adj*** **سەربە مینۆرکا یان خەڵکانی ئەوێ، مینۆرکایی** ◇ مینورکایی

minor element = **trace element**

Minorite = **Franciscan**

minority /maɪˈnɒrəti, US -ˈnɔːr-, -ˈnɑːr-/ *noun, pl.* minorities

1 کەمایەتی، کەم‌ترایەتی، کینمانی، کەمینە: *For a minority, the decision was a disappointment* 2 (ماف) چکۆلەیی، بچووکی: *When his minority ended he had to fight to reclaim his property* ◇ 1 اقلیت 2 صغر

minority government *noun*

حکومەتی کەمینە ◇ حکومت اقلیت

minority leader *noun*

ڕێبەری کەمینە ◇ رهبر اقلیت

minor league *noun*

لیگی خوارتر لە ئاست major league لە بەیسبۆل یان فوتبۆلی ئەمریکایی (minor-league *n* ؛minor leaguer *n*) ◇ مینورلیگ

minor orders *noun, pl.*

(مێژوویی) پایەی پیاوانی دینی ئۆرتۆدۆکس و کاتۆلیک خوارتر لە پلەی deacon (بڕوانە major order) ◇ صنوف روحانی پایین‌رتبە

minor planet *noun*, also asteroid

هەسارۆکە، وردەهەسارە ◇ سیارک

minor party *noun*

پارتی کەمینە ◇ حزب اقلیت

minor premise *noun*

(لۆژیک) پێشەکی چکۆلە یان بچووک ◇ مقدمەی صغرا

Minor Prophet *noun*

پێغەمبەرانی چکۆلە(تر): کۆمەڵەی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن Old Testament کە بریتین لە: Hosea، Joel، Amos، Obadiah، Jonah، Micah، Nahum، Habakkuk، Zephaniah، Haggai، Zechariah و Malachi (بڕوانە Major Prophet) ◇ مینور پروفیت

minor scale *noun*

(موسیقا) پەیژەی چکۆلە یا بچووک ◇ گام مینور

minor seminary *noun*

خوێندنگای ئامادەیی کاتۆلیکی ڕۆم، پێ‌داگیری لەسەر ئامادەکاری پاڵێوراوان بۆ major seminary ◇ مینور سمیناری

minor suit *noun*

خشت و خاچ (لە bridge دا. بڕوانە major suit) ◇ خشت و خاج

Minos *noun*, Latin, from Greek *Minōs*

کوڕی Zeus و Europa و پادشای Crete (میتۆلۆژی یۆنانی) ◇ مینوس

Minotaur /ˈmaɪnətɔː(r), US ˈmɪn-/ *noun*, from Greek *Minōtauros*

مینۆتۆر، مینۆتاوڕوس، ماینۆتۆر، مینۆتاور، گامێر، گاپیاو (میتۆلۆژی یۆنانی. نیوەی پیاو و نیوەی گا، لە هەزاربەهەزاری Crete لە لایەن پاتشا Minos ـەوە ڕاگیرا و بە دەستی Theseus کوژرا) ◇ مینوتور

minotaur beetle *noun*

قالۆنچەی مینۆتۆر یان سێ‌شاخ (سێ شاخ لەسەر سنگی [*Typhaeus typhoeus*]) ◇ نوعی سوسک

minoxidil /mɪˈnɒksɪdɪl/ *noun*

(پزشکی) مینۆکسیدیل $C_9H_{15}N_5O$، دەرمانێکی پێکهێنراو کە وەک vasodilator بۆ چارەسەری hypertension و هەروەها بە شێوەی لۆسیۆن بۆ گەشەی موو بەکاردێری ◇ مینوکسیدیل

minster /ˈmɪnstə(r)/ *noun*

کلیسەی گرنگ یا گەورە (ب.ت. سەربە دەیری بێ) ◇ کلیسای بزرگ یا مهم

minstrel /ˈmɪnstrəl/ *noun*

موسیقاژەن یان گۆرانی‌بێژی گەڕیدە، بەزمگێڕ (دەربەدەر، لە سەدەکانی نێوەڕاستدا) ◇ نوازندە یا خوانندەی دورەگرد

minstrelsy /ˈmɪnstrəlsi/ *noun, pl.* minstrelsies

1 بەزمگێڕی 2 هەڵبەست و لیریکی بەزمگێڕانی سەدەکانی نێوەڕاست ◇ 1 خنیاگری 2 مینسترلی

mint[1] /mɪnt/ *noun*

1 جاترە، نەعنا، تەتاقک، مەزرە [توخم *Mentha*: چەندین جۆرن] 2 نەباتاوی جاترەیی یان لە مەزرە ◇ 1 نعنا 2 آب‌نبات نعنایی

mint[2] /mɪnt/ *noun, adjective*
n 1 شوێنی لێدانی پارە، دراوخانە، پارەسازگە
(ب.ت. لەژێر دەسەلاتی حکومەت) 2 لوودە
پارە، بارەپارە، کۆلێ پوول و پارە، بڕێکی زۆری
پارە و پوول: *to make/cost a mint adj* تازە،
نەو، دەستلێنەدراو، مۆر، سەردەق ۞ *n* 1
ضراب‌خانە 2 مقدار زیاد پول *adj* تازە
mintage /ˈmɪntɪdʒ/ *noun*
لێدانی سکە یان کوین ۞ ضرب سکە
mint julep = julep
mint-master *noun*
بەرپرس یان سەرۆکی دراوخانە، سەرۆکی
پارەسازگە ۞ رئیس ضراب‌خانە
mint sauce *noun*
سۆسی مەزرە یان جاترە ۞ سس نعنا
minty /ˈmɪnti/ *adjective*
جاترەیی، مەزرەیی، مەزراوی ۞ نعنایی
minuend /ˈmɪnjʊend/ *noun*
(ژمارە یان بڕ) لێ‌کەم‌کراو، لێ‌داشکێنراو،
لێ‌دەرکراو ۞ مفروق‌منە، کاهش‌یاب
minuet /ˌmɪnjuˈet/ *noun*
مینوئێت (= جۆرێ هەڵپەڕکێی سەدەکانی 17 و
18 و پارچە موسیقایێ بۆ ئەو سەما و
هەڵپەڕکێ‌یە) ۞ منوئه
minus /ˈmaɪnəs/ *noun, adjective, preposition*
n 1 نیشانەی لێ‌دەرکردن (–)، بڕی نەیێنی 2
(نافەرمی) کەم‌وکوڕی، گرفت، کێشە، ناستەنگ،
خالی لاوازی، عەیب: *Let's consider the*
pluses and minuses of changing the
system adj نەیێنی، نەرێتی *prep* (تێمپراچێر)
زێر سیفر، خوار سیفر: *The temperature*
dropped to minus 28 degrees centigrade
(نافەرمی) *It was minus ten ◊ (ý28°C)*
بێ–، بێ‌بەری (لە)، بێ‌بەش (لە): *The group*
found itself minus a bass player ۞ *n* 1
علامت مقدار منفی 2 نقص، نقطه ضعف، عیب
adj منفی *prep* زیر صفر، بدون، بی–
minuscular /mɪˈnʌskjʊlə/ *adjective*
سەربە minuscule ۞ وابسته به minuscue
minuscule /ˈmɪnəskjuːl/ *adjective, noun*
adj 1 ورد، بچووک، چکۆلە، چکۆلانە، بچیک،
کەم، کەموسکە، بڕە 2 سەربە پیتە چکۆلەکان *n*
1 پیتی بچووک یا چکۆلە 2 نووسراوەی ورد
(بنەڕەت: لە *minuscula (littera)* لاتین "تا
رادەیێ (پیتە) چکۆلەتر(ەکان)") ۞ *adj* 1 ریز،
کوچک 2 وابسته به حروف کوچک *n* 1 حرف
کوچک 2 نوشتەی ریز
minuses *noun, pl.*
کەمی، کێماسی، کەم‌وکوڕی، عەیب، لایەنە
نەرێنی یان نەیێنی‌یەکان، زەرەر و زیان ۞
معایب، نقایص، مضار
minus sign *noun*
نیشانەی لێ‌دەرکردن (–) ۞ علامت منها
minute[1] /ˈmɪnɪt/ *noun, pl.* minutes
1 دەقە، وردە، وردەک، خولەک، دەقیقە: *It's*
four minutes to six 2 سات، تاو، چرکەسات:
3 *Could I see you for a minute?*
تۆمار(کردن)، نووسین 4 ڕەشنووس، بەرنووس
5 (minutes) کۆنووس، کورتەی دان‌وستان،
کورتەنامەی فەرمی کۆبوونەوە یان لێژنەیێ 6
شەش‌یەکی بەشێ لە پلەیێ، بۆ پێوانی گۆشەکان
بەکاردێتێ ۞ 1 دقیقه 2 لحظه 3 ثبت 4
پیش‌نویس 5 (در جمع) صورت‌جلسه 6 مینیت
minute[2] /ˈmɪnɪt/ *adjective* (superlative
minutest, no comparative)
1 ورد، چکۆلانە، وردیلە، بچکۆلانە، بچووک:
minute amounts of chemicals in the
water 2 هیچەکە، بێ‌بایەخ، ناگرنگ 3
دووردودرێژ، ورد، پڕوردەکاری: *a minute*
examination/inspection ۞ 1 خرد، کوچک
2 کم‌اهمیت 3 دقیق، مفصل
minute-book /ˈmɪnɪt bʊk/ *noun*
دەفتەر یان کورتەنامەی دان‌وستانەکان ۞ دفتر
صورت جلسات
minute-gun /ˈmɪnɪt gʌn/ *noun*
(ب.ت. لە ماتەم، ناشتن و...) تۆپ ۞ توپ
minute-hand /ˈmɪnɪt glɑːs/ *noun*
میلی گەورە، میلی دەقەژمێر ۞ عقربەی دقیقه‌شمار
minutely *adverb*
بە وردی، بە دووردودرێژی، کەمێ: *The*
agreement has been examined minutely
۞ با دقت، کمی
minute-man /ˈmɪnɪtmæn/ *noun, pl.*
minute-men
سوارچاک یان شیڤالیەی چەکدار یان
نیمچەلەشکری ۞ شوالیەی مسلح یا شبه‌نظامی
minuteness *noun*
1 وردی، چکۆلانەیی، وردیلەیی، بچکۆلانەیی،
بچووکی 2 وردی، وردبوونەوە ۞ 1 کوچکی،
خردی 2 دقت
minute steak *noun*
(لەتە) گۆشتی ناسک یا زووکولاو ۞ استیک نازک
minutiae /maɪˈnjuːʃiiː, US mɪˈnuːʃiiː/
noun, also minutia /-ʃɪə/
وردەکاری، وردەباس: *the minutiae of the*
contract ۞ جزئیات
minx /mɪŋks/ *noun*
(کچ یان ژن) بێ‌شەرم، ڕوودڕ، زڕزۆپ، سەلیتە،
بێ‌حەیا، بێ‌عار، دەم‌هەراش ۞ سلیطه، گستاخ
minxish *adjective*
بێ‌شەرم، ڕوودڕ، سەلیتە، بێ‌حەیا، دەم‌هەراش

◌ سليطه، گستاخ

minyan /ˈmɪnjən/ *noun, pl.* minyanim /ˈmɪnjənɪm/
رادەی پێویستی دەکەسی ژوور 13 سالآن بۆ پەرستنی گشتی نەریتی جوولەکە ◌ مینیان

Miocene /ˈmʌɪə(ʊ)siːn/ *adjective*
(زەویناسی) کەمترنوێ: سەربە یان ئامازە بە چوارەمین قۆناخی سەردەمی Teritary (نێوان Oligocene و Pliocene، دەوروبەری 23.3 تا 5.2 میلیۆن ساڵ لەوەپێش)، سەردەمێ کە یەکەمین مەیموونەکان دەرکەوتن (بنەڕەت: لە *meiōn* یۆنانی "new" *kainos* + "less") ◌ میوسین

miosis /mʌɪˈəʊsɪs/ *noun,* also myosis
تەنگبوونەوەی یەکجاری گلێنەی چاو ◌ میوسیس

miotic *adjective*
سەربە تەنگبوونەوەی یەکجاری گلێنەی چاو ◌ وابسته به میوسیس

MIPS /mɪps/ *noun, abbreviation* million instructions per second
میپس: یەکەی خێرایی لێکدانەوە بەرنامەر بە یەک میلیۆن دەستوور لەسەر چرکەدا ◌ میپس- ام‌آی‌پی‌اس

mirabelle /ˌmɪrəˈbel/ *noun*
1 هەڵووژەزەردە، هەڵووچەزەردە 2 لیکۆری هەڵووژەزەردە (لە فەرەنسییەوە) ◌ 1 آلوزرد 2 لیکور آلوزرد

miracidium /ˌmʌɪrəˈsɪdɪəm/ *noun, pl.* miracidia
(گیانەوەرناسی) لاوۆچکە، لاوژە، کورژە (بنەڕەت: لە *meirakidion* یۆنانییەوە، چکۆلینراوی *meirakion* "boy, stripling") ◌ میراسیدیم

miracle /ˈmɪrəkl/ *noun*
1 پەرجوو، مۆجیزە، کاری سەیر 2 نموونەی دیار ◌ 1 معجزه 2 مثال بارز

miracle play *noun*
شانۆ(گەر)ی پەرجووکان یان مۆجیزەکان (لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، لەسەر بنچینەی رووداوەکانی کتێبی پیرۆز یان ژیانی سایتە کریستانییەکان) ◌ نمایش معجزات

miraculous /mɪˈrækjələs/ *adjective*
1 پەرجووئاوی، موجیزاوی، موجیزەئاسا، سەیر(وسەمەرە)، نائاسایی، سەرسووڕهێنەر: *a miraculous event* 2 (نافەرمی) چاوەڕواننەکراو، بەرچاو ◌ 1 معجزه‌آسا، خارق‌العاده 2 (عامیانه) غیرمترقبه

miraculously /mɪˈrækjələsli/ *adverb*
بە شێوەیەکی سەیر، سەرسووڕهێنەرانە ◌ به طور حیرت‌انگیز

mirador /ˌmɪrəˈdɔː, US ˈmɪrədɔː/ = 1 belvedere 2 watchtower

mirage /ˈmɪrɑːʒ, mɪˈrɑːʒ, US məˈrɑːʒ/ *noun*
تراویلکە، رەورەوەک، لەیلان، سەراو، سەراب (بنەڕەت: لە *mirare* لاتین "روانین") ◌ سراب

mirch /mɪətʃ/ = (Indian) chilli or chilli powder

mire /ˈmaɪə(r)/ *noun*
1 لیتاو، قوڕ و چلپاو، قوڕاو، لیتە، زەلکاو، زەل، زۆنگاو 2 گێچەڵ، تەڵەزگە، گێژاو، تەنگوچەڵەمە ◌ 1 گل و لای، باتلاق 2 مخمصه

mirepoix /ˈmɪəˌpwɑː/ *noun*
تێکەڵەیێکی سوورەوەبوو لە سەوزی وردکراو، لە چەند جۆرێ سۆسدا بەکاردێتن (بنەڕەت: لە ناوی ژێنراڵی فەرەنسی *Duc de Mirepoix*) ◌ میرپویکس

mirex *noun*
میرێکس: جۆرێ میرووکوژی ئۆرگانۆکلۆراین $C_{10}Cl_{12}$ جاران ب.ت. وەک میرووڵەکوژ بەکاردێنرا ◌ میرکس

mirid /ˈmɪrɪd, US ˈmʌɪərɪd/ *noun*
سێتکی چالاکی گیایی لە خێزانی بەربلاوی Miridae کە گەلێ مێملی رووەکی دەگرێتەوە ◌ نوعی سا‌س گیاهی

mirin /ˈmɪrɪn/ *noun*
جۆرێ مەی برنج، لە ئاشپەزی ژاپۆنیدا بەکاردێتن ◌ میرین

mirk = murk

mirky = murky

mirliton /ˈməːlɪtɒn/ *noun*
1 ئامێرێکی موسیقایی بە دەنگێکی گنەوە، لە دەچی kazoo = 2 chayote1 ◌ میرلیتون

miro /ˈmɪərəʊ/ *noun, pl.* miros
(مائۆری) درەختێکی هەمیشەسەوزی سنەوبەری نیوزیلەند، کە داریکی بەقازانجی هەیە [*Prumnopitys ferruginea*] ◌ میرو

mirror /ˈmɪrə(r)/ *noun*
1 (بە واتای مەجازیشەوە) ئاوێنە، قودیک، نەینوک، نەینک، جام: *The face is the mirror of the soul* ◊ *Dickens' novels are a mirror of his times* (لە ئەمریکا) *a side-view mirror* 2 نموونە، سەرمەشق، میناک، exemplar: *a man who was the mirror of fashion* 3 بەشی رەنگینی باڵی باڵندە 4 چوارچێوەی نێو دیوار کە وێنە یان ئاوێنەی لێ دادەنێن ◌ 1 آیینه، آینه 2 نمونه 3 و 4 میرور

mirrored /ˈmɪrəbɔː:, US -rbɔːl/ *adjective*
ئاوێنەتۆپ، تۆپئاوێنە (تۆپێکی زلەی پڕئاوێنەی چکۆلە، بە بن میچەوە هەڵدەواسرێ و دەسووڕێتەوە) ◌ میروربول

mirrored /ˈmɪrəd, US -rərd/ *adjective*

ئاوێنەئاسا، شێوەئاوێنە، ئاوێنەیی، نەینوکی: *mirrored doors/sunglasses* ◊ آینەمانند

mirror image *noun*
وێنەی ئاوێنەیی ◊ تصویر آینەای

mirrorlike *adjective*
ئاوێنەیی، ئاوێنەئاسا، شێوەئاوێنە ◊ آینەمانند

mirror site *noun*
سایتی ئاوێنەیی ◊ سایت آینەای

mirror symmetry *noun*
هاوتایی ئاوێنەیی ◊ تقارن آینەای

mirth /mɜ:θ, US mɜ:rθ/ *noun*
خۆشی، شادی، خۆشحاڵی، بەکەیفی، سەرخۆشی ◊ نشاط، شادمانی

mirthful /mɜ:θfl/ *adjective*
خۆش، شاد، خۆشحاڵ، سەرخۆش، دڵشاد ◊ شادمان، بانشاط، خوشحال

mirthfully /mɜ:θfli/ *adverb*
بە خۆشحاڵی، بە شادی، سەرخۆشانە ◊ با شادمانی

mirthfulness /mɜ:θflnəs/ *noun*
خۆشی، شادی، خۆشحاڵی، سەرخۆشی، دڵشادی: *a -ss laugh/smile* ◊ نشاط، شادمانی

mirthless /'mɜ:θləs, US 'mɜ:rθ-/ *adjective*
1 (پێکەنین) زۆری 2 خەمبار ◊ 1 مصنوعی 2 غمگین

mirthlessly /'mɜ:θləsli, US 'mɜ:rθ-/ *adverb*
(بە) زۆری ◊ زورکی

MIRV /mə:v/ *noun*
جۆری مووشەکی ناوکی وشکاربڕ intercontinental کە چەندین سەرەمووشەکی سەربەخۆ یان جیای هەیە (بنەڕەت: سەروشەی *Multiple Independently targeted Re-entry Vehicle*) ◊ میرو

miry *adjective*
قوڕاوی، لیخن، لیتاوی، قوڕوچڵپاوی ◊ گل‌آلود

mis- /mɪs/ *prefix*
پێشگر: 1 خراپ، هەڵە، نادروست، بەد، شاش، چەوت، بە شێوەیێکی خراپ یان هەڵە، نادروستانە: *misbehaviour* 2 نا، نە (بنەڕەت: لە ئینگلیسی کۆنەوە، لە بنەڕەت ئەڵمانی) ◊ پیشوند: 1 بد، اشتباه، به طور بد یا اشتباه 2 غیر

misadventure /ˌmɪsəd'ventʃə(r)/ *noun*
1 بەختی ڕەش، ڕۆژەڕەشی، بەدبەختی، قوڕبەسەری، قەومان، بەڵا، مەینەتی، نەهاتی 2 ڕووداوی ناخۆش 3 (ماف) مردن بەهۆی ڕووداو ◊ 1 سوء اتفاق 2 حادثەی ناگوار 3 (حقوق) مرگ در اثر حادثه

misalliance *noun*
1 ژنومێردایەتی ناسەرکەوتوو یان ئاخرشەڕ (ب.ت. لەگەڵ کەسێ سەربە چینی خوارتر) 2 یەکێتی سەرنەگرتوو، یەکگرتوویی نەگونجاو ◊ 1 ازدواج نامیمون 2 اتحاد نامناسب

misanthrope /'mɪsənθrəʊp, US -θroʊp/ *noun*, also misanthropist
(لە)خەڵک‌بێزار، لاتەریک، دوورەپەرێز ◊ مردم‌گریز

misanthropic /ˌmɪsən'θrɒpɪk, US -'θrɑ:p-/ *adjective*, also -hropical
(لە)خەڵک‌بێزار، لاتەریک، دوورەپەرێز، دوورەپەرێزانە، لاتەریکانە (misanthropically *adv*) ◊ مردم‌گریز، مردم‌گریزانه

misanthropy /mɪ'sænθrəpi/ *noun*
(لە)خەڵک‌بێزاری، لاتەریکی، دوورەپەرێزی ◊ مردم‌گریزی

misapplication /ˌmɪsæplɪ'keɪʃn/ *noun*
خراپ بەکارهێنان، بەدبەکارهێنان، بەفیڕۆدان، بەئاوادان ◊ استفادەی غلط

misapprehension /ˌmɪsæprɪ'henʃn/ *noun*
خراپ تێک‌گەیشتن، لێک گەیشتنی بە هەڵە یان نادروست، لێک‌نەگەیشتن (misapprehensive *adj*) ◊ سوء تفاهم

misappropriation /ˌmɪsəˌprəʊpri'eɪʃn, US -ˌproʊ-/ *noun*
دزی، دەسپیسی، دەسکیسی، لاخستن، دەس‌لێ‌ڕادان، تەخشان‌وپەخشان ڕادان: *the -ropriation of funds* ◊ اختلاس، حیف و میل

misbecoming *adjective*
نالەبار، نەگونجاو ◊ غیرمناسب

misbegotten /ˌmɪsbɪ'gɒtn, US -'gɑ:tn/ *adjective*
1 خراپ‌دارێژراو، خراپ‌نەخشەڕێژکراو 2 (کۆن) زۆڵ، بیژوو، حەرامزادە، illegitimate 3 مرۆڤی کەروگەوج، contemptible ◊ 1 بد طراحی‌شده 2 حرامزاده 3 آدم احمق و بی‌شعور

misbehaviour /ˌmɪsbɪ'heɪvjə(r)/ *noun*
1 خراپ‌جووڵانەوە، خراپەکردن، ناحەز هەڵس‌وکەوت‌کردن، بەدڕەفتاری 2 بێ‌ڕەوشتی ◊ 1 بدرفتاری 2 بی‌ادبی

misbelief /ˌmɪsbɪ'li:f/ *noun*
بیروبۆچوونی هەڵە، باوەڕی نادروست و چەوت ◊ عقیدەی غلط

misbeliever /ˌmɪsbɪ'li:və(r)/ *noun*
زەندیق، بۆچوون‌هەڵە، هەڵەبیر، باوەڕچەوت، بیرچەوت، بیروبۆچوون‌هەڵە، heretic، infidel ◊ دارای عقیدەی غلط

misc *abbreviation* miscellaneous

miscalculation /ˌmɪskælkju'leɪʃn/ *noun*
خراپ‌لێکدانەوە، خراپ‌هەڵسەنگاندن ◊ اشتباه در محاسبه، برآورد اشتباه

miscarriage /'mɪskærɪdʒ, US ˌmɪs'k-/ *noun*
1 لەبارچوون، بەراوێتەبوون، بەرخستن،

2 *to have a miscarriage*: بەرفڕیدان: جنیبەجێنەبوون، سەرنەگرتن، بەدینەهاتن، سەرنەکەوتن، تێشکان، چرژان، بێ‌نەنجامی، نامرادی، نەگەیشتن بە ئامانج، نەپێکرانی مەبەست، نەگەیشتنە شوێن‌مەبەست ○ 1 سقط جنین 2 عدم تحقق، ناکامی

miscarriage of justice *noun*
خراپ دادگایی‌کران، دادپرسی نادادپەروەرانە، خراپ جنیبەجێبوونی داد، دادگەری نادروست، تێشکانی دادگا لە بەڕێوەبردنی دادگەری‌یەکی گونجاو ○ سوء اجرای عدالت

miscast = past and past participle of miscast

miscegenation /ˌmɪsɪdʒəˈneɪʃn/ *noun*
تێکەڵی ناهاوڕەگەز، ژن‌ومێردایەتی ناهاونژاد ○ ازدواج میان نژادی

miscellanea /ˌmɪsəˈleɪnɪə/ *noun, pl.*
کەشکۆل، کۆمەڵەی وتەیی ○ جنگ ادبی

miscellaneous /ˌmɪsəˈleɪnɪəs/ *adjective*
تێکەڵ جۆراوجۆر، جۆربەجۆر، هەمەڕەنگ، چەندلایەنە. *a sale* heterogeneous diverse *of miscellaneous household items* ○ متنوع

miscellaneously /ˌmɪsəˈleɪnɪəsli/ *adverb*
جۆراوجۆرانە، بە شێوەی هەمەڕەنگ ○ بە طور متنوع

miscellaneousness /ˌmɪsəˈleɪnɪəsnəs/ *noun*
تێکەڵی، جۆراوجۆری، هەمەجەشنی، هەمەڕەنگی، جۆربەجۆری، چەندلایەنەیی ○ تنوع

miscellany /mɪˈseləni, US ˈmɪsəleɪni/ *noun, pl.* miscellanies
کۆمەڵە، تێکەڵە، توورەکەی عەتار، کەشکۆڵ، کۆمەڵی لە شتی جۆراوجۆر، assortment ○ مجموعە، جُنگ

mischance /ˌmɪsˈtʃɑːns, US -ˈtʃæns/ *noun*
1 بەختی رەش، رۆژەڕەشی، بەدبەختی، بەخت‌ڕەشی، قەومان، مەینەتی، قوڕبەسەری، 2 misfortune ,mishap بەڵا، نەهاتی، ڕووداوی ناخۆش، بەلا ○ 1 سوء اتفاق. بدبختی 2 اتفاق ناگوار

mischief /ˈmɪstʃɪf/ *noun*
1 شەیتانی، قۆشمەیی، شلوقی، هاروهاجی، هەوهەوێن‌نانەوە، ناجسنی، بەدڕەسەنی، دێزی، خراپی 2 ئاژاوە، شێوێنکەیی، شەیتانی 3 ئازار، وەی، زەڕ، زەرەر، کەتن، زیان 4 مرۆی ناجسن، منالی شەیتان ○ 1 بدجنسی، شرارت 2 فتنە 3 آسیب، اذیت 4 آدم بدجنس

mischief-maker /ˈmɪstʃɪf meɪkə(r)/ *noun*
ئاوری بنکا، کۆلەوەی‌باب، کولەبنە، قولەفیتنە، بەیەکادەر، پێکادەر، خومەشێوێنکە، ئاژاوەگێر، سەربەگێچەڵ ○ دوبەهم‌زن، فتنەانگیز

mischief-making /ˈmɪstʃɪf meɪkɪŋ/ *noun*
1 بیسی، گلاوی، چەپەڵی، بەدنیاری 2 قولەفیتنەیی، ئاژاوەگێری، شەیتانی، خومەشێوێنکەیی، سەربەگێچەڵی ○ 1 خباثت 2 دوبەهم‌زنی

mischievous /ˈmɪstʃɪvəs/ *adjective*
1 ناجسن، شەیتان، بەدڕەسەن، شلوق، هار(وهاج) 2 موزیر، شۆفار، پیس، بەوەی، بەئازار، بەزەڕ، سەربەزیان، ناجسن 3 ئاژاوەنەرەوە، شەیتان، ماڵ‌وێران‌کەر ○ 1 نحس 2 مضر، موذی. بدجنس 3 فتنەانگیز

mischievously /ˈmɪstʃɪvəsli/ *adverb*
شەیتانانە، ناجسنانە، لە رووی ناجسنی(یەوە) ○ از روی بدجنسی

mischievousness /ˈmɪstʃɪvəsnəs/ *noun*
1 ناجسنی، شەیتانی، هاروهاجی، بەدڕەسەنی، موزیری 2 ئاژاوەنانەوە، شۆفاری، کێشەنانەوە، شەیتانی، بەیەکادان ○ 1 بدجنسی 2 فتنەانگیزی

misch metal /mɪʃ/ *noun*
داڕشتەیی alloy لە سریۆم cerium، لانتانیۆم lanthanum و کانزا دەگمەنەکانی rare تر ○ آلیاژ سریم، لانتانیم و فلزات نادر دیگر

miscibility /ˌmɪsəˈbɪləti/ *noun*
(کیمیا) لەتێکەڵ‌هاتوویی، تێکەڵ‌کراوی ○ امتزاج‌پذیری

miscible /ˈmɪsəbl/ *adjective*
(کیمیا) لەتێکەڵ‌هاتوو، تێکەڵ‌کراو، تێکەڵ دەبێ ○ امتزاج‌پذیر

misconceived /ˌmɪskənˈsiːvd/ *adjective*
1 بە شێوەیەکی خراپ پلان‌ڕێژکراو، خراپ‌داڕشتە 2 هەڵە، چەوت، شاش ○ 1 بد طراحی یا قضاوت‌شده 2 اشتباه، غلط

misconception /ˌmɪskənˈsepʃn/ *noun*
1 خراپ تێگەیشتن، بەهەڵەتێگەیشتن 2 بۆچوونی نادروست، بیرۆکە یان هزری چەوت، بیری هەڵە ○ 1 درک اشتباه 2 تصور غلط

misconduct /ˌmɪsˈkɒndʌkt, US -ˈkɑːn-/ *noun*
1 داوێن‌پیسی، پێوەندی نارەوا 2 خراپ‌بەڕێوەبردن، بەدبەڕێوەبەری، درێخی پیشەیی 3 خراپ‌جوولانەوە، رەفتار یان هەڵس‌وکەوتی نادروست (یان ناپەسند) ○ 1 فسق 2 سوء مدیریت 3 بدرفتاری

misconstruction /ˌmɪskənˈstrʌkʃn/ *noun*
خراپ‌لێکدانەوە، بەهەڵە شی‌کردنەوە، راڤەی نادروست، خراپ‌تێگەیشتن، بەهەڵە لێک‌گەیشتن ○ سوءتعبیر، سوءتفاهم

miscount /ˌmɪsˈkaʊnt/ *noun*
لێ‌شێوان لە ژماردنا، خراپ‌بژاردن، بەدژمێری، لێ‌تێکچوونی ژماردن، بژاردنی بەهەڵە، چەوت‌ژمێری (ب.ت. ژماردنی دەنگەکان لە هەڵبژاردندا): *The votes had been*

miscounted ۞ شمارش غلط

miscreant /ˈmɪskriənt/ *noun*
بنیادەمی خراپ، خراپکار، بێشەرەف، بێویژدان ۞ آدم شرور

miscreated *adjective*
بەدقوڵا، ناهەموار، ناقوڵا، نالەبار، بەدکرد، خراپدروس‌کراو ۞ بدترکیب

miscue /ˈmɪsˈkjuː/ *noun*
(زمانەوانی) هەڵە ۞ خطا

misdeal /ˌmɪsˈdiːl/ *noun*
(پەڕین) دەستی لێ‌شێواو، دەستی بەهەڵە ۞ دست اشتباه

misdealt = past and past participle of misdeal

misdeed /ˌmɪsˈdiːd/ *noun*
کاری خراپ، کردەوەی نادروست، گوناھ، تاوان ۞ خلاف، جرم

misdemeanour /ˌmɪsdɪˈmiːnə(r)/ *noun*. US misdemeanor
1 کاری خراپ، کردەوەی نادروست، کاری ناحەز، کاری ناپەسند: *youthful misdemeanours* 2 (ماف) سووکەتاوان، لاتاوان، نیمچەتاوان، تاوانێ کە زۆر قورس نەبێ ۞ 1 خلاف 2 (حقوق) جرم جزئی

misdescription *noun*
باس‌کردنی بەهەڵە یا نادروست ۞ توصیف غلط

misdiagnosis /ˌmɪsdaɪəgˈnəʊsɪs, US -ˈnoʊ-/ *noun*
دروست دەس‌نیشان‌نەکردن، دەس‌نیشان‌کردنی هەڵە ۞ تشخیص غلط

misdirected *adjective*
1 رێ‌لێ‌شێواو، رێ‌لێتێکچوو، سەرلێ‌شێواو، بەلاڕێ‌دابراو 2 نەشیاو، نابەجێ، ناحەق ۞ 1 گمراه‌شده 2 ناسزاوار

misdirection /ˌmɪsdəˈrekʃn, US -daɪˈrek-/ *noun*
1 خراپ رێنوێنی‌کردن، بەدرێنوێنی، رێنوێنی هەڵە، زانیاری هەڵە (پێدان)، خراپ رێ‌نیشان‌دان، نیوێشانی نادروست 2 (ماف) دانی زانیاری هەڵە لە رێ‌نیشاندانی دەستەی سوێندخۆران ۞ 1 راهنمایی غلط، آدرس غلط 2 (حقوق) میس‌دیرکشن

misdoing /ˌmɪsˈduːɪŋ/ *noun*
کاری ناحەز، کردەوەی ناپەسند، کاری خراپ، کردەوەی دزێو، تاوان ۞ عمل زشت، خلاف

miseducation *noun*
پەروەردەی هەڵە یان نادروست ۞ آموزش غلط

mise en scène /ˌmiːz ɒn ˈsen, US -ɑːn/ *noun*
1 (فەرەنسی) رێکخستنی دیمەن، دیمەن‌ڕێکخەری 2 دەرهێنان، دەرهێنەری، میزان سین ۞ 1 صحنه‌پردازی 2 کارگردانی

misemployment *noun*
چەوت بەکارهێنان، بەکارهێنانی نادروست ۞ بکارگیری غلط

miser /ˈmaɪzə(r)/ *noun*
ماڵ‌خۆشەویست، دەس‌قووچاو، قیرسیچمە، گونک‌بڕ، پیسکە، بەرچاوتەنگ، زکور، لەچەر، سەقیل ۞ پول‌دوست، خسیس

miserable /ˈmɪzrəbl/ *adjective*
1 رۆژڕەش، بێچارە، بەدبەخت، هەژار، هەناسەسارد، کۆستکەوتوو، قوڕبەسەر، لێقەوماو، بێوار، بارچەوت، بارکەوتوو، کوڵۆڵ، دڵتەنگ، ناخۆش 2 سووک، هیچ 3 جێی‌خەم، جێی‌بەزەیی، گوناھ بەسزمان، کزەڵە 4 خراپ، ئایەخ، بەکارنەهاتوو 5 کەمە هیچ ۞ 1 بدبخت، سیەروز، بیچارە 2 پست 3 غم‌انگیز، قابل ترحم 4 بد 5 کم، ناچیز

miserableness /ˈmɪzrəblnəs/ *noun*
1 رۆژڕەشی، بێچارەیی، بەدبەختی، هەژاری، هەناسەساردی، کۆستکەوتوویی، قوڕبەسەری، لێقەوماوی، بێواری، کوڵۆڵی 2 سووکی، هیچی ۞ 1 بدبختی، سیەروزی، بیچارگی 2 پستی

miserably /-əbli/ *adverb*
قوڕبەسەرانە، بە هەناسەساردی ۞ مفلوکانە

miserere /ˌmɪzəˈrɪəri, US -ˈreː-/ *noun*
1 سروود، دۆعا و هاوار بۆ بەخشین و بەزەیی‌پیاهاتن 2 Psalm (Miserere) ی پەنجا و یەکەم یان مەزمووری پەنجایەم کە لە کاتی تۆبەدا دەوترێ 3 وشەیێکی تر بۆ misericord 1 ۞ میزرری

misericord /mɪˈzerɪkɔːd/ *noun*, also misericorde
1 میلەیێکی ژێر کورسی کە لە کاتی هەستانی کەسێک‌دا دەنووشتێتەوە تا کەسەکە بتوانێ بە راوەستانی لە کلێسە خواپەرستی خۆی بکا 2 (مێژوویی) جۆرێ خەنجێری نووک‌تیژ کە لە برینداری دژومنیان رۆژەکرد تا زووتر ئاسوودە بێ 2 (مێژوویی) بەرات یان بژیوانە یان نان و جێگا کە دەدرێ بە رەبەنەکانی دەیر 3 هۆڵێکی چکۆلەی نان‌خواردنی رەبەنە بەرین‌دار و نەخۆشەکان یان رەبەنانی پارێزدار ۞ میزریکورد

miserliness *noun*
سەقیلی، دەس‌قووچاوی، بەرچاوتەنگی، ڕژدی ۞ خست

miserly /ˈmaɪzəli, US -ərli/ *adjective*
سەقیل، دەس‌قووچاو، پارەپیس، قارنان، مەندەبوور، بەرچاوتەنگ، لەچەر، بەچاوگیراو، بەرچاوتەنگانە، ڕژدانە ۞ خسیس، خسیسانە

misery /ˈmɪzəri/ *noun*, *pl.* miseries
رۆژڕەشی، بێچارەیی، بەدبەختی، نەگبەتی، هەناسەساردی، نەهامەتی، مەینەتی، کۆستکەوتوویی، قوڕبەسەری، کەنەفتی،

نەداری، هەژاری، لیقەوماوی، کولۆلی، کێشە، گێرەوکێشە، تەنگوچەڵەمە، بەلا، مەینەتی، تەڵەزگە، زەحمەت، رەنج، خەفەت، خەم: ◊ *Fame brought her nothing but misery The vast majority of the population lives in utter misery* ◌ بدبختی، بیچارگی، گرفتاری، نکبت، مصیبت، غصه

misfeasance /mɪs'fi:zəns/ *noun*
دەس‌درێژی، خراپ بەکارهێنانی دەسەلات ◌ تجاوز، سوءاستفاده از قدرت

misfield *noun*
(وەرزش ب.ت. کریکێت) خراپ‌خستن، خراپ‌هاویشتن ◌ پرتاب غلط یا اشتباه

misfire /ˌmɪs'faɪə(r)/ *noun*
1 (گولله) گیرکردن، نەتەقینەوە، تەقەنەکردن 2 (نافەرمی) نەگرتن، کارتێ‌نەکردن، کارنەکردن ◌ 1 گیرکندگی 2 عدم تأثیر

misfit /'mɪsfɪt/ *noun*
1 جل‌وبەرگی ناقۆلا 2 مرۆی بەکارنەهاتوو، ناقۆلا، ناهەموار، نالەبار، لێتەومشاو (بۆ کارێ) ◌ 1 لباس بدقواره 2 وصلەی نجور

misfortune /ˌmɪs'fɔːtʃuːn, US -'fɔːrtʃ-/ *noun*
نەهاتی، نەهامەتی، بەدبەختی، مەینەتی، رۆژەڕەشی، مەرەوەی، بەختەرەشی، کولۆلی، قوڕبەسەری ◌ بداقبالی، بدبختی، بدبیاری

misgiving /ˌmɪs'gɪvɪŋ/ *noun*
1 دوودلی، شک، دڕدۆنگی، بەدگومانی، گومان، بێ‌باوەڕی، نادلنیایی 2 دڵەڕاوکێ، دڵەکوتە ◌ 1 تردید، سوءظن 2 دلشوره

misgovernment /ˌmɪs'gʌvənmənt, US -'gʌvərn-/ *noun*
خراپ‌بەڕێوەبردن، بەدبەڕێوەبەری، خراپ‌گێری، ناناگادارانە بەڕێوەبردن، خراپ‌فەرمان‌گێری ◌ سوءاداره

misguidance *noun*
رێ‌لێ‌شێوان، رێ‌لێ‌تێکچوون، رێ‌هەڵەکردن، لادان ◌ ضلالت

misguided /ˌmɪs'gaɪdɪd/ *adjective*
نادروست، نابەجێ، هەڵە، لەخۆوە، رێ‌هەڵەکردوو، رێ‌لێ‌شێواو، رێ‌لێ‌تێکچوو، گومڕا، inappropriate ◌ نادرست، غلط، گمراه

misguidedly /ˌmɪs'gaɪdɪdli/ *adverb*
بە شێوەیەکی نادروست، نابەجێیانە ◌ بە طور نادرست

misguidedness /ˌmɪs'gaɪdɪdnəs/ *noun*
نادروستی، نابەجێیی، هەڵەیی، رێ‌هەڵەکردوویی، رێ‌لێ‌شێواوی، رێ‌لێ‌تێکچوویی، گومڕایی ◌ نادرستی، غلط بودن، گمراهی

mishandling *noun*
1 خراپ‌جوولانەوە، بەدڕەفتاری، توندوتیژی، زەبروزەنگ 2 هەڵس‌وکەوتی ناشارەزایانە یان نەزانانە، جوولانەوەی نەزانانە، رەفتاری ناشی‌یانە ◌ 1 بدرفتاری، خشونت 2 برخورد ناشیانه

mishap /'mɪshæp/ *noun*
نەهاتی، بەدبەختی، رۆژەڕەشی، مەینەتی، کولۆلی، قوڕبەسەری، رووداوی ناخۆش، کۆست، بوویەری خراپ ◌ بدبیاری، حادثەی بد

misheard /-'hɜːd, US -'hɜːrd/ = past and past participle of mishear

mishit *noun*
(تۆپ) لێدان یان تێ‌هەڵدانی نادروست ◌ ضربەی اشتباه

mishmash /'mɪʃmæʃ/ *noun*
چێشتی مجێور، تێکەولێکە، توورەکەی عەتار ◌ معجون

Mishnah /'mɪʃnə/ *noun*, also Mishna
میشنا: کۆمەڵێ لە ماک و مەتریالی روونکردنەوەیی کە لە ساڵی 200 بەرلە زایین دانرا و نەریتی زارەکی ماف و قانوونی جوولەکە دادەگرێ و بەشی بنەڕەتی Talmud پێکدێنێ ◌ میشنا

Mishnahic /mɪʃ'neɪk/ *adjective*
سەربە میشنا ◌ وابستە بە میشنا

misidentification /mɪsʌɪdɛntɪfɪ'keɪʃ(ə)n/ *noun*
ناسینەوەی نادروست، لێک‌کردنەوەی (بە)هەڵە ◌ شناسایی غلط

misinformation /ˌmɪsɪnfə'meɪʃn/ *noun*
زانیاری نادروست، زانیاری هەڵە ◌ اطلاعات غلط

misinformed *adjective*
رێ‌لێ‌شێواو، رێ‌لێ‌تێکچوو، رێ‌هەڵەکردوو، گومڕا ◌ در اشتباه

misinterpretation /ˌmɪsɪntɜːprɪ'teɪʃn, US -tɜːrp-/ *noun*
خراپ‌لێکدانەوە، خراپ‌شرۆڤەکردن، خراپ‌شی‌کردنەوە ◌ تعبیر غلط

misjudgement *noun*
1 خراپ‌دادگەری(کردن)، دادگەری نادروست، دادوەری یان شەرعی نادروست 2 خراپ‌هەڵسەنگاندن، قەبلاندنی (بە)هەڵە، خراپ‌لێکدانەوە ◌ 1 قضاوت غلط 2 تخمین غلط

miskick *noun*
لێدان یان تێ‌هەڵدانی نادروست یان (بە)هەڵە ◌ ضربەی اشتباط

Miskito /mɪ'ski:toʊ/ *noun*, also Mosquito, *pl.* same or Miskitos
1 ئەندامی گەلی سوورپێستی کەناری ئەتلانتیکی نیکاراگوا و هۆندوراس Honduras 2 زمانی ئەو گەلە ◌ میسکیتو

mislaid /-'leɪd/ = past and past participle of mislay

misleading /ˌmɪsˈliːdɪŋ/ *adjective*
ڕێلێتێکدەر، ڕێ‌پێ‌هەڵکەر، گومراکەر، هەڵەپێکەر، بەلاڕێدابەر، لەخشتەبەر، هەڵفریوێنەر، فریودەر ⬡ گمراه‌کننده، فریب‌دهنده

misleadingly /ˌmɪsˈliːdɪŋli/ *adverb*
ڕێلێتێکدەرانە، هەڵەپێکەرانە، گومراکەرانە: *These bats are sometimes -ingly referred to as 'flying foxes'* ⬡ به طور گمراه‌کننده

misled /-ˈled/ = past and past participle of mislead

mismanagement /ˌmɪsˈmænɪdʒmənt/ *noun*
خراپ‌بەڕێوەبردن، بەدبەڕێوەبەری، خراپ‌گێڕی، ناتاکادارانە بەڕێوەبردن: *the government's - nagement of the economy* ⬡ مدیریت غلط

mismatch /ˈmɪsmætʃ/ *noun*
پێکەوەنەگونجان، یەکنەگرتنەوە، ناهاوسەنگی، پێک‌ناکۆکی: *a mismatch between people's real needs and the available facilities* ⬡ عدم تناسب، ناهماهنگی

mismatched *adjective*
پێکەوەنەگونجاو، یەک‌نەگرەوە، ناهاوسەنگ، پێک‌ناکۆک، نابەرامبەر ⬡ نامناسب، ناهماهنگ

mismatching *adjective*
پێکەوەنەگونجاو، یەک‌نەگرەوە، ناهاوسەنگ، پێک‌ناکۆک ⬡ ناهماهنگ

mismeasurement *noun*
پێوان یان هەڵسەنگاندنی هەڵە یا نادروست ⬡ اندازه‌گیری یا برآورد غلط

misnamed *adjective*
بە هەڵە ناونراو، نادروست‌نێونراو، ناوی نەگونجاو، هەڵەناو ⬡ به غلط نام گذاشته‌شده

misnomer /ˌmɪsˈnəʊmə(r), US -ˈnoʊ-/ *noun*
1 ناونانی (بە) هەڵە، نێوی نادروست 2 بەکارهێنانی نادروستی ناو یان وشەیێ ⬡ 1 نام‌گذاری غلط، نام غلط 2 استعمال غلط نام یا واژه‌ای

miso /ˈmiːsəʊ/ *noun*
هەویری ترشاوی دانەی سۆیا، جۆ یان مالتی برنج، لە ئاشپەزی ژاپۆنی‌دا بەکاردێتری ⬡ میسو

miso- *prefix*
پێشگر: بێزاری، ڕقلێبوون، کینەلێ‌سوان ⬡ پیشوند: انزجار، بیزاری

misogamist *noun*
بێزار لە ژن‌ومێردایەتی یان زەماوەند ⬡ منزجر از ازدواج

misogamy /mɪˈsɒɡəmi, US mʌɪ-/ *noun*
(دەگمەن) بێزاری لە ژن‌ومێردایەتی یا زەماوەند ⬡ انزجار از ازدواج

misogynist /mɪˈsɒdʒɪnɪst, US -ˈsɑːdʒ-/ *noun, adjective*
n بنیادەمی لە ژن‌بێزار، مرۆی دژەژن، ژن‌بێزار، ڕقلەژن adj ژن‌بێزارانە ⬡ n آدم زن‌ستیز adj زن‌ستیزانه

misogynistic /mɪˌsɒdʒɪˈnɪstɪk/ *adjective*
(لە) ژن‌بێزارانە،دژەژنانە: *misogynistic attitudes* ⬡ زن‌ستیزانه

misogyny /mɪˈsɒdʒ(ə)ni, US mʌɪ-/ *noun*
ژن‌بێزاری، دژایەتی (لەگەڵ) ژن، ڕق لە ژن‌بوون، دژەژنی ⬡ زن‌ستیزی

misogynous /mɪˈsɒdʒənəs/ *adjective*
لە ژن‌بێزار، دژەژن، ژن‌بێزار، ڕقلەژن ⬡ زن‌ستیز

misplaced /ˌmɪsˈpleɪst/ *adjective*
1 نابەجێ، بێجێ، لەخۆڕایی، نەگونجاو، ناژیرانە، نالەبار: ◊ *misplaced optimism/fear* 2 هەڵە، نادروست: *misplaced confidence* 3 لە جێی خۆی دانەنراو، ترازاو، جێ‌گۆڕاو ⬡ 1 نامناسب 2 غلط 3 عوضی‌گذاشته‌شده

misplacement *noun*
لە جێی خۆی دانەنان، دانان لە شوێنی نادروست ⬡ گذاشتن در جای غلط

misplay *noun*
یاری هەڵە یان ناشارەزایانە، کایەی نەزانانە ⬡ بازی غیرماهرانه

misprint /ˈmɪsprɪnt/ *noun*
هەڵەی چاپی، چەوت ⬡ غلط چاپی

misprision[1] /mɪsˈprɪʒ(ə)n/ *noun*, also misprision of treason or felony
(ماف، مێژوویی) شاردنەوەی بەمەبەستی زانیاری لەبارەی تاوانی کەسێ، گوناهی ئاشکرانەکردنی تاوانی خەڵک ⬡ میس‌پریزون

misprision[2] /mɪsˈprɪʒ(ə)n/ *noun*
دادگەری نادروست، دادوەری هەڵە، erroneous judgement ⬡ قضاوت غلط

mispronunciation /ˌmɪsprənʌnsiˈeɪʃn/ *noun*
گۆکردنی نادروست، بەدگۆیی، بەدبێژی، خراپ‌گۆکردن ⬡ تلفظ غلط

misquotation /ˌmɪskwəʊˈteɪʃn, US -kwoʊ-/ *noun*
گێڕانەوەی نادروست، خراپ‌وتنەوە ⬡ نقل قول غلط

misquote /ˌmɪsˈkwəʊt/ *noun*
وەرگرتنی هەڵە، گێڕانەوەی نادروست ⬡ نقل قول غلط

misread /-ˈred/ = past and past participle of misread

misreported *adjective*
چەواشەکراو، شێویتراو، دەستکاری‌کراو، خراپ‌لێکەوەدراو ⬡ تحریف‌شده

misrepresentation /ˌmɪsˌreprɪzenˈteɪʃn/

noun
1 خــــراپ‌پیــــشان‌دان، خــــراپ‌نوانــــدن،
خراپ‌خستنەڕوو، پیشاندانی ناڕاست، وێنەی
نادروست یان هەڵە 2 شێواندن، چەواشەکردن،
دەسکاریکردن، ڕووشاندن ۞ 1 جلوەدهی غلط،
نمایش غلط 2 تحریف

misrule /ˌmɪsˈruːl/ *noun*
1 حکومەتی خراپ یان بەکارنەهاتوو، میری
لێنەوەشاو 2 شێوان، تێکچوون، پشێوی،
ئالۆزی، شلەژاوی، هەرچی‌پەرچی، گەرەلاوژە،
پاشاگەردانی (حکومەت) ۞ 1 سوء رول 2
اغتشاش، هرج و مرج

miss¹ = (informal) miscarriage

miss² /mɪs/ *noun*
1 لێنەکەوتن، لێنەدان، نەپێکان، نەگرتن،
نەئەنگاوتن 2 سەرنەکەوتن، تێشکان، سەرنەگرتن،
شکست، نشوستی ۞ 1 عدم اصابت 2 شکست

Miss /mɪs/ *noun*
1 شاجوان: *the Miss World contest* 2 کچ،
ئافرەت، کەنیشک، کەنی، دۆت، ژن
(شوونەکردوو) 3 خانم، خاتوو، خاتوون،
دادەخانم، دادە: *Will that be all, Miss?* ۞
1 ملکەی زیبایی 2 دوشیزە، دختر 3 سرکارخانم

missal /ˈmɪsl/ *noun*
دۆعانامە، نزانامە، کتێبی دۆعا (لە کلێسەی
کاتۆلیکی ڕۆم) ۞ کتاب دوعا

missel thrush = mistle thrush

missense *adjective*
بەدواتا، میس‌سێنس: سەربە گۆڕان یان بازدانی
نادروست (بڕوانە antisense و nonsense) ۞
میس‌سنس

missense mutation *noun*
گۆڕان یان بازدانی نادروست: گۆڕان یان
بازدانێکە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی ترشەلۆکێکی
ئەمینۆ بۆ ترشەلۆکێکی تر ۞ جهش میس‌سنس

misshapen /ˌmɪsˈʃeɪpən/ *adjective*
نوقسان، عەیبدار، خوار، لار، گێر، گۆج،
تێکچوو، دیفۆرمەکراو، شێواو، لەشێوەکەوتوو:
misshapen feet ۞ معیوب

misshapenly /ˌmɪsˈʃeɪpənli/ *adverb*
بە شێوەیێکی نوقسان، عەیبدارانە، تێکچووانە
۞ بە طور معیوب

misshapenness *noun*
نوقسانی، عەیبداری، خواری، لاری، گۆجی،
گێری، تێکچوویی، دیفۆرمەکراوی، شێواوی،
لەشێوەکەوتوویی ۞ معیوب بودن

missile /ˈmɪsaɪl, US ˈmɪsl/ *noun, adjective*
n مووشەک، پلار، پلەنگەر، هاوێژە: *nuclear*
missiles *adj* مووشەکی (وەک واتای
ناوەڵناوەکەی "گونجاو بۆ هاویشتن"؛ بنەڕەت:
لە *missile* لاتین، لە *miss-* *mittere* "ناردن،
send") ۞ *n* موشک، پران *adj* موشکی

missilery /ˈmɪsʌɪlri/ *noun*
1 زانستی مووشەکی ڕەوانەکراو (ئاراستەکراو،
guided missiles) 2 مووشەکەکان، missiles
۞ 1 علم موشک هدایت‌شوندە 2 موشک‌ها

missilry = missilery

missing /ˈmɪsɪŋ/ *adjective, noun*
adj گوم، بزر، وەندا، گومبوو، نادیار، ونبوو،
نەماو: *I never found the missing piece* ◊ *Two files have gone missing* ◊ *They still hoped to find their missing son* 2 کەم 3
بێ‌سەروشوێن، شەرتوگومبوو، گومەسار،
هاموو‌تا: *He was reported -sing, presumed dead* *n* (the missing) بێ‌سەروشوێنەکان،
کەسانی بێ‌سەروشوێن ۞ *adj* گمشدە، مفقود 2
کسر 3 مفقودالاثر *n* افراد مفقودالاثر

missing link *noun*
ئالقەی گومبوو یان نادیار ۞ حلقەی گم‌شدە

missing person *noun*
مرۆی گوم‌بوو یان نادیار ۞ شخص گم‌شدە

mission /ˈmɪʃn/ *noun*
1 ڕاسپێری، دەستووربەری، پەیام، ئەرک: *a fact-finding* ◊ *trade mission to China* ◊ *a mercy mission to aid homeless refugees* ◊ *mission* *The squadron flew* ◊ *It's a* ◊ *on a reconnaissance mission* 2 خزمەت، ڕازە 3 *mission to get there*
ڕاگەیاندن، بانگێشتن: *a Catholic mission in Africa* ◊ *Gandhi's attitude to mission and conversion* 4 شاند، نێردە، دەلەگاسیۆن،
خانووبەرەی نێردە، شاندخانە 5 (کریستانیەت)
دەستەی ئامۆژگاران یان ئایین‌ڕاگەیێنەران 6
شوێنی حەوانەوەی ئامۆژگارانی دینی ۞ 1
مأموریت، رسالت 2 خدمت 3 تبلیغ 4 هیأت
نمایندگی، دفتر هیأت نمایندگی 5 هیأت مبلغان 6
مکان هیأت مبلغان

missionary /ˈmɪʃənri, US -neri/ *noun (pl. missionaries), adjective*
n (کریستانیەت) ڕاگەیێنەری دینی یان ئایینی،
ڕاسپاردەی دینی، مژدەبەر: *Baptist missionaries* ◊ *adj missionary work* 1
ڕاگەیێنەرانە 2 ڕاسپاردە، نێردراو، ڕاگەیێنەر،
ڕاگەیەنەر ۞ *n* مبلغ مذهبی *adj* 1 تبلیغی 2 مبلغ

missionary position *noun*
نزیکی ئاسایی، هاوجێیی ئاسایی، نزیکی پیاو
لەسەرەوەبوون (جۆرێ نزیکی کە ژن لە ژێرەوە
ڕادەکشێ) ۞ مجامعت عادی

missioner *noun*
1 ڕاگەیێنەری دینی، کەسێکی بەرپرسی ڕاسپێری
ئایینی 2 = missionery ۞ مبلغ مذهبی

mission statement *noun*

1 لیدوان یان راپۆری فەرمی 2 مەبەستەکان، ئامانجەکان (هی کۆمپانی یان ڕێکخراوەیێ) ◊ 1 اظهار یا گزارش رسمی 2 اهداف

missis /'mɪsɪs, -ɪz/ = missus

Mississippian *adjective, noun*

adj 1 سەربە هەرێمی میسیسیپی ئەمریکا 2 (زەویناسی) سەربە بەشی سەرەتای قۆناخی خەڵووزان Carboniferous لە ئەمریکای باکووری 3 ئاماژە بە یان سەربە فەرهەنگی چەسپێوی باشووری رۆژهەڵاتی ئەمریکا، دەگەڕێتەوە بۆ 800-1300ی پاشزایین *n* دانیشتوو یان رەسەنی میسیسیپی (لە رووباری Mississippi یەوە) ◊ میسیسیپایی

missive /'mɪsɪv/ *noun*

نامە، نقیسکی، نووسراوە (ب.ت. درێژ و فەرمی) ◊ مکتوب

misspelling *noun*

هەڵەی رێنووسی، رێنووسی نادروست یان هەڵە ◊ غلط املایی

misspelt /ˌmɪs'spelt/ = past and past participle of misspell

misspent[1] /ˌmɪs'spent/ *adjective*

بەفیڕۆچوو، بێهوودەچوو، زایەبوو، بەبایاچوو، بەبادادراو، خەسارکراو، خراپبوو، بەناوادراو ◊ ضایع‌شده، تلف‌شده

misspent[2] /ˌmɪs'spent/ = past and past participle of misspend

misstatement *noun*

لێدوانی نادروست، وتن یان دەربڕینی (بە) هەڵە و نادروست ◊ گزارش نادرست

misstep /mɪs'step/ *noun*

هەڵە ◊ اشتباه

missus /'mɪsɪz/ *noun,* also missis

1 (نافەرمی، بە شۆخی) ژن، خێزان، ئافرەت 2 (لە بانگکردنا کە ناوی نازانی) دادە! خوشکێ! باجی! ◊ 1 زن، همسر 2 آبجی

missy /'mɪsi/ *noun, pl.* missies

(بۆ لێپرسین) خانمە چکۆلەکە، خانمۆڵێ، کچە جوانەکە ◊ خانم کوچولو

mist /mɪst/ *noun*

1 مژ، تەم، دومان 2 تۆز 3 هەڵم، هوڵم، هالاو ◊ 1 مه 2 غبار 3 بخار

mistakable /mɪ'steɪkəbl/ *adjective*

لەهەڵەهاتوو، شیاوی هەڵە ◊ قابل اشتباه

mistake /mɪ'steɪk/ *noun*

لێ‌شێواو، لێ‌تێکچوو، هەڵە، شاش، چەوت، نادروست، ناراست، خەتا: *Don't worry, we all make mistakes* ◊ اشتباه، غلط، خطا

mistaken[1] /mɪ'steɪkən/ *adjective*

1 لێشێواو، لێ‌تێکچوو، لێ‌گۆڕاو، هەڵە، سەهو، شاش، چەوت، نادروست، ناراست، (بە)هەڵەتێگەیشتوو، خراپ‌تێگەیشتوو: *mistaken views/ideas* 2 نابەجێ، لەخۆوە، بێجێ ◊ 1 اشتباهی، غلط درک‌شده 2 بی‌جهت

mistaken[2] /mɪ'steɪkən/ = past and past participle of mistake

mistaken identity *noun*

ناسنامەی نادروست یان هەڵە ◊ هویت اشتباهی

mistakenly /mɪ'steɪkənli/ *adverb*

بە هەڵە، لە رووی نەزانی یا نائاگاییەوە، نائاگادارانە ◊ به اشتباه

mister /'mɪstə(r)/ *noun*

بەڕێز، سەیدا، هێزا (بۆ لێپرسین) بەڕێز(ی)، هێژای ◊ آقا، آقای

mistful /'mɪstfʊl/ *adjective*

تەم‌ومژاوی، هەڵماوی ◊ دارای مه و غبار

mistily *adverb*

مژاوییانە، بە شێوەیێکی مژاوی ◊ به‌طور مه‌گرفته

mistimed *adjective*

بێ‌وەخت، ناوەخت، نابەجێ، بێجێ ◊ نابهنگام

mistiming /ˌmɪs'taɪmɪŋ/ *noun*

بێجێبوون، نابەجێبوون، ناوەختی ◊ بی‌موقع بودن

mistiness /'mɪstinəs/ *noun*

تەم‌ومژاوی‌بوون، تەماوی‌بوون، تەم‌ومژاوی ◊ مه‌گرفتگی

mistle thrush /'mɪs(ə)l/ *noun,* missel thrush

رەشێشەدەمووکانە، جۆری رەشێشەی سنگ‌خاڵاوی و بەری دەمووکانەی زۆر پێخۆشە [*Turdus viscivorus*] ◊ نوعی توکا

mistletoe /'mɪsltəʊ, 'mɪzl-, US -toʊ/ *noun*

دەمووکانە، مۆخر، زۆڵۆولاوبەلووی؟: جۆری رووەکی گەلاباریکی مشەخۆر کە لەسەر دارە گەلاپانەکان دەڕوێ و بەریکی سپی لە زستانا دەگرێ [*Viscum album* (ئوراسیا)، *Phoradendron flavescens* (ئەمریکای باکووری) و جۆرەکانی تر] ◊ داروَاش، کولی

mistook /mɪ'stʊk/ = past of mistake

mistral /'mɪstrəl, US mɪ'strɑːl/ *noun*

میسترال، بای ماستیر (بای زۆر سارد و وشکی باکووری لە باشووری فەرەنسە، لە پرۆڤێنسالی Provençal، بنەڕەت: لە *magistralis (ventus)* لاتین "master wind") ◊ میسترال، باد ماستر

mistranslation *noun*

1 وەرگێرانی نادروست یان هەڵە 2 چەوتی یان هەڵەی وەرگێران ◊ 1 ترجمەی غلط 2 غلط ترجمەای

mistreatment *noun*

خراپجوولانەوە، بەدرەفتاری، خراپ‌هەڵسوکەوت‌کردن، توندوتیژی،

زەبروزەنگ ۞ بدرفتاری، خشونت

mistress /'mɪstrəs/ *noun*

1 (ژن) خاوەن‌دەسەلات، دەسەلات‌بەدەست، بەڕێوەبەر، هێزبەدەست 2 بانوو، خانم، کەیخوداژنی ماڵێ، کەیبانوو 3 ژنە مامۆستا، مامۆستای ژن 4 خاوەن، ساحەب (سەگ و گیانەوەرانی تر) 5 (جاران) گراو، یار، ماشقە 6 خۆشەویست، ئازیز، دلبەر ۞ 1 صاحب اختیار، مدیر 2 بانو 3 خانم معلم 4 صاحب 5 معشوقە 6 محبوب

Mistress of the Robes *noun*

(لە بنەماڵەی پاتشایی ئینگلتەرەدا) ژنێکی پایەبەرزی بەرپرسی دۆلابی شاژن ۞ میسترس اف د روبس

mistrial /ˌmɪs'traɪəl/ *noun*

دادگایی بەدژی ڕێوشوێنی دادگەری، دادگایی بێ‌بایەخ، دادگایی بێ‌ئەنجام و بەبڕیارنەگەیشتوو (دادگایێ کە دەستەی سوێندخۆران ناتوانن لەگەڵ بڕیارەکە ڕێک کەوێ) ۞ محاکمەی فاقد اعتبار، محاکمەی بدون نتیجە و بلاحکم ماندە

mistrust /ˌmɪs'trʌst/ *noun*

بێ‌باوەڕی، باوەڕپێنەبوون، دڵنیانەبوون، لێ‌ڕانەدیتن، شک‌لێ‌بوون، بەدگومانی، گومانباری، گومان ۞ بی‌اعتمادی، سوءظن

mistrustful /ˌmɪs'trʌstfl/ *adjective*

بێ‌باوەڕ، لێ‌ڕانەدیتوو، بەدگومان، جێی‌شک، جێی‌گومان، گومانبار، گومان‌لێکراو: *Some people are very mistrustful of computers* ۞ ظنین

mistrustfully /-fəli/ *adverb*

بێ‌باوەڕانە، بەدگومانانە، بە بێ‌باوەڕی‌یەوە، بە شێوەیەکی گومان‌لێکراو ۞ بە طور ظنین، با بی اعتمادی

misty /'mɪsti/ *adjective* (mistier, mistiest)

1 مژاوی، تەماوی، بەدووومان: *a -sty morning* 2 هەڵماوی، هوڵم‌گرتوو 3 لێڵ، تاریک، تەماوی، تەزمە: *-ty memories* 4 (چاو) چاوبەفرمێسک، فرمێسکاوی ۞ 1 مەآلود 2 بخارگرفتە 3 تیرە، مبهم 4 اشک‌آلود

misunderstanding /ˌmɪsʌndə'stændɪŋ, US -dər's-/ *noun*

خراپ‌تێگەیشتن، خراپ‌لێکدانەوە، خراپ‌شی‌کردنەوە، خراپ‌شرۆڤەکردن، (بە) هەڵەتێگەیشتن، کێشە، جوڕڕە، قڕە، هەرا: *The meeting is a final chance to clear up any* ◊ *misunderstandings We had a little misunderstanding over the bill* ۞ درک غلط، سوءتفاهم، اختلاف

misunderstood /-'stʊd/ = past and past participle of misunderstand

misusage *noun*

(کۆن) بەکارهێنانی نادروست، خراپ یان بەدبەکارهێنان ۞ سوءاستفادە

misuse /ˌmɪs'ju:s/ *noun*

بەکارهێنانی نادروست، خراپ‌بەکارهێنان، بەدبەکارهێنان: *the* ◊ *alcohol/drug misuse misuse of power/authority* ۞ سوءاستفادە

misuser *noun*

خراپ‌بەکارهێنەر، بەدبەکارهێنەر ۞ سوءاستفادەکنندە

misventure = misadventure

mite[1] /maɪt/ *noun*

1 منالی چکۆلانە، منالی گوناح (ب.ت. جێی بەزەیی)، جانەوەری چکۆلانە یان ورد، بێچوو: *Poor little mite!* 2 کەموسکە، کەم، بڕێ، تۆزقاڵان، نەختالان 3 کرمی چێشت و خۆراک، وردەکرم، پند، مۆرانە ۞ 1 طفلک یا حیوان کوچک 2 ذرە، خردە 3 کرم ریز

mite[2] /maɪt/ *adverb*, a mite

تۆزقاڵانێ، نەختالانێ، بڕێ، کەمێ، تۆزێ، نیسکێ، پشکێ، :rather ,somewhat *The place looked a mite* (= a little) *expensive* ۞ یک ذرە

mite[3] /maɪt/ *noun*

گەنە، چەندین جۆری مشەخۆرن، دەدەنە گیانەوەر و ئاژەڵ، گیاوگژ، خواردەمەنی هەڵگیراو و دەبنە هۆی ڕاگوێستنی نەخۆشی ئاستەم [دەستە Acari: زۆر جۆرن] (بنەڕەت: ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) *mīte* ۞ کنە

miter = mitre

Mithraic /-'θreɪɪk/ *adjective*

میترایی (لە کۆتایی‌یەکانی ئیمپراتۆری ڕۆمدا گەشە و نەشەی کرد) ۞ میترایی

Mithraism /'mɪθrəˌɪz(ə)m, 'mɪθreɪ-/ *noun*

خۆرپەرستی، میرپەرستی، ڕۆژپەرستی، میترایزم، میتراپەرستی ۞ میترائیسم

Mithraist /'mɪθrəˌɪst, 'mɪθreɪ-/ *noun*

میترایست، خۆرپەرست، میرپەرست، ڕۆژپەرست، میتراپەرست ۞ میترائیست

Mithras *noun*

میترا (= خوای ڕۆشنایی و پشتیوانی ڕاستەقینە و دوژمنی سەرسەختی تاریکایی، لە میتۆلۆژی ئێرانی‌دا) ۞ میترا

miticide *noun*

کرمکوژ، کرم‌فەوتێن، مەتریالی لەنێوبەری کرم ۞ کرم‌کش

mitigable /'mɪtəgəbl/ *adjective*

لەداشکاندن‌هاتوو، شیاوی سووک‌کردن یان داشکاندن، لێ‌داشکێنراو ۞ تخفیف‌پذیر

mitigating circumstance /'mɪtɪgeɪtɪŋ/

noun
هەڵومەرج یان راستی‌یەکانی سووککردن یان لێ‌داشکاندنی تاوان ◇ کیفیات مخففه

mitigation /ˌmɪtɪˈgeɪʃn/ *noun*
1 سووککردن، داشکاندن، (لێ)داشکاندن، کەمکردنەوە، راستکردنەوە 2 هێورکردنەوە، دامرکاندن، دامراندن، نیشاندنەوە، خاوکردنەوە، هێدی‌کردنەوە (زاراوە و ئایدیۆمەکان: in mitigation: بۆ داشکاندن یان کەمکردنەوەی سزا، لە ئەنجامی داشکاندنی سزا؛ mitigatory *adj*) ◇ 1 تخفیف، تعدیل 2 تسکین

mitigative /ˈmɪtɪgeɪtɪv/ *adjective*, also mitigatory/ˈmɪtɪgetɔ:rɪ/
داشکێنەر، کەمکەرەوە، سووککەر(ەوە)، هێورکەرەوە، دامرکێنەر ◇ تخفیف‌دهنده، تسکین‌دهنده

mitochondrial /ˌmʌɪtəʊˈkɒndrɪəln, US -ˈkɑ:-/ *adjective*
سەربە میتۆکۆندریۆن یان مایتۆکاندریۆن، سەربە دەنکۆڵەدەزوو، دەنکۆڵەدەزوویی ◇ وابسته به میتوکوندریون

mitochondrial DNA *noun, abbreviation* mtDNA
دی‌ئێن‌ئەی دەنکۆڵەدەزوویی یان میتۆکۆندریاڵ: دی‌ئێن‌ئەی دووتاڵی دەرەناوکی extranuclear کە ب.ت. لە میتۆکۆندریۆن دایە کە لە زۆربەی یوکاریتەکاندا cukaryote گەردیکی molecule خڕ یان ئاڵقەیی‌یە circular و بە رێگای دایکەوە بە میرات دەبردرێ ◇ دی‌ان‌ای میتوکوندری

mitochondrion /ˌmʌɪtəʊˈkɒndrɪən, US -ˈkɑ:-/ *noun, pl.* -dria /-rɪə/
دەنکۆڵەدەزوو: پێکهاتەیێ لە ژمارەیێکی زۆر خانەکاندا کە هەناسەدان و بەرهەمهێنانی وزە لەوێدا جێبەجێ دەبێ، ئەندامۆژەیێکی نێو سایتۆپلازمی خانە کە DNA خۆی هەیە (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *mitos* یۆنانی‌یەوە "دەزوو thread" + *khondrion* (بنەڕەت: چکۆلێنراوی *khondros* "دەنکۆڵە granule") ◇ میتوکوندریون

mitogen /ˈmʌɪtədʒ(ə)n/ *noun*
(کارئەندامناسی) مینوژین، ماک یان سابستەنسێ کە هانی mitosis دەدا (mitogenicity *n*) ◇ میتوژن

mitogenic *adjective*
میتوژێنیک، سەربە میتۆژین ◇ میتوژنیک

mitomycin *noun*
کۆمەڵە ماک یان سابستەنسێکی ئانتی‌بیوتیک antibiotic کە بەهۆی (یان لە لایەن) streptomyces یێکی ژاپۆنی‌یەوە (*Streptomyces caespitosus*) بەرهەم دێ، ب.ت. یەک جۆری بە شێوگی $C_{15}H_{18}N_4O_5$ کە بەر لە پێکهاتن یان سینتێزی synthesis دی‌ئێن‌ئەی دەگرێ و وەک antineoplastic بەکاردێنرێ ◇ میتومایسین

mitosis /mʌɪˈtəʊsɪs/ *noun, pl.* mitoses
(زیندەناسی) دابەش‌بوون یان کەرت‌بوونی ناراستەوخۆ، دابەش‌بوونی دەزوولەیی، میتۆز (لاتینی نوێ، لە *mitos* یۆنانی "دەزوو") ◇ میتوز

mitotic *djective*
سەربە دابەش‌بوون یان کەرت‌بوونی ناراستەوخۆ، سەربە دابەش‌بوونی دەزوولەیی (mitotically *adj*) ◇ وابسته به میتوز

mitrailleuse /ˈmitrəjəz/ *noun*
مەترەلۆز، رێژنگ، شەستیر ◇ تیربار

mitral /ˈmaɪtrl/ *adjective*
تاج ئاسای سەرقەشە، کڵاوئاسای گەورەقەشە، وەکوو کڵاوی سەرقەشە ◇ مانند کلا اسقفی

mitral valve *noun*, also bicuspid valve
(توێکاری) زمانەی دووچوکلە (هی لای چەپی دڵ) ◇ دریچه‌ی میترال

mitre /ˈmaɪtə(r)/ *noun*, US miter
1 تاجی سەرقەشە، کڵاوی سەرقەشە (لە رێوڕەسمدا، هێمای ئەرک و پۆستەکەیەتی) 2 سەرپێچ، مێزەر یان پێچی رەبەنی جوولەکە 3 قەیچی، مایتر، فارسی‌بڕ 4 (هەروەها mitre shell) لەش‌نەرمێکی دەریاگەرمەکان کە لەپکەکەی تیژە [*Mitra* و توخمەکانی تر] (بنەڕەت: لە فەرەنسی کۆن، بە رێگای لاتین لە *mitra* یۆنانی بە واتای "belt یان turban یان headband"، بۆچوونێکیش هەیە دەڵێ لە وشەی "میترا یان مێهرەوە وەرگیراوە") ◇ 1 کلاه اسقفی، قلنسوه 2 عمامه‌ی کاهن یهودی 3 اتصال فارسی 4 نوعی نرم‌تن

mitred *adjective*
1 تاج‌دار، بەتاج 2 مێزەردار، پێچ‌بەسەر ◇ 1 دارای تاج 2 دارای عمامه

mitre joint *noun*
قەیچی، مایتر، فارسی‌بڕ ◇ اتصال فارسی

mitrewort *noun*, also miterwort
گیایێکی چەندساڵەی رەگاژۆکردوو rhizomatous خێزان saxifrage [توخم *Mitella*] ◇ نوعی گیاه

mitriform /ˈmaɪtrəfɔ:m/ *adjective*
تاج ئاسای سەرقەشە، کڵاوئاسای گەورەقەشە، وەکوو کڵاوی سەرقەشە ◇ مانند کلاه اسقف

mitt /mɪt/ *noun*
1 لەپک، دەسەوانە، دەسکێش، دەسکێشی یەک‌قامکە (چوار قامک دەچێنە قامکەوانەیێ) 2 دەسکێشی بەیسبۆڵ 3 (نافەرمی) دەسکێشی شەڕەمشت 4 (mitts) مشت، دەست ◇ 1 دستکش، دستکش یک‌انگشتی 2 دستکش بیسبال 3 دستکش مشت‌زنی 4 (در جمع) دست، مشت

mitten /'mɪtn/ *noun*
دەسکێشی یەک‌قامکە ◌ دستکش یکانگشتی

mittimus /'mɪtəməs/ *noun*
(لاتینی، ماف) دەستووری دادگەری(یانە) بۆ زیندان ◌ میتیموس

mitzvah /'mɪtsvə/ *noun, pl.* mitzvoth /-vəʊt/
1 (دینی جوولەکە) فەرمان، دەستوور 2 کاری باش بەپێی ئەرکی دینی (بنەڕەت: لە *miṣwāh* عیبری "commandment") ◌ میتوا

mix /mɪks/ *noun*
تێکەڵە، لێکدراو، تێکوەردراو، ئاوێتە، ئامێتە ◌ مخلوط، آمیزه

mixable /mɪksəbl/ *adjective*
لەتێکەڵ‌هاتوو، لەلێکدان‌هاتوو، لێکدراو، ئاوێتەنی، لێک دەدرێ، تێکەڵ دەکرێ ◌ درآمیختنی

mixed /mɪkst/ *adjective*
1 تێکەڵە، ئاوێتە، ئامێتە، دەرهەم، هەرمە، تێکەڵ‌وپێکەڵ، جۆراوجۆر، جۆربەجۆر، لێکدراو 2 تێکەڵ، تێکەڵاو 3 (ژن‌ومێردایەتی) ناهاوڕەگەز، ناهاوڕەگەز، دوورەگەیی 4 (هەست و سۆز) یەکنەگرتوو، جیاواز، باش‌وخراپ تێکەڵ، تێکەڵاو، لێ‌تێکچوو: *The weather has been very -d recently* ◌ 1 مخلوط 2 مختلط 3 (ازدواج) میان‌نژادی 4 متفاوت

mixed-ability *noun*
(خوێندن، خوێندنگا، پۆل و هتد) ناهاوئاستە بە چەندین توانایی یا بەهرەی جیاوازەوە، ناچوونیەک، لێکنەچوو ◌ دارای سطح استعداد مختلف

mixed bag *noun*, also mixed bunch
کۆمەڵەی جۆراوجۆر، تێکەڵەیێ لە هەمەڕەنگ، تێکەڵەیێ لە باش و خراپ، هەرمە ◌ مجموعەی گوناگون

mixed blessing *noun*
تێکەڵەیێ لە باش و خراپ ◌ آمیزەای از خوب و بد

mixed doubles *noun, pl.*
(یاریی وەک تێنیس) دوانە یا دووکەسەی تێکەڵە ◌ دونفرەی مختلط

mixed economy *noun*
ئابووری تێکەڵ (لە خاوەنداریتی حکومی و کەرتی تایبەتی) ◌ اقتصاد مختلط

mixed farming *noun*
کشتوکاڵی تێکەڵ (ئاژەڵداری و جووتبەندەیی) ◌ کشاورزی مختلط

mixed feelings *noun, pl.*
هەستی چاکە و خراپە ◌ احساس مبهم یا متفاوت

mixed grill *noun*
چێشتی کەبابی تێکەڵ (بە باینجان و قارچکەوە) ◌ غذای کبابی مخلوط

mixed marriage *noun*
1 زەماوەند یان ژن‌ومێردایەتی ناهاوڕەگەز 2 ژن‌ومێردایەتی ناهاوئایین ◌ 1 ازدواج میان‌نژادی 2 ازدواج میان‌مذهبی

mixed media *noun, adjective*
n میدیای تێکەڵ: *The portrait is mixed media on wood* (mixed-media) *adj* وشەیێکی تر بۆ multimedia ◌ میدیای مختلط

mixed metaphor *noun*
میتافۆر یان خوازەی تێکەڵ، میتافۆر یان خوازەی پێکەوەنەگونجاو، خوازەی ناجۆر (لێکدانی چەندین خوازە یان میتافۆر کە پێکەوە ساز دەرنایەن) ◌ استعاره یا مجاز مختلط، استعارەی ناساز

mixed number *noun*
ژمارەی تێکەڵ (proper fraction و ژمارەی تەواو) ◌ عدد مختلط

mixed-up *adjective*
1 (نافەرمی) گێژ، وڕ، کاس، سەرلێشێواو 2 تووش‌هاتوو، پێوەبوو، گیرکردوو، تێکڵاو ◌ 1 گیج، سردرگم 2 درگیر

mixer /'mɪksə(r)/ *noun*
1 تێکەڵکەر، لێکدەر 2 خوارنەوەیێکی نەرم کە دەتوانێ لەگەڵ ئەلکول تێکەڵ بکرێ 3 (لە تۆمارکردن و سینەماتۆگرافیدا) تێکەڵکەرە، میکسێر ◌ 1 مخلوط‌کن 2 و 3 میکسر

mixer tap *noun*
شێرەی ساردوگەرم، شێرەی تێکەڵ ◌ شیر مخلوط

mixing bowl *noun*
کاسە تێکەڵکردن (یان تێکەڵوەردان)، کاسەی تیاگرتنەوە، کاسەی گەورە ◌ کاسەی مخلوط کردن

Mixtec /'mɪstɛk/ *noun, pl.* same or Mixtecs
1 میکستێک: ئەندامی گەلێکی سوورپێستی باشووری مەکسیک 2 زمانی Otomanguean ی ئەو گەلە ◌ میستک

mixture /'mɪkstʃə(r)/ *noun*
تێکەڵکردن، لێکدان، تێکەڵە، ئاوێتە، لێکدراو: *The city is a mixture of old and new buildings* ◊ *cake mixture* ◌ آمیزش، آمیزه

mix-up *noun*
(نافەرمی) شێواوی، ئالۆزی، پاشاگەردانی، پشێوی، هەڵە، لێ‌شێوان: *There has been a mix-up over the dates* ◌ آشفتگی، هرج و مرج

mizuna /mɪ'zuːnə/ *noun*, also mizuna greens
شەلەمی ڕۆژهەڵاتی، گەڵاکانی وەکوو سەوزەی ساڵات دەخورێن [*Brassica rapa var. nipposinica*] ◌ میزونا

mizzen /'mɪzn/ *noun*, also mizen
دارالای بازنە یا پشتەوە، دارالای سێیەم (لە پێشی کەشتییەوە)، پاش‌ترین باگەری کەشتی، چارۆکە

یان باگەری پشتەوە ◇ دکل پاشنە، بادبان پاشنە
mizzenmast /ˈmɪznmɑːst, US -mæst/ *noun*
درالای پاژنـە، دارالای پـشتەوە، دارالای سـتیەم ◇ دکل پاشنە
mizzensail /ˈmɪznseɪl/ *noun*
پاش‌ترین باگەری کەشتی، چارۆکە یان باگەری پشتەوە ◇ بادبان پاشنە
mizzle /ˈmɪz(ə)l/ *noun*
پروشە، رشێن، تەپ‌وتم، نم‌نمەی باران، خناف، نەرمەباران، سووکەباران (**mizzly** *adj*) ◇ نم‌نم باران
Mk *abbreviation* 1 mark 2 (in biblical references) the Gospel of Mark
مارک (= یەکەی پارەی ئەڵمانی) ◇ مارک
ml *abbreviation* 1 millilitre 2 mile
MLA /ˌem el ˈeɪ/ *noun, abbreviation*
(لـە کـەنـەدا و ئیرلـەنـدی بـاکووری) ئـەنـدامی *the MLA for* :Legislative Assembly *West Belfast* ◇ عضو هیأت مقننه
MLitt *abbreviation* Master of Letters, *Latin* Magister Litterarum
M'lord *noun*
1 (بۆ بانگ‌کردن) بەڕێزی، جەنابی (بۆ دادگەر) 2 گەورەم ◇ جناب
M'lud /məˈlʌd/ *noun*
بەڕێزی، جەنابی (لە دادگای بریتانیادا) ◇ جناب
mm[1] *interjection*
ئهم! وایە! باشە! خاس!: *Mm, I know what you mean* ◇ خب!
mm[2] *abbreviation* millimeter(s)
MMR /ˌem em ˈɑ(r), US ˌem em ˈɑr/ *noun, abbreviation* measles, mumps, rubella
کوتانی منالانی (چکۆلە) بۆ بەرگیری لەم سێ نەخۆشییە (پروانە سەروشەکە) ◇ امام‌آر
MMS /ˌem em ˈes/ *noun, abbreviation* Multimedia Messaging Service
سیـسـتمیکی نـاردنی دەنـگ و وێنـە رەنگـی و هـەروەهـا پـەیـامی کـورت لـە موبایلێکـەوە بـۆ یەکێکی تر: *an MMS message* ◇ امام‌اس
Mn symb. the chemical element manganese
MNA /ˌem en ˈeɪ/ *noun, abbreviation* Member of the National Assembly
(کـەنـەدا) ئـەنـدامی ئەنجومـەنی نیـشتمانی یـا نەتەوەیی ◇ عضو مجلس ملی
mnemonic /nɪˈmɒnɪk, US -ˈmɑːn-/ *adjective, noun*
1 *adj* بیرخەر، بیرهێنەرەوە، یاریدەدەری بیر یان یاد، بیرخەرەوە: *2 a mnemonic device* سەربە توانایی یادەوەری *n* نموونەی پیت یان بیرۆکەکان بۆ یارمەتیدانی یادەوەری: *'MACRO' is a mnemonic for the five main techniques: Memory, Aims, Concentration, Review and Organization* ◇ 1 *adj* یادیار 2 وابسته به قوەی حافظه *n* الگویی از حروف یا ایده‌های یادیار
mnemonically /nɪˈmɒnɪkli, US -ˈmɑːn-/ *adverb*
بیرخەرانە، بیرخەرەوانە ◇ به طور یادیار
mnemonics /nɪˈmɒnɪks/ *noun, pl.*
هونەر یان سیستمێ بۆ باش‌کردن یان پێزداری یادەوەری، هونەری بەهێزکردنی یادەوەری، (هونەری) بیرخستنەوە یان بیرخەرەوەیی، هونەری هۆش‌کردنەوە ◇ یادیاری
Mnemosyne *noun,* Latin, from Greek *Mnēmosynē*
نیمۆزین، نیمۆسین، نێموزین، منێمۆسینی: خواژنی یادەوەری و دایکی Muses (خواژنانی هونەر و زانست) لە میتۆلۆژی یۆنانیدا ◇ نیموزین
Mo symb. the chemical element molybdenum
mo /məʊ, US moʊ/ *noun*
تاو، سات، چرکەیێ، تاوێ، چرکەسات: *See you in a mo!* ◇ لحظه
MO *abbreviation* Medical Officer
moa /ˈməʊə/ *noun*
جۆری باڵندەی زلەی نەفڕی قرتێکەوتوو، لە دەچـوو، هـی نیوزیلەنـد [*Dinornis* emu و جۆرەکانی تر] *maximus* ◇ موا
Moabite /ˈməʊəbʌɪt/ *noun* (also Moabitish)
n ئەندامی گەلێکی سامی، لە Moab، رۆژهەلاتی دەریای مردوو بەدرێژایی سەردەمی کتێبی پیرۆز دەژیان *adj* سەربە موابیت ◇ موابیت
moan /məʊn, US moʊn/ *noun*
شوورەیی‌یانە، نەنگانە، ئابڕووبەرانـە ۞ بـە طـور ننگین

mortise /'mɔ:tɪs, US 'mɔ:rtɪs/ *noun*, also mortice
(دارتاشی، تکنیکی) جێ‌زمانە، کون ۞ کام

mortise lock *noun*
قوفڵی جێ‌زمانە و زمانە، قوفڵی دەسـک یـان دەزگرە (دەس(ە)گیرە) ۞ قفل دستگیره

mortise-chisel /'mɔ:tɪs tʃɪzl/ *noun*
ئەسکەنە، ئەسکەنگ ۞ اسکنه

mortmain /'mɔ:tmeɪn/ *noun*
(مـاف) تـەرخان، تـەرخانێتی، تـەرخانی‌بـوون، تــەرخان‌کــراوی، رانــەگوێزراوی ۞ وقــــف، موقوفیت، انتقال‌ناپذیری

mortuary /'mɔ:tʃəri, US 'mɔ:rtʃueri/ *noun* (*pl.* mortuaries), *adjective*
n ســاردخانە، مردووشـۆرخانە *adj* 1 تـەرمی 2 سـەربە ناشـتن ۞ *n* ســردخانه *adj* 1 جنـازەای 2 وابسته به تدفین

morula /'mɔ:r(j)ʊlə/ *noun*, *pl.* morulae /-li:/
(ئاولـەمەناســی) تووچــە، تــووژە، تــووێژە (لـە ئەنجامی دابەش‌بوونی هێلکۆکەی پێتێنراوەوە؛ بنەڕەت: چکۆلێنراوی لاتینی *morum* "تـوو - mulberry") ۞ موررولا

morular *adjective*
تووچەیی، تووژەیی، سـەربە تووچە یان تـووژە ۞ وابسته به موررولا

morulation *noun*
پێکهاتنی تووچە، سازبوون یان دامەزرانی تووژە ۞ تشکیل موررولا

morwong /'mɔ:wɒŋ/ *noun*
جـۆرێ ماسـی ڕەنگـی ئـاوەکـانی ئەوسـترالیا [*Nemadactylus* و توخمەکانی تر] ۞ موررونگ

mosaic /məʊˈzeɪɪk, US moʊ-/ *noun, adjective*
n 1 موزایـیک: *a Roman mosaic* ◊ *a design*
-saic in 2 (زینـــدەناســـی) تاکـــێ (ب.ت.
گیانەوەرێ) پێکهاتوو لە کۆمەڵە خانەیێ کە
لەباری بۆماوەیی‌یەوە لە دوو جۆرن؛ زیندەوەرێ
(یان یەکێ لە بەشەکانی) کە لە کۆمەڵە
خانـەیێکـی زیـاتر لـە ژێنۆتـایپی genotype
پێکهـاتووە 3 (هـەروەهـا mosaic disease)
چـەنـدین نـەخۆشـی ڤایرۆسـی گیـا و رووەک
(رووەکـی وەک تـوتن، گـەنمەشـامی، قامیـشی
شەکر و هتد) کە دەبێتە هۆی پنکەپنکەبوونی
گەڵا یـان لـق‌وپـۆ (بڕوانـە tobacco mosaic
virus) 4 نەخشەیێکی پێکهاتە لە کۆمەڵە وێنەیێ
کە بەهۆی فڕۆکە یـان بۆشـایی‌گەڕ spacecraft
گیراوە 5 بەشێ لە لوولەی دوورینی تەلەفزیۆن
کە لە کۆمەڵـە پارچۆلکەیێکی فۆتۆئێلیکتریک
پێکهاتووە کە رۆشنایی بۆ بارگێکی ئێلیکتریکی
دەگۆڕن *adj* موزایـیکی، جنجری، هەڵانهەڵان،
پێکهـاتوو یـا لێکـدراو لـە کۆمـەڵـە تـوخمێکی
جۆراوجـۆر (**mosaiclike** *adj*) بنـەڕەت: لـە
mosaïque فـەرەنسـی، لـە ســەر بنچینـەی
musi(v)um لاتـیـن "رازاندنـەوە بـە بـەردێ
چکۆلـەی چوارگۆشـە". رەنگـە لـە **mosea**
یۆنـانی‌یـەوە بـێ ("a muse") ۞ ***n*** **1** موزایـیک
معرق‌کاری 2، 3، 4 و 5 موزائیک ***adj*** موزایـیکی
Mosaic /məʊˈzeɪɪk, US moʊ-/ *adjective*
سـەربە مووسـا Moses، مووسـایی ۞ موسـایی،
موسوی
mosaic gold *noun*
دووسـولفایدی قـالایی tin S_nS_2، ormolu ۞
موزائیک گولد
mosaic habitat *noun*
ژیوارگە یـان ژینگـەی موزائیـک ۞ زیـستگـاه
موزائیک
mosaicism /məʊˈzeɪɪsɪz(ə)m/ *noun*
(زینـدەناسـی) دۆخ یـان هـەل‌ومـەجێ کـە لـەودا
زیندەوەر organism یان بەشێ لە دوو یان چەند
شـانەی جیـاواز لـەبـاری بۆمـاوەیـی یـان
ژێنێتیکی‌یەوە پێکدێ ۞ موزائیسم
mosaicist /məʊˈzeɪɪst/ *noun*
موزائیـک‌دارێـژ؛ موزائیـک‌پێـژ، موزائیـک‌بـڕ؛
موزائیک‌فرۆش ۞ موزائیـست
Mosaic law *noun*
تەورات، قانوونی مووسا ۞ تورات
mosaic work *noun*
موزایـیک‌کاری، کار یا بەرهەمی موزایـیکی ۞
معرق‌کاری، اثر معرق‌کاری
mosasaur /ˈməʊzəsɔː/ *noun*
خـشـۆکێکی بووبـەردی fossil زلـەی ئـاوی
پـەلـسەولـی paddle-like limb (لـە *Mosa*
لاتـین، رووبـاری Meuse (یـەکـەم جـار نزیـک
بەوێنە دۆزرایەوە + *sauros* یۆنانی "مارمێلک")
۞ موساسور
moscato /mɒˈskɑːtəʊ/ *noun*
جۆرێ مەی دیسێری شیرینی ئیتالیایی ۞ موسکاتو
moschatel /ˌmɒskəˈtɛl/ *noun*
(رووەک‌ناسی) مۆسکاتێل: گیایێکی ورد، گوڵ
بـۆن‌مـسکی سـەوزی کـاڵ [*Adoxa*
moschatellina] ۞ موسکاتل
Moselle /məʊˈzel, US moʊ-/ *noun*, also
Mosel
موزێل (= جۆرێ مـەی نیمچەتاڵـی سپی سـەربە
دۆڵی رووباری موزێل لە ئەڵمانیای رۆژاوا) ۞
موزل
Moses basket /ˈməʊzɪz bɑːskɪt, US
ˈmoʊzɪz bæskɪt/ *noun*
قرتاڵـەی (دەسـک‌داری) منـاڵ (بـۆ هەڵـگرتن یـا
تیاخەوتن) ۞ موسـس باسکت
mosey /ˈməʊzi/ *noun*
گەڕان، پیاسە، راوێچکە، گـەڕیان: *He moseyed*
on over to the bar ۞ گشت
moshav /ˈməʊʃɑːv, US məʊˈʃɑːv/ *noun*,
pl. moshavim
کۆمەڵـەی هـەرەوەزی وردەجووتبەنـدەکانی
ئیسرائیلی ۞ موشاو
Moslem /ˈmɒzləm, US ˈmɑːz-/ = Muslim
Mosotho /məˈsuːtuː/ = singular form of
Basotho
mosque /mɒsk, US mɑːsk/ *noun*
مزگـەوت، جەمخانـە (بنـەڕەت: لـە *masgid*
عەرەبی میسرەوە) ۞ مسجد
mosquito /məˈskiːtəʊ, US -toʊ, mɒs-/
noun, pl. -itoes or mosquitos
مێشوولە، پێشوولکە، پێشکە، پێشوو، جۆرێکی
دەتوانێ نەخۆشی مالاریا بلاوکاتەوە [خێزان
Culicidae] (mosquitoey *adj*) ۞ پشه
Mosquito, *pl.* Mosquitos = Miskito
mosquito fish *noun*
مێشوولەماسی، ماسی‌یەمێشوولە [*Gambusia*
affinis, *G. holbrooki* و *Heterandria*
Formosa لە خێزانی Poeciliidae]، ب.ت. بۆ
مـەهـار و کۆنترۆڵـی پـرگ و کرمۆکـەی larva
مێشوولە بەکاردێنرێ ۞ پشه
mosquito hawk 1 (chiefly southern)
dragonfly 2 crane fly
mosquito net *noun*
کولە، تۆڕی مێشوولە، تۆڕەخەو، کەتان و کەوان
۞ پشەبند
moss /mɒs, US mɔːs/ *noun*
1 قـەوزە، قـەبزە، جـەلاوی، گـاوەک [پـۆل
Musci]؛ بۆ ناوی قەوزەکان، کرێژەبەرد و گیا

یا رووەکە کەمبالاکانی تر بەکاردێتری، ب.ن. 2 reindeer moss لیتاو، زەلکاو، زۆنگ، چامۆر، گراف ۞ 1 خزه 2 باتلاق

moss agate *noun*
جۆری ئاقیق بە رەگ و نیشانی داری یان قەوزەئاسا ۞ نوعی عقیق

moss animal = bryozoan

mossback *noun*
کەسێکی کۆنەپەرست یا پاشبڕۆ ۞ آدم محافظه‌کار

mossbacked *adjective*
کۆنەپەرست، پاشبڕۆ ۞ محافظه‌کار

moss-grown *adjective*
1 قەوزاوی، قەوزەتەنیو، قەوزە(دا)گرتوو، گاوەکاوی، قەوزەپۆش 2 کۆنە، لەباوکەوتوو، رزیو، کۆنکەوتوو ۞ 1 خزه‌گرفته 2 کهنه

mossie = mozzie

mossiness /ˈmɒsinəs, US ˈmɔːsinəs/ *noun*
قەوزەگرتوویی، قەوزەتەنیوی ۞ پوشیدگی از خزه

moss pink *noun*
جۆری گیاگرەی phlox چەندساڵەی نزمڕوواو، زۆرتر لەبەر گوڵی زەبەندی پەمەیی و سپی دەکرێ [*Phlox subulata*] ۞ نوعی فلوکس

moss rose *noun*
1 گوڵەباخی قەوزەیی: جۆری گوڵەباخی (باخی) بێباو [*Rosa centifolia mucosa*] 2 جۆری portulaca ئەمریکای باشووری [*Portulaca grandiflora*] ۞ نوعی رز

mosstrooper *noun*
1 ریگر یان چەتەی سنووره زەلکاوییەکانی نێوان ئینگلتەرە و سکاتلەند لە سەدەی 17 دا 2 = pirate ۞ موس‌تروپر

mossy /ˈmɒsi, US ˈmɔːsi/ *adjective* (mossier, mossiest)
قەوزاوی، قەوزەگرتوو، گاوەکئاسا، قەوزەیی، قەوزەئاسا، شێوەقەوزە: *mossy walls/tree trunks* ۞ خزه‌گرفته، خزه‌مانند

most /məʊst, moʊst/ *adjective, adverb, noun*
زۆرترین، پرترین، هەرەزۆر، زیادترین، پترترین، زێترین: *Who do you think will get (the) most votes?* ◊ *I spent most time on the first question* ◊ *Who ate the most?* (لە ناوەڵناوی باڵا یان هەرەدا) ـترین، هەرەـ زۆربەی، زۆرتری، بەشی هەرە زۆری، زۆر، یەکجار، گەلێ، گەلەمپەری، زۆرتر لە هەموو، لە هەموو زیاتر، پرانی، زۆربەی، زۆرینەی، بەلای زۆرەوە، (نافەرمی و لە ئەمریکا) نزیکەی: *Most classical music sends me to sleep* ◊ *As most of you know, I've decided to resign* ◊ *It was the most boring/beautiful part* ◊ *I go to the store most every day* ◊ *most kind of you to meet me* ۞ بیشترین، بزرگ‌ترین، (صفت عالی) ـترین، بیش‌تر، بسیار، اغلب، حداکثر، تقریباً

-most *suffix*
پاشگر: 1 ـترین، هەرەـ 2 نزیکترین 3 توندترین، زۆرترین 4 دواپین 5 دوورترین (لە ئینگلیسی کۆن) پەیوەند: *mest* ۞ 1 ـترین 2 نزدیک‌ترین 3 شدیدترین 4 آخرین 5 دورترین

most-favoured-nation *adjective*
(سیاسەت و ئابووری) دۆستایەتی رەبەق یان تەواو ۞ کامله‌الوداد

mostly /ˈməʊstli, US ˈmoʊ-/ *adverb*
زۆرتر، پتر، زۆربە، دووبەشی، بەلای زۆری(یەوە)، زۆرینەیان، نزیک هەمووی، تەقریبەن هەمووی، بە گشتی: *generally, mainly*: *The sauce is mostly cream* ◊ *We're mostly out on Sundays* ۞ عمدتاً، در اکثر موارد

Most Reverend *adjective*
سەرناوی سەرئۆسقوفی ئەنگلیکان یا سەرقەشەی کاتۆلیکی رۆمی ئیرلەندی ۞ ماست رورند

MOT /ˌem əʊ ˈtiː, US oʊ/ *abbreviation*
Ministry of Transport
1 (لە بریتانیا) شالیارگە یا وەزارەتی راگوێستن، شالیاری گوێزانەوە 2 (لە بریتانیا) تاقیکردنەوەی تەکنیکی ماشێن (هەر سێ ساڵ جارێ) ۞ 1 وزارت ترابری 2 معاینه‌ی فنی خودرو

mot[1] /məʊ, French mo/ = bon mot, *pl.* pronounced same or /məʊz/

mot[2] /mɒt/ *noun*
1 (نافەرمی، ئیرلەند) کچ یان ژنی جەحێل 2 دۆستی پیاوێ ۞ 1 (عامیانه، ایرلند) دختر یا زن جوان 2 دوست‌دختر

mote /məʊt, US moʊt/ *noun*
تۆز، تۆزقاڵ، وردیله، تۆزیله ۞ ذره

motel /məʊˈtel, US moʊ-/ *noun*
موتێل (بنەڕەت: تێکهەڵکێشراوی *motor* و *hotel*) ۞ متل

motet /məʊˈtet, US moʊ-/ *noun*
موتێت (پارچە موسیقایەکی کورت لەسەر بابەتێکی ئایینی، لە فەرەنسی کۆنەوە؛ بنەڕەت: چکۆلێنراوی *mot* "وشە") ۞ موتت

moth /mɒθ, US mɔːθ/ *noun, pl.* moths
1 پەپوولە(ی شەوگەڕ): بە جووتێ باڵی پانەوە و لە کاتی پشوودا باڵیان دەکەنەوە یا رەپ دەکەن؛ بە شاخی تووکن یان کوڵکن و خووی شەوگەڕییان لە پەپوولە butterfly جیا دەکرێنەوە)، پەروانە [زۆربەی ژوورخێزانەکانی superfamily ی پەپوولی Lepidoptera] 2 مۆریانە، مۆرکە، خورک، مۆرد، گازیز، گازوز (ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ 1 پروانه 2 بید

mothball /'mɒθbɔ:l, US 'mɔ:θ-/ *noun*
نەفتالین ◇ نفتالین

moth-eaten /'mɒθ i:tn/ *adjective*
1 مۆرکەلێـداو، مۆرکـەرێـز، مۆریانـەخواردوو، مۆرکەون، داوەشاو 2 شڕ، تان‌دەرکەوتوو، کۆنە، لەباوکەوتوو، بێ‌برەو، کۆن، کۆن‌کەوتوو، رزیو، پوواو، سوواو ◇ 1 بیدخورده 2 زهواردررفته، عتیقه

mother /'mʌðə(r)/ *noun, adjective*
n 1 دایک، دالک، ماک، ئانە، جیا 2 لەلە، تایەن 3 سەرچاوە، ژێدەر، بنەما، ماک، دایکە 4 هۆ، مایە 5 سـەرۆک یـان بەرپرسـی دەیـر (ژن)، سەررەبەن *adj* 1 سەرەکی، بنچینەیی، بنەڕەتی 2 دایکانە، دایک‌ئاسا 3 دایکی (زمان؛ بنەڕەت: *mōdor* ئینگلیـسی کـۆن، *muoter* ئـەلـمانی "دایـک"، *mater* لاتـین، *mētēr* یونـانی، *mātr* سانـسکریت) ◇ *n* 1 مادر 2 دایه 3 منبع 4 مسبب 5 رئیـسه‌ی صومعه *adj* 1 اصلی 2 مادروار 3 مادری

motherboard /'mʌðəbɔ:d, US 'mʌðərbɔ:rd/ *noun*
(کـامپیوتێر) تەختـە یـان بـۆردی سـەرەکی، سەربۆرد، داتەختە؟ ◇ مادربورد

Mother Carey's chicken = storm petrel

mother country *noun*
نیشتمان، ولاتی دایکی، ولاتی باو و باپیران ◇ میهن

mother-figure *noun*
دایکی پشتیوان و ئامۆژگار(یکەر) ◇ مادر معنوی

motherfucker /'mʌðəfʌkə(r), US -ðərf-/ *noun*
دایکەخۆگێ (جنێویکی زۆر ناحەزە) ◇ مادرفاکر

motherfucking /'mʌðəfʌkɪŋ, US -ðərf-/ *noun*
دایکەخۆگێیی ◇ مادرفاکینگ

Mother Goose *noun*
نووسەری ئەفسانەیی کۆمەلەیێکی هۆنراوەکانی nursery rhymes شـەوەگورگانـە کـە بـۆ یەکەم‌جار لە لەندن (لە) دەوروبەری 1760 بلاو بۆوە ◇ مادر گوس

motherhood /'mʌðəhʊd, US -ðərh-/ *noun*
دایکێتی، دایکایەتی: *Motherhood suits her* ◇ مادری

Mother Hubbard *noun*
جۆرێ جلی هەراوی ژنانە ◇ نوعی لباس

mothering /'mʌðərɪŋ/ *noun*
ئاگالێ‌بوونی منالان بە شێوەی دایکی خۆیان: ◊ *an example of good/poor mothering* ◊ *mothering skills/instincts* ◇ مادرینگ

Mothering Sunday = Mother's Day

mother-in-law /'mʌðər ɪn ˌlɔ:/ *noun, pl.* mothers-in-law
خەسوو، خەسی، هێلک ◇ مادرزن، مادرشوهر

mother-in-law's tongue *noun*
جۆرێ رووەکی ئەفریکای رۆژاوا، گەلاباریک و میل‌زەرد، لە خێزانی agave [*Sansevieria trifasciata*] ◇ نوعی گیاه

motherland /'mʌðəlænd, US -ðərl-/ *noun*
نیـشتمان، ولاتی دایکـی، ولاتی بـاو و بـاپیران، زێد، دایکی نیشتمان ◇ سرزمین مادری، میهن

motherless /'mʌðələs, US -ðərl-/ *adjective*
بـێ‌دایـک، هـەتیو، سـێوی: *motherless children left* ◇ یتیم

mother lode *noun*
سەررەگە، رەگەی سەرەکی، کانگای پڕ (لە زێڕ، زیو و هتد) ◇ رگه‌ی اصلی، معدن سرشار

motherlike /'mʌðəlaɪk/ *adjective*
دایکانە، وەکوو دایک، دایک‌ئاسا ◇ مادروار

motherliness *noun*
دایکانـەبوون، وەکـوو دایـک‌بـوون، دایکـێتی ◇ مادروار بودن، مادری

motherly /'mʌðəli, US -ərli/ *adjective*
دایکانـە، دایـک‌ئاسـا، وەک دایـک. :maternal *motherly love* ◇ مادروار

Mother Nature *noun*
سروشت، جیهانی سروشتی، دایکی سروشت ◇ طبیعت، مام طبیعت

Mother of God *noun*
حـەزرەتی مریـەم (لـە کلێـسـەی کاسـۆلیکی رۆمانی) ◇ مریم عذرا

mother-of-pearl *noun*
سەدەف، دایکی مرواری، گوێچکەماسی ◇ صدف

mother's boy *noun*
(نافەرمی، پیاو یا کوڕ) هەتیوەلووسکە، نازدار، لاقوونە، سوسول ◇ بچەننه

Mother's Day *noun*
رۆژی دایـک (دووەمـین دووشـەممەی مـانگی مایـس) ◇ روز مادر

mother ship *noun*
کەشتی دایک ◇ کشتی مادر

Mother Superior *noun*
بەرێوەبەری دەیر، دەیرگێر، سەررەبەن، دایکی ئایینی، گەورەی ژنان لە دەیردا ◇ مادر روحانی

mother-to-be *noun*
دایکـی دوارۆژ، ژنی سـکپڕ، ژنی دووگیـان، بەدایک‌بوو ◇ زن حامله

mother tongue *noun*
1 زمانی دایکی 2 زمانێ کە زمانێکی تر لەو پەیدا دەبێ یان دادەڕێژرێ ◇ 1 زبان مادری 2 زبانی مشتق از زبانی دیگر

motherwort /'mʌðəwɜ:t/ *noun,* also lion's

tail
(رووەکناسی) کلکەشێر(ە)، بەیبوونەگایانە؟ [Leonurus cardiaca] ⟡ دم شیر، بابونەی گاوی

mothproof *adjective*
(جلوبەرگ) دژەمۆریانە، دژەمۆرکە، مۆرکەهەڵنەهێن ⟡ ضد بید

mothy /ˈmɒːθɪ/ *adjective* (mothier, mothiest)
مۆریاناوی، مۆریانەتێداو، مۆریانەرێز، داوەشاو لەبەر مۆریانە، مۆرکاوی، خورکلێدراو، moth-eaten ⟡ بیدزده

motif /məʊˈtiːf, US moʊ-/ *noun*
1 (لە فەرەنسەوە) نەخش، نەخشونیگار: *wallpaper with a flower motif* 2 نێوەرۆک، نێواخن، ناواخن، ناومایە 3 شێوەی بنەرەتی، بابەتی سەرەکی یان ناوەندی 4 (موسیقا) موتیف، مایەی سەرەکی، بنەمایە 5 پاڵنەر، هاندەر 6 (زیندەوەر)کیمیا) پەیتایی یان یەکلەدوایەکهاتنێکی جیاواز distinctive sequence لەسەر پرۆتێن یان دیئێنئەی کە پێکهاتەیێکی سێلایی هەیە (motific *adj*) ⟡ 1 طرح، نگاره 2 درونمایه، مضمون 3 موضوع اصلی 4 مایه‌ی اصلی 5 محرک 6 موتیف

motile /ˈməʊtaɪl/ *adjective, noun*
بزۆک، بزێو، جمۆک، بجوول، جوولۆک، جوولاو: (گیانەوەرناسی و رووەکناسی، دەربارەی خانەکان، گامێتەکان و زیندەوەرە تاکخانەییەکان): *motile cells*، *motile spores* ⟡ قادر به حرکت، جنبنده، متحرک

motility /məʊˈtɪlɪtɪ/ *noun*
بزۆکی، بزێوی، جمۆکی، بجوولی، جوولۆکی، جوولاوی ⟡ قدرت حرکت

motion /ˈməʊʃn, US ˈmoʊʃn/ *noun*
1 جوولە، جموجۆڵ، جم، تەکان(خواردن)، جوولان، بزووتنەوە، براوت، لەقین، بزووتن، بزاف، لەبات: *Newton's laws of motion* ◊ *The swaying motion of the ship was making me feel seasick* 2 ئاماژە، مێزە 3 پێشنیار، پێشنیاز: *to table/put forward a motion* 4 دانەدەرەوە، بەتاڵکردن 5 پیسایی 6 (motions) کارەکان، جموجۆڵەکان، جوولەکان 7 (ماف) داوای دەرکردنی دەستوور ⟡ 1 حرکت، جنبش 2 اشاره 3 پیشنهاد 4 تخلیه 5 مدفوع 6 (در جمع) حرکات 7 درخواست صدور حکم

motional /ˈməʊʃənl, US ˈmoʊʃənl/ *adjective*
جوولەیی، بزاوتی، بزووتنەوەیی، جوولانەوەیی ⟡ حرکتی، جنبشی

motionless /ˈməʊʃnləs, US ˈmoʊʃn-/ *adjective*
بێجوولە، چەقبەستوو، بێحەرەکەت، بێتەکان، چەقیو، تەکاننەخواردوو، بێچرکە، کڕ، وێستاو، جێگیر: *She stood absolutely motionless* ⟡ بی‌حرکت، ساکن

motionlessly /ˈməʊʃnləslɪ, US ˈmoʊʃn-/ *adverb*
بێجوولانە، کڕانە، چەقبەستووانە ⟡ به طور ساکن

motion picture *noun*
(زۆرتر لە ئەمریکا) فیلم (سینەمایی) ⟡ فیلم

motion sense *noun*
هەستی جوولان یان بزووتنەوە ⟡ احساس حرکت یا جنبش

motion sickness *noun*
ماشێنگرتوویی، جوولەگرتوویی، دڵپێکاهاتنی نێو ماشێن ⟡ ماشین‌گرفتگی، دل‌آشوبه‌ی حرکتی

motivated *adjective*
1 خوازیار، پێخۆشبوو، بەتاسە، تامەزرۆ، بەپەرۆش، ئارەزوومەند 2 لەبەر (خاتری)، بە بۆنەی ⟡ 1 راغب، خواهان 2 به علت

motivation /ˌməʊtɪˈveɪʃn, US ˌmoʊ-/ *noun*
1 هاندان، پاڵنان، بزواندن، پاڵنەر، هاندەر، تێندەر، بوونەهۆ، تاودان، گوڕپێدان، بزواندن، دنەدان: *Most people said that pay was their main motivation for working* ◊ *He's intelligent enough but he lacks motivation* 2 وێست، تامەزرۆیی، بەپەرۆشی ⟡ 1 انگیزش، انگیزه، تحریک 2 رغبت

motivational /-ʃənl/ *adjective*
هاندەرانە، هاندەر، پاڵنەر، بزوێنەر، جوولێنەر، گوڕپێدەر، تاودەر: *an important motivational factor* ⟡ انگیزشی، برانگیزنده، مشوق

motivator /ˈməʊtɪveɪtə(r), US ˈmoʊ-/ *noun*
هاندەر، پاڵنەر، تاودەر، بزوێنەر، جوولێنەر: *Desire for status can be a powerful motivator* ⟡ انگیزه

motive /ˈməʊtɪv, US ˈmoʊ-/ *noun, adjective*
n 1 هاندەر، پاڵنەر، بزوێنەر: *There seemed to be no motive for the murder* 2 نێوەرۆک 3 جوولەیی، بزوێنەر، جوولێنەر، جوولێنەرانە، تەکانپێدەر، جمۆک، بزوێنەرانە، بزاوتی، بەجوولەخەر *adj* بزوێنەر، جوولێنەر، جوولێنەرانە، جوولەخەرانە، بزووتنەوەیی: *motive power/force* ⟡ *n* 1 انگیزه 2 درونمایه 3 جنباننده *adj* حرکتی

motiveless *adjective*
لەخۆوە، بێپاڵنەر، بێهاندەر، بێهۆ، بێخود: *an apparently motiveless murder/attack* ⟡ بی‌دلیل، بی‌انگیزه (motivelessly *adv*)

motive power *noun*

هێزی بزوێنەر یا (بە)جووڵەخەر ○ قدرت حرکتی

motivic /ˈməʊtɪvɪk/ *noun*

(موسیقا) سەربە motif ○ وابستە بە motif

motivity *noun*

جووڵێنەریتی، جمۆکی، بزوێنەریتی ○ جنباندگی

mot juste /məʊ ˈʒuːst, French mo ʒyst/ *noun, pl.* mots justes pronunc. same

وشەی دروست یا گونجاو، دەستەوشەی شیاو یا بەجێ ○ کلمەی مناسب

motley /ˈmɒtli, US ˈmɑːtli/ *adjective* (motlier, motliest), *noun*

adj جۆراوجۆر، تێکەڵوپێکەڵ، تێکەڵ، سەیر، مەجۆرە، هەمەڕەنگ، چەندڕەنگە، ڕەنگاوڕەنگ، بەناڵاوواڵا، ڕەنگین *n* 1 تێکەڵەی هەمەڕەنگ 2 جلی ڕەنگاوڕەنگ یان بەناڵاوواڵا، جلی چل تیکە ○ *adj* گوناگون، چندرنگە *n* 1 آمیزەی گوناگون 2 جامەی لودگی

motmot /ˈmɒtmɒt/ *noun*

جۆرێ باڵندەی ڕەنگینی کلکدرێژی گەرمێنانی ئەمریکا [خێزان Momotidae: گەلێ جۆرن] ○ موتموت

motocar = motorcar

motocross /ˈməʊtəʊkrɒs, US ˈmoʊtoʊkrɔːs/ *noun*

مۆتۆکراس (= وەرزشی پێشبڕکێی مۆتۆڕسوارێ لە عەرز یان زەوییێکی ناڕێکدا) ○ موتوکرس

motocrosser *noun*

مۆتۆکراسێر ○ موتوکراسر

motocycle = motorcycle

motoneuron /ˌməʊtə(ʊ)ˈnjʊərɒn/ *noun*

نۆرۆنی بزوێنەر یان جووڵێنەر ○ نورون محرک

motor /ˈməʊtə(r), US ˈmoʊ-/ *noun, adjective*

n 1 بزوێنە(ر)، جووڵێنە(ر)، مۆتۆر، بگێر، سەربە ماشێن (مۆتۆڕی) 2 (نافەرمی، بریتانیا) ماشێن *adj* مۆتۆڕی، جووڵەیی ○ *n* 1 موتور، جنبانندە 2 (عامیانە) ماشین *adj* موتوری، حرکتی

motorbike /ˈməʊtəbaɪk, US ˈmoʊtərb-/ *noun*

مۆتۆرسیکلێت ○ موتورسیکلت

motorboat /ˈməʊtəbəʊt, US ˈmoʊtərboʊt/ *noun*

بەلەمی جووڵێنەری، گەمی مۆتۆڕی ○ قایق موتوری

motorcade /ˈməʊtəkeɪd, US ˈmoʊtərk-/ *noun*

مۆتۆرکێید، کاروانی ماشێنەکان (ی دابودەستووری، ڕیزەماشێنی فەرمی کە کەسێکی گرنگ هەڵدەگرێ) ○ موتورکید

motor car *noun*

ماشێن ○ اتومبیل

motorcycle /ˈməʊtəsaɪkl, US ˈmoʊtərs-/ *noun*

مۆتۆرسایکل، مۆتۆرسیکلێت ○ موتورسیکلت

motorcycling /ˈməʊtəsaɪklɪŋ, US ˈmoʊtərs-/ *noun*

مۆتۆڕسواری ○ موتورسواری

motorcyclist /ˈməʊtəsaɪklɪst, US ˈmoʊtərs-/ *noun*

مۆتۆڕسوار ○ موتورسوار

motor home /ˈməʊtəhəʊm, US ˈmoʊtərhoʊm/ *noun*

ماشێنی ماڵی (کە جێی خەو، چێشتخانە و دەسبەئاوی تیایە و بۆ ڕێگای دوور دەبێ) ○ موتورهوم

motoring /ˈməʊtərɪŋ, US ˈmoʊ-/ *noun, adjective*

(سەربە) لێخوڕین یان (بە) ماشێن: *a motoring offence* ○ رانندگی

motorist /ˈməʊtərɪst/ *noun*

شۆفیری ماشێن ○ رانندەی ماشین

motorized /ˈməʊtəraɪzd, US ˈmoʊ-/ *adjective*

1 مۆتۆڕی، مۆتۆڕدار: *motorized vehicles* 2 (میلیتاری) مۆتۆڕیزە (دەستەی سەربازانی ماشێنلێخوڕ) ○ 1 موتوری 2 موتوریزە

motorized battalion *noun*

تابووری مۆتۆریزە، هەنگی مۆتۆڕیزە، هێزی مۆتۆڕیزە، تیپی مۆتۆڕیزە ○ گردان موتوریزە

motorized division *noun*

سپای مۆتۆڕیزە ○ لشکر موتوریزە

motorized infantry *noun*

سپای پیادەی مۆتۆڕیزە ○ پیادەنظام موتوریزە

motorized unit *noun*

یەکەی مۆتۆڕیزە ○ یگان موتوریزە

motor lodge *noun*, also motor hotel = motel

motorman /ˈməʊtəmən/ *noun, pl.* motormen

شۆفیری ترێن یان ترام ○ رانندەی قطار یا تراموا

motor mouth /ˈməʊtəmaʊθ, US ˈmoʊtərm-/ *noun*

(نافەرمی) بەرزەوێژی زۆربڵە، توندبێژی هەڵەوەڕ ○ موتورموث

motor nerve *noun*

(توێکاری) نێرڤ یان دەماری جووڵێنەر، بزوێنەدەمار ○ عصب حرکتی

motor neurone disease *noun*

نەخۆشیێ کە لەودا دەمار و ماسوولکەکان ڕۆژبەڕۆژ لاوازتر و لە ئاخردا نەخۆشەکە دەمرێ ○ موتور نرون دیسیز

motor pool = car pool

motor racing *noun*

پێشبڕکێی ماشێنە تونرەوەکان ◌ مسابقەی اتومبیل‌های پرسرعت

motor rallying *noun*

رالی ماشین ◌ رالی اتومبیل

motor scooter *noun*

(مۆتۆڕی) سکوتێر ◌ اسکوتر

motor sport = motor racing

motor vehicle *noun*

ماشێن ◌ وسیلەی نقلیەی موتوری

motorway /'məutəweɪ, US 'moutərweɪ/ *noun*

a motorway service area / service station :یانەڕێ ◌ آزادراه

motor yacht *noun*

یاختی بزوێنەیی یان مۆتۆڕی ◌ یاخت موتوری

MOT test = MOT

mottle /'mɒtl/ *noun*

خاڵی ڕەنگی، پەڵەی ڕەنگاوڕەنگ، لکە، پەڵە ◌ خال رنگی، لکه

mottled /'mɒtld, US 'mɑ:tld/ *adjective*

خاڵخاڵ، پەڵەپەڵە، خاڵاوی، لکەلکە، ڕەنگاوڕەنگ ◌ خال‌مخالی

motto /'mɒtəu, US 'mɑ:tou/ *noun, pl.* mottoes or mottos

1 دروشم: *The school's motto is: 'Duty, Honour, Country'* 2 *'Live and let live.' That's my motto* پەند، قسەی نەستەق ◌ 1 شعار 2 اندرز

Motu /'məutu:/ *noun, pl.* same

1 ئەندامی گەلێکی مێلانەسیایی Papua New Guinea، دانیشتووی ناوچەی دەوروبەری Port Moresby 2 زمانی ئەو گەلە ◌ موتو

moue /mu:/ *noun*

ڕووگرژی، مڕومۆچی، لچ‌پێکادان ◌ عبوسی

mouflon /'mu:flɒn, US -flɔ:n/ *noun, also* moufflon

مەرەسوورە، مەرەکێوی، بەزکووڤی، جۆری پەزەکێوی، بەرانەکێوی، خۆری قاوەیی خورمایی، لە جێگای شاخوداخا (لە ئێرانەوە تا ئاسیای بچوک) دەژی *[Ovis orientalis]* ◌ موفلون

mouillé /'mu:jeɪ/ = palatalized

mould[1] /məuld, US mould/ *noun, US* mold

1 داڕێژگە، ڕێژگە، ڕێژە، قالب: *A clay mould is used for casting bronze statues* 2 نموونە، مێناک 3 شێوە، بیچم، ڕوخسار: *a hero in the 'Superman' mould* 4 خوو، سروشت، ڕەفتار، جۆرێ تایبەتمەندی کەسایەتی ◌ 1 قالب 2 الگو 3 شکل، ریخت 4 منش

mould[2] /məuld, US mould/ *noun, US* mold

کەڕوو، کەڕەکیفە، برش، کەپڕۆکە، تەم، کەڕەوڵ (بنەڕەت سکاندیناڤی) ◌ کپک

mould[3] /məuld, US mould/ *noun, US* mold

خۆڵ، ئاخ، گیاخۆڵ ◌ خاک، خاک‌برگ

mouldboard /məuldbɔ:d/ *noun*

1 (گاسن) ئاوێنە؟، سێڵ، پەڕە (بە کوویەوە نووساوە و لە هێندێ گاسنداً بە ئانیشکەوە، بەشەکانی گاسن بریتین لە: نەردیوان، دەند، سەرەدەند، گۆنیا، چەڵەمە یان خاموت، مالەبند، جێ‌تیغە، تگەر یان چەرخ) 2 تیغە (تەخت یا چەماوە، وەک هی bulldozer) ◌ 1 خاک‌برگردان 2 مولدبورد

moulder /'məuldə(r), US 'mou-/ *noun*

داڕێژگەر، ڕێژگەساز، ڕێژەوان، ڕێژەگەر، قالب‌ڕێژ، قالب‌ساز ◌ ریخته‌گر، قالب‌ساز

mouldering *adjective*

ڕوولەپوان، ڕوولەڕزین، ڕوولەهەڵوەرین ◌ در حال پوسیدگی

mouldiness /'məuldinəs, US 'mou-/ *noun*

کەڕوواویبوون، کەڕەکیفاویبوون، کەپڕۆکەبەستن، تەم‌هێنان، برش‌هێنان، کەڕووهێنان ◌ کپک‌زدگی

moulding /'məuldɪŋ, US 'mou-/ *noun*

1 دارشتن، داڕێژگەری، قالب‌ڕێژی 2 زنجیرەی جوانی، پەراوێزی جوانی 3 گەچ‌بری، نەخشی گەچ، بەگەچ‌دەرهێنان: *There were elaborate plaster mouldings around the ceiling* ◌ 1 قالب‌ریزی، ریخته‌گری 2 حاشیه‌ی تزئینی 3 گچ‌بری

mouldy /'məuldi, US 'mou-/ *adjective* (mouldier, mouldiest), US moldy

1 کەڕووواوی، برشاوی، کەڕەکیفاوی، کەپڕۆکەبەستوو: ◊ *mouldy bread/cheese* 2 *Strawberries go mouldy very quickly* گەنیو، بەیات، بۆگەن، ماوە، گنخاو 3 کۆنە، لەباوکەوتوو، ڕزیو 4 ژەنگاوی، ژەنگ‌هێناو 5 لەکارکەوتوو، پواو، بەکارنەهاتوو، بێ‌نرخ، بێ‌بایەخ، بێ‌سوود، بێ‌کەڵک ◌ 1 کپک‌زده 2 بیات 3 منسوخ 4 زنگ‌زده 5 بی‌ارزش

moult /məult, US moult/ *noun*

پەڕلێبوونەوە، پەڕفڕێدان، کەڕازفڕێدان، ecdysis، هەڵوەرینی تووک یان کوڵکە، توولەک(دان)، ڕووتانەوە، بۆرانەدن، تووک‌بەردان، کوڵکەبەردان، ئەو ماوەیە ◌ پوست‌اندازی، موریزی، زمان موریزی

mound[1] /maund/ *noun*

1 تەپ، گرد، زووڕگ، کەڵەکان، بستوو، هەندەڤ: *a Bronze Age burial mound* 2 کۆما، کۆگا، کێو، لۆدە، pile، heap: *a small mound of rice/sand* 3 کۆمائێزنگ 4 بڕێکی زۆر ◌ 1

پشته 2 کپه 3 تودەی هیزم 4 مقدار بسیار

mound² /maʊnd/ *noun*

گۆ، تۆپ (وەک نیشانەی پادشایی؛ بنەڕەت: لە لاتین "جیهان") *mundus* ۞ کره

Mound Builder *noun*

ئەندامی گەلێکی سوورپێستی پێش‌مێژوو ۞ موند بیلدر

mound-builder = megapode

mount¹ /maʊnt/ *noun*

1 چیا، شاخ، کێو، کێف، کەژ، بەندەن 2 تەپ، گرد ۞ 1 کوه 2 تپه

mount² /maʊnt/ *noun*

1 (دەرفەت) ئەسپی سواری 2 (دوو)چەرخ‌سواری 3 پایە، پاچکە 4 جێ‌پوول 5 (وێنە) مقەبا، کارتۆن ۞ 1 اسب سواری 2 دوچرخه‌سواری 3 پایه 4 جای تمبر 5 مُقوا

mountain /ˈmaʊntən, US ˈmaʊntn/ *noun, adjective*

n 1 کێو، شاخ، چیا، بەندەن، کێف: *a chain/range of mountains* 2 کۆما، کۆگا، کۆل، دنیایێ، کێوێ، لۆدە *adj* سەربە چیا، کێوی، چیایی ۞ *n* 1 کوه 2 توده *adj* وابسته به کوه

mountain ash = rowan

mountain beaver *noun*

سەگاوی کێوی یا چیایی (جۆرێ کرتێنەری ڕەهۆڵێدەری دارستان‌زێی ڕۆژاوای ئەمریکای باکووری [*Aplodontia rufa*]) ۞ نوعی بیدستر

mountain bike *noun*

چەرخی سەرچیا یا کێو، چەرخی کێو ۞ دوچرخه‌ی کوهستان

mountain biker *noun*

چەرخ‌سواری سەرچیا، دووچەرخەسواری کێو ۞ دوچرخه‌سوار کوهستان

mountain bluebird *noun*

(باڵندەناسی) شینەکەی کێوی، هی ڕۆژاوای ئەمریکای باکووری [*Sialia currucoides*] ۞ نوعی پرنده

mountain cranberry = lingonberry

mountain chain *noun*

زنجیرەچیا، ریزەکێو، لێزگەشاخ ۞ رشته‌کوه

mountain devil = moloch

mountain dew = moonshine 3

mountaineer /ˌmaʊntəˈnɪə(r), US -tnˈɪr/ *noun*

شاخەوان، چیاگەڕ، کوێستانی، چیانشین، کێونشین ۞ کوه‌نورد، کوه‌نشین

mountaineering /ˌmaʊntəˈnɪərɪŋ, US -tnˈɪrɪŋ/ *noun*

شاخەوانی، چیاگەڕی ۞ کوه‌نوردی

mountain everlasting = cat's foot

mountain gem *noun*

جۆرێ hummingbirdی سەوزی بەرزایی‌یەکانی دارستانەکانی ئەمریکای ناوەندی [تۆخم *Lampornis*: چەندین جۆرن] ۞ نوعی پرنده

mountain germander *noun*

(ڕووەکناسی) دایکەوباوکە، دایەوباوە، میم‌نوخنە، می‌می‌خوێنی [*Teucrium polium*] ۞ مریم‌نخودی، کلپوره

mountain goat *noun*

1 (هەروەها Rocky Mountain goat، جۆرێ بزنەکێوی شاخ پشتەوەچەماو، لە چیاکانی ڕاکی و ئەمریکای باکووری دەژی [*Oreamnos americanus*] 2 بزنەکێوی ۞ 1 مونتین گوت 2 بز کوهی

mountain laurel *noun*

جۆرێ kalmiaی ئەمریکای باکووری کە هێشووەگوڵی پەمەیی گەش دەگرێ [*Kalmia latifolia*] ۞ نوعی درختچه

mountain lion *noun*, also puma or cougar

(گیانەوەرناسی) شێری کێوی ۞ پوما

mountainous /ˈmaʊntənəs/ *adjective*

1 پڕکێو، پڕچیا، شاخاوی، کەژوکێواوی، بەندەناوی، کێواوی، شاخوداخاوی: *a mountainous region/terrain* 2 زلە، زەبەلاح، گەورە، کێوئاسا، *mountainous waves* ۞ 1 کوهستانی 2 عظیم

mountain range *noun*

زنجیرەچیا، ریزەکێو، لێزگەشاخ ۞ رشته‌کوه

mountain sickness *noun*

سەرەگێژەی کێوی، کێوگرتوویی، چیاگرتوویی ۞ کوه‌گرفتگی

mountainside /ˈmaʊntənsaɪd/ *noun*

داوێنی کێو، بنار، کاس، کوتار، سینەکێشی کێو، بەروار، کاش، قەدپاڵ (کێو): *The helicopter crashed into the -untainside* ۞ دامنه‌ی کوه

mountaintop /ˈmaʊntəntɒp/ *noun*

نووچکە یا نووکی کێو، سەر یا دوندی چیا، تەوقی شاخ ۞ قله‌ی کوه

mountainy *adjective*

چیایی، سەربە کێو یان شاخ ۞ وابسته به کوه

mountebank /ˈmaʊntɪbæŋk/ *noun*

دەسبڕ، فێڵاوی، تەڵەکەباز، چاوبەست ۞ حقه‌باز، شیاد

mounted /ˈmaʊntɪd/ *adjective*

1 سوارە، سوار (لەسەر ئەسپ): *mounted policemen* 2 دابەسراو، دابەستراو، گیرکراو، چەسپێنراو، لێدراو، دانراو، پێوەنراو: *a mounted photograph* 3 (لە لێکدانا) دابەستراو، گیرکراو: *a ceiling-mounted fan* ۞ 1 سواره 2 نصب‌شده 3 (در ترکیب) نصب‌شده

Mountie /ˈmaʊnti/ *noun*

(نافەرمی) ئەندامی پۆلیسی سوارەی پاتشایی

کەندا ◌ مونتی، پلیس سوارە

mounting /'maʊntɪŋ/ *adjective*
روولـــەزۆری، رووڵەپـــەرە، رووڵەســـەر، رووەوەهەڵـچوو، زۆورەوەبـوو: *mounting excitement/concern/tension* ◌ فزاینده

mourner /'mɔːnə(r), US 'mɔːrn-/ *noun*
ماتەمبار، شیوەنگێر، شینگێر ◌ عزادار

mournful /'mɔːnfl, US 'mɔːrnfl/ *adjective*
خەمبار، مات، لێوبەبار، ماتەمبار، عەزیەتبار، نارەحـەت، خـەماوی، دڵـتەنگ: *mournful eyes ◊ music* ◌ اندوهگین، عزادار، غم‌انگیز

mournfully /-fəli/ *adverb*
خەمبارانە، دڵتەنگانە، بە شێوەیەکی خەماوی، خەفەتبارانە: *The dog looked -nfully after its owner* ◌ به طور اندوهگین، غم‌انگیزانه

mournfulness /'mɔːnflnəs, US 'mɔːrnflnəs/ *noun*
خـەمباری، ماتی، ماتـەمباری، خەفـەتباری، پەژارەداری، دڵتەنگی ◌ اندوهگینی، غم‌انگیزی

mourning /'mɔːnɪŋ, US 'mɔːrn-/ *noun*
1 شـیوەنگێـری، شـینەوار، ماتـەمبـاری، عەزیەتباری، شینگێری، سۆزداری، چەمەری: *The government announced a day of national mourning for the victims ◊ She was still in mourning for her husband* 2 بەرگی ماتەمباری، جلوبەرگی رەش: *The queen was dressed in mourning* 3 کۆفان، خەم، سوێ، خوسپە، کۆست، کەسەر، پەژارە ◌ 1 عزاداری، سوگواری 2 جامەی عزاداری 3 غصە، اندوه

mourning cloak = Camberwell beauty

mourning dove *noun*
کۆترەخەمبارە یان شینگێرە: جۆرێ کۆترێ کلکدرێژی ئەمریکای باکووری و ناوەندی [*Zenaida macroura*] ◌ نوعی کبوتر

mourningly /'mɔːnɪŋli, US 'mɔːrn-/ *adverb*
ماتەمبارانە، شینەوارانە ◌ با سوگواری

mouse /maʊs/ *noun, pl.* mice
1 مشک، مەرە [زۆر جۆرن، ب.ت. لە خێزانی Muridae] 2 (کامپیوتێر) مشکۆڵە، مشکەڵە، مەوس 3 بنیـادەمی ترسـەنۆک، دڵـحیز 4 (لە تەنافدا) گرێ ◌ 1 موش 2 ماوس 3 آدم ترسو 4 گره

mousebird *noun*
مشکەباڵندە (ئەفریکایی [خێزان Coliidae]) ◌ نوعی پرنده

mouse deer = chevrotain

mouse-ear /maʊs ɪə(r)/ *noun*, also mouse-ear chickweed
گوێمشکە [توخم *Cerastium*] ◌ گل مرا فراموش نکن

mouse hare = pika

mouse mat *noun*
ژێرمەوس، رایەخی مەوس یان مشکۆڵە ◌ ماوس مت

mouse pat = mouse mat

mouser /'maʊsə(r)/ *noun*
پشیلەی مشکگر، (پشیلەی) مشکخنکێن ◌ گربەی موش‌گیر

mousetrap /'maʊstræp/ *noun, adjective*
n تەڵەمشک *adj* (خوازە، پەنیر) رزیو، خراپ، شیاکەیی ◌ *n* تلەی موش *adj* (پنیر) غیرقابل خوراکی

mousey = mousy

moussaka /muː'sɑːkə/ *noun*
مووساکا (= جۆرێ چێشتی یونانی، کە باینجان، گۆشتی چەرخکراو و پەنیری تیایە؛ بنەڕەت: لە *musakka* تورکییەوە) ◌ موساکا

mousse /muːs/ *noun*
1 مووس (جۆرێ چێشت) 2 (لادان و داهێنانی قژ) مووس ◌ موس

mousseline /'muːsliːn/ *noun*
چیتی مووسلی ◌ موسلین

mousseron /'muːsərɒn/ *noun*
کارگێکی سەرتەختی خۆراکی [*Clitopilus prunulus*] ◌ موسرون

mousseux /muː'sɜː, French mus/ *adjective, noun*
adj هەڵچوو، گازدار *n* مەی هەڵچوو، بادەی گازدار ◌ *adj* جوشان *n* شراب جوشان

moustache /mə'stɑːʃ/ *noun*, US mustache
سمێڵ ◌ سبیل

moustached /mə'stɑːʃt/ *adjective*
سمێڵی ◌ سبیلو

moustaches *noun, pl.*
سمێڵی درێژ، سمێڵی قەوی، سمێڵبابڕ ◌ سبیل کلفت

moustachio = mustachio

Mousterian /muː'stɪəriən/ *adjective*
(شوێنەوارناسی) موستێریایی: سەربە چاندی سەرەکی سەردەمی کۆنەبەردینی نێوەڕاست لە ئەورووپا، نێوان سەردەمەکانی Acheulian و Aurignacian (80,000-35,000 ساڵ لەوەپێش، لە ئەشکەوتێ لە باشووری *Le Moustier* رۆژاوای فەرەنسە کە شتەکانی سەربەو چاند و فەرهەنگە لەوێ دۆزرانەوە) ◌ موستریایی

mousy /'maʊsi/ *adjective* (mousier, mousiest)
1 (ب.ت. رەنگی قژ) قاوەیی چڵکن یان تاریک، قاوەیی خورمایی 2 شەرمن،

He was :timid .retiring بێ‌سەروزمان،
◌ *accompanied by his mousy little wife*
1 قهوه‌ای تیره 2 خجالتی

mouth /maʊθ/ *noun, pl.* mouths
The creature was :1 دەم، زار، دم، دەڤ
2 *foaming at the mouth* زار 3 دەروازە،
دەرکە، زوورگە، دەرگا، دەم، درگا، سەر، زارک:
4 *the mouth of a cave/pit* ریزگە، رەزاو،
ناقگە، دواوان، دەم یان زاری تێرژانی رووبار بۆ
نێو دەریا: *A number of industries sprang*
5 *up around the mouth of the river*
دەمەلاسکێ ◌ 1 دهان 2 دهانه 3 مدخل، در 4
مصب 5 دهن‌کجی

mouthbrooder *noun*
جۆرێ cichlidی ناوی شیرین، گەراکانی بە
هەلگرتن لەناو دەمیدا دەپارێزێ
[*Sarotherodon* و توخمەکانی تر] ◌ نوعی ماهی

mouth cavity *noun*
بۆشایی دەمی، بۆشایی کولمەیی یان گوپی
buccal ◌ حفره‌ی دهانی

mouthful /ˈmaʊθfʊl/ *noun, pl.* mouthfuls
She took a mouthful of :1 پڕبەدەم، پڕدەم
2 *water* تیکە، پاروو 3 قسە یان دەستەوشەی
پڕبەدەم، وتە یان قسەی رەق‌وتەق، قسەی
قەلەمی ◌ 1 یک دهان پر 2 لقمه 3 حرف یا
عبارت دهان‌پرکن، لغت قلنبه‌سلنبه

mouth-organ = harmonica

mouthpart *noun*
ئەندامێکی دەم‌ئاسای مێروو یان جومگەدارانی
تر ◌ موت‌پارت

mouthpiece /ˈmaʊθpiːs/ *noun*
1 دەمی تەلەفوون 2 (ئامێری موسیقا) دەم، سەر،
فیقەنە، جێ‌دەم 3 دەمڕاست، زمان‌حال ◌ 1
دهنی تلفن 2 دهنی 3 سخنگو

mouth-to-mouth = mouth-to-mouth resuscitation

mouth-to-mouth resuscitation *noun*
هەناسەدانی دەم‌بەدەم یان دەم‌لەنێودەم ◌ تنفس
دهان به دهان

mouth ulcer *noun*
برینی دەم (لەبەر نەخۆشی) ◌ زخم دهان

mouthwash /ˈmaʊθwɒʃ, US -wɑːʃ, -wɔːʃ/ *noun*
(شلە) دەمشۆر(ە) ◌ دهان‌شوی

mouth-watering *adjective*
خۆش، ئاو بە دەم دێنێ، ئیشتیاکەرەوە، دڵبزوێک
◌ خوشمزه

mouthy /ˈmaʊθi, US -ði/ *adjective* (mouthier, mouthiest)
(ئافەرمی) زۆربلە، چەقەسرۆ، دەم‌درێژ ◌ وراج

movability /ˌmuːvəˈbɪləti/ *noun*, also moveability or movableness
لەجوولان‌هاتوویی، تەکان‌پێدراوی، گەرۆکی،
لەبزووتن‌هاتوویی، بجوولی، جوولۆکی، بیزێوی،
لەگۆڕان‌هاتوویی، بگۆڕی، گۆڕاوی ◌ قابلیت
تحرک، تغییرپذیری

movable /ˈmuːvəbl/ *adjective, noun,* also moveable
1 *adj* لەجوولان‌هاتوو، لەبزووتن‌هاتوو،
گەرۆکی، جوولاو، ناجێگیر، تەکان‌پێدراو،
تەکان‌خۆر، بجوول، جوولۆک، بیزێو: *movable*
a doll with a movable head ◊ *partitions*
2 (ماف) زیندەمال، راگوێزراو (ب.ت.
کەلوپەلی نێومال لەچاو خانووبەرە و
زەوی‌وزار) 3 لەگۆڕان‌هاتوو، بگۆڕ، دەگۆڕدرێ:
movable holidays n (moveablc) دارایی یان
سامانی راگوێزراو، زیندەمال، بردەمەنی ◌ *adj*
1 متحرک، جنبش‌پذیر 2 منقول 3 تغییرپذیر *n* (در
جمع) اموال منقول

movable feast *noun*
1 جێژنی بگۆڕ، جێژنەگۆڕە (رۆژێکی دینی
تایبەتە، کە رۆژ و رێکەوتەکەی دەگۆڕدرێ) 2
مێژووی گۆڕاو، کاتی گۆڕاو (ئادیاری‌کراو) ◌
1 عید متغیر 2 زمان یا تاریخ متغیر

movable property *noun*
(movable properties) دارایی راگوێزراو،
بردەمەنی ◌ (در جمع) اموال منقول

movable pulley *noun*
خلۆکەی جوولۆک یا گەرۆک ◌ قرقره‌ی متحرک

movable type *noun*
پیتەمەنی چاپی جوولۆک یان گەرۆک ◌
حروف چاپی متحرک

move /muːv/ *noun*
This latest move by the :1 جوولە، تەکان
government has aroused fierce opposition
2 (لە یاری‌دا ب.ت. شەترەنج) نۆرە، نۆبە،
رۆیشتن، جوولاندن یان تەکان‌دانی داش یان
مۆرەیێ لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی‌تر: *The game*
was over in only six moves 3 رۆیشتن،
گوێستنەوە، مال‌وکۆچ (بارکردن یان تێکنان)،
مال‌گوێستنەوە: *What's the date of your*
move? 4 شوێن‌گۆڕکێ، جێگۆڕکێ 5 کردەوە،
کار، هەنگاو ◌ 1 حرکت 2 (در بازی) نوبت 3
نقل‌مکان 4 جابجایی 5 اقدام

moveability = movablility

moveable = movable

moved *adjective*
کارتێ‌کراو، کارلێ‌کراو، باندۆرگیر ◌ تحت تأثیر
قرارگرفته

moveless *adjective*
ناگەرۆک، ناجوولۆک، ناجمۆک، نەجوولاو،
نەکان‌نەدراو، جێگیر، چەسپیو ◌ غیرمتحرک، ثابت

movement /'mu:vmənt/ *noun*
1 جوولـه، جـوولان، جـم، بـا، جمـشت، لـقين، بـزاوت، بـزووتن، بـزاف، تـهكان، جـم‌وجـۆڵ، چـالاكي، لـهبـات، كـردهوه، هـه‌نگاو، كريـار، رۆيـشتن، راگويـزتـن، گـويزان، گويزانـهوه: *Power comes ◊ hand/eye movements from the forward movement of the entire Troy watched her every ◊ body ◊ enemy troop movements ◊ movement the mass movement of herds of wildebeest*
2 گۆران (ب.ت. مه‌شق يان مانۆڕی سه‌ربازی)
3 (سياسـی يـان كۆمه‌لايـه‌تی) بزووتـنـه‌وه، بزاف، جـوولانـه‌وه، تـه‌فـگـه‌ر: *the Romantic the women's/peace -vement ◊ movement*
4 داشـكانه‌وه، تێندتـسـی، مـه‌يل، حـه‌ز، ويـست، *a movement towards* :trend ,tendency *detected a ◊ greater sexual equality*
5 *movement toward fairer pricing* (موسـيقا) پارچـه، كۆيلـه (هه‌ريـه‌ك لـه‌و به‌شـه سـه‌ره‌كی‌يانـه‌ی كاريكی موزيكی دووروودرێژ): *the slow movement of the First Concerto*
6 (ريخۆلـه) ده‌ردان، بـه‌تاڵ‌كـردن، دانـه‌ده‌ره‌وه 7 (سـه‌عات و ماشين) پارچـه جوولاوه‌كان، به‌شـه جوولۆكه‌كان 8 (movements) جوولانـه‌وه‌كان، چـالاكی‌يـه‌كان، كاره‌كـان، كرده‌وه‌كـان، كرياره‌كان: *The police are keeping a close*
1 ◌ *watch on the suspect's movements*
حركت، جنبش، جنب‌وجوش، فعاليت، اقدام، نقل و انتقـال 2 تغييـر 3 نهـضت، جنـبش 4 گـرايش 5 (موسيقی) قطعه 6 (روده) تخليه 7 قطعات متحـرک 8 (در جمع) حركات، فعاليت‌ها

movement of the heavenly bodies *noun, pl.*
جوولانی ته‌نه ئاسـمانی‌يـه‌كان ◌ جنـبش اجـرام سماوی

mover /'mu:və(r)/ *noun*
1 پێشنياردەر، پێـشنيازدەر، باسكه‌ر، به‌ئاراهێنـه‌ر 2 مـرۆی پـرجـم‌وجـۆڵ يـان چـالاک، بنيـاده‌می بـه‌كار 3 جوولـۆک، گـه‌ڕۆک 4 جوولـێنـه‌ر، بزوێنـه‌ر، تـه‌كاندەر 5 راگوێزەر، مـاڵ‌راگـوێز 6 پرفرۆش، بـازارخۆش (پـشک و سـتاک و هتـد)
◌ 1 طرح‌دهنده 2 آدم فعال 3 متحرک 4 محـرک، جنبنده 5 موور 6 پرفروش

movers and shakers *noun, pl.*
ده‌سـه‌لات‌داران، ده‌سڕۆيـشتوان، رايـه‌داران، كه‌سـانی گرنگ و كاريگه‌ر ◌ سردمداران

movie /'mu:vi/ *noun*
1 فيلمـی سـينه‌مايی 2 (movies /'mu:vɪz/) سينه‌ما، پيشه‌سازی فيلم يان سينه‌ما سينه‌ماگه‌ری (بنه‌ڕه‌ت: لـه moving picture) ◌ 1 فـيلم سينمايی 2 (در جمع) سينما، صنعت سينما

moviegoer /'mu:vigəʊə(r), US -goʊ-/ *noun*
سـينه‌ماره‌و، (بـۆ)سـينه‌ماچوو، سـينه‌ماباز، فيره‌سـينه‌ما ◌ اهل سينما

movie house *noun*, also movie theatre
سينه‌ما ◌ سينما

moviemaker = filmmaker

movie star *noun*
ئه‌ستێره‌ی سينه‌ما ◌ ستاره‌ی سينما

movie theatre *noun*
سينه‌ما ◌ سينما

moving /'mu:vɪŋ/ *adjective*
1 جوولـۆک، گـه‌ڕۆک، جـوولاو، له‌گـه‌ردا، لـه جم‌وجۆڵ‌دا، ره‌وان، جمۆک، بجووڵ، بيزێو، بزاو، كاريگه‌ر، بزۆک، بزوێنه‌ر، جوولـێنه‌ر، تـه‌كان‌ده‌ر 2 به‌سـۆز، دڵ‌ته‌زێن، كارتێ‌كه‌ر، جێی‌به‌زه‌يی 3 مـاڵ‌وكۆچ، راگوێـستن ◌ 1 متحـرک، محـرک 2 ترحم‌انگيز، سـوزناک 3 اثاثيه‌كشی

movingly /'mu:vɪŋli/ *adverb*
دڵته‌زێنانه، به شێوه‌يه‌كی جه‌رگبڕ، به‌سـۆزانه ◌ به طور تكان‌دهنده

moving pavement = travolator

moving picture *noun*
فيلمی سينه‌مايی ◌ فيلم سينمايی

moving population *noun*
حه‌شـيمه‌ت يـان دانيـشتوانی جوولـۆک يـان گه‌ڕۆک ◌ جمعيت متحرک

moving sand *noun*
لمی رۆيشتوو يا گه‌ڕۆک يا ره‌وان يا جوولـۆک، لمه‌جووڵ ◌ شن روان

moving staircase = escalator

moving van = removal van

Moviola *noun*
(دروشمـی بازرگانی) موفيولا: جۆرێ ده‌زگـای پرۆجێكشنی بۆ ئامـاده‌كـردنی فيلم و ده‌نـگ ◌ موويولا

mow /məʊ, US moʊ/ *noun*
كۆتـان، كـادين، كۆماكـا، لۆده‌كـا ◌ انبـار كـاه، توده‌ی كاه

mower /'məʊə(r), US 'moʊ-/ *noun*
گيادروو، گيابڕ، گيـاڕن، ده‌زگـای گيـادروون: *a motor/rotary mower* ◌ چمن‌زن

mowing-machine /'məʊɪŋ məʃi:n/ *noun*
ده‌زگای گيادروو، ده‌زگای گيادروون ◌ ماشـين چمن‌زنی

mown /məʊn, US moʊn/ = past and past participle of mow

MOX *noun*
جۆرێ سووته‌مه‌نی ناوكی (بنه‌ڕه‌ت: له *m(ixed) (ox(ides)* ◌ موكس

moxa /'mɒksə/ *noun*

ماکیکی کولکن downy substance لە گەلای وشکەوەبووی جۆرێ گیای ئاسیایی (سەربە *Crossostephium* [mugwort *artemisioides*]) دەگیرێ ◌ ماکسا

moxie /'mɒksi, US 'mɑːksi/ *noun*
1 (نافەرمی) بەبڕیاری، سووربوون، پتەوی، شێلگیری 2 هێز، وزە، تین، گوڕ 3 ورە ◌ 1 عزم، ثبات قدم 2 انرژی 3 روحیه

Mozambican /ˌməʊzam'biːkən/ *noun, adjective*
n دانیشتووی Mozambique، موزامبیکی *adj* سەربە مۆزامبیک یان مۆزامبیکەکان، مۆزامبیکی ◌ موزامبیکی

Mozarab *noun*
musta'rib موستەعرەب (بنەڕەت: لە عەرەبی‌یەوە) ◌ مستعرب

Mozarabic /məʊ'zarabɪk/ *adjective*
(مێژوویی) سەربە دانیشتووانی کریستانی سپانیایی لەژێر دەسەلاتی پادشایانی مولمانی Moorish ◌ موزارابیک، مستعربی

Mozartian /məʊt'sɑːtɪən/ *adjective, noun*
adj سەربە ئاوازدانەری ئەوسترایی Wolfgang Amadeus Mozart (1756–91) *n* شوێن‌کەوتە یان لایەنگری مۆزارت ◌ موزارتی

mozzarella /ˌmɒtsə'relə, US ˌmɑːts-/ *noun*
ماستێرلا (= پەنیری سپی ئیتالیایی کە زۆرتر بۆ پیتزا دەبێ) ◌ ماسترلا

mozzetta *noun*
جۆرێ تەرگە یان کوڵوانەی کلاودار، زۆرتر گەورەقەشەکانی کاتۆلیکی رۆم لەژوور rochet ەوە لەبەریان دەکرد ◌ نوعی شنل

mozzie (also mossie), *pl.* mozzies = mosquito

MP /ˌem 'piː/ *abbreviation* Member of Parliament

MP3 /ˌem piː 'θriː/ *noun*
ئێم‌پی‌سێ، ئێم‌پی‌سری، ئێم‌پی‌تری ◌ ام‌پی 3

MP3 player *noun*
ئێم‌پی‌سێ پلەیێر (دەزگا یان بەرنامەیەکی کامپیوتێری کە ئەو موزیکە دەخوێنێتەوە کەوا لە ئینتێرنێتەوە داگیراوە) ◌ ام‌پی 3 پلیر

MPEG /'empeg/ *abbreviation* Moving Picture Experts Group
دەستەی پسپۆرانی فیلمی سینەمایی ◌ ام‌پی‌ای‌جی

mpg /ˌem piː 'dʒiː/ *abbreviation* miles per gallon
(بەکارهێنانی بێنزین) مایلی هەر گالۆن ◌ مایل هر گالن

mph /ˌem piː 'eɪtʃ/ *abbreviation* miles per hour
(خێرایی) مایل لە کاتژمێردا، مایل لە سەعاتدا ◌ مایل در ساعت

M phase *noun, m*itosis
قۆناخی ئێم یان می: قۆناخێکی سووڕی خانەیی cell cycle کە بە درێژایی ئەو (قۆناخە) دابەش‌بوونی خانەیی ڕوودەدا (بڕوانە G_1 phase، G_2 phase، S phase) ◌ مرحله‌ی ام

MPhil *abbreviation* Master of Philosophy
ماستێر لە فەلسەفەدا ◌ کارشناسی ارشد در فلسفه

MPV /ˌem piː 'viː/ *abbreviation* multi-purpose vehicle

Mr /'mɪstə(r)/ *noun*
بەڕێز، هێژا: *Mr John Brown*، *Mr Brown* ◌ آقای

MRBM *abbreviation* medium-range ballistic missile

MRC *abbreviation* Medical Research Council
(لە بریتانیا) ئەنجومەنی توێژینەوەی پزشکیی یان نۆژداریی، لە 1920 دامەزرا ◌ هیأت پژوهش پزشکی

MRI /ˌem ɑːr 'aɪ/ *abbreviation* Magnetic Resonance Imaging

mRNA = *abbreviation* messenger RNA

Mrs /'mɪsɪz/ *noun*
خانمی، دادە (بەرلە ژنی مێردکردوو بەکاردێتری): *Mrs Susan Hill*، *Mrs Hill* (کورتەی mistress) ◌ خانم

ms /ˌem 'es/ *abbreviation* manuscript

Ms /mɪz, US məz/ *noun*
خانمی، دادە (بەرلە ژنی مێردکردوو یان بێ‌مێرد بەکاردێترێ): *Ms Jean Murphy*، *Ms Murphy* ◌ خانم

MS /ˌem 'es/ *abbreviation* multiple sclerosis; (also MSc) Master of Science

MS DOS *noun*, also MS-DOS
ڕێکخستە یان سیستمی کارپێکردنی مایکرۆکامپیوتێری ◌ ام‌سی‌داس

mss = ms

MSP /ˌem es 'piː/ *abbreviation* Member of the Scottish Parliament
ئەندامی پەرلەمانی سکاتلەند(ی) ◌ عضو پارلمان اسکاتلند

MST /ˌem es 'tiː/ *abbreviation* Mountain Standard Time
کاتی ستاندارد یان پێوانەیی چیایی ◌ ام‌اس‌تی

Mt 1 Mount (in place names) 2 symb. the chemical element meitnerium

mth *abbreviation* month

MTV /ˌem tiː 'viː/ *abbreviation* music television

موسیقای تەلەفزیۆنی ۞ موسیقی تلویزیونی

mu /mju:/ *noun*
1 میو (= دوازدەیەمین پیتی ئەلفوبێی یۆنانی ,M, μ) 2 (وەک ئاوەڵناو، فیزیک) سەربە muon ـەکان 3 (.symb، μ) مایکرۆن micron ۞ مو

much /mʌtʃ/ *adjective, adverb, noun*
زۆر، گەلێ، خەیلێ، فرە، پڕ، یەکجار، ژمارە یان بڕێکی زۆر، زۆر لە، ئەندازە، بڕ: *I don't have much money with me* ◊ *I've got far too much to do* ◊ *Thank you very much for the flowers* ◊ *You worry too much* ۞ زیاد، خیلی، تعداد یا مقدار زیاد، خیلی از، قدر

much as *conjunction*
گەرچی، سەرەڕای، هەرچەن(د)، لەگەڵ ئەوەی کە، بۆیە، although: *Much as I would like to stay, I really must go home* ۞ گرچه، معهذا

muchness /ˈmʌtʃnəs/ *noun*
زۆری، پڕی، گەلێکبوون، فرەیی، زەبەنی ۞ بسیاری، زیادی

mucho /ˈmʊtʃəʊ, US ˈmʌtʃəʊ/ *adverb*
(نافەرمی، بە شۆخی) یەکجار، زۆر، گەلێ، تا بڵێی (بنەڕەت: لە سپانیاییەوە) ۞ خیلی، بسیار

mucic *adjective*
لینج، لیچق ۞ لزج

mucilage /ˈmju:sɪlɪdʒ/ *noun*
1 کەتیرە، چەسپ، سرێش، لکێنەر 2 لینجێتی، لینجی، لیچقی، لینجی گیا یان رووەک ۞ 1 لُعاب 2 لزوجت، لزوجت گیاه

mucilaginous /mju:səˈlædʒənəs/ *adjective*
1 کەتیرەدار، کەتیراوی 2 لینج، sticky، viscid (mucilaginously *adv*) ۞ 1 لعاب‌دار 2 لزج

mucin /ˈmju:sɪn/ *noun*
(زیندەکیمیا) کێمین، کیمین، میوسین: پێکهێنەری glycoprotein ی mucus، چەندین جۆری mucoprotein کە ب.ت. لە (ماکی) دەردراوەی پەردەی کیمیدا هەیە ((in[1] + mucus)) ۞ موسین

mucinous *adjective*
سەربە یان داپۆشراو بە mucus ۞ وابسته به یا پوشیده از mucus

muck /mʌk/ *noun*
1 گوو، گەنوگوو 2 شیاکە، ریخ، تەرس، پشقەڵ، تەپاڵە، پەیین، پەیینوپاڵ، زبڵوزاڵ، گەنوگووزاڵ، ئەشغاڵ 3 شتی بێزەوون ۞ 1 کثافت 2 تاپاله، پشکل، کود حیوانی، آشغال 3 چیز نفرت‌انگیز

mucker /ˈmʌkə(r)/ *noun*
1 (نافەرمی، بریتانیا) دۆست، هەوال، رفیق 2 کەسێکی شیاکەڕێژ، زبڵڕێژ 3 پەیینکێش ۞ 1 دوست، رفیق 2 ماکر 3 کودکش

muck heap *noun*
کۆماپەیین، کۆگاپەیین، هەڵدراوەی پەیین (لە مووچە) ۞ تودەی کود حیوانی

muckle = mickle

muckniess /ˈmʌkinəs/ *noun*
پیسی، گڵاوی، چەپەڵی، ناخاوێنی ۞ ناپاکی

muckraker *noun*
لەقاودەر، دەمبەهاوار ۞ افشاگر

muckraking /ˈmʌkreɪkɪŋ/ *noun*
لەقاودان، دەمبەهاواری، درۆ و دەلەسە بڵاوکردنەوە، قاوداخستن، راستیلێوتن (بنەڕەت: لە لایەن سەرۆککۆمار تیۆدۆر رۆزڤێلت Theodore Roosevelt لە وتارێکدا لە ساڵی 1906 داڕێژراوە) ۞ افشاگری

muckworm /ˈmʌkwɜ:m/ *noun*
کرمی پەیین ۞ کرم پهن

mucky /ˈmʌki/ *adjective* (muckier, muckiest)
1 پیس، گڵاو، چڵکن، چەپەڵ: *mucky hands* 2 ناشیرین، ناحەز، پیس، هەرزە، شپرزە، 3 *mucky books/jokes* :obscene سووک، نزم ۞ 1 کثیف 2 مستهجن 3 پست

mucocutaneous *adjective*
کیمیپێستی، کێمیپێستی، هەم لە پێست و هەم لە پەردەی کێمی پێکهاتووە ۞ مخاطی‌پوستی

mucoid /ˈmju:kɔ:ɪd/ *adjective, noun*
adj کیمئاسا، شێوەکیم، چلمی، لینجئاسا *n* = mucoprotein ۞ مخاطی‌شکل

mucolytic *adjective*
کیمشیکار، لینجشیکەرەوە، دەبێتە هۆی شیبوونەوەی کیم: *-ytic enzymes* ۞ میولیتیک

mucopeptide = peptidoglycan

mucopolysaccharide /ˌmju:kəʊpɒlɪˈsakərʌɪd/ *noun*
(زیندەکیمیا) مۆکۆپۆلیساکارید: ماکێ کە زۆرتر لە شانەبەستەرەکاندا connective tissue هەیە و کۆمەڵ یان گروپی ئەمینۆکانی تیایە ۞ موکوپولی‌ساکارید

mucoprotein *noun*
میوکۆپرۆتئین، مۆکۆپرۆتئین: هەریەک لە چەند جۆری پرۆتینی کامپلێکس (وەک mucin ـەکان) کە پۆلیساکاریدەکانیان تیایە و لە شلەی لەش و شانەکاندا هەن ۞ موکوپروتئین

mucosa /mju:ˈkəʊsə/ *noun, pl.* mucosae /-si:/
پەردەی کێمی یا کیمی، لینجەپەردە، کێمەپەردە، mucous membrane ۞ غشاء مخاطی

mucosal *adjective*
سەربە پەردەی کێمی، لینجەپەرەدیی ۞ وابسته به غشاء مخاطی

mucosity /mju:ˈkɑ:sətɪ/ *noun*
کیمێتی، چلمێتی، لینجێتی، لینجی ۞ مخاطیت،

لزوجت

mucous /'mju:kjələnt/ *adjective*
لینجی (چڵمین)، داپۆشراو بە لینج، لینجپۆش، کیمەیی ۞ مخاطی

mucous membrane *noun*
(توێکاری) پەردەی لینجی، لینجەپەردە، پەردەمی کیمی: شانەیێکی epithelial کیمدەردەر mucus-secreting کە زۆر بۆشاییی لەشی و ئەندامانی لوولەیی دادەپۆشێ ۞ غشاء مخاطی

mucro /'mju:krəʊ/ *noun, pl.* mucrones /-'krəʊni:z/ or mucros
(رووەکناسی و گیانەوەرناسی، لە بەش یان ئەندامێ) تیژە (mucronate *adj* لە لاتینەوە "sharp point") ۞ موکرو

muculent /'mju:kə/ *adjective*
لینج، چەسپاوی، پێوەنووساو ۞ لزج، چسناک

mucorrhea /ˌmju:kə'ri:ə/ *noun*
کیمەرژێ، چڵمەشۆڕێ ۞ ریزش مخاط

mucus /'mju:kəs/ *noun*
لینجاو، چڵم، کێم، کیم، بەڵغەم، ماک یا مەتریالی لینج: *a handkerchief stained with blood and mucus* ۞ مخاط، لعاب، مادەی لزج

mucous glands *noun, pl.*
رژێنە لینجییەکان یان (چڵمینەکان)، رژێنە کیمییەکان ۞ غدد مخاطی

MUD /mʌd/ *noun, abbreviation* multi-user dungeon/dimension
ماد: یارییێکی کامپیوتێری کە لە لایەن چەند کەسێکەوە لە یەک کاتدا لەسەر ئینتێرنێت دەکرێ ۞ ماد

mud /mʌd/ *noun*
قوڕ، موولە، لیتە، هەڕ، هەرگ، حەری، هەز، سیانکە، خەرە ۞ گل

mudbank *noun*
قوڕ و لیتەی تەرکی رووبار یان دەریا ۞ گل کف رود و دریا

mud-bath /'mʌdbɑ:θ, US -bæθ/ *noun*
حەمام یان گەرماوی قوڕ (ب.ت. بۆ باداری) ۞ حمام گل

mudbug *noun*
(ئەمریکای باکوور) جۆرێ crayfishی ئاوی شیرین ۞ نوعی ماهی

muddily *adverb*
بە شێوەیەکی لیخن یا قوڕاوی ۞ بە طور گل آلود

muddiness /'mʌdinəs/ *noun*
1 قوڕاویبوون، لیخنی، لیڵی 2 گێژی، کاسی ۞ 1 گل آلودی 2 گیجی

muddle /'mʌdl/ *noun*
1 شێواوی، ئاڵۆزی، پشێوی، تێکەوڵیکەیی، شپرزەیی، شڵەژاوی، تاریکی، ناریکوپێکی، گێژی، سەرسامی، سەرلێشێواوی: *Can you start from the beginning again—I'm in a muddle* 2 گووکاری، تێریان: *There followed a long period of confusion and -e* ۞ 1 آشفتگی، نابسامانی، سردرگمی 2 افتضاح

muddled /'mʌdld/ *adjective*
شێواو، ئاڵۆز، پشێو، تێکەوڵیکە، شپرزە، شڵەژاو، تاریک، ناریکوپێک، پەرێشان، گێژ، سەرسام، سەرلێشێواو، تێکچوو، وڕ ۞ آشفته، سردرگم

muddle-headed *adjective*
گێژ، وڕ، کاس، شێواو، شپرزە، حەپە، دەبەنگ ۞ گیج، کودن

muddle-headedness *noun*
گێژی، وڕی، کاسی، شێواوی، شپرزەیی، دەبەنگی ۞ گیجی، کودنی

muddling /'mʌdlıŋ/ *adjective*
گێژکەر، کاسێنەر، سەرلێشێوێن، سەرلێتێکدەر، لە تێگەیشتن نایە: *These tax forms are very muddling* ۞ گیج کنندە

muddy /'mʌdi/ *adjective* (muddier, muddiest)
1 قوڕاوی، لیخن، لیتاوی، لیڵ، بەخی، ئاقشێز، شڵوێ، نازولاڵ، ناڕوون: *a muddy boots/knees ◊ field/track ◊ muddy* 2 گیراو، *a muddy pond ◊ muddy water* نووساو، شێواو، شپرزە، ئاڵۆز، سەرلێشێواو 3 تەماوی، لیڵ، تەزمە ۞ 1 گل آلود، گلی، کدر 2 گرفته، آشفته 3 مبهم

Mudejar /mu:'deıhɑ:/ *adjective*
1 سەربە شێوازی ئیسلامی-گۆتیکی بیناسازی و هونەر لە سپانیا لە سەدەکانی 12 تا 15دا 2 مسوڵمانی ژێر دەسەڵاتی پادشایانی کریستانی سپانیایی (بنەڕەت: لە عەرەبییەوە *mudajjan*) ۞ مدجنی

mudfish *noun, pl.* same or mudfishes
1 ماسییەقوڕە [*Protopterus annectens*] یێکی ئەفریکایی) و تووخمی lungfish) (نیوزیلەند)] 2 وشەیێکی تر بۆ *Neochanna* bowfin ۞ 1 نوعی ماهی

mudflats /'mʌdflæts/ *noun, pl.*
کەناری قوڕاوی ۞ ساحل گلی

mudguard /'mʌdgɑ:d, US -gɑ:rd/ *noun*
قوڕگر، قوڕگیر، قوڕپارێز، سەرپێچکە، پێچکەپۆش ۞ گل گیر

mud hut *noun*
کۆختە(ی)قوڕینە ۞ کلبەی گلی

mudlark /'mʌdlɑ:k/ *noun, also* mudlarker
قوڕدۆز: کەسێکی کە لە ناوی قوڕی رووبار بە دوای شتی بەنرخدا دەگەڕێ ۞ مودلارک

mudminnow *noun*
جۆرێ ماسی تێکسمراوی چکۆلەی ئاوی شیرین [تووخم *Umbra*: چەندین جۆرن] ۞ نوعی ماهی

mudpack *noun*
مادپەک، هەویری دەموچاو، دەمامکی (لە) قوڕ (کریمی تێکەڵ بە قوڕێکی نەرم بۆ باشکردنی پێست) ۞ ماسک گل

mud pie *noun*
ماد پای (دیسێرێ کە لە بەستەنی و چاکلێت دروست دەبێ) ۞ ماد پای

mud puppy *noun*
جۆرێ salamander ی زلەی رۆژهەڵاتی ئەمریکا، شیپەڕەکانی gills لە دەرەوەیە [*Necturus maculosus*] ۞ نوعی سمندر

mudra /'mʌdrə/ *noun*
1 شێوەیێکی راگرتنی دەست لە ڕێوڕەسم، هەڵپەڕکێ و... هێندی 2 جوولەیێ لە یوگا (بنەڕەت: لە *mudrā* سانسکریتەوە "نیشانە، token sign") ۞ مودرا

mudskipper *noun*
(ماسی یە)قوڕەبازە، قوڕەخۆرکە: جۆرێ goby ی چکۆلەی ئاسیایی و ئەفریکایی، دەتوانێ لە دەرەوەی ئاویش بۆ ماوەیێ هەڵبەزێتەوە [*Periopthalmodon schlosseri* و جۆرەکانی تر] ۞ گل‌خورک

mudslide /'mʌdslaɪd/ *noun*
قوڕەخلیسکێ، هەرەسی قوڕ، قوڕەخزێ، قوڕهەرەس: *The heavy rains could cause flash floods and mudslides* ۞ ماد اسلاید

mud-slinger *noun*
قسەدواخەر، ئابڕووبەرە ۞ لجن‌پراکن

mud-slinging *noun*
قسەخستنەدوا، قسەدواخستن، ئابڕووبەرەیی ۞ لجن‌پراکنی

mud snake *noun*
مارەقوڕینە [*Farancia abacura*] ۞ نوعی مار

mudstone *noun*
بەردەقوڕ، بەردەقوڕینە، بەردی گڵین ۞ موداستون

mud turtle *noun*
رەقەقوڕینە، لە خێزانی Kinosternidae ۞ نوعی لاک‌پشت

mud wall *noun*
موورە، دیواری قوڕینە ۞ چینە

mud-worm *noun*
گڵ‌خۆرکە، گلەخۆرکە ۞ مادورم

mudwort *noun*
گیاقوڕە، گیاقوڕینە (جۆرێ ڕووەکی زۆر چکۆلەی خشۆک، لەنێو قوڕا شین دەبێ [*Limosella aquatica*]) ۞ مادورت

Muenster *noun*
جۆرێ پەنیری نیوەنەرمی فەڕەنسی ۞ نوعی پنیر

muesli /'mju:zli/ *noun*, also granola, *pl.* mueslis
میوزلی، گرانۆلا (تێکەڵەیێ لە کاکڵ، میوەی وشکەوەکراو و دانەوێڵە کە بەیانیان بە شیرەوە دەخورێ) ۞ میوزلی

muezzin /mu:'ezɪn, US mju:-/ *noun*
بانگ‌دەر، بانگ‌بێژ ۞ مؤذن

muff[1] /mʌf/ *noun*
1 دەس‌گەرمکەر، دەس‌پۆش 2 گەڵوقوز، شەرمی ژن ۞ 1 دست‌پوش 2 اعضا تناسلی زن

muff[2] /mʌf/ *noun*
(لە گرتنەوەی تۆپدا) دەس‌خاو، دەس‌گۆج ۞ بی‌دست‌وپا

muffin /'mʌfɪn/ *noun*
1 نانی خڕ، کولێرە، لوێک، ستۆرک 2 جۆرێ کەیک ۞ موفین

muffled /'mʌfld/ *adjective*
کپ، گیراو ۞ گرفته

muffineer /ˌmʌfə'ni:(r)/ *noun*
1 خوێ‌دان 2 شەکردان ۞ 1 نمک‌پاش 2شکرپاش

muffish /'mʌfld/ *adjective*
دەس‌خاو، ستەپەلە ۞ بی‌دست‌وپا

muffle /'mʌfl/ *noun*
1 لمۆز 2 دەنگبڕ، دەنگ‌کپکەر 3 لەپک یان دەس‌کێشی بۆکس یان شەڕەمشت 4 دەس‌کێشی چەرمی بۆ ئەو شتانەی کە بەرگی خۆیان دادڕ دادڕ دەکەن 5 قاپ یان دەفرێ بۆ نێو کوورە یان کڵ کە دەتوانی بەو شتەکان گەرم کەی بێ‌ئەوەی راست وەبەر گڕەکە بکەوێ6 کوورەی چینی‌پێژی ۞ 1 پوزه 2 صداخفه‌کن 3 دست‌کش بوکس 4، 5 و 6 مافل

muffler /'mʌflə(r)/ *adjective*
1 (چەک‌وچۆڵ) دەنگبڕ، دەنگ‌کپکەر 2 کوویەی ئێگزۆز 3 شاڵ‌گەردن، ملپێچ ۞ 1 صداخفه‌کن 2 منبع اگزوز 3 شال گردن

mufti[1] /'mʌfti/ *noun, pl.* muftis
فەرمان‌دەرکەر، دەستووردەرکەر، مفتی ۞ مفتی

mufti[2] /'mʌfti/ *noun*
جل‌وبەرگی ئاسایی، بەرگی نالەشکری یان ناسەربازی ۞ لباس شخصی

mug /mʌg/ *noun*
1 لیوانی قولف‌دار یان دەسک‌دار 2 (نافەرمی) چڕوچاو، دەم‌ولەوس، سەروسەکوت، سەروتەرح، تەرح، دەم‌وفلچ 3 گێژ، حەپۆل، پەخمە، دەبەنگ 4 (نافەرمی، ئەمریکا) مرۆی توندوتیژ، تاوان‌کار، چەقۆکێش ۞ 1 لیوان دسته‌دار 2 سر و صورت 3 خنگ 4 آدم خشن یا چاقوکش

Muganda /mʊ'gandə/ = singular form of Baganda

mugful *noun, pl.* mugfuls
(چایی، قاوە و هتد) پڕلیوانێ، لیوانێ ۞ لیوان پر

mugger[1] /'mʌgə(r)/ *noun*
دز، گیرفان‌بڕ ۞ کیف‌زن

mugger[2] /'mʌgə(r)/ *noun*

جۆرێ سووسماری لمۆزکورتی زلەی هیندی، لە لایەن زۆربەی هیندووسەکانەوە ڕێزی لێ‌دەنرێ [*Crocodylus palustris*] ◌ ماگر

mugging /'mʌgɪŋ/ *noun*
دزی، گیرفان‌بڕی (لەگەڵ توندوتیژی و ب.ت. لە شوێنە گشتی‌یەکاندا): *There have been several muggings here recently* ◌ کیف‌زنی

muggins /'mʌgɪnz/ *noun, pl.* same or mugginses
(نافەرمی) سادە، حەپە(مێش‌خۆر)، مەرەگێژ، گێژوڵلا، پەخمە، گەوج: *And -gins here had to clean up all the mess* ◌ سادە، احمق، هالو

mugginess /'mʌginəs/ *noun*
گەرم و شێداربوون، بۆخاوی ◌ شرجی بودن

muggy /'mʌgi/ *adjective* (muggier, muggiest)
گەرم و شێدار، بۆخاو: *a muggy August day* ◌ شرجی

Mughal /'mu:gɑ:l/ = Mogul

mug's game *noun*
کاری بێهوودە، کاری لەخۆڕایی یان ڕەنجەڕۆ، کاری گەوجانە، کاری بێخود ◌ کار بیخود

mugshot /'mʌgʃɒt, US -ʃɑ:t/ *noun*
(نافەرمی) وێنەی تاوانکار (ب.ت. دەموچاوی) ◌ عکس جانی

mugwort /'mʌgwɜ:t/ *noun*
(ڕووەکناسی) گوڵەبەڕۆژە، لە تیرەی daisy و جۆرە *Artemisia vulgaris*] پێوەندی‌دارەکان[◌ برنجاسف

mugwump /'mʌgwʌmp/ *noun*
(ئەمریکا) کەسێکی سەربەخۆ، ب.ت. لە پارتی‌یێکی سیاسی (دا؛ بنەڕەت: لە ئالگۆنکویایی *mugquomp* "سەرۆکی مەزن") ◌ فرد مستقل

Muhammad /mə'hæmɪd/ *noun*, also Muhammed
محەمەد پێغەمبەر ◌ محمد

Muhammadan = Mohammedan

Muhammadan calender = Islamic calender

Muhammadansm = Mohammedanism

Muharram *noun*
1 موحەڕەم: مانگی یەکەمی ساڵی ئیسلامی 2 فیستیڤاڵێکی مسوڵمانان بە درێژایی مانگی موحەڕەم ◌ محرم

mujahedin /ˌmu:dʒəhə'di:n/ *noun*, also mujaheddin or mujahedeen
شەڕڤانانی پیرۆز، شەڕکەرانی پیرۆز ◌ مجاهدین

mujtahid /mʊdʒ'tɑ:hɪd/ *noun, pl.* mujtahids or mujtahidun
موجتەهید ◌ مجتهد

mukluk(s) /'mʌklʌk/ *noun*
(ئەمریکا) کاڵە، ماکلاکس (چەکمە یان لاپچین لە پێستەی گیانەوەر، کە بۆ سەر بەفر لەپێی دەکەن) ◌ ماکلاکس

muktuk /'mʌktʌk/ *noun*
پێست و پیوی نەهەنگ، وەک خۆراک لە لایەن ئێسکیموکانەوە ◌ موکتوک

mulatto /mju'lætəʊ, mə'l-, US -toʊ/ *noun* (*pl.* mulattoes or mulattos), *adjective*
n دوورەگ(ە)، دوورەگ (لە باوانی ڕەش و سپی، ئێستا قسەیەکی ناخۆشە) *adj* سەربە دوورەگەکان ◌ *n* دورگە *adj* وابستە بە دورگەها

mulberry /'mʌlbəri, US -beri/ *noun, pl.* mulberries
1 توو، دارەتوو [*Morus alba* (تووەسپی)، *M. nigra* (توووەڕەشە) و جۆرەکانی تر] (black mulberry: گاتوو) 2 بەری ئەم دارە 3 ڕەنگی ئەرخەوانی یان سووری تۆخ (تووومری incdible mulberry) ◌ 1 درخت توت 2 توت 3 رنگ ارغوانی یا قرمز پررنگ

mulberry tree *noun*
دارەتوو، توو ◌ درخت توت

mulch /mʌltʃ/ *noun*
کورت، گیالاشە: ئەو گەڵا ڕزیو و گیا و کادار و شتانەی کە بۆ باش‌کردنی ڕووەک دەیکەنە بنی، بۆ مەهاری بژار و مایەدارکردنی گڵ و... ◌ مالچ

mulct /mʌlkt/ *noun*
(فەرمی) بژاردن، جەریمە، تاوان، تاوانە، پێدانی زۆرەکی (بنەڕەت: لە *multare* ،*mulctare* لاتین، لە *mulcta*ـەوە "a fine") ◌ جریمه

mule[1] /mju:l/ *noun*
1 قاتر، ئێستر، هێستر، ولاخ، بەرزەولاخ: *He's as stubborn as a mule* (بڕوانە hinny2) 2 (خوازە، نافەرمی) مرۆی کەللەڕەق، لابەلا، لاسار و ناحاڵی، لا، گەوج 3 ڕووەک یان گیانەوەری دوورەگە 4 جۆرێ دەزگای ڕستن (کە فرێت و تەشی بەرهەم دێنێ) ◌ 1 قاطر 2 آدم لجباز، احمق 3 گیاه یا جانور دورگه 4 میول

mule[2] /mju:l/ *noun*
سەرپێیی، سەرپایی ◌ دمپایی

mule deer *noun*
جۆرێ گاکێوی گوێ‌درێژی کلک‌خاڵ‌ڕەشی ئەمریکای باکووری، فیلەگێژە [*Odocoileus hemionus*] ◌ نوعی گوزن

mule-driver *noun*
قاترەوان، قاترچی، ئێسترەوان ◌ قاطرچی

muleteer /ˌmju:lə'tɪə(r), US -'tɪr/ *noun*
ئێسترەوان، قاترچی، چارەوێ‌دار ◌ قاطرچی

mulga /'mʌlgə/ *noun*
1 دار یا دەوەنی ئەکاکیای چکۆلەی ئەوسترالیایی [*Acacia aneura*] 2 (the mulga، نافەرمی، ئەوسترالیا) = outback ◌ نوعی اقاقیا

mulgara /mɔl'gɑːrə/ *noun*
یکی گۆشتخۆری marsupial carnivorous
ئەندازەمشک، لمۆزکورت و کلکپۆپنە، رەسەنی
ناوەنـــدی ئەوســـترالیا [Dasycercus
cristicauda] ۞ مولگارا

muliebrity /ˌmjuːlɪ'ɛbrɪti/ *noun*
(ویژەیی) ژنێتی، ژنەواری، مێیەتی ۞ زنانگی

mulish /'mjuːlɪʃ/ *adjective*
لاسـار، قـسـەنەبیس، لا، سـەرەڕۆ، کەللـەڕەق،
ئێـسترئاسا ۞ لجباز، یکدنده

mulishly /'mjuːlɪʃli/ *adverb*
لاسارانە، لایانە، سەرەڕۆیانە ۞ لجبازانه

mulishness /'mjuːlɪʃnəs/ *noun*
لاساری، قسەنەبیسی، ناحاڵیتی، لایی، سەرەڕۆیی،
کەللەڕەقی، ئێـسترئاسایی ۞ لجبازی، یکدندگی

mull[1] /mʌl/ *noun*
(سـکاتلەندی، ب.ت. لـە نـاوی شـوێنەکاندا)
سـەر(ەزەوی) ۞ سنگپوز

mull[2] /mʌl/ *noun*
جـۆرێ muslinی ناسـک، مـەرمـەڕشـا (بـۆ
جزوبەندی کتێب) ۞ ململ نازک

mullah /'mʌlə, US 'mʊlə/ *noun*
مەلا، مامۆستا (لە *mawlā* عەرەبی) ۞ ملا

mulled /mʌld/ *adjective*
(مـەی) گـەرم و بـە مـەزەوە ۞ (شـراب) داغ و
چاشنیدار

mulled wine *noun*
مەی گەرم و بە مەزەوە ۞ شراب داغ و چاشنیدار

mullein /'mʌlɪn/ *noun*
(رووەکناسـی) گۆگـەم، گـادەمـە، زارماسـی،
گاولـمە [*Verbascum thapsus* (گۆگـەمـی
گەورە) و جۆرە پێوەندیدارەکان] ۞ گل ماهور

muller /'mʌlə/ *noun*
(بەردی) رەنگساو، دەسکەوان، دەرمانساو ۞
رنگساب

Mūllerian mimicry /mʊ'lɪərɪən/ *noun*
(گیانەوەرناسـی) لاسـایی(کردنەوەی) مولێریـەن:
شێوەیێکی لاسایی(کردنەوە) کە لەودا دوو یان
چەند گیانەوەری مەترسیدار پەرە بە رواڵەتە
هاوشێوەکان وەک هۆ یا رێگایێکی پارێزەرانەی
هاوبەش دەدەن (بنەڕەت: لە ناوی گیانەوەرناسی
ئەڵمانی J. F. T. *Müller*) ۞ تقلید مولرین

mullet[1] /'mʌlɪt/ *noun*
ماسـیـە جوولەکانە [خێزانەکـانی Mullidae
(هی سوور) و Mugilidae (هی بۆر): چەندین
جۆری هەیە] ۞ شاەماهی

mullet[2] /'mʌlɪt/ *noun*
جۆرێ هێشتنەوەی قژ کە لە سەرەوە کەم و لە
دواوە درێژ ۞ مالیت

mullet[3] /'mʌlɪt/ *noun*
ئەستێرەی پێنجپەر ۞ ستارەی پنجپر

mulligatawny /ˌmʌlɪgə'tɔːni/ *noun*
(لە ئەمریکا) جۆرێ سابوونی تیژ (هی هیند) ۞
مولیگاتاونی

mullion /'mʌliən/ *noun*
(پەنجێرە) ئاڵەت، باهووەتا، پایە، راگیرە، راگرە
(لە دار، ئاسن، یان بەرد بێ، بڕوانە transom)
۞ نگهدارنده، جرز، وادار

mullioned /'mʌliənd/ *adjective*
ئاڵـەتدار، خـاوەنی بـاهووەتـا، راگـیر(ە)دار ۞
دارای نگهدارنده

mullioned window *noun*
پەنجێرەی باهووەتادار یا ئاڵەتدار یا پایەدار ۞
پنجرەی دارای نگهدارنده

mullock /'mʌlək/ *noun*
(ئەوستڕالیا) قـەی هیچەکە، قۆڕیات ۞ چرنـد،
مزخرف

mulloway /'mʌləweɪ/ *noun*
جـۆرێ ماسـی گـەورەی خـۆراکی راوی ئـاوە
کـەنارییـەکانی ئەوسـترالیا [*Johnius
antarctica*] ۞ نوعی ماهی

multangular /mʌl'tæŋgjələ(r)/ *adjective*
فرەگۆشە، زۆرسووچ، گۆشەگۆشە ۞ چندگوشه

multi- /'mʌlti/ *prefix*
پێشگر: فرە‌ـ زۆر‌ـ گەلە‌ـ پڕ‌ـ چەند‌ـ هەمە‌ـ
هـــــەزار: *multicultural*، *multivalent*
multilateral (بنەڕەت: لە *multus* یۆنانییەوە)
۞ پیشوند: چند‌ـ

multiaxial *adjective*
فرەتەوەری ۞ چندمحوری

multicellular *adjective*
فرەخانەیی ۞ چندیاختەای، چندسلولی

multicellularity *noun*
فرەخانەیێتی، فرەخانەییبوون ۞ چندیاختـەای
بودن، چندسلولی بودن

multicoloured /ˌmʌlti'kʌləd, US -'kʌlərd/ *adjective*, US -ticolored
رەنگاوڕەنـــگ، فــــرەڕەنگ، هەمــــەڕەنگ،
چەندڕەنگە ۞ رنگارنگ

multicultural /ˌmʌlti'kʌltʃərəl/ *adjective*
فرەچانــدی، فرەکولتــووری، فرەفەرهـــەنگی:
a multicultural ◊ *multicultural education*
society (‐lticulturally *adv*) ۞ چندفرهنگی

multiculturalism /ˌmʌltiˌkʌltʃərəlɪzəm/ *noun*
فرەچانــدگـــەری، فرەکولتـــوورخـــوازی ۞
چندفرهنگگرایی

multiculturalist /ˌmʌltiˌkʌltʃərəlɪst/ *noun, adjective*
n فرەچاندگــــــەر، فرەکولتوورخـــــواز *adj*
فرەچاندگـەرییانـە، فرەکولتوورخوازانـە ۞ *n*
چندفرهنگگرا *adj* چندفرهنگگرایانه

multiculturalism society *noun*
کۆمەڵگای فرەچاندی ◇ جامعەی چندفرهنگی
multidimensional *adjective*
فرەڕەهەندی، چەندلایی، فرەلایی، زۆرلایی ◇ چندبعدی
multidimensionality *noun*
فرەڕەهەندیی، چەندلاییتی، فرەلاییتی ◇ چندبعدی بودن
multidisciplinary /ˌmʌltidɪsəˈplɪnəri, US -ˈdɪsəpləneri/ *adjective*
فرەبواری خوێندن، فرەلقی، فرەدیسیپلینیری: *a multidisciplinary course* ◇ چندرشتەای
multi-ethnic *adjective*
فرەڕەگەز، فرەنژادی، فرەگەلی ◇ چندقومی
multifaceted /ˌmʌltiˈfæsɪtɪd/ *adjective*
فرەڕوویی، فرەلایی: *a complex and -faceted problem* ◇ چندوجهی
multifactorial *adjective*
فرەهۆکاری ◇ چندعاملی
multi-faith *adjective*
فرەباوەڕی، فرەدینی ◇ مالتی‌فایس
multi-faith gathering *noun*
کۆبوونەوەی فرەباوەڕی یان فرەدینی ◇ همایش مالتی‌فایس
multifarious /ˌmʌltɪˈfeəriəs, US -ˈfer-/ *adjective*
جۆراوجۆر، هەمەڕەنگ، جۆربەجۆر، هەمەجۆر، diverse ◇ متنوع
multifariously /ˌmʌltɪˈfeəriəsli, US -ˈfer-/ *adverb*
هەمەڕەنگانە، جۆربەجۆرانە، هەمەجۆرانە ◇ بە طور متنوع
multifariousness /ˌmʌltɪˈfeəriəsnəs, US -ˈfer-/ *noun*
جۆراوجۆری، هەمەڕەنگی، جۆربەجۆربوون، هەمەجۆری، فرەڕەنگی ◇ تنوع، گوناگونی
multifid /mʌltəfɪd/ *adjective*
(گیانەوەرناسی، ڕووەکناسی) فرەبەشی، فرەبەشە ◇ چندبخشی
multifilament *adjective*
فرەلۆنە، چەندلۆ، فرەلۆ، زۆرلۆ، لۆلۆ، چەندتوێ ◇ چندلا
multiflora *noun*
گوڵەباخی هەڵچوو یان دەوەنئاسای ئاسیای ڕۆژهەڵات، هیشووەگوڵی سپی و پەمەیی تاکی ورد دەگرێ [*Rosa multiflora*] ◇ نوعی رز
multiflorous *adjective*
پڕگوڵ ◇ پرگل
multifocal *adjective*
فرەتیشکۆیی، چەندتیشکۆیی ◇ چندکانونی
multifold = manifold

multiform /ˈmʌltɪfɔːm/ *adjective*
فرەشێوە، فرەبیچم، چەندشێوە، فرەچەشن (*n* multiformity: فرەشێوەیی، فرەبیچمی، چەندشێوەیی) ◇ چندریخت
multifunction *noun*, also multifunctional /ˌmʌltiˈfʌŋkʃənl/
فرەفانکشن، چەندکارە، زۆرکارە، فرەکارە ◇ چندکاربردی
multigenerational *adjective*
چەندبەرەیی، فرەبەرەیی، فرەوەچی ◇ چندنسلی
multigrain *adjective*
(نان) فرەدان، لە چەندین دان، چەن(ـد)دەغڵە ◇ مولتی‌گرین
multihull *noun*
کەشتی فرەلاشە، کەشتی فرەپەیکەر یان چەندلاشە (پێکەوە، وەک کاتاماران یا تریماران، بڕوانە monohull) ◇ کشتی‌ای با چندین بدنە
multihulled *adjective*
فرەلاشە، چەندپەیکەر، فرەپەیکەر ◇ دارای چند بدنە
multilateral /ˌmʌltiˈlætərəl/ *adjective*
فرەلایەنە، هەمەلایەنە، فرەبەری، چەندلایەنە، چەندقۆڵی: *-lateral agreements* ◇ چندجانبە
multilateralism /ˌmʌltiˈlætərəlɪzəm/ *noun*
(رامیاری) فرەلایەنەگەری، فرەلایەنەخوازی ◇ چندجانبەگرایی
multilateralist /ˌmʌltiˈlætərəlɪst/ *noun*, *adjective*
n فرەلایەنەگەر، فرەلایەنەخواز *adj* سەربە فرەلایەنەگەری ◇ *n* چندجانبەگرایی *adj* چندجانبەگرایانە
multilayer *adjective*
فرەتوێ، چەن(د)توێژاڵی، فرەلۆ، توێ‌توێ، لۆلۆ ◇ چندلایەای
multilineal *adjective*
فرەهێڵە، فرەهێڵی (چەندین هێڵ لەخۆبگرێ) ◇ چندخطی
multilingual /ˌmʌltiˈlɪŋgwəl/ *adjective*, *noun*
adj فرەزمانە، چەندزمانە، زۆرزمانە: *-ltilingual societies/translators* *n* مرۆی فرەزمانە، فرەزمانزان ◇ *adj* چندزبانە *n* شخص چندزبانە
multilingual dictionary *noun*
فەرهەنگی فرەزمانە ◇ فرهنگ چندزبانە
multilingualism *noun*
فرەزمانی ◇ چندزبانگی
multiloquent *adjective*
زۆربڵە، فرەوێژ ◇ پرگو
multiloquous = multiloquent
multimedia /ˌmʌltiˈmiːdiə/ *adjective*,

noun

multimedia فرەراگـــــــەیێنی: *adj* *n systems/products* (کامپیوتێر) فرەراگەیێنی، مالتیمیدیا (بەرنامەیێکی کامپیوتێری کە وێنە، فیلم، دەنگ و هەروەها دەق لەخۆدەگرێ) ۞ چندرسانەای *n* (رایانە) مولتی‌میدیا *adj*

multimedia messaging *noun*
پەیامنێری فرەراگەیێنی ۞ میسیجینگ چندرسانەای

multimillion *noun*
چەندمیلیۆنی، فرەمیلیۆنی (دۆلار یان پەوند) ۞ مولتی‌میلیون

multimillionaire /ˌmʌltimɪljəˈneə(r), US -ˈner/ *noun*
مالتی‌میلیۆنێر، میلیاردێر ۞ مولتی‌میلیونر، میلیاردر

multinational /ˌmʌltiˈnæʃnəl/ *adjective, noun*
فرەنەتەوەیی، فرەرەگەزی، فرەوڵاتی: *l-* *adj* *n companies/corporations* کۆمپانیـــــــــــای فرەوڵاتی ۞ *adj* چندملیتی *n* شرکت چندملیتی

multinominal /ˌmʌltiˈnəʊmɪəl/ *adjective*
زۆرنـــاو، پـــرناو، هـــەزارناو، فرەنێـــو، چەنـــدنێو، polynomial ۞ متعددالأسماء

multinuclear *adjective*, also multinucleate
فرەناوکی، فرەناوکە، چەندناوکی ۞ چندهسته‌ای

multipara /mʌlˈtɪp(ə)rə/ *noun, pl.* multiparae /-riː/
(ژنی) شـــفتەزێ، زەوزێ، ژنی زۆرزگ‌کـــردوو یان پڕزا ۞ مالتی‌پارا

multiparous *adjective*
شـــفتەزێ، زەوزێ، پـــڕزا، زۆرزگ‌کـــردوو ۞ چندشکم‌زاییده

multipartite /ˌmʌltɪˈpɑːtaɪt/ *adjective*
1 فرەبەش، بەش‌بەش، فرەکەرت، فرەپارچە 2 = multiparty ۞ 1 چندجزئی

multiparty /ˌmʌltiˈpɑːti, US -ˈpɑːrti/ *adjective*
(سیاسەت) فرەپارتی، فرەحیزبی ۞ چندحزبی

multiparty democracy *noun*
دیموکراسی فرەحیزبی ۞ دمکراسی چندحزبی

multiped *adjective*
فرەپێ، زۆرپێ، چەن(د)پا ۞ بسیارپا

multiphase *noun*
1 چـەنـدفاز، فـرەفـاز، polyphase 2 فـرەدۆخـە، چەنددۆخی، فرەدۆخی ۞ 1 چندفاز 2 چندحالتی

multiplatinum *noun*
دوو میـلیـۆن کـۆپی یـان زیـاتری لـێ‌فرۆشـراوە (ئالبۆم) ۞ مالتی‌پلاتینوم

multi-player gaming *noun*
کایە یـان یـاری‌کـردنی مالـتی‌پلەیـەر ۞ بـازی مالتی‌پلیر

multiple /ˈmʌltɪpl/ *adjective, noun*

1 زۆر، چەندینـە، فـرە، پـڕ، زیـدە، گـەلێ 2 (لـە لێکدانا) فرەــ زۆرــ چەندــ 3 (بیرکاری) مالتیپل 4 فرۆشـــــگای زنجیرەیـــــی، دامـــــەزراوە زنجیرەیی‌یەکان chain store، خاوەنی چەندین لق ۞ 1 چندگانـه، متعـدد، متکثر 2 (در ترکیب) چندـ 3 (ریاضی) مضرب 4 فروشگاه زنجیره‌ای

multiple-choice *adjective*
فرەبژارەیی، فرەوەڵامی ۞ چندگزینه‌ای

multiple personality *noun*
فرەکەسایەتی ۞ شخصیت چندگانه

multiple personality disorder *noun*
تێکچوون یان شێوانی فرەکەسایەتی ۞ اختلال شخصیت چندگانه

multiple sclerosis *noun, abbreviation* MS
شـــانەتوندبوونی چەندینـــە، سکلێرۆسیـــــــی چەندینە: جۆرێ نەخۆشی درێژخایەنی دەزگا یان کۆئەندامی دەماری کە زیان دەگەیێنێ بە بەرگی خانە دەمارییەکان لە مێشک و برِبرەموخ numbness نیشانەکانی سڕی spinal cord تێکچـــوونی ئاخـــافتن و پێکـــەوەکـــارکردنی coordination ماسـولکەکـان (یـان لـەسـمی paralysis بەشێک یان بە تەواوی)، بینایی لێڵ و تەماوی blurred vision، شەکەتی و ماندوویی زۆر و دژوار ۞ اسکلروز چندگانه

multiple store *noun*
فرۆشگای زنجیرەیی، دامەزراوە زنجیرەیی‌یەکان chain store ۞ فروشگاه زنجیره‌ای

multiplex /ˈmʌltɪpleks/ *adjective, noun*
adj چەندینـــــە، فـــرە، فرەبـــەش، فرەپارچـــە، فرەکەرت، فرەتوخم، فرەشێوە، فرەبیچم *n* (لە بریتانیا) سینەمای چەندیوە یا فرەدیوە، سینەمای فرەپـــەردە ۞ *adj* چندگانـــــە، چندبخـــــشی، چندعنصری، چندشکلی *n* مالتی‌پلکس

multiplex cinema *noun*
1 (لە بریتانیا) سینەمای چەنددیوە یان زۆردیو یان فرەدیوە 2 سیستەم یا سیگناڵی مالتی‌پلێکس ۞ 1 مالتی‌پلکس 2 سیستم یا علامت مالتیپکس

multiplexer *noun*
مالتی‌پلێکسێر (پارچەیێ لە دەزگای کامپیوتێر کـــە بـــەکاردێنرێ بـــۆ نـــاردنی سیگناڵـــە ئێلیکتریکی‌یەکان ئەویش تەنیا بە بەستەوەیی، ب.ت. بە مۆدێمێکەوە) ۞ مالتی‌پلکسر

multipliable /ˈmʌltəplaɪəbl/ *adjective*, also multiplicable
(بیرکاری) لەلێکدان‌هاتوو، لێدان‌هەڵگر، شیاوی لێکدان ۞ قابل ضرب

multiplicand /ˌmʌltɪplɪˈkænd/ *adjective*
(بیرکاری) لێکدراو، لێدراو ۞ مضروب

multiplication /ˌmʌltɪplɪˈkeɪʃn/ *noun*
1 (بیرکاری یا ژمێرە) لێکدان، لێدان 2 زۆربوون، پەرەسەندن، زیادبوون، فرەبوون: *-plication of*

cells leads to rapid growth of the organism 3 زاوزێ، خستنەوە، سکوزا ◌ 1
ضرب 2 ازدیاد، افزونش 3 تولید مثل

multiplication sign *noun*
نیشانەی لێکدان، بەرژەنگی لێدان (×) ◌ علامت ضرب

multiplication table *noun*
خشتەی لێکدان ◌ جدول ضرب

multiplicative /ˈmʌltɪpləkeɪtɪv/ *adjective*
روولەزۆری، روولەپەرە ◌ افزاینده

multiplicity /ˌmʌltɪˈplɪsəti/ *noun, pl.* multiplicities
زۆری، فرەیی، گەلەیی، زۆرینەیی، ژمارەیەکی زۆر، چەندینەیی، چەندجارەیی، جۆراوجۆری، جۆربەجۆری، فرەچەشنی، ژمارەیەکی زۆر ◌ تعدد، گوناگونی، تنوع

multiplier *noun*
1 زیادکەر 2 (ئیلیکتریکی) دەزگای بەهێزکردن یان بەهێزکەر، دەزگای زۆرکردن ◌ 1 افزاینده 2 دستگاه تقویت‌کننده

multipolar *adjective*
فرەجەمسەری، چەندجەمسەری ◌ چندقطبی

multipolarity *noun*
فرەجەمسەریی، چەندجەمسەریی ◌ چندقطبیت

multiprocessor /ˌmʌltiˈprəʊsesə(r), US -ˈprɑːs-, -ˈproʊ-/ *noun*
(کامپیوتێر) فرەلێکدەرەوە، کامپیوتێری زیاتر لە یەک CPU یا چەندسیپییو ◌ چندپردازه‌ای

multiprogramming = multitasking

multipurpose *adjective*
فرەکارە، چەندکارە، زۆرکارە، فرەمەبەستە: *a multi-purpose tool/machine* ◌ چندمنظوره

multiracial /ˌmʌltiˈreɪʃl/ *adjective*
فرەڕەگەز(ی)، فرەنژاد(ی): *a multiracial society* ◌ چندنژادی

multiracialism *noun*
فرەڕەگەزگەری، فرەنژادگەری ◌ چندنژادگرایی

multiracial society *noun*
کۆمەڵ یان کۆمەڵگای فرەڕەگەز(ی) ◌ جامعه‌ی چندنژادی

multiskilling *noun*
فرەشارەزایی، سەرەندەرکردوویی (زۆر شت)، فرەڕاهاتوویی ◌ چندمهارتی

multisonant *adjective*, also multisonous
بڕدەنگ، فرەدەنگ، زۆردەنگ، دەنگی زۆر ◌ دارای چندصدا

multispectral *adjective*
فرەشەبەنگی، چەندشەبەنگی ◌ چندطیفی

multistage *adjective*
فرەقۆناخی، چەندقۆناخی ◌ چندمرحله‌ای

multistorey *adjective, noun*
adj (خانوو) فرەنهۆم، چەندنهۆمە *n* (پارکینگی ماشین، نافەرمی و بریتانیا) فرەنهۆم، چەندنهۆمە ◌ *adj* چندطبقه *n* (پارکینگ) چندطبقه

multistorey car park *noun*
پارکینگی فرەنهۆم، ڕاگرتنگای چەندنهۆمە ◌ پارکینگ چندطبقه

multistoreyed = multistorey

multitasker *noun*
مرۆی پێکەوەچەندکارکردوو ◌ مالتی‌تاسکر

multitasking /ˌmʌltiˈtɑːskɪŋ, US -ˈtæsk-/ *noun*
(کامپیوتێر یان مرۆڤ) پێکەوەچەندکارکردوو (multitasker *n*) ◌ مالتی‌تاسکینگ

multitrack /ˈmʌltɪtræk/ *noun*
مالتی‌تراک: تێکەڵەیی لە چەندین جۆری جیاوازی موسیقایی: *multitrack recording facilities* ◌ مالتی‌تراک

multitude /ˈmʌltɪtjuːd, US -tuːd/ *noun*
1 زۆری، فراوانی، فرەیی، چەندینەیی، زەعفی، پڕی، گەلەیی، ژمارەیەکی زۆر: *a multitude of possibilities* ◊ *These elements can be combined in a multitude of different ways* ◊ *The region attracts tourists in their multitudes.* 2 حەشامات، گروپ یان دەستەیەکی زۆر، کۆمەڵ(ێکی زۆر)، جەماعەت: *He preached to the assembled multitude* 3 (the multitude) جەماوەر، خەڵکی ئاسایی، خەڵکی ڕەمەکی، خەڵکی ڕەشەوڕووتە: *It was an elite that believed its task was to enlighten the -itude* ◊ *to feed the starving -titudes* ◌ 1 کثرت، تعدد، انبوهی، جماعت 2 (the multitude) 3 توده‌ی مردم توده‌ی مردم

multitudinous /ˌmʌltɪˈtjuːdɪnəs, US -ˈtuːdɪnəs/ *adjective*
1 زۆر، گەلێ، فرە، بێ‌هەژمار، پڕ، گشت، ژمارەیەکی یەکجار (زۆر)، populous: *the -udinous opportunities* ◊ *titudinous city* 2 گشتی، گەلەمپەری (multitudinously *adv*) ◌ 1 متعدد، کثیر 2 عمومی

multitudinousness /ˌmʌltɪˈtjuːdɪnəsnəs, US -ˈtuːdɪnəsnəs/ *noun*
زۆری، فرەیی، پڕی، بێ‌هەژماری ◌ تعدد، کثرت

multivalence /ˌmʌltɪˈveɪl(ə)ns/ *noun*
1 (کیمیا) فرەهاوهێزی (لە سێوە بۆ سەرێ)، polyvalent 2 فرەبەهایی یان فرەنرخی ◌ 1 چندظرفیتی بودن، حالت چندظرفیتی 2 چند ارزشی

multivalent /ˌmʌltɪˈveɪl(ə)nt/ *adjective, noun*
1 (کیمیا) فرەهاوهێز 2 فرەبەها یان فرەنرخ، فرەمانا 3 خاوەنی چەندین جۆری ئانتی‌بادی؛

فرەھاوھێزی (لە ژمارەی کرۆمۆزۆمی لەشی *multivalent* :(somatic chromosome *chromosomes* ۞ 1 چەندظرفیتی 2 دارای چندارزش، چندمعنا 3 مالتی‌والنت؛ چندظرفیتی
multivalve /ˌmʌltivælv/ *adjective*
(لە بزوێنەی internal combustion دا) فرەزمانەیی، چەن(د)دەمەوانەیی، فرەدەمەوانەیی ۞ چندریچه‌ای
multivitamin /ˌmʌlti'vɪtəmɪn, US -'vaɪt-/ *adjective, noun*
فرەڤیتامین: *a -ltivitamin pill* ۞ مالتی‌ویتامین
multivocal /mʌltɪvəkl/ *adjective*
پرواتا، پرمانا ۞ پرمعنی
multivoltine *adjective*
فرەبەرەیی، فرەزاوزێ: تایبەتمەندی ئەو مێروانە کە لە ساڵ یان وەرزدا دەتوانن زیاتر لە بەرەیێ زاوزێ بکەن، لە وەرزدا دەتوانێ چەند جار بە بەکۆ بکەوێ یان گەرا هەڵێنێ: *multivoltine insects* ۞ چندزایشی
multi-word / *adjective*
(زمانەوانی) فرەوشە، زیاتر لە وشەیەکی تایبە ۞ مالتی‌ورد
multum in parvo /ˌmʌltəm ɪn 'pɑːvəʊ/ *adjective*
(لاتینی) کورتوپوخت، کورتوبەسوود ۞ کوتاه و مفید
multure /'mʌltʃə(r)/ *noun*
ئاشانە، ئاوان، مزی ئاش ۞ مالتور
mum[1] /mʌm/ *noun*
(نافەرمی) دایک: *My mum says I can't go* ۞ (عامیانه) مامان
mum[2] /mʌm/ *adjective*, keep mum
بێ‌دەنگ‌مانەوە، هیچ شتێ نەوتن ۞ ساکت ماندن
mum[3] /mʌm/ *noun*, mum's the word!
بێ‌دەنگ! دەنگت لێ‌دەرنەیە! وستەت نەیە! ۞ ساکت!
mumble /'mʌmbl/ *noun*
منگەمنگ، بلمەبلم، منجەمنج، منگە، بۆلە: *He spoke in a low mumble, as if to himself* ۞ من‌من، غرغر
mumbler *noun*
منگەمنگ‌کەر، منگینەر، بلمن، منجن، بلمینەر، دەمبل ۞ من‌من‌کننده
mumblety-peg /'mʌmb(ə)lti/ *noun*
(زۆرتر ئەمریکا) باترێن ۞ نوعی بازی
mumblings *noun, pl.*
قسەی هیچەکە و پووچەکە، قسەی حەلەق‌ومەلەق ۞ اراجیف
mumbo-jumbo /ˌmʌmbəʊ 'dʒʌmbəʊ, US -oʊ 'dʒʌmboʊ/ *noun*
(نافەرمی) هاتەران و پاتەران، شتی هیچ‌وپووچ و بێ‌واتا، زمانی ئالۆز و سەیر: *religious/medical/bureaucratic –o-jumbo* ◊ *I won't have anything to do with spiritualism, ghosts and all that mumbo-jumbo* ۞ چیز بی‌معنی، زبان پیچیده و بی‌معنی
mu-meson = muon
mummer /'mʌmə(r)/ *noun*
1 شانۆگەری پانتۆمیم 2 (کۆن، سووکانە) ئەکتەری شانۆ یان تیاتر ۞ 1 بازیگر پانتومیم 2 بازیگر تئاتر
mummery /'mʌməri/ *noun, pl.* mummeries
1 پانتۆمیم 2 ڕێوڕەسمی دینی پڕئالاووالا و ڕیاییبازانە، ڕێوڕەسمی گاڵتەجاڕانە ۞ 1 پانتومیم 2مراسم مذهبی مضحک ridiculous
mummichog /'mʌmɪtʃɒg/ *noun*
جۆرێ ماسی چکۆلەی دەریایی، هی کەنارە بەنادار و ڕیژگەکانی باکووری ئەمریکا [*Fundulus heteroclitus*] ۞ نوعی ماهی
mummification /mʌmɪfɪ'keɪʃn/ *noun*
مۆمیایی‌کردن، مۆمیاندن ۞ مومیاسازی
mummiform /'mʌmɪfɔːm/ *adjective*
مۆمیاناسا، شێوەمۆمیا ۞ مومیامانند
mummified *adjective*
مۆمیا، مۆمیایی، مۆمیایی(کراو) ۞ مومیایی
mummy[1] /'mʌmi/ *noun, pl.* mummies
(نافەرمی، بریتانیا) دایە، دایکە: *It hurts, Mummy!* ۞ مامان
mummy[2] /'mʌmi/ *noun, pl.* mummies
تەرمی مۆمیایی(کراو، ب.ت. لە میسری کۆن) ۞ جسد مومیایی
mumper *noun*
سواڵ‌کەر، گەدا، درۆزەکەر، خازخازۆک ۞ گدا
mumpish *adjective*
ڕووتاڵ، ڕووترش، ڕووگرژ، مڕومۆچ ۞ عبوس، بدعنق
mumps /mʌmps/ *noun, pl.*
(نەخۆشی) ملەخرە، گوێڕەیە، سەربنۆم، بناگوێ، بە هۆی ڤایرۆسێ بە ناوی (جۆر *Mumps virus* لە تۆخمی *Rubulavirus*) تووش دەبێ ۞ گوشک، اوریون
mumsy /mʌmzi/ *noun*
(نافەرمی، بە شۆخی) دایە، دایکە: *a mumsy dress* ۞ مامان
mum-to-be = mother-to-be
Munchausen 's syndrome *noun,* also Munchausens syndrome
کۆنیشانەی مونچاوسێن: جۆرێ تێکچوونی دەروونی کە لەودا کەسەکە خۆی وەک نەخۆشێکی ئاستەم دەنوێنێ تا سەرنجی پزشک بۆ لای خۆی ڕاکێشێ (بنەڕەت: لە ناوی

Munchausen Baron قــارەمــانی کتــێبی fantastic tales (1785) ◌ نشانگان مونچاوسن

Munchausenn 's syndrome by proxy *noun*, also Munchausens syndrome by proxy
جۆرێ تێکچوونی دەروونی کە لەودا باوان و ب.ت. دایک زیان بە منداڵەکەی دەگەیێنێ (وەک دەرمانخوارد کردن) و شێواندنی سەربردەی پزشکیی medical history منداڵ بۆ رەخساندنی رەوش و کەشێکی وا کە پێویستی بە سەرنجی پزشکیی بێ ◌ نشانگان مونچاوسن بای پروکسی

munchies *noun, pl.*
1 دیدیوبودی چێشت 2 (the munchies) نیشتیای توندی ناکاو بۆ نان ◌ مونچیز

Munda /ˈmʊndə/ *noun, pl.* same or Mundas
1 ئەندامی کۆمەڵێ لە گەلانی رەسەن. لێرەولەوێ لە ناوچەیێکی رۆژهەڵاتی ناوەندی هیند تا نیپال و بەنگلادێش دەژین 2 کۆمەڵە زمانی ئەو گەلانە. کەمێ پێوەندی بە Mon-Khmer ەوە هەیە ◌ موندا

mundane /mʌnˈdeɪn/ *adjective*
1 مادی، دنیایی، ئاڵتایی، گیتیانە، ئەمجیایی، ئەمجیهانی، ئامەعنەوی 2 ئاسایی، رەمەکی، ناخۆش، هیچ، هیچەکە، ئاسەرنجراکێشی، ماندووکەر، شەکەتکەر، عاجزکەر، جاڕسکەر: a mundane task/job :dull, ordinary, commonplace ◊ I lead a pretty mundane existence (بنەڕەت: لە فەرەنسی کۆن، لە mondain لە late Latin mundanus لە mundus لاتین "جیهان") ◌ 1 مادی 2 معمولی، خستەکنندە

mundanely /mʌnˈdeɪnli/ *adverb*
بە شێوەیەکی مادی یان دنیایی ◌ بە طور مادی

mung bean /mʌŋ, US muːŋ/ *noun*
1 جۆرێ پاقلەی خڕ و وردی سەوزباو 2 رووەک یان گیای ئەو پاقلەیە [*Vigna radiata*] ◌ 1 نوعی لوبیا 2 گیاه این نوع لوبیا

mungo /ˈmʌŋgəʊ/ *noun, pl.* mungos
جۆرێ پارچە (مووی کورتە و باشیش نییە) ◌ مونگو، مانگۆ

municipal /mjuːˈnɪsɪpl/ *adjective*
1 شـــاری، بـــــازێری: *municipal elections/councils* 2 شارەوانی: *municipal workers* 3 ســـەربە شـــارەوانی 4 خـــۆجێیی، ناوچەیی، نێوخۆیی ◌ 1 شـــهری 2 شـــهرداری 3 وابسته به شهرداری 4 محلی، داخلی

municipal council *noun*
ئەنجومەنی شارەوانی ◌ شورای شهرداری

municipality /mjuːˌnɪsɪˈpæləti/ *noun, pl.* municipalities
1 شـــار، بـــازێر 2 شـــارەوانی 3 ئەنجومـــەنی شارەوانی 4 شار یان دەڤەرێ کە شارەوانی یان میری خۆجێیی هەبێ ◌ 1 شهرستان 2 شهرداری 3 شــورای شــهرداری 4 شــهر یــا منطقــەی دارای شهرداری یا حکومت محلی

municipalization *noun*
کردنەشار، شاراندن، بەشارکردن ◌ بـه صـورت شهر درآوردن

municipally *adverb*
1 بـە شـێوەیەکی نێوخۆیی، نێوخۆیییانە 2 بـە رێگای شارەوانییەوە ◌ 1 به طـور داخلـی 2 از طریق شـهرداری

munificence /mjuːˈnɪfɪsns/ *noun*
بەدەهەنـــدەیی، دەسکراوەیـــی، نـــانبـــدەیی، دەسودڵبـــازی، بـــەنانی، دڵاوایـــی، مرۆیـــی، بەخشندەیی ◌ جود، کرم، بخشش

munificent /mjuːˈnɪfɪsnt/ *adjective*
بەدەهەندە، دەسکراوە، نانبدە، دڵاوا، بەخشندە، بـەخشگـەر، بەدەهەندانـە، دەسکراوانـە: *a munificent patron/gift/gesture* ◌ کـریم، سخی، سخاوتمندانه

munificently /mjuːˈnɪfɪsntli/ *adverb*
بەدەهەندانە، دەسکراوانە، دڵاوایانە ◌ کریمانه

muniments /ˈmjuːnɪm(ə)nts/ *noun, pl.*
بەڵـگە، بەڵـگەنامە، قەباڵـە (وەکـوو مـاف یـان پریڤیلیجێ) ◌ سند

munitioneer *noun*
کرێکاری جبەخانە ◌ کارگر زرادخانه

munitions /mjuːˈnɪʃnz/ *noun, adjective, pl.*
n تەقەمـەنی، چـەکوچـۆڵ، کـەڵوپـەلی شـەڕ، شـەڕەمەنی *adj* سەربە کارخانەی تەقەمـەنی ◌ *n* مهمات *adj* وابسته به مهماتسازی

munitions factory *noun*
کارخانـەی چـەکوچـۆڵ، کارگـەی تەقەمـەنی (دروستکـردن)، کارگـەی تەقەمـەنیسـازی ◌ کارخانەی مهماتسازی

munitions worker *noun*
کرێکاری چەکوچۆڵ یان تەقەمەنی(سازی یـان دروستکردن) ◌ کارگر مهماتسازی

Munro /mʌnˈrəʊ/ *noun, pl.* Munros
هەریـــەک لـــە 277 کێـــوی ســـکاتلەند کـــە بەرزاییەکەیان کەمتر لە 3000 پێیە (نزیک بـە 914 میتـر؛ بنـەڕەت: لـە نـاوی سێر Hugh Thomas *Munro*، کەسێ کە کۆمەڵە کێوێکی وای لە 1891 بڵاو کردەوە) ◌ مونرو

munshi /ˈmuːnʃiː/ *noun*, also moonshee, *pl.* munshis
مـیرزا (لـە هێندوسـتان، بنـەڕەت: لـە *munšī'* عەرەبی "نووسـەر، دانەر") ◌ منشی

munt /mʊnt/ *noun*
(نافـەرمی، ئـەفریکای باشـووری، سـووکانە) ئـــەفریکایی رەش، قولەڕەشـــە (بنـــەڕەت:

کورتکراوەی *umuntu* زولویی "کەس") ۞ آفریقایی سیاه

muntin = mullion

muntjac /'mʌntdʒak/ *noun*

جۆرێ ئاسکی چکۆلەی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا [توخم *Muntiacus*: چەند جۆری هەیە] ۞ مونتجاک

Muntz metal /mʌnts/ *noun*

کانزای مانتس: جۆرێ زەرد کە بۆ دارشتن و کارکردن لە پلەی گەرمی سەرێدا (یان بالا) بەکاردێتریێ (بنەڕەت: لە ناوی بەرهەمهێنەری ئینگلیسی *Muntz* .George F) ۞ فلز مانتس

muon /'mju:ɒn/ *noun*

(فیزیک) میوئان، میون: میزۆنێکی ناجێگیر بە بارستاییێکی دەوروبەری 200 بەرامبەری ئیلیکترۆن (کورتەی mu-meson) ۞ میون

muonic *adjective*

سەربە میوئان، میونی ۞ وابسته به میون

muppet /'mʌpɪt/ *noun*

کەسێکی گەوج: *You're ruining it, you muppet!* ۞ آدم احمق

murage /'mjʊərɪdʒ/ *noun*

(مێژوویی، بریتانیا) دیوارانە، باجی دیوارکردن ۞ مالیات دیوارکشی

mural /'mjʊərəl, US 'mjʊrəl/ *adjective, noun*

adj 1 سەربە وێنەکێشی دیواری 2 دیواری، دیوارئاسا 3 (پزشکی) سەربە دیواری بۆتایی لەش یا ڕەگی خوێن *n* 1 وێنەکێشی سەردیوار، وێنەکێشی دیواری، وێنەی دیواری (بنەڕەت: لە *muralis* لاتین، ئەویش لە *murus* "دیوار") ۞ *adj* 1 وابسته به نقاشی دیواری 2 دیواری 3 مورال *n* 1 نقاشی دیواری

mural painting *noun*

وێنەکێشی دیواری ۞ نقاشی دیواری

murder /'mɜ:də(r), US 'mɜ:rd-/ *noun*

1 کوشتن، پیاوکوژی: *to commit (a) murder* 2 *a murder case/investigation/trial* ◊ کوشتنی بەناحەق، کوشتنی بەئانقەست 3 کاری سەخت، کۆلەمەرگی، کاری گران و قورس: *It's murder trying to get to the airport at this time of day* 4 (ئافەرمی و خوازە) زیاناوی، کوشندە، موزیر، پیاو دەکوژێ: ۞ 1 قتل 2 قتل عمد 3 عمل طاقت‌فرسا 4 (مجازی) قاتل، زیان‌بخش

murderer /'mɜ:dərə(r), US 'mɜ:rd-/ *noun*

پیاوکوژ، کوژەر، بکوژ، مێرکوژ، خوێنکەر، تاوانکار ۞ قاتل

murderess /'mɜ:dəres, US 'mɜ:rd-/ *noun*

پیاوکوژ، کوژەر، بکوژ، تاوانکار (ژن) ۞ قاتل (زن)

murderous /'mɜ:dərəs, US 'mɜ:rd-/ *adjective*

1 پیاوکوژ، کوشندانە، تاوانکار، پیاوکوژانە، کوشتنکارانە 2 پڕمەترسی، توندوتیژ، بێبەزەیی، بێڕەحم، دلڕەق 3 دڕندانە، دلڕەقانە، بێبەزەییانە، تاوانکارییانە 4 سەخت، دژوار، کوشندە ۞ 1 قاتل، قاتل‌وار 2 خطرناک، خشن 3 سبعانه، جنایت‌آمیز 4 سخت، مهلک

murderously /'mɜ:dərəsli, US 'mɜ:rd-/ *adverb*

بە سەختی، بە دژواری ۞ به طور طاقت‌فرسا

murex /'mjʊərɛks/ *noun, pl.* murices /-rɪsi:z/ or murexes

(لاتین) جۆرێ لەشنەرمی دەریایی ڕاوی گەرمێنان، قاوغەکەی درکاوییە [توخم *Murex* خێزان Muricidae] ۞ مورکس

muriatic acid /ˌmjʊərɪ'atɪk/ = hydrochloric acid

murine /'mjʊərʌɪn, US -rɪn/ *adjective, noun*

adj سەربە مشک یا کرتێنەران، مشکی، لە تیرەی مشک (توخم *Mus* ژێرتیرەی *Murinae*) *n* گیانەوەرێ لە تیرەی مشک (بنەڕەت: لە *murinus* لاتین، لە *mus* -*mur* "مشک") ۞ *adj* وابسته به موش یا جوندگان *n* مورین

murine typhus *noun*

ڕەشەگرانەتای مشک: نەخۆشییێکی وا گران نییە و نیشانەکانی ب.ت. تا(وتوێ)، ژانەسەر و زیپکە و لیرگن، بەهۆی rickettsia یێکەوە تووش دەبێ [*Rickettsia typhi syn. R. mooseri*]، کرتێنەران بلاوی دەکەنەوە، بۆ مرۆڤ لە ڕێگای کێچەوە رادەگوێزرێ ۞ مورین تیفوس

murk /mɜ:k, US mɜ:rk/ *noun, adjective*

n تاریکی، تاریکایی، ڕەشی، چڕی، دووکەلاویبوون تەمی چڕ، مژی چڕوپڕ: *The figure disappeared into the murk* *adj* (کۆن، سکاتلەند) تاریک، لێل، مات ۞ *n* ظلمت، تیرگی، مه غلیظ *adj* تاریک

murkily /mɜ:kɪli, US mɜ:rkɪli/ *adverb*

تاریکانە، بە شێوەیەکی تاریک ۞ به طور تیره

murkiness /mɜ:kinəs, US mɜ:rkinəs/ *noun*

تاریکی، چڕی، تاریکایی ۞ تیرگی

murky /'mɜ:ki, US 'mɜ:rki/ *adjective* (murkier, murkiest)

1 تاریک، ڕەش، مات، ڕەش، دووکەلاویبوون، تاری 2 (ئاو) نارۆشن، لێل، لیخن، شلوێ، قوراوی 3 گومانلەسەر، جێیشک، گومانبار: *the murky world of arms dealing* 4 قورس، گران، تێکچڕژاو، ئالۆز ۞ 1 تاریک، تیره 2 (آب) گل‌آلود 3 مشکوک 4 سنگین، پیچیده

murmur /'mɜ:mə(r), US 'mɜ:rm-/ *noun*
1 ویره، ورنگه، ویزه، سۆزه، بۆله، ورته، خوته، مزه، پرته 2 چرپه، خورته، سرته 3 خوره، خورەخور، شرەشر 4 هاژه 5 (پزشکی) سیخه (دەنگی سینگ) ◇ 1 زمزمه، غرولند 2 پچ پچ 3 شرشر 4 صدای باد 5 مورمور

murmuring *adjective*
بەبۆلە، بەپرته، پرتن، ورتن، بەپرتەوبۆلە ◇ غرولندکن

murmuringly *adverb*
بە بۆلەبۆل، بە پرتەپرت، بە ورتەورت ◇ غرغرکنان

murmurous /'mɜ:mərəs/ *adjective*
ویزەویز، ویرەویر، سۆزەسۆز، چرپانه، بە شێوەی سرته، سرتوهۆر ◇ زمزمەآمیز، پچ‌پچ‌وار

murmurously /'mɜ:mərəsli/ *adverb*
بە پرتەپرت، بە ورتەورت ◇ با غرغر

murphy *noun, pl.* murphies
(تافەرمی) پەتاته، سێفەزەمینی، سێوک هێرەماسی ◇ سیبزمینی

Murphy bed *noun*
تەختی نووشتاو یان قەدی (پتەرمت: لە تلوی Murphy داهێنەری ئەمریکاییەکەی) ◇ تخت‌خواب تاشو

Murphy's Law *noun*
بەختی پێچەوانه یان ئەما(مە)چی، شانسی لە دواوه ◇ شانس وارونه

murrain /'mʌrɪn/ *noun*
گاقڕان، ئازارەولاخ، ئازار یان پەتای رەشەولاغ، نەخۆشی میزەسووره یان میزەڕەشه ◇ گاومرگی

murram /'mʌrəm/ *noun*
جۆرێ گڵی ئامال‌سوور کە لە ئەفریکا زۆرتر بۆ دروستکردن و دارشتنی ریگا(وبان) بەکاردێنرێ ◇ موران

murrelet /'mɜ:lɪt/ *noun*
جۆرێ aukی چکۆلەی پاسیفیکی باکووری [تۆخمەکانی *Brachyramphus* و *Synthliboramphus*: شەش جۆرن] ◇ مورلت

murther /'mɜ:ðə/ = murder

MusB (also Mus Bac) = *abbreviation*
Bachelor of Music (Musicae Baccalaureus)

Muscadelle /ˌmʌskə'dɛl/ *noun*
جۆرێ ترێ‌سپی، زۆرتر بۆ مەی سپی شیرین لە بۆردیۆ Bordeaux و ئەوسترالیا ◇ موسکادلا

Muscadet /'mʌskədeɪ, US 'mɒsk-, French myskadɛ/ *noun*
جۆرێ مەی تاڵی سپی ناوچەی Loire فەرەنسه ◇ موسکادت

muscadine /'mʌskədɪn, US -aɪn/ *noun*
جۆرێ ترێی مەی بە بۆنی مسکەوه، رەسەنی مەکسیک و باشووری رۆژهەڵاتی ئەمریکا ◇ موسکادین

muscat /'mʌskæt/ *noun*
ترێ ماسکات (بۆ خواردن و دروستکردنی مەی) ◇ موسکا

muscatel /ˌmʌskə'tel/ *noun*
مەی ترێی ماسکات، مێوژ یا کشمیشی ترێی ماسکات ◇ موسکاتل

muscle /'mʌsl/ *noun*
1 ماسوولکه، ماسوله، ماینچه، زڵک، گردک، بازوله، زیپەر: ◊ *a calf/neck/thigh muscle* ◊ *to pull/tear/strain a muscle* ◊ *This exercise will work the muscles of the lower back* 2 هێز، توانایی، زۆر، قەوەت، قەوەت، تابشت، شیان، ستین: *He's an intelligent player but lacks the muscle of older competitors* 3 هێزی سیاسی یان ئابووری: *to exercise political/industrial muscle* ◊ *financial muscle* (پەرەت: لە فەرەنسی، لە *musculus* لاتین، چکۆلێنراوی *mus* "مشک"، لەو بۆچوونەوه دێ کە هێندێ لە ماسوولکەکان شێوەی مشک بدەن) ◇ 1 ماهیچه، عضله 2 قدرت، زور 3 قدرت سیاسی یا اقتصادی

muscle-bound *adjective*
پڕماسوولکه، ماسوولکەدار، ماسوولکاوی، بازۆڵاوی ◇ عضلانی

muscled *adjective*
پڕماسوولکه، ماسوولکەدار، ماسوولکاوی، بازۆڵاوی ◇ عضلانی

muscle-man /'mʌslmæn/ *noun, pl.* muscle-men
پیاوی ماسوولکەدار ◇ مرد عضله‌دار

muscle spindle *noun, also* stretch receptor
تەشی ماسوولکاوی یان ماسوولکەیی: ئەندامێکی کۆتایی هەستی ماسوولکەیێ کە هەستیاره سەبارەت بە کێشان لە ماسوولکەدا و لە ریشاڵە ماسوولکەییە هێلاوییە وردەکان پێکهاتووه ◇ دوک عضلانی

muscoid *adjective*
نیمچەقەوزه، شێوەقەوزه ◇ شبه‌خزه

muscologist *noun*
قەوزەناس، قەوزەوان ◇ خزه‌شناس

muscology *noun*
قەوزەناسی، قەوزەوانی ◇ خزه‌شناسی

muscovado /ˌmʌskə'vɑ:dəʊ/ *noun, also* muscovado sugar
شەکری خاو، شەکری پوختەنەکراو یان پاکەوەنەکراو، شەکری نەبژێردراو ◇ شکر خام

Muscovite /'mʌskəvaɪt/ *noun, adjective*
n 1 خەڵکی مۆسکۆ، مۆسکۆیی 2 (کۆن) رووسی *adj* 1 سەربە مۆسکۆ 2 (کۆن) سەربە رووسیا

n ◌ مسکویی adj وابسته به مسکو یا روسیه
muscovite /ˈmʌskəvʌɪt/ *noun*
شیوەیێکی بۆری زیوین لە mica ◌ ماسکوویت
Muscovy duck *noun*
مراوی رووسی [*Cairina moschata*] ◌ نوعی مرغابی
muscular /ˈmʌskjələ(r)/ *adjective*
1 ماسوولکەیی، ماسوولکەدار: *muscular* 2 *tension/power/tissue* بەهێز، پڕهێز، بەقەوەت، بەتابشت، گوڕبز: *a muscular* *He was tall, lean and* ◊ *body/build/chest* *muscular* :full-bodied = 3 *muscular* *wines* ◌ 1 عضلانی 2 قوی، زورمند
muscular activity *noun*
چالاکی ماسوولکەیی ◌ فعالیت عضلانی
muscular dystrophy /ˌmʌskjələ ˈdɪstrəfi, US -lər/ *noun*
پووکانەوەی ماسوولکەیی، ماسوولکەپووکین، پێچوون یان پووچانەوەی ماسوولکەیی ◌ پلاسیدگی عضلانی
muscularity /ˌmʌskjəˈlærətɪ/ *noun*
1 ماسوولکەیێتی، ماسوولکەداری 2 بەهێزی، پڕهێزی، بەتینی، بەقەوەتی، بەتابشتی، گوڕبزی ◌ 1 عضلانیت 2 قوی‌بودن، زورمندی
muscular rheumatism *noun*
باداری ماسوولکەیی یا ماسوولکە و جومگەکان ◌ رماتیسم عضلانی
muscular strength *noun*
زۆری بازۆلە، هێزی ماسوولکە یان بازۆلە ◌ زور بازو
musculature /ˈmʌskjələtʃə(r)/ *noun*
پێکهاتەی ماسوولکەیی ◌ ساختار عضلانی
musculoskeltal /ˌmʌskjʊləʊˈskɛlɪt(ə)l/ *adjective*
سەربە پێکهاتەی ماسوولکەیی و ئێسکەپەیکەر (یان هەردووکیان دەگرێتەوە) ◌ وابسته به ساختار عضلانی و استخوان‌بندی
MusD (also Mus Doc) – *abbreviation*
Doctor of Music
muse /mjuːz/ *noun*
هەوێن، مایە، مایەی داهێنانی هونەری، ئیلهام، سەرچاوەی سرووش، inspiration ◌ منبع الهام، منبع وحی
museful *adjective*
بیرمەند، بیریار، هزرڤان ◌ متفکر
museological *adjective*
سەربە مۆزەناسی ◌ وابسته به موزه‌شناسی
museologist *noun*
مۆزەناس ◌ موزه‌شناس
museology /ˌmjuːzɪˈɒlədʒi/ *noun*
مۆزەناسی ◌ موزه‌شناسی٠

Muses *noun, pl.*
خوازنانی هونەر (و زانست) (هەریەک لە نۆ خواژن و کچانی زیوس و ژوپیتێر کە هەڵبەست، موسیقا، هەڵپەڕکێ، مێژوو و لقەکانی تری هونەر و ویژە دەپارێزن و هاندەدەن، لە میتۆلۆژی یۆنانی و رۆمی‌دا) ◌ الهگان هنر
musette /mjuːˈzɛt/ *noun*
1 جۆرێ bagpipeی چکۆلە، باو لە فەرەنسە، لە سەدەکانی 17 و 18دا 2 oboe یێکی چکۆلەی سادە، لە فەرەنسە، لە سەدەی 19دا 3 (هەروەها musette bag) کۆلی چکۆلە ◌ 1 و 2 موزت 3 کول‌پشتی کوچک
museum /mjuˈziːəm/ *noun*
مۆزە، مووزە، مۆزەخانە، مووزەخانە، ئەنتیکەخانە (بنەڕەت): *a science museum* سەدەی 17 (ئاماژە بە دەزگای زانکۆ): بە رێگای لاتین لە یۆنانی‌یەوە *mouseion* "کورسی خوازنانی هونەر (و زانست)") ◌ موزه
museum beetle *noun*
جۆرێ قالۆنچەی چکۆلە، کرمەکانی بۆ رایەخ و شتومەکی هەڵگیراو و هتد زۆر بەزیانە (یان ماڵوێرانکەرە) [*Anthrenus museorum*] و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ◌ نوعی سوسک
museum piece *noun*
1 ئەنتیکە، شتی کۆن و بەنرخ: *The vase is a stunning -eum piece from the 18th century* 2 (بە شۆخی) شت یان مرۆڤی ئەنتیکە (چیتر سوود و بەهرەی نەماوە): *That car of his is a real museum piece* ◌ 1 عتیقه 2 چیز یا آدم آنتیک، عتیقه
mush /mʌʃ/ *noun*
1 کۆمارزیو یان گنخاو، تۆپەڵ یان تێکەڵەی نەرم، هەڵشێواو، پیشاو یان تلیساو 2 چێشتی گەنمەشامی کوڵاو؟، دانوولەی گەنمەشامی 3 کەمێ بەسۆز (وتار یان نووسراوەیێ) 4 (نافەرمی، بریتانیا) دەم یان روخساری کەسێ ◌ 1 تودەی لهیده 2 حلیم ذرت 3 نسبتا احساساتی 4 دهان یا صورت آدمی
musher /ˈmʌʃə(r)/ *noun*
ماشێر، تاخورکەوان، کێشکسوار (کەسێ کە تاخورک یا کێشکی سەگ لێدەخورێ) ◌ ماشر
mushiness /ˈmʌʃinəs/ *noun*
شلی، سستی، تلیساوی، بڵی، نەرمی ◌ شلی، نرمی
mushroom /ˈmʌʃrʊm, US -ruːm/ *noun, adjective*
n قارچک، کارگ، کوارگ، کولافک، کامبەلۆک، هەڵچ adj قارچک‌ئاسا، شێوەکارگ ◌ n قارچ، سماروغ adj قارچ‌گونه
mushroom cloud *noun*
(لە تەقینەوەی ناوکی‌دا) هەوری کارگی ◌ ابر

قارچی

mushroom growth *noun*
پەرەسەندنی کتوپڕ، هەڵدانی خێرا، زووگەورەبوون ◌ رشد سریع

mushy /ˈmʌʃi/ *adjective* (mushier, mushiest)
1 گنخاو، هەڵشێواو، رزیو، تلیساو، بڵ، نەرم، شل 2 (فیلم، کتێب و هتد) (کەمێ) بەسۆز: *-hy romantic novels* ◌ 1 لهیده 2 احساساتی

music /ˈmjuːzɪk/ *noun*
1 (هونەری) موسیقا، موزیک، میوزیک، ساز، ئاواز، دەنگی موسیقا، ساز، ئاواز، سۆز: *the* ◊ *pop/dance/classical/church music The* ◊ *popularity of Mozart's music* 2 نۆت *poem has been set to music* (بنەڕەت: ئینگلیسی نێوەڕاست: لە *musique* فەرەنسی کۆن، بە ڕێگای لاتین لە *mousikē* یۆنانی (هونەری) میوزەکان *(tekhnē) the Muses* لە *mousa* ('muse') ◌ 1 موسیقی، آهنگ، نغمه 2 نت

musical /ˈmjuːzɪkl/ *adjective, noun*
1 *adj* موسیقایی، سازی، سەربە موسیقا، موسیقای تایبە: *musical instruments/ability/skill a musical* ◊ *musical styles/tastes* ◊ 2 *production/entertainment* موسیقادۆست، هۆگر بە موسیقا 3 موزیکاڵ، ئاوازدار، ئاوازین، خۆش، بەسۆز، بلاوێن 4 شارەزای موسیقا ■ شانۆ یان فیلمی گۆرانی و هەڵپەڕکێ (پەلیز) موزیکاڵ) ◌ 1 *adj* موسیقایی 2 اهل موسیقی 3 موزیکال، آهنگین 4 ماهر در موسیقی ■ نمایش یا فیلم موزیکال

musical box *noun*
قوتوو یا سندوقی موسیقی یان ئاواز ◌ جعبەی موسیقی یا آهنگ

musical chairs *noun, pl.*
1 کایەی موسیقی و کورسی، کورسی‌بازی، کورسی‌کورسی 2 جێگۆڕکێی هێز و دەسەڵات ◌ 1 صندلی‌بازی 2 بازی قدرت

musical comedy *noun*
شانۆ یان فیلمی گۆرانی و هەڵپەڕکێ یان موزیکاڵ ◌ نمایش یا فیلم موزیکال

musicale /ˌmjuːzɪˈkɑːl/ *noun*
کۆڕ (و بەزمی) موسیقی، کۆڕی سازوبەزم ◌ مجلس موسیقی

musical instrument *noun*, also instrument
ئامێری موسیقا، ساز: *the musical -struments of the orchestra* ◌ آلت موسیقی، ساز

musically /ˈmjuːzɪkli/ *adverb*
1 لە بوار یا لەبارەی موسیقادا، لەباری موسیقی‌یەوە، لە موسیقادا: *He plays really* 2 *musically gifted* ◊ *musically* زۆر خۆش، *to laugh/speak* زۆر ئاوازین یان ئاهەنگین: ◌ 1 در زمینەی موسیقی، در موسیقی *musically* 2 خیلی گوش‌نواز

music box = musical box

music-hall *noun*
شانۆ بۆ سەرگەرمی جۆراوجۆر (لە درەنگانی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، گۆرانی، هەڵپەڕکێ و قسەی گاڵتە گێرانەوە)، شانۆکە بەخۆی ◌ موزیک هال

musician /mjuˈzɪʃn/ *noun*
1 موسیقاژەن، ژەنیار: *a jazz/rock -ician* 2 ئاوازدانەر 3 موسیقی‌ناس، موسیقازان، موزیسیەن ◌ 1 نوازندە 2 آهنگ‌ساز 3 موسیقی‌دان

musicianship /mjuˈzɪʃnʃɪp/ *noun*
هونەر یان شارەزایی موسیقایی ◌ فن یا مهارت موسیقایی

musicological *adjective*
موسیقاناسی‌یانە، سەربە موسیقی‌ناسی ◌ موسیقی‌شناختی

musicologist /ˌmjuːzɪˈkɒlədʒɪst, US -ˈkɑːl-/ *noun*
موسیقاناس، موسیقی‌ناس ◌ موسیقی‌شناس

musicology /ˌmjuːzɪˈkɒlədʒi, US -ˈkɑːl-/ *noun*
موسیقاناسی، موسیقی‌ناسی ◌ موسیقی‌شناسی

music stand *noun*
راگیرگەی نۆت، دارەنۆت، پاچکەی نۆت ◌ پایەی دفترچەی نت

musing /ˈmjuːzɪŋ/ *adjective*
تێراماو، تێ‌فکریو، چووەنێو بیرەوە، بیریار، هزریار، بیرمەند، *meditative*) *musingly* (/ˈmjuːzɪŋli/ *adv* ◌ متأمل، در بحر تفکر فرورفتە، متفکر

musk /mʌsk/ *noun*
1 ماسک، مسک 2 (هەروەها *musk plant* جۆرێ گیای مسک‌ئاسا سەربە گوڵی *monkey* عەمرزکە [*Mimulus moschatus*] و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ◌ 1 مُشک 2 کلاغک

musk-deer /ˈmʌsk dɪə(r)/ *noun*
ئاسکی ماسک [تۆخم *Moschus*: چەندین جۆرن] ◌ آهوی ختن

muskeg /ˈmʌskɛg/ *noun*
زەلکاو یان زۆنگاوی باکووری ئەمریکای باکووری ◌ باتلاق شمال امریکای شمالی

muskellunge /ˈmʌskəˌlʌn(d)ʒ/ *noun*
جۆرێ spike زلەی ناوچەی گۆماوە گەورەکانی ئەمریکای باکووری [*Esox masquinongy*] ◌ نوعی ماهی

musket /ˈmʌskɪt/ *noun*
(مێژوویی) قرمە، تفەنگی سەرپڕ ◌ شمخال

musketeer /ˌmʌskəˈtɪə(r), US -ˈtɪr/ *noun*

1 (مێژوویـــــی) قرمـــــەهاوێژ، (ســـــەربازی) قرمەبەدەست، قرمەچی، تفەنگبەدەست 2 ئەندامی سەربازانی پاتشای فەرەنسی لە سەدەکانی 17 و 18 دا ◌ 1 شمخالچی 2 ماسکێتیر

musketry /'mʌskɪtrɪ/ *noun*

1 (هونەر یان زانستی) تیرخستن، گوللەخستن، تیراوێـــــــژی 2 تفەنگـــــــەکان، muskets 3 - musketeers ◌ 1 تیراندازی 2 تفنگها

musk-melon /'mʌsk melən/ *noun*

جۆرێ شەربەتی کالەک، جۆرێ کالەکاو ◌ ماسکملون

Muskogean /ˌmʌskə'gi:ən, US mʌ'skəʊgɪən/ *noun*

مۆسکۆگیایی (= خێزانی زمانە ئەمریکییە ڕەسەنەکان کە لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئەمریکای باکووری قسەی پێدەکرێ و بریتین لە کریک Creek و چۆکتاو (Choctaw ◌ موسکوگیایی

Muskogee /mʌ'skəʊgi/ *noun, pl.* same or Muskogees

1 مۆسکۆگی (ئەندامی گەلی سوورپێست یان ئەمریکی ڕەسەن لە ڕۆژهەلاتی باشووری ئەمریکای باکووری 2 زمانی مۆسکۆگیایی ئەو گەلە) ◌ موسکوگی

musk ox /'mʌsk ɒks/ *noun*

گاماسک [*Ovibos moschatus*] ◌ گاو مشک

musk plant *noun*

گیاماسک [*Mimulus moschata*] ◌ گیاه ماسک

muskrat /'mʌskræt/ *noun*

1 مشکی ئاوی، مشکەئاوی، کرتێنەرێکی نیمچەئاوی ئەمریکای باکووری [*Ondatra zibethicus*] 2 پێستە یان کەوڵی مشکی ئاوی ◌ 1 موش آبی 2 پوست موش آبی

musk-rose /'mʌsk rəʊz/ *noun*

(ڕووەکناسی) گوڵعەمبەر، گیابۆ، گوڵەبۆ، گوڵە نەسرین [*Rosa moschata*] ◌ گل مشکی

musk thistle *noun*

(ڕووەکناسی) جۆرێ کەرتەشی ئوراسیایی و خۆماڵی ڕۆژهەلاتی ئەمریکای باکوورییە [*Carduus nutans*] ◌ نوعی گیاه

musky /mʌskɪ/ *adjective*

ماسکی: *a musky perfume* (= smelling of or like musk) ◌ مشکین

Muslim /'mʊzlɪm, US 'mʌz-, -ləm/ *noun, adjective,* also Moslem

n موسوڵمان *adj* ئیسلامی، سەربە ئیسلام یان موسوڵمانان ◌ *n* مسلمان *adj* وابسته به اسلام یا مسلمانان

muslin /'mʌzlɪn/ *noun*

شلە، فرفاتە، مووسلین، مازلین (جۆرێ پارچەی کەتانی سووک، *adj* muslined؛ بنەڕەت: لە فەرەنسی mousseline، لە ئیتالیایی mussolina، لە Mussolo "موسڵ" Mosul (شاری بەرهەمهێنان لە ئیراقدا) ◌ وال

muso /'mju:zəʊ, US -zoʊ/ *noun, pl.* musos

(نافەرمی، بریتانیا) موسو، میوزۆ، مۆزۆ (کەسێ کە موسیقای گەلێری لێدەدا و شارەزاشیەتی) ◌ موسو، موزو

musquash /'mʌskwɒʃ, US -skwɑ:ʃ, -skwɔ:ʃ/ = muskrat

muss /mʌs/ *noun*

شێواوی، ئالۆزی، پشێوی، تێکەوڵێکەیی، شپرزەیی، شلەژاوی، نارێکی، نارێکوپێکی ◌ آشفتگی، نابسامانی

mussal *noun*

(لە هیند) مەشخەڵ، چۆڵەچرا، مێلەدە ◌ مشعل

mussel /'mʌsl/ *noun*

1 سەدەفی خۆراکی، گوێچکەماسی، پێشۆک (هی خۆراکی) و جۆرەکانی [*Mytilus edulis* تر، خێزان [Mytilidae 2 جۆرێ لەشنەرمی دوولەپکەیی ئاوی شیرین، چەند جۆرێکی مرواری هەڵدێنن [خێزان Unionidae] ◌ 1 صدف خوراکی 2 ماسل

Mussulman /'mʌs(ə)lmən/ *noun, adjective. pl.* Mussulmans or Mussulmen

موسوڵمان ◌ مسلمان

must[1] /mʌst/ *noun*

شتێکی پێویست، :essential requirement *Trips to Pompeii and* ◊ *exercise is a must* ◌ امر واجب *Naples are absolute musts*

must[2] /mʌst/ *noun*

ئاوی ترێ، تراوگ، ئاوگی ترێ (پێش ترشاندن) ◌ آب انگور

must[3] /mʌst/ (also musth) = mustiness

must[4] /mʌst/ *noun, adjective*

n مەستی *adj* مەست ◌ *n* مستی *adj* مست

mustache = moustache

mustachio /mə'stɑ:ʃɪəʊ/ *noun*

سمێڵبابر ◌ موستاشیو

mustang /'mʌstæŋ/ *noun*

ماستانگ (= جۆرێ ئەسپی کێوی یان نیمچەکێوی ئەمریکای باکووری) ◌ موستانگ

mustard /'mʌstəd, US -tərd/ *noun, adjective*

1 (ڕووەکناسی) خەردەل، خەرتەل(ـە)، ناهووری، گۆرمزە، تڕەوکە، شێلمۆک [*Brassica nigra* (ڕەش)، *Sinapis alba* (سپی) و جۆرەکانی تر] 2 هاراوە یان گەردەی شێلمۆک یان خەردەل 3 سۆسی خەردەل 4 (ڕەنگ) قاوەیی زەرد یان زەردی خەرتەلی: *a mustard sweater* ◌ 1 گیاه خردل 2 گرد خردل 3 سس خردل 4 زرد خردلی

mustard gas *noun*
گازی خەردەل یان خەرتەل (بە $C_4H_8Cl_2S$، پێست دەسووتێنێ و بۆ یەکەمجار بەدرێژایی شەڕی جیهانی یەکەم بەکارهێنرا) ۞ گاز خردل

mustard greens *noun, pl.*
گەڵای خەرتەل(ە) بۆ نێو سالاد ۞ برگهای خردل در سالاد

mustard plaster *noun*
نێونەمەک یان پلاستێری خەردەل یان خەرتەل ۞ ضماد خردل

mustelid /'mʌstəlɪd, US mʌ'stelɪd/ *noun*
(گیانەوەرناسی) مشکەخۆرەکان (بریتین لە weasel، marten، skunk و otter ـەکان، [خێزانی Mustelidae]؛ بنەڕەت: لە Mustelidae لاتینی نوێ، لە *mustela* لاتین "weasel") ۞ راسونیها

musteline /'mʌstɛlaɪn/ *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە تیرەی مشکەخۆرەکانەوە هەیە ۞ وابستە بە راسونیها

muster /'mʌstə(r)/ *noun*
1 کۆبوونەوە، کۆمبین، کۆمجڤین، کۆڕبەستن، گردبوونەوە 2 سەردان، دیدەنی 3 سان، ڕێژە ۞ 1 اجتماع، گردهمایی 2 بازدید 3 رژه

muster roll *noun*
لیستە، پێرست، muster inventory بیت لیستی فەرمی ئەفسەران و پیاوانی ئەرتەشی یان هێزی دەریایی ۞ ماستر رول

musth = must[4]

mustiness /'mʌstinəs/ *noun*
1 بۆگەنی، گنخان، گنخاوی 2 برشهێنان، تەمهێنان، کەپرۆکەبەستن، کەرەکیفاوی‌بوون، کەڕووهێنان ۞ 1 تعفن 2 کپک‌زدگی

mustn't = must not

must've = must have

musty /'mʌsti/ *adjective* (mustier, mustiest)
1 برشاوی، کەرەکیفاوی، کەپرۆکەبەستوو، تەماوی، کەڕووهێناو 2 بەیات، بۆخاو، خاو، بەخاوکەوتوو، گنخاو، بۆگەنیو 3 کۆن، لەباوکەوتوو، رزیو، پواو، سواو، بێبرەو ۞ 1 کپک‌زده 2 بیات 3 منسوخ

mutability /,mju:tə'bɪləti/ *noun*
بگۆڕی، لەگۆڕانهاتوویی ۞ تغییرپذیری

mutable /'mju:təbl/ *adjective*
1 بگۆڕ، لەگۆڕانهاتوو 2 وازی‌وازی، تاوتاو، رارا ۞ 1 تغییرپذیر 2 دمدمی

mutagen /'mju:tədʒ(ə)n/ *noun*
مەتریاڵێ کە دەبێتەهۆی mutationی ژێنێتیکی (mutagenic *adj* ؛mutagenesis *n*) ۞ مرتاژن

mutant /'mju:tənt/ *noun, adjective*
n (گیانەوەر یان ڕووەک) بوونەوەری ڕەگەزگۆڕاو (بازداو) *adj* ڕەگەزگۆڕاو (بازداو)، لەبەر گۆڕانی پێکهاتەی ژێنێتیکی: *a mutant* ؛*a mutant strain of the virus* ◊ *gene* بنەڕەت: لە *-mutant* ،*mutare* "گۆڕین to change") ۞ *n* موجود جهش‌یافته *adj* جهش‌یافته

mutated *adjective*
ڕەگەزگۆڕاو، بازداو ۞ جهش‌یافته

mutation /mju:'teɪʃn/ *noun*
1 بازدان، گۆڕانی کوتوپڕ یان ناکاو، موتاسیۆن: *cells affected by mutation* ◊ 2 گۆڕان، گۆڕانکاری، *genetic mutations* گۆڕان لە شێوەدا: *the mutation of ethnic* 3 *politics into nationalist politics* (زمانەوانی، لە زمانە سیلتیکەکاندا) گۆڕانی دەنگی (سەرەتا لە وشەیەکدا بە هۆی وشەی پێشتر، لە زمانە ئەڵمانییەکاندا umlaut): 4 ئۆرگانیزمی ڕەگەزگۆڕاو *vowel mutation* یان بازداو (بنەڕەت: لە *-mutatio(n)* لاتینەوە، لە *mutare* "گۆڕین") ۞ 1 جهش 2 تغییر، دگرگونی 3 تغییر آوایی 4 موجود جهش‌یافته

mutational *adjective*
۞ (mutationally *adv*) mutation سەربە mutation وابستە بە

mutative /'mju:tətɪv/ *adjective*
گۆڕانکاری‌یانە ۞ تحولی

mutatis mutandis /mju:,tɑ:tɪs mju:'tændɪs, US mu:-/ *adverb*
(لاتینی) بە یان لەگەڵ گۆڕانکارییەکی پێویستەوە، کەمێتاکورت: *The same contract, mutatis mutandis, will be given to each employee* ۞ با جرح و تعدیل لازم، کمابیش

mute /mju:t/ *adjective, noun*
adj 1 بێدەنگ، کپ، مات، دەنگ‌دەرنەهاتوو، بێ‌زمان، خەفە، کڕ، لاڵ 2 (فیلم) بێدەنگ *n* 1 دەنگبڕ 2 چەمەری‌گێڕ، سەردولکەبێژ 3 (پیتێ لە وشەیەکی نووسراودا) گۆنەکراو، نەوتراو، بێژنەکراو (لەکاتی وتندا، وەکوو *b* لە *dumb*) 4 مرۆڤی لاڵ ۞ *adj* 1 ساکت، خاموش، لال 2 صامت *n* 1 صداخفه‌کن 2 نوحه‌خوان 3 حرف غیرملفوظ 4 آدم گنگ

mute button *noun*
دوگمەی بێدەنگی (یان دەنگ‌نەچوون) ۞ دکمه‌ی سکوت

muted /'mju:tɪd/ *adjective*
1 ئارام، هێدی، هێواش، نیان، نەرم: *the -ted sound of traffic outside* ◊ *They spoke in* 2 (ڕەنگ) نەرم، مات، نازەق، *muted voices* بێبریقە: *a dress in muted shades of blue* ۞ 1 آهسته، ملایم 2 (رنگ) ملایم

mutely /'mju:tli/ *adverb*
بێدەنگانە، silently: *He nodded mutely* ۞

به طور ساکت

muteness /mju:tnəs/ *noun*

بـــێ‌دەنگـــی، مـــاتی، کپـــی، بـــێ‌زمـــانی، دەنگ‌دەرنەهاتوویی، کڕی، لاڵی ۞ ســکوت، بی‌صدایی، گنگی

mute swan *noun*

قازەکەڕە، کەڕەقازە، قازە بێ‌دەنگە [*Cygnus olor*] ۞ قوی گنگ

muti /'mu:ti/ *noun*

گیاودەرمـان: (ئـەفریکای باشـووری) پزشـکی خۆماڵی ئەفریکا، لەسەر بنچینەی بەکارهێنانی گیـا و بەشـەکانی گیانـەوەری (بنـەڕەت: لـە زولوویی *umuthi* "گیـا و دەرمـان plant or medicine") ۞ موتی

mutilation /ˌmju:tɪ'leɪʃn/ *noun*

1 ئەندامبڕی، لەش‌بڕین، پەل‌کردن، قەلـغ‌کردن: *Thousands suffered death or mutilation in the bomb blast* 2 شێواندن، نوقسان‌کردن، نوقساندن، لەسماندن، لەسم‌کردن، سەقەت‌کردن، مجرۆیی، سەقەتی، نوقسانی ۞ 1 قطع عضو 2 معیوب‌سازی، معلولیت

mutilator *noun*

ئەندامبـــڕ، لەشـــبڕ، پـــەل‌بـــڕ، مجرۆکـــەر ۞ قطع‌عضوکننده

mutineer /ˌmju:tə'nɪə(r), US -'nɪr/ *noun*

سەرهەڵـداو، راپـەڕیو، یـاخی، هەڵـگەڕاوە، سەربزێو، سەربازی یاغی (بنەڕەت: لە *mutinier* فەڕەنسی، لە *mutin* "rebellious") ۞ شورشی

mutinous /'mju:tənəs/ *adjective*

1 سـەرهەڵـداو، راپـەڕیو، یـاخی، هەڵـگەڕاوە، سـەربزێو، rebellious: ◊ *mutinous workers* 2 سەربزێوانە، یاخی‌گەرانە: *a mutinous crew* ◊ *mutinous threats* ۞ 1 شورشـی، متمـرد، سرکش 2 تمردآمیز

mutinously /'mju:tənəsli/ *adverb*

یاخی‌یانە، سەبزێوانە ۞ متمردانه

mutiny /'mju:təni/ *noun, pl.* mutinies

1 (ب.ت. سـەرباز و مەلـەوانان) سـەربزێوی، سەرپێچی، نافەرمانی، ناگوێڕایەڵی، سـەرهەڵـدان، راپەڕین، یاخی‌بوون، هەڵگەڕانەوە: *Discontent among the ship's crew finally led to the* ◊ *outbreak of mutiny the famous movie 'Mutiny on the Bounty'* 2 ئاژاوە، پشێوی، دوژمـنی، شـەڕخوازی (بنـەڕەت: لـە *mutine* بـێ‌بـاو "rebellion"، لـە *mutin* فـەڕەنسـی "mutineer") ۞ 1 شـورش، تمـرد، سرکـشی 2 فتنه، دشمنی

mutism /'mju:tɪzəm/ *noun*

1 بـێ‌دەنگـی، دەنـگ‌دەرنـەهاتوویی، کپـی، وسکوتی 2 لاڵی ۞ 1 بی‌صدایی، سکوت 2 گنگی

mutt /mʌt/ *noun*

1 (نافـەرمی) مـرۆی گـەوج و حەپـە، حەپەمێش‌خۆر 2 سەگی ناڕەسەن یان دوورەگ ۞ 1 آدم احمق و هالو 2 سگ بی‌نژاد

mutter /'mʌtə(r)/ *noun*

1 سرتە، چرپە 2 بۆڵـە، شیرەشیر، منگە، خوتە، پرتە ۞ 1 پچ‌پچ 2 غرولند

muttering /'mʌtərɪŋ/ *noun*

پرتەوبۆڵە، شیرە، خوتەخوت، منگە ۞ غرولند

mutton /'mʌtn/ *noun*

گۆشتی مەڕ ۞ گوشت گوسفند

mutton bird *noun*

باڵـندەگۆشـتەمـەڕە (چونکـو کاتـێ لێـدەنـرێ، گۆشتەکەی تام و چێژی گۆشتی مەڕی هەیە): shearwater یـــان petrelی ئۆقیانووســـە باشـووری‌یـەکان [*Puffinus tenuirostris* و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی پرنده

muttonchops *noun, pl.*, also mutton chop whiskers

ریشی چەناگەتاشراو ۞ ریش چانه‌تهی

mutton-head *noun*

مرۆی گەوج و لەوج ۞ آدم احمق

mutton-headed *adjective*

گەوج و لەوج ۞ احمق

mutual /'mju:tʃuəl/ *adjective*

1 دوولایەنە، ئاڵ‌وگۆڕکراو، دووقۆڵی، دووسەرە، دوولایـی، هاوبـەش، پێکـەوەیی: *mutual respect/understanding* ◊ *mutual support/aid* 2 یـەکتر ۞ 1 متقابـل، دوسـویه، دوجانبه، مشترک 2 هم‌دیگر

mutual agreement *noun*

ڕێک‌کەوتنی دوولایەنە، یەک‌کەوتنی دووقۆڵی ۞ توافق دوجانبه

mutual attraction *noun*

راکێـشانی دوولایەنـە، یـەکترکێش‌کـردن، یەکترکێشی ۞ جاذبەی متقابل

mutual fund = unit trust

mutual interaction *noun*

کارلێکی دوولایەنە ۞ تعامل متقابل

mutualism /'mju:tʃu:lɪzəm/ *noun*

1 موچوالیزم: رێبازێ کە سەربەخۆیی دوولایەنە بـە شـتێکی پێویـست دەزانـێ بـۆ ژیـن‌فـرەهـی کۆمەڵایەتی 2 پێکەوەژیانی دوو زیندەوەر (کە بـۆ هـەردوو گیانەوەرەکـە بەسـوودە) ۞ 1 تقابل‌گرایی 2 هم‌زیستی دو موجود

mutualist /'mju:tʃu:lɪst/ *noun*

موچوالیست ۞ تقابل‌گرا

mutualistic *adjective*

موچوالیـتی ۞ تقابل‌گرایانه

mutuality /ˌmju:tʃu'æləti/ *noun*

دوولایەنێتی، هاوبەشێتی، بەرامبەرێتی ۞ تقابل

mutualization *noun*

1 هاوبەش(ی)کردن، هاوبەشاندن 2 دوولایەنەکردن، دوولایەناندن ۞ 1 مشترک‌سازی 2 دوطرفه‌سازی

mutually /'mju:tʃuəli/ *adverb*
دوولایەنە، دووقۆڵی، لە دوولاوە، لەیەک، لێک: *a mutually beneficial/supportive relationship* ۞ دوجانبه، متقابلاً

mutually exclusive *noun*
یەکترهەڵوەشێن ۞ مانعه‌الجمع

mutual respect *noun*
ڕێزی دوولایەنە ۞ احترام متقابل

mutual sodomy *noun*
گانگانۆکێ، گانگانۆکە، سەربەسەر ۞ موچـوال سودومی

mutual trust *noun*
ڕابینین یان باوەڕی دوولایەنە ۞ اعتماد دوجانبه

mutual understanding *noun*
لێک‌گەیشتنی دوولایەنە، لێک‌گەیشتنی دووقۆڵی ۞ تفاهم دوجانبه

mutuel /'mju:tʃuəl, US -tʃuəl/ = **pari-mutuel**

mutule /'mju:tju:l/ *noun*
بەشێ یان بەردی دەربەڕیو لەژێر هێرەبە شێوازی Doric ۞ موتول

muu-muu /'mu:mu:/ *noun*, also muumuu
(لە ئەمریکا) کراسی درێژی هەراو ۞ مومو

mux = **multiplexer**

Muzak /'mju:zæk/ *noun*, also muzak
میوزەک، موزاک (= موزیکێکی تۆمارکراو کە لە بەسا لە فرۆکەخانە، کارگە، خواردنگە و دووکانەکان بڵاودەبێتەوە) ۞ موزاک

muzhik /mu:'ʒɪk, US 'mu:ʒɪk/ *noun*, also **moujik**
(ڕووسی) موژیک، جووتبەندە، وەرزێر، جووتیار ۞ موژیک

muzzily /'mʌzɪli/ *adverb*
گێژانە، بەوڕی، بەکاسی ۞ با گیجی

muzziness /'mʌzinəs/ *noun*
گێژی، وڕی، کاسی، گێژومەنگی ۞ گیجی

muzzle /'mʌzl/ *noun*
1 لمۆز، دەم و لمۆز، قەپۆز 2 لەواشە، لۆچکە (کاتی ناڵ‌کردن)، زاربێن(ک)، قەمتەر، دەمبێن 3 دەمی تفەنگ (بنەڕەت: لە *musel* فەرەنسی کۆن، چکۆلێنراوی *musum* (med. Latin ۞ 1 پوز 2 پوزبند 3 دهانه‌ی تفنگ

muzzle-loader /'mʌzl ˌləʊdə(r)/ *noun*
(تفەنگی) سەرپڕ، دەم‌پڕ ۞ سرپر

muzzle-loading /'mʌzl ˌləʊdɪŋ/ *noun*
تفەنگی سەرپڕ ۞ تفنگ سرپر

muzzle velocity *noun*
(گوللە، تۆپ و هتد) خێرایی دەرچوون، خێرایی سەرەتا یان هەوەڵ، تونـدی دەرچـوون، خێرایی دەم ۞ سرعت آغازین

muzzy /'mʌzi/ *adjective* (muzzier, muzziest)
1 گێژ، وڕ، سەرلێ‌شێواو، کاس (لەبەر نەخۆشی، خەو یان مەستی) 2 لێڵ، نادیار، تەڵخ، تەم‌ومژاوی، تەماوی: *muzzy plans* ۞ 1 گیج 2 تار

MV /ˌem 'vi:/ *abbreviation* 1 motor vessel 2 megavolt
کەشتی مۆتۆڕدار (یان بزوێنەدار) ۞ کشتی موتوردار

MVP /ˌem vi: 'pi/ *abbreviation* most valuable player
باش‌ترین یاریزانی دەستە ۞ ام‌وی‌پی

MW *abbreviation* medium wave

my /maɪ/ *adjective*
(ئاوەڵناوی خاوەنداری، یەکەم کەسی تاک) م، ی‌من، ـەکەم ۞ ـم، ـمن

my- *prefix*
پێشگر: ماسوولکە، ماسولـە، زڤلـک، گـردک: *myoglobin ،myalgia*: ماسوولکەیی و...: *myoneural* ۞ پیشوند: عـضله، ماهیچه، ماهیچه‌ای و...

myalgia /maɪ'ældʒə/ *noun*
ماسوولکەئێشە، ژانەماسوولکە ۞ درد عضله

myalgic *adjective*
1 سەربە ماسوولکەئێشە، ژانەماسوولکەیی 2 تووش‌بوو بە ماسوولکەئێشە ۞ 1 وابسته به درد عضله 2 دچار درد عضله

myalgic encephalomyelitis = chronic fatigue syndrome (*abbreviation* ME)

myalism /'mʌɪəlɪz(ə)m/ *noun*
دینێکی خۆماڵی جامائیکایی Jamaican ۞ مایلیسم

myall /'mʌɪəl/ *noun*
1 جۆرێ درەختی ئاکاکیای ئەوستralیایی دارسەختی بۆن‌خۆش [*Acacia pendula* و جۆرەکانی تر] 2 سەرەتانشینی ئەوسترالیایی کە بە شێوەی خۆماڵی دەژی ۞ مایل

myasthenia /ˌmʌɪəs'θi:nɪə/ *noun*, also -nia gravis /'grɑ:vɪs, 'gravɪs/
لاوازی یا سستی ماسوولکە، بێ‌هێزی ماسوولکە، ماسوولکەسستی، ماسوولکەسستە ۞ ضعف عضله

mycelial *adjective*
تۆڕەداوێلکەیی، تۆڕەدەزوولەیی ۞ وابسته به میسلیوم

mycelia sterilia *noun*
کارگ یان کەڕووی نەزۆک ۞ قارچ نازا

mycelium /mʌɪ'si:lɪəm/ *noun, pl.* mycelia /-lɪə/

(رووەکناسی) تۆڕەداویلکە، تۆڕەدەزووولە، میسیلیۆم ⟡ میسیلیومۀ جُلینه

Mycenaean /ˌmʌɪsɪˈniːən/ *noun, adjective,* also Mycenean

adj (شوێنەوارناسی) سەربە شارستانیەتی سەردەمی مەفرەخی دواتر لە یۆنان، لە شارەکانی Mycenae و شارەکانی تر *n* 1 دانیشتووی مایسین یان ئەندامی گەلی مایسینی، مایسینی، میسێنی 2 یۆنانی سەردەمی مایسین 3 mycenaean greek = ⟡ میسنی

Mycenaean architecture *noun*

ئارکیتێکچێر یان بیناسازی مایسینی ⟡ معماری میسنی

Mycenaean Greek *noun*

یۆنانی مایسینی: سەرەتاترین شێوەی تۆمارکراوی زمانی یۆنانی، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی 15 تا 13 بەرلە زایین ⟡ یونانی میسنی

-mycete *suffix*

پاشگر: کارگ، قارچک، کەڕوو (تاکی mycetes) ⟡ پسوند: قارچ

-mycetes *suffix*

پاشگر: کارگ، قارچک، کەڕوو، بۆ سازکردنی ناوە پۆلییەکانی taxonomic کارگ و کەڕووەکان بەکاردێنرێ، ب.ت. پۆلەکان class: *Myxomycetes* ⟡ پسوند: قارچ

mycetoma *noun, pl.* mycetomata or mycetomas

لووی کەڕوویی یان کارگی: جۆرێ نەخۆشی درێژخایەنی لوولوو کە بەهۆی چەندین کارگ یان کەڕووی خاکییەوە تووش دەبێ و پاکان تێوە دەدا ⟡ مایستوما

mycetomatous *adjective*

خاوەنی لووی کەڕوویی یان کارگی ⟡ مایستوماتوس

mycetophagous *adjective*

کەڕووخۆر، کارگخۆر، قارچکخۆر، مایستۆفاگۆس ⟡ قارچخور

mycetozoan *noun, adjective*

(سەربە) کەڕووەلینجە ⟡ (وابستە بە) قارچ لجنی

-mycin *suffix*

پاشگر: ماک یان سابتەنسێ کە لە بەکتریایێکی کەڕووئاسا یان کارگئاسا بە دەست هێنراوە: *streptomycin ,erythromycin* (بنەڕەت: لەسەر بنچینەی -myco) ⟡ پسوند: مایسین

myco- *prefix*

پێشگر: کەڕوو، کارگ، قارچک: mycosis *,mycology ,mycoprotein* (بنەڕەت: لە *mukēs* یۆنانییەوە، "fungus, mushroom") ⟡ پیشوند: قارچ

mycobacterial *adjective*

سەربە بەکتریای کەڕوو ⟡ وابستە بە باکتری قارچ

mycobacterium /ˌmʌɪkə(ʊ)bakˈtɪərɪəm/ *noun, pl.* -obacteria /-rɪə/

بەکتریای کەڕوو (دەبێتە هۆی دەردەباریکە و گوولی [توخم *Mycobacterium*]) ⟡ باکتری قارچ

mycobiont *noun*

کارگژی، مایکۆبیۆنت: ئەندامێکی کارگ یان کەڕوو لەسەر کرێژەبەردێ lichen ⟡ مایکوبیونت

mycoflora *noun, pl.* mycofloras or mycoflorae

(لاتینی) جێ‌مەلێ، مەلەگا، ئەستێری مەلێ، ئەستێرەمەلە، شوێنەمەلێ (ب.ت. حەوزی نێوەوەی مەلێ) ◇ شناگاه
natatory /ˈneɪtət(ə)ri, US nəˈteɪt(ə)ri/ *adjective*
مەلەیی، پێوەندی بە مەلەوە هەیە ◇ شنایی
natch *adverb, informal* naturally
nates /ˈneɪtiːz/ *noun, pl.*

سـمت، کلۆت، کەفـەل، پاشـل، پاشـەل، گۆلـمە،
گوپ، هێت ۞ کفل

nath(e)less /ˈneɪθlɪs/ = nevertheless

nation /ˈneɪʃn/ *noun*
1 نەتـەوە، وڵات، گـەل، خەڵـک: *an*
independent nation 2 گـەلی سووریێـستی
ئەمریکای باکووری یان کۆنفیدراسیۆنی گەلان
۞ 1 ملت، کشور، خلق 2 ناسیون

national /ˈnæʃnəl/ *adjective, noun*
adj 1 نەتەوەیی، نیشتمانی، نەتەقی: : *national*
national and ◊ *and local newspapers*
◊ *a national election* ◊ *regional politics*
These buildings are part of our national
national and international heritage
news 2 گـشتی، سەرتاسـەری، گەلەمپـەری،
نێوخۆیی 3 (خـاوەنداری (یـان خـاوەنایـەتی)،
a national :کۆنتـرۆڵ و هتـد) حکـومی
n nationalist 4 *airline/museum/theatre*
1 هـاووڵاتی، هاونیـشتمانی، سـیتیزێن یـان
Polish :هاونیـشتمانی وڵاتێکـی تایبـەتی
2 *nationals living in Germany* ڕۆژنامـەی
(nationals) 3 نەتـەوەیی یـان نیـشتمانی
هاونیـشتمانان، هاووڵاتیـان ۞ *adj* 1 ملـی 2
همگـانی، عمـومی، داخلـی 3 دولتـی *n* 1 تبعـه 2
روزنامەی ملی 3 (در جمع) اتباع

national anthem *noun*
سـرود نەتەوەیی یان نیشتمانی ۞ سرود ملی

National Assembly *noun*
1 ئەنجومەنی نیشتمانی یان نەتەوەیی 2 دەسـتەی
قـانوونـدانـەرانی هەڵـبژاردە لـە فەرەنـسـەدا
بەدرێژایی بەشی یەکەمی شۆڕش 91-1789 ۞
1 مجلس ملی 2 آسمبلی ناسیونال

national assistance *noun*
(جاران) یاریدەدانی حکومی ۞ کمک دولتی

national bank *noun,* also central bank
بانکی نیشتمانی یان ناوەندی ۞ بانک مرکزی

national convention *noun*
کۆبوونەوەی نیشتمانی (یا گشتی، کۆبوونـەوەیێ
کە لە لایەن پارتێیەکی سیاسییەوە دەگیرێ.
ب.ت. لە ئەمریکادا بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان
تـا بەشـداری بکـەن لـە هەڵـبژاردنی
سەرۆککۆماری‌دا) ۞ اجلاس ملی

national costume *noun,* also national dress
جل‌وبەرگی نەتەوەیی، بەرگی نیشتمانی ۞ لباس
ملی

national curriculum *noun*
(لـە بریتانیـا) بەرنامـەی نەتـەوەیی (بـۆ منـاڵانی
تەمەن 5 تا 16 ساڵان) ۞ برنامەی آموزشی ملی

national debt *noun*
قەرزی حکومی، قەرزی نیشتمانی یان نەتـەوەیی
۞ بدهی دولتی

national defence *noun*
بەرگری نیشتمانی یان نەتەوەیی ۞ پدافند ملی

the National Freedom *noun*
(لـە بریتانیـا و ویـڵز) بـەرەی نیـشتمانی یـان
نەتەوەیی ۞ جبهەی ملی

national government *noun*
حکومەتی هاوبەندی ۞ دولت ائتلافی

national grid *noun*
(لـە بریتانیـا) تـۆڕی گـشتی یـان سەرتاسـەری
(هەموو بەشـەکانی وڵات) ۞ شبکەی سراسری

the National Guard *noun*
پـارێزەرانی یـان گـاردی نیـشتمانی، گـاردی
نەتـەوەیی (ئەرتەشـێکی چکۆلانـە زۆرتـر بـۆ
پاراسـتنی ڕێبـەرانی ڕامیـاری)، (ئەرتەشـێ کـە
هەریـەک لـە ئەیالەتـەکانی ئـەمریکا کـە ئەگـەر
پێویـست بـوو، دەتـوانرێ بـۆ حکومـەتی فیـدراڵ
بەکاربێنرێ) ۞ گارد ملی

the National Health Service *noun*
(لـە بریتانیـا) ڕاژەوانی تەندروسـتی گـشتی ۞
خدمات درمانی همگانی

national income *noun*
داهاتی نەتەوەیی یان نیشتمانی ۞ درآمد ملی

National Insurance *noun*
بیمەی کۆمەڵایەتی، بیمەی دابین‌کاری ۞ بیمەی
(تأمین) اجتماعی

nationalism /ˈnæʃnəlɪzəm/ *noun*
نەتەوەگـەری، نەتەوایـەتی، نەتـەوەباوەری،
نەتەوەپەرستی، نەتەوەخوازی، نیشتمان‌پەروەری،
سەربەخۆیی‌خوازی ۞ ملی‌گرایی، استقلال‌طلبی

nationalist /ˈnæʃnəlɪst/ *noun, adjective*
نەتەوەگـەر، نەتـەوەخواز، نەتـەوەباوەر،
نەتەوەپەرسـت، نەتـەوەیی، ناسیۆنالیـست،
Kurdish :نیـشتمان‌پەروەر، سـەربەخۆیی‌خـواز
nationalists ۞ ملی‌گرا، استقلال‌طلب

nationalistic /ˌnæʃnəˈlɪstɪk/ *adjective*
نەتەوەگـەری‌یانـە، نەتـەوەخوازی‌یانـە، سـەربە
نەتەوەگەری ۞ ملی‌گرایانە

nationality /ˌnæʃəˈnæləti/ *noun, pl.* nationalities
نەتەوایـەتی، هاونیـشتمانی، هـاووڵاتی،
هاونیـشتمانێتی، نەتـەوە، گـەل، سـەربەخۆیی
ڕامیاری یا سیاسی، هۆشیاری نەتەوەیی ۞ ملیت،
تابعیت، ملت، خلق، استقلال سیاسی، آگاهی ملی

nationalization /ˌnæʃnəlaɪˈzeɪʃn, US -ləˈz-/ *noun*
خۆماڵی‌کردن، خۆیی‌کـردن، نەتەوەیی‌کـردن ۞
ملی‌سازی

nationalized *adjective*
خۆماڵـی‌کـراو، خـۆیی‌کـراو، نەتـەوەیی‌کـراو،
وەرگیراو لە وڵاتێ ۞ ملی‌شدە، به تابعیت درآمده

nationalized industry *noun*

پیشەسازی خۆماڵیکراو یان نەتەوەییکراو ۞ صنعت ملی‌شده

National League *noun*
(لە ئەمریکا و کەنەدا) لیگی نەتەوەیی یان نیشتمانی ۞ لیگ ملی

nationally /'næʃnəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی نەتەوەیی، لە ئاستی وڵاتدا ۞ بە طور ملی، در سطح کشور

national monument *noun*
شوێنەواری نەتەوەیی یان مێژوویی، جێگای سەردانکردن ۞ بنای ملی

national park *noun*
پارک یان سەیرانگای نیشتمانی ۞ پارک ملی

national product *noun*
بەرهەمی نیشتمانی یا نەتەوەیی ۞ فراوردەی ملی

national service = military service

national security *noun*
ئاسایشی نەتەوەیی یان نیشتمانی، ئاسایشتی نەتەوەیی ۞ امنیت ملی

national socialism *noun*
1 سۆشیالیزمی نەتەوەیی یان نیشتمانی 2 National Socialism دوکترینی پارتی نازی ئەڵمانی ۞ سوسیالیسم ملی

national socialist *noun*
سۆشیالیستی نەتەوەیی یان نیشتمانی ۞ سوسیالیستی ملی

national sport *noun*
وەرزش یان سپۆرتی نەتەوەیی، وەرزشی نیشتمانی ۞ ورزش ملی

National Trust *noun*
(لە بریتانیا) کۆمەڵە یان ڕێکخراوی پاراستنی کەلەپووری نەتەوەیی یان نیشتمانی (لە 1895 دامەزرا) ۞ انجمن یا سازمان حفظ میراث ملی

national union *noun*
یەکێتی نەتەوەیی یان نیشتمانی ۞ اتحادیەی ملی

nationhood /'neɪʃnhʊd/ *noun*
نەتەوێتی، نەتەوایەتی ۞ ملیت

nation-state *noun*
حکومەت نیشتمانی، دەوڵەتی نەتەوەیی، نەتەوەوڵات ۞ دولت ملی

nationwide /ˌneɪʃn'waɪd/ *adjective, adverb*
adj گشتی، وڵاتی، تێکرایی، سەرتاسەری، لە گشت وڵاتدا *adv* لە ئاستی وڵاتدا، لە سەرتاسەری وڵاتدا، لە هەموو بەشەکانی وڵاتدا ۞ *adj* عمومی، سراسری *adv* در سطح کشور

native /'neɪtɪv/ *noun, adjective*
n 1 ڕەسەن(ی)، سەرەتانشین، بوومی، بنەنشین، خەڵکی 2 ڕووەک یان گیانەوەری خۆجێیی یان خۆماڵی یان ڕەسەن *adj* 1 دانیشتوو، بوومی، خۆجێیی، ڕەسەن، خۆماڵی، ناوچەیی، گەلی، نەتەوەیی: *Her native language is Kurdish* 2 (زمان) دایکی، زمانی یەکەم، بنەزمان 3 خۆماکی، نادەسکەوتەیی، گەوهەری، کرۆکی، زاتی، زگماکی، ڕەسەن، بنەڕەتی، سروشتی، خۆڕسکی، سادە، نەڕازاوە، inborn، innate، ◊ *native art* ◊ *native talents* :indigenous native ◊ *the native plants of Kurdistan* *species* ۞ *n* 1 بومی، اهل 2 گیاە یا جانور بومی *adj* 1 مقیم، بومی، محلی، قومی 2 مادری 3 ذاتی، اصیل، طبیعی، بدون آرایش

Native American *noun, adjective,* also american indian
n 1 دانیشتووی ڕەسەن یان سەرەتانشینی ئەمریکا، ئەمریکایی ڕەسەن 2 ئەندامی هەریەک لە گەلانی ڕەسەنی ئەمریکای باکووری و باشووری و دوورگەکانی کارائیب *adj* سەربە هەریەک لەم گەلانە ۞ *n* 1 بومی امریکا 2 مردمان بومی امریکا *adj* وابستە بە هر یک از مردمان بومی امریکا

Native American culture *noun*
چاند یا فەرهەنگی دانیشتوو(ان)ی ڕەسەنی ئەمریکا ۞ فرهنگ بومی امریکا

Native American language *noun*
زمانەکانی ئەمریکایی ڕەسەن، زمانەکانی دانیشتووی ڕەسەنی ئەمریکا ۞ زبانهای بومی امریکا

native bear = Australian term for koala

native cat = Australian term for quoll

native elm bark beetle = elm bark beetle 1

native hen *noun*
(ڕووەکناسی) گامارۆ یان ڕەشبەشی ئەوسترالیایی [*Gallinula ventralis* یان *G. mortierii*] ۞ چنگر استرالیایی

native rock *noun*
بەردی ڕەسەن یان خۆجێیی ۞ سنگ بومی

native speaker *noun*
قسەپێکەری ڕەسەنی زمان، قسەپێکەر یان ئاخێوەری زمانی خۆماڵی ۞ سخنگوی بومی زبان

nativism /nə'tɪvətɪzəm/ *noun*
1 خۆماکگەری، خۆماکباوەڕی، خۆماکخوازی 2 نەیتیڤیزم، ڕەسەنگەری (سیاسەتی پشتیوانی لە بەرژەوەندییەکانی دانیشتووانی ڕەسەنی شوێنێ) 3 گەڕانەوە یان پێداگیری لەسەر نەریتە خۆماڵی و ناوچەییەکان ۞ 1 فطرتگرایی 2 ناتیویسم

nativist /nə'tɪvətɪst/ *noun*
خۆماکگەر، خۆماکباوەڕ، خۆماکخواز، نەیتیڤیست ۞ فطرتگرا

nativistic *adjective*
خۆماکگەریانە، خۆماکباوەڕانە، خۆماکخوازیانە، نەیتیڤیستی ۞ فطرتگرایانە

nativity /nə'tɪvəti/ *noun, pl.* nativities
1 (بونـەی) لـە دایـک‌بـوون 2 (Nativity) (لـە
دایـک‌بـوونی کریـسـت یـان حـەرزەتی عیـسـا 3
وێنـەی (لـە دایـک‌بـوونی کریـسـت 4 رۆژی
کریـسمەس ۞ 1 تولـد 2 (بـا N) مـیلاد مـسیح 3
شمایل یا تصویر تولد مسیح 4 روز کریسمس

NATO /'neɪtəʊ, US -toʊ/ *abbreviation*
North Atlantic Treaty Organization, also Nato
نـاتۆ (- ڕێکخـراوەی پـەیمانی ئـەتلانتیکی
باکووری) ۞ ناتو

natriuresis /ˌneɪtrɪjʊ(ə)'riːsɪs, US ˌnat-/ *noun*
دەردانی سۆدیۆم لە میزدا ۞ دفع سدیم از ادرار

natriuretic *adjective*
سەربە دەردانی سۆدیۆم لە میزدا ۞ وابسته به
دفع سدیم از ادرار

natrolite *noun*
ناترولیـت: سـیلیکاتێکی ئـاوداری سـۆدیۆم و
ئالۆمینیۆم $Na_2A_{12}Si_3O_{12}·2H_2O$ کە پێوەندی
بە zeolite ـەوە هەیە ۞ ناترولیت

natron /'neɪtr(ə)n, 'nat-/ *noun*
ناترون $Na_2CO_3·10H_2O$ (خـوێی سروشتی لـە
بنکی گۆماودا) ۞ ناترون

natter = chat

natterjack toad *noun*
جـۆرێ بـۆقی چکۆلـە [*Bufo calamita*] ۞
نوعی وزغ

nattily /'nætɪli/ *adverb*
شـۆخ‌وشـەنگانە، ڕێـک‌وپێکانـە، تەڕپۆشـانە،
شۆخانە ۞ به طور آراسته

nattiness /'nætinəs/ *noun*
جـوانی، خـاوێنی، ڕێـک‌وپێکـی، تەڕپۆشـی ۞
قشنگی، تر و تمیزی

natty /'næti/ *adjective* (nattier, nattiest)
1 جـوان، خـاوێن، تـەمیز، شـۆخ‌وشـەنگ،
ڕێک‌وپێک، پۆشـتەوپەرداخ، تەڕپۆش: *natty*
clothes ◊ *a natty dresser* 2 باش‌دارێژراو 3
زیرەکانە، ژیرانە ۞ 1 قـشنگ، پـاکیزه، شـیک و
پیک 2 خوب طراحی‌شده 3 هوشمندانه

natty dread *noun*
1 (natty dreads) = dreadlocks 2 پیـاوێکی
ڕاستافاریانی بە شێوەی قژی درێدلاکـسەوە ۞
ناتی درد

Natufian /nɑː'tuːfɪən/ *adjective*
سەربە فەرهەنگی دوایی‌یەکانی نێو(ان)بـەردینی
Mesolithic ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت، دەوروبەری
12,500-10,000 سـاڵ لـەوەپێش (لە وادی -*an*
Natuf نـەشـکەوتـی لـە بـاکووری ڕۆژاوای
ئورشەلیم) ۞ ناتوفیان

natural /'nætʃrəl/ *adjective, noun*
adj 1 سروشتی، سرشتی، خۆڕسکی، خودایی،
خـواکرد، خـوداداو، خۆمـاکی، گەوهـەری، زاتی:
wildlife in its natural habitat ◊ *natural disasters*
◊ *the natural processes of language learning*
◊ *natural justice/law* 2 لەشی، جەستەیی، فیزیکی 3 ئاسایی، عەدەتی،
ڕاسـتەقینە، لەبـەرچاو، دیـار، بەڵگەنەویـسـت 4
زۆڵ، بیژوو: *She was a natural daughter*
of King James II 5 (منـاڵ) حـەق‌وداد *n* 1
(موسـیقا، نیـشانە) نـۆتی ئاسـایی یـان سروشـتی،
نیـشانەی نـۆتی هەڵوەشـانەوە: *B natural* 2
مـرۆی لێهـاتوو یـان بەبـەهرە، کارامـە، پوختـە 3
گێژی زگمـاک ۞ *adj* 1 طبیعی، ذاتی 2 جـسمانی
3 عـادی، متعـارفی، واقعـی، مـسلم 4 حـرام‌زاده 5
واقعی *n* 1 نـت عادی 2 آدم بااستعداد، کارکشته 3
خل مادرزاد

natural-born *noun*
زیرەک (زگماکی) ۞ باهوش (مادرزادی)

natural boundary *noun*
سـنووری سروشـتی، سـنوور یـان تخـوبی
خۆڕسکی ۞ مرز طبیعی

natural bridge *noun*
پردی سروشتی یان خۆڕسکی ۞ پل طبیعی

natural childbirth *noun*
مناڵبوون یان سک‌کردنی سروشـتی، بە بوونی
خۆی ۞ زایمان طبیعی

natural classification *noun*
پۆلاندنی سروشتی یان خۆڕسکی ۞ طبقه‌بندی
طبیعی

natural coast *noun*
کەناری سروشـتی یا خۆڕسکی ۞ کرانەی طبیعی

natural death *noun*
مەرگ یان مردنی خودایی، مردنی سروشـتی ۞
مرگ طبیعی

natural election *noun*
هەڵبژاردنی سروشـتی ۞ انتخاب طبیعی

natural environment *noun*
ژینگەی خۆڕسکی یا سروشتی ۞ محیط طبیعی

natural evolution *noun*
گەشەسەندنی سروشتی یان خۆڕسکی ۞ تکامل
طبیعی

natural forces *noun, pl.*
هێـز یـا هۆکـارە سروشـتی‌یـەکان، ڕووداوە
سروشتی‌یەکان ۞ عوامل طبیعی

natural frequency *noun*
لەرە یان فرێکانسی خۆڕسکی یان سروشـتی ۞
بسامد طبیعی

natural gas *noun*
گازی خۆڕسکی یان سروشـتی ۞ گاز طبیعی

natural harmony *noun*
سـازانی سروشـتی، کـۆک‌بـوونی سروشـتی ۞

هماهنگی طبیعی
natural historian *noun*
مێژوونووسی سروشتی ۞ تاریخدان طبیعی
natural history *noun*
مێژووی سروشتی ۞ تاریخ طبیعی
naturalism /ˈnætʃrəlɪzəm/ *noun*
1 سروشتگەری، سروشتخوازی، ناتورالیزم (هونەر، وێژە، بەو شێوەی کەوا هەیە، شتەکان دەخاتەروو) 2 فەلسەفە (تیۆرییێ کە لایەی سوپێرناتورال بەرپەرچ دەداتەوە و پێیوایە کە هۆکارە سروشتییەکان و قانوونەکان هەموو شتێ روون دەکەنەوە) ۞ طبیعتگرایی
naturalist /ˈnætʃrəlɪst/ *noun*
سروشتگەر، سروشتخواز، ناتورالیست، ناتورالیست ۞ طبیعتگرا
naturalistic /ˌnætʃrəˈlɪstɪk/ *adjective*
1 سروشتگەر، سروشتخواز، ناتورالیست 2 سروشتخوازییانە، سروشتخوازانە، سەبارەت بە سروشتگەری ۞ 1 طبیعتگرا 2 طبیعتگرایانە
naturalistically *adverb*
سروشتخوازانە ۞ بە طور طبیعتگرا
naturalistic style *noun*
شێوازی سروشتگەرییانە ۞ سبک طبیعتگرایانە
naturalistic writer *noun*
نووسەری سروشتخواز یان سروشتگەر ۞ نویسندەی طبیعتگرا
naturalization /ˌnætʃrəlaɪˈzeɪʃn, US -lə z-/ *noun*
1 هاونیشتمانیکردن، وەرگرتن وەکوو هاوولاتیی 2 وەرگرتن(ی وشە، دەستەوشەیەکی بیانی بۆ نێو زمانی)، خواستن، قەرزکردن 3 خۆماڵیکردن، سروشتیکردن، خۆیاندن، خۆرسکاندن، رەسەناندن ۞ 1 اعطای تابعیت 2 (واژە) وامگیری 3 بومیسازی
naturalized *adjective*
هاونیشتمانیکراو، وەرگیراو وەکوو هاوولاتیی ۞ بە تابعیت درآمدە
natural landscape *noun*
دیمەنی سروشتی یان خۆرسکی ۞ چشمانداز طبیعی
natural language *noun*
زمانی سروشتی یان خۆرسکی ۞ زبان طبیعی
natural language processing *noun, abbreviation* NLP
لێکدانەوەی زمانی سروشتی یان خۆرسکی: بەکارهێنانی کامپیوتێرەکان بۆ لێکدانەوەی زمانە سروشتییەکان ۞ پردازش زبان طبیعی
natural law *noun*
قانوون یان یاسای سروشتی، زاکوونی خۆرسکی یان سروشتی ۞ قانون طبیعی
natural life *noun*
تەمەنی سروشتی ۞ عمر طبیعی
natural logarithm *noun*
لۆگاریتمی بنەرەتe ۞ لگاریتم با مبدأ e
naturally /ˈnætʃrəli/ *adverb*
بە شێوەیێکی سروشتی، بە شێوەیێکی ئاسایی ۞ بە طور طبیعی یا عادی
natural magic *noun*
جادووی سروشتی ۞ جادوی طبیعی
natural necessity *noun*
پێویستی سروشتی ۞ ضرورت طبیعی
naturalness /ˈnætʃrəlnəs/ *noun*
سادەیی، سروشتیبوون، خۆرسکێتی ۞ بیتکلفی، حالت طبیعی
natural numbers *noun, pl.*
ژمارە سروشتییەکان (1،2،3،4 و جاروبار سیفر) ۞ اعداد طبیعی
natural phenomenon *noun*
دیاردەی سروشتی، دەرکەوتەی خۆرسکی ۞ پدیدەی طبیعی
natural philosopher *noun*
فیلسوفی سروشتی ۞ فیلسوف طبیعی
natural philosophy *noun*
فەلسەفەی سروشتی، فیزیک، فیزیا، فیزیک و دینامیک ۞ فلسفەی طبیعی
natural process *noun*
رەوت یا پرۆسێسی سروشتی، پرۆسەی خۆرسکی ۞ فرایند طبیعی
natural religion *noun*
دین یان ئایینی سروشتی ۞ دین طبیعی
natural resources *noun, pl.*
سەرچاوە یان ژێدەرە سروشتییەکان، چاڤکانییە خۆرسکییەکان ۞ منابع طبیعی
natural science *noun*
زانستە سروشتی یا خۆرسکییەکان ۞ علوم طبیعی
natural selection *noun*
هەڵبژاردنی سروشتی یان خۆرسکی ۞ انتخاب طبیعی
natural theology *noun*
دینەوانی یان ئایینەوانی سروشتی، یەزدانناسی سروشتی ۞ الهیات طبیعی
natural year *noun*
ساڵی سروشتی ۞ سال طبیعی
nature /ˈneɪtʃə(r)/ *noun*
1 سروشت، سرشت، ئاووگڵ، خۆرسک، زات، گەوهەر، کرۆک، خۆماک، نیار، مەزاج، خوو، دەروون: *the beauties of nature* ◊ *man-made substances not found in nature* 2 جیهانی دەرەوە (بە گشتی) *nature conservation* 3 تایبەتمەندی، خ(ە)سڵەت: *the changing nature of society* 4 سەرەتایێتی 5

جۆر، رەنگ، چەشن، ناوا ۞ 1 طبیعت، فطرت، طینت، ماهیت 2 عالم خارجی 3 ویژگی 4 بدویت 5 نوع، گونه

nature cure *noun*, also naturopathy
دەرمانکردن بە یارمەتی سروشت، چارەسەری بە ریگای سروشتییەوە ۞ طبیعت‌درمانی

nature reserve *noun*
ناوچە یان مەڵبەندی پارێزراو ۞ منطقەی حفاظت‌شده

nature study *noun*
لێکۆڵینەوەی رووک، گیانەوەر، مێروو و هتد، زانستە سروشتییەکان ۞ علوم طبیعی

nature trail *noun*
رێگا یان رێڕەوی بەنێو سروشتدا ۞ خط سیر حیات گیاهان و جانوران

naturism /'neɪtʃərɪzəm/ *noun*
1 رووتی‌باوەڕی، رووتەڵ‌خوازی، رووتی‌گەری، 2 nudism 2 سروشت‌پەرستی ۞ 1 عریان‌گرایی 2 طبیعت‌پرستی

naturist /'neɪtʃərɪst/ *noun,adjective* also nudist
n 1 رووتی‌باوەڕ، رووتەڵ‌خواز، رووتی‌گەر 2 سروشت‌پەرست *adj* رووتی‌باوەڕانە ۞ *n* 1 عریان‌گرا 2 طبیعت‌پرست *adj* عریان‌گرایانە

naturopath /'neɪtʃərəpæθ/ *noun*
چارەسەرکەر بە ریگای سروشتەوە ۞ طبیعت‌درمان‌گر

naturopathic /ˌneɪtʃərə'pæθɪk/ *adjective*
سەربە چارەسەری بە ریگای سروشتەوە ۞ وابسته به طبیعت‌درمانی

naturopathy /ˌneɪtʃə'rɒpəθi/ *noun*
چارەسەرکردن بە ریگای سروشتەوە ۞ طبیعت‌درمانی

Naugahyde /'nɔ:gəhʌɪd/ *noun*
نۆگیهاید، نۆگاهاید (= ماکێکی دەسکرد، لە چەرم دەچێ) ۞ نوگاهاید

naught /nɔ:t/ *noun*, also nought
هیچ، تو: *All our efforts have come to naught* ۞ هیچ

naughtily /'nɔ:tɪli/ *adverb*
بەدفەرانە، لاسارانە، لە رووی ناجسنی(یەوە) ۞ از روی شیطنت

naughtiness /'nɔ:tinəs/ *noun*
بەدفەری، نارەسەنی، ناجسنی، شەیتانی، شلوقی، خراپی، لاساری، لایی، گوێنەدەری، بێ‌گوێیی ۞ شیطنت، شرارت، بدذاتی، حرف‌نشنوی

naughty /'nɔ:ti/ *adjective* (naughtier, naughtiest)
1 بەدفەر، نارەسەن، هاروهاج، ناجسن، شەیتان، شلوق، خراپ، لاسار، قسەنەبیس، لا، گوێنەدەر، بێ‌گوێ 2 ناحەز، ناشیرین، بێزاوی، هەرزانە ۞ 1 تخس، حرف‌نشنو، شریر، بدذات 2 زشت

nauplius /'nɔ:plɪəs/ *noun, pl.* nauplii /-plɪʌɪ, -plɪi:/
یەکەمین قۆناخی پرگی larval زۆر لە قاپیلکداران crustaceans، کە لەشیان پێکەوەیە و چاوێکیان هەیە (لە ناوی *Nauplios* کوری خوای دەریا "پۆسیدۆن Poseidon"، لە میسۆلۆژی یۆنانیدا) ۞ ناوپلیوس

nausea /'nɔ:zɪə, US 'nɔ:sɪə/ *noun*
1 دڵ‌پێکاهاتن، دڵ‌تێکهەڵاتن، حاڵەتی رشانەوە، هێلنج‌دان، دڵ‌بەیەکاهاتن 2 بێزاری، رق‌لێبوون، بێز(لێ)هاتنەوە ۞ 1 تهوع 2 نفرت

nauseating *adjective*
رشێنەرەوە، هێلنج‌پێدەر، دڵ‌بەیەکادەر، بێزاوی، قێزەون، بێزەون، جێی‌بێز، پیس، ناخۆش: *his nauseating behaviour* (nauseatingly *adv*) :
هێلنج‌پێدەرانە، بە شێوەیێکی بێزاوی، قێزەونانە) ۞ تهوع‌آور، نفرت‌انگیز

nauseous /'nɔ:zɪəs, 'nɔ:sɪəs, US 'nɔ:ʃəs/ *adjective*
هێلنج‌پێدەرانە، بە شێوەیێکی بێزاوی، قێزەونانە ۞ تهوع‌آور

nauseously /'nɔ:zɪəs, 'nɔ:sɪəsli, US 'nɔ:ʃəsli/ *adverb*
هێلنج‌پێدەرانە، بە شێوەیێکی بێزاوی، قێزەونانە ۞ به طور تهوع‌آور یا نفرت‌انگیز

nautch /nɔ:tʃ/ *noun*
نۆچ (لە نیمچەوشکاری هیندوستان) سەما یان هەڵپەرکێیێکی نەریتی کە کچانی سەماکێشی پیشەیی دەیکەن ۞ نوچ

nautical /'nɔ:tɪkl/ *adjective*
1 سەربە دەریاوانی، زەریایی، دەریایی، سەربە کەشتی(وانی): *nautical terms* 2 سەربە مەلەوانان یان دەریاوانان یان زریوانان ۞ 1 وابسته به دریانوردی، دریایی 2 وابسته به ملاحان

nautically /'nɔ:tɪkli/ *adverb*
لەباری دەریاوانییەوە ۞ از نظر دریانوردی

nautical almanac *noun*
سالنامەی دەریاوانی ۞ تقویم نجومی دریانوردی

nautical mile *noun*
مایلی دەریایی یان دەریاوانی (1852 میتر، 6080 پێ یان 1/15 مایل) ۞ مایل دریایی

nautical terms *noun, pl.*
زاراوەناسی دەریایی، زاراوەمەنی دەریایی ۞ اصطلاحات دریایی

nautilus /'nɔ:tɪləs/ *noun, pl.* nautiluses or nautili /-lʌɪ, -li:/
ناوتیلوس، مەلەوانە [توخم *Nautilus*: چەندین جۆرن] ۞ ناوتیلوس

Navaho = Navajo

navaid /'naveɪd/ *noun*

ئامێریکی دەریاوانی لەسەر فڕۆکە، ماشێن، کەشتی و هتد ◌ ناوید

Navajo /ˈnævəhəʊ, US -hoʊ/ *noun, pl.* Navajo or Navajos

1 نەڤێهو، ناڤاهو (= ئەندامی گەورەترین کۆمەڵی سوورپێستانی ئەمریکا، کە زۆریان لە هەرێمەکانی ئاریزۆنا Arizona ، نیومەکسیکۆ New Mexico و ئۆلتا Ultah دەژین) 2 زمانی ناتاباسکایی ئەو گەلە ◌ ناواهو

naval /ˈneɪvl/ *adjective*

1 دەریایی، زەریایی: *the country's naval forces* 2 سەربە هێزی دەریایی 3 سەربە دەریاوانی 4 سەربە کەشتی شەڕ(کەر) ◌ 1 دریایی 2 وابستە بە نیروی دریایی 3 وابستە بە دریانوردی 4 وابستە بە رزمناو

naval architect *noun*, also marine architect

کەشتی‌ساز، کەشتی‌دارێژ ◌ معمار کشتی

naval architecture *noun*

کەشتی‌سازی، کەشتی‌دارێژی ◌ معماری کشتی

naval base *noun*

بنکەی دەریایی ◌ پایگاه دریایی

naval battle *noun*

شەڕی دەریایی ◌ نبرد دریایی

naval force *noun*

هێزی دەریایی ◌ نیروی دریایی

naval officer *noun*

ئەفسەری هێزی دەریایی ◌ افسر نیروی دریایی

naval power *noun*

وڵاتێ کە هێزی دەریایی‌یێکی پتەوی هەبێ ◌ کشوری با نیروی دریایی قدرت‌مند

naval stores *noun, pl.*

کەلوپەلی (بەکارهێنراو لە) کەشتی‌سازی ◌ وسایل کشتی‌سازی

naval uniform *noun*

یەک‌بەرگ یان یۆنیفۆڕمی هێزی دەریایی ◌ یونیفورم نیروی دریایی

Navaratri /ˌnævəˈrætri/ *noun*, also Navaratra

نەڤێرەتری، نۆشەوان، ناڤاراتری (جەژنێکی هیندوویی‌یە کە 9 رۆژ دەخایەنێ و دەکەوێتە پاییزەوە، بنەڕەت: لە سانسکریتی و بە واتای نۆ شەو) ◌ ناواراتری

nave[1] /neɪv/ *noun*

بەشی درێژی ناوەندی کلێسە، سالۆن یان هۆلی کلێسە، نێوەوەی کلێسە (بنەڕەت: لە *navis* لاتین "کەشتی") ◌ ناو کلیسا

nave[2] /neɪv/ *noun*

(پێچکە) تۆپ (بنەڕەت: *nafa* ،*nafu* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ توپی

navel /ˈneɪvl/ *noun*

1 نێوک، ناوک، گرتک، ناڤک 2 چەق، ناوەند، بەشی نێوەڕاست، خاڵی ناوەند(ی شوێنێ، ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ 1 ناف 2 نقطەی وسطی

navel orange *noun*

پرتەقاڵی نێوکاوی یا تامسۆن ◌ پرتقال تامسون

navel stringe *noun*

پەتی ناوک، ریخۆڵە ◌ بند ناف

navelwort = pennywort

navicular *adjective, noun*

1 *adj* (کۆن) گەمی ئاسا، بەلەمی، شێوەلۆتکە *n* 1 (هەروەها navicular bone) ئێسکی بەلەمی 2 (هەروەها navicular disease یان navicular syndrome) نەخۆشی درێژخایەنی ئێسکی بەلەمی ئەسپەکان، دەبێتە هۆی شەلی دەستیان (لە *navicula* لاتینی بە واتای "کەشتی چکۆلە یان بەلەم") ◌ *adj* زورق‌مانند *n* 1 استخوان زورقی 2 نوعی بیماری اسب

navigability /ˌnævɪɡəˈbɪləti/ *nouns*

کەشتی‌پیاڕۆیشتوویی، کەشتی‌ڕەوی ◌ قابلیت کشتی‌رانی

navigable /ˈnævɪɡəbl/ *adjective*

کەشتی‌پیاڕۆیشتوو، کەشتی پیادەڕوا، کەشتی‌ڕەو، گونجاو بۆ لێخوڕین یان هاتوچۆپێکردنی کەشتی، پان‌وقووڵ ◌ قابل کشتی‌رانی

navigation /ˌnævɪˈɡeɪʃn/ *noun*

1 لادۆزی(نەوە)، رێگادۆزینەوە، رێ‌پەیداکردن، رێڕەوگری، کەشتی‌گێری، کەشتی‌وانی، دەریاوانی، زەریاوانی، جووڵانی کەشتی‌یەکان بەسەر ئاودا یان فڕۆکەکان لە ئاسماندا: *an expert in navigation* ◊ *navigation systems* 2 هەڵسووڕاندن، رێبەری، بەرێ‌دابردن (کەشتی و فڕۆکە) ◌ 1 جهت‌یابی، کشتی‌رانی، هوانوردی 2 هدایت

navigational /-ʃənl/ *adjective*

سەربە لادۆزینەوە، رێگادۆزینەوەیی، سەربە دەریاوانی: *-gational aids* (navigationally *adv*) ◌ وابستە بە جهت‌یابی یا دریانوردی

navigational satellite *noun*

ساتەلایتی لادۆزینەوە یان رێبەری‌کردن ◌ ماهوارەی جهت‌یابی

navigator /ˈnævɪɡeɪtə(r)/ *noun*

1 لادۆز، رێگادۆزەرەوە، رێڕەوگر 2 دەریاوان، زریوان، دەریاگەڕ 3 دۆزەر بە رێگای دەریاوە (بۆ دیتنەوەی شوێنی تر) 4 (کامپیوتێر) بەرنامەیەکی گەڕۆکە بۆ دەس‌خستنی زانیاری لەسەر تۆڕی جیهانی وێنترنێتدا ◌ 1 جهت‌یاب 2 دریانورد 3 و 4 ناویگاتور

navvy /ˈnævi/ *noun, pl.* navvies

(لە بریتانیا) (سەگە یان کەچە) فەعلا، کرێکاری سادە یان ناشارەزا (رێگاوبان، رێی ئاسن، کاناڵ و هتد، کورتەی navigator) ◌ عملە

navy /ˈneɪvi/ *noun, pl.* navies

1 هێزی دەریایی 2 کەشتیگەلی هێزی دەریایی: *an ◊ the British and German navies* 3 ڕەنگی شینی *officer in the -vy/the Navy* تۆخ ◌ 1 نیروی دریایی 2 ناوگان 3 رنگ آبی تیره

navy bean = haricot

navy blue *noun*

ڕەنگی شینی تۆخ، سوورمەیی، شینی تیر ◌ رنگ آبی تیره

Navy Cross *noun*

نیشان یان خەلاتی قارەمانانی هێزی دەریایی ئەمریکا ◌ ناوی کراس

navy yard *noun*

کارگەی کەشتی بۆ دروستکردن، چاککردنەوە و ئامادەکردنی کەشتیگەلی هێزی دەریایی ◌ ناوی یارد

nawab /nʌ'wɑ:b/ *noun*

1 (لە هیندووستاندا) دەسەلاتداری خۆجێیی پەدریژایی ئیمپراتۆری مۆگولدا 2 کەسێکی گەورە یان پایەبەرز ◌ نواب

naxalite /'naksəlʌɪt/ *noun*, also Naxalite

(لە نیمچەوشکاری هیندووستاندا) ئەندامی کۆمەڵێکی شۆڕشگێری کۆمۆنیزمی مائۆئیستی (لە *Naxal(bari)* ناوی شوێنێ لە ڕۆژاوای بەنگال) ◌ ناکسالیت

nay /neɪ/ *adverb, noun*

adv نە، نا، نەخێر، و تەنانەت، نە ئەمە بە تەنیا *Such a policy is difficult, nay* :بەڵکوو *impossible n* وەلامی نا، دەنگی نا (لە دەنگدانا) ◌ *adv* نە، و حتی *n* جواب منفی، رأی منفی

Nazarene /'nazəri:n, US ˌnazə'ri:n/ *noun, adjective*

n 1 خەڵکی Nazareth ناسرە 2 (the Nazarene) کریست، عیسای مەسیح 3 (مسوڵمان و جوولەکە) کریستانی، نەسرانی، دیانی، مەسیحی 4 ناوی تیرە یان دەستەیێکی سەرەتای کریستانە جوولەکەکان 5 ئەندامی کۆمەڵێکی وێنەکێشانی ئەڵمانی سەدەی نۆزدە *adj* سەربە ناسرە یان نەسرانییەکان (بنەڕەت: *Nazaren* late *Nazarenus* نیوەڕاست، لە ئینگلیسی *Nazareth* لە یونانی *Nazarēnos* لە Latin "Nazareth" لە فەلەستین) ◌ *n* 1 اهل ناصریه 2 عیسای مسیح 3 مسیحی، ناصری، نصرانی 4 و 5 نازرین *adj* وابسته به ناصریه یا نصرانیها

Nazi /'nɑ:tsi/ *noun, adjective, pl.* Nazis

نازی (ئەندامی) پارتی سۆشیالیستی نیشتمانی (کریکارانی) ئەڵمانیا لە 1932 تا 1945 کە لە لایەن هیتلێرەوە بنیات نرا) ◌ نازی

Nazism /'nɑ:tsɪzəm/ *noun*

نازیزم (ئایدۆلۆژی نازییەکان، باوەڕ بە سەرتربوونی گەلی ئەڵمانیا) ◌ نازیسم

Nazi meeting *noun*

کۆبوونەوەی نازی ◌ گردهمایی نازی

Nazirite /'nazərʌɪt/ *noun*, also Nazarite *noun*

نازیرایت، ناسری، خەڵکی ناسرە ◌ ناصری

Nb symb. the chemical element niobium

NB /ˌen 'bi:/ *abbreviation* nota bene, also N.B.

سەرنج! چاو! سەرنجی بدەیێ! لێی وردبەوە! ◌ توجه!

NBA /ˌen bi: 'eɪ/ *abbreviation* the National Basketball Association

(لە ئەمریکا) کۆمەڵەی تۆپی سەبەتەی نیشتمانی (نەتەوەیی) ◌ ان‌بی‌ای

NBC /ˌen bi: 'si:/ *abbreviation* National Broadcasting Company

(لە ئەمریکا) کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی نیشتمانی (نەتەوەیی) ◌ ان‌بی‌سی

NCO /ˌen si: 'əʊ, US 'oʊ/ *abbreviation* non-commissioned officer

ئەفسەرێکی پایەنزمی ئەرتەش یان سپای بریتانیا، پلەدار ◌ درجه‌دار

-nd variant spelling of -and, -end *suffix*

پاشگر: ژمارەی ئۆردینال کە دوو دەگەیەنێ: ◌ *second* پسوند: عدد ترتیبی معرف دو

Nd symb. the chemical element neodymium

Ndebele /ˌ(ə)ndə'bi:li, -'beɪli/ *noun, pl.* same or Ndebeles

1 ئەندامی گەلێکی زیمبابوە و باکووری ڕۆژهەلاتی ئەفریکای باشووری 2 زمانی بانتۆیی ئەو گەلە ◌ اندیبیلی

NE *abbreviation* northeast(ern)

neanderthal /ni'ændətɑ:l, US -dərt-/ *noun*

پیاوی زلە، قەبە و گەوج، زلی بێ‌حونەر، کۆنەپەرست، پاشبرو، کۆنەپەرستانە: ◌ *neanderthal attitudes* مرد گنده، زشت و احمق، امل، کهنه‌پرستانه

Neanderthal /ni'ændətɑ:l, US -dərt-/ *noun, adjective*

n 1 (هەروەها Neanderthal man) نیاندرتال، نیاندرتال، hominid یان جۆری مرۆڤی سەرەتایی (*Homo neanderthalensis syn H. sapiens neanderthalensis*) کە لە سەردەمی سەهۆڵبەندانی ئەورووپا نیوان (دەوروبەری) 120,000 (یان 200,000) تا 35,000 ساڵ لەوە پێش دەژیا، پاشماوەی ئێسکەبەیەکەریان لە ئەورووپا، باکووری ئەفریکا و ڕۆژاوا (و ناوەند)ی ئاسیا (پەیدا بووە)، ناوچاوان و تیغەی برۆیان دەرەرپیوو (یان قۆقز بوو): *a Neanderthal axe* 2 کەس یا مرۆی بێ‌شارستانیەت *adj* سەربە مرۆڤی نیاندرتال (بنەڕەت: لە *Neanderthal* ناوی ناوچەیێکی ئەڵمانیا کە پاشماوەکانی

مرۆڤـی نیانـدرتاڵ لـەوێ دۆزرایـەوە) ○ n 1
نیاندرتاڵ، نئاندرتال 2 آدم بی‌تمدن adj وابـستە بـە
انـسان نیاندرتال

Neanderthaloid *adjective, noun*
adj نیاندرتاڵئاسا، نیاندرتاڵی، شێوەی مرۆڤی
نیاندرتاڵـی دەدا n مرۆڤـێکی بوویـەردی یـان
فوسیلی بە تایبەتمەندی مرۆڤی نیاندرتاڵی‌یەوە
○ adj نیاندرتالی adj فـسیل انـسان نیاندرتالی

neanthropic *adjective*, also neoanthropic
سەربە یان پێوەندی هەیە بە جۆرە نوێ یـان
مۆدێرنـەکـانی مرۆڤـەکـان لـەچـاو جـۆرە
تیـاچووەکـانی تـوخمی هۆمـۆ Homo (بڕوانە
palaeoanthropic) ○ نیانتروپیک نئتروپیک

neap /niːp/ *noun*, also neap tide
(زەویناسـی) نـزمتـرین نیـشتاو یـان کـشنو.
نزمەنیشـتاو ○ کەکشند

Neapolitan /nɪə'pɒlɪt(ə)n/ *noun, adjective*
n 1 (دانیـــشتووی) **Naples** 2 (بەسـتەنی
ئیتالیـایی، ئیتـالی، نـاپۆلی **adj** تـەقوایـی،
سەربە ناپلیس ○ **n 1** ناپولی 2بستنی سوی **adj**
وابسته به ناپلی

near /nɪə(r), US nɪr/ *adjective* (nearer, nearest), *adverb, preposition*
1 نزیک، تیژدی، کورت، راستەوخۆ 2 وەکوو.
لێکچوو، هاوشێوە، شێوەی 3 نزیک، هێک.
نزیکی، لە نزیکی، لە پاڵی، لە تەنیشتی، لە کن،
لە لای، نزیکەی، نزیک بە 4 گەرموگوڕ، نزیک
5 چەپ، لای چەپ، دەسی چەپ ○ 1 نزدیک
کوتاه، مستقیم 2 مانند 3 قریب‌الوقوع، نزدیک
تقریباً 4 صمیمی 5 چپ، سمت چپ

nearby /,nɪə'baɪ, US ,nɪr'baɪ/ *adjective, adverb*
نزیـک، لـە پـاڵ، نـە دوور، لەبەردەسـت، بـە
نزیکانە، لەم دەوروبەرە: *Her mother lived in*
a nearby town ○ نزدیک، در همین نزدیکی

Nearctic /nɪ'ɑːktɪk/ *adjective*
(گیانەوەرناسـی) نۆیـاکووران: سـەربە ناوچـەی
جوگرافیای گیانەوەری کە ئەمریکای باکووری
تا باشوور و باکووری مەکـسیکو، پێکەوە ئەگـرێ
گـرین‌لەنـد دادەگـرێ (بنـەڕەت: لـە -neo -
Arctic) ○ نیارکتیک

the Near East *noun*
ڕۆژهـەڵاتی نیوەڕاسـت، خۆرهـەڵاتی نزیـک
خاورمیانه

Near Eastern *adjective*
سـەربە ڕۆژهـەڵاتی نیوەڕاسـت ○ وابـستە بـە
خاورمیانه

nearly /'nɪəli, US 'nɪrli/ *adverb*
1 نزیکەی، نزیـک بە، بە نزیکە، لە نزیکـەوە 2
هیچ، بە هیچ جۆرێ، عەسلەن (not nearly):
There isn't nearly enough time to get
there now ○ 1 تقریباً، از نزدیک 2 اصلاً

near miss *noun*
بۆمب، گوللە و هتد لەوانەبوو لێی کەوێ، بەلام
نەیگرت، لەوانەبوو یان نزیکبوو ڕوویدا، بەلام
بەخێر وەرگەڕا ○ نیر میس

nearside /'nɪəsaɪd, US 'nɪrs-/ *noun*
چەپ، لای چەپ، دەسی چەپ ○ چپ، سمت
چپ

nearsighted /,nɪə'saɪtɪd, US ,nɪr-/ *adjective*
نزیکبین، کورتبین ○ نزدیک‌بین

nearsightedness /,nɪə'saɪtɪdn, US ,nɪr-/ *noun*
نزیکبینی، کورتبینی ○ نزدیک‌بینی

near thing *noun*, be a near thing
(مەترسی) لە پەنا ملەوە ڕەتبوون، لە بناگوێوە
ڕەتبوون ○ خطری که نزدیک بود اتفاق بیفتد اما
نیفتاد

neat[1] /niːt/ *adjective*
1 ڕێـکوپێـک، بەتـەکوز، خـاوێن، پـاک،
پـاکوخـاوێن، سـادە، تـەمیز، شـۆخوشـەنگ،
تەڕپۆش، جـوان، ڕازاوە، جوانچـاک، چەلەنگ،
قیافەجوان 2 شارەزا(یانە) 3 زۆرباش، هەرەچاک
4 (خواردنەوە) ناتێکەڵ، پەتی، خەست، تاتێکەڵ
○ 1 منظم، آراسته، تر و تمیز، رعنا، خوش‌ترکیب،
قشنگ 2 ماهر(انه) 3 عالی 4 (مشروب) خالص

neat[2] /niːt/ *noun*
(کۆن) گا و گیانەوەری وا، گاگەل ○ گاو و
جانورانی از این نوع

neath /niːθ/ *pronoun*
ژێر، لەژێر، لـە خـوارەوەی، لـە ژێـرەوەی، لـە
بنەوەی ○ در زیر

neatherd = herdsman

neatly /niːtli/ *adverb*
ڕێکوپێک، ڕێکوپێکانە، جوان، بە جـوانی:
neatly folded clothes ○ به طور منظم

neatness /niːtnəs/ *noun*
ڕێـکوپێکـی، تـەکوزی، جـوانی، ڕازاوەیـی،
شۆخی، سادەیی ○ نظم، آراستگی، سادگی

neat's-foot oil *noun*
ڕۆنی لوولاکی ولاخ (زەردی کاڵ، لە کولاندنی
لاقودەسی ولاخ بە دەس دێ، بۆ چەرمی جل
بەکاردێنرێ) ○ نوعی روغن

neb *noun*
(سکاتلەندی) لووت، لمۆز یان دەنووک، نوکل
○ بینی، پوزه یا منقار

Nebraskan /nɪ'brask(ə)n/ *noun, adjective*
n خەڵکی ئەیالەت یان هەرێمی Nebraskaی
ئـەمریکـا، نیبراسـکایی adj سـەربە نیبراسـکا،
نیبراسکایی ○ نبراسکایی

Nebuchadnezzar /,nɛbjʊkəd'nɛzə/ *noun*

شووشـه مـەی زۆر گـەورە، نزیـک بـە بیسـت شووشـەی ئاسـایی دەگـرێ (بنـەڕەت: لـە نـاوی *Nebuchadnezzar* ی دووەم پاتـشای بابـل Babylon لـە سـەدەی شەشـی بەرلـە زایین) ◌ نبیوکدنزر، بخت‌النصر

nebula /'nebjələ/ *noun, pl.* nebulae /-liː/ or nebulas

1 تـەم، تـەمان، کۆتـەم، سـاهەور (بنـەڕەت: لـە لاتینـەوە بـە واتـای "تـەم، هـەور mist") 2 (وشـەیێکی کۆنـە بـۆ) galaxy 3 (پزشـکی) تانـە (لەسەر کۆرنیەی چاو) ◌ 1 سحابی 2 و 3 نیبولا

nebular /'nebjələ(r)/ *adjective*

1 کۆتـەمی، تـەمی، سـەربە تـەم، سـاهەوری 2 سـەربە تانـە، تانـەیی ◌ 1 وابسـتە بـە سـحابی 2 وابستە بە نیبولا

nebular hypothesis *noun,* also nebular theory

گریمانە یان وادانانی تەمی یان هەوری (لەمەڕ کۆمەڵەی خۆرییەوە (کە لە تەمی گـازی گـەرم یا داغەوە گەشەی سەندووە) ◌ فرضیەی سحابی

nebulous /'nebjələs/ *adjective*

1 کۆتەمی، تەمانی، تەمی، ساهەوری 2 هەوری، هەوراوی، (پڕ)هەوروهەڵا، هەوراسا، پڕهەور 3 لێڵ، شلوێ، تەماوی، نادیار، ناڕوون، ناڕۆشن، ناڵۆز، شێواو ◌ 1 وابستە بـە سـحابی 2 ابـری 3 کدر مبهم

nebulous concepts *noun, pl.*

چەمکە تەماوی یان تەژمەکان ◌ مفاهیم مبهم

nebulous idea *noun*

بیرۆکەی تەماوی یان تەژمە ◌ ایدەی مبهم

nebulosity /nebjə'lasɪtɪ/ *noun, pl.* nebulosities

1 لێڵی، تەماویبوون، نادیاری 2 هەوراویبوون، هەوروهەڵایی، پڕهەوری ◌ 1 تیرگی 2 ابرآلودی

necessarily /ˌnesə'serəli, US 'nesəsərəli/ *adverb*

حەتمـەن، بـە پێویسـت، ناچـار، بـە ناچـار، بێ‌ئەملاونەولا ◌ ضرورتاً، ناگزیر

necessarian /ˌnesɪ'seːrɪən/ *noun, adjective*

جەبرخواز، جەبرباوەڕ، نێسیساریەن، پێویستیگەر، پێویستیخواز ◌ جبرگرای، ضرورت‌گرای

necessarianism *noun*

جـەبرباوەڕی، جـەبرخوازی، نێسـیساریەنیزم، پێویستیخوازی، پێویستیگەری ◌ جبرگرایی، ضرورت‌گرایی

necessary /'nesəsəri, US -seri/ *adjective, noun* (*pl.* necessaries)

adj پێویسـت، بێبیـسی، پێدڤـی، گـەرەک، لێ‌دەربازنەبوو، دیاریکراو، دووریلێنەکراو، خۆلـێلانـەدراو، هـەر ئـەبێ، مـسۆگەر *n* (necessaries /'nesəsəriz, 'nesəseriz/) کـەلوپـەل، شـتومـەک، بنـە، پێداویسـتی، پێداویسـتییـەکان، ویسـتەمەنی ◌ *adj* لازم، ضـروری، واجـب، محتـوم، اجتنـاب‌ناپـذیر *n* (در جمع) مایحتاج، ضروریات

necessary condition *noun*

مەرجی پێویست ◌ شرط ضروری

necessary evil *noun*

بەڵای ناچاری، بەڵای لێ‌دەربازنەبوو، تووشی ◌ مصیبت ناگزیر

necessitarian /nəˌsesɪ'teːrɪən/ *noun, adjective*

(فەلسەفە) جەبرخواز، جەبرباوەڕ، نێسیساریەن، پێویسـتیخـواز، پێویسـتیگـەر ◌ جبرگـرای، ضرورت‌گرای

necessitarianism /nəˌsesɪ'teːrɪənɪzəm/ *noun*

جـەبرباوەڕی، جـەبرخوازی، نێسیسـاریەنیزم، پێویستیخوازی، پێویستیگەری ◌ جبرگرایی، ضرورت‌گرایی

necessitous /nɪ'sesɪtəs/ *adjective*

1 چاولەدەسـت، لارەمـل، بەحـەوەجێ، حەوەجێ‌دار، هەژار، دەستەنگ، بەڵەنگاز، فەقیر، پێویـست، impoverished ،needy 2 ناچـاری، زۆرەکـی، زۆرەملـی، زۆری، pressing ،urgent ◌ 1 محتاج 2 ضروری، اجباری

necessitously /nɪ'sesɪtəsli/ *adverb*

چاولەدەستانە، لـە رووی دەسـتەنگی(یـەوە)، لـە رووی لارەملییەوە ◌ از روی احتیاج

necessitousness /nɪ'sesɪtəsnəs/ *noun*

چاولەدەسـتی، حەوەجـە، ئاتـاجی، دەسـتەنگی، هـەژاری، نـەداری، پێویـستبـوون ◌ احتیـاج، نیازمندی، ضروری بودن

necessity /nə'sesəti/ *noun, pl.* necessities

1 پێویستی، پێداویستی، گەرەکی، شتی پێویـست، ناچاری، زۆرەملی، زۆری، گوشار 2 دەسـتەنگی، نەداری، هەژاری، حەوەجە، چاولەدەسـتی ◌ 1 ضرورت، الزام، چیز ضروری، جبر 2 نیاز، نیازمندی

neck /nek/ *noun*

1 مـل، ئەسـتۆ، گـەردن، گـەردە 2 گۆشـتی ملـی گیانـەوەر، گـەردەمل 3 یەخـە، پێـسیر، ملـەوان، ملیوان 4 تەنگەڵان، گەروو، ملە، کەل 5 (شووشە یـان بـوتڵ) مـل 6 (ئـامێر) مـل، دەسـک 7 تیرەزەوی، ستوونە بەردێکی گڕکانی کە کونی گڕکانیان گرتووە، کونبەند (زەویناسـی) ◌ 1 گردن 2 گوشـت گـردن 3 یقـە 4 تنگـە، گردنـە 5 گردن 6 (ساز) دستە 7 برزخ، گلوگیر

neckband /nekbænd/ *noun*

ملەوان، ملیوان، یەخەی کراس ◌ سـجاف یقـە، یقەی پیراهن

neckcloth = cravat

neckerchief /'nekətʃiːf, US -kər-/ *noun*

دەسرەی مل ◇ دستمال گردن

necking *noun*
(بیناسازی) ملک، بەشێ کە قەدی ستوون بە سەرستوون یان سەرکوڵ (ی دوریسی و توسکانی) دەبەستێتەوە ◇ گیلویی سرستون

necklace /'nekləs/ *noun*
ملوانکە، ملبەن، گەردنبەن، گەردانە، بەرموور، رستک ◇ گردن‌بند

necklacing /'nekləsɪŋ/ *noun*. also necklace
کوشتن بە تایە یان پێچکەی ئاورگرتوو ◇ کشتن با تایر سوزان

necklet /'neklɪt/ *noun*
ملوانکەی چکۆلە، گەردنبەندی بچووک ◇ گردن‌بند کوچک

neckline /'neklaɪn/ *noun*
یەخە، پێسیر، بەرۆک: *a dress with a low/round/ neckline* ◇ یقه

necktie /'nektaɪ/ *noun*
ملپێچ، کراڤات ◇ کراوات

necr(o)- *prefix*
پێشگر: مردن، مەرگ، مردوو: *necropsy* (بنەڕەت: لە *nekros* یونانییەوە *necrophilia*) ◇ ("corpse" پیشوند: مرگ، مرده

necrobiosis /ˌnekrə(ʊ)baɪ'əʊsɪs/ *noun*
مردن یان شیبوونەوەی بەرەبەرەی خانەکانی شانەی لەش، خانەڕزێ، نێکرۆبایۆز، نێکرۆبایۆسیس ◇ نکروبیوز، نکروبیوسیس

necrobiotic /-'ɒtɪk/ *adjective*
سەربە نێکرۆبیۆسیس، سەربە خانەڕزێ ◇ وابسته به نکروبیوسیس

necrological *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە necrology ـەوە هەیە ◇ وابسته به necrology

necrology /ne'krɒlədʒi/ *noun, pl.* necrologies
1 ئامار یا لیستی مردووان 2 ئاگاداری مردن یان سەرەخۆشی ◇ 1 آمار مرگ و میر 2 اعلان فوت

necromancer /'nekrəʊmænsə(r), US nekroʊ-/ *noun*
جادووگەر ◇ جادوگر

necromancy /'nekrəʊmænsi, US nekroʊ-/ *noun*
جادووگەری (- هونەر یان داوا و ئیدعای پێوەندیکردن بە مردووان بۆ پێشبینی داهاتوو) ◇ جادوگری

necrophagia *noun*
مردووخۆری، مردەخۆری، کەلاکخۆری، لاشەخۆری ◇ مرده‌خواری

necrophagous /ne'krɒfəgəs/ *adjective*
مردووخۆر، مردەخۆر، کەلاکخۆر، لاشەخۆر ◇ مرده‌خوار

necrophilia /ˌnekrə'fɪliə/ *noun*
مردووبازی ◇ میل جنسی نسبت به مردگان

necrophiliac *noun*
مردووباز ◇ نکروفیلیک

necrophobia /ˌnekrə'fəʊbɪə/ *noun*
(لە)مردووترسی ◇ مرده‌هراسی

necropolis /nə'krɒpəlɪs, US -'krɑːp-/ *noun*
قەبرستان، قەبران، سەرقەبران، گۆڕستان، مردووستان، شاری مردووان، ب.ت. قەبرستانێکی گەورە و کۆن ◇ گورستان

necropsy /'nekrɒpsi, US 'nekrɑːpsi/ *noun, pl.* -ropsies, also autopsy
یەکلاکردنەوە یان توێکاری لاشەی مردووان، هەڵدڕینی لاشەی مردووان (هەروەها autopsy) ◇ تشریح جسد بعد از وفات

necrosis /ne'krəʊsɪs, US -'kroʊ-/ *noun*
شانەمردن، شانەڕەشە، رەشبوونەوەی شانە، ئێسکەلاڕەشە، رزینی ئەندام یان شانەی لەش لەبەر برین، نەخۆشی و هتد ◇ بافت‌مردگی

necrotic /ne'krɒtɪk/ *adjective*
سەربە شانەمردن، سەربە رەشبوونەوەی شانە، سەربە رزینی ئەندام یان شانەی لەش ◇ وابسته به بافت‌مردگی

necrotic hepatitis *noun*
جەرگەڕەشە ◇ قانقاریای کبدی

necrotizing /'nekrəˌtaɪzɪŋ/ *adjective*, also necrotising
مایەی شانەمردن، شانەمرین، دەبێتەهۆی رەشبوونەوەی شانە، شانەڕزین، شانەڕزێنەر ◇ موجب بافت‌مردگی

nectar /'nektə(r)/ *noun*
1 شیلە 2 شیلە یان خواردنەوەی خودایان (میتۆلۆژی یونانی و رۆمی) 3 خواردنەوەی خۆش ◇ 1 شهد 2 نکتار 3 نوشابه‌ی خوشمزه

nectareous /nek'teərɪəs/ *adjective*, also nectarean
شیلاوی، شیلەدار، شیرین ◇ دارای شهد

nectariferous /ˌnektə'rɪfərəs/ *adjective*
پڕشیلە ◇ شهدی

nectarine /'nektəriːn/ *noun*
1 هەڵووچەقەیسی، حەمشین، شەلیل 2 داری شەلیل یان حەمشین ◇ 1 شلیل 2 درخت شلیل

nectarous *adjective*
1 شیلەئاسا، شێوەشیلە، وەک شیلە دەچێ، شیلەیی 2 شیرین، بەمەزە، خۆش، بەلەزەت ◇ 1 شهدمانند 2 خوش‌مزه، شیرین

nectary /'nektərɪ/ *noun, pl.* nectaries, also nectarium
شیلەدین، شیلەدان، شیلەدانک، توورەکەشیلە، ئەندام یان بەشێکی رووەک کە شیلە دەردەدا،

کیسه(ی)شیله ۞ کیسه‌ی شهد

ned *noun*

1 (نافەرمی، سکاتلەندی) کەلەگا، چەقۆکێش، لات 2 کوڕ یان پیاوێکی لات(ئاسا) ۞ 1 قلدر 2 پسر یا مرد لات‌منش

neddy *noun, pl.* neddies

1 (نافەرمی) کەر (بە زمانی منالان) 2 (ئەوسترالیا) ئەسپ، ب.ت. هی غار ۞ 1 خر (به زبان بچگانه) 2 اسب، به ویژه اسب مسابقه

NEDC *abbreviation* National Economic Development Council

(لە بریتانیا) ئێن‌ئی‌دی‌سی (= ئەنجومەنی پەرەسەندنی ئابووری نیشتمانی یان نەتەوەیی) ۞ انای‌دی‌سی

Neddy = NEDC

née /neɪ/ *adjective*

دوانێوی باوکی، ناوی خێزانی باوکی، زادە، لەدایک‌بووی (لە فەرەنسییەوە بە واتای "لەدایک‌بوو") ۞ نام پدری، متولد

need /ni:d/ *noun*

چاولەدەستی، حەوەجە، ئاتاجی، ئیحتیاج، لارەملی، ناچاری، کەلک، پێویستی، هەژاری، دەستەنگی، فەقیری، نەداری، بەلەنگازی، کەمی (ئەلمانی بنەرەت) ۞ احتیاج، ضرورت، فقر، حاجت، کمبود، نیازمندی

needful /'ni:dfl/ *adjective*

1 پێویست، پێدڤی 2 (کۆن) needy ۞ ضروری

needfully /'ni:dfəli/ *adverb*

بە شێوەیەکی پێویست، پێویستانە ۞ بە طور ضروری

needfulness /'ni:dflnəs/ *noun*

پێویستیتی، پێویست‌بوون، پێداویستی ۞ ضرورت، بایستگی

needily *adverb*

لە رووی دەستەنگی‌یەوە ۞ از روی احتیاج

neediness /'ni:dinis/ *noun*

دەستەنگی، پێویستی، حەوەجە، ئاتاجی، سەرتێ‌وەستان، هەژاری، فەقیری، نەداری، چاولەدەستی، ئاوسەرکەمی، لانزەلیلی ۞ احتیاج، فقر، نیازمندی

needle /'ni:dl/ *noun*

1 دەرزی (دەرزی‌دان needle-holder) (هی لیفە: تەبەنە یان دلێوان، چۆغەدروو "تش" بە تەبەنە دەوترا)، سووزنۆکە، شیش، میل، (لادۆز، کۆنتۆڕ و هتد) سووژنە، میل، دەرزی 2 گەلای کاژی، گەلای دەرزی(ئاسا) 3 دەرزی شرینقە، سەرەدەرزی 4 (لە ئەمریکا و نافەرمی) دەرزی‌لێدان 5 دەرزی قەوان یان گرامافۆن 6 توندوتیژی، دوژمنایەتی، رقەبەرایەتی 7 کۆلەکە، ستوون، دەستەک 8 درەوشە یا سووژن (تایبەتی کونی چەرم و هتد، ئەلمانی بنەرەت) ۞ 1 سوزن، میل، عقربه 2 برگ سوزنی 3 سوزن سرنگ 4 تزریق 5 سوزن گرامافون 6 خشونت 7 شمع 8 نیدل

needlecase /'ni:dlkeɪs/ *noun*

جێ‌دەرزی، دەرزیدانک ۞ سوزن‌دان

needlecord *noun*

جۆرێ پارچەی کوردەری باشی رێڕێ ۞ نوعی پارچه

needlecraft /'ni:dlkra:ft, US -kræft/ *noun*

میل‌کاری، گوڵ‌دۆزی، شارەزایی لە درومان یان گوڵ‌چنی، دەس‌ومیل، میل‌درووی ۞ گل‌دوزی

needlefish, *pl.* same or needlefishes = garfish

needless /'ni:dləs/ *adjective*

ناپێویست، زیادی، بێهوودە، لەخۆوە، بەکارنەهاتوو، بێ‌بنچینە، لە خۆڕایی، زیادی بێجێ، بێ‌سوود، *needless* :unnecessary *waste* ۞ غیرضروری، بی‌نیاز، غیرلازم، بی‌فایده، عبث، بی‌جهت

needlessly /'ni:dləsli/ *adverb*

ناپێویستانە، بێهوودانە، لەخۆوە: *Many soldiers died needlessly* ◊ *The process was needlessly slow* ۞ به طور غیرضروری

needlessness /'ni:dləsnəs/ *noun*

ناپێویستی، لەخۆوەیی، بێهوودەیی، لەخۆڕایی‌بوون ۞ غیرضروری بودن

needlepoint /'ni:dlpɔɪnt/ *noun, adjective*

1 میل‌کاری، گوڵ‌دۆزی، شارەزایی لە درومان یان گوڵ‌چنی، میل‌درووی 2 نووکی دەرزی ۞ 1 گل‌دوزی، سوزن‌دوزی 2 نوک سوزن

needle valve *noun*

شیرەی دەرزی‌ئاسا، مەمکە ۞ دریچه‌ی سوزنی

needlewoman /'ni:dlwʊmən/ *noun, pl.* needlewomen

بەرگ‌درووی ژن ۞ خیاط زن

needlework /'ni:dlwɜ:k, US -wɜ:rk/ *noun*

بەرگ‌درووی، درومان، دەرزی‌کاری، میل‌کاری، گوڵ‌دۆزی، شارەزایی لە درومان یا گوڵ‌چنی، میل‌درووی ۞ خیاطی، گل‌دوزی

needn't /'ni:dnt/ = need not

needs *adverb*

ناچار، دەبێ، گەرەک ۞ لابد، لزوماً

needy /'ni:di/ *adjective* (needier, neediest)

چاولەدەست، لارەمل، برسی، دەستەنگ، داماو، هەژار، بێ‌دەرەتان، حەوەجێ‌دار، ئاوسەرکەم، کەشنەنگ ۞ محتاج، فقیر، تنگ‌دست

neem /ni:m/ *noun*

جۆرێ درەختی گەرمێنانی جیهانی کۆن، دارێکی mahogany ئاسا [*Azadirachta indica*] ۞ نوعی درخت

neep = turnip (Scottish)

ne'er /neə(r), US ner/ = never

ne'er-do-well *noun, adjective*

لەش‌گران، کنگ‌گران، تەپلۆس، بێ‌سەروبن، تەوەزەل، منۆخ، تەمەڵ، بەکارنەهاتوو، بێکارە، بێ‌قازانج، هەست‌بەبەرپرسایەتی نەکردوو، ئەرک‌نەناس، ئالوری ۞ تنەلش، بی‌خاصیت، وظیفەنشناس

nefarious /nɪ'feəriəs, US -'fer-/ *adjective*

1 خراپ، شەیتانی، ئەهریمەنی، بەدکار، تاوان‌کار، ناحەز، ناشیرین، ناناکاری، دزێو، 2 ناقانوونی. *nefarious activities* :vicious نایاسایی ۞ 1 اهریمنی، شرور، شنیع 2 غیرقانونی

nefariously /nɪ'feəriəsli, US -'fer-/ *adverb*

بە شێوەیەکی شەیتانی یان خراپ، ئەهریمەنانە، بە شێوەیێکی ئەهریمەنی ۞ بە طور اهریمنی

nefariousness /nɪ'feəriəsnəs, US -'fer-/ *noun*

خراپی، شەیتانیتی، خراپی، ناشیرینی، ناحەزی، دزێوی ۞ شرارت، شناعت

neg. *abbreviation* 1 negative 2 negatively

negation /nɪ'geɪʃn/ *noun*

1 نەویستن، بەربەرەچدانەوە، رەتدانەوە، رەتکردنەوە، ریکنەکەوتن، قەبووڵنەکردن، وەرنەگرتن، نەهی(لێکردن)، پووچەڵکردنەوە، پووچ‌کردنەوە، هیچ‌کردنەوە، حاشاکردن، نەلێکردن، نکوڵی(لێکردن)، حاشالەکردن، نەبوون 3 بەدرۆخستنەوە 4 بەکارخستن، پووچەڵ‌کردنەوە 5 دژبوون، پێکدژی 6 وەڵامی دژ یان نەرێنی ۞ 1 نفی، انکار، رد 2 عدم 3 تکذیب 4 بی‌اثرسازی 5 نقیض 6 جواب منفی

negative /'negətɪv/ *adjective, noun*

adj 1 نەرێنی، نەرێتی، نەهی، نەری، نەلێکەرانە، بەراوەژوو، بەرقازی، پێچەوانە، ئاوەژوو، خراپە، بەد: *The crisis had a -ve effect on trade* 2 ژێر یان خوار سیفر، بنەوەی سیفر *n* 1 (فیلم) شەیتانی، نیگەیتیف، وێنەی نیگەیتیف 1 وشە، رستە و دەستەوشەی نەرێنی یان نەهی 3 (بیرکاری) ژمارەی نەرێنی، بڕی نەرێتی یان کەمتر لە سیفر (هیچ) 4 وەڵامی نا 5 نەویستن، بەرپەرچدانەوە، رەتدانەوە، رەتکردنەوە، وەرنەگرتن، پووچەڵ‌کردنەوە، بەتاڵ‌کردنەوە، پووچ‌کردنەوە، هیچ‌کردنەوە، حاشاکردن، نکوڵی(لێکردن) 6 دژبوون، پێکدژی، دژی یەک‌بوون 7 (ئێلیکتریسیتە) بارگەی نەرێنی یا سارد (کە بە کارەبا هەڵدەگیری) ۞ *adj* 1 منفی، سالب، معکوس 2 زیر صفر، منفی *n* 1 نگاتیو 2 واژە، جملە و عبارت منفی 3 مقدار منفی، عدد منفی 4 پاسخ منفی 5 نفی، انکار 6 نقیض 7 نگاتیو

negatively /'negətɪvli/ *adverb*

بە شێوەیەکی نەرێنی، ئاوەژووانە، بە شێوەیەکی پێچەوانە: *to react negatively to stress* ◊ *to respond -ely* ۞ بە طور منفی، بە طور معکوس

negative geotropism *noun*

(رووەک‌ناسی) داشکانەوەی قەد و بەشەکانی تری رووەک بەرەو سەرێ ۞ ژئوتروپیسم نگاتیو

negative number *noun*

ژمارەی نەرێنی یان کەمتر لە هیچ (سیفر)، ژمارەی نەرێتی ۞ عدد منفی

negative pole *noun*

(ئاسنکێش) جەمسەری نەرێتی یان نەرێنی یا سارد، کاتۆد ۞ قطب منفی، کاتود

negative quantity *noun*

چەندێتی نەرێتی، بڕی نەرێنی ۞ کمیت منفی

negative sign = minus sign

negativism /'negətɪvɪzəm/ *noun*

(فەرمی) نێگەیتیڤیزم، نەرێتی‌گەری، نەرێنی‌گەری، نەرێنی‌خوازی، خراپەبینی ۞ منفی‌گرایی

negativist /'negətɪvɪst/ *noun*

نێگەیتیڤیست، نەرێتی‌گەر، نەرێنی‌گەر، نەرێنی‌خواز، خراپەبین ۞ منفی‌گرا

negativistic *adjective*

سەربە نێگەیتیڤیزم، نەرێتی‌گەری‌یانە، سەربە نەرێنی‌خوازی یان نەرێنی‌خوازی ۞ منفی‌گرایانە

negativity /ˌnegə'tɪvəti/ *noun*, also **negativism**

نەرێتیتی، نەرێنیتی، نایی‌بوون، نایێتی، بە باری خراپەگرتن، خراپەبینی ۞ سلبیت، منفیت

negaton = electron

negator /nɪ'geɪtə(r)/ *noun*

(ڕێزمان) هەڵوەشێنەر، نەدەربڕ، نادەربڕ (وەک not) ۞ منفی‌کنندە

negatron = electron

neglect /nɪ'glekt/ *noun*

درێخی، کەمتەرخەمی، گوێ‌پێنەدان، دەربەست‌نەبوون، شل‌گرتن، بەهێندنەگرتن، بەتەنگەوەنەبوون، سەرنج‌پێنەدان، هۆش‌پێدان، بەهیچ‌گرتن، لەبیربردنەوە: *The law imposes penalties for the neglect of children* ۞ قصور، غفلت، بی‌توجهی، نادیدەگیری

neglected /nɪ'glektɪd/ *adjective*

لەبیرەوەبراو، لەبیرەوەچوو: *a neglected area of research* ۞ فراموش‌شدە

neglectful /nɪ'glektfl/ *adjective*

کەمتەرخەم، بەدرێخی، بێ‌گوێ، گوێ‌پێنەدەر، نادەربەست، لامەرلا، بێ‌خەیاڵ، هۆش‌پێوەنەبوو، فەرامۆش‌کار، لەبیربەرەوە، زووشت لەبیرەوەچوو، بێ‌هۆش، careless, heedless, negligent: *neglectful parents* ۞ بی‌توجە، فروگذار، فراموش‌کار

neglectfully /nɪ'glektfəl/ *adverb*

کەمتەرخەمانە، لە رووی کەمتەرخەمی(یەوە)، فەرامۆش‌کارانە ۞ با بی‌توجهی، بە طور

فراموش‌کار

neglectfulness /nɪ'glektflnəs/ *noun*

دریخی، کەمتەرخەمی، گوێ‌پێنەدان، بێ‌خەیاڵی، نادەربەستی، لامەرلایی، بێ‌خەمی، بەهێندنەگرتن، بەتەنگەوەنەبوون، سەرنج‌پێنەدان، هۆش‌پێدان، بەهیچ‌گرتن ۞ بی توجهی، قصور

neglige = negligee

negligee /'neglɪʒeɪ, US ˌneglɪ'ʒeɪ/ *noun*

(هی ژنان) جلی ماڵەوە، جلی شەوانە یان خەوی ژنان ۞ لباس خانه

negligence /'neglɪdʒəns/ *noun*

دریخی، کەمتەرخەمی، بێ‌خەیاڵی، نادەربەستی، گوێ‌پێنەدان، لامەرلایی، شل‌گرتن، سستی، بەهێندنەگرتن، بەتەنگەوەنەبوون، بێ‌ڕانەگەیشتن، سەرنج‌پێنەدان، هۆش‌پێنەدان، بەهیچ‌گرتن، نائاگاداری، وریانەبوون، ناهۆشیاری، سەرچڵی: *The doctor was sued for medical -igence* ۞ غفلت، اهمال، کوتاهی، لاقیدی، بی‌توجهی، بی‌احتیاطی

negligent /'neglɪdʒənt/ *adjective*

کەمتەرخەم، بەدریخی، خەتابار، نادەربەست، لامەرلا، شل‌گرتوو، بێ‌خەیاڵ، بەتەنگەوەنەبوو، بێ‌خەم، بەهێندنەگر، بێ‌سەرنج، ئاڵۆزی، گوێ‌پێنەدەر، هۆش‌پێوەنەبوو، بێ‌هۆش: *grossly negligent* ۞ بی‌مبالات، غافل، فروگذار، سهل‌انگار، بی‌توجه

negligently /'neglɪdʒəntli/ *adverb*

کەمتەرخەمانە، خەتابارانە، بێ‌خەیاڵانە، ئاڵۆزی‌یانە، نابەرپرسانە، بە کەمتەرخەمی(یەوە) ۞ با بی‌مبالاتی

negligibility /-'bɪlɪti/ *noun*

کەمی، چکۆلەیی، نیوەچڵی، هیچی، هیچەکەیی، ناگرنگی ۞ ناچیز بودن، جزئی بودن

negligible /'neglɪdʒəbl/ *adjective*

کەم، چکۆلە، نیوەچڵ، هیچ، هیچەکە، ناگرنگ، شایانی لێ‌بوردن: *a negligible error* ۞ ناچیز، جزئی، بی‌اهمیت

negligibly /'neglɪdʒəbli/ *adverb*

بە شێوەیەکی کەم، بە کەمی ۞ به طور جزئی

negotiability /nɪɡəʊʃiə'bɪlɪtɪ, US -'goʊ-/ *noun*

لەدانوستان‌هاتوویی، وتوویژلەسەرکراوی ۞ قابلیت بحث

negotiable /nɪ'gəʊʃiəbl, US -'goʊ-/ *adjective*

1 لەدانوستان‌هاتوو، دانوستانی لەسەر دەکرێ، بۆ دانوستان، گفتوگۆ یان وتوویژ دەبێ، دانوستانلەسەرکراو: *The terms of employment are negotiable* 2 وردەوەبوو، نەغدەوەبوو، نەغد دەبێتەوە، دەگۆدرێتەوە بە پارە، لەگۆڕینەوەهاتوو، لەراگوێستن‌هاتوو 3 لەپیارۆیشتن‌هاتوو، شیاوی پیاتێپەڕین ۞ 1 قابل بحث 2 نقدشدنی 3 قابل انتقال، قابل عبور

negotiated *adjective*

بەدەس‌هێنراو بە ڕێگای دانوستان یان وتوویژەوە، بەدەس‌هێنراو بە ڕێگای گفتوگۆوە، دانوستانی ۞ حاصل‌شده از راه مذاکره

negotiating table *noun*

میزی دانوستان، میزی گفتوگۆ، میزی وتوویژ ۞ میز مذاکره

negotiation /nɪˌgəʊʃi'eɪʃn, US -ˌgoʊʃi-/ *noun*

1 دانوستان، وتوویژ، گفتوگۆ، چەنەلێدان، مشتومڕ، مشەرعین، ڕێک‌کەوتن، یەک‌کەوتن، لهەڤهاتن: *peace/trade/wage, etc. negotiations* 2 گۆڕینەوە، دەساودەس‌کردن، ئاڵوگۆڕ، نەغدکردنەوە، وردکردنەوە 3 پیارۆیشتن، (پیا)تێپەڕین، ڕۆیشتن (بنەرەت: لە لاتین *negotiari* ،*negotiat-* "لە نێوان یا ماوەی کاردا کردن"، لە *negotium* "کار") ۞ 1 مذاکره، چانه‌زنی 2 نقدکردن، مبادله 3 عبور

negotiator /nɪ'gəʊʃieɪtə(r), US -'goʊʃi-/ *noun*

1 دانوستانوان، وتوویژکار، دانوستان‌کار: *the union's chief -iator* 2 لایەنی دانوستان یان سەودا ۞ 1 مذاکره‌کننده 2 طرف مذاکره یا معامله

Negress /'ni:gres/ *noun*

(زۆرجار سووکانە) ژنی زەنگی، ژنی ڕەش‌پێست یان قولەڕەشە ۞ زن سیاه‌پوست

Negrillo /nɪ'grɪləʊ/ *noun, pl.* Negrillos

نیگریلۆ (ئەندامی گەلی ڕەشی کورتەباڵای ئەفریکای ناوەندی و باشووری) ۞ نگریلو

Negrito /nɪ'gri:təʊ/ *noun, pl.* Negritos

نیگریتۆ (= ئەندامی گەلی ڕەشی کورتەباڵای ناوچەی ئەوسترۆنیزیایی Austronesian) ۞ نگرتیو

Negro /'ni:grəʊ, US -groʊ/ *noun,* also Negroes

ڕەش(پێست)، زەنگی، قولەڕەشە، زنجی ۞ سیاه(پوست)

Negroid /'ni:grɔɪd/ *adjective*

شێوەزەنگی، لە زەنگی‌چوو ۞ شبیه سیاه‌پوست

negroni /nɪ'grəʊni/ *noun*

کوکتێلی جین، ڤێرموت و کامپاری ۞ نگرونی

Negrophobe *noun*

بێزار یان ترساو لە خەڵکانی ڕەش یا ڕەگەزی ڕەش ۞ نگروفوب

Negrophobia *noun*

بێزاری یان ترس لە خەڵکانی ڕەش یا ڕەگەزی ڕەش ۞ نگروفوبیا

Negro spiritual = spiritual

Negus /'ni:gəs/ *noun*

نیگــوش، نەگاشــی (دەســەلاتدار (بــەرز)ی ئەتیۆپی: بە واتای شا(ی شاهان)) ۞ نجاشی

negus /'ni:gəs/ *noun*

(مێژوویی) جۆرێ خواردنەوەی گەرمی port شەکر، لیمۆترش و بەهارات ۞ نگوس

Neh. Nehemiah (in biblical references)

Nehemia *noun*, also Nehemias, Hebrew *Nĕḥemyāh*

نێهێمیا(هـ): ڕێبەرێکی جووی سەدەی پێنجەمی بەرلە زایین کە چاودێری بەسەر سازکردنەوەی دیوارەکانی شاری Jerusalem دەکرد و ریفۆرمە دینییەکانی لەو شارەدا دامەزراند ۞ نهمیا

neigh /neɪ/ *noun*

حیلە ۞ شیهه

neighbour /'neɪbə(r)/ *noun*, US neighbor

دراوسێ، ئاومال، جیران، هاوسێ، ئاوسێ، جینار ۞ همسایە

neighbourhood /'neɪbəhʊd, US 'neɪbər-/ *noun*, US neighborhood

1 دراوسێتی، هاومالێتی، ئاومالێتی، جیرانێتی. هاوسێیەتی، ئاوسێتی، نزیکی، نزیکە 2 گەڕەک، خەلکی گەڕەک، دراوسێکان، جیرانەکان، دەوروجیران 3 دەوروبەر، دەوروپشت ۞ 1 همسایگی، مجاورت، جوار 2 محلە، اهل محل، همسایەها 3 حوالی، حدود

neighbouring /'neɪbərɪŋ/ *adjective*

دراوسێ، نزیک، لەتەنیشت، ئاومال، هاوسێ، ئاوسێ ۞ همسایە، نزدیک

neighbourliness /'neɪbəlinəs, US neɪbərlinəs/ *noun*

1 دلسۆزی، دۆستایەتی، گەرموگوڕی، نزیکی 2 هاومالێتی، جیرانێتی، دراوسێتی، ئاوسێتی ۞ 1 مهربانی، نزدیکی 2 همسایگی

neighbourly /'neɪbəli/ *adjective*

گەرم، دۆستانە، جیرانئاسا، ئاوسێیانە: *It was a neighbourly gesture of theirs* ◊ *a neighbourly dispute* ◊ *neighbourly help* ۞ دوستانە، مهربان، همسایەوار

neighbourship *noun*

جیرانێتی، ئاومالێتی، دراوسێتی، ئاوسێتی ۞ همسایگی

neither /'naɪðə(r), US 'ni:ðə(r)/ *pronoun, adjective, adverb*

1 هیچکام، هیچکامیان، هیچکام لە، هیچیەک لە: *Neither answer is correct* 2 هیچ، تو، نە. نەخێر ۞ 1 هیچکدام، هیچکدام از 2 هیچ، نە

nekton /'nekt(ə)n, US -tɒn/ *noun*

(گیانەوەرناسی) گیانەوەری مەلەوان یان مەلەکەر (پێچگەلە سەراوەکییەکان plankton، وەک ماسی و نەهەنگەکان) ۞ نکتون

nektonic *adjective*

سەربە گیانەوەری مەلەوان یان مەلەکەر ۞ وابستە بە نکتون

nelly *noun, pl. nellies*

1 (نافەرمی) کەسێکی گەوج 2 پیاوی هاوڕەگەزباز 3 not on your nelly (لە بریتانیا) بێگومان نا، حەتمەن نا ۞ 1 آدم احمق 2 مرد همجنس‌باز 3 مطمئناً نە

nelson /'nelsən/ *noun*

(زۆرانبازی) نێلسون (بڕوانە half nelson و full nelson) ۞ مایەی اوج‌بند

nemat(o)- /nɪ'matəʊ, US 'nɛmətəʊ/ *prefix*

پێشگر: 1 دەزوو، دەزوویی 2 nematocyst: سەربە نێماتۆدەکان، کرمی دەزوویی، دەزووکرم، کرمەدەزوو، باریکەکرم، توولەکرم (بنەڕەت: لە یۆنانییەوە nēma، nēmat- "دەزوو، دەزگ thread") ۞ پیشوند: 1 نخی 2 وابستە بە کرمهای نخی یا تسمەسانی

nemathelmint *noun*

هەریەک لە کرمەکان (بە لەشێکی درێژ، بێ کەرت unsegmented و لوولەکی cylindrical، nematode و hairworm ـەکان دەگرێتەوە (جاران لقی Nemathelminthes)) ۞ نماتوپسایدال

nematic /nɪ'matɪk/ *adjective*

دەزگی: سەربە یان ئاماژە دەکا بە دۆخی لە کریستالی ئاوەکی کە لەودا ڕێکخستنی گەردەکان هێلییە linear (بڕوانە smectic) ۞ نماتیک

nematocidal *adjective*, also nematicidal

نێماتۆسایدال، دەزووکرمکوژ، باریکەکرمکوژ، کرمفەوتێن، توولەکرمکوژ ۞ نماتوپسایدال

nematocide *noun*, also nematicide

ماک یان دەرمانی دەزووکرمکوژ، دەرمانێ کە بۆ کوشتنی مشەخۆرە نێماتۆدەکانی ڕووەک بەکاردێتریێ ۞ نماتوساید

nematocyst /nɪ'matə(ʊ)sɪst, US 'nɛmət-/ *noun*

(گیانەوەرناسی) دەزوودان، دەزووتوورەکە، دەزووکیسە، جۆری coelenterate یان jellyfish، بۆ مەبەستی خۆپاراستن یان گرتنی نێچیر ۞ نماتوسیست

nematocystic *adjective*

سەربە یان پێوەندی بە نێماتۆسیستەوە هەیە، سەربە دەزووکیسە، دەزووتوورەکەیی ۞ وابستە بە نماتوسیست

Nematoda /,nɛmə'təʊdə/ *noun, pl.*

(گیانەوەرناسی) نێماتۆدا، دەزووکرمان (تیرەیێ لە کرمەکان، roundworm، threadworm و eelworm ـەکان دەگرێتەوە) ۞ نماتودا

nematode /'nɛmətəʊd/ *noun*

نیماتۆد، دەزووکرم ۞ نماتود
nematologist *noun*
کرمناس، نیماتۆدناس، دەزووکرمناس ۞ کرم‌شناس
nematology /ˌnɛməˈtɒlədʒi/ *noun*
کرمناسی، نیماتۆدناسی، دەزووکرمناسی ۞ کرم‌شناسی
Nembutal /ˈnɛmbjʊt(ə)l, -tɑːl/ *noun*
(دروشمی بازرگانی) خوێی سۆدیۆمی pentobarbitone ۞ نمبوتال
nem con *adverb, abbreviation* Latin nemine contradicente
بە تێکڕایی دەنگ، بە یەک زمان، بێ‌دژایەتی، بە یەک‌دەنگی، بێ‌بەرهەڵستی ۞ به اتفاق آرا
Nemertea /ˌnɛməˈtiːə, nɪˈməːtɪə/ *noun, pl.*
کرمەبەنۆکەییەکان (بنەڕەت: لە *Nēmertēs* یۆنانی‌یەوە: ناوی پەرییێکی دەریایی) ۞ کرم‌های نواری
nemertean *adjective, noun*
(کرم) بەنۆکەیی ۞ (کرم) نواری
nemesia /nɪˈmiːʒə/ *noun*
ڕووەکێکی سەربە snapdragon [تۆوخم *Nemesia*] ۞ نوعی گیاه
nemesis /ˈnɛməsɪs/ *noun, pl.* nemeses /-siːz/
سزا، تۆڵە، تۆڵهلدان ۞ مکافات، انتقام
Nemesis /ˈnɛməsɪs/ *noun*, Latin, from Greek
خواژنی تۆڵە، نێمەسیس، نیمێسیس (ی خودایی، لە میتۆلۆژی یۆنانیدا) ۞ نمسیس
nemoral *adjective*
دارستانی، جەنگەڵی، دارستان‌نشین ۞ جنگلی، جنگل‌نشین
nene /ˈneɪneɪ/ *noun*, also ne-ne
قازێکی دەگمەن، ڕەسەنی هاوایی [*Branta sandvicensis*] ۞ نوعی غاز
Nenets /ˈnɛnɛts/ *noun, pl.* same or Nentsy or Nentsi
1 ئەندامی گەلی ڕەوەندی سیبێریا 2 زمانی سامۆیید Samoyedicی ئەو گەلە ۞ ننتس
nenuphar *noun*
(ڕووەک‌ناسی) لاولاوە، لیلوپەڕ ۞ نیلوفر
ne(o)- /ˈniːəʊ, US ˈniːoʊ/ *prefix*
پێشگر: 1 نوێ، نۆ، نەو، تازە، ئەم دوایی‌یانە، بە شێوەیەکی نوێ: *neonate* 2 شێوەیێکی نوێ یان پیاچووەوەی شتێ: *neo-Darwinian* 3 نو و ناتاسایی: *neoplasm* (لە *neos* یۆنانی‌یەوە "new") ۞ پیشوند: 1 نو، اخیر، به شکلی نوین 2 فرم نو یا تجدیدنظرشدەی چیزی 3 نو و غیرعادی
Neocene *adjective, noun*
adj نیوسێن: سەربە بەشی دوایی سەردەمی سەهۆڵبەندان، قۆناخەکانی Miocene و Pliocene لەخۆدەگری (یان دەگرێتەوە) *n* (زەوی‌ناسی) سەردەمی نیوسێنی ۞ نئوسن
neoclassical /ˌniːəʊˈklæsɪkl, US ˌniːoʊ-/ *adjective*, also neoclassic
نیوکلاسیک ۞ نئوکلاسیک
neoclassicism *noun*
نیوکلاسیزم، نیوکلاسیزم، کلاسیزمی نوێ: شێوازێ لە هونەر، سازەوانی و دیزاین کە کاریگەری شێوازە کۆنەکانی یۆنانی و ڕۆمی زۆر بەسەرەوەیە و بووە شێوازێکی باو لە ئەورووپا و ئەمریکای باکووری لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدە ۞ نئوکلاسیک‌گرایی
neo-colonialism /ˌniːəʊkəˈləʊnɪəlɪzəm, US ˌniːoʊkəˈloʊ-/ *noun*
کۆلۆنیالیزمی نوێ، داگیرگەریی نوێ، نوێ‌داگیرگەری ۞ استعمار نو
neo-colonialist /ˌniːəʊkəˈləʊnɪəlɪst, US ˌniːoʊkəˈloʊ-/ *noun, adjective*
n کۆلۆنیالیستی نوێ، داگیرگەری نوێ، نوێ‌داگیرگەر *adj* سەربە کۆلۆنیالیستی نوێ ۞ *n* استعمارگر نو *adj* وابسته به استعمارگر نو
neo-conservative /ˌniːəʊkənˈsɜːvətɪv, US ˌniːoʊkənˈsɜːrvətɪv/ *adjective*, also neocon
کۆنەپارێزی نوێ، نوێ‌کۆنەپارێز(ان) ۞ محافظه‌کار نو
neocortex /ˌniːəʊˈkɔːtɛks, US ˌniːoʊˈkɔːrtɛks/ *noun, pl.* neocortices
(توێکاری) نیوکۆرتێکس (بەشێ لە مێشک کە بینین و بیستن کۆنتڕۆڵ دەکا) ۞ نئوکورتکس
neocortical *adjective*
سەربە نیوکۆرتێکس ۞ وابسته به نئوکورتکس
neo-Darwinin *adjective*
نیۆداروینی، نۆداروینی ۞ نئوداروینی
neo-Darwinism *noun*
نیۆداروینیزم، نۆداروینیزم ۞ نئوداروینیسم
neo-Darwinist *noun*
نیۆداروینیست، نۆداروینیست ۞ نئوداروینیست
neodymium /ˌniːəʊˈdɪmɪəm, US ˌniːoʊ-/ *noun*
(کیمیا) نیودیمیۆم، نیودیمیێم (بە ژ.گ. 60، ن.Nd؛ بنەڕەت: لە -neo + شێوەی کورتەوەبووی didymium) ۞ نئودیمیم
neo-Expressionism *noun*
نۆدەربڕینگەری، دەربڕینخوازی نوێ ۞ نئواکسپرسیونیزم
neo-Expressionist *noun*
n نۆدەربڕینگەر، نۆدەربڕینخواز *adj* نۆدەربڕینگەرانە، سەربە نۆدەربڕینخوازی ۞ *n* نئواکسپرسیونیست *adj* نئواکسپرسیونیستی
Neogene /ˈniːə(ʊ)dʒiːn/ *adjective*
(زەوی‌ناسی) سەربە دابەشاندنی دواتری قۆناخی

تیرشیاری (قۆناخەکانی میوسین Miocene و پلیوسین Pliocene دادەگری) لە 23.3 تا 1.64 میلیۆن ساڵ لەوە پێش ◌ نئوژن
neogenesis *noun*
نویبوونەوە، تازەبوونەوە ◌ تجدد
neo-Gothic *adjective*
نۆگۆتیک، نیوگۆتیک ب.ت. لە ویژە و مێعماریدا ◌ نیوگوتیگ
neo-impressionism *noun*
ئیمپێرسیۆنیزمی نوێ ◌ امپرسیونیسم نو
neo-impressionist *noun, adjective*
n ئیمپێرسیۆنیستی نوێ *adj* نۆئیمپێرسیۆنیستی ◌ *n* امپرسیونیست نو *adj* امپرسیونیستی نو
Neo-Latin *noun*
1 زمانە لێوەبووەکانی لاتینی (ئەو زمانانەی کە لە لاتینی کەوتوونەتەوە) 2 = **Romance**1 ◌ نئولاتین
neolith *noun*
کەلوپەلی بەردین یا لەبەرد (لە سەردەمی بەردینی نوێ) ◌ ابزار سنگی
neolithic [illegible] *adjective*
بەردینی نوێ، نۆبەردین، کۆنی لەمێژینە ◌ نوسنگی، قدیمی
Neolithic [illegible] *adjective*
سەربە سەردەمی بەردینی نوێ یان نۆبەردین: **Neolithic** ◌ **Neolithic** *stone axes* *settlements* ◌ وابستە بە نوسنگی
Neolithic Age *noun*
سەردەمی بەردینی نوێ یان نۆبەردین (سەردەمی بەردینی نوێ لە دوایییەکانی هەزارەی چوارەمی پێش‌زایین دەس‌پێدەکا و تا سەردەمی مەفرەغ یانی دەورویەری 1400 تا 2000 ساڵ پێش‌زایین دەخایەنێ. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە، بەکارهێنانی بەردی چەخماخ، رامکردنی گیانەوەران، چاندنی دانەوێڵە، سوفاڵگەری خانووبەرە و گڵکۆ تایبەتەکان و دروستکردنی چەندین پەرستگەی تایبەت وەکوو Stonehenge لە ئینگلتەرەیە) ◌ عصر نوسنگی
neolithic period *noun*
سەردەمی بەردینی نوێ ◌ دورەی نوسنگی
neological *adjective*
سەربە بەکارهێنانی وشەی نوێ(باو یا تازەبابەت) ◌ وابستە بە استعمال نوواژە
neologism /ni'ɒlədʒɪzəm, US -'ɑ:l-/ *noun*, also coinage
1 وشەی تازە، تازەوشە، وشەی نوێ، وشەی نوێباو، وشەی نۆباو یان تازەبابەت 2 دارشتنی وشە، وشەدارێژی، داتاشینی وشە، وشەسازی ◌ 1 نوواژە 2 واژەسازی
neologist /ni'ɒlədʒɪst, US -'ɑ:l-/ *noun*
لایەنگری بەکارهێنانی وشەی نوێ ◌ طرفدار استعمال نوواژە
Neo-Melanesian = Tok Pisin
neomycin *noun*
جۆرێ دەرمانی antibiotic زاراوی (یەکجار مەودا(بەر)بڵاو broad-spectrum، بەهۆی (*Streptomyces fradiae*) streptomyces ـەکان بەرهەم دێ و لە بواری پزشکیدا بەکاردێتری ◌ نئوموسین
neon /'ni:ɒn, US 'ni:ɑ:n/ *noun*
1 (گاز) نیان، نیۆن (بە ز.گ. 10، ن. Ne) 2 (وەک ئاوەڵناو) زۆر درەوشاوە یان بریقەدار (لە رەنگدا) ◌ نئون
neonatal /ˌni:əʊ'neɪtl, US ˌni:oʊ-/ *adjective*
ساوایان، تازەبووان (= سەربەو منالانەی (یان شیردەرەکان) کەوا تازە بوون): *the hospital's neonatal unit* ◌ نئوناتال، وابستە بە نوزاد
neonatal care *noun*
ئاگاداری ساوایان یان تازەبووان ◌ مراقبت نئوناتال
neonate /'ni:əʊneɪt, US 'ni:oʊ-/ *noun*
1 (منال یان شیردەری) تازە(لەدایک)بوو، تازەزا، ساوا 2 (پزشکی) منالێ کە کەمتر لە 4 حەوتووی تەمەن هەیە ◌ 1 نوزاد 2 نئونیت
neo-Nazi *noun*
نازی نوێ، نیۆنازی ◌ نئونازی
neon lamp *noun*
گڵۆپی نیۆن ◌ لامپ نئون
neon light *noun*
چرای نیۆن ◌ چراغ نئون
neon sign *noun*
تابلۆی نیۆن ◌ تابلوی نئون
neon tetra = tetra
neophilia *noun*
نۆدۆستی، نۆحەزی، نوێحەزی، نوێدۆستی ◌ نئوفیلیا
neophiliac *noun*
(کەسێکی) نۆدۆست، نۆحەز، نوێحەز، نوێدۆست ◌ نئوفیلیاک
neophobia *noun*
لەنوێترسی، نۆترسی، تازەترسی، نۆبێزاری ◌ نوهراسی
neophobic *adjective*
لەنوێترس، نۆترس، تازەترس، نۆبێزار ◌ نوهراس
neophyte /'ni:əfaɪt/ *noun*
1 تازەکار، تازەسەرەندەرکردوو، نۆفێر، تازەدەس‌تێداو، tyro، beginner: *The site gives -ophytes the chance to learn from experts* 2 نوێئایین، نۆباوەڕ، نۆدین: proselyte ◌ 1 مبتدی 2 نوآیین، جدیدالایمان
neoplasia /ˌni:ə(ʊ)'pleɪzɪə/ *noun*

(پزشکی) پێکهاتنی هەڵدانی نوێ و نائاسایی شانەیێ ◌ نئوپلاسیا
neoplasm *noun*
هەڵدانی نوێ و نائاسایی شانەیێ لە چەند بەشێکی لەشدا، ب.ت. وەکوو شێرپەنجە ◌ نئوپلاسم
neoplastic[1] /ˌniːəʊˈplæstɪk/ *adjective*
سەربە نیوپلاسم یان نیوپلاسیا ◌ نئوپلاستیک
neoplastic[2] /ˌniːəʊˈplæstɪk/ *adjective*
(هونەر) سەربە neoplasticism ◌ وابسته بە نئوپلاستیسیسم
neoplasticism /ˌniːəʊˈplæstɪsɪzəm/ *noun*
شێوازێکی وێنەکێشی ئابستراکت، کە شێوەی لاکێشەیی و ڕەنگە سەرەتاییەکان بەکاردێنێ ◌ نئوپلاستیسیسم (neoplasticist *n*)
Neoplatonic *adjective*
سەربە نیوپلاتۆنیزم ◌ وابسته بە فلسفەی نئوافلاطونی
Neoplatonism /ˌniːəʊˈpleɪt(ə)nɪz(ə)m/ *noun*
نیوپلاتۆنیزم، فەلسەفەی نیوئەفلاتوونی ◌ فلسفەی نئوافلاطونی
Neoplatonist /ˌniːəʊˈpleɪt(ə)nɪst/ *noun*
نیوپلاتۆنیست ◌ نئوافلاطونی
neoprene /ˈniːə(ʊ)priːn/ *noun*
پۆلیمێرێکی دەسکرد کە شێوەی جیر دەدا، ب.ت. لە بواری مەبەستێکی تایبەتیدا بەکاردێنرێ (وەک دەسکێش و هتد) ◌ نئوپرن
neo-realism *noun*
ڕیالیزمی نوێ (بزووتنەوەیەکی ناتۆرالیستی لە وێژە و سینەمای ئیتالیادا، لە 1940 دا دەرکەوت) ◌ رئالیسم نو
neo-realist *noun*
ڕیالیستی نوێ ◌ رئالیست نو
neostigmine /ˌniːə(ʊ)ˈstɪgmiːn/ *noun*
(پزشکی) ئاوێتەیێکی پێکهێنراو یان سینتێتیک $C_{12}H_{19}BrN_2O_2$، بە تایبەتمەندی بەرگیری لە cholinesterase و بۆ چارەسەری ileus، glaucoma و myasthenia gravis بەکاردێنرێ ◌ نئوستیگمین
neotenic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە نیوتێنییەوە هەیە ◌ وابسته بە نئوتنی
neoteny /niːˈɒt(ə)ni/ *noun*
پێگەیشتنی ڕەگەزی یان سێکسی گیانەوەرێ کە هێشتا لە دۆخی کرمۆکەیی دایە ◌ نئوتنی
neoteric /ˌniːə(ʊ)ˈterɪk/ *adjective*
تازە، نوێ، نووف، نۆژەن ◌ نوین، نو
Neotropical *adjective*, also Neotropic
(گیانەوەرناسی) سەربە ناوچەی جوگرافیای گیانەوەری کە ئەمریکای ناوەندی و باشووری و کارائیب دادەگرێ ◌ نئوتروپیکال

Nepalese /nɛpəˈliːz/ *noun, adjective*
n خەڵکی نیپال *adj* نیپالی، سەربە نیپال ◌ نپالی
Nepali /nɪˈpɔːli/ *noun, pl.* same or Nepalis
1 خەڵکی نیپال 2 زمانی فەرمی هیندی نیپال ◌ نپالی
nepenthes /nɪˈpɛnθiːz/ *noun*, also nepenthe
1 دەرمانی خەمڕەوێن 2 ڕووەکی تیرەیێ کە pitcher plant دەگرێتەوە [توخم *Nepenthes*] ◌ 1 داروی غم‌زدا 2 نوعی گیاه
neper /ˈniːpə, US ˈneɪ-/ *noun*
(فیزیک) یەکەی لۆگاریتمی هەڵسەنگاندنی ئاستی ڤۆلتاژ(ەکان)، تەوژم(ەکان) و هێزەکان ◌ نپر
nepeta /nɪˈpiːtə/ *noun*
شەوبۆ، ڕووەکی تیرەیێ کە catmint دەگرێتەوە [توخم *Nepeta*] ◌ پونەسا، قطرم
nepheline /ˈnɛf(ə)lɪn/ *noun*
هەورە، هەورینە: کانێکی ئالومینۆسیلیکاتی مەیلەو قاوەیی یان سەوزباوی بێڕەنگ، لە بەردە ئاگرینەکاندا هەیە ◌ نفلین
nephelometer /ˌnɛfəˈlɒmɪtə/ *noun*
هەورپێو (nephelometric *adj*: سەربە هەورپێوی، هەورپێوییانە؛ nephelometrically *adj*: لەبارى هەورپێوی(یەوە)، هەورپێوییانە؛ nephelometry *n*: هەورپێوی) ◌ نفلومتر
nephew /ˈnɛfjuː, US ˈnɛvjuː/ *noun*
خوشکەزا، کوڕی خوشک، برازا، کوڕی برا ◌ خواهرزاده، برادرزاده
nephology /nɪˈfɒlədʒi/ *noun*
هەورناسی ◌ ابرشناسی
nephoscope *noun*
هەوربین (دەزگای چاودێری ڕێڕەو و خێرایی هەورەکان) ◌ نفوسکوپ
nephr(o)- /nɪfr/ *prefix*
پێشگر: گورچیلە، وڵک (بنەڕەت: لە *nephros* یۆنانی) ◌ پیشوند: کلیه، گرده
nephralgia /nəˈfrældʒɪə/ *noun*
ژانەگورچیلە، وڵکێشە ◌ درد کلیه
nephrectomy /nɪˈfrɛktəmi/ *noun, pl.* nephrectomies
گورچیلەدەرکێشان، گورچیلەدەرکێشی، گورچیلەبڕی، دەرهێنانی یەک یان هەردوو گورچیلە ◌ کلیه‌برداری
nephric = renal
nephridipore /nɪˈfrɪdɪəpɔː/ *noun*
(گیانەوەرناسی) کونی دەرەوەی گورچیلۆکە ◌ نفریدیپور
nephridium /nɪˈfrɪdɪəm/ *noun, pl.* nephridia
گورچیلەی چکۆلە، گورچیلۆکە (nephridial

adj: سەربە یان پێوەندی بە گورچیلەی چکۆلەوە هەیە، گورچیلۆکەیی) ۞ کلیەی کوچک

nephrite /ˈnɛfrʌɪt/ *noun*
گورچیلک: کانتێکی سیلیکاتی سپی یان سەوزی کاڵ ۞ یشم سبز

nephritic /nɪˈfrɪtɪk/ *adjective*
1 گورچیلەیی، سەربە ولک، renal 2 سەربە ئاوسانی گورچیلە ۞ 1 کلیوی 2 وابستە بە التهاب کلیوی

nephritis /nɪˈfrʌɪtɪs/ *noun*
ئاوسانی گورچیلە، ئاوی گورچیلە، نیفرایتیس ۞ التهاب کلیه

nephroid *adjective*
گورچیلەئاسا، شێوەگورچیلە، گورچیلەیی، ولکئاسا ۞ گردەمانند

nephrological *adjective*
سەربە گورچیلەناسی ۞ گردەشناختی

nephrologist *noun*
گورچیلەناس ۞ گردەشناس

nephrology /nɛˈfrɒlədʒi/ *noun*
گورچیلەناسی، گورچکناسی، ولکناسی ۞ گردەشناسی

nephron /ˈnɛfrɒn/ *noun*
(توێکاری) یەکەی دەردانی گورچیلەی گیانەوەری بڕبڕەدار، ئەندامی دەردانی میزی گورچیلەی بڕبڕەداران، یەکەی گورچیلەیی (بنەڕەت: لە nephros یۆنانی "گورچیلە") ۞ نفرون

nephropathic *adjective*
سەربە دۆخێکی نائاسایی گورچیلە ۞ وابستە بە نفروپاتی

nephropathy *noun, pl.* nephropathies
دۆخێکی نائاسایی گورچیلە ۞ نفروپاتی

nephrosis /nɪˈfrəʊsɪs/ *noun*
گورچیلەداوەشان ۞ کلیەتباهی

nephrostome *noun*, also ciliated funnel
گورچیلەدەم، رەحەتی گورچیلەیی یا مژۆڵدار: کونی بۆشە(کە)یی coelomic رەحەتی ئاسای مژۆڵداری گورچیلۆکەیی nephridium ۞ نفروستوم

nephrotic *adjective*
سەربە گورچیلەداوەشان ۞ وابستە بە کلیەتباهی

nephrotic syndrome *noun*
کۆنیشانەی گورچیلەداوەشان ۞ نشانگان کلیەتباهی

nephrotomy *noun, pl.* nephrotomies
گورچیلەبڕی، بڕینی بەشێ یان تێکرای گورچیلە ۞ نفروتومی

nephrotoxic *adjective*
ژاراوی بۆ گورچیلە (*n*) nephrotoxicity: ژاراویبوون بۆ گورچیلە) ۞ نفروتوکسیک

ne plus ultra /ˌneɪ plʊs ˈʊltrɑː, US ˈʊltrə/ *noun*
(لاتینی) ترۆپک، لووتکە، دوند، نووچکە ۞ اوج

nepotism /ˈnepətɪzəm/ *noun*
خزمگەری، خزمدانان، خزمینەخوازی، خزمدامەزرێنی، خزمخزمینە، پارتیبازی، دامەزراندنی خزم(وکەس) ۞ تبارگماری

nepotist /ˈnepətɪst/ *noun*
خزمگەر، خزمینەخواز، خزمدانەر، خزمدامەزرێن، دامەزرێنەری خزم(وکەس) ۞ تبارگمار

nepotistic *adjective*
خزمگەرییانە، خزمدانەرانە، خزمدامەزرێنەرانە ۞ تبارگمارانە

Neptune /ˈneptjuːn, US -ˈtuːn-/ *noun*, Latin *Neptunus*
1 (ئەستێرەوانی) نێپتۆن (= هەشتەمین هەسارەی کۆمەڵەی خۆری، تیرەی پشتێنەیی 48,600 کیلۆمیتر (30,200 مایل)، مەودای لە خۆرەوە 4497.1 ملیۆن کیلۆمیتر (2794.4 ملیۆن مایل)، ماوەی سووڕانەوەی 164.81 ساڵ و لانی کەم شەش مانگ یان پاشکۆی هەیە 2 خوای دەریاکان (لە میتۆلۆژی رۆمیدا) ۞ 1 نپتون 2 خدای دریاها

Neptunian /nepˈtuːnɪən/ *adjective*
1 (ئەستێرەوانی) سەربە نێپتۆن 2 سەربە خوای دەریاکان ۞ 1 وابستە بە نپتون 2 وابستە بە خدای دریاها

neptunium /nepˈtjuːniəm, US -ˈtuːn-/ *noun*
(کیمیا) نێپتۆنیۆم (بە ژ.گ. 93، ن. Np) ۞ نپتونیم

NERC *abbreviation* Natural Enviromant Research Council
ئەنجومەنی توێژینەوەی ژینگەی سروشتی ۞ نرک

nerd /nɜːd, US nɜːrd/ *noun*
مرۆی گەوج و کەر، خەرەفاو و گێل، پەخمە ۞ آدم احمق، خنگ

nerdly /nɜːdli, US nɜːrdli/ *adverb*
گەوجانە، کەرانە ۞ احمقانە

Nereid /ˈnɪərɪɪd/ *noun*, Latin *Nereid-, Nereis*, from Greek *Nēreid-, Nēreis*, from *Nēreus Nereus*
(میتۆلۆژی یۆنانی) هەریەک لە پەرییەکانی دەریا، کچانی خوای دەریا Nereus ۞ نرئید

nereid /ˈnɪərɪɪd/ *noun*
جۆری کرم (ی دریژ)، لە تیرەی ragworm (Nereidae) ۞ نوعی کرم

Nereus *noun*, Latin, from Greek *Nēreus*
نیریۆس، خوازری: خوای دەریا لە میتۆلۆژی یۆنانیدا ۞ نریوس

nerine /nɪˈrʌɪni, US nəˈriːnə/ *noun*

(رووەکناسی) جۆرێ گیای بەبنی (سەلکدار) ئەفریکای باشووری [توخم *Nerine*] ۞ نوعی گیاه

nerite /ˈnɪərʌɪt/ *noun*

جۆرێ لەشنەرمی گوێی (بە شێوەی گۆ [*Theodoxus fluviatilis* و جورەکانی تر]، لە ناوی خودای دەریاوە) ۞ نوعی نرمتن

neritic /nɪˈrɪtɪk/ *adjective*

(ژینگەناسی) تەنکاوی، سەربە تەسکاوان، سەربە ناوچە کەناری‌یەکان ۞ وابسته به مناطق ساحلی

neroli /ˈnɪərəli/ *noun*, neroli oil

رۆن یان گولاوی Seville orange ۞ روغن یا عطر بهارنارنج

nerv(i,o)- *prefix*

پێشگر: دەمار، عەسەب، نێرف (بنەڕەت: لە *nervus* لاتین، لە *neuron* یۆنانی‌یەوە "nerve") ۞ پیشوند: پی، عصب

nervate /ˈnɜːveɪt/ *adjective*

(رووەکناسی) رەگاوی، بەرەگ، رەگەدار، رەگڕەگ ۞ دارای رگ

nervation /nɜːˈveɪʃn/ *noun*

رەگبەندی، رەگبەندان، رەگەڕا، دەمارازۆیی، رەگاژۆیی (رێکخستە system بلاوبوونەوەی رەگەکان (لە گەلا یا بالی گیانەوەر) ۞ عصب‌بندی

nerve /nɜːv, US nɜːrv/ *noun*

1 دەمار، نێرف، پەی 2 ئازایەتی، نەترسی، بەجەرگی، بوێری، بێ‌شەرمی، رووداری، روو، رووهەلمالراوی 3 هێز، تین، تابشت، تاقەت، لەخۆڕادیتن، راپەڕموون 4 (رووەکناسی) رەگی گەلا، ریشە، گەلارەگ، پەراسووی گەلا 5 رەگە 6 (نافەرمی) = cheek 7 (nerves) کۆدەمار 8 دلەتەپێ، نیگەرانی، دلەکوتە، ترس، نارەحەتی، تووڕەیی ۞ 1 عصب، پی 2 شهامت، جسارت، گستاخی 3 قدرت، نیرو، اعتماد به نفس 4 رگ‌برگ 5 رگه 6 = cheek 7 (در جمع) اعصاب 8 اضطراب، دلهره، عصبانیت

nerve cell *noun*, also neuron

خانەی دەماری، دەمارە ئەندام ۞ یاختەی عصبی

nerve centre *noun*

1 ناوەندی دەماری، دەمارە مەلبەند 2 ناوەندی کۆنترۆل یان دەسبەسەراگرتن، ناوەندی دەسەلات، ناوەندی دەستووردەرکردن ۞ 1 مرکز عصبی 2 مرکز قدرت

nerve ending *noun*

کۆتایی دەماری ۞ پایانەی عصبی

nerve fibre *noun*

ریشالی دەماری، دەمارە ریشال ۞ لیف عصبی

nerve gas *noun*

گازی دەمار ۞ گاز اعصاب

nerve impulse *noun*

دەمارە هاندەر، پالنەر یان هاندەری دەماری ۞ امپالس عصبی

nerveless /ˈnɜːvləs, US ˈnɜːrv-/ *adjective*

1 بێ‌دەمار، بێ‌نێرف، بێ‌رەگی گەلا یان گەلارەگ 2 بێ‌هێز، لاواز، سست، بێ‌ڕەگ، بێ‌گیان: *The knife fell from her nerveless fingers* 3 نەترس، ئازا، بەغیرەت ۞ 1 بدون عصب، بدون رگ‌برگ 2 ضعیف 3 جسور

nervelessly /ˈnɜːvləsli, US ˈnɜːrv-/ *adverb*

بێ‌هێزانە، بێ‌ڕەگانە ۞ به طور ضعیف

nervelessness /ˈnɜːvləsnəs, US ˈnɜːrv-/ *noun*

بێ‌هێزی، لاوازی، سستی، بێ‌ڕەگی، بێ‌گیانی ۞ ضعف

nerve net *noun*

(گیانەوەرناسی) تۆڕی دەماری ۞ شبکەی عصبی

nerve-racking *adjective*, also nerve-wracking

نارەحەتکەر، ناخۆش، شێتکەر، نیگەرانکەر، بەدلەتەپێ‌خەر، پرمەترسی ۞ اعصاب‌خردکن

nerve-wracking = nerve-racking

nervine /ˈnəːvʌɪn, US -iːn/ *adjective, noun*

adj ئارامکەرەوە *n* دەرمانی ئارامکەرەوە (نارەحەتی) ۞ *adj* مسکن *n* داروی مسکن

nervous /ˈnɜːvəs, US ˈnɜːrvəs/ *adjective*

1 سەربە دەمار (یان کۆدەمار) 2 نارەحەت، تووڕە، تێکچوو، شپرزە، شلەژاو، نیگەران، دڵلەدوا، ترساو، سلەمیو، تۆقیو، ئاراملێ‌هەلگیراو، بێ‌ئارام، حەجمین‌نەماو 3 بەهێز، بەقەوەت، بەتابشت، بەتاقەت ۞ 1 وابسته به اعصاب 2 عصبی، نگران، ترسیده 3 نیرومند

nervous breakdown *noun*

شێوان یان تێکچوونی دەروونی (مێنتال) ۞ اختلال روانی

nervous disorder *noun*

شێوان یان تێکچوونی دەماری ۞ اختلال عصبی

nervous illness *noun*

نەخۆشی دەماری ۞ بیماری عصبی

nervously /ˈnɜːvəsli, US ˈnɜːrvəsli/ *adverb*

بە نیگەرانی(یەوە)، بە نارەحەتی‌یەوە، نارەحەتانە: *She smiled nervously* ۞ با نگرانی، با عصبانیت

nervousness /ˈnɜːvəsnəs, US ˈnɜːrvəsnəs/ *noun*

نیگەرانی، دلەتەپێ، دڵلەدوایی، دلەکوتە، ترس، شپرزەیی، شلەژاوی، تووڕەیی، نارەحەتی ۞ اضطراب، دلهره، عصبانیت

nervous system *noun*

کۆئەندام یان سیستمی دەماری ۞ دستگاه عصبی یا اعصاب

nervous wreck *noun*

(نافەرمی) بنیادەمی نارەحەت یان تووڕە ۞ شخص عصبانی

nervure /'nə:vjʊə/ *noun*

1 (رووەکناسی) رەگی سەرەکی، نیرکی گەلا، ئاوخۆری، رەگەکاریتە 2 رەگی بال لە مێرووەکاندا ۞ 1 رگ اصلی 2 رگ بال در حشرات

nervy /'nɜ:vi, US 'nɜ:rvi/ *adjective* (nervier, nerviest)

1 نارەحەت، تووڕە، نگەران، شلەژاو، تەنگەتیلکە: *You seem quite nervy this morning* 2 ئازا، نەترس، روودار، گوستاخ، بێباک، بێشەرم 3 بەهێز، بەقەوەت 4 پڕڕەگ و پەی ۞ 1 عصبی 2 جسور، وقیح، گستاخ 3 نیرومند 4 پر رگ و پی

nescience /'neʃəns/ *noun*

نەزانی ۞ نادانی

nescient /'neʃənt/ *adjective*

(وێژەیی) نەزان ۞ نادان

nesh = weak, feeble

[illegible] /nes/ *noun*

(دەریایی) [illegible] ۞ [illegible]

-ness *suffix*

پاشگر: [illegible] *wilderness* لە [illegible] *-nes, -ness* [illegible] ۞ پسوند: کیفیت، وضع، حالت [illegible]

[illegible] *noun*

تێکەڵەیێ لە میوەی شەکرچوێنکراو، کاکلە و مەرەسکینۆ *maraschino* کە لە پودینگ، جلوز، و هتد بەکاردێت (بنەرەت: لە ناوی **Count** *Karl R. Nesselrode* سیاسەتوانێکی رووسی) ۞ نسلرود

nest /nest/ *noun*

1 هێلانە، هێلین، لیانی، لانە، کومەلانی (زۆرتر لە پووش و پەلاش)، کابۆک، مال، کون، بوودر، خانوو، شار(ە، وەکوو مێروولە) کون: *a wasps' nest* 2 مەکۆ (نهێنی بۆ تاوانکاران)، کون، پەناگە، جێگای کۆمەلکەبەستن: *a nest of thieves* 3 کۆمەل، دەستە: *a nest of tables* ۞ 1 لانە، آشیانه 2 پاتوق 3 گروه

nest box *noun*, also nesting box

سنووقی هێلانە، سپەهێلانە ۞ صندوق لانه

nester *noun*

1 هێلانەنشین، لانەنشین 2 (رۆژاوا) homesteader ێ کە پەلەزەوی یان لەوەڕگەیێ بۆ کێلگەیێ دەخاتە بەرکار ۞ 1 آشیانەنشین 2 نستر

nest egg *noun*

1 پاشەکەوت، پەزمەندە، نۆتە، قەبوور، مایە 2 راوکە، مارکە، هێلیڤان، هێلیڤانک ۞ 1 پس‌انداز 2 نست اگ

nesting *noun*

هێلانەدۆزی، هێلانەگەڕی ۞ لانەیابی

nestling /'nestlɪŋ/ *noun*

1 جووجەلە، جووچک، سوورەساقە، زەرنەقووتە، خەیاتە، سیخبەر (تازە پەرەدەرکردوو) 2 منال، زارۆک ۞ 1 جوجه 2 طفل

nestor /'nestə(r)/ *noun*

پێشەوا، رێبەر، گەورە، پیر ۞ زعیم، مرشد

Nestorianism /ne'stɔ:rɪənɪz(ə)m/ *noun*

نەستووریباوەڕی، نەستووریگەری (باوەڕ بەوە کە مەسیح دوو لایەنی مرۆڤی و خودایی هەبووە و لە هێندێ لە کلێسە کۆنەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاستا ماوەتەوە؛ Nestorian /ne'stɔ:rɪən/ *adj, n* بنەرەت: لە ناوی *Nestorius* سەرقەشەی Constantinople (428–31) ۞ نسطوری‌گرایی

net[1] /net/ *noun*

1 (ئینتێرنێت) تۆڕ 2 تۆڕ، ماشە، رەشکە، تاین، تاینچە، ئاهۆلک، هەزگ، شەلتە، مەرش 3 تۆڕی، ناسک، تەنک 4 داو، تەلە، سووتار، تەپکە 5 داو یان تەونی جالجالووکە ۞ 1 شبکه 2 تور 3 توری 4 دام 5 تار عنکبوت

net[2] /net/ *adjective*, *Brit.* nett

1 پەتی، ساف، لێدەرکراو، هەلاوێراو، پوخت 2 کۆتایی، دوایی، دوایین ۞ 1 خالص 2 نهایی

netball /'netbɔ:l/ *noun*

(لە بریتانیا) تۆڕبال، تۆڕبۆل (یارییێ لە بەسکێتبۆل دەچێ لە نێوان دوو تیپی 7 کەسەدا) ۞ نت‌بال

net curtain *noun*

پەردەی تۆڕی یان ناسک، پەردەی تەنک ۞ پردەی توری

Neth *abbreviation* Netherlands

nether /'neðə(r)/ *adjective*

خوارەوە، ژێرەوە، بنەوە، خواروو، ژێروو ۞ در زیر، زیرین

Netherlander *noun*

دانیشتوو یان خەلکی هولەند ۞ اهل هلند

nethermost /'neðəməʊst/ *adjective*

خوارترین، نزمترین، هەرەخواروو، خوارخواروو، خوارووترین، ژێرترین، هەرەژێر ۞ پایین‌ترین

nether regions *noun, pl.*

1 ناوچە خوارووەکان (جواندەربڕی بۆ گەلوگون یان گەلوقوز و پاشەل) 2 دۆزەخ، جەهەنم ۞ 1 مناطق زیرین 2 جهنم

netherworld /'neðəwɜ:ld, US 'neðərwɜ:rld/ *noun*

(وێژەیی) جیهانی ژێرەوە، دۆژە، دۆزەخ، hell

۞ جهان زیرین، جهنم

netizen *noun*
بەشداریکی چالاکی ئینتێرنێت (تێکەڵەی net + citizen) ۞ نتیزن

netminder = goakkeeper

netsuke /ˈnɛtski, ˈnɛtsʊki/ *noun, pl.* same or netsukes
(ژاپۆنی) خشلێکی دوگمەئاسا و چەماوی لە دار یا شفرە ۞ نتسکی

nett *adjective*, also nct2
پەتی، پوخت، خالیس، ساف، ویژە، لێدەرکراو ۞ خالص

netted *adjective*
تۆڕاوی، تۆڕدار، تۆڕی، تۆڕتۆڕ، تۆڕئاسا ۞ مشبک

netted-veined *adjective*
ڕەگتۆڕ، خاوەن ڕەگی تۆڕئاسا (وەک گەڵا) ۞ مشبکالعروق

netting /ˈnɛtɪŋ/ *noun*
1 تۆڕ، تۆڕی، ماشە: *wire netting* 2 تۆڕ دروستکردن، تۆڕسازی، تۆڕگرتنەوە 3 ڕاوەماسی (بە تۆڕ) 4 دەستوور یان حەقی ڕاوەماسی ۞ 1 تور، توری 2 تورسازی 3 صید 4 اجازەی صید

nettle /ˈnɛtl/ *noun*
(ڕووەکناسی) گیاگەزنە، دورزیلە، ئالۆشە، دەسخورێنە، خەلەنگ، گەزگەزک، دەغدەغان، گەزنە [*Urtica dioica* و جۆرەکانی تر] ۞ گزنه

nettled *adjective*
زیز، نارەحەت(بوو)، ڕەنجاو، دڵئێشاو، دڵمەند ۞ دلخور، آزرده

nettlerash /ˈnɛtlræʃ/ *noun*, also urticaria
(پزشکی) لیرگ، لیر ۞ کهیر

network /ˈnɛtwɜːk, US -wɜːrk/ *noun*
تۆڕ، ڕایەڵە؟، ئەتەم: *a rail/road/canal network* ۞ شبکه

networked *adjective*
تۆڕی، تۆڕێنراو ۞ شبکەای

networker *noun*
تۆڕچی ۞ نتورکر

networking /ˈnɛtwɜːkɪŋ, US -wɜːrkɪŋ/ *noun*
1 تۆڕ 2 تۆڕچێتی ۞ 1 شبکه 2 نتورکینگ

Neufchâtel *noun*
نوشاتێل: جۆرێ پەنیری نەگەییو، شێوەی پەنیری توێشکە دەدا بەڵام چەورییێکی کەمتری تیایە و تەڕترە ۞ نوشاتل

neur(o)- /ˈnjʊərəʊ, US ˈnʊroʊ/ *prefix*
پێشگر: دەمار، ژێ، نیور: *neuroanatomy* (لە *neuron* یۆنانییەوە "nerve, sinew, tendon") ۞ پیشوند: عصب، پی

neural /ˈnjʊərəl, US ˈnʊrəl/ *adjective*
سەربە (کۆ)دەمار یان کۆئەندامی دەمار، سەربە دەزگا یان سیستمی دەمارەکان (*neurally adv*) ۞ وابسته به اعصاب یا دستگاه اعصاب

neural arch *noun*
تاق یان کەوانەی کرۆژەیی یان ئێسکی کە دەوری مۆخی بڕبڕە لە لای پشتەوەی بڕبڕەدارانی داوە، تاق یان کەوانەی دەماری ۞ قوس عصبی

neural computer *noun*
کامپیوتێری دەماری یان نیوڕاڵ (بە شێوەی مێشکی مرۆڤ داڕێژراوە) ۞ کامپیوتر نیورال

neural computing *noun*
کامپیوتینگی نیوڕاڵ ۞ کامپیوتینگ نیورال

neuralgia /njʊəˈrældʒə, US nʊˈr-/ *noun*
دەمارێشە، ژانەدەمار ۞ درد عصب

neuralgic /njʊəˈrældʒɪk, US nʊˈr-/ *adjective*
ژانەدەمارگرتوو، دەمارئێشاو ۞ مبتلا به درد عصب

neural network *noun*, also neural nct
تۆڕی (کامپیوتێری) دەماری (چەندین کامپیوتێر کە پێکەوە بەسترابێتنەوە و وەکوو مێشکی مرۆڤ کار بکەن) ۞ شبکەی کامپیوتری نیورال

neural tube *noun*
(گیانەوەرناسی و پزشکی، لە ئاوەڵمەدا) لوولە یان بۆری دەماری (لوولەیێ کە لەوێوە مێشک و بڕبڕەی مۆخ پێکدێ) ۞ نیورال تیوب

neurasthenia /ˌnjʊərəsˈθiːnɪə/ *noun*
دۆخی ماندوویی، وەڕەزی، سەرئێشە و زووتووڕەیی کە زۆرتر دەدرێتە پاڵ کێشە یان نارەحەتییە سۆزەکییەکان ۞ نیوراستنیا

neurectomy *noun, pl.* neurectomies
دەماردەرکێشان، دەرماربڕی، دەرماردەرکێشی ۞ عصببرداری

neurilemma *noun*
بەرگی دەماری، توێیێکی تەنکی دەرەوەی شانەی دەماری ۞ نوریلما

neurilemmal *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە neurilemma ـەوە هەیە ۞ وابسته به نوریلما

neuritis /ˌnjʊəˈrʌɪtɪs/ *noun*
دەمارەسوێ، ئینفلامەیشنی دەمار یان دەمارەکان ۞ نوریت

neuritic *adjective*
دەمارەسوێگرتوو، تووشبوو بە ئینفلامەیشنی دەمار ۞ مبتلا به نوریت

neuroactive *adjective*
هاندەری شانەی دەماری ۞ نورواکتیو

neuroanatomical *adjective*
سەربە توێکاری سیستمی دەماری ۞ وابسته به تشریح دستگاه عصبی

neuroanatomist *noun*

تویکار لەبواری سیستمی دەماری ⬡ تشریح گر دستگاه عصبی

neuroanatomy *noun*
تویکاری سیستمی دەماری، یەکالاکردنەوەی کۆئەندامی دەماری ⬡ تشریح دستگاه عصبی

neurobiological *adjective*
سەربە neurobiology ⬡ وابستە بە زیست‌شناسی دستگاه عصبی

neurobiologist *noun*
زیندەناس یا بایۆلۆژیستی سیستمی دەماری ⬡ زیست‌شناس دستگاه عصبی

neurobiology *noun*
زیندەناسی یا بایۆلۆژی سیستمی دەماری ⬡ زیست‌شناسی دستگاه عصبی

neuroblastoma *noun, pl.* neuroblastoma or neuroblastomata
تۆمۆرێکی مەترسی‌داری ئەو خانە دەمارییانەی کە پێنەگەیشتوون ⬡ نوروبلاستوما

neurochemical *adjective, noun*
adj سەربە neurochemistry، دەمار(ە)کیمیایی *n* ماک یا مەتریالێ کە کاردەکاتە سەر دەزگای دەماری (*n* neurochemistry: دەمار(ە)کیمیا: لێکۆڵینەوەی کیمیای دەزگا یان کۆئەندامی دەماری) ⬡ نوروکمیکل

neurochemist *noun*
دەمار(ە)کیمیازان: لێکۆڵەری کیمیای سیستم یان کۆئەندامی دەماری ⬡ نوروکمیست

neuroendocrine *adjective*
سەربە ماک یان سابستەنسی هۆرمۆنی کە لە چالاکی دەمارەکاندا کاریگەرە ⬡ نرواندوکرین

neuroendocrinological *adjective*
سەربە neuroendocrinology ⬡ وابستە بە نرواندوکرینولوژی

neuroendocrinologist *noun*
نیورۆئێندوکرینۆلۆژیست ⬡ نرواندوکرینولوژیست

neuroendocrinology *noun*
لێکۆڵینەوەی کارلێکە کارئەندامناسی و تویکارییەکانی نێوان دەزگا یان کۆئەندامە endocrine و دەمارییەکان ⬡ نرواندوکرینولوژی

neurofibril /ˌnjʊərə(ʊ)ˈfʌɪbrɪl/ *noun*
(تویکاری) ریشاڵۆچکە یان تاڵۆچکەی نێو سایتۆپلازمی خانەی دەماری ⬡ نروفیبریل

neurofibroma /ˌnjʊərə(ʊ)fʌɪˈbrəʊmə/, *pl.* neurofibromas or neurofibromata /-mətə/ = neuroma

neurogenic /ˌnjʊərə(ʊ)ˈdʒɛnɪk/ *adjective*
پێکهێنەری شانەی دەماری، مەهارکراو لە لایەن شانەی دەمارییەوە، پێکهاتوو لەبەر نەخۆشی یان ناتاسایتی دەزگای دەماری ⬡ نروژنیک

neurogenesis /ˌnjʊərə(ʊ)ˈdʒɛnɪsɪs/ *noun*
هەڵدان یان پەرەسەندنی شانەی دەماری ⬡ نروژنیز، نروژنسیس

neuroglia *noun,* also glia
سریشەی دەماری ⬡ نوروگلیا

neuroglial *adjective*
سەربە سریشەی دەماری ⬡ وابستە بە نوروگلیا

neurohormonal *adjective*
سەربە نیورۆهۆرمۆن ⬡ وابستە بە نوروهورمون

neurohormone *noun*
هۆرمۆنی (وەک noradrenaline) کە لە لایەن شانە یان خانە دەمارییەکانەوە بەرهەم هاتووە ⬡ نوروهورمون

neuroinformatics *noun, pl.*
نیورۆئینفۆرماتیک (لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە لێکدراوە لە neuroscience (لێکۆڵینەوە لەسەر مێشک) و information science (کۆکردنەوە، هەڵگرتن و رێکخستنی زانیاری) ب.ت. بە بەکارهێنانی کامپیوتەرە زلەکان) ⬡ نیورانفورماتیک

neuroleptic /ˌnjʊərə(ʊ)ˈlɛptɪk/ = antipsychotic

neurolinguistic *adjective*
سەربە نیورۆلینگویستیک ⬡ وابستە بە عصب‌شناسی زبان

neurolinguistic programming /ˌnjʊərəʊlɪŋˌgwɪstɪk ˈprəʊgræmɪŋ, US ˌnʊroʊlɪŋˌgwɪstɪk ˈproʊgræmɪŋ/ *noun*
بەرنامەدانانی نیورۆلینگویستیک (شێوەیێ کە خەڵک بۆ یارمەتیدانی خۆیان و خەڵکانی‌تر بەکاری دێنن و تا باش‌تر بیربکەنەوە و بنچینەی کارەکەشیان نیورۆلینگویستیکە) ⬡ برنامەریزی عصب‌شناسی زبان

neurolinguistics /ˌnjʊərəʊlɪŋˈgwɪstɪks, US ˌnʊroʊ-/ *noun, pl.*
نیورۆلینگویستیک (لقێ لە زمانەوانی کە باسی پێوەندی نێوان زمان و مێشک دەکا) ⬡ عصب‌شناسی زبان

neurological /ˌnjʊərəˈlɒdʒɪkl, US ˌnʊrəˈlɑːdʒ-/ *adjective*
1 دەمارناسییانە، سەربە دەمارناسی 2 سەربە دەمار(ەکان) یا (کۆ)دەمار (neurologically *adv*) ⬡ 1 عصب‌شناختی 2 وابستە بە اعصاب

neurological research *noun*
توێژینەوەی دەمارناسییانە ⬡ پژوهش عصب‌شناختی

neurologist /njʊəˈrɒlədʒɪst, US nʊˈrɑːl-/ *noun*
دەمارناس، پسپۆری (کۆ)دەمار ⬡ عصب‌شناس

neurology /njʊəˈrɒlədʒi, US nʊˈrɑːl-/ *noun*
دەمارناسی (توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەی

کۆئەندامی دەمار و نەخۆشی‌یەکان) ۞ عصب‌شناسی

neuroma /ˌnjʊəˈrəʊmə/ *noun*, -as or -ata /-mətə/, also neurofibroma
ئاوسانی دەمار، ماسینی شانە دەماری‌یەکان، لوو یان تۆمۆری شانەی دەماری ۞ ورم عصب

neuromascular *adjective*
سەربە دەمار و ماسوولکەکان ۞ وابستە بە اعصاب و ماهیچەها

neuron /ˈnjʊərɒn, US ˈnʊrɑːn/ *noun*, also neurone /-rəʊn/
خانەی دەماری، نیۆران، نۆرۆن ۞ نورون

neuronal /-ˈrəʊn(ə)l/ *adjective*
سەربە خانەی دەماری ۞ نورونی

neuronic /-ˈrɒnɪk/ *adjective*
سەربە خانەی دەماری ۞ نورونی

neuropath /ˈnjʊərəpæθ/ *noun*
نەخۆشی دەماری ۞ بیمار عصبی

neuropathic /ˌnjʊərɒˈpəθɪk/ *adjective*
سەربە neuropathy ۞ وابستە بە بیماری عصبی

neuropathist *noun*
پسپۆری نەخۆشی‌یەکانی دەمار ۞ متخصص بیماری‌های عصبی

neuropathological *adjective*
سەربە neuropathology ۞ وابستە بە آسیب‌شناسی دستگاه عصبی

neuropathologist *noun*
پسپۆری نەخۆشی‌یەکانی دەمار یان پاتۆلۆژیستی سیستمی دەماری ۞ متخصص بیماری‌های عصبی

neuropathology *noun*
پاتۆلۆژی سیستمی دەماری ۞ آسیب‌شناسی دستگاه عصبی

neuropathy /ˌnjʊəˈrɒpəθi/ *noun*
نەخۆشی یان نەخۆش‌کەوتنی دەماری ۞ بیماری عصبی

neuropeptide *noun*
(زیندەکیمیا) کۆمەڵێ لە ئاوێتە پۆلی‌پێپتیدی‌یەکان کە وەک neurotransmitter ـەکان کار دەکەن، جۆرێ پێپتیدی نێوەهەڵدەر endogenous کە کار دەکاتەسەر چالاکی و کاری دەماری ۞ نوروپپتید

neuropharmacological *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە neuropharmacology ـەوە هەیە ۞ وابستە بە نوروفارماکولوژی

neuropharmacologist *noun*
شارەزا یان پسپۆری neuropharmacology ۞ نوروفارماکولوژیست

neuropharmacology *noun*
1 لقێ لە زانستی پزشکی کە لەمەڕ کاریگەری دەرمانەکان لەسەر دەزگا یان کۆئەندامی دەماری‌یەوە دەکۆڵێتەوە 2 تایبەتمەندی و کاردانەوەکانی دەرمانێ لەسەر دەزگای دەماری ۞ نوروفارماکولوژی

neurophysiological *adjective*
سەربە neurophysiology ۞ وابستە بە فیزیولوژی دستگاه عصبی

neurophysiologist *noun*
کارئەندامناس لەبواری سیستمی دەماری‌دا ۞ فیزیولوژیست دستگاه عصبی

neurophysiology *noun*
کارئەندامناسی سیستمی دەماری ۞ فیزیولوژی دستگاه عصبی

neuropsychological *adjective*
سەربە نیرۆسایکۆلۆژی ۞ وابستە بە نروپسکولوژی

neuropsychologist *noun*
نیرۆسایکۆلۆژیست ۞ نروپسکولوژیست

neuropsychology *noun*
نیورۆپسیکۆلۆژی، نیۆرۆسایکۆلۆژی، لێکۆڵینەوەی پێوەندی نێوان هەڵس‌وکەوت و کارکردنی مێشک ۞ نروپسیکولوژی

Neuroptera /ˌnjʊəˈrɒpt(ə)rə/ *noun, pl.*
(گیانەوەرناسی) رەگ‌بالان: دەستەیێکی مێرووە فڕیوە راوی‌یەکان کە lacewing، alderfly و snake fly ـەکان دەگرێتەوە (neuropterous *adj*؛ بنەڕەت: لە neuro- "بە واتای "رەگاوی" + *pteron* "بال") ۞ رگ‌بالان

neuropteran *noun, adjective*
(مێرووی) رەگ‌بال ۞ (حشرەی) رگ‌بال

neuroscience /ˈnjʊərəʊsaɪəns, US ˈnʊroʊ-/ *noun*
نیۆرۆساینس (زانستێ کە سەروکاری لەگەڵ پێکهاتە و چۆنیەتی کارکردنی مێشک و دەزگای دەماری‌یە) ۞ نیوروساینس

neuroscienctist /-saɪəntɪst/ *noun*
نیۆرۆساینتیست ۞ نیوروساینتیست

neurosis /njʊəˈrəʊsɪs, US nʊˈroʊ-/ *noun*, neuroses /-siːz/
دەروونشپرزەیی، دەروونشێواوی، ترس، نیگەرانی، دڵەڕاوکێ، دڵەتەپە ۞ روان‌رنجوری، نگرانی، اضطراب

neurosurgical *adjective*
سەربە نەشتەرگەریی دەمار ۞ وابستە بە جراحی اعصاب

neurosurgeon *noun*
نەشتەرگەر لە بواری سیستمی دەماری‌دا ۞ جراح اعصاب

neurosurgery /ˈnjʊərəʊsɜːdʒəri, US ˈnʊroʊsɜːrdʒəri/ *noun*
نەشتەرگەریی دەمار، برینکاریی دەمار ۞ جراحی اعصاب

neurotic /njʊəˈrɒtɪk, US nʊˈrɑː-/

adjective, noun

adj سەربە دەروونشپرزەیی یان دەروونشێواوی، سەربە دەمارتێکچوون *n* بنیادەم یان مرۆی دەروونشپرزە یان دەروونشێواو ✿ *adj* وابستە به روان‌رنجوری *n* شخص روان‌رنجور

neurotically /-kli/ *adverb*

دەروونشپرزانە، بە شێوەیەکی دەروونشێواو ✿ به طور روان‌رنجور

neurotomy /ˌnjʊəˈrɒtəmi/ *noun, pl.* neurotomies

دەماربڕی، نیرۆتۆمی ✿ نروتومی

neurotoxicity *noun*

ژاراویبوون بۆ دەمارەکان یان کۆئەندامی دەماری ✿ نروتوکسیسیتی

neurotoxin /ˌnjʊərəʊˈtɒksɪn/ *noun*

دەمارژاراوک: دەرمانێ کە کار دەکاتەسەر سیستمی دەماری، ژاراوییە بۆ دەمارەکان یان کۆئەندامی دەماری ✿ نروتوکسین

neurotransmission *noun*

راگوێستنی تەکان و پاڵنەری دەماری بە synapse دا ✿ نروترانسمیسیون

neurotransmitter *noun*

راگوێزەری دەماری (یان نیرۆفی): هەریەک لەو چەند ماکە کیمیاییانە (وەک epinephrine یان acetylcholine) کە تەکان و پاڵنەری دەماری بە synapse دا رادەگوێزن ✿ نروترانسمیتر

neurotrophic /ˌnjʊərə(ʊ)ˈtrəʊfɪk, -ˈtrɒfɪk/ *adjective*

سەربە هەڵدان یان گەشەی شانەی دەماری ✿ نروتروفیک

neurotropic /ˌnjʊərə(ʊ)ˈtrəʊpɪk, -ˈtrɒpɪk/ *adjective*

دەمارخواز: دادەشکێتەوە تا پەلامار بدا یا کاربکاتەسەر دەزگای دەماری، هۆگرە سەبارەت بە شانە یان خانە دەمارییەکان: *the -rotropic rabies virus* ✿ نروتروپیک، عصب‌گرا

neurotropism *noun*

دەمارخوازی: داشکانەوە بۆ پەلاماردان یان کارکردنەسەر دەزگای دەماری، هۆگریتی سەبارەت بە شانە یان خانە دەمارییەکان ✿ نروتروپیسم

neuston /ˈnjuːstɒn/ *noun*

(زیندەناسی) ئەو زیندەوەرە وردانەی کە لەنێو یان لەسەر ئاو دەژین، سەرئاوان(ژی)، مەلەوانە (ncustonic *adj*: سەرئاوانی) ✿ نیوستون

neuter /ˈnjuːtə(r), US ˈnuːtə(r)/ *adjective, noun*

1 *adj* نەنێرنەمێ، هیچ‌کامە، بێ‌ئەندامی زاوزێ، بێ‌رەگەز، نەزۆک، پەرەنەسەندوو (لەباری رەگەزی یا سێکشوالەوە): *The Polish word for 'window' is neuter* 2 (کار) تێنەپەڕ 3 (لەمەڕ رووەک یان گوڵێکەوە) بێ‌نێرەک و نێرک *n* pistil 1 (رێزمان، وشەی) stamen نەنێرنەمێ، بێ‌لایەن، کاری تێنەپەڕ، زایەندی هیچ‌کامە یان نەنێرنەمێ 2 گیانەوەری خەساو، گیانەوەری یەختەکراو 3 مێرووی نەزۆک (بنەڕەت: لە ئینگلیسی نێوەڕاستەوە، بە ریگای فەرەنسی کۆنەوە، لە لاتینەوە *neuter* "هیچ‌کام"، لە neither" ،*ne*- "not" + *uter* "either") ✿ *adj* 1 خنثی، فاقد اعضای تناسلی، عقیم 2 لازم 3 بدون پرچم و مادگی *n* 1 (دستور زبان) جنس خنثی، فعل لازم 2 حیوان اخته 3 حشره‌ی عقیم

neutral /ˈnjuːtrəl, US ˈnuː-/ *adjective, noun*

1 *adj* بێ‌لایەن، لانەگر، ئالینەگر، بەدەری، پشتیوانی‌نەکردوو، ئالی‌نەگر: *a neutral nation* 2 لەکارخراو، ناکاریگەر، *neutral territory* ◊ ناشوێن‌دانەر، بێ‌جیاوازی، ئاسایی، (رەنگ) سارد، مات، بۆر، نە توند نەکاڵ: *a neutral colour scheme* 3 (گێر) بۆش، خلاس، خەلاس 4 (کیمیا) نە ترشەڵۆک نە تفت، ناکارا 5 (وایەر) بێ‌بارگە، سارد *n* 1 مرۆی بێ‌لایەن، گرووپی بێ‌لایەن 2 وڵاتی بێ‌لایەن 3 گێری بۆش یان خلاس 4 رەنگی نەتوند و نەکاڵ، رەنگی سارد، رەنگی مات یان بۆر 5 کەشتی بێ‌لایەن ✿ *adj* 1 بی‌طرف 2 بی‌اثر، بی‌تفاوت 3 (دنده) خلاص 4 (شیمی) خنثی 5 (سیم) خنثی *n* 1 شخص بی‌طرف 2 کشور بی‌طرف 3 دنده‌ی خلاص 4 رنگ مات 5 کشتی بی‌طرف

neutralism /ˈnjuːtrəlɪzəm, US ˈnuː-/ *noun*

سیاسەتی بێ‌لایەنی یان لانەگری، بێ‌لایەنیزم ✿ سیاست عدم تعهد

neutralist /ˈnjuːtrəlɪst, US ˈnuː-/ *noun*

مرۆی بێ‌لایەن یان لانەگر ✿ شخص بی‌طرف

neutrality /njuːˈtræləti, US nuː-/ *noun, pl.* neutralities

بێ‌لایەنیتی، لانەگری، ئالینەگری، پشتیوانی‌نەکردوویی ✿ بی‌طرفی

neutralization /ˌnjuːtrəlaɪˈzeɪʃn, US ˌnuːtrələˈz-/ *noun*

1 بێ‌لایەنی، لانەگری، ئالینەگری، راگەیاندنی بێ‌لایەنی، بێ‌لایەن‌کردن، لانەگرتن، لانەگیری، بەرامبەربوون، هاوتابوون، هاوکێشبوون 2 لەکارخستن، پەکخستن، لەکاریگەری‌خستن، کاریگەری‌نەهێشتن، ساردکردنەوە ✿ 1 بی‌طرفی، بی‌طرف‌سازی 2 خنثی‌سازی

neutralized zone *noun*

ناوچەی بێ‌لایەن (راگەیێنراو) ✿ منطقه‌ی بی‌طرف

neutralizer *noun*

لەکارخەر، لەکاریگەری‌خەر، پەکخەر ✿ خنثی‌ساز

neutrally /'nju:trəli, US 'nu:-/ *adverb*
بێ‌لایەنانە، لانەگرانە ◌ بە طور بی‌طرف

neutrino /nju:'tri:nəʊ, US nu:'tri:noʊ/ *noun, pl.* neutrinos
نوترینۆ (شتێ کە چکۆلەترە لە ئەتۆمێ و بارگەی ئێلیکتریکی تیانییە، پارچۆلکەیێکی سەرەتایی بێ‌بارگە کە لەوە دەچێ بارستایی‌یەکەی سیفر یان نزیک بە سیفر بێ) ◌ نوترینو

neutron /'nju:trɒn, US 'nu:trɑ:n/ *noun*
نوترۆن: پارچۆلکەیێکی بێ‌بارگەی ئێلیکتریکی کە بارستایی‌یەکەی دەوروبەری بارستایی پرۆتۆنی هەیە، لە تێکڕای ناوکە گەردیلەیی‌یەکاندا بێجگەلە هایدرۆژێن هەیە ◌ نوترون

neutron activation analysis *noun,* also neutron activation
جۆرێ شێوازی شی‌کردنەوەیی analytical method یان شیکاری‌یانە کە بۆ دیاری‌کردنی chemical element توخمە کیمیایی‌یەکان بەکاردێتێ (کە ماک یان مەتریالێ بەهۆی بومباران‌کردنی بە نوترۆنەکان پێکدێن (تا ئەتۆمە رادیۆئەکتیڤەکان بەرهەم بێنن) ◌ نوترون اکتیواسیون آنالیز

neutron bomb *noun*
بۆمبی نوترۆنی ◌ بمب نوترونی

neutron star *noun*
ئەستێرەی نوترۆنی: ئەستێرەیێکی یەکجار پەستاو compact و چڕ dense کە زۆرتر primarily لە نوترۆنەکان و ب.ت. چەق و ناوکی (دا)رووخاوی supernova یێ پێکهاتووە ◌ ستارەی نوترونی

neutropenia /ˌnju:trə(ʊ)'pi:niə/ *noun*
داشکانی نائاسایی نیوترۆفیلەکانی نێو خوێن ◌ نوتروپنیا

neutrophil /'nju:trə(ʊ)fɪl/ *noun,* also neutrophile
خانە سپی‌یەکانی (و بێگانەخۆرەکانی) خوێن ◌ نوتروفیل

Nev. *abbreviation* Nevada

Nevadan /nɪ'vɑ:d(ə)n/ *noun, adjective*
n خەڵکی هەرێم یان ئەیالەتی Nevadaی ئەمریکا، نیڤادایی، نیڤادایی *adj* سەربە نیڤادا، نیڤادایی، نێڤادایی ◌ نوادایی

névé /'neveɪ/ *noun*
بەفرەسەر؟: تویی دەنکەدەنکەی نەپەستێوراوی بەفر، ب.ت. لەسەر glacierـەوە (بنەڕەت: لە فەرەنسی سویسی بە واتای "glacier") ◌ نوی

never /'nevə(r)/ *adverb*
هیچ‌کات، هیچ‌وەخت، توگاف، هیچ، قەت، هەرگز، هەرگیز، بیرای، بیرای(بیرای): *I never* ◌ *He has never been abroad* ◊ *met her* هرگز، هیچ‌وقت

never-ending *adjective*
بێ‌کۆتایی، لەتەواونەهاتوو، هەڵنەچۆراو، قەت‌تەواونەبوو، بێ‌دوایی، کۆتایی‌نەهاتوو، بێ‌ئەندازە، interminable ،endless: *Housework is a -rr-ending task* ◌ بی‌انتها

never mind *interjection*
لێی گەڕێ! لەی‌گەڕێ! گوێی‌مەدەیێ! قەیناکە! قەیدی ناکە! نارەحەت‌مەبە! هیچ نییە! ◌ مهم نیست!

nevermore /ˌnevə'mɔ:(r), US ˌnevər'm-/ *adverb*
(ویژەیی) هیچی‌تر، ئیدی قەت، لەمەوبەدوا هیچ وەختێ یان کاتێ، بێ‌دووبارەبوونەوە، نە لە داهاتووش ◌ دیگر هرگز

never-never *noun,* on the never-never
(کڕین) بەشێوەی پاژی، پاژپاژ، بەپاژ، قیستی ◌ قسطی

never-never land *noun*
جێگای خەیاڵی، وڵاتی خەون و خەیاڵ یان خەیاڵی: *a never-never land of low prices and widespread subsidies* ◌ مکان خیالی

nevertheless /ˌnevəðə'les, US -vərðə-/ *adverb, conjunction*
لەگەڵ ئەمەشدا، هەر، سەرەڕای ئەمەش، سەرباری ئەمەش، هەر چۆنێ بێ، بەو حاڵەش: *Our defeat was expected but it is disappointing -rtheless* ◊ *The old system had its flaws, but -eless it was preferable to the new one* ◌ مع‌هذا، با وجود این

nevus *noun, pl.* nevi, US spelling of naevus
خاڵی زگماکی ◌ خال مادرزادی

new /nju:, US nu:/ *adjective* (newer, newest), *adverb*
adj تازە، نوێ، نووڤ، نۆژەن، مۆدێرن، تازەراهاتوو، نەناسیاو، نائاشنا، *adv* تازەسەرەندەرکردوو، تازەکار، بەروەستا تازە، ئەم‌دوایی‌یانە ◌ *adj* جدید، تازە، مدرن، مبتدی، تازەوارد *adv* اخیراً، تازە

New Age *noun*
سەردەمی نوێ ◌ عصر نو

new and old *noun*
تازە و کۆنە، نووڤ ئو کەڤن ◌ تازە و کهنە

newbie /'nju:bi, US 'nu:bi/ *noun, pl.* newbies
(نافەرمی) تازەکار، نۆفێر، بەروەستا، تازەدەس‌تێداو، novice ،newcomer ب.ت. بۆ cyberspace ◌ نیوبی

new blood *noun*
هێزی تازە، خوێنی تازە، گیانی تازە، گوڕ ◌ نیروی تازە

new-blown /'nju: bloʊn/ *adjective*
تازەپشکوتوو، تازەدەرکەوتوو ۞ تازەشکفتە

newborn /'nju:bɔ:n, US 'nu:bɔ:rn/ *adjective, noun*
(منداڵ یان بێچووی) تازەبوو، ساوا، نویٓزا، نۆزا: *a newborn baby* ۞ (بچه) نوزاد

new broom *noun*
تازەسەرۆکی گۆڕانخواز، تازەدەس‌پێکردووی گۆڕانخواز ۞ تازه آغازگر تحول‌گرا

new-built /'nju: bɪlt/ *adjective*
تازەساز، تازەدروس‌کراو، تازەکرد، نوێکرد، نۆکرد، تازەسازکراو، نوچێ: *new-build properties/apartments* ۞ نوساخت

Newburg *noun*, also Newburgh
(لەمەڕ چێشتەوە) ئامادەکراو لەگەڵ سۆس، توێشکە، کەرە، شێری و زەردێنەی هێلکە ۞ نیوبرگ

Newcastle disease *noun*
باڵەشۆڕێ، باڵەشۆڕە: ئازارێکی تای ڤایرۆسی مریشک و پەلەوەر، بەهۆی paramyxovirus (جۆر *Newcastle disease virus* لە توخمی *Rubulavirus* بنەڕەت: چون بۆ یەکەم جار نزیک بە Newcastle لەژوور Tyne لە 1927 تۆمار کرا) ۞ نوعی بیماری طیور

new-coined /'nju: kɔɪnd/ *adjective*
تازەدانراو، تازەلێدراو ۞ تازه وضع‌شده

newcomer /'nju:kʌmə(r), US 'nu:-/ *noun*
مرۆی تازەگەیشتوو، تازەهاتوو، ئێستاگەیشتوو ۞ تازه‌وارد

New Critical *adjective*
سەربە ڕەخنەی نوێ ۞ وابسته به انتقاد نو

New Criticism *noun*
ڕەخنەی نوێ (شێوەیێکی ڕەخنەی وێژەیی) ۞ انتقاد نو

new deal *noun*
بەرنامەی تازە (ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، رامیاری و ئابووری، بەرنامەی ئابووری سەرۆک‌کۆماری ئەمریکا F. D. Roosevelt) ۞ طرح تازه

new economy *noun*
ئابووری تازە یان نوێ (لەسەر بنچینەی تێکنۆلۆژی نوێ و بەندە بە کرێکارە ڕاهاتووەکان) ۞ اقتصاد نو

newel /'nju:əl/ *noun*, also newel post
سنگ، پاچکە یان پایەی نەردە، ستوونی پلیکان (بنەڕەت: لە *nouel* فەرەنسی کۆن "knob"، لە *nodellus* سەدەکانی نێوەڕاست، چکۆلێنراوی *nodus* "گرێ، قۆرت "knot") ۞ پایه‌ی نرده

New Englander *noun*
خەڵکی نیوئینگلەند، ناوچەیێ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەناری ئەمریکا ۞ نیوانگلندی

New English Bible *noun*
وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز لە لایەن لێژنە و کۆمیتەی نێوان‌تیرەیی بریتانی کە یەکەم جار لە 1970 چاپ کرا ۞ نیوانگلیش بایبل

new face *noun*
قیافەی تازە ۞ قیافه‌ی جدید

new-fangeld /ˌnju:'fæŋgld, US ˌnu:'f-/ *adjective*
(سووکانە) تازەدەرکەوتوو، تازەداهاتوو، تازەسەرجووقاندوو، تازەسەرهەڵداو، تازە، نووژەن، نوێ ۞ نوپا، نوظهور، جدید، نو

new-fashioned /'nju: fæʃnd/ *adjective*
1 دروس‌کراو بە شێوەیەکی نوێ، تازەباو، نۆساز، نوێکرد 2 تازە، هاوچەرخ، نوێ، up-to-date ۞ 1 ساخته‌شده به روش جدید 2 مدرن

new-found *adjective*
تازەدۆزراو، تازەبەدەس‌هاتوو، تازەدەس‌خراو، تازەبابەت، بەمدواییانە دۆزراو یان بەدەس‌هاتوو ۞ نویافته

Newfoundland /'nju:f(ə)n(d)lənd, -land, US nju:'faʊndlənd/ *noun*
سەگی پشدەرئاسا ۞ نیوفوندلند

New Greek *noun*
(زمانەوانی) یۆنانی نوێ ۞ یونانی نو

New Guinean *noun, adjective*
n خەڵکی گینەی نوێ یان نیوگینی *adj* سەربە گینەی نوێ ۞ *n* اهل گینه‌ی نو *adj* وابسته به گینه‌ی نو

New Hampshire *noun*
خەڵکی ئەیالەتی New Hampshire ی ئەمریکا ۞ نیوهمپشایری

New Hebrew = Modern Hebrew

New Jerseyan *noun, adjective*
n خەڵکی ئەیالەت یان هەرێمی New Jersey ی ئەمریکا *adj* سەربە New Jersey، نیوجێرسیایی ۞ نیوجرسیایی

New Jersey tea *noun*
جۆرێ دەوەنی هەڵوەریوی کورت، خێزانی buckthorn [*Ceanothus americanus*] ۞ نوعی درختچه

New Jerusalem *noun*
ئورشەلیمی نوێ: 1 شوێنی خودا و سەینتەکانی، بەهەشت Rev. 21:2 (هەروەها Celestial City و Heavenly City) 2 کۆمەڵگای مادی نموونە یان ئایدیاڵ ۞ نیواورشلیم

new journalism = parajournalism

new journalist = parajournalist

new-laid /'nju: leɪd/ *adjective*
(هێلکە) هی ڕۆژ، تازە ۞ تازه

newie *noun, pl.* newies
(نافەرمی) مرۆ یان شتی تازە، کەسێکی تازە، تازەبابەت ۞ آدم یا چیز جدید

New Left *noun*
چەپی نوێ (بزووتنەوەیێکی رامیاری یان سیاسی، ب.ت. نێوان خوێندکاران لە شەستەکاندا، New Leftist /n/) ⬡ نیو لفت

newly /ˈnjuːli, US ˈnuːli/ *adverb*
بەم‌زووانە، تازە، بەم‌دواییانە، بە تازەیی، بە شێوەیەکی تازە: *a newly independent* ◊ *republic* ⬡ *a newy created job* ⬡ به تازگی، به صورت جدید

newlyweds *noun, pl.*
تازە بووک و زاوا، نوبووک و نوزاوا، تازە ژن‌ومێردایەتی کردوو: *The newly-weds spent their honeymoon in Venice* ⬡ تازه عروس و داماد

New Man *noun*
پیاوی تازە، تازەپیاو ⬡ نیو من

Newmarket *noun*
جۆرێ کایە بە پەڕ ⬡ نوعی بازی ورق

new media *noun, pl.*
راگەیێنەری نوێ، دەزگاکانی راگەیاندنی گشتی نوێ (ئینتێرنێت، دی‌ڤی‌دی و هتد) ⬡ رسانه‌های نو

new money *noun*
پارەی نوێ یان تازە (بە خۆی بەدەستی هێناوە تا ئەوەی‌کە پێی گەیشتبێ) ⬡ پول تازه

new moon *noun*
مانگی یەکشەوە، مانگی نوێ ⬡ ماه نو

newness /ˈnjuːnəs/ *noun*
تازەیی، نوێبوون، نووژەنی، نووڤی ⬡ تازگی

new rich *noun*
تازەپیاکەوتوو، تازەدەوڵەمەند، نوبەخت ⬡ نوکیسه

New Right *noun*
راستی نوێ (= بزووتنەوەیێکی رامیاری یان سیاسی) ⬡ نیو رایت

news /njuːz, US nuːz/ *noun*
1 هەواڵ، نووچە، پەیام، دەنگ‌وباس، دەنگ، باس‌وخواس، هەواڵەکان، پەیامەکان: *What's the latest news?* 2 بلاوکردنەوەی رێک‌وپێکی دوایین دەنگ‌وباسی رادیو و تەلەفزیۆن 3 هەواڵی سەرنج‌راکێش و گەرم (لە ئینگلیسی کۆنەوە، کۆی new، وەرگێرانی فەرەنسی کۆن یان لە *nova* لاتینەوە (شتە تازەکان new things) ⬡ 1 خبر، اخبار 2 پخش منظم واپسین اخبار رادیو و تلویزیون 3 خبر داغ

news agency *noun*
هەواڵنێری، پەیام‌نێری، ئاژانسی پەیام‌نێری ⬡ خبرگزاری

newsagent /ˈnjuːzeɪdʒənt, US ˈnuːz-/ *noun*
رۆژنامەفرۆش، رۆژنامەفرۆشی ⬡ روزنامه‌فروش، روزنامه‌فروشی

news blackout *noun*
سانسۆری هەواڵەکان، لێبەڕاندنی دەنگ‌وباس ⬡ سانسور اخبار

newsboy *noun*
رۆژنامەفرۆش ⬡ روزنامه‌فروش

news bulletin *noun*
هەواڵی هەرەگرنگ (رادیۆ و تەلەفزیۆن و جاری وایە لە نێوان بەرنامەکاندا رادەگەیێنری) ⬡ خبر فوق‌العاده

newscast /ˈnjuːzkɑːst, US ˈnuːzkæst/ *noun*
بلاوکردنەوەی هەواڵەکان، وەشانی دەنگ‌وباس ⬡ پخش اخبار

newscaster /ˈnjuːzkɑːstə(r), US ˈnuːzkæstər/ *noun*
بێژەری هەواڵەکان، پەیام‌بێژ، نووچەوان ⬡ گوینده‌ی اخبار

news conference *noun*, also press -ference
چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی ⬡ مصاحبه‌ی مطبوعاتی

newscopy *noun*
راپۆرتەهەواڵ ⬡ گزارش خبری

newsdealer /ˈnjuːzdiːlə(r), US ˈnuːz-/ = newsagent

newsflash /ˈnjuːzflæʃ, US ˈnuːz-/ *noun*
هەواڵی هەرەگرنگ (رادیۆ و تەلەفزیۆن و جاری وایە لە نێوان بەرنامەکاندا رادەگەیێنری) ⬡ خبر فوق‌العاده

news headlines *noun, pl.*
سەرنووچە، سەردێری هەواڵەکان، کورتەی هەواڵەکان یان دەنگ‌وباس ⬡ سرخط اخبار

newshound *noun*
راوچی هەواڵ، هەواڵچی، راپشکێنەری هەواڵ ⬡ شکارچی خبر

newsie *pl.* newsies = newsy

newsletter /ˈnjuːzletə(r), US ˈnuːz-/ *noun*
نامیلکەی هەواڵەکان، هەواڵنامە، بەلاڤۆکی نووچە یان دەنگ‌وباس: *Our sailing club produces a monthly -sletter* ⬡ بولتن خبری

newsman /ˈnjuːzmæn, US ˈnuːz-/ *noun, pl.* newsmen
رۆژنامەوان، پەیام‌نێر، رۆژنامەگەر ⬡ خبرنگار

news media *noun, pl.*
دەزگاکانی راگەیاندنی هەواڵ ⬡ رسانه‌های خبری

newspaper /ˈnjuːzpeɪpə(r), US ˈnuːz-/ *noun*
a ◊ رۆژنامە: *a daily/weekly newpaper* ⬡ *local/national newspaper* روزنامه

newspaperman /ˈnjuːzpeɪpəmæn, US ˈnuːzpeɪpərmæn/ *noun, pl.* newspapermen
رۆژنامەوان، هەواڵنێر، پەیام‌نێر، هەواڵنووس،

ڕۆژنامەگەر ○ خبرنگار

newspaper stand *noun*
بوتکەی ڕۆژنامەفرۆشی ○ دکەی روزنامەفروشی

newspaperwoman /ˈnjuːzpeɪpəwʊmən, US ˈnuːzpeɪpər-/ *noun, pl.* newspaperwomen
ڕۆژنامەوان، هەواڵنێر، پەیامنێر، هەواڵنووس، ڕۆژنامەگەر (ژن) ○ خبرنگار

newsprint /ˈnjuːzprɪnt, US ˈnuːz-/ *noun*
کاغزی ڕۆژنامە، پەڕی هەواڵەکان، هەواڵنامە ○ کاغذ روزنامە، ورق اخبار

newsreader /ˈnjuːzriːdə(r), US ˈnuːz-/ = newscaster

newsreel /ˈnjuːzriːl, US ˈnuːz-/ *noun*
وێنەهەواڵ، کورتەفیلمی هەواڵەکان ○ فیلم کوتاه خبری

newsroom /ˈnjuːzruːm, -rʊm, US ˈnuːz-/ *noun*
ژووری هەواڵەکان، هەواڵگە، هەواڵخانە ○ اتاق خبر

newssheet *noun*
نامیلکەی هەواڵەکان، هەواڵنامە، بەلاڤۆکی نووچە یان دەنگوباس ○ بولتن خبری

newsstand /ˈnjuːzstænd/ *noun*
بوتکە یان دەکەی ڕۆژنامەفرۆشی ○ دکەی روزنامەفروشی

New Stone Age = Neolithic period

New Style *noun*
بەپێی ڕۆژمێری گریگۆری ○ نیو استایل

newsvendor /ˈnjuːzvendə(r)/ *noun*
ڕۆژنامەفرۆش ○ روزنامەفروش

news wire *noun*
ڕاژەی تازەترین دەنگوباسی ئینتێرنێتی ○ سرویس جدیدترین اخبار اینترنتی

newswoman /ˈnjuːzwʊmən, US ˈnuːz-/ *noun, pl.* newswomen
ڕۆژنامەوان، پەیامنێر، ڕۆژنامەگەر (ژن) ○ خبرنگار (زن)

newsworthy /ˈnjuːzwɜːði, US ˈnuːzwɜːrði/ *adjective*
سەرنجڕاکێش، گرنگ، بۆ هەواڵشیاو: *Nothing very newsworthy happened last week* ◊ *a newsworthy event* ○ جالب، مهم

newsy /ˈnjuːzi, US ˈnuːzi/ *adjective* (newsier, newsiest), *noun* (also newsie, *pl.* newsies)
adj پڕهەواڵ، هەواڵاوی، پڕ لە هەواڵی سەرنجڕاکێش: *a newsy letter n* 1 ڕیپۆرتێر 2 ڕۆژنامەفرۆش ○ *adj* پرخبر *n* 1 گزارشگر 2 روزنامەفروش

newt /njuːt, US nuːt/ *noun*
(گیانەوەرناسی) قورناویلکە [*Triturus* و توخمەکانی تر] ○ سمندر آبی

the New Testament *noun*
پەیمانی نوێ، ئینجیل (بەشی دووەمی کتێبی پیرۆز کە باسی ژیانی پێغەمبەر عیسا و بیروباوەڕ و ئامۆژگاری و شەوێنکەوتە سەرەتاکانی دەکا) ○ عهد جدید

newton /ˈnjuːtən, US ˈnuː-/ *noun, abbreviation* N
(فیزیک) نیوتون (یەکەی هێز، لە ناوی Sir Isaac *Newton*) ○ نیوتون

Newtonian *adjective*
نیوتونی (سەربە تیۆرییەکانی زانیاری ئینگلیسی سێر ئیساک نیوتون Sir Isaac Newton (1642–1727) ○ نیوتونی

Newtonian mechanics *noun, pl.*
میکانیکی نیوتونی ○ مکانیک نیوتونی

Newtonian physics *noun, pl.*
فیزیکی نیوتونی ○ فیزیک نیوتونی

new town *noun*
شاری تازەکرد یان تازەساز، نوێشار، تازەشار، شاری تازەدروسکراو ○ شهر تازە احداث‌شده

new wave *noun*
1 (موسیقی، فیلم، هونەر، ڕامیاری و هتد) شەپۆلی نوێ، بزووتنەوەی نوێ 2 شێوازێکی موسیقای ڕاک، لە punk کەوتوتەوە ○ 1 موج نو 2 نیو وایو

New World *noun*
جیهانی تازە، ئەمریکا، وشکانی تازە، وشکاری نوێ، بەژی نوێ، دنیای نوێ یا تازە، نیوەگۆی ڕۆژاوا western hemisphere (باکوور و باشووری ئەمریکا بە گشتی، لە بەرامبەر ئەورووپا، ئاسیا و ئەفریکا) ○ بر جدید

New Year *noun*
ساڵی نوێ، ساڵی تازە، سەری ساڵ، ڕۆژی یەکەمی ساڵی تازە (یەکەم ڕۆژی ژەنیوەری یان ژانەویە)، ڕۆژە سەرەتاکانی ساڵی نوێ، ڕۆژانی سەرەتای ساڵی نوێ ○ سال نو، روزهای اول سال نو

New Year resolution *noun*, also New Year's resolution
بڕیاری ساڵی تازە یان سەری ساڵ (تا شتێ باشتر کا یان ڕوودانی شتێ خراپ لە ساڵی تازەدا ڕاگرێ) ○ تصمیم سال نو

New Year's Day *noun*
ڕۆژی یەکەمی ساڵی تازە (یەکەم ڕۆژی ژەنیوەری یان بەفرانبار) ○ روز اول سال نو

New Year's Eve *noun*
شەوی سەری ساڵ، شەوی ساڵ تازە (ڕۆژی 31ی دیسامبر یان سەرماوەز) ○ شب سال نو

New Zealand *adjective*

ـــەربە نیوزیلەنـد، نیوزیلەنـدی، ســەربە خەڵـکی نیوزیلەند ◇ نیوزیلنـدی، وابـسـته بـه نیوزیلنـد یـا زلاندنو

New Zealander *noun*

خەڵکی نیوزیلەند ◇ اهل نیوزیلند یا زلاندنو

New Zealand flax = flax-lily

next /nekst/ *adjective, adverb, noun*

1 دوایی، پاشین، پاش، پاش‌تر، دواتر، (کەسی) دوایـی یـان پـاش‌تـر: *the next chapter* 2 داهاتوو، دوارۆژ، دوایی، دوای ئەمە، لەمەوبەدوا، لە ئێستا بەدواوە، پاش ئەمـە، دواتر، دوای ئـەوە، پاش ئەوە، پاشـان، ئـەمجار، ئینجا، جـارێکی‌تر، جاری یان کـەڕەتی دوایی: *What happened next?* ◊ *Next, I heard the sound of voices* 3 لـەپاڵ، لەپـەنای، لـەنزیک، لـەکن، لـەلای، نزیـک‌تـرین 4 ئـیدی، ئیتـر، تـر، دن *n* 1 کەسـی دوایی یا پاش‌تر 2 شتی دواتر ◇ 1 بعد، بعدی 2 آینده، پس از این، بعداً، سپس، بار دیگر 3 پهلوی، نزدیک‌ترین، دیگر *n* 1 نفر بعدی 2 چیز بعدی

next-best *adjective*

باش‌ترین (کـار، چارەسـەری و هتـد) دوایـی ◇ بهترین بعدی

next door *adjective, adverb, noun*

adj, adv نزیــک، لــەپاڵ، پــاڵ، تەنیـــشت، لەتەنیشت، دراوسێ، دیواربەدیوار، درگابـەدرگا *n* ماڵی جیران یان دراوسێ، ماڵی تەنیشت، دیوی تەنیـشت یان پاڵەوە ◇ *adj, adv* پهلـویی، بغلـی *n* خانەی بغلی، اتاق بغلی

next-door neighbour *noun*

دراوسێ یا جیرانی دیواربەدیوار ◇ همسایەی بغلی

next-door apartment *noun*

دەســتەخانووی دراوســێ یــان درگابــەدرگا ◇ آپارتمان بغلی

next of kin *noun*

نزیـک‌تـرین خـزم(وکـەس) یـا کـەس(وکـار) ◇ نزدیک‌ترین خویشاوند(ان)

next to *preposition, adverb*

1 لەپاڵ، نزیـک، لـەکن، لەتەنیـشت، نووسـاو بـە: *We sat next to each other* 2 دوای، پاش 3 نزیکەی ◇ 1 پهلوی، کنار 2 بعد از 3 تقریباً

nexus /'neksəs/ *noun, pl.* same or nexuses

1 پێوەنـدی، پێکەوەبەسـتراوی، تێکەڵـی، تـۆڕی پێوەندی، زنجیرە شـتێکی پێکەوەبەستراو، مایـەی پێوەندی: *the nexus between industry and political power* 2 زنجیرە 3 خاڵی هەرەگرنگ یان ناوەندی ◇ 1 ارتباط، شبکەی ارتباطی، ارتباط 2 سلسله 3 نقطەی مهم یا مرکزی

Nez Percé /ˌnez 'pɜːs, US 'pɜːrs/ *noun, pl.* Nez Percé or Nez Percés

1 نێز پێرس (ئەندامی گـەلێکی سووورپێــست، زۆر لەوان ئێستا لە هەرێمی ئیداهۆ Idahoی ئـەمریکا دەژین) 2 زمانی پێنۆتیایی ئەو گەلە ◇ نز پرس

NFL /ˌen ef 'el/ *abbreviation* National Football League

ئـێن‌فی‌ئـێل (= لیگـی تـۆپێن یـان تۆپـێ پێـی نیشتمانی) ◇ ان‌فی‌ال

ngaio /'nʌɪəʊ/ *noun, pl.* ngaios

نـایۆ: جـۆرێ درەخـتی چکۆلـەی نیوزیلەنـدی، دارێکی سپی سووکی هەیە، بەرەکـەی دەخـورێ *[Myoporum laetum]* ◇ نایو

Ngbandi /(ə)ŋ'bandi/ *noun, adjective*

n زمـانی بـانتۆیی بـاکووری زایـری (کۆمـاری دیمـوکراتیکی کۆنگـۆ) *adj* ســەربەو زمانــە ◇ انگباندی

NGO /ˌen dʒiː 'əʊ, US 'oʊ/ *abbreviation* non-government organization

ئـێن‌جـی‌ئـۆ (= رێکخـراوەی ســەربەخۆ یــان ناحکومی) ◇ ان‌جی‌أ

ngoma /əŋ'gəʊmə, US -'goʊ-/ *noun*

1 ئێنگومـا (= تەپـڵێکی نـەریتی سـەربە باشـوور یان رۆژهەڵاتی ئەفریکا) 2 جـەژن و بـەزمێ کـە هەڵـپەڕکێ، گـۆرانی و تـەپڵ‌کوتـانی تیابـێ) ◇ انگوما

Ngoni /(ə)ŋ'gəʊni/ *noun, pl.* same or Ngonis

1 ئەندامی گەلێ کە زۆربەیان لە مـالاوی دەژین 2 جۆرێ تەپڵی نەریتی ئەفریکایی ◇ انگونی

ngultrum /(ə)ŋ'gʊltrəm/ *noun, pl.* same

یەکەی پارەی بنەڕەتی بوتـان، بەرامبـەر بـە سـەد چێترۆم ◇ انگولتروم

Nguni /(ə)ŋ'guːni/ *noun, pl.* same

1 ئەندامی کۆمەڵێ لـە گـەلانی بانتۆیی‌زمـان کـە زۆربەیان لە باشووری ئـەفریکا دەژین 2 زمـانی بانتۆیی ئەو گەلانە ◇ انگونی

ngwee /(ə)ŋ'gweɪ/ *noun, pl.* same

یەکـەی پـارەی زامبیـا، بەرامبـەر بـە سـەدیەکی کواچا ◇ انگوی

NHS /ˌen eɪtʃ 'es/ *abbreviation* National Health Service

NI *abbreviation* National Insurance

Ni symb. the chemical element nickel

niacin /'naɪəsɪn/ *noun,* also nicotinic acid

نایـسین، نایەسین، نیاسین، ترشەڵۆکی نیکوتینیک $C_6H_5NO_2$ (= جـۆرێ ڤیتامین کـە لـە گۆشـت، ترشـێنە و هێنـدێ دانەوێـڵە دۆزراوەتـەوە و بـۆ پێـست و سیـستمی دەمارەکان باشە) ◇ نیاسین

Niagara *noun*

1 نیاگـارا: رووبـاری نیاگـارا لـە ئـەمریکا کـە رێژاوەکـەی بـەنێوبانگـە، (هـەروەهـا Niagara Falls) تافگـە یـان رێـژاوی نیاگـارا 2 لافـاوی یەکجار قورس و سەخت 3 شتێکی زۆر بەهێز و بەقەوەت (وەک رێژاو) 4 سەرەلوولەی سـووڕۆکی

تایبەتی ئاگرکوژاندنەوە ۞ 1 نیاگارا، آبشار نیاگارا 2 سیلاب سنگین 3 چیز بسیار نیرومند 4 نیاگارا

nib /nɪb/ *noun*

1 سەری پێنووس، نووکی پێنووس، ئووچ 2 نووک، دەنووک، سەر 3 دەریەریوی، قیتایی 4 (nibs) هاراوە یان وردەی کاکائۆ 5 دەنکی قاوە 6 دەنووک، دەندووک ۞ 1 نوک قلم 2 نوک 3 برآمدگی 4 ریزەی کاکائو 5 دانەی قهوە 6 منقار

nibble /'nɪbl/ *noun*

1 گاز، قەپ (چکۆلە)، تیکە: *I took a nibble from the biscuit* 2 کریار، مشتەری، خوازیار 3 بڕێکی زۆر کەم ۞ 1 گاز، لقمە 2 طالب 3 مقدار بسیار اندک

Nibelung *noun, pl.* Nibelungs or Nibelungen, German

1 ئەندامی رەگەزی کورتەبالایان لە ئەفسانەی ئەڵمانیدا 2 هەریەک لە شوێنکەوتووانی زیگفرید 3 هەریەک لە پادشایانی بورگوندی Burgundian لە میتۆلۆژی سەدەکانی نێوەڕاستی ئەڵمانیدا ۞ نیبلانگ

nibs /nɪbz/ *noun*, his/her nibs

جەناب، حەزرەت: *What time did his nibs get up?* ۞ حضرت

NiCad /'nʌɪkad/ *noun*, also US trademark Nicad

جۆری باتری کە ئانۆدەکەی نیکل و کاتۆدەکەی کادمیۆمە (تێکەڵەی nickel و cadmium ـە) ۞ نیکاد

Nicam /'nʌɪkam/ *noun*, also NICAM. acronym from *near instantaneously companded* (i.e. compressed and expanded) *audio multiplex*

سیستمێکی دیجیتاڵی تەلەفزیۆنی، لە بریتانیا ۞ نیکام

Nicaraguan /ˌnɪkə'ragjuən, US -'ragwən/ *noun, adjective*

n خەڵکی نیکاراگوا، نیکاراگوایی *adj* نیکاراگوایی، سەربە یان پێوەندی بە نیکاراگواوە هەیە ۞ نیکاراگوایی

nice /naɪs/ *adjective*

1 باش، چاک، قەنج، خۆش، بەتام، بەلەزەت، جێی‌پەسند، دڵفەڕێج، دڵگیر، جوان، نازەنین، چەلەنگ، ژیکەڵە، بەناز 2 میهرەوان، دڵسۆز، دڵنەرم، دۆستانە، بەڕەوشت، باش، چاک، بەئەدەب 3 ناسک، ورد، هەستیار، دروسکار، راست، بەویژدان، پاک ۞ 1 خوب، قشنگ، خوشایند، مامانی 2 مهربان، باادب، خوب 3 ظریف، دقیق، باوجدان

nice-looking *adjective*

سەرنج‌ڕاکێش، قیافەجوان، جوان، رێکوپێک، جوان‌چاک، شۆخ: *What a nice-looking young man!* ۞ جذاب، قشنگ

nicely /'naɪsli/ *adverb*

1 بە وردی، ورد، بە ناسکی: *His novels nicely describe life in Britain between the wars* 2 چاک، جوان، بە باشی، باش، بە شێوەیەکی باش: *The room was nicely furnished* 3 جوان، وەکوو مانگ ۞ 1 با دقت 2 به خوبی 3 زیبا

Nicene /'nʌɪsiːn *adjective*

سەربە باوەڕنامەی نایسین ۞ وابسته به اعتقادنامەی نیسین

Nicene Council *noun*

nuclear fusion *noun,* also fusion
یەک‌گرتنی ناوکی، پێکانووسانی نیوکی، پێکالکان یان پێکەوەنووسانی ناوکی ۞ هم‌جوشی هستەای

nuclear-free *adjective*
ناناوکی، بێبەری لە چەکی نیوکی ۞ غیراتمی

nuclear isomer = isomer 2 (or physic)

nuclear medicine *noun*
پزشکیی ناوکی، نۆژداریی نیوکی ۞ پزشکی هستەای

nuclear physics *noun, pl.*
فیزیکی نیوکی یان ناوکی ۞ فیزیک هستەای

nuclear power = nuclear energy

nuclear power plant *noun*
کارگەی بەرهەم‌هێنانی هێزی ناوکی ۞ نیروگاه هستەای

nuclear reaction *noun*
کاردانەوەی ناوکی، پەرچەکرداری نیوکی ۞ واکنش هستەای

nuclear reactor *noun*
ریاکتۆری ناوکی یان نیوکی ۞ راکتور اتمی، واکنش‌گر هستەای

nuclear war *noun*
شەڕی نیوکی یان ناوکی ۞ جنگ هستەای

nuclear warfare *noun*
شەڕی ناوکی یان نیوکی ۞ جنگ هستەای

nuclear warhead *noun*
نووک یان سەری مووشەکی نیوکی یان ناوکی ۞ کلاهک هستەای

nuclear waste *noun*
پاشـــەڕۆی نـــاوکی، بـــەرماوەی نێـــوکی ◇ پس‌ماندەهای هستەای

nuclear weapon *noun*
چەک‌وچۆڵی ناوکی یا نێوکی ◇ سلاح هستەای

nuclear winter *noun*
زسـتانی نـاوکی (قۆنـاخێکی سـارد، تاریـک و بـێ‌سـەوزایی کـە دوای شـەڕێکی نـاوکی دێتەئاراوە) ◇ زمستان هستەای

nuclease /ˈnjuːklɪeɪz/ *noun*
(زینـدەکیمیـا) هـەوێنـەیێ کـە زنجیـرەکـانی ترشەلۆکی نیوکلێئیک دەقلیشێنێ بۆ نێو یەکە چکۆلەترەکان ◇ نوکلئاز، نوکلیز

nucleate /ˈnjuːklɪət/ *adjective*
(زیندەناسی) نێوک‌دار، نێوکاوی، خاوەنی ناوک ◇ هستەدار

nucleation *noun*
1 نێوکـــداریتی 2 پێکهـــاتنی نـــاوک ◇ 1 هستەدارشدگی 2 تشکیل هستە

nuclei /-kliaɪ/ – nucleus

nucleic acid /njuːˌkliːɪk ˈæsɪd, -ˌkleɪɪk, US nuː-/ *noun*
(زیندەکیمیا) ترشـەلۆکی نیوکلێئیک: هەریەک لە ترشـەلۆکە ئـەندامیـیە کامپلێکـەکان (وەک DNA یان RNA) کە (گەردەکانیان) لە زنجیرە (درێژە) nucleotide ـەکان پێکهاتووە ◇ اسید نوکلئیک

nuclein *noun, adjective*
n – neucleprotein *adj* ترشەلۆکی نیوکلێئیک nucleic acid ◇ نوکلئین

nucleocapsid *noun*
نیوکلیۆکاپـــسید، نیوکلێئۆکاپـــسید: نـــاوکی ترشـەلۆکی نیوکلێئیـک و بـەرگـی دەوروبـەری ڤایرۆسێ ◇ نوکلئوکاپسید

nucleoid *noun*
ناوچـەیێکـی DNA تیـابووی خانـەیێکـی prokaryotic ◇ نوکلوئید

nucleolar *adjective*
سەربە nucleolus ◇ وابستە بە nucleolus

nucleolus /ˌnjuːklɪˈəʊləs/ *noun, pl.* nucleoli /-lʌɪ/
ناوک‌ژە، ناوکچە، ناوکۆکە، پێکهاتەیێکی خڕی چـڕی ورد لـە نـاوکی خانـە بـە درێژایـی interphase دا ◇ نوکلئولوس، نوکلیولوس

nucleon /ˈnjuːklɪɒn/ *noun*
پرۆتون یان نیۆترۆن (ب.ت. لە ناوکی ئەتۆمی) ◇ نوکلئون، نوکلیون

nucleonic *adjective*
سەربە نێوک‌ناسی یان نیوکلیۆنیک ◇ وابستە بە نوکلیونیک

nucleonics /ˌnjuːklɪˈɒnɪks/ *noun, pl.*
نێـوک‌ناسـی، نیوکلیۆنیـک (لقێکـی زانـست یـان تێکنۆلۆژی لەبارەی ناوکە گەردیلەیی و هێزی ناوکی‌یەکانەوە) ◇ نوکلیونیک

nucleophile *noun*
ماک یان مادەیێکی ناوک‌دۆست ◇ نوکلئوفیل

nucleophilic /ˌnjuːklɪə(ʊ)ˈfɪlɪk/ *adjective*
1 ناوک‌دۆست 2 داگری جۆرەکانی ناوک‌دۆست ◇ نوکلئوفیلیک

nucleophilicity *noun*
ناوک‌دۆستی، ناوک‌حەزی ◇ نوکلئوفیلیسیتی

nucleoplasm *noun*
پرۆتۆپلازمی ناوک ◇ پروتوپلاسم هستە

nucleoplasmic *adjective*
سـەربـە پرۆتـۆپلازمی نـاوک ◇ وابـــستە بـــە پروتوپلاسم هستە

nucleoprotein *noun*
ناوێتـەیێکـی پێکهـاتوو لـە پـرۆتێین (وەک histone) و ترشەلۆکی نیوکلێئیک (وەک DNA) کە پێکهێنەرێکی سەرەکی‌یە لە ماک و مەتریالی بۆماوەیی کرۆمۆزۆمەکاندا ◇ نوکلئوپروتئین

nucleoside *noun*
(زینـدەکیمیـا) ئاوێتـەیێکـی ئـەنـدامی، لـە deoxyribose یان ribose پێکهاتووە و لەگەڵ adenine، guanine، cytosine، uracil یـان thymine لێکدەدرێ ◇ نوکلیوسید

nucleosynthesis *noun*
(ئەسـتێرەوانی) نێوکـەپێکهاتن، ناوکـەپێکهات، ناوکـەسـازێ، ناوکـەسـازە، پێکهـاتنی ناوکـە گـەردیلـەیی‌یە نوێ‌یـەکان بـەهۆی کاردانـەوە نـاوکی‌یـەکانـەوە، وەک هـی گـەشـەسـەندنی ئەستێرەیی ◇ نوکلیوسینتز

nucleosynthetic *adjective*
سەربە نێوکەپێکهاتن، ناوکەپێکهاتی ◇ وابستە بە نوکلیوسینتز

nucleotidase *noun*
نێۆکلیۆتیـــداز: ئـــەو فۆســـفاتانەی کـــە nucleotide ی نیوکلێئۆتیـد هایدرۆلایـیـــی دەبەنە سەرەوە ◇ نوکلئوتیداز

nucleotide *noun*
(زیندەکیمیا) نیۆکلیۆتاید، نیۆکلیۆتید: ئاوێتەیێکی پێکهـاتوو لـە nucleoside کـە پێـوەنـدی بـە کۆمەڵێکی فۆسفاتی‌یەوە هەیە، یەکەی پێکهاتەیی بنـەڕەتی ترشـەلۆکە نیوکلێئیکـەکان پێکـدێنێ (بڕوانە nucleoside) ◇ نوکلئوتید

nucleus /ˈnjuːkliəs, US ˈnuː-/ *noun, pl.* nuclei /-lɪʌɪ/
1 نـاوک، نێـوک، ناوەنـد، چـەق، ناقـەند، دڵ، جەرگە، کاکڵ، کرۆک: *players who are the nucleus of the team* 2 (فیزیک) ناوک، بەشی ناوەنـدی گـەردێ کـە لـە نۆتـرۆن و پـرۆتۆن پێکهاتووە 3 (زیندەناسی) ناوک، بەشی ناوەندی

خانەی زیندەوەر (ماک و مەتریالی ژێنێتیکی تایبە) ◇ 1 هستە، مرکز، کانون، لب 2 و 3 نوکلئوس، نیوکلیس

nuclide /ˈnjuːklʌɪd/ *noun*

(فیزیک) جۆرێ جیاوازی گەردیلە یان ناوک (کە بە ژمارەیێکی تایبەتی پرۆتۆن و نۆترۆنەکان دیار دەکرێن) ◇ نوکلید

nuclidic *adjective*

سەربە نیوکلاید یان نوکلید، نیوکلایدی ◇ وابستە بە نوکلید

nude[1] /njuːd, US nuːd/ *adjective* (nuder, nudest), *noun*

1 *adj* ڕووت، بێبەرگ، (لەش)بەتی، هیچنەپۆشیو 2 سەربە ڕووتەکان یان خەڵکی ڕووتوقووت *n* 1 مۆدێلی ڕووت 2 وێنەی ڕووت 3 وێنەکێشی ڕووت 4 پەیکەری ڕووت ◇ *adj* 1 برهنە، لخت 2 وابستە بە برهنەها *n* 1 مدل برهنە 2 تصویر برهنە 3 نقاشی برهنە 4 مجسمەی برهنە

nude[2] /njuːd, US nuːd/ *noun*, in the nude

ڕووت، بێبەرگ: *She refuses to be photographed in the ~e* ◇ عریان

nudeness *noun*

ڕووتی، بێبەرگی ◇ برهنگی

nudge /nʌdʒ/ *noun*

1 (بە ئانیشک) تێکوتین، تێوەژاندن، تێژەنین، تێکوتان، کولم، سیخورمە، پاڵ، تەکان 2 هاندان، دنەدان، تیندان ◇ 1 سقلمە، هل 2 تشویق

nudism /ˈnjuːdɪzəm, US ˈnuː-/ *noun*

ڕووتیباوەڕی، ڕووتەڵخوازی، ڕووتیگەری ◇ برهنەگرایی

nudist /ˈnjuːdɪst, US ˈnuː-/ *noun, adjective*

n ڕووتیباوەڕ، ڕووتەڵخواز، ڕووتیگەر: *a nudist beach/camp* *adj* سەربە ڕووتەکان یان ڕووتیباوەڕکان یان ڕووتەڵخوازەکان ◇ *n* برهنەگرا *adj* وابستە بە برهنەها

nudist camp *noun*

کەمپی ڕووتەکان ◇ اردوی برهنەها

nudist colony place = nudist camp

nudity /ˈnjuːdəti, US ˈnuː-/ *noun*

ڕووتی، بێبەرگی، پەتییەتی، هیچلەبەرانەبوویی: *The committee claimed that there was too much nudity on television* ◇ برهنگی

nudnik /ˈnʊdnɪk/ *noun*, also nudnick

(نافەرمی، ئەمریکا) کەسێکی نارەحەتکەر ◇ آدم عصبانیکنندە

Nuer /ˈnuːə/ *noun, pl.* same or Nuers

1 ئەندامی گەلی ئەفریکایی ڕۆژهەلاتی باشووری سوودان و ئەتیۆپی 2 زمانی نیلی ئەو گەلە ◇ نوئر

nuevo sol /ˌnweɪvəʊ ˈsɒl, Spanish ˌnweβo ˈsol/ = sol2

nugae = trifles (Latin)

nugacity *noun*

بێهوودەیی، پڕوپووچیتی ◇ بیهودگی

nugatory /ˈnjuːgətəri, US ˈnuːgətɔːri/ *adjective*

بێبایەخ، بێباوەڕ، بێبڕەو، بێبایی، بێواتا، بێبەها، بێنرخ، بێهوودە، ناگرنگ، ئایەخ، بێئەنجام، ناکاریگەر، هیچوپووچ، هیچەکە، پووچەڵ، پڕوپووچ، inconsequential ◇ بیاعتبار، بیهودە، بیاثر، بیاهمیت

nugget /ˈnʌgɪt/ *noun*

1 تیکە، کوڵو، لەت، کوت، گرتک، گونک، توپەڵ، توپەڵک: *chicken nuggets* 2 خاڵی گرنگ ◇ 1 قلنبە 2 نکتەی مهم

nuisance /ˈnjuːsns, US ˈnuː-/ *noun*

1 بەلا، مزاحیم، مڵۆزم، مایەی گێرەوکێشە: *I don't want to be a nuisance so tell me if you want to be alone* ◊ *I hope you're not* ئازار، 2 *making a nuisance of yourself* وەی، هەراسانکردن، مزاحیمبوون، سەرودڵگرتن، گێرەوکێشە، دەردەسەر، تەنگوچەڵەمە، گیروگرفت، سەرێشە، ناستەنگ ◇ 1 مزاحم 2 مزاحمت، دردسری

nuisance tax *noun*

ئەو باجەی ڕاستەوخۆ لەسەر بەکارهێنەر دادەنرێ ◇ مالیات مصرفکنندە

nuisance value *noun*

بەتەنگهێنان، تەنگپێهەڵچنین، هەراسانکردن، ئازاردان، کێشەنانەوە ◇ ایجاد مزاحمت

Nuits St George /ˌnwiː sã ˈʒɔːʒ, French nɥi sɛ̃ ʒɔʀʒ/ *noun*

جۆرێ مەی سووری بورگاندی، هی ناوچەی Nuits St George فەرەنسی ◇ نوعی شراب

NUJ *noun, abbreviation* National Union of Journalists

(لە بریتانیا) ئێن یو جێی: یەکیتی نیشتمانی یان نەتەوەیی ڕۆژنامەوانان ◇ ان یو جی، اتحادیەی ملی روزنامەنگاران

nuke /njuːk/ *noun*

(نافەرمی) چەک(وچۆڵ)ی نیوکی، nuclear weapon ◇ سلاح اتمی

null /nʌl/ *adjective, noun*

1 *adj* بێبایەخ، بەتاڵ، نرخی قانوونی نییە، بێباوەڕ، هەڵوەشاوە، بێبڕەو، بێبایی، بێنرخ، کارپێنەکراو، بێکارە، بەکارنەهاتوو، ناگرنگ، پووچەڵ، invalid: *null result* ◊ *a null sequence* 2 (ماتماتیک، لەمەڕ کۆمەڵە یان ماتریسی) هیچ، پووچ، سفر *n* سیفر، هیچ ◇ *adj* 1 باطل، بیاعتبار، کان لم یکن، بیارزش، بیاهمیت 2 تهی، صفر *n* صفر

nullah /'nʌlə/ *noun*
(هینـدی) بنکـی وشـکی رووبـار یـان درکەنـد ravine (بنەڕەت: لە *nālā* هیندی‌یەوە) ۞ بستر خشک رودخانە یا فرکند

null and void *adjective*
(ماف) پووچەڵ، بەتاڵ، بێ‌بایەخ، بێ‌باوەڕ، بێ‌باوەڕ لەباری قانوونی‌یەوە: *The contract was declared null and void* ۞ (حقوق) باطل

nulla-nulla /'nʌlənʌlə/ *noun*, also nulla
تێلای سەختەداری سەرەتانشینانی (یان خەڵکانی ڕەسەنی) ئەوسترالیا ۞ نولا

nullification /ˌnʌlɪfɪ'keɪʃn/ *noun*
پووچ‌کردنەوە، هەڵوەشاندنەوە، لە دەسەلاتی قانوونی خستن، لەکاریگەری‌خستن، بەتاڵ‌کردنەوە، بێ‌برەوکردن، لەباوەڕی‌خستن، لەپەل‌وپۆخستن (nullificationist *n*) ۞ ابطال، لغو

nullifidian /ˌnʌlə'fɪdɪən/ *noun*
مرۆی بێ‌دین یان بێ‌ئیمان، لادین ۞ آدم بی‌دین

nullipara /nʌ'lɪp(ə)rə/ *noun*, *pl.* nulliparae /nʌ'lɪp(ə)riː/
(پزشکی و گیانەوەرناسی) ژن یان گیانەوەرێکی مێی قەت‌نەزاو، عەبرەش، ژنی زگ‌نەکردوو ۞ نولی‌پارا

nulliparous *adjective*
(ژن یـان گیانـەوەرێکی مێـی) (قـەت)نـەزاو ۞ نولی‌پاروس

nullity /'nʌləti/ *noun*. *pl.* nullities
1 بێ‌بایەخی، بێ‌باوەری، بێ‌برەوی، بەتاڵی، بێ‌نرخی. بێ‌واتایی، پووچەڵیتی، پووچیتی، بێ‌مانایی، هیچیتی، لە دەسەلاتی قانوونی کەوتوو، نەبوونی هێزی قانوونی 2 نەبوون، نەبوویی 3 هەڵوەشانەوەی ژن‌ومێردایەتی ۞ 1 بی‌اعتباری، بی‌معنایی 2 عدم 3 بطلان ازدواج

null set *noun*
(بیرکاری) کۆمەڵەی پووچ ۞ مجموعەی تهی

numb /nʌm/ *adjective*
1 تەزیو، تەزی، سڕ، کەسیرە، بێ‌هەست، لەگۆچوو: *to be/go numb* 2 تاساو، کاس، گێژ، واق‌وڕماو، سەرسام ۞ 1 کرخ، بی‌حس 2 مبهوت

numbat /'nʌmbat/ *noun*
(گیانەوەرناسی) توورەکەدارێکی مۆرانەخۆری چکۆلەی ئەوسترالیایی [*Myrmecobius fasciatus*] (بنەڕەت: لە Nyungar وەرگیراوە) ۞ نومبات

numbed *adjective*
1 تەزیو، سڕ، کەسیرە، بێ‌هەست، لەگۆچوو 2 (خوازە) مردوو، مات ۞ 1 کرخ، بی‌حس 2 مردە

number /'nʌmbə(r)/ *noun*
1 ژمارە، ژمار، هێژمار، ژوومارە، ڕەنووس، بڕ، چەندێتی. هەند، هێندێ 2 نمرە 3 ژمارە تەلەفون 4 کۆمەڵە، دەستە، گرووپ 5 (مۆسیقی) پارچە (گۆرانی، هەڵپەڕکێ و هتد لە پێرفۆرمانسی شانۆیی‌دا) 6 کێش، هەڤدەن 7 (ڕۆژنامە، کۆڤار و هتد) ژمارە، ئالقە (لە زنجیرە) 8 (ڕێزمان) کەسەکان و کۆ 9 جل، بەرگ (ژنانە) 10 (numbers) (زانستی) ژمێرە، حیساب 11 کەسەکان، ژمارەیەکی زۆر 12 (هەڵبەست) کێش، هەڤدەن، ڕەوت (زاراوە و فریزەکان: by numbers: هەنگاو بە هەنگاو، قۆناخ بە قۆناخ: *painting by numbers* ◊ a number of: ژمارەیێ، چەند، هەندێ، بڕێ ◊ numbers of: ژمارەیێکی زۆر، گەلێک، یەکجار زۆر ◊ beyond number: لە ژمار بەدەر، بێ‌نەژمار: بنەڕەت: ئینگلیسی نیوەڕاست، لە *nombre* (n.) *nombrer* (v.) فەرەنسی کۆن، لە *numerus* لاتین) ۞ 1 عدد، رقم، تعداد 2 نمره 3 شماره تلفن 4 مجموعه، گروه 5 (موسیقی) قطعه 6 وزن 7 (روزنامە، مجله و...) شماره 8 (دستور زبان) افراد و جمع 9 لباس 10 (در جمع) حساب 11 افراد 12 وزن، بحر

number cruncher *noun*
توندژمێر، خێراڵێکدەرەوە، خوادای ژمارە ۞ عددشکن

number crunching *noun*
توندژمێری، لێکدانەوەی خێرا (ژمارەکان) ۞ عددشکنی

numbered *adjective*
ژمارەدار، بەژمارە ۞ شمارەدار

numbered account *noun*
هەژمار یان حیسابی ژمارەدار یان ژمارەیی (لە بانکەکانی سوید، لە جیاتی ناوی خاوەن‌حیساب) ۞ حساب شمارەدار

numbering *noun*
ژمارەکردن، ژمارەدانان ۞ شمارەگذاری

numberless /'nʌmbələs, US -bərl-/ *adjective*
بێ‌هەژمار، لەڕادەبەدەر، بێ‌ئەندازە، بێ‌داد، لەژماردن‌نەهاتوو، innumerable، countless ۞ بی‌حد و حصر، بی‌شمار

number one *adjective, noun*
adj گرنگ‌ترین، باش‌ترین، چاک‌ترین، سەرکەوتووترین، بالاترین، ژمارە یەک *n* 1 خۆی، بەخۆی، خودی خۆی 2 (جوان‌دەربڕی) ژمارە یەک، مێز 3 لیفتێنانتی یەکەمی هێزی دەریایی ۞ *adj* مهم‌ترین، بهترین، موفق‌ترین، شمارە یک *n* 1 خود 2 ادرار 3 ستوان یکم نیروی دریایی

number-plate *noun*
(ماشێن) ژمارە، ژوومارە، پلاک ۞ پلاک

Numbers *noun, pl.*

ژماران: کتێب یان سیفری چوارەمی پەیمانی کۆن ۞ کتاب یا سفر چهارم

Number Ten = No 10 Downing Street
ماڵی فەرمی سەرۆک‌وەزیرانی بریتانیا (زۆرتر ئاماژەیە بە حکومەتی بریتانیا) ۞ نامبر تن

number two *noun*
(جوان‌دەربڕی) پیسایی ۞ مدفوع

numbles *noun, pl.* also umbles
(کۆن، بریتانیا) هەناو یا نێوزگی ئاژەڵ یا گیانەوەر، ب.ت. هی ئاسک ۞ امعاء و احشاء جانور

numbing /'nʌmɪŋ/ *adjective*
سڕکەر، تەزێنەر، کەسیرەخەر ۞ بی‌حس‌کننده

numbly /nʌmli/ *adverb*
1 تەزیوانە، بە شێوەیەکی سڕ یان کەسیرە 2 بە شێوەیەکی ئاساو ۞ 1 به طور کرخ 2 به طور بهت‌زده

numbness /'nʌmnəs/ *noun*
1 سڕی، تەزیوی، کەسیرەکەوتوویی، لەگۆچوویی، بێ‌هەستی: *pain and -s in my fingers* 2 سەرسامی، ئاسان، واق‌وڕمان، کاسی: *He was still in a state of numbness and shock from the accident* ۞ 1 کرخی 2 بهت

numbskull /'nʌmskʌl/ = numskull

numdah /'nʌmdə/ *noun*
(لە هیند و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) لمەد، لباد (لە *namad*ی فارسی‌یەوە وەرگیراوە) ۞ نمد

numen /'nju:mən/ *noun, pl.* numina /-mɪnə/
گیان یان هێزی خودایی ۞ روح یا قدرت الهی

numerable *adjective*
لەژماردن‌هاتوو، دەژمێردرێ، دێتە بژاردن، ژماردەنی ۞ قابل شمارش

numeracy /'nju:mərəsi, US 'nu:-/ *noun*
توانایی تێگەیشتن و کارکردن بە ژمارەکان، ژمارەلێکدانەوە: *standards of literacy and numeracy* ۞ قابلیت فهم و کارکردن با اعداد

numeral /'nju:mərəl, US 'nu:-/ *adjective, noun*
adj ژمارەیی، هێژماری *n* ژمارە، هێژمار ۞ *adj* عددی *n* عدد

numerate /'nju:mərət, US 'nu:-/ *adjective*
ژمارەلێکدەرەوە، بەتوانا بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ژمارەکان ۞ دارای قابلیت فهم و کارکردن با اعداد

numeration /nju:mə'reɪʃn/ *noun*
بژاردن، ژماردن، حیساب‌کردن، لێکدانەوە، خوێندنەوەی ژمارە ۞ شمارش، محاسبه، عددخوانی

numerator /'nju:məreɪtə(r), US 'nu:-/ *noun*
(کەرتی ئاسایی) سەرە (وەکوو 3 لە 3⁄4دا) ۞ صورت

numerical /nju:'merɪkl, US nu:-/ *adjective,* also numeric
ژمارەیی، هێژماری، بە ژمارە دەردەبڕدرێ: *the - a - ◊ erical superiority of the enemy* ◊ *numerical data* ◊ *merical code* ۞ عددی

numerical analysis *noun*
شیکردنەوەی ژمارەیی ۞ تحلیل عددی

numerical constant *noun*
جێگیری ژمارەیی ۞ ثابت عددی

numerical formulae *noun. pl.*
شێوگ یان فۆرمۆلە ژمارەیی‌یەکان ۞ فرمول‌های عددی

numerically /-kli/ *adverb*
لەباری ژمارەیی‌یەوە: *to express the results - ericaIly* ۞ از نظر عددی

numerical unity *noun*
یەکێتی ژمارەیی ۞ یگانگی عددی

numerological /ˌnju:mərə'lɒdʒɪkl, US ˌnu:mərə'lɑ:dʒɪkl/ *adjective*
۞ numerology سەربە ژمارەبینی، سەربە وابسته به نومرولوژی

numerologist *noun*
ژمارەبین ۞ نومرولوژیست

numerology / ˌnju:mə'rɒlədʒi, US ˌnu:mə'rɑ:lədʒi/ *noun*
ژمارەبینی (فاڵ‌گرتنەوە بە ژمارە) ۞ نومرولوژی

numero uno /ˌnju:mərəʊ 'u:nəʊ/ *noun, pl. pl.* numero unos
(مرۆڤ یان شت) باش‌ترین، گرنگ‌ترین، ژمارە یەک، نمرە یەک ۞ (آدم یا چیز) خوب‌ترین، مهم‌ترین

numerous /'nju:mərəs, US 'nu:-/ *adjective*
1 زۆر، چەند، گەلێک، بێ‌ژمار، زەعف، زیاد، پڕ، زەبەند. فرە: *received numerous complaints* 2 پڕخێزان ۞ 1 بسیار، متعدد، فزون 2 پرجمعیت

numerously /'nju:mərəsli, US 'nu:-/ *adverb*
بە شێوەیەکی زۆر ۞ به طور متعدد

numerousness /'nju:mərəsnəs, US 'nu:-/ *noun*
زۆری، زەعفی، بێ‌ژمارەیی، گەلێک‌بوون، زیادبوون، پڕی، زەبەندی، فرەیی ۞ تعدد، کثرت، بسیاری

Numidian /nju:'mɪdɪən/ *noun, adjective*
n نومیدیایی، نیومیدیایی: دانیشتووی ناوچەی کۆنی Numidia لە ئەفریکای باکووری *adj* سەربە نومیدیا، نومیدیایی ۞ نومیدیایی

numina = plural form of numen

numinous /ˈnjuːmɪnəs, US ˈnuː-/ *adjective*
(دین) خودایی، ڕۆحی، گیانی، خودایی، دینی، ئاسمانی، پیرۆز (بنەڕەت: لە *numen*، *numin-* لاتین "ویستی خودایی" + ous-) ۞ ملکوتی، مینوی

numismatic /ˌnjuːmɪzˈmætɪk, US ˌnuː-/ *adjective*
کۆینی، سەربە کۆین یان نیشانەکان (medals) ۞ وابسته به سکه

numismatics /ˌnjuːmɪzˈmætɪks, US ˌnuː-/ *noun, pl.*
کۆین‌ناسی: لێکۆڵینەوەی کۆین، لێدانی کۆین و نیشانەکان ۞ سکه‌شناسی

numismatist /njuːˈmɪzmətɪst, US nuː-/ *noun*
کۆین‌ناس ۞ سکه‌شناس

numismatology /ˌnjuːmɪzməˈtɒlədʒi, US njuːˌmɪz-/ = -mismatics

nummary /ˈnʌməri/ *adjective*
کۆینی، کۆین‌ئاسا، خڕ: *nummular dermatitis* ۞ سکه‌مانند

nummular *adjective*
بازنەیی، بازنەئاسا، خڕۆکەیی، شێوەبازنە، هێلکەیی ۞ دایره‌مانند، بیضی‌مانند

nummulite /ˈnʌmjʊlaɪt/ *noun*
لەپکەی گەچی بووبەردی پەپکەئاسای foraminifer ۞ نومیولیت

nummulite limestone *noun*
(زەوی‌ناسی) چینە جیاواز و بەربڵاوەکانی سەربە قۆناخی زوونوێ Eocene لە ئەورووپا، ئاسیا و باکووری ئەفریکا (*Nummulites* لاتینی نوێ، توخمی *foraminifers*، بنەڕەت: لە *nummulus* لاتین) ۞ نومیولیت لیمستون

numnah /ˈnʌmnə/ *noun*
ئارەقگیر، لبادی زین، تەرلک، نەرمەزین، بنزین، نمەدزین ۞ نمد زین

numpty *noun, pl.* numpties
(تافەرمی، سکاتلەند) مرۆی گەوجولەوج، بنیادەمی بەکارنەهاتوو بێکارە ۞ آدم احمق یا بدردنخور

numskull /ˈnʌmskʌl/ *noun*, also numbskull
(تافەرمی) مرۆی گەوجولەوج، بێ‌مێشک، کەللەوێشک ۞ آدم احمق

nun[1] *noun*. Hebrew *nūn*
نوون: چاردەیەمین پیتی ئاوێتی عیبری Hebrew ("n") ۞ نون

nun[2] /nʌn/ *noun*
1 ژنەرەبەن، ژنی دەیرنشین یان تەرکەدنیا، ئەندامی کۆمەڵەی ئایینی یان دینی ژنان 2 کۆتری ملپۆپنە (nunlike /ˈnʌnlaɪk/ *adj*: nunnish *adj* ؛(ژن) ڕەبەن‌ئاسا، ڕەبەنانە (ژن)؛ ئینگلیسی نێوەڕاست، بنەڕەت: لە *nunne* ئینگلیسی کۆن، لە *nonna* لاتینی دواتر late Latin، مێینەی *nonnus* "monk") ۞ 1 راهبه 2 نوعی کبوتر

Nunc Dimittis /ˌnʌŋk dɪˈmɪtɪs/ *noun*
هۆنە یا وتەکانی شەمعوون Simeon (Luke 2:29–32) وەک سروودی دینی لە liturgy کریستانیەتدا (واتاکەی: ئێستا دیلی (یان دەهێڵی ڕاژەوانەکەت) بڕوا ئەی خوداوەند) ۞ نونک دیمیتیس

nunchaku /nʌnˈtʃækuː/ *noun, pl.* same or nunchakus
چەکێکی هونەرە شەڕییەکانی ژاپۆنی (دوو داری سەخت کە بە زنجیر، کەندر یان ئاسمەیێ پێکەوە دەبەسترێنەوە) ۞ نانچاکو

nunciature /ˈnʌnʃɪətʃə(r)/ *noun*
باڵیۆزخانەی پاپ ۞ سفارت پاپ

nuncio /ˈnʌnsiəʊ, US -sioʊ/ *noun, pl.* nuncios
(لە کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆمدا) باڵیۆزی پاپ، نوێنەری پاپ (لە وڵاتێکی بیانی) ۞ سفیر پاپ

nuncupative /ˈnʌŋkjʊˌpətɪv/ *adjective*, also nuncupatory
(ماف) زارەکی، دەقکی، زمانی، نەنووسراو، بەدەمی ۞ شفاهی

nundination *noun*
کڕین و فرۆش(تن) ۞ خرید و فروش

nunhood /ˈnʌnhʊd/ *noun*
ڕەبەنێتی، ڕەبەنایەتی (لەبارەی ژنەوە) ۞ رهبانیت

nunnery /ˈnʌnəri/ *noun, pl.* nunneries
دەیر، ڕەبەنگە، خانەقای ژنانی ڕەبەن، ڕەبەنێتی ۞ صومعه، رهبانیت

nuoc mam /nwɒk ˈmɑːm/ *noun*
سۆسی ماسیی تیژی ڤێتنامی (بنەڕەت: لە ڤێتنامییەوە) ۞ نواک مان

Nupe *noun, pl.* same or Nupes
1 ئەندامی گەلێکی ڕۆژاوای ناوەندی نایجیریا 2 زمانەکەیان ۞ نیوپ

nuphar *noun*
(ڕووەک‌ناسی) لاولاوە زەردە ۞ نیلوفر زرد

nuptial /ˈnʌpʃl/ *adjective, noun*
adj سەربە ژن‌ومێردایەتی، سەربە هاوسەرگیری، *n* سەربە زەماوەند، گوڤەندی، زەماوەندی (nuptials /ˈnʌpʃlz/) زەماوەند، شایی، گوڤەند ۞ *adj* وابسته به زناشویی یا عروسی *n* (در جمع) عروسی

nuragh /ˈnʊərɑːg/ *noun*, also nuraghe /-gi/, *pl.* nuraghi /-gi/
کەلووی گاشەبەردی (لە Sardinia دۆزراوەتەوە

و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەفرخ و ئاسن) ۞ برج غول‌سنگی

Nuristani *noun,* from Nuristan, Afghanistan
نوریستانی: 1 ئەندامی کۆمەڵێ لە گەلانی هیند و کوش Hindu Kush لە باکووری رۆژهەلاتی ئەفغانستان 2 خێزانی زمانە نوریستانی‌یەکان کە لقێکی جیاواز لە هیند و ئێرانی پێکدێنێ ۞ نوریستانی

Nurofen /'njʊərəfen, US 'nʊr-/ *noun*
نوروفێن (جۆرێ ئیبوپروفێن IBUPROFEN) ۞ نوروفن

nurse[1] /nɜːs, US nɜːrs/ *noun*
1 نەخۆش‌یار، نەخۆشەوان، پەرستار 2 لەلە، چاودێری منالان، ئاگادێری منالان، دایەن، تایەن 3 نەخۆش‌یاری، نەخۆشەوانی، پەرستاری 4 پەروەردەکار 5 (خوازە) پەروەردەگا، مەکۆ (ئینگلیسی نێوەڕاست: کورتەی *nourice* ی سەرەتا، لە فەرەنسەی کۆنەوە، لە late *nutricia* Latin مێینەی *nutricius* لاتین "کەسێ کە خۆراک دەدا یا دەرخوارد دەدا"، لە *nutrix*، "نەخۆش‌یار"، لە *nutrire* "خواردن یا *nutric*- خۆراک پێدان، بەخێوکردن") ۞ 1 پرستار 2 پرستار بچە، دایە 3 پرستاری 4 پرورندە 5 (مجازی) مهد

nurse[2] /nɜːs, US nɜːrs/ *noun,* also grey nurse
جۆرێ کوسە sharkی مەیلەو بۆری ئەوستراليايی [*Odontaspis arenarius*] ۞ نوعی کوسە

nurse hound *noun*
سەگەماسی خاڵ‌خاڵ(ی زلەی باکووری رۆژهەلاتی ئەتلانتیک، بۆ خواردن دەگیرێ [*Scyliorhinus stellaris*] ۞ نوعی ماهی

nurseling = nursling

nursemaid /'nɜːsmeɪd, US 'nɜːrs-/ *noun*
لەلە، دایەن، ئاگادێری منالان، چاودێری منالان ۞ پرستار بچە

nurse practitioner *noun*
نەخۆشیاری راهاتوو ۞ پرستار دورەدیدە

nursery /'nɜːsəri, US 'nɜːrs-/ *noun* (*pl.* nurseries), *adjective*
n 1 باخچەی منالان، دایەنگا، دایەنگە 2 شەتلگە، شەتل‌فرۆشی، شەتل‌زار 3 دیوی کایە (یان زووری خەوی منالان) 4 دیوی تازەبووان یان ساوایان (کە چاویان بەسەرەوەیە) *adj* سەربە پەروەردەی مندالانی تەمەن 2 تا 5 سالان: *a nursery* ◊ *nursery education* *teacher* ۞ *n* 1 مهد کودک 2 خزانە 3 اتاق بازی 4 اتاق نوزادان *adj* نرسری

nursery class *noun*
پۆلی پەروەردەی منالانی تەمەن 3 تا 5 سالان ۞ نرسری کلاس

nurseryman /'nɜːsərimən, US 'nɜːrs-/ *noun, pl.* nurserymen
شەتل‌کار، نەمام‌کار، شەتلەوان، نەمامەوان ۞ خزانەکار

nursery nurse *noun*
دایەن، لەلە، ئاگادێری منالان، چاودێری منالان ۞ پرستار بچە

nursery rhyme *noun*
شەوەگورگانە، هەڵبەست و گۆرانی (نەریتی) بۆ منالان ۞ اشعار کودکانە

nursery school *noun*
باخچەی منالان یان ساوایان، دایەنگە ۞ مهد کودک، کودکستان

nurse's aide *noun*
دوانەخۆشیار، ئاوەڵ‌پەرستار، ئاوەڵ‌نەخۆشەوان (کەسێ کە یاریدەی نەخۆشیارێکی پیشەیی دەدا وەک راپەڕاندنی هێندێ ئەرک (راخستنی جێگا و دانانی خۆراک و...) ۞ کمک پرستار

nursery slopes *noun, pl.*
(سکێی) لێژاییێکی کەم بۆ تازەفێربووان، لێژی نۆفێران یان تازەکاران، مەیدانی تازەکاران یان نۆفێران ۞ پیست مبتدیان

nursery stakes *noun, pl.*
پێشبڕکێی ئەسپانی دووسالە ۞ مسابقەی اسب‌های دوسالە

nurse shark *noun*
جۆرێ شارکی خاوی لمۆز ریشن [*Ginglymostoma cirratum* (ئاتلانتیک) و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی کوسە

nursing /'nɜːsɪŋ, US 'nɜːrs-/ *noun, adjective*
n نەخۆشیاری، نەخۆشەوانی، کار یان پیشەی نەخۆشیاری *adj* سەربە نەخۆشیاری ۞ *n* پرستاری، حرفەی پرستاری *adj* وابستە بە پرستاری

nursing home *noun*
نەخۆش‌خانەیەکی چکۆلانە ب.ت. بە خاوەنداری تایبەتی بۆ بەساڵاچووان، خانەی پیران ۞ آسایش‌گاە

nursing mother *noun*
منالەبەر، ژن یا دایکی منالەبەر ۞ نرسینگ مادر

nursing profession *noun*
پیشە یان کاری نەخۆشیاری ۞ حرفەی پرستاری

nursing skills *noun, pl.*
شارەزایی یان لێهاتوویی‌یەکانی نەخۆشیاری ۞ مهارت‌های پرستاری

nursling *noun*
منالی شیرەخۆرە، ساوا، منالی بەرمەمکان، منالێ کە درابێتە دایەن یا لەلە ۞ طفل شیرخوارە

nurtural *adjective*
پەروەردەیی ۞ تربیتی

nurture /'nɜːtʃə(r), US 'nɜːrtʃ-/ *noun*
1 بەخێوکردن، راهێنان، پەروەردە(کردن)،

پەروەرشت، دادان، بارهێنان، ئامۆژ، پێچاران، پێگەیاندن، گەورەکردن، ڕەعەمەڵهێنان، هێنانەبار، training، upbringing: *These plants will need careful nurture* 2 خۆراک، پێبژیو، food 3 ڕاهێنان، پەروەردە و ژینگە و کاریگەری‌یان لەسەر کەسایەتی ۞ 1 تربیت، پرورش 2 غذا، قوت 3 نورتور

nurturer *noun*

بەخێوکەر، ڕاهێنەر، بارهێنەر، پێگەیێنەر ۞ پرورش‌دهنده

NUS *abbreviation* National Union of Students

(بریتانیا) یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی یان نیشتمانی ۞ نوس

NUT *abbreviation* National Union of Teachers

(بریتانیا) یەکێتی مامۆستایانی نەتەوەیی یان نیشتمانی ۞ نوت

nut /nʌt/ *noun*

1 میوەی کاکڵ‌دار (وەکوو گوێز، بادەم، پستە و هتد)، کاکڵە، ناوک: *a Brazil nut* 2 جەڕ، مۆرە، سەرپێچ 3 سەر، کەللە، مێشک، مەژی 4 مرۆی حەپە و گەوج 5 سەوداسەر، شێت‌وشەیدا 6 تیکە، تۆپەڵ، تۆپەڵک، کولۆ (خەڵووز) 7 جەڕی کەوانی ڤیۆلین 8 (ئافەرمی، nuts) گون، باتوو، وەتە 9 چەرەس، شەوچەرە، کاکڵەمەنی ۞ 1 میوەی مغزدار، جوز 2 مهره 3 مخ، کله 4 آدم احمق 5 طرفدار، واله 6 قلنبه 7 پیچ آرشەی ویولون 8 (در جمع، عامیانه) خایه، بیضه 9 آجیل

nut and union *noun*

جەڕ و ماسوولە، مۆرەی ماسوولە، مۆرە و ماسوولە ۞ مهره و ماسوله

nutant *adjective*

شۆڕەوەبوو، سەرداکەوتوو ۞ نوتانت

nutation /njuːˈteɪʃ(ə)n/ *noun*

1 شۆڕبوونەوە، سەرداکەوتن 2 (وەر)سووڕان، گەڕان، خولانەوە، گۆڕانی لا، پێچ‌خواردن 3 چەماوی، چەمانەوە، دانووشتاوی 4 سەرەلەقێ، سەرەجوولێ، ئاماژە بە سەر 5 لەرینەوە ۞ 1 نوتاسیون 2 تغییر جهت، گردش 3 خمیدگی 4 سرجنبانی 5 نوسان

nut-brown /ˈnʌt ˈbraʊn/ *adjective*

(ڕەنگ) قاوەیی تۆخ یان توند: *nut-brown hair* ۞ فندقی

nutcase /ˈnʌtkeɪs/ *noun*

کەسێکی کەر و گەوج، بنیادەمی شێت ۞ آدم احمق، آدم دیوانه

nutcracker /ˈnʌtkrækə(r)/ *noun, pl.* nutcrackers

1 کاکڵ‌شکێن، کەلووزشکێن، گوێزشکێن، فندق‌شکێن 2 کاکڵ‌شکێنە: باڵندەیێ لە تیرەی crow، لە بەری conifer دەخوا [توخم *Nucifraga*: دوو جۆرن] ۞ 1 فندق‌شکن 2 نوعی پرنده

nutgall /ˈnʌtgɔːl/ *noun*

مازوو ۞ نانگال

nuthatch *noun*

جۆرێ باڵندەی دەنگ‌خۆشی چکۆلەی پشت‌بۆری زێرزگ گەنمی سەرداران [*Sitta europaea* و جۆرە پێوەندی‌دارەکانی] ۞ نوعی پرنده

nuthouse /ˈnʌthaʊs/ *noun*

شێتخانە ۞ دیوانه‌خانه

nutlet /ˈnʌtlɪt/ *noun*

1 گوێزۆلکە، گوێزیلکە 2 فندقی چکۆلە 3 ناوک، نێوک ۞ 1 جوز کوچک 2 فندق کوچک 3 هسته

nutmeg /ˈnʌtmeg/ *noun*

(ڕووەکناسی) 1 جۆزبوویا، جۆزبووا [*Myristica fragrans*] 2 دار یان درەختی جۆزبوویا ۞ 1 جوزا 2 درخت جوزا

nutmeg family *noun*

خێزانی جۆزبوویا (Myristicaceae)، کۆمەڵە دارێکی هەمیشەسەوزی گەرمێنان، بە گوڵی زەنگ‌ئاسای ورد و میوەی یەک‌دەنک و گۆشتنەوە ۞ خانوادەی جوزا

nutmeg flower *noun*

(ڕووەکناسی) ڕەشکە، سیاوڵە ۞ سیاه‌دانه

nutraceuticals /ˌnjuːtrəˈsuːtɪkəlz/ *noun, pl.*

نیوتراسیوتیکالز (= ئەو خۆراکانەی کەوا ئامادەکراون بۆ باش‌ترکردنی سلامەتی لەش و مەترسی کەم‌تری نەخۆشی‌یەکان، بۆ نموونە خستنەسەری ڤیتامین یان لابردنی بڕی چەوری) ۞ نوتراسیوتیکالس

nutria /ˈnjuːtrɪə/ *noun*

کەوڵ یان چەرمی کۆیپوو coypu (بنەڕەت: لە سپانیایی‌یەوە "otter") ۞ نیوتریا

nutrient /ˈnjuːtriənt, US ˈnuː-/ *adjective, noun*

adj بەپێز، بەخۆراک، پڕخۆراک، بژوێن، بەقەوەت، نیوترینت *n* خواردەمەنی، ماک یا مادەی خۆراکی: *a lack of essential nutrints* ◊ *Plants draw minerals and other nutrients from the soil* ◊ *children suffering from a serious nutrient deficiency* ۞ *adj* مغذی، مقوی *n* مادەی غذایی

nutriment /ˈnjuːtrɪmənt/ *noun*

خۆراک، خواردەمەنی، خۆراکی باش یان بەقەوەت (بنەڕەت: لە *nutrimentum* لاتین، لە *nutrire* (بڕوانە nutrition) ۞ خوراک، قوت، غذای مقوی

nutrimental /-ˈmɛnt(ə)l/ *adjective*

سەربە nutriment ۞ وابسته به nutriment

nutrition /nju'trɪʃn, US nu-/ *noun*
1 دەرخواردن، پێچاران، خۆراک: *Nutrition information is now provided on the back of most food products* ◊ *to study food science and nutrition* 2 خۆراک‌ناسی (زانستێ کە لەسەر کاریگەری‌یەکانی خۆراک، ڤیتامینەکان و هتد لەسەر سلامەتی لەش دەدوێ، (بنەرەت: لە late Latin *nutritio(n-)* لە *nutrire* "خواردن یان خۆراک پێدان، بەخێوکردن") ◌ 1 تغذیه، غذا، قوت 2 علم تغذیه

nutritional /-ʃənl/ *adjective*
سەربە دەرخواردان، خۆراکی ◌ وابسته به تغذیه، غذایی

nutritionally /-ʃənəli/ *adverb*
لەباری خۆراکی(یەوە): *a -ionally balanced menu* ◌ از لحاظ غذایی

nutritionist /nju'trɪʃənɪst, US nu-/ *noun*
خۆراک‌ناس، پسپۆری خۆراک(ناسی) ◌ تغذیه‌شناس

nutritious /nju'trɪʃəs, US nu-/ *adjective*
بەپێز، بەخۆراک، بژوێن، بەقەوەت، پڕخۆراک، nourishing ◌ مغذی

nutritiously /nju'trɪʃəsli, US nu-/ *adverb*
بەخۆراکانە، بە شێوەیێکی بەپێز یا بەخۆراک، پڕخۆراکانە ◌ به طور مغذی

nutritiousness /nju'trɪʃəsnəs, US nu-/ *noun*
بەپێزی، بەخۆراکیتی، پڕخۆراک‌بوون، تایبەتمەندی خۆراکی بوون ◌ مغذی بودن

nutritive /'nju:trətɪv/ *adjective, noun*
خۆراکی، بەپێز، پڕخۆراک، تەواو، بەقەوەت، nutritious (nutritively /'nju:trətɪvli/ *adv*) (nutritiveness /'nju:trətɪvnəs/ *n*) ◌ غذایی، مغذی

nutritive ratio *noun*
رادە یان ڕێژەی خۆراکی: ڕێژەی پرۆتینی لەهەرس‌هاتوو digestible سەبارەت بە ماکی خۆراکی تر لە خۆراکەکاندا ◌ نسبت غذایی

nuts /nʌts/ *adjective, interjection*
1 *adj* شێت، دەلوو: *My friends think I'm nuts for saying yes* ◊ *That phone ringing all the time is driving me -uts!* 2 سەوداسەر، *interj* تامەزرۆ دەمت‌لێکنێ! لەبەرچاوم لاچۆ! بەکێ لەخۆت هەڵدە! دایکێشە! گوم بە! ◌ *adj* 1 دیوانه 2 شیفته *interj* خفه شو!

nuts and bolts *noun, pl.*
1 بار، ڕێگا، باروری، پێچ و خەم، فروفێڵ، کەلێن و کون، ڕێگا و چاڵ 2 وردەکاری (کرداری) ◌ 1 فوت و فن 2 جزئیات (عملی)

nutshell /'nʌtʃel/ *noun*
(گوێز) توێکل، توخڵ، پێست، توخ (put sth) in a nutshell: بە کورتی، کورت و کرمانجی، کورت و پوخت: *To put it in a nutshell, we're bankrupt* ◌ پوست گردو

nutso *noun* (*pl.* nutsos), *adjective*
(نافەرمی، ئەمریکا) *n* مرۆی شێت، دەلوو *adj* شێت ◌ *n* آدم دیوانه *adj* دیوانه

nutter /'nʌtə(r)/ *noun*
(بریتانیا و نافەرمی) کەسێکی شێت و گەوج، بەخمە، گێلۆکە، حەیە: *His friends are a bunch of -ers* ◌ آدم دیوانه و احمق، خل و چل

nutty /'nʌti/ *adjective* (nuttier, nuttiest)
1 (نافەرمی) شێت، دەلوو، دین، سەرشێت، شێتانە، eccentric: *She's got some nutty friends* 2 پڕ کاکلە، کاکلاوی، کاکلەدار، کاکلەتیابوو، بە تامی کاکلەوە، بە تامی گوێز یان کاکلەوە: *a nutty taste* (nattily /'nʌtɪli/ *adv*) (nuttiness /'nʌtinəs/ *n*) ◌ 1 دیوانه، دیوانه‌وار 2 ناتی

Nuu-Chah-Nulth or Nuu Chah Nulth *pl.* same = Nootka

nux vomica /nʌks 'vɒmɪkə/ *noun*
کاکلەرشێنە: دارێکی درکاوی باشووری ئاسیا، بەرەکەی ژاراوی‌یە و strychnine تیایە [*Strychnos nux-vomica*] ◌ کچوله، جوزالقی

NVQ /ˌen vi: 'kju:/ *abbreviation* National Vocational Qualification
(لە بریتانیا) ئێن‌ڤی‌کیو (لێوەشاوەیی پیشەیی نیشتمانی) ◌ انوی‌کیو

NW *abbreviation* northwest(ern)

N-word *noun,* also N word
ئێن‌وۆرد (ئەو دەمە بەکاردێنێ کە تۆ لەبارەی وشەی nigger ـەوە قسە دەکەی و ناتەوێ بیڵێی، چونکو وەک جنێوێ وایە) ◌ انورد

NY *abbreviation* New York

nyaff /njaf/ *noun*
(نافەرمی، سکاتلەند) مرۆی گەوج ◌ آدم احمق

nyala /'njɑ:lə/ *noun, pl.* same or nyalas
(گیانەوەرناسی) ئاسک یان بزنەکێوی‌یەکی باشووری ئەفریکا [*Tragelaphus angasi*] ◌ نیالا

Nyanja /'njandʒə/ *noun, pl.* same or Nyanjas
1 نیانجا: ئەندامی گەلی مالاوی Malawi و ڕۆژهەڵات و ناوەندی زامبیا 2 زمانی بانتۆیی Bantu ئەم گەلە ◌ نیانجا

NYC *abbreviation* New York City

nyct(i,o)- *prefix*
پێشگر: شەو، شەڤ (بنەڕەت: لە *nux, nukt-* یۆنانی‌یەوە) ◌ پیشوند: شب

nyctalopia /ˌnɪktə'ləʊpɪə/ *noun,* night blindness late شەوکوێری، ڕۆژبینی (بنەڕەت: بە ڕێگای *nukt-* ‚*nux* لە *nuktalōps* لە Latin یۆنانی، لە "شـەو" + *alaos* "کـوێر" + *ōps* "چـاو") ۞ شب‌کوری

nyctophobia /ˌnɪktə(ʊ)ˈfəʊbɪə/ *noun*
(لە)شەوترسی، ترس و فوبیا لە شەو ۞ شب‌هراسی

nyctalopic /ˌnɪktəˈlɒpɪk/ *adjective*
شەوکوێر، ڕۆژبین ۞ شب‌کور

nylon /ˈnaɪlɒn, US -lɑːn/ *noun*
1 نایلۆن 2 دەزوو یا کوتاڵی نایلۆنی 3 (nylons) گۆرەوی یان tightsی نایلۆنی ۞ 1 نایلون 2 نخ یا پارچەی نایلونی 3 (در جمع) جوراب نایلونی

nymph /nɪmf/ *noun*
1 (لە میتۆلۆژی یۆنانی و ڕۆمیدا) پەری، بووک، خێو، حۆری 2 (وێژەیی) کچ یان ژنی (جەحێل) و جوان، پەری 3 پێکوڕە، پێرو، وردەمێروو، کرمۆکە، کرمینە، مێرووچکە (ب.ت. پووش‌بەقوونە، *nymphal adj*) ۞ 1 حوری 2 دختر یا زن زیبا 3 شفیره

nympha[1] nymphae = *noun*
جووتە لچ یا لێوی چکۆلەی شەرمی ژن ۞ نیمفا

nympha[2] *pl.* nymphae = pupa

nymphaeum /nɪmˈfiːəm/ *noun, pl.* nymphaea
ئەشکەوت یان شەباکی پەری‌یان (بنەڕەت: لە یۆنانی‌یەوە) ۞ حرم حوریان

nymphalid *noun , adjective*
جۆرێ پەپوولە لە خێزانی Nymphalidae، وەک fritillary یان mourning cloak، جووتە لاقی پێشەوەیان کولکنە ۞ نیمفالید

nymphet /ˈnɪmfet, US nɪmˈfet/ *noun*, also nymphette
قایسی، هولو، جەرگ، شەمامە (کچی گەنج و باس‌کردنی لەباری سێکسی‌یەوە) ۞ تیکە، جیگر

nymphic *adjective*
سەربە حۆری، سەربە پەری ۞ وابستە بە حوری

nymphish *adjective*, also nymphilike
پەری‌ئاسا، شێوەپەری، خێوئاسا، حۆری‌ئاسا ۞ حوری‌وار

nymphitis *noun*
ماسین یان هەوکردنی جووتەلێوی شەرمی ژن ۞ التهاب شفتین فرج

nymphlet /ˈnɪmflɪt/ *noun*
حۆریلکە، پەریلکە، حۆریچکە، پەریچە ۞ حوریچە

nympho /ˈnɪmfəʊ, US -foʊ/ *noun*, also nymphomaniac, *pl.* nymphos
(نافەرمی) ژنی کرمێ، حەشەری، حەککەیی، کەڵەسوو ۞ زن حشری

nympholepsy /ˈnɪmfə(ʊ)ˌlɛpsi/ *noun, pl.* nympholepsies
1 نیمفۆلێپسی (شێتی بۆ ئەو شتەی کە بە دواوەوەی و ناتوانی بە دەستی بێنی) 2 شێتی‌یێ کە زوو پێیان وابوو پەری چووەتە کلێشەیەوە (nympholept *n*) ۞ نیمفولپسی

nympholeptic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە نیمفۆلێپسی‌یەوە هەیە ۞ وابستە بە نیمفولپسی

nymphomania /ˌnɪmfəˈmeɪnɪə/ *noun*
حەشەریتی، کرمێ‌بوون، حەشەری‌بوون، سووروەوەبوون (ئارەزووی سێکسی لەرادەبەدەر و کۆنترۆڵنەکراو لە ژناندا) ۞ حشری بودن

nymphomaniac /ˌnɪmfəˈmeɪniæk/ *noun, adjective*, also -homaniac
n ژنی کرمێ، ژنی حەشەری، ژنی حەککەیی، ژنی کەڵەسوو *adj* کرمێ، حەشەری، حەککەیی، سووروەوەبوو، کڵپەکردوو، بەئالوش، کەڵەسوو، کیرەخۆرە، گڕگرتوو ۞ *n* زن حشری *adj* حشری

Nynorsk /ˈnjuːnɔːsk/ *noun*
شێوەزاری وێژەیی زمانی نۆروێژی، نۆروێژی نوێ (بنەڕەت: نۆروێژی، لە *ny* "نوێ، نەو" + *Norsk* "نۆروێژی Norwegian") ۞ نینورسک

nystagmic *adjective*
سەربە چاوەخولێ، سەربە چاوەسووڕێ، زووزوو دەخولێتەوە ۞ نیستاگموس، دارای حرکت سریع

nystagmus /nɪˈstagməs/ *noun*
چاوەخولێ، چاوەسووڕێ (جوولەی خێرای چاو و لە کۆنترۆڵ‌بەدەر) ۞ نیستاگموس

nystatin /ˈnʌɪstətɪn, US ˈnɪs-/ *noun*
جۆرێ ئانتی‌بیوتیک کە زۆرتر بۆ چارەکردنی نەخۆشی قارچکی (ب.ت. candidiasis) بەکاردێنرێ و لە جۆرێ actinomycete گلی بە ناوی [*Streptomyces noursei*] پەیدا دەبێ؛ بنەڕەت: *(ew) Y(ork) Stat(e)* لەوێ پەرەی سەندووە ۞ نیستاتین

Nyungar /ˈnjʊŋə/ *noun*
زمانی سەرەتانشینانی Aboriginal ڕۆژاوای باشووری ئەوسترالیا، ئێستا نەماوە ۞ نیونگار

Nyx *noun*
نیکس (= خواژنی شەو لە میتۆلۆژی یۆنانیدا) ۞ نیکس

NZ *abbreviation* New Zealand

O o

O[1], **o** /əʊ, oʊ, *pl.* Os, O's, o's /əʊz, US oʊz/ *noun*

1 ئۆ (= پازدەیەمین پیتی ئەلفوبێی ئینگلیسی) 2 (هەروەها oh) سیفر، سفر (ب.ت. لە کاتی قسەکردن بە تەلەفون) 3 جۆری خوێنی مروڤ (لە سیستمی ABO دا) ئانتیژێنی A و B ی نییە 4 ئاماژە بە دەنگێ دوای N لە دەستەیێ لە شتەکان، بابەتەکان و هتد 5 شتێک لە شێوەی پیتی O ۞ 1 اُ 2 صفر 3 اُ 4 اُ 5 چیزی به شکل حرف O

O[2] *abbreviation* 1 US Ohio 2 symb. the chemical element oxygen

O' *prefix*

پێشگر: ناوی باوکی لە ئیرلەندی، وەک: O'Neill (بنەڕەت: لە *ó ua* ئیرلەندییەوە "descendant") ۞ پیشوند: اسم پدری در ایرلند

o *abbreviation* (*o*-) Chemistry ortho-: *o-xylene*

o[1] = oh

o[2] *abbreviation* of

o- (oo-) *prefix*

پێشگر: هێلکە، هێلکۆکە: *oology*، *oogonium*
۞ پیشوند: تخم، تخمک

oaf /əʊf, US oʊf/ *noun*

کەسێکی گەوج، (بنیادەم) دەستخاو و دەستەوسان، ستەپەڵە (ب.ت. پیاو): *Mind that cup, you clumsy oaf!* ۞ آدم احمق، ناشی (خصوصاً مرد)

oafish *adjective*

گەوج، گەوجانە، کەر، سادە، نەفام، گەوجانە، ناشارەزایانە، دەسخاوانە (*-ly adv*، oafishness *n*) ۞ احمق، سادەلوح، احمقانە، ناشیانە

oak /əʊk, US oʊk/ *noun* (also oak tree), *adjective*

n 1 داری بەڕوو، نەرە، درەختی بەڕوو، سەق (هی زۆر ئەستوور)[توخم *Quercus*: زۆر جۆرن] 2 بۆ ناوی ئەو دار و درەخت یا رووەکانەی تر بەکاردێنرێ کە هاوشێوەی ئەمەن، ب.ن. poison oak 3 داری بەڕوو: *oak beams* (دوک: وەچی داربەڕوو) *adj* بەڕوویی، لە بەڕوو (ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ *n* 1 درخت بلوط 2 چوب بلوط *adj* بلوطی

oak apple /'əʊk æpl/ *noun*

مازوو، بە هۆی gall wasp ی [ب.ت. *Amphibolips confluenta*] ۞ مازو

oaken /'əʊkən, US 'oʊkən/ *adjective*

(وێژەیی) بەڕوویی، لە داری بەڕوو، دروستکراو لە داری بەڕوو، بەڕووکرد، سازکراو لە داری بەڕوو ۞ بلوطی

oak-gall *noun*

مازوو ۞ مازو

oak-leaf cluster *noun*

نیشان یان میدالی گەڵابەڕوو، بۆڵ یان هێشووی گەڵابەڕوو: دروشمێکی هێشوویی قاوەیی یان زیوین لە گەڵای بەڕوو کە سەربازەکان لە جیاتی نیشان لەسەر سینگیان دەنا ۞ اوک لیف کلاستر

oakling *noun*

نەمام یان خەڵفی بەڕوو ۞ نهال بلوط

oakmoss *noun*

قەوزەبەڕوو: هەریەک لە کرێژەبەردەکان lichens (وەک *Evernia prunastri*) کە لەسەر داری بەڕوو شین دەبن و جەوکێ دێنن کە لە گوڵاوسازیدا بەکاردێنرێ ۞ اوکموس

oakum /'əʊkəm, US 'oʊkəm/ *noun*
شیتالک، پرزۆلەگوش، شرەگوریس (لەتوکونی گوریس و کەندری کۆن کە قیری لێدەدرێ و بۆ پڕکردنەوەی درز و کونی چکۆلەی هەر دوولای کەشتی بەکاردێترێ) ۞ کَلفات، اوکیوم

oak wilt *noun*
گەلاسیسەی بەڕوو: جۆرێ نەخۆشی یان ئازاری بەزیانی دارە بەڕووەکان کە بەهۆی کارگێ (*Ceratocystis fagacearum*) ـکەوە تووش دەبێ و لەودا گەلاکان سیس دەبن و ڕەنگیان هەڵدەگەڕێ و دەس بە وەرین دەکەن ۞ نوعی بیماری قارچی درختان بلوط

OAP /ˌəʊ eɪ 'piː, ˌoʊ/ *abbreviation* old-age pensioner

OAPEC *abbreviation* Organization of Arab Petruleum Exporting Countries
ئۆئاپێک (ڕێکخراوەی وڵاتانی نەوتنێری عەرەبی) ۞ اوآپک

oar /ɔː(r)/ *noun*
1 کلکە، سەول، چەپە، بێلە، هوە، پاڕوو، سەڵپ، ناڤژەن، مەزرقە، قەف، بێراقک 2 سەوڵچی، کلکەوان، چەپەوان، rower ۞ 1 پارو 2 پاروزن

oarage /ɔːrɪdʒ/ *noun*
سەول، کلکە، پاڕوو، چەپە (بە گشتی) ۞ پارو

oarfish *noun, pl.* same or oarfishes
ماسی‌یەکلکە، چەپەماسی: جۆرێکی زۆر درێژ و باریک، هی قووڵایی ئۆقیانووس [*Regalecus glesne*] ۞ اورفیش

oarlock /'ɔːlɒk, US 'ɔːrlɑːk/ *noun*, also rowlock
(لۆتکە یان گەمی) جێ‌سەول، قوفڵی سەول، سەوڵگیر، سەوڵبەند، چەپەگرە، چەپەگیر، ئاغزۆنە، جێ‌کلکە، کلکەبەند ۞ جاپارویی

oarsman /'ɔːzmən, US 'ɔːrz-/ *noun, pl.* oarsmen
سەوڵلێدەر، سەوڵچی، کلکەوان، چەپەگێڕ، چەپەوان ۞ پاروزن

oarsmanship *noun*
سەوڵلێدان، چەپەگێڕی، کلکەوانی، سەڵپاندن ۞ پاروزنی

oarswoman /'ɔːzwʊmən, US 'ɔːrz-/ *noun, pl.* oarswomen
سەوڵلێدەر، سەوڵچی، کلکەوان، چەپەوان (ژن) ۞ پاروزن (زن)

OAS /ˌəʊ eɪ 'es, ˌoʊ/ *abbreviation* Organization of American States
ڕێکخراوەی وڵاتە ئەمریکایی‌یەکان ۞ سازمان کشورهای امریکایی

oasis /əʊ'eɪsɪs, US oʊ-/ *noun, pl.* oases /-siːz/
1 ئاوایی، خەمرک، خەمەرک 2 (خوازە) مایەی دڵخۆشی، ڕۆشنایی، ترووسکەی هیوا، دەروو، دەرەتان (لە یۆنانی) ۞ 1 واحه 2 نور امید، مفر

oast /əʊst, US oʊst/ *noun*
کوورەی وشککردنەوە، وشککەرە، کڵە (بۆ وشککردنەوەی گوڵبەیان hop، بنەڕەت: *āst* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ اوتس

oasthouse /'əʊst haʊs, US 'oʊst/ *noun*
کڵەخانە (بە شێوەی قووچکە) ۞ اوتس‌هاوس

oat /əʊt, US oʊt/ *adjective*
دروس‌کراو بە پەڕشت، سەربە پەڕشت، پەڕشەیی: *oat bran* ۞ اُت

oat biscuit *noun*
غوڕابی پەڕشتی، تۆشەی پەڕشەیی ۞ بیسکویت اتی

oatcake /'əʊtkeɪk, US 'oʊt-/ *noun*
کەیکی پەڕشتی، کەیکی جۆ ۞ کیک اتی

oaten /'əʊtn/ *adjective*
جۆیین، پەڕشتین ۞ جوین

oater /'əʊtə(r), US 'oʊtər/ *noun*
(ئافەرمی، ئەمریکا) فیلمی وێستێرن (ئاماژە بە تفاقی ئەسپ) ۞ فیلم وسترن

oat grass *noun*
پەڕشتەکێوی؟، گیاپەڕشە؟، یەوەدیوی؟ (کێوی: گیایێکی کێوی کە شێوەی پەڕشە دەدا [*Avenula* و تۆخمەکانی تر]) ۞ یولافک

oath /əʊθ, US oʊθ/ *noun, pl.* oaths /əʊðz, US oʊðz/
1 سوێند، کفرکردن، کفرێژی، دینەدڕی، سووکایەتی بە شتە پیرۆزەکان 2 جنێو، سخێف، ناونیتکە، دژوێن ۞ 1 سوگند، کفرگویی 2 فحش

oatmeal /'əʊtmiːl, US 'oʊt-/ *noun, adjective*
n ئاردی پەڕشە، ساوەری جۆ، پەڕشە، بڕوێش *adj* (ڕەنگی) قاوەیی کاڵ: *an oatmeal carpet* ۞ *n* بلغور جو *adj* (رنگ) نخودی

oats /əʊts, US oʊts/ *noun, pl.*
(ڕووەکناسی) پەڕشت، پەڕشە، پەڕش، جۆیین، یەوەدیوی، جۆی هوورچ، جۆشامی، یەوەڕۆمی [*Avena sativa* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] (گیاگەنم wild oats) ۞ جو دوسر

OAU *abbreviation* Organization of African Unity
ڕێکخراوەی یەکێتی ئەفریکا ۞ سازمان وحدت افریقا

ob- (also oc- before c; of- before f; op- before p) *prefix*
پێشگر: (زۆرتر ئەو وشانە پێکدێنێ کە بنەڕەتی لاتینیان هەیە) بە شێوەیەکی پێچەوانە یان ئاوەژوو، دژی لا(یەن)ی ئاسایی؛ دژ؛ شاردنەوە، حەشاردان، بزرکردن، لەبەرچاولابردن، داپۆشین: *obovate*، *obconical*، *opponent*، *occult* (لە

ob لاتینەوە) ۞ پێشوند: بە طور وارونە، خلاف جهت عادی؛ ضد، مخالف؛ اختفا، پنهان‌کاری

Obadiah *noun*, Hebrew *'Ōbhadhyāh*

1 عۆبادیا، ئۆبادیا(هـ): پێغەمبەرێکی عیبری 2 کتێبی ئۆبادیای پێغەمبەر ۞ 1 عابدیا، آبادیا 2 کتاب عابدیای نبی

obbligato /ˌɒblɪ'ɡɑːtəʊ, US ˌɑːblɪ'ɡɑːtoʊ/ *adjective*, *pl.* obbligatos or obbligati

پێویست، گرنگ، زۆرەملی (بنەڕەت: ئیتالیایی "obligatory") ۞ الزامی، ضروری

obconical /'ɒbkɒnɪk(ə)l/ *adjective*, also obconic

(ڕووەکناسی) قووچەکی بەراوەژوو، قووچکی ئاوەژوو یان پێچەوانە ۞ مخروطی وارونە

obcordate /ɒb'kɔːdeɪt/ *adjective*

(ڕووەکناسی) بە شێوەی دڵی ئاوەژوو: *obcordate leaf* ۞ ابکوردیت

obduracy /'ɒbdjərəsi, US 'ɑːbdər-/ *noun*

لاساری، کەللەڕەقی، بێ‌گوێیی، فیل‌سواری، ناحاڵیتی، خوسەری، 1 سەرسەختی، لاگری 2 دڵڕەقی، بێبەزەییتی ۞ 1 لجاجت 2 سنگدلی

obdurate /'ɒbdjərət, US 'ɑːbdər-/ *adjective*

1 لاسار، کەللەڕەق، بێ‌گوێ، ناحاڵی، فیل‌سوار، لا، سەرخەر، سەرسەخت، لاگر 2 دڵڕەق، بێبەزەیی 3 لاسارانە، کەللەڕەقانە (obdurately /'ɒbdjərətli, US 'ɑːbdər-/ *adv*: بە لاساری، ناحاڵییانە؛ obdurateness *n*) ۞ 1 لجوج، یکدندە 2 سنگدل 3 لجوجانە

obeah /'əʊbɪə/ *noun*, also obi

جادووگەری کاریبیەن یان کاریبیایی ۞ جادوگری کاریبین

obeche /əʊ'biːtʃi/ *noun*

جۆرێ داری گەرمێنانی ئەفریکا، دارەکەی بۆ plywood و veneer بەکاردێت ۞ [*Triplochiton scleroxylon*] نوعی درخت

obedience /-əns/ *noun*

گوێڕایەڵی، گوێ‌لەمستی، بەگوێیی، گوێداری، گوێگری، ئەژنەوایی، گوێدێری، ستوخواری، قسەبیسی، ملدان، ژێردەستەیی، ملکەچی: *blind/complete/unquestioning/total obedience* ۞ اطاعت، فرمانبرداری

obedient /ə'biːdiənt/ *adjective*

گوێڕایەڵ، گوێگر، گوێدار، بەگوێ، گوێ‌لەمست، ئەژنەوا، گوێدێر، قسەبیس، ژێردەستە، ملکەچ: *an obedient child* ۞ مطیع، فرمانبردار

obediently /ə'biːdiəntli/ *adverb*

گوێڕایەلانە، ملکەچانە، گوێگرانە ۞ مطیعانە

obeisance /əʊ'beɪsns, US oʊ'biːsns/ *noun*

ڕێزگرتن، ڕێزلێنان، کوڕنش، نووچ، چەمانەوە، داهاتنەوە (بە نیشانەی ڕێزلێنان)، سڵاو بە سەر ۞ احترام، تعظیم

obeisant /əʊ'beɪsnt, US oʊ'biːsnt/ *adjective*

کوڕنش‌بەر ۞ تعظیم‌کنندە

obeli /-lʌɪ, US -liː/ = plural form of obelus

obelisk /'ɒbəlɪsk, US 'ɑːb-, 'oʊb-/ *noun*

1 میل، کۆلەکە یان ستوونی قووچکی (بەردین، بۆ یادکردنەوە یان بیرمان)، ستوونچەتیژە 2 = obelus ۞ تکستون یادبود

obelus /'ɒb(ə)ləs/ *noun*, *pl.* obeli /-lʌɪ, -liː/

1 شابیلیس، نیشانەی (—) یان (÷) 2 نیشانەی (†) بۆ گەڕانەوە یان پیاچوونەوە بە بابەتێکا ۞ ئوبلوس

Oberon *noun*, Middle French, from Old French *Auberon*

ئۆبێرۆن: پادشای پەرییەکان لە کەلەپوور یان فۆلکلۆری سەدەکانی نێوەڕاستدا ۞ اوبرون

obese /əʊ'biːs, US oʊ-/ *adjective*

قەڵەو، گۆشتن: *Obese patients are given dietary advice* ۞ فربه

obesity /əʊ'biːsəti, US oʊ-/ *noun*

قەڵەوی، گۆشتنی: *Obesity can increase the risk of heart disease* ۞ فربهی

obfuscation /ɒb'fʌskeɪʃn, US ɑːb-/ *noun*

پێچانەوە، پێچدان، پێچەڵاوپێچ کردن، سەختکردنەوە، ئاڵۆسکاندن، پەردانەدن، ئاڵۆزاندن، لێکئاڵاندن، لێڵ کردن، لێڵاندن، دژوارکردن، تاریکاندن، گێژکردن، سەرلێشێواندن، سەرلێتێکدان، پەشۆکاندن، شێواندن ۞ غامض‌سازی، آشفته‌سازی، گیج‌سازی

ob/gyn /'əʊ biː ˌdʒiː waɪ 'en, US 'oʊ/ *noun*

بەشێ لە زانستی پزشکی کە سەروکاری لەگەڵ مامانی و پزشکی ژنان دایە، ئەو دوکتورەی کە ئەو کاروبارە دەکا ۞ اب‌جین

obi[1] /'əʊbi/ = obeah

obi[2] /'əʊbi/ *noun*, *pl.* obis

(ژاپۆنی) پشتێن ۞ کمربند

obit /'əʊbi, US 'oʊ-/ = obituary

obiter /'ɒbɪtə/ = obiter dictum

obiter dictum /'dɪktəm/ *noun*, *pl.* obiter dicta /'dɪktə/

1 (لاتینی، ماف) لێدوان یان (بیرو)بۆچوونی نابەرەکی (یا هەڵکەوتی)، ڕادەربڕینی ناڕاستەوخۆ، لێدوانی ناڕاستەوخۆی دادگەر، لێدوان یان بۆچوونی لاوەکی (کە لە لایەن دادگەرەوە دەردەچێ) 2 ڕا و بۆچوونی لاوەکی یان ناڕاستەوخۆ ۞ 1 اظهارات غیراصلی یا اتفاقی 2 نظر ضمنی

obituary /ə'bɪtʃuəri, US oʊ'bɪtʃueri/

noun, pl. obituaries
ئاگاداری مردن، مردن‌نامە (لە رۆژنامەدا) ⬡ آگهی فوت

obj. *abbreviation* object (grammar)

object /'ɒbdʒɪkt, US 'ɑ:bdʒekt, -dʒɪkt/ *noun*
1 شت، ماک، مایە، مادە، تشت (بتوانری ببینری و دەستی لێبدری) 2 مەبەست، مراد، ئامانج، خواست، خەیاڵ، ئارمانج، نیاز 3 بابەت 4 (رێزمان) بەرکار، ئامانج 5 (فەلسەفە) ئۆبژە، بابەت، شت 6 کەسێکی یان شتێکی پێکەنینی، گاڵتەجار ⬡ 1 شیء، مادە 2 هدف، منظور، مقصود 3 موضوع 4 (دستور زبان) مفعول 5 (فلسفە) ابژە، عین 6 آدم یا چیز مضحک

object ball *noun*
(لە بیلیارد و سنوکێردا) گۆ یان تۆپی مەبەست ⬡ آبجکت بول

object code = machine code

object glass *noun*
هاوێنەی شتی، هاوێنتەن (هاوێنەی وردبین و دووربین کە شتەکانی پێ‌دەبینری) ⬡ عدسی شیئی

objectification /əbˌdʒektɪfɪ'keɪʃn/ *noun*
بەشتکردن، شتاندن، بەشتبوون ⬡ ابجتیفیکشن

objection /əb'dʒekʃn/ *noun*
نارەزایی (دەربڕین)، لاری‌بوون، ئیرادگرتن، بەرپەرچدانەوە، قسە، وتە، (وەکوو قسەیەکم نییە)، ناپەسندکردن، دژوەستان، دەنگ‌هەڵبڕین، پێخۆش‌نەبوون، دژایەتی، بەرهەڵستی، ناکۆکی: *I have no objection to him coming to stay* ⬡ اعتراض، حرف، مخالفت

objectionable /əb'dʒekʃənəbl/ *adjective*
ناخۆش، ناپەسند، ناڵەبار، بەردژ، بێزاوی، ئیرادی هەیە، جێی نارەزایی، قسەلەسەر، سووکایەتی‌یانە، لەبەرهەڵستی‌هاتوو، offensive ،undesirable: ◊ *objectionable people/odours* *Why are you being so objectionable today?* (objectionableness *n*) ⬡ قابل اعتراض

objectionably /əb'dʒekʃənəbli/ *adverb*
بە شێوەیەکی ناخۆش ⬡ بە طور قابل اعتراض

objective /əb'dʒektɪv/ *adjective, noun*
adj 1 بابەتی، دیار، بەرچاو، دەرەوەیی، ئۆبژێکتیف (لە دەرەوەی مایند بوونی بێ): *objective reality* 2 راستی، راستەقینە، واقعی، راستی‌بین، بەداد، لانەگر، راستی‌بینانە، بابەتی‌یانە، unbiased: *an objective* ◊ *analysis/assessment/report objective criteria* (دژەکەی: subjective) 3 (رێزمان) بەرکاری *n* 1 ئامانج، مەبەست، ئارمانج: *the* ◊ *main/primary/principal objective to meet/achieve your objectives* 2 هاوێنەی شتی (شت‌بین) ⬡ *adj* 1 عینی 2 واقعی، واقع‌نگر، واقع‌بینانە 3 (دستور زبان) مفعولی *n* 1 هدف، غایت، مقصود 2 عدسی شیئی

objective comparison *noun*
بەراوردکاری بابەتی ⬡ مقایسەی عینی

objective concepts *noun, pl.*
چەمکە بابەتی‌یەکان ⬡ مفاهیم عینی

objective danger *noun*
(شاخەوانی، لەبەر نەبوونی شارەزایی) مەترسی سوور یان بابەتی ⬡ خطر عینی

objective language = 1 target language 2 object code

objectively /əb'dʒektɪvli/ *adverb*
بە شێوەیەکی بابەتی، راستی‌بینانە، واقع‌بینانە ⬡ بە طور عینی، واقع‌نگرانە

objectiveness /əb'dʒektɪvnəs/ *noun*
بابەتی‌بوون، بابەتیتی، دیاربوون، بەرچاویتی ⬡ عینی‌بودن

objective study *noun*
توێژینەوە یا لێکۆڵینەوەی بابەتی ⬡ پژوهش عینی

objective unity *noun*
یەکێتی بابەتی ⬡ یگانگی عینی

objectivism *noun*
بابەتی‌گەری، بابەتی‌خوازی، ئۆبژێکتیڤیزم (objectivist *n*: بابەتی‌گەر، بابەتی‌خواز، ئۆبژێکتیڤیست؛ objectivistic *adj*: سەربە بابەتی‌گەری یا ئۆبژێکتیڤیزم، بابەتی‌خوازی‌یانە) ⬡ عین‌گرایی

objectivity /ˌɒbdʒek'tɪvəti, US ˌɑ:b-/ *noun*
1 بابەتیتی، بەرچاویتی، بوونی دەرەوەیی، دیاربوون، راستیتی: *scientific objectivity* 2 لانەگری، بێ‌بوغزی، بێ‌لایەنی، راستی‌بینی، واقع‌بینی، بەدادی، دادگەری: *There was a lack of -ctivity in the way the candidates were judged* ⬡ 1 عینیت، وجود خارجی 2 بی‌طرفی، واقع‌بینی

object lens = object glass

objectless *adjective*
بێ‌ئامانج، بێ‌مەبەست ⬡ بی‌هدف

object lesson *noun*
نموونە، سەرمەشق، میناک ⬡ الگو

objector /əb'dʒektə(r)/ *noun*
دژبەر، دژ، بەرهەڵست(کار) ⬡ معترض، مخالف

object-oriented *adjective*
ئۆبژێکت‌ئۆرینتێد (= زمانی بەرنامەدانانی کامپیوتێری لەسەر بنچینەی ئەو شتانە رێکخراوە کە بە شێوەیەکی زنجیرەپلە یان پلەمەندین) ⬡ ابژکت اوریتد

object-oriented language *noun*
زمانی ئۆبژێکت‌ئۆرینتێد ⬡ زبان ابژکت اوریتد

object-oriented programming *noun*
بەرنامەدانان یان بەرنامەنووسی ئۆبژێکتئۆرینتێد ◇ ابژکت اوریِنتِد

objet d'art /ˌɒbʒeɪ ˈdɑː, US ˌɔːbʒeɪ ˈdɑːr/ *noun, pl.* objets d'art
کار یان شتی هونەری، بەرهەمی هونەری، خشڵوزەمبەری هونەری، خشڵ یان شتی جوان، ئابژیی دار (لە فەرەنسییەوە بە واتای "شتی هونەری") ◇ اثر هنری، شیء هنری، چیز تزئینی

objurgation /ˌɒbdʒəˈgeɪʃn/ *noun*
سەرکۆنە(کردن)، بەگژداهاتن، کاران، بەسەرداهاتن ◇ نکوهش

objurgatory /ɒbˈdʒɜːgətɔːri/ *adjective*
سەرکۆنەیییانە، بەگژداهاتووانە، لەگەڵسەرکۆنە ◇ نکوهش‌آمیز

oblanceolate *adjective*
بە شێوەی نەشتەر یان نێزەی ئاوەژوو، بە شێوەی نەشتەر یان رمی پێچەوانە: *an oblanceolate leaf* ◇ مثل نیزەی وارونە

oblast /ˈɒblɑːst/ *noun, pl.* oblasts, oblasti
کەرت یان ناوچەیێکی بەڕێوەبەرایەتی رووسیا یان یەکێتی سۆڤیەتی جاران، هەرێم یان ستانی خۆبەڕێوەبەر (لە رووسییەوە) ◇ ایالت

oblate[1] /ˈɒbleɪt/ *adjective*
(ئەندازە) دووسەریان، سەروبنپان، پیوازی، تەخت یان پانەوەبوو لە جەمسەران، لەدووسەرەوەرۆچوو، شەلەمی (**oblately** *adv*، **oblateness** *n*، لە -ob "بە شێوەیێکی ئاوەژوو" + *-latus* "کراو") ◇ دوسرتخت، شلغمی

oblate[2] /ˈɒbleɪt/ *noun*
1 رەبەنێ کە تەواو پێبەندی دەستوور و بەڵێنەکانی دەیر نییە (و لەوێش دەژی) 2 ئەندامی یەکێ لە چەند کۆمەڵە یان تیرەی کڵێسەی کاتۆلیکی رۆم (جا چ ژنان بێ یان پیاوان) ◇ اوبلیت

oblate sphere *noun*
(ئەندازە) گۆی سەروبنپان ◇ کرەی دوسرتخت

oblation /ɒˈbleɪʃn/ *noun*
1 قوربانی، گۆری، نەزر(ی)، پێشکەشە، پێشکەشی، کوشتن، قوربانیکردن 2 پێشکەشکردنی نان و مەی بە خودا لە شێوی خواوەندیدا Eucharist ◇ 1 قربانی، نذر 2 ابلاسیون

oblational *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە oblation ـەوە هەیە ◇ وابستە بە oblation

oblatory /ˈɒblətɔːri/ *adjective*
قوربانییانە، پێشکەشییانە، نەزرییانە ◇ مبنی بر قربانی، وابستە بە قربانی

obligated /ˈɒblɪgeɪtɪd, US ˈɑːb-/ *adjective*, also obligate
1 زۆرلێکراو، هەڵپێچراو، ناچارکراو، پەیمانبەستوو، پێبەند، دەربەست، خۆبەستە، بەڵێنیداو، بەخزمەت، ئەرکلەسەر 2 (خوازە) قەرزار، منەتبار: *He felt -ligaated to help* ◇ 1 ملزم، متعهد، مؤظف، مقید 2 (مجازی) مدیون

obligation /ˌɒblɪˈgeɪʃn, US ˌɑːb-/ *noun*
1 خۆبەستەیی، پەیگرتن، بەڵێنیدان، پەیماندان، پەیمانبەستن، دەربەستی، پێبەندی، بەست، پەیمان، بەڵێنی، سۆز، گفت، ئەرک، پەیوو، قەرز، چاکە، دەین، منەت، چاوبەرەوژێری 2 هەڵپێچان، زۆرلێکردن، ناچارکردن ◇ 1 تعهد، التزام، عهد، وظیفه، دین، مرهونیت 2 اجبار

obligational *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە obligation ـەوە هەیە ◇ وابستە بە obligation

obligato = obbligato

obligatory /əˈblɪgətri, US -tɔːri/ *adjective*
زۆرەملی، زۆرەکی، ناچاری، زۆری، بەزۆر، تەوزیمی، پێویست، پێدڤی: *It is obligatory for all employees to wear protective clothing* (**obligatorily** *adv*: زۆرەملییانە، زۆرەکییانە) ◇ اجباری، الزام‌آور

obliged /əˈblaɪdʒd/ *adjective*
1 ناچار، زۆرلێکراو، هەڵپێچراو 2 قەرزار، چاوبەرەوژێر، منەتبار، مەمنوون: *I'm much obliged to you for helping us* ◊ *I'd be obliged if you would keep this to yourself* ◇ 1 ملزم، مجبور 2 مدیون

obligee /ˌɒbləˈdʒiː/ *noun*
خاوەنقەرز ◇ بستانکار

obligement = favour (Scottish)

obliger *noun*
هەڵپێچەر، ناچارکەر، زۆرلێکەر ◇ ملزم‌کنندە

obliging /əˈblaɪdʒɪŋ/ *adjective*
یاریدەدەر، بەخزمەت، دڵنەرم، بەبەزەیی، دڵسۆز، دڵۆڤان، بەهاناوەچوو، یارمەتیخواز، بەدەمەوەبوو، helpful (**obligingly** /əˈblaɪdʒɪŋli/ *adv*: دڵسۆزانە، بۆ یارمەتی: *'I'll go for you,' she said, -ngly*) ◇ مهربان

obligingness *noun*
دڵسۆزی، دڵنەرمی، دڵۆڤانی، یارمەتیخوازی، بەهاناوەچوون ◇ مهربانی

obligor /ˈɒblɪgɔː, US ˌɒblɪˈgɔː/ *noun*
1 قەرزار، قەرزلەسەر 2 پێبەند، دەربەست، خۆبەستە ◇ 1 بدهکار 2 متعهد

oblique /əˈbliːk/ *adjective, noun*
1 *adj* خوار، لار، لابەلا، بەلادا، (خوازە) ناراستەوخۆ، ناراست: *an oblique reference/approach/comment* 2 (رێزمان) ناراستەوخۆ 3 (توێکاری) خوار، لابەلا (ب.ت. ئەو ماسوولکە یان و ناسکانەی کە تویی

نیوەڕاست و دەرەوەی کۆمەڵە دیوارەی تەنیشتی
زگ پێکدێنن) *n* 1 لارە، هێلی لار، لارەهێل (/)
obliquely (2 ماسولکەی خوار یان لابەلا
/ə'bli:kli/ *adv*: بە شێوەیەکی لار، لابەلایانە،
خوارانە، لارانە، ناڕاستەوخۆیانە: *He referred*
◊ *only obliquely to their recent problems*
Always cut stems obliquely to enable
flowers to absorb more water؛ ئینگلیسی
نیوەڕاست: لە *obliquus* لاتین) ◯ *adj* 1 مایل،
(مجازی) کج 2 (دستور زبان) غیرمستقیم 3
(تشریح) اریب *n* 1 خط مورب 2 ماهیچەی اریب

oblique angle *noun*
گۆشەی لار، گۆشەی نەوەستاو، گۆشەی
ناڕاست: *The extension was built at an*
oblique angle to the house ◯ زاویەی
غیرقائمە

oblique line *noun*
لارە، هێلی لار، لارەهێل ◯ خط مورب

obliqueness /ə'bli:knəs/ *noun*, also obliquity /ə'blɪkwɪtɪ/
لادان، خواری، لابەلایی، بەلادایی، لاری،
ناڕاستی، ناڕاستەوخۆیی ◯ انحراف، کجی،
غیرمستقیم بودن

oblique slash *noun*
لارە، هێلی لار، لارەهێل ◯ خط مورب

oblique system *noun*
سیستەمی لار، ڕێکخستەی خوار یان لار ◯
سیستم مایل

obliteration /ə,blɪtə'reɪʃn/ *noun*
سڕینەوە، پاک(ک)کردنەوە، شۆردنەوە،
کوێرکردنەوە، کوژاندنەوە، نەهێشتن، فەوتاندن،
هەڵوەشاندنەوە، پووککردنەوە، بەتاڵکردنەوە،
پووچکردنەوە، لەنێوبردن، تیابردن، پاکتاوکردن،
هەڵتەکاندن، پاکتاو(کردن)، کاولکردن،
داربەسەربەردەوەنەهێشتن ◯ امحاء، محو، نسخ،
امحا

obliterator *noun*
فەوتێنەر، تیابەر، پاکتاوکەر، هەڵتەکێنەر،
هەڵوەشێنەر، بەتاڵکەرەوە ◯ محوکنندە،
نسخ‌کنندە

oblivion /ə'blɪviən/ *noun*
1 (لە)بیرچوونەوە، لەیادنەمان، لەبیرانەمان،
پشت‌گوێ‌خران، فەرامۆشی 2 (مێژوویی، ماف)
بەخشین، لێ‌خۆش‌بوون، لێبوردن 3 نائاگاداری،
بێ‌خەبەری، ناهۆشیاری، ئاگالێ‌نەبوویی،
نائاگایی 4 = extinction ,destruction ◯ 1
فراموشی، نسیان 2 عفو 3 بی‌خبری

oblivious /ə'blɪviəs/ *adjective*
1 نائاگادار، بێ‌خەبەر، بێ‌ئاگا، ناهۆشیار،
ئاگالێ‌نەبوو: *He drove off, -vious of the*
damage he had caused 2 گوێ(پێ)نەدەر،
کەمتەرخەم، بێ‌خەیاڵ، فەرامۆشکار،
لەبیربەرەوە ◯ 1 بی‌خبر 2 بی‌اعتنا، فراموشکار

obliviously /ə'blɪviəsli/ *adverb*
نائاگادارانە، ئاگالێ‌نەبووانە، ناوشیارانە ◯ بە طور
بی‌خبر

obliviousness /ə'blɪviəsnəs/ *noun*
1 نائاگاداری، بێ‌خەبەری، بێ‌ئاگایی،
ناهۆشیاری، ئاگالێ‌نەبوویی 2 گوێ(پێ)نەدەری،
کەمتەرخەمی، بێ‌خەیاڵی ◯ 1 بی‌خبری 2
بی‌اعتنایی

oblong /'ɒblɒŋ, US 'ɑ:blɔ:ŋ/ *noun, adjective*
n درێژکۆڵە، لاکێشە، درێژۆکە، تەشک: *a tiny*
oblong of glass in the roof *adj* شێوەلاکێشە،
لاکێشەیی: *an* ◊ *an oblong piece of paper*
oblong melon ◯ *n* مستطیل *adj* مستطیل‌شکل

oblongated *adjective*
درێژ ◯ دراز

obloquy /'ɒbləkwi, US 'ɑ:b-/ *noun*
1 جنێوفرۆشی، دەمشڕی، دەم‌چەوتی،
خراپەوتن، جنێو، سخێف، قسەی ناحەز،
ناونێتکە، بێ‌ڕێزی، بێ‌حورمەتی 2 ڕووڕەشی،
بێ‌ئابڕوویی، حەیاتکاوی، ترویی، ڕووسیایی،
تێوزڕاوی 3 سەرکۆنە، بەسەداهاتن (توند)،
بەگژداچوون ◯ 1 هتاکی، ناسزاگویی، بددهنی،
فحش، بی‌احترامی 2 رسوایی 3 سرزنش

obnoxious /əb'nɒkʃəs, US -'nɑ:k-/ *adjective*
خراپ، پیس، ناخۆش، بەزیان، بێزراو، بێزاوی،
دزێو، کرێت، ناحەز: *a thoroughly -noxious*
obnoxious ◊ *-ious behaviour* ◊ *little man*
odours ◯ نامطبوع، بد، زشت، نفرت‌انگیز

obnoxiously /əb'nɒkʃəslɪ, US -'nɑ:k-/ *adverb*
بە شێوەیەکی ناخۆش، بێزراوانە، بە شێوەیەکی
دزێو یان بێزاوی ◯ بە طور نامطبوع، بە طور
نفرت‌انگیز

organdie /'ɔːgəndi, US 'ɔːrg-/ *noun*, US

organdy, *pl.* organdies
ئۆرگاندی (جۆرێ پارچە) ◌ ارگاندی
organelle /ˌɔːɡəˈnɛl/ *noun*
(زیندەناسی) ئەندامۆکە، ئەندامۆچکە، ئەندامی خانەیی ◌ ارگانیل، اندامچە
organ formation *noun*
پێکهاتنی ئەندام ◌ تشکیل عضو
organ-grinder *noun*
ئۆرگ‌ژەن، ئۆرگ‌لێدەر ◌ ارگ‌نواز خیابانی
organic /ɔːˈɡænɪk, US ɔːrˈɡ-/ *adjective*
1 سەربە ئەندامانی لەش؛ (پزشکی، سەربە نەخۆشیی) کار دەکاتە سەر پێکهاتەی ئەندامی: 2 ئەندامی، ئۆرگانیک (سەربە یان ئاماژە دەکا بەو ئاوێتانەی کە کاربۆنیان تیایە و زۆرتریان لە کۆتاییدا بنەمایێکی زیندەناسی‌یانە یان بایۆلۆژیکی‌یان هەیە، سەربە یان لە زیندەوەرەکان یان ئۆرگانیزمە زیندووەکان پەیدا بووە، بڕوانە inorganic): *Improve the soil by adding organic matter* 3 سروشتی، خۆرسکی 4 ڕێکخراو، یەک‌پارچە، یەک‌تەختە، ڕێک‌وپێک، یەک‌دەست، سیستماتیک 5 بەرەبەرەیی، لەگەڵ ڕەوتی سروشتی 6 (خوازە) بنەرەتی، بنچینەیی، بنگەهی ◌ 1 وابسته به اعضای بدن، ارگانیک 2 عضوی، آلی 3 طبیعی 4 سازمان‌مند، منسجم 5 تدریجی 6 اساسی
organically /-kli/ *adverb*
1 لەباری سروشتی(یەوە) یان خۆرسکی(یەوە) 2 لەباری ئەندامی(یەوە) 3 بەرەبەرە، وردەوردە ◌ 1 به طور طبیعی 2 از نظر عضوی 3 تدریجی
organic brain syndrome *noun*
تێکچوونێکی هۆشی درێژخایەن یان ئاستەمە (وەک نەخۆشی ئالزایمێر) کە زۆرتر لە ئەنجامی کۆمەڵە گۆڕانێکی فیزیکی لە پێکهاتەی مێشکەوە دەکەوێتەوە ◌ سیندروم برین ارگانیک
organic chemistry *noun*
کیمیای ئەندامی: لقێ لە کیمیا کە لەمەڕ ئاوێتەکانی کاربۆنەوە دەکۆڵێتەوە ◌ شیمی آلی
organic compound *noun*
ئاوێتەی ئەندامی ◌ ترکیب آلی
organicity *noun*
ئەندامێتی، ئۆرگانیسیتی، ئۆرگانیستە ◌ آلیت
organic life *noun*
ژیانی ئەندامی یان ئۆرگانیک ◌ حیات آلی
organic matter *noun*
ماکی ئەندامی، مەتریاڵ یان مادەی ئەندامی ◌ مادەی آلی
organic unity *noun*
یەکێتی ئەندامی یا ئۆرگانیک ◌ یگانگی عضوانی
organicism *noun*
ئەندام‌گەری، ڕێبازێ کە پێی وایە هەموو شتێکی بنچینەییکی ئەندامی هەیە یان بەشێکە لە گشتێکی ئەندامی ◌ ارگانیسم‌گرایی
organicist *noun*
ئەندام‌گەر، ئۆرگانیسیست ◌ ارگانیسم‌گرا
organicistic *adjective*
ئۆرگانیسیستی، سەربە ئەندام‌گەری ◌ وابسته به ارگانیسم‌گرایی
organism /ˈɔːɡənɪzəm, US ˈɔːrɡ-/ *noun*
1 بوونەوەر، ئەندامە، زیندەوەر، بوونەوەری زیندوو 2 ڕێکخستە، دەزگا، سیستم ◌ 1 موجود زنده، ارگانیسم 2 سازوارە، نظام
organismal /ˈɔːɡənɪzəm, US ˈɔːrɡ-/ *adjective*, also organismic
سەربە یان پێوەندی بە organismـەوە هەیە ◌ وابسته به organism
organist /ˈɔːɡənɪst, US ˈɔːrɡ-/ *noun*
ئۆرگ‌ژەن ◌ ارگ‌نواز
organization /ˌɔːɡənaɪˈzeɪʃn, US ˌɔːrɡənəˈz-/ *noun*
1 ڕێکخراو، دام‌ودەزگا، دەزگا، ڕێکخستی، سازی: *to work for a business/political/voluntary organization ◊ the World Health Organization ◊ charitable organizations* 2 ڕێکخستن، گێڕان، ئانەوە: *A wedding on that scale takes a lot of organization* 3 دەستە یان لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەیی 4 ڕێک‌وپێکی: *She is highly intelligent but her work lacks organization* ◌ 1 سازمان 2 سازماندهی 3 هیأت اداری سازمانی 4 انسجام
organizational /-ʃənl/ *adjective*
ڕێکخراو، ڕێک‌وپێک، سەربە ڕێکخراوە، ڕێکخراوەیی، دام‌ودەزگایی: *-zational change* ◌ نظام‌یافته، سازمند، سازمان‌یافته، سازمانی
Organization of African Unity *noun*
ڕێکخراوەی یەکێتی ئەفریکا ◌ سازمان وحدت افریقا
Organization of American States *noun*
ڕێکخراوەی ولاتانی ئەمریکایی ◌ سازمان کشورهای امریکایی
Organization of Petroleum Exporting Countries *noun*
ڕێکخراوەی ولاتانی نەوت‌نێر یان ولاتە نەوت‌نێرەکان ◌ سازمان کشورهای صادرکنندەی نفت
organized /ˈɔːɡənaɪzd, US ˈɔːrɡ-/ *adjective*
ڕێکخراو، ڕێکخستە، ڕێک‌وپێک: *an organized body of workers ◊ an organized system of childcare ◊ a carefully organized campaign ◊ organized crime* ◌ سازمان‌یافته، منظم، سازمان‌دادەشدە

organized crime *noun*

تاوانکاری پیشەیی یان ڕێکخراو ۞ جنایت‌کاری سازمان‌یافته

organized labour *noun*

1 یەکێتی‌یە کرێکاری‌یەکان 2 ئەندامی یەکێتی‌یە کرێکاری‌یەکان ۞ 1 اتحادیەهای کارگری 2 عضو اتحادیەهای کارگری

organized religion *noun*

دینی دامەزراو یا سەقام‌گرتوو، دین یا ئایینی بنج‌داکوتاو ۞ دین نهادی‌شده

organizer *noun*

ڕێکخەر، هەڵسووڕێنەر، بنیاتنەر، دامەزرێنەر ۞ سازمان‌دهنده، بانی

organ-loft *noun*

جێگای ئۆرگ ۞ جای ارگ

organochlorine *adjective, noun*

ئۆرگانۆکلۆرین: سەربە یان پێوەندی بە هایدرۆکاربۆنێکی کلۆرێنراوەوە هەیە، ب.ت. یەکێ کە وەک ئافەت‌کوژێ (وەک aldrin، DDT و dieldrin) بەکاردێنرێ ۞ ارگانوکلورین

organ of Corti *noun*

(توێکاری) ئەندامی کورتی: پێکهاتەیێکی cochlea گوێ نێوەوە (ی شیردەران) کە سەبارەت بە شەپۆل یان لەرە دەنگی‌یەکان کاردانەوەی هەیە (بنەڕەت: لە ناوی توێکاری ئیتالیایی *Alfonso Corti*) ۞ عضو کورتی

organogenesis /ˌɔːg(ə)nə(ʊ)ˈdʒɛnɪsɪs, US ɔːˌgan(ə)-/ *noun*

پێکهاتنی ئەندامەکان، ئەندام‌سازی، ئەندام‌پێکهاتن (گیانەوەر یان ڕووەکێ) ۞ تشکل اعضا

organogenetic *adjective*

سەربە پێکهاتنی ئەندامەکان، سەربە ئەندام‌سازی، پێوەندی بە ئەندام‌پێکهاتەوە هەیە ۞ وابستە بە تشکل اعضا

organography *noun*

باس‌کردنی ئەندامەکان، توێژینەوەی باسکردی‌یانەی ئەندامانی گیانەوەران و گیا و ڕووەک ۞ ارگانوگرافی

organoleptic /ˌɔːg(ə)nə(ʊ)ˈlɛptɪk/ *adjective*

کارتێکەرە لە ئەندامی زیندەوەردا، کاریگەرە لە ئۆرگانیزمدا ۞ ارگانولپتیک

organology /ɔːgəˈnɒlədʒɪ/ *noun*

ئەندام‌ناسی ۞ عضوشناسی

organomercurial *noun*

(کیمیا) ئاوێتەیێکی ئەندامی یان بەرهەمێکی pharmaceutical کە جیوەی تیایە ۞ ارگانومرکوریال

organometallic *adjective*

(کیمیا) سەربە ئاوێتەیێکی ئەندامی کە کانزا یا شێوەکانزایێکی metalloid تیایە کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە کاربۆنەوە ۞ ارگانومتالیک

organon /ˈɔːg(ə)nɒn/ *noun, pl.* organona or organons

کەرەسە یان هۆی بەدەس‌هێنانی مەعریفە (ب.ت. بنەماکان (فەلسەفە و زانست) ۞ ارگانون

organophosphate *noun*

ئەندامۆفۆسفات، ئۆرگانۆفوسفات: ئاوێتەیێکی ئەندامۆفۆسفۆرۆس (وەک pesticide ێ) ۞ ارگانوفوسفات

organophosphorus /ˌɔːg(ə)nəʊˈfɒsf(ə)rəs/ *adjective*

ئەندامۆفۆسفۆرۆس، ئۆرگانۆفوسفۆرۆس، ئاماژە بەو ئاوێتە ئەندامی‌یە لێکدراوانە کە فۆسفۆرۆسیان تیایە ۞ فوسفوروس

organotherapy *noun*

چارەسەرکردنی نەخۆشی‌یەکان بە ئاوگی ئەندامانی گیانەوەری، ب.ت. لووەکانی ۞ ارگانوترابی

organotropic *adjective*

ئەندام‌خواز ۞ ارگانوتروپیک

organotropism *noun*

ئەندام‌خوازی: ڕاکێشانی وردەزیندەوەرەکان یان ماکە کیمیایی‌یەکان بۆ ئەندامە یان شانە تایبەتی‌یەکانی لەش ۞ ارگانوتروپیسم

organ-pipe cactus *noun*

چەندین جۆرێ کاکتوسی ڕاست و بەرز (یان دارئاسا، وەک *Lemaireocereus thurberi* یان *L. marginatus*)ی باشووری ڕۆژاوای ئەمریکا و مەکسیکۆ، ب.ت. saguaro کە لاسک یان قەدێکی ستوون‌ئاسا و درێژیان هەیە ۞ ارگانوتروپیسم

organum /ˈɔːg(ə)nəm/ *pl.* organa /-nə/ = organon

organza /ɔːˈgænzə, US ɔːrˈg-/ *noun, pl.* organzas

ئۆرگانزا (پارچەیێ، ڕەنگە لە *Lorganza* دروشمێکی بازرگانی) ۞ ارگانزا

organzine /ˈɔːg(ə)nziːn, US -ˈganziːn/ *noun*

زنجیرەی لەخوری یان هەوریشمی، هەوریشمی هۆنراو ۞ ارگانزین

orgasm /ˈɔːgæzəm, US ˈɔːrg-/ *noun*

ئەوپەڕی خۆشی سێکسی، ئۆرگازم ۞ ارگاسم

orgasmic /ɔːˈgæzmɪk, US ɔːrˈg-/ *adjective*

1 سەربە ئەوپەڕی خۆشی سێکسی یا ئۆرگازم 2 خۆش، شاگەشکەکەر، مەست‌کەر، سەرخۆش‌کەر ۞ 1 وابستە بە ارگاسم 2 لذت‌بخش

orgiastic /ˌɔːdʒiˈæstɪk, US ˌɔːrdʒ-/ *adjective*

1 لەگەڵ خۆش‌ڕابواردن، خۆش‌ڕابوێرانە، تێکەڵ

به رابواردن 2 ئەوپەڕگری‌یانە، زیدەڕۆیانە ۞ 1
توأم با عیاشی یا می‌گساری 2 افراط‌آمیز

orgeat /ˈɔːdʒɪət/ *noun*
خواردنەوەیێکی گولاوی پرتەقاڵ و ئاوی بادەم
و جۆ ۞ اورگت

orgulous /ˈɔːgjʊləs/ = haughty

orgy /ˈɔːdʒi, US ˈɔːrdʒi/ *noun, pl.* orgies
1 رابواردن، رادان (خواردن، خواردنەوە،
چالاکی سێکسی و هتد) 2 زیدەڕۆیی،
ئەوپەڕگری، پەڕگیری، پێداکێشی، پێدرێژی:
◊ *The rebels went on an orgy of killing*
3 *an orgy of spending* سروت و نەریتی
نهێنی بۆ خودایانی Bacchus و Dionysus
لەگەڵ خواردنەوە، سەما و گۆرانی‌وتن‌دا ۞ 1
عیاشی، می‌گساری 2 افراط 3 ارگی

oribi /ˈɒrɪbi/ *noun, pl.* same or oribis
جۆرێ ئاسکی ساڤانای ئەفریکا [*Ourebia*
ourebi] ۞ اریبی

oriel /ˈɔːrɪəl/ *noun*
پەنجێرەی بالکۆن یان دەرپەڕیو ۞ پنجرەی
بیرون‌نشسته

Orient /ˈɔːriənt/ *noun, adjective*
n 1 (ب.ت. چین و ژاپۆن) رۆژهەڵات،
رۆژهەڵاتی دوور 2 (orient) مرواری درەوشاوە
adj (orient) oriental ۞ *n* 1 شرق، خاور دور
2 مروارید درخشان

oriental /ˌɔːriˈentl/ *adjective*
1 رۆژهەڵاتی، سەربە رۆژهەڵات 2 (Oriental)
سەربە ناوچەی جوگرافیای ئاژەڵی کە هیمالایا
و رۆژاوای ئیندۆنیزیا دەگرێتەوە 3 (گەوهەر یان
مرواری) درەوشاوە، ورشن، زریون، بریقەدار
(orientally *adv*) ۞ 1 شرقی 2 اورینتال 3
درخشان

Oriental /ˌɔːriˈentl/ *noun*
(زۆرجار وەکوو جنێوێ) رۆژهەڵاتی، خەڵکی
رۆژهەڵات (ب.ت. چین و ژاپۆن) ۞ اهل
مشرق‌زمین

orientalia /ˌɔːrɪenˈteɪlɪə, US ɒr-/ *noun, pl.*
ئەو کتێب و بابەتانەی دەربارەی رۆژهەڵاتەوەن،
رۆژهەڵات‌نامە ۞ اوریتالیا

orientalism /ˌɔːriˈentəlɪzəm/ *noun*
رۆژهەڵات‌ناسی، تایبەتمەندی رۆژهەڵاتی،
رێوشوێنی رۆژهەڵاتی ۞ خاورشناسی، ویژگی
شرقی

orientalist /ˌɔːriˈentəlɪst/ *noun, adjective*
رۆژهەڵات‌ناس، خۆرەڵات‌ناس ۞ خاورشناس،
مستشرق

Oriental philosophy *noun*
فەلسەفەی رۆژهەڵات ۞ فلسفەی شرق

orientated *adjective*
تامەزرۆی، خوازیاری، داشکاو بەرەو، رووڵە،
رووەو ۞ دارای گرایش، متوجه

orientation /ˌɔːriənˈteɪʃn/ *noun*
1 رێڕەو، لادۆزی، رێڕەوگیری، رێدۆزینەوە،
رێدۆزی، ئاراستەکردن، رووتێ‌کردن: *The*
orientation of the planet's orbit is
changing continuously 2 تێگەیشتن یان
دیاری‌کردنی هەلومەرج یان باروودۆخ: *The*
course is essentially theoretical in
orientation 3 راهاتن، ئاشنایی، خووگرتن،
داهاتن، خۆگونجاندن: *an orientation course*
۞ 1 جهت، جهت‌یابی، رویکرد 2 تعیین یا
تشخیص موقعیت 3 آشنایی، همسازی

orientational *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە orientation ـەوە هەیە
۞ وابسته به orientation

oriented = orientated

orienteering /ˌɔːriənˈtɪərɪŋ, US -ˈtɪr-/
noun
راکردن لە دەشت (ودەر، بەکارهێنانی نەخشە و
لادۆز) ۞ دوی صحرایی

orifice /ˈɒrɪfɪs, US ˈɔːr-, ˈɑːr-/ *noun*
دەم، زار، دەرچە، کون، کەلەبەر (وەک هی
کونەلووت) ۞ دهانه، سوراخ

oriflamme /ˈɒrɪflam/ *noun*
1 ئاڵای سووری پیرۆز کە لە پێش پاتشایانی
فەرەنسی‌یەوە هەڵیان دەگرت، گڕی زێڕین 2
هێزی دڵ، مایەی دڵگەرمی یان پشت‌ئەستووری،
ورە ۞ 1 اوریفلام 2 قوت قلب

origami /ˌɒrɪˈgɑːmi, US ˌɔːr-/ *noun*
ئۆریگامی، کاغەزوقەد، قەدوکاغز (هونەری
ژاپۆنی کە کاغز بە شێوەیەکی سەرنج‌ڕاکێش
دەنوشتێنەوە؛ بنەڕەت: لە *oru-, -ori* "قەد" +
kami "کاغەز") ۞ اوریگامی

origanum /ɒˈrɪg(ə)nəm/ *noun*
ئۆریگانوم: گیای بۆن‌خۆشی تیرەیێ کە
marjoram و oregano دەگرێتەوە [تۆخم
Origanum] ۞ اوریگانوم

origin /ˈɒrɪdʒɪn, US ˈɔːr-, ˈɑːr-/ *noun*
1 سەرچاوە، زێدەر، ئەسڵ، بنەڕەت، بنەما،
تەوار، ماک، بێخ، کۆک، درف، بنەچەک،
رەچەڵەک، سەرەتا، بەرایی، دەسپێک: *the*
origins of life on earth 2 مایە، هۆ ۞ 1
منشأ، سرچشمه، خاستگاه، آغاز 2 موجب

original[1] /əˈrɪdʒənl/ *adjective, noun*
adj 1 سەرەتایی، دەسپێک، یەکەمین، هەوەڵین،
تازە، نەو، تازەدارێژراو، تازەبابەت، تازەکرد 2
رەسەن، راستەقینە، کۆپی‌نەکراو، سەرەکی،
بنەڕەتی، ئەسڵی، داهێنەر: *This painting is a*
copy; the original is in Madrid ◊ *Send*
out the photocopies and keep the original
n بەرهەمی سەرەکی یان ئەسلی، ئەسل ۞ *adj*

1 اولیه، بدیع 2 اصیل، اصلی. خلاق *n* نسخه‌ی اصلی

original² /ə'rɪdʒənl/ *noun*, in the original
به زمانی خۆی، به زمانی ڕەسەن (یان سەرەتا): *I studied Italian so that I would be able to read Dante in the -inal* ◌ به زبان اصلی

originality /əˌrɪdʒə'næləti/ *noun*
داهێنەری، داهێنان، داهێنەریتی، تازەگەری: *This latest collection lacks style and originality* ◊ *Students are encouraged to show initiative and originality in their work* ◌ خلاقیت، ابتکار

originally /ə'rɪdʒənəli/ *adverb*
لە بنەڕەتدا، لە سەرەتادا، داهێنەرانە: *The school was originally very small* ◊ *She comes -inally from York* ◌ در ابتدا، خلاقانه

original sin *noun*
(لە تیۆلۆژی کریستانیەتدا) گوناهباریتی زگماکی، گوناهی ئادەم و حەوا ◌ گناه‌کاری ذاتی

origination /əˌrɪdʒɪ'neɪʃn/ *noun*
1 داهێنان، دروستکردن، پێکهێنان 2 سەرهەڵدان، لێکەوتنەوە، داکەوتن، بوونەهۆ ◌ 1 ابداع، ایجاد 2 سرچشمه‌گیری

originative /ə'rɪdʒɪneɪʃn/ *adjective*
داهێنەر، تازەگەر، creative (originatively *adv*) ◌ مبتکر

originator *noun*
داهێنەر، دروستکەر: *Sir William James is thought to be the -nator of fingerprinting as a means of identification* ◌ مبدع، خالق

O-ring *noun*
ئۆرینگ (بەرجەر یا واشەری بازنەیی) ◌ اورینگ

oriole /'ɔːriəʊl, US 'ɔːriəl/ *noun*
(باڵندەناسی) زێرینچە، هەنجیرخۆرە (بنەڕەت: لە *oriolus* لاتین، لە *aureolus* لاتینەوە، چکۆلێنراوی *aureus* لاتین "زێرین") ◌ پری شاهرخ

Orion /ə'raɪən/ *noun*, Latin, from Greek *Ōriōn*
1 (ئەستێرەوانی) ئۆریۆن 2 ئۆریۆن (دیوەزاوچی‌یەکە کە بە دەستی "Artemis" لە میتۆلۆژی یۆنانی دەکوژرێ) ◌ 1 جبار 2 اوریون

Orisha /ə'rɪʃə/ *noun, pl.* same or Orishas
ئۆریشا (= لە نایجیریای باشووری و هیندێ دەستەی دینی ئەمریکای باشووری و کارائیب) هەریەک لە خودایانی چکۆلە ◌ اوریشا

orison /'ɒrɪz(ə)n, US -s(ə)n/ *noun*
(کۆن) پاڕانەوە، دوعا، نزا ◌ نیایش، دعا

Oriya /ɒ'riːjə, US ɔː'r-/ *noun, pl.* same or Oriyas
1 ئۆریا (زمانی کە لە ئۆریسە Orissa لە ڕۆژهەلاتی هیند قسەی پێ‌دەکرێ) 2 دانیشتووی هەرێمی نوێی Orissa یان ناوچەی کۆنی ئۆدرا Odra لە هیندووستان ◌ اوریا

Orlon /'ɔːlɒn/ *noun*
(دروشمی بازرگانی) پارچە و ریشاڵی ئەکریلیکی دەسکرد، بۆ جلوبەرگ و هتد بەکاردێترێ ◌ ارلون

orlop /'ɔːlɒp/ *noun*, also orlop deck
پشتی ژێرەوەی کەشتی شەڕکەر ◌ عرشه‌ی زیرین کشتی جنگی

Ormazd *noun*, from Middle Persian, from Avestan *Ahuramazdāh*
ئۆرمەزد، = Ahura Mazda ◌ اورمزد

ormer /'ɔːmə/ *noun*
ئۆرمێر، گوێ‌دەریا [*Haliotis tuberculata* و جۆرەکانی تر] (جۆرێ سەدەفی خۆراکی؛ بنەڕەت: لە *auris maris* لاتینەوە "ear of the sea") ◌ اورمر

ormolu /'ɔːməluː, US 'ɔːrm-/ *noun*
زەرەزێر، مەفرەغی زێرین، ئۆرمولو (داڕشتەیەکە لە مس، زینک و قالایی) ◌ اورمولو

ornament /'ɔːnəmənt, US 'ɔːrn-/ *noun*
1 جوانکردن، ڕازاندنەوە، خەملاندن، نەخشاندن 2 خشڵ، زەمبەر، شتی جوان، زیوەر، زێڕوزەمبەر 3 جێی یان مایەی شانازی یان سەربەرزی: *The building is an -nt to the city* ◌ 1 تزیین 2 آرایه 3 مایه‌ی افتخار

ornamental /ˌɔːnə'mentl, US ˌɔːrn-/ *adjective, noun*
adj جوانی، بۆ ڕازاندنەوە، decorative: *an -al fountain* *n* گیای جوانی (*n* ornamentalism; ornamentalist *n*; ornamentally *adv*) ◌ *adj* تزیینی *n* گیاه تزئینی

ornamentation /ˌɔːnəmen'teɪʃn, US ˌɔːrn-/ *noun*
جوانکاری، نەخشاندن، ڕازاندنەوە، جوانکردن: *The architect was instructed to keep ornamentation to a minimum* ◌ تزیینات

ornamented *adjective*
جوانکراو، نەخشاو، ڕازاوە، خەملێنراو ◌ تزیین‌شده

ornate /ɔː'neɪt, US ɔːr'n-/ *adjective*
1 بەزریقەوبریقە، پڕزێڕوزەمبەر، پڕگێژوگوڵینگ، بەدیدی‌وبۆدی، نەخشاو، خشڵاوی، خەملاوی، (پڕ)ڕازاوە: *a mirror in an ornate gold frame* ◊ *an ornate mantle* 2 (زمانی ویژە) گران، ئاڵۆز، نەخشاو، سەخت، ڕازاوە (بە هونەرە ویژەیی‌یەکان؛ ornately /ɔː'neɪtli, US ɔːr'n-/ *adv* بە شێوەیەکی بەزریقەوبریقە یان ڕازاوە: *ornately carved chairs*; ornateness *n*: 1 زریقەوبریقە 2 ڕازاوەیی، نەخشان (بە

هونەرە وێژەیییەکان) ◌ 1 پـڕزرق و بـرق 2 آراسته، متکلف

ornery /'ɔːnəri, US 'ɔːrn-/ *adjective*
کەللـەڕەق، لا، ڕووگـرژ، مـرومۆچ، بـەدخوو، بەدخولک ◌ لجوج، عبوس

ornith(o)- *prefix*
پێشگر: باڵـندە، پەلـەوەر، مـەل: *ornithology* (بنەڕەت: لە یۆنانییەوە *ornis*, *ornith-* "bird") ◌ پێشوند: پرنده

ornithic *adjective*
باڵندەیی، پەلەوەری، سەربە باڵـندە یان پەلـەوەر ◌ وابسته به پرنده

ornithine /'ɔːnɪθiːn/ *noun*
(زیندەکیمیا) ئۆرنیتین، ئارنیتین: ترشەلۆکێکی ئەمینۆ $C_5H_{12}N_2O_2$ کە لەشی بەرهەمی دێنێ و لە میتابۆلیزمی پرۆتیندا گرنگە ◌ ارنیتین

ornithischian /ˌɔːnɪ'θɪskɪən, US -'θɪʃɪən/ *noun*
(کۆنناسی) کلۆتباڵندە، باڵـندە دیزەڵ: جـۆری دایناسـۆری گـیاخۆر، کـلۆتەکەی لە هـی باڵـندە دەچـێ (بڕوانـە saurischian؛ بنـەڕەت: لـە لاتینی نوێ (ناوی دەستەکە) *Ornithischia*، لە یۆنـانی *ornith-* ،*ornis* "باڵـندە" + *iskhion* "کلۆت، دیزەڵ hip joint") ◌ نوعی دایناسور

ornithoid *adjective*
باڵندەئاسا، شێوەپەلەوەر، باڵندەیی ◌ پرندهمانند

ornithological /ˌɔːnɪθə'lɒdʒɪkl, US ˌɔːrnɪθə'lɑːdʒ-/ *adjective*, also ornithologic
باڵندەناسـییانـە، سـەربە باڵندەناسـی ◌ پرندهشناختی

ornithologist /ˌɔːnɪ'θɒlədʒɪst, US ˌɔːrnɪ'θɑːl-/ *noun*
باڵندەناس، پەلەوەرناس ◌ پرندهشناس

ornithology /ˌɔːnɪ'θɒlədʒi, US ˌɔːrnɪ'θɑːl-/ *noun*, *pl.* ornithologies
باڵندەناسی، پەلەوەرناسی ◌ پرندهشناسی

ornithomancy *noun*
باڵندەگرتنەوە، فاڵگرتنەوە بە باڵـندە یان پەلەوەر ◌ اورنیتومانسی

ornithopod *noun*
باڵـندەپا: ژێـردەسـتەیێکـی (Ornithopoda) دایناسـۆرە ornithischian دووپـا گـیاخۆرەکـان (وەک hadrosaur)ی پەنجەڕەو digitigrade، دوو لاقی درێژی پاشووی بۆ هەڵاتن بوو ◌ اورنیتوپود

ornithopter /'ɔːnɪˌθɒptə/ *noun*
(زۆرتـر مێژوویـی) باڵـەفـڕەون؟: دەزگـا یـان فڕۆکـەیێ کـە وا داڕێـژراوە بـە باڵـەفـڕێ یـان باڵەتەپێ بفڕێ ◌ اورنیتوپتر

ornithosis /ˌɔːnɪ'θəʊsɪs/ = psittacosis

oro- *prefix*
پێشگر: کێو، کێف، چیا، شاخ (بنەڕەت: لە *oros* یۆنانی "کێو، چیا") ◌ پیشوند: کوه

orobanch *noun*
کەلـە، کێرکەلـەگا، کێرکەلـە، گـوڵ، گوڵـەک، گیاکەلە ◌ گل جالیز، گلک

orogenic *adjective*, also orogenetic
سەربە پێکهاتنی چیاکان، سـەربە چیاپەیدایی ◌ وابسته به کوهزایی

orogenesis *noun*, also orogeny /ɒ'rɒdʒəni, US ɔː'rɑːdʒ-/
پێکهاتنی کێوەکـان یـان چیاکـان، دروستبوونی شاخوکێو ◌ کوهزایی

orographic /ˌɒrə'græfɪk/ *adjective*, also orographical
سەربە چیا، کێوی، سەربە چیاناسـی ◌ وابسـته به کوه، کوهشناختی

orography *noun*
باسکردنی چیاکان، ئۆرۆگرافی ◌ اوروگرافی

orology /ˌɒ'rɒːlədʒɪ/ *noun*
کێوناسی، چیاناسی، کێفناسی (orological *adj*: چیاناسـییانـە، سـەربە یـان پێـوەنـدی بـە کێوناسـییەوە هـەیـە؛ orologist *n*: چیانـاس، کێوناس) ◌ کوهشناسی

oroide /'əʊrəʊaɪd/ *noun*
(فەڕەنسی) زڕەزێڕ، زێڕی قەڵـب، زێڕەدرۆزنە ◌ طلای بدل

Oromo /'ɒrəməʊ/ *noun*, *pl.* same or Oromos
1 ئەنـدامی گـەلێکی ئـەفریکای ڕۆژهـەڵات، گەورەترین کۆمەڵی ڕەگەزی ئەتیۆپیا 2 زمانی Cushiticی ئەو گەلە ◌ اروما

orometer *noun*
بەرزیپێو (چیا) ◌ ارتفاعسنج کوه

oropendola /ˌɒrə'pendələ/ *noun*
هەنجیرخۆرەی زێرین: جـۆری باڵـندەی زلـەی کۆمـەڵژی گـەرمێنانی ئـەمریکا [تـوخم *Psarocolius*: چەندین جۆرن] ◌ نوعی پرنده

oropharyngeal *adjective*
سەربە oropharynx، دەمگەروویی ◌ وابسته به oropharynx

oropharynx /ˌɔːrə(ʊ)'færɪŋks/ *noun*, *pl.* -opharynges or oropharynxes
دەمگەروو: بەشێ لە گەروو کە دەکەوێتە نێوان نەرمەمەلاشـوو و ئێـسکی چەلـەمەیی hyoid bone ◌ اوروفارینکس

orophyte *noun*
ڕووەکی چیایی، چیاگیا، گیای چیایی یان ڕوواو لە کێواندا ◌ کوهرُست

orotund /'ɒrətʌnd, US 'ɔːrə-/ *adjective*
1 (دەنگ) بەزرنگە، زرنگەدار، بەرز، بە تەواو هێزەوە وتراو: *an orotund voice* 2 پڕدەبدەبە،

بەکشوفش، *an* :bombastic ،pompous
پرطنین 1 ۞ (orotundity *n*) *orotund speech*
2 مطنطن

orphan /'ɔ:fn, US 'ɔ:rfn/ *noun, adjective*
هەتیو، سەغیر، سێوی، بێدایک و باوک ۞ یتیم

orphanage /'ɔ:fənɪdʒ, US 'ɔ:rf-/ *noun*
هەتیوخانە، سێویخانە، دەزگای ئاگاداری لە هەتیوان ۞ پرورشگاه

orphanhood *noun*
هەتیوی، سێویبوون، سەغیری ۞ یتیمی

Orphic /'ɔ:fɪk/ *adjective*
1 سەربە ئۆرفیوس Orpheus، هۆنەر و چەنگژەنی ئەفسانەیی یۆنانی 2 سەربە بزووتنەوەی هونەری ئۆرفیزم 3 (خوازە، orphic) دڵرفێن، شیرین، ڕەمزاوی، پڕنهێنی، entrancing ،fascinating ،oracular ،mystic (orphically *adv*) ۞ 1 و 2 اورفیک 3 (مجازی) دلنواز، مرموز

Orphism /'ɔ:fɪz(ə)m/ *noun*
1 ئۆرفیزم (دینی ڕەمزاوی یۆنانی کۆن، وا دەوترێ کە لەسەر بنچینەی هەڵبەستەکانی ئۆرفیوس بێ) 2 بزووتنەوەیەکی هونەری کورتماوە (1912) لە کوبیزم کەوتۆتەوە ۞ اورفیسم

orphrey /'ɔ:fri/ *noun, pl.* orphreys, also orfray
زنجیرە یان شیرازەی دەوری جلی پیاوی دینی ۞ ارفری

orpiment /'ɔ:pɪm(ə)nt/ *noun*
زیڕ(ڕ)ەنگ، زەڕنیخی زەرد: کانێکی زەردی گەش، تریسولفایدی زەڕنیخی arsenic trisulphide تیایە (بنەڕەت: بە ڕێگای فەڕەنسی کۆن لە لاتین، لە *auripigmentum* لە *aurum* "زیڕ" + *pigmentum* "ڕەنگ، pigment") ۞ اورپیمنت، آرسنیک زرد

orpine /'ɔ:pɪn/ *noun,* also orpin
جۆرێ stonecropی گوڵئەرخەوانی [*Sedum telephium*] ۞ اورپین

orra /'ɒrə/ *adjective*
1 (سکاتلەندی) تاق، odd 2 زیادی، ناپێویست، لاوەکی، occasional ،superfluous ۞ 1 فرد 2 غیرضروری، فرعی

orrery /'ɒrəri/ *noun, pl.* orreries
دەزگای ئەستێرەبین (بنەڕەت: لە ناوی Charles Boyle کە دانەیێکی بۆ سازکرا، ئێرلی چوارەمی *Orrery*، مەرگ 1731) ۞ افلاکنما

orris /'ɒrɪs/ *noun*
زەمبەقێ (یان سۆسن)، زەمبەقی سپی، زیوای سپی ۞ اوریس، زنبق سفید

orris-root *noun*
بنجی بەنەوشە یان وەنەوشە (وشک دەکرێتەوە بۆ دەواودەرمان و گولاو بەکاردێتری) ۞ ریشەی بنفشە

ortanique /ˌɔ:tə'ni:k/ *noun*
میوەیێکی ترشەمەنی متوربەی پرتەقاڵ و نارنگی [*Citrus reticulata × sinensis*] (تێکەڵەی orange ،tangerine و unique) ۞ اورتانیک

or so *adverb*
نزیکەی، هەر لەم دەوروبەرە ۞ تقریباً

orth(o)- /'ɔ:θəʊ, US 'ɔ:rθoʊ/ *prefix*
پێشگر: 1 دروست، ڕاست، ستاندارد: *orthodontics* ،*orthoepy* 2 (کیمیا) ئاماژە بە پێوەندی دوو ئاوێتە نزیک بە یەک لە ئاڵقە یان بازنەیێکی بێنزیندا benzene: *orthodichlorobenzene* 3 (کیمیا) ئاماژە بە ئاوێتەیێ کە لەوەوە ئاوێتەی -*meta* بەهۆی ئاولێلابردنەوە dehydration پێکهاتبێ: *orthophosphoric acid* 4 بە واتای "بەرهەمی بەردە ئاگرپژێنی یان گڕکانییەکان" (بنەڕەت: لە یۆنانییەوە *orthos* "straight, right") ۞ پیشوند: 1 صحیح، مستقیم، استاندارد 2 و 3 پیشوندیست در شیمی 4 بە معنی مشتق از سنگهای آتشفشانی

orthocephalic *adjective*
بە سەری کەمێ کورت و دەموچاوی پانەوە ۞ ارتوسفالیک

orthochromatic *adjective*
ئاماژە بە فیلمی فۆتۆگرافی ڕەش و سپی کە هەستیارە بە هەموو ڕەنگەکان بێجگەلە سوور نەبێ ۞ ارتوکروماتیک

orthoclase /'ɔ:θəkleɪz/ *noun*
کانێکی پڕپوتاسیۆم لە کۆمەڵی فێلدسپار، زۆرتر بە ڕەنگی ئەرخەوانی یان سپی ۞ ارتوکلیز

orthodontic *adjective*
سەربە ئۆرتۆدۆنسی، ددانڕاستکردنەوەیی ۞ وابستە بە ارتودونسی

orthodontics /ˌɔ:θə'dɒntɪks, US ˌɔ:rθə'dɑ:n-/ *noun, pl.* also orthodontia /-'dɒntɪə/
ئۆرتۆدۆنسی، ددانڕاستکردنەوە ۞ ارتودونسی

orthodontist /ˌɔ:θə'dɒntɪst, US ˌɔ:rθə'dɑ:n-/ *noun*
پسپۆڕی ئۆرتۆدۆنسی یان ددانڕاستکردنەوە ۞ متخصص ارتودونسی

orthodox /'ɔ:θədɒks, US 'ɔ:rθədɑ:ks/ *adjective*
1 نەریتی، ترادیسیۆناڵ، ئاسایی، پەسندکراو 2 بیرڕاست، ڕاستباوەڕ، دروستباوەڕ 3 (زۆرتر Orthodox) سەربە دینی جوولەکەی ئۆرتۆدۆکس یان کڵیسەی ئۆرتۆدۆکس ۞ 1 متعارف، معمول، پذیرفته 2 درستآیین 3 ارتودوکس

Orthodox Church *noun*

کلێسەی ئۆرتۆدۆکس (ڕۆژهەلات، ئەورووپا) ◊ کلیسای ارتدوکس

Orthodox Judaism *noun*
دینی جوولەکەی دەمارگرژ یان ئۆرتۆدۆکس ◊ یهودیت ارتدوکس

orthodoxy /'ɔ:θədɒksi, US 'ɔ:rθədɑ:ksi/ *noun, pl.* orthodoxies
1 پەسندکراوی، نەریتی‌بوون، ئاسایێتی، ئاسایی‌بوون: *an economist arguing against the current financial orthodoxy* 2 بیرڕاستی، ڕاستباوەڕی ◊ 1 تداول، پذیرفتگی 2 سخت‌کیشی

orthodromic /ˌɔ:θə'drəʊmɪk/ *adjective*
(کارئەندامناسی) ڕاستڕەو: هاندەرەکانی دەمار بۆ لای ڕەوتی ئاسایی دەبا (لە بەرامبەری orthodromic دا) ◊ ارتودرومیک

orthoepic /-'ɛpɪk/ *adjective*
سەربە ڕاستخوێندنەوە، دروستخوێندنەوەیی ◊ وابستە بە تلفظ صحیح

orthoepist *noun*
ڕاستخوێنەرەوە، دروستخوێن(ەرەوە) ◊ تلفظ‌کنندەی صحیح

orthoepy /'ɔ:θəʊɛpi, -i:pi, ɔ:'θəʊɪpi/ *noun*
1 دروستخوێندەوە، دروستبێژی، ڕاستخوێندنەوە، دروستگۆکردن 2 زانستی گۆکردن ◊ 1 تلفظ صحیح 2 علم تلفظ

orthognathous *adjective*
شەویلکەڕاست ◊ راست‌آرواره

orthogonal /ɔ:'θɒg(ə)n(ə)l/ *adjective*
لاکێشەیی، گۆشەڕاستی، ڕاستگۆشەیی ◊ مستطیلی

orthogonality *noun*
لاکێشەییتی، گۆشەڕاستیتی، ڕاستگۆشەییتی ◊ تعامد

orthographic /ˌɔ:θə'græfɪk, sˌɔ:r0-/ *adjective,* also orthographical
سەربە ڕێنووس یا ڕاستنووسی، دروستنووسی، ڕێنووسی ◊ وابستە بە املای صحیح

orthographically *adverb*
لەباری ڕێنووسی(یەوە)، لەباری ڕێنووسەوە ◊ از لحاظ املایی

orthographic projection *noun*
(ئەندازیاری) پیشاندانی شتێ بە هێل و گۆشەی ڕاستەوە (بڕگەی خانوویێ) ◊ ارتوگرافیک پروجکشن

orthography /ɔ:'θɒgrəfi, US ɔ:r'θɑ:g-/ *noun, pl.* orthographies
1 ڕێنووس، ڕێنووسی، ڕاستنووسی: *the rules of English orthography* 2 = orthographic projection ◊ املای صحیح

orthopaedic /ˌɔ:θə'pi:dɪk, US ˌɔ:rθə-/ *adjective*
سەربە ئێسک‌بەندی یان ئێسک‌گرتنەوەیی، ئێسک‌ڕاستکردنەوەیی، سەربە ئۆرتۆپێدی ◊ وابستە بە استخوان‌پزشکی

orthopaedics /ˌɔ:θə'pi:dɪks, US ˌɔ:rθə-/ *noun, pl.*
ئێسک‌بەندی، ئێسک‌گرتنەوە، ئێسک‌ڕاستکردنەوە، ئۆرتۆپێدی، شکستەبەندی ◊ استخوان‌پزشکی

orthopaedic surgery *noun*
برینکاری ئێسک، نەشتەرگەری ئێسک ◊ جراحی ارتوپدی

orthopaedist *noun*
ئێسک‌بەند، ئێسک‌گرەوە، پسپۆڕی ئێسک‌ڕاستکردنەوە، ئۆرتۆپێدیست، شکستەبەند ◊ استخوان‌پزشک

orthophosphoric acid /ˌɔ:θɔ(ʊ)fɒs'fɒrɪk/ = phosphoric acid

Orthoptera /ɔ:'θɒpt(ə)rɔ/ *noun, pl.*
(مێرووناسی) ڕاستبالان، ڕاستبالەکان، بالڕاستەکان: دەستەیێکی مێرووەکان کە grasshopper ەکان و cricket ەکان دەگرێتەوە (-teran *n, adj*: (مێرووی) ڕاستبال، بالڕاست؛ orthopterist *n*؛ orthopteroid *n*؛ orthopterous /ɔ:'θɒptərɔs/ *adj*: ڕاستبال، بالڕاست؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە -ortho + *pteros* یۆنانی "بال") ◊ راست‌بالگان، ارتوپترا

orthoptic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە ئۆرتۆپتیکەوە هەیە ◊ وابستە بە ارتوپتیک

orthoptics *noun, pl.*
لێکۆلینەوەی چارەسەری ناڕێکی یان ناسازییەکانی چاو، ب.ت. ئەو ماسوولکانەی چاو کە دەبنەهۆی لەمپەرێ بۆ دیتنی دووچاوی ئاسایی ◊ ارتوپتیک

orthoptist *noun*
ئۆرتۆپتیست ◊ ارتوپتیست

orthorhombic /ˌɔ:θə(ʊ)'rɒmbɪk/ *adjective*
ئاماژە بە سیستمی کریستالی یان بلووریێ کە سێ تەوەری نابەرامبەری لە گۆشە ڕاستەکانەوە هەیە ◊ ارتورومبیک

orthoscopic *adjective*
پێکهێنەری دیدێکی ئاسایی (یا بە ئەندازەی سروشتی) ◊ ارتواسکوپیک

orthostat /'ɔ:θə(ʊ)stat/ *noun*
(شوێنەوارناسی) ئۆرتۆستات: بەردێکی ڕاست کە بەشێکی پێکهاتەیێ لەسەر عەرز پێکدێنێ ◊ ارتواستات

orthostatic *adjective*

(شوێنەوارناسی، پێکهاتەیی) ئۆرتۆستاتیک، سازکراو بە یان لە (کۆمەڵە) ئۆرتۆستات (ـی): *orthostatic hypotension* ◌ ارتواستاتی

orthotic *noun, adjective*

n دەزگا یان پشتیوانەیێ بۆ ڕاستڕاگرتنی کێشە ئێسکی و ئۆرتۆپێدی‌یەکان، ب.ت. پێ *adj* سەربە orthotics ◌ وابسته به ارتوتیک

orthotics *noun, pl.*

لقێ لە پزشکی کە سەروکاری لەگەڵ دروستکردن و بەکارهێنانی دەزگا ئۆرتۆتیکەکانە ◌ ارتوتیک

orthotist *noun*

ئۆرتۆتیست ◌ ارتوتیست

orthotropic *adjective*

خاوەنی تەوەرێکی بنەڕەتی ڕاست، ڕاستخواز ◌ ارتوتروپیک

orthotropism *noun*

ڕاستخوازی ◌ ارتوتروپیسم

orthotropous *adjective*

خاوەنی هێلکۆکەی ovule ڕاست، هێلکۆکەڕاست ◌ ارتوتروپوس

ortolan /'ɔːt(ə)lən/ *noun*, also ortolan bunting

جۆخورە، بولبولی جۆ(خورە)، باخەوانە؟ (بنەڕەت: لە پرۆڤێنسالی "gardener")، جۆرێ بالندە دەنگخۆشی چکۆلانە [*Emberiza hortulana*] ◌ توکا

Ortonesque *adjective*

ئۆرتۆنانە: سەربە یان پێوەندی هەیە بە کارەکانی شانۆنامەنووسی ئینگلیسی Joe Orton (1933–67) ◌ اورتونسک

orts /ɔːtz/ *noun, pl.*

(کۆن) پەرماوە، پاشماوە، ماوەرۆک ◌ باقی‌مانده

Orwellian /ɔː'weliən, US ɔːr'w-/ *adjective*

ئۆروێلیەن، ئۆروێلیایی (– بریتی لە سیستەمێکی سیاسی کە دەیەوێ بە تەواوەتی دەست بەسەر کردەوە و بیروبۆچوونی خەڵکدا بگرێ، لە ناوی George Orwell (1903–50) ڕۆماننووسی بریتانی) ◌ اورویلین

-ory[1] *suffix*

پاشگر: (ناو دروست دەکا) ئاماژە بە شوێن بۆ کارێکی تایبەتی، وەک *dormitory* (بنەڕەت: لە *-oria, -orium* لاتین) ◌ پسوند: اسم‌ساز

-ory[2] *suffix*

پاشگر: (ئاوەڵناو دروست دەکا) ئاماژە بە شوێن بۆ کارێکی تایبەتی، وەک *compulsory* (بنەڕەت: لە *-orius* لاتین) ◌ پسوند: صفت‌ساز

oryx /'ɒrɪks/ *noun*

ئاسکی ئەفریکایی شاخدرێژ (لە ناوچەکانی ئەفریکا و عەرەبیا [توخم *Oryx*: سێ جۆرن]) ◌ غزال آفریقایی

Os symb. the chemical element osmium

OS *abbreviation* 1 outsize 2 Ordnance Survey

Osage /əʊ'seɪdʒ, US 'əʊseɪdʒ/ *noun, pl.* same or Osages

1 ئەندامی گەلی سووورپێست کە جاران دانیشتووی دۆڵودەرەی ڕووباری ئۆسیج لە میسۆری Missouri بوون 2 زمانی سوئینی Siouan ئەو گەلە ◌ اسیج

Osage orange *noun*

درەختێکی چکۆلەی دڕکاوی ئەمریکای باکووری، بەرەکەی ناخورێ و دارەکەی قایمە [*Maclura pomifera*] ◌ شجرة‌القص

Oscan /'ɒsk(ə)n/ *noun, adjective*

n 1 خەڵکی ئۆسکان، ئۆسکانی 2 زمانی ئۆسکانی *adj* سەربە زمانی ئۆسکان ◌ *n* 1 اسکانی 2 زبان اسکان *adj* وابسته به زبان اسکانی

Oscar /'ɒskə(r), US 'ɑːs-/ *noun*

ئۆسکار (جۆرێ خەلاتی ساڵانەی سینەما لە ئەمریکا) ◌ اسکار

oscar *noun*, also oscar cichild

ماسی cichild ی ئەمریکای باشووری، زۆرتر هی نێو ئاکواریۆم [*Astronotus ocellatus*] ◌ نوعی ماهی

oscillation /ˌɒsɪ'leɪʃn, US ˌɑːs-/ *noun*

1 لەرینەوە، پاش‌وپێش‌کردن، ئەملاوئەولاکردن، هات‌وچۆکردن، هەڵۆرکە، ڕاژان، تەکە، شەکە، هەڕاز، جووڵانەوە: *the oscillation of the compass needle* ◊ *the economy's continual oscillation between growth and recession* 2 (خوازە) دوودڵی، دڕدۆنگی ◌ 1 نوسان 2 تردید

oscillational *adjective*

لەرینەوەیی، تەکەیی، هات‌وچۆیی، شەکەیی ◌ نوسانی

oscillator /'ɒsɪleɪtə(r), US 'ɑːs-/ *noun*

لەرێنەر، لەرەپێخەر، جووڵەپێخەر، شەکێنەر، ڕاژێنەر ◌ نوسان‌گر

oscillatory /ɒ'sɪlət(ə)ri, US 'ɒsɪləˌt(ə)ri/ *adjective*

لەرۆک، جۆلانێ‌ئاسا ◌ نوسانی

oscillo- /ə'sɪləʊ/ *prefix*

پێشگر: سەربە یان پێوەندی بە لەرینەوەوە هەیە، ب.ت. هی تەزوو یان تەوژمی ئێلیکتریکی: *oscilloscope* ◌ پیشوند: وابسته به نوسان

oscillograph /ɒ'sɪləgrɒːf, US -græf/ *noun*

لەرینەوەنووس، لەرینەوەتۆمارکەر ◌ نوسان‌نگار

oscillographic *adjective*

سەربە لەرینەوەنووسی ◌ وابسته به نوسان‌نگاری

oscillography *noun*

لەرینەوەنووسی ◌ نوسان‌نگاری

oscilloscope /ə'sɪləskəʊp, US -skoʊp/ *noun*
لەرینەوەبین، دەزگای پیشاندانی لەرینەوە ۞ نوسان‌نما

oscine /'ɒsʌɪn, US -sɪn/ *noun, adjective*
(باڵندەناسی) چۆلەکەیی‌یەکان: سەربە یان ئاماژە بە ژێردەستەیێکی (Oscines) بەربڵاو کە نزیک بە زۆربەی باڵندەکانی passerine دەگرێتەوە ۞ گنجشکی‌ها

Osco-Umbrian *noun, adjective*
ئۆسکۆ—ئۆمبریایی *n* دەستەزمانێکی کۆنی ئیتالیایی وەکوو ئۆسکان و ئۆمبریایی، کە لە هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین قسەی پێ دەکرا *adj* سەربەو گەلانە یان زمانەکەیان ۞ اوسکو-اومبریایی

oscula = plural form of osculum

oscular /'ɒskjʊlə/ *adjective*
1 ماچی 2 (گیانەوەرناسی) دەمکی ۞ 1 بوسەای 2 اسکیولار

osculation /ˌɒskjə'leɪʃn/ *noun*
1 ماچ، راموسین 2 لێک‌کەوتن، بەرکەوتن ۞ 1 بوسە 2 برخورد، تماس

osculatory /ɒskjə'letəʊrɪ/ *adjective*
لێک‌کەوتوو ۞ مماس

osculum /'ɒskjʊləm/ *pl.* oscula /-lə/
(گیانەوەرناسی) دەمک (بنەڕەت: لە لاتینەوە "little mouth") ۞ اسکیولوم

-ose[1] *suffix*
پاشگر: (ئاوەڵناو دروست دەکا) خاوەنی کوالیتی یان چۆنیەتی‌یێکی تایبەتی: *bellicose* (بنەڕەت: لە *osus-* لاتینەوە) ۞ پسوند: صفت‌ساز

-ose[2] *suffix*
پاشگر: ناو دروست دەکا لە شەکر و کاربۆهایدراتەکانی تر *cellulose* (بنەڕەت: لە -*osus* لاتینەوە) ۞ پسوند: اسم‌ساز

Osee = (Late Latin, from Hebrew *Hōshēa'*) Hosea

-oses *suffix*
پاشگر: شێوەی کۆی پاشگری -osis ۞ پسوند: صورت جمع -osis

osier /'əʊziə(r), US 'oʊʒər/ *noun*
بی سەوەتە(چنین) ۞ بید سبدبافی

Osiris *noun*, Latin, from Greek, from Egyptian *Wsir*
خودای میسری جیهانی مردووان، برا و مێردی Isis ۞ ازیریس

-osis (*pl.* oses) *suffix*
پاشگر: 1 نەخۆش دیاردان، باری نەخۆش‌کەوتوو، بارودۆخ، رەوش، رەوت، پرۆسە، بارودۆخێکی نەخۆش یان نائاسایی: *metamorphosis*، *leukosis* 2 زۆربوون، پەرەسەندن، پێکهاتن، سازبوون: *leukocytosis* (بنەڕەت: بە رێگای لاتینەوە، لە *ōsis* یۆنانی‌یەوە) ۞ پسوند: 1 حالت بیمارگونە، وضعیت، فرایند، جریان، شرایط، شرایط غیرعادی 2 افزایش، تشکیل، ایجاد

-osity *suffix*
پاشگر: لە ئاوەڵناوی *ose-* دار، ناو دروست دەکا (وەک *verbosity* لە *verbose*) و لەو ئاوەڵناوانەی کە بە *ous-* کۆتایی‌یان هاتووە (وەک *pomposity* لە *pompous*) ۞ پسوند: اوسیتی

Osmanli /ɒz'manli/ *pl.* same or Osmanlis = Ottoman

osmic /'ɒzmɪk/ *adjective*
سەربە بۆن یان هەستی بۆن(کردن) ۞ وابستە بە بو یا حس بویایی

osmic acid *noun*
(کیمیا) ترشەڵۆکی ئۆزمیک OsO_4: گیراوەیێکی tetroxide ئۆسمیۆم، ئاوێتەیێکی زەردی ژاراوی، وەک راگیرکەر fixative یان رەنگی بایۆلۆژیکی بەکاردێنرێ ۞ اسید اسمیک

osmium /'ɒzmiəm, US 'ɑːzmiəm/ *noun*
(کیمیا) ئۆسمیۆم، ئازمیۆم (بە ژ.گ. 76، ن. Os) ۞ اسمیم

osmosis / ɒz'məʊsɪs, US ɑːz'moʊ-/ *noun*
1 دەڵاندن، لێ‌ڕۆیشتن، دادان، پاڕەت‌بوون، تێپەڕێتی، ئۆسمۆز، ئازمۆسیس: *Water passes into the roots of a plant by osmosis* 2 کاریگەری، باندۆر، شوێن‌لەسەردانان، کارتێ‌کردن، کارلەسەرکردن: *As if by osmosis, the facts became clear over a period of time* ۞ 1 درون‌تراوی، اسمز 2 تأثیر

osmotic /ɒz'mɒtɪk, US ɑːz'mɑːtɪk/ *adjective*
دەڵێنەر، دادەر، سەربە دادان یا دەڵاندن ۞ تراوش‌کنندە، وابستە بە تراوش

osmotic pressure /ɒz'mɒtɪk/ *noun*
پەستان یان گوشاری دەڵێنەر یان دادەر(انە) ۞ فشار اسمزی

osmotically /ɒz'mɒtɪkli, US ɑːz'mɑːtɪkli/ *adverb*
بە رێگای دەڵاندنەوە ۞ از راه تراوش

osmunda /ɒz'mʌndə/ *noun*
سەرەخسە گوڵدارەکان [تۆخم *Osmunda*] ۞ سرخس‌های گل‌دار

osnaburg /'ɒznəbəːg/ *noun*
جۆرێ کەتانی زبر کە زۆرتر بۆ کەڵوپەلی نێومال و تەلیس و توورەکە بەکاردێنرێ (گۆڕاوی *Osnabrück* شارێکی ئەڵمانیا) ۞ اوسنابرگ

osprey /'ɒspreɪ, US 'ɑːs-/ *noun, pl.* ospreys
هەڵۆی ماسیگرە، داڵی ئاوی، کەشکەخۆرە،

ئێسکخۆره، باڵی درێژ و باریک [*Pandion haliaetus*] ۞ عقاب ماهی‌گیر

ossein /ˈɒsiɪn/ *noun*
ماکی بنەڕەتی ئێسک، ئیسکین، کۆلاژینی ئێسکان ۞ مادەی اصلی استخوان

osseous /ˈɒsiəs, US ˈɑːs-/ *adjective*
سەربە ئێسک، ئێسکی، ئێسقانی، ئێسکاوی، ئێسکدار، ئێسکئاسا ۞ استخوانی، استخوان‌دار، استخوان‌مانند

Ossete /ˈɒsiːt/ *noun*
ئۆسێتیایی، دانیشتووی ئۆسێتیا Ossetia لە کەوکاز ۞ آسی، استیایی

Ossetian *noun, adjective*
n 1 زمانی ئۆسێتیایی، سەربە کۆمەڵی ئێرانی 2 دانیشتووی ئۆسێتیا (یان ئاسیستان) *adj* سەربە خەڵکی ئۆسێتیا یان زمانەکەیان (Ossetic *adj*, *n*) ۞ *n* 1 استیایی 2 اهل استیا *adj* وابستە بە مردم استیا یا زبان استیایی

Ossi /ˈɒsi/ *noun, pl.* Ossies or Ossis
(نافەرمی) هاووڵاتی کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیای جاران (کورتەی *Ostdeutsche* "ئەڵمانیای رۆژهەڵات") ۞ اسی

ossicle /ˈɒsɪk(ə)l/ *noun*
ئێسکۆکە، ئێسکەڵە، ئێسکۆچکە، ئێسکۆڵە، ئێسکچە (بنەڕەت: لە *ossiculum* لاتین، چکۆلێنراوی *os* "ئێسک") ۞ استخوانک

ossicular *adjective*
ئێسکەڵەیی، ئێسکۆکەیی، ئێسکۆچکەیی، ئێسکۆڵەیی، ئێسکچەیی، سەربە ئێسکۆکە ۞ وابستە بە استخوانک

ossiculate *adjective*
ئێسکەڵەئاسا، شێوەئێسکەڵە، ئێسکچەئاسا، ئێسکۆکەئاسا، شێوەئێسکۆڵە ۞ استخوانک‌مانند

ossific *adjective*
ئێسکساز، ئێسکهەڵێن، ئێسکپێکهێن، ئێسکدروسکەر ۞ استخوان‌ساز

ossification /ˌɒsɪfɪˈkeɪʃn, US ˌɑːs-/ *noun*
1 ئێسکدروس‌کردن، ئێسکسازی، کردنەئێسک، ئێسکاندن، ئێسکێنراوی، بوونەئێسک 2 (خوازە) چەقبەستن. سەختبوون، نەگۆڕی، چەقبەستووریی، نەگۆڕان ۞ 1 استخوان‌سازی، استخوان‌شدگی 2 تحجر

ossified *adjective*
چەقبەستوو، نەگۆڕ، سەخت ۞ متحجر

ossuary /ˈɒsjʊəri/ *noun, pl.* ossuaries
ئێسکخانە، ئێسکدێن، ئێسکدان (هی مردوو) ۞ أسواری

oste(o)- /ˈɒstiəʊ, US ˈɑːstioʊ-/ *prefix*
پێشگر: ئێسک: *osteoporosis* (بنەڕەت: لە *osteon* یۆنانی) ۞ پیشوند: استخوان

osteal = osseous

osteitis /ˌɒstiˈʌɪtɪs/ *noun*
(هەڵ)ئاوسانی (ماکی) ئێسک، ئێسکەئاوسێ ۞ آماس استخوان

ostensible /ɒˈstensəbl, US ɑːˈst-/ *adjective*
درۆ، ناراست، راستدیار، سەرزارەکی، رواڵەتی، ئاشکرا، دیار، apparent: *the ostensible purpose for the trip* ۞ ظاهری، نمایان

ostensibly /-əbli/ *adverb*
بە درۆ، وادیارە، لە رواڵەت(دا) ۞ ظاهراً

ostensory /ɒˈstɛns(ə)ri/ *noun, pl.* -ies, also ostensorium, *pl.* ostensoria
(لە کڵێسەی کاتۆلیکی رۆمی‌دا) دەفری نانی پیرۆز (لە ڕێوڕەسمی شێوی خواوەندی‌دا) ۞ ظرف نان مقدس

ostentation /ˌɒstenˈteɪʃn, US ˌɑːs-/ *noun*
خۆوادەرخستن، خۆ(وا)پیشاندان، خۆنواندن، خۆبادان، خۆهەڵکێشان: *The house was spacious but without any trace of ostentation* ۞ تظاهر، خودفروشی

ostentatious /ˌɒstenˈteɪʃəs, US ˌɑːs-/ *adjective*
1 خۆدەرخەر، خۆ(وا)دەخەرانە، خۆبادەرانە، بە درۆ، خۆپیشاندەرانە 2 پڕزریقەوبریقە، بەزریقەوبریقە: *ostentatious gold jewellery* ۞ 1 متظاهر. متظاهرانە 2 تجملی

ostentatiously /ˌɒstenˈteɪʃəsli, US ˌɑːs-/ *adverb*
خۆ(وا)دەخەرانە، خۆپیشاندەرانە، بە خۆنواندنەوە: *-tatiously dressed* ۞ متظاهرانە

osteoarthritic *adjective*
سەربە ماسینی ئێسک و جومگە ۞ وابستە بە استئوآرتریت

osteoarthritis /ˌɒstiəʊɑːˈθraɪtɪs, US ˌɑːstioʊɑːrˈθ-/ *noun*
ماسینی ئێسک و جومگە، ئاستیوئارسرایتیس، ئۆستیۆئارتریتیس ۞ استئوآرتریت

osteogenesis /ˌɒstɪə(ʊ)ˈdʒɛnɪsɪs/ *noun*
پێکهاتنی ئێسک(وپروسک) ۞ استخوان‌زایی

osteogenesis imperfecta /ˌɪmpəːˈfɛktə/ *noun*
نەخۆشی ئێسکناسکی (دیاردەیێکی بۆماوەیی و ئێسکەکان یەکجار زوو زوو دەشکێن) ۞ عارضەی زودشکنندگی استخوان‌ها

osteogenetic /ˌɒstɪə(ʊ)ˈdʒɛnɪsɪs/ *adjective*
سەربە پێکهاتنی ئێسک(وپروسک) ۞ وابستە بە استخوان‌زایی

osteoid /ˈɒstɪɔɪd/ *adjective*
ئێسکئاسا، شێوەئێسک، لەئێسکچوو ۞ استخوان‌وار

osteological *adjective*

سەربە ئێسکناسی ۞ استخوان‌شناختی

osteologically *adverb*

لەباری ئێسکناسی(یەوە) ۞ از لحاظ استخوان‌شناختی

osteologist *noun*

ئێسکناس ۞ استخوان‌شناس

osteology /ˌɒstɪˈɒlədʒi/ *noun*

ئێسکناسی ۞ استخوان‌شناسی

osteoma /ˌɒstiˈəʊmə/ *noun*

ماسین یان ئەستووربوونی ئێسکی، وەرەمی ئێسک ۞ ورم استخوانی

osteomalacia /ˌɒstɪəʊməˈleɪʃɪə/ *noun*

نەرمی ئێسک، ئێسکەنەرمە (ب.ت. لەبەر کەمی ڤیتامین D و کالسیوم) ۞ نرمی استخوان

osteomalacic /-ˈlasɪk/ *adjective*

سەر نەرمی ئێسک، سەربە ئێسکەنەرمە ۞ وابسته به نرمی استخوان

osteomyelitis /ˌɒstɪəʊmʌɪˈlʌɪtɪs/ *noun*

ئاوسانی ئێسک، هەوکردنی مۆخی ئێسک ۞ آماس استخوان. التهاب نخاع

osteopath /ˈɒstiəpæθ, US ˈɑːs-/ *noun*

ئاستیۆپاس، ئێسکۆپات ۞ استخوان‌درمانگر

osteopathic *adjective*

سەربە ئاستیۆپاسی ۞ وابسته به استخوان‌درمانی

osteopathically *adverb*

لەباری ئاستیۆپاسی(یەوە) ۞ از لحاظ استخوان‌درمانی

osteopathy /ˌɒstiˈɒpəθi, US ˌɑːstiˈɑːp-/ *noun*

ئاستیۆپاسی ۞ استخوان‌درمانی

osteophyte /ˈɒstɪə(ʊ)fʌɪt/ *noun*

دەرپەڕیوی ئێسکی ۞ برآمدگی استخوانی

osteophytic *adjective*

سەربە دەرپەڕیوی ئێسکی ۞ وابسته به برآمدگی استخوانی

osteoporotic *adjective*

سەربە ئێسککونی یان ئێسکناسکی ۞ وابسته به استئوپوروسیس

osteoporosis /ˌɒstɪəʊpəˈrəʊsɪs/ *noun*

ئێسککونی، ئێسکناسکی (لەبەر کەمی ڤیتامین D و کالسیوم) ۞ استئوپوروسیس، استئوپوروز

osteotomy *noun*

ئێسکبڕی، بڕینی ئێسک ۞ برش استخوان

ostiary *noun*

1 درگاوان یان دالانداری کلیسە 2 ڕێڕگەی ڕووبار ۞ 1 دربان کلیسا 2 دهانه‌ی رودخانه

ostinato /ˌɒstɪˈnɑːtəʊ/ *noun, pl.* ostinatos or ostinati /-ti/

(ئیتالیایی) پارچە یان ریتمێکی موسیقایی کە لە پەستا دووپاتە دەبێتەوە ۞ استیناتو

ostium /ˈɒstɪəm/ *noun, pl.* ostia /ˈɒstɪə/

(توێکاری و گیانەوەرناسی) کونی نێو ڕەگ یان بۆشایی لەش، کون، دەرک، درگا، دەمک ۞ استیوم، سوراخ

ostiole /ˈɒstɪəʊl/ *noun*

کونیلە، کونی چکۆلە، دەم (پچوک) ۞ سوراخ یا دهانه‌ی کوچک

ostler /ˈɒslə(r), US ˈɑːs-/ = hostler

Ostmark /ˈɒstmɑːk/ *noun*

یەکەی بنەڕەتی پارەی کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیای جاران، بەرامبەر بە سەد pfenning ۞ استمارک

Ostpolitik /ˈɒstpɒlɪˌtiːk/ *noun*

(مێژوویی) ڕامیاری ڕۆژهەڵات، سیاسەتی دەرەکی گرژیڕەوێنی ولاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا سەبارەت بە بەرەی کۆمۆنیستی جاران (بنەڕەت: ئەڵمانی: لە Ost "ڕۆژهەڵات" + Politik "politics") ۞ سیاست شرقی

ostracism /ˈɒstrəsɪzəm, US ˈɑːs-/ *noun*

1 دوورخستنەوە، ڕوولێلادان، لاتەریکی، دوورەپەرێزی، ڕووتێنەکردن 2 (لە یونانی کۆندا) دوورخستنەوە بۆ ماوەی پێنج یان دە ساڵ (بەپێی دەنگدانی گشتی) ۞ 1 انزوا 2 استراسیسم

ostracod /ˈɒstrəkɒd/ *noun*

گیانەوەرێ لە Ostracoda ۞ استراکود

Ostracoda /ˌɒstrəˈkəʊdə/ *noun, pl.*

دەستەیێ لە گیانەوەرانی پێسرەقی دوولەپکەیی ئاوی ۞ استراکودا

ostracoderm /ɒˈstrakədɜːm/ *noun*

پێستلەپکەیی: جۆرێ ماسی بووبەردی سەرەتایی بێشەویلکەی سەردەمەکانی کامبریەن Cambrian و دیڤۆنیەن Devonian (بنەڕەت: لە یونانی ostrakon "shell" + *derma* "skin") ۞ نوعی ماهی

ostrich /ˈɒstrɪtʃ, US ˈɑːs-, ˈɔːs-/ *noun*

1 وشترمر، حوشترمەل، وشترمەل، ئاگرخۆرە [*Struthio camelus*] 2 کەسێ کە ڕاستییەکان ڕەت دەکاتەوە ۞ 1 شترمرغ 2 استریچ

Ostrogoth /ˈɒstrəgɒθ/ *noun*

ئەندامی لقی ڕۆژهەڵاتی گۆتەکان کە ئیتالیایان لە سەدەکانی پێنج و شەشدا داگیر کرد (Ostrogothic *adj*) ۞ استراگوت

Oswego tea *noun*

چایی ئۆسوێگۆ: جۆرێ ڕووەکی ئەمریکای باکووری، لە خێزانی mint، بە هێشووی گوڵی لوولەیی سووری گەش و بریقەدار [*Monarda didyma*] (بنەڕەت: ئۆسوێگۆ: ناوی ڕووباری هەرێمی نیویۆرک) ۞ نوعی گیاه

OT *abbreviation* Old Testament

-ot *suffix*

پاشگر: 1 (ناو ساز دەکا) ئاماژە بە کەسێ لە

جۆرێکی تایبەت: *idiot* 2 ئاماژە بە رەسەن یان سەرەتانشینی شوێنێ: *Cypriot* ۞ پسوند:اسم‌ساز

ot or oto- *prefix*

پێشگر: گوێ، گۆ: (بنەڕەت: لە *otoscope*, *ous*, *ōt-* یۆنانی "era") ۞ پیشوند: گوش

otalgia /əʊ'taldʒə/ *noun*

گوێ‌ئێشە، گوێئێشە، ژانەگوێ ۞ earache گوش‌درد

otalgic /əʊ'taldʒɪk/ *adjective*

گوێ‌ئێشەگرتوو، تووشی گوێئێشە بووە ۞ مبتلا به گوش‌درد

other /'ʌðə(r)/ *adjective, pronoun, adverb*

-تر، -دن، -کە، ئەوانی‌تر، خەڵکانی‌تر، دیکە، بێجگەلە، مەگەر، ژبلی: *Are there any other questions?* ◊ *I can't see you now— some other time , maybe* ◊ *This option is preferable to any other* ◊ *Some designs are better than others* ۞ دیگر، دیگری، جز

otherness /'ʌðənəs, US 'ʌðərnəs/ *noun*

جیاوازیتی، جیاوازبوون، جیاوازی، ئەویتریتی، ئەویدی‌بوون: *the otherness of an alien culture* ۞ مخالف بودن، غرابت

other place *noun*

1 دۆزەخ، جەهەنم (لە بەرامبەر بەهەشتدا) 2 زانکۆی ئاکسفۆرد لەچاو کەمبریج و بە پێچەوانە 3 ئەنجومەنی ژووریں لەچاو ئەنجومەنی ژێرین و بە پێچەوانە ۞ 1 جهنم 2 و 3 اتر پلیس

otherwhere *adverb*

لە شوێنێکی تر(دا)، لە جێیەکی تر(دا)، elsewhere ۞ در جای دیگر

otherwhile *adverb*

لە کاتێکی تر(دا)، لە وەختێکی تر(دا)، at another time ۞ در وقت دیگر

otherwise /'ʌðəwaɪz, US 'ʌðərwaɪz/ *adverb*

1 شێوەیەکی تر، جۆرێکی تر، بە ئاوایەکی دن، بە ڕێگایەکی تر 2 بێجگەلە ئەمە، سەرەڕای ئەمە، لە چەندین لای ترەوە 3 دەنا، ئەگینا، ئەگەرنا، ئەگەنا 4 جیاواز، پێچەوانە: *if conditions were otherwise* ۞ 1 طور دیگر 2 به جز این 3 در غیر این صورت 4 مختلف، برعکس

other woman *noun*

دڵبەستە، گراو، دڵدار (ژن) ۞ معشوقه

other world *noun*

جیهانی تر، ئەو دنیا ۞ جهان آخرت

other-worldly *adjective*

ئەودنیایی، ئەوجیهانی، نامادی: *There was an other-worldly quality to her performance that night* ۞ آن جهانی

other-worldliness *noun*

ئەودنیایی‌بوون، ئەوجیهانی‌بوون، نامادی‌بوون ۞ آن جهانی بودن

otic /'əʊtɪk, US 'ɒtɪk/ *adjective*

(تویکاری) گوێیی، سەربە گوێ، auricular (بنەڕەت: لە *ōtikos* یۆنانی‌یەوە، لە *ous*، لە *ōt-* "گوێ") ۞ وابسته به گوش

-otic[1] *suffix*

پاشگر: لەو وشانە ناوەڵناو ساز دەکا کە کۆتاییان بە *-osis* هاتووە: *hypnotic* ،*neurotic* (*-otically* وەک دارشتەیێکی *-otic*) ناوەڵکار ساز دەکا، بنەڕەت: لە *-otique* فەرەنسی، بە ڕێگای لاتینەوە لە پاشگری ناوەڵناوی یۆنانی *-ōtikos*) ۞ پسوند: صفت‌ساز

-otic[2] *suffix*

پاشگر: پێوەندی بە گوێوە هەیە، سەربە گوێ: *dichotic* (بنەڕەت: لە *ōtikos* یۆنانی‌یەوە، لە *ous* لە *ōt-* "گوێ") ۞ پسوند: وابسته به گوش

otiose /'əʊtɪəʊs, US 'oʊʃɪoʊs/ *adjective*

ناپێویست، زیادی، سەربار، بێهوودە، بێ‌خێر، بەکارنەهاتوو، هیچ، ناکاریگەر، بێ‌کەڵک، بێ‌بەهرە، بێکارە، futile ،unnecessary: *an otiose round of meetings* ۞ غیرضروری، بی‌اثر، بی‌مصرف

otitis /əʊ'taɪtɪs, US oʊ-/ *noun*

هەوکردنی گوێ، ئاوسانی گوێ، گوێ‌ئاوسین (ب.ت. گوێی نێوەڕاست otitis media) ۞ التهاب گوش

oto- /'əʊtəʊ/ *prefix*

پێشگر: گوێ، گۆ: *otitis* ،*otoscope* گوێ و...: *otolaryngology* (بنەڕەت: لە *ōt-* ،*ous* یۆنانی "era") ۞ پیشوند: گوش، گوش و...

otolaryngologist *noun*

پزشک یان نۆژدار لە بواری گوێ، لووت و گەروو(دا) ۞ پزشک گوش، بینی و حلق

otolaryngology /ˌəʊtəʊlærɪŋ'gɒlədʒɪ, US ˌoʊtoʊlærɪŋ'gɑːlədʒɪ/ *noun*

پزشکیی یا نۆژداریی گوێ، لووت و گەروو (*adj* otolaryngological: سەربە پزشکیی گوێ، لووت و گەروو) ۞ طب گوش، بینی و حلق

otolith /'əʊtəʊlɪθ/ *noun*

بەردی گوێ، گوێبەرد، گۆبەرد ۞ سنگ گوش

otolithic *adjective*

سەربە بەردی گوێ، سەربە گوێبەرد ۞ وابسته به سنگ گوش

otological *adjective*

گوێناسییانە، سەربە گوێناسی ۞ گوش‌شناختی، وابسته به گوش‌شناسی

otologist *noun*

گوێناس ۞ گوش‌شناس

otology /əʊ'tɒlədʒɪ/ *noun*

گوێناسی، ناسینی نەخۆشییەکانی گوێ ۞ گوش‌شناسی

Otomanguean /ˌəʊtə(ʊ)'maŋgɪən, -'maŋgwɪən/ *adjective*
ئوتومانگیەن (= سەربە خێزانی زمانە سوورپێستەکانی ناوەند و باشووری مەکسیکۆ) ◌ اوتومانگین

Otomi /ˌəʊtə'miː/ *noun, pl.* same
1 ئوتۆمی: ئەندامی گەلی سوورپێست دانیشتووی چەند بەشێکی مێکسیکۆی ناوەندی 2 زمانی Otomanguean ی ئەو گەلە ◌ اوتومی

otoplasty /'əʊtə(ʊ)ˌplæsti/ *noun, pl.* otoplasties
نەشتەرگەری پلاستیکی گوێ ◌ جراحی پلاستیک گوش

otorhinolaryngolist *noun*
پزشک لە بواری گوێ، لووت و گەروو(دا) ◌ پزشک گوش، بینی و حلق

otorhinolaryngoligy /ˌəʊtə(ʊ)ˌrʌɪnəʊˌlarɪŋ'gɒlədʒi/ *noun*
پزشکی گوێ، لووت و گەروو ◌ طب گوش، بینی و حلق

otoscope /'əʊtəskəʊp/ *noun*
گوێبین (otoscopic *adj*) ◌ گوش‌نما

otoscopy /əʊ'tɒskəpi/ *noun*
گوێبینی، تێڕوانینی گوێ، چاولێکردنی گوێ ◌ گوش‌نمایی

ottava rima /ɒˌtɑːvə 'riːmə/ *noun*
پارچە یان کۆپلە هەڵبەستێکی هەشت دێری دە یان یازدە کەرتەیی syllable، لەسەر کێشی ababab cc ◌ اوتاوا ریما

otter /'ɒtə(r), US 'ɑːtər/ *noun*
1 (گیانەوەرناسی) سەگاوی، دەڵەک، سەگلاو، ڕێوی ئاوی، سموورەی ئاوی [*Lutra lutra* و جۆرەکانی تر] 2 تەختەچەشتەی ماسی (لە نێو ئاودا) ◌ 1 سمور آبی 2 اوتر

otter dog *noun*, otter hound
دەڵەکگر، سموورەگر، سەگی ڕاوی دەڵەک ◌ اوتر داگ

otto = another term for attar

Ottoman /'ɒtəmən, US 'ɑːt-/ *adjective, noun*
1 *adj* عوسمانی 2 سەربە ئیمپراتۆری عوسمانی لە 1300 دامەزرا *n* تورکی عوسمانی (ب.ت. سەردەمی عوسمانی) ◌ *adj* 1 عثمانی 2 وابستە بە امپراتوری عثمانی *n* ترک عثمانی

ottoman /'ɒtəmən, US 'ɑːt-/ *noun, pl.* ottomans
1 تەختە، قەنەفە، کاناپە (بێ دەسک و پشتی و وەکوو سنووقیش بەکاردێتری) 2 جۆرێ کوتاڵی ڕیزی قورسی لە هەوریشم یان هەم لە خوری و هەم لە کەتان ◌ 1 کاناپە 2 نوعی پارچە

OU /ˌəʊ 'juː, US ˌoʊ/ *abbreviation* Open University

ou[1] /əʊ/ *noun, pl.* ouens /'əʊənz/ or ous
(ئەفریکای باشووری) پیاو، مرۆ، کەس ◌ آدم، نفر، شخص

ou[2] /'əʊuː/ *noun*
جۆرێ honeycreeper ی میوەخۆری هاوایی، بە دەنووکی ئەستوور و پەڕوپۆی زەرد و سەوزەوە [*Psittirostra psittacea*] ◌ نوعی پرندە

ouabain /'uːəbeɪn/ *noun*
(کیمیا) ویبەین: ئاوێتەیێکی ژاراوی $C_{29}H_{44}O_{12}$، وەک بزوێنەرێکی دڵی یەکجار خێرا بەکاردێتری ◌ اوبین

ouananiche /ˌwanə'niːʃ/ *noun, pl.* same
وانانیش (سەلمونی ئەتلانتیکی، لە لە گۆمەکانی لابرادۆر و نیوفەوندلەند Newfoundland دەژی) ◌ وانانیش

oubliette /ˌuːblɪ'ɛt/ *noun*
چاڵەڕەش، دەخمە، زیندانی نهێنی (کون یان دەرگاکەی لە بن میچەوەیە؛ بنەڕەت: لە فەڕەنسە، لە oublier "forget") ◌ سیاەچال

ouch /aʊtʃ/ *interjection*
ئای! ئاخ! ئەح!: *Ouch! That hurt!* ◌ آخ!

oud /uːd/ *noun*
عوود (بنەڕەت: لە *al-'ūd* عەرەبییەوە) ◌ عود

ouens = plural form of ou1

ought (also aught) = nought

oughtn't = ought not

ought to /'ɔːt tə, US before vowels and finally 'ɔːt tu/ *aux v*
دەبێ، دەشێ، ئەبێ، گەرک ◌ باید

ouguiya /uː'giːjə/ *noun*, also ougiya
یەکەی بنەڕەتی پارەی موریتانیا بەرامبەر بە پەنجا khoum ◌ یوگیا

Ouija board /'wiːdʒə/ *noun*
تەتەڵە یان تەختی بانگکردن (گیان یان ڕۆح) ◌ لوح احضار

ounce[1] /aʊns/ *noun*
1 ئەونس (= سەنگێ یان یەکەی کێشان بەرامبەر بە 28/35 گرەم، 16 ئەونس بەرامبەر بە پەوندیکە، کورتەکەی oz) 2 (خوازە) بڕێکی زۆر کەم، نیسکەلانێ، نەختەلانێ 3 = fluid ounce ◌ 1 اونس 2 (مجازی) یک ذرە

ounce[2] /aʊns/ *noun*
(گیانەوەرناسی) پلینگی بەفری، snow-leopard (بنەڕەت: لە یۆنانییەوە) ◌ اونس

our /ɑː(r), US 'aʊə(r)/ *adjective*
(ئاوەڵناوی خاوەنایەتی یان خاوەنداری، یەکەم کەسی کۆ) هی ئێمە، ـی ئێمە، ـێ مە: *our* : *Our main export is* ◊ *daughter/dog/house* ◌ ـ مان، ـ ما *rice*

our[1] *suffix* variant spelling of -or[2]: *ardour*, *colour*

our[1] *suffix* variant spelling of –or[1]: *saviour*

Our Father *noun*

دۆعای خواوەندی، نوێژی خواوەندی، پاڕانەوەی خواوەندی، خودا ◌ دعای ربانی، خدا

Our Lady *noun*

حەزرەتی مریەمە، پێغەمبەر مریەم ◌ مریم مقدس

Our Lord *noun*

خواوەند، خودا، (لە بانگکردنا) خوایە! ئەی خودا! ◌ خداوند، خدایا!

ouroboros /jʊərəʊ'bɒrəs/ = uroboros

ours /ɑːz, 'aʊəz, US ɑːrz, 'aʊərz/ *pronoun*

(جێناوی خاوەنداری، یەکەم کەسی کۆ) هی ئێمە، ـی ئێمە، ـی مە: *Their house is very similar to -s, but ours is bigger* ◌ مال ما، ـ مان، ـ ما

ourself /ɑː'self/ *pronoun*

خۆمان ◌ خودمان

ourselves /ɑː'selvz, ˌaʊə's-, US ɑːr's-, ˌaʊər's-/ *pronoun*

1 (جێناوی گەڕانەوەیی، یەکەم کەسی کۆ) خۆمان، لە خۆمان، بە خۆمان 2 (جێناوی جەختی) بە خۆمان، خودی ئێمە ◌ 1 (ضمیر انعکاسی) خودمان را، به خودمان، از خودمان 2 (ضمیر تأکیدی) خودمان

-ous *suffix*

پاشگر: 1 ـدار، ـئاوی، تیابوو، پڕ ـ: 2 *poisonous* ,*clamorous* ,*mountainous* (کیمیا) ئامازە بە توخمێ بە هاوهێزییەکی خوارتر یان کەمتر؛ خاوەنی هاوهێزییەکی کەمتر لەو ئاوێتە یان ئایۆنانە کە بە پاشگری ic– کۆتایییان بۆ هاتووە: *sulphurous* (بڕوانە ic–) *mercurous* بنەڕەت: لە فەرەنسی ئانگلۆ-نۆرمانەوە، یان *eus* فەرەنسی کۆن، لە *osus* لاتین) ◌ پسوند: 1 حاوی، پر، ـدار، ـآمیز 2 پسوندی است در شیمی

ousel = ouzel

-ously *suffix*

پاشگر: ئاوەڵکار ساز دەکا: *gloriously* (بڕوانە -ous) ◌ پسوند: قیدساز

-ousness *suffix*

پاشگر: تیابوون، ـئاویتی: *spaciousness* ◌ پسوند: حاوی بودن

ousted *adjective*

لە(سەر)کارلابراو، دەرکراو، دەرکردە، لاچوو، لابراو، وەدەرنراو ◌ معزول، اخراج‌شده

ouster /'aʊstə(r)/ *noun*

لە(سەر)کارلابردن، دەرکردن، لابردن، وەدەرنان، بێبەشکردن، بێبەریکردن ◌ عزل، اخراج، محروم‌سازی، خلع ید

ousting *noun*

لابردن، دەرکردن، راکرن ◌ عزل، اخراج

out /aʊt/ *adverb, adjective, preposition, noun*

1 *adv, adj* دەرەوە، دەشت، دەشتەوە، لە دەرەوە، لە دەشتەوە، دەرڤە، بۆ دەرەوە: *I called Mr Green is out of* ◊ *Liz but she was out went out into the* ◊ *town this week* 2 کوژاوە، *it's raining out* ◊ *garden* دانەگیرساو، دانەیساو: *Suddenly all the The fire had burnt itself* ◊ *lights went out* 3 (دەنگ) بەرز، بلند: *to call/cry/shout out Nobody spoke* ◊ *Read it out loud* ◊ *out* 4 بێبرەو، بێباو، بێرەمێن، لەباوکەوتوو، باونەماو: *out in his defence Black is out this year* 5 بێهۆش، لەسەرخۆچوو، بووراو، بێسەروزمان: *He was out for more than an hour and* 6 *came round in the hospital* (تۆپ) دەرەوە، غەنە 7 (گۆڵ) گۆڵکراو 8 لە مانگرتندا، لەکاتی مانگرتندا: *The dockers* 9 *stayed out for several months* ڕێگەنەدراو، بەربەندکراو، قەدەغە: *Swimming* 10 *is out until the weather gets warmer* هەڵە، چەوت: *I was slightly out in my The estimate was out by* ◊ *calculations* 11 *more than $100* بڵاوەبوو، چاپکراو، وەشانکراو 12 ئاشکرا(بوو)، بڵاوەبوو، داکەوتوو 13 تەواو، کۆتاییپێهاتوو 14 هەتا ئاخر، تا کۆتایی: *It was summer and school was* 15 *out* بە تەواوەتی، تەواو، پاک: *Hear me* 16 *out before you say anything* دوور لە کەنار 17 سووتاو، لابراو 1 *prep* لە نێوەوە، لە ژوورەوەی 2 لە دەرەوەی: *looked out the* 1 *n window* چوونەدەری، دەرچە، ڕێگاچارە، چارە، دەرەتان، دەروو، ڕێگای دەربازبوون 2 دەرەوە، دەرڤە 3 بیانوو، پەلپ، بەهانە 4 (سپۆرت) ئەوت، دەرەوە ◌ 1 *adv, adj* 1 بیرون، در بیرون 2 خاموش 3 بلند 4 غیرمتداول 5 بیهوش 6 (توپ) اوت 7 شکفته 8 در اعتصاب 9 ممنوع 10 اشتباه 11 منتشرشده 12 افشاشده 13 کامل 14 در آخر 15 کاملاً 16 دور از ساحل 17 حذف‌شده 1 *prep* 1 توی 2 بیرون از 1 *n* خروج، راه‌حل، مفر 2 خارج، بیرون 3 عذر 4 اوت

out- *prefix*

1 نیشانەی سەرتری سەبارەت بە کەس یان شتێ، بەدەر لە، چاتر لە، باشتر لە، سەرتر لە: 2 *outflight* ,*outperform* دەرەکی، دەرەوەیی، جیا، لە دەرەوە: 3 *outbuildings* بەرەو دەرەوە، بۆ دەرەوە، بۆ لای دەرەوە، روو لە دەرەوە: *outpost* ◌ 1 متجاوز از، بهتر از 2 خارجی، بیرونی، جدا، از خارج 3 به سوی خارج

outage /'aʊtɪdʒ/ *noun*

1 دابڕانی کارەبا، کوژانەوە، ڕۆیشتنی کارەبا، هەڵبڕانی ئیلیکتریسیتە (یان برق یان کارەبا) 2 ماوەی دابڕان 3 راوێستان، سەکنین ۞ 1 قطع برق 2 مدت قطع 3 توقف

out-and-out *adverb, adjective*
بە تەواوەتی، ڕەبەق، تەواو، سەداسەد، سەرپاک، ۞ complete کاملاً، تام

out-and-outer *noun*
(نافەرمی) زیدەڕەو، تونڕەو، ئەوپەڕگر، پەڕگیر ۞ افراطی

outback /'aotbæk/ *noun*
(ب.ت. لە ئەوستراليا) شوێنی چەپەک، چەپەکان، جێی لاپەڕ، دوورایی، دوورەدەست ۞ جای دورافتاده

outbid = past and past participle of outbid

outboard /'aotbɔ:d, US -bɔ:rd/ *adjective, adverb, noun*
adj, adv (کەشتی و فڕۆکە) لە دەرەوە، نزیک دەرەوە، دەرەوە: *outboard wing panels* *n* 1 (گەمی یان کەشتی) مۆتۆر یان بزوێنەی دەرەوە 3 گەمی مۆتۆرلەدەری ۞ *adj, adv* در بیرون، خارج *n* اوت‌بورد

outboard motor *noun*, also outboard engine
پاشەبزوێن، مۆتۆری دەرەوە، دەرووەمۆتۆر (لە پێشەوەی گەمی) ۞ موتور بیرونی

outbound /'aotbaond/ *adjective*
بەرەو یا بۆ دەرەوە، لە کاتی چوونەدەرەوە، دەرووەڕەو ۞ به سوی بیرون

outbreak /'aotbreɪk/ *noun*
1 تەنینەوە، داگرتن، داکەوتن، تەقینەوە، سەرهەڵدان، قەوتبوونەوە، دەرکەوتن، بلاوبوونەوە، ئاژاوە، پشێوی 2 هەڵچوون (ب.ت. توندوتیژی یان نەخۆشی): *the outbreak of war* ۞ 1 شیوع، بروز 2 طغیان

outbreeding *noun*
دەرەجووتگیری، جووتبوون یان لێکچاککردنی گیانەوەرانی ناپێوەندی‌دار، لێکچاککردنی ناهاوڕەسەن یان ناهاوتوخم لێکچاککردن لەگەڵ توخمی جیاواز، دوورەگەپەروەری؛ زەماوەند لە دەرەوەی خزمایەتی یا لە تیرە و چینی خۆ ۞ برونزادآوری؛ اوت‌بریدینگ

outbuilding /'aotbɪldɪŋ/ *noun*
خانووبەرەی نزیک بە خانووبەرەی سەرەکی، خانووی لاتەنیشت، لاخانوو، خانووی دەرەوە، خانووی پاشکۆ ۞ ساختمان فرعی

outburst /'aotbɜ:st, US -bɜ:rst/ *noun*
هەڵچوون، خرۆش، دانەدەرەوە، تەقینەوە، دەرکەوتن، هەڵڕشتن: *an outburst of anger* ◊ *an -urst of racism* ۞ طغیان، انفجار، فوران، ظهور

outcast /'aotkɑ:st, US -kæst/ *adjective, noun*
adj 1 دەرکراو، دەرپەڕێنراو، وەدەرنراو 2 گێسووبڕاو، سەرتاشراو، بێماڵوحاڵ، لووت‌بڕاو، دەربەدەر، هەڵوەدا، بێ‌کەس‌وبێدەر *n* 1 مرۆی دەرکراو 2 کەسێکی بێماڵوحاڵ: *People with the disease were often treated as social -s* ۞ *adj* 1 مطرود 2 بی‌خانمان *n* آدم مطرود یا بی‌خانمان

outcaste /'aotkæst/ *noun, adjective*
(ب.ت. هیندی) دوورەوەخراو، دەکراو (ئیدی سەربە هیچ چین و توێژێ نامێنی) ۞ (هندی) مطرود

outcome /'aotkʌm/ *noun*
ئەنجام، پێئازۆ، ئاکام: *patient -mes of bypass surgery* ۞ نتیجه، پیامد

outcrop /'aotkrɒp, US -krɑ:p/ *noun*
1 (زەوی‌ناسی) دیارک، بەدیارەوە، دەرپەڕیوی، دەرکەوتە (بەشێ لە پێکهاتەی بەردی کە لەسەر ڕووی عەرزەوە بەدەرەوەیە): *a rocky outcrop* 2 هەڵچوون، تەقینەوە ۞ 1 رخنمون 2 انفجار، طغیان

outcross *noun*
دوورەگاندن، دوورەگەکردن، دوورەگە ۞ دورگه‌کردن، دورگه

outcry /'aotkraɪ/ *noun, pl.* outcries
1 نەڕە، هاوار، گوڕە، قیژە، بگرەوبەردە، پرۆتستۆی گشتی توند: *an -tcry over the new tax* ◊ *The proposed change provoked a public outcry* 2 هەراج ۞ 1 نعره، اعتراض همگانی شدید 2 حراج، مزایده

outdated /ˌaot'deɪtɪd/ *adjective*
کۆنە، لەکارکەوتوو، لەباوکەوتوو، کۆنەباو، رزیو، سوواو، شڕ، پواو: *outdated equipment* ◊ *These figures are now outdated* ۞ منسوخ، قدیمی

outdid /-'dɪd/ = past of outdo

outdone /ˌaot'dʌn/ = past and past participle of outdo

outdoor /'aotdɔ:(r)/ *adjective*
لە دەرەوە، لە دەشت‌ودەر، دەشت‌ودەر، دەرەوە، لە دەرەوەی ماڵەوە: *outdoor clothing/activities* ۞ بیرون، در هوای آزاد

outdoors /ˌaot'dɔ:z, US -'dɔ:rz/ *adverb, noun*
adv لە دەرەوە، لە دەشت‌ودەر، لە کێو، دەرەوە، لە دەرەوەی ماڵەوە *n* دەرەوە، دەشت‌ودەر، لە دەرەوەی شار: *They both have a love of the outdoors* ۞ *adv* بیرون، در هوای آزاد *n* فضای باز، صحرا

outdrive = outboard motor

outer /'aʊtə(r)/ *adjective*
1 دەرەوە، دەرقە، رووەکی، دەرەوەیی، دوور، پەر، دوورتر، دوورەدەست: *the outer layers* 2 دوور لە ناوەند: *I walked along the outer edge of the track* ◊ *the outer suburbs of the city* 3 بابەتی، سروشتی، فیزیکی: *to explore the outer* (= most extreme) *limits of human experience* ⬡ 1 بیرونی، دور 2 خارج از مرکز 3 عینی، طبیعی

outer belt = ring road

outermost /'aʊtəməʊst, US 'aʊtərmoʊst/ *adjective*
دوورترین، هەرە دوور، دەرترین، دەرەوەترین، دەرەوەترین (لە نێوەندەوە، دژی innermost): *He fired and hit the outermost ring of the target* ◊ *the outermost planet* ⬡ دورترین، بیرونی‌ترین

outer space *noun*
(ئەستێرەوانی) بۆشایی، ڤالاهی، حەوا، بۆشایی ئاسمان (هەر دەس‌بەجێ دوای کەشی زەوی، بە گشتی: بۆشایی نێو(ان) ئەستێرەکان و هەسارەکان): *radio waves from outer space* ⬡ فضا

outerwear /'aʊtəweə(r), US 'aʊtərwer/ *noun*
جل یان بەرگی دەرەوە ⬡ لباس بیرون

outfall /'aʊtfɔːl/ *noun*
1 دەرچە، شوێنی چوونەدەری 2 ڕێژگە، شوێنی تێرژان، دەم: *a sewage outfall* ⬡ 1 خروجی 2 مصب

outfield /'aʊtfiːld/ *noun*
(بەیسبۆل) بەشی دەرەوەی یاریگە ⬡ قسمت خارجی زمین بازی

outfielder /'aʊtfiːlde(r)/ *noun*
(لە بەیسبۆل یان کریکێتدا) یاریزانی بەشی دەرەوەی یاریگە ⬡ بازیکن قسمت خارجی زمین بازی

outfit /'aʊtfɪt/ *noun*
1 کەلوپەل، تروتفاق، بارگەوبنە، حاجەت، تفاق، بەردەس، کەرەسە، شمەک، جل‌وبەرگ: *a bicycle repair outfit* ◊ *She was wearing an expensive new outfit* ◊ *a wedding outfit* 2 سازکردن، ئامادەکردن 3 تیم، گروپ، دەستە: *a market research outfit* ◊ *This was the fourth album by the top rock -fit* ⬡ 1 لوازم، تجهیزات، لباس 2 تجهیز 3 گروه

outfitter /'aʊtfɪtə(r)/ *noun*, also outfitters
کەلوپەل‌فرۆشی، شمەک‌فرۆشی، فرۆشگای شمەک ⬡ وسایل‌فروشی، پوشاک‌فروشی

outflow /'aʊtfləʊ, US -floʊ/ *noun*
1 چوونەدەری، ڕژانەدەری، هاتنەدەری، دەرڕژان، دەرپەڕین، هەڵڕژان، هەڵقوڵین: *There was a capital outflow of $22 billion in 2008* ◊ *the outflow of refugees* 2 (خوازە) دەرچوون: *a steady outflow of oil from the tank* ⬡ 1 خروج، برون‌ریزی 2 (مجازی) فرار

outfought = past and past participle of outfight

outgassing *noun*
گازبلاوکردنەوە، گازپڕژاندن (بلاوبوونەوەی گازە ژاراوی‌یەکان لە هەوادا) ⬡ گازفشانی

outgo /'aʊtgəʊ/ *noun*
1 (کۆن) چوونەدەری، ڕژانەدەری، هاتنەدەری، دەرڕژان، دەرپەڕین، هەڵڕژان، هەڵقوڵین 2 دەرچە، جێگای چوونەدەرەوە ⬡ 1 برون‌ریزی 2 مخرج

outgoing /'aʊtgəʊɪŋ, US -goʊ-/ *adjective, noun*
1 *adj* لە کاتی ڕۆیشتندا، لە ڕۆیشتندا، لە (کار) خۆکێشانەوەدا، لە کار لاچووندا: *the outgoing president/government* 2 ڕووخۆش، دۆستانە: *She was always cheerful and outgoing* ◊ *an outgoing personality* 3 دەچێتە دەرەوە، دەرەوەچوو: *-tgoing flights/passengers* (outgoings) *n* خەرج، خەرج‌وبار، تێچوون، مەزاخ: *Write down your incomings and outgoings* ◊ *low/high -gs* ⬡ *adj* 1 در حال رفتن، در حال کناره‌گیری 2 خوش‌معاشرت 3 بیرون‌رونده *n* (در جمع) هزینه

outgrew /ˌaʊt'gruː/ = past of outgrow

out-group *noun*
لە دەرەوەی کۆمەڵ یان دەستەیێدا ⬡ بیرون از گروه

outgrown /-'grəʊn, US -'groʊn/ = past participle of outgrow

outgrowth /'aʊtgrəʊθ, US -groʊθ/ *noun*
1 هەڵدان، گەشە، شین‌بوون، پەرەسەندن، سەوزبوون، چەقەرەکردن، چەقەرە، وەچ 2 (دەر)ئەنجام، پێشاژۆ، بەرهەم 3 پەرەسەندنی سروشتی، ڕسکانی خۆڕسکی، ئەنجامی سروشتی: *The law was an outgrowth of the 2008 presidential election* 4 زیادی، زیادە، وەچ، قوتکە، چوکڵە، دەرپەڕیوی، دەرپۆقیوی، هەڵدانی زیادی ⬡ 1 رشد، رویش، جوانه 2 نتیجه، محصول 3 توسعه یا گسترش طبیعی، پیامد طبیعی 4 زائده

outhaul *noun*
گوریس یان تەنافی سەرەوەی کەشتی ⬡ طناب بالای کشتی

outhouse /'authaus/ *noun*
1 لامال، خانووبەرەی پەنای خانووبەرەی سەرەکی، دەستەی لاوەکی، لادەستە 2 ئاودەس‌خانە، مستەرا، ئاقرێ، دەستاو ۞ 1 ساختمان فرعی 2 توالت

outie /'auti/ *noun, pl.* outies
(ئەفریکای باشووری) کەسێکی بێ‌ماڵ‌وحاڵ ۞ آدم بی‌خان‌ومان

outing /'autɪŋ/ *noun*
گەڕان، سەیران، گەشت، پیاسە، دەور: *a family outing* ۞ گردش، سفر

out island *noun*
دەرەدوورگە، دورگەی لە دەرەوەی خاک یان وشکانی ولاتی ۞ جزیره‌ی خارج از سرزمین اصلی

outland /aut'lænd/ *noun*
ولاتی بیانی یان بێگانە، بێگانستان، بیانی، بێگانە، ناخۆیی ۞ سرزمین بیگانه، بیگانه

outlander *noun*
بیانی، بێگانە، ناخۆیی، دەرەکی ۞ بیگانه، اجنبی، خارجی

outlandish /aut'lændɪʃ/ *adjective*
1 سەیر، سەمەرە، نائاسایی، زەق، نالەبار: *outlandish costumes/ideas* 2 (کۆن) بێگانە، بیانی، ناخۆیی ۞ 1 عجیب و غریب 2 بیگانه

outlandishly /aut'lændɪʃli/ *adverb*
بە شێوەیەکی سەیر: *outlandishly dressed* ۞ به طور عجیب و غریب

outlandishness /aut'lændɪʃnəs/ *noun*
سەیربوون، نائاسایی‌بوون ۞ غرابت

outlaw /'autlɔː/ *noun*
1 (مێژوویی) بێبەش لە پشتگیری قانوون 2 تاوانکاری پیشەیی، قانوونشکێن، یاغی، سەرپزیو، یاسازێرپێخەر، زاکونپێشێل‌کەر، کەڵەگا (لە قانوون) ۞ 1 محروم از حمایت قانون 2 یاغی، مجرم حرفه‌ای

outlawed *adjective*
ناقانوونی، نایاسایی، هەڵوەشاو ۞ غیرقانونی

outlay /'autleɪ/ *noun*
خەرج، تێچوون، مەزاخ، بەخت: *a massive financial/capital outlay* ◊ *The business quickly repaid the initial outlay on advertising* ۞ هزینه

outlet /'autlet/ *noun*
1 ڕێی جوونەدەری، دەرچە، دەروو، کون: *an outlet pipe* ◊ *sewage outlet* 2 دەروو، دەرەنان 3 دەمی ڕووبار 4 بازاڕ، شوێنی فرۆش 5 بریکاری، نوێنەرایەتی (ڕێکخراوە، کۆمپانی، دووکان یان فرۆشگایێ): *The business has 34 retail outlets in this state alone* 6 پرێز، جێ‌فیش 7 جێگای خۆنیشان‌دان، شوێنی تەراتێن، گۆرەپان (وزە، بەهرە و هتد): *Sport became the perfect outlet for his aggression* ۞ 1 خروجی 2 مفر 3 دهانه‌ی رودخانه 4 بازار 5 نمایندگی 6 پریز 7 جولانگاه

outlier *noun*
1 بەشی (لێک)جیا 2 (زەوی‌ناسی) چینەبەردی تازەتر لەنێو بەردەکۆنترەکاندا ۞ 1 بخش مجزا 2 اوت‌لایر

outline /'autlaɪn/ *noun*
نەخشە یان پلانی سەرەتایی، نەخشەی گشتی، تاپۆ، کورتەباس، باسی بەکورتی، کورتە، پوختە، سەرباس: *This is a brief outline of the events* ◊ *You should draw up a plan or an outline for the essay* ◊ *outline agreement/proposal* ۞ طرح کلی، خلاصه، رئوس مطالب

outlook /'autlʊk/ *noun*
1 دیمەن، پێشچاو 2 ڕوانگە، دیتن، بۆچوون: *He had a practical outlook on life* 3 پێش‌بینی (بارودۆخی) هەوا 4 (خوازە) داهاتوو، ئاسۆ ۞ 1 منظره 2 نقطه‌نظر 3 پیش‌بینی (وضع) هوا 4 (مجازی) آینده

outlying /'autlaɪɪŋ/ *adjective*
چەپەک، لاپەڕ، دوور، دوورەدەست، پەرت: *out-lying areas* ۞ دورافتاده

outmigration *noun*
کۆچ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، دەرەکۆچ ۞ مهاجرت از مکانی به مکان دیگر

outmoded /ˌaut'məudɪd, US -'moud-/ *adjective*
کۆنە، لەکارکەوتوو، لەباوکەوتوو، کۆنەباو، ڕزیو، سواو، شڕ، پواو، old-fashioned: *an outmoded attitude* ◊ *This organizational structure was now outmoded* (outmodedness *n*) ۞ منسوخ، قدیمی

outmost /ˌautməust/ *adjective*
دوورترین، هەرەدوور ۞ اقصی، دورترین

outness *noun*
دەرەوەیی، لە دەرەوەبوون، دەرەوەییتی ۞ اوتنس

out of *preposition*
1 لە، لە دەرەوەی: *walked out of the room* ◊ *built out of old lumber* ◊ *out of control* ◊ 2 بە هۆی، لەبەر، بەخاتری، ژبەر 3 بێ، بێبەری 4 دوور لە، دوورتر لە ۞ 1 از، بیرون از 2 به علت 3 بدون 4 دور از، دورتر از

out of court *noun*
لە دەرەوەی دادگا ۞ خارج از دادگاه

out-of-court settlement *noun*
ڕێککەوتن لە دەرەوەی دادگا ۞ توافق خارج از دادگاه

out-of-date *adjective*
کۆنە، لەکارکەوتوو، لەباوکەوتوو، کۆنەباو، ڕزیو،

سوواو، شر، پوواو: *These figures are very*
◊ *out-of-date technology* ◊ *out of date*
⬡ *Suddenly she felt old and out of date*
قدیمی، منسوخ

out of doors *adverb, noun*
لە دەرەوە، (لە) دەشت‌ودەر، نە لە ماڵەوە ⬡ در هوای آزاد

out-of-pocket expense *noun*
خەرجی لە گیرفانی خۆ نا یان لە دەرەوەی گیرفانی خۆ (کە خاوەن‌کار دەیداتەوە): *On business trips she has some travel and* ⬡ *other out-of-pocket expenses* هزینەی بیرون از جیب

out of state *noun*
لە وڵاتێکی تر، نە لە وڵاتی خۆ ⬡ در کشور دیگری

out-of-the-way *adjective*
1 چەپەک، لاپەڕ، دوور، دوورەدەست، پەرت: *a*
2 *little out-of-the-way place on the coast*
سەیر، ناسایی ⬡ 1 دورافتادە 2 غیرعادی

out of touch *adjective*
دوور، نائاگادار، بێگانە، بیانی، ناناشنا، نەناس، ناشناس، نەناسیاو ⬡ ناآشنا، بی‌خبر

out of town *adjective*
1 دوور، چەپەک، لاپەڕ 2 لە قەراغ شار، لە پاڵ شار(دا): *out-of-town superstores* ⬡ 1
دورافتادە 2 در حاشیەی شهر

out of work *adjective*
بێکار، نادەس‌بەکار، دەس‌بەتاڵ: *an out-of-*
work actor ⬡ بیکار

out-patient /'aʊtpeɪʃnt/ *noun*
نەخۆشی زووچارەکراو یان سەرپێی یان نەخەوێنراو ⬡ بیمار سرپایی

out performance *noun*
1 بەدەس‌هێنانی ئەنجامی باش‌تر 2 باش‌تر جێبەجێ‌کردن یان بەڕێوەبردن ⬡ 1 کسب نتیجەی بهتر 2 اجرای بهتر

outpost /'aʊtpəʊst, US -poʊst/ *noun*
دەستەی چاودێر(ی)، پۆست یان بنکەی چاودێری، دیارگە، بنکە ⬡ گروە دیدەوری، پست دیدەوری، پایگاه

outpour = outflow

outpouring /'aʊtpɔ:rɪŋ/ *noun*
هەڵقوڵین، دەرپەڕین، هاتنەدەرەوە، لەبەررژیشتن، هەڵچوون، دانەدەرەوە، دەردان، دەربڕین، هەڵرشتن، لە ئیشاو دانەدەرەوە (یان بەرهەم‌هێنان): *spontaneous outpourings of*
a remarkable outpouring of new ◊ *praise*
ideas ⬡ فوران، برون‌ریزی، ابراز

output /'aʊtpʊt/ *noun*
1 بەرهەم، ئەنجام، بەرەچە: *Manufacturing*
2 *output has increased by 8%*
ئەنجام‌دانەوە، کاردانەوە 3 (کامپیوتێر) ئەوتپوت،
زانیاری: *an output device* ◊ *data output* 4
هێز یان وزەی بەرهەم‌هاتوو، بەرهەمە (لە لایەن ژێنراتۆرێکەوە): *an output of 100 watts* ⬡
1 محصول 2 بازدە 3 (کامپیوتر) برون‌داد 4 قدرت یا انرژی تولیدشدە

outrage /'aʊtreɪdʒ/ *noun*
1 دەس‌درێژی، زوڵم، زۆرداری، توندوتیژی، زەبروزەنگ، پێشێل‌کردن: *No one has yet*
claimed responsibility for this latest bomb
outrage 2 سووکایەتی، ترۆکردن، بێ‌حورمەتی، بێ‌ڕێزی(پێ‌کردن) 3 هەڵچوون، بەردبەباکردن، تووڕەیی (زۆر)، بێزاری: *Environmentalists*
◊ *have expressed outrage at the ruling*
⬡ *The judge's remarks caused public -ge*
1 تعدی، تخطی، خشونت 2 اهانت 3 خشم، انزجار

outraged *adjective*
تووڕە، ڕق‌هەستاو، بەردبەباکەر ⬡ خشمناک

outrageous /aʊt'reɪdʒəs/ *adjective*
دەس‌درێژکەرانە، سووکایەتی‌یانە، شووڕەیی، سووکانە، بێ‌دادانە، نادادپەروەرانە، ترسناک، ترسێنەر، داخۆرپێنەر، دڵتەزێن، جەرگبڕ، ناحەز، ناشیرین، دزێو، ناسایی، سەیر، پێکەنینی، یەکجار زۆر، نازێرانە، لە رادەبەدەر: *-trageous*
'That's outrageous!' he ◊ *behaviour*
She says the most outrageous ◊ *protested*
⬡ *outrageous clothes* ◊ *things sometimes*
تجاوزکارانە، توهین‌آمیز، وحشتناک، زشت، شنیع، تکان‌دهندە، نامعمول، نامعقول، گزاف

outrageously /aʊt'reɪdʒəsli/ *adverb*
جەرگبڕانە، داخۆرپێنەرانە ⬡ بە طور تکان‌دهندە

outrageousness /aʊt'reɪdʒəsnəs/ *noun*
دەس‌درێژی، زەبروزەنگ، بێ‌حورمەتی، بێ‌ڕێزی ⬡ تعدی، بی‌حرمتی

outran = past of outrun

outré /'u:treɪ, US u:'treɪ/ *adjective*
(فەرەنسی) سەیر، ناسایی، عاجباتی ⬡ غیرعادی

outreach /'aʊtri:tʃ/ *adjective, noun*
adj یاریدەیی، یارمەتیدەرانە *n* یارمەتی، دەس‌گرتن، یاریدەدان، کۆمەک‌کردن: *an*
◊ *outreach and education programme*
efforts to expand the -treach to black
voters ⬡ *adj* امدادی *n* امداد، معاضدت

out relief *noun*
(مێژوویی، بریتانیا) یارمەتی خەڵکانی هەژار کە لە workhouseدا نازین ⬡ اوت ریلیف

outrider /'aʊtraɪdə(r)/ *noun*
مۆتۆرسواری پارێزەر ⬡ موتورسوار اسکورت

outrigged *adjective*
(کالیسکە) خاوەنی قۆڵ، دار یان ئاسنی بۆ

بەستنەوەی ئەسپی زیادی ۞ اوت‌ریگد

outrigger /ˈaʊtrɪdʒə(r)/ *noun*
1 قۆل، دار یان ئاسنێ بۆ بەستنەوەی ئەسپی زیادی بە کالیسکەوە 2 کۆلەکە، لەنگەر، پایە، قۆلی راگر یان پاراستن 3 بەست، سەوڵگیر، سەوڵبەند 4 گەمیێ کە بەستی سەوڵی هەبێ، گەمی جێ‌سەوڵدار 5 داری ئەملا و ئەولای لەنگەری گەمی ۞ 1 اوت‌ریگر 2 پایە، بازوی محافظ 3 پاروگیر 4 قایق دارای پاروگیر 5 اوت‌ریگر

outright /ˈaʊtraɪt/ *adjective, adverb*
adj تەواو، رەها، رەبەق، بێ‌شک، مسۆگەر، روون، رۆشن، ئاشکرا، بێ‌پەردە، بێ‌پێچ‌وپەنا، دیار، لەڕوو، ریک‌وراست، قسەلەڕوو، لەڕوودانەماو: *an outright* ◊ *ban/rejection/victory* *No one party is expected to gain an outright majority*
adv بە تەواوەتی، دەسبەجێ، لەڕێوە، یەکجێ، یەک‌تەکان: *Neither candidate won outright* ۞ *adj* کامل، تام، مسلم، واضح، رک، صریح *adv* کاملا، فورا

outrightly /ˈaʊtraɪtli/ *adverb*
قسەلەڕووانە، بێ‌لەڕوودامان، بە شێوەیەکی بێ‌پەردە، بێ‌پێچ‌وپەنا ۞ به طور صریح

outrun /ˌaʊtˈrʌn/ = past participle of outrun

outrunner *noun*
پێشدار، پێشڕەو، پێشەنگ ۞ جلودار

outset /ˈaʊtset/ *noun*
سەرەتا، دەسپێک، هەوەڵ، بەرایی ۞ آغاز

outshone /ˌaʊtˈʃɒn, US -ˈʃoʊn/ = past and past participle of outshine

outside[1] /ˌaʊtˈsaɪd/ *noun, adjective*
n 1 دەرەوە، دەر، دەرقە، بێرون، بەشی دەرەوە، رووی دەرەوە: *The -side of the house needs* ◊ *painting* *You can't open the door from the outside* 2 (ڕێگا) هێلی پێشکەوتن، هێلی کەوتنەپێش، بەشێ لە ڕێگا کە نزیک‌ترین بە نێوەڕاستی ڕێگا: *Always overtake on the -* 3 *de* (خوازە) روالەت *adj* 1 دەرەوەیی، دەرەوە، دەرەکی، دەرقەیی: *The -e walls are damp* 2 زۆرترین، هەرەزۆر 3 کەم ۞ *n* 1 بیرون، قسمت بیرونی 2 (جادە) خط سبقت 3 ظاهر *adj* 1 بیرونی 2 بیش‌ترین 3 اندک

outside[2] /ˌaʊtˈsaɪd/ *adverb, preposition*
لە دەرەوە، دەرەوە، لە دەشتەوە، لە نزیکی، (لە) دەوروبەری: *You can park your car -tside* ◊ *our house* ۞ از بیرون، در بیرون، اطراف

outside broadcast *noun*
(رادیۆ و تەلەفزیۆن) بەرنامەی لە دەرەوەی ستۆدیۆی سەرەکی ۞ برنامەی بیرون از استودیو اصلی

outside broadcast unit *noun*
(رادیۆ و تەلەفزیۆن) یەکەی بەرنامەی لە دەرەوەی ستۆدیۆ ۞ واحد سیار

outside lane *noun*
هێلی کەوتنەپێش ۞ خط سبقت

outside left *noun*
(تۆپێن) سووچی چەپ ۞ گوش چپ

outside of *preposition*
لە دەرەوەی، outside ۞ خارج از

outsider /ˌaʊtˈsaɪdə(r)/ *noun*
1 نائەندام، لە دەرەوەی ئەندامێتی گرووپی کۆمەلایەتی تایبەت، دەرەکی، بیانی، بێگانە، دەرەگە، ناخۆیی، لاوە، نەناس، غەریبە 2 (پێشبرکێ‌دەر) دۆڕاندوو، کەم‌شانس، بەختێکی وای نییە ۞ 1 غیرعضو، خارجی 2 بازندە

outside right *noun*
(تۆپێن) سووچی راست ۞ گوش راست

outsize /ˈaʊtsaɪz/ *adjective, noun*
adj 1 گەورە، گەورەبەر، گەورەتر لە ئەندازە: 2 *outsize clothes* ◊ *an outsize desk* یەکجار گەورە *n* شت یان مرۆی یەکجار زلە ۞ *adj* 1 بزرگ، بزرگ‌تر 2 فوق‌العادە *n* چیز یا آدم فوق‌العادە بزرگ

outsized /ˈaʊtsaɪzd/ *adjective*
گەورە، گەورەبەر، گەورەتر لە ئەندازە ۞ بزرگ، بزرگ‌تر

outskirts /ˈaʊtskɜːts, US -skɜːrts/ *noun, pl.*
دەوروبەر، دۆرمادۆر، دەروپشت، پاڵشار: *They live on the outskirts of Milan* ۞ اطراف

outsold /-ˈsəʊld, US -ˈsoʊld/ = past and past participle of outsell

outsole /ˈaʊtsəʊl/ *noun*
بن، ژێرە، تەخت ۞ زیرە

outspoken /aʊtˈspəʊkən, US -ˈspoʊkən/ *adjective*
(قسە)لەڕوو، رووشکێن، راست‌وڕەوان، ڕێک‌وراست، بێ‌پەردە: *an outspoken opponent of the leader* ۞ رک، صریح

outspokenly /aʊtˈspəʊkənli, US -ˈspoʊkənli/ *adverb*
قسەلەڕووانە: *-pokenly critical* ۞ با صراحت

outspokenness /aʊtˈspəʊkənnəs, US -ˈspoʊkənnəs/ *noun*
قسەلەڕوویی، رووشکێنی، ڕێک‌وراستی، لەڕوودانەمان ۞ رک‌گویی

outspread /ˌaʊtˈspred/ *adjective*
1 بلاوەبوو، چاپ‌کراو 2 کراوە، راخراو، پەل‌هاویشتوو، پانەوەبوو، درێژەوەبوو: *The bird soared high, with outspread wings* ◊

She sat poring over an outspread map ۞ 1 منتشرشده 2 باز، گسترده

outstanding /aʊtˈstændɪŋ/ *adjective*
1 بەرز، یەکجارباش، هەرەچاک، سەرکەوتوو، بەرچاو، دیار، دەرکەوتوو: *an outstanding player/achievement/success* ◊ *an area of outstanding natural beauty* 2 دواکەوتوو، نەکراو، دواخراو، نەدراو 3 دەرپەڕیو، زەقەوەبوو، دەرپۆقیو، پێشەوەهاتوو، زەق، قوتەوەبوو 4 هەڵپەسێراو، هەڵپەسێردراو، هەڵواسراو: *A lot of work is still outstanding* ۞ 1 برجسته، عالی 2 عقب‌مانده 3 بیرون‌زده 4 معلق

outstandingly /aʊtˈstændɪŋli/ *adverb*
بە شێوەیەکی بەرچاو یان بەرز، یەکجار ۞ به طور عالی، فوق‌العاده

outstation *noun*
1 وێستگەی چەپەک یان دوورەدەست 2 لە دەرەوەی ناوەند ۞ 1 ایستگاه دورافتاده 2 بیرون از مرکز

outstretched /ˌaʊtˈstretʃt/ *adjective*
بڵاوەبوو، کراوە، ڕاخراو، پەلهاویشتوو، پانەوەبوو، درێژەوەبوو، فراوان(بوو): *She took her father's -etched hand* ۞ گسترده، گشوده

out-take *noun*
1 بەشی لابراو، لابردە 2 دیمەنی لابراو، لابردە، بەشی پەڕێنراو (لەبەر تیابوونی هەڵە) ۞ 1 بخش محذوف 2 صحنەی محذوفی

out-thrust *adjective, noun*
adj دەرپەڕیو، دەرپۆقیو *n* دەرپەڕیوی ۞ *adj* پیش‌آمده *n* پیش‌آمدگی

out-tray *noun*
سنووقی نامەی ئامادە بۆ پۆستکردن، سنووقی ئەو نامانەی کە بەرێدەکرێن ۞ کازیەی نامه‌های خروجی

out-turn *noun*
1 بڕی بەرهەمهاتوو 2 ئەنجام، بەرهەم ۞ 1 مقدار تولیدی 2 نتیجه

outward /ˈaʊtwəd, US -wərd/ *adjective, noun*
adj دەرەوە، دەرەوەیی، دەرەکی، ڕواڵەتی، ڕووکاری، ڕووکەشی، لەشی، جەستەیی، مادی، ئاشکرا، دیار، بەرچاو، بینراو، خویا: *There were no outward signs that the house was inhabited* *n* 1 جیهانی دەرەوە یان مادی 2 شێوە یان ڕووی دەرەوە، دیوی دەرەوە ۞ *adj* بیرونی، ظاهری، صوری، جسمانی، آشکار *n* 1 عالم مادی 2 شکل یا مظهر بیرونی

outward-bound *adjective*
ڕووڵەدەرێکردوو، لە ڕۆیشتندا ۞ رهسپار بیرون، در حال عزیمت

outwardly /ˈaʊtwədli, US -wərd-/ *adverb*
1 وادیارە، بە ڕواڵەت: *-wardly, the couple seemed perfectly happy* 2 بە شێوەیەکی جەستەیی یا لەشی ۞ 1 ظاهراً 2 به طور جسمانی

outwardness /ˈaʊtwədnəs, US -wərdnəs/ *noun*
ڕواڵەتی‌بوون، ڕووکەشێتی ۞ ظاهریت

outwards /ˈaʊtwədz, US -wərdz/ *adverb*
بەرەو دەرەوە، بۆ دەرەوە، بۆ لای دەرەوە، ڕوو لە دەرەوە: *The door opens outwards* ◊ *Factories were spreading outwards from the old heart of the town* ۞ به سوی بیرون یا خارج

outwore = past of outwear

outwork /ˈaʊtwɜːk, US ˈ-wɜːrk/ *noun*
1 (سەربازی) سەنگەردانان لە دەرەوە یان دەرەوەیی، پتەوکردنی لاوەکی 2 کاری لە دەرەوەی ئافیس یا کارگە، کاری لە ماڵێ ۞ 1 استحکامات خارجی 2 کار بیرون از اداره یا کارخانه

outworker *noun*
کارکەر لە دەرەوەی ئافیس یان کارگە، کارکەر لە ماڵێ ۞ کارگر بیرون از اداره یا کارخانه

outworn[1] /ˈaʊtwɔːn, US -wɔːrn/ *adjective*
کۆنە، لەکارکەوتوو، لەباوکەوتوو، کۆنەباو، ڕزیو، سواو، سوواو، شڕ، پواو، پوواو: *outworn institutions* ۞ قدیمی، منسوخ

outworn[2] = past participle of outwear

ouzel /ˈuːz(ə)l/ *noun*, also ousel
(باڵندەناسی) ڕەشیشەی تەوقن (بنەڕەت: *ōsle* ئینگلیسی کۆن "blackbird"، بنەڕەت ئەڵمانی) ۞ توکای طوقی

ouzo /ˈuːzəʊ, US ˈuːzoʊ/ *noun*
ئوزو (= جۆرێ خواردنەوەی ئەلکوڵی بەگیری یۆنانی‌یە، لە تۆوی ڕەزیانە دەگیرێ؛ بنەڕەت: لە یۆنانی نوێوە وەرگیراوە) ۞ اوزو

ov(i, o)- *prefix*
پێشگر: هێلکە، هێلکۆکە: *oviduct ,ovicide* (بنەڕەت: لە فەرەنسەوە یا لە لاتینی نوێ *ovalis*، لە لاتینەوە *ovalis* "egg") ۞ پیشوند: تخم. تخمک، نطفه

ova = plural form of ovum

oval /ˈəʊvl, US ˈoʊvl/ *noun, adjective*
n هێلکەیی، خایی *adj* هێلکەیی(ئاسا) ۞ *n* بیضی *adj* بیضی‌شکل

ovalbumin /əʊˈvalbjʊmɪn/ *noun*
(زیندەکیمیا) 1 ئالبۆمینی سپێنی هێلکە، ئالبۆمینی بنەڕەتی سپێنەی هێلکە، ب.ت. بەشی کریستاڵی ئالبۆمینەکانی هێلکە 2 سپێنە وشکەوەبووەکانی هێلکە ۞ اوالبومین

ovally /ˈəʊvli, US ˈoʊvli/ *adverb*
بە شێوەیەکی هێلکەیی ۞ به طور بیضی

ovalness /ˈəʊvlnəs, US ˈoʊvlnəs/ *noun*

هێلکەیی‌بوون ⬡ بیضی بودن

Oval Office *noun*

نووسینگە یان ئافیسی هێلکەیی (ئەفیسی سەرۆک‌کۆماری ئەمریکا لە کۆشکی سپی‌دا) ⬡ اووال آفیس

oval window *noun*

پەنجیرەی هێلکەیی: کونێکی هێلکەیی نێوان گوێی نێوەڕاست و دالانە vestibule (یان گوێی نێوەوە) ⬡ دریچەی بیضی

Ovambo /əʊ'vambəʊ/ *noun, pl.* same or Ovambos

1 ئۆڤامبۆ: ئەندامی گەلی نامبیای باکووری 2 زمانی بانتۆیی ئەو گەلە ⬡ اووامبو

ovarial = ovarian

ovarian /əʊ'vɛ:rɪən/ *adjective*

سەربە هێلکەدان ⬡ وابسته به تخم‌دان

ovariectomy /,əʊvərɪ'ɛktəmi/ *noun, pl.* ovariectomies

لابردنی یەک یان هەردوو هێلکەدان، هێلکەدان‌بڕی ⬡ اواریکتومی

ovariotomy /,əʊvərɪ'ɒtəmi/ = ovariectomy

ovaritis /,əʊvə'raɪtɪs/ *noun*

ئاوسانی هێلکەدان ⬡ التهاب تخم‌دان

ovarium /əʊ'veərɪəm/ *noun*

هێلکەدان ⬡ تخم‌دان

ovary /'əʊvəri, US 'oʊ-/ *noun, pl.* ovaries

(گیانەوەرناسی و رووەک‌ناسی) هێلکەدان، گەرادان، ئەندامی زاوزێی مێینە کە لەودا هێلکەکان بەرهەم دێترێن، بنکی نێرکی گوڵ کە یەک یان چەند ovule تیایە، توودانی رووەک ⬡ تخم‌دان

ovate[1] /'əʊveɪt/ *adjective*

(زیندەناسی) هێلکەیی، هێلکەئاسا ⬡ بیضوی، بیضی‌شکل

ovate[2] /'ɒvət/ *adjective*

قەشەی سێلتی یان فیلسووفی سروشتی ⬡ آوت

ovation /əʊ'veɪʃn, US oʊ-/ *noun*

پێشوازی، پێرگینی، بەخێرهاتن(ی گەرم‌وگوڕ و بە گشتی)، چەپڵەلێدان ⬡ استقبال، کف زدن

oven /'ʌvn/ *noun*

1 فێر، فروون، تەنوور، کوانوو 2 کڵ، کوورەی چکۆلانە، گەرمخانە (بنەڕەت: لە *ofen* ئینگلیسی کۆن، ئەلمانی‌بنەڕەت) ⬡ 1 فر، تنور، اجاق 2 کورەی کوچک

ovenbird *noun*

1 جۆرێ باڵندەی چکۆلەی گەرمێنانی ئەمریکا [خێزان Furnariidae: گەلێ جۆرن] 2 جۆرێ باڵندەی دەنگ‌خۆشی قاوەیی ئەمریکای باکووری [*Seiurus aurocapillus*] ⬡ انواعی از پرندگان

oven glove *noun*

دەس‌کێشی تەنوور، قۆڵەوانە، قۆڵچاخ (ی دەسکێشی) ⬡ دستکش تنور

ovenman /'ʌvnmən/ *noun, pl.* ovenmen

نانەوا، تەنووردار، تەنوورەوان ⬡ نانوا، تنوردار

ovenproof /'ʌvnpru:f/ *adjective*

(قاپ و قاچاخ) نەسووتاو، ئاورنەگرتوو، نەسووت، گەرمی‌خۆر ⬡ نسوز

oven-ready *adjective*

ئامادەی لێنان، سازە بۆ لێنان: *an oven-ready turkey* ⬡ آمادەی پخت‌وپز

ovenware /'ʌvnweə(r), US -wer/ *noun*

قاپ‌وقاچاخی نەسووت، حاجەت یان هێرباری ئاگرخۆر ⬡ ظروف نسوز

over /'əʊvə(r), US 'oʊ-/ *adverb, preposition*

1 لەسەر، لەژوور، لەبان، بەژوور، لەسەرووی: *The wind must have blown it over* ◊ *Try not to knock that vase over* 2 زۆرتر لە، زێتر، پتر لە: *children of 14 and over* ◊ *You get an A grade for scores of 75 and over* ◊ *over 3 million copies sold* 3 سەرانسەر، سەرپاک، سەرتاسەر: *The lake was frozen over* 4 ئەوبەر، ئەو لا، ئەمبەر، ئەم لا 5 بە تەواوەتی، هەموو، گشت 6 بە درێژایی: *We'll discuss it over lunch* 7 لەبارەی، لەمەڕ 8 ئاوەژوو، پێچەوانە، بەرڤاژی 9 پاشماوە، بەرماوە، ماوە: *If there's any food left over, put it in the fridge* 10 تەواو، کۆتایی، دوایی‌پێهاتوو: *By the time we arrived the meeting was over* ◊ *Thank goodness that's over!* 11 زیاتر لە ئاسایی، لە رادەبەدەر، لە ئەندازبەدەر، زیادی، زۆر زۆرتر 12 رابردوو، بووری 13 دیسان، دووبارە، سەرلەنوێ: *He repeated it several times over until he could remember it* ⬡ 1 بالای، روی 2 بیش از 3 سرتاسر 4 آن سو، این سو 5 تماماً، همه 6 طی 7 دربارەی 8 وارونه 9 باقی‌مانده 10 تمام 11 مفرط، بیش از حد معمول 12 گذشته 13 باز، مجدداً

over- /'əʊvə(r), US 'oʊ-/ *prefix*

پێشگر: 1 یەکجار، زێدە، لاپ، لە رادەبەدەر، لە ئەندازبەدەر: *overambitious* 2 تەواو، بەتەواوەتی: *overjoyed* 3 سەروو، ژوورروو، سەرتر، هی سەرەوە، دەرەوە: *overcoat* 4 لەسەر، لەژوور، لەبان، بەژوور، لەسەرووی: *overcast* ⬡ پیشوند: 1 بیش از حد، مفرط 2 کاملاً 3 بالایی، بیرونی 4 بالای، روی

overabundance /'əʊvərə'baʊndəns/ *noun*

لە رادەبەدەربوون، یەکجار زۆربوون، لە ئەندازبەدەری ⬡ بیش از حد بودن

overabundant /'əʊvərə'baʊndənt/ *adjective*

لە رادەبەدەر، یەکجار زۆر، لە ئەندازبەدەر ⬡

بیش از حد

overactive *adjective*
یەکجار چالاک، زیرەک، زیدەچالاک، یەکجاربزێو ۞ بیش از حد فعال

overactivity *noun*
یەکجار چالاکی، زیدەچالاکی، یەکجاربزێوی ۞ بیش از حد فعال بودن

overage[1] /ˌəʊvər'eɪdʒ, US ˌoʊ-/ *noun*
زیادی، لەپێویستبەدەر، زیدە، سەرریژ ۞ مازاد

overage[2] /ˌəʊvər'eɪdʒ, US ˌoʊ-/ *adjective,* also over age
پیرتر، بەساڵاچووتر، یەکجارکۆن، لەکارکەوتوو، بەکارنەهاتوو ۞ مسن‌تر، بسیار قدیمی

overall /ˌəʊvər'ɔːl, US ˌoʊ-/ *adjective, adverb*
بە گشتی، سەرجەم، هەمووی، لەسەریەک، سەرپاکی، گشت، تێکڕا، generally: *the pattern used overall* ۞ به کلی، روی‌هم‌رفته

overall majority *noun*
زۆرینەی ڕەبەق یان ڕەها ۞ اکثریت مطلق

overalls /'əʊvərɔːlz, US 'oʊ-/ *noun, pl.*
جلی کار، کارپۆش، جلەکار ۞ لباس کار

overambition *noun*
لەڕادەبەدەربەرزەفڕی، یەکجاربەرز(ە)خوازی، یەکجارهێزخوازی، یەکجاربالاخوازی ۞ فوق‌العاده جاه‌طلب بودن بلندپرواز بودن

overambitious /'əʊvəræm'bɪʃəs, US 'oʊvəræm'bɪʃəs/ *adjective*
لەڕادەبەدەربەرزەفڕ، یەکجاربەرز(ە)خواز، یەکجارهێزخواز، یەکجار بالاخواز ۞ فوق‌العاده جاه‌طلب یا بلندپرواز

over-anxiety *noun*
دڵەراوکێی لەرادەبەدەر، یەکجارنیگەرانی دڵەتەپێی لەئەندازبەدەر، نیگەرانی بێجێ ۞ اضطراب مفرط

over-anxious *adjective,* also overanxious
سەوداسەر، شێت‌وشەیدا، نیگەران، زیدەنیگەران، پەرێشان، یەکجار نیگەران ۞ والا، شیفته، مضطرب

overarching /ˌəʊvər'ɑːtʃɪŋ, US ˌoʊvər'ɑːrtʃɪŋ/ *adjective*
گشتگیر، بەرفرەهـ بەربلاو، بەرین، زۆرداگر، گرنگ ۞ گسترده، جامع، مهم

overarm *adjective, adverb*
(وەرزش) لە ژوور سەر یان شانەوە، لە ژووری ئاستی شانەوە، لە سەرووی سەرەوە: *an overarm throw* ۞ از بالای سر

overate = past of overeat

overbalance *noun*
(کۆن) زۆری، زەبەنی، زیادیبوون (کێش یان سەنگ، نرخ یان بڕ و چەندێتی) ۞ فزونی، بیشی

overbearing /ˌəʊvə'beərɪŋ, US ˌoʊvər'ber-/ *adjective*
هێزخواز، زۆرهێنەر، داسەپێنەر، دەسەڵاتخواز، زۆردار، خێشەملە، جینگز، ملهوڕ، کەڵەگا، دەس‌بەسەراگر، زۆرەکی، زۆرەملێ، زۆرەملێیانە، کەڵەگایانە، زۆردارانە، زاڵ، سوار ۞ سلطه‌جو، آمرانه، مستبد، مسلط

overbearingly /ˌəʊvə'beərɪŋli, US ˌoʊvər'ber-/ *adverb*
لە ڕووی زۆری(یەوە)، زۆردارانە، داسەپێنەرانە، جینگزانە ۞ آمرانه، سلطه‌جویانه

overbearingness /ˌəʊvə'beərɪŋnəs, US ˌoʊvər'ber-/ *noun*
هێزخوازی، داسەپێنەری، دەسەڵاتخوازی، زۆرداری، جینگزی، ملهوڕی، کەڵەگای، دەس‌بەسەراگری، زاڵی، سواری ۞ سلطه‌جویی، استبداد، تسلط

overbid = past and past participle of overbid

overbite /'əʊvəbaɪt/ *noun*
جووت‌بوونی (سروشتی) ددانەکان ۞ جفت‌شدگی دندانها

overblown /ˌəʊvə'bləʊn, US ˌoʊvər'bloʊn/ *adjective*
1 پێوەنراو، زیدەڕەوی(لەسەر)کراو: *overblown ambitions/egos* 2 (گوڵ) سیس، ژاکاو، هەڵبرووسقاو ۞ 1 مبالغه‌آمیز، اغراق‌شده 2 پژمرده

overboard /'əʊvəbɔːd, US 'oʊvərbɔːrd/ *adverb*
لە دەریا(دا)، لەنێو ئاودا، لەژوور لایەکی کەشتی یان گەمی لەنێو ئاودا، لە کەشتییەوە بۆ دەریا یان نێوئاو: *to fall/jump -erboard* ۞ در دریا

overbold *adjective*
بێ‌شەرم، بێ‌حەیا، ڕووهەڵماڵراو، بێ‌باک، نەترس ۞ وقیح، بی‌باک

overbore = past of overbear

overborne = past participle of overbear

overbridge *noun*
پردی ژوور ڕێگا یان ڕێی ئاسن ۞ پل بالای جاده یا راه آهن

overbrimming – abundant

overburden /ˌəʊvə'bɜːdn, US ˌoʊvər'bɜːrdn/ *noun*
1 بار، باری گران یان قورس، سەربار، داسەپاندن 2 (زەویناسی) کانپۆش (توێژاڵ یان توێی لە خاک و بەرد کە کانگای خەڵووزی بەردی داپۆشیوە) ۞ 1 بار، تحمیل 2 (زمین‌شناسی) پوشینه

overburdensome /'əʊvə'bɜːdnsəm, US 'oʊvər'bɜːrdnsəm/ *adjective*
زۆرگران، یەکجار دژوار، کەڕزاڵ، سەخت‌وچەتوون ۞ شاق

over-busy *adjective*

پــڕکار، ســــەرقاڵ، کــــارزۆر، دەس‌نەپــەرژ، زۆرخەریک، دەس‌گیراو، ئەشغاڵ ۞ پرمشغله

overcame /ˌəʊvəˈkeɪm, US ˌoʊvərˈkeɪm/ = past of overcome

overcapacity /ˌəʊvəkəˈpæsəti, US ˌoʊvərkə-/ *noun*
(کارداری) لەتوانایی‌بەدەر، زیدەکاپاسیتی: *the problems of overcapacity in the car industry* ۞ اضافەی ظرفیت

overcapitalization *noun*
زیدەسەرمایە، سەرمایەی زیادی ۞ اضافەسرمایە

over-careful *adjective*
دڵ‌ئاونەخواردنەوە، عەمەلی ۞ وسواسی، مراقبت بیش از حد

overcast /ˌəʊvəˈkɑːst, US ˌoʊvərˈkæst/ *adjective, noun*
adj 1 هــەور(داگرتــوو)، تاریــک، تــەماوی، هــەوراوی، لــێڵ 2 مــات، خــەمناک، خەفــەتبار، دڵــتەنگ 3 ســەردرووکــراو، شــیرازەگــیراو، لێــوارداگیراو، شــیرازەبــەنــد *n* هــەوای هــەوری، ئاسمانی پڕلەهەور(وهەلا)، هەوروهەلا، هەوری کــە بــەشــێکی زۆری ئاسمــان دادەگــرێ (یــان دادەپۆشــێ) ۞ *adj* 1 ابــری، تیــره 2 افــسرده 3 سردوزی‌شده *n* هوای ابری

overcast stitch *noun*
سەردروو، لێواردروو، شیرازە، لێواردگرتەوە ۞ پاک‌دوزی

over-caution *noun*
زیــدەئاگاداری، هۆشــیاری لــە رادەبــەدەر، زۆرهۆشیاری ۞ احتیاط مفرط

over-cautious /ˌəʊvəˈkɔːʃəs, US ˌoʊvərˈk-/ *adjective*
زیدەئاگادار، زۆر ئاگالەخۆ، لە رادەبەدەرهۆشیار، زۆرهۆشیار، لاپ‌هۆشیار ۞ محتاط افراطی

overcharge /ˌəʊvəˈtʃɑːdʒ, US ˌoʊvərˈtʃɑːrdʒ/ *noun*
1 سەربار، باری زیادی، تەمبەڵیت، ناوکۆ، ناقبار، زیدەبار 2 زیدەبایی، نرخی زیادی، گران‌فرۆشی ۞ 1 بار اضافی 2 اضافەقیمت

overcharged *adjective*
وروژاو، هەژیو، پرسۆز، بەجۆش‌وخرۆش ۞ هیجان‌زده، پرعاطفه

overcharging *noun*
گران‌فرۆشی، زۆرنەستاندن ۞ فروش با قیمت گزاف

overclass *noun*
چینی ژووروو یان سەرەوە، بەرزترین چینی کۆمەڵایەتی (چینی خاوەن‌ماف، دەوڵەمەند، دەس‌رۆیشتوو و بەهێزی کۆمەڵگا، بروانە underclass) ۞ طبقەی بالا

overclouded *adjective*
1 هەوری، هەور(وهەلا)داگرتوو، کەوەڕۆژ 2 خەمبار، نارەحەت، کز، لێوبەبار، مات ۞ 1 ابری 2 افسرده، غمگین

overcoat /ˈəʊvəkəʊt, US ˈoʊvərkoʊt/ *noun*
بالاپۆش، باڵتە، سەرماپۆش، (فەرەنجی felt overcoat) ۞ پالتو

overcome /ˌəʊvəˈkʌm, US ˌoʊvərˈkʌm/ = past participle of overcome

overcompensation *noun*
زیدەراستکردنەوە، راستکردنەوەی لە رادەبەدەر، (یەکجار) چاک کردنەوە، زۆر تێ‌هەڵێنانەوە ۞ اصلاح مفرط

overconfidence /ˌəʊvəˈkɒnfɪdəns, US ˌoʊvərˈkɑːn-/ *noun*
زیدەمتمانەپێ‌کردن، باوەڕپێکردنی لەئەندازبەدەر، یەکجار لێ‌رادیتن، لێ‌ڕاپینی بێجێ ۞ اعتماد بیش از حد

overconfident /ˌəʊvəˈkɒnfɪdənt, US ˌoʊvərˈkɑːn-/ *adjective*
یــەکجار لــەخۆڕادیتوو، لــەخۆبایی، یەکجارباوەڕبەخۆ، زۆرلەخۆڕاپەڕموو ۞ دارای اعتماد مفرط

over-critical /ˌəʊvəˈkrɪtɪkl, US ˌoʊvərˈk-/ *adjective*
بەئیراد، نقن، بەپرتەوبۆڵە، عەیب‌گر ۞ ایرادی

overcrowded /ˌəʊvəˈkraʊdɪd, US ˌoʊvərˈk-/ *adjective*
شلوق، تێ‌ڕژاو، قەرەباڵغ، جەنجاڵ، پاڵەپەستۆ، شانەترنجێ، چرەبەندان، پڕناپۆرە، تەمووورکاوی: *overcrowded cities/prisons* ۞ پرازدحام

overcrowding /ˌəʊvəˈkraʊdɪŋ, US ˌoʊvərˈk-/ *noun*
شــلوقایی، قەرەباڵــغی، تــێ‌ڕژاوی، نــاپۆرە، تەمووورکەدان، جمە ۞ ازدحام

over-curiosity /ˌəʊvəkjʊəriˈɒsɪti/ *noun*
خۆتێهەڵقو(ر)تێنی ۞ فضولی

over-curious *adjective*
خۆتێهەڵقو(ر)تێن ۞ فضول

over-delicacy *noun*
دڵ‌ناسکی، زوورەنجاوی، زوونارەحەت‌بوون، زوورەنجی، زووتۆراوی ۞ آسیب‌پذیری، حساسیت

over-delicate *adjective*
دڵ‌ناسک، زوورەنجاو، زوونارەحەت(بوو)، زوورەنج، زووتۆراو ۞ آسیب‌پذیر، حساس

overdeveloped /ˌəʊvədɪˈveləpt, US ˌoʊvərd-/ *adjective*
لەرادەبەدەر پەرەسەندوو، زۆرگەورە(وە)بوو، چاک‌هەڵداو، یەکجار گەورە، زۆرمەزن ۞ بیش از حد رشدکرده، بسیار بزرگ

overdevelopment *noun*

یەکجار پەرەسەندن، گەشەی لە رادەبەدەر، هەڵدانی لە رادەبەدەر، زۆرگەورە(وە)بوونەوە ۞ رشد بیش از حد

overdid /ˌəʊvəˈdɪd/ = past of overdo

overdone[1] /-ˈdʌn/ *adjective*

پیشاو، هەڵوپەڵبوو، زۆرکوڵاو ۞ بیش از حد پخته

overdone[2] /-ˈdʌn/ = past participle of overdo

overdose /ˈəʊvədəʊs, US ˈoʊvərdoʊs/ *noun*

خواردن یان بریکی لە ئەندازبەدەر (لە ژەمێکدا دەدرێ بە نەخۆش): *He had overdosed on heroin* ۞ مصرف یا مقدار بیش از حد دارو

overdraft /ˈəʊvədrɑːft, US ˈoʊvərdræft/ *noun*

(ئابووری) زۆرلێهەڵگرتن(ەوە)، زیادی لێهەڵگرتنەوە، لێهەڵگرتنی لەرادەبەدەر، لێدەرهێنانی زۆرتر ۞ اضافەبرداشت

overdrawn[1] /ˌəʊvəˈdrɔːn, US ˌoʊvərˈd-/ *adjective*

1 (هەژمار یان حیساب) قەرزار 2 زۆرپێوەنراو، زێدەڕەوی کراو، زیادەڕوویی کراو ۞ 1 (حساب) بدهکار 2 مبالغەآمیز

overdrawn[2] /-ˈdrɔːn/ = past participle of overdrawn

overdressed /ˌəʊvəˈdrest, US ˌoʊvərˈd-/ *adjective*

زۆرلەبەر(کردوو)، دەملیوان‌دیار، جلی نافەرمی (نەگونجاو، نالەبار) لەبەر(کردوو) ۞ زیاد لباس پوشیدە، لباس نامناسب‌پوشیدە

overdrew /-ˈdruː/ = past of overdraw

overdrive /ˈəʊvədraɪv, US ˈoʊvərd-/ *noun*

1 یەکجار توند (ڕۆیشتن)، خێرایی لەرادەبەدەر: 2 *to be in overdrive* چالاکی لە رادەبەدەر ۞ 1 سرعت بیش از حد 2 فعالیت بیش از حد

overdue /ˌəʊvəˈdjuː, US ˌoʊvərˈduː/ *adjective*

1 نەدراو، بەدواکەوتوو، دواخرا 2 لەوەخت(خۆی)ڕابردوو، درەنگ، درەنگ کردوو، بەدرەنگ‌کەوتوو ۞ 1 پرداخت‌نشدە 2 تأخیردار

over-eager *adjective*

سەوداسەر، شێت‌وشەیدا، یەکجاربەپەرۆش ۞ والە، شیفتە

overeaten /-ˈiːtn/ = past participle of overeat

overeating *noun*

زۆرخۆری، پرخۆری، زێدەخۆری ۞ پرخوری

over-elaborate *adjective*

یەکجار ئاڵۆز، یەکجار پێچەڵاوپێچ ۞ فوق‌العادە پیچیدە

over-emotional *adjective*

دڵناسک، زوورەنجاو، هەستیار، بەسۆز، سۆزگرتوو ۞ حساس

overemphasis /ˌəʊvərˈemfəsɪs, US ˌoʊ-/ *noun*

زۆر پێداگرتن، یەکجارپێداگیری، یەکجار جەخت‌کردن، زۆرسووربوون، چەنبارەکردنەوە ۞ تأکید بیش از حد

over-enthusiasm *noun*

سەوداسەری، شێت‌وشەیدایی، یەکجاربەپەرۆشی ۞ والایی، شیفتگی

over-enthusiastic *adjective*

سەوداسەر، شێت‌وشەیدا، یەکجاربەپەرۆش، زۆرتامەزرۆ، یەکجاربەتاسە ۞ والا، شیفتە

overestimate /ˌəʊvərˈestɪmət, US ˌoʊ-/ *noun*

1 زۆرلێکدانەوە، زێدەمەزندە، لە رادەبەدەر هەڵسەنگاندن، یەکجار نرخاندن، زۆر قەبڵاندن، زۆرمەزندەکردن 2 (زۆر) پێوەنان ۞ 1 برآورد اضافی 2 مبالغە، اغراق

overestimation *noun*

1 زۆرلێکدانەوە، زێدەمەزندە، لە رادەبەدەر هەڵسەنگاندن، یەکجار نرخاندن، زۆر قەبڵاندن، زۆرمەزندەکردن 2 (زۆر) پێوەنان ۞ 1 برآورد اضافی 2 مبالغە، اغراق

over-excited /ˌəʊvərɪkˈsaɪtɪd, US ˌoʊ-/ *adjective*

وروژاو، ئارام‌لێهەڵگیراو، بێ‌حەجمین، هەژیو ۞ هیجان‌زدە

over-excitement *noun*

وروژاوی لەرادەبەدەر، ئارام‌لێهەڵگیراوی، بێ‌حەجمینی، هەژیوی ۞ هیجان‌زدگی بیش از حد

over-exercise *noun*

مەشقی لەرادەبەدەر ۞ تمرین بیش از اندازە

overexposed *adjective*

سووتاو، زۆر لەبەر ڕووناکی‌نراو یان دانراو ۞ بیش از اندازە نور دیدە

overexposure /ˌəʊvərɪkˈspəʊʒə(r), US ˌoʊvərɪkˈspoʊ-/ *noun*

1 زۆر لەبەر ڕووناکی دانان، ئانەبەر ڕۆشنایی، زێدە ڕووناکی پێگەیاندن 2 بانگەشەی لە رادەبەدەر ۞ 1 نوردهی بیش از اندازە 2 تبلیغ مفرط

overextended /ˌəʊvərɪkˈstendɪd, US ˌoʊ-/ *adjective*

زۆرکشاو، یەکجار درێژکراو، دووردرێژکراو ۞ بسیار بسط‌دادەشدە

overfall /ˈəʊvəfɔːl/ *noun*

1 ئاڵۆزی ئاوی دەریا (یان ئاوە ئازادەکان بەهۆی تەوژم یا هەستانی بەقەوەتەوە 2 جێگای سەرڕێژ (بەنداو، ئەستێر و هتد ۞ اورفال

overfamiliar *adjective*
یەکجار ناسیاو یان ئاشنا ◇ بسیار آشنا

overfamiliarity *noun*
ناسیاوی یان ئاشنایی لەرادەبەدەر ◇ آشنایی بیش از حد

overfeed *adjective*
یەکجار دەرخوارددان، زۆرپێدان ◇ اورفید

overfishing /ˌəʊvəˈfɪʃɪŋ, US ˌoʊvərˈf-/ *noun*
ڕاوەماسی لە ڕادەبەدەر، زۆرەڕاو ◇ صید ماهی بیش از حد

overflew /-ˈfluː/ = past of overfly

overflight *noun*
فڕین بەسەر بواری ئاسمانی وڵاتێکی تر. بەزاندن یان شکاندنی بواری ئاسمانی وڵاتێکی تر ◇ پرواز بر فراز حریم هوایی کشور دیگر، نقض حریم هوای کشور دیگر

overflow /ˈəʊvəfləʊ, US ˈoʊvərfloʊ/ *noun*
1 سەرڕێژکردن، کەڵاڵەکردن، بەسەر لێواردا ڕژان، سەرڕێژ، کەڵاڵە، لێڕژان، لێشاو: ***an overflow*** ***an overflow of ◊ of water from the lake*** 2 بۆری یان جۆگەی سەرڕێژ، بۆری سەرڕێژ، کونی ڕژان، ڕژانگە ***powerful emotions*** ◇ 1 سرریزش 2 لوله یا مجرای سرریز

overflowing *adjective*
دارماڵ، پڕاوپڕ، پڕ، تژی، سەرڕێژ، کەڵاڵە، لێوپڕ ◇ لبریز، مالامال

overflown /-ˈfləʊn, US -ˈfloʊn/ = past and past participle of overfly

overflying *adjective*
فڕین بەسەر شوێنێ، لە کاتی یان وەختی فڕیندا ◇ در حال پرواز

over-flying rights *noun, pl.*
مافی فڕین بەسەر بواری ئاسمانی وڵاتێکی تردا ◇ حق پرواز بر فراز هوایی کشور دیگر

over-fond /ˌəʊvəˈfɒnd, US ˌoʊvərˈfuːnd/ *adjective*
سەوداسەر، شێتوشەیدا، یەکجاربەپەرۆش، زۆرتامەزرۆ، یەکجاربەتاسە، یەکجار هۆگر ◇ شیفته، والا

over-full *adjective*
لێوڕێژ، کەڵاڵە، سەرڕێژ، پڕ، تژی، دارماڵ ◇ لبریز

over-garment *noun*
بەرگ یان جلی سەرەوە ◇ جامەی رو

over-generous /ˌəʊvəˈdʒenərəs, US ˌoʊvərˈdʒ-/ *adjective*
دەسبڵاو، دەسشاش، عەبلەخەرج، زێدە بەدەسودڵ ◇ ولخرج

over-greedy *adjective*
بەتەماح، تەماحکار ◇ طمع‌کار

overground /ˈəʊvəgraʊnd, US ˈoʊvərg-/ *adjective, adverb*
لەسەر ڕووی عەرز، سەرعەرزی ◇ روزمینی

overgrown /ˌəʊvəˈgrəʊn, US ˌoʊvərˈgroʊn/ *adjective*
1 زۆر گەشەکردوو، یەکجار بەیەکاداو، زۆر تێکئاڵاو، پێشەڵانی، پڕگژوگیا، چڕەگیا، یەکجار هەڵداو 2 داپۆشراو لە، زۆر یا لە ڕادەبەدەر گەورە(وە)بوو ◇ 1 دارای رشد بی‌رویه 2 پوشیده از، بیش از حد بزرگ‌شده

overgrowth /ˈəʊvəgrəʊθ, US ˈoʊvərgroʊθ/ *noun*
زۆر بەیەکادان، چڕبوونی، یەکجار هەڵدان، زۆر تێکئاڵان: ***an overgrowth of moss in the lawn*** ◇ رشد بیش از اندازه

overhand /ˈəʊvəhænd/ = overarm

overhang /ˈəʊvəhæŋ, US ˈoʊvərh-/ *noun*
دەرپەڕیوی، زەقایی، قوتایی، زگدان، پێشهاتەیی، زەقەوەبوون، قوتەوەبوون ◇ بیرون‌زدگی، برآمدگی

overhanging *adjective*
1 دەرپەڕیو، قوت، زەق(ەوەبوو)، زگداو، پێشهاتە 2 شۆڕ، شۆڕەوەبوو، هەڵواسراو ◇ 1 برآمده 2 آویزان

overhaul /ˈəʊvəhɔːl, US ˈoʊvərh-/ *noun*
تێڕوانینی ورد، لێڕوانینی ورد و بە سەرنجانەوە، دەسپیاگێڕان، چاولێکردن (دەزگا و شتی وا) ◇ معاینه‌ی دقیق، سرویس

overhead /ˌəʊvəˈhed, US ˌoʊvərˈhed/ *adverb, adjective, noun*
adv ژوورسەر، لەسەرەوە، لەبان، لەسەرووی، لە ئاسمان(دا)، لە حەوا(دا) *adj* لەسەرەوە، لەژوور، لەبان، سەرەوە، ژوور(ەوە) *n* تێچوونی ژوورسەری، تێچوونە ژوورسەری یان ناڕاستەوخۆکان، سەربار ◇ *adv* بالای سر، در بالا، در هوا *adj* هوایی *n* هزینه‌های بالاسری

overhead charges *noun, pl.*
تێچوونە گشتییەکان ◇ هزینه‌های عمومی

overhead projector *noun*
ژوورسەرپیشاندەر، سەرەوەپیشاندەر، ئۆڤێرهێدی ڕووناکیدەرخەر ◇ اورهد پروژکتور

overheard /-ˈhɜːd, US -ˈhɜːrd/ = past and past participle of overhear

overheated /ˌəʊvəˈhiːtɪd, US ˌoʊvərˈh-/ *adjective*
1 فیشەکی، زۆرتووڕە، یەکجار ورووژاو، ڕقهەستاو، گڕژ 2 یەکجار گەرم ◇ 1 جوشی، بسیار هیجان‌زده 2 داغ

overheating *noun*
لە ڕادەبەدەر گەرمکردن، پیشاندن ◇ گرم کردن بیش از حد

overhung /-ˈhʌŋ/ = past and past participle of overhang

over-indulgence *noun*
چاوپۆشی لە رادەبەدەر، زیدەڕەوی ◇ اغماض مفرط، افراط

overinflated *adjective*
1 (نرخ) یەکجار، لەرادەبەدەر، لەئەندازبەدەر: *--nflated house prices* 2 پێوەنراو، زیدەڕۆیانە، هاڕەوگیفە ◇ 1 انتشار بیش از حد 2 مبالغه‌آمیز

overissue /ˈəʊvərɪʃuː/ *noun*
زۆر بلاوکردنەوە، زیدە دەرکردن، بە لێشاو دانەدەری، یەکجار پەزراندن یان دەرکردن ◇ انتشار بیش از حد

overjoyed /ˌəʊvəˈdʒɔɪd, US ˌoʊvərˈdʒ-/ *adjective*
شاد، سەرمەست، سەرخۆش، بەکەیف ◇ شنگول، مسرور

overkill /ˈəʊvəkɪl, US ˈoʊvərkɪl/ *noun, adjective*
n زیدەڕۆیی، ئەوپەڕگری، ئەوپەڕگیری، پەڕگیری، پێوەنان: *There is a danger of -rkill if you plan everything too carefully* *adj* زیدەڕۆیانە ◇ *n* افراط *adj* افراطی

overladen *adjective*
پڕ، سەرڕێژ، جمەهاتوو، تژی، دارماڵ، داپۆشراو، (دا)گرتوو، گیراو ◇ سرشار، مملو، پوشیده

overlaid /-ˈleɪd/ = past and past participle of overlay

overland /ˈəʊvəlænd, US ˈoʊvərl-/ *adjective, adverb*
adj زەمینی، سەرعەرز *adv* لە ڕێگای وشکانییەوە، بە ڕێگای وشکی(یەوە)، لە ڕێگای سەر عەرزەوە ◇ *adj* زمینی *adv* از راه زمین

overlap /ˈəʊvəlæp, US ˈoʊvərlæp/ *noun*
1 پێکاچوون، بەیەکاچوون، تێکپەڕین، چوونەنێویەک 2 بڕ یان بەشی پێکاچوو ◇ 1 هم‌پوشانی، تداخل 2 مقدار یا قسمت متداخل

overlapping *adjective*
پێکاچوو، بەیەکاچوو، تێکپەڕیو، نێویەکچوو ◇ متداخل

overlarge *adjective*
یەکجار گەورە، بێ‌ئەندازە مەزن یان زلە ◇ بسیار بزرگ

overlay /ˈəʊvəleɪ, US ˈoʊvərleɪ/ *noun*
1 توێ، بەرگ، توێژاڵ، توێژ، پەردە، داپۆشە، ڕووکەش، سواخ 2 پەڕێکی تەنک یان ناسک لەژوور نەخشە یان کارێکی هونەری، بۆ زانیاری زیاتر ◇ 1 پوشش، اندود 2 اورلای

overleaf /ˌəʊvəˈliːf, US ˌoʊvərˈliːf/ *adverb*
(لە) پشت‌پەڕ، لەوبەری پەڕەکە، لەودیوی پەڕەکە ◇ در پشت ورقه

overload /ˈəʊvələʊd, US ˈoʊvərloʊd/ *noun*
باری زیادی، سەربار، زیدەبار ◇ بار اضافی

overlong /ˌəʊvəˈlɒŋ, US ˌoʊvərˈlɔːŋ/ *adjective, adverb*
یەکجار درێژ، لە رادەبەدەر درێژ، دووروودرێژ ◇ بیش از حد طولانی

overlooker *noun*
چاودێر، زێرەڤان، سەخبێر ◇ ناظر

overlord /ˈəʊvəlɔːd, US ˈoʊvərlɔːrd/ *noun*
گەورەدەرەبەگ، گەورەخان، دەسەلاتبەدەست، دەس‌ڕۆیشتوو، خودا، بەهێز، دەسەلاتدار، هێزبەدەست (ب.ت. لە رابردوودا): *feudal overlords* ◇ ارباب بزرگ، مقتدر، حکمران

overly /ˈəʊvəli, US ˈoʊvərli/ *adverb*
لە رادەبەدەر، بێ‌داد، لە ئەندازبەدەر، یەکجار، زۆر ◇ بیش از اندازه، بسیار

overman /ˈəʊvəmən/ *noun, pl.* overmen
1 سەرکار، سەرکرێکار 2 (فەلسەفە) = superman ◇ سرکارگر

overmanned /ˌəʊvəˈmænd, US ˌoʊvərˈm-/ *adjective*
زیدەکرێکار، خاوەنی کرێکاری لە پێویست‌بەدەر، تووشی (هەل)ناوسانی هێزی کار، خاوەنی کرێکار یان کارکەری زیادی، overstaffed، دژی undermanned ◇ دارای کارگران اضافی یا بیش از نیاز

overmanning /ˌəʊvəˈmænɪŋ, US ˌoʊvərˈm-/ *noun*
بوونی کرێکاری زیادی، (هە)بوونی کرێکاری زیادی، زیدەکرێکاری: *the problems of overmanning in industry* ◇ دارا بودن کارگران اضافی

overmantel *noun*
نەخش، تاقە یا گەچ‌بڕی یا ڕەفحەی سەر ئاگردان ◇ طاقچه‌ی روی بخاری

overmastering *adjective*
زاڵ، بەسەرداشکاو، سوار، بەسەردازاڵ، تەکان‌لێ‌بڕیو، دەرەقەت‌نەهاتوو، هێزلێ‌بڕیو، کۆنتڕۆڵنەکراو، لە کۆنتڕۆڵ بەدەر، دەس‌بەسەردانەگیراو ◇ غالب، چیره، مسلط

overmighty *adjective*
یەکجار بەهێز، لەرادەبەدەر بەقەوەت ◇ بیش از حد قدرتمند

overmuch /ˌəʊvəˈmʌtʃ, US ˌoʊvərˈm-/ *adjective, adverb*
زیادی، ئەوپەڕگر، لە رادەبەدەر، بێ‌داد، لە ئەندازبەدەر، یەکجار، گەلێ: *Details did not concern him overmuch* ◇ مفرط، بیش از

حد، بسیار

overnight /ˈəʊvənaɪt, US ˈoʊvərn-, ˌəʊvəˈnaɪt, US ˌoʊvərˈn-/ *adjective, adverb, noun*
adj, adv بە درێژایی شەو، شەوانە، شەو، *n* لەناکاو، کتوپڕ، یەکشەوە، لە شەوێکدا ◌ گیربوون یان مانەوە یان بەندبوون بۆ شەوێ *adj, adv* در طول شب، ناگهان *n* توقف یا ماندن یک‌شبه

overpaid /-ˈpeɪd/ = past and past participle of overpay

over-particular = fussy

overpass /ˈəʊvəpɑːs, US ˈoʊvərpæs/ = flyover

overpayment /ˌəʊvəˈpeɪmənt/ *noun*
یەکجار پێدان، پێدانی زیادی، زۆرپێدان ◌ اضافه پرداخت

over-plus = surplus

overpopulated /ˌəʊvəˈpɒpjuleɪtɪd, US ˌoʊvərˈpɑːp-/ *adjective*
پڕدانیشتوو، زۆرلێ‌دانیشتوو، حەشیمەتی لە رادەبەدەر، پڕحەشیمەت ◌ دارای جمعیت بیش از اندازه

overpopulation /ˌəʊvəˌpɒpjuˈleɪʃn, US ˌoʊvərˌpɑːp-/ *noun*
حەشیمەتی زیادی، سەرژمێری لە رادەبەدەر، زیدەحەشیمەت: *the problems of overpopulation* ◌ اضافه‌جمعیت

overpowering /ˌəʊvəˈpaʊərɪŋ, US ˌoʊvərˈp-/ *adjective*
(یەکجار) بەهێز، بەقەوەت، یەکجار لەسەرێ، (زۆر) توند: *◊ an overpowering personality* ◌ *The heat was overpowering* قوی، شدید

overpoweringly /ˌəʊvəˈpaʊərɪŋli, US ˌoʊvərˈp-/ *adverb*
بە توندی، بەهێزانە ◌ شدیداً

overpriced /ˌəʊvəˈpraɪst, US ˌoʊvərˈp-/ *adjective*
زۆر گران، یەکجار گران(بایی)، بێداد گران ◌ بسیار گران

over-production /ˌəʊvəprəˈdʌkʃn, US ˌoʊvərp-/ *noun*
بەرهەمهێنانی زیادی، زیدەبەرهەمهێنان، زیاتر رەعەمەڵ‌هێنان، بەرهەمهێنانی لە رادەبەدەر ◌ اضافه‌تولید

overprotective /ˌəʊvəprəˈtektɪv, US ˌoʊvərp-/ *adjective*
زۆرپارێز، ئازادی بەرتەسککەرەوە، پاراستنی لە رادەبەدەر: *overprotective parents* ◌ ایمنی بیش از حد

over-proud *adjective*
فیزن، خۆخۆاز، بەدەمار، لەخۆبایی ◌ متکبر

over-qualified /ˌəʊvəˈkwɒlɪfaɪd, US ˌoʊvərˈkwɑːl-/ *adjective*
یەکجار لێهاتوو یا لێوەشاو ◌ بسیار واجد شرایط

overran /ˌəʊvəˈræn, US ˌoʊ-/ = past of overrun

overrated *adjective*
(زۆر)پێوەنراو، زیاتر گەورەکراو، لە رادەبەدەر گەورەکراو، بێ‌ئەندازە بەهێندگیراو، زیاتر بایەخ‌پێدراو (لە ئەندازەی خۆی) ◌ اغراق‌شده، بیش از حد بزرگ‌شده

overreacher = fraudster

overreaction /ˌəʊvəriˈækʃn, US ˌoʊ-/ *noun*
کاردانەوەی بەهێز، زیدەکاردانەوە، بەرچەکرداری لە رادەبەدەر، کاردانەوەی توند، کاردانەوەی ناهاوسەنگ ◌ واکنش افراطی

over-refinement *noun*
یەکجار پالاوتن، پارزینی لەرادەبەدەر ◌ تصفیەی بیش از حد

overridden /-ˈrɪdn/ = past participle of override

overriding /ˌəʊvəˈraɪdɪŋ, US ˌoʊvərˈr-/ *adjective*
یەکجار گرنگ، لە رادەبەدەر پێویست، بێ‌ئەملاوئەولا، بێ‌چەندوچوون، یەکلاییکەرەوە: *the overriding ◊ factor/consideration/concern* ◌ *Their overriding aim was to keep costs low* بسیار مهم، بی‌چون و چرا

overripe *adjective*
یەکجار گەیو، بل، ترشاو، بل، گەنیو، خراپبوو ◌ بسیار رسیده

overrode /-ˈrəʊd, US -ˈroʊd/ = past of override

overrun[1] /ˌəʊvəˈrʌn, US ˌoʊ-/ = past participle of overrun

overrun[2] /ˌəʊvəˈrʌn, US ˌoʊ-/ *noun*
زیدەخەرج، خەرج و تێچوونی پێش‌بینی‌نەکراو، زۆر هەڵگرتن: *a cost overrun* ◌ اضافه هزینه

oversaw /-ˈsɔː/ = past of oversee

overseas /ˌəʊvəˈsiːz, US ˌoʊvərˈs-/ *adjective, adverb, noun*
adj دەرەکی، بێگانە، بیانی: *overseas ◊ development/markets/trade* *adv* لە دەرەوەی وڵاتدا، دەرەوە، ئەوبەری دەریا، لە وڵاتانی بێگانە: *students/visitors* *n* وڵاتانی دەرەوە بە گشتی: *to live/work/go overseas* :abroad ◌ *adj* خارجی *adv* خارج از کشور *n* کشورهای خارجی (در کل)

overseen /-ˈsiːn/ = past participle of oversee

overseer /'əʊvəsɪə(r), US 'oʊvərsɪr/ *noun*
چـاودێر، زێرەڤـان، چاوبەسـەر، سەرپەرشـت، superintendent ،supervisor ◌ ناظر، مراقب، مباشر

over-sensitive /ˌəʊvə'sensɪtɪv, US ˌoʊvər's-/ *adjective*
ناسـک، دڵناسـک، زوودڵئێشـاو، زووڕەنجـاو، زووزیز، زووناڕەحەت(بوو) ◌ حساس، زودرنج

over-sensitivity *noun*
ناسـکی، دڵناسـکی، زوودڵئێشـاوی، زووڕەنجاوی، زووزیزی، زووناڕەحەتبوویی ◌ حساسیت، زودرنجی

over-serious *adjective*
وشک، (یەکجار) توند، یەکجار بەڕشت ◌ عنق، خشک

oversexed /ˌəʊvə'sekst, US ˌoʊvər's-/ *adjective*
حەشـەری، تینـووی گـان، یـەکجار بـە تالـوش، کەڵەسوو، سوورەوەبوو، کڵپەکردوو ◌ حشری

overshoe /'əʊvəʃuː, US 'oʊvərʃuː/ *noun*
پاتە، گالۆش، کەوشی جیر ◌ گالش

overshot[1] /-'ʃɒt, US -'ʃɑːt/ = past and past participle of overshoot

overshot[2] /-'ʃɒt, US -'ʃɑːt/ *noun*
دەخولێتـەوە بـەو ئـاوەی کـەوا لـە سـەرەوە بەسەریدا دەڕژێ، ئاوگەڕ، ئاوسوور، ئاوەخول ◌ آب‌گرد

overshot wheel *noun*
چەرخ یان پێچکەی ئاوگەڕ یان ئاوسوور ◌ چرخ آب‌گرد

overside /'əʊvəsaɪd/ *noun*
لەژوور لای کەشتییێ ◌ بالای طرفی از کشتی

oversight /'əʊvəsaɪt, US 'oʊvərs-/ *noun*
1 سـەهو، هەڵـەی نامەبەسـت، لـێ‌شـێوان، لێ‌تێکچوون: *I didn't mean to leave her name off the list; it was an oversight* 2 چـاودێری، زێرەڤـانی، سەرپەرشـتی: *The committee has oversight of finance and general policy* ◌ 1 سهو 2 نظارت، مباشرت

oversimplification /ˌəʊvəˌsɪmplɪfɪ'keɪʃn, US ˌoʊvərˌs-/ *noun*
یـەکجار سـادەکردنەوە یـان سـاکارکردنەوە ◌ سادەسازی افراط‌آمیز

oversimplified *adjective*
یەکجار سادەکراو، یەکجار یان زۆرساکارکراو، یەکجار سادەبووەوە ◌ بیش از حد سادەشدە

oversize /-saɪz/ *adjective*, also oversized
زۆر گـەورەتر، گـەورەتر، لـە ئەنـدازە گـەورەتر، هـەراو، فش، دەلـب: *Many children are being taught in oversized classes* ◊ *She wore a pair of baggy jeans and an oversized T-shirt* ◌ بسیار بزرگ، بزرگ‌تر

overskirt *noun*
سـەرداوێن، سـەردامێن، رووداوێـن، سـەرتەنوورە ◌ رودامنی

oversleeve *noun*
قۆڵچاخ، سـەرقۆڵ، قۆڵی پاراستن، رووقۆڵ ◌ رواستینی

overslept /-'slept/ = past and past participle of oversleep

oversold /ˌəʊvə'səʊld, US ˌoʊvər'soʊld/ = past and past participle of oversell

oversoul /'əʊvəsəʊl/ *noun*
1 راسـتی رەها یان تەواو 2 گیان یان رۆحی باڵا (یان سەروو)، گیانی خودایی ◌ 1 حقیقت مطلق 2 روح اعلی

overspend /'əʊvəspend, US 'oʊvərs-/ *noun*
خەرجی زیادی، خەرج یا تێچوونی لە رادەبەدەر ◌ هزینەی بیش از حد

overspill /'əʊvəspɪl, US 'oʊvərs-/ *noun*
1 حەشـیمەتی زیـادی، دانیـشتووانی زیـادی 2 زۆربوون، سەرڕێژ، (لێ)ڕژان ◌ 1 مازاد جمعیت 2 سرریز

overstaffed /ˌəʊvə'stɑːft, US ˌoʊvər'stæft/ = overmanned

overstatement /'əʊvəsteɪtmənt, US 'oʊvərs-/ *noun*
(زۆر)پێوەنان، زێدەڕەوی، زێدەبێژی ◌ مبالغه

overstimulation *noun*
هـاندان یـان بزواندنی لەڕادەبـەدەر ◌ انگیـزش بیش از حد

overstretched *adjective*
لـە کـردنبـەدەر، لەتوانابـەدەر، پـێ‌نـەکراو، زۆرلـەکارکراو، یـەکجارکارلێ‌کێشراو، رەتێنراو ◌ بیش از توانایی انجام

overstrung[1] *adjective*
ناسـک، دڵناسـک، زووڕەنجـاو، زوودڵئێشـاو، هەستیار، ناڕەحەت ◌ حساس، زودرنج، عصبانی

overstrung[2] *adjective*
(پیانۆ) تاڵ و ژێ‌یەکانی چەپوڕاست لێکدراون، ژێ‌چەپوڕاستی ◌ دارای سیم‌بندی ضرب‌دری

oversubscribed /ˌəʊvəsəb'skraɪbd, US ˌoʊvərs-/ *adjective*
کەمتر لە بڕی داواکراو (یان ویـستراو)، یـەکجار داوای دەکرێ، کەمتر لەوەی بەردەست ◌ کم‌تر از مقدار تقاضاشده

over-suspicious *adjective*
بەدگومان، بەشک، بێ‌باوەڕ، زۆرگوماناوی ◌ شکاک

overt /əʊ'vɜːt, 'əʊvɜːt, US oʊ'vɜːrt,

'oʊvɜ:rt/ *adjective*
ئاشکرا، دیار، خویا، (لە)بەرچاو، بێ‌پەردە ۞ علنی، هویدا
overtaken /-'teɪkən/ = past participle of overtake
overtaxation *noun*
باجدانانی لەرادەبەدەر ۞ مالیات‌بندی بیش از حد
over-the-counter *noun*
دەسکەوتوو بێ‌ڕاچیتە یان دیکرایشن، گیرکەوتوو بێ نوسخە ۞ قابل حصول بدون نسخه
over-the-top *noun*
کردەوەی گەوجانە ۞ عمل احمقانه
overthrew /-'θru:/ = past of overthrow
overthrow /'əʊvəθrəʊ, US 'oʊvərθroʊ/ *noun*
1 تیاچوون، هەلاوگێربوون، تێکچوون، تێکدان، لەنێوبردن، هەرەماندن، هەڵتەکان، سەروبن‌بوون، لابردن، هەرەس‌پێ‌هێنان، رووخان، تێک‌تەپین 2 تێ‌شکان، شکست 3 (کریکیت، بەیسبۆل و...) هاویشتنی (زۆر) دوور، زۆر بەرز لێدانی تۆپ ۞ 1 سرنگونی، انقراض، سقوط 2 شکست 3 پرتاب دور
overthrown /-'θrəʊn, US -'θroʊn/ = past participle of overthrow
overtime /'əʊvətaɪm, US 'oʊvərt-/ *noun, adverb*
1 *n* کاری زیادی، زیادەکاری، زیدەکاری: *to overtime* ◊ *do/work overtime* *The union* ◊ *pay/earnings/hours* *announced a ban on overtime* 2 (فوتبۆل و هتد) کاتی زیادی، زیدەوەخت *adv* بە زیادەکاری ۞ 1 *n* اضافه‌کار 2 وقت اضافه *adv* به طور اضافه‌کار
overtimer /'əʊvətaɪmə(r), US 'oʊvərt-/ *noun*
زیدەکار(کەر)، زیادەکار ۞ اضافه‌کار
overtly *adverb*
بە ئاشکرایی، بێ‌پەردە، بێ‌لەروودامان ۞ علناً
overtired /ˌəʊvə'taɪəd, US ˌoʊvər'taɪərd/ *adjective*
لەپێ‌کەوتوو، یەکجار ماندوو، زۆر شەکەت ۞ ازپای افتاده
overtone /'əʊvətəʊn, US 'oʊvərtoʊn/ *noun*
1 (موسیقا) هارمۆنیک، ئاوازی گونجاو 2 واتا یان مانای زیادی، زیدەواتا، suggestion، connotation ۞ 1 هارمونیک 2 معنی اضافی
overtones *noun, pl.*
ئاماژەکان، نیشانەکان ۞ اشارات
overtook = past of overtake
overtrousers *noun, pl.*
شەلواری پاراستن یان بارانی، سەرشەلوار ۞ روشلواری
overture /'əʊvətʃʊə(r), -tjʊə(r), US 'oʊvərtʃər, -tʃʊr/ *noun*
1 (موسیقا) پێشەکی 2 پێشنیاز، پێشنیار 3 (overtures) پێشنیار(ەکان)، پێشنیاز(ەکان)، پێوەندی، تێکەڵی: *Maggie was never one to* *He began* ◊ *reject a friendly overture* *making overtrues to a number of* *merchant banks* ۞ 1 پیش‌درآمد، مقدمه 2 پیشنهاد 3 (در جمع) پیشنهاد، رابطه
overturn /'əʊvətɜ:n, US 'oʊvər'tɜ:rn/ *noun*
1 هەڵگێرانەوە، ئاوەژووکردن، قلپ‌کردنەوە، وەرگەڕاندن، هەلاوگێڕکردن، سەروبن‌کردن، سەرەونخون‌کردن، سەروقون‌کردن 2 وەرگەڕان، قلپ‌بوونەوە ۞ 1 انقلاب، واژگونسازی 2 واژگونی
overuse /ˌəʊvə'ju:s, US ˌoʊvər'j-/ *noun*
یەکجار بەکارهێنان، زۆرلە‌کارکردن، زیادی‌خستنەکار ۞ استعمال یا مصرف بیش از حد
overvaluation *noun*
یەکجار گرنگی‌پێدان، زۆربەهاپێدان، یەکجارسەنگاندن، زۆرگەورەکردنەوە، زۆربایەخ‌پێدان، یەکجارنرخاندن، زۆربەهێندگرتن ۞ اهمیت‌دادن بیش از حد
overview /'əʊvəvju:, US 'oʊvərv-/ *noun*
چاوپیاخشاندن، چاوپیاگێرانەوە، پیاچوونەوە، باس‌کردن بە کورتی، بۆچوونی گشتی، دیتنی بە گشتی، تێڕینی بە گشتی، survey ۞ نظر اجمالی
overwater *adjective*
هەڵکەوتوو یا ڕوودەدا لەژوور ئاوەوە، سەرئاوەکی ۞ واقع در روی آب
overweening /ˌəʊvə'wi:nɪŋ, US ˌoʊvər'w-/ *adjective*
زیدڕۆ، لە ڕادەبەدەر، لە ئەندازبەدەر، ئەوپەڕگر، زۆرلەخۆڕادیتوو، لەخۆبایی، یەکجار باوەڕبەخۆ ۞ افراطی، مغرور
overweeningly /ˌəʊvə'wi:nɪŋli, US ˌoʊvər'w-/ *adverb*
ئەوپەڕگرانە، زیدەڕۆیانە ۞ به طور افراطی
overweight /ˌəʊvə'weɪt, US ˌoʊvər'w-/ *noun, adjective*
1 *n* یەکجارقەڵەو، قەڵەوی، قورس 2 گران، قورس، سەربار، باری زیادی، تەمبەڵیت *adj* قەڵەو، قورس‌تر (لە پێویست): *She was only* *a few pounds overweight* ۞ 1 *n* اضافه‌وزن 2 *adj* اضافه‌بار، چاق
overwhelming /ˌəʊvə'welmɪŋ, US ˌoʊvər'w-/ *adjective*
توند، سەخت، لەپێخەر، شڵەژێنەر، زۆرهێنەر، تێک‌شکێنەر، لەنێوبەر، تێک‌وپێکدەر،

دەرەقەت‌نەهاتوو، یەکجار گەورە، بەرچاو، بڕا، بڕینەرەوە، یەکلایی‌کەرەوە، کۆتایی‌پێهێنەر، یەکجاری‌کەرەوە: *The evidence against an -elming ◊ him was overwhelming There was overwhelming ◊ sense of loss* ◌ *support for our policies* کوبنده، شدید، قاطع

overwhelmingly /ˌəʊvəˈwelmɪŋli, US ˌoʊvərˈw-/ *adverb*
بە توندی، توند، بە سەختی: *They voted* ◌ *overwhelmingly against the proposal* به شدت

overwhelming majority *noun*
زۆرینەی یەکلایی‌کەرەوە یان بڕینەرەوە ◌ اکثریت قاطع

overwork /ˌəʊvəˈwɜːk, US ˌoʊvərˈwɜːrk/ *noun*
کاری زیادی، کاری سەخت(وگران)، کاری قورس و کەرژاڵ: *His illness was brought on by money worries and -rk* ◌ کار مفرط، کار اضافی

overworked /ˌəʊvəˈwɜːkt, US ˌoʊvərˈwɜːrkt/ *adjective*
(وشە یا دستەوشەیێ) لە رادەبەدەر بەکارهێنراو، چەندبارەوەبوو، سوواو، کلیشەیی، لەکارکراو، بنێشتەخۆشکە، زۆربەکارهاتوو، زۆرکارلێ‌کێشراو ◌ کلیشه‌ای، بسیار مورد استعمال قرارگرفته

overwritten /-ˈrɪtn/ = past participle of overwrite

overwrote /-ˈrəʊt, US -ˈroʊt/ = past of overwrite

overwrought /ˌəʊvəˈrɔːt, US ˌoʊvərˈr-/ *adjective*
1 نارەحەت، رق‌هەستاو، وروژاو، ئارام‌لێ‌هەڵگیراو، بێ‌ئۆقرە، هەژیو، بەدڵەتەپێ‌کەوتوو 2 لەپێکەوتوو، (زۆر)رەتاو، زۆرماندوو 3 نگەران، دڵلەدوا 4 یەکجار نەخشاو یان رازاوە، لە رادەبەدەر جوان‌کراو ◌ 1 عصبی، هیجان‌زده 2 بسیار خسته 3 دلواپس 4 بیش از حد تزیین‌شده

overzealous /ˌəʊvəˈzeləs, US ˌoʊvərˈz-/ *adjective*
سەوداسەر، شێت‌وشەیدا، یەکجاربەپەرۆش ◌ واله، شیفته

ovi- (or ovo)- *prefix*
پێشگر: توخم، هێلکە، هێک، هێلکۆکە: *ovicide, oviduct* (بنەڕەت: لە لاتینەوە *ovum* "egg") ◌ پیشوند: تخم، تخمک

ovicidal *adjective*
هێلکۆکەکوژ، توخم‌کوژ، هێلکۆکەفەوتێن ◌ تخمک‌کش

ovicide *noun*
هێلکۆکەکوژ، هێلکۆکەتیابەر، مەتریالی توخم‌کوژ یان هێلکۆکەکوژ ◌ تخمک‌کش، ماده‌ی تخمک‌کش

oviduct /ˈəʊvɪdʌkt, US ˈoʊ-/ *noun*, also Fallopian tube
پێچەوانەش خوێنراو، دووسەریەک (بۆ نموونە madam یان 1881؛ palindromic /'palɪndrəʊm/ *adj*: سەربە palindrome؛ palindromist *n*، بنەڕەت: لە *palindromos* یۆنانی "راکردن بۆ دواوە") ۞ جناس مقلوب

palingenesis /ˌpalɪn'dʒɛnɪsɪs/ *noun*
1 گیانگۆڕکێ، گیانڕەوی، metempsychosis 2 نوێکردنەوە، تازەکردنەوە 3 دەرکەوتنەوە، پەیدابوونەوە ۞ 1 تناسخ 2 تجدید 3 نوپیدایی

palingenetic *adjective*
1 سەربە گیانگۆڕکێ یان گیانڕەوی 2 نوێکردنەوەیی، تازەکردنەوەیی ۞ 1 وابستە بە تناسخ 2 وابستە بە تجدید

palings *noun, pl.*
پەرژین، تەیمان، چەپەربەندان، سەرگێڕ، کونگی، حەسار، نەردە؛ دار و پەردووی سازکردنی پەرژین ۞ حصار، نردە؛ چوب برای حصارسازی

palinode /'palɪnəʊd/ *noun*

هەڵبەستێ کە لەودا هۆنەر لە بۆچوونی خۆی لە هەڵبەستی دواترا پەشیمان دەبێتەوە ۞ پالینود
palisade /ˌpælɪˈseɪd/ *noun*
1 چەپەر، سەنگەری دارین، تەیمان، پەرژین، بەنداوی چەپەری، سەکر 2 (palisades، لە ئەمریکا) زنجیرەهەڵدێر (ب.ت. بە درێژایی رووبار، دەریا یان ئۆقیانووس) ۞ 1 سنگر چوبی، سد چوبی 2 (در جمع) رشته پرتگاه
palisade cell *noun*
خانەی توێ یان شانەی پەرژینی (یان میلەمیلە) ۞ سلول لایەی نردبانی
palisade layer *noun*, also p- mesophyll or p- parenchyma or p- tissue
(رووەکناسی) توێ یان شانەی پەرژینی (یان میلەمیلە)، توێیێکی خانە ستوونییەکان کە کلۆرۆپلاستیکی زۆری تایە و لەژێر رووپێستی سەرووی گەڵاوەیە، توێی سەرووی epidermis ی، دروست لەژێر ئاست یان رووی گەڵایی کە ریزی خانەی ستوونی لێکنزیکی تایە و کاراترین شوێنی رۆشنەپێکهاتنە photosynthesis (بڕوانە spongy parenchyma) ۞ لایەی نردبانی
pall /pɔːl/ *noun*
1 تارا، پارچەی سەر دارتەرم، تەرمپۆش، سەرتەرم، دارەتەرمپۆش، پەردەی سەر تابووت، رووتابوت 2 دارەتەرم، تابووت 3 (خوازە) هەوری رەش، پەردەی رەش، پەردە ۞ 1 پال 2 تابوت 3 (مجازی) ابر سیاه
Palladian /pəˈleɪdɪən/ *adjective*
ئاماژە بە شێوازێکی نیوکلاسیکی سەدەی 16 (لە لایەن سازەوان یان ئارکیتێکتی ئیتالیایی Andrea Palladio (1508-1580)، لە سەدەی 18دا لە ئینگلتەرە بووژێترایەوە ۞ پالادین
Palladianism *noun*, also palladian style
پالادیەنیزم ۞ پالادینیسم
Pallas /ˈpæləs/ *noun*, also Athena or Athenae, Latin *Pallad-*, *Pallas*
خواژنی ژیری (لە میتۆلۆژی یۆنانیدا، هەروەها Pallas Athena) ۞ پالاس
palladium /pəˈleɪdiəm/ *noun*, *pl.* palladia /-dɪə/
1 (Palladium) پەیکەری پالاس 2 (کۆن، خوازە، کۆ: palladia) پشتوپەنا، پالپشت (بنەڕەت: بە ریگای لاتین لە *palladion* یۆنانی، ئاماژە بە پەیکەری خوابانوو پالاس (ئاتین) کە باوەڕ بە مانەوەی ترۆی بەند بوو بە پاراستنی پەیکەرەکە) ۞ 1 تندیس پالاس 2 پناه
palladium /pəˈleɪdiəm/ *noun*
1 پالادیۆم (بە ژ.گ. 46، ن. Pd، کانزایەکی سپییە و لە پلاتین دەچێ و لەویش سووکترە؛ palladous *adj*) 2 یەکێ لە هەسارۆکەکانی asteroid هەڵکەوتوو نێوان بارام و ورمز (دۆزراو لە 1803) ۞ پالادیوم
pallbearer *noun*
دارەتەرمهەڵگر، تەرمهەڵگر؛ ئەندامی کۆمەڵەی برایەتی کە لە رێوڕەسمی ناشتندا بەشداری دەکا (ئەو تەرم هەڵناگرێ) ۞ تشییع‌کننده
pallet[1] /ˈpælət/ *noun*
1 دۆشەکی (لە) کا، دۆشەکی کاوپووش 2 تەختی (خەو) باریک و رەق 3 تەختەرەنگ یان پالێتی هونەرمەندێ ۞ 1 تشک کاهی 2 و 3 پالت
pallet[2] /ˈpælət/ *noun*
1 تەتەڵە، ماڵەی دارین 2 چەرخی هەڵگرتنی بار یان بارکێشی؛ سەکۆ یا هەرزاڵەی راگوێستن ۞ 1 مالەی چوبی 2 چرخ حمل بار؛ پالت
palletization *noun*
دانان یان راگوێستنی شتومەک و کەرەسە لە ژوور سەکۆ یان هەرزاڵەی راگوێستن (palletizer *n*) ۞ پالتیزاسیون
pallette *noun*
زرێی شان، تەبەقی بنپیل لە دەستێ زرێدا ۞ پالت
pallia = plural form of pallium
palliasse /ˈpæliæs, US pælˈjæs/ *noun*
دۆشەکی (لە) کا یان کایی، دۆشەکی کاوپووش ۞ تشک کاهی
palliation /ˌpæliˈeɪʃn/ *noun*
1 دامرکاندن، ئارامکردنەوە، ئەهۆنکردنەوە، هێورکردنەوە 2 داشکاندن، سووککردن ۞ 1 تسکین 2 تخفیف
palliative /ˈpæliətɪv/ *noun, adjective*
n دەرمانی ئارامکەرەوە یان ژانبڕ، دەرمانی دامرکاندن *adj* ئارامکەرەوە، هێورکەرەوە، دامرکێنەر: *palliative* ◊ *palliative surgery* *short-term* ◊ *palliative treatment* ◊ *care*) *palliative measures* palliatively /ˈpæliətɪvli/ *adv* (دامرکێنەرانە) ۞ *n* مسکن *adj* تسکین‌دهنده، فرونشان
palliator *noun*
داشکێنەر، کەمکەرەوە ۞ کاهش‌دهنده
pallid /ˈpælɪd/ *adjective*
1 رەنگزەرد، زەردی، رەنگپەریو، رەنگبزرکاو: *a pallid countenance* 2 ناگرنگ، بێرەنگوبۆ (pallidly *adv*: رەنگزەردانە، بە شێوەیێکی رەنگزەرد، رەنگبزرکاوانە) ۞ 1 رنگ‌باخته 2 بی‌اهمیت
pallidness /ˈpælɪdnəs/ *noun*, also paleness
رەنگزەردی، زەردی، رەنگپەریوی ۞ رنگ‌باختگی
pallium /ˈpalɪəm/ *noun*, *pl.* pallia /-lɪə/ or palliums
1 عەبا یان جبەی پەشمینەی پاپ 2 جبە یان

بالاپۆشێکی چوارگۆشەی پیاوانە کە سەردەمانی کۆن لەبەریان دەکرد 3 (گیانەوەرناسی) بەرگ (یان قاوخ) ی mollusc یان brachiopod 4 (توێکاری) پەردە یان دیوارەی دەرەوەی مێشکی گوانداران (pallial *adj*) ◌ پالیوم

pall-mall /pal'mal/ *noun*
پالمال (جۆرێ کایەی سەدەکانی 16 و 17، کە لەودا تۆپێ دەخرایە ناو ئالقەیێکی ئاسنی کە لەوسەری کۆلانەکە دابەسرابوو) ◌ پالمال

pallor /'pælə(r)/ *noun*
ڕەنگزەردی، ڕەنگپەڕیوی، ڕەنگبزرکاوی ◌ رنگباختگی

pally /'pæli/ = (pallier, palliest) pall

palm[1] /pɑːm/ *noun*
1 دار خورما، قەسپ [خێزان Palmae: گەلێ جۆرن] 2 گەڵای خورما (نیشانەی سەرکەوتن) 3 (خوازە) لەسەرتربوون، بەسەرداشکانەوە، سەرکەوتن، victory، triumph (palmlike *adj*: ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ 1 درخت نخل 2 برگ نخل 3 تفوق، پیروزی

palm[2] /pɑːm/ *noun*
1 ناودەس(ت)، لەپی دەس، ناولەپ، لەواسە، بەری دەس، لەم، هەبەک، چەپ 2 پانایی یان لەپی سەوڵ 3 بەشی لەپی یان پانایی شاخی ئاسک یان گاکێوی 4 بست 5 پانایی ◌ 1 کف دست 2 و 3 پالم 4 وجب 5 پهنه

palmar *adjective*
ناودەسی، هەبەکی، لەمی، سەربە لەپی دەس یان بەری دەس، لەپی، چەپی، پێوەندی بە چەپەوە هەیە ◌ وابسته به کف دست

palmary *adjective*
دیار، سەرەکی، سەرتر، بنگەهی، بنچینەیی، outstanding ◌ برجسته، اصلی

palmate /pɑːlmeɪt/ *adjective*, also palmated
(ب.ت. ڕووەکناسی و گیانەوەرناسی) ناودەسئاسا، لەواسەئاسا، لەپی، وەک بەر یا لەپی دەس، پەنجەیی، پەردەیی، پەردەدار: *a palmate antler* ◊ *a palmate leaf* (palmately *adv*؛ palmated *adj*) ◌ کف‌دست‌مانند

palmate newt *noun*
قورناویلکەی بێ پەردەیی [*Triturus helveticus*] ◌ نوعی سمندر آبی

palmation /pɑːl'meɪʃn/ *noun*
(ڕووەکناسی) شێوەی پەنجەیی ◌ شکل پنجه‌ای

palmcorder /'pɑːmkɔːdə(r), US -kɔːrd-/ *noun*, also Palmcorder
کامێرا یا دووربینی لەپی ◌ نوعی دوربین ویدیویی

palmer *noun*
1 زیارەتوانی وڵاتی پیرۆز کە بە لقێ یان گەڵا خورمایی دەگەڕاوە (وەکوو نیشانەی زیارەتکردنی) 2 ڕەبەنی دەروێش یان گەڕۆک (بنەڕەت: لە فەرەنسی ئەنگلۆنۆرمان، لە *palmarius* لاتینی سەدەکانی نێوەڕاست "pilgrim"، لە لاتین *palma* ("palm") ◌ 1 پالمر 2 راهب سیار

palmetto /pæl'metəʊ, US -toʊ/ *noun*, *pl.* palmettos
دارەخورمای باوەشێنی: گەلاکانی باوەشێنین [*Sabal palmetto* (باشووری ڕۆژهەلاتی ئەمریکا) و جۆرەکانی تر] ◌ نخل بادبزنی

palmful *noun*, *pl.* palmfuls
ناودەسێ، پڕ لەپی دەسێ، لاویچێ، مشتێ ◌ به اندازه‌ی کف دست

palmiped *adjective*, *noun*
پەردەدار، پەنجەپەردەیی، باڵندە پەنجەپەردەیی ◌ پالمی‌پد

palmipede = palmiped

palmist /'pɑːmɪst/ *noun*
ناودەسبین، فاڵگرەوە بە لەپی دەس، ناودەسخوێن(ەرەوە) ◌ کف‌بین

palmistry /'pɑːmɪstri/ *noun*
ناودەسبینی، فاڵگرتنەوە بە لەپی دەس، ناودەسخوێندنەوە ◌ کف‌بینی

palmitate /'palmɪteɪt/ *noun*
خوێ یا ئێستێری ترشەلۆکی پالمیتیک ◌ پالمیتات

palmitic acid /pal'mɪtɪk/ *noun*
(کیمیا) ترشەلۆکی پالمیتیک $C_{16}H_{32}O_2$، لە ڕۆنی ناوکی دارخورما و سەوزەکانی تر و بەز و پیوی گیانەوەران دەگیرێ و بۆ بەرهەمهێنانی سابوون بەکاردێترێ ◌ اسید پالمیتیک

palm oil /'pɑːm ɔɪl/ *noun*
ڕۆنی دارەخورما، ڕۆنی ناوک یان نێوکی دارەخورما ◌ روغن نخل

palm reader = palmist

palm-sap /'pɑːm sæp/ *noun*
پیوی خورما ◌ پیه‌ی خرما

palm-sized *adjective*
دەستی، لەپی، لەپئەندازە ◌ پام‌سایز

palm-sized computer *noun*
کامپیوتێری دەستی (لە نێو دەستا جێی بێتەوە) ◌ کامپیوتر پام‌سایز

Palm Sunday *noun*
یەکشەممەی بەرلە جەژنە فتیرە ◌ یکشنبه‌ی قبل از عید پاک

palm tree *noun*
دارە خورما ◌ درخت خرما

palmtop /'pɑːmtɒp, US -tɑːp/ *noun*
کامپیوتێری چکۆلە، کامپیوتێری دەستی ◌ کامپیوتر کوچک

palm wine *noun*
مەی یان بادەی خورما ◌ شراب خرما

palmy /ˈpɑːmiː/ *adjective* (palmier, palmiest)
1 پڕ لە دارەخورما 2 سەرکەوتوو، بەختەوەر، بەرەونەق، بەبرەو، پرگەشە ◇ 1 پر از نخل 2 موفق، پررونق

palmyra /pælˈmaɪrə/ *noun*
جۆرێ دارخورمای باوەشێنی ئاسیایی کە دار، ریشال و بەر و میوە دەگرێ [*Borassus flabellifer*] ◇ پالمیرا

palomino /ˌpæləˈmiːnəʊ, US -noʊ/ *noun, pl.* palominos
1 پەلۆمینۆ (ئەسپێ بە رەنگی زەرد و یال و کلکی سپی‌یەوە) 2 جۆرێ ترێی سپی بۆ دروس‌کردنی شێری و مەی بەقەوەت ◇ پالومینو

palooka /pəˈluːkə/ *noun*
(ئافەرمی) لات، بەرەلا، زلحیز، کەلەگا ◇ لات

Palouse /pəˈluːz/ *noun, pl.* same or Palouses
ئەندامی گەلێکی سوورپێستی دانیشتووی دۆلو دەرەی رووباری پالووزی باشووری رۆژاوای واشینگتون و باکووری رۆژاوای Idaho ◇ پالوز

paloverde /ˌpaləʊˈvɜːdi/ *noun*
سەوزەدار: دارێکی گوڵزەردی درکاوی لە دەشتە گەرمەکانی ئەمریکا شین دەبێ [توخم *Cercidium*] ◇ پالووردی

palp /palp/ *noun*
(گیانەوەرناسی) شاخ، سمێل، سمێلە ◇ شاخک

palpal *adjective*
شاخی، سەربە سمێل، سمێلەیی ◇ وابسته به شاخک

palpability /ˌpælpəˈbɪləti/ *noun*
هەستپێکراوی، بەرکەوتوویی، دەستلێدراوی ◇ محسوسیت، لمس‌پذیری

palpable /ˈpælpəbl/ *adjective*
1 هەستپێکراو، بەرکەوتوو، لێکەوتوو، دەستلێدراو، دەسی لێدەدرێ 2 دیار، بەرچاو، ئاشکرا، خویا، روون (palpably /-əbli/ *adv*: بە ئاشکرایی) ◇ 1 محسوس، لمس‌پذیر 2 واضح، مشهود، معلوم

palpate /ˈpælpeɪt/ *adjective*
خاوەن‌شاخ، بەسمێل ◇ دارای شاخک

palpation /pælˈpeɪʃn/ *noun*
دەس‌لێکەوتن، دەس‌لێدان، تێڕوانین بە دەس‌لێدان، دەس‌پیاگێڕان (ب.ت. بۆ مەبەستی پزشکی) ◇ لمس، معاینه با دست

palpebra *noun, pl.* palpebrae
پێلوو، پەلک، پەردەی چاو، بەلگ، کۆپک ◇ پلک

palpebral /ˈpalpɪbr(ə)l/ *adjective*
پێلوویی، سەربە پەلک یا پەردەی چاو، بەلگی، کۆپکی (بنەڕەت: لە late Latin *palpebralis* لە *palpebra* لاتین "eyelid") ◇ وابسته به پلک

palpebrate /ˈpalpəbreɪt/ *adjective*
پێلوودار، بەلگاوی، کۆپک‌دار ◇ پلک‌دار

palpi /-pʌɪ, US -pi/ = plural form of palpus

palpiform *adjective*
شاخ‌ئاسا، شاخی، سمێڵئاسا، سمێلی، وەکوو شاخ، شێوەشاخ ◇ شاخکی‌شکل

palpitant /ˈpalpətənt/ *adjective*
(دەگمەن) لەرزۆک، لەرزیو، لەرزۆک، لێداو، لێدەر، پلدەر ◇ لرزان، تپنده

palpitation /ˌpælpɪˈteɪʃn/ *noun*
1 (دل) لێدان، ترپە 2 (palpitations) لێدانی دڵ 3 دڵەکوتە، دڵەخورپە، دڵەلەرزە، دڵەتەپێ، دڵەڕاوکە ◇ 1 تپش 2 (در جمع) تپش قلب 3 دل‌شوره، اضطراب

palpus /ˈpalpəs/ *noun, pl.* palpi /-pʌɪ, -pi/, also palp
شاخ، سمێلە: چوکلە یان دەربەرێوی‌یێکی جەشتن یان شاخ‌ئاسایێ برگەبرگە process segmented ◇ شاخک

palsied /ˈpɔːlzid/ *adjective*
شەپلەلێدراو، تووش‌بوو بە شەپلە، فەلەج، لەپۆل ◇ فلج

palsy /ˈpɔːlzi/ *noun, pl.* palsies
شەپلە، فەلەجی، شەلەل، لەرزۆکی، paralysis ◇ فلج

palsy-walsy *adjective*
خۆمانە، دۆستانە، گەرم(وگوڕ) ◇ خودمانی

paltriness /ˈpɔːltrinəs/ *noun*
ناگرنگی، هیچەکەیی، ئایەخی، سووکی، بێ‌نرخی، بێ‌بایەخی ◇ ناچیزی، بی‌ارزشی

paltry /ˈpɔːltri/ *adjective* (paltrier, paltriest)
هیچ، هیچەکە، کەم، بێ‌نرخ، بێ‌بایەخ، ناگرنگ، ئایەخ، سووک: *a paltry sum*، *a paltry gesture* ◇ ناچیز، بی‌ارزش، بی‌اهمیت، فرومایه

paludal /pəˈl(j)uːd(ə)l, ˈpal(j)ʊd(ə)l/ *adjective*
(ژینگەناسی) زەلکاوی، زۆنگاوی، لە ژینگەی زەلکاوی‌دا هەیە، زەلی، سەربە یان پێوەندی بە زەلکاوەوە هەیە، marshy ◇ مردابی

paludamentum /pəˈluːdəˈmentəm/ *noun*, also paludament
کۆڵوانە یان چارۆکەی پاتشایی (یان شەڕ(ی)، تەرگەی پاتشایی یان شەڕی، تەرگەی جەنگی ◇ شنل پادشاهی یا جنگی

paludine *adjective*
زەلکاوی، زۆنگی، چامۆری ◇ مردابی

paludose *adjective*
زەلکاوی، زۆنگی، چامۆری ◇ مردابی

paludism /ˈpæljʊdɪzəm/ = malaria

paly /ˈpeɪli/ *adjective*

1 کەمێ ڕەنگ‌زەرد 2 (heraldry) دابەش بووە بەسەر میلی ئەستوونی بەرامبەر ۞ 1 نسبتاً رنگ‌پریده 2 پالی

palynology /ˌpalɪˈnɒlədʒi/ *noun*
پالینۆلۆژی، هەڵاڵەناسی (لێکۆڵینەوەی دەنکەکانی هەڵاڵە یان تووی تر، ب.ت. ئەگەر لە چینە نیشتووەکانی زەویناسی یان شوێنەوارناسی پەیدا بووبێ؛ palynological *adj*، palynologist *n*) ۞ پالینولوژی

Pama-Nyungan /ˌpɑːməˈnjʌŋgən/ *djective*
پاما-نیانگین: سەربەو کۆمەڵە یان خێزانە سەرەکی‌یەی زمانە سەرەتانشینەکانی ئەوسترالیا ۞ پاما-نیانگان

pampas /ˈpæmpəs, US -pəz/ *noun*
مێرگ، شینەلانی، دەشت، سەوزەلانی، جارەگیا (ناوچەیەکی بەرین لە ئەمریکای باشووری کە کەم‌دارە و دەشتێکی سەوزەلانی‌یە) ۞ پامپاس

pampas grass *noun*
(ڕووەکناسی) گیامێرگەلان؟: جۆرێ گیای درێژی ئەمریکای باشووری [*Cortaderia selloana*] ۞ نوعی گیاه

pampered *adjective*
نازدار، نازپەروەردە، نازنازی ۞ لوس

pampero /pamˈpɛːrəʊ/ *noun, pl.* pamperos
بادەشت: بایێکی توند و ساردی باشووری ڕۆژاوای ئەمریکای باشووری (بنەڕەت: لە *pampas* ـسپانیایی‌یەوە "دەشت") ۞ پامپرو

pamphlet /ˈpæmflət/ *noun*
سیپارە، نامیلکە ۞ رساله، جزوه

pamphleteer /ˌpæmfləˈtɪə(r), US -ˈtɪr/ *noun*
نامیلکەنووس، سیپارەنووس، وتارنووس ۞ رساله‌نویس

pamphleteering *noun*
نامیلکەنووسی، سیپارەنووسی، وتارنووسی ۞ رساله‌نویسی

Pamphylian /pamˈfɪlɪən/ *noun, adjective*
n دانیشتووی ناوچەی کۆنی Pamphylia، لە باشووری ئاسیای بچووک، پامفیلیایی *adj* سەربە پامفیلیا، پامفیلیایی ۞ پامفیلیایی

pan[1] /pæn/ *noun*
1 تاوە 2 تاوەیێ 3 تاتەرازوو، تا، پەلە، ساج (تەرازوو) 4 قوڵکاو، چاڵاو 5 چاڵ، قوڵکە 6 لەگەن، کاسە (دەس‌بەئاو) 7 تەپڵی کانزایی یان ئاسنین 8 (ئافەرمی) دەم‌وچاو، سەروسەکوت 9 چینی ڕەق و سەختی گڵی داگیراو 10 (دەرهێنانی زێڕ و هتد) تەشت (pan-like *adj*)
۞ 1 ماهی تابه 2 پان 3 کفه‌ی ترازو 4 گودال آب 5 حفره 6 لگن 7 طبل فلزی 8 (عامیانه) صورت 9 چینه‌ی سفت زمین 10 لاوک

pan[2] /pɑːn/ = paan

Pan /pɑːn/ *noun,* Latin, from Greek
پەن (= خودای دەشت و دارستان، میسولۆژی یۆنانی) ۞ پن

pan- /pæn/ *prefix*
پێشگر: هەمە، هەموو، بە تەواوەتی، تەواو، گشت، تێکڕا، سەرتاسەر، سەرانسەر: -*pan-African*، *panchromatic*، *panleukopenia* (بنەڕەت: لە *pan* یۆنانی، لە *pas*ـەوە "all") ۞ پیشوند: همه، سراسر

panacea /ˌpænəˈsiːə/ *noun*
دەرمانی هەموو دەردێ، نۆژداروو ۞ داروی عام

panache /pəˈnæʃ, US pæˈn-, -ˈnɑːʃ/ *noun*
1 ئەداوئەتوار، تەوروئەدا، نازونووز، تەرزوئەدا 2 پەڕی تاس‌کڵاو، چەپکی ڕازاوە (بۆسەر تاس‌کڵاو) ۞ 1 ادا و اصول 2 دسته‌ی آراسته

panada /pəˈnɑːdə/ *noun*
جۆرێ چێشت ۞ نوعی غذا

pan-Africanism *noun*
پان‌ئەفریکانیزم (لایەنگری لە یەکێتی سیاسی تێکڕای دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئەفریکا؛ -pan African *adj*) ۞ پان‌آفریکانیسم

panama /ˈpænəmɑː/ *noun,* also panama hat
کڵاوی پانامایی، کڵاوی حەسیری ۞ کلاه پانامایی

Panamanian /ˈpanəmeɪnɪən/ *noun, adjective*
n ڕەسەن یان دانیشتووی پاناما *adj* سەربە پاناما ۞ پانامایی

Pan-Americanism *noun*
پەن‌ئەمریکانیزم، پان‌ئەمریکانیزم (-Pan American *adj*) ۞ پان‌امریکانیسم

Pan-Arabism *noun*
پەن‌عەرەبیزم (pan-Arab *adj*) ۞ پان‌عربیسم

panaris = whitlow

panatella /ˌpænəˈtelə/ *noun,* also panatela
پاناتێلا (جگەرەی درێژ و بارێک) ۞ پاناتلا

pancake /ˈpænkeɪk/ *noun*
1 (جۆرێ) شلکێنە (کەیک)، کەیکی تاوەیی 2 پەنکەیک (خۆجوان‌کردن؛ (as) flat as a pancake: یەکجار پان) ۞ پنکیک

Pancake Day *noun,* also Pancake Tuesday
ڕۆژی پەنکەیک، شلکێنەخۆران، سێ‌شەممەی دانپیانان (لە بریتانیا و لەو ڕۆژەدا پەنکەیک دەخۆن) ۞ سه‌شنبه‌ی اعتراف

pancake landing *noun*
نیشتنەوەی تەخت یان ڕێک (لە کاتی تەنگەتاوی‌دا) ۞ فرود مسطح

pancake roll *noun*
(چێشت‌لێنان) دەس‌پێچ، قۆڵچاخ ۞ دست‌پیچ

panchakarma /ˌpʌntʃəˈkɑːmə/ *noun*
پێنج‌کاران: (لە پزشکی Ayurvedic دا) جۆرێ

چارەسەری ژاررەوینی detoxification کە مالشت، گیاتیماری و شێوەکانی تر لەخۆدەگری (بنەرەت: سانسکریتی *panca* "پێنج" + *karman* "کار، کردار") ⬡ پانچاکارما

panchax *noun*
چەندین جۆری ماسی رەنگینی گەرمێنانی جیهانی کۆن، زۆرتر بۆ نێو aquarium مال [توخم *Aplocheilus*] ⬡ پانکاکس

panchayat /pʌn'tʃʌɪjət/ *noun*
(سانسکریتی) ئەنجومەنی دێ یان گوند (لە 5 کەس پێکهاتبێ) ⬡ شورای روستا

Panchen Lama /ˌpantʃ(ə)n 'lɑːmə/ *noun*
لامای تەبەتی (لە دوای پایەی Dalai Lama) ⬡ لامای تبتی

panchromatic *adjective*
گش(ت)رەنگ، پانکرۆماتیک (فیلم: هەستیار بە گشت رەنگەکانی شەبەنگ): *panchromatic film* (panchromatism *n*) ⬡ پانکروماتیک

panchronic *adjective*
(زمانەوانی، لێکۆڵینەوە یان دیاردەیێ) هەمەکاتی، هەمەزەمانی، پانکرۆنیک: بە زەمان یان کاتێکی تایبەتی و دیاریکراوەوە نابەسترێتەوە و بە شێوەیێ تایبەتمەندییە گشتی و جیهانییەکانی زمان بیر دەخاتەوە (بڕوانە diachronic و synchronic) ⬡ همەزمانی

pancratist *noun*
1 زۆرانباز، بوکسێر، مشتباز 2 پالەوان ⬡ 1 کشتی‌گیر، مشت‌زن 2 پهلوان

pancratium /pæŋ'kreɪʃɪəm / *noun*
(لە یونان) پێشبڕکێی زۆران و شەڕەمشت (pancratic /pæŋ'kreɪtɪk/ *adj*: سەربە زۆران(بازی) و شەڕەمشت) ⬡ مسابقەی کشتی و مشت‌زنی

pancreas /'pæŋkrɪəs/ *noun, pl.* pancreases
شیلاوک، شپیلک (pancreatic /ˌpæŋkrɪ'ætɪk/ *adj*: شیلاوکی، سەربە شپیلک) ⬡ لوزلمعدە، خوش‌گوشت

pancreatectomy /ˌpaŋkrɪə'tɛktəmi/ *noun, pl.* pancreatectomies
شیلاوک‌بڕی، شپیلک‌بڕی ⬡ برش لوزلمعدە

pancreatic juice *noun*
ئاوگی شپیلک، ئاوگی شیلاوک، شیلاوکاوگ ⬡ عصارەی لوزالمعدە

pancreatin /'paŋkrɪətɪn/ *noun*
پانکریتین: تێکەڵەی هەوێنە یان ئانزیمە شیلاوکییەکان ⬡ پانکریتین

pancreatitis /ˌpaŋkrɪə'tʌɪtɪs/ *noun*
ئاوسانی شیلاوک، شیلاوکەئاوسێ ⬡ التهاب لوزالمعدە

pancytopenia /ˌpansʌɪtə(ʊ)'piːnɪə/ *noun*
کەمی هەر سێ پێکهێنەری خانەیی خوێن (خانە سوورەکان، خانە سپییەکان و platelet) ⬡ پانسیتوپنیا

panda /'pændə/ *noun*
1 (هەروەها) پاندا، ورچی پاندا [*Ailuropoda melanoleuca*] 2 (هەروەها red panda) جۆرێ گواندارێ راکوونئاسای هیمالایایی، پانداسوورە، سوورەپاندا [*Ailurus fulgens*] ⬡ 1 پاندا 2 پاندای سرخ

panda car *noun*
(لە بریتانیا) ماشێنی چەرخە یان پاترۆلی پۆلیس ⬡ اتومبیل گشت پلیس

pandanus /pan'deɪnəs, US -'dan-/ *noun*, also pandan
جۆرێ دار یان دەوەنی گەرمێنان، بە قەدێکی باهەڵدراو و میوەیێکی ریشالاوی خۆراکییەوە [توخم *Pandanus*] ⬡ پاندانوس

pandect /'pandɛkt/ *noun*
1 کۆمەڵە یاسا یان قانوون 2 (the Pandect) کورتەی قانوونی مەدەنی رۆم (لە سەدەی 6 بە دەستووری Justinian کۆکرایەوە؛ pandectist *n*) ⬡ 1 مجموعەی قوانین 2 پاندکت

pandemic /pæn'demɪk/ *noun, adjective*
n نەخۆشیی کە دنیا بتەنێتەوە، پەتا، نەخۆشی دنیاگرەوە یا دنیاتەن یان دنیاگیر *adj* دنیاگرەوە، جیهانگرەوە، دنیاتەنیو، هەمووگرەوە: *pandemic malaria* ⬡ *n* بیماری همەجاگیر *adj* عالم‌گیر

pandemonium /ˌpændə'məʊniəm, US -'moʊ-/ *noun*
1 جەنجاڵی، هەراوهوریا، بگرەوبەردە، چرەوگورە، کێشمەکێشم، گۆنگەڵ 2 کۆشکی دیوان ⬡ 1 هیاهو، غوغا 2 کاخ شیاطین

pander /'pændə(r)/ *noun*
گەوواد، سەرگر، ژنبەمز، دەڵاڵی قەحبە و حیزان ⬡ جاکش، دیوث

panderage *noun*
گەووادی، سەرگری، دەویتی، دەویتی، دەیوسی ⬡ جاکشی، دیوثی

panderism *noun*
گەووادی، سەرگری، دەویتی، دویتی، دەیوسی ⬡ جاکشی، دیوثی

pandit /'pændɪt/ *noun*. also pundit
1 (سەرناوی لە هیندوستان) پەندیت (لە دین و فەلسەفەی سانسکریت و هیندوو) 2 زانا، مامۆستا ⬡ 1 پاندیت 2 معلم، فرزانە

Pandora /pæn'dɔːrə/ *noun*
پاندۆرا (لە میتۆلۆژی یونانیدا، بڕوانە خوارتر) ⬡ پاندورا

pandora /pæn'dɔːrə/ *noun*, also pandore, *pl.* pandoras or pandores
پاندۆرا: ئامێرێکی موسیقاییە و شێوەی قیسارە دەدا ⬡ پاندورا

Pandora's box /pæn,dɔ:rəz 'bɒks, US 'bɑ:ks/ *noun*
بوونەهۆی گێرەوکێشەیەکی زۆر و بێ ڕێگاچارە (لە بنەڕەتا دەگەڕێتە بۆ ئەفسانەیەکی یۆنانی، کە لەودا پاندۆرا لە لایەن خواوە (زیوس) دروس کرا و لەگەڵ سنووقێ نێردرا بۆ سەر عەرز و ئەو سنووقەش زۆر شتی خراپەی تیابوو. کاتێ سنووقەکەی هەڵپچڕی هەموو شتە خراپەکان هاتنەدەرێ و عەرزیان تێوەدا) ۞ موجب شدن مشکلات بسیاری بدون راه‌حل

p and p /,pi: ən 'pi:/ *abbreviation* postage and packing
خەرج یان تێچوونی پێچانەوە و ناردن ۞ هزینەی بسته‌بندی و پست

pane /peɪn/ *noun*
1 شووشەی پەنجێرە، جام، تەبەقەشووشە، چاوەشووشە (هی پەنجێرە) 2 باڵوو 3 خان، خانە (لە کایەدا) 4 کوت، لەت، پارچە، کەرت ۞ 1 شیشەی پنجره 2 تراش 3 خانه 4 قطعه

paneer /pa'nɪə/ *noun*, also panir
پەنیر (بنەڕەت: لە *panīr* هیندی یان ئێرانییەوە "پەنیر") ۞ پنیر

panegyric /,pænə'dʒɪrɪk/ *noun*
پەسن، پیاهەڵدان، ستایشت (panegyrical /,pænə'dʒɪrɪkl/ or panegyri *adj*: پەسن‌دەرانە، پیاهەڵدەرانە) ۞ مدیحه، ستایش

panegyrist *noun*
پیاهەڵدەر، پەسن‌دەر، ستایشت‌کەر ۞ مداح

panel /'pænl/ *noun*
1 تەختە، چوارچێوە یان قاپی لەدار، ئاڵەت، چێوە یان چاوەی دارین 2 (فرۆکە، ماشێن، گەمی و هتد) تەختەکلیل، تەختە یان ڕووتەختی کۆنترۆڵ 3 مێزگرد 4 مێزگردنشینان، بەشداریکەران لە مێزگرد یان دانوستاندا 5 (لیستی) دەستەی سوێندخوران 6 دەستەی نێوگژیوانان یان دادوەران 7 دەستەی پزشکی یان پزشکان (لە ڕاژەوانی تەندروستی گشتیدا) 8 وێنەکێشی لەسەر تەختە 9 لباد، جل، ئارەق‌گیر 10 وێنەی درێژاودرێژ (درێژییەکی زۆر لە پانییەکەی بێ) 11 تەبەق، تەلش (panelling /'pænəlɪŋ/ *n*: panelled *adj*: تەختەلێنان، تەختەکانی درگا، چاوەلێنان، چێوەلێنان) ۞ 1 تنکه، قاب چوبی 2 تابلوی فرمان 3 میزگرد 4 شرکت‌کنندگان در مذاکره یا میزگرد 5 هیأت منصفه 6 هیأت داوران 7 هیأت پزشکی 8 نقاشی روی تخته 9 عرق‌گیر 10 پانل 11 صفحه

panel-beater *noun*
سافکار، ڕاس(ت)گەر ۞ صاف‌کار

panel diccussion *noun*
(ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و هتد) مێزگرد، کۆڕ ۞ میزگرد

panel game *noun*
(ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و هتد) پێشبڕکێ ۞ مسابقه

paneled = panelled

panel heating *noun*
سیستمی گەرمیپێدانی پانێلی ۞ گرمایش پانلی

panel-house /'pænl haʊs/ *noun*
قەحبەخانە ۞ فاحشه‌خانه

panellist /'pænəlɪst/ *noun*, US panelist
بەشدار یان بەشداریکەر لە مێزگرد یان دانوستاندا، ئەندامی مێزگرد یان کۆڕ ۞ شرکت‌کننده در مذاکره یا میزگرد

panel pin *noun*
بزماری تەختە یا شەمچەیی، بزماری باریک، بزماری ناسک ۞ میخ نازک

panel saw *noun*
هەرە یان مشاری ناسکەتەختە، تەنکەرە ۞ ارەی پانلی

panel truck *noun*
پانێل تراک (ماشێنێکی چکۆلانە بۆ گوێستنەوەی کەلوپەل) ۞ پانل تراک

panel-work /'pænl wɜ:k/ *noun*
تەختەداکوتان، تەختەلێنان ۞ تخته‌کوبی

panettone /,panɪ'təʊneɪ, US -ni/ *noun, pl.* panettoni /,panɪ'təʊni/
نانک، نانوولە (نانێ پڕ لە کەرە، میوە و هێلکە، لە کریسمەسدا دەخورێ؛ بنەڕەت: ئیتالیایی، چکۆلێنراوی *pane* "نان") ۞ پانتونی

panforte /pan'fɔ:teɪ, US -ti, Italian pan'forfte/ *noun*
جۆرێ کەیکی تیژ و ڕەقی ئیتالیایی (کاکلە، هەنگوین و... تیایە، بنەڕەت: ئیتالیایی، لە *pane* "نان" + *forte* "قایم") ۞ پانفورتی

pan-fish *noun*, *pl.* pan-fishes
ماسی تاوەیی یان سوورکردنەوە (وەک sunfish) ۞ ماهی سرخ‌کردنی

panful *noun, pl.* panfuls
تاوەیێ، پڕ تاوەیێ ۞ گنجایش یک تابه

pang /pæŋ/ *noun*
1 ژان یان هەستی توند و کتوپڕ، خەم و خەفەتی لەناکاو، خورپە 2 هەست و سۆزی بەژان 3 (ویژدان) نارەحەتی، ئازار ۞ 1 درد یا احساس شدید و ناگهانی 2 احساس دردناک 3 (وجدان) عذاب

panga /'paŋgə/ *noun, pl.* pangas
ئامێرێکی دەمداری ئەفریکایی، لە machete دەچێ ۞ پانگا

Pangaea *noun*, also Pangea
گش(ت)زەوی: ناوچەیێکی زۆر بەربڵاوی وادانراوی سەردەمێ کە هەموو وشکارەکان یەک بوون و دەگەڕێتەوە بۆ 300 تا 200 ملیۆن ساڵ لەوە پێش (دەوترێ) لە لایەن هەواناس یان کەشناسی meteorologist ئەڵمانییەوە

1880–1930) Alfred L. Wegener، بڕوانە Laurasia و Gondwanaland) ۞ پانژیا

pangenesis *noun, pl.* pangeneses
گشت‌پێکهات(ن): تیۆری‌یێکی (ئەسەلێمنراوی disproven) سەرەتایی بۆماوە کە هەر خانەیێکی cell دایک و باوک لە کاتی زاوزێ‌دا بە شێوەی پارچۆلکەیێ particle دەردەکەوێ (هی چارلز داروین، pangenetic *adj*) ۞ پانژنیز

pan-Germanism *noun*
لایەنگری لە یەکێتی سیاسی هەموو ئەڵمانی‌زمانێکی ئەورووپایی (pan-German *adj*، pan-Germanic *adv*) ۞ پانجرمنیسم

Panglossian *adjective*
یەکجار گەشبین excessively optimistic (کەسایەتی‌یێکی گەشبین لە Voltaire's *Candide* (1759)، /ˈpaŋglɒs/ Pangloss: کەسێکی گەشبین) ۞ بی‌نهایت خوش‌بین

pangola grass *noun*
گیایێکی ڕەسەنی باشووری ئەفریکا، وەک گیای تفاق دەکرێ [*Digitaria decumbens*] (بنەڕەت: لە ناوی رووباری *Pongola* South Africa) ۞ نوعی گیاه

pangolin /paŋˈgə(ʊ)lɪn/ *noun,* also scaly anteater
تلتلۆکە، تلخۆرە؟، مێروولەخۆرە(ی)پوولەکەرێز: جۆرێ گوانداری مێرووخۆری پوولەکاوی [تۆخمەکانی *Manis* (ئاسیا) و *Phataginus* (ئەفریکا)] (بنەڕەت: لە *peng-guling* مالیزیایی "roller" خووی بە خۆتلاندنەوە بە شێوەی تۆپ گرتووە) ۞ پانگولین

pangram *noun*
پانگرام، رستە، هۆنراوە یان هتد کە سەرجەم پیتەکانی ئاوبێ دەگرێتەوە (pangrammatic *adj*) ۞ پانگرام

panhandle *noun*
(جوگرافیا) کەرت، باریکە، باریکەلان، باریکایی ۞ نوار

panhandler /ˈpænhændlə(r)/ *noun*
سواڵکەر، درۆزەکەر، دەس‌پان‌کەرەوە ۞ گدا

panhellenism /ˌpanˈhɛlənɪzm, US -hɛˈliː-/ *noun*
پان‌هێلینیزم: لایەنگری یەکێتی سیاسی هەموو یۆنانی‌یەکان (panhellenic *adj*، panhellenist *n*) ۞ پان‌هلنیسم

pani /ˈpɑːni/ *noun*
ئاو (لە *pānī* هیندی‌یەوە) ۞ آب

panic[1] /ˈpænɪk/ *noun, adjective*
n سەرلێ‌شێواوی، فرکا، شڵەژان، پەشۆکاوی، سەرسامی، واقمان، تۆقان، زراوچوون، ترس، هەراس، پەرێشانی یا ترسێکی کوت‌وپڕ و بەرنەگیراو *adj* 1 ترسێنەر، تۆقێنەر 2 (Panic) سەربە یان پێوەندی بە خودا Pan ـەوە هەیە ۞ *n* سراسیمگی، وحشت *adj* 1 وحشت‌آور 2 وابسته به پن

panic[2] /ˈpænɪk/ *noun,* also panic grass
(ڕووەکناسی) هەرزن یان کزنی ئیتالیایی، خوروفی [*Panicum* و تۆخمەکانی تر] ۞ ارزن ایتالیایی

panic buying *noun*
کڕین لە ترس(ی گرانی و قاتی‌وقڕی) ۞ خرید از ترس (کمبود و قحطی)

panicky /ˈpænɪki/ *adjective*
سەرلێ‌شێواو، شڵەژاو، پەشۆکاو، سەرسام، تۆقیو، ترساو، زراوچوو، hysterical: *a panicky voice* ۞ سراسیمه، وحشت‌زده، دست‌پاچه

panicle /ˈpanɪk(ə)l/ *noun*
هێشوو (وەک هی پەرشە oat، panicled *adj*: هێشوویی، ڕێکخراو بە شێوەی هێشوویی، paniculate /pæˈnɪkjəleɪt/ *adj*: هێشووچن، هێشوویی) ۞ خوشه

panic-stricken /ˈpænɪk strɪken/ *adjective,* also panic-struck
سەرلێ‌شێواو، شڵەژاو، پەشۆکاو، سەرسام، تۆقیو، ترساو، زراوچوو: *He sounded panic-stricken on the phone* ۞ سراسیمه، وحشت‌زده

panification *noun*
لێکردن، نان‌لێکردن (ئارد بە نان) ۞ پانیفیکاسیون

panino /paˈniːnəʊ/ *noun,* panini /-ni/
بابۆڵەنان، بابۆڵە (ئیتالیایی "bread roll") ۞ نوعی ساندویچ

panir = paneer

Panjabi *noun, pl.* Panjabis
پەنجابی (زمانی پەنجابی لە هیندوستان‌دا) ۞ پنجابی

panjandrum /panˈdʒandrəm/ *noun*
مرۆی خۆبەزل‌زان، بنیادەمی خۆبێ‌گەورە و فیزن ۞ آدم متکبر

panleukopenia *noun,* also panleucopenia or feline panleukopenia or feline distemper
پشیلەناز، پشیلەنیسیە؟: جۆرێ پەتای سەخت و زۆرتر کوشندە، ب.ت. هی پشیلەکان کە بەهۆی وردەڤایرۆسێ parvovirus *Feline panleukopenia virus* (تۆخمی *Parvovirus*) تووش دەبێ و لەودا تا، فیرکە یان زگەشۆرە diarrhea و ئاولێ‌چنران dehydration و تیاچوونی خرۆکە سپی‌یەکان خوێنی white blood cell لەگەڵە ۞ پانکوکوپنیا

pannage /ˈpanɪdʒ/ *noun*
لەوەڕانە، پووشانە، ماف یان حەقی لەوەڕاندنی بەراز، بەرازانە، لەوەڕانەی بەراز یان گیانەوەرانی تر ۞ پاناژ، علف‌چر

panne /pan/ *noun*

جۆرێ مەخمەری ورشن، لە هەوریشم و رایۆن دروس بووە ۞ پن

pannier *noun*, also panier
1 تێر، خورج، هەگبەی دووتایی، سەوی، بەرچنە، سەوەتە، قرتالە 2 (مێژوویی) فەنەر یان تێلی ژێر داوێنی ژنان ۞ 1 خورجین 2 پانیز

pannikin /ˈpænɪkɪn/ *noun*
ئاوخۆری، قوریشکە (چکۆلە و لە ئاسن) ۞ فنجان فلزی کوچک

pannist *noun*
ئەندامی steel band ۞ عضو steel band

pannus /ˈpanəs/ *noun*
(پزشکی) باروودۆخێ کە لەودا توێژاڵێکی شانەی ریشاڵاوی رەگێ ئەندامێ دادەپۆشێ، کوتاڵە (رەنگە لاتین بێ "cloth") ۞ پانوس، سَبَل

panoplied *adjective*
تەواوزرێپۆش، سەرتاپێزرێ ۞ کاملاً زره‌پوش

panoply /ˈpænəpli/ *noun, pl.* panoplies
1 کۆمەڵەی بەشکۆ و گەورە، ژمارەیەکی بەشکۆ ومەزن، کۆمەڵەی بەسام 2 ژمارەیەکی زۆر (خەڵک یان شتەکان) 3 تەواوزرێپۆش، پرزرێ، چەک(وچۆڵ)ی تەواو، سەرتاپێزرێ ۞ 1 مجموعەی باشکوە و عظیم 2 تعداد بسیار 3 کاملاً زرەپوش

panopticon /panˈɒptɪk(ə)n/ *noun*
(زوو) زیندانی خڕ (زیندانییەکان هەمیشە لەوێوە دیارن) ۞ زندان گرد

panorama /ˌpænəˈrɑːmə, US -ˈræmə/ *noun, pl.* panoramas
1 پێشچاو، دیمەن (گشتی)، پانۆراما 2 وێنەی جوولاو، دیمەنی جوولاو یان سووڕاو 3 بۆچوون یان رای گشتی (سەبارەت بە بابەتێ)، باس‌کردن یان زنجیرەیێ لەو وێنانەی کە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی قۆناخێ یان سەردەمێ لە مێژوودا پیشان دەدا، وێنەی گشتی یان گشتگیر: *a panorama of American history* (panoramic /ˌpænəˈræmɪk/ *adj*: بەربڵاو، بەرفرەهـ، بەرین؛ panoramically *adv*: بە شێوەیەکی بەربڵاو) ۞ 1 دورنما 2 تصویر متحرک 3 نگرش جامع، پانوراما

panpipes *noun, pl.*
پەنپایپس (= ساز یان ئامێرێکی دەمی و فوویی کە لە ریزە لوولەیێکی کورتی تانی یان ئەستوونی vertical پێکهاتووە) ۞ سیرینکس

pansexual *adjective, noun*
هەمەڕەگەزە: سێکشواڵیتە یان رەگەزایەتی لە زۆر شێوە دەگرێتەوە یان دەردەبڕێ یان دەخاتەڕوو (pansexuality *adj*) ۞ پانسکشوال

panslavism /panˈslɑːvɪz(ə)m/ *noun*
پانسلاڤیزم (panslavist /panˈslɑːvɪst/ *n, adj*) ۞ پانسلاویسم

panspermia /panˈspəːmɪə/ *noun*
تیۆرییێ کە ژیانی سەرعەرز لە وردەزیندەوەرە یان مایکرۆئۆرگانیزمەکانەوە یان ئەو مەتریالانەی کە لە دەرەوەی بۆشاییدا هەن، سەری هەڵداوە ۞ پانسپرمیا

pansy /ˈpænzi/ *noun, pl.* pansies
1 (رووەکناسی) هەرجایی، وەنەوشی سێ‌ڕەنگ (هێ کێوی) و جۆر و متوربە [*Viola tricolor*] پێوەندیدارەکان 2 پیاوی ژنانیلە، پیاوی ناریلە، دەڵەچە، خلەکچانی، هەتیوەلووسکە، حیزەپیاو 3 هۆمۆسێکشواڵ ۞ 1 بنفشەی فرنگی 2 اواخواهر 3 هوموسکشوال

pant /pænt/ *noun*
نخەنخ، نیخەنیخ، هنگەهەنگ، هەناسەبڕکێ (panting *adj*: بەپەرۆش، تامەزرۆ، ئارامڵێ‌هەڵگیراو، بێ‌ئۆقرە، تینوو؛ pantingly *adv*: بە نیخەنیخ، بە نکەنک، بە هنکەهەنک، بە هەناسەبڕکێ، هەڵپەهەڵپە) ۞ نفس‌نفس

pant(o)- *prefix*
پێشگر: گشت، تێکڕا، هەموو (بنەڕەت: لە *pas, pant-* یۆنانی) ۞ پیشوند: کل

Pantagrielian /ˌpantəgruːˈɛlɪən/ *adjective*
(دەگمەن) گەورە، زەبەلاح، قەبە، گەپ، کەتە ۞ عظیم، بزرگ، کلان

pantalettes *noun, pl.* also pantalets
دەرپێ، ئاوەڵکراس (ژنانەی سەدەی 19) ۞ تنبان

pantaloon /ˌpæntəˈluːn/ *noun*
1 پانتۆڵ، دەرپێ، ئاوەڵکراس، ژێرپانتۆڵ، شەلوار 2 (Pantaloon) کەسایەتییێ لە شانۆنامەی کۆمیدیای ئیتالیایی کە پیاوێکی گەوجە و پانتۆڵێکی لەبەردایە 3 (pantaloons /ˌpæntəˈluːnz/) کورتەشاڵوارێکی فش کە لە ئینگلتەرە لە سەردەمی Charles II ب.ت. دەپۆشرا (بنەڕەت: لە ئیتالیاییەوە) ۞ 1 تنبان، شلوار 2 و 3 پانتالون

pantechnicon /pænˈteknɪkən/ *noun*
(لە بریتانیا) لۆری یان ماشێنی ماڵوکۆچ، ماشێنی راگوێستنی کەلوپەل (ی ناوماڵ) ۞ کامیون اسباب‌کشی

pantheism /ˈpænθiɪzəm/ *noun*
پانتیزم، باوەڕێ کە خودا هەموو شتێکە و هەموو شتێکیش خودایە، گشت‌خوداباوەڕی (pantheist /ˈpænθiɪst/ *n*: پانتیست، گشت‌خوداباوەڕ؛ pantheistic /ˌpænθiˈɪstɪk/ or pantheistical *adj*: سەربە پانتیزم، گشت‌خوداباوەڕییانە، سەربە گشت‌خوداباوەڕی؛ pantheistically /ˌpænθiˈɪstɪkli/ *adv*) ۞ وحدت وجود

pantheon /ˈpænθiən, US -θiɑːn/ *noun*
1 پەرستگە (خودایان، لە یۆنان و رۆمدا) 2 خوداکان، خوایان (هێ گەل یان خەڵکێ) 3

گلکۆی ناوداران (ب.ت. ئاماژە بە پەرستگەی خری رۆم؛ بنەڕەت: بە ریگای لاتین لە theion + "گشت" pan یونانی، لە pantheion "پیرۆز" (لە theos "خودا") ۞ 1 پانتئون 2 خدایان 3 آرامگاه مشاهیر

the Roman pantheon *noun*
خو(د)ایانی رۆم ۞ خدایان روم

panther /'pænθə(r)/ *noun*
1 پلنگ (ب.ت. رەش) 2 (لەئەمریکادا) شێری کێوی، پوما، ورشەک، شێری ئەمریکایی، جاگوار، cougar ۞ 1 پلنگ 2 (در امریکا) پوما

panties /'pæntiz/ *noun, pl.*
شۆرتی ژنانە ۞ شورت زنانه

pantihose, *pl.* = tights

pantile /'pæntaɪl/ *noun, adjective*
n سەربانی لەخشت یا خشتەکاشی، بانی سووفال *adj* لەخشت، سووفالی (*adj* :pantiled سووفالی، هەلانی، موزاییکی) ۞ *n* سفال بام *adj* سفالی

pantile roof *noun*
بانی سووفالی، سەربانی هەلانی یان موزاییکی ۞ بام سفالی

Pantisocracy /,pæntɪ'sɒkrəsi/ *noun*
شێوەیێ ڕیکخستنی کۆمەلایەتی یۆتۆپیایی کە لەودا هەموو لە پلەوپایە و بەرپرسایەتیدا بەرامبەرن ۞ پانتیسوکراسی

panto /'pæntəʊ, US -toʊ/, *pl.* pantos = pantomime

panto- *prefix*, or pant-
پێشگر: گشت، هەموو؛ گشتی، جیهانی: pantomime، pantisocracy (بنەڕەت: لە pas، یونانییەوە "all") ۞ پیشوند: همه؛ همگانی، جهانی

Pantocrator /pan'tɒkrətə/ *noun*
تاکەفەرماندار، تاکەدەسەلاتدار، دەسەلاتداری گشتی یان جیهانی (سەرناوی مەسیح وەک دەسەلاتداری جیهان، ب.ت. لە نەخشاندنی کلێسەی بیزانتایندا) ۞ پانتوکراتور

pantograph /'pæntəgrɑ:f, US -græf/ *noun*
پانتۆگراف (= ئامێرێ بۆ کێشانەوەی کۆپییێکی وردی نەخشە یان پلانێ بە هەر پێوەرێ؛ pantographic /'pæntəgrɑ:f, US -græf/ *adj*: سەربە یان پێوەندمەند بە پانتۆگراف؛ pantography *n*) ۞ پانتوگراف

pantomime /'pæntəmaɪm/ *noun*
1 شانۆی بێقسە، پانتۆمایم، کپەشانۆ 2 (لە رۆمی کۆندا) شانۆگەری پانتۆمایم (pantomimic *adj*: سەربە پانتۆمایم، کپەشانۆیی، پانتۆمایمی؛ pantomimist *n*: کپەشانۆگێڕ، پانتۆمایمیست) ۞ 1 لال‌بازی 2 لال‌باز

pantoscope *noun*
دووربینی پانۆرامایی (pantoscopic *adj*: پانۆرامایی) ۞ دوربین پانورامایی

pantothenate *noun*
خوێ یان ئێستێری ترشەلۆکی پانتۆتێنیک ۞ پانتوتنات

pantothenic acid /,pantə'θɛnɪk/ *noun*
(زیندەکیمیا) ترشەلۆکی پانتۆتێنیک $C_9H_{17}NO_5$، ڤیتامینێکی تیکەلەی B، لە برنج، سۆست bran و هتد (یان لە هەموو شانە زیندووەکاندا)، دۆزراوەتەوە و شتێکی بنەڕەتییە بۆ ئۆکساندنی چەورییەکان و کاربۆهایدراتەکان (بنەڕەت: لە pantothen یونانی "لە هەموو لایێکەوە" (ئاماژە بە بوونی بەربلاوی) ۞ اسید پانتوتنیک

pantropic *adjective*, also pantropical
ڕووداو یان بلاوبوو بەدرێژی ناوچە گەرمێنەکان ۞ پانتروپیک

pantry /'pæntri/ *noun, pl.* pantries
(چێشتخانە) عەماری، سنووقخانە، خۆراکخانە، نانگە ۞ انباری

pants /pænts/ *noun, pl.*
1 پاتۆل، پانتۆل، شەلوار، شۆرت 2 (نافەرمی) زبل، خشتوخال 3 قسەی هیچەکە، قسەی مفت ۞ 1 شلوار، شورت 2 آشغال 3 چرند

pantsuit /'pæntsu:t, US -sju:t/ = trouser suit

pantyhose /'pæntihəʊz, US -hoʊz/ = tights

pantywaist *noun*
کەسێکی دەسەوسان، ژنانیلە، ئاریلە ۞ آدم ضعیف‌النفس، زنانه

panzer /'panzə/ *noun*
یەکەی زرێدار یان زرێیی ئەلمانی، تانکی ئەلمانی، شەڕی جیهانی دوو (panzer division: لەشکری زرێدار ئەلمانی) ۞ واحد زرهی آلمانی

pap[1] /pæp/ *noun*
1 نایەخ، بێبایەخ، قۆڕ، هیچەکە، بەکارنەهاتوو، بێنرخ 2 خۆراکێ بۆ منالان و کەسانی نەخۆش، هەلیماو 3 (لە ئەفریکا و کاییبەن) هەریسەی گەنمەشامی porridge ۞ 1 لاطائلات 2 حریره 3 حلیم ذرت

pap[2] /pæp/ *noun*
(کۆن) مەمک یان گۆی مەمکی ژن ۞ پستان یا نوک پستان زن

papa /pə'pɑ:, US 'pɑ:pə/ *noun*
پاپا، بابە، باوکە ۞ بابا

papacy /'peɪpəsi/ *noun, pl.* papacies
1 پلەوپایەی پاپی 2 دەسەلاتی پاپ 3 سەردەم یا سەروبەندی دەسەلاتی پاپ 4 دەزگا یا

سیستمی پاپ 5 زنجیره یا یەکبەدوای یەکی پاپەکان ۞ 1 مقام پاپی 2 اقتدار پاپ 3 دورەی اقتدار پاپ 4 نظام پاپ 5 پاپاسی

papadom = poppadum

Papago /ˈpapəgəʊ, US ˈpɑː-/ *noun, pl.* same or Papagos

1 ئەندامی گەلێکی سووریپێستی باشووری رۆژاوای ئەمریکا و باکووری مێکسیکۆ 2 زمانی Uto-Aztecanی ئەو گەلە ۞ پاپاگو

papain /pəˈpeɪɪn, US pəˈpʌɪɪn/ *noun*

هەوێنەیێ enzyme بۆ هەرساندنی پرۆتێین، لە میوەی کاڵی پاپایا بە دەست دەهێنرێ ۞ پاپاین

papal /ˈpeɪpl/ *adjective*

پاپی، سەربە پاپ (papally /ˈpeɪpli/ *adv*) ۞ وابستە بە پاپ

papalist *noun, adjective*

(مێژوویی) لایەنگری papacy ۞ طرفدار papacy

paparazzo /ˌpæpəˈrætsəʊ, US -ˈrætsoʊ/ *noun, pl.* paparazzi /-tsi/ (usu. paparazzi)

پاپاراتسۆ (= پەیامنێرێکی وێنەگر کە بە دوای کەسانی بەناوبانگ دەگەڕێ و وێنەیان دەگرێ) ۞ پاپاراتسو

papaveraceous /pəˌpeɪvəˈreɪʃəs, US -ˌpav-/ *adjective*

سەربە دەستەرووەکی تیرەی poppy، خەشخاشی، کۆکەناری ۞ خشخاشی

papaverine /pəˈpeɪvərʌɪn, -ˈpav-, -iːn/ *noun*

(کیمیا) پاپاڤیراین، پاپاڤیرین $C_{20}H_{21}NO_4$: ناوێتەیێ لەنێو opiumدا، لە بواری پزشکیدا بۆ دامرکاندنی گیرانی ماسوولکەیی و بەرهەنگ asthma بەکاردێنرێ ۞ پاپاورین

papaw /pəˈpɔː/ = pawpaw

papaya /pəˈpaɪə/ *noun*

1 میوەیێکی درێژی کاڵەکئاسای خۆراکی 2 دارێکی زووهەڵدەری fast-growing ئەو میوەیە، رەسەنی ناوچە گەرمێنەکانی ئەمریکا [*Carica papaya*] ۞ پاپایا

paper /ˈpeɪpə(r)/ *noun, adjective*

n 1 کاغەز، کاغز 2 پەڕە، گەڵا 3 رۆژنامە 4 وتار، نڤیسار 5 تاقیکاری 6 کاغزی دیواری 7 بەستە، چەکە، تۆپ 8 (papers) بەڵگەنامە، بەڵگەکان، قەباڵە، کاغز، کاغەز *adj* کاغزی، کاغەزی (بنەڕەت: لە *papir* فەرەنسی ئانگلۆ-نۆرمان، لە *papyrus* لاتین) ۞ *n* 1 کاغذ 2 ورق 3 روزنامه 4 مقاله 5 امتحان 6 کاغذ دیواری 7 بسته 8 (در جمع) مدارک، کاغذ *adj* کاغذی

paperback /ˈpeɪpəbæk, US -pərb-/ *noun, adjective*

n کتێبی بەرگناسک *adj* بەرگناسک ۞ (کتاب) جلدشمیز

paperbark *noun*

توێکڵکاغزی، توێکڵناسک (وەک داری cajuput) ۞ پیربارک

paperboard *noun*

مقەبا، کارتۆن ۞ مقوا

paperboy *noun*

کوڕی رۆژنامەفرۆش، کوڕی رۆژنامەگەیێن یان رۆژنامەبەر (بۆ بەردرگای ماڵان) ۞ پسربچەی روزنامەفروش

paperchase /ˈpeɪpətʃeɪs, US -pərtʃ-/ *noun*

1 (لە بریتانیا) کاغەزین 2 کاغزبازی، کاغەزبازاری، رەوتێکی یەکجار بۆرۆکراتیک ۞ 1 نوعی بازی 2 کاغذبازی

paper-clip *noun*

گیرەی کاغز، کاغەزگیر(ە)، کاغەزبەست ۞ کلیپس

paper fastener *noun*

کاغزبەند، کاغەزبەست ۞ پاپر فاستنر

papergirl *noun*

کچی رۆژنامەفرۆش، کچی رۆژنامەگەیێن یان رۆژنامەبەر (بۆ بەردرگای ماڵان) ۞ دختربچەی روزنامەفروش

paperhanger /ˈpeɪpə hæŋgə(r)/ *noun*

کاغزچەسپێن، کاغەزپێوەنەر ۞ کاغذچسبان

paper handings *noun, pl.*

کاغەز دیواری ۞ کاغذ دیواری

paper-knife /ˈpeɪpənaɪf, US ˈpeɪpər-/ *noun, pl.* paperknives

چەقۆی نامەکەرەوە یا بەرگەنامەکەرەوە، نامەهەڵپچڕ ۞ کارد پاکت‌بازکن

paper-mill /ˈpeɪpə mɪl/ *noun*

کارگەی کاغەزدروس‌کردن، کارخانەی کاغەزسازی ۞ کارخانەی کاغذسازی

paper money *noun*

پارەی کاغەزی ۞ اسکناس

paper mulberry *noun*

دارتووی کاغەزی (توێکڵەکەی بۆ دروس‌کردنی کاغز، لە خێزانی *mulberry*] *Broussonetia papyrifera*]) ۞ درخت توت کاغذی

paper nautilus *noun*

(گیانەوەرناسی) ناوتیلوسی کاغزی (وردی سواراو، مێیەکەی جۆرێ قاوغی کاغزی قەفقەف دەردەدا تا هێلکەکانی لەسەر بکا [توخم *Argonauta*]) ۞ نوعی هشت‌پا

paper-pusher *noun*

(ناپەسند) میرزا، کەچەمیرزا (کاری ناگرنگ دەکا) ۞ میرزابنویس

paper-rack *noun*

جێ‌کاغەز، جێ‌کاغز ۞ جاکاغذی

paper round *noun*, also paper toute
بلاوکردنەوەی ڕۆژنامە ۞ پخش روزنامە
paper shop *noun*
ڕۆژنامەفرۆشی ۞ روزنامەفروشی
paper taffeta *noun*
(پارچەی) تافتەی کاغەزی ۞ تافتەی کاغذی
paper-thin *adjective*
ناسک: *paper-thin partitions* ۞ ظریف
paper tiger *noun*
بەورەکاغەزینە، پلنگی کاغزی، بەهارەوگیفە، پالەوانە میوە، فس‌فسەپالەوان ۞ ببر کاغذی
paper towel *noun*
خاولە یان خاولی کاغەزی ۞ حولەی کاغذی
paperweight /'peɪpəweɪt, US -pərw-/ *noun*
سەنگی کاغەزگر یان کاغەزگیر، کاغەزڕاگر ۞ وزنەی کاغذگیر
paperwork /'peɪpəwɜːk, US 'peɪpərwɜːrk/ *noun*
کاغەزکاری، میرزایی، کاری نووسینگە ۞ کار دفتری
papery /'peɪpəri/ *adjective*
کاغەزی، وەکوو کاغز، کاغزئاسا ۞ کاغذی
Paphian *noun, adjective*
1 *n* ڕەسەن یان دانیشتووی پافوس Paphos (شاری کۆنی قیبرس کە ناوەندی پەرستنی ئافرۆدیت بوو) 2 (paphian) prostitute *adj* 1 سەربە شاری کۆنی پافوس یان خەڵکەکەی 2 سەربە ئەوینی نارەوا ۞ پافوسی
Papiamento *noun*, also Papiamentu
جۆرێ زمانی کریۆلی سپانیاییبنەڕەت ۞ پاپیامنتو
papier collé /ˌpapɪeɪ 'kɒleɪ/ *noun*
(فەرەنسی) شێوەی بەکارهێنانی کاغز بۆ collage ۞ پاپیر کالی
papier mâché /ˌpæpɪeɪ 'mæʃeɪ, US ˌpeɪpər mə'ʃeɪ, ˌpæpjeɪ/ *noun*
(فەرەنسی) هەویری کاغز ۞ خمیر کاغذ
papilionaceous /pə'pɪlɪə'eɪʃəs/ *adjective*
پەپوولەیی، پەپوولەئاسا (وەک لە پاقلە و نۆکدا، زۆرتر پێنج پەڕەیان هەیە؛ بنەڕەت: لە لاتین *papilio*, *papilion-* "پەپوولە" ("butterfly") ۞ پروانەای
papilla /pə'pɪlə/ *noun, pl.* papillae /-liː/
1 گۆکە، مەمکە، چوکلە، قیتکە، قیتایی، گۆچکە، گۆزە، گۆیژە، گۆی چکۆلە 2 دەربەڕیوێکی چکۆلەی گۆشتنی سەر ڕووەک، چوکلە، گۆیژە (بنەڕەت: لە لاتینەوە "nipple"، چکۆلینراوی *papula* "ماسی(نی) چکۆلە") ۞ پاپیلا
papillary /'pæpəlerɪ/ *adjective*
گۆچکەیی، گۆکەیی، سەربە گۆچکە ۞ پاپیلایی
papillate /'papɪleɪt, US pə'pɪlət/ = papillary
papillose /'papɪləʊs/ = papillary
papilloma /ˌpæpɪ'ləʊmə, US -'loʊ-/ *noun, pl.* papillomas or papillomata /-mətə/
وەرەم یان تۆمۆری گۆچکەیی (گۆیی)، وەرەمی گۆیژەیی (شێوەبالووکە، لەسەر پێست یان کێمەپەردە mucous membrane؛ (papillomatous *adj* ۞ پاپیلوما
papillon /'papɪlɒn, US 'papɪjõ/ *noun*
سەگەپەپوولە (بنەڕەت: لە *papilio(n-)* لاتین) ۞ پاپیلون
papist /'peɪpɪst/ *noun, adjective*
1 کاسۆلیک، کاتۆلیک (ڕۆما، وشەیەکی سووکە ب.ت. لە لایەن پرۆتێستانتەکانەوە) 2 = papalist ۞ کاتولیک
papistry *noun*
پاپبازاری، پاپبازی، پاپگەری (سووکانە) ۞ پاپبازی
papoose /pə'puːs/ *noun*
1 کۆڵی منال، بارزونگ 2 منالی سووربێست (هیندی ئەمریکای باکوور) ۞ 1 کولەی بچە 2 بچەی سرخ‌پوست
pappardelle /ˌpapɑː'dɛleɪ, Italian ˌpapar'delle/ *noun, pl.*
جۆرێ پاستای بە شێوەی بەنۆکە یان باریکە ۞ پاپاردلا
papposc /'papəʊs/ *adjective*, also pappous
کوڵکن، کوڵکاوی، کوڵکدار، کوڵکەدار ۞ دارای پاپوس
pappus /'papəs/ *noun, pl.* pappi /-pʌɪ, -piː/
(ڕووەکناسی) کوڵک(ـە، بە ڕێگای لاتین لە *pappos* یۆنانی) ۞ پاپوس
pappy[1] /'pæpɪ/ *noun, pl.* pappies
بابە (= بە زمانی منالان) ۞ بابا
pappy[2] /'pæpɪ/ *adjective*
شل، ئاوەکی، تراو، بل ۞ رقیق، آبکی
paprika /pə'priːkə, US 'pæprɪkə/ *noun*
1 پاپریکا (= جۆرێ بیباری سوور یان شیرین) 2 گەرد یان هاڕاوەی پاپریکا (بنەڕەت: لە هەنگاریەوە) ۞ 1 پاپریکا 2 پودر پاپریکا
Pap smear = smear test
Pap test /pap/ *noun*
تاقیکردنەوە یا تاقیکاری پاپ: تاقیکردنەوەی شێرپەنجەی منالدان بۆ دەس‌نیشانکردنی شێرپەنجەی ملی منالدان یان منالدان (بنەڕەت: لە ناوی زانستەوانی ئەمریکایی George N. (*Papanicolaou* ۞ آزمایش پاپ
Papuan *noun, adjective*
1 *n* پاپوایی: دانیشتووی Papua یان گینەی نوێی پاپوا 2 کۆمەڵێکی جۆراوجۆری نزیک بە

750 زمان که له گینه‌ی نوێی پاپوا و دوورگه‌کانی ده‌وروبه‌ری قسه پێده‌کرێ *adj* سه‌ربه پاپوا، پاپوایی، گه‌له‌که‌ی یان زمانه‌که‌یان ۞ پاپوایی

papula /-jʊlə/ *noun*, also papule /ˈpapjuːl/, *pl.* papules or papulae /-jʊliː/
زیپکه، پیزۆکه، گل (papulose ؛papular *adj*؛ papulous *adj* ؛*adj* بنه‌ڕه‌ت: له *papula* لاتین) ۞ جوش

papyraceous /ˌpæpəˈreɪʃəs/ *adjective*
کاغزی، ناسک، ته‌نک ۞ کاغذی

papyrus /pəˈpaɪrəs/ *noun*, papyri /-rʌɪ, -riː/ or papyruses
1 پیزال، پیزل، گیا یان رووه‌کی پاپیرۆس [*Cyperus papyrus*] 2 کاغزی پاپیرۆس 3 ده‌ستنووسی پاپیرۆس (بنه‌ڕه‌ت: به ڕێگای لاتین له *papuros* یۆنانی‌یه‌وه) ۞ 1 گیاه پاپیروس 2 کاغذ پاپیروس 3 نسخه‌ی خطی پاپیروسی

par /pɑː(r)/ *noun*
1 (له‌سه‌ر ستاک و به‌ش و پشکه‌کاندا) نرخی ناوی، نرخی نووسراوله‌سه‌ر، نرخی ڕوویی، بایه‌خی ناوی 2 به‌رامبه‌ری 3 (دراو) ڕێژه یان ڕاده‌ی به‌رامبه‌ری ۞ 1 ارزش اسمی 2 تساوی 3 میزان متوسط

par. *abbreviation* paragraph

para. *abbreviation* informal a paragraph

para /ˈpærə/ *abbreviation* paratrooper

para- /ˈpærə/, also par- *prefix*
پێشگر: لا، پال، ته‌نیشت، په‌نا، ژوور، له‌ژوور، له‌سه‌ر، سه‌روو، بان، لا، دوا، لاوه‌کی، لاته‌نیشتی (بنه‌ڕه‌ت: له *para* یۆنانی‌یه‌وه "beyond ،beside") ۞ پیشوند: کنار، فرا، ورای، فرعی، ثانوی

para /ˈpɑːrə/ *noun*, *pl.* same or paras
یه‌که‌ی پاره‌ی بۆسنیا-هێرزیگۆڤینا، مۆنتێنیگرۆ و سێربیا، به‌رامبه‌ر به سه‌دیه‌کی dinar (بنه‌ڕه‌ت: له *pāra* ئێرانی یا فارسی "پارچه، به‌ش") ۞ پارا

para-aminobenzoic acid *noun*, *abbreviation* PABA
ترشه‌لۆکی پارائه‌مینۆبێنزۆئیک: ترشه‌لۆکی aminobenzoic بێ‌ڕه‌نگ و زه‌ردباو $C_7H_7NO_2$، هۆکاریکی هه‌ڵدانی ڤیتامینی B complex و له بواری pharmaceutical، ڕه‌نگ dyes و کریمی به‌رخۆر sunscreen به‌کاردێنرێ (هه‌روه‌ها PABA) ۞ اسید پاراآمینوبنزوئیک

parabiosis /ˌparəbʌɪˈəʊsɪs/ *noun*, *pl.* parabioses
یه‌کگرتنی توێکاری و کاره‌ندامناسی، یه‌کیتی anatomical و physiological دوو ئۆرگانیزم ۞ اتحاد کالبدشکافی و فیزیولوژی

parabiotic *adjective*
سه‌ربه یان پێوه‌ندی به یه‌کگرتنی توێکاری و کاره‌ندامناسی‌یه‌وه هه‌یه (parabiotically *adv*) ۞ وابسته به اتحاد کالبدشکافی و فیزیولوژی

parable /ˈpærəbl/ *noun*
1 چیرۆک، ڕازه، حیکایه‌ت، نه‌زیله، سه‌ربرده، داستان 2 په‌ند 3 کورته‌چیرۆکی ئامۆژگاری، چیرۆکی هێمایی، هێماچیرۆک ۞ 1 قصه، داستان 2 مثل 3 داستان کوتاه پندآمیز

parabola /pəˈræbələ/ *noun*, *pl.* parabolas or parabolae /-liː/
1 (ئه‌ندازه) هاوتابرگه، برگه‌هاوتا، برگه‌ی قووچه‌ک، پارابۆلا 2 شتێکی کاسه‌ئاسا (وه‌ک ئانتێن یان په‌رچده‌ره‌وه‌ی مایکرۆفۆن ۞ (microphone reflector 1 سهمی، شلجمی 2 چیز کاسه‌مانند

parabolic /ˌpærəˈbɒlɪk, US -ˈbɑːlɪk/ *adjective*, also parabolical
1 هاوتابرگه، برگه‌هاوتا، پارابۆلیک، پارابۆلیایی: allegorical = 2 *parabolic curves*
parabolically /ˌpærəˈbɒlɪk(ə)li, US -ˈbɑːlɪk(ə)li/ *adv*: هاوتابرگانه، به شێوه‌یه‌کی برگه‌هاوتایی) ۞ سهموی

paraboloid /pəˈrab(ə)lɔɪd/ *noun*
(ئه‌ندازه) ته‌نی هاوتابرگه‌یی ۞ جسم سهموی

paraboloidal *adjective*
سه‌ربه ته‌نی هاوتابرگه‌یی ۞ وابسته به جسم سهموی

paracellular *adjective*
(زینده‌ناسی) هه‌ڵکه‌وتوو له پال یان نێوان خانه‌کاندا ۞ پاراسلولار

paracetamol /ˌpærəˈsiːtəmɒl, -ˈset-, US -mɑːl/ *noun*, *pl.* same, or paracetamols
پاراسێتامۆل (ده‌رمانێ بۆ داشکاندنی ژان و تا و ئاسپیرینی تیانیه، کورته‌ی ناوی کیمیایی -*para* (*acetylaminophenol* ۞ پاراستامول

paracholia *noun*
ده‌ردانی نائاسایی زراو (یان زه‌رداو) ۞ ترشح غیرعادی زرداب

parachroma *noun*
بێ‌ڕه‌نگی پێست ۞ بی‌رنگی پوست

parachronism /pəˈrakrənɪz(ə)m/ *noun*
هه‌ڵه له ڕێکخستنی ڕووداوه‌کاندا، ب.ت. ئه‌وه‌ی که دره‌نگتر دانرابێ ۞ پاراکرونیسم

parachute /ˈpærəʃuːt/ *noun*
چه‌تر (ی ڕزگاری)، په‌ره‌شووت: *Planes dropped supplies by -hute* ◊ *a parachute* (parachutic *adj*) *drop/jump* ۞ چتر

parachutism /ˈpærəʃuːtɪzəm/ *noun*
چه‌تره‌وانی، چه‌تربازی، په‌ره‌شووته‌وانی ۞ چتربازی

parachutist /ˈpærəʃuːtɪst/ *noun*
چه‌تره‌وانی، چه‌ترباز، په‌ره‌شووته‌وان ۞ چترباز

Paraclete /ˈparəkliːt/ *noun*
1 (یەزدانناسی کریستانیەت) ڕۆح یان گیانی پیرۆز وەک پارێزەر یان ڕاوێژکاری 2 یار، یاوەر، یاریدەدەر ⬡ 1 پاراکلیت 2 کمک

paraclinical /ˌpærəˈklɪnɪkl/ *adjective*
(تکنیکی) سەربەو بەشەی پزشکی، ب.ت. زانستە توێژینگەییەکان کە ڕاستەوخۆ چارەسەری نەخۆشەکان ناگرێتەوە ⬡ پاراکلینیکال

paracrine /ˈparəkrʌɪn/ *adjective*
(کارئەندامناسی) پاراکرین، پاراکراین: سەربە یان ئاماژە بە هۆرمۆنێ کە کاریگەری تەنیا لەسەر ئەو ڕژێنەیە کە بە تەنیشتییەوەیەتی ⬡ پاراکرین

parade /pəˈreɪd/ *noun*
1 سان، ڕیزە، ڕەوتی لەشکری 2 پیشاندان، ڕانان، بەرچاونان 3 شوێنی سان، سانگە، جیسان 4 دەستە، کۆمەڵ 5 مەشقگا، گۆڕەپانی مەشق 6 شەقامێ بە ڕیزە دووکانێکی چکۆلە ⬡ 1 رژه 2 نمایش 3 مکان سان 4 گروه 5 میدان مشق 6 خیابانی با ردیف مغازه‌های کوچک

parade-ground *noun*
1 مەشقگا، جیمەشق، گۆڕەپان یان مەیدانی مەشق 2 سانگە، شوێنی سان ⬡ 1 میدان مشق 2 محل سان

paradichlorobenzene *noun*
پارادیکلۆرۆبینزین: ئاوێتەیێکی کریستالی سپی $C_6H_4Cl_2$، بە هۆی کلۆراندنی بینزینەوە ساز دەبێ، ب.ت. وەک deodorizer و مێرووکوژ وایە ⬡ پارادیکلوروبنزن

paradigm /ˈpærədaɪm/ *noun*
1 (زمانەوانی) پارادایم، وشە گەردانکراوەکان، دارشتەمەنی، گەردانەمەنی، گەردانان، دارشتان: *verb paradigms* (لە بەرامبەر syntagm دا) 2 نموونە، پارادایم، سەرمەشق، مودێل: *a paradigm for students to copy* ⬡ 1 صیغگان، صورت‌های صرفی 2 الگو، مدل

paradigmatic /ˌpærədɪgˈmætɪk/ *adjective*, also paradigmatical
1 (زمانەوانی) پارادیگماتیک 2 سەربە وشە گەردانکراوەکان (paradigmatically *adv*) ⬡ 1 جانشینی 2 وابسته به صورت‌های صرفی

paradigmatic axis *noun*
تەوەری پارادیگماتیک ⬡ محور جانشینی

paradigmatic relation *noun*
پێوەندی پارادیگماتیک ⬡ رابطه‌ی محور جانشینی

paradigmatic series *noun*
زنجیرەی گەردانی یان پارادیگماتیک ⬡ رشته‌ی تصریفی

paradisaical /-dɪˈseɪɪk(ə)l/ *adjective*, also paradisiacal /-dɪˈsʌɪək(ə)l/
بەهەشتی (paradisaically *adv*) ⬡ مینوی، ملکوتی

paradisal /ˈpærədaɪsl/ *adjective*
بەهەشتی، paradisiacal ⬡ بهشتی

paradise /ˈpærədaɪs/ *noun*
1 بەختەوەری 2 (خوازە) بەهەشت، شوێنی یەکجار خۆش و ئایدیال 3 (Paradise) بەهەشت، پەرەدایس 4 (لە کتێبی پیرۆزدا) باغی عەدەن Eden (کە ئادەم و حەوا تیایا دەژیان؛ بنەڕەت: لە *paradeisos* یۆنانییەوە "پارکی (دەورگیراوی) پادشایی") ⬡ 1 سعادت 2 مکان ایده‌ال یا مطلوب 3 (Paradise) مینو، بهشت، جنت، فردوس 4 باغ عدن

parador /ˈparədɔː, US ˌparəˈdɔː/ *noun*, *pl*. -rs or -res /-ˈdɔːreɪz/
(لە سپانیا) هوتێلی کە حکومەت خاوەنیەتی و بەڕێوەدەبا ⬡ هتل دولتی

paradox /ˈpærədɒks, US -dɑːks/ *noun*
1 وتەی دژبەیەک یان یەکترنەگرەوە (بەڵام لەوەش دەچێ کە ڕاست بێ) 2 بەکارهێنانی پارادۆکس، دژبێژی 3 دژایەتی، پێکنەکۆکی، پێکدژی، ناکۆکی، دژبەیەکی، یەکترنەگرتنەوە (بنەڕەت: بە ڕێگای late Latin لە *paradoxon* یۆنانی "contrary (opinion)") ⬡ 1 گفته‌ی پارادوکس 2 تناقض‌گویی 3 تضاد، تناقض

paradoxical /ˌpærəˈdɒksɪkl, US -ˈdɑːks-/ *adjective*
دژبەیەک، پێکدژ، یەکنەگرەوە، پێکناکۆک، پڕ لە دژایەتی، پڕ لە ناکۆکی (paradoxicality *n*؛ paradoxically /-kli/ *adv*: بە شێوەیێکی دژبەیەک، ناکۆکانە، سەیر ئەوە کە...؛ paradoxicalness *n*) ⬡ دارای تضاد یا تناقض، پر از تناقض

paraesthesia /ˌparɪsˈθiːzɪə/ *noun*, US paresthesia, *pl*. paraesthesiae /-zɪiː/ or paraesthesias
هەستپێکردنی نائاسایی ⬡ احساس غیرعادی

paraffin /ˈpærəfɪn/ *noun*
1 مێوی کانی یان پارافین 2 نەوتی سپی، پارافین 3 (کیمیا) وشەیێکی بێباوە بۆ alkane ⬡ 1 موم معدنی 2 نفت سفید، پارافین

paraffin oil *noun*
ڕۆنی پارافین، ب.ت. kerosene ⬡ روغن پارافین

paraffin wax *noun*
مێو یان مۆمی پارافین ⬡ موم پارافین

paraglider /ˈpærəglaɪdə(r)/ *noun*
چەترەبازە، پاراگلایدێر ⬡ پاراگلایدر

paragliding /ˈpærəglaɪdɪŋ/ *noun*
چەترەبازی، پاراگلایدینگ (جۆرێ وەرزش) ⬡ پاراگلایدینگ

paragogic *adjective*
زیادکراو، سەرخستە، پاشکۆ، پێوەنراو، پێوەلکاو ⬡ افزوده، الحاقی

paragon /'pærəgən, US -gɑ:n/ *noun*
1 نموونەی تەواو، سەرنموونە، سەرمەشق 2 مرۆڤی تەواو 3 رووژە یان ئەلماسی سەرتر لە carat 100 (بنەرەت: لە paragone ئیتالیایی med. Greek *parakonē* لە "touchstone". "هەسان") ◌ 1 مظهر 2 انسان کامل 3 پاراگون
paragraph /'pærəgrɑ:f, US -græf/ *noun*
1 برگە، پاراگراف، بڕک، چەپکەڕستە 2 (رۆژنامە) کورتە راپۆرت، راپۆرتی کورت 3 نیشانەی برگە (¶) ◌ 1 بند 2 گزارش کوتاه 3 علامت پاراگراف
paragraphic /,pærə'grɑ:fɪk/ *adjective*, also paragraphical /-ɪkl/
برگەیی، برگەبرگە، سەربە پاراگراف ◌ وابستە بە بند
paragrapher *noun*, also paragraphist
کورتەوتارنووس (ب.ت. بۆ سەرەتای رۆژنامە) ◌ نویسندەی مقالات کوتاه
paragraph mark *noun*
نیشانەی برگە (¶) ◌ علامت پاراگراف
Paraguayan /'parəgwʌɪən/ *noun, adjective*
n خەڵکی Paraguay *adj* سەربە پاراگوای ◌ پاراگوایی
parajournalism *noun*, also new journalism
پاراژۆرنالیزم، رۆژنامەوانیتی نوێ: رۆژنامەگەرییێ کە راوبۆچوون و کاردانەوەی کەسی نووسەرانی تیایە (*n* parajournalist; parajournalistic *adj*) ◌ پاراژورنالیسم
parakeet /'pærəki:t/ *noun*, also parrakeet
(گیانەوەرناسی) تووتی کلکدرێژ، زۆرتر بە پەرەوباڵی سەوزەوە [*Psittacula* و توخمەکانی تر [*Cyanoramphus*، ◌ طوطی دم‌دراز
paralanguage *noun*
شێوەزمان، نیمچەزمان ◌ شبەزبان
paraldehyde /pə'raldɪhʌɪd/ *noun*
ئاوێتەیێکی شلەی بێ‌رەنگ $C_6H_{12}O_3$، وەک دەرمان یان دەوای زوو خەوێنەر و ئارام‌کەرەوە وایە ◌ پارالدیهاید
paralinguistic *adjective*
شێوەزمانی، نیمچەزمانی ◌ شبەزبانی
paralinguistic /,pærəlɪŋ'gwɪstɪk/ *adjective*
پارازمانەوانی، زمانی ناوتاری، پارالینگویستیک (پێوەندیی‌یێ کە زۆرتر بە ریگای شێوە و جوولانەوە دەردەبردرێ هەتا وشە، بۆ نموونە تۆن و ئاوازی دەنگ، دەربڕین بە ریگای دەم‌وچاو یان کردەوەوە یان تەکاندانی سەر) ◌ پارالینگویستیک
Paralipomenon = Chronicles

parallax /'pærəlæks/ *noun*
جیاوازی شوێن (parallactic *adj*: سەربە پارالاکس) ◌ اختلاف منظر
parallax error *noun*
هەڵەی جیاوازی شوێن ◌ خطای اختلاف منظر
parallel / 'pærəlel/ *adjective, noun*
1 *adj* هاوتەریب، بەرامبەر 2 لێکچوو، هاوتا، هاوشێوە *n* 1 هێڵی هاوتەریب 2 (جوگرافیا) سووڕگە 3 تا، لف، لنگ 4 بەراوردکاری، پێک‌گرتن، هەڵسەنگاندن 5 لێکچوویی، لایەنی لێکچوون، هاوتایی، هاوشێوەیی 6 (لە چاپدا) ئەم نیشانەی (||) ◌ *adj* 1 موازی 2 مشابه *n* 1 خط موازی 2 مدار 3 نظیر 4 مقایسه 5 تشابه 6 علامت (||)
parallel bars *noun, pl.*
(لە ژیمناستیکدا) پەرەلیل، هاوتەریبە، جووت‌میل ◌ پارالل
parallelepiped /,parəlɛlə'pʌɪpɛd, US ,parəlɛ'lɛpɪpɛd/ *noun*
1 رووتەریب 2 پوازە یان ئاوێزەی رووتەریب ◌ 1 متوازی‌السطوح 2 منشور متوازی‌السطوح
parallel forces *noun, pl.*
(میکانیک) هێزە (هاو) تەریبەکان ◌ نیروهای متوازی
parallelism /'pærəlelɪzəm/ *noun*
1 هاوتەریبی، بەرامبەری، ریکێتی 2 لێکچوویی، لایەنی لێکچوون، resemblance، correspondence ◌ 1 توازی 2 تشابه
parallelogram /,pærə'leləgræm/ *noun*
(ئەندازە) لاتەریب ◌ متوازی‌الاضلاع
paralogism /pə'ralədʒɪz(ə)m/ *noun*
بەڵگەهێنانەوەی هەڵە ◌ استدلال غلط
Paralympic *adjective*
پارالیمپیک ◌ پارالیمپیک
Paralympics *noun, pl.*
پێشبڕکێی قارەمان یان باڵەوانی جیهانی وەرزش‌کارە پەک‌کەوتووەکان یان پێ‌لەسەمەکان ◌ پارالیمپیکس
paralysation /,pærəlaɪzeɪʃn/ *noun*
لەکارخستن، پەکخستن، خەواندن، لەسماندن، وەستاندن، لەپێ‌خستن، جۆنگاندن ◌ ازکاراندازی
paralysed *adjective*
لەکارخراو، پەکخراو، فەلەج‌کراو، لەسمێنراو، لەسم‌کراو، جۆنگ‌کراو، جۆنگێنراو ◌ فلج‌شده
paralysis /pə'rælәsɪs/ *noun*, paralyses /-si:z/
شەپلە، لەسمی، شەلەل، فەلەج، دەملە ◌ فلج
paralytic /,pærə'lɪtɪk/ *adjective, noun*
1 *adj* شەپلە، شەلەل، فەلەج، لەسم، شەپلەلێدراو 2 (نافەرمی) مەستی مەست، کەیل، کەلەلا *n* مرۆڤی شەپلەلێدراو (paralytically

adv /ˌpærəˈlɪtɪkli/: بە شێوەیەکی لەکارخەر یان لەپێ‌خەر، لەسمینەرانە) ۞ 1 adj فلج، مفلوج 2 (عامیانە) پاتیل n آدم مبتلا بە فلج

paralyzing *adjective*

paramagnetic *adjective*
۞ (paramagnetism *n*) پارامەگناتیـــــی پارامغناطیـــی

paramatta = parramatta

paramecium /ˌparəˈmiːsɪəm/ *noun*
(گیانـــەوەرناســـی) ســـاهیلکە: گیانـــەوەرێکی ئـــاوی(شـــیرین) تـــاک‌خانـــەیی [تـــوخم *Paramecium*] (بنـــەڕەت: لـــە *paramēkēs* یونانی "oval") ۞ پارامسیوم

paramedic /ˌpærəˈmedɪk/ *noun*
دوایزشـــک، پزشـــک‌یـــار، ئـــاوەڵ‌پزشـــک (paramedical /-ɪkl/ *adj*: دوایزشـــکی، پزشـــک‌یاری، ئاوەڵ‌پزشـــکی: *paramedical aides and technicians*) ۞ پیراپزشک

parament *noun, pl.* paramenta
شـــتومـــەکی هەڵواسینی کلیـــسە ۞ تزئینـــات آویختنی کلیـــا

parameter /pəˈræmɪtə(r)/ *noun*
1 (بیرکاری) پارامیتر (بڕی دیاری نادیار یان نارۆون) 2 هۆکاری دیاری‌کەر، ژووریتو 3 رادە، ســـنوور، limit ،boundary 4 بەرتەســـکی، بەرتەنگی، سنووری‌داری 5 تایبەتمەندی، رەوشت، characteristic: *the parameters of science fiction* (parametric *adj*، parametrically *adv*) ۞ 1 پارامتر 2 عامل تعیین‌کنندە 3 حد 4 محدودیت 5 ویژگی، مشخصە، مختصە

paramilitary /ˌpærəˈmɪlətri, US -teri/ *adjective, noun* (*pl.* paramilitaries)
نیمچەلەشکری، ئەندامی کۆمەڵ یان ڕێکخراوەی نیمچەلەشـــکری، پارامیلیتـــاری: *paramilitary training* ۞ شبەنظامی، پارامیلیتاری

paramilitary activity *noun*
چالاکی نیمچەلەشکری ۞ فعالیت شبەنظامی

paramilitary organization *noun*
ڕێکخراوەی نیمچەلەشکری ۞ سازمان شبەنظامی

paramnesia /ˌparəmˈniːzɪə/ *noun*
تێکچوونی یادەوەری memory ۞ اختلال حافظە

paramo /ˈparəməʊ/ *noun, pl.* paramos
بـــان یـــان دەشـــتەبەرزایی بـــێ‌داری گـــەرمێنانی ئـــەمریکای باشـــووری (بنـــەڕەت: لـــە *paramus* لاتینەوە) ۞ پارامو

paramountcy /-maʊntsi/ *noun*
ســـەرتری، بـــەرزتری، بەســـەرداشـــکانەوە، زاڵـــی، گرنگی، پێشەمی، گـــەورەیی ۞ تفـــوق، برتـــری، اهمیت، بزرگی

paramount /ˈpærəmaʊnt/ *adjective*
گرنگ، پێشەم، بەرکەفتی، سـەرتر، بەرزتر(ترین)، گەورە، پایەبەرز؛ خاوەنی هێزێکی ســـەرتر یـــان گرنگ، supreme: *a matter of paramount importance* ◊ *Safety is paramount* ۞ (paramountly /ˈpærəmaʊntli/ *adv*) مهم، فائق، عالی، عالی‌مقام؛ دارای قدرت فائق

paramour /ˈpærəmʊə(r), US -mɔr/ *noun*
(کۆن و سووکانە) 1 دۆست، گراو، یار، دڵبەستە، ئەڤیندار 2 داوێن‌تەڕ، شەڵواریس، زۆڵ ۞ 1 معشوق، معشوقە 2 فاسق

paramylum *noun,* also paramylon
شێوەنشاستە: سـەرچاوەیێکی کاربۆهایدراتی سەرەتاژیاوەکان protozoan و قەوزەکان algae و شێوەی نشاستە دەدا ۞ پارامیلوم

paramyxovirus /ˌparəˈmɪksə(ʊ)ˌvʌɪrəs/ *noun*
پارامیکسۆڤایرۆس، پارامیکسۆڤیرۆس: کۆمەڵی ڤایرۆسە RNA کان کە دەبنە هۆی mumps، measles و canine distemper [خێـــزان Paramyxoviridae] ۞ پارامیکسوویروس

parang[1] /ˈpɑːraŋ, US ˈpa-/ *noun*
(لە مالاکا) شمشێر یان چەقۆی کورت، کێرد ۞ پارانگ

parang[2] /ˈpɑːraŋ, US ˈpa-/ *noun*
جۆرێ موسیقای خۆماڵی Trinidadian (لە کریسمەس‌دا و ماڵ‌بەماڵ لێدەدرێ) ۞ پارانگ

paranoia /ˌpærəˈnɔɪə/ *noun*
پارانۆیا، (نافەرمی) بەدگومانی، خراپ بیرکردنەوە ۞ پارانویا

paranoiac /ˌpærəˈnɔɪk, US -ˈnɔɪæk/ *adjective, noun,* paranoid
تووشی پارانۆیا، بەدگومان، دوچاری بەدگومانی (paranoiacally *adv*) ۞ مبتلا بە پارانویا

paranoid /ˈpærənɔɪd/ *adjective, noun*
adj پارانۆیایی، بەدگومان، دوچاری بەدگومانی، پارانۆید: *paranoid delusions* ◊ *paranoid schizophrenia* ◊ *a paranoid killer* *n* نەخۆشی پارانۆیایی ۞ *adj* پارنویـایی، پارانوئید *n* بیمار پارانویایی

paranormal /ˌpærəˈnɔːml, US -ˈnɔːrml/ *adjective, noun*
adj (ڕووداو و دیاردەکان) سەرووسروشتی، ژوورسروشـــتی، سەرسرشـــتی، نائاســـایی، ســـوپێرناتوراڵ supernatural، پارانۆرمـــاڵ، پێچەوانەی سروشت، سەیر (لەباری زانستی یا ئەقڵییەوە لێک‌نادرێتەوە) *n* ڕووداو یان بابەتە سەیرەکان (paranormality *n*، paranormally /-li, US -ˈnɔːrml/ *adv*) ۞ *adj* فوق طبیعی، *n* رخدادها یا موضوعات فوق‌طبیعی

paranormal events *noun, pl.*
ڕووداوە ســـەیر یـــا پارانۆرماڵـــەکان، ڕووداوە نائاسایی‌یەکان، ڕووداوە سوپێرناتوراڵەکان ۞

رخدادهای فوق‌طبیعی

paranormal phenomena *noun, pl.*
دیارده سەیرەکان، دەرکەوتە پارانۆرماڵەکان، دیاردە ژوورسروشتییەکان یان نائاساییەکان ◌ پدیده‌های فوق‌طبیعی

paranymph /ˈpærənɪmf/ *noun*
1 برازاوا، شۆشبان 2 دەمڕاست، وەکیل 3 خوازبێنیکەر، داواکار، خوازبێن ◌ 1 ساقدوش 2 وکیل 3 خواستگار

paraparesis /ˌparəpəˈriːsɪs/ *noun*
لەسمی بەشێک لە پەلەکانی خوارو (paraparetic *adj*) ◌ پاراپارسیس

parapet /ˈpærəpɪt, US -pet/ *noun*
1 (سەربان، پرد و هتد) پاردە، دیوارە، دیوارۆکە، دیواری کورت 2 (لە شەڕدا) سەنگەر، مەتەریز، پەریز، دیوار 3 نەردە، تەختەبەند (parapeted *adj*: 1 پاردەدار، دیواربەند، بە دیواری کورتەوە 2 نەردەبەن، نەردەبەند، نەردەریز) ◌ 1 حفاظ 2 جان‌پناه 3 محجر

paraph /ˈparaf/ *noun*
پەرەف: ئەو هێڵە زیادییانەی کە جوانی بە مۆر یا ئیمزا دەدەن ◌ پاراف

paraphasia /ˌparəˈfeɪzɪə/ *noun*
تێکچوونێکی زمانی (لەودا وشەکان تێکەڵ و رستەکان بێ‌واتان، لە ئەنجامی لێدانی مێشکییەوە تووش دەبێ؛ paraphasic *adj*) ◌ پارافازیا

parapherna *noun, pl.*
دارایی یان ماڵی ژن (بێجگەلە جیازی) ◌ اموال شخصی زن

paraphernal /ˌpærəˈfɜːnl/ *adjective*
سەربە دارایی یان ماڵی ژن ◌ وابسته به اموال شخصی زن

paraphernalia /ˌpærəfəˈneɪlɪə, US -fərˈn-/ *noun*
1 کەلوپەل، شتومەک، ویستەمەنی، دیدیوبۆدی، بەزموبەسات 2 دارای یان ماڵی ژن ◌ 1 لوازم، وسایل 2 اموال شخصی زن

paraphrasable *adjective*
لەشیکردنەوەهاتوو، لێکدەدرێتەوە، راڤە دەکرێ، روون دەکرێتەوە، لە روون کردنەوە دێ ◌ تفسیرپذیر، توضیح‌پذیر

paraphrase /ˈpærəfreɪz/ *noun*
شیکردنەوە، لێکدانەوە، راڤە، روونکردنەوە، بە وتەیێکی تر (paraphraser *n*: شیکەرەوە، لێکدەرەوە، روونکەرەوە) ◌ تفسیر، تعبیر، توضیح

paraphrastic *adjective*
شیکردنەوەیی، لێکدانەوەیی، راڤەیی، روونکردنەوەیی (paraphrastically *adv*) ◌ تفسیری، شرحی، توضیحی

paraphysis *noun, pl.* paraphyses
ریشاڵی ئەستێور، لاپەرە (لە لاوە پەرە دەسێنێ): ریشاڵ یا تاڵێکی باریک، قیت و ستێوری sterile نەزۆکی ئەندامە sporogenous یان gametogenous ەکانی هێندێ فێرن، قەوزە و کەروو یان کارگ fungus ◌ پارافیز

paraplegia /ˌpærəˈpliːdʒə/ *noun*
لەسمی هەردووپێ، پێ‌لەسمی، شەپلە لە پشتێنە بەرەوخوار ◌ فلج پاها

paraplegic /ˌpærəˈpliːdʒɪk/ *adjective, noun*
adj پێ‌لەسم، پالەسم *n* نەخۆشی تووش‌بوو بە پێ‌لەسمی یان پالەسمی ◌ *adj* دچار فلج پاها *n* بیمار مبتلا به فلج پاها

parapodium *noun, pl.* parapodia
پەلک: یەکێ لە جووتە پەلی سەرەتایی (لە برگەبرگەی لەشی کرمە ئالقەییی یا بازنەییەکان (parapodial *adj*) ◌ پایک، پاراپودیوم

parapraxis *noun,* also parapraxia, *pl.* parapraxised or parapraxias
هەڵە، خەتا ◌ خطا

paraprofessional *noun, adjective*
یاریدەدەری راهاتووی کەسێکی پیشەیی (وەک دوکتورەکان، مامۆستاکان، پارێزەران و...) ◌ پاراپروفسیونال

parapsychology /ˌpærəsaɪˈkɒlədʒi, US -ˈkɑːl-/ *noun*
پارادەروونناسی (parapsychological *adj*: سەربە پارادەروونناسی؛ parapsychologist *n*: پارادەروونناس) ◌ فراروان‌شناسی

paraquat /ˈpærəkwɒt, US -kwɑːt/ *noun*
پاراکوت $C_{12}H_{14}Cl_2N_2$ (جۆرێ دەرمانی یەکجار توند بۆ فەوتاندنی بژار، خوێی کاتیۆنێکی تیایە) ◌ پاراکوت

Para rubber *noun*
پارارابێر: rubber رەسەنی دارە رابێرەکانی ئەمریکای باشووری، لە خێزانی spurge [*genus* [*Hevea and especially H. brasiliensis* ◌ پارارابر

parasailing /ˈpærəseɪlɪŋ/ *noun*
(وەرزش) پاراسەیلینگ ◌ پاراسایلینگ

parasang *noun*
فەرسەنگ (= نزیک بە 4 مایل یا 6 کیلۆمیتر، بنەڕەت: لاتین، لە *parasanga* لە *parasangēs* یۆنانی، بنەڕەت ئێرانی) ◌ فرسنگ

parascending /ˈpærəsendɪŋ/ *noun*
(وەرزش) پاراسێندینگ ◌ پاراسندینگ

paraselene /ˌparəsɪˈliːni/ *noun, pl.* paraselenae /-niː/
مانگەدرۆزنە، رووناکی دەوری خەرمانەی مانگ (paraselenic *adj*: سەربە یان پێوەندی بە paraselene ەوە هەیە) ◌ پاراسلین

parasexual *adjective*

ژوورڕەگەزی، نیمچەڕەگەزی، نیمچەسێکشوال، ژوورسێکشوال: *the parasexual cycle in some fungi* (parasexuality *n*) ۞ فراجنسی

parasexual recombination *noun*
نوێتێکهاتی ژوورڕەگەزی یان نیمچەسێکشوال ۞ بازترکیبی فراجنسی

parashah *noun, pl.* parashoth or parashot, Hebrew *pārāshāh*
1 بەشێکی تەورات کە لە کەنیشتە و لە سەبت و ڕۆژانی پشوودا دەخوێنرێتەوە 2 هەڵبژاردەیێکی بەشێکی وا ۞ پاراشا

parasitaemia /ˌparəsɪˈtiːmɪə/ *noun*
بوونی مشەخۆر لە خوێندا ۞ وجود انگل در خون

parasite /ˈpærəsaɪt/ *noun*
1 پەرەسایت، مشەخۆر، خۆرە، لاخۆر 2 مشەخۆر، موشەخۆر، لاکوتە، لاخۆر، سەربار، مفتەخۆر (بنەڕەت: بە ڕێگای لاتینەوە، لە *parasitos* "(کەسێ کە) لە مێزێکی تر دەخوا"، لە *para-* "لەپاڵ، لەتەنیشت، لەلای alongside" + *sitos* "خۆراک food") ۞ 1 انگل 2 طفیلی

parasitic /ˌpærəˈsɪtɪk/ *adjective*, also parasitical /ˌpærəˈsɪtɪkl/
مشەخۆری، لاکوتەیی، خۆرەیی، لە ئەنجامی مشەخۆرەوە ۞ انگلی

parasitically /-kli/ *adverb*
مشەخۆرانە ۞ انگل‌وار

parasiticidal *adjective*
مشەخۆرکوژ، خۆرەکوژ ۞ انگل‌کش

parasiticide /ˌpærəˈsɪtɪsaɪd/ *noun*
مشەخۆرکوژ، خۆرەکوژ، مادە یان مەتریاڵی مشەخۆرتیابەر ۞ انگل‌کش

parasitism *noun*
1 هەوانتەخۆری، مشەخۆری؛ (خوازە) لاکوتەیی، لاخۆری، مفتەخۆری، کاسەلێسی، لاوڕگی 2 (هەروەها parasitosis (*pl.* parasitoses)) نەخۆشی مشەخۆری، مشەخۆرتێدان ۞ 1 زندگی انگلی 2 بیماری در اثر انگل

parasitization *noun*
هەوانتەخۆری‌کردن، مشەخۆری‌کردن، ژیان لەسەر هاوخوانی host وەک مشەخۆری، تێدان infest وەک مشەخۆری ۞ پاراسیتیزاسیون، انگلی شدن

parasitoid /ˈparəsɪtɔɪd/ *noun, adjective*
نیمچەمشەخۆر، لاخۆرە، مێرووێ کە گەرا لەنێو خانەخوێکەیدا دەنێتەوە (و دەیکوژێ) ب.ت. ichneumon wasp (parasitoidism *n*) ۞ پاراسیتوئید

parasitology /ˌpærəsaɪˈtɒlədʒi/ *noun*
مشەخۆرناسی (parasitological or parasitologic *adj*; parasitologically *adv*; parasitologist *n*) ۞ انگل‌شناسی

parasol /ˈpærəsɒl, US -sɔːl, -sɑːl/ *noun*
1 چەتر، چەتری بەر خۆر 2 (هەروەها parasol mushroom) جۆرێ کارگی درێژی سەرزل [*Lepiota procera*] و جۆرە پێوەندی‌دارەکان 3 فڕۆکەی یەک‌باڵە ۞ 1 چتر آفتابی 2 نوعی قارچ 3 هواپیمای یک‌باله

parasolette *noun*
چەترۆکە، چەتری چکۆلەی بەر خۆر ۞ چتر آفتابی کوچک

parasternal /ˌparəˈstəːnəl/ *adjective*
(توێکاری) هەڵکەوتوو لەپاڵ sternum ۞ واقع در پهلوی جناغ سینه

parasympathetic *adjective*
(کارئەندام‌ناسی) پاراسیمپاتیک، پاراسیمپاتێتیک ۞ پاراسمپاتیک

parasynthesis /ˌparəˈsɪnθɪsɪs/ *noun*
(زمانەوانی) داڕشتن (یان داتاشین) و لێکدان ۞ اشتقاق و ترکیب

parasynthetic /ˌparəˈsɪnθetɪk/ *adjective*
داڕشتە (یا داتاشراو) و لێکدراو (parasynthetically *adv*) ۞ مشتق و مرکب

parataxis /ˌpærəˈtæksɪs/ *noun*
(ڕێزمان) پاڵ‌چنی، هێنانی چەند بڕگە و دەستەوشە بەبێ دانانی پیتی پێوەندی (paratactic(al) *adj*; paratactically *adv*) ۞ حذف روابط

paratha /pəˈrɑːtə/ *noun*
پێراتا، پەراتا (= جۆرێ نانی باشووری ئاسیا (ب.ت. هیندووستان) کە بێ شلکێنە، لەسەر ساج دەکرێ؛ بنەڕەت: لە *parāthā* هیندی‌یەوە) ۞ پاراتا

parathion /ˌparəˈθʌɪən/ *noun*
پاراتیۆن: دەرمانێکی مێرووکوژ و بێداد ژاراوی‌یە $C_{10}H_{14}NO_5PS$، فۆسفۆر phosphorus و سۆلفۆری sulphur تیایە ۞ پاراتیون

parathyroid *noun*
(توێکاری) پاراتیرۆئید ۞ پاراتیروئید

parathyroidectomy *noun, pl.* parathyroidectomies
(توێکاری) بڕین یا دەرکێشانی بەشێ یا تەواوی ڕژێنە پاراتیرۆئیدەکان ۞ پاراتیروئیدکتومی

parathyroid gland *noun*
ڕژێنەی پاراتیرۆئید: هەریەک لەو چوار ڕژێنە چکۆلەی endocrine کە نزیک تیرۆئیدن و هۆرمۆنی پاراتیرۆئید دەردەدەن ۞ غدەی پاراتیروئید

parathyroid hormone *noun*
هۆرمۆنی پاراتیرۆئید: هۆرمۆنێکی ڕژێنەی پاراتیرۆئید کە میتابۆلیزمی کالسیۆم و فۆسفۆرۆس لە لەشدا میزان دەکا ۞ هورمون پاراتیروئید

paratroop /ˈpærətruːp/ *adjective*

سەربە سەربازان یان یەکەی چەتربازەکان ۞ وابسته به یکان چتر باز

paratrooper /'pærətru:pə(r)/ *noun*
چەترەوان، چەترباز، سەربازی یەکە یان دەستەی چەترباز ۞ چترباز

paratroops /'pærətru:ps/ *noun, pl.*
سەربازە چەترباز یا چەترەوانەکان ۞ یکان چترباز

paratyphoid *noun, adjective*
n (نەخۆشی و کەممەترسی‌تر) نیمچەکەوتوویی *adj* پاراتیفوئید ۞ *n* شبه‌حصبه *adj* پاراتیروئید

paravane *noun*
دەزگا یان ئامێری کۆکردنەوەی مین (بە دوای گەمی یان کەشتی‌یەوە) ۞ پاراوان

par avion /pa:(r) a'vjõ, French paʀ avjõ/ *adverb*
بە ڕێگای پۆستی ئاسمانی‌یەوە ۞ توسط پست هوایی

parbuckle /'pa:bʌk(ə)l/ *noun*
گوریسی دوولوونەی قولفەکراو بۆ هەڵێنان یان تلارکردنەوەی شتومەکی لوولەکی ۞ پاربوکل

parcel /'pa:sl, US 'pa:rsl/ *noun*
1 گورزە، بەستە، بوخچە، پێچراوە، بەستەک 2 (زەوی‌وزار) پەلە، کەرت، پارچە، تیکە 3 بەش، کەرت، پشک، پار 4 کۆمەڵە، دەستە ۞ 1 بسته 2 (زمین) قطعه 3 جزء، بخش 4 مجموعه

parcel bomb *noun*
بۆمبی پێچراوە یان پۆستی ۞ بمب پستی

parceling = parceling

parcel-gilt /'pa:sl gɪlt/ *adjective*
نیو(ە)زێڕکفت ۞ نیمه‌مطلا

parcelling *noun*
دابەش‌کردن، دابەشاندن ۞ تقسیم

parcel post *noun*
نووسینگەی گورزە یان بەستە پۆستی‌یەکان، ناردنی بەستە یان گورزە بە ڕێگای پۆستەوە ۞ ادارەی بسته‌های پستی، پارسلینگ

parcenary /'pa:sənerɪ/ *noun*
بەشداری لە میراتدا، بەشبەری یا میراتگریی هاوبەش ۞ شرکت در ارث

parcener *noun*
بەشدار لە میراتدا، بەشبەر یا میراتگری هاوبەش ۞ شریک در ارث

parched /pa:tʃt, US pa:rtʃt/ *adjective*
1 وشک(وبرینگ)، وشکەوەبوو، وشکەوەکراو، وشکھەڵگەڕاو 2 (ناڤەرمی) (بەکجار) تینوو، سی‌وشکەگرتوو ۞ 1 خشک، خشک‌شده 2 (عامیانه) تشنه

Parcheesi /pa:'tʃi:zi, US pa:r'tʃ-/ *noun*
(دروشمی بازرگانی، جۆری کایەی منداڵان) پارچیسی ۞ پارچیسی

parchment /'pa:tʃmənt, US 'pa:rtʃ-/ *noun*
1 کاغزی پێستی یان کەولی، پێستە 2 کەوڵ (جاران بۆ لەسەر نووسین و لە بریتی کاغز بەکاردێترا) 3 پێستەنووس ۞ 1 کاغذ پوستی 2 پوست 3 پوست نوشته

parchment-paper *noun*
کاغزی پێستی ۞ کاغذ پوستی

parchmenty *adjective*
پێستی، کەولی، پێستەئاسا ۞ پوستی

parclose /'pa:kləʊz/ *noun*
تیغە، پەردە، نەردە ۞ جداگر، نرده

pard /'pa:d/ *noun*, also leopard
(کۆن، وێژەیی) پڵنگ، پڵینگ (بنەڕەت: لە *pardos* یۆنانی‌یەوە) ۞ پلنگ

pardalote /'pa:dələʊt/ *noun*
جۆری باڵندەی پچوکی دەنگ‌خۆشی خاڵ‌خاڵی سی ئەوستڕالیایی، پڵنگەخاڵینە [تۆخم *Pardalotus*: چەندین جۆرن] ۞ پاردالوت

pardon /'pa:dn, US 'pa:rdn/ *noun, interjection*
n لێبوردن، لێخۆش‌بوون، چاوپۆشی، چاوپۆشین، بەخشین، جەبە *interj* (هەروەها pardon me) بەڵێ؟ ببوورە؟ بیڵێوە؟ چت فەرموو؟ چۆن‌چۆن؟ ۞ *n* عفو، بخشایش *interj* ببخشید؟ بله؟

pardonable /'pa:dnəbl, US 'pa:rdn-/ *adjective*
لەبەخشین‌هاتوو، شیاوی لێبوردن، شایانی لێخۆش‌بوون، *pardonable* :excusable offenses (pardonableness *n*) ۞ قابل گذشت

pardonably /'pa:dnəbli, US 'pa:rdn-/ *adverb*
لەبەخشین‌هاتووانە، بە شێوەیێکی شیاوی بەخشین ۞ به طور قابل بخشش

pardoner *noun*
لێبوردە، بەخشەر، لەگوناەخۆش‌بوو ۞ بخشاینده

paregoric /,pærɪ'gɒrɪk/ *noun, adjective*
(دەرمانی) ئارام‌کەرەوە یان دامرکێنەر (بەنگ و کافووری تیایە) opium ۞ (داروی) مسکن

paren /pə'rɛn/ *noun*
(چاپ) ئانیشکە یان کەوانەی خڕ ۞ پارن

parenchyma /pə'rɛŋkɪmə/ *noun*
1 (توێکاری) شانەیێکی بنەڕەتی ئەندامێ یان هەڵدانێکی نائاسایی abnormal growth لە بەرامبەر چوارچێوەی بنچینەیی‌یەکەی 2 (ڕووەکناسی) شانەی خانەیی نێو هێندێ لە بەشە نەرمترەکانی گەڵا، تلتەی میوە، توێخڵ و نێوی لاسک و هتد؛ شانەی سەرەکی، نێرکی لوو ۞ بافت اصلی، مغز غده، پارانشیم

parenchymal (chiefly Anatomy) *adjective*, also parenchymatous (chiefly Botany)

سەربە parenchyma ۞ وابستە بە بافت اصلی، وابستە بە مغز غدە

parent /ˈpeərənt, US ˈper-/ *noun*

1 دایک، دایکە، باوک 2 (گیانەوەر) نێر یان مێ، دێل یان گۆل 3 (ڕووەک) دایک، دایکە 4 (خوازە) سەرچاوە، بنەما، بناوان، ماک، ژێدەر 5 (کۆن) ڕەچەڵەک، کاڵوباب، پێشینیان، نەژداد، باو و باپیران 6 (parents) باوک و دایک، باوان 7 (گیانەوەر) نێر و مێ، دێل و گۆل، دایکە و گۆل ۞ 1 والد 2 (حیوان) نر یا مادە 3 (گیاە) مادر 4 (مجازی) منشأ، سرچشمە 5 اجداد، نیاکان 6 (در جمع) والدین 7 (حیوانات) نر و مادە

parentage /ˈpeərəntɪdʒ, US ˈper-/ *noun*

1 ڕەچەڵەک، بنەچەک، ناوپشتە، کۆک: *a young American of German -age* 2 دایکوباوک، باوان ۞ 1 تبار، دودمان 2 پدر و مادر

parental /pəˈrentl/ *adjective*

1 باوانی، سەربە دایکوباوک، سەربە باوان: *parental* ◊ *parental responsibility/rights* 2 *choice in education* باوک و فرزەندی، دایک و فرزەندی 3 بنەڕەتی، بنچینەیی، بنەمایی، سەرەکی ۞ 1 وابستە بە والدین 2 پدر و فرزندی، مادر و فرزندی 3 اصلی

parent company *noun*

سەرکۆمپانی، کۆمپانی سەرەکی، بنەناوکۆیی، بنەکۆمپانی، کومپانیای دایک ۞ شرکت مادر (اصلی)

parenthesis /pəˈrenθəsɪs/ *noun, pl.* parentheses /-siːz/

1 پالاخن؟، نێوناخن، تێهەڵکێش، وشە یان ڕستەی موعتەریزە، پەرێنتیس، کەوانە 2 (parentheses) جووتکەوانە ۞ 1 واژە یا جملەی معترضە 2 (در جمع) پرانتز

parenthetic /-ɪk/ *adjective,* also parenthetical /ˌpærənˈθetɪkl/

پەرێنتیسیتیک، موعتەریزە، پالاخنراو، نێوئاخنکراو، تێهەڵکێشراو، نێوئاخنراو، تێخراو، کەوانەیی ۞ معترضە، وابستە بە پرانتز

parenthetically /-kli/ *adverb*

کەوانیانە، سەرەڕای (ئەوەش)، وێڕای ۞ پرانتزوار، در ضمن

parenthood /ˈpeərənthʊd, US ˈper-/ *noun*

باوکی و دایکی، باوک و دایک، باوان، دایکێتی و باوکێتی، باوانیتی ۞ پدری و مادری

parenting /ˈpeərəntɪŋ, US ˈper-/ *noun*

ڕاهێنانی منالان، ئاگاداری منالان، پەروەردەی خێزانی ۞ تربیت فرزند

parents-in-law *noun*

باوانی هاوسەر، دایک و باوکی ژن یان مێرد ۞ والدین همسر

parent-teacher association *noun*

کۆمەڵەی مامۆستایان و باوان (یان باوان و مامۆستایان) ۞ انجمن اولیا و مربیان

parer /peərə(r)/ *noun*

1 دادەر، تاشەر، داتاشەر 2 نینوخبڕ، نینۆکگیر 3 پێستلێکەرەوە، توێکڵلێکەرەوە ۞ 1 تراشندە 2 ناخنگیر 3 پوستکن

parergon /pəˈrɜːgɒn/ *noun, pl.* parerga /-gə/

کاری لاوەکی، لاکار، دەمکار ۞ کار فرعی

paresis /pəˈriːsɪs, US ˈpærɪsɪs/ *noun, pl.* pareses /-siːz/

نیمچەلەسمی، سووکەلەسمی، لەسمی نیوەچڵ یان ناتەواو، لەسمی یان لاوازی ماسوولکەیی ۞ فلج ناقص، فلج یا ضعف عضلانی

paretic /pəˈretɪk/ *adjective*

1 تووشبوو بە نیمچەلەسمی 2 سەربە نیمچەلەسمی یان لەسمی نیوەچڵ یان ناتەواو ۞ 1 مبتلا بە فلج ناقص 2 وابستە بە فلج ناقص

paresthesia = paraesthesia

pareu /ˈpɑːreɪuː/ *noun*

جۆرێ saronگی پۆلینیزیایی ۞ پاریو

par excellence /pɑːr ˈɛks(ə)l(ɔ)ns, French paʁ ɛksɛlɑ̃s/ *adjective*

هەرەباش، تەواو، بێهاوتا، بێوێنە، بەرز، باشترین ۞ تمامعیار، عالی

par example *adverb*

(فەرەنسی) بۆ نموونە، بۆ وێنە ۞ مثلاً

parfait /ˈpɑːfeɪ/ *noun*

جۆرێ دیسێری سارد یان بەستوو کە لە سەرشیر، هێلکە و میوە دروست دەبێ ۞ پافی

parfleche /ˈpɑːflɛʃ/ *noun*

(لە فەرهەنگی سوورپێستەکاندا) پێستەی گامێش، لەسەر چوارچێوەیێ رادەخرێ (بە کێشان) و وشک دەکرێتەوە ۞ پارفلش

parfumerie /pɑːˈfjuːm(ə)ri/ *noun, pl.* parfumeries

(فەرەنسی) شوێنی گولاوفرۆشی یان گولاوسازی ۞ پارفومری

parget /ˈpɑːdʒɪt/ *noun,* also parge /pɑːdʒ/

سواخ، سپیکاری، سپیکردنەوە، گەچکاری، گەچەسواخ، قوڕەسواخ، قوڕکاری ۞ اندود، سفیدکاری، گچکاری، گلمالی

parhelic /ˌpɑːhɪˈlaɪək *adjective,* also parhelical /ˌpɑːhɪˈlaɪəkəl/

سەربە خۆری درۆ، خۆرەدرۆزنەیی، خۆرۆچکەیی، سەربە یان پێوەندی بە تەنیشتخۆرەوە هەیە ۞ وابستە بە شمس کاذب

parhelic circle *noun*

(ئەستێرەوانی) بازنەی خۆری ۞ دایرەی شمسی

parhelion /pɑːˈhiːlɪən/ *noun, pl.* parhelia /-lɪə/

خۆرەدرۆزنە، خۆری درۆ، سەگەرۆژ (sundog)، خۆرۆچکە، خۆریژە: پنکە یان خاڵێکی رووناکی ئاسمانە لە هەردوو لای خۆر کە بەهۆی شکانەوە refraction دروست دەبێ، تەنیشتخۆر (بنەڕەت: لە parelion لاتین، لە para- یونانی "(لە)تەنیشت beside" + hēlios "خۆر") ⟡ شمس کاذب

pariah /pəˈraɪə/ = outcast

pariah dog = pye-dog

Parian /ˈpɛːrɪən/ *adjective*

سەربە دوورگەی یۆنانی Paros ⟡ پاروسی

paries *noun, pl.* parietes

دیوار، دیوارە ⟡ جدار

parietal /pəˈrʌɪɪt(ə)l/ *adjective, noun*

adj 1 دیواری، دیوارەیی، سەربە ژوورمەلاشوو یان شلک، شلکی، سەرووەمەلاشوویی 2 (شوێنەوارناسی) ئاماژە بە هونەری پێش مێژوو کە لەسەر دیواری بەردەکانەوەیە *n* ئێسکی ژوورمەلاشوو یان شلک ⟡ *adj* 1 جداری، وابسته به آهیانه 2 پاریایتال *n* استخوان آهیانه

parietal bone *noun*

ئێسکی ژوورمەلاشوو یا شلک ⟡ استخوان آهیانه

parietal lobe *noun*

جووتەپلی مێشک لەژوور سەرەوە ⟡ پاریتال لوب

pari-mutuel /ˌpɑːrɪˈmjuːtʃʊəl, US -ˈtjʊəl/ *noun*

گرێو، مەرج (لەسەر غارەئەسپ) ⟡ شرطبندی

paring /ˈpeərɪŋ, US ˈper-/ *noun*

1 داتاشین، تاشین، دادان، پاک کردن، توێخڵ کردن 2 (parings /ˈpeərɪŋ, ˈper-/) تەڵەزم، (تۆ)تەلاش، کراوە، مورە، مۆرە، بڕکە، وردە، ورکە 3 توێخڵ، توێکڵ ⟡ 1 عمل تراشیدن یا پوست کندن 2 (در جمع) تراشه 3 پوست

pari passu /ˌpɑːrɪ ˈpasuː, US ˌparɪ/ *adverb, adjective*

یەکسانانە، بەرامبەرانە، هەنگاوبەهەنگاو ⟡ به طور مساوی

Paris *noun*, Latin, from Greek

پاریس: کوڕی Priam و Hecuba کە Helen هەڵگرت abduction و بووە هۆی شەڕی ترۆی Troy ⟡ پاریس

parish /ˈpærɪʃ/ *noun*

1 گەڕەگ، تاخ: *a parish church/priest* 2 گەڕەکنشین، تاخنشین، دانیشتووانی گەڕەک، خەڵکی گەڕەک 3 (لە سیستمی دابەش کردنی وڵاتدا) هەرێم، ناوچە، دەڤەر 4 کلێسەیێکی خۆجێیی local church بە چوارچێوەی چالاکی خۆیەوە ⟡ 1 محله 2 اهل محل 3 بخش 4 کلیسای محلی با حوزەی فعالیت خاص

parish church *noun*

کلێسەی گەڕەک ⟡ کلیسای محل

parish clerk *noun*

بەرپرسی کلێسەی گەڕەک ⟡ مسؤل کلیسای محل

parish council *noun*

ئەنجومەنی گەڕەک ⟡ شورای محل

parishioner /pəˈrɪʃənə(r)/ *noun*

1 گەڕەکنشین، خەڵکی گەڕەک 2 سۆفی کلێسە ⟡ 1 اهل محل 2 مرید

parish-pump *adjective*

خۆجێیی، سەربە کاروباری خۆجێیی ⟡ محلی

parish-pump politics *noun*

رامیاری یا سیاسەتی خۆجێیی ⟡ سیاست محلی

parish register *noun*

تۆمارەی کەسانی لەدایکبوو، هاوسەرگرتوو و مردووی گەڕەگێ، گەڕەکنامە ⟡ رجیستر پاریش

Parisian /pəˈrɪzɪən/ *adjective, noun*

adj پاریسی، سەربە پاریس *n* پاریسی، خەڵکی پاریس ⟡ *adj* پاریسی *n* اهل پاریس

Parisienne /paˌrɪzɪˈɛn, French paʀizjɛn/ *noun*

کچ یان ژنی پاریسی ⟡ دختر یا زن پاریسی

parity /ˈpærəti/ *noun, pl.* parities

1 بەرامبەری، بەقەدیەکی، یەکسانی، پارتەقایی، وەکهەڤی، بەقەدیەکبوون 2 کرێ یان حەقی بەرامبەر 3 هاودراوی، بەرامبەری نرخ و بایی (دراوی) دوو وڵات 4 لێکچوون، هاوشێوەبوون، چونیەکی 5 هاوسەنگی ⟡ 1 تساوی، مساوات، هم‌ارزی 2 حقوق مساوی 3 تساوی نرخ ارز دو کشور 4 تشابه 5 موازنه

parity of exchange *noun*

بەرامبەری گۆڕینەوە، یەکسانی ئاڵوگۆڕ یان گۆڕینەوە ⟡ تساوی مبادله

park /pɑːk, US pɑːrk/ *noun*

1 پارک، باخ یان باخچەی گشتی، باخی نیشتمانی، سەیرانگە 2 یاریگە 3 باخ 4 جێ‌ڕاو، راوگە ⟡ 1 پارک 2 زمین بازی 3 باغ 4 شکارگاه

parka /ˈpɑːkə, US ˈpɑːrkə/ *noun*

باڵتەی کڵاودار، باڵتە بە بەری تووکەوە (ئێسکیموکان لەبەری دەکەن، بنەڕەت: بە رێگای ئێسکیمو لە رووسی‌یەوە) ⟡ پارکا

park-and-ride *noun*

راگرتن و سواربوون (سیستمێ کە لەودا کابرا ماشینەکەی لە شارێکی شلوقدا رادەگرێ و بە پاس دەچێتە ناو شار) ⟡ پارک‌سوار

parkin /ˈpɑːkɪn, US ˈpɑːrkɪn/ *noun*

(بریتانیا) کەیکی زەنجەفیلی ⟡ پارکین

parking /ˈpɑːkɪŋ, US ˈpɑːrk-/ *noun*

1 شوێنی راگرتن، راگیرگە 2 راوێستاندن، راگرتن ⟡ 1 جای پارک 2 عمل پارک کردن

parking brake *noun*

وەستێنەی دەستی ⟡ ترمز دستی

parking garage *noun*
گاراج ◌ گاراج
parking light *noun*
چرای راگرتن ◌ چراغ پارک
parking lot *noun*
جێگای راگرتن، پارکینگ ◌ محل پارک
parking meter *noun*
پارکومیتر (دەزگایێ کە تۆ پارەی تێدەخەی تا بتوانی ماشینەکەت لەپال ئەودا راگری) ◌ پارکومتر
parking ramp *noun*
شێوێنی راگرتنی فرۆکە ◌ محل پارک هواپیما
parking ticket *noun*
جەریمەنامە، پەڕ یان کاغزی تەمێ‌یانە ◌ برگ جریمە
Parkinsonism /ˈpɑːkɪnsənɪzəm, US ˈpɑːrk-/ = Parkinson's disease
Parkinson's disease /ˈpɑːkɪnsnz dɪziːz, US ˈpɑːrk-/ *noun*, also paralysis agitans, Parkinson's, Parkinson's syndrome
شەپلەی لەرزۆک(ی یا بوون)، نەخۆشی پارکینسۆن: نەخۆشی‌یێکی نورۆلۆژیک کە وای بۆ دەچن لەبەر خراپ‌تربوونی خانەکانی مێشک بێ کە دۆپامین بەرهەم دێنێ (یان دەردەدا)، و زۆرتر لە تەمەنی 60 بۆ سەرێ دەردەکەوێ و لە نیشانەکانی لەرزۆکی پ.ت. هی دەست و سەر، رەقی و سەختی ماسولکەکان، خاوی، نەبوونی هاوسەنگی و رەوتی پێ‌خشکێ یە (Parkinsonian *adj*؛ بنەرەت: لە ناوی James *Parkinson* نەشتەرگەری ئینگلیسی (1755-1854)) ◌ بیماری پارکینسون
Parkinson's Law *noun*
قانوون یا یاسای پارکینسۆن ◌ قانون پارکینسون
parkland /ˈpɑːklænd, US ˈpɑːrk-/ *noun*, *pl.* parklands
شینەلان، سەوزەلانی، سەوزایی، شیناوەرد: *The house stands in 500 acres of rolling parkland* ◌ چمن‌زار
parkway /ˈpɑːkweɪ, US ˈpɑːrk-/ *noun*
باخەڕێ ◌ پارک‌وی
parky /ˈpɑːki, US ˈpɑːrki/ *adjective* (parkier, parkiest)
(تافەرمی) کەمێ سارد، فێنک ◌ (عامیانە) کمی سرد، خنک
Parl. *abbreviation* 1 Parliament 2 Parliamentary
parlance /ˈpɑːləns, US ˈpɑːrl-/ *noun*
1 شێوەزار، دەربڕین، دارشتن، شێوەی دەربڕین، زمان، فریزۆلۆژی، قسە 2 وتووێژ، گفت‌وگۆ ◌ 1 اصطلاح، بیان 2 گفتگو
parlando /pɑːˈlændəʊ/ *adverb, adjective*
(موسیقا) دووان یان قسەکردن وێرای لێدانی موسیقا ◌ پارلاندو
parlatory *noun*
دیوی میوانداری لە خانەقای رەبەنەکان ◌ پارلاتوری
parley /ˈpɑːli, US ˈpɑːrli/ *noun*, *pl.* parleys
وتووێژ، دانوستان، گفت‌وگۆ، هەڤپەیڤین ◌ مذاکره
parliament /ˈpɑːləmənt, US ˈpɑːrl-/ *noun*
1 ئەنجومەنی نوێنەران، پەرلەمان، پارلیمان: *The German parliament is called the 'Bundestag'* 2 (Parliament) پەرلەمانی بریتانیا (بە دوو ئەنجومەنی ژوورین و ژێرین): *a Member of Parliament* ◌ 1 مجلس 2 پارلمان بریتانیا
parliamentarian /ˌpɑːləmənˈteəriən, US ˌpɑːrləmənˈter-/ *noun*
نوێنەری شارەزا، نوێنەری پڕئەزموون ◌ نمایندەی مبرز
parliamentary /ˌpɑːləˈmentri, US ˌpɑːrl-/ *adjective*
پەرلەمانی، سەربە ئەنجومەنی نوێنەران: *a parliamentary elections* ◊ *parliamentary democracy* ◌ پارلمانی
Parliamentary Commissioner for Administration = ombudsman
parliamentary private secretary *noun*
یاریدەدەری پەرلەمانی، ئەندامی پەرلەمان کە یاریدەی وەزیری حکومەت دەدا ◌ معاون پارلمانی
parlour /ˈpɑːlə(r), US ˈpɑːrl-/ *noun*, US parlor
1 دیوی میوانداری، ژووری نیشتمان یان تیادانیشتن 2 دەزگا (ی بازرگانی) 3 دیو یان خانووبەرەیێ بۆ دۆشینی مانگاکان ◌ 1 اتاق نشیمن، مهمانسرا 2 مؤسسە 3 پارلور
parlour game *noun*
کایەی مالەوە ◌ بازی در خانە
parlourmaid /ˈpɑːləmeɪd, US ˈpɑːrlərmeɪd/ *noun*
بەردەس، کارەکەر، کلفەت (ژن بۆ میوانداری) ◌ پیشخدمت زن
parlous /ˈpɑːləs, US ˈpɑːrləs/ *adjective*
(کۆن و بە شۆخی) مەترسی‌دار، پڕمەترسی، خراپ، پڕترس، زیرەک، زۆرزان، hazardous، precarious: *the parlous state of the country* ◌ parlously /ˈpɑːləsli, US ˈpɑːrləsli/ *adv*: مەترسی‌دارانە، پڕمەترسی‌یانە؛ parlousness /ˈpɑːləsnəs, US ˈpɑːrləsnəs/ *n*: مەترسی‌داری، پڕمەترسی‌بوون) ◌ خطرناک، وخیم، ناقلا
Parma violet *noun*

بەنەوشەی بۆنتوندی گوڵئەرخەوانی گەش ⬡ بنفشەی پارما

Parmentier /'pɑːmõtieɪ/ *adjective*
لێنراوە یان سازکراوە لەگەڵ پەتاتە (بنەڕەت: لە ناوی پسپۆری کشتوکاڵی فەڕەنسی Antoine A. *Parmentier*) ⬡ پارمتیر

Parmesan /'pɑːmɪzæn, ˌpɑːmɪ'zæn, US 'pɑːrməzɑːn, -zæn/ *noun*, also Parmesan cheese
پارمیزان (- جۆرێ پەنیری ڕەق و وشکی ئیتالیایی) ⬡ پارمیزان

Parmigiana /ˌpɑːmɪ'dʒɑːnə, Italian ˌparmi'dʒana/ *adjective*
لێنراوە یان سازکراوە لەگەڵ پەنیری پارمیزان ⬡ پارمیجیانا

Parnassian /pɑː'nasɪən/ *adjective*
1 سەربە هەڵبەست، هۆنەیی، شێعری 2 سەربە گروپێ لە هۆنەرانی فەڕەنسی کە زۆرتر بایەخیان دەدا بە شێوە و فۆڕم هەتا نێوەڕۆک، لە ناوی هەڵبژاردەی *Le Parnasse contemporain* (1866) 3 سەربە Parnassus ⬡ 1 وابستە بە شعر، ادبی 2 و 3 پارناسین

Parnassus *noun*, or Modern Greek *Par£nas£sós*
ناوی چیایێ کە پیرۆزە بۆ ئاپۆل و میوزەکان، لە میتۆلۆژی یۆنانیدا ⬡ پارناسوس

parochial /pə'rəʊkiəl, US -'roʊ-/ *adjective*
1 بیرتەسک، تەسکبینی، بیرتەسکانە 2 سنووردار، ناگرنگ 3 ناوچەیی، دەڤەری، خۆجێیی، provincial: *a member of the -al church council* (parochiality *n*) ⬡ 1 تنگنظر، کوتەفکرانە 2 محدود 3 منطقەای، محلی

parochialism /-ɪzəm/ *noun*
بیرتەسکی، کورتبیری، تەسکبینی ⬡ تنگنظری

parochially /pə'rəʊkiəli, US -'roʊ-/ *adverb*
بیرتەسکانە، تەسکبینانە ⬡ تنگنظرانە

parochial school *noun*, also church school
خوێندنگای خۆجێیی (یان تایبەتی کە لە لایەن کلێسەوە بەڕێوەدەچێ یان سەربەوە) ⬡ مدرسەی محلی

parodic *adjective*
سەربە پەرۆدی، پێوەندی بە پەرۆدییەوە هەیە ⬡ وابستە بە نقیضە

parodist /'pærədɪst/ *noun*
پەرۆدینووس ⬡ نویسندەی نقیضە

parody /'pærədi/ *noun*, *pl.* parodies
پەرۆدی، لاسایی یان دەمەلاسکێی گاڵتەجاڕانە، دەمەلاسکە، لاسایی، travesty: *a parody of a smile* ⬡ نقیضە، ادا

parol /pə'rəʊl, US 'par(ə)l/ *adjective*
(ماف) دەڤکی، زمانی، زارەکی، بە دەم، بە زمان ⬡ شفاهی

parole /pə'rəʊl, US pə'roʊl/ *noun*
1 ئازادی یان بەردان بە مەرجی بەڵێنیدان 2 (زمانەوانی) ئاخافتن، ئەو زمانەی کەوا خەڵک قسەی پێدەکەن (بڕوانە langue) 3 وشەی نهێنی (بنەڕەت: فەڕەنسی "parole؛ speech"، لە فەڕەنسی نێوەڕاست. لە late Latin *parabola* "speech") ⬡ 1 آزادی مشروط 2 (زبان شناسی) گفتار 3 اسم شب

paronomasia /ˌparənə'meɪzɪə/ *noun*
هاوڕەگەزی، وشەبازی، جیناس، پارانۆماسیا، pun ⬡ جناس

paronomastic *adjective*
سەربە هاوڕەگەزی، پارانۆماستیک (paronomastically *adv*) ⬡ جناسی

parononychia *noun*
1 هەوکردنی قەد و لۆی پێستی دەوروبەری نینوخی قامک و پەنجەکان؛ felon 2 مووی زبری لاقی مێروو (parononychial *adj*) ⬡ پارونیکیا

paronym /pærənɪm/ *noun*
وشەی هاوڕەگ یا هاودارِشتە یا هاوبنج (یا هاوڕیشە) ⬡ واژەی مشتق

paronymous /pə'rɒnəməs/ *adjective*
هاوڕەگ، هاوبنج ⬡ مشتق

paronymy *noun*
هاوڕەگی، هاودارِشتەیی، هاوبنجی ⬡ اشتقاق

parotic /pə'rəʊtɪk/ *adjective*
بناگوێ، پەناگوێیی ⬡ بناگوشی

parotid /pɔ'rɒtɪd/ *adjective*
(توێکاری) بناگوێ، پەناگوێیی، پارۆتید (بنەڕەت: بە ڕێگای لاتین لە *parōtis*، *parōtid-* یۆنانی، لە *para-* "beside" + *ous*، *ōt-* "گوێ") ⬡ بناگوشی

parotid gland /pɔ'rɒtɪd/ *noun*
ڕژێنە یان لووی بناگوێ ⬡ غدەی بناگوشی

parotis *noun*
ڕژێنە یان لووی بناگوێ ⬡ غدەی بناگوشی

parotitis /ˌparə'tʌɪtɪs/ *noun*
ملەخڕە، ملەخڕێ، گوێڕەپە، ئاوسانی ڕژێنە یا لووی بناگوێ، mumps ⬡ اریون

-parous *suffix*
پاشگر: منداڵبوون، بوون، زایین، دیتن، زێ، زا، خەرەوە: *multiparous*، *viviparous* (بنەڕەت: لە *-parus* لاتینەوە) ⬡ پسوند: زایش، زا

Parousia /pɔ'ruːzɪə/ *noun*
(یەزدانناسی کریستیەن) هاتنەوەی (دووهەمجاری) مەسیح یان کریست، second coming (بنەڕەت: لە یۆنانییەوە "ئامادەبوون") ⬡ ظهور ثانوی مسیح

paroxetine *noun*
پارۆکسێتین: دەرمانی $C_{19}H_{20}FNO_3$ کە چالاکی سیرۆتۆنین serotonin باشتر دەکا ۞ پاروکستین

paroxysm /'pærəksɪzəm/ *noun*
1 هەڵچوون، خرۆش، جۆش و خرۆش، تاوسەندن، ورووژان، outburst: *a paroxysm of rage* 2 (پزشکی) لێهاتن، گەشکە، فێ، کورتە هێرش، بەردەوبگرە، convulsion: *a paroxysm of coughing* (paroxysmal /,pærəks'ɪzəml/ *adj*: سەربە یان پێوەندی بە پارۆکسیزمەوە هەیە) ۞ 1 طغیان، شور 2 (پزشکی) اصابت، گهگیری

paroxytone /pə'rɒksɪtəʊn/ *noun*
وشەیێ کە دوایین بڕگەی زەبرێکی توندی لەسەر بێ، ب.ت. لە یۆنانی کۆندا ۞ پاروکسیتون

parpen /'pɑ:p(ə)n/ *noun*
بەردێکی داتاشراوی نێو دیوار، کە لە دوولاوە دیار بێ ۞ پارپن

parquet /'pɑ:keɪ, US pɑ:r'keɪ/ *noun*
1 بەشی پێشەوەی سێن، (تەرک) داپۆشین بە دار یان تەختە (بە شێوەی ئەندازەیی) 2 شوێنی سازبەند لە audiotorium دا ۞ پارکت

parquet circle *noun*
بەشی تەرکی سەرەکی تیاترێ، لە ژێرەوە گالێرییەکان ۞ سیرکل پارکی

parquet floor *noun*
تەرکی بەدار (ی جۆراوجۆر) داپۆشراو ۞ کف پارکتی

parquetry /'pɑ:kɪtrɪ/ *noun*
تەرکی دارین یان لەدار، تەرکی تەختەپۆش ۞ پارکوتری

parr *noun, pl.* same or parrs
بەچکەماسی ئازاد salmon لە قۆناخێکا کە هێڵی ڕێڕێ لە لەشیدا بە باری درێژایی دەردەکەوێ ۞ پار

parrakeet = parakeet

parramatta /,parə'matə/ *noun,* also paramatta
جۆرێ پارچەی تویلی باش (بنەڕەت: لە *Parramatta* ئەوسترالیا) ۞ پاراماتا

parricidal /,pærɪsɪdl/ *adjective*
باوانکوژ، سەربە باوانکوژی ۞ پاریسایدال

parricide /'pærɪsaɪd/ *noun*
(فەرمی) 1 باوانکوژ، باوککوژ، دایککوژ، باوانکوژی (بڕوانە fratricide، matricide و patricide) 2 خاپین سەبارەت بە نیشتمان ۞ 1 پاریساید 2 خائن به میهن

parrot /'pærət/ *noun*
1 تووتی [دەستە Psittaciformes: زۆر جۆرن] 2 (خوازە، مرۆڤ) لاسایی کەرەوە ۞ 1 طوطی 2 (مجازی) مقلد

parrotbill *noun*
دەنووکتووتی (جۆرێ باڵندەی دەنگخۆش، بە پەڕوباڵی بۆر و قاوەیی [خێزان Panuridae: چەندین جۆرن]) ۞ نوعی پرنده

parrot-fashion *adverb*
تووتیئاسا، وەک تووتی ۞ طوطیمانند

parrotfish *noun, pl.* same or parrotfishes
1 تووتیماسی، ماسییەتووتی، لمۆزی لە هی تووتی دەچێ [*Scarus* و تۆخمەکانی تر] 2 جۆرێ wrasseی ڕەنگین ۞ نوعی ماهی

parry /'pæri/ *noun, pl.* parries
1 نەهێشتن، دانەوە، گێڕانەوە، خۆلادان، بەرگری 2 جوولەی بەرگرییانە ۞ 1 دفع، پدافند 2 حرکت دفاعی

parsec /'pɑ:sɛk/ *noun*
(ئەستێرەوانی) یەکەیێکی مەودا بەرامبەر بە (دەوروبەری) 3.35 ساڵی ڕووناکی (3.08×10^{16} میتر؛ بنەڕەت: تێکەڵی parallax و second) ۞ پارسک

Parsee /,pɑ:'si:, 'pɑ:si:, US ,pɑ:r'si:, 'pɑ:rsi:/ *noun*
1 پارسی (= زەردەشتیانی بە ڕەچەڵەک ئێرانی دانیشتووی هیند، ب.ت. ئەو کەسانەی کە لە سەدەکانی 7 و 8 دا پەنایان بردۆتە بەر هیند و لە Mumbay (Bomboy) گیرساونەتەوە) 2 زاراوەی ئێرانی ویژەی دینی religious literature پارسی ۞ پارسی

parser *noun*
بڕگێنەر، بەشێنەر، شیکەرەوە، بەشبەشکەر ۞ تجزیەگر

parsimonious /,pɑ:sɪ'məʊniəs, US ,pɑ:rsə'moʊ-/ *adjective*
چڕوک، مەندەبوور، پارەپیس، پیسکە، لەچەر، ڕژد ۞ خسیس

parsimoniously /,pɑ:sɪ'məʊniəsli, US ,pɑ:rsə'moʊ-/ *adverb*
ڕژدانە، پیسکانە، سەقیلانە ۞ خسیسانە

parsimoniousness /,pɑ:sɪ'məʊniəsnəs, US ,pɑ:rsə'moʊ-/ *noun*
سەقیلی، پیسکەیی، لەچەری، ڕژدی، چاوچنۆکی ۞ خست

parsimony /'pɑ:sɪməni, US 'pɑ:rsəmoʊni/ *noun*
1 سەقیلی، پیسکەیی، ڕژدی 2 دەسپێوەگرتن ۞ 1 خست 2 صرفەجویی

parsing *noun*
(ڕێزمان) بڕگاندن، بەشاندن، شیکردنەوە، بەشبەشکردن ۞ تجزیە

parsley /'pɑ:sli, US 'pɑ:rsli/ *noun*
جەعفەری، زوورک (کێوی wild parsley)، بەقدەنووس، شانۆکەباخی، مەعدەنۆس

جعفری ⟡ [*Petroselinum crispum*]
parsley piert /ˌpɑːslɪ ˈpɪət/ *noun*
جۆرێ گیابژاری وردی قژنی گەڵا بەش‌بەش،
وەک گیای بژاری کێڵگە و بوورەکان شین دەبێ
[*Aphanes arvensis*] ⟡ نوعی گیاه
parsnip /ˈpɑːsnɪp, US ˈpɑːrs-/ *noun*
1 توور، گێزەر (فەرەنگی یا سپی [*Pastinaca*
sativa]) 2 پنجی توور ⟡ 1 زردک 2 بوتەی
زردک
parson /ˈpɑːsn, US ˈpɑːrsn/ *noun*
1 قەشە(ی پرۆتستانی)، پیاوی دینی یان ئایینی
گەورەک 2 (نافەرمی) قەشە (*adj* parsonic;
adj parsonical) ⟡ 1 کشیش محله 2 (عامیانه)
کشیش
parsonage /ˈpɑːsənɪdʒ, US ˈpɑːrs-/ *noun*
ماڵی قەشەی گەورەک ⟡ خانەی کشیش محل
parson's nose *noun*
(گۆشت) کنگەجوولە، کنگەجوورە، کنگی
مریشک، کنگەمریشک یان ماسی ⟡ کون مرغ
pars pro toto /ˌpɑːz prəʊ ˈtəʊtəʊ/ *noun*
(فەرمی) بەشی نوێنەر (وەک نوێنەری سەرجەم؛
بنەرەت: لە لاتینەوە) ⟡ قسمت نماینده
part /pɑːt, US pɑːrt/ *noun, adverb*
n 1 بەش، پار، پشک، بەهرە، پاژ، پارچە، بارە،
گوێچ، کەرت، کوت 2 گەرەک، تاخ، ناوچە،
هەرێم، دەڤەر 3 رۆڵ، دەور، ئەرک، ئەخش 4
لایەن، ئالی، لا 5 ئامێلکە 6 ئەندام 7 بەش، بەهر
8 (قژ) قاش 9 (رێزمان، وشە) جۆر، چەشن 10
(parts) ناوچە، هەرێم، دەڤەر، ناوە 11
توانایی(یەکان) *adv* بەشێ، پشکێ، تا ئەندازەیێ،
تا رادەیێ، کەم‌تاکورتێ ⟡ *n* 1 بخش، قسمت،
قطعه 2 منطقه 3 نقش 4 طرف 5 جزوه 6 عضو 7
سهم 8 (مو) فرق 9 نوع 10 (در جمع) منطقه 11
استعداد(ها) *adv* بخشی، تا حدی
partaken /pɑːˈteɪkən, US pɑːrˈt-/ – past participle of partake
partaker *noun*
بەشدار، پشکدار، تەقلی‌بوو، شەریک ⟡ شریک
parted *adjective*
جیا، شەق‌بردوو ⟡ مجزا
parterre /pɑːˈteə(r), US pɑːrˈter/ *noun*
باخچە، باغچە ⟡ باغچه
part-exchange *noun*
گۆڕینەوەی هەرەباش ⟡ مبادلەی احسن
parthenogenesis /ˌpɑːθənəʊˈdʒenɪsɪs, US ˌpɑːrθənoʊ-/ *noun*
پارسینۆژێنیسیس، کچەزایی، مۆرزا(دە)یی ⟡
بکرزایی
parthenogenetic /ˌpɑːθənəʊdʒəˈnetɪk, US ˌpɑːrθənoʊ-/ *adjective*
سەربە یان پێوەندمەند بە parthenogenesis
(*adv* parthenogenetically) ⟡ بکرزایشی
Parthenon /ˈpɑːθənɒn/ *noun*, Latin, from Greek *Parthenōn*
پارسینۆن، پارتینۆن (= پەرستگەیێکی دۆریسی
هی سەدەی پێنجەمی پێش‌زایین لەسەر Athena،
ئاکرۆپۆلیس Acropolis) ⟡ پارسنون، پارتنون
Parthian /ˈpɑːθɪən/ *adjective, noun*
adj سەربە پارتیا Parthi، پارتی، پارتیایی *n*
پارتی (دانیشتووانی رەسەنی پارتیا، مەڵبەندێکی
کۆن کە لای باشووری رۆژهەلاتی دەریای
کاسپیەن (خەزەری ئێستا) هەڵکەوتووە ⟡ *adj*
وابسته به پارت *n* پارتی
Parthian shot = parting shot
partial /ˈpɑːʃl, US ˈpɑːrʃl/ *adjective, noun*
adj 1 نیوەچڵ، ناتەواو، نیمچە، بەشی، بەشەکی،
هێندەکی، هێندی، پارچەیی، ناگشتی: *a partial*
solution ◊ *a partial eclipse of the sun* 2
3 هۆگر، تامەزرۆ، لایەنگر، دەستە، ئالیگر
لاگر، غەرەزاوی، پشتیوانی ناداد‌پەروەرانە *n*
(مۆسیقا) هارمۆنیک ⟡ *adj* 1 جزئی، ناقص،
ناتمام 2 طرفدار، مایل 3 سوگیر *n* هارمونیک
partial eclipse *noun*
گیرانی نیوەچڵ (یا بەشی، تەنی رووناک) ⟡
گرفتگی جزئی (جسم نورانی)
partialist *noun*
لایەنگر، لاگر، ئالیگر، غەرەزاوی ⟡ مغرض
partiality /ˌpɑːʃiˈæləti, US ˌpɑːrʃ-/ *noun*
1 جیاوازی‌دانان، لایەنگری، لاگری،
غەرەزگیران، bias: *allegations of dishonesty*
and partiality دژەکەی impartiality 2
دڵبەستەیی، هۆگری، fondness: *She has a*
partiality for exotic flowers ⟡ 1
جانب‌داری، سوگیری 2 علاقه
partially /ˈpɑːʃəli, US ˈpɑːrʃ-/ *adverb*
بە نیوەچڵی، نیوەچڵانە، بە شێوەیەکی ناتەواو،
لاگرانە: *The road was -tially blocked by a*
fallen tree ⟡ به طور جزئی یا ناقص، مغرضانه
partially sighted *adjective*
زل‌کوێر ⟡ پارتیالی سایتید
partial pressure *noun*
گوشاری نیوەچڵ، پاڵەپەستۆی نیوەچڵ یان کەم،
گڤاشتنی نیوەچڵ ⟡ فشار جزئی
partial vacuum *noun*
بۆشایی نیوەچڵ یان رێژەیی، ڤالاهی ناتەواو ⟡
خلأ نسبی
partial volume *noun*
قەوارەی نیوەچڵ ⟡ حجم جزئی
partibility /ˌpɑːtəˈbɪləti/ *noun*
لەدابەش‌هاتوویی ⟡ بخش‌پذیری
partible /ˈpɑːtəbl/ *adjective*
لەدابەش‌هاتوو، شیاوی دابەش‌کردن، بەش

dەکرێ، دابەش دەبێ. *a partible* :divisible
inheritance ◌ بخش‌پذیر

participant /pɑːˈtɪsɪpənt, US pɑːrˈt-/ *noun*
بەشدار، پشکدار، بەشداریکەر، شەریک، بارەبەر ◌ شرکت‌کننده، شریک

participation /pɑːˌtɪsɪˈpeɪʃn, US pɑːrˌt-/ *noun*
بەشداری (کردن)، پشکداری، هاوبەشایەتی، هاوبەشیتی، پێوەنیشتن، بەشداری، هاوبەشیکردن، تەقلیبوون، شەریکایەتی ◌ مشارکت، شرکت

participative /pɑːˈtɪsɪˈpeɪtɪv/ *adjective*
بەشداریکەر ◌ شرکت‌کننده

participatory /pɑːˈtɪsəpətɔːrɪ/ *adjctive*
بەشداری‌یانە، هاوبەشی‌یانە، بەشداریکەرانە، لەسەربنچینەی بەشداری خەڵک: *participatory democracy or management* ◌ مشارکتی

participatory democracy *noun*
دیموکراسی بەشداری‌یانە یان راستەوخۆ ◌ مردم‌سالاری مشارکتی

participial /ˌpɑːtɪˈsɪpiəl, US ˌpɑːrt-/ *adjective*
(ئاوەڵناو) کاری، فرمانی، سەربە ناوی کارا یان بەرکار یان پێکهاتوو لەوان (participially /-ˈsɪpɪəli/ *adv*) ◌ فعلی

participial adjective *noun*
1 ئاوەڵناوی بەرکاری 2 ئاوەڵناوی کارایی (یان بکەری) ◌ 1 صفت مفعولی 2 صفت فاعلی

participle /pɑːˈtɪsɪpl, US pɑːrˈt-/ *noun*
1 (ڕێزمان) ناوی کارا یان بکەر 2 ناوی بەرکار، دوولایی، ئاوەڵناوی کاری ◌ 1 اسم فاعل 2 اسم مفعول، صفت فعلی

particle /ˈpɑːtɪkl, US ˈpɑːrt-/ *noun*
1 (فیزیک) پارچۆلکە (ئێلێکترۆن، پرۆتۆن، نیوترینۆ و فۆتۆن)، تەنۆکە، وردیلە 2 (خوازە) بڕێکی یەکجار کەم، کەموسکە، تۆزقەڵانێ، بەقەد سەرە دەرزی‌یێ 3 (ڕێزمان) ئامراز، پیت، تیپ، بگر ◌ 1 (فیزیک) ذره 2 (مجازی) مقدار بسیار اندک 3 (دستور زبان) ادات، حرف

particle board = chipboard

particle physics *noun, pl.*
فیزیکی پارچۆلکەکان ◌ فیزیک ذرات

particoloured *adjective*, US particolored
ڕەنگاوڕەنگ، ڕەنگین، زۆرڕەنگ، فرەڕەنگ ◌ چندرنگ

particular /pəˈtɪkjələ(r), US pərˈt-/ *adjective, noun*
adj 1 تایبەتی، نەمازە 2 ورد 3 سەختگر، نگەران، توندگر، درەنگ‌ڕازی‌بوو 4 ئاوارتە، نائاسایی، سەیر *n* 1 بابەت 2 (زۆرتر لە کۆدا) وردەکاری، وردەباس 3 تایبەتمەندی 4 (فەلسەفە) شتێ یان بابەتێکی تاک 5 (particulars) وردەکاری، وردەباس، تایبەتمەندی، لایەنەکان ◌ *adj* 1 ویژه، خاص 2 دقیق 3 مشکل‌پسند 4 فوق‌العاده *n* 1 فقره 2 جزئیات 3 مشخصات 4 پارتیکولار 5 (در جمع) جزئیات، مشخصات

particularism /pəˈtɪkjʊlərɪzəm/ *noun*
1 تایبەتگەری: هۆگری‌یێکی تایبەتی سەبارەت بە کۆمەڵ، نەتەوە و هتد 2 بنەمای دانی سەربەخۆیی ڕامیاری بە هەریەک لە هەرێم یان وڵاتانی ئیمپراتۆری یان فیدراسیونێ 3 (یەزدانناسی) ڕێبازێ کە هێندێ لە خەڵک هەڵدەبژێردرێن و ڕزگار دەبن ◌ پارتیکولاریسم

particularist /pəˈtɪkjʊlərɪst/ *noun*
تایبەتگەر، پارتیکولاریست ◌ پارتیکولاریست

particularistic *adjective*
تایبەتگەری‌یانە، پارتیکولاریستی ◌ پارتیکولاریستی

particularity /pəˌtɪkjuˈlærəti, US pərˈt-/ *noun, pl.* particularities
1 تایبەتمەندی 2 وردبوونەوە، وردی، سەرنج‌پێدان 3 بابەتی تایبەتی ◌ 1 ویژگی 2 دقت 3 مطلب خاص

particularization /pəˌtɪkjələraɪˈzeɪʃn, US pərˈt-/ *noun*
بەش بە بەش نێوبردن، موو بە موو باس‌کردن، بەوردی دەربڕین، یەکەیەکەوتن، بە دوورودرێژی باس‌کردن ◌ بیان جزئیات

particularly /pəˈtɪkjələli, US pərˈtɪkjələrli/ *adverb*
بە تایبەتی، بە دانستە، نەمازە، بە شێوەیەکی ئاوارتە یان نائاسایی: *particularly good/important/useful* ◌ مخصوصاً، فوق‌العاده، به ویژه، خاصه، علی‌الصوص

particulates *noun, pl.*
پارچۆلکە لە حەواکان ◌ ذرات معلق در هوا

parting /ˈpɑːtɪŋ, US ˈpɑːrt-/ *noun, adjective*
n 1 (قژ) قاش 2 جیابوونەوە، جودایی، لێک‌بوونەوە، جیاکردنەوە، لێک‌کردنەوە 3 شوێن یان جێگای لێ‌بوونەوە 4 ماڵاوایی، خاترخوازی 5 مردن، مەرگ *adj* 1 جیاکەرەوە 2 جیاوەبوو ◌ *n* 1 (مو) فرق 2 انفصال، مجزاسازی 3 محل انشعاب 4 وداع 5 مرگ *adj* 1 جداکننده 2 جداشونده

parting shot *noun*
(لە وەختی جیابوونەوە) دوایین چزە یا چزەی ئاخر ◌ نیش آخر

parti pris /ˌpɑːtɪ ˈpriː/ *noun, adjective, pl.* partis pris pronunc. same
n لاگری، لاگیری، لایەنگری *adj* لاگرانە،

biased ○ *n* جانب‌داری *adj* مغرضانه

partisan /ˌpɑːtɪˈzæn, ˈpɑːtɪzæn, US ˈpɑːrtəzn/ *noun, adjective*

n 1 لایەنگری بەپەرۆش، دەستە، پشتیوانی بەگوڕ 2 شەرکەری نالەشکری، پێشمەرگە، پارتیزان *adj* 1 پارتیزانی، پێشمەرگایەتی 2 دەمارگرژانە ○ *n* 1 طرفدار پروپاقرص 2 چریک *adj* 1 چریکی 2 تعصب‌آمیز

partisanship /-ʃɪp/ *noun*

1 لایەنگری (بەگوڕەوە)، دەستەگەری 2 دەمارگرژی ○ 1 جانب‌داری، طرفداری 2 تعصب

-partite /ˈpɑːtʌɪt/ *suffix*

پاشگر: داتلیشاو، بەش‌بەش، کەرت‌کەرت، لێوەبوو، ـلایەنە، ـقۆڵی، ـنالی، بەشی، کەرتی: *tripartite* (بنەڕەت: لە *partit-, partiri* لاتینەوە "(دا)بەش‌کردن") ○ پسوند: شکافته، جانبه، قسمتی

partition /pɑːˈtɪʃn, US pɑːrˈt-/ *noun*

1 دابەش‌کردن، دابەشاندن، بەش‌بەش‌کردن، جیاکردنەوە، کەرتاندن، پارچەپارچەکردن، دابەش‌بوون 2 بەش، لەت، کەرت، پارچە 3 تیغە، ناوبڕە، تیغەدیوار، زەمۆمە، لاجامە، سپین، دیوارە، مانە، تاوکێش (لە دار)، ناوتان، بەرزفک (لە شووڵ) ○ 1 تقسیم، تجزیه 2 بخش 3 تیغه

partitioned *adjective*

(بەش)بەش‌کراو، (پارچە)پارچەکراو ○ تجزیه‌شده

partitive /ˈpɑːtətɪv, US ˈpɑːrt-/ *adjective, noun*

adj بەشی، بەشەکی: *a partitive construction* *n* وشە یان دەستەوشەی بەشی (وەکوو *any, some*) ○ *adj* بخشی *n* واژه یا عبارت بخشی **partitively** (/ˈpɑːtətɪvli, US ˈpɑːrt-/ *adv*

partly /ˈpɑːtli, US ˈpɑːrt-/ *adverb*

تا رادەیێ، تا ئەندازەیێ، بەشی: *Some people are unwilling to attend the classes partly because of the cost involved* ○ تا حدی

partner /ˈpɑːtnə(r), US ˈpɑːrt-/ *noun*

1 هاوبەش، بەشدار، پشکدار، شەریک، هاودەست 2 هاوسەر، ژن، مێرد، شوو، گراو، دۆست، یار، ئاشقە و ماشقە 3 (هەڵپەرکێ) هاوسەما، دۆ 4 هاویاری، پێکەوە، هاوکایە، هاودەست (پەڕین) 5 شاگرد(شۆفیر) ○ 1 شریک، شریک جرم 2 همسر، معشوق، معشوقه 3 و 4 هم‌بازی 5 کمک‌راننده

partnership /ˈpɑːtnəʃɪp, US ˈpɑːrtnərʃɪp/ *noun*

هاوبەشێتی، بەشداریتی، شەریکایەتی، هاوکاری: *to be in/to go into partnership* ◊ *a junior member of the -ership* ○ شراکت، معاضدت

partook /-ˈtʊk/ = past of partake

part-owner *noun*

هاوبەش، بەشدار، شەریک ○ شریک

partridge /ˈpɑːtrɪdʒ, US ˈpɑːrt-/ *noun, pl.* same or partridges

(باڵندەناسی) کەو، زەرەز [*Perdix perdix* (بۆرەکەی) و جۆرەکانی تر] (چێل مێیەکەیەتی، مێکەو *she-partridge*؛ *dull-yellow partridge* سوێسکە، سۆس، سۆسک = تیهو) ○ کبک

partridgeberry *noun, pl.* partridgeberries

1 جۆرێ رووەکی ئەمریکای باکووری [*Mitchella repens* و *Vaccinium vitis-idaea* (cowberry)] 2 بەرەکەی ○ نوعی گیاه

part-song *noun*

گۆرانی بەکۆڕ ○ آواز دسته‌جمعی

parts of speech *noun*

(ڕێزمان) بابەت یان پارچە ڕێزمانی‌یەکان، پارچەکانی وتار، دەستەکانی ڕێزمانی، جۆر یان بەشەکانی وتار (وەک ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، بری‌ناو، کار و هتد) ○ مقولەی دستوری، ادات سخن، اقسام کلمه، اجزا کلام

part-time /ˌpɑːt ˈtaɪm/ *adjective, adverb*

سەعات‌کار، نیوەوەخت، بەشەکاری، لە بەشێکی رۆژ یان حەوتوودا: *to study on a part-time basis* ◊ *part-time workers* ○ پاره‌وقت

part-timer *noun*

سەعات‌کار، کرێکاری سەعات‌کار، بەشەکار ○ کارگر پاره‌وقت

parturient /pɑːˈtjʊərɪənt/ *adjective, noun*

زەیستان، زاور، زاوران، منداڵبوو، خەریکە دەزێ، لە بوونایە ○ زائو

parturition /ˌpɑːtjʊˈrɪʃn, US ˌpɑːrt-/ *noun*

لێبوونەوە، منداڵبوون، بوون، زایین ○ زایمان، وضع حمل

part-way *adverb*

لە نیوەی رێ، تا رادەیێ، تا ئەندازەیێ: *They were part-way through the speeches when he arrived* ○ در نیمه‌ی راه، تا حدی

party /ˈpɑːti, US ˈpɑːrti/ *noun* (*pl.* parties), *adjective*

n 1 پارتی، حیزب 2 بەرە، دەستە، تیپ، گرووپ، کۆمەڵ 3 میوانی، جەژن، سوور، بەزم 4 ئەولا، لایەنی بەرامبەر، شەریک، بەشدار *adj* حیزبی، پارتی‌یانە ○ *n* 1 حزب 2 هیأت 3 مهمانی، پارتی، ضیافت 4 طرف مقابل، شریک *adj* حزبی

party-coloured *adjective*

رەنگاوڕەنگ، رەنگین، چەندڕەنگ ○ رنگارنگ

party-goer *noun*

میوان: *He seemed shy among the other party-goers* ○ مهمان

party favor *noun*
دیاری میوانی (چکۆلانە و بۆ منالان) ۞ هدیەی مهمانی

party ideology *noun*
ئایـدیۆلۆژی پـارتی، ئـیـدئۆلۆژی حیـزبی ۞ ایدئولوژی حزبی

party line *noun*
1 هێلی هاوبەش، تەلەفونی هاوبەش 2 سیاسەتی حیزبی، رامیاری و کرداری پارتییێکی سیاسی ۞ 1 خط مشترک 2 خطمشی حزبی

party piece *noun*
(لە میوانی) شیرینکاری ۞ هنرنمایی

party political *adjective*
سەربە رامیاری یان سیاسەتی حیزبی ۞ وابسته به سیاست حزبی

party political broadcast *noun*
(لە تەلەفزیۆن و هتد) بەرنامەی هەلبژاردنەکانی پارتی ۞ برنامەی انتخاباتی حزبی

party political propaganda *noun*
بانگەشە یان پرۆپاگەندەی پارتی، پرۆپاگاندای حیزبی ۞ تبلیغات حزبی

party politics *noun, pl.*
چـالاکی رامیـاری پارتـە سیاسـییـەکان، بەهێنـدگرتنی بەرژەوەنـدی حـزبی ۞ فعالیـت سیاسی احزاب سیاسی

party-pooper /'pɑ:ti pu:pə(r), US 'pɑ:rti pu:pər/ *noun*
میوانیشێوین، ملۆزمی میوانی ۞ مهمانی بهمزن

party-pooping /'pɑ:ti pu:pə(r), US 'pɑ:rti pu:pər/ *noun*
تێکدان یان شێواندنی میوانی ۞ بهمزنی مهمانی

party-wall *noun*
دیواری هاوبەش، هاودیوار، یەکدیوار ۞ دیوار مشترک

parure /pə'rʊə/ *noun*
خـشل، زیـروزێو، زێروزەنبەر، خـشلوزەمبـەر (فەرەنسی، لە *parer* "رازاندنەوە") ۞ زیور

parvenu /'pɑ:vənju:, US 'pɑ:rvənu:/ *noun, adjective*
(زۆرتـر سـووکانە، کـەسـێکی) تازەدەولـەمەن، تازەکیسە، تازەپیاکەوتوو، نوێبەخت، ندیوبدیو، ئاماژە بە کەسێکی وا ۞ (آدم) نوکیسه

parvis /'pɑ:vɪs/ *noun*, also parvise
حەوشە یا دیواری پێشەوەی کلیسە ۞ پارویس

parvovirus /'pɑ:vəʊˌvʌɪrəs/ *noun*
وردەڤایرۆس (دەبێتە هۆی نەخۆشی بگرەوە لە سەگ و گیانەوەرانی ترا [خێزان *Parvoviridae* ب.ت. تۆخمی *Parvovirus*]) ۞ پارویویروس

pas /pɑ:/ *noun*
1 مـافی پێشـکەوتن، مـافی لـە پێـشەوەبوون 2 هەنگاو (ب.ت. لە سەما و هەلپەرکێ بالێدا، لە فەرەنسییەوە وەرگیراوە) ۞ 1 حق تقدم 2 گام

pascal /'pask(ə)l/ *noun*
1 یەکەی جیهانی پەستان pressure، بەرامبەر بە یـەک نیوتـۆن لـە هـەر میتـری چوارگۆشـەدا 2 (Pascal) زمـانی ئاسـتبـەرزی بەرنامەنووسـی کامپیوتێری پاسکال (بنەڕەت: لە ناوی زانـستەوانی فەرەنسی Blaise *Pascal*) ۞ پاسکال

paschal /'pɑ:skl, US 'pæskl/ *adjective*
(فـەرمـی، دیـنی) سـەربە جەژنـە فـتیرەی جوولەکەکان، سەربە جەژنە فتیرە، سەربە Easter یان Pasoover ۞ وابسته به عید فصح یا پاک

pas de deux /ˌpɑ: də 'dɜ:/ *noun, pl.* same
(سـەمای بالـێ) پـا دو دێ، دووکەسـە (ژن و پیاوێ) ۞ رقص دو نفره

pash *noun*
(نافەرمی) نیمچەسەوداسەری ۞ شیفتگی جزئی

pasha /'paʃə/ *noun*, also pacha
سەرناوی ئەفسەری پایەبەرزی تورکی (بنەڕەت: لـە تـورکی *paşa* بەهلەوی *pati* "سـالار، گەورە" + *šāh* وەرگیراوە) ۞ پاشا

pashka /'paʃkə/ *noun*, also paskha
جۆرێ دیـسێری رووسی (لە دەلـەمەی پەنیر، میوەی وشک، کاکلە و ئالەت دروست دەکرێ و لە جەژنەفتیرەدا دەخورێ) ۞ پاشکا

pashmina /pʌʃ'mi:nə/ *noun*
خورینە، پەشمینە (لە خوری یان مەرەزی بزن؛ بنەڕەت: فارسی، لە *pashmin* "woolen"، لە *pashm* "پەشم، خوری") ۞ پشمینه

Pashto /'pʌʃtəʊ/ *noun*
پەشتـۆ: زمـانی Pathan لـە ئەفغانـستان و باکووری پاکستان قسەی پێدەکرێ ۞ پشتو

Pashtun *noun*, also Pushtun, *pl.* Pashtuns or Pushtuns
ئەندامی گەلێکی باشووری ئاسیا، زۆرتر لە رۆژهەلات و باشووری ئەفغانستان و بەشە دراوسێکانی پاکستان دەژین ۞ پشتون

Pasiphaē *noun*, Latin, from Greek *Pasiphaē*
پاسیفا، پاسیفائێ: ژنی Minos، دایکی Ariadne و دایکی مینۆتاور Minotaur لە لایەن گا یان کەلی سپییەوە white bull ۞ پاسیفا

paso doble /ˌpasə(ʊ) 'dəʊbleɪ/ *noun, pl.* paso dobles
1 جـۆرێ سـەمـای کـرژ، لـەسـەر بنچینـەی شێوازێکی ئەمریکای لاتین 2 پارچە موسیقایێ بۆ سەمایێکی وا ۞ پاسو دوبل

paspalum /'pasp(ə)ləm/ *noun*
لەوەڕ یان مێرگی ناوچە گەرمەکان [تۆخم *Paspalum*] (بنـەڕەت: لـە *paspalos* یۆنـانی "ئاماژە بە جۆرێ millet") ۞ پاسپالوم

pasque flower /pask, US pɑ:sk/ *noun*
جۆرێ رووەکی بـەهاری گـولئەرخـەوانی و

anemones پەلوپۆ نێرووکئاساوە، سەربە [*Pulsatilla vulgaris*] ۞ شقایق نعمانی

pasquinade /ˌpaskwɪˈneɪd/ *noun*
ساتیر یان فڕ (ب.ت. ئەوەی کە لە شوێنی گشتیدا بخرێتەڕوو؛ بنەڕەت: لە *pasquinata* ئیتالیایی، لە *Pasquino* پەیکەرێ لە ڕۆم، کە لەسەر ئەو فڕ یان هۆنراوە نابارەکانی لاتین لێدەنرا) ۞ طنز یا هجو

pass[1] /pɑːs, US pæs/ *noun*
1 تێپەڕین، پەڕینەوە، پیاڕۆیشتن، رابووردن، دەربازبوون 2 دەستوور، دەستوورنامە، نامەی پەڕینەوە یان تێپەڕین، تێپەڕیننامە 3 دەرچوون، قەبوولبوون (لە تاقیکاریدا): *She got a pass in French* 4 بلیت 5 (وەرزش) پاس: *a long pass to Rooney* 6 ڕەوش، هەلومەرج، دۆخ، کاودان ۞ 1 عبور 2 پروانە، مجوز 3 قبولی 4 بلیت 5 پاس 6 شرایط

pass[2] /pɑːs, US pæs/ *noun*
دەربازگە، ڕێگا، زینوو، گەروو، دەربەن (لە کێودا) ۞ گذرگاه، معبر

passable /ˈpɑːsəbl, US ˈpæs-/ *adjective*
1 (ڕێگا یا چۆم) شیاوی پیاڕۆیشتن یا تێپەڕین، بۆ ڕۆیشتن دەبێ، شایانی پەڕینەوە 2 باش، قایلکەر ۞ 1 قابل عبور، گذرپذیر 2 قابل قبول

passably /ˈpɑːsəbli, US ˈpæs-/ *adverb*
بە شێوەیەکی قایلکەر یان باش: *He speaks passably good French* ۞ بە طور قابل قبول

passacaglia /ˌpasəˈkɑːlɪə/ *noun, pl.* passacaglias
1 بەند یان ئاوازێکی سەمای کۆنی ئیتالیایی یان سپانیایی 2 موسیقای ئەو سەما و هەلپەڕکێیە ۞ پاساکالیا

passado *noun, pl.* passados or passadoes
(لە شمشێرەوانیدا) پەلاماریکی بەرەو پێش بە چەکەوە کاتێ بە پاێیکەوە دەچێتە پێشەوە ۞ پاسادو

passage /ˈpæsɪdʒ/ *noun*
1 ڕۆیشتن، پەڕینەوە، تێپەڕین، دەربازبوون، پیاڕۆیشتن 2 گوزەر، پاساژ، بازاڕۆکە، بازارچە، تاریکەبازاڕ 3 ماف یا دەستووری تێپەڕین 4 تێپەڕاندن، پەژراندن 5 (کەشتی، فڕۆکە و هتد) سەفەر، گەشت و گەڕان 6 ڕێگا، دەربەند، ڕێباز، ڕێڕەو، ڕارەو، دالان 7 پارەی بلیت، بلیتانە 8 دەستەوشە، بڕگە، کۆپلە، پارچە، پاساژ 9 تێپەڕین، بەسەرچوون 10 (ڕەوتی) ڕاگوێزران یان گۆڕان ۞ 1 عبور و مرور 2 پاساژ 3 حق یا اجازەی عبور 4 تصویب 5 سفر 6 راه 7 پول بلیت 8 عبارت، قطعه 9 انقضا 10 انتقال یا تغیر

passageway /ˈpæsɪdʒweɪ/ *noun*
ڕێڕەو، ڕێباز، ڕێگا، دالان، کۆریدۆر ۞ معبر، راهرو

passbook /ˈpɑːsbʊk, US ˈpæs-/ *noun*
دەفتەر یان دەفتەرچەی حیسابی (پاشکەوت یان هەلگیراوی) بانکی ۞ دفترچەی حساب پس‌انداز

passé /ˈpæseɪ, ˈpɑːs-, US pæˈseɪ/ *adjective*
(فەڕەنسی) کۆن، قەدیمی، لەباوکەوتوو، کۆنەباو، باوئەماو، بێبرەو ۞ قدیمی، منسوخ، از مدافتاده

passel /ˈpas(ə)l/ *noun*
کۆمەلە، دەستە، ژمارەیەکی زۆر: *a passel of journalists* ۞ مجموعه

passementerie /ˈpasm(ə)ntri/ *noun*
زنجیرەچنی، شیرازە، زنجیرەکردن ۞ یراق‌دوزی

passenger /ˈpæsɪndʒə(r)/ *noun*
1 سوار، ڕێبوار، ڕێڤینگ 2 سەربار، بنیادەمی بێکارە و خۆری: *The firm cannot afford to carry passengers* ۞ 1 مسافر، سرنشین 2 طفیلی

passenger car *noun*
واگۆنی سواری یان سوارهەلگر ۞ واگن مسافری

passenger liner *noun*
کەشتی سواری یا سوارهەلگر ۞ کشتی مسافربری

passenger mile *noun*
مایلەڕێ، مایلی ڕێبوار (وەک یەکەی بڕینی مەودایێ) ۞ مایل مسافر

passenger pigeon *noun*
کۆترەکۆچەرە، کلکدرێژی ئەمریکای باکووری (لە 1914 بەهۆی ڕاوکردنی قڕی تێکەوت) [*Ectopistes migratorius*] ۞ نوعی کبوتر

passenger seat *noun*
کورسی پێشەوە، کورسی یان سەندەلی پال شۆفێر ۞ صندلی جلو

passenger train *noun*
شەمەندەفەری سواری یان سوارهەلگر، شەمەندەفەری ڕێبوارهەلگر ۞ قطار مسافربری

passepartout /ˌpaspɑːˈtuː, US ˌpɑːs-/ *noun*
1 (کۆن) شاکلیل 2 جێوێنە، باریکەی چەسپی جێوێنە ۞ 1 شاه‌کلید 2 پاسپارتوت

passer *noun*
1 ڕێبوار، ڕێڤینگ، تێپەڕ 2 پاسدەر ۞ 1 رهگذر، عابر 2 پاس‌دهنده

passer-by /ˌpɑːsəˈbaɪ/ *noun, pl.* passers-by
1 ڕێبوار، ڕێڤینگ، ڕێگوزار 2 (کامپیوتێر) ڕەمز، کۆد، وشەی ڕەمز ۞ 1 رهگذر، عابر 2 (کامپیوتر) رمز

passerine /ˈpasərʌɪn, US -riːn/ *adjective, noun*
(بالندەناسی) *adj* چۆلەکەیی، (دەستە Passeriformes) *n* مەل یا بالندەی چۆلەکەیی ۞ *adj* گنجشکی *n* مرغ گنجشکی

pas seul /pɑː ˈsəːl/ *noun*
سەمای یەککەسە، سەما (بنەڕەت: لە فەڕەنسییەوە) ۞ رقص یکنفره

passibility /ˈpasɪb(ə)ləti/ *noun*

زان‌کیشی، دەردکیشی، ئازارکیشی، زووکارتێ‌کراوی، زووکارلێ‌کراوی، هەستیاری ◌ حساس بودن

passibile /ˈpasɪb(ə)l/ *adjective*
زان‌کیش، زووکارتێ‌کراو، زووکارلێ‌کراو، هەستیار ◌ حساس

passim /ˈpæsɪm/ *adverb*
(لاتین) لێرەولەوێ، لە هەموو جێگایێ، زۆرجار، بارەها ◌ مکرراً

passing /ˈpɑːsɪŋ, US ˈpæs-/ *noun, adjective*
n 1 رۆیشتن، پەرینەوە، تێپەرین، دەربازبوون، پیارۆیشتن، گوزەر 2 تیاچوون، لەنێوچوون 3 کۆتایی، دوایی 4 (جوان دەربرین) کۆچی دوایی، سەرنانەوە، نەمان، مەرگ، مردن *adj* کاتی، کورتماوە، سەرسەرەکی، بەهەڵکەوت: *a passing phase/thought/interest* ◌ 1 *n* گذر، عبور 2 نابودی 3 پایان 4 درگذشت، مرگ *adj* موقتی، گذرا، شتاب‌زده

passing bell *noun*
زەنگی مردن یان مەرگ، مەرگەزەنگ ◌ ناقوس مرگ

passion /ˈpæʃn/ *noun*
1 تین، گوڕ، گەرمی، سۆز، هەڵچوون، کارلێ‌کران، کوڵوکۆ، تاسە، شەوق، جۆش و خرۆش، ورووژان 2 دڵ‌تێچوون، خۆشەویستی، ئەوین، دڵداری، دڵبەستەیی 3 ئالۆش، مەیل و ئارەزووی سێکسی 4 تووڕەیی، رقهەستان 5 (the Passion) مەینەتی و مەرگی پێغەمبەر مەسیح ◌ 1 حرارت، شور، انفعال، هیجان 2 عشق 3 شهوت 4 خشم 5 (the P) مصیبت حضرت مسیح

passional /ˈpæʃənl/ *adjective*
بەسۆز، سۆزەکی، هەست‌بزوێن، بەتین، بەگوڕ، گەرم‌وگوڕ، سەربە یان پێوەندی بە passion ەوە هەیە ◌ پرشور، عاطفی، شورانگیز

passionate /ˈpæʃənət/ *adjective*
1 بەسۆز، سۆزاوی: *to have a passionate nature* 2 شەهوانی، سێکسوالی، بەئالۆش، ئالۆشاوی، گڕگرتوو، زەنەک، سوورەوەکردوو 3 بەتین، بەگوڕ، گەرم‌وگوڕ، توند، قووڵ، گڕگرتوو، کڵپەکردوو، لەجۆش، لەگوڕ، جۆش‌سەندوو، تاوسەندوو، بەپەرۆش، تامەزرۆ، enthusiastic، ardent ◊ *a passionate interest in music* : *a passionate defender of civil liberties* 4 سەرتوند، زووتووڕە، جینگزی، فیشەکی، angry ◌ 1 احساساتی 2 شهوانی 3 پرشور، شدید، پراشتیاق 4 آتشی

passionately /ˈpæʃənətli/ *adverb*
بە شێوەیەکی شەهوانی، بە ئالۆشانە، بە توندی، توند، بە تینەوە، بە گوڕەوە: *They are all passionately interested in environmental issues* ◌ به طور شهوانی، به شدت، با شور

passionateness /ˈpæʃənətnəs/ *noun*
1 بەئالۆشیتی، ئالۆشاوی‌بوون 2 سۆز، تین، گوڕ، لەجۆشی 3 توندی، سەرتوندی ◌ 1 شهوانیت 2 شور 3 تندخویی

passion-flower *noun*, also passion flower
گوڵەئێشە، شیرین‌تۆم، گوڵەشەراو [توخم *Passiflora*] ◌ گل ساعتی

passion fruit *noun, pl.* passion fruit
میوە یان بەری شیرین‌تۆم [*Passiflora edulis*] ◌ میوەی گل ساعتی

passionless /ˈpæʃnləs/ *adjective*
1 لەسەرەخۆ، سارد، بێ‌سۆز، ناهۆگر، بێ‌پەرۆش، ناتامەزرۆ 2 هەستنەبزوێن، ناشەهوانی، بێ‌ئالۆش ◌ 1 بدون اشتیاق 2 غیرشهوانی

passion play *noun*
شانۆی مەینەتی (و رەنج‌وژانی) پێغەمبەر مەسیح ◌ نمایش مصیبت

Passion Sunday *noun*
پێنجەمین دووشەممەی رۆژووی چلە Lent ◌ پنجمین دوشنبەی Lent

Passiontide *noun*
دوایین دووحەوتووی رۆژووی چلە Lent ◌ آخرین دو هفتەی Lent

Passion Week *noun*
1 حەوتووی نێوان Passion Sunday و Palm Sunday 2 وشەیێکی کۆن‌ترە بۆ Holy Week ◌ پاسیون ویک

passive /ˈpæsɪv/ *adjective, noun*
1 *adj* کارلێ‌کراو، هەڵچوو، تێکچوو، بێ‌هەڵوێست: *a -ssive observer of events* 2 ناچالاک، هیچ‌لەدەس‌نەهاتوو، خۆبەدەستەوەداو، دەس‌نەکەرەوە، داماو، مات، خاو، دەس‌نەکردووە، سست، ملکەچ، لاشەر، بێ‌ویست، ناکاریگەر، سارد، داکەوتوو، هیچ‌پێ‌نەکراو، بێ‌دەسەلات، گوێ‌نەبزواو، بێ‌جم‌وجۆڵ، گوێ‌پێنەدەر، بێ‌دەربەست، لاسەرلا، کەمتەرخەم 3 (رێزمان) نەزانراو *n* (رێزمان، هەروەها passive voice) رێژەی نەزانراو (passively /ˈpæsɪvli/ *adv*: کەمتەرخەمانە، سستانە، داماوانە؛ passiveness /ˈpæsɪvnəs/ *n*) ◌ 1 *adj* منفعل، پذیرا 2 ناکنش‌ور، بی‌اراده، بی‌اعتنا 3 (دستور زبان) مجهول *n* صیغەی مجهول

passive resistance *noun*
بەرگری یان بەربەرەکانی نەیینی، بەرهەڵستی لاشەرانە ◌ مقاومت منفی

passive smoking *noun*
هەڵمژینی دووکەڵی جگەرەی سیگارکێشی ◌ استنشاق دود سیگار فرد سیگاری

passive voice *noun*
(رێزمان) رێژەی نەزانراو ◌ صیغەی مجهول

passivism *noun*

پاسیڤیزم، هەڵوێست یان ڕەفتاری نەرێتی(یانە)، نەبینیخوازی، نەرێتیباوەڕی ◇ پاسیویسم، منفی‌گرایی

passivity /pæˈsɪvəti/ *noun*
1 بێ‌جموجۆڵی، ناچالاکی، دەستەوسانی، قەبووڵکردن، هەڵچوون، خۆبەدەستەوەدان، کارنەدانەوە، سستی، خاوی، پەککەوتوویی، بێدەسەڵاتی، داماوی، دەس‌نەکردنەوە، دەس‌پێنەکراوە، دەربڕدن 2 کەمتەرخەمی، گوێ‌پێنەدان، گوێ‌پێنەبزوان ◇ 1 عدم تحرک، انفعال، عدم مقاومت، تحمل 2 بی‌تفاوتی

passivization *noun*
(ڕێزمان) کردنەنەزانراو، گۆڕین بۆ ڕیزەی نەزانراو ◇ مجهول‌سازی

passkey /ˈpæski/ = master key

pass laws *noun, pl.*
(لە ئەفریکای باشووری) قانوونەکانی هاتوچۆ (بۆ مەهاری مافی ڕەش‌پێستەکان سەبارەت بە نیشتەجێبوون یان سەفەر) ◇ قوانین تردد

Passover /ˈpɑːsəʊvə(r), US ˈpæsoʊ-/ *noun*
جەژنە فتیرە (لە 14 نیسان و بە یادی ئازادبوونی جوولەکان لە کۆیلایەتی و کۆچوباریان لە میسر (بۆ کەنعان؛ بنەڕەت: ئاماژە بە جەبەبوونی ئیسرائیلییەکان لە مەرگی exemption نۆبەرەکانیان ◇ (Exod. 12:23-27) firstborn عید فصح، عید فطر

passport /ˈpɑːspɔːt, US ˈpæspɔːrt/ *noun*
تێپەڕنامە، دەربازنامە، پاسپۆرت، پەساپۆرت ◇ (passportless *adj*) گذرنامە

passport control *noun*
چاودێری تێپەڕنامە یا دەربازنامە، کۆنترۆڵی پاسپۆرت ◇ کنترل گذرنامە

passport-holder *noun*
خاوەن‌پاسپۆرت، پاسپۆرت‌دار ◇ صاحب گذرنامە

pass-through *noun,* also passthrough
کونێکی پەنجێرەئاسا بۆ دانی چێشت و قاپ و کەوچک لە نێوان چێشتخانە و جێی نانخواردن ◇ پاس‌ترو

password /ˈpɑːswɜːd, US ˈpæswɜːrd/ *noun*
(کامپیوتێر) وشەی نهێنی یا تێپەڕین، تێپەڕوشە، پەسوۆرد ◇ کلمەی رمز

past[1] /pɑːst, US pæst/ *adjective*
1 ڕابردوو، بووری، پێش‌تر، پێشین، پێشوو، جاران، بەری: *in past years/centuries/ages* 2 ئەم دواییانە، ئێستا، نووکە 3 (ڕێزمان) ڕابردوو، ڕابوردوو ◇ 1 گذشتە، سابق 2 اخیر 3 (دستور زبان) گذشتە

past[2] /pɑːst, US pæst/ *noun*
1 ڕابردوو، بووری، سەردەمی ڕابردوو، ڕۆژانی ڕابردوو 2 پێشینە، ڕابووردە 3 (ڕێزمان) سەردەمی ڕابردوو، دەما بووری، کاتی ڕابردوو ◇ 1 گذشته، ایام گذشته 2 سابقه 3 (دستور زبان) زمان گذشته

past[3] /pɑːst, US pæst/ *preposition*
سەرەڕای، سەرباری، پێچگەلە، دوای، درەنگ‌تر لە، پیرتر لە، پاش، دوای، لە دوای، لەپاڵ، لەکن، لەلای، لەپەنای، لەپێش، سەرووتر، لەژوور، لە پشتەوە: *ten past playing with dolls* ◊ *(minutes) past six* ◇ گذشته از، پس از، پیرتر از، از پهلوی، از جلوی، فراسوی

pasta /ˈpæstə, US ˈpɑːstə/ *noun*
(ئیتالیایی) پاستا، پەستا ◇ پاستا

paste /peɪst/ *noun, adjective*
n 1 هەویر 2 سریش، ئاردەشێلە، ئارداو، چەسپ 3 تێکەڵەی کائۆلین و ئاوی نیمچە لەدارشتن‌هاتوو، بۆ دروست‌کردنی چینی *adj* (گەوهەر) قەڵب ◇ *n* 1 خمیر 2 چسب 3 پیست *adj* بدل

pasteboard /ˈpeɪstbɔːd/ *noun, adjective*
n کارتۆن، مقەبا *adj* 1 مقەبایی، سازکراو لە مقەبا 2 (خوازە) لەق، ڕووخەک ◇ *n* مقوا *adj* 1 مقوایی 2 (مجازی) متزلزل

paste jewellry *noun*
جەواهێرات یا گەوهەری قەڵب ◇ جواهرات بدلی

pastel /ˈpæstl, US pæˈstel/ *noun, adjective*
n 1 وەسمە 2 گەچی ڕەنگی، پاستێل 3 وێنە یان کێشراوەی بە گەچی ڕەنگی 4 ڕەنگی کاڵ یان ڕۆشن *adj* (ڕەنگ) ڕۆشن، کاڵ، کەمڕەنگ ◇ *n* 1 وسمە 2 پاستل 3 نقاشی یا تصویر پاستل 4 رنگ روشن *adj* روشن

pastel shade *noun*
سووکەڕەنگ ◇ تەرنگ

pastern /ˈpæstən, US -tərn/ *noun*
(ئەسپ) مووچە، مەچەکە، سنگ، سمەڵۆچکە (شقاقی: نەخۆشی سمی ولاخی بەرزە، crack of pastern) ◇ بُخولَق، بخولق

pastern-joint *noun*
خرتکە، جومگە ◇ بند

paste-up *noun*
پەیستئاپ ◇ کاغذ لی‌آت

pasteurellosis /ˌpɑːstərɛˈləʊsɪs, US ˌpæstərɛˈləʊsɪs/ *noun*
پاستۆرۆلۆسیس: نەخۆشییەکی بەکتریایی زۆرتر ئاژەڵ تووشی دەبێ و جاروباریش بۆ مرۆڤ ڕادەگوێزرێ (بنەڕەت: لە *pasteurellose* فەڕەنسی، لە *Pasteurella* لاتینی نوێ (ناوی تۆخمی بەکتریاکە کە بەرپرسی ئەم نەخۆشییەیە؛ لە ناوی کیمیازان و بەکتریاناسی فەڕەنسی سەدەی نۆزدە *Pasteur* Louis + -osis) ◇ پاستورلوسیس

pasteurization /ˌpɑːstʃəraɪˈzeɪʃn, US ˌpæstʃərəˈzeɪʃn/ *noun*

پاستۆرین، پاستۆراندن (pasteurized adj: پاستۆرینراو، پاستۆریزه، پاستۆرینه) ۞ عمل پاستوریزه کردن

pasteurizer *adjective*
پاستۆرینەر، پاستۆریزێر ۞ پاستوریزر

pasticcio /pa'stɪtʃəʊ/, *pl.* pasticcios = pastiche

pastiche /pæ'sti:ʃ/ *noun*
بەرهەمی لاسایییانە یان لاسایی‌کراوە (لە بەرهەم، هونەرمەند یان قۆناخێکی تر؛ pasticheur *n*) ۞ اثر تقلیدی

pastille /'pæstəl, US pæ'sti:l/ *noun*
1 حەبی مژین، حەبی گەروو(ئێشە) 2 بخور 3 گەچی رەنگی، پاستێل ۞ 1 قرص مکیدنی 2 بخور 3 پاستل

pastime /'pɑ:staɪm, US 'pæs-/ *noun*
سەرقاڵی، سەرگەرمی، رابواردن، hobby: *Watching television now seems to be the most popular national pastime* ۞ سرگرمی

pasting /'peɪstɪŋ/ *noun*
1 رەخنەی توند، بە توندی بەگژداهاتن، توند بەگژداچوون 2 تێشکان یان بەزینی سەخت 3 تەزاندن، خوری‌شۆر(کردن) ۞ 1 انتقاد شدید 2 شکست سنگین 3 تنبیه حسابی

pastis /'pastɪs, US pa'sti:s/ *noun, pl.* same
جۆری aperitif ی بە تامی تووی رەزیانەوە ۞ پاستیس

past master *noun*
پسپۆر، شارەزا، کارامە، لێزان، وەستا، خودا ۞ متخصص، خبره

pastophoria *noun*
خانەی رەبەنان (لە بیناسازی یۆنانی کۆندا، جێگای مانەوەی رەبەنەکان لە تەنیشت پەرستگەدا) ۞ پاستوفوریا

pastor /'pɑ:stə(r), US 'pæs-/ *noun*
قەشە، کەشە، کەشیش ۞ کشیش

pastoral /'pɑ:stərəl, US 'pæs-/ *adjective, noun*
adj 1 لادێیی، دەشتەکی، شوانکارەیی، شوانی؛ *a pastoral scene/poem/symphony* ◊ سەربە دەشت و دەر: *a pastoral setting* 2 سادە، ساکار 3 لەوەڕی 4 پڕگژوگیا، (زەوی) سەوزەڵانی، شیناوەرد 5 سەربە قەشە و ئەرکەکەی 6 سەربە ئاژەڵداری: *agricultural and pastoral practices* *n* 1 هەڵبەستی شوانکارەیی، هۆنراوەی شوانی یان لادێیی، هونەری شوانی یان لادێیی 2 نامەی سەرقەشە(یی) (pastorally /'pɑ:stərəli, US 'pæs-/ *adv* pastoralness /'pɑ:stərənəs, US 'pæs-/ *n*) ۞ *adj* 1 روستایی، چوپانی، حومەای 2 سادە 3 مرتعی 4 علفزار 5 وابستە بە کشیش و وظیفەاش 6 پاستورال *n* 1 شعر شبانی، هنر شبانی 2 نامەی اسقفی

pastorale /ˌpastə'rɑ:l/ *noun, pl.* pastorales or pastorali /-li:/
موسیقای شوانی یان لادێیی ۞ موسیقی شبانی

pastoralism /'pɑ:stərəlɪzəm, US 'pæs-/ *noun*
گەرمێن‌وکوێستان ۞ پاستورالیسم

pastoralist /'pɑ:stərəlɪst, US 'pæs-/ *noun*
1 (ب.ت. لە ئەوسترالیا) پاتاڵدار، ئاژەڵڕاگر 2 (کۆن) نووسەری هۆنراوەی شوانی یان لادێیی ۞ 1 دامدار 2 نویسندەی شعر شبانی

pastoral staff *noun*
گۆچانی سەرقەشە یا گەورەقەشە ۞ عصای اسقفی

pastorate /'pɑ:stərət US 'pæs-/ *noun*
1 قەشەیی، کەشەیی، کەشیشی، پێشەوایی، ماوە یان پلەوپایەی قەشەیی یان پێشەوایێتی 2 دەستەی قەشەکان یان پیاوانی ئایینی ۞ 1 کشیشی، مدت یا مقام کشیشی 2 روحانیون

pastorship *noun*
قەشەیی، کەشەیی، کەشیشی، پێشەوایی ۞ کشیشی

pastorium *noun*
بنکەی قەشە یان پێشەوای کلیسا ۞ مقر کشیش کلیسا

past participle *noun*
1 (ڕێزمان) ناوی بەرکاری 2 ئاوەڵناوی بەرکاری ۞ 1 اسم مفعولی 2 صفت مفعولی

past perfect *noun*, also pluperfect
(ڕێزمان) رابردووی دوور ۞ گذشتەی کامل، ماضی بعید

past perfect tense = past perfect

pastrami /pæ'strɑ:mi/ *noun*
پەسترامی (= گۆشتی سەرشانی گا کە بەر لە لێنان هەڕێنلەی لێدرابێ و دووکەڵ درابێ، ب.ت. لە تورکی ناسکدا؛ بنەڕەت: لە یەدییەوە) ۞ پاسترامی

pastry /'peɪstri/ *noun, pl.* pastries
1 هەویری شیرینی، نان شیرینی 2 شیرینی هەویری یان ئاردی، ئاردینە، ئاردینە ۞ 1 خمیر شیرینی 2 شیرینی آردی، آردینە

past tense *noun*
(ڕێزمان) سەردەمی رابردوو، دەمی رابردوو ۞ زمان گذشتە

pasturage /'pɑ:stʃərɪdʒ, US 'pæs-/ *noun*
1 لەوەڕ، جێ‌لەوەڕ، لەوەڕگە، چێری، مێرگ، بژوێن، باسەرە، چیمەن، چیم، گیا 2 لەوەڕانە ۞ 1 مرتع، چراگاه، علف، چمن 2 حق چرا

pasture /'pɑ:stʃə(r), US 'pæs-/ *noun*
لەوەڕ، جێ‌لەوەڕ، گۆڕان، مێرگ، فریزەڵان، فریزوو، چرگەن، هەرێز، چیم، چیمەن، گیا ۞ مرتع، چراگاه، علف، چمن

pastureland /'pɑ:stʃəlænd, US 'pæstʃərl-/ *noun*
لەوەڕ، جێلەوەڕ، لەوەڕگە، گۆران، چێری، مێرگ، بژوێن ۞ چراگاه، مرتع

pasty[1] /'peɪsti/ *noun, pl.* pasties
بۆرەک (خۆراکێکە) ۞ پاستی

pasty[2] /'peɪsti/ *adjective* (pastier, pastiest)
هەویرئاسا، هەویری، ڕەنگزەرد ۞ خمیرشکل، رنگ‌پریده

pasty-faced /,peɪstɪ 'feɪst/ *adjective*
ڕەنگزەرد، ڕەنگبەڕیو، ڕەنگ هەڵبرووسکاو یا بزرکاو ۞ رنگ‌پریده

pat[1] /pæt/ *noun*
1 دەس‌بەسەرکێشان (بە لەپی دەست)، دەس‌پیاهێنان 2 هاندان، تاریفدان، پیاهەڵدان 3 تۆپەڵ، تۆپەڵە، گزموڵە، ئەنگوتکە، گونک، گونکە، گزمۆلکە، تۆپەڵک 4 (دەنگی سووکە) تەقەتەق، نەرمەزرمە ۞ 1 نوازش 2 تشویق 3 لقمه، قلنبه 4 تپ‌تپ

pat[2] /pæt/ *adverb, adjective*
1 دەسبەجێ، لەڕێوە، خێرا، بێ‌وێستان 2 گونجاو، لەبەر، باش، شیاو، ئامادە، بەجێ، بە وەختی خۆی 3 سەرسەرەکی، هیچەکە، بێ‌ناوەرۆک ۞ 1 فوری، بلافاصله 2 مناسب، حاضر، بهنگام 3 سطحی

Pat *abbreviation* patent (number)
ژمارەی تۆمار(کردن)، ژمارەی دەستوورنامەی دروست(کردن) ۞ شمارەی ثبت

pataca /pə'tɑ:kə/ *noun*
یەکەی بنەڕەتی پارەی Macao، بەرامبەر بە سەد avo ۞ پاتاکا

patagium /,patə'dʒʌɪəm/ *noun, pl.* patagia /-'dʒʌɪə/
پەردە، توێ، توێکڵ، پەردەی باڵ ۞ غشاء

Patagonian /,patə'gəʊnɪən/ *adjective, noun*
adj سەربە Patagonia، پاتاگۆنیایی *n* ڕەسەن یان دانیشتووی ناوچەی ئەمریکای باشووری پاتاگۆنیا، پاتاگۆنیایی ۞ پاتاگونیایی

patas monkey /pə'tɑ:/ *noun*
جۆرێ guenonی ئەفریکای ناوەندی، بە تووکی قاوەیی مەیلەوسوور، دەموچاورەش و سمێڵ‌سپی [*Erythrocebus patas*] ۞ میمون پاتاس

Patau' syndrome /'pataʊz/ *noun*
(پزشکی) کۆنیشانەی پاتاو: نێکچوونێکی زگماکی کرۆمۆزۆمەکان کە کۆمەڵێ کێشە بۆ مێشک، دڵ و گورچیلە پەیدا دەبێ و دوای بوون دەبێتە هۆی مردن (بنەڕەت: لە ناوی پزشکی ئەڵمانی *Klaus Patau*) ۞ نشانگان پاتاو

patavinity *noun*
شێوەزاری ناوچەیی یا خۆجێیی ۞ لهجەی محلی

patball *noun*
(بریتانیا) جۆرێ کایەی سادە بە تۆپ ۞ پاتبال

patch /pætʃ/ *noun*
1 پینە، پنو، پەڕۆ، تیکە، سەرئەژنۆ، سەرچۆک، سەرئانیشکە، نۆف، پاتەتە(پێڵاو) 2 پارچە، پەڵە، کووز، باوەر، کەرت، دووکان، تیکە، کوت 3 لکە، لەکە، پەڵە، پنکە: *damp patches on the wall* 4 چەسپی برین 5 پەڕۆ یان پارچەی سەر (برینی) چاو، چاوبەست، چاوبەند 6 بەستەوەی کاتی تەلەفونی یان ئێلێکتریکی 7 (لە بریتانیا، پۆلیس) گەڕەک 8 ماوە، سەروبەند، کاتێکی دیاریکراو ۞ 1 وصله 2 قطعه، تکه 3 لکه 4 چسب زخم 5 بالشتک چشم 6 پاچ 7 محله 8 مدت، زمان معین

patchable /'pætʃəbl/ *adjective*
پینەکراو، پینەهەڵگر، لەپینەهاتوو ۞ قابل وصله

patched *adjective*
پیناوی، پینەکراو، پینەبەند، پینەپینە، پینەڕێژ ۞ وصله‌دار

patcher *noun*
پارچ، گۆزەڵە (گلێنە) ۞ پارچ

patchery *noun*
پینەکاری، پینەدرویی، پینەوپەڕۆ، پینەبەندی ۞ وصله‌کاری

patchily /'pætʃɪli/ *adverb*
پیناوی‌یانە، بە شێوەیەکی پیناوی ۞ بە طور وصله‌دار

patchiness /'pætʃɪnəs/ *noun*
پیناوی‌بوون، پینەپینەبوون ۞ وصله‌داری

patchouli /'pætʃʊli, US pə'tʃu:li/ *noun*
1 گوڵاوی پەچولی 2 مەزرەی هیندی (دەوەنێکی زۆر بۆن‌خۆشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە تیرەی mint [*Pogostemon cablin*]) ۞ 1 عطر پچولی 2 نعنای هندی

patch pocket *noun*
گیرفانی پینەیی (لە پارچەیێکی جیا بێ) ۞ جیب وصله‌ای

patch test *noun*
تاقی‌کردنەوەی هەستیاری ۞ تست حساسیت

patchwork /'pætʃwɜ:k, US -wɜ:rk/ *noun*
1 چل‌تیکە 2 شتی پینەوپەڕۆکراو، شتی بە پەلە سەریەک‌خراو یان سەرهەم‌بەندی ۞ 1 چهل‌تکه 2 چیز سرهم‌بندی‌شده

patchy /'pætʃi/ *adjective* (patchier, patchiest)
پیناوی، پینەپینە، پەڵەپەڵە، تەوقن‌تەوقن، تیکەتیکە، جۆراوجۆر، نارێک، ناچوونیەک، ناتەواو، نیوەچڵ ۞ وصله‌دار، متنوع، گوناگون، ناقص، ناهمگن

pate /peɪt/ *noun*

(کۆن و بە شۆخی) کەللە، سەر، سەلک ۞ کلە

pâté /'pæteɪ, US pɑː'teɪ/ *noun*
(چێشت) پاتێ ۞ پاتە

pâté de foie gras /ˌpateɪ də fwɑː 'grɑː/ *noun*
(لە فەرەنسی‌یەوە) هەویرێکی مایەدار کە لە جەرگی قاز (و دووگ) ساز دەبێ ۞ پاتە دی فوا گرا

patella /pə'telə/ *noun, pl.* patellae /-liː/
1 (توێکاری) ئێسکی کەشکە ئەژنۆ یان کلاوە (ی ئەژنۆ)، کەشکەزرانێ 2 دەوری، پێش‌خۆری، کاسەی پەل (بنەڕەت: لە لاتینەوە، چکۆلێنراوی patina "کاسە یان قاپی پەل "shallow dish) ۞ 1 استخوان کشکک 2 دوری

patellar *adjective*
سەربە ئێسکی کلاوە (ی ئەژنۆ)، کەشکەئەژنۆیی، پێوەندی بە کەشکەزرانێ‌یەوە هەیە ۞ وابستە بە استخوان کشکک

patellate /-lət/ *adjective*
لە ئێسکی کلاوەی ئەژنۆچوو ۞ شبیە استخوان کشکک

patelliform *adjective*
لە ئێسکی کلاوەی ئەژنۆچوو ۞ شبیە استخوان کشکک

paten /'pat(ə)n/ *noun*
1 دەوری، پێش‌خۆری 2 دەوری نانی شێوی خواوەندی Eucharist 3 شتێکی وەک دەوری (وەک سێلی کانزایی) ۞ 1 دوری 2 بشقاب نان عشاء ربانی 3 پاتن

patency /'peɪtənsɪ/ *noun*
روونی، دیاری، ئاشکرایی، بەرچاوی ۞ وضوح، روشنی

patent[1] /'pætnt, US 'peɪtnt/ *noun*
1 مافی پاوانکاری یان دەس‌بەسەراگرتنی داهێنان 2 داهێنراوی تۆمارکراو 3 دەستوورنامە 4 پریڤیلیج، ئیمتیاز 5 داهێنان ۞ 1 حق انحصاری اختراع 2 اختراع ثبت‌شدە 3 پروانە، مجوز 4 امتیاز 5 اختراع

patent[2] /'pætnt, US 'peɪtnt/ *adjective*
1 دیار، ئاشکرا، دیتبار، روون، زەق، خویا 2 تۆمارکراو 3 (پزشکی) کراوە، ئازاد، نەگیراو ۞ 1 واضح، هویدا 2 ثبت‌شدە 3 (پزشکی) باز

patented *adjective*
تۆمارکراو ۞ ثبت‌شدە

patentee /ˌpætən'tiː, US peɪt-/ *noun*
خاوەن ئیمتیاز ۞ صاحب امتیاز

patent law *noun*
قانوونی تۆمارکردن (مافی پاوانی داهێنەر) ۞ قانون ثبت

patent leather /ˌpeɪtnt 'leðə(r), US 'pætnt/ *noun*
گلاسی، چەرمی مشت‌ومالدراو ۞ چرم ورنی

patently /'peɪtəntli, 'pætəntli, US 'pæt-/ *adverb*
بە ئاشکرایی، بە روونی ۞ آشکارا

patent medicine *noun*
1 دەرمانی تۆمارکراو 2 دەرمانی تایبەتی ۞ 1 داروی بە ثبت رسیدە 2 داروی اختصاصی

patent office *noun*
بەڕێوەبەری تۆمارکردنی داهێنان (و ئیمتیازەکان) ۞ ادارەی ثبت اختراعات

patent right *noun*
مافی تۆمارکراو ۞ حق ثبت‌شدە

pater /'peɪtə/ *noun*
1 (بریتانیا و نافەرمی) باوک 2 (مرۆڤناسی) باوکی قانوونی کەسێ (بەرامبەری genitor) ۞ 1 پدر 2 پدر قانونی شخصی

patera /'pat(ə)rə/ *noun, pl.* paterae /-riː/
1 دەوری 2 نەخشی کاسەیی یان قاپی ۞ 1 دوری 2 آذین بشقابی

paterfamilias /ˌpeɪtəfə'mɪliæs, US ˌpætərf-/ *noun, pl.* patresfamilias /ˌpeɪtriːz-, US ˌpatriːz-/
گەورەی خێزان، باوک، خاوەن‌مال ۞ پدر

paternal /pə'tɜːnl, US -'tɜːrnl/ *adjective*
باوکی، باوکانە، باوکئاسا: *paternal love* ۞ پدری، پدرانە

paternalism /pə'tɜːnəlɪzəm, US -'tɜːrn-/ *noun*
(سیاسەت) باوکڕەفتاری ۞ پدرسروری

paternalist /pə'tɜːnəlɪst, US -'tɜːrn-/ *noun*
باوکڕەفتار ۞ پدرسرور

paternalistic /pəˌtɜːnə'lɪstɪk, US -ˌtɜːrn-/ *adjective*
سەربەباوکڕەفتاری، باوکڕەفتاری‌یانە ۞ وابستە بە پدرسروری

paternalistically /pəˌtɜːnə'lɪstɪki, US -ˌtɜːrn-/ *adverb*
باوکڕەفتارانە ۞ پدرسرورانە

paternally /pə'tɜːnli, US -'tɜːrnli/ *adverb*
باوکانە، وەکوو باوک: *He smiled paternally at them* ۞ پدرانە

paternity /pə'tɜːnəti, US -'tɜːrn-/ *noun*
1 باوکی، باوکێتی 2 بنەچەک، بن و بنەچەک، تۆرەمە، رەچەڵەک، سەرچاوە، ماک، زێدەر، ئەسڵ، بنەما ۞ 1 پدری 2 اصل و نسب، منشأ

paternity leave *noun*
مۆڵەتی باوکێتی (مۆڵەتێ کە باوکی منالی تازەبوو دەچێتەوە بۆ مالێ) ۞ مرخصی پدری

paternity suit *noun*
داواکاری باوکێتی (داواکاری دایکی منالێکی

زۆلـە، بـۆ سـەلماندنی پیـاوێ کـە بـاوکی ئـەو منالەیە) ۞ اقامەی دعوای پدری

paternity test *noun*

تاقیکاری یان تاقیکردنەوەی باوکی (لە DNA) ۞ آزمایش پدری

paternoster /ˌpatəˈnɒstə/ *noun*

1 دۆعا و نزای خواوەندی (بنـەڕەت: لـە *pater noster* لاتـین "ئەی باوکی مە" وەختێ بە لاتینی دەوترێ) 2 دەنکەتەزبیحی تایبەتی بۆ دۆعاکردن 3 ئاسانسۆری سووڕاو ۞ 1 دعای ربانی 2 دانەی تسبیح دعا 3 آسانـور چرخان

path /pɑ:θ, US pæθ/ *noun, pl.* paths

ڕێگا، ڕێ، ڕێچکە، کوێرەڕێ، باریکەڕێ، ڕێڕەو، ئاراستە ۞ راه، جادە، طریق، کورەراه، مسیر

-path *suffix*

پاشگر: 1 چارەسەرکەر، دەرمانکەر، دەرمانگەر، دوکتـورێ کـە شـێوازێکی تایبـەتی چارەسـەری بەکاردێنێ: *homeopath* 2 ئاماژە بە کەسـێ کـە تووشـی نـەخۆشـی‌یـێ بـووە: *psychopath* (بنـەڕەت: لـە *-pathēs* یۆنـانی "sufferer") ۞ پسوند: 1 درمانگر 2 مبتلا به بیماری خاصی

path(o)- /ˈpæθəʊ, US -θoʊ/ *prefix*

پێشگر: نەخۆشی، پاس(ۆ)ـ پات(ۆ)ـ درمـ خەسارـ (بنـەڕەت: لـە *pathos* یۆنـانی‌یـەوە "suffering, disease") ۞ پسوند: مرض، آسیب

Pathan /pəˈtɑ:n/ *noun*

پاتـان: ئەنـدامی گـەلی پەشـتۆزمانی بـاکووری ڕۆژاوای پاکـسـتان و باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئەفغانـستان (لە *Paṭhān* هیندی) ۞ پاتان

path-breaker *noun*

1 مرۆی پێشـەنگ، پێشڕەو، ڕچەشـکێن 2 مرۆی داهێنەر، تازەگەر ۞ 1 آدم پیشتاز 2 آدم خلاق

path-breaking *adjective*

1 پێـشـەنگ، پێـشڕەو، ڕچەشـکێن 2 داهێنـەر، تازەگەر ۞ 1 پیشتاز 2 خلاق

pathetic /pəˈθetɪk/ *adjective*

1 جێـی‌بـەزەیی، گونـاح، خـەماوی، جێـی‌داخ، نارەحەتکەر، پەژاراوی، کلۆل، داماو، بێچارە، ڕۆژەڕەش 2 بێجـێ، پەسـندنەکراو، ناپەسـند 3 خراپ، شپرزە ۞ 1 ترحم‌انگیز، رقت‌بار، بـدبخت 2 ناموجه 3 مفتضح

pathetically /-kli/ *adverb*

جێـی‌بـەزەیی‌یانـە، بـە شـێوەیـێ کـە بـەزەیـت پیایێتەوە، گوناح، بە شێوەیەکی نارەحەتکەر یان پـەژاراوی، خـەماوی‌یانـە: *He cried pathetically* ◊ *a pathetically shy woman* ۞ به طور ترحم‌انگیز، به طور اسف‌بار

pathetic fallacy *noun*

گیانبەبەرداکردن، گیانپێدان ۞ شخصیت‌بخشی

pathfinder /ˈpɑ:θfaɪndə(r), US ˈpæθ-/ *noun*

ڕێدۆز، ڕێزان، ڕچەشکێن، پێشـەنگ، سـەرکێش، سـەرجەلە (pathfinding *n, adj*) ۞ راه‌یـاب، پیشگام

-pathic *suffix*

پاشگر: ناوەڵناو دروست دەکا، ناوەڵناوساز ۞ پسوند: صفت‌ساز

pathogen /ˈpæθədʒən/ *noun*

پاتۆژێن، هۆکاری نەخۆش‌خەر، وەک بەکتریا و ڤایروس ۞ عامل بیماری‌زا

pathogenesis /ˌpaθə(ʊ)ˈdʒɛnɪsɪs/ *noun*

پەیدابوون origination یا داکەوتنی نەخۆشی، شێوەی پەرەسـەندنی development نەخۆشـی ۞ پیدایش بیماری

pathogenetic *adjective*

نەخۆش‌خەر، نەخۆشی‌هەڵێن ۞ بیماری‌زا

pathogenic /-ˈdʒenɪk/ *adjective*

نەخۆش‌خەر، نەخۆشی‌هەڵێن (pathogenicity *n*) ۞ بیماری‌زا

pathogenically *adverb*

نەخۆش‌خەرانە، بە شێوەیێکی نەخۆش‌خەر ۞ به طور بیماری‌زا

pathogeny *noun*

نەخۆش‌خەرێتی، نەخۆشی‌هەڵێنان، دەرکەوتنی نەخۆشی ۞ بیماری‌زایی

pathognomonic /ˌpaθəgnə(ʊ)ˈmɒnɪk/ *adjective*

نوێنەری نەخۆشی، نیشانەی نەخۆشی (تایبەتی) ۞ شاخص بیماری

pathognomy /paˈθɒgnəmɪ/ *noun*

دەس‌نیـشان‌کـردنی نەخۆشـی (بـە نیـشانەی نەخۆشی تایبەتەوە) ۞ تشخیص بیماری

pathological /ˌpæθəˈlɒdʒɪkl, US -ˈlɑ:dʒ-/ *adjective,* also pathologic

1 نەخۆشـی‌ناسـی‌یانـە، سـەربە نەخۆشـی‌ناسـی، درم‌ناسی‌یانە، خەسارناسـی‌یانە: *pathological fear/hatred/violence* 2 نەخۆش‌دیار 3 بێجێ، نازیرانـە، بـێ‌بنچینـە ۞ 1 آسـیب‌شـناختی 2 بیمارگون 3 نامعقول

pathologically /-kli/ *adverb*

لەباری نەخۆشی‌ناسی یا خەسارناسی(یەوە) ۞ از نظر آسیب‌شناسی

pathologist /pəˈθɒlədʒɪst, US -ˈθɑ:l-/ *noun*

نەخۆشـی‌نـاس، درم‌نـاس، خەسـارناس ۞ آسیب‌شناس

pathology /pəˈθɒlədʒi, US -ˈθɑ:l-/ *noun*

(هەم پزشکی و هەم مەجازی) نەخۆشی‌ناسی، درم‌ناسی، خەسارناسی ۞ آسیب‌شناسی

pathometer *noun*

درۆدۆز، درۆدەرخەر ۞ دروغ‌سنج

pathos /ˈpeɪθɒs, US -θɑ:s/ *noun*

جێی بەزەیی‌بوون، گوناەبوون، خەماوی‌بوون، باروودۆخی شپرزە ۞ رقت‌باری، اسفناکی، وضع اسفناک

pathway /'pɑ:θweɪ, US 'pæθ-/ = path

-pathy *suffix*

پاشگر: 1 بە... چارەسەرکردن یان تیمارکردن،
شێوازی چارەسەری نەخۆشی: *hydropathy*
2 هەست، هەست‌پێ‌کردن: *osteopathy*
empathy ، *telepathy* 3 ئامازە بە نەخۆشی یان
ناسازی‌یێ لە بەشێکی تایبەتی لەش:
neuropathy (بنەڕەت: لە *patheia* یۆنانی:
"suffering, feeling") ۞ پسوند: 1 ـ درمانی 2
احساس 3 اشاره به اختلال در قسمت خاصی از بدن

patience /'peɪʃns/ *noun*

1 سەبر، پشوودرێژی، سنگ فراوانی،
لەسەرەخۆیی، (بە)کاوخۆ(یی)، بەگیری،
دەروونقوولی، جەرگ‌قایمی، لەخۆبردوویی،
تاقەت، بەرگە، خۆگرتن، هەڵکردن، دەربردن،
خۆڕاگری 2 جۆرێ کایەی پەڕین، فالی پەڕین،
پەیشێنس ۞ 1 شکیبایی، حوصله، تحمل، پایداری
2 نوعی بازی ورق

patient[1] /'peɪʃnt/ *adjective*

1 پشوودرێژ، سنگ‌فراوان، بەسەبر، بەگیر،
خۆگیر، دەروونقوول، دەربردە، دەربەر،
هەڵکردە، لەسەرەخۆ، بەکاووخۆ، لەخۆبردوو،
بەتاقەت، بەسەبرانە، لە رووی سەبرەوە، شێلگیر،
خۆڕاگر 2 (ڕێزمان) بەرکار (کەسێک یان شتێک
کە کارێکی لێ روودەدا، بڕوانە agent) ۞ 1
صبور، شکیبا، پرتحمل، صبورانە، باستقامت 2 مفعول

patient[2] /'peɪʃnt/ *noun*

نەخۆش، ئەنگاوتە، بەرکەوتوو، لەژێر تیماری
پزشکی‌دا: *cancer patients* ۞ بیمار

patiently /'peɪʃntli/ *adverb*

پشوودرێژانە، بەسەبرانە، بە تاقەتەوە،
دەروونقوولانە ۞ صبورانە

patina[1] /'pætɪnə, US pə'ti:nə/ *noun*

1 ژەنگ، ژەنگ‌وژار 2 تویژاڵ 3 درەوشانەوە،
ورشانەوە، ورشە، جەلا، بریقە (بنەڕەت: لە
patina لاتین "قاپ یان کاسەی پەل shallow
dish") ۞ 1 زنگار 2 لایە 3 جلا

patina[2] /'pætɪnə, US pə'ti:nə/ *noun, pl.* -nae

دەوری، پێش‌خۆری، قاپی پەل ۞ دوری

patinated *adjective,* also patinous

ژەنگاوی، ژەنگ‌هەڵێناو، ژەنگ‌گرتوو،
ژەنگ‌وژاراوی ۞ زنگارگرفته

patination /pætɪ'neɪʃn/ *noun*

تویژاڵ، ژەنگ، ژەنگ‌وژار، ژەنگار ۞ رویه، زنگار

patio /'pætiəʊ, US -oʊ/ *noun, pl.* patios

1 (سپانیایی) هەیوان، سەرسەرا 2 حەوشەی
سەرناواڵەی نێوەوە، لە خانووە سپانیایی و یان
ئەمریکایی‌یە سپانیایی‌یەکاندا، حەوشەی
خۆرتێکەوتوو ۞ 1 طارم 2 پاتیو، حیاط نورگیر

patisserie /pə'ti:səri/ *noun*

پاتیسێری، دووکانی فرۆشتنی پاتیستری و
کەیکی فەرەنسی ۞ پاتیسری

Patna rice *noun*

برنجێکی دەنک‌درێژ، لە بنەڕەتا هی Patnaی
هیندوستان ۞ نوعی برنج

patois /'pætwɑ:/ *noun, pl.* same /-wɑ:z/

زاراوە، دەڤۆک، زاراوەی خۆجێیی ۞ گویش،
بوم‌گویش

patootie /pə'tu:ti/ *noun, pl.* patooties

1 دۆست، یار، کچی سەرنج‌ڕاکێش 2 پاشەڵ،
کەفەڵ، هێت، کنگ، سمت ۞ 1 دوست‌دختر،
دختر جذاب 2 سرین، کفل، باسن

part(i,o)- *prefix*

پێشگر: باوک (بنەڕەت: لە -*pater, patr*
لاتینەوە) ۞ پیشوند: پدر

patresfamilias = plural form of paterfamilias

patriarch /'peɪtriɑ:k, US -ɑ:rk/ *noun*

1 پیاوی ماڵەوە یان خێزان 2 سەرۆک‌هۆز،
سەرخێڵ، سەرهۆز 3 کەی‌خودا، کوێخا،
گەورەپیاو، ریش‌سپی 4 (کلێسەی کاسۆلیکی
رۆم و ئۆرتۆدۆکسی رۆژهەڵات) گەورەقەشە،
سەرقەشە، پاتریارک 5 دامەزرێنەر، بناخەدانەر
۞ 1 مرد خانواده 2 رئیس قبیله 3 شیخ 4 اسقف
اعظم 5 مؤسس

patriarchal /ˌpeɪtri'ɑ:kl, US -'ɑ:rkl/ *adjective*

1 پیاوسالار، باوک‌سالار، باوک‌میر،
پیاوفەرماندار، باوک‌فەرماندار، پیاوسالارانە،
باوک‌میرانە، باوک‌فەرماندارانە: *a patriarchal*
society 2 پیاوانە، مەردانە، بەسام ۞ 1
پدرسالار، پدرسالارانە 2 مردانە

patriarchate /'peɪtriɑ:kət, US -ɑ:rk-/ *noun*

پلەوپایە یان سەردەمی سەرقەشە(ی کلێسەیێ)
۞ مقام یا دورەی اسقفی

patriarchy /'peɪtriɑ:ki, US -ɑ:rki/ *noun, pl.* patriarchies

سیستمی باوک‌سالاری یا باوک‌فەرمانداری یان
باوک‌میری، سیستمی پیاوفەرمانداری، پیاومیری،
پیاوسالاری ۞ نظام پدرسالاری. مردسالاری

patrician /pə'trɪʃn/ *adjective, noun*

(ب.ت. لە رۆمای کۆندا) ئەریستۆکرات.
بەگزادە، گەورەزادە، نەجیب، گەورەپیاو،
خانەدان ۞ اشرافی، شریف

patricianship *noun*

نەجیب‌زادەیی، بەگزادەیێتی، گەورەزادەیی،
خانەدانێتی، گەورەیێتی ۞ اشرافی بودن،

بزرگ‌منشی

patricidal *adjective*
سەربە باوک‌کوژی ۞ وابستە بە پدرکشی

patricide /ˈpætrɪsaɪd/ *noun*
1 باوک‌کوژی 2 باوک‌کوژ (بڕوانە fratricide، matricide و parricide) ۞ 1 پدرکشی 2پدرکش

patrilineal *adjective*
(سەربە) ڕەچەڵەکی باوکی: *a patrineal society* ۞ (وابستە بە) نسب پدری

patrilocal *adjective*
سەربە patricolality ۞ وابستە بە پاتری‌لوکال

patrilocality *noun*
باوک(ە)شوێنی، بووک‌سەرماڵی، نەریتێکی ژن‌ومێردایەتی کە لەودا ژن دەچێتە نێو کۆمەڵگای مێردەکەیەوە و لەوێ دەمێنێتەوە ۞ پاتری‌لوکال

patrimonial /-ˈməʊnɪəl/ *adjective*
سەربە دارایی یان بەشەماڵی باوکی، میراتی، کەلەپووری ۞ وابستە بە ارث پدری، ارثی

patrimony /ˈpætrɪməni, US -moʊni/ *noun, pl.* patrimonies
1 دارایی یان بەشەماڵی باوکی، میراتی باوکی 2 تەرخانەی کلێسە 3 = heritage ۞ 1 ارث پدری 2 موقوفەی کلیسا

patriot /ˈpeɪtriət, US ˈpæt-/ *noun*
(مرۆڤی) نیشتمان‌پەرست، وڵات‌پارێز، نیشتمان‌پەروەر ۞ (آدم) میهن‌پرست

patriotic /ˌpeɪtriˈɒtɪk, ˌpæt-, US ˌpeɪtriˈɑːtɪk/ *adjective*
نیشتمان‌پەروەر، وڵات‌پارێز، نیشتمان‌پەروەرانە: *a -triotic man who served his country well* ◊ *patriotic songs* ۞ میهن‌پرست، میهن‌پرستانە

patriotically /-kli/ *adverb*
نیشتمان‌پەروەرانە، لە ڕووی نیشتمان‌پەروەری(یەوە) ۞ از روی میهن‌پرستی

patriotism /ˈpeɪtriətɪzəm, US ˈpæt-/ *noun*
نیشتمان‌پەروەری، وڵات‌پارێزی، نیشتمان‌خۆشەویستی، نیشتمان‌پەرستی: *a wave of patriotism* ۞ میهن‌پرستی

patristic /pəˈtrɪstɪk/ *adjective*, also patristical
سەربە ئایینەوانان یا نووسینەکانیان (کریستانیەت) ۞ وابستە بە الهیون یا نوشتەهایشان

patristics *noun, pl.*
لێکۆڵینەوەی نووسراوە و ژیانی باوکانی کلێسە ۞ پاتریستیکس

Patroclus *noun*, Latin, from Greek *Patroklos*
پاترۆکلۆس: ناوی پاڵەوان یان قارەمانێکی یۆنانی کە بە دەستی Hector لە ترۆی کوژرا و دۆستەکەی ئاشیل یان ئەکیلز Achilles تۆڵەی کردەوە ۞ پاتروکلوس

patrol /pəˈtrəʊl, US pəˈtroʊl/ *noun, adjective*
n 1 دەورلێدان، سووڕانەوە، نۆبەداری، چەرخەچێتی، چەرخەکردن: *Security guards a police* ◊ *make regular patrols at night* 2 دارۆغە، چەرخەچی، دەستەی *car on patrol* دارۆغە یان چەرخەچێتی، گرووپ یان دەستەی چەرخەچێتی: *a naval/police patrol* 3 گرووپێکی دەوربەری 6 کەس لە Boy Scouts یان Girl Guides/Scouts کە کۆمەڵە یان گرووپێکی گەورەتر پێکدێنن *adj* پاترۆڵ ۞ *n* 1 گشت 2 اکیپ یا مامور گشت 3 پاترول *adj* گشتی

patrol boat *noun*
گەمی یان بەلەمی چەرخەچێتی ۞ قایق گشت

patrol car *noun*
ماشێنی چەرخەچێتی یان نۆبەداری پۆلیس ۞ اتومبیل گشت

patrolman /pəˈtrəʊlmən/ *noun, pl.* patrolmen
1 ڕێگەر (بۆ ئەو کەسانەی کەوا لە ڕێدا پێویستی‌یا بە یارمەتی هەیە) 2 نۆبەدار، پاسەوان، پۆلیسی پاترۆڵ ۞ 1 گشت امداد 2 پلیس گشت

patrologist *noun*
پاترۆلۆژیست ۞ پاترولوژیست

patrology /pəˈtrɒlədʒi/ *noun*
دین‌ناسی یا یەزدان‌ناسی patristic ۞ پاترولوژی

patrol wagon *noun*
ماشێنی ڕاگوێستنی گیراوان یان زیندانیان ۞ اتومبیل حمل زندانیان

patrolwoman /pəˈtrəʊlwʊmən/ *noun, pl.* patrolwomen
1 ڕێگەر (بۆ ئەو کەسانەی کەوا لە ڕێدا پێویستی‌یان بە یارمەتی هەیە) 2 نۆبەدار، پاسەوان، پۆلیسی پاترۆڵ (ژن) ۞ 1 گشت امداد 2 پلیس گشت

patron /ˈpeɪtrən/ *noun*
1 پشتیوان، یارمەتیدەر، کۆست، داژدار، پشتەقان، پاڵپشت، هاندەر 2 کڕیار، مشتەری (هەمیشەیی) 3 سەرپەرشت 4 (لە ڕۆمی کۆندا) خاوەنی پێشووی کۆیلەیێکی ئازادکراو (بنەڕەت: لە *pater*، *patr-* لاتینی "باوک") ۞ 1 حامی، مشوق 2 مشتری 3 ولی‌نعمت 4 پاترون

patronage /ˈpætrənɪdʒ, US ˈpeɪt-/ *noun*
1 پشتیوانی، یارمەتیدان، داژداری، داکۆکی، پشتەقانی، سەرپەرشتی، پاڵپشتی، سایە، پشتگرتن 2 هاندان 3 ماف یان دەسەڵاتی لابردن و دانان (یان دیاریکردن) 4 بەسەرکردنەوە، چاودێری، لاڵی‌دانەوە، سەرلێدان، باڵ‌بەسەرداگرتن، بەزەیی(پیاهاتن)، چاکەلەگەڵکردن 5 کڕین، سەندن (بە بەردەوامی) ۞ 1 حمایت 2 تشویق 3 حق یا قدرت عزل و نصب 4 تفقد، ترحم 5 خرید

patroness /ˌpeɪtrənˈes/ *noun*
(ژن) پــشتیوان، یارمەتیــدەر، داژدار، پــشتەڤان، پالپشت ۞ حامی (زن)

patronizing /ˈpætrənaɪzɪŋ, US ˈpeɪtrənaɪzɪŋ/ *adjective*
بەبــەزەیی، چاکەلــەدەس‌هــاتوو، دڵــسۆز، بەســەرکەرەوە، بــە دەنــگ هــەژارەوەبوو، لــە هەژارپرس ۞ بندەنواز

patronizingly /ˈpætrənaɪzɪŋli, US ˈpeɪtrənaɪzɪŋli/ *adverb*
بەبەزەیی‌یانە، بەسەرکەرەوانە ۞ بندەنوازانه

patronless /ˈpeɪtrənləs/ *adjective*
بێ‌پشتیوان، بێ‌داکۆکی‌کەر ۞ بدون حامی

patron saint *noun*
سەینتی پشتیوان ۞ قدیس حامی

patronymic /ˌpætrəˈnɪmɪk/ *adjective, noun*
adj 1 بـاوکی 2 لـە نـاوی بـاوک‌هەڵـگیراو، لـە رەچەڵـەک یـان بـەرەی بـاوکی 3 نـاوی‌بـاوکی، بـاوک‌نـاوی، نـاوی خێـزانی، وەرگـیراو لـە نـاوی بـاوک یا پێشینیان *n* ناوی باوکی ۞ *adj* 1 پدری 2 از نسب یا نسل پدری 3 پدرنامی *n* نام پدری

patsy /ˈpætsi/ *noun, pl.* patsies
(کەسێکی) کـەر، گـەوج، نـەفام، بێ‌مێشـک ۞ (آدم) احمق، نفهم

patten /ˈpat(ə)n/ *noun*
1 (مێژوویی) کەوش یان پێڵاوی دارین (لەسەر ئالقەیێکی ئاسنی‌یە) 2 تەرک یان بنی بناخەی دیوار 3 قەد، پایە (ستوون) ۞ 1 کفش چوبی 2 کف پی دیوار 3 پایه

patter[1] /ˈpætə(r)/ *noun*
قسەکردنی بە پەلە، بەیەکادان، چەنەدرێژی ۞ گفتار سریع

patter[2] /ˈpætə(r)/ *noun*
دەنگـی زرمـە، خرمـە، خرمـەخرم، شلپەشـڵە، تلپەتلپ، تەپەتەپ، ترپەترپ: *the patter of feet/footsteps* ۞ صدای تاپ تاپ

pattern /ˈpætn, US -tərn/ *noun*
1 نموونـە، هێمـا، سەرمەشـق، وێنـە، دارێـژە، exemplar 2 مودێل 3 دارێژگە، رێژگە، قاڵـب 4 شـێواز، شـێوە، نەخـشە، بـیچم، نـەخش، نەخش‌ونیگـار ۞ 1 مظهـر 2 الگـو 3 قالـب 4 اسلوب، شکل، طرح، انگاره، نقش

patterned /ˈpætənd, US -tərnd/ *adjective*
نەخـشاوی، نەخـشێنراو، پڕنەخش، نەخش‌رێـز: *patterned wallpaper* ۞ منقوش

patterner *noun*
نموونەساز ۞ الگوساز

patterning /ˈpætənɪŋ, US -tərn-/ *noun*
1 نموونـەرێژی، مودێلـسازی، نموونەســازی، نموونەدارێژی (یان دروستکردن)، نەخش ۞ الگوسازی، نقش

patty /ˈpæti/ *noun, pl.* patties
1 کولیچـە، نـان‌شـیرینی میـوەیی یـان گۆشـتی 2 پاستی یان پای چکۆلە ۞ 1 کلوچه 2 پاتی

patulous /ˈpatjʊləs/ *adjective*
بڵاوەبـوو، پانـەوەبوو، بـەرین، بـەربڵاو، پـان، (لق)لێ‌وەبوو لە ناوەندەوە، پەڵ‌هاویشتوو: *a tree with -tulous branches* ۞ منتشرشده، گسترده

patulousness /ˈpatjʊləsnəs/ *noun*
بڵاوەبوونـەوە، پانـەوەبوون، بـەرینی، بـەربڵاوی، پـانی، (لـق)لـێ‌بوونـەوە لـە ناوەنـدەوە، پەڵ‌هاویشتوویی ۞ منتشرشدگی، گستردگی

patzer /ˈpɑːtsə, US ˈpat-/ *noun*
کەچەشــەترەنج‌چــی، کەچەشــەترەنج‌بــاز، شەترەنج‌کاری بەکارنەهاتوو ۞ پاتزر

paua /ˈpɑːwə, US ˈpaʊə/ *noun*
(مائۆری) 1 جۆری abaloneی زلەی نیوزیلەند یان قاوغەکەی 2 قولاپی ئابالۆنی (لە قاوغ یان لەپێکەی ئابالۆن دروست دەکرێ) ۞ پاوا

pauciloquent *adjective*
کەم‌قسە، کەم‌دوو ۞ کم‌حرف

pauciloquy *noun*
کەم‌قسەیی، کەم‌دوویی ۞ کم‌حرفی

paucity /ˈpɔːsəti/ *noun*
کەمی، دەگمەنی، کەم‌بوون، کێماسی (بنەڕەت: لە *paucite* فەرەنسی کۆن یان *paucitas* لاتین، لە *paucus* بەوە "few") ۞ قلت، کمبود

Paul *noun*, Latin *Paulus*, from Greek *Paulos*
پۆل، پاولۆس، پۆلۆس: حەواریێکی سەرەتای کریستانیەت و نووسەری چەندین نامە epistle ی پەیمانی نوێ ۞ پولس

Paul Bunyan *noun*
داربڕێکی زەبەلاحی فۆلکلۆری ئەمریکایی ۞ پول بونیان

Pauli exclusion principle = exclusion principle (also Pauli principle)

Pauline *adjective*
سەربە Paul یان نامەکانی یان رێباز و تیۆلۆژی ئامـاژەپێکـراوی لـە نامـە و نامیلکـەکـانی‌دا ۞ وابسته به Paul

Paulist *noun*
ئەندامی کۆمەڵەی راگەیێنەرانی کلێسەی کاتۆلیکی رۆم سەربە سەینت Paul، لە 1858 لە ئەمریکا لە لایەن I. T. Hecker دامەزرا ۞ پولیست

Paul Jones *noun*
جـۆرێ سـەمای سـەماخانە (بنـەڕەت: لـە نـاوی ئـەدمیراڵی ئـەمریکایی *John Paul Jones* (1747–92) ۞ نوعی رقص

paulownia /pɔːˈləʊnɪə, US -ˈlɒvnɪə/ *noun*
جـۆرێ داری چکۆلـەی باشـووری رۆژهـەڵاتی ئاسیایی گەڵاشێوەدڵ و گوڵ‌بۆن‌خۆش [تـوخم *Paulownia*] ۞ نوعی درخت

paunch /pɔːntʃ/ *noun*
1 زگــــی زل، زگ‌مەشــــکەیی، زگ‌تێــــری، کەرەمەشکەیی، زگزلی 2 حەسیری ئەستوور (لە کەشتی‌دا) ۞ 1 شکم گندە 2 بوریای کلفت

paunchiness /pɔːntʃinəs/ *noun*
زگــــزلی، زگ‌مەشــــکەیی، زگ‌تێــــری، کەرەمەشکەیی ۞ شکم‌گندگی

paunchy /pɔːntʃi/ *adjective* (paunchier, paunchest)
زگزل، زگ‌مەشکە، زگ‌تێر، کەرەمەشکە: *Mr Steed was middle-aged and -nchy, with deep shadows under his eyes* ۞ شکم‌گندە

pauper /'pɔːpə(r)/ *noun*
هەژار، دەستەنگ، نەدار، بێ‌وەزیعەت، بێ‌ئەنوا ۞ فقیر، تهی‌دست

pauperism *noun*, also pauperdom /'pɔːpədəm/
هــەژاری، دەســتەنگی، نــەداری، بــێ‌وەزیعــەتی، بێ‌ئەنوایی، هیچ‌شک‌نەبردن ۞ فقر، تهی‌دستی

pausal /'pɔːzl/ *adjective*
سەربە ویستان، گیری ۞ مکثی

pause /pɔːz/ *noun*
1 وچان، پشوو، ویستان، هەلوەستە، گیر (کاتی): *There was a long pause before she answered* ◊ *After a brief pause, they continued climbing* 2 (موسیقا) نیشانەی درێژە یان کێشانەوە () 3 دوگمەی پۆز: *Press pause to stop the tape* ۞ 1 توقف، وقفە 2 علامت کشش 3 پوز

pavage /'peɪvɪdʒ/ *noun*
1 (مێژوویی) بەردڕێژانە، باجی بەردڕێژکردن 2 بەردڕێژانــدن، بــەردڕێژکردن ۞ 1 مالیـــات سنگ‌فرش 2 سنگ‌فرش کردن

pavane /pə'van, US -'vɑːn/ *noun*, also pavan /'pav(ə)n/
1 جۆرێ سەمای باوی سەدەکانی 16 و 17؛ 2 پارچە موسیقایێ بۆ ئەم سەمایە (بنەڕەت: لە ئیتالیایی‌یەوە، لە ناوی شاری *Padua*) ۞ پاوان

pavé /'paveɪ/ *noun*
ڕێگا یان شەقامی بەردڕێژ(کراو) ۞ پیوی

paved *adjective*
(ڕێگا و هتد) بەردڕێژ ۞ مفروش

pavement /'peɪvmənt/ *noun*
1 پیادەڕێ، پیادەڕەو، ڕێڕەو، پێڕەو: *a café -ement* ◊ *Don't ride your bike on the pavement!* 2 قیرتاوی ڕێگا، رووکێش یان ڕووی ڕێگا، شۆستە: *Two cars skidded on the icy -t* ۞ 1 پیادەرو 2 روکش جادە

pavement artist *noun*
وێنەکێشی یا کێشراوەی پاڵ شەقام ۞ نقاش خیابان

pavid *adjective*
ترسەنۆک، نەوێر، حیز ۞ بزدل

pavilion /pə'vɪliən/ *noun*
1 (وەرزشــگا) جێــی خۆگــۆڕین، جــل‌کــەن 2 خانووبەرە یا خێوەتی رابواردن 3 کلاوفەرەنگی (بنــەڕەت: لــە *pavillon* فــەرەنــسی کــۆن، لــە *papilio(n-)* لاتــین "پــەپوولــە یــان خێــوەت butterfly or tent") ۞ 1 (زمـــین ورزش) رخت‌کن 2 ساختمان یا چادر تفریح 3 کلاەفرنگی

paving /'peɪvɪŋ/ *noun*
1 بەردڕێژ، وشکەسی: *Weeds grew through the cracks in the paving* 2 بەردی بەردڕێژ، بەردڕێژە ۞ 1 سنگ‌فرش 2 سنگ سنگ‌فرش

paving stone *noun*, also paving slab
1 بەردی بەردڕێژ، بەردڕێژە، وشکەسی، روو یا رووکاری بەردڕێژ(کراو) 2 بەردڕێژ(کردن) ۞ 1 سنگ فرش، سطح سنگ فرش شدە 2 عمل فرش کردن

paviour /'peɪvɪə/ *noun*, also pavior
1 بــەردی بــەردڕێژ 2 وەســتای بــەردڕێژ ۞ 1 سنگ فرش 2 فرش‌کنندە

pavlova /pæv'ləʊvə, US -'loʊ-/ *noun*, also pavlova cake
پاڤلۆڤا (جۆرێ کەیک کە لە مێرەنگ، سەرتوێ و میوە دروست دەبێ؛ بنەڕەت: لە ناوی بالێرینی ڕووسی *Anna Pavlova* ballerina) ۞ پاولووا

pavonine /'pavənʌɪn/ *adjective*
(وێژەیی) پەڕتاوسی، تاوسی ۞ قوس و قزحی، طاوسی

paw /pɔː/ *noun*
1 چڕنووک، پەنجە، چنگ 2 (نافەرمی) دەستی مرۆڤ، چنگ: *Take your filthy paws off me!* ۞ 1 پنجە، چنگال 2 (عامیانە) دست انسان

pawkily /'pɔːkɪli/ *adverb*
فێڵەبازانە، بەفڕوفێڵانە ۞ از روی حیلەبازی

pawkiness /'pɔːkinəs/ *noun*
فڕوفێڵ، فێڵ و تەڵەکە ۞ حیلەبازی

pawky /'pɔːki/ *adjective* (pawkier, pawkiest)
(زۆرتــر لــە ســکاتلەند) بەفــڕوفێڵ، فێــڵەباز، تەڵەکەباز، canny ۞ حیلەباز

pawl /pɔːl/ *noun*
گیرە، چوکلە، قفلی جغجغە (لەسەر بەشێکی دەزگایێ) ۞ گیرە، ضامن

pawn[1] /pɔːn/ *noun*
1 (شــەترەنج) پیــادە، بــەیاک، ســەرباز 2 کوتەک‌بەدەست، کایەی دەس، ئامێر، بووکەڵەی بیجبیجەخانم ۞ 1 پیادە، سرباز 2 آلت دســت، عروسک خیمەشب‌بازی

pawn[2] /pɔːn/ *noun*
بارمتە، گرێو، hostage ،guaranty ۞ گرو، گرویی

pawnbroker /'pɔːnbrəʊkə(r), US -broʊ-

/ *noun*
بارمتەهەڵگر، بارمتەگر ۞ کارگشا
pawnbroker's *noun*
بارمتەهەڵگری، دووکان یان دامەزراوەی بارمتەگری ۞ بنگاه کارگشایی
pawnbroking *noun*
بارمتەهەڵگری، بارمتەگری ۞ کارگشایی
Pawnee /pɔː'niː/ *noun, pl.* same or Pawnees
1 ئەندامی کۆنفیدراسی گەلێکی سووریێست، جاران لە Nebraska و ئێستا پتر لە Oklahoma دەژین 2 زمانی ئەو گەلە، سەربە خێزانی Caddoan ۞ پاونی
pawnshop /'pɔːnʃɒp, US -ʃɑːp/ *noun*
بارمتەهەڵگری، دووکان یان دامەزراوەی بارمتەگری ۞ بنگاه کارگشایی
pawn-ticket *noun*
ڕیسیتی بارمتە، بارمتەنامە ۞ رسید گرویی
pawpaw /'pɔːpɔː/ = papaya
pax /pæks/ *interjection*
1 (لە کلێسەی کریستانیەتدا) ماچی ئاشتی 2 (بە زمانی منالان) ئاشتی! ۞ 1 پاکس 2 آشتی!
Pax Romana *noun*
ئاشتی زۆرەکی یان داسەپێنەرانە، ئاشتی ڕۆمی (ئاشتی داسەپێنراوی ڕۆمی کۆن بەسەر مەڵبەندەکانی ژێردەسەڵاتیدا) ۞ صلح تحمیلی
pay /peɪ/ *noun*
1 کرێ، حەق، حەقدەست، دەسمز، وشکەمز، مووچە، مز، پاداشت، خەڵات، دەسخۆشانە، پێدان، دان، بژاردن 2 بەکرێگیراو ۞ 1 مزد، دستمزد، اجرت، پرداخت 2 مزدور
payable /'peɪəbl/ *adjective*
1 شیاوی پێدان یان دان 2 (چەک و هتد) بدرێ بە...، دەدرێ بە... 3 بەقازانج، خێردەرەوە ۞ 1 قابل پرداخت 2 در وجه 3 باصرفه
pay-as-you-earn *noun*
لێدەرکردن یان کەمکردنەوەی باج لە کاتی پێدانی مووچە ۞ کسر مالیات هنگام پرداخت حقوق
pay award *noun*
زۆربوونی مووچە ۞ افزایش حقوق
payback /'peɪbæk/ *noun*
(نافەرمی) تۆڵە، حەق، تۆڵەسەندنەوە، تۆڵەکردنەوە ۞ انتقام، تلافی
pay bargaining *noun*
دانوستان یان چەنەلێدان بۆ زۆرکردنی حەقدەس ۞ مذاکره برای افزایش دستمزد
pay-bed *noun*
(نەخۆشخانە) (دیو یان) تەختی تایبەتی ۞ تخت خصوصی
pay channel *noun*
کاناڵی پارەیی یان بەپووڵ یان بەپارە ۞ کانال پرداختی یا پولی
paycheque /'peɪtʃek/ *noun*
1 چەکی پێدان 2 مووچە، حەق، کرێ، مز، حەقدەس: *a huge paycheck* ۞ 1 چک پرداختی 2 حقوق، مزد
pay-claim *noun*
داوای زۆرکردنی مووچە یان حەقدەس یان دەسمز ۞ تقاضای افزایش حقوق یا دستمزد
pay-day /'peɪdeɪ/ *noun*
ڕۆژی (پێ)دانی مووچە، ڕۆژمز ۞ روز پرداخت حقوق
pay desk *noun*
(دووکان و هتد) سنووق ۞ صندوق
pay dirt *noun*
1 کانی دەوڵەمەند یان مایەدار (ئەوەندەی تایبە کە دەرێنێ) 2 شت یان دۆزینەوەیێکی بەنرخ و بەسوود ۞ 1 معدن غنی 2 چیز یا کشف مفید
PAYE /ˌpiː eɪ waɪ 'iː/ *abbreviation* pay-as-you-earn
payee /ˌpeɪ'iː/ *noun*
وەرگر: *mortgage payers* ۞ دریافت‌کننده
payer /'peɪə(r)/ *noun*
پێدەر، (بدەر)، بژێر ۞ پرداخت‌کننده
paying guest *noun*
کرێنشین ۞ مستأجر
paying-in slip *noun*
فیشی وەرگرتن، پەڕی وەرگرتن ۞ برگەی دریافت
payload /'peɪləʊd, US -loʊd/ *noun*
1 (کەشتی، فڕۆکە و هتد) کەلوپەل یان باری پێهەڵگیراو (یان بەسوود)، پوختەی بار، بار 2 (مووشەک و هتد) بڕی تەقەمەنی 3 باری کەشتی ئاسمانی (کەلوپەل، ساتەلایت، کارکەران) ۞ 1 محمولەی مفید، بار 2 مقدار مادەی منفجره 3 محمولەی سفینەی فضایی
paymaster /'peɪmɑːstə(r), US -mæs-/ *noun*
1 بەرپرس یان فەرمانبەری پێدان 2 (خوازە) گەورە، سەرۆک ۞ 1 مأمور پرداخت 2 (مجازی) ارباب
Paymaster General *noun*
(بریتانیا) وەزیر یان شالیاری دارایی ۞ وزیر خزانه‌داری
payment /'peɪmənt/ *noun*
1 پێدان، دان، بڕەپارە: *What method of payment do you prefer?* 2 حەقدەس، کرێ، حەق 3 باژ، قیست 4 خەڵات، پاداشت 5 تاوان، جەریمە، پێبژاردن ۞ 1 پرداخت، مبلغ 2 دستمزد 3 قسط 4 پاداش 5 تاوان
paymistress *noun*
بەرپرس یان فەرمانبەری پێدان (ژن) ۞ مأمور پرداخت (زن)

paynim /ˈpeɪnɪm/ *noun*
(کۆن) ناکریستانیەت، ب.ت. مسولمان، کافر، بتپەرست، زەندیق، دینەدر، گاور ۞ کافر، بتپرست

pay-off *noun*
1 بەرتیل، باج، خاوە 2 خەلات، پاداش 3 قازانج، سوود 4 (نافەرمی) ئەنجامی دوایی ۞ 1 رشوه، باج 2 پاداش 3 سود 4 نتیجەی نهایی

payola /peɪˈəʊlə, US -ˈoʊlə/ *noun*
بەرتیلخۆری، بەرتیلدان، بەرتیل، خاوە ۞ ارتشا، رشوه

payout /ˈpeɪaʊt/ *noun*
1 بەرگ(ە نامە)ی مووچە، کرێنامە، مووچەنامە 2 حەق، حەقدەس، کرێ، مز ۞ 1 پاکت حقوق 2 حقوق، مزد

pay-per-view *adjective*
(بەرنامەی کانالێکی تەلەفزیۆنی) پارەپێدان، پارەیی، بەپارە ۞ پرداختی

payphone /ˈpeɪfəʊn, US -foʊn/ *noun*
تەلەفۆنی کارتی یان کۆینی، تەلەفۆنی گشتی ۞ تلفن کارتی یا سکەای

payrise *noun*
زۆربوونی مووچە ۞ افزایش حقوق

payroll /ˈpeɪrəʊl, US -roʊl/ *noun*, also paysheet
1 لیست یان لیستەی مووچەخۆران 2 لیست یان لیستەی مووچە ۞ 1 فهرست حقوقبگیران 2 فهرست حقوق

payroll tax *noun*
باجی مووچەخۆران ۞ مالیات حقوقبگیران

paysage /peɪˈzɑːʒ/ *noun*
دیمەن، ب.ت. وەک ئەوەی لە هونەرا دەخرێتەڕوو ۞ منظره

payslip /ˈpeɪslɪp/ *noun*
فیشی مووچە، مووچەنامە ۞ فیش حقوق

pay station *noun*
تەلەفۆنی کارتی یان کۆینی، تەلەفۆنی گشتی ۞ تلفن کارتی یا سکەای

pay TV *noun*, also pay television
(کانالی) تەلەفزیۆنی پارەیی ۞ تلویزیون پرداختی

Pb symb. the chemical element lead

pc *abbreviation* per cent

PC /ˌpiː ˈsiː/ *abbreviation* 1 police constable 2 personal computer

pcm *abbreviation* per calendar month
مانگانە ۞ ماهانه

pct *abbreviation* per cent

pd *abbreviation* paid
درا، پێدرا ۞ پرداخت شد

Pd symb. the chemical element palladium

Pde *abbreviation* parade
لە ناونانی شەقامەکاندا

PDF /ˌpiː diː ˈef/ *abbreviation* portable Document format
پیدیئێف: فایلێ کە بە هەموو کامپیوتێری دەخوێندرێتەوە ۞ پیدیاف

PDSA *abbreviation* People's Dispensary for Sick Animals
(لە بریتانیا) دەرمانخانەی گەل (یا جەماوەری) بۆ گیانەوەرە نەخۆشەکان ۞ پیدیاسای

PDT /ˌpiː diː ˈtiː/ *abbreviation* Pacific Daylight Time
(لە ئەمریکا) کاتی ڕۆژی پەسیفیک ۞ پیدیتی

PE /ˌpiː ˈiː/ *abbreviation* physical education, also P.E.
ڕاهێنانی لەشی یان جەستەیی ۞ تربیت بدنی

pe *noun*
پێ: حەفدەیەمین پیتی ئاوێتی عیبری ("p, ph") ۞ پ

pea /piː/ *noun, pl.* peas or pease
1 پۆلکە، نۆک، هۆک، پۆلکەخاتوونە، ولەرە، گاگۆز 2 ڕووەکی پۆلکە 3 [*Pisum sativum*] بۆ ناوی ڕووەک یان دانی پێوەندیدار یان هاوشێوە بەکاردێتێ، ب.ن. chick pea ۞ 1 نخود 2 گیاه نخود 3 پی

pea-brain *noun*
مرۆی گەوج، کەر ۞ آدم احمق

pea-brained *adjective*
گەوج، کەر ۞ احمق

peace /piːs/ *noun*
1 ئاشتی، ئاشتەوایی، ئاشتیتی: *peace talks/negotiations* 2 پەیمان(نامە)ی ئاشتی، ئاشتینامە 3 قۆناخ یان سەردەمی ئاشتی 4 ئاسایش، ئارامی، ئاسوودەیی، تەباورەبا، هێمنایەتی، تەناهی، دۆستایەتی: *I would work better if I had some peace and quiet* ۞ 1 صلح 2 معاهدەی صلح 3 دورەی صلح 4 سکون، صلح و صفا

peaceable /ˈpiːsəbl/ *adjective*
1 ئاشتیخواز، لاشەر، ئارام، هێدی، ئاشتیدۆست، ئاسایشخواز، ئاسایشپەروەر: *I like to think of myself as a peaceable man* 2 ئاشتیخوازانە، بەئاشتی 3 بێقرە، بێگێرەوکێشە ۞ 1 صلحدوست، صلحجو، صلحآمیز 2 مسالمتآمیز 3 بدون دعوا

peaceableness /ˈpiːsəblnəs/ *noun*
ئاشتیخوازی، ئاشتیدۆستی، ئاسایشخوازی، تەباورەبایی، لاشەری ۞ صلحجویی

peaceably /-əbli/ *adverb*
بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، بە تەباورەبایی ۞ به طور صلحآمیز

Peace Corps *noun*

سپای ئاشتی ⟡ سپاه صلح

peace dividend *noun*

سوودی ئاشتی ⟡ بهره‌ی صلح

peaceful /'pi:sfl/ *adjective*

1 ئاشتی‌خواز، ئارام، هێدی، ئاشتی‌دۆست، ئاسایش‌خواز، ئاسایش‌پەروەر: *a -aceful protest/solution* 2 ئاشتی‌خوازانە، بەئاشتی 3 بێ‌قڕە، بێ‌کێشە، بەخۆشی، بێ‌شەڕوکێشە، بێ‌خوێن و خوێن‌ڕشتن ⟡ 1 صلح‌دوست، صلح‌جو 2 صلح‌آمیز، مسالمت‌آمیز 3 بدون دعوا

peacefully /-fəli/ *adverb*

ئاشتی‌خوازانە، بە خۆشی، لە ڕووی ئاشتی(یەوە) ⟡ صلح‌جویانه

peacefulness /'pi:sflnəs/ *noun*

ئاسایش، تەباوڕەبایی، تەناهی، ئاشتی‌خوازی ⟡ امنیت، صلح‌طلبی

peace-keeper /'pi:ski:pə(r)/ *noun*

ئاشتی‌پارێز، پارێزەری ئاشتی ⟡ حافظ صلح، صلح‌بان

peace-keeping /'pi:ski:pɪŋ/ *adjective, noun*

adj ئاشتی‌پارێز، پارێزەری ئاشتی: *a United Nations -ce-keeping force* *n* ئاشتی‌پارێزی، پاراستنی ئاشتی ⟡ *adj* حافظ صلح *n* صلح‌بانی

peace-loving *adjective*

ئاشتی‌دۆست، ئاشتی‌پارێز، ئاشتی‌خواز، ئاسایش‌خواز ⟡ صلح‌طلب

peacemaker /'pi:smeɪkə(r)/ *noun*

ناوگژیوانی ئاشتی، نێوبژیوانی ئاشتی، ئاشتکەرەوە، ئاشتی‌هێنەر، یەکخەرەوە ⟡ میانجی صلح، مصلح، صلح‌آور

peacemaking /'pi:smeɪkɪŋ/ *noun*

ناوگژیوانیتی ئاشتی، یەکخستنەوە ⟡ میانجی‌گری صلح

peacenik /'pi:snɪk/ *noun*

(نافەرمی و سووکانە) ئەندامی بزووتنەوەیێکی pacifist ⟡ پیس‌نیک

peace offering *noun*

دیاری یان پێشکەشی ئاشتی، (بە) نیشانەی لێبووردن‌خوازی، (بە) نیشانەی ئاشتی ⟡ هدیه‌ی صلح

peace officer *noun*

(ئەمریکا) ئەفسەری ئاشتی ⟡ امین صلح

peace pipe *noun*

سەبیلەی ئاشتی (وەک نیشانەی ئاشتی، لەنێو سووورپێستەکانا) ⟡ چپق صلح

peace sign *noun*

نیشانەی ئاشتی ⟡ علامت صلح

peacetime /'pi:staɪm/ *noun*

سەردەمی ئاشتی، ڕۆژان یا ڕۆژگار یا سەروبەندی ئاشتی ⟡ زمان صلح

peace treaty *noun*

پەیمانی ئاشتی، پەیمان‌نامەی ئاشتی، ئاشتی‌نامە ⟡ معاهده‌ی صلح

peach /pi:tʃ/ *noun, adjective*

n 1 کۆخ، خۆخ، هوڵو، هەڵوو 2 داری هوڵو یان کۆخ [*Prunus persica*] 3 (ڕەنگ) پەمەیی، سووری کاڵ 4 نازدار، شت یان مرۆی سەرنج‌ڕاکێش، هوڵو، ب.ت. ژن یان کچ *adj* پەمەیی ⟡ *n* 1 هلو 2 درخت هلو 3 (رنگ) صورتی 4 چیز یا آدم جذاب *adj* صورتی

peaches and cream *noun*

(دەم‌وچاو) سوور و سپی ⟡ سرخ و سفید

peachick *noun*

جووجکە تاوس، بەچکە تاوس ⟡ جوجه طاوس

peachiness /'pi:tʃinəs/ *noun*

1 نەرمی 2 سووری ⟡ 1 نرمی 2 سرخی

Peach Melba /,pi:tʃ 'melbə/ *noun*

پیچ‌ملبا (= جۆرێ دێسێری کۆخ، بەستەنی و سۆسی تووتڕک) ⟡ پیچ‌ملبا

peach tree *noun*

داری هوڵو ⟡ درخت هلو

peach tree borer *noun*

کۆخ‌سمە: جۆرێ پەپوولەی شەوگەڕی باڵ‌تەنک [*Synanthedon exitiosa syn. Sanninoidea exitiosa*] ⟡ درخت هلو

peachy /'pi:tʃi/ *adjective* (peachier, peachiest)

کۆخ‌ئاسا، کۆخی، کۆخانە، هوڵوئاسا، (ڕەنگ) سووری کاڵی هوڵویی ⟡ هلومانند، صورتی هلویی

peachy-keen *adjective*

(نافەرمی، ئەمریکا) خۆش، پەسند ⟡ مطلوب، خوشایند

pea coat = pea jacket

peacock /'pi:kɒk, US -kɑ:k/ *noun*

1 تاوس (نێر) 2 ڕەنگی شینی مەیلەو سەوز، ڕەنگی شینی تاوسی (*adj* peacockish; peacocky *adj*) ⟡ 1 طاوس 2 رنگ آبی طاوسی

peacock blue *noun*

ڕەنگی شینی تاوسی ⟡ رنگ آبی طاوسی

peacock butterfly *noun*

پاپوولەی تاوسی [*Inachis io*] ⟡ پروانه‌ی طاوسی

peafowl /'pi:faʊl/ *noun*

تاوس (چ نێر و چ مێ) ⟡ طاوس

pea-green /,pi:'gri:n/ *noun*

کەسک یان سەوزی ڕۆشن، سەوزی کاڵ یا ئاماڵ‌زەرد ⟡ سبز روشن

peahen /'pi:hen/ *noun*

تاوسی مێ ⟡ طاوس ماده

pea jacket *noun*, also pea coat

کەپەنک، چاکەتی ئەستووری مەلەوانان ⟡ کپنگ

peak /pi:k/ *noun*

1 نووچکه، کۆپەک، کەپ، تەوق، سەر، کلاوە، قوتکە، گاز، قۆچ، نافسەر، پۆپە، تەپل، نووک، تیژە، کێوی نووچکەدار، ترۆپک، لووتکە، ئەوپەڕ 2 (نووک یا تیژایی) لێواری کلاو، شەپکە 3 (فرۆش، نرخ و هتد) سەرترین نرخ ⬡ 1 قلە، قله با نوک تیز، چکاد، تارک، اوج 2 لبەی کلاه 3 حداکثر قیمت

peaked[1] /'pi:kt/ *adjective*
ڕەنگزەرد، دەردەدار، نەخۆشدیار ⬡ رنگ‌پریده، مریض

peaked[2] /'pi:kt/ *adjective*
نووکتیژ ⬡ نوک‌دار

peaked cap *noun*
کلاوی لێواردار ⬡ کلاه لبه‌دار

peaked roof *noun*
خەرپشتە، پشتەماسی، شو، سەربانی پیکت ⬡ بام تیزه‌دار

peak hours *noun*
سەعات و کاتی زۆرترین کار، سەعات و وەختی تێڕژان، ماوە یان سەروبەندی شلوقی ⬡ ساعات شلوغی

peaky /'pi:ki/ *adjective* (peakier, peakiest)
1 دەردەدار، نەخۆشدیار، کز، پێچوو 2 تیژ، نووکتیژ ⬡ 1 رنجور، مریض 2 تیز

peal /pi:l/ *noun*
1 دەنگی زرینگە، زرینگەزرینگ، زڕەزڕ 2 گرمە، گرموهۆر 3 شریخە، قاقا ⬡ 1 صدای دنگ‌دنگ 2 صدای غرش 3 قهقهه

pean = paean

peanut /'pi:nʌt/ *noun*
1 زڕفستق، وەنەشامی، بادام زەمینی [*Arachis hypogaea*] 2 بڕێکی کەم، هیچ، ناگرنگ، هیچەکە 3 (peanuts) شایی، پەنابات: *I won't work for -anuts* ⬡ 1 بادام‌زمینی 2 مقدار اندک، ناچیز 3 (در جمع) پشیز

peanut butter *noun*
کەرەی وەنەشامی ⬡ کره‌ی بادام‌زمینی

peanut oil *noun*
ڕۆنی وەنەشامی ⬡ روغن بادام‌زمینی

peanut worm *noun*
جۆرێ کرمی ڕەهۆڵکەنی دەریایی [لق Sipuncula] ⬡ نوعی کرم

pear /peə(r)/ *noun*
1 هەرمێ، هرمێک 2 داری هەرمێ [*Pyrus communis* و جۆرە پێوەندیدارەکان] ⬡ 1 گلابی 2 درخت گلابی

pearl /pɜ:l, US pɜ:rl/ *noun*
1 مرواری، ماگرت، دوڕ 2 (خوازە) جەواهێر 3 ڕەنگی مراوری، بۆری مەیلەوشینی کاڵ ⬡ 1 مروارید 2 (مجازی) جواهر 3 صدفی

pearl = picot

pearl ash *noun*
(کۆن) کاربۆناتی پۆتاسیۆمی بازرگانی، خۆڵەمێشی مرواری ⬡ کربونات پتاسیم تجاری

pearl barley *noun*
جۆی قەڵتاس یان پێرل ⬡ جو نیمکوب

pearl button *noun*
دوگمەی سەدەفی ⬡ دکمه‌ی صدفی

pearl-driver *noun*
مەلەوان یان ڕاوچی مرواری ⬡ غواص یا صیاد مروارید

pearled *adjective*
1 مرواری‌نیشان 2 بۆری شینکار، مرواریدی ⬡ مرواریدنما

pearler = pearl-driver

pearl-fisher = pearl-driver

pearl-grey *noun*
بۆری ئاماڵشین، بۆری ڕۆشن ⬡ خاکستری مایل به آبی

pearl-handled *noun*
دەسکسەدەفی ⬡ دسته‌صدفی

pearlite /'pɜ:laɪt/ *noun*
(کانزاناسی) دارشتەی ئاسن و کاربۆن ⬡ آلیاژ آهن و کربن، پرلیت

pearlitic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە پێرلیتەوە هەیە ⬡ وابسته به پرلیت

pearlized *adjective*
مرواری‌نیشان ⬡ مرواریدنما

pearl leek *noun*
(ڕووەکناسی) تەلم، کوڕادە، کنێواڵ ⬡ تره‌ی کوهی

pearl millet *noun*
گیایێکی درێژ کە لەبەر دەنک و دانی خۆراکی‌یەکەی دەکرێ و وەک ڕووەکێکی تفاقی وایە [*Pennisetum glaucum*] ⬡ نوعی گیاه

pearl onion *noun*
پیوازی ترشیات ⬡ پیاز ترشی

pearl-oyster /'pɜ:l ɔɪstə(r)/ *noun*
لەپکە یان سەدەفی مرواری ⬡ صدف مروارید

pearlwort *noun*
ڕووەکێ لە تیرەی pink [تۆخم *Sagina*] ⬡ نوعی گیاه

pearly /'pɜ:li, US 'pɜ:rli/ *adjective* (pearlier, pearliest), *noun*
adj 1 مرواری‌ئاسا، دوڕئاسا، سەدەف‌ئاسا، مرواری‌یانە، شێوەمرواری: *pearly white teeth* 2 مرواری‌دار، مرواری‌نیشان، دوڕنیشان *n* 1 جلی مرواری‌ئاسای شا یا شاژن 2 (نافەرمی) ددانی مرۆ ⬡ *adj* 1 مرواریدگون 2 درنشان *n* 1 لباس صدف‌مانند پادشاه یا ملکه 2 (عامیانه) دندان آدم

pearly everlasting *noun,* also pearl

everlasting
(رووەک‌ناسی) گیایێکی جوانی ئەمریکای باکووری [*Anaphalis margaritacea*] ⬡ نوعی گیاه

Pearly Gates *noun, pl.*
(نافەرمی) درگا یان دەروازەکانی بەهەشت ⬡ دروازه‌های بهشت

pear-shaped *adjective*
هەرمێ‌ئاسا، شێوەهەرمێ ⬡ گلابی‌شکل

pear shell *noun*
سەدەف (مرواری) ⬡ صدف

peart /pɪət, US pjɜːt/ *adjective*
بەتین، بەگوڕ، بەبەرۆش، خۆشحاڵ، بەکەیف، لەجۆش، lively ⬡ پرشور، بانشاط، سرزنده

peasant /ˈpeznt/ *noun*
1 وەرزێر، جووتیار، جووتبەند، جۆتکار: *a peasant family* 2 مسکین، رەعیەت، گجە 3 سەبان، پاڵە، کرێکاری لادێیی، لادێیی 4 (خوازە) دێهاتی، لادێیی ⬡ 1 زارع 2 رعیت 3 کارگر روستایی 4 (مجازی) دهاتی

peasant economy *noun*
ئابووری لەسەر بنەمای خێزان یان خێزان‌بنەرەت (خێزان یەکەی بنەڕەتی بەرهەم‌هێنانە) ⬡ اقتصاد خانواده‌بنیاد

peasantry /ˈpezntri/ *noun*
1 جووتیاران، وەرزێران 2 چینی رەعیەت، مسکینان ⬡ 1 زارعان 2 رعایا

pease /piːz/ = plural form of pea

peas(e)cod *noun*
کەلووی پۆلکە ⬡ غلاف نخود

pea soup *noun*
ماشینە، ماشلێن، شێوی ماش ⬡ نوعی غذا

pea-souper /ˌpiː ˈsuːpə(r)/ *noun*
(نافەرمی، بریتانیا) تەم‌ومژ، تەمی چڕ، تەم‌ومژی توند ⬡ مه غلیظ

peat /piːt/ *noun*
1 بەردەخەڵووزی نەگەییو: ◊ *peat extraction* 2 بەیینی گیایی یان رووەکی: *peat bogs* ⬡ 1 تورب، زغال سنگ نارس 2 کود گیاهی

peatery *noun*
کانگای تورب یان بەردی خەڵووزی نەگەییو ⬡ معدن تورب

peatland *noun*, also peatlands
مەڵبەندی بەردەخەڵووزی نەگەییو ⬡ تورب‌خیز

peaty /piːti/ *adjective*
بەردەخەڵووزی نەگەییوی تیایە، پیت‌دار: *peaty soils* ⬡ دارای تورب

peau-de-soie /ˌpəʊdəˈswɑː/ *noun*
جۆری پارچەی ساتینی باش، لە هەوریشم یا رایۆن ⬡ نوعی ساتن

pebble /ˈpebl/ *noun, adjective*
n چەو، زیخ، کوچ، بارک، کوچک، گاشە *adj* (شووشەی چاویلکە) ئەستوور، بنەئیسکانی ⬡ *n* ریگ *adj* (شیشەی عینک) ضخیم

pebbledash *noun*
مالات یان شفتەی زیخاوی ⬡ ملاط دارای ریگ

pebbly /ˈpebli/ *adjective*
زیخی، چەوی، زیخدار، پڕچەو، پڕزیخ، زیخاوی، پڕگاشە ⬡ ریگی، ریگ‌دار

pec = perctoral muscle

pecan /ˈpiːkən, US pɪˈkæn/ *noun*
1 گوێزی ئەمریکایی 2 درەختی گوێزی ئەمریکایی [*Carya illinoensis*] ⬡ 1 گردوی امریکایی 2 درخت گردوی امریکایی

pecan tree *noun*
دارگوێزی ئەمریکایی ⬡ درخت گردوی امریکایی

peccability /ˌpekəˈb(ə)lɪtɪ/ *noun*
لەهەڵەهاتوویی، هەڵەکردوویی ⬡ خطاپذیری

peccable /ˈpekəb(ə)l/ *adjective*
لەهەڵەهاتوو، هەڵەکردوو، لە گوناه بەدوور نییە ⬡ خطاپذیر

peccadillo /ˌpekəˈdɪləʊ, US -ˈdɪloʊ/ *noun, pl.* peccadilloes or peccadillos
هەڵخلیسکان، هەڵە، سووکەگوناه، سووچ: *She forgave her husband's sexual peccadilloes* ⬡ خطا، اشتباه

peccancy /ˈpek(ə)nsɪ/ *noun*
گوناه، سووچ، تاوان ⬡ گناه

peccant /ˈpek(ə)nt/ *adjective*
1 گوناهکار، تاوانبار، گوناهبار 2 نەخۆش‌خەر ⬡ 1 گناهکار 2 بیماری‌زا

peccary /ˈpekəri/ *noun, pl.* peccaries
بەرازی ئەمریکایی (لە ناوەندی ئەمریکای باشووری [خێزان Tayassuidae: سێ جۆرن]) ⬡ پکاری

peck[1] /pek/ *noun*
1 دەنووک، ماچ (سووک و خێرا)، دەنووکە: *He gave her a friendly peck on the cheek* 2 (نافەرمی) خۆراک ⬡ 1 نوک، بوسە 2 (عامیانه) غذا

peck[2] /pek/ *noun*
1 پێک (پێوەرێکە بەرامبەر بە 2 گالۆن یان 8/81 لیتری) 2 (کۆن) بڕێکی زۆر ⬡ 1 پک 2 تعداد یا مقدار زیاد

pecker /ˈpekə(r)/ *noun*
(نافەرمی یان رەمەکی، ئەمریکا) کیر، سیرەت، چووک، گون ⬡ کیر

peckerwood *noun*
(نافەرمی، سووکانە) کەسێکی سپی، ب.ت. نەدار ⬡ سفیدپوست

pecking order *noun*, also peck order
لە گەورەوە بۆ خواری، زنجیرەپلە (هێز و دەسەڵات) ⬡ سلسله‌مراتب

peckish /'pekɪʃ/ *adjective*
(نافەرمی) برسی، برچی ۞ (عامیانه) گرسنه
pecky /'pekɪʃ/ *adjective*, also peaky
1 سەرسەمدەر، هەڵکەوتوو، رەتبردوو (وەک نەسپ) 2 شەپۆلاوی، ئاڵۆز ۞ 1 سکندریخورنده 2 طوفانی
pecs /peks/ = pectorals
(نافەرمی) ماسولکەکانی (سەر) سنگ
Pecksniffian /pɛk'snɪfɪən/ *adjective*
ریاییباز، دووروو، رووبین، دووڕووانە، ڕواڵەتبازانە ۞ ریاکار، مزورانه
pecorino /,pɛkə'ri:nəʊ/ *noun*, *pl.* pecorinos
جۆرێ پەنیری ئیتالیایی، لە شیری مەڕ (بنەڕەت: ئیتالیایی، لە *pecorino* "هی مەڕ") ۞ پکورینو
pectase *noun*
پێکتاز: هەوێنەیێکی نێو میوە جۆراوجۆرەکان، کارپێکهاتنی ترشەڵۆکی پێکتیکە لە پێکتینەوە ۞ پکتاز
pecten /'pɛktɛn/ *noun*, pectens or pectines /-tɪni:z/
1 باشکۆ یان پێکهاتەی شانەیی، پەردەی شانەئاسا 2 = scallop1 [*Pecten* تـوخم] ۞ ضمیمه یا ساختار شانه‌مانند، پردهٔ شانه‌نما
pectic *adjective*
سەربە پێکتین ۞ وابسته به پکتین
pectic acid *noun*
ترشەڵۆکی پێکتیک، لە شیبوونەوەی پێکتین بەدەس دێ ۞ اسید پکتیک
pectin /'pektɪn/ *noun*
پێکتین: ماکێ کە زۆرتر لە دیوارەی خانەیی گیا و ڕووەکدا دەبینری؛ ماکی بنەڕەتی ژێلە یان وڵوڵەی میوەیی ۞ پکتین
pectinase *noun*
هەوێنەیێ کە لەسەر پێکتین کار دەکا ۞ پکتیناز
pectinate /-nət/ *adjective*, also pectinate /-nətɪd/
شانەئاسا، شانەیی ۞ شانه‌مانند
pectinesterase *noun*
هەوێنەیێکی تاودەری گۆڕینی پێکتین بۆ pectin acid ۞ پکتین‌استراز
pectoral /'pektərəl/ *adjective*, *noun*
adj سنگی، سەربە سینگ *n* 1 باڵی سەرسینگ، باڵی پێشەوەی ماسی 2 ماسولکەی سنگ 3 سینەپۆش، سینەبەند (گەورەقەشە) ۞ *adj* صدری، وابسته به سینه *n* 1 باله‌ی سینه 2 ماهیچه‌ی سینه 3 پکتورال
pectoral cross *noun*
خاچی (سەر) سنگ ۞ صلیب سینه
pectoral fin *noun*
باڵی سنگ، باڵۆچکەی سەرسنگ یان پەرسنگ، پەڕەی سەرسنگ، یان پەڕەکەی ماسی ۞ باله‌ی سینه
pectoralgia /pektə'rældʒɪə/ *noun*
سنگئێشە، ژانەسنگ ۞ سینه‌درد
pectoral girdle = shoulder girdle
pectoral muscles *noun*, *pl.*
ماسولکەکانی سنگ ۞ عضلات سینه
peculation /pɛkjʊ'leɪʃ(ə)n/ *noun*
دەسپیسی، دەسکیسی، دزی، دەسبردنە نێو ماڵ و دارایی حکومەت ۞ اختلاس
peculator *noun*
دەسپیس، دەسکیس، دز ۞ اختلاس‌کننده
peculiar /pɪ'kju:lɪə(r)/ *adjective*, *noun*
adj 1 تایبەتی، نەمازە، تاق، تایبەت (بە)، نائاسایی، سەیر، سەیروسەمەرە: *a peculiar smell/taste* 2 نەخۆش، ناساز *n* دارایی یان ماڵی تایبەتی ۞ *adj* 1 ویژه، مخصوص، غیرعادی 2 مریض *n* ملک خصوصی
peculiarity /pɪ,kju:li'ærəti/ *noun*, *pl.* peculiarities
تایبەتمەندی، خەسڵەت، ڕەوشت، نائاسایێتی، سەیریتی، سەیربوون، سەیروسەمەرەیی، شتی سەیر یان نائاسایی، شتی تایبەتی: *a physical peculiarity* ۞ ویژگی، خصوصیت غیرعادی، غرابت، چیز عجیب یا غریب
peculiarly /pɪ'kju:liəli, US -ərli/ *adverb*
بە شێوەیەکی سەیر یا نائاسایی، بە تایبەت، :especially ,particularly *a peculiarly nasty accident* ۞ به طور غیرعادی، مخصوصاً
pecuniarily /pɪ,kju:ni'ərɪli, US -ierɪli/ *adverb*
هەر، لە، لە هەر، بۆ هەر، بەپێی، بە گوێرەی، لە لایەن، بە دەستی، بەهۆی، لە ڕێگەی (لە لاتینەوە، through، by means of، بەشێکی بە ڕێگای فەرەنسی کۆنەوە) ۞ هر، طبق، برای هر، به وسیله‌ی، به طریق

per- *prefix*
پێشگر: سەرپاک: pervade، بە تەواوی، یەکجار، گەلێ، زۆر، تەواو: perfect، (کیمیا) خاوەنی سەرترین ئەندازە یان ڕێژە لە هێندێ توخم لە لێکدانا: peroxide ۞ پیشوند: کاملا، بسیار، زیاد؛ (شیمی) پر

peracute *adjective*
زۆر توند، یەکجار تیژ ۞ بسیار حاد

peradventure /ˌpɜːrədˈventʃə(r)/ *adverb, noun*
adv ڕەنگە، لەوانەیە، لەوەدەچێ، وێدەچێ، خۆشانسی، بە ڕێکەوت *n* گومان، پاپایی، دوودڵی ۞ *adv* شاید، برحسب اتفاق *n* تردید

perambulation /pəˌræmbjuˈleɪʃn/ *noun*
گەڕان، چەرخە، پیادەڕەوی، ڕێگاڕەوی، پیاسە، دەورلێدان ۞ تفرج، گردش

perambulator /pəˈræmbjuleɪtə(r)/ *noun*
1 کالیسکەی منداڵ (کورتەکەی: pram) 2 مەوداپێو ۞ 1 کالسکه‌ی بچه 2 مسافت‌سنج

per annum /pər ˈænəm/ *adverb*
(لاتین) هەر ساڵ، ساڵ(ی)انە، لە ساڵ(دا)، بۆ هەر ساڵ ۞ هر ساله

percale /pəˈkeɪl/ *noun*
جۆرێ چیتی قایم‌چنراو ۞ نوعی چیت

per capita /pə ˈkæpɪtə, US pər/ *adjective, adverb*, also per caput /ˈkapʊt/
(لاتین) سەرانە، بۆ هەر کەس، هەرکەسی، سەری، تاکانە، کەسانە ۞ سرانه

perceivable /pəˈsiːvəbl/ *adjective*, also perceptible
شیاوی پێ‌پێبردن، شایانی پێزانین، لەتێگەیشتن‌هاتوو ۞ قابل درک

per cent /pə ˈsent, US pər ˈsent/ *adjective, adverb, noun*, (especially BrE) (US usually percent)
ڕێژە، ڕێژەی سەدی، لە سەدا (%)، سوود، کەڵک، قازانج، مەفا (لە per + cent (یان centum لاتین "سەد") ۞ درصد، فایده

percentage /pəˈsentɪdʒ, US pərˈs-/ *noun, adjective*
n 1 ڕێژە، ڕێژەی سەدی، سەدی چەند، لەسەد 2 ڕێژە 3 ژمارە 4 بڕ 5 ئەندازە 6 سوود، کەڵک، بەهرە، قازانج *adj* ڕێژەیی، لەسەدی ۞ *n* 1 درصد 2 میزان 3 تعداد 4 مقدار 5 فایده *adj* درصدی

percentage point *noun*
ڕێژە، ڕێژەی سەدی، لە سەد: percent: *interest rates rose one percentage point from 6.5 percent to 7.5 percent* ۞ درصد

percentile /pəˈsentaɪl, US pərˈs-/ *noun*
(سەرژمێری) سەدەکی، پێرسێنتایل: *a score in the 95th -ntile* ۞ صدک

percentum = per cent

percept /'pə:sεpt/ *noun*
1 شتێکی پێزانراو، شتی تێگەیشتراو، تێگەیشتە 2 تێگەیشتن، پێزانین، هێنانەبەرچاو ◌ 1 چیز درکشده 2 درک، تصور

perceptibility /pə,septə'bɪlətɪ/ *noun*
لەتێگەیشتن‌هاتوویی، لەپێزانین‌هاتوویی، لەپێپێبردن‌هاتوویی، هەست‌پێ‌کراوی، پێزانراوی، پێپێبراوی، دیاربوون، ئاشکرایی ◌ ادراک‌پذیری، وضوح

perceptible /pə'septəbl, US pər's-/ *adjective*
لەتێگەیشتن‌هاتوو، لەپێزانین‌هاتوو، لەپێپێبردن‌هاتوو، شیاوی سەرنج‌پێدان، هەست‌پێ‌کراو، پێزانراو، پێپێبراو، دیار، بەرچاو، روون: *perceptible change in her tone* ◌ ادراک‌پذیر، محسوس، واضح

perceptibly /-əbli/ *adverb*
بە شێوەیەکی پێزانراو یان پێپێبراو، لەتێگەیشتن‌هاتووانە، هەست‌پێ‌کراوانە، بە شێوەیەکی بەرچاو یان جێی سەرنج: *Income per head rose perceptibly* ◌ بە طور ادراک‌پذیر، به طور محسوس

perception /pə'sepʃn, US pər's-/ *noun*
1 پێزانین، پێپێبردن، چۆنیەتی تێگەیشتن یان پێپێبردن، تێگەیشتن: *our perception of reality* 2 هەست‌پێ‌کردن 3 بۆچوون، لێکدانەوە، بینین، تێ‌ڕوانین، تێبینی ◌ 1 ادراک، فهم، کیفیت درک 2 احساس 3 تلقی، مشاهده، ملاحظه

perceptional /pə'sepʃnl, US pər's-/ *adjective*
سەربە پێزانین یان پێپێبردن، سەربە تێگەیشتن ◌ وابسته به ادراک

perceptive /pə'septɪv, US pər's-/ *adjective*
1 تیژ، زووتێگەیشتوو، وریا، زیرەک: *a highly perceptive comment* 2 زیرەکانە، زووتێگەیشتووانە 3 سەربە پێزانین، سەربە پێپێبردن یان تێگەیشتن ◌ 1 تیزهوش 2 تیزهوشانه 3 وابسته به ادراک

perceptively /pə'septɪvli, US pər's-/ *adverb*
زیرەکانە، زووتێگەیشتووانە ◌ با ذکاوت

perceptiveness /pə'septɪvli, US pər's-/ *noun*
زیرەکی، زووتێگەیشتوویی، وریایی، مەدرەکی، تیژی، بەهۆشی، تێگەیشتوویی ◌ ذکاوت، تیزهوشی، درک

perceptivity *noun*
زیرەکی، زووتێگەیشتوویی، وریایی، مەدرەکی، تیژی، بەهۆشی ◌ ذکاوت، تیزهوشی

perceptual /pə'septʃuəl, US pər's-/ *adjective*
سەربە پێزانین یان تێگەیشتن ◌ وابسته به ادراک

perceptually (*adv*)

perch[1] /pɜ:tʃ, US pɜ:rtʃ/ *noun*
1 جێی هەڵنیشتن یان نیشتنەوە، سەرچڵ، چڵ، لق، سەرلق، نیشتگەی باڵندە، لیس 2 جێگای بەرز، بەرزایی 3 پلەوپایە، پۆست، پێگە، پێرچ ◌ 1 جای نشستن 2 جای بلند 3 مقام

perch[2] /pɜ:tʃ, US pɜ:rtʃ/ *noun*
پێرچ (یەکەی درێژی بەرامبەر بە 5/03 میتر یان 5 ½ی یارد) ◌ پرچ

perch[3] /pɜ:tʃ, US pɜ:rtʃ/ *noun, pl.* perches
1 پێرچ، ماسی‌یە درکە، درکەماسی [*Perca fluviatilis* (ئەوروپا)، *P. flavescens* (هی زەرد، ئەمریکای باکووری) و جۆرەکانی تر] 2 بۆ ناوی ئەو ماسی‌یانە بەکاردێرێ کە هاوشێوە یان پێوەندی‌یان پێکەوە هەیە، ب.ن. climbing perch ◌ 1 ماهی خاردار 2 پرچ

perchance /pə'tʃɑ:ns, US pər'tʃæns/ *adverb*
1 لەوانەیە، رەنگە، پێدەچێ، لەوەدەچێ، گاس، perhaps، possibly 2 بە شانس، خۆوشانسی، بە ڕێکەوت ◌ 1 شاید 2 اتفاقاً

perched /pɜ:tʃt, US pɜ:rtʃt/ *adjective*
جێگرتوو (لە)، هەڵنیشتوو، جێگیر (لە)، سەقامگرتوو (لە) ◌ قرارگرفته

percher *noun*
باڵندە یا پەلەوەری لیس‌نشین ◌ مرغ چوب‌نشین

percheron /'pɜ:ʃ(ə)rɒn/ *noun*
جۆرێ رەگەزی بەتایبەتی ئەسپ؛ بنەڕەت: لە بنەڕەتا لە Perche (le ناوی ناوچەیێ لە باکووری) فەرەنسە ◌ پرشرون

perchlorate *noun*
خوێ یان ئێستێری ترشەلۆکی پێرکلۆریک، وەک پێرکلۆراتی پۆتاسیۆم potassium perchlorate، $KClO_4$ ◌ پرکلورات

perchloric acid /pə'klɔ:rɪk/ *noun*
(کیمیا) ترشەلۆکی پێرکلۆریک $HClO_4$: شلەیێکی شێ‌مژ hygroscopic و بێ‌ڕەنگ، زۆرتر وەک ئاسەرەوەی کیمیای شیکاری‌یانە (analytical chemistry یان شی‌کردنەوەیی) بەکاردێرێ ◌ اسید پرکلریک

perciform /'pɜ:sɪfɔ:m/ *adjective*
(گیانەوەرناسی) درکەماسی‌ئاسا، شێوەدرکەماسی: سەربە دەستەی (Perciformes) ماسی زۆرگەورەی perch و هاوتیرەکانی ◌ پرسیفورم

percipience /pə'sɪpiəns, US pər's-/ *noun*
زیرەکی، زیری، زووتێگەیشتوویی، تیژبینی، وریایی، زیتی، مەدرەکی ◌ ذکاوت، تیزهوشی

percipient /pə'sɪpiənt, US pər's-/ *adjective*

1 زیرەک، ژیر، زووتێگەیشتوو، تیژبین، وریا، زیت، مدریک، زیرەکانە 2 (ب.ت. لە فەلسەفەدا) کەسێ کە توانایی تێگەیشتنی شتەکانی بێ ◌ 1 تیزهوش، هوشمندانه 2 (در فلسفه) مدرک

percoid /ˈpɜːkɔɪd/ *noun*
(گیانەوەرناسی) جۆرێ ماسی سەربە کۆمەڵێکی بەربلاو (زوورخێزانی Percoidea) کە بریتین لە: perch ،bass ،jack ،snapper، بریمی دەریایی و هتد) ◌ پرکوئید

percolation /ˌpɜːkəˈleɪʃn, US ˌpɜːrk-/ *noun*
1 لێچوون، دزەتێکردن، پیاڕۆیشتن، چوونەنێو، تێچوون، دادان، دەلاندن 2 پالاوتن، پاڵزنین ◌ 1 نشت، نفوذ، تراوش 2 تصفیه

percolator /ˈpɜːkəleɪtə(r), US ˈpɜːrk-/ *noun*
دەزگای پالاوتن ◌ دستگاه صافی

per contra /pɜː ˈkɒntrə/ *adverb, noun*
(لاتین) بە بەراوردکاری، بە پێک گرتن، لە لایێکی ترەوە ◌ با مقایسه، از طرف دیگر

percussion /pəˈkʌʃn, US pərˈk-/ *noun, adjective*
n 1 پیاکێشان، لێدان، لێک کەوتن، لێکدان، (سازبەند) بەشی ئامێرە پیاکێشانییەکان 2 ئامێرە پیاکێشانییەکان یان ئامێرەکانی پیاکێشان 3 (زرمە) دەنگی ئامێر یا ئامێرە پیاکێشانییەکان 4 (پزشکی) (بە سووکی) پیاکێشان، پتە، لێدان *adj* پیاکێشانی ◌ *n* 1 کوبش، تصادم، ضربه 2 بخش سازهای کوبه‌ای 3 صدای ساز یا سازهای کوبه‌ای 4 (پزشکی) دق *adj* کوبه‌ای

percussion cap *noun*
(میلیتاری) کڵاوەی پیاکێشان، تەرەقە ◌ کلاهک ضربتی

percussion instrument *noun*
ئامێری پیاکێشان ◌ ساز کوبه‌ای

percussionist /pəˈkʌʃənɪst, US pərˈk-/ *noun*
ژەنیاری ئامێر یان سازی پیاکێشان(ی)، لێدەری ئامێرەکانی پیاکێشان ◌ نوازندەی ساز کوبه‌ای

percussion section *noun*
بەشی ئامێر یان سازە پیاکێشانییەکان ◌ بخش سازهای کوبه‌ای

percussive /pəˈkʌsɪv, US pərˈk-/ *adjective*
پێکاکێشەرانە، پێکادەرانە، خاوەنی هێزی پیاکێشان یان پێکادان: *percussive effects*
(percussively /pəˈkʌsɪvli, US pərˈk-/ *adv*) (percussiveness /pəˈkʌsɪvnəs, US pərˈk-/ *n*) ◌ تصادمی

percutaneous /ˌpɜːkjuˈteɪniəs/ *adjective*
(پزشکی) پێستی، لە ڕێگای پێستەوە، چەرمی (percutaneously *adv*) ◌ پوستی

percutaneous perspiration *noun*
ئارەقدەردانی پێستی ◌ تعرق جلدی

percutaneously /ˌpɜːkjuˈteɪniəsli/ *adverb*
لەباری پێستی یا چەرمییەوە ◌ از لحاظ پوستی

per diem /pɜː ˈdiːem, US ˈdaɪem/ *adverb, adjective, noun*
adv هەر ڕۆژە، ڕۆژانە، هەر: *a per diem allowance* ڕۆژی *n* حەقدەستی ڕۆژانە ◌ *adv* روزانه، هرروزه *n* دستمزد روزانه

perdition /pɜːˈdɪʃn, US pɜːrˈd-/ *noun*
1 سزای هەتاهەتایی یان تاسەر، سزای هەمیشەیی، جەهەنم، دۆزەخ، دۆژە 2 کاولبوون، وێرانکردن، فەوتان، تیاچوون، لەنێوچوون ◌ 1 عذاب ابدی، کیفر ابدی 2 انهدام، هلاکت، نابودی

perdu /pəˈduː/ *adjective, noun,* also perdue
adj شاراوە، نادیار، نەبینراو، لە بۆسەدا *n* 1 راسپێری یان ئەرکی پڕمەترسی 2 سەربازی گیانباز یا لەخۆبردوو ◌ *adj* مخفی *n* 1 ماموریت خطرناک 2 سرباز جانفشان

perdurability /pəˌdjʊərəˈbɪləti/ *noun*
جێگیری، تەکاننەخواردوویی، هەمیشەییتی، نەمری، هەرماوی، تیانەچوویی، هەتاهەتاییبوون ◌ ماندگاری، پایداری

perdurable /pəˈdjʊərəb(ə)l/ *adjective*
جێگیر، تەکاننەخواردوو، هەمیشەیی، نەمر، هەرماو، تیانەچوو، هەتاهەتایی ◌ ماندگار، پایدار

perdurably /pəˈdjʊərəb(ə)li/ *adverb*
بە شێوەیێکی هەمیشەیی، نەمرانە ◌ به طور ماندگار

père /peː/ *noun*
دوای پاشناو یان ناوی خێزانی بۆ جیاکردنەوەی ناوی باوک لە ناوی کوڕەکەی (فەڕەنسی و بە واتای باوک) ◌ پر

Père David's deer *noun*
جۆرێ گاکێوی هاوینان سوور و زستانان بۆری توخ و شاخدرێژ، ئێستا تەنیا بە گیراوی دەبینرێ [*Elaphurus davidianus*] ◌ نوعی گوزن

peregrination /ˌperəgrɪˈneɪʃn/ *noun*
1 سەفەر، گەڕان، هاتوچۆ، گەشت، هەڵوەدایی، دەربەدەری، ڕێبواری 2 سەفەری دوورودرێژ ◌ 1 سفر، آوارگی 2 مسافرت طولانی

peregrine /ˈperɪgrɪn/ *noun, adjective*
n باز، سێکوڕ، زۆرتر لەسەر کێوان و هەڵەمووتی کەناران زاوزێ دەکەن [*Falco peregrinus*] *adj* بێگانە، بیانی ◌ *n* باز، قوش *adj* بیگانه

peregrine falcon = peregrine

peregrinomany *noun*
شێتی گەڕان یان سەفەر ◌ جنون سفر

peremptorily /pəˈremptrəli/ *adverb*
بە زۆرەملێی، دەستووردەرانە، لە ڕووی زۆری(یەوە) ◌ با تحکم

peremptoriness /pə'rɛm(p)t(ə)rinəs, US 'pɛrım-/ *noun*
بڕینەوە، یەکلایی کردنەوە، بێ ئەملاوئەولایی، بێ چەندوچوونی، کۆتایی پێ هێنان، بڕیاری یەکجاری دان ۞ قاطعیت، واجب‌الاجرا بودن

peremptory /pə'rɛm(p)t(ə)ri, US 'pɛrım-/ *adjective*
1 بڕا، بەزاکوون، یەکلایی کەرەوە، بڕینەرەوە، کۆتایی پێهێن، بێ پەرچدانەوە، یەکلایی کراوە، بەدرۆ ناخرێتەوە، بێ ئەملاوئەولا(یی)، بێ چەندوچوون، دەبێ جێبەجێ کرێ 2 دەستووردەرانە، زۆردارانە 3 زۆردار ۞ 1 نهایی، قطعی، غیرقابل تکذیب 2 آمرانه 3 مستبد

peremptory writ *noun*
(ماف) نامەی ئامادەبوون یا کردنەسەر (بۆ لە دادگا بوون) ۞ حکم احضار

perennial /pə'reniəl/ *adjective, noun*
1 *adj* دوورودرێژ، درێژماوە، درێژدەم، بەردەوام، نەمر، هەمیشەیی: *the perennial problem of water shortage* ◊ *Colonialism in different forms is a perennial theme of history* 2 *that perennial favourite, hamburgers* (گیا یان ڕووەک) زۆرساڵە، چەندساڵە، چەن‌ساڵە، زۆرماوە، زۆرژی، بەرگەگر (بڕوانە *annual*، *biennial*) *n* ڕووەکی زۆرساڵە یان چەن(د)ساڵە، ڕووەکی زۆرماوە، گیای زۆرژی یان بەرگەگر ۞ 1 *adj* طولانی، دائمی 2 (گیاه) چندساله *n* گیاه چندساله

perennially /-niəli/ *adverb*
هەمیشە، یەکبینە، لەسەریەک: *a perennially popular subject* ۞ همواره

perestroika /ˌperı'strɔıkə/ *noun*
(لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ئابووری و ڕامیاری) پێریسترۆیکا، دامەزراندنەوە، بنیات‌نانەوە، پێکهێنانەوە (لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە لایەن میخائیل گۆرباچۆف Mikhail Gorbachev) ۞ پروسترویکا

perfect[1] /'pɜ:fıkt, US 'pɜ:rf-/ *adjective*
1 تەواو، ڕەبەق، کامڵ، نازگار، پێکهاتوو، پێرفێکت، ئایدیاڵ، زۆر باش، یەکجار خۆش، ڕەها، بێ گەرد، بێ خەوش، ساغ، بێ عەیب، ورد، دروست: *a perfect diamond* ◊ *flawless a perfect* ◊ *in perfect condition* ◊ *copy/fit/match a perfect example of the painter's early style* ◊ *The weather was perfect* ◊ *It was a perfect day for a picnic* 2 گەییو، پێگەیشتوو، تەواوهەراش، کامڵ 3 (ڕووەک‌ناسی، گوڵ) خاوەنی هەردوو نێرک و نێرەک (*n* perfectness: تەواوی، بێ عەیبی، بێ گەردی) ۞ 1 کامل، محض، تمام، بی‌عیب، ایده‌آل، دقیق 2 رسیده 3 پرفکت

perfect[2] /'pɜ:fıkt, US 'pɜ:rf-/ *noun*
(ڕێزمان) تەواو، ڕەبەق ۞ کامل

perfect flower *noun*
گوڵی تەواو (کە نێرکە و نێرەکی هەبێ) ۞ گل کامل

perfect insect *noun*, also imago
مێرووی تەواو یان هەراش یان کامڵ ۞ شکل قطعی، حشرەی کامل

perfect stage *noun*
(زیندەناسی) قۆناخی تەواو: قۆناخێ لە سووری ژیانی کارگ کە تێکەڵبوونی ڕەگەزی و بەرهەم‌هێنانی ئەو توو و سپۆرەکان دەگرێتەوە کە پێوەندی‌یان بەو تێکەڵبوونەوە هەیە ۞ مرحلەی کامل

perfectibility /ˌpe:fıktə'bılətı, US ˌpe:rf-/ *noun*
تەواوی، پێگەیشتوویی، لەچاک‌بوون‌هاتوویی ۞ کمال‌پذیری

perfectible /'pe:fıktəbl, US 'pe:rf-/ *adjective*
تەواو، پێگەیشتوو، لەچاک‌بوون‌هاتوو ۞ کمال‌پذیر

perfection /pə'fekʃn, US pər'f-/ *noun*
1 تەواوی، تەواوکردن، پێگەیشتن، ڕەبەقی، پێگەیاندن: *physical perfection* 2 بێ خەوشی، بێ گەردی، بێ عەیبی 3 ئەوپەڕ، ڕادەی تەواو 4 کەس یان شتێکی تەواو ۞ 1 کمال، تکمیل 2 بی‌نقصی 3 منتها 4 شخص یا چیز کامل

perfectionism /pə'fekʃənızəm, US pər'f-/ *noun*
1 تەواو(ی)گەری، تەواو(ی)باوەڕی: *Her perfectionism is evident at work and at home* 2 عەمەلی‌بوون ۞ 1 کمال‌گرایی 2 وسواس

perfectionist /pə'fekʃənıst, US pər'f-/ *noun, adjective*
n تەواوگەر، تەواوباوەڕ *adj* 1 تەواوباوەڕییانە 2 عەمەلی، وەسواسی ۞ *n* کمال‌گرا *adj* 1 کمال‌گرایانە 2 وسواسی

perfectionistic /pəˌfekʃə'nıstık, US pərˌf-/ *adjective*
تەواوگەریانە، تەواوباوەڕییانە ۞ کمال‌گرایانە

perfectly /'pɜ:fıktli, US 'pɜ:rf-/ *adverb*
بە تەواوەتی، بە تەواوی، زۆر، یەکجار: *He stood perfectly still until the danger had passed* ◊ *'Do you understand?' 'perfectly.'* ۞ کاملاً، خیلی

perfecto *noun, pl.* perfectos
جۆرێ سیگاری بەلگ، لە نێوەڕاستا ئەستوور و لە هەردوو سەرەوە باریک دەبێتەوە ۞ پرفکتو

perfect participle = the past participle

perfect pitch *noun*
گوێی موسیقایی، ناسینەوەی موسیقایی ۞ گوش

موسیقی

perfervid /pəˈfɜːvɪd/ *adjective*
زۆر بەپەرۆش، کڵپەکردوو، یەکجار بەتین ◌ بسیار پرحرارت

perfidious /pəˈfɪdiəs, US pərˈf-/ *adjective*
1 ناپاک، خەیانەتکار، نهێنبڕ، پەیمانشکێن، بێقەول، 2 خاینانە، ناپاکانە treacherous
perfidiously /pəˈfɪdiəsnli, US pərˈf-/) adv
perfidiousness /pəˈfɪdiəsnəs, US (pərˈf-/ n ◌ 1 خائن 2 خائنانە

perfidy /ˈpɜːfədi, US ˈpɜːrf-/ *noun, pl.* perfidies
خەیانەت، ناپاکی، پەیمانشکێنی، بێقەولی، treachery ◌ خیانت

perfoliate /pəˈfəʊliət/ *adjective*
(رووەکناسی) سەربەو گەڵایەی کە چێوک یان لاسکەکەی وادیارە بە نێویا تێپەڕیوە؛ (رووەکێ) خاوەنی گەڵایێکی وا: *a perfoliate leaf of a honeysuckle* ◌ پرفولیات

perforate /ˈpɜːfərɪt/ *adjective*, also perforated
کوناوی، دابێژداوێژ، کوناش، کونکون، کونتێکەوتوو، کونکراو ◌ سوراخدار، سوراخشده

perforation /ˌpɜːfəˈreɪʃn, US ˌpɜːrf-/ *noun*
1 کونتێکەوتوویی، کونکراوی، کون 2 کونتێکردن، کونکردن، سمین، سنتن، دابێژاندن ◌ 1 سوراخشدگی، سوراخ 2 عمل سوراخکردن

perforative /ˈpɜːfərətɪv/ *adjective*
کونکەر، کونتێکەر، کونەک ◌ سوراخکننده

perforator *noun*
کونکەر، کونتێکەر، کونەک ◌ سوراخکننده

perforce /pəˈfɔːs/ *adverb*
(فەرمی) بە ناچار، بە زۆری، بە زەبر، زۆرەملێ، necessarily ◌ بالاجبار

perforin /ˈpɜːfərɪn/ *noun*
(زیندەکیمیا) پێرفۆرین: پرۆتێینێ کە لە لایەن killer cell خانە فەوتێنەرەکانی دەزگای پاراستن ئازاد دەبێ ◌ پرفورین

performance /pəˈfɔːməns, US pərˈfɔːrm-/ *noun*
1 پێرفۆرمانس، بەڕێوەبردن، ئیجرا، نو(و)اندن 2 بەڕێوەبردن، جێبەجێکردن، ڕاپەڕاندن، کردن، گێڕان، ئەنجامدان، کردن، نواندن، گێڕان، بەجێهێنان: *The performance starts at seven* ◊ *an evening performance* 3 جوولانەوە، کار، کردار، کردە، کردەوە 4 سەرکەوتن، کاری بەرز 5 ڕەفتار یان هەڵسوکەوتی گەوجانە 6 گووتێکردن، تێڕیان، ئابڕووچوون، ڕووڕەشی 7 گێرەوکێشە، جەنجاڵی، گێچەڵ، بگرەوبەردە 8 (زمانەوانی) کردار (لە بەرامبەر توانست competence دا) ◌ 1 اجرا 2 عمل انجام دادن، ایفا 3 عمل کرد، عمل 4 موفقیت، عمل برجسته 5 رفتار احمقانه 6 افتضاح 7 الم‌شنگه 8 (زبان‌شناسی) کنش

performance analysis *noun*
شیکردنەوەی کرداری، کردارشیکاری ◌ تحلیل کنش

performance art *noun*
هونەری پێرفۆرمانس ◌ هنر اجرایی

performance artist *noun*
هونەرمەندی پێرفۆرمانس ◌ هنرمند اجرایی

performance error *noun*
هەڵەی کرداری ◌ خطای کنشی

performance grammar *noun*
ڕێزمانی کرداری ◌ دستورزبان کنشی

performative *adjective, noun*
(زمانەوانی) *adj* کرداری (وەک 'I promise' "بەڵێنی دەدەم") *n* کار، ڕستە یان وتەی کرداری ◌ *adj* کنشی *n* فعل، جمله یا گفتەی کنشی

performative utterance *noun*
وتەی کرداری ◌ گفتەی کنشی

performative verb *noun*
کاری کرداری ◌ فعل کنشی

performer /pəˈfɔːmə(r), US pərˈfɔːrm-/ *noun*
1 پێرفۆرمێر، بەڕێوەبەر، جێبەجێکەر، ڕاپەڕێنەر، ڕۆڵگێڕ 2 موسیقاژەن، سازژەن، ژەنیار ◌ 1 اجراکننده، بازیگر 2 نوازنده

performing *adjective*
ڕۆڵگێڕ، دەورگێڕ ◌ بازیگر

performing arts *noun, pl.*
هونەرەکانی نواندن یان پیشاندان (وەکوو موسیقا، دراما، سەما و هتد) ◌ هنرهای نمایشی

perfume /ˈpɜːfjuːm, US pərˈfjuːm/ *noun*
گوڵاو، عەتر، بۆنی خۆش، بەرامە: *a bottle of expensive perfume* ◌ عطر، بوی خوش

perfumed *adjective*
گوڵاوی، عەتراوی، بۆنخۆشکراو، بەبەرامە ◌ معطر، عطرزده

perfumed cherry *noun*
(رووەکناسی) دارمێلەو، مەڵهەم، دارمەڵهەم ◌ محلب

perfumer *noun*
گوڵاوساز، گوڵاوفرۆش، عەترفرۆش ◌ عطرساز، عطرفروش

perfumery /pəˈfjuːməri, US pərˈf-/ *noun, pl.* perfumeries
گوڵاوسازی، دروستکردنی گوڵاو یان عەتر، (دووکانی) گوڵاوفرۆشی ◌ عطرسازی، عطرفروشی

perfunctorily /-trəli/ *adverb*
سەرسەرەکی(یانە)، فشە، نابەدڵانە، فۆرمالیتە، لە

رووی روالـەتەوە، بۆ پاراستنی دابودەستوور، دابودەستوورانە: *The guard glanced perfunctorily at her pass and let her through* ۞ فورمالیتە

perfunctoriness /pəˈfʌŋktərinəs, US pərˈf-/ *noun*
سەرسەرەکیبوون، نابەدلی، فۆرمالیتەبوون، لە رووی روالـەتەوە بوون، روالـەتیبوون، لەسەرخۆکردنەوە، لەسەرخۆلابردن ۞ فرمالیتە بودن

perfunctory /pəˈfʌŋktəri, US pərˈf-/ *adjective*
1 روالـەتی، دابودەستووری، نابەدلی، سەرسەری، سەرسەرەکی، فشە، رۆتینی، میکانیکی، mechanical: *a perfunctory smile* 2 نادەربەست، بێدەربەست، بێخەیال ۞ 1 فورمالیە، ظاهری، مکانیکی 2 بی‌اعتنا

perfusion /pəˈfu:ʒn/ *noun*
1 پرژاندن، پیاکردن 2 تێکردن ۞ 1 عمل پاشیدن 2 تزریق

pergamencous *adjective*
پێستی ۞ پوستی

pergola /ˈpɜ:gələ, US ˈpɜ:rg-/ *noun*
کەپر، لۆپک، داربەست، داربەند ۞ آلاچیق

perhaps /pəˈhæps, præps, US pərˈh-/ *adverb*
1 رەنگە، بەلـکو، بەلـکم، بەلـکە، بەشکو، بەشکم، لەوەدەچێ، بینا، لەوانەیە، وێدەچێ، دەشێ، پێدەچێ: *Perhaps he's forgotten* 2 (لە) دەوروبەری، نزیکەی ۞ 1 ممکن است، شاید 2 در حدود

per head *adverb*
سەرانە، هەر کەس، هەر یەک، کەسی، سەری ۞ هر نفر

peri /ˈpɪəri/ *noun, pl.* peris
پەری (لە میتۆلۆژی ئێرانیدا) ۞ پری

peri- *prefix*
پێشگر: دەوروبەر، دەوروپشت، نزیک، دەورە، دەور، بە دەور: *periscope*، *perihelion* (بنەرەت: لە *peri* یۆنانییەوە) ۞ پیشوند: اطراف، نزدیک، محیط

perianth /ˈpɛrɪanθ/ *noun*
(رووەکناسی) بەشی دەرەوەی گوڵ، پۆرگ و تۆپی گوڵ دادەگرێ، دەورەگوڵ، بەرگەگوڵ، گوڵپۆش ۞ پوشش گل

periapt /ˈperɪapt/ *noun*
(کۆن) پەردە، تەلەسم، نووشتە، دیوبەند ۞ حجاب، طلسم، تعویذ

pericardiac *adjective*
سەربە پەردەی دڵ، دڵپەردەیی ۞ وابستە بە پریکاردیاک

pericardial = pericardiac

pericarditis /ˌperəkɑ:ˈdaɪtɪs/ *noun*
ئاوسانی پەردەی دڵ ۞ التهاب پریکاریوم

pericardium /ˌperɪˈkɑ:dɪəm/ *noun, pl.* pericardia /-dɪə/
پەردەی دڵ، دڵپەردە ۞ پریکاریوم

pericarp /ˌperəkɑ:p/ *noun*
(رووەکناسی) بەرگ، توێکڵ، کەلوو، دەورەبەر ۞ غلاف

perichondral *adjective*
سەربە پەردەی کرۆژە، دەورەکرۆژەیی، پەردەکرۆژەیی، پەردە کرکراگەیی ۞ وابستە بە ضریع غضروف

perichondrium /ˌpɛrɪˈkɒndrɪəm/ *noun*
پەردەی کرۆژە، بەرگی کرکراگەپۆش، دەورەکرۆژە، پەردەکرۆژە، پەردە کرکراگە ۞ ضریع غضروف، غشای غضروف

periclase /ˈpɛrɪkleɪz, US -s/ *noun*
کانێکی بێرەنگ، لە ئۆکسایدی مەنیزیۆم پێکهاتووە، زۆرتر لە بەردی مەڕمەڕ marble و بەردەقـڵدا limestone هەیە ۞ پری‌کلیز

pericope /pəˈrɪkəpi/ *noun*
کورتەی دەقێ، برگە یان پارچەی هەڵبژاردە، ب.ت. لە کتێبی پیرۆز ۞ خلاصەی متنی، قطعەی منتخب

pericranium /ˌperəˈkreɪnɪəm/ *noun, pl.* pericrania
(توێکاری) بەرگی کەڕاکە، بەشی دەرەوەی کاسەسەر، پەردەی کاسەسەر، دەورەکەڕاکە، کەڕاکەپۆش ۞ پوشش جمجمه

pericycle *noun*
(رووەکناسی) توێژاڵێکی شانەی رووەک نێوان endodermis و phloem، توێژێکی ناسکی خانەکانی parenchymatous یان sclerenchymatous کە دەوری stele لە زۆربەی رووەکە ئاوخۆرەییەکانی داوە ۞ پری‌سایکل

pericyclic *adjective*
سەربە پێری‌سایکل ۞ وابستە بە پری‌سایکل

periderm /ˈperɪdɜ:m/ *noun*
پێستی دەرەوە، توێخ، توێکڵ، دەورەپێست ۞ پوست بیرونی

peridermal *adjective*
سەربە پێستی دەرەوە، توێخی، توێکڵی، توێخڵی، دەورەپێست ۞ وابستە بە پوست بیرونی

peridium /pɪˈrɪdɪəm/ *noun, pl.* peridia /-dɪə/
(رووەکناسی) هەمانژە، هەمانچە، کیفۆچکە، توێخی دەرەوەی sporangiumی یان لاشەی بەرهێنەری کەڕوویێ ۞ پریدوم

perigee /ˈperɪdʒi:/ *noun*
(ئەستێرەوانی) نزیکگە، نزیکان، نزیگە (زەوی؛

(بەرامبەر بە apogee، perigean *adj*) ۞ حضیض

perigynous /pəˈrɪdʒɪnəs/ *adjective*
(ڕووەکناسی، گیا یان گوڵی) دەورەنێرکە (نە لە خوارێ و نە لە سەرێ، بڕوانە epigynous و hypogynous) ۞ پریجینوس

perigyny *noun*
دەورەنێرکەیی ۞ پریجینی

periheliar *adjective*
سەربە نزیکگە یان نزیکان، نزیکگەیی ۞ وابستە بە حضیض خورشیدی

perihelion /ˌperɪˈhiːlɪən/ *noun, pl.* perihelia /-lɪə/
(ئەستێرەوانی) نزیککگە، نزیکگە (سەبارەت بە خۆر، وەک هەسارە، دژی aphelion) ۞ حضیض

perikaryal *adjective*
سەربە تەنی خانەیی یان دەورەناوک ۞ وابستە بە جسم سلولی

perikaryon pl. perikarya = cell body

peril /ˈperəl/ *noun*
1 مەترسی، ترس: *The country's economy is now in grave peril* 2 (زۆرتر لە کۆدا) شت یان بارودۆخێکی پڕمەترسی ۞ 1 خطر، سیج 2 (بیشتر در حالت جمع) چیز یا موقعیت خطرناک

perilous /ˈperələs/ *adjective*
پڕمەترسی، مەترسیدار، ترسناک، بەترس، پڕترس، قەباحەت، hazardous: *a perilous journey* (-rilousness *n*) ۞ خطرناک، سیجناک

perilously /ˈperələsli/ *adverb*
بە شێوەیەکی پڕمەترسی، مەترسیدارانە: *Supplies are -ilously low* ۞ بە طور خطرناک

perilune /ˈperɪluːn/ *noun*
نزیکەمانگ، شوێنێ بۆ کەشتی ئاسمانی لەسەر سوورگەی مانگ، نزیکترین جێگایە لە مانگەوە (بەرامبەری apolune) ۞ پریلون

perilymph *noun*
دەورەلەشاو، لەشاو یان لیمفی دەوروبەری ۞ لنف پیرامونی، پریلیمف

perilymphatic *adjective*
دەورەلەشاوی، سەربە یان پێوەندی بە لەشاو یان لیمفی دەوروبەرییەوە هەیە ۞ وابستە بە لنف پیرامونی، وابستە بە پریلیمف

perimeter /pəˈrɪmɪtə(r)/ *noun*
1 دەوروبەر، دۆرمادۆر، دەوروپشت، چێوە، چەمەرە، کەمە، دەورانەدەور: *a perimeter fence/track/wall* ◊ *Guards patrol the perimeter of the estate* ◊ *the perimeter of the airport* 2 (ئەندازە) کەمەرە، چێوە، درێژایی ئەم کەمەرە یان چێوەیە: *Find the area and perimeter of the following shapes* 3 ئامێری پێوانی مەودا و مەیدانی بینایی یان دیدی مرۆڤ ۞ 1 محیط، اطراف 2 محیط، پیرامون 3 پریمتر

perimetric *adjective*, also perimetrical
چێوەیی، کەمەیی ۞ محیطی

perimetry *noun*
پێوان یان ئەندازەگرتنی مەودای بینایی ۞ سنجش میدان دید

perimysial *adjective*
دەورەماسوولکەیی ۞ وابستە بە پریمیسیوم

perimysium /ˌperɪˈmɪsɪəm/ *noun*
دەورەماسوولکە ۞ پریمیسیوم

perinatal *adjective*
(پزشکی) سەربە سەروبەندی پێش و پاش زایین (یان بوون) ۞ وابستە بە پریمیسیوم

perinatologist *noun*
پێریناتۆلۆژیست ۞ پریناتولوژیست

perinatology *noun*
پێریناتۆلۆژی: لقێ لە پزشکی لەمەڕ چاودێری و ئاگاداری سەروبەندی پێش و پاش زایین ۞ پریناتولوژی

perineal *adjective*
ناوگەڵی، سەربە ناوگەڵ ۞ وابستە بە عجان

perineum /ˌperɪˈniːəm/ *noun, pl.* perinea
ناوگەڵ ۞ عجان

perineurial *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە perineurium ـەوە هەیە ۞ وابستە بە پرینیوریوم

perineurium /ˌperɪˈnjʊərɪəm/ *noun*
دەورەدەمار، بەرگی بەستەرەشانە کە دەورێ چەپکێ لە ریشاڵە دەمارییەکانی نێو دەمارێکی داوە، دەورەماسوولکەژێ، دەورەماسوولکەبەند ۞ پرینیوریوم

period /ˈpɪəriəd, US ˈpɪr-/ *noun, adjective*
1 *n* ڕۆژگار، دەورە، دەور، قۆناخ، پێواژۆک، ماوە، سەردەم، چەرخ، گەڕ، چاخ: *The project will run for a six-month trial period* 2 (زەویناسی) سەردەم (دوای ear و پێش epoch): *the Jurassic period* 3 زەنگ، ماوەی وانە لە خوێندنگا: *'What do you have next period?' 'Kurdish.'* 4 بەش، کەرت، پشک 5 بێنوێژی، حەیز: *period pains* ◊ *monthly periods* 6 (نیشانەدانان) خاڵ، پنت (.) 7 (ئەستێرەوانی) سوور، گەڕ، خول 8 هەر ئەوە! تەواو! ئیدی بەس! بەس! 9 (بێباو) = goal، purpose *adj* مێژوویی، دێرین، لەمێژینە. کۆن ۞ *n* 1 دورە، مدت، عهد، عصر 2 (زمین‌شناسی) دورە 3 زنگ، ساعت درس 4 قسمت 5 قاعدگی 6 نقطه 7 (اخترشناسی) دور، گردش 8 همین! *adj* تاریخی

periodic /ˌpɪəriˈɒdɪk, US ˌpɪriˈɑːdɪk/ *adjective*
1 سووری، خولی، cyclic، نۆرەنۆرە، ناوبەناوی، جارجار (بە شێوەیەکی ڕێکوپێک)، لە مەودا

زەمـانی‌ێکـی ڕێـک‌وپێـک ڕوودەدا، لـە مـاوە (زەمـانی‌ێکـی) دیـاری‌کـراودا (ڕوودەدا)، 2 intermittent نۆبـەیی، نـۆرەیـی، یەک‌بەدوای‌یەک، پشت‌سەریەک 3 (فیزیک) لە مەودا زەمانی‌ێکی بەرامبەر ڕوودەدا 4 سەربە یان پێوەندی هەیە یان دەربڕاوە بە periodic sentence ـەکان 5 (ئەستێرەوانی) سووڕی، خولی ۞ 1 ادواری 2 متناوب 3 و 4 پیریودیک 5 (اخترشناسی) دورەای

periodate /pə'rʌɪədeɪt/ *noun*

خوێ یان ئێستێری ترشەڵۆکی پێرایۆدیک یان پێریۆدیک ۞ پریودات

periodic acid /ˌpɜːrʌɪ'ɒdɪk/ *noun*

(کیمیا) ترشەڵۆکی پێرایۆدیک یان پێریۆدیک: زنجیرەیێ لە ترشەڵۆکەکان کە تایبەتمەندی‌یێکی بەهێزی ئۆکساندنیان هەیە، لە I_2O_7 بەرهەم هاتوون بە خستنەسەری addition گەردەکانی molecules ئاو، وەک HIO_4 یان H_5IO_6 ۞ اسید پریودیک

periodical[1] /-kl/ = periodic

periodical[2] /ˌpɪəri'ɒdɪkl, US ˌpɪri'ɑːd-/ *noun*

کۆڤاری تکنیکی یان زانستی، مانگ‌نامە، وەرزنامە ۞ فصل‌نامە

periodically /-kli/ *adverb*

بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک، لەسەریەک، بە نۆبە، بە نۆرە، ناوەناوە، تاوناتاو، گاگایی، جاروبار: ◊ *Mailing lists are updated periodically Periodically, we meet to discuss any problems* ۞ مرتباً، گاه‌گاهی

periodicity /ˌpɪərɪə'dɪsɪti/ *noun*

خولێتی، سووڕێتی، خولی‌بوون، سووڕی‌بوون ۞ حالت دوری، دورگی

periodic law *noun*

قانوونێکی کیمیا، کاتێ توخمەکان بەپێی ڕیزی ژمارەی گەردیلەیی‌یان atomic number ڕێک دەخرێن، گۆڕانێکی بەنۆرەی پێکهاتەی گەردیلەیی و زۆربەی تایبەتمەندی‌یەکانیان دەخرێتەڕوو؛ هەرکات توخمەکان بەپێی زۆربوونی ژمارەی گەردیلەیی ڕێک خرێن، تایبەتمەندی کیمیایی و فیزیکی‌یان بە نۆرە دووبارە دەبێتەوە ۞ قانون تناوبی

periodic sentence *noun*

ڕستەیێ کە واتاکەی دەرناکەوێ تا کۆتایی‌یەکەی نەیەت (وەک لە "yesterday while I was walking down the street, I saw him"، بڕوانە loose sentence) ۞ جملەی تناوبی

periodic table *noun*

(کیمیا) خشتەی نۆرەیی یا یەک‌بەدوای‌یەک یا خولی (ڕێکخستنی توخمە کیمیایی‌یەکان بەپێی ژمارەی گەردیلەیی‌یان) ۞ جدول تناوبی

periodization *noun*

قۆناخاندن، سەردەماندن: دابەش‌کردنی بابەتێ بۆ سەردەمە مێژوویی‌یەکان بە مەبەستی شی‌کردنەوە و لێکۆڵینەوە یان خوێندنەوە ۞ پریودیزاسیون

periodontal /ˌperiə'dɒntl, US -'dɑːn-/ *adjective*

1 پووکی، دەورددانی، سەربە یان پێوەندی بە دەورددان periodontium یان پەردەی دەورددانی‌یەوە هەیە 2 سەربە periodontics ۞ 1 لثوی، پیرادندانی، وابستە بە پیرادندان یا غشای پیرادندانی 2 وابستە بە پریودونتیکس

periodontal membrane *noun,* also periodontal ligament

پەردەی پووکی یان دەورددانی: تویێکی بەستەرەشانەی connective-tissue ڕیشاڵاوی کولاژینی collagenous، نێوان ساروجەی ددانەکان و بۆشیلەکان alveolus ۞ غشای پیرادندانی

periodontics /ˌperɪədɒn'tʌɪtɪs/ *noun, pl.,* also periodontia

لقێ لە ددان‌سازی لەبارەی پووک و شانەکانی دەوروبەری ددانەوە (دەکۆڵێتەوە، periodontic *adj*؛ periodontist *n*) ۞ پریودونتیک

periodontitis /ˌperɪədɒn'tʌɪtɪs/ *noun*

(پزشکی) پێریۆدۆنیتیس: هەڵاوسانی شانەی دەوروبەری ددانەکان؛ سووربوونەوەبوونی پێکهاتە ڕاگرەکانی ددان و ب.ت. پەردەی دەورددانی ۞ پریودونتیتیس

periodontium *noun. pl.* periodontia

دەورددان (= ئەو شانانەی کە ددان دەگرنەوە) ۞ پریودونتیوم

periodontology /ˌperɪədɒn'tɒlədʒi/ = periodontics

period piece *noun*

مرۆی بەساڵاچوو، شتی کۆن ۞ آدم یا چیز قدیمی

period pain *noun*

ژان یا ژان‌وژۆی بێ‌نوێژی، ژان و برکی (کەوتنە) حەیز ۞ درد قاعدگی

perionychium *noun. pl.* perionychia

دەور(ە)نینۆک: شانەی دەوردەری ڕەگ یان ڕیشە و تەنیشتەکانی نینۆخی دەست و نینۆکی پا ۞ پیراناخن

periosteal /ˌperɪ'ɒstiːl/ *adjective*

سەربە بەرگی ئێسک، سەربە پەردەی ئێسک، دەورەئێسکی، سەربە ئێسک‌پۆش ۞ وابستە بە پوشش استخوان

periosteum /ˌperɪ'ɒstɪəm/ *noun, pl.* periostea /-tɪə/

(توێکاری) بەرگی ئێسک، پەردەی ئێسک، دەورەئێسک، ئێسک‌پۆش ۞ پوشش استخوان

periostitis /ˌperɪɒ'staɪtɪs/ *noun*

ئاوسانی بەرگی ئێسک، ئاوسانی پەردەی ئێسک، ئاوسانی ئێسکپۆش ۞ آماس پوشش استخوان

peripatetic /ˌperipəˈtetɪk/ *adjective, noun*
adj 1 گەڕۆک، جوولۆک، ڕێڕەو، هاتوچۆکەر، گەڕیدە: *a peripatetic music teacher* 2 (ئامـاژە بـە Aristotelian = (Peripatetic هاتوچۆی ئەرەستوو لە کاتی وانەوتنەوەدا) *n* (Peripatetic) 1 فیلسوفی ئەرەستوویی 2 (بە شۆخی) مرۆی گەڕیدە، itinerant ،pedestrian (peripateticism *n*) ۞ *adj* جنبـا، سـیار *n* 1 فیلسوف مشائی 2 آدم سیار

peripatetically /ˌperipəˈtetɪkli/ *adverb*
گەڕۆکانە، هاتوچۆکەرانە ۞ به طور سیار

peripeteia /ˌpɛrɪpɪˈtʌɪə, US -ˈtiːə/ *noun*
گۆڕانی کـ(و)ـتوپڕ یان ناکاو ۞ تغییر ناگهانی

peripheral /pəˈrɪfərəl/ *adjective, noun*
adj 1 پەراوێزی، لێواری، کەناری: *matters of peripheral concern* 2 دەرەوەیی، نانێوەندی، لە نێوەنـدەووری 3 لاوەکـی، لابـەلایی، لاپالـی، لاتەنیشتی، ناگرنگ: *a peripheral device* 4 (توێکـاری) نزیـک بـە ڕووی سـەرەوەی لـەش، سەرەکی، ڕووەکـی *n* 1 (کـامپیوتێر) دەزگـا یـان کەرەسەی لاوەکی یان لاتەنیشتی: *monitors, printers and other peripherals* 2 (peripherals) (کـامپیوتێر) کـەلوپـەلی لاوەکی یان لاتەنیشتی، لاکەلوپەل ۞ *adj* 1 حاشیەای 2 برونی 3 جنبی 4 نزدیک به سطح برونی بدن، سطحی *n* 1 وسیلەی جنبی 2 (در جمع) تجهیزات جنبی

peripherally /pəˈrɪfərəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی پەراوێزی، پەراوێزیانە ۞ بە طور حاشیەای

peripheral nervous system *noun*
دەزگای دەماری دەوروبەری، کۆئەندامی دەماری پەراوێزی: بەشێ لە دەزگای دەماری کە لە دەرەوەی مێشک و بڕبڕەمۆخ یان درکەمۆخ هەڵکەوتووە spinal cord ۞ دستگاه عصبی پیرامونی

periphery /pəˈrɪfəri/ *noun, pl.* peripheries
1 پەراوێز، لێوار، کەنار 2 دەوروبەر، دەوروپشت، دەورانـدەور 3 ڕووی دەرەوە، سـنووری دەرەوە (بنـەڕەت: بـە ڕێگـای لاتـین لـە *periphereia* یۆنانییەوە "circumference") ۞ 1 حاشیە 2 اطراف، پیرامون 3 سطح خارجی

periphrasis /pəˈrɪfrəsɪs/ *noun, pl.* periphrases /-siːz/
1 درێژدادڕی 2 فۆرمی ناگەردانی ۞ 1 اطناب 2 صورت غیرصرفی

periphrastic /ˌperɪˈfræstɪk/ *adjective*
1 سـەربە درێـژدادڕی، دادڕییانـە، درێژدادڕی(تیاکراو)، زۆرلەسەروتراو 2 (ڕێزمان) ناگەردانی (وەکوو: *did go* لەبری *went*) ۞ 1 وابستە بە اطناب، دارای اطناب 2 غیرصرفی

periphrastically /ˌperɪˈfræstɪkli/ *adverb*
بە درێژدادڕی(یەوە) ۞ با اطناب

periphyton /pəˈrɪfɪtɒn/ *noun*
(ژینگەناسی) دەورەگیا (وەک هێندێ algae - (iphytic *adj* ۞ پریفیتون

periplasm *noun*
پێریپلازم، دەورەپلازما: ناوچەیێ لە بەکتریا یان باکتریۆمی گرامی نەرێنی نێوان پەردەی پلازمایی و پەردەیێکی دەرەکی دەوروبەری کە ب.ت. هەوێنـەکـان enzyme و توێژێکی ناسکی لە peptidoglycan تیایە ۞ پریپلاسم

periplasmic *adjective*
پێریپلازمی، سەربە پێریپلازم ۞ وابستە بە پریپلاسم

periplast *noun*
پلاستی دەوروبەری، دەورەپلاست، پێریپلاست، plasma membrane؛ هـەروەهـا تـوێژێکـی proteinaceous بـن‌خانـەیـی پـرۆتێن‌دار subcellular لـەژێـر پـەردەی پلازمـاییـیـەوە ب.ت. euglena ی ۞ پریپلاست

peripteral /pəˈrɪpt(ə)r(ə)l/ *adjective*
1 دەورسـتوونی، دەورەکۆڵـەکە 2 پەرسـتگەی دەورستوونی (یۆنانی کۆن) ۞ پریپترال

perique /pɛˈriːk/ *noun*
پێریک: جۆرێ تـوتنی ڕەشـی تونـدی لویزیانا Louisiana ۞ پریک

perisarc *noun*
دەورەگۆشت، پێریسارک: بەرگی شاخی یان کیتینی دەرەوەی پارێزەری بەشە نەرمەکانی hydrozoan ـەکان ۞ پریسارک

perisarcal *adjective*
دەورەگۆشـتی، سـەربـە یـان پێـوەنـدی بـە پێریسارکەوە هەیە ۞ وابستە بە پریسارک

periscope /ˈperɪskəʊp, US -skoʊp/ *noun*
ئاسۆبین، پریسکۆپ ۞ پیرانما، پریسکوپ

periscopic *adjective*
ئاسـۆبینی، سـەربە ئاسـۆبین یـان پریـسکۆپ ۞ وابستە بە پریسکوپ

perishable /ˈperɪʃəbl/ *adjective, noun*
adj لەفەوتان‌هاتوو، خراپ‌بوو، دەڕزێ، خراپ دەبـێ، تیائـەچێ، تیـاچوو، لـەنێوچوو: *such perishable products as fruit, vegetables, butter, and eggs* ◊ *perishable goods/foods* *n* (perishables /ˈperɪʃəblz/) کـەلوپـەل یـان خواردەمەنی لەفەوتان‌هـاتوو یـان خراپ‌بوو ۞ *adj* فاسدشدنی، هلاک‌شدنی *n* (در جمع) کالاها یا مواد غذایی فاسدشدنی

perishably /ˈperɪʃəbli/ *adverb*
لەفەوتان‌هاتووانە، بە شێوەیەکی لەنێوچوو ۞ بە طور هلاک‌شدنی

perished /ˈperɪʃt/ *adjective*

فەوتاو، لەپێ‌کەوتوو، تیاچوو، لەنێوچوو، رزیو، خراپبوو، سارد: *We were perished* ◇ هلاک، فاسدشده، سرد

perisher /ˈperɪʃə(r)/ *noun*
(لە بریتانیا و نافەرمی) منالی ناجن، ئاتەش‌پارە، شەیتان، منالی هەوهەوێن‌نەرەوە، دنیاهەڵگر ◇ آتش‌پاره

perishing /ˈperɪʃɪŋ/ *adjective, adverb*
adj 1 زۆر سارد، بەستوو، سەهۆڵبەندان 2 گووتێ‌بوو، بەزیادنەبوو، خوداگرتوو *adv* یەکجار ◇ *adj* 1 سرد 2 نعلتی *adv* فوق‌العاده، خیلی

perishingly /ˈperɪʃɪŋli/ *adverb*
یەکجار، زۆر، گەلێک ◇ خیلی، فوق‌العاده

perisperm *noun*
(رووەک‌ناسی) دەورەتوو، دەورەسپۆر، دەورەدان ◇ پریسپرم

perispheric *adjective*, also perispherical
گۆئاسا، خڕ، گروڤەر ◇ کروی

perissodactyl *noun, adjective*
(گیانەوەری) پەنجەناتەخت، تاک‌سم، یەک‌سم ◇ پریسوداکیل

Perissodactyla /ˌpərɪsə(ʊ)ˈdaktɪlə/ *noun, pl.*
یەک‌سمان، تاک‌سمان، پەنجەناتەختەکان (ئەسپ، tapir و rhinoceros؛ بڕوانە Artiodactyla؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە یۆنانی *perissos* "uneven" + *daktulos* "toe + finger") ◇ پریسوداکیلا

perissodactylous *adjective*
پەنجەناتەخت، تاک‌سم، یەک‌سم ◇ پریسوداکیلوس

peristalsis /ˌperɪˈstælsɪs/ *noun, pl.* peristalses
کرمەجوولە، کرم‌ڕەوی، جوولانی خواروخێچی یان قەفی یان ئاڵقەیی، بزاوتی تەکان‌تەکان ◇ جنش دودی

peristaltic /ˌperɪˈstɔːltɪk/ *adjective*
کرمەجوولەیی، کرم‌ئاسا، تەکان‌تەکان، ئاڵقەیی، سەربە کرم‌ڕەوی یان جوولانی کرمی (peristaltically *adv*) ◇ وابسته به جنش دودی

peristomal *adjective*, also peristomatic
(گیانەوەرناسی و رووەک‌ناسی) دەوردەمی، دەوردەمکی ◇ پریسوم

peristome /ˈperɪstəʊm/ *noun*
(گیانەوەرناسی و رووەک‌ناسی) دەوردەمی، دەوردەمکی ◇ پریسوم

peristyle /ˈperɪstaɪl/ *noun*
هەیوانی کۆڵەکەبەند، دەورکۆڵەکە، دەورستوون، هەیوانی ستوونبەند، کۆڵەکەبەند یان ستوونبەندی خڕ، بازنەی ستوونی یان کۆڵەکەبەند ◇ پریستایل، محوطه‌ی دور ستونی

perithecium *noun, pl.* perithecia
دەورپۆش: ئەندامی میوەهێنەری کارگ یان کەڕووە ascomycetous ـە کان، ئەندامێکی میوەگری بۆشی خڕ، لوولەکی یان کەمۆڵئاسا لە کارگ یان کەڕووە تووڕەکەکارگەکان کە کۆمەڵە ascus یکی تیایە و زۆرتر بەهۆی کونی کۆتاییەوە (بۆ دەرەوە) دەکرێتەوە (و ascosporeـەکان لەوێوە ئازاد دەبن؛ perithecial *adj*: سەربە دەورپۆش) ◇ پریتیوم

peritoneal cavity *noun*
بۆشایی کراس‌بەز یا پەردەزگ ◇ حفره‌ی صفاق

peritoneum /ˌperɪtəˈniəm/ *noun,* peritoneums or peritonea /-ˈniːə/
کراس‌بەز، پەردەی زگ، چەرمەچەقاڵتە (peritoneal *adj*) ◇ صفاق

peritonitic *adjective*, also peritonital
سەربە ئاوسانی چەرمەچەقاڵتە یان کراس‌بەز ◇ وابسته به التهاب صفاق

peritonitis /ˌperɪtəˈnaɪtɪs/ *noun*
ئاوسانی چەرمەچەقاڵتە یان کراس‌بەز ◇ التهاب صفاق

peritrichous *adjective*
1 (لەبارەی بەکتریاکانەوە) خاوەنی بڵاوبوونەوەیێکی یەک‌دەستی شێلاقەکان flagella لەزۆور رووی لەش یان تەنێکەوە 2 (لە هێندێ گیانەوەرە تاک‌خانەیی‌یەکاندا) خاوەنی کۆمەڵە مژۆڵ یان برژانگێ کە لوول‌پێچانە بە دەور دەمدا رێکخراون ◇ پریتریکوس

periwig /ˈperɪwɪg/ *noun*
زرپرچ، مووچاخ ◇ کلاه‌گیس

periwigged *adjective*
بە زرپرچ، مووچاخ‌لەسەرکردوو ◇ با کلاه‌گیس

periwinkle[1] /ˈperiwɪŋkl/ *noun*
مێراقەمار؟ [تۆخمەکانی *Vinca* و *Catharanthus*] ◇ بروانش

periwinkle[2] /ˈperiwɪŋkl/ = winkle

perjured *adjective*
1 بە درۆ سوێندخواردوو 2 درۆ ◇ 1 سوگند دروغ یادکرده 2 کاذب

perjurer /ˈpɜːdʒərə(r), US ˈpɜːrdʒ-/ *noun*
1 (ماف) بە درۆ سوێندخۆر 2 شایەدی درۆ(زن)، ستووف‌دەری درۆزن ◇ 1 سوگند دروغ یادکننده 2 شاهد دروغ‌گو

perjurious /-ˈdʒʊərɪəs/ *adjective*
درۆ: *perjurious testimony* (perjuriously *adv*) ◇ دروغ

perjury /ˈpɜːdʒəri, US ˈpɜːrdʒ-/ *noun, pl.* perjuries
1 پەیمان‌شکێنی، بێ‌بەڵێنی، پەیمان‌سستی 2 شایەتی(دان) بەدرۆ، سوێندخواردنی بەدرۆ ◇ 1 نقض عهد 2 شهادت دروغ

perk /'pɜ:k/ *adjective*
بەکەیف، شاد، خۆشحاڵ، چالاک، بەدەماخ، بەنەشە، بەگوڕ، رووردار ◇ سرزندە، پرانرژی، گستاخ، گستاخانە

perkily /'pɜ:kɪli, US 'pɜ:rkɪli/ *adverb*
رووردارانە، بێشەرمانە، دەلوقەلانە ◇ گستاخانە، وقیحانە

perkiness /'pɜ:kinəs, US 'pɜ:rkinəs/ *noun*
رووداری، رووهەڵماڵراوی، دەلوقەلی، بێشەرموشکۆیی ◇ گستاخی

perks *noun, pl.*
کارانە، سالانە، لاموچە، خراوەسەر، قازانجی لابالی ◇ مزایای جنبی

perky /'pɜ:ki, US 'pɜ:rki/ *adjective* (perkier, perkiest)
بەکەیف، شاد، خۆشحاڵ، چالاک، هەڵسوور، بەدەماخ، کەیفساز، بەنەشە، بەگوڕ، رووردار، دەلوقەل، رووردارانە: *She hasn't been her usual perky self lately* ◇ سرزندە، پرانرژی، گستاخ، گستاخانە

perlé /pə:'leɪ/ *noun*
جۆرێ مەی نیوەشیرینی بڕێگازداری ئەفریکای باشووری ◇ پرلی

perlite /'pɜ:lʌɪt/ *noun*
بەردی مرواری (لە فەرەنسی، لە *perle* ـەوە "pearl") ◇ سنگ مروارید

perlitic *adjective*
سەربە یا پێوەندی بە بەردی مروارییەوە هەیە ◇ وابستە بە سنگ مروارید

perlocution /,pɜ:lə'kju:ʃn/ *noun*
(زمانەوانی و فەلسەفە) ژووردەربڕین ◇ فرابیان

perlocutionary /,pɜ:lə'kju:ʃənəri/ *adjective*
سەربە ژووردەربڕین، ژووردەربڕانە، سەربە ژووردەربڕین (لە utterance یێکدا، بڕوانە illocutionary و locutionary) ◇ فرابیانی

perlocutionary act *noun*
کردەوەی ژووردەربڕین یا ژووردەربڕانە ◇ عمل فرابیانی، نتیجەی عمل سخن

perm[1] /pɜ:m, US pɜ:rm/ *noun*
(هەروەها permanent wave) پێرم، فری ماوەزۆر ◇ فر دائم

perm[2] /pɜ:m, US pɜ:rm/ *nounj*
(نافەرمی، بریتانیا، گرێو) جێگۆڕکێ یان گۆڕینی ریزی تیپەکان یان پێشبڕکێکان (کورتەی permutation) ◇ پرم

permafrost /'pɜ:məfrɒst, US 'pɜ:rməfrɔ:st/ *noun*
(زەویناسی) سەهۆڵبەندانی یەکجاری، بەستەڵەکی هەمیشەیی (لە permanent + frost) ◇ یخبندان دائمی

permalloy /'pɜ:məlɔɪ/ *noun*
دارشتەی alloy ئاسن و نیکل، چون بە ئاسانی مەگناتیزە دەبێ (لە کەلوپەلی ئێلیکتریکیدا) ◇ پرمالوی

permanence /'pɜ:mənəns, US 'pɜ:rm-/ *noun*
مانەوە، هەمیشەیی، بەردەوامی، درێژخایەنی، سەقامگیری، جێگیری، durability ◇ ثبات، تداوم

permanency /-nənsi/ *noun, pl.* permanencies
1 مانەوە، هەمیشەیی‌بوون، یەکجاری‌بوون، بەردەوامی، هەتاسەری، درێژخایەنی، سەقامگیری، جێگیری 2 permanence شت یان ب.ت. کاری هەمیشەیی ◇ 1 ثبات، تداوم 2 چیز یا کار دائم

permanent[1] /'pɜ:mənənt, US 'pɜ:rm-/ *adjective*
هەمیشەیی، یەکجارەکی، هەرگاڤی، هەتاسەر، تاسەر، یەکجاری، ماو، نەگۆڕ، جێگیر، سەقامگیر، *permanent ◊ a -ent job* :stable *staff* (permanentness *n*) ◇ دائم، ثابت

permanent[2] /'pɜ:mənənt, US 'pɜ:rm-/ *noun*
پێرم، فری ماوەزۆر، لوول و فڕدانی قژ بۆ ماوەی چەند مانگێ ◇ فر دائم

permanently /'pɜ:mənəntli, US 'pɜ:rm-/ *adverb*
بۆ هەمیشە، هەتاسەر، تاسەر، بۆ یەکجاری، (بە) یەکجاری، یەکجارەکی: *She had decided to settle -rmanently in France* ◇ بە طور دائم

permanent teeth *nounm pl.*
ددانە هەمیشەیی‌یەکان. ددانی هەمیشەیی ◇ دندان‌های دائمی

permanent tissue *noun*
شانەی هەمیشەیی یا بەردەوام، شانەی نادابەشانی رووەک (شانەی رووەکێ کە هەڵدانی تەواو کردووە و زۆرتر ناتوانی چالاکی meristematic جێبەجێ بکا (یان بنوێنێ) ◇ بافت دائمی

permanent wave *noun*
(جۆرێ داهێنانی قژ) لوول(کردن)ی درێژماوە، فری ماوەزۆر ◇ فر دائم

permanent way *noun*
(بریتانیا) هێڵی ئاسن، رێگای ئاسن ◇ خط آهن

permanganate /pə'maŋgənət, US -eɪt/ *noun*
(کیمیا) 1 خوێیێ کە ئانیۆنی MnO_4^- تیایە، ب.ت. 2 potassium permanganate ئانیۆنی MnO_4^- پێرمەنگەنات ◇ پرمنگنات

permeability /,pɜ:miə'bɪləti, US ,pɜ:rm-/ *noun*
لەدزەهاتوویی، پیاتێپەڕیوی، تێوەچوویی،

پیاهێـڵەڕۆیی، لێچوویی، لەپێناوڕۆیشتن‌هـاتوویی، دەڵێنراوی، لەدادان‌هاتوویی ◇ نفوذپذیری، تراوایی

permeable /ˈpɜːmiəbl, US ˈpɜːrm-/ *adjective*
لەدزەهاتوو، دزەتێ‌کراو، پیاتێپەڕیو، تێوەچوو، دەڵێنراو، پیاهێڵەڕۆ، لێچوو، لەپیاڕۆیشتن‌هاتوو، لەدادان‌هاتوو، دەڵێنەر، دادەر: *permeable gas-permeable contact lens* ◊ *rocks* (بەرامبەرەکەی **impermeable**) ◇ نفوذپذیر، تراوا

permeance *noun*
دزە، چوونەنێو، پیاچوون، تێچوون، بڕین ◇ نفوذ، رخنه

permeation /ˌpɜːmiˈeɪʃn, US ˌpɜːrm-/ *noun*
1 دزە(تێ)کردن، لێچوون، تێچوون، پیاچوون، پیاتێپەڕین، پیاڕۆیشتن، لێقەدان، دزە، چوونەنێو، بڕین، سمین 2 دادان، دەڵاندن 3 پەلهاویشتن، تەشەنە، بڵاوبوونەوە، تەنینەوە، گرتنەوە، داگرتن ◇ 1 نفوذ، نشر 2 تراوایی 3 رواج، گسترش، سرایت

permeative *adjective*
لێوەچوو، بڕا، تیژ، دزەتێکەر، لێچوو، پیاتێپەڕیو ◇ نشت‌کننده، نافذ

permed *adjective*
فرکراو، لوول‌کراو ◇ فرزده

per mensem *noun*
(لاتینی) هەر مانگ، لە هەر مانگ، لە مانگ(دا) ◇ هر ماه

permethrin /pəˈmiːθrɪn/ *noun*
جۆرێ مێرووکوژی دەسکرد لە $C_{21}H_{20}Cl_2O_3$ جـۆرێ pyrethroid، تـەنیا بـۆ مێـرووە نەخۆش‌راگوێزەکان بەکاردێتێ ◇ پرمترین

Permian /ˈpɜːmiən/ *adjective*
(زەویناسی) پێرمیەن، پێرمیایی: سەربە دوایین سەردەمی سەردەمانی Palaeozoic (نێوان سەردەمەکانی Carboniferous و Triassic، دەوروبەری 290 تا 245 میلیۆن ساڵ لەوەپێش)، کاتێ خشۆکەکان پەرەیان سەند و زۆربەی گیانەوەرە ئاوییەکان قڕیان تێکەوت (لە *Perm* ەوە، ناوی هەرێمێکی رووس) ◇ پرمین

per mille /pəː ˈmɪleɪ, ˈmɪli/ *adverb*, also per mil /mɪl/
لە هەزار، لە هەر هەزار ◇ در هزار، در هر هزار

permissibility /pəˌmɪsəˈbɪləti, US pərˌm-/ *noun*
ڕەوایی، ڕەوابوون، ڕێگەدراوی، ڕێدراوی ◇ مجاز بودن

permissible /pəˈmɪsəbl, US pərˈm-/ *adjective*
ڕەوا، ڕێگەدراو، ڕێدار، دەستووردراو، دەستوورلەسەر، مشە: *It is not permissible for employers to discriminate on grounds of age* ◇ مجاز

permissibly /pəˈmɪsəbli, US pərˈm-/ *adverb*
ڕێدراوانە، بە شێوەیەکی ڕێگەدراو ◇ بە طور مجاز

permission /pəˈmɪʃn, US pərˈm-/ *noun*
هێشتن، ڕێگەدان، ڕێدان، ڕێ‌پێدان، دەستووردان، هێڵان ◇ اجازه

permissive /pəˈmɪsɪv, US pərˈm-/ *adjective*
1 ئاسانگر، شلگر، ڕێدەر، یەکجار ئازاد، سەرپشک‌کەر، توندنەگر، بەدەمەوەدەر، بێ‌سەرەوبەرە 2 ئاسانگرانە، ڕێدەرانە، شلگرانە: *permissive attitudes* ◇ 1 سهل‌انگار، مخیرکننده 2 سهل‌انگارانه

permissively /pəˈmɪsɪvli, US pərˈm-/ *adverb*
ئاسانگرانە، شلگرانە، ڕێدەرانە ◇ سهل‌انگارانه

permissiveness /pəˈmɪsɪvnəs, US pərˈm-/ *noun*
ئاسانگری، شلگرتن، ڕێدان، بێ‌سەرەوبەرەیی، ئازادی لە ڕادەبەدەر ◇ سهل‌انگاری

permissive society *noun*
کۆمەڵگای بێ‌سەرەوبەرە ◇ جامعه‌ی بی‌بندوبار

permit[1] /ˈpɜːmɪt, US ˈpɜːrmɪt/ *noun*
دەستوورنامە، ڕێدان، نامەی ڕێدان، ڕێدان‌نامە، بەرات، دەستوور، ودم: *a residence/parking, a fishing permit* ◊ *etc. -mit* ◇ پروانه، اجازه

permit[2] /ˈpɜːmɪt, US ˈpɜːrmɪt/ *noun*
کۆترچە: جۆرێ ماسی لە تیرەی jack، کۆترێلە [*Trachinotus falcatus*] (بنەڕەت: گۆڕاوی *palometa* سپانیایی "little dove") ◇ پرمیت

permitted *adjective*
ڕێدراو، دەستوورلەسەر ◇ مجاز

permittivity /ˌpɜːmɪˈtɪvəti/ *noun*
(فیزیک) توانایی ماک یان مەتریاڵێ بۆ هەڵگرتنەوەی وزەی ئێلیکتریکی لە بوار یان مەیدانی ئێلیکتریکیدا ◇ پرمیتیویتی

permutation /ˌpɜːmjuˈteɪʃn, US ˌpɜːrm-/ *noun*
1 گۆڕانی بنەڕەتی 2 (جێ) گۆڕین، جێ‌گۆڕکێ 3 هەڵگێڕانەوە: وەکوو هەڵگێڕانەوەی x و y و z دەبێتە xyz، xzy، yxz، yzx، zxy و zyx ◇ 1 تغییر بنیادین 2 تبدیل 3 قلب

pernambuco *noun*
پێرنامبوکۆ: دارێکی سەختی سوورباوی درەختێکی برێزیلی (*Caesalpinia echinata*)، وەک سەرچاوەی ڕەنگی سوور بەکاردێتێ (لە ناوی هەرێمی برێزیلی *Pernambuco*) ◇ پرنامبوکو

pernicious /pəˈnɪʃəs, US pərˈn-/ *adjective*

1 زیانـاوی، بـەزیان، موزیـر، خـراپ، تێکـدەر، ویرانکەر، پیس، بەوەی، *a* :ruinous ،deadly (نەخۆشـــی) کوشـــندە، 2 *pernicious lie* پرمەترسی، مەترسیدار، کەسکوون ۞ 1 مـضر، مخرب، شریر 2 وخیم، خطرناک

pernicious anaemia *noun*
کەمخوێنی پرمەترسی یان مەترسیدار (لەبەر کەمی یان نەبوونی ڤیتامین B_{12}) ۞ کـمخـونی وخیم

perniciously /pəˈnɪʃəsli, US pərˈn-/ *adverb*
بە شێوەیەکی زیاناوی ۞ به طور مضر

perniciousness /pəˈnɪʃəsnəs, US pərˈn-/ *noun*
زیاناویبوون، پرمەترسیبوون، پیسی ۞ مـضر بودن، وخیم بودن

pernickety /pəˈnɪkəti, US pərˈn-/ *adjective*, also persnickety
(نافەرمی) عەمەلی، بەقێزوبێز، بەئیراد ۞ وسواسی

pernoctation *noun*
1 تێپەڕاندنی شەو، شەوبەسەربردن، شەوبەندبوون، شـــەومانەوە (لـــە جێگایــێ) 2 شــەونخوونی، شەوگری ۞ 1 شبگذرانی 2 شبزندەداری

Pernod /ˈpɜːnəʊ/ *noun*
جۆری aperitif بە تامی ڕەزیانەوە ۞ پرنود

peroneal /ˌpɛrəˈniːəl/ *adjective*
(توێکاری) سـەربە ئێـسکی تەلـەزمە، هەلکەوتوو لە بەشی دەرەوەی بەلەکی پێ ۞ وابسـتە بـە نازکنی، واقع در قسمت بیرونی ساق پا

Peronist /ˈpɛrənɪst/ *adjective, noun*
adj پێرۆنیســت: ســەربە چـالاکی و ریفۆرمــە کۆمەڵییەکانی سیاسـەتوانی ئارژانتینی Juan Domingo Péron (1895–1974) *n* لایەنگری پێرۆن ۞ پرونیـست

peroral *adjective*
دەمی، لە ڕێگای دەمەوە (perorally *adv*) ۞ دهانی

peroration /ˌperəˈreɪʃn/ *noun*
1 کورتەی وتە، کورتەی وتاردان یان قسەکردن، بەشی کۆتایی وتاردان. ئەنجامگیری 2 (خـوازە) وتـــاردان یـــان قـــسەکردنی دوورودرێــــژ، فلتەفرمایشت ۞ 1 بخش پایـانی سـخنرانی 2 (مجازی) موعظه

perovskite /pəˈrɒfskʌɪt/ *noun*
کـانێکی ڕەش، زەرد یـا قـاوەیی کـە ڕێژەیێکـی زۆری titanateی کالیسۆمی تیایە (بنەڕەت: لە ناوی کانیناسی ڕووسی *Perovsky* .L. A + - ite[1]) ۞ پروفسکیت

peroxidase /pəˈrɒksɪdeɪz/ *noun*
(زینـدەکیمیا) پێرۆکـسایدێز، پێرۆکـسایداز: هەوێنەیێ کە تاوی ئۆکساندنی سابتـرەیتێکی substrate تایبـەتی بـەهـۆی پێرۆکـسایدی هایدرۆژێنـەوە دەدا، هـەوێنـەیـێ کـە تـاوی ئۆکساندنی ماکـە جۆراوجـۆرەکـانی بـەهـۆی پێرۆکسایدەکانەوە دەدا ۞ پراکسیداز، پراکسیدیز

peroxide /pəˈrɒksaɪd, US -ˈruːk-/ *noun*
(کیمیـا) پێرۆکـسـاید، پیرۆکـسـاید، پێرۆکـسـید: هەوێنەیێ کە تاوی ئۆکساندنی کۆمەڵێ ماک یـان ئاوێتـە دەدا بـەهـۆی (شـیبوونـەوە یـان لێـــکهـــەڵـــوەشـــانی decomposition) پێرۆکـسایدەکانەوە ۞ پراکسید

peroxided *adjective*
(قژ) بێڕەنگکراو ۞ دکلره

perpend /ˈpɜːpend/ *noun*
مالات، شـفتە (نێوان دوو خـشت رادەخـری) ۞ ملاط

perpendicular /ˌpɜːpənˈdɪkjələ(r), US ˌpɜːrp-/ *adjective, noun*
1 *adj* راسـت، ڕەپ، راوێـستاو، بـە پلـەی 90، وێستاو، قنج، قیت، ستوونی، ئەستوونی، تانی 2 (هەڵدێر، ڕەوەز و هتد) بە لێژیکی زۆر توندەوە، زۆرلێــژ، یــەکجار تــەلان 3 (Perpendicular) شـاغوڵی (ئاماژە بە دواترین قۆناخی کلێـسەی گوتیکی ئینگلتەرە) *n* 1 هێڵی ستوونی 2 دۆخـی ستوونی، ئەستوونیبوون، ستوونێتی، دۆخـی راست 3 شاغوڵ، ڕیسمانکار ۞ *adj* 1 عمـود، عمودی، قائم 2 دارای شیب تند 3 قـائم *n* 1 خـط عمود 2 حالت عمودی 3 شاقول

perpendicularly /ˌpɜːpənˈdɪkjələli, US ˌpɜːrp-/ *adverb*
بـە شـێوەیەکی سـتوونی، راسـتە و راسـت، ستوونیانە ۞ عموداً

perpendicularity *noun*
دۆخـی سـتوونی، ئەسـتوونیبـوون، سـتوونێتی، دۆخی راست، قنجبوون ۞ حالت عمودی

perpetration /ˌpɜːpəˈtreɪʃn, US ˌpɜːrp-/ *noun*
(تاوانـێ) کـردن، ئـەنجامدان، تـووشبـوون، خراپکاری، تاوانکاری ۞ ارتکاب

perpetrator /ˈpɜːpətreɪtə(r), US ˈpɜːrp-/ *noun*
گونـاهکـار، خـەتابار، تـاوانکـار، خـراپکـار، تووشهاتوو ۞ مرتکب، مقصر

perpetual /pəˈpetʃuəl, US pərˈp-/ *adjective*
1 هەمیـشەیی، تاهـەتایی، تاسـەر، بـەردەوام، هـەرماو 2 بێپـسانەوە، لەسـەریەک، بێوچـان، یەکبینە، یەککرێز، continuous: *the perpetual noise of traffic* 3 (ڕووەکێ) گوڵ دەردەکا یان بەر دەدا بە درێژایی وەرزێ ۞ 1 ابـدی 2 مـدام، پیوسته 3 پرپچوال

perpetual calendar *noun*

ڕۆژمێری هەمیشەیی ◌ تقویم دائمی
perpetually /-tʃuəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان بەردەوام ◌ بە طور ابدی یا دائم
perpetual motion *noun*
(فیزیک) جوولان یان جوولەی هەمیشەیی ◌ حرکت دائم
perpetual spinach = spinach beet
perpetuation /pə,petʃu'eɪʃn, US pər,p-/ *noun*
1 هەمیشاندن، دۆماندن، نەمراندن، (بۆ هەمیشە)هێشتنەوە، تاسەرهێشتنەوە، هەمیشەیی کردن، هەتاهەتایی کردن 2 هەمیشەییتی، هەرمان، لە کوێربوونەوە سڕینەوە ◌ 1 ابدی‌سازی 2 ابدیت
perpetuity /,pɜ:pə'tju:əti, US ,pɜ:rpə'tu:-/ *noun, pl.* perpetuities
هەمیشەیی، هەرمان، تاسەریتی، بەردەوامیتی، درێژەییتی، یەکبینەیی، بێ‌کۆتاییتی ◌ ابدیت، تداوم، استمرار
perpetuum mobile /pə:,petjʊəm 'məʊbɪleɪ, 'məʊbɪli/ = perpetual motion
perplexed /pə'plekst, US pər'p-/ *adjective*
1 سەرسووڕماو، تاساو، سەرسام، سەرلێشێواو، گێژ و وێژ 2 ئاڵۆز، سەخت: *a -ed expression* ◌ 1 مبهوت، متعجب، هاج و واج 2 غامض
perplexedly /pə'plekstɪdli, US pər'pleksɪdli/ *adverb*
بە سەرسووڕمانەوە، بە شێوەیەکی تاساو، ئاڵۆزانە، لێ‌تێنەگەیشتووانە ◌ به طور متعجب، به طور بغرنج
perplexing /pə'pleksɪŋ, US pər'pleksɪŋ/ *adjective*
1 سەیر، سەرسووڕهێنەر، سەرلێشێوێن 2 سەخت، ئاڵۆز، لێ‌تێنەگەیشتوو: *a perplexing problem* ◌ 1 تعجب‌آور 2 بغرنج
perplexingly /pə'pleksɪŋli, US pər'pleksɪŋli/ *adverb*
بە شێوەیەکی سەیر، سەیر، سووڕسووڕهێنەرانە، بە سەختی ◌ به طور بغرنج یا تعجب‌آور
perplexity /pə'pleksəti, US pər'p-/ *noun, pl.* perplexities
1 سەرسووڕمان، سەرلێشێوان، تاسان، واق‌وڕمان، سەرسامی، شلەژان: *Most of them just stared at her in -ity* 2 سەختی، ئاڵۆزی، لێ‌تێنەگەیشتوویی، گرانی، ئاستەنگ، کێشە، گیروگرفت، گرفت 3 شتی سەخت و ئاڵۆز ◌ 1 حیرت، تعجب 2 بغرنج، مشکل 3 چیز بغرنج
per pro /pɜ: 'prəʊ/ *adverb*
(لاتینی، مۆر) لە لایەن، ژ ئالیێ، کورتەی per procurationem ◌ از جانب، از طرف، از سوی
perquisites *noun*
کارانە، سالانە، خراوەسەر، لاموچە ◌ مزایا
perquisition /pɜ:kwɪ'zɪʃn, US 'pɜ:rk-/ *noun*
کەل‌وکون‌کردن، تەواو گەڕان ◌ جست‌جوی کامل
perron /'perən/ *noun*
(ئارکیتێکچێر) پلیکانی دەرەوە یان پێش‌ماڵ ◌ پلکان بیرونی
perry /'peri/ *noun, pl.* perries
پێری (خواردنەوەیەکی ئەلکۆلی کە لە هەرمێ دەگیرێ) ◌ پری
pers *abbreviation* 1 person 2 personal
per se /,pɜ: 'seɪ, US ,pɜ:r/ *adverb*
خۆی لە خۆیدا، بە خۆی، بە تەنیایی، intrinsically ◌ فی نفسه
persecution /,pɜ:sɪ'kju:ʃn, US ,pɜ:rs-/ *noun*
1 ئازار(دان)، تەنگ‌پێ‌هەڵچنین، هەڵپیچان، ناڕەحەت‌کردن، شکاندنەوە، زۆربۆهێنان، دیق‌پێ‌کردن، دەردپێدان، عەزیەت‌کردن، هەراسان‌کردن 2 ئەشکەنجە، دیق، جەزرەبە، ڕەنج، مەینەتی، سەختی، دەرد، ئێش، قوڕبەسەری ◌ 1 اذیت 2 زجر، جفا، مشقت
persecution complex *noun*
گرێ(ک)ی پێرسێکیوشن (نەخۆشییەکی دەروونی کە لەودا ئەو کەسە پێی‌وایە هەموو کەسێ دەیەوێ تەنگی پێ‌هەڵچنێ) ◌ عقدەی پرسکیوشن
persecutor /'pɜ:sɪkju:tə(r), US 'pɜ:rs-/ *noun*
ئازاردەر، هەراسان‌کەر، ناڕەحەت‌کەر، عەزیەت‌کەر، تەنگ‌پێ‌هەڵچن، زۆربۆهێنەر، زۆردار ◌ اذیت‌کننده، به‌ستوه‌آورنده
Persephone (Latin, from Greek *Persephonē*) = Proserpina
perseverance /,pɜ:sɪ'vɪərəns, US ,pɜ:rsə'vɪr-/ *noun*
خۆڕاگری، بەربەرەکانی، کۆڵنەدان، ڕاوێستان، سووربوون، درێژەپێدان، نەکشانەوە، وازنەهێنان، نەسڵەمینەوە، دەس‌لێ‌هەڵنەگرتن، لەسەرڕۆیشتن، شێلگیری ◌ استقامت، پایداری
perseverant /,pɜ:sɪ'vɪərənt, US ,pɜ:rsə'vɪr-/ *adjective*
خۆڕاگر، بەربەرەکانی‌کەر، کۆڵنەدەر، سوور، شێلگیر، شڵەوەنەبوو، دەس‌لێ‌هەڵنەگر، درێژەپێدەر، نەکشاوە، دانەهاتوو ◌ بااستقامت، دارای عزم راسخ
preserving /,pɜ:sɪ'vɪərɪŋ, US ,pɜ:rsə'vɪrɪŋ/ *adjective*
خۆڕاگر، بەربەرەکانی‌کەر، کۆڵنەدەر،

شـلەوەنەبوو، دەس(لـێ)هەڵـنەگر، دریژەپێـدەر، نەکشاوە، دانەهاتوو، سـوور، بێ‌وچـانهەوڵـدەر، شێلگیر، شێلگیرانە ۞ بااستقامت، مصر، مصرانه

perservingly /ˌpɜːsɪˈvɪərɪŋli, US ˌpɜːrsəˈvɪrɪŋli/ *adverb*

سوور، شێلگیرانە ۞ مصرانه

Perseid *noun*, Latin *Perseus*

پۆلە نێزەکێ کە ساڵانە دەوروبەری 11 ئۆگۆست دەردەکەون ۞ پرسید

Persephone *noun*, Latin, from Greek *Persephonē*

پێرسیفۆن: کچی زیۆس و Demeter، لە لایەن پلۆتۆ Pluto وە هەڵگیرا تا بە هەردووکیان بەسەر underworld دا دەسەڵات بگێرن ۞ پرسفون

Perseus /ˈpɜːsɪəs/ *noun*, Latin, from Greek

1 کوڕی زیوس Zeus و دانا Danaë و کوژەری میدۆسا Medusa 2 (ئەستێرەوانی) پێرسیۆس، کـەللەبـەدەس: بـاکووری‌تـرین کۆنـەسـتێرە constellation نێـوان Taurus و Cassiopeia ۞ برساوش

Persian /pɜːʃn, -ʒn, US ˈpɜːrʒn/ *adjective, noun*

adj ئێرانی، سەربە ئێران *n* 1 زمانی فارسی، خەڵکی ئێران، ئێرانی 2 پشیلەی ئێرانی ۞ *adj* ایرانی *n* 1 زبان فارسی، ایرانی 2 گربەی ایرانی

Persian carpet *noun*, also Persian rug

فەرشی ئێرانی، مافووری ئێرانی ۞ قالی ایرانی

Persian cat *noun*

پشیلەی ئێرانی ۞ گربەی ایرانی

Persian lamb *noun*

ئەستراخان ۞ پشم قرەگل

persiflage /ˈpɜːsɪflɑːʒ, US ˈpɜːrs-/ *noun*

گاڵتە، شـۆخی، جەفـەنگ، حەنـەک، گـەپ ۞ مزاح

persimmon /pəˈsɪmən, US pərˈs-/ *noun*

1 خورمـالـو 2 داری خورمـالـو [*Diospyros virginiana* (ئەمریکا) و *D. kaki* (ژاپۆن)] ۞ 1 خرمالو 2 درخت خرمالو

persistence /pəˈsɪstəns, US pərˈs-/ *noun*, also persistency

1 پێ‌داگیری، پێ‌داگرتن، سووربوون، شێلگیری، هەوڵـی بێ‌وچـان، پێچەقاندن، لەسەرڕۆیشتن، بەرقاکـەوتن 2 خـۆڕاگری، بەربـەرەکانی، کۆڵنەدان، ڕاویستان، درێژەپێدان، وازنەهێنان، بەدەوامبوون، نەکشانەوە، دەس‌لێ‌هەڵنەگرتن ۞ 1 پافشاری، اصرار 2 پایداری، استقامت، استمرار

persistent /pəˈsɪstənt, US pərˈs-/ *adjective*

1 پێ‌داگر، پێ‌داگر، سوور، شێلگیر، کەللەڕەق، لەسەرڕۆیشتوو، بەرقاکـەوتوو، شـێلگیرانە 2 خـۆڕاگر، بەربـەرەکانی‌کـەر، کـۆڵنـەدەر، شـلەوەنەبوو، دەس‌لـێ‌هەڵـنەگر، وازنەهێنـەر، درێژەپێـدەر، دانـەهاتوو، بـێ‌وچـانهەوڵـدەر، بێ‌وچـان، بـێ‌پـسانەوە، بێ‌لێبوونەوە، هەمیشە، چەندبارەوەبوو، لەسەریەک، یەکبینە، پەیتاپەیتا، یەکریز، بە بەردەوامی، درێژخایەن، دووردرێژ 3 (ڕووەک‌ناسـی و گیانـەوەرناسی، بـەشـێ لـە گیانەوەر یان ڕووەکێ، وەک شاخ، گەڵا و هتد) خۆ(ڕا)گر، زوونەکەوتوو ۞ 1 مصر، مصرانه 2 بااستقامت، مستمر، مکرر، طولانی 3 دیرپای

persistent offender *noun*

تاوانکاری سوور (لەسەر کردنەوەی شتێ) ۞ مجرم مصر

persistently /pəˈsɪstəntli, US pərˈs-/ *adverb*

هەمیشـە، پەیتاپـەیتا، سـەرومڕ، لەسـەریەک، بێ‌وچان، سوور، شێلگیرانە: *persistently high interest rates* ۞ همواره، مصرانه

persnickety /pəˈsnɪkəti, US pərˈs-/ = pernickety

person /ˈpɜːsn, US ˈpɜːrsn/ *noun*, *pl.* people or persons (chiefly in official and formal contexts)

1 کەس، زات، یەکێ، کابرا، بنیادەم، پیاو، زەلام، مرۆ، نەفەر، مرۆڤ 2 لەش، لاشە، جەستە، هەیکەل، قیافە، سەروسەکوت، سەروگوێلاک، تـەرح 3 (ڕێزمـان) کـەس 4 خـود، خـۆ 5 (گیانەوەرناسی) تاک، تاق، یەکە (بنەڕەت: لە لاتین *persone* فـەرەنـسی کـۆن، لـە *persona* "دەمامک یان ڕووبەندی ئاکتێر، کەسایەتی یان کارەکتەر لە شانۆدا، پاشان مرۆڤ") ۞ 1 آدم، نفر، انسان 2 جسم، ریخت، سر و وضع 3 (دستور زبان) شخص 4 خود 5 تک

persona /pəˈsəʊnə, US pərˈsoʊnə/ *noun*, personas or personae /-niː/

1 (دەروونناسـی) دەمامـک(ی کەسێتی، پروانە anima) 2 کەسایەتی (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "دەمامک، mask، کەسایەتی") ۞ 1 نقاب 2 چهره

personable /ˈpɜːsənəbl, US ˈpɜːrs-/ *adjective*

بە جەستە، بە شێوەیەکی جەستەیی، بە شێوەیەکی سروشتی، سروشتی‌یانە، بابەتی‌یانە، بە شێوەیەکی بابەتی، لە ڕاستی‌دا ۞ جسماً، از لحاظ طبیعی، به طور عینی
physical medicine *noun*
پزشکێتی فیزیکی ۞ طب فیزیکی
physical sciences *noun, pl.*
زانستە سروشتی‌یەکان، زانستە فیزیکی‌یەکان ۞ علوم طبیعت
physical therapist = physiotherapist
physical therapy = physiotherapy
physical training = physical education

physic garden *noun*
باخ یان باخچەی پزشکی (بۆ چاندنی گیای دەرمانی) ۞ باغ طبی
physician /fɪˈzɪʃn/ *noun*
دوکتور، نۆژدار، پزشک، پزیشک، بزیشک، حەکیم ۞ پزشک، طبیب
physicist /ˈfɪzɪsɪst/ *noun*
فیزیک‌زان، فیزیازان ۞ فیزیک‌دان
physico- *prefix*
پێشگر: لەشی، جەستەیی، لەشی و...: *physico-* ۞ *mental* پیشوند: جسمی، جسمی و...
physics /ˈfɪzɪks/ *noun, pl.*
فیزیک، فیزیا ۞ فیزیک
physio- /ˈfɪziəʊ, US ˈfɪzioʊ/ = physio
physio /ˈfɪziəʊ, US ˈfɪzioʊ/ *noun, pl.* physios
(تافەرمی) فیزیۆتراپیست، فیزیۆتراپی ۞ فیزیو
physio-chemical *adjective*, also physiochemical
سەربە کیمیای فیزیکی، پێوەندی بە کیمیای فیزیکی‌یەوە هەیە ۞ وابستە بە شیمی فیزیکی
physiocracy *noun*
فیزیۆکراسی ۞ فیزیوکراسی
physiocrat *noun*
فیزیۆکرات (ئەندامی کۆمەڵی ئابووری‌زانانی فەرەنسی سەدەی 18) ۞ فیزیوکرات
physiognomic /fɪzɪɑːɡˈnɑːmɪk/ = physiognomical
physiognomical *adjective*, also physiognomic/fɪzɪɑːɡˈnɑːmɪk/
سەربە قیافەناسی، قیافەناسی‌یانە ۞ قیافەشناختی
physiognomically *adverb*
لەباری قیافەناسی(یەوە) ۞ از لحاظ قیافەشناختی
physiognomist *noun*
قیافەناس ۞ قیافەشناس
physiognomy /ˌfɪziˈɒnəmi, US -ˈɑːnə-/ *noun, pl.* physiognomies
1 قیافەناسی 2 قیافە، سەروسەکوت، ڕوخسار، چرووچاو، دیم 3 تایبەتمەندی خۆرسکی یا سروشتی (تاوچەیی) ۞ 1 قیافەشناسی 2 قیافە 3 فیسیوگنومی
physiographer *noun*
زانای جوگرافیای سروشتی ۞ فیزیوگرافر
physiographic *adjective*, also physiographical
سەربە جوگرافیای سروشتی ۞ وابستە بە فیزیوگرافی
physiography /ˌfɪziˈɑːɡrəfi/ *noun*
جوگرافیای سروشتی، باس‌کردنی سروشت و دەرکەوتە سروشتی‌یەکان ۞ فیزیوگرافی
physiological /ˌfɪziəˈlɒdʒɪkl, US -ˈlɑːdʒ-/

adjective, also -ysiologic
سەربە کارەندامناسی، کارەندامناسییانە ◌ وابسته به فیزیولوژی
physiologically /-ɪkli/ *adverb*
لەباری کارەندامناسی(یەوە) ◌ از لحاظ فیزیولوژیکی
physiologist /ˌfɪzi'ɒlədʒɪst, US -'ɑːlə-/ *noun*
کارەندامناس ◌ فیزیولوژیست
physiology /ˌfɪzi'ɒlədʒi, US -'ɑːlə-/ *noun*
کارەندامناسی، فرمانناسی ◌ فیزیولوژی
physiotherapist /ˌfɪziəʊ'θerəpɪst, US ˌfɪzioʊ-/ *noun*
فیزیۆتراپیست ◌ فیزیک‌درمان‌گر
physiotherapy /ˌfɪziəʊ'θerəpi, US ˌfɪzioʊ-/ *noun*, US physical therapy
فیزیۆتراپی ◌ فیزیک‌درمانی
physique /fɪ'ziːk/ *noun*
(لە فەرەنسەوە) قیافە، جەستە، لەش، بەدەن، بەژنوبالا، ئەندام، قەلافەت، هەیکەل: *He has the physique of a rugby player* ◌ هیکل، بدن
physostigmine /ˌfaɪsəʊ'stɪgmiːn/ *noun*
(کیمیا) ئاوێتەیی $C_{15}H_{21}N_3O_2$ کە بەشێکی پێکهێنەری چالاکی Calabar bean ـە و لە بواری پزشکیدا وەک دلۆپی چاو بەکاردێنری (بنەڕەت: لە *Physostigma* ناوی توخمی لاتینی نوێ + $-ine^4$) ◌ فیزواستیگمین
-phyte *suffix*
پاشگر: ناماژە بە رووەک یان زیندەوەرێکی گیاناسا: *epiphyte* (-phytic): ناوەلناو دروست دەکا؛ بنەڕەت: لە *phuton* یونانییەوە "گیایێ، رووەکێ a plant") ◌ پسوند: اشارەدار به گیاه یا ارگانیسم گیاوار
phyto- *prefix*
پێشگر: گیا، رووەک، سەربە یان پێوەندی بە گیاکان یان رووەکەکانەوە هەیە: *phytogeography* ◌ پیشوند: گیاه، وابسته به گیاهان
phytoalexin /ˌfaɪtəʊə'leksɪn/ *noun*
(رووەک‌ناسی) ماکێکی کیمیایی دژەمیکرۆبی کە لە لایەن شانە گیایی یان رووەکییەکانەوە بەرهەم دێ و لەگەل هۆکاری نەخۆش‌خەر pathogen بە شەڕ دێ (وەک fungus ی) ◌ فیتوآلکسین
phytobenthos *noun*
گیا و رووەکی بنژی، بنژییان ◌ فیتوبنتوس
phytobezoar *noun*
تۆپ، تۆپەگیا(یی) (جۆری نەخۆشی ئاژەل) ◌ توپی گیاهی
phytochemical *adjective*
گیاکیمیایی، سەربە کیمیای رووەک یان گیایی ◌ وابسته به شیمی گیاهی
phytochemically *adverb*
لەباری کیمیای رووەک یا گیایی(یەوە) ◌ از لحاظ شیمی گیاهی
phytochemist *noun*
گیاکیمیازان، کیمیازانی رووەک یان گیایی ◌ شیمی‌دان گیاهی
phytochemistry *noun*
گیاکیمیا، کیمیای رووەک یان گیایی ◌ شیمی گیاهی
phytochrome *noun*
(زیندەکیمیا) گیارەنگ: رەنگێکی شین-سەوز کە لە زۆر گیادا دۆزراوەتەوە و لەودا زۆر رەوتی گەشەسێنەرانە رێک دەخری ◌ فیتوکروم
phytocoenosis *noun*
کۆمەلە یان کۆمەلگای گیایی یان رووەکی ◌ جامعەی گیاهی
phytoesrogen *noun*
ئاوێتەیێکی کیمیایی (وەک genistein) کە بە شێوەیێکی سروشتی لە گیاکاندا هەیە و تایبەتمەندی estrogenic ی هەیە ◌ فیتواستروژن
phytoflagellate *noun*
گیاشیلاقەدار: زیندەوەرێکی تاک‌خانەیی کە زۆربەیان کلۆرۆفیلیان هەیە و دەچنە ریزی گیانەوەران و رووەکەکان ◌ فیتوفلاجلات
phytogenesis *noun*
پێکهاتن یان رسکانی رووەک، دروست‌بوونی (گژو)گیا ◌ گیاەزایی
phytogeny *noun*
پێکهاتن یان رسکانی رووەک، دروست‌بوونی (گژو)گیا ◌ گیاەزایی
phytogeographer *noun*
ژیۆجیۆگرافیر، ژیۆبۆتانیست ◌ فیتوژئوگرافر
phytogeographic *adjective*, also phytogeographical
سەربە ژیۆجیۆگرافی، سەربە ژیۆبۆتانی ◌ وابسته به فیتوژئوگرافی
phytogeographically *adverb*
لەباری ژیۆجیۆگرافییەوە ◌ از لحاظ فیتوژئوگرافی
phytogeography *noun*
لقێ لە رووەک‌ناسی کە باسی بلاوبوونەوەی جوگرافیایی گیا و رووەک دەکا، جوگرافیای رووەکی یان گیایی ◌ جغرافیای گیاهی
phytohormone = plant hormone
phytolith /'faɪtə(ʊ)lɪθ/ *noun*
1 (رووەک‌ناسی) گیابەرد: پارچۆلکەیێکی وردی کانی، لە نێوەوەی رووەکێ پێکهاتووە 2 (کۆن‌ناسی) گیابەرد: پارچۆلکەیێکی بووبەردی

یان فوسیلی بابەتێکی گیایی ۞ فیتولیت

phytologic, also phytological = botanical

phytology = botany

phyton *noun*

گیاک: چکۆلەترین بەشی قەد یان لاسک، ڕەگ یان گەڵا کە ئەگەر لێ کرێتەوە خۆی گیایێکی تازەی لێ شین دەبێتەوە ۞ فیتون

phytonic *adjective*

سەربە یان پێوەندی بە گیاکەوە هەیە ۞ وابستە بە فیتون

phytonadione = vitamin k1

phytophagous /fʌɪˈtɒfəgəs/ *adjective*

گیاخۆر، ڕووەکخۆر ۞ گیاەخوار

phytophathogen *noun*

زیندەوەری گیانەخۆشخەر یان ڕووەکنەخۆشخەر ۞ فیتوپاتوژن

phytophathogenic *adjective*

گیانەخۆشخەر، ڕووەکنەخۆشخەر ۞ فیتوپاتوژنیک

phytophathology = plant pathology

phytophagy *noun*

گیاخۆری، ڕووەکخۆری ۞ گیاەخواری

phytoplankton /ˈfʌɪtəʊˌplaŋktən/ *noun*

(زیندەناسی) گیاسەراوەکی: سەراوەکیی plankton کە گیاوگژی وردبینی یان میکرۆسکۆپی پێکدێنێ ۞ فیتوپلانکتون

phytoplanktonic *adjective*

سەربە یان پێوەندی بە گیاسەراوەکییەوە هەیە ۞ وابستە بە فیتوپلانکتون

phytoplasma *noun*, also mycoplasma-like organism

فیتوپلازما، گیاپلازما: هەموو ئەو کۆمەڵە بەکتریایانەی کە پێوەندییان بە mycoplasma کانەوە هەیە و گیا نەخۆش دەخەن ۞ فیتوپلاسما

phytosociological *adjective*

سەربە یان پێوەند بە گیاکۆمەڵناسی یان کۆمەڵناسی ڕووەکییەوە هەیە ۞ وابستە بە جامعەشناسی گیاهی

phytosociology *noun*

گیاکۆمەڵناسی، کۆمەڵناسی ڕووەکی: لقێ لە ژینگەناسی کە ب.ت. لەمەڕ پێکهاتە، گەشەسەندن و پێوەندی کۆمەڵە گیایی یان ڕووەکییەکان دەکۆڵێتەوە ۞ جامعەشناسی گیاهی

phytosterol *noun*

گیاستێرۆل: هەریەک لەو ستێرۆلانەی کە لە گیا دەگیرێن ۞ فیتواسترول

phytosuccivore *noun*

شیلەخۆر، شیلەمژ ۞ شیرەخوار

phytotoxic *adjective*

(ڕووەکناسی) گیازار، ژاراوییە بۆ ڕووەک ۞ فیتوتوکسیک

phytotoxicity *noun*

(ڕووەکناسی) گیازاری، ژاراویبوون بۆ ڕووەک ۞ فیتوتوکسیسیتی

phytotoxin *noun*

(ڕووەکناسی) ماک یان مەتریالێکی ژاراوی گیایی، دەرمان یان ژاری گیایی، ژاری ڕووەکی ۞ فیتوتوکسین

phytozoon *noun*

گیا(ئا)ژەڵ، گیانەوەری ڕووەکی یان گیایی (ئەو گیانەوەرانەی کە بە ڕواڵەت شێوەی گیا دەدەن، وەک دەستەیێ لە شیلانەکان) ۞ جانور گیاهی

pi[1] /paɪ/ *noun*

1 پی (= شازدەمین پیتی ئەلفوبێی یۆنانی، Π, π بەرامبەر بە p) 2 (ئەندازە) ژمارەی پی (= نزیک بە 3/14159 کە بە شێوەی π پیشان دەدرێ) ۞ پی، عدد پی

pi[2] /pʌɪ/ = pious

pia /ˈpʌɪə, US ˈpiːə/ *noun*, in full pia mater

تەنکەپەردە، پەردەتەنکە، پەردەنەرمە (هی مێشک و مۆخی بڕبڕە؛ بنەڕەت: وەرگیراوی عەرەبی) *al-'umm ar-rakīka* ۞ ام‌الرقیق، نرم‌شامه، ام‌الدماغ

pial *adjective*

تەنکەپەردەیی، سەربە پەردەتەنکە، سەربە پەردەنەرمە، پێوەندی بە pia matter ەوە هەیە ۞ وابستە به ام‌الرقیق، وابسته به نرم‌شامه

pi acceptor *noun*

پیگر، پیوەرگر ۞ پی‌پذیر

piacular /pʌɪˈakjʊlə/ *adjective*

(دەگمەن) تاوانبەرەوانە، گوناهدەرەوانە، کەفارەیی ۞ کفاره‌ای

piaffe /pɪˈaf/ *noun*, *also piaffer* /pɪˈafə/

نەرمەلۆقە، نەرمەقۆرتە ۞ یورتمەی آهسته

pia matter = pia

pianette /ˌpɪəˈnet/ *noun*

پیانۆی چکۆلەی گر ۞ پیانت

pianism /ˈpɪənɪz(ə)m/ *noun*

پیانۆلێدان بە شارەزایی یان هونەرمەندی ۞ پیانونوازی با مهارت

pianissimo /ˌpiəˈnɪsɪməʊ, US -moʊ/ *adverb, adjective*

(موسیقا) بە شێنەیی، ئارام، نەرم، (زۆر) هێدی ۞ ملایم، بسیار آهسته

pianist /ˈpɪənɪst/ *noun*

پیانۆژەن ۞ پیانونواز

piano[1] /piˈænəʊ, US -noʊ/ *noun, pl.* pianos

پیانۆ (بنەڕەت: لە ئیتالیاییەوە، کورتەی pianoforte) ۞ پیانو

piano[2] /ˈpjɑːnəʊ, US -noʊ/ *adverb, adjective*

(موسیقا) بە شێنەیی، ئارام، نەرم، (زۆر) هێدی

ملایم، بسیار آهسته ◌

piano accordion = accordion

pianoforte /pi,ænəʊ'fɔ:ti, US pi,ænoʊ'fɔ:r-/ *noun*

1 پیانۆ 2 = fortepiano (بنەرەت: لە *piano e forte* "نەرم و بەرز") ◌ پیانو

piano nobile /,pjɑ:nəʊ 'nəʊbɪleɪ/ *noun*

(ئیتالیایی، بیناسازی) نهۆمی سەرەکی (خانوویێکی گەورە، ب.ت. نهۆمی یەکەم)، نهۆمی گەوران ◌ اشکوب اصلی یا اول

piano organ *noun*

ئۆرگی پیانۆیی ◌ ارگ پیانویی

piassava /,pi:ə'sɑ:və/ *noun*

جۆرێ ریشالی قایم، لە لاسکی گەڵای هیندێ دارخورمای ئەفریکایی و ئەمریکای باشووری ◌ نوعی لیف

piastre /pɪ'astə/ *noun*, US piaster

قروش، قرۆش، یەکەی پارەی چەندین وڵاتی رۆژهەڵاتی نێوەراست، بەرامبەر بە سەدیەکی pound ◌ غروش، پیاستر

piazza /pi'ætsə, US pi'ɑ:zə/ *noun*

1 (ب.ت. لە ئیتالیا) بازار، گاسن، گۆرەپان، مەیدان 2 (کۆن، ئەمریکا) بەرهەیوان یان داڵانی ماڵێ ◌ 1 میدان، ساحه 2 ایوان خانه

pibroch /'pi:brɒk, -brɒx, US -brɑ:k, -brɑ:x/ *noun*

پیبراک (= پارچە موسیقایەکی سەربازی یان ماتەمین) ◌ پیبراک

pic /pɪk/ = picture

pica[1] /'paɪkə/ *noun*

1 پایکا (پیتی چکۆلانەی چاپی) 2 یەکەی ئەندازە یان درێژایی بەرامبەر بە 12 پۆینت (دەوروبەری 1/6 ئینچ یان 4.2 mm) ◌ پایکا

pica[2] /'paɪkə/ *noun*

(پزشکی) بێزوو، مەگیرانی (ب.ت. بە گڵ و خۆڵ بە درێژایی منالێتی یان زگپڕی وەک نیشانەیێکی نەخۆشی) ◌ ویار، پایکا

picador /'pɪkədɔ:/ *noun*

ئەسپ‌سوارێ کە بە پیاکردنی نێزە یان رم بە گای شەڕا (بۆ شەرەگا) ئامادەی دەکا ◌ پیکادور

picante /pɪ'kanteɪ/ *adjective*

تیژ، هەزوێلەزۆرتێ‌کراو، پڕهەزێلە ◌ تند

picaresque /,pɪkə'resk/ *adjective*

(شێوازێکی وێژەیی) پیکارێسک ◌ پیکارسک

picaroon /,pɪkə'ru:n/ *noun*

(کۆن) 1 بنیادەمی بێ‌ئابروو یان خوێڕی 2 چەتە یان دزی دەریایی، pirate ◌ 1 آدم رذل 2 دزد دریایی

picayune /,pɪkə'ju:n/ *adjective, noun*

adj بێ‌نرخ، هیچەکە، بێکارە، ئایەخ، ناگرنگ *n* 1 مرۆ یان شتی بێ‌نرخ 2 کوینێکی چکۆلەی کەم‌بایی ◌ *adj* جزئی، بی‌ارزش، بی‌اهمیت *n* 1 آدم یا چیز بی‌اهمیت 2 سکەی کوچک کم‌ارزش

picayunish *adjective*

هیچ، ئایەخ، هیچەکە، بەکارنەهاتوو، ناگرنگ ◌ جزئی، کوچک، پیش‌پاافتاده

piccalilli /,pɪkə'lɪli/ *noun, pl.* piccalillies or piccalillis

پیکالیلی (جۆرە ترشیاتێکی تیژە) ◌ پیکالیلی

piccaninny /'pɪkənɪni/ *noun* (*pl.* -caninnies), *adjective*, US pickaninny

n (سووکانە) منالی چکۆلەی رەش (کۆن) *adj* زۆر چکۆلە ◌ *n* بچەی سیاه کوچولو *adj* بسیار کوچک

piccolo /'pɪkələʊ, US -loʊ/ *noun, pl.* piccolos

(ئیتالیایی) پیکۆلۆ (ئامێرێکی فوویی‌یە کە لە فلووت دەچێ) ◌ پیکولو

piccy, *pl.* piccies= picture

pick[1] /pɪk/ *noun*

1 هەڵبژاردن، پەسندکردن 2 مافی هەڵبژاردن 3 هەڵبژاردە، دەستەبژێر، بژاردە، گوڵبژێر، سەرتۆپ ◌ 1 انتخاب، گزینش 2 حق گزینش 3 نخبه

pick[2] /pɪk/ *noun*

1 قولینگ، زەنگەن، زەنگن، پاچی دووسەر (پاچوولکە small pick) دەنووکە، 2 (موسیقا) پێزەن 3 داناژن، چیلکەی ددان، خەڵیلە 4 گوێ‌سر ◌ 1 کلنگ 2 (موسیقی) مضراب 3 خلال دندان 4 گوش‌پاکن

pick-a-back /pɪk ə bæk/ *adverb*

لەسەر شان یان پشت، قەڵاندۆش، سەرکۆڵ ◌ بر روی کتف یا پشت

pickaninny = US spelling of piccaninny

pickaxe /'pɪkæks/ *noun*, also pickax

قولینگ، قولنگ، پاچ، دوودەفوک، کۆلەک، پاچی دووسەر، سنکۆلک، زەنگن، قازمە، نالجاخ ◌ کلنگ

picked *adjective*

گوڵبژێر، سەرتۆپ، هەڵبژاردە، دەستەبژێر، بژاردە ◌ نخبه

pickelhaube /'pɪk(ə)l,(h)aʊbə/ *noun*

(مێژوویی) جۆرێ کڵاوشەری سەربازانی ئەڵمانی ◌ نوعی کلاه

picker /'pɪkə(r)/ *noun*

1 میوەچن، (لە لێکدانا) ـچن 2 چیلکەی ددان، داناژن 3 گوێ‌سر ◌ 1 میوەچین، ـچین 2 خلال دندان 3 گوش‌پاکن

pickerel /'pɪk(ə)r(ə)l/ *noun, pl.* same or pickerels

1 قازەماسی، جۆرێ ماسی pike ئەمریکای باکووری [تۆخم *Esox*: چەندین جۆرن] 2 بەچکە pike ◌ 1 اردک‌ماهی 2 بچەی اردک‌ماهی

picket /'pɪkɪt/ *noun*
1 چـاودێری مـانگرتن، پێـشەنگی مـانگرتن، کرێکـار یـان دەسـتەی کرێکـارانی مـانگر 2 (لەشـکری، بـۆ دژمـن) چـاودێر، زێرەڤـان، نێشکگر، کێشکگر، بنکەپارێز 3 (پەرژین و هتد) دار، دەستەک، داری نووکتیژ، سنگ ۞ 1 پیش‌قراول اعتصاب 2 دیدەور 3 تیر

picket fence *noun*
پەرژینی لە دار یان دەسـتەکی ۞ حصار تیری

picket-guard /'pɪkɪt gɑ:d/ *noun*
بنکەپارێز، چاودێر، دیدەوان ۞ دیدەور

picketing /'pɪkɪtɪŋ/ *noun*
مان‌پێ‌گرتن، هان‌دان بۆ مان‌گرتن، ناچارکردن بۆ مان‌گرتن، چالاکی مان‌گرتن (راوێستان لەبەر درگایێ و نەهێڵن کە کەس بچێتە ژوورەوە) ۞ مجبورسازی به اعتصاب

picket line /'pɪkɪt laɪn/ *noun*
1 ریز یا کۆمەڵی مان‌گرتووان 2 - tether ۞ 1 صف یا گروه اعتصابیون

picking /'pɪkɪŋ/ *adjective*
هەڵبژاردە، گوڵبژێر ۞ منتخب

pickings /'pɪkɪŋz/ *noun, pl.*
قـازانجی یـەکجار زۆر، خێـری لـە ئەندازبـەدەر: *There were only slim pickings to be made at the fair* ۞ سود کلان

pickle /'pɪkl/ *noun*
1 ترشـیات 2 خەیارشـۆر 3 سـرکە 4 گێچـەڵ، نەگبەتی، گرفتاری، تەنگ‌وچەڵەمە، پێوەبوون، چەرمەسەری 5 منالی ناجـن و شەیتان ۞ 1 ترشی 2 خیارشور 3 سـرکه 4 گرفتاری، ورطـه 5 بچەی تخس

pickled /'pɪkld/ *adjective*
1 ترشیات: *pickled cabbage/herring/onions* 2 سـوێر 3 مەسـت، کەلـەلا، کـەیل: *He was completely -ckled* ۞ 1 ترشی 2 شور 3 مست

picklock /'pɪklɒk/ *noun*
1 دز، چەتە، قفڵبڕ 2 شتی کردنەوەی قفل ۞ 1 دزد 2 اسباب قفل‌گشایی

pickman /'pɪkmən/ *noun, pl.* pickmen
قولینگ‌بەدەست، قولینگ‌کار ۞ کلنگ‌دار

pick-me-up *noun*
(نافـەرمی) خواردنـەوەی گـورج‌کـەرەوە یـان کـەیفسـازکەر، خواردنـەوەی گورپێـدەر ۞ مشروب فعال‌ساز

pickney /'pɪkni/ *noun*
(ئینگلیسی رەشەکان) منال ۞ بچه

pickpocket /'pɪkpɒkɪt, US -pɑ:kɪt/ *noun*
گیرفانبڕ، گیفان‌دز ۞ جیب‌بر

pickpocketing *noun*
گیرفانبڕی، گیفان‌دزی ۞ جیب‌بری

pickup /'pɪkʌp/ *noun*
1 (قـەوان، stylus رادەگـرێ) باسـک، قـۆڵ 2 (ماشێن) تاو، دەرپەڕین 3 کۆکردنەوە، خڕکردنەوە 4 پێشکەوتن، پەرەسەندن، پێشوەچوون (ب.ت. ئابووری) 5 بووژانەوە 6 زۆربوون 7 لۆرێچکە، پیکاپ ۞ 1 پیکـاپ 2 شـتاب 3 جمـع‌آوری 4 پیشرفت، ترقی 5 احیا 6 افزایش 7 وانت

pickup truck *noun*
لۆریچکە، ڤانێت ۞ وانت

picky /'pɪki/ *adjective* (pickier, pickiest)
(نافـەرمی) دێرپـەسـند، درەنـگ‌ڕازی(بـوو)، سەختگر، عەیبگر، درەنگ‌هەڵبژێر: *She's very picky about her clothes* ۞ مشکل‌پسند

picnic /'pɪknɪk/ *noun*
1 چوونـەدەرەوە، سـەیران، گـەڕان 2 نـان یـان خۆراکی دەرەوە، توێشوو ۞ 1 پیک‌نیک 2 غذای پیک‌نیک

picnicker /'pɪknɪkə(r)/ *noun*
سـەیران‌ڕەو، سـەیران‌کـەر، فێرەپیـک‌نیـک، دەرەوەچوو ۞ پیک‌نیک‌رو

pico- /'pi:kəʊ, 'pʌɪkəʊ/ *prefix*
پێشـگر: 1 ئامـاژە بـە فـاکتۆری 10^{-12} دەکـا: *picosecond* 2 یـەکجـار ورد، زۆر چکۆلـە: *picornavirus* (بنـەڕەت: لـە *pico* سـپانیایی "little bit ,peak ,beak") ۞ پیشوند: 1 پیکو 2 بسیار ریز، خیلی کوچک

picornavirus /pɪ'kɔ:nəˌvʌɪrəs/ *noun*
کۆمەڵێ لە ڤایرۆسە یەکجار وردەکانی RNA کە نـەخۆشـی دەم و پـێ دەگرێتـەوە (لـە -pico + virus + RNA پێکهاتووە) ۞ پیکورناویروس و ڤایرۆسـەکـانی rhinovirus ،enterovirus

picot /'pi:kəʊ/ *noun*
میل‌چنی، میل‌دووری، قولاپ‌چنی ۞ قلاب‌دوزی

picotee /ˌpɪkə'ti:/ *noun*
جۆرێ (گوڵە)مێخەک ۞ پیکوتی

picquet = picket2

picric acid /'pɪkrɪk/ *noun*
(کیمیـا) ترشەڵـۆکی پیکریـک یـان تاڵـکە $C_6H_3N_3O_7$: جۆرێ ترشەڵۆک یان ئاوێتەیێکی ئاوەتوواو، کریستاڵی و زەرد، زۆرتر لە بواری بەرهەم‌هێنانی تەقەمەنی‌دا بەکاردێنرێ ۞ اسید پیکریک

Pict *noun*
ئەنـدامی گـەلێکی کـۆن، دانیـشتووی بـاکووری سـکاتلەند، لە سـەردەمی رۆم‌دا ۞ پیکت

Pictish *adjective*
سەربە پیکت ۞ وابسته به پیکت

pictogram /'pɪktəgræm/ *noun*
هێڵکاری یا دیاگرامی وێنەیی ۞ نمودار تصویری

pictograph *noun*
هێڵ یان نیـشانە و هێمای وێنـەیی ۞ خط یا رمز تصویری

pictographic *adjective*
سەربە نووسینی وێنەیی ۞ وابسته به نگارش تصویری

pictography *noun*
نووسینی وێنەیی ۞ نگارش تصویری

pictorial /pɪk'tɔːriəl/ *adjective, noun*
adj وێنەدار، وێنەیی *n* ڕۆژنامە یان گۆڤاری وێنەیی (یان وێنەدار) ۞ *adj* مصور، تصویری *n* روزنامه یا مجله‌ی مصور

pictorially /-əli/ *adverb*
وێنەدارانە، بە شێوەیەکی وێنەدار یان وێنەیی ۞ به طور مصور

picture /'pɪktʃə(r)/ *noun*
1 وێنە، ئەکس، عەکس 2 تابلۆ، نیگار، دیمەن (یان شت یان مرۆڤێن)ی جوان 3 باس‌کردن، شی‌کردنەوە، باس‌کردن، لێکدانەوە 4 ڕەوش، کاودان، دەستوودار، باروودۆخ، دۆخ 5 فیلمی سینەمایی 6 نموونە 7 شێوە، هاوتا، وێنە ۞ 1 عکس، تصویر 2 تابلو، صحنه‌ی تماشایی 3 وصف، شرح 4 وضعیت 5 فیلم سینمایی 6 مظهر 7 شبیه

picture book /'pɪktʃə bʊk/ *noun*
کتێبی وێنەدار، کتێبی منالان ۞ کتاب مصور

picture card *noun*
(پەڕێن) وێنە، ڕوو، عەکس، ئەکس ۞ صورت

picture-frame /'pɪktʃə freɪm/ *noun*
چوارچێوەی وێنە، قاپی وێنە ۞ قاب عکس

picture-gallery /'pɪktʃə gæləri/ *noun*
پێشانگای (وێنە) کێشراوەکان، پێشەنگای وێنەکان ۞ نگارخانه

picture hat *noun*
کڵاوی ژنانەی لێوار پان (لە ئینگلتەرە و سەدەی 18) ۞ کلاه مصور

picture palace *noun*
(کۆن، بریتانیا) سینەما ۞ سینما

picture-perfect *adjective*
تەواو، یەکجار باش ۞ عالی

picture postcard *noun*
1 کارتی پۆستال 2 (وەکوو ئاوەڵناو) خۆش‌دیمەن، جوان: *a picture-postcard village* ۞ 1 کارت پستال 2 تماشایی

picture rail *noun*
سنگ یان داری پیاهەڵواسینی تابلۆ ۞ چوب آویز تابلو

pictures *noun*
سینەما ۞ سینما

picturesque /,pɪktʃə'resk/ *adjective*
1 جوان، خۆش‌دیمەن: *a picturesque cottage/village* 2 نائاسایی، سەیر، دانسقە 3 ڕوون، دیار، خویا، ڕۆشن ۞ 1 تماشایی، زیبا 2 نامتعارف 3 صریح

picturesquely /,pɪktʃə'reskli/ *adverb*
خۆش‌دیمەنانە، جوان ۞ به طور تماشایی

picturesqueness /,pɪktʃə'resknəs/ *noun*
1 جوانی، خۆش‌دیمەنی، ڕندی 2 سەیربوون، نائاسایی‌بوون ۞ 1 تماشایی بودن 2 نامتعارف بودن

picture theatre *noun*
(کۆن، زۆرتر لە ئەمریکا (ی باکووری) سینەما ۞ سینما

picture window *noun*
شووشەبەند، پەنجێرەی یەک‌چاوەشووشە، پەنجێرەی گەورە، پەنجێرەی دیمەن دیار ۞ پنجره‌ی بزرگ

picture writing /'pɪktʃə raɪtɪŋ/ = pictography

picul *noun*
پیکول (یەکەی کێشانی چینی) ۞ پیکول

piculet /'pɪkjʊlɪt/ *noun*
جۆرێ دارکونکەرەی woodpecker چکۆلەی کلک‌کورت [*Picumnus* (ئەمریکای ناوەندی یان باشووری) و توخمەکانی تر] ۞ نوعی دارکوب

piddle *noun*
1 میز، گمێز 2 میزکردن، میزاندن ۞ 1 شاش 2 عمل شاشیدن

piddling /'pɪdlɪŋ/ *adjective*
هیچەکە، هیچ، چکۆلە، ناگرنگ، نایەخ، بێهوودە، بێ‌واتا، بێ‌بایەخ: *I spent all day doing piddling little jobs* - ۞ جزئی، کوچک، کم‌اهمیت

piddock /'pɪdək/ *noun*
گیانەوەرێکی بێ‌بڕبڕەی mollusc دوولەپکەیی، کون لە نێو بەرد یان تاشتی ڕەقی تر دەکا [*Pholas* و توخمەکانی تر] ۞ پیدوک

pidgin /'pɪdʒɪn/ *noun*
1 پیجین، زمانی پیجین 2 (Pidgin) = Tok Pisin ۞ پی‌جین

pi-dig = pye-dog

pie[1] /paɪ/ *noun*
(چێشت‌لێنان) پای: *Help yourself to some more pie* ۞ پای

pie[2] /paɪ/ *noun*
پای: یەکەی پارەی جارانی نیمچەوشکاری هیندوستان، بەرامبەر بە دوازدەیەکی anna یێ (بنەڕەت: لە سانسکریت *pada*, *padī* "quarter") ۞ پای

piebald /'paɪbɔːld/ *adjective, noun*
adj (ئەسپ) بەڵەک، بازە، ڕەش‌وسپی، ڕەش‌باز *n* ئەسپی بەڵەک (بازە)، کلل ۞ *adj* ابلق *n* اسب سیاه و سفید

piece /piːs/ *noun*
1 تیکە، بر، پار، پارچە، کەل، کەر، قل، لەت، کوت، هەوا (دەزوو و...)، تیلماسک، کۆبلە، کەرت 2 کەس، پیاو، بنیادەم 3 (شەترەنج) داش،

دار، مۆرە 4 دانە، دەنک 5 (پارچە و هتد) تاقە، تـوپ 6 کـۆین 7 (نافـەرمی) چـەک، تفـەنگ 8 وتار، بابەت، مزار 9 (هونەر) کار، بەرهەم 10 نموونە، میناک 11 مەودا (کورت) 12 (نافەرمی) ژن ◇ 1 قطعه 2 نفر 3 (شطرنج) مهره 4 عدد، دانه 5 (پارچه) طاقه 6 سکه 7 تفنگ 8 مقاله 9 (هنر) اثر 10 نمونه 11 فاصله 12 (عامیانه) زن

piece de résistance /ˌpjɛs də reɪˈzɪstɒ̃s, French pjɛs də ʀezistɑ̃s/ *noun*
1 شـاکار، سـەرتۆپ 2 رەگـەز یـان تـوخمی سەرەکی، بەشی بنەڕەتی، بەشی هەرەگرنگ ◇ 1 شاهکار 2 عنصر اصلی، بخش بنیادین

piece goods *noun, pl.*
کوتاڵ، پارچە، قوماش (بۆ فرۆش و بە شێوەی ستاندارد چنراو) ◇ قماش

piecemeal /ˈpiːsmiːl/ *adverb, adjective*
کـەم‌کـەم، بەرەبـەرە، نەختەنەختـە، چکەچکـە، ناوەنـاوە، وردەوردە، پلەپلـە: *piecemeal changes* ◇ به تدریج، تدریجی

piece of eight *noun*
(مێژوویی) دۆلاری سپانیایی، بەرامبەر بە هەشت real ◇ دلار اسپانیایی

piece-work /ˈpiːswɜːk, US -wɜːrk/ *noun*
بڕکاری، قەباڵ، حەقدەس بەپێی کار ◇ کار به صورت مقاطعه

piece-worker *noun*
بڕکار، قەباڵ‌کار، کرێکاری قۆنتەراتی ◇ کـارگر کارمزد

pie chart *noun*
هێلکاری یان دیاگرامی خڕ (یان بازنەیی) ◇ نمودار دایره‌ای

pied /paɪd/ *adjective*
(باڵندە) رەش‌وسپی، خاڵ‌خاڵاوی، خاڵ‌خاڵ، بەڵەک، پاچە، بازە، بازو ◇ ابلق، خال‌مخالی

pied-a-terre /ˌpjeɪdɑːˈtɛː, French pjetatɛʀ/ *noun, pl.* pieds-à-terre pronunc. same
ماڵـی کـاتی، ماڵـی تـر، ماڵـی دووەم، ماڵـی جارناجار ◇ منزل موقت

piedmont /ˈpiːdmɒnt/ *noun*
داوێـن، قـەرتاڵ، قـەد، کونتـار، گـەوە، کـاس، وەرپـاڵ، بـەروار، بنـار، بـەرکاو، پـاڵداوێـن، پـادەشـت، پـێ‌دەشـت، پـاکێو (لـە *piemonte* ئیتالیایی) ◇ کوه‌پایه

Piedmontese *noun* (*pl.* same), *adjective*
n پیدمۆنتی، رەسەن یان دانیشتووی Piedmont، ناوچەیێ لە باکووری رۆژاوای ئیتالیا *adj* سەربە پیدمۆنت ◇ پیدمونتی

pied noir /pjeɪ ˈnwɑː, French pje nwaʀ/ *noun*, pieds noirs pronunc. same
کەسێکی بـە رەچەڵـەک ئـەورووپایی کـە لـە ئەلجەزیرە بە درێژایی دەسەڵاتی فەرەنسە دەژیا، ب.ت. کەسێ کـە گەڕابێتـەوە ئـەورووپا پـاش سەربەخۆیی ئەلجەزیرە ◇ پیوئی نوا

pie-eyed *adjective*
(نافەرمی) کەلەلا، مەست، کەیل ◇ مست، پاتیل

Piegan, *pl.* same or Piegans = Peigan

pier /pɪə(r), US pɪr/ *noun*
1 لەنگەرگا 2 کۆڵەکە یان ستوونی پرد، کلە، پاکل، کلی پرد 3 دیواری نێوان دوو درگا یان پەنجێرە، پایە 4 کۆڵەکە، ستوون، لەی، دینگە ◇ 1 اسکله 2 پایه‌پل 3 جرز 4 ستون

pierced *adjective*
کون‌کراو، کون‌کون، دابێژدابێژ ◇ سوراخ‌شده

piercing /ˈpɪəsɪŋ, US ˈpɪrsɪŋ/ *adjective*
1 (بـا، سـەرما و هتـد) تـەزدار، زۆر سـارد، سۆزاوی، ئێسک‌بڕ، گەزیو 2 (دەنـگ) زریکـە، جیکە، زیکە، قیژە، دەنگی ناخۆش 3 تیژ، بڕا ◇ 1 (باد) سوزدار 2 صدای گوش‌خراش 3 نافذ

piercingly /ˈpɪəsɪŋli, US ˈpɪrsɪŋli/ *adverb*
بە چاوی تیژەوە، بە زریکـە ◇ با نگاه نافذی، بـه طور گوش‌خراش

pier glass /ˈpɪə glɒːs/ *noun*
ئاوێنەی پایە (نێوان دوو پەنجێرە) ◇ آینه‌ی جرز

pierid /ˈpʌɪərɪd/ *noun*
(مێرووناسـی) جـۆرێ پەپوولـە لـە خێـزانی Pieridae ◇ نوعی پروانه

pieris /ˈpɪərɪs, US ˈpʌɪ-/ *noun*
جۆرێ دەوەنی هەمیشەسەوز [توخم *Pieris*] ◇ نوعی درخت‌چه

pierrot /ˈpɪərəʊ, ˈpjerəʊ, US ˈpɪəroʊ/ *noun*, also Pierrot, *fem.* pierette
(لە فەرەنسـەدا) گاڵتەچی، تەڵخەک، کوسـەبابی (جلی سپی لەبەر دەکا و سەروچاویشی سپی دەکا) ◇ دلقک

pier table *noun*
مێزی پایە (ب.ت. لەژێر ئاوێنەی پایە) ◇ میزجرز

Piespoeter /ˈpiːzˌpɔːtə/ *noun*
پیزپـۆرتێر: جـۆرێ مـەی Mosellەی سـپی، لـە Piesport ناوچەیێکی ئەڵمانیا دروست دەکرێ ◇ پیزپورتر

pietà /pjeɪˈtɑː/ *noun*
وێنە یان پەیکەری مریەمە کە سەری عیسای لەسەر کۆشە و یان لەسەر دەسیەتی (شینی بۆ دەکا) ◇ پیوئیتا

pietas /ˈpʌɪətɑːs, US piːˈeɪtɑːs/ *noun*
ئەرک‌ڕاپەڕێنی، قانوونزانی، رێز بۆ باوباپیر، وڵات یان دەزگایێ ◇ وظیفه‌شناسی، احترام برای نیا، کشور یا نهادی

pietism /ˈpʌɪətɪz(ə)m/ *noun*
1 پارێزگـاری، لەخواترسـی 2 (Pietism) بزووتنـەوەیێکی سـەدەی 17 بـۆ ژیاندنـەوەی

پارێزگـــاری لـــە کلێـــسەی Lutheran دا ۞ 1 پارسایی، تقوا 2 پیتیسم

pietist /'pʌɪətɪst/ *noun, adjective*
پارێزگار، لەخواترس، وشکەسۆفی (دووڕوو) ۞ پارسا، متقی

pietistic *adjective,* also pietistical
پارێزگـــــار، لـــــەخواترس، وشکەســـــۆفی (pietistically *adv*) ۞ پارسامنش

pietra dura /ˌpjɛtra 'du:rə/ *noun*
موزایـیک‌کاری وێنـەیی بـەردی نیمچەبـەنرخ (لە ئیتالیایی (کۆ *pietre dure*)، واتا: بەردی سەخت یان ڕەق) ۞ معرق فلورانسی

piety /'paɪəti/ *noun, pl.* pieties
پارێزگاری، لەخواترسی، بەدینی، devoutness ۞ تقوا، پارسایی

piezo- *prefix*
پێشگر: گوشار، پاڵەپەستۆ، پەستان، :pressure *piezometer* (بنەڕەت: لە *piezein* یونانی‌یەوە) ۞ پیشوند: فشار

piezo /pʌɪ'i:zəʊ, US 'pi:zəʊ/ = piezo-electric

piezo-electric *adjective,* also piezo-electric
پیزۆئێلیکتریکی (piezo-electrically *adv*) ۞ پیزوالکتریکی

piezo-electricity *noun,* also piezo-electricity
پیزۆئێلیکتریسیتی ۞ پیزوالکتریسیته

piezometer /ˌpʌɪɪ'zɒmɪtə/ *noun*
گوشارپێو، پەستانپێو ۞ فشارسنج

piezometric *adjective,* also piezometrical
سەربە گوشارپێوی یان پەستانپێوی ۞ وابسته به فشارسنجی

piezometry *noun*
گوشارپێوی، پەستانپێوی ۞ فشارسنجی

piffle /'pɪfl/ *noun*
(نافەرمی) قۆڕیات، هەڵیت‌وپڵیت، ترەهات، قسەی هیچەکە، قسەی بێ‌تام، nonsense، rubbish: *That's absolute piffle!* ۞ چرت و پرت

piffling /'pɪflɪŋ/ *adjective*
(نافەرمی) هیچەکە، نایەخ، بێ‌واتا، هیچ، بێ‌واتا، بێ‌نرخ، بێ‌بایەخ، قۆڕ، ناگرنگ: *piffling amounts* ۞ جزئی، بی‌معنا، ناچیز، بی‌ارزش

pig /pɪg/ *noun*
1 بەراز، وراز، گاکول، خووگ، واش [*Sus domesticus*] 2 بەچکە بەراز، کودەڵە، چوغەبازەڵە، بزەڵە (ساوا)، شیکە (یان پارکۆڵە: دووساڵان)، باقوڕە، پەڵخ 3 گۆشتی بەراز 4 بنیادەمی هیچ‌وپووچ و خوێڕی 5 (نافەرمی، سووکانە، ئەفسەری) پۆلیس، پاسەبان 6 کاری سەخت، کاری گران، کاری پیس (و گڵاو) 7 (کانزاناسی) ئاسنی خاو 8 (کانزاناسی) ئاسنی تازەداڕێژراو ۞ 1 خوک 2 بچەی خوک 3 گوشت خوک 4 آدم کثیف 5 پلیس 6 کار سخت 7 (فلزشناسی) چدن خام 8 شوشه

pigboat =submarine (slang)

pigeon[1] /'pɪdʒɪn/ *noun*
1 کۆتر، کەڤۆک [خێزان Columbidae: زۆر جۆرن] 2 گۆشتی کۆتر 3 کەسێکی ساویلکە یان سادە 4 بەرپرسایەتی 5 ئەرک، کار، پەیور 5 - clay pigeon ۞ 1 کبوتر 2 گوشت کبوتر 3 آدم سادەلوح 4 مسؤلیت 5 وظیفه

pigeon[2] = pidgin

pigeon-breast /'pɪdʒɪn brest/ *noun*
سنگ‌دەرپەڕیوی، سنگی کۆتری ۞ سینەی کفتری

pigeon-chested *adjective,* also pigeon-breasted/'pɪdʒɪn brestɪd/
سنگ‌دەرپەڕیو، سنگ‌کۆتری ۞ سینەکفتری

pigeon-hearted /'pɪdʒɪn hɑ:tɪd/ *adjective*
ترسەنۆک، حیز ۞ بزدل

pigeonhole /'pɪdʒɪnhəʊl, US -hoʊl/ *noun*
1 کۆترخان 2 کون، جێگا، خانە، چاوە، قەفەسە 3 (خوازە) دەستە، چین، پۆل، دەست ۞ 1 لانەی کبوتر 2 سوراخ، خانه 3 (مجازی) گروه، طبقه، رده

pigeon-house /'pɪdʒɪn haʊs/ *noun*
کۆترخان، هێلانەکۆتر ۞ لانەی کبوتر

pigeon pea *noun*
1 دانێکی پۆلکەئاسای سووری توندی گەرمێنان 2 ڕووەکێکی دارین کە ئەو دانە دەگری، پۆلکەکۆترانە [*Cajanus cajan*] ۞ پیجین پی

pigeonry *noun, pl.* pigeonries
کۆترخان، هێلانەکۆتر ۞ لانەی کبوتر

pigeon-toed *adjective*
پەنجەهەڵگەڕاوە، پەنجەبۆنێو ۞ پنجەبرگشته

piggery /'pɪgəri/ *noun, pl.* piggeries
1 بەرازداری، بەرازڕاگری، بەراز بەخێوکردن، تێولەی بەراز، بەرازخان، سەرگێڕی بەراز 2 هەڵس‌وکەوت یان ڕەفتاری بێزاوی swinish behaviour ۞ 1 خوک‌داری، خوک‌دانی 2 رفتار نفرت‌انگیز

piggish /'pɪgɪʃ/ *adjective*
1 بەرازئاسا، بەرازی، بەرازڕەفتار، وەکوو بەراز: *a piggish snort* 2 پیس، ناپاک، ناخاوێن، گڵاو 3 چڵێس، نەوسن، چاوچنۆک، زگەڕۆ ۞ 1 خوک‌مانند 2 کثیف 3 حریص

piggishly /'pɪgɪʃli/ *adverb*
بەرازئاسایانە، بەرازانە، بەرازڕەفتارانە ۞ خوک‌صفتانه

piggishness /'pɪgɪʃnəs/ *noun*
1 بەرازئاسایی، بەرازی، بەرازڕەفتاری 2 پیسی، ناپاکی، ناخاوێنی، گڵاوی 3 چڵێسی، نەوسنی، چاوچنۆکی، زگەڕۆیی ۞ 1 خوک‌ماندی 2

کاڵەت 3 حریص بودن

piggy /'pɪgi/ *noun* (*pl.* piggies), *adjective*
1 کودەلە، باقوڕە، بێولە، بێچووە بەراز، پەلخ، بەچکە بەراز، توتکە بەراز 2 بەرازئاسا، بەرازی، بەرازڕەفتار، وەکوو بەراز 3 پیس، ناپاک، ناخاوێن، گلاو 4 چلێس، نەوسن، چاوچنۆک، زگەڕۆ ۞ 1 بچه خوک 2 خوک‌مانند، خوک‌منش 3 کثیف 4 حریص

piggyback /'pɪgibæk/ – pick-a-back

piggybank *noun*
داخلە (ب.ت. بە شێوەی بەراز) ۞ قلک

pigheaded /ˌpɪg 'hedɪd/ *adjective*
کەللەڕەق، کەللەشەق، لاسار، سەرەڕۆ، سەرخەر، سەهەند، قەنەبیس: *Why are you being so pig-headed about this?* ۞ یک‌دنده، لجوج

pigheadedly /ˌpɪg 'hedɪdli/ *adverb*
کەللەڕەقانە، لاسارانە، سەرەڕۆیانە ۞ لجوجانه

pigheadedness /ˌpɪg 'hedɪdnəs/ *noun*
کەللەڕەقی، کەللەشەقی، لاساری، سەرەڕۆیی، سەرخەری، قەنەبیسی ۞ لجاجت، یک‌دندگی

pig-ignorant *adjective*
(نافەرمی) یەکجار کەر ۞ بسیار احمق

pig iron /'pɪg aɪən/ *noun*
(کانزاناسی) چەودەنی خاو، حەوجۆش، ئاسنی خاو، ئاسنی کوورەی دارشتن (ئەو دەمەی لە کوورە دەردێنرێ، لە شێوەی قالبی درێژکۆلە oblong block، پوختە دەکرێ بۆ بەرهەمهێنانی پۆلا، ئاسنی نادارشتە یان گونجاو wrought iron و دارشتە ingot) ۞ چدن خام، آهن توده

Pig Latin *noun*
جۆرێ زمان (ی نەهێنی) کە ب.ت. لە لایەن منالانەوە بەکاردێنرێ و لە ئینگلیسی ئاسایی دارێژراوە (لەودا یەکەمین نەبزوێن consonant یان دەستە نەبزوێنی هەر وشەیێ بۆ کۆتایی وشەکە رادەگوێزرێ و پیتێکی (یان بڕگەیێکی) بزوێن یان دەنگداری دەخرێتەسەر، وەک ipskay the ointjay بۆ skip the joint) ۞ پیگ لاتین

piglet /'pɪglət/ *noun*
بێچووە بەراز، کودەلە، کۆدە، لۆلک، پەلخ، باقوڕە، پارکۆلە (دووساڵان)، چۆغەبازەلە، بەچکە بەراز، توتکە بەراز، تولە بەراز ۞ بچه خوک

pigment /'pɪgmənt/ *noun*
1 رەنگ، بۆیە، ماک یا مادەی رەنگی، مل، رەنگی سروشتی یا خۆرسکی 2 ماکی رەنگی لە گیانەوەران و گیا و رووەکدا، ب.ت. لە خانە یان شانەکاندا (بنەرەت: لە *pigmentum* لاتین، لە *pingere* "رەنگ‌کردن") ۞ 1 رنگمایه، رنگ، رنگدانه 2 مادەی رنگی جانوران و گیاهان

pigmental /pɪgməntl/ *adjective*, also pigmentary
رەنگی، رەنگاوی، رەنگدار، ملی، سەربە مل ۞ رنگی، وابسته به رنگدانه

pigmentation /ˌpɪgmen'teɪʃn/ *noun*
(پێست، گەڵا، موو و هتد) رەنگ، پیگمێنتاسیۆن، کۆبوونەوەی ماکی رەنگیێکی زۆر لە شانەکاندا ۞ رنگ، رنگیزەدارشدن

pigmented /pɪg'mentɪd/ *adjective*
بە رەنگی سروشتی یان خۆرسکی(یەوە) ۞ دارای رنگ طبیعی

pigmy = pygmy

pignut = earthnut

pigpen /'pɪgpen/ – pigsty

pigskin /'pɪgskɪn/ *noun*
1 کەوڵی بەراز، چەرم یان پێستەی بەراز 2 (نافەرمی، ئەمریکا) تۆپێن، فوتبۆڵ ۞ 1 چرم خوک 2 (عامیانه) فوتبال

pig-sticker /'pɪgstɪkə(r)/ *noun*
راوچیی یەکانە، یەکانەکوژ، یەکانەگر ۞ پیگ‌استیکر

pig-sticking *noun*
راوەیەکانە (بەرازی نێر)، ب.ت. بەسەر ئەسپەوە ۞ پیگ‌استیکینگ

pigsty /'pɪgstaɪ/ *noun, pl.* pigsties
1 تێولەی بەراز، بەرازخان، لانەبەراز، سەرگێری بەراز، جێ‌بەراز 2 (خوازە) تێولە ۞ 1 خوک‌دانی 2 (مجازی) آشغال‌دونی

pigswill /'pɪgswɪl/ – swill

pigtail /'pɪgteɪl/ *noun*
1 پەلکە، گولانگ، هوونەک 2 تووتنی پێچ‌هەڵدراو (وەک گوریس) 3 کلکی بەراز ۞ 1 گیس بافته 2 و 3 پیگتایل

pigweed /'pɪgwi:d/ *noun*
(رووەک‌ناسی) سەوڵ، وەک گیای تفاق وایە [*Amaranthus retroflexus* و جۆرەکانی تر] ۞ تاج خروس، زلف عروسان

pika /'pʌɪkə, US 'pi:kə/ *noun*
جۆرێ گواندار، سەربە کەروێشک، زۆرتر لە چیاکان یان دەشتەکان دەبینرێ [توخم *Ochotona*: زۆر جۆرن] ۞ پیکا

pike[1] /paɪk/ *noun, pl.* same
1 نێزەماسی، شەویلکەتیژە، پایک [*Esox lucius* و جۆرە پێوەندیدارەکان] 2 بۆ ناوی ئەو ماسی‌یە هاوشێوانە بەکاردێنرێ کە راوین، ب.ن. garpike ۞ اردک‌ماهی

pike[2] /paɪk/ = turnpike

pike[3] /paɪk/ *noun*
1 (مێژوویی) نێزە، رم (دەسکدار) 2 قولینگی دووسەر، پاچی دووسەر (پاچ و یەوفەک یەکدەمن یا یەکسەرن) ۞ 1 نیزه 2 کلنگ دوسر

piked *adjective*
نووک‌تیژ، نووک‌دار ۞ نوک‌تیز

pikelet *noun*
جۆرێ crumpet ی ناسک ۞ نوعی کرامپت

pikeman /'paɪkmən/ *noun, pl.* pikemen
(سەرباز) نیزەدار، نێزەهەڵگر، رمبەدەست،
رمهەڵگر ۞ نیزەدار

pikeperch *noun, pl.* same
جۆرێ zander یان ماسییێکی پێوەندی‌دار،
چەندین جوری ماسی شێوە pike، ب.ت.
walleye [توخم *Stizostedion*] ۞ نوعی ماهی

piker *noun*
1 (نافەرمی، ئەوستراليا) قوماربازی گرێوچکۆلە
2 مرۆی گوونەکەر یان پیسکە ۞ 1 پیکر 2 آدم
خسیس

pikestaff /'paɪkstɑ:f, US -stæf/ *noun*
دەسکی نێزە یان رم، دەسکەرم، داری نێزە ۞
دستەی نیزە

pil(i,o)- *prefix*
پێشگر: موو، تیسک، تووک، قژ، کولک ۞
پیشوند: مو، کرک

pilaf = pilaff

pilaff /'pi:læf, US pɪ'lɑ:f/ *noun*, also pulao
پلاو ۞ پلو

pilaster /pɪ'læstə(r)/ *noun*
ستوونی جوانی (چوارباڵوو بێ)، کۆڵەکەی
نێودیوار ۞ ستون‌نما

pilastered *adjective*
خاوەنی ستوون یان کۆڵەکەی جوانی، خاوەن
کۆڵەکەی نێودیوار ۞ دارای ستون‌نما

Pilates /pɪ'lɑ:ti:z/ *noun*
شێوازێکی مەشق و راهێنان بە دەزگای تایبەتی
۞ پیلاتس

pilau /'pi:laʊ/ = pilaf

pilchard /'pɪltʃəd, US -tʃərd/ *noun*
پیل‌چارد، جۆرێ ماسی خۆراکی چکۆلە لە
تیرەی herring [*Sardina pilchardus*
(ئەورووپا) و جۆرەکانی تر] ۞ ماهی ساردین

pile[1] /paɪl/ *noun*
1 دەستە، بەستەک، چینە، کەڵەک، کۆ، کۆما،
بارخانە، کۆگا، لۆدە، بۆر (لۆدە کا) 2
دەستەخانوو، کۆمەڵەدەزگا 3 (لە رێورەسمی
سووتاندنی تەرمدا) کۆمادار، کۆمائێزنگ 4
بڕێکی زۆر، کۆڵ(ێ)، کۆما، کۆگا، بارخانە: *the
growing pile of work* 5 کۆماپارە، لۆدەپوول،
دەریایێ پارە 6 باتری، قەوە، هێزە 7 رياكتۆری
ناوکی ۞ 1 دستە، تودە 2 مجتمع 3 تل هیزم 4
مقدار زیاد 5 پول کلان 6 باتری 7 راکتور اتمی

pile[2] /paɪl/ *noun, adjective*
n 1 کولکە، موو، خاو، بەن، تووک، پرز، پرزە 2
پارچەی کولکن *adj* کولکاوی، پرزاوی، پڕزاوی
۞ *n* 1 کرک 2 پارچەی دارای کرک *adj* کرک‌دار

pile[3] /paɪl/ *noun*
پاڵپشت، کۆڵەکە، شاستوون، بنک، کاریتە،
دیرەک، پایە، کلە، پاکڵ (پرد) ۞ پایە

pilea /'pʌɪlɪə/ *noun*
تەپلە؟: گیایێ لە تیرەی nettle [توخم *Pilea*]
(بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *pileus* لاتین " felt
cap") ۞ نوعی گیاه

pileate /'pʌɪli:ɪt/ *adjective*
پۆپن، پۆپنە، کڵاوەدار ۞ کاکل‌دار

pileated woodpecker /'pʌɪlɪeɪtɪd/ *noun*
دارکونکەرەی پۆپنە [*Dryocopus pileatus*]
۞ نوعی دارکوب

pile-driver /'paɪldraɪvə(r)/ *noun*
دەزگای کۆڵەکەچەقین یان ستوون‌داکوت،
ستوون‌داکوتە، دیرەک‌داکوتە ۞ ماشین تیرکوب

pile-driving *noun*
کۆڵەکەچەقینی، ستوون‌داکوتی،
کۆڵەکەداکوتاندن ۞ تیرکوبی

pileous /'paɪlɪəs/ = pilose

piles[1] /paɪlz/ *noun, pl.*
کۆڵێ، کۆمایێ، کوگایێ، مۆڵ، بڕێکی زۆر،
خەرواری: *a pile of books/clothes/bricks* ◊
piles of dirty washing ۞ یک خروار

piles[2] /paɪlz/ *noun, pl.*
مایەسیری، باسوورە، بێوەسیری ۞ بواسیر

pileum /'paɪlɪəm/ *noun, pl.* pilea
1 کڵاوێکی لمەدی بێ‌شەپکەی یۆنان و رۆمی کۆن
2 (گیانەوەرناسی) پۆپە، تاج 3 (رووەک‌ناسی)
چەتر، کڵاوە ۞ 1 پیلوم 2 کاکل 3 چتر

pile-up *noun*
1 لێکدانی زنجیرەیی (چەن ماشێن پێکەوە)،
لێکدانی چەند ماشێن پێکەوە 2 کەڵەکەبوونی
شتێکی تایبەتی ۞ 1 تصادف ماشین‌ها با هم 2
تراکم چیزی خاص

pileus /'pʌɪlɪəs/ *noun, pl.* pilei /-lɪʌɪ/
(رووەک‌ناسی) چەتر، کڵاوە (ی قارچک یان
toadstool) ۞ چتر

pilewort /'pʌɪlwɜ:t/ *noun*
(رووەک‌ناسی) مامیران، lesser celandine ۞
مامیران

pilferage /'pɪlfərɪdʒ/ *noun*
دزی چکۆلە، خوێڕی‌یەدزی، گەندەدزی، دزی
۞ دلەدزدی، دزدی

pilferer /'pɪlfərə(r)/ *noun*
خوێڕی‌یەدز، گەندەدز، لادز، حیزەدز، سیرمەدز
۞ دلەدزد

pilfering *noun*
دزی چکۆلە، خوێڕی‌یەدزی، لادزی، هەڵگرتن،
دزی، شەورفێنی ۞ دلەدزدی، دزدی

pilgrim /'pɪlgrɪm/ *noun*

زیارەتکەر، زیارەتوان، زیارەتکار ۞ زائر

pilgrimage /ˈpɪlgrɪmɪdʒ/ *noun*
زیارەت، دیدەنی، سەردان، سەفەر، دیدار ۞ زیارت، سفر، بازدید

Pilgrim Fathers = Pilgrims

Pilgrims *noun, pl.*
قەشە زیارەتوانەکان (یەکەمین دەستەی کۆچەرانی ئینگلیسی لە نیوئینگلەندا) ۞ زائران

piliferous /paɪˈlɪfərəs/ *adjective*
کولکن، تووکن، تیسکن، قژن، موودار ۞ کرکدار، دارای مو

piliform /ˈfɪləfɔːm/ *adjective*
مووئاسا، موویی، تووکئاسا، وەکوو کولک، کولکی ۞ مومانند

Pilipino /ˌpɪlɪˈpiːnəʊ/ = Filipino

pill /pɪl/ *noun*
1 حەب، حوب 2 حەبی بەرگیری 3 (نافەرمی) تۆپ، گۆ 4 (نافەرمی) کەسێکی عاجزکەر ۞ 1 قرص 2 قرص ضد بارداری 3 (عامیانە) توپ 4 (عامیانە) آدم کسل‌کنندە

pillage /ˈpɪlɪdʒ/ *noun*
تالان، تالانوبڕۆ، چەپاو، ڕاوڕووت: *They brought back horrific accounts of murder and pillage* ۞ غارت، چپاول

pillager /ˈpɪlɪdʒə(r), US ˈpɪlɪdʒər/ *noun*
تالانگەر، تالانچی، چەپاوکار، ڕاوڕووتچی ۞ غارتگر

pillar /ˈpɪlə(r)/ *noun*
1 ستوون، کۆڵەکە، ئەستووندەک، هووسی، چەلاک، دینگە، پایە، بوان، دیرەک، میل 2 کۆڵەکە یان ستوونی یادەوەری 3 (خوازە) تەوەر، هیم، بناخە، بنکەهەبنچینە 4 پشتیوان، باڵپشت ۞ 1 ستون، عمود 2 ستون یادبود 3 (مجازی) رکن 4 حامی

pillar box /ˈpɪlə bɒks/ *noun*
(لە بریتانیا) سنووقی پۆست ۞ صندوق پست

pillar-box red *noun, adjective*
ڕەنگی سووری کاڵ، سووری کاڵ ۞ رنگ سرخ روشن، سرخ روشن

pillared /ˈpɪləd, US -ərd/ *adjective*
کۆڵەکەدار، ستووندار، ستوونڕێز، کۆڵەکەڕێز ۞ ستون‌دار

pillbox /ˈpɪlbɒks, US -bɑːks/ *noun*
1 قوتووی حەب، حوبدان، جێی حەب، شووشەحەب 2 سەنگەر، پەنا یان پەرێزی بێتۆنی، بنکە یان سەنگەری تۆپ و شەستیر 3 کڵاوی خڕی چکۆلانە ۞ 1 جعبەی قرص 2 سنگر بتونی 3 کلاه کوچک گرد

pillion /ˈpɪliən/ *noun*
(مۆتۆرسیکلێت) تەرک، پاشتەرک ۞ ترک

pilliwinks /ˈpɪlɪwɪŋks/ *noun, pl.*
(مێژوویی) چێوجەلە ۞ اشکلک

pillock /ˈpɪlək/ *noun*
بنیادەمی کەر و گەوج ۞ آدم احمق

pillory /ˈpɪləri/ *noun, pl.* pillories
1 چەلەمە، کەلەوە (← شتێکی کە زوو بۆ سزادان و ئەشکەنجەدانی تاوانباران (لە بەرچاو خەڵک) بەکاریان دێنا و پێکهاتبوو لە چوارچێوە یان تەختەیێکی دارین کە چەند کونی تیابوو تا سەر و دەستەکانی بەستێتەوە) 2 هۆی نێوزڕاندنی کەسێ (لە بەرچاو خەڵک) ۞ 1 قاپوق 2 وسیلەی تمسخر در معرض عام

pillow /ˈpɪləʊ, US -loʊ/ *noun*
باڵنج، باڵین، بالیفک، باڵشت، سەرین، ژێرسەر، سەرینگە ۞ بالش، کوسن

pillow book *noun*
(لە ویژەی کلاسیکی ژاپۆنیدا) جۆرێ ڕۆژنامەی تایبەتی ۞ پیلوبوک

pillowcase /ˈpɪləʊkeɪs, US -loʊ-/ *noun*, also pillowslip
بەرگەباڵنج، سەرینپۆش، ڕووسەرین، بەرگەسەرین ۞ روبالشی

pillow-fight *noun*
شەڕەباڵنج (منالان دەیکەن) ۞ پیلوفایت

pillow talk *noun*
قسەی (تایبەتی) سەرجێ ۞ حرفهای رختخواب

pillwort /ˈpɪlwɜːt/ *noun*
(ڕووەکناسی) جۆرێ سەرەخس fern گیاناسای خشاو یان هەڵچوو [*Pilularia globulifera*] ۞ نوعی سرخس

pilocarpine /ˌpʌɪlə(ʊ)ˈkɑːpiːn/ *noun*
(کیمیا) جۆرێ ئالکالوێدی زووهەلمیو $C_{11}H_{16}N_2O_2$ لە گەڵای jaborandi دەگیرێ، ب.ت. بۆ چارەسەری glaucoma ۞ پیلوکارپین

piloerection *noun*
مووڕاستبوونەوە، مووبزبوونەوە، مووقرژبوونەوە ۞ راست شدن مو

pilonidal *adjective*
مووولان(ـە): سەربە کیسە یان توورەکەیێکی مووداری پێست (بنەڕەت: لە لاتین *pilus* "موو" + *nidus* "لانە، هێلانە") ۞ پیلونیدال

pilose /ˈpʌɪləʊz/ *adjective*, also pilous
کولکن، مووواوی، تووکن، تیسکن (بنەڕەت: لە لاتین *pilosus*، لە *pilus* "موو" ـەوە "hair") ۞ پشمالو

pilosity /pʌɪˈlɑːsətɪ/ *noun*
کولکنی، مووواویبوون، تووکنی، تیسکنی ۞ پشمالویی

pilot /ˈpaɪlət/ *noun, adjective*
1 *n* فڕۆکەوان: *an airline ◊ a fighter pilot* 2 *pilot* ڕێپیشاندەر، چاوساغ 3 ڕێپیشاندەری کەشتی، کەشتیبەر 4 (گاز و هتد) سۆڵە، گڕە،

گرۆچکە، گڕ، پیلۆت *adj* 1 فڕۆکەوانی، سەربە فڕۆکەوان 2 ڕێپیشاندەر 3 تاقیکردنەوەیی، سەرەتایی ◌ *n* 1 خلبان 2 راهنما 3 راهنمای کشتی 4 شمعک *adj* 1 خلبانی 2 راهنما 3 آزمایشی

pilotage /ˈpaɪlətɪdʒ/ *noun*

1 فڕۆکەوانی 2 کەشتیبەری، ڕێپیشاندانی کەشتی، ڕێبەرایەتی کەشتی ◌ 1 خلبانی 2 راهنمایی کشتی

pilot ballon *noun*

بالۆنی هەواناسی، شاتۆپی کەشناسی ◌ بالون اکتشافی

pilot bird *noun*

(بالندەناسی) بالندەفڕۆکەوانە: جۆرێ بالندەی عەرزی دەنگخۆشی قاوەیی ئەوسترالیایی [*Pycnoptilus floccosus*] ◌ نوعی پرنده

pilot-boat *noun*

فڕۆکەوانبەر، گەمی ڕاگوێستن یان بردنی فڕۆکەوان بۆ سەر کەشتی لە دەریادا ◌ پیلوتبوت

pilot burner = pilot light

pilot cloth *noun*

جۆرێ کوتالی لەخوری ئەستووری شین ◌ نوعی پارچە

pilotfish *nonn, pl.* same or pilotfishes

جۆرێ ماسی کە زۆرتر لەگەڵ ماسی گەورەتر لە نزیکەوە دەڕوا [*Naucrates ductor*] ◌ نوعی ماهی

pilot house = wheelhouse

pilot jacket = pea jacket

pilotless *adjective*

(فڕۆکە) بێفڕوکەوان ◌ بدون خلبان

pilot light *noun*

1 (گاز و هتد) سۆڵە، گڕۆچکە، گڕە، گڕ 2 جۆرێ چرای ڕێتوێن یان چرای کۆنترۆڵ و چاودێری ئێلیکتریکی ◌ 1 شمعک 2 نوعی چراغ راهنما یا چراغ کنترل برقی

pilot officer *noun*

ئەفسەرێ لە هێزی ئاسمانی پاتشایی، خوارتر لە پلەی flying officer ◌ ستوان دوم هوایی

pilot whale *noun*

پیلۆتوال (= جۆرێ ئەهەنگی چکۆلەی سەرچوارگۆشەی ددانڕەش [تۆخم *Globicephala*: دوو جۆرن]) ◌ وال پیلوت

pilous /ˈpʌɪləs/ = pilose

Pils /pɪlz, US -s/ = Pilsner

Pilsner /ˈpɪlznə, US ˈpɪls-/ *noun*, also Pilsener

جۆرێ ئاوجۆی lager، بە تامی توندی hop ـەوە، لە بنەڕەتا لە Pilsen (Plzen)ی کۆماری چێک ◌ پیلزن

pilular /pɪljʊlə(r)/ *adjective*

1 حەبی، حوبی، سەربە حوب 2 حوبئاسا، حەبی، حوبانە، شێوەحەب، لەحەبچوو ◌ 1 وابستە بە قرص 2 قرصمانند

pilule /pɪlju:l/ *noun*

حەبۆچکە، حوبچە، حەبچە، حوبۆکە ◌ قرصک

PIM /ˌpi: aɪ ˈem, pɪm/ *noun, abbreviation* personal information manager

بەڕێوەبەری زانیاری (تاکە)کەسی ◌ مدیر اطلاعات شخصی، پیایام

Pima /ˈpi:mə/ *noun, pl.* same or Pimas

1 ئەندامی گەلێکی سوورپێستی ئاریزۆنا و باکووری مێکسیکۆ 2 زمانی Uto-Aztecanی ئەو گەلە و Papago ◌ پیما

pimento /pɪˈmentəʊ, US -toʊ/ *noun, pl.* pimentos

بیبارەی سوورەی شیرین ◌ فلفل قرمز شیرین

pi-meson = pion

pimiento /ˌpɪmɪˈɛntəʊ, US pɪmˈjɛn-/ *noun, pl.* pimientos

جۆرێ بیبارەسوورەی شیرین ◌ نوعی فلفل شیرین سرخ

pimp /pɪmp/ *noun*

1 سەرگر، گەواد، تەرەس، دەویست، دویست، دەیوس 2 (نافەرمی، ئەوسترالیا) سیخوڕ ◌ 1 جاکش 2 جاسوس

pimpernel /ˈpɪmpənel, US -pərnel/ *noun*

(ڕووەکناسی) گوڵەجام؟، دزشان؟، دووشان؟ [*Anagallis arvensis* (هی ئاڵ scarlet) و جۆرەکانی تر] ◌ آناغالیس

pimping *adjective*

1 (کۆن) ناگرنگ، هیچەکە، چکۆلە 2 دەردەدار، جیقن ◌ 1 بیاهمیت 2 علیل

pimple /ˈpɪmpl/ *noun*

(پێست) زیپکە، پیزۆکە، نیرکە، سنگک، زیتکە، ئازەبە (لاوی)، بزرک، جوانەژۆ، papule، ب.ت. pustule: *a -le on her chin* ◌ جوش، کورک

pimpled /ˈpɪmpld/ *adjective*

زیپکاوی، پڕزیپکە، پیزۆکاوی، زیپکەزیپکە ◌ جوشزده

pimply /ˈpɪmpli/ *adjective*

زیپکاوی، پڕزیپکە، پیزۆکاوی، زیتکاوی، زیپکەزیپکە ◌ جوشزده

pimpmobile /ˈpɪmpməbi:l/ *noun*

(نافەرمی، ولاتە یەکگرتووەکان) جۆرێ ماشێنی پڕزریقەوبریقە ◌ نوعی ماشین تجملی

pin /pɪn/ *noun*

1 دەرزی 2 دەرزی سەرخڕ، دەرزیکاغز 3 سنگ، بەڕوولە، بزمار 4 دەرزی سەرسنگ 5 (هەنارۆک یان نارنجۆک) دەرزی یان زامن 6 (نافەرمی، pins) هەردوولاق، لنگ، قاچەکان 7 (لە ئامێردا) جەڕی میزان 8 دەسکی درگا 9

میله، میلەی دارین (وەکوو هی بۆلینگ)، گیرە، دەرزیقژ، گیرەی سەر 10 میل یان دەرزی سەعات، سنگی سەعات 11 تەوەر (یێکی چکۆلە کە شتێ بە دەوریدا دەسووڕێتەوە) ◌ 1 سنجاق 2 سوزن تە گرد 3 میخ 4 سنجاق سینە 5 (نارنجک) ضامن 6 (عامیانە) پاها 7 گوشی 8 دستگیرەی در 9 میلە، گیرە 10 میخ ساعت 11 محور

PIN /pɪn/ *abbreviation* personal identification number
(کامپیوتێر) ژمارەی ناسینەوەی خۆیی یان کەسی (ژمارەیێکی نەهێنی وەک هی بانک بۆ وەرگرتنەوەی پارە) ◌ شمارەی شناسایی شخصی

pinaceous /paɪˈneɪʃəs/ *adjective*
کاجی، کاژی ◌ کاجی

pinacolada /ˌpiːnə kəˈlɑːdə/ *noun*, also pina colada
پیناکۆلادا (خواردنەوەیێ کە لە ئاوی کۆکۆنات، ئاوی ئاناناس و رام rum دروست دەبێ؛ بنەڕەت: لە *piña colada* سپانیایی) ◌ پیناکولادا

pinafore /ˈpɪnəfɔː(r)/ *noun*
بەرەلبینە، بەرکۆشە، بەروانکە، بەرینکە، بەرانپێچ ◌ پیش‌بند

pinafore dress *noun*
کراسی سەرشانی یان بەرەلبینەیی ◌ سارافون

pinaster /paɪˈnæstə(r)/ *noun*
کاژی وشکانی یان دەشتی ◌ کاج بری

pinball /ˈpɪnbɔːl/ *noun*
(جۆری یاری) پینبۆل، پینبال ◌ پین‌بال

pinball machine *noun*
دەزگای پینبۆل ◌ ماشین پین‌بال

pince-nez /ˌpæ̃s ˈneɪ/ *noun*
(لە فەرەنسەوە) چاویلکەی بێ‌دەسک، چاویلکە یان عەینەکی سەرلووت ◌ عینک رودماغی

pincer /ˈpɪnsə(r)/ *noun*
1 (قرژاڵ و هتد) چنگاڵ، چنگ، قولاپ، چنگە: *Crabs normally catch food with their* (pincers /ˈpɪnsəz/) 2 *pincers* گاز، *a pair of* : بزمارکێش، کەربەتین، ماشەرز: ◌ *pincers* 1 چنگک 2 (در جمع) گازانبر

pincer movement *noun*
هێرشی دوولایی یان لە دوو قۆڵەوە (لە کاتێکدا) ◌ حملەی گازانبری

pincette /pɪnˈset, US pæ̃ˈset/ = tweezers

pinch /pɪntʃ/ *noun*
1 نەقوڕچک، قوڕنجک، کوڕنگان، کونجڕک 2 گازوگیر، تەنگانە، سەختی، تەنگەتاوی، تەنگی، سەنگی، باز، زۆر، گوشار، گورز 3 بڕێ، کەمێ، نەختێ ◌ 1 نیشگون 2 مشقت، تنگی، فشار، ضربە 3 یک ذرە

pinchbeck /pɪntʃbek/ *noun, adjective*
n دارشتەی مس و چینکۆ، شێوەی زێڕ دەدا *adj* فریودەر، رواڵەتی، قەڵب، رواڵەت‌جوان (لە راستیدا بێ‌نرخ) ◌ *n* پینچ‌بک *adj* ظاهرفریب، ساختگی

pinched /pɪntʃt/ *adjective*
1 بزرکاو، رەنگ‌زەرد، پووکاو، کز، تێکچوو، پێچوو، زەردهەڵگەڕاو: *His features were* 2 *greyish and -d* تووش‌بوو، دوچار(بوو)، لەگیردا، گیرکردوو، تەنگەتاو، لەگازوگیردا، پێوەبوو، گیرکەوتوو، تێوەگلاو، تێوەئاڵاو 3 دەستەنگ، لە تەنگانەدا ◌ 1 تکیدە 2 گرفتار 3 در مضیقەی مالی

pinchers, *pl.* = pincers

pinching *adjective*
تەنگەتاوی، زۆرهێنەر، پێویست ◌ مبرم

pinchpenny *noun, pl.* pinchpennies
مرۆی بەرچاوتەنگ یان سەقیل ◌ آدم خسیس

pincushion /ˈpɪnkʊʃn/ *noun*
دەرزیدان، جێ‌دەرزی، دۆشەکەڵەی دەرزی، دەرزی‌گیر ◌ جاسوزنی

Pindaric /pɪnˈdærɪk/ *adjective*
سەربە Pinder، هۆنەری بەناوبانگی یونان ◌ پینداری

pine /paɪn/ *noun, adjective*
1 *n* (هەروەها pine tree) کاج، کاژ، درەختی کاج، چام [توخم *Pinus* زۆر جۆرن]: بۆ ناوی دارە سنەوبەرییەکان یان خێزانەکانی تر بەکاردێتی، ب.ن. Chile pine 2 داری کاج *adj* کاجی، کاژی، لە کاج (دروس‌کراو) ◌ 1 *n* درخت کاج 2 چوب کاج *adj* از چوب کاج

pineal /paɪˈniːəl/ *adjective*
1 سنەوبەری، کاژی، لە بەری‌کاژچوو، شێوەی میوە یان بەری کاج دەدا 2 سەربە یان پێوەندی بە کاژەرژێنەوە هەیە، کاژەرژێنی: *a -eal* ◌ *the -eal hormone melatonin* ◊ *tumor* 1 صنوبری 2 وابستە بە غدەی صنوبری

pineal apparatus *noun*
دەزگا کاژی (یا سنەوبەری) ◌ دستگاه صنوبری

pinealectomy *noun*
بڕینی نەشتەرگەرییانە یان دەرکێشانی رژێنەی کاژی ◌ پانیالکتومی

pineal eye *noun*, also third eye
(گیانەوەرناسی، لە هێندێ خشۆک (وەک مارمێلکەکان) و بڕبڕەدارانی نزمدا (هی بووبەردی) چاوی کاژی یان سێهەم: پێکهاتەیێکی چاوئاسای ژوور سەر، لە دەزگای کاژییەوە پەردی سەندووە ◌ چشم صنوبری

pineal gland /ˈpɪnɪəl, US ˈpʌɪ-/ *noun*, also pineal body or epiphysis
رژێنەی کاژی یان سنەوبەری، کاژەرژێن ◌ غدەی صنوبری

pineapple /ˈpaɪnæpl/ *noun*

1 کـازەسـێو، ئانانـاس 2 داری کـازەسـێو، داری ئاناناس [*Ananas comosus*] ۞ 1 آنانـاس 2 درخت آناناس

pineapple guava = feijoa

pineapple sage *noun*

جۆری گوڵەمریەمەی salvia مـەکـسیکی، بۆنی وەک کازەسێو وایە [*Salvia elegans syn. S. rutilans*] ۞ نوعی گیاه

pineapple weed *noun*

mayweedی بـۆنئانانـاسـی [*Matricaria matricarioides*] ۞ نوعی گیاه

pine buaty *noun*

پـەپوولـەیێکی شـەوگـەڕی قـاوەیـی [*Panolis flammea*] ۞ نوعی پروانه

pinecone /'paɪnkəʊn/ *noun*

بەری کاژ، میوەی کاژ یا کاج، دەق ۞ میوەی کاج

pinedrops *noun, pl.* same

1 ڕووەکێکی مشـەخـۆری باریـک و بێگـەڵای ئەمریکای باکووری، لەژێر دارە کاژەکاندا شین دەبێ [*Pterospora andromedea*] - 2 beechdrops ۞ پایندراپس

pine famile *noun*

خێزانی کـاژ یـان کـاج، کـاژییـان: ڕووەکێکی خێـــزانی Pineaceae، زۆرتـــر ئـــەو دارە هـەمیشـەسـەوزە گـەڵادەرزییانـە، سـنەوبـەر، hemlock، larch و کـاژ و spruce ـە کـان (ئەوزەکان) دەگرێتەوە ۞ خانودەی کاج

pineland *noun*

(زۆرتـر pinelands) ناوچـە یـان شـوێنێ کـە زۆرتر بـە کاژسـتان یـان جـەنگـەڵی داری کـاژ داپۆشراوە ۞ پاینلند

pine marten *noun*

سمـۆرەی کـاژی (= جـۆرێ شـیردەر یـان گـوانداری شـێوە waesel دارنـشـینی تـووک قـاوەیـی تـۆخ، لـە ئـەورووپادا دەژی [*Martes martes*]) ۞ سمور کاجی

pinene /'pʌɪniːn/ *noun*

(کیمیا) کاژین، پاینین: جۆرێ terpeneی شـلی گرکێـشـی تێـو turpentine، ڕۆنی juniper و ئاوگـە سروشتـییـەکـان، دوو هایـدرۆکاربۆنی تێـرپێنی دووئاڵـقەیـی ئـاوەکـی ئیزۆمێریـک $C_{10}H_{16}$، زۆرتـر بـۆ بـەرهـەمهێنـانی کـافوور بەکاردێنرێ ۞ پینین

pine-needle /'pain niːdl/ *noun*

گەڵاکاژی، گەڵای کـاژی، گـەڵادەرزی ۞ بـرگ سوزنی

pinenut *noun,* (BrE also pine kernel)

دەنکی خۆراکی هێندێ داری کاژ ۞ پین‌نات

pine-resin /'pain rezɪn/ *noun,* also pine-rosin /'pain rɒzɪn/

جەوکی کاژ ۞ راتیانج

pinery *noun, pl.* pineries

1 دارسـتانی کـازەسـێو یـان داری ئانانـاس 2 کاژستان، کاجستان، دارستانی کـاژ ۞ 1 جنگل درختان آناناس 2 جنگل کاج

pinesap *noun*

هەریەک لە ڕووەکە مشەخۆر و گەندژییەکانی saprophytic تـوخمی Monotropa، خێـزانی wintergreen ۞ پایـنساپ

pine siskin *noun*

سـەیرەی کـاژی: جـۆرێ سـەیرەی چکۆلـەی ئـەمریکـای بـاکووری، هـێی دارسـتانەکـانی coniferous، باڵ و کلکی خاڵ و پنکەی زەردی لەسەرە [*Carduelis pinus*] ۞ نوعی سهره

pine snake *noun*

ماری کـاژی: هـەریەک لـە چـەندین ژێرجـوری subspecieی گامـــــارەکـــــان bullsnake ی ڕۆژهـەڵات و باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئـەمریکـا، زۆرتر لە دارستانەکانی کاژدا دەژین [*Pituophis melanoleucus*] ۞ نوعی مار

pine tar *noun*

قیری کاژ یان کاج: لە بواری سـابوون، ڕەنـگ و بـۆ دەرمـانکـردنی نـەخۆشـییـەکـانی پێـست بەکاردێنرێ ۞ قیر کاج

pinetum /pʌɪ'niːtəm/ *noun, pl.* pineta /-tə/

کاژسـتان، کاجسـتان، دارستانی کـاژ، باخێ بـۆ توێژینەوەی زانستی دارەکانی کاج (بنەڕەت: لە لاتین، لە *pinus* "کاژ") ۞ جنگل کاج

pine tree *noun*

داری کاژ، درەختی کاج، داری قـاج ۞ درخـت کاج

pine warbler *noun*

مەلی دەنگخۆشی کاژستانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئە مریکـا [*Dendroica pinus*] ۞ نـوعی مـرغ آوازخوان

pinewood /'paɪnwʊd/ *noun*

دارستانی کاژ، کاژستان، بێشەڵان یان دارەڵانی کاژ، داری کاژ ۞ جنگل کاج، چوب کاج

pinfeather /'paɪn feðə(r)/ *noun,* also pin feather

(باڵندەناسـی) پـەڕی تـازە (دەرکـردوو یـان پەرەنەسەندوو) ۞ پر تازه

pin-fire /'pain faɪə(r)/ *adjective*

دەرزیئاسا، سـووژنی ۞ سوزنی

pinfold /'pɪnfəʊld/ *noun*

(مێژوویی) پەچـە یا جێگـای ئاژەڵـە تـەرە یـان ئاوەکییەکان ۞ پینفولد

ping /pɪŋ/ *noun*

(دەنگ) ویزە، زینگە، گیز، گیزە ۞ جیرینگ

pinger *noun*

زینگەون، گیزەن ۞ جیرینگ‌کننده

ping-pong /pɪŋ pɒŋ/ *noun*

تێنیسی سەر میز، پینگ‌پۆنگ ◯ پینگ‌پونگ
pinguid /ˈpɪŋgwɪd/ *adjective*
(فەرمی) چەور، بەزاوی، شێوەی بەز یان چەوری دەدا ◯ چرب
pinguidity *noun*
چەوریتی، بەزاوی‌بوون ◯ حالت چرب
pinhead /ˈpɪnhed/ *noun*
1 نووکەدەرزی، سەرەدەرزی، سەر یان بنی دەرزی سەرخڕ 2 (نافەرمی) مرۆی کەر، گەوج ◯ 1 تە سوزن تەگرد 2 (عامیانە) آدم احمق
pinheaded *adjective*
گەمژە، حەپە، گەوج ◯ ابلە، احمق
pinheadedness *noun*
گەمژەیی، حەپەیی، حەپۆلی، گەوجی ◯ بلاهت، حماقت
pinhole /ˈpɪnhəʊl, US -hoʊl/ *noun*
کونۆچکە، کونی چکۆلانە ◯ سوراخ کوچک
pinhole camera *noun*
دووربینی کون‌چکۆلە (هاوێنەی نییە) ◯ دوربین سوراخ کوچک
pinion[1] /ˈpɪnjən/ *noun*
1 باڵ، پەڕ 2 (باڵندە) سەرەباڵ، نووکەباڵ، نووکی باڵ ◯ 1 پر 2 نوک بال
pinion[2] /ˈpɪnjən/ *noun*
چەرخەدەندە یان ددانەپەیچکی چکۆلەتر (لە گەورەتر گیر دەبێ)، ددانەپەیچکی باڵی ◯ چرخ‌دندەی جناحی
pink[1] /pɪŋk/ *noun*
1 ڕەنگی پەمەیی یان چێرەیی، ڕەنگی سووری ئاماڵ زەرد یا پیوازی 2 گوڵە مێخەکە [توخم *Dianthus*] ◯ 1 رنگ صورتی 2 گل میخک
pink[2] /pɪŋk/ *adjective, noun*
1 *adj* (ڕەنگ) پەمەیی، پیوازی، چێرەیی، گوڵی، سووری مەیلەو زەرد 2 (سیاسی، سووکانە) چەپگر، چەپی، دەستی چەپی، left-wing 1 *n* لووتکە، ترۆپک 2 (نافەرمی، سووکانە) کەسێکی چەپی 3 ڕاوچی ڕێوی 4 باشترین بارودۆخ یان نموونە ◯ 1 *adj* صورتی 2 چپی 1 *n* اوج 2 آدم چپی 3 صیاد روباه 4 بهترین وضعیت یا نمونه
pink[3] /pɪŋk/ *noun*
1 (مێژوویی) جۆرێ کەشتی چکۆلەی بادەوەداری پاشەڵ‌باریک 2 جۆرێ ماسی چکۆلانە ◯ 1 پینک 2 نوعی ماهی
pink bollworm *noun*
کرمەلۆکەی پەمەیی: جۆرێ پەپوولەی شەوگەڕی چکۆلەی قاوەیی تاریک، کرمۆکە پەمەیی‌باوەکانی کون دەکەنە نێو گوڵەکانی قۆزاخەی پەموو و مێملێکی سەختن بۆ زۆربەی ناوچە پەمەلانەکان [*Pectinophora gossypiella*] ◯ پینک بولورم
pink elephants *noun, pl.*
فیلە پەمەییەکان، ئەو هەلوەسانەی hallucination کە ب.ت. لە ئەنجامی زۆر خواردنەوە یان زۆر بەکارهێنانی بەنگ و شتی وا پەیدا دەبن: *began to see pink elephants* ◯ پینک الفانتس
pink-eye *noun*
چاوئێشە ◯ ورم ملتحمه
pink gin *noun*
جینی پەمەیی (= جۆرێ خواردنەوەی ئەلکولی) ◯ جین صورتی
pinkie *noun*, also little finger
(نافەرمی، لە سکاتلەند) قامکەتووتە، قامکەتیتە ◯ انگشت کوچک
pinking scissors = pinking shears
pinking shears *noun*
مقەستی هەرەیی یان مشاری، تورتوی ددانە(ددانە)یی ◯ قیچی ارەای
pinkish /ˈpɪŋkɪʃ/ *adjective*
کەمێ پەمەیی، مەیلەو پەمەیی، تا ڕادەیێ سووری کاڵ ◯ نسبتاً صورتی
pinko /ˈpɪŋkəʊ, US -koʊ/ *noun, pl.* pinkos or pinkoes
(سیاسەت، سووکانە) چەپگر، چەپی، کۆمۆنیست ◯ چپی
pink salmon *noun*
سەلموون یان ماسی‌یەئازاد(ە)ی پەمەیی: جۆرێکی پنکەپنکەی وردی پاسیفیکی، ڕەسەنی ئۆقیانووسی گەورەی باکووری و ڕووبارە نزیکەکانی (ئەوێنە) [*Oncorhynchus gorbuscha*] ◯ نوعی ماهی آزاد
pinky /ˈpɪŋki/ = pinkie
pin money *noun*
1 کەم‌هەڵگر، کەم‌خەرج 2 کۆمەک‌خەرج، کەمەپارەی دەسگر: *She earns a little pin money doing ironing for other people* 3 بڕێکی کەمی پارە: *worked for ~oney* ◯ 1 کم‌هزینه 2 کمک‌خرج 3 پین مانی
pinna /ˈpɪnə/ *noun, pl.* pinnae /-niː/
1 (توێکاری و گیانەوەرناسی) ئەرمەگوێ، چیچک(ە) 2 (ڕووەک‌ناسی) گەڵای سەرەتایی پەڕی یان پەڕئاسا، پەڕە 3 باڵ، پەڕ، پەڕە (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *penna* "پەڕ، باڵ، fin, wing, feather") ◯ 1 لالەی گوش 2 برگ‌اولیەی پرمانند 3 پره 4 پر، بال
pinnace /ˈpɪnɪs/ *noun*
(مێژوویی) بەلەم یان گەمی کەشتی، پینیس ◯ قایق کشتی
pinnacle /ˈpɪnəkl/ *noun*
1 سەرەمنارەی جوانی، نووچکەی خانوو(بەرە) 2 (چیا) نووچکە، تەوق، نووک، سەری کێو 3 ترۆپک، لووتکە، ئەوپەڕ (لە late *pinnaculum*

◇ ("point ،wing" *pinna* چکـۆلێنراوی Latin
1 برجک 2 (کوه) قله 3 اوج

pinnae = plural form of pinna

pinnate /'pɪneɪt/ *adjective,* also pinnated /'pɪneɪtɪd/
(گیانەوەرناسی و رووەکناسی) پەڕئاسا، پەڕی، شێوەپەڕ: پێکهاتوو لە لاسک و دوو ریز گەڵا لە هەر دوو لاوە (بنەڕەت: لە *pinnatus* لاتین "پەڕدار feathered"، لە *pinna* ،*penna* (بڕوانە pinna) ◇ پرمانند، پینیت

pinni- /'pɪni/ *prefix*
پێشگر: باڵ، پەڕ، پەڕە، سەربە یان پێوەندی بە باڵ یان پەڕەوە هەیە: *pinniped* (بنەڕەت: لە *pinna, penna* لاتینەوە) ◇ پیشوند: بال، پر

pinniped /'pɪnɪpɛd/ *noun*
(گیانەوەرناسی) پێ‌باڵ، پێ‌پەڕە (گواندارانی گۆشتخۆری ناوی دەستەیی (Pinnipedia) کە بەرازی دەریایی seal، شێری دەریایی sea lion و فیلی دەریایی walrus پێکدێنن) ◇ پینپد

pinnular /'pɪnjələ(r)/ *adjective*
1 گەڵازەیی، سەربە گەڵازەی دووەم 2 باڵچەیی، پەڕەژەیی، باڵژەیی، پەڕەچەیی، باڵۆچکەیی ◇ 1 وابسته به برگچه 2 وابسته به بالچه

pinnule /'pɪnju:l/ *noun*
1 (رووەکناسی) گەڵازە، گەڵاچکە، دابەش‌بوونی دووەمی گەڵای پەڕئاسا، گەڵازەی دووەم 2 (گیانەوەرناسی) باڵچە، پەڕەژە، باڵژە، پەڕەچە، باڵۆچکە (بنەڕەت: لە *pinnula* لاتین "باڵی چکۆلە"، چکۆلێنراوی *pinna*) ◇ 1 برگچه 2 بالچه

Pin number = PIN

pinny /'pɪni/, *pl.* pinnies = pinafore

pinochle /'pi:nɒk(ə)l/ *noun*
جۆرێ کایەی پەڕی 48 پەڕی ئەمریکای باکووری ◇ پینوکل

pinole /pi:'nəʊleɪ, US -li/ *noun*
(ئەمریکا) ئاردێ کە لە ئاردی گەنمەشامی وشک دەکرێ ◇ پینول

piñon /pɪ'njɒn, US 'pɪnjəʊn/ *noun* , also pinyon
جۆرێ دار کاژی چکۆلە، بەرەکەی دەخورێ، ڕەسەنی مێکسیکۆ و باشووری ڕۆژاوای ئەمریکا [*Pinus cemebroides*] ◇ پینیون

Pinot /'pi:nəʊ/ *noun*
کاژە، کاژەلە (چکۆلێنراوی pin "کاژ"): یەکێ لە چەند جۆری ترێی مەی، ب.ت. Pinot Noir (ڕەش) یان Pinot Blanc (سپی) ◇ پینوت

pinotage /'pɪnə(ʊ)tɑ:ʒ/ *noun*
جۆرێ ترێ‌سوورەی مەی ئەفریکای باشووری ◇ پینوتاژ

pinpoint /'pɪnpɔɪnt/ *noun, adjective*
n سەری دەرزی، نووکی دەرزی؛ شتێکی ناگرنگ *adj* بڕێکی کەم، ورد، دروست: *The pilots bombed strategic targets with pinpoint accuracy* ◇ *n* سر سنجاق یا سوزن؛ چیز بی‌اهمیت *adj* مقدار اندک، دقیق

pinprick /'pɪnprɪk/ *noun*
1 زووشان، جێی دەرزی، کونۆچکە، کونەدەرزی 2 کێشە، مەسەلە، گێچەڵ، تەڵەزگە، چەرمەسەری، دەرد، گێروکێشە، مەینەتی، دەردیسەری، ئازار ◇ 1 جای سوزن 2 گرفتاری، مساله، اذیت

pins and needles *noun, pl.*
تەزین، مێروولەکردن: *to have -eedles* ◇ حالت سوزن سورن شدن

pinspot *noun*
شەوقاوێژی تیژی چکۆلە ◇ نورافکن قوی کوچک

pinstripe /'pɪnstraɪp/ *noun,* also pinstriped
(پارچە) ڕیڕێ، خەت‌خەت، میل‌میل ◇ راه‌راه

pint /paɪnt/ *noun*
1 پێوەرێکە نزیک بە 0/568 لیتر لە بریتانیا و 0/473 لیتر لە ئەمریکا یان هەشتیەکی گالۆنێ 2 (نافەرمی، بریتانیا) پاینتێ ئاوجۆ یا شیر ◇ پاینت

pinta *noun*
1 جۆرێ پەتا، زۆرتر لە ئەمریکای ناوەندی و باشووری کە بە هۆی Treponema carateum تووش دەبێ و پنکە و خاڵی چەندرەنگ لەسەر پێست دەردەکەوێ 2 (Pinta) یەکێ لە سێ کەشتی ژێرفەرمانی Columbus بە درێژایی سەفەرەکەی بۆ ئەمریکا لە 1492 دا ◇ پینتا

pin-table = pinball machine

pintado /pɪn'tɑ:dəʊ/ *noun*
(باڵندەناسی) جۆرێ باڵندە، مەلی شاخدار ◇ مرغ فرعون

pintail /pɪnteɪl/ *noun. pl.* pintail or pintails
(باڵندەناسی) مراوی کلکدرێژ (و تیژ، هی نیوەگۆی باکووری northern hemisphere و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] *Anas acuta*] ◇ اردک دم‌دراز

pintle /'pɪnt(ə)l/ *noun*
1 میل، میلە، گرێزەنە، سنگ، تەوەر 2 بزماری چکۆلە (بنەڕەت: لە *pintel* ئینگلیسی کۆنەوە "penis") ◇ 1 میل، محور 2 میخ کوچک

pinto /'pɪntəʊ, US -toʊ/ *adjective, noun* (*pl.* pintos or pintoes)
adj بەڵەک، بازە، ڕەش‌وسپی، خاڵ‌خاڵاوی، *n* mottled ،pied ئەسپی بازە یان بەڵەک (بنەڕەت: سپانیایی بە واتای "mottled") ◇ *adj* ابلق *n* اسب ابلق

pinto bean *noun*
پاقلەی چیتی یا پینتۆ، لووبیاچیتی ◇ لوبیاچیتی

Pintsch gas *noun*

گـازی نـەوت پێکهـاتوو لـە هایـدرۆکاربۆن و هایدرۆژێن، بابەتی ڕوشنایی چرا، لۆکۆمۆتیف و چرای دەریایی ۞ نوعی گاز

pint-sized *adjective,* also pint-size
وردەلە، چکۆلانە، بیچکۆلانە ۞ بسیار کوچک

pin-up *noun*
(کەسێکی بەنێوبانگ) پوستێر، وێنە ۞ پوستر

pinweel /ˈpɪnwiːl/ = Catherine wheel

pinworm /ˈpɪnwɜːm/ *noun*
کرمی ورد، کرمۆکە [خێزان Oxyuridae] ۞ کرمک

Pinyin /pɪnˈjɪn/ *noun*
شێوەی ستانداردی سپێلینگی ڕۆمی کراو، بۆ پیت‌نووسی transliteration چینی ۞ پینیان

pinyon = piñon

piolet /pjəʊˈleɪ/ *noun*
(شاخەوانی) قولێنگ یان زەنگەنی سەهۆڵ ۞ کلنگ یخ

pion /ˈpʌɪɒn/ *noun*
(فیزیک) پایئان، پیۆن (هەریەک لە سێ میزۆنی هەرەسووک کە خاوەنی بارگەی ئێلێکتریکی ئەرێنی، نەرێنی و یان ناکارایە) ۞ پیون

pionic *adjective*
سەربە پایئان، پیۆنی، پێوەندی بە پیۆنەوە هەیە ۞ وابسته به پیون

pioneer /ˌpaɪəˈnɪə(r), US -ˈnɪr/ *noun*
1 پێشەنگ، پێشڕەو، دەس‌پێشخەر، سەرکێش، ڕێچەشکێن 2 دۆزەرەوە 3 سەربازی ئەندازیار، ئەندامی یەکەی سەربازانی ئەندازیار 4 تازە، نەو، داهێنەرانە ۞ 1 پیشاهنگ 2 کاشف 3 جمعی یکان مهندسی 4 ابتکاری

pioneering /ˌpaɪəˈnɪərɪŋ, US -ˈnɪr-/ *adjective*
1 پێشەنگ، پێشڕەو، دەس‌پێشخەر، سەرکێش 2 داهێنەرانە ۞ 1 پیشتاز 2 ابتکاری

piosity *noun*
بەرماڵڕاخەری، خۆبەڕاستزانی، بەرماڵبەشانی، وشکەسۆفیتی ۞ زهدفروشی، جانمازآب‌کشی

pious /ˈpaɪəs/ *adjective*
1 بەدین، دیندار، پارێزگار، بەئیمان، پیاوچاک، لەخواترس 2 وشکەسۆفی، بەرماڵڕاخەر، بەرماڵبەشان، دووڕوو، ڕیاییباز، خۆدەرخەر 3 ڕیاییبازانە، خۆدەرخەرانە 4 (هیوا و هتد) نەکرد، لەکردن‌نەهاتوو، ناکرێ، نابێ، ڕێی تێناچی 5 خاو، پڕوپووچ (بنەڕەت: لە لاتین *pius* "dutiful"، pious + -ous) ۞ 1 متقی، مؤمن 2 زهدفروش، متظاهر 3 متظاهرانه 4 محال 5 واهی

piously /ˈpaɪəsli/ *adverb*
پارێزگارانە، لەخواترسانە، لە ڕووی باوەڕ یان ئیمانەوە ۞ متقیانه

piousness /ˈpaɪəsnəs/ *noun*
لەخواترسی، پیاوچاکی، بەئیمانی، بەدینی، دینداری، پارێزگاری ۞ پارسایی، تقوا، پرهیزگاری

pip[1] /pɪp/ *noun*
(میوە) دەنک، ناوک، چنچک، چنجک (pipless *adj*؛ بنەڕەت: کورتەی pippin) ۞ دانه، هسته

pip[2] /pɪp/ *noun*
بیب، جیکە، زیرە، زیقە، بیپ، زیکە، زرە ۞ بیب، بوق

pip[3] /pɪp/ *noun*
1 (پەڕین و هتد) خاڵ 2 (سەربازی، نافەرمی) ئەستێرە(ی سەرشان) ۞ 1 خال 2 (نظامی و عامیانه) ستاره

pip[4] /pɪp/ *noun*
جۆرێ نەخۆشی پەلەوەر: دەبێتە هۆی کێمیکی ئەستوور لە گەروویان و توێ یان بارێکی scale سپی لەسەر زمانیان پێکدێ ۞ پیپ

pipage /ˈpaɪpɪdʒ/ *noun,* also pipeage
1 لوولەکان، بۆرییەکان، کەلوپەلی پێویست بۆ لوولەکێشی 2 ڕاگوێستن بە لوولە 3 لوولانە، کرێ ڕاگوێستنی لوولە ۞ 1 لوله‌ها 2 و 3 پیپاژ

pipal /ˈpiːp(ə)l/ *noun,* also peepul or bo tree
دارهەنجیری هیندی، پیپڵ، پیپاڵ ۞ درخت انجیر هندی

pipe /paɪp/ *noun*
1 لوولە، بۆری 2 (موسیقا) لوولک، بلوول 3 (کەشتی) فیقە، فیتوو، دەنگی فیقە 4 سەبیلە، مۆننە، (قانگە: سەبیلەی کلک‌درێژ) 5 ئاوەڕۆ 6 (باڵندە) خوێندن 7 کۆس، بۆشکە، بەرمیل 8 قاڵۆر، لاسکی نێوبۆشی گیا 9 (pipes) مەشکە(نایە)، هەمبانە bagpipes ۞ 1 لوله 2 نی‌لبک 3 (کشتی) سوت 4 پیپ، چپق 5 مجرا 6 آواز 7 بشکه 8 ساقەی توخالی گیاه 9 (در جمع) نی‌انبان

pipeclay /ˈpaɪpkleɪ/ *noun*
گڵەسپی، قوڕ یان گڵی سەبیلە(دروستکردن) ۞ پیپ‌کلای

pipe-cleaner *noun*
سەبیلەسڕ(ە)، تێلی سەبیلەسڕین، تێلی سەبیلە ۞ سیم پیپ‌پاک‌کن

pipe cutter *noun*
لوولەبڕ، بۆریبڕ ۞ لوله‌قطع‌کن

piped music *noun*
(فرۆشگا، هوتێل، خواردنگا و هتد) موسیقای نەرم یان هێدی ۞ موسیقی ملایم

pipe-dream *noun*
ئاواتی پڕوپووچ، خەون‌وخەیاڵ، خەیاڵپڵاو، هیوای نەکرد، خەیاڵی خاو ۞ امید واهی

pipefish *noun, pl.* same or pipefishes
ماسی‌یەلوولە، لوولەماسی، بە لمۆزی لوولەیی درێژەوە [*Syngnathus* و توخمەکانی تر، گەلێ جۆرن] ۞ نوعی ماهی

pipe fitter *noun*

لووله‌کێش، بۆری‌کێش، لووله‌ساز ◇ لوله‌کش یا تعمیرکار لوله

pipe fitting *noun*
لووله‌کێشی، بۆری‌کێشی، لووله‌سازی، بۆری‌سازی، وه‌ستایه‌تی لووله ◇ لوله‌کشی یا تعمیر لوله

pipeful *noun, pl.* pipefuls
سه‌بیله‌یێ، پڕ سه‌بیله‌یێ ◇ اندازه‌ی یک پیپ

pipeline /ˈpaɪplaɪn/ *noun*
1 هێڵی بۆری یا لووله 2 (خوازه) ره‌هه‌ندی زانیاری، کاناڵی زانیاری ◇ 1 خط لوله 2 (مجازی) کانال اطلاعاتی

pipelining /ˈpaɪplaɪn/ *noun*
1 راکێشان یان گه‌یاندنی هێڵی بۆری یا لووله 2 راگوێستن به هێڵی لووله‌دا ◇ 1 هدایت خط لوله 2 انتقال توسط خط لوله

pipe organ = organ

piper /ˈpaɪpə(r)/ *noun*
زوڕناژه‌ن، بلوێرژه‌ن، نه‌یژه‌ن ◇ نی‌لبک‌نواز، نی‌انبان‌نواز

piperazine /pɪˈpɛrəziːn, US paɪ-/ *noun, also* piperazidine
(کیمیا) پیپێرازین: تفتیکی heterocyclic کریستاڵی $C_4H_{10}N_2$، ب.ت. وه‌ک anthelmintic و مێرووکوژ به‌کاردێتری ◇ پیپرازین

piperidine /pɪˈpɛrɪdiːn, US paɪ-/ *noun*
(کیمیا) پیپێریدین: جۆرێ شله‌ی بێ‌ره‌نگ و ئاوه‌تووڵاوی $C_5H_{11}N$، زۆرتر وه‌ک توێنه‌رێ solvent به‌کاردێتری ◇ پیپریدین

piperine *noun*
(کیمیا) پیپێرین: جۆرێ ئالکالۆیدی کریستاڵی سپی $C_{17}H_{19}NO_3$، له بیبار گیراوه و وه‌ک مێرووکوژێ insecticide به‌کاردێتری ◇ پیپرین

piperonal *noun*
(کیمیا) پیپێرۆناڵ: aldehyde کریستاڵی سپی $C_8H_6O_3$، بۆنی heliotrope هه‌یه و له گوڵاوسازیدا به‌کاردێتری ◇ پیپرونال

piperonyl butoxide *noun*
پیپێرۆنیل بیوتۆکساید: مێرووکوژێ $C_{19}H_{30}O_5$ ◇ پیپرونیل بیوتوکسید

pipe snake *noun*
ماری لووله‌یی ◇ مار لوله‌ای

pipe stem *noun, also* pipestem
داری سه‌بیله، باسقه‌نده ◇ چوب پیپ

pipestone *noun*
گله‌سه‌بیله ◇ پایپ‌استون

pipette /pɪˈpet, US paɪˈp-/ *noun*
(کیمیا و توێژینگه) بۆریچکه، لوولۆچکه، لووله‌ژه ◇ پیپت

pipework /ˈpaɪpwɜːk, US -wɜːrk/ *noun*
(خانووبه‌ره) لووکێشی، بۆری‌کێشی، تۆڕی لووله‌کێشی ◇ لوله‌کشی

piping /ˈpaɪpɪŋ/ *noun, adjective*
n 1 لووله‌کێشی، بۆری‌کێشی 2 تۆڕی بۆری یان لووله‌کێشی 3 لووله، بۆری 4 زێوار، باریکه، به‌راوێز 5 ده‌نگی زوڕنا 6 رازاندنه‌وه‌ی که‌یک ◇ *n* 1 لوله کشی 2 شبکه‌ی لوله‌کشی 3 لوله 4 نوار، یراق 5 صدای نی‌انبان 6 تزیین کیک *adj* (ده‌نگ) زیکه، زریکه، زیقه، زیره، تیژ ◇ *adj* (صدا) زیر

piping hot *adjective*
یه‌کجار گه‌رم، کوڵاتوو ◇ بسیار گرم، داغ

pipistrelle /ˌpɪpɪˈstrɛl, US ˈpɪp-/ *noun*
جۆرێ شه‌مشه‌مه‌کوێره‌ی مێرووخۆر، شه‌مشه‌مه‌ی ئێواران [*Pipistrellus pipistrellus* (ئوراسیا) و جۆره پێوه‌ندیداره‌کان] ◇ نوعی خفاش

pipit /ˈpɪpɪt/ *noun*
(گیانه‌وه‌رناسی) باریکه، پیپیت [*Anthus pratensis* (هی مێرگ‌(ه‌لان) و جۆره‌کانی تر] ◇ پیپیت

pipkin /ˈpɪpkɪn/ *noun*
ده‌فری گلێنه (دیزه، مه‌نجه‌ڵۆکه و...) ◇ ظروف سفالی

pippin /ˈpɪpɪn/ *noun*
1 سێو، سێف 2 (نافه‌رمی) مرۆ یان شتێکی هه‌ره‌چاک ◇ 1 سیب 2 (عامیانه) آدم یا چیز بسیار خوب

pipsqueak /ˈpɪpskwiːk/ *noun*
(نافه‌رمی) جووجه‌ڵه، ناگرنگ، هیچه‌که ◇ جوجه، بی‌اهمیت، کوچک

pipy /ˈpaɪpɪ/ *adjective*
لووله‌ئاسا، لووله‌یی، بۆری‌ئاسا، شێوه‌لووله، قیژه‌ون، جیکن، زیڕن، زیکن ◇ لوله‌مانند، جیغو

piquancy /ˈpiːkənsi/ *noun*
1 (تام و چێژ) تیژی: *The tart flavour of the cranberries adds piquancy* 2 خۆش‌بوون، تین‌وگوڕ ◇ 1 تندی 2 خوشایندی

piquant /ˈpiːkənt/ *adjective*
1 تیژ: *chicken served with a piquant wild mushroom sauce* 2 خۆش، ورووژێنه‌ر، سه‌رنج‌راکێش (piquantness *n*) ◇ 1 تند 2 خوشایند، مهیج، جالب

piquantly /ˈpiːkəntli/ *adverb*
به شێوه‌یه‌کی خۆش یان ورووژێنه‌ر، هه‌ژێنه‌رانه ◇ به طور مهیج

pique[1] /piːk/ *noun*
1 دڵ‌ئێشان، دڵمه‌ندی، ره‌نجان، ناره‌حه‌ت‌بوون، زویری، زیزبوون 2 تووڕه‌یی، قه‌ڵسی ◇ 1 دلخوری، آزردگی 2 خشم

pique[2] /piːk/ *noun*
پیک (= جۆرێ په‌ڕین) ◇ پیک

piqué /ˈpiːkeɪ/ *noun*
جۆرێ کوتاڵی رێ‌ڕێ یان میل‌میلی به‌رجه‌سته

(بنەڕەت: لە فەرەنسییەوە) ۞ پیکی
piqued *adjective*
دڵئێشاو، دڵمەند، ڕەنجاو، زیز، زویر، نارەحەت ۞ دلخور، آزرده
piquet[1] /pɪˈkɛt/ *noun*
جۆرێ کایە بە پەڕ ۞ پیکت
piquet[2] /pɪˈkɛt/ = picket
piracy /ˈpaɪrəsi/ *noun, pl.* piracies
1 دزی(کـــردن) دەریـــایی، دەریـــاگری 2 بڵاوکردنەوە و لێهەڵگرتنەوەی ناقانوونی یان بە دزی 3 چەتەیی، دزی، جەردەیی ۞ 1 دزدی دریایی 2 تکثیر و انتشار غیرقانونی 3 سرقت
piranha /pɪˈrɑːnə/ *noun*
پیرانیا، ماسییەدڕە، ماسییەددانە (جۆرێ ماسی دڕی ئـەمریکای باشـووری [*Serrosalmus* و توخمەکانی تر، چەندین جۆرن]؛ بنەڕەت: بە ڕێگای پۆرتوگالییەوە بە *pirá* تـوپی Tupi "ماسی" + *sainha* "ددان") ۞ پیرانیا
pirate /ˈpaɪrət/ *noun, adjective*
n 1 جەردە، دزی دەریایی، دەریاگر 2 (جاران) کەشتی جەردە یان دەریاگرەکان 3 بڵاوکەرەوە یان لێهەڵگرەوەی ناقانوونی یا بەدزییەوە 4 ڕادیۆ یان تەلەفزیۆنی ناقانوونی، ڕادیۆی نهێنی *adj* ناقانوونی، قاچاخی، دەستووڕپێنەدراو، ڕێگەنەدراو ۞ *n* 1 دزد دریایی 2 کشتی دزدان دریایی 3 رادیو یا تلویزیون غیرقانونی، رادیوی مخفی *adj* غیرمجاز
pirated *adjective*
(کتێب و هتد) ناقانوونی، قاچاخی، دەستووڕپێنەدراو، قەدەخە، ڕێگەنەدراو ۞ غیرمجاز
pirate radio *noun*
(وێستگە) ڕادیۆی نهێنی، بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ڕادیۆیی ناقانوونی یان ڕێگەنەدراو (ب.ت. لە کەشتییەوە) ۞ پخش رادیویی غیرمجاز
piratical /ˌpaɪˈrætɪkl/ *adjective,* also piratic
جەردانە، وەکوو جەردە یان دەریاگرەکان، بە شێوەی جەردەی دەریایی (piratically *adv*) ۞ مانند دزدان دریایی
piriform = pyriform
piripiri[1] /ˈpɪrɪˌpɪri/ *noun, pl.* piripiris
(مائۆری) جۆرێ گیای نیوزیلەندی لە تیرەی rose [توخم *Acaena*: چەندین جۆرن] ۞ نوعی گیاه
piripiri[2] /ˈpɪrɪˌpɪri/ *noun*
جۆرێ سۆسی تیژی بیبارەسوورە ۞ نوعی سس
pirogue /pɪˈrəʊg/ *noun*
جـۆرێ canoe باریک و درێژی کۆتەرەیی، ب.ت. ئەمریکا ناوەندی و کارییبەن (یان کارائیبی) ۞ پیروگ
piroplasm *noun,* also piroplasms, *pl.* piroplasms or piroplasmata = babesia
piroshki /pɪˈrɒʃki/ *noun,* also pirozhki /-ʒki/
پیراشکی، پیرۆشکی (جۆرێ شیرینی هەویری خۆشی ڕووسی، پڕگۆشت و سەوزە دەکرێ) ۞ پیروشکی، پیراشکی
pirouette /ˌpɪruˈet/ *noun*
(لە سەمای باڵێدا)سووڕان لەسەر نووکی پێ، لەسەر نووکی پێسووڕانەوە ۞ چرخش روی نوک پا
piscary /ˈpɪskəri/ *noun, pl.* piscaries
مـاف یـا دەسـتوور ڕاوەماسـی لـە ئاوەکـانی کەسێکی تردا ۞ پیکاری
piscatology /ˌpɪskəˈtɑːlədʒɪ/ *noun*
هونەری ڕاوەماسی ۞ فن صید ماهی
pisacatory /ˈpɪskətəri/ *adjective,* also pisacatorial /ˌpɪskəˈtɔːriəl/
1 سەربە ڕاوەماسی 2 سەربە یان پێوەندی بە ڕاوچیماسی یان ماسیگرانەوە هەیە ۞ 1 وابسته به صید ماهی 2 وابسته به ماهیگیر
Piscean /ˈpʌɪsɪən/ *adjective*
(ئەستێرەوانی) سەربە نەهەنگ ۞ وابسته به حوت
Pisces /ˈpaɪsiːz/ *noun*
(ئەستێرەوانی) نەهەنگ (دوازدەیەمین کەلووی زۆدیاک) ۞ حوت
piscicultural *adjective*
سەربە ماسیڕاگری، سەربە ماسیداری ۞ وابسته به پرورش ماهی
pisciculture /ˈpɪsɪˌkʌltʃə/ *noun*
ماسیڕاگری، ڕاگرتن یان بەخێوکردنی ماسی، ماسیداری، پەروەردەی ماسی ۞ پرورش ماهی
pisciculturist *noun*
ماسیڕاگر، ماسیدار ۞ ماهیپرور
piscina /pɪˈsiːnə, US pɪˈsʌɪnə/ *noun, pl.* piscinas or piscinae /-niː/
1 بەرداوی پیرۆز، تەشتەبەردی نزیک بە میحراب (بۆ دەرکردنی ئاوی ڕێوڕەسمی Mass) 2 (لە بیناسازی ڕۆمی کۆندا) حەوز یان ئەستێری خۆشتن 3 حەوزی ماسی ۞ 1 و 2 پیسینا 2 حوض ماهیدار
piscine /ˈpɪsʌɪn/ *adjective*
ماسیئاسا، شێوەماسی ۞ ماهیمانند
piscivorous /pɪˈsɪv(ə)rəs/ *adjective*
ماسیخۆر ۞ ماهیخوار
piscivore *noun*
گیانەوەری ماسیخۆر ۞ جانور ماهیخوار
pisco /ˈpɪskəʊ/ *noun*
جۆرێ براندی سپی، لە پێرو لە ترێی ماسکات دەگیرێ ۞ پیسکو

pisé *noun*
1 مـوور، دیـواری لـەقوڕ، مـوورە (pisé wall
دیواری مووره) 2 قوڕی خۆش‌کراو ◯ 1 چینه
2 گل ورزیده

pish /pʃ or pɪʃ/ *interjection*
ئەهـ تف ◯ اه

pisiform /ˈpʌɪsɪfɔːm, US ˈpɪzɪ-/ *adjective, noun*
(توێکاری، ئێسـک) نوکی، نوک‌ئاسا، لە ئەندازە و
شێوەدا شێوەی نوک دەدا (بنەڕەت: لە *pisiformis*
لاتینی نوێ "pea-shaped") ◯ نخودی‌شکل

pisiform bone *noun*
(توێکاری) ئێسـکی نوکی یا نوک‌ئاسا (مەچەک)
◯ استخوان نخودی‌شکل

pismire /ˈpɪsmʌɪə/ *noun*
(کۆن) مێروولە ◯ مورچه

piss /pɪs/ *noun*
1 مێـز، گمێـز 2 مێزکـردن ◯ 1 شـاش 2 عمـل
شاشیدن

pissabed *noun*
گیامێزەکەرە؟ ◯ علف شاش خر

pissant /ˈpɪsant/ *noun, adjective*
n شـت یـان کەسـێکی زۆر هـیچ‌وپـووچ *adj*
بێ‌نرخ، هـیچ، خوێڕی ◯ *n* چیـز یـا آدم بـسیار
بی‌اهمیت *adj* بی‌ارزش، رذل

piss artist *noun*
1 بادەنۆش، مەی‌خۆرەوە، ئارەق‌خۆر 2 مرۆی
تڕەبۆزە، بێ‌خێرە ◯ 1 بادەگسار 2 آدم بی‌عرضه

pissed /pɪst/ *adjective*
1 مەسـت، کەلـەلا، سـەرخۆش، ئەلکۆلـی 2
ناڕەحەت: *I'm pissed off with the way*
they've treated me ◯ 1 پاتیل، الکلی 2 متأثر

pissoir /piːˈswɑː, US ˈpɪswɑː, French piswaʀ/ *noun*
دەس‌بەئاوی گشتی ◯ توالت عمومی

piss-up *noun*
(بریتانیا، تابو) ئارەق‌خۆری، زۆرخواردنەوە ◯
مصرف زیاد مشروب

pissy *adjective*
1 مێزی 2 خوێڕی، بێ‌نرخ، هیچ، سووک ◯ 1
شاشی 2 وضیع، پست

pistachio /pɪˈstæʃɪəʊ, -ˈstɑːʃɪəʊ, US -ʃɪoʊ/ *noun, pl.* pistachios
پسته، داری پسـته، داروەن کرمـانی [*Pistacia*
vera] (بنەڕەت: لە *pistakion* یۆنـانی، ئەویش
لە ئێرانی‌یەوە) ◯ پسته، درخت پسته

piste /piːst/ *noun*
پیـسـت، مـەیـدان، خلیـسـکە (بنـەڕەت: لـە
فەرەنـسی‌یەوە "racetrack") ◯ پیـست

pisteur /piːˈstɜː/ *noun*
بەفرڕاخەر (لە خلیسکەدا) ◯ پیـستور

pistil /ˈpɪstɪl/ *noun*
(ڕووەک‌ناسی) نێرک، کورۆک، کوتک، مێتک،
مێ‌ئەندامی گوڵ (بنەڕەت: لە *pistile* فەرەنـسی
یان *pistillum* لاتین "pestle") ◯ مادگی

pistillate /ˈpɪstɪlət/ *adjective*
نێـرک‌دار، کوتـک‌دار، مێتـک‌دار، مێتکـاوی،
کوتکاوی ◯ دارای مادگی

pistol /ˈpɪstl/ *noun*
دەمانچە، شەشتیر، چەکی بەرپشتێنە ◯ هفت‌تیر

pistole /pɪˈstəʊl/ *noun*
کۆینـە زێـڕەکانی ئـەورووپا یـا سـکاتلەندی
سەدەکانی 17 و 18 ◯ پیستول

pistoleer /ˌpɪstəˈlɪə/ *noun*
(کۆن) دەمانچەبەکەمەر، سـەربازی دەمانچـەدار
◯ سرباز مسلح به هفت‌تیر

piston /ˈpɪstən/ *noun*
پەستێن، پەستێنە، پیـستۆن ◯ پیـستون

piston-engined *adjective*
بـە مۆتـۆری پیـسـتۆنی‌یـەوە، بـە بزوێنـەی
پەستێنی‌یەوە ◯ دارای موتور پیستونی

piston ring *noun*
ئاڵقە یان کەوەی پەستێنە، بازنەی پەستێن، بازنە
یان رینگی پیـستۆن ◯ رینگ پیـستون

piston rod *noun*
دەسکی پەستێنە، میلی پەستێن، دەسکی پیـستۆن
◯ دستەی پیـستون

pistoue /ˈpiːstuː/ *noun*
هەوێرێ کە لە ڕێحانە، سیر و پەنیر ساز دەکرێ و
لە چێشتی Provençalدا بەکاردێترێ ◯ پیـستو

pit[1] /pɪt/ *noun*
1 چـاڵ، قوڵـکە، قووڵـک، کـاس، کـون، هوڵـۆڵ،
ڕۆچوو، بۆشـایی، ڕەهـۆڵ 2 داو، تەپکـە، تەڵـە 3
مەترسی نهێنی یان نادیار 4 کانە خەڵووز، کانی
خەڵووز coal-mine 5 جێ هاوڵە، خوریلکە 6
(وێژەیـی) دۆزە، جەهـەنەم، دۆزەخ 7 جێگـای
سازبەند یان ئۆرکێسـتر orchestra pit 8 (تیاتر)
کورسـی‌یـەکانی دواوە یـان پـشتەوە 9 جـێ،
جێ‌خەو، تـەختی خـەو 10 بن‌هـەنگڵ، بن‌پێـل،
بـن‌بـاخڵ، کلێـنـە 11 (pits) پیـتس (جێگـای
تـێ‌کـردنی سـووتەمەنی و چـاک‌کردنـەوەی
ماشێنەکانی پێشبرکێ) ◯ 1 گودال، حفره 2 تله
3 خطر پنهانی 4 معدن زغال‌سنگ 5 جای آبله 6
دوزخ 7 جایگـاه ارکـستر 8 صـندلی‌هـای عقـب 9
تخت‌خواب 10 زیربغل 11 (در جمع) پیتـس

pit[2] /pɪt/ *noun*
(میوە) دەنک، نێوک، ناوک، چنجک ◯ هسته

pita /ˈpiːtə, US ˈpɪtə/ = pita bread

pita bread *noun*
نانی دوولۆ، نانە هوڵۆڵ، نانەبۆشە ◯ نان پیتا

pitahaya /ˌpɪtəˈhʌɪə/ *noun*
1 جۆرێ saguaro یان کاکتوسێکی درێژی دی

میکسیکۆ و باشووری ڕۆژاوای ئەمریکا 2 بەری خۆراکی کاکتووسێکی وا ۞ پیتاهایا

pit-a-pat /ˌpɪtəˈpæt/ *adverb, noun,* also pitapat

(دەنگ) تەپەتەپ، زرمەزرم ۞ تپ‌تپ

pit bull = pit bull terrier

pit bull terrier *noun*

سەگێکی دڕی چکۆلانە و قولەقەوی ۞ پیت‌بول

pitch[1] /pɪtʃ/ *noun*

1 (دەنگ) بەرزی و نزمی، بەرزبوونەوە، دانگ، چین، چۆنیەتی دەنگی لە موسیقادا، ڕادەی دەنگی 2 پلە، ئاست، ڕادە، ڕێژە، توندی، تیژی، ڕادە یان ڕێژەی توندی 3 تەلان، لێژ، لێژایی، سەرەوخواری، تەلان، سەرەولێژی، لاری، خواری 4 لێژی سەربان 5 (کەشتی و فڕۆکە) تەکان، لەنگەرە، چوونەسەر و خوارەوە، خوار و ژوورکردن، جوولانی بەرەو سەریّ و خواریّ 6 مەودا 7 (خوازە) ترۆپک، نووچکە، لووتکە، پۆپە، ئەوپەڕ 8 خستن، تووددان، حەوادان، هاویشتن، هەڵدان 9 دەم‌وزمانی فرۆشتن، بانگەشەی فرۆشتن 10 (شاخەوانی) بەشێ لە پیاهەڵگەڕانەکە ۞ 1 زیر و بمی، ارتفاع، دانگ 2 درجە، میزان، شدت، حد، شیب، میزان شدت 3 سرازیری 4 شیب بام 5 (کشتی و هواپیما) تکان 6 فاصلە 7 (مجازی) اوج 8 پرتاب 9 تبلیغ فروش 10 پیچ

pitch[2] /pɪtʃ/ *noun*

قیر، قیل، زفت ۞ قیر

pitch-and-put *noun*

جۆریّ کایەی گۆلف (لە گۆڕەپانی چکۆلەدا) ۞ نوعی بازی گلف

pitch-and-toss /pɪtʃ ən ˈtɒs/ *noun*

جۆریّ کایە ۞ نوعی بازی

pitch-black *adjective*

قیرناسا، وەکوو قیل، شەوەزەنگ، تاریکی‌تاریک، ڕەشی‌ڕەش، تاریکەسەلات، تەواوتاریک، تاریکستان ۞ ظلمانی

pitch blackness *noun*

شەوەزەنگی، تاریکی تەواو، تاریکەسەلاتی، تاریکستانی ۞ ظلمات

pitch-dark /pɪtʃˈdɑːk/ = pitch-black

pitch darkness = pitch blackness

pitchblende /ˈpɪtʃblɛnd/ *noun*

جۆریّ uraniniteی کانی mineral بە ڕەنگی ڕەش یان قاوەیی، ڕادیۆمی تیایە ۞ پیچ‌بلند

pitched /pɪtʃt/ *adjective*

(سەربان) لێژ، تەلان، خوار، ناتەخت، نارێک، sloping ۞ شیب‌دار

pitched battle *noun*

1 ململانێ، شەڕەقە، مشت‌ومڕ، تێک‌هەڵچوون، پێک‌هەڵپڕژان، تێک‌سرەواندن: *The demonstration escalated into a pitched battle with the police* 2 شەڕی سەخت، پێکادان، تێک‌هەڵچوونی سەخت ۞ 1 نزاع، مشاجره 2 نبرد شدید

pitched roof *noun*

بان یان سەربانی دوولێژ (یان دوولای توند) ۞ بام دو شیب

pitcher[1] /ˈpɪtʃə(r)/ *noun*

1 گۆزە، گۆزەلە، تۆنگە، جەڕە، پارچ: *a pitcher of water* 2 ئافتاوە، مەسینە، گوسک، بتو، لوولینە 3 هاوێژەر، تووڕهەڵدەر، گۆهاوێژ (pitcherful *n, pl.* pitcherfuls: پارچێ، گۆزەلەیێ) ۞ 1 کوزە، پارچ 2 آفتابە 3 پرتاب‌کنندە

pitcher[2] /ˈpɪtʃə(r)/ *noun*

بەردی بەردڕێژ ۞ سنگ سنگ‌فرش

pitcher plant *noun*

گیاگۆزەلە [زۆر جۆرن، زۆربەیان لە خێزانەکانی Sarraceniaceae (جیهانی نوێ) و Nepenthaceae (جیهانی کۆن)] ۞ نوعی گیاه

pitchfork /ˈpɪtʃfɔːk, US -fɔːrk/ *noun*

شەنە، دوولک ۞ چنگال

pitchiness *noun*

قیری، قیرئاسایی، شێوەقیری ۞ قیرگونی

pitchman /ˈpɪtʃmən/ *noun, pl.* pitchmen /-mɛn/

(نافەرمی، ئەمریکا) دێوەرە، دەسگێڕ ۞ دورەگرد

pitch-pine /ˈpɪtʃ paɪn/ *noun*

(داری) کاژی قیری، قیرەکاژ (ئەمریکای باکووری) ۞ کاج قیری

pitch pipe *noun*

(موسیقا) جۆریّ فلوتی چکۆلە یان تایبەت بۆ میزان‌کردنی ئامێر یان دەنگەکان ۞ پیچ پایپ

pitch stone *noun*

(زەوی‌ناسی) جۆریّ بەردی شووشەیی تەڵخ ۞ پیچ استون

pitchy *adjective* (pitchier, pitchiest)

1 قیری، قیرئاسا 2 تاریک، ڕەش، قیرئاسا ۞ 1 قیرگونی 2 تاریک

piteous /ˈpɪtiəs/ *adjective*

جێی‌بەزەیی، گوناح، جەرگبڕ، دڵتەزێن، ناڕەحەت‌کەر: *a -eous cry/sight* ۞ ترحم‌انگیز

piteously /ˈpɪtiəsli/ *adverb*

بە شێوەیەکی جێی‌بەزەیی، جەرگبڕانە ۞ بە طور ترحم‌انگیز

piteousness /ˈpɪtiəsnəs/ *noun*

جێی‌بەزەیی‌بوون، جەرگبڕی، خەماوی‌بوون، دڵتەزێنی، جێی‌خەم‌بوون، ناڕەحەت‌کەری ۞ ترحم‌انگیزی

pitfall /ˈpɪtfɔːl/ *noun*

1 داو، تەڵە، تەپکە، بەرەڕەت، قوولکەی سەرگیراو (بۆ گرتنی پیاو و گیانەوەران) 2 کێشە، ئاستەنگ، گرفت، گریّ، قۆرت، مەترسی

(چاوەڕوان‌نەکراو) ◌ 1 دام، تله 2 مشکل، خطر

pith /pɪθ/ *noun*

1 (گیا) پەمە یان هەوری لاسک، نێرتک، نێرک، نێو، پووکە؟، بەشی هەورناسای نێو لاسک یان لق 2 کورتە، پوختە، کرۆک، گەوهەر، کاکڵ، بەشی گرنگ یان بنەڕەتی، سروشتی راستەقینە 3 بنچینە، بناخە، هیم 4 (کۆن) مۆخی بڕبڕە 5 (کۆن) هێز، شیان، ستین، گوڕ، تین، گرنگی ◌ 1 مغز ساقه 2 چکیده، لب، زبده 3 اساس 4 مغز ستون فقرات 5 قوت، نیرو، اهمیت

pit-head /ˈpɪthed/ *noun*

دەوروبەری کانی خەڵووز، کانوبەرە، دەوروپشتی کانە خەڵووز ◌ محوطەی معدن

pithily /-ɪli/ *adverb*

بە کورتی، پوختانە، بە شێوەیێکی پوخت: *pithily expressed* ◌ به طور موجز

pithiness /ˈpɪθinəs/ *noun*

کورتی، پوختی، پرواتایی، پڕنێوەرۆکی ◌ ایجاز

pithless /ˈpɪθinəs/ *noun*

بێ‌نێرتک، بێ‌نێرک ◌ بدون مغز

pithos /ˈpɪθɒs/ *noun, pl.* pithoi /-θɔɪ/

کووپە، لێنک (گلێنەی خواردەمەنی تیاهەڵگرتن) ◌ پیتوس

pithy /ˈpɪθi/ *adjective* (pitchier, pitchiest)

1 مۆخ‌دار، نێرتک‌دار 2 کورت، پوخت، پرواتا، پڕ، پڕنێوەرۆک: *a pithy observation* ◌ 1 دارای مغز 2 موجز

pitiable /ˈpɪtiəbl/ *adjective*

1 جێی‌بەزەیی، گوناح، بەسزمان، جەرگبڕ، دڵتەزێن، جێی‌خەم، نارەحەت‌کەر 2 لێ‌قەوماو، هەناسەسارد، قوڕبەسەر 3 لێ‌قەوماوانە، هەناسەساردانە ◌ 1 رقت‌انگیز، ترحم‌انگیز 2 مفلوک 3 از روی استیصال

pitiably /-əbli/ *adverb*

گوناحانە، بە شێوەیەکی جێی‌بەزەیی، جەرگبڕانە، لێ‌قەوماوانە ◌ به طور رقت‌انگیز

pitiful /ˈpɪtɪfl/ *adjective*

1 جێی‌بەزەیی، گوناح، بەسزمان، جەرگبڕ، دڵتەزێن، جێی‌خەم، نارەحەت‌کەر 2 لێ‌قەوماو، هەناسەسارد، قوڕبەسەر 3 لێ‌قەوماوانە، هەناسەساردانە ◌ 1 رقت‌انگیز، ترحم‌انگیز 2 مفلوک 3 از روی استیصال

pitifully /-fəli/ *adverb*

گوناحانە، بە شێوەیەکی جێی‌بەزەیی، لە رووی دڵسۆزی‌یەوە، لە رووی بەزەیی‌یەوە، جەرگبڕانە، لێ‌قەوماوانە ◌ به طور رقت‌انگیز

pitiless /ˈpɪtɪləs/ *adjective*

1 بێ‌بەزەیی، بێ‌ڕەحم، دڵڕەق، زۆردار، زاڵم، خونکار، خوێنڕێز: cruel ،harsh ،*a pitiless killer/tyrant* 2 بێ‌بەزەیی‌یانە، بێ‌ڕەحمانە 3 توند، سەخت، بێ‌ئامان ◌ 1 سفاک، بی‌رحم، ظالم 2 بی‌رحمانه 3 شدید

pitilessly /ˈpɪtɪləsli/ *adverb*

بێ‌بەزەیی‌یانە، بێ‌ڕەحمانە، بە شێوەیەکی سەخت، بە توندی، بێ‌ئامان ◌ بی‌رحمانە، بە طور شدید

pitilessness /ˈpɪtɪləsnəs/ *noun*

1 بێ‌بەزەییتی، بێ‌ڕەحمی، دڵڕەقی 2 سەختی، توندی، بێ‌ئامانی ◌ 1 سفاکی، بی‌رحمی 2 شدت

pitman /ˈpɪtmən/ *noun, pl.* pitmen

1 کرێکاری کانەخەڵووز 2 میلی بەستەر (لە دەزگاکاندا) ◌ 1 کارگر معدن زغال سنگ 2 پیتمن

piton /ˈpiːtɒn, US -tɑːn/ *noun*

سنگ یا بزماری (ئاڵقەدار) شاخەوانی ◌ پیتون

Pitot tube *noun*, also pitot or pitot tube

لوولە یان بۆری پیتۆ ◌ لوله‌ی پیتو

pitpan /ˈpɪtpæn/ *noun*

پیتپەن (جۆرێ قوفەی درێژ و نێوپان) ◌ پیتپن

pit pony *noun*

(بریتانیا و جاران) ئەسپی خەڵووزکێش، خەڵووزگی(ن، ـر) ◌ پیت پونی

pit-prop *noun*

دەستەکی کان، دیرەکی کان، کۆڵەکەی کان، ئەستووندەکی کانگا (بۆ راگرتنی تاقی کانگا) ◌ شمع معدن

pitsaw /ˈpɪtsɔː/ *noun*, also pit saw

گردەبڕ، شەقەمشار، خیزار، هەڕەی دووکەسە ◌ ارەی دو نفره

pit stop *noun*

1 (پێشبڕکێی ماشێن‌لێخوڕین) راوێستان بۆ تێ‌کردنی سووتەمەنی و هتد 2 (ئاخەرمی) راوێستانی نێو رێ ◌ توقف کوتاه

pitta[1] = pita

pitta[2] /ˈpɪtə/ *noun*

(باڵندەناسی) جۆرێ باڵندەی thrushئاسای چکۆلەی زەوی(عەرز)نشین [توخم *Pitta*: زۆر جۆرن] ◌ پیتا

pitta bread = pita bread

pittance /ˈpɪtns/ *noun*

1 کرێ یان حەق‌دەسی کەم یان بەش‌نەکردوو، نانەزگی، نەمرەونەژی 2 برێکی کەم ◌ 1 حقوق یا دستمزد ناچیز 2 مقدار اندک

pitted /ˈpɪtɪd/ *adjective*

1 بێ‌نێوک، بێ‌دەنک، بێ‌چنجک 2 چاڵ‌وچۆڵ، قوڵکەقوڵکە، پڕقوڵکە، قوڵکاوی ◌ 1 بدون هسته 2 پر از چاله

pitter-patter /ˈpɪtə pætə(r)/ = pit-a-pat

pittosporum /pɪˈtɒsp(ə)rəm/ *noun*

جۆرێ دەوەنی هەمیشەسەوز، رەسەنی ئەوستڕالیا، زۆرتر بە گوڵی بۆن‌خۆشەوە [توخم *Pittosporum*] ◌ نوعی درختچه

pituitary /pɪˈtjuːɪtəri, US -ˈtuːəteri/ =

pituitary gland
pituitary gland *noun*, also pituitary body
ژێرمێشکەرژێن ۞ غده‌ی هیپوفیز
pit viper *noun*
چاڵەبەرگیر، ئەفعی یان بەرگیری چاڵ(دار) [گەلێ توخم و جۆرن، مارە زەنگوڵەدارەکان دەگرێتەوە] rattlesnake ۞ افعی چال‌دار
pity /ˈpɪti/ *noun, pl.* pities
1 بەزەیی، دڵسۆزی، رەحم، داخ، پەژارە، کۆفان، خەم، خەفەت 2 مایەی خەمباری یا نارەحەتی، جێی داخ ۞ 1 ترحم، رقت، اسف 2 جای تأسف
pitying /ˈpɪtiɪŋ/ *adjective*
گوناح، جێی بەزەیی، مایەی داخ و نارەحەتی، جێی پەژارە ۞ ترحم‌آمیز
pityingly /ˈpɪtiɪŋli/ *adverb*
بە شێوەیەکی جێی بەزەیی یان جێی داخ، بە دڵسۆزییەوە، گوناح(انە) ۞ به طور ترحم‌آمیز
pityriasis /ˌpɪtɪˈrʌɪəsɪs/ *noun*
(پزشکی) کرێژە، کرێژەی پێستی (جۆری نەخۆشی پێست) ۞ سبوسه
pityriasis capitis *noun*
کرێژی سەر ۞ شوره‌ی سر
pivot /ˈpɪvət/ *noun, adjective*
n 1 میل، باژنە، تەوەر، چەق، راگیرگە، شیک، ریسمە، سیک، دەرچک، گرێژەنە، جێگا یان خالی راگیری 2 (خوازە) تەوەری سەرەکی، (شت یان مرۆڤ) هەرەگرنگ، خالی ناوەندی: *West Africa was the pivot of the cocoa trade* 3 سووڕان، وەرچەرخان، وەرسووڕان، زڤرین، خولانەوە *adj* - pivotal (pivotability *n* ،pivotable *adj* ۞ 1 محور، آسه، نقطه‌ی اتکا 2 (مجازی) نقطه‌ی مرکزی 3 چرخش
pivotal /ˈpɪvətl/ *adjective*
1 تەوەری، میلی، باژنەیی، گرێژەنەیی، ریسمەیی، شیکی 2 بنچینەیی، سەرەکی، بنگەهی، ناوەندی، بنەرەتی، یەکجار گرنگ، هەموو پێوەبەند، critical: *a pivotal role in Accountancy, law ◊ European affairs and economics are pivotal to a successful career in any financial services area* (pivotally /ˈpɪvətli/ *adv* ۞ 1 محوری 2 اساسی، بنیادی
pivotal decision *noun*
بڕیاری ناوەندی یان بنچینەیی، بڕیاری بنەرەتی ۞ تصمیم بنیادی
pix *noun*
(نافەرمی) وێنە ۞ (عامیانه) تصویر، عکس
pixel /ˈpɪksl/ *noun*
(ئێلێکترۆنیک) پیکسل، پیکسێل (کورتەی picture element ۞ پیکسل
pixie /ˈpɪksi/ *noun*, also pixy, *pl.* pixies
جنۆکە، پەری (لە داستان و حیکاتی منالاندا) ۞ جن، پری
pixie hat *noun*
پیکسی‌هەت (جۆرێ کلاو لە خوری و گولێنگی هەیە) ۞ پیکسی‌هات
pixieish *adjective*
جنۆکەئاسا، پەریئاسا ۞ جن‌مانند، پری‌مانند
pixilated *adjective*, also pixillated
حەپە، گەمژەل، گێل، گەوج ۞ کودن، احمق
pixilation *noun*, also pixillation
حەپەیی، گەمژەلی، گێلی، گەوجی ۞ کودنی، حماقت
pizza /ˈpiːtsə/ *noun*
(ئیتالیایی) پیتزا ۞ پیتزا
pizzazz /pɪˈzæz/ *noun*, also pizazz, pzazz
تین، جۆش وخرۆش، کوڵ وتین، گوڕ، بەکەیفی، گورو تین، گەرمی، vitality: *We need someone with youth, glamour and pizzazz* ۞ شور، حرارت
pizzeria /ˌpiːtsəˈriːə/ *noun*
پیتزافرۆشی ۞ پیتزافروشی
pizzicato /ˌpɪtsɪˈkɑːtəʊ, US -toʊ/ *adverb, adjective, noun*
(موسیقا) *adv* بە پەنجە، بە قامک، پیتزیکاتۆ *n* 1 (لە کۆدا: /-ti/ pizzicatos or pizzicati) ئەو شێوازی لێدانە 2 نۆت یان برگەیێ کە بەو شێوەیە لێدەدرێ ۞ پیتزیکاتو
pizzle *noun*
1 (کۆن) کیری گیانەوەر، ب.ت. جوانەگا، کیرەوڵ؟، کیرکەلە؟ 2 شێلاقێ کە لە کیری جوانەگا دروست دەکرێ ۞ 1 کیر جانور 2 پیزل
pj's *abbreviation* pyjamas, also PJ's
pk *abbreviation* park
pkg *abbreviation* package
pkt *abbreviation* packet
pl *abbreviation* plural
Pl *abbreviation* place
placability /plakəˈbɪlətɪ/ *noun*, also placableness
لێبوردەیی، نەرمی، لێخۆشبوویی، دڵگەورەیی ۞ باگذشت بودن
placable /ˈplakəb(ə)l/ *adjective*
لێبوردە، نەرم، لێخۆشبوو، دڵگەورە، tolerant، tractable ۞ باگذشت
placably /ˈplakəb(ə)li/ *adverb*
لێبوردانە ۞ به طور باگذشت
placard /ˈplækɑːd, US -kɑːrd/ *noun*
پلاکارد، دروشمەنووسراو، دروشمە، یافتە: *They were carrying -acards and banners demanding that he resign* ۞ پلاکارد
placater *noun*

خەمڕەوێن، دڵدەرەوە، هێورکەرەوە، دامرکێنەر، ناوبژی، ناوجی کەر، ناوگژی کەر، ئاشتکەرەوە ۞ تسلی بخش، میانجی

placating *adjective*

خەمڕەوێن، دڵدەرەوە، هێورکەرەوە، دامرکێنەر ۞ تسلی بخش

placation *noun*

دڵدانەوە، هێورکردنەوە، دڵنەوایی، دامرکاندن، ئارامکردنەوە، هێنانەوەسەرخۆ ۞ دلجویی، تسکین

placatory /plə'keɪtəri, US 'pleɪkətɔ:ri/ *adjective*

(فەرمی) خەمڕەوێن، دڵدەرەوە، هێورکەرەوە، دامرکێنەر، ئارامکەرەوە: *a placatory remark/smile/gesture* ۞ تسلی بخش

place /pleɪs/ *noun*

1 جێ، جێگا، حاند، شوێن، لۆر، ئاست، حەن، حاست، وار، دەر 2 پلە، پلەوپایە، پێگە، شان 3 ماڵ، یانە، خانوو 4 ئاقار، ناوچە، دەڤەر 5 شار، بازێڕ، شارەدێ 6 گوند 7 کار، پیشە 8 ئەرک، پەیور 9 دەرفەتی گونجاو، هەلی باش 10 قۆناخ 11 بلیت 12 مەیدان، گۆڕەپان 13 (کتێب و...) بەش، پاژ، پشک 14 (بریتانیا، وەرزش) هەریەک لە سێ پلە یان شوێنی یەک، دوو و سێی پێشبڕکێ ۞ 1 جا، مکان 2 مقام 3 خانه 4 منطقه 5 شهر، شهرک 6 دهکده 7 شغل 8 وظیفه 9 فرصت مناسب 10 مرحله 11 بلیت 12 میدان 13 قسمت 14 یکی از سه مقام

Place /pleɪs/ *noun*

(لە نێونیشاندا) گۆڕەپان، مەیدان یا کورتە شەقامێ ۞ میدان، خیابان کوتاه

placebo /plə'si:bəʊ, US -boʊ/ *noun, pl.* placebos

نیمچەدەرمان، دەرمانی دڵخۆشکەرە یان نەخۆشڕێخەر ۞ دارونما

placebo effect *noun*

کاریگەری نیمچەدەرمان یان دەرمانی دڵخۆشکەرە، شوێنەواری دەرمانی نەخۆشڕێخەر ۞ تأثیر دارونما

place card *noun*

کارتی دانیشتن (نێوی کابرای پێوەیە و لەسەر مێز دادەنرێ و دەتوانێ دانیشێ) ۞ کارت پلایس

placed /pleɪst/ *adjective*, be placed

(پێشبڕکێی ئەسپسواری) لە نێوان براوەکاندا، لە جێگای یەکەم تا سێیەمدا بوون ۞ در میان برندگان

place-kick *noun*

(لە راگبی یان تۆپێنی ئەمریکاییدا) لێدانی ئەنگاوتوو ۞ ضربه به توپ کاشته

placeman /'pleɪsmən/ *noun, pl.* placemen

(لە بریتانیا) کاربەدەست یا فەرمانبەری دەوڵەتی ۞ مأمور یا کارمند دولتی

place-mat *noun*

ژێردەوری ۞ زیربشقابی

placement /'pleɪsmənt/ *noun*

1 کاردیتنەوە، کاردۆزینەوە 2 پەیداکردنی شوێنی گیرسانەوە و کارێکی گونجاو 3 دیاریکردنی جێوڕێ 4 دەستەکردن، پۆلاندن ۞ 1 کاریابی 2 مکان‌یابی 3 تعیین جا 4 طبقه‌بندی

placement office *noun*

(لە زانکۆکانی ئەمریکادا) نووسینگە یان بەڕێوەبەری کاردۆزینەوە ۞ دفتر کاریابی

place name *noun*

ناوی جێگا یا شوێن، نێوی جوگرافیایی ۞ نام مکان

placenta /plə'sentə/ *noun, pl.* placentae /-ti:/ or placentas

1 زامال، ئاوەڵمناڵ، پەردەی مناڵ، پزدان، یاوەرە، ئاواڵ، ویلاش، هەماز، هەڤالۆک 2 (رووەکناسی، لە گوڵدا) بەشێ لە دیوارەی هێلکەدان کە هێلکۆکەکانی پێوەنووساوە ۞ 1 جفت 2 پلاستا

placental /plə'sentl/ *adjective, noun*

adj 1 پزدانی، زامالی، سەربە پەردەی مناڵ یا ئاوەڵمناڵ، هەمازی 2 سەربە گوانداران زامالدار *n* گوانداری زامالدار ۞ *adj* 1 وابسته به جفت 2 وابسته به پستانداران دارای جفت *n* پستاندار دارای جفت

placentation /ˌplæs(ə)n'teɪʃ(ə)n/ *noun*

(توێکاری، گیانەوەرناسی و رووەکناسی) پێکهاتنی پەردەی مناڵ یان ئاوەڵمناڵ یان زامال یان پزدان ۞ تکون جفت

placer[1] *noun*

نیشتووی کانی، نیشتووی کاندار یان کانتیابوو یان کاناوی، نیشتووێ کە کانی تیایە ۞ رسوب دارای معدن

placer[2] *noun*

(نافەرمی، بریتانیا) فرۆشیاری شت ومەکی دزێتی ۞ فروشندەی اموال مسروقه

placer mining *noun*

نیشتەشۆری کانی (کانتیابوو، بۆ دەرهێنانی کانە بەنرخەکانی تر) ۞ پلاسر مینینگ

place setting *noun*

(مێزی نانخواردن) دەست، سێرڤیس ۞ سرویس

placet /'pleɪsɛt/ *noun*

(بریتانیا) دەنگی ئەرێ لە کلێسە یان ئەنجومەنی زانکۆیێ (واتاکەی: پێمخۆشە. رازیم، قایلم) ۞ رأی موافق

placid /'plæsɪd/ *adjective*

لەسەرەخۆ، مەند، ئارام، هێمن، هێدی، بە لەسەرەخۆیی، ئارامانە: *a placid disposition* ۞ خونسرد، متین، خونسردانه

placidity /plə'sɪdəti/ *noun*, also placidness

لەسەرەخۆیی، تاقەت، مەندی، ئارامی، هێمنی، هێدیبوون ۞ ملایمت، حوصله، خونسردی

placidly /'plæsɪdli/ *adverb*
مەندانە، بە شێوەیێکی ئارام، بە لەسەرەخۆیی: *The* ◊ *'Of course,' said Helen placidly* بە ◌ *river sparkled placidly in the sun* طور متین، با خونسردی

placing /'pleɪsɪŋ/ *noun*
جێ، جێگا، جاند، شوێن، حەن، حاست، وار، دەر، رەوش، بارودۆخ، هەڵومەرج: *a top-ten placing* ◌ مکان، جا، موقعیت

placket /'plækɪt/ *noun*
1 گیرفان، تلیش یان جێگای زنجیر 2 (کۆن) = woman ;petticoat ◌ جیب، چاک زیپ

placoderm /'plakə(ʊ)dəːm/ *noun*
ماسییێکی بووبەردی سەردەمی Devonoian ◌ ماهی فوسیلی

placoid /'plakɔɪd/ *adjective*
(گیانەوەرناسی، لەبارەی پوولەکەی ماسییەوە) پوولەکەیان، وەک لە هی shark و ray یەکاندا (پروانە ctenoid و ganoid) ◌ پلاکوید

plage /plɛɪdʒ/ *noun*
(ئەستێرەوانی) کەنارە: ناوچەیێکی رووونی ئاتاسایی سەر خۆر (بنەرەت: فەرەنسی "کەنار، ئاستی رووناک"، لە *piaggia* ئیتالیایی "کەنار"، لە late Latin *plagia* لە *plagios* یۆنانی "خوار oblique") ◌ پلیج

plagiarism /'pleɪdʒərɪzəm/ *noun*
بەرهەمدزی، دزی بەرهەم، وتە و نووسراوەی کەسانی تر و بێنێوهێنانیان و خستنەبەرخۆی): *a* ◊ *There were accusations of plagiarism* ◌ *text full of plagiarisms* سرقت ادبی

plagiarist /'pleɪdʒərɪst/ *noun*
بەرهەمدز ◌ سارق ادبی

plagiarizer *noun*
بەرهەمدز ◌ سارق ادبی

plagiary *noun, pl.* plagiaries
بەرهەمدزی ◌ سرقت ادبی

plagio- /'pleɪdʒɪəʊ, US 'plagɪəʊ/ *prefix*
پێشگر: لار، خوار، ناراست: *plagioclase* (بنەرەت: لە *plagios* یۆنانی "slanting"، ئەویش لە *plagos* "side") ◌ پیشوند: کج

plagioclase /'pleɪdʒɪə(ʊ)kleɪz, 'plagɪəʊ-/ *noun*, also -oclase feldspar
قەڵەشخوار(ە): جۆری فێلدسپار کە لە ئالومینۆسیلیکاتەکانی سۆدیۆم و یان کالسیۆم پێکهاتووە، زۆرتر لە کەڤرە گڕکانییەکاندا هەیە (بنەرەت: لە plagio- + *klasis* یۆنانییەوە "cleavage") ◌ پلاجیوکلیز

plague /pleɪg/ *noun*
1 وەبا، پەتا، تاعوون، بامرێ، بارەشە، تاهۆ، درم، رەشەرشانەوە، ئێشارەش، نەخۆشی پەتا یان گشلاتەنیو 2 ئازار، ترترە، ئافەت، مێمل، بەلا 3 بەلا، نەگبەتی، کارەسات، تەڵەزگە 4 مڵۆزم، هەراسانکەر، زۆربۆهێنەر ◌ 1 طاعون، همەگیر 2 آفت 3 مصیبت 4 مزاحم

plague-ridden *adjective,* also plague-stricken
تووشی پەتابوو، دوچاری وەبا یان درم، پەتاگرتوو، پەتاگیر، وەباگیر ◌ طاعونزدە

plaguesome /'pleɪgsəm/ *adjective*
کوشندە، قڕکەر، تیابەر، پڕبەلا ◌ مهلک، پرمصیبت

plaguey /'pleɪgɪ/ *adjective,* also plaguy
مڵۆزم، هەراسانکەر، سەرەخەر، زۆربۆهێنەر، تاعوونئاسا ◌ مزاحم

plaice /pleɪs/ *noun, pl.* same
(جۆرێ) ماسییەپانکە، جۆرێ ماسی کارتووخک یان سفرەماسی [*Pleuronectes platessa* (ئەورووپا) و *Hippoglossoides platessoides* (ئەمریکا)] (بنەرەت: لە *platus* یۆنانی "پان broad") ◌ نوعی سفرەماهی

plaid /plæd/ *noun, adjective*
n 1 پارچەی خانەخانە 2 (چیانشینانی سکاتلەند) چەپەربەن، شاڵگەردن *adj* خانەخانە ◌ *n* 1 پارچەی پیچازی 2 شال *adj* پیچازی

plaided *adjective*
خانەخانە ◌ پیچازی

plain /pleɪn/ *adjective* (plainer, plainest), *adverb, noun*
adj 1 سادە، ساکار: *a plain* ◊ *plain food* 2 ساویلکە، بێفروفێل، *but elegant dress* فەقیر 3 ئاسان، سانا، روون، ئاشکرا، دیار، رۆشن، رۆهن، خویا، لەبەرچاو، لەروو، بێپەردە، قسەلەروو 4 ناحەز، ناشیرین، کرێت 5 ئاسایی، نافەرمی، عەدەتی، سادە 6 (کاغەز) سادە، بێهێل، سپی 7 تەواو، رەبەق، پەتی 8 (ژن یان کچ) ناحەز، لەسەر دڵ نانیشێ *adv* بە روونی، بە ئاسانی، بە ساکاری، بە ئاشکرایی، بێپەردە، بە تەواوەتی: *n plain stupid/wrong* 1 دەشت، ئاقار، کرک، ئاران، کاکیبەکاکی، نەوڕ، نەورایی، لێلات: *2 the flat coastal plain of Thassos* (چنین) تەقەڵی بنەوە، تەقەڵی سادە ◌ *adj* 1 سادە 2 بیتزویر 3 سهل، آسان، واضح، مبرهن، صریح 4 زشت 5 معمولی 6 (کاغذ) بیخط 7 مطلق، کامل 8 زشت *adv* بە طور واضح، بە سادگی، بە صراحت، کاملاً *n* 1 جلگە 2 دانەی زیر

plainchant /'pleɪntʃɑːnt, US -tʃænt/ = plainsong

plain chocolate *noun*
چاکلێتی سادە، نوقڵی سادە ◌ شکلات سادە

plain clothes *noun, pl.*
(پۆلیس) جلی خۆی، بەرگی ئاسایی یان خۆیی، نایونیفۆرم: *officers in plain clothes* ◌ لباس معمولی یا شخصی

plainclotheman *noun*
ئەفسەری پۆلیس بە جلی خۆی یان بەرگی ئاسایی یان خۆیی، ئەفسەری پۆلیس بە نایۆنیفۆرم ◌ افسر پلیس با لباس معمولی یا شخصی

plain-clothes *adjective*
بە بەرگی خۆیەوە ◌ با لباس شخصی

plain dealing *noun*
راستی، سەرراستی، بێفروفێڵی، دروستی، ئاشکرایی، لەڕوویی ◌ صداقت، صراحت

plain flour *noun*
ئارد، ئاردی سادە (بێشلکێنە) ◌ آرد سادە

plain-hearted /'pleɪn hɑ:tɪd/ *adjective*
سادە، ساویلکە، بێگەرد، دڵساف ◌ سادەدل

plainly /'pleɪnli/ *adverb*
بە روونی، بە ئاشکرایی، بە راشکاوی، بە ئاسانی، بە سانایی: *The sea was -nly visible in the distance* ◌ بە طور واضح، بە سادگی

plainman /'pleɪnzmən/ *noun*, also plainmen
دەشتنشین، دەشتەکی ◌ پلاینمن

plainness /'pleɪnnəs/ *noun*
1 ئاسانی، سانایی، ساکاری 2 روونی، بێپەردەیی، ئاشکرایی، لەڕوویی ◌ 1 سادگی 2 وضوح، صراحت

plain sailing *noun*
کاری ئاسان، کاری بێگیرەوکێشە، کاری ناسەخت ◌ کار بی‌دردسر

plain service *noun*
ڕێوڕەسمی کلێسە بەبێ موسیقا، ئاهەنگی سادە ◌ مراسم سادە

Plains Indian *noun*
سووریێستانی دەشتنشین (یان دەشتەکی): ئەندامی هەریەک لە گەلانی سووریێست کە جاران دانیشتووی دەشتە گەورەکان بوون (ناوچەیێکی دەشتایی بەربلاوی رۆژهەلاتی چیاکانی Rocky و ئەمریکای باکووری) ◌ سرخپوست‌های جلگەنشین

plainsman /'pleɪnsmən/ *noun, pl.* plainsmen
دەشتنشین، دەشتەکی ◌ جلگەنشین

plainsong /'pleɪnsɒŋ, US -sɔ:ŋ/ *noun*
گۆرانی بەکۆری کلێسەیی، موسیقای بەکۆری کلێسە (لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، لە کلێسەکانی ئەنگلیکان و کاسۆلیکی رۆمیدا) ◌ موسیقی گروهی کلیسا

plain speaking /'pleɪns sp:kɪŋ/ *noun*
لەڕوودانەماوی، بێپەردەقسەکردن، قسەلەڕوویی ◌ رک‌گویی

plain-spoken /ˌpleɪns 'spəʊkə(n)/ *adjective*
بێپەردە، ڕێکوڕاست، ڕەپوڕاست، بێلەڕوودامان، لەڕوو ◌ صریح، رک

plaint /pleɪnt/ *noun*
1 شکات، سکالا، گازندە، داواکاری، گلەیی، دادخوازی، ئاهـ و نالە، شیوەن و رۆرۆ 2 تاوانبارکردن، گوناهبارکردن، گومانلێکردن ◌ 1 شکایت، دادخواست، آه و ناله 2 اتهام

plaintful = mournful

plaintiff /'plɛɪntɪf/ *noun*
(ماف) داواکار، دادخواز، شکاتلێکەر، داواچی ◌ خواهان، مدعی

plaintive /'pleɪntɪv/ *adjective*
1 خەماوی، مایەی خەم و پەژارە، جێی داخ، بەسۆز 2 دڵتەنگ، مات، خەمڵەدڵ، خەمبار، لێوبەبار، نارەحەت ◌ 1 حزن‌انگیز 2 محزون

plaintively /'pleɪntɪvli/ *adverb*
بە شێوەیەکی خەماوی، بە دڵتەنگی(یەوە)، بە نارەحەتییەوە: *'What about me?' she asked plaintively* ◌ بە طور حزن‌انگیز، با حزن و اندوه

plaintiveness /'pleɪntɪvnəs/ *noun*
مایەی خەم و پەژارە بوون، بەسۆزی، خەماویبوون، جێیداخ بوون ◌ حزن‌انگیزی

plait /plæt/ *noun*
1 پەلکە، قژی گیراوە، هوونەک، گولانگ، هۆنە، کەزی، پرچی هۆنراوە، لیسپ: *She wore her hair in plaits* 2 چین، قەد (بنەڕەت: لەسەر بنچینەی plicare لاتینی بە واتای "قەدکردن، چیندان") ◌ 1 طره، گیس بافته 2 تا

plan(o)- *prefix*
پێشگر: تەخت، ڕێک، رووتەخت، گەڕۆک (بنەڕەت: لە planus لاتینییەوە "flat") ◌ پیشوند: سطح، سیارە

plan /plæn/ *noun*
1 نەخشە، پلان، بەرنامە، داڕێژە: *There's been a change of plan* ◊ *We can't change our plans now* 2 *a plan of the museum* 3 (خوازە) کار، ڕێ، ڕێگا، ڕێوشوێن، شێوە 3 مەبەست، ئامانج 4 خەیاڵ، نیاز ◌ 1 نقشە، طرح 2 (مجازی) کار، روش 3 هدف 4 عزم

planar /'pleɪnə(r)/ *adjective*
ڕووتەختی، سەربە ڕووتەخت (planarity *n*) ◌ مسطحی

planarian /plə'nɛ:rɪən/ *noun*
(گیانەوەرناسی) یەکی ئاوی flatworm [دەستە Tricladida] ◌ پلاناریَن

planation *noun*
تەختبوونی زەوی لەبەر داخوران، دەشتان ◌ پلاناسیون

planch /plæntʃ/ *noun*
دەرخۆنە، تەبەقەگلێنە، تەختەگلێنە (بۆ ڕاگرتنی شتێ کە لەسەر ئاوری دادەنێن) ◌ پلانچ

planchet /'plan(t)ʃɪt/ *noun*

تەختەکانزا یان تەبەقەکانزای تەخت، تایبەتی لێدانی کوین ◯ پلانچت
planchette /plɑːnˈʃɛt/ *noun*
تەختەی چکۆلە ◯ تختەی کوچک
plane[1] /pleɪn/ *noun, adjective*
n 1 (ئەندازە) رووتەخت 2 ئاستی ریک یان تەخت، تەختایی، راستایی 3 ئاست، رادە، پلە *adj* (ئەندازە) تەخت، ریک، میزان، ئاست، راست، تەراز ◯ *n* 1 (هندسه) صفحه 2 سطح مستوی 3 سطح، حد *adj* (هندسه) مسطح، مستوی، هموار
plane[2] /pleɪn/ *noun*
فرۆکە، بالافر (کورتەی aeroplane) ◯ هواپیما
plane[3] /pleɪn/ *noun*
(دارتاشی) رەندە، کوشتەرە، فۆغان (رەندەی گەورە) ◯ رنده
plane[4] /pleɪn/ *noun*, also plane tree
چنار، داری چنار، هۆلیر، جەوهەر، شەلی، شۆخ [توخم *Platanus*] ◯ درخت چنار
plane angle *noun*
گۆشەی رووتەخت یا راست ◯ زاویەی مستوی
plane geometry *noun*
ئەندازەی رووتەخت ◯ هندسەی مسطح
planeload /ˈpleɪnləud, US -loud/ *noun*
بار یا سوارەکانی فرۆکە، فرۆکەسوارەکان ◯ محموله یا مسافران هواپیما
plane of reflection *noun*
رووتەختی دانەوە ◯ صفحەی بازتابش
plane of symmetry *noun*
رووتەختی هاوتایی ◯ صفحەی تقارن
planer /ˈpleɪnə(r)/ *noun*
پلانێر ◯ پلانر
planet /ˈplænɪt/ *noun*
1 هەرسارە، ئەستێرەی گەڕۆک 2 (the planet) زەوی ◯ 1 سیاره 2 زمین
plane-table /ˈpleɪn teɪbl/ *noun*
میزی ئەندازیاری، میزی تەخت، میزی پێوانی ئەندازیاری ◯ میز مهندسی
planetarium /ˌplænɪˈteəriəm, US -ˈter-/ *noun, pl.* planetariums or planetaria /-rɪə/
ئاسمانبین ◯ افلاک‌نما
planetary /ˈplænətri, US -teri/ *adjective*
1 هەسارەیی، هەسارەئاسا 2 دنیایی، خاکی، جیهانی، گیتی‌یانە، زەمینی 3 سەرلێشێواو، وێڵ، دەربەدەر ◯ 1 سیارەای 2 دنیوی 3 سرگردان
planetary movements *noun, pl.*
جووڵە یان بزاوتە هەسارەیی‌یەکان، جووڵانە هەسارەیی‌یەکان ◯ جنبش‌های سیارەای
planetary system = sular system
planetary winds *noun, pl.*
با هەسارەیی‌یەکان ◯ بادهای سیارەای
planetisimal /ˌplanɪˈtɛsɪm(ə)l/ *noun,* *adjective*
(ئەستێرەوانی) *n* وردەهەسارە *adj* سەربە وردەهەسارە، وردەهەسارەیی ◯ *n* سیارەی کوچک *adj* وابسته به سیارەی کوچک
plane tree *noun*
داری چنار، جەوهەر، شەلی ◯ درخت چنار
planetoid /ˈplanətɔɪd/ *adjective,* also planetoidal or asteroid
نیمچەهەسارە، شێوەهەسارە، وردەهەسارە ◯ شبه‌سیاره
planetology *noun*
هەسارەناسی ◯ سیارەشناسی
planet-stricken *adjective,* also planet-struck
تۆقیو، ترس‌لێ‌نیشتوو ◯ وحشت‌زده
plangency /ˈplændʒənsɪ/ *noun*
1 لەرینەوە 2 زرینگانەوە، دەنگدانەوە ◯ 1 طنین 2 ارتعاش
plangent /ˈplændʒənt/ *adjective*
1 (دەنگ، وێژەیی) زرینگەدار، گرمە 2 (دەنگ) کز، داماو، خەماوی، دڵتەنگ، مات ◯ 1 (صدا) پرطنین 2 (صدا) محزون
plangently /ˈplændʒəntli/ *adverb*
بە شێوەیەکی زرینگەدار ◯ به طور پرطنین
plani- *prefix*
پێشگر: تەخت، تەراز، ریک، ئاست ◯ پیشوند: مسطح، مستوی
planigale /ˈplanɪgeɪl, US ˌplanɪˈgeɪli/ *noun*
یەکی وردی گۆشتخۆری marsupial مشکئاسای mouse-like carnivorous کلکدرێژ، رەسەنی ئەوستراڵیا و نیوگینی [توخم *Planigale*: چەندین جۆرن] ◯ پلانیگال
planimeter /pləˈnɪmɪtə/ *noun*
رووتەختپێو، ئاستپێو ◯ سطح‌سنج، پلانیمتر
planimetric *adjective*
سەربە رووتەختپێو یان ئاستپێو ◯ وابسته به سطح‌سنجی یا پلانیمتری
planimetry /pləˈnɪmɪtɪ/ *noun*
رووتەختپێوی، ئاستپێوی ◯ سطح‌سنجی، پلانیمتری
planisphere /ˈplanɪsfɪə/ *noun*
نەخشەی (روو)تەختی جیهان ◯ جهان‌نمای مسطح
planispheric /-ˈsfɛrɪk/ *adjective*
سەربە نەخشەی (روو)تەختی جیهان ◯ وابسته به جهان‌نمای مسطح
plank /plæŋk/ *noun*
1 تەختە، دەپە، دەستەکی چوارپاڵوو، تەختەدار 2 (سیاسەت) بنەرەت، تەوەر، بنچینە، بنەما ◯ 1 الوار 2 (سیاست) اساس، محور، اصل
planking /ˈplæŋkɪŋ/ *noun*

1 تەختەمەنی، تەختەکان 2 تەختەبەندی، تەختەپۆش کردن ⬡ 1 الوارها 2 تخته‌پوشی

plankton /ˈplæŋktən/ *noun*
پلانکتۆن، سەراوەکی، سەرئاوەکی ⬡ دروازی

planktonic *adjective*
پلانکتۆنی، سەربە سەراوەکی ⬡ وابسته به دروازی

planless *adjective*
بێمەبەست، بێنەخشە، بێئامانج ⬡ بدون هدف

planned *adjective*
پلان(بۆ)دانراو، پلاناوی، نەخشەکێشراو، بەرنامەڕێژکراو، داڕێژراو ⬡ طراحی‌شده

planned economy *noun*, also command economy
ئابووری پلانڕێژکراو (یان ڕێبەریکراو) ⬡ اقتصاد دولتی

planned obsolescence *noun*
کۆنیتی پلانڕێژکراو ⬡ کهنگی طراحی‌شده

planner /ˈplænə(r)/ *noun*
1 نەخشەکێش، نەخشەداڕێژ، پلانداڕێژ، پلاندانەر 2 ئەندازیاری داڕشتنی شار یان شارسازی، شارداڕێژ ⬡ 1 طراح 2 مهندس شهرسازی

planning /ˈplænɪŋ/ *noun*
1 نەخشەکێشی، نەخشەداڕێژی، پلانداڕێژی، پلاندانەری 2 شارداڕێژی، ئەندازیاریتی داڕشتنی شار یان شارسازی، شارسازی ⬡ 1 طراحی 2 شهرسازی

planning permission *noun*
(بریتانیا) دەستوورنامەی ماڵدروستکردن، دەستوورنامەی خانووبەرە(سازی) یان قوڕەکاری ⬡ جواز ساختمان‌سازی

plano- /ˈpleɪnəʊ/ = plan-

plano-concave /ˌpleɪnəʊkɑːnˈkeɪv/ *adjective*
تەختوقوڕ، یەکسەر تەخت و یەکسەر قوقز ⬡ پلانوکونکاو

plano-convex /ˌpleɪnəʊkɑːŋˈveks/ *adjective*
یەکلاتەخت و یەکلا رووچاڵ، یەکسەر تەخت و یەکسەر (روو)چاڵ ⬡ پلانوکونکس

planography *noun*
پلانۆگرافی ⬡ چاپ هم‌سطح

plant /plɑːnt, US plænt/ *noun, adjective*
n 1 گیا، گژوگیا، ڕووەک 2 دەزگامەنی، دەزگاکان، دەزگا، ئامێر، ئامراز، کەرەسە 3 کارگە، سازگە، کارخانە 4 سیخوڕ، تێلچی، هەواڵپێدەر، هەواڵچی 5 (نافەرمی) تەشقەلە، دەبە، گەڕ(تێهاڵاندن) *adj* ڕووەکی، گیایی ⬡ *n* 1 گیاه، نبات 2 ماشین‌آلات، ماشین 3 کارخانه 4 جاسوس 5 (عامیانه) پاپوش *adj* گیاهی

plantable *adjective*
شیاوی چاندن یان ناشتن، چاندنی، لەناشتنهاتوو، لەچاندنهاتوو ⬡ قابل غرس

Plantae *noun*
kingdom پۆلی کە هەموو گیا و ڕووەک دەگرێتەوە ⬡ پلانتا

Plantagent /planˈtadʒɪnt/ *noun*
پلانتاژینیت: ئەندامی زنجیرەپاتشایی ئینگلتەرە کە لە 1154 تا 1485 دەسەلاتیان بەدەستەوە گرت ⬡ پلانتاجنت

plantain[1] /ˈplæntɪn, US -teɪn/ *noun*
گەلاڕکێشە، تۆخمسپی، بارهەنگ، نیسپەرزە [تۆخم *Plantago*: زۆر جۆرن] ⬡ بارهنگ

plantain[2] /ˈplæntɪn, US -teɪn/ *noun*
1 جۆرێ مۆزی پڕنشاستە و کەمشەکر 2 گیای ئەم مۆزە [*Musa × paradisiaca*] ⬡ پلانتین

plantain lily = hosta

plantar /ˈplæntə(r)/ *adjective*
لەواسەیی، سەربە تەختی پێ، سەربە بنی پێ، نێوپێیی، سەربە ناوپێ ⬡ وابسته به کف پا

plantation /plɑːnˈteɪʃn, US plæn-/ *noun*
1 کێڵگە 2 داروەلان، دارستان 3 (مێژوویی) - colony ⬡ 1 کشتزار 2 درختزار

planted *adjective*
نێژراو، چێندراو، کردراو، چەقێنراو، دەسنیا ⬡ کاشته، مغروس

planter /ˈplɑːntə(r), US ˈplæn-/ *noun*
1 (لە لێکدانا) -چێن، -نێژ، -چەقێن 2 دەزگای تۆوچێن، تووچێن 3 گوڵدان، ئینجانە 4 جووتیار، وەرزێر، کشتکار، جووتبەندە 5 کێڵگەوان: *a tea planter* ⬡ 1 -کار 2 ماشین بذرپاش 3 گلدان 4 کشاورز 5 صاحب کشتزار

plantership *noun*
کشتوکاڵ، کشتکاری ⬡ کشاورزی

planter's punch *noun*
کوکتایلێ (rum، شەکر، لیمۆ یان ئاوی قسلی تیایە) ⬡ نوعی کوکتایل

plant hormone *noun*, also phytohormone
هۆرمۆنی گیایی یان ڕووەکی: مادە یان ماکێکی ئەندامی کە لە ئەندازەیێکی کەمدا ڕەوت و پرۆسەی کارئەندامناسی ڕووەکێ ڕێک دەخا ⬡ هورمون گیاهی

plantigrade /ˈplantɪgreɪd/ *adjective*
(گیانەوەری) لەواسەڕەو، لەواسەڕۆ (-ڕۆ، وەک مرۆڤ و ورچ، لەگەڵ digitigrade بەراورد کرێ؛ بنەڕەت: لە فەرەنسە، لە *plantigradus* لاتینی نوێ، لە *planta* لاتین "sole" + - gradus "-walking") ⬡ (جانور) کف‌رو

planting /ˈplɑːntɪŋ, US ˈplæn-/ *noun*
چاندن، ناشتن، چەقاندن ⬡ کشت

plant kingdom *noun*
⬡ vegetable kingdom = 2 plantae = 1 پلانت کینگدوم

plantlet *noun*
گیایێکی چکۆلە، گیاچکە ۞ گیاه کوچک
plantlike *adjective*
گیائاسا، رووەک‌ئاسا، گیایی، رووەکی، شێوەگیا ۞ گیاه‌مانند
plant-louse /'plænt laʊs/ *noun*, also plant louse
مێشوولە (مێملی رووەک و گیایە) ۞ شته
plantocracy /plɑːn'tɒkrəsi/ *noun*, *pl.* plantocracies
وەرزێرسالاری، جووتیارمیری، پلانتۆکراسی، کۆمەڵێ لە جووتیار و وەرزێران وەک چینی بالادەست، ب.ت. لە دوورگەکانی هێندی رۆژاوا ۞ پلانتوکراسی
plant pathology *noun*, also called phytopathology
نەخۆشی‌ناسی گیا یان رووەک، گیانەخۆش‌ناسی ۞ آسیب‌شناسی گیاهی
plant pot *noun*
گوڵدان، ئینجانە، ئەنجانە ۞ گلدان
plantsman *noun*, *pl.* plantsmen
شارەزای رووەکی باخچەیی یان باخەوانی ۞ پلانتسمن
planula /'planjʊlə/ *noun*, *pl.* planulae /-liː/
(گیانەوەرناسی) تەختان، کرمۆکەی شیلان، کرمۆکەیێکی coelenterate کە بە شێوەی ئازاد مەلە دەکا و لە کۆمەڵکەیێکی سەختی مژۆڵدار پێکهاتووە، کرمۆکە یان لارڤای مەلەئازادکەری cnidarian (لە planus ی لاتینی "تەخت، رێک plane ،flat": planular *adj*) ۞ پلانولا
plaque[1] /plæk, US plɑːk/ *noun*
پلاک، نیشان، تەختە، تەتەڵە ۞ پلاک، صفحه
plaque[2] /plæk, US plɑːk/ *noun*
بەڵغ ۞ جرم دندان
plash /plæʃ/ *noun*
1 دەنگی شپلەشپلپ 2 گۆلکاو، پۆنگاو، قوولکاو، گۆلاو 3 بارانی بەخوڕەم، لێزمە ۞ 1 صدای چلپ چلوپ 2 آبگیر 3 باران سنگین
plashy *adjective*
وەک گۆلکاو، قوولکاوئاسا، گۆلاوئاسا، شێوەگۆلکاو ۞ آبگیرمانند
plasm(o)- *prefix*
پێشگر: پلاسما، خوێناو، پلازما، پلەزما: (بنەڕەت: فەرەنسە، plasmodium ،plasmolysis) لە plasma لاتینی نوێ) ۞ پیشوند: پلاسما
plasm /'plæzəm/ = plasma
plasma /'plæzmə/ *noun*
1 بەشی شلەی بێڕەنگی خوێن، لیمف و شیر، خوێناو، خوێناوگ، پلازما، پلاسما 2 (هەروەها plasm /'plaz(ə)m/) سایتۆپلازم یان پرۆتۆپلازم 3 (فیزیک) پلازما (گاز یان ئایۆنە گەرم یان ئەرێنی‌یەکان و ئێلیکترۆنە ئازادەکان کە کەمێ یان هیچ بارگەیێکیان نییە) ۞ پلاسما
plasma cell *noun*, also plasmacyte
خانەی پلاسمایی یان پلازمایی: خانەیێکی ئەنتی‌بادی‌ـ دەردەر antibody-secreting، لە خانەی Bشێوەکان بەرهەم هاتوون کە ڕۆڵێکی گرنگ لە antibody-mediated immunity دەگێڕن ۞ سلول پلاسمایی
plasmagel *noun*
سایتۆپلازمی ولولەیی، ب.ت. هی ناوچەی پتـــــــەوی دەرەوەی pseudopodium؛ سایتۆپلازمێکی تایبەتدراو و شێوەولولەی خانە زیندووەکان (وەک ئامیب) کە بە یارمەتی pseudopod گەندەپاکان دەڕۆن؛ توێی ولولەیی دەرەوەی سایتۆپلازم ۞ سیتوپلاسم ژلاتینی
plasmagene *noun*
ژینی سایتۆپلازمی، چکۆلەترین یەکەی بۆماوەیی دەرەکرۆمۆزۆمی؛ شتە زۆر وردەکانی نێو سایتۆپلازم ۞ ژن سیتوپلاسمی
plasmagenic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە ژینی سایتۆپلازمی‌یەوە هەیە ۞ وابسته به ژن سیتوپلاسمی
plasmalemma *pl.* plasmalemmas = cell membrane
plasma membrane *noun*
پەردەی پلاسمایی یا پلازمایی ۞ غشاء پلاسمایی
plasmapheresis /ˌplazmə'ferɪsɪs, -fə'riːsɪs/ *noun*
(پزشکی) شێوەیێکی لابردنی پلازمای خوێن لە لەش ۞ پلاسمافرسیس
plasma screen *noun*
پەردەی پلاسمایی، پەردەپلاسمایی، شاشەی پلازمایی ۞ سکرین پلاسمایی
plasmasol *noun*
سۆلی پلازمایی، سایتۆپلازمی لە شێوەی سۆل ب.ت. لە خانەیێکی ئامیبی amoeboid یان گەندەپایی pseudopodium ۞ پلاسمازول
plasmasphere *noun*
پلازماسفێر، چینەپلازما: ناوچەیێکی پلازمای سارد کە دەوری زەوی داوە، فراوانی‌یەکەی دەگاتە 13,000–40,000 کیلۆمیتر (–8000 25,000 مایل) بۆ نێو بۆشایی ۞ پلاسماسفر
plasmatic *adjective*
سەربە پلاسما، پلازمایی، پلاسمایی، خوێناوگی ۞ وابسته به پلاسما
plasm torch *noun*
چرا یان چراجاخی لکێنگەری پلازما (بۆ کارپێکردن بە تێمپراچێر و گەرمای یەکجار زۆر) ۞ مشعل جوشکاری پلاسما
plasmic *adjective*
سەربە پلاسما، پلازمایی، پلاسمایی، خوێناوگی

۞ وابسته به پلاسما

plasmid /'plazmıd/ *noun*
(زیندەناسی) پلازمید: بازنە یان ئاڵقەیێکی دەرەرەنگتەنی extrachromosomal دی‌ئێن‌ئەی DNA، پێکهاتە یان یەکەیێکی بۆماوەیی نێو خانەیێ کە سەربەخۆیانە یان ئازادانە لە کۆرۆمۆزۆمەکان هەڵدەگیرێتەوە، ب.ت. ریشاڵیکی بازنەیی چکۆلەی دی‌ئێن‌ئەی نێو بەکتریایێ یان protozoanی ۞ پلاسمید

plasmin /'plazmın/ *noun*, also fibrinolysin
(زیندەکیمیا) پلازمین: هەوێنەیێکی نێو خوێن کە پەنگینەکانی خوێن بەهۆی تێکشکاندنی فیبرین fibrin شی دەکاتەوە، هەوێنەیێکی proteolytic کە ریشاڵێنی پەنگینەکانی خوێن شی دەکاتەوە ۞ پلاسمین

plasminogen /plaz'mınədʒ(ə)n/ *noun*
(زیندەکیمیا) پلازمینۆژێن، پلازمینۆساز، پلازمینۆپێکهێن ۞ پلاسمینوژن

plasmo- = plasm-

plasmodesma *noun*, also plasmodesm, *pl.* plasmodesmata plasmodesms
تاڵ یان دەزووی سایتۆپلازمی: ئەو تاڵ یان دەزووە یەکجار وردانەی سایتۆپلازم کە بەنێو (کونی) دیوارەکانی خانەی رووەکدا تێدەپەرێ و خانە لێکنزیکەکان پێک دەبەستێتەوە ۞ پلاسمودسما

plasmodium /plaz'məʊdıəm/ *noun*, *pl.* plasmodia /-dıə/
1 مشەخۆری خوێنی ئەو نەخۆشانەی تازە تووشی مالاریا بوون، هەر protozoanێ کە دەبێتە هۆی نەخۆشی مالاریا لە مرۆڤدا [توخم *Plasmodium*] 2 (زیندەناسی) تۆپەڵە یان کۆمەڵکەیێکی فرەناوکەی جووڵۆکی motile سایتۆپلازم، لە ئەنجامی یەکگرتنی خانە ئامیبی تاکناوکی‌یەکان دەکەوێتەوە؛ هەروەها: زیندەوەرێ وەک slime mould کە لە پێکهاتەیێکی وا پێکهاتووە (plasmodial *adj*) ۞ پلاسمودیوم

plasmolysis /plaz'mɒlısıs/ *noun*
(رووەکناسی) چوونەیەک یان کرژهەڵاتنی پرۆتۆپلاستەکانی خانەی رووەکێ، وەک ئەنجامی لەدەس‌دانی ئاو، جیابوونەوەی پرۆتۆپلازم لە دیوارەی خانەیێ، کاتێ ئاو بەهۆی exosmosis نامێنێ ۞ پلازمولیز

plasmolytic *adjective*
سەربە پلازمۆلیسیس ۞ وابسته به پلازمولیز

-plast *suffix*
پاشگر: خانە، ماک یان مادەی زیندوو، ئەندامژە، دەنکۆڵە یان پارچۆلکەیێکی ریکخراو: protoplast ،chromoplast (لە -plaste فەرەنسی "شتێکی پێکهاتوو، دارشتە"، لە -plastos یۆنانی، لە Late Latin *plastus* لە *plastos* "پێکهاتوو، دارێژراو، پێکهاتە"، لە *plassein*ـەوە) ۞ پسوند: سلول، یاخته

plasteel /'plasti:l/ *noun*
(لە چیرۆکی زانستی‌دا) مەتریاڵێکی ناکانزایی ژووردەنگ (تێکەڵی plastic و steel) ۞ پلاستیل

plaster /'plɑ:stə(r), US 'plæs-/ *noun*
1 (قورەکاری و شکستەبەندی) گەچ، بۆرەک، سواخە، ئاویە (ب.ت. هی گڵ و قوڕ)، تەڕاو، ریـن، (دۆخاو liquid plaster)، (قسڵ و خۆڵەمێش = ساروج) 2 چەسپی برین، مووچرک، پلاستێر، ئاماوزێ ۞ 1 گچ، اندود 2 چسب زخم، مشمای طبی

plasterboard /'plɑ:stəbɔ:d, US 'plæstərbɔ:rd/ *noun*
(قورەکاری) تەختەگەچی، تەختەی گەچی ۞ تخته‌گچی

plaster cast *noun*
قالبی گەچی ۞ قالب گچی

plastered /'plɑ:stəd, US 'plæstərd/ *adjective*
1 سواخدراو، ماڵنجکراو، پیاساوراو 2 کەلەلا، کەیل، مەستی مەست، drunk، intoxicated ۞ 1 مالیده 2 پاتیل

plasterer /'plɑ:stərə(r), US 'plæs-/ *noun*
گەچکار، سواخدەر، سواخکار، ماڵنجکار ۞ گچ‌کار، اندودگر

plastering *noun*
گەچکاری، سواخ(دان)، ماڵنج(کاری) ساروج(کاری) ۞ گچ‌کاری

plaster of Paris /ˌplɑ:stər əv 'pærıs, US ˌplæs-/ *noun*
گەچ (پاریسی) ۞ گچ

plasterwork /'plɑ:stəwɜ:k, US 'plæstərwɜ:rk/ *noun*
گەچبڕی ۞ گچ‌بری

plastic /'plæstık/ *adjective*, *noun*
1 *adj* پلاستیک، پلاستیکی، لە پلاستیک، دارشتی، لە پلاستیک سازکراو: *a plastic bag/cup/toy* 2 (هونەر) شێوەکاری 3 بە شێوەی جیاجیادەرهاتوو، هەویری، نەرمیک، نەرم، لەدارشتن‌هاتوو، دەق‌هەڵگر، زووگۆڕاو، شێوەهەڵگر، کارلێکراو، pliable: *Clay is a plastic substance* ◊ *plastic animals* 4 دەسکرد، ساختە، ناسروشتی، درۆ: *TV game show hosts with their banal remarks and plastic smiles* 5 = sculptural 6 = formative ،creative: *plastic forces in nature* n پلاستیک، کارتی باوەڕی یان کرێدیت (plastically *adv*): بنەڕەت: لە *plastique* فەرەنسی یان *plasticus* لاتین، لە

plastikos یونانی، لە plassein "دارشتن، لە قالب دان، "to mould") ۞ 1 adj پلاستیک، پلاستیکی 2 (هنر) تجسمی 3 شکل‌پذیر 4 مصنوعی n پلاستیک، کارت اعتباری

plastic arts *noun, pl.*
هونەرە شێوەکاری‌یەکان ۞ هنرهای تجسمی

plastic bomb *noun*
بۆمبی پلاستیکی، بۆمبی نەرمیک ۞ بمب پلاستیکی

plastic bullet *noun*
گوللە یان بەرکی پلاستیکی، گوللەی نەرمیک ۞ گلولەی پلاستیکی

plastic explosive *noun*
تەقەمەنی نەرمیک یان پلاستیکی ۞ مادەی منفجرەی پلاستیکی

plasticine /ˈplæstəsiːn/ *noun,* also Plasticine
هەویری کایە ۞ خمیر بازی

plasticity /plæˈstɪsəti/ *noun*
pochard /ˈpəʊtʃəd, US ˈpɒ-/ *noun, pl.* same or pochards
مراوییەکی مەلەوان، نێرەکەی سەری قاوەیی مەیلەو سوورە [*Aythya ferina* و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی مرغابی

pock /pɑk/ *noun*
1 خرۆکە، ئاولە، هاولە، خورێلکە 2 جێی خورێلکە ۞ 1 آبله 2 جای آبله

pocked /pɒkt, US pɑːkt/ *adjective*
1 خورێلکاوی، ئاولاوی، کونکون 2 پڕچاڵوچۆڵ، کونکون، پڕکەندولەند، نارێک، قوڵکەقوڵکە، ناتەخت، ناڕاست ۞ 1 آبله‌رو 2 ناهموار، سوراخ‌دار

pocket /ˈpɒkɪt, US ˈpɑːk-/ *noun, adjective*
n 1 گیرفان، گیفان، کورک، بەرک 2 تواناییماڵی 3 پارە، داهات 4 ناوە، ناوچە، دەڤەر 5 گروپ، دەستە 6 چاڵ، قوڵکە 7 چاڵی هەوایی 8 (مێزی بیلیارد) کونی توورەکەدار *adj* 1 گیرفانی، چکۆلە ۞ *n* 1 جیب 2 وسع 3 پول 4 منطقه، ناحیه 5 گروه 6 گودال 7 چاه هوایی 8 (بلیارد) لوز *adj* جیبی

pocket battleship /ˈpɒkɪt bætlʃɪp/ *noun*

کەشتی شەڕکەری چکۆلانە ◌ ناو کوچک

pocketbook /ˈpɒkɪtbʊk, US ˈpɑːk-/ *noun*
1 (بریتانیا) تێبینینامە، دەفتەری تێبینی 2 (ئەمریکا) کیف، جانتا، کیسک، کیسە، جزدان، جانتای پارە (ژنان)، جانتای گیرفان ◌ 1 دفتر یادداشت 2 کیف، کیف بغلی

pocket calculator *noun*
دەزگای لێکدانەوە یان ژماردن (گیرفانی)، ژمێر(ە)کی گیرفانی ◌ ماشین‌حساب

pocket change *noun*
بڕێکی کەمی پارە، وردەپوولی نێو گیرفان، وردەپارەی خەرجی ◌ مقدار اندک پول، پول خرد توجیبی

pocketful /ˈpɒkɪtfʊl, US ˈpɑːk-/ *noun*
گیرفانێ، پڕ گیفانێ، مشتێ، لاویچێ ◌ بە اندازەی یک جیب

pocket handkerchief *noun*
دەسرە، پەڕۆ ◌ دستمال

pocketknife /ˈpɒkɪtnaɪf, US ˈpɑːk-/ *noun*
چەقۆی گیرفانی ◌ چاقوی جیبی

pocket money *noun*
پارە یان پوولی گیرفانی، گیفانپوولی، خەرجی ◌ پول توجیبی

pocket-sized *adjective*, also pocket-size
چکۆلە، گیرفانی (ئەوەی کە بە ئاسانی لە گیرفانا هەڵبگیری) ◌ کوچک

pocket watch *noun*
سەعاتی گیرفانی ◌ ساعت جیبی

pock-mark /ˈpɒkmɑːk, US ˈpɑːkmɑːrk/ *noun*
جێخوریلکە، جێهاولە ◌ جای آبله

pock-marked *adjective*
1 ئاولاوی، خوریلکاوی، هاولاوی، کونکون 2 چاڵوچۆلاوی، گرنج‌گرنج، پڕچاڵوچۆڵ، کونکون، پرکەندولەند، قولکەقولکە، چاڵچاڵ، ناڕێک، ناتەخت، ناراست ◌ 1 آبلەرو 2 ناهموار

poco /ˈpəʊkəʊ/ *adverb*
(ئیتالیایی، موسیقا) کەم ◌ پوکو

poco a poco *adverb*
(ئیتالیایی، موسیقا) کەم‌کەم، وردەوردە، بەرەبەرە ◌ بە تدریج

Pocomania /ˌpəʊkə(ʊ)ˈmeɪnɪə/ *noun*
دینێکی خۆماڵی ژاپۆنی یان جامائیکایی ◌ پوکومانیا

pod[1] /pɒd, US pɑːd/ *noun*
1 (نۆک و هتد) کەلوو، کەلی، بەرگ، قاپیلک، قوزاخە، توودان 2 تۆری ڕاوەمارماسی (نافەرمی و بێباو) in pod: دووگیان، سکپڕ ◌ 1 غلاف، نیام، پیله 2 پاد

pod[2] *noun*
پۆل، ڕەوە، دەستە (ب.ت. نەهەنگ) ◌ دسته

-pod *suffix*
پاشگر: پێ، شێوەپێ، پێ‌ئاسا: *pleopod* (بنەڕەت: لە *pod-* ،*pous* یۆنانییەوە) ◌ پسوند: پا، شبیه به پا

podagra /pəˈdægrə, US ˈpɒdəgrə/ *noun*
باداری پێ ◌ نقرس پا

podagral /pəˈdægrəl/ *adjective*
سەربە باداری پێ ◌ نقرسی

podagric /pəˈdægrɪk/ *adjective*
تووش‌بوو بە باداری پێ، پێبادار ◌ نقرسی

podagrous /pədægrəs/ *adjective*
سەربە باداری پێ ◌ نقرسی

podalgia /pəʊˈdældʒə/ *noun*
پێ‌ئێشە، ژانەپێ ◌ پادرد

podded *adjective*
کەلوودار، بەکەلوو، خاوەن کەلوو یا بەرگ ◌ دارای غلاف یا نیام

podex *noun, pl.* podices
(گیانەوەرناسی) پاشەڵ، کلکە ◌ کفل

podge *noun*
1 (نافەرمی، بریتانیا) مرۆی خریلانە، خرپنە، خروخۆل، خرتک 2 قەڵەوی، گۆشتی زیادی ◌ 1 آدم خپل 2 چاقی

podginess /ˈpɒdʒinəs, US ˈpɑːdʒinəs/ *noun*
خرپنی، خروخۆلی، قەڵەوی، گۆشتنی ◌ خپلی، چاقالویی

podgy /ˈpɒdʒi, US ˈpɑːdʒi/ *adjective* (podgier, podgiest)
(نافەرمی) خریلانە، خرپنە، خروخۆل، قەڵەو، پانکە(لە)، گۆشتن، خرتولە، خرتک: *podgy arms* ◌ خپل، چاقالو

podiatrist /pəˈdaɪətrɪst/ = chiropodist

podiatry /pəˈdaɪətri/ = chiropody

podium /ˈpəʊdiəm, US ˈpoʊ-/ *noun, pl.* podiums or podia /-dɪə/
1 (ئەمریکا (ی باکووری)) سەکۆ، شانۆ، هەرزاڵە، دوانگە، تریبوون، 2 lectern (گیانەوەرناسی) پێ، پا، لاق 3 دیوارێکی کورت کە بە دەور ئامفی‌تیاترا سازیان دەکرد، rostrum (بنەڕەت: بە ڕێگای لاتین لە *podion* یۆنانی، چکۆلێنراوی *pod-* ،*pous* "پا") ◌ 1 سکو، تریبون 2 پا 3 پودیوم

podocyst *noun*
پاکیسە، پاتوورەکە، پێ‌توورەکە، پێ‌کیسە، کیسەپا: بۆشاییێکی پێی هێندێ لە لەشنەرمان ◌ پودوکیست، پاکیسه

podzol /ˈpɒdzɒl/ *noun*, also podsol /-sɒl/
(گڵناسی) گڵەبۆرە: جۆرێ گڵی بێپیتی ترشەڵۆکی، چینێکی بنڕووی بۆری هەیە، زۆرتر تایبەتە بە دارستانی سنەوبەری ◌ پودزول

podzolic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بەو جۆرە گڵەوە هەیە ۞ وابستە بە پودزول

podzolization *noun*
پێکهاتنی گڵەبۆرە ۞ پودزولیزاسیون

poem /'pəʊɪm, US 'poʊəm/ *noun*
هەڵبەست، هۆنە، هۆزان، شێعر (بنەڕەت: لە *poiein* یۆنانی "سازاندن، ئافراندن") ۞ شعر

poesy /'pəʊɪzi, US -si/ *noun*
1 (کۆن) هەڵبەستوانی، هۆنەری، شاعیری 2 هۆنە، هۆنراوە، هەڵبەست ۞ 1 شاعری 2 شعر

poet /'pəʊɪt, US 'poʊət/ *noun*
هەڵبەستوان، هۆنەر، هۆزانڤان، هەڵبەستیار، شاعیر ۞ سراینده، شاعر

poetaster /ˌpəʊɪ'tæstə/ *noun*
گەندەهۆنەر، کەچەهۆنەر، نیمچەهۆنەر، کەچەهەڵبەستوان، سەگەشاعیر ۞ شاعرک

poetess /ˌpəʊɪ'tes, US ˌpoʊə'tes/ *noun*
هەڵبەستوان، هۆنەر، هۆزانڤان، هەڵبەستیار، شاعیر (ژن) ۞ شاعره

poetic /pəʊ'etɪk, US poʊ-/ *adjective*, also poetical/-ɪkl/
1 هۆنەرانە، هەڵبەستوانانە 2 هۆنراوە 3 هۆنراوەیی، سەربە هەڵبەست، شێعری، هۆنەیی ۞ 1 شاعرانه 2 منظوم 3 وابسته به شعر

poetically /-kli/ *adverb*
هونەرانە، هەڵبەستوانانە، بە شێوەی شاعیرانە ۞ شاعرانه

poetic justice *noun*
1 سزا 2 دادگەریتی خەیاڵی یان ئەندێشەیی (سەرکەوتنی چاکەکان و تێشکانی خراپەکان) 3 حەق ۞ 1 جزا 2 عدالت خیالی 3 حق

poetic licence *noun*
پێداویستی هەڵبەستی، ئازادی هەڵبەستی یان شێعری، دەسەڵاتی شێعری ۞ اختیارات شاعری

poetics /pəʊ'etɪks, US poʊ-/ *noun, pl.*
هونەری هەڵبەست(وانی) یان شێعر ۞ فن شعر

Poet Laureate *noun, pl.* Poets Laureate
(لە بریتانیا) سەرهۆنەر، شاهۆنەر، هەڵبەستوان یان شاعیری بارەگای پاتشایی ۞ ملک‌الشعرا

poetomachia *noun*
شەڕەهۆنە، شەڕەشێعر، شەڕەهەڵبەست، دەمەتەقێی هۆنەران ۞ مشاعره

poetry /'pəʊətri, US 'poʊ-/ *noun*
1 هەڵبەست، هۆنە، هۆنراوە، شێعر، هۆزان، هۆنینەوە 2 کوڵوکۆ و هەستی شاعیرانە ۞ 1 شعر، نظم 2 احساس شاعرانه

po-faced /'pəʊ feɪst, US 'poʊ/ *adjective*
(نافەرمی) رووتاڵ، رووگرژ، نەدوێن، مرومۆچ ۞ بدعنق

pogo stick /'pəʊgəʊ stɪk, US 'poʊgoʊ/ *noun*, also pogo
(جۆری شتی کایە) هەڵبەزە ۞ جستونک

pogrom /'pɒgrəm, US 'poʊg-/ *noun*
(رووسی) کۆمەڵکوژی، رەگەزکوژی، جووقڕان (رێکخراو، ب.ت. لەبەر هۆی دینی یان نژادی و ب.ت. جوولەکەکان لە رووسیە یان رۆژهەلاتی ئەورووپا) ۞ قوم‌کشی

pogromist *noun*
بەرێوەبەر یان بەشدار لە کۆمەڵکوژیدا، کۆمەڵکوژ ۞ پوگرومیست

poi /pɔɪ/ *noun*
جۆری چێشتی هاوایی، لە رەگی تڕشاوی taro ۞ پوی

-poiesis *suffix, pl.* poieses
پاشگر: پێکهاتن، چێبوون، دروستبوون: *haematopoiesis* (بنەڕەت: لە لاتینی نوێوە، لە *poiēsis* یۆنانییەوە "creation") ۞ پسوند: تکون

-poietic *suffix*
پاشگر: پێکهێنەر، بەرهەمهێنەر: *haematopoietic* ۞ پسوند: مکون، مولد

poignancy /'pɔɪnjənsi/ *noun*
1 تیژی، تاڵی، توندی 2 خەم، خەفەت، پەژارە، کۆڤان، کەسەر، داخ، دڵتەنگی، نارەحەتی ۞ 1 تیزی 2 اندوه، حزن

poignant /'pɔɪnjənt/ *adjective*
1 خەماوی، نارەحەتکەر، دڵگیر، دڵتەنگ، جێیداخ 2 توند، قووڵ، تاڵ، سەخت، رەق، جەرگبڕ، تیژ ۞ 1 غم‌انگیز 2 شدید، نیشدار، تیز

poignantly /-jəntli/ *adverb*
نارەحەتکەرانە، دڵگیرانە، بە توندی، توند، بە سەختی ۞ به طور غم‌انگیز، به شدت

poikilo- *prefix*
پێشگر: جۆراوجۆر، جیاجیا، جیاواز، جۆربەجۆر، گۆڕاو، بگۆڕ، لەگۆڕانهاتوو: *poikilotherm* (بنەڕەت: لە *poikilos* یۆنانییەوە) ۞ پیشوند: 1 گوناگون 2 متغیر

poikilotherm /'pɔɪkɪlə(ʊ)ˌθɜːm/ *noun*
گیانەوەری خوێنسارد (وەک بۆق، زۆرتر لە بەرامبەر homeotherm دا) ۞ جانور متغیرالحراره یا خونسرد

poikilothermal *adjective*, also poikilothermic
گەرمیگۆڕ ۞ متغیرالحراره

poikilothermism *noun*
خوێنساردی گیانەوەر ۞ خونسردی جانور

poilu /pwʌ'luː, French pwaly/ *noun*
(کۆن) سەربازی فەرەنسی (ب.ت. سەربازی هێلی پێشەوەی شەڕی جیهانی یەکەم، فەرەنسی "تووکن، ئازا") ۞ سرباز فرانسوی

poinciana /ˌpɔɪnsɪ'ɑːnə/ *noun*
(لاتینی، رووەکناسی) پۆینسینا [تۆخمەکانی

ـاران (جـــــــــــ *Delonix* و *Caesalpinia* (*Poinciana*)| (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە ناوی M. de *Poinci* ستانوانی بەشێکی دوورگەکانی هیندی ڕۆژاوای فەرەنسی) ۞ پورین‌سینا

poinsettia /ˌpɔɪnˈsetiə/ *noun*
(لاتینی، ڕووەکناسی) پۆین‌سێتیا، دەوەنێکی چکۆلە بە گوڵی زەردی وردەوە] *Euphorbia pulcherrima* *(formerly Poinsettia)*] (بنەڕەت: لە ناوی دیپلۆمات و ڕووەکناسی ئەمریکایی Joel R. *Poinsett*) ۞ بنت قنسول

point /pɔɪnt/ *noun*
1 نووک، نهێک، وچک، تیژە، سەر، لووتکە، سەرە 2 خاڵ، پن، پنت 3 خاڵی سەرەکی یان بنگەهی 4 کاریگەری، باندۆر 5 قان، خاڵ 6 شوێن، جێ، وار، حاست 7 تاو، سات، کات 8 تایبەتمەندی، خەسڵەت، ڕەوشت 9 مەبەست، ئامانج 10 نیاز، خەیاڵ 11 قۆناخ، گەڕ 12 ڕادە، پلە 13 یەکە، یەکینە 14 کاکڵی بابەت، کرۆکی مەزار یان بابەت 15 (لادوز) لا، ئالی 16 مشتومڕی کاریگەر 17 (کارەبا) پریز 18 یەکەی کێشان (2 mg) بۆ ئەلماس 19 لقەشاخ، بەچکەشاخ، چڵەشاخ (ئاسک) 20 پێنووسی نووکتیژ 21 بزواندن، پۆینت (لە زمانە سامییەکان) 22 (چاپ) پۆینت 23 (points) (ڕێی ئاسن، دەرزی) دوورپانە 24 (لە باڵیدا) نووکی پەنجەی پێ ۞ 1 نوک، رأس 2 نقطه 3 نقطه‌ی اساسی 4 تأثیر 5 امتیاز 6 مکان 7 لحظه 8 ویژگی، خاصیت 9 هدف 10 قصد 11 مرحله 12 درجه 13 واحد 14 اصل موضوع 15 (قطب‌نما) جهت 16 بحث مؤثر 17 (برق) پیریز 18 واحد وزن (2 mg) 19 بچه‌شاخ 20 قلم نوک‌تیز 21 اعراب 22 پوینت 23 (در جمع) دوراهی 24 پوینتس

point-blank /ˌpɔɪnt ˈblæŋk/ *adjective, adverb*
1 (تیرخستن) لە نزیکەوە، لە مەودایەکی نزیکەوە 2 بێ پەردە، ڕێکوڕاست، بێ‌لەڕوودامان، بە پانەوە ۞ 1 از نزدیک 2 صریح

point count *noun*
شێوەیێکی لێکدانەوە یان بژاردنی خاڵەکانی پەرەکانی دەستی یاریزانی بریج bridge ۞ پوینت کونت

point d'appui /ˌpwã daˈpwiː, French pwɛ̃ dapɥi/ *noun, pl.* points d'appui
خاڵی ڕاگیربوون، خاڵی لەنگەری یان لەنگەرگرتن، ڕاگیرگە، لەنگەرگە ۞ نقطه‌ی اتکا

point-duty /ˈpɔɪnt djuːtɪ/ *noun*
چاودێری چوارڕێ(یانە): *to be on point duty* ۞ کنترل ترافیک

pointe /pwɛ̃t/ *noun*
1 (Ballet) نووکی پەنجە(ی پێ) 2 (هەروەها pointe work) سەما بە نووکی پەنجە ۞ پوینتی

pointed /ˈpɔɪntɪd/ *adjective*
1 نووکتیژ، قووچ، سەرتیژ، نووکدار، تیژ: *the pointed arches used in medieval buildings* ◊ *pointed teeth* 2 ڕێکوڕاست، ڕوون، ئاشکرا، دیار 3 ڕووی قسەی لە یەکێ‌بوو، بە مەعنی، بەمەبەست، بە تویکڵ، بە تەشەر(ەوە)، پلاردار، تاڵ ۞ 1 نوک‌تیز 2 صریح، واضح، بارز 3 نیش‌دار

pointedly /ˈpɔɪntɪdli/ *adverb*
بە مەعنی(یەوە)، بە تویکڵەوە، بە تەشەرەوە: *When he sees me, he pointedly ignores me* ۞ با منظور

pointedness *noun*
نووکتیژی، سەرتیژی، تیژی ۞ نوک‌تیزی

pointer /ˈpɔɪntə(r)/ *noun*
1 میل، تیژە، دەرزی 2 شاهینی تەرازوو، دارتەرازوو 3 (نەخشە، تەختەڕەشە و هتد) داری ڕاداشتن یا ئاماژە، ڕاستەی درێژ 4 پیشاندەر، ئاماژەپێکەر 5 ڕێنوێنی، ڕێ‌پیشاندان 6 (کامپیوتەر) پیشاندەر 7 تانجی، تاژی 8 بەندکێش ۞ 1 عقربه 2 شاهین ترازو 3 چوب اشاره 4 اشاره‌کننده 5 راهنمایی 6 (کامپیوتر) نشانگر 7 سگ شکار 8 بندکش

pointillism /ˈpɔɪntɪlɪzəm, US ˈpwænt-/ *noun*
خاڵگەری (= شێوازێکی ڕەنگکردنە کە لە دواییەکانی سەدەی 19دا لە فەرەنسە پەرەی سەندووە و خاڵی زۆر ورد بەکاردێنێ) ۞ پوئن‌تیلیسم

pointillist /-lɪst/ *noun, adjective*
n خاڵگەر *adj* خاڵگەرییانە، پوانتیلیست، پوئێن‌تیلیستی، پوانتیلیستی ۞ *n* پوئن‌تیلیست *adj* پوئن‌تیلیستی

pointillistic *adjective*
خاڵگەرییانە، پوانتیلیستی ۞ پوئن‌تیلیستی

pointing /ˈpɔɪntɪŋ/ *noun*
1 بەندکێشی: *Check the pointing is in good condition* 2 خاڵدانان ۞ 1 بندکشی 2 نقطه‌گذاری

pointless /ˈpɔɪntləs/ *adjective*
1 بێهوودە، بێ‌سوود، هیچ، ئایەخ، بەکارنەهاتوو، بێ‌قازانج، بێ‌ئەنجام 2 بێ‌مەبەست، بێ‌ئامانج، بێ‌واتا، بێ‌مانا: *a pointless remark* 3 بێ‌نووک، کوڵ، بێ‌سەر 4 بێ‌خاڵ ۞ 1 بی‌فایده 2 بی‌هدف 3 بدون نوک 4 بدون نقطه

pointlessly /ˈpɔɪntləsli/ *adverb*
لەخۆوە، بێ هیچ شتێ: *He argued -sly with his parents* ۞ بی‌جهت

pointlessness /ˈpɔɪntləsnəs/ *noun*
بێ‌واتایی، بێهوودەیی، بێ‌مەبەستی، هیچی، هیچ‌وپووچی، لەخۆوەیی: *the pointlessness of war* ۞ بی‌معنایی، بی‌هدفی، بی‌جهتی

pointman /'pɔɪnmən/ *noun, pl.* pointmen
1 سەربازی پێشەنگ 2 (زۆرتر لە ئەمریکا (ی باکووری) پێشەنگ، رچەشکێن ✿ 1 سرباز پیش‌قراول 2 پیشاهنگ

point of departure *noun*
خاڵی سەرەتا یا دەسپێک(ردن) ✿ نقطەی عزیمت

point of honour *noun*
پرسی ئابروو ✿ قضیەی شرف

point of inflection *noun*
خاڵی چەمانەوە ✿ نقطەی خمش

point of order *noun, pl.* points of order
دەستووری ریکخستن (کۆبوونەوەیێکی فەرمی) ✿ اخطار نظام‌نامەای

point of reference *noun, pl.* points of reference
لێک‌گەیشتن، لایەنی هاوبەش، خاڵی لێکچوون ✿ وجە مشترک

point of view *noun, pl.* points of view
روانگە، دید، بۆچوون، بیروڕا، را، دیتن، تێرین ✿ دیدگاه، نظر، نقطەنظر

pointsman /'pɔɪntsmən/ *noun, pl.* pointsmen
(رێی ئاسن) ئامازەوان ✿ سوزن‌بان

point source *noun*
(فیزیک) سەرچاوەیێکی تیشک‌دان(ـەوە، وەک رووناکی یان دەنگ) کە وەک خاڵێ چڕ دەبێتەوە (یان وەک خاڵێ دادەنرێ) کە وا دەردەکەوێ هیچ کشانێکی شوێنی spatial extension نەبێ ✿ پوینت سورس

point spread *noun*
(فیزیک و کارئەندامناسی) بلاوبوونەوەی وزە spread of energy لە سەرچاوەی خاڵەوە ✿ point source پوینت اسپرید

point system *noun*
دەزگا یان سیستمی خاڵ‌بەندی یان خاڵ‌دانان، سیستمێکی لێکدانەوە لە رووی خاڵەکان یان پلە و نمرەی شتێکەوە ✿ سیستم نقطەگذاری

point-to-point *noun, pl.* point-to-points
(لە بریتانیا، ئەسپ‌سواری) پێشبڕکێی مەیدان‌ئازاد (point-to-pointing *n* ؛point-to-pointer *n*) ✿ مسابقەی مسیرآزاد

pointy /'pɔɪnti/ *adjective* (pointier, pointiest)
(ئافەرمی) نووک‌دار، نووک‌تیژ، سەرتیژ: *pointy ears* ✿ نوک‌تیز

pointy-head = intellectual

pointy-headed *adjective*
(ئافەرمی و سووکانە) سەرتیژ، بلیمەت، زیرەک ✿ باهوش

poise[1] /pɔɪz/ *noun*
1 مەندی، قورسی 2 (لەش) رێ و رەوت، راوێستانی بێ‌تەکان، هاوسەنگی، لەنگەرە، هاوکێشی ✿ 1 وقار 2 (بدن) حالت، موازنە

poise[2] /pɔɪz/ *noun*
(فیزیک) یەکەی لینجی داینەمیک (کورتەکەی P؛ بنەرەت: لە ناوی فیزیک‌زانی فەرەنسی Jean L. M. *Poiseuille* (1799–1869) ✿ پویز

poised /pɔɪzd/ *adjective*
1 مەند، قورس 2 سەقام‌گرتوو، راوێستاو، داکوتراو ✿ 1 موقر 2 ایستادە

poisha /'pɔɪʃə/ *noun, pl.* same
پۆیشا: یەکەی پارەی بەنگلادیش، بەرامبەر بە سەدیەکی taka ✿ پویشا

poison /'pɔɪzn/ *noun, adjective*
n 1 دەرمان، ژار، ژەهر، سەم، تاڵاو: *Some mushrooms contain a deadly poison.* ◊ *to hunt with poison arrows* 2 جێشتی ژاری مار، ژەهرەمار، جێشتی یەکجار ناخۆش 3 (ئافەرمی) ئارەق، ناوی تاڵ، خواردنەوە 4 بیرۆکە یان هەستی زیانـاوی، بیرۆکەی زیان‌بار: *the poison of racial hatred* 5 مایەی خراپی *adj* 1 ژارین، ژاراوی، ژەهرین، دەرماناوی 2 (کیمیا) ماکێ کە چالاکی هاندەرێ کەم دەکاتەوە ✿ *n* 1 سم، شرنگ 2 غذای بسیار نامطبوع 3 (عامیانە) مشروب 4 ایدە یا احساس زیان‌بار 5 مایەی فساد *adj* 1 سمی، زهرین 2 پویزن

poison bean *noun*
لوبیاگولانە، پاقلەمارانە، پاقلەژاراوی: جۆرێ بنجی لوبیا یان پاقلە کە تایبەتی ناوچەکانی باشووری ئەمریکایە و دەنک و دانەکانی ژاراوی‌یە [*Daubentonia drummondii*] ✿ نوعی لوبیا

poison dart frog *noun,* also poison arrow frog
بۆقە تیرژاراوی: هەریەک لە بۆقە رەنگینە چکۆلەکانی گەرمێنانی ئەمریکای باشووری و ناوەندی کە مادە یان ماکێکی ژاراوی دەردەدا کە لە لایەن خەڵکانی رەسەنی ئەوێنەوە بۆ ژاراوی‌کردنی سەری تیر بەکاردێترێ [خێزان Dendrobatidae] ✿ نوعی قورباغە

poison dogwood = poison sumac

poisoned *adjective*
1 ژاراوی، دەرماناوی، ژارتێ‌کراو، ژەهراوی، ژەهرین، ژاری تیایە، دەرمان‌تێ‌کراو 2 پیس، تێوەدراو 3 چڵک‌کردوو، ئاوچڕکردوو ✿ 1 سمی، زهرآگین 2 آلودە 3 عفونی‌شدە

poisoner /'pɔɪzənə(r)/ *noun*
(مرۆڤ) ژارپێدەر، دەرمانپێدەر، دەرمان‌دەرخواردەدەر، دەرمان‌تێکەر، بەژارکوژ، بەدەرمان‌کوژ ✿ مسموم‌کنندە

poison gas *noun*
گازی ژاراوی یان دەرمان‌تێکراو، گازی خنکێنەر ✿ گاز سمی

poison helmock *noun*
زرگێزنوکـــەمـــاران، زرگێزنوکـــەگولانـــە، زرگێزنوکـــەگـــەورە: گیـــایێکی ژاراوی زلـــەی دووســـالانەی ئوراســـیایی لـــە خێـــزانی گێـــزەر carrot، بە گولی سپی چکۆلەوە [Conium maculatum] ◌ شوکران (کبیر)

poisoning /ˈpɔɪzənɪŋ/ *noun*
ژاراویبوون، دەرمانگرتوویی ◌ مسمومیت

poison ivy *noun*
1 گیاژار، لاولاوەمارانـە، لاولاوەگولانـە، لـە خێزانی cashew کـە گیایێکی ئاساییيە لـە رۆژهەلات و ناوەندی ولاتە یەکگرتووەکانی ئـەمریکـا، بـە گـەلایـی ternate و گولی سەوزباوەوە [Rhus radicans]؛ چەندین جۆری رووەک کـە پێـوەنـدییێکـی نزیکـی بـە لاولاوەمارانەوە هەیە 2 زیپکەیێ کە بەهۆی لاولاوەمارانەوە تووش دەبێ (بە دەسلێدانی) 3 = poison oak ◌ 1 پیچک سمی 2 بثورت جلدی ناشی از پیچک سمی

poison oak *noun*
1 بـەرووەمارانـە، بـەرووەژاراوی: دەوەنێکـی ئەمریکای باکووری سەربە لاولاوەمارانە و هەر ئـەو تایبـەتمـەندییانـەی هـەیـە [Rhus toxicodendron] 2 = poison ivy ◌ نوعی درختچه

poisonous /ˈpɔɪzənəs/ *adjective*
1 ژاراوی، ژارین، venomous: *poisonous* 2 *poisonous snakes ◊ chemicals/plants* (خوازە) ژاراوی، زەهراوی، زیانـاوی، خـراپ، مایەی ئازاوە و خرابە، destructive، harmful 3 (مرۆڤ) مەترسیدار، دەمبەهاوار، باوەرپێنەکراو، لێڕانەبینراو ◌ 1 سمی 2 (مجازی) زهرآلود، مایەی فساد 3 (آدم) خطرناک

poisonously /ˈpɔɪzənəsli/ *adverb*
ژاراوییانە، بە شێوەیەکی ژاراوی ◌ بە طور زهرآگین

poisonousness /ˈpɔɪzənəsnəs/ *noun*
ژاراویبوون، ژاراویتی ◌ زهرآگینی، سمیت

poison-pen letter *noun*
نامەگولانـــە، نامەمارانـــە، نامـــەی دوژمنایەتیلێهەستاو، نامەی ژاراوی، نامەی خراپەلێهەستاو (زۆرتر بێمۆر)، نامەی سووکانە ◌ نامەی زهرآگین، نامەی توهین‌آمیز

poison sumac *noun*, also poison dogwood
سماقـەمارانـە، توتمـەژاراوی: دارۆچکـە یـان دەوەنێکـی زەلکـاوانی خێـزانی cashew، رووەکێکی ئاسـایی رۆژهـەلاتی ولاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بە گەلای pinnate و هێشووەگولی سەوزی کال، کاتێ دەستی لێکەوێ رەنگە ببێتە هۆی پێستئاوسانی ئالێرژیک dermatitis [*Toxicodendron vernix syn. Rhus vernix*] ◌ نوعی درختچه

poisonwood *noun*
دارەمارانـە، دارەگولانـە، دارەژاراوی: دارێ لـە خێزانی cashew، رەسەنی فلۆریدا و دوورگەکانی هێندی رۆژاوا the West Indies بـە گـەلای ناوێتـەوە و گولـی هێشـوویی paniculate سـەوزبـاو و میـوە و بـەری نـارنجی‌ـزەرد [*Metopium toxiferum*] ◌ نوعی درخت

poitrel /ˈpɔɪtrəl/ *noun*, also poitrail
بەرە یان بەرسینگەی ئەسپ ◌ سینەبند اسب

poke[1] /pəʊk, US poʊk/ *noun*
1 مستەکۆلە، مشتەکولە، سیخورمە، تێژەنین، تێکوتان، تێوەژاندن، پال، تەکان 2 (poke bonnet) جۆرێ کلاوی لێوارداری ژنانەی باوی سەرەتاکانی سەدەی 19 ◌ 1 سیخونک، هل 2 پوک

poke[2] /pəʊk, US poʊk/ *noun*
1 (لە سکاتلەند) کیف یان توورەکەی چکۆلە 2 (نافەرمی، ئەمریکا) جانتا، چزدان، کیف ◌ 1 کیف یا کیسەی کوچک 2 کیف پول

poker[1] /ˈpəʊkə(r), US ˈpoʊ-/ *noun*
شیش، م(ە)قاش، کۆلەوەژ، پۆلووگر، سکلکێش، گوس، ماشە، بست، کەرەخنە (میلێکی کانزایی بە دەسکێکەوە بۆ شێواندنی ئاگر) ◌ انبر

poker[2] /ˈpəʊkə(r), US ˈpoʊ-/ *noun*
پۆکێر (جۆرێ کایە بە پەر) ◌ پوکر

poker face *noun*
(نافـەرمی) روخسـاری بـێنیـشان، قیافـەی هیچدەرنەبڕ یان وشک ◌ چهرەی عاری از بیان

poker-faced *adjective*
وشک، هیچدەرنەخەر، دەرنەبڕ، وشک، بێنیشان، ناپیشاندەر ◌ خشک، عاری از بیان

pokerwork *noun*, British term for pyrography
(هونـەری) سـەقاشکـاری، مقـاشگـەری، شیشکاری ◌ پوکرورک

pokeweed *noun*
جۆرێ گیای ئەمریکای باکووری لاسکسوور و بەر ئەخەوانی [*Phytolacca americana*] ◌ نوعی گیاه

pokey *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) کون، زیندان ◌ هلفدونی

pokie *pl.* pokies = fruit machine

pokiness /ˈpəʊkinəs, US ˈpoʊkinəs/ *noun*
(دیـو و هتـد) چکۆلـەیی، تـەنگی، تەسـکی، بەرتەنگی ◌ کوچکی، تنگی

poky /ˈpəʊki, US ˈpoʊki/ *adjective* (pokier, pokiest)
1 خەفـە، تـەنگ، تـەنگوتاریـک، چکۆلـە، کنگـەجن، دلـگیر، خەفـە، وەکـوو زینـدان 2 (نافەرمی، ب.ت. ماشێنی) هێزی تاودانی زۆرە

⬡ (pokily /'pəukıli, US 'poukıli/ *adv*)
1 خفه، کوچک، مثل زندان 2 پوکی

pol = informal a politician

Polack /'pəulæk, US 'poo-/ *noun*, also Polak
پـولاک، پۆڵەنـدی، لەهێـستانی (جنێوێکـە بـۆ کەسێکی پۆڵەندی) ⬡ پولاک

polacre *noun*
جۆرێ کەشتی کارداری بە سێدارالاوە ⬡ پولاکر

polar /'pəulə(r), US 'poo-/ *adjective*
1 جەمـــسەری، قـــوبی 2 ســـەربە جەمـــسەری باکووری یان باشووری، سەربە جەمسەران 3 ســـەربە جەمـــسەری مەگناتیـــسی 4 (خـــوازە) دژبەیەک، پێکدژ، پێکناکۆک، تەواوئاوەژوو، یەکسەرپێچەوانە، ئاسمان و ڕێسمان، دژی یەک ⬡ 1 قطبی 2 وابسته به قطب شمال یا جنوب 3 وابسته به قطب مغناطیسی 4 متضاد، متناقض

polar angle *noun*
گۆشەی جەمسەری ⬡ زاویەی قطبی

polar axis *noun*
تەوەری جەمسەری ⬡ محور قطبی

polar bear *noun*
ورچەسپی، ورچی جەمسەر(ی، هی ناوچە بەستەڵەکەکان ⬡ ([*Thalarctos maritimus*] خرس قطبی

polar bond *noun*
بەندی جەمسەری ⬡ پیوند قطبی

polar circles *noun, pl.*
خولگـە یـان سـوورگە جەمـسەرییەکان ⬡ مدارات قطبی

polar climate *noun*
ئاو و هەوای جەمسەری ⬡ اقلیم قطبی

polar distance *noun*
مەودای جەمسەری ⬡ فاصلەی قطبی

polar front *noun*
بەرەی جەمسەری ⬡ جبهەی قطبی

polarimeter /,pəulə'rımıtə/ *noun*
جەمسەرگرییێو ⬡ قطبش‌سنج

polarimetric *adjective*
سەربە جەمسەرگرییێو ⬡ وابسته به قطبش‌سنج

polarimetry *noun*
جەمسەرگرییێوی ⬡ قطبش‌سنجی

Polaris *noun*, also north star
ئەستێرەی جەمسەری، لە گەلەستێرەی Ursa Minorدا (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *polaris* لاتین "polar") ⬡ جَدی

polariscope /pə'lærıskəup/ *noun*
جەمـسەربین، پـۆلاریسکاپ (هـەروەها polarimeter) ⬡ قطبش‌نما

polariscopic *adjective*
سەربە جەمسەربین، پۆلاریسکاپی ⬡ وابسته به قطبش‌نما

polarity /pə'lærəti/ *noun, pl.* polarities
1 جەمسەریتی 2 دووجەمسەریتی، هـەبوونی بارگەی ئێلیکتریکی نەرێنی و ئەرێنی: *the polarity of a magnet* 3 ڕوانگە، بۆچوون، نێرین، هەڵوێست 4 جیاوازی، دژایەتی، جودایی، ناکۆکی، دووبەرەکایەتی، یەکترنەگرتنەوە، ئاسمان و ڕێسمانبوون، پێکدژی: *the growing polarity between the left and right wings of the party* ⬡ 1 قطبیت 2 ذوقطبین بودن 3 دیدگاه، موضع 4 اختلاف، تضاد

polarization /,pəulərai'zeiʃn, US ,poulərə'z-/ *noun*
1 (فیزیک) جەمسەرگری، جەمسەرین، جەمسەراندن 2 جیاوازی، دژایەتی، جودایی، ناکۆکی، دووبەرەکایەتی، یەکترنەگرتنەوە، دژبەیەکی ⬡ 1 قطبش 2 تضاد، اختلاف

polarized *adjective*
(فیزیک) جەمسەرگرتوو، جەمسەریتراو، جەمسەریکراو ⬡ قطبیده

polarizer *noun*
جەمسەرێنەر، جەمسەرگر ⬡ قطبنده

polar light *noun*
ڕۆشنایی جەمسەری، ڕووناکی یان شەوقی جەمسەری ⬡ فروزەی قطبی

polar molecule *noun*
(کیمیا) گەردی جەمسەری ⬡ مولکول قطبی

polarographic *adjective*
سەربە جەمسەرۆگرافی، پۆلارۆگرافیک ⬡ وابسته به پولاروگرافی

polarography /,pəulə'rɒgrəfi/ *noun*
جەمسەرۆگرافی، پۆلارۆگرافی ⬡ پولاروگرافی

Polaroid /'pəulərɔıd, US 'poo-/ *noun*
1 پۆلارۆید 2 (Polaroids) چاویلکەی بەرخۆر، چاویلکەی پۆلارۆید ⬡ 1 پولاروید 2 (در جمع) عینک پولاروید

Polaroid camera *noun*
کامێرای پۆلارۆید ⬡ دوربین پولاروید

polar opposite *noun*
جەمسەری دژ ⬡ قطب مخالف

polar region *noun*
ناوچەی جەمسەری ⬡ ناحیەی قطبی

polar winds *noun, pl.*
با جەمسەرییەکان ⬡ بادهای قطبی

polar zone *noun*
ناوچە یان هەرێمی جەمسەری ⬡ منطقەی قطبی

polder /'pəuldə/ *noun*
زەوی (نزم) بڕدراو بە بەربەند لە دەریا یان ڕووبارەوە (ب.ت. لە هولەند) ⬡ پولدر

pole[1] /pəul, US poul/ *noun*
جەمسەر، قوب (بنەڕەت: ئینگلیسی نێوەڕاست:

له *polus* لاتین، له *polos* یۆنانی‌یه‌وه "ته‌وه‌ر، ئاسمان pivot، axis، sky") ◇ قطب

pole[2] /pəʊl, US poʊl/ *noun*

1 کۆڵه‌که، دیره‌ک، ئه‌ستووندەک، کۆتره، دینگه، چه‌لاک، قیسپ، ستوون، ده‌سته‌ک، دار، میل، شمشیره، میله، تێلا، کوته‌ک، لیس، دارده‌س، سالیس 2 (سکی) ده‌سک، دار 3 یه‌که‌ی درێژایی به‌رامبه‌ر به 5 یارد و نیو یان 5,03 میتر 4 دارێکی که‌م‌ته‌مه‌ن به قه‌دێکی باریک و درێژ و بێ‌لق‌وپۆ 5 دارالا ◇ 1 تیر، دسته، میله 2 (اسکی) باتون 3 و 4 پول 5 دکل

Pole /pəʊl, US poʊl/ *noun*

پۆڵه‌ندی، خه‌ڵکی پۆڵه‌ند ◇ اهل لهستان

poleaxe /'pəʊlæks, US 'poʊl-/ *noun*, US poleax

1 ته‌ورزین، ته‌وری شه‌ڕ، ته‌وری ده‌سک‌درێژ 2 ته‌وری قه‌ساب (پشته‌که‌ی چه‌کوشی‌یه، بۆ کوشتنی وڵاخ) ◇ 1 تبرزین 2 تبر قصاب

poleaxed *adjective*

1 تاساو، سه‌رسام، په‌شۆکاو، گێژ، کاس و وڕ، سه‌رسوورماو 2 یه‌ک‌ته‌خته‌که‌وتوو، خۆبێ‌ڕانه‌گیراو 3 مه‌ستی مه‌ست، که‌له‌لا ◇ 1 مبهوت، حیرت‌زده 2 نقش زمین‌شده 3 پاتیل

polecat /pəʊlkæt/ *noun*

1 بۆگه‌نکه، فۆس؟ (راسووری ئه‌ورووپایی بۆگه‌ن [*Mustela putorius*] و جۆره پێوه‌ندی‌داره‌کان]) 2 پشیله‌ی جه‌مه‌ری یان باکووری ◇ 1 نوعی راسو 2 گربه‌ی قطبی

pole-jumping /'pəʊldʒʌmpɪŋ/ *noun*

داربازه، باز به داره‌وه، باز یان په‌ڕین به میله‌وه ◇ پرش با تیر

polemic /pə'lemɪk/ *noun, adjective*

n مشت‌ومڕ، مشه‌رعێن، شه‌ڕه‌قسه، قڕه، دمه‌دمه، شه‌ڕوکێشه، دمه‌ته‌قێ؛ مشت‌ومڕی نووسراوه‌یی یان به نووسراوه *adj* مشت‌ومڕی، شه‌ڕه‌قسه‌یی (بنه‌ڕه‌ت: به ڕێگای لاتینی سه‌ده‌کانی نێوه‌ڕاست له *polemikos* یۆنانی "شه‌ڕ") ◇ *n* جدل، مجادله؛ مشاجره‌ی قلمی *adj* جدلی

polemical /pə'lemɪkl/ *adjective*

1 مشت‌ومڕی، مشت‌ومڕی‌یانه، شه‌ڕه‌قسه‌یی، کێشه‌له‌سه‌ر، مشت‌ومڕله‌سه‌ر، 2 controversial - disputatious ◇ جدلی، بحث‌انگیز

polemically /pə'lemɪkli/ *adverb*

کێشه‌له‌سه‌رانه، به شێوه‌یه‌کی کێشه‌له‌سه‌ر ◇ به طور بحث‌انگیز

polemicist /pə'lemɪsɪst/ *noun*

مشت‌ومڕباز، ئه‌هلی مشت‌ومڕ، مشت‌ومڕکه‌ر، فێره‌مشت‌ومڕ ◇ اهل مجادله

polemics *noun, pl.*

1 مشت‌ومڕ، شه‌ڕه‌قسه، ده‌مه‌ته‌قێ 2 هونه‌ری مشت‌ومڕ یان ده‌مه‌ته‌قێ، شاره‌زایی له مشت‌ومڕ یان ده‌مه‌ته‌قێ‌دا ◇ 1 مجادله، جدل 2 فن مجادله، مهارت در مجادله

polemology *noun*

شه‌ڕناسی، جه‌نگ‌ناسی ◇ ستیزه‌شناسی

polenta /pə'lɛntə/ *noun*

1 ئاردی گه‌نمه‌شامی، له ئاشپه‌زی ئیتالیایی‌دا به‌کاردێت 2 هه‌ویری ئه‌و ئارده ◇ پولنتا

pole position *noun*

(ده‌س‌پێ‌کردنی پێشبڕکێی ماشێن‌سواری) جێگای پێشه‌وه، شوێنی سه‌ره‌تا یان ده‌سپێک ◇ جایگاه نخست

pole star /'pəʊl stɑ:(r)/ *noun*

1 ئه‌ستێره جه‌مه‌ری، (polestar) 2 North Star ڕێنوێن؛ ناوه‌ندی راکێشان ◇ 1 ستاره‌ی قطبی، جُدَی 2 (polestar) راهنما؛ مرکز جاذبه

pole-vault *noun*, also pole-vaulting

په‌ڕین یان بازدان به ڕمه‌وه، ڕمباز، ڕمپه‌ڕی ◇ پرش با نیزه

pole-vaulter *noun*

به ڕمه‌وه بازده‌ر، به ڕمه‌وه په‌ڕ، ڕمبازی، ڕمپه‌ڕ ◇ پرش‌کننده‌ی با نیزه

police /pə'li:s/ *noun*

پۆلیس، کاربه‌ده‌ستانی پۆلیس، پیاوانی (ده‌زگای) پۆلیس: *The profession is policed by its own regulatory body* ◇ پلیس، افراد پلیس

police action *noun*

کرداری پۆلیس (بۆ پاراستنی ئاسایشت) ◇ عملیات پلیس

police commissioner = commissioner

police constable *noun, abbreviation* PC, also constable

پۆلیس (پایه‌نزم): *Police Constable Jordan* ◇ پاسبان

police department *noun*

به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیس، کارگێڕی یان ڕێکخراوه‌ی پۆلیسی گه‌ڕه‌کێ له شار ◇ اداره‌ی پلیس

police dog *noun*

سه‌گی پۆلیس ◇ سگ پلیس

police force *noun*

هێزی پۆلیس، پۆلیس ◇ نیروی پلیس

policeman /pə'li:smən/ *noun, pl.* policemen

پۆلیس، کاربه‌ده‌ستی پۆلیس ◇ پلیس

police officer *noun*

پۆلیس، کاربه‌ده‌تی پۆلیس، فه‌رمانبه‌ری پۆلیس، ئه‌فسه‌ری پۆلیس ◇ پلیس، مأمور پلیس، افسر پلیس

police state *noun*

حکومه‌تی پۆلیسی (ب.ت. حکومه‌تێکی تۆتالیتاریه‌ن) ◇ حکومت پلیسی

police station *noun*, also station house

وێستگه‌ی پۆلیس، نووسینگه‌ی هێزی پۆلیسی

خۆجێیی ⟐ کلانتری

policewoman /pəˈliːswʊmən/ *noun, pl.* policewomen
پۆلیسی ژن، ژنە ئەندامی هێزی پۆلیس ⟐ پلیس زن

policier /ˌpɒlɪˈsjeɪ, French pɔlisje/ *noun*
فیلم یان رۆمانی پۆلیسی ⟐ فیلم یا رمان پلیسی

policing /pəˈliːsɪŋ/ *noun*
پاراستن کاری پۆلیسی، چاودێری یە پۆلیسی یەکان، چاودێری پۆلیسی: *community policing* ⟐ انتظامات پلیسی

policy[1] /ˈpɒləsi, US ˈpɑːl-/ *noun, pl.* policies
1 رامیاری، سیاسەت 2 بەرژەوەندی، مشوور، کارزانی (بنەڕەت: بە ڕێگای لاتین لە *politeia* یۆنانی "citizenship") ⟐ 1 سیاست 2 مصلحت

policy[2] /ˈpɒləsi, US ˈpɑːl-/ *noun, pl.* policies
بیمەنامە: *Check the terms of the policy before you sign* ⟐ بیمەنامە

policyholder /ˈpɒləsihəʊldə(r), US ˈpɑːləsihoʊl-/ *noun*
بیمەکراو، هەڵگری بیمەنامە ⟐ بیمەگزار

policy-maker *noun*
سیاسەتوان، رامیاریدارێژ، سیاسەتدارێژ، سیاسەتدانەر ⟐ سیاستگذار

policy-making *noun*
دارشتنی رامیاری یان سیاسەت، رامیاریدارێژی، سیاسەتدارێژی، سیاسەتدانان ⟐ سیاستگذاری

polio /ˈpəʊliəʊ, US ˈpoʊlioʊ/ = poliomyelitis

poliomyelitic *adjective*
1 سەربە شەپلەی منالان 2 تووشبوو بە شەپلەی منالان ⟐ 1 وابسته به فلج اطفال 2 دچار فلج اطفال

poliomyelitis /ˌpəʊliəʊmʌɪəˈlʌɪtɪs, US ˌpɒliəʊ-/ *noun*, infantile paralysis
شەپلەی منالان، شەلەلی زارۆکان، بۆرەمۆخ (بنەڕەت: لە لاتینی نوێ. لە یۆنانی یەوە *polios* "بۆر" + *muelos* "مۆخ" "marrow") ⟐ فلج اطفال

poliovirus *noun*
(پزشکی) کۆمەڵێکی enterovirus ـەکان، ئەو ڤایرۆسانە دەگرێتەوە کە دەبنەهۆی شەپلەی منالان poliomyelitis ⟐ پولیوویروس

polis[1] /ˈpɒlɪs/ *noun, pl.* poleis
دەوڵەتشار لە یۆنانی کۆندا ⟐ دولتشهر در یونان باستان

polis[2] /ˈpəʊlɪs, US ˈpɒlɪs/ = Scottish and Irish form of police

-polis *suffix*
پاشگر: شار، بازێر: *megalopolis* ⟐ پسوند: شهر، مدینه

Polish /ˈpəʊlɪʃ/ *adjective, noun*
adj پۆلەندی، سەربە یان پێوەندی بە پۆلەندەوە هەیە *n* زمانی پولەندی، پۆلەندی، لەهێستانی ⟐ *adj* لهستانی *n* زبان لهستانی

polish /ˈpɒlɪʃ, US ˈpɑːl-/ *noun*
1 واکس، بۆیاخ 2 مشتومال، پەرداخ 3 بریسکە، بریقە، ورشە 4 ناسکی ⟐ 1 واکس 2 صیقل 3 برق، جلا 4 ظرافت

polished /ˈpɒlɪʃt, US ˈpɑːl-/ *adjective*
1 مشتومالدراو، پەرداخ(کراو)، پەرکاڵ 2 بریقەدار، بریسکەدار، درەوشاوە، لووس، ورشن 3 ناسک 4 بەرەوشت 5 بەرەوشتانە 6 جوان، مەند، بێگەرد، تەواو، بەرز، بێعەیب و نیراد ⟐ 1 صیقلخورده 2 صاف، براق 3 ظریف 4 مؤدب 5 مؤدبانه 6 بینقص، عالی

polished rice *noun*
برنجی سپی(کراو) ⟐ برنج سفید

polisher /ˈpɒlɪʃə(r), US ˈpɑːl-/ *noun*
دەزگای لووساندن، دەزگای پەرداخ، پەرداخەک ⟐ ماشین صیقل

Politburo /ˈpɒlɪtbjʊərəʊ, US ˈpɑːlɪtbjʊroʊ/ *noun*, also politburo
نووسینگەی رامیاری، مەکتەبی سیاسی، لێژنەی بڕیاردان لە وڵاتانی کۆمۆنیستی (ب.ت. سۆڤیەتی جاران؛ بنەڕەت: لە رووسی، لە *politbyuro* ـەوە *polit(icheskoe) byuro* "بیرۆی رامیاری") ⟐ دفتر سیاسی

polite /pəˈlaɪt/ *adjective* (politer, politest)
1 بەرەوشت، بەتۆرە، بەئەدەب، بەرەوشتانە، رەوشتبەرزانە، رەوشتبەرز 2 رۆشنبیر، لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگا، رووناکبیر، refined ،cultured ⟐ 1 *polite society* مؤدب، مؤدبانه 2 فرهیخته

politely /pəˈlaɪtli/ *adverb*
بەرەوشتانە، لە رووی رەوشت یان ئەدەبەوە: *The receptionist smiled politely* ⟐ مؤدبانه

politeness /pəˈlaɪtnəs/ *noun*
رەوشت، بەرەوشتی، تۆرە، ئەدەب ⟐ نزاکت، ادب

politesse /ˌpɒlɪˈtes, US ˌpɑːl-/ = politeness

politic /ˈpɒlətɪk, US ˈpɑːl-/ *adjective*
1 بەجێ، بەڕێوجێ، شیاو، هەڵسەنگێنراو، لێکەوەدراو، گونجاو، لەبار، ژیرانە، بە قازانجی، بە باشزانین، پێویستی، بەمشوور، زیرەک، ژیر، wise ،prudent ،sagacious: *It seemed politic to say nothing* ⟐ political – 2 بەموقع، مناسب، مصلحت، معقول، مدبر

political /pəˈlɪtɪkl/ *adjective*
1 سیاسی، رامیاری، رامیاری یانە: -al *a monarch without political power* ◊ *prisoners* 2 چالاک یان هۆگر لە بواری سیاسی دا، سیاسەتباز: *She became very political at*

university ۞ 1 سیاسی 2 اهل سیاست

political asylum *noun*
پەنابەرێتی سیاسی یا رامیاری ۞ پناهندگی سیاسی

political correctness *noun*
بەرژەوەندی‌خوازی رامیاری یان سیاسی، باش‌بیرکردنەوەی سیاسی یان رامیاری: *For reasons of political correctness we have been asked to withdraw our advertisement from the national press* ۞ مصلحت‌اندیشی سیاسی

political economist *noun*
پسپۆڕ لە ئابووری رامیاری یان سیاسی، ئابووری‌زانی رامیاری ۞ متخصص در اقتصاد سیاسی

political economy *noun*
ئابووری رامیاری یان سیاسی ۞ اقتصاد سیاسی

political geography *noun*
جوگرافیای رامیاری یا سیاسی ۞ جغرافیای سیاسی

politically /pə'lɪtɪkli/ *adverb*
لەباری رامیاری‌یەوە، لە بواری سیاسی‌یەوە: *It makes sense politically as well as economically* ◊ *politically motivated crimes* ◊ *a politically sensitive issue* ۞ از نظر سیاسی

politically correct *adjective, abbreviation* PC
بەرژەوەندی‌خوازانە، سیاسەتی رۆژ لەبەرچاوگر، سیاسەت‌وانانە ۞ مصلحت‌اندیشانه

politically incorrect *adjective*
نابەرژەوەندی‌خوازانە، ناسیاسەت‌وانانە ۞ غیرمصلحت‌اندیشانه

political machine *noun*
دەزگای رامیاری یان سیاسی ۞ دستگاه سیاسی

political prisoner *noun*
زیندانی یان گیراوی سیاسی، بەندی رامیاری ۞ زندانی سیاسی

political science *noun*, also politics
زانستی رامیاری، رامیاری‌ناسی، زانستی سیاسی ۞ علم سیاست

political scientist *noun*
شارەزای رامیاری، پسپۆری زانستە رامیاری یان سیاسی‌یەکان، رامیاری‌ناس، سیاسەت‌ناس ۞ کارشناس سیاسی

politician /ˌpɒlə'tɪʃn, US ˌpɑ:l-/ *noun*
سیاسەت‌وان، رامیار، پیاوی رامیاری ۞ سیاستمدار

politicization /pəˌlɪtɪsaɪ'zeɪʃn/ *noun*
رامیاراندن، بەسیاسی‌کردن، کردنەرامیاری، بەسیاسی‌بوویی: *the politicization of education* ۞ عمل سیاسی‌کردن، سیاسی‌شدگی

politicized *adjective*
لەگەڵ سیاسەت تێکەڵبوو، رامیاری‌کراو، بەسیاسی‌بوو ۞ سیاسی‌شده

politick = archaic form of politic

politicking /'pɒlətɪkɪŋ, US 'pɑ:l-/ *noun*
چالاکی رامیاری یان سیاسی (ب.ت. بۆ بردنەوەی دەنگەکان و پشتیوانی لە گروپێکی رامیاری) ۞ فعالیت سیاسی

politico /pə'lɪtɪkəʊ, US -koʊ/ *noun, pl.* politicos
(نافەرمی، سووکانە) سیاسەت‌وان، رامیار، پیاوی رامیاری ۞ (عامیانه) سیاستمدار

politico- *prefix*
پێشگر: لەباری رامیاری‌یەوە، لە بواری سیاسی‌یەوە: *politico-ethical* رامیاری و...، *politico-economic* سیاسی و...: (بنەڕەت: لە *politicos* یۆنانی‌یەوە "political ،civic") ۞ پیشوند: از لحاظ سیاسی، سیاسی و...

politics /'pɒlətɪks, US 'pɑ:l-/ *noun, pl.*
1 کاروباری رامیاری یان سیاسی 2 رامیاری، سیاسەت 3 باوەڕ یان روانگەی رامیاری 4 زانستی رامیاری، رامیاری‌ناسی، زانستی سیاسی 5 رقەبەرایەتی، هێزبڕکێ (نێوان پارتی‌یە رامیاری‌یەکان) 6 مانۆڤری هێز یان دەسەلات (لە نێوەوەی رێکخراوە یان پارتییێ) ۞ 1 امور سیاسی 2 سیاست 3 عقیده یا دیدگاه سیاسی 4 علم سیاست 5 رقابت 6 مانور قدرت

polity /'pɒləti, US 'pɑ:l-/ *noun, pl.* polities
1 حکومەت 2 شێوە یان پرۆسێسی حکومەت 3 یەکەی رامیاری یان سیاسی 4 کۆمەڵگا وەکوو حکومەتێکی رێکخراو 5 کۆمەڵگایێکی رێکخراو 6 دەوڵەت وەک یەکێتی‌یێکی سیاسی ۞ 1 حکومت 2 شکل یا جریان حکومت 3 واحد سیاسی 4 اجتماع به مثابه‌ی حکومتی سازمان‌مند 5 پولیتی 6 دولت به مثابه‌ی واحدی سیاسی

polka /'pɒlkə, US 'poʊlkə/ *noun*
پالکا، پۆلکا (جۆرێ هەڵپەڕکێ یا سەمای کرژی بە ڕەچەڵەک ئەورووپای رۆژهەڵاتی)، پارچە موسیقای ئەو هەڵپەڕکێ‌یە ۞ پولکا

polka dot *noun*
(پارچە)نەخشی خاڵ‌خاڵ یان پنکەپنکە ۞ طرح خال‌خالی

polka-dotted *adjective*
خاڵ‌خاڵ، پنکەپنکە ۞ خال‌خالی

poll /pəʊl, US poʊl/ *noun*
1 دەنگ‌دان، بەشداری لە هەڵبژاردنا 2 ژماردنی دەنگەکان 3 ژمارەی دەنگەکان 4 هەڵبژاردن(ەکان) 5 راپرسی، هەڵسەنگاندنی بیروڕای گشتی 6 شوێنی وەرگرتنی دەنگ، شوێنی دەنگ‌دان (لە هەڵبژاردنێکا) 7 سەر، کەللە، سەلک 8 ئاژەڵی کوڵ یان بێ‌شاخ، ب.ت. کە لە رەگەزی ولاخی کوڵ بێ ۞ 1 رأی دادن 2 شمارش آرا 3 تعداد آرا 4 انتخابات 5

نظرسنجی 6 محل اخذ رأی 7 سر 8 جانور بی‌شاخ

pollack /'pɒlək/ *noun*, also pollock
جـۆری مـاسـی خـۆراکی لـە تـیرەی cod، شەویلکەی خوارووی دەرپەڕیوە [*Pollachius* *pollachius*] ◌ نوعی ماهی

pollan /'pɒlən/ *noun*
جـۆری cisco ی بـاکووران، هـی گۆمـاوەکـانی ئیرلەند ◌ نوعی ماهی

pollard /'pɒləd, -lɑ:d, US 'pɑ:lərd/ *noun*
1 داری هەڵپاچراو، هـەڵپەرتاو، لق‌وپۆکراو 2 گیانەوەری کوڵ یان بێشاخ (لە دەسـی داوە) ◌ 1 درخت هرس‌شده 2 جانور بی‌شاخ

pollarded *adjective*
هەڵپاچراو، هەڵپەرتاو، لق‌وپۆکراو ◌ هرس‌شده

pollen /'pɒlən, US 'pɑ:lən/ *noun*
(ڕووەکـناسی) هەڵاڵە، گەرک (بنەڕەت: لاتین "گەردەی ورد") ◌ گرده

pollen basket *noun*
(مێروونـاسی) سەوە(تە)هەڵاڵە: جێگایێ لە لاقی دواوەی جـۆرێ هـەنگ، بۆ هـەڵگرتنی هـەڵاڵە بەکاردێتری ◌ پولن باسکت

pollen count *noun*
ڕێـژەی هەڵاڵـەی گژوگیـا لـە حـەوادا (یـان لـە کەش‌دا)، ڕادەی هەڵاڵەی گژوگیای نێو هـەوا ◌ میزان گرده‌ی گیاهی در هوا

pollener *noun*
دەنگ‌دەر ◌ رأی‌دهنده

pollen tube *noun*
(ڕووەکـناسی) لوولەی هەڵاڵە ◌ پولن تیوب

pollex /'pɒleks/ *noun*, *pl.* pollices /-lisi:z/
1 (تویکـاری و گیانەوەرناسـی، لاتـین) کەڵەموست، قامکەکەڵە 2 یەکەی پێوان بەرامبەر بە ئینچێ (بنەڕەت: لاتین "thumb") ◌ 1 شست 2 واحد اندازه‌گیری

pollical *adjective*
کەڵەموستی، قامکەکەڵـەیی، سـەربە قامکەکەڵـە ◌ وابسته به شست

pollie = polly

pollination /ˌpɒlə'neɪʃn, US ˌpɑ:l-/ *noun*
هەڵاڵەدانان، چاککردن یان پێتاندن بـە هەڵاڵـە ◌ گرده‌افشانی

pollinator *noun*
هەڵاڵەدانەر ◌ گرده‌افشان

polliniferous *adjective*
هەڵاڵەدانەر، هەڵاڵەهەڵگر ◌ گرده‌افشان

polling /'pəʊlɪŋ, US 'poʊ-/ *noun*
دەنگ‌دان، بەشداری لە هەڵبژاردنا، ڕاپرسـی ◌ رأی دادن، نظرسنجی

polling-booth *noun*
ژوورۆچکـەی دەنـگ‌دان (لـە نێـو مەڵـبەندی دەنگ‌دان‌دا) ◌ باجه‌ی اخذ رأی

polling-day *noun*, also polling day
ڕۆژی دەنگ‌دان، ڕۆژی هەڵبژاردن: *a week before polling day* ◌ روز رأی‌گیری

polling-station *noun*
مەڵـبەندی دەنـگ‌دان، شـوێنی دەنـگ‌دان ◌ حوزه‌ی رأی‌گیری

pollinium /pə'lɪnɪəm/ *noun*, *pl.* pollinia /pə'lɪnɪə/
(ڕووەکـناسـی) تۆپەڵەهەڵاڵـە، تۆپەڵکەهەڵاڵـە، کۆمەڵەهەڵاڵـە (بنـەڕەت: لـە لاتینی نـوێ، لـە لاتـین "هـەڵاڵـە") *pollin- pollen* ◌ تـوده‌ی گرده‌ی گل

polliwog *noun*, also pollywog
سـەرمێکوتە، کەچکەقوڵـە، مێکوتەسـەرە، دەمکەمچـە، کەشتێلەسەرە، tadpole ◌ نـوزاد قورباغه

pollock = saithe, pollack

polls = poll

pollster /'pəʊlstə(r), US 'poʊl-/ *noun*
ڕاپـرس، هەڵـسەنگێنەری بـیرورای گـشتی: *Pollsters predicted a victory for the government* ◌ نظرسنج

poll tax /'pəʊl tæks/ *noun*
بـاجی (وێنـاکی) سـەرانە، گـەزیـت (زوو) ◌ مالیات سرانه

pollutant /pə'lu:tənt/ *noun*
مەتریاڵی تێوەدەر یان پیـسکەر یـان گەندێنـەر، ماکی تێوەدەر یـان گەندسـاز (ب.ت. دووکەڵـی ئێگزۆزی ماشین) ◌ ماده‌ی آلوده‌کننده

polluted *adjective*
پیس‌کراو، پیس، تێوەدراو، گەنداوی ◌ آلوده

polluter /pə'lu:tə(r)/ *noun*
پیـسکەر، گەن(د)ساز، پیسێنە، تێوەدەر، گەندێنەر ◌ آلاینده، آلوده‌کننده

pollution /pə'lu:ʃn/ *noun*
1 پیـساندن، پیس‌کردن، تێوەدان 2 مەتریاڵ یان کەرەسەی تێوەدەر 3 پیسی، ناپاکی 4 تاوان ◌ 1 آلودگی 2 ماده‌ی آلوده‌کننده 3 کثافت 4 جنایت

Pollux /'pɑ:ləks/ *noun*, Latin, modification of Greek *Polydeukēs*
1 (میـتۆلۆژی یۆنانی) برای دووانەی Castor 2 ئەسـتێرەی دووەمـی جووتەوانـە Gemini ◌ پولوکس

polly *noun*, *pl.* pollies, also pollie
(نافەرمی، ئەوستڕالیا) سیاسەت‌وان ◌ سیاست‌مدار

pollyanna /ˌpɒli'ænə, US 'pɑ:l-/ *noun*, also Pollyanna, *pl.* pollyanna
کـەسـێکی یەکجارگەشـبین (بنـەڕەت: لـە نـاوی Pollyanna ژنـەقـارەمـانی گـەشـبینی ڕۆمـانی Eleanor H. Porter (1868-1920) نووسەری ئەمریکایی (1913)) ◌ آدم بـیش از حـد

خوش‌بین

pollyannaish *adjective*
یەکجارگەشبین ◌ بیش از حد خوش‌بین

pollyannaism *noun*, also Pollyannaism
یەکجارگەشبینی ◌ بیش از حد خوش‌بینی

pollywog = polliwog

polo /'pəʊləʊ, US 'poʊloʊ/ *noun*
1 کاسو، کاشو، هۆلان 2 water polo (بنەڕەت: لە Blati بە واتای "تۆپ") ◌ چوگان

polo coat *noun*
پاڵتو یان باڵتەی خوری وشتر یان بەرگن ◌ پالتو پشم شتر

polonaise /ˌpɒlə'neɪz, US ˌpɑːl-/ *noun*
1 پاڵی‌نێز، پۆلۆنایز (= جۆری سەما یا هەڵپەڕکێی خاوی بە ڕەچەڵەک پۆلەند)؛ پارچە موسیقایێ بۆ ئەو هەڵپەڕکێیە 2 جۆرێ کراسی درێژی ژنان کە لەسەر داوێنێکی تر لەبەر دەکرا ◌ پولونز

polo neck *noun, adjective*
n کراسی یەخەدرێژ *adj* یەخەدرێژ ◌ *n* پلیور یقه‌اسکی *adj* یقه‌اسکی

polo-necked *adjective*
یەخەدرێژ ◌ یقه‌اسکی

Polonia *noun*
پۆلۆنیا: گەلێ لە ڕەگەزی پۆلەندی، لە دەرەوەی پۆلەند دەژین ◌ پولونیا

polonium /pə'ləʊniəm, US -'loʊ-/ *noun*
(کیمیا) پۆلۆنیۆم (بە ژ.گ. 84، ن. Po. لە لاتینی نوێوە؛ بنەڕەت: لە *Polonia* لاتینی سەدەکانی نێوەڕاستەوە "پۆلەند"، وڵاتی ڕەسەنی ماری کوری Marie Curie) ◌ پولنیم

Polonius *noun*
پۆلۆنیوس: باوکی Ophelia و Laertes لە هەملێتی شەکسپیەردا *Shakespeare's Hamlet* ◌ پولونیوس

poltergeist /'pəʊltəgaɪst, 'pɒl-, US 'poʊltərg-/ *noun*
1 (ئەڵمانی) گیان یان ڕۆحی ملۆزم 2 گیان، ڕۆح، تارمایی (کە دەنگی بەرز دەردێنێ و شت دەخا) ◌ 1 روح مزاحم 2 روح، شبح

poltroon /pɒl'truːn, US pɑːl't-/ *adjective*
(کۆن) ترسەنۆک، بێ‌جەرگ، بێ‌غیرەت ◌ ترسو، بزدل

poltroonery /pɒl'truːn, US pɑːl't-/ *noun*
ترسەنۆکی، بێ‌جەرگی، بێ‌غیرەتی، cowardice ◌ ترسویی، بزدلی

poltroonish *adjective*
ترسەنۆک، بێ‌جەرگ، بێ‌غیرەت ◌ ترسو، بزدل

poly- /'pɒli, US 'pɑːli/ *prefix*
پێشگر: 1 فرە، زۆر، پڕ، چەندینە، گەلە، چەند: *polychrome*، *polygamy* 2 (کیمیا) خاوەنی چەندین گەدیلە یان کۆمەڵی جۆرێکی تایبەتی گەردی (ب.ت. فرەپارزە یان پۆلیمێری): *polycarbonate* (بنەڕەت: لە *polus* "much"، *polloi* "many" یۆنانییەوە) ◌ پیشوند: 1 چند، متعدد 2 پلی

poly /'pɒli, US 'pɑːli/, *pl.* polys = (informal) 1 Brit. polytechnic 2 polyester 3 polythene

polyacrylamide *noun*
پۆلی‌ئیمایدی ترشەڵۆکی ئەکریلیک ◌ پلی‌اکریلامید

polyacrylonitrile *noun*
پۆلی‌ئاکریلۆنیترایل، پۆلی‌ئاکریلۆنیتریل: پۆلی‌ئاکریلۆنیتریل، فرەپارزەی acrylonitrile کە زۆرتر وەک ڕیشاڵ بەکاردێنرێ ◌ پلی‌آکریلونیتریل

polyadenylic acid *noun*, also poly A
ترشەڵۆکی پۆلی‌ئادێنیلیک: RNA یان کەرتێکی RNA کە لە زنجیرەیێکی polynucleotide ساز بووە و (بە تەواوەتی) لە بەرماوەکانی adenylic acid پێکهاتووە ◌ اسید پلی‌آدنیلیک

polyadic /ˌpɒli'ædɪk/ *adjective*
زۆربەش، فرەبەش ◌ چندبخشی

polyalcohol *noun*
فرەئەلکۆل: ئەلکۆلێ (وەک diol) کە زیاتر لە یەک کۆمەڵی hydroxyl ی تیایە ◌ پلی‌الکل

polyamide /ˌpɒli'eɪmʌɪd, US -'æm-/ *noun*
فرەئامایدی، فرەئامید، پۆلی‌ئیماید، فرەپارزەیێ کە لەودا یەکە تاک‌پارزەکان بەهۆی کۆمەڵی ئامید CONH- پێکەوە دەبەسترێنەوە ◌ پلی‌آمید

polyandric *adjective*, also polyandrous
سەربە فرەمێردی یان چەندمێردی، فرەمێردە، سەربە زۆرمێردی یان زۆرشوویی ◌ وابستە بە چندشوهری، چندشوهره

polyandrous /ˌpɒli'ændrəs, US ˌpɑːl-/ *adjective*
1 فرەمێردە، چەندمێردە 2 سەربە فرەمێردی یان فرەشوویی 3 (ڕووەکناسی) فرەپۆزرگ، پۆزرگاوی ◌ 1 چندشوهره 2 وابستە بە چندشوهری 3 (گیاەشناسی) پرپرچم

polyandry /ˌpɒli'ændri, US ˌpɑːl-/ *noun*
فرەمێردی، زۆرشوویی، فرەشوویی، چەندمێردی (بڕوانە polygyny، بنەڕەت: لە -poly + *anēr*، -*andr* "نێر" "male") ◌ چندشوهری

polyantha *noun*
هەریەک لە گوڵەباخە متوربەکان کە چەندین هێشووەگوڵی وردیان هەیە ◌ نوعی گل

polyanthus /ˌpɒli'ænθəs, US ˌpɑːl-/ *noun*, *pl.* same
(ڕووەکناسی) هەمیشەبەهاری چەندگوڵ، متوربەکراوی primulas و wild primrose

[*Primula × polyantha*] ۞ پامچال چندرنگ

polyatomic *adjective*
فرەگەردیلەیی، فرەئەتۆمی، پێکهاتوو لە چەندین ئەتۆم ۞ چنداتمی

polyatomic molecule *noun*
گەردی فرەگەردیلەیی، مۆلۆکولی فرەئەتۆمی ۞ مولکول چنداتمی

polybasic *adjective*
(کیمیا) فرەتفتی، فرەبازی ۞ چندبازی

polybasite *noun*
جۆرێ کانیی رەش‌باو، شێوەی بەردی ئاسن دەدا و لە زیو، گوگرد و ئانتیمۆن و کەمێ مس و زەرنیخ پێکهاتووە Ag_9SbS_6 ۞ پلی‌بازیت

polybutadiene *noun*
جیریکی دەسکرد، ب.ت. لە بواری بەرهەم‌هێنانی تایە (تگەر) بەکاردێترێ ۞ پلی‌بوتادین

polycarbonate *noun*
فرەکاربۆنات، پۆلی‌کاربۆنات: جەوکێکی دەسکردە کە لەودا یەکەکانی فرەپارژە دەبەسرێتەوە بە کۆمەڵی کاربۆنات ۞ پلی‌کربنات

polycarpellary *adjective*
فرەنێرکی، (میوەیێ) پێکهاتوو لە دوو یان چەند هێلکەدان ovary (ی پێکەوە نووساو) ۞ پلی‌کارپلاری، چندبرچەای

polycarpic *adjective*, also polycarpous
1 چەندبەر: زۆرجار میوە یان بەر دەگرێ (ئەو رووەکانەی کە لە ماوەیێکی دیاریکراودا بۆ چەند جار گوڵ و میوە بەرهەم دێنن) 2 فرەنێرک: خاوەنی دوو یان چەندین نێرکی carpel دیار ۞ پلی‌کارپیک

polycarpy *noun*
1 چەندبەری 2 فرەنێرکی ۞ پلی‌کارپی

polycentric *adjective*
فرەناوەند(ی)، خاوەنی زیاتر لە یەک ناوەند (وەک پەرەسەندن یان مەهار و کۆنترۆڵ)؛ خاوەنی چەندین ناو(ەند)پارژە centromere <polycentric chromosomes< ۞ چندمرکز

polycentrism *noun*
فرەناوەندگەری: 1 لایەنگری لە چەندین ناوەندی سەربەخۆی ڕێبەرایەتی، هێز یان ئایدیۆلۆژی لەنێو تاکە دەزگایێکی سیاسی، ب.ت. کۆمۆنیزم 2 بوونی ژمارەیێ بزووتنەوەی نەتەوەیی (یان نیشتمانی) کۆمۆنیستی خۆبەڕێوەبەر ۞ چندمرکزگرایی

polycentrist *noun, adjective*
n فرەناوەندگەر *adj* فرەناوەندگەر(ی‌یـ)انە ۞ چندمرکزگرا(یانە)

Polychaeta /ˌpɒlɪˈkiːtə/ *noun, pl.*
(گیانەوەرناسی) پڕموودرێژان، پڕمووزبران، فرەیالان: دەستەیێ لە کرمە ئاڵقەیی‌یەکان کە bristle worm ـەکان دەگرێتەوە (بنەڕەت: لە یۆنانی‌یەوە: *polu* "فرە، زۆر"، *khaitē* "یال" (mane ۞ پلیکیتا

polychaete *noun, adjective*
n (کرمی) فرەیال(ـە) *adj* (هەروەها polychaetous) سەربە یان پێوەندی فرەیالانەوە هەیە ۞ پلیکیت

polychotomous *adjective*
فرەبەشە، فرەکەرت، چەندبەش، چەندپەل، فرەلق، فرەپەل ۞ چندبخشی

polychotomy *noun, pl.* polychotomies
فرەبەشی، فرەکەرتی، چەندبەشی، چەندپەلی، دابەش‌بوون بەسەر چەندین بەش، لق یان پۆل (بڕوانە dichotomy) ۞ چندبخشی (بودن)

polychromatic *adjective*, also polychromic
فرەڕەنگ، ڕەنگاوڕەنگ، ڕەنگین ۞ چندرنگ

polychromatism *noun*
فرەڕەنگی، ڕەنگاوڕەنگی، ڕەنگینی ۞ چندرنگی

polychromatophilia *noun*
(لەژێر وردبیندا) فرەڕەنگ‌خواز، فرەڕەنگ‌دۆست ۞ چندرنگ‌پذیر

polychrome /ˈpɒlikrəʊm/ *adjective, noun*
adj فرەڕەنگ، ڕەنگ‌کراو، کێشراو، نەخشێنراو یا ڕازاو بە چەندین ڕەنگ *n* بەرهەمی هونەری فرەڕەنگ ۞ *adj* چندرنگ *n* اثر هنری چندرنگ

polychromy *noun*
فرەڕەنگی، ڕەنگاوڕەنگی، ڕەنگینی ۞ چندرنگی

polyclinic /ˈpɒliklɪnɪk, US ˈpɑːl-/ *noun*
نەخۆش‌خانەی گشتی، پۆلی‌کلینیک (ناوەندێکی پزشکی کە بەشێ لە نەخۆش‌خانە نییە، جێگایێ کە هەم پزشکانی گشتی و هەم پسپۆران کاری تیادەکەن) ۞ پلی‌کلینیک

polyclonal /ˌpɒlɪˈkləʊn(ə)l/ *adjective*
(پزشکی و زیندەناسی) فرەکلۆنی، لە چەندین کلۆنی پێکهاتووە یان دابەش بووە، سەربەو خانە یان بەرهەمە خانەیی‌یەکان کە لە چەندین هێڵی کلۆنەکان دارێژراون ۞ پلی‌کلونی

polycondensation *noun*
جۆرێ خەستاندن کە دەبێتەهۆی پێکهاتنی ئاوێتەیێ بە کێشی گەردی molecular weight زیاتر ۞ پلی‌کوندنساتیون

polyconic projection *noun*
نەخشەی فرەقووچە(کی) یان پۆلی‌کۆنیک ۞ پروجکشن پلی‌کونیک

polycotylledon *noun*
گیای فرەپەلی، ڕووەکی چەندپەلی یان فرەپەلی ۞ گیاه چندلپەای

polycotylledonous *adjective*
فرەپەلی، چەندپەلی ۞ چندلپەای

polycrystalline *adjective*
فرەکریستالی، فرەبلوورین ۞ پلی‌کریستالین

polyculture *noun*
فرەوەرزی، چەندوەرزی، فرەچێنی، فرەکێڵی، فرەکێڵە، چەندکێڵە ✡ چندکشتی

polycyclic /ˌpɒlɪˈsʌɪklɪk, US -ˈsɪk-/ *adjective*
(کیمیا) فرەئاڵقەیی، فرەبازنەیی، فرەسووڕی، خاوەنی چەندین ئاڵقە یان بازنەی گەردیلەکان لە گەردیکدا، سەربە ئاوێتەیێکی ئەندامی کە چەندین ئاڵقە یان بازنەی گەردیلەیی تیایە ✡ چندحلقوی

polycystic *adjective*
(پزشکی) فرەکیستی ✡ پلی‌کیستی

polycystic ovary syndrome *noun*, also polycystic ovarian syndrome
(پزشکی) کۆنیشانەی هێلکەدانی فرەکیستی: جۆرێ نەخۆشی کە hirsutism، amenorrhea، obesity، infertility و گەورەبوونەوەی هێلکەدان لە نیشانەکانیەتی ✡ نوعی بیماری

polycythaemia /ˌpɒlɪsʌɪˈθiːmɪə/ *noun*, US polycythemia
(پزشکی) دۆخێ کە لەودا خڕۆکە سوورەکانی خوێن بە شێوەیێکی نائاسایی زیاد دەکەن، پۆلی‌سایتیمیا، پۆلی‌سیتیمیا ✡ پلی‌سیتمی

polydactyl /ˌpɒlɪˈdaktɪl/ *adjective, noun*, also polydactylous
adj فرەپەنجە، هەزارپەنجە، فرەقامک، چەندقامکە *n* گیانەوەرێکی فرەپەنجە یان چەند قامکە ✡ پلی‌داکتایل، چندانگشتی

polydactyly *noun*
فرەپەنجەیی، هەزارپەنجەیی، فرەقامکی، چەندقامکەیی ✡ پلی‌داکتایلی

polydipsia /ˌpɒlɪˈdɪpsɪə/ *noun*
تینوێتی یەکجار و نائاسایی، یەکجارتینوێتی، لاپ‌تینوێتی (بنەڕەت: لە *poludipsios* یۆنانی "very thirsty") ✡ عطش یا تشنگی بیش از اندازە و غیرعادی

polydipsic *adjective*
تووشی تینوێتی یەکجار و نائاسایی هاتوو، یەکجارتینوو ✡ دچار عطش یا تشنگی بیش از اندازە و غیرعادی

polyelectrolyte /ˌpɒlɪɪˈlɛktrəlʌɪt/ *noun*
(کیمیا) پۆلی‌ئێلیکترۆلایت، پۆلی‌ئێلیکترۆلیت، ماکێ بە کێشی گەردی بالا یان سەرەوە(وەک پرۆتئین) کە ئێلیکترۆلیتیکە ✡ پلی‌اکترولیت

polyembryonic *adjective*
فرەئاوەڵمەیی، فرەکۆرپەلەیی ✡ وابستە بە چندجنینی

polyembryony /ˌpɒlɪˈɛmbrɪəni/ *noun*
(زیندەناسی) فرەئاوەڵمە، فرەئاولەمە، فرەکۆرپەلە ✡ چندجنینی

polyene *noun*
ئاوێتەیێکی ئەندامی کە پەیوەست یان بەندی دووانەی تیایە ✡ پلی‌ان

polyenic *adjective*
سەربە یا پێوەندی بە پۆلی‌ئینەوە هەیە ✡ پلی‌انیک

polyester /ˌpɒliˈestə(r), US ˌpɑːli-, ˈpɑːliestər/ *noun*
(کیمیا) فرەئێستێر، فرەئەستێر، فرەئێستێر، فرەئەستەر، پۆلی‌ئێستێر ✡ پلیستر

polyestrous *adjective*
کەڵەسوویی، فرەبەکەڵی، فرەبەفالی، فرەجووت‌گیری، زیاتر لە جارێ لە ماوەی ساڵێدا بەکەڵ یان بەفال دەبێ ✡ پلیستروس

polyethylene /ˌpɒliˈeθəliːn, US ˌpɑːl-/ = polythene

polyethylene glycol *noun, abbreviation* PEG
گلیکۆلی پۆلی‌ئێتیلین: زنجیرەیێ لە فرەبارزەکان $H(OCH_2CH_2)nOH$ polymer زۆرتر بۆ lubricant ەکان و لە بواری پزشکی بایۆتێکنۆلۆژی‌دا بەکاردێنرێ ✡ گلیکول پلی‌اتیلین

polyethylene terephthalate *noun*
تێریفتالاتی پۆلی‌ئێتیلین: جۆرێ جەوکی دەسکرد یان سینتێتیک کە لە ethylene glycol و terephthalic acid دروست دەبێ و بۆ سازکردنی ریشاڵی پۆلی‌ئێستێر بەکاردێنرێ ✡ ترفتالات پلی‌اتیلین

polyethylene tube *noun*
بۆری یان لوولەی فرەئێتیلین ✡ لولەی پلی‌اتیلین

polyfactorial *adjective*
فرەهۆکاری ✡ چندعاملی

polygala, *pl.* polygalas = milkwort

polygamist /pəˈlɪgəmɪst/ *noun*
پیاوی فرەژنە، پیاوی چەن‌ژنە ✡ مرد چندزنە

polygamous /pəˈlɪgəməs/ *adjective*
1 فرەژنە، چەن‌ژنە 2 سەربە فرەژنی ✡ 1 چندزنە 2 وابستە بە چندزنی

polygamy /pəˈlɪgəmi/ *noun*
فرەهاوسەری، فرەمێردی، فرەژنی ✡ چندهمسری

polygene *noun*
فرەژینی، پۆلی‌ژینی، فرەنژادە(یی)، ژین یان نژادەی چەندینە ✡ پلی‌ژنی، چندژنی

polygenesis /ˌpɒlɪˈdʒɛnɪsɪs/ *noun*, also polygeny /pəˈlɪdʒ(ə)ni/
فرەپێکهاتی، فرەپەیدایی، فرەبنەچەیی، فرەرەچەڵەکی، فرەسەرچاوەیی، سەرهەڵدان لە ژمارەیێ سەرچاوە یا شوێنی سەربەخۆوە ✡ پلی‌جنیس

polygenetic *adjective*
فرەپێکهات؟، سەربە فرەپەیدایی؟، فرەسەرچاوە ✡ پلی‌جنتیک

polygenic /ˌpɒlɪˈdʒɛnɪk/ *adjective*
(بۆماوەناسی) فرەژین، پێوەندی هەیە یا لە لایەن کۆمەڵێ نژادە یا ژێتەوە دیاری دەکرێ کە پێکەوە گۆڕانێکی بەرچاو پێکدێنن ◌ چندژن، پلیژنیک

polyglot /ˈpɒlɪglɒt, US ˈpɑːliglɑːt/ *adjective, noun*
adj فرەزمانە، چەندزمانە، دەتوانێ بە چەندین زمان قسە بکا یان بنووسێ multilingual، لە چەندین زمان پێکهاتووە، نووسراوە یان چەند زمانێ لەخۆ دەگرێ؛ (کتێبێ) خاوەنی دەقێ کە بۆ سەر چەندین زمان وەرگێردراوەتەوە *n* مرۆی چەنزمانە، کەسێکی فرەزمانە ◌ *adj* چندزبانە، پلیگلوت *n* آدم چندزبانە

polyglotism *noun*, also polyglotitism
فرەزمانی، چەندزمانی ◌ چندزبانی

polygon /ˈpɒlɪgən, US ˈpɑːligɑːn/ *noun*
(ئەندازە) فرەلایی، فرەباڵوو، چەندلایی، فرەگۆشە ◌ چندضلعی

polygonal /pəˈlɪgənl/ *adjective*
فرەلایی، فرەباڵوو(یی)، چەندلایی، فرەگۆشە(یی) ◌ چندضلعی

polygonally /pəˈlɪgənli/ *adverb*
فرەلاییانە، فرەگۆشە(یی)یانە ◌ بە طور چندضلعی

polygon of forces *noun, pl.*
(فیزیک) فرەلایی یان فرەباڵوویی هێزەکان ◌ چندضلعی نیروها

polygonum /pəˈlɪg(ə)nəm/ *noun*, also knotweed
(رووەکناسی) فرە(ئە)ژنۆ؟ [تۆوخم (بنەڕەت: لە یۆنانییەوە *polu-* [*Polygonum* ◌ ("joint ,knee" *gonu* + "many" نوعی گل

polygraph /ˈpɒlɪgræf, US ˈpɑːli-, BrE also -grɑːf/ *noun*
1 دەزگایێ بۆ تۆمارکردنی کۆمەڵە گۆڕانێکی کارئەندامناسی کەسێ، وەک پرتە و ڕێژەی لێدان و هەناسە 2 تاقیکاری یان تاقیکاری یان ئازمایشتێ کە lie detector بەکاردێنێ بۆ دیاریکردنی ڕاستی و دروستی شتێ 3 = lie detector ◌ پلیگراف

polygraphic *adjective*
سەربە پۆلیگراف ◌ وابستە بە پلیگراف

polygynous /pəˈlɪdʒɪnəs/ *adjective*
چەندژنە، فرەژنە ◌ چندزنە

polygyny /pəˈlɪdʒɪni/ *noun*
فرەژنی، چەندژنی، پۆلیگامی کە لەودا پیاوێ زیاتر لە ژنێکی هەیە (بڕوانە polyandry، بنەڕەت: لە یۆنانی "ژن" *gunē* + poly-) ◌ چندزنی

polyhedral /pɒliˈhiːdrəl/ *adjective*, also polyhedric
فرەڕوویی ◌ چندوجهی

polyhedron /ˌpɒliˈhiːdrən, -ˈhed-, US ˌpɑːli-/ *noun, pl.* polyhedra /-drə/ or polyhedrons
(ئەندازە) فرەڕوویی ◌ چندوجهی

polyhedrosis *noun, pl.* polyhedroses
(پزشکی) ئەو نەخۆشییانەی کە لە ئەنجامی کرمۆکەی مێروویێکی تایبەتەوە یان crustacean ـە دووپاکانەوە تووش دەبن و دەبنە هۆی دارزان یان تیاچوونی شانەکان و کۆبوونەوەی دەنکۆڵە granule ـە ڤایرۆسدارەکانی شلەی بەرماوە ◌ پلیهدروسیس

polyhistor or polyhistorian /ˌpɒlɪˈhɪstə/ = polymath

polyhydric *adjective*
(کیمیا) فرەهایدریک، فرەهیدریک، پۆلیهایدریک ◌ پلیهیدریک

polyhydroxy *adjective*
(کیمیا) دوو یان چەند کۆمەڵی هایدرۆکسیلی تیایە ◌ پلیهیدروکسی

Polyhymnia *noun*, Latin, from Greek *Polyymnia*
Muse ی سەما (یان هەڵپەڕکێ) و موسیقای پیرۆز (لە میتۆلۆژی یۆناندا) ◌ پلیهیمنیا

polyimide *noun*
پۆلیئیمید: هەموو دەستە فرەپارژە یان پۆلیمێرەکان لەگەڵ کۆمەڵێکی ئیمیدۆ imido، لە بەرامبەر تێمپراچێر، لە کارچوون (یان خورانەوە)، تیشک و زۆر ماک و مەتریاڵی کیمیاییدا خۆڕادەگرێ ◌ پلیایمید

polyisoprene *noun*
فرەپارژەی ئیزۆپرین، بە شێوەی سروشتی لە جیر و gutta-percha دا هەیە و هەروەها بە شێوەی دەسکرد بەرهەم دێنرێ ◌ پلیایزوپرن

polyisotopic *adjective*
خاوەنی چەندین ئیزۆتۆپ، فرەئیزۆتۆپ ◌ پلیایزوتوپیک

polykaric *adjective*, also multinucleate
فرەناوکی، چەندناوکی، پڕناوک ◌ چندهستەای

polykaryocyte *noun*
خانەی فرەناوکی یان چەندناوکی، خانەی پڕناوک ◌ سلول چندهستەای

polylysine *noun*
پرۆتینێ کە زنجیرەی پۆلیپێپتایدەکەی بە تەواوەتی لە بەرماوە یان پاشەرۆکی لیسین پێکهاتووە ◌ پلیلیسین

polymath /ˈpɒlimæθ, US ˈpɑːl-/ *noun*
مرۆی هەمەکارە یان فرەزان، فرەبابەتزان، هەزارپیشە، سەرلەهەمووشتێدەرکردوو ◌ آدم جامعالاطراف

polymathic *adjective*
هەمەکارە، فرەزان، فرەبابەتزان،

سـەرەندەری هەمووشتی‌کردوو، هەزارپیشە ۞ جامع‌الاطراف، بحرالعلوم

polymathy /pəˈlɪməθi/ *noun*

هەمـــــــەکارەیی، فـــــــرەزانی، سەرەندەری هەمووشتی‌کردوویی، فرەبابەت‌زانی، هەزارپیشەیی ۞ جامع‌الاطرافی، بحرالعلومی

polymer /ˈpɒlɪmə(r), US ˈpɑːl-/ *noun*

فرەپـار(ژە)، فرەبـەش، فـرەپـار، فـرەپـاریژە، فرەپارچە، فرەپاژ، پۆلیمێر، فرەمێر ۞ بسپار

polymerase /ˈpɒlɪməreɪz, pəˈlɪməreɪz/ *noun*

(زیندەکیمیا) هەوێنەیێ کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی فـرەپـارژەیێکـی تایـبـەتی، ب.ت. DNA یـان RNA، هەوێنەیێ کە لە پێکهاتنی دیئێن‌ئەی و ئارئێن‌ئەی وەک تاودەرێ کار دەکا ۞ پلیمراز

polymerase chain reaction *noun, abbreviation* PCR

کاردانەوەی زنجیرەیی پۆلیمێراز ۞ واکـنش زنجیره‌ای پلیمراز

polymer chemistry *noun*

کیمیـای فرەپـاریژە یـان پـۆلیمێر، کیمیـای فرەپارژە ۞ شیمی بسپار

polymeric /ˌpɒlɪˈmerɪk/ *adjective*

فرەپارچـەیی، فرەپـاری، فرەبەشـی، فرەپـاژی، فرەپارژەیی ۞ بسپاری

polymerization / ˌpɒlɪməraɪˈzeɪʃn, US ˌpɑːli-/ *noun*

پۆلیمێراندن، پەلمەراندن، پەلمەرێن، فرەپارژاندن، فرەبەشـاندن، فـرەپاریژانـدن، فرەپاژانـدن، فرەپارچەکردن، فرەپاژاندن ۞ بسپارسازی

polymerous / pəˈlɪm(ə)rəs/ *adjective*

فرەبەش، چەندبەشە، زۆربەش، خـاوەنی چـەندین بەش یان پارچە ۞ دارای چندین جزء

polymorph *noun*

1 فرەشـێوە، فـرەبیچم 2 (کارئـەنـدامناسـی) خڕۆکـەسـپی 1 ۞ polymorphonuclear چندریخت 2 پولی‌مورف

polymorphic /-fɪk/ *adjective*, also polymorphous /ˌpɒliˈmɔːfəs, US ˌpɑːliˈmɔːrfəs/

فرەشێوە، فرەبیچم ۞ چندریخت

polymorphism *noun*

فرەشێوەیی، فرەبیچمی ۞ چندریختی

polymorphpnuclear
/ˌpɒlɪˌmɔːfə(ʊ)ˈnjuːklɪə/ *adjective*

(خڕۆکەیێکی سپی leucocyte) خـاوەنی ناوکێ بە چەند پل و سایتۆپلازمەوە کە دەنکۆلـەکـانی granule تیایە ۞ پلی‌مورفونیکولیر

polymyositis /ˌpɒlɪmʌɪə(ʊ)ˈsʌɪtɪs/ *noun*

داگیرسـان یان ئاوسـانی چـەندین ماسـولکە لە کاتێکا ۞ پلی‌میوسیتیس

polymyxin *noun*

چـەنـدین ئـانتی‌بیـوتیکی ژاراوی کـە لـە جـۆرێ بـەکتریـای خـاکی (*Bacillus polymyxa*) دەگـیرێ و لـەسـەر بـەکتریـا gram-negative ـەکان کاریگەری هەیە ۞ پلی‌میکسین

Polynesian /ˌpɒlɪˈniːzɪən/ *adjective, noun*

adj پۆلینیزیـایی، سـەربە یـان پێـوەنـدی بـە پۆلی‌نیزیـاوە هـەیـە *n* 1 پۆلینیزیایی، خەڵکی پۆلینیزیا 2 کۆمەڵە زمانێکی ئەوسترۆنیزیایی کە لە پۆلی‌نیزیا قسەی پێ‌دەکرێ کە مائۆری Maori، هـاوایی‌یـایی Hawaiian و سـامۆایی Samoan دەگرێتەوە ۞ *adj* پلی‌نزیایی *n* 1 و 2 پلی‌نزی

polyneuritis *noun*

neuritis ی چـەنـدین دەمـاری لاوەکی لە یـەک کات‌دا ۞ پولی‌نیوریت

Polynices *noun*, Latin, from Greek *Polyneikēs*

پۆلینیـسـێس: منـاڵـی ئۆدیـپـوس Oedipus و ژۆکاستا Jocasta کە لە شـەڕی دژی Eteocles ی برای و Creonی خاڵی بۆ گرتنی شاری تێب یان تێبێس Thebes کوژرا ۞ پولینیس

polynomial /ˌpɒlɪˈnəʊmɪəl/ *noun, adjective*

n (زیندەناسی) ناوی لاتینی زیاتر لە دوو بەش یـان دوو کـەرت، چـەندکـەرتی، فـرەبـەشـی، چەندبەشی *adj* پێکهاتوو لە چەند بەش یان کەرت، چەندبەشە، فرەکەرتە ۞ پولینومیال

polynuclear = polycyclic

polynucleotide *noun*

(زینـدەکیمیـا) زنجـیـرەی فـرەپـارژەیـی نیوکلیۆتیدەکان ۞ پولینوکلیوتاید

polynya /pə(ʊ)ˈlɪnjə/ *noun*, also polynia or polynyas

ناوچەی ئاوی ئازاد کە بە سەهۆڵ دەوردرابێ (بنەڕەت: لە رووسی‌یەوە، لە بنکی *pole* بە واتای "مەیدان و گۆڕەپان، زەمین field") ۞ پولینیا

polyolefin *noun*

فـرەپـارژەی alkene (وەک polyethylene) ۞ پلی‌الفین

polyomavirus *noun*, also polyoma

خێزانی Polyomaviridae لە ڤایرۆسـە DNA جـووت‌ڕیـشاڵەکـان (یـان دووتـاڵ) -double stranded کە لوو یان تۆمۆر لە هێندێ شیردەردا پێکدێنێ ۞ پلی‌اوماویروس

polyonymous *adjective*

فرەناوە، چەندناوە، چەن‌نێوە ۞ دارای چند نام

polyonymy *noun*

فرەناوی، چەندناوی، چەندنێوی (بۆ شـتێـک) ۞ پلی‌اُنیمی

polyp /ˈpɒlɪp, US ˈpɑːlɪp/ *noun*

پۆلیپ، پرپێ، زۆرپا، پرپا: 1 (پزشـکی) لووێکی

چکۆلەی پایەدار، زۆرتر بێمەترسی، لە پەردەی لینجی یا کیمیەوە دەرپەڕیوە، لوویێکی دەرپەڕیوی پەردەی کیمی mucous membrane 2 (گیانەوەرناسی) coelenterate ی (وەک شیلانێ coral) کە زۆرتر لەشێکی لوولەکی بۆشیان هەیە، دەمیان لە سەرترین بەشەوەیە و ئالقەیێ لە tentacle ـەکان دەوریان داوە (بنەڕەت: لە *polypous* یۆنانی، لە *-poly* + *pous* "پێ یان پا") ۞ پۆلیپ

polypary /ˈpɒlɪp(ə)ri/ *noun, pl.* polyparies
(گیانەوەرناسی) لاسکی ئاسایی یان راگری ئیسکبەندی کۆلۆنی پۆلیپەکان (وەک شیلان یان مەرجانەکان)، پێکهاتەیێکی پشتیوانی ئاسایی کۆلۆنی پڕپا یان پۆلیپەکان ۞ پلیپاری

polyped *adjective*
چەندپایە، پڕپایە، فرەپایە، زۆرپایە، چەندپاچکە، شتێکی کە چەندین پایە و پاچکەی هەبێ ۞ پلیپد، چندپایە

polypeptide *noun*
(زیندەکیمیا) پۆلیپێپتاید، پۆلیپێپتید: زنجیرەیێکی گەردی ترشەلۆکە ئەمینۆکان amino acids ۞ پلیپپتید

polypeptidic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە پۆلیپێپتیدەکانەوە هەیە ۞ وابستە بە پلیپپتید

polypetalous *adjective*
خاوەنی کۆمەڵێ پەڕەی جیا، پەڕەجیا، جیاپەڕە ۞ جداگلبرگ

polypetaly *noun*
بوونی کۆمەڵێ پەڕەی جیا، پەڕەجیایی، جیاپەڕەیی ۞ جداگلبرگی

polyphagia /ˌpɒlɪˈfeɪdʒə/ *noun*
1 (گیانەوەرناسی) هەمەجۆرخۆری، چەندخۆری 2 زۆرخۆری، فرەخۆری، ئارەزوو یان ئیشتیای زۆر ۞ 1 پلیفاگیا 2 پرخوری

polyphagous /pəˈlɪfəgəs/ *adjective*
(گیانەوەرناسی) هەمەجۆرخۆر، چەندخۆر ۞ پلیفاگوس

polyphase *adjective*
فرەدۆخ، چەندفاز، فرەفاز: سەربە خولگەیێکی ئێلیکتریکی کە تەوژمێکی ئۆرەکی هەڵدەگرێ و دوو یان چەندین فازی هەیە ۞ پلیفاز

Polyphemus *noun*, Latin, from Greek *Polyphēmos*
دێوی یەکچاو Cyclops (لە لایەن ئۆدیسەوە Odysseus کوێر کرا تا لە ئەشکەوتەکە هەڵێ، لە میسۆلۆژی یۆنانیدا) ۞ پلیفموس

Polyphemus *noun*
جۆرێ پەپوولەی (شەوگەڕی) زلەی قاوەیی زەردباوی ئەمریکایی، لەسەر هەر باڵی پشتەوەی چاوەپەڵەیێکی eyespot دەرپەڕیوی هەیە [*Antheraea polyphemus*] ۞ پلیفموس موت

polyphenol *noun*
پۆلیفێنۆل، فرەفێنۆل: فێنۆلێکی polyhydroxy ۞ پلیفنول

polyphenolic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە فرەفێنۆلەوە هەیە ۞ وابستە بە پلیفنول

polyphone /ˈpɒlɪfəʊn/ *noun*
پۆلیفۆن، پیتی فرەدەنگ (وەکوو a لە ئینگلیسیدا) ۞ پلیفون

polyphonic /ˌpɒlɪˈfɒnɪk, US ˌpɑːliˈfɑːnɪk/ *adjective*, also polyphonous
فرەدەنگ، خاوەنی زۆر دەنگ، زۆردەنگ (polyphonically *adv*) ۞ چندآوا

polyphony /pəˈlɪfəni/ *noun*
فرەدەنگی ۞ چندآوایی

polyphyletic /ˌpɒlɪfʌɪˈlɛtɪk/ *adjective*
(زیندەناسی) لە زۆر رەگەزی جیا، فرەنژاد، پڕڕەچەڵەک، فرەڕەچەڵەک، چەندڕەگەزە، فرەڕەگەز (-hyletically *adv*) ۞ مختلف‌الاجداد، پرتباری

polyphyletism *noun*
فرەنژادی، پڕڕەچەڵەکی، فرەڕەچەڵەکی، چەندڕەگەزی، فرەڕەگەزی ۞ پرتباری

polyphyllous *adjective*
پڕگەڵا، گەڵازۆر ۞ پربرگ

polypi = plural form of polypus

polypide *noun*
یەکێ لە ئەندامانی گیانەوەرناسای کۆلۆنیی bryozoan ی، بەشی پێشەوەی zooid لەشی یەکێ تاک لە کلۆنی قەوزەئاژەڵەکاندا ۞ پلیپید

polyploid /ˈpɒlɪplɔɪd/ *adjective, noun*
(بۆماوەناسی) *adj* پۆلیپلۆید، پۆلیپلۆئید: سەربە ئەو خانە یان ناوکانەی کە زیاتر لە دوو کۆمەڵەی جوونیەکی کرۆمۆزۆمەکانی تیایە *n* زیندەوەر یان خانەیێکی پۆلیپلۆید ۞ پلیپلوئید

polyploidy /ˈpɒlɪplɔɪdi/ *noun*
پۆلیپلۆیدی، پۆلیپلۆئیدی ۞ پلیپلوئیدی

polypnea *noun*
هەناسەبڕکێ، زووزوو هەناسەدان ۞ پلیپنی، تنفس سریع

polypod *adjective*
(گیانەوەرناسی) فرەپێ، چەن(ـد)پا ۞ پلیپود

polypody /ˈpɒlɪpəʊdi/ *noun, pl.* polypodies
(رووەکناسی) هەزارپێ(ک)، بەڵەکەرگ؟: جۆرێ fern (لەسەر دار، دیوار و بەرد شین دەبێ [*Polypodium vulgare*] و جۆرە پێوەندیدارەکان]) ۞ نوعی سرخس

polypody family *noun*
تیرە یان خێزانی هەزارپێ(ک): خێزانی

polypody maidenhair [Polypodiaceae] و فیـرنی staghorn دەگرێتـەوە ۞ خـانوادەی پلیپُدی
polyposis /ˌpɒlɪˈpəʊsɪs/ *noun*
بـوونی چەنـدین پـۆلیپی نێـوەوەیی internal ،polyp ب.ت. لە colon دا ۞ پلیپوسیس
polypropylene /ˌpɒliˈprəʊpəliːn, US ˌpɑːliˈproʊ-/ *noun*
پۆلیپرۆپیلین، فرەپرۆپیلین ۞ پلیپروپیلین
polyprotic *adjective*
فرەپرۆتۆنی ۞ چندپروتونی
polyprotic acid *noun*
ترشەڵۆکی فرەپرۆتۆنی ۞ اسید چندپروتونی
polyptych /ˈpɒlɪptɪk/ *noun*
وێنەکێشی فرەتەختـە یـان چەندتەختـە یـان چەنقەدە ۞ پلیپتیک
polypus /ˈpɒlɪpəs/ *noun, pl.* polypi /-pʌɪ/ = polyp
polyrhythm *noun*
فـرەریتم، چەندریتمـە، پـۆلیریـتم (هاوکـات پێکەوە) ۞ پلیریتم
polyrhythmic *adjective*
فرەریتمی، چەندریتمی ۞ پلیریتم
polyribosomal *adjective*
سەربە فرەریبۆزۆم یان پۆلیریبۆزۆم ۞ وابسته به پلیریبوزوم
polyribosome *noun,* also polysome
فـرەریبـۆزۆم، پـۆلیریبـۆزۆم: هێـشوویێکی ریبۆزۆمەکان کە بەهۆی گەردیکی مێـسێنجێری RNA پێکەوە بەسـتراونەتەوە و شوێنی پێکهاتنی پرۆتێین بنیات دەنێ ۞ پلیریبوزوم
polysaccharide *noun,* also polysaccharose
فرەساکارید، فرەشەکرە ۞ پلیساکارید، چندقندی
polysemic *adjective*
سەربە فرەواتایی، سەربە زۆرواتایی ۞ وابسته به بسیارمعنایی
polysemous /ˌpɒliˈsiːməs, US ˌpɑːl-/ *adjective*
فرەواتا، زۆرواتا ۞ بسیارمعنی
polysemy /pəˈlɪsɪmi/ *noun*
فرەواتـایی، زۆرواتـایی، چەنـدواتایی ۞ بسیارمعنایی
polysepalous *adjective*
جیاقاپووچکە، قەپووچکەجیا، خاوەنی کۆمەڵێ sepal ی جیا ۞ جداکاسبرگ
polysome = polyribosome
polysorbate *noun*
هـەریـەک لـە emulsifier ـەکـان کـە بـۆ ئامـادەکـردنی هێنـدێ دەرمـان یـان خـۆراک بەکاردێرین ۞ پلیسوربات
polystichous *adjective*
(پێکهـاتوو یـان) ڕیکخـراو لـە چـەنـدین ڕیـزدا، فرەریز(ە)، چەندریز(ە)، فرەزنجیرە ۞ چندردیفی
polystyle *noun*
فرەسـتوونی، فرەکۆڵـەکەیی، چەندسـتوونی ۞ چندستونی
polystyrene /ˌpɒliˈstaɪriːn, US ˌpɑːl-/ *noun*
1 پۆلیستیرین، پلاستیک، جۆرێ جەوکی دەسکرد کە فـرەپـارژەی styrene ـە 2 پـۆلیسـتیرینی، پلاستیکی ۞ 1 پلیاستیرن 2 پلیاستیرنی
polysulphide *noun,* US polysulfide
(کیمیا) فرەگوگرد، فرەسولفاید، پۆلیسولفاید ۞ پلیسولفید
polysyllabic /ˌpɒlisɪˈlæbɪk, US ˌpɑːl-/ *adjective*
فرەبڕگەیی، فرەکەرتەیی ۞ چندهجایی
polysyllable /ˈpɒlisɪləbl, US ˈpɑːl-/ *noun*
وشـەی فرەبڕگـەیی، وشـەی فرەکەرتـەیی ۞ واژەی چندهجایی
polysynaptic *adjective*
پۆلیسیناپتیک: دوو یا چەند سیناپس لە دەزگای دەماری ناوەندی دەگرێتەوە ۞ پلیسیناپتیک
polysyndeton *noun*
فرەبەستی: چەندبارەبوونەوەی پیتی پێوەندی conjunction (وەک we have ships and men and money and stores "ئێمە خاوەنی کەشتی و پیاو و پارە و پاشەمەندەیـن" کە لێرەدا پیتی پێوەندی "و" چەند جار دووبارە بۆتەوە و پێویستیش نیـە) ۞ پلیسیندتون
polysynthetic *adjective*
تایبەتمەندی ئەو زمانانەیە کە ئەو وشە درێژانە بـەکـاردێنن کـە ژمـارەیێکـی زۆری بگـر یـان affix تیایـە کـە پێـوەنـدییـە بـەنـدەکانیـان ڕسـتەسـازی و واتاکـان دەردەبڕن، وەک زۆر لە زمانـە سووریێـستەکـان (یـان هێنـدییـە ئـەمریکـاییـەکـان، بڕوانـە 3 analytic و synthetic 3) ۞ پلیسینتیک، چندترکیبی
polytechnic /ˌpɒliˈteknɪk, US ˌpɑːl-/ *noun, adjective*
فرەتێکنیـک، فرەتکنیـک، پـۆلیتێکنیـک، فرەتەکنیک ۞ پلیتکنیک
polytene /ˈpɒlɪtiːn/ *adjective*
پرباریکە، فرەباریکە: سەربە یا ئاماژە دەکا بەو کرۆموزۆمـە زەبـەلاحانـەی کـە لـە زۆر کـۆیی هاوتـەریـبی مـاک یـان مـەتریالـی ژێنێتیکـی پێکهاتووە (بنەڕەت: لە -poly + *tainia* یۆنانی "باریکە، بەنۆکە، بەست band") ۞ پولیتن
polytene chromosome *noun*
ڕەنگێنـەن یـان کرۆمـۆزۆمی پرباریکـە یـان پڕبەست ۞ کروموزوم پولیتن
polyteny *noun*

پرباریکەیی، فرەباریکەیی، پربەستی ۞ پولیتنی

polytetrafluoroethylene /ˌpɒlɪˌtɛtrəˌflʊərəʊˈɛθɪliːn, -ˌflɔː-/ *noun*
پۆلیتێترافلوروئێتیلین: جۆرێ جەوکی دەسکرد کە بۆ دروستکردنی seal ـەکان و بێرینگ (یاتاقان) ـەکان و بۆ رووکێشاندن یان داپۆشینی کەلوپەلی ئاشپەزی نەچەسپ بەکاردێتری ۞ پولیترافلوروانیلین

polytheism /ˈpɒliθiːɪzəm, US ˈpɑːl-/ *noun*
فرەخودابـــــاوەری، فرەخودایەرســـــتی، خودایـــــانپەرســـــتی، فرەخوداگـــــەری، چەندخوداباوەری ۞ چندخداگرایی

polytheist /ˈpɒlɪθiːɪst, US ˈpɑːl-/ *noun*
فرەخودابـاوەر، فرەخودایەرسـت، فرەخوداگـەر، چەندخوداباوەر ۞ چندخداگرا، مشرک

polytheistic /ˌpɒliθiˈɪstɪk, US ˌpɑːl-/ *adjective*
فرەخودابـاوەرییانـە، ســەربە polytheism ۞ وابسته به چندخداگرایی

polythene /ˈpɒlɪθiːn, US ˈpɑːl-/ *noun*
1 پلاســـتیک 2 پلاســـتیکی (بنـەرەت: کورتـەی polyethylene) ۞ 1 پلاستیک 2 پلاستیکی

polytocous *adjective*. also polycarpic
پرتوو، پرتۆم، پرمیوە، پربەر ۞ پرتخم، پرمیوه

polytonal *adjective*
سـەربە polytonality ۞ وابسته به polytonality

polytonality *noun*
پۆلیتۆنالیتی: بەکارهێنانی هاوکاتی دوو یان چەند کلیل لە compositionی موسیقاییدا ۞ پلی‌تونالیتی

polytrophic *adjective*
فرەجۆرخۆر، چەندجۆرخۆر، جۆراوجۆرخۆر، (هەنگ) لە شیلەی چەندین گوڵ بۆ دروست کردنی هەنگوین دەخوا؛ (پزشکی) کاریگەرە لەسەر شانە جۆراوجۆرەکان ۞ چندگونەخوار، پلی‌تروفیک

polytunnel *noun*
فـــــرەرەهـــــەنـــــدە: چوارچێـــــوەیەکـــــی (بە)پۆلیئێتیلین(دا)پۆش(راو)ی درێژ کە لە ژێریدا گیا و رووەک لە دەرەوە شین دەبن ۞ پلی‌تونل

polytypic *adjective*. also polytypical
فرەنموونە، فرەجۆرە: خاوەنی یان زۆرجۆر و نموونە و ژێربەش subdivision دەگرێتەوە ۞ پلی‌تایپیک، چندگونه‌ای

polyunsaturated /ˌpɒliʌnˌsætʃəreɪtɪd ˈfæt, US ˌpɑːl-/ *adjective*
(زۆر ســەوزە و هێنــدێ چــەوری گیانــەوەر) تێرنەبوو، نەپاراو ۞ اشباع‌نشده

polyurethane /ˌpɒliˈjʊərəθeɪn, US ˌpɑːliˈjʊr-/ *noun*
پۆلییۆرێتین (جۆرێ کەرەسە یان مەتریالی پلاستیک) ۞ پلی‌اورتان

polyuria /ˌpɒlɪˈjʊərɪə/ *noun*
فرەمیزی، دەڵـەمیزی (polyuric *adj*) ۞ ادرار زیاد

polyvalence /ˌpɒliˈveɪləns, US ˌpɑːl-/ *noun*
(کیمیا) فرەهاوهێزی ۞ چندظرفیتی بودن، حالت چندظرفیتی

polyvalent /ˌpɒliˈveɪlənt, US ˌpɑːl-/ *adjective*
1 (کیمیـــا) فرەهـــاوهێز(ە)، دوو یـــان زیـــاتر 2 چەندین ئانتیبادی تیایە و هەریەک دەتوانێ لەگەڵ ئانتیژێنێکی تایبەت کاردانەوەی بێ 3 خاوەنی چەندین ئەرک و کارکرد و شێوە یان لایەنی جیـاواز ۞ 1 (شـیمی) چنـدظرفیتی 2 پلی‌والنت 3 دارای کارکرد، فورم یا جنبه‌های متعدد

polyvinyl /ˌpɒlɪˈvʌɪn(ə)l/ *adjective*
(کیمیا) فرەڤاینیل، فرەڤینیل: سەربە یان ئاماژە بە ئەو جەوکە دەسکردانە synthetic resins کە فـرەپـارژەکـانی ئاوێتـەکـانی ڤـینیلن vinyl: ۞ پلی‌وینیل *polyvinyl chloride*

polyvinyl chloride *noun*
کلۆرایـدی فرەڤـاینیل، کلۆرایـدی فرەڤـینیل ۞ کلورید پلی‌وینیل

pom /pɒm, US pɑːm/ = pommy

pomace /ˈpʌmɪs/ *noun*
تلپەی سێو و... (ب.ت. لە سازکردنی cider) ۞ مغز سیب

pomade /pəˈmeɪd, US -ˈmɑːd/ *noun*
(هەتوان یان مەرهەمی گوڵاوی) پۆماد، رۆنی سەر یان قژ ۞ پماد

pomander /pəˈmændə(r), US ˈpoʊmændər/ *noun*
قوتوی گوڵ، قوتوی بۆنخۆش، سێو(و)عەمبەر ۞ قوطی معطر

pomarine skua /ˈpɒmərʌɪn/ *noun*. also pomarine jaeger
سەرلووتە (بنەرەت: لە یونانی *pōma* "cover, "lid" + *rhis*, *rhin-* "nose"): جۆرێ سکوویای گەورەی رەگەزێکی باکووراتی [*Stercorarius pomarinus*] ۞ نوعی اسکوا

pomatum /pə(ʊ)ˈmeɪtəm/ = old-fashioned term for pomade

pome /pəʊm/ *noun*
1 (رووەکناسی) میوەی سێوی 2 تۆپەڵە، گۆ، تۆپ (ب.ت. لە ئاسن) ۞ 1 میوه‌ی سیبی 2 کره

pomegranate /ˈpɒmɪɡrænɪt, US ˈpɑːm-/ *noun*
هەنار، داری هەنار [*Punica granatum*] ۞ انار، درخت انار

pomelo /'pɒmələʊ, US 'pʌm-/ *noun*, also pumello, *pl.* pomelos
1 گەورەترین میوەی تیرەی ترشەمەنی، لە تام‌دا شـیوەی grapefrit دەدا 2 داری ئـەو میوەیـە [*Citrus maxima*] ۞ 1 بتاوی 2 درخت بتاوی

Pomeranian *noun*
جۆرێ سەگی تووک‌درێژی چکۆلانە، بە لمۆزی تیژە و گـوێی قوتـەوە (لـە *Pomerania* ـەوە، ناوچەیێکی ناوەندی ئەورووپا) ۞ پومرانین

pomfret /'pɒmfrɪt/ *noun*
ماسی‌یەکی دەریایی خۆراکی [*Brama brama* و جۆرەکانی تر، خێزان Bramidae] ۞ پومفریت

pomfret cake /'pɒmfrɪt, US 'pʌm-/ = Ponterfract cake

pomiculture /'pəʊmɪˌkʌltʃə/ *noun*
میوەکاری، میوەکردن ۞ میوەکاری

pommiferous /pəʊ'mɪfərəs/ *adjective*
خاوەن بەر یان میوەی سێوی یان سێوئاسا ۞ دارای میوەهای سیبی

pommel /'pɒml, US 'pɑːml/ *noun*
1 پێشکۆ، بەرکۆ، قەلپووز 2 (دەسکی شمشێر و خەنجێر، خرایی یان بنی) مشتە، قولفە، قوبە ۞ 1 قاچ زین 2 قبە

pommel horse *noun*
(ژیمناستیک) ئەسپەبازە، کەرک (ی قولفەدار) ۞ خرک حلقە

pommie = pommy

pommy /'pɒmi, US 'pɑːmi/ *noun*, also Pommy, *pl.* pommics
(لە ئینگلیسی ئەوسترالیا و نیوزیلەند، سووکانە) مرۆ یان بنیادەمی ئینگلیسی، کەسێکی ئینگلیسی ۞ آدم انگلیسی

po-mo = postmodern

pomological *adjective*
ـەربە زانستی میوەچێنی ۞ وابستە بـە علـم میوەکاری

pomologist *noun*
پسپۆڕی میوەچێنی ۞ متخصص در میوەکار

pomology /pə(ʊ)'mɒlədʒi/ *noun*
زانستی میوەچێنی یا میوەکردن ۞ علم میوەکاری

Pomona *noun*
پۆمۆنـا (= خـواژنی دارە بـەردارەکان، لـە میـولۆژی رۆمی‌دا) ۞ پومونا

pomp /pɒmp, US pɑːmp/ *noun*
1 جـەژن، ڕێ‌وڕەسـم 2 شـکۆ، فـەڕ، دەبدەبـە، ژازوفەڕ، کەبکەبە، کەشخە، داب‌وناب، داب‌وناز، splendour ۞ 1 مراسم 2 جلال، زرق و برق

pompadour /'pɒmpədʊə/ *noun*
1 جـۆرێ شـێوازی قژی ژنـان 2 (لـە ئـەمریکا) جۆرێ شێوازی قژی پیاوان ۞ پومپادور

pompano /'pɒmpənəʊ/ *noun*, *pl.* pompanos
1 جۆرێ butterfish خۆراکی کەناری ڕۆژاوای ئەمریکای باکووری [*Peprillus simillimus*] 2 - وشەیێکی تر بۆ jack 13 ۞ نوعی ماهی

pompier ladder *noun*
نەردیوان یان پەیژەی ئاگرکوژانەوە ۞ نردبان آتش‌نشانی

pompom /'pɒmpɒm, US 'pɑːmpɑːm/ *noun*, also pompon
گولینگ، گووفک، گێز، مەنگولە ۞ منگولە

pom-pom /'pɒm pɒm, US 'pɑːm pɑːm/ *noun*
(بریتانیـا) جـۆرێ شەسـتیری خۆکـاری سەروبەندی شەڕی جیهانی دووەم، زۆرتر لەسەر کەشتی دادەبەسترا و بەدژی فڕۆکە بەکاردەهێنرا (بنەڕەت: وشەکە بەپێی لاسایی دەنگی تەقەکەی داڕێژراوە) ۞ نوعی مسلسل

pomposity /pɒm'pɒsəti, US pɑːm'pɑːs-/ *noun*
1 شـکۆ، دەبدەبـە، کەشـخە، ژازوفـەڕ 2 فیـز، لـووت‌بەرزی، لاف‌لێدان، خۆهەلکێشان، پۆز، کەش‌وفش، خۆبەزل‌زانی، قسەزلی ۞ 1 جلـوە، دبدبە 2 تکبر، فخرفروشی، افادە

pompous /'pɒmpəs, US 'pɑːm-/ *adjective*
1 فیـزن، بـەپۆز، لـووت‌بـەرز، بەهـەوا، خۆپی‌زل، بـەدەمار، تـڕزل، بەتـڕوتۆپ، خۆپـی‌زل، خۆهەلکێش، فیزنانـە، بەپۆزانـە، لـووت‌بەرزانـە، 2 *a pompous official* :pretentious (قسەکردن) قسەزل، قسەقەلەمی، گران 3 مەزن، بەشـکۆ، بـەداب‌ونـاب، بەدەبدەبـە ۞ 1 متکبـر، متفرعن، متکبرانە 2 پرطمطراق 3 شکوەمند

pompously /'pɒmpəsli, US 'pɑːm-/ *adverb*
لەخۆبایی‌یانە، بە پۆزەوە، بە دەمارەوە ۞ متکبرانە

pompousness /'pɒmpəsnəs, US 'pɑːm-/ *noun*
فیز، لووت‌بەرزی، لاف‌لێدان، خۆهەلکێشان، پۆز، خۆبەزل‌زانی، قسەزلی ۞ تکبر، تفرعن، فخرفروشی

ponce /pɒns, US pɑːns/ *noun*
1 گەواد، سـەرگر، جاکەش، ژن‌حیز 2 لووسـکە ۞ 1 جاکش 2 بچەکونی

ponceau /pɒn'səʊ/ *noun*
(لە فەڕەنسـەوە) ڕەنگی گولەخاشخاشە ۞ رنـگ سرخ آتشی

poncho /'pɒntʃəʊ, US 'pɑːntʃoʊ/ *noun*, *pl.* ponchos
پانچۆ (= لە ئەمریکای باشووری لەبەر دەکرێ، بنەڕەت: لە Araucanian) ۞ پانچو

poncing *noun*
گەووادی، سەرگری ۞ جاکشی

pond /pɒnd, US pɑːnd/ *noun*

1 ئەستێر، گۆلاو، گۆل، گۆم، ئاوگیر، گۆماو، حەوز، چاڵاو 2 (the pond، بە شۆخی) ئۆقیانووسی ئاتلانتیک ◌ 1 استخر، برکە 2 اقیانوس آتلانتیک

ponderability /ˌpɒndərəˈbɪləti/ *noun*
لەکێشانهاتوویی، لەپێوانهاتوویی ◌ قابلیت وزن یا قیاس

ponderable /ˈpɒndərəbl/ *adjective*
لەکێشانهاتوو، لەپێوانهاتوو، دەکێشرێ، شیاوی کێشان یان پێوان، appreciable ◌ قابل وزن یا قیاس

ponderation *noun*
پێوان، ئەندازەگرتن، ئەندازەگیری ◌ قیاس

ponderosa /ˌpɒndəˈrəʊzə, US -sə/ *noun*, also ponderosa pine
کالەکازە: جۆرێ کاژی باریک و درێژی ئەمریکای باکووری، لەبەر دارەکەی دەچەقێنرێ [*Pinus ponderosa*] ◌ پوندروسا

ponderosity /ˌpɒndrˈɒsɪti/ *noun*
قورسی، گرانی، سەنگینی ◌ سنگینی

ponderous /ˈpɒndərəs, US ˈpɑːn-/ *adjective*
1 قورس، گران، زلە، بارناخۆش، نالەبار، پووتەقور، 2 laboured وەڕەسکەر، جارسکەر، ناخۆش، وشک، خاو، بەزەحمەت، دژوار، تەپلۆس، تەپ، خرس، سەخت، داوەشاو، ◌ 1 سنگین 2 کسل کننده، کند

ponderously /ˈpɒndərəsli, US ˈpɑːn-/ *adverb*
تەپلۆسانە، بە خاوی، بە نق‌وهۆر، بە زەحمەت، بە تەپی ◌ بە کندی

ponderousness /ˈpɒndərəsnəs, US ˈpɑːn-/ *noun*
قورسی، زلەیی، گرانی، خاوی، خرسی، تەپلۆسی، بەزەحمەتی، دژواری ◌ سنگینی، کندی

pond-life /ˈpɒnd laɪf/ *noun*
گۆلکاوزی (= گیانەوەرانی بێبڕبڕەی ناو گۆلکاوان) ◌ برکەزی

pond skater *noun*
گۆلکاوبازە؟: جۆرێ bugی هەڵسوور [*Gerris lacustris*] (ئەورووپا) و زۆر جۆری تر] ◌ پوند اسکاتر

pondweed /ˈpɒndwiːd, US ˈpɑːnd-/ *noun*
(جۆرێ) قەوزە، گیاگۆلکاو [زۆر جۆرن، ب.ت. لە توخمی *Potamogeton*] ◌ نوعی جلبک

pone /pəʊn/ *noun*, also corn pone
نان یان کولێرەی گەنمەشامی کە سوورپێستان دەیکەن ◌ پون

pong /pɒŋ, US pɑːŋ/ *noun*
(بریتانیا و نافەرمی) بۆنی ناخۆش، بۆگەن، بۆسار، لووتاوێژ ◌ بوی بد، تعفن

ponga /ˈpʌŋə/ *noun*, also punga
جۆرێ fernی داری، لە دارستانەکانی سەرتاسەری نیوزیلەند دەبینرێ [*Cyathea dealbata*] ◌ پونگا

pongal /ˈpɒŋg(ə)l/ *noun*
1 جەژنی سەری سالی Tamil، کە لەودا برنج لێدەنرێ 2 جۆرێ چێشتی برنجی باشووری هیندوستان ◌ پونگال

pongee /pʌnˈdʒiː, US pɒn-/ *noun*
جۆرێ کوتالی نەرمی سپییەوەنەکراوی چینی ◌ پونگی

pongid /ˈpɒn(d)ʒɪd/ *noun*
(گیانەوەرناسی) تیرەیێکی سەرەتایی (Pongidae) کە مەیموونە apeە گەورەکان دادەگرێ ◌ پونگید

pongo *noun, pl* pongos
(زمانی رەمەکی، بریتانیا) سەرباز، ب.ت. لە لایەن ئەندامی هێزی دەریایی پاتشایی یان RAFەوە دەوترێ ◌ پونگو

pongy *adjective*
بۆگەن، بۆگەند، بۆسار، بۆناخۆش ◌ متعفن، بوگندو

poniard /ˈpɒnjəd/ *noun*
(مێژوویی) خەنجێری باریک و چکۆلە (بنەڕەت: لە poignard فەرەنسی، لەسەر بنچینەی pugnus لاتین "مشت fist") ◌ دشنەی باریک و کوچک

pons /pɒnz/ *noun, pl.* pontes /ˈpɒntiːz/
(توێکاری) پرد(ە): بەشێ لە پایەمێشک brainstem کە medulla oblongata و thalamus پێک دەبەستێتەوە (بنەڕەت: لە لاتینەوە "bridge") ◌ پل

pont /pɒnt/ *noun*
(ئەفریکای باشووری) پۆنت: جۆرێ کەلەکی بنتەختی تەنافی یان گوریسی (لەسەر گوریس کار دەکا) ◌ پونت

Ponterfact cake /ˈpɒntɪfrakt/ *noun*
جۆرێ شیرینی خڕ و پانی liquorice (بنەڕەت: لە ناوی *Pontefract* (زووتر *Pomfret*)، شارێک لە یۆرکشایر Yorkshire، ئەو شیرینییانە یەکەمجار لەوێ ساز کرا) ◌ نوعی شیرینی

pontes = plural form of pons

Pontic /ˈpɒntɪk/ *adjective*
سەربە دەریای رەش ◌ وابستە بە دریای سیاه

pontifex /ˈpɒntɪfɛks/ *noun, pl.* pontifices /-ˈtɪfɪsiːz/
1 (لە رۆمی کۆندا) ئەندامی ئەنجومەن یان کۆلێژی سەرەکی قەشەکان 2 پێشەوا ◌ 1 عضو شورا یا دانشکدەی کشیش‌ها، طلبە 2 امام

Pontifex Maximus /ˈmaksɪməs/ *noun*
1 (لە رۆمی کۆندا) سەرۆکی ئەنجومەن یان کۆلێژی سەرەکی قەشەکان 2 (لە کڵێسەی

کاتولیکی رۆمدا) سەرناوی پاپ ۞ 1 رئیس شورا یا دانشکدەی کشیش‌ها 2 لقب پاپ

pontiff /'pɒntɪf, US 'pɑ:n-/ *noun*, also sovereign or supreme pontiff
پاپ؛ pontifex ۞ پاپ

pontifical /pɒn'tɪfɪkl, US pɑ:n-/ *adjective, noun*
adj 1 پاپی، سەربە پاپ، لە لایەن پاپەوە 2 پاپئاسایانە، خۆبەراستزانانە، پێغەمبەرئاسا(یانە)، باوەڕگرژانە *n* 1 (لە کلێسەی کاتولیکی رۆمدا) سرووتنامە rite یان کتێبی داب‌ودەستووری کلێسەی رۆژاوایی 2 (pontificals) جل‌وبەرگ و نیشانە و دروشمی گەورەقەشە، کاردینال و... ۞ *adj* 1 پاپی 2 اسقف‌منشانە *n* پونتی‌فیکال

pontifical Mass *noun*
ڕێ‌ورەسمی شێوی خواوەندی (لە لایەن کاردینال یان گەورەقەشە) ۞ مراسم عشاء ربانی

pontificate /pɒn'tɪfɪkət, US pɑ:n-/ *noun*, also Pantificate
1 پۆست یان پلەوپایەی پاپی، پۆزەیشنی پاپی 2 سەردەمی پاپی ۞ 1 مقام پاپی 2 دورەی پاپی

pontifices = plural form of pontifex

pontil /'pɒntɪl/ *noun*
(لە شووشەسازیدا) میلی ئاسنی بۆ گرتن یان شێوەپێدانی شووشەی نەرم ۞ پونتیل

pontine /'pɒntʌɪn/ *adjective*
(توێکاری) سەربە pons ۞ وابستە بە pons

pontonier /,pɒntə'nɪ(r)/ *noun*
بەرپرسی گەمی‌یەپردە یان تەختەپرد ۞ متصدی پل موقت

pontoon[1] /pɒn'tu:n, US pɑ:n-/ *noun*, also US blackjack
(یەڕین) بیست و یەک ۞ بیست و یک

pontoon[2] /pɒn'tu:n, US pɑ:n-/ *noun*
پردی سەرکەوتە یان سەرئاوی (کاتی) لە گەمی، گەمی‌یەپردە، پردەگەمی، تەختەپرد ۞ پل موقت

pontoon bridge *noun*
پردی سەرکەوتەی بەلەمی یان لە گەمی، پردی سواراوی بەلەمی، گەمی‌یەپردە، پردەگەمی، تەختەپرد ۞ پل موقت

pony /'pəʊni, US 'poʊni/ *noun, pl.* ponies
1 ئەسپی کورتەبالا یا چکۆلانە، ئەسپۆکە، ئەسپچە 2 (ponies، نافەرمی، ئەمریکا) پێشبڕکێی ئەسپ، غارەئەسپ 3 (نافەرمی) گلاسی چکۆلەی لیکۆر ۞ 1 اسب کوتوله 2 (در جمع) مسابقەی اسب‌سواری 3 پونی

ponytail /'pəʊniteɪl, US 'poʊ-/ *noun*
قژ یان پرچی کلکە ئەسپی، قژی پشت‌بەست ۞ موی دم اسبی

pony-trekker *noun*
پۆنی‌سوار، ئەسپۆکەسوار ۞ پونی‌سوار

pony-trekking *noun*
پۆنی‌سواری، ئەسپۆکەسواری ۞ پونی‌سواری

poo /pu:/ *noun*, also faeces
(بە زمانی منالان) عەعە، پیسایی: *I dog poo* ۞ *want to do a -o!* پو

pooch /pu:tʃ/ *noun*
(نافەرمی) سەگ، گەماڵ ۞ (عامیانە) سگ

pood /pu:d/ *noun*
پود (یەکەی کێشانی رووسی نزیک بە 36 پەوند) ۞ پود

poodle /'pu:dl/ *noun*
1 پوودڵ (جۆرێ سەگ) 2 (بریتانیا) کەسێکی کاسەلێس یان زمانلووس ۞ 1 پودل 2 آدم پست یا چاپلوس

poof[1] /pʊf/ *noun*
1 کوونی، گاندەر، حیز، بدەر، قووندەر، قوونەڵە (جنێوێ بۆ هۆمۆسێکشواڵێ) 2 پیاوی ژنانیلە، ئاریلە، دەڵەچە ۞ 1 کونی 2 پوف

poof[2] /pʊf/ *interjection*, also pouf
ئا! ئێ! ناا نە بابا! ۞ !! ای وای!

poofter /'pʊftə(r)/ = poof *noun*

pooh /pu:/ *interjection, noun*, also poo
(نافەرمی) *interj* ئەهـ! ئەح! پف! *n* 1 گوو، پیسایی 2 ریان، خاڵی‌کردن، گووکردن ۞ *interj* اه! پف! *n* 1 مدفوع 2 تخلیه

pooja = puja

pooka /'pu:kə/ *noun*
(لە میسۆلۆژی ئیرلەندیدا) دێو، خێو ۞ غول

pool[1] /pu:l/ *noun*
ئەستێر، ئەستێلک، ئەستێرکە، ئەستێرک، گۆل، گۆلاو، گۆم، ئاڤزێڵ، گۆماو، مەنداو، حەوز، هۆز، برک ۞ استخر، برکه، حوض

pool[2] /pu:l/ *noun, adjective*
n 1 (قومار) پارەی سەرمیز، داو، پوولی دانراو 2 یەکێتی 3 دەستە، گرووپ 4 پارە یان شتی هاوبەش 5 باشکەوتی هاوبەش، سندووقی هاوبەش 6 (pools) (تۆپێن) گرێوکردن، مەرجبەستن *adj* هاوبەش ۞ *n* 1 پول وسط 2 اتحادیه 3 گروه 4 پول یا چیز مشترک 5 صندوق مشترک 6 (در جمع) شرطبندی *adj* مشترک

pool[3] /pu:l/ *noun*
بیلیارد (ئەمریکایی) ۞ بیلیارد

poolroom *noun*
دووکانی گرێوکردن یان مەرجبەستن ۞ مغازەی شرطبندی

poolside /'pu:lsaɪd/ *noun*
دەوروبەری ئەستێر، تەنیشت ئەستێر، پاڵ ئەستێر ۞ کنار استخر

pool table *noun*
مێزی بیلیارد (ئەمریکایی) ۞ میز بیلیارد

poon *noun*
(نافەرمی، ئەوسترالیا) کەسێکی سادە و گەوج
۞ آدم سادە و احمق

poon = short for poontang

poontang /ˈpuːntaŋ/ *noun*
1 (ڕەمەکی) کاری سێکسی 2 ژن یان ژنانی بەپێی ڕادەی ڕاکێشانی سێکسی‌یان ۞ 1 فعالیت جنسی 2 پونتاچ

poop[1] /puːp/ *noun*
1 پشتەوەی کەشتی، کلکی کەشتی، دواوەی کەشتی 2 سەرپشتی کەشتی ۞ 1 پاشنەی کشتی 2 عرشەی کشتی

poop[2] = poo

poop[3] *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) تازەترین زانیاری ۞ جدیدترین اطلاعات

poop[4] *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) مرۆی گەوج ۞ آدم احمق

poop deck *noun*
سەرپشتی کەشتی، تەختی بەرزی پشتەوەی کەشتی (لە سەرووی پشتی ئاسایی‌یەوە)، بەرزترین و لە پاشەوەترین پشتی کەشتی ۞ عرشەی پاشنە

pooped /puːpt/ *adjective*, also pooped out
شەکەت، ماندوو، لەپێ‌کەوتوو، شەل‌وکوت(بوو) ۞ خستە

poop sheet *noun*
(نافەرمی) زانیاری یان دەستووری کاری فەرمی (و نووسراو) ۞ اطلاعات یا دستورالعمل رسمی

poor /pɔː(r), US pʊə(r)/ *adjective* (poorer, poorest), *noun*
adj 1 دەستەنگ، بێ‌پارە، هیچ‌شک‌نەبردوو، فەقیر، هەژار، ڕەجاڵ، دژگوون: *We aim to help the poorest families* 2 ڕۆژەڕەش، بێچارە، قوڕبەسەر، کلۆڵ، بەدبەخت 3 بەسزمان، بەستەزمان، گوناح، جێی‌بەزەیی: *It's hungry—the poor little thing* 4 کەم، هیچ، بەش‌نەکردوو 5 خراپ، ئایەخ، بەکارنەهاتوو، کوێت، نەباش: *the party's poor performance in the election* 6 کز، سست، لاواز 7 بێ‌برشت، بێ‌بەرهەم، بێ‌پیت *n* خەڵکی هەژار و دەستەنگ، هەژاران، (خەڵکی) ڕەش‌وڕووت: *They provided food and shelter for the poor* ۞ *adj* 1 تهی‌دست، فقیر 2 بدبخت 3 رقت‌انگیز 4 ناچیز 5 نامرغوب 6 لاغر 7 بی‌حاصل *n* فقرا

poor-box /pɔː bɒks/ *noun*
سنووقی خێر و خێرات ۞ صندوق صدقات

poor farm *noun*
مووچەی فەقیر و هەژار، کێڵگەی هەژار ۞ مزرعەی فقرا

poorhouse /ˈpɔːhaʊs, ˈpʊə-, US ˈpʊr-, ˈpɔːr-/ *noun*, also workhou-
هەژارخانە، سواڵکەرخانە ۞ نوان‌خانە

Poor Law *noun*
(جاران) قانوون یان یاسای فریاکەوتنی هەژاران ۞ قانون امداد فقرا

poorly /ˈpɔːli, ˈpʊəli, US ˈpʊrli, ˈpɔːrli/ *adverb, adjective*
adv خراپ، بە شێوەیەکی خراپ، بەش‌نەکردوو، کەم، هیچ: *The job is* ◊ *poorly designed* *The movie is* ◊ *relatively poorly paid* *adj* (نافەرمی) نەخۆش، ناساخ، ناساز: *poorly acted* *According to a hospital spokesman, his condition is said to be poorly, but stable* ◊ *She felt poorly* ۞ *adv* به طور بد، کم *adj* مریض

poorly off *adjective*
لە تەنگانەدا، لە دەستەنگی‌دا، لە هەژاری‌دا ۞ در مضیقه، در فقر

poor man's orchid = schizanthus

poor man's weather glass *noun*
دووشان؟: جۆری pimpernel ی ئاڵ ۞ آناغالیس

poorness /ˈpɔːnəs, ˈpʊənəs, US ˈpɔːrnəs, ˈpʊrnəs/ *noun*
1 هەژاری، نەداری، دەستەنگی، بێ‌ئەنوایی، ڕەجاڵی 2 بێچارەیی، کلۆلی، ڕۆژەڕەشی 3 بەش‌نەکردوویی، کەمی 4 خراپی، بەکارنەهاتوویی ۞ 1 فقر، بدبختی 2 ناکافی بودن 3 نامرغوبی

poor-rate /ˈpɔː reɪt/ *noun*
زەکات، هەژارانە ۞ زکات

poor relation *noun*
پێوەندی نیوەچڵ یان کەم ۞ ارتباط ناکافی

poor relief *noun*
(مێژوویی) یارمەتی هەژاران (لە لایەن دەوڵەت یا سنووقی کۆمەڵەی خۆجێیی‌یەوە) ۞ اعانەی فقرا

poor-spirited /ˌpɔː ˈspɪrɪtɪd/ *adjective*
ترسەنۆک، حیز، نەوێر، دیل، جووەتسنە، بێ‌غیرەت ۞ جبون، ترسو

poort /ˈpʊət/ *noun*
(ئەفریکای باشووری) دەربەندی باریکی چیا ۞ معبر باریک کوه

poor white *noun*
سپی‌پێستی هەژار و بێچارە، سپی‌پێستی لێ‌قەوماو (لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(دا) ۞ سفیدپوست بی‌چیز و بدبخت

poorwill *noun*
جۆری nightjar ی چکۆلە، زۆرتر لە ناوەند و ڕۆژاوای ئەمریکای باکووری [*Phalaenoptilus nuttallii* و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی پرنده

pop[1] /pɒp, US pɑːp/ *noun, adjective*
n مووسیقای پاپ *adj* سەربە مووسیقای پاپ،

پێوەندی بە موسیقای پاپەوە هەیە ◇ *n* موسیقی پاپ *adj* وابسته به موسیقی پاپ

pop² /pɒp, US pɑ:p/ *noun*
(دەنگ) تەپە، پەمپ ◇ بامب

pop³ /pɒp, US pɑ:p/ *noun*
خواردنەوەی هەڵچوو یان گازدار (بێ‌ئەلکول) ◇ نوشابەی گازدار

pop⁴ /pɒp, US pɑ:p/ *noun*
باوە، بابە، باوکە ◇ بابا

pop. = population

popadom (also popadum) = poppadom

pop art *noun*
هونەری پاپ: شێوازێکی هونەری شەستەکان، لەسەر بنچینەی فەرهەنگی باوی نوێ و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی ◇ هنر پاپ

pop artist *noun*
هونەرمەندی پاپ ◇ هنرمند پاپ

popcorn /'pɒpkɔ:n, US 'pɑ:pkɔ:rn/ *noun*
بڕیشکە، سەرداری، دامشتە، هی Indian corn [*Zea mays praecox*] ◇ ذرت بوداده، چس‌فیل

pope¹ /pəʊp, US poʊp/ *noun*
1 پاپ 2 سەرۆکی کلێسەی Coptic 3 = ruffe (بنەڕەت: لە late Latin *papa* لە *papas* یۆنانی "bishop، patriarch"، گۆڕاوی *pappas* یۆنانی "باوک") ◇ 1 پاپ 2 رئیس کلیسای قبطی 3 = ruffe

pope² /pəʊp, US poʊp/ *noun*
قەشەی گەورەکی کلێسەی ئۆرتۆدۆکس لە ڕووسیا و بالکان ◇ پاپ

popery /'pəʊpəri, US 'poʊ-/ *noun*
1 کاسۆلیک‌باوەڕی پاپی، پاپ‌بازی، خوداپەرستی بە شێوەی پاپ 2 پاپ‌بازاڕی، پاپ‌بازی، دام‌ودەزگای پاپی (جنێوێکە بۆ دینی کاسۆلیکی ڕۆمی) ◇ 1 کاتولیک‌گرایی رومی 2 سیستم پاپی

pope's nose = parson's nose

pop-eyed *adjective*
تاساو، سەرسووڕماو، واق‌وڕماو، عەبەسراو، دەم‌داچەقاندوو، چاوتێبڕیو، چاوبزەوەکردوو، چاوزەقەوەکردوو ◇ مبهوت، با چشم‌های زل‌زده

pop festival *noun*
فێستیڤاڵی موسیقای پاپ ◇ جشنوارەی موسیقی پاپ

pop group *noun*
تیپی پاپ، گرووپی پاپ ◇ گروه پاپ

popgun /'pɒpgʌn, US 'pɑ:p-/ *noun*
1 تفەنگی تۆپەوانەیی، تفەنگی منالان 2 تفەنگی کۆن و هیچ و چکۆلە ◇ پاپ‌گان

pophole *noun*
کونی پەرژین (گیانەوەران ئەتوانن پیابڕۆن) ◇ سوراخ پرچین

popinjay /'pɒpɪndʒeɪ/ *noun*
1 خۆهەڵکێش، هاڕەوگیفەکەر، فشەباز، لاف‌باز، فشەچی 2 (کۆن) تووتی ◇ 1 لاف‌زن 2 طوطی

popish /'pəʊpɪʃ, US 'poʊ-/ *adjective*
(جنێویکە) کاسۆلیکی، پاپ‌ئاسا، سەربە کاتۆلیک‌باوەڕی پاپی، سەربە دام‌ودەزگا یان سیستمی پاپی ◇ پاپ‌وار

poplar /'pɒplə(r), US 'pɑ:p-/ *noun*
1 شاتان، سپیدار، سپی‌چنار، هەڤران، (ئە)سپیندار [توخم *Populus*: زۆر جۆرن] 2 داری ئەو دارە ◇ 1 درخت تبریزی 2 چوب درخت سپیدار

poplin /'pɒplɪn, US 'pɑ:p-/ *noun*
پاپلین، پۆپلین (جۆرێ پارچە) ◇ پوپلین

popliteal /pɒ'plɪtɪəl, US ˌpɒplɪ'ti:əl/ *adjective*, also poplitael
سەربە بۆشایی یان چاڵی پشت‌ئەژنۆ ◇ وابسته به حفرەی پس‌زانو

popliteus *noun*
بۆشایی یان چاڵی پشت‌ئەژنۆ، چاڵی پش‌چۆک ◇ حفرەی پس‌زانو

pop music *noun*
موسیقای پاپ ◇ موسیقی پاپ

popover /'pɒpəʊvə(r), US 'pɑ:poʊvər/ *noun*
جۆرێ کەیک ◇ نوعی کیک

poppa /'pɒpə, US 'pɑ:pə/ *noun*
(لە بانگ‌کردنا) باوکە، باوە، بابە ◇ بابا

poppadum *noun*, also poppadom /'pɒpədəm, US 'pɑ:p-/
پاپێدیم، پۆپادام (= جۆرێ نانی خڕ و ناسکی هیندی) ◇ پاپادام

popper /'pɒpə(r), US 'pɑ:p-/ = press stud

poppet /'pɒpɪt, US 'pɑ:p-/ *noun*
1 (لەبارەی منالانەوە) شیرین، خنجیلانە، خۆشەویست، جوان، ژیکەڵە، لەبەردڵان، نازەنین 2 پایە، گیرە 3 (لە کانگادا، poppet-head =) تەناف و خلۆکە ◇ 1 محبوب، نازنین 2 پایە 3 طناب و قرقره

poppied /'pɒpɪd/ *adjective*
خاوەن گیامەنگ یا خەشخاش ◇ دارای خشخاش

popple /'pɒpl/ *noun*
قوڵت، بلق (ئاوی کوڵاو) ◇ قل‌قل

poppy¹ /'pɒpi, US 'pɑ:pi/ *noun*
(ڕووەک‌ناسی) کۆکەنار، چارەچەقیلە، چارانچەقیلە، گوڵتریاک، گیامەنگ، خەشخاش، خاشخاشە [*Papaver rhoeas* (corn poppy) و جۆرەکانی تر] ◇ خشخاش

poppy² /'pɒpi, US 'pɑ:pi/ *noun*
سووری کاڵ یان ڕۆشن ◇ رنگ قرمز روشن

poppycock /'pɒpikɒk, US 'pɑ:pikɑ:k/ *noun*
قسەی مفت، قۆڕیات، تڕەهات، حەلەق‌ومەلەق،

قسەی هیچەکە، nonsense ✿ چرند، شر و ور

Poppy Day *noun*, also Remembrance Sunday
ڕۆژی یادکردنەوەی شەهیدانی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی ✿ پاپی دی

poppy-head /ˈpɒpɪ hed/ *noun*
گیابەنگ، گیامەنگ، خاشخاشک، خەشخاش، کۆکەنار ✿ خشخاش

poppyseed *noun*
تۆو یان دانی کەوکنار ✿ تخم خشخاش

popquiz *noun*
تاقیکاری کتوپڕ (بۆ ئەوەی کە بزانرێ شاگردەکان خوێندوویانە یا نە) ✿ امتحان ناگهانی

Popsicle /ˈpɒpsɪkl, US ˈpɑːp-/ *noun*
دۆلدرمەی بەستوو، ئەلاسکا ✿ آلاسکا

popster *noun*
(نافەرمی) موزیسیەنی پاپ ✿ نوازندەی پاپ

popsy *noun*, also popsie, *pl.* popsies
ژنی سەرنجڕاکێش، لەبار ✿ لوند

pop-top = ring pull

populace /ˈpɒpjələs, US ˈpɑːp-/ *noun*
جەماوەر، خەڵکی ئاسایی، خەڵکی ڕەمەکی ✿ تودەی مردم

popular /ˈpɒpjələ(r), US ˈpɑːp-/ *adjective*
1 خۆشەویست، بەردڵ، لەبەردڵان، جێکەوتوو، گەلی، سەربە خەڵک، خەڵکی، پەسندکراو، گەلێری، پەسندکراوی خەڵک، خەڵکپەسند، گشتی، بەبرەو، باو، گەلەمپەری، ناسراو 2 (نرخ) هەرزان، باش: *sold at popular prices* 3 سەربە خەڵکی ئاسایی یان ڕەمەکی، جەماوەر ✿ 1 محبوب، مردم‌پسند، مورد نظر، همگانی، مشهور، مردمی 2 مناسب 3 وابسته به مردم عادی

popular front *noun*
بەرەی گەل یان جەماوەر ✿ جبهەی خلق

popularity /ˌpɒpjuˈlærəti, US ˌpɑːp-/ *noun*
خۆشەویستی، بەئابڕوویی، گەلێتی، گەلیبوون، پەسندکراوی گشت: *the increasing -ularity of cycling* ✿ محبوبیت، وجهه، مردمی بودن

popularization /ˌpɒpjələraɪˈzeɪʃn, US ˌpɑːpjələrəˈz-/ *noun*
1 گەلیکردن، گەلاندن، بلاوکردنەوە، کردنەباو، برەوپێدان 2 دانەناسین، ناساندن 3 سادەکردنەوە، ئاسانکردنەوە، گشتتێگەیاندن، دەربڕین بە زمانێکی سادە، گشتیکردن، گشتاندن ✿ 1 مردمی‌سازی، اشاعه، ترویج 2 معرفی 3 همه‌فهم کردن، تعمیم

popularly /ˈpɒpjələli, US ˈpɑːpjələrli/ *adverb*
بە گشتی، زۆرتر، زۆربەی، commonly: *a popularly held belief* ✿ معمولاً، عموماً

populated /ˈpɒpjuleɪtɪd/ *adjective*
ئاوا، ئاوەدان، تیادانیشتوو، لێدانیشتوو ✿ مسکونی

population /ˌpɒpjuˈleɪʃn, US ˌpɑːp-/ *noun*
حەشیمەت، دانیشتووان، خەڵک، گەل، کۆمەڵ، دەستە، ژمارە: *The entire population of the town was at the meeting* ◊ *the adult/working/rural, etc. population of the country* ◊ *countries with ageing -ations* ✿ جمعیت، گروه، مردم، تعداد

population centre *noun*
ناوەندی حەشیمەت یا پڕدانیشتوو ✿ مرکز جمعیت

population density *noun*
چڕی دانیشتووان یا حەشیمەت ✿ تراکم جمعیت

population explosion *noun*
تەقینەوەی حەشیمەت یان دانیشتووان، زۆربوونی کتوپڕی خەڵک ✿ انفجار جمعیت

populism /ˈpɒpjəlɪzəm, US ˈpɑːp-/ *noun*
(سیاسەت) گەلخوازی، گەلباوەڕی، پاپیولیزم، پۆپۆلیزم، پۆپۆلیسم ✿ تودەگرایی

populist /ˈpɒpjəlɪst, US ˈpɑːp-/ *noun, adjective*
1 *n* گەلخواز، گەلباوەڕ: *a party of populists* 2 *adj* (زۆرتر Populist) ئەندامی پارتی یان حیزبێکی ڕامیاری ولاتە یەکگرتووەکان دامەزراو لە 1891 کە بە پلەی یەکەم لایەنگری لە بەرژەوەندی و سوودی دێنشینان و لیدانی ئازادی کۆینی زیو و چاودێری و کۆنترۆڵی باوانەکان monopolies لە لایەن حکومەتەوە گەلباوەڕ(ی یە)انە *adj* گەلخوازییانە: *a populist leader* ✿ 1 *n* تودەگرا 2 پاپیولیست *adj* تودەگرایانە

populous /ˈpɒpjələs, US ˈpɑːp-/ *adjective*
پڕدانیشتوو، پڕحەشیمەت، زۆرلێدانیشتوو، ئاوەدان ✿ پرجمعیت

populousness /ˈpɒpjələsnəs, US ˈpɑːp-/ *noun*
پڕدانیشتوویی، پڕحەشیمەتی، ئاوەدانی ✿ پرجمعیت بودن

pop-up *adjective*
1 (کتێب و هتد) خاوەنی وێنەی بەرجەستە 2 (toasterی ئێلیکتریکی) خۆکار، ئۆتۆماتیک ✿ 1 حاوی تصاویر برجسته 2 خودکار

porbeagle /ˈpɔːbiːg(ə)l/ *noun*
جۆرێ sharkی بەکاری گەورە، زۆرتر لە دەریا ئازادەکانی ئەتلانتیکی باکووری و مەدیتەرانە(دا) دەبینرێ *[Lamna nasus]* ✿ نوعی کوسه

porcelain /ˈpɔːsəlɪn, US ˈpɔːrs-/ *noun*
چینی، شتومەکی لە چینی، چینیمەنی،

فەرفوور ۞ چینی، چینیآلات
porcelain clay = kaolin
porcellaneous /pɔ:'sɛlənəs/ *adjective*, also porcelaneous
چینیئاسا، وەک چینی، شێوەچینی ۞ چینیمانند
porcellanic *adjective*
چینیئاسا، شێوەچینی، لەچینیچوو ۞ چینیمانند
porch /pɔ:tʃ, US pɔ:rtʃ/ *noun*
دالان، هەیوان، دارەپێچان، سەرسەرا ۞ هشتی
porcine /'pɔ:saɪn, US 'pɔ:rs-/ *adjective*
بەرازی، بەرازئاسا، بەرازانە، شێوەبەراز، piggish ۞ خوکمانند
porcini /pɔ:'tʃi:ni/ = ceps
porcupine /'pɔ:kjupaɪn, US 'pɔ:rk-/ *noun*
سووچڕ، سووچەڕ، ژیشک، گیشک، ژژو، سیخوڕ، سیخچوولە، ژووژووی بەرەزی [خێزانەکانی Hystricidae (جیهانی کۆن) و Erethizontidae (جیهانی نوێ)] (بنەڕەت: لە لاتینەوە: porcus "بەراز" + spina "دڕوو") ۞ تشی، خارپشت، جوجەتیغی
porcupine fish *noun*
ماسییەژیشکە [*Diodon hystrix* و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی ماهی
pore /pɔ:(r)/ *noun*
(پێست یان گەڵا) کون، دەروو، کونیلە (بنەڕەت: لە فەرەنسی کۆن، بە ڕێگای لاتین لە *poros* یۆنانی "pore ،passage") ۞ سوراخ، مسام
pored *adjective*
کونیلەدار، بەکون، کوندار، کونکون ۞ منفذدار
porgy /'pɔ:gi/ *noun, pl.* porgies
bream ی دەریایی، زۆرتر لە ئاوە کەنارییەکانی ئاتلانتیکی ئەمریکای باکووری دەبینرێ [*Calamus* و تۆخمەکانی تر، زۆر جۆرن] ۞ پورگی
Porifera /pə'rɪf(ə)rə/ *noun, pl.*
(گیانەوەرناسی) ئیسفەنجییەکان، ئیسفەنجیان: لقێکی بێبڕبڕە ئاوییەکان کە sponge ـەکان دەگرێتەوە ۞ اسفنجیان
poriferan *adjective, noun*
(گیانەوەری) ئیسفەنجی ۞ (جانور) اسفنجی
poriferous = pored
pork /pɔ:k, US pɔ:rk/ *noun*
1 گۆشتی بەراز 2 pork-barel ۞ گوشت خوک
pork-barrel *noun*
خەڵاتی رامیاری (پارەیەکی حکومەتە کە بە مەبەستی بردنەوەی دەنگەکان بۆ چەندین پرۆژەی خۆجێیی خەرج دەکرێ) ۞ خاصەخرجی
porker /'pɔ:kə(r), US 'pɔ:rk-/ *noun*
1 بەرازی راگرتە، بەرازی دابەستە 2 (نافەرمی، سووکانە) کەسێکی قەڵەو ۞ 1 خوک پرواری 2 (عامیانە) آدم چاق

porket /'pɔ:kɪt/ *noun*
بەچکەبەرازی دابەستە، پەڵخی دابەستە ۞ بچەخوک پرواری
porkling *noun*
پەڵخ، بەچکەبەراز، کودەڵە، تووتکە بەراز ۞ بچەخوک
pork pie *noun*
پای بەراز ۞ پیراشکی خوک
pork-pie lat *noun*
جۆرێ کڵاوی تەخت(ی لێواردار) ۞ نوعی کلاه
porky[1] /'pɔ:ki, US 'pɔ:rki/ *adjective* (porkier, porkiest)
بەرازئاسا، بەرازی، قەڵەو ۞ خوکمانند، چاق
porky[2] = porcupine
porn(o) /'pɔ:nəʊ, US 'pɔ:rnoʊ/ = 1 pornography 2 pornographic
pornographer /pɔ:'nɒgrəfə(r), US pɔ:r'nɑ:g-/ *noun*
پۆرنۆگرافێر، هەرزەنووس، هەرزەفرۆش ۞ هرزەنگار، هرزەفروش
pornographic /ˌpɔ:nə'græfɪk, US ˌpɔ:rn-/ *adjective*
هەرزە، عەیب، شپرزە، سێکسی: *pornographic movies/magazines* ۞ مبتذل
pornographically /ˌpɔ:nə'græfɪkli, US ˌpɔ:rn-/ *adverb*
هەرزانە، بە شێوەیەکی هەرزە یان عەیب ۞ بە طور مبتذل
pornography /pɔ:'nɒgrəfi, US pɔ:r'nɑ:g-/ *noun*
هەرزەنووسی، نووسراوەی هەرزە، کتێب، کۆڤار و هتد کە شتی هەرزەی تیایە: *child pornography* ◊ *the distribution of pornography* ◊ *measures to tighten the laws on -raphy* ۞ هرزەنگاری، پورنوگرافی
porosity /pɔ:'rɒsəti, US -'rɑ:s-/ *noun*
کونکونی، کونیلەداری، پڕکونی، تێوەچوویی، داداوی، پیارۆیشتوویی، پیاتێپەڕیوی، دەڵاندوویی (بە هێواشی) ۞ تخلخل، روزنداری، نفوذپذیری
porous /'pɔ:rəs/ *adjective*
1 کونکون، کونیلەدار، هەوری، تێوەچوو، داداو، پیارۆیشتوو، پیاتێپەڕیو، دزەی تێ دەکرێ: *porous material/rocks/surfaces* ◊ *He added sand to the soil to make it more porous* ◊ 2 ئاوخۆری تیایە، ئاوخورەدار: *hardwood is porous* ◊ *national boundaries* (بنەڕەت: لە *poreux* فەرەنسی کۆن، لەسەر بنچینەی *porus* لاتین "pore") ۞ 1 متخلخل، روزندار، نفوذپذیر 2 حاوی آوند
porousness /'pɔ:rəsnəs/ *noun*
کونکونی، کونیلەداری، پڕکونی ۞ تخلخل

porphyria /pɔːˈfɪriə/ *noun*
(پزشکی) کیشەیێکی (زۆرتر) بۆماوەیی دەگمەنی میتابۆلیزمی هێمۆگلۆبین کە دەبێتە هۆی تێکچوونی هۆشی، هەستیارییێکی یەکجار سەبارەت بە رووناکی، دەردانی رەنگی رەش لە میزدا ۞ پورفیریا

porphyrin /ˈpɔːfɪrɪn/ *noun*
(زیندەکیمیا) ئەرخەوانین، پرۆفیرین: پیگمینت یان رەنگی (ب.ت. haem یان chlorophyll) کە گەردەکانی ئالقەیێکی تەختی چوارکۆمەڵی بازنەجیاوازی پێکبەستراوی تیایە (بنەرەت: لە *porphura* یۆنانییەوە "purple" + -in[1]) ۞ پورفیلین

porphyritic /ˌpɔːfɪˈrɪtɪk/ *adjective*
(زەویناسی) سەربە پۆرفیری یان ئەرخەوانە، ئەرخەوانەیی، پێوەندی بە ئەرخەوانەوە هەیە ۞ وابسته به سنگ سماق

porphyropsin *noun*
رەنگی pigment ئەرخەوانی تۆڕەی ماسی یانی ئاوی شیرین کە شێوەی rhodopsin دەدا ۞ پورفیروپسین

porphyry /ˈpɔːfɪri/ *noun, pl.* porphyries
پورفیری، ئەرخەوانە (بنەرەت: ئینگلیسی نێوەڕاست، بە ڕێگای لاتینی سەدەکانی نێوەڕاستەوە، لە *porphuritēs* یۆنانی، لە *porphura* "ئەرخەوانی "purple) ۞ سنگ سماق

porpoise /ˈpɔːpəs, US ˈpɔːrpəs/ *noun*
(گیانەوەرناسی) بەرازماسی [*Phocoena phocoena* (هی بەندەر) و جۆرەکانی تر، خێزان Phocoenidae] ۞ فوسن

porrect /pəˈrekt/ *adjective*
بانەوەبوو، ڕاخراو، پەرەسەندوو: *porrect antennae* ۞ گسترده، بسط یافته

porridge /ˈpɒrɪdʒ, US ˈpɔːr-, ˈpɑːr-/ *noun*
1 کەشکەک، دانوولە، هەریسە 2 (نافەرمی، لە بریتانیا) ماوەی زیندانی یان گیران ۞ 1 حلیم 2 (عامیانه) مدت زندان

porringer /ˈpɒrɪn(d)ʒə/ *noun*
(مێژوویی) کاسە یان بایەی چێشتخۆری، قاپ، کاسە (بۆ تیاخواردنی منالان) ۞ پورینگر، کاسه

porrigo *noun*
کەچەڵی ۞ سبوسک، سعفه

port[1] /pɔːt, US pɔːrt/ *noun*
1 بەندەر، لەنگەرگا، کەشتیگە 2 سنوور، سەرحەد، تخوب 3 (کامپیوتێر) پۆرت (وەکوو هی بەستنەوەی چاپگەر بە کامپیوتێرەوە) ۞ 1 بندر، لنگرگاه 2 مرز 3 پورت

port[2] /pɔːt, US pɔːrt/ *noun*
(کەشتی یان فڕۆکە) لای چەپ ۞ سمت چپ

port[3] /pɔːt, US pɔːrt/ *noun*
1 کون (لە لایێکی کەشتی بۆ سواربوون و بارکردن) 2 = porthole 3 دەرچە، دەروو 4 کونی بەدەنە یان لاشەی فڕۆکە یان دیوار یان زرێپۆشێ بۆ تەقەلێوەکردن 5 (لە سکاتلەند) دەروازە، درگا ۞ 1 و 2 پورت 3 دریچه، مخرج 4 پورت 5 دروازه

port[4] /pɔːt, US pɔːrt/ *noun*, also port wine
پۆرت (جۆرێ مەی شیرین و توندی ولاتی پۆرتوگال) ۞ پورت

port[5] /pɔːt, US pɔːrt/ *noun*
ڕەوش، هەڵومەرج، هەڵوێست ۞ وضع

port[6] /pɔːt, US pɔːrt/ *noun*
(نافەرمی، ئەوسترالیا) جانتا، جامەدانە، چەمەدان، کیف (هی ڕێبواری) ۞ چمدان

portability /ˌpɔːtəˈbɪləti, US ˌpɔːrt-/ *noun*
هەڵگیراوی، لەهەڵگرتنهاتوویی، دەسەوارەیی، ئاسانجوولاوی، بارخۆشی، لەگوێزانەوەهاتوویی، سووکی ۞ قابلیت حمل و نقل

portable /ˈpɔːtəbl, US ˈpɔːrt-/ *adjective, noun*
adj هەڵگیراو، لەهەڵگرتنهاتوو، هەڵگرتەنی، دەسەوارە، ئاسانجوولاو، بارخۆش، ڕاگوێزراو، لەگوێزانەوەهاتوو، سووک، دەستی *n* دەزگای هەڵگیراو یان دەستی ۞ *adj* قابل حمل و نقل *n* دستگاه قابل حمل

portage /ˈpɔːtɪdʒ, US ˈpɔːrt-/ *noun*
1 کرێی هەڵگرتن یا بردن، بارانە 2 هەڵگرتن، بردن، ڕاگوێستن، گوێزانەوە (ب.ت. نێوان دوو ڕووبار) ۞ 1 کرایەی حمل و نقل 2 حمل و نقل

Portakabin /ˈpɔːtəkæbɪn, US ˈpɔːrt-/ *noun*
(بریتانیا، دروشمی بازرگانی) خانووبەرەی چکۆلەی بە ماشێن هەڵگیراو، دیوی هەڵگیراو ۞ پورتاکابین

portal[1] /ˈpɔːtl, US ˈpɔːrtl/ *noun*
1 دالان یان گوزەری گەورە و جوان، ژوورگە یان دالانی جوانی، دەروازە 2 (کامپیوتێر) سایتێکی ئینتێرنێتی کە دیرێکتۆری لینکەکانی سایتەکانی تر دابین دەکا ۞ 1 ورودی بزرگ و مجلل، دروازه 2 پورتال

portal[2] /ˈpɔːtl, US ˈpɔːrtl/ *noun*
(توێکاری) سەربە خوێنبەری جگەری ۞ وابسته به باب‌الکبد

portal frame *noun*
چوارچێوەی دەروازە یان درگا ۞ قاب دروازه

portal vein *noun*, also hepatic portal vein
(توێکاری) خوێنبەری جگەری ۞ سیاهرگ باب‌الکبد

portamento /ˌpɔːtəˈmentəʊ/ *noun, pl.* portamentos or portamenti /-ti/
(موسیقا) گوێزانەوەی کەمکەمە لە گۆرانییێ بۆ

یـەکێکی تـر (بنـەڕەت: ئیتالیـایی بـە واتـای "هەڵگرتن") ۞ پورتامێتو

Porta Potti *noun*
دەسـبەئاوی (پلاسـتیکی) هەڵـگیراو، کاسـەی دەستی ۞ پورتا پوتی

Porta-Potty = Porta Potti

portative = portable

portative organ *noun*
(مێژوویی) ئۆرگی دەستی یان هەڵگیراو ۞ ارگ دستی

portcullis /pɔːtˈkʌlɪs, US pɔːrt-/ *noun*
دەروازەی بەردانەوە، دەرگای ئاسنی لەسەرەوە دادراو ۞ در آهنی فرودی

Porte /pɔːt/ *noun*, also the Sublime, Ottoman Porte
دەروازەی بەرز (یان ئافیسی ناوەندی حکومەتی عوسمـانی، بنـەڕەت: لـە *la Sublime Porte* فەرەنسـییەوە) ۞ باب عالی

porte-cochère /ˌpɔːt kɒˈʃɛː/ *noun*
دەرگای عەرەبانەڕەو، دەروازەی کالیـسکەڕەو ۞ درگاه کالـسکەرو

porte-monnaie *noun*
جانتـا(ی پـارە)، کیفـی پـووڵ (بنـەڕەت: لـە فەرەنسـییەوە) ۞ کیف پول

portent /ˈpɔːtent, US ˈpɔːrt-/ *noun*
1 بۆ قڕانـدن، نیشـانە، بەرژەنگ، نیشانەی بەڵا و نەهاتی، نوخشـانەی خراپ، لەدڵچەقین، نیشانەی ئاگادارکردنـــەوە، هۆشـــیارکردنەوە، هەواڵـــی ناخۆش، نەگبەتی، نەهاتی، ودم، فەر (خـراپ) 2 (کـۆن) مـرۆ یـان شـتی سـەیر (بنـەڕەت: لـە *portentum* لاتین "token ،omen") ۞ 1 فـال بد، علامت، اخطار، خبـر نـاگوار، شـگون 2 آدم یـا چیز شگفت‌انگیز

portentous /pɔːˈtentəs, US pɔːrˈt-/ *adjective*
1 ئاگادارکـــەرەوە 2 بـــێودم، بەدفـــەڕ، ناوچـاوانڕەش، نگریـس، بەدشـوم، سـەرەخۆرە، جـووتقۆشـە 3 سـەیر، شتێکی سـەیر 4 گرنـگ، بەرشت، یەکلایی‌کەرەوە: *a -ous remark* 5 بـە پـــۆزەوە، بەدەمارانـــە، لـــەخۆبایی‌یانـــە ۞ 1 اخطاردهنـده 2 بدشـگون، منحـوس 3 عجیـب 4 خطیر 5 متکبرانه

portentously /pɔːˈtentəsli, US pɔːrˈt-/ *adverb*
بێودمانە، سـەرەخۆرانە، بەدفەڕانە، بـە پـۆزەوە، بەدەمارانـە، لـەخۆبایی‌یانـە: *She frowned portentously to add weight to her suggestion* ۞ به طور بدشگون، متکبرانه

portentousness /pɔːˈtentəsnəs, US pɔːrˈt-/ *noun*
نگریـسی، بـێودمـی، بەدفـەڕی، ناوچاوڕەشـی، سەیربوون ۞ منحوس بودن، عجیب بودن

porter[1] /ˈpɔːtə(r), US ˈpɔːrt-/ *noun*
1 کۆڵـکێش، حـەماڵ، بارەبـەر 2 (hospital porter) بارەبـەر یـان کۆڵکێشی نـەخۆشخانە، نەخۆش‌هەڵگر 3 (ئەمریکا) بەرپرسی عەرەبانـە یان واگۆنی خـەو 4 جـۆرێ ئاوجۆی تاڵ ۞ 1 حمال، باربر 2 باربر بیمارستان 3 مأمور واگن خوب 4 نوعی آب‌جو

porter[2] /ˈpɔːtə(r), US ˈpɔːrt-/ *noun*
درگاوان، دالاندار ۞ دربان

porterage /ˈpɔːtərɪdʒ/ *noun*
کۆڵکێشی، بارەبەری، کۆڵکێشـانە، کۆڵانە، حـەق یان کرێی کۆڵکێشی ۞ باربری، اجرت حمالی

porterhouse *noun*, *pl.* porterhouses
1 شـوێنی فرۆشـتـی ئـاوجۆ و لیکـۆر و... 2 (هـەروەها porterhouse steak) لەتـە گۆشتی هـــەرەباشـــی ولاخ، پارچەگۆشـــتی شـــایانە، ستێکێکی ئەستوور کە لە ئەستوورایی ئاخری sirloin دەبڕدرێ ۞ پورترهاوس

porer's lodge *noun*
دیوی دالاندار، دالاندارخانە ۞ اتاق سرایدار

portfire /ˈpɔːtfaɪə(r)/ *noun*
بەردەچەخماخ ۞ آتش‌زنه

portfolio /pɔːtˈfəʊliəʊ, US pɔːrtˈfoʊlioʊ/ *noun*, *pl.* portfolios
1 جانتـا، پـۆرتفۆلیـۆ 2 شـالیاری، شـالیارگە، وەزارەت 3 پۆسـتی شـالیاری یـان وەزارەت 4 سەرجەم بەش و سێاکی کەسێ یان ڕێکخراوەیێ 5 فایلی هونەری، کۆمەڵی کار (وێنە، کێشراوە و هتـد؛ بنـەڕەت: لـە *portafogli* ئیتالیـایی، لـە *portare* "هـەڵـگرتن" + *foglio* "گـەڵا") ۞ 1 پورتفولیو 2 وزارت 3 پوست وزارت 4 مجموعەی سهام فردی یا سازمانی 5 مجموعەی آثار

porthole /ˈpɔːthəʊl, US ˈpɔːrthoʊl/ *noun*
1 (کەشـتی یـان فڕۆکـە) پـەنجەرە، دەربیچـە، دەلاقـە 2 (مێژوویـی) کـونی لێوەتەقانـدنی cannon ۞ 1 پنجره 2 مزغل

portico /ˈpɔːtɪkəʊ, US ˈpɔːrtɪkoʊ/ *noun*, *pl.* porticoes or porticos
هەیوانی کۆڵەکەدار یا کولەکەبەند، سەردەرانەی سـتوونبەنـد (بنـەڕەت: لـە ئیتالیـاییـەوە، لـە *porticus* لاتین "porch") ۞ رواق

portiere /ˌpɔːtɪˈɛː/ *noun*
پەردەی پێشەوەی درگا، پەردە ۞ پـردەی جلـو در، پرده

portion /ˈpɔːʃn, US ˈpɔːrʃn/ *noun*
1 بەش، پشک، پارچە، پار، تیکە، کوت، بەهر، بەهرە، لەت، بارە، کەرت، بەشـەماڵ، مـیرات: *a substantial/significant portion of the population* ◊ *The central portion of the bridge collapsed* 2 (خـۆراک) بەشـە خـۆراک،

3 *a generous portion of meat* : پۆرس، بەش، ناوچە، دەڤەر 4 (کۆن) چارەنووس، بەخت، خوانووس، قسمەت 5 باوانی، جیازی ◌ 1 قسمت، بخش، حصه، سهم 2 (غذا) پرس 3 منطقه 4 سرنوشت، تقدیر 5 جهیزیه

portionless *adjective*
بێبەش، بێیار ◌ بی‌سهم

Portland cement *noun*
چیمەنتۆ، سمیت، سیمان ◌ سیمان

Portland stone *noun*
بەردی پۆرتلەند (لە دوورگەی پۆرتلەند لە Dorset) ◌ سنگ پرتلند

portliness /ˈpɔːtlinəs, US ˈpɔːrt-/ *noun*
قەڵەوی، تێکسمڕاوی، زلەیی، قیافەداری، کەڵەگەتی، بەقەڵافەتی، بەهەیکەلی، دووبادی، بەخۆوەیی ◌ چاقی، تنومندی

portly /ˈpɔːtli, US ˈpɔːrt-/ *adjective* (portlier, portliest)
قەڵەو، تێکسمڕاو، زلە، قیافەدار، بەقەڵافەت، هەیکەلی، بەشانوباهۆ، بەخۆوە، دووباد، کەڵەگەت ◌ تنومند، چاق

portmanteau /pɔːtˈmæntəʊ, US pɔːrtˈmæntoʊ/ *noun, adjective, pl.* portmanteaus or portmanteaux /-əʊz/
n جانتا، چەمەدان، جامەدانە، جلدان، باول، باوڵی *adj* تێکەڵ، تێکەڵاو، چەندشێوە، جۆراوجۆر ◌ *n* چمدان *adj* چندگونه

portmanteau word *noun*
تێکەڵوشە (وەکوو رۆڤار لە رۆژنامە و کۆڤار، smog لە smoke و fog یان motel لە motor و hotel پێکهاتووە) ◌ واژه‌ی دورگه

port of call *noun*
1 (کەشتی) لەنگەرگای وێستان، راوێستانگە، راگیرگە، شوێنی راگرتن 2 (خوازە، نافەرمی) مەکۆ، جێگای راوێستان، شوێنی وێستان (ب.ت. بە درێژایی سەفەر) ◌ 1 توقف‌گاه 2 (مجازی و عامیانه) پاتوق

port of entry *noun*
بەندەر یا سنووری هاتنەژوورەوە یا هاتنەنێو، هاتنگە ◌ بندر یا مرز ورودی

portolan /ˈpɔːtəlan/ *noun*, also portolano /ˌpɔːtəˈlɑːnəʊ/, *pl.* portolans or portolanos
(مێژوویی) بەندەرگانامە ◌ پورتولان

portrait /ˈpɔːtreɪt, -trət, US ˈpɔːrtrət/ *noun*
1 وێنە یان کێشراوە (ب.ت. هی دەموچاو)ی رەنگکراو، پۆرترە 2 باسکردن، لەسەردوان، لێدوان ◌ 1 چهره 2 توصیف، شرح

portraitist /ˈpɔːtreɪtɪst, -trət-, US ˈpɔːrtrət-/ *noun*, also portrait painter
وێنەڵێهەڵگر، وێنەکێش، پۆرتریتیست، پۆرترەکێش ◌ چهره‌پرداز

portraiture /ˈpɔːtrətʃə(r), US ˈpɔːrt-/ *noun*
وێنەڵێهەڵگرتنەوە، وێنەکێشی، پۆرتریچێر، پۆرترەکێشی ◌ چهره‌پردازی

portrayal /pɔːˈtreɪəl, US pɔːrˈt-/ *noun*
1 باسکردن، لێدوان 2 گێرانی رۆڵ، رۆڵگێری 3 پیشاندان، نواندن ◌ 1 توصیف 2 ایفای نقش 3 بازنمود، نمایش

portress *noun, fem.* porter
کۆڵکێش، کۆڵبەر، بارەبەر (ژن) ◌ حمال، باربر (زن)

Port Salut /ˌpɔː saˈluː/ *noun*
جۆرێ پەنیری نەرم و پەمەیی (لە ناوی *Port du Salut*، دەیری ترایپیستەکان لە فەرەنسە، لەوێ یەکەمجار بەرهەم هات) ◌ نوعی پنیر

Portuguese /ˌpɔːtʃuˈgiːz, US ˌpɔːrt-/ *adjective, noun, pl.* same
adj پۆرتوگالی، سەربە پۆرتوگال *n* خەڵکی پۆرتوگال، پۆرتوگالی، زمانی پۆرتوگالی ◌ *adj* پرتغالی *n* اهل پرتغال، زبان پرتغالی

Portuguese man-of-war *noun*
بووکی دەریایی زۆر گەورەی ژاراوی، بووکەدەڵەمەی ژاراوی [*Physalia physalis*] ◌ عروس دریایی بزرگ و سمی

portulaca *noun*
پەلپینییەکان: کۆمەڵە گیا یان رووەکێکی ناودار، زۆرتر هی گەرمێنان، خێزانی purslane [تۆخم Portulaca]؛ ب.ت. رووەکێ کە بەربڵاوانە لە ئەمریکای باشووری دەکرێ، بە گوڵی رەنگاورەنگ و گەڵای چکۆلەی قووچکەیی conical [*P. grandiflora*] ◌ خرفه، نوعی گیاه

port wine stain *noun*
خاڵی زگماکی سوور، ب.ت. لە دەموچاو ◌ خال مادرزاد قرمز

pos. *abbreviation* positive

posada /pəˈsɑːdə/ *noun*
(لە وڵاتانی سپانیاییزمان) هوتێل، میوانخانە ◌ هتل، مهمانسرا

pose /pəʊz, US poʊz/ *noun*
1 وێستان، ژێست، راوێستان، حاڵەت، قیافە، هەڵوێستان 2 خۆنواندن، واخۆنیشاندان، واخۆدەرخستن ◌ 1 ژست، حالت 2 وانمود

Poseidon *noun*, Latin, from Greek *Poseidōn*
پۆسیدۆن، پۆسایدۆن: خوای یونانی دەریا (بڕوانە Neptune) ◌ پوسایدون

poser[1] /ˈpəʊzə(r), US ˈpoʊ-/ *noun*
واخۆنیشاندەر، خۆنوێنەر، فریودەر، بەپۆز ◌ متظاهر

poser[2] /ˈpəʊzə(r), US ˈpoʊ-/ *noun*

مەتەڵ، پرس یا کێشەیەکی دژوار و سەخت ۞ معما، سؤال یا مشكلی پیچیده

poseur /pəʊˈzɜː(r), US poʊ-/ *noun, fem.* poseuse
واخۆنیشاندەر، واخۆدەرخەر، فریودەر، زۆڵ ۞ متظاهر، وانمودگر

posey (also posy) = pretintious

posh /pɒʃ, US pɑːʃ/ *adjective* (posher, poshest)
شیک، دەوڵەمەندانە، جوان، خۆش، شۆخ، رازاوە، سەربە چینی سەرەوە: *a posh* ◊ *a posh hotel* ◊ *accent/voice* ۞ شیک، وابسته به طبقه‌ی بالا

posit /ˈpɒzɪt/ *noun*
وادانان، پێوابوون (بنەڕەت: لە لاتین *ponere ,posit-* "شوێن یا جێگا") ۞ فرض

position /pəˈzɪʃn/ *noun*
1 جێ، جێگا، شوێن، وار: *These plants will grow well in a sheltered position* 2 هەڵوێست، گرتنی هەڵوێست، هەڵوێستگری: *to declare/reconsider/shift/change your position* 3 رەوش، بار، دۆخ، هەلومەرج، باروودۆخ، کاودان، دەستوودار، چۆنێتی، چلۆنایەتی: *to be in a position of power/strength/authority* 4 پۆست، پلەوپایە، پێگە، جێگا 5 کار، پیشە 6 ئەرک، فرمان، پەیور 7 روانگە، دید، بۆچوون، دیتن، نێرین، بابەت، مژار، باس 8 تیۆری، بیردۆز 9 ڕێکخستن ۞ 1 جایگاه، محل 2 موضع، موضع‌گیری 3 وضع، چگونگی 4 مقام 5 شغل 6 وظیفه 7 نقطه‌نظر، دیدگاه، موضوع 8 نظریه 9 تنظیم

positional /pəˈzɪʃənəl/ *adjective*
1 شوێنی، جێگەیی، واری: *positional astronomy* 2 کاری، پیشەیی: *positional warfare* 3 پۆستی، پلەوپایەیی 4 سەربە ڕێکخستنی دەستەیی یا تیمی، سەربە لەجێ(ی خۆی)دانان (positionally *adv*) ۞ 1 موضعی، مکانی 2 شغلی 3 مقامی 4 وابسته به آرایش تیمی

positional notation *noun*
دەزگای ژمارەنووسی شوێنی ۞ دستگاه رقم‌نویسی مکانی

positioner *noun*
دەزگای جوولاندن بۆ بارێکی تایبەتی، بارڕێکخەر ۞ پوزیشنر

positive /ˈpɒzətɪv, US ˈpɑːz-/ *adjective, noun*
adj 1 ئەرێنی، پۆزیتیڤ 2 یەکلایی‌کەرەوە، کۆتایی‌پێهێن، بڕا 3 دیاریکراو، مسۆگەر، سەلمێنراو، دیار، روون، لەبەرچاو، ئاشکرا، لەڕوو 4 جێی باوەڕ، لێ‌ڕاپێنراو، گومان‌هەڵنەگر، جێی متمانە 5 دروستکەر، باش، یارمەتی‌دەر، بەقازانج، بەسوود، بەکارهاتوو 6 کردارەکی، کردەنی، بەکردەوە 7 دانراو، فەرمی 8 (ڕێزمان) ئاسایی، سادە 9 (ئافەرمی) تەواو، رەبەق، بێ‌ئەملاوئەولا، سەرجەم *n* 1 (ڕێزمان) ئاوەڵناوی ئاسایی یان سادە 2 (بیرکاری) چەندێتی یان بڕی ئەرێنی یان پۆزیتیڤ 3 تایبەتمەندی ئەرێنی ۞ *adj* 1 مثبت، ایجابی 2 قطعی، قاطع 3 معین، واضح، مسلم 4 مطمئن 5 سازنده 6 عملی 7 قراردادی 8 (دستور زبان) مطلق 9 (عامیانه) مطلق، محض *n* 1 صفت مطلق 2 مقدار یا کمیت مثبت 3 خصوصیت مثبت

positive discrimination *noun,* also affirmative action
جیاوازی‌دانانی ئەرێنی (لالێدانەوە لەو کەمینانەی کەوا پێش‌تر چەوسێنرابوونەوە) ۞ تبعیض مثبت

positive geotropism *noun*
(رووەکناسی) داشکانەوەی ڕەگەکان بۆ رووان بەرەو خواری ۞ ژئوتروپیسم پوزیتیو

positively /ˈpɒzətɪvli, US ˈpɑːz-/ *adverb*
1 بە توندی، بە سەختی، تەواو، بە تەواوەتی: *Some diets may be -tively dangerous* 2 بە شێوەیەکی بڕا، یەکلایی‌کەرەوانە، بێ‌ئەملاوئەولا، conclusively: *Her attacker has now been positively identified by police* 3 بێ‌شک، بێ‌گومان، بە دڵنیاییەوە ۞ 1 به شدت، کاملاً 2 قاطعانه، با قاطعیت 3 بی‌تردید، مطمئناً

positive necessity *noun*
پێویستی ئەرێنی ۞ ضرورت ایجابی

positiveness /ˈpɒzətɪvnəs, US ˈpɑːz-/ *noun*
1 مسۆگەریتی، گومان‌لێنەکراوی، یەکلایی‌کراوەیی، بێ‌ئەملاوئەولایی، دڵنیایی 2 ئەرێنی‌بوون، ئەرێنێتی ۞ 1 مسلمیت، اطمینان 2 مثبت بودن

positive pole *noun*
1 (باتری) جەمسەری ئەرێنی، زوورک(ە) 2 (لادۆز) جەمسەری ئەرێنی ۞ 1 آنود 2 قطب مثبت

positive sign = plus sign

positive vetting *noun*
(لە بریتانیا) لێکۆڵینەوەی تەواو یان هەمەلایەنە ۞ بررسی همه‌جانبه

positivism /ˈpɒzətɪvɪzəm, US ˈpɑːz-/ *noun*
1 پۆزیتیڤیزم، سەلماندن‌باوەری، سەلماندن‌گەری: دەزگایێکی فەلسەفی یان تیۆرییێ کە تیۆلۆژی theology و میتافیزیک شێوەگەلێکی ناتەواوی زووتری ئاگایی و مەعریفەن و زانستی ئەرێنی و پۆزیتیڤ لەسەر بنچینەی دیاردە سروشتییەکان natural phenomena رودەری و تایبەتمەندی و پێوەندییەکانی بە ڕێگای زانستە تاقی‌گەرییەکانەوە empirical sciences دەسەلمێنرێ یان پشتڕاست دەکرێتەوە (ب.ت.

له لایەن فیلسوفی فەڕەنسی ئەگوست کۆنت Auguste Comte (1798-1857)، یان بە زمانێکی سادەتر جۆرێ فەلسەفە لەسەر بنچینەی ئەو راستی و فاکتانە کە دەتوانی بە شێوەی زانستی بسەلمێنرێ (لەچاو نایدیاکان) 2 دڵنیایی، بێ گومانی، یەکلایێتی ◇ 1 اثبات گرایی، فلسفەی تحققی، مذهب تحصلی 2 یقین، قطع

positivist /ˈpɒzətɪvɪst, US ˈpɑːz-/ *noun, adjective*
1 پۆزیتیڤیست، سەلماندنباوەڕ، سەلماندنگەر 2 پۆزیتیڤیستی، سەلماندنباوەڕانە، سەلماندنگەرییانە: *a positivist approach* ◇ 1 اثبات گرایی 2 اثبات گرایانە، پوزیتیویستی

positivistic *adjective*
پۆزیتیڤیستی، سەربە positivism (**positivistically** *adv*) ◇ اثبات گرایانە

positron /ˈpɒzɪtrɒn, US ˈpɑːzɪtrɑːn/ *noun*
prankishness /ˈpræŋkɪʃnəs/ *noun*
شۆخی‌بازی، جەفەنگ‌بازی ۞ شوخ‌طبعی

prankster /ˈpræŋkstə(r)/ *noun*
گاڵتەچی، لۆدە، تەڵخەک، شۆخی‌باز، تیزباز، سۆحبەتچی، تیتاڵباز، گاڵتەجاڕ ۞ مسخره‌باز

prase /preɪz/ *noun*
جۆرێ کوارتزی سەوزباوی روون ۞ پریز

praseodymium /ˌpreɪziəʊˈdɪmiəm/ *noun*
(کیمیا) پرازیۆدیمیۆم (بە ژ.گ. 59، ن. Pr؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *Praseodym* یۆنانی "کوڕادە-سەوز (لەبەر خوێ سەوزەکانی)"، + *Didym* ئەڵمانی "didymium") ۞ پرازئودیمیم

prat /præt/ *noun*
1 مرۆی گەوج و لەوج، گوێلک، کەر، بارگین 2 کنگ، سمت، قوون، پاشەڵ ۞ 1 آدم احمق، گوساله 2 کفل

prater *noun*
1 زۆربلە، چەقەسرۆ، چەنەدرێژ 2 چرین، سرتن ۞ 1 وراج 2 پچ‌پچ‌کن

pratfall *noun*

(نافەرمی) بەربوونەوە یان کەوتن لەسەر کنگ ◇ افتادن روی کفل

pratie /'preɪti/ *noun*
(لە ئیرلەند) پەرەماسی، پەتاتە ◇ سیب‌زمینی

pratincole /'prætɪŋkəʊl/ *noun*
مێرگ‌نشینە: جۆرێ باڵندەی مێرووخۆری باڵدرێژە [*Glareola pratincola* (ئەفریکایی و مەدیتەرانەیی) و جۆرەکانی تر] (بنەرەت: لە *pratum* لاتین "meadow" + *incola* "inhabitant") ◇ پراتینکول

pratique /'prætiːk/ *noun*
(مێژوویی) دەستووری کە دراوە بە کەشتییێ تا لە بەندەرێکا سەودا بکا ◇ پراتیک

prattle /'prætl/ *noun*
1 زۆربلەیی، چەقەسرویی، چەنەدرێژی، فلتەفلت 2 (منالان) گرگال ◇ 1 وراجی 2 غان و غون

prattler /'prætl/ *noun*
زۆربلە، چەقەسرۆ، چەنەدرێژ ◇ وراج

prau = proa

prawn /prɔːn/ *noun*
شامەیگو، روبیان (ب.ت. زل [*Leander* و تۆخمەکانی تر]) ◇ شاه‌میگو

prawn cocktail *noun*
کۆکتێلی مەیگو ◇ کوکتل میگو

praxis /'præksɪs/ *noun, pl.* praxises or praxes
1 نەریت، رێورەسم، دەستوور، رێوشوێن، کەڤنەشوپ 2 خوو، پیشە 3 (رێزمان) نموونەکانی مەشق(دان) ◇ 1 رسم، عرف، عادت 2 (دستور زبان) امثلەی تمرینی

prayer /preə(r), US prer/ *noun*
1 دوعا، نزا، نوێژ 2 پارانەوە، خواپەرستی 3 داوا(کردن)، داخوازی، لێویستن، کڕووزانەوە، داوێن‌گیری، تکا، نیاز، داوا، ئارەزوو، هیوا، ویست 4 (prayers) (کۆبوونەوەیەکی نافەرمی بە مەبەستی) دوعا، نزا، پارانەوە، خواپەرستی ◇ 1 دعا، نماز 2 نیایش 3 درخواست، لابە، خواهش، حاجت 4 (در جمع) دعا، نیایش

prayer-book *noun*
نزانامە، دوعانامە، کتێبی دوعا یا نوێژ، نوێژنامە ◇ کتاب دعا یا نماز

prayerful *adjective*
لەخواترس، پارێزگار، زۆربەنوێژ، دەس‌بەدوعا ◇ متقی

prayerfully *adverb*
لەخواترسانە، پارێزگارانە ◇ متقی‌وار

prayerless *adjective*
نوێژنەکەر، نوێژنەخوێن، سەربە بەرماڵی خودا دانەناو ◇ نمازنخوان

prayer mat *noun*, also rug
بەرماڵ، دوگرد ◇ سجادە

prayer meeting *noun*
(ب.ت. لە کلیسە پرۆتێستانتییەکان) دوعا و نزای بەکۆمەڵ ◇ دعای جمعی، اجتماع بر سر دعا

prayer plant *noun*
گیانوێژە؟ (= گیایێکی برێزیلی بە شەوا راست دەبێتەوە و بە رۆژا دادەتەپێ [*Maranta leuconeura*]) ◇ نوعی گیاه

prayer rug = prayer mat

prayer shawl = tallith

praying mantis *noun*, also mantis
تاجیلۆکە، بالوک، بالبالۆکە، حوشترخوا، هەسپێنەیی ◇ آخوندک

pre- /priː/ *prefix*
پێشگر: بەرلە، پێش لەوەی، پێشەکی، پێش‌تر، پێش، سەرەتایی، بەرایی: *pre-adolescent* (بنەرەت: لە *prae-* لاتینەوە) ◇ پیشوند: قبل از، جلو، مقدماتی

preacher /'priːtʃə(r)/ *noun*
ئامۆژگار، شیرەتقان، راگەیەنەر (دینی) ◇ موعظه‌گر، مبلغ

preachership *noun*
کاری ئامۆژگاری، ئامۆژگاریەتی، شیرەتقانی ◇ موعظه‌گری، واعظی

preaching *noun*
ئامۆژگاری، نەسیحەت، شیرەتقانی، پەند و شیرەت ◇ وعظ

preachment *noun*
ئامۆژگاری وەڕەس‌کەر ◇ موعظه‌ی ملالت‌آور

preachy /'priːtʃi/ *adjective* (preachier, preachiest)
(نافەرمی) ئەهلی ئامۆژگاری، فێرەئامۆژگاری، سەر لە ئامۆژگاری‌خوراو ◇ اهل موعظه

pre-adamite /priː'ædəmaɪt/ *noun*
مرۆڤی بەرلە ئادەم ◇ انسان پیش از آدم

preadolescence *noun*
بەرلە تازەلاوی، پێش‌هەرزەکاری، پێش‌نوجوانی ◇ قبل از نوجوانی

preadolescenct *adjective*
سەربە بەرلە تازەلاوی، پێش‌هەرزەکاریانە، سەربە پێش‌نوجوانی ◇ وابسته به قبل از نوجوانی

preamble /pri'æmbl, US 'priːæmbl/ *noun*
1 پێش‌وتار 2 پێشەکی ◇ 1 پیش‌گفتار 2 مقدمه

preamp = preamplifier

preamplifier *noun*
دەزگایێکی ئێلیکترۆنیک کە دەنگ دەدا بە سیگناڵ و پەیامە زۆر لاوازەکان و دەیان گوێزێتەوە بۆ ئامپلیفایەری سەرەکی ◇ پری‌امپلیفایر

prearranged /ˌpriːə'reɪndʒd/ *adjective*
لەوەپێش‌رێکخراو، پێشەکی‌رێکخراو، لەوەپێش بەرنامەبۆدانراو، پێشەکی پلان‌رێژکراو ◇ از پیش

ترتیب دادەشدە

prearrangement *noun*
پێشەکی ڕێکخستن، پێشەکی پلانبۆدانان، لەوەپێش پلانڕێژکردن، زووتربەرنامەبۆدارشتن ۞ ترتیب از قبل

preatomic *adjective*
پێش‌گەردیلەیی، پری‌ئەتۆمیک (سەربە سەردەمی پێش بۆمبی گەردیلەیی) ۞ پری‌اتومیک

pre-audience /priː ˈɔːdiəns/ *noun*
مافی زووتر قسەکردن یان بەرگری‌کردن ۞ حق زودتر سخن گفتن یا دفاع کردن

preaxial *adjective*
(پزشکی) هەڵکەوتوو لە پێش تەوەری لەش‌دا، پێش‌تەوەری ۞ واقع در جلو محور بدن

prebend *noun*
1 قەشە 2 مووچە یان بەراتی قەشە، قەشانە 3 قەشەی مووچەخۆر یان بەرات‌گر ۞ 1 کشیش 2 حقوق کشیش 3 کشیش حقوق‌بگیر

prebendary /ˈprɛb(ə)nd(ə)ri/ *noun, pl.* prebendaries
قەشەی مووچەخۆر یان بەرات‌گر ۞ کشیش حقوق‌بگیر

prebiotic *adjective*
پێش‌ژیانی (لە پێش ژیانا ڕوویداوە یان بووە) ۞ پری‌بیوتیک

Preboreal /priːˈbɔːrɪəl/ *adjective*
(زەوی‌ناسی) سەربە یەکەمین قۆناغی ئاووهەوایی سەردەمی postglacial لە باکووری ئەورووپا (دەوروبەری 10,000 تا 9,000 ساڵ لەوەپێش) ۞ پری‌بیوریال

Precambrian /priːˈkambrɪən/ *adjective*
پری‌کامبریەن (= بەشێ لە سەردەمانی زەوی‌ناسی کە بەرلە سەردەمی ژیانی کۆن دەسی‌پێ‌کردووە و دەوروبەری 570 ملیۆن ساڵ لەوەپێش دوایی پێ‌هاتووە. بەرد و کەڤری ئەو سەردەمە نزیک بە پێنج‌یەکی توێکڵی زەوی‌یان پێکهێناوە و چونکو سەرچاوەیەکی پری زێری تیایە، لەباری ئابوورییەوە بایەخ و گرنگی‌یەکی زۆری هەیە) ۞ پری‌کامبرین

precancerous /ˌpriːˈkænsərəs/ *adjective*
پێش‌شێرپەنجەیی، ئامادەی تووش‌بوون بە شێرپەنجە: *a precancerous lesion* ۞ آمادەی مبتلا به سرطان

precarious /prɪˈkeəriəs, US -ˈker-/ *adjective*
ناجێگیر، لەق، لەرزۆک، قرچۆک، ناسلامەت، بێ‌بنچینە، شلەژاو، دووبەختەکی، شانسی، جێی شک، گومان‌لێ‌کراو، نادڵنیا، قرچۆک، ڕووخەک، چەندڕوژە، پرمەترسی، مەترسی‌دار: *precarious generalizations* ۞ نابرجا، متزلزل، بی‌ثبات، خطرناک

precariously /prɪˈkeəriəsli, US -ˈker-/ *adverb*
بە شێوەیەکی پرمەترسی، مەترسی‌دارانە ۞ به طور خطرناک

precariousness /prɪˈkeəriəsnəs, US -ˈker-/ *noun*
ناجێگیری، لەقی،لەرزۆکی، قرچۆک، ڕووخەک، چەندڕوژە، ناسلامەتی، بێ‌بنچینەیی، دووبەختەکی‌بوون، شانسی‌بوون، نادڵنیایی، پرمەترسی‌بوون ۞ بی‌ثباتی، تزلزل، خطرناکی

precast /ˌpriːˈkɑːst, US -ˈkæst/ *adjective*
(چیمەنتۆ، گەچ و هتد) لەوەپێش‌گیراو، خۆش‌کراو، ئامادەی لەکارکردن ۞ پیش ریخته

precatory /ˈprekətɔːri/ *adjective*
تکاکاری‌یانە، تکاکارانە، داوێن‌گیری‌یانە، داواکاری‌یانە، پاڕانەوەیی ۞ تمنایی، درخواستی

precaution /prɪˈkɔːʃn/ *noun*
1 قایم‌کاری، پێش‌بینی، مەترسی‌دوورخستنەوە، تۆکمەکاری: *warned of the need for precaution* 2 کار یان کردەوەی ئاگاداری‌یانە 3 (precautions، نافەرمی) پێشگیری، بەرگیری، دژەسکپری ۞ 1 احتیاط 2 اقدام احتیاطی 3 (در جمع) جلوگیری

precautionary /prɪˈkɔːʃənəri, US -neri/ *adjective*, also precautional
ئاگاداری‌یانە، وشیارانە، پێشگیری‌یانە ۞ احتیاطی

precautious /prɪˈkɔːʃəs/ *adjective*
هۆشیار، ئاگادار، پارێزکار، بەپارێز، وریا، قایم‌کار، پتەوکار ۞ محتاط

precative *adjective*
تکاکاری‌یانە، داوێن‌گیری‌یانە، داواکاری‌یانە، پاڕانەوەیی ۞ تمنایی، درخواستی

precedence /ˈpresɪdəns/ *noun*, also precedency
1 لەپێش‌بوون، لەپێش‌تربوون، پێشوەیی‌بوون، لە سەرەتاوەبوون 2 مافی لەپێشەوەبوون ۞ 1 اولویت، تقدم 2 حق تقدم

precedent /ˈpresɪdənt/ *noun, adjective*
n 1 پێشینە، ڕابووری، نموونە 2 نەریت، ڕێ‌ورەسم، ڕێ‌وشوێن، کەڤنەشوێ 3 (ماف) ڕەوت (پرۆسە) یان پێشینەی دادگەری یان دادگایی *adj* خاوەن‌پێشینە، بەرابووری، نموونەدار، پێشینەدار، لەوەپێش‌کراو ۞ *n* 1 سابقه 2 سنت، رسم 3 رویه یا سابقەی قضایی *adj* سابقەدار

preceding /prɪˈsiːdɪŋ/ *adjective*
پێشوو، پێشین، لەوەپێش، پێشەکی، پێش‌تر، ڕابردوو، بووری ۞ قبلی، گذشته

precentor /prɪˈsentə/ *noun, fem.* precentress
(لە کڵێسە) ڕێبەر، سەردەستە، سەرتیپ ۞ رهبر، پری‌ستور

precentorship *noun*

ڕێبەری، سەردەستەیی، سەرتیپی ۞ رهبری
precept /ˈpriːsept/ *noun*
1 فەرمان، دەستوور 2 بنەما، ڕێسا، بنەڕەت 3 ئامۆژگاری، شیرەت ۞ 1 حکم 2 اصل 3 موعظه
preceptive *adjective*
فێرکردنلەخۆگرتوو، فێرمەندانە، فێرکارییانە، ۞ didactic تعلیمی
preceptor /prɪˈseptə/ *noun*
مامۆستا، وانەبێژ، فێرمەند، بەڕێوەبەری خوێندنگا ۞ مدرس، معلم، مدیر مدرسه
preceptorial /ˌpriːsepˈtɔːrɪəl/ *adjective*
مامۆستایی، سەربە مامۆستا ۞ وابسته به معلم
preceptorship *noun*
مامۆستایی، وانەبێژی، فێرمەندی ۞ مدرسی، معلمی
preceptress *noun*
مامۆستای ژن ۞ معلمه
precession /prɪˈsəʃn/ *noun*
1 (ئەستێرەوانی، هەروەها precession of the equinoxes) پێشکەوتنە ڕۆژگەڕانەوەیییەکان، زووتــر خۆرگەڕانــەوەییــەکان 2 (فیزیــک) جــووڵان یــان خولانــەوەی ســووکی تــەوەری تەنێکی خولاوە یان سووڕاوە spinning body بە دەور تەوەرێکی axis تردا 3 لەپێشەوەبوون، لەپێش تربوون، پێشوەیی بوون، لە سەرەتاوەبوون، پێشکەوتن، لەپێش بوون ۞ 1 تقدیم اعتدالین 2 پریسیون 3 تقدم، سبقت
precessional *adjective*
(ئەســـتێرەوانی) ســـەربە پێـــشکەوتنە ڕۆژگەڕانـــەوەیییـــەکان، ســـەربە زووتـــر خۆرگەڕانەوەیییەکان ۞ وابسته به تقدیم اعتدالین
precinct /ˈpriːsɪŋkt/ *noun*
1 شـوێنێکی دیـوارکراو یـان دیـاریکـراو، دیواربەنـدان 2 گـەڕەک، تـاخ، ناوچـە، دەڤـەر، مەڵبەند 3 مەڵبەندی هەڵبژاردن 4 سنوور، ڕادە، تخوب 5 (precincts) شوێنێکی دیوارکراو یان دیـاریکـراو، دیواربەنـد(ان)، قــن، پـشتێنە 6 دەورمادەوڕ، دەوروبەر، دەوروپشت ۞ 1 محوطه 2 منطقه، قلمرو 3 حوزەی انتخابات 4 مرز، حد 5 (در جمع) محوطه 6 حوالی
preciosity /ˌpreʃiˈɒsɪti, ˌpresi-, US -ˈɑːs-/ *noun, pl.* preciosities
دەســـکردی، ســـاختەیی، دژواری، فـــەرمی، تەقوڕەقی، گرانی، دابوناب ۞ تکلف، آب و تاب
precious /ˈpreʃəs/ *adjective, noun*
1 *adj* گرانبایی، گران، بەنرخ، بەبایەخ، پربایە، بەپوێتــە، بــەهادار 2 خۆنوێنەرانــە، ســاختە، دەسکرد، نائاسایی، فەرمی 3 خۆشەویست، ئازیز 4 یــەکجار، زۆر *n* 1 (لــە بانــگکردنــا) خۆشەویـــستەکەم، باوانەکـــەم، ئازیزەکـــەم 3 یەکجار، زۆر، گەلێ ۞ 1 *adj* قیمتی، ذیقیمت، باارزش 2 پرتکلف 3 عزیز، گرامی 4 فوق‌العاده *n* 1 عزیزم 2 خیلی
preciously /ˈpreʃəsli/ *adverb*
گرانبایییانە، بە شێوەیەکی بەنرخ ۞ به طور قیمتی
precious metals *noun, pl.*
کانزا بەنرخەکان، کانزا گرانبایییەکان ۞ فلزات قیمتی
preciousness /ˈpreʃəsnəs/ *noun*
بـەنرخی، بەبایـەخی، بـەهاداری، گرانبـاییبـوون، فەرمیبوون، نائاسـاییتی ۞ ارزشمنـدی، قیمتـی بودن، تصنعی
precious stones *noun, pl.* also precious gems
بەردە بەنرخەکان ۞ سنگ‌های قیمتی
precipice /ˈpresəpɪs/ *noun*
هەڵــدێرگە، هەڵــدێر، هەڵــدێرکە، هەڵــەمووت، نشووف، هەزار بە هەزار، هەڵەت ۞ پرتگاه
precipitable /prɪˈsɪpɪtəbl/ *adjective*
لەنیشتنهاتوو ۞ قابل رسوب
precipitance /prɪˈsɪpɪtəns/ *noun,* also precipitancy /prɪˈsɪpɪtənsɪ/
پەشـۆکاوی، سـەرلێشێواوی، بەپەلەکـەوتوویی، وەخۆکەوتوویی، تاودراوی، پەلە(قاژە)، تاو، پرتاو ۞ دستپاچگی، عجله
precipitant /prɪˈsɪpɪtənt/ *adjective*
1 بـە پەلـە، تـاودراو، بەلەسـە، پەشـۆکاو، بـە هەڵـەداوان، بـە هەشـتاو، تەنگـەتاو 2 (کیمیـا) مایــەی نیــشتن، نیــشتێنەر ۞ 1 شــتابزده 2 پرسیپیتانت
precipitate /prɪˈsɪpɪtət/ *noun, adjective*
1 *n* (کیمیا، /prɪˈsɪpɪtət, -teɪt/) نیشتن 2 بارین، بارشت 1 *adj* (/prɪˈsɪpɪtət/) بە پەلە، تاودراو، بەلەســە، پەشــۆکاو، بــە هەڵــەداوان، بــە پەلەقاژەکەوتوو، بـە هەشـتاو، تەنگـەتاو: *the precipitate resignation of the director* 2 کتوپڕ، لەناکاو، بێ‌هەوال، چاوەڕواننەکراو ۞ 1 *n* رسوب 2 بارندگی 1 *adj* عجولانه، دستپاچه، عجول 2 ناگهانی
precipitately /prɪˈsɪpɪtətli/ *adverb*
بـە پەلـە، بـە پرتاو، بـە هەڵـەداوان، بـە هەشـتاو، تاودراو: *to act -y* ۞ با عجله
precipitateness /prɪˈsɪpɪtətnəs/ *noun*
تـاودراوی، بـە پەلەکـەوتوویی، وەخۆکـەوتوویی ۞ شتابزدگی
precipitation /prɪˌsɪpɪˈteɪʃn/ *noun*
1 پەلـە، لـەز، دەسـتوبـرد، پـرتاو، خێرایـی، تـاودراوی، پەشـۆکاوی، hastiness 2 (کیمیـا) نیشتن: *calcium phosphate precipitation* 3 بـارین، بارشت 4 بارسـتایی بـارین یـان بارشت، بـڕی بـارین: *an increase in annual precipitation* ۞ 1 عجله 2 (شیمی) تـەنشـت 3 بارندگی 4 مقدار بارندگی

precipitator *noun*
پەلەکەر، پەلەخەرە، تاودەرە ۞ شتاب‌کننده

precipitin /prɪˈsɪpɪtɪn/ *noun*
(زیندە(وەر)کیمیا) تەنی بەرهەڵستکاری نیشتوو
۞ جسم مقاوم تەنشین‌شونده

precipitous /prɪˈsɪpɪtəs/ *adjective*
1 بەرز، بڵیند، گڤاندە، تەلان، هەڵدێر، لاپێ،
2 *precipitous cliffs* : تونڵ، سەرەوخوار، زۆرلێژ
کتوپڕ، لەناکاو، بە پەلە، بە پرتاو، دەستوبرد،
a - :hasty بە لەز، بە هەڵەداوان، تاودراو،
a precipitous ◊ *ipitous decline in exports*
action ۞ 1 مرتفع، شیب‌دار 2 عجولانه

precipitously /prɪˈsɪpɪtəsli/ *adverb*
1 هەڵدێرانە، بە شێوەیەکی تەلان، بە شێوەیێکی
مەترسی‌دار، بە لێژ(ایی)یێکی زۆرەوە 2 بە پەلە:
1 ۞ *We don't want to act precipitously*
به طور شیب‌دار، با شیب زیاد 2 با عجله

precipitousness /prɪˈsɪpɪtəsnəs/ *noun*
بەرزی، بەرزایی، تەلانی، زۆرلێژی، تونڵی،
لاپێ‌بوون، سەرەوخواری، هەڵدێری ۞ ارتفاع،
دارای شیب تند بودن

précis /ˈpreɪsiː, US preɪˈsiː/ *noun, pl.* same /-siːz/
کورتە، پوختە (بنەڕەت: لە *précis* فەرەنسی بە
واتای "precise") ۞ خلاصه

precise /prɪˈsaɪs/ *adjective*
1 ورد(بین)، بەسەرنجانە، دروست، ڕاست، هەر،
سەرنج‌پێدراو، ڕۆشن، دیار، بێ‌پەردە، ناتەماوی،
ڕوون، لەڕوو، لەبەرچاو، ئاشکرا، مووبەموو،
precise ◊ *precise details/instructions* : تەواو
Can you give a more ◊ *measurements*
عەمەلی، 2 *precise definition of the word?*
a skilled and precise worker :meticulous
۞ 1 دقیق، صریح، کامل 2 وسواسی

precisely /prɪˈsaɪsli/ *adverb*
دروست، بە وردی، بە سەرنجەوە، (لەوەڵامدا)
The meeting : دروستە، وایە، بەڵێ، هەر وایە
'It's not ◊ *starts at 2 o'clock precisely*
دقیقاً ۞ *that easy, is it?' 'No, precisely.'*
با دقت، (در جواب) دقیقاً

preciseness /prɪˈsaɪsnəs/ *noun*
وردی، دروستی، ڕاستی ۞ دقت

precisian /prɪˈsɪʒn/ *noun*
(زۆرتر کۆن) پریسیژن، دین‌گرژ (یەکجار پێبەند
بە بنەما و نەریتەکان) ۞ پری‌سیژن

precisianism *noun*
پریسیژنیزم، دین‌گرژی ۞ پری‌سیژنیسم

precisianist *noun*
دین‌گرژ ۞ پری‌سیژنیست

precision /prɪˈsɪʒn/ *noun, adjective*
done with mathematical : n وردی، دروستی
He chose his words with - ◊ *precision*
دقیق *adj* دقت *n* ۞ ورد، دروست *adj* *ecision*

precision instrument *noun*
ئامێر یان دەزگای ورد (بۆ کار یان پێوانێکی
یەکجار ورد داڕێژراوە) ۞ ابزار دقیق

precision tools *noun, pl.*
ئامێر یان دەزگا وردەکان ۞ ابزارهای دقیق

preclinical *adjective*
پێش‌سەرجێیی (= تایبەتە بە ماوە و سەروبەندی
پێش دەرکەوتنی کۆنیشانەی سەرجێ) ۞ قبل از
بالینی

preclusion /prɪˈkluːʒn/ *noun*
نەهێشتن، لابردن، بەرگرتن، ڕێ‌لێ‌گرتن،
بەربەستن، بەرگیری، پێش‌گرتن، دوورخستنەوە،
تەکاندنەوە، تەگەرەتێ‌خستن ۞ جلوگیری، منع

preclusive /prɪˈkluːsɪv/ *adjective*
بەربەست، تەگەرە، لەمپەر، ڕێگر، نەهێڵ،
بەرسینگ ۞ مانع

precocial /prɪˈkəʊʃ(ə)l/ *adjective*
(گیانەوەرناسی، هەرکە بێ یان سەربجووقێنێ)
دەتوانێ خۆی بەخێوکا، خۆژی (بڕوانە
:altricial بنەڕەت: کۆی *praecox* "زووتر
mature before its (لە کاتی خۆی) پێگەیشتوو
time + -ial) ۞ پریکوسیال

precocious /prɪˈkəʊʃəs, US -ˈkoʊ-/ *adjective*
زووترپێ‌گەیشتوو، زووتر لە وەختی خۆی،
زووتر لە ئاسایی (پەرەسەندوو)، زووهەڵداو یان
گەشەکردوو، لە هاوتەمەنی خۆی پێش‌تر، بەرلە
وەختی سروشتی، پێش‌وەخت، نائاسایی، ناوارتە
۞ پیش‌رس، پیش از موعد طبیعی، استثنایی

precociously /prɪˈkəʊʃəsli, US -ˈkoʊ-/ *adverb*
زوو(تر)پێگەیشتووانە، زووتر لە وەختی خۆی،
a precociously : بێ‌وەخت، پێش‌وەختانە
talented child ۞ به طور پیش‌رس

precociousness /prɪˈkəʊʃəsnəs, US -ˈkoʊ-/ *noun*
زووترپێ‌گەیشتوویی، زووتر لە وەختی
خۆی‌بوون، زووتر لە ئاسایی (پەرەسەندن)،
زووهەڵداویی یان گەشەکردوویی، پێش‌وەختی
۞ پیش‌رس بودن، رشد پیش از موعد طبیعی

precocity /prɪˈkɒsəti, US -ˈkɑː-/ *noun*
1 زووترپێ‌گەیشتوویی، زووتر لە وەختی
خۆی‌بوون، زووتر لە ئاسایی (پەرەسەندن)،
2 زووهەڵداویی یا گەشەکردوویی، پێش‌وەختی
زیرەکی، بەهۆشی، زوو(تر)تێگەیشتوویی،
وریایی ۞ 1 پیش‌رس بودن 2 ذکاوت

precognition /ˌpriːkɒɡˈnɪʃn, US -kɑːɡ-/ *noun*
(دەروونناسی) پێش(تر)ئاگاداربوون، پێش‌بینی،

پێش(تر)زانی، غەیبزانی، لەدڵچەقین، داهاتووزانی، داهاتووبینی ◇ علم غیب

precoital *adjective*

بەرلەنزیکی، پێشهاوجێی (رووداو) ◇ قبل از آمیزش جنسی

pre-Columbian *adjective*

پری‌کۆلۆمبیەن: سەربە مێژوو و فەرهەنگە ئەمریکایی‌یەکان بەرلە گەیشتنی Christopher Columbus لە 1492دا ◇ پری‌کولومبین

pre-Columbian art *noun*

هونەری رەسەنی ئەمریکای باکووری (لە 2000 ساڵ پێش زاینەوە تا 1492) ◇ هنر پری‌کولومبین

preconceived /ˌpriːkən'siːvd/ *adjective*

پێشتروادانراو، زووتروازانراو، پێشەکی‌پێوابوو ◇ پیش‌پنداشته

preconception /ˌpriːkən'sepʃn/ *noun*

1 پێشترودادانان، پێشتروازانین، پێشەکی‌پێوابوون، دەمارگرژی 2 لاگری، لایەنگری، لاگرتن، لاگیری (لەسەر بنچینەی ئەزموون یان زانیاری بنچینەنەنراو) ◇ 1 پیش‌پندار، پیش‌پنداشت 2 سوگیری

precondition /ˌpriːkən'dɪʃn/ *noun*

مەرج، مەرجی پێویست، مەرجی پێشەکی یان پێشوو، پێشمەرج، prerequisite ◇ شرط، شرط لازم

preconscious *adjective, noun*

adj پێش خۆئاگایی یا هۆشیاری *n* ئەو بەشە لە مایند (preconsciousness *n*) ◇ *adj* قبل از خودآگاهی *n* قسمت خودآگاهی ذهن

preconcerted *adjective*

پێشترڕێککەوتوو، زووترپێکهاتوو ◇ از قبل توافق‌کرده

precooked /ˌpriː'kʊkt/ *adjective*

(چێشت) پێشترلێنراو، ئامادە، زووترسازکراو ◇ پیش‌پخته

precordial *adjective*

سەربە precordium ◇ وابسته به پریکوردیوم

precordium /priː'kɔːdɪəm/ *noun*

(توێکاری) ناوچەی گەروو دەسبەجێ لە پێش یان ژوورەوەی دڵ ◇ پریکوردیوم

precursor /priː'kɜːsə(r), US -'kɜːrs-/ *noun*, also precursive

1 پێشەکی، سەرەتا، دەسپێک، بەراهی 2 شێوەی سەرەتایی، شێوەی کۆن 3 ڕێگاخۆشکەر، بوارڕەخسێن، زەمینەڕەخسێن، پێشەنگ، پێشڕەو، پێشڕەو ◇ 1 مقدمە، طلیعە، پیشگام 2 صورت ابتدایی 3 زمینه‌ساز

precursory *adjective*

1 سەرەتایی 2 (پێش تر) ئاگادارکەرەوە، پێش‌تر پێ‌ڕاگەیێنەر، زووترپێ‌وتوو ◇ 1 مقدماتی 2 از پیش خبردهنده

predacious /prɪ'deɪʃəs/ *adjective*, also predaceous

راوی، شکاری، نێچیرگر، راوچی، نێچیرخۆر، لە گۆشتی راو دەخوا، predatory ◇ شکاری

predaciousness /prɪ'deɪʃəsnəs/ *noun*

راو، نێچیرگری، راوکەری، نێچیرخۆری ◇ شکار، صیادی

predacity /prɪ'dæsətɪ/ *noun*

راو، نێچیرگری ◇ شکار

predation /prɪ'deɪʃn/ *noun*

1 (گیانەوەرناسی) راو، نێچیرگری 2 چەپاو، راوڕووت، کالات، تالان، پوور، predation ◇ 1 شکار 2 تاراج، غارت

predator /'predətə(r)/ *noun*

1 گیانەوەری راوکەر یان راوچی، جانەوەری راوی، دڕندە: *Some animals have no natural -ors* ◊ *the relationship between predator and prey* 2 (نافەرمی) مرۆی چەوسێنەر، دەسدرێژکەر: *to protect domestic industry from foreign -s* ◇ 1 حیوان شکارگر 2 استثمارگر

predatory /'predətri, US -tɔːri/ *adjective*, also predaceous or predacious /prɪ'deɪʃəs/ or predatorial

1 (گیانەوەر) راوکەر، راوی، نێچیرگر، نێچیرقان، نێچیرخۆر، راوچی 2 سەربە راوکەری 3 دز، چەتە، جەردە، راوڕووتکەر، تالانچی 4 دەس‌درێژکەر، دەس‌درێژکەرانە ◇ 1 شکارگر 2 وابسته به شکارگری 3 غارتگر 4 متجاوز، متجاوزانه

predecease /ˌpriːdɪ'siːs/ *noun*

(فەرمی) مردن بەرلە کەسێکی تر، پێشمەرگ‌بوون، زووترمردن ◇ مردن قبل از دیگری

predecessor /'priːdɪsesə(r), US 'predəs-/ *noun*

1 کاربەدەستی پێشوو 2 نموونە یان شێوەی پێشوو، پێشین، پێشوو، پێش‌تر 3 (predecessors) پێشینیان، باووباپیران ◇ 1 متصدی قبلی 2 صورت قبلی 3 (در جمع) اسلاف

predella /prɪ'delə/ *noun*

1 سەکۆ یان هەرزاڵەی خوارمێحراب 2 رەفحەی دەرپەڕیوی ژوور مێحراب 3 پەیکەر یان وێنەی ژوور رەفحە ◇ پردلا

predestinarian /prɪˌdestɪ'neːrɪən/ *adjective, noun*

چارەنووس‌باوەڕ، جەبرباوەڕ ◇ تقدیرگرا

predestinarianism *noun*

چارەنووس‌باوەڕی، باوەڕ بە قەزا و قەدەر ◇ تقدیرگرایی

predestinate /ˌprɪː'destɪneɪt/ *adjective*

خودانووسیو، لەوەپێش‌دیاری‌کراو، چارەلێدراو، چارەنووس‌لێدراو، ناوچاوان‌واهێناو ◇ مقدر

predestinated /ˌpriːˈdestɪnd/ *adjective*
خودانووسیو، لەوەپێش دیاری کراو، چارەنووس لێدراو، ناوچاوان‌واهێناو: *It seems she was predestined to be famous* ◊ مقدر

predestination /ˌpriːdestɪˈneɪʃn/ *noun*
جەبر، چارەنووس‌باوەڕی، چارەنووس، ناوچاوان، خودانووس، قەزا و قەدەر ◊ جبر، تقدیر

predeterminate /ˌpriːdɪˈtɜˈmənɪt/ *adjective*
خودانووسیو، لەوەپێش‌نووسراو، لەوەپێش دیاری کراو، چارەنووس لێدراو، ناوچاوان‌واهێناو، پێشەکی بڕیاردراو ◊ مقدر

predetermination /ˌpriːdɪtɜːmɪˈneɪʃn/ *noun*
لەوەپێش‌دیاری‌کردن، چارەنووس، خودانووس، قەزا و قەدەر ◊ تعین قبلی، تقدیر

predetermined *adjective*
خودانووسین، لەوەپێش‌نووسراو، لەوەپێش دیاری کراو، چارەنووس لێدراو، ناوچاوان‌واهێناو، پێشەکی بڕیاردراو: *An alarm sounds when the temperature reaches a -redetermined level* ◊ مقدر، از پیش تعیین‌شده

predeterminer /ˌpriːdɪˈtɜːmɪnə(r), US -ˈtɜːrm-/ *noun*
(ڕێزمان) وشەی پێش‌نێو، پێش‌دیتێرمینێر ◊ وابسته به نخستین

predial /ˈpriːdɪəl/ *adjective, noun*
adj 1 سەربە زەوی‌وزار، زەوی‌وزاری، زەمینی، زەوی‌یانە 2 کێلگەیی، کشت‌وکالی 3 لادێیی، جووت‌بەندەیی *n* کۆیلەی کێلگەیی یان کشت‌وکالی ◊ *adj* 1 ارضی 2 زارعتی 3 روستایی *n* بردەی زراعتی

predicability /ˌpredɪkəˈbɪlətɪ/ *noun*
لەدانەپاڵ‌هاتوویی ◊ قابلیت اسناد

predicable /ˈpredɪkəb(ə)l/ *adjective, noun*
adj (ڕێزمان) لەدانەپاڵ‌هاتوو، دەدرێتە پاڵی *n* پاڵدراو، نیهاد، پریدیکەیبل ◊ *adj* قابل اسناد *n* مسند، گزارە، محمول

predicament /prɪˈdɪkəmənt/ *noun*
1 گێچەڵ، گیروگرفت، تەنگژە، بارودۆخی ناخۆش یان دژوار، چەرمەسەری، تەنگ‌وچەڵەمە 2 دەستە، بابەت، پۆل ◊ 1 مخمصە، وضعیت نامطلوب 2 مقولە

predicate /ˈpredɪkət/ *noun, adjective*
n 1 (ڕێزمان) پاڵدراو، گوزارە، ڕاگەیاندە؟، پریدیکێت: بەشێ لە ڕستە یان لاڕستەیێ کە شتێکی دەربارەی کاراوە subject دەردەبڕێ (یان دەگێڕێتەوە) کە زۆرتر کاری verb تیایە (یان بەبێ بەرکار object، تەواوکەر complement یان واتاگۆڕی ئاوەڵکاری adverbial modifier وەک *John went home*) 2 (لۆژیک) پریدیکێت *adj* دراوەپاڵ، نیهادی: *predicate adjective*، *predicate noun* (لە لاتین *praedicatum* "شتێکی ڕاگەیێنراو") ◊ *n* 1 گزارە، خبر 2 محمول *adj* گزارەای

predication /ˌpredɪˈkeɪʃn/ *noun*
1 (ڕێزمان) دانەپاڵ، ڕاگەیاندەگەری؟، خستنەپاڵ 2 (لۆژیک) پریدیکەیشن ◊ 1 (دستور زبان) اسناد، گزارەپردازی 2 (منطق) حمل

predicative /prɪˈdɪkətɪv, US ˈpredɪkeɪtɪv/ *adjective*
(ڕێزمان) پاڵدراو، پاڵخراو، نیهادی، گوزارەیی (وەک *old* لە *the dog is old* نە *the old dog*؛ بڕوانە attributive) ◊ گزارەای، خبری، اسنادی

predicative adjective *noun*
(ڕێزمان) ئاوەڵناوی نیهادی یان پاڵدراو، ئاوەڵناوی ناڕاستەوخۆ یان گوزارەیی ◊ صفت گزارەای یا مسندی

predicatively /prɪˈdɪkətɪvli, US ˈpredɪkeɪtɪvli/ *adverb*
پاڵدراوانە، بە شێوەیەکی پاڵخراو یان نیهادی، گوزارەیی‌یانە ◊ بە طور اسنادی

predicatory /ˈprɪdɪkətɔːrɪ/ *adjective*
ئامۆژگاری‌یانە، سەربە یان پێوەندی بە preaching ـەوە هەیە ◊ وعظی

predictability /prɪˌdɪktəˈbɪləti/ *noun*
لەپێش‌بینی‌هاتوویی، پێش‌بینی‌کراویی، لەپێش‌زانی‌هاتوویی، لەوەپێش‌زانراوی، پێش‌بینی دەکرێ ◊ قابلیت پیش‌بینی

predictable /prɪˈdɪktəbl/ *adjective*
1 لەپێش‌بینی‌هاتوو، پێش‌بینی کراو، لەپێش‌زانی‌هاتوو، لەوەپێش‌زانراو 2 کلیشەیی، هەرئەوەیی ◊ 1 قابل پیش‌بینی 2 قالبی

predictable behaviour *noun*
هەڵس‌وکەوت یان ڕەفتاری لەوەپێش‌زانراو یان لەپێش‌بینی‌هاتوو ◊ رفتار قابل پیش‌بینی

predictably /-əbli/ *adverb*
لەپێش‌بینی‌هاتووانە، لەپێش‌زانی‌هاتووانە، وەکوو چاوەڕوان دەکرا: *Prices were predictably high* ◊ بە طور قابل پیش‌بینی

predictable results *noun, pl.*
ئەنجامە لەوەپێش‌زانراو یا پێش‌بینی‌کراوەکان ◊ نتایج قابل پیش‌بینی

prediction /prɪˈdɪkʃn/ *noun*
پێش‌بینی، کاشکی، پێش‌زانی، پێش‌گۆیی، لەوەپێش‌زانی، غەیب‌زانی: *Skilled readers make use of context and prediction* ◊ *The results of the experiment confirmed our -edictions* ◊ پیش‌بینی، غیب‌گویی

predictive /prɪˈdɪktɪv/ *adjective*
پێش‌زانی‌یانە، پێش‌بینی‌یانە، سەربە پێش‌زانی، سەربە پێش‌گۆیی، پێش‌گۆیانە: *the predictive*

⬡ (predictively *adv*) *power of science* غیب‌گویانە، وابستە بە غیب‌گویی

predictor /prɪˈdɪktə(r)/ *noun*
پێش‌بین، پێش‌زان، پێش‌گو ⬡ غیب‌گو

predigested /ˌpriːdaɪˈdʒestɪd/ *adjective*
(خۆراک) سووک، زووهەرس، زووحەل، ئاسان‌هەرس، زووهەڵتاواو ⬡ زودهضم

predigestion *noun*
سووکی، زووهەرسی، ئاسان‌هەرسی، زووحەلی، زووهەڵتاواوی ⬡ زودهضمی

predikant /ˌprɛdɪˈkant, US ˌprɪədə-/ *noun*, also predicant
(ئەفریکای باشووری) وەزیری کلێسەی ریفۆرمیدی هولەندی the Dutch Reformed Church ⬡ پریدیکانت

predilection /ˌpriːdɪˈlekʃn, US ˌpredlˈek-/ *noun*
مەیل، حەز، ئارەزوو، ئیشتیا، تاسە، تامەزرۆیی، سەوداسەری: *an artist with a predilection for bright colours* ⬡ تمایل، اشتیاق، شیفتگی

predisposed *adjective*
پێخۆش‌بوو، بەتاسە، هۆگر، تامەزرۆ، بەئیشتیا، ئامادە، پێکەوتوو ⬡ علاقەمند، مستعد

predisposition /ˌpriːdɪspəˈzɪʃn/ *noun*
داشکانەوە، مەیل، حەز، ئارەزوو، ئیشتیا، تاسە، هۆگری، تامەزرۆیی، ئامادەیی، پێکەوتوویی ⬡ گرایش، علاقە، استعداد

prednisolone /prɛdˈnɪsələʊn/ *noun*
(پزشکی) پریدنیسلۆن: ستیرۆیدێکی پێکهێنراو یان سینتێتیک کە شێوەی پریدنیسۆن دەدا، glucocorticoid ی $C_{21}H_{28}O_5$، ب.ت. وەک دەرمانێکی دژەئاوسان بەکاردێت ⬡ پردنیسولون

prednisone /ˈprɛdnɪzəʊn/ *noun*
(پزشکی) پریدنیسۆن: دەرمانێکی پێکهێنراو کە شێوەی کۆرتیزۆن cortisone دەدا، گلوکۆکۆرتیکۆیدی $C_{21}H_{26}O_5$، بە شێوە حەب هەیە و زۆرتر بۆ تیمارکردنی پێنەکەوتەیی allergy و نەخۆشییەکانی خۆبارێز auto-immune و هێندێ شێرپەنجە بەکاردێت ⬡ پردنیسون

predominance /prɪˈdɒmɪnəns, US -ˈdɑːm-/ *noun*
1 زۆری، فرەیی، زۆرتری، پتری 2 بەسەرداشکانەوە، زاڵی، سواری، باڵادەستی، سەردەستی، سەرکەوتوویی، دەس‌ڕۆیشتوویی، بەهێزتری، دەسەڵات 3 سەرتری، لەسەرتربوون، بەرزیتی، بەرجەستەیی ⬡ 1 کثرت 2 تفوق، چیرگی، سلطە 3 برجستگی

predominant /prɪˈdɒmɪnənt, US -ˈdɑːm-/ *adjective*, also -ominate
1 بەرز(ترین)، دیار(ترین)، بەرچاو، زاڵ، سوار، سەرکەوتوو، باوسەندوو، بەسەرداشکاو، سەردەست، باڵادەست، سەرتر، دەس‌ڕۆیشتوو(ترین)، بەدەسەڵات(ترین)، بەهێز(ترین) 2 زۆرتر، پتر، فرەتر، زیاتر 3 گرنگ، پێشەم، سەرەکی، بنچینەیی، بنگەهی، بنەڕەتی ⬡ 1 برجستە، مسلط، غالب، مقتدر 2 بیش‌تر 3 مهم، عمدە، بنیادی

predominantly /prɪˈdɒmɪnəntli, US -ˈdɑːm-/ *adverb*
زالانە، سەردەستانە، زۆرتر، پتر، زۆربە: *She works in a predominantly male environment* ⬡ بە طور مسلط، عموماً

predynastic /ˌpriːdɪˈnastɪk, US -daɪ-/ *adjective*
پێش‌بەرەیی: سەربە قۆناخی بەرلە بەرە ئاسراوەکان، ب.ت. لە میسری کۆندا پێش 3000 ساڵ پێش‌زایین ⬡ پری‌دیناستیک

pre-eclampsia *noun*
پێش کرژبوونی زگپڕی ⬡ قبل از تشنج آبستنی

pre-eclamptic *adjective*
سەربە پێش کرژبوونی زگپڕی ⬡ وابستە بە قبل از تشنج آبستنی

pre-embryo *noun*
ماوەی پێش‌ئاوڵمەیی، قۆناخی بەرلەکۆرپەلەیی ⬡ مدت قبل از جنینی

pre-embryonic *adjective*
پێش‌ئاوڵمەیی، بەرلەکۆرپەلەیی ⬡ قبل از جنینی

preemie /ˈpriːmi/ = premature baby

pre-eminence /ˌpriː ˈemɪnəns/ *noun*, also pre-eminency
بەسەرداشکانەوە، زاڵی، باڵادەستی، باوسەندن، لەسەرەوەبوون، سەردەستی، سەرکەوتوویی، بەهێزتری، دەس‌ڕۆیشتوویی، بەدەسەڵات(تر)ی، سەرتری، لەسەرتربوون، بەرگشتی، بەرزیتی، بەرجەستەیی: *to achieve pre-eminence in public life* ⬡ تفوق، برتری، چیرگی، سلطە

pre-eminent /ˌpriː ˈemɪnənt/ *adjective*
بەرز، دیار، سەرتوپ، بەرگشت، باش(تر)، گرنگ(تر)، لەسەرتر، لەبان‌تر، هەڤیاز، سەرکەوتووتر، گەورەتر، باوسەندووتر: *a pre-eminent example of the artist's work* ⬡ برجستە، سرآمد، ممتاز، عالی

pre-eminently *adverb*
زۆرتر، پتر، زۆربە ⬡ عموماً

pre-emption /priˈempʃn/ *noun*
1 مافی لەپێشەوەبوونی کڕین، مافی پێش‌کڕین، مافی پێشکەوتن 2 دەس‌پێشخەری لە کڕیندا 3 نەهێشتن، بەرگرتن، ڕێگرتن، بەرگیری ⬡ 1 حق شفعە 2 پیش‌دستی در خرید 3 ممانعت

pre-emptive /priˈemptɪv/ *adjective*
1 ڕێ(لێ)گرانە، پێش‌گیرانە، نەهێشتوانە: *a pre-emptive attack/strike on the military*

base 2 سەربە مافی لەپێشەوەبوونی کڕین یان پێش‌کڕین 3 دەس‌پێشخەرانە ◌ 1 بازدارنده 2 وابسته به حق شفعه 3 پیش‌دستانه

pre-emptive right *noun*
مافی لەپێشەوەبوونی کڕین، مافی پێش‌کڕین، مافی پێشکەوتن ◌ حق شفعه

pre-emptor /ˌpriː ˈemptə(r)/ *noun*
دەس‌پێشخەر بۆ کڕین، لەپێشەوەکڕ، دەس‌بەسەراگر لە پێش خەڵکەوە ◌ شافع

pre-engaged /ˌpriː ɪnˈgeɪdʒd/ *adjective*
پێشەکی بەڵێنی‌داو ◌ دارای تعهد قبلی

pre-engagement *noun*
پێشەکی بەڵێنی‌دان، بەڵێنی‌دانی لەوەپێش ◌ تعهد قبلی

preen gland *noun*
لوو یا رژێنەی بن‌کلکی یا بن‌کلک، لە بن کلکی باڵندە ◌ غدەی دم‌کفلی

pre-exillic *adjective*, also pre-exillian
(مێژووی جوولەکە) سەربە سەردەمی بەرلە دیلێتی لە بابلدا ◌ وابسته به قبل از اسارت یهود در بابل

pre-existence /ˌpriː ɪgˈzɪstəns/ *noun*, also preexistence
بێ‌سەرەتایی، بوونی پێشین یان پێش‌تر، پێش‌بوون، لەوەپێش‌بوون (ب.ت. ئەو دەمەی کە گیان زووتر بچێتە نێو لەشەوە)، پێش‌تربوون ◌ ازلیت، وجود پیشین، تقدم وجود

pre-existent /ˌpriː ɪgˈzɪstənt/ *adjective*, also preexistent
بێ‌سەرەتا، پێش‌بوو، لەوەپێش‌بوو، پێشەکی‌بوو؛ پێش‌تربوو ◌ ازلی

pref. = preface

prefab /ˈpriːfæb/ *noun*
ماڵی پێشکرد، خانووی لەوەپێش‌دروس‌کراو ◌ خانەی پیش‌ساخته

prefabricated /ˌpriːˈfæbrɪkeɪtɪd/ *adjective*
(ب.ت. خانووبەرە) پێش‌ساختە، پێشکرد، لەوەپێش‌دروس‌کراو: *-abricated houses were quickly put up after the war* ◌ پیش‌ساخته

prefabrication /ˌpriːfæbrɪˈkeɪʃn/ *noun*
پێشکردی، پێش‌سازی، لەوەپێش‌دروست‌کردن، زووترسازکردن: *-ation was the solution for widespread overcrowding* ◌ از قبل‌سازی

preface /ˈprefəs/ *noun*
1 (کتێب و هتد) پێشەکی، پێش‌گوتن، سەرەتا، پێش‌وتار، پێشینە 2 (وتاردان) پێشەکی، پێش‌وتار، سەرەتا، بەرایی، دەسپێک 3 = approach، preliminary ◌ 1 پیش‌گفتار 2 (سخن‌رانی) مقدمه

prefatory /ˈprefətri, US -tɔːri/ *adjective*, also prefatorial
سەرەتایی، بەرایی، دەسپێکی ◌ مقدماتی

prefect /ˈpriːfekt/ *noun*
1 (پۆل) پۆلەوان، چاودێر، گەورەی پۆل 2 (ب.ت. لە فەرەنسە و ژاپۆن) سەرۆک 3 سەرۆکی پۆلیسی فەرەنسی 4 سەرکردە، فەرماندەر یان کاربەدەستی بەرزی لە دنیای رۆمی کۆندا ◌ 1 مبصر 2 رئیس 3 رئیس پلیس فرانسه 4 فرمانده، مأمور بلندپایه

prefectoral /ˌprɪːˈfectʃərəl/ *adjective*, also prefectorial /ˌprɪːˈfecˈtɔːrɪəl/
بەڕێوەبەرێتی ◌ پرفکتورال، اداری

prefectural *adjective*
بەڕێوەبەری، کارگێڕی، سەربە پایە یان سەردەمی سەرکردایەتی ◌ اداره، وابسته به مقام یا دورەی ریاست

prefecture /ˈpriːfektʃə(r)/ *noun*
بەڕێوەبەری، کارگێڕی ◌ اداره

preferability /ˌprefrəˈbɪlətɪ/ *noun*
لەسەرتربوون، پەسندبوون، چاک‌تربوون، باش‌تربوون، بەسەرداشکانەوە ◌ ارجحیت

preferable /ˈprefrəbl/ *adjective*
لەسەرتر، پەسندتر، چاک‌تر، باش‌تر، بەسەرداشکاوە ◌ ارجح، بهتر

preferably /ˈprefrəblɪ/ *adverb*
وام پێ باش‌ترە کە، باش‌ترە کە، لەسەرترانە: *We're looking for a new house, preferably one near the school* ◌ ترجیحاً

preference /ˈprefrəns/ *noun*
1 بەباش‌ترزانین، پەسندکردن، بەچاک‌تردانان، سەرتری، لەسەرتربوون، بەسەرداشکانەوە، لەپێشەوەبوون، لەپێش‌تربوون، لەپێش‌تری 2 مافی لەپێش‌بوون 3 جیاوازی‌دانان، فەرق‌دانان 4 مەیل، پێخۆش‌بوون، ئێشتیا ◌ 1 ترجیح، رجحان، اولویت 2 حق تقدم 3 تبعیض 4 میل

preference shares *noun, pl.* , also preference stocks (US preferred shares or stocks)
پشک یان بەشە لەپێش‌ترەکان، پشک یان بەشە باش(تر)ەکان، پشک یان ستاکە لەسەرترەکان ◌ سهام مقدم یا ممتاز

preferent /ˈprefrənt/ *adjective*
لەپێش‌تر، پێش‌تر، لەسەرتر ◌ مقدم

preferential /ˌprefəˈrenʃl/ *adjective*
1 چاک‌تر، باش‌تر، لەپێش‌تر، تایبەتی، بەلاداشکانەوەیی: *a preferential primary* 2 جیاوازی‌دانەرانە، سەربە جیاوازی‌دانان ◌ 1 ترجیحی 2 تبعیضی

preferentially /-ʃəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی باش‌تر یان لەپێش‌تر، جیاوازی‌دانەرانە ◌ به طور ترجیحی یا تبعیضی

preferment /prɪˈfɜːmənt, US ˈfɜːrm-/ *noun*
(فەرمی) 1 بردنەسەرەوە، پێش‌خستن،

2 promotion بەرزترکردنـەوە، سەرخـستن، مـافی لەپێشـەوەبوون، مـافی لـە سـەرەتاوەبوون، مافی لەپێش‌تربوون ۞ 1 ترفیع 2 حق اولویت

preferred *adjective*
لەپێش‌تر، چاک‌تر، باش‌تر، پەسند ۞ مرجح، مقدم

preferred stocks = US term preference shares

prefiguration /ˌpriːˈfɪɡəreɪʃn/ *noun*
1 (لەوە)پێش‌نواندن 2 لەوەپێش هێنانەبەرچاو، لەوەپێش‌وازانین، لەوەپێش‌وادانان ۞ 1 نمـایش قبلی 2 تصور قبلی

prefigurement = prefiguration

prefix /ˈpriːfɪks/ *noun*, also prefixion /priːˈfɪkʃn/
1 پێشگر، پێشبەند 2 سەرناو (*Dr, Mrs* و هتد)
۞ 1 پیشوند 2 عنوان

prefixion /priːˈfɪkʃn/ *noun*, also prefixture
پـێش‌خـستن، خـستنەپێش، لەپێـشـەوەدانان، دەسپێک(ردن) ۞ جلواندازی، شروع

preformation /ˌpriːfɔːˈmeɪʃn/ *noun*
پێکهـاتنی لـەوەپێش، پـێش‌ترپێکهـاتن، پێش‌پێکهاتی ۞ تکون قبلی

pregenital *adjective*
(گیانەوەرناسـی) هەڵـکەوتوو لـە پێـشـەوەی ناوچەی زاوزێ ۞ واقع در جلو ناحیەی تناسلی

preggers = pregnant

preglacial /priːˈɡleɪʃl/ *adjective*
سـەربە سـەردەمی پـێش سـەهۆڵبەنـدان، پێش‌بەستەڵەکی ۞ وابسته به عصر قبل از یخبندان

pregnability /ˌpreɡnəˈbɪləti/ *noun*
لەگرتن‌هاتوویی، ناتۆکمەیی، زووگیراوی، سستی ۞ تسخیرپذیری

pregnable /ˈpreɡnəbl/ *adjective*
لەگرتن‌هاتوو، ناتۆکمە، ناقایم، زووگیراو، سست ۞ تسخیرپذیر

pregnancy /ˈpreɡnənsi/ *noun*, *pl.* pregnancies
سـکپڕی، زگپـڕی، نیوەشـەی، دووگیـانی، پ(ڕ)تـشتی، ئاوسـی، ئـاوس‌بـوون: ۞ *unplanned/unwanted pregnancies* حاملگی، بارداری

pregnancy test *noun*
تاقی‌کردنەوەی سکپڕی ۞ تست بارداری

pregnant /ˈpreɡnənt/ *adjective*
1 سکپڕ، زگپڕ، دووگیان، پ(ڕ)تشت، بتشت، ئاوس 2 پڕ، سەرڕێژ، لێوڕێژ، دارماڵ 3 واتادار، بەمەعنی، پڕواتا، شاراوە، بەدیارنەخستوو: *a pregnant pause* ۞ 1 آبستن، باردار 2 سرشار، مملو 3 پرمعنی

pregnantly /ˈpreɡnəntli/ *adverb*
سکپڕانە ۞ به طور باردار

preheated *adjective*
گەرم‌بوو، کوڵاو، بەکوڵ‌هاتوو ۞ داغ‌شده

prehensility /prɪːheˈnsɪləti/ *noun*
لێ‌گیرکەری، بگری، گیرکەری، گیرنی، توانایی گرتن یان لێ‌گیرکردن، بگیری، گرۆکی ۞ قوەی قبض

prehensile /prɪˈhensaɪl, US -sl/ *adjective*, also prehensive
لێ‌گیرکەر، شت‌گر، گیرکەر، بگر، بگیر، گیرن، گرۆک ۞ دارای قوەی قبض

prehension /ˈpriːhenʃn/ *noun*
1 (گیانەوەرناسـی و کارنەنـدامناسـی) گـرتن، وەرگـرتن 2 تێگەیـشتن، پـێ‌زانـین، پـێ‌بـردن، 3 comprehension قەبزی، گیری، سک‌گیری ۞ 1 اخذ 2 فهم، ادراک 3 قبض

prehistorian /ˌpriːhɪˈstɔːrɪən/ *adjective*
پێش‌مێژوونووس، مێژوونووسی پێش‌مێژوو ۞ تاریخ‌نگار ماقبل تاریخ

prehistoric /ˌpriːhɪˈstɒrɪk, US -ˈstɔːr-, -ˈstɑːr-/ *adjective*
1 پێش‌مێژوو(یی)، پێش‌دیرۆکی 2 یەکجار کۆن، هی سەردەمی دەقیانووس ۞ 1 ماقبل تـاریخی 2 بسیار قدیمی

prehistory /ˌpriːˈhɪstri/ *noun*
1 سـەردەمی بەرلـە مێـژوو، لێکۆڵـینەوەی سەردەمی پێش‌مێژوو یان بەرلە مێژوو 2 قۆناخە سەرەتاکان (ی پەرەسـەندنی شتێ) ۞ 1 دورەی پیش از تاریخ، مطالعـەی دورەی پـیش از تـاریخ 2 مراحل نخستین

pre-human *adjective, noun*
adj پێش(دەرکـەوتن یـان پەیدابوونی)مرۆڤ *n* شێوەی سەرەتایی جۆری مرۆڤ ۞ *adj* قبـل از انسان *n* صورت ابتدایی نوع انسان

pre-ignition *noun*
پێش‌سووتان ۞ پیش‌احتراق

pre-industrial *adjective*
پێش‌پیشەسازی ۞ پیشاصنعتی

prejudgement *noun*
زووبـڕیاردان، زوودادوەریکـردن، زوودادگەری‌کردن ۞ پیش‌داوری

prejudice /ˈpredʒudɪs/ *noun*
1 زووبـڕیاردان، زوودادوەریکـردن، زوودادگـەری‌کـردن 2 دەمـارگرژی 3 جیاوازی‌دانان، فـەرق و جـودایی تێ‌خـستن 4 غەرەز، بوغز، بۆچوونی خراپ 5 لایەنگری، ئالیگری، لاگری 6 زیان، زەرەر، زەربە، گورز ۞ 1 پیش‌داوری 2 تعصب 3 تبعیض 4 غـرض 5 جانب‌داری 6 لطمه

prejudiced /ˈpredʒədɪst/ *adjective*
دەمارگرژ، لاگرانە، کینەگیرانە، کینەگیر، لاگر، رق‌لێ‌سو(و)او، بوغزاوی ۞ متعصب، مغرضـانه،

مغرض، سوگیر

prejudicial /ˌpredʒuˈdɪʃl/ *adjective*
زیانـاوی، پـرزەرەر، زەربەوەشێن، گوززلێدەر، خراپ ◌ مضر، زیانبخش

prejudicially /ˌpredʒuˈdɪʃli/ *adverb*
بــە شــێوەیەکی زیانــاوی، زەربەوەشــێنانە، پرزەرەرانە ◌ مضرانە

prelacy /ˈpreləsi/, *pl.* prelacies = prelature

prelapsarian /ˌpriːlapˈsɛːrɪən/ *adjective*
1 بەرلە داکەوتنی مرۆڤ 2 بێ‌گوناهـ ◌ 1 قبل از هبوط انسان 2 معصوم

prelate /ˈprelət/ *noun*
(کۆن و فەرمی) گەورەقەشە، سەرقەشە، ئۆسقوف، قەشەیێکی پایەبەرز (prelatic /prɪˈlatɪk/ *adj*؛ prelatic /prɪˈlatɪk(ə)l/ *adj*) ◌ اسقف

prelatism *noun*
گەورەقەشـەیی، سەرقەشـەیی، لایـەنگری لـە سەرقەشەکان ◌ اسقفی، جانب‌داری از اسقف‌ها

prelature /ˈprelətʃə(r)/ *noun*
1 حکومــەتی پیــاوانی ئــاینی، دەســەلاتی سەرقەشــە یــان گەورەقەشــە 2 پلەوپایــەی سەرقەشەکان، سەردەمی سەرقەشەیێتی 3 گەل یان کۆمەڵی سەرقەشەکان ◌ 1 قدرت اسقف 2 مقام اسقفی، دورەی اسقفی 3 گروه اسقفان

prelection /preˈlekʃn/ *noun*
وتاردان، قسەکردن، قسەگەری ◌ سخنرانی

prelector *noun*
وتاردەر، قسەگەر ◌ سخنران

prelibation /ˌpriːlaɪˈbeɪʃn/ = foretaste

prelim /ˈpriːlɪm, US prɪˈlɪm/ *noun*
1 تـاقیکـاری سـەرەتایی 2 خـول یـان گـەڕی سـەرەتایی 3 (prelims) لاپـەڕە سـەرەتاکان، لاپەڕەکانی پێش دەق ◌ 1 امتحان مقدماتی 2 دور مقدماتی 3 (در جمع) صفحات نخست

preliminarily /prɪˌlɪmɪˈnərɪli, US -ˈnerɪli/ *adverb*
لە سەرەتادا، بە شێوەیەکی سەرەتایی ◌ مقدماً، به طور مقدماتی

preliminary /prɪˈlɪmɪnəri, US -neri/ *adjective, noun, pl.* -eliminaries
adj سەرەتایی، بەری، بەرایی: *preliminary pilot* ◊ *preliminary results* ◊ *studies*
n studies preliminary to a full-scale study
1 کـردەوە یـان کـاری سـەرەتایی، (پێشبڕکێ) خولی سەرەتایی، گەڕ یان پێشبڕکێی سەرەتایی، سووری بەرایی (بۆ لابردنی تیم یان یاریزانە لاوازەکـان) 2 (preliminaries) سـەرەتاکان، نوخشـە، کـردەوە سـەرەتاییـەکان، پێشبڕکێ سـەرەتاییـەکان ◌ *adj* مقـدماتی *n* 1 اقـدام مقـدماتی، دور مقـدماتی، دورەی مقـدماتی 2 (در جمع) مقدمات، اقدامات یا مسابقات مقدماتی

prelinguistic *adjective*
پێش‌زمانی ◌ پیش‌زبانی

preliterate *adjective*
(کۆمەڵـگا یــان چانــدی culture) پێش‌خوێندەواری ◌ پری‌لیترایت

pre-loved = second-hand

prelude /ˈpreljuːd/ *noun*
1 دەسپێک، پێشینە، سەرەتا 2 پێشەکی (پارچە موسیقایەکی کورت لە هەمان جۆر) ◌ 1 مقدمە 2 پیش‌درآمد

preludial /preˈluːdɪəl/ *adjective*
سەرەتایی، بەرایی ◌ مقدماتی

prelusion /prɪluːʒən/ *noun*
دەسـپێک، پێشـینە، سـەرەتا، پێشـەکی، prelude، introduction ◌ مقدمه، درآمد

prelusive /prɪˈluːsɪv/ *adjective*, also prelusory
سـەرەتایی، بـەراهی، introductory (prelusively *adv*) ◌ مقدماتی

premarital /ˌpriːˈmærɪtl/ *adjective*
پێش‌ژن‌ومێردایەتی ◌ قبل از زناشویی

premature /ˈpremətʃə(r), US ˌpriːməˈtʃʊr, -ˈtʊr/ *adjective*
1 پێش‌وەخت، ناوەخت، بێ‌وەخت، پێش وەختی خۆی، زووگەیشتوو، پێنەگەیو، کاڵ، زووبوو، زوولەدایک‌بوو، نەبەکام، نەوەکام، خۆنەگرتوو: 3 بە پەلە، خێرا، دەستوبرد *premature babies* ◌ 1 زودرس، نابهنگام 2 عجولانه

prematurely /ˈpremətʃəli, US ˌpriːməˈtʃʊrli, -ˈtʊrli/ *adverb*
پێش لە وەختی خۆی، پێش‌وەخت، پێنەگەیوانە ◌ به طور زودرس

prematurity /ˌpriːməˈtjʊrɪtɪ/ *noun*, also prematureness
پێش‌وەختی، ناوەختی، بێ‌وەختی، پێش وەختی خۆی‌بوون، زووگەیشتوویی، پێنەگەیویی، کاڵی، زووبوویی، زوولـەدایک‌بـوویی ◌ زودرسـی، نابهنگامی

premaxilla *noun, pl.* premaxillae
(توێکـاری) پـێش‌شـەویلکەی سـەروو یـان ژووروو: هەردوو ئێسکی شەویلکەی سەرووی بڕبڕەداران کە لە پێشەوە و نێوان ئێسکەکانی شـەویلکە maxillary bones هـەڵکەوتـووە (premaxillary *adj*: هەڵکەوتوو لە پێشەوەی شەویلکە، پێش‌شەویلکەیی) ◌ پیش‌آروارەی بالا

premedical *adjective*
پێش‌پزشکی ◌ پری‌مدیکال

premeditated /ˌpriːˈmedɪteɪtɪd/ *adjective*
1 بە مەبەست، بە ئانقەست، دانستە، لە رووی ئاگـاداریـیـەوە 2 لـەوەپێش‌ئامـادەکراو، پێشەکی‌پلان‌رێژکراو، بەرنامە(بۆ)داڕێژراو ◌ 1

عمدی 2 قبلاً تدارک دیده‌شده

premeditated attack *noun*
هێرشی بەمەبەست یا بەئانقەست ۞ حملەی عمدی

premeditated murder *noun*
کوشتنی بەمەبەست یان لە رووی ئاگاداری‌یەوە ۞ قتل عمدی

premeditation /ˌpriːˌmedɪˈteɪʃn/ *noun*
1 تێرامانی پێش‌تر، زووتربیر(لێ)کردنەوە، پێشەکی‌بڕیاردان، بڕیاردانی پێشوو یان پێش‌وەخت 2 لە رووی ئاگاداری‌یەوە، لە رووی مەبەستەوە، بە ئانقەست، نیاز ۞ 1 تفکر قبلی، تصمیم نابهنگام 2 عمد، قصد

premenopausal /priːˌmenəˈpɔːz(ə)l/ *adjective*
پێش(لە)ژگ‌چوونەوەیی ۞ پیش از یائسگی

premenstrual /ˌpriːˈmenstruəl/ *adjective*
پێش‌بێ‌نوێژی، بەرلە بێ‌نوێژی ۞ پیش از قاعدگی

premenstrual syndrome = premenstrual tension

premenstrual tension *noun*
گرژی یان گرژبوونی پێش‌بێ‌نوێژی ۞ تنش پیش از قاعدگی

premier[1] /ˈpremiə(r), US prɪˈmɪr, -ˈmjɪr/ *adjective*
1 بنەرەتی، بنچینەیی، بناخەیی، بنگەهی، سەرەکی، گرنگ‌ترین، گەورەترین، مەزن‌ترین 2 یەکەمین، سەرەتاترین؛ یەکەمین لە کات‌دا، earliest ۞ 1 اصلی، عمده، مهم‌ترین 2 نخستین

premier[2] /ˈpremiə(r), US prɪˈmɪr, -ˈmjɪr/ *noun*
سەرۆک‌وەزیر، سەرەوەزیر، سەرشالیار، سەرۆک‌شالیار ۞ نخست‌وزیر

premier cru /ˌpremɪə ˈkruː, French pʀəmje kʀy/ *noun, pl.* premiers crus pronunc. same
(زۆرتر لە فەرەنسە) مەیێ کە پلەیێ خوارتر لە grand cru بێ (بڕوانە grand cru) ۞ نوعی شراب

première /ˈpremieə(r), US prɪˈmɪr, -ˈmjɪr/ *noun*
(فیلم، شانۆ و هتد) پیشان‌دانی شەوی یەکەم، نواندنی سەرەتا یان یەکەم ۞ نمایش شب اول

premiership /ˈpremiəʃɪp, US prɪˈmɪrʃɪp, -ˈmjɪr-/ *noun*
1 کار یان پلەوپایەی سەرۆک‌وەزیری 2 سەردەم یان سەروبەندی سەرۆک‌وەزیری ۞ 1 مقام نخست‌وزیری 2 دورەی نخست‌وزیری

premillenarian *noun*
پێش‌هەزارەیی‌باوەڕ ۞ پری‌میلینارین

premillennial *adjective*
پێش‌هەزارەیی (سەربە سەردەمی پێش هەزارەی بەختەوەری) ۞ پری‌میلنیال

premillennialism *noun*
پێش‌هەزارەباوەری ۞ پری‌میلنیالیسم

premise /ˈpremɪs/ *noun*
1 (لۆژیک) پێشەکی 2 وادانان، گریمانە ۞ 1 (منطق) مقدمە 2 فرض، فرضیە

premises /ˈpremɪsɪz/ *noun, pl.*
1 خانووبەرە، خانە (و زەوی‌وزار و خانووەکانی دەوروبەری‌یەوە) 2 (ماف) پێشەکی قەبالە (ملک) ۞ 1 ساختمان و اراضی تابعە 2 (حقوق) مقدمەی سند ملکی

premiss = premise

premium /ˈpriːmiəm/ *noun, adjective, pl.* premiums
n حەقی بیمە، زێدەبایی، بەهای زیادی، خەلات، سەرمووچە، نرخ، بایی، بوها، بەها، گرنگی، گرنگایەتی *adj* زیادی، گران‌تر، زۆرتر، سەرتر ۞ *n* حق بیمە، مبلغ اضافی، جایزە، مزایا، ارزش، اهمیت *adj* اضافی، بیش‌تر

Premium Bonds *noun, pl.* also Premium Saving Bond
بۆندەکانی بە خەلاتەوە ۞ اوراق قرضە

premix *noun*
مەتریالی پێشەکی تێکەڵ‌کراو یان تێکەوەدراو ۞ پریمیکس

premodifier *noun*
(رێزمان) پێش‌ناوەڵناو ۞ پیش‌صفت

premolar /priːˈməʊlə(r)/ *noun, adjective,* also premolar tooth
ددانی پێشەخرێ، ددانی پێشەهارەر، پێشەهارەر ۞ دندان آسیای کوچک

premonition /ˌpriːməˈnɪʃn, US ˌprem-/ *noun*
1 پێشەکی ئاگادارکردنەوە 2 دڵ‌لێدان، لەدڵ‌چەقین، دڵەتەپە، دەلیل‌لەدڵ‌دان، دڵەکوتە ۞ 1 اخطار قبلی 2 دلشورە

premonitor *noun*
پێشەکی‌ئاگادارکەرەوە ۞ از قبل اخطارکنندە

premonitory /prɪˈmɒnɪtəri, US -ˈmɑːnɪtɔːri/ *adjective*
1 پێشەکی‌ئاگادارکەرەوە 2 نگریس، بێ‌ودم، بێ‌فەر، سەرەخۆرە، بێ‌رەش ۞ 1 اخطاردهندە 2 شوم، بدیمن

premonitory signs *noun, pl.*
نیشانە (پێشەکی)ئاگادارکەرەوەکان ۞ نشانەهای اخطاردهندە

Premonstratensian /ˌpriːmɒnstrəˈtensɪən/ *noun, adjective*
n رەبەن یان ژنەرەبەنێ سەربە تیرەیێ کە لە Prémontréی فەرەنسە لە 1120دا دامەزرا *adj* سەربەو تیرەیە ۞ پرمونستراتنسێن

premune *noun*

پێش‌بەرگری، زووتر یا پێش‌تر پاراستن ◇ پرمیون

premunition *noun*
بەرگری لەوەپێش، پاراستنکاری لەوەپێش یان زووتر ◇ ایمنی قبلی

prename *noun*
نێوی هەوەڵ یا یەکەم، سەرەتانێو ◇ نام نخست

prenatal /ˌpriːˈneɪtl/ *adjective*
پێش‌منداڵ‌بوون، پاش‌لێ‌بوونەوە، پێش‌بوون، پاش(لەدایک)بوون ◇ قبل از زایمان، پیش از تولد

prenomen = praenomen

prenominal *adjective*
(ڕێزمان) پێش‌ناوی ◇ پیش‌اسمی

prenotion /priːˈnəʊʃən/ *noun*
پێشەکی ئاگادارکردنەوە، دڵ‌لێدان، دڵەتەپە، لەدڵ‌چەقین، دەلیل‌لەدڵ‌دان، دڵەکوتە ◇ دلشوره

prentice = apprentice

prenup = prenuptial agreement

prenupital *adjective*
پێش‌ژن‌ومێردایەتی یان زەماوەند، بەرلە زەماوەند ◇ قبل از زناشویی یا عروسی

prenuptial agreement *noun*
ڕێککەوتنی پێش‌ژن‌ومێردایەتی یان زەماوەند ◇ موافقت قبل از زناشویی یا عروسی

preoccupancy *noun*
سەرقاڵی، خەریکی، سەرگەرمی، پژگاڵ ◇ اشتغال

preoccupation /priˌɒkjuˈpeɪʃn, US -ˌɑːk-/ *noun*
1 پێشەکی داگیرکردن، دەس‌پێشخەری لە گرتن‌دا 2 کەلکەڵە، سەرگەرمی، سەرقاڵی، خولیا، مێشک‌خەریک‌بوون، خافڵان، نیگەرانی، گیروگرفت، مەینەتی، دڵەڕاوکێ، بیروخەیاڵ 3 سەرنج‌پێدان، هۆش‌پێدان، لێ‌وردبوونەوە 4 گێژی، وڕی، کاسی، سەرنج‌لانەبوویی، فەرامۆشکاری 5 سەوداسەری، دڵ‌پێوەبوون، دڵ‌لەلابوون ◇ 1 اشغال قبلی 2 اشتغال ذهنی، مشغله‌ی ذهنی 3 توجه 4 حواس‌پرتی 5 شیفتگی

preoccupied /priˈɒkjupaɪd, US -ˈɑːk-/ *adjective*
1 پڕکار، پڕکەلکەڵە، سەرقاڵ، خەلەفاو، لەزک، چووەنێو بیرەوە، سەرگەرم، دەس‌نەپەرژاو، نیگەران 2 وڕ، گێژ، کاس، سەرنج‌لانەبوو، هۆش‌لانەبوو 3 پێش‌تر داگیرکراو، لەوەپێش گیراو، پێشەکی گیراو ◇ 1 مشغول، گرفتار 2 حواس‌پرت 3 از پیش اشغال‌شده

preocular *adjective*
لە پێش چاوەوە ◇ در جلو چشم

pre-op = short for preoperative

preoperative *adjective*
پێش‌برینکاری، پێش‌نەشتەرگەری ◇ قبل از عمل جراحی

preordained /ˌpriːɔːˈdeɪnd, US -ɔːrˈd-/ *adjective*
خودانووسیو، چارەنووس(وا)لێ‌دراو، بڕیارلەسەردراو، زووتردیاری‌کراو ◇ مقدر

preordainment *noun*, also preordaination
خودانووس، چارەنووس، قەزا و قەدەر ◇ تقدیر

pre-owned *adjective*
دەستی دوو، پێش‌تر هی یەکێکی‌تر بوو، ◇ used ،secondhand دست دوم

prep[1] /prep/ *noun*
مەشقی شەو ◇ تکلیف شب

prep[2] /prep/ *noun*
(لە ئەمریکا) خوێندکاری خوێندگای ئامادەیی ◇ دبیرستانی

prep[3] = preposition

pre-packed *adjective*, also pre-packaged
پێچراوە، لەقوتوکراو، بەستەکراو ◇ بسته‌بندی‌شده

prepaid[1] /ˌpriːˈpeɪd/ *adjective*
1 (پوول) پێشەکی‌دراو، پێش‌تردراو، لەوەپێش‌دراو، دراو 2 (بەرگەنامە) پوول‌پێوەنراو یان پوول‌پێوەبوو ◇ 1 پرداخت‌شده از قبل 2 (پاکت) تمبردار

prepaid[2] = past and past participle of prepay

preparation /ˌprepəˈreɪʃn/ *noun*
1 ئامادەیی، ئامادەکاری، گەڵاڵەکاری، بەرهەڤ‌کاری، ئامادەکردن، سازکردن، تەیارکردن، خۆش(ە)کردن، ڕەوان‌کردن (وانە) 2 بەرهەم 3 دەرمان 4 مەشقی شەو، مەشق 5 (preparations) ئامادەکاری ◇ 1 تدارک، آمادگی، مهیاسازی، تهیه 2 فرآورده 3 دارو 4 تکلیف شب 5 (درجمع) تدارکات

preparative /preˈpærətɪv/ *adjective, noun*
adj ئامادەکاری(یانە)، گەڵاڵەکاری(یانە)، *n* ئامادەکاری، ئامادەکردن، ◇ preparatory *n* preparation *adj* مقدماتی *n* تهیه

preparator *noun*
ئامادەکار، گەڵاڵەکار ◇ تهیه‌کننده

preparatorily /preˈpærətrɪli/ *adverb*
ئامادەکاری، لە پێشەوە ◇ به طور مقدماتی

preparatory /prɪˈpærətri, US -tɔːri/ *adjective*
ئامادەکاری، گەڵاڵەکاری، ئامادەکار، ئامادێنەر، سازکەر، بە مەبەستی ئامادەکاری، ◇ introductory مقدماتی، تدارکاتی

preparatory school *noun*
1 (لە بریتانیا) خوێندنگای تایبەتی (8 تا 13 ساڵان) 2 (لە ئەمریکا) خوێندنگای ئامادەیی یان پێش‌زانکۆیی، خوێندنگای پێش‌کۆلێژی ◇ مدرسه‌ی خصوصی

preparatory to *adverb*
پێش، بەرلە، لە پێش‌دا، لەپێش ◇ قبل از

prepared /prɪˈpeəd, US -ˈperd/ *adjective*
ئامادە، تەیار، ساز، زووترئامادەکراو،

پێش ترگەلالەکراو، پێشەکی سازکراو، ئامەزرۆ، هۆگر، حەزلێ کردوو، خوازیار، پێخۆش(بوو) ۞ حاضر، از پیش تهیه‌شده، راغب

preparedness /prɪˈpeərɪdnəs, US -ˈperd-/ *noun*

ئامادەیی، تەیاری، سازی، بەرهەڤی (ب.ت. بۆ شەڕ) ۞ آمادگی، فراهمی

prepayment /ˌpriːˈpeɪmənt/ *noun*

پێش تر دان، زووتر پێدان، پێشەکی(پێ)دان، لەوەپێش پێدان ۞ پیش‌پرداخت

prepense /prɪˈpens/ *adjective*

بە ئەنقەست، بەمەبەست، دانستە، لەڕووی ئاگاداری‌یەوە، premeditated ۞ عمدی

prepensely /prɪˈpensli/ *adverb*

بە ئەنقەست، لەڕووی زانینەوە، لەڕووی ئاگاداری‌یەوە ۞ عمداً

preponderance /prɪˈpɒndərəns, US -ˈpɑːn-/ *noun*, also -nderancy

1 زۆربە، زۆرینە، پەرانی، فرەیی، زۆری، زەبەندی: *There is still a preponderance of male managers in the profession* 2 بەسەرداشکانەوە، زاڵی، سەردەستی، باڵادەستی، سەرکەوتوویی، لەسەرەوەبوون، باوسەندن ۞ 1 اکثریت، کثرت 2 تفوق، غلبه، سلطه

preponderant /prɪˈpɒndərənt, US -ˈpɑːn-/ *adjective*

1 زاڵ، باڵادەست، سەردەست، بەسەرداشکاوە، سەرتر، لەسەرتر، باوسەندوو، لەسەرەوەبوو، سەرکەوتوو، لەپێش‌تر، گرنگ‌ترین 2 زۆرینەبەدەست، زۆرترین، زۆرتر، پتر ۞ 1 چیره، برتر، غالب، مقدم، مهم‌تر 2 دارای اکثریت، افزون(تر)

preponderantly /prɪˈpɒndərəntli, US -ˈpɑːn-/ *adverb*

زۆرتر، پتر، زۆربە ۞ غالباً

preposition /ˌprepəˈzɪʃn/ *noun*

(ڕێزمان) پیتی پێوەندی، پیتی پێش(دا)نراو، وشەپێوەندی، وردەوشە (لە *praepositio(n-)* لاتین، لە *praeponere* (کار)، لە *prae* "پێش" + *ponere* "دانان") ۞ حرف اضافه، حرف جر

prepositional /ˌprepəˈzɪʃənl/ *adjective*

سەربە یان پیتی پێوەندی تیایە ۞ وابسته به یا حاوی حرف اضافه

prepositional object *noun*

(ڕێزمان) بەرکاری ناراستەوخۆ، بەکاری تیان ۞ مفعول باواسطه

prepositional phrase *noun*

1 (ڕێزمان) دەستەوشەی پیتی پێوەندی 2 فریزی ئاوەڵکاری ۞ 1 گروه قیدی 2 عبارت قیدی

prepositive /priːˈpɒzɪtɪv/ *adjective*

(ڕێزمان) پێشکەوتە، بابەتی پێش ئەوی‌تر، لەپێش‌تر ۞ مقدم

prepossessed *adjective*

سەوداسەر، دڵبەستە، دڵبراو، سەرنج‌ڕاکێشراو، شێت ۞ شیفته، مجذوب

prepossessing /ˌpriːpəˈzesɪŋ/ *adjective*

سەرنج‌ڕاکێش، دڵڕفێن، دڵبەر، حەزاوی، جوان، شیرین، خۆش، شێتکەر ۞ جذاب، گیرا

prepossession /ˌpriːpəˈzeʃn/ *noun*

1 دەمارگرژی، لاگری، prejudice 2 کەڵکەڵە، سەرگەرمی، سەرقاڵی، خولیا، مێشک‌خەریک‌بوون، نیگەرانی، دڵەڕاوکێ، بیروخەیاڵ، predilection ،preoccupation ۞ 1 تعصب 2 اشتغال خاطر

preposterous /prɪˈpɒstərəs, US -ˈpɑːs-/ *adjective*

(فەرمی) ناژیرانە، فڵتە، گەوجانە، بێجێ، کەرانە، نەفامانە، کەروگایانە، پێکەنینی، outrageous: *These claims are absolutely preposterous!* ۞ نامعقول، مضحک

preposterously /prɪˈpɒstərəsli, US -ˈpɑːs-/ *adverb*

ناژیرانە، بە شێوەیەکی گەوجانە یان کەرانە، گەوجانە: *a posterously expensive bottle of wine* ۞ به طور نامعقول

preposterousness /prɪˈpɒstərəsnəs, US -ˈpɑːs-/ *noun*

ناژیرانەبوون، کەرێتی، گەوجێتی، نەفامی ۞ نامعقولی، حماقت

prepostor = praepostor

prepotence /priːˈpəʊtəns/ *noun*, also prepotency

دەسڕۆیشتوویی، دەسەڵاتی تەواو، سەردەستی، باڵادەستی، باوسەندن، سەرکەوتن، زاڵی، بەسەرداشکانەوە ۞ سیطره، غلبه

prepotent /priːˈpəʊtənt/ *adjective*

(زۆر) دەس‌ڕۆیشتوو، دەسەڵات‌داری تەواو، سەردەست، باڵادەست، باوسەندوو، سەرکەوتوو، زاڵ، سوار ۞ مسیطر، غالب

preppy *noun* (*pl.* preppies), *adjective* (preppier, preppiest), also preppie

n شاگردی خوێندنگای ئامادەیی پڕخەرج، منالی دەوڵەمەن یان پۆشتە *adj* پۆشتە، شیک، ڕێک‌وپێک، جوان (بۆ جل‌وبەرگ و...) ۞ پرپی

preprandial *adjective*

(کراوە یان خوراوە) پێش فراوین یان نەهار، گونجاو یان بابەتی پێش نەهار: *a preprandial drink* ۞ قبل از نهار، مناسب قبل از نهار

pre-print *noun*

پێش‌چاپ (بەرلە چاپی تەواو بەشێکی لێ چاپ بووە) ۞ پیش‌چاپ

preprocessor *noun*

پێش‌لێکدەرەوە ۞ پیش‌پردازش‌گر

pre-production *noun*
پێش‌بەرهەم‌هێنان ۞ قبل از تولید

prep school = preparatory school

prepubertal *adjective*, also prepuberal
سەربە prepuberty، سەربە پێش‌باڵقی ۞ وابسته به زمان قبل از بلوغ

prepuberty *noun*
سەردەمی بەرلە خوناسین، پێش‌خوناسین، پێش‌باڵق‌بوون ۞ زمان قبل از بلوغ

prepubescent *adjective*
بەرلە خوناسین، پێش‌خوناسین، پێش‌باڵق‌بوون ۞ قبل از بلوغ

prepuce /'pri:pju:s/ *noun*
1 = وشەیێکی تکنیکی‌یە بۆ foreskin 2 چین و لۆی پێستی دەوری مێتکە ۞ 1 غُلفه، قُلفه 2 پرپیوس

preputial /pri:'pju:ʃəl/ *adjective*
سەربە فوزرسکین یان پێستی خەتەنەکراو ۞ وابسته به غُلفه

Pre-Raphaelite /,pri: 'ræfəlaɪt/ *noun, adjective*
n ئەندامی دەستەی هونەرمەندان و وێنەکێشانی بریتانیایی لە دوایی‌یەکانی سەدەی 19یەم‌دا *adj* پێش‌رافائیلی ۞ پری رافائلی

Pre-Raphaelitism *noun*
پێش‌رافائیل‌گەری ۞ پری رافائلیسم

prerecorded *adjective*
(موسیقا، کاسێت و هتد) (پێش‌تر) تۆمارکراو ۞ ضبط‌شده

preregistration /,pri:redʒɪ'streɪʃn/ *noun*
زووترنێونووسی، پێش‌ترناونووسی ۞ ثبت‌نام قبلی

prerequisite /,pri:'rekwəzɪt/ *adjective, noun*
adj پێویست، پێدڤی، گەرەکی، دەبێ، دەبێ ببێ: *-requisite knowledge n* مەرجی پێویست یان پێشوو، مەرجی بنەڕەتی، پێش‌مەرج، پێویستی ۞ *adj* لازم، ضروری *n* شرط قبلی، لازمه

prerogative /prɪ'rɒgətɪv, US -'rɑ:g-/ *noun, adjective*
n 1 پریڤیلیج، ئیمتیاز، تایبەت‌ماف: *In many countries education is still the prerogative of the rich* 2 سەرپشکە 3 ماف 4 مافی دەس‌بەسەراگرتن یان پاوان‌خوازی، مافی یاسایی یان قانوونی *adj* خاوەن مافی تایبەتی ۞ *n* 1 امتیاز 2 اختیار 3 حق 4 حق انحصاری *adj* دارای حق ویژه

Pres *abbreviation* president

presage /'presɪdʒ/ *noun*
1 لەدڵ‌چەقین، نیشانەی نگریسی یان بێ‌ودمی، دەلیل لە دڵدان، بۆقراندن 2 ودم (ب.ت. بۆ ڕووداوی ناخۆش) ۞ 1 فال بد 2 شگون

presager *noun*
پێش‌بین، پێش‌بێژ، ۞ خبرآورنده

presby(o)- *prefix*
پێشگر: پیری ۞ پیشوند: کهولت، پیری

presbyopia /,prezbi'əʊpiə, US -'oʊ-/ *noun*
دووربینی، هەتەر، چاوتیژی (لە ئەنجامی لەدەس‌دانی جێری هاوێنەی چاو؛ بنەڕەت: لە یونانی "old man" *presbus* + *ōp-*, *ōps* ("eye") ۞ دوربینی

presbyopic /prezbik'ɑ:pɪk/ *adjective*
دووربین، بەهەتەر، چاوتیژ ۞ دوربین

presbyter /'prezbɪtə/ *noun*
1 قەشە، ڕیش‌سپی، پیر، کەشیش 2 (لە کلیسەی episcopalدا) قەشەی خوارتر لە سەرقەشە 3 ئەندامی گەورە (لە کلیسەی Presbyterian) ۞ 1 کشیش، شیخ 2 پرسبیتر

presbyterate /,prez'bitərɪt/ *noun*
1 دەستەی قەشە یان پیرانی کلیسە 2 ئەرک و پۆستی قەشەیێتی ۞ 1 گروه کشیشان یا شیوخ کلیسا 2 منصب کشیشی

presbyterial /,prezbə'tɪnəl/ *adjective*
سەربە قەشەکانی کلیسەی پرێزبیتێری ۞ پریسبیتریال

Presbyterian /,prezbɪ'tɪəriən, US -'tɪr-/ *noun, adjective*
n 1 ئەندامی کلیسەی پرێزبیتێری 2 لایەنگری سیستمی پرێزبیتێری *adj* سەربە کلیسەی پرێزبیتێری: *a Presbyterian minister* ۞ *n* 1 عضو کلیسای پریسبیتری 2 طرفدار نظام پریسبیتری *adj* وابسته به کلیسای پریسبیتری

Presbyterianism /,prezbɪ'tɪəriənɪzəm, US -'tɪr-/ *noun*
بیر و باوەڕی قەشەکانی کلیسەی پرێزبیتێری، سیستمی بەڕێوەبردنی کلیسەی پرێزبیتێری ۞ پریسبیترینیسم

presbytery /'prezbɪtri, US -teri/ *noun, pl.* presbyteries
1 دادگای خۆجێی ئەنجومەنی کلیسەی پرێزبیتێری یان ناوچەی بەڕێوەبراو لە لایەن ئەو کلیسەوە 2 ماڵی قەشەی کاسۆلیکی ڕۆمی 3 سەنکچواری (بەشی ڕۆژهەڵاتی کلیسە لە پشتەوەی ئەو شوێنەی کە کۆڕ choir لێی دادەنیشن) 4 کۆمەڵی قەشەکانی پرێزبیتێری ۞ 1 پریسبیتری 2 خانەی کشیش کاتولیک 3 سنکچواری 4 گروه کشیشان پریسبیتری

preschool /'pri:sku:l/ *adjective, noun*
adj پێش‌خوێندنگایی *n* باخچەی منالان (بۆ منالانی تەمەن 2 تا 5 سالان) ۞ *adj* پیش‌دبستانی *n* کودکستان

pre-school *adjective*

منالی، مندالی، زارۆکی، سەربە سەروبەندی منالی ۞ وابسته به کودک

pre-schooler *noun*

منال، مندال، زارۆک ۞ کودک

prescience /ˈpresiəns/ *noun*

پێش‌زانی، داهاتووبینی ۞ غیب‌گویی

prescient /ˈpresiənt/ *adjective*

(فەرمی) پێش‌زان، داهاتووبین، غەیب‌زان: *prescient warnings* ۞ غیب‌گو

presciently /ˈpresiəntli/ *adverb*

پێش‌زانانە، داهاتووبینانە ۞ غیب‌گویانه

prescribed *adjective*

1 دیاری‌کراو، بڕیارلەسەردراو 2 (دەوا و دەرمان) نووسراو ۞ 1 معین، تعیین‌شده 2 تجویزشده

prescript /ˈpr:skrɪpt/ *noun*

دەستوور، فەرمان، بڕیار، زاکوون، قانوون، یاسا، ڕیسا، بنەما، بنچینە ۞ حکم، قاعده، اصل

prescription /prɪˈskrɪpʃn/ *noun*

1 دەستوور، فەرمان 2 (پزشکی) ڕاچیتە، دەرمان‌نامە، نوسخە: *Antibiotics are only available on prescription* 3 دەرمان 4 دەستووردان، نووسین 5 ڕاسپاردە، ڕێنوێنی 6 (ماف) چوون، سووتان یان لە دەس‌چوونی مافی لەبەر کۆن‌بوون یان زۆرلێ‌تێپەڕبوون ۞ 1 حکم 2 نسخه 3 دارو 4 تجویز 5 توصیه 6 (حقوقی) احراز حق در اثر مرور زمان

prescription charge *noun*

(لە بریتانیا و ڕاچیتە) حەقی پریسکرپیشن ۞ حق فرانشیز

prescriptive /prɪˈskrɪptɪv/ *adjective*

1 دەستووردەرانە، دەستووری، دژی :descriptive *a prescriptive grammar of English* 2 (ماف) لە ئەنجامی ماوەیەکی زۆر لێ ڕۆیشتن ۞ 1 تجویزی 2 ناشی از مرور زمان

prescriptively /prɪˈskrɪptɪvli/ *adverb*

بە شێوەیەکی دەستووردەرانە ۞ به طور تجویزی

prescriptive right *noun*

مافی لە ئەنجامی ماوەیەکی زۆر لێ ڕۆیشتن، مافی خاوەنداری لەبەر لێ‌تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر ۞ حق ناشی از مرور زمان

preseason *adjective, noun*

adj پێش‌وەرز، بەرلە دەس‌پێکردنی وەرزێ بۆ وەرزشێکی تایبەتی *n* ماوە یان سەروبەندی پێش‌وەرز ۞ *adj* پری‌سیزن

pre-selection *noun*

پێش‌هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی پێشەکی ۞ انتخاب قبلی

pre-selector *noun*

پێش‌هەڵبژێر ۞ پری‌سلکتور

presence /ˈprezns/ *noun*

1 بوون، لێرەبوون، دیمانە، ئامادەبوون، لەئارادابوون، ئارایی، هەبوون، ئاست، پێشگا، بەردەم: *Her presence during the crisis had a calming effect* 2 بوونەوەر (خودایی) 3 تارمایی، تاپۆ 4 کەسێتی: *a man of great presence* 5 (میلیتاری) هێز، هێزەکان (ژمارەیێ لە ب.ت. سەرباز و پۆلیسەکان لە شوێنێ بە مەبەستێکی تایبەتی): *a military presence* (ئیدیۆمەکان: *in the presence of sb; in sb's presence*: لە بەردەم، پێشە، حاند یان ئاست کەسێک‌دا) ۞ 1 حضور، وجود 2 موجود (الهی) 3 شبح 4 شخصیت 5 نیرو، (نظامی) نیروها

presence chamber *noun*

ژووری دیمانە یان چاوپێکەوتن ۞ اتاق حضور

presence of mind *noun*

هۆش‌لابوون، زیرەکی، لەسەرهۆش‌بوون، هۆش‌لەسەرجێ‌بوون، بوونی هۆش ۞ حضورذهن

present[1] /ˈpreznt/ *adjective*

1 ئامادە، لێرەبوو، حازر، بە دیارەوە 2 بوونەوەر 3 ئێستا، هەنووکە، ئێستێ، کاتی ئێستا، لە سەرێنی‌دا، زیندوو: *in the present situation* ۞ 1 حاضر 2 موجود 3 کنونی، فعلی، زنده

present[2] /ˈpreznt/ *noun*

1 (ڕێزمان) سەردەمی ئێستا، سەردەمی ڕانەبردوو، کاتی ئێستا، دەمی نووکە 2 بارودۆخی ئێستا، هەل‌ومەرجی هەنوکە، ڕەوشی ئێستا ۞ 1 زمان حال 2 وضع موجود

present[3] /ˈpreznt/ *noun*

1 دیاری، پێشکەشی، بەخشیش، سەوقاتی 2 پرسانە (ب.ت. نان بۆ مالی لێ‌مردوو) ۞ 1 کادو، هدیه 2 پرسنت

presentability /prɪˌzentəˈblətɪ/ *noun*

لەپێشکەشی‌هاتوویی ۞ تقدیم‌پذیری

presentable /prɪˈzentəbl/ *adjective*

لەپێشکەشی‌هاتوو، شیاوی پێشکەش‌کردن، گونجاو، شۆخ، شۆخ‌وشەنگ، باش، پەسند، جوان، ڕووبازاڕی، خۆش، ڕێک‌وپێک، acceptable ۞ تقدیم‌پذیر، مناسب، شیک، تماشایی

presentably /prɪˈzentəbli/ *adverb*

باش، بە شێوەیەکی گونجاو ۞ به طور مناسب

present arms *noun, pl.*

(سەربازی) تفەنگ‌لەپێش ۞ پیش‌فنگ

presentation /ˌpreznˈteɪʃn, US ˌpri:zen-/ *noun, adjective*

n 1 پێدان، پێشکەش‌کردن، دیاری، خەڵات، پێشکەشی 2 خستنەڕوو، ڕانان، پیشان‌دان، نواندن 3 شێوەی خستنەڕوو 4 ناساندن، پێ‌ناساندن 5 پێرفۆرمانس، شانۆ 6 (ئاوەڵمە) باری جێ‌گرتنی ئاوەڵمە لەنێو منالدانی دایکی‌دا، پێش بوونی، دەرکەوت(ن)، باری ئاوەڵمە *adj* پێشکەش‌کراو ۞ *n* 1 اعطا، اهدا، هدیه 2 عرضه، ارائه، نمایش 3 نحوەی ارائه 4

معرفی 5 اجرا، نمایش 6 پرزنتاسیون *adj* اهدایی

presentational /ˌprezn'teɪʃənl, US ˌpriːzen-/ *adjective*

سەربە شێوەی خستنەڕوو ◌ وابستە بە نحوەی ارائە

presentation copy *noun*

کتێبی پێشکەشی یان دیاری (لە لایەن نووسەر یان بڵاوکەرەوە) ◌ نسخەی اهدایی

Presentation of Christ = Candlemas

presentative /pre'zntetɪv/ *adjective*

شیاوی پێشکەش(کردن)؛ راستەوخۆ تێدەگەیشترێ ◌ قابل تقدیم؛ قابل درک مستقیم

present continuous tense *noun*, also presenter progressive tense

(ڕێزمان) سەردەمی ئێستای بەردەوام، کاتی ڕانەبردووی بەردەوام ◌ زمان حال استمراری

present-day *adjective*

ئێستا، هەنووکەیی، هەنووکە، ئەمڕۆیی، تازە، نوێ، ئەمڕۆکانە: *present-day fashions* ◊ *present-day America* ◌ فعلی، جدید

presentee *noun*

کەسێکی پێناسێنراو، پێسپێردراو (پۆستی، ب.ت. کلینە) ◌ شخص معرفی‌شده

presenter /prɪ'zentə(r)/ *noun*

(رادیۆ و تەلەفزیۆن) پێشکەشکار، پێشکەشکەر، بەڕێوەبەر ◌ مجری

presentiment /prɪ'zentɪmənt/ *noun*

1 پێشەکی ئاگادارکردنەوە 2 دڵلێدان، لەدڵ‌چەقین، دڵەکوتە، دەلیل‌لەدڵ‌دان، خورپە ◌ 1 اخطار قبلی 2 دلشوره

presentism *noun*

لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو بەپێی نرخ و چەمکی نوێ ◌ پرستیسم

presentist *adjective*

پریسێنتیست ◌ پرستیست

presently /'prezntli/ *adverb*

جارێ، ئێستا، جارێکانی، بەزوویی، دەسبەجێ، لەڕێوە، :shortly *The crime is presently being investigated by the police* ◊ *She'll be here presently* ◌ فعلاً، فوری

presentment /prɪ'zentm(ə)nt/ *noun*

(ماف و زۆرتر مێژوویی) نواندن، پیشاندان، خستنەڕوو، ڕانان ◌ نمایش، ارائە

present participle *noun*

1 (ڕێزمان) ناوی کارا، ناوەڵناوی کارایی *the sleeping child* 2 دەمکاتی ئاوەڵناوی ئێستا *she is sleeping* ◌ 1 اسم فاعل، صفت فاعلی 2 وجه وصفی حال

present perfect tense *noun*

سەردەمی ڕانەبردووی تەواو، کاتی ئێستای تەواو ◌ زمان حال کامل، ماضی نقلی

present tense *noun*, also present simple tense

(ڕێزمان) سەردەمی ئێستا، دەمی نووکە، کاتی ئێستا ◌ زمان حال

preservable /pre'zɜːvebl/ *adjective*

شیاوی پاراستن ◌ قابل محافظت

preservation /ˌprezə'veɪʃn, US -zər'v-/ *noun*

پاراستن، ئاگالێبوون، پارێزگاریکردن، هەڵگرتن، ئاگاداریکردن، ڕاگرتن، پێچاران: *a -ervation group/society* ◌ حفاظت، نگهداری

preservationist /ˌprezə'veɪʃənɪst, US -zər'v-/ *noun*

پارێزەری شوێنەواری مێژوویی ◌ پرسیرواسیونیست

preservation order *noun*

(لە بریتانیا) دەستووری پاراستن ◌ امر حفاظت

preservative /prɪ'zɜːvətɪv, US -'zɜːrv-/ *noun, adjective*

n (خواردەمەنی، دار و هتد) ڕاگرە، پارێزە، ماکی ڕاگیرکردن، مەتریاڵی ڕاگرتن یان پاراستن (لە خراپبوون) *adj* پارێزەر، ڕاگر: *the preservative effects of freezing* ◌ *n* مادەی نگهدارندە *adj* حفظ‌کنندە

preserve /prɪ'zɜːv, US -'zɜːrv/ *noun*

1 (ڕاو و هتد) ناوچەی پارێزراو 2 مرەبا، لاچەز، ڕەچەڵ 3 میوەی ڕاگیراو 4 قۆرخ، پاوان 5 چالاکییەک کە تەنیا بۆ کەسێ یان گرووپێ ڕێگە دراوە، پاوانە: *Football is no longer the preserve of men* 6 (preserves) چاویلکەی بەرخۆر ◌ 1 منطقەی حفاظت‌شدە 2 مربا 3 میوەی نگهداری‌شدە 4 قرق 5 پرسرو 6 (در جمع) عینک دودی

preserved *adjective*

1 پارێزراو، ڕاگیراو، ئاگاداریکراو 2 بەرباس، لەیادماو، لەبیرداماو 3 (ڕاوگە) قۆرخ، پاوان، بەربەند، قەدەغە ◌ 1 حفظ‌شدە 2 مطرح 3 قدغن

preserved meat *noun*

قاورمە، گۆشتی هەڵگیراو ◌ قرمە

preserver /prɪ'zɜːvə(r), US -'zɜːrv-/ *noun*

پارێزەر، ئاگاداریکەر، ڕاگر ◌ حافظ

pre-set *adjective*

(کاتژمێر و هتد) میزانکراو، کۆککراو، ڕێک(کراو) ◌ تنظیم‌شدە

pre-shrunk *adjective*

(پارچە) پێش‌ترشۆردراو ◌ قبلاً شستە‌شدە

presidency /'prezɪdənsi/ *noun, pl.* presidencies

1 سەرۆککۆماری، سەرکۆماری 2 پۆستی سەرۆککۆماری 3 سەردەمی سەرۆککۆماری 4 سەرۆکایەتی، سەرپەرشتی، پۆستی سەرۆکایەتی: *the current holder of the EU*

presidency 5 ســـەردەم یـــان ســـەروبەندی سەرۆکایەتی، زەمانی سەرۆکایەتی ۞ 1 ریاست جمهور 2 مقام ریاست جمهوری 3 دورەی ریاست جمهوری 4 ریاست، مقام ریاست 5 دورەی ریاست

president /ˈprezɪdənt/ *adjective*
1 سەرۆک‌کۆمار، سەرۆک، سەرۆکی گشتی 2 (کلێسەی کریستانیەت) بەڕێوەبەر لە Eucharist ۞ 1 رئیس‌جمهور، رئیس، رئیس کل 2 پرزیدنت

president-elect *noun*
سەرۆک‌کۆماری هەڵبژێردراو ۞ رئیس جمهور منتخب

presidential /ˌprezɪˈdenʃl/ *adjective*
سەربە سەرۆک‌کۆماری ۞ وابسته به ریاست جمهوری

presidentess *noun, fem.* president
سەرۆک‌کۆمار (ژن) ۞ رئیس جمهور

President's Day *noun*
ڕۆژی سەرۆک‌کۆماری (سێیەمی مانگی فێبریوەری، ڕۆژی لە دایک‌بوونی جۆرج واشینگتۆن) ۞ روز رئیس جمهوری

presidentship *noun*
سەرۆک‌کۆماری ۞ ریاست جمهوری

presidial /prɪˈsɪdɪəl/ *adjective,* also presidiary /prɪˈsɪdɪərɪ/
1 سەربە سەرۆک‌کۆماری 2 سەربە پارێزەر، پارێزەری ۞ 1 وابسته به ریاست جمهوری 2 وابسته به محافظ

presidium /prɪˈsɪdiəm/ *noun,* also praesidium
(ب.ت. لە وڵاتانی کۆمۆنیستی) لیژنەی جێبەجێ‌کردنی هەمیشەیی، لیژنەی سەرۆکایەتی ۞ هیأت رئیسه

Presocratic /ˌpriːsəˈkratɪk/ *adjective*
پێش‌سوکراتی، سەربە سەردەمی بەرلە سوکرات ۞ پیشاسقراطی

press[1] /pres/ *noun*
1 داگرتن، گوشین، گوشار، سەنگی، گڤاشتن، پاڵەپەستۆ، پەستان 2 مەنگەنە، جەندەرە، جەر و مەنگەنە، ئەشکەلە 3 ڕۆژنامەوانان، ڕۆژنامەنووسان، پەیامنێران، هەواڵنێران 4 ڕۆژنامە 5 کۆڤار 6 چاپەمەنی 7 چاپ 8 دەزگای چاپ 9 دەزگای بڵاوکردنەوە، بڵاوکەرەوە، وەشانخانە، چاپخانە 10 (دەزگا) داگرتن، پالیەکنان، پریس 11 ئوتو، دەزگای دەقی جل‌وبەرگ 12 دۆلاب، کومێد 13 ئاپۆرە، شلوقی، چڕەبەندان، قەرەباڵغی، جەنجاڵی 14 کاردانەوە یان ڕەنگدانەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی 15 (خوازە) تاو، پەلە 16 تەنگانە، دەس‌تەنگی، گوشار 17 دەزگای گرتنی ئاوی ۞ 1 فشار 2 منگنه 3 روزنامەنگاران، خبرنگاران 4 روزنامه 5 مجله 6 مطبوعات 7 چاپ 8 ماشین چاپ 9 مؤسسەی انتشاراتی 10 پرس 11 اتو 12 گنجه 13 ازدحام 14 بازتاب رسانه‌های جمعی 15 (مجازی) شتاب 16 مضیقه، فشار 17 پرس

press[2] *noun*
(مێژوویی) ڕەش‌بگیر، ب.ت. بۆ هێزی دەریایی ۞ سربازگیری اجباری

press agency *noun*
1 پەیامنێری، هەواڵنێری 2 دامەزراوە یان دەزگای بانگەشە (ڕاگەیاندن) ۞ 1 خبرگزاری 2 مؤسسەی تبلیغاتی

press agent *noun*
بریکاری بانگەشە ۞ متصدی تبلیغات

Press Association *noun*
پەیامنێری یان هەواڵنێری بریتانیا ۞ خبرگزاری بریتانیا

press baron *noun*
کەڵی چاپەمەنی ۞ غول مطبوعات

pressboard *noun*
مێز یان تەختەی ئوتو ۞ میز اطو

press-box *noun*
(وەرزشگا) جێگای ڕۆژنامەوانان، شوێنی پەیامنێران ۞ جایگاه خبرنگاران

press conference *noun*
کۆبوونەوە، کۆنگرە یان کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی، کۆبوونەوە یا کۆنفرانسی چاپەمەنی ۞ مصاحبەی مطبوعاتی

press corps *noun, pl.*
دەستەی پەیامنێران ۞ هیأت خبرنگاران

press cutting *noun,* also press clipping
بڕشتی ڕۆژنامەکان ۞ بریدەی جراید

pressed /prest/ *adjective*
لە تەنگانەدا، لە(ژێر) گوشاردا، زۆربۆهاتوو، تەنگ‌پێ‌هەڵچنراو: *I'm really pressed for cash at the moment* ۞ در مضیقه

press gallery *noun*
(ب.ت. دادگا یان پەرلەمان) جێگای پەیامنێران یان ڕۆژنامەوانان ۞ جایگاه خبرنگاران یا روزنامەنگاران

pressgang *noun*
(جاران) دەستەی سەربازگرتن (لە ئەرتەش یان هێزی دەریایی‌دا) ۞ گروه سربازگیری

pressie = prezzle

pressing /ˈpresɪŋ/ *adjective, noun*
adj 1 پێویست، گرنگ، دەم‌ودەست، تەنگەتاوی، تەنگاڤی، گرنگ، لەزوبەز، لەزگین، کت‌وپڕ: *a pressing issue* ◊ *There is a pressing need for more specialist nurses* 2 سوور، شێلگیر *n* 1 پریسینگ، سەفحەی قەوان 2 گوشین‌کاری، شتی گوشراو ۞ *adj* 1 ضروری، مبرم، مهم 2 مصر *n* 1 صفحەی گرامافون 2 پرس‌کاری، قطعەی پرس‌شده

pressingly /ˈpresɪŋli/ *adverb*
پێویستانه، تەنگەتاوی‌یانه، بە شێوەیێکی پێویست ۞ به طور ضرروی یا مبرم

pressman /ˈpresmæn/ *noun, pl.* pressmen
1 (لە بریتانیا) رۆژنامەوان، ژۆرنالیست، پەیامنێر، هەواڵنێر 2 (لە ئەمریکا) کارپێکەر بە دەزگای چاپ، دەزگاچی، ماشێن‌چی ۞ 1 خبرنگار، روزنامەنگار 2 متصدی ماشین چاپ

press office *noun*
نووسینگەی چاپەمەنی، بەڕێوەبەری چاپەمەنی ۞ دفتر مطبوعاتی

press officer *noun*
1 دەمڕاستی چاپەمەنی، وتەبێژی چاپەمەنی 2 چاودێر بەسەر نووسینگە یان بەڕێوەبەری چاپەمەنی ۞ 1 سخن‌گوی مطبوعاتی 2 ناظر بر دفتر مطبوعاتی

press photographer *noun*
وێنەگری رۆژنامەوان، پەیامنێری وێنەگر ۞ عکاس روزنامەنگار

press release *noun*
ئاگاداری‌نامەی فەرمی، بڵاونامەی فەرمی (یان رۆژنامەوانی) ۞ اطلاعیەی رسمی

press-stud *noun*
دوکمەی داگرتن یان گوشاری، قرتێنکە، قرتە ۞ دکمەی فشاری

press-up *noun*
شنا (لەسەر عەرز) ۞ شنا

pressure /ˈpreʃə(r)/ *noun*
1 گوشار، تاو، گوشین، گڤاش، گڤاشتن، سەنگی، پەستان، (پاڵە)پەستۆ، چەوس، قورسایی، گرانی، زۆر، تەوژم، زەحمەت، بار، ئەرک: *The barriers gave way under the pressure of people ◊ air/water pressure ◊ the crowd* 2 *who work well under pressure* بارودۆخی هەوای کەشی زەوی 3 (تایەی ماشێن) با ۞ 1 فشار، زحمت، سنگینی 2 فشار جوی 3 باد

pressure cooker *noun*
دیگ ۞ زودپز

pressure gauge *noun*
گوشارپێو، پەستان‌پێو ۞ فشارسنج

pressure group *noun*
دەستەی گوشار یان سەنگی، دەستەی گڤاشتن ۞ گروه فشار

pressure hull *noun*
لاشە یان پەیکەرەی نێوەوەی ژێردەریایی ۞ پرسور هول

pressure lamp *noun*
چراتۆر، چرای ناسووسی ۞ چراغ تلمبەای

pressure point *noun*
(پزشکی) خاڵی پەستان یا گوشار ۞ نقطەی فشار

pressure suit *noun*
بەرگ یان جلی پاستان (لە بەرامبەر پەستان یان گوشاری کەمی هەوا دەتپارێزێ) ۞ لباس فشار

pressurization /ˌpreʃəraɪˈzeɪʃn, US -rəˈz-/ *noun*
1 هەڵپێچان، تەنگ‌پێ‌هەڵچنین، ناچارکردن، هەراسان‌کردن، زۆربۆهێنان، تەنگەتاوکردن، گوشارخستنەسەر، زۆربەسەندن 2 گونجاندنی گوشار یان پەستان ۞ 1 مجبورسازی، فشارآوری 2 تنظیم فشار

pressurized *adjective*
هەڵپێچراو، تەنگ‌پێ‌هەڵچنراو، زۆربۆهێنراو، ناچارکراو، گوشارلەسەر، پەستان‌لەسەر ۞ تحت فشار

pressurized-water reactor *noun*
ریاکتۆری پەستان‌لەسەر (یان لەژێر پەستان یان گوشاردا) ۞ رآکتور تحت فشار

presswork *noun*
1 کاری چاپ یان چاپەمەنی، پریس‌کاری 2 لە قاڵب‌دانی کانزا بەهۆی پەستاندنەوە ۞ 1 کار مطبوعاتی، پرس‌کاری 2 پرس‌ورک

prestation *noun*
کارکردن یان خزمەت لەباتی باج ۞ بنیچەبندی

presternum *noun*
بەشی پێشەوەی ئێسکەکۆلەی شیردەران یان گوان‌داران، پێش‌ئێسکەکۆلە ۞ قسمت جلو قفەی سینەی پستان‌داران

prestidigitation /ˌprestɪˌdɪdʒɪˈteɪʃ(ə)n/ *noun*
چاوبەستی، تەڕدەستی ۞ تردستی

prestidigitator *noun*
چاوبەست، تەڕدەست ۞ تردست

prestige /preˈstiːʒ/ *noun*
ئابڕوو، ئابوور، باوەڕی، بایەخ، برەو، پرەستیژ، کاریگەری، ناوبانگ، رێز، حورمەت، وەج، دەس‌ڕۆیشتوویی، بەدەسەڵاتی، دەس‌داری (بنەڕەت: لە فەڕەنسی "glamour ،illusion") ۞ حیثیت، اعتبار، وجهە، احترام، نفوذ

prestigious /preˈstɪdʒəs/ *adjective*
بەئابڕوو، بەوەج، بەڕێز، بایەخ‌مەند، بەبایەخ، بەبرەو، باوەڕپێ‌کراو، بەنێوبانگ، ناودار، نێوباش، سەربەدەرەوە ۞ محترم، معتبر، شهیر

prestissimo /preˈstɪsɪməʊ/ *adverb, adjective*
(لە ئیتالیایی‌یەوە، موسیقا) (بە)گورجی، (بە)خێرایی، خێرا، توند، پارچە موسیقایێ بەو جۆرە ۞ پرستیسیمو

presto /ˈprestəʊ, US ˈprestoʊ/ *noun (pl.* prestos), *adjective, adverb*
(موسیقا) (بە) گورجی، (بە) خێرایی، خێرا، توند، پارچە موسیقایێ بەو جۆرە ۞ پرستو

pre-stressed *adjective*

(کۆنکریت، پێش‌تر) شیشبەندکراو ۞ پیش‌فرده

presumable /prɪ'zju:məbl, US -'zu:-/ *adjective*
ڕێ‌تێچوو، لەوەچوو، ئەگەردار، شیاو، لەوانەیە ۞ محتمل، احتمالی

presumably /prɪ'zju:məbli, US -'zu:-/ *adverb*
ڕێ‌تێچووانە، لەوەچووانە، لەوانەیە، ڕێی تێدەچێ، پێدەچێ، بۆی هەیە وابێ، ڕەنگە، لەوەدەچێ، وادیارە: *Presumably this is where the accident happened* ۞ احتمالاً

presuming *adjective*
ڕوودار، ڕووهەڵماڵراو، بێ‌شەرم، بێ‌حەیا، قەرەچی ۞ گستاخ، پررو

presumingly *adverb*
ڕووردارانە، بێ‌شەرمانە، ڕووهەڵماڵراوانە ۞ گستاخانە

presumption /prɪ'zʌmpʃn/ *noun*
1 وادانان، وازانین، پێ‌وابوون 2 ڕێ‌تێچوون، لەوەچوون، گومان (بەهێز) مەزندە 3 ڕووداری، ڕووهەڵماڵراوی، بێ‌شەرمی، بێ‌حەیایی ۞ 1 فرض 2 احتمال، حدس 3 گستاخی

presumptive /prɪ'zʌmptɪv/ *adjective*
1 لەوەچوو، ڕێ‌تێچوو، ئەگەردار، شیاو، لەوانەیە 2 وادانراو، پێ‌وابوو، وازانراو (لەسەر بنچینەی بۆچوونی زیرانە) ۞ 1 محتمل، احتمالی 2 فرضی

presumptively /prɪ'zʌmptɪvli/ *adverb*
لەوانەیە، ڕێی تێدەچێ، پێدەچێ، ڕەنگە، لەوەدەچێ، وادیارە ۞ احتمالاً

presumptuous /prɪ'zʌmptʃuəs/ *adjective*
ڕوودار، ڕووهەڵماڵراو، گوستاخ، بێ‌شەرم، بێ‌عار، بێ‌شەرمانە، ڕوودارانە، لەخۆبایی، خۆگر، لەخۆدەرچوو، بەدرۆ: *Would it be presumptuous of me to ask to borrow your car?* ۞ گستاخ، گستاخانە، مغرور، متظاهرانە

presumptuously /prɪ'zʌmptʃuəsli/ *adverb*
بێ‌شەرمانە، ڕوودارانە، بە درۆ ۞ وقیحانە، متظاهرانە

presumptuousness /prɪ'zʌmptʃuəsnəs/ *noun*
1 ڕووداری، ڕووهەڵماڵراوی، گوستاخی، بێ‌شەرمی، بێ‌عاری 2 لەخۆبایی‌بوون، خۆگری، لەخۆدەرچوویی، لەخۆبایێتی 3 درۆ، واخۆنیشاندان، واخۆدەرخستن ۞ 1 گستاخی، وقاحت 2 غرور 3 تظاهر

presupposition /ˌpri:sʌpə'zɪʃn/ *noun*
(لەوەپێش)وادانان، وابۆچوون، (پێش‌تر) پێ‌وابوون، وازانین، پێشەکی‌وادانان، پێش‌گریمانە، پێش‌وادانان، بنچینەی بەڵگەهێنانەوە: *theories based on -position and coincidence* ۞ فرض، پیش‌انگاشت

pre-tax *adjective*
بەرلە داشکاندن یان کەم‌کردنەوەی باج ۞ پیش از کسر مالیات

preteen *noun*
منالی 11 تا 12 سالان ۞ پرتین

pretence /prɪ'tens/ *noun*, US pretense
1 خۆ(وا)نیشاندان، خۆنواندن، واخۆدەرخستن، فشە، درۆ 2 بەهانە، بیانوو، پەلپ، داواکاری، وابێژی، هارەوگیفە، فڕوفیشاڵ، لاف، خۆهەڵکێشان ۞ 1 تظاهر، وانمود 2 عذر، ادعا

pretend /prɪ'tend/ *adjective*
خەیاڵی، پڕوپووچ، ناڕاستەقینە، درۆ و دەلەسە ۞ خیالی

pretended *adjective*
درۆ، ساختە ۞ متظاهرانە، کاذب

pretender /prɪ'tendə(r)/ *noun*
داواکار، وابێژ، وابیشاندەر، خۆوادەرخەر، خۆنوێنەر، درۆکردوو، واخۆنواندوو: *the pretender to the French throne* ۞ مدعی

pretense *noun* US spelling of pretence

pretension /prɪ'tenʃn/ *noun*
1 داواکاری، هارەوگیفە، فڕوفیشاڵ، خۆهەڵکێشان، لافوگاف، لافاندن 2 خۆ(وا)نیشاندان، لاف، خۆنواندن، خۆدەرخستن، فشە، درۆ 3 *He spoke without pretension*: هەڵس‌وکەوت یان ڕەفتاری خۆپیشاندەرانە (بەدرۆ) 4 (شێواز، زمان و هتد) گران، نائاسایی، تەق‌وڕەق، فەرمی 5 فیزنی، لەخۆبایی‌بوون، خۆگری، لەخۆدەرچوویی 6 بەهانە، پەلپ، بیانوو 7 (pretensions) داواکاری، هارەوگیفە، فڕوفیشاڵ، لاف، خۆهەڵکێشان 8 خۆ(وا)نیشاندان، خۆنواندن، خۆدەرخستن، فشە، درۆ 9 هەڵس‌وکەوت یان ڕەفتاری خۆپیشاندەرانە (بەدرۆ) ۞ 1 ادعا 2 تظاهر 3 رفتار متظاهرانە 4 تکلف 5 غرور 6 عذر 7 (در جمع) ادعا 8 تظاهر 9 رفتار متظاهرانە

pretentious /prɪ'tenʃəs/ *adjective*
1 بەئیدعا، پڕداوا، بەهارەوگیفە، فڕوفیشاڵاوی، خۆهەڵکێش، بەلاف 2 خۆپیشاندەر، خۆدەرخەر، خۆنوێن 3 خۆدەرخەرانە، خۆپیشاندەرانە (بەدرۆ)، خۆنیشاندەرانە 4 (زمان، کتێب و هتد) گران، نائاسایی، تەق‌وڕەق، پڕلاف ۞ 1 پرمدعا 2 خودنما 3 متظاهرانە 4 مغلق

pretentiously /prɪ'tenʃəsli/ *adverb*
خۆدەرخەرانە، خۆپیشاندەرانە (بەدرۆ)، خۆنیشاندەرانە، خۆهەڵکێشانە، لافێنەرانە ۞ متظاهرانە، بە طور پرمدعی

pretentiousness /prɪ'tenʃəsnəs/ *noun*
1 خۆ(وا)نیشاندان، خۆنواندن، خۆدەرخستن، فشە، درۆ، هاشە، داواکاری، هارەوگیفە، پۆز،

فروفیـــشال، لاف، خۆهەڵکێــشان، ئیـــدعا 2 نائاسـایتی، گـرانی، تـەقورەقـی ◊ 1 تظـاهر، خودنمایی، ادعا 2 تکلف

preter- /'pri:tə/ *prefix*
پێشگر: زیـاتر، پتـر، زۆرتـر، رابـردوو، ئەوپـەڕ، بـەدەر: *preternatural* (بنـەڕەت: لـە *praeter* لاتینـەوە "beyond ,past") ◊ پیشوند: بیش‌تـر، گذشته، فراسوی

preterite /'pretərət/ *noun, adjective* US also prererit
(ڕێزمـان) *n* رابـردووی پێکهـاتوو، سـەردەمی رابردوو (کار) *adj* سـەربە سەردەمی رابردوو ◊ *n* گذشته، ماضی *adj* وابسته به زمان گذشته

preterite tense *noun*
(ڕێزمان) سـەردەمی رابردوو، کاتی رابردوو ◊ زمان گذشته

preterition /ˌpri:tə'rɪʃ(ə)n/ *noun*
1 لابردن، ناونەهێنان، سرینەوە 2 گوێ‌پێ‌نەدان، کەمتەرخەمی، بێ‌دەربەستی، پشت‌گوێ‌خستن، بەهێندنەگرتن ◊ 1 حذف 2 فروگذاری

preterm *adjective, adverb*
(پزشکی، رووی‌داوە یان بووە) پاش زگپڕی ◊ پس از بارداری

preterminal *adjective*
پێش‌مردن، بەرلە مردن، پێش‌مەرگ ◊ قبل از مرگ

pretermission /ˌpri:tə'mɪʃ(ə)n/ *noun*
1 لابردن، ناونەهێنان، سرینەوە 2 گوێ‌پێ‌نەدان، کەمتەرخەمی، بێ‌دەربەستی، پشت‌گوێ‌خستن، بەهێندنـەگرتن 3 وەلانـان، وازلـێ‌هێنـان ◊ 1 حذف 2 فروگذاری 3 ترک

preternatural /ˌpri:tə'nætʃrəl, US -tər'n-/ *adjective*, also praetem-
نائاسـایی، extraordinary، ناسروشـتی، سـەیر، ناوارتە، ریزپەڕ، سەرووسروشتی، ژوورسروشت: *preternatural speed* ◊ *preternatural phenomena*) preternaturally /ˌpri:tə'nætʃrəli, US -tər'n-/ *adv*: نائاسـایی‌یانـە؛ preternaturalism *n*) ◊ خارق‌العاده، غیرعادی، فوق طبیعی

preternaturalness /ˌpri:tə'nætʃrəlnəs, US -tər'n-/ *noun*
نائاسـایتی، ناسروشـتی‌بـوون، سـەیربوون ◊ غیرعادی بودن، فوق طبیعی بودن

pretext /'pri:tekst/ *noun*
بیـانوو، پاسـاو، پەلـپ، بیانـک، هـۆ، بۆنـە، بەهانـە، گورووە، دەسـاوێز ◊ عذر، بهانه

pretreatment *noun*
پێشەکی‌چارەسـەرکردن، پێش‌چارەسـەری ◊ معالجه‌ی قبلی

prettification *noun*
جوان‌کردنی روالەت، رازاندنەوە ◊ زیبانمایی

pretty /'prɪti/ *adjective* (prettier, prettiest), *adverb*
1 *adj* جوان، رند، شیرین، نەشمیلە، نەخشین، چەلەنگ، کەیل، کەیلان، رووبازاری، خوشیک، شۆخ، خۆش، باش، چاک، قەنج: *It's pretty hard to explain* 2 *adv* زۆر، کـەلێ تـا ئەندازەیێ، تا رادەیێ (prettily /'prɪtɪli/ *adv*: جـوان، بـە شـێوەیەکی چەلـەنگ؛ prettiness /'prɪtinəs/ *n*: جـوانی، رنـدی، چەلـەنگی، کـەیلی، شـۆخی؛ prettyish *adj*: کـەمێ جـوان، جوانکیلە) ◊ 1 *adj* قشنگ، خوب، ملیح 2 *adv* بسیار نسبتاً

pretty boy *noun*
(نافەرمی، زۆرتر سووکانە) تەرپۆشـانە، (پیـاوی) ژنالیلە، خلەکچانی، ناریلە ◊ زیگـولـوار، (مـرد) زنانه

pretty penny *noun*
پارەیەکی زۆر، لۆدە پارەیێ ◊ پول هنگفت

pretty-pretty *adjective*
بەئالا و والا، یەکجار جوان ◊ بسیار قشنگ

pretzel /'pretsl/ *noun*
(زۆرتر لە ئەمریکا) غورابی سوێر (بنەڕەت: لە *Pretzel* ئەلمانی‌یەوە) ◊ بیسکویت شور

prevailing /prɪ'veɪlɪŋ/ *adjective*
1 بەبـرەو، بـاو، زاڵ، سـوار، پەسـند(کـراو)، بەسـەرداشـکاو، سـەرکەوتوو، داب، بـرەودار، سـەرتر، باوسـەندوو 2 گـشتی، بلاوەبـوو، تەشەنەکردوو ◊ 1 غالب، رایج، متداول 2 عمومی

prevailing wind *noun*
(کەش‌ناسی) بای زۆرهاتوو یا زاڵ ◊ باد غالب

prevalence /'prevələns/ *noun*, also prevalency
بلاوەبـوویی، باوسـەندوویی، تەشـەنەکردوویی، داگرتوویی، داکەوتن، بەبرەوی، گشتی‌بوون، زاڵی، سواری، دەس‌رۆیـشتوویی، بەسەرداشـکاندوەیی ◊ عمومیت، شیوع، رواج، نفوذ

prevalent /'prevələnt/ *adjective*
1 بـەبرەو، بـاو، زاڵ، سـوار، بەسەرداشـکاو، پەسـند(کـراو)، سـەرکەوتوو، داب، پانـەوەبوو، بـرەودار، باوسـەندوو 2 (نەخۆشـی) بلاوەبـوو، تەشـەنەکردوو، داگرتـوو، داکـەوتوو 3 (کـۆن) powerful ,predominant ◊ 1 رایج، متداول 2 (بیماری) شایع

prevarication /prɪˌværɪ'keɪʃn/ *noun*
قسەپێچ‌دان، زمـان‌بـازی، تەفرەرۆیـشتن، لادان، قسەجوونەوە، لێل‌بێژی، بەپێچ‌وپەنا قسەکردن، تـاین‌وتـۆیین، راسـتی‌شـاردنەوە، بـەیت‌وبالۆرە (prevaricator *n*: زمـان‌بـاز، قـسەپێچدەر، بـەپێچ‌وپـەنا، تـەفرەرەو، درۆزن) ◊ لفـاظی، دروغ گویی

prevenient /prɪˈviːnɪənt/ *adjective*
پێشوو، جاران، رابردوو، پێش‌تر، پێشین ۞ سابق

preventable /prɪˈventəbl/ *adjective*, also preventible
لەپێشگیری‌هاتوو، شیاوی رێ(لێ)گرتن، شایانی نەهێشتن، بەری دەگیرێ (preventability *n*) ۞ قابل جلوگیری

preventative /prɪˈventətɪv/ = preventive

preventer *noun*
1 کۆسپ، لەمپەر، گیرەوە، رێگر، رێ(لێ)گر، پێشگر، جلەوگیرە 2 (دەریاوانی، تەناف یان زنجیر) پشت‌بەست، پشتبەند (تا پێشی boom لە بەملاوبەولاکەوتنا بگرێ) ۞ 1 مانع، بازدارندە، جلوگیری‌کنندە 2 پرونتر

prevention /prɪˈvenʃn/ *noun*
پێشگیری، بەرگیری، جلەوگیری، رێ(لێ)گرتن، نەهێشتن، کۆسپ، لەمپەر ۞ جلوگیری، منع، مانع

preventive /prɪˈventɪv/ *noun, adjective*
adj بە مەبەستی پێشگیری، پێشگیرانە، نەهێشتن‌کارییانە، بەرگیرانە، رێگرانە، ئاگادارییانە، پێشگیرییانە: *preventive medicine* *n* دەرمانی پێشگیری یان بەرگیری ۞ *adj* جلوگیرانە *n* داروی جلوگیری

preventive detention *noun*
گل‌دانەوەی پێشگیرانە یا بەرگیرانە، دەس‌بەسەری نەهێشتن‌کارییانە ۞ توقیف احتیاطی

preventive medicine *noun*
پزشکی بەرگیرییانە یان پێشگیرییانە ۞ پزشکی پیش‌گیری

preverbal /ˌpriːˈvɜːbl, US -ˈvɜːrbl/ *adjective*
1 پێش‌زمان‌پاککردنەوە، پێش‌زمانی، پێش‌قسەفێربوون، پێش‌قسەکردن: *a preverbal child* 2 (رێزمان) پێش‌کار، پێش‌فرمان (رووددا) ۞ 1 پیش‌کلامی 2 پروربال

preverbal stages *noun, pl.*
قۆناخە پێش‌زمانییەکان ۞ مراحل پیش‌کلامی

preview /ˈpriːvjuː/ *noun*
1 (فیلم، شانۆ و هتد) پێشەکی‌نواندن، پێشەکی‌پیشاندان، کورتەنیشاندان 2 کورتەراپۆر، پێش‌راپۆرت (پێش پیشاندانی فیلم، شانۆ و هتد بۆ گشت) ۞ 1 نمایش قبلی 2 پیش‌گزارش

previous /ˈpriːvɪəs/ *adjective*
1 پێش، لەوەپێش، بەرلە، پێشەکی، پێشوو، بەرین، پێش‌تر، پێشین، بەری، prior: *No previous experience is necessary for this job* ◊ *We had met on two previous occasions* 2 (نافەرمی) بە پەلە، بە پڕتاو (previous to: بەرلە، پێش، پێش لە: *Previous to this, she'd always been well*) ۞ 1 قبلی، قبل، سابق 2 (عامیانه) عجول

previously /ˈpriːvɪəsli/ *adverb*
پێش‌تر، لەوەپێش، پێش، جاران، جاری جاران، پێشەکی: *The book contains a number of photographs not previously published* ◊ *I had visited them three days previously* ۞ قبلاً، قبل، سابقاً

previousness /ˈpriːvɪəsnəs/ *noun*
خێرایی، تاودراوی، تونـدی، بەخۆکەوتوویی، بەپەلەکەوتوویی، تاوەبڕکێ ۞ سرعت، شتاب‌زدگی

previous question *noun*
گەڕانەوە بۆ بنەڕەت ۞ عودت به اصل

prevision /ˌpriːˈvɪʒn/ *noun*
پێش‌زانی، ئاگاداری پێشوو، پێش‌بینی، پێش‌گۆیی، پێش‌ئاگایی، پێشەکی‌زانین، foresight، prescience، forecast، prognostication (provisional /priːˈvɪʒənl/ *adj*: پێش‌زانی‌یانە، پێش‌بینی‌یانە، پێش‌گۆیی‌یانە) ۞ علم غیب، پیش‌نگری، پیش‌گویی

prevocalic /ˌpriːvəˈkælɪk/ *adjective*
(دەنگ‌ناسی) پێش‌بزوێن، پێش پیتەبزوێن، بەرلە پیتی بزوێن (prevocalically *adv*) ۞ قبل از حرف مصوت

pre-war *adjective*
پێش‌شەڕ، بەرلە شەڕ (ب.ت. شەڕی دوووەمی جیهانی): *pre-war Britain* ◊ *the pre-war years* ۞ پیش از جنگ

pre-wash *noun*
پێش‌شۆر، شتنی سەرەتایی، ب.ت. بە دەزگایێکی خۆکار ۞ شست‌شوی مقدماتی

prexy *noun*, also prex, *pl.* prexies
سەرۆک، ب.ت. هی کۆلێژ یا کۆمەڵەیێ ۞ رئیس

prey /preɪ/ *noun*
1 نێچیر، نەچیر، چەشتە، راو، شکار: *The lion will often stalk its prey for hours* 2 (خوازە) قوربانی، فیدا، دەستەچیلە، قۆچی قوربانی، نێچیر، نەچیر، دیل، یەخسیر: *Elderly people are easy prey for dishonest salesmen* 3 دەسکەوت، تالانی ۞ 1 طعمه، شکار، صید 2 (مجازی) قربانی، دست‌خوش 3 غنیمت

prial /ˈpraɪəl/ *noun*
(لە پەڕیندا) سێ‌پەڕی یەک‌دەست ۞ پریال

Priam *noun*, Latin Priamus, from Greek *Priamos*
پریام، پریامۆس: باوکی Hector، Paris و Cassandra و پادشای ترۆی بە درێژایی شەڕی ترۆجاندا Trojan ۞ پریام

priapic /ˌpraɪˈæpɪk, US -ˈeɪp-/ *adjective*
1 = phallic 2 (چووک) هەمیشەڕەپ، هەمیشەهەستاو ۞ پریاپیک

priapism /ˈpraɪəpɪzəm/ *noun*

هەمیشەڕەپی، هەمیشەهەستاوی، دایمەقیتی ۞
پریاپیسم

Priapus *noun*, Latin, from Greek *Priapos*
پریاپوس (= خودای توانایی سێکسی و زاوزێ
لای پیاوان، لە میسۆلۆژی یۆنانی و ڕۆمی‌دا) ۞
پریاپوس

price /praɪs/ *noun*
1 نرخ، بایی، قیمەت، بەها، بوها:
rising prices ◊ house/retail/oil/share prices
◊ falling prices 2 (کۆن) نرخ، بایەخ، بەها،
worth ،value 3 (خوازە) پاداشت، خەلات.
an outlaw with a price on his :تاوان، چاکە
head ۞ 1 قیمت 2 ارزش 3 (مجازی) عوض، تاوان

price control *noun*
کۆنترۆلی نرخ و بایی، چەسپاندنی نرخ، مەهاری
نرخ ۞ مهار قیمت‌ها

priced *adjective*
گرانبایی، بەنرخ، بەبایەخ، پڕبایەخ، بەهادار ۞
پرقیمت، باارزش

price-fixing *noun*
1 فروفێل یان سازوباز لە دانانی نرخ‌دا (لە نێوان
بەرهەم‌هێنەران و فرۆشیاران‌دا) 2 کۆنترۆلی نرخ
و بایی، چەسپاندنی نرخ ۞ 1 تبانی در
قیمت‌گذاری 2 تثبیت قیمت‌ها

price index = retail price index

priceless /'praɪsləs/ *adjective*
1 بەنرخ، بەبایەخ، گرانبایی، لەقیمەت‌نەهاتوو: *a*
priceless ◊ priceless collection of antiques
information 2 (نافەرمی) پێکەنینی: *You*
should have seen his face—it was
priceless! (pricelessly /'praɪsləsli/ *adv*؛
pricelessness /'praɪsləsnəs/ *n*) ۞ 1
ذی‌قیمت، باارزش 2 خنده‌دار

price-list /'praɪs lɪst/ *noun*
لیستەی نرخەکان ۞ فهرست قیمت‌ها

price tag *noun*
1 یافتەی بایی، بەرچەسپی نرخ و بایی 2 نرخ،
بوها، بایی 3 تێچوون، خەرج: *There is a £2*
million price tag on the team's star player
۞ 1 برچسب قیمت 2 قیمت 3 هزینه

price war *noun*
شەڕەنرخ، شەڕی نرخەکان یان نرخ‌وبایی ۞
جنگ قیمت‌ها

pricey /'praɪsi/ *adjective* (pricier, priciest),
also pricy
گران، گرانبایی، زۆر(بایی)، expensive ۞
پرقیمت، گران

priciest *noun*, also pricier
نرخ‌پرس ۞ قیمت‌کننده

prick /prɪk/ *noun*
1 کون‌کردن، سمین، بڕین 2 کون 3 ئێش، ژان،
ئازار، ژانی دەرزی، جێ‌دەرزی 4 دڕوو، دڕک،
چقل، تیکان 5 (نافەرمی یان ڕەمەکی) کیر، کێر،
چووک، سیرەت 6 کەسێکی گەوج و کەر، گوو،
هیچ‌وپووچ 7 نەقیزە، مەساسە ۞ 1 عمل سوراخ
کردن 2 سوراخ 3 درد، جای سوزن 4 خار 5
(عامیانه) ذکر، کیر 6 آدم احمق، کثافت 7 سیخونک

pricking *noun*
ئێش، ئازار، ژان ۞ درد

pricker *noun*
1 کون‌تێکەر، کونەک، کون‌کەر 2 = thorn،
prickle؛ briar ۞ سوراخ‌کن

pricket *noun*
1 ئاسکێکی نێری دووساڵانی شاخ‌ڕاست،
(هێشتا لقی لێ‌نەبۆتەوە) 2 (مێژوویی) لقی
مۆمدان ۞ 1 گوزن دوساله 2 شاخه‌ی شمعدان

prickle /'prɪkl/ *noun*
1 دڕوو، دڕک، چقل، تیکان: *a cactus*
covered in prickles 2 ژان، ئێش، ئێشان،
ژان‌کردن 3 هەست بە ژان‌کردن، کزانەوە،
سووتانەوە 4 خوران، خارشت ۞ 1 خار 2 درد
3 احساس درد 4 خارش

prickly /'prɪkli/ *adjective* (pricklier,
prickliest)
1 دڕواوی، دڕکدار، دڕک‌وداڵاوی، چقڵاوی،
پڕتیکان 2 (پارچە) زبر، بەخوروو‌هێنەر 3
زووتووڕە، بەدخولک، جینگزی، فیشەکی
(prickliness *n*: 1 دڕواوی‌بوون، چقڵاوی‌بوون
2 بەدخولکی، ڕووتاڵی، جینگزیتی) ۞ 1
خاردار 2 (پارچه) زبر 3 بدعنق، زودخشم

prickly ash *noun*
بناوچە دڕواوی یان دڕکاوی: جۆرێ دەوەن یان
دارۆچکەی دڕواوی بۆن‌خۆشی ئەمریکای
باکووری بە گوڵی زەردباو، لە خێزانی rue
[Zanthoxylum americanum] ۞ نوعی
درختچه

prickly heat *noun*
سووتانەوە و ماسینی ڕژێنە یان لووی ئارەق ۞
عرق‌سوز

prickly pear *noun*
1 (ڕووەک‌ناسی) زمانەخەسوو، هەرمێ‌دڕکینە،
هەرمێ‌دڕواوی *[Opuntia ficus-indica]* و
جۆرە پێوەندی‌دارەکان] 2 بەری خۆراکی سوور
یان پرتەقاڵی ئەو ڕووەکە ۞ زبان مادر شوهر

prickly thrift *noun*
(ڕووەک‌ناسی) سەرپنج؟ ۞ کلاه میرحسن

pricy = pricey

pride /praɪd/ *noun*
1 لەخۆدەرچوویی، لووت‌بەرزی، قونەت،
خۆدەماندن، بادی‌هەوایی، بەهەوایی، خۆبەزلزانی،
لەخۆبایی‌بوون، واداری 2 شانازی، سەربەرزی،
پێوەنازین، شانازی‌پێوەکردن، شایی‌پێ‌بوون 3

ڕیزلەخۆنان، ڕێزبۆخۆدانان 4 مایەی پێوەنازین، مایەی شانازی یان سەربەرزی 5 ڕەوە یان مێگەلی شێر(ان) 6 (گوڵی) سەرتۆپ، سەرگوڵ، سەرتڵ ✿ 1 غرور، تکبر 2 افتخار 3 عزت نفس 4 مایەی افتخار 5 گلەی شیر 6 گل سرسبد

prideful /ˈpraɪdfəl/ *adjective*
1 لەخۆدەرچوو، لووتبەرز، بادیهەوا، بەهەوا، خۆبەزلزان، لەخۆبایی، بەدەمار، خۆدەمانەدوو، وادار؛ exultant، haughty، disdainful 2 پێوەنازیو، شانازیپێوەکەر elated (pridefully *adv*: لەخۆدەرچووانە، لووتبەرزانە، بەدەمارانە؛ pridefullness *n*) ✿ 1 مغرور 2 مفتخر

pride of place *noun*
گرنگترین پلەوپایە، جێگای بەرز، جێی سەرتر، جێگای تایبەتی، بەرزترین یان یەکەمین جێگا یان پایە ✿ مهمترین مقام

prie-dieu /priːˈdjɜː/ *noun, pl.* prie-dieux pronunc. same
مێزێکی باریک بۆ نوێژ، مێزی نوێژ ✿ میز عبادت

priest /priːst/ *noun*
1 قەشە، کەشیش، کەشە، پیاوی دینی یان ئایینی 2 (لە ئیسلامدا) مەلا 3 مێگوتەی کوشتنی ماسی گیراو (priesthood /ˈpriːsthʊd/ *n*: 1 کار یان پۆستی قەشەیی 2 قەشەکان، سەرجەم قەشەکان (ی کلیسە یان وڵاتێکی تایبەتی)؛ priestlike /ˈpriːstlaɪk/ *adj*: قەشەئاسا، قەشانە، کەشانە؛ priestiness *n*: قەشەیی، کەشەیی، کەشیشی؛ priestly /ˈpriːstli/ *adj*: قەشەیی، قەشەئاسا، کەشەئاسا، سەربە قەشەکان، سەربە قەشە) ✿ 1 کشیش، روحانی 2 آخوند 3 پریست

priestcraft /ˈpriːstkrɑːft/ *noun*
(سووکانە) زانست و کاری پیاوێکی ئایینی یان دینی، ئایینبازاڕی، قەشەبازاڕی، مەلابازاڕی، دینبازی ✿ پریستکرافت

priestess *noun*
(لە هێندێ دیندا) ژنی ئایینی یان دینی، قەشەی ژن ✿ کشیش زن

priest-in-charge *noun, pl.* priests-in-charge
قەشەی بەرپرس (بە شێوەی فەرمی دانەنراوە) ✿ کشیش مسؤل

priest's hole *noun*
(مێژوویی) حەشارگەی قەشە (هی کاتۆلیکی ڕۆم، لەبەر ئازار و ئەشکەنجەی دینی religious persecution) ✿ مخفیگاه کشیش

prig /prɪg/ *noun*
(ناپەسندانە) وشکەسۆفی، بەرماڵڕاخەر، بەرماڵبەشان، خۆبەڕاستزان، وشکەباوەڕ ✿ آدم زاهدمآب

priggery /prigəri/ *noun*
وشکەسۆفیتی، بەرماڵڕاخەری، بەرماڵبەشانی، خۆبەڕاستزانی، وشکەباوەڕی ✿ زاهدمآبی

priggish /ˈprigiʃ/ *adjective*
1 وشکەسۆفی، بەرماڵڕاخەر، بەرماڵبەشان 2 وشکەباوەڕانە، وشکەسۆفییانە، بەرماڵڕاخەرانە ✿ 1 زاهدمآب 2 زاهدمآبانە

priggishly /ˈprigiʃli/ *adverb*
وشکەباوەڕانە، وشکەسۆفییانە، بەرماڵڕاخەرانە ✿ زاهدمآبانە

priggishness /ˈprigiʃnəs/ *noun*
وشکەسۆفیتی، بەرماڵڕاخەری، بەرماڵبەشانی، خۆبەڕاستزانی، وشکەباوەڕی، تەسکبینی ✿ زاهدمآبی، جانمازآبکشی

prill *noun*
1 حەبی لوولەکی 2 بەردی مسی کە بڕێکی زۆری ماک و مەتریالی کانزایی تیایە (prilled *adj*) ✿ پریل

prim /prɪm/ *adjective* (primmer, primmest)
1 مەند، خۆگر، قورس، فەرمی، وشک، پێبەندی ڕەفتاری فەرمی 2 قورس، تەقوڕەق، ڕێکوپێک، جوان (primness *n*) ✿ 1 رسمی 2 آراستە

prima /priːmə/ *adjective*
(لاتینی) سەرەکی، یەکەم ✿ عمده

prima ballerina /ˌpriːmə ˌbæləˈriːnə/ *noun*
سەرچۆپیکێشی باڵێ، ژنەسەماکاری باڵێ، ئەستێرەی باڵێ (بنەڕەت: لە ئیتالیاییەوە) ✿ رقاصەی اول

primacy /ˈpraɪməsi/ *noun*
1 لەپێشبوون، لەپێشەوەبوون، لەپێشتربوون، پێشوەییبوون، لە سەرەتاوەبوون، باوسەندن، لەسەرەوەبوون، سەرکەوتوویی، سەردەستی، سەرتری، بەسەرداشکانەوە، گرنگایەتی 2 ئەرک یان پۆستی سەرقەشەیی ✿ 1 اولویت، تقدم، برتری، اهمیت 2 مقام سراسقفی

prima donna /ˌpriːmə ˈdɒnə, US ˈdɑːnə/ *noun*
1 ژنە گۆرانیبێژی سەرەکی ئۆپێرا، سەردەستەی ژنە گۆرانیبێژەکان، ئەستێرە ئۆپێرا 2 مرۆی سەرتوند، فیشەکی، زووتووڕە، جێنگڕی ✿ 1 خوانندەی زن اصلی اپرا 2 آدم جوشی

primaeval = primeval

prima facie /ˌpraɪmə ˈfeɪʃi/ *adjective, adverb*
(لاتینی) *adj* بە ڕواڵەت سەلمێنراو، بە ڕواڵەت پەسندکراو، دادگاپەسند، وادیارە دەرکەوتبێ، بەڵگەی بە ڕواڵەت قایلکەر *adv* وا دیارە، لە یەکەم قۆناخدا یان دیتنا یان بینینا ✿ *adj* بە ظاهر محقق *adv* در ظاهر امر

primage /ˈpraɪmɪdʒ/ *noun*
زیدەکری، سەرکری، کرێی زیادی ✿ کرایەی اضافی

primal /ˈpraɪml/ *adjective*
یەکەمین، سەرەتاترین، دەسپێک، هەوەڵین، بەراهی، بنەرەتی، بنچینەیی، بنگەهی، بناخەیی، هەرەگرنگ، پێشەم، primitive ،original ⟡ (primally /ˈpraɪmli/ adv) primary
نخستین، اولی، اصلی، مهم

primal being *noun*
بوونی یەکەم یان سەرەتایی ⟡ وجود نخستین

primal cause *noun*
هۆی سەرەتایی ⟡ علت اولی

primal father *noun*
یەکەم باوک، باوکی سەرەتا ⟡ پدر نخستین

primal light *noun*
رووناکی سەرەتایی، شەوق یان رۆشنایی یەکەم ⟡ نور اولی

primal man *noun*
مرۆڤی سەرەتایی یان دەسپێک ⟡ انسان نخستین

primal unity *noun*
یەکێتی سەرەتایی یان دەسپێک ⟡ وحدت اولی

primal will *noun*
ویستی سەرەتا یان دەسپێک ⟡ مشیت اولی

primarily /praɪˈmerəli, US ˈpraɪmərəli/ *adverb*
زۆرتر، پتر، زیاتر، پێش هەموو شتێ، بە پلەی یەکەم، لە سەرەتادا، لە بنەڕەتدا: *a course designed primarily for specialists* ◊ *The problem is not primarily a financial one* ⟡ عمدتاً، بیشتر، اساساً، مقدمتاً

primary /ˈpraɪməri, US -meri/ *adjective, noun* (*pl.* primaries)
1 *adj* یەکەمین، سەرەتاترین، بەرایی، دەسپێک، هەرەزوو، هەوەڵین، بەراهی: *primary causes* ◊ *The disease is still in its primary stage* 2 بنەڕەتی، بنچینەیی، بنگەهی، بناخەیی، هەرەگرنگ، پێشەم، گرنگترین: *Good health care is of primary importance* 3 سەربە سەردەم یان قۆناخی سەرەتایی 4 سەربە خوێندنی سەرەتایی: *primary teachers* 5 (زەویناسی، Primary) وشەیێکی تر بۆ Palaeozoic 1 *n* هەڵبژاردنی سەرەتایی (لە ئەمریکا، کە لەودا دەنگدەران پارتی پاڵێوراو بۆ هەڵبژاردن دیاری دەکەن): *the presidential primary* ◊ *the Illinois primaries* 2 (ئەستێرەوانی) تەنێ کە لەسەر خولگەی تەنێکی تر دەسووڕێتەوە (بنەڕەت: لە لاتین، *primaries* لە *primus* "یەکەمین") ⟡ 1 *adj* نخستین، اولیه 2 عمده، بنیادی، مهمترین 3 وابسته به دورەی ابتدایی 4 وابسته به آموزش ابتدایی *n* 1 انتخابات مقدماتی 2 پریماری

primary accent = primary stress

primary atypical pneumonia *noun*
سینەپاڵووی ڤایرۆسی (وەک Q fever و psittacosis) کە ب.ت. بەهۆی ڤایرۆسەکان، mycoplasma کان، rickettsia کان و Chlamydia کانەوە تووش دەبێ ⟡ ذات‌الریه‌ی ویروسی

primary cell *noun*
باتری سەرەتایی (وزەی کیمیایی بۆ وزەی ئێلیکتریکی (بەهۆی کاردانەوە کیمیاییە نەگۆڕەکان) دەگۆڕێ) ⟡ پریماری سل

primary coil *noun*
ڕەنگە بنەڕەتی یا سەرەتاییەکان (سوور، زەرد و شین) ⟡ رنگ‌های اصلی

primary colours *noun, pl.*
ڕەنگە بنەڕەتی یا سەرەتاییەکان (سوور، زەرد و شین) ⟡ رنگ‌های اصلی

primary education *noun*
خوێندنی سەرەتایی ⟡ آموزش ابتدایی

primary election *noun*
هەڵبژاردنی سەرەتایی (لە ئەمریکا، کە لەودا دەنگدەران پارتی پاڵێوراو بۆ هەڵبژاردن دیاری دەکەن) ⟡ انتخابات مقدماتی

primary element *noun*
تۆخم یان ڕەگەزی سەرەتایی، تۆخمی دەسپێک ⟡ عنصر ابتدایی

primary feather *noun*
پەڕی سەرەتایی یان سەرەکی ⟡ پر اصلی

primary group *noun*
(کۆمەڵناسی) کۆمەڵ یان گرووپی سەرەتایی ⟡ گروه اولیه

primary health care *noun*, also primary care
چارەسەری یان چارەسەرکردنی سەرەتایی ⟡ معالجه‌ی اولیه

primary hydrogen *noun*
هایدرۆژینی سەرەتایی یان جۆری یەکەم ⟡ هیدروژن نوع اول

primary industry *noun*
پیشەسازی سەرەتایی (کشتوکاڵ، دارستانەوانی یان ڕاوەماسی، بۆ گیرخستنی ماک و پێداویستییە سروشتییەکان) ⟡ صنعت اولیه

primary meristem *noun*
دابەشانی سەرەتایی (وەک procambium، لە دابەشانی بۆپەیی apical meristem دەبێتەوە) ⟡ مریستم اولیه

primary quality *noun*
چۆنێتی سەرەتایی یان دەسپێک ⟡ کیفیت اولی

primary planets *noun, pl.*
هەسارە سەرەتاییەکان ⟡ سیارات اولیه

primary road *noun*
ڕێگای سەرەکی ⟡ راه اصلی

primary root *noun*

رەگ یان ریشەی سەرەتایی (لە radicle لێ‌دەبێتەوە) ✿ ریشەی اولیە

primary school *noun*
خوێندنگای سەرەتایی (لە ئینگلتەرە و ویلز، لە 5 تا 11 سالان) ✿ دبستان

primary sex characteristics *noun, pl.*
تایبەتمەندی رەگەزی سەرەتایی، تایبەتمەندی‌یە رەگەزی‌یە سەرەتایی‌یەکان ✿ خصیصەهای جنسی اولیە

primary standard *noun*
پێوانە یان ستانداردی سەرەتایی یان دەسپێک ✿ استانداردهای اولیە

primary stress *noun*
(دەنگ ناسی) زەبری بنچینەیی یا بنەڕەتی، هێزی یەکەمین ✿ تکیەی اصلی

primary syphilis *noun*
ئاگرە یا فەرەنگی سەرەتایی (یەکەم قۆناخی ئاگرە) ✿ سیفلیس اولیە

primary teeth *noun, pl.*
ددانە شیری یان سەرەتایی یان هەوەڵهاتووەکان ✿ دندانهای شیری

primary tenses *noun, pl.*
سەردەمە سەرەکی‌یەکان، کاتە بنچینەیی‌یەکان (ئێستا، رابردوو و داهاتوو) ✿ زمانهای اصلی

primary wall *noun*
دیوار یان دیوارەی سەرەتایی (هی خانەی رووەکی) ✿ جدارەی اولیە

primate[1] /ˈpraɪmeɪt/ *noun*
1 سەرەتاک: ئەندامی گرووپێ لە گیانەوەرانی دەستەی (Primates) کە lemurs, bushbabies, tarsiers, marmosets, monkeys, apes و مرۆڤ دادەگرێ 2 (primates) سەرەتاکی‌یەکان، پرایمێتیس، پریمیتیس (بنەڕەت: لە *primat-* ،*primas* لاتین، بڕوانە primate[2]) ✿ 1 نخستی 2 (در جمع) نخستیان

primate[2] /ˈpraɪmət, US -meɪt/ *noun*, also archbishop
1 سەرئۆسقوف، گەورەئۆسقوف 2 (کۆن) رێبەر، سەرۆک، پێشەوا، کەسی یەکەم (primatial /-ˈmeɪʃ(ə)l/ *adj*؛ بنەڕەت: ئینگلیسی کۆن: لە *primat* فەرەنسی کۆن، لە *primat-* ،*primas* لاتین "لە پلەی یەکەمدا"، لە *primus* "یەکەمین first") ✿ 1 اسقف اعظم 2 رهبر

Primate of All England *noun*
سەرناوی گەورەئۆسقوفی Canterbury ✿ لقب اسقف اعظم Canterbury

Primate of England *noun*
سەرناوی گەورەئۆسقوفی York ✿ لقب اسقف اعظم York

primatical *adjective*
سەرەتاکی‌یەکان، سەربە سەرەتاکەکان ✿ وابستە به نخستیان

primatology *noun*
سەرەتاکناسی، پریماتۆلۆژی (primatological *adj*: سەربە سەرەتاکناسی، سەرەتاکناسی‌یانە؛ primatologist *n*: سەرەتاکناس، پریماتۆلۆژیست) ✿ نخستی‌شناسی

primavera /ˌpriːməˈveərə/ *noun*
بەهارانە: جۆرێ داری رەنگ‌ڕۆشنی سەختی درەختێکی ئەمریکای ناوەندی [*Cybistax donnellsmithii*] ✿ پریماورا

prime /praɪm/ *adjective, noun*
adj 1 سەرەکی، بنچینەیی، بنەڕەتی، بنگەهی، هەرەگرنگ، گرنگ‌ترین 2 باش‌ترین، هەرەباش، چاکی چاک، بەرز، دەرکەوتوو 3 (بیرکاری)، تەنیا بەسەر خۆی و یەکا دابەش دەبێ) 2، 3، 5، 7، 11 و... *n* 1 بەهاری ژیان، سەروبەندی تین‌وگوڕ و گەشە و نەشە، سەردەمی لاوی یان جەحێڵی 2 هەڕەت، جەنگە، تاف 3 سەردەمی هەڵدان یان گەشەکردن 4 باش‌ترین بەش 5 پێگەیشتوویی، تەواوی 6 (بیرکاری) ژمارەی یەکەم، پرایم، پریم (′) 7 سەرەتا، دەسپێک 8 هەڵبژاردە، سەرتۆپ 9 (چاپ) نیشانەی (′) ✿ *adj* 1 عمدە، بنیادی، مهم‌ترین 2 عالی، بارز 3 پریم *n* 1 بهار زندگی 2 عنفوان 3 دوران شکوفایی 4 بهترین قسمت 5 کمال 6 (ریاضیات) عدد اول، پریم 7 آغاز 8 نخبە 9 (چاپ) علامت (′)

prime cost *noun*
نرخی تەواوبوو، نرخ یان تێچوونی بنەڕەتی، خەرجی سەرەتا یان هەوەڵ ✿ قیمت تمام‌شده

prime meridian *noun*
نیو(ە)ڕۆژی سەرەتا، مێریدیەنی گرینیچ یان سیفر ✿ نصف‌النهار گرینویچ

prime minister *noun*
سەرۆک‌وەزیر، سەرووەزیر، سەرۆک‌شالیار، سەرشالیار ✿ نخست وزیر

prime mover *noun*
1 هێز یان گوڕی بنچینەیی 2 (خوازە) پاڵنەری سەرەکی یان بنەڕەتی ✿ 1 نیروی اصلی 2 (مجازی) محرک اصلی

prime number *noun*
ژمارەی یەکەم ✿ عدد اول

prime of life *noun*
تاوی لاوێتی، بەهاری تەمەن، جەنگەی جوانی یان جەحێڵی ✿ عنفوان جوانی

primer[1] /ˈpraɪmə(r)/ *noun*
1 پێش‌ڕەنگ، سواخەرەنگ، بەرەرەنگ 2 (چەک‌وچۆڵ) تەقێنە، پلێتە، خەرج ✿ 1 آستر 2 چاشنی

primer[2] /ˈpraɪmə(r)/ *noun*
کتێبی سەرەتایی، سەرەتانامە، کتێبی وانەیی سەرەتایی ✿ کتاب ابتدایی

prime rate *noun*
سوودی هەرەکەم، کەم‌ترین سوود یان بەهرە ◌ بهرەی حداقل

prime time *noun*
(رادیو و تەلەفزیۆن) کاتی زۆرترین بینەر یان بیسەر ◌ ساعات پربیننده یا پرشنونده

primeval /praɪˈmiːvl/ *adjective*, also primaeval
1 کۆن، سەربە پێش‌مێژوو، سەربە زووترین قۆناخی مێژووی جیهان یان زەوی، سەربە رۆژگارانی کۆن 2 سەرەتایی، بەرایی، دەسپێک، یەکەمین، هەوەڵین 3 خۆماکی، خوودایی، ئینستینکتیڤ، لەسەر بنچینەی ئینستینکت، زاتی ◌ 1 قدیمی، وابسته به ماقبل تاریخی 2 اولیه، آغازین 3 فطری، غریزی

primeval rocks *noun, pl.*
بەردە سەرەتایی‌یەکان ◌ سنگ‌های آغازین

primigenial *adjective*
سەرەتایی، بەرایی، یەکەم(پەیدابوو) ◌ ابتدایی

primigravida /ˌpriːmɪˈgravɪdə, US ˌprʌɪm-/ *noun, pl.* primigravidae /-diː/
(پزشکی) نۆزگ (ژنێ بۆ یەکەم‌جار زگی پڕبووبێ) ◌ پریمیگراویدا

priming /ˈpraɪmɪŋ/ *noun*
تەقێنە، پلیتە، خەرج ◌ چاشنی

primipara /prʌɪˈmɪp(ə)rə/ *noun, pl.* primiparae /-riː/
ژنی تازەزێ، نۆزا (ژنێ بۆ یەکەم‌جار بێ کە منالی دەبێ) ◌ زن نخست‌زا

primiparous /praɪˈmɪpərəs/ *adjective*
تازەزێ، نۆرا، تازەزا ◌ نخست‌زا

primitive /ˈprɪmətɪv/ *adjective, noun*
1 *adj* سەرەتایی، بەرایی، یەکەمین، دەسپێک: *primitive beliefs* ◊ *primitive tribes* 2 کۆن، لەمێژینە، دێرین، قەدیمی، کەڤن 3 سادە، ناڵاڵۆز، ناپێچەڵاوپێچ: *The methods of communication used during the war were -imitive by today's standards* 4 (زیندەناسی) پەرەنەسەندوو، سەرەتایی 5 (جووڵانەوە یان هەست) وارسکی *n* 1 کەسێکی سەربە کۆمەڵگایێکی سەرەتایی 2 وێنەکێش یان پەیکەرتاشی پێش بزووتنەوەی بووژانەوەی ئەورووپا (یان رێنیسانس) 3 وشە، دەستەوشە و... کە لەمانەوە وشەی کە داڕێژراو، سەرەتایی (*adv* /ˈprɪmətɪvli/ :primitively بە شێوەیێکی سەرەتایی، سەرەتایانە؛ *n* /ˈprɪmətɪvnəs/ :primitiveness سەرەتاییتی، سەرەتایی‌بوون، بەرایی‌بوون) ◌ *adj* 1 ابتدایی، آغازین، بدوی 2 قدیمی 3 ساده 4 (زیست‌شناسی) ابتدایی 5 غریزی *n* 1 آدم متعلق به جامعەی ابتدایی 2 پریمیتیو 3 ابتدایی

primitive art *noun*
هونەری سەرەتایی ◌ هنر بدوی

primitive behaviour *noun*
هەڵس‌وکەوت یان رەفتاری سەرەتایی ◌ رفتار ابتدایی

primitive culture *noun*
چاند یان فەرهەنگی سەرەتایی ◌ فرهنگ بدوی

primitive customs *noun, pl.*
داب‌ونەریتی سەرەتایی، نەریتە سەرتایی یا کۆنەکان ◌ رسوم یا سنن بدوی

primitive man *noun*
مرۆڤی سەرەتایی ◌ انسان بدوی

primitive society *noun*
کۆمەڵ یا کۆمەڵگای سەرەتایی ◌ جامعەی ابتدایی

primitive symbol *noun*
هێما یان نیشانەی سەرەتایی ◌ نماد ابتدایی

primitive tribes *noun, pl.*
خێڵە سەرەتایی‌یەکان، هۆزە سەرەتایی‌یەکان ◌ قبایل بدوی

primitive weapons *noun, pl.*
چەک‌وچۆڵی سەرەتایی (وەک تیر، کەوان، رم و هتد) ◌ سلاح ابتدایی

primitivism /ˈprɪmɪtɪvɪzəm/ *noun*
1 سەرەتاگەری، سەرەتاباوەری 2 شێوازی هونەری خەڵکە سەرەتاکان یان هونەرمەندە سەرەتاکان ◌ primitive artist پریمیتیویسم

primitivist /ˈprɪmɪtɪvɪst/ *noun, adjective*
n سەرەتاگەر، سەرەتاباوەر *adj* سەرەتاگەرانە، سەرەتاباوەڕی‌یانە (*adj* :primitivistic سەربە سەرەتاگەری) ◌ *n*, *adj* پریمیتیویست(ی)

primly *adverb*
وشک، بە شێوەیێکی فەرمی، بە وشکی ◌ خشک

primo /ˈpriːməʊ/ *noun* (*pl.* primos), *adverb*
n بەشی سەرەکی یان سەرووی duct ی *adv* لە سەرەتادا، لە پلەی یەکەمدا، بە پلەی یەکەم (ئیتالیایی "یەکەمین") ◌ *n* پریمو *adv* اولاً

primodiality *noun*
1 سەرەتاییتی 2 بنچینەیی‌بوون، بنەرەتی‌بوون، سەرەکی‌بوون، بنەڕەتیتی ◌ 1 بدویت 2 اصلی بودن

primogenitors /ˌpraɪmə(ʊ)ˈdʒɛnɪtəz/ *noun, pl.*
پێشینیان، باو و باپیران، باب‌وکال ◌ اجداد، اسلاف

primogeniture /ˌpraɪməʊˈdʒenɪtʃə(r), US -moʊ-/ *noun*
مافی نۆبەرەیی (کوڕ) یان کوڕەگەورەیی، مافی نخری‌بوون (سیستمێ کە لەودا میرات و بەشەماڵ بە کوڕەگەورە دەبڕێ؛ primogenital *adj* ،primogenitary *adj*) ◌ حق نخست‌زادگی یا پسر ارشد

primordial /praɪˈmɔːdiəl, US -ˈmɔːrdiəl/

adjective
1 سەرەتایی، بەرایی، دەسپێک، یەکەمین، هەوەڵین، کۆنترین، زووترین، پێشبوو، هەربوو، بنەرەتی، بنچینەیی، بنگەهی، بناخەیی، 2 primary ،fundamental خۆماکی، خودایی، ئینستینکتیف، لەسەر بنچینەی ئینستینکت، زاتی: primordially) *primordial impulses* بە :/praɪ'mɔːdiəli, US -'mɔːrdiəli/ *adv* شێوەیێکی سەرەتایی) ◌ 1 آغازین، نخستین، ازلی، اساسی 2 غریزی
the primordial *noun*
پریمۆردیاڵ (= تێکەڵەیێ لە گاز و شتەکانی‌تر کە خەڵک پێیان وایە کە پێش دەس‌پێ‌کردنی ژیان لەسەر عەرز بووە) ◌ پریموردیال
primordial concept *noun*
چەمکی سەرەتایی یا دەسپێک، یەکەمین چەمک ◌ مفهوم نخستین
primordialism *noun*
پریمۆردیاڵیزم ◌ پریموردیالیسم
primordiality *noun*
1 سەرەتاییتی 2 بنچینەیی‌بوون، بنەرەتی‌بوون، سەرەکی‌بوون، بنەرەتیتی ◌ 1 بدویت 2 اصلی بودن
primordiality soup *noun*
سوپی سەرەتایی یا بنەرەتی: تێکەڵەیێکی گەردە ئەندامی‌یەکان لە تیۆری گەشەسەندندا کە پێی وایە ژیان لەسەر زەوی پێکهاتووە ◌ سوپ بنیادین
primordium /prʌɪ'mɔːdɪəm/ *noun, pl.* primordial /-dɪə/
(زیندەناسی) دەسپێکە، سەرەتاک، پریمۆردیۆم، پرایمۆردیۆم (ئەندام، پێکهاتە یا شانەیێ لە سەرەتاترین قۆناخی پەرەسەندنی‌دا) ◌ پریموردیم
primrose /'prɪmrəʊz, US -roʊz/ *noun*
1 (رووەکناسی) گوڵئەرخەوان، (گوڵی) هەمیشەبەهار، هاڵەکۆکەباخی؟ | *Primula* [*vulgaris* 2 (رەنگ) زەردی کاڵ، زەردی کەم‌رەنگ ◌ 1 گل پامچال، پامچال 2 زرد روشن
primrose path *noun*
رابواردن ◌ عیاشی
primrose yellow *noun*
رەنگی زەردی کاڵ یان زەردی کەم‌رەنگ ◌ رنگ زرد روشن
primula /'prɪmjələ/ *noun*
(جۆرێ) گوڵی هەمیشەبەهار [توخم *Primula*] ◌ گل پامچال
primum mobile /ˌprʌɪməm 'məʊbɪleɪ, US ˌpriːməm 'moʊbɪli/ *noun*
(ئەستێرەوانی، مێژوویی) 2 prime mover = 1 بۆشایی دەرەوەی گەردوونی Ptolemaic ◌ پریموم موبایل
Primus /'praɪməs/ *noun*
(دروشمی بازرگانی، چرا) پەرەمێز، چراجاخ، پرایمێس ◌ پریموس
primus /'prʌɪməs/ *noun*
گەورەقەشەی هەڵبژاردەی کلێسەی Episcopalی سکاتلەند (بنەرەت: لە لاتینەوە بە واتای یەکەم firset) ◌ پریموس
primus inter pares /ˌpriːməs ɪntə 'pɑːriːz, US ˌprʌɪməs/ *noun*
(لاتینی) یەکەم یان پێشکەوتە لە ناو هاوشانان‌دا، یەکە، ئەندامی گەورەتری کۆمەڵ یان گرووپێ ◌ اول یا مقدم در میان هم‌گنان
Primus stove = Primus
prin 1 principal 2 principle
prince /prɪns/ *noun*
1 شازادە، شاکوڕ، میر، کوڕەمیر، میرزا، ئەمیر، بەگزادە 2 (خوازە) سەردەستە، سەرتۆپ، گەورە ◌ 1 شاهزاده، امیر 2 (مجازی) سردم‌دار
Prince Charming *noun*
میری میران، پیاوی سەرنج‌ڕاکێش، میری خەونەکان، شازادەی دڵڕفێن ◌ امیر رؤیاها
Prince Consort *noun*
هاوسەری شاژن، مێردی شاژن ◌ همسر ملکه
princedom /'prɪnsdəm/ *noun*
1 میرنشین، ناوچەی ژێردەسەڵاتی میر یان شازادە 2 شازادەیی، شازادایەتی، میرایەتی، میریتی 3 پلەوپلە یان پۆستی شازادەیی ◌ 1 امیرنشین 2 شاهزادگی 3 مقام شاهزادگی
princekin /'prɪnskɪn/ *noun*, also princelet /'prɪnslɪt/ or princeling/'prɪnslɪŋ/
شازادەی چکۆلە، میری چکۆلانە، میری کەم‌دەسەڵات ◌ شاهزاده‌ی کوچک
princeliness /'prɪnslinəs/ *noun*
1 بەشکۆیی، شایانەبوون، پڕشکۆیی، luxury 2 میری، میرایەتی، میریەتی magnificence ◌ 1 تجمل، شکوه 2 امیری
princely /'prɪnsli/ *adjective*
1 بەشکۆ، شایانە، پڕشکۆ، میرانە، گرانبایی 2 نۆدە (زۆرتر بە شۆخی) 3 سەربە شازادە یان شازادەکان، سەربە میر و میرەکان 4 میرنشین ◌ 1 مجلل، ملوکانه 2 کلان 3 وابسته به شاهزاده یا شاهزادگان 4 امیرنشین
Prince of Darkness *noun*
شەیتان، میری تاریکی ◌ ابلیس
Prince of Peace *noun*
میر یا شازادەی ئاشتی، سەرناوی عیسای مەسیح ◌ شاهزاده‌ی صلح
Prince of Wales *noun*
(لە بریتانیا) میری وێلز، وەلی‌عەهد (بە یەکەم کوڕی شا یان شاژن دەوترێ کە دوای مردنی ئەوان دەبێتە شا) ◌ ولیعهد
prince royal *noun*, or princess royal

کوڕەگەورە یان کچەگەورەی پادشای ئینگلتەرە ✿ پرینس رویال

prince's feather *noun*
پەرەمیر؟: گیایێکی بالابەرزی ئەمریکای باشووری، بە گوڵی سووری وردەوە [*Amaranthus hypochondriacus*] ✿ نوعی گیاه

princeship *noun*
شازادەیی، میرایەتی ✿ شاهزادگی

princess /ˌprɪnˈses, US ˈprɪnses/ *noun*
1 شاکچ، شادوت، شازادەخاتوون، کچەمیر، دوتمیر 2 میرەژن، شاژن، میرژن ✿ 1 شاهدخت 2 زوجەی شاهزادە

Princess of Royal *noun*
وەلیعەهد، وەلیعاد (ژن) ✿ ولیعهد (زن)

principal /ˈprɪnsəpl/ *adjective, noun*
adj سەرەکی، بنەرەتی، بنچینەیی، بناخەیی، بنگەهی، گرنگ، پێشەم *n* 1 سەرۆک 2 بەڕێوەبەر 3 بەڕێوەبەری خوێندنگا 4 بەرپرسی کۆلێژ یان زانکۆ 5 دەسمایە، مایە، سەرمایە، بنەسەرمایە، بڕی سەرمایە (بێ سوودەکەی) 6 بەرپرسی راستەوخۆ بۆ تاوانێ، تاوانکاری بەرپرس یان ئەسڵی یان سەرەکی (لەچاو کەسێ کە هاودەستی کردووە) 7 ئەکتەر یان هونەرپیشەی سەرەکی 8 دەستەکی سەرەکی کە کاریتە راگیر یان مەهار دەکا ✿ *adj* عمدە، اصلی، مهم *n* 1 رئیس 2 مدیر 3 مدیر مدرسە 4 مسؤل دانشکدە یا دانشگاه 5 اصل سرمایە، مبلغ سرمایە 6 مجرم اصلی 7 بازیگر اصلی 8 خرپای شیروانی

principal boy *noun*
کورە رۆڵگێری سەرەکی لە پانتۆمایمدا ✿ بازیگر اصلی پسر در لال‌بازی

principal clause = main clause

principal girl *noun*
کچە رۆڵگێری سەرەکی لە پانتۆمایمدا ✿ بازیگر اصلی دختر در لال‌بازی

principality /ˌprɪnsɪˈpæləti/ *noun, pl.* principalities
میرنشین، میرگەهـ ✿ امیرنشین

principally /ˈprɪnsəpli/ *adverb*
زۆرتر، پتر، زیاتر، بە پلەی یەکەم، chiefly: *The book is aimed principally at beginners* ✿ عمدتاً

principal parts *noun, pl.*
(ڕێزمان) بەشە سەرەکییەکان، ریزە سەرەکییەکان (وەکوو drink, drank, drunk) ✿ بخش‌های اصلی

principalship /ˈprɪnsəplʃɪp/ *noun*
1 بەڕێوەبەرایەتی 2 سەرۆکایەتی ✿ 1 مدیریت 2 ریاست

principium *noun, pl.* principia
1 (لاتینی) بنەما، بنچینە، بنەڕەت، ماک، ئەسڵ، بنەمای سەرەکی 2 (principia) بنەماکان، سەرەتاکان، بنچینەکان (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "basis, beginning") ✿ 1 مبدأ، اصل 2 (در جمع) مبادی

principle /ˈprɪnsəpl/ *noun*
1 بنچینە، بنەڕەت، بنەما، ئەسڵ 2 بنەمای ئاکاری، ئاکار، ڕێوشوێن (ئاکاری)، ڕێوشوێنی جوولانەوە یان رەفتار، باوەڕ و بنەمای رەفتاری 3 ژێدەر، سەرچاوە، مایە، ماک، چاوگەکانی 4 تیۆریم یان بنەمای زانستی گشتی یان قانوونی سروشتی 5 (کیمیا) بەشی بنەڕەتی 6 (principles) بنەماکان، سەرەتاکان، بنچینەکان 7 بنەماکانی ئاکار، ڕێگاوشوێنی جوولانەوە و رەفتار ✿ 1 اصل 2 اصل اخلاقی، مرام اخلاقی 3 منشأ، سرچشمە 4 پرینسیب 5 جزء اصلی 6 (در جمع) مبانی، اصول 7 اصول اخلاقی

principled /ˈprɪnsəpld/ *adjective*
بەپێی ئاکار، پێبەند بە بنەماکانی ئاکار، پێبەند بە ئاکار: *high-principled* ✿ اخلاقی، مقید ضوابط اخلاقی

principles and parameters theory *noun*
تیۆری بنەماکان و ژووریێوەکان (یان پارامیترەکان): تیۆری ڕێزمانی جیهانی، لە لایەن نوام چامسکی‌یەوە لە سەرەتای هەشتاکان پەرەی پێدرا ✿ نظریەی اصول و پارامترها

print /prɪnt/ *noun, adjective*
n 1 چاپ 2 پیتە چاپییەکان 3 چاپەمەنی 4 چاپگەری، پیشەسازی چاپ 5 وێنەی چاپکراو 6 وێنە 7 شوێن، شەقڵ، جێ، نیشانە، مۆرک، شۆپ، شوێن‌پێ، جێ‌پەنجە، جێ‌پێ 8 (پارچە) چیت *adj* چیتی، لە چیت :printable /ˈprɪntəbl/ *adj* :printability *n*) لەچاپهاتوو، چاپکراو، شیاوی چاپ، چاپەنی) ✿ *n* 1 چاپ، طبع 2 حروف چاپی 3 مواد چاپی 4 صنعت چاپ 5 تصویر چاپی 6 عکس 7 اثر، رد، اثر انگشت، جای پا 8 (پارچە) چیت *adj* از چیت

print dress *noun*
کراسی چیت ✿ لباس چیت

printed *adjective*
چاپی، چاپکراو ✿ مطبوع، چاپ‌شدە

printed circuit *noun*
(کارەبا) خولگەی چاپکراو ✿ مدار چاپی

printed matter *noun,* also printed papers
بابەتە چاپکراوەکان، چاپەمەنی ✿ مطالب مطبوع

printer /ˈprɪntə(r)/ *noun*
1 (کامپیوتێر) چاپگەر، دەزگای چاپ 2 کرێکاری چاپخانە 3 خاوەنی چاپخانە ✿ 1 چاپ‌گر 2 کارگر چاپخانە 3 صاحب چاپخانە

printer's devil *noun*

(مێژوویی) شاگردی چاپخانە ۞ شاگرد چاپخانە
printer's mark *noun*
لۆگۆ یان نیشانەی بلاوکەرەوە ۞ علامت ناشر
printery *noun, pl.* printeries
چاپخانە، وەشانخانە ۞ مطبعە، چاپخانە
printing /'prɪntɪŋ/ *noun, adjective*
n چاپ، تیراژ، ئەژمار *adj* چاپی، چاپکراو ۞ *n* چاپ، تیراژ *adj* چاپی
printing-ink *noun*
جەوهەری چاپ ۞ مرکب چاپ
printing office *noun,* also print house
چاپخانە، وشانخانە، دەزگای بلاوکردنەوە ۞ مطبعە، مؤسسەی انتشاراتی
printing plate *noun,* also printing surface
(چاپ) زینک ۞ زینک
printing-press *noun,* also printing-machine
دەزگای چاپ ۞ ماشین چاپ
printing works *noun, pl.*
چاپخانە، وەشانخانە ۞ مطبعە
printless *adjective*
بێ‌مۆرک، بێ‌نیشانە ۞ بی‌اثر
printmaker /'prɪntmeɪkə(r)/ *noun*
(کەس) چاپگەر ۞ پرینت‌میکر
printmaking /'prɪntmeɪkɪŋ/ *noun*
(کەس) چاپگەری ۞ پرینت‌میکینگ
printout /'prɪntaʊt/ *noun*
پەڕی چاپکراو ۞ ورقەی چاپی
print run *noun*
تیراژ، ئەژمار، ژمارەمەنی ۞ شمارگان، تیراژ
printworks /'prɪntwɜ:ks/ *noun*
کارگە یان کارخانەی چاپی کوتاڵ و پارچە ۞ پرینت‌ورک
prion[1] /'pri:ɒn, US -ɑ:n/ *noun*
پریۆن (= پارچەیێکی زۆر چکۆلانەی پرۆتئین کە پێدەچێ ببێتە هۆی کۆمەڵێ نەخۆشی مێشکی وەکوو BSE) ۞ پریون
prion[2] /'prʌɪən/ *noun*
مشارە (ئاماژە بە دەنووکی)، دەنووکهەرە، هی دەریاکانی باشووری [توخم :*Pachyptila* شەش جۆرن] ۞ نوعی پرندە
prior[1] /'praɪə(r)/ *adjective*
پێشوو، پێشین، لەوەپێش، پێش‌تر، لەوەپێش‌تر، لە پێش‌تر، گرنگ‌تر، *by prior* :previous (priorly *adv*) *agreement* ۞ قبلی، مقدم
prior[2] /'praɪə(r)/ *noun, fem.* prioress
پیری دەیر، گەورەی دەیر، سەرۆکی دەیر یان رەبەنگە ۞ مرشد دیر، رئیس دیر
priorate /'praɪərɪt/ *noun*
سەرۆکایەتی دەیر ۞ ریاست دیر
prioress *noun*
پیری دەیر، گەورەی دەیر، دەیرگێر، سەرۆکی دەیر (ژن) ۞ رئیسەی دیر
priori = a priori
prioritization /praɪˌɒrətaɪ'zeɪʃn, US -ˌɔ:rətə'z-, -ˌɑ:rə-/ *noun*
لەپێش(ەوە)دانان، پێش‌خستن، لە گرنگ‌ترینەوەدانان، لەپێش‌تردانان ۞ قراردهی در اولویت
priority /praɪ'ɒrəti, US -'ɔ:r-, -'ɑ:r-/ *noun, pl.* priorities
1 مافی لەپێشەوەبوون 2 لەپێش‌تربوون، لەپێشەوەبوون، لە سەرەتاوەبوون، پێشەکێتی، پێشوویەتی، پێش‌ترایەتی، یەکەمینی، لەسەرتربوون، سەرتری، بەسەرداشکانەوە، باوسەندوویی: *a high/low priority* 3 پرسی گرنگ، شتی تەنگەتاوی 4 تەنگەتاوی، تەنگاڤی، پێویست ۞ 1 حق تقدم 2 تقدم، اولویت، برتری 3 امر فوری 4 ضروری، اضطراری
priorship *noun*
سەرۆکایەتی دەیر ۞ ریاست صومعە
prior to *adverb*
بەر لە، پێش لە، پێش: *during the week prior to the meeting* ۞ قبل از
priory /'praɪəri/ *noun, pl.* priories
دەیر (چکۆلەتر و کەم‌گرنگ‌تر لە prior abbey یان prioress بەڕێوەی دەبەن) ۞ دیر
prism /'prɪzəm/ *noun*
پوازک، ئاوێزە، سێپاڵە ۞ منشور
prismatic /prɪz'mætɪk/ *adjective*
1 پوازکی، سێپاڵەیی، پوازک‌ئاسا، سێپاڵەئاسا، لەئاوێزەچوو 2 روون، رەنگاورەنگ، بریسکەدار، درەوشاوە، بریقەدار، رووناک، ورشن، brilliant: *prismatic lyrics* ۞ 1 منشوری، منشوری‌سان 2 شفاف، درخشان
prismatically /prɪz'mætɪk(ə)li/ *adverb*
بە شێوەیەکی سێپاڵەیی یان پوازکی، پوازکانە ۞ بە طور منشوری
prismatic compass *noun*
لادوزی ئاوێزەیی، کۆمپاسی پوازکی یان ئاوێزەیی ۞ قطب‌نمای منشوری
prismoid /'prɪzmɔɪd/ *adjective*
پوازکی، سێپاڵەیی، پوازک‌ئاسا، سێپاڵەئاسا، ئاوێزەیی ۞ منشورسان
prison /'prɪzn/ *noun*
زیندان، بەندیخانە، گرتووخانە، گرتیگەهـ: *to be released from prison* ۞ زندان
prison camp *noun*
کەمپی گیراوانی شەر یان زیندانیان (و هەروەها گیراوانی رامیاری) ۞ اردوگاه زندانیان
prisoner /'prɪznə(r)/ *noun*
1 زیندانی، گیراو، لەبەندکراو، بەندی، حەبسی، مابوس، گرتی 2 دیل، یەخسیر، دیلی شەر،

He was taken prisoner by گیراوی شەڕ: 3 بارمتە *rebel soldiers* ◌ 1 زندانی، حبسی 2 اسیر، اسیر جنگی 3 گروگان

prisoner of conscience *noun*
گیراوی رامیاری یان ئاینی، بەندی یان زیندانی سیاسی یان دینی ◌ زندانی سیاسی یا مذهبی

prisoner of state *noun*, also state prisoner
گیراو یان زیندانی رامیاری، بەندی سیاسی ◌ زندانی سیاسی

prisoner of war *noun*
دیلی شەڕ، گیراوی شەڕ، یەخسیری شەڕ ◌ اسیر جنگی

prisoner's base *noun*, also prisoner's bars
جۆرێ کایەی خۆشاروکێنە (نێوان دوو دەستە و هەریەکەی شاری خۆشیان هەیە) ◌ نوعی گرگم بە هوا

prison fever *noun*
رەشەگرانەتێ ◌ تیفوس

prison visitor *noun*
(لە بریتانیا) زیندانڕدیر، سەردانکەری زیندان (بۆ یارمەتیدانیان) ◌ بازدیدکنندەی زندان

prissily /'prɪsɪli/ *adverb*
وشکانە، بە ئەداوە، زووهەڵبەزیوانە ◌ بە طور ببس

prissiness /'prɪsinəs/ *noun*
وشکی، بەئەدایی، زووهەڵبەزیوی ◌ ببسی

prissy /'prɪsi/ *adjective* (prissier, prissiest)
وشک، بەئەدا، زووهەڵبەزیو، درەنگڕازی(بوو)، بەقیزوبیز، بەلووتوپووت، بەترووتوپ، بەنازونووز، بەبەهانە، بەنیراد: *She was a prissy little girl* ◌ ببس

pristine /'prɪsti:n/ *adjective*
1 ساغ، بێعەیب، بێخەوش، وەک خۆی ماو، خراپنەبوو، دەسلێنەدراو، جوان، خاوێن، تازە، نوێ 2 سەرەتایی، دەسپێک، کۆن، جاران، زوو، پێشوو ◌ 1 سالم، بیعیب، بیغل‌وغش، بکر، تمیز 2 ابتدایی، قدیمی

prithee /'prɪði:/ *interjection*
تکایە (لە بنەڕەتا I pray thee بووە) ◌ لطفاً

privacy /'prɪvəsi, US 'praɪv-/ *noun*
1 تەنیایی، گۆشەگیری، خەڵوەت، دوورەپەرێزی، لاتەریکی، ئارامی، ئاسوودەیی، سەروەت: 2 *I value my privacy* نهێنیتی، شاراوەیی، لەبەرچاونەبوویی، نادیاری، نهێنیبوون، بەدیارەوەنەبوون 3 ژیانی تایبەتی، بابەتی خۆماڵیانە یان نهێنی، کەس حەقیبەسەرەوەنەبوو ◌ 1 خلوت، تنهایی، آرامش 2 اختفا 3 امور شخصی، مطلب محرمانە

privatdozent *noun*, also privatdocent
مامۆستای تایبەتی، مامۆستای زانکۆ لە وڵاتانی ئەڵمانیزمان کە لە لایەن خوێندکارەکانیەوە حەقی دەدرێتێ (بنەڕەت: لە *Privatdozent* ئەڵمانی، لە *privat* "تایبەتی" + *Dozent* "مامۆستا") ◌ پریواتدوزنت

private /'praɪvət/ *adjective, noun*
1 *adj* خۆیی، کەسی، تایبەتی، نەمازە(یی) 2 نهێنی، نەتەنی، نابێ ئاشکرا بکرێ، نافەرمی: *her* -vate *thoughts and feelings* 3 ئازاد، بێپلەوپایە یان پۆستی فەرمی، کاری نادەوڵەتی 4 دەروونی 5 دوورەپەرێز، لاتەریک، هەڵنەکردوو، نەکولاو (لەگەڵ کەس)، گۆشەگیر، تەنیا، ئارام، بێملۆزم، ئاسوودە، شاراوە، نادیار، لەبەرچاونەبوو *n* 1 سەرباز (ئاسایی) 2 نافەرمی، کورتەی private parts (privates) ◌ *adj* 1 شخصی، خصوصی 2 محرمانە، غیررسمی 3 آزاد 4 باطنی 5 منزوی، تنها *n* سرباز

private company *noun*, also private limited company
کۆمپانیای تایبەتی ◌ شرکت سهامی خاص

private detective *noun*, private investigator
سیخوری تایبەتی ◌ کارآگاه خصوصی

private enterprise *noun*
1 ئابووری ئازاد 2 کەرتی تایبەتی 3 کۆمپانی تایبەتی، دامەزراوەی تایبەتی ◌ اقتصاد آزاد 2 بخش خصوصی 3 مؤسسەی خصوصی

privateer /,praɪvə'tɪə(r), US -'tɪr/ *noun*
1 پریڤاتیر، کەشتی چەتەگەری (جۆرێ کەشتی کە جاران بۆ مەبەستی تالان و هەڵکوتانەسەر کەشتییەکانیتر بەکاردەهێنرا) 2 (هەروەها privareersman) فەرماندەر یان ئەندامی کارکەری کەشتی چەتەگەری 3 لایەنگری private enterprise ◌ پرواتیر

private eye = informal a private detective

private first class *noun*
پلەیێ لە ئەرتەشی ئەمریکا، سەرتر لە private و خوارتر لە corporal ◌ یکی از درجات ارتش امریکا

private income *noun*
داهاتی تایبەتی ◌ درآمد خصوصی

private law *noun*
زاکوونی تایبەتی، قانوون یان یاسای تایبەتی ◌ قانون خصوصی

privately /'praɪvətli/ *adverb*
بە شێوەیەکی تایبەتی، تایبەتییانە، بە شێوەیەکی نهێنی: *Their children were educated privately* ◌ بە طور خصوصی، بە طور محرمانە

private means *noun, pl.*
سامان یان دارایی تایبەتی (لەچاو دامەزرانەوە) ◌ ثروت خصوصی

private medicine *noun*
نۆژداری یان پزشکێتی تایبەتی، پزشکی تایبەتی ◌ پزشکی خصوصی

private member *noun*
(لە بریتانیا) ئەندامی (ئاسایی) ئەنجومەنی گشتی یان ژێرین، ئەندامی پەرلەمان (کە وەزیر نییە) ۞ عضو عادی مجلس عوام

private member's bill *noun*
بەرنووسی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی ۞ لایحەی عضو عادی مجلس عوام

private ownership *noun*
خاوەندارێتی تایبەتی ۞ مالکیت خصوصی

private parts *noun, pl.*
بانەگا، ئەندامە زاوزێیی‌یەکان، گەڵوگون، گەڵوکنگ، گەڵوقوز، ئەندامانی رەگەزی یان زاوزێ ۞ اندام‌های تناسلی

private patient *noun*
نەخۆشی تایبەتی (کە چارەسەر دەکرێ لە لایەن دوکتورێکەوە کە سەربە NHS نییە) ۞ بیمار خصوصی

private practice *noun*
کاری تایبەتی، کاری ئازاد ۞ کار خصوصی

private property *noun*
دارایی تایبەتی یان تاکەکەسی ۞ اموال شخصی

private school *noun*
خوێندنگای تایبەتی ۞ مدرسەی خصوصی

private secretary *noun*
میرزا یان سکرتێری تایبەتی ۞ منشی خصوصی

private sector *noun*
(ئابووری) کەرتی تایبەتی، بەشی تایبەتی ۞ بخش خصوصی

private soldier *noun*
سەرباز (ئاسایی) ۞ سرباز

private treaty *noun*
سەودای تایبەتی، سەودای شتومەک بە رازی‌بوونی کڕیار و فرۆشیار ۞ معاملەی خصوصی

private view *noun,* also private viewing
سەردانی تایبەتی ۞ بازدید خصوصی

privation /praɪˈveɪʃn/ *noun*
1 بێ‌بەشی، بێ‌بەری‌بوون، بێ‌شتی، هیچ‌شک‌نەبردوویی، نەبوون 2 بێ‌وازی، بێ‌گوزەرانی، هەژاری، دەستەنگی، دەسکورتی، نەداری 3 سەختی، رۆژەڕەشی، کولۆلی، مەینەتی ۞ 1 محرومیت، عدم 2 فقر 3 مشقت

privative /ˈprɪvətɪv/ *adjective, noun*
adj بێ‌بەش‌کەر، بێ‌بەشێنەر: *non- is a -ative* *n prefix* پاشگر و پێشگری بێ‌بەش‌کردن ۞ *adj* سلب‌کنندە *n* پسوند و پیشوند سلب

privatization /ˌpraɪvətaɪˈzeɪʃn, US -təˈz-/ *noun*
تایبەتی‌کردن، تایبەتاندن، نادەولەتی‌کردن، راگوێستن بۆ کەرتی تایبەتی، ناحکومی‌کردن ۞ خصوصی‌سازی

privatized *adjective*
تایبەتی‌کراو، تایبەتێنراو، راگوێزراو بۆ کەرتی تایبەتی ۞ خصوصی‌شدە

privet /ˈprɪvɪt/ *noun*
(رووەک) دەوەنی پەرژینە، دەوەنەپەرژینە، چالووک؟ [*Ligustrum ovalifolium* و جۆرەکانی تر] ۞ مندارچە

privilege /ˈprɪvəlɪdʒ/ *noun*
1 پریڤیلیج، مافی تایبەتی، تایبەت‌ماف، ئیمتیاز، prerogative 2 باشی، چاکی 3 ماف 4 مافی تایبەتی، مافی پاوان‌خوازانە 5 جیاوازی‌دانان، پریڤیلیج یان تایبەت‌مافی چینایەتی 6 بەختەوەری، بەختیاری، خواپێداوی 7 شانازی 8 بەخشراوی، جەبە، پارێزراوی ۞ 1 امتیاز 2 مزیت 3 حق 4 حق ویژه 5 تبعیض 6 سعادت 7 افتخار 8 معافیت، مصونیت

privileged /ˈprɪvəlɪdʒd/ *adjective, noun*
adj 1 لەپێش‌تر، دیار، بەرز، خاوەنی تایبەت‌ماف 2 ئاوارتە، بەخشراو، جەبەکراو، پارێزراو 3 دەولەمەند، ساماندار 4 بەختەوەر، بەختیار، خوداپێداو 5 نهێنی، نەتەنی (لەباری قانوونی‌یەوە) *n* (the privileged) دەولەمەندان ۞ *adj* 1 ممتاز، دارای حق ویژه 2 معاف، مصون 3 ثروتمند 4 سعادتمند 5 محرمانە *n* ثروتمندان

privily /ˈprɪvɪli/ *adverb*
بە شێوەیەکی نهێنی، نهێنی‌یانە ۞ بە طور سری

privity /ˈprɪvɪti/ *noun, pl.* privities
1 ئاگاداری هاوبەش، پێکەوە ئاگاداربوون (لە نهێنی یان پلانێ) 2 شتی نهێنی، بابەتی تایبەتی 3 پێوەندی قانوونی ۞ 1 آگاهی مشترک 2 امر خصوصی یا سری 3 رابطەی حقوقی

privy /ˈprɪvi/ *adjective, noun* (*pl.* privies)
adj 1 ئاگادار، بەخەبەر، هایدار، بەئاگا 2 (کۆن) تایبەتی، نهێنی، ناگشتی، نەتەنی *n* 1 ئاودەس، دەس‌بەئاو، دەستاو، ئاڤرێژ 2 (ماف) هاوبەش، بەشدار، شەریک ۞ *adj* 1 مطلع 2 خصوصی، سری *n* 1 توالت 2 شریک

Privy Council *noun*
ئەنجومەن یان دەستەی راوێژکارانی شا یان شاژن ۞ شورای خبرگان، گروه مشاورین سلطنتی

Privy Councillor *noun*
راوێژکاری شا یان شاژن ۞ مشاور سلطنتی

Privy Counsellor = Privy Councillor

privy purse *noun*
(لە بریتانیا) مووچەی شا یان شاژن ۞ حقوق شاه یا ملکه

privy seal *noun*
مۆری پاتشایی ۞ مهر پادشاه

prix fixe /priː ˈfiːks, French pʀi fiks/ *adjective*
(خۆراک) شایانە، حیسابی (بنەڕەت: بە واتای "نرخی چەسپیو fixed price") ۞ مفصل

prize[1] /praɪz/ *noun*
I won £500 in -ize :1 دەس‌خۆشانە، خەلات
money 2 ئامانج، مەبەست ۞ 1 جایزە 2 هدف

prize[2] /praɪz/ *adjective*
1 یەکجار چاک، زۆر باش، باش، چاک، گرنگ:
a prize student 2 خەلات‌بەرەوە 3 تەواو، بە
تەواوەتی ۞ 1 ممتاز، مرغوب، مهم 2 برندەی
جایزە 3 تمام‌عیار

prize[3] /praɪz/ *noun*
1 تالانی یان دەسکەوتی دەریایی، کەشتی
دوژمن کە بەدرێژایی شەڕ دەگیری 2
دەسکەوت، خوداگەیاندوو 3 راو، چەشتە، تامک
4 دەس‌بەسەراگرتن، زەوت‌کردن، گرتن،
داگیرکردن ۞ 1 غنیمت دریایی، کشتی غنیمتی 2
غنیمت 3 طعمه، شکار 4 تصرف

prized /praɪzd/ *adjective*
I :بەبایەخ، بەنرخ، بەهادار، خۆشەویست، گرنگ
lost some of my most prized possessions
in the fire ۞ ارزش‌مند، مهم

prize court *noun*
دادگای (دابەش‌کردنی) دەسکەوت ۞ دادگاه
توزیع غنایم

prize day *noun*
رۆژی خەلات ۞ روز جایزە

prizefight /ˈpraɪzfaɪt/ *noun*, also prize-fight
پێشبڕکێی شەڕەمشتی پیشەیی ۞ مسابقەی
مشت‌زنی حرفه‌ای

prize-fighter /ˈpraɪzfaɪtɪŋ/ *noun*, also prize-fighter
بۆکسێری پیشەیی ۞ مشت‌زن حرفه‌ای

prize-giving *noun*
ئاهەنگی پێدان یان بەخشینی خەلاتەکان ۞
مراسم اعطای جوایز

prizeman /ˈpraɪzmən/ *noun*, *pl.* prizemen
خەلات‌بەرەوە، خەلات‌هەلگر ۞ برندەی جایزە

prize-money /ˈpraɪz mʌni/ *noun*
پارەی دەسکەوت (لەو رێگاوە بەدەس هاتبێ)
۞ پول غنیمت

prize ring *noun*
رینگی پێشبڕکێی شەڕەمشت ۞ رینگ مسابقەی
مشت‌زنی

prizewinner /ˈpraɪzwɪnə(r)/ *noun*
خەلات‌بەرەوە، خەلات‌هەلگر ۞ برندەی جایزە

prizewinning *noun*
خەلات‌بردنەوە، خەلات‌بەرەوەیی ۞ برندگی
جایزە

pro /prəʊ, US proʊ/ *noun* (*pl.* pros), *adjective*
n 1 یاریزانی پیشەیی 2 وەرزش‌کاری پیشەیی
3 جندە، لەش‌فرۆش، قەحبە *adj* پیشەیی (لە
وەرزش‌دا)، *a pro wrestler* :professional ◊
pro football، لایەنگر، ئالیگر، پشتیوان، دەستە،
پشتگیر ۞ *n* 1 بازی‌کن حرفه‌ای 2 ورزش‌کار
حرفه‌ای 3 جندە *adj* حرفه‌ای، طرفدار، حامی

PRO *abbreviation* public relations officer

pro-[1] /prəʊ, US proʊ/ *prefix*
پێشگر: پێش، بەر، پێشوو، لەوەپێش، لەپێش،
پێش‌تر، پێشین، لایەنگر، دەستە، پشتیوان،
بەجێی، لەبریتی، لە جیاتی: *pro-* ،*propel*
choice، *proconsul* (بنەڕەت: لە *pro* لاتینەوە)
۞ پیشوند: پیش، جلو، قبلی، هوادار، به نیابت

pro-[2] /prəʊ, US proʊ/ *prefix*
پێشگر: پێش، بەر، پێشوو، لەوەپێش، لەپێش،
پێش‌تر، پێشین: *proactive* (بنەڕەت: لە *pro*
یۆنانی‌یەوە) ۞ پیشوند: پیش، جلو، قبلی

proa /ˈprəʊə/ *noun*, also prahu, prau
جۆرێ گەمی بادەوەداری مالیزیایی یا ئیندۆنیزیایی
(بنەڕەت: لە *perahu* مالیزیایی) ۞ پرو

proactive /ˌprəʊˈæktɪv, US ˌproʊ-/ *adjective*
a -ive :1 چالاک 2 چالاکی‌یانە، پێش‌گیری‌یانە
approach (proactively /ˌprəʊˈæktɪvli, US
adv /-ˌproʊ) ۞ 1 فعال 2 کنش‌گرانە

proactivity *noun*
چالاکی، پێش‌گیری، بەرگیری (مەهار یان
کۆنترۆلی بارودۆخێ لەچاو بەرپەرچ‌دانەوەی)
۞ فعالیت، کنش‌گری

pro-am *adjective*, *noun*
(پێشبڕکێ) ئاماتۆری‌ـپیشەیی (ب.ت. گۆلف):
a pro-am golf tournament ۞
آماتوری‌ـحرفه‌ای

prob = problem

probabilism *noun*
شیمانەگەری، شیمانەباوەڕی ۞ احتمال‌گرایی

probabilist *noun*
شیمانەگەر، شیمانەباوەڕ ۞ احتمال‌گرا

probabilistic /ˌprɒbəbɪˈlɪstɪk, US ˌprɑːb-/ *adjective*
پرۆبابیلیستیک ۞ پروبابیلیستیک

probability /ˌprɒbəˈbɪləti, US ˌprɑːb-/ *noun*, *pl.* probabilities
1 ئەگەر، شیمانە، شیان، رێ‌تێچوون، لەوەچوون 2
(probabilities) ئەگەر، شیمانە، شیان، لەوەچوون،
رێ‌تێچوون ۞ 1 احتمال 2 (در جمع) احتمال

probable /ˈprɒbəbl, US ˈprɑːb-/ *adjective*, *noun*
adj ئەگەردار، شیمانەدار، شیاو، رێ‌تێچوو،
وێچوو، لەوانەیی، لەوەچوو: *a probable*
hypothesis ◊ *probable events* *n* براوە یان
بالێواری رێ‌تێچوو ۞ *adj* احتمالی، محتمل *n*
برندە یا کاندیدای احتمالی

probable cause *noun*
(ماف) هۆ یان بەڵگەی ژیرانە، هۆی شیاو ۞ علت معقول

probably /'prɒbəbli, US 'prɑ:b-/ *adverb*
لەوەدەچێ، ڕێ تێچووانە، وێدەچێ، لەوانەیە، ڕێی تێدەچێ، ڕەنگە ۞ احتمالاً

probang /'prəʊbaŋ/ *noun*
(پزشکی) گەرووسڕ، میلەی سڕینی قوڕگ (سەرەکەی هەوری پێوەیە) ۞ پروبانگ

probate /'prəʊbeɪt, US 'proʊ-/ *noun*
1 سەلماندنی دروستبوونی وەسیەتنامە، سەلماندنی ڕاستی ڕاسپاردەنامە، پشتڕاستکردنەوەی ڕاستبوونی وەسیەتنامە 2 کۆپی یان ڕونووسی پەسندکراو یان سەلمێنراوی ڕاسپاردەنامە ۞ 1 اثبات صحت وصیتنامە 2 رونوشت تصدیقشدەی وصیتنامە

probate court *noun*
دادگای سەلماندن یان پشتڕاستکردنەوەی دروستی ڕاسپاردەنامەکان ۞ دادگاه اثبات صحت وصیت نامەها

probation /prə'beɪʃn, US proʊ-/ *noun*
1 تاقیکردنەوە، جەڕەباندن 2 ماوە یان قۆناخی تاقیکردنەوە، ماوەی فێربوونی کاری: *a period of probation* 3 ئازادی یان بەربوونی بەمەرج، وەستاندن یان هەڵپەساردنی سزا، سزای ڕاگیراو: *The prisoner was put on probation* ۞ 1 امتحان 2 دورەی آزمایش 3 آزادی مشروط، مجازات تعلیقی

probational /prə'beɪʃnl, US proʊ-/ *adjective*
تاقیکردنەوەیی (*probationally adv*) ۞ امتحانی، آزمایشی

probationary /prə'beɪʃnri, US proʊ'beɪʃəneri/ *adjective*
تاقیکردنەوەیی: *young -bationary teachers* ◊ *a -obationary period* ۞ امتحانی، آزمایشی

probationary period *noun*
ماوە یان قۆناخی تاقیکردنەوە ۞ دورەی آزمایش

probationer /prə'beɪʃnə(r), US proʊ-/ *noun*
1 مامۆستا یا نەخۆشیاری تازەکار، نەخۆشیاری تازەڕاهاتوو 2 تاوانکارێ کە ئەو ماوەیە (ئازادی یا بەربوونی بەمەرج) تێدەپەڕێنێ ۞ پروپاسیونر

probationer officer *noun*
فەرمانبەر یان کاربەدەستی چاودێر (کاربەدەستێ کە چاودێری جووڵانەوەی تاوانکارێ بەمەرجی بەربوو دەکا) ۞ مأمور ناظر

probative /'prəʊbətɪv/ *adjective*
1 تاقیکردنەوەیی، *exploratory* 2 سەربە سەلماندن، سەلمێنەر، *substantiating* ۞ 1 امتحانی 2 وابستە بە اثبات، ثابتکنندە

probatory /'prəʊbətɔ:ri/ *adjective*
تاقیکردنەوەیی، لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوە یا جەڕەباندن ۞ آزمایشی

probe /prəʊb, US proʊb/ *noun*
1 تاقیکردنەوە یان لێکۆڵینەوەی ورد، چوونە نێو بنجوبناوانی شتێکەوە، تاوتوێ(کردن)، لێکۆڵینەوە، کنەکردن، پەیجۆری 2 تێڕوانین، لێنۆڕین 3 (پزشکی) میل، میلە، شیش 4 (هەروەها space probe) کەشتی ئاسمانی لێکۆڵینەوەیی یان توێژینەوەیی (یان زانیاریتێرەوە، بێسوار و فڕۆکەوان) ۞ 1 آزمایش یا تحقیق دقیق، کاوش 2 معاینە 3 (پزشکی) سوند 4 فضاپیمای پژوهشی

probing /'prəʊbɪŋ, US 'proʊ-/ *noun, adjective*
n لێکۆڵینەوە، گەڕان، پەیجۆری، پاسادان، بەدواداگەڕان *adj* 1 بە مەبەستی لێپرسینەوە، لێکۆڵەرانە 2 بە مەبەستی دۆزینەوە، دۆزینەوەیی ۞ *n* تحقیق *adj* 1 بازجویانە 2 بە منظور اکتشاف

probingly /'prəʊbɪŋli, US 'proʊ-/ *adverb*
بە مەبەستی لێپرسینەوە ۞ بازجویانە

probity /'prəʊbəti, US 'proʊ-/ *noun*
ڕاستی، دروستی، دەسپاکی، بێپێچوپەنایی، پاکی، داوێنپاکی، *uprightness*: *financial probity* (بنەڕەت: لە *probitas* لاتین، لە *probus* "باش") ۞ صداقت، امانت

problem /'prɒbləm, US 'prɑ:b-/ *noun*
1 پرس، دۆز، پرسگرێک، کێشە، ئاستەنگ، گێرەوکێشە، چەرمەسەری، سەرێشە، تەنگوچەڵەمە، گۆنگەڵ، گێچەڵ: *big problems* ◊ *serious problems* ◊ *major problems* ◊ *health/family, etc. problems* ◊ *financial/practical/technical problems* 2 (فیزیک و بیرکاری) پرس: *the problem of drug abuse* ۞ 1 مسألە، پرسمان، معضل، گرفتاری 2 مسألە

problematic /ˌprɒblə'mætɪk, US ˌprɑ:b-/ *adjective, noun*, also problematical /-ɪkl/
adj 1 سەخت، ئاسێ، دژوار، چەتوون، گران، ئاڵۆز 2 کێشەلەسەر، مشتومڕلەسەر، کێشەنەرەوە 3 جێیشک، گوماناوی 4 ڕوونەوەنەبوو، گومانلەسەر، نادیار، نامەعلووم، ناڕوون، ناڕۆشن، پێشبینینەکراو: *their future remains problematic* *n* پرس یان شتێکی کێشەلەسەر ۞ *adj* 1 پیچیدە 2 متنازعفیە، مشکلآفرین 3 مشکوک 4 نامعین *n* مسألەی متنازعفیە

problematically /ˌprɒblə'mætɪkli, US ˌprɑ:b-/ *adverb*
بە شێوەیەکی نادیار یا جێیگومان، بە شێوەیەکی گوماناوی ۞ بە طور نامعین یا مشکوک

problem child *noun*
منالی سەربەکێشە یان سەربە گونگەڵ، منالی خراپ، گێرەوکێشەسازکەر ۞ کودک مسألەساز

problem novel *noun*
رۆمانێ کە لەسەر کێشەی ئاکاری و کۆمەلایەتی نووسراوە، رۆمانی رەخنەیی-کۆمەلایەتی ۞ رمان انتقادی-اجتماعی

problem play *noun*
شانۆیێ کە باسی کێشەی ئاکاری و کۆمەلایەتی دەکا، شانۆی رەخنەیی-کۆمەلایەتی ۞ نمایش انتقادی-اجتماعی

problem of evil *noun*
پرسی خراپە ۞ مسألەی شر

problem page *noun*
(کۆڤار) لاپەرەی گێرەوکێشە ۞ صفحەی گرفتاری

problem-solving *noun*
ریگا دۆزینەوە، چارەسەرکردنی گێرە و کێشە، کێشە رەواندنەوە، کێشە، کێشەرەوێنی: *to develop problem-solving skills and strategies* ۞ مشکل گشایی

pro bono publico /prəʊ ˌbɒnəʊ ˈpʊblɪkəʊ, US ˌbəʊnəʊ ˈpʌblɪkəʊ/ *adjective, adv*
(لاتین) بۆ بەرژەوەندی گشتی public، بۆ قازانجی گەلایێ ۞ جهت مصلحت عامه

Proboscidea *noun, pl.*
لمۆزداران ۞ خرطومداران

proboscidean /ˌprɒbəˈsɪdiən/ *adjective*, also proboscidian
لمۆزدار (فیل و هاوتیرە قرتێکەوتووەکانی دەگرێتەوە) ۞ خرطومدار

proboscis /prəˈbɒsɪs, US -ˈbɑːs-, US also -ˈbɑːskɪs/ *noun, adjective, pl.* probosces /-siːz/, proboscides /-sɪdiːz/, or proboscises
1 لمۆزی فیل، لمۆز 2 (مێرووەکان) ئەندامی مژین، مژۆکە، قۆرتم، لمۆزە 3 (بە شۆخی) شالووت ۞ 1 خرطوم فیل، پوزە 2 اندام مکشی 3 بینی بزرگ

proboscis monkey *noun*
مەیموونی لمۆزدار یان لمۆزنە، مەیموونی لووتشۆرە (رەسەنی دارستانەکانی Borneo ([*Nasalis larvatus*] ۞ نوعی میمون

procaine /ˈprəʊkeɪn, US ˈproʊ-/ *noun*
(کیمیا) پرۆکاین، پرۆکائین $C_{13}H_{20}N_2O_2$، ئاوێتەیێکی پێکهێنراو synthetic compound کە وەک دەرمانی سڕی شوێنی local anaesthetic بەکاردێنرێ ۞ پروکائین

procambium *noun*
پێشئاڵوگۆرە، پرۆکامبیۆم: بەشێ لە مێریستێمی سەرەتایی رووەکێ کە ئاڵوگۆرە cambium و شانە ئاوخۆرەیییە vascular سەرەتاکان پێکدێنێ ۞ پروکامبیوم

procaryote = prokaryote

procedural /prəˈsiːdʒərəl/ *adjective*
1 سەربە پرۆتۆکۆل 2 سەربە ریبازی یان شێوەی جوولانەوە، ریبازی (procedurally *adv*) ۞ 1 وابستە بە آیین‌نامە 2 وابستە بە طرز عمل

procedure /prəˈsiːdʒə(r)/ *noun*
1 پرۆتۆکۆل، دابودەستوونامە 2 ریکرد، ریباز، شێوەی کردن یان راپەراندن یان جێبەجێکردن، رەوەند، شێوە، شێواز، شێوەی دەستێدان، کردەوە، کردە، کار: *maintenance procedures* ◊ *disciplinary/safety procedures* ◊ *emergency procedures* 3 دابودەستوور 4 برینکاری یان چارەسەری پزشکی 5 (کامپیوتێر) = subroutine ۞ 1 آیین‌نامە 2 طرز عمل، روال، طرز اقدام 3 تشریفات 4 عمل یا معالجەی پزشکی

proceeding /prəˈsiːdɪŋ/ *noun*
1 کردەوە، کار، کردە، دەستێدان 2 رووداو یان زنجیرەی کردەوەکان 3 پێشوەچوون 4 (proceedings) دادخوازی، داوا، داواکاری (دادگەری(یانە) 5 کۆنووس، کورتەی دانوستان، کورتەنامەی فەرمی کۆبوونەوە یان لێژنەیێ، جفینامە، نامەی کۆبوونەوە، کۆرنامە، راپۆر یان تۆمارەی (بلاوەبوو) دانوستانی، کۆبوونەوەیێ، کۆنفرانس و هتد 6 راپۆر(ت) 7 رووداوەکان، قەومینەکان، بوویەرەکان، کار و کردەوە ۞ 1 اقدام، عمل 2 حادثە یا سلسلەای از اعمال 3 پیشرفت 4 (در جمع) دعوای حقوقی 5 صورت جلسە 6 گزارش 7 اتفاقات، حوادث، اقدامات

proceeds /ˈprəʊsiːdz, US ˈproʊ-/ *noun, pl.*
داهات، سوود، قازانج، دەسکەوت، خێر: *The proceeds of the concert will go to charity* ۞ عایدات، درآمد

process /ˈprəʊses, US ˈprɑːses, ˈproʊ-/ *noun*
1 رەوت، پێشاژۆ، پرۆسێس، رەورەوە، رەوەند، پرۆسە 2 کار، کردەوە، کردە، کردار، قۆناخ، شێوە، ریگا، شێواز 3 (کات) تێپەربوون، رۆیشتن، بەسەرچوون 4 رووداو، پێشهات، قەومین 5 گۆران، گۆهارتن 6 (زیندەناسی) دەرپەریوی، پۆقیوی، هەلقولتاوی، زەقایی، چوکلە، قیتایی، زیادە، زیادەگۆشت (سروشتی و لە زیندەوەرێکدا organism) 7 رەوتی کاری دادگا، رەوتی دادگایی، دادخوازی، داواکاری 8 نامەی بانگکردن ۞ 1 فرایند، جریان 2 امر، عمل، مرحلە، روش 3 مرور 4 حادثە 5 تغییر 6 (زیستشناسی) برآمدگی 7 جریان دعوا، دعوا، مراحل دادرسی 8 احضاریە

processed *adjective*

(خواردەمەنی و هتد) هاتووەبار، رەعەمەڵهێنراو ۞ عمل‌آوردەشدە

processing /'prəusesɪŋ, US prɒ-/ *noun*
لێکدانەوە، پرۆسێسینگ ۞ پردازش

procession /prə'seʃn/ *noun*
1 کاروان، ریز، زنجیرە 2 دەستە، خەڵک، جەماعەت 3 دەستەڕەوی، رۆیشتنی پێکەوە، رێبران، رێپێوان، مەش، رێفەچوون، رۆیشتن 4 پێشکەوتن، پێشوەچوون، رێورەسم، ئاهەنگ، سووران 5 (دین‌ناسی) دەرکەوتنی گیان یان رۆحی پیرۆز ۞ 1 صف 2 جمعیت 3 حرکت دستەجمعی، راەپیمایی 4 تقدم 5 مراسم 6 تجلی روح مقدس

processional /prə'seʃənl/ *adjective, noun,* also processionary
1 *adj* رێپێوی‌یانە، سەربە رێبران یا رێپێوان 2 بەدەستە، دەستەدەستە، بەکۆمەڵ، پێکەوە: 3 *processional songs* سرودی پێکەوە یان بەکۆمەڵ، سرودی بەدەستە *n* کتێبی سرود، سرودنامە ۞ 1 *adj* وابستە بە راەپیمایی 2 دستەجمعی 3 سرود جمعی *n* کتاب سرود

processor /'prəusesə(r), US 'prɑ:-, 'proʊ-/ *noun*
لێکدەرەوە، لێکدەرە، پرۆسێسور ۞ پردازش‌گر

process server = bailiff

procès-verbal /ˌprɒseɪvə:'bɑ:l/ *noun, pl.* procès-verbaux /-'bəʊ/
راپۆرتی نووسراوی proceedings ۞ صورت مجلس

pro-choice *noun*
پێش‌هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی لەوەپێش، پێشەکی هەڵبژاردن: *a pro-choice stand on abortion* ◊ *pro-choice activists* ۞ انتخاب از قبل

pro-choicer *noun*
پێش‌هەڵبژێر، پێشەکی هەڵبژێر ۞ انتخاب‌کنندە از قبل

prochromosome *noun*
پێش‌ڕەنگ‌تەن، پێش‌کرۆمۆزۆم ۞ پروکروموزوم

proclamation /ˌprɒklə'meɪʃn, US ˌprɑ:k-/ *noun*
1 راگەیاندن، هاوارکردن، ئاشکراکردن، جاڕدان، بڵاوکردنەوە، دانەزانین، بانگ‌ڕاهێشتن، جاڕڕاهێشتن، وتن، جاڕ 2 ئاگاداری، جاڕنامە، راگەیاندن‌نامە، بڵاونامە، داخویانی ۞ 1 اعلان، اعلام، انتشار 2 اعلامیە

proclamatory *adjective*
راگەیێنەرانە ۞ اعلام‌آمیز

proclitic /ˌprəʊ'klɪtɪk, US ˌproʊ-/ *noun, adjective*
(زمانەوانی) *n* 1 پرۆکلیتیک، پێش‌وشەبەند (وشەیێ کە یەکجار سووک گۆ دەکرێ، و بەشێ لە وشەی دواتر پێکدێنێ 2 وەکوو: *at* لە *at home* یان *'d* لە *'d'you* (*adj* سەربە وشەیێکی وا (بڕوانە enclitic) ۞ پروکلیتیک

proclitically /ˌprəʊ'klɪtɪkli, US ˌproʊ-/ *adverb*
لەباری پرۆکلیتیکەوە ۞ از لحاظ پروکلیتیک

proclivity /prə'klɪvəti/ *noun, pl.* -oclivities
داشکانەوە، مەیل، ئارەزوو، لاربوونەوە، ئیشتیا، حەز، ویست، دڵ (ب.ت. خراپ): *his sexual/criminal proclivities* ۞ میل، گرایش

Procne *noun*, Latin, from Greek *Proknē*
پرۆکنی: ژنی تیریوس Tereus، دەبێتە پەرەسێلکە swallow کاتێ لە لای ئەو دوور دەکەوێتەوە ۞ پروکنی

proconsul /prəʊ'kɒns(ə)l/ *noun*
1 ستانوان یان پرۆکۆنسول، جێگری کۆنسول (بەشێ یان هەرێمێکی ئیمپراتۆری رۆمی کۆنی بەڕێوە دەبرد) 2 ستانوانی کۆلۆنی‌یێکی نوێ ۞ پروکنسول

proconsular /prəʊ'kɒnslə(r)/ *adjective*
سەربە پرۆکۆنسول، پرۆکۆنسولی ۞ وابستە بە پروکنسول

proconsulate /prəʊ'kɒnsəlɪt/ *noun*
1 ئەرک یان پۆستی پرۆکۆنسولی یان ستان‌وانی 2 سەردەمی پرۆکۆنسولی ۞ 1 مقام پروکنسولی 2 دورەی پروکنسولی

proconsulship *noun*
پرۆکۆنسولیتی، پرۆکۆنسولی ۞ پروکونسولی

procrastination /prəʊˌkræstɪ'neɪʃn, US proʊ-/ *noun*
1 پشت‌گوێ‌خستن، گوێ‌پێنەدان، بەکنگاخستن، بەهیچەگرتن، ئەمڕۆ و بەیانی پێ‌کردن، بە دەستەوەنەدان، دەساودەس‌پێ‌کردن، عەلاف‌کردن، دەس‌خەڕۆیی 2 (کار) دواخستن، پاش‌خستن ۞ 1 تعلل 2 معوق‌سازی

procrastinative /prəʊ'kræstɪneɪtɪv, US proʊ-/ *adjective*
پشت‌گوێ‌خەر، دەساودەس‌پێکەر، (کار) دواخەر، ئەمڕو و بەیانی‌پێکەر، بە درەنگ‌خستوو، تەفرەدەر ۞ دفع‌الوقت‌کنندە

procrastinator *noun*
پشت‌گوێ‌خەر، دەساودەس‌پێکەر، (کار) دواخەر، ئەمڕو و بەیانی‌پێکەر ۞ دفع‌الوقت‌کنندە

procreant *adjective*
بەبەرهەم، بەبڕشت، بەپیت، زاوزێیی ۞ بارور، تناسلی

procreation /ˌprəʊkri'eɪʃn, US ˌproʊ-/ *noun*
زاوزێ، زایین، ترەکین، بوون، وەچەخستنەوە، بەرەخستنەوە ۞ تولید مثل، زاد و ولد

procreative /'prəʊkrieɪtɪv, US ˌproʊ-/

adjective
بەبەرهەم، بەبڕشت، بەپیت، زاوزێیی ۞ بارور، تناسلی
procreator *noun*
زاوزێکەر، وەچەخەرەوە، بەبەرهەم ۞ زاد و ولدکننده
Procrustean /prə(ʊ)'krʌstɪən/ *adjective,* also procrustean
بەزۆرپێکەر، داسەپێنەر ۞ تحمیل‌کننده
procrustean bed *noun*
نەخشەیێ بۆ داسەپاندنی بیر و باوەڕێ بە زۆر ۞ پروکروستین بد
Procrustes *noun,* Latin, from Greek *Prokroustēs*
پروکروستێز، پروکروستێس: کوڕێکی بەدکاری Poseidon لە میتۆلۆژی یۆنانیدا، ڕێبواران ناچار دەکا بچنە سەر جێگاکەی، ئەگەر کورت بوایەن دەیکێشان و ئەگەریش زیاد بوایەن لاقیانی دەپەڕاند ۞ پروکروستس
procrypsis *noun*
خۆشاردنەوە ۞ استتار
procryptic *adjective*
خۆشاردنەوەیی: خۆشاردنەوەی گیانەوەرێ لە ڕاوچییەکەی، ئەو ڕەنگ یا نەخشە(ونیگار)ی هەیە کە لەبەرچاوی دوژمن دەیپارێزێ (ب.ت. لە مێرووەکاندا)، ڕەنگی گیانەوەرێ کە چون وەکوو سروشت دەچێ دەبێتە هۆی شاردنەوەیی و لەبەر چاو گومی دەکا ۞ استتاری
procryptically *adverb*
بەشێوەیێکی خۆشاردنەوەیی ۞ به طور استتاری
proct(o)- *prefix*
پێشگر: ڕێکەڕیخۆڵە، ڕیخۆڵەڕاستە rectum، کۆم anus: لە proctoscope (بنەڕەت: لە prōktos یۆنانییەوە "anus، کۆم") ۞ پیشوند: رودەی مستقیم
proctitis /prɒk'tʌɪtɪs/ *noun*
هەوکردن یان ئاوسانی ڕیخۆڵەڕاستە یان کۆم ۞ التهاب رکتوم
proctodaeum *noun, pl.* proctodaca or proctodaeums
کۆمڕێ، کۆمڕیخۆڵە، بەشی پێشەوەی ڕیخۆڵەڕاستە: بەتی ectodermal پاشەوەی ئاولەمە ۞ پروکتودیوم
proctological *adjective,* also proctologic
سەربە پزشکی کۆم، سەربە کۆمناسی ۞ وابسته به پروکتولوژی
proctologist *noun*
پزشک لەبواری کۆمدا، کۆمناس ۞ پروکتولوژیست
proctology /prɒk'tɒlədʒi/ *noun*
پزشکیی کۆم، کۆمناسی، ڕیخۆڵەڕاستەناسی ۞ پروکتولوژی
proctor /'prɒktə(r), US 'prɑ:k-/ *noun*
1 (لە زانکۆ یان تاقیکاری) چاودێر، ئاگادێر 2 (لە کلێسەی ئینگلتەرەدا) نوێنەری هەڵبژاردەی کاروباری کلێسە (هی York یان Canterbury) 3 پارێزەری قانوونی ۞ 1 مراقب 2 وکیل امور کلیسایی 3 وکیل قانونی
proctorial *adjective*
سەربە proctor ۞ وابسته به proctor
proctorship *noun*
چاودێری، زێرەڤانی ۞ نظارت
proctoscope /'prɒktəskəʊp/ *noun*
کۆمبین، کۆمدۆز ۞ پروتوسکوپ
proctoscopy *noun*
کۆمبینی، کۆمدۆزی ۞ پروتوسکوپی
procumbent /prə(ʊ)'kʌmb(ə)nt/ *adjective,* also procurance /prə'kjərəsɪ
1 دەمەوڕوو، بەسەر ڕووداخەوتوو، بەسەر ڕوودارِاکشاو 2 (ڕووەکناسی) ڕاکشاو، کشاو، خەوێنراو ۞ 1 دمر 2 خوابیده
procurable *noun*
لەدەسخستنهاتوو، شیاوی بەدەسهێنان، بەدەسدێ، دەسدەکەوێ، لەبەردەست، دەسکەوتوو ۞ قابل حصول
procuracy /prə'kjʊərəsi/ *noun, pl.* procuracies
بریکاری، وەکیلایەتی، نوێنەرایەتی، پلەوپایەی procurator ۞ وکالت، مقام procurator
procuration /ˌprɑ:kjərəʃn/ *noun*
1 بریکاری، نوێنەرایەتی، وەکیلایەتی 2 پێسپاردن 3 تەگبیر 4 بەدەسهێنان، دەسخستن 5 گەوادی، دەڵاڵی ۞ 1 وکالت 2 تفویض 3 تدبیر 4 حصول 5 جاکشی
procurator[1] /'prɒkjʊreɪtə(r)/ *noun*
1 بریکار، نوێنەر (ب.ت. لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کلێسەی کاسۆلیکی ڕۆمانی و ئیمپراتۆری ڕۆمای کۆندا) 2 (لە ڕۆمی کۆندا) کاربەدەستی گەنجینە ۞ 1 وکیل، مباشر 2 مأمور خزانه
procurator[2] = procurator fiscal
procurator fiscal /ˌprɒkjʊreɪtə 'fɪskl, US ˌprɑ:kjəreɪtər/ *noun*
(لە سکاتلەند) دادپرس ۞ دادستان
procuratorial *adjective*
سەربە procurator ۞ وابسته به procurator
procuratorship *noun*
بریکاری، نوێنەرایەتی ۞ وکالت
procuratory *noun*
بریکاری، نوێنەرایەتی ۞ وکالت
procurement /prə'kjʊəmənt, US -'kjʊrm-/ *noun*
1 ئامادەکاری، ئامادەکردن، سازکردن،

گەلالەکاری: *arms procurement* 2 گەوادی، دەلالی، سەرگری، ئابڕووفرۆشی 3 دەس‌خستن، بەدەس‌هێنان، بەگیرخستن ◌ 1 تدارک، تهیه، فراهم‌سازی 2 جاکشی 3 حصول

procurer *noun*

1 گەو(و)اد، سەرگر، ئابڕووفرۆش، قورمساخ، ژن‌فرۆش 2 ئامادەکار، گەلالەکار ◌ 1 جاکش 2 تهیه‌کننده

procuress *noun*

دەلال، (گەواد، ژن) ◌ جاکش

Procyon /'prəʊsiːɑːn/ *noun*

(ئەستێرەوانی) پرۆسایۆن، بەرک، پرۆسیۆن، ئەستێرەیێکی magnitude ی یەکەم لە کۆئەستێرەی Canis Minor ◌ شعرای شامی، غمیصا

Prod /'prɒd/ *noun*, also Proddie, Proddy

(ب.ت. لە ئیرلەند، سووکانە) پرۆتیستانت ◌ پروتستان

prod /prɒd, US prɑːd/ *noun*

1 نەقیزە، زیخت، مەساسە، لابیتە، گالۆک، گارام، گاران، شەبیک 2 تێ‌کوتان، تێوەژاندن، هاندان، تێن‌دان، جوولاندن: *She gave him a sharp prod with her umbrella* 3 بەگوێ‌دادان، ئاگادارکردنەوە، وەبیرهێنانەوە 4 هاندەر، پالنەر، بزوێنەر ◌ 1 سیخونک 2 تحریک 3 گوشزد 4 انگیزه

prodder *noun*

هاندەر، پالنەر، تێوەژێن، جوولێنەر، تێندەر ◌ محرک، انگیزه

prodding /'prɒdɪŋ, US 'prɑːd-/ *noun*

1 تێ‌کوتان، تێوەژاندن، هاندان، تێن‌دان، گالەدان، جوولاندن 2 بەگوێ‌دادان، ئاگادارکردنەوە، وەبیرهێنانەوە، خستنەوەبیر ◌ 1 سیخونک، ترغیب 2 گوشزد

prodigal /'prɒdɪgl, US 'prɑːd-/ *adjective, noun*

adj 1 دەس‌بلاو، دەس‌شاش، عەبلەخەرج، بالانی 2 دەس‌بلاوانە: *a prodigal feast* 3 بەدەس‌ودڵ *n* مرۆی دەس‌بلاو، بنیادەمی بالانی یان رابویر ◌ *adj* 1 مسرف 2 اسراف‌آمیز 3 سخاوت‌مند *n* آدم ولخرج

prodigality /,prɒdɪ'gæləti, US ,prɑːd-/ *noun*

1 دەس‌بلاوی، دەس‌شاشی، دەس‌قلبی، تەخشان‌وپەخشان، عەبلەخەرجی، بالانی‌کردن 2 بەدەس‌ودڵی، بەخشندەیی، نان‌بدەیی، بەدەهەندەیی، دەس‌کراوەیی ◌ 1 ولخرجی، اسراف 2 سخاوت‌مندی

prodigally /'prɒdɪg(ə)li, US 'prɑːd-/ *adverb*

دەس‌بلاوانە، عەبلەخەرجی ◌ با اسراف

prodigious /prə'dɪdʒəs/ *adjective*

1 سەیر، مەزن، نائاسایی، ئاوارتە 2 گەورە، زەبەلاح، بەرچاو، جێی‌سەرنج 3 (پارە) یەکجار(زۆر)، لۆدە، کۆما 4 سەرسووڕهێنەر، سەیر ◌ 1 عجیب، سترگ، استثنایی 2 عظیم 3 هنگفت 4 شگفت‌انگیز

prodigiously /prə'dɪdʒəsli/ *adverb*

سەیرانە، سەرسووڕهێنەرانە، (بە شێوەیەکی) سەیر ◌ به طور شگفت‌انگیز

prodigy /'prɒdədʒi, US 'prɑːd-/ *noun, pl.* prodigies

1 هەلکەوتە، بلیمەت: *a child/an infant prodigy* 2 منالی هەلکەوتە 3 شتی سەیر 4 دیاردەی سەیر یان نائاسایی، کاری نائاسایی یان سەیر 5 نموونە(ی دیار یان بەرچاو) 6 (prodigies) سەیروسەمەرە، شتە سەیرەکان ◌ 1 نابغه 2 کودک نابغه 3 اعجوبه 4 پدیده‌ی عجیب 5 مظهر 6 (در جمع) عجایب، شگفتی‌ها

prodromal /'prəʊdrəʊml, US 'prɒdrəʊml/ *adjective*, also prodromic /prə(ʊ)'drɒmɪk/

سەرەتایی، precursory، سەربە کۆنیشانەی سەرەتایی نەخۆشی‌یێ ◌ مقدماتی، وابسته به نشانگان اولیه‌ی بیماری

prodrome /'prəʊdrəʊm, US 'prɒdrəʊm/ *noun, pl.* prodromate

پرۆدرۆم، پێشەکۆنیشانە، نیشانەی سەرەتایی، کۆنیشانەی سەرەتا (ی نەخۆشی) ◌ پرودروم، نشانگان مقدماتی

pro-drop language = pro-drop parameter

pro-drop parameter *noun*, also null subject parameter

ژوورپێوی بریناو(دا)خەر یان بریناو(دەر)هاوێژ، ژوورپێوی کارا(دا)خەر یان کارا(دەر)هاوێژ، ژووریێو یان پارامیتری کاراپووچ: (لە ڕێزمانی جیهانی‌دا universal grammar) ژووریێو یان پارامیترێ کە ئەوە دیاری دەکا کە داخۆ دەکرێ کارا subject لە رستە ئاگاداری‌یەکاندا declarative دەربخرێ یا لابردرێ. ژووریێوەکان لە زمانە جۆراوجۆرەکان‌دا لە چوارچێوەگەلێکی پێناسەکراودا دەگۆڕدرێن. زمانانی وەک ئیتالیایی، کوردی و عەرەبی دەتوانن رستەی (ئاگاداری) بێ‌کارایان subject-less هەبێ، ب.ن. ئیتالیایی بەرامبەری *parla* 'he/she speakes/talks'ـە، ئەو زمانانە دەکاتە زمانی کارادەرخەر یان بریناوداخەر. بەلام زمانانێکی وەک ئینگلیسی، فەرەنسی و ئەلمانی زۆرتر لە رستەدا کارا لە رستە داناخەن یان دەرناهاوێژن و بەو زمانانەش دەلێن زمانانی کارادانەخەر یان کاراناداەرهاوێژ (یان کارادەرنەهاوێژ) non-pro-drop languages، ب.ن: ◌ پارامتر حذف نهاد

یا فاعل، پارامتر ضمیرانداز

	Subject	Verb	
Kurdish	*(aw)*	*dadwe*	pro-drop
Italian	*(lui)*	*parla*	pro-drop
Arabic	*(huwa)*	*yatakulamu*	pro-drop
English	*he*	*speakes*	non-pro-drop
French	*il*	*parle*	non-pro-drop
German	*er*	*spricher*	non-pro-drop

prodrug *noun*
ئاویتەیێکی لەباری زیندەناسی‌یەوە ناچالاک کە ئەتوانێ لە لەشا مێتالۆلیزە کرێ تا دەرمانی بەرهەم بێنێ ۞ پرودراگ

produce /'prɒdju:s, US 'prɑ:du:s, 'proʊ-/ *noun*
1 بەرهەم، بەروبوو، دەراورد: *farm produce* 2 ئەنجام، ئاکام ۞ 1 فرآورده 2 نتیجه yield

producer /prə'dju:sə(r), US -'du:-/ *noun*
1 بەرهەمهێنەر: *Kurdistan is a major oil producer* 2 (فیلم، شانۆ و هتد) ئامادەکار، بەرهەڤکار، بەرهەمهێنەر: *Hollywood screenwriters, actors and producers* ۞ 1 تولیدکننده 2 (فیلم و...) تهیه‌کننده

producer gas *noun*
گازێکی سووتەمەنی، یەکۆکسایدی یان مۆنۆکسیدی کاربۆن، هایدرۆژین و نایترۆژینی تیایە ۞ نوعی گاز سوخت

producible /'prə'dju:səbl/ *adjective*
شیاوی بەرهەمهێنان، لەبەرهەمهاتوو، لە بەرهەم دێ ۞ قابل تولید

product /'prɒdʌkt, US 'prɑ:d-/ *noun*
1 بەرهەم، بەروبوو، بەرە، دەراورد، دەرکرد 2 بەرهەمهێنان 3 شت، کالا، مال، کەلوپەل، شمەک 4 بەرهەم، ئەنجام، ئاکام 5 (بیرکاری) بەرهەم یان ئەنجامی لێکدان 6 (کیمیا) ئاویتەیەکی کیمیایی نوێی کە بە هۆی کاردانەوەی کیمیایی دێتەبەرهەم ۞ 1 فرآورده 2 تولید 3 کالا، جنس 4 نتیجه 5 (ریاضی) حاصل ضرب 6 (شیمی) پروداکت

production /prə'dʌkʃn/ *noun, adjective*
n 1 بەرهەمهێنان، لێدان، دروستکردن، رەعەمەلهێنان 2 (فیلم و...) ئامادەکاری، ئامادەکردن، بەرهەمهێنان 3 فیلم، بەرنامە، شانۆ 4 کار، بەرهەم 5 خستنەروو، پیشاندان، نواندن، رانان 6 بر یان چەندێتی بەرهەمهاتوو *adj* بەرهەمهێنراو، بەرهەمهێنەرانە ۞ *n* 1 تولید، فرآوری 2 (فیلم و...) تهیه 3 فیلم، نمایش 4 اثر 5 ارائه 6 کمیت تولیدشده *adj* تولیدی

production biology *noun*
زیندە(وەر)ناسی بەرهەمهێنان ۞ زیست‌شناسی تولید

production line *noun*, also assembly line
هێڵی بەرهەمهێنان: *Education is not a production line* ۞ خط تولید

production control *noun*
مەهار یان دەس‌بەسەراگرتنی بەرهەمهێنان، کۆنترۆلی بەرهەمهێنان ۞ مهار تولید

production number *noun*
ژمارەی بەرهەمهێنان ۞ عدد تولید

productive /prə'dʌktɪv/ *adjective*
1 سەربە بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنەرانە 2 بەرهەمهێنەر، بارهێنەر 3 بەبرشت، بەپیت، بەخێروبێر، زەنوێر، بەبەرهەم، بەئەنجام، کاریگەر، کارا، بەخێر، بەسوود، بەکارهاتوو، بەبرەو، بەقازانج: *highly productive farming* 4 (نووسەر و هتد) بەکار، پرکار، پربەرهەم، چالاک 5 دروستکەر، داهێنەر 6 هۆکار، مایە، بووەهۆ: *a productive meeting* ◊ *land* ۞ 1 تولیدی 2 تولیدکننده 3 بارور، مفید 4 فعال 5 خلاق 6 باعث

productively /prə'dʌktɪvli/ *adverb*
بەکارهاتووانە، بە شێوەیەکی بەکارهاتوو یان باش‌تر، بەسوودانە ۞ به طور مفید

productiveness /prə'dʌktɪvnəs/ *noun*
بەبرشتی، بەبەرهەمی، بەپیتی، بەکارهاتوویی، بەخێری، بەسوودی ۞ باروری، مفیدی

productivity /ˌprɒdʌk'tɪvəti, US ˌprɑ:d-, ˌproʊd-/ *noun*
1 بەبرشتی، بەبەرهەمی، برەو، بەخێروبێری، بەپیتی 2 توانایی بەرهەمهێنان 3 برشت، کاریگەری، بەکارهاتوویی، بەسوودی، بەئەنجامی، ئەنجامدەرەوەیی ۞ 1 باروری 2 قدرت فرآوری 3 بهره‌وری، ثمربخشی

productivity agreement *noun*
رێککەوتنی برشتی یان ئەنجامدەرەوەیی (زۆربوونی کرێ و مز بەپێی زۆربوونی بەرهەمهێنان) ۞ توافق بهره‌وری

proem /'prəʊɪm/ *noun*
1 پێشەکی، prelude 2 preface ۞ مقدمه

proemial /-'i:mɪəl/ *adjective*
پێشەکی‌یانە، سەربە پێشەکی ۞ مقدمه‌ای

proenzyme = zymogen

prooestrus *noun*, also proestrus
پێش(بە)فالی، پێش(بە)کەلی: قۆناغی لە سووڕی فالی کە لەودا هۆرمۆنی هاندەری فۆلیکۆل بەرەبەرە زۆر بووە و هۆرمۆنی ئیسترادیۆل oestradiol بۆ سووڕی فالی باش‌تر ئامادە دەبێ ۞ پرواوستروس

prof /prɒf, US prɑ:f/ *abbreviation* professor

Prof *abbreviation* Professor
(وەک سەرنێوێ) مامۆستا، پرۆفیسۆر ۞ پروفسور

profamily *noun*, also pro-family
لایەنگری قانوونەکانی دژی لەباربردن

abortion، antiabortion؛ هـان‌دەری پێکهاتـە و بەها نەریتی‌یەکانی خێزان ◌ پروفامیلی

profanation /prɒfəˈnfiʃən/ *noun*
بـێ‌ڕێـزی، سـووکایەتی، بـێ‌حورمـەتی، defilement ،desecration ◌ بی‌حرمتی

profanatory *adjective*
سووکایەتی‌یانە. سووکی‌پێکەرانە ◌ توهین‌آمیز

profane /prəˈfeɪn/ *adjective*
1 کفراوی، دینـدزی، بێ‌ڕێزی‌کردن بـە خـودا و شـتە پیرۆزەکـان 2 دنیـایی، نـادینی، نائـایینی، ناپیرۆز: *songs of sacred and profane love* 3 ناحەز، ناشیرین، دزێو، کرێت، پیس، هـەرزە ◌ 1 کفرآمیز 2 غیرمذهبی 3 قبیح

profane history *noun*
مێژووی نادینی یان دنیایی ◌ تاریخ دنیوی

profane language *noun*
زمانی هەرزانە، زمانشڕی ◌ زبان اهانت‌آمیز

profanely /prəˈfeɪnli/ *adverb*
بە شێوەیەکی ناحەز، پیسانە، هەرزانە ◌ قبیحانه

profaneness /prəˈfeɪnnəs/ *noun*
1 بـێ‌ڕێـزی، بـێ‌حورمـەتی، سـووکایەتی 2 ناحـەزی، پیسـی، ناشـیرینی، کـرێتی ◌ 1 بی‌حرمتی، اهانت 2 زشتی

profaner *noun*
کفربێـژ، کـافر، دینـدز، بـێ‌ڕێزیکـەر بـە شـتە پیرۆزەکان ◌ کفرگو

profanity /prəˈfænəti, US proʊˈf-/ *noun, pl.* profanities
1 کفـر، دینـدزی، بـێ‌ڕێـزی (بـە خـودا و شـتە پیرۆزەکان): *He uttered a stream of -nities* 2 سووکایەتی، سووکی‌پێ‌کردن 3 قسەی پیس، جنێو، سخێف ◌ 1 کفر 2 توهین 3 حرف زشت

professed /prəˈfest/ *adjective*
1 پێ‌لێنـاو، دان‌پیانـەر، درکانـدوو: *a professed Christian/anarchist* 2 دەرخراو، ئاشـکراکراو 3 سـوێندخواردوو، سـوێندخوارده 4 ڕواڵـەتی، داواکـراو، درۆ 5 جـدی، سەوداسـەر، شـێلگیر، تونـد، گـرژ 6 (کـۆن) = professional 1 ◌ 1 معترف 2 اظهارشده 3 سـوگندخورده 4 ظـاهری 5 دوآتشه

professedly /prəˈfestli/ *adverb*
درکاندووانـە، دان‌پیانەرانـە، بـە پانـەوە، بـە ئاشکرایی ◌ معترفانه، صراحتاً

profession /prəˈfeʃn/ *noun*
1 کـار، پیشـە: *the medical/legal/teaching, etc. profession* 2 دەربـڕین، دەرخسـتن، ئاشکراکردن 3 پێ‌لێنان، دەنگ‌کردن، دان‌پیانان، درکانـدن، چوونـەژێر 4 ڕاگەیانـدن، وتـن 5 وابێـژی، واوتـن 6 نـەزر، بەڵـێنی، پـەیمان 7 ئەندامانی پیشەیی، دەستەی پیشەیی ◌ 1 حرفه، شغل 2 ابراز 3 اذعان، اعتـراف 4 اعـلام 5 ادعـا 6 نذر، تعهد 7 اعضای یک حرفه

professional /prəˈfeʃənl/ *adjective, noun*
1 *adj* پیشـەیی: *-ssional qualifications/skills* 2 پـسپۆرانە، شـارەزایانە، لێهاتووانـە، لێهـاتوو، لەکاردەرهاتوو، خاراو، بەئەزموون 3 هەمیشـەیی 4 (هەڵە یان خـەتا) بەمەبەست، بەئانقەسـت 1 *n* مرۆی پیشـەیی، پیشـەکار، پیشـەمەند 2 پـسپۆر، شارەزا 3 یاریزانی پیشـەیی 4 ئەکتـەری پیشـەیی ◌ 1 *adj* حرفـه‌ای 2 متخصـصانه، کـارآزموده 3 دائمی 4 عمـدی *n* 1 آدم حرفه‌ای 2 متخـصص 3 بازی‌کن حرفه‌ای 4 بازیگر حرفه‌ای

professional foul *noun*
(تۆپێن) هەڵەی بەئەنقەست یان بەمەبەست ◌ خطای عمد

professionalism /prəˈfeʃənəlɪzəm/ *noun*
1 لێهاتوویی یا لێوەشاوەیی پیشـەیی 2 پـسپۆڕی، لێهاتوویی 3 بەکارهێنانی یاریزانانی پیشەیی لە وەرزشدا ◌ 1 مهـارت حرفـه‌ای 2 تخـصص 3 بکارگیری بازی‌کنان حرفه‌ای در زمینه‌ی ورزش

professionalization /prəˌfeʃənəlaɪˈzeɪʃn/ *noun*
زۆرکردنی چالاکی پیشەیی ◌ پروفسیونالیزاسیون

professionally /prəˈfeʃənəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی پیشەیی ◌ به طور حرفه‌ای

professor /prəˈfesə(r)/ *noun*
1 مامۆسـتا، پـرۆف(یـ)سـۆر، مامۆستای زانکـۆ، خـاوەنی کورسـی زانکـۆیی 2 (وەکـوو سـەرناو) مامۆستا ◌ 1 استاد (دانشگاه) 2 استاد

professorate /prəˈfesərɪt/ *noun*
مامۆستایی، مامۆستایەتی ◌ استادی

professorial /ˌprɒfəˈsɔːriəl, US ˌprɑːf-/ *adjective*
مامۆسـتایی، مامۆستایەتی، سـەربە مامۆسـتایەتی زانکـــۆ، مامۆستائاســـا، شێوەپرۆفـــسۆر، پرۆفـسۆرئاسا: *His tone was almost professorial* ◊ *professorial duties* ◌ استادی، وابسته به استادی دانشگاهی، پروفسورمآب

professorial duties *noun, pl.*
ئەرکـە مامۆسـتایی‌یـەکان، ئـەرک و کـاری مامۆستایەتی ◌ وظایف استادی

professorially /ˌprɒfəˈsɔːriəli, US ˌprɑːf-/ *adverb*
مامۆستایانە ◌ استادانه

professorial post *noun*
پلەوپایەی مامۆستایی، پۆستی مامۆسـتایەتی ◌ مقام استادی

professoriate /ˌprəʊfəˈsəʊriːt/ *noun*, also professoriat
1 مامۆسـتایی، مامۆستایەتی، مامۆسـتایێتی 2 دەستەی مامۆستایان ◌ 1 استادی 2 گروه استادان

professorship /prəˈfesəʃɪp, US -sərʃ-/

noun
1 پلەوپایەی مامۆستایی، پۆستی مامۆستایەتی 2 کورسی مامۆستایی ◇ 1 مقام استادی 2 کرسی استادی
proffer /'prɒfə(r), US 'prɑ:f-/ *noun*
1 (وتەیی) پێشنیاز، پێشنیار 2 خستنەبەرچاو، پیشاندان، رانان، خستنەبەردەم، پێشکەش(کردن) ◇ 1 پیشنهاد 2 عرضە، تقدیم
proffered *adjective*
1 پێشنیازکراو، پێشنیارکراو 2 خوڵککراو ◇ 1 پیشنهادی 2 تعارف‌شده
proficiency /prə'fɪʃnsɪ/ *noun*
1 شارەزایی، لێهاتوویی، لێزانی، سەرەندەرکردوویی، سەردەرچوویی 2 ئەزموون، خاراوی، لەکاردەرهاتوویی، کارزانی ◇ 1 مهارت، تبحر 2 تجربە
proficient /prə'fɪʃnt/ *adjective*
شارەزا، لێهاتوو، لێزان، سەردەرچوو، سەرەندەرکردوو، بەئەزموون، خاراو، لەکاردەرهاتوو، کارزان ◇ ماهر، باتجربە، متبحر
proficiently /prə'fɪʃntli/ *adverb*
شارەزایانە، لێهاتووانە، سەردەرچووانە ◇ ماهرانە
profile /'prəʊfaɪl, US 'proʊ-/ *noun*
1 لاجانگ، لاپرگە، وێنەی لاجانگ 2 برگەی ئەستوونی یان تانی 3 وێنەی لە لاوە، وێنەی لاشان 4 کورتەباس، کورتە ژیاننامە 5 رووکاری لە لاوە، رووی لاشان، لاکار، لاڕوو ◇ 1 نیم‌رخ 2 برش عمودی 3 تصویر نیم‌رخ 4 شرح حال 5 نما
profit /'prɒfɪt, US 'prɑ:fɪt/ *noun*
بەرژەوەندی، سوود، بڕەو، بەهرە، کەڵک، مەفا، هوو، دەسکەوت، خێر، قازانج: *a rise/an increase/a drop/a fall in profits* ◇ فایدە، منفعت، سود
profitability /ˌprɒfɪtə'bɪləti, US ˌprɑ:f-/ *noun*
بەخێریتی، بەسوودی، بەقازانجی، بەداهاتی، خێردەرەوەیی، بەبڕەوی: *to increase profitability* ◇ سودآوری
profitable /'prɒfɪtəbl, US 'prɑ:f-/ *adjective*
1 بەخێر، بەسوود، بەقازانج، بەبەهرە، بەخێرویێر، بەداهات، خێردەرەوە، بەبڕەو: *a highly profitable business* ◊ *a profitable investment* 2 = rewarding: *a profitable experience* ◇ سودآور
profitably /-əbli/ *adverb*
بەخێرانە، بە شێوەیەکی بەسوود یان بەقازانج، خێردەرەوانە، بەبڕەوانە: *He spent the weekend profitably* ◇ بە طور سودآور
profit and loss account *noun*
(سەر) حیسابی قازانج و زیان، لێکدانەوە یان سەرحیسابی خێر و زەرەر ◇ حساب سود و زیان
profiteer /ˌprɒfɪ'tɪə(r)/ *noun*
گرانفرۆش، گرانجان، چەوسێنەر، قازانج‌پەرست (ب.ت. وەختی شەڕ و قاتی) ◇ سوءاستفادەچی
profiteering /ˌprɒfɪ'tɪərɪŋ, US ˌprɑ:fə'tɪr-/ *noun*
گرانفرۆشی، قازانج‌پەرستی، چەوساندنەوە، خوێنمژی ◇ سودجویی
profiterole /prə'fɪtərəʊl, US -roʊl/ *noun*
جۆری کەیک، نانی (هوڵوڵ) توێشکەیی یان لەسەرتوێ ◇ پروفیترول
profitless /'prɒfɪtləs, US 'prɑ:f-/ *adjective*
بێسوود، بێهوودە، لەخۆرایی، بێخێر، بەکارنەهاتوو، بێکارە ◇ بی‌فایدە
profitlessly /'prɒfɪtləsli, US 'prɑ:f-/ *adverb*
بێهوودانە، لە خۆرایی، بەکارنەهاتووانە ◇ بە طور بی‌فایدە
profit-making *noun, adjective*
n بەقازانجی، بەخێرویێری، بەداهاتی، خێردەرەوەیی، بەسوودی *adj* بەقازانج، بەخێرویێر، بەداهات، بەخێر، خێردەرەوە، بەبڕەو، بەسوود ◇ *n* سودآوری *adj* سودآور
profit margin *noun*
قازانج، خێر، مەفا: *to increase/reduce the profit margin* ◇ سود
profit-sharing *noun*
دابەشکردنی خێر یان قازانج، دابەشکردنی خێر لە نێوان کارکەراندا: *a profit-sharing scheme* ◇ تقسیم سود
profit-taking *noun*
(ستاک یا بەشەکان) فرۆشتنی بەقازانج یا خێردەرەوە ◇ فروش سودآور
profligacy /'prɒflɪgəsi, US 'prɑ:f-/ *noun*
دەسبڵاوی، دەسبڵاوبوون، تەخشان و پەخشان، باڵانی، دەسبەردانەوە، عەبلەخەرجی ◇ اسراف، ریخت‌وپاش
profligate /'prɒflɪgət, US 'prɑ:f-/ *adjective, noun*
1 *adj* دەسبڵاوی، بەتەخشان و پەخشان، عەبلەخەرج 2 دەسبڵاوانە: *profligate spending* 3 ناشیرین، بێئابروو، بێحەیا، پیس، هەرزە *n* کەسێکی دەسبڵاو ◇ 1 *adj* مسرف، ولخرج 2 اسراف‌آمیز 3 وقیح، فاسد *n* آدم ولخرج
profluent /'prɒfluənt/ *adjective*
ڕەوان، ڕژیو، تێڕژاو (بەزۆری copiously یا smoothly) ئارام ◇ جاری
pro forma[1] /ˌprəʊ 'fɔ:mə, US ˌproʊ 'fɔ:rmə/ *noun, adjective*

پرۆفۆرما، پێش‌فاکتۆر، فاکتۆری سەرەتا، لیستی کاتی: *I enclose a pro forma for you to complete, sign and return* ۞ پروفورما، پیش‌فاکتور

pro forma² /ˌprəʊ ˈfɔːmə, US ˌproʊ ˈfɔːrmə/ *adverb, adjective*

لە باری رواڵەتەوە، لەبەر رواڵەت یان شێوەی شتەکە، بە لەبەرچاوگرتنی رواڵەتی شتەکە، سەرەتایی ۞ برای حفظ ظاهر، مقدماتی

pro forma invoice = pro forma

profound /prəˈfaʊnd/ *adjective, noun*

adj 1 (کۆن) قووڵ، کویر، بێ‌بن، شینەوەکردوو 2 قورس، گران، توند، بەرشت، توندوتیژ 3 بنەڕەتی، بنچینەیی 4 پڕنێوەڕۆک، پڕزانیاری 5 ئاڵۆز، پێویست بە قووڵبوونەوە، تێگەیشتن‌سەخت، گران، رەق‌وتەق 6 تەواو، رەبەق: *profound deafness* *n* 1 گێژاو، تەمباڤ 2 شتێکی قووڵ یان پڕنێوەڕۆک ۞ *adj* 1 ژرف 2 شدید، سنگین 3 بنیادی 4 پرمحتوا 5 بغرنج 6 کامل *n* 1 گرداب 2 چیز پرمحتوا

profoundly /prəˈfaʊndli/ *adverb*

بە توندی، یەکجار، لە قووڵاییی، تەواو: *profoundly deaf* ۞ شدیداً، عمیقاً

profoundness /prəˈfaʊndnəs/ *noun*

1 قووڵی، بێ‌بنی 2 قورسی، گرانی، توندی، توندوتیژی ۞ 1 عمق 2 سنگینی، شدت

profoundity /prəˈfʌndəti/ *noun, pl.* profoundities

1 قووڵی، بێ‌بنی 2 وتەی زانایانە یان حەکیمانە، قسەی تێگەیشتووانە، بیر و هزری قووڵ ۞ 1 گودی، عمق 2 سخن یا اندیشەی حکیمانە

profuse /prəˈfjuːs/ *adjective*

1 زۆر، گەلێ، فرە، زەبەن، یەکجار 2 دەس‌بڵاو، عەبلەخەرج 3 لە رادەبەدەر، بێ‌ئەندازە، زیادی 4 (کۆن، کەسێ) عەبلەخەرج، دەس‌بڵاو ۞ 1 بسیار، وافر 2 مسرف 3 مفرط 4 ولخرج

profusely /prəˈfjuːsli/ *adverb*

یەکجارە، بێ‌ئەندازە، لە رادەبەدەر، دەس‌بڵاوانە ۞ بسیار، مسرفانە

profuseness /prəˈfjuːsnəs/ *noun*

1 زۆری، زەبەنی، یەکجاری، فرەیی 2 زێدەڕەوی، تەخشان‌وپەخشان ۞ 1 بسیاری، فراوانی 2 افراط

profusion /prəˈfjuːʒn/ *noun*

زۆری، فرەیی، زەبەنی ۞ فراوانی، کثرت

prog *noun, adjective*

n (نافەرمی) بەرنامەی رادیۆ یان تەلەفزیۆن *adj* (لەباری موسیقای راکەوە) پێشکەوتوو ۞ پروگ

progenitive /prəʊˈdʒenətɪv/ *adjective*

زایا، زەووک، خاوەنی هێزی بەرهەم‌هێنەر ۞ دارای قدرت تولید

progenitor /prəʊˈdʒenɪtə(r), US proʊ-/ *noun*

1 باپیر، باب‌وکاڵ، پێشی، forefather 2 داهێنەر، پێشەنگ، پێشڕەو، سەرچاوە، precursor، originator ۞ 1 جد، نیا 2 مبتکر، پیشتاز

progenitorial *adjective*

سەربە progenitor ۞ وابستە بە progenitor

progenitress *noun, fem.* progenitor

نەنک، داپیر ۞ جدە

progeniture /prə(ʊ)ˈdʒɛnɪtʃə/ *noun*

بەرە، نفش، وەچە، منداڵ، فرزەند، زادە ۞ نسل، سلالە، فرزند، ذریە

progeny /ˈprɒdʒəni, US ˈprɑːdʒ-/ *noun, pl.* progenies

1 نەوە، بەرە، رەگەز، پاشینیان، منداڵ و فرزەند 2 (گیانەوەر و رووەک) بەرە، پراجینی، پرۆژینی ۞ 1 اعقاب 2 پروژنی

progestational *adjective*

سەربە پێش‌سکپڕی (سەربە ئاڵوگۆڕی هۆرمۆنی و لەشی ژن پێش دووگیانی): *progestational hormones* ۞ وابستە بە قبل از بارداری

progesterone /prəˈdʒestərəʊn, US -roʊn/ *noun*

پرۆژیسترۆن (= جۆرێ هۆرمۆنی رەگەزی ژنانەی سترۆئید $C_{21}H_{30}O_2$ کە لە لایەن corpus luteum ـەوە دەردەدرێ کە تاوی منداڵدان دەدا تا ئامادەکاری بکا بۆ سکپڕی؛ جۆرێ سترۆئیدی دەسکرد یان پێکهێنراو کە شێوەی پرۆژیسترۆن دەدا (لە کار و کرداردا) ۞ پروژسترون

progestin /prə(ʊ)ˈdʒɛstɪn/ = progestogen

progestogen /prə(ʊ)ˈdʒɛstədʒ(ə)n/ *noun*

(زیندەکیمیا) پرۆژیستۆژین: جۆرێ هۆرمۆنی steroid کە سکپڕی رادەگرێ و بەرلە هێلکۆکەدانان دەگرێ ۞ پروژستوژن

progestogenic *adjective*

پرۆژیستۆژینیک ۞ پروژستوژنیک

proglottid /prəʊˈglɒtɪd/ *noun*

(گیانەوەرناسی) هەر کەرت یان بەشێکی tapeworm کە لەخۆیدا تەواوە بۆ زاوزێ، (سەر)زمانە (بنەڕەت: لەسەر بنچینەی *glōssa*, *glōtta* یۆنانی "tongue" (لەبەر شێوەکەی) ۞ پروگلوتید

prognathism *noun,* also prognathy

شەویلکەدرێژی ۞ پیش‌آمدگی آرواره

prognathous /prɒgˈneɪθəs, US ˈprɒgnəθəs/ *adjective,* also prognathic /prɒgˈnaθɪk/

شەویلکەدرێژ ۞ دارای پیش‌آمدگی آرواره

prognosis /prɒgˈnəʊsɪs, US prɑːgˈnoʊ-/ *noun, pl.* prognoses /-siːz/

1 پێش‌زانی، پێش‌بینی، داهاتووبینی،

پێش‌ئاگاداری، پێش‌ئاگایی 2 پێش‌بینی ماوەی نەخۆشی 3 داهاتوو ◌ 1 تقدمه‌المعرفه 2 (پزشکی) پیش‌آگهی 3 آینده

prognostic /prɒg'nɒstɪk/ *noun, adjective*

1 پێش‌بینی، پێش‌زانی، پێش‌گۆیی، داهاتووبینی (لە رووی نیشانەوە)، prognostication، 2 prophecy هەواڵ، نیشانە 3 ئاگادارکەرەوە، وریاکەرەوە، هۆشیارکەرەوە ◌ 1 پیشگویی 2 خبر 3 نذیر

prognostication /prɒg,nɒstɪ'keɪʃn, US prɑ:g,nɑ:s-/ *noun*

1 پێش‌بینی، پێش‌زانی، پێش‌گۆیی، داهاتووبینی (لە رووی نیشانەوە)، forecast 2 هەواڵ، نیشانە ◌ 1 پیش‌گویی 2 خبر، علامت

prognosticative *adjective*, also -osticatory

نیشانەی پێش‌بینی یان پێش‌زانی تیایە ◌ پروگنوستیکاتیو

prognosticator *noun*

پێش‌بین، پێش‌زان، پێش‌گۆ، داهاتووبین ◌ پیش‌گویی‌کننده

prograde /'prəʊgreɪd/ *adjective*

1 (ئەستێرەوانی) راستەوخۆ، راستەوراست (لە رۆژاواوە بۆ رۆژهەڵات) 2 (زەویناسی، metamorphism) لە ئەنجامی زۆربوونی تیمپراچێر یان پەستان و گوشاردا (pro + retrograde) ◌ پروگرید

program /'prəʊgræm, US 'proʊ-/ *noun*

1 (کامپیوتێر) بەرنامە: *Load the program into the computer* 2 (لە ئەمریکا) :programme *an intense training program* ◌ برنامه

program director *noun*

بەڕێوەبەری بەرنامەکان، بەرنامەگێڕ ◌ مدیر برنامه‌ها

programmable /'prəʊgræməbl, prəʊ'græm-, US 'proʊ-, proʊ'g-/ *adjective*

شیاوی بەرنامەنووسی، لەبەرنامەهاتوو ◌ قابل برنامه‌نویسی

programmatic /,prəʊgrə'mætɪk, US ,proʊ-/ *adjective*

1 بەرنامەدار، خاوەن‌بەرنامە، بەربەرنامە، بەرنامەمەند: *programmatic reforms* = 2 سەربە program music (programmatically *adv*) ◌ دارای برنامه

programme /'prəʊgræm, US 'proʊ-/ *noun*, US program

1 بەرنامە، پلان، نەخشە، شێوە و بەرنامەی جێبەجێ‌کردن یان کردنی کار: *to launch a research programme ◊ a programme of economic reform ◊ a news programme ◊ a* :line-up = 2 *a theatre programme ◊ a week-long programme of lectures* برنامه، طرح، شیوه‌ی انجام کار

programmed *adjective*

بەرنامەدار، خاوەن‌بەرنامە، بەربەرنامە، بەرنامەمەند ◌ دارای برنامه

programmed learning *noun*, also programmed instruction

فێربوونی بەرنامەیی ◌ یادگیری برنامه‌ای

programmer /'prəʊgræmə(r), US 'proʊ-/ *noun*

1 بەرنامەنووس، بەرنامەوان 2 پرۆگرامێر، بەرنامەکار: *a television programmer* ◌ 1 برنامه‌نویس 2 پروگرامر

programming /'prəʊgræmɪŋ, US 'proʊ-/ *noun*

بەرنامەنووسی، بەرنامەسازی، بەرنامەوانی: *a high-level programming language ◊ politically balanced programming* ◌ برنامه‌نویسی، برنامه‌سازی

programming language *noun*

زمانی بەرنامەنووسی ◌ زبان برنامه‌نویسی

program(me) music *noun*

موسیقای وێنەیی ◌ موسیقی تصویری

progress /'prəʊgres, US 'prɑ:g-, -grəs/ *noun*

1 پێش‌کەوتن، پێش‌کەوت، پێشڤەچوون، پێش‌داچوون، چوونەپێش: *to make progress ◊ slow/steady/rapid/good progress ◊ economic/scientific/technical progress* 2 چاکبوونەوە، باش‌بوون 3 رەوت، رەورەوە، رەوەند، رێگا، شێوە 4 سووڕان، جووڵان، گەڕان، رۆیشتن 5 پێش‌ڕەوی، بەرەو پێشەوەچوون 6 (کۆن) سەردان یان سەفەری دەسەڵاتدار و هتد (بنەڕەت: لە *progressus* لاتین "پێش‌کەوتن، چوونەپێش"، لە *progredi* لە *pro-* "بەرەو پێش" + *gradi* "ڕێگاڕۆیشتن") ◌ 1 پیشرفت 2 ارتقاء، بهبود 3 روند، جریان 4 سیر، گردش، حرکت 5 حرکت به سوی جلو 6 پروگرس

progression /prə'greʃn/ *noun*

1 پێشکەوتن، پێشوەچوون، چوونەپێشەوە 2 چوونەسەرەوە 3 دوابەدوای‌یەک‌هاتن، زنجیرە (بۆ لە رووداو و بوویەرەکان)، پەیتایی، پەستایی 4 بەرزبوونەوە، جارلەجارچوونەسەرترەوە ◌ 1 پیشرفت 2 صعود 3 توالی 4 تصاعد

progressional /prə'greʃnəl/ *adjective*

بەرزبوونەوەیی، بەرزەوەبوو، بەرەوژوور، جارلەجارسەرترچوو، تەساعودی ◌ تصاعدی

progressionism *noun*

پێشکەوتن‌خوازی، پێشکەوتن‌باوەڕی، پێشکەوت‌خوازی ◌ ترقی‌طلبی

progressionist *noun*
n 1 پێشکەوتن‌خواز، پێشکەوتن‌باوەڕ 2 (زیندەناسی) لایەنگری تیۆری گەشەسەندنی بەرەبەرەیی *adj* (زیندەناسی) سەربە یان پێوەندی بە progressionist 2 ـەوە هەیە ۞ *n* 1 ترقی‌طلب 2 طرفدار نظریه‌ی تکامل تدریجی *adj* وابسته به progressionist 2

progressive /prə'gresɪv/ *adjective, noun*
adj 1 لە پێشکەوتن‌دا، روو لە پێشکەوتن، بەرەو پێشکەوتن، پێشکەوتوو، پێشکەوتن‌خواز، پێشڤەروو 2 روولەپەرە، روولەزۆری 3 هەنگاوبەهەنگاو، بەرەبەرە، وردەوردە، ناوەناوە، پلەپلە 4 (نەخۆشی) خراپ‌تربوو، روولەخراپی 5 (بیرکاری) بەرزبونەوەیی، بەرزەوەبوو، پرۆگریسیف 6 (ڕێزمان) بەردەوام(ی) *n* کەسێکی پێشکەوتن‌خواز ۞ *adj* 1 در حال ترقی، مترقی 2 فزاینده 3 تدریجی 4 (بیماری) وخیم‌ترشونده 5 تصاعدی 6 استمراری *n* آدم مترقی

progressively /prə'gresɪvli/ *adverb*
هەنگاوبەهەنگاو، بەرەبەرە، وردەوردە، لە بەرەوە، ناوەناوە، پلەپلە، کەم‌کەمە: *The pain got progressively worse* ۞ به تدریج

progressiveness /prə'gresɪvnəs/ *noun*
1 پێشکەوتن، پێشوەچوون 2 پێشکەوتن‌خوازی 3 بەرەبەرەیی‌بوون ۞ 1 پیشرفت 2 ترقی‌خواهی 3 تدریجی بودن

progressive tax *noun*
باجی بەرزەوەبوو ۞ مالیات تصاعدی

progressive taxation *noun*
باج(دانان)ی بەرزەوەبوو یان پرۆگریسیف ۞ مالیات(گذاری) تصاعدی

progressive tense *noun*
(ڕێزمان) کاتی بەردەوام(ی)، سەردەمی بەردەوامی ۞ زمان استمراری

progressivism *noun*
پێشکەوتن‌خوازی، پێشکەوتن‌باوەڕی ۞ ترقی‌خواهی

progress report *noun*
راپۆرتی پێشەوەچوونی کار یا چوونەپێشەوەی کار ۞ گزارش پیشرفت کار

proguanil /prəʊ'gwɑ:nɪl/ *noun*
(پزشکی) ئاوێتەیێکی تاڵی دەسکرد یا پێکهێنراو، بۆ بەرگیری و چارەسەری مالاریا (بنەڕەت: لە *pro(pyl) + bi)guan(ide* + -il) ۞ پروگوانیل

pro hac vice /ˌprəʊ hɑ:k 'vʌɪsi/ *adverb*
(لاتین) تەنیا بەم بۆنەوە ۞ فقط بدین مناسبت

prohibition /ˌprəʊɪ'bɪʃn, US ˌproʊə'b-/ *noun*
1 نەهێشتن، قەدەغە(کردن)، یاساغ‌کردن، بەربەستن، ڕێ(لێ)گرتن، پێشگیری، بەرگیری، بەربەندیتی 2 بەربەند(کردن) 3 قانوون یان یاسای نەهێشتن، دەستووری بەربەندکردن یان قەدەغە 4 (Prohibition) سەروبەندی بەربەندیتی، سەردەمی نەهێشتن (سالانی 1920ـ1933 کە دروستکردن و فرۆشتنی خواردنەوەی ئەلکۆلی بەپێی قانوونی ئەمریکا بەربەند کرا، *adj* (prohibitionary ۞ 1 منع، بازداری، ممنوعیت 2 تحریم 3 قانون منع 4 (Prohibition) دوره‌ی ممنوعیت

prohibitionism *noun*
بەربەندگەری، بەربەندخوازی (لایەنگری لە بەربەندکردنی خواردنەوەی ئەلکۆلی) ۞ پروهیبیونیسم

prohibitionist /ˌprəʊɪ'bɪʃənɪst, US ˌproʊə'b-/ *noun*
بەربەندخواز، بەربەندگەر ۞ پروهیبیونیست

prohibitive /prə'hɪbətɪv/ *adjective*
1 ڕێگر، بەربەند، بەربەست، کۆسپ، تەگەرە: *prohibitive legislation* - 2 (نرخ و بایی) یەکجار گران، لەکڕین‌نەهاتوو، پشت‌شکێن: *prohibitive costs* ◊ *a prohibitive tax on imported cars* ۞ 1 بازدارنده، مانع 2 (قیمت) سرسام‌آور

prohibitively /prə'hɪbətɪvli/ *adverb*
لەکڕین‌نەهاتووانە، بە توندی، پشت‌شکێنانە: *Car insurance can be prohibitively expensive for young drivers* ۞ به طور سرسام‌آور

prohibitive price *noun*
نرخی پشت‌شکێن یان لەکڕین‌نەهاتوو، یەکجارگران ۞ قیمت سرسام‌آور

prohibitive tax *noun*
باجی پشت‌شکێن یان یەکجار زۆر ۞ مالیات سرسام‌آور

prohibitory /'prəhɪbɪtəri, US prəʊ'hɪbətɔ:ri/ *adjective*
ڕێگر، بەربەند، بەربەست، نەهێڵ، کۆسپ، تەگەرە ۞ منع‌کننده، بازدارنده

project /'prɒdʒekt, US 'prɑ:dʒ-/ *noun*
1 پرۆژە، پێش‌کار، پلان، بەرنامە: *a research project* ◊ *a building project* ◊ *to set up a project to computerize the library system* ◊ *The party attempted to assemble its aims into a focussed political project* 2 (خوێندنگا، کۆلێژ و هتد) لێکۆڵینەوە: *a history project* ◊ *The final term will be devoted to project work* 3 = housing-estate ۞ 1 طرح 2 تحقیق

projected *adjective*
1 پلان(بۆ)دانراو، بەرنامەڕێژکراو، پێش‌بینی‌کراو، پلان‌ڕێژکراو 2 هەڵسەنگێنراو، لێکەوەدراو ۞ 1 طرح‌ریزی‌شده 2 برآوردشده

projectile /prə'dʒektaɪl, US -tl/ *noun, adjective*

n 1 پلار، هاوێژە، مووشەک 2 شتی هاوێشتەنی
adj گوللە، تیر، پێشوەچوو، هاوێژراو، فڕێدراو،
تووڕهەڵدراو: *a projectile force* ◊ *projectile*
motion ۞ *n* 1 پرتابـــە، موشـــک 2 جـــسم
پرت‌کردنی *adj* گلولە، پرتاب‌شوندە

projection /prɔ'dʒekʃn/ *noun*
1 هەڵسەنگاندن، نرخاندن، قەبلاندن، لێکدانەوە
2 پێـــشەوەهاتن، گـــووپ‌داوی، دەرپۆقیـــوی،
دەرپەڕیوی، نوهوم، قیتایی، چوکلە، قیتکە،
قوتکە، زەقایی، شتێکی دەرپەڕیو 3 خـستن،
ئاڤێتن، هاوێشتن، هەڵدان، فڕێدان، حەوادان 4
(دەروونناســـی) پرۆجێکـــشن، راپـــاڵدان،
دەرهاوێژی (راگوێستنی ناخودئاگای ئارەزوو و
هەست و سۆزی خۆت بۆ کەسێکی تر؛ بیر و
هەستی ناخۆشی خۆ خستنەپاڵ خەڵکان) 5
پیشاندان، نواندن 6 وێنە، نەخشە ۞ 1 برآورد 2
پیش‌آمدگی 3 عمل پرت کردن، پرتاب 4
(روان‌شناسی) فرافکنی 5 نمایش 6 تصویر، نقشه

projectionist /prɔ'dʒekʃənɪst/ *noun*
فیلم‌پیشاندەر (بە پرۆژێکتۆر) ۞ آپارات‌چی

projection room *noun*
ژووری فیلم پیشاندان، ژوور یان دیوی ئاپارات
۞ اتاق آپارات

projective /prə'dʒektɪve/ *adjective*
1 دەرپەڕیو، دەرپۆقیو، قوتەوەبوو، قوتایی،
زەقایی، قوتکە، چوکلە 2 دارێژراو، پلان‌ڕێژکراو
(projectively *adv*) ۞ 1 برآمدە 2 طرح‌شدە

projector /prə'dʒektə(r)/ *noun*
1 پیشاندەر، تیشکاوێژ، ئاپارات 2 پرۆژەدارێژ،
پلان‌ڕێژ ۞ 1 پروژکتور، آپارات 2 طرح‌ریز

projet *noun, pl.* projets
1 پرۆژە، گەلالە، پێشکار، پلان؛ پلانی
پێشنیارکراو 2 پەیمان‌نامە 3 رەش‌نووس ۞ 1
طرح؛ طرح پیشنهادی 2 معاهدە 3 پاک‌نویس

prokaryote /prəʊ'kariəʊt, US -ɒt/ *noun,* also procaryote
(زیندەناسی) پێش‌ناوکە(یی): زیندەوەرێکی
تاک‌خانەیی، هەریەک لەو گیانەوەرانەی کە
خانەکانیان ناوکی nucleus پەردەداریان نییە (و
وەک شایەتی kingdom (Prokaryotae syn.
Monera) دەپۆلێنرێن بۆ دوو دومەین
(بەکتریاکان Bacteria و کۆنەبەکتریاکان
Archaea) و DNA کەی بە شێوەی تاڵێکی
رووتە کە یەکسەر سایتۆپلازم دەوری داوە
(وەک بەکتریا و قەوزە شین-سەوزەکان) یان
ماک و مەتریاڵی بۆماوەیی‌یەکەی بە شێوەی
تاڵێکی پەیوەست یان بەردەوامە کە ئاڵقەگەل
یان قەفگەل پێکدێنێ، بڕوانە eukaryote) ۞
نوعی موجود تک‌سلولی، پروکاریوت

prokaryotic *adjective*
سەربە prokaryote ۞ وابستە بە prokaryote

prolactin /prəʊ'laktɪn/ *noun,* also luteotropin
(زیندەناسی) پرۆلاکتین (= هۆرمۆنێکە لە پلی
پێشەوەی مێشکەڕژێن، دەرهاوێشتنی شیر لە
گوانداراندا ڕێک‌دەخا) ۞ پرولاکتین

prolamine *noun,* also prolamin
پرۆلامین (هەریەک لە چەندین جۆری پرۆتینی
سادە (وەک zein) کە لە دەنکی گیادا هەن و لە
ئەلکۆلدا دەتوێنەوە) ۞ پرولامین

prolan *noun*
پرۆلان (هۆرمۆنێکی رەگەزی) ۞ پرولان

prolapse /'prəʊlæps, US 'proʊ-/ *noun*
(پزشکی، ئەندامی ب.ت. ڕیخۆلە یان منداڵدان)
داکەوتوویی، داخزاوی، قوتەوەبوویی، خزیوی،
زەقەوەبوویی، شۆڕەوەبوویی (چ بۆ پێش یان
خوارەوە) ۞ پایین‌افتادگی

prolapsed *adjective*
(پزشکی، ئەندامی ب.ت. ڕیخۆلە یان منداڵدان)
داکەوتوو، داخزاو، قوتەوەبوو، خزیو، زەقەوەبوو،
شۆڕەوەبوو ۞ پایین‌افتادە

prolapsus /'prəʊlæpsəs/ *noun,* technical term for prolapse
(لاتین) داکەوتوویی، داخزاوی، قوتەوەبوویی،
خزیوی، زەقەوەبوویی ۞ پایین‌افتادگی

prolate /'prɔʊleɪt/ *adjective*
کێشراو، درێژ(ەوەبوو: *a prolate spheroid*؛
(prolately *adv*) ۞ منبسط

prole /prəʊl, US proʊl/ *noun, adjective*
(نافەرمی و سووکانە) *n* کرێکار، پرۆلتێر،
proletarian *adj* کرێکاری، پرۆلتێری ۞ *n*
کارگر *adj* کارگری

prolegomenary *adjective*
سەرەتایی ۞ مقدماتی

prolegomenon /ˌprəʊlɪ'gɒmɪnən/ *noun, pl.* prolegomena
(یۆنانی، کتێب) پێشینە، پێشەکی، سەرەتا،
دەسپێک، پێش‌وتە، لێکدانەوەی سەرەتایی یان
بەرایی (prolegomenous *adj*؛ بنەڕەت: لە
یۆنانی‌یەوە، *pro* "پێش" + *legein* "وتە") ۞
مقدمە، شرح مقدماتی

prolepsis /prəʊ'lɛpsɪs, US -'liːpsɪs/ *noun, pl.* prolepses /-siːz/
1 پێشکەوتن، کەوتنەپێش 2 خستنەپێش،
پێش‌خستن 3 (وێژەیی) = anticipation ۞ 1
سبقت 2 جلواندازی

proleptic /prəʊl'eptɪk/ *adjective*
پێشکەوتە، پێشکەوتوو (proleptically *adv*)
۞ مقدم

proletarian /ˌprəʊlə'teəriən, US ˌproʊlə'ter-/ *adjective, noun*
adj کرێکاری، کارکەری، رەنجبەری،

پرۆلیتاریـایی *n* کرێکـار، کارکـەر، ڕەنجبـەر، ئەندامی چینی کرێکار ◌ *adj* کارگری *n* کارگر

proletarianism *noun*

پرۆلیتاریـانیزم (هـەڵوەـەرجی رامیـاری چـینی کرێکار) ◌ پرولتاریانیسم

proletarian science *noun*

زانـستی کرێکـاری یـان پرۆلیتاریـایی ◌ علـم پرولتاریایی

proletariat /ˌprəʊlə'teəriət, US ˌproʊlə'ter-/ *noun*

چـینی کرێکـار، کرێکـاران، چـینی ڕەنجبـەر، پرۆلیتاریـا، کارکـەران: *the industrial proletariat* ◌ طبقەی کارگر

pro-life *adjective*

دژی لەباربردن ◌ مخالف سقط جنین

pro-life activist *noun*

چالاک(وان)ی دژی لەباربردن ◌ فعـال مخـالف سقط جنین

pro-lifer *noun*

دژی لەباربردن ◌ مخالف سقط جنین

proliferating *adjective*

ڕوولەزۆری، ڕوولەپەرە، ڕوولەزیادی ◌ فزاینده

proliferation /prəˌlɪfə'reɪʃn/ *noun*

1 (خێـرا وکـتوپـڕ) زۆربـوون، زیـادبوون، زیـادکردن، پەرەسـەندن، تەشـەنە(کـردن)، گەشەسـەندن، هەڵدان، زۆری، فرەیی، زەبەنی 2 زۆرخـستنەوە، زاوزێ 3 (زیندەناسی) زۆربوونی خانەیی ◌ 1 ازدیـاد، افـزایش، کثـرت 2 توالـد 3 تکثیر یاختەای

proliferous /prəʊ'lɪfərəs/ *adjective*

1 ڕوولـەزۆری، ڕوولەپـەرە، ڕوولـەزیادی 2 خونچەدەرکەر، گوڵدەرکەر، گەڵادەرکەر ◌ 1 فزاینده 2 غنچه یا برگ‌دهنده

prolific /prə'lɪfɪk/ *adjective*

1 (نووسەر، هونەرمەند و هتد) پڕکار، پڕنووس، بـەکار، پڕئاسـەوار، پڕبەرهـەم: *a prolific composer* 2 پڕزاوزێ، پڕزێ، بەزاوزێ، بەبەر، زۆربـەرگر، شـفتەزێ، پـڕزا، زەو(ۆ)ک، زافـۆک، زایی، زۆرخەرەوە 3 بەبەرهـەم، بەپیت، بەبرشـت 4 زۆر، فرە، زەبەن ◌ 1 فعال، دارای آثار بـسیار 2 پرفرزند 3 بارور 4 فراوان

prolificacy *noun*, also prolificity or prolificness

1 بەبەری، زۆربەرگری، بەبەرهـەمی، بەبرشـتی 2 زۆرخـستنەوە، زەوکـی، زەفـۆکی، پـڕزایی، شفتەزیی ◌ 1 پرباری، باروری 2 پرفرزندی

prolifically /prə'lɪfɪk(ə)li/ *adverb*

بەبرشتانە، بەبەرهەمانە، یـەکجار، زۆر، گـەلێ ◌ به طور بارور، بـسیار

proligerous *adjective*

بەبەرهەم، بەبرشت، بەپیت، زۆربڕ ◌ بارور

proline /'prəʊliːn/ *noun*

(زیندەکیمیا) ترشەڵۆکی ئـەمینۆ $C_5H_9NO_2$ کـە پێکهێنــەری زۆرینــەی پرۆتینەکانــە، ب.ت. ◌ collagen پرولین

prolix /'prəʊlɪks, US 'proʊ-/ *adjective*

1 درێژدادڕانە 2 زۆربڵە، چەنەدرێژ، بەقسە ◌ 1 مطول 2 پرچانه

prolixity /prəʊ'lɪksəti, US proʊ-/ *noun*

1 درێژدادری 2 هەڵـەوەری، چەنـەدرێژی ◌ 1 اطناب 2 پرچانگی

prolixly /'prəʊlɪksli, US 'proʊ-/ *adverb*

درێژدادڕانە ◌ با اطناب

prolocutor /'prəʊləˌkjuːtə, 'prɒl-, prə(ʊ)'lɒkjʊtə/ *noun*

1 دەمڕاسـت، وتـەبێژ، قـسەکەر، پـەیڤـدار 2 سەرۆکی کۆبوونەوە، سـەرکۆڕ، chairman ◌ 1 سخن‌گو 2 رئیـس گردهمایی

Prolog /'prəʊlɒg/ *noun*

(کامپیوتێر) زمانی پرۆلۆگ، پرۆلاگ ◌ پرولوگ

prologue /'prəʊlɒg, US 'proʊlɔːg, -lɑːg/ *noun*, US prolog

1 سەرهۆنە، سەرهەڵبەست 2 پێشەکی، سـەرەتا، پێشینە، دەسـپێک، بـەرایی: *the Prologue to Chaucer's 'Canterbury Tales'* ◌ 1 مطلع 2 مقدمه، سرآغاز

prolongation /ˌprəʊlɒŋ'geɪʃn, US ˌproʊlɔːŋ-, -lɑːŋ-/ *noun*

درێژکردنـەوە، درێژەپێـدان، کـشاندن، دوماندن، تـازەکردەوە، خـستنەدواتر: *the artificial prolongation of human life* - ◌ تطویل، تمدید

prolonged /prə'lɒŋd, US -'lɔːŋd, -'lɑːŋd/ *adjective*

درێژ، دوور و درێژ، درێژکێش: *a prolonged illness* ◌ طولانی

prolongedly *adverb*

درێژانـە، بـە شـێوەیێکی دوور و درێـژ، دوور و درێژانە ◌ به طور طولانی

prolonger *noun*

درێژەدەر، درێژەپێدەر، کشێنەر ◌ طولانی‌کننـده، امتداددهنده

prolusion /prə'l(j)uːʒ(ə)n/ *noun*

1 وتاری سەرەتایی 2 تاقی‌کردنەوە یا ئەزموونی سـەرەتایی، preliminary trial ◌ 1 مقالـەی مقدماتی 2 آزمایش مقدماتی

prolusory /prə'l(j)uːsəri/ *adjective*

1 سەرەتایی، ئامادەیی 2 تاقی‌کردنەوەیی ◌ 1 مقدماتی 2 آزمایشی

prom /prɒm, US prɑːm/ *noun*

(لـە ئـەمریکا) هەڵـپەرکێ و سـەما(ی خوێنـدنگا یان کۆلێژ ب.ت. لە کۆتایی سـاڵی خوێنـدندا)، (لە بریتانیا) کۆنسێرتی بەپێوە یـان ڕاوێستاو، (لە

بریتانیا) سەیرانگای کەنار یان دەمناو ◇ پروم

promenade /ˌprɒməˈnɑːd, US ˌprɑːməˈneɪd/ *noun*
1 گەڕان، پیاسە، سەیران، (شوێنی گشتی بۆ گەڕان) سەیرانگای دەمچۆم یان کەنار 2 (لە ئەمریکا) سەما و هەڵپەرکێی فەرمی ◇ 1 تفرج، گردش‌گاه ساحلی 2 (امریکا) رقص رسمی

promenade concert *noun*
کۆنسێرتی بەپێوە یا راوێستاو ◇ کنسرت ایستاده

promenade deck *noun*
(کەشتی سوارهەڵگر) سەرپشتی کەشتی بۆ گەڕان یان سەیران، (سەر)پشتی سەرەوە ◇ عرشەی نزهت یا گردش

promenader *noun*
1 پیاسەکەر، پیاسەچی 2 مرۆی راوێستاو یان بەپێوە (لە کۆنسێرتێ) ◇ 1 گردش‌کننده 2 شخص ایستاده

Promethean /prəˈmiːθiən/ *adjective*
داهێنەر، دروس‌کەر، شارەزا ◇ مبتکر، پرومتین

Prometheus *noun*, Latin, from Greek *Promētheus*
تایتانێ Titan لە میتۆلۆژی یۆنانیدا کە ئاوری لە ئۆلیمپوس Olympus دزی و دایە بەرەی مرۆڤ و نافەرمانی defiance زیوسی کرد، زیوس‌یش لە تۆڵەدا پرۆمێتیۆسی بەستەوە بە تەختەبەردێکەوە و داڵێ جەرگی دەبچڕی تا هێرکوڵ Hercules رزگاری کرد ◇ پرومتوس

promethium /prəˈmiːθiəm/ *noun*
(کیمیا) پرۆمیسیۆم (بە ز.گ. 61، ن. Pm؛ بنەرەت: لە ناوی *Prometheus*) ◇ پرومیم

prominence /ˈprɒmɪnəns, US ˈprɑːm-/ *noun*, also prominency
1 دەرپەڕیوی، دەرپۆقیوی، ورگ‌داوی، زگ‌داوی، پێش‌هاتوویی، گری (ددان)، زەقی، قوتی، زۆپی، گتایی 2 شتی دەرپەڕیو، چوکڵە، قوتکە، قوتایی 3 ناسراوی، نابەدەرەوەیی، بەنێوبانگی، گرنگایەتی، پێشەم‌بوون، بەهێندگرتن 4 (ئەستێرەوانی) زمانە خۆرییەکان، کۆمەڵکە گازێکی هەورئاسا کە لەژوور کرۆمۆسفۆری خۆرەوە بەرز دەبنەوە ◇ 1 برجستگی، برآمدگی 2 چیز برآمده 3 شهرت، اهمیت 4 پرومیننس

prominent /ˈprɒmɪnənt, US ˈprɑːm-/ *adjective*
1 دەرپەڕیو، دەرپۆقیو، ورگ‌داو، قۆقز، زگ‌داو (دەبە: دیواری زگ‌داو)، پێش‌هاتوو، گر (ددان)، زەق، قوت، زۆپ، گت 2 ناسراو، نابەدەرەوە، بەنێوبانگ، بەناوبە 3 دیار، بەرز، بڵیند، زەق، ئاشکرا 4 گرنگ، پێشەم 5 لەبەرچاو، بەبەرچاوەوە 6 (هەروەها prominent moth) جۆرێ پەپوولە(ی شەوگەڕ) [خێزان Notodontidae: زۆر جۆرن] ◇ 1 برآمده 2 برجسته، مشهور 3 معلوم، شاخص 4 مهم 5 در معرض دید 6 نوعی پروانه

prominenti /ˌprɒmɪˈnɛnti/ *noun. pl.*
خەڵکانی ناسراو، کەسانی ناوبەدەرەوە ◇ افراد معروف

prominently /ˈprɒmɪnəntli, US ˈprɑːm-/ *adverb*
دەرپەڕیوانە، بە شێوەیەکی دیار یا زەق ◇ بە طور برآمده، به طور معلوم

promiscuity /ˌprɒmɪsˈkjuːəti, US ˌprɑːməs-/ *noun*. also promiscuousness
1 (لەباری سێکسییەوە) بێ‌سەرەوبەرەیی، بێ‌ئابڕوویی، بێ‌ناموسی، داوێن‌پیسی 2 شپرزەیی، شێواوی، تێکەوڵێکەیی، هەرەمەیی، ناڕێک‌وپێکی، ئاڵۆزایی ◇ 1 بی‌عفتی، بی‌بندوباری 2 آشفتگی

promiscuous /prəˈmɪskjuəs/ *adjective*
1 (لەباری سێکسییەوە) بێ‌سەرەوبەرە، بێ‌ئابڕوو، ئاوەکی، بێ‌ناموس، بۆژۆ، داوێن‌پیس 2 شپرزە، شێواو، ئاڵۆز، هەرەمە، تێکەوڵێکە، ناڕێک‌وپێک 3 بە رێکەوت، بەراگوزەری، شانسی (promiscuously /prəˈmɪskjuəsli/ *adv*: بە شێوەیەکی شێواو یان ئاڵۆز، ئاڵۆزانە؛ -scuousness /prəˈmɪskjuəsnəs/ *n*) ◇ 1 بی‌بندوبار 2 آشفته 3 اتفاقی

promise /ˈprɒmɪs, US ˈprɑːm-/ *noun*
1 بەڵێنی، سۆز، گفت، وتە، پەیمان، واد، بەڵێنی‌دان، پەیمان‌بەستن 2 هیوا، هومێد 3 مایەی هومێدەواری یان هیواداری 4 مزگێنی، مژدە ◇ 1 قول، عهد، تعهد 2 امید 3 دلیل امیدواری 4 نوید

Promised Land *noun*
1 (کتێبی پیرۆز) وڵاتی بەڵێنی‌دراو (وڵاتی کەنعان Canaan کە بەڵێنی درا بە ئیبراهیم و پاشینیانی (Gen. 12:7) 2 (خوازە promised land) بەهەشتی بەڵێنی‌دراو ◇ 1 سرزمین موعود 2 بهشت موعود

promisee /ˌprɒmɪˈsiː/ *noun*
بەڵێن‌پێدراو، بەڵێن‌وەرگرتوو ◇ متعهدله

promising /ˈprɒmɪsɪŋ, US ˈprɑːm-/ *adjective*
هیواپێدەر، دڵخۆش‌کەر، هومێدەوارکەر، جێی یان مایەی هیوا(داری)، جێی دڵخۆشی، دڵ‌گەرم‌کەر، پاشەڕۆژباش، داهاتووبەخێر، جێی هیوا: *The research produced -ng results* ◇ امیدبخش، دارای آینده‌ای روشن

promisingly /ˈprɒmɪsɪŋli, US ˈprɑːm-/ *adverb*
وردەپێدەرانە، هیواپێدەرانە ◇ به طور امیدبخش

promisor *noun*
بەڵێنی‌دەر، بەڵێن‌دەر، پەیمان‌دەر، خۆبەستە ◇ متعهد

promissory /'prɒmɪsəri/ *adjective*
پەیماندەرانە، بەڵێنی دەرانە، بەڵێنی لەخۆگرتوو ۞ تعهدی، متضمن وعده

promissory note /'prɒmɪsəri nəʊt, US 'prɑːm-, noʊt/ *noun*
سفتە ۞ سفته

prommer = promenader

promo /'prəʊməʊ, US 'proʊmoʊ/ *noun, adjective, pl.* promos
n (تەلەفزیۆن و نافەرمی) راگەیاندن، بانگەشە، ئاگاداری بانگەشە، چالاکی راگەیاندن یان بانگەشە *adj* راگەیێنەرانە، بانگەشەیی: *a promo video* ۞ *n* تبلیغ *adj* تبلیغاتی

promontory /'prɒməntri, US 'prɑːməntɔːri/ *noun, pl.* promontories
1 (جوگرافیا) سەر، سەرەزەوی، لوتکەی بەرز، شوێنێکی بەرز لە زەوی یان تەختەبەردێ کە چووەتە نێو ئاو یان گۆماوێکەوە 2 (توێکاری) دەرپەڕیوی، قوتایی، دەرپۆقیوی (لەسەر ئەندام یان پێکهاتەیێکی تری لەشی) 3 هەڵدێر، هەڵەت ۞ 1 سنگ پوز 2 برآمدگی 3 پرتگاه

promoter /prə'məʊtə(r), US -'moʊ-/ *noun*
1 (پێشبڕکێ) رێکخەر، سازدەر، لەدارخەر 2 دامەزرێنەر، بنیاتنەر، بناخەدانەر 3 پشتیوان، لایەنگر، پێشوەبەر، هاندەر ۞ 1 برگزارکننده 2 مؤسس 3 حامی، هوادار، مشوق

promotion /prə'məʊʃn, US -'moʊʃn/ *noun*
1 بردنەسەرەوە، هەڵکشاندن، بەرزکردنەوە، بڵندکردنەوە، پێشوەخستن، پێشخستن، برەوپێدان، بردنەپێشەوە، بڵاوکردنەوە، هاندان، تاودان، تێندان، پشتیوانی، داکۆکی، preferment 2 دامەزراندن، بنیاتنان 3 بانگەشە، راگەیاندن، ئاگاداری یان چالاکی بانگەشە ۞ 1 ترفیع، ترویج، تشویق، حمایت 2 تأسیس 3 تبلیغ

promotional /prə'məʊʃənl, US -'moʊ-/ *adjective*
راگەیێنەرانە، بانگەشەگەرانە ۞ تبلیغی، تبلیغاتی

promotive /prə'məʊtɪv/ *adjective*
بەرزکەرەوە، سەرەوەبەر، هەڵکشێنەر: *measures promotive of good health* ۞ (promotiveness /prə'məʊtɪvli/ *n*) ترفیع‌دهنده

prompt[1] /prɒmpt, US prɑːmpt/ *adjective, adverb*
adj خێرا، کتوپڕ، دەستوبرد، دەمودەست، لەڕێوە، دەسبەجێ، بە پەلە *adv* (بریتانیا) دروست، دروست لە کاتژمێر یان سەعاتی، exactly ۞ *adj* فوری *adv* دقیقاً، دقیقاً در ساعت

prompt[2] /prɒmpt, US prɑːmpt/ *noun, pl.* prompts
1 (شانۆ) پێوێژی، پێوتن، وەبیرخستنەوە، پێوێژ، وەبیرخەرەوە 2 مۆڵەت، دەرفەت، بەڵێنی، وادە ۞ 1 متن‌رسانی، متن‌رسان 2 مهلت، وعده

prompt-book /prɒmpt bʊk/ *noun*
کتێبی پێوێژی ۞ کتاب متن‌رسان

prompt-box /prɒmpt bɒks/ *noun*
جێگای پێوێژ یا وەبیرخەرەوە ۞ جایگاه متن‌رسان

prompter /'prɒmptə(r), US 'prɑːm-/ *noun*
(شانۆ) پێوێژ، وەبیرخەرەوە (بە درێژایی پێرفۆرمانس یا واندنی شانۆ(نامەیێ) ۞ متن‌رسان

prompting /'prɒmptɪŋ, US 'prɑːm-/ *noun*
پێداگرتن، پێچەقاندن، پێداگیری، لەسەرڕۆیشتن، (لەسەر)سووربوون: *He wrote the letter without further prompting* ۞ الحاح، پافشاری

promptitude /'prɒmptɪtjuːd US tuːd/ *noun*
1 خێرایی، تاودراوی، کتوپڕی، دەستوبردی، دەمودەستی، توندی، دەسبەجێیی 2 چابکی، توندوتۆڵی، گورج‌وگۆڵی، فرزی، ئامادەیی، promptness ۞ 1 سرعت، فوریت 2 چابکی

promptly /'prɒmptli, US 'prɑːm-/ *adverb*
1 خێرا، کوتوپڕ، بە توندی، توند، دەستوبرد، دەمودەست، لەڕێوە، دەسبەجێ، بە پەلە 2 دروست، دروست لە کاتژمێر یان سەعاتی: *They arrived promptly at two o'clock* ۞ 1 فوراً 2 دقیقاً

promptness /prɒmptnəs, US prɑːmptnəs/ *noun*
1 خێرایی، تاودراوی، کتوپڕی، دەستوبردی، دەمودەستی، توندی، دەسبەجێیی 2 چابکی، توندوتۆڵی، گورج‌وگۆڵی، فرزی، ئامادەیی ۞ 1 سرعت، فوریت 2 چابکی

prompt note *noun*
نامە یان تێبینی بیرخستنەوەی قەرزار ۞ پرومپت نوت

prompt side *noun*
لای سەرشانۆ کە پێوێژەکان دادەنیشن ۞ کنار متن‌رسانان

promulgation /ˌprɒml'geɪʃn, US ˌprɑːm-/ *noun*
راگەیاندن، دانەزانین، تەناندنەوە، بەلاڤکردن، برەوپێدان، پەرەپێدان، بڵاوکردنەوە (بە شێوەیێکی فەرمی یان قانوونی) ۞ اعلام، اشاعه، انتشار

promulgator *noun*
بڵاوکەرەوە، راگەیێنەر، راگەیەنەر ۞ انتشاردهنده، اعلام‌کننده

pron *abbreviation* pronoun

pronaos /prəʊ'neɪɒs/ *noun, pl.* pronaoi /-'neɪɔɪ/
پێشخانی پەرسگە، پێش‌پەرسگە ◇ پیش‌مقصورە

pronation /prəʊ'neɪʃn/ *noun*
(بە)دەمەوڕووخستن ◇ کب

pronator *noun*
(توێکاری) پرۆناتۆر، ماسوولکەی بەدەمەوڕووخەر ◇ عضلەی مکبە

prone /prəʊn, US proʊn/ *adjective*
1 دەمەوڕوو، بەڕووکەوتوو، لەپەوڕووکەوتوو، رووله عەرز 2 خوازیار، داشکاو، پێخۆش(بوو)، بەمەیل، لارەوەبوو 3 ئامادە 4 سەرەوخوار، لێژ ◇ 1 دمر 2 متمایل 3 مستعد 4 سرازیر

proneness /'prəʊnnəs, US 'proʊn-/ *noun*
1 داشکانەوە، لارەوەبوون، مەیل، ویست 2 ئامادەیی، پێخۆش‌بوون، پێخۆشی، بەتوانایی بۆ کردنی شتێ ب.ت. خراپ 3 دەمەوڕووکەوتن ◇ 1 تمایل 2 استعداد 3 دمر بودن

prong /prɒŋ, US prɔːŋ, prɑːŋ/ *noun*
1 (چنگاڵ) چڵ، پەل، لق، لک 2 (خوازە) لا، رێڕەو ◇ 1 شاخە 2 جهت

-pronged *suffix*
پاشگر: ـلقە، ـلق ◇ پسوند: ـشاخەای

pronghorn *noun,* also pronghorn antelope
(گیانەوەرناسی) گوانداریکی ئەمریکای باکووری تێک‌سمراوی لاق‌درێژی باریکی شاخ‌ڕەش، شێوەی گاکێوی دەدا [*Antilocapra americana*] ◇ نوعی گوزن

pronominal /prəʊ'nɒmɪnl, US proʊ'nɑːm-/ *adjective*
(رێزمان) جێناوی، راناوی، بریناوی، سەربە بریناو ◇ وابستە بە ضمیر

pronominally /prəʊ'nɒmɪnli, US proʊ'nɑːm-/ *adverb*
بریناوانە، جێناوانە، بە شێوەی جێناوی ◇ بە صورت ضمیر

pronoun /'prəʊnaʊn, US 'proʊ-/ *noun*
(رێزمان) جێناو، راناو، بریناو، بۆناو (بنەڕەت: لە *pronomen* لاتینەوە، لە *pro* "بری، لە بری، بۆ" + *nomen* "ناو") ◇ ضمیر

pronounceable /prə'naʊnsəbl/ *adjective*
شیاوی گۆکردن، لەگۆهاتوو، لەوتن‌هاتوو، گۆ دەکرێ، دەوترێ، دەبێژرێ، بێژ دەکرێ، لەگۆمان‌هاتوو ◇ قابل تلفظ

pronounced /prə'naʊnst/ *adjective*
1 دیار، زەق، بەرچاو، خویا، روون، ئاشکرا: *He walked with a pronounced limp* 2 بڕا، یەکلایی‌کەرەوە ◇ 1 مشخص، معلوم، آشکار 2 قاطع

pronouncedly /prə'naʊnstli/ *adverb*
بە شێوەیەکی دیار، لێبڕاوانە، بە شێوەیەکی یەکلایی‌کەرەوە ◇ بە طور مشخص یا قاطع

pronouncement /prə'naʊnsmənt/ *noun*
1 راگەیاندن، دانەزانین، وتن، وتە، لێدوان (فەرمی) 2 راگەیاندن‌نامە، بلاونامە، داخویانی، بەیان‌نامە ◇ 1 اعلام، اعلان، اظهار 2 اعلامیە

pronouncing *adjective*
گۆدار، لەگەڵ گۆکردن، فۆڕمی وتراوەکەشی تیایە ◇ تلفظی

pronto /'prɒntəʊ, US 'prɑːntoʊ/ *adverb*
دەسبەجێ، خێرا، کوت‌وپڕ، لەڕێوە، کوت‌ومت، گورج، بە گورجی، وەکوو تیر: *I expect to see you back here, pronto!* ◇ فوراً

pronunciamento /prəˌnʌnsiə'mentəʊ/ *noun, pl.* pronunciamentos
(ب.ت. لە ولاتانی سپانیایی‌زمان) مانیفێستۆ یان راگەیاندن‌نامەی سیاسی ◇ بیانەی سیاسی

pronunciation /prəˌnʌnsi'eɪʃn/ *noun*
1 بێژان، گۆکردن، بەزمان‌داهێنان، وتن، گۆمان: *a guide to English pronunciation* 2 شێوە یان رێگای وتن، راوێژ ◇ 1 تلفظ 2 طریق تلفظ

pronunciational *adjective*
سەربە بێژان، وتن یان گۆکردن، سەربە گۆمان ◇ وابستە بە تلفظ

proof[1] /pruːf/ *noun, adjective*
n 1 بەڵگە، نیشانە، بەرژەنگ: *positive proof* ◊ 2 سەلماندن، ساخ‌کردنەوە، پشت‌ڕاست‌بوونەوە 3 بەڵگە، پڕنۆ: *conclusive proof* 4 (خواردنەوەی ئەلکۆلی) رێژەی خەستی یان گرتن، رێژە یان رادەی پەتی‌بوون 5 تاقی‌کردنەوە، جەڕەباندن 6 نموونەی چاپ‌کراو، تاقی‌کردنەوەی (لێ)هەڵگیراوە یان کۆپی شتێکی چاپ‌کراو 7 نموونەی وێنە، تاقی‌کردنەوەی (لێ)هەڵگیراوەی وێنە *adj* 1 پارێزراو، پارێزەر، پارێزە، بەرگەگر، سەخت، خۆڕاگر، ـگیرەوە: *rainproof/windproof clothing* 2 خۆگر، بەرهەڵستی‌کەر 3 (خواردنەوە)قورس، زووگرتوو، بەگیر، خەست، توند 4 کون‌نەبوو، نابڕدرێ، نەبڕدراو ◇ *n* 1 دلیل، مدرک، سند 2 اثبات 3 برهان 4 (مسکرات) درجەی خلوص 5 آزمایش 6 نمونەی چاپی 7 نمونەی عکس *adj* 1 محفوظ، حافظ 2 مقاوم 3 (مسکرات) گیرا 4 سوراخ‌نشدنی

-proof[2] *suffix*
پاشگر: (یا لە لێکدانیش‌دا) دژی ◇ پسوند: ضد

proofread /'pruːfriːd/ = past and past participle of proofread

proofreader /'pruːfriːdə(r)/ *noun*
هەڵەگر، هەڵەچن، هەڵەبڕ، راست‌کەرەوە، نموونەخوێن ◇ نمونەخوان

proof of the existence of God *noun*
سەلماندنی بوونی خودا ◇ اثبات وجود خدا

proof sheet *noun*

(چـاپ) نموونـەی چـاپی یـان هەڵـەگری ۞ نمونەی چاپی یا غلط‌گیری

proof spirit *noun*

پـروف سـپیریت (خواردنـەوەیێ کـە سـەدی بەنجای ئەلکۆلی تیابی، لە ئەمریکا 50% و لە کەنەدا و بریتانیا 57/1%) ۞ پروف اسپیریت

prop[1] /prɒp, US prɑ:p/ *noun*

1 دەسـتەک، سـتوون، کۆڵـەکە، پایە، ئەسـتوون، پاڵـەوانە، فیـل‌پایـە، لەنگـەرە، راگـر 2 پـشتیوان، پاڵپـشت، پـشت، دلـسۆز، یاریـدەدەر، کۆمـەک، داژدار، گۆچانی پیری ۞ 1 شمع، پایە 2 حـامی، تکیه‌گاه، یاور، کمک

prop[2] /prɒp, US prɑ:p/ *noun*

کەلوپەلی شانۆ، فیلم و... ۞ اثاثیەی صحنه

prop[3] = propeller

prop. = proposition, proprietor

propadeutic[1] /ˌprəʊpɪˈdju:tɪk/ *adjective*, also propadeutical

سەرەتایی، بەرایی، لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ۞ مقدماتی، پژوهش مقدماتی

propadeutic[2] /ˌprəʊpɪˈdju:tɪk/ *noun*

1 وانەی سـەرەتایی یا بەرایی، خوێندنی سـەرەتایی 2 (propadeutics) زانـسـتە سـەرەتایی‌یـەکان، سـەرەتاکان ۞ 1 درس مقـدماتی، تحـصیلات مقدماتی 2 (در جمع) علوم مقدماتی، مقدمات

propagable /ˈprɒpədʒəbl/ *adjective*

شـیاوی بانگەشـە، لەبانگەشـەهاتوو، شـیاوی پڕۆپاگەندە، پەرەی پێدەدرێ، بلاو دەکرێتەوە ۞ قابل تبلیغات، قابل ترویج

propaganda /ˌprɒpəˈgændə, US ˌprɑ:pə-/ *noun, adjective*

n 1 بانگەشە، پڕۆپاگەندە، پڕۆپاگاندا 2 دروشمی پـڕوپووچ، شـاتوشـووت، چـاووراو 3 (Propaganda) لێژنـەی راگەیێنـەران یـان دین‌راگەیێنەکان (کاردینالەکانی کلێسەی رۆمی) *adj* بانگەشەیی ۞ *n* 1 تبلیغات 2 شعار توخالی 3 (بە P) انجمن مروجین *adj* تبلیغاتی

propagandism *noun*

بانگەشەگەری، بانگەشەوانی ۞ پروپاگاندیسم

propagandist /ˌprɒpəˈgændɪst, US ˌprɑ:pə-/ *noun*

بانگەشەوان، جاردەر ۞ تبلیغاتچی

propagandistic /ˌprɒpəgænˈdɪstɪk, US ˌprɑ:pə-/ *adjective*

بانگەشەیی، جاردەرانە ۞ تبلیغاتی

propagation /ˌprɒpəˈgeɪʃn, US ˌprɑ:p-/ *noun*

1 زیـادکردن، زۆربـوون 2 پەرەسـەندن، پـەل‌هاویـشتن، کێـشمان، کـشان 3 سـکوزا، زاوزێ، زایـین، وەچەخـستنەوە 4 راگەیانـدن، بانگەشە 5 برەوپێدان، بلاوکردنەوە، چوواندن 6 بلاوبوونەوە، تەنینەوە، تەشەنە(کردن)، راگوێستن، گوێزانەوە ۞ 1 تکثیر 2 توسعه، افزایش، اتساع 3 تولید مثل 4 تبلیغ 5 ترویج 6 انتشار، انتقال

propagative /ˈprɒpəgeɪtɪv/ *adjective*

1 بلاوکەرەوە 2 پەرەپێدەر ۞ 1 انتشاردهنده 2 ترویج‌کننده

propagator /ˈprɒpəgeɪtə(r), US ˈprɑ:p-/ *noun*

1 بلاوکـەرەوە 2 پەرەپێـدەر، برەوپێـدەر 3 چەکەرەخانـە، ریـشەخانە، گـوڵخانـە ۞ 1 انتشاردهنده 2 مروج 3 خزانه

propagule /ˈprɒpəgju:l/ *noun*

(رووەکناسـی) وەچ، خەلـف، چـووز(ـەلـە؛ بنەڕەت: لە لاتین propagulum "وەچی چکۆلە"، چکـۆلێنراوی propago "runner ,shoot") ۞ پروپاگول

propane /ˈprəʊpeɪn, US ˈproʊ-/ *noun*

(کیمیـا، گـاز) پرۆپـان: جـۆرێ گـازی هایـدرۆکاربۆنی گـرکێش C_3H_8، لـە زنجیـرەی alkane، لە گازی سروشتی‌دا دەس دەکەوێ و وەک سـووتەمـەنی و پێکهێنـانی شـتومـەکی کیمیایی بەکاردێترێ ۞ پروپان

propanoic acid /ˌprəʊpəˈnəʊɪk/ = propionic acid

propanol /ˈprəʊpənɒl/ *noun*

(کیمیا) پرۆپانۆل، ئەلکۆلی توێتـەر، propyl alcohol ۞ پروپانول

pro patria *adverb*

(لاتینی) لە رێی یا رێگای نیشتماندا ۞ در راه میهن

propellant /prəˈpelənt/ *adjective, noun*, also propellent

adj پێشبەر، پـێش‌ئـاژۆ، پێـشاژۆ، پاڵـنەر، لێخـورک، رانـەر، رادەر *n* هۆکـاری رادەر یـان پاڵـنەر یـان رانـەر، هۆکاری پێش‌ئاژۆ، رادەرە (ب.ت. تەقەمـەنی بـۆ هاویـشتنی گوللـە یـان راکێت) ۞ *adj* پیش‌ران *n* عامل پیش‌ران

propeller /prəˈpelə(r)/ *noun*, also propellor

(کەشتی یان فڕۆکە) پەروانە ۞ (کشتی) پروانه، (هواپیما) ملخ

propeller turbine = turbo-prop

propelling pencil *noun*

پێنووسی سووڕاو یا سووڕخواردوو ۞ مداد پیچی

propene /ˈprəʊpi:n/ = propylene

propensity /prəˈpensəti/ *noun, pl.* propensities

داشکانەوە، لاربوونەوە، ئارەزوو، مەیل، حەز، ئیشتیا، ویست، دڵ، inclination یان tendency ۞ گرایش، تمایل، رغبت

proper /ˈprɒpə(r), US ˈprɑ:p-/ *adjective, adverb, noun*

adj 1 بـاش، گونجـاو، لـەبار، لـواو، شـیاو،

بەکارهاتوو، لێوەشاو، ڕاست، دروست، ماقووڵ، زێرانە، جێی‌ڕێز: *she's never had a proper job* 2 ڕاستەقینە 3 تەواو، بە تەواوەتی 4 خۆی، خودی 5 (ڕێزمان) تایبەت *adv* 1 بە دروستی، بە ڕاستی 2 بە تەواوەتی *n* بەشێ لە ڕێوڕەسمی کلیسە کە لەگەڵ وەرز و جەژندا دەگۆڕێ ۞ *adj* 1 مناسب، شایسته، صحیح، معقول 2 واقعی 3 کامل، به تمام معنی 4 خود 5 (دستور زبان) خاص، علم *adv* 1 به طور صحیح 2 کاملاً *n* پروپر

proper adjective *noun*
(ڕێزمان) ئاوەڵناوی تایبەت ۞ صفت خاص

proper fraction *noun*
(بیرکاری) کەرتی ڕەسەن یا ڕاستەقینە (وەک ¼ یان ½) ۞ کسر واقعی

properly /ˈprɒpəli, US ˈprɑːpərli/ *adverb*
بە تەواوتی، بە تەواوی، بە شێوەیەکی گونجاو یان شیاو، دروست، correctly؛ suitably، respectably ۞ کاملاً، به نحو شایسته، دقیقاً

proper noun *noun*, also proper name
(ڕێزمان) ناو یان ناوی تایبەت، و بە پیتی گەورە دەنووسرێ (Tom، White house)؛ بڕوانە abstract noun، common noun) ۞ اسم خاص

propertied /ˈprɒpətid, US ˈprɑːpərtid/ *adjective*
خاوەن‌زەوی، ملک‌دار ۞ مالک

property /ˈprɒpəti, US ˈprɑːpərti/ *noun*, *pl.* properties
1 دارایی، ماڵ، سامان، ئەنوا، ماڵ‌وملک، ملک، زەوی‌وزار، زەوی و خانووبەرە: *property prices* 2 خاوەنایەتی، خاوەنداری 3 تایبەتمەندی، ڕەوشت: *a plant with medicinal properties* 4 کەلوپەلی سەرشانۆ ۞ 1 دارایی، مال، ملک 2 مالکیت 3 خاصیت 4 وسایل صحنه

property man /ˈprɒpəti mən/ *noun*
بەرپرسی کەلوپەلی سەرشانۆ ۞ مسؤل وسایل صحنه

property mistress *noun*
بەرپرسی کەلوپەلی سەرشانۆ (ژن) ۞ مسؤل وسایل صحنه (زن)

prophage *noun*
(زیندەناسی) پێش‌بەکتریاخۆر، پرۆفاژ: دۆخێ کە لەودا بەکتریاخۆر لە نێو خانەکانی بەکتریادا هەڵدەگیرێ. DNA ناچالاکی باکتریۆفاژ کە دوای تێوەدانی بەکتریا لەگەڵ DNA خانەی هاوخوان host بۆ بەرەکانی دواتر ڕادەگوێزرێن ۞ پروفاژ

prophase *noun*
(زیندەناسی) پرۆفاز، پێش‌فاز، پێش‌ڕوو: یەکەمین قۆناخی دابەش‌بوونی خانەیی، پێش metaphase ۞ پروفاز

prophecy /ˈprɒfəsi, US ˈprɑːf-/ *noun*, *pl.* prophecies
1 پێش‌زانی، داهاتووبینی، پێش‌بینی، پێش‌گۆیی 2 وەحی، وتەی کە لە داهاتووت ئاگادار دەکاتەوە 3 پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەری ۞ 1 پیش‌گویی 2 وحی 3 رسالت، نبوت

prophesier *noun*
پێشزان، داهاتووبین، پێشبین، پێش‌گۆ ۞ پیش‌گو

prophet /ˈprɒfɪt, US ˈprɑːf-/ *noun*
1 پێغەمبەر، پێخەمبەر 2 پێش‌زان، داهاتووبین، پێش‌گۆ، پێش‌بین 3 ڕاگەیەنەر 4 (the Prophet) پێغەمبەری ئیسلام، محەممەد 5 (لە نێوان Mormon ـەکاندا) Joseph Smith یان یەکێ لە جێگرەکانی 6 (لە کریستانیەتدا) کۆمەڵە نووسراوەی پێغەمبەرانەی پەیمانی نوێ 7 (لە نێو جوولەکاندا) یەکێ لە سێ دابەش‌بوونە قانوونی یان شەرعییەکانی Hebrew Bible 8 (the Prophets) کتێبی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن 9 پێغەمبەرانی ئیسرائیلی (ئەوانەی کە وا لە بەشی یەکەمی کتێبی پیرۆز نێویان هاتووە) ۞ 1 پیامبر، نبی 2 پیش‌گو 3 مبلغ 4 (the Prophet) پیامبر اسلام 5 ژوزف اسمیت یا یکی از جانشینانش 6 مکتوبات نبوی عهد عتیق 7 پروفیت 8 (در جمع) اسفار انبیا بنی‌اسرائیل 9 انبیا بنی‌اسرائیل

prophetess /ˈprɒfɪtes, ˌprɒfɪˈtes, US ˈprɑːfɪtes/ *noun*
ژنەپێغەمبەر، پێغەمبەری ژن ۞ نبیه

prophethood /ˈprɒfɪthʊd/ *noun*
پێغەمبەری، پێغەمبەرایەتی ۞ نبوت

prophetic /prəˈfetɪk/ *adjective*, also prophetical
1 پێش‌زانییانە، پێش‌زانانە، داهاتووبینانە، پێش‌گۆیانە، پێش‌بینییانە، predictive 2 سەربە پێغەمبەر یان پێغەمبەران ۞ 1 پیش‌گویانه 2 نبوی

prophetically /prəˈfetɪkli/ *adverb*
لە ڕووی پێش‌زانی(یەوە)، داهاتووبینانە، پێش‌گۆیانە ۞ پیش‌گویانه

prophetship *noun*
پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەری ۞ رسالت، نبوت

prophylactic /ˌprɒfɪˈlæktɪk, US ˌprɑːf-/ *adjective*, *noun*
adj پێشگیر، پێشگر، بەرگر، بەرگیر، ڕێ(لێ)گر، نەهێڵ: *prophylactic treatment* *n* 1 دەرمانی بەرگیر یان پێشگر 2 کەرەسە یان ئامرازی پێشگیری یان بەرگیری 3 کردەوەی پێشگیرانە، کاری بەرگیرانە یان پێشگرانە 4 (لە ئەمریکا) کاندۆم، جیر ۞ *adj* پیش‌گیر *n* 1 داروی پیش‌گیر 2 وسیله‌ی پیش‌گیری 3 اقدام پیش‌گیرانه 4 کاندوم

prophylaxis /ˌprɒfɪˈlæksɪs, US ˌprɑːf-/ *noun*
(نەخۆشی) بەرگیری، پێش‌پارێزی، پێشگرتن، بەرگرتن، نەهێشتن، پێشگیری (بنەڕەت: لە لاتینی نوێوە، لە pro-[2] + *phulaxis* یۆنانییەوە

"کاری پاراستن، پاراستن") ۞ پیش‌گیری
propinquity /prəˈpɪŋkwəti/ *noun*
1 نزیکی، نزیکایه‌تی، دیواربه‌دیواری، دراوسێیی 2 (ج شوین یان ج کات)، خزمایه‌تی، kinship، proximity ۞ 1 قرابت، مجاورت 2 خویشاوندی
propionate /ˈprəʊpɪəneɪt/ *noun*
پرۆپیۆنات، پرۆپیۆنه‌یت: خوێ یا ئیستێری ترشه‌لۆکی پرۆپیۆنیک propionic acid ۞ پروپیونات
propionic acid /ˌprəʊpɪˈɒnɪk/ *noun*
(کیمیا) ترشه‌لۆکی پرۆپیۆنیک $C_3H_6O_2$، جۆری ترشه‌لۆکی ئه‌ندامی ئاوه‌کی تیژ ۞ اسید پروپیونیک
propitiable *adjective*
شیاوی دلدانه‌وه یان دلنه‌وایی، شیاوی قایل‌کردن ۞ قابل دلجویی
propitiation /prəˌpɪʃiˈeɪʃn/ *noun*
1 ئاشت‌کردنه‌وه، رق‌نیشاندنه‌وه، ژێرکردنه‌وه، دلدانه‌وه، دلنه‌وایی، به‌ده‌وراهاتن، رازی‌کردن، قایل‌کردن، دلنه‌رم‌کردن 2 تاوان‌پۆشی، که‌فاره، گوناه‌پۆشی ۞ 1 استمالت، دلجویی 2 کفاره
propitiator *noun*
ئاشت‌که‌ره‌وه، دلده‌ره‌وه ۞ پروپیتیاتور
propitiatory /prəˈpɪʃiətri, US -tɔːri/ *adjective*
له رووی ئاشت‌کردنه‌وه، له رووی دلدانه‌وه(وه) یان دلنه‌وایی‌یه‌وه ۞ دلجویانه
propitious /prəˈpɪʃəs/ *adjective*
1 باش، پێویست، گونجاو، شیاو، له‌بار، چاک، خۆش: *propitious sign* 2 به‌ده‌هنده، لێبورده (propitiously /prəˈpɪʃəsli/ *adv*: گونجاوانه، به شێوه‌یه‌کی باش یان له‌بار) ۞ 1 مساعد، مناسب، خوب 2 بخشنده
propitiousness /prəˈpɪʃəsnəs/ *noun*
باشی، گونجاوی، له‌باری ۞ مناسب بودن
prop-jet = turbo-prop
proplastid *noun*
پێش‌دارشته: ته‌نێکی cytoplasmic ورد، له‌وه‌وه دارشته‌یی plastid پێکدێ ۞ پروپلاستید
propolis /ˈprɒp(ə)lɪs/ *noun*
مێو یا چه‌سپی هه‌نگی، جه‌وکی هه‌نگ، چه‌سپی مێش‌هه‌نگوین: ماکێکی جه‌وکی resinous قاوه‌یی‌باو که هه‌نگ له خونچه‌ی داره‌کان ده‌یمژێ و بۆ پرکردنه‌وه و راگرتنی که‌نوو به‌کاری دێنێ ۞ چسب زنبوری
proponent /prəˈpəʊnənt, US -ˈpoʊ-/ *noun*
لایه‌نگر، لایه‌نگیر، ئالیگر، پشتیوان، پالپشت، داژدار ۞ طرفدار، حامی
proportion /prəˈpɔːʃn, US -ˈpɔːrʃn/ *noun*
1 رێژه 2 هاورێژه‌یی، هاورێکی، یه‌ک‌گرتنه‌وه، گونجان 3 به‌ش، پشک، پار، پاژ، ئه‌ندازه، بڕ، راده 4 (proportions) ره‌هه‌نده‌کان، ئه‌ندازه‌کان 5 پێوه‌ر، پێودانگ، هاورێژه‌یی (proportionless *adj*: ناهاورێژه) ۞ 1 نسبت 2 تناسب 3 قسمت، بخش، اندازه 4 (در جمع) ابعاد 5 مقیاس، تناسب
proportionable /prəˈpɔːʃənəbl/ *adjective*
هاورێژه، گونجاو، یه‌ک‌گرەوه، رێژه‌یی (proportionably /prəˈpɔːʃənəbli/ *adv*: به شێوه‌یه‌کی هاورێژه، گونجاوانه) ۞ متناسب
proportional /prəˈpɔːʃənl, US -ˈpɔːrʃ-/ *adjective*
هاورێژه، گونجاو، یه‌ک‌گرەوه، رێژه‌یی: *Salary is proportional to years of experience* (proportionally /prəˈpɔːʃənli, US -ˈpɔːrʃ-/ *adv*: به شێوه‌یه‌کی هاورێژه، یه‌ک‌گرەوانه: *Families with children spend proportionally less per person than families without children*) ۞ متناسب، نسبی
proportionality /prəˌpɔːʃəˈnæləti, US -pɔːrʃ-/ *noun*
هاورێژه‌یی، گونجان، یه‌ک‌گرتنه‌وه ۞ تناسب
proportional parts *noun, pl.*
به‌شه هاورێژه‌کان ۞ اجزای متناسب
proportional representation *noun*
هه‌لبژاردنی رێژه‌یی ۞ انتخابات نسبی
proportionate /prəˈpɔːʃənət, US -ˈpɔːrʃ-/ *adjective*, also proportional
هاورێژه، گونجاو، یه‌ک‌گرەوه: *Increasing costs resulted in proportionate increases in prices* (proportionately /prəˈpɔːʃənətli, US -ˈpɔːrʃ-/ *adv*; proportionateness /prəˈpɔːʃənətnəs, US -ˈpɔːrʃ-/ *n*: هاورێژه‌یی، گونجان، یه‌ک‌گرتنه‌وه) ۞ متناسب
proportioned /prəˈpɔːʃənd, US -ˈpɔːrʃ-/ *adjective*
هاورێژه، گونجاو، یه‌ک‌گرەوه ۞ متناسب
proportionment *noun*
1 هاورێژاندن، هاورێژه‌کردن 2 هاورێژه‌یی ۞ 1 متناسب‌سازی 2 تناسب
proposal /prəˈpəʊzl, US -ˈpoʊzl/ *adjective*
1 دارێژه، پلان، پێشنیار، پێشنیاز، به‌رنامه، نه‌خشه، offer، suggestion: *to submit/accept/reject a proposal* 2 خوازبێنی، خوازگاری، پێشنیار یان پێشنیاز بۆ شووکردن یا ژن‌هێنان، پێشنیاری زه‌ماوه‌ند ۞ 1 پیشنهاد، طرح 2 پیشنهاد ازدواج
proposal of marriage *noun*
خوازبێنی، پێشنیار یان پێشنیاز بۆ شووکردن یان ژن‌هێنان، پێشنیاری زه‌ماوه‌ند ۞ پیشنهاد ازدواج
proposed *adjective*
پلان‌رێژکراو، به‌رنامه(بۆ)دانراو، پلانه‌مه‌ند،

ڕێکخراو ۞ طرح‌ریزی‌شده

proposer /prə'pəʊzə(r), US -'pouz-/ *noun*

1 پێشنیازکەر، پێشنیارکار 2 (پێ)ناسێنەر ۞ 1 پیشنهاددهنده 2 معرفی‌کننده

proposition /ˌprɒpə'zɪʃn, US ˌprɑːp-/ *noun*

1 دۆز، بابەت، کێشە، مژار، پرس، ویستە، مەسەلە، پرسگرێک، پێشنیاز، بیرورا، بۆچوون 2 بڕیار 3 کار، کردە، کردەوە 4 (نافەرمی) پێشنیازی سەرجێیی‌کردن یان لەگەڵ‌خەوتن 5 (لۆژیک و هتد) پرۆپۆزیشن، دۆز ۞ 1 قضیه، موضوع، طرح، نظر 2 حکم 3 امر 4 پیشنهاد هم‌خوابگی 5 (منطق و...) گزاره

propounder *noun*

پێشنیازکار، پێشنیارکەر، پێش‌دانەر، داهێنەر، ئاراهێنەر، بەگۆڕی‌هێنەر، باسکەر، دایرکەر ۞ مطرح‌کننده

propraetor *noun*, also propretor

کۆنسولی ستان‌وانی هەرێمێکی ڕۆمی کۆن ۞ پروپراتور

propranolol /prəʊ'pranəlɒl/ *noun*

جۆری $C_{16}H_{21}NO_2$ beta blocker، زۆرتر بۆ چارەسەری ناڕێکی لێدانی دڵ و angina pectoris بەکاردێتی ۞ پروپرانولول

proprietary /prə'praɪətri, US -teri/ *adjective*

1 تایبەتی، تەرخان‌کراو، قۆرخ 2 سەربە خاوەنداری 3 خاوەندارانە ۞ 1 خصوصی 2 وابسته به مالکیت 3 مالکانه

proprietor /prə'praɪətə(r)/ *noun*

خاوەن، خودان، ساحەب، خاوەندار (ب.ت. دامەزراوەی کار، هوتێل و داهێنان) ۞ مالک، صاحب

proprietorial /prəˌpraɪə'tɔːriəl/ *adjective*

1 خاوەندارانە 2 سەربە خاوەندار ۞ 1 مالکانه 2 وابسته به مالک

proprietorially /prəˌpraɪə'tɔːriəli/ *adverb*

خاوەندارانە ۞ مالکانه

proprietorial right *noun*

مافی خاوەندارێتی یا خاوەنداری ۞ حق مالکیت

proprietorship /prə'praɪətəʃɪp, US -tərʃ-/ *noun*

خاوەنداری، خاوەندارێتی ۞ مالکیت

proprietress /prə'praɪətres/ *noun*

خاوەن، خاوەندار، ساحەب، خودان ۞ مالک، صاحب (زن)

propriety /prə'praɪəti/ *noun*, *pl.* proprieties

1 ڕێوشوێنی پەسندکراوی هەڵسوکەوتی نێو کۆمەڵگا، ڕەوشت(دروستی) 2 دروستی، ڕاستی، دروست‌بوون 3 لێوەشاوەیی، لێهاتوویی 4 گونجاوی، باشی، شیاوبوون 5 (proprieties) ڕێوشوێنی دروست جوولانەوە یان ڕەفتار، ڕەوشت، ئاکار ۞ 1 ادب 2 صحت 3 شایستگی 4 مناسبت 5 (در جمع) ضوابط صحیح رفتار، ادب

proprioceptive /ˌprəʊprɪə(ʊ)'septɪv/ *noun*

(کارئەندامناسی) خۆوەرگر: *proprioceptive feedback sensation* ;*proprioceptive* (proprioception: خۆوەرگری، وەرگرتنی هاندەرەکان کە لە نێو زیندەوەرێکدا بەرهەم دێ: (proprioceptively *adv* ۞ خوددریابنده

proprioceptor *noun*

خۆوەرگر، خۆوەرگیر، وەرگری هەستی نێوەوە یان نێوەکی: وەرگرێکی هەستی (وەک spindle ماسوولکە) کە بەهۆی هاندەرە stimuli خۆوەرگرەکانەوە proprioceptive بزوێنراوە ۞ گیرنده‌ی حسی

props *noun, pl.*

(نافەرمی) کەل‌وپەلی (سەر)شانۆ ۞ (عامیانه) وسایل صحنه

proptosis /prɒp'təʊsɪs/ *noun*

زەقی، دەرپەڕیوی، دەرپۆقیوی، داکەوتوویی، خزین ۞ بیرون‌افتادگی، پایین‌افتادگی

propulsion /prə'pʌlʃn/ *noun*

1 ڕادان، پاڵنان، لێخوڕین، ڕانشت، پێش‌ئاژۆتن، پێشوەبردن، پێشبەری، پێش‌ئاژۆیی، پێشاژۆیی 2 هێزی ڕادان یان پاڵنان، هێزی پێشاژۆیی: *wind/steam/jet propulsion* ۞ 1 رانش 2 نیروی رانشی

propulsive /prə'pʌlsɪv/ *adjective*, also propulsory

ڕادەر، ڕانەر، پێش‌ئاژۆ، پێشاژۆ، ڕادەرانە، پاڵنەرانە، پێشبەر(انە)، پێشوەبەر ۞ رانشی

propulsive forces *noun, pl.*

هێزە ڕادەر یان پاڵنەرەکان، هێزە پێشبەرەکان، هێزە پێش‌ئاژۆکان ۞ قوای رانشی

propulsive gases *noun, pl.*

گازە ڕادەر یان پاڵنەرەکان، گازە پێشبەرەکان یان ڕانەرەکان ۞ گازهای رانشی

propulsive power *noun*

هێزی ڕادەر یا پاڵنەر یا پێشاژۆ، هێزی پێشبەری یان پێشوەبەر، هێزی ڕانەر ۞ قدرت رانشی

propyl /'prəʊpʌɪl, US -pɪl/ *noun*

(کیمیا) پرۆپیل ۞ پروپیل

propyla = plural form of propylon

propylaeum /ˌprɒpɪ'liːəm/ *noun, pl.* propylaea /-'liːə/

1 دالان، دەروازە یان ژوورگەی پەرستگە 2 (بە the Propylaeum) دەروازەی ئاکرۆپۆلیس لە ئاتین ۞ پروپیلوم

propylene /ˈprəʊpɪliːn/ *noun*
(گاز) پرۆپیلین، پرۆپیلێن ۞ پروپیلن

propylic *adjective*
(کیمیا) پرۆپیلی ۞ پروپیلی

propylon /ˈprɒpɪlɒn/ *noun, pl.* propylons or propyla /-lə/= propylaeum

pro rata /ˌprəʊ ˈrɑːtə, US ˌprəʊ/ *adjective, adverb*
adj (لاتینی) هاوڕێژە، گونجاو، یەکگرەوە *adv* هاوڕێژانە، گونجاوانە: *Prices will increase pro rata* ۞ *adj* متناسب *adv* بە تناسب

proration *noun*
بەش‌کردن بە ئەندازە یا بە ڕێژە ۞ تقسیم بە نسبت

prorogation /prərəˈgeɪʃ(ə)n/ *noun*
(پارلەمان) وچان، داخستنی کاتی، دواخستن، پاش‌خستن، خستنەدواوە ۞ تعطیل موقت، تعویق

prosaic /prəˈzeɪɪk/ *adjective*
1 ماندووکەر، ناخۆش، وەڕەسکەر، ناخۆش، جاڕزکەر، ئایەخ، هیچ(ەکە)، ئاسایی: *a prosaic style* 2 بەخشانی (*adv* /-kli/ prosaically: بە شێوەیەکی ئاسایی؛ *n* prosaicness) ۞ 1 کسل‌کننده، معمولی 2 نثری

prosaism /ˈprəʊzeɪɪzəm/ *noun*
پەخشان‌نووسی ۞ نثرنویسی

prosaist /ˈprəʊzeɪɪst/ *noun*
1 پەخشان‌نووس 2 کەسێکی عاجزکەر ۞ 1 نثرنویس 2 آدم معمولی

prosateur *noun*
پەخشان‌نووس ۞ نثرنویس

pros and cons *noun, pl.*
لایەنە باش و خراپەکان، سەنگ‌وسووک، خاڵە بەهێز و لاوازەکان ۞ نقاط قوت و ضعف

proscenium /prəˈsiːniəm/ *noun, pl.* prosceniums or proscenia /-nɪə/
1 بەشی پێشەوەی پەردە، پێشگە، پێش‌شانۆ 2 ستەیج یان سەکۆی شانۆگەری زوو ۞ 1 پیش‌صحنه 2 پروسنیوم

proscription /prəˈskrɪpʃn, US prəʊˈs-/ *noun*
1 بەربەندی، گیرانەوە، بەربەندکردن، ڕاگرتن، نەهێشتن، قەدەغەکردن 2 دوورخستنەوە 3 مەحکوومییەت 4 (مێژوویی) بێ‌بەشێتی، بێ‌بەریتی ۞ 1 ممنوعیت، منع، قدغن‌سازی 2 تبعید 3 محکومیت 4 محرومیت

proscriptive /prəʊˈskrɪptɪv/ *adjective*
بەربەندکەر، قەدەغەکەر ۞ قدغن‌کننده

prose /prəʊz, US prəʊz/ *noun*
1 پەخشان: *the author's clear elegant prose* 2 (= *style of writing*) وتە یان قسەیەکی وشک 3 (وەکوو ئاوەڵناو) بە پەخشان ۞ 1 نثر 2 سخن عاری از لطافت 3 منثور

prosector /prə(ʊ)ˈsɛktə/ *noun*
(زۆرتر ئەمریکا) یەکالاکەرەوەی لەش یان لاشەی مردوو (بۆ تاقی‌کردنەوە و پیشاندانی توێکاری‌یانە) ۞ پروسکتور

prosecuting attorney *noun*
(لە ئەمریکا) دادپرس، دۆزگەر ۞ دادستان

prosecuting lawyer *noun*
پارێزەری دادبەر یان سکاڵاکەر ۞ وکیل شاکی

prosecution /ˌprɒsɪˈkjuːʃn, US ˌprɑːs-/ *noun*
1 بەدواداچوون، ڕاوەدوونان، بەدواکەوتن، ڕاونان، لەشوێن‌کەوتن، شوێن‌گرتن، دانەپەی 2 شکات، سکاڵا، گازندە 3 پارێزەر یان دەستەی پارێزەرانی دادبەر 4 درێژەدان، (لەسەر)سووربوون، لەسەرڕۆیشتن، بەردەوام‌کردن 5 جێبەجێ‌کردن، کردن، ڕاپەڕاندن، ئەنجامدان ۞ 1 تعقیب 2 شکایت 3 وکیل یا وکلای شاکی 4 تداوم 5 اجرا

prosecutor /ˈprɒsɪkjuːtə(r), US ˈprɑːs-/ *noun*
1 بەداواچوو، ڕاونەر 2 پارێزەری گشتی 3 = prosecuting attorney ۞ 1 تعقیب‌کننده 2 دادیار

proselyte /ˈprɒsɪlaɪt/ *noun*
نۆدین، نوێ‌باوەڕ، نوێ‌ئایین ۞ نوکیش

proselytism /-lɪtɪz(ə)m/ *noun*
نۆدینی، نوێ‌ئایینی، نوێ‌باوەڕی ۞ نوکیشی

proselytizer *noun*
(دین یا سیاسەت) ڕاگەیەنەر، پەرەپێدەر ۞ مبلغ

proselytizing *noun*
ڕاگەیاندن، پەرەپێدان ۞ تبلیغ

proser *noun*
پەخشان‌نووس ۞ نثرنویس

proseman /prəʊzmən/ *noun*
پەخشان‌نووس ۞ نثرنویس

prosencephalic *adjective*
(توێکاری) پێشەمێشکی، سەربە بەشی پێشەوەی مێشک، پێش‌مێشکی ۞ وابسته به بخش جلوی مخ

prosencphalon /ˌprɒsɛnˈsɛfəlɒn, US -ˈkɛf-/ = forebrain

prosenchyma /prɒˈsɛŋkɪmə/ *noun, pl.* prosenchymas
شانەیێکی ڕووەکی کە لە کۆمەڵە خانەیێکی درێژ و باریک بە بنێکی تیژەوە پێکهاتووە و زۆرتر لە شانەی ئاوخۆرەیی‌دا هەیە ۞ پروسنشیم

prosenchymaous *adjective*
پرۆسێنشیمی ۞ پروسنشیمی

prosimian /prəʊˈsɪmɪən/ *noun*
(زیندەناسی) پێش‌مەیموونی: سەرەتاکیکی primate ژێردەستەی (Prosimii) کە lemur ـەکان، loris ـەکان، bushbaby ـەکان و tarsier ـەکان دەگرێتەوە (بنەڕەت: لە -pro-[2] +

پروسیمین ⬡ (simian

Proserpina *noun*, also Proserpine, Latin
پرۆسێرپینا، پرۆسێرپین، پێرسێفۆن: کچی زیۆس Zeus و دیمیتەر Demeter، ژنی Hades (لە میتۆلۆژی یۆنانیدا) ⬡ پروسرپینا

prose works *noun, pl.*
بەرهەمە پەخشانییەکان، ئاسەواری بە پەخشاننووسراو ⬡ آثار منثور

prosily /'prəʊzɪli/ *adverb*
وەڕەسکەرانە، بە شێوەیەکی ناخۆش یا جاڕسکەر ⬡ بە طور کسل کنندە

prosiliency *noun*
دیاری، زەقی، دەرکەوتوویی، بەدیارەوەبوویی، قیتی ⬡ برجستگی

prosilient *adjective*
دیار، زەق، دەرکەوتوو، بەدیارەوەبوو، بەدەرەوە، قیت، دەرپەڕیو، هەڵقوڵتاو ⬡ برجستە

prosiness /'prəʊzinəs/ *noun*
ماندووکەری، وەڕەسکەری، ناخۆشی ⬡ کسل‌کنندگی

prosimian /prəʊ'sɪmiən/ *noun*
پێشمەیموونی، نیمچەمەیموونەکان: primate ی لادەستە (Prosimii) کە lemur، loris، bushbaby و tarsier دادەگرێ ⬡ پروسیمین

prosit /'prəʊzɪt/ *interjection*, also prost
(ئەڵمانی و لە لاتینەوە) بە خۆشی (بەرلە خواردنەوە) ⬡ بە سلامتی

prosobranch /'prɒsəbraŋk/ *noun*
پێشیشیپەڕە(یی)، پرۆسۆبرانک ⬡ پروسوبرانک

Prosobranchia /ˌprɒsə(ʊ)'braŋkɪə/ *noun, pl.*
(زیندەناسی) پێششیپەڕەییەکان: ژێرپۆلێکی لەشنەرمان کە limpet ەکان، abalone ەکان و زۆر شەیتانۆکە دەگرێتەوە (بنەڕەت: لە لاتینی نوێوە، لە یۆنانی *prosō* "forwards" + *brankhia* "gills") ⬡ پروسوبرانکیا

proslavery /prəʊ'sleɪvəri/ *noun*
لایەنگری لە کۆیلەداری، لایەنگریتی کۆیلەداری ⬡ پروسلاوری

prosodemic /ˌprɒsə'demɪk/ *noun*
نەخۆشییێ کە کەسێ لە کەسێکیتر دەیگرێتەوە ⬡ پروسدمیک

prosodic /prəʊ'sɒdɪk, US prə'sɑːdɪk/ *adjective*, also prosodiacal or prosodial or prosodical
عەرووزی، ڕیهۆنەیی، سەربە prosody (prosodiacally *adv*) ⬡ عروضی

prosodist *noun*
زانای عەرووز، ڕیهۆنەزان ⬡ عروضی

prosody /'prɒsədi, US 'prɑːs-/ *noun, pl.* prosodies
1 عەرووز، ڕیهۆنە، زانستی هەڵبەستدانان 2 (زمانەوانی) پراسۆدی ⬡ 1 عروض 2 پروسودی

prosoma (*pl.* prosomas or prosomata) = cephalothorax

prosomal *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە cephalothorax ـەوە هەیە ⬡ وابستە بە cephalothorax

prosopopoeia /ˌprɒsəpə'piːə/ *noun, pl.* prosopopoeias
1 (مەجاز) هێنانەئارای کەسێکی مردوو یان نادیار 2 هێنانەبەرچاو، وێناکردن ⬡ 1 پروسوپوپیا 2 تجسم

prospect /'prɒspekt, US 'prɑːs-/ *noun*
1 دیمەن، پێشچاو، بەرچاو 2 ئەگەر، شیان، ڕێتێچوون، لەوەچوون، وێچوون، پێچوون 3 هیوا، هومێد، جێی هیوا 4 چاوەڕوانی 5 بۆچوون، پێ‌وابوون، هێنانەپێش‌چاو 6 پاڵێوراو، بەرەندام 7 کڕیار یان مشتەری ڕێتێچوو 8 نەیار یان براوەی ڕێتێچوو 9 شوێنێ کە لەوەدەچێ کانێکی لێ بەرهەم بێ، (نموونەی) کانی جێی هیوا 10 (prospects) داهاتوو، پاشەڕۆژ، دوارۆژ 11 چاوەڕوانی، تەماوەری 12 ئەگەر، شیان، ڕێتێچوون، لەوەچوون، وێچوون، پێچوون ⬡ 1 چشم‌انداز 2 احتمال 3 امید 4 انتظار 5 تصور 6 کاندیدا 7 مشتری احتمالی 8 برندەی احتمالی 9 پروسپکت 10 (در جمع) آیندە 11 انتظار 12 احتمال

prospective /prə'spektɪv/ *adjective*
1 ئەگەردار، شیاو، ڕێتێچوو، لەوەچوو، لەوانەیە 2 داهاتوو، پاشەڕۆژ، داهاتوویی، لەمەوبەدوایی، ڕووەوداهاتوو، ڕوولە داهاتوو، بەزوویی‌هاتوو 3 چاوەڕوان 4 هاکا، نزیک 5 پۆتانسیەل ⬡ 1 محتمل، احتمالی 2 آیندە، عطف بە آیندە 3 منتظر 4 قریب‌الوقوع 5 بالقوە

prospectively /prə'spektɪvli/ *adverb*
ڕێتێچووانە، لەوانەیە، ڕەنگە، ڕێی تێدەچێ، پێدەچێ، لەوەدەچێ ⬡ بە طور احتمالی

prospectiveness /prə'spektɪvnəs/ *noun*
1 هیواداری، هومێدەواری، جێی هومێدبوون 2 هاکایی ⬡ 1 امیدواری 2 قریب‌الوقوع کردن

prospector /prə'spektə(r), US 'prɑːspektər/ *noun*
کاندۆز، کانگەڕ ⬡ جویندەی طلا

prospectus /prə'spektəs/ *noun, pl.* prospectuses
بڵاونامەی سەرەتایی، ئاگاداری(نامە) ⬡ بروشور

prosperity /prɒ'sperəti, US prɑː's-/ *noun*
گەشەسەندن، باوسەندن، پێشکەوتن، دەوڵەمەندبوون، سەرکەوتن، خۆشی، گەشەکردن، ئاوەدانی، دەوڵەمەندی، لەخۆشیدابوون، بەروبووم، تێروتەسەلی، ئاسوودەیی، بەرە، بەرەکەت، فەڕوبیت، بەختەوەری، بڕەوسەندن

۞ رونق، رفاه، خوش‌بختی

prosperous /ˈprɒspərəs, US ˈprɑːs-/ *adjective*
سەرکەوتوو، پێشکەوتوو، دەوڵەمەند، جێگرتوو، بەختەوەر، بەخۆداهاتوو، باوەشەندوو، گەشەسەندوو، گەشەکردوو، ئاوەدان، پڕگەشە، برەوسەندوو، خۆش‌گوزەران، تێروتەسەل، ئاسوودە، خۆش، لەخۆشیدا، بەبەرەکەت، بەپیت، بەفەرویپیت، بەرخوردار، خێرانداری، بەبەروبووم، auspicious، favourable، flourishing ۞ موفق، مرفه، پررونق

prosperously /ˈprɒspərəsli, US ˈprɑːs-/ *adverb*
گەشەسەندووانە، برەوسەندووانە، سەرکەوتووانە، تێروتەسەلانە، بە شێوەیەکی ئاوەدان، دەوڵەمەندانە ۞ به طور پررونق

prostacyclin /ˌprɒstəˈsaɪklɪn/ *noun*
(زیندەکیمیا) پرۆستاسایکلین، پرۆستاسیکلین: ئاوێتەیەکی پرۆستاگلاندینی دیوار(ە)ی خوێن‌بەرەکان، وەک anticoagulant و vasodilator کار دەکا، پرۆستاگلاندینی $C_{20}H_{32}O_5$ کە بە تایبەتی رێ لە پێکهاتنی مەیین یان پەنگینی clot خوێن دەگرێ ۞ پروستاسیکلین

prostaglandin /ˌprɒstəˈglandɪn/ *noun*
(زیندەکیمیا) پرۆستاگلاندین: کۆمەڵێ لە ئاوێتەکان بە کۆمەڵە کاریگەرییەکی هۆرمۆن‌ئاسای جۆراوجۆرەوە، جێی سەرنجە بۆ ئاودانی گرژبوون و چوونەیەکی منداڵدان (و مەهاری داگیرسان یان ئاوسان inflammation و تیمپراچێری لەش و زۆر کاری کارئەندام‌ناسی physiological تر؛ بنەڕەت: لە prostate + (-in[1] + gland[1] ۞ پروستاگلاندین

prostas *noun*
(لە بیناسازی یۆنانی‌دا) دیوی کەوشکەن ۞ اتاق کفش‌کن

prostate /ˈprɒsteɪt, US ˈprɑːs-/ *adjective, noun,* also prostate gland
adj سەربە یان پێوەندی بە رژێنەی پرۆستات یان پێش‌وێست(ـاو)ـەوە هەیە *n* رژێنەی پرۆستات یان پێش‌وێستە یان پێش‌وێست(ـاو، بەشێکی پتەوی ماسوولکاوی دەوروبەری ملی میزەڵدان یان بنکی میزەڕۆ کە شلەیێ دەردەدا کە پێکهێنەری تۆماوە، بە رێگای فەرەنسی‌یەوە، لە prostate لاتینی نوێ‌وە، لە *prostatēs* یۆنانی‌یەوە "کەسێ کە لە پێشەوە وێستاوە") ۞ *adj* وابسته به غده‌ی پروستات *n* غده‌ی پروستات

prostatectomy *noun, pl.* prostatectomies
پرۆستات‌بڕی، پێش‌وێست(ـاو)بڕی، پرۆستات‌دەرکێشی، هەڵکێشان یان دەرکێشانی پرۆستات ۞ پروستات‌برداری

prostate gland = prostate

prostate-specific antigen *noun, abbreviation* PSA
پرۆتێئازێ protease کە بەهۆی خانە epithelial ـەکانی رژێنەی پێش‌وێستە یان پرۆستاتەوە دەردەدرێ و بۆ دەس‌نیشان‌کردنی شێرپەنجەی پرۆستات prostate cancer بەکاردێترێ ۞ نوعی آنتی‌ژن

prostatic *adjective*
سەربە رژێنەی پرۆستات یا پێش‌وێست(ـاو) ۞ وابسته به غده‌ی پروستات

prostatism *noun*
کۆنیشانەی کێشە و نارەحەتی‌یەکانی پرۆستات، لە ئەنجامی گەورەبوونەوەی رژێنەکە بەرلە میزکردن دەگرێ، نەخۆشی پرۆستات یان پێش‌وێستە، لە ئەنجامی گیرانی ملی میزەڵدان bladder neck کە لەودا رژێنەکە gland گەورە دەبێتەوە ۞ پروستاتیسم

prostatitis *noun*
داگیرسان یان ئاوسانی رژێنەی پێش‌وێستە ۞ التهاب پروستات

prosthesis /prɒsˈθiːsɪs, US prɑːs-/ *noun, pl.* prostheses /-siːz/
1 بڕی‌ئەندام، ئەندامی ناخۆیی یان دەسکرد 2 خستنەسەری پیت یان برگەیێ لە سەرەتای وشەیێ، وەک وشەی سپانیایی *escuela* کە لە *scola*ی لاتینی داڕێژراوە، سەرەتادانان (بنەڕەت: لە *prosthesis* یۆنانی‌یەوە، لە *prostithenai* "خستنەسەر") ۞ 1 عضو مصنوعی 2 پروتیسیس

prosthetic /prɒsˈθetɪk, US prɑːs-/ *adjective*
1 (ئەندام) دەسکرد، ناخۆیی 2 سەربە خستنەسەر یان سەرەتادانان، سەرەتادانەرانە 3 سەربە کۆمەڵێکی ناپرۆتێینی nonprotein کە لەگەڵ پرۆتێینێکی (prosthetically *adv*) ۞ 1 مصنوعی 2 و 3 پروستیتیک

prosthetic group *noun*
(زیندەکیمیا) کۆمەڵی پرۆستێتیک: کۆمەڵێکی ناپرۆتێینی کە بەشێ لە پرۆتێین پێکدێنێ یان لەگەڵ ئەودا لێکدراوە ۞ گروه پروستیتیک

prosthetics /prɒsˈθetɪks, US prɑːs-/ *noun, pl.*
1 بڕی‌ئەندام‌دانان، دانانی ئەندامی دەسکرد یان ناخۆیی 2 لقێ لە نەشتەرگەری کە دەربارەی دروست‌کردن و چەسپاندنی ئەندامێکی دەسکرد دەکۆڵێتەوە ۞ 1 گذاشتن عضو مصنوعی 2 پروتیک، پروتینیکس

prostitute /ˈprɒstɪtjuːt, US ˈprɑːstətuːt/ *noun*
قەحبە، لەش‌فرۆش، خراپە، خۆفرۆش، سۆزانی، جندە ۞ روسپی، فاحشه

prostitution /ˌprɒstɪˈtjuːʃn, US

,prɑ:stə'tu:ʃn/ *noun*
1 قەحبەیی، قەحبەگەری، خۆفرۆشی، حیزی، لەش‌فرۆشی: *Many women were forced into prostitution* 2 خەسارکردن، زایەکردن، بەفیڕۆدان، بەهەدەردان 3 بێ‌سەرەوبەرەیی، شپرزەیی، فەساد، خراپەکاری ۞ 1 فاحشگی 2 تضییع 3 ابتذال

prostrate /'prɒstreɪt, US 'prɑ:s-/ *adjective*
1 دەمەوڕوو، لەسەرزگ، لەپەوڕوو، ڕوولەعەرز 2 لەپێ‌کەوتوو، لەپەل‌وپۆکەوتوو، تێکچوو، پێچوو، کنگەوتلورکەوتوو، بێ‌دەسەلات، هیچ‌لەدەس‌نەهاتوو، بارچەوت، بار(لێ)کەوتوو، دەسەوسان، بێکارە، داماو، لاواز، کز، سەرکز، سست 3 تێشکاو، بەزیو، لەخۆل‌وەردراو، لەعەرزگەوزاو 4 ملکەچ، سەرشۆڕ 5 (ڕووەک‌ناسی) تەرزفڕێدەر ۞ 1 دمر 2 فرسودە، ضعیف، ناتوان 3 مغلوب 4 خاضع 5 پروستریت

prostomial *adjective*
سەربە پێش‌دەم، پێش‌دەمی ۞ وابستە بە پروستومیوم

prostomium *noun, pl.* prostomia
پێش‌دەم: بەشێ لە سەری کرمێکی ئالقەیی annelid (وەک earthworm ی) کە لە پێشەوەی دەمی‌یەوە هەلکەوتووە ۞ پروستومیوم

prostrated *adjective*
1 لەپێ‌کەوتوو، لەپەل‌وپۆکەوتوو، پەک‌کەوتوو، تێکچوو، پێچوو، کنگەوتلور(کەوتوو)، بێ‌دەسەلات، هیچ‌لەدەس‌نەهاتوو، بەکارنەهاتوو، بێکارە، سست 2 نەخۆش ۞ 1 ازپاافتادە، ناتوان 2 بیمار

prostrating *adjective*
لاوازکەر، لەپەل‌وپۆخەر، لەبن‌هێنەر، پێچوێنەر ۞ فرساینده

prostration /prɒ'streɪʃn, US prɑ:'s-/ *noun*
1 ملکەچی، مل‌بۆدانەواندن، سەرشۆڕی، مل‌شۆڕی، سەربەردانەوە، گوێڕایەلی 2 خۆبەدەستەوەدان، ملنان، سەربەعەرزدانان، دەمەوڕووکەوتن، لەپەوڕووکەوتن، سوژدە 3 لەپێ‌کەوتوویی، پەک‌کەوتوویی، سستی، داماوی، زۆرپێچوون، لاوازی یان کزی لە ڕادەبەدەر، ماندوویی، شەکەتی، ڕەتان 4 تێشکان، بەزین ۞ 1 اطاعت، خضوع 2 تسلیم، سجده 3 ازپاافتادگی، ضعف مفرط. خستگی 4 شکست

prostyle /'prəʊstʌɪl/ *noun*
هەیوان یان دالانی پەرستگەی یۆنانی بە چوار کۆلەکەوە (بنەڕەت: لە یۆنانی‌یەوە: *pro* "پێش، بەر" + *stulos* "کۆلەکە") ۞ پروستایل

prosy /'prəʊzi/ *adjective* (prosier, prosiest)
1 درێژدادرانە، ماندووکەر، عاجزکەر، وەڕەس‌کەر، commonplace 2 بەخشان‌ئاسا ۞ 1 مطول 2 نثرمانند

Prot *abbreviation* Protestant

prot(o)- before a vowel *prefix*
پێشگر: سەرەتا، بنەڕەتی، سەرەکی، بنچینەیی، سەرەتایی، بەرایی: *prototype* (بنەڕەت: لە *prōtos* یۆنانی "یەکەمین") ۞ پیشوند: آغاز، اصلی، بدوی

protactinium /,prəʊtæk'tɪniəm, US ,proʊ-/ *noun*
پرۆتاکتینیۆم (توخمێکی کانزایی تیشک‌دەری درەوشاوە، بە ژ.گ. 91، ن. Pa) ۞ پروتاکتینیم

protagon *noun*
پرۆتاگۆن: تەنێکی فۆسفۆری کە بەشێ سەرەکی یا پێکهێنەری سپێنی مێشک پێکدێنێ ۞ پروتاگون

protagonist /prə'tægənɪst/ *noun*
1 کەسایەتی سەرەکی، قارەمان(ی چیرۆک، دراما و هتد)، ئەکتەرەی سەرەکی 2 پێشەنگ، پێشڕەو، ڕێبەر 3 پارێزەر، ڕاگەێنەر، ڕاگەیەنەر، پشتیوان 4 نەیار، هەڤرک، ڕکەبەر ۞ 1 شخصیت اصلی 2 پیش‌کسوت 3 مدافع 4 حریف

protamine *noun*
یەکێ لە پرۆتئینە قلیایی‌یەکان کە لەگەل ترشەلۆکی نیوکلێئیک تێکەل دەبێ و کرۆماتین پێکدێنێ ۞ پروتامین

protandrous /prəʊ'tandrəs/ *adjective*
(گیانەوەرناسی و ڕووەک‌ناسی، سەربە گول یان گیانەوەرێکی نێرەمووک) سەرەتانێرەک، پێش‌نێرەک: خاوەنی ئەندامی زاوزێی نێرینە کە بەرلە مێینە پێگەیشتووە (دژی protogynous) ۞ پروتاندروس

protandry *noun*
پرۆتاندری، سەرەتانێرەکی، پێش‌نێرەکی ۞ پروتاندری

protanopia /,prəʊtə'nəʊpiə/ *noun*
جۆرێ ڕەنگ‌کوێری، لە ئەنجامی ناهەستیاری بە ڕووناکی یا شەوقی سوور (بڕوانە deuteranopia، tritanopia) ۞ پروتانوپیا

protasis /'prɒtəsɪs/ *noun, pl.* protases /-si:z/
(ڕێزمان) 1 کاری مەرجی (بڕوانە apodosis) 2 یەکەمین بەشی درامای کۆن کە لەودا کەسایەتی‌یەکان دەناسێنران ۞ 1 فعل شرط 2 پروتاسیس

protatic *adjective*
سەربە کاری مەرجی ۞ وابستە بە فعل شرطی

prote(o)- /'prəʊtəʊ, US 'proʊtoʊ/ *prefix*
پێشگر: پرۆتئین، پرۆتیین، پرۆتین ۞ پیشوند: پروتئین

protea /'prəʊtɪə/ *noun*
دەوەنێکی هەمیشەسەوزی زۆربە لە ئەفریکای

باشــووری، بــه ســەرەگوڵــی قووچکەئاســای گەورەوە [توخم *Protea*: زۆر جۆرن] ◌ پروتیا

protea family *noun*

خێــزانی پرۆتیــا: ڕووەکێکــی خێــزانی Proteaceae، ئــەو دار و دەوەن و ڕووەکانــە دەگرێتــەوە کــە بــەرەکــەیان شــێوەی ئــاوک یــان کەڵوو و کەپــوول دەدا. macadamia ،banksia و silk oak دەگرێتەوە ◌ خانوادەی پروتیا

protean /'prəʊtiən, prəʊ'ti:ən, US 'proʊ-, proʊ't-/ *adjective*

وازیوازی، ڕاڕا، تاوتــاو، حولحــولی، گــۆڕاو، نــاجێگیر، لــەق، ناســەقامگــیر، بگــۆڕ، زووگــۆڕ (بنەڕەت: لە *Proteus* خودای پچوکی دەریا (کە دەیتــوانی هــەر دەمــێ بیهــەوێ خــۆی بگــۆڕێ، میتۆلۆژی یۆنانی) ◌ دمدمی، متلون

protease /'prəʊtieɪz/ *noun*, also proteinase

(زینــدەکیمیا) پرۆتیز، پرۆتیئاز: هەوێنــە یــان ئانزیمــێ کــە پــرۆتێین و پێپتایــدەکان تێــک دەشکێنێ ◌ پروتیز

protease inhibitor *noun*

پرۆتیئازبەند، بەربەست یان بەربەندی پرۆتیز: مــاک یــان مــادەیێ کە ڕێ لە کــاری هــەوێنــەی پرۆتیئاز دەگرێ ◌ اینهیبیتور پروتیز

protectant *noun*

مەتریالی پارێزەر، ب.ت. بەدژی نەخۆشی یان تێشکدانەوەی زووربنەوش ◌ مادەی محافظ

protected building *noun*

خــانوو یــان بینــای مێژوویــی پــارێزراو (یــان تۆمارکراو) ◌ بنای تاریخی حفاظت‌شده

protection /prə'tekʃn/ *noun*

1 پاراستن، ئاگالێبوون، ئاگادێری، نیگادێری، ڕاگرتن، ئاگاداریکردن 2 پارێزە، شتی پاراستن، کەرەســەی پاراســتن 3 پــەنا 4 دابــین(کــردن)، جێبــەجێکــردن 5 پاراســتن 6 پــشتگیری، پشتیوانی، داکۆکی، پشتەڤانی 7 خــاوە، بــاجی سمــێڵ، پــوول و پــارەی زۆرەکــی: *to pay protection money* ◌ 1 حفاظــت، نگهــداری 2 وسیلەی محافظــت 3 پنــاه 4 تــأمین 5 مــصونیت 6 حمایت 7 باج سبیل

protectionism /prə'tekʃənɪzəm/ *noun*

پــشتگیریخــوازی، پــشتیوانیخــوازی (لــە بەرووبووی نێوەوەی وڵاتەوە) ◌ حمایت‌گرایی

protectionist /prə'tekʃənɪst/ *noun. adjective*

n پــشتگیریخــواز، پــشتیوانیخــواز *adj* پشتگیریخوازانە: *protectionist policies* ◌ *n* حمایت‌گرا *adj* حمایت‌گرایانه

protection racket *noun*

خاوە، باجی سمێڵ ◌ باج سبیل

protective /prə'tektɪv/ *adjective. noun*

adj ئاگاداریکەرانە، ڕاگر، ڕاگرانە، پارێزەرانە، پارێزەر، پشتگیرییانە *n* 1 (لەئەمریکا) کاندۆم، جیر 2 شتی پــارێزەر، پــارێزە ◌ *adj* حفــاظی، حمایتی، ایمنی، حمایتی *n* 1 کاندوم 2 چیز محافظ

protective custody *noun*

ڕاگــرتنی زینــدانی بــۆ پاراســتنی (گیــانی)، گلدانەوەی گیراو بە مەبەستی ئاگالێبوونی ◌ پروتکتیو کاستودی

protectively /prə'tektɪvli/ *adverb*

پارێزەرانە، بە مەبەستی پاراستن، بۆ ئاگالێبوون: *She clutched her bag protectively* ◌ بــە طور محافظ، به منظور حفاظت

protectiveness /prə'tektɪvnəs/ *noun*

پاراســتن، ئاگالــێبــوون، ئاگــادێری، ڕاگــرتن، ئاگاداریکردن ◌ محافظت

protector /prə'tektə(r)/ *noun*

1 پارێزەر، پارێزە، ڕاگر، ئاگاداریکەر، نیگاوان 2 پــــشتیوان، لایــــەنگر 3 سەرپەرســــت 4 جێگر regent 5 (هــەروەها Lord Protector) ســەرناوی Protector of the Commonwealth و کورەکەی Richard وەک Oliver Cromwell سەرۆکی حکومەتی ئینگلتەرە لە 9-1653 ◌ 1 محافظ 2 حامی 3 قیم 4 نایب‌السلطنه 5 پروتکتور

protectorate /prə'tektərət/ *noun*

1 وڵاتی پشتگیریکراو، وڵاتی پشتیوانیکراو 2 (مێژوویــــی، Protectorate) پلەوپایــــە یــــان ســــەردەمی بەڕێوەبەرایــــەتی Protector ◌ 1 کشور تحت‌الحمایه 2 پروتکتوریت

protectorship *noun*

1 پاراستن، ئاگالێبوون، ئاگادێری، ئاگاداریکردن 2 داکۆکی، پشتیوانی ◌ 1 حفاظت 2 حمایت

protectory /prə'tektəri/ *noun. pl.* protectories

پەناگــە، جــێپــەنا، پــەنا (جێگــای حەواندنــەوە و ڕاگــرتنی ئــاوارە و منــاڵانی بێسەرپەرشــت) ◌ پروتکتوری

protégé /'protəʒeɪ, US 'proʊt-/ *noun* (*fem.* protégée)

1 دەسنیــژ، ژێرســایە، دەسنیــشان، کەســێ پشتیوانیلێکراو 2 پشتیوانیکراو، پشتگیریکراو (بنەڕەت: لە فەرەنسییەوە) ◌ 1 دست‌پرورده 2 مورد حمایت

proteid /'prəʊti:d/ *noun*

(زیندەکیمیا) پروتید، پرۆتێید، پرۆتێید ◌ پروتئید

proteide = proteid

protein /'prəʊti:n, US 'proʊ-/ *noun*

پرۆتێین، پرۆتین (بنەڕەت: لە *prōteios* یۆنانی "primary") ◌ پروتئین

proteinaceous *adjective*

خــاوەنی پــرۆتێین، پــرۆتێیندار، پرۆتێینــاوی ◌ دارای پروتئین

proteinase = protease

protein coat = capsid[2]

protein kinase *noun*

کینازی پرۆتئین: دەستەیێ لە هەوێنەکان کە تاوی ڕاگوێستنی کۆمەڵێکی فۆسفات لە ATP ـەوە بۆ یەک یان چەند ترشەڵۆکی ئەمینۆ لە لازنجیرەیێکی پرۆتئین دەدا ۞ کیناز پروتئین، پروتئین کیناز

protein kinase C *noun*

کینازی پرۆتئینێ سی ۞ کیناز پروتئین سی

proteinuria /ˌprəʊtiːˈnjʊəriə/ *noun*

(پزشکی) بوونی بڕێکی نائاسایی abnormal quantity پرۆتئین لە میزدا، ڕەنگە نیشانەی باش‌کارنەکردنی گورچیلە بێ ۞ پروتئینوریا

pro tem /ˌprəʊ ˈtem, US ˌproʊ/ *adverb. abbreviation* Latin pro tempore

دەسی هەموو پێڕاگەیشتوو، نانهێنی، لەبەردەس هەموو کەسێ ⟡ در دسترس همگانی

public enemy *noun*
دوژمنی گشتی یان گەل ⟡ دشمن همگانی

public enterprise *noun*

خاوەنداریتی گشتی یا حکومی ◌ مالکیت دولتی

public holiday *noun*
پشووی گشتی، پێندانی گشتی ◌ تعطیل عمومی

public house *noun*, also pub
مەیخانە، مەیفرۆشی، hostelry inn ◌ بار، میکدە

public housing *noun*
خانوو(بەرە) و دەستەخانووی حکومی بۆ خەلکی هەژار ◌ ساختمان یا آپارتمان دولتی

publicist /'pʌblɪsɪst/ *noun*
1 بانگەشەوان، راگەیێنەر، بریکار یان نوێنەری بانگەشە و راگەیاندن 2 رۆژنامەوان (ب.ت. سیاسی) 3 نووسەر یان کەسێکی شارەزا لە قانوونی نێونەتەوەییدا ◌ 1 مبلغ 2 روزنامەنگار 3 نویسندە یا کارشناس قانون بین‌المللی

publicity /pʌb'lɪsəti/ *noun, adjective*
n 1 ناسراوی، نێوبەدەرەوەیی، بانگەشە، هەراوهوریا، جەنجالی، دەنگەدەنگ 2 بلاوکردنەوە 3 گشتی‌بوون، گشتیتی *adj* بانگەشەیی ◌ *n* 1 معروفیت، تبلیغات، هیاهو 2 انتشار 3 عمومیت *adj* تبلیغاتی

publicity agent *noun*
بانگەشەوان، بانگەشەچی ◌ تبلیغاتچی

public law *noun*
مافی گشتی یان مافە گشتی‌یەکان، قانوونی پێوەندی‌یەکانی نێوان تاک و دەولەت یا حکومەت ◌ حقوق عمومی، قانون روابط میان فرد و دولت

public limited company = public company

publicly /-kli/ *adverb*
بە ئاشکرایی، بە راشکاوی، بە پانەوە، لەبەرچاو خەلک، بە شێوەیێکی گشتی: *a publicly owned company* ◊ *He later publicly apologized for his comments* ◊ *This information is not publicly available* ◌ علناً، در ملأ عام، به طور عمومی

public nuisance *noun*
1 (ماف) کێشەنانەوە، دەردیسەری (گشتی) 2 مایەی دەردەسەری 3 (نافەرمی) کەس یا کۆمەلێکی مەترسی‌دار ◌ 1 مزاحمت عمومی 2 اسباب مزاحمت 3 شخص یا گروه خطرناک

public opinion *noun*
بیرورای گشتی، بۆچوونی گشتی ◌ افکار عمومی

public opinion poll *noun*
راپرسی گشتی، هەلسەنگاندنی بیرورای گشتی ◌ سنجش افکار عمومی

public ownership *noun*
خاوەنداریتی گشتی یان حکومی، خاوەنداریی دەولەتی، خاوەنایەتی گشتی یان حکومی ◌ مالکیت عمومی یا دولتی

public property *noun*
بابەت یان باسی گشتی، بابەتی ئاشکرا، زەوی یان خانووی حکومی ◌ موضوع علنی، زمین یا ساختمان دولتی

public prosecutor *noun*, also district attorney
داواکاری گشتی، دادپرس، سەردادپرس، سەردۆزگەر ◌ دادستان

Public Record office *noun*
(لە بریتانیا) ناوەندی بالگەنامەی گشتی ◌ دفتر اسناد ملی

public relations *noun, pl.*
1 پێوەندی‌یە گشتی‌یەکان، پێوەندی‌یەکانی گشتی 2 بایەخ یان ئابرووی گشتی ◌ 1 روابط عمومی 2 وجهەی عمومی

public relations officer *noun*
فەرمانبەر یا بەرێوەبەری پێوەندی‌یە گشتی‌یەکان ◌ مأمور روابط عمومی

public sale *noun*
هەراج، فرۆشی گشتی ◌ مزایدە

public school *noun*
1 (لە بریتانیا ب.ت. ئینگلتەرە) خوێندنگای تایبەتی 2 (لە ئەمریکا، سکاتلەند، ئەوسترالیا و ولاتانی تر) خوێندنگای حکومی (خۆجێیی، خۆرایی) ◌ 1 مدرسەی خصوصی 2 مدرسەی دولتی

public sector *noun*
کەرتی حکومەتی، کەرت یا بەشی گشتی ◌ بخش دولتی، بخش عمومی

public servant *noun*
راژەوان یان کارکەری حکومەت، فەرمانبەری حکومی: *a long and outstanding career as a public servant* ◌ خدمتکار یا کارمند دولتی

public service *noun*
1 راژە یان راژەوانی گشتی، خزمەتگوزاری گشتی: *to improve public services in the area* ◊ *a -blic service broadcast* 2 شتێ کە بۆ یارمەتی خەلک دەکرێ نەک بۆ قازانج و داهات: *to perform a public service* ◊ *The magazine is provided as a -lic service* 3 حکومەت یا دیپارتمانەکانی حکومەت: *to work in public service* ◊ *public service workers* ◌ 1 خدمت عمومی، خدمات عمومی 2 و 3 پابلیک سرویس

public speaking *noun*
1 وتاردان، قسەکردن 2 هونەری وتاردان ◌ 1 سخنرانی 2 فن سخنرانی

public spirit *noun*
خێرخوازی، ورەی خێرخوازی، چاکەکاری، بەدەم‌خەلکەوەبوون، بەهاناوەچوون، خزمەتگوزاری ◌ خیرخواهی

public-spirited /ˌpʌblɪk 'spɪrɪtɪd/

adjective
خێرخـــواز، چاکـــەکار، بـــەدەمخەڵـــکەوەبوو، خزمـــەتگـــوزار (*n*) :public-spiritedness خێرخوازی، چاکەکاری، بەدەمخەڵکەوەبوون، بەهاناوەچوون) ◇ خیرخواه

public-spiritedly *adverb*
خێرخوازانە، چاکەکارانە، خزمەتگوزارانە ◇ خیرخواهانە

public television *noun*
تەلەفزیۆنی گشتی ◇ تلویزیون عمومی

public transport *noun*, US public transportation
ماشینە گشتییەکان، کەرەسەی راگواستنی گشتی، راگویستنی گشتی: - *Most of us use public port to get to work* ◇ وسایل نقلیەی عمومی

public utility *noun*
دەزگـا یـان دامـەزراوە بـۆ بەرژەوەنـدی گـشتی، ڕێکخـراوەی راژەوانی گـشتی ◇ مؤســـسەی عام‌المنفعه

public works *noun, pl.*
کارەکـانی گـشتی، کـارە گـشتییـەکان، کـاری دروسـتکردن بـۆ بەرژەوەنـدی گـشتی (وەکـوو نەخۆشخانـە، ڕێگاوبـان، خوێنـدنگا و هتـد) ◇ کارهای عام‌المنفعه

publishable /ˈpʌblɪʃəbl/ *adjective*
شیاوی بڵاوکردنەوە، لەچاپ هاتوو، چاپ دەکرێ، بڵاودەبێتەوە ◇ قابل نشر

publisher /ˈpʌblɪʃə(r)/ *noun*, also publishers
بڵاوکەرەوە، چاپکار، لەچاپدەر، وەشانکار، دەزگای بڵاوکردنەوە: *Several publishers are competing in the same market* ناشر

publishing /ˈpʌblɪʃɪŋ/ *noun, adjective*
n 1 دەزگـای بڵاوکردنـەوە، بڵاوکـەرەوە: *a* 2 *publishing house* (= company) کار یـان پیـشەی بڵاوکردنـەوە یـان لـەچاپدان *adj* بڵاوکردنەوەیی ◇ *n* 1 انتشارات 2 حرفـەی نـشر *adj* انتشاراتی

publishing house *noun*
دەزگـای بڵاوکردنـەوە، وەشـانخانـە، دەزگـای وەشان ◇ مؤسسەی انتشاراتی

puccoon /pʌˈkuːn/ *noun*
ڕووەکێکـی گـوڵـسپی یـا زەردی ئـەمریکای باکووری، ڕەنگی لێدەگیرێ [چەندین جۆرن، زۆرتر لە توخمی *Lithospermum*] ◇ پوکون

puce /pjuːs/ *noun, adjective*
n ڕەنگی بڵاڵـووکی، بنەوشـی تامـاڵ قـاوەیی، سووری توخ *adj* (سەروچاو) شینەوەبوو، ڕەش ◇ *n* رنگ آلبالویی *adj* کبود

puck[1] /pʌk/ *noun*
جنۆکە، ڕۆحی خراپ ◇ روح شریر

puck[2] /pʌk/ *noun*
(هاکی سەرسەهۆڵ) گۆ، تۆپ ◇ گوی

pucker /ˈpʌkə(r)/ *noun*
(جلوبەرگ) چین، گنج، چرچ، لۆچ ◇ چروک، چین

puckered *adjective*
1 (لێو) هەڵقورتاندوو، گـرژ 2 (جـلوبـەرگ) چرچاوی، گنج، لۆچ، چرچ ◇ 1 (لب) جمع‌شدە 2 (لباس) دارای کیس

puckery *adjective*
چرچ، لۆچ، چرچکەوتوو، گنجاوی، کۆوەبوو ◇ چین‌خوردە

puckish /ˈpʌkɪʃ/ *adjective*
شـەیتانانـە، ناجـسنانە، شـەیتان، ناجـسن، ودودە، نـارەسـەن، هەوهـەوینـەرەوە، ئاسمـانداگـر، هاروهـاج، whimsical ,impish: *a puckish* ◇ *a puckish sense of humour* ◊ *smile* شیطنت‌آمیز، تخس

puckishly /ˈpʌkɪʃli/ *adverb*
شەیتانانە، ناجسنانە ◇ شیطنت‌آمیز

puckishness /ˈpʌkɪʃnəs/ *noun*
شەیتانی، ناجسنی، هاروهاجی ◇ تخسی

pud /pʊd/ = short for pudding

pudding /ˈpʊdɪŋ/ *noun*
1 پودینـگ، دیـسێر 2 ڕیخۆڵـەی قیمـەتێکراو 3 (نافەرمی) مرۆی گەوج ◇ 1 پودینـگ 2 رودەی قیمەدار 3 (عامیانە) آدم احمق

pudding basin *noun*
کاسەی پودینگ ◇ ظرف پودینگ

pudding face *noun*
(نافەرمی) مرۆی سـەروچاوپان، قەپەگۆڵ ◇ آدم صورت‌پهن

pudding-faced *adjective*
(نافەرمی) سـەروچاوپان (قەڵەو و پان)، قەپەگۆڵ ◇ صورت‌پهن

pudding head /ˈpʊdɪŋ hed/ *noun*
مرۆی گەوج، کەرەپیاو، تەپلۆس، بێکارە، خوێڕی، گێرەنەکەر، تەوزەل ◇ آدم احمق، تنەلش

puddingstone *noun*, also pudding stone
جۆری بـەردەجـۆش conglomerate ◇ نـوعی جوش‌سنگ

puddle /ˈpʌdl/ *noun*
1 چـلپاو، چـالاو، لـێلاو، قوڵـکاو، گۆلکـاو، گـەرەک، لـیچ، گـۆلاو (ب.ت. باران لەسـەر ڕێگا) 2 قوڕی گـیراو 3 (خوازە) شـتی هەرەمە ◇ 1 چالاب 2 پودل 3 چیز درهم‌وبرهم

pudency /ˈpjuːdənsɪ/ *noun*
شـەرم، حەیا، ئابڕوو، ڕوو ◇ حیا

pudendal /pjuːˈdendl/ *adjective*
سەربە شەرم، شەرمی، خەمشەیی ◇ وابستە بە فرج

pudendum /pjʊˈdendəm*n*, *pl.* pudenda /-

dǝ/
1 دەزگای ژنوپیاو 2 شەرم، گیان یان شەرمی ژن، قوز، خەمشە (زۆرتر شێوەی کۆیەکەی بەکاردێتری، vulve = pudendum mulicebre (pudendum virile = penis 3 ◌ 1 آلت تناسلی مرد و زن 2 فرْج

pudginess /ˈpʌdʒinǝs/ *noun*
خرپنەیی، خروخۆلی، تۆپنەیی، خرپلانەیی ◌ خپل بودن

pudgy /ˈpʌdʒi/ *adjective* (pudgier, pudgiest)
(نافەرمی) خرپنە، خروخۆل، تۆپنە، خرپلانە، گۆشتن، chubby ◌ خپل

pueblo /ˈpweblǝʊ, US -bloʊ/ *noun, pl.* pueblos
1 دێ، گوند، شار (لە سپانیا، ئەمریکای لاتین و رۆژاوای باشووری ئەمریکا، ب.ت. شوێنی گیرسانەوەی سووریپستەکان) 2 (Pueblo, *pl.* same or Pueblos) ئەندامی هەریەک لە چەندین گەلی سووریپستی ئەمریکا، کە هوییەکان دادەگرێ ◌ 1 دهکده 2 پوبیلو

puerile /ˈpjʊǝraɪl, US ˈpjʊrǝl/ *adjective*
منالانە، گەوجانە، کەرانە ◌ بچگانه، احمقانه

puerility /pjʊǝˈrɪlɪti/ *noun, pl.* puerilities
منالانەیی، منال ناسایی، کاری منالانە، کەرێتی، گەوجی ◌ بچگی، حماقت

puerilism *noun*
هەڵسوکەوتی منالانە، رەفتاری مندالانە ◌ رفتار بچگانه

puerperal *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە منالبوونەوە هەیە ◌ وابسته به زایمان

puerperal fever *noun*, also childbed fever or puerperal sepsis
ئال، تای منالبوون، زەیستانەتا، تای زەیستان ◌ تب نفاسی

puerperium /ˌpju:ǝˈpɛrɪǝm, US ˌpju:ǝˈpi:rɪǝm/ *noun*
بار و دۆخی ژن دوای منالبوون، سەروبەند یان سەردەمی زەیستانی ◌ حالت زن بعد از زایمان، پیورپریوم

Puerto Rican /ˌpwɛ:tǝʊ ˈri:kǝn/ *noun, adjective*
n دانیشتووی رەسەنی پۆئێرتۆ ریکۆ *adj* سەربە پوئێرتۆ ریکۆ ◌ *n* اهل پوئرتریکو *adj* وابسته به پوئرتریکو

puff /pʌf/ *noun*
1 مژ، قوم 2 فوو 3 (نافەرمی) بین، بیهن، هەناسە 4 ماسین، ماس، پەنەمیان، باکردن، ئەستووربوون 5 (بریتانیا) بانگەشە، بانگەواز 6 (ئەمریکا) لیفەی پەڕ 7 چەپکە یان تۆپەڵەقژی لوول(کراو) 8 بەش یان جێگای هەڵماساوی جلی ژنان 9 باقە دووکەڵ یان هەڵم، چرەچەمانی دووکەڵ یان هەڵم 10 پیفۆک ◌ 1 پک 2 فوت 3 (عامیانه) فوت، نفس 4 انتفاخ 5 تبلیغات 6 لحاف پر 7 و 8 و 9 پوف 10 پفک

puff-adder *noun*, also puff adder
1 ماری خۆماساندوو یان خۆماسێن (مارێکی گەورە و ژاراوی ئەفریکایی کە دەتوانێ بەشی سەرەوەی لەشی هەڵماسێنێ [*Bitis arietans*]) 2 = hognose back [لە ئەمریکای باکووری] ◌ مار دمنده

puffa jacket *noun*
(بریتانیا) جۆرێ چاکەتی هەڵماساوی ئەستوور ◌ نوعی ژاکت

puffball /ˈpʌfbɔ:l/ *noun*
پافبۆل (جۆرێ قارچکی خۆراکی، کاتێ پچرا هەورێ لە تۆو یا سپۆرەکان ئازاد دەبێ [*Lycoperdon* و تۆخمەکانی تر]) ◌ پوفبال

puffed /pʌft/ *adjective*
ماسیو، باکردوو، پەنەمیاو، بەهەناسەبڕکێکەوتوو، بە خنەخن ◌ ورم‌کرده، نفس‌نفس‌کنان

puffed out = puffed

puffed sleeve *noun*, also puff sleeve
(سەر)قۆلی هەڵماساو یا باکردوو ◌ آستین پفی

puffed up *adjective*
1 بادیهەوا، لەخۆرازی، بەخۆنازیو 2 ماسیو، باکردوو، پەنەمیاو ◌ 1 از خودراضی 2 ورم‌کرده

puffer /ˈpʌfǝ(r)/ = inhaler

pufferfish *noun, pl.* same or pufferfishes
ماسی(یە)هەڵمسیو، جۆرێ ماسی تێکسمراو، کاتێ بکەوێتە مەترسییەوە خۆی هەڵدەماسێنێ [*Tetraodon cutcutia* و جۆرەکانی تر، خێزان Tetraodontidae] ◌ ماهی دمنده

puffery /ˈpʌfǝri/ *noun*
پەسنی پێوەنراو، زۆرپیاهەڵوتراو ◌ مدح غلوشده

puffin /ˈpʌfɪn/ *noun*
پافین (جۆرێ باڵندەی ئاوی سەرزل و دەنووکسێگۆشەی زلی باکووری [*Fratercula arctica* و جۆرەکانی تر]) ◌ ماکارو

puffily /ˈpʌfili/ *adverb*
هەڵماسیوانە ◌ به طور پف‌کرده

puffiness /ˈpʌfinǝs/ *noun*
هەڵماسیوی، ماسیوی، فووتێکراوی ◌ پف‌کردگی

puff pastry *noun*
شیرینی هەڵماسیو یان باکردوو ◌ شرینی پفکی

puffy /ˈpʌfi/ *adjective* (puffier, puffiest)
ماسیو، هەڵماسیو، هەڵماساو، باکردوو، فوودراو، فووتێکراو، باتێکراو ◌ پف‌کرده

pug[1] /pʌg/ *noun*
1 پاگ (سەگێ بە لووتی پانەوە، لە بولداگ دەچێ) 2 جۆرێ پەپوولەی (شەوگەڕ) باریکی

چکۆلـه، بـه باڵـی ڕاخـراوەوە پـشوو دەدا [*Eupithecia* و تۆخمەکانی تر] 3 ڕێوی ◌ 1 پاگ 2 نوعی شب‌پره 3 روباه

pug² /pʌg/ *noun*
قوڕی گیراوە، قوڕی شێلراو، قوڕی خۆش‌کراو ◌ گل رس و شن

pug³ /pʌg/ *noun*
جێ‌پێی گیانەوەر، شەقڵی پای ئاژەڵ ◌ جای پای حیوان

pug⁴ /pʌg/ *noun*
(نافەرمی) بۆکسێر، مشت‌باز ◌ (عامیانه) مشت‌زن

pug-dog = pug

puggaree /'pʌg(ə)ri:/ *noun*, also pagri
مێزەر یان پێچی هیندی ◌ عمامەی هندی

pugilism /-lɪzəm/ *noun*
شەڕەمشت، مشت‌بازی ◌ مشت‌زنی

pugilist /'pju:dʒɪlɪst/ *noun*
(بە شۆخی، بێ‌باو) بۆکسۆر، مشت‌باز (پیشەیی) ◌ مشت‌زن

pugilistic /ˌpju:dʒɪ'lɪstɪk/ *adjective*
سەربە شەڕەمشت، مشت‌بازی‌یانە ◌ وابسته به مشت‌زنی

pugnacious /pʌg'neɪʃəs/ *adjective*
شەڕانی، شەڕەنگێز، جینگزی، دڕ، جینگن، شەڕەنگێزانە، هەڵشاخاوانە، truculent، bellicose ◌ ستیزەجو، پرخاش‌گرانه

pugnaciously /pʌg'neɪʃəsli/ *adverb*
هەڵشاخاوانە، شەڕەنگێزانە، دڕانە ◌ پرخاش‌گرانه

pugnacity /pʌg'næsəti/ *noun*, also pugnaciousness
شەڕەنگێزی، شەڕوشۆڕی، جینگزی‌بوون، دڕی، جینگنی، هەڵشاخاوی ◌ ستیزەجویی، پرخاش‌گری

pug nose /pʌg bəʊz/ *noun*
لووتی پان، لووتی دافسیاو ◌ دماغ پهن

pug-nosed *adjective*
لووت‌پان، لووت‌دافسیاو ◌ دماغ پهن

puisne /'pju:ni/ *noun, adjective*
n دادگەر یان دادوەری پایەنزم 1 *adj* پایەنزم 2 دواتر، دوایی، خوارتر ◌ *n* دادرس جزء 1 *adj* جزء 2 بعدی، مادون

puissance /'pwi:sɒs, US -sɑ:s/ *noun*
1 تاقی‌کردنەوەی ئەسپ بۆ پەڕین بەسەر کۆسپە بەرزەکاندا 2 هێز، دەسەڵات، بەتوانایی، دەس‌ڕۆیشتوویی ◌ 1 پویسانس 2 قدرت، اقتدار

puissant /'pwi:sɒt, US -sɑ:t/ *adjective*
(کۆن، وێژەیی) بەهێز، بەدەسەڵات، بەتوانا، توانا، دەس‌ڕۆیشتوو، خاوەنی puissance، powerful ◌ قدرت‌مند، بااقتدار

puissantly *adverb*
دەسەڵات‌دارانە، بەهێزانە، بە دەسەڵاتەوە ◌ مقتدرانه

puja /'pu:dʒɑ:/ *noun*, also pooja
پەرستن (بنەڕەت: لە سانسکریتەوە *pūjā* "پەرستن") ◌ پرستش

pujari /pʊ'dʒɑ:ri/ *noun*
ئایینەوانی هیندوو (بنەڕەت: لە سانسکریتەوە *pūjā*) ◌ کاهن هندو

puke /pju:k/ *noun*
(نافەرمی) ڕشانەوە، هێنانەوە ◌ استفراغ

pukey *adjective*
(نافەرمی) ناحەز، ناسەرنج‌ڕاکێش، ناخۆش ◌ غیرجذاب، ناخوشایند

pukka /'pʌkə/ *adjective*, also pukha /'pʌkə/
(نافەرمی) ڕاستەقینە، ڕاست، هەرەباش، شایانە، چاک، زۆرباش ◌ اصیل، حقیقی، ممتاز

puky = pukey

puku /'pu:ku:/ *noun, pl.* pukus
جۆرێ ئاسکی باشووری ئەفریکای شاخ‌کورت و ئەستوور و کەوڵ زەردی زێڕینی زبر [*Kobus vardonii*] ◌ پوکو

pul /pu:l/ *noun, pl.* puls or puli
یەکەی پارەی ئەفغانستان، بەرامبەر بە سەدیەکی afghani یێ ◌ پول

pula /'pʊlə/ *noun, pl.* same
یەکەی بنەڕەتی پارەی بۆتسوانا، بەرامبەر بە سەد thebe ◌ پولا

pulao /pə'laʊ/ = pilaf

pulchritude /'pʌlkrɪtju:d, US -tu:d/ *noun*
جوانی، ڕندی (بنەڕەت: لاتین: *pulcher*, *pulchr-* "جوان") ◌ جمال، زیبایی

pulchritudinous *adjective*
جوان، ڕند، جوان‌چاک ◌ جمیل، زیبا

puli /'pu:li/ *noun, pl.* pulik /'pu:lɪk/
سەگی لای مەڕی ڕەش، بۆر یان سپی، تووکی درێژ ◌ پولی

Pulizer Prize *noun*
خەڵاتی پولیتزر (بۆ دەسکەوتی ڕۆژنامەوانی، وێژە و موسیقا، لە ناوی Joseph *Pulitzer* ڕۆژنامەوانی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەک هەنگاری) ◌ جایزەی پولیتزر

pull /pʊl/ *noun*
1 کێشان، بەدوای‌خۆداهێنان: *I gave the door a sharp pull and it opened* 2 زۆر، ستین، هێزی قۆڵ و بازوو، قەوەت، هێز، شیان 3 ڕاکێشان، سەرنج‌ڕاکێشی، دڵرفێنی، هێزی ڕاکێشان(ب.ت. لەباری سێکسی‌یەوە): *The magnetic pull of the city was hard to resist* 4 دەسەڵات، دەس‌ڕۆیشتوویی، کاریگەری 5 مژ، قوم، قولپ 6 حەوڵ، هەوڵ، کاری سەخت و ئاستەم 7 (چاپ) نموونەی دەستی یا چاپ‌کراو 8 (لە لێکدانا) دەسک 9 ئێش

پێگەیشتن یا زەربەدیتنی ماسوولکە ۞ 1 عمل کشیدن 2 زور، قدرت جسمانی 3 کشش، جذبه 4 نفوذ 5 پک 6 تقلا 7 نمونەی چاپی 8 (در ترکیب) دسته 9 آسیب‌دیدگی ماهیچه

pullback /ˈpʊlbæk/ *noun*
1 (سپا) پاشەکشێ 2 کەم‌بوونەوە، دابەزین، هاتەخوارەوە ۞ 1 عقب‌نشینی 2 کاهش

pull date = sell-by-date

pulled *adjective*
کێش‌کراو، کێشراو، راکێش‌کراو ۞ کشیده‌شده

puller *noun*
1 کێش‌کەر، کێشەر، راکێشەر، دەزگای راکێشان 2 ئەسپی سرک یان سەرکێش ۞ 1 کشنده 2 اسب سرکش

pullet /ˈpʊlɪt/ *noun*
بارۆکە، فرووج، جووچک ۞ مرغ جوان

pulley /ˈpʊli/ *noun, pl.* pulleys
خلۆکە، مەکەرە، خرخرە، گرگرە، ئارماز، جەنجەر، قرقرە، خولخولە، خولخولۆکە، گەرگەرە: *a system of ropes and pulleys* (بنەرەت: رەنگە چکۆلینراوی *polos* یونانی تیوەراست بێ "تەوەرە" "axis ،pivot") ۞ قرقره

pull-in *noun*
(لە بریتانیا و نافەرمی) چایخانەی نێورێ، قاوخانە نێورێ ۞ قهوه‌خانه‌ی میان راه

pulling power *noun,* also drawing power
هێزی راکێشان، توانایی راکێشانی سەرنجی خەڵک ۞ قدرت کشش

Pullman /ˈpʊlmən/ *noun, pl.* Pullmans, also Pullman car
1 پولمەن (جۆری شەمەندەفەری بارهەڵگری یەکجار ئاسوودە) 2 (Pullman case) جۆری چەمەدان ۞ 1 پولمن 2 نوعی چمدان

pull-on *adjective*
(جل‌وبەرگ) بێ‌دوگمە ۞ بدون دکمه

pull-out *noun*
1 پاشکۆ، سەرخستە: *an eight-page pull-out* 2 *a pull-out guide ◊ on health* 2 دەرکردن، نانەدەرەوە ۞ 1 ضمیمه 2 اخراج

pullover /ˈpʊləʊvə(r), US -oʊ-/ *noun*
پۆلاڤر، پۆلۆڤێر، پۆلیڤێر (کراسی لە خوری) ۞ پولیور

pull-tab = ring pull

pullulation *noun*
چەقەرەکردن، گوڵکردن، خونچەدەرکردن، پشکوتن ۞ جوانه‌زنی

pull-up /ˈpʊl ʌp/ *noun*
1 (وەرزش) لەش‌هەڵکێشان 2 جێی راگرتن، شوێنی راگرتن (لە نێو رێ) ۞ 1 بارفیکس 2 پارکینگ

pulmonaria /ˌpʌlməˈnɛːrə/ *noun*
(رووەکناسی) رووەکێ تیرەیێ کە lungwort لەخۆدەگری [تۆخم *Pulmonaria*] ۞ نوعی گیاه

pulmonary /ˈpʌlmənəri, US -neri/ *adjective*
سەربە سی، پێوەندی بە سییەکانەوە هەیە: *pulmonary disease* (بنەرەت: لە *pulmonarius* لاتین، لە *pulmo* ،*pulmon-* "سی lung") ۞ ریوی، ششی

pulmonary artery *noun*
خوێنبەری سی، سییەخوێنبەر ۞ سرخرگ ششی

pulmonary vein *noun*
خوێن‌هێنەری سی، سییەخوێنهێن ۞ سیاهرگ ششی

Pulmonata /ˌpʌlməˈneɪtə/ *noun, pl.*
(گیانەوەرناسی) سی‌داران، سی‌وەران: کۆمەڵێکی لەش‌نەرمان mollusc کە شەیتانۆکەکانی سەرعەرز و slug ـەکان و زۆر لە شەیتانۆکەکانی snail ئاوە شیرینەکان دەگرێتەوە (بنەرەت: لاتینی نوێ، لە *pulmo* ،*pulmon-* لاتین "سی lung") ۞ شش‌داران

pulmonate /ˈpʌlmənert/ *adjective, noun*
1 *adj* خاوەنی سی یان ئەندامگەلێکی شێوە سی 2 سی‌دار، سی‌وەر: سەربە ژێرپۆلی subclass گیانەوەرێکی سکپای سی‌وەر *n* (Pulmonata) ۞ 1 *adj* دارای شش 2 شش‌دار *n* شکم‌پای شش‌دار

pulmonic /pʌlˈmɒnɪk/ *adjective,* also pulmonary
سەربە سی ۞ ششی

pulmotor /ˈpʊlməʊtə(r)/ *noun*
دەزگای هەناسەدان(ی دەستکرد)، دەزگای ئۆکسیژین ۞ دستگاه اکسیژن

pulp /pʌlp/ *noun*
1 (میوە) تلبە، تلتە، لیتە، گۆشت: *Cook the fruit gently until it forms a pulp* 2 (کاغەز) هەویر، تلبە، فلیقاوە، نەرمە 3 پوارتک، کرۆک، نێوی لاسک 4 کرۆکی ددان 5 (فیلم، کتێب، کۆڤار و هتد) قۆڕ، قۆریات، پیس (بابەتی هیچەکە و سێکسی تێیە) 6 (کانکاری) کانی خاوی هاراو تێکەڵکراو لەگەڵ ئاو ۞ 1 (میوه) گوشت 2 (کاغذ) خمیر 3 مغز 4 مغز دندان 5 نشریات مبتذل 6 پولپ

pulpiness *noun*
هەویری‌بوون، هەویریتی، نەرمی، فلیقاوەیی ۞ حالت خمیری

pulpit /ˈpʊlpɪt/ *noun*
1 (کلیسە) دوانگە، هەرزاڵە 2 پیاوانی دینی یان ئایینی، ئایینکاران 3 ئامۆژگاران ۞ 1 منبر 2 روحانیون 3 وعاظ

pulpiteer /ˌpʊlpɪˈtiː(r)/ *noun*
ئامۆژگار ۞ واعظ

pulpwood *noun*

هەویری داری تایبەتی کاغەزسازی (وەک هی aspen، hemlock، pine و spruce) ◌ پالپ‌ورد

pulpy *adjective* (pulpier, pulpiest), also pulpous/ˈpʌlpəs/

1 هەویری، نەرم، هەویرئاسا، فلیقاوەئاسا: *Cook the fruit slowly until soft and pulpy* 2 (کتێب، کۆفار و هتد) شپرزە، قوڕ، پیس ◌ 1 خمیری 2 مبتذل

pulque /ˈpʊlkeɪ, US ˈpʊlki/ *noun*

جۆرێ ئارەقی مەکسیکی، لە ترشاندنی شیلەی گیایی لە maguey دا دروست دەکرێ ◌ پولکی

pulsant *adjective*

لێدەر، ترپن، ترپەکەر، پرتەکەر، پرتن ◌ زندە، تپندە

pulsar /ˈpʌlsɑ:(r)/ *noun*

(ئەستێرەوانی) پالسار، پرتەئەستێرە: تەنێکی ئاسمانی کە پرتەی خێرا و ڕێکوپێکی شەپۆلە تیشکی یان رادیۆیی‌یەکان دەردەدا ◌ تپاختر

pulsatile /ˈpʌlsətʌɪl/ *adjective*

شیاوی لێدان، لەلێدانهاتوو، لێدەنی، شیاوی پیاکێشان ◌ زدنی

pulsatile instruments *noun, pl.*

ئامێرە پیاکێشانی‌یەکان ◌ سازهای ضربی

pulsatilla /ˌpʌlsəˈtɪlə/ *noun*

باکوتە؟: ڕووەکی تیرەیی کە گوڵی pasque لەخۆدەگرێ [توخم *Pulsatilla*] ◌ پولساتیلا

pulsating *adjective*

لێدەر، ترپن، ترپەکەر، پرتن، جمۆک ◌ تپندە

pulsation /pʌlˈseɪʃn/ *noun*

1 لێدان، پرتە 2 لەرینەوە، لەرە، جمان ◌ 1 تپش، ضربان 2 ارتعاش

pulsatory *adjective*

لێدەر، ترپن، ترپەکەر ◌ زندە، تپندە

pulse[1] /pʌls/ *noun*

1 پرتە، لێدان: *an ◊ a strong/weak pulse* 2 (موسیقا) *abnormally high pulse rate* ترپە، ڕیتم: *the throbbing -lse of the drums* 3 جوولە، جمۆجۆڵ، جم، جمان، تەکان، تەکە، ڕاژان، لەرە، شەکانەوە 4 زۆربوونی خێرا و کورتوبڕی شتێ (وەک زۆربوونی ئۆرگانیزمێ): 5 *sound pulses ◊ pulse waves* ناوەندی چالاکی‌یێ لە ناوچە یا بواریکا ◌ 1 نبض، تپش، ضربان 2 ضرب‌آهنگ 3 حرکت، اهتزاز 4 و 5 پولس

pulse[2] /pʌls/ *noun*

1 دانەوێڵە، وشکەدان، ئەو دانە خۆراکی‌یانەی گیا دانەوێڵەیی‌یەکان، وەک نیسک، نۆک، باقلە و...: 2 *Pulses are a good source of protein* گیا یان ڕووەکی ◌ (گیاهان) حبوبات

pulse-jet engine *noun*

بزوێنەی جێتی ترپن: بزوێنە یان مۆتۆرێکی جێت کە سووتانەکەی (گازی گەرم) تاوتاوە intermittently ◌ موتور جت ضربانی

pulse rate *noun*

ڕادەی (لێدان) پرتە ◌ آهنگ ضربان نبض

polsimeter /pʌlˈsɪmɪtə(r)/ *noun*

پرتەپێو، لێدانپێو ◌ نبض‌سنج

pulsion = propulsion

polsometer /pʌlˈsɑ:mɪtə(r)/ *noun*

پرتەپێو، لێدانپێو ◌ نبض‌سنج

pulverable /ˈpʌlvərəbl/ *adjective*, also pulverizable

شیاوی هاڕین، لەساوینەوەهاتوو، لەهاڕینهاتوو، ورد دەکرێ، دەهاڕێ، دەساورێ ◌ قابل سایدن

pulverization /pʌlvəraɪˈzeɪʃn/ *noun*

هاڕین، ساوینەوە، وردکردن، هەڵتەکاندن، کردنەتۆز، تۆزاندن، هەڵپڕواندن، کردنەخۆڵ، تێکهاڕین ◌ خردسازی، گردسازی

pulverized *adjective*

هاڕاو، گەردە، وردوخاش(کراو)، هەڵپڕواو، تێکهاڕاو، بووەخۆڵ ◌ خردشده

pulverizer *noun*

هاڕەر، هاڕەک، ساوێر، هاڕێنەر، هەڵپڕوێنەر ◌ خردساز، آسیاب

pulverulent /pjlˈvcrjjljnt/ *adjective*

1 تۆزاوی، تۆزی پێوەیە، لە تۆز یان گەردەی ورد پێکهاتووە، داپۆشراو بە تۆز یان powder گەردە 2 ئاسانهەڵپڕواو، بە ئاسانی هەڵەپروێ یان دەپروێ، زووهەڵپڕواو، دەپرووێنرێ، زووهاڕ، زووپڕواو (n pulverulence؛ بنەڕەت: لە *pulverulentus* لاتین، لە *pulvis*، *pulver-* "تۆز") ◌ 1 غبارآلود، گردی 2 از هم‌پاشنده، سهل التفتت

pulvillus *noun, pl.* pulvilli

سەرینەلە، سەرینچە: پێکهاتەیێکی سەرینئاسای نەرم soft padlike structure کە لە بنکی هەردوو چنگی پای هێندێ مێروو هەڵکەوتووە (لاتین، چکۆلێنراوی pulvinus) ◌ پولویلوس

pulvinate *adjective*, also pulvinated

1 سەرینی، سەرینئاسا، باڵنجئاسا، پشتیئاسا، شێوەپشتی 2 خاوەنی سەرینە pulvinus، سەرینەی هەیە ◌ 1 بالشتک‌مانند 2 داری پولوینوس

pulvinately *adverb*

سەرینی‌یانە، بە شێوەیێکی سەرینئاسا یا باڵنجئاسا، پشتیئاسایانە، شێوەپشتی‌یانە ◌ بە طور بالشتک‌مانند

pulvinus *noun, pl.* pulvini

سەرینە: ماسێ لە بنکی petiole یان petiolule، شوێنی یەکگرتن لەگەڵ لاسک stem (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە لاتینەوە "cushion") ◌ پولوینوس

puma /ˈpju:mə, US ˈpu:mə/ *noun*

(گیانەوەرناسی) شێری کێوی، لە کەنەداوە تا

[*Felis concolor*] دەبینرێ Patagonia پاتاگۆنیا (لە Quechua وەرگیراوە) ۞ پوما

pumice /ˈpʌmɪs/ *noun*, also pumice-stone /ˈpʌmɪs stəʊn/
بەردەپێ، سووکەبەرد (شووشەیێکی گڕکانی پڕ لە کون و بۆشایی و سەنگی زۆر سووکە و بە شێوەی گەردە یان پودر بۆ ساف و لووس‌کردن و پەرداخ‌کردن بەکاردێنرێ) ۞ سنگ پا

pumiceous /pjuːˈmɪʃəs/ *adjective*
بەردەپایی، کون‌کون ۞ سنگ پایی

pumicite *noun*
بەردەپا، بەردەپێ، تۆز و خۆڵی گڕکانی ۞ سنگ پا، غبار برکانی

pummelling *noun*
1 بەمشت‌لێدان، بەمشت‌داگرتن، دانەبەرمشت، مشت‌کاری 2 (خوازە) تێشکان، بەزین، شکان ۞ 1 مشت‌کوبی 2 (مجازی) شکست

pummelo = pomelo

pump[1] /pʌmp/ *noun*
1 پۆمپ، پەمپ، ناسووس، ترومپا، ترومپالێدان 2 (کار یان پرۆسەی) ترومپاکاری، پۆمپاندن، پەمپاندن 3 سەرچاوەیێکی وزە (وەک رووناکی) بۆ پۆمپاندنی گەردیلە atom و گەردەکان molecule 4 میکانیزمێکی بایۆلۆژیکی یان زیندەوەری کە گەردیلەکان، ئایۆنەکان و یان گەردەکان بە نێو پەردەی خانەدا رادەگوێزرێن 5 heart - ۞ 1 تلمبە، تلمبەزنی 2، 3 و 4 پمپ

pump[2] /pʌmp/ *noun*
1 - plimsoll 2 پێڵاو یان کەوشی سووکی هەڵپەڕکێ ۞ پاپ

pumper *noun*, also pumpman /ˈpʌmpmən/, *pl.* pumpmen
ترومپالێدەر، ترومپاچی، ناسووس‌لێدەر ۞ تلمبەزن

pumpernickel /ˈpʌmpənɪkl, US -pərn-/ *noun*
(ئەڵمانی) رەشەنان، نانی رەش، نانی چەودەر ۞ نان چاودار

pumping *noun*
ترومپالێدان، ناسووس‌لێدان ۞ تلمبەزنی

pumpkin /ˈpʌmpkɪn/ *noun*
1 کوولەکە، کوولەکەئاوی 2 برکە یان رووەکی کوولەکە(ئاوی) [*Cucurbita pepo*] و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ۞ 1 کدو حلوایی، کدو تنبل 2 گیاه کدو حلوایی

pumpkinseed /ˈpʌmpkɪn/ *noun*, *pl.* pumpkinseeds
جۆرێ ماسی ئاوی شیرین (زۆرتر هی ناو ماسی‌دان)، رەسەنی ئەمریکای باکووری [*Lepomis gibbosus*] ۞ نوعی ماهی

pump-primer *noun*
تێ‌کەر یا تێ‌ڕژێنەری پارە ۞ تزریق‌کنندەی مالی

pump-priming *noun*
(ئابووری) تێ‌کردن یان تێ‌ڕژاندنی پارە (پرۆسەی حەوڵدان بۆ پەرەپێدان و یارمەتی‌دانی کارداری، پیشەسازی ولاتێ بە پێدان و تێ‌کردنی پارە) ۞ تزریق مالی

pumps *noun*
1 کەوشی کەتانی 2 کەوشی خۆش‌لەپێ یان راحەت ۞ 1 کفش تنیس 2 کفش راحتی

pun /pʌn/ *noun*
وشەبازی، رەگەزدۆزی، کایەکردن بە وشە ۞ ایهام، جناس

puna /ˈpuːnə/ *noun*
1 یان pleateau ی بەرزی بێ‌داری ناوچەکانی ئاندی پێرۆ 2 وشەیێکی تر بۆ altitude sickness ۞ پونا

punch[1] /pʌntʃ/ *noun*
1 مشت، مست، لێدان بە مشت: *a punch in the face* 2 کاریگەری، کارتێ‌کردن، باندۆر ۞ 1 مشت 2 تأثیر

punch[2] /pʌntʃ/ *noun*
مەنگەنە، کون‌کەرە: *a hole punch* ۞ منگنە

punch[3] /pʌntʃ/ *noun*
پانچ (خواردنەوەیێ کە لە ئاوی میوە، شەکر، ئاوی گەرم یان سارد و ب.ت. برێ ئەلکۆل دروست دەبێ) ۞ پانچ

punch[4] /pʌntʃ/ *noun*
(هەروەها Suffolk punch) جۆرێ بارگینی لاق‌کورت ۞ پانچ

Punch and Judy show *noun*
شانۆی پانچ و جودی (ب.ت. لە بریتانیا) ۞ نمایش پانچ و جودی

punchbag /ˈpʌntʃbæg/ *noun*, punching bag
توورەکەی شەڕەمشت ۞ کیسەی بوکس

punchball /ˈpʌntʃbɔːl/ *noun*, punching ball
گۆی چەرمی، تۆپەچەرمینە (قورس بۆ بۆکسێرەکان) ۞ گلابی بوکس

punchbowl /ˈpʌntʃbəʊl, US -boʊl/ *noun*
پیاڵەی پانچ، پانچ‌خۆری ۞ قدح پانچ

punchcard /ˈpʌntʃkɑːd, US -kɑːrd/ = punched card

punch-drunk *adjective*
گێژ، کاس، وڕ، بەرچاوتاریک‌بوو (لەبەر لێکەوتنی مشت) ۞ گیج

punched card *noun*, also punchcard
کارتی پانچ یان کون‌کراو (زانیاری تیاتۆمارکراو) ۞ کارت پانچ

puncheon /ˈpʌn(t)ʃ(ə)n/ *noun*
1 کۆڵەکە، دەستەک، ئەستوون 2 کوویەمەی (72 تا 120 گالۆن دەگرێ) 3 (مێژوویی) کۆسی گەورە، بەرمیل یان بۆشکەی گەورە ۞ 1 شمع

2 پانچیون 3 بشکەی بزرگ

puncher *noun*
1 مەنگەنە 2 مشتلێدەر، مشتباز ◊ 1 منگنه 2 مشت‌زن

Punchinello /ˌpʌn(t)ʃɪˈneləʊ/ *noun*, also punchinello, *pl.* Punchinellos
(کۆن) کەسێکی خڕیلانە و شۆخ(ی‌باز) ◊ آدم خپل و شوخ

punchline /ˈpʌntʃlaɪn/ *noun*
بەشی هەرەخۆشی شۆخی یان گاڵتەیێ، خۆشایی ◊ شاه‌بیت

punch-up *noun*
(نافەرمی) شەڕەشەق، کوتەککاری، لێکدان، شەڕوشۆڕ ◊ بزن‌بزن

punchy /ˈpʌntʃi/ *adjective* (punchier, punchiest)
1 بەهێز، بەپێز، بەقەوەت، توکمە، پتەو، پڕکاریگەر، :spirited ,forceful *-nchy video* *a bright, -chy style of writing* ◊ *graphics*
2 وڕ، کاس، گێژ ◊ 1 قوی، پرتأثیر 2 کلافه

puncta = plural form of punctum

punctate /ˈpʌŋ(k)teɪt/ *adjective*, also punctuated
خاڵخاڵ، خاڵاوی، خاڵڕێز، پەڵاوی، خاڵدار ◊ دارای نقطه

punctation /pʌŋkˈteɪʃn/ *noun*
خاڵ، پنت ◊ نقطه

punctilio /pʌŋ(k)ˈtɪlɪəʊ/ *noun*, *pl.* punctilios
1 ڕەوشت، ڕێوشوێن، قانوونزانی 2 وردی، وردەوەبوون، سەرنجپێدان ◊ 1 ادب، نزاکت 2 دقت

punctilious /pʌŋkˈtɪlɪəs/ *adjective*
1 ورد، وردەوەبوو، سەرنجپێدەر 2 ئاگادار، بەڕەوشت، قانوونزان: *a punctilious host* ◊ 1 دقیق 2 بانزاکت

punctiliously /pʌŋkˈtɪlɪəsli/ *adverb*
بەڕەوشتانە، بە وردی، ورد، سەرنجپێدەرانە: ◊ *She observed the rules punctiliously* مؤدبانه، به طور دقیق

punctiliousness /pʌŋkˈtɪlɪəsnəs/ *noun*
وردی، وردبوونەوە، سەرنجپێدان ◊ دقت

punctual /ˈpʌŋktʃʊəl/ *adjective*
1 بەڵێنڕاست، قانوونزان، سەری وەخت، بە وەختی خۆی، :prompt *She has been reliable and punctual* 2 (ڕێژمان) خاڵی ◊ 1 وقت‌شناس، به موقع 2 نقطه‌ای

punctuality /ˌpʌŋktʃʊˈæləti/ *noun*
بەڵێنڕاستی، قانوونزانی: *He insists on regular attendance and -ity* ◊ وقت‌شناسی

punctually /ˈpʌŋktʃʊəli/ *adverb*
سەری وەخت، بە وەختی خۆی، درووست: *They always pay punctually* ◊ به موقع

punctuated equilibrium *noun*
(زیندەناسی) هاوسەنگی خاڵی، هاوسەنگی ناوبەناو یان پچڕپچڕ ◊ تعادل منقطع یا مقطعی

punctuation /ˌpʌŋktʃuˈeɪʃn/ *noun*
1 خاڵدانان، دانانی خاڵ، خاڵبەندی 2 جەختکردن، لەسەرسووربوون، پەسندکردن، دووبارەکردنەوە ◊ 1 نقطه‌گذاری 2 تأکید

punctuational *adjective*
سەربە خاڵدانان، سەربە یان پێوەندی بە خاڵبەندییەوە هەیە ◊ وابسته به نقطه‌گذاری

punctuation marks *noun, pl.*
نیشانەکانی خاڵدانان ◊ نشانه‌های سجاوندی

punctuative /ˈpʌŋktʃueɪtɪv/ *adjective*
سەربە خاڵدانان یان خاڵبەندی، خاڵدانەرانە ◊ وابسته به نقطه‌گذاری

punctuator *noun*
خاڵدانەر، خاڵبەند ◊ نقطه‌گذار

punctulate /ˈpʌŋktʃʊleɪt/ *adjective*
خاڵخاڵ ◊ نقطه‌نقطه

punctum /ˈpʌŋ(k)təm/ *noun*, *pl.* puncta /-tə/
خاڵ (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "خاڵێ a point") ◊ نقطه

puncture /ˈpʌŋktʃə(r)/ *noun*
کون، پەنچەری، پانکچێری ◊ سوراخ، پنچری

punctured *adjective*
1 کونبوو، پەنچەر(بوو) 2 دڵمردوو، دڵسارد، مات، دڵتەنگ، نارەحەت ◊ 1 پنچر(شده) 2 مأیوس، غم‌زده

pundit /ˈpʌndɪt/ *noun*
1 زانای هیندی 2 پسپۆڕ، شارەزا، ڕاهاتوو، زانا 3 ڕاوێژکار، پرسوڕا پێکراو 4 شیکەرەوە (بنەڕەت: لە سانسکریتەوە *pandita* "learned") ◊ 1 هندی دانشمند 2 متخصص، کارشناس 3 مشاور 4 مفسر

punditry *noun*
پسپۆڕی، شارەزایی، ڕاهاتوویی، زانایی ◊ تخصص، کارشناسی

punga /ˈpʌŋə/ = ponga

pungency /-nsi/ *noun*
1 (تام، بۆن و هتد) تیژی، توندی 2 تاڵی، ناخۆشی، ڕەقی، توندی 3 ڕەخنە ◊ 1 تندی 2 گزندگی 3 انتقاد

pungent /ˈpʌndʒənt/ *adjective*
1 تیژ، توند: *the pungent smell of burning* 2 تاڵ، ناخۆش، ڕەق، توند، ڕەخنەگرانە: *pungent leaves* ◊ *rubber* ◊ *pungent language* 3 نووکتیژ، سەرتیژ: *pungent criticism* ◊ *pungent leaves* ◊ 1 تند 2 گزنده 3 نوک‌تیز

pungently /ˈpʌndʒəntli/ *adverb*

1 بــه بــۆنى تونــده‌وه: *the pungently* 2 *aromatic scent of cloves* به شێوه‌یه‌کى تاڵ یان ره‌خنه‌گرانه ◌ 1 با بوى تند 2 به طور گزنده

Punic /ˈpjuːnɪk/ *adjective, noun*
adj 1- Carthaginian، ســه‌ربــه کارتــاژ یــان کارتاژىیه‌کان 2 - *n* faithless, treacherous زمانى کارتاژى کۆن، پێوه‌ندى به Phoenician ه‌وه هه‌یه (یان زاراوه‌ى فینیکى کارتاژى کۆن) ◌ پونیک

punishability /ˌpʌnɪʃəˈbɪləti/ *noun*
سزاهه‌ڵگرى، له‌سزاهاتوویى، سزالەسەرى ◌ مجازات‌پذیرى

punishable /ˈpʌnɪʃəbl/ *adjective*
سزاهه‌ڵگر، له‌سزاهاتوو، بۆ سزا(دان) ده‌بێ، سزالەسەر ◌ مجازات‌پذیر

punishable offence *noun*
تاوانکارى سزاهه‌ڵگر یان سزالەسەر ◌ مجرم مجازات‌پذیر

punishing[1] /ˈpʌnɪʃɪŋ/ *adjective*
سه‌خت، ئاسته‌م، دژوار، قورس، چه‌توون، گران: *The President has a punishing schedule for the next six months* ◌ توان‌فرسا

punishing[2] /ˈpʌnɪʃɪŋ/ *noun*
(ناقه‌رمى) گورز، زیان، خه‌سار، زه‌ربه، به‌لا، زه‌ره‌ر، زیان‌پێگه‌یشتن، شرووری ◌ آسیب، صدمه، لطمه

punishingly /ˈpʌnɪʃɪŋli/ *adverb*
به شێوه‌یه‌کى ئاسته‌م یا سه‌خت، دژوارانه، به گرانى ◌ به طور توان‌فرسا

punishment /ˈpʌnɪʃmənt/ *noun*, also punition
1 لێدان، کوته‌ککارى، ته‌مێ(کردن)، ته‌زاندن، بیراز(کردن)، تاشاندن 2 جزیا، سزا، جه‌زا، تووله، بیرازه: *The punishment should fit the crime* ◊ *to inflict/impose/mete out punishment* 3 زه‌بروزه‌نگ، تونــدوتیژى 4 گورز، خه‌سار، زیان، زه‌ره‌ر، زه‌ربه، زیان‌دیتن، شرووری: *The carpet by the door takes the most punishment* ◌ 1 تنبیه 2 مجازات، کیفر 3 خشونت 4 آسیب، خسارت

punitive /ˈpjuːnətɪv/ *adjective*
1 بــه مه‌به‌ســتى ته‌مێ(کردن)، ته‌مێیانه، ته‌زێنه‌رانه، سزاده‌رانه، سزایى، بیرازى: *severe punitive measures* 2 (باج و هتد) قورس، پشت‌شکێن، یه‌کجار زۆر: *punitive taxes* ◌ 1 تنبیهى، کیفرى 3 سنگین (punitiveness *n*)

punitive action *noun*
کارى ته‌مێیانه، کرده‌وه‌ى سزاده‌رانه ◌ اقدام تنبیهى

punitively /ˈpjuːnətɪvli/ *adverb*
ته‌مێیانه، به شێوه‌یه‌کى سزاده‌رانه، وه‌ک سزادان ◌ به طور تنبیهى، به عنوان تنبیه

punitive taxation *noun*
باج(دانانى) سزاده‌رانه یان بیرازى ◌ مالیات‌بندى تنبیهى

Punjabi /pʊnˈdʒɑːbi/ *adjective, noun*, also Panjabi, *pl.* Punjabis
adj ســه‌ربه یــان پێــوه‌نــدى بــه په‌نجابــه‌وه هه‌یه، په‌نجابى، ســه‌ربه زمــانى په‌نجاب یــان گه‌له‌که‌ى *n* 1 خه‌ڵــکى پــه‌نجاب 2 زمــانى په‌نجابى ◌ *adj* پنجابى وابسته به مردم پنجاب یا زبان پنجابى *n* 1 اهل پنجاب 2 زبان پنجابى

punji stick /ˈpʌndʒi/ *noun*
(ب.ت. له باشوورى رۆژهه‌لاتى ئاسیا) له‌وان یان خه‌یزه‌رانى تیژکراو ب.ت. ســه‌ره‌که‌ى ژاراوى کرابێ، له کونێکدا داپۆشراوه و هه‌ڵچه‌قێنراوه (به مه‌به‌ستى به‌رگرى) ◌ پونجى استیک

punk /pʌŋk/ *noun, adjective*
n 1 پانــک، موســیقاى پانــک، پانــک‌رانــک 2 بنیــاده‌مى ئــالۆزى، بــه‌ره‌لا 3 دارى رزیــو یــان پوارتــک (ب.ت. کــه وه‌کــوو پوشــووى ئــاگر به‌کاربێنرێ *adj* پانکى، هیچ‌وپووچ، ئایه‌خ، شتى بێ‌نرخ، هیچه‌که، پرووپووچ ◌ *n* 1 پانک، موسیقى پانکى 2 آدم بى‌سروپا 3 چوب پوسیده *adj* آشغال

punk rock *noun*
موسیقاى پانک ◌ پانک‌رانک

punkah /ˈpʌŋkə, US -kɑː/ *noun*
(له هیند) باوه‌شێنى پارچه‌یى بن‌مێچ یان مێچى ◌ بادبزن پارچه‌اى سقفى

punnet /ˈpʌnɪt/ *noun*
قرتاله، سه‌به‌ته‌(ى چکۆله)، توولێنه، سه‌وه‌ته، زه‌مبیل ◌ سبد

punster /ˈpʌnstə(r)/ *noun*
ره‌گــه‌زدۆز، شــاره‌زا لــه کایــه‌(کــردن) یــان گه‌مه(کردن)به وشه ◌ پانستر

punt[1] /pʌnt/ *noun*
قوفه، به‌له‌م (- جۆرێ به‌له‌مى پان و shallow درێژ و بن‌ته‌خت؛ بنه‌ره‌ت: ئینگلیسى کۆن، له لاتین، ئامــاژه بــه ponto یه‌کى ferry boat بن‌ته‌خت) ◌ کَرَجى

punt[2] /pʌnt/ *noun*
1 قومار، کارى دووبه‌خته‌کى 2 مه‌رج، گریو ◌ 1 قمار 2 شرط‌بندى

punt[3] /pʊnt/ *noun*
پونت: یه‌که‌ى بنه‌ره‌تى پاره‌ى کۆمارى ئیرله‌ند، به‌رامبه‌ر به سه‌د pence (بنه‌ره‌ت: ئیرله‌ندى به واتاى "pound")◌ پونت

punter /ˈpʌntə(r)/ *noun*
1 قومارباز 2 کــڕیار، مــشته‌رى 3 قوماربــازى (پیــشه‌یى) لــه گرێــوکردن له‌ســه‌ر ئــه‌نجامى پێشبرکێى ئه‌سپ‌سوارى، قوماربــازى پیــشه‌یى ئه‌سپ‌سوارى ◌ 1 قمارباز 2 مــشترى 3 قمارباز

شرط‌بند در مسابقه‌ی اسب‌دوانی

punty /'pʌnti/, *pl.* punties= pontil

puny /'pju:ni/ *adjective* (punier, puniest)

گوله، نابووته، گرگن، گزگل، فیرنه، چکۆلانه، لاواز، کزەلۆک، سیخن، لرخن، بێ‌گیان، هیچەکه، ئایەخ، ناگرنگ (punily *adv*؛ puniness *n*) ◌ قلی، ضعیف، جزئی، کم‌اهمیت

pup /pʌp/ *noun*

کۆک، کرته، توتکەسەگ، تولە، تووتک، تولە، بێچوو، بەچکە (هی گورگ، بەرازی ئاوی، جرج یان گوانداری دی) ◌ تولەسگ، تولە

pupa /'pju:pə/ *noun, pl.* pupae /-pi:/

کرمۆکه، کرمینه، پرگ، وردەمێروو (هی ناو قوزاخه chrysalis، نێوان larva و imago؛ بنەڕەت: لە *pupa* لاتین "کچ، بووکەڵە") ◌ شفیره

pupal /'pju:pl/ *adjective*

کرمۆکەیی، کرمینەیی، پرگی، وردەمێرووی ◌ شفیره‌ای

puparium *noun, pl.* puparia

کرمۆکەدان، ، پرگدان، پرگدین (وەک dipteran fly ی) ◌ جعبه‌ی شفیره

pupation *noun*

پێکهاتنی کرمۆکه، دروستبوونی وردەمێروو، بوونە کرمۆکه، کرمۆکان، قۆناخی گۆڕان لە کرمۆکەییەوە بۆ مێرووێکی تەواو ◌ ایجاد شفیره

pupiform *adjective*

کرمۆکەئاسا، کرمۆکەیی، پرگی ◌ شفیره‌مانند

pupil[1] /'pju:pl/ *noun*

1 شاگرد، خوێندکار، قوتابی، دەرس‌خوێن 2 (بریتانیا) پارێزەری راهاتوو (بنەڕەت: لە *pupille* فەرەنسی کۆن، لە *pupillus* (چکۆلینراوی *pupus* "کوڕ") و *pupilla* لاتین، چکۆلینراوی *pupa* "کچ") ◌ 1 دانش‌آموز، شاگرد 2 پیوپیل

pupil[2] /'pju:pl/ *noun*

بیلبیله، ڕەشێنکه، گلێنه، بیبک (بنەڕەت: لە *pupille* فەرەنسی کۆن یان *pupilla* لاتین، چکۆلینراوی *pupa* "بووکەڵە"، لەبەر ئەو وێنە وردانەی کە دەکەوێتە سەر چاوی کەسێکی تر) ◌ مردمک چشم

pupillage /'pju:pɪlɪdʒ/ *adjective*

سەروبەندی یان سەردەمی شاگردی یان قوتابێتی ◌ دوره‌ی دانش‌آموزی

pupillary /'pju:pələrɪ/ *adjective*

بیلبیلەیی، سەربە ڕەشێنکه یان گلێنه ◌ وابسته به مردمک

pupi load *noun*

ژمارەی شاگردانی پۆلێ ◌ تعداد شاگردان یک کلاس

pupilship *noun*

خوێندکاری، قوتابێتی، شاگردی ◌ محصلی، شاگردی

pupiparous /pju:'pɪp(ə)rəs/ *adjective*

(مێروناسی، هێندێ مێش ب.ت. tsetse کان) کرمۆکەهێنەر، کرمۆکەی دێنێ هەرکە بوو بتوانێ بچێتە قۆناخی کرمۆکەییەوە ◌ شفیره‌آور

puppet /'pʌpɪt/ *noun, adjective*

n بیجیجەخانم، بووکەسەماکەرە، پاپێت، بووکەڵەی بزواو یان جوولاو، بووکەڵە *adj* دەس‌نێژ، دەس‌نیا، بووکەڵە، کایەی دەست، بوونەکایه ◌ *n* عروسک خیمه‌شب‌بازی *adj* دست‌نشانده، بازیچه

puppeteer /,pʌpɪ'tɪə(r), US -'tɪr/ *noun*

بیجیجەخانم‌گێر، بووکڵەگێر، بووکڵەجوولێن ◌ عروسک‌گردان

puppet-play /'pʌpɪt pleɪ/ *noun,* also puppet-show /'pʌpɪt ʃəʊ/

شانۆی بووکەڵە یان پاپێت، شانۆی بیجیجەخانم ◌ نمایش عروسکی

puppetry /'pʌpɪtri/ *noun*

بیجیجەخانم‌گێر، بووکڵەگێر، بووکڵەجوولێنی ◌ عروسک‌گردانی

puppet-show = puppet-play

puppy /'pʌpi/ *noun, pl.* puppies

1 توتکەسەگ، تووتەڵە، کۆک، کوچک، کرت، کرته، تولەسەگ، تووتک (کەم‌تر لە ساڵێ) 2 مرۆی گەوج و لەخۆبایی (puppyish *adj*؛ puppylike *adj*) ◌ 1 تولەسگ 2 آدم احمق یا مغرور

puppydom *noun,* also puppyhood

1 کەرێتی، گەوجێتی 2 لەخۆباییبوون، فیزنی، بادیهەوایی ◌ 1 حماقت 2 غرور

puppy fat *noun*

قەڵەوی منالی ◌ چاقی بچگی

puppy love = calf love

pup tent *noun*

چادری دووکەسە یان چکۆلانه ◌ چادر دونفره

Purana /pʊ'rɑ:nə/ *noun*

پورانا: چیرۆکی ئەفسانەیی هێندی (لە *purāna* سانسکریتی بە واتای کۆن، ئەفسانە) ◌ پورانا

Puranic *adjective*

پورانیک، سەربە پورانە ◌ وابسته به پورانا

Purbeck marble /'pɜ:bek/ *noun,* also Purbeck stone

جۆرێ بەردەقسلی سەختی پوربێک لە Dorset ◌ نوعی سنگ

purblind /'pɜ:blʌɪnd/ *adjective*

1 (چاو) کەم‌بینا، نیوەکوێر، کەم‌سۆما، زلکوێر، چاوکز، چاولێل 2 حەبە، گێل، دەبەنگ، گێژوویژ ◌ 1 (چشم) کم‌سو 2 کودن

purblindness /'pɜ:,blʌɪn(d)nəs/ *noun*

1 (چاو) کەم‌بینایی، نیوەکوێری، کەم‌سۆمایی،

زلکوێری، چاوکزی، چاولێلی 2 حەپەیی، گێلی، دەبەنگی، گێژوویژی ◌ 1 کم‌سویی 2 کودنی

purchasable /'pɜːtʃəsəbl/ *adjective*
فرۆتـەنی، لـەفرۆش‌هـاتوو، شـیاوی فرۆشـتن، فرۆشی ◌ فروختنی

purchase /'pɜːtʃəs, US 'pɜːrtʃəs/ *noun*
1 کڕین، سەندن: *Keep your receipt as proof of purchase* 2 شتی کڕیاری، شتی کڕاو یان کڕدراو: *major purchases, such as a new car* 3 جـێ‌پـێ، جـێ‌چنـگ، چنـگ‌گیرگـە، جێ‌دەس، گرتنگە 4 سوود و کەڵکی میکانیکی، بەهـرەی میکانیکی 5 (کـۆن) داهـاتی سـاڵانەی زەوی ◌ 1 خرید 2 چیز خریده‌شده 3 تکیه‌گاه 4 سود مکانیکی 5 درآمد سالیانه‌ی زمین

purchase price *noun*
بایی، نرخ، قیمەت، بوها ◌ قیمت

purchaser /'pɜːtʃəsə(r), US 'pɜːrtʃ-/ *noun*
کڕیار، سەنیار ◌ خریدار

purchase tax *noun*
باجی کڕین، کڕینانە ◌ مالیات خرید

purchasing /'pɜːtʃəsɪŋ, US 'pɜːrtʃ-/ *noun*
کڕین، سـەندن: *the company's purchasing manager* ◌ خرید

purchasing power *noun*
توانایی کڕین ◌ قدرت خرید

purdah /'pɜːdə, US 'pɜːrdə/ *noun*
1 (نـەریتی لـە هێندێ کۆمەڵگەی مـوسوڵمان و هینـدیدا) چارشـێو و پەچـە، خۆداپۆشـین، خۆداپێچـان، شـاردنەوە، دوور ڕاگـرتنی ژن لـە دەرەوە 2 پـــەردە 3 (خـــوازە) لاتـــەریکی، گۆشـــەگیری (بنـــەڕەت: لـــە *parda* "veil, curtain" ەوە وەرگیراوە) ◌ 1 پوردا 2 پرده 3 (مجازی) انزوا

pure /pjʊə(r), US pjʊr/ *adjective* (purer, purest)
1 پەتی، ڕەسـەن: *Classical dance in its purest form requires symmetry and balance* 2 ناتێکەڵ، پەتی، وێژە، قاڵ، وشک، وشـکە، پوخـت، ڕووت، خـالیس، بێ‌خـەوش، بێ‌گەرد، خـاوێن، پاکژ: *These shirts are 100% pure cotton* ◊ *pure gold* ◊ *a bottle of pure water* 3 پاک، بەناموس، داوێن‌پاک 4 سـاز، خـاوێن، پـاقژ 5 تـەواو، ڕەبـەق، *pure folly* :unmitigated 6 (دەنـگ یـان ڕەنگ) زوڵاڵ، ڕەسەن، خاوێن، جوان: *beaches of pure white sand* ◊ *a pure voice* 7 (تیـۆری، زانسـت، هونـەر، لێکۆڵـینەوە و هتـد) نـاکرداری، بـیردۆزی، ڕووت، ئابسـتراکت، تیۆریـک: theoretical ,abstract *pure mathematics* ◊ *pure research* ◌ 1 سره 2 خالص، مجرد، منزه 3 عفیف 4 سالم 5 محض 6 (صدا یا رنگ) صاف 7 نظری، محض

pure art *noun*
هونەری ڕەسەن ◌ هنر خالص

pureblooded *adjective*, also pureblood
(مرۆڤ) ڕەسەن، لە ڕەگەزێکی ڕەسەن، لە نژادێکی پاک، پاک‌نژاد، خوێن‌پاک ◌ دارای نژاد خالص

pure-bred *adjective*
(گیانـەوەر) ڕەسـەن، جـسن، لـە ڕەگـەزێ یـان نژادێکی ڕەسـەن، ڕەگەزباش ◌ دارای نژاد خالص

pure category *noun*
بابەتی پەتی یان ڕەسەن ◌ مقوله‌ی ناب

pure chemistry *noun*
کیمیای پەتی ◌ شیمی محض

pure concept *noun*
چەمکی پەتی یان ڕەسەن ◌ مفهوم ناب

purée /'pjʊəreɪ, US pjʊ'reɪ/ *noun*
پیورە، پوورە ◌ پوره

puréed *adjective*
پیورە، پوورە، پاڵاوتە ◌ پوره(شده)

pure ethics *noun, pl.*
ئاکاری ڕەسەن یان پەتی ◌ اخلاق ناب

pure evil *noun*
خراپەی تەواو ◌ شر محض

pure experience *noun*
تاقی‌کردنەوەی پەتی یا ڕەسەن ◌ آزمایش ناب

pure form *noun*
شـێوە یـان فۆرمی پـەتی، شـێوەی ڕەسـەن ◌ صورت ناب

pure good *noun*
باشی تەواو، چاکی تەواو ◌ خیر محض

pure intellect *noun*
ئەقڵی ڕەسەن یان پەتی ◌ عقل ناب

pure logic *noun*
لۆژیکی پەتی یان ڕەسەن ◌ منطق ناب

purely /'pjʊəli, US 'pjʊrli/ *adverb*
بە تەواوی، تەواو، بە تەواوەتی ◌ کاملاً

pure mathematics, *pl.* = mathematics

pureness = purity

pure philosophy *noun*
فەلسەفەی پەتی یان ڕەسەن ◌ فلسفه‌ی محض

pure science *noun*
زانستی ڕەسەن یان پەتی ◌ علم محض

pure sound *noun*
دەنگی ڕەسەن، دەنگی زوڵاڵ، دەنگی خاوێن ◌ صدای صاف

pure thinking *noun*
بیرکردنەوەی پەتی، هزرکردنەوەی ڕەسەن ◌ تفکر ناب

pure thought *noun*
بیرکردنەوەی پەتی، هزرکردنەوەی ڕەسەن، بیری ڕەسەن ◌ تفکر ناب

purfle /'pə:f(ə)l/ *noun*
1 رازاندنەوەی پەراوێز، ب.ت. ڤیولین 2 (کۆن) پەراوێزی جوانکراوی جل، بەرگی پەراوێزبەن ○ 1 آرایش حاشیە 2 لباس حاشیەدوزی‌شدە

purgation /'pɜ:geɪʃn, US 'pɜ:rg-/ *noun*
1 خاوێنکردنەوە، گوناهشۆری، پاککردنەوە، سڕینەوە 2 (سیاسەت) پالاوتن، پاکتاو، لابردن، لەبێژنگدان، خاوێنکردنەوە 3 ڕەوانکردن ○ 1 تطهیر 2 (سیاست) تصفیە 3 تنقیە

purgative /'pɜ:gətɪv, US 'pɜ:rg-/ *adjective, noun*
adj خاوێنکەرەوە، پاککەرەوە *n* دەرمانی ڕەوانی ○ *adj* پاک‌کنندە *n* ملین، مسهل

purgatorial /pɜ:gə'tɔ:rɪəl/ *adjective*
بەرزەخی، کەفارەیی ○ برزخی

purgatory /'pɜ:gətri, US 'pɜ:rgətɔ:ri/ *noun, pl.* purgatories
1 (لە باوەڕی کاسۆلیکی ڕۆمانی‌دا) بەرزەخ، گوناهشۆرگە 2 (خوازە) جەهەنم، دۆزە، جێگای ناخۆش ○ 1 برزخ 2 (مجازی) جهنم

purge /pɜ:dʒ, US pɜ:rdʒ/ *noun*
پالاوتن، پاکتاو، لابردن، لەبێژنگدان، خاوێنکردنەوە ○ تصفیە

purger *noun*
دەرمانی ڕەوانی ○ مسهل

purification /ˌpjʊərɪfɪ'keɪʃn, US ˌpjʊr-/ *noun*
1 (سیاسەت) پالاوتن، پاکتاو، لابردن، لەبێژنگدان، خاوێنکردنەوە، پاراستن 2 پاککردنەوە، شتن، لێ‌لابردن، پاکژکردن، سڕینەوە، خاوێنکردنەوە ○ 1 تصفیە 2 تطهیر

purificative /'pjʊərɪfɪkeɪtɪv/ *adjective*
پاککردنەوەیی، خاوێنکردنەوەیی ○ تطهیری

purificator *noun*
1 پەڕۆ، دەسرە (پەڕۆیێ کە قەشە لە ڕێوڕەسمی شێوی خواوەندی‌دا بۆ خاوێنکردنەوەی دەست و کاسە و پیالەکان بەکاری دێنێ) 2 خاوێنکەرەوە، پاکژکەرەوە، پا(ک)کەرەوە ○ 1 پوریفیکاتور 2 تطهیرکنندە

purificatory /pjʊə'rɪfɪkətɔ:ri/ *adjective*
پاککردنەوەیی، خاوێنکردنەوەیی ○ تطهیری

purified *adjective*
پالێوراو، خاوێنکراو، پاکژکراو، (لێ)لابراو ○ تصفیەشدە

purified water *noun*
ئاوی پالێوراو یان پاکژکراو، ئاوی خاوێنکراو ○ آب تصفیەشدە

purifier /'pjʊərɪfaɪə(r), US 'pjʊr-/ *noun*
دەزگای پالاوتن یان خاوێنکردنەوە ○ تصفیەگر

Purim /'pʊərɪm, pʊ'ri:m, US 'pʊr-/ *noun*
پوریم (= یەکێ لە جەژنەکانی جوولەکە لە بەهاردا (لە چاردەی ئاداردا Adar) دەگیرێ و بە یادی تێشکانەکەی پیلانی Haman لە کتێبی ئێستێر Esterدا تۆمارکراوە) ○ پوریم

purine /'pjʊəri:n/ *noun*
(کیمیا) پیورین: 1 جۆرێ ئاوێتەی دووئالقەیی بلووری بێ‌ڕەنگ کە تایبەتمەندی تفتی هەیە، بازێکی پیورین $C_5H_4N_4$ کە پێکهێنەری ئاوێتەکانی کۆمەڵی ترشەڵۆکی یوریکە 2 (هەروەها purine base) بەرهەمێکی پیورین، ب.ت. ئادینین adenine و گوانین guanine، کە پێکهێنەرێکی DNA یان RNA یە ○ پیورین

purism /'pjʊərɪzəm, US 'pjʊr-/ *noun*
بنچینەگەری، بنچینەباوەڕی، خۆماڵی‌باوەڕی، ڕەسەنباوەڕی، پەتی‌گەری، پیوریزم (ب.ت. زمان، هونەر، موسیقا، وەرزش و هتد) ○ ناب‌گرایی، تصفیەگرایی، سرەگرایی (زبان)

purist /'pjʊərɪst, US 'pjʊr-/ *noun*
بنچینەباوەڕ، ڕەسەنباوەڕ، پەتی‌گەر (ب.ت. زمان و هونەر) ○ ناب‌گرا، تصفیەگرا، سرەگرا

puristic *adjective*
بنچینەگەری‌یانە، سەربە بنچینەباوەڕی، سەربە خۆماڵی‌باوەڕی، ڕەسەنباوەڕی‌یانە سەربە پەتی‌گەری، پیوریستی ○ وابستە بە ناب‌گرایی

puritan /'pjʊərɪtən, US 'pjʊr-/ *noun, adjective*
n 1 باوەڕگرژ، ئاکارگرژ، توند، دینسڕ 2 (Puritan) باوەڕگرژ، پیوریتەن (ئەندامی کۆمەڵەی ئایینی پرۆتێستانت لە سەدەکانی 16 و 17دا کە دەیانویست دین ئاسانتر بکەنەوە) 3 (Puritans) پیوریتەنەکان، باوەڕگرژەکان *adj* 1 باوەڕگرژانە، توندانە، 2 puritanical (Puritan) سەربە باوەڕگرژان یان پیوریتانیزمەوە ○ *n* 1 خشکەمقدس 2 (با P) پیوریتن 3 (در جمع) پیوریتن‌ها *adj* 1 خشکەمقدسانە 2 (با P) وابستە بە پیوریتن‌ها

puritanical /ˌpjʊərɪ'tænɪkl, US ˌpjʊr-/ *adjective*
باوەڕگرژ، ئاکارگرژ، توند، باوەڕگرژانە، بە باوەڕگرژی‌یەوە ○ خشکەمقدس، خشکەمقدسانە

puritanically /ˌpjʊərɪ'tænɪk(ə)li, US ˌpjʊr-/ *adverb*
باوەڕگرژانە ○ خشکەمقدسانە

puritanism /'pjʊərɪtənɪzəm, US 'pjʊr-/ *noun*
باوەڕگرژی، باوەڕتوندی، ئاکارتوندی، ئاکارگرژی ○ خشکەمقدسی

Puritanism /'pjʊərɪtənɪzəm, US 'pjʊr-/ *noun*
پیوریتەنیزم، دینسڕی، ئایینگرژی، باوەڕگرژی، بیروباوەڕی پیوریتەنەکان ○ پیورتنیسم

purity /'pjʊərəti, US 'pjʊr-/ *noun*
1 پـەتی‌بـوون، پـەتیتی، ناتێکەڵـی، ڕەسـەنێتی، خاڵیـی، بێ‌خەوشـی، بێ‌گـەردی، خـاوێنی، یەک‌دەستی، پاکژی: *The -rity of the water is tested regularly* 2 پـاکی، بەناموسـی، داوێن‌پاکی 3 سازی، خـاوێنی، تەمیزی، پاقژی، سلامەتی، تەواوی 4 (دەنگ یان ڕەنگ) زولاڵی، ڕەسـەنی، خـاوێنی، جـوانی 5 یـەک‌پارچـەیی، یەک‌دەست‌بوون، یەک‌دەستی ۞ 1 خلـوص، تمیزی 2 عفت 3 (صدا یا رنگ) صافی 4 یک‌دستی

Purkinje cell /pəː'kɪndʒi/ *noun*
(توێکـاری) خانـەی پـورکینژ یـان پـورکینژ: خانەیێکی دەماری یان نۆرۆنێکی گەورە و لق‌لق کـە لـە توێکـڵی مێشـکۆڵەدا cerebellum دۆزراوەتەوە (بنەڕەت: لە ناوی کارئەندام‌ناسی بوهیمیایی *Purkinje* Jan E. (1787-1869)
۞ سلول پورکنژ

Purkinje fibre /pəː'kɪndʒi/ *noun*
(توێکاری) ڕیشاڵی پورکینژ: تۆڕێکی ڕیشاڵە ماسوولکەیی‌یەکانی (کە کاری بەڕێوەبردنی هاندەرەکان دەکەن) نێو دیوارەکانی سکۆڵەکانی دڵ ventricles ۞ لیف پورکنژ

purl[1] /pɜːl, US pɜːrl/ *noun*
1 (شتی چنین) تەقەڵی زلە یان بەرجەستە 2 زنجیرە یان پەراوێزی لە زیو یان زێڕ، سـورمە، سـورمەڕێژ (زیوچن، ب.ت. هی عەبا) 3 پەراوێز، شیرازە ۞ 1 دانەی رو 2 یراق نقره یا زر 3 حاشیه

purl[2] /pɜːl, US pɜːrl/ *noun*
دەنگی خوڕەخوڕ، لرفە، خوڕە ۞ صدای شرشر

purler *noun*
(نافەرمی) کەوتن بەسەر یان کەللەوە ۞ افتـادن با سر

purlieu /'pɜːljuːz, US 'pɜːrluːz/ *adjective*, *pl.* purlicus or purlieux
1 (purlicus or purlicux) دەوروبـەر، دەوروپشـت، دۆرمادۆر، دەور و کـەنار 2 (مێژووی ئینگلتەرە) زەوی‌یێ کە سەردەمێ هی دارستان بـووە و ئێـستاش هـەر دەکەوێتەبـەر قـانوونی دارسـتان ۞ 1 حوالی، حول‌وحوش 2 پورلیوز

purlin /'pəːlɪn/ *noun*
کاریتە، نیرگە ۞ پورلین، کش

purloiner *noun*
دز، چەتە، دەس‌پیس ۞ دزد

purple /'pɜːpl, US 'pɜːrpl/ *noun, adjective*
1 *n* 1 ڕەنگـی ئەرخـەوانی، ڕەنگـی زرشـکی 2 بەرگی ئەرخەوانی یان شایانە، عەبای بنـەوش یا ئەرخەوانی (هی کاردینالـەکان) *adj* 1 زرشکی، ئەرخەوانی، سـوور و شین تێکلاو 2 (دەم‌وچاو) سوورهەڵگەڕاو 3 (شێواز) سـەخت، تـەق‌وڕەق، گـران، بەشکۆ ۞ *n* 1 رنـگ ارغـوانی 2 جامـەی ارغوانی، عبای ارغوانی *adj* 1 ارغـوانی 2 (چهـره) سرخ 3 (سبک) متکلف، فاخر

purple emperor *noun*
ئیمپراتـۆری ئـەرخـەوانی: جـۆرێ پـەپوولـەی گـەورەی دارسـتان کـە باڵـی ڕەشـی مـەیلـەو ئەرخەوانی پڕتالاووالا iridescent ی هـەیە، بە خاڵ سپی‌یەوە [*Apatura iris*] ۞ نوعی پروانه

Purple Heart *noun*
1 دڵی ئەرخەوانی (نیشـان یان میداڵـی شـانازی کـە دەدرێ بـە ئەنـدامی هێـزە چەکـدارەکانی ئەمریکا کە لە شەڕدا برینداز بوون) 2 (Purple heart) حەبی ئەرخەوانی (حـەبێکی سڕکەر کە ئامفیتـامینی تیایـە) 3 دارێکـی سـەختی قـاوەیی ئەرخەوانی‌باوی دارستانە بارانی‌یەکانی ئەمریکا ۞ 1 قلـب ارغـوانی 2 (Purple heart) قـرص ارغوانی 3 نوعی چوب

purple lythrum *noun*, also purple loosestrife
(ڕووەک‌ناسی) خەرینگ، خەرپۆنە، خـەرپوونـە، زرەپنـگ، خـەرپۆنـگ، خـەرپنـە [*Lythrum salicaria*] ۞ خون‌فام

purple passage *noun*
(وێـژە) بڕگـەی بەشـکۆ (بـە هـەموو شـێواز و هونەرە وێژەیی‌یەکانەوە ڕازاوەتەوە) ۞ قطعـەی متکلف یا فاخر

purple patch *noun*
1 قۆناخی سەرکەوتن 2 = purple passage ۞ مرحلەی موفقیت

purple prose *noun*
(وێژە) پەخشانی بەشکۆ ۞ نثر متکلف یا فاخر

purple willow *noun*, also rose willow or purple osier willow
سوورەبی، وێڕۆڵەسوورە [*Salix elbursensis*]
۞ بید سرخ

purplish /'pɜːpəlɪʃ, US 'pɜːrp-/ *adjective*
مەیلەو ئەرخەوانی، سـوور ۞ نسبتاً ارغوانی

purport /'pɜːpɔːt, US 'pɜːrpɔːrt/ *noun*
1 مەبەسـت، مـەنزوور، ئامـانج، نیـاز 2 کـرۆک، کاکـڵی قـسە، پوختـەی وتـە یـا قـسە 3 واتـا، نێوەرۆک، ناوەرۆک، نێواخن ۞ 1 مقصود 2 لب، خلاصەی کلام 3 مفاد

purported /pə'pɔːtɪd, US pər'pɔːrt-/ *adjective*
1 درۆکـراو، فڕوفیـشاڵ‌کـراو، وادەرکـەوتوو، هاشـەکراو، وادەرخـراو، واخۆپیـشان‌داو، واخۆنوانـدوو، درۆ 2 (وا)وتـراو، واباس‌کـراو، واگێڕدراو: *the scene of the purported crime*
۞ 1 ادعاشده، وانمودشده 2 گفته‌شده

purportedly /pə'pɔːtɪdli, US pər'pɔːrt-/ *adverb*
وادیارە، بە ڕواڵەت، وادەوترێ، واباس دەکرێ: *a letter purportedly written by Mozart*

۞ ظاهراً

purpose /'pɜ:pəs, US 'pɜ:rpəs/ *noun*
1 مەبەست، نیاز، ئامانج، ئارمانج 2 نیوەرۆک، ناومایە 3 ویست، بڕیار، توانایی بڕیاردان، شێلگیری 4 ئەنجام، ئاکام، پێئاژۆ ۞ 1 مقصود، هدف 2 مفاد 3 اراده 4 نتیجه

purpose-built *adjective*
داڕێژراو یان پلانڕێژکراو (یان دروستکراو) بۆ مەبەستێکی تایبەتی، تایبەتکرد ۞ طراحی‌شده برای منظور خاصی

purposeful /'pɜ:pəsfl, US 'pɜ:rp-/ *adjective*
1 بەبڕیار، لێبڕاو، بڕا، شێلگیر، سوور، بەبڕیارانە، شێلگیرانە، ڕشت، بەڕشت: *was soft-spoken but -poseful* 2 واتادار، مانادار، بەمەبەست، ئامانجدار، ئەنجامدار، بەئامانج، intentional، meaningful: *purposeful activities* ◊ *She looked purposeful* ◊ *purposeful ambiguity* ◊ *purposeful and determined* ۞ 1 قاطع، مصمم، قاطعانه 2 غایت‌مند، هدف‌مند

purposefully /-fəli/ *adverb*
بەبڕیارانە، شێلگیرانە ۞ قاطعانه

purposefulness /'pɜ:pəsflnəs, US 'pɜ:rp-/ *noun*
بەئامانجی، مەبەستداری ۞ هدف‌مندی، باعزم بودن

purposeless /'pɜ:pəsləs, US 'pɜ:rp-/ *adjective*
بێمەبەست، بێئامانج، بێواتا، بێهوودە، بێکەڵک، لەخۆوە، aimless، meaningless (purposelessness *n*) ۞ بی‌هدف، بی‌فایده، بی‌جهت

purposelessly /'pɜ:pəsləsnəs, US 'pɜ:rp-/ *adverb*
لە خۆوە، لە هیچ و خۆڕایی ۞ بی جهت

purposely /'pɜ:pəsli, US 'pɜ:rp-/ *adverb*
بە ئانقەست، لە ڕووی مەبەستەوە، دانستە، لە ڕووی زانینەوە، deliberately، on purpose: *He sat down, purposely avoiding her gaze* ۞ عمداً

purposive /'pɜ:pəsɪv, US 'pɜ:rp-/ *adjective*
1 واتادار، بەمەبەست، ئامانجدار، بەئامانج 2 بەسوود، بەکارهاتوو، بەکەڵک 3 بەبڕیار، لێبڕاو، بڕا، شێلگیر، سوور، بەڕشت ۞ 1 هدف مند 2 مفید 3 مصمم

purposive activity *noun*
چالاکی بەمەبەستانە ۞ فعالیت غایت‌مند

purpura /'pɜ:pjʊrə/ *noun*
لکەی ئەرخەوانی سەر پێست، بەهۆی خوێنبەربوونی تێوەکی ڕەگەوردەکانی خوێنەوە، ئەرخەوانکە ۞ حصبەی عام

purpuric /-'pjʊərɪk/ *adjective*
ئەرخەوانکەیی ۞ وابستە بە حصبەی عام

purpurin /'pɜ:pjʊrɪn/ *noun*
(کیمیا) پورپورین، ئەرخەوانین: ڕەنگێکی سوور کە لە madder دەرهێنراوە، هەروەها بەهۆی ئۆکساندنی alizarin پێکدێ ۞ پورپورین

purr /pɜ:(r)/ *noun*
1 (پشیلە) دەنگی مرخە یان پرخە 2 (ماشێن) دەنگی هاژە، ویزە، فرکە، هاژەهاژ ۞ 1 صدای خرخر 2 صدای ویزویز

purse /pɜ:s, US pɜ:rs/ *noun*
1 جانتا، کیفی پارە، کیسەی پارە، کیسک، جزدان، جانتای ژنان، ساکی ژنان 2 بڕ(ەپارە)، پارە، پوول، ئەو بڕەی پارەی بەردەست 3 خەڵاتی پارەیی، خەڵاتەپارە (ب.ت. بۆ بۆکسێر یان شوفێری ماشێنی پێشبڕکێ؛ بنەڕەت: گۆڕاوی late Latin *bursa*، لە یونانی *bursa* "کەوڵ، چەرم، hide، leather") ۞ 1 کیف پول، کیف دستی 2 مبلغ، پول 3 جایزەی نقدی

purseful *noun, pl.* pursefuls
کیفێ، ساکێ، کیسەیێ، جانتایێ ۞ یک کیف، یک کیسه

purse-net /pɜ:s net/ *noun*
تۆڕی جانتایی یان کیفی (بۆ ڕاوەماسی) ۞ تور کیسه‌ای

purser /'pɜ:sə(r), US 'pɜ:rs-/ *noun*
(لە کەشتیدا) بەرپرسی کاروباری ماڵی و ئاسوودەیی ۞ پورسر

purse-seine /seɪn/ *noun*
تۆڕی جانتایی یان کیفی (بۆ ڕاوەماسی) ۞ تور کیسه‌ای

purse-seiner /seɪn/ *noun*
ڕاوچی بە تۆڕی جانتایی یان کیفی ۞ ماهی‌گیر با تور کیسه‌ای

purse strings *noun, pl.*
1 خەرجوبار 2 شێوەی خەرجکردن، شێوەی کۆنترۆڵی خەرجکردن، کۆنترۆڵی خەرجوبار ۞ 1 هزینه‌ها 2 نحوەی کنترل هزینه کردن

purslane /'pɜ:slən/ *noun*
بەڵپینە، بەڵبین، پرپرە، پێقلانچکە، پارپار [*Atriplex portulacoides* (هی ئاوی یان دەریایی) و جۆرەکانی تر] ۞ پورسلان، خرفه

pursuance /pə'sju:əns, US pər'su:-/ *noun*, in the pursuance of
لە کاتی کردنی، لە وەختی کردنی: *They may need to borrow money in pursuance of their legal action* ۞ در حین انجام

pursuant to /pə'sju:ənt, US pər'su:-/ *adjective, adverb*
1 بەپێی، لەگوێرەی، ل دووڤ، ل گۆرا،

2 لە دوای، بە دوای، دوابەدوای according to ۞ 1 طبق 2 پس از

pursuable /pə'sju:əbl/ *adjective*
شیاوی بەدواداچوون یا بەشوێن کەوتوو، شیاوی بەوداداگەڕان، لەڕاونانهاتوو ۞ قابل تعقیب

pursuer /pə'sju:ə(r), US pər'su:-/ *noun*
بەدواداچوو، بەشوێن کەوتوو، بەوداداگەڕ، ڕاونەر ۞ تعقیب‌کننده

pursuit /pə'sju:t, US pər'su:t/ *noun*
1 بەدواداچوون، بەدواکەوتن، دووکەوتن، بەرەوداونان، بەشوێن کەوتن، بەدواداگەڕان، ڕاوەدوونان، ڕاونان، شوێن هەڵگرتن، دانەبەی 2 کار، ئیش، پیشە 3 چالاکی ۞ 1 تعقیب، ردگیری 2 حرفه 3 فعالیت

pursuit plane *noun*
فڕۆکەی بەدواکەوتن، فڕۆکەی ڕاونان یا کەوتنەسەر ۞ هواپیمای تعقیب

pursuivant /'pə:sɪv(ə)nt/ *noun*
1 کاربەدەستی پێ ڕاگەیاندن، ڕاسپاردە 2 مرید، دواکەوتوو، شوێنکەوتوو، پەیڕەو، دواڕەو ۞ 1 مأمور ابلاغ 2 مرید، پیرو

pursy /'pɜ:sɪ/ *adjective* (pursier, pursiest)
1 لۆچ(اوی)، گنج، چرچاوی، کۆوەبوو 2 قەڵەو، گۆشتن 3 هەناسەسوار، هەناسەتەنگ، پشووسوار ۞ 1 چروکیده 2 فربه 3 تنگ‌نفس

purtenance *noun*
نێوسک، ناوزگ، پزۆر، هەناو ۞ احشا

purulence /'pjʊərələns, US 'pjʊr-/ *noun*
چلک کردن، کێم کردن، هەوکردن، زووخ کردن ۞ چرک‌کردگی

purulent /'pjʊərələnt, US 'pjʊr-/ *adjective*
کێمدار، کێماوی، چلک کردوو، زووخ کردوو، هەوکردوو ۞ چرکی

purveyance /pə'veɪəns, US pər'veɪ/ *noun*
دابین کردن، جێبەجێ کردن، ئامادەکاری، سورسات، خواردەمەنی پێگەیاندن، ئازوقەپێدان، لەبەردەستادانان ۞ تأمین، سیورسات، عرضه

purveyor /pə'veɪə(r), US pər'v-/ *noun*
1 دابین کەر، دابین کار، خواردەمەنی‌پێگەیێنەر: *Brown and Son, purveyors of fine wines* 2 = caterer ،victualler ۞ تأمین‌کننده

purview /'pɜ:vju:, US 'pɜ:rv-/ *noun*
1 پانتایی، بوار، ئاقار، مەڵبەند، ڕاختە، گۆڕایی 2 گۆڕەپان 3 بەرینایی 4 چاوبڕ، بەردید، ماوەی بڕکردنی چاو، مەودای بینایی ۞ 1 حوزە، گسترە 2 میدان 3 وسعت 4 چشم‌رس

pus /pʌs/ *noun*
(برین و هتد) چلک، زووخاو، زووخ، کێم، ئاشو، هەوا، نێم، هەو، زنچک، زلزلە، گفرت، شۆ (لە لاتینەوە) ۞ چرک

push /pʊʃ/ *noun*
1 پال، گوژم، تەوژم، لێنەوین، هێز، ڕادان، دەڵەک، نوسک، تەک، فەزوقان، گوشار 2 حەول، تێکۆشان، بزاف، تەقەلا 3 (میلیتاری) هێرش، پەلامار، شالاو 4 دەس تێدان 5 گوشار خستنەسەر، سەنگی دانان، سەنگی خستنەسەر (بۆ پێش‌خستنی کەسێ) 6 تەنگانە، گوشار، تەنگژە، قەیران ۞ 1 هل، فشار 2 تلاش 3 یورش 4 مبادرت 5 اعمال نفوذ 6 مضیقه، بحران

pushbike /'pʊʃbaɪk/ *noun*
(نافەرمی، بریتانیا) چەرخ، دووچەرخە ۞ دوچرخه

push-button /'pʊʃbʌtn/ *adjective*
دوگمەیی: *a push-button phone* ۞ شستی

pushcart /'pʊʃkɑ:t/ *noun*
دەستەبەر، ئەرابەی دەستی ۞ چرخ دستی

pushchair /'pʊʃtʃeə(r), US -tʃer/ *noun*
کالیسکەی منال، کالیسکەی پێچکەدار یان چەرخ‌دار ۞ کالسکەی بچه

pushed /pʊʃt/ *adjective*
تەنگەتاو، لە تەنگانەدا، لەژێر گوشاردا، تەنگ‌پێ‌هەڵچنراو، گوشارلەسەر: *to be pushed for money/time* ۞ در مضیقه

pusher /'pʊʃə(r)/ *noun*
1 پاڵ‌پێوەنەر، تەکان‌لێدەر، پاڵنەر 2 (نافەرمی) بەنگ‌فرۆش: *drug pushers* 3 بنیادەمی سوور لەسەر شتێ، مرۆی لاسار و گوێ‌نەدەر ۞ 1 هل‌دهنده 2 فروشندەی مواد مخدر 3 آدم سمج

pushful *adjective*
خۆهەڵکێشی لووت‌بەرز ۞ خودستای مغرور

pushiness /'pʊʃinəs/ *noun*
سووربوون، لاساری، پێ‌چەقاندن، پێ‌داگرتن، بێ‌شەرمی، ڕووداری ۞ اصرار، وقاحت

pushing *adjective*
نەترس، چاوسوور، لاسار، سوور، ڕوودار ۞ جسور، سمج

pushover /'pʊʃəʊvə(r), US -oʊ-/ *noun*
1 کاری ئاسان، کاری وەکوو ئاوخواردنەوە: *The game will be a -ver* 2 سادە، زووباوەڕ، حەپۆل، گێژ، ساویلکە 3 زووخۆبەدەستەوەداو، مرۆی لاواز و دەسەوسان ۞ 1 کار بی‌دردسر 2 ساده‌لوح 3 زودتسلیم

pushpin /'pʊʃpɪn/ *noun*
دەرزی کێشانەوەی سەرخڕ ۞ پوشپین

push-pull *adjective*
(ئێلیکتریسیتە) پاڵنەر(ڕا)کێشەر، پاڵ‌کێشی، پاڵ(نان)ـکێشان ۞ فشاری-کششی

push-pull circuit *noun*
خولگە یان بازنەی پاڵ‌کێشی، خولگە یان بازنەی پاڵ(نان)ـکێشان ۞ مدار فشاری-کششی

Pushtu /'pʌʃtu:/ = Pashto

push-up = press-up

pushy /ˈpʊʃi/ *adjective* (pushier, pushiest)
سوور، لاسار، پێچەقێن، پێداگر، رووداو، بێشەرم ◇ مصر، سمج، پررو

pusillanimity /-ləˈnɪmɪti/ *noun*
ترسەنۆکی، حیزی، دڵتۆقیوی ◇ جبن، بزدلی

pusillanimous /ˌpjuːsɪˈlænɪməs/ *adjective*
ترسەنۆک، حیز، دیڵ، دڵتۆقیو ◇ بزدل، جبون

pusillanimously /ˌpjuːsɪˈlænɪməsli/ *adverb*
ترسەنۆکانە، دیلانە، حیزانە ◇ جبونانە

puss[1] /pʊs/ *noun*
1 پشی، کتک، پشیلە، (لە هەراڵیکردنا) پشیپشی، پسپس، (نافەرمی) 2 *Where are you, puss?*: کچی قۆشمە و بەناز، کچی بەناز و (بە)عیشوە ◇ 1 پیشی، پیشپیش 2 (عامیانە) دختر لوند

puss[1] /pʊs/ *noun*
(نافەرمی، لە ئەمریکا، ئیرلەند و سکاتلەند) دەموفلچ، دەمولەوس (لە *pus* ئیرلەندی "لێو، دەم") ◇ (عامیانە) پک و پوز

pussy /ˈpʊsi/ *noun, pl.* pussies, *adjective* (pussier, pussiest)
n 1 (نافەرمی) پشی، پشیلە (بە زمانی منالان) 2 (تابۆ و رەمەکی) گەڵوقوزی ژن؛ sexual intercourse *adj* پیس لە کێم و چڵک، زنجکاودار: *a pussy wound* ◇ *n* 1 پیشی 2 اعضا تناسلی زن، کس *adj* چرکدار، عفونتدار

pussycat /ˈpʊsikæt/ *noun*
پشی، پشیلە (بە زمانی منالان) ◇ پیشی

pussy willow *noun*
داری شابی، بی ئەمریکایی ◇ درخت بیدمشک

pustulant /ˈpʌstʃələnt/ *adjective*
کوانهێنەر، دمەڵهەڵێن، کوانساز ◇ کورکآور

pustular *adjective*
کوانی، دمەڵی، سەربە کوان یان دمەڵ ◇ کورکی

pustulate /ˈpʌstjʊlət/ *adjective*
کواناوی، دمەلاوی، کواندار ◇ دارای کورک

pustulation /pʌstʃəˈleɪʃn*n*
کواندەرکردن، دمەڵدەرکردن، هەڵتۆقان، هەڵزلەیان ◇ کورکزایی

pustule /ˈpʌstjuːl, US -tʃuːl/ *noun*
کوان، دمەڵ، زیپکە، ئاشین، کێمدان (بنەڕەت: لە *pustula* لاتین) ◇ کورک

pustulous /ˈpʌstʃələs/ *adjective*
کواندار، کواناوی، دمەلاوی ◇ کورکدار

put[1] /pʊt/ = past and past participle of put

put[2] /pʊt/ *noun*
1 دانان 2 خستن، هاویشتن، ئاڤێتن ◇ 1 عمل قرار دادن 2 پرتاب

putative /ˈpjuːtətɪv/ *adjective*
1 لای خەڵک پەسند، بەپێی نەریت 2 وادانراو، واباوە، لەسەرزمانان، نێوبانگدەرکردوو، وەکوو دەڵێن ◇ 1 عرفی 2 قلمدادشدە، مشهور

put-down *noun*
بەکەمدانان، سووککردن، ناونێتکە، قسەی سارد و سووک ◇ تحقیر

putlog /ˈpʌtlɒg/ *noun*, also putlock /-lɒk/
تەختە و دەپی سەر داربەست، تەختەدار ◇ تختە و تیر چوببست

put-off *noun*
بەهانە، پەڵپ، بیانوو ◇ بهانە، عذر

put-on *noun, adjective*
n فریودان، لەخشتەبردن، بەکەرزانین، شوخی، لەسەرکاردانان *adj* = assumed ,pretended ◇ گول زدن، سرکار گذاشتن

putonghua /puːˈtʊŋhwɑː/ *noun*
شێوەی ئاخافتنی ستانداردی نوێی چینی، لەسەر بنەمای زاراوەی Beijing ◇ پوتونگهوا

putrefaction /ˌpjuːtrɪˈfækʃn/ *noun*
بۆگەنبوون، خراپبوون، گەنین، رزین ◇ گندیدگی، فساد

putrefactive *adjective*
بۆگەنکەر، رزێنەر ◇ فاسدکنندە

putrefied *adjective*
بۆگەن، بۆگەنبوو، کرمۆڵ، کرمێ، خراپبوو، گەنیو، رزیو ◇ گندیدە، فاسد

putrescence /pjuːˈtrɛs(ə)ns/ *noun*
بۆگەنبوون، خراپبوون، گەنین، رزین ◇ تعفن، گندیدگی

putrescent /pjuːˈtrɛs(ə)nt/ *adjective*
1 لە رزیندا، رووڵە رزین، لە سەرەوبەندی گەنین یان رزیندا، رووڵە گەنین، رووڵە بۆگەن(بوون) 2 (خوازە) بۆگەن ◇ 1 در حال تعفن 2 (مجازی) نامطبوع

putrescible /ˈpjuːtrəsɪbl/ *adjective*
دەرزی، دەگەنی، لەرزینهاتوو، بۆگەن دەبێ ◇ فسادپذیر، گندیدنی

putrescine *noun*
مەتریاڵی ژاراوی نێو گۆشتی بۆگەنیو $C_4H_{12}N_2$ ◇ پوترسین

putrid /ˈpjuːtrɪd/ *adjective*
1 بۆگەن، بۆگەنبوو، کرمێ، خراپبوو، گەنیو، رزیو، 2 rotten (خوازە) بۆگەن، ناخۆش: *a putrid odor* ◊ *putrid pink colour* ◇ 1 گندیدە، فاسد 2 (مجازی) افتضاح

putridity /ˈpjuːtrɪdəti/ *noun*
بۆگەنبوون، خراپبوون، کرمۆڵی، کرمێبوون، کرمتێدان، گەنین، رزین ◇ گندیدگی، فساد

putridly /ˈpjuːtrɪdli/ *adverb*
بە شێوەیەکی گەنیو، بۆگەنانە ◇ بە طور گندیدە

putridness /ˈpjuːtrɪdnəs/ *noun*
بۆگەنبوون، کرمێبوون، کرمۆڵی، گەنین، رزین ◇ گندیدگی، فساد

putsch /pʊtʃ/ *noun*
1 هەوڵدان بۆ وەرگەڕانـدنی حکومـەت (لـە ناکاودا)، کودتای سەرنەگرتوو 2 وەرگـۆڕان یـان شۆڕشـی رامیـاری، وەرگـۆڕانی سیاسـی ◯ 1 تلاش برای سرنگونی حکومت 2 انقلاب سیاسی

putt /pʌt/ *noun*
لێدانی سووکی تۆپی گۆلف (بۆ نێو کونەکەی) ◯ پات

puttee /'pʌtɪ/ *noun*
پووزەوانـە، پـێ‌پـێچ (ب.ت. وەک بەشـێ لـە یونیفۆرمی سەربازی) ◯ مچ‌پیچ

putter /'pʌtə(r)/ *noun*
(لـە یـاری گۆلـفدا) پـاتێر، دارەپـات، جـۆرێ دارەگۆلف ◯ پاتر

putting green *noun*
مێرگ یا سەوزەڵانی گۆلف ◯ فضای سبز گلف

putting iron *noun*
دەسکەگۆلف، دارەگۆلف ◯ صولجان

putto /'pʊtəʊ/ *noun, pl.* putti /-ti/
فریشتەمناڵ، پیشـاندانی منالێکی رووت، ب.ت. cherub یان cupidێ لە هونەری رێنیسانسدا ◯ پوتو

putty /'pʌti/ *noun, pl.* putties
1 زامووسقە، بەتانە 2 گەردەیێکی مشتوماڵە کە زۆرتر لە ئۆکسایدی تەنەکە ساز دەکرێ و لە جواهێرگەرێدا بەکاردێترێ 3 ماکێنێکی تایبەت بۆ مشتومالی شووشە و مەرمەڕ 4 گڵەسوورەی بنکی رووباری کەشتیڕەو 5 چەندین جۆری مادە کە لە رواڵەت appearance، خۆڕاگری و بەکارهێناندا شێوەی بەتانە دەدەن 6 مرۆڤی سادە و زووباوەڕ، کایەی دەست، وەک مێو: *is putty in her hands* (puttylike ;puttyless *adj*) ◯ 1 بتونه 2، 3، 4 و 5 پوتی 6 آدم ساده

put-up job *noun*
پیلان، فێڵ، نەخشە، بەرنامە، پلانی نهێنی ◯ توطئه، حقه، طرح پنهانی

put-upon *adjective*
1 فێڵ‌لێ‌کراو: *his much put-upon wife* 2 زەرەرمەنـد، زەرەربـار، زەرەرکـردوو ◯ 1 گول‌داده‌شده 2 مغبون

put-you-up *noun*
(بریتانیا) سۆفا یان settee کە دەبێتە تەخت ◯ پوت‌یوآپ

putz /pʊts, US pʌts/ *noun*
1 مرۆی کەر و سووک 2 گەڵوگونی پیاو، گونەوێلە، کێر ◯ 1 آدم احمق و بی‌ارزش 2 کیر

puzzle /'pʌzl/ *noun*
1 مامک، مەسیلە، مەتەڵ، پەردەک، mystery: *The deeper meaning of the poem remains a puzzle* 2 کێشە، گرفت 3 (کایەی منالان) پـازڵ 4 گێـژی، سـەرلێشـێواوی، 5 perplexity، تاساوی، رێ‌بەکارخۆنەبردوویی، مرۆ یان شتی سەرلێشێوێنەر ◯ 1 معمـا 2 معضل 3 پازل 4 سردرگمی، حیرت 5 آدم یا چیز سردرگم‌کننده

puzzled /'pʌzld/ *adjective*
گێژ، سەرلێشێواو، رێ‌بەکارخۆنەبردوو، تاساو، پەشـۆکاو، سەرسـووڕماو: *Scientists are puzzled as to why the whale had swum to the shore* ◊ *He looked puzzled so I repeated the question* ◯ متحیر، متعجب

puzzlement /'pʌzlmənt/ *noun*
گێژی، سـەرلێشێواوی، رێ‌بەکارخۆنەبردوویی، تاسـاوی، سەرسـووڕماوی، سـەرسـامی ◯ سردرگمی، تحیر

puzzler /'pʌzlə(r)/ *noun*
مایەی سەرلێشێواوی، مایەی سەرسامی، گێژکەر، تاسێنەر، سەرلێشێوێنەر، سەرسووڕهێنەر ◯ اسباب سردرگمی، سردرگم‌کننده

puzzling /'pʌzlɪŋ/ *adjective*
مایەی سەرلێشێواوی یان سەرلێشێواون، مایەی سەرسامی، گێژکەر، تاسێنەر، سەرلێتێکدەر، سەرلێشێوێنەر، سەرسووڕهێنەر، سەیر، مایەی سەرسووڕمان ◯ سردرگم‌کننده، شگفت‌انگیز

puzzlingly /'pʌzlɪŋli/ *adverb*
سەرلێشێوێنەرانە ◯ به طور سردرگم‌کننده

PVC /ˌpiː viː 'siː/ *abbreviation* polyvinyl chloride
پی‌ڤی‌سی (جۆرێ پلاستیک) ◯ پی‌وی‌سی

Pvt *abbreviation* private (in the army)

pw *abbreviation* per week
حەوتەیی، لە حەوتوودا، هەر حەوتەی ◯ هفته‌ای

PW *abbreviation* policewoman

PX /ˌpiː 'eks/ *abbreviation* Post Exchange

py(o)- *prefix*
پێشگر: چڵک، زووخ، زووخاو، کێم، هەروەها: *pyaemia*، *pyorrhoea* (بنـەڕەت: لـە *puon* یۆنانی‌یەوە "pus") ◯ پیشوند: چرک، ریم

pya /'pjɑː/ *noun, pl.* pyas
یەکەی پارەی بێرمە (میانمار)، بەرامبەر بە سەدیەکی kyat ◯ پیا

pyaemia /paɪ'iːmɪə/ *noun*, US pyemia
خوێن‌کێماوی‌بوون، خوێنی کێماوی یان چڵککردوو، چڵککردنی خوێن ◯ چرکین‌شدگی خون

pyaemic *adjective*, US pyemic
سەربە خوێن‌کێماوی‌بوون، سەربە چڵک‌کردنی خوێن ◯ وابسته به چرکین‌شدگی خون

pycnidial *adjective*
چرەیی، سەربە یان پێوەندی بە پیکنیدیۆمەوە هەیە ◯ وابسته به پیکنیدیوم

pycnidium *noun, pl.* pycnidia

چرە: بەشێکی بەرهێنەری کۆمەڵەیی یان قووچ‌ئاسای هێندێ کارگ، خاوەنی تۆ و سپۆری نارەگەزی asexual یە ◇ پیکنیدیوم

pycnogonid = sea spider

pycnometer *noun*

چڕی‌پێو ◇ چگالی‌سنج

pye-dog /'pʌɪdɒg/ *noun*, also pi-dog

(لە ئاسیادا) جۆرێ mongrel بەرەڵای نیوەدڕ ◇ پای‌داگ

pyelitic *adjective*

سەربە یان پێوەندی بە pyelitis ـەوە هەیە ◇ وابستە بە پایلیتیس

pyelitis /,pʌɪə'lʌɪtɪs/ *noun*

هەوکردن یان ئاوسانی کاسەی گورچیلەیی، پایێلایتیس، پایێلیتیس ◇ پایلیتیس

pyel(o)- *prefix*

پێشگر: سێندە، دیزەڵە، دیزەڵ، کاسە: *pyelography* (بنەڕەت: لە *pyelos* یۆنانی‌یەوە "basin") ◇ پیشوند: لگن

pyelonephritic *adjective*

سەربە یا پێوەندی بە pyelonephritis ـەوە هەیە ◇ وابستە بە پایلونفریتیس

pyelonephritis *noun*

هەوکردن یان ئاوسانی گورچیلە و کاسەی گورچیلەیی ◇ پایلونفریتیس

pyemia = pyaemia

pygidial *adjective*

پاشەڵی، سەربە پاشەڵ ◇ وابستە بە پیجیدیوم

pygidium /pʌɪ'dʒɪdɪəm, US -'gɪdɪəm/ *noun*, *pl.* pygidia /-ɪə/

(گیانەوەرناسی) پاشەڵ (بنەڕەت: لە *pugē* یۆنانی "پاشەڵ rump") ◇ پیجیدیوم

Pygmalion *noun*, Latin, from Greek *Pygmaliōn*

پادشای Cyprus کە پەیکەرێکی مێینەی لە ماهی ivory داتاشی و ئافرۆدیت گیانی پێ‌بەخشی (لە میتۆلۆژی یۆنانی‌دا) ◇ پیگمالیون

pygmaean *adjective*, also pygmean

1 کورتەبالا، کورتەبنە، گرگن، گزگل، چکۆلانە 2 سەربە پیگمی‌یەکان ◇ 1 کوتولە 2 وابستە بە پیگمی‌ها

pygmy /'pɪgmi/ *noun* (*pl.* pygmies), *adjective*, also pigmy

n 1 کورتەبالا، کورتەبنە، گرگن، گزگل 2 کەس یان شتێکی چکۆلانە *adj* 1 کورتەبالا، بچووک، چکۆلانە 2 (Pygmy) ئەندامی رەگەزی کورتەبالایانی ئەفریکا و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا ◇ *n* 1 کوتولە 2 آدم یا چیز کوچک *adj* 1 کوتاە 2 (Pygmy) پیگمی

pygmy chimpanzee = bonobo

pygmyish *adjective*

کورتەبالائاسا، گرگن‌ئاسا ◇ کوتولەمانند

pygmyism *noun*

کورتەبالایی، گرگنی، کورتەبنەیی، گزگلی ◇ کوتولگی

pyjamas /pə'dʒɑːməz, US -'dʒæm-/ *noun*, US pajamas

1 جلی خەو، خەوجامە، پیژامە 2 دەرپێ، پاجامە، ئاوەڵ‌کراس (بنەڕەت: لە ئێرانی‌یەوە، لە *pāy* "پا، پێ، لاق" + *jāma* "جامە، جل، بەرگ") ◇ 1 پیژامە 2 تنبان

pyknic /'pɪknɪk/ *adjective*, *noun*

(مرۆڤناسی) *adj* تێک‌سمراو و کورتەبالا *n* مرۆی تێک‌سمراو و کورتەبالا ◇ *adj* چاق و کوتاەقد *n* آدم چاق و کوتاەقد

pylon /'paɪlən, US -lɑːn/ *noun*

1 (ئێلیکتریسیتە) کۆڵەکە، کۆڵەکەبرق 2 کەلوو یان ستوونەی رێ‌نیشان‌دان (بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە) 3 (لە بیناسازی میسری کۆن‌دا) دەروازە یان ریزەوی پەرستگەکانی میسری (ب.ت. فیرعەونەکان؛ بنەڕەت: لە *pulōn* یۆنانی، لە *pulē* وە "دەروازە gate") ◇ 1 1 دکل 2 برج 3 پیلون

pyloric /pʌɪ'lɔːrɪk/ *adjective*

درگاوانەیی، دەرکەوانەیی، سەربە پایلۆریس ◇ باب‌المعدی

pylorus /pʌɪ'lɔːrəs/ *noun*, *pl.* pylori /-rʌɪ/

(توێکاری) درگاوانە، دەرکەوانە، کونی لە گەدەوە بۆنێو دوازدەگری (بنەڕەت: لە *pulouros* یۆنانی‌یەوە "gatekeeper") ◇ باب‌المعدە

PYO *abbreviation* pick your own

(بۆ ئەو کەسانەی کە لە مووچە و مەزرا ڕێیان هەیە خۆیان میوە و سەوزە لێ‌کەنەوە) خۆت لێی‌کەوە ◇ پی‌وای‌او

pyoderma /,pʌɪə(ʊ)'dəːmə/ *noun*

چڵک‌کردنی پێست ◇ عفونت پوستی

pyogenesis *noun*

چڵک‌دەرکردن، چڵک‌پێکهاتن، زووخ‌هەڵێنان، کێم‌هەڵێنان ◇ چرک‌زایی

pyogenic /,pʌɪə(ʊ)'dʒɛnɪk/ *adjective*

چڵک‌دەرکەر، چڵک‌پێکهێن، چڵک‌ساز، چڵک‌پێکردوو، زووخ‌هەڵێنەر، کێم‌هەڵێنەر: *pyogenic meningitis* ◊ *pyogenic bacteria* ◇ چرک‌زا

pyometra *noun*

لیمان (= ئەو ماک و مەتریاڵەی کەوا زێ دەری‌دەدا) ◇ پیومترا

pyorrheal *adjective*

سەربە ئاوسانی پووک، کیسی ◇ وابستە بە پیورە

pyorrhoea /,paɪə'rɪə/ *noun*, US pyorrheas

(نەخۆشی) کیس، ئاوسانی پووک، هەوکردنی پووک، چڵک‌کردنی ددان، وشەیێکی تر بۆ periodontitis ◇ پیورە

pyr(o)- *prefix*
پێشگر: 1 ئاگر، ئاور، گەرمی، تین، گەرما: *pyromania*، *pyrometer* 2 تەنی، تا: 3 *pyrogenic* (کیمیا و کانیناسی): پێکهاتووە یان کاری تێکراو بەهۆی گەرمییەوە: *pyroxene* (لە *pur* یۆنانی "ئاگر") ◌ پیشوند: 1 آتش، حرارت، دما 2 تب 3 تشکیل‌شده یا تحت تأثیر در اثر حرارت

pyracantha /ˌpʌɪrəˈkanθə/ *noun*
درکەئاور؟، دەوەنێکی هەمیشەسەوزی درواوی گوڵسپی و بەر زەرد و سووری گەش [توخم *Pyracantha*] ◌ پراکانتا

pyralid *noun, adjective*
n هەریەک لە پەپوولە (شەوگەرە) باریکەکانی خێزانی Pyralidae باڵەکانی پێشەوە درێژ و سێگۆشەن *adj* سەربە یان پێوەندی بە خێزانی پیرالیداوە هەیە (بنەڕەت: لە pyrallis لاتین بە واتای مێروو یان مێشێ که لە نێو ئاوردا دەژی، لە یۆنانییەوە، لە pyr "ئاور") ◌ پیرالید

pyramid /ˈpɪrəmɪd/ *noun*
1 قووچکە، قووچەک، قووچک، پیرامید 2 کۆما، کۆگا، لوده، کەڵەکە 3 (تویکاری) پێکهاتەیێکی قووچکەئاسا یان شێوەپیرامید، ب.ت. لە مێشکدا 4 هەر شت یان ڕێکخستنێ کە شێوەی قووچکە یان پیرامید دەدا 5 ڕێکخستە یان پێکهاتەیێ کە شێوەی قووچکە دەدا، وەک لە شێوە و فۆرمی زنجیرەپلەییدا 6 hierarchical form جۆرێ یاری بیلیاردی ئینگلیسی کە بە پازده تۆپی سوور و دانەیێکی سپی دەکرێ 7 (تویکاری) پێکهاتەیێکی قووچکەئاسا، ب.ت. لە مێشکدا 8 the (Pyramids) سێ قووچکەی میسر (بنەڕەت: بە ڕێگای لاتین لە *puramis*، *puramid-* یۆنانییەوە) ◌ 1 هرم 2 تل 3 ساختار هرمی‌شکل، بە ویژه در مغز 4، 5 و 6 پیرامید 7 ساختار هرمی‌شکل 8 اهرام ثلاثەی مصر

pyramidal /ˈpɪrəmɪd(ə)l/ *adjective*, also pyramidic /-ˈmɪdɪk/ or pyramidical /-ˈmɪdɪkəl/
1 قووچکەیی، قووچکەئاسا، شێوەقووچک 2 (تویکاری و پزشکی) سەربە یان ئاماژە دەکا بە دەزگای نێرڤی جووڵێنەر motor nerves ی نێو پیرامیدی مۆخی درێژ(ەوەبوو) یان لاکێشەیی medulla oblongata (pyramidally *adv*) ◌ 1 هرمی، هرم‌مانند 2 هرمی

pyramidal cell *noun*
خانەی قووچکەیی، ژوورەی قووچکەئاسا یان شێوەقووچک، ژوورەی شێوەقووچەکی ◌ سلول یا یاختەی هرمی

pyramidically /-ˈmɪdɪkəli/ *adverb*
قووچکانە، بە شێوەیەکی قووچکەیی یان قووچکەئاسا ◌ به طور هرمی

pyramid number *noun*
ژمارەی قووچکەیی یان پیرامید ◌ عدد هرمی

pyramid scheme *noun*
پلان یان بەرنامەی قووچکەیی، بەرنامەی پیرامید ◌ طرح هرمی

pyramid selling *noun*
فرۆشتنی قووچکەیی یا پیرامید ◌ فروش هرمی

pyramoid *adjective*
قووچکەیی، قووچکەئاسا، شێوەقووچک، پیرامیدی ◌ هرمی، هرم‌مانند

pyrargyrite /pʌɪˈrɑːdʒɪrʌɪt/ *noun*, also ruby silver
کانێکی بۆری سووریاوی تاریک، سولفایدی زیو و ئەنتیمۆنی antimony تایە Ag_3SbS_3 ◌ پیرارجیریت

pyre /ˈpaɪə(r)/ *noun*
کۆمادار، کەڵەکەدار، کۆگائێزنگ، کۆمائێزنگ (ب.ت. بۆ سووتاندنی تەرمی مردوو یان وەک بەشێ لە ڕێوڕەسمی ناشتن) ◌ تل هیزم

pyrene /ˈpʌɪriːn/ *noun*
(کیمیا) ئاورین، ئاگرین، هایدرۆکاربۆنی ئارۆماتیکی aromatic بلووورین لە تاری خەڵووزدا coal tar هەیە ◌ پیرین

Pyrenean /ˌpɪrəˈniːən/ *adjective*
سەربە چیاکانی Pyrenees (یان بە فەرەنسی Pyrénées یان Pirineos سپانیایی: زنجیرەکێوی پیرنیە یان پیرنە (یان پیرنێ) بەدرێژایی سنووری فەرەنسە و سپانیا، بەرزترینی Pico de Aneto (11,165 پێ یان 3400 میترە) ◌ وابسته به کوه‌های پیرنه Pyrenees

pyrenoid *noun*
یەکێ لە تەنەکانی پرۆتئین لە هێندێ زینددەوەری نزمی جۆراوجۆر chloroplast (وەک لە هێندێ قەوزەدا) کە لە کاری نیشتن و پێکهێنانی نشاستە دایە deposition ◌ پیرنوید

pyrethrin /pʌɪˈriːθrɪn/ *noun*
(کیمیا) هەریەک لە ئاوێتە مێرووکوژەکان کە لە گیای pyrethrum دا هەن، هەریەک لە دوو ئێستێری شلی چەور $C_{21}H_{28}O_3$ و $C_{22}H_{28}O_5$ کە تایبەتمەندی مێرووکوژییان هەیە ◌ پیرترین

pyrethrum /pʌɪˈriːθrəm/ *noun, pl.* same or pyrethrums
1 عاقرقرحا، جۆرێ بەیبوونە، ڕووەکێکی بۆنخۆش لە تیرەی daisy [توخم *Tanacetum* (جاران *Pyrethrum*)] 2 جۆرێ مێرووکوژ لە گوڵی وشکەوەبووی ئەم گیایە دروست دەکرێ (بنەڕەت: لە لاتینەوە، ئەویش لە *purethron* یۆنانییەوە "feverfew") ◌ 1 عاقرقرحا 2 پیرتروم

pyretic /pʌɪˈrɛtɪk, US pɪ-/ *adjective*

1 تـایی، سـەربە تێ 2 تـای پێوەیـە، تـا دێنـێ، تاهێنەر ⬡ 1 تبی 2 تب‌آور

pyretes /paɪˈraɪtiːz, US pəˈr-/ *noun*
پایرایتیز، پیریت (جۆرێ بەردی کان) ⬡ پیریت

pyretology /ˌpɪrɪˈtɒlədʒɪ/ *noun*
تاناسی ⬡ تب‌شناسی

Pyrex /ˈpaɪreks/ *noun*
(دروشمـی بازرگـانی) پیرێکـس، شووشـەی گەرماخۆر ⬡ پیرکس

pyrexia /pʌɪˈrɛksɪə, US pɪ-/ *noun*
(پزشکی) تا، تێ، بەرزبوونەوەی نائاسایی گەرمی لەش، fever ⬡ تب

pyrexial *adjective*, also pyrexic
تایی، سەربە تێ یان تا، پێوەندی بە تاوە هەیە ⬡ وابستە بە تب

pyrheliometer *noun*
خۆرپێو، پێوەری تیشکدانەوەی وزەی خۆر ⬡ پیرهلیومتر

pyrheliometric *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە خۆرپێوەوە هەیە ⬡ وابستە بە پیرهلیومتر

pyric *adjective*
1 سەربە سووتان یان گڕگرتن 2 ئاوری ⬡ 1 وابستە بە سوختن 2 آتشی

pyridic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە پیریدینەوە هەیە ⬡ وابستە بە پیریدین

pyridine /ˈpɪrɪdiːn/ *noun*
(کیمیا) شلەیێکی heterocyclic ی بێ‌ڕەنگی هەڵمیوی بۆگەن C_5H_5N، لە تاری خەڵووزدا هەیە و وەکوو توێنەر بەکاریدێنن ⬡ پیریدین

pyridostigmine /ˌpɪrɪdə(ʊ)ˈstɪgmiːn/ *noun*, also pyridostigmine bromide
(پزشکی) جۆرێ دەرمانی پێکهێنراو یان سینتێتیک $C_9H_{13}BrN_2O_2$ کە پێوەندی بە neostigmine ـەوە هەیە، ب.ت. بۆ چارەسەری myasthenia gravis بەکاردێنن ⬡ پیریدوستیگمین

pyridoxal /ˌpɪrɪˈdɒksəl/ *noun*
(زیندەکیمیا) aldehyde یەکی کریستالی $C_8H_9NO_3$ سەربە کۆمەڵی ڤیتامین B_6 کە وەک phosphate ی هەیە و وەک coenzyme چالاکە، بەرهەمێکی ئۆکسینراوی پیرۆداکسین کە وەک دواهەوێنەیێ coenzyme لە هێندێ کاری مێتابۆلیکدا کاردەکا ⬡ پیریدوکسال

pyridoxine /ˌpɪrɪˈdɒksɪn, US -iːn/ *noun*, also pyridoxin
(زیندەکیمیا) ڤیتامین B_6، ئاوێتەیێ کە زۆرتر لە دەغڵ‌ودان، ڕۆنی جەرگ و ماستدا هەیە و لە مێتابۆلیزمی چەوریدا گرنگە ⬡ پیریدوکسین

pyriform /ˈpɪrɪfɔːm/ *adjective*, also piriform
(توێکاری و زیندەناسی) هەرمێ‌ئاسا، هەرمێیی، شێوەهەرمێ، وەک هەرمێ ⬡ گلابی‌مانند

pyrimidine /pɪˈrɪmɪdiːn/ *noun*
(کیمیا) 1 ئاوێتەیێکی جیانالقەی کریستالی بێ‌ڕەنگ $C_4H_4N_2$ 2 بەرهەمی پیریمیدین: ب.ت. تفتێن (وەک cytosine، thymine و uracil ی) کە پێکهێنەرێکی DNA و RNA یە ⬡ پیریمیدین

pyrites /pʌɪˈrʌɪtiːz/ *noun*, also iron pyrites
پایرایتیز، پیریتز، پایریتز: کانێکی زەردی بریقەدار، دیسولفایدی ئاسنی تیایە، بەردەئەستێ، بەردەچەخماخ (بڕوانە copper pyrites) ⬡ پیرتیز، سنگ آتش‌زنه

pyritic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە پایرایتیز یان پیریتز pyretes ـەوە هەیە ⬡ وابستە بە pyretes

pyro- = pyr-

pyrocatechol, also pyrocatechin = catechol 2

pyrochemical *adjective*
سەربە کیمیای گەرمی یان گەرمی‌کیمیایی، چالاکی کیمیایی لە گەرمایێکی زۆردا، سەربە گۆڕانی کیمیایی لە گەرما یان تێمپراچێری زۆر بالا یان سەرووەدا ⬡ پیروکمیکال

pyroclastic /ˌpʌɪrə(ʊ)ˈklastɪk/ *adjective*, *noun*
adj (زەوی‌ناسی) سەربە یان ئامازە دەکا بە خۆڵەمێش یان ئەو پارچە بەردانەی کە لە لایەن ئاگرپژێنەوە دەرهاویژراون و ب.ت. وەک لێشاوێکی وێرانکەر، چڕ و گەرم، پێکهاتوو بەهۆی چالاکی گڕکانی *n* (pyroclastics) ماک یان مەتریالی پایرۆکلەستیک ⬡ پیروکلاستیک

pyrocondensation *noun*
گەرمەچڕاندن، گەرمەخەستاندن، خەستکردنەوەی کیمیایی بەهۆی گەرمی‌یەوە ⬡ پیروکوندنساتیون

pyroconductivity *noun*
گەیێنەرێتی گەرمایی، گەرمی‌گەیێنی ⬡ رسانایی حرارتی

pyroelectric *adjective*
پایرۆئێلێکتریک، پیرۆئێلێکتریک ⬡ پیروالکتریک

pyroelectricity *noun*
پایرۆئێلێکتریسیتی، پیرۆئێلێکتریسیتی ⬡ پیروالکتریسیتی

pyrogallate *noun*
(کیمیا) خوێی ئەندامی پایرۆگالۆل ⬡ پیروگالات

pyrogallol /ˌpʌɪrə(ʊ)ˈgalɒl/ *noun*
(کیمیا) پایرۆگالۆل، پیرۆگالۆل: ئاوێتەیێکی ئەندامی، ژاراوی، فینۆلیک، کریستالی و سپی $C_6H_6O_3$، لە gallic acid و ئاو بە دەستدێنرێ، کە وەک دەرمانی شتنەوەی فیلم یان وێنە

بەکاردێنرێ ۞ پیروگالول

pyrogallic *adjective*
سەربە یان پێوەندی هەیە بە پایرۆگالۆلەوە ۞ وابسته به پیروگالول

pyrogallic acid = pyrogallol

pyrogen *noun*
ماک یا دەرمانی تاهێن (وەک bacterial toxin) ۞ ماده یا داروی تب‌آور

pyrogenic /paɪrə'dʒenɪk/ *adjective*
1 تاهێن، تێن دێنێ، تای پێوەیە 2 لە ئەنجامی سووتان یان گەرمییەوە (pyrogenicity *n*) ۞ 1 تب‌آور 2 ناشی از سوختن یا گرما

pyrogenesis *noun*
گەرمیپێکهێنی، گەرمیپێکهێنان، گەرمیسازی ۞ گرمازایی

pyrogenetic /ˌpaɪrə'dʒənəs/ *adjective*, also pyrogenous/ˌpaɪ'rɑːdʒənəs/
گەرمیپێکهێن، گەرمیساز ۞ گرمازا

pyrography /pʌɪ'rɒgrəfi/ *noun*
هونەر یان شێوەی نەخشاندنی دار و چەرم بە میلی سوورەوەبوو، میلکاری ۞ پیروگرافی

pyrolatry *noun*
ئاگرپەرستی، ئاورپەرستی ۞ آتش‌پرستی

pyroligneous *adjective*
بەدەستهاتوو بەهۆی دڵۆپاندنی دارەوە ۞ پیرولیگنس

pyroligneous acid *noun*
شلەیێکی زەردباو کە لە دارەوە دڵۆپێنراوە، لە acetic acid، acetone و methyl alcohol پێکهاتووە ۞ اسید پیرولیگنس

pyrola = wintergreen 1

pyrolusite *noun*
جۆرێ کانی نەرمی ڕەشی بۆرباو، لە manganese dioxide [MnO_2] پێکهاتووە کە کانی سەرەکی manganese ـە ۞ پیرولوسیت

pyrolysis /pʌɪ'rɒlɪsɪs/ *noun*
گەرمیشیکاری، شیبوونەوەی گەرمی، گۆڕانێکی کیمیایی chemical change کە لە ئەنجامی گەرماوە پێکدێ ۞ گرماکافت

pyrolytic /pʌɪ'rɒlɪsɪs/ *adjective*
سەربە گەرمیشیکاری، سەربە شیبوونەوەی گەرمی ۞ گرماکافتی

pyromancy /'paɪrəmænsi/ *noun*
ئاگرگرتنەوە، بەختگرتنەوە بە ئاور ۞ تفأل به وسیله‌ی آتش

pyromania /ˌpaɪrəʊ'meɪmiə, US ˌpaɪroʊ-/ *noun*
شێتی ئاگرتێبەردان، شێتی سووتاندن یان سووتمان ۞ جنون آتش‌افروزی

pyromaniac /ˌpaɪrəʊ'meɪniæk, US ˌpaɪroʊ-/ *noun*
نەخۆشی ئاگرتێبەردەر، نەخۆشی سووتێنەر ۞ بیمار آتش‌افروز

pyrometallurgical *adjective*
سەربە پایرۆمێتالۆرژی ۞ وابسته به پیرومتالورژی

pyrometallurgy *noun*
ڕێگا یان شێوەی پوختەکردنی کانەبەردەکان بە گەرما، کانزاناسی کیمیایی کە بەندە بە کاری گەرمکردن ۞ پیرومتالورژی

pyrometer /pʌɪ'rɒmɪtrɪ/ *noun*
گەرمیپێو، تینپێو ۞ تف‌سنج

pyrometric *adjective*
سەربە گەرمیپێوی، تینپێوییانە ۞ وابسته به تف‌سنجی

pyrometry /pʌɪ'rɒmɪtə/ *noun*
گەرمیپێوی، تینپێوی ۞ تف‌سنجی

pyromorphite *noun*
کانێ $Pb_5 (PO_4AsO_4)\ _3Cl$ کە لە بنەڕەتا لە کلۆراید و فۆسفاتی سورب یان قورقوشم پێکهاتووە ۞ پیرومورفیت

pyronine *noun*
ڕەنگی xanthine بۆ دۆزینەوەی بوونی RNA بەکاردێنرێ، هەریەک لە ڕەنگەکانی گزانتین xanthene dyes، زۆرتر وەک stain بیۆلۆژیکی بەکاردێنرێ ۞ پیرونین

pyrope /'pʌɪrəʊp/ *noun*
جۆرێ لەعلی سووری توند ۞ نوعی نارسنگ قرمز سیر

pyrophobia /paɪrəfəʊbɪə/ *noun*
(لە)ئاورترسی، ترسان لە ئاور ۞ آتش‌هراسی

pyrophoric /ˌpʌɪrə(ʊ)'fɒrɪk/ *adjective*, also pyrophorous
1 گڕگرتوو لەبەر هەوا، لەخۆوە داگیرساو یان گڕیاو، خۆبەخۆئاورگرتوو 2 پریشکەلێوەبوو (ب.ت. کاتێ بە شتێکدا وەک پۆڵا بهێندرێ) ۞ پیروفوریک

pyrophosphate *noun*
خوێ یان ئێستێری pyrophosphoric acid ۞ پیروفوسفات

pyrophosphoric acid /ˌpʌɪrə(ʊ)fɒs'fɒrɪk/ *noun*
(کیمیا) ترشەڵۆکی پایرۆفۆسفۆریک: ترشەڵۆکێکی کریستاڵی $H_4P_2O_7$ بەهۆی گەرماندن یا گەرمکردنی ترشەڵۆکی فۆسفۆریک بە دەست دێنرێ ۞ اسید پیروفوسفوریک

pyrophylite *noun*
کانێکی نەرمی زۆرتر سپی یان سەوزباو کە سیلیکاتێکی ئالۆمینیۆمی ئاودارە $Al_2Si_4O_{10}$ $(OH)_2$، شێوەی talc دەدا، زۆرتر لە بواری گلێنەمەنیدا بەکاردێنرێ ۞ پیروفیلیت

pyrosis /pʌɪ'rəʊsɪs/ = heartburn

pyrostat *noun*

گەرمی ڕێکخەر thermostat بۆ تێمپراچێری زۆر بالا ۞ پیرواستات

pyrosulphate *noun*

خوێی pyrosulfuric acid ۞ پیروسولفات

pyrosulphuric acid *noun*

شلەیێکی داخورێنەر corrosive، چەور و hygroscopic [H2S2O7]، بۆ سازکردنی ڕەنگ و تەقەمەنی بەکاردێتریێ ۞ اسید پیروسولفوریک

pyrotechnic /ˌpaɪrə(ʊ)ˈtɛknɪk/ *adjective,* also pyrotechnical

1 سەربە ئاوربازی، سەربە تۆقتۆقێن، سەربە pyrotechnics 2 (خوازە) وروژێنەر، بەشکۆ، بزوێنەر ۞ 1 وابستە بە آتش‌بازی 2 (مجازی) مهیج

pyrotechnics /ˌpaɪrəˈtɛknɪks/ *noun, pl.*

1 تۆقتۆقێن، تۆقتۆقەسازی، هونەری دروست کردنی تۆقتۆقە 2 (خوازە) هونەرمەندی، شانۆ، پیرفۆرمانسی بەشکۆ ۞ 1 آتش‌بازی، فن ساختن ترقە 2 نمایش، اجرای پرشکوە

pyrotechnist *noun*

وەستا یان شارەزای تۆقتۆقێن، تۆقتۆقەساز ۞ متخصص آتش‌بازی

pyrotechny /ˈpaɪrətɛknɪ/ = pyrotechnics

pyrotoxin = pyrogen

pyroxene /pʌɪˈrɒksiːn/ *noun*

پایراکسین، پیرۆکسین، ئاگرەبێگانە (چونکو وادادەنرا کە سەبارەت بە کەڤرە ئاگرینەکان بێگانە بێ) ۞ پیروکسن

pyroxenic *adjective*

سەربە پایراکسین یان پیرۆکسین، ئاگرەبێگانەیی ۞ وابستە بە پیروکسن

pyroxenite *noun*

پایرۆکسینیت، پیرۆکسینیت: کەڤر یان بەردێ لە بنەڕەتا یان بەشێکی زۆری لە ئاگرەبێگانە یان پایرۆکسین پێکهاتبێ ۞ پیروکسنیت

pyroxenitic *adjective*

سەربە یان پێوەندی بە پایرۆکسینیتەوە هەیە ۞ وابستە بە پیروکسنیت

pyroxylin *noun*

1 پایرۆکسیلین، پیرۆکسیلین: تێکەڵەیێکی گرکێشی نایترۆسیلۆلۆزەکان nitrocellulose کە ب.ت. لە بواری پلاستیک‌سازی و ڕووکێشی ئاوبەند (وەک lacquer ـەکان) بەکاردێتریێ، ئاوێتەیێکی nitrocellulose، بۆ بەرهەمهێنانی خوری یان پەشمی دەسکرد، چەرم، ئاماوزێ oilcloth بەکاردێتریێ 2 بەرهەمێکی پایرۆکسیلین ۞ پیروکسنیت

pyrotic *adjective, noun*

adj دەرمانی سووتێنەر *n* سووتێنەر ۞ *adj* داروی سوزاندە *n* سوزاندە

Pyrrha *noun,* Latin, from Greek

پیریا، پیرها: ژنی دیۆکالیۆن Deucalion ۞ پیراها

pyrrhic /ˈpɪrɪk/ *noun*

پیریک (= جۆرێ هەڵپەڕکێی میلیتاری یا شەڕی یۆنانی کۆن) ۞ پیریک

pyrrhic dance *noun*

سەما یان هەڵپەڕکێی پیریک ۞ رقص پیریک

Pyrrhic victory *noun*

سەرکەوتنی (یەکجار) گران، بردنەوەی خراپ‌تر لە تێشکان، بردنەوەی زۆر زیانلێ‌کەوتوو (یان زیانبار)، سەرکەوتن و بەزین وەکوو یەک (لە بنەڕەتا دەگەڕێتە بۆ Pyrrus پادشای Epirus کە ڕۆمی‌یەکانی لە سالی 279ی پێش زایین تێشکاند، بەلام زۆربەی پیاوان و سەربازانی لە دەس‌دا) ۞ پیروزی پیریک

Pyrrhonism /ˈpɪrənɪz(ə)m/ *noun*

گومانباوەڕی ڕەها (= ڕێبازی گومان لای فیلسووفی یۆنانی پیرۆ Pyrrho (دەوروبەری 365–270) ی پێش‌زایین) ۞ شک‌گرایی مطلق

Pyrrhonist /ˈpɪrənɪst/ *noun, adjective*

n پیرۆنیست *adj* پیرۆنیستی ۞ *n* شک‌گرای مطلق *adj* پیرونیستی

pyrrhotite *noun*

کانێکی مەگناتیکی برۆنزی‌ڕەنگ کە لە سولفایدی ئاسن (و زۆرتر نیکل) پێکهاتووە و بە شێوەی کریستال هەیە ۞ پیروتیت

pyrrhuloxia *noun, pl.* pyrrhuloxias

(باڵندەناسی) باڵندەیێکی دەنگ‌خۆشی باشووری ڕۆژاوای ئەمریکا و مەکسیکو، شێوەی سوورەسەیرە cardinal دەدا، سنگی سوور و پشتی بۆرە [*Cardinalis (Pyrrhuloxia) sinuatus*] ۞ پیرولوکسیا

pyrrole /ˈpɪrəʊl/ *noun*

(کیمیا) ڕۆنەسوورە، ڕۆن‌سوور: ئاوێتەیێکی شلی ژاراوی جیاناڵقە heterocyclic [C_4H_5N] کە پێکهێنەرێکی chlorophyll و hemin ـە و لە ڕۆنی ئێسک و قیری خەڵووزدا هەیە (بنەڕەت: لە purrhos یۆنانی "reddish" + oleum لاتین "oil") ۞ پیرول

pyrrolic *adjective*

سەربە ڕۆنەسوورە یان ڕۆن‌سوور، پێوەندی بە ڕۆنەسوورەوە هەیە ۞ وابستە بە پیرول

Pyrrophyta *noun, pl.*

ئاگرەگیاکان، قەوزەئاگرینەکان ۞ پیروفیتا

pyrrophyte *noun*

ئاگرەگیا، قەوزەئاگرینە، قەوزەی ئاگرین: هەریەک لە قەوزە جووت‌شێلاقە biflagellated تاک‌خانەکان [لق Pyrrophyta]، cryptomonad و dinoflagellate ـەکان پێکدێنێ ۞ پیروفیت

pyruvate *noun*

ئێستێر یان خوێی pyruvic acid ۞ پیرووات

pyruvic acid /pʌɪˈruːvɪk/ *noun*
(زیندەکیمیا) ترشەلۆکی پایرۆڤیک (پیرۆڤیک):
جۆری ترشەلۆکی ئەندامی زەردباو یان
ترشەلۆکێکی 3کاربۆنی $C_3H_4O_3$ کە ماکێکی
ناونجی گرنگە لە رەوت و پرۆسەی میتابۆلیزمدا
۞ اسید پیرویک

Pythagorean /pʌɪˌθagəˈriːən/ *adjective, noun*
adj سەربە بیرکار و فیلسووفی یۆنانی
Phtyagoras ی 580-500 پێش زایین) یان
فەلسەفەکەی *n* شاگردی فیاگۆراس ۞ *adj*
فیثاغورسی *n* پیرو فیثاغورس

Pythagoreanism *noun*
فیاگۆراسباوەڕی: تیۆری و ڕێبازەکانی
فیاگۆراس و دواکەوتەکانی کە پەرەیان بە
هێندێ بنەمای بنەڕەتی بیرکاری و ئەستێرەوانی
دا ۞ فیثاغورس‌گرایی

Pythiad *noun*
ماوەی چوارساڵەی نێوان جەژن و ڕێوڕەسمی
وەرزش و یارییەکانی پیتیەن Phytian games
لە یۆنانی کۆندا ۞ پیتیاد

Pythian[1] /ˈpɪθɪən/ *adjective*
1 سەربەو جەژن و ڕێڕەسمی وەرزش و
یارییانە کە هەر چوار ساڵ جارێ بەڕێوەدەچوو
2 سەربە Delphi لە یۆناندا، یان oracle
کۆنەکەی Apollo (بنەڕەت: لە *Puthō* ناوی
پێشووی دیلفی) ۞ پیتین

Pythian[2] /ˈpɪθɪən/ = knight of Phythias

Pythias *noun*, Greek
پیتیاس: دۆستی Damon کە لە لایەن Dionysus
ی Syracuse سزای مەرگی لەسەر درا ۞ پیتیاس

python /ˈpaɪθən, US -θɑːn/ *noun*
پایتۆن، پێچەمار، پیتۆن: مارێکی زلە و بێژار کە
لە نێچیر دەئاڵێ و جیقوفیقی دەردێنێ، وەک بوا
boa [*Python* (گەرمێنانی ئاسیا و ئەفریکا) و
توخمەکانی تر لە ئەوسترالیا: زۆر جۆرن]؛
بنەڕەت: لە ناوی مارەزلەکە کە بەدەستی ئاپۆلۆ
کوژرا ۞ اژدرمار

pythoness *noun*
(کۆن) ژنی غەیبزان ۞ زن غیب‌گو

pythonic[1] /paɪˈθɑːnɪk/ *adjective*, also pythonine
پایتۆنی، پیتۆن‌ئاسا ۞ اژدرماروار

pythonic[2] = prophetic; oracular

pythonine *adjective*
پێچەمارئاسا، پیتۆن‌ئاسا، شێوەپێچەمار ۞
اژدرمارمانند

pyuria /pʌɪˈjʊərɪə/ *noun*
میزی کێماوی یان چڵک‌کردوو، بوونی چڵک
یان کێم لە میزدا، ب.ت. لەبەر تووش‌بوون بە
بەکتریاوە، میزەچڵکی ۞ وجود عفونت در ادرار

pyx /pɪks/ *noun*, also pix
1 (لە شێوی خواوەندیدا) دەفری نان 2 (لە
ئینگلتەرە) سنووقێ لە شوێنی لێدانی سکەی
پاتشایی، کە نموونەی کۆینی زێڕ و زیو
هەڵدەگیرێن و ساڵانە تاقی‌دەکرێنەوە ۞ پیکس

pyxidium /pɪkˈsɪdɪəm/ *noun*, *pl.* pyxidia /-dɪə/
(ڕووەکناسی) سنووقژە، سنووقچە، سیپە،
سیپەڵە (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *puxidion*
یۆنانی، چکۆلێنراوی *puxis* "box") ۞ مجری

pyxie *noun*
هەریەک لە دوو ڕووەکی هەمیشەسەوزی
دەوەنی و خشۆک creeping (*Pyxidanthera*
barbulata، لە خێزانی Diapensiaceae)، هی
ڕۆژهەلاتی ئەمریکای باکووری (کەنارەکانی
ئەتلانتیک)، گەڵێ خونچە و شکۆفەی
ئەستێرەئاسا و وردی هەیە و گوڵەکانی سپی و
پەمەیی و پێنج‌بەشەن pentamerous ۞ پیکسی

pyxis *noun*, *pl.* pyxides
مجری، سیپ، سنووق، قوتو ۞ جعبه

pzzazz = pizzazz

Q q

Q[1], **q** /kju:, *pl.* Qs, Q's, q's /kju:z/ *noun*
1 کی‌یو، کیو (= حەقدەیەمین پیتی ئەلفوبێی ئینگلیسی): *'Queen' begins with (a) Q/'Q'* 2 ئاماژە بە دەنگی دوای P لە دەستەیێ لە شتەکان، بابەتەکان و هتد 3 شتێک لە شێوەی پیتی Q ۞ 1 و 2 کیو 3 چیزی Q مانند

Q[2] *abbreviation question*
پرسیار، پرس ۞ سؤال

Qabalah = Kabbalah

Qatari /ka'tɑ:ri/ *noun, adjective*
n قەتەری، خەڵکی قەتەر، وڵاتێکی کەنداوی فارسی *adj* سەربە قەتەر ۞ *n* اهل قطر *adj* وابستە بە قطر

qawwali /kə'vɑ:li/ *noun*
شوازێکی موسیقای دینی مسوڵمانەکانی پاکستان ۞ قوالی

QB *abbreviation* Queen's Bench

QC *abbreviation* Queen's Counsel

Q-Celtic = Goidelic

QED /ˌkju: i: 'di:/ *abbreviation* quod erat demonstrandum
(لاتینی، بیرکاری) هەر ئەوە کە دەبوایە بسەلمێنرایە ۞ و هو المطلوب

qibla /'kɪblə/ *noun*, also kiblah
رووگە، قیبلە ۞ قبلە

Q fever *noun*
تای کیو: جۆرێ نەخۆشی سەخت و هەلامەت‌ئاسا، بەهۆی دەس‌کەوتن لە ڕەشەوڵاخ، مەڕ و بزنی تووش‌بوو بۆ مرۆڤ رادەگوێزرێ و لە rickettsia (*Coxiella burnetii*) تووش دەبێ (نیشانەکانی بریتین لە: تایێکی زۆر (یان تاوتوێ)، لەرزوتا، ژانی ماسوولکە، سەرئێشە و جاروبار pneumonia) ۞ تب کیو

qigong /tʃi:'gɒŋ/ *noun*
شیگۆنگ، چیگۆنگ: شێوەیێکی چینی راهێنانی لەشی و کۆنترۆڵی هەناسە، سەربە tai chi (بنەڕەت: لە چینی‌یەوە) ۞ شیگونگ

qintar /'kɪntɑ:/ *noun*, *pl.* same, qintars, or qindarka
یەکەی پارەی ئالبانیا، بەرامبەر بە سەدیەکی lek یێ (بنەڕەت: لە ئالبانیایی، لە *qindar* لە *qind* "سەد") ۞ کیتار

qoph *noun*, also koph
قاف، قۆف، کۆف: نوزدەیەمین پیتی ئاوبێی عیبری ("q") ۞ قاف

qr *abbreviation* quarter(s)

Q-ship *noun*
جۆرێ کەشتی بازرگانی زرێ‌پۆش، بۆ تێک‌شکاندنی ژێردەریایی‌یەکان بەکاردێنرا (بنەڕەت: لە شەڕی جیهانی یەکەمدا، لە *Q* وەک هێمایێکی نائاشکرای جورێ کەشتی + ship) ۞ کیوشیپ

qt *abbreviation* quart

q.t. *noun*, on the q.t.

qto *abbreviation* quarto

qty *abbreviation* quantity

qu *abbreviation* question

qua /kweɪ, US kwɑ:/ *preposition*
وەک، وەکوو، لەبەر، بە خاتری، خۆی لە خۆیدا، بە خۆی: *The soldier acted qua soldier, not as a human being* ۞ به عنوان، برای، فی‌نفسە

quack[1] /kwæk/ *noun*
(مراوی) قارەقار ۞ قات قات

quack[2] /kwæk/ *noun, adjective*
n 1 گەندەدوکتور، دوکتورەدرۆزنە، دوکتوری بەدرۆ یان فێڵەباز، کەچەدوکتور 2 (ناڤەرمی، بریتانیا) دوکتور *adj* 1 درۆ 2 فێڵەباز، فێلاوی ۞ *n* 1 پزشک قلابی 2 (عامیانە) دکتر *adj* 1 قلابی 2 حقەباز

quackery /'kwækəri/ *noun*
پزشکیتی بەدرۆ، دوکتوریتی بەدرۆ ۞ طبابت قلابی

quack grass = couch2

quackish *adjective*
فێلاوی، فێلەباز ۞ حقەباز

quack-quack *noun*
(بە زمانی منالان) مراوی، ملاوی ۞ اردک

quack salver *noun*
دوکتوری بەدرۆ، دوکتورەدرۆزنە، کەچەدوکتور ۞ پزشک قلابی

quad[1] /kwɒd, US kwɑ:d/ *noun*
1 حەوشەی چوارسوو، حەساری چوارگۆشە (ب.ت. لە کۆلێژی ئاکسفۆرد) 2 = quadruplet ۞ حیاط چهارگوش

quad[2] /kwɒd, US kwɑ:d/ = 1 quadruplet 2 quadraphony

quadr(I,u)- *prefix*
پێشگر: چوار، چوارجار: *quadriplegia* (بنەڕەت: لە *quattuor* لاتین "چوار") ۞ پیشوند: چهار، چهار بار

quadragenarain /ˌkwɒdrədʒɪ'ne:rıən/ *noun*
کەسێکی 40 تا 49 ساڵە ۞ آدم چهل ساله

Quadragesima /ˌkwɒdrə'dʒɛsımə/ *noun*
یەکەمین یەکشەممە لە چلەی ڕۆژوودا ۞ اولین یکشنبەی لنت

Quadragesimal *adjective*
چلڕۆژە، سەربە ماوەی چلڕۆژە ۞ چهل روزه

quadrangle /'kwɒdræŋgl, US 'kwɑ:d-/ *noun*
1 (ئەندازە) چوارلا(یی)، چواربالوو، چوارسووچ، چوارگۆشە، چوارخشتەکی 2 حەوشەی چوارسووچ، حەساری چوارگۆشە ۞ 1 چهارضلعی 2 حیاط چهارگوش

quadrangular /kwɒ'dræŋgjələ(r), US kwɑ:'d-/ *adjective*
چوارلا(یی)، چواربالوو، چوارسووچ، چوارگۆشە، چوارخشتەکی ۞ چهار ضلعی

quadrant /'kwɒdrənt, US 'kwɑ:d-/ *noun*
1 چارەکە بازنە، چواریەکی بازنە 2 (کۆن) گۆشەپێو ۞ 1 ربع دایره 2 زاویەسنج

quadraphonic /ˌkwɒdrə'fɒnık, US ˌkwɑ:drə'fɑ:n-/ *adjective*, also quadrophonic
چواربڵیندگۆیی، چواربانەدی، چواردەنگی ۞ چهارباندی

quadraphony /-'drɒf(ə)ni/ *noun*
(دەنگ) سیستمی بڵاوکردنەوەی چواربڵیندگۆیی یان چواردەنگی ۞ سیستم پخش چهار باندی

quadrat /'kwɒdrət/ *noun*
(چاپ) کوادرات ۞ کوادرات

quadrate /'kwɒdrət/ *noun, adjective*
n 1 (هەروەها quadrate bone) ئێسکی چوارگۆشە (لە کاسەسەری باڵندە و خشۆکەکاندا) 2 ماسوولکەی چوارگۆشە *adj* چوارسووچ، چوارگۆشە ۞ *n* 1 استخوان چارگوش 2 ماهیچەی چارگوش *adj* چهارگوش

quadratic /kwɒ'drætık, US kwɑ:'d-/ *adjective, noun*
adj سەربە پلەدوو *n* هاوکێشەی پلەدوو ۞ *adj* وابسته به درجه دوم *n* معادلەی درجه دوم

quadratic equation *noun*
(جەبر) هاوکێشەی پلەدوو ۞ معادلەی درجه دوم

quadratics *noun, pl.*
هاوکێشەکانی پلەدوو، هاوکێشە پلەدوویی‌یەکان ۞ معادلات درجه دوم

quadrature /'kwɒdrətʃə/ *noun*
چوارگۆشاندن، چوارسووچاندن، کردنە چوارلا ۞ تربیع

quadrennial /kwɒ'drɛnıəl/ *adjective*
چوارساڵە، چوارساڵخایاندوو ۞ چهارساله

quadrennium /kwɒ'drɛnıəm/ *noun, pl.* quadrennia /-nıə/ or quadrenniums
ماوە یان قۆناخی چوارساڵە، چوارساڵان ۞ دورەی چهارساله

quadri- = quadr- /'kwɒdrı-, US 'kwɑ:d-/

quadricentennial /kwɒdrıse'ntenıəl/ *adjective*
چوارسەدەمین ساڵ(وەگەڕ یان ساڵیاد) ۞ چهارصدمین سال

quadricepital *adjective*
سەربە ماسوولکەی چوارسەرە ۞ وابسته به عضلەی دارای چهارسر

quadriceps /'kwɒdrıseps, US 'kwɑ:d-/ *noun, pl.* same
(توێکاری) ماسوولکەی چوارسەرە یان چوارسەر ۞ عضلەی دارای چهارسر

quadricycle /'kwɒdrısaıkl/ *noun*
چوارپێچکە(یی)، چوارچەرخە ۞ چهارچرخه

quadrifid /'kwɒdrıfıd/ *adjective*
(ڕووەکناسی) چواربەشە، چوارپارچە، چواربەشی ۞ چهار جزئی

quadriga /kwɒ'raıgə/ *noun*
عەرابەیێ کە چوارئەسپ پێکەوە دەیکێشن

(چوارئەسپی) ۞ کوادریگا

quadrilateral /ˌkwɒdrɪˈlætərəl, US ˌkwɑːd-/ *adjective, noun*
n شێوەی چوارلا(یی) *adj* سەربە چوارلایی ۞ *n* شکل چهارضلعی *adj* وابسته به چهارضلعی

quadrilingual /ˌkwɒrɪˈlɪŋgwəl/ *adjective*
چوارزمانە ۞ چهارزبانه

quadriliteral *adjective*
چوارپیتە، چوارپیتی ۞ چهار حرفی

quadrille[1] /kwəˈdrɪl/ *noun*
1 کوادریل (جۆرێ هەڵپەڕکێ یان سەمای چوارکەسە (یان زیاتر) کە ب.ت. لە سەدەی نۆزدەیەمدا باو بوو) 2 پارچە موسیقایێ بۆ ئەو سەمایە ۞ کوادریل

quadrille[2] /kwəˈdrɪl/ *noun*
جۆرێ کایە بە پەڕ بۆ چوارکەس ۞ نوعی بازی

quadrille[3] /kwəˈdrɪl/ *noun*
کاغزی خانەخانە یان چوارگۆشە ۞ کاغذ شطرنجی

quadrillion /kwɒˈdrɪljən, uu kwɑːˈd-/ *noun*
کوادریلیۆن (لە بریتانیا و ئەڵمانیا ژمارەی 1 بە 24 سیفر لە پێشەوە و لە ئەمریکا و فەرەنسە ژمارەی 1 بە 15 سیفر لە پێشیەوە، یان 10^{15}) ۞ کوادریلیون

quadripartite /ˌkwɒdrɪˈpɑːtʌɪt/ *adjective*
چواربەشی، چواربەشە، چوارپارچەیی، چوارقۆڵی، چوارلایەنە ۞ چهاربخشی، چهارسویه، چهارجانبه

quadriplegia /ˌkwɒdrɪˈpliːdʒə, US ˌkwɑːd-/ *noun*
سەقەتبوونی هەر چوار پەل، چوار(پەل)لەسمی ۞ کوادری‌پلیجیا

quadriplegic /ˌkwɒdrɪˈpliːdʒɪk, US ˌkwɑːd-/ *noun*
کەسێ کە هەر چوار پەلی سەقەت بێ، چوارپەل‌لەسم، چوارلەسمە ۞ کوادری‌پلیجیک

quadrisyllabic /kwɒdrɪsɪˈlæbɪk/ *adjective*
چواربڕگەیی، چوارکەرتەیی ۞ چهارهجایی

quadrisyllable /ˈkwɒdrɪsɪləbl/ *noun*
وشەی چواربڕگەیی، پەیڤی چوارکەرتەیی ۞ واژەی چهارهجایی

quadrivalent /ˌkwɒdrɪˈveɪl(ə)nt/ = tetravalent

quadrivial *adjective*
سەربە quadrivium ۞ وابسته به علوم چهارگانه

quadrivium /kwɒˈdrɪvɪəm/ *noun*
زانستە چوارینەکانی سەدەکانی نێوەڕاست (ئەندازە، ئەستێرەوانی، موسیقا و ژمێرە(ناسی) ۞ علوم چهارگانه

quadroon /kwɒˈdruːn/ *noun*
دووڕەگە، چواریەکی خوێنی ڕەگەزی ڕەشی تیایە ۞ دورگه

quadrophonic = quadraphonic

quadrophony = quadraphony

quadrumane /ˈkwɒdrʊmeɪn/ *noun*
گیانەوەری چواردەس ۞ جانور چهاردست

quadrumanous /kwɒˈdruːmənəs, US ˌkwɒdrʊˈmɑːnəs/ *adjective*
چواردەس، چواردەست ۞ چهاردست

quadruped /ˈkwɒdrʊped, US ˈkwɑːd-/ *noun, adjective*
(گیانەوەری) چوارپێ، چوارپا ۞ (جانور) چهارپا

quadrupedal /-ˈpiːd(ə)l, US -ˈruːpɪd(ə)l/ *adjective*
چوارپێ، چوارپا ۞ چهارپا

quadruplane *noun*
فڕۆکەی چوارباڵە ۞ هواپیمای چهارباله

quadruple /ˈkwɒdrʊpl, US kwɑːˈdruːpl/ *adjective, noun*
adj چواربەشی، چواربەشە، چوارپارچەیی، چوارقۆڵی، چوارلایەنە، چوارئەوندە، چواربەرامبەر، چوارچەندان *n* شت، ژمارە یان بڕی چواربەرامبەر ۞ *adj* چهاربخشی، چهارسویه، چهارجانبه، چهار برابر *n* چیز، تعداد یا مقدار چهار برابر

quadruple alliance *noun*
یەکێتی چوارلایەنە، یەکگرتوویی چوارقۆڵی ۞ اتحاد چهارجانبه

quadruplet /ˈkwɒdrʊplət, kwɒˈdruːplət, US kwɑː-/ *noun*
یەکێ لە منالانی چوارە یان چوارەکە ۞ یکی از چهارقلویان

quadruplex /ˈkwɒdrʊpleks/ *adjective*
چوارئەوندە، چواربەرامبەر، چوارچەندان ۞ چهار برابر

quadruplicate /kwɒˈdruːplɪkət/ *adjective, noun*, in quadruplicate
adj 1 چوارئەوندە، چواربەرامبەر 2 لە چوار ڕوونووسدا *n* چوار ڕوونووس یان دانە ۞ *adj* 1 چهار برابر 2 در چهار نسخه *n* چهار نسخه

quadruplicity /ˌkwɒdrʊˈplɪsɪlɪtɪ/ *noun*
چواربەرامبەری، چوارئەوندەیی ۞ چهاربرابری

quaestor /ˈkwiːstə(r)/ *noun*
(لە ڕۆمی کۆندا) فەرمانبەری بەڕێوەبردنی بەشی مالی، گەنجینەوان (quaestorial *adj*) ۞ خزانه‌دار

quaestorsghip *noun*
گەنجینەوانی ۞ خزانه‌داری

quaffer *noun*
بادەخۆرەوە، مەیخۆرەوە ۞ باده‌گسار

quag /kwag, kwɒg/ *noun*
زەلکاو، زۆنگاو، زەل، زۆنگ، چامۆر، لیتاو ⬡ باتلاق

quagga /ˈkwæɡə/ *noun*
کواگا (جۆرێ ئەسپەکێوی زەردی مەیلەو قاوەیی ئەفریکای باشووری، ئێستا قڕی تێکەوتووە [*Equus quagga*]) ⬡ کواگا

quaggy /ˈkwæɡi/ *adjective*
زەلکاوی، زۆنگاوی، شل، نەرم ⬡ باتلاقی، نرم

quagmire /ˈkwæɡmaɪə(r), ˈkwɒɡ-/ *noun*
1 زۆنگاو، زەلکاو، چامۆر، لیتاو 2 (خوازە) زەلکاو، گیروگرفت، گێرەوکێشە ⬡ 1 باتلاق 2 (مجازی) باتلاق، گرفتاری

quahog /ˈkwɔːhɒɡ, ˈkwɑː-/ *noun*, also quahaug /-hɔːɡ/
جۆرێ سەدەفی خۆراکی خڕی زلەی کەناری ئەتلانتیکی ئەمریکای باکووری [*Venus mercenaria*] ⬡ نوعی صدف خوراکی

quaich /kweɪk, -x/ *noun*, also quaigh
(سکاتلەندی) جۆرێ پیالەی پەلی دووقولفی خواردنەوە ⬡ کویک

quail /kweɪl/ *noun*, *pl.* same or quails
(باڵندەناسی) کەرەواڵە، هەویردە، کەراک، سەمانەک، کۆلەفڕ [*Coturnix coturnix*] و جۆرەکانی تر] ⬡ بلدرچین

quaint /kweɪnt/ *adjective*
جوان، سەرنجڕاکێش، جێی سەرنج، سەیر، دانسقە، ناسایی، کۆن (و جوان) ⬡ جالب، شگفت، غیرعادی، قدیمی

quaintly /kweɪntli/ *adverb*
جوان، بە شێوەیەکی جوان یان سەرنجڕاکێش: *whitewashed houses quaintly set on hilly, winding streets* ⬡ به طور جالب

quaintness /kweɪntnəs/ *noun*
جوانی، سەرنجڕاکێشی، سەیربوون: *the cosy - ntness of village life* ⬡ جالب توجه، شگفتی

quake /kweɪk/ *noun*
1 لەرینەوە، لەرەلەر، هەژیان، لەرزە، لەرزان 2 (نافەرمی) بوومەلەرزە، عەردهەژیان ⬡ 1 لرزش 2 (عامیانه) زمین‌لرزه

Quaker /ˈkweɪkə(r)/ *noun*
کواکێر (ئەندامی کۆمەڵەی یاران the Society of the Friends، کۆمەڵێکی دینی کریستانیەت کە بێ هیچ دابودەستووری کۆ دەبنەوە و زۆر دژی توندوتیژی و شەڕن، لە 1650 لە لایەن George Fox ەوە دامەزرا) ⬡ کواکر

Quakerism *noun*
کواکێریزم ⬡ کواکریسم

Quaker meeting *noun*
کۆبوونەوەی یاران ⬡ گردهمایی دوستان

quale /ˈkweɪli/ *noun*, *pl.* qualia /ˈkweɪlɪə/
تایبەتمەندی ⬡ خاصیت

qualification /ˌkwɒlɪfɪˈkeɪʃn, US ˌkwɑːl-/ *noun*
1 گۆڕان، راستکردنەوە، راستەوپاستەکردن، گۆڕین، باسکردن 2 هەڵومەرج، چەندوچۆن، شەرتومەرج، مەرجەکان، مەرج، (هەڵ و)مەرجی پێویست 3 لێوەشاوەیی، لێهاتوویی، بەکارهاتوویی، راهاتوویی ⬡ 1 تغییر، اصلاح، تبدیل، توصیف 2 شرایط، شرط، شرایط لازم 3 قابلیت، شایستگی

qualified /ˈkwɒlɪfaɪd, US ˈkwɑːl-/ *adjective*
لێوەشاو، لێهاتوو، بەکارهاتوو، راهاتوو، ژیهاتی، مەرجدار، بەند، بەستراو، دیاریکراو، بەرتەسک ⬡ واجد شرایط، شایسته، مشروط، محدود

qualifier /ˈkwɒlɪfaɪə(r), US ˈkwɑːl-/ *noun*
1 لێوەشاو، لێهاتوو، بەکارهاتوو، راهاتوو، ژیهاتی 2 (پێشبڕکێ) هەڵبژێردراو بۆ خولی دواتر: *a World Cup qualifier* 3 (رێزمان) کوالیفایێر (ب.ت. ناوەڵناو یان ئاوەڵکار) ⬡ 1 واجد شرایط 2 انتخاب‌شده برای دور بعد 3 (دستور زبان) وابستەی وصفی

qualifying exam *noun*
تاقیکاری لێوەشاوەیی یان لێهاتوویی ⬡ امتحان صلاحیت

qualifying matches *noun, pl.*
پێشبڕکێ هەڵبژێرییەکان، پێشبڕکێکانی هەڵبژاردن ⬡ مسابقات انتخابی

qualitative /ˈkwɒlɪtətɪv, US ˈkwɑːləteɪt-/ *adjective*
چۆنی، چۆنیەتی‌یانە، سەربە چۆنیەتی، بەستراو بە چۆنیتییەوە: *qualitative analysis/research* ⬡ کیفی، کیفیتی

qualitative analysis *noun*
شیکردنەوەی چۆنیەتی‌یانە ⬡ تحلیل کیفی

qualitatively /ˈkwɒlɪtətɪvli, US ˈkwɑːləteɪt-/ *adverb*
لەباری چۆنیەتی‌یەوە: *qualitatively different* ⬡ از نظر کیفی

quality /ˈkwɒləti, US ˈkwɑːl-/ *noun* (*pl.* qualities), *adjective*
n 1 کوالیتە، کوالیتی، چۆنیەتی، چۆنیتی، چۆنایەتی، رادەی باشیتی، جۆر، رەنگ، ئاوا 2 تایبەتمەندی، رەوشت، سروشت 3 لێهاتوویی، لێوەشاوەیی *adj* (رۆژنامە و هتد) پڕبایەخ، پڕزانیاری، ئاگایی‌پێدەر ⬡ *n* 1 کیفیت، ویژگی، نوع 2 خاصیت 3 شایستگی *adj* وزین، آموزنده

quality control *noun*
کۆنترۆڵی چۆنیەتی، بەسەرڕاگەیشتنی چۆنیتی ⬡ کنترل کیفیت

quality controller *noun*

بەسەرڕاگەیشتوو یان کۆنترۆڵکەری چۆنیەتی ⬡ کنترل‌کنندەی کیفیت

quality newspaper *noun*
ڕۆژنامەی بەرزانیاری، ڕۆژنامەی پڕنیوەرۆک، ڕۆژنامەی ئاگایی‌پێدەر ⬡ روزنامەی آموزندە

quality of life *noun*
چۆنیەتی ژیان ⬡ کیفیت زندگی

quality time *noun*
کات یان تایمی چۆنیەتی ⬡ زمان کیفیت

qualm /kwa:m, US kwɔ:m/ *noun*
1 دوودڵی، دڕدۆنگی، گومان، شک‌بوون، دڵەدوایی، دڵەڕاوکێ، نیگەرانی 2 (کۆن) دڵ لە ژێلداهاتن، هێلنج‌دان، دڵ‌پێکاهاتن ⬡ 1 تردید، دلواپسی، دغدغەی خاطر 2 حالت تهوع

qualmish *adjective*
دوودڵ، لە شک‌وگوماندا، تووشی دوودڵی‌بوو، نیگەران ⬡ دچار تردید، نگران

quamash /kwə'mæʃ, 'kwɒmæʃ/ = camas

quandary /'kwɒndəri, US 'kwa:n-/ *noun, pl.* quandaries
سەرلێ‌شێواوی، سەرلێ‌تێکچوویی، تیاماوی، گێژی، بڕیارێ‌نەگیران، بڕیارێ‌نەدراوی، ساغ‌نەبوونەوە (لەسەر شتێ)، گێجەڵ، گیرەوکێشە ⬡ سردرگمی، بلاتکلیفی، حیرت، گرفتاری

quango /'kwæŋgəʊ, US -goʊ/ *noun, pl.* quangos
(بریتانیا، سووکانە) ڕێکخراوەی حکومیی سەربەخۆ (بەڵام بە پشتیوانی حکومەت) ⬡ سازمان دولتی غیروابستە

quanta /'kwɒntə, 'kwa:ntə/ = plural form of quantum

quantifiable *adjective*
لەچەندێتی‌هاتوو، لەپێوان‌هاتوو ⬡ کمیت‌پذیر، قابل قیاس

quantification /ˌkwɒntɪfɪ'keɪʃn, ˌkwa:n-/ *noun*
دیاری‌کردنی بڕ یان ئەندازە، پێوانی چەندی یا چەندێتی ⬡ تعیین مقدار

quantifier /'kwɒntɪfaɪə(r), US 'kwa:n-/ *noun*
(ڕێزمان) چەندێتی‌پیشاندەر، چەندێتی‌دەرخەر، چەندی‌پیشاندەر، چەن(ـد)دەرخەر ⬡ (دستور زبان) کمیت‌نما

quantitative /ˌkwɒntɪtətɪv, US -teɪt, ˌkwa:n-/ *adjective*
چەندێتی‌یانە، بەستراو بە چەندێتی، چەندی ⬡ کمی

quantitative analysis *noun*
(کیمیا) چەندی‌شیکاری، شی‌کردنەوەی چەندێتی ⬡ تحلیل کمی

quantitatively /ˌkwɒntɪtətɪvli, US -teɪt, ˌkwa:n-/ *adverb*
لەباری چەندێتی‌یەوە ⬡ از نظر کمی

quantitative methods *noun, pl.*
شێوازە چەندی‌یەکان، ڕێبازە چەندێتی‌یەکان ⬡ روش‌های کمی

quantitive = quantitative

quantity /'kwɒntəti, US 'kwa:n-/ *noun, pl.* quantities
چەندێتی، چەندبوون، ئەندازە، بڕ، بڕ یان ژمارەیەکی زۆر: *enormous/vast/huge -ties of food* ⬡ کمیت، مقدار، مقدار یا تعداد زیاد

quantity and quality *noun*
چەند و چۆن، چەندێتی و چۆنیەتی ⬡ کم و کیف

quantity surveyor *noun*
نرخێنەری بڕی شتێ، بڕلێکدەرەوە، هەڵسەنگێنەری بڕ و ئەندازەی شتێ، بڕنرخێن ⬡ تخمین‌گر مقادیر

quantization *noun*
(کیمیا) کوانتین، کوانتیزەیشن، چەندین ⬡ کوانتش

quantization rules *noun, pl.*
(کیمیا) ڕێساکانی کوانتین ⬡ قواعد کوانتش

quantized *adjective*
کوانتینراو، چەندێتراو ⬡ کوانتیده

quantum /'kwɒntəm, 'kwa:n-/ *noun, pl.* quanta /-tə/
1 (فیزیک) کوانتوم، چەندە (یەکەی وزە لە فیزیکی ناوکی‌دا) 2 بڕێکی کەم 3 بەش، پشک، پار ⬡ 1 کوانتوم 2 مقدار اندک 3 سهم، بخش

quantum biology *noun*
زیندەناسی کوانتۆمی: لقێ لە زیندەناسی کە لەمەڕ ڕەوت و پرۆسەی پێوەندی‌دار بە وزە لە بوونەوەراندا لە ڕوانگەی تیۆری کوانتۆمی‌یەوە دەکۆڵێتەوە ⬡ زیست‌شناسی کوانتومی

quantum chemistry *noun*
کیمیای کوانتۆمی ⬡ شیمی کوانتومی

quantum chromodynamics *noun, pl., abbreviation* QCD
(فیزیک) کرۆمۆدینامیکی کوانتۆمی: تیۆرییێکی کوانتۆمی لەبارەی کۆمەڵێ کارلێک‌کردنی interaction کوارک و gluon ـەکان کە لەودا ڕەنگی کوارکەکان هاوشێوەی بارگەی ئێلیکتریکی‌یە electric charge ⬡ کرومودینامیک کوانتومی

quantum electrodynamics *noun, pl., abbreviation* QED
تیۆرییێ کە لەمەڕ بوار یان گۆڕەبانی ئێلیکترۆمەگناتیکی و کار و کاردانەوەکانی لەگەڵ پارچۆلکە بارگاوی‌یەکان بە شێوەیێکی ئێلیکتریکی دەکۆڵێتەوە، تیۆری کوانتۆمی میکانیکی کە دەربارەی بوار یان گۆڕەبانی

ئێلیکترۆمەگناتیکی و کاردانەوەکانی لەگەڵ ئێلیکترۆن و پۆزیترۆنەکاندا دەکۆڵێتەوە ۞ الکترودینامیک کوانتومی

quantum evolution *noun*

گەشەسەندنی کوانتۆمی، گەشەسەندنی خێرا: گەشەسەندنی خێرا سەردەمێ روودەدا کە ئاڵوگۆڕی خێرا و کوتوپڕ لە ژینگەدا بقەومێ یان بوونەوەران بچنە ژینگەیێکی ترەوە کە لەگەڵ ژینگەی خۆیان جیاوازییێکی زۆر هەبێ، بەو پێیە بوونەوەران ناچارن بۆ مانەوەیان زۆر زوو خۆیان لەگەڵ بارودۆخی ژینگە بگونجێنن ۞ تکامل کوانتومی

quantum jump = quantum leap

quantum leap *noun*

پێشکەوتنی گەورە (یان بەربڵاو)، قەڵەمباز (ی گەورە)، پەرەسەندنی مەزن، هەر گۆڕان، پێشکەوتن یان زۆربوونێکی کوتوپڕ و گرنگ ۞ جهش بزرگ

quantum mechanics *noun, pl.*

میکانیکی کوانتۆم یان چەندە ۞ مکانیک کوانتوم

quantum number *noun*

(کیمیا) ژمارەی کوانتۆمی ۞ عدد کوانتومی

quantum state *noun*

(کیمیا) باری کوانتۆمی، دۆخی کوانتۆمی ۞ حالت کوانتومی

quantum sufficit, *abbreviation* q.s.

(لاتینی) بە ئەندازەی بەش‌کردوو، تەواو ۞ بە قدر کافی

quantum theory *noun*

(فیزیک) بیردۆز یان تیۆری کوانتۆمی ۞ نظریەی کوانتومی

quarantine /'kwɒrənti:n, US 'kwɔ:r-, 'kwɑ:r-/ *noun*

کەرەنتینە، قەرەنتینە (بنەڕەت: لە *quarantine* ئیتالیایی "چل‌ڕۆژان"، لە *quaranta* "چل") ۞ قرنطینه

quark[1] /kwɑ:k, US kwɑ:rk/ *noun*

(فیزیک) کوارک: بەشێکی یەکجار وردی ماک یان مەتریالێ (لە لایەن فیزیک‌زانی ئەمریکایی Murray Gell-Mann) ۞ کوارک

quark[2] /kwɑ:k, US kwɑ:rk/ *noun*

جۆرێ پەنیری لۆرکی کەم‌چەوری ۞ نوعی پنیر

quarrel[1] /'kwɒrəl, US 'kwɔ:r-, 'kwɑ:r-/ *noun*

1 شەڕوکێشە، دمەقڕە، گێچەڵ، حولەسێ، کێشمەکێش، شەڕ، مشتومڕ، کێشە، جوورە، قڕە 2 دڵ‌ئێشان، زیزبوون، گلەیی، گازندە، گلەیی‌وگناشت ۞ 1 دعوا، نزاع، اختلاف، کشمکش، مرافعه 2 دلخوری، شکایت

quarrel[2] /'kwɒrəl, US 'kwɔ:r-, 'kwɑ:r-/ *noun*

1 (مێژوویی) تیری سەرچوارسووچ یان چوارگۆشەیی 2 بورغی یان پێچی سەرپان ۞ 1 تیر سرچهارگوش 2 پیچ سرپهن

quarrelling *noun*

شەڕوکێشە، دمەقڕە، گێچەڵ، شەڕ، مشتومڕ، کێشە، جوورە، قڕە ۞ دعوا، نزاع، اختلاف

quarrelsome /'kwɒrəlsəm, US 'kwɔ:r-, 'kwɑ:r-/ *adjective*

سەربەگێچەڵ، شەڕفرۆش، کێشەخواز، دەم‌گەرم، شیرەتی، وەیخڕ، جینگزی، ئاگرپارە، وەکوو کەڵەشێری لاری، شەڕانی، شەڕاشو، سەرلەکێشەخوراو ۞ نزاع‌طلب، دعوایی

quarrelsomely /'kwɒrəlsəmli, US 'kwɔ:r-, 'kwɑ:r-/ *adverb*

سەربەگێچەڵانە، شەڕفرۆشانە ۞ به طور دعوایی

quarrelsomeness /'kwɒrəlsəmnəs, US 'kwɔ:r-, 'kwɑ:r-/ *noun*

سەربەگێچەڵی، شەڕفرۆشی، ناجسنی، شەڕانێتی، شەڕاشۆیی، بەدەفەڕی، شەڕەنگێزی، شەڕنانەوە، سەربەگۆبەندی، سەرلەشەڕخوراوی ۞ دعوایی بودن، ستیزه‌جویی

quarried *adjective*

کانەبەردتیابوو، خاوەن کانی بەرد ۞ دارای معدن سنگ

quarrier *noun*

بەردکەن، کرێکاری کانی بەرد ۞ سنگ‌کن

quarrion /'kwɒrɪən/, also quarrien = cockatiel

quarry[1] /'kwɒri, US 'kwɔ:ri, 'kwɑ:ri/ *noun, pl.* quarries

(چ گیانەوەر یان مرۆڤ) نێچیر، نەچیر، راو: *The photographers pursued their quarry through the streets* ۞ شکار

quarry[2] /'kwɒri, US 'kwɔ:ri, 'kwɑ:ri/ *noun, pl.* quarries

کانەبەرد، کانی بەرد ۞ معدن سنگ

quarry[3] /'kwɒri, US 'kwɔ:ri, 'kwɑ:ri/ *noun, pl.* quarries

1 چاوەشووشەی لەبزینەیی یا ئەڵماسی 2 (هەروەها quarry tile) کاشی تەرکی لۆعاب‌نەکراو ۞ 1 جام شیشەی لوزی 2 کاشی بدون لعاب کف

quarryman /'kwɒrimən/ *noun, pl.* quarrymen

بەردکەن، کرێکاری کانی بەرد ۞ سنگ‌کن

quart /kwɔ:t, US kwɔ:rt/ *noun*

1 کونارت، کوارت، کوۆرت (پێوانەیێ لە بریتانیا بەرامبەر بە 1/14 لیتر و لە ئەمریکا 0/95 لیتر) 2 چارەک، چواریەک، کەرت 3 جۆرێ کەشتی چکۆلەی چواردارالایی ۞ 1 کوارت 2 یک‌چهارم 3 کوارت

quartan /'kwɔ:t(ə)n/ *adjective*
(پزشکی) چوار رۆژ جاریّ (بنەڕەت: لە لاتین، لەسەر بنچینەی *(febris) quartana* لاتین "چوارەم fourth" *quartus*) ۞ هر چهار روز یکبار

quarter /'kwɔ:tə(r), US 'kwɔ:rt-/ *noun*
1 چارەک، چواریەک، کەرت، رب، نیملا 2 چارەکە سەعات، پازدە دەقە 3 (خوێندنگا یان زانکۆ) وەرزی ساڵ 4 وەرز، ماوەی سێمانگە 5 پاژ یان قیستی سێمانگە، پاژی وەرزی 6 (ئەمریکا و کەنەدا) کوینی بیست و پێنج سینتی، چارەکە دۆلار 7 چواریەک یان چارەکە سەنگی پەوندێ (بەرامبەر بە 4 ئەونس) 8 ناوچە، دەڤەر، گەڕەک، تاخ 9 لا، ئالی، ئاست 10 سەرچاوە، ژێدەر، چاڤکانی 11 چارەکی مانگ، حەوتوو، حەوڕوژان 12 ئەمان، بەخشین، لیّخۆش‌بوون، لیّبوردن، بەزەیی‌پیاهاتن (ب.ت. دوژمن) 13 دەستە، کۆمەڵ 14 (heraldry) چارەکە: هەریەک لە چوار یان چەندین بەشی تا ئەندازەیێ بەرامبەری قەڵغانێ؛ charge یکی چوارگۆشە کە تەوق یان سەرەوەی چارەکی چەپی field ی دادەپۆشێ 15 لا یان تەنیشتی سمی ئەسپ نێوان مووسم و پاژنە 16 ناوچەی پاژنەی stern لا یان تەنیشتی کەشتی 17 تەنیشت یان لای کەوش و چەکمە (لە پاژنەوە تا vamp) 18 (quarters) شوێن، جێگا، جیّوڕێ، شوێنی مانەوە (بۆ سەربازان) ۞ 1 ربع، یک‌چهارم 2 ربع ساعت 3 ربع یا ثلث سال 4 فصل 5 قسط سەماهە 6 سکەی بیست و پنج سنتی 7 ربع وزن پوند 8 منطقە، محلە 9 سو 10 منبع 11 ربع قمر 12 بخشش 13 جماعت 14، 15، 16 و 17 کوارتر 18 (در جمع) محل، اقامت‌گاه

quarteraege /'kwɔ:tənd3/ *noun*
پاژ یان باجی سێمانگە (یان وەرزی) ۞ قسط یا مالیات 3 ماهە

quarterback /'kwɔ:təbæk, US 'kwɔ:rtərbæk/ *noun*
(تۆپێنی ئەمریکایی) یاریزانی تیپ یا دەستەی هێرش ۞ بازی‌کن تیم حملە

quarter binding *noun*
جزوبەندی چارەک یان چواریەک (بنەکەی لە جۆرێ و ئەوی‌تری لە جۆرێ) ۞ کوارتر بیندینگ

quarter day *noun*
سەروەرز، سەری سێمانگە، یەکەمین رۆژی سێمانگە یان وەرز، (لە بریتانیا) رۆژی پێدانی پاژ(ەکان)، رۆژی پێدانی سەری سێمانگ (بۆ نموونە لە stock exchange دا) ۞ روز اول کوارتر، روز پرداخت‌های فصلی

quarterdeck /'kwɔ:tədek, US 'kwɔ:rtərdek/ *noun*
1 پشتەوەی کەشتی، پشتەوەی دیکی سەرەوە 2 ئەفسەرانی کەشتی یان هێزی دەریایی ۞ 1 قسمت مؤخرەی کشتی 2 افسران کشتی یا نیروی دریایی

quarterfinal *noun*
پێشبڕکێی چارەکی کۆتایی ۞ مسابقەی یک‌چهارم نهایی

Quarter Horse *noun*
جۆرێ ئەسپی چکۆلە کە دەتوانێ بۆ مەودایێکی کورت زۆر توند هەڵێ ۞ نوعی اسب

quarter-hour *noun*, also quarter of an hour
چارەک، ماوەی پازدە دەقە ۞ ربع ساعت

quartering *noun*
1 دابەش‌کردن بۆ چوار بەش، چارەکاندن، کەرتاندن 2 دابین‌کردنی جیّوڕێ، ب.ت. بۆ سەربازان ۞ 1 تربیع 2 کوارترینگ

quarter-light *noun*
(ماشێن) شووشەی با، پەنجێرەی با ۞ شیشەی بادگیر

quarterly /'kwɔ:təli, US 'kwɔ:rtərli/ *adjective, adverb, noun* (*pl.* quarterlies)
1 *adj* سێمانگە، چارەکەساڵ 2 (heraldry) دابەش‌کراو بۆ چواربەش، چارەکە *adv* هەر ساڵ چوار جار، هەر سێ مانگ جارێ *n* (کۆ quarterlies) وەرزنامە، کۆڤاری سێمانگە (ساڵی چوار جار دەردەچێ) ۞ 1 *adj* سەماهە 2 کوارترلی *adv* هر سە ماە یکبار *n* فصل‌نامە

quarterly meeting *noun*
کۆبوونەوەی وەرزی یان سێمانگە ۞ نشست سەماهە

quartermaster /'kwɔ:təmɑ:stə(r), US 'kwɔ:rtərmæs-/ *noun*
(ئەرتەش) ئەفسەری ریژیمێنتی بەرپرس بۆ دابین‌کردنی خۆراک، یونیفۆرم، جیّوشوێنی هێز (battalion) ۞ افسر سررشتەداری

Quartermaster General *noun*
سەرئەفسەری ریژیمێنتی بەرپرس بۆ دابین‌کردنی خۆراک، یونیفۆرم، جیّوشوێنی هێز (battalion) ۞ رئیس کل سررشتەداری

quartern /'kwɔ:t(ə)n/ *noun*
(کۆن، بریتانیا) چواریەکی pint ێ ۞ کوارترن

quarter-note /'kwɔ:tə nəʊt/ *noun*, also crotchet
نۆتەی تەواو ۞ نت سیاه

quarter sessions *noun, pl.*
(لە بریتانیا و جاران) دادگایێ کە بە دەسەڵاتێکی کەمەوە کە هەر سێ مانگ جارێ دەگیرا، دادگایی یا کۆبوونەوە سێمانگی‌یەکان ۞ جلسات فصلی

quarterstaff /'kwɔ:təstɑ:f/ *noun*
رمی دارین (زوو وەک چەکی شەڕ بەکاردێنرا) ۞ نیزەی چوبی

quartet /kwɔː'tet, US kwɔːr'tet/ *noun*, also quartette

1 چــواره، کوارتێــت (دەســتەی چوارکەســەی موسیقاژەن یا گۆرانیبێژان)، (پارچە موسیقایێ بۆ چوار ئامێر) 2 دەستەی چواردانەیی، دەستە یــان گرووپــی چوارکەســە ۞ 1 کوارتــــت 2 مجموعەی چهارتایی، گروه چهارنفری

quartile /'kwɔːtʌɪl/ *noun*

(ســەرژمێری) چارەکــە (لــە *quartus* لاتــین "fourth") ۞ کوارتایل

quarto /'kwɔːtəʊ, US 'kwɔːrtoʊ/ *noun*, *pl.* quartos

(کاغز) کوارتۆ، (کتێب) (ئەندازەکەی 10 ئینچ لە 8 ئینــچ یــان 254 لــە 203 میلــیمیتــر بــێ، کورتەکەی 4to) ۞ قطع رحلی، کتاب قطع رحلی

quartz /kwɔːts, US kwɔːrts/ *noun*

کوارتز، کوارتس، مەرمەڕ ۞ کوارتز، در کوهی

quartz clock *noun*, also quartz watch

کاتژمێر یان سەعاتی کوارتز ۞ ساعت کوارتز

quartz glass *noun*

شووشەی کوارتز ۞ شیشەی کوارتز

quartzite *noun*

(زەویناسی) جۆرێ بەردی ڕەق و دەنکەدەنکە، لە بنەڕەتا کوارتز لەو پێکدێ ۞ کوارتزیت

quartzitic *adjective*

سەربە quartzite ۞ وابستە بە کوارتزیت

quasar /'kweɪzɑː(r)/ *noun*

(ئەســتێرەوانی) کــوازار، ئەستێرەئاســا (کــە ســــەرچاوەی تیــــشکدانــــەوەی ئێلیکترۆمەگناتیکییەکی توندە) ۞ اخترنما

quasi- /'kweɪzaɪ, US -saɪ, 'kwɑːzi/ *prefix*

پێشگر: شێوەــ ـئاسا، لەــ ـچوو، نیوەــ لاــ نیمچەــ درۆزنــە، ســاــ ســووکەــ: -*quasi* *quasicrystalline scientific* (بنــەڕەت: لــە *quasi* لاتینــەوە "وا، وەک ئــەوە وایــە، دەڵــێی، نزیکی، نزیکەی") ۞ پیشوند: شبهــ ـنما، ـمانند، نیمەــ

quasi-governmental organization *noun*

ڕێکخــــراوەی لاحکــــومی، ڕێکخــــراوەی نیمچەحکومی یان سامێری ۞ سازمان نیمەدولتی

quasi-law *adjective*

شێوەزاکوون، نیمچەقانوون، شێوەیاسا، لازاکوون ۞ قانوننما

quasi-religious *adjective*

نیمچــەدینی، نیمچــەئایینی، دیــنئاســـایی ۞ نیمەمذهبی

quasi-scientific approach *noun*

تێڕوانینی نیمچەزانستی ۞ رویکرد شبەعلمی

quasi-scientific explanation *noun*

ڕوونکردنەوەی نیمچەزانستی ۞ توضیح شبەعلمی

quassia /'kwɒʃə, 'kwɒʃɪə, 'kwasɪə/ *noun*

دەوەن یان دارۆچکەیێکی ئەمریکای باشووری و جۆرەکانی تر [*Quassia amara*] ۞ کواسیا

quatercentenary /ˌkwætəsen'tiːnəri, US -tərsen'teneri/ *noun*, *pl.* quatercentenaries

چوارســـەدەمین ســاڵــوەگەڕ یــان ســاڵـــیاد ۞ چهارصدمین سالگرد

Quaternary /kwə'təːn(ə)ri/ *adjective*

1 (زەویناسی) چوارینە، کواتێرنێری (ئاماژە بە دوایین سەردەمانی ژیانی نوێ Cenozoic era کە بە دوای سەردەمی تێرشیاری Tertiary دا دێ (و قۆناخەکانی پلایستۆسین Pleistocene و هۆلۆسین Holocene دادەگرێ کە 1.64 ملیۆن ساڵ لەوە پێشی خایاندووە) quaternary) 2 چواردانەیی، چوارینە، چواربەشە، چواربەشی بنیایە 3 چوارەم، چوارمین (لەباری پلە، ڕیز و هتد) ۞ 1 کــواترنری 2 (بــا q) چهارتــایی، چهارجزئی 3 چهارم (از حیث رتبه و غیره)

quaternion /kwə'təːnɪən/ *noun*

1 بەرێ کە چوارجار قەد کرابێ 2 دەستەی چواردانــەیی، دەســتەیێکی چوارکەســە ۞ 1 کواترنیون 2 مجموعەی چهارتایی، گروه چهارنفری

quatorze /kə'tɔːz/ *noun*

چوارپەڕی جۆرێ کە لە 10 بۆ سەرێ دەبێتە 14 ۞ کواتورز

quatrain /'kwɒtreɪn, US 'kwɑːt-/ *noun*

چوارخشتەکی، چوارینە ۞ رباعی

quatre /'kɑːtə(r)/ *noun*

(فەرەنسی، لە یاریدا) چوار ۞ چهار

quatrefoil /'katrəfɔɪl/ *noun*

(نەخــشێکی جــوانی) گوڵــی چوارپــەڕ یــان چوارگەڵا ۞ گل چهارپر

quattrocento /ˌkwatrə(ʊ)'tʃɛntəʊ/ *noun*

ســەدەی پازدەیــەم وەک قۆنــاخێکی هونــەر و سازەوانی ئیتالیایی (بنەڕەت: لە *milquattrocento* '1400' ئیتالیایی) ۞ قرن پانزدهم

quattuordecillion *noun*

1 (ئینگلتــەرە) ژمــارەی یــەک بــە 84 سیفر و بە هێزەی دووەوە 2 (ئەمریکا) ژمارەی یەک بە 45 سیفر و بە هێزەی دووەوە ۞ کواتوردسیلیون

quaver /'kweɪvə(r)/ *noun*

(دەنگ یا نۆت) لەرینەوە، لەرە، شەکە ۞ لرزش

quavering *adjective*

لەرۆک، (زۆر)لەراوە ۞ لرزان

quavery /'kweɪvəri/ *adjective*

لەرۆک، (زۆر)لەراوە ۞ لرزان

quay /kiː/ *noun*

لەنگەرگا، جێی بارخستن و بارلێنانی کەشتی ۞ اسکله

quayage /'kiːɪdʒ/ *noun*

لەنگەر(گایـ)انە، پارەی بەکارهێنانی لەنگەرگا ۞ حقوق بندری

quayside /'ki:saɪd/ *noun*
دەوروپشتی لەنگەرگا ۞ محوطەی اسکلە
quean /kwi:n/ *noun*
1 (کۆن) قەحبە، ژنی حیز، لەشفرۆش 2 کچ یان ژنی بێشەرم، چوختی ۞ 1 روسپی 2 دختر یا زن گستاخ
queasily /'kwi:zɪli/ *adverb*
دڵپێکاهاتووانە ۞ با حالت تهوع
queasiness /'kwi:zinəs/ *noun*
دڵپێکاهاتن، دڵ لە زیلداهاتن، هێلنجدان ۞ حالت تهوع
queasy /'kwi:zi/ *adjective* (queasier, queasiest)
1 هێلنجپێدەر، رشێنەرەوە، دڵتێکهالێنەر، نارەحەت، دڵپێکاهاتوو 2 نارەحەتکەر ۞ 1 تهوعآور، دچار تهوع 2 آزارندە
Quebecker /kwɪ'bɛkə/ *noun,* aslo Quebecer
خەڵکی هەرێم یان شاری Quebecی کەنەدا ۞ کبکی
Quechua /'kɛtʃwə/ *noun,* also Quecha /'kɛtʃə/, Quichua/, *pl.* same or Quechuas
1 کێچوا، کویچوا، کوچوا: ئەندامی گەلێکی ئەمریکایی لە پێرۆ و ولاتانی دەوروبەر (وەک بۆلیڤیا، شیلی، کولۆمبیا، ئیکوادۆر و ئارژانتین) 2 زمان یان دەستەزمانی ئەو گەلە (بنەرەت: سپانیایی، لە کێچوایی ***ghechwa*** "دۆلی فێنک ("temperate valleys ۞ کچوا، کویچوا
Quechuan *adjective, noun*
کێچوایی، کویچوایی، کوچوایی ۞ کویچوایی
queen /kwi:n/ *noun*
1 شاژن، شابانوو، قەرالیچە 2 (شەترەنج) وەزیر 3 (پەرین) بانوو، شابانوو، بیبی 4 لووسکە، حیز (پیاوی هۆمۆسێکشواڵ) 5 (مێرووناسی) شاهەنگ، ماک، شامێرووله، شامۆرانە 6 گوڵی سەرتۆپ، گوڵ، زێر، مانگ (باشترین نموونەی شتێ) 7 یار، گراو ۞ 1 ملکە، شهبانو 2 (شطرنج) وزیر 3 بیبی 4 بچەی خوشگل 5 ملکەی زنبور، مورچە یا موریانە 6 گل سر سبد 7 معشوقە
Queen Anne *noun*
سەربە شێوازێکی بیناسازی و کەلوپەلی نێومال، تایبەتمەندی سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا ۞ کوین آن
Queen Anne's lace = cow parsley
queen bee *noun*
1 (گیانەوەرناسی) شاهەنگ، سەرهەنگ 2 (تافەرمی) ژنێ کە دەسەلاتی هەبێ ۞ کوین بی
queen consort *noun*
شابانوو، شاژن، ژنەشا ۞ شهبانو
queendom /'kwi:ndəm/ *noun,* also queenhood/'kwi:nhʊd/
پۆست یان پلەوپایەی شاژن ۞ مقام ملکە
queen dowager *noun*
بێوەژنی شا ۞ بیوەی پادشاه
queenie *noun*
لووسکە، حیز ۞ بچەی خوشگل
queenlike /'kwi:nlaɪk/ *adjective*
شاژنانە، شاژنئاسا، شابانووانە ۞ ملکەوار
queenly /'kwi:nli/ *adjective* (queenlier, queenliest)
شاژنانە، شاژنئاسا، بەشکۆ، لە شانی شاژندا، گونجاو بۆ شاژن: ***She gave a queenly wave*** ۞ ملکەوار، در خور ملکە
queen mother *noun*
شاژنی دایک (بێوەژنی پێشوو و دایکی ئێستا) ۞ ملکەی مادر
Queen's Bench *noun*
(لە بریتانیا) دادگای بالا ۞ دیوان عالی
Queensberry Rules /'kwi:nzb(ə)ri/ *noun, pl.*
یاساوریسای ستانداردی شەرەمشت ۞ مقررات استاندارد مشتزنی
Queen's Counsel *noun*
(لە بریتانیا) پارێزەر، بەرەڤانکار ۞ وکیل مدافع
Queen's English *noun*
(لە بریتانیا) ئینگلیسی پێوانە یان ستاندارد ۞ انگلیسی معیار
Queen's evidence *noun,* turn Queen's evidence
لەخشتەبردنی هاودەستانی خۆ، راستیلێوتن لە هاوتاوانکاران ۞ شرکای جرم خود را لو دادن
Queen's haghway *noun*
تۆری رێگاوبانی گشتی ۞ شبکەی راههای عمومی
Queen's speech *noun*
(لە بریتانیا) وتاردانی شاژن لە رێورەسمی کردنەوەی پارلەماندا ۞ سخنرانی ملکە
queen-sized *adjective,* also queen-size
گەورەتر لە ئەندازەی ستاندارد و چکۆلەتر لە king-sized ۞ کوینسایز
queen wasp *noun*
(گیانەوەرناسی) شازەردەواڵە، شاهەنگزاڵە ۞ کوین واسپ
queer /kwɪə(r), US kwɪr/ *adjective* (queerer, queerest), *noun*
1 *adj* سەیر، نائاسایی، سەیروسەمەرە، ناعەدەتی، جێیشک، گومانلەسەر، گوماناوی، نهێنی، suspicious ,questionable 2 نەخۆش، ناساز 3 (سووکانە) هاورەگەزباز *n* پیاوی هاورەگەزباز یا هۆمۆسێکشواڵ ۞ 1 *adj* عجیب، مظنون، مشکوک، مرموز 2 بیمار 3 همجنسباز *n* مرد همجنسباز
queerly /'kwɪəli, US 'kwɪrli/ *adverb*

سەیر، بە شێوەیەکی سەیر: *He looked at me queerly* ◇ بە طور عجیب

queerness *noun*
سەیربوون، نائاسایی‌بوون، سەیروسەمەرەیی، جێی‌شک‌بوون، گومان‌لەسەری، گوماناوی‌بوون ◇ عجیب بودن، مشکوک بودن

quelea /ˈkwiːlɪə/ *noun*
جۆرێ باڵندەی جۆلای مەیلەو قاوەیی ئەفریکایی [تۆخم *Quelea*: سێ جۆرن] ◇ نوعی پرنده

quench /ˈkwentʃ/ *noun*
داکوژاندن، دامرکاندن، سەرکوت‌کردن، دامراندن، کوژاندنەوە ◇ فرونشانی، خاموش‌کردن

quenchable /ˈkwentʃəbl/ *adjective*
دادەکوژێ، سەرکوت دەکرێ، دادەمرکێ، شیاوی دامرکاندن، دەکوژێتەوە ◇ فرونشاندنی، خاموش‌کردنی

quencher *noun*
داکوژێنەر، دامرکێنەر، سەرکوت‌کەر، دامرێنەر، کوژێنەرەوە ◇ فرونشاننده، خاموش‌کننده

quenchless *adjective*
لەکوژاندنەوەنەهاتوو، نەکوژاوە، دانەمرکاو ◇ خاموش‌نشدنی

quenelle /kəˈnɛl/ *noun*
(فەرەنسی) وردەکفتە ◇ کوفتەی ریز

quercetin /ˈkwəːsɪtɪn/ *noun*
(کیمیا) کوێرسێتین: رەنگ یا پیگمێنتی کریستالی زەردی گیاکان $C_{15}H_{10}O_7$ (یان توێکلی بەڕوو و هتد، بۆ بەهێزکردنی دەزگای پاراستنی لەش یان کەم‌کردنەوەی کاردانەوە ئالێرژیکەکان) ◇ کورستین

quercitron *noun*
1 جۆرێ بەڕووی ئەمریکای باکووری [*Quercus velutina*]؛ توێکلی نێوەوەی رەنگێکی زەرد بەرهەم دێنێ 2 خودی توێکلەکەی 3 ئەو رەنگەی کە لەو توێکلە دەگیرێ (یان بە دەس دێنرێ) ◇ نوعی بلوط

quercine *adjective*
بەڕوویی، سەربە داربەڕوو ◇ بلوطی

querist /ˈkwɪərɪst/ *noun*
(کۆن) پرسیارکەر، پرسا ◇ پرسنده

quern /kwɜːn, US kwɜːrn/ *noun*
دەستاڕ، هارە، هارەگل، فەرەک، گڕک ◇ آسیاب، دستاس

querulous /ˈkwerələs, US -rjə-/ *adjective*
1 بەئیراد، عەیب‌گر، بەبەهانە، بەپەلپ، بەبیانوو، بەگلەیی، بەگلەیی‌وگناشت 2 (منداڵ) بەبیانوو، گرەزۆک، نووکن، پەلپن، پەلپ‌گرتوو ◇ 1 ایرادگیر، معترض 2 (بچه) نق‌نقو

querulously /ˈkwerələsli, US -rjə-/ *adverb*
بەئیرادانە، پەلپ‌گرتووانە، بە گلەیی و گناشتەوە، بە بڕوبیانووەوە ◇ بە طور ایرادگیر، معترضانە

querulousness /ˈkwerələsnəs, US -rjə-/ *noun*
بەئیرادی، عەیب‌گری، بەبەهانەیی، پەلپ‌گری ◇ ایرادگیری

query /ˈkwɪəri, US ˈkwɪri/ *noun, pl.* queries
1 پرسیار، پرس، پرس‌گرێک، لێکۆڵینەوە، ڤەکۆلین، inquiry ،question 2 شک، گومان، doubt 3 نیشانەی پرسیار (؟) ◇ 1 پرسش، سؤال، تحقیق 2 تردید 3 علامت سؤال

quest /kwest/ *noun*
لەدواگەڕان، بەدواداچوون، بەشوێن‌کەوتن، گەڕان، پەیجۆری، لێکۆڵینەوە، دۆزین، لێ‌پرسینەوە، پاسادان، پشکنین، کنە: *the quest for happiness/knowledge/truth* ◇ جستجو، پژوهش، بازجویی، کاوش

questing *adjective*
لەدواگەڕ، پشکێنەر، بەشوێن‌کەوتوو، بەدواداگەڕ ◇ جستجوگر

questingly *adverb*
لەدواگەڕانە، پشکێنەرانە، بەدواداگەڕانە ◇ جستجوگرانە

question /ˈkwestʃən/ *noun*
1 پرسیار، پرس، پرس‌گرێک، ویستە، کێشە، دۆز، باس، بابەت، مژار: *to ask/answer a question* 2 شک، گومان، دوودڵی، دڕدۆنگی، قوت‌بوونەوەی گومان ◇ 1 پرسش، مسأله، موضوع 2 تردید، شک

questionability /ˌkwestʃənəˈbɪlətɪ/ *noun*
گومان‌لەسەری، گومان‌باری، گومان‌داری، جێی‌گومان‌بوون، بەرگومانی، گومان‌لێ‌کراوی، پرسیارلەسەری، کێشەلەسەری، نائاشکرایی، ناڕوونی ◇ مشکوک بودن، سؤال‌انگیزی

questionable /ˈkwestʃənəbl/ *adjective*
گومان‌لەسەر، گومان‌بار، جێی‌گومان، بەرگومان، گومان‌لێ‌کراو، پرسیارلەسەر، کێشەلەسەر، نائاشکرا، ناڕوون ◇ مشکوک، سؤال‌انگیز

questionably /-əbli/ *adverb*
گومان‌لێ‌کراوانە، بە شێوەیەکی جێی‌گومان، گومان‌بارانە ◇ بە طور مشکوک

questionary, *pl.* questionaries = questionnaire

questioner /ˈkwestʃənə(r)/ *noun*
پرسیار(لێ)کەر، پرسیارگەر ◇ پرسش‌گر

questioning /ˈkwestʃənɪŋ/ *noun, adjective*
n لێ‌پرسینەوە *adj* پرسیارگەرانە، بەپرسانە، زانین‌خوازانە ◇ *n* بازجویی *adj* پرسش‌گرانە، جستجوگر

questioningly /ˈkwestʃənɪŋli/ *adverb*

زانین‌خوازانە، پرسیارگەرانە ◌ کنجکاوانە
question mark *noun*
نیشانەی پرسیار (؟) ◌ علامت سؤال
question-master *noun*
(لەسەر تەلەفزیۆن و رادیۆ) پرسیارگەر، پرسیارەوان، پرسیارلێکەر ◌ پرسش‌گر
questionnaire /ˌkwestʃə'neə(r), US -'ner/ *noun*
◌ *to complete a questionnaire* : پرسیارنامە پرسش‌نامە
question tag *noun*
(ڕێزمانی ئینگلیسی) پرسیاری چەسپاندنەوە، پرسیاری جەخت‌کردنەوە ◌ پرسش تأییدی
question time *noun*
(لە ئەنجومەنی ئاسایش‌دا) سەردەمی وەڵام‌دانەوەی وەزیران بە پرسیاری نوێنەران، سەردەمی پرسیارکردن ◌ زمان پرسش‌گری
quetzal /'kets(ə)l, 'kwet-/ *noun*
1 جۆرێ باڵندەی کلکدرێژی گەرمێنانی ئەمریکایی [*Pharomachrus mocinno* و جۆرەکانی تر] 2 یەکەی بنەڕەتی پارەی گوات(یـ)ماڵا، بەرامبەر بە سەد centavo ◌ کوتزال
queue /kju:/ *noun*
1 نۆبە، نۆرە، ریز، ریچکە، کاروان 2 پەلکە plait (کە لە پشتەوە دەبەسترا یان دەهۆنراوە) ◌ 1 صف، ردیف، قطار 2 کیو
queue-jumping *noun*
نۆبەبڕی، نۆرەبڕی ◌ توی صف زدن
questor = quaestor
quibble /'kwɪbl/ *noun*
1 (پرسیار) (لەژێر) دەرچوون، خۆلێ‌نەدان، تەفرە، زمان‌بازی 2 بڕوبیانوو، پەلپ‌وبیانوو 3 گلەیی، گناشت، ناڕەزایی، گازندە، سکاڵا، سووکەرەخنە 4 = pun ◌ 1 گریز، طفره 2 نوونوق 3 شکایت، اعتراض
Quichua /'kɪtʃwə/ = Quechua
quick /kwɪk/ *adjective* (quicker, quickest), *adverb*, *noun*
adj 1 خێرا، تووند، گورج، قۆچاخ، تیژ 2 دەسبەجێ، خێرا، لەڕێوە 3 گورج‌وگۆڵ، توندوتۆڵ، ئازا، چابک، لەش‌سووک، گورج، چالاک، فرز : *Try to be quick ! We're late* 4 زیرەک، وریا، مدریک، *already* زووتێگەیشتوو، زیت، قوت، تیژ : *a quick learner* 5 فیشەکی، زووتووڕە، سەرتوند، جینگزی 6 وەکوو تیر، بە پەلە، بە پڕتاو، زوو *n* 1 بن یان گۆشتی نینۆخ، گۆشتی ناسک 2 بەشی هەرەناسک یان ناوەندی شتێ یان کەسێ ◌ *adj* 1 سریع، تیز 2 فوری 3 چابک، فرز 4 تیزهوش، حساس 5 جوشی 2 مثل برق *n* 1

گوشت ناخن 2 حساس‌ترین قسمت چیز یا آدمی
quick-change *noun*
زووگۆڕان ◌ تغییر سریع
quickening *adjective, noun*
adj بەپەلە، تاودراو، بەپڕتاو، بەلەزوبەز، زوولەزوری، زوولەپەرە *n* پەرەسەندنی خێرا، زووهەڵدان، زووزۆربوون ◌ *adj* شتابان، افزاینده *n* رشد سریع
quick-eyed /'kwɪk aɪd/ *adjective*
چاوتیژ، بەهەتەر ◌ تیزبین
quick-fading /'kwɪk feɪdɪŋ/ *adjective*
تیژبەر، کورت‌ماوە، زووڕۆیشتوو ◌ زودگذر
quick-fire *adjective, noun*
adj لەسەریەک، بێ‌وچان، یەکبینە *n* تفەنگێ کە بتوانی لەسەریەک بتەقێتەوە، چەک یان تفەنگی ڕێژنە(هاوێژ) ◌ *adj* یکریز *n* کویک‌فایر
quick-fire gun = quick-fire *noun*
quick fix *noun*
ڕێگاچارەی بۆ ماوەیێ ◌ راه‌حل مقطعی
quickie /'kwɪki/ *noun, adjective*
n (نافەرمی) سووک و ئاسان، (بۆ شۆخی) بەسەرداپان *adj* بەپەلە، بەتاڵووکە، خێرا ◌ *n* مختصر، کویکی *adj* شتابان، سریع
quicklime /'kwɪklaɪm/ *noun*
قسڵی زیندوو یان ئاولێ‌نەکەوتوو، ئابک، تازە ◌ آهک زنده
quickly /'kwɪkli/ *adverb*
بە توندی، توند، زوو، خێرا، دەسبەجێ، لووت‌وبزووت، لەڕێوە، کت‌وپڕ، بۆ ماوەیەکی کەم ◌ به سرعت، فوراً، برای مدت کوتاهی
quick march *noun*
سانی توند (هەنگاوهەڵێنانەوە) ◌ قدم‌رو سریع
quickness /'kwɪknəs/ *noun*
خێرایی، زوویی، توندی، گورجی، دەسبەجێیی، کت‌ومت‌بوون، کوت‌وپڕیتی، ڕۆح‌سووکی، ئازایی، لەش‌سووکی، توندوتۆڵی، چالاکی، گورج‌وگۆڵی، فرزی، زیرەکی، زووتێگەیشتوویی، مدریکی، وریایی ◌ سرعت، فوریت، جلدی، چابکی، تیزهوشی
quicksand /'kwɪksænd/ *noun*
زەلکاوی خیزەڵانی، زەلی زیخەڵانی ◌ باتلاق شنی
quickset /'kwɪkset/ *noun*
خەڵف و شتی وا، ب.ت. گیوژ کە دەچەقێنرێ تا ببێتە پەرژین ◌ کویک‌ست
quicksilver /'kwɪksɪlvə(r)/ *noun*
جیوە ◌ سیماب : *his -cksilver temperament*
quickstep /'kwɪkstep/ *noun*
سێ‌جرتەکی، موسیقایێ بۆ ئەو هەڵپەرکێیە ◌ کوئیک‌استپ
quick-tempered /ˌkwɪk 'tempəd/

adjective
فیشەکی، زووتوورە، سەرتوند، تەنگ‌جیکەڵدان، جینگزی، زووهەڵبەزیو: *a quick-tempered woman* ◇ جوشی

quickthorn = hawthorn

quick time *noun*
سانێ کە لەودا 120 هەنگاو لە دەقەدا هەڵدێنرێتەوە ◇ کویک تایم

quick-witted /ˌkwɪkˈwɪtɪd/ *adjective*
ئاگرپارە، زیرەک، زووتێگەیشتوو، بیرتیژ، لەسەرهۆش، تیژ: *a quick-witted student/response* ◇ سریع، باهوش

quick-wittedness *noun*
زیرەکی، بیرتیژی، لەسەرهۆشی، تیژی ◇ فراست، باهوشی

quid[1] /kwɪd/ *noun*
(لە بریتانیا و نافەرمی) پۆندێ ◇ پوند

quid[2] /kwɪd/ *noun*
توتنی جاوین ◇ تنباکوی جویدنی

quiddity /ˈkwɪdɪti/ *noun, pl.* quiddities
سروشتی راستەقینەی شتێ، گەوهەر، کرۆک ◇ ماهیت، کنه

quidnunc /ˈkwɪdnʌŋk/ *noun*
(کۆن) مرۆی خۆتێهەڵقورتێن یان شەیتان ◇ آدم فضول

quid pro quo /ˌkwɪd prəʊ ˈkwəʊ, US proʊ ˈkwoʊ/ *noun, pl.* quid pro quos
لەجیاتی، لەباتی، لە بەرامبەر ◇ در عوض

quiescence /-sns/ *noun,* also quiescency
بێدەنگی، کپی، کڕی، ماتی، داماوی، ناچالاکی، ئارامی، هێمنی، ویستاوی: *the quiescence of trade union action during the 1930s* ◇ سکون، آرامی

quiescent /kwiˈesnt/ *adjective*
بێدەنگ، کپ، کڕ، مات، داماو، ئارام، هێمن، دامرکاو، ناچالاک، ویستاو: *quiescent gallstones* ◇ ساکت، آرام، خاموش

quiescently /kwiˈesntli/ *adverb*
بێدەنگانە، ماتانە ◇ به طور ساکت

quiet /ˈkwaɪət/ *adjective* (quieter, quietest), *noun*
adj 1 بێدەنگ، کپ، ئارام، هێدی، هێمن، شێنەیی، ئاسوودە، بێخەم، سەرسووک، نائیگەران، تەناهـ هێور، کڕ 2 (رەنگ) مات، نەزەق، زەق نییە، جوان، لە چاو نادا، نەرم، مەند 3 (بازاڕ) کەساس، سست، بێبازاڕی *n* ئارامی، بێخەمی، هێوری، هێمنی، لەسەرەخۆیی، ئاسوودەیی ◇ *adj* 1 ساکت، آرام 2 (رنگ) نازننده، ملایم 3 راکد *n* سکون، رفاه

quietism /ˈkwaɪətɪzəm/ *noun*
کوایئیتیزم (لە لایەن قەشەی سپانیاییەوە Miguel de Molinos 1640-97) دامەزراوە، وەک شێوەیێکی سۆفیگەرێتی دینی)، چارەنووس‌باوەڕی، دەرویشی، لاتەریکی، تەرکەدنیایی ◇ کویتیسم، تقدیرباوری

quietist /-ɪst/ *noun, adjective*
n چارەنووس‌باوەڕ، دەرویش، سۆفیلکە، لاتەریک، تەرکەدنیا *adj* چارەنووس‌باوەڕانە ◇ *n* تقدیرگرا *adj* تقدیرگرایانه، کویتیستی

quietistic *adjective*
چارەنووس‌باوەڕانە ◇ تقدیرگرایانه، کویتیستی

quietly ˈkwaɪətli/ *adverb*
بێدەنگ، بێخشپە، ئەسپایی، بە نەرمی، بە ئارامی، بە سادەیی، بێداب‌ودەستوور: *to speak/move quietly* ◇ ساکت، با ملایمت، به سادگی

quietness /ˈkwaɪətnəs/ *noun*
بێدەنگی، کپی، کڕی، ماتی، ئارامی، هێوری، هێمنی، نەرمی، مەندی، هێواشی ◇ سکوت، آرامش، ملایمت، آهستگی

quietude /ˈkwaɪətjuːd, US -tuːd/ *noun*
ئارامی، هێوری، هێمنی، لەسەرەخۆیی، ئارامگرتن: *a moment of quietude* ◇ آرامش

quietus /kwaɪˈiːtəs/ *noun, pl.* quietuses
1 رزگاربوون، رزگاری، حەسانەوە، ئاسوودەیی، مردن، ئارامگرتنی هەمیشەیی، بێدەنگی، کڕی، ناچالاکی، دامرکاوی، نەجوولی، ویستاوی، سڕەوتوویی، تەکان‌نەخواردوویی 2 شتێکی ئارامکەرەوە ◇ 1 رهایی، آرامش ابدی، سکون، عدم فعالیت 2 چیز آرام‌بخش

quiff /kwɪf/ *noun*
(زۆرتر بریتانیا) فۆکلە، گودلە ◇ کویف

quill /kwɪl/ *noun*
1 پەڕ، باڵ، شاباڵ، شاپەڕ، میل، لاسک یان تیرەگەی پەڕ 2 قالور، لاسکی نێوچۆڵ یان نێوبەتاڵ 3 قەڵەم یا پێنووسی (لە) پەڕ، پەڕخامە، ئالا یان پێنووسی پەڕی 4 (ژیشک و هتد) درووو، درک، چقل ◇ 1 پر، شاه‌پر، ساقەی پر 2 ساقەی توخالی 3 قلم پر 4 (جوجه‌تیغی و...) تیغ

quill-driver /ˈkwɪl draɪvə(r)/ *noun*
نووسەر، ڤیسکار ◇ کاتب

quill-feather /ˈkwɪl feðə(r)/ *noun*
شاپەڕ ◇ شاه‌پر

quilling *noun*
1 پارچەی چین‌دراو 2 چین، قەد، دەق ◇ 1 کویلینگ 2 چین، تا

quilt /kwɪlt/ *noun*
لێفە، نخاف، لێف، لحێفک، شەوپۆش (لە *cuilte* فەرەنسی کۆن، لە *culcita* لاتین "mattress، cushion") ◇ لحاف

quilted /ˈkwɪltɪd/ *adjective*
1 پینەدروویی، لێفەیی، دووبەر، جووت‌بەر: *a*

لباده (quilted overcoat) 2 *quilted jacket* ۞ 1 پینەدوزی 2 کویلتید اورکت
quilting /ˈkwɪltɪŋ/ *noun*
1 لیفەدرووی، لیفەدووری 2 بەر یان پارچە و کوتاڵی لیفە ۞ 1 لحاف‌دوزی 2 کویلتینگ
quilt-maker *noun*
لیفەدروو، لیفەدوور ۞ لحاف‌دوز
quim /kwɪm/ *noun*
(تابۆ) گەڵوقوز، گەڵوشەرمی ژن ۞ اندام‌های تناسلی زن
quin /kwɪn/ = quintuplet
quinacrine /ˈkwɪnəkriːn, -krɪn/ *adjective*
(پزشکی) کویناکرین: ئاوێتەیێکی دەسکرد، وەک دەرمانی کرم‌کوژ و دژەمالاریا بەکاردێتێ، ئاڵکالۆیدێ $C_{23}H_{30}ClN_3O$ کە بۆ چارەسەری مالاریا بەکاردێتێ ۞ کویناکرین
quinary /ˈkwʌɪnəri/ *adjective*
پێنجینە، پێنجە، پێنج‌دانەیی ۞ پنج‌گانه
quince /kwɪns/ *noun*
1 بەهی، کوخ، پوک، حەیوە 2 داری بەهی، داری کوخ، 2 [*Cydonia oblonga*] japonica وشەیێکی تر بۆ (Japanese quince) ۞ 1 به 2 درخت به
quince-seed *noun*
دەنکی بەهی، بەهیانە ۞ بەدانه
quincentenary /ˌkwɪnsenˈtiːnəri, US -senˈteneri/ *noun, pl.* -naries
پێنسەدەمین ساڵوەگەڕ یان ساڵیاد ۞ پانصدمین سالگرد
quincuncial /kwɪnˈkʌnʃəl/ *adjective*
ڕێکوپێک بە شێوەی cuincunx ۞ کوینکونشل (quincuncially *adv*)
quincunx /ˈkwɪnkʌŋks/ *noun, pl.* quincunxes
1 ڕێکخران یان ڕێکخستنی پێنج شت کە چواریان لە گۆشەکان و پێنجەمیان لە نێوەڕاستدا بێ (وەک بەری خشتی کایە) 2 (ئەستێرەناسی) لایەنی 150 پلەیی، بەرامبەر بە پێنج نیشانەی زۆدیاکی 3 ڕێکخرانی پێنجینەی بەڕ یان گەڵای گوڵ، بە شێوەیێ کە یەکیان لە نێوەڕاست و چواریان لە گۆشەدا بێ ۞ کوینکونکس
quindecagon /kwɪnˈdekəgɑːn/ *noun*
(ئەندازە) پازدەلا، پازدەخشتەکی، پازدەپاڵوو ۞ پانزده‌پهلو
quindecillion *noun*
(ئینگلتەرە) ژمارەی یەک بە 90 سیفرەوە و بە هێزەی 2، (ئەمریکا) ژمارەی یەک بە 48 سیفرەوە بە هێزەی *adj* ۞ کوین‌دسیلیون
quinella *noun,* also quinniela, *pl.* quinellas or quinnielas
جۆری گرێو ب.ت. لەسەر پێش‌بڕکێی ئەسپ کە دەبێ گرێوبازەکە شوێنی یەکەم و دووهەم هەڵبژێرێ ۞ کوینلا
quinidine *noun*
ئاڵکالۆیێدێکی کریستاڵی و بێ‌ڕەنگ stereoisomeric کە $C_{20}H_{24}N_2O_2$ ـە، لە توێکڵی cinchona دەگیرێ و لە بواری دەرمانی مالاریا malaria و ناڕێکی لێدانی دڵ arrhythmia بەکاردێتێ ۞ کوینیدین
quinine /kwɪˈniːn, US ˈkwɪniːn, ˈkwaɪnaɪn/ *noun*
1 گەنەگەنە، کوینین (دارێکی ئەمریکای باشوور، جاران بۆ چارەسەرکردنی مالاریا بەکاریان دێنا 2 کوینین: خوێی ئەم ($C_{20}H_{24}N_2O_2$ ئاڵکالۆیێدە، ب.ت. sulphate ـەکان ۞ 1 گنه‌گنه 2 کوینین
quinine flower *noun,* also blush-wort or centaurium
(ڕووەک‌ناسی) کانیژە، گاڵەبەنگ ۞ قنطوریون
quinine water = tonic water
quinoa /ˈkiːnəʊə, kwɪˈnəʊə/ *noun, pl.* quinoas
1 جۆرێ goosefoot ی چیاکانی ئاند، لەبەر دانەی خۆراکی نشاستەیی دەکرێ 2 دەنکی ئەو گیایە [*Chenopodium quinoa*] (بنەڕەت: لە Quechua *kinoa* ،*kinua* یێیەوە) ۞ 1 نوعی گیاه 2 دانه‌ی این گیاه
quinoidal = quinonoid
quinol *noun*
(کیمیا) کوینۆل ۞ کینول
quinoline /ˈkwɪnəliːn/ *noun*
(کیمیا) کوینۆلین: جۆرێ تفتی نایترۆژین‌داری nitrogenous base شلی بێ‌ڕەنگ C_9H_7N، بۆنێکی ناخۆشی هەیە لە coal tar دا هەیە (یان بەهۆی دڵۆپاندنی قەترانەوە دەگیرێ)، وەک توێنەر solvent و دەخەر reagent بۆ سازکردنی ڕەنگەکان بەکاردێتێ ۞ کینولین
quinone /ˈkwɪnəʊn, kwɪˈnəʊn/ *noun*
(کیمیا) کوینۆن: benzoquinone یان یەکێ لە بەرهەمەکانی، ئاوێتەیێکی ئاڵقەیی زەردی کریستاڵی بە شێوگی $C_6H_4O_2$ ۞ کینون
quinonimine *noun*
کینۆنیمین: ئاوێتەیێکی کریستاڵی C_6H_5NO، سەرچاوەی ڕەنگە indophenol ـەکان، لە کوینۆن quinine بەرهەم دێتێ ۞ کینونیمین
quinonoid *adjective*
کوینۆن‌ئاسا، شێوەکوینۆن، سەربە کوینۆن، کوینۆنی ۞ کینونوئید
quinqu(e)- *prefix*
پێشگر: پێنج، پێنجە، پێنجینە *quinquevalent* (بنەڕەت: لە *quinque* لاتینەوە "پێنج") ۞ پیشوند: پنج، پنج‌گانه

quinquagenarian /ˌkwɪŋkwədʒɪˈnɛːrɪən/ *noun*
کەسێکی 50 تا 59 ساڵە، مرۆی پەنجاساڵە ۞ آدم پنجاه‌ساله

quinquagenary /kwɪŋˈkwɑːdʒənerɪ/ *noun*
1 کەسێکی 50 تا 59 ساڵە، مرۆی پەنجاساڵە 2 پەنجایەمین ڕێوڕەسمی ساڵانە ۞ 1 آدم پنجاه‌ساله 2 پنجاهمین جشن سالانه

Quinquagesima /ˌkwɪŋkwəˈdʒɛsɪmə/ *noun*
یەکشەممەی بەرلە چلە (50 ڕۆژ پێش جەژنە فتیرە Easter) ۞ یکشنبه‌ی قبل از لنت

quinquangular *adjective*
پێنج‌لا(یی)، پێنج‌گۆشە(یی) ۞ پنج‌ضلعی

quinquelateral *adjective*
پێنج‌پاڵوو، پێنج‌خشتەکی، پێنج‌لا ۞ پنج‌پهلو

quinquennial /kwɪŋˈkwɛnɪəl/ *adjective*
پێنج‌ساڵە (quinquennially /kwɪŋˈkwɛnɪəli/ *adv*) ۞ پنج‌ساله

quinquennium /kwɪŋˈkwɛnɪəm/ *noun, pl.* quinquennia /-nɪə/ or quinquenniums
ماوە یان قۆناخی پێنج‌ساڵە، پێنج‌ساڵان ۞ دوره‌ی پنج‌ساله

quinquefoliate *adjective*
1 پێنج‌گەڵاچکەیی، خاوەنی پێنج گەڵای چکۆلە 2 (هەروەها quinquefoil) پێنج‌بەر، پێنج‌گەڵا ۞ 1 دارای پنج برگچه‌ای 2 پنج‌پر

quinquepartite /ˌkwɪŋkəˈpɑːtaɪt/ *adjective*
پێنج‌بەشە، پێنجینە، پێنجە ۞ پنج‌جزئی

quinquereme /ˈkwɪŋkwɪˌriːm/ *noun*
پێنج‌سەوڵە، پێنج‌ڕیزسەوڵە:: جۆرێ galley یۆنان و ڕۆمی کۆن بە 5 ڕیز سەوڵلێدەرەوە (بنەڕەت: لە *quinqueremis* لاتینەوە، لە *quinque* "پێنج" + *remus* "سەوڵ") ۞ کوینکویریم

quinquevalent /ˌkwɪnkwɪˈveɪl(ə)nt/ = pentavalent (-DERIVATIVES quinquevalence or quinquevalency)

quinsied *adjective*
گەرووهاتوو، ئاڵووکەوتوو ۞ مبتلا بە ورم عفونی لوزه

quinsy /ˈkwɪnzi/ *noun*
گەرووهاتن، ئاڵووکەوتن و چڵککردنی ۞ ورم عفونی لوزه

quint /kɪnt, kwɪnt/ *noun*
1 (لە پەرین) پێنج‌بەر لە خاڵی 2 باجی پێنج یەک 3 بەڵەم یان گەمی پێنج بادەوەیی 4 (ئەمریکا) quintuplet = ۞ کوینت

quinta /ˈkwɪntə, ˈkɪnta/ *noun*
(لە سپانیا، پۆرتوگال و ئەمریکای لاتین) گەورەماڵی لادێ، کۆشکوبەرە ۞ کویتا

quintain /ˈkwɪntɪn/ *noun*
1 (مێژوویی) نیشانە، کێلک، ئامانج 2 سیرە یا نیشانەگرتن بەرەو ئامانج ۞ 1 آماج، نشانه 2 نشانه‌روی به طرف هدف

quintal /ˈkwɪnt(ə)l/ *noun*
1 = hundredweight 2 سەنگێ بەرامبەر بە 100 کیلۆ (بنەڕەت: بە ڕێگای فەرەنسی لە med. Latin *quintale* لە *kintār* عەرەبییەوە، لەسەر بنچینەی *centenarius* لاتین "سەدیکی تیایە") ۞ کویتال

quinte /kãt/ *noun*
1 پێنجەم، پێنجەمین 2 پێنجەمین بار یان دۆخ لە هەشت بار یان دۆخی بەرگری شمشێرەوانی ۞ 1 پنجمین 2 کات

quintessence /kwɪnˈtɛsns/ *noun*
(لە فەلسەفەی کۆن (یان کەونار) و سەدەکانی نێوەڕاستدا medieval): پێنجەمین کرۆک یان گەوهەر (یان توخم)، ئیتێر یان ئیسیر ether، کە وادەدەنرا جگە لە ئاو، هەوا، ئاگر و خاک ماک و مادەی پێکهێنەری تەنە ئاسمانییەکان heavenly bodies بێ (لای کیمیاگەران ئەلکول بەرزترین توخم یا کرۆک بووە)؛ کاکڵ، کرۆک، جەوهەر، گەوهەر، بەشی بنەڕەتی، بنەبەش، نموونە، نموونەی تەواو، سەرنموونە: *the quintessence of calm* (بنەڕەت: بە ڕێگای فەرەنسییەوە لە med. Latin *quinta essentia* "پێنجەمین گەوهەر") ۞ کوینتسنس؛ لب، هسته‌ی اصلی، مظهر، الگو

quintessential /ˌkwɪntɪˈsenʃl/ *adjective*
نموونە: *He was the quintessential tough guy* ۞ نمونه

quintessentially /-ʃəli/ *adverb*
لە بنەڕەتا: *a sense of humour that is -ssentially British* ۞ در اصل

quintet /kwɪnˈtet/ *noun*
پێنجە، کوینتێت (دەستەی پێنج‌کەسەی موسیقاژەن یان گۆرانیبێژان)، (پارچە موسیقایێ بۆ پێنج ئامێر)، دەستە یان گرووپی پێنج‌کەسە، دەستەی پێنج‌دانەیی ۞ کوئینتت

quintile /ˈkwɪntɪl, -ʌɪl/ *noun*
(ئەستێرەناسی) لایەنی 72 پلەیی (بنەڕەت: لە *quintiles* لاتین، لە *quintus* "fifth") ۞ کوینتیل

quintillion /kwɪnˈtɪljən/ *noun*
کوینتیلیۆن (لە ئەمریکا و فەرەنسە، ژمارەی 1 و 18 سیفر لە پێشیەوە و لە وڵاتانی بریتانیا و ئەڵمانیا 1 و 30 سیفر لە پێشییەوە، یان 10^{18}؛ quintillionth *n, adj*) ۞ کوینتیلیون

quintuple /ˈkwɪntjʊpl, US kwɪnˈtjuːpl, -ˈtuːpl/ *adjective, noun*
adj پێنج ئەوندە، پێنج بەرامبەر، پێنج چەندانە *n*

شت، ژمارەی یان بری پێنج بەرامبەر ۞ *adj* پنج برابر *n* چیز، تعداد یا مقدار پنج برابر

quintuplet /ˈkwɪntʊplət, US kwɪnˈtju:plət, -ˈtʌpl-/ *noun*, (also BrE informal quin) (also NAmE informal quint)
1 یەکێ لە پێنج جمکەکان 2 دەستە یان کۆمەڵە شتێکی پێنج جۆر 3 (quintuplets) پێنج منداڵ یان بەرەکە کە بە زگێ بوون 4 دەستە یان کۆمەڵێکی پێنج نۆتە ۞ 1 یکی از پنج‌قلوها 2، 3 و 4 کوینتوپلت

quintuplex = fivefold, quintuple

quintuplicate /ˌkwɪnˈtju:plɪkət/ *adjective, noun*
adj لە پێنج کۆپی یان روونووسەوە *n* پێنج دانە یان روونووس ۞ *adj* در پنج نسخه *n* پنج نسخه

quip /kwɪp/ *noun*
تەوس، توانج، تانە، تەشەر، پلار، گاڵتە، قسەی قۆڕ، شۆخی، گەپ، قسەی سەیر ۞ طعنه، لطیفه، بذله، سخن عجیب

quipu /ˈki:pu:, ˈkwɪ-/ *noun*, *pl.* quipus
گرێ (بۆ تۆمارکردنی زانیاری و رووداوی مێژوویی لە نێو Inca کاندا، لە *khipu* بە واتای "گرێ") Quechua ۞ کویپو

quire /ˈkwaɪə(r)/ *noun*
1 چوارپەڕی کاغز یا پێستە کە قەدکراوە و بووەتە هەشت دانە 2 گورزە، چەپک، بەستە (25 دانەیی و جاران 24 دانە بوو) ۞ 1 کویر 2 بسته

Quirinus *noun*, Latin
کویرینوس: خودای شەڕی رۆمییەکان ۞ کویرینوس

quirk[1] /kw3:k, US kw3:rk/ *noun*
1 خوو یان عادەتی سەیر، تایبەتمەندی سەیر، خووخدەی تایبەتی، تایبەتمەندی تاکەکەسی، رووداوی سەیر، قەومان، دیاردەی نائاسایی، *a quirk of fate* :idiosyncrasy 2 پێچ، سووڕ و بادان 3 (بیناسازی) کووز یان کەلێنی نێوان نەخش و گەچبڕی ۞ 1 خصلت عجیب، اتفاق شگفت، پدیدەی غیرعادی 2 پیچ 3 شیار عمیق میان ابزار یا کچ‌بری

quirk[2] /kw3:k, US kw3:rk/ *noun*, by a quirk of fate
خوداوڕاستان، ئەز قەزا، بەپێی رێکەوت: *By a strange quirk of fate they had booked into the same hotel* ۞ برحسب اتفاق

quirkiness *noun*
سەیربوون، نائاسایێتی ۞ عجیب بودن

quirky *adjective* (quirkier, quirkiest)
سەیر، سەیروسەمەرە، عاجباتی، نائاسایی، ئاوارتە: *a quirky sense of humour* ۞ غیرعادی، شگفت، عجیب

quirt /kwɜ:t/ *noun*
شیلاقی دەسک کورت ۞ تازیانەی دستەکوتاه

quisling /ˈkwɪzlɪŋ/ *noun*
خۆفرۆش، چڵکاوخۆر، ناپاک، نیشتمانفرۆش، جاش (quislingism *n*؛ بنەڕەت: شەڕی جیهانی دووهەم، لە ناوی ماژۆر Vidkun *Quisling* (1887-1945)، سیاسەتوانێکی نۆروێژی کە هاوکاری نازییەکانی دەکرد) ۞ وطن‌فروش

quit[1] /kwɪt/ *adjective*
ئازاد، بەڕەڵا، رزگار، قورتال، ئاسوودە، بێ‌خەیاڵ ۞ رها، فارغ

quit[2] /kwɪt/ past and past participle of quit

quitch = couch2

quitclaim /ˈkwɪtkleɪm/ *noun*
(مێژوویی، ماف) واز(لێ)هێنان، دەس(لێ)هەڵگرتن، لەبەردەرچوون، کاربێنەبوون، لێ‌گەڕان ۞ چشم‌پوشی

quitclaim deed *noun*
قەباڵەی واز(لێ)هێنان یا لەبەردەرچوون ۞ سند واگذاری

quite /kwaɪt/ *adverb*
تەواو، سامەڵ، یەکجار، بە تەواوی، سەداسەد، بە تەواوەتی، absolutely ،completely، *This is quite a* ◊ *I quite agree* :entirely *quite delicious* ◊ *different problem* *quite empty* ◊ *quite amazing* ◊ */perfect* لە راستیدا، تا رادەیێ، تا ئەندازەیێ: *He plays* ◊ *quite big/good/cold/warm/* ◊ *quite well* ۞ *quite interesting* کاملاً، به کلی، واقعاً، تا حدی

quits /kwɪts/ *adjective*
بەقەدیەک، بەرامبەر، سەربەسەر، بێ‌حیساب ۞ مساوی، بی‌حساب

quittance /ˈkwɪtns/ *noun*
پێ‌بەخشینی قەرز، دەرچوون لەبەر قەرز یان بەڵێنی، داوانەکردنی ماف و حەق، گەردن‌ئازاد کردن، کویتانس، بەڵگە یان قەباڵەی دەرچوون لەبەر ... ۞ برائت ذمه، سند برائت ذمه

quitter /ˈkwɪtə(r)/ *noun*
مرۆی زوولەبەردەرچوو، مرۆی کنگی‌کارنەبوو، مرۆی لەبەرکاردەرچوو، مرۆی درێژەنەدەر یان بەدوادانەچوو ۞ آدم شانه‌خالی‌کن

quittor *noun*, also quitter
شوقاقی لاقی ئەسپ، ماسینی چڵک‌کردوو یان هەوکردووی purulent یا. ب. ت. هی ئەسپ و کەر ۞ شقاق پای اسب

quiver[1] /ˈkwɪvə(r)/ *noun*
تیردان، جێ‌تیر، تیرکێش ۞ ترکش

quiver[2] /ˈkwɪvə(r)/ *noun*
لەرینەوە، لەرە، لەرەلەر، شەکانەوە، تەکە، تەکان، جمان، جموجۆڵ ۞ لرزش، ارتعاش، جنبش

qui vive /ˌki: ˈvi:v/ *noun*, on the qui vive

گوێ‌قوڵاخ، وریا، ئاگادار، قوت، هۆشیار، لەسەرهۆش، زیرەک: *He's always on the -i* ⟡ مترصد، *vive for a business opportunity* مراقب

quixotic /kwɪk'sɒtɪk, US -'sɑːtɪk/ *adjective*

1 خەیاڵپەرست، خەیاڵاوی، خەیاڵی، ناکرداری، نەکردەنی، ناکردەنی، جێبەجێ‌نەکراو، نەکرد، 2 - visionary ،impractical ،unpredictable ،capricious (بنەڕەت: لە ناوی "قارەمانی سێرڤانتس "Don *Quixote* ("Cervantes ⟡ خیالباف، رؤیایی، غیرعملی

quixotically /kwɪk'sɒtɪk(ə)li, US -'sɑːtɪk(ə)li/ *adverb*

خەیاڵی‌یانە، نەکردانە ⟡ به طور رؤیایی

quixotism /'kwɪksətɪz(ə)m/ *noun*, also quixotry /'kwɪksətri/

خەیاڵپەرستی ⟡ خیالبافی

quiz[1] /kwɪz/ *noun, pl.* quizzes

(پێشبڕکێی و ب.ت. لە تەلەفزیۆن یان ڕادیۆدا) تیمچەتاقیکاری، کورتەتاقیکاری، پێشبڕکێ (زانیاری گشتی): *a general knowledge quiz* ◊ *The quiz will be a team event* ◊ *The organized by the local school magazine publishes a quiz once a month* ◊ *a television quiz show* ⟡ آزمون مختصر، مسابقه (اطلاعات عمومی)

quiz[2] /kwɪz/ *noun, pl.* quizzes

1 شۆخی‌پێکەر، گاڵتەپێکەر 2 کەسێکی شێت یان سەیر 3 = hoax ⟡ 1 مسخره‌کننده 2 آدم دیوانه یا عجیب

quizmaster /'kwɪzmɑːstə(r), -mæs-/ – question-master

quizzical /'kwɪzɪkl/ *adjective*

پێکەنیناوی، پێکەنینی، سەیر، گاڵتەجار، ناباوەڕانە، جێی‌پرسیار: *a quizzical old man* ◊ *a quizzical remark* ◊ *raised a quizzical eyebrow* ⟡ مضحک، عجیب، سؤال‌انگیز، پرسش‌آمیز

quizzicality *noun*

سەیربوون، سەیروسەمەرەبوون ⟡ عجیب بودن، غرابت

quizzically /-kli/ *adverb*

بە شێوەیەکی سەیر: *She looked at him quizzically* ⟡ به طور عجیب

quiz show *noun*, also quiz program

بەرنامەیێکی ڕادیۆیی یان تەلەفزیۆنی کە لەودا بەشداریکەران زۆرتر بە مەبەستی بردنەوەی خەڵات بە ڕێگای پرسیارکردن پێشبڕکێ دەدەن ⟡ کویز شو

quoad /kwɑːd/ *preposition*

(لاتینی) لەبارەی، لەمەڕ، لەبابەت ⟡ در خصوص، درباره‌ی

quod /kwɒd/ *noun*

(لە بریتانیا) کون، زیندان، بەندیخانە ⟡ هلفدونی

quod erat demonstrandum /kwɒd ˌerat dɛmən'strandʊm/

(لاتینی، بیرکاری) هەر ئەوە کە دەبوایە بسەلمێنرایە، کە دەبوایە بسەلمێنرایە (لاتین بە واتای "which was to be demonstrated") ⟡ و هو المطلوب

quodlibet /'kwɒdlɪbɛt/ *noun*

(کۆن) بابەت، مژار (بۆ کارکردن لە بواری فەلسەفە یان یەزدانناسی): quodlibetic or quodlibetarian /- ;quodlibetical *adj* /bɪ'tɛːrɪən/ *n* ⟡ موضوع

quoin /kɔɪn, kwɔɪn/ *noun*

1 گۆشەی دەرەوە، سووچی دەرەوە، بەرد یان خشتی گۆشە (یان سەرسووچ) 2 پواز (بۆ تلارنەبوونەوەی کۆس یان بۆشکە) 3 (چاپ) پوازە، هۆرە (بۆ ڕاگرتنی پیتە چاپی‌یەکان لە جێی خۆیاندا؛ quoining *n* ⟡ 1 زاویه‌ی خارجی، سنگ یا آجر نبش 2 گوه 3 کووین

quoit /kɔɪt, US kwɔɪt/ *noun*

1 ئاڵقە 2 (quoits، کایە) سنگ و ئاڵقێن، یاری ئاڵقە و سنگ 3 dolmen ⟡ 1 حلقه 2 (در جمع) بازی میخ و خلقه

quokka /'kwɒkə/ *noun*

جۆرێ wallaby چکۆلەی کلکورت، ڕەسەنی ڕۆژاوای ئەوسترالیا [*Setonix brachyurus*] (بنەڕەت: لە Nyungar *kwaka* وەرگیراوە) ⟡ کواکا

quoll /kwɒl/ *noun*

کلک‌کولکنە، جۆرێ marsupial ی پشیلەناسای گۆشتخۆر، ڕەسەنی ئەوسترالیا و نیوگینی [توخم *Dasyurus*: چەندین جۆرن] ⟡ کوال

quondam /'kwɒndəm, -dam/ *adjective*

پێشوو، بەری، جاران، پێشین، لەوەپێش، *his quondam partner* :one-time ،former ⟡ سابق، قبلی

Quonset hut /'kwɒnset hʌt, US 'kwɑːn-/ *noun*, also Quonset

(دروشمی بازرگانی، لە ئەمریکای باکووری) کۆختەی ئاسنی یان دروسکراو لە ئاسن (بنەڕەت: شەڕی جیهانی دووهەم: لە ناوی *Quonset* Point، ڕۆد ئایلەند، جێگایێ کە جاری یەکەم ئەم کۆختانەی لێ ساز دەکرا) ⟡ کلبه‌ی ساخته‌شده با آهن

Quorn /kwɔːn, US kwɔːrn/ *noun*

(دروشمی بازرگانی) کوۆرن (مەتریالێ کە لە جۆرێ قارچک دەگیرێ و لەجیاتی گۆشت بەکاردێنرێ) ⟡ کۆرن

quorum /'kwɔ:rəm/ *noun, pl.* quorums
راده یان ئەندازەی پێویست، کەم‌ترین ژمارەی خەڵک کە دەبێ (بۆ کۆبوونەوە یان لێژنەیێ) ئامادە بن، کەم‌ترین ژمارە یان ئەندامی پێویست: *If a quorum is not present, the meeting must be adjourned* ◌ حد نصاب

quot. = quotation

quota /'kwəʊtə, US 'kwoʊtə/ *noun*
بەش، پشک، پار، بەرکەوت ◌ سهمیه، بنیچه

quotability /ˌkwəʊtə'bɪləti, US ˌkwoʊ-/ *noun*
لەوتن‌هاتوویی، لەگێرانەوەهاتوویی، لەباس‌هاتوویی ◌ قابلیت ذکر

quotable /'kwəʊtəbl, US 'kwoʊ-/ *adjective*
شیاوی وتن یان باس‌کردن، لەوتن‌هاتوو، لەگێرانەوەهاتوو (quotably /'kwəʊtəbli, US 'kwoʊ-/ *adv*) ◌ نقل‌کردنی

quotation /kwəʊ'teɪʃn, US kwoʊ-/ *noun*
1 گێرانەوە، (لێ)وەرگرتن، هێنانەوە، باس‌کردن: *The book began with a quotation from Goethe* ◊ 2 *a dictionary of quotations* هەڵسەنگاندن، نرخاندن: *You need to get a written quotation before they start work* 3 قسەی گێردراوە یان (لێوە)هێنراو 4 مەزنەنە، نرخ: *the latest quotations from the Stock Exchange* ◌ 1 نقل قول، ذکر، اقتباس 2 تخمین 3 سخن نقل‌شده 4 مظنه

quotation mark *noun*
نیشانەی گێرانەوە یان (لێ)وەرگرتن («....») یان ("....") ◌ گیومه

quote /kwəʊt, kwoʊt/ *adverb*
1 دەسپێکی لێ‌گێرانەوە، سەرەتای (لێ)وەرگرتن 2 – quotation ◌ آغاز نقل قول

quotes = quotation mark

quotha *interjection*
(کۆن) بە راستە، یانی ئاوا، حەتمەن (لە رووی لاقرتێ و تەوس یان سەرسوورمانەوە دەوترێ) ◌ آغاز نقل قول

quotidian /kwɒ'tɪdiən, kwəʊ't-, US kwoʊ-/ *adjective, noun*
adj 1 رۆژانە، هەر رۆژە، ئاسایی، daily، everyday، ordinary: ◊ *a quotidian report* 2 *their quotidian existence* (پزشکی) ئامازە بە جۆرێکی مەترسی‌دار یان سەرەتانی مالاریا *n* 1 شتێ کە هەر رۆژ روودەدا 2 تا یان لەرزوتای ague ◌ *adj* 1 روزانه، روزمره، 2 کووتیدین *n* 1 چیزی که به طور روزمره اتفاق می‌افتد 2 تب یومیه

quotient /'kwəʊʃnt, US 'kwoʊ-/ *noun*
1 (بیرکاری) ئەنجامی دابەش‌کردن، کۆلکە، بەرکەوت 2 ئاست، ئەندازە، رادە، رێژە ◌ 1 خارج قسمت 2 میزان، مقدار

quo warranto *noun*
بەڵگەنامەی بەکارهێنانی تایبەت‌ماف (ئیمتیاز) یان ماف و یان ئازادییێکی تایبەتی؛ کردەوەیێکی قانوونی دەس‌پێ‌کراو بەهۆی quo warranto وە ◌ کوو وارانتو

Qur'an *noun*, also Koran or Quran
قورئان ◌ قرآن

Qur'anic *adjective*
قورئانی، سەربە قورئان ◌ قرآنی

qursh /kʊəʃ/ *noun, pl.* same
یەکەی پارەی عەرەبستان، بەرامبەر بە دوازدەیەکی ریاڵ (بنەرەت: لە *kirsh* عەرەبی، لە *grossus* سلاقی) ◌ قروش

q.v. /ˌkju: 'vi:/ *abbreviation* quod vide, also qv, *pl.* qq.v.
بڕوانە، بگەڕێوە بۆ ◌ نک

qwerty /'kwɜ:ti, 'kwɜ:rti/ *adjective*, also QWERTY
(ب.ت. لەسەر کەیبۆردی کامپیوتێر) کوێرتی ◌ کورتی

Qy. or **qy.** = query

R r

R[1], **r** /ɑ:(r)/, *pl.* Rs, R's, r's /ɑ:z/ *noun*

1 ئـار، ئـار (= هەژدەیـەمین پـیتی ئـەلفوبێی ئینگلیـسی) 2 ئامـاژە بـە دەنگـی دوای Q لـە دەستەیێ لە شتەکان، بابەتەکان و هتد 3 شتێک لە شێوەی پیتی R ۞ آر

R[2] *abbreviation* 1 river, also R (especially on maps) 2 Regina or Rex (Queen; King) 3 Royal; Republican (in politics in the US) 4 roentgen 5 Symb. electrical resistance 6 (®) registered as a trademark

r *abbreviation* 1 right 2 recto 3 (law) rule 4 (symb.) radius

Ra symb. the chemical element. radium

RA *abbreviation* 1 Royal Academy 2 Royal Academician 3 Royal Artillery

1 (بریتانیـا) ئاکـادیمی پاتـشایی 2 ئەنـدامی ئاکادیمی پاتشایی 3 تۆپخانەی پاتشایی ۞ 1 آکـادمی سـلطنتی 2 عـضو آکـادمی سـلطنتی 3 توپخانەی سلطنتی

Ra *noun*, also Re

خودای خۆری Heliopolis (شارێکی وێرانەی کـۆنی بـاکووری میـسر، لـە سـێسووچکە یـان دێلتای نیلدا) میسرییەکان (بە شێوەی پیاوێکی کەللەباز hawk-headed، بەیەکەێکی خۆری و uraeus بەسەرەوەیە) ۞ را

RAAF *abbreviation* Royal Australian Air Force

هێزی ئاسمـانی پاتـشایی ئەوستـرالیا ۞ نیـروی هوایی سلطنتی استرالیا

rabbet /'rabɪt/ *noun*

قولـفوبەنـد، نێرومـێ، چـاڵ و زمانـە، قولـف و زمانە ۞ رابت

rabbi /'ræbaɪ/ *noun, pl.* rabbis

1 مـالووم، خوێنـدکار یـان مامۆسـتای جـوو، ب.ت. قـانوون 2 ڕێبـەری دینیـی جوولەکـە (بنەڕەت: بە ڕێگای لاتینی کلێسە و یۆنانی لە *rabbī* عیبرییەوە "سەروەرم"، لە *rab* "سەروەر") ۞ 1 خاخام، ربی 2 رهبر مذهبی یهودی

rabbin /ræbɪn/ *noun*

مالوومەکان، زانایان یان مامۆستایانی جوولەکە ۞ خاخامها

the rabbinate /'rabɪnət/ *noun*

مالوومـەکان، دەستە یـان کۆمەڵـی مالوومـەکان، گـەلی مـالووم(ـەکـ)ان: *the Orthodox rabbinate*؛ پایـە و پۆسـتی مالوومـەکـان ۞ خاخامها، گروه خاخامها؛ مقام خاخامها

rabbinical /rə'bɪnɪkl/ *adjective*, also rabbinic/rə'bɪnɪk/

مالوومی، سەربە نووسراوە یا ئامۆژگارییەکانی مالوومـەکان (rabbinically /rə'bɪnɪkli/ *adv*) ۞ خاخامی

rabbinism *noun*

رابینیزم (rabbinist *n*) ۞ رابینیـسم

rabbit /'ræbɪt/ *noun, pl.* rabbits

1 کەرۆشـک، کەروێـشک، هـەروێ، قولەشـین [*Oryctolagus cuniculus* و جۆرەکـانی تـر] 2 کەوڵ یان چەرمی کەروێشک، پێستی قولەشینە 3 گۆشتی کەروێشک 4 (لە بریتانیا و نافەرمی) یاریزانی لاوازی یاری یان تیپێ ب.ت. تێنیس 5 (نافـەرمی، بریتانیـا) دوان، قـسـە(کـردن)، دەمەتـەقێ، دەمەتەقـە (rabity *adj*) ۞ 1 خرگوش 2 پوشت خرگوش 3 گوشت خرگوش 4

بازیکن ضعیف 5 (عامیانه) صحبت
rabbit fever = tularaemia
rabbitfish *noun, pl.* same or rabbitfishs
کەروێشکەماسی، ماسییەکەروێشکە، شێوەی ددان و شەویلکەکانی [*Chimaera monstrosa*] (ئەتلانتیک)، *Siganus oramin* (هیند و پاسیفیک) و جۆرەکانی تر] ◌ نوعی ماهی
rabbit-hutch *noun*
قەفەسەی لە دار بۆ کەروێشکەکان ◌ قفسەی خرگوش‌ها
rabbit punch *noun*
پشمل، پشتەمل (توند و خێرا) ◌ ضربەی سریع به پشت گردن
rabbitry /'ræbɪtrɪ/ *noun, pl.* rabbitries
کولانە یان بوودڕ یان کونی کەروێشک ◌ لانەی خرگوش
rabbit warren *noun*
1 کولانە یان بوودڕ یا کونی کەروێشک 2 (خوازە) هەزار بە هەزار، کوناوکون، شلوق: *The council offices were a real rabbit warren* ◌ 1 لانەی خرگوش 2 هزارتو
rabble[1] /'ræb/l *noun*
1 شلوقایی، جەنجالی، تێڕژاوی، ئاپۆرە، چڕەبەندان 2 (the rabble) خەڵکی ئاسایی، خەڵکی ڕەمەکی، قەلەوقوتە، خوارترین چینی کۆمەڵ ◌ 1 ازدحام 2 (the rabble) مردم عوام
rabble[2] /'ræb/l *noun*
میلی تێکوەردانی ئاسنی قاڵ، میلی سەرلار ◌ رابل
rabblement *noun*
شلوقایی، جەنجالی، تێڕژاوی، ئاپۆرە، چڕەبەندان، شێواوی، بەشێوی، rabble، disturbance ◌ ازدحام، آشفتگی
rabble-rouser *noun*
خەڵکهاندەر، خەڵکفریودەر، جەماوەرهاندەر، demagogue (ب.ت. بۆ مەبەستی سیاسی؛ rabble-rousing *adj, n*) ◌ تودەبرانگیز، عوام‌فریب
Rabelaisian /ˌrabə'leɪzɪən/ *noun, adjectiv*
n پیاهەڵدەری ساتیریستی فەرەنسی François Rabelais (1494–1553) *adj* سەربە رابێلە یان رابلە و کارەکانی ◌ رابله‌ای
rabic *adjective*
سەربە هاری ◌ وابسته به هاری
Rabi *noun,* Arabic *rabī'*
ڕەبیع: هەریەک لە دوو مانگی ساڵی ئیسلامی (بنەڕەت: لە *rabī'* عەرەبییەوە) ◌ ربیع
Rabi-al-Awwal *noun*
ڕەبیعی یەکەم: سێیەمین مانگی ساڵی ئیسلامی ◌ ربیع‌الاول
Rabi-al-Thani *noun*
ڕەبیعی دووهەم: چوارەمین مانگی ساڵی ئیسلامی ◌ ربیع‌الثانی
rabid /'ræbɪd, US 'reɪb-/ *adjective*
1 هار 2 سەربە هاری 3 دەمارگرژ، تونرەو، توند، سەرسەخت، ڕقئەستوور، دابیننەکراو: *rabid editorials*، *a rabid supporter* 4 شێت (*rabidly adv*: *rabidness n* بنەڕەت: شێتانە؛ لە *rabidus* لاتین، لە *rabere* "شێت و هارانە قسەکردن "to rave") ◌ 1 هار 2 وابسته به هاری 3 متعصب 4 دیوانه
rabidity /rə'bɪdɪtɪ/ *noun,* also rabidness
1 هاری 2 دەمارگرژی، تونرەوی، توندی، سەرسەختی، ڕقئەستووری ◌ 1 هاری 2 تعصب، افراط
rabies /'reɪbi:z/ *noun*
(نەخۆشی) هاری (بنەڕەت: لە لاتینەوە، لە *rabere* "rave") ◌ هاری
RAC /ɑ:r eɪ 'si:/ *abbreviation* Royal Automobile Club
(لە بریتانیا) ئارئەیسی (یانە یان ڕێکخراوەی یارمەتیدانی خاوەنماشێن یان شۆفێرەکانی) ◌ آرای‌سی
raccoon /rə'ku:n, US ræ-/ *noun,* also racoon
1 راکوون: شیردەرێکی گۆشتخۆری چکۆلانەی ئەمریکای باکووری، کلکی ئاڵقەئاڵقەیە [تۆخم *Procyon*: دوو جۆرن] 2 کەوڵ یان پێستەی ڕاکوون (لە *raugroughcun*، *arocoun* ئالگۆنکوایی Algonquian ڤیرجینیا) ◌ 1 راکون 2 پوست راکون
raccoon dog *noun.* also tanuki
canidیکی هەمەخۆرە omnivorous چکۆلەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بە تووکی درێژ و ڕووی پنۆکاوی [*Nyctereutes procyonoides*] ◌ تانوکی
race[1] /reɪs/ *noun*
1 پێشبڕکێ، پێشبەزێن، کێبڕکێ، بەزێن، ململانێ، بەریکانێ 2 ڕقەبەرایەتی، بەربەرەکانێ، پێشبڕکایەتی، هەڤرکێ 3 پەلە، تاو 4 خوڕاو، تافاو، تەوژمی ئاو، ئاوی خوڕ 5 جۆگە، ئاوەڕۆ 6 (کۆن) ڕێڕەو (خۆر یان مانگ لە ئاسماندا) 7 (races) پێشبڕکێکانی ئەسپسواری یا غارەئەسپ ◌ 1 مسابقه 2 رقابت 3 عجله 4 جریان تند آب 5 جوی 6 مسیر 7 (در جمع) مسابقات اسب‌دوانی
race[2] /reɪs/ *noun, adjective*
n 1 ڕەگەز، نژاد، ڕەچەڵەک، بنەچەک، لانەما 2 جۆر، چەشن، ڕەنگ 3 خەڵک، جەماوەر، گەل 4 بەرە، وەچە، نفش 5 (زیندەناسی) بنجۆر، ژێرجۆر، لاجۆر، چەشنی خوارتر، بەشەجۆر *adj* ڕەگەزی، نژادی ◌ *n* 1 نژاد، تبار 2 نوع 3 مردم 4 نسل 5 زیرگونه *adj* نژادی
race[3] /reɪs/ *noun*

ریشە یان ڕەگی زەنجەفیل ◌ ریشەی زنجبیل
race car = racing car
racecard /ˈreɪskɑːd, US -kɑːrd/ *noun*
بەرنامەی پێشبڕکێکانی ئەسپسواری ◌ برنامەی مسابقات اسبدوانی
racecourse /ˈreɪskɔːs, US -kɔːrs/ *noun*
مەیدان یا گۆڕەپانی پێشبڕکێی ئەسپ ◌ پیست اسبدوانی
racegoer /ˈreɪsgəʊə(r), US -goʊ-/ *noun*
بەشدار یان بەشداریکەر لە پێشبڕکێی ئەسپسواریدا ◌ شرکتکندە در مسابقات اسبسواری
racehorse /ˈreɪshɔːs, US -hɔːrs/ *noun*
ئەسپی پێشبڕکێ، ئەسپی تیژڕەو، ئەسپی غار یان گریو ◌ اسب مسابقە
racemate /ˈrasɪmeɪt/ *noun*
(کیمیا) ئاوێتە یا تێکەڵەی racemic ◌ راسیمیت
raceme /ˈrasiːm, US rəˈsiːm/ *noun*
گوڵە، هێشوو، ڕێکخستەی بۆڵی یا هێشوویی (بڕوانە cyme، بنەڕەت: لە racemus لاتین "بۆل یان هێشووە ترێ") ◌ خوشە
race meeting /ˈrasɪ miːtɪŋ/ *noun*
(بریتانیا) پێشبڕکێکانی ئەسپسواری، پێشبڕکێی غارەئەسپ، غارەبڕکێ ◌ مسابقات اسبدوانی
racemic /rəˈsiːmɪk, US rəˈsɛmɪk/ *adjective*
(کیمیا) راسیمیک: سەربە ئاوێتە یان تێکەڵەیێ کە لە ڕێژەیێکی بەرامبەری شێوە dextrorotatory و levorotatory ـەکانی هەمان ئاوێتە پێکهاتووە و لەباری ڕووناکییەوە چالاک نییە ◌ راسیمیک
racemic acid *noun*
ترشەڵۆکی راسیمیک (= مۆدیفیکاسیۆنێکی ترشەڵۆکی تارتاریک، جاروبار لە ئاوگی ترێ دەدۆزرێتەوە) ◌ اسید راسیمیک
racemization *noun*
راسمیزاسیۆن ◌ راسیمیک شدن
racemose /ˈrasɪməʊs, US -z/ *adjective*
(ڕووەکناسی و توێکاری) هێشوویی، بۆڵی، هێشووئاسا، بە شێوەی هێشوو (بنەڕەت: لە racemosus لاتین، لە racemus، بڕوانە raceme) ◌ خوشەای
racemose gland *noun*
ڕژێنەی هێشوویی ◌ غدەی خوشەای
racer /ˈreɪsə(r)/ *noun*
1 پێشبڕکێوان، پێشبڕکێچی بەشداریکەر لە پێشبڕکێی ماشێنلێخوڕیندا 2 ماشێن، مۆتۆڕ، ئەسپ، چەرخ یان بەلەمی پێشبڕکێ ◌ 1 شرکتکندە در مسابقە 2 اتومبیل، موتور، اسب، دوچرخە یا قایق مسابقە
race relations *noun, pl.*
پێوەندییە ڕەگەزی یان نژادییەکان ◌ روابط نژادی
racetrack /ˈreɪstræk/ *noun*
گۆڕەپانی پێشبڕکێ، مەیدان یا گۆڕەپانی پێشبڕکێی ئەسپ ◌ پیست مسابقە، پیست اسبسواری
raceway /ˈreɪsweɪ/ *noun*
1 مەیدان یا گۆڕەپانی پێشبڕکێ، پێشبڕکێگە 2 گۆڕەپانی پێشبڕکێی ئەسپ 3 جۆگەی ئاو 4 لوولەی پاکردنی سیم و وایەری ئێلیکتریکی ◌ 1 زمین مسابقە 2 پیست مسابقە، پیست اسبسواری 3 جوی آب 4 ریسوای
Rachel /ˈreɪtʃəl/ *noun*
راحیل: ژنی Jacob و دایکی Joseph و Benjamin ◌ راحیل
rachis /ˈreɪkɪs/ *noun*, rachides /-kɪdiːz/
1 (ڕووەکناسی) لاسک، ساقەت 2 (باڵندەناسی) تیرەگەی پەڕ، لاسکی پەڕ، میلە یان شەفتی پەڕ 3 (توێکاری) تیرەگە یان مۆغەرەی پشت، مۆرەکانی پشت ◌ 1 ساقە 2 میلەی پر 3 تیرەی پشت
rachitic /rəˈkɪtɪk/ *adjective*, also rickety
شلک، تووشبوو بە ئێسکەنەرمە (منداڵان)، راکیتیک ◌ راشیتیسمی
rachitis /rəˈkaɪtəs/ *noun*
ئێسکەنەرمە، شلکی، راشیتیزم، ریکایتیس ◌ راشیتیسم
racial /ˈreɪʃl/ *adjective*
1 ڕەگەزی، نژادی 2 سەربە پێوەندی یا جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان (racially /-ʃəli/ *adv*: لەباری ڕەگەزییەوە، لەباری نژادییەوە) ◌ 1 نژادی 2 وابستە بە ارتباط یا تمایز میان نژادها
racial discrimination *noun*
جیاوازیدانانی ڕەگەزی یا نژادی ◌ تبعیض نژادی
racialism /ˈreɪʃəlɪzəm/ = racism
racialist /ˈreɪʃəlɪst/ = racist
racing /ˈreɪsɪŋ/ *noun, adjective*
n پێشبڕکێ، پێشبەزین، بەزین، کێبڕکێ، بەریکانی، پێشبڕکێی ئەسپسواری *adj* سەربە پێشبڕکێ یان کێبڕکێ، پێوەندی بە پێشبڕکێوە هەیە ◌ *n* مسابقە، مسابقەی اسبدوانی *adj* وابستە بە مسابقە
racing car *noun*
ماشێنی پێشبڕکێ ◌ اتومبیل مسابقە
racing driver *noun*
شۆفێری ماشێنی پێشبڕکێ ◌ رانندەی اتومبیل مسابقە
racism /ˈreɪsɪzəm/ *noun*
ڕەگەزپەرستی، دەمارگرژی ڕەگەزی یان نژادی، نژادپەرستی، جیاوازیدانانی ڕەگەزی ◌ نژادپرستی، تبعیض نژادی
racist /ˈreɪsɪst/ *noun, adjective*

n رەگەزپەرست، دەمارگرژ لەبواری رەگەز یان نژادا، نژادپەرست *adj* سەربە جیاوازیدانانی رەگەزی ◌ *n* نژادپرست *adj* نژادپرستانه، وابسته به تبعیض نژادی

rack[1] /ræk/ *noun*

1 رەفحە، رەف، تەخشک 2 (لە لێکدانا) جێ ـ: *a* ***vegetable/wine/plate/toast rack*** 3 ئاخوڕ (لە دار یان کانزا) 4 باگردین یان پێچکەی ئەشکەنجە (کە هەر چوارپەلی مرۆڤ دەکێشیتەوە)، چوارمێخە 5 جێی کڵاو، کڵاوهەڵواسە 6 کاولی، وێرانی، خاپووری 7 سەرجەم شاخی گاکێوی 8 میلی دانەدار، شانە ◌ 1 تاقچه 2 (در ترکیب) جا ـ 3 آخور 4 غلتک شکنجه 5 جاکلاهی 6 ویرانی 7 مجموعەی شاخهای گوزن 8 میلەی دندانەدار

rack[2] /ræk/ *noun*

نەرمەوڕێغە، رەوتی ئەسپ لە نێوان trot و canter ◌ راک

rack[3] = wrack

racket[1] /'rækɪt/ *noun*, also racquet

1 (یاری) راکێت، دەسکی تێنیس 2 snowshoe شێوە راکێت ◌ راکت

racket[2] /'rækɪt/ *noun*

1 دەنگوهەرا، شلوقی، قیژەوهەرا، زەنازەنا، جەنجاڵی 2 رێ‌پێگرتن، باجلێسەندن، بە زۆر پارە لێ‌سەندن 3 فێڵ، دەغەڵ، تەڵەکە 4 کار، پیشە ◌ 1 هیاهو، سر و صدا 2 اخاذی 3 حیله 4 شغل

racketeer /ˌrækə'tɪə(r), US -'tɪr/ *noun*

باجسێن، رێ‌پێگر ◌ اخاذ

racketeering /ˌrækə'tɪŋ, US -'tɪr-/ *noun, adjective*

1 باجسێنی، رێ‌پێگری، بە هەڕەشە پارە لێوەرگرتن 2 باجسێن، رێ‌پێگر ◌ 1 اخاذی 2 اخاذ، باجبگیر

racket-press *noun*

قالب یان پرێسی راکێت ◌ پرس راکت

rackets /'rækɪts/ *noun, pl.*, also racquets

راکێتس (= جۆرێ یاری کە بە دوو یان چوارکەس دەکرێ) ◌ راکتس

rackety /'rækɪtɪ/ *adjective*

بەدەنگوهەرا، پربگرەوبەردە، شلوق، جەنجاڵ، چرەبەندان ◌ پرهیاهو

racking *adjective*

سەخت، توند ◌ قوی

rack railway *nonu*

رێی ئاسنی دانەڕێز (بۆ لێژایی) ◌ ریلوای راک

raclette /ra'klɛt/ *noun*

پەنیر و پەتاتە (= جۆرێ چێشتی سویسی) ◌ نوعی غذای سوئیسی

raconteur /ˌrækɒn'tɜ:(r), US -kɑ:n-/ *noun, fem.* -euse /ˌrakɒn'tə:z/

1 چیرۆکبێژ، حیکایەتخوان، گێڕەوە، چیرۆکگێڕەوە 2 دەمڕاوێژخۆش ◌ 1 راوی، قصه‌گو 2 ماهر در قصه‌گویی

racoon = raccoon

racquet = racket1

racquetball /'rækɪtbɔ:l/ *noun*

(لە ئەمریکا) راکێتبۆل (لە هەندبۆل دەچێ) ◌ راکت‌بال

racy /'reɪsɪ/ *adjective* (racier, raciest)

1 (تام و چێژ) تیژ، توند 2 بەتین، بەسۆز، بەپەرۆش، وورووژێنەر 3 پیس، شپرزە بێ‌ئابروو، سێکسی، عەیب 4 (دەزگا یان گیانەوەری) گونجاو بۆ پێشبڕکێ **racily** *adv*: 1 تیژانە، بە شێوەیێکی تیژ 2 بە شێوەیێکی بەتین، بەپەرۆشانە؛ **raciness** *n*: 1 (تام) تیژی، توندی 2 بەتینبوون، بەپەرۆشی، بەسۆزبوون ◌ 1 تند 2 پرشور، مهیج 3 مبتذل 4 مناسب برای مسابقه

rad[1] /ræd/ *adjective*

(نافەرمی) وورووژێنەر، سەرنجڕاکێش، خۆش، یەکجار باش ◌ مهیج، جذاب، عالی

rad[2] /ræd/ *nounm*, acronym from *radiation absorbed dose*

(فیزیک) راد (= یەکەی پێوانی رادە یان رێژەی راکێشانی تیشکدانەوە) ◌ راد

rad[3] = 1 radian 2 radius 3 radix

R & D *abbreviation* research and development

توێژینەوە و پەرەسەندن ◌ پژوهش و توسعه

RADA *abbreviation* Royal Academy of Dramatic Art

(لە بریتانیا) ئاکادیمیای پاشایی هونەرە دراماتیکیەکان، رادا ◌ رادا

radar /'reɪdɑ:(r)/ *noun, abbreviation* radio detecting and ranging

رادار: *a* ◊ *They located the ship by radar* ***radar screen*** ◌ رادار

radar gun *noun*

راداری خێرایی ماشین (بە دەستی پۆلیسی هاتوچۆدا بۆ لێکدانەوەی خێرایی ماشینەکان) ◌ رادار گان

radarman *noun, pl.* radarmen

رادار(ە)وان، رادارگێڕ ◌ رادارمن

radarscope *noun*

پەردە یان شاشەی رادار ◌ صفحەی رادار

radar trap = speed trap

raddle = reddle

raddled /'rædld/ *adjective*

1 ماندوو، هیلاک، شەکەت، broken-down. 2 worn نیشانەکراو یان رەنگکراو بە گلەسوورە ◌ 1 خسته، فرسوده 2 ردلد

radial /'reɪdiəl/ *adjective, noun*

adj 1 سەربە تیشک، تیشکی، تیشکئاسا، پرشنگی 2 سەربە باسکی سەروو، باسکەسەروویی، قۆلی 3 لیوەبوو، تەوەری *n* (هەروەها radial-ply tire ،radial tyre و radial tire) پێچکە یان تایەی رادیال ◌ *adj* 1 وابستە بە شعاع یا پرتو، شعاع‌مانند، پرتوی 2 وابستە بە زند زبرین 3 منشعب، محوری *n* لاستیک رادیال

radial acceleration *noun*
تاوی تیشکی، تیشکەتاو ◌ شتاب شعاعی

radial artery *noun*
خوێنبەری باسکی سەروو یان قۆل ◌ سرخرگ زند اعلی

radially /ˈreɪdiəli/ *adverb*
وەک تیشک، بە شێوەی تیشک، تیشکانە ◌ مانند شعاع، بە صورت پرتوری

radial velocity *noun*
خێرایی تیشکی ◌ سرعت شعاعی

radian /ˈreɪdiən/ *noun*
(میکانیک) رادیەن، رادیان: گۆشەی نیوەتیرە، لاتیرەگۆشە ◌ رادیان

radiance /ˈreɪdiəns/ *noun*, also radiancy
1 تیشکدانەوە، پرشنگ(دانەوە)، بریسکە 2 شادی، خۆشحاڵی، دڵشادی ◌ 1 تابندگی، تشعشع 2 بشاشیت

radiant /ˈreɪdiənt/ *adjective, noun*
adj 1 پرشنگدار، بریسکەدار، شەوقدەرەوە، تیشکدار، تیشکدەر، ورشن، تیشکن 2 شاد، خۆشحاڵ، بەکەیف: *a radiant smile* 3 (فیزیک) تیشکدانەوەیی 4 لقلیوەبوو *n* 1 سەرچاوەی رووناکی، زێدەری رۆشنایی 2 (ئەستێرەناسی) تیشکۆی تیرک meteor ◌ *adv*) radiantly /ˈreɪdiəntli/: 1 پرشنگدارانە، بە شێوەیەکی بریسکەدار 2 شادانە، بە خۆشحاڵییەوە: *He smiled radiantly*) ◌ *adj* 1 تابان 2 بشاش 3 (فیزیک) تابشی 4 منشعب‌شوندە *n* 1 مصدر نور 2 کانون شهاب

radiant energy *noun*
وزەی تیشکدانەوەیی ◌ انرژی تابشی

radiant flux *noun*
(کیمیا) گوڕبوونی بریسکەدار ◌ شارە تابان

radiate = radial

radiation /ˌreɪdiˈeɪʃn/ *noun*
1 (فیزیک) تیشکدان، تیشکخستن، تیشکدانەوە، پرشنگدانەوە: *electromagnetic radiation ◊ radiation from power lines ◊ ultraviolet radiation* 2 وزەی تیشکدانەوەیی (بە شێوەی گەرما یا رووناکی) 3 تیشک، پرشنگ: *high levels/doses of radiation that damage cells ◊ the link between exposure to radiation and childhood cancer* ◌ *radiations emitted by radium* 1 (فیزیک) تابش 2 انرژی تابشی 3 اشعە، پرتو

radiational *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە radiation ـەوە هەیە، وابستە بە radiation ◌

radiation sickness *noun*
نەخۆشی تیشک (ب.ت. مەترباڵە تیشکدەرەوەکان یا تیشکی X) ◌ بیماری اشعە

radiation therapy also radiation treatment = radiotherapy

radiative /ˈreɪdiətɪv/ *adjective*
تیشکدەرەوە، شەوقدەرەوە، پرشنگدەرەوە ◌ متشعشع

radiator /ˈreɪdieɪtə(r)/ *noun*
(ماشین یان ژوورەوەی ماڵ) فێنککەرەوە، گەرمیدەرەوە، رادیاتۆر: *a central heating system with a -or in each room* ◌ رادیاتور

radical /ˈrædɪkl/ *adjective, noun*
adj 1 رەگی، ریشەیی، رەگوریشەیی، بناخەیی، بنەڕەتی، بنچینەیی، بنکەهی، تەواو، گشتلایەنە، هەمەلایەنە 2 تونرەو، ئەوپەڕگر، پەرگیر، رادیکاڵ 3 (مێژوویی، بریتانیا) سەربە بەشی تونرەوی پارتی لیبراڵ لە سەدەی 19 دا 4 (رووەکناسی) رەگی، ریشەیی *n* 1 کەسێکی تونرەو، پەرگیر، لایەنگری ریفۆرمی رامیاری و کۆمەڵایەتی تەواو 2 (بیرکاری) رەگ، بنج، نیشانەی رادیکاڵ، رادیکاڵ (√) 3 (کیمیا) بنەڕەت ◌ *adj* 1 ریشەای، اساسی، شالودی، بنیادی، تمام عیار 2 افراطی 3 رادیکال 4 ریشەای *n* 1 آدم افراطی، رادیکال 2 (ریاضیات) ریشە، علامت رادیکال 3 (شیمی) بنیان

radicalism /ˈrædɪkəlɪzəm/ *noun*
تونرەوی، تونددرەوی، توندرۆیی، پەرگیری، بنچینەباوەری، بنچینەگەری، رادیکالیزم ◌ افراطگرایی، بنیادگرایی

radicalized *adjective*
تونرەو(کراو) ◌ افراطی

radically /-kli/ *adverb*
لە بنەڕەتا، لە تەرکەنە(دا) ◌ اساساً، اصولاً

radical quantity *noun*
(بیرکاری) چەندێتی رەگی یان ریشەیی ◌ کمیت جذری

radical sign *noun*
نیشانەی رەگ یان بنج (√) ◌ علامت جذر

radicchio /raˈdiːkiəʊ/ *noun, pl.* radicchios
(ئیتالیایی) جۆری chicory گەڵا سووری تۆخ ◌ رادیکیو

radices /ˈradɪsiːz, US ˈreɪdɪsiːz/ = plural form of radix

radicle /ˈradɪk(ə)l/ *noun*
1 (رووەکناسی) رەگۆکە، رەگچە، رەگۆچکە، لارەگ، ریشۆچکە، وردەرەگ 2 (توێکاری)

لاقی دەمار یان خوێن (بنەڕەت: لە *radicula* لاتین، چکۆلێتراوی *radix*، *radic-* ("root") ⬡ 1 ریشەچە 2 رادیکل

radicular /ra'dɪkjələ(r)/ *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە radicle ـەوە هەیە ⬡ وابستە بە radicle

radii /'reɪdiaɪ/ = plural form of radius

radio /'reɪdiəʊ, US -oʊ/ *noun, adjective, pl.* radios
n 1 رادیۆ، رادوێ 2 بڵاوکردنەوەی رادیۆیی 3 بێ تەل، وایەرلێس، بێ سیم 4 (ب.ت. لەسەر کەشتی یان فڕۆکە) دەزگای وەرگرتن یان ناردنی پەیامەکان 5 وێستگە یان کانالی بڵاوکردنەوە *adj* رادیۆیی (کورتەی radiotelephone) ⬡ *n* 1 رادیو 2 پخش رادیویی 3 بی‌سیم 4 مخابره با بی‌سیم 5 ایستگاه یا کانال پخش *adj* رادیویی

radio- /'reɪdiəʊ, US -oʊ/ *prefix*
پێشگر: 1 رادیۆ، رادیۆیی: *radiotelegraphy* 2 تیشکی، تیشکدانەوەیی، تیشکدانەوە: *radioactive*، *radiopaque* 3 ــــــــــــ سەربە رادیۆئەکتیف یان تیشکدەرەوە، رادیۆئەکتیف: *radioelement* 4 هاوتا تیشکدەرەکان radioactive isotopes ب.ت. دەسکردانە بەرهەم هاتی: *radiocarbon* 5 رادیۆم، تیشکەکانی ئێکس: *radiotherapy* 6 ئێسکی باسکەسەروو، قوڵ radius bone: *radio-ulna* ⬡ پیشوند: 1 رادیو، رادیویی 2 پرتوی، تشعشعی 3 وابسته به رادیواکتیو 4 رادیو 5 رادیوم، پرتوهای ایکس 6 استخوان زند زبرین

radioactive /ˌreɪdiəʊ'æktɪv, US -oʊ'æk-/ *adjective*
تیشکدەر(ە)، تیشکدەرەوە، رادیۆئەکتیف (radioactively *adv*) ⬡ پرتوزا، رادیواکتیو

radioactive dating = radiometric dating

radioactive decay *noun*
لێک هەڵوەشانی تیشکدەرەوە یان رادیۆئەکتیف ⬡ تلاشی پرتوزا

radioactive series *noun*
(فیزیک) زنجیرەی تیشکدەرەوە ⬡ زنجیرەی پرتوزا

radioactive waste *noun*
پاشەڕۆی تیشکدەرە (لە شوێنی کاری ریاکتۆری ناوکی‌دا) ⬡ فضولات پرتوزا

radioactivity /ˌreɪdiəʊæk'tɪvəti, US -oʊæk-/ *noun*
رادیۆئەکتیڤیتی، رادیۆئەکتیڤیتە، تیشکدەریتی، تیشکدەرەوەییتی: *the study of radioactivity* ⬡ رادیواکتیویتی، رادیواکتیویته

radio astronomy *noun*
ئەستێرەوانی رادیۆیی، تیشکە ئەستێرەوانی (لقی لە ئەستێرەوانی کە شەپۆلە رادیۆییەکان لە بۆشاییەوە وەردەگرێ و شییان دەکاتەوە) ⬡ اخترشناسی رادیویی

radio beacon *noun*
وێستگەی ناردنی رادیۆیی خاوەن کۆمەڵە نیشانە یان ئاماژەیێکی رادیۆیی تایبەتی بۆ بەکارهێنان (وەک لە باندی نیشتنەوە) و دیاریکردنی هەڵمەرج (فڕۆکە و کەشتییەکان) ⬡ اخترشناسی رادیویی

radiobiological *adjective*
سەربە تیشکەزیندەناسی ⬡ وابسته به رادیوبیولوژی

radiobiologically *adverb*
لەبارەی تیشکەزیندەناسی(یەوە) ⬡ از لحاظ رادیوبیولوژی

radiobiologist *noun*
تیشکەزیندەناس، رادیۆبیۆلۆژیست ⬡ رادیوبیولوژیست

radiobiology *noun*
تیشکەزیندەناسی، تیشکەزیندەناسیی، رادیۆبیۆلۆژی ⬡ رادیوبیولوژی

radiobroadcast *noun*
بڵاوکردنەوە بەهۆی رادیۆ ⬡ پخش به وسیله‌ی رادیو

radio cab *noun*
تاکسی تەلەفونی ⬡ تاکسی تلفنی

radio car *noun*
ماشێنی بێ تەلدار یا رادیۆیی، ماشێنی بە وایەرلێسەوە ⬡ اتومبیل بی‌سیمی

radiocarbon /ˌreɪdiəʊ'kɑːbən, US -oʊ'kɑːrb-/ *noun, also* carbon 14
(کیمیا) 1 کاربۆنی تیشکدەر(ەوە) یان رادیۆئەکتیف، ب.ت. کاربۆنی 14، ئیزۆتۆپێکی تیشکدەرەوەی کاربۆن بە ژمارەی بارستایی 14 و نیوەتەمەنی دەوروبەری 5730 ساڵ، زۆرتر بۆ تەمەن‌پێوی ماکە ئەندامییەکان organic materials بەکاردێنرێ 2 هەر ئیزۆتۆپێکی تیشکدەرەوەی کاربۆن ⬡ کربن پرتوزا

radiocarbon dating *noun*
تەمەن‌پێوی یا رێکەوتدانانی کاربۆنی (شێوازێکی زانستی دیاریکردنی تەمەنی شتە کۆنەکان لە رووی پێوانی بڕی کاربۆنی تیشکدەرەوە لەوان‌دا)

radiochemical /ˌreɪdiəʊ'kemɪkl, US -oʊ'k-/ *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە radiochemistry ـەوە هەیە ⬡ وابسته به رادیوکیمیستری

radiochemist *noun*
زانای radiochemistry ⬡ رادیوکیمیستریست

radiochemistry /ˌreɪdiəʊ'kemɪstri, US -oʊ'k-/ *noun*
لقێ لە کیمیا لەبارەی مەتریاڵە تیشکدەرەوەکان ⬡ رادیوکیمیستری

radio compass *noun*
لادۆزی بێتەلدار یان رادیۆیی ۞ قطب‌نمای بی‌سیمی
radio-controlled *adjective*
بە کۆنترۆڵی رادیۆیی‌یەوە ۞ با کنترل رادیویی
radioelement *noun*
توخمی تیشکدەر یان رادیۆئەکتیف ۞ عنصر پرتوزا
radio-frequency *noun*
لەرە یان فریکوێنسی رادیۆیی ۞ بسامد رادیویی
radio galaxy *noun*
کاکێشانی رادیۆیی: کاکێشانێ کە سەرچاوەیێکی بەهێزی شەپۆلە رادیۆیی‌یەکانە ۞ رادیو گالاکسی
radiogenic /ˌreɪdɪə(ʊ)ˈdʒenɪk, US -ˈdʒiːn-/ *adjective*
1 پێکهاتوو یان بەرهەمهاتوو بە رادیۆئەکتیڤیتی: 2 *radiogenic tumors* ◊ *radiogenic isotopes* گونجاو بۆ بلاوکردنەوە بە رێگای رادیۆوە ۞ رادیوژنیک
radiogram *noun*
1 رادیۆگرام، برووسکەی رادیۆیی (برووسکەی نێردراو بەهۆی رادیۆوە)، دەزگایێ کە لە رادیۆ و گرامافۆن پێکهاتبێ) 2 – radiograph ۞ رادیوگرام
radiograph /ˈreɪdiɒɡrɑːf/ *noun*
وێنە (بە تیشک ب.ت. تیشکی X) ۞ عکس
radiographer /ˌreɪdiˈɒɡrəfə(r), US -ˈɑːɡ-/ *noun*
وێنەهەڵگر، شارەزا یان پسپۆڕی وێنەهەڵگری بە تیشک، تیشکەوێنەگر (بە دەزگای تیشکی X) ۞ متخصص پرتونگاری
radiographic *adjective*
سەربە تیشکەوێنەگری یا وێنەهەڵگری بە تیشک ۞ وابسته به پرتونگاری
radiography /ˌreɪdiˈɒɡrəfi, US -ˈɑːɡ-/ *noun*
وێنەهەڵگری بە تیشک، تیشکەوێنەگری ۞ پرتونگاری
radioimmunological *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە radioimmunology ەوە هەیە ۞ وابسته به رادیوایمونولوژی
radioimmunologist *noun*
زانا یان زانستیاری radioimmunology ۞ رادیوایمونولوژیست
radioimmunology *noun*
بەکارهێنانی شێوە یان تەکنیکە رادیۆلۆژیکی‌یەکان لە بواری پاراستن‌ناسی‌دا ۞ رادیوایمونولوژی
radioimmunoassayable *adjective*
لە تیشکەپاراستن‌پێوی‌هاتوو، پاراستن‌پێوی تیشکی دەکرێ ۞ قابل ایمن‌سنجی پرتوری
radioimmunoassay *noun*
تیشکەپاراستن‌پێوی، پاراستن‌پێوی تیشکی: پاراستن‌پێوی ماکێ کە لەباری تیشکدەرەیی‌یەوە نیشانە کراوە ۞ ایمن‌سنجی پرتوری
radioiodine *noun*
هەریەک لە نۆ ئیزۆتۆپی ئایۆدین یان یۆد ب.ت. یۆدی 131 و یۆدی 125 کە وەک شوێن‌دۆزی رادیۆئەکتیف لە توێژینەوە و چارەسەری و دەس‌نیشان‌کردنی کلینیکی‌دا بەکاردێن ۞ رادیوایودین
radioisotope /ˌreɪdiəʊˈaɪsətəʊp, US ˌreɪdioʊˈaɪsətoʊp/ *noun*
(کیمیا) هاوتای تیشکدەر یان رادیۆئەکتیف، تیشکەهاوجێ، ئیزۆتۆپیکی تیشکدەر یان رادیۆئەکتیف ۞ ایزوتوپ پرتوزا
radioisotopic *adjective*
سەربە radioisotope ۞ وابسته به ایزوتوپ پرتوزا
radiolaria /ˌreɪdɪə(ʊ)ˈlɛːrɪə/ *noun, pl.*
(گیانەوەرناسی) تیشکۆڵەیی‌یەکان، تیشکی‌یەکان [زۆر جۆر و لە لکی Actinopoda] (بنەڕەت: چکۆلینراوی *radius* ی لاتین "ray") ۞ رادیولاریا
radiolarian *noun, adjective*
(گیانەوەری) تیشکۆڵەیی، تیشکی ۞ رادیولارین
radiolocation *noun*
شێوەی دیاری‌کردنی هەڵومەرج یان بار و خێرایی شتێ بەهۆی رادار؛ دۆزینەوەی شتێ بە یارمەتی رادار ۞ رادیولوکاسیون
radiological *adjective*
1 تیشک‌ناسی‌یانە، سەربە تیشک‌ناسی 2 ماکە تیشکدەرەکان دەگرێتەوە ۞ 1 پرتوشناختی 2 شامل مواد رادیواکتیو یا پرتوزا
radiologically *adverb*
لەباری تیشک‌ناسی(یەوە) ۞ از لحاظ پرتوشناختی
radiologist /ˌreɪdiˈɒlədʒɪst, US -ˈɑːlə-/ *noun*
تیشک‌ناس ۞ پرتوشناس
radiology /ˌreɪdiˈɒlədʒi, US -ˈɑːlə-/ *noun*
تیشک‌ناسی ۞ پرتوشناسی
radiolucence *noun*, also radiolucency
تیشک‌تێوەچوویی، تیشک‌تێپەڕیوی ۞ رادیولوسنسی
radiolucent *adjective*
تیشک‌تێوەچوو، تیشک‌تێپەڕیو، (بە کەمی یان بە گشتی) تیشکی تێکی پیا تێدەپەڕێ: *radiolucent tissues* ۞ رادیولوسنت
radiolysis *noun*
تیشک‌شیکاری، شی‌کردنەوەی تیشکی، رادیۆلیز ۞ پرتوکافت، رادیولیز
radiolytic *adjective*
سەربە تیشک‌شیکاری یان شی‌کردنەوەی تیشکی

۞ وابسته به پرتوکافت

radioman *noun, pl.* radiomen
دەزگەوان یان کارپێکەری رادیۆ، رادیۆوان ۞ تکنیسین یا اپراتور رادیو

radiometer /ˌreɪdɪˈɒmɪtə/ *noun*
تیشکپێو ۞ پرتوسنج

radiometric /ˌreɪdiəʊˈmetrɪk, US -dioʊ-/ *adjective*
سەربە پێوانی تیشکدەرەوەیتی یان رادیۆئەکتیڤیتی، سەربە تیشکپێوی، تیشکپێوییانە (radiometrically (/ˌreɪdiəʊˈmetrɪkli, US -dioʊ-/ *adv* ۞ رادیومتریک، وابسته به پرتوسنجی

radiometric dating *noun*
تەمەنپێوی تیشکپێوی(یانە): شێوەیێکی دیاریکردنی تەمەنی ماک و شتەکانی سەرعەرز کە بنەرەتێکی ئەندامییان هەیە و لەسەر بنچینەی لێکهەڵوەشانی تیشکدەرەوەیە، وەک تەمەنپێوی بە کاربۆنی 14 یان تەمەنپێوی پۆتاسیۆم‌ـئارگۆن potassium-argon dating ۞ عمرسنجی پرتوسنجی، عمرسنجی پرتوسنجشی

radiometry *noun*
تیشکپێوی ۞ پرتوسنجی، پرتوسنجشی

radionics /ˌreɪdɪˈɒnɪks/ = electronics

radionuclide *noun*
نیوکلایدی تیشکدە(وە) یان رادیۆئەکتیڤ ۞ رادیونوکلید

radiopacity *noun*
تیشکبەندی ۞ پرتونارسانی

radiopaque /ˌreɪdɪəʊˈpeɪk/ *adjective,* also radio-opaque
تیشکبەند ۞ پرتونارسان

radiopacity *noun*
تیشکبەندی ۞ پرتونارسانی

radiopharmaceutical *noun, adjective*
n دەرمانێکی تیشکدەر یان رادیۆئەکتیڤ کە بۆ دەسنیشانکردن یان چارەسەری بەکاردێتێ *adj* سەربە دەوا و دەرمانی رادیۆئەکتیڤ ۞ رادیوفارماسیوتیکال

radiophone *noun*
تەلەفونی بێسیم یان بێتەل، تەلەفونی رادیۆیی ۞ تلفن بی‌سیم

radiophonic *adjective*
سەربە یان ئاماژە بەو دەنگەی کە بە شێوەی ئێلیکترۆنی بەرهەم هاتووە ۞ رادیوفونی

radiophoto *noun*
وێنەیێ کە بەهۆی رادیۆوە نێردراوە، وێنەی رادیۆیی ۞ تصویر رادیویی

radiophotograph *noun*
وێنەیێ کە بەهۆی رادیۆوە نێردراوە، وێنەی رادیۆیی ۞ تصویر رادیویی

radioprotection *noun*
تیشکپارێزی ۞ رادیوپروتکسیون

radioprotective *adjective*
تیشکپارێز، دژی کاریگەرییە زیانبارەکانی تیشکدانەوە دەتپارێزێ: *radioprotective* ***drugs*** ۞ رادیوپروتکتیو

radio range *noun*
داموەدەزگای رادیۆیی بۆ رێگادۆزینەوەی فڕۆکەکان navigation ۞ رادیو رینج

radioscope *noun*
تیشکدۆز، تیشکبین ۞ رادیوسکوپ

radioscopic *adjective*
سەربە تیشکدۆزی، سەربە تیشکبینی ۞ وابسته به رادیوسکوپی

radioscopy /ˌreɪdɪˈɑːskəpi/ *noun*
(فیزیک) تیشکدۆزی، تیشکبینی، رادیۆسکۆپی ۞ رادیوسکوپی

radiosensitive *adjective*
تیشکهەستیار، (هێندێ لە شانە یان زیندەوەرەکان) هەستیار سەبارەت بە کاریگەرییەکانی وزەی تیشکدانەوەیی radiant energy، وەک تیشکی ئێکس ۞ رادیوسنسیتیو

radiosensitivity *noun*
تیشکهەستیاری ۞ رادیوسنسیتیویتی

radiosonde *noun*
دەزگایێ لە ژوور باڵۆن (ی بێسوار unmanned) بۆ ناردنی زانیاری یان بارودۆخی کەشناسی بەهۆی رادیۆوە ۞ رادیوسوند

radio source *noun*
سەرچاوەی تیشکی: شت یان دیاردەیێکی گەردوونی وەک کاکێشان، پرتەئەستێرە pulsar، ئەستێرەئاسا quasar یان پاشماوەکانی supernova ێ کە شەپۆلە رادیۆییەکان لە خۆی دەرەدا ۞ رادیو سورس

radio spectrum *noun*
شەبەنگی تیشکی ۞ طیف پرتوی

radio-telephone *noun*
تەلەفونی وایەرلێس یان بێتەل، تەلەفونی رادیۆیی ۞ تلفن بی‌سیم

radio telescope *noun*
(ئەستێرەوانی) دووربینی تیشکی یان رادیۆیی ۞ تلسکوپ رادیویی

radiotherapeutic *adjective*
سەربە بەتیشک چارەسەرکردن ۞ وابسته به پرتودرمانگری

radiotherapist *noun*
بەتیشکچارەسەرکەر، رادیۆتراپیست ۞ پرتودرمانگر

radiotherapy /ˌreɪdiəʊˈθerəpi, US -oʊˈθe-/ *noun*
بەتیشک چارەسەرکردن ۞ پرتودرمانگری

radio transmitter *noun*
تیشکنێر، تیشکهەنێر ⬡ فرستندەی رادیویی

radio-ulna *noun*
تاکەئێسکێکە لە باڵ یان پەلی پێشەوەی وشکاوەکیی amphibian (وەک بۆق) ⬡ رادیواولنا

radio wave *noun*
شەپۆلی رادیۆیی: شەپۆلێکی کارۆتیسی یان ئێلیکترۆمەگناتیک کە خاوەنی درێژیی شەپۆل wavelength لە نێوان 1 میلیمیتر و 30,000 میترە یان بە لەرە و فریکوێنسی نێوان 10 کیلۆهێرتز و 300,000 مێگاهێرتز ⬡ موج رادیویی

radish /'rædɪʃ/ *noun*
(رووەکناسی) 1 توور، تفر، سەلکەتوور 2 بنج یان رووەکی توور [*Raphanus sativus*] ⬡ 1 تربچە 2 گیاە تربچە

radium /'reɪdiəm/ *noun*
(کیمیا) رادیۆم (بە ژ.گ. 88، ن. Ra) ⬡ رادیم

radium emanation = radon

radius /'reɪdiəs/ *noun, pl.* radii /-dɪʌɪ/ or radiuses
1 نیوەتیری بازنە، لاتیر 2 هێڵی نیوەتیرەیی 3 (توێکاری و گیانەوەرناسی) باسکەسەروو، باسکی سەروو، قوڵ 4 (مێروناسی) رەگی سەرەکی باڵی باڵندەیێ 5 مەودایێکی دیاریکراو لە هەر لایێکەوە: *They deliver to within a 5-mile radius of the store* (بنەڕەت: لاتین "ray ،spoke ،staff") ⬡ 1 شعاع دایرە 2 خط شعاعی 3 زند زبرین 4 رادیوس

radius vector *noun, pl.* radii vectores or radius vectors
(بیرکاری) هەڵگرەی نیوتیری یان نیوەتیرەیی ⬡ بردار شعاعی

radix /'radɪks, US 'reɪ-/ *noun, pl.* radices /-dɪsi:z/
1 (بیرکاری) بنەڕەت، بنەما، بنچینە 2 سەرچاوە، ژێدەر، چاڤکانی، ماک، بناوان 3 ریشە، رەگ، رەهـ (بنەڕەت: لاتین "رەگ") ⬡ 1 رادون 2 منشأ، منبع 3 ریشە

radome /'reɪdəʊm/ *noun*
گومەزەی رادار (تێکەڵەی dome + radar) ⬡ رادوم

radon /'reɪdɒn, US -dɑ:n/ *noun*
(گاز) رادۆن (بە ژ.گ. 86، ن. Rn) ⬡ رادون

radula /'radjʊlə/ *noun, pl.* radulae /-li:/ or radulas
(لە لەشنەرمیدا) رنەک، کرەک (بنەڕەت: لە لاتینی نوێوە بە واتای "scraper"، لە *radere* "کراندن to scrape") ⬡ رادیولا

radular *adjective*
رنەکی، کرەکی، سەربە رنەک، پێوەندی بە رنەکەوە هەیە ⬡ رادیولار

radwaste *noun*
پاشەڕۆی تیشکدەرەوە یان رادیۆئەکتیف ⬡ فضولات رادیواکتیو

RAF /ˌɑ:r eɪ 'ef, ræf/ *abbreviation* Royal Air Force
(لە بریتانیا) هێزی ئاسمانی پاتشایی ⬡ نیروی هوایی سلطنتی

raffia /'ræfiə/ *noun*
1 جۆرێ دارخورمای گەرمێنانی ئەفریکا و ماداگاسکار (گەڵاکانی زۆر درێژن [*Raphia*]) 2 ریشاڵی (گەڵای) دارەخورما (بۆ دروسکردنی کڵاو، سەوەتە، ژێرەخەرە و هتد) [*ruffia*] ⬡ 1 رافیا 2 لیف نخل

raffish /'ræfɪʃ/ *adjective*
هەرزە، چاوحیز، جلف، بلح، بێئابڕوو، سووک، ناجۆر: *He had a cosmopolitan, slightly raffish air* ⬡ جاهلمنش، جلف، جاهلمنشانە

raffishly /'ræfɪʃli/ *adverb*
جلفانە، هەرزانە، بێئابڕووانە ⬡ با جلفی

raffishness /'ræfɪʃnəs/ *noun*
هەرزەیی، جلفی، بێئابڕوویی، سووکی، ناجۆری ⬡ جاهلمنشی، جلفی

raffle[1] /'ræfl/ *noun*
بەختتاقیکردنەوە، هایبەخت، لاتێری، نێوکێشی، تیروپشک، پشکهەڵخستن ⬡ قرعەکشی

raffle[2] /'ræfl/ *noun*
زبل، زبڵوزاڵ، خشتوخاڵ، پاشەڕۆ ⬡ آشغال، فضولات

rafflesia /rə'fli:ʒɪə, US -'zɪə/ *noun*
جۆرێ گیای مشەخۆری ئیندۆنیزیایی و مالیزیایی، بە گوڵی زۆر زلەی تاقتاقەوە کە بۆنی کەلاک دەکا [توخم *Rafflesia*] ⬡ نوعی گیاە

raft[1] /rɑ:ft, US ræft/ *noun*
1 کەلەک (جۆرێ بەلەمی سادە) 2 کۆمەڵە کۆتەرەدار یان سەهۆڵی سەرئاو 3 جۆرێ بەلەمی بایی چکۆلە 4 بنچینەی کۆنکرێتی شیشبەندی خانوویێ ⬡ 1 کَلَک 2 و 3 رافت

raft[2] /rɑ:ft, US ræft/ *noun*
پێخوێن، دەلیایێ، برێکی زۆر، کۆگایێ ⬡ مقدار زیاد، یە عالمە

rafter[1] /'rɑ:ftə(r), US 'ræf-/ *noun*
دەستەک، ئالوودار، راژە ⬡ تیر سقف

rafter[2] /'rɑ:ftə(r), US 'ræf-/ *noun*
1 کەلەکساز 2 کەلەکەوان ⬡ 1 کلکساز 2 کلکران

raftered *adjective*
دارەڕاکراو، دەستەکلەسەردانراو، دەستەکبەند، دەستەکڕاخراو، دەستەکڕێز، راژەدار ⬡ دارای تیر سقف

rafting /'rɑ:ftɪŋ, US 'ræft-/ *noun*

کەلەکسواری، کەلەکئاژۆیی، کەلەکەوانی (ب.ت. وەکوو وەرزشێ) ❁ کلکرانی

raftsman *noun, pl.* raftsmen
کەلەکەوان ❁ کلکران

raft spider *noun*
جالجالووکە کەلەکە، جۆرێکی زلەی ئاوی [*Dolomedes* توخم] ❁ نوی عنکبوت

rag[1] /ræg/ *noun*
1 پەڕۆ، کۆنە، سیپاڵ، واڵا، شڕە، پەڕۆکۆن: *Use a piece of old rag* 2 (بە سووکایەتی) ڕۆژنامە، کۆڤار، بڵاونامە: *the local rag* 3 (rags) شڕە، جلی شڕە، شڕەوشاتاڵ، شڕەپەتوڕ، جلی پڕنۆڵ، سیپاڵەکۆن ❁ 1 کهنه 2 (با زبان تحقیر) روزنامه، نشریه 3 (در جمع) لباس پاره و پوره

rag[2] /ræg/ *noun*
شۆخی، گاڵتە، حەنەک، جەفەنگ ❁ مزاح، شوخی

rag[3] /ræg/ *noun*
1 تەلاشەبەردی زبری سەربان داپۆشین 2 (بریتانیا، هەروەها ragstone) ڕیزەلۆک ❁ راگ

rag[4] /rɑːg/ = raga

raga /ˈrɑːgə/ *noun*
ڕاگا (= جۆرێ موسیقای خۆماڵی کۆنی هیندی؛ بنەڕەت: لە سانسکریت، بە واتای "ڕەنگ، هەوا یان بەندی موسیقایی") ❁ راگا

ragamuffin /ˈrægəmʌfɪn/ *noun,* also raggamuffin
1 بەچکەسواڵکەر، منداڵی شڕەپۆش، کۆنەپۆش، کۆنەلەبەر 2 = ragga ❁ بچەگدا

rag-and-bone man /ˌræg ən ˈbəʊm mən/ *noun, pl.* -men
شڕەکڕ یان کۆنەکڕی دیوەرە ❁ سمسار دورەگرد

ragbag /ˈrægbæg/ *noun*
1 کیسەی بەرماوەی چێشت 2 (خوازە) چێشتی مجێور، تێکەڵوپێکەڵ، کۆمەڵەیێکی هەمەڕەنگ: *a -ag of ideas* ❁ 1 راگبگ 2 (مجازی) معجون

rag doll *noun*
بووکەپەڕۆ(پینە) ❁ عروسک پارچەای

rage /reɪdʒ/ *noun*
1 تووڕەیی، نارەحەتی، بەردبەباکردن، قەڵسی، غەیدین: *His face was dark with rage* 2 شێتی، دەلوویی 3 هەڵبەزینەوە، جۆش، خرۆش، هەڵچوون، داگیرسان، جۆشوخرۆش، تاوسەندوویی، کڵپە 4 میوانی بەزماوی ❁ 1 خشم 2 جنون 3 طغیان 4 مهمانی پرسروصدا

ragga /ˈrægə/ *noun*
ڕەگا (= جۆرێ موسیقای پاپ) ❁ رگا

raggamuffin = ragamuffin

ragged /ˈrægɪd/ *adjective,* also raggedy
1 فەتار، سیپاڵ، دڕاو، شڕە، شڕوور، کۆنە، فەتارفەتار، شندرووندر، شڕوپەتوڵ 2 شڕەپۆش، ڕووتە، ڕووتەڵە، قووتەڵە، ڕووتەڵ، کۆنەلەبەر 3 دانەدانە، گرنجگرنج، داپڕداپڕ، نارێک، بڕگەبڕگە، کونجیکونجی، گرنیگرنی، زبر، نەلووس، ناتەخت، نارێک 4 ناتەواو 5 گڕ، بۆڕ ❁ 1 پارەپورە 2 ژندەپوش 3 ناهموار، نامنظم 4 ناقص 5 کلفت

raggedly /ˈrægɪdli/ *adverb*
نارێکانە، بە شێوەیەکی نارێک ❁ به طور نامنظم

raggedness /ˈrægɪdnəs/ *noun*
1 فەتارفەتاربوون، سیپاڵی، دڕاوی، شڕەبوون، شڕووری، کۆنەیی، ڕووتەڵی، شڕەپۆشی، شڕوپەتوڵی، کۆنەلەبەری 2 دانەدانەیی، داپڕداپڕی، بڕگەبڕگەیی، گرنجگرنجی، گرنیگرنیبوون، زبری، نارێکی ❁ 1 پارەوپورگی، ژندەپوشی 2 ناهمواری

ragged robin *noun*
بێکەوک: جۆرێ campion ی گوڵپەمەیی [*Lychnis flos-cuculi*] ❁ نوعی گیاه

ragged school *noun*
خوێندنگای خۆڕایی، شڕەخوێندنگا ❁ مدرسەی مجانی

raggle-taggle *adjective*
(شڕو)شێواو، شپرزە، تێکەولێکە، ناتەرز، نارێکوپێک، شلوق، تێکەڵوپێکەڵ ❁ شلخته، نامرتب، آشفته

raggy (raggier, raggiest) = ragged

raging /ˈreɪdʒɪŋ/ *adjective*
1 توند، سەخت، بەرنەگیراو، زۆر، بەقەوەت، بێئەمان، بەژان 2 *a raging fire* :violent بەئێش، بەسوێ 3 (دەریا، ئاو و هتد) شەپۆلاوی، خرۆشاو ❁ 1 شدید 2 دردناک 3 متلاطم

raglan /ˈræglən/ *adjective, noun*
ڕەگلین، قۆلی ڕەگلین ❁ رگلان، آستین رگلان

ragman, *pl.* ragmen = rag-and-bone man

ragout /ræˈguː, US ˈræguː/ *noun*
ڕاگۆ (= جۆرێ چێشت کە لە تاسکەباب دەچێ) ❁ راگو

rag paper *noun*
کاغزی کەتانی ❁ کاغذ کتانی

ragpicker /ˈrægpɪkə(r)/ *noun*
(مێژوویی) شڕەفرۆش، کۆنەکۆکەرەوە، سیپاڵفرۆش ❁ کهنەفروش

ragstone = rag3 (sense 2)

ragtag /ˈrægtæg/ *adjective*
نارێک، پەنجل، شڕوشپرزە، شێواو، شپرزە، تێکەولێکە، بێسەروبەرە: *a ragtag band of rebels* ❁ نامنظم، بەهم‌ریختە

ragtag and bobtail *noun*
خەڵکی ئاسایی، جەماوەر، خەڵکی ڕەمەکی، ڕەشەوڕووتە، قەلەوقوتە، گەدەوگودە، لاتولووت، بەڕەلاوهەڕەلا ❁ مردم عوام

ragtime /ˈrægtaɪm/ *noun*

رەگتایم (= جۆرێ موسیقای جاز و هەڵپەڕکێ، سەرەتای سەدەی 20، ب.ت. بە پیانۆ لێدەدرا) ⟡ رگتایم

ragtop *noun*
(نافەرمی) ماشینی میچ‌نووشتاو ⟡ راگ‌تاپ

the rag trade *noun*
(نافەرمی) دروست‌کردن و فرۆشتنی جل‌وبەرگ (ب.ت. هی ژنان) ⟡ تولیدی و فروش لباس

ragweed /ˈrægwi:d/ *noun*
(رووەکناسی) راگوید (لە خێزانی daisy و دەبێتە هۆی پووشەتا hay fever لە هێندێ کەس‌دا [*Ambrosia artemisia*]) ⟡ راگوید

rag week *noun*
(لە بریتانیا) حەوتووی چاکەکاری ⟡ هفته‌ی احسان

ragwheel /ˈrægwi:l/ *noun*
موورچە، پێچکەی ددانەدار ⟡ چرخ دنده

ragworm *noun*
جۆرێ کرمی راوی، وەکو چەشکەی ماسی‌گران [*Nereis diversicolor*] و جۆرەکانی تر، خێزانی [Nereidae] ⟡ راگ‌ورم

ragwort /ˈrægwɜ:t, US -wɜ:rt/ *noun*
(رووەکناسی) گیایێ گوڵ‌زەرد لە تیرەی daisy [*Senecio jacobaea*] و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ⟡ راگ‌ورت

rai /rʌɪ/ *noun*
شێوازێ موسیقای تێکهەڵکێشی توخمە خۆماڵی‌یەکانی عەرەبی و ئەلجەزیرەیی و راکی رۆژاوایی ⟡ رای

raid /reɪd/ *noun*
1 هێرش، شالاو، پەلامار، هێرشی ناکاو 2 چەپاو، راوڕووت، دزی: *an armed bank raid* ⟡ 1 یورش، حمله‌ی ناگهانی 2 سرقت

raider /ˈreɪdə(r)/ *noun*
1 هێرش‌بەر، پەلامارەدەر، شالاوبەر، هێرش‌کەر 2 (لەشکری) کۆماندۆ، سەربازی تایبەتی، سەربازی راهاتوو 3 راوڕووت‌کەر، دز، چەتە 4 کەشتی پەلامار(دەر) ⟡ 1 حمله‌کننده 2 تکاور 3 سارق 4 رایدر

raiding party *noun*
دەستەی هێرش، گرووپی پەلاماردان ⟡ گروه حمله

rail[1] /reɪl/ *noun*
1 رەیل، رێی ئاسن، ئاسنڕێ، رێگای ئاسن، شەمەندەفەر، کاروانە 2 نەردە، ساج، میل یان توولی کانزا 3 لێواری تەختەباگەر یان تەختەشەبۆل 4 کەللە (پارچەی ئاسۆیی چوارچێوەی درگا و پەنجێرە) ⟡ 1 ریل، راه‌آهن، قطار 2 نرده 3 ریل 4 پاسار

rail[2] /reɪl/ *noun*
شێلاقە [*Rallus* و توخمەکانی تر، خێزان [Rallidae] ⟡ آب‌چلیک

railcard /ˈreɪlka:d, US -ka:rd/ *noun*
کارتی (سەفەر بە) شەمەندەفەر (نرخی کەم‌تر) ⟡ کارت قطار

railer *noun*
تانەلێدەر، تەشەرخەر، توانج‌لێدەر ⟡ طعنه‌زننده

railhead /ˈreɪlhed/ *noun*
1 کۆتایی هێلی ئاسن، بن یان سەری هێل، شوێنێ لە رێی ئاسن کە رێگاکان لەوێوە لێ‌دەبنەوە یان دەس پێ‌دەکەن 2 دوورترین شوێن یان دوایین ناوچەی رەیل‌دانان یان رەیل‌کێشی ⟡ 1 پایان خط آهن 2 ریلهد

railing /ˈreɪlɪŋ/ *noun*
1 (زۆرتر railings) نەردە، مەترسی 2 سکالا، گازندە، شکات ⟡ 1 نرده 2 شکایت

raillery /ˈreɪləri/ *noun, pl.* railleries
شۆخی، گاڵتە، جەفەنگ، حەنەک، تیز، banter ⟡ مزاح، استهزا

railman, *pl.* railmen = railwayman

railroad /ˈreɪlrəʊd, US -roʊd/ = railway

railroad crossing = level crossing

railroader /ˈreɪlrəʊdə(r), US -roʊd-/ = railwayman

railroad tunnel *noun*
رەهەندێ رێی ئاسن، تونێلی رێگای ئاسن ⟡ تونل راه‌آهن

railway /ˈreɪlweɪ/ *noun*, also railroad
رێی ئاسن، هێلی ئاسن، ئاسنەڕێ، تۆڕی رێ یان رێگای ئاسن ⟡ راه‌آهن، خط آهن، شبکه‌ی راه‌آهن

railway carriage *noun*
واگۆنی رێی ئاسن ⟡ واگن راه‌آهن

railway engine *noun*
لۆکۆمۆتیف ⟡ لوکوموتیو

railway engineer *noun*
ئەندازیاری رێی ئاسن ⟡ مهندس راه‌آهن

railway line *noun*
هێلی ئاسن ⟡ خط آهن

railwayman /ˈreɪlweɪmən/ *noun, pl.* railwaymen
کرێکاری (کۆمپانیای) رێی ئاسن ⟡ کارگر راه‌آهن

railway station *noun*
وێستگەی رێی ئاسن ⟡ ایستگاه راه‌آهن

railway track *noun*
هێلی ئاسن، هێلی رێی ئاسن ⟡ خط آهن

raiment /ˈreɪmənt/ *noun*
(کۆن و وێژەیی) جل‌وبەرگ، شمەک، کنج، جل (بنەڕەت: کورت‌کردنەوەی *arrayment* بێ‌باو "dress, outfit") ⟡ جامه، لباس

rain /reɪn/ *noun*
1 باران، واران، بۆش، بارین، بارشت، وارشت، بارژن، رێژەی بارین 2 (خوازە) رەهێڵە، رێژنە، لێزمە، رفت 3 (rains) وەرزی باران، پەلەباران، وەرزەباران، کەژی باران، سەرپەل(ە)، بارانان

(ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ 1 باران، بارش 2 (مجازی) رگبار 3 (در جمع) فصل باران

rainbird *noun*
باڵندەبارانە؟ (دەوترێ نیشانەی بارینی بارانە) ۞ راین‌برد

rainbow /ˈreɪnbəʊ, US -boʊ/ *noun*
کۆلکەزێرینە، پەلکەزێرینە، کەلەستون، هۆرەوری، کەسکوسۆر، ئەستوونەزێرینە ۞ رنگین‌کمان

rainbow coalition *noun*
هاوبەندی کۆلکەزێرینەیی (یەکگرتنی سیاسی کۆمەڵ و گروپە جیاوازەکان) ۞ ائتلاف رنگین‌کمانی

rainbow runner *noun*
راکەرە کۆلکەزێرینە، ماسی‌یەرەنگینە، لە خێزانی jack هی دەریا گەرمەکانی جیهان [*Elagatis bipinnulata*] ۞ نوعی ماهی

rainbow trout *noun*
کەشینەی کۆلکەزێرینە، کەشینەرەنگینە، جۆرێکی زلە، رەسەنی رۆژاوای ئەمریکای باکووری [*Onchorhynchus mykiss*] ۞ قزل‌آلای رنگین‌کمان

rain check *noun*, take a rain check
1 بلیت یان تیکێتی دواتریش بەکارهاتوو، تیکێتی بارانی 2 با بمێنێتەوە بۆ وەختێکی‌تر، ئێستا نە (بۆ دواتر)، خستنە وەختێکی‌تر ۞ 1 بلیط بارانی 2 موکول به وقت دیگر

rain cloud *noun*
هەوری بارانی یان باراناوی، هەوری بارانڕێژ ۞ ابر بارانی

raincoat /ˈreɪnkəʊt, US -koʊt/ *noun*
بارانی، باراندانەدەر ۞ بارانی

raindrop /ˈreɪndrɒp, US -drɑːp/ *noun*
دڵۆپی باران، تنۆکی باران، تیف ۞ قطره‌ی باران

rainfall /ˈreɪnfɔːl/ *noun*
1 بارین، باران، بارزن، بارشت، وارشت 2 بارستایی بارشت ۞ 1 بارندگی 2 حجم بارندگی

rainfly *noun, pl.* rainflies
مێشەبارانە، مێروولە یا مۆرانەی باڵدار، پاش باران دەبینرێ ۞ راین‌فلای

rainforest /ˈreɪnfɒrɪst, US -fɔːr-, -fɑːr-/ *noun*
دارستانی بارانی ۞ جنگل استوایی

rain glass = barometer

rain gauge /ˈreɪn ɡeɪdʒ/ *noun*
بارانپێو ۞ باران‌سنج

rainless *adjective*
بێباران، بێبارشت، لێنەباریو، وشک ۞ بدون بارندگی

rainmaking *noun*
(باران)باراندن، دروستکردنی باران، بارانسازی ۞ استمطار

rainout /ˈreɪnaʊt/ *noun*
هەڵوەشاندنەوە یان پەکخستن لەبەر باران ۞ راین‌اوت

rain-pool *noun*
باراناو ۞ راین‌پول

rainproof /ˈreɪnpruːf/ *adjective*
باراندانەدەر، ئاودانەدەر، بارانگێڕەوە، بارانی ۞ ضد باران

rainspout *noun*
پلووسک ۞ ناودان

rainstorm /ˈreɪnstɔːm, US -stɔːrm/ *noun*
رەهێڵە، لێزمە، رێژنە، شەستەباران، شەستەرەهێڵە، گوژمی باران، بارانی گوژمەسەربەرەوخوار، تاوەباران، تافی، خوڕزم ۞ رگبار

rain tree *noun*
دارەباران: دارێکی زلەی گەرمێنانی ئەمریکا، تەلاش شوێن‌شوێن، زۆر وەک داری سەرشەقام دەچەقێنرێ [*Albizia saman*] ۞ راین‌تری

rainwash *noun*
بارانشۆر(کردن)، بارانشۆرکراو ۞ راین‌واش

rainwater /ˈreɪnwɔːtə(r), US -ˈwɑːtər/ *noun*
ئاوی باران، باراناو، واراناو: *a barrel for collecting rainwater* ۞ آب باران

rainwear /ˈreɪnweə(r), US -wer/ *noun*
جلی بارانی، بەرگی باران ۞ لباس بارانی

rainworm *noun*
کرمەبارانە: 1 جۆرێ کرم کە زۆرتر دوای باران دەردەکەوێ یان دیتەدەرێ 2 جۆرێ کرمی نیماتۆدی گلەژی کە مشەخۆری grasshopper ەکانە [*Mermis nigrescens*] ۞ نوعی کرم

rainy /ˈreɪni/ *adjective* (rainier, rainiest)
باراناوی، بارانی، پڕباران: *rainy weather* (raininess *n*) ۞ بارانی

rainy day *noun*
1 رۆژی بارانی 2 (خوازە) رۆژی تەنگانە، رۆژی مەبادا: *saving for a rainy day* (rainy-day *adj*) ۞ 1 روز بارانی 2 (مجازی) روز مبادا

raise /reɪz/ = rise

raised /reɪzd/ *adjective*
1 بەرز، بەرجەستە، زەق(دەبوو)، بەرزەوەبوو، هەستاو، قوتەوەبوو 2 هەڵاتوو (بە هەویرترش هەتا baking soda یان baking powder) ۞ 1 برآمده 2 ورآمده

raisin /ˈreɪzn/ *noun*
مێوژ، کشمیش (raisiny *adj*) بنەڕەت: لە لاتین *racemes* "بۆلەترێ" ۞ کشمش

raising /ˈreɪzɪŋ/ *noun*
بەرزکردنەوە، هەستاندن، بلیندکردن، هەڵێنان ۞ عمل بالابردن

raison d'être /ˌreɪzɒ̃ ˈdetrə, French ʀɛzɔ̃

dɛtʀ/ *noun*
هۆکاری بوون، هۆی مانەوە، پاساودانی بوون: *Work seems to be her sole raison d'être* ("reason for being" :بنەڕەت: لە فەرەنسییەوە) ۞ علت وجودی، توجیه وجود، علت بقاء

the Raj /rɑːdʒ, US rɑːʒ/ *noun*
سەردەمی دەسەڵاتداری بریتانیا لە هیند (بەرلە 1947) ۞ دوران حکومت بریتانیا در هند

Rajab *noun*
ڕەجەب: حەوتەمین مانگی ساڵی ئیسلامی (بنب عەرەبی) ۞ رجب

rajah *noun*, also raja/ˈrɑːdʒə/
راجا (سەرناوێ بۆ دەسەڵاتدار یان شای هیندوستان) ۞ راجه

raja yoga *noun*
شایوگا، جۆرێ یوگا بۆ مەهار یان دەسبەسەراگرتن بەسەر هۆش و هەستونەست ۞ راجا یوگا

Rajput /ˈrɑːdʒpʊt/ *noun*
ئەندامی چینی لەشکری یان میلیتاری هیندو، پێیان وایە لە بەرەی Kshatriya بن (بنەڕەت: لە سانسکریتی بە واتای "کوڕەشا") ۞ راجپوت

rake¹ /reɪk/ *noun*
درمغ، (مەیدانکێش)، خاکڕن، شانە، چەوکێش، شەپنە ۞ شنکش

rake² /reɪk/ *noun*
زوڵ، داوێنپیس، شەلوارپیس ۞ فاسق

rake³ /reɪk/ *noun*
1 لێژ، تەلان، خوار، سەرەوخواری 2 لاربوونەوە، خواربوونەوە، بەلاداکەوتن 3 لێژایی تەرکی شانۆ یان هۆل (تیاتر و سینەما) ۞ 1 شیب 2 کجشدگی 3 شیب کف سالن

rake⁴ /reɪk/ *noun*
ژمارەی ئەو عەرەبانە و واگۆنانەی کە پێکەوە جووتن ۞ ریک

raked /reɪkt/ *adjective*
(تکنیکی) لێژ، خێس، سەرەوخوار، لار، خوار، لاپێ: *raked seating* ۞ دارای شیب، کج

rake-off *noun*
(نافەرمی) بەش، قازانج، خێر، ڕیزە (بە ڕێگایەکی نادروستەوە): *She got a 5% rake-off from the deal* ۞ سهم، سود، پورسانت

raki /rəˈkiː, US ˈrɑki/ *noun*
جۆرێ خواردنەوەی ئەلکولی توند، لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ڕۆژهەلاتی ئەورووپا ساز دەکرێ ۞ راکی

rakish /ˈreɪkɪʃ/ *adjective*
1 جوان، شیک(وپیک) 2 لار، خوار 3 داوێنتەڕ، داوێنپیس، زوڵ، پیس، جلف، هەرزە، بلح 4 ناپێبەند بە ڕێوشوێن و نەریتی کۆمەلگا ۞ 1 شیک 2 کج 3 فاسد، جلف 4 غیر مقید به عرف یا سنت اجتماعی

rakishly /ˈreɪkɪʃli/ *adverb*
جلفانە، ئەتکانە، هەرزانە، زوڵانە: *He smiled rakishly* ۞ به طور جلف

rakishness /ˈreɪkɪʃnəs/ *noun*
1 جلفی، بلحی، ئەتکی، هەرزەیی 2 لاری، خواری ۞ 1 جلفی 2 کجی

raku /ˈrɑːkuː/ *noun*
جۆرێ گلێنەی لۆعابی ژاپۆنی، بۆ tea ceremony ۞ راکو

rale /rɑːl/ *noun*, usu. rales
(پزشکی) سیخەسیخی سنگ ۞ خسخس سینه

rall. = rallentando

rallentando /ˌrælənˈtændəʊ, US -doʊ/ *adjective, adverb, noun*
(موسیقا) بەرەبەرە بەرەو خاوبوونەوە ۞ رالنتاندو

rally /ˈræli/ *noun*, *pl.* rallies
1 کۆبوونەوە، کۆمبین، جڤین 2 خۆپیشاندان، ڕێپێوان 3 چا(ک)بوونەوە، سارێژبوونەوە، هێزگرتنەوە، خووزتێهاتنەوە، بەهێزبوونەوە، خۆگرتنەوە 4 پێشبڕکێی ماشین، ڕالی (لە تێنیسدا) 5 بەرزبوونەوە (هەستان)ی نرخ دوای کەوتنی ۞ 1 اجتماع 2 تظاهرات 3 بهبود، تجدید قوا 4 رالی 5 افزایش قیمت‌ها بعد از کاهش آن

rallying *noun*
وەرزشی لێخوڕینی ماشینەکانی ڕالی ۞ رالینگ

rallying cry *noun*
دروشمی یەکێتی یان یەکگرتوویی، war cry ۞ شعار وحدت

rallying point *noun*
1 هێمای یەکێتی 2 شوێنی کۆبوونەوە ۞ 1 نماد وحدت 2 محل تجمع

ram /ræm/ *noun*
1 (ئەستێرەوانی) کەلووی بەرخ، بەران، بەختە، تگل 2 ڕام، کەشتی شەڕکەری شاخدار، شاخی کەشتی شەڕکەر 3 دەزگای ئاوهەلێنان 4 قەلاڕووخێن، کەللەبەران (battering ram) 5 ترومپا، دەزگای ئاوهەلکێشان 6 (تکنیکی) چەکوش (دەستەک داکوتاندن) ۞ 1 برج حَمَل، قوچ 2 رام 3 دژکوب 4 تلمبه 5 کوبه

RAM /ræm/ *abbreviation* 1 Random-Access Memory 2 Royal Academy of Music
1 (کامپیوتر) ڕەم (یادگە یان مێموری بە دەسپێراگەیشتنی هەڕەمەکی(یەوە، یان ڕاستەوخۆ) 2 (لە بریتانیا) ئاکادیمیای پاتشایی (بۆ) موسیقا ۞ 1 رم 2 آکادمی سلطنتی موسیقی

Rama *noun*, Sanskrit *Rāma*
راما، ڕامە (گۆی سانسکریتەکەی) ۞ راما

ramada *noun*
ڕامادا، کەپرە: پەناێکی مێچدار بەلام لاکانی ئازاد بێ ۞ رامادا

Ramadan /'ræmədæn, US ˌræmə'dæn/ *noun*, also -madhan /-zan/
ڕەمەزان: نۆیەمین مانگی ساڵی ئیسلامی ۞ رمضان

Ramapithecus /ˌrɑːmə'pɪθɪkəs/ *noun*
بووبەردی مەیموونی شێوەمرۆڤ، لە نیشتووەکانی سەردەمی Miocene لە باشووری ڕۆژاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەفریکا دۆزراوەتەوە (بنەڕەت: لە ناوی خودای هیندی *Rama* + یۆنانی *pithēkos* "مەیموون") ۞ راماپیتکوس

ramble /'ræmbl/ *noun*
گەڕان، پیادەڕوی، گەردش، سووڕانەوە، پیاسە، ڕاوێچکە، قەدەملێدان، ڕێگاڕەوی: *to go for a ramble in the country* ۞ گردش، نزهت

rambler /'ræmblə(r)/ *noun*
1 پیادەڕەو، ڕێگاڕەو، پیاسەچی، پیاسەکەر، قەدەملێدەر 2 ڕووەکی پیاهەڵچوو یان پیاهەڵگەڕاو ۞ 1 گردش‌کننده 2 گیاه رونده

rambling /'ræmblɪŋ/ *adjective, noun*
1 *adj* (نووسراوە، وتار و هتد) بێ‌سەروبەر، پێوەندی پێکەوەنەبوو، شێرزە 2 (خانووبەرە، شەقام و هتد) کوناوکون، هەزار بە هەزار، شلوق، پێچەڵاوپێچ 3 (ڕووەک) پیاهەڵچوو، پیاهەڵگەڕاو، پیاسەرکەوتوو *n* 1 گەڕان، سووڕانەوە، ڕاوێچکە، ڕێگاڕەوی، پیاسە 2 (ramblings) هەڵیت‌وپلیت، حەلەق‌ومەلەق، هیچەکەوپووچەکە، هاتەران‌وپاتەران، تڕەهات ۞ *adj* 1 بی‌ربط 2 تو در تو، پیچ در پیچ 3 (گیاه) رونده *n* 1 پیاده‌روی، گردش 2 (در جمع) مزخرفات

Rambo /'ræmbəʊ/ *noun*
1 ڕامبۆ (پیاوی بەهێز و توندوتیژ، لە ناوی قارەمانی ڕۆمانی یەکەمین خوێن *First Blood* (1982) دەیڤید مۆرێل David Morrell، بەشی دوو (1985) و بەشی سێیەکەی (1988، کە لەواندا Sylvester Stallone سیلڤێستێر ستالۆنە ڕۆڵی گێڕاوە) ۞ رامبو

rambunctious /ræm'bʌŋkʃəs/ = rumbustious

rambutan /ram'b(j)uːt(ə)n/ *noun*
1 جۆرێ میوەی سووری ئەندازەخورمای داری مالیزیایی ئەو میوەیە 2 ئەو دار یان درەختە [*Nephelium lappaceum*] ۞ رامبوتان

ramekin /'ræməkɪn/ *noun*, also ramequin
قاپی یەک‌کەسە، کاسەی یەک‌کەسە ۞ رامکین

ramen /'rɑːmɛn/ *noun, pl.*
(لە ئاشپەزی ڕۆژهەڵات‌دا) هەریشتەی زووساز ۞ رامن

ramie /'rami/ *noun*
1 ڕیشاڵی گیایی (بۆ بەرهەمهێنانی کوتاڵ و پارچە بەکاردێنرێ) 2 گیایێ لە تیرەی nettle کە ئەو ڕیشاڵە دەگرێ، ڕەسەنی گەرمێنانی ئاسیا [*Boehmeria nivea*] ۞ 1 الیاف گیاهی 2 رامی

ramification /ˌræmɪfɪ'keɪʃn/ *noun*
1 لێ‌بوونەوە، لق‌لێ‌بوونەوە، لق، لک 2 ئاکام، ئەنجام، پێناژۆ ۞ 1 انشعاب، شعبه، شاخه 2 پیامد

ramiform *adjective*
پڕلق، لق‌لێ‌وەبوو، لقاوی، لق‌لق، لق‌ئاسا، لکی ۞ متشعب، شاخه‌وار

ramin /ra'miːn/ *noun*
سەختەدارێکی دارستانە زەلکاوەکانی مالیزیا، دارێکی سووکی پەمەیی هەیە [*Gonystylus bancanus*] ۞ رامین

ramjet *noun*
جۆرێ بزوێنە یان مۆتۆری جێت ۞ رام‌جت

rammy *noun, pl.* rammies
(سکاتلەند) شەڕوکێشە، دمەقڕە، گێچەڵ، کێشمەکێش، شەڕ، مشت‌ومڕ، کێشە، جووڕە، قڕە ۞ دعوا، نزاع، اختلاف، کشمکش

ramose /'rəɪməʊs/ *adjective*, also ramous
پڕلق، لق‌لێ‌وەبوو، لقاوی، پەل‌پەل، پەل‌هاویشتوو: *a ramose sponge* ۞ متفرع

ramp /ræmp/ *noun*, also slip road
1 لێژی پێک‌بەست، سەرەولێژی پێک‌بەستنەوە، لێژەڕێ، سەرەولێژی 2 (فڕۆکە) پلیکانی پیاسەرکەوتن یان پێچکەدار، پلیکانی گەڕۆک، نەردیوانی پیاسەرکەوتن 3 جێگای ڕاگرتنی فڕۆکە 4 لاپاڵ، تەلان 5 پێچ 6 پێچی پلیکان، سەرپلیکان ۞ 1 شیب‌راهه 2 پلکان متحرک 3 جای پارک هواپیما 4 سرازیری 5 پیچ 6 پاگرد

rampage /'ræmpeɪdʒ/ *noun*, go on the ramp
هۆڤی‌گەری، دڕندەیی، توندوتیژی، دڕندایەتی ۞ وحشی‌گری، خشونت

rampageous /ræm'peɪdʒəs/ *adjective*
سەربزێو، دڕ، دزندە، هۆڤ ۞ متمرد، وحشی

rampancy /'ræmpənsɪ/ *noun*
1 تەنینەوە، بڵاوبوونەوە، داگرتن 2 هەڵچوون، (جۆش و)خرۆش، خرۆشان ۞ 1 شیوع 2 طغیان

rampant /'ræmpənt/ *adjective*
1 (نەخۆشی، تاوان و هتد) بڵاوەبوو، دەس‌بەسەردانەگیراو، داگرتوو، تەنیو، تەشەنەکردوو 2 (گیاوگژ) پڕ، بەیەکاداو، چڕ، زووزووهەڵداو 3 (گیانەوەر) لەسەر دووپێ، لە پەلاماردان‌دا، لەبۆهاتن‌دا، لە خۆتێ‌هەڵکردن‌دا، لە تێ‌ڕۆهاتن‌دا ۞ 1 شایع 2 پرپشت 3 در حال حمله

rampantly /'ræmpəntli/ *adverb*
بە شێوەیەکی بڵاوەبوو، داگرتووانە، تەشەنەکردووانە ۞ به طور شایع

rampart /'ræmpɑːt, US -pɑːrt/ *noun*
1 شوورە، شوور، باروو، دیوارەخۆڵ 2 (خوازە) بەرگری، پاراستن، شتی بەرگری یان پاراستن،

پاریزه ۞ 1 بارو 2 (مجازی) دفاع، حفاظت، حفاظ

rampion /ˈræmpɪən/ *noun*
(رووه‌کناسی) جۆرێ bellfower ی گوڵشین [*Campanula rapunculus* (مەدیتەرانەیی) و تۆخمی *Phyteuma*] ۞ رامپیون

ram-rider *noun*, also ram-rid
رام‌رایدێر، رەم‌ریدێر ۞ رام‌رایدر

ram-riding *noun*
رام‌رادینگ (تاوانی لێخوڕینی ماشێنی بەنێو شووشەبەندی دووکانێ بە مەبەستی دزینی شتەکانی) ۞ رام‌رادینگ

ramrod /ˈræmrɒd, US -rɑːd/ *noun*
(تفەنگ) شیش، سمە، میل ۞ سنبه

ramshackle /ˈræmʃækl/ *adjective*
1 لەق، لەرزۆک، ناسەقامگیر، رووخەک، ناپایەدار، ناجێگیر 2 رووخەک، رووڵەتەپین، کۆنە، شڕ، چەپەرەشر، داشقەشکاو، رزیو ۞ 1 متزلزل 2 زهواردررفته، قراضه

ramshorn snail /ˈramzhɔːn/ *noun*
جۆرێ snail ی لەیەکەتەختی پێچ‌پێچۆکەیی [خێزان Planorbidae: زۆر جۆرن] ۞ رام‌شورن اسنایل

ramsons /ˈrams(ə)nz/ *noun, pl.*
جۆرێ گیای دارستانی گەلاپانی ورشن، بە سەرەگوڵی سپی‌یەوە، سیرەکێویلە [*Allium ursinum*] ۞ رامسونز

ramus /ˈreɪməs/ *noun, pl.* rami /ˈreɪmʌɪ, ˈreɪmiː/
1 (تویکاری و گیانەوەرناسی) لک 2 (باڵندەناسی) نووکی پەڕ (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "لک branch") ۞ راموس

ran /ræn/ = past of run

RAN *abbreviation* Royal Australian Navy

ranch /rɑːntʃ, US ræntʃ/ *noun*, also rancho
1 (ب.ت. لە ئەمریکا و کەنەدا) مووچە و مەزرای (بەخێوکردن یان) راگرتنی ئاژەڵ 2 (لە لێکدانا) ـراگری، ـراگرتن، ـداری، ـبەخێوکردن 3 (ئەمریکا، هەروەها ranch house) ماڵ یان خانووی یەک‌نهۆم ۞ 1 مزرعەی دام‌داری 2 ـداری 3 خانەی یک‌طبقه

rancher /ˈrɑːntʃə(r), US ˈræntʃər/ *noun*, also ranchero (*pl.* rancheros)
ئاژەڵدار، ئاژەڵبەخێوکەر، پاتاڵدار، پاتاڵراگر، (لە لێکدانا) ـراگر، ـدار، ـبەخێوکەر ۞ دام‌دار، ـدار

ranch house = ranch3

ranching /ˈrɑːntʃɪŋ, ˈræntʃɪŋ/ *noun*
ئاژەڵداری، پاتاڵداری، راگرتنی ئاژەڵ، (لە لێکدانا) ـراگری، ـداری، ـراگرتن، ـبەخێوکردن ۞ دام‌داری، ـداری

ranchman, *pl.* ranchmen = rancher

rancid /ˈrænsɪd/ *adjective*
بۆیا، بۆنگرتوو، گەنیو، بۆگەن‌بوو، ترشاو، خراپ‌بوو، (بۆن) ناخۆش، بۆگەن: *rancid butter* ۞ فاسدشده، (بو) نامطبوع

rancidity /rænˈsɪdəti/ *noun*
بۆیایی، بۆنگرتوویی، گەنیوی، ترشاوی، بۆگەن‌بوویی، خراپ‌بوویی ۞ فاسدشدگی

rancorous /ˈræŋkərəs/ *adjective*
کیناوی، رقاوی، قینلەزگ، بوغزاوی، کینەلەزگ، کیناوی‌یانە: *a rancorous legal battle* ۞ کینه‌توز، کینه‌توزانه

rancorously /ˈræŋkərəsli/ *adverb*
کینەلەزگانە، کیناوی‌یانە ۞ کینه‌توزانه

rancorousness /ˈræŋkərəsnəs/ *noun*
کیناوی‌بوون، رقاوی‌بوون، قینەبەری، قینلەزگی، کینەلەزگی ۞ کینه‌توزی

rancour /ˈræŋkə(r)/ *noun*, US rancor
bitterness کینە، بوغز، قین، قینەبەری، دوژمنی، ۞ کینه

rand[1] /rænd, in South Africa, commonly rɑːnt/ *noun*
1 راند: یەکەی بنەڕەتی پارەی ئەفریکای باشووری، بەرامبەر بە سەد 2 cent سنوور، تخوب 3 پەراوێز، کەنار، لێوار ۞ 1 راند 2 مرز 3 حاشیه، لبه

rand[2] /rænd/ *noun*
باریکە یان تیزماڵکە چەرمی پشتەوەی کەش یان پۆتین ۞ راند

R & B /ˌɑːr ən ˈbiː/ *abbreviation* Rhythm and Blues
ریتم ئەند بلوز ۞ آربی

R and D /ˌɑːr ən ˈdiː/ *abbreviation* research and development
توێژینەوە و پەرەسەندن ۞ تحقیق و توسعه

randily /ˈrændɪli/ *adverb*
بە شێوەیەکی حەشەری، حەشەری‌یانە، سوورەوەکردووانە، کلپەکردووانە ۞ بەطور حشری

randiness /ˈrændinəs/ *noun*
حەشەری‌بوون، حەشەریتی، سوورەوەکردن، گڕگرتن ۞ حشری بودن

random /ˈrændəm/ *adjective*
هەرەمەکی، رەمەکی، گوترەیی، بێ‌پلان، بێ‌نەخشە، بێ‌مەبەست، بێ‌رێکخستن، هەڵکەوتی، بێ‌بەرنامە، بەختەکی، شپرزە، نارێک(وێک): *the random killing of innocent people* ۞ تصادفی

random access *noun*
(کامپیوتێر) دەس‌پێراگەیشتنی راستەوخۆ یان هەرەمەکی، پێ‌گەیشتنی هەرەمەکی ۞ دستیابی تصادفی

random access memory = RAM

random distribution *noun*

بڵاوکردنەوەی هەڕەمەکی یان ڕەمەکی ۞ توزیع تصادفی یا اتفاقی

random fusion *noun*

یەکگرتنی هەڕەمەکی یان ڕەمەکی ۞ امتزاج تصادفی

randomization *noun*, also randomisation

هەڕەمەکاندن، هەڕەمەکی کردن، ڕەمەکی‌کردن ۞ تصادفی کردن

randomizer *noun*

هەڕەمەکێنەر، هەڕەمەکی‌کەر، ڕەمەکی‌کەر ۞ تصادفی‌کننده

randomly /'rændəmli/ *adverb*

هەڕەمەکی‌یانە، بە (شێوەیەکی) هەڕەمەکی، بە گۆترەیی، بە شێوەیەکی نارێک ۞ بە طور تصادفی، به طور نامنظم

randy /'rændi/ *adjective* (randier, randiest)

1 حەشەری، سووروەوەکردوو، کڵپەکردوو، گڕگرتوو: 2 *to feel/get randy* (کەسێ) تووند، توندوتیژ، دڕ ۞ 1 حشری 2 خشن

ranee /'rɑːniː/ *noun*, also rani

ڕانی (شا یان شاژنی هیندوویی، بێوەژن یان ژنی ڕاجا) ۞ رانی

rang /ræŋ/ = past of ring

rangatira /ˌraŋgə'tɪərə/ *noun*

سەرۆک یان بەگزادەی مائۆری ۞ رئیس یا نجیب‌زاده‌ی مائوری

range /reɪndʒ/ *noun*

1 زنجیرە، ڕیزە، بەندەڵەبەند، لێزگە 2 ڕیز 3 پۆل، دەستە 4 گۆڕەپانی تیرخستن، مەیدانی تیر، تیراوێژ، گۆڕەپانی مەشق، تیربڕ، ماوەبڕ، تفەنگاوێژ 5 دەنگەوار، بڕی دەنگ، مەودای دەنگ 6 مەڵبەند، مەیدان، گۆڕەپان، پانتایی، ڕاخستە، ماوە، ئارا، بوار 7 دەس‌پێ‌ڕاگەیشتن 8 جێ‌ڕاو، ڕاوگە 9 جێ‌لەوەڕ، لەوەڕگە 10 (چێشت‌لێنان) گاز 11 هەڵسووکەوت، سەروخوار (نرخ)، ڕیزەی گۆڕان 12 (ڕووەک یان گیانەوەری) ژینگە، جێگای حەوانەوە 13 مەودای نێوان کامێرا و بەرویتە ۞ 1 رشته، سلسله 2 صف 3 طبقه 4 میدان تیر، تیررس 5 صدارس 6 دامنه، حوزه، میدان، گستره 7 دسترسی 8 شکارگاه 9 چراگاه 10 اجاق 11 کاهش و افزایش قیمت 12 زیستگاه 13 رینج

rangefinder /'reɪndʒfaɪndə(r)/ *noun*

(دووربینی وێنەگری، چەک و هتد) مەوداپێو، دووری‌پێو، مەودادۆز ۞ مسافت‌یاب

ranger /'reɪndʒə(r)/ *noun*

1 (لە ئەمریکا) کۆماندۆ، سەربازی ڕاهاتوو 2 (لەئەمریکا) پۆلیسی سوارە 3 (لە بریتانیا) گارد یان نۆبەداری دارستان (یان پارک) 4 (Ranger) (لە بریتانیا) کچی پێشەنگ ۞ 1 تکاور 2 پلیس سواره 3 نگهبان جنگل 4 (با R) دختر پیشاهنگ

range of mountain *noun*

زنجیرەچیا، لێزگەکێو، ڕیزەشاخ ۞ رشته‌کوه

rangy /'reɪndʒi/ *adjective* (rangier, rangiest)

(قیافە) درێژ و باریک، بەلەباریکە، تیشکەڵە ۞ دراز و باریک

rani /'rɑːniː, US rɑː'niː/, *pl.* ranis = ranee

ranitidine /ra'nɪtɪdiːn, US -'nʌɪt-/ *noun*

(پزشکی، دەرمان) ڕانیتیدین $C_{13}H_{22}N_4O_3S$، هاوتایبەتمەندی ئانتی‌هیستامین ۞ رانیتیدین

rank[1] /ræŋk/ *noun*

1 ڕیز، هێڵ، قەتار، کاروان 2 چین، توێژ، پۆل 3 پلەوپایە، مەقام، ئاست، پایە، پلە، شان، پۆست، پێگە: 4 *officers of junior/senior rank* (ranks) سەربازان (بەدەر لە ئەفسەران): *He* 5 *served in the ranks for most of the war* خەڵکی ئاسایی 7 - taxi rank ۞ 1 ردیف 2 طبقه 3 مقام، شأن، منزلت 4 (در جمع) سربازان 5 مردم عادی

rank[2] /ræŋk/ *adjective*

1 (بۆن، چێژ و هتد) ناخۆش، بۆگەن 2 تەواو، ڕەبەق، بێ‌ئەملاوئەولا: *an example of rank* 3 *stupidity* (ڕووەک) پڕ، چڕ، بەپیت، بەیەکاداو 4 زەق، ئاشکرا، دیار ۞ 1 نامطبوع 2 مطلق، محض 3 (گیاه) انبوه 4 فاحش

rank and file *noun, adjective*

n (ڕێکخراوە، پارتی و هتد) ئەندامانی ئاسایی، ئەندامانی سادە، ئەندامە سادەکان 2 سەربازانی ئاسایی، سەربازە سادەکان 3 جەماوەر، خەڵکی ئاسایی *adj* ئاسایی، سادە ۞ *n* اعضای عادی 2 سربازان عادی 3 مردم عادی *adj* عادی، ساده

ranker *noun*

1 سەربازی سادە یان ئاسایی 2 کەس یان گیانەوەر لە چین و پلەیێکی تایبەتی‌دا (زۆرتر لە لێکدانا) ۞ 1 سرباز عادی 2 رانکر

ranking /'ræŋkɪŋ/ *noun, adjective*

n پلەوپایە، پۆست، ئاست، پێگە، پایە، شوێن، جێگا، پایەبەرز *adj* خاوەنی پایەیەکی تایبەتی (وەکوو ئەفسەرانی پایەبەرز) ۞ *n* مقام، مرتبه، مکان، عالی‌رتبه *adj* دارای رتبه‌ی خاص

ranking officer *noun*

ئەفسەری پایەبەرز ۞ افسر ارشد

rankly /ræŋkli/ *adverb*

بە شێوەیێکی بۆگەن، بۆگەنانە ۞ به طور زننده

rankness /ræŋknəs/ *noun*

بۆگەنی، ناخۆشی، تیژی ۞ زنندگی

rank outsider *noun*

(پێشبڕکێ، ڕقەبەرایەتی و هتد) نەیاری بەختکوێر ۞ رقیب بدون بخت پیروزی

ransacker /'rænsækə(r)/ *noun*
1 پشکێنەر، وردەوەبوو، وردگەڕ 2 تالانچی، رووتکەرەوە، راوڕووتکەر ۞ 1 جستجوگر 2 غارتگر

ransom /'rænsəm/ *noun*
1 باج، سەربایی: *a ransom demand/note* 2 (گیراو یا بارمتە) بەردان، رزگارکردن، ئازادکردن، کڕینەوە ۞ 1 فدیە 2 آزادسازی، خرید

rant /'rænt/ *noun*
زمانبازی، قسەی هەڵیتوپلیت کردن (rant and rave: هەرا و هوریا نانەوە، گوڕە و هەرا سازکردن، قرمەقرم کردن، دەنگەدەنگنانەوە) ۞ لفاظی، یاوەسرایی

ranter /'ræntə(r)/ *noun*
خۆهەڵکێش، هاڕەوگیفن، تاریفخۆدەر، پیاهەڵکاڵاو، هەڵشاخاو ۞ رجزخوان، پرخاشکنندە

ranting /'ræntɪŋ/ *noun*
خۆهەڵکێشان، پیاهەڵکاڵان، هەڵشاخان، شیڕاندن، نەڕاندن (rantingly /'ræntɪŋli/ *adv*) ۞ رجزخوانی، پرخاش

rantipole *adjective*
هەرزە، بێئابڕوو ۞ هرزە

ranunculaceous /rə,nʌŋkjʊ'leɪʃəs/ *adjective*
(رووەکناسی) تیرەگوڵەمێلاقەیی، رەبەنۆکی ۞ آلالەای

ranunculus /rə'nʌŋkjʊləs/ *noun*, ranunculuses or ranunculi /-lʌɪ, -liː/
رووەکێکی تیرەیی کە buttercup و water crowfoot پێقالاوی ئاوی دەگرێتەوە [توخم Ranunculus: زۆر جۆرن] ۞ نوعی گیاه

rap /ræp/ *noun*
1 (دەنگی) تەقە، لێدان، پیاکێشان (سووک) 2 سەرکۆنە، بەسەرداهاتن، پیاهەڵکاڵان 3 (خوازە) بە ئەندازەی سەرە دەرزییێ 4 (نافەرمی، ئەمریکا) لێدان یان دوانی بەربوورە ۞ 1 تق، ضربە 2 ملامت 3 (مجازی) یک ذرە 4 (عامیانە) بحث یا صحبت فی‌البداهە

rapacious /rə'peɪʃəs/ *adjective*
1 بەرچاوتەنگ، بەتەماح، بەخیل، چڵێس، ravenous 2 تالانکەر، راوڕووتکەر 3 بەرچاوتەنگانە، چڵێسانە، بەخیلانە ۞ 1 حریص 2 یغماگر 3 حریصانە

rapaciously /rə'peɪʃəsli/ *adverb*
بەرچاوتەنگانە، چڵێسانە، بەخیلانە ۞ حریصانە

rapacity /rə'pæsəti/ *noun*
1 بەرچاوتەنگی، بەتەماحی، بەخیلی، چڵێسی، رژدی: *the rapacity of landowners seeking greater profit* 2 راوڕووت، کالەت، پۆر، چەپاو، تالان ۞ 1 حرص، آزمندی 2 غارت

rape[1] /reɪp/ *noun*
1 دەسدرێژی بە زۆر، زینای بە زۆر، پەلامار 2 (خوازە) وێرانی، کاولی، خاپووری ۞ 1 تجاوز بە عنف، زنای بە عنف 2 (مجازی) نابودی

rape[2] /reɪp/ *noun*
شەلەمی رۆنی، کەلەمەڕۆنە، قناولێ؟ [*Brassica napus*] ۞ شلغم روغنی

rape[3] /reɪp/ *noun*, often rapes
تڵتە یان لیتەی ترێ ۞ تفالەی انگور

rapeseed *noun*
توو یان دانی شەلەمی رۆنی، بۆ رۆن بەکاردێنرێ ۞ تخم شلغم روغنی

rapeseed oil *noun*, also rape oil
رۆنی توو یان دانی شەلەمی رۆنی ۞ روغن تخم شلغم روغنی

Raphael *noun*, Late Latin, from Greek *Rhaphaēl*, from Hebrew *Rŏphā'ēl*
رافائێل: ناوی یەکێ لە چوار فریشتەی گەورە ۞ رافائل

raphe /'reɪfi/ *noun*, *pl.* raphae /'reɪfiː/
(توێکاری و زیندەناسی) درزە (هی ئەندام یان شانەیێ)، درزەی ئاوەڵمە یان ئاولەمە (بنەڕەت: لە لاتینی نوێ، لە *rhaphē* یۆنانی "درز seam") ۞ رافی

raphide /'reɪfʌɪd/ *noun*
(رووەکناسی) دەرزیک: کریستالی دەرزیئاسا ئۆکسالاتی کالسیۆم، کە بە شێوەی هێشوو یان دەستە لە نێو شانەکانی هێندێ لە گیاکاندا هەیە (بنەڕەت: لە -*rhaphis*, *rhaphid* یۆنانییەوە "دەرزی") ۞ رافیدی، سوزنە

rapid /'ræpɪd/ *adjective, noun*
adj 1 خێرا، توند، گورج، گورجوگۆڵ، توندوتۆڵ، مەزبووت، هەڵسوور، چالاک، فرز: *rapid change/expansion/growth* 2 (ماشێن) تونرەو 3 زۆرلێژ، تەلان، لێژتوند 4 (چۆم) توندایی، خوڕایی، تافاو، تەوژمایی *n* (rapids /'ræpɪdz/) خوڕاو، خوڕ، خوڕێن، تافاو، تەوژماو، تونداو، لێژاو، قەڵبەزە ۞ *adj* 1 سریع، فرز 2 رپید 3 دارای شیب تند 4 رپید *n* (در جمع) تندآب

rapid-fire *adjective*
1 (چەک) لەسەریەکتەقاو، یەکسەرتەقاو 2 لە پەستا، پەیتاپەیتا، یەکسەرە، لەسەریەک، بێپسانەوە ۞ 1 رپیدفایر 2 بدون انقطاع، یکریز

rapidity /rə'pɪdəti/ *noun*, also rapidiness
خێرایی، توندی، گورجی: *the rapidity of economic growth* ۞ سرعت

rapidly /'ræpɪdli/ *adverb*
بە توندی، خێرا، توند، بە گورجی، گورج: *a rapidly growing economy* ۞ بە سرعت

rapid transit *noun*, also rapid transit system

سیستمی زووراگویستن (لەنێو شار و بەهۆی شەمەندەفەر) ۞ سیستم حمل و نقل سریع
rapier /ˈreɪpɪə(r)/ *noun*
شمشێر (درێژ و ناسک و دوودم) ۞ شمشیر
rapine /ˈrapʌɪn, US -pɪn/ *noun*
1 (وێژەیی) راورووت، چەپاو، کالەت، تالان، 2 داگیرکردن، زەوتکردن plunder ،pillage گرتن بە زۆر ۞ 1 غارت 2 غصب
rapist /ˈreɪpɪst/ *noun*
دەسدرێژکەر بە زۆر، پەلامارەدەر، دەسدرێژکەری سێکسی، نامووسبەر، زیناکاری بە زۆر ۞ متجاوز بە عنف، زانی بە عنف
rapparee /ˌrapəˈriː/ *noun*
(کۆن) ریگر یان سەربازی بەکرێگیراوی ئیرلەندی ۞ راپاری
rappee /raˈpiː/ *noun*
بڕنووتی درشت (لە گەلای تووتنی رەش) ۞ انفیەی درشت
rappel /raˈpɛl/ *noun*
هاتنەخوارە بە تەنافدا (لە هەڵدێرەوە) ۞ راپل
rappen /ˈrap(ə)n/ *noun, pl.* same
یەکەی پارەی ناوچەی ئەڵمانیزمانەکانی سویس و لیکتینشتاین Liechtenstein، بەرامبەر بە سەدیەکی فرانکی سویس ۞ راپن
rapper /ˈræpə(r)/ *noun*
درگاژەنە، چەکوشی درگا، درگاکوت، گوهارۆک ۞ کوبە
rapport /ræˈpɔː(r)/ *noun*
پێوەندی نزیک، (باش)لێکگەیشتن، ئارا، پێوەندی دۆستانە ۞ حسن تفاهم
rapporteur /ˌræpɔːˈtɜː(r), US -pɔːrˈt-/ *noun*
(فەرەنسی) لێکۆڵەر (لەسەر کێشەیێ) ۞ راپورتیر
rapprochement /ræˈprɒʃmɒ̃, ræˈprəʊʃmɒ̃, US ˌræproʊʃˈmɑːn, -prɑːʃ-/ *noun*
(فەرەنسی) دۆستایەتی سەرلەنوێ، ئاشتبوونەوە، ئاشتی، لێکنزیککەوتنەوە، تەبایی ۞ آشتی
rapscallion /rapˈskalɪən/ *noun*
(کۆن یان بەشۆخی) کەسێکی بێشەرەف یان سووکوچرووک، چەپەڵ ۞ آدم رذل
rap sheet *noun*
تاوانامە (= لیستەی راگیراو لە لایەن پۆلیسەوە لەمەڕ چالاکی تاوانکارییەکانی کەسێ) ۞ راپ شیت
rapt /ˈræpt/ *adjective*
1 نوقم، راکێشراو، ئاگالەهیچ شتێنەبوو، لە مالیبیردا، بیربردووەوە، دڵبراو، دڵڕفاو، شێتوشەیدا، سەوداسەر، *a rapt* :engrossed *audience* 2 (بێدەنگی) تەواو، کڕومات (raptness /ˈræptnəs/ ،raptly /ˈræptli/ *adv*، *n*) ۞ 1 مجذوب، مفتون 2 (سکوت) مطلق، محض
raptor *noun*
مەلی راوی یان راوکەر ۞ مرغ شکاری
raptorial /ræpˈtɔːrɪəl/ *adjective, noun*
(زۆرتر گیانەوەرناسی) *adj* راوکەر، راوی، *n* مەلی راوکەر یان راوی predatory (raptorially *adv*) ۞ *adj* شکاری *n* مرغ شکاری
rapture /ˈræptʃə(r)/ *noun*
خۆشی، سەرخۆشی، شادی، شاگەشکەیی، سەرمەستی، لەخۆبوونەوە، حاڵ، جەزم: *Never before had she known such rapture* ۞ شعف، وجد
rapturous /ˈræptʃərəs/ *adjective*
1 شاگەشکە، سەرخۆش، سەرمەست، لەخۆوەبوو، لەگوڕ، بەجۆش، بەخرۆش، بەتین، بەهەست، بەسۆز، گەرم(وگوڕ): *rapturous applause* 2 سەرخۆشکەر (rapturousness *n*) ۞ 1 بە وجدآمدە، پرشور 2 وجدانگیز
rapturously /ˈræptʃərəsli/ *adverb*
گەرموگوڕانە، بە شێوەیەکی بەتین، پڕهەستانە ۞ بە طور پرشور
rara avis /ˌrɛːrə ˈeɪvɪs, US ˌrɑːrə ˈavɪs/ *noun, pl.* -ae aves /-riː, -viːz/
(لاتینی) شتی دەگمەن یان ناوازە، شتی دانسقە، شتی کەمدەسکەوتوو، مرۆی هەڵکەوتوو ۞ چیز نادر، آدم استثنایی
rare[1] /rɛə(r), US rɛr/ *adjective* (rarer, rarest)
1 دەگمەن، کەمپەیدا، کەمدەسکەوتوو، ناوازە، دانسقە، بێهاوتا، بەرز: *a player of rare skill* 2 (گاز ب.ت. کەش) تەنک، نەچڕ 2 (گۆشت) نیوەکوڵ (rareness *n*) ۞ 1 نادر، کمیاب، عالی 2 رقیق 3 (گوشت) نیمپز
rare[2] /rɛə(r), US rɛr/ *adjective*
(گۆشت) نیوەکوڵ ۞ (گوشت) نیمپز
rare bird = rara avis
rarebit /ˈrɛəbɪt, US ˈrɛrbɪt/ = Welsh rarebit
rare earths *noun, pl.*
(کیمیا) گڵ یان خۆڵە دەگمەنەکان، خۆڵوخاکی ناوازە یان دانسقە ۞ خاکهای کمیاب
rare elements *noun, pl.*
(کیمیا) توخمە دەگمەنەکان ۞ عناصر کمیاب
rarefaction /ˌrɛːrɪˈfakʃ(ə)n/ *noun*
تەنکی، کەمخەستتری، کەمچڕی، (تراوی؛ rarefactional *adj*: سەربە تەنکی، تەنکییانە؛) ۞ رقیقشدگی
rarefactive /ˌrɛːrɪˈfaktɪv/ *adjective*
تەنککەرەوە، تەنکێنەر ۞ رقیقساز
rarefied /ˈrɛərɪfaɪd, US ˈrɛrəf-/ *adjective*
1 (گازەکان) تەنک، ناسک، کەمخەستتر لە

ئەندازەی ئاسایی 2 (خوازە) تایبەتی، داخراو، دیاریکراو، بەرتەنگ ۞ 1 رقیق 2 (مجازی) خاص، محدود

rare gas *noun*, also noble gas
گازی دەگمەن یان ناوازە ۞ گاز نادر

rarely /'reəli, US 'rerli/ *adverb*
بە دەگمەن، چۆنها، جارجار: *a rarely-performed play* ۞ به ندرت

raring /'reərɪŋ, US 'rer-/ *adjective*
بەپەرۆش، ئارامڵیهەڵگیراو، ژانکردوو، بێئۆقرە: *ready and ◊ she was raring to go* ۞ *raring to go* مشتاق، بی‌تاب

rarity /'reərəti, US 'rer-/ *noun, pl.* rarities
1 دەگمەنی، کەمدەسکەوتوویی، ناوازەیی، دانسقەیی 2 شتی دەگمەن: *His collection of plants contains many rarities* ۞ 1 ندرت 2 چیز نادر

rascal /'rɑːskl, US 'ræskl/ *noun*
کەسێکی بێئابروو، پیاوی هیچوپووچ، مرۆی چەپەڵ، خوێڕیەپیاو، منالی ناجسن و شەیتان (rascality /rɑː'skæləti/ *n*: بێئابروویی، هیچوپووچی، خوێڕیەتی، چەپەڵی، سووکی، چروکی؛ rascally /'rɑːskli, US 'ræskli/ *adj*: شەیتان، ناجسن، نالەبار، هاروهاج) ۞ آدم رذل، پست، بچەی تخس

rash[1] /ræʃ/ *noun*
1 زیپکە، لیرگ، لیر: *I woke up covered in a rash* 2 (خوازە) لافاو، سێلاو، شەپۆل، رەهێڵە، ریژنە ۞ 1 جوش، کهیر، بثورات جلدی 2 سیل

rash[2] /ræʃ/ *adjective*
تاودراو، سەرچڵ، هەڵەشە، سەربەردایی، بەپەلەکەوتوو، بەپەلە، بەبرتاو، تاودراوانە (rashly /'ræʃli/ *adv*: سەرچڵانە، هەڵەشانە، بەبرتاو، تاودراوانە، بە پەلە؛ rashness /-nəs/ *n*: تاودراوی، بەپەلەکەوتوویی، بەخۆکەوتوویی، جرپنی، سەرچڵی، هەڵەشەیی، تونددی، سەرەڕۆیی، سەربەردایی، کەمتەرخەمی، گوێپێنەدان؛ ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ عجول، خودسر، عجولانه

rasher /'ræʃə(r)/ *noun*
توێ یان لەتێکی ناسکی گۆشتی پشتی بەراز (bacon) ۞ برش

ras malai /'rʌs mʌ,lʌɪ/ *noun*
جۆرێ چێشتی شیرینی هیندی ۞ راس مالای

rasp /rɑːsp, US ræsp/ *noun*
1 برەبەندی دار، چێوساو، رنەک، کارتێخی دار، دارساو(ین)، دارسوو 2 کرەکر، کیرە، خرەخر (raspy *adj*) ۞ 1 سوهان چوب 2 صدای گوش‌خراش

raspatory /'rɑ *noun, pl.* raspatories
ئێسکساو، ئێسکسوو، کارتێخ یان برەبەندی دار ۞ سوهان جراحی

raspber *noun*
برەبەندکێش، کارتێخکێش، چێوساوکێش ۞ سوهان‌زن

raspberry /'rɑːzbəri, US 'ræzberi/ *noun, pl.* raspberries
1 بەری توودرک 2 توورک، دری، توودرک، توتترک، تووتەرک، شێمی، تووەسوورە [*Rubus idaeus*] 3 شیر، زرت، جرت: *to blow a raspberry at somebody* ۞ 1 میوەی تمشک 2 تمشک 3 شیشکی

rasping *adjective*
(دەنگ) کرەکر، کیرە (raspingly *adv*) ۞ خشن

rass /rɑːs/ *noun*
(رەمەکی) 1 کنگ، سمت، قوون 2 مرۆی هیچ، کەسێکی بێنرخ یان هیچوپووچ ۞ 1 ماتحت، کون 2 آدم پست

Rasta /'rastə/ = Rastafarian

Rastafarian /,ræstə'feəriən, US -'fer-/ *noun, adjective*
n راستافاری (کەسێ کە باوەڕی بە دینێ هەیە لە جامائیکا کە هایل سێلاسی Haile Sellasie (ئیمپراتۆری پێشووی ئەتیۆپی) وەکوو ریبەریان وایە و پێیان وایە رۆژێ رەشەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەفریکا) *adj* سەربە راستافاریی‌یەکان (بنەڕەت: لە *Ras Tafari* ناوێ کە Haile Selassie پێی دەناسرا (30 -1916) + an-) ۞ *n* راستافاری *adj* وابسته به راستافاری‌ها

Rastafarianism *noun*
راستافاریانیزم ۞ راستافاریانیسم

Rastaman /'rastəman/ *noun, pl.* Rastamen
(نافەرمی) پیاوی راستافاری ۞ راستامن

rat /ræt/ *noun*
1 مشک، جرج [*Rattus norvegicus*] (هی قاوەیی)، *R. rattus* (هی رەش یان کەشتی) و زۆر جۆری تر]: *rat poison* 2 ترسەنۆک، حیز 3 خایین، ناپاک، سیخوڕ 4 دۆست یان رفیقی نیوەڕێ (ratlike *adj*) ۞ 1 موش 2 بزدل 3 خائن، جاسوس 4 رفیق نیمەراه

rata – pro rata

rata /'rɑːtə/ *noun*
(رووەکناسی، بنەڕەت: لە مائۆرییەوە) درەختێکی زیلەی نیوزیلەندی، دارەکەی سەختە و جۆرە [*Metrosideros robusta* پێوەندیدارەکان] ۞ راتا

ratable /'reɪtəbl/ *adjective*, also rateable
شیاوی هەڵسەنگاندن، هەڵدەسەنگێنرێ (ratably *adv*) ۞ تخمین‌پذیر

ratafia /,ratə'fɪə/ *noun*
1 لیکۆرێ کە ناوکەی بادەم و هی تری تێکەڵ دەکەن 2 جۆرێ تۆشە بە تامی بادەمەوە،

کلوچەی ناوکەیی ۞ راتافیا

ratamacue /ˈratəməˌkjuː/ *noun*

(موسیقا) راتاماکیو ۞ راتاماکیو

rataplan /ˌratəˈplan/ *noun*

دەنگی تەپڵ، دیندەلەدیندەلە، دمبلیدمباو ۞ صدای ضرب یا طبل

rat-arsed *adjective*

(لە بریتانیا) مەستی مەست، کەیل، کەلەلا ۞ پاتیل

rat-a-tat = rat-tat

ratatouille /ˌratəˈtuːi, US -ˈtwiː/ *noun*

جۆرێ چێشتی بە سەوزی جۆراوجۆر (بنەڕەت: لە فەڕەنسی‌یەوە) ۞ نوعی غذا

ratbag /ˈrætbæg/ *noun*

(ب.ت. لە ئەوسترالیا و نیوزیلەند، ڕەمەکی) کەسێکی هیچ‌وپووچ، بنیادەمی گوو یان چەپەڵ ۞ آدم کثیف

ratchet /ˈrætʃɪt/ *noun*

1 بەرەزمانەی جفجفە، گیرە 2 پێچکەی قوفڵی یان زمانەدار، پێچکەی زامن‌دار، ڕەوڕەوەی ددانەدار، جفجفە ۞ 1 ضامن چرخ‌دنده 2 چرخ ضامن‌دار

ratchet wheel *noun*

1 پێچکە یان چەرخی ددانەدار، چەرخی ددانەڕیز، ڕەوڕەوەی ددانەدار 2 پێچکە یان چەرخی زمانەدار یان زامن‌دار ۞ 1 چرخ‌دنده 2 چرخ ضامن‌دار

rate /reɪt/ *noun*

1 نرخ، بایەخ، بایی، بەها، حەق‌دەس، مز: *a low/high hourly rate of pay* 2 ڕێژە، لەچەند، ئەندازە، ئاست، ڕادە: *the annual crime/divorce rate* 3 گورجی، خێرایی، توندی 4 باج، پیتاک 5 (rates) باج، پیتاک (زەوی‌وزار یان خانووبەرە بۆ دەسەڵاتی خۆجێیی) ۞ 1 ارزش، قیمت، دست‌مزد 2 درصد، میزان، نسبت 3 سرعت 4 مالیات 5 (در جمع) مالیات، عوارض شهرداری

rateable = ratable

rate constant *noun*

جێگیری خێرایی ۞ ثابت سرعت

rate determining step *noun*

قۆناخی دیاری‌کەری خێرایی ۞ مرحلەی تعیین‌کنندەی سرعت

rate equation *noun*

هاوکێشەی خێرایی ۞ معادلەی سرعت

ratel /ˈreɪt(ə)l, US ˈrɑː-/ *noun*

جۆرێ گوان‌داری چاڵەکەئاسای پشت بۆر و ژێرزگ ڕەش، ڕەسەنی ئەفریکا و ئاسیا [*Mellivora capensis*] ۞ راتل

rate of decrease *noun*

خێرایی کەم‌بوونەوە ۞ سرعت کاهش

rate of development *noun*

خێرایی پەرەسەندن یان هەڵدان یان گەشەونەشە ۞ سرعت رشد و نمو

rate of dissolution *noun*

خێرایی لێک‌هەڵوەشان یان لێک‌بوونەوە ۞ سرعت انحلال

rate of exchange = exchange rate

rate of increase *noun*

خێرایی زۆربوون، ئاست یان ڕێژەی هەڵدان ۞ سرعت افزایش

rate of mortality *noun*

ڕێژەی مردن، ڕادەی مەرگ یان میرایی ۞ میزان میرایی

rate of reaction *noun*

خێرایی کاردانەوە یان پەرچەکردار ۞ سرعت واکنش

ratepayer *noun*

(بریتانیا) باج‌دەر، پیتاک‌دەر ۞ مالیات‌پرداز

rathe /reɪð/ *adjective*

1 (کۆن) خێرا، کت‌وپڕ، دەست‌وبرد 2 پێش‌وەخت ۞ 1 فوری 2 زودرس

rather /ˈrɑːðə(r), US ˈræðər/ *adverb, conjunction, interjection*

adv, conj تا ئەندازەیێ، تا ڕادەیێ، کەم تا زۆر، زۆرتر، پتر، زیاتر، بەڵکوو، لە ڕاستی‌دا، بەچاک‌ترزانین، بەباش‌ترزانین، بە پێچەوانەی: *The instructions were rather complicated* *interj* هەڵبەت ۞ *adv, conj* نسبتاً، بیش‌تر، بلکه، واقعاً، ترجیح، برعکس *interj* البته

rather than *preposition, conjunction*

لە جیاتی ئەوەی‌کە، لەجیاتی، لەباتی، هەتا، تا ئەوەی‌کە: *I think I'll have a cold drink ratherr than coffee* ۞ بە جای این‌کە، در عوض، تا این‌که

rathskeller /ˈrɑːtsˌkɛlə/ *noun*

(لە ئەمریکا) بیرەخانە یان خواردنگەی ژێرخانی ۞ راتسکلر

raticide *noun*

مشک‌کوژ، مەرگەمشک، دەرمانی مشک‌کوژ ۞ موش‌کش

ratification /ˌrætɪfɪˈkeɪʃn/ *noun*

مۆرکردن، پەسندکردن، سەلماندن، بایەخ‌پێدان، باوەڕی‌پێدان، پەژراندن (*ratifiable adj*؛ *ratifier n*) ۞ تصویب، تأیید

rating /ˈreɪtɪŋ/ *noun*

1 نرخ، بایەخ، بەها 2 هەڵسەنگاندن، قەبلاندن 3 ئاست، ڕادە، ڕێژە، ئەندازە، پلەوپایە 4 جێگا، ستاتۆس، پێگە، پایە 5 دەستە، بابەت، پۆل 6 پۆلاندن، دەستەکردن 7 (هێزی دەریایی) دەریاوانی پایەنزم 8 بڕی ئەو باج و پیتاکەی دەدرێ بە دەسەڵاتی خۆجێیی، ڕادە یان ڕێژەی

باج 9 سەرکۆنە، بەسەرداهاتن 10 (ratings) سەرجەم بینەران و گوێگران (بەرنامە، تەلەفزیۆن و هتد) ۞ 1 ارزش 2 ارزیابی 3 میزان 4 مقام، درجە 5 طبقە 6 طبقەبندی 7 مەناوی 8 نرخ عوارض شهرداری، میزان مالیات 9 سرزنش 10 (در جمع) مجموعەی شنوندگان یا بینندگان

ratio /ˈreɪʃiəʊ, US -oʊ/ *noun, pl.* ratios
ڕێژە، ئەنجامی دابەشکردن، بەرکەوت ۞ نسبت، خارج قسمت

ratiocination /ˌrætiˌɒsɪˈneɪʃn, US ˌreɪʃioʊ-/ *noun*
(فەرمی) پرۆسەی بەڵگەهێنانەوەی ڕێکخراو و لۆژیکی، بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی، reasoning (ratiocinator *n*: بەڵگەهێنەرەوە) ۞ استدلال (منطقی)

ratiocinative /ræʃɪˈəʊsəneɪtɪv/ *adjective*
بەڵگەهێنانەوەیی ۞ استدلالی

ration /ˈræʃn/ *noun*
1 بەش، پشک، جیرە، بەشە 2 (rations) (هێزە چەکدارەکان) جیرە یان بەشی خۆراکی، خۆراک، خواردەمەنی (بنەڕەت: لە *ratio(n-)* لاتین "ratio ,reckoning") ۞ 1 سهمیە، جیرە 2 (در جمع) جیرەی غذایی، آذوقە

rational /ˈræʃnəl/ *adjective*
1 ئەقڵانی، عەقڵانی، ژیردیرییانە، لۆژیکی، ئاقڵانە، حیسابی، دروست، ژیرانە 2 ژیر، بەناوەز، ئاقڵ 3 (بیرکاری، ژمارە) ڕاسیۆناڵ، دەرخەر؟، دەربڕ (rationally /ˈræʃnəli/ *adv*: ژیرانە، ئاقڵانە، بە شێوەیەکی عەقڵانی) ۞ 1 عقلانی، منطقی، مستدل، معقول 2 خردمند 3 گویا

rationale /ˌræʃəˈnɑːl, US -ˈnæl/ *noun*
هۆی لۆژیکی، بنچینەی لۆژیکی (شتێ) ۞ دلیل منطقی

rationalism /ˈræʃnəlɪzəm/ *noun*
ڕاسیۆنالیزم، عەقڵباوەڕی ۞ خردگرایی

rationalist /ˈræʃnəlɪst/ *noun, adjective*
n ڕاسیۆنالیست، عەقڵباوەڕ *adj* ڕاسیۆنالیستی، عەقڵباوەڕییانە ۞ *n* خردگرا؛ *adj* خردگرایانە

rationalistic /ˌræʃnəlɪstɪk/ *adjective*
ڕاسیۆنالیستی، عەقڵباوەڕییانە، سەربە عەقڵباوەڕان (rationalistically /ˌræʃnəlɪstɪkli/ *adv*) ۞ خردگرایانە، وابستە بە خردگرایان

rationality /ˌræʃəˈnæləti/ *noun*
لۆژیکیتی، ژیرانەبوون، لۆژیکیبوون، عەقڵانیەت، لایەنی ئەقڵانی یان عەقڵانی ۞ معقولیت، عقلانیت، جنبەی عقلانی

rationalization /ˌræʃnəlaɪˈzeɪʃn, US -ləˈz-/ *noun*
1 پاساودان، هۆهێنانەوە، بیانوودۆزینەوە، ژیرانە نواندن 2 (کۆمپانی یان پیشەسازی) هاوسەنگاندن (rationalized *adj*: ژیرانە، لۆژیکییانە، عەقڵانی، ئاقڵانە؛ rationalizer *n*) ۞ 1 دلیل‌تراشی 2 بهینەسازی

rational principle *noun*
بنچینە یان پرینسیپی عەقڵانی، بنەمای ئەقڵانی ۞ اصل خرد

rational religion *noun*
دینی عەقڵانی ۞ دین تعقلی

rational science *noun*
زانستی عەقڵانی یان ڕاسیۆناڵ ۞ دانش خردی

rationing /ˈræʃənɪŋ/ *noun*
بەشبەشکردن، بەشبەندی، جیرەبەندی، بەشاندن ۞ جیرەبندی

ratite /ˈratʌɪt/ *adjective, noun*
(باڵندەناسی) *adj* نەفڕ، سنگپان (تیرەگەی keel بەرسنگیان نییە و ناتوانن بفڕن، وەک ostrich، emu و هتد، بڕوانە carinate) *n* باڵندەی سنگپان یا نەفڕ (بنەڕەت: لە ratis لاتین "raft" + -ite[1]) ۞ *adj* سینەپهن *n* پرندەی سینەپهن

rat-kangaroo *noun*
جۆری marsupialی جرجئاسای rat-like ئەوسترالیایی، جرجەکانگۆرو [خێزان Potoroidae: چەندین جۆرن] ۞ رات‌کانگورو

ratlines /ˈratlɪnz/ *noun, pl.*, also ratlin
(کەشتی) نەردیوانی تەنافی یان گوریسی، پەیژەی گوریسی، پلیکانی تەنافی یان کەندری ۞ نردبان طنابی

ratoon /rəˈtuːn/ *noun*
چەکەرە، چووز (ب.ت. قامیشی شەکر؛ بنەڕەت: لە *retoño* سپانیایی "چووزەیێ") ۞ جوانە

rat poison *noun*
مەرگەمشک، دەرمانی مشک، مشککوژ ۞ مرگ موش

rate race *noun*
(نافەرمی) پێشبڕکێی مشکان، پێشبڕکێی بەرزەفڕی، پێشبڕکێی لەحەولی خۆدابوون ۞ مسابقەی موشان

rats /ræts/ *interjection*
ئاخ! ئەهـ! (بۆ دەربڕینی تووڕەیی و نارەحەتییەکی کەم) ۞ آخ!

ratsbane /ˈrætsbeɪn/ *noun*
مەرگەمشک، مەرگەمووش، دەرمانی مشک، مشککوژ ۞ مرگ موش

rat snake *noun*, also chicken snake
(مار)مشکەخۆرە [*Elaphe obsolete* (ئەمریکای باکووری)، *Ptyas mucosus* (ئاسیا)، و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی مار

rat-tail /ˈræt teɪl/ *noun*
1 (هەروەها rat's tail) کلکمشکی، هەر شتێکی بێموو و باریک 2 (ئەسپ) کلکی بێتووک یان ڕووت(ەڵ) 3 (بەیتەری یان

ڤێتێرنیری) کلکەمشکە: زیادەگۆشتێ لە pastern
تا نێوەڕاستی لوولاکی پای ئەسپ 4 -
5 rabbitfish 6 - grenadier ۞ 1 دم بی‌مو
2، 3 و 4 رات‌تایل

rat-tail cactus *noun*
(رووەکناسی) کاکتووسی کلکمشکی، کاکتوسی ئەمریکایی، بە گوڵی گەشی crimson [*Aporocactus flagelliformis*] ۞ نوعی کاکتوس

rattan /ræ'tæn/ *noun*
1 گیایێکی هەڵچووی ئاسیای باشووری رۆژهەلات [ب.ت. توخمەکانی *Calamus* و *Daemonorops*] 2 بەشێکی ئەو رووەکە، زۆرتر بۆ سازاندنی کەلوپەلی نێومال، wickerwork و گۆچان بەکاردێتری) ۞ راتان

rat-tat *noun*, also rat-tat-tat
دەنگی تەق‌وکوت، دەنگی تەقەتەق ۞ صدای تق‌تق

ratted *adjective*
(نافەرمی، بریتانیا) مەستی مەست، کەلەلا ۞ پاتیل

ratten *noun*
(کۆن) کوتاڵ یان پارچەیێکی زبری لە خوری ۞ راتن

ratter *noun*
(پشیلە یان سەگ) مشک‌خنکێن، مشک‌گر ۞ موش‌گیر

rattish *adjective*
مشکی، مشک‌ئاسا، مشکانە ۞ موش‌مانند

rattle /'rætl/ *noun*
1 دەنگی خرەخر، شەقەشەق، شەق‌وهۆر، شەق‌وکوت، تەق‌وکوت 2 شلوقی، هەلا، هەراوهوریا 3 (مار) زەنگوڵە، زەنگی شاخی، زەنگ، پووڵەکەشاخی 4 شەق‌شەقە (هی منال، (rattly /'rætli/ *adj* ۞ 1 صدای تلق و تولوق 2 غوغا 3 زنگوله 4 راتل، جغجغه

rattler /'rætlə(r)/ = rattlesnake

rattlebrain *noun*
مرۆی گەوج(و لەوج) ۞ آدم احمق

rattlebrained /'rætlbriınd/ *adjective*
گەوج‌ولەوج، سەرچل، هەڵەشە ۞ احمق، سبک‌سر

rattleheaded /'rætlhedıd/ *adjective*
گەوج‌ولەوج، سەرچل، هەڵەشە ۞ احمق، سبک‌سر

rattle-pated /'rætlpeıtıd/ *adjective*
گەوج‌ولەوج، سەرچل، هەڵەشە ۞ احمق، سبک‌سر

rattler *noun*
1 شەق‌شەقە، خڕخڕە 2 سەرتۆپ، سەرگوڵ، سەرتل ۞ 1 راتلر 2 سرگل

rattlesnake /'rætlsneık/ *noun*
ماری زەنگی یا زەنگوڵەدار، ئالقە شاخی‌یەکانی بۆ ترساندنە [توخمەکانی *Crotalus* و *Sistrurus*: چەندین جۆرن] ۞ مار زنگی

rattlesnake plantain *noun*, also goodyeria
(رووەکناسی) گەلاڕکێشەی ماری زەنگی، بە گەلای جۆراوجۆر و گوڵی وردەوە [توخم *Goodyera*] ۞ سفید برفی، گودیریا

rattlesnake root *noun*
ریشە یان رەگی ماری زەنگی: چەندین جۆرن کە بۆ دەرمانی مارگەستن بەکاردێتری 1 گیاناوێتەیی composite [توخم *Prenanthes* ب.ت. *altissima* 2 = [*P.* seneca snakeroot ۞ پولی گالا

rattlesnake weed *noun*
گیاواشە hawkweed [*Hieracium venosum*] ۞ زاغک

rattletrap /'rætltræp/ *noun*
(نافەرمی) داشقەشکاو، چەپەرەشڕ، کەلاکەماشێن، شڕەماشێن ۞ ابوطیارە

rattling /'rætlıŋ/ *adjective*
1 یەکجار، گەلێ 2 یەکجار باش، :splendid *This book is a -ng good read* 3 چابک، چوست، چالاک، گورج‌وگۆل، :brisk ،lively *moved at a rattling pace*) rattlingly (/'rætlıŋli/ *adv* ۞ 1 بسیار 2 عالی 3 چابک

rat trap /'ræt træp/ *noun*
1 تەڵەمشک، تەڵەی مشک 2 گێچەڵ، تەنگ‌وچەڵەمە، گێرەوکێشە، گونگەڵ ۞ 1 تلەموش 2 مخمصە

ratty /'ræti/ *adjective* (rattier, rattiest)
1 رووتاڵ، رووگرژ، بەدخولک، مڕومۆچ، شڕ، پڕوپەتۆر، فەتار، دڕاو 2 پڕ لە مشک، پڕمشک، مشک‌تێداو، مشک‌ئاسا، مشکی، وەکوو مشک (rattily /'rætili/ *adv*؛ rattiness /'rætinəs/ *n*: بەدخولکی، رووگرژی، مڕومۆچی، رووتاڵی) ۞ 1 بدعنق، پارەپورە 2 پر از موش، مثل موش

raucity /'rɔ:sıtı/ *noun*
(دەنگ) ناخۆشی، گڕی، نووساوی، قەبەیی ۞ ناهنجاری

raucous /'rɔ:kəs/ *adjective*
(دەنگ) ناخۆش، گڕ، نووساو، قەبە: ‎-ous ◊ *a group of raucous young men* ◊ *voices They grew more and more raucous as the evening went on* (بنەڕەت: لە لاتین *raucus* "hoarse" + -ous) ۞ (صدا) ناهنجار

raucously /'rɔ:kəsli/ *adverb*
بە شێوەیەکی گڕ یان نووساو ۞ بە طور ناهنجار

raucousness /'rɔ:kəsnəs/ *noun*
ناخۆشی، گڕی، نووساوی، قەبەیی ۞ ناهنجاری

raunchily /'rɔ:ntʃıli/ *adverb*
حەشەری‌یانە، بەئالۆشانە ۞ بە طور شهوانی

raunchiness /'rɔ:ntʃinəs/ *noun*
1 حەشەریتی، بەئالۆش‌بوون 2 بزوێنەری، ئیشتیابزوێنی ۞ 1 شهوانی بودن 2 شهوت‌انگیزی

raunchy /'rɔːntʃi/ *adjective* (raunchier, raunchiest)
a raunchy :dirty ،slovenly ،1 پیس، چەپەڵ
raunchy :هەروەها بۆگەن؛ *panhandler*
2 حەشەری، پیس، شپرزە، سێکسی، *sneakers*
بێ‌ئابڕووانە، بێ‌شەرم(انە)، سووره‌وه‌بوو،
کڵپەکردوو، گڕگرتوو، بەئالۆش، بزوێنەر،
a raunchy :smutty ،obscene ،شەهوانی
magazine ۞ 1 کثیف؛ بدبو 2 شهوی، مبتذل،
وقیح، شهوت‌انگیز

rauwolfia *noun*
pantropic 1 دار یان دەوەنێکی پانتڕۆپیک
(*Rauvolfia syn. Rauwolfia* تووخمی) لە
خێزانی dogbane کە کۆمەڵێ ئالکالۆئیدی
پزشکی بەرهەم دێنێ (وەک reserpine) 2 رەگ
یان ریشەی وشکەوەبوو یان ناوگی ریشەی
رووڵفیا (ب.ت. *Rauvolfia serpentine* هی
ئاسیا)، زۆرتر بۆ چارەسەری پەستان (یان
پالەپەستۆی) خوێنی بالا hypertension
بەکاردێتێ (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە ناوی
رووەکناسی ئەڵمانی *Rauwolf* Leonhard،
مەرگ 1596) ۞ رووڵفیا

ravage /'rævɪdʒ/ *noun*
1 ویرانی، کاولی، خاپووری، هیچ‌نەهێشتن،
تێک‌وپێک‌دران، هەڵتەکان؛ زیان و زەرەر لە
ئەنجامی ویرانکاری یان ویرانی: *the ravages*
of war (ravages) 2 شوێنەوارەکانی ویرانی،
کاریگەری ویرانکەرانە ۞ 1 نابودی، انهدام،
تخریب، خسارت حاصله از ویرانی 2 (در جمع)
اثرات تخریبی

ravager *noun*
ویرانکەر، کاولکەر، خاپوورگەر، هەڵتەکێنەر،
ویرانگەر ۞ نابودگر

rave[1] /reɪv/ *adjective, noun*
adj 1 وڕینە، قسەی هەڵیت‌وپڵیت 2 پیاهەڵدان،
تاریف‌دان، ستایشت، پەسن‌کردن *n* پەسن‌دەرانە
۞ *adj* 1 هذیان 2 تحسین *n* تحسین‌آمیز

rave[2] – rave review

rave[3] /reɪv/ *noun*, also raves
تەختە یان قیسپی تەنیشت عەڕەبانە، بۆ زۆرتر
گرتن ۞ ریو

ravel /'rævl/ *noun*
1 تێک‌ئالاوی، ئالۆسکاوی، گرێ‌تێکەوتوویی 2
گرێ، پێچ، گیر 3 بەنی تاڵکێش یان شی‌یەوەبوو
۞ 1 گوریدگی 2 گیر 3 نخ ریش‌ریش‌شده

ravelling /'rævlɪŋ/ *noun*
(پارچە) تاڵ، ریشاڵ، ریشوو ۞ رشته

ravelled *adjective*
تاڵکێش(بوو)، ریشاڵ‌ریشاڵ، تاڵ‌تاڵ،
شی‌یەوەبوو ۞ وارفته

ravelment *noun*
1 ئالۆسکاوی، گرێ‌تێکەوتوویی، تێک‌ئالاوی 2
سەرلێ‌شێواوی، پەشۆکان، شڵەژان، شێواوی ۞
1 گوریدگی 2 سراسیمگی، آشفتگی

raven /reɪvn/ *noun, adjective*
n قەلەڕەشە، قالاو، قەلاسیلکە، قەلەگورگە
adj [*Corvus corax* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان]
(قژ) رەش، وەکوو پەڕی قالاو، قەترانی رەش،
وەکوو قیر: *raven-haired* ۞ *n* کلاغ سیاه *adj*
پر کلاغی

ravening /'rævənɪŋ/ *adjective*
1 برسی 2 دڕ، یانی‌گر، پەلاماردەر، بۆهاتوو،
پڕمەترسی 3 چڵێس، زگەڕۆ، voracious،
rapacious ۞ 1 گرسنه 2 سبع، خطرناک 3 حریص

ravenous /'rævənəs/ *adjective*
1 برسی 2 چڵێس، زگەڕۆ، چڵێسانە 3 بەپەرۆش،
بەتاسە، تینوو، تامەزرۆ: *a ravenous appetite*
(*adv* /'rævənəsnli/ ravenously: چڵێسانە،
زگەڕۆیانە؛ *n* /'rævənəsnəs/ ravenousness:
1 چڵێسی 2 برسێتی (زۆر)، قڕهاتن) ۞ 1
گرسنه 2 حریص، حریصانه 3 مشتاق

raver /'reɪvə(r)/ *noun*
مرۆی بەڕەڵا، قوڵتەشە: *She sounds like a*
right little -er ۞ آدم لوطی

rave review *noun*
(لە ئەمریکا، رۆژنامە یا کۆڤار) بەتام‌وچێژ،
خۆش ۞ پر آب و تاب

rave-up *noun*
میوانی شلوق یان چڕەوگوڕاوی، بەزم‌وڕەزم ۞
پارتی داغ

ravin *noun*
1 (کۆن) نێچیر، نەچیر، راو 2 دزی، راوڕووت،
تالان، چەپاو ۞ 1 فریسه، صید، شکار 2 دزدی،
چپاول

ravine /rə'viːn/ *noun*
دڕکەند، کەند، کەندال، دەربەند، ئاودڕ، گەلی،
بوهل (تەنگ و لە نێوان دوو کێودا؛ ravined
adj) ۞ فرکند

raving /'reɪvɪŋ/ *adjective, adverb, noun*
adj 1 شێت 2 تەواو، بێ‌ئەملاوئەولا *adv* شێتی
شێت، تەواوشێت *n* (ravings /'reɪvɪŋz/)
هاتەران‌وپاتەران، هەڵیت‌وپڵیت، حەلەق‌ومەلەق
۞ *adj* 1 دیوانه 2 کامل. محض *adv* کاملاً دیوانه
n (در جمع) چرندیات، مزخرفات

raving lunatic *noun*
شێتی تەواو (یا رووت)، شێتی شێت، شەڵ‌وشێت،
شێتی ئاونەپالاوتوو ۞ دیوانەی محض

raving mad *noun*, also raving bonkers
شێتی شێت، تەواوشێت، شەڵ‌وشێت ۞ کاملاً
دیوانه

ravioli /ˌrævi'əʊli, US -'oʊli/ *noun, pl.*
رافی‌یۆلی (جۆری چێشتی ئیتالیایی‌یە، لە

ئیتالیاییەوە) ○ راویولی

ravished *adjective*

دڵرفێنراو، دڵبراو، دڵلێسەنراو، سەوداسەر ○ مسحور، شیفته

ravisher *noun*

تالانگەر، تالانچی، چەپاوگەر، راوڕووتکەر ○ چپاولگر

ravishing /ˈrævɪʃɪŋ/ *adjective*

جوان، رند، چەلەنگ، دڵرفێن، دڵبەر، سەرنجڕاکێش (ravishingly /ˈrævɪʃɪŋli/ *adv*: سەرنجڕاکێشانە، جوان، یەکجار) ○ قشنگ، جذاب، دلربا

ravishment /ˈrævɪʃmənt/ *noun*

1 دەس‌درێژی بە زۆر، زینای بە زۆر، ناموس بردن، پەلامار 2 تالان، کالەت، چەپاو، راوڕووت ○ 1 تجاوز به عنف 2 غارت، چپاول

raw /rɔː/ *adjective, noun*

1 *adj* خاو، کاڵ، خام، نەبرژاو، پوختەنەکراو، رەعەمەڵنەهاتوو 2 نەکوڵیو، لێنەنراو، سازنەکراو 3 تازەکار، بێئەزموون، خاو، نەخاراو، رانەهاتوو 4 خۆش‌نەکراو، ئاقار، خاو 5 (پێست) داماڵکاو، ناسک 6 (هەوا) سارد، شێدار و فێنک، خاو، تەڕ و فێنک 7 دانەدووراو، دانەگیراو، شیرازەنەکراو، تاڵ، ریشاڵ 8 (زانیاری و...) لێکەوەنەدراو، خاو 9 (کۆمەڵ) سەرەتایی 10 بێپەردە، ڕێک و ڕاست، بێشەرم 11 (برین) چاکەوەنەبوو، تازە، گۆشتەزوونەهێناو *n* داماڵکایی، برین، جێگای داماڵکاو، زام، ساڕێژنەکراو (rawish /ˈrɔːɪʃ/ *adj*: کەمێ خاو، تا ئەندازەیێ خاو، خاویلکە؛ rawly /rɔːli/ *adv*; rawness *n*: خاوی، کەم‌ئەزموونی، رانەهاتوویی، تازەکاری، نەخاراوی؛ بنەڕەت: *hrēaw* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ○ 1 *adj* خام 2 نپخته 3 بی‌تجربه 4 دباغی‌نشده 5 (پوست) رفته 6 سرد، مرطوب و خنک 7 ندوخته، ریش 8 پردازش‌نشده 9 بدوی 10 رک و پوست‌کنده، وقیح 11 (زخم) باز *n* زخم

raw-boned /ˌrɔː ˈbaʊnd/ *adjective*

رەقەڵ، چەقەڵ، هەر ئێسک(وپرووسک) ○ استخوانی

rawhide /ˈrɔːhaɪd/ *noun*

1 پێستی خۆش‌نەکراو، ئاقار، کەوڵ، پێستی خاو 2 شێلاقی پێستی، تەنافی پێستی ○ 1 پوست دباغی‌نشده 2 تازیانەی پوستی، طناب پوستی

Rawlplug /ˈrɔːlplʌg/ *noun*

(بریتانیا، دروشمی بازرگانی، هەروەها wall plug) روڵپلاگ (بنەڕەت: لە ناوی Rawlings ئەندازیاری کە ئەمەی داهێنا + plug) ○ رول‌پلاگ

raw material *noun*

کەرەسە یا ماک یا مادەی خاو، مەتریاڵی خاو، خاوەمەنی ○ مادەی خام

raw silk *noun*

گەردە، ئاوریشمی خاو، هەوریشمی خاو ○ ابریشم خام

ray[1] /reɪ/ *noun*

1 تیشک، پرشنگ، گزنگ، سیتاو، تیرۆژ، تیریژ، لێزگ 2 بریکێ کەم، توزێ particle، glimmer، trace: 3 *a ray of hope* (ماتماتیک) تیشکە: هەریەک لەو کۆمەڵە هێڵە راستانەی کە بە نێو خاڵێکدا تێدەپەڕن 4 (رووەکناسی) قامکە، ray flower؛ یەکێ لە لقەکانی umbel، medullary ray؛ 5 vascular ray (گیانەوەرناسی) پەڕە، قامکە، هەریەک لەو راگیرکەرە ئێسکی باریک و درێژانەی باڵی زۆربەی bony fishe ـەکان 6 (گیانەوەرناسی) پەل یا قۆڵەکانی ئەستێرەماسی یا ئەستێرەی دەریایی starfish = 7 radiance (بنەڕەت: لە *rai* فەرەنسی کۆن، لەسەر بنەمای *radius* لاتین "ray، spoke") ○ 1 پرتو، اشعه 2 مقدار کم 3، 4، 5، 6 و 7 رای

ray[2] /reɪ/ *noun*, also re

(نۆت، لە sol-fa تۆنیکدا) رێ (= دەرخەری یەکەم برگەی *resonare*) ○ ر

ray[3] /reɪ/ *noun*

قەڵغانەماسی، جۆرێ ماسی کرۆزەیی cartilaginous کلک باریک و درێژ [دەستە Batiformes: زۆر جۆرن] (لە *raia* لاتین) ○ نوعی ماهی

Ray-Bans *noun, pl.*

(دروشمی بازرگانی) رەی‌بەن، رێ‌بێنس: جۆرێ عەینەکی بەرخۆری ئەمریکایی، بە شووشەی رەشەوە بۆ پاراستنی چاو لە تیشکی خۆر، ئەمە لە بنەڕەتا بۆ فڕۆکەوانانی هێزی ئاسمانی ئەمریکا پەرەی پێدرا ○ ری‌بن

Rayleigh scattering *noun*

(فیزیک) بلاوبوونەوەی رووناکی بەهۆی گەردەکان یان پارچۆلکە وردترەکانی تر، بێ ئەوەی wavelength بگۆڕدرێ (لە ناوی John W. فیزیکزانی بریتانیایی سەدەی نۆزدە (S. *Rayleigh* ○ ریلی اسکاترینگ

ray flower *noun*, also ray floret

گوڵی تیشکی: گوڵچەکانی پەراوێزی رووەکی composite ○ گل شعاعی

ray gun *noun*

(چیرۆکی زانستی) تفەنگ یان چەکی تیشکی ○ تفنگ اشعه‌ای

rayless *adjective*

بێ‌تیشک، بێ‌سیتاو، بێ‌پرشنگ، تاریک (raylessness *n*) ○ بی‌پرتو

rayless goldenrod *noun*

(رووەکناسی) میلزەردەی بێ‌تیشک؟، گیایەکی composite ی دەوەنی، دەبێتە هۆی لەرز و

مووچرکـــــه لـــــه مـــــالات‌دا tremble
Haplopappus heterophyllus syn.]
⬡ نوعی گیاه [*Isocoma wrightii*

Raynaud's disease /ˈreɪnəʊ/ *noun*, also Raynaud's syndrome
نەخۆشی رەینۆ: کێشەیێکی vascular کە لە نیشانەکانی سپی‌هەڵگەران و تەزینی قامک و پەنجەکانە، ئەویش زۆرتر بەهۆی کەوتنەبەر سەرمایە (بنەڕەت: لە ناوی فیزیکزانی فەرەنسی (Maurice *Raynaud* ⬡ بیماری رینو

rayon /ˈreɪɒn, US -ɑːn/ *noun*
ئاوریشمی دەسکرد، ریۆن ⬡ ابریشم مصنوعی

razor /ˈreɪzə(r)/ *noun*
تیخ، تیغ، گوێزان، مووس ⬡ تیغ

razorback *noun*
1 بەرازەکوورە (بەرازی نیوەکێوی باشووری ئەمریکا) 2 زنجیرە گرد یان تەپێکی تیژ و باریک (razor-back(ed) *adj*) ⬡ رازوربک

razorbill *noun*, also razor-billed auk
دەنووک‌تیخە: ئۆکێکی رەش‌وسپی، لە دەریای ئەتلانتیکی باکووری و دەریای باڵتیک دەبینرێ [*Alca torda*] ⬡ نوعی پرنده

razor-blade *noun*
تیخ، گوێزان، مووس، گووزان ⬡ تیغ

razor calm = razor shell (North Anerican)

razor-edge *noun*
1 دەمی تیژ، لێواری تیژ 2 رەوشی مەترسی‌دار، بارودۆخی سەخت و دژوار، هەڵومەرجی دژوار 3 هێڵی جیاکەرەوە، سنووری یەکلایی‌کەرەوە ⬡ 1 لبه‌ی تیز 2 وضعیت خطرناک یا بحرانی 3 مرز قاطع

razor's-edge = razor-edge
هێـــڵی جیاکـــەرەوە، هـــێڵ یـــا ســـنووری یەکلایی‌کەرەوە ⬡ مرز قاطع

razorfish *nonu, pl.* same or razorfishes
1 تیغەماســـی [خێـــزانی Centriscidae: زۆر جـــۆرن] 2 جـــۆرێ wrasse رەنگـــاورەنگی رۆژاوای ئەتلانتیک [تۆخم *Hemipteronotus*] 3 = razor shell ⬡ 1 نوعی ماهی 2 رازورفیش

razor-sharp *adjective*
1 تیژ، زیرەک، زووتێگەیشتوو 2 تاڵ، تیژ، توند ⬡ 1 تیز، باهوش 2 گزنده

razor shell *noun*
جۆرێ mollusc ی دوولەپکەیی رەهۆڵیندەر کە لەپکەیێکی راست و درێژی هەیە [خێزانی Solenidae] ⬡ نوعی نرم‌تن

razor-thin *noun*
بە ژمارەیەکی زۆر کەمی دەنگەکان بردووەوە، بە ژمارەیەکی زۆر کەمی دەنگەکان بردوویەتەوە ⬡ برنده‌شده توسط آراء بسیار کم

razor wire *noun*
وایەر یان سیمی تیغی (وەکوو بەربەستێکی بەرگری) ⬡ سیم تیغی

razz /ræz/ *noun*
1 رەخنەی توند، گاڵتە 2 جرت، شیر ⬡ 1 انتقاد شدید، تمسخر 2 شیشکی

razzle /ˈræzl/ *noun*, go on the razzle
لاتی‌گەری، بەرەڵایی ⬡ لوطی‌گری

razzmatazz /ˌræzməˈtæz/ *noun*, also razzamatazz or razzle-dazzle
جەنجاڵی، گونگەڵ، هەراوهوریا، بەزم(ورەزم)، زریقەوبریقـە، ورووژان، هـەژان، خرۆشـان ⬡ الم‌شنگه، زرق و برق، هیجان

Rb symb. the chemical element rubidium

RB *abbreviation* rhythm and blues
ئـاربی (= شـێوازێکی موسـیقای گـەلی کـە تێکەڵەی بلوز و جازە) ⬡ آربی

RC *abbreviation* 1 Roman Catholic 2 Red Cross

RCM *abbreviation* Royal College of Music
(لـە بریتانیـا) کـۆلێژی پاتـشایی موسـیقا ⬡ دانشکده‌ی سلطنتی موسیقی

Rd. *abbreviation* road
(تێونیشان) شەقام ⬡ خیابان

-rd *suffix*
پاشگر: نیشانەی ژمارەی پلەیی 3 ⬡ پسوند: علامت عدد ترتیبی 3

RD *abbreviation* rural delivery, also R.D.

RDA *abbreviation* recommended daily allowance
ئاردی‌ئەی، ئاردی‌ئێی (دەستووری رۆژانەی راسپێردراو، بڕی ئەو دەرمانەی کەوا دەبێ لە رۆژدا بخورێ) ⬡ آردی‌ای

re[1] /riː/ *preposition*
(نامەکان) لەبارەی، دەربارەی، لەمەڕ، بۆ، گەڕانەوە بۆ ⬡ عطف به

re[2] *noun*
(نۆت) رێ ⬡ ر

're = are

re- /riː/ *prefix*
پێشگر: 1 دیسان، ـەوە، سەرلەنوێ، هەمیسان، دووبارە، پێشوو: retell ،reactivate: گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو: restore 2 (هەروەها -red) بەرامبەر بە، لە هەردوو لاوە، دوولایەنە، دووقۆڵی: resemble؛ لە دەستەی رکەبەر یان بەرهەڵستکاردا، لە ئۆپۆزیسیۆندا: repel 3 پاش، دوای، لە پشتەوە، پشتەوە، لە دواوە: relic، recall (بنەڕەت: لە -re ،red- لاتین " دیسان، سەرلەنوێ، دووبارە، دواوە، پشتەوە ") ⬡ پیشوند: 1 باز، مجدداً، دوباره 2 متقابلاً، دوجانبه؛ در جناح مخالف 3 پس از، عقب، به عقب

Re symb. the chemical element rhenium

RE *abbreviation* religious education, also

R.E.
پەروەردەی دینی ۞ تعلیمات دینی

reabsorption *noun*
مژینەوە، داچەکاندنەوە ۞ بازجذب

reach /rɪ:tʃ/ *noun*
1 دەس پێ ڕاگەیشتن، دەس پێ گەیشتن، بەدەس گەیشتن، بەردەس کەوتوویی، ڕاگەیشتن، گەیشتن 2 توانایی، لەدەس هاتوویی 3 تێگەیشتن 4 پانتایی، گۆڕەپان، بەرینایی 5 بڕ 6 تێکۆشان بۆ گەیشتن (بە شتێ) ۞ 1 دسترسی 2 استطاعت 3 فهم 4 میدان، گستره 5 رسایی 6 کوشش

reachable /'rɪ:tʃəbl/ *adjective*
شیاوی دەس پێ ڕاگەیشتن، لەپێ گەیشتن هاتوو ۞ قابل دسترسی

reach-me-downs = hand-me-downs

reactance /rɪ'æktəns/ *noun*
(فیزیک) ریئەکتانس، کارپێ دەرەوەیی ۞ واکنش دهندگی

reactant /rɪ'æktənt/ *noun*
(کیمیا) ریئەکتانت، کارپێ دەرەوە ۞ واکنش دهنده

reaction /rɪ'ækʃn/ *noun*
1 کاردانەوە، پەرچەکردار، (دژکردەوە)، کارلێک 2 کاریگەری، کارلێ کردن، باندۆر، کاردانەوە، ڕەنگ دانەوە، ئەنجام 3 کۆنەپرستی، پاشبڕۆیی 4 گەڕانەوە ۞ 1 واکنش، عکس العمل 2 اثر 3 ارتجاع 4 بازگشت

reactionary /rɪ'ækʃənri/ *noun* (*pl.* reactionaries), *adjective*
n کۆنەپەرست، پاشبڕۆ، دژەگۆڕان *adj* کۆنەپەرستانە، پاشبڕۆیانە ۞ *n* مرتجع *adj* ارتجاعی

reaction formation *noun*
پێکهاتنی کاردانەوە ۞ تشکیل واکنش

reactionist *noun*
کۆنەپەرست، پاشبڕۆ، دژەگۆڕان ۞ مرتجع

reaction progress *noun*
پێشکەوتنی کاردانەوە، پێشوەچوونی پەرچەکردار ۞ پیشرفت واکنش

reaction rate constant *noun*
جێگیری خێرایی کاردانەوە ۞ ثابت سرعت واکنش

reaction time *noun*
کاتی کاردانەوە، تایم یان زەمانی پەرچەکردار ۞ زمان واکنش

reactivation *noun*
چالاک کردنەوە، چالاکاندنەوە، گورج کردنەوە ۞ بازفعال سازی

reactive /ri'æktɪv/ *adjective*
1 (کیمیا) کارلێ کردوو 2 پەرچەکردارییانە، کاردانەوەی دەبێ، کاردەرەوە، کاردانەوەیی 3 کۆنەپەرست 4 سەربە reactance ۞ 1 واکنش پذیر 2 واکنشی 3 مرتجع 4 وابسته به reactance

reactive behaviour *noun*
هەڵسوکەوتی کاردانەوەیی، ڕەفتاری کاردانەوەیی ۞ رفتار واکنشی

reactive depression *noun*
دڵتەنگی کاردانەوەیی ۞ افسردگی واکنشی

reactive inhibition *noun*
نەهێشتنی کاردانەوەیی، پێشگیری کاردانەوەیی ۞ منع واکنشی

reactivity /ˌrɪ:æk'tɪvɪti/ *noun*
کارلێ کردوویی، کاردەرەوەیی ۞ واکنش پذیری

reactor /rɪ'æktə(r)/ *noun*
1 ریاکتۆر، ریئاکتۆر، ژووری کاردانەوە 2 (پزشکی) کاردەوەرە ۞ 1 واکنش گاه 2 واکنش گر

read[1] /ri:d/ *noun*
1 خوێندنەوە 2 ماوەی خوێندنەوە ۞ 1 مطالعه 2 مدت مطالعه

read[2] /red/ = past and past participle of read

readability /ˌrɪ:də'bɪləti/ *noun*, also readableness
خوانایی، وانایی، خوێنراوی، خۆش خوێنراوەیی، لە خوێندن(ەوە)هاتوویی ۞ خوانایی

readable /'ri:dəbl/ *adjective*
خوانا، وانا، خوێنراو، خۆش خوێنراوە، لە خوێندن(ەوە)هاتوو، دیار، جوان، legible: *The lettering on the front of the building is no longer readable* ◊ *a highly readable account of life in prison* (readably /'ri:dəbli/ *adv*) ۞ خوانا، خواندنی

readaptation *noun*
(خۆ)گونجاندنەوە، سازاندنەوە، ڕێکخستنەوە (readaptated *adj*) ۞ انطباق مجدد

reader /'ri:də(r)/ *noun*
1 خوێنەر: *an avid reader of science fiction* ◊ *a fast/slow reader* 2 هەڵەگر، ڕاستکەرەوە 3 (لە بریتانیا Reader) دواماموستا، دواپرۆفسۆر، ئاوەڵ پرۆفیسۆر 4 کتێبی خوێندنەوە 5 (کامپیوتێر، دەزگای) خوێنەر، خوان 6 (لە کلێسە) وتاردەر 7 (وەشان خانە) ڕاوێژکاری چاپ ۞ 1 خواننده 2 مصحح 3 دانشیار 4 کتاب قرائت 5 ریدر 6 سخنران 7 مشاور چاپ

readership /'ri:dəʃɪp, US -dərʃ-/ *noun*
1 کۆمەڵی خوێنەران، خوێنەران 2 (لە بریتانیا Readership) دواماموستایی، دواپرۆفسۆری ۞ 1 خوانندگان 2 دانشیاری

readies = ready money

readily /'redɪli/ *adverb*
لەڕێوە، دەسبەجێ، کوت ومت، بێ ڕاوێستان، زوو، خێرا، بە ئاسانی: *Most people readily accept the need for laws* ۞ بلافاصله، فوراً، به سادگی

readiness /'redinəs/ *noun*
1 ئامادەبوون، ئامادەیی، تەیاری، سازی 2 مەیل، ویست، ئیشتیا، ئارەزوو 3 ئاسانی، ساکاری، سانایی 4 خێرایی، زوویی، دەسبەجێیی ◇ 1 آمادگی 2 تمایل 3 سهولت 4 فوریت، سرعت

reading /'ri:dɪŋ/ *noun*
1 خوێندنەوە 2 لێکدانەوە، شیکردنەوە، والاکردنەوە، بۆچوون 3 خوێندەمەنی، خواندەمەنی، کتێب و ئەو بابەتانەی کە بۆ خوێندنەوە دەبن 4 ژمارەی پیشان‌دراو یان تۆمارکراو لەسەر دەزگا یان ئامێری پێوان 5 هەڵەگری، نموونەخوێندنەوە، نموونەخوانی، چاککردن 6 (پەرلەمان) راوێژ، پرس‌ورا 7 (کتێبی پیرۆز) خوێندنەوە ◇ 1 قرائت، خوانش 2 تعبیر، تفسیر 3 مواد خواندنی 4 ریدینگ 5 نمونەخوانی 6 شور 7 قرائت

reading age *noun*
تەمەنی خوێندنەوە ◇ سن خواندن

reading-desk *noun*
مێزی خوێندنەوە ◇ میز مطالعه

reading-glasses *noun*
چاویلکەی خوێندنەوە ◇ عینک مطالعه

reading-lamp *noun*, also reading-light
چرای (لەبەر) خوێندنەوە ◇ چراغ مطالعه

reading room *noun*
دیو یان ژووری خوێندنەوە ◇ اتاق مطالعه

readjustment *noun*
1 سازان، گونجان، راهاتن، داهاتن، خۆگونجاندن، گۆڕان، گۆڕین 2 میزان‌کردنەوە، دەس‌کاری ◇ 1 سازگاری، تغییر 2 تنظیم مجدد

readmission /ˌri:əd'mɪʃn/ *noun*
1 وەرگرتنەوە، دووبارەچوونەوە، رێ‌پێدانەوە 2 خەواندنەوە ◇ 1 عضویت مجدد 2 بستری شدن مجدد

readmittance = readmission

read-only *adjective*
(کامپیوتێر) تەنیاخوێندنەوەیی، هەرخوێندنەوەیی ◇ فقطخواندنی

read-only memory = ROM

read-out *noun*
(کامپیوتێر) خوێندنەوە ◇ بازخوانی

ready /'redi/ *adjective* (readier, readiest), *noun* (*pl*. readies)
adj 1 ئامادە، ساز، فەراهەم، حازر، تەیار، خۆشە 2 پێخۆش‌بوو، خوازیار، تامەزرۆ، بەپەرۆش 3 خێرا، زوو، دەس‌بەجێ، لەڕێوە، کت‌ومت، گورج، زوو 4 نەغد *n* پارەی نەغد یان بەردەست ◇ *adj* 1 حاضر، آماده، مهیّا 2 مایل 3 فوری، بی‌درنگ 4 نقد *n* پول نقد

ready-made *adjective, noun*
adj 1 ئامادە، ساز، دووراو 2 ئاسایی 3 گونجاو، لەبار، تەواو، باش، ئایدیال، ئیدەئال *n* شتێکی ئامادە یان ساز ◇ *adj* 1 حاضر، دوخته 2 معمولی 3 ایدەآل *n* چیز حاضر

ready meal *noun*
خۆراکی ئامادە ◇ غذای آماده

ready money *noun*, also ready cash
پارەی نەغد ◇ پول نقد

ready reckoner *noun*
(دەزگایەکی بازرگانی) لێکدانەوە ئامادەکان ◇ محاسبات آماده

ready-to-wear *adjective*
(جل‌وبەرگ) دووراو، ئامادە، ساز ◇ دوخته

reaffirmation /ˌri:ˌæfə'meɪʃn, US -fər'm-/ *noun*
1 چەندبارەکردنەوە، پەسندکردنەوە، سەلماندنەوە، مۆرکردنەوە 2 راگەیاندنەوە ◇ 1 تأکید مجدد، تأیید مجدد 2 اعلام مجدد

reafforestation /ˌri:əˌfɒrɪ'steɪʃn, US -ˌfɔ:r-, -ˌfɑ:r-/ = reforestation

reagent /ri'eɪdʒənt/ *noun*
(کیمیا) ناسەرەوە، دۆزە، دەرخەر ◇ شناساگر

real[1] /'rɪ:əl, US rɪəl/ *adjective, noun, adverb*
adj 1 راستەقینە، ناخەیالی، راست، رەسەن، خۆرسک، سروشتی، نادەسکرد، خۆکرد، ئەسڵ، درۆ نیە، نەقەڵب 2 گرنگ، جێی ترس، رشت (*a real danger*) 3 مردەماڵ، رانەگوێزراو، لەسەرجێ *n* شتی راست یان راستەقینە، راستی *adv* زۆر، گەلێ ◇ *adj* 1 واقعی، حقیقی، طبیعی، اصل 2 جدی، مهم 3 غیرمنقول *n* واقع *adv* خیلی

real[2] /reɪ'ɑ:l/ *noun*, *pl*. reals or reales
1 یەکەی بنەڕەتی پارەی برێزیل تا 1994، بەرامبەر بە سەد centavo 2 کۆینی پێشوو و یەکەی پارەی چەندین وڵاتی سپانیایی‌زمان ◇ ریئال

real[3] /reɪ'ɑ:l/ *noun*, *pl*. reals or reis
1 یەکەی پارەی پێشوو و کۆینی پۆرتوگال (بنەڕەت: لە regalis لاتین) ◇ ریئال

real ale *noun*
بیرەی خۆماڵی یا ئەسڵ (کە لە کارخانەدا بەرهەم نەهاتبێ) ◇ ایل واقعی

real estate *noun*
1 دارایی رانەگوێزراو، مردەماڵ، ملک‌وماڵ 2 سەودا و مامەڵەی ملک‌وماڵ ◇ 1 دارایی غیرمنقول 2 معاملات املاک

real estate agent = estate agent

realgar /rɪ'algə/ *noun*
مەرگەمشک یان زەرنیخی سوور، کانێکی نەرمی سوورباو، لە سولفایدی ئارسنیک پێکهاتووە و جاران بۆ رەنگ و تۆق‌تۆقێن بەکاردێنرا (بنەڕەت: لە *rahj al-ghār* عەرەبی، بە واتای

"خۆڵ و تۆزی ئەشکەوت") ◌ زرنیخ سرخ

realignment *noun*

1 ڕیکخستنەوە، گۆڕاندنەوە، داڕشتنەوە، گونجاندنەوە 2 دەستەبەندی سەرلەنوێ، یەکێتی سەرلەنوێ 3 ڕیکخستن، میزان(کردن) ◌ 1 تجدید سازمان، تغییر مجدد 2 گروەبندی مجدداتحاد مجدد 3 تنظیم

realisable = realizable

realisation = realization

realism /ˈriːəlɪzəm, US ˈrɪəl-/ *noun*

ڕیالیزم، ڕاستیبینی، واقعبینی، ڕاستیگەری، ڕاستیباوەری ◌ رئالیسم، واقعگرایی، واقعبینی

realist /ˈriːəlɪst, US ˈrɪə-/ *noun*

ڕیالیست، ڕاستیبین، ڕاستیگەر، ڕاستیباوەر، واقعبین ◌ رئالیست، واقعگرا، واقعبین

realistic /ˌriːəˈlɪstɪk, US ˌrɪə-/ *adjective*

1 سەربە ڕیالیزم، ڕیالیستی، ڕاستیبین، ڕاستیگەر، ڕاستیبینانە، واقعبینانە 2 (نرخ، کرێ و هتد) ژیرانە، باش، گونجاو (**realistically** /ˌriːəˈlɪstɪkli, US ˌrɪə-/ *adv*: بە شێوەیەکی ڕاستیبینانە) ◌ 1 وابستە بە رئالیسم، واقعنگر، واقعبینانە 2 معقول

reality /rɪˈæləti/ *noun, pl.* realities

1 ڕاستەقینەیی، واقعیەت، ڕاستی، حەق، دروستی، شتێ کە لە دەرەوە بێ، ڕاستبوون 2 شتی ڕاستەقینە 3 بوون ◌ 1 واقعیت، حقیقت، صحت 2 چیز واقعی 3 هستی

reality culture *noun*

چاند یا کولتووری ڕاستەقینە ◌ فرهنگ واقعیت

reality principle *noun*

بنچینەی ڕاستەقینە ◌ اصل واقعیت

realizability /ˌriːəlaɪzəˈbɪləti, US ˌrɪə-/ *noun*

بەدیهاتوویی، دەسپێڕاگەیشتوویی، بەردەسکەوتوویی، لەجێبەجێهاتوویی ◌ تحققپذیری، قابلیت حصول

realizable /ˈriːəlaɪzəbl, US ˈrɪə-/ *adjective*

1 بەدیهاتوو، دەسپێڕاگەیشتوو، بەردەسکەوتوو، لەجێبەجێهاتوو 2 (دارایی) بووە پارە، نەغدەوەبوو، دەبێ بە پارە یان پوول، وردەوەبوو ◌ 1 تحققپذیر، قابل حصول 2 نقدشدنی

realization /ˌriːəlaɪˈzeɪʃn, ˌrɪəl-, US ˌriːələˈz-/ *noun*

1 بەدیهاتن، جێبەجێبوون، بەڕاست(ی)وەرگەڕان 2 تێگەیشتن، پێزانین 3 نەغدکردنەوە، وردکردنەوە، فرۆشتن، کردنە پارە 4 دەسپێڕاگەیشتن ◌ 1 تحقق 2 درک 3 نقد کردن 4 حصول

real-life *adjective*

ڕاستەقینە، سەربە ژیانی ڕاستەقینە ◌ واقعی، وابستە بە زندگی واقعی

reallocation /ˌriːˌæləˈkeɪʃn/ *noun*

1 دابەشکردنەوە، بەشکردنەوە، دابەشاندنەوە 2 تایبەتیدان، تەرخانکردن، تەرخان دان ◌ 1 توزیع مجدد 2 اختصاص

really /ˈriːəli, US ˈrɪəli/ *adverb*

1 لە ڕاستیدا، بەڕاستی: *Tell me what really happened* 2 یەکجار، توند، بە توندی، تەواو، بە تەواوەتی ◌ 1 حقیقتاً، واقعاً 2 خیلی، بە شدت، کاملاً

realm /relm/ *noun*

1 پانتایی، مەڵبەند، بوار، ئاقار، ڕاختە: *within the realm of possibility* 2 وڵات 3 پاتشایی ◌ 1 قلمرو، گسترە، حوزە 2 کشور 3 سلطنت

real number *noun*

ژمارەی ڕاستەقینە ◌ عدد صحیح یا حقیقی

realpolitik /reɪˈɑːlpɒlɪtiːk, US -pɑːl-/ *noun*

(ئەڵمانی) ڕاستیگەری ڕامیاری، ڕیالیزمی سیاسی، سیاسەت یان ڕامیاری لەسەر بنەمای بارودۆخی واقعی تا بنەمای ئاکاری و ئایدیۆلۆژیک ◌ رئالیسم سیاسی

real property = real estate

real tennis *noun*

تێنیس یان تەنیسی ڕاستەقینە ◌ تنیس واقعی

real time *noun,* in real time

1 کاتی ڕاستەقینە 2 دەسبەجێ، کورتماوە، کەمخایەن، کتومت، لەڕێوە ◌ 1 زمان واقعی 2 کوتاەمدت، بلافاصلە

real-time *adjective*

(کامپیوتێر) دەسبەجێ، کتومت، لەڕێوە (بەو خێراییەی کە وەریدەگرێ): *real-time missile guidance systems* ◌ بلافاصلە

Realtor /ˈriːəltə(r)/ = real estate agent, also realtor

realty /ˈriːəlti/ = real estate

real value *noun*

نرخی ڕاستەقینە ◌ ارزش واقعی

real world *noun*

دنیای دەرەوە یا ڕاستییەکان، دنیا یا جیهانی ڕاستەقینە ◌ جهان خارج

ream /riːm/ *noun*

1 بەستە، بەند (یەکەی ستانداردی کڕین و فرۆشتنی کاغز، لە ئەمریکا 500 و لە بریتانیا 480 و جاروبارێش 516 دانە) 2 کۆماکاغز، کۆگاکاغەز، کۆماقاقز 3 (reams) (ئاوەرمی) کۆگا، کۆما، لۆدە، دەڵیایی، کۆڵێ ◌ 1 بند 2 تودەی کاغذ 3 (در جمع) یک عالمە

reamer *noun*

ریمێر، قالاوێژ ◌ برقو

reanimation *noun*

ژیاندنـــەوە، بووژاندنـــەوە، زیندووکردنـــەوە، گیان‌پێدانەوە ۞ احیا

reaper /ˈriːpə(r)/ *noun*
1 دروێنـەوان، گـوخل 2 دەزگـای دروونـەوە، (دروێنە، درەو reaping) ۞ 1 دروگر 2ماشین درو

reaping-hook /ˈriːpɪŋ hʊk/ *noun*
داس ۞ داس

reaping machine /ˈriːpɪŋ məʃiːn/ *noun*
دەزگای دروونەوە، دروێنەک، درەوکە ۞ ماشین درو

reapparition *noun*
سەرهەڵـدانەوە، دەرکەوتنـەوە، پەیدابوونـەوە، هاتنەوە، گەڕانەوە ۞ ظهور مجدد، برگشت

reappearance /ˌriːəˈpɪərəns/ *noun*
سەرهەڵـدانەوە، دەرکەوتنـەوە، پەیدابوونـەوە، هاتنـەوە، گەڕانـەوە، واکفـت ۞ ظهـور مجـدد، برگشت، عود

reapplying *noun*
1 (مەرهەم) پیاساوینەوە، هەڵـساوینەوە، لێدانەوە، بەکارهێنانەوە 2 داواکردنەوە، داخـوازیکردنـەوە ۞ 1 مالش مجدد 2 تقاضای مجدد

reappointment *noun*
دانانەوە، کارپێدانەوە، دامەزراندنەوە ۞ انتـصاب مجدد

reappraisal /ˌriːəˈpreɪzl/ *noun*
نرخاندنەوە، هەڵسەنگاندنەوە، چاوپیاخشاندنەوە، تـێ‌ڕوانینـەوە، لێکۆڵـینەوە، تـاقی‌کردنـەوە ۞ ارزیابی مجدد، بررسی مجدد

rear /rɪə(r), US rɪr/ *noun, adjective*
n 1 پـشتەوە، دواوە، پاشـەوە 2 پـشتەوەی سـپا، پاشـەنگ 3 کنـگ، قـوون، کەفـەڵ، پاشـەڵ *adj* دواوە، پشتەوە، لە پشتەوە یان دواوە، پاش، پشت ۞ *n* 1 عقب، عقبی 2 آخر سپاه 3 کفل *adj* عقبی

rear admiral *noun*
ئەفـسەرێکی پایەبـەرز لـە هێـزی دەریـایی‌دا ۞ دریادار

rearguard /ˈrɪəɡɑːd, US ˈrɪrɡɑːrd/ *noun*
1 دواپارێز، پاش‌دار، پاشـکۆی سـپا، پاش‌پارێز، پاشڕەو 2 باڵـی کۆنەپەرسـت یـا کۆنەپارێز ۞ 1 عقب‌دار 2 جناح ارتجاعی یا محافظه‌کار

rearguard action *noun*, fight a rearguard action
ئەوپەڕی حەوڵی خۆدان، دوایین حەوڵی خۆدان، کرداری بەرگری‌یانە کە سـپای پاشەکـشێ‌کردوو دەیکا ۞ تلاش مذبوحانه

rear light (rear lamp) = tail light

rearmament /riˈɑːməmənt, US -ˈɑːrm-/ *noun*
چەکدارکردنـــەوە، زۆرکـــردنی توانــــایی چـەک‌وچـۆڵ، کەڵـەکەکردنەوەی چـەک‌وچـۆڵ، نوێ‌کردنەوەی چەک‌وچۆڵ ۞ تجدید تسلیحات

rearmost /ˈrɪəməʊst, US ˈrɪrmoʊst/ *adjective*
دواتـرین، پـاش‌تـرین، دوورتـرین، هەرەپـشتەوە، دوایین، هەرەدواوە، last ۞ عقب‌ترین، آخرین

rearrangement /ˌriːəˈreɪndʒmənt/ *noun*
گۆڕان، ڕێکخـستنەوە، گۆڕینی ڕێکـەوتی بەرنامـە (وەختـی کۆبوونـەوەیێ) ۞ تغییر، ترتیـب مجـدد، تغییر برنامه

rearrest *noun*
گرتنەوە، دەس‌بەسەرکردنەوە ۞ بازداشت مجدد

rear-view mirror *noun*
ئاوێنـەی پێـشەوە (کـە دواوەی لێ‌وەدەبینێ) ۞ آینەی جلو

rearward /ˈrɪəwəd, US ˈrɪrwərd/ *noun, adjective*
n دواوە، پـشتەوە، پاشـەوە *adj* هەڵـکەوتوو لـە دواوە یان پشتەوە ۞ *n* عقب *adj* واقع در عقب

rearwards /ˈrɪəwədz, US ˈrɪrwərdz/ *adverb*
بۆ پشتەوە، بۆ دواوە، بەرەو پشـتەوە، backward: *looking rearward* ۞ به طرف عقب

reason /ˈriːzn/ *noun*
1 هـۆ، ئەگـەر، بۆنـە، سـەدەم، سـۆنگە 2 ئـەقڵ، ئاوەز، لۆژیـک: *the conflict between faith and reason* ۞ 1 دلیل، علت 2 خرد، منطق

reasonability /ˌriːznəˈbɪləti/ *noun*, also reasonableness
بـەرێ‌وجـێ‌بـوون، ژیرانـەبوون، ئاقڵانـەبوون ۞ معقولیت

reasonable /ˈriːznəbl/ *adjective*
1 ژیرانـە، ئاقڵانـە، بـەجێ، مـاقوول، بـەرێ‌وجـێ، پەسـندکراو، ئەقڵانی، هێزی بیرکردنەوە، لۆژیکی: *a reasonable theory* 2 گونجاو، دادپەروەرانە، نەگران، ئەندازە، مام‌ناوەندی ۞ 1 معقول، موجـه، منطقی، خردمندانه 2 عادلانه

reasonableness /ˈriːznəb(ə)lnəs/ *noun*
ئاقڵانەبوون، ژیرانەبوون ۞ معقول بودن

reasonably /ˈriːznəbli/ *adverb*
1 (بـە شـێوەیەکی) ژیرانـە، ئاقڵانـە 2 خـودایی، خوداوەکیلی: *She seems reasonably happy in her new job* ۞ 1 به طور معقول 2 انصافاً

reasoned /ˈriːzənd/ *adjective*
ژیرانــە، ئاقڵانـــە، لـــۆژیکی، بـــەجێ، ڕێـــدار، بەرێ‌وجێ، بەڵگەمەند: *She argued her point in a reasoned and intelligent manner* ۞ معقول، مستدل

reasoning /ˈriːzənɪŋ/ *noun*
بەڵـگەهێنانەوە، بەڵـگە، بـرنۆ: *This line of reasoning is faulty* ۞ استدلال، برهان

reassembly *noun*
1 ســـوارکردنەوە، (دووبـــارە) بەســـتنەوە،

ســەریەکخســتنەوە 2 دووبارەکۆکردنــەوە 3 سازدانەوەی دانیشتن یان کۆبوونەوە ⟡ 1 مونتاژ مجدد 2 جمع‌آوری مجدد 3 تشکیل مجدد اجلاس

reassertion *noun*

چەندبارەکردنەوە، جەختکردنەوە ⟡ تکرار مجدد، تأکید مجدد

reassessment *noun*

نرخاندنەوە، هەڵسەنگاندنەوە، بەسەرداچوونەوە، چاوپیاخشاندنەوە، تێڕوانینەوە، لێکۆڵینەوە، تاقیکردنەوە ⟡ ارزیابی مجدد، بررسی مجدد

reassignment *noun*

بەنێوکردنــەوە، راگوێستنەوە، راگوێزانــەوە ⟡ واگذاری مجدد

reassurance /ˌriːəˈʃʊərəns, -ˈʃɔːr-, US -ˈʃʊr-/ *noun*

دڵنیایی، خاترجەمی، یەکلاییکردنەوە، یەکسەرەکردنەوە، دڵنیاکردن ⟡ اطمینان، اطمینان‌بخشی

reassuring /ˌriːəˈʃʊərɪŋ, -ˈʃɔːr-, US -ˈʃʊr-/ *adjective*

دڵنیاکەر(ەوە)، دڵگەرمکەر، ورەپێدەر: *a reassuring smile* ⟡ اطمینان‌بخش

reassuringly /ˌriːəˈʃʊərɪŋli, -ˈʃɔːr-, US -ˈʃʊr-/ *adverb*

بە دڵنیاییەوە: *She smiled reassuringly* ⟡ با اطمینان

reaver *noun*

رفێنەر، راپسکێنەر، راورووتکەر، تالانچی ⟡ رباینده، غارتکننده

Reb[1] /rɛb/ *noun*

سەرناوێکی نەریتی جوولەکە بۆ پیاوێ کە مالووم نییە (بنەڕەت: لە یەدییەوە) ⟡ رب

Reb[2] /rɛb/ *noun*

سەربازی کۆنفیدرەیت لە شەڕی نێوخۆیی ئەمریکادا ⟡ رب

rebate /ˈriːbeɪt/ *noun*

پۆڵای بەهێزکراو، ب.ت. وەکوو میل بۆ نێو کۆنکریت ⟡ ربات

rebarbative /rɪˈbɑːbətɪv, US -ˈbɑːrb-/ *adjective*

⟡ objectionable قێزەون، بێزاوی، ناخۆش، ⟡ نفرت‌انگیز

rebatable *adjective*

1 لەپێدانــــەوەهاتوو، لەگێرانــــەوەهاتوو، دەگێردرێتەوە 2 کەم دەبێتەوە، دادەشکێ ⟡ 1 قابل استرداد 2 کاهش‌پذیر

rebate /ˈriːbeɪt/ *noun*

1 (باج، کرێ و هتد) پێدانەوە، گێرانەوە: *a tax rebate* 2 کەمبوونەوە، داشکاندن ⟡ 1 استرداد 2 کاهش

rebbe /ˈrɛbə/ *noun*

مالووم، ب.ت. ریبەری دینی Hasidic ⟡ ربی

rebbetzin /ˈrɛbɪtsɪn/ *noun*, also rebbitzin

1 ژنی rebbe 2 مامۆستای دینی (ژن) ⟡ 1 همسر ربی 2 معلمەی مذهبی

rebec /ˈriːbɛk/ *noun*, also rebeck

ئامێری سێژێی سەدەکانی نێوەڕاست، بە bow دەژەنرێ ⟡ رُباب

Rebekah *noun*, Hebrew *Ribhqāh*

ریبێکا: ژنی ئیسحاق Isaac ⟡ ربکا

rebel /ˈrɛbl/ *noun, adjective*

یاخی، سەرهەڵداو؛ سەربە سەرهەڵداوان: *rebel forces* ⟡ شورشی

rebellion /rɪˈbeljən/ *noun*

یاخیگەری، سەرهەڵدان ⟡ شورش

rebellious /rɪˈbeljəs/ *adjective*

1 یاخی، سەرهەڵداو، سەرپێچ، نافەرمان 2 کۆنترۆڵنەکراو، دەس‌بەسەرەدانەگیراو، نەحەواوە، نامەهار، لەکۆنترۆڵبەدەر، خراپ، بەرێوەنەبراو ⟡ 1 شورشی، متمرد، سرکش 2 مهارنشدنی، ادارەنشدنی

rebelliously /rɪˈbeljəsli/ *adverb*

سەرهەڵداوانە، سەرپێچیانە: *'I don't care!' she said -usly* ⟡ متمردانه

rebelliousness /rɪˈbeljəsnəs/ *noun*

یاخیگەری، سەرهەڵدان، سەربەرزکردنەوە، سەرپێچی، نافەرمانی ⟡ سرکشی، تمرد، عصیان

rebirth /ˌriːˈbɜːθ, US -ˈbɜːrθ/ *noun*

ژیاندنەوە، بووژانەوە، بوونەوە، لەدایکبوونەوە، زیندووکردنەوە: *the seasonal cycle of death and rebirth* ⟡ تجدید حیات، نوزایی

reboot /ˌriːˈbuːt/ *noun*

(کامپیوتێر) خستنەوەکار، ریبووت ⟡ راه‌اندازی مجدد

reborn /ˌriːˈbɔːn, US -ˈbɔːrn/ *adjective*

1 دووبارەبوو، لەدایکبووەوە، دیسانزادە، بووەوە 2 دووبارەژیاو، زیندووبووەوە، دووبارەبووژاو، دووبارەرەگداکوتاو، سەرلەنوێ‌سەرهەڵداو ⟡ 1 دوباره زاده‌شده 2 احیاشده

rebound[1] /ˈriːbaʊnd/ *noun*

1 زۆربوون 2 چابوونەوە 3 گەڕانەوە، چوونەوە سەر جێی هەوەڵ ⟡ 1 افزایش 2 بهبود 3 برگشت

rebound[2] = past and past participle of rebind

rebounder *noun*

جۆرێ trampolineی خڕ بۆ مەشق و راهێنان ⟡ ریبوندر

rebozo /rɪˈbəʊzəʊ/ *noun, pl.* rebozos

جۆرێ لەچکەی نەریتی ژنانی سپانیایی ئەمریکایی کە سەر و شان و مل دادەپۆشێ (لە سپانیاییەوە) ⟡ نوعی روسری

rebroadcast[1] *noun*

بەرنامەی دووبارە ۞ برنامەی تکراری

rebroadcast[2] = past and past participle of rebroadcast

rebroadcasting *noun*
(بەرنامـــەی رادیـــۆ و تەلـــەفزیۆن، دووبـــارە) بڵاوکردنەوە ۞ پخش مجدد

rebuff /rɪˈbʌf/ *noun*
نەویـــستن، نـــەلێ‌کـــردن، دەس‌بـــەڕووەوەنان، وەرنـــەگرتن، بەرپـــەرچ‌دانـــەوە، رەت‌کردنـــەوە، کاردانـــەوەی نـــەرێنی یـــان بـــە بـــاری خراپـــە، پشت‌گوێ‌خستن: *Her offer of help was met with a sharp rebuff* ۞ عدم پذیرش، رد

rebuilder *noun*
دروســت‌کــەرەوە، ســازەرەوە، چــاک‌کــەرەوە، دووبارەساز ۞ بازساز

rebuilding *noun*
1 دروست‌کردنەوە، سازاندنەوە، چاک‌کردنەوە، دووبارەســازکردن 2 شـــتی ســازەوەکراو یـــان چاکەوەکراو ۞ 1 ساخت مجدد 2 چیز بازساخت

rebuilt[1] /ˌriːˈbɪlt/ *adjective*
پێویـست بە دەس‌پیاهێنانەوە ۞ محتاج مرمت

rebuilt[2] /ˌriːˈbɪlt/ = past and past participle of rebuilt

rebuke /riːˈbjuːk/ *noun*
سـەرکۆنە، پیاهەڵـشاخان، واریـان، بـەگژداهاتن، بەسـەردانەڕاندن، تێخـوڕین، بەسـەرداگوڕاندن، (rebuker *n*) reprimand ۞ توبیخ، سرزنش

rebus /ˈriːbəs/ *noun, pl.* rebuses
مەتەڵی شێوەیی یان وێنەیی یان پیتی ۞ معمای تصویری

rebuttal /rɪˈbʌtl/ *noun*, also rebutment
بەدرۆخستنەوە، پووچ‌کردنەوە، نکۆڵی‌لێ‌کردن، بەرپـەرچ‌دانـەوە، رەت‌کردنـەوە، گێڕانـەوە ۞ تکذیب، ابطال، انکار، رد، دفع

rebutter *noun*
نکۆڵـی‌لێ‌کـەر، بەدرۆخـەرەوە، بەرپـەرچ‌دەرەوە ۞ انکارکنندە، تکذیب‌کنندە

rec = recreation

recalcitrance /rɪˈkælsɪtrəns/ *noun*
سـەرێزێوی، یاخیگـەری، مل‌نـەدان، کەللـەڕەقی، نافەرمانی، ناگوێ‌ڕایەڵی ۞ سرکشی، تمرد

recalcitrant /rɪˈkælsɪtrənt/ *adjective, noun*
adj ســەرێزێو، یاخیگــەر، یــاخی، نافــەرمان، کەللــەڕەق، نــاگوێ‌ڕایــەڵ، ســەرێزێوانە: *a recalcitrant child* *n* مــرۆی ســـەرێزێو ۞ *adj* سـرکش، متمـرد، متمردانه (recalcitrantly *adv*) *n* آدم سرکش

recalcitration /rɪˌkælsɪˈtreʃn/ *noun*
سەرێزێوی، یاخیگەری، مل‌نەدان، نافەرمانی ۞ تمرد

recalculation *noun*
دووبارەلێکدانەوە، دیـسان‌لێکدانەوە ۞ محاسبەی مجدد

recalescence /ˌriːkəˈlɛs(ə)ns/ *noun*
(کانزاناسـی) گـەرمانـدن: هـەسـتانی کـاتی temporary rise تێمپراچێــر بــە درێژایــی ساردانی کانزایی، بەهۆی گۆڕان لە پێکهاتەی کریــــستاڵدا crystal structure روودەدا (recalescent *adj*) ۞ ریکالسنس

recall /rɪˈkɔːl, US ˈriːkɔːl/ *noun*
1 بانــگ‌کــردن 2 دەســتووری گەڕانــەوە 3 وەبیرهێنانەوە، هێنانەوەیاد، بیرخستنەوە: *She has amazing powers of recall* 4 پووچ‌کردنەوە، هەڵوەشاندن ۞ 1 احضار، دستور بازگشت 2 یادآوری 3 الغا

recantation /ˌriːkænˈteɪʃn/ *noun*
1 نکۆڵـی‌لێ‌کردن، بەپەرچ‌دانەوە، بادانەوە لە بیروبــاوەڕی پێـشوو 2 دەس‌کێـشانەوە، دەس‌هەڵگرتن، وازهێنان، لێ‌بوونەوە ۞ 1 انکار، روی‌گردانی از اعتقادات قبلی 2 ترک

recap /ˈriːkæp/ *noun*
کورتە، پوختە، recapitulation ۞ خلاصه

recapitalization *noun*, also recap
سەرمایە دیاری‌کردن، دیاری‌کردنی سەرمایە ۞ تعیین سرمایه

recapitulation /ˌriːkəpɪtʃuˈleɪʃn/ *noun*
1 کورتــە، پوختــە، دووبارەکردنــەوەی خاڵــە ســـەرەکییـــەکانی بابـــەتێ 2 (زیندەناســـی) دووبارەبوونەوە(ی گەشەسێنەرانە) ۞ 1 خلاصه 2 تکرار

recapitulative /ˌriːkəˈpɪtʃuleɪtɪv/ *adjective*, also recapitulatory
دووبارەوەبوو ۞ تکراری

recapture /ˌriːˈkæptʃə(r)/ *noun*
گرتنەوە، سەندنەوە، داگیرکردنەوە، وەرگرتنەوە، دەس‌خستنەوە: *the recapture of towns occupied by the rebels* ۞ تصرف مجدد

recast[1] /ˌreˈkɑːst/ = past and past participle of recast

recast[2] /ˌreˈkɑːst/ *noun*
دارشــتنەوە، لــە قاڵــب‌نانــەوە، قاڵــباندنەوە ۞ قالب‌گیری مجدد

recasting *noun*
دارشتنەوە، لە قاڵب‌نانەوە ۞ قالب‌گیری مجدد

recce /ˈreki/ = reconnaissance

recd = received
وەرگیرا ۞ دریافت شد

receding hairline *noun*
قژی بەرەو رووتانەوە، پرچی روو لە دواوەچوون ۞ خط موی پس‌رونده

receipt /rɪˈsiːt/ *noun*
1 وەرگــرتن 2 فــیش، وەرگرنامــە، پوســلە،

ریسیت، ریسیت (receipts) 3 پارەی وەرگیراو: *net/gross receipts* 4 (بێ‌باو) = receptacle ⟡ 1 دریافت، پذیرش 2 رسید، قبض 3 (در جمع) مبلغ دریافتی

receivable /rɪˈsiːvəbl/ *adjective, noun*
1 *adj* شیاوی وەرگرتن، لەوەرگرتن‌هاتوو 2 *n* (فاکتۆر و هتد) وەرنەگیراو receivables /rɪˈsiːvəblz/ پارەی قەرز (بە کۆمپانی یا دامەزراوەیێ) ⟡ 1 *adj* دریافت‌کردنی، قابل وصول 2 وصول‌نشده *n* (در جمع) مطالبات

received /rɪˈsiːvd/ *adjective*
1 پەسەندکراو، وەرگیراو، دروست، راست، ستاندارد، پێوانە، پێودانگ 2 ئاسایی، گشتی، باو، بەبڕەو ⟡ 1 پذیرفته، استاندارد 2 معمول

Received Pronunciation *noun*, also received pronunciation or received standard
گۆکردنی پێودانگ یان پەسەندکراو ⟡ تلفظ معیار

received wisdom *noun*
بۆچوونی گشتی، بیروڕای گشتی، رای گشتی، بیروبۆچوونی باو، رای خەڵک ⟡ نظر همگانی

receiver /rɪˈsiːvə(r)/ *noun*
1 وەرگر، (تەلەفزیۆن و رادیۆ) وەرگر(ە)، دەزگای وەرگر، ریسیڤێر، (تەلەفون) دەسک، ریسیڤێر 2 ماڵکڕ (کەلوپەلی دزیتی) 3 ئەفسەری ریسیڤێر، چاودێری دارایی 4 دەفر، قاپ ⟡ 1 دریافت‌کننده، گیرنده 2 مال‌خر 3 مدیر تصفیه 4 ظرف

receivership /rɪˈsiːvəʃɪp, US -vərʃ-/ *noun*
(کۆمپانیا و هتد) چاودێریتی دارایی ⟡ تصفیه

receiving *noun*
ماڵکڕی، کڕینی ماڵی دزراو یا دزیتی ⟡ مال‌خری

recency /ˈriːsnsɪ/ *noun*, also recentness
تازەیی، تازەبوون ⟡ جدید بودن

recension /rɪˈsənʃn/ *noun*
چاپی تازە، چاپکردنەوە، لە چاپدانەوە، بەرهەمی بژارکراو، بەرهەمی شەنوکەوکراو ⟡ تجدید چاپ، اثر تنقیح‌شده

recent /ˈriːsnt/ *adjective*
1 بەم دواییانە، ئەم دواییانە، تازە، نوێ، نەو، نووێ 2 (زەویناسی، Recent) وشەیێکی تر بۆ Holocene (recentness *n*) ⟡ اخیر، جدید

recently /ˈriːsntlɪ/ *adverb*
بە تازەیی، بەم دواییانە، لەم ئاخر و ئۆخرەدا، ئەم دواییانە، لەم نزیکانەدا: *We received a letter from him recently* ⟡ اخیراً، به تازگی

recently-
(لە لێکدانا) تازە- ⟡ (در ترکیب) تازە-

receptacle /rɪˈseptəkl/ *noun*
1 دەفر، قاپ، جێگا، تیاگرە، جێ، کانتینر: *In the backyard there was a large receptacle for catching rainwater* 2 (رووەکناسی) چنجک، تەختی گوڵ، کاسەی گوڵ، بنی گوڵ، کورسی گوڵ، بن یان بنکی گوڵ، سەرگوڵ و ئەندامێکی رەگەزی تر؛ پێکهاتە یان شانەیێ (وەک هی فۆنگۆس یان فێرنێ) کە سپۆرەکان یان sporangium هەڵدەگرێ ⟡ 1 ظرف، کانتینر 2 نَهَنج، طبق

reception /rɪˈsepʃn/ *noun*
1 وەرگرتن، پەسەندکردن، قەبووڵ(کردن) 2 پێشوازی، پێشرگینی، بەپیرەوەچوون، بەخێرهاتن‌کردن 3 میوانی 4 پۆلی یەکەم لە خوێندنگای منداڵاندا ⟡ 1 پذیرش، دریافت 2 استقبال 3 مهمانی 4 رسپشن

reception centre *noun*
(لە بریتانیا) ناوەندی وەرگرتن یا نیشتەجێ‌کردنی کاتی ⟡ مرکز پذیرش

reception class *noun*
پۆلی ئامادەیی (خوێندنگای سەرەتایی) ⟡ کلاس آمادگی

reception desk *noun*
(هوتێل، ئافیس و هتد) مێزی وەرگرتن یان پرسگە ⟡ میز پذیرش

receptionist /rɪˈsepʃənɪst/ *noun*
پێشوازیگەر، بەپیرەوەچوو، بەرپرسی پێشوازی یان بەخێرهاتن‌کردنی تازەهاتووان ⟡ متصدی پذیرش

reception order *noun*
دەستووری گلدانەوە (نەخۆش لە نەخۆشخانەدا) ⟡ رسپشن اردر

reception room *noun*
ژووری میوانی، دیوی میوانی، کەلەگی، کەللەیی ⟡ اتاق پذیرایی

receptive /rɪˈseptɪv/ *adjective*
1 ئامادە، گوێڕایەڵ، حاڵی، گوێڕادێر، زووەوەرگر، پەسندکەر: *She was always receptive to new ideas* 2 وەرگر ⟡ 1 پذیرا 2 دریافت‌کننده

receptively /rɪˈseptɪvlɪ/ *adverb*
بە شێوەیەکی ئامادە، گوێڕایەڵانە، زووەوەرگرانە ⟡ به طور پذیرا

receptiveness /rɪˈseptɪvnəs/ *noun*, also receptivity/ˌriːsepˈtɪvəti/
ئامادەیی، زووەوەرگری، گوێڕایەڵی، گوێڕادێری، توانایی تێگەیشتن یان وەرگرتن: *receptivity to change* ⟡ پذیرایی، قوەی درک

receptor /rɪˈseptə(r)/ *noun*
(زیندەناسی) وەرگر، وەرگیر ⟡ گیرنده

recess /rɪˈses, US ˈriːses/ *noun*
1 پشوو، وچان، پێندان (ب.ت. لە پەرلەمان یان دادگاکاندا) 2 (خوێندنگا) زەنگی حەسانەوە 3 گۆشە 4 تاق، تاقە، دۆڵابی، گەنجینە، کومێندیواری، چاڵی نوقڵ، نوقڵدان، قووڵایی

دیوار، شانشین 5 کەلێن، بۆشایی، چۆلایی 6 حەشارگە، پەناوپەسیو، مالیتە، پەناگە، پەنا 7 قوولایی، بن‌وناخ ۞ 1 تنفس، تعطیل 2 زنگ تفریح 3 کنار 4 تورفتگی، شاه‌نشین 5 فرورفتگی 6 مخفی‌گاه 7 اعماق

recessed *adjective*
نوقل، چال، رۆچوو، بەچالداچوو، دۆلایی، بەنێوداچوو ۞ تورفته

recession /rɪˈseʃn/ *noun*
1 چوونەدواوە، پاشەکشێ، گەڕانەوە، کشانەوە، پاشەچوون: *the gradual recession of the floodwater* 2 بازارخەوتوویی، بێ‌بازاری، بێ‌بەرەوی یان کەساسی ئابووری، بازارکزی، خەوتوویی ئابووری: *the impact of the current recession on manufacturing* ◊ *The economy is in deep recession* ۞ 1 عقب‌نشینی 2 رکود یا کسادی اقتصادی

recessional /rɪˈseʃənl/ *adjective, noun*
adj = *n* recession (لە کلێسە، هەروەها recessional hymn) سروودی کۆتایی ڕێوڕەسم یا دەس‌کێشانەوەی کاری کلێسە ۞ سرود پایان مراسم

recessionary /rɪˈseʃnri, US -neri/ *adjective*
سەربە بازارخەوتوویی، سەربە کەساسی ئابووری، بازارخەوێن، کەساسی‌هێنەر، کەساس‌خەر: *recessionary conditions* ۞ وابستە بە رکود اقتصادی، رکودآور

recessionary pressure *noun*
گوشاری کەساسی‌هێنەر یان کەساس‌خەر، سەنگی بێ‌برەوکەر ۞ فشار رکودآور

recessive /rɪˈsesɪv/ *adjective, noun*
adj 1 (ژین یان تایبەتمەندی‌یەکی زیندەناسی‌یانە) دەرنەکەوتوو، بەزیو، بنکەوتوو 2 روولەکشانەوە، پاشەکشێ‌پێخۆش‌بوو، پاشداچووانە *n* ژینی دەرنەکەوتوو ۞ *adj* 1 نهفته 2 متمایل به پس‌رفت *n* ژن نهفته

recessive gene *noun*
ژین یان بوهێلی بەزیو، ژینی دەرنەکەوتوو ۞ ژن نهفته یا مغلوب

recessive motion *noun*
جوولەی کشانەوەیی یان پاشەچووانە ۞ حرکت پس‌گردی

rechargeable /rɪːˈtʃɑːdʒəbl/ *adjective*
(باتری) پڕەوەبوو، دووبارەشارژەوەبوو ۞ قابل شارژ مجدد

rechargeable battery *noun*
باتری پڕەوەبوو یا تەڕ ۞ باتری قابل شارژ مجدد

recharger *noun*
شارژێنەرەوە، دووبارەشارژکەرەوە ۞ شارژر مجدد

recheck *noun*
بەسەرداچوونەوە، چاوپیاخشاندنەوە، چاولێ‌کردنەوە، پیاهاتنەوە، چاوپیاگێڕانەوە، پشکنینەوە ۞ وارسی مجدد

recherché /rəˈʃeəʃeɪ, US ˌrəʃerˈʃeɪ/ *adjective*
1 رۆشنبیرانە 2 هەڵبژاردە، دەستەبژێر 3 ناناسایی 4 دەگمەن، دەس‌نەکەوتوو ۞ 1 روشن‌فکرانه 2 گزیده 3 غیرعادی 4 کمیاب

recidivism /-ɪzəm/ *noun*
گەڕانەوە، تاوان‌کردنەوە، گەڕانەوەسەر (تاوان)، درێژە بە تاوانکاری‌دان ۞ برگشت، عود، ادامه به جرم

recidivist /rɪˈsɪdɪvɪst/ *noun*
تاوانکاری پیشەیی، تاوانکەرەوە، کۆنەتاوانکار، درێژە بە تاواندەر، تاوانکاری لەسەرسوور ۞ تکرارکنندەی جرم

recipe /ˈresəpi/ *noun*
1 شێوەی کردن یا جێبەجێ‌کردن، رێگای کردن، رێ‌وشوێن، دەستوری کار، شێوەی ئامادەکردن 2 رەچەتە ۞ 1 نحوه یا طریقەی اجرا 2 نسخه

recipiency /rɪˈsɪpiənsi/ *noun*
وەرگریتی، وەرگرتن ۞ دریافت‌کنندگی

recipient /rɪˈsɪpiənt/ *noun*
وەرگر ۞ دریافت‌کننده

reciprocal /rɪˈsɪprəkl/ *adjective, noun*
adj دوولایەنە، دووقۆلی، دووسەرە، ئاڵوگۆڕکراو، دوونالی، بەرامبەری یەک، پێچەوانەی یەک: *reciprocal trade agreements* *n* (رێزمان) کار یان جێناوی دوولایەنە، فرمان یان بریناوی دوولایەنە ۞ *adj* دوجانبه، متقابل *n* فعل یا ضمیر دوسویه

reciprocal action *noun*
کردەوەی دوولایەنە ۞ عمل متقابل

reciprocal help *noun*
دەستەوام، یارمەتی دوولایەنە، هاوکاری ۞ کمک دوجانبه

reciprocally /-kli/ *adverb*
بە شێوەیەکی دوولایەنە، دووقۆلی‌یانە ۞ به طور دوجانبه

reciprocal pronoun *noun*
(رێزمان) بریناو یان جێناوی دوولایەنە (وەکوو یەکتر یان each other و one another) ۞ ضمیر دوسویه

reciprocal trade *noun*
کارداری دوولایەنە، بازرگانی دووقۆلی ۞ تجارت دوجانبه

reciprocated *adjective*
دوولایەنە، دووقۆلی، دووسەرە، ئاڵوگۆڕکراو ۞ متقابل، دوجانبه

reciprocating *adjective*
(دەزگاکان) هاتوچۆیی، پەستێنەیی،

پاش‌وپێش‌چوو(یی) ۞ رفت و برگشتی
reciprocating engine *noun*
بزوێنەی پەستێنەیی، جوولێنەی هاتوچۆیی ۞ موتور رفت و برگشتی
reciprocating motion *noun*
جوولان یان جوولەی هاتوچۆیی، بزاوتی هاتوچۆیی یان پاش‌وپێش‌چوویی ۞ حرکت رفت و برگشتی
reciprocation /rɪˌsɪprəˈkeɪʃn/ *noun*
1 ئاڵوگۆڕ، گۆڕینەوە، ئاڵشت، ئاڵوویر 2 (تکنیکی) هاتن و چوون، پاش‌وپێش‌چوون ۞ 1 مبادله، معاوضه 2 رفت و برگشت
reciprocative /rɪˈsɪprəkeɪtɪv/ *adjective*
گۆڕینەوەیی، ئاڵوگۆڕی ۞ مبادله‌ای
reciprocity /ˌresɪˈprɒsəti, US -ˈprɑːs-/ *noun, pl.* reciprocities
1 پێوەندی دوولایەنە، پێک‌گۆڕینەوە، ئاڵوگۆڕ، گۆڕینەوە، بەرامبەربوون 2 سەودای دوولایەنە یان لە بەرامبەر شتێ ۞ 1 رابطه‌ی متقابل، تقابل 2 معامله‌ی متقابل
recirculation *noun*
گەڕان یان سووڕانی دووبارە، سووڕانەوە ۞ گردش یا جریان مجدد
recision /rɪˈsɪʒən/ *noun*
هەڵوەشاندنەوە، پووچ‌کردنەوە، لەبایەخ‌خستن ۞ فسخ، الغا
recital /rɪˈsaɪtl/ *noun*
1 باس‌کردن (بە دووروودرێژی)، لێدوان، گێڕانەوە، 2 enumeration تاک‌ژەنی، لێدان بە ئامێرێ 3 (ماف) بەشێکی بەڵگە(نامە)یێکی قانوونی کە زانیاریێکی راست دەخاتەروو ۞ 1 گزارش، روایت 2 تک‌نوازی 3 رسیتال
recitalist *noun*
تاک‌ژەن، تەنیاژەن، بە تاکە ئامێرێ لێدەر (پێ‌نوت) ۞ تک‌نواز
recitation /ˌresɪˈteɪʃn/ *noun*
1 خوێندنەوە، لەبەرخوێندنەوە، لەبەر وتنەوە 2 باس‌کردن، لەسەر دوان، گلی‌کردن، گێڕانەوە 3 وەڵام‌دانەوە بە پرسیارەکانی وانەیێ لەسەر پۆل ۞ 1 بازخوانی، تلاوت، قرائت، ازبرخوانی 2 شرح، ذکر 3 پس دادن درس
recitative /ˌresɪtəˈtiːv/ *noun, adjective,* also recitativo
(موسیقا) ریسیتاتیف ۞ رسیتاتیف
reckless /ˈrekləs/ *adjective*
سەرچڵ، هەڵەشە، بێ‌گوێ، سەرەڕۆ، ناهۆشیار، ناپارێز، سەرێپوەنەر، کەمتەرخەم، لامسەرلا ۞ بی‌احتیاط، بی‌دقت
recklessly /ˈrekləsli/ *adverb*
ناهۆشیارانە، سەرچڵانە، ناپارێزانە، بە هەڵەشەیی ۞ با بی‌احتیاطی
recklessness /ˈrekləsnəs/ *noun*
سەرچڵی، هەڵەشەیی، بێ‌گوێیی، سەرەڕۆیی، ناهۆشیاری، ناپارێزی، سەرێپوەنان، کەمتەخەمی، گوێ‌پێنەدان ۞ بی‌احتیاطی، بی‌دقتی
reckoning /ˈrekənɪŋ/ *noun*
1 هەڵسەنگاندن، نرخاندن، قەبلاندن، لێکدانەوە، مەزندەکردن 2 سزا، جەزا 3 پاکتاوی حیساب 4 لیستی حیساب ۞ 1 محاسبه، تخمین 2 مکافات 3 تسویه حساب 4 صورت حساب
reclaim /reˈkleɪm/ *noun*
1 ئاوەدان‌کردنەوە 2 پێدانەوە، سەندنەوە، گێڕانەوە 3 چاک‌بوون 4 شوێنی وەرگرتنی بار ۞ 1 احیا 2 استرداد 3 اصلاح 4 محل دریافت بار
reclaimed *adjective*
(زەوی‌وزار) ئاوەدان‌کراو ۞ احیاشده
reclamation /ˌrekləˈmeɪʃn/ *noun*
1 (زەوی‌وزار) ئاوەدان‌کردنەوە، چوونەوەسەر، پێ‌چارانەوە 2 (زبڵ‌وزاڵ) دەس‌خستنەوە، (لێ)پەیداکردنەوە ۞ 1 احیا 2 بازیافت
reclassification *noun*
پۆلاندنەوە، دەستەکردنەوە، پۆل‌پۆل‌کردنەوە ۞ طبقه‌بندی مجدد
reclinate /ˈreklənɪt/ *adjective*
(رووەک‌ناسی) داچەماو، دانوشتاو، دووقەد ۞ خمیده
recliner *noun*
کەسێ کە داچەماوەتەوە یان دووقەد بووە ۞ ریکلینر
reclining *adjective*
(کورسی یان سەندەڵی) خەوتوو، راکشاو، خەواو ۞ با پشتی متحرک
reclining seat *noun,* also reclining chair
کورسی خەواو، سەندەڵی خەوتوو (پشتەکەی دەخەوێ) ۞ صندلی با پشتی متحرک
recluse /rɪˈkluːs, US ˈrekluːs/ *adjective, noun*
(مرۆڤ) گۆشەگیر، دوورەپەرێز، لاتەریک، کەنارنشین، گۆشەنشین، ژیانی تەنیایی پێ‌خۆشە ۞ (آدم) عزلت‌نشین
reclusion /rɪˈkluːʒn/ *noun*
1 گۆشەگیری، دوورەپەرێزی، کەنارنشینی، لاتەریکی 2 گرتووخانە، زیندان ۞ 1 انزوا، عزلت‌نشینی 2 زندان
reclusive /rɪˈkluːsɪv/ *adjective*
گۆشەگیر، لاتەریک، دوورەپەرێز، کەنارنشین، (لە خەڵک) تەکیو: *a reclusive millionaire* :reclusively /rɪˈkluːsɪvli/ *adv*) (reclusiveness /rɪˈkluːsɪvnəs/ *n* ۞ عزلت‌نشین، مردم‌گریز
recognition /ˌrekəɡˈnɪʃn/ *noun*
1 ناسینەوە، ناسین، بیرهاتنەوە، لێک‌کردنەوە 2

پێ‌پێبردن، پێ‌زانین، تێگەیشتن، فێم‌کردن 3 نێوبانگ، نێوودەنگ 4 پێ‌زانین، ڕێزلێنان، قەدرگرتن، سپاس(لێ‌کردن) 5 بە فەرمی ناسین، بە فەرمی دانان ◇ 1 بازشناسایی 2 تشخیص، درک 3 شهرت 4 قدردانی 5 عمل بە رسمیت شناختن

recognizable /ˈrekəgnaɪzəbl, US ˌrekəgˈnaɪzəbl/ *adjective*, also recognisable

لەناسینەوەهاتوو، شیاوی لێک‌کردنەوە، دیار، هاوار دەکا ◇ قابل شناسایی یا تشخیص، مشخص

recognizably /-əbli/ *adverb*

بە ئاشکرایی، بە شێوەیەکی دیار یان بەرچاو ◇ بە طور مشخص

recognizance /rɪˈkɒgnɪzəns, US -ˈkɑːg-/ *noun*, also recognisance

1 دەستەبەری 2 خۆبەستەیی، بەڵێنی، دەربەندیتی، نامەی بەڵێنی یان خۆبەستەیی ◇ 1 ضمانت 2 تعهد، تعهدنامه

recognizant /rɪˈkɒgnɪz(ə)nt/ *adjective*, also recognisant

سەلمێنەر، پەسندکەر ◇ تصدیق‌کننده

recognized *adjective*

ناسراو، دیار، ناودار، نێوبەدەرەوە، بەنێوبانگ ◇ شناخته، مشهور، معروف

recoil /ˈriːkɔɪl/ *noun*

1 کشانەوە، پاشەکشێ، گەڕانەوە 2 (تفەنگ) کشانەوە، تەکان (بنەڕەت: لە *reculer* فەرەنسی کۆن "کشانەوە، جوولان بۆ دواوە"، لەسەر بنچینەی لاتین *culus* "buttocks") ◇ 1 عقب‌نشینی 2 (تفنگ) لگد

recollected *adjective*

لەسەرەخۆ، ئارام، هێدی ◇ خون‌سرد

recollection /ˌrekəˈlekʃn/ *noun*

1 وەبیرخستنەوە، وەبیرهێنانەوە، بیرکەوتنەوە، یادکەوتنەوە 2 بیرەوەری، یادەوەری، بیر، یاد ◇ 1 به یادآوری 2 حافظه

recollective /ˌrekəˈlektɪv/ *adjective*

بیرخەرەوە، وەبیرهێن ◇ یادآورنده

recollective faculty *noun*

توانستی بیرخەرەوە ◇ قوەی یادآورنده

recombinant /rɪˈkɒmbɪnənt/ *adjective*, *noun*

adj دیسان‌پێکهات، نوێپێکهات: سەربە یان ئاماژە دەکا بە ماک، خانەی (و هتد.) بۆماوەیی کە بەهۆی recombination پێکهاتوون، سەربە یان لە ئەنجامی کۆمبیناسیۆنە نوێیەکانی ماک یان خانەیێکی ریکامبینانت n 1 ژین، خانە و هتد. recombinant، ماکی بۆماوەیی کاتێ بەرهەم دێ کە کەرت یان بڕگەکانی دیئێن‌ئەی لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە پێک دەبەسرێتەوە تا DNA ریکامبینانت بەرهەم بێنن 2 خانە یا زیندەوەرێ کە ماکی بۆماوەیی‌یەکەی لە ریکامبیناسیۆنەوە کەوتۆتەوە ◇ بازترکیب

recombinant DNA *noun*

دی‌ئێن‌ئەی نوێپێکهات یان ریکامبینانت: گەردیکی دی‌ئێن‌ئەی کە دەسکردانە دروست کراوە و بە درێژایی ئەو ژینێ یان بەشێ لە ژینێکی گیانەوەر یان زیندەوەرێ خراوەتە نێو (insert) ژینۆمی گیانەوەر یان زیندەوەرێ تر ◇ دی‌ان‌ای بازترکیب

recombinant RNA *noun*

گەردیکی RNA molecule یە کە لە هەلومەرجی توێژینگەیی‌دا بە ئارئێن‌ئەی یێکی تر دەبەستریتەوە ◇ آر‌ان‌ای بازترکیب

recombination *noun*

1 لێکدانەوە، لێکدانی سەرلەنوێ، پێکەوەبەستنەوە، تێکەڵ‌کردنەوە، یەک‌گرتنەوە، پێکهێنانەوە 2 (بۆماوەناسی) نوێپێکهاتی، دیسان‌پێکهاتی: پێکهاتنی تایبەتمەندی بۆماوەیی نوێ، پێکهاتنی تایبەتمەندی بۆماوەیی نوێ بەهۆی زاوزێی لەگەڵ توخمە ناجۆنیەکەکان، ڕێکخستنی ماکی بۆماوەیی، ب.ت. بەهۆی کراسینگ‌ئاڤێری crossing over کرۆمۆزۆمەکان یان بەهۆی بەستنەوەی دەسکردی کەرت یان بڕگەکانی DNA، پێکهاتنی کۆمەڵە لێکدانێکی نوێی ژینەکان (بە شێوەی سروشتی یان توێژینگەیی laboratory) ◇ 1 ترکیب مجدد 2 بازترکیبی

recommencement *noun*

دەس‌پێکردنەوە، کردنەوە، تێهەڵچوونەوە ◇ ازسرگیری

recommendable *adjective*

لەراسپێری‌هاتوو، لەراسپاردن‌هاتوو، شیاوی راسپاردن ◇ قابل توصیه، قابل سفارش

recommendation /ˌrekəmenˈdeɪʃn/ *noun*

1 راسپاردن، راسپێری، سپارشت، راسپاردە، پێشنیاز، پێشنیار 2 پێشنیارنامە، راسپاردەنامە 3 چاکی، باشی، قازانج ◇ 1 توصیه، سفارش 2 سفارش‌نامه 3 حسن

recommendatory /ˌrekəˈmendətɔːri/ *adjective*

راسپاردەیی‌یانە، راسپێری‌یانە ◇ توصیه‌آمیز

recommitment *noun*, also recommittal /rɪːkəˈmɪtl/

گەڕاندنەوە بۆ زیندان، لە زیندان خستنەوە، گرتنەوە ◇ ارجاع به زندان

recompense /ˈrekəmpens/ *noun*

1 پاداش(ت)، خەڵات 2 (پێ)بژاردن، زیانە 3 قەرەبووکردنەوە، تۆڵەکردنەوە، پڕکردنەوە: *offered in recompense for injuries* 4 سزا، سەزا، جەزا ◇ 1 پاداش 2 خسارت، غرامت 3 جبران 4 مکافات

recomposition *noun*

پێکهێنانــــەوە، دانانـــەوە، پێکەوەنانـــەوە، دروس‌کردنەوە، هەڵبەستنەوە ◯ ترکیب مجدد، بازساخت

reconc = reconnaissance

reconcilability /ˌrekənˌsaɪləˈbɪləti/ *noun*
لە(خۆ)گونجاندن‌هاتوویی، لەیەک‌خستن‌هاتوویی ◯ تطبیق‌پذیری

reconcilable /ˌrekənˈsaɪləbl/ *adjective*
◯ لەگونجاندن‌هاتوو، لەیەک‌خستن‌هاتوو تطبیق‌پذیر

reconciled *adjective*
داهاتوو بە، راهاتوو بە، خووگرتوو بە ◯ عادت کردە بە

reconciliation /ˌrekənsɪliˈeɪʃn/ *noun*, also reconcilement
سازان، گونجان، ئاشتی، ئاشت‌بوونەوە، لێک‌بووردن، یەک‌خستنەوە، ئاشت‌کردنەوە، کێشەنەهێشتن، رێک‌کەوتن، یەک‌کەوتن، گونجاندن، لواندن، سازاندن: *the reconciliation between environment and development* ◯ سازش، توافق، تلفیق

recondite /ˈrekəndaɪt/ *adjective*
ئاڵۆز، تەماوی، تەژمە، سەخت، نەزانراو، شاراوە، داپۆشراو، لێ‌تێنەگەیشتوو، لێڵ، نادیار، قووڵ ◯ مشکل، بغرنج، مبهم، ژرف، نامفهوم

rhizogenic *adjective,* also rhizogenetic or rhizogenous
ڕەگپێکهێن، ریشەساز، ریشەهێنەر، وەک هێندێ خانە ۞ ریشەزا

rhizoid /'rʌɪzɔɪd/ *adjective, noun*
adj ریشاژۆئاسا، شێوەڕەگ، ڕەگئاسا، سارێشە، ریشەئاسا، شێوەڕیشە *n* پێکهاتەیێکی ڕەگاژۆئاسا یان شێوەڕەگ: یەکێ لە دەزوو یان تاڵە سارێشەکان کە ڕووەک بە هۆی ئەوەوە دەنووسێ بە بنەڕەتەوە (لە قەوزە، سەرەخس و هتد) ۞ *adj* ریشەمانند *n* ساختار ریشەمانند

rhizoidal /'rʌɪzɔɪdl/ *adjective*
ڕەگاژۆئاسا، ریشاژۆئاسا، ریشەیی، ڕەگی، شێوەڕەگ، ڕەگئاسا، سارەگ، سارێشە، شێوەڕیشە ۞ ریشەمانند

rhizomatous /rʌɪ'zɒmətəs/ *adjective*
ڕەگاژۆدار، ڕەگاژۆکردوو، رایزۆمدار، خاوەنی ریزۆم یان رایزۆم ۞ دارای ریزوم

rhizome /'raɪzəʊm, US -zoʊm/ *noun*
ریزۆم، رایزۆم، لاسکی ژێرعەرز، ریشە، وردەڕەگ (rhizomic *adj*: سەربە یان پێوەندی بە ریزۆم یان رایزۆمەوە هەیە، سەربە لاسکی ژێرعەرز، پێوەندی بە ریشە یان وردەڕەگەوە هەیە) ۞ ریزوم

rhizomorph /'rʌɪzə(ʊ)mɔːf/ *noun*
(زیندەناسی) سارەگ، سارێشە، شێوەڕیشە، ریشەئاسا، ڕەگشێوە: کۆمەڵکەیێکی ریشەئاسای root-like aggregation دەزوولەکان hyphae لە هێندێ کەڕوو یا کارگدا (rhizomorphous *adj*: ڕەگاژۆئاسا، ریشاژۆئاسا، شێوەڕەگ، ڕەگی، ریشەیی، ڕەگئاسا، شێوەڕیشە، لەڕەگچوو) ۞ ریشەریخت

rhizophagous /raɪ'zɒfəgəs/ *adjective*
ڕەگخۆر، ریشەخۆر، ملە ۞ ریشەخوار

rhizophyllous *adjective*
ریشەگەڵا، ریشەگەڵایی، گەڵاڕیشە ۞ ریشەبرگ

rhizoplane *noun*
ریشەئاست، ڕەگاست، ئاستی ڕەگ یان ریشە: ڕووی دەرەوەی ڕەگ و ریشە کە تێکەڵی گڵ و

شتی وا بوون ◌ سطح ریشه

rhizopod *noun*

گیانەوەری پێڕەگ یان ریشەپێ ◌ ریزوپود

Rhizopoda /ˌrʌɪzəˈpəʊdə, US rʌɪˈzɒpədə/ *noun, pl.*

پێڕەگان، ریشەپێیان، ریشەپایان (وەکوو amoeba) ◌ ریزوپودا

rhizopodous *adjective*

پێڕەگ، پارەگ، ریشەپێ یان ریشەپا ◌ ریزوپودوس

rhizosphere /ˈrʌɪzə(ʊ)ˌsfiːə/ *noun*

(ژینگەناسی) ناوچەی گلی دەوروپشتی رەگ و ریشەی رووەک، چینەرەگینە ◌ ریشەسپهر، ریزوسفر

rhizotomy *noun, pl.* rhizotomies

ریشەبری، رەگبری، برینی رەگی دەماری برپرەیی ◌ ریزوتومی

Rh-negative *noun*

ئێرهاشی نەیینی، نەیینی یان نێگەتیڤی ریسی ◌ ارهاش منفی

rho /rəʊ, US roʊ/ *noun, pl.* rhos

رۆ: حەڤدەیەمین پیتی ئەلفوبێی یۆنانی ρ ,P، بەرامبەر بە r یان rh ◌ رو

rhodamine /ˈrəʊdəmiːn/ *noun*

(کیمیا) رۆدامین: هەریەک لە رەنگە سوورە دەسکردەکان، هەریەک لە کۆمەڵی رەنگە fluorescent ـەکانی زەردی ئاماڵ سوور ◌ رودامین

Rhode Islander /rəʊd/ *noun*

رۆدئایلەندی، رۆدئایلاندێر، رۆدئیسلەندی، رەسەن یان دانیشتووی هەرێمی ئەمریکایی رۆد ئیسلەند ◌ رود ایسلندی

Rhode Island Red *noun*

مریشکی سووری رۆدئایلەندی ◌ رد رود ایسلند

Rhode Island White *noun*

مریشکی سپی رۆدئایلەندی ◌ رد رود ایسلند

Rhodesian /rəʊˈdiːʃ(ə)n, -ˈdiːʒ(ə)n/ *noun, adjective*

n رەسەن یان دانیشتووی رودزیا Rhodesia (ئێستا زیمبابوێ) *adj* سەربە یان پێوەندی بە رودزیاوە هەیە، رودزیایی ◌ رودزیایی

Rhodesian man *noun*

مرۆڤی رۆدزیا: hominid تیاچووی ئەفریکایی [*Homo sapiens rhodesiensis*] سەردەمی Pleistocene، کە پاشماوەی کەڕاکەسەریان لە رۆدزیای باکووریدا دۆزراوەتەوە و (کاسەسەری) شێوەی مرۆڤی ئێستاش دەدا (بە ناوچاوانێکی زۆرتر دەرپەڕیو و مەلاشوو و دەموچاوێکی گەورەوە) ◌ انسان رودزیا

Rhodesian ridgeback *noun*

جۆرێ سەگی زلەی درێژی راوی تووککورتی ئەفریکایی ◌ نوعی سگ

Rhodes Scholar *noun*

کەسێ کە لە بورس یان یارمەتی خوێندنی رۆدیز کە تایبەت بە خوێندکارانی ئینگلیسی ئاکسفۆردە، بەهرە وەردەگرێ (لە ناوی سیاسەتوانی ئەفریکای باشووری Cecil Rhodes، کە ئەم بورسەی لە 1902 دا دامەزراند) ◌ رودز سکولار

Rhodes Scholarship *noun*

چەند بورسێکی زانکۆی ئاکسفۆرد، بۆ خوێندکارە هەڵبژاردەکانی هێندێ لە ولاتانی هاوبەرژەوەندی، ئەمریکا و ئەڵمان ◌ رودز سکولارشیپ

rhodium /ˈrəʊdiəm, US ˈroʊ-/ *noun*

(کیمیا) رۆدیۆم (بە ژ.گ. 45، ن. Rh) ◌ رودیوم

rhodo- *prefix*

پێشگر: (زۆرتر کانیناسی و کیمیا) سوور: (بنەڕەت: لە *rhodochrosite* ،*rhodolite* یۆنانی "rose") ◌ پیشوند: سرخ *rhodon*

rhodochrosite /ˌrəʊdə(ʊ)ˈkrəʊsʌɪt/ *noun*

سوورکانی، رۆدۆکرۆسایت: کانێ کە لە کاربۆناتی مەنگەنیز $MnCO_3$ پێکهاتووە، زۆرتر پیوازی، قاوەیی و بۆرەکەی ◌ رودوکروسیت

rhododendron /ˌrəʊdəˈdendrən, US ˌroʊ-/ *noun*

پەنجەگیا، تاقەگوڵ [تۆخم *Rhododendron*] ◌ گل صدتومانی

rhodolite *noun*

سوورەبەرد، لەعلی ئەرخەوانی: جۆرێ لەعلی وەنەوشی سوورباو، وەک جەواهێر یان گەوهەر بەکاردێنرێ ◌ رودولیت

rhodonite *noun*

جۆرێ کان، لە سیلیکاتی مەنگەنیز $MnSiO_3$ پێکهاتووە، جاروبار وەک بەرد بۆ جوانی بەکاردێنرێ ◌ رودونیت

Rhodophyta /ˌrəʊdə(ʊ)ˈfʌɪtə/ *noun, pl.*

(رووەکناسی) سوورەگیاکان، گیاسوورەکان، وەکوو قەوزە سوورەکان (لە لاتینی نوێ، لە -rhodo + *phuta* یۆنانی "گیاکان") ◌ رودوفیتا

rhodophyte *noun*

سوورەگیا، گیاسوور، قەوزەی سوور ◌ جلبک قرمز، رودوفیت

rhodoplast *noun*

رۆدۆپلاست، سوورۆپلاست: رەنگهەڵگری chromatophore سوورڕەنگ کە لە قەوزە سوورەکاندا دەبینرێ ◌ رودوپلاست

rhodopsin /rə(ʊ)ˈdɒpsɪn/ = another term for visual purple

rhodora /rə(ʊ)ˈdɔːrə/ *noun, pl.* rhodoras

سوورکە؟: جۆرێ دەوەنی گوڵپەمەیی

ئـەمریکای بـاکووری، لـە تـیرەی heather [*Rhododendron canadense*] ۞ رودورا

rhomb /rɒm(b)/ *noun*

1 کریستالی شەش ئاست لەبزینەیی 2 لەبزینە، rhombus ۞ لوزی، رومب

rhombencephalon /ˌrɒmbɛnˈsɛf(ə)lɒn, US -ˈkɛf-/ = hindbrain

rhombi = plural form of rhombus

rhombic /ˈrɒmbɪk/ *adjective*, also rhombical /ˈrɒmbɪkl/

1 لەبزینـەیی، شـێوەلەبزینە، لەبزینەئاسـا 2 orthorhombic ۞ لوزی‌شکل

rhombohedral *adjective*

سەربە یا پێوەندی بە rhombohedronـەوە هەیە ۞ وابستە بە رومبوهدرال

rhombohedron *noun, pl.* rhombohedrons or rhombohedra

تـەنێکـی شـەش ئاسـت لـەبزینـەیی؛ پـوازەی رووتـەریـبی parallelepiped کـە ئاسـت یـان رووەکانی لەبزینەیی بن ۞ رومبوهدرال

rhomboid /ˈrɒmbɔɪd, US ˈrɑːm-/ *adjective, noun*

rhomboidal) لەبزینەیی، لاتەریب، شێوەلەبزینە /ˈrɒmbɔɪdl, US ˈrɑːm-/ *adj*: لەبزینـەیی، شـێوەلەبزینە، لەبزینەئاسـا) ۞ لـوزی‌شـکل، متوازی‌الاضلاع

rhomboideus /rɒmˈbɔɪdɪəs/ *noun*, rhomboidei /-dɪʌɪ/

(توێکاری) سالەبزینە: ماسوولکەی بەستنەوەی تیغەی شـان بـە بڕبـڕەوە vertebra (لـە بنـەوەی ماسـوولکەی trapezius، لـە لاتـینی نـوێ، لـە (*rhomboideus* (*musculus*) (بڕوانـــە (rhomboid ۞ رومبویدیوس

rhombus /ˈrɒmbəs, US ˈrɑːm-/ *noun, pl.* rhombuses or rhombi /-bʌɪ/

(ئەندازە) لەبزینە (بە ڕێگـای لاتـین لـە *rhombos* یۆنانی‌یەوە) ۞ لوزی

rhonchus *noun, pl.* rhonchi

دەنگی لرخە یا سـخەسیخی سنگ (کاتێ هەناسە هەلدەکێشرێ، بەهۆی گـیرانی کاناڵەکانی هـەوا (rhonchial or rhonchal *adj*) ۞ رونکوس

rhotacism *noun*

گـۆڕانی دەنگێکی ئاخـافتن، ب.ت. (s) بـۆ (r)، وەک گۆڕانی lases لاتینی کۆن بۆ lares لاتـین ۞ روتاسیـسم

rhotacization *noun*

ڕێ‌یاندن، ڕێ‌ڕەنگی: گـۆڕینی دەنگێ بـۆ (r) ۞ روتاسیزاسیـون

rhotic /ˈrəʊtɪk/ *adjective*

(دەنـگناسـی) سـەربە شـێوەیەکی ئینگلیـزی (ب.ت. لــە ئــەمریکا و باشـــووری ڕۆژاوای ئینگلتەرە) کە لـەودا "r" بەرلە نەبزوێن و (وەک *hard*) و لـە کۆتـایی‌یـەکانی وشـەدا (وەک *far*) گۆدەکرێ ۞ روتیک

Rh-positive *noun*

ئێرهاشی ئەرێنی، ئەرێنی یام پۆزیتیڤی ڕیـسیـس ۞ ارهاش مثبت

rhubarb /ˈruːbɑːb, US -bɑːrb/ *noun*

1 ڕێـواس، ڕێـواو [*Rheum rhaponticum*] و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] 2 هەرا، هەنگامە، هەلا، دەنگەدەنگ، قالمەقالم 3 قـسەی هەلێت‌وپلێت 4 مشت‌ومڕ ۞ 1 ریواس 2 همهمە 3 چرت و پرت 4 مشاجرە

rhumb /rʌm/ *noun*

1 (هـەروەها rhumb line) بازنـەیی پـۆیی، هێلێکی خەیالی کە تێکرای meridianـەکان لە گۆشەیێکەوە دەبڕێ 2 هەریەک لە 32 خالی سەر لادۆز ۞ 1 رومب 2 هر یک از 32 نقطەی قطب‌نما

rhumba = rumba

rhyme /raɪm/ *noun*

1 سەروا، پاشـل 2 هەلبەست، هۆزان، هۆنراوە، شـێعر، هۆنـە 3 ئاهـەنگ، ئـاواز، ریم، رایم ۞ 1 قافیە، پـاوند 2 شعر 3 سجع

rhymed *adjective*

1 سـەروادار، بەسـەروا، سـەروامەند، پاشـل‌دار 2 ئاهەنگین، ئاوازین ۞ 1 قافیەدار، مقفی 2 مسجع

rhyme royal *noun*

هۆنراوەی حـەوت‌دێری pentameter ئایامبیک iambic بە شێوەی *ababbcc* کە چاسێر هێنایە نێو هەلـبەستی ئینگلیـزی‌یەوە ۞ رایم رویال

rhyme scheme *noun*

ڕێکخستنی سـەرواکـان لـە کۆپلـە stanza یـان هۆنراوەیێ، سـەروابەنـدی ۞ ترتیب وقـوع قـوافی در قطعە یا شعری

rhymester *noun*

سەگەشـاعیر، کەچەهۆنـەر، مۆنـەر، مـاعیر ۞ شاعرک، شاعر بند تنبانی

rhyming *adjective*

سـەروادار، پاشـل‌دار، سـەروامەند، بەسـەروا ۞ مقفی، قافیەدار

rhyming slang *noun*

زمانی ڕەمەکی سەروادار ۞ نوعی زبان عامیانە

rhynchocephalian *adjective, noun*

adj لمۆزسەر، سەرلمۆز: سەربە یان پێوەندی بە لمۆزسـەرانـەوە Rhynchocephalia هـەیـە *n* خـشۆکێکی لمۆزسـەری (شـێوەی مارمیلکـەکـان دەدەن، tuatara ـەکـان وەک تـەنیـا ئـەندامی زیندوو دەگرێتەوە؛ بنەڕەت: لە *rhynchos* یۆنانی "لمۆز" + *kephalē* "سەر") ۞ (خزندەی) پوزەسر

rhyolite /ˈrʌɪəlʌɪt/ *noun*

(زەوی‌ناسـی) لێـشاوەبـەرد: بـەردێکی گـڕکانی پەمەیی گرانیتی (بنەڕەت: لە *Rhyolit* ئەلمانی،

لە *rhuax* یۆنانی "لیشاوی هەویرە یان تواوکە lava stream" + *lithos* "بەرد") ◌ ریولیت

rhyolitic *adjective*

لیشاوەبەردی، سەربە رایۆلایت ◌ وابستە بە ریولیت

rhythm /'rɪðəm/ *noun*

1 ریتم، ترپە، رەزم، لێدان 2 کێش، هەقدەن، رەوت 3 ڕێککەوتن، پێکەوەگونجان ◌ 1 ریتم، ضرب‌آهنگ، ضربان 2 وزن 3 توافق

rhythm and blues *noun*

ریتم ئەند بلوز ◌ ریتم اند بلوز

rhythmic /'rɪðmɪk/ *adjective*, also rhythmical /'rɪðmɪkl/

کێش‌دار، کێش‌مەند، بەڕەوت: *music with a fast, -ic beat* ◌ موزون

rhythmicality *noun*

کێش‌داریتی، کێش‌مەندیتی ◌ موزونیت

rhythmically /-kli/ *adverb*

کێش‌دارانە، بە شێوەیەکی کێش‌دار ◌ بە طور موزون

rhythm method *noun*

شێوەی نزیکی ریتمی (شێوەیێ کە لەوەناچێ ژن سکپڕ بێ) ◌ روش امیزش دورەای

rhythm section *noun*

(سازبەند) بەشی ئامێرە پیاکێشانی‌یەکان ◌ بخش سازهای ضربی

rhytidome *noun*

تەلاش، توێ‌تەلاش، توتەلاش، توێکڵی دار ◌ پوست درخت

rhyton /'rʌɪtɒn, 'rɪtɒn/ *noun, pl.* rhytons or rhyta /'rʌɪtə, 'rɪtə/

(لە یۆنانی کۆندا) دەفر یان جێی خواردنەوە بە شێوەی سەری گیانەوەر یان شاخێ کە کونێکی (بۆ خواردنەوە) لە خوارەوە بوو ◌ رایتون

RI *abbreviation* Latin Regina et Imperatrix; Rex et Imperator

(لەسەر کۆین) شاژن یان ئیمپراتۆری ژن، شا و ئیمپراتۆر ◌ ملکە و امپراتور زن، شاه و امپراتور

ria /'ri:ə/ *noun*

(زەویناسی) ڕێژگە (بنەڕەت: لە *ria* سپانیایی‌یەوە) ◌ مصب

rial /'ri:ɑ:l/ *noun*, also riyal

1 یەکەی بنەڕەتی پارەی ئێران و عومان، بەرامبەر بە سەد دینار لە ئێران و سەد baiza لە عومان 2 (زۆرتر riyal) یەکەی بنەڕەتی پارەی عەرەبستان، قەتەر و یەمەن، بەرامبەر بە سەد halala لە عەرەبستان، سەد دەرهەم لە قەتەر و سەد فلس لە یەمەن (لە *riyāl* عەرەبی، ئەویش لە *real* سپانیایی بە واتای "royal") ◌ ریال

rialto *noun, pl.* rialtos

بازاڕ، نێوەندی بازرگانی، هەروەها -market place ◌ بازار

riant /'raɪənt/ *adjective*

بەکەیف، شاد، دڵخۆش، سەرخۆش، دەم‌بەپێکەنین ◌ بشاش، خندان

riantly /'raɪəntli/ *adverb*

خۆشحالانە، دەم‌بەپێکەنینانە ◌ بە طور خندان

riata = lariat

rib /rɪb/ *noun*

1 پەراسوو، سیسی، پەرەکە، دەندەڵ، دەنک، پارخان 2 گۆشتی پەراسوو، خاسە 3 (ڕووەک) رەگی گەڵا یان باڵی مێروو 4 (بیناسازی) پەراسووە، رەگەی کەوانەیی یان تاقی، چێنی تاقی، تاق یان دەستەکی راگرتنی گومەز 5 (پارچەی چنراو) رەگەی چنراو، ڕێ یان میلی بەدەرەوە 6 (بەلەکە و هتد) پەرە 7 (چەتر) میل، تێل، سیم 8 پەراسووی عوود یان ڤیۆلین (ئەلمانی بنەڕەت) ◌ 1 دنده 2 گوشت دنده 3 رگبرگ یا بال حشره 4 (معماری) تویزه 5 (بافتنی) کشباف 6 پره 7 سیم 8 ریب

ribald /'rɪbld, US 'raɪbɔ:ld/ *adjective*

هەرزە، جلف، بلح، بێ‌شەرم، بێ‌ئابروو، چەقاوەسوو، ترۆ، دەمشر، عەیب، پیس، شپرزە: *ribald language* ◌ مستهجن، دهن‌دریده، هرزه، مبتذل

ribaldry /'rɪbldri, US 'raɪb-/ *noun, pl.* ribaldries

هەرزەیی، جلفی، بەرەڵایی، بێ‌شەرمی، بێ‌ئابڕوویی، پیسی، شپرزەیی ◌ هرزگی، ابتذال

riband /'rɪb(ə)nd/ = ribbon

ribbed /rɪbd/ *adjective*

ڕێڕێ، میل‌میل، خەت‌خەت، پەراسوویی ◌ خط‌خط، دنده‌دار

ribbing /'rɪbɪŋ/ *noun*

1 رەگەی چنین، ڕێ، میل 2 سەرخستنەسەر، شۆخی(لەگەڵ کردن) گاڵتە ◌ 1 کشباف 2 شوخی

ribbon /'rɪbən/ *noun*

1 بەنۆکە، باریکە، زیوار، شریت 2 شڕۆڵ، شڕە، فەتار، دافەتراو، کۆنە 3 نیشانی شانازی 4 (ribbons) هەوسار، دەستەجڵەو، رەشمە، لەغاو ◌ 1 نوار، روبان 2 ژنده 3 مدال افتخار 4 (در جمع) عنان، افسار

ribbon development *noun*

پەرەسەندنی باریکەیی یا بەنۆکەیی، پەرەسەندن لەپاڵ ڕێگای شارەوە ◌ توسعەی نواری

ribbonfish *noun, pl.* same or ribbonfishes

باریکەماسی، ماسی‌یەبەنۆکە، خێزان (Trachipteridae) ◌ نوعی ماهی

ribbon snake *noun*

مارەبەنۆکەیی: هەریەک لە دوو ماری کەڵزی گورەوی‌ئاسای کلک‌درێژ، هی ڕۆژهەڵات و ناوەندی ئەمریکا (باکووری) | *Thamnophis* [*T. sauritus* یان *proximus* ◌ مار نواری

ribbon worm *noun*, also nemertean
کرمـــی بەنۆکـــەیی (زۆرتـــر ئـــاوی [ألـــق Nemertea]) ◇ کرم نواری

ribby *adjective*
ڕیڕی، میل‌میل ◇ راه‌راه

rib-cage /ˈrɪbkeɪdʒ/ *noun*, also ribcage
دەفـەی سـنگ، قەفەسـەی سـنگ، قەفـەزە، پەراسووبەند ◇ قفسه‌ی سینه

riboflavin /ˌraɪbəˈfleɪvɪn/ *noun*, also vitamin B2
رایبۆفلاڤین، ریبۆفلاڤین $C_{17}H_{20}N_4O_6$ (ڤیتامین B_2 گۆشـت، ماسـی، شـیر، سـەوزە و هتـد) ◇ ریبوفلاوین

ribgrass = ribwort

rib-knit *adjective*, *noun*
adj (کراس یا کوتاڵیکی چنراو) نەخـش‌ڕیڕی، نەخش‌میل‌میل، نەخش‌پەراسـوویی *n* (هـەروەها ribbed-knit) کراسـێ بـە نـەخـشێکی واوە ◇ (پیراهن یا پارچه) با طرح راه‌راه

riblet *noun*
کۆتایی پەراسووی مەڕ ◇ ریبلت

ribonuclease *noun*, also RNase or RNAase
ریبۆنیوکلیۆتاز: هەوێنەیێ کە تـاوی هایـدرۆلیزی RNA دەدا ◇ ریبونیوکلئاز

ribonucleic acid /ˌrʌɪbə(ʊ)njuːˈkleɪk, US -ˈkliːɪk/ = RNA

ribonucleoprotein *noun*, *abbreviation* RNP
ریبۆنیوکلیـۆپرۆتین: ماکـێ کـە لـە RNA و پـرۆتین پێکهـاتووە، ریبۆنیوکلیۆپرۆتینـێ ئارنێن‌نەی تیایە ◇ ریبونیوکلئوپروتئین

ribonucleoside *noun*
ریبۆنیوکلیۆسـید، ریبۆنیوکلیۆزیـد: nucleoside ێ کە ریبۆزی تیایە ◇ ریبونیوکلئوسید

ribonucleotide *noun*
ریبۆنیوکلیۆتایـد: nucleotide ێ کـە ریـبۆزی تیایـە و وەک پێکهێنـەرێکـی RNA وایـە ◇ ریبونیوکلئوتید

ribose /ˈrʌɪbəʊz, -s/ *noun*
(کیمیـا) ریبـۆز: شـەکـرێ کـە پێکهێنـەری nucleoside ـەکـان (وەک adenosine و guanosine، ب.ت. لـە RNA دا) و چـەنـدین هەوێنە و ڤیتامینە $[C_5H_{10}O_5]$ ◇ ریبوس

ribosomal *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە رایبۆسـۆمەوە هەیـە ◇ وابسته به ریبوزوم یا ریبوسوم

ribosomal DNA *noun*, also rDNA
ژێنـە خاوکـەرەکـانی RNA ریبـۆزۆمێکن کـە زۆرتر لە زیندەوەرە باڵاکان‌دا بە شێوەی خێزانی فرەژێنی دەدۆزرێنەوە ◇ آرانای ریبوزومی

ribosomal RNA *noun*, also rRNA
RNA یێ کـە تـوخمێکی پێکهاتـەیی بنـەڕەتی ریبۆزۆمەکانە، جـۆرێ RNA کە بە درێژایی و زەبەندی‌یەکەی دیاری دەکرێ و لە پێکهێنانی پرۆتێن‌دا وەک پێکهێنەرێکی ریبۆزۆمەکان کار دەکا ◇ آرانای ریبوزومی

ribosome /ˈrʌɪbə(ʊ)səʊm/ *noun*
(زینـدەکیمیـا) پارچۆلکـەی وردی RNA و پـرۆتێن کـە لـە نێـو خانـەکـان‌دا دۆزراوەتـەوە، بـەشـداری پێکهێنـانی پـرۆتێن و polypeptide ـەکـان دەکـا (لـە ribonucleic acid + -some2 پێکهاتووە) ◇ ریبوزوم، ریبوسوم

ribozymal *adjective*
سـەربە یان پێوەندی بە ریبۆزایمەوە هەیە ◇ وابسته به ریبوزیم

ribozyme /ˈrʌɪbə(ʊ)zʌɪm/ *noun*
(زیندەکیمیا) گەردیکی RNA کە دەتوانێ وەک هەوێنەیێ کار بکا (تێکەڵەی ribonucleic acid + enzyme) ◇ ریبوزیم

rib-tickler *noun*
گاڵتە، شۆخی ◇ مطایبه

rib-tickling *adjective*
گاڵتەجاڕ، پێکەنیناوی، پێکەنینی ◇ مضحک

ribwort /ˈrɪbwɜːt/ *noun*, also ribgrass
(ڕووەکناسـی) کیلانـەگیـا؟، گەڵارکێـشەی سـەرنێزەیی: جـۆرێ گەڵارکێشە گەڵارەگاوی (یان گەڵارەگـەرەگ) قیت و گوڵخڕ [*Plantago lanceolata*] ◇ بارهنگ سرنیزه‌ای

Ricardian /rɪˈkɑːdiən/ *adjective*, *noun*
adj سـەربە سـەردەمی هەریـەک لـە پادشـاکانی ئینگلتـەرە، ریچـاردی یـەک، دوو و سـێ *n* هاوچەرخ یـان لایـەنگری ریچـاردی سـێیەم ◇ ریکاردی

rice /raɪs/ *noun*
1 (ڕووەک) برنج، پشکێک، چەڵتووک، مەرەزە [*Oryza sativa* و جۆرەکانی تر] 2 دانی ئەو ڕووەکە ◇ 1 گیاه برنج 2 دانه‌ی برنج

rice-field /raɪs fiːld/ *noun*
مەرەزە، چەڵتووک‌جاڕ، جاڕەبرنج، برنج(ە)جاڕ، برنجان ◇ شالی‌زار

rice-milk /raɪs mɪlk/ *noun*
شیر و برنج ◇ شیر و برنج

rice pudding *noun*
پودینگی برنج ◇ پودینگ برنج

rice-straw *noun*
بەڵم، چەڵتووک، کابرنج ◇ رایس استرو

rich /rɪtʃ/ *adjective*
1 دەوڵەمەند، سامان‌دار، زەنگین، دارا 2 جوان، گرانبایی، گران، دەوڵەمەندانە 3 (چێشت) قەڵەو، چـەور 4 بـەپیت، بەمایـە، مایـەدار، پرمایـە، دەوڵەمەند، بەبەرهەم، بەبرشت، زۆربڕ، زەنوێر، مایەدار، پڕ لە، دارماڵ لە 5 دەوڵـەمەند، بـەربڵاو،

بەرین (وەک زمان) ۞ 1 ثروتمند 2 لوکس، اشرافی 3 (غذا) مقوی، مغذی 4 پربار، غنی، لبریز از 5 وسیع

riches /ˈrɪtʃɪz/ *noun, pl.*
سامان، دارایی، ماڵ، دەوڵەمەندی، سەرچاوەکان، پرمایەیی، مایەداری، بەبرشتی ۞ ثروت، منابع، دارایی، غنا

richly /ˈrɪtʃli/ *adverb*
بە تەواوەتی، بە لێشاو، بە لۆدە ۞ کاملاً، بە وفور

richness /ˈrɪtʃnəs/ *noun*
مایەداری، پرمایەیی، بەبرشتی، زۆربری، بەپیتی، دەوڵەمەندی ۞ غنا، باروری، پرباری، ثروتمندی

Richter scale /ˈrɪktə skeɪl, US ˈrɪktər/ *noun*
(زەویناسی) پێوەری ریکتێر یان ریختێر (لە ناوی زەویناسی ئەمریکایی Charles F. Richter) ۞ مقیاس ریشتر

ricin /ˈraɪsɪn/ *noun*
رایسین، ریسین: مەتریاڵێکی زۆر ژاراوی کە لە دەنکی گیای رۆنەگەرچەک دەگیرێ، پرۆتینێکی ژاراوی نێو castor bean ۞ ریسین

rick[1] /rɪk/ *noun*
گزرە، تایە، گیشە، گرشە ۞ تودەی علوفەی خشک

rick[2] /rɪk/ *noun*
(سووکە) وەرگەڕاوی، ئێشپێگەیشتن، رەگبەرەگبوون، ب.ت. پشت یان مل ۞ رگبەرگشدگی

rickets /ˈrɪkɪts/ *noun*
(وەک تاک یان کۆ) شلکی، ئێسکەنەرمە، راشی‌تیزم، ئێسکنەرمی (منداڵان، لە ئەنجامی کەمی ڤیتامین دییەوە، ب.ت. دەبێتە هۆی چەوێلی پا) ۞ راشی‌تیسم

rickettsia /rɪˈketsɪə/ *noun, rickettsiae* /-iiː/ or rickettsias
هەریەک لەو کۆمەڵە بەکتریا یەکجار وردانەی کە دەبنە هۆی رەشەگرانەتا typhus و لەرزوتا [توخم Rickettsia] (بنەڕەت: لە ناوی پاتۆلۆژیستی ئەمریکایی Howard Taylor Ricketts) ۞ ریکتسیا

rickettsial *adjective*
سەربە rickettsia، پێوەندی بە ریکێتساوە هەیە ۞ وابستە بە rickettsia

rickety /ˈrɪkəti/ *adjective*
1 تووشبوو بە نەخۆشی ئێسکنەرمی، شلک 2 لاواز، کز، بێگیان، بێهێز، سست، رووخەک، قرچۆک، فشەڵۆک، لەرزۆک، لەق، رزیو، دافەتاو، داقەتاو، پوواو ۞ 1 مبتلا بە راشی‌تیسم 2 ضعیف، فکسنی

rickey *noun, pl.* rickeys
خواردنەوەیێ کە ئارەق، ب.ت. جین، لەگەڵ ئاوی لیمۆ یا لیمۆترش و سەهۆڵی تیایە ۞ ریکی

rickshaw /ˈrɪkʃɔː/ *noun*
ریکشۆ، ریکشا (جۆرێ کالیسکە لە هیندوستان یان رۆژهەڵاتی دوور بەکاردێت و کەسێ یان زیاتر رایدەکێشێ) ۞ ریکشا

ricochet /ˈrɪkəʃeɪ, US -ʃet/ *noun*
بازرە، کەوانە، هەڵبەزینەوە، بازرەقە ۞ کمانە

ricotta /rɪˈkɒtə/ *noun*
جۆرێ پەنیری سپی نەرمی بێخوێی ئیتالیایی ۞ ریکوتا

rictal *adjective*
سەربە rictus، پێوەندی بە ریکتێسەوە هەیە ۞ وابستە بە rictus

rictus /ˈrɪktəs/ *noun*
کونی دەم، قەڵەشتی دەم ۞ گشادی دهان

rid /rɪd/ = past and past participle of rid

ridable /ˈraɪdəbl/ *adjective*
بۆ سواربوون دەبێ، شیاوی سواربوون، سواری ۞ قابل سواری

riddance /ˈrɪdns/ *noun*, good riddance
رزگاری، ئازادی، دەربازبوون، قورتالی، رزگارکردن، لەکۆڵکردنەوە، ئازادکردن، رەهاکردن ۞ رهایی، رهاسازی

ridden /ˈrɪdn/ = past participle of ride

riddle[1] /ˈrɪdl/ *noun*
1 مەتەڵ، مەسیلە، پەردەک، مامک، ئاپک، mystery، conundrum، enigma 2 راز، نهێنی ۞ 1 معما 2 راز

riddle[2] /ˈrɪdl/ *noun*
بێژنگ، سەرەن، قەلبیر، کاکێز، ویچن، ویچنە ۞ سرند، غربال

riddled *adjective*
پر لە، دارماڵ لە، سەرریژ لە، پر، تژی، دارماڵ، لێوەدراو بە، تێوەدراو بە ۞ مملو از، پر، آلودە بە

riddling *adjective*
پرنهێنی، رازمەند، رەمزاوی، لەتێگەیشتن‌نەهاتوو، مەتەڵاوی، تەماوی، لێڵ، تەژمە، ئاڵۆز، سەخت ۞ مرموز، پیچیدە، مبهم

riddlingly *adverb*
پرنهێنی‌یانە، رازمەندانە، بە شێوەیێکی رەمزاوی ۞ بە طور مرموز

ride /raɪd/ *noun*
1 سواری، گەڕان بە سواری 2 ئەسپەرێ، رێگای ئەسپ یان چارەوێ 3 ماشێن ۞ 1 سواری، گردش سوارە 2 راه اسب‌رو 3 وسیلەی نقلیە

rider /ˈraɪdə(r)/ *noun*
1 سوار، سواربوو، ئەسپسوار: a motorcycle 2 پاشکۆ، سەرخستە، برگەی dispatch rider سەرخستە 3 روونکردنەوە، تێشکخستنەسەر، لێکدانەوە ۞ 1 راکب، سوار، اسب‌سوار 2 الحاقیە 3 توضیح

riderless *adjective*

بێ‌سوار ۞ بدون سوار

ridership *noun*
سوارەکان، دەستەی سواران، ڕێبوارەکان ۞ مسافران

ridge /rɪdʒ/ *noun*
1 تەپ، تەپۆلکە، پشتە، گورگەپشت، بەند، زورگ، تیغەشان، بەندەلەبەند، چاڵی‌وچۆلی، بەرزی‌ونزمی 2 (خانوو) خەرپشت، خەرپشتە، کووڕایی، تیژایی، سەرپشت، تیغە، تیغەشان، یاڵ، نووک، نووچکە، پۆپە، لوتکە، لێوار 3 زنجیرە، ڕیزە، لێزگە (کێو) 4 (مووچە یان مەزرا) کەوشەن، بەستە، بەستێن، باوەڕ، سەرحەد ۞ 1 پشته، برجستگی 2 (شیروانی) خرپشته، تیزه، نوک، لبه 3 رشته (کوه) 4 (مزرعه) مرز

ridgeback = short for Rhodesian ridgeback

ridged /rɪdʒd/ *adjective*
1 بەچاڵ‌وچۆل، گورگەپشت 2 کەوشەن‌دار، بەستەدار 3 چاڵ‌چاڵ، شوێن‌شوێن، کووزکووز، دێراودێراو ۞ 1 برجسته 2 مرزدار 3 دارای شیار

ridge piece *noun*, also ridge tree
کاریتە، نیرگە (کە دەستەکی بەسەردا رایەڵ دەکرێ) ۞ شاه‌تیر

ridge pole *noun*
1 کاریتە، نیرگە 2 دەستەکی ئاسۆیی کاوڵی درێژ ۞ 1 شاه‌تیر 2 ریدج‌پول

ridge tent *noun*
چادری گورگەپشت، کاوڵەی خەرپشتی ۞ ریدج تنت

ridge tile *noun*
کاشی‌یەکوورە (بۆ دروست‌کردنی کووڕەبان) ۞ ریدج تایل

ridge way *noun*, also ridgeway
ڕێگای بەدرێژایی زنجیرەچیا ۞ ریدج وِی

ridgy /'rɪdʒɪ/ *adjective* (ridgier, ridgiest)
1 کووزکووز 2 دەرپەڕیو، گورگەپشتە، کووڕ ۞ 1 مرزدار 2 برآمده

ridicule /'rɪdɪkju:l/ *noun*
گاڵتە، تیز، تیتاڵی، شۆخی(پێ‌کردن)، mockery: *She is an object of ridicule in the tabloid newspapers* ۞ تمسخر، ریشخند

ridiculous /rɪ'dɪkjələs/ *adjective*
گاڵتەجاڕ، پێکەنیناوی، پەند، گەوجانە، کەرانە، هیچەکە، absurd، preposterous، laughable ۞ مضحک، مسخره، احمقانه، مهمل

ridiculously /rɪ'dɪkjələslɪ/ *adverb*
گاڵتەجارانە، بە شێوەیەکی پێکەنیناوی ۞ بە طور مضحک

ridiculousness /rɪ'dɪkjələsnəs/ *noun*
گاڵتەجاری، پێکەنیناوی‌بوون ۞ مضحک بودن، مسخرگی

riding[1] /'raɪdɪŋ/ *noun*
1 ئەسپ‌سواری، سوارکاری: *I'm taking riding lessons* 2 ڕێگای ئەسپ‌سواری ◊ *riding boots* ۞ 1 سوارکاری 2 راه اسب‌سواری

riding[2] /'raɪdɪŋ/ *noun*
1 (ئینگلتەرە) یەکێ لە سێ کەرتی بەڕێوەبەرایەتی Yorkshire 2 (لە کەنەدا) مەڵبەندی هەڵبژاردن ۞ 1 ریدینگ 2 (در کانادا) حوزه‌ی انتخابی

riding breeches *noun, pl.*
شەڵواری ئەسپ‌سواری، دەمەرقوپان ۞ شلوار سوارکاری

riding crop = crop

riding habit *noun*
بەرگ یان جلی ئەسپ‌سواری ژنانە ۞ جامه‌ی سوارکاری زنانه

riding light *noun*
چرای کەشتی لە لەنگەر ۞ چراغ احتیاط

riding school *noun*
فێرگەی ئەسپ‌سواری ۞ مدرسه‌ی سوارکاری

ridley *noun, pl.* ridleys
جۆرێ ڕەقە یان کیسەڵی ئاوی چکۆلانەی دەریا گەرمەکان [*Lepidochelys kempi* و *L. olivacea*] ۞ نوعی لاک‌پشت آبی

riel /'ri:əl/ *noun*
یەکەی بنەڕەتی پارەی Cambodia، بەرامبەر بە سەد sen ۞ ریل

Riemannian geometry *noun*
ئەندازەی نائۆقلیدۆسی non-Euclidean geometry (بنەڕەت: لە ناوی ڕیازی‌زانی ئەڵمانی Georg Friedrich Bernhard *Riemann* (1826-1866) ۞ هندسه‌ی غیراقلیدوسی

Riesling /'ri:zlɪŋ, US 'ri:s-/ *adjective*
1 جۆرێ ترێ مەی، ب.ت. لە ئەڵمانیا و ئەوستریا 2 جۆرێ مەی تاڵی سپی لەو ترێیە ۞ ریزلینگ

rifampicin /rɪ'fampɪsɪn/ *noun*, also rifampin
ریفامپیسین (ئەنتی‌بیوتیکی بەکتریایی بۆ چارەسەری گوڵی leprosy و دەردەباریکە tuberculosis) ۞ ریفامپین

rife /raɪf/ *adjective*
1 باو، باوەسەندوو، بەرمێن، بەبرەو، بڵاوەبوو، ئاسایی، widespread 2 پڕ، تژی، زۆر، گەلێ (rifely *adv*) ۞ 1 شایع، معمول 2 مملو، وافر

rifeness *noun*
باوبوون، باوەسەندوویی، بەبرەوی، پڕی، زۆری ۞ شیوع، وفور

riff /rɪf/ *noun*
ڕیف (ـ لە موسیقای گەلی‌دا، زنجیرەنۆتی دووبارەوەبوو) ۞ ریف

riffle /'rɪfl/ *noun*
تەنکایی، تەسکایی (هی ڕووباری) ۞ جای کم

عمق رودخانه

riff-raff /ˈrɪf ræf/ *noun*
لاتولووت، قەلەوقوتە، گەدەوگودە، بەرەڵاوهەرەڵا: *We don't want to let all the riff-raff in* ⟡ اراذل و اوباش

rifle /ˈraɪfl/ *noun*
1 تفەنگ 2 (rifles) یەکینە یان دەستەی تفەنگبەدەس، دەستەی تفەنگدار (ئەڵمانی بنەڕەت) ⟡ 1 تفنگ 2 (در جمع) یکان تفنگ‌دار

rifleman /ˈraɪflmən/ *noun, pl.* riflemen
تفەنگبەدەس، تفەنگچی، تفەنگدار ⟡ تفنگ‌دار

rifle-pit /ˈraɪfl pɪt/ *noun*
مەتەریز، خەڵ، سەنگەر، چەپەر ⟡ سنگر

rifle-range /ˈraɪfl reɪndʒ/ *noun*
1 مەیدانی تیرخستن، شوێنی تیرخستن، تیرگە: *The army used the land as a training area and rifle range* 2 تیراوێژ، تیربڕ، هەتەر، بڕ، ماوەبڕ: *They advanced to within rifle range* ⟡ 1 میدان تیر 2 تیررس

rifle-shot /ˈraɪfl ʃɒt/ *noun*
تیراوێژ، تیربڕ، هەتەر، بڕ، ماوەبڕ ⟡ تیررس

rifling *noun*
(لوولەی تفەنگ)خان، شوێن، کەنەک، پێچ ⟡ خان

rift /rɪft/ *noun*
1 درز، قەڵەش، قلیش، جۆم، کەلێن، کەندەلان، کەنەلان، کەلەبەر، fissure، crevasse، cleft، 2 fault ناکۆکی، (نێوان)ناخۆشی، دووبەرەکایەتی، کێشە، شەڕ، جوڕڕە، division، breach، estrangement: *The rift within the party deepened* 3 مایەی کێشە یان دووبەرەکایەتی: *Economic rivalry was a rift between the two nations* ⟡ 1 شکاف 2 اختلاف 3 موجب اختلاف

rifted *adjective*
درزاوی، قلیشاوی، قەڵەشقەڵەش، کەلێناوی، قەڵەشاوی ⟡ شکاف‌دار

rift valley *noun*
(زەویناسی) دۆڵ یان شیوی نشستە، نشستەدەرە، نشستاڵ، graben (= دەرە یان دۆڵێکی درێژ (و بنتەخت و لا هاوتەریب parallel orientation) کە بەهۆی نشستی subsidence بەشێکی توێکڵی زەوی لە نێوان دوو قلیشت یان کۆمەڵە قەڵەشتی پێکهاتووە) ⟡ درەی شکافی، کافت‌درە

Rift Valley fever *noun*
تای نشستەدەرە: جۆرێ نەخۆشی پەتای epizootic توندی ئاژەڵ و پاتاڵی ماڵی domestic animals (بە ڕێگای مێشوولەوە)، زۆرتر هی ڕۆژهەڵات و باشووری ئەفریکا و بەهۆی ڤایرۆسێکی ئارنێنەی RNA تاکتاڵی یان تاکریشاڵی single-stranded (جۆر *Rift valley fever virus* لە توخمی *Phlebovirus* خێزانی *Bunyaviridae*) تووش دەبێ و نیشانەکانی بریتین لە: تا، لەبارچوون، مەرگی ساوایان، جاروبار بۆ مرۆڤ ڕادەگوێزرێ و تایێکی سووکتری وای لەو شێوەیە ⟡ تب درەی شکافی یا کافت‌درە

rig[1] /rɪg/ *noun*
1 (شێوەی دانانی (دابەستن) بادەوە و دارالاکانی کەشتی، تەنافبەندان 2 (هەڵکەندن) دەکەل، سەکۆی هەڵکەندن، کەلووی نەوت، ڕیگ 3 (شێوازی) جلوبەرگ 4 کەلوپەل، شتومەک ⟡ 1 بادبان‌ها و دکل‌های کشتی 2 دکل 3 (سبک) لباس 4 اسباب، تجهیزات

rig[2] /rɪg/ *noun*
فێڵ، تەڵەکە، دەسبڕی، گوێبڕی ⟡ حقه، شیادی

rigadoon /ˌrɪgəˈduːn/ *noun*
ریگادوون (= جۆرێ هەڵپەڕکێ کرژی دووکەسە، هی ناوچەی پروڤێنسایی Provençal) ⟡ ریگادون

rigatoni /ˌrɪgəˈtəʊni/ *noun, pl.*
(ئیتالیایی) هەریشتەی لوولی کورت ⟡ ریگاتونی

rigescent *adjective*
ڕەقەوەبوو، سەختەوەبوو، تونددەوەبوو ⟡ سفت‌شونده

rigged *adjective*
1 دەسکاریکراو، فرتوفێڵتیاکراو، گزەتیاکراو 2 (کەشتی) ساز، تەیار، ئامادە ⟡ 1 تقلبی 2 مجهز

rigger *noun*
1 بادەوەدابەست 2 کەسێ کە لەسەر دەکەل کار دەکا، وەستای سەکۆی هەڵکەندن، وەستای داربەست، گرانکێش و... ⟡ 1 ریجر 2 متصدی دکل، چوب‌بست، جراثقیل و...

rigging /ˈrɪgɪŋ/ *noun*
1 کەلوپەل، شتومەک 2 تەناف یان گوریسی بادەوە و دارالای کەشتی ⟡ 1 لوازم، تجهیزات 2 طناب‌های بادبان و دکل

right /raɪt/ *adjective, adverb, noun*
1 *adj* ڕاست، دروست 2 ڕاست (لە بەرامبەر چەپدا) 3 گونجاو، شیاو، ورد، دروست 4 ڕاست، وەستاو، نەوەد پلە 5 (پارچە) بەر، ڕوو 6 تەواو، سەرپاک، ڕەبەق 7 حەقبەدەس، بەرحەق *adv* 1 بۆ ڕاست، بۆ لای ڕاست، دروست، بە وردی 2 بە تەواوەتی 3 دەسبەجێ، لەڕێوە، کوتومت *n* 1 لای ڕاست، ڕاست 2 ماف، حەق، ڕاستێتی، ڕاستبوون، ڕەوایێتی 3 باڵی ڕاست، باسک یان قۆڵی ڕاست 4 کاری دروست 5 لێدان بە دەستی ڕاست، مشتی ڕاست 6 (زۆرتر the Right) کۆمەڵ یان پارتییێکی ڕامیاری لایەنگری بیروبۆچوونی کۆنەپارێزانە 7 (rights) مافەکان ⟡ 1 *adj* درست، صحیح 2

راست 3 مناسب، دقیق 4 قائمه 5 (پارچه) رو 6 کامل 7 ذیحق *adv* 1 به طرف یا سمت راست، دقیقاً 2 کاملاً 3 فوری *n* 1 طرف راست 2 حق، حقانیت 3 جناح راست 4 عمل صحیح 5 ضربەی راست 6 رایت، جناح راست 7 (در جمع) حقوق

right-about turn *noun*
وەرسووڕان، وەرچەرخان، وەرگەڕان ◇ عقب‌گرد

right angle *noun*
گۆشەی راست، گۆشەی پڕ ◇ زاویەی قائمه

right-angled /ˈraɪt aŋgld/ *adjective*
1 گۆشەراست، گۆشەپڕ 2 پێچی تەواوچەماو یان تەواوشکاو ◇ 1 قائم‌الزاویه 2 پیچ 90 درجه

right bank *noun*
کەنار یان گوێئاوی لای راستی رووبار ◇ ساحل سمت راست

right brain *noun*
مێشکی (لای) راست ◇ مغز (طرف) راست

righteous /ˈraɪtʃəs/ *adjective*
1 دروست، راست، دروستکار، چاکەکار، پارێزگار، حەقانی، لەخوداترس، بەحەق، دادپەروەرانە، بەئابڕووانە، ژیرانە، ماقوولانە 2 ماقوول، بەجێ، بەڕێ‌وجێ: *a -teous decision* ◇ 1 درست، صالح، متقی، منصفانه 2 موجه

righteously /ˈraɪtʃəsli/ *adverb*
به شێوەیەکی دادپەروەرانە ◇ به طور عادلانه

righteousness /ˈraɪtʃəsnəs/ *noun*
1 راستی، دروستی 2 داد، دادپەروەری 3 پارێزگاری، لەخواترسی ◇ 1 راستی 2 عدالت 3 تقوا

rightful /ˈraɪtfl/ *adjective*
بەرحەق، حەقپێبوو، حەقدار، حەقی پێیە، حەقبەدەس، قانوونی، بەجێ، بەڕێ‌وجێ، گونجاو، دادپەروەرانە، راست، دروست: *The stolen car was returned to its -ful owner* ◇ ذیحق، محق، صحیح، قانونی، منصفانه

rightfully /-fəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی قانوونی، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ◇ به طور قانونی

rightfulness *noun*
بەرحەقبوون، حەقبەدەستی، حەقداری ◇ ذیحق بودن

right-hand /ˈraɪt hænd/ *adjective, noun*
adj 1 راست، دروست 2 سەربە دەستی راست، بۆ لای راست *n* 1 دەستی راست 2 لای راست 3 راستسوور، بۆ لای راستەوە توند دەبێ ◇ *adj* 1 راست 2 وابسته به دست راست، به سمت راست 3 راست‌گرد *n* 1 دست راست 2 طرف راست

right-hand drive *adjective*
(ماشێن) راستفەرمان، فەرمانڕاست ◇ راست‌فرمان

right-handed /ˌraɪt ˈhændɪd/ *adjective*
1 راستدەست، راستە: *a right-handed batter* 2 (جەر یان پێچ) بۆ لای راست وەرسووڕاو، بۆ لای راست بادراو یان توندبوو، راستەسوور، راستگەرد: *a right-handed screw* 3 (لێدان) راست، دەسەڕاستە، بە دەستی راست، راستە 4 (زیندەناسی) هەڵکەوتوو لە لای راست، راستە ◇ 1 راست‌دست 2 (پیچ) راست‌گرد 3 (ضربه) راست 4 واقع در طرف راست

right-hander /ˌraɪt ˈhændə(r)/ *noun*
1 راستدەس، راسدەس 2 لێدانی بە دەستی راست ◇ 1 شخص دست‌راست 2 ضربەی دست راستی

right-hand man *noun*
(خوازە) دەستی راست، کۆڵەکەی ماڵ، پشتیوانی قورس و قایم ◇ دست راست

right-handedness *noun*
راستدەستبوون، راستەبوون ◇ راست‌دست بودن

right-ho = righto

Right Honourable *adjective*
جەنابی بەڕێز ◇ عالی‌جناب

rightism /ˈraɪtɪzəm/ *noun*
راستگەری، راسگیری، راستڕەوی، راستڕۆیی، راستباوەڕی، راستخوازی، کۆنەپارێزی، بیروبۆچوونی رامیاری یان رامیاری و سیاسەتەکانی راستڕۆکان، لایەنگری لە ڕیبازی راستڕەوەکان ◇ راست‌گرایی

rightist /ˈraɪtɪst/ *noun, adjective*
n راستگەر، راسگیر، راستگیر، راستباوەڕ، راستڕەو، راستڕۆ، کۆنەپارێز، راستخواز *adj* راستیگەرییانە، سەربە راستیگەری، سەربە باڵی راست ◇ *n* راست‌گرا *adj* راست‌گرایانه

rightly /ˈraɪtli/ *adverb*
بە دروستی، بە راستی، بەجێ، بەرحەق ◇ به درستی، بحق

right-minded /ˌraɪt ˈmaɪndɪd/ *adjective*
بەجێ، ژیرانە، راستبیرکەرەوە، بۆچوونڕاست، ژیر، تێگەیشتوو: *a right-minded citizen* ◇ معقول، فهیم

right-mindedness *noun*
بەجێبوون، ژیرانەبوون، تێگەیشتوویی ◇ معقولی، فهیم بودن

rightness /ˈraɪtnəs/ *noun*
راستی، دروستی، رەواییتی، راستبوون، حەق، بەرحەقی، بەرحەق بوون، دروستبوون: *the rightness of his decision* ◇ صحت، حقانیت

righto /ˈraɪtəʊ, US -oʊ/ *interjection*, also righty-ho
(نافەرمی) باشە! بەچاوان! ئەرێ! بەڵێ! ئم! ◇ آره! باشه!

right of abode *noun*
مافی مانەوە یان نیشتەجێبوون ◇ حق اقامت

right of asylum *noun*

مافی پەنابەریتی ۞ حق پناهندگی

right of appeal *noun*

مافی پیاچوونەوە ۞ حق استیناف

right-of-centre *adjective*

(سیاسی) بۆ لای راستەوەچوو، بۆ لای راستەوەداشکاو ۞ دارای گرایش به راست

right of publication *noun*

مافی بلاوکردنەوە، مافی وەشان ۞ حق انتشار

right of search *noun*

مافی گەران یان پشکنین ۞ حق تفتیش

right of translation *noun*

مافی وەرگێران ۞ حق ترجمه

right of way *noun*

1 مافی پێشکەوتن 2 رێگای پەرینەوە 3 مافی تێپەرین یان پیاروێشتن (بە زەوی‌وزاری کەسێکی‌تردا) ۞ 1 حق تقدم 2 راه عبور 3 حق عبور

right-oh = righto

right-on *adjective*

ئاگادار، بەخەبەر، خەبەردار ۞ در جریان

Right Reverend *adjective*

جەنابی بەرێز ۞ عالی‌جناب

rights issue *noun*

مافی لەپێشبوون یان پێشنیاز(کردن)ی کرینی بەشە تازەکانی کۆمپانیایێ ۞ حق پیشنهاد خرید سهام شرکت

right-thinking *adjective*

تێگەیشتوو، راستبیرکەرەوە، ژیر ۞ فهیم، درست‌اندیش

right to life = pro-life

right triangle *noun*

سێ‌گۆشەی گۆشەراست ۞ مثلث قائم‌الزاویه

right whale *noun*

جۆرێ نەهەنگی baleen ی سەرزل، هی باکووران [*Balaena glacialis*] و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی وال

rightward /'raɪtwəd, US -wərd/ *adjective, adverb*

بۆ راست، بۆ لای راست ۞ به سمت راست

rightwards /'raɪtwədz, US -wərdz/ = rightward

right wing *noun*

باڵ یا قۆڵی راست، باسکی راست ۞ جناح راست

right-wing *adjective*

راستگەرییانە، راسگیری، راستباوەرییانە، راسترەو، راستخواز: *right-wing policies* ۞ راست‌گرایانه، راست‌گرا

right-winger *noun*

راستباوەر، راسگیر، راستگەر، راسترەو، راستخواز، ئەندامی باڵی راست: *She is a prominent Tory right-winger* ۞ راست‌گرا

righty *noun, pl.* righties

1 مرۆی دەس‌راست، راستە 2 کەسێکی راسترەو یا راستخواز ۞ 1 آدم راست دست 2 آدم راست‌گرا

righty-ho = righto

rigid /'rɪdʒɪd/ *adjective, noun*

1 *adj* سەخت، رەق، رەختە، مەرت، دانەهاتوو، نەچەمیو، سرک: *a rigid support for the tent* 2 (میکانیک) سەخت، رەق 3 پتەو، تۆکمە، جێگیر، بەرشت، توند، توندگر، سەختگر، سەختگیر، پێبەندی داب‌ودەستوور، وشک، سەخت: *The curriculum was too narrow and too rigid* ◊ *rigid attitudes* n ماشێنی باری نامەنجەڵی یان ناجومگەدار ۞ 1 *adj* سفت، محکم 2 (مکانیک) صلب 3 استوار، جدی، مقرراتی، انعطاف‌ناپذیر n ریجید

rigidity /rɪ'dʒɪdəti/ *noun,* also rigidness

1 سەختی، رەقی، رەختەیی، دانەهاتوویی، نەچەمیوی، سرکی: *the rigidity of the metal* 2 *bar* (میکانیک) رەقی، سەختی 3 سەختگری، توندگری، توندی، پێبەندبوون بە داب‌ودەستوور، وشکی، سەختی ۞ 1 سفتی 2 (مکانیک) صلابت 3 مقرراتی بودن، انعطاف‌ناپذیری

rigidly /'rɪdʒɪdli/ *adverb*

بە سەختی، پتەوانە، رەختانە، بە شێوەیەکی جێگیر، جێگیرانە: *The speed limit must be rigidly enforced* ۞ به سختی، به طور ثابت

rigmarole /'rɪgmərəʊl, US -roʊl/ *noun,* also rigamarole

1 دیدی‌وبۆدی، داب‌ودەستوور، تروتەویل، ژاژوفەر 2 هیچ، ترەهات، قۆریات، هەلیت‌وپلیت، هاتەران‌وپاتەران ۞ 1 تشریفات 2 لاطائلات

rigor[1] = rigour

rigor[2] /'rɪgɔː, 'raɪgɔː, -gə/ *noun*

1 لەرز (بەرلە تا) 2 - rigor mortis ۞ لرز

rigorism /'rɪgərɪzəm/ *noun*

بەندوبەست یا سەخت و توندی لە دیندا، دین‌گرژی ۞ ریگوریسم

rigorist /'rɪgərɪst/ *noun, adjective*

n بەبەندوبەست یا سەخت و توند لە دیندا، دین‌گرژ *adj* دین‌گرژییانە، دین‌گرژانە ۞ *n* ریگوریست *adj* ریگوریستی

rigor morits /ˌrɪgə 'mɔːtɪs, US ˌrɪgər 'mɔːrtɪs/ *noun*

لەش رەق‌بوون (پاش مردن) ۞ جمود موت یا نعشی

rigorous /'rɪgərəs/ *adjective*

1 بە وردی، پەروەردەکاری، وردانە، دووروودرێژ، چروپر، تێروتەسەل، ورد، پوخت، بەسەرنج، گشت‌لایەنە، هەمەلایەنە، بەرشت، توند، وشک، رەق‌وتەق، سەخت، توندگر، سەختگر 2 (هەوا) سەخت، ناخۆش، چەتوون، ئاسێ ۞ 1

موشکافانه، جدی، دقیق، همه‌جانبه، شدید 2 طاقت‌فرسا

rigorous analysis *noun*
شی‌کردنەوەی ورد یان پرووردەکاری، شیکاری چڕوپڕ (یان بەسەرنجەوە) ◇ تحلیل دقیق یا موشکافانه

rigorous examination *noun*
تاقی‌کردنەوەی ورد یان دوورودرێژانە ◇ امتحان دقیق

rigorously /ˈrɪgərəsli/ *adverb*
بە وردی، بەڕشتانە، بە شێوەیێکی توند ◇ بە دقت، بە طور جدی

rigorousness /ˈrɪgərəsnəs/ *noun*
1 وردی، وردبوون، بەسەرنجی، پرووردەکاریبوون، دوورودرێژبوون، چڕوپڕی 2 بەڕشتی، سەختبوون ◇ 1 موشکافی 2 جدی بودن

rigorous search *noun*
گەڕانی چڕوپڕ یان بەوردی ◇ جست‌جوی دقیق

rigour /ˈrɪgə(r)/ *noun*, US rigor
1 بەڕشتی، سەختی، توندی، توندوتیژی، وردی، پرووردەکاریبوون، بەسەرنجی، دوورودرێژبوون، چڕوپڕی، تێروتەسەلی: ◊ *scientific rigour* 2 *academic -gour* (rigours) تەنگوچەڵەمە، قوڕبەسەری، مەینەتی، دەرد و مەینەتی، ڕەنج و سەختی، بەڵا و نەگبەتی ◇ 1 جدیت، شدت، خشونت، موشکافی 2 (در جمع) مصائب، سختی‌ها

rig-out *noun*
(لە بریتانیا و نافەرمی) جلوبەرگی سەیر ◇ لباس عجیب و غریب

the **Rig Veda** /ˌrɪg ˈveɪdə, US ˈviːdə/ *noun*
(سانسکریتی) ریگ‌ڤیدا (کۆنترین و گرنگترین بەشی ڤیدا (دەقە پیرۆزەکانی هیندوو؛ بنەڕەت: لە *rgveda* سانسکریت، لە *rc* "کۆپلەی (پیرۆز)" + Veda) ◇ ریگ ودا

rijsttafel /ˈrʌɪstˌtɑːf(ə)l/ *noun*
برنج‌میز: جۆرێ چێشتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ◇ رایستافل

Riksmål /ˈriːksmɔːl/ = Bokmål

Riley *noun*, life of Riley
ژیانی ئاسوودە، ژیانی بێ‌خەم، ژیانێکی خۆش ◇ زندگی راحت

rill /rɪl/ *noun*
1 جۆگە، جۆگەلە 2 ئاوکەندیکی پەل 3 = rille ◇ 1 جویبار 2 ریل

rille /rɪl/ *noun*, also rill
(ئەستێرەوانی) قەڵەش و کەلێنی سەر مانگ، چەند شیو و دەرەیێکی باری و درێژی سەر مانگ ◇ ریل

rillet /ˈrɪlɪt/ *noun*
جۆگەلە، میزاو ◇ جویبار کوچک

rim /rɪm/ *noun*
1 قەراخ، لێوار، کەنار، دەور، کەمە، کەوە، گەو، پەراوێز، زێوار 2 (پێچکە) دەور، کەمە ◇ 1 حاشیه، لبه 2 (چرخ) طوقه

rime /raɪm/ *noun*
1 (وێژەیی) = hoarfrost 2 پێست، توێخ، توێژال، crust، incrustation: *a rime of snow* ◇ 1 = hoarfrost 2 پوست

rime = rhyme

rimeless /ˈrɪmləs/ *adjective*
بێ‌سەروا، بێ‌پاشەڵ ◇ بدون قافیه

rimester /ˈraɪmstə(r)/ = rhymester

rimless *adjective*
(چاویلکە) بێ‌چوارچێوە، بێ‌کەمە، بێ‌دەور ◇ بدون قاب

rimmed *adjective*
1 لێواردار، پەراوێزدار، کەمەدار، زێواردار 2 (لە لێکدانا) دەوری ◇ 1 دارای حاشیه 2 اطراف

rimose /ˈraɪməʊs/ *adjective*, also rimous /ˈraɪməs/
درزاوی، قەڵەشاوی، قلیشبردوو ◇ شکاف‌دار

rimu /ˈriːmuː/ *noun*
(مائۆری) جۆرێ سنەوبەری نەرمەداری درێژی نیوزیلەندی [*Dacrydium cupressinum*] ◇ ریمو

rimy /ˈrʌɪmi/ (rimier, rimiest) = frosty

rind /raɪnd/ *noun*
1 توێخ، توێکل، توێخل، پێستە، تەلاش، ئالۆشە: *grated lemon rind* 2 = crust، peel (rinded *adj*) ◇ پوسته

rindless *adjective*
بێ‌توێخ، بێ‌توێکل، بێ‌توێخل، بێ‌پێستە، بێ‌تەلاش ◇ بدون پوسته

rinderpest /ˈrɪndəpɛst/ *noun*
ئازاری مالات یا پاتال (= جۆرێ ئازاری بگرەوە یان پەتای کاوێژکەران، بەهۆی morbillivirus (جۆر *Rinderpest virus*؛ بنەڕەت: لە ئەڵمانییەوە، لە *Rinder* "پاتال cattle" + *Pest* "ئازار plague") ◇ طاعون گاوی

ring[1] /rɪŋ/ *noun*
1 ئالقە، خەلەک، خەپکە، گەرزک، پەپکە، گەو (باوئیرک: والقەی ئاسنی یان مسین)، کەمە، چەمەرە، بازنە، جەغز 2 ئەنگوستیلە، کلکەوانە، ئالقە 3 دەستە، تیپ، کۆر، کۆمەڵ، تاقم، گروپ (ب.ت. لە بنەوە) 4 گۆرەپان، پانتایی 5 (شەڕەمشت) رینگ 6 (ماشێن) دەورە، رینگ 7 (کیمیا) ئالقە، بازنە 8 (دار) ئالقە، بازنە، قەف 9 (کۆنەوارناسی) کۆماخۆلێکی پێش‌مێژووی بازنەئاسا یان خڕ (ئەڵمانی بنەڕەت) ◇ 1 حلقه، دایره 2 انگشتر، حلقه 3 گروه، باند 4 عرصه، میدان 5 (مشت زنی) رینگ 6 (اتومبیل) رینگ 7 (شیمی) حلقه 8 (درخت) دایره 9 رینگ

ring² /rɪŋ/ *noun*
1 زەنگ، زرە، دەنگی زەنگ یان زرە 2 زرەی تەلەفون، تەلەفون، قسەکردن بە تەلەفون 3 دەنگی بەرز و زولال، زرینگانەوە ۞ 1 زنگ، صدای زنگ 2 تماس تلفنی 3 طنین، صدای بلند و رسا

ring binder *noun*
کلاسۆر، کاغزدان، کاغەزدان ۞ کلاسور

ringbolt /ˈrɪŋbəʊlt/ *noun*
بزماری پێچی ئالقەدار یان ئالقەبەسەر، کونی ئالقەداری جەڕ ۞ سوراخ حلقەدار مهره

ringbone *noun*
ئاوسانی ئێسکی جومگەی مووچە pastern ی ئەسپ ۞ رینگبُن

ringdove /ˈrɪŋ dʌv/ = wood pigeon

ringed *adjective*
1 ئالقەدار، خاوەن ئالقە، ئالقەئالقە : *a -d plover* 2 ئالقەئاسا، بازنەیی ۞ 1 دارای حلقە 2 حلقەمانند

ringent /ˈrɪndʒənt/ *adjective*
دەمداچەقاندوو، دەمکراوە، لێوهەڵگەڕاوە ۞ دهن‌باز، لب‌برگشته

ringer /ˈrɪŋə(r)/ *noun*
1 (کلێسە) زەنگ‌ژەن، گەڕنال‌لێدەر، زەنگ‌ژەنە 2 بەشدار یان پێشبڕکێ‌دەری بەفێڵانە، پێشبڕکێ‌دەری گزەون (خۆی وا پیشان داوە کە هیچ شارەزاییەکی نییە) 3 ئەسپ یان ئەسپ‌سواری ڕێگەنەدراو (گۆڕاون) 4 (لە کایەی سنگ و ئالقەدا) ئالقە ۞ 1 ناقوس‌زن 2 شرکت‌کنندەی تقلبی 3 اسب یا سوارکار غیرمجاز 4 حلقە

Ringer's solution *noun*
(زیندەوەرناسی) گیراوەی رینگێر: گیراوەیێکی سوێر کارئەندام‌ناسیی کە کلۆرایدی سۆدیۆم و خوێیەکانی پۆتاسیۆم و کالسیۆمی تیایە؛ بنەڕەت: لە ناوی پزشکی ئینگلیسی Sydney *Ringer* مەرگ 1910 ۞ محلول رینگر

ring fence *noun*
1 پەرژینی بازنەیی یا ئالقەیی 2 کۆسپی ئاستەم، تەگەرەی سەخت ۞ 1 رینگ فنس 2 مانع جدی

ring finger *noun*
براتووتە، مامەلینچک، قامکی ئەنگوستیلە یان ئالقە، کلکی قامکەوانە ۞ انگشت حلقە

ringgit /ˈrɪŋgɪt/ *noun, pl.* same or ringgits
یەکەی بنەڕەتی پارەی مالیزیا، بەرامبەر بە سەد sen ۞ رینگیت

ringing /ˈrɪŋɪŋ/ *noun, adjective*
n دەنگی زەنگ، زەنگ، زرە *adj* بەرز و زولال، زرینگەدار، بەگرمە ۞ *n* صدای زنگ، زنگ *adj* بلند و رسا، پرطنین

ringleader /ˈrɪŋliːdə(r)/ *noun*
سەردەستە، ڕێبەر، گەورە، ڕاپەڕین‌گێڕ، ئاژاوەنەر(ەوە) ۞ سردم‌دار، سردسته

ringlet /ˈrɪŋlət/ *noun*
1 ئالقەی پرچ، ئەگریجە (ب.ت. درێژ) 2 خەپکۆکە، ئالقۆچکە، ئالقەلە، خەپکەلە، کەمە یان ئالقەی چکۆلانە، بازنەی چکۆلانە 3 خەپکەلە: جۆرێ پەپوولەی باڵ چاوخاڵی [*Aphantopus hyperantus* و جۆرەکانی تر] 4 (ringlets) زلفی لوول، ئالقەی قژی شۆڕەوەبوو (ringletted (also ringleted) *adj*؛ ringlety *adj*) ۞ 1 حلقەی زلف 2 حلقەی کوچک 3 نوعی پروانە 4 (در جمع) حلقەی موی آویزان

ringmaster /ˈrɪŋmɑːstə(r), US -mæs-/ *noun*
سیرک‌گێڕ، بەڕێوەبەری سیرک ۞ مدیر یا رهبر سیرک

ringneck *noun*
باڵندەی تەوقن یان تەوقی یان ئالقەمل ۞ مرغ طوق‌دار

ringnecked /ˈrɪŋ nekt/ *adjective*
تەوقن، تەوقی، تۆقی، خاوەن ئالقەمل ۞ طوق‌دار

ring ouzel *noun*
ڕەشێشەی تەوقن [*Turdus torquatus*] ۞ توکای طوقی

ring-pull *noun, adjective*
n (قوتو و هتد) سەر یان درگای ئالقەیی *adj* بە سەر یان دەرگای ئالقەیی‌یەوە ۞ *n* در حلقەای *adj* با در حلقەای

ring road *noun*
ڕێگای پشتێنەی شار، ڕێگای کەمەربەندی ۞ جادەی کمربندی

ringside /ˈrɪŋsaɪd/ *noun*
1 (شەڕەمشت، سیرک و هتد) پاڵ رینگ، قەراخ رینگ 2 کورسی ڕیزی پێشەوە ۞ 1 کنار رینگ 2 صندلی ردیف اول

ringside seat *noun*
کورسی ڕیزی پێشەوە ۞ صندلی ردیف اول

ringtail /ˈrɪŋ teɪl/ *noun*
1 (گوان‌دار یا باڵندە، ب.ت. پشیلە یان lemur ی کلکئالقەیی) کلکئالقە 2 کلکقەفقەف (جۆرێ possum ئەوسترالیایی [*Pseudocheirus peregrinus* و جۆرەکانی تر]) ۞ رینگ‌تایل

ring-tailed cat *noun*
پشیلەی کلکئالقەیی، لە ئەمریکای باکووری دەبینرێ [*Bassariscus astutus*] ۞ نوعی گربه

ring-tailed lemur *noun*
جۆرێ لیمۆر بە چەندین ئالقە لە دەوری چاوی، لیمۆری کلکئالقەیی [*Lemur catta*] ۞ نوعی لمور

ringtone /ˈrɪŋtəʊn, US -toʊn/ *noun*
دەنگی زەنگ، زرە (تەلەفون، موبایل و هتد) ۞ صدای زنگ

ringside view *noun*

تەواو لێوەدیار ۞ دید کامل

ring spanner *noun*
هاچەری رینگی ۞ آچار رینگی

ringtoss /ˈrɪŋtɒs, US -tɔːs/ = hoop-la

ringway = ring road

ringworm /ˈrɪŋwɜːm, US -wɜːrm/ *noun*
کەچەڵی، برینەزەردە: چەند نەخۆشییەکی contagious fungal کارگی یان کەڕوویی گیرۆی پێست، موو و نینۆخ و سم و چرنووکی گیانەوەرانی ماڵی کە لەوێدا تەوقن و پنکەی خڕی ورد دەردەکەوێ ۞ کچلی

rink /rɪŋk/ *noun*
(هەروەها ice link) پیست، مەیدانەسەهۆل، پارچە سەهۆڵێ بۆ خلیسکێن، هاکی و بەردەخزێ ۞ پیست

rinkhals /ˈrɪŋkhals/ *noun*
ئالەمل: جۆرێ کوبرای باشووری ئەفریکا، کوبراتەوقنە [*Hemachatus haemachatus*] ۞ نوعی کبرا

Rinpoche /ˈrɪnpɒtʃeɪ/ *noun*
مامۆستای دینی زۆر بەرێز، لە نێو بودائیتە تەبەتییەکاندا (بنەڕەت: لە تەبەتی بە واتای "گەوهەری بەنرخ") ۞ رینپوچی

rinse /rɪns/ *noun*
1 ئاوکێشان، تێهەڵکێشان، تێوەردان 2 دەمشۆرە، ئاوی دەمشۆردنەوە 3 نەرمکەرەوەی قژ ۞ 1 آبکشی 2 دهانشوی 3 نرمکنندەی مو

Rioja /rɪˈɒhə, US rɪˈɒkə/ *noun*
ریوجا: مەیێ کە لە La Rioja ی سپانیا ساز دەکرێ ۞ ریوجا

riot /ˈraɪət/ *noun*
1 ئاژاوە، نائارامی، پشێوی، شێواوی، ئاڵۆزی، هەڵا، جەنجاڵی، هەراوهوریا، چڕەوگوڕە، بەزموهەرا 2 (کۆن) هەڵسوکەوتی شەڕفرۆشانە ۞ 1 آشوب، شورش، بلوا، طغیان، غوغا 2 رفتار آشوب‌انگیز

riot act *noun*, read the riot act
جووڵانەوەی توندوتیژانە ۞ رفتار خشونت‌آمیز

rioter *noun*
ئاژاوەگێڕ، پشێوینەرەوە، سەربەگۆنگەڵ، کێشەسازکەر ۞ آشوبگر

riot gear *noun*
(پۆلیس) کەلوپەل یان شتومەکی دژی ئاژاوە ۞ تجهیزات ضد شورش

rioting *noun*
ئاژاوە، نائارامی، پشێوی، شێواوی، ئاڵۆزی ۞ آشوب، شورش، اغتشاش

riotous /ˈraɪətəs/ *adjective*
1 شلوق، جەنجاڵی، پڕهەراوهوریا، پڕهەڵا، بەچڕەوگوڕە، ئاژاوەگێڕ، پشێوینەرەوە، خۆمەشوێنکە 2 بێسەروبەرە، هەرزە، شێرزە ۞ 1 پرهیاهو، فتنه‌جو، آشوبگر 2 بی‌بندوبار

riotously /ˈraɪətəsli/ *adverb*
riotously funny : یەکجار، بێداد، لە رادەبەدەر ۞ فوق‌العاده

riotousness /ˈraɪətəsnəs/ *noun*
ئاژاوەگێڕی، هەڵاتانەوە، پشێوینانەوە، ئاڵۆزی هەڵگیرساندن ۞ آشوبگری

riot police *noun*
پۆلیسی دژی ئاژاوە یا ئاڵۆزی، پۆلیسی ئاژاوەڕەوێن ۞ پلیس ضد شورش

riot shield *noun*
قەڵغان یا مەتاڵی دژی ئاژاوە ۞ سپر ضدشورش

rip[1] /rɪp/ *noun*
1 دڕاوی، داتلیشاوی، هەڵقلیشاوی 2 دەسبڕی، گوێبڕی، قۆڵبڕی ۞ 1 پارگی 2 شیادی

rip[2] /rɪp/ *noun*
1 تەوژمی ئاو، خوڕاو، تافاو، تونداو 2 = rip current ۞ جریان تند آب

rip[3] /rɪp/ *noun*
1 مرۆی هەرزە یان بێڕەوشت 2 ماڵی ناچن یان بەدرەسەن 3 ئەسپی لەکارکەوتوو، کەلاکەئەسپ ۞ 1 آدم فاسد 2 بچەی تخس 3 اسب مردنی

RIP /ˌɑːr aɪ ˈpiː/ *abbreviation* requiescant/ requiescat in pace, also R.I.P
(لەسەر کێل و هتد) خوالێخۆشبوو ۞ روانشاد

riparian /raɪˈpeəriən, US -ˈper-/ *adjective*
1 (گۆماو، رووبار و هتد) کەناری، گوێشاوی، سەربە رۆخ 2 کەنارنشین، رۆخنشین ۞ 1 ساحلی 2 ساحل‌نشین

ripcord /ˈrɪpkɔːd, US -kɔːrd/ *noun*
پەتی کردنەوەی چەتر ۞ ریپکورد

rip current *noun*
شەپۆلی بەهێزی جاروباری بەرەو کەنار ۞ ریپ کیورنت

ripe /raɪp/ *adjective* (riper, ripest)
1 گەیشتوو، پێگەیشتوو، گەییو، هەراش، 2 ئامادە، *ripe fruit* ◊ *ripe wheat* :mature ئامادەی بەکارهێنان، پوختە، پێگەیشتوو: *This land is ripe for development* *The conditions were ripe for social change* 3 جێکەوتوو، گەڕاوە، تەمەنلێڕۆیشتوو، پوختە 4 (بۆن) توند و ناخۆش 5 (ماسی مێ یان مێروویێ) ئامادەی گەرادانان 6 = indecent: *ripe language* ۞ 1 رسیده 2 مستعد 3 بالغ 4 نامطلوب 5 رایپ

ripely /raɪpli/ *adverb*
گەییوانە ۞ به طور رسیده

ripeness /raɪpnəs/ *noun*
1 گەییوی، گەیشتوویی، هەراشی 2 ئامادەیی، پوختەیی، گەڕاوەیی، پێگەیشتوویی ۞ 1 رسیده

بودن 2 استعداد، بلوغ

rip-off *noun*

دەسبڕی، گرانفرۆشی، گوێبڕی، ڕاوڕووت، دزی ئاشکرا ◇ گرانفروشی، غارت

riposte /rɪˈpɒst, US rɪˈpoʊst/ *noun*

1 وەڵامی توند، وەڵامی خێرا و زیرەکانە (ب.ت. بۆ ڕەخنە) 2 زووکاردانەوە، کاردانەوەی توند ◇ 1 جواب سریع 2 عکس‌العمل شدید

ripper /ˈrɪpə(r)/ *noun*

درندە، ونجڕونجڕکەر، قەڵت‌قەڵت‌کەر، قەڵخێنەر، قەڵتێنەر، لەت‌وپەت‌کەر، هەڵدڕ (کەسێ کە کوژراوی بەردەستی لەت‌وپەت دەکا) ◇ مثله‌کننده

ripping /ˈrɪpɪŋ/ *adjective*

(ئافەرمی) عال، یەکجار باش ◇ عالی

ripple /ˈrɪpl/ *noun*

1 شەپۆل (چکۆلە)، برینجە، قەڵبەزە، دەنگی شەپۆل، دەنگی بەرز و نزمەوەبوو 2 (جۆگە) خورەخور 3 بەستەنی چەندرەنگ یا رەنگاورەنگ ◇ 1 موج (کوچک)، صدای موج، ریپل 2 غلغل 3 بستنی چندرنگ

ripple effect *noun*

کاریگەری زۆر یان فرەلایەنە، ئەنجامی زۆرلێکەوتوو ◇ اثر یا نتیجەی متعدد

ripple-seed *noun*

(رووەکناسی) گەلاڕکێشە، ئیسپەرزە، توخم‌سپی ◇ بارهنگ

riprap /ˈrɪpræp/ *noun*

1 هاژە 2 کەڵەکەبەرد، بەردچنی هەڕەمەکی ◇ 1 ریپ‌راپ 2 سنگ‌ریزە، سنگ‌چینی بی‌ترتیب

rip-roaring *adjective*

1 شلوق، پڕجەنجاڵی، پڕهەراوهوریا، بەچڕەوگوڕە، بەبەزموهەرا 2 سەرکەوتنی گەورە ◇ 1 پرهیاهو 2 موفقیت چشم‌گیر

rip-saw *noun*, also ripsaw

مشاری ددانەزل، هەرەی دان‌درشت ◇ ارەی راسته‌بر

ripsnorter *noun*

شتێکی نائاسایی ◇ چیز فوق‌العاده

ripsnorting *adjective*

(ئافەرمی) نائاسایی ◇ فوق‌العاده

rip-tide *noun*, also rip tide

هەستان و کشانی شەپۆلاوی یان توند ◇ جزر و مد شدید

rise /raɪz/ *noun*

1 بەرزی، بەرزایی، بڵندایی، گڤاندە، تەپ، سەرەوخواری، هەوراز، تەلان، لێژ، تەپ 2 هەستان، ڕاپەڕین، ڕابوون 3 بەرزبوونەوە، هەستان، هەڵکشان، چوونەسەرەوە، زۆربوون، پەرەسەندن، گەشەسەندن 4 پێشوەچوون، پێشکەوتن 5 هەڵاتن، دەرکەوتن، هاتنەدەر، پەیدابوون، سەرهەڵدان 6 سەرچاوە، زێدەر، چاوگ، کانی 7 (ماسی) هاتنەسەرێ 8 زۆربوونی مووچە یان حەق ◇ 1 بلندی، ارتفاع، سربالایی، تپه 2 قیام، خیزش 3 صعود، افزایش 4 ترقی، پیشرفت 5 طلوع، پیدایش 6 منشأ 7 (ماهی) بالاآمدن 8 افزایش حقوق

risen /ˈrɪzn/ = past participle of rise

riser /ˈraɪzə(r)/ *noun*

1 ڕاپەڕیو، ڕابوو، هەستاو، بڵیندەوەبوو 2 پێشەپلە، پێشی پلە، بەرەپلە، پێش‌پلە، بەرزایی پلە، ژێرپلە ◇ 1 خیزندە 2 پیشانی پله

rishi /ˈrɪʃi/ *noun*, *pl.* rishis

سەینت یان زیری هیندی (بنەڕەت: لە ṛṣi سانسکریتەوە) ◇ ریشی

risibility /ˈrɪzəˈbɪlətɪ/ *noun*

گاڵتەجاڕێتی، گاڵتەجاڕبوون، پێکەنینی‌بوون ◇ مضحک بودن

risible /ˈrɪzəbl/ *adjective*

risibly /ˈrɪzəbli/ (*adv*

گاڵتەجاڕ، پێکەنینی، قۆڕ ◇ مضحک

rising /ˈraɪzɪŋ/ *adjective, noun*

adj 1 بەرز، بڵیند 2 دەرپەڕیو، دەرپۆقیو 3 پەرەسەندوو، گەشەسەندوو، ڕوولەپەرە، ڕوولەزۆری 4 هەڵاتوو، هاتووەدەر، دەرکەوتوو *n* 1 ڕاپەڕین، هەستان، ڕابوون (چەکدارانە)، uprising ,insurrection 2 زیپکە، کوان، دمەڵ ◇ *adj* 1 برجسته 2 برآمده 3 در حال رشد، فزاینده 4 طالع *n* 1 شورش 2 جوش، دمل

rising damp *noun*

(خانوو) شێی ڕوولەزۆری یان ڕوولەپەرە، تەڕایی یان شێی ڕوولەسەرێ ◇ رطوبت افزاینده

rising fives *noun, pl.*

منداڵانی نزیک بە پێنج ساڵ، زەردوسوور ◇ بچه‌های دوروبر پنج سال

rising generation *noun*

بەرەی داهاتوو یا ڕوولەهەڵدان، وەچەی گەنج یا جەحێل ◇ نسل بالنده

rising star *noun*

کەسێکی بەداهاتوو یان سەرکەوتوو، مرۆی باشەڕۆژباش ◇ آدم موفق

risk /rɪsk/ *noun*

1 مەترسی، ملّ‌لەچەقۆسوون، مەترسی‌کاری، ئەگەری مەترسی یان زەرەر، ڕێ‌تێچوونی مەترسی 2 پارەی بیمە، بیمانە ◇ 1 خطر، احتمال خطر 2 مبلغ بیمه

risk capital = venture capital

riskful *adjective*

مەترسی‌دار، پڕمەترسی، ترس‌لەسەر ◇ مخاطره‌آمیز

riskfully *adverb*

مەترسی‌دارانە، بە شێوەیەکی پڕمەترسی ◇ به طور مخاطره‌آمیز

riskfullness *noun*

مەترسی‌داری، پڕمەترسی‌بوون، ترس‌لەسەربوون ۞ مخاطره‌آمیزی

riskily /ˈrɪskɪli/ *adverb*
پڕمەترسی‌یانە، مەترسی‌دارانە ۞ بەطور پرمخاطره

riskiness /ˈrɪskɪnəs/ *noun*
پڕمەترسی‌یتی، پڕخەتەربوون، مەترسی‌داری، بەترسی، جێی‌ترس بوون ۞ پرمخاطره بودن

risk-taker *noun*
مەترسی‌کار، خەتەرکار ۞ ریسک‌کننده

risk-taking *noun*
مەترسی‌کاری، مل‌لەچەقۆسوون ۞ ریسک کردن

risky /ˈrɪski/ *adjective* (riskier, riskiest)
پڕمەترسی، پڕخەتەر، مەترسی‌دار، پڕترس، بەترس، جێی‌ترس، hazardous ،dangerous: *It's far too risky to generalize from one set of results ◊ a risky investment* (تێبینی: هەروەها دەتوانرێ بوترێ "more risky" و "most risky") ۞ پرمخاطره

risotto /rɪˈzɒtəʊ, US rɪˈsɔːtoʊ, -ˈzɔː-/ *noun, pl.* risottos
ریزۆتۆ (جۆرێ چێشتی ئیتالیایی) ۞ ریزوتو

risqué /ˈrɪskeɪ, US rɪˈskeɪ/ *adjective*
(چیرۆک، قسە و هتد) پیس، عەیب، هەرزە، ناپەسند، بێ‌ئابڕوو، سێکسی، off-colour: *a risqué joke* ۞ مستهجن

rissole /ˈrɪsəʊl, US -soʊl/ *noun*
کفتە (rissoles، چێشتی کفتە؛ شفتە: کفتەی گۆشتی مەڕ) ۞ ریسول

ritardando /ˌrɪtɑːˈdændəʊ/ = rallentando

rites *noun, pl.*
1 نەریتی دینی، سرووت 2 ئاهەنگ، ڕێوڕەسم، نەریت، داب‌ودەستوور، ئایین (بنەڕەت: لە لاتینی ritus "(religious) usage") ۞ 1 مناسک 2 تشریفات، آیین

rites of passage *noun*
نەریت یان سروتەکانی تێپەڕین ۞ مناسک گذر

ritual /ˈrɪtʃuəl/ *noun, adjective*
1 *n* نەریت، سرووت، ئاهەنگ، ڕێوڕەسم، داب‌ودەستوور، ئایین، ceremonial: *religious rituals ◊ a ritual dance* 2 داب‌ودەستووری دینی یان ئایینی، نەریتی دینی *adj* ئایینی، داب‌ودەستووری، نەریتی، داب‌ودەستوور(ی)یانە: *ritual handshakes* ۞ 1 *n* مناسک، تشریفات 2 تشریفات مذهبی *adj* عبادی، تشریفاتی

ritualism /ˈrɪtʃuəlɪzəm/ *noun*
نەریت‌گەریی دینی، سرووت‌باوەڕی، پێبەندبوون بە سروتە ئایینی‌یەکان، لەبەرچاوگرتنی سرووت یا نەریتە دینی‌یەکان ۞ شعائرگرایی، آداب‌پرستی

ritualist /ˈrɪtʃuəlɪst/ *noun*
نەریت‌گەری دینی، سرووت‌گەر، سرووت‌باوەڕ، لایەنگری لەبەرچاوگرتنی سرووت یان نەریتە دینی‌یەکان ۞ شعائرگرا

ritualistic /ˌrɪtʃuəˈlɪstɪk/ *adjective*
کلیشەیی، نەگۆڕ، چەسپیو، جێگیر: *a ritualistic act of worship ◊ Objects connected with the saint have assumed an almost ritualistic significance* ۞ کلیشه‌ای، لایتغیر

ritualistically /ˌrɪtʃuəˈlɪstɪkli/ *adverb*
بە شێوەیەکی کلیشەیی، کلیشەیی‌یانە ۞ بە طور کلیشه‌ای

ritualization *noun*
بەڕێوەبردن یان جێبەجێ‌کردنی داب‌ودەستوور، لەبەرچاوگرتنی داب و دەستوور، کلیشەیی‌کردن، نەگۆڕاندن ۞ اجرای تشریفات، کلیشه‌ای‌سازی

ritualized *adjective*
بەپێی داب‌ودەستوور، داب‌ودەستووری‌یانە ۞ مطابق تشریفات

ritually /ˈrɪtʃuəli/ *adverb*
بەپێی نەریتی دینی، بەگوێرەی سرووتە ئایینی‌یەکان، نەریتانە: *The goat was ritually slaughtered* ۞ مطابق مناسک، به طور سنتی

ritual murder *noun*
قوربانی کردنی مرۆڤ لە ڕێگای خودایاندا ۞ قربانی کردن انسان در راه خدایان

ritzily /ˈrɪtsɪli/ *adverb*
جوان، بە شێوەیێکی شیک یان بەشکۆ ۞ بە طور مجلل یا لوکس

ritziness /ˈrɪtsinəs/ *noun*
جوانبوون، شیکی، شیک‌وپیکی، بەشکۆیی ۞ مجلل یا لوکس بودن

ritzy /ˈrɪtsi/ *adjective* (ritzier, ritziest)
جوان، شیک، شیک‌وپیک، گرانبایی، بەشکۆ ۞ مجلل، لوکس

rivage /ˈrɪvɪdʒ/ *noun*
کەنار، گوێئاو، دەمئاو، ڕۆخ ۞ کرانه، ساحل

rival /ˈraɪvl/ *noun, adjective*
1 *n* نەیار، هەڤڕک، بەرچەپ، هاوچاو، ڕکەبەر، ڕقەبەر: *The Japanese are our biggest rivals* 2 وێنە، (هاو)تا *adj* بەربەرەکانی‌کەر: *economic rivals ◊ a rival bid/claim/offer ◊ fighting between rival groups* ۞ 1 *n* رقیب، حریف 2 مانند *adj* رقیب

rivalry /ˈraɪvlri/ *noun, pl.* rivalries, also rivalship
نەیاری، هەڤڕکی، بەرچەپی، ڕکەبەری، ڕقەبەرایەتی، بەربەرەکانی: *political rivalries* ۞ رقابت

riven /ˈrɪvn/ *adjective*
داقلیشاو، داتلیشاو، لێکەوەبوو، لێک‌بلاوەبوو، پرش‌وبلاوەبوو ۞ ازهم‌دریده

river /ˈrɪvə(r)/ *noun*
1 ڕووبار، ڕۆ، چۆم، چەم 2 (خوازە) لافاو،

riverless ؛rivered adj) لێشاو، بڕێکی زۆر
(adj ○ 1 رود، رودخانه، شط 2 (مجازی) سیل

riverbank /ˈrɪvəbæŋk, US ˈrɪvər-/ *noun*
کەناری رووبار یا چۆم، دەم یا گوێی چۆم، لێوار رووبار ○ کرانەی رودخانه

river basin *noun*
گۆلاوی رووبار، گۆماوی چۆم، چۆماو ○ آبگیر رودخانه

river bed /ˈrɪvə bed/ *noun*
تەرکی رووبار، تەختی چۆم ○ بستر رودخانه

river blindness *noun*
کوێری رووبار یان چۆم، نەخۆشی کرمی رووبار: جۆرێ نەخۆشی پێستی گەرمێنان، جاروبار کوێری لێدەکەوێتەوە، بەهۆی کرمێکی دەزوولەیی مشەخۆرەوە تووش دەبێ و لە لایەن مێشوولە رەشەکانەوە کە لە رووبارەکاندا زاوزێ دەکەن رادەگوێزرێ ○ کوری رودخانه

river boat *noun*
بەلەم یان گەمی چۆم، لۆتکەی رووبار ○ قایق رودخانەرو

river capture *noun*
(زەویناسی) لادانی سروشتی بناوانی چۆم بۆ لایێکی تر، بەهۆی داخورانەوە ○ ریور کاپچر

river-horse /ˈrɪvə hɔːs/ = hippopotamus

riverine /ˈrɪvərʌɪn/ *adjective*
(تکنیکی، وێژەیی) سەربە یان هەڵکەوتوو لە رووبار یان کەنار چۆمێ ○ وابسته به یا واقع در روخانه یا کرانەی رودخانه

river load *noun*
چۆمبار، باری رووبار، رۆبار ○ رودبار

riverside /ˈrɪvəsaɪd, US -vərs-/ *noun, adjective*
n کەنار رووبار یان چۆم *adj* نزیکی رووبار یان چۆم ○ *n* کرانەی رودخانه *adj* مجاور رودخانه

river steamer *noun*
کەشتی چۆمگەڕ، کەشتی رووبارڕەو، کەشتی رووباری یان چۆمی ○ کشتی رودخانەرو

riverward *adjective, adverb,* also riverwards
بەرەو رووبار، رووڵە چۆم، بەرەو چۆم ○ بە سوی رودخانه

rivet /ˈrɪvɪt/ *noun*
گاو، بزماری پەرچ، پەرچ، میخی پەرچ، میخپەرچ ○ میخ پرچ

riveted *adjective*
1 سەوداسەر، شێتوشەیدا، دڵلێسەنراو 2 پەرچکراو، پەرچێنراو ○ 1 شیفته 2 پرچ‌شده

riveter *noun*
پەرچێنە، دەزگای پەرچ، پەرچەک ○ ماشین پرچ

riveting /ˈrɪvɪtɪŋ/ *adjective*
سەرنجڕاکێش، دڵبەر، سەوداسەرکەر، دڵڕفێن، تەلەسماوی، سیحراوی، engrossing: *a -eting story* (rivetingly *adv*) ○ مسحورکننده

Riviera /ˌrɪviˈeərə, US -ˈerə/ *noun*
1 (riviera) ناوچەیێکی کەناری بە گژوگیا و ئاوهەوای نیمچەگەرمێنانەوە 2 ریڤییێرا، ریڤیێرا (کەناری ئاووهەواخۆش و رابواردن) ○ ریویرا

rivière /ˌrɪvɪˈɛː/ *noun*
ملوانکەی لە گەوهەر یان ئەڵماس ○ گردنبند الماس یا جواهر

rivulet /ˈrɪvjələt/ *noun*
چۆمەڵ، زێ، لارووبار، لاچۆم، شەتاو (فەرەنسی) ○ رودچه، نهر

rivulose *adjective*
پێچاوپێچ، پێچپێچۆکەیی ○ مارپیچی

riyal *noun,* also rial
ریال، قران (= یەکەی پارەی دوبەی، قەتەر، سعودیا، ئێران و یەمەن؛ بنەرەت: بە رێگای فارسی لە *riyāl* عەرەبی، لە *real* سپانیایی "royal") ○ ریال

rm *abbreviation* room
(لە هوتێلدا) ژوور، دیو، هۆدە، وەتاغ ○ اتاق

Rn symb. the chemical element radon

RN *abbreviation* 1 Royal Navy 2 registered nurse
1 (لە بریتانیا) هێزی دەریایی پاتشایی 2 نەخۆشیاری راهاتوو، نەخۆشیاری پیشەیی ○ 1 نیروی دریایی سلطنتی 2 پرستار آموزش‌دیده

RNA /ˌɑːr en ˈeɪ/ *abbreviation* ribonucleic acid
ئارئێن‌ئەی، ئارئێن‌ئێی: ترشەلۆکی ریبونوکلوئیک، بڕوانە ribosomal RNA ،messenger RNA و (transfer RNA ○ آر.ان.ای

RNA polymerase *noun*
(زیندەکیمیا) پۆلی‌میرازی ئارئێن‌ئەی: هەریەک لە هەوێنەکان کە تاوی پێکهاتنی RNA دەدەن و RNA و DNA وەک نموونە یان تیمپلەیتێ بەکاردێنێ ○ پولیمراز آرانای

RNase *noun,* also ribonuclease
(زیندەکیمیا) هەوێنەی ئارئێن‌ئەی: هەوێنەیێ enzyme کە RNA تێک دەشکێنێ و دەیکاتە گەردی وردتر (لە -ase + RNA) ○ نوعی آنزیم

RNA synthetase *noun,* also replicase
(زیندەکیمیا) سین‌تێتازی ئارئێن‌ئەی: هەوێنەیێ کە تاوی پێکهاتنی ئارئێن‌ئەی ئەو خانانە دەدا کە تووشی ڤایرۆسەکانی ئارئێن‌ئەی بوون، هەوێنەیێ کە هانی پێکهێنانی گەردێکی RNA تەواوکەر دەدەن کە نموونەیێکی template ئارئێن‌ئەی بەکاردێنێ ○ سینتاز آرانای

RNA virus *noun*
(زیندەکیمیا) ڤایرۆسی ئارئێن‌ئەی: هەر ڤایرۆسێ

کـه RNA تیایـه، ڤایرۆسـی (وەک paramyxovirus یا retrovirus) کە ژینۆمەکانی لە RNA پێکهاتوون ۞ ویروس آرانای

roach[1] /rəʊtʃ, US roʊtʃ/ *noun*
1 قالۆنچـە، قرقـانج، بەرسـوورکە، سیـسرک 2 (cockroach) کنگەجگـەرە (هـی جگـەرەی مەریوانە) ۞ 1 سوسک 2 تەسیگار

roach[2] /rəʊtʃ, US roʊtʃ/ *noun, pl.* same
ڕوچ: جۆرێ ماسی، لە خێزانی carp [*Rutilus rutilus*] ۞ روچ

road /rəʊd, US roʊd/ *noun*
1 ڕێگا، ڕێ، جادە، کاروانەڕێ، ڕێک 2 شەقام 3 لەنگەرگا 4 ڕێڕەو یان گوزەر و ڕێگای بن عەرز یان گالێری لە کانگادا 5 (ئەمریکا) railroad ۞ 1 جاده 2 خیابان 3 لنگرگاه 4 و 5 رود

road agent *noun*
چەتە، ڕێگر، گۆران ۞ راهزن

road atlas *noun*
نەخشەی ڕێگاوبان ۞ اطلس راه

roadbed /ˈrəʊdbed/ *noun*
1 (ڕێگای ئاسن) تەرک، تەخت 2 (ڕێگاوبان) دارشتنی تەرک 3 سوارەڕێ، سوارەڕەو ۞ 1 (راه آهن) بستر 2 زیرسازی 3 سواره‌رو

roadblock /ˈrəʊdblɒk, US ˈroʊdblɑːk/ *noun*
1 بەربەست یان کۆسپی پشکنین، شوێنی پشکنین، پشکنینگە 2 ڕێبەست، ڕێگر ۞ 1 ایست بازرسی 2 سد راه

roadbook /ˈrəʊd bʊk/ *noun*
ڕێنامە، کتێبی ڕێگاوبان ۞ راهنامه

road fund licence – road tax disc

road hog *noun*
(نافەرمی) کەرەشۆفێر، بەرازی ڕێ ۞ راننده‌ی احمق

roadhouse /ˈrəʊdhaʊs, US ˈroʊd-/ *noun*
خواردنگە یان مەیخانەی نێوڕێ ۞ رستوران یا بار بین راه

road hump = speed hump

road kill *noun*, also roadkill
1 کوشتنی گیانەوەری لەسەر ڕێگا بە ماشێن 2 گیانەوەرێکی کوژراوی وا ۞ رود کیل

roadmaking /ˈrəʊd meɪkɪŋ/ *noun*
ڕێسازی، ڕێدروستکردن، سازکردنی ڕێگاوبان ۞ راه‌سازی

roadman /ˈrəʊdmən/ *noun, pl.* roadmen
کرێکاری ڕێگاوبان ۞ کارگر راه‌سازی

road-map *noun*, also road map
نەخشەی ڕێگاوبان، نەخشەڕێگا ۞ نقشه‌ی راه‌ها

road-metal /ˈrəʊd metl/ *noun*
بەردی شکاو، بەردی بەردڕێژ، زیخوبەردی تەرکی ڕێ ۞ سنگ شکسته

road movie *noun*
فیلمی ڕێگا (کەسایەتییە گرنگەکانی زۆربەی وەختیان لەنێو ڕێدا بەسەر دەبەن) ۞ رود موی

road racing *noun*
پێشبڕکێی ماشێنلێخوڕین (زۆرتر لە ڕێگاوبانی گشتی) ۞ مسابقه‌ی اتومبیل‌رانی

road-rage *noun*
تووڕەیی ڕێگا، ڕق و قینی ڕێگا، دڕی ڕێگا ۞ خشم جاده

road roller *noun*
ڕێکوت، ڕێگردێن ۞ غلتک راه‌سازی

roadrunner *noun*
جۆرێ باڵندەی گورجی کلکدرێژ، لە تیرەی cukoo [تـوخم *Geococcyx*: دوو جـۆرن] ۞ نوعی پرنده

road safety *noun*
ئاسایشتی ڕێگاوبان، باری پاراستنی ڕێوبان ۞ امنیت جاده‌ها

road sense *noun*
ئەقڵی ڕێگا ۞ شعور جاده

road show /ˈrəʊdʃəʊ, US ˈroʊdʃoʊ/ *noun*
1 (موسیقا، شانۆ و هتد) دەستەی گەڕۆک 2 (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و هتد) بلاوکردنەوەی لە دەرەوەی ستۆدیۆ ۞ 1 نمایش سیار 2 رودشو

roadside /ˈrəʊdsaɪd, US ˈroʊd-/ *noun*
باڵ ڕێگا، قەراخ ڕێ، کەناری ڕێگا ۞ حاشیه‌ی جاده

road sign *noun*
نیشانەی (باڵ) ڕێ ۞ علامت جاده

roadstead /ˈrəʊdstəd/ *noun*
لەنگەرگا (ی سروشتی)، کەشتیگا ۞ لنگرگاه

roadster /ˈrəʊdstə(r), US ˈroʊd-/ *noun*
1 سواری 2 ئەسپی ڕێگا 3 (دوو)چەرخی ڕێگا ۞ 1 مرکب 2 اسب جاده 3 دوچرخه‌ی جاده

road tax *noun*
(لە بریتانیا) ڕێیانە، باجی ماشێن ۞ مالیات اتومبیل

road tax disc *noun*
بڕوانامەیێ کە نیشان دەدا باجی ماشێنەکە دراوە، یافتەی باجی ماشێن ۞ برچسب مالیات اتومبیل

road test *noun*
تاقیکردنەوەی ڕێ (ب.ت. مۆدێلی تازە بە بەکارهێنانی لەسەر ڕێگا) ۞ آزمایش جاده

road train *noun*
ماشێنی باری یان ترێلیکێشی چەند واگۆنی ۞ رود ترین

road tunnel *noun*
تونێل یان ڕەهەندی ماشێنڕەو ۞ تونل ماشین‌رو

roadway /ˈrəʊdweɪ, US ˈroʊd-/ *noun*
سوارەڕێ، سوارەڕەو (لە بەرامبەر پیادەڕەودا) ۞ سواره‌رو

roadworks /ˈrəʊdwɜːks, US ˈroʊdwɜːrks/ *noun, pl.*
کــاری دروســـت کـــردن و چــاک کردنـــەوەی ڕێگاوبــان، ڕێ کــاری، ڕێ ســازی ۞ عملیــات ساخت یا تعمیر جاده

roadworthy /ˈrəʊdwɜːði, US ˈroʊdwɜːrði/ *adjective*
(ماشـــێن) گونجــاو بــۆ لێخــوڕین، لــەوەناچێ پـــەکی کـــەوێ، لـــە بـــارێکی بـــاش دا (*n* roadworthiliness: گونجـــاوبوون بـــۆ لێخوڕین) ۞ مناسب برای رانندگی

roam /rəʊm, US roʊm/ *noun*
گەڕان، پیاسە، پیادەڕۆیی، پیادەڕۆیین ۞ گشت

roamer *noun*
گــەڕاڵ، گەڕیــدە، پیاســەکەر، پیاســەچــی ۞ گشت کننده

roan[1] /rəʊn, US roʊn/ *noun, adjective*
n (گیانــەوەران ب.ت. ئەســپ و مانگــا) ئەسپی بازە یا بەڵەک، سوورکەوە *adj* سـووری مەیلەو قاوەیی، سـووری تۆخ: *a roan horse* ◊ *a* *roan calf* ۞ *n* اسب ابلق *adj* قرمز تیره

roan[2] /rəʊn, US roʊn/ *noun*
جـۆرێ چـەرمی نـەرم، لـە کەوڵـی مـەڕ یـا بـزن دروســـت دەبێ، بـۆ تێگـرتنی بـەرگی کتێب، لـە جیاتی morocco ۞ روان

roar /rɔː(r)/ *noun*
نەعرەتــە، نــەڕڕە، گــوڕە، قــۆڕە، گرمــە، هــاڕە، خرۆش، شریخە، هاوار، هەرا، هــەڵا، زەنا، ژاوە، بۆڵژن، قاقا، تریقە، شریخە، قریشکە (*n* roarer: نەعرەتــەکێش، نەڕێنــەر، گوڕێنــەر، شــریخێنەر؛ بنەڕەتێکی ئەڵمانیای ڕۆژاوای هەیـە) ۞ غـرش، نعره، فریاد، هیاهو، قهقهه

roaring /ˈrɔːrɪŋ/ *adjective*
1 پـڕدەنگ وهـەرا، بەشـریخە، بەگرمـە، پڕدەنگ، خرۆشێنەر 2 پڕجم وجۆڵ، بەکەیف، بـەتین وگوڕ، بەتین، بەگوڕ ۞ 1 پرهیاهو، پرصدا 2 سرزنده

roaring success *noun*
سـەرکەوتنی گەورە یا بەرچاو ۞ موفقیت بزرگ

roast /rəʊst, US roʊst/ *adjective, noun*
adj بریــان، بــرژاو، براشــتی، بووەکــەباب *n* 1 گۆشتی برژاو یان بریان 2 ڕەخنەی توند یـا تـاڵ (*adj* roasted: برژاو، بریان، براشتی؛ roaster *n*: 1 کـــووڕەی وشـــک کردنـــەوەی کـــانزا 2 فـڕووجی برژانـدن یـان بریـانی) ۞ *adj* بریــان، برشته *n* 1 گوشت بریان 2 انتقاد گزنده

roasting /ˈrəʊstɪŋ, US ˈroʊ-/ *noun, adjective*
n 1 تانەوتەشەر، تانەوتوانج، ناونیتکە 2 ڕەخنەی توند *adj* یەکجار گەرم یان وشک ۞ *n* 1 دعـوا 2 انتقاد گزنده *adj* خیلی داغ یا خشک

robber /ˈrɒbə(r), US ˈrɑːb-/ *noun*
دز، چەتە، جەردە ۞ سارق، دزد

robber fly *noun*
مێشـەچەتە؟ [خێزان Asilidae] ۞ نوعی مگس

robbery /ˈrɒbəri, US ˈrɑːb-/ *noun, pl.* robberies
دزی، چەتەگەری، (لێ)هەڵگرتن، دەس‌پیـــی ۞ سرقت، دزدی

robe /rəʊb, US roʊb/ *noun*
جلی درێژ و هـەراو، عـەبا، جـل‌وبـەرگی فـەرمی یان ڕێ‌وڕەسـمی (نیشانەیێ بۆ پۆست و پلەوپایە لە ئاهەنگی‌دا) ۞ ردا

robe de chambre *noun*
(فەڕەنــسی) روب‌دوشــامبر، خاولـەی بـەری ۞ روب دوشامبر

robin /ˈrɒbɪn, US ˈrɑːb-/ *noun*
1 (گیانەوەرناسـی) بووکەســوورە [*Erithacus rubecula*] 2 (هــەروەها American robin) بووکەســـــوورەی ئـــەمریکایی [*Turdus migratorius*] 3 بۆ ناونانی گەلێ باڵندەی وا کە پێوەندی‌یان پێکـەوە هـەیـە، ب.ن. Pekin robin ۞ 1 سینەسرخ 2 نوعی سینەسرخ

Robin Goodfellow *noun*
(لە کەلەپووری ئینگلیسی‌دا) جنۆکـە، ڕۆح یـان گیانی خراپ ۞ روح خبیث

robinia /rəˈbɪnɪə/ *noun*
دار یـا دەوەنێکـی ئـەمریکای بـاکووری [تـوخم *Robinia*] (بنـــەڕەت: لـــە نـــاوی Jean و *Robin* Vespasien، باخـەوانـانی فـەڕەنـسی سـەدەی 17) ۞ نوعی درخت

robin's-egg blue *noun*
(ئەمریکا) ڕەنگی شینی سەوزباو ۞ رنـگ آبـی متمایل به سبز

robin's pincushion = bedeguer

robot /ˈrəʊbɒt, US ˈroʊbɑːt/ *noun*
روبــات، بێگــارە (بنـەڕەت: لـە *robota* چێکـی "forced labour") ۞ آدم‌وارە

robot bomb *noun*
بۆمبی خۆکار یان ئۆتۆماتیکی ۞ بمب خودکار

robotic /rəʊˈbɒtɪk, US roʊˈbɑːtɪk/ *adjective*
میکـانیکی، دەزگـایی، روبـاتی، روبـات‌ئاسـا ۞ مکانیکی، روبات‌مانند

robotics /rəʊˈbɒtɪks, US roʊˈbɑːt-/ *noun, pl.*
روبات‌ناسی ۞ روبات‌شناسی

robotization *noun*
ڕۆباتیزەیشن، خۆکارکردن، ئۆتۆماتیکی‌کردن ۞ روباتیزاسیون

robust /rəʊˈbʌst, US roʊ-/ *adjective* (robuster, robustest)
1 لەش‌ساخ، بەقەوەت، ســلامەت، نێر، گوستاخ،

بەهێز، دووباد، هەیکەلی، بەقەلافەت، بەزەبر، لەسەریەک، پتەو، تۆکمە، بەرگەگر، بەبڕیار، شێلگیر، سوور، بڕا، بەگون، بەزاکون، بڕایانە، شێلگیرانە 2 (وەرزش) قورس 3 (مەی یان چێشت) پەتی، خەست (**robustly** /rəʊ'bʌstli, US rəʊ-/ *adv*: شێلگیرانە، بڕایانە، لێبڕاوانە؛ **robustness** *n*: پتەوی، تۆکمەیی، لەسەریەکی، بەزەبری، بەقەوەتی، بەهێزی، گوستاخی) ۞ 1 تندرست، قوی، هیکل‌دار، محکم، مصمم، قاطعانە 2 (ورزش) نیروبر 3 (شراب) ناب

robusta *noun*

دانی قاوەی چەندین جۆرێ گیای [*Coffea canephora*، جاران *robusta*] قاوەی ئەفریکای رۆژاوا ۞ روبوستا

roc /rɒk/ *noun*

روخ، راک (باڵندەیەکی ئەفسانەیی گەورە؛ بنەڕەت: لە *ruk*ی فارسی و لە شەوانی عەرەبی‌دا باس کراوە) ۞ رخ

rocaille /rə(ʊ)'kʌɪ/ *noun*

بەردینە: جۆرێ شێوازی بیناسازی یان هونەری سەدەی هەژدە (رازاندنەوە بە زیخ و لەپکە و سەدەف) ۞ روکاییل

rocambole /'rɒk(ə)mbəʊl/ *noun*

سیرەکێویلە [*Allium scorodoprasum*] ۞ سیرکوهی

roche noutonnée /ˌrɒʃ muː'tɒneɪ/ *noun*, *pl.* roches moutonnées pronunc. same

(زەویناسی) بەردەخورینە: دەرکەوتەی چکۆلەی رووتەنی بەردێ بە هۆی داخورانی سەهۆڵبەندانی‌یەوە وای لێهاتووە، لایێکی رێک و لووس و کەم‌لێژ و لاکەی تری ناڕێک و زۆرلێژ (لە فەرەنسی‌یەوە "بەردەخورینە fleecy rock") ۞ سنگ گردەگوسفندی

Rochelle salt *noun*

خوێی رۆشێلت: خوێی بلوورین $KNaC_4H_4O_6 \cdot 4H_2O$ کە وەک دەرمانێکی رەوانی نەرم وایە ۞ نمک روشلت

rochet /'rɒtʃɪt/ *noun*

(کلێسەی کریستیەن) بەرگێ لە شێوەی surplice، زۆرتر گەورەقەشە bishop و سەرۆکی دەیرەکان abbot دەیپۆشن ۞ راچیت

rock[1] /rɒk, US rɑːk/ *noun*

1 بەرد، کەڤر، تەختەبەرد، یاس، زنار، رەوەز، هێرک، کەمەر، گاشەبەرد، تەقتەق، تەقتەقان، تیشەبەرد، تاشەبەرد، زاخۆر، تیشەشاخ، ماەوزەرد، ماهوزەرد 2 رووژە (ئەڵماس) یان بەردێکی بەنرخی دی 3 لەتکەی کۆکائینی کراکی 4 (rocks، زمانی بازاڕی) جووتەگونی پیاو، گونەویلە 5 the Rock = Gibraltar 6 (زەویناسی) هەر کەرەسە یان ماکێکی خۆڕسکی بە پێکهاتەی کانی جیاوازەوە 7 = boulder (**rock-like** /'rɒklaɪk/ *adj*: بەردئاسا، سەخت، رەق، بەردین، ریشەداکوتاو، دانەهاتوو، بنج‌داکوتاو) ۞ 1 سنگ، صخرە 2 و 3 و 4 راک 5 جبل‌الطارق 6 راک

rock[2] /rɒk, US rɑːk/ *noun*

1 لەرینەوە، لەرە، جمان، راژان، تەکە، تەکان، جوولە (بۆ ئەملاو ئەولا) 2 = rock music ۞ لرزش، جنبش

rockabilly /'rɒkəbɪli, US 'rɑːk-/ *noun*

راکابیلی (جۆرێ موسیقای ئەفریکی کە لە راک و رول پێکهاتووە، تێکەڵەی rock and roll + hillbilly) ۞ راکابیلی

rock and roll *noun*, also rock 'n' roll

راک ئەند رول (جۆرێ موسیقای گەلی لە پەنجاکان‌دا، بە ترپە یان ریتمی توند و کرژەوە) ۞ راک اند رول

rock bass *noun*

جۆرێ sunfishی چاوسووری ئەمریکای باکووری [*Ambloplites rupestris*] ۞ نوعی ماهی

rock-bottom /ˌrɒk 'bɒtəm/ *noun*, *adjective*

n خوارترین ئاست یان خاڵ، نزم‌ترین ئاست *adj* (نرخ) هەرزان، هەرهیچ، مفت، خۆڕایی ۞ *n* پایین‌ترین نقطە یا سطح *adj* ارزان

rockbound /'rɒk baʊnd/ *adjective*

(کەنار) بەردی، پڕبەرد، بەرداوی ۞ سنگی

rockburst *noun*

هەرەسی بەرد (ی کانگا)، دارووخانی بەتەوژمی بەرد ۞ راکبرست

rock cake *noun*

کەیکی لە مێوژ یان کشمیشی ۞ کیک کشمشی

rock candy /'rɒk 'kændɪ/ *noun*

(جۆرێ شیرینی رەق لە وێنەی) نەبات ۞ نبات

rock climb = rock climbing

rock climber *noun*

بەردەوان، تاشەوان (**rock climbing** *n*: بەردەوانی) ۞ صخرەنورد

rock-cork /'rɒk kɔːk/ *noun*

لۆکەکێوی، پەمووەکێوی ۞ پنبە کوهی

Rock Cornish hen *noun*, also Rock Cornish, Rock Cornish game hen

مریشکی خۆماڵی تێکەڵەی نژادی کۆرنیایی و مریشکی سپی پلیموتی راک Plymouth Rock، ب.ت. بۆ فڕووجی بریانی ۞ نوعی مرغ

rock cress = arabis

rock-crystal /'rɒk krɪstl/ *noun*

کوارتزی بێ‌ڕەنگ یان بلوورین، کریستالی بەردی ۞ در کوهی

rock dash *noun*

مالاتی (لە) زیخ ۞ ملاط ریگ‌دار

rock dove *noun*, also rock pigeon
[*Columba livia*] کوترەبەردینە، کوترەکیوی
۞ نوعی کبوتر

rock drill /'rɒk drɪl/ *noun*
سمۆی کێوبڕ یان بەردبڕ ۞ مته‌ی سنگ‌بری

rocker /'rɒkə(r), US 'rɑːk-/ *noun*
1 کورسی یان ئەسکەملی خۆڕاژێنە یان لانکەیی 2 کەسێ کە موسیقای راک بەڕێوەدەبا، پێخۆشە یان سەمای بۆ دەکا 3 داری ژێرەوەی لانکە، داری کەوانەیی، ڕەوڕەوە، گیاخۆرە؟ 4 تەشتی خۆڵەشۆرکردن 5 کلیلی کارەبا 6 (rockers) راکێرەکان (تیپێ لە لاوانی بریتانیایی لە شەستەکاندا کە باڵتەیەکی چەرمی‌یان لەبەر دەکرد و سواری مۆتۆڕ دەبوون و گوێیان دەدایە موسیقای راک ئەند ڕوڵ) ۞ 1 صندلی راکی 2 راکر 3 رورروه 4 لاوک خاک‌شویی 5 کلید برق 6 (در جمع) راکرز

rocker switch *noun*
کلیلی کارەبا یان ئێلیکتریسیتی (ناسایی) ۞
کلید برق

rockery /'rɒkəri, US 'rɑːk-/, *pl.* rockeries
= rock garden

rocket[1] /'rɒkɪt, US 'rɑːkɪt/ *noun*
1 مووشەک، راکێت، دووخە، حەواویلکە 2 وژەک، فیشەکەشێتە، فیشەکەحەوایی 3 پیاهەڵکاڵان، بەگژداهاتن (بنەڕەت: لە *roquette* فەڕەنسی، لە *rocchetto* ئیتالیایی، چکۆلێنراوی *rocca* "distaff (بۆ خولانەوەکەی)"، لەگەڵ ئاماژە بە شێوەی لوولەکی‌یەکەی) ۞ 1 موشک 2 فشفشه 3 توبیخ

rocket[2] /'rɒkɪt, US 'rɑːkɪt/ *noun*, also roquette
1 (رووەک‌ناسی) بنەوشیلە (garden rocket) 2 بۆ ناوی [*Eruca vesicaria subsp. sativa*] ئەو گیا و رووەکە زووهەڵدەرانەی ئەو خێزانە بەکاردێنرێ، ب.ن. sweet rocket 3 (London rocket-seeds شیوەران، خاکشیر) ۞ راکت

rocketeer *noun*
مووشەکەوان، راکێتەوان، کەسێ کە کار بە راکێتە بۆشایی‌یەکان دەکا یان دایان دەڕێژێ ۞ راکیتیر

rocket launche *noun*
بازوکا، مووشەک‌هاوێژ، مووشەک‌خەر، راکێتاوێژ ۞ موشک‌انداز

rocketry *noun*
راکێت‌ناسی، مووشەک‌ناسی (لقێ لە زانست یان تێکنۆلۆژی لەبارەی مووشەک یان راکێتەوە) ۞ علم موشک

rocket science *noun*
راکێت‌ناسی، مووشەک‌ناسی، زانستی مووشەک ۞ علم موشک

rocket scientist *noun*
1 راکێت‌ناس، مووشەک‌ناس، زانای مووشەک 2 مرۆی زۆر زیرەک ۞ 1 عالم موشک 2 آدم زبل

rocket ship *noun*
کەشتی مووشەک‌دار یان مووشەک‌لەسەر ۞ کشتی موشکی

rockfall /'rɒkfɔːl, US 'rɑːk-/ *noun*
1 (زەوی‌ناسی) بەردڕووخان، هەرەسەبەرد 2 کەڵەکەبەرد یان هەرەسەی بەرد ۞ 1 سنگ‌شار 2 توده‌ی سنگ ریخته‌شده

rockfish *noun, pl.* same or rockfishes
بەردەماسی: جۆرێ ماسی ئاوی لە خێزانی scorpionfhish [توخم *Sebastes*: گەلێ جۆرن] ۞ نوعی ماهی

rock flour *noun*
ئاردەبەرد، خاکەبەرد، گەردەبەرد (بە هۆی glacial یان داخورانەوە) ۞ آرد سنگ

rock garden *noun*
باخچە یان باخی لە بەرد ۞ باغ تزئینی سنگی

rock-hard *adjective*
1 سەخت، ڕەق، پتەو، قایم، وەکوو بەرد 2 سڵ‌نەکردوو، بێ‌باک، کۆڵنەکردوو، نەترس، شێرکرۆژ ۞ 1 سفت، محکم 2 نترس

rockhopper *noun*
پێنگوئەنێکی پۆپە زەردباو [*Eudyptes chrysocome*] ۞ نوعی پنگوئن

rockhound *noun*
(نافەرمی) ئاماتۆر یا زەوی‌ناسێ کە نموونەکانی کانی‌یێ کۆ دەکاتەوە، کانەچن ۞ راک‌هوند

rocking *noun, adjective*
n 1 بەرد، بەردی ورد 2 جووڵە، ڕاژان، تەکان، جمان *adj* جووڵۆک، جمۆک ۞ *n* 1 سنگ، سنگ ریز 2 جنبش *adj* جنبنده

rocking chair *noun*
ئەسکەمل یا کورسی لانکەیی، سەندەڵی خۆڕاژەنە ۞ صندلی گهواره‌ای

rocking horse *noun*
ئەسپی خۆڕاژەنە، ئەسپەلانکە ۞ اسب جنبان

rock-limber *noun*
بەردەوان، ڕەوەزەوان (rock-limbing *n*) ۞ سنگ‌نورد

rockling *noun*
جۆرێ ماسی‌یەباریکە، لە تیرەی cod [توخمەکانی *Ciliata* و *Rhinomenus*: چەندین جۆرن] ۞ نوعی ماهی

rock music *noun*
موسیقای راک ۞ موسیقی راک

rock 'n ' roll = rock and roll

rock oil /'rɒk ɔɪl/ *noun*
نەوت، petroleum ۞ نفت

rock pigeon = rock dove

rock pipit *noun*
باریکەبەردینە (هی کەنارە بەردینەکانی rocky shores باکووری ڕۆژاوای ئەورووپا [*Anthus petrosus*]) ۞ نوعی پیپیت

rock plant *noun*
گیای بەردی یان لەسەربەردشینبوو، ڕووەکی بەردەژی ۞ گیاه سنگزی

rock pool *noun*
ئەستێر یان گۆلی لەبەرد، ئەستێری بەردین ۞ استخر سنگی

rock rabbit = pika

rock-ribbed *adjective*
1 (لە ئەمریکای باکووری) uncompromising، ب.ت. دەربارەی لایەنگیری یان ڕێبازێکی سیاسی 2 rocky ۞ سازش‌ناپذیر

rock rose *noun*
دانمەلوچینک، گوڵەباخەبەردینە، هی ناوچە مامناوەند و گەرمەکان [توخمەکانی *Cistus* و *Helianthemum*] ۞ گل آفتابی

rock salmon *noun*
1 جۆری snapper ی گەرمێنان، لە دەریا و ڕووباردا دەس دەکەوێ، بۆ خۆراک و سپۆرت بەنرخە [*Lutjanus argentimaculatus*] 2 (بریتانیا) dogfish یان wolf fish وەک خۆراک ۞ نوعی ماهی

rock salt /'rɒk sɔ:lt/ *noun*
بەردەخوێ: خوێی ئاسایی کە لە سروشتدا وەک کان هەیە ۞ سنگ نمک

rockslide = rockfall

rock-solid *adjective*, also rock-steady
1 نەگۆڕ، باوەڕپێکراو، پشت‌پێ‌بەستراو، جێی‌متمانە، لێ‌ڕاپینراو: *The support for the party was rock-solid* 2 پتەو، خۆڕاگر، توکمە، ڕەق، سەخت، نەشکێن: *The ice on the river was rock-lid* ۞ 1 محکم، معتمد 2 سفت، استوار

rocksteady *nonu*
جۆرێکی سەرەتای موسیقای reggae، لە بنەڕەتا لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لە جامائیکا سەری هەلدا، بە tempo یێکی ئارامەوە ۞ راکاستادی

rockumentary *nonu*
(ئافەرمی) فیلمێکی بەڵگە(نامە)یی دەربارەی موسیقا و موزیسیەنەکانی ڕاک (لە rock[2] + documentary) ۞ راکیومنتاری

rocky tripe *nonu*
کەرێژەبەردیکی foliose [وەک توخمی *Umbilicaria*] ۞ نوعی گل‌سنگ

rocky wood *nonu*
جۆرێ ماک یان مەتریالی ئائەندامی، ب.ت. بۆ insulation یان soundproofing بەکاردێتری ۞ راک وود

rocky /'rɒki, US 'rɑ:ki/ *adjective* (rockier, rockiest)
1 بەردی، بەردناسا، کەڤری، تەقتەقان، بەرداوی، بەردەڵان: *2 a rocky coastline ◊ rocky soil* سست، لەرزۆک، لەق، بەرگەنەگرتوو، قرچۆک، ڕووخەک، ناجێگیر: *a -y marriage* (rockily، rockiness /'rɒkıli, US 'rɑ:kıli/ *adv* :/'rɒkinəs, US 'rɑ:kinəs/ *n* 1 بەردەڵانی، ئاڕێکی، بەرداویبوون 2 سستی، لەقی، ناجێگیری) ۞ 1 سنگی، صخره‌ای 2 متزلزل

Rocky Mountain goat fever – Mountain goat 1

Rocky Mountain spotted fever = spotted fever

rocky shore *noun*
کەناری بەرداوی، گوێشاوی بەرداوی ۞ ساحل سنگی

rococo /rə'kəʊkəʊ, US rə'koʊkoʊ/ *noun, adjective*
n ڕۆکۆکۆ (شێوازێکی وێژەیی، هونەری، موسیقایی، بیناسازی و هتد لە ئەورووپای سەدەی هەژدەیەم) *adj* 1 سەربە ڕاکۆکۆ 2 سەیروسەمەرە ۞ *n* روکوکو *adj* 1 وابسته به روکوکو 2 عجیب و غریب

rod /rɒd, US rɑ:d/ *noun*
1 میل، میلە 2 دار، شوول، توول، شیف 3 گۆچان، داردەس 4 ڕاد (یەکەی پێوانی درێژایی بەرامبەر 5 میتر) 5 داری ڕاوەماسی 6 (ئافەرمی، ئەمریکا) دەمانچە، چەکی سووک، حەوتیر (بنەڕەت: ئینگلیسی کۆن، ڕەنگە پێوەندی بە *rudda* نۆروێژی کۆنەوە هەبێ "club") ۞ 1 میل، میله 2 چوب 3 عصا 4 راد 5 چوب ماهی‌گیری 6 (عامیانه) هفت تیر

rode[1] /rəʊd, US roʊd/ = past of ride

rode[2] /rəʊd, US roʊd/ *noun*
تەنافی بەستەوەی لەنگەر یان لاگیرە ۞ رود

rodent /'rəʊdnt, US 'roʊ-/ *noun*
(گیانەوەری) کرتێنەر، خورۆک ۞ جونده

Rodentia *noun, pl.*
(گیانەوەرناسی) کرتێنەران، خورۆکان: rat، mice، beaver، squirrel و porcupine ەکان دەگرێتەوە ۞ جوندگان

rodenticide /rə'dentısaıd/ *noun*
کرتێنەرکوژ، خورۆ(ک)کوژ ۞ جونده‌کش

rodent ulcer = basal cell carcinoma

rodeo /'rəʊdiəʊ, rəʊ'deıəʊ, US 'roʊdioʊ, roʊ'deıoʊ/ *noun, pl.* rodeos
ڕۆدیۆ (شانۆیێ کە لەودا گاسوارەکان شارەزایی خۆیان وەکوو کەمەندهاوێژی، ئەسپسواری و هتد پیشان دەدەن) ۞ رودیو

rodlike /'rɒdlaık/ *adjective*

دارئاسا، میلەئاسا، میلەیی ۞ چوب‌مانند، میله‌مانند

rodomontade /ˌrɒdə(ʊ)mɒnˈteɪd/ *noun*

خۆهەڵکێشان، گەزاف یا لافلێدان، لافوگەزاف ۞ رجزخوانی، لاف‌زنی

roe[1] /rəʊ, US roʊ/ *noun*

1 (هەروەها hard roe) گەرا، خرز، ولتە 2 (soft roe) باتووی گەیبوی ماسی نێر، ب.ت کاتێ وەک خۆراک وایە ۞ 1 اشبل، تخم ماهی 2 رو

roe[2] /rəʊ, US roʊ/ *pl.* same or roes = roe-deer

roebuck /ˈrəʊ bʌk/ *noun*

(گیانەوەرناسی) نێرەی فیلەگێژە ۞ مادەی رودیر

roe-deer /ˈrəʊ dɪə(r)/ *noun, pl.* same or roes

(گیانەوەرناسی) فیلەگێژە [*Capreolus capreolus*] ۞ رودیر

roentgen /ˈrɜːntjən, ˈrɒnt-, -gən, US ˈrentjən, ˈrənt-, -dʒən/ *noun, adjective*

n رانتگێن (= یەکەی پێوان و ئەندازەگرتنی تیشکی ئیکس) *adj* 1 سەربە تیشکی ئیکس 2 سەربە رانتگێن (کورتەکەی R؛ بنەڕەت: لە ناوی دۆزەری تیشکی ئیکس و پزشکی ئەڵمانی Wilhelm Conrad *Röntgen*) ۞ *n* رونتگن *adj* 1 وابسته به اشعه‌ی ایکس 2 وابسته به رونتگن

roentgenogram /ˈrʌntjənə(ʊ)gram, ˈrəːnt-, ˈrɒnt-, -gənəʊ, -ʒənəʊ/ *noun*, also roentgenograph

وێنە بە تیشکی ئیکس ۞ عکس با اشعه‌ی ایکس

roentgenography /ˌrʌntjəˈnɒgrəfi, ˌrəːnt-, ˌrɒnt-/ *noun*

وێنەگرتن بە تیشکی ئیکس ۞ عکس‌برداری با اشعه‌ی ایکس

roentgenology[1] /ˌrʌntjəˈnɒlədʒi, ˌrəːnt-, ˌrɒnt-/ *noun*

رانتگێنۆلۆژی (= لقێکە لە تیشکناسی کە لەبارەی تیشکی ئیکسەوە بۆ دەس‌نیشان‌کردنی نەخۆشی‌یەکان و چارەسەرکردنیان دەتوێژێتەوە) ۞ رونتگنولوژی

roentgenology[2] /ˌrʌntjəˈnɒlədʒi, ˌrəːnt-, ˌrɒnt-/ *noun*

چارەسەرکردن یان تیمار بە تیشکی ئیکس ۞ رونتگن‌درمانی

roentgen rays *noun, pl*

تیشکی ئیکس ۞ اشعه‌ی ایکس

rogan josh /ˌrəʊg(ə)n ˈdʒəʊʃ/ *noun*

جۆرێ چێشتی هیندی ۞ نوعی غذای هندی

rogation /rə(ʊ)ˈgeɪʃ(ə)n/ *noun*

(لە کلێسەی کریستانیەتدا) پاڕانەوە، تکاکاری (بنەڕەت: لە *rogatio(n-)* لاتین، لە *rogare* "پاڕانەوە، داواکردن") ۞ نیایش

Rogation Days *noun, pl.*

ڕۆژانی پاڕانەوە، سێ‌ڕۆژانەی پاڕانەوە ۞ روزهای نیایش

Rogation Sunday *noun*

سێ‌شەممەی پاڕانەوە، پێش ڕۆژی هەڵکشانی مەسیح Ascension ۞ سه‌شنبه‌ی نیایش

roger[1] /ˈrɒdʒə(r), US ˈrɑːdʒ-/ *noun*

راجێر (لە پێوەندی‌کردنی رادیۆیی، بە واتای تێگەیشتم، بیستم) ۞ راجر

roger[2] /ˈrɒdʒə(r), US ˈrɑːdʒ-/ *interjection*

باشە! چاکە! خاس! ئهم! ۞ خب!

rogue[1] /rəʊg, US roʊg/ *noun*

1 بنیادەمی بێ‌ئابڕوو، خوێڕی‌یەپیاو، چرووک، موقورباز، بێ‌شەرەف 2 (زۆرتر بە شۆخی) تۆخمی سەگ، جسنی سەگ، زۆڵە، زۆڵی سەگ ۞ 1 آدم رذل، وضیع 2 تخم‌جن

rogue[2] /rəʊg, US roʊg/ *adjective*

1 (گیانەوەری کێوی، ب.ت. فیل) تەنیا، تەنیازی، لە مێگەڵ جیاوەبوو، پەڕیوە، تەرە 2 ناکاو، نائاسایی، چاوەڕواننەکراو 3 ڕووەکێ کە لە قاریتەی ستانداری خۆی لای داوە ۞ 1 تک‌زی 2 ناگهانی 3 روگ

roguery /ˈrəʊgəri/ *noun*, also roguishness

بێ‌ئابڕوویی، خوێڕیەتی، سووکی، دەغەڵی، پەستی، ناپاکی، بێ‌شەرەفی، چرووکی ۞ رذالت، فرومایگی، بی‌شرفی

rogues' gallery *noun*

(نافەرمی، پۆلیس) ئارشیف یان کۆمەڵەی وێنەی تاوانکاران ۞ مجموعه‌ی عکس‌های مجرمان

roguish /ˈrəʊgɪʃ, US ˈroʊ-/ *adjective*

1 سووک، چرووک، خوێڕی، پەست، scoundrel 2 شەیتانانە، زۆڵانە، قۆشمەگەرانە: *a roguish smile* (roguishly /ˈrəʊgɪʃli, US ˈroʊ-/ *adv*: 1 شەیتانانە 2 لە ڕووی پەستی‌یەوە، سووکانە؛ roguishness /ˈrəʊgɪʃnəs, US ˈroʊ-/ *n*) ۞ 1 لئیم، فرومایه 2 شیطنت‌آمیز

Rohypnol /rəʊˈhɪpnɒl/ *noun*

(دروشمی بازرگانی) ڕۆهیپنۆل، جۆرێ دەرمانی بەهێزی هێورکردنەوە، لە دەستەی benzodiazepine ۞ روهیپنول

roisterer *noun*

نەعرەتەکێش، نەڕێنەر، گوڕێنەر، شریخێنەر، نەڕەنەڕەوە ۞ عربده‌کش

roistering /ˈrɔɪstərɪŋ/ *noun, adjective*

1 نەعرەتەکێشی، نەڕاندن، گوڕاندن، شریخاندن 2 نەعرەتەکێش، نەڕێنەر، گوڕێنەر، شریخێنەر، نەڕەنەڕەوە ۞ 1 عربده‌کشی 2 عربده‌کش

Roland /ˈrəʊlənd/ *noun*, a Roland for an Oliver

کاردانەوەی کاریگەر ۞ عکس‌العمل تأثیرگذار

role /rəʊl/ *noun*

1 تۆمار، گۆڕۆز 2 ڕۆڵ، دەور، نەخش، ئەرک،

played a major role in the :کار، پەیور
negotiations ◯ 1 طومار 2 نقش، رل، وظیفە

role model *noun*
نموونە، میناک، سەرمەشق ◯ الگو، سرمشق

role-play *noun*, also role playing
ڕۆڵگێڕی (**role-player** *n*) ◯ نقش‌گزاری

roll /rəʊl, US roʊl/ *noun*
1 ئالقە، ڕۆڵ، لوول، لوولە 2 تۆمار، گۆرۆز 3 تۆپ، گرمۆلکە، هەلپێچە، گلۆلە، تاقە، پێچ، پێچە، گروڤەر 4 (نانی) بابۆلە(یی)، نانی ساندویچی یان هەمبێرگەری 5 لیستە، لیستەی ناوەکان، ناونامە 6 تل، گلار، تلار، خل، گل، خلۆر، تلاوتل، بەملاوبەولاداکەوتن، تەکەتەک، لانکەکردن، گەلاوگەل، وەرسووڕان، خولانەوە، پێچخواردن 7 گرمە، شریخە 8 دەستە، تاقم 9 ڕەوانی 10 شەپۆل لێدان 11 (بیناسازی) تۆماری، تۆمارە، لوولی 12 چەپکە یان بەستە ئەسکەناس ◯ 1 حلقە، لولە 2 طومار 3 طاقە 4 نان ساندویچی 5 فهرست، صورت اسامی 6 غلت، تلوتلو، گردش 7 غرش 8 گروه 9 سلاست 10 تموج 11 پیچک 12 بستەی اسکناس

rollback /'rəʊlbæk, US 'roʊl-/ *noun*
کەمبوونەوەی نرخ، نرخدابەزین، هاتنەخوارەوەی نرخ و بایی: *a government-ordered rollback of gasoline prices* ◯ کاهش قیمت

roll bar *noun*
لوولەی پاراستن یان پارێزەر ◯ لولەی محافظ

roll-call /'rəʊl kɔːl/ *noun*
خوێندنەوەی لیستەی ناوەکان (لێرەبوو و لێرەنەبوو) ◯ حضور و غیاب

rolled *adjective*
لوولکراو ◯ لولەشدە

rolled gold *noun*
ڕووکێش یان ڕووکەشی زێڕ ◯ روکش طلا

rolled oats *noun, pl.*
پەرشەی هاڕاو یا ساوراو ◯ جو دوسر خردشدە

rolled-up *adjective*
1 لوولکراو، هەلپێچراو 2 (قۆل و هتد) هەلکراو، لوولکراو، دراوەسەری ◯ 1 لولەشدە 2 (آستین و...) بالازدە

roller /'rəʊlə(r), US 'roʊ-/ *noun*
1 تلارەوەبوو، خلارەوەبوو، تلخواردوو، گلێرەوەبوو، خلۆرە 2 باگردین، هاتۆر، قەیک، بانگێڕ، بانگوش، عەرزکوت، لوولەک، گلێرە 3 شەپۆلی درێژ، شەپۆلی گەورە 4 تیرۆک، کرتناک، وەردێنە، وابەر 5 (باڵندەناسی) سەیرەی سەوز، سەوزەکۆ، سەقاقووش، کاسەلکەشینکە، کەسەلەشینکە، وەوەخوەرە؟، ئەسپەشینە [*Coracias garrulous* و جۆرەکانی تر] 6 ڕەگەزێکی کۆتری تەقلەباز ◯ 1 غلتندە 2 غلتک، اسطوانە، نورد 3 موج بزرگ 4 وردنە 5 سبز قبا 6 نوعی نژاد کبوتر معلق‌زن

Rollerblade /'rəʊləbleɪd, US 'roʊlərb-/ *noun*, (US Roller Blade), also in-line skate, trademark
کەوشی سکی کە ڕیزێ چەرخ لە ژێریەتی (**rollerblader** *n*) ◯ رولربلید

roller-coaster *noun*
(شاری کایە یان یاری) ڕولێر کۆستێر، شەمەندەفەر یان قەتاری سەروو خوارچوو ◯ ترن هوایی

roller-skate *noun*
کەوش یان پێلاوی سکەیت (بە جووتێ پێچکەوە) ◯ کفش اسکیت

roller-skating *noun*
یاری سکەیت، سکەیتێن ◯ اسکیت‌بازی

roller towel *noun*
خاولەی کاغزی ◯ حولەی کاغذی

rollicking[1] /'rɒlɪkɪŋ, US 'rɑːl-/ *adjective*
شلوق، بەکەیف، بەگوڕ، سەرخۆش، شاد: *a rollicking adventure film* ◯ شنگول، سرزندە

rollicking[2] /'rɒlɪkɪŋ, US 'rɑːl-/ *noun*, also rollocking
(نافەرمی) بەگژداچوون، پیاهەلکالان ◯ توبیخ

rolling /'rəʊlɪŋ, US 'roʊ-/ *adjective, noun*
adj 1 خلۆر، تلەوەبوو، تاوێرە، سووڕخواردوو، پێچخواردوو، لوولەوەبوو، وەرسووڕاو 2 شریخێنەر، گرمێنەر، گوڕێنەر، بەخرۆش *n* سووڕان، تلدان، تلخواردن، گلوتل، با، خولان، لوولبوون، دەورخواردن، چەرخان ◯ *adj* 1 غلتان، پیچان 2 غران *n* غلت، چرخش

rolling drunk *adjective*
مەستی مەست، کەلەلا، تلاوتلکردوو، بەملاوبەولاداکەوتوو ◯ پاتیل

rolling mill *noun*
1 دەزگای لوولاندن یان لووککردن، لوولەک 2 کارگەی لوولاندن یان لوولکردن ◯ 1 ماشین نورد 2 کارخانەی نورد

rolling pin *noun*
تیرۆک، وەردێنە، وابەر، کرتناک، شەوبەک، نابینک ◯ وردنە

rolling stock *noun*
(ڕێی ئاسن، مۆتۆر، عەرەبانە و هتد) کەلوپەلی سووڕاو یان جوولۆک، کەلوپەلی پێچکەدار یا ڕەیلی، کەلوپەلی گەڕۆک ◯ تجهیزات متحرک

rolling stone *noun*
مرۆی بێماڵوحاڵ، بنیادەمی دەربەدەر و سەرلێشێواو ◯ آدم آوارە

rollocking = rollicking2

roll of honour = honour roll

roll-on *noun*
1 تۆپی، گۆیی (بۆنبەر) 2 کۆرسێتێکی سووک

⬡ 1 رولان 2 نوعی کرست

roll-on roll-off *adjective*

ماشێن‌هەڵگر (ئاماژە بە کەشتییێ کە سەرەڕای سووارەکان، ماشێنەکانیشیان هەڵدەگرێ) ⬡ ماشین‌بر، حامل اتومبیل

roll-up *noun*

1 جگەرەی دەس‌پێچ 2 (ئەوستراليا) - assembly ⬡ سیگار پیچ

roly-poly /ˌrəʊli ˈpəʊli, US ˌroʊli ˈpoʊli/ *adjective, noun* (*pl.* roly-polies)

adj (کەسێک) خڕین، خڕیلانە، خڕوخۆڵ *n* 1 جۆرێ نانی مرەبایی 2 جۆری tumbleweedی بێشەلان [*Salsola kali* و جۆرەکانی تر] ⬡ *adj* تپل *n* 1 و 2 رولی‌پولی

ROM /rɒm, US rɑːm/ *abbreviation* read-only memory

Rom *noun, pl.* Roma /ˈrɒmə/

1 کاولی، دۆم، ب.ت. پیاو 2 گەلی دۆمان بە گشتی ⬡ رُم

Romaic /rə(ʊ)ˈmeɪɪk/ *noun, adjective*

n زمانی خۆجێیی یان خۆماڵی یۆنانی ئێستا *adj* سەربە ئەم زمانە (بنەڕەت: لە *romaiikos* یۆنانی نوێ "Roman"، ب.ت. بۆ ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژهەلات eastern Roman Empire بەکاردێنرێ) ⬡ رومائیک

romaine /rəʊˈmeɪn, US roʊ-/ *noun*

(ڕووەکناسی) کاهوو، cos lettuce ⬡ کاهو

roman /ˈrəʊmən, US ˈroʊ-/ *noun*

(چاپ) پیتە ئاسایی‌یەکانی لاتینی ⬡ حروف لاتینی عادی

Roman /ˈrəʊmən, US ˈroʊ-/ *adjective, noun*

adj 1 سەربە ڕۆما یان ڕۆم، ڕۆمان، ڕۆمی، ڕۆمایی، سەربە شاری ڕۆم یان ڕۆما: *Roman fortitude* 2 سەربە ڕۆمی سەدەکانی نێوەڕاست و ئێستا 3 سەربە ئەلفوبێی لاتینی (بۆ نووسینی لاتین، ئینگلیسی و زۆربەی زمانە ئەوروپایی‌یەکان، لە ڕۆمی کۆنەوە پەرەی سەندووە) 4 سەربە کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆم 5 خاوەنی intrados نیمچەبازنەیی یا نیوەبازنەیی ڕۆمی: 6 *Roman arch* :semicircular *a Roman nose* *n* 1 خەڵکی ڕۆم، ڕۆمی، خەڵکی شاری ڕۆما 2 کاسۆلیک، کاتۆلیک 3 ئەندامی کۆماری یان ئیمپراتۆری ڕۆمای کۆن ⬡ *adj* 1 وابسته به روم، وابسته به شهر روم 2 وابسته به روم قرون وسطی یا اکنون 3، 4، 5 و 6 رومان، رومی *n* 1 اهل روم، اهل شهر روم 2 کاتولیک 3 عضو جمهوری یا امپراتور روم باستان

roman-à-clef /ˌrəʊmɒːˈkleɪ, French ʀɔmɑ̃akle/ *noun*

چیرۆکێکی ڕاستەقینە کە لەودا کەسایەتی و ڕووداوەکان بە ناوی ترەوە دەناسرێن ⬡ روماکل

Roman alphabet *noun*

ئەلفوبێی لاتینی ⬡ الفبای لاتینی

Roman candle *noun*

تۆقتۆقە ⬡ فشفشە

Roman Catholic *noun, adjective*

n ئەندامی کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆم *adj* سەربە کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆم ⬡ کاتولیک

Roman Catholic Church *noun*

کلێسەی کاتۆلیک(ی ڕۆم) ⬡ کلیسای کاتولیک روم

Roman Catholicism *noun*

ئایینزای کاسۆلیک(ی ڕۆما) ⬡ مذهب کاتولیک

romance /rəʊˈmæns, ˈrəʊmæns, US ˈroʊ-/ *noun*

1 تێکەڵی یان پێوەندی دڵدارانە، سەربردەی دڵدارانە، دڵداری، ئەوینداری 2 هەستی دڵدارانە یان ڕۆمانتیک 3 وروژان، جۆش‌وخرۆش، سۆز، کوڵ‌وکۆ، تین‌وگوڕ 4 چیرۆکی قارەمانێتی 5 چیرۆک یان حیکایەتی دڵدارانە یان خەیاڵاوی، فیلمی دڵدارانە یان دلداری 6 وێژەی دلدارانە 7 پێوەنان، زیدەڕۆیی، خەیاڵکردنەوە 8 (موسیقا) پارچەیێکی فەرمی کورت ⬡ 1 رابطەی عاشقانە، ماجرای عاشقانە، عشق‌بازی 2 احساس رومانتیک 3 هیجان، شور 4 داستان حماسی 5 داستان عاشقانە یا خیال‌پردازانە. فیلم عاشقانە 6 ادبیات عاشقانە 7 اغراق 8 (موسیقی) قطعەی کوتاه رسمی

Romance /rəʊˈmæns, ˈrəʊmæns, US ˈroʊ-/ *noun, adjective*

n زمانە ڕۆمی یان ڕۆمیایی‌یەکان (وەکوو فەرەنسی، سپانیایی، ئیتالیایی، پۆرتوگالی، کاتالۆنیایی، ئۆکسیتان و ڕۆمانی) *adj* سەربەو کۆمەڵە زمانی‌یە ⬡ *n* زبانهای رومیایی *adj* وابسته به زبانهای رومیایی

Romance languages *noun, pl.*

زمانە ڕۆمیایی‌یەکان ⬡ زبانهای رومیایی

romancer *noun*

نووسەر یان ڕۆمان‌نووسی سەدەکانی نێوەڕاست medieval ⬡ نویسندە یا رمان‌نویس قرون میانە

Roman Empire *noun*

ئیمپراتۆری ڕۆم (لە 27 بەرلە زایین دامەزرا و لە 395 دابەش کرا بۆ ئیمپراتۆری ڕۆژاوا یا لاتین و ئیمپراتۆری ڕۆژهەلات یا یۆنانی) ⬡ امپراتور رومی

Romanesque /ˌrəʊməˈnesk, US ˌroʊ-/ *adjective, noun*

adj ڕۆمانانە، بەپێی شێوازی بیناسازی ڕۆمیایی (دەوروبەری سالانی 1050_1200) *n* شێوازی بیناسازی ڕۆمیایی، ڕۆمانێسک ⬡ رومانسک

Romanian *adjective, noun*, also Rumanian

adj سەربە ڕۆمانی، ڕۆمانیایی *n* 1 زمانی

رۆمانیایی، رۆمانیایی 2 خەڵکی رۆمانی ◇ *adj*
رومانیایی *n* 1 زبان رومانیایی 2 اهل رومانی

Romanic /rə(ʊ)'manɪk/ = Romance

Romanism /'rəʊmənɪzəm/ *noun*
باوەڕ یان ئایینزای کاسۆلیک (کاتۆلیک) ◇
مذهب کاتولیک

Romanist /'rəʊmənɪst/ *noun*
1 شارەزا یان خوێندکاری کۆنینە یان قانوون،
یان زمانە رۆمیاییەکان 2 لایەنگری ئایینزای
کاتۆلیک ◇ 1 رومانیست 2 پیرو مذهب کاتولیک

Romanistic *adjective*
سەربە ئایینزای کاسۆلیک یان کاتۆلیک ◇
وابسته به مذهب کاتولیک

romanization *noun*
1 هێنانەژێر دەسەڵاتی رۆمەوە 2 کاتۆلیکاندن،
کردنەکاتۆلیک 3 گۆڕین بۆ ئەلفوبێی لاتینی
یان رۆمی ◇ رومانیزاسیون

Roman law *noun*
کۆمەڵە قانوونی رۆمی، مافەکانی رۆمی ◇
حقوق رومی

Roman nose *noun*
لووتی رۆمی (باریک و کەمێ بەرز) ◇ بینی
عقابی

Roman numerals *noun, pl.*
ژمارە یان رەنووسە رۆمییەکان (I = 1, V = 5,
X = 10, L = 50, C = 100, D = 500, M =
1,000) ◇ ارقام رومی

Romano /rə(ʊ)'mɑːnəʊ/ *noun*
جۆرێ پەنیری رەق، لە بنەڕەتدا هی ئیتالیا ◇
رومانو

Romano- /rə'mɑːnəʊ, US -noʊ, roʊ'm-/ *prefix*
پێشگر: رۆمی، رۆمیایی، رۆمایی، سەربە رۆم:
Romano-British ◇ پیشوند: رومیایی، رومی،
وابسته به روم

Romansh /rə(ʊ)'manʃ, -'mɑːnʃ/ *noun*, also Rumansh
زمانی Rhacto-Romance هەرێمی Grisons
ی سویس، و زمانی فەرمی سویسرا ◇ رومانش

romantic /rəʊ'mæntɪk, US roʊ-/ *adjective, noun*
adj 1 دڵدارانە، ئەویندارانە، پێوەند سێکسی 2
هەستبزوێن، بەسۆز، جوان، خەیاڵاوی،
رۆمانتیک، خەیاڵی، خەیاڵکردنەوەیی 3
(Romantic) سەربە ڕێبازی رۆمانتیزم یان
رۆمانتیزم، رۆمانتیک *n* 1 کەسێکی خەیاڵاتی
2 (Romantic) هونەرمەندی یان نووسەری
رۆمانتیست ◇ *adj* 1 عاشقانه، رابطه‌ی جنسی 2
احساس‌برانگیز، تخیلی 3 (با R) وابسته به مکتب
رومانتیسم *n* 1 آدم رومانتیک 2 (با R) هنرمند یا
نویسنده‌ی رمانتیست

romantically /-kli/ *adverb*
(بە شێوەیەکی) دڵدارانە ◇ به طور عاشقانه

romanticism /rəʊ'mæntɪsɪzəm, US roʊ-/ *noun*
رۆمانتیسیزم: بزووتنەوەیێکی هونەری، ویژەیی و
فەلسەفی کە لە دوایییەکانی سەدەی هەژدەدا
سەری هەڵدا ◇ احساسات‌گرایی

Romanticism /rəʊ'mæntɪsɪzəm, US roʊ-/ *noun*
رۆمانتیسیزم ◇ رومانتیسیزم

Romanticist /rəʊ'mæntɪsɪst, US roʊ-/ *noun*
رۆمانتیسیست ◇ رومانتیسیست

roman type = roman

Romany /'rɒməni, 'rəʊm-, US 'rɑːm-, 'roʊm-/ *noun* (*pl.* Romanies), *adjective*
n 1 دۆمی، رۆمەنی (زمانی هیندو و ئەورووپایی
زۆربەی دۆمەکان کە بەپێی شوێنی گیرسانەوەیان
بە چەندین زاراوەی جۆربەجۆری لێکەوتۆتەوە)
2 دۆم، کاولی، قەرەج *adj* 1 دۆمانە، دۆمئاسا،
سەربە دۆمەکان، رۆمەنی 2 سەربە زمانی
رۆمەنی ◇ *n* 1 کولی، رمنی 2 کولی *adj* 1
وابسته به کولی‌ها 2 وابسته به زبان رمنی

Romeo /'rəʊmiəʊ, US 'roʊmioʊ/ *noun, pl.* Romeos
1 رۆمیۆ: قارەمانی رۆمیۆ و ژولیەتی شەکسپیەر
2 *Romeo and Juliet* وشەیێ وەک کۆدی
پێوەندییە رادیۆییەکان بۆ پیتی R 3 پیاوی
ژنباز، دۆنژوان، پیاوی دڵتەڕ ◇ 1 و 2 رومیو 3
مرد زنباره

Romish /'rəʊmɪʃ/ = Roman Catholic (derogatory)

romp /rɒmp, US rɑːmp/ *noun*
1 قۆشمەیی، شلوقی، شەیتانی، هاروهاجی،
پێکاهەڵپڕزان، هەڵبەزودابەز 2 پرهەراوهوریا،
بەدەنگەدەنگ 3 (نافەرمی) سەرکەوتنی ئاسان
◇ 1 بازی‌گوشی، جست و خیز 2 پرهیاهو 3
پیروزی ساده

rompers /'rɒmpəz, US 'rɑːmpərz, 'rɔːm-/ *noun, pl.*, also romper-suit
1 (بەرۆ و پاڵی منال) شۆرتی یەکپارچە یان
یەکسەرە (منال دادپۆشی) 2 شتێکی وا بۆ
گەورەکان کە وەک جلی کار overalls یان
وەرزشی sportswear لەبەر دەکرێ ◇ شورت
سرهمی

Romulus *noun*, Latin
رۆمیولێس، رۆمیولۆس: کوڕی مارس Mars
(برای ریمۆس Remus)، دامەزرێنەری
ئەفسانەیی رۆم Rome ◇ رومولوس

rondavel /rɒn'dɑːv(ə)l/ *noun*
(ئەفریکای باشووری) جۆرێ خانووی نەریتی

خری ئەفریکایی بانقووچکەیی یان بانقووچی هەلاش‌بەسەر ۞ روندااول

rond de jambe /ˌrɒ̃ də ˈʒɒmb/ *noun, pl.* ronds de jambes or ronds de jambe

(لە سەمای بالێ‌دا) ناوی جوولەیێ (بنەڕەت: لە فەڕەنسی‌یەوە) ۞ را د جامب

ronde /rɒnd/ *noun*

گەڕەشایی، سەمای گەڕی ۞ روند

rondeau /ˈrɒndəʊ/ *noun, pl.* rondeaux pronunc. same or /-əʊz/

هۆنراوەی دە یان سێزدە دێڕی دوو سەروایی ۞ روندیو

rondel /ˈrɒnd(ə)l/ *noun*, also rondelle

بازنە، جەغز، شتی خڕ ۞ دایره، چیز گرد

rondo /ˈrɒndəʊ, US ˈrɑːndoʊ/ *noun, pl.* rondos

رۆندۆ: پارچە موسیقایێ کە تێمە سەرەکی‌یەکەی دووبارە دەبێتەوە (بنەڕەت: ئیتالیایی، لە *rondeau* فەڕەنسی (بڕوانە rondeau) ۞ روندو

rone /rəʊn/ *noun*

(سکاتلەند) پلووسک، پلوور، سوولاف، پلورە، لووساوک ۞ ناودان

rongo-rongo /ˌrɒŋgəʊˈrɒŋgəʊ/ *noun*

(شوێنەوارناسی) نووسراوەیێکی کۆن بە کۆمەڵە نیشانەیێکی هیرۆگلیفی، لەسەر تەتەڵەی دارین لە دوورگەی Easter دۆزراوەتەوە ۞ رونگورونگو

ronin /ˈrəʊnɪn/ *noun, pl.* same or ronins

(لە ژاپۆنی دەربەگایەتی‌دا) سامۆرایی هەڵوەدا (لە ژاپۆنی‌یەوە) ۞ رونین

röntgen etc. = roentgen etc.

roo = kangaroo (Australian)

rood /ruːd/ *noun*

1 خاچ 2 (زۆرتر بریتانیا) پێوەرێکی زووی زەوی بەرامبەر بە چواریەکی acre، نزیک بە 0.1012 هێکتار ۞ 1 چلیپا 2 رود

rood screen /ˈruːd skriːn/ *noun*

رود سکرین: پەردەیێ لە دار یان بەرد کە nave لە chancel ی کلیسەیێ جیا دەکاتەوە (یان دادەبڕی) ۞ رود اسکرین، جدار شمایل

roof /ruːf/ *noun, pl.* roofs

1 میچ، بنمیچ، ساپیتە، ئاسمانە، سقیک، کاشخانک، تاق 2 سەربان، بان، کەلک، بان 3 خانوو، ماڵ 4 (خوازە) دوایین ئاست، دوارادە، ئەوپەڕ (roofed *adj*: بە سەربانی، سەربانی... دار، بە میچی؛ roofless *adj*: بێمیچ، بێساپیتە، سەرچۆڵ، میچ‌نەگیراو، سەرنەگیراو) ۞ 1 سقف 2 بام 3 خانه 4 (مجازی) سقف

roofer /ˈruːfə(r)/ *noun*

وەستای میچ، میچ‌ساز، میچ‌دروسکەر ۞ سقف‌ساز

roof-garden *noun*

باخچەی (سەر) سەربان ۞ باغچەی روی بام

roofing /ˈruːfɪŋ/ *noun*

پەردوو، پووش‌وپەلاش، چرپی، هەلاش، خێزەرە، زەڵوتوول، مرداق، سولە، گەلازەڵ، کاشک، کژۆک، کەواشە، گەواشە، کوچاک، قوڕ یان گڵەبان، ئاخەبان، ڕیژاخ، دارەڕا، دروست‌کردن یان چاک‌کردنەوەی سەربان ۞ مواد یا مصالح سقف‌سازی

roof light *noun*

1 پەنجێرەی سەربان 2 دەریچە یان کونی بنمیچی ماشێن ۞ 1 نورگیر پشت بام 2 دریچەی بالای ماشین

roof of the mouth = palate

roof-rack *noun*

(ماشێن) بارێن، باربەند، بانەبار، جێبار ۞ باربند

rooftop /ˈruːftɒp, US -tɑːp/ *noun*

سەربان، بان ۞ بام، پشت بام

roof-tree *noun*

کاریتە، نیرگە، بەرازە، دیرەگ ۞ بالار، روف‌تری

rooibos /ˈrɔɪbɒs/ *noun*

1 بنجەسوورە، دەوەنەسوورە، دەوەنێکی هەمیشەسەوزە، گەڵاکانی بۆ چایی بەکاردێنرێ [توخم *Aspalathus*] 2 دەوەن یان دارێکی چکۆلە، دڕوو گوڵزەردی بۆنخۆش [توخم *Combretum*] ۞ رویبوس

rooinek /ˈrɔɪnɛk/ *noun*

(نافەرمی، لە ئەفریکای باشووری، سووکانە) کەسێکی ئینگلیسی یان ئەفریکایی ئینگلیسی‌زمان (هی باشووری) ۞ روینک

rook[1] /rʊk/ *noun*

جۆرێ قەلەڕەشە یان قالاو، چیق [*Corvus frugilegus*] ۞ کلاغ نوک‌گر

rook[2] /rʊk/ *noun*

(شەترەنج) قەلا ۞ (شطرنج) رخ

rookery /ˈrʊkəri/ *noun, pl.* rookeries

1 کونەقالاو 2 جێگای زاوزێی هێندی باڵندە (ب.ت. پێنگوئەنەکان)، بەرازی دەریایی یان رەقە و کیسەڵەکان 3 دەستەخانوویێکی چڕی خراپ یان کەلاوەیی 4 (لە ئەمریکا) = heronry ۞ 1 کلاغزار 2 روکری

rookie /ˈrʊki/ *noun*

کەسێکی تازەکار، خاو، کەم‌ئەزموون، نەخاراو ۞ آدم بی‌تجربه

rooklet /ˈrʊklɪt/ *noun*

بێچووەقالاو، بەچکەچیق ۞ بچەی کلاغ

room /ruːm, US rʊm/ *noun*

1 دیو، ژوور، هۆدە، حوجرە، وەتاخ، دیوی خەو 2 جێگا، جێ، شوێن، وار 3 (rooms) ماڵی یا دەستەدیوی بەکرێ 4 دەرفەت، هەل، بوار، دەسپەرژ ۞ 1 اتاق، اتاق خواب 2 جا، فضا 3 خانه یا اتاق‌های اجاره‌ای 4 مجال

-roomed *adjective*
(لە لێکدانا) ـ دیوە، ـ ژوورە ◯ ـ اتاقە
roomer /'ru:mə(r), US 'rʊm-/ *noun*
(لە ئەمریکا) کرێنشین ◯ مستأجر
roomette *noun*
(لە ئەمریکا) دیوی خەوی بەکرێ (چکۆلە) ◯ اتاق خواب اجارەای
roomful /'ru:mfʊl, US 'rʊm-/ *noun*
پڕ دیوێ، پڕ ژووری، دیوێ ◯ بە اندازەی یک اتاق
roomie = rommate
roominess /'ru:minəs, US 'rʊminəs/ *noun*
جێداری، بەرینایی، فراوانی، گەورەیی ◯ وسعت
rooming house *noun*
ماڵ بە دەستەدیویکی بەکرێ، ماڵی بە کرێ (بە کەلوپەل و دیوەکانی‌یەوە) ◯ خانە با اتاق‌های اجارەای
roommate /'ru:mmeɪt/ *noun*
هاودیو، هاوژوور، ناوەڵدیو، هاوماڵ ◯ هم‌اتاقی
room service *noun*
(لە هوتێل‌دا) سێرڤیسی میوانی لە ژووردا ◯ سرویس پذیرایی در اتاق
roomy /'ru:mi, US 'rʊmi/ *adjective* (roomier, roomiest)
1 گەورە، جێ‌زۆر، ئاوەدان، هەراو، زەبەند، فەریح، فراوان، وەراق، جێدار 2 (جل‌وبەرگ) فش، دەلب، دەلپ، هەراو، گوشاد ◯ 1 فراخ، جادار 2 (لباس) گشاد
roost /ru:st/ *noun*
هێلانە، هێلین، لانە، جێگای شەو بەسەربردن ◯ آشیانە، لانە
rooster /'ru:stə(r)/ *noun*
1 کەڵەشێر، کەڵەباب 2 مرۆی شەڕانی ◯ 1 خروس 2 آدم دعوایی
rooster tail *noun*
(ئەمریکای باکووری و نافەرمی) پرژانی ئاو لە دواوەی بەلەم یان گەمی توندڕەو یان surfboard ◯ روستر تایل
root /ru:t/ *noun, adjective*
n 1 ڕەگ، بنج، بنچک، پنج، ڕیشە، بێخ، بن، هیم، کۆک، سەرچاوە، چاقکانی، ئەسڵ، بنک، زێدەر، بنەڕەت، بنەما 2 (ئەوسترالیا، ئیرلەند و نیوزیلەند) نزیکی، گایین 3 (زمانەوانی و بیرکاری) ڕەگ، ڕیشە 4 (roots) پێوەندی، تێکەڵی، دڵپێوەبوون، هۆگری *adj* ڕەگداکوتاو، ڕیشەیی، بنجبەست، بنەڕەتی، بنچینەیی، بنگەهی، قووڵ (root-like *adj*) ◯ *n* 1 ریشە، بیخ، بن، اصل، منشأ 2 مقاربت، جماع 3 (زبان‌شناسی و ریاضی) ریشە 4 (در جمع) ارتباط، علاقە، دلبستگی *adj* ریشەای، بنیادین

rootage *noun*
1 ڕەگداکوتان، جێگیربوون، داکوتران 2 سەرجەم ڕەگ و ڕیشە ◯ 1 تأصل 2 مجموع ریشەها
root and branch *adverb, adjective*
adv بە تەواوەتی، لە بێخەوە، بە ڕەگەوە، لە بناخەوە، لە تەرکەوە *adj* بنەڕەتی، بنچینەیی، سەرەکی، بنگەهی ◯ *adv* کاملاً، از پایە *adj* اساسی، بنیادی
root beer *noun*
خواردنەوەی گیایی (لە ڕەگ و ڕیشەی گیاکان دەگیرێ) ◯ روت بیر
root crops *noun, pl.*, also root vegetable
ڕووەک یان گژوگیای ڕەگداکوتاو، بەرهەمی ڕەگوڕیشە، گژوگیای ڕەگی یان ڕیشەیی (ئەو ڕووەک و گیایانەی کە ڕگەکەیان دەخورێ) ◯ گیاهان ریشەای
rooted /'ru:tɪd/ *adjective*
ڕەگاژۆکردوو، ڕەگداکوتاو، ریشەیی، بنجبەست، بنەڕەتی، بنچینەیی، بنگەهی، قووڵ (rootedness *n*) ◯ ریشەدار، بنیادین
rootless /'ru:tləs/ *adjective*
1 بێ‌ڕەگ، بێ‌ڕیشە، بێ‌بێخ، بێ‌بنج 2 سەرلێشێواو، بێ‌ماڵوحاڵ، وێڵ، ئاوارە، دەربەدەر (rootlessness *n*) ◯ 1 بی‌ریشە 2 سرگردان
root sign = radical sign
rootstalk also rootstock = rhizome
rooty /'ru:tɪ/ *adjective*
ڕەگاوی، بنجدار، بنج‌ئاسا، ڕەگاژۆ(کردوو)، ڕەگ‌ئاسا، ڕەگ‌ڕەگ، ڕەگڕەگاوی، پڕڕەگ ◯ دارای ریشە، ریشەای، پرریشە
rope /rəʊp, US roʊp/ *noun*
1 تەناف، گوریس، دوژ، گشتەک، کەندر، وەریس، نەیستین، پەت 2 تەناف یان کەندری دەوری رینگی زۆرانبازی یان بۆکس 3 ئازادی جووڵانەوە 4 (the rope) لە سێدارەدان ◯ 1 طناب، رشتە 2 طناب رینگ 3 آزادی عمل 4 اعدام
ropeable /'rəʊpəb(ə)l/ *adjective*, also ropable
ڕقهەستاو، زۆرتووڕە، سوورەوەبوو ◯ عصبانی، برافروختە
ropedancer /'rəʊp dɑ:nsə(r)/ *noun*, also ropewalker
تانەوان، تەنافباز ◯ بندباز
ropedancing /'rəʊp dɑ:nsɪŋ/ *noun*, also ropewalking
تانەوانی، تەنافبازی ◯ بندبازی
rope ladder /ˌrəʊp 'lædə(r)/ *noun*
نەردیوانی تەنافی (یا لە گوریس) ◯ نردبان طنابی
ropemaker /'rəʊp meɪkə(r)/ *noun*
تەنافگرەوە، گوریسگرەوە، تەنافساز، گوریسهۆن، گوریسچن، کەندرگرەوە ◯

طناب‌ساز

ropewalk /'rəʊpwɔ:k/ *noun*, also ropery /'rəʊpəri/

(مێژوویی) کارگەی تەناف‌گرتنەوە یان گوریس‌گرتنەوە، کارخانەی تەناف‌سازی ۞ کارخانەی طناب‌سازی

rope-walker = ropedancr

ropeway *noun*

تەنافەڕێ، گوریسەڕێ، کەندرەڕێ ۞ راه طنابی

ropey = ropy

ropy /'rəʊpi, US 'roʊpi/ *adjective* (ropier, ropiest), also ropcy

1 تەنافئاسا، گوریس‌ئاسا 2 لینج، لیچق 3 خراپ، دافەتراو، شڕووڕ، لێکزەبەردراو، لەبەریەک‌دەرچوو، شڕ 4 نەخۆش، دەردەدار، ناساز (ropiness *n* ؛ropily *adv*: 1 شپرزەیی، شڕی، دافەتراوی، دەردەداری، نەخۆشی 2 لینجی) ۞ 1 طناب‌مانند 2 لزج 3 درب و داغون 4 مریض

Roquefort /'rɒkfɔ: , US 'roʊkfərt/ *noun*

راکفور(ت) (جۆرێ پەنیری شینی فەڕەنسی، لە شیری مەڕ دەگیرێ، لە ناوی دێیێ لە باشووری فەڕەنسە) ۞ راکفور(ت)

roquette /rɒ'kɛt/ = rocket2

ro-ro /'rəʊ rəʊ, US 'roʊ roʊ/ = roll-on roll-of

rorqual /'rɔ:kw(ə)l/ *noun*

جۆرێ نەهەنگی baleen [خێزان Balaenopteridae] ۞ رورکوال

Rorschach test /'rɔ:ʃɑ:k test, US 'rɔ:rʃɑ:k/ *noun*

(دەروونناسی) تاقی‌کردنەوەی روورشاک یا روورشاخ [لە ناوی پزشکی دەروونی سویسی Hermann *Rorschach*] ۞ آزمون رورشاخ

rort /rɔ:t/ *noun*

1 میوانی شلوق یان بەزماوی یان پڕبەزم‌ورەزم 2 کردەوەی نادروست ۞ 1 پارتی بزن و بکوب 2 عمل دغل‌کارانە

rorty *adjective* (rortier, rortiest)

(بریتانیا و نافەرمی) boisterous ،high-spirited ۞ رورتی

rosace = rose window

rosacea /rəʊ'zeɪʃɪə/ *noun*, also acne rosacca

(پزشکی) سووورباوە: دۆخێ کە لەودا هێندێ رەگی خوێنی لەڕوو گەورە دەبنەوە (بنەڕەت: لە لاتینەوە، مێی rosaceus "سووورباو") ۞ رزیشیا

rosacean *adjective*

سەربە تیرەی گولەباخ ۞ وابستە بە خانوادەی گل‌سرخ

rosaceous /rəʊ'zeɪʃəs/ *adjective*

سەربە تیرەی گولەباخ، گولەباخیان ۞ وابستە بە خانوادەی گل‌سرخ

rosaniline /rə(ʊ)'zanɪli:n, -lɪn, -lʌɪn/ *noun*

1 رەنگێکی سوور $C_{20}H_{20}N_3C_l$، لە ئانیلین و ئیزومێرە ئۆرتۆکانی toluidine دەگیرێ، پێکهێنەرێکی fuchsin ـە 2 جۆرێ باز base $C_{20}H_{21}N_3O$، لەگەل hydrochloric acid ئەم رەنگە پێکدێنێ ۞ روزآنیلین

rosarian /rəʊ'zɛ:rɪən/ *noun*

گولەوان، پەروەردەکەری گولەباخ ۞ پرورش‌دهندەی گل سرخ

rosarium /rəʊ'zɛ:rɪəm/ *noun*, *pl.* rosariums or rosaria

باغی گول (گولەباخ)، گولستان ۞ باغ گل

rosary /'rəʊzəri, US 'roʊ-/ *noun*, *pl.* rosaries

1 تەزبێح 2 باغی گول، گولستان، باخچەی گول 3 (لە کلێسەی کاتۆلیک‌دا) زیکر، تەزبێحە ۞ 1 تسبیح 2 باغ گل 3 ذکر

ro,sary pea = Indian licorice

roscoe /'rɒskəʊ/ *noun*

(نافەرمی، ئەمریکا) حەوتیر، پیستۆل (لە پاشناوی *Roscoe* وە) ۞ هفت‌تیر

rose[1] /rəʊz, US roʊz/ *noun*, *adjective*

n 1 گولەباخ، نەسرین؟، سوورەگول، سۆرگول، ماوەرد، دەوەنی گولەباخ [توخم *Rosa*: زۆر جۆرن]؛ بۆ ناونانی ئەو ڕووەکانەی تر بەکاردێنرێ کە گولی هاوشێوەیان هەیە، ب.ت. 2 Christmass rose 3 سەری ناوپرژێن 3 نەخشی گولەباخی *adj* (رەنگ) سوور، گولی ۞ *n* 1 گل سرخ، بوتەی گل سرخ 2 سر آب‌پاش 3 آذین گل‌سرخی *adj* قرمز

rose[2] /rəʊz, US roʊz/ = past of rise

rosé /'rəʊzeɪ, US roʊ'zeɪ/ *noun*

رۆزە (مەی پەمەیی) ۞ رزە

roseapple *noun*

کۆخی مالابار: دارێکی هەمیشەسەوزی گەرمێنان [*Syzygium jambos* (باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا) و جۆرە پێوەندیدارەکان] ۞ نوعی درخت

roseate /'rəʊziət, US 'roʊ-/ *adjective*, also roseal

1 پەمەیی، سوور، گولی 2 گەشبین ۞ 1 گلگون 2 خوش‌بین

rosebay /'rəʊzbeɪ/ *noun*

1 (هەروەها rosebay willowherb) جۆرێ willowherb بە گولی پەمەیی‌یەوە، رەسەنی ناوچە مامناوەندەکانی باکووری [*Epilobium angustifolium*] 2 (ئەمریکای باکووری) azalea یی [*Rhododendron lapponicum* (هی Lapland) و جۆرەکانی تر] ۞ گل صدتومانی

rosebud /'rəʊzbʌd, US 'roʊz-/ *noun*,

adjective
n 1 رۆزباد، گوڵخونچە، خونچەی سوورەگوڵ 2 ژنی لاوی جوان *adj* بە شێوەی خونچە ◌ *n* 1 غنچەی گل سرخ 2 زن جوان زیبا *adj* غنچەای
rose-coloured /'rəʊz kʌləd/ *adjective*
1 گوڵی، بە رەنگی سوورەگوڵ 2 گەشبین، گەشبینانە ◌ 1 گلی 2 خوش‌بین، خوش‌بینانە
rose-cut /'rəʊz kʌt/ *adjective*
(گەوهەر) بە برشت یان برگەی سێگۆشەی وردەوە ◌ رزکات
rosefish *noun, pl.* same or rosefishes
(ئەمریکای باکووری) ماسیی‌یەسوورەی ئەتلانتیکی باکووری [*Sebastes marinus*] ◌ نوعی ماهی
rose hip = hip2
rose-leaf /'rəʊz li:f/ *noun*
گەڵای گوڵەباخ یا گوڵەسوورە ◌ برگ گل سرخ
rosella /rə(ʊ)'zɛlə/ *noun*
جۆرێ parakeetی ئەوسترالیایی، بە پەروباڵی شین، زەرد، سوور و سەوزی زەق [توخم *Platycercus*: چەندین جۆرن] ◌ روزلا
rosemaling /'rəʊsə,mɑ:lɪŋ, -,mɔ:lɪŋ, -zə-/ *noun*
هونەری رەنگ‌کردنی کەلوپەل و شتومەکی نێومالی لە دار، بە موتیفی گوڵەوە ◌ رزمالینگ
rose-mallow /'rəʊz mæləʊ/ *noun*
(رووەک‌ناسی) هەرمەلە، توڵەکە، هێرۆ [توخم *Hibiscus* بە تایبەتی *H. rosa-sinensis*] ◌ گل خطمی
rosemary /'rəʊzməri, US 'roʊzmeri/ *noun, pl.* rosemaries
(رووەک‌ناسی) گوڵبەندی شاخی، تاونگی دەریا(یی)، گیواوەنانەشان، کلایەژم، رۆزمێری [*Rosmarinus officinalis*] (بنەرەت: *rosmarine* ئینگلیسیی نێوەڕاست، لەسەر بنچینەی *ros marinus* لاتین، لە *ros* "تاونگ" + *marinus* "سەربە دەریا") ◌ رزماری، اکلیل کوهی
rose of Jericho *noun*
بەنجوڵەژەن، جۆرێ رووەکی دەشتی، رەسەنی ئەفریکای باکووری و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست [*Anastatica hierochuntica*] (بنەرەت: لە ناوی جێریکۆ‌وە یان بە عەرەبی Ariha: شارێکی کۆنی فەلەستین، لە باکووری رۆژاوای دەریای مردوو) ◌ کف مریم
rose of Sharon *noun*
جۆرێ دەوەنی کورتەبالای پەڵوپۆ چڕ، رەسەنی باشووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئاسیای بچووک [*Hypericum calycinum*] ◌ بامیەی شامی
roseola /rə(ʊ)'zi:ələ/ *noun*
(پزشکی) گەرمەژنە، سووریژەی ئەڵمانی (*adj* roseolar؛ بنەرەت: لە *roseus* لاتین "سووورباو") ◌ سرخچەی کاذب، بدل سرخک
roseola infantum *noun*
گەرمەژنەی منال، سووریژەی ئەڵمانی منداڵ: نەخۆشییەکی سووکی منالان، بە هۆی یەکەوە تووش دەبێ herpesvirus [توخم *Roseolovirus*] ◌ سرخچەی کاذب کودک، بدل سرخک کودک
rose quartz *noun*
جۆرێ کوارتزی پەمەیی روون ◌ نوعی کوارتز
rose-tinted = rose-coloured
Rosetta stone *noun*
تەختەبەردێ کە لە 1799 نزیک بە رۆزێتا Rosetta (شارێ لە باکووری میسر، لە زارکی نیل دایە) دۆزرایەوە و لەسەری بە هێل یان خەتی یۆنانی و هیرۆگلیف هەڵکەنراوە و رێی تێدەچێ کە سەرەتاێکی هیرۆگلیفی میسری بێ ◌ روزتا استون
rosette /rəʊ'zet, US roʊ-/ *noun*
1 گوڵنیشان، نیشانە یان نەخشی سوورەگوڵ (لەسەر بەنۆکە یا هەوریشم) 2 گوڵی جل یان پێلاو 3 (بیناسازی) نەخشی گوڵی یان گوڵەباخی 4 (رووەک‌ناسی) کۆبەرە (rosetted *adj*) ◌ 1 آرم گل‌سرخی 2 گل لباس یا کفش 3 آذین گل‌سرخی 4 طوقە
rose water /'rəʊz wɔ:tə(r)/ *noun*
گوڵاو ◌ گلاب
rose-window *noun*
پەنجێری گوڵی (خرە و ب.ت. لە کلیسە) ◌ پنجرەی چرخی
rosewood /'rəʊzwʊd, US 'roʊz-/ *noun*
1 رۆزوود، سوورەدار (سەخت و بۆ دروس‌کردنی کەلوپەل (ب.ت. نێومال) گرانبایی بەکاری‌دێنن) 2 درەختی ئەو دارە [توخم *Dalbergia* چەندین جۆرن، بە تایبەت *D. nigra* لە برێزیل] ◌ 1 چوب صندل سرخ 2 درخت چوب صندل سرخ
Rosh Hashana /,rɒʃ hə'ʃɑ:nə, ,rɑ:ʃ/ *noun,* also Rosh Hashanah
راش‌هاشانا، سەری ساڵ، نەوساڵ (= جەژنی سەری ساڵی جوولەکەکان لە یەکەم یان دووەم رۆژی مانگی سێپتامبردا؛ بنەرەت: بە واتای سەرساڵ) ◌ راش هاشانا
Roshi /'rəʊʃi/ *noun, pl.* Roshis
(ژاپۆنی) رێبەری دینی کۆمەڵگای رەبەنەکانی بودائیستی Zen ◌ روشی
Rosicrusian /,rəʊzɪ'kru:ʃ(ə)n/ *noun, adjective*
n ئەندامی تیرەیێ لە کریستیەنەکانی سەدەی 17 و سەرەتاکانی سەدەی 18، باوەڕمەند بە میتافیزیک، سۆفی‌گەری و زانستی کیمیاگەری *adj* سەربەو تیرەیە (Rosicrucianism *n*) ◌

روزیکروسین

rosin /ˈrɒzɪn, US ˈrɑːzn/ *noun*

رۆزیـن، رازیـن (= رۆنـی کـه لـه ئـامێره موسیقاییـیەکانی دەدەن تا باشتر و نەرمتر ژێیـەکانی بجووڵێتەوە یـان بلەرێتەوە) ۞ روزین، راتیانه

rosinous *adjective*

رازیندار، رازیناوی ۞ روزین‌دار

ross /rɔːs/ *noun*

توێکڵی دار، توتەلاش ۞ پوست درخت

rostellate *adjective*

دەنووکچەدار، خاوەن دەنووکی مژین ۞ دارای منقار مکنده

rostellum *noun, pl.* rostella

1 دەنـووکچـه، دەنـووکی مـژینی ئەسپێ 2 پـووش‌بەقوونەی دەنووکچکۆلە (rostellar *adj*) ۞ 1 منقار مکندەی شپش 2 سنجاقک منقار کوچک

roster /ˈrɒstə(r), US ˈrɑːs-/ *noun*

1 ناونامـه، لیـستەی نێوەکـان 2 لیـستەی دیاریکردنی کاری هەر کەسێ ۞ 1 صـورت اسامی 2 فهرست شرح وظایف

rōsti /ˈrəːsti/ *noun*

جۆرێ چێشتی سویسی ۞ نوعی غذا

rostral /ˈrɒstr(ə)l/ *adjective*

1 نووکی، دەنووکی 2 نووکدار ۞ 1 منقاری 2 نوک‌دار

rostrate /ˈrɒstreɪt/ *adjective,* also rostrate

دەنووکدار، خاوەنی rostrum ۞ دارای منقار

rostriform *adjective*

دەنووکئاسا، دەنووکی ۞ منقارمانند

rostrum /ˈrɒstrəm, US ˈrɑːs-/ *noun, pl.* rostra /-trə/ or rostrums

1 دوانگه، هەرزاڵە، تریبۆن، پلاتفۆرم، سەکۆ 2 (گیانەوەرناسی) دەربـەرێوی دەنـووکئاسا، دەنووکە، چوکڵە، نووک، لمۆز 3 نووک یان لووتکـەی کەشتی (بنـەڕەت: لـه لاتینـەوە "دەنووک"، لە بنەڕەتا ئاماژە بە سەکۆی وتاربێژ orator's platform لە گۆڕەپانی گشتی Forum ڕۆم کە بە نووکی گالییە گیراوەکانی captured galleys دەڕازێنراوه) ۞ 1 منبر، سکو 2 نوک، منقار 3 دماغەی کشتی

rosy /ˈrəʊzi, US ˈroʊzi/ *adjective* (rosier, rosiest)

1 پەمەیی، گوڵی، چێرەیی، سوور 2 گەشبین، جێـی هیـوا، جێـی هومێـد، رووناک (-ily :-iness *n* /ˈrəʊzinəs, US ˈroʊzinəs/ *adv*

پەمەیێتی، چێرەیێتی، سووری، چێرەیی بوون) ۞ 1 گلگون 2 خوش‌بین، امیدبخش

rot /rɒt, US rɑːt/ *noun*

1 رزیـن، پـوان، دافـەتران، داقـەنان، گـەنین، پواربـوون، لێـکهەڵوەشـان، لێـکبوونـەوە، پارچەپارچـەبوون 2 قـسەی هیچەکـە، هەڵیت‌وپلیت 3 بۆنەهاتن، نەهاتی، بێشانسی، بێبەختی 4 گەنین یان دافەترانی جەرگی مەڕ 5 نەخۆشی بەکتریایی یان کەڕوویی، ب.ت. هی ڕووەک ۞ 1 فساد، پوسیدگی، تجزیه، فروپاشی 2 یاوه 3 بدبیاری 4 و 5 رات

rota /ˈrəʊtə, US ˈroʊtə/ *noun*

1 ناونامـه، لیـستەی ناوەکـان 2 لیـستەی دیاریکردنی کاری هەر کەسێ 3 (the Rota) دادگـای (بـاڵای) پیاچوونـەوەی کاسـۆلیکی (بنـەڕەت: لـه لاتینـەوه "پێچکـه") ۞ 1 صـورت اسامی 2 فهرست شرح وظایف 3 (با R) روتا

Rotarian *noun, adjective*

n ئەنـدامی یانـەی Rotary (کۆمەڵـەیێکی خێرخوازی) *adj* سەربە رۆتاری ۞ روتاری

rotary /ˈrəʊtəri, US ˈroʊ-/ *adjective, noun* (*pl.* rotaries)

adj سـووڕاو، سـووڕی، وەرسـووڕاو، سووڕێنەرانە، دەورلێدەر، چەرخی، سـووڕۆک، خـولی، خولـۆک، خـولاو، خـولاوە: *rotary motion n* (ئەمریکا) چوارڕێ، مەیدان، فەلەکە ۞ *adj* چرخشی، دوار *n* میدان، فلکه

rotary axis *noun*

تـەوەری سـووڕاو یـان خـولاوە، خولەتـەوەر، تەوەرەسوورە ۞ محور دوار

rotary converter *noun*

خولەگۆڕەر، گۆڕێنەری سووڕاو یان خـولاوە ۞ مبدل دوار

rotary cultivator = rotavator

rotary evaporator *noun*

هەڵـمێنەری سـووڕاو، خولەهەڵـمێنەر ۞ تبخیرکنندەی دوار

rotary engine *noun*

بزوێنە یان مۆتۆری سووڕاو(ە) یا خـولاوە (وەک توربین) ۞ موتور دوار

rotary motion *noun*

جووڵەی وەرسووڕانە یا سووڕاوە، خولەجووڵـە، جووڵانەوەی سووڕاو ۞ حرکت چرخشی

rotary press *noun*

دەزگـای چـاپی وەرسـووڕاو یـان رۆتیـری ۞ ماشین چاپ روتاری

rotary pump *noun*

پۆمپی وەرسووڕاو ۞ تلمبەی چرخشی

rotary tiller *noun*

تیلێری چەرخی یان وەرسووڕاو ۞ تیلر دوار

rotary-wing aircraft *noun*

فڕۆکـەی بـاڵخـولاوە، rotorcraft، ب.ت. هێلیکۆپتێر ۞ نوعی هواپیما

rotating *adjective*

وەرسووڕاو، خولاوە، سوور دەخوا، سووڕاوە،

چـەرخی، سـووڕۆک، خولـۆک، دەورلێـدەر ◯ دوار، چرخشی

rotation /rəʊˈteɪʃn, US ˈroʊ/ *noun*
1 سـووڕان، خولانـەوە، خـولان، سـووڕان، وەرسـووڕان، گردوخـول، چـەرخخـواردن، دەورلێدان، گەڕان (بە دەوری شتێکدا) 2 سوور، خول، خل، چەرخ 3 نۆرە (**rotational** /-ʃənl/ **rotationally** /-ʃənli/ :rotation سەربە : *adj* (*adv* ◯ 1 چرخش، دوران 2 دور 3 نوبت

rotative /ˈrəʊteɪtɪv/ *adjective*
1 وەرسووڕاو، خولاوە، چەرخی، سوورخواردوو، سووڕۆک، خولۆک، دەورلێـدەر 2 سـووڕێنەر، خولێنەر، هەڵسـووڕێنەر ◯ 1 دوار 2 گرداننده

rotator *noun*
1 سـووڕێنەر، خولێنـەر، هەڵسـووڕێنەر، مایـەی سـووڕانەوە 2 ماسـوولکەی خولێنـەرەوە یـان سووڕێنەرەوە ◯ 1 گرداننده 2 ماهیچەی گردنده

rotatory /ˈrəʊtətəri/ *adjective*
سـووڕاو، سـووڕی، وەرسـووڕاو، سـووڕێنەرانە، دەورلێدەر، چەرخی، سـووڕۆک، خولی، خولۆک، خولاو ◯ چرخشی، دوار، دورانی

rotavator /ˈrəʊtəveɪtə/ *noun*, also rotovator
دەزگای پەرە یان تیغەسووڕاو (بۆ تێکشـکاندنی گڵ) ◯ روتاواتور

rote[1] /rəʊt, US roʊt/ *adjective*
ئاسایی، دووبارە(وەبوو)، بێبیرلێکردنەوە، ڕوت: *a poem learnt by rote* ◯ عـادی، تکـراری، بدون تفکر، طوطی‌وار

rote[2] /rəʊt, US roʊt/ *noun*
روت (ئامێرێکی موسیقایی کۆنە، شێوەی قیسارە دەدا) ◯ روت

rote learning *noun*
فێربـوونی بـێبیرلـێکردنـەوە یـا بـە ڕێگـای لەبەرکردن ◯ یادگیری طوطی‌وار

rotenone /ˈrəʊtənəʊn/ *noun*
(کیمیـا) مەتریالێـکی بلـووری ژاراوی $C_{23}H_{22}O_6$، لە ڕەگی derris دەگیرێ، زۆرتر وەکوو مێرووکوژ بەکاردێنرێ ◯ روتنون

rotgut *noun*
(ئافەرمی) گەندەئارەق، ئارەق(ە)سەگی ◯ عرق سگی

roti /ˈrəʊti/ *noun, pl.* rotis
(هیندی) نانی سەرسێل یان سێلی، نانساجی (بنەڕەت: لە *roṭī* هیندی) ◯ روتی

rotifer /ˈrəʊtɪfə/ *noun*
گیانـەوەری چـەرخـەوەر یـان چـەرخدار یـان ڕەوڕەوەدار ◯ روتیفر

Rotifera /rəʊˈtɪf(ə)rə/ *noun, pl.*
(گیانـەوەرناسـی) چـەرخـەوەران، چـەرخداران، ڕەوڕەوەداران: لقێکی چکۆلەی گیانـەوەرە وردە ئاوی فرەخانەیی‌یەکان کە ئەندامێکی مژۆڵداری چەرخئاسایان هەیە و بۆ خواردن یان مەلە بەکاری دێنن، گیانەوەرانی مایکرۆسکۆپی، هی ئاوە سوێر و شیرینەکان، یەک یان چەند ئالقەیێکی مژۆلیان هەیە کە لە کاتی ڕۆیشتندا وەک چەرخ دەخولێنەوە و لە وردەزیندەوەرەکان micro-organism دەخۆن ◯ روتیفرا

rotiferal *adjective*
سەربە گیانەوەرانی چەرخەوەر یان چەرخدار ◯ وابسته به روتیفر

rotiform *adjective*
چەرخئاسا، شێوەپێچکە، چەرخی، شێوەچەرخ، ڕەوڕەوەیی ◯ چرخ‌مانند

rotisserie /rəʊˈtɪsəri, US roʊ-/ *noun*
کەبابی برژێنی سووڕاو یا ورەسووڕانە، برژێنەی چەرخی ◯ کباب‌پز گردان

rotor /ˈrəʊtə(r), US ˈroʊ-/ *noun*
1 خولەکە، بەشی سووڕاوە یان خولۆکی توربین، مۆتۆری ئێلیکتریکی یان دەزگایێکی تر 2 (ب.ت. هێلیکوپتێر) پەرە، باڵەخول، پەروانە ◯ 1 قسمت گردنده‌ی ماشین 2 پروانە، پرە

rotorcraft *noun, pl.* same
باڵ یا پەرە یان پەروانەی خولاوە (هێلیکوپتێر یان autogiro) ◯ پروانه‌ی گردان

rototiller /ˈrəʊtə(ʊ),tɪlə/ = rotavator (North American)

rotovator = rotavator

rotten /ˈrɒtn, US ˈrɑːtn/ *adjective* (rottener, rottenest)
1 ڕزیو، گنخاو، پوواو، پووار، دافەتراو، گەندەڵ، گەنـەڵ، کرمـێ، کرمـۆڵ، کرمـەڕێژ، کـرمتێـداو، خراپ(بوو)، شەلق، بۆنگرتوو، بۆگەن، گەنیو، پیس(بوو) 2 بێنرخ، هیچ، سووک، ناپاک، نادروست، هیچوپووچ، پیس، خراپ، گەنوگوو 3 دەردەدار، نـەخۆش 4 ناحـەز، ناپەسـند، ناشیرین، دزێو، ناخۆش، ڕەش، خراپ، گەن ◯ 1 پوسیده، گندیده، فاسد 2 بی‌کفایت، بی‌ارزش، کثیف 3 مریض 4 ناخوشایند، نامطلوب

rottenstone /ˈrɒtnstəʊn/ *noun*
جـۆرێ بـەرد (وەک گـەردە یـا هـەوێـر بـۆ ورشاندنەوە) ◯ نوعی سنگ

rottenly /ˈrɒtnli, US ˈrɑːtnli/ *adverb*
بە شێوەیەکی گەنیو، بۆگەناوی، بە شێوەیەکی ناحەز ◯ به طور گندیده، به طور زشت

rottenness /ˈrɒtnnəs, US ˈrɑːtnnəs/ *noun*
ڕزیوی، گەندەڵی، گەنەڵی، گنخاوی، شەلقین، پـواوی، پواربوون، دافـەتراوی، کرمێبوون، کرمۆڵی، خراپبوویی، بۆنگرتوویی، بۆگەنبوون، گەنیوی، پیسی ◯ پوسیدگی، گندیدگی، فساد

rotter /ˈrɒtə(r), US ˈrɑːt-/ *noun*
خوێڕی‌یە پیاو، مرۆی هیچوپووچ یان سووک

ⵔ آدم فرومایه

Rottweiler /ˈrɒtwaɪlə(r), -vaɪ-, ˈrɑːtwaɪ-/ *noun*
راتوەیلێر (= جـۆرە سـەگێکی زل و دڕ؛ بنەڕەت: ئەڵمانی. لە *Rottweil* ناوی شارێکی باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا) ⵔ راتویلر

rotund /rəʊˈtʌnd, US roʊ-/ *adjective*
خڕوپڕ، قەڵەو، خڕین، خڕومڕ، خڕوخـەپان، خـڕوخۆڵ، خڕیلانـە، گۆشـتن: *the rotund* ⵔ *figure of Mr Stevens* فربه، خپل

rotunda /rəʊˈtʌndə, US roʊ-/ *noun*
(ئیتالیایی) خانووی خڕ (بە بانی گومـەزی‌یـەوە) ⵔ روتاندا

rotundity /rəʊˈtʌndəti/ *noun*, also rotundiness
خڕوپڕی، قەڵەوی، خڕینی، گردی، خڕوخۆڵی، گۆشتنی ⵔ فربهی، خپلی

rotundly /rəʊˈtʌndli, US roʊ-/ *adverb*
خڕوخۆڵانە، خڕینانە ⵔ به طور خپل

rouble /ˈruːbl/ *noun*, also ruble
یەکەی بنەڕەتی پارەی رووسیە، بەرامبەر بە سەد kopek ⵔ روبل

roué /ˈruːeɪ, US ruːˈeɪ/ *noun*
(فەرەنسی) داوێن‌پیس، شەڵـواریـس، زۆڵ (ب.ت. پیاوێکی گەڕاوە) ⵔ فاسق

rouge /ruːʒ/ *noun*
سووراو، رۆژ ⵔ روژگونه

rouged *adjective*
سووراوکردوو ⵔ روژگونه‌زده

rough /rʌf/ *adjective* (rougher, roughest), *noun*, *adverb*
adj 1 نارێـک، نـاقوڵا، ناتـەخت، ناهـەمـوار، نەلووس، نەپووس، پڕچاڵی‌وچۆڵی، گرنج‌گرنج، گڕ، گرێی‌گرێی، بڕگەبڕگە، نەتاشراو، زبر، زوفت، زوور، گرس، گەرووز، ئاژین، درشت، ئاژ، زرک 2 سەخت، دژوار، چەتوون، گران 3 تووڕە، دڕ، توندوتیژ، نائارام، بێڕەوشت، بێ‌ئەدەب 4 تیژ، توند، نـاخۆش 5 سـەرەتایی 6 نـە زۆر تـەواو، مەزنـدەیی 7 (مـەی) تـاڵ، نەگـەیو 8 (مۆتـۆر) نامیزان 9 (دەنگ) گڕ، بۆڕ، نووساو *n* 1 نارێکی، ناتـەختی، پڕچالـیوچۆڵـیتی، زبـری، زرکـی، نەتاشراوی، گرنج‌گرنجی، بڕگەبڕگەیی 2 زەوی نارێـک 3 سـەختی، مەینـەتی، قوربەسـەری 4 نیوەچڵی 5 رەشنووس، بەرنووس *adv* نارێکانە، بـە شـێوەیەکی ناتـەخت یـان نارێـک ⵔ *adj* 1 ناهموار، زبر 2 شاق 3 خشن، بی‌ادب 4 زننده 5 اولیه 6 تقریبی 7 تلخ 8 تنظیم‌نشده 9 ناهنجار، خشن *n* 1 ناهمواری، ناصافی 2 زمین ناهموار 3 سختی 4 ناتمامی 5 پیش‌نویس *adv* به طور ناصاف

roughage /ˈrʌfɪdʒ/ *noun*
زبرە (بۆ کردنەبەر یا تفاقی ماڵات، وەک زبرەی خۆراک) ⵔ رافیج

rough and ready *adjective*
1 سەرسەرەکی (بەڵام باش) 2 نە زۆر بەڕەوشت یان بەئەدەب ⵔ 1 سرهم‌بندی 2 نه زیاد مؤدب

rough and tumble *noun*
1 شـەڕ و کێـشە، پێکاهەڵـپرژان، کنگەشـەڕ، زرمەزلێ، زرمەزلیتانێ، زرمەزلێتە، شلۆق‌بازاڕی (نە زۆر بەڕاستی) 2 هەورازونشێو، کەندولەند، کەندوکۆسپ، چاڵی‌وچۆڵی، بەرزی‌ونزمی ⵔ 1 جنگ و دعوا 2 فراز و نشیب

rough bluegrass *noun*
چیمەنەزبرە؟: گیایێ بۆ تفاق، هـی ئۆراسیا و باکووری ئەفریکا، بردراوە بۆ ئەمریکاش [*Poa trivialis*] ⵔ نوعی گیاه

roughcast /ˈrʌfkɑːst, US -kæst/ *noun*, *adjective*
n 1 نموونەی سەرەتا 2 (رووکاری خانووبەرە) زبـرە، سـواخی زبـرە، زبرەسـواخ (بـە قـسڵ (ئاهەک)، چیمەنتۆ و زیخ) *adj* سـواخدراو بـە زبرە ⵔ *n* 1 نمونه‌ی اولیه 2 پوشش تگرگی *adj* اندود شده با پوشش تگرگی

rough cut *noun*
یەکەمین دانەی فیلم دوای مۆنتاژی سـەرەتایی ⵔ راف کات

rough diamond *noun*
1 رووژە یان ئەڵماسی (دا)نەتاشراو 2 (ئافەرمی) مرۆی دڵـسۆز و تووڕەدیار ⵔ 1 الماس نتراشیده 2 آدم خوش‌قلب با ظاهری خشن

rough edges *noun, pl.*
کەم‌وکوڕی(یەکان)، عەیبەکان، ناتەواوی‌یەکان، کەم‌وکورتی ⵔ کمبودها، نواقص

rough-hewn /ˈrʌf ˈhjuːn/ *adjective*
(دار، بەرد و هتد) لووس‌نەکراو، دڵودڵۆ، پڕدڵۆ، نەتاشـراو، رێـکنـەکراو، پـەرداخنـەکراو، سـافنـەکراو، لـووس‌وپـووس‌نـەکراو، زبـر، گرنج‌گرنج، بزڕبزڕ، گرێی‌گرێی ⵔ صیقل‌نخورده

roughhouse *noun*
شەڕ و کێشە، پێکاهەڵپرژان، کنگەشەڕ، گونگەڵ، چرەوگوڕە، شلۆق‌بازاڕی، جەنجاڵی (کایە کە لە شەڕ دەچێ) ⵔ جنگ و دعوا

rough justice *noun*
سزای نادادگەرانە یان نادادپەروەرانە، سزای توند ⵔ مجازات غیرمنصفانه

roughi = 1 hooligan 2 roughy

roughish *adjective*
کەمێ زبر، زبریلە، دەسێ زبری هەیە ⵔ نسبتاً زبر

roughly /ˈrʌfli/ *adverb*
1 توندوتیژانـە 2 نزیـک بـە، نزیکـە، approximately ⵔ 1 با خشونت 2 تقریباً

roughneck /ˈrʌfnek/ *noun*
1 کرێکاری چاڵ(ـاو)ی نـەوت، بیرکەن یـان

کریکاری هەڵکەندنی بیری نەوت 2 کەڵەگا، مرۆی ملهوڕ، لات ۞ 1 کارگر چاه نفت 2 آدم قلدر

roughness /ˈrʌfnəs/ *noun*

1 توندوتیژی، توندی 2 زبری، زرکی، زووری، نارێکی، ناتەختی ۞ 1 خشونت 2 ناصافی، زبری

rough-rider /ˈrʌf raɪdə(r)/ *noun*

کەسێ کە سواری ئەسپی سرک دەبێ تا دەستەمۆی کا ۞ راف‌ریدر

roughshod /ˈrʌfʃɒd, US -ʃɑːd/ *adjective*

1 (ئەسپ) بە نالی زبر یان جیری‌یەوە بۆ نەخزین ride roughshod over 2 جووڵانەوەی توندوتیژانە، هەڵس‌وکەوتی توند 3 گوێ‌پێ‌نەدان، گوێ‌لێ‌نەخواندن، پشت‌گوێ‌خستن، بەهێندنەگرتن، سەرنج‌پێ‌نەدان ۞ 1 راف‌شود 2 (در اصطلاح) رفتار خشونت‌آمیز 3 بی‌اعتنایی

rough stuff *noun*

شەڕ و کێشە، پێکاهەڵپڕژان، کنگەشەڕ، گۆنگەڵ، چرەوگورە، شلوق‌بازاڕی، کەربازاڕی، جەنجاڵی (کایە کە لە شەڕ دەچێ) ۞ المشنگە، جنگ و دعوا

roughy /ˈrʌfi/ *noun,* also roughie, *pl.* roughies

1 جۆرێ ماسی دەریایی [چەندین توخم و جۆر، *Trachichthys australis* دەگرێتەوە] 2 = ruff

2 (واتای دووەکەی) ۞ نوعی ماهی

rouille /ˈruːi/ *noun*

جۆرێ سۆسی Provençal ۞ نوعی سس

roulade /ruːˈlɑːd/ *noun*

(فەرەنسی) تل، خلۆر ۞ غلت

rouleau /ˈruːləʊ, US ruːˈləʊ/ *noun, pl.* rouleaux or rouleaus /-əʊz/

پاکەتی لوولەکی کۆین و سکە، لوولەی پارەی وردە ۞ پاکت استوانەای سکەها

roulement /ˈruːlmɒ̃/ *noun*

(میلیتاری) جووڵاندنی هێز و دەزگاکان ۞ رولمنت

roulette /ruːˈlet/ *noun*

1 رولێت (جۆرێ قومار) 2 دەزگای ددانەداری سووڕاوەی کونکەر، چەرخ ۞ 1 رولت 2 چرخ منگنەبُر

Roumanian /ruːˈmeɪnɪən/ = Romanian

round[1] /raʊnd/ *adjective, noun*

adj 1 خڕ، گروڤەر، گلۆلەئاسا، خرت، گۆیی، تۆپی، تۆپ‌ئاسا 2 کەوانەیی، داهاتوو، چەمیو، خوار 3 گۆشتن 4 دووسەرە، هاتن و چوون، ئەمسەر و ئەوسەر، دووسەرە 5 تەواو، پڕ، بێ‌کەم و زیاد، رەبەق 6 (قسە)لەڕوو، بێ‌پەردە *n* 1 گەڕ، خول، سووڕ، دەور، رەوند، قۆناخ 2 ئالقە، کەمە، خڕایی، پەپکە، خەپکە، خەلەک، بازنە 3 گەڕان، چەرخە، دەورلێدان 4 دەستە، کۆمەڵ، گروپ 5 شتی خڕ 6 بڕگەی خڕ، قاش یان لەتی خڕ 7 پانتایی، مەڵبەند، بوار، مەیدان، گۆڕەپان 8 (تەردیوان) پلە 9 گومەز 10 تیر، بەرک، گوللەخستن 11 سەردان، سەرکێشی (هەموو رۆژێ) 12 (موسیقا) گۆرانی بەنۆرە، گەڕەگۆرانی ۞ *adj* 1 مدور، گرد، کروی 2 خمیده 3 گوشتالو 4 رفت و برگشت 5 تمام، کامل 6 رک *n* 1 دور، وهله 2 حلقه 3 گشت 4 گروه 5 چیز گرد 6 برش گرد 7 حوزه، میدان 8 (نردبان) پله 9 گنبد 10 تیر، شلیک 11 عیادت 12 آواز دوری

round[2] /raʊnd/ *adverb, preposition*

دەورانەدەور، سەرتاسەر، سەرانسەر، بە دەوری(دا)، دۆرمادۆر، دەوروبەری، دەوروپشتی، بە چوار دەوری‌دا، بە هەموو لایێ‌دا، بە هەموو، بە تێکرای: *The earth moves round the sun* ۞ دورتادور، گرد، سرتاسر، به همه، اطراف

round´angle *noun*

گۆشەتەواو (بە 360 پلەوە) ۞ زاویەی تامە

roundabout /ˈraʊndəbaʊt/ *adjective, noun*

adj ناڕاستەوخۆ *n* 1 چوارڕێی خڕ، مەیدان، مەیان 2 مایین‌چەقەڵ، سارسارۆک، چەرخ‌وفەلەک، خولخولە ۞ *adj* غیرمستقیم *n* 1 میدان 2 چرخ و فلک

roundball = basketball

round bracket *noun*

کەوانە ۞ پرانتز

round dance *noun*

گەڕەشایی، هەڵپەڕکێ ۞ نوعی رقص گرد

rounded /ˈraʊndɪd/ *adjective*

1 خڕ، گروڤەر، گرد، گلۆلەیی، تۆپی، گۆیی، کەوانەیی، چەماو، تاق‌ئاسا، داهاتوو: *a surface with rounded edges* 2 (قیافە) رێک‌وپێک، جوان‌چاک، (جوان)هەڵکەوتوو 3 (چێژ) خۆش، بەتام 4 گشت‌لایەنە، هەمەلایەنە 5 هاوسەنگ، هاوکێش، لەنگەر 6 تەواو، پێگەیشتوو 7 (دەنگ‌ناسی) خڕ (roundedness *n*) ۞ 1 گرد، مدور، خمیده 2 خوش‌ترکیب 3 مطبوع 4 همەجانبە 5 متعادل 6 کامل 7 (آواشناسی) گرد

roundel /raʊndl/ *noun*

1 (شتی) خڕ، گرد، rondel 2 (لەسەر فڕۆکەی سەربازی) نیشانە یا دروشم، نیشانە یا دروشمی خڕ 3 پەنجێرەی خڕ 4 مەتاڵ یان قەڵغانی خڕ (هی سەدەی چاردەهەم) 5 گۆرانی rondeau پێکهاتوو لە سێ کۆپلە stanza ۞ 1 مدور 2 آرم 3 پنجرەی گرد، شمسه 4 سپر گرد 5 راندل

roundelay /ˈraʊndəleɪ/ *noun*

1 گەڕەشایی، هەڵپەڕکێ (بازنەیی یان ئالقەیی) 2 پارچە گۆرانی‌یێکی کورت و سەربەنددار ۞ 1 رقص گرد 2 روندلی

round-eyed *adjective*

چاودەرپەڕیو، چاوزەق، چاودەرپۆقیو ۞ با

چشمانی بیرون‌آمده

Roundhead /'raʊndhed/ *noun*

(مێژوویی) ڕەوندهێد (لایەنگری پارلەمان لە شەڕی نێوخۆیی ئینگلتەرەدا) ◇ روندهد

round-headed *adjective*

سەرخڕ ◇ دارای سر گرد

roundheel *noun*

ژنی هەرزە یان بێناموس ◇ زن بی‌عفت

roundheeled *adjective*

هەرزە، بێناموس ◇ بی‌عفت

round-house /'raʊndhaʊs/ *noun*

(کەشتی) دیوی پشتەوە، ژووری دواوە ◇ اتاق عقبی

roundish *adjective*

کەمێ خڕ، تا ئەندازەیێ خڕ، خڕیلە ◇ نسبتاً گرد

roundlet *noun*

بازنۆکە، جەغزۆکە، بازنەی چکۆلانە ◇ دایرەی کوچک

roundly /'raʊndli/ *adverb*

بە تەواوەتی، تەواو، بە توندی، توند، بە سەختی: *The report has been roundly criticized* ◇ کاملاً، به شدت

roundness /raʊndnəs/ *noun*

1 خڕبوون، خڕێتی، گردبوون، گلۆلەیی‌بوون، تۆپئاسایی، گۆێتی، چەماوی، خواری، تاقئاسایی، کەوانەیی 2 جوانچاکی، ڕێکوپێکی، (جوان)هەڵکەوتوویی 3 تەواوی، پێگەیشتوویی 4 قسەلەڕوویی ◇ 1 گردی، کرویت، خمیدگی، قوس 2 خوش‌ترکیبی 3 کمال 4 رک‌گویی

round robin *noun*

1 تۆمار (= بە مۆر و ئیمزای بازنەیی بۆ ڕێز (لێنان) لە پاش و پێشی مۆر و واژۆکان (یان نەزانرێ کە کێ لە پێشدا مۆری کردووە)؛ وتەیێ کە لە لایەن چەندین کەسەوە مۆر کراوە؛ شتی (وەک نامە) کە بە نۆرە بۆ ئەندامانی کۆمەڵ یان گرویێ دەنێردرێ و هەریەکە دوای مۆر کردن بۆچوونی خۆیان لەسەر دەنووسن (یان تێبینی‌یێکی دەخەنەسەر 2 (پێشبڕکێ) خول، سووڕ 3 = round series ◇ 1 طومار 2 دور

round-robin *adjective*

(پێشبڕکێ) خولی، گەڕی ◇ دوره‌ای

round-shouldered *adjective*

کووڕ، شانداکەوتوو، شان بۆ پێشەوەهاتوو، شانخڕ ◇ قوزدار

roundsman /'raʊndzmən/ *noun, pl.* roundsmen

1 چەرخەچی، پشکێنەر، گەڕێنەر، چاودێر، چاوبەسەرەوەبوو 2 (بریتانیا) بڵاوکەرەوە ◇ 1 گشتی، مفتش، بازرس 2 توزیع‌کننده

round table *noun, adjective*

n 1 میزگـــــرد: round-table talks 2 بەشداریکەرانی میزگرد 3 (Round Table) خڕەمێز، مێزەخڕ، مێزخڕ: مێزێکی خڕی گەورەی پادشا ئارتور Arthur و سوارچاکەکانی 4 ناوی ڕێکخراوەیێ بۆ هاوکاری بازرگانان (ی لاو) یان پیشەگەران لەگەڵ یانەکانیان لە بریتانیا، ئەمریکا و چەندین وڵاتی تر، لە 1927 دەستی پێکرد adj سەربە میزگـــــرد ◇ n 1 میزگـــــرد 2 شرکت‌کنندگان در میزگرد 3 و 4 روند تیبل adj وابسته به میزگرد

round-the-clock *adjective*

شەووڕۆژی، بیستوچوارسەعاتە، لەسەریەک، یەکبینە، یەکسەرە: *round-the-clock nursing care* ◇ شبانه‌روزی

round-trip *noun, adjective*

n سەفەر یا گەشتی دووسەرە، سەفەری هاتن و چوون adj سەربە هاتن و چوون، دووسەرەیی ◇ n سفر دوسره adj وابسته به رفت و برگشت

round-trip ticket *noun*

بلیتی هاتن و چوون، تیکێتی دووسەرە ◇ بلیط رفت و برگشت

round turn *noun*

دەورێکی تەواوی تەنافێ بە دەور تەنافێکی تر ◇ راند ترن

round-up *noun*

1 خڕکردنەوە، تێکەڵکردنەوە، کۆکردنەوە: *the round-up of sheep for shearing* 2 کورتەی هەواڵەکان یان پەیامەکان: *a news round-up* 3 کورتە ◇ 1 گردآوری 2 خلاصه‌ی اخبار 3 خلاصه

roundworm /'raʊndwɜːm/ *noun*

کرمی خڕ، کرمی ڕیخۆڵە (ی گیانەوەران و مرۆڤ [زۆر جۆرن، *Ascaris lumbricoides*ی گەورە لە مرۆڤدا دەگیرێتەوە]) ◇ کرم گرد

round window *noun*

پەنجێرەی خڕ، پەنجێرەخڕە: کونێکی خڕ نێوان گوێی نێوەڕاست و پێچ‌پێچۆکەی گوێ cochlea ◇ دریچه‌ی گرد

roup[1] /raʊp/ = auction (Scottish)

roup[2] /ruːp/ *noun*

(جۆرێ) پۆپەڕەشە، جۆرێ ئازار یان پەتای infectious disease پەلەوەر poultry، قرخەیان دەرنایە (roupy *adj*) ◇ نوعی مرض طیور

roustabout /'raʊstəbaʊt/ *noun*

(ئەوستڕالیا و نیوزیلەند) فەعلا، کرێکار (کێڵگە) ◇ عمله

roused *adjective*

تووڕە، ڕقهەستاو ◇ خشن، غضبناک

rouser *noun*

درۆی زلە، شەقەدرۆ ◇ دروغ شاخ‌دار

rousing /'raʊzɪŋ/ *adjective*

1 ڕاپەڕێنەر، هەستێنەر 2 هاندەر، وروژێنەر،

بزوێنەر، بەکارخەر، بەتین، بەگوڕ، گوڕپێدەر، ورەپێدەر، تینءدەر، پڕوزە، بەکار، پڕکار، چالاک 3 زل (درۆ) ۞ 1 بیدارکننده 2 محرک، مهیج، پرشور، فعال 3 شاخدار

rousingly /ˈraʊzɪŋli/ *adverb*
هاندەرانە، وروووژێنەرانە، بزوێنەرانە ۞ بە طور محرک یا مهیج

Rous sarcoma /raʊs/ *noun*
جۆری لوو یان تۆمۆر بە هۆی ڤایرۆسێکی RNA ـەوە، تووشی باڵندەکان، ب.ت. پەلەوەری ماڵی دەبێ ۞ روس سارکوما

roustabout /ˈraʊstəbaʊt/ *noun*
کەچەکرێکار، فەعلا (بەندەر، چالاوی نەوت و هتد) ۞ عمله

rouster = roustabout

rout /raʊt/ *noun*
1 تێشکان، بەزین، تێشکانی سەخت، بەزینی یەکجارەکی (هەڵبژاردن، پێشبڕکێ یان شەڕێ)، debacle، هەڵاتن، بڵاوەدان 2 شێواوی، ئاژاوە، ئاڵۆزایی، disturbance ۞ 1 شکست جانانە، هزیمت 2 آشوب

route /ruːt, US raʊt/ *noun*
ڕێگا، ڕێ، هێڵی پیاڕۆیشتن، هێڵ، ڕێڕەو: *the -e to* ◊ *an escape -ute* ◊ *coastal route a* ◊ *a cycle -e* ◊ *success* ۞ راه، طریق، خط، مسیر

route man = roundsman

route march *noun*
(میلیتاری) ڕۆیشتن، مەش، ڕێڕەوی ۞ راهپیمایی

router [1]/ˈraʊtə/ *noun*
(دارتاشی) ڕەندە، ڕەنە ۞ رنده

router [2]/ˈruːtə/ *noun*
(کامپیوتێر) ڕووتێر، ڕێ(ـگە)دۆز؟ (= دەزگایێ کە زانیاری بۆ بەشە شیاو و گونجاوەکانی تۆڕێکی کامپیوتێری دەنێرێ) ۞ روتر

router [3]/ˈraʊtə/ *noun*
ئەسپی تایبەتی یان ڕاهێنراوی پێشبڕکێی (مەودا) دوور (ودرێژ) ۞ روتر

routine /ruːˈtiːn/ *noun, adjective*
n کاروباری ڕۆژانە، کاری دووپاتە، کاری دووبارەوەبوو: *Make exercise a part of your daily -utine* ◊ *adj* ئاسایی، ڕۆژانە، هەمیشەیی، هەرڕۆژە، دووبارەوەبوو، دووبارە، دووپاتە، چەندپاتە: *This type of routine* ◊ *enquiries/questions/tests work rapidly becomes routine* ۞ *n* جریان عادی، کار یکنواخت *adj* عادی، روزمره

routinely /ruːˈtiːnli/ *adverb*
زۆرتر، وەکوو هەمیشە، لەسەریەک، یەکسەرە، یەکبینە: *Visitors are routinely checked as they enter the building* ۞ معمولاً، مرتباً

roux /ruː/ *noun, pl.* same
تێکەڵەیێ لە ئارد، کەرە و شیر، کە سۆسی پێدەگرنەوە ۞ روکس

rove [1] /rəʊv, US roʊv/ *noun*
گەڕان، ڕێچوون، سووڕانەوە، خولانەوە ۞ گشت، ولگردی

rove [2] = past of reeve

rove [3] /rəʊv, US roʊv/ *noun*
هەودایێکی کورتی لە خوری یان ڕیسی بادراو ۞ رور

rove [4] /rəʊv, US roʊv/ *noun*
تەبەق یان ئاڵقەیێکی کانزایی ۞ ورق یا حلقەی فلزی

rove beetle *noun,* also staphylinid
قالۆنچەگەن(دە)خۆرە، خێزان (Staphylinidae) ۞ نوعی سوسک

rover [1] /ˈrəʊvə(r), US ˈroʊ-/ *noun*
1 گەڕال، گەڕیدە، ئاوارە، سەرلێشێواو، دەربەدەر 2 نیشانەیێ بۆ تیرخستن لە مەودای دوورەوە 3 نیشانەی هەڕەمەکی 4 دەزگایێ بۆ لێخوڕین بەسەر زەوی ناڕێکدا ۞ 1 سیار، اواره 2 و 3 روور

rover [2] /ˈrəʊvə(r), US ˈroʊ-/ = piráte

roving /ˈrəʊvɪŋ, US ˈroʊ-/ *adjective*
1 ئاوارە، سەرلێشێواو، دەربەدەر، تەرە، هەڵوەدا 2 پیاسەچی، پیاسەوان 3 گەڕیدە، گەڕۆک ۞ 1 آوارە، سرگردان 2 پرسەزن 3 سیار

roving eye *noun*
چاوی حیز، نیگای زۆڵانە ۞ چشمان هیز

row [1] /rəʊ, US roʊ/ *noun*
سەوڵلێدان، چەپەگێری (ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ پاروزنی

row [2] /rəʊ, US roʊ/ *noun*
ڕیز، چووز، ڕزگ، ڕاف، ڕزار (ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ ردیف

row [3] /rəʊ, US roʊ/ *noun*
دەنگوهەرا، هەراوهوریا، هەراهەرا، بگرەوبەردە، جەنجالی، چڕەوگوڕە، شەڕوکێشە، مشتومڕ، قڕە، جوڕڕە، دمەقڕە، مشەرعێن: *She left him after a blazing row family* ◊ *rows* ۞ هیاهو، دعوا، مرافعه

rowan /ˈrəʊən, ˈraʊən, US ˈroʊən, ˈraʊən/ *noun,* also rowan tree
(ڕووەکناسی، دار) ڕۆئێن، سوورەچێو، ڕۆوان [*Sorbus aucuparia* و جورە پێوەندیدارەکان] ۞ درخت تیس

rowboat /ˈrəʊbəʊt, US ˈroʊboʊt/ *noun*
بەلەمی سەوڵی، گەمی کلکەیی، لۆتکەی چەپەیی ۞ قایق پارویی

rowdily /ˈraʊdɪli/ *adverb*
توندوتیژانە، بە شێوەیێکی توندوتیژ(انە) ۞ بە طور خشونتآمیز

rowdiness /ˈraʊdinəs/ *noun*
شەڕوکێشە، ئاژاوە، بگرەوبەردە، چڕەوگوڕە، جەنجاڵی، قڕە، توندوتیژی ۞ دعوا، آشوب، خشونت

rowdy /ˈraʊdi/ *adjective* (rowdier, rowdiest), *noun* (*pl.* rowdies)
adj سەربەگژنگەڵ، شەڕفرۆش، جینگزی، ئاژاوەگێڕی، ئاژاوەنەرەوە، جەنجاڵینەرەوە *n* مرۆی سەربەکێشە: *-ies and troublemakers* ۞ *adj* دعوایی، آشوب‌انگیز *n* آدم جنجال‌بپاکن

rowdyism /ˈraʊdiɪzəm/ *noun*
ئاژاوەنانەوە، شەڕفرۆشی، گژنگەڵنانەوە، شەڕنانەوە، جەنجاڵی‌نانەوە ۞ جنجال‌بپاکنی

rowel /ˈraʊ(ə)l/ *noun*
1 چەرخیلە، پێچکە یا چەرخی مامزە (لە ئاخرەکەی، بنەڕەت: چکۆلێنراوی *rota* لاتین "چەرخ **wheel**") 2 ئالقەی دانەی ئەسپ ۞ 1 چرخ مهمیز 2 روول

rowen /ˈraʊən/ *noun*
بەر یان چینی دووەم، هەروەها **aftermath** ۞ چین دوم

rower /ˈrəʊə(r), US ˈroʊ-/ *noun*
سەوڵلێدەر، چەپەگێر ۞ پاروزن

row house /ˈrəʊ haʊs, US ˈroʊ/ = terraced house

rowing /ˈrəʊɪŋ, US ˈroʊɪŋ/ *noun*
بەلەمەوانی، گەمی‌لێخوڕین، لۆتکەوانی: *to go rowing* ۞ قایق‌رانی

rowing boat = row boat

rowing machine *noun*
دەزگای گەمی‌یەوانی یان سەوڵلێدان ۞ ماشین قایق‌رانی

rowlock /ˈrɒlək, ˈrəʊlɒk, US ˈrɑːl-, ˈroʊlɑːk/ *noun*
(گەمی) جێی‌سەوڵ، جێی‌کلکە، کلکەگیر، سەوڵگیر ۞ جاپارویی

royal /ˈrɔɪəl/ *adjective, noun*
adj پاتشایی، شایی، شایانە، شاهانە، بەشکۆ: *n the royal family* 1 (زۆرتر بە کۆ) ئەندامی بنەماڵە یان خێزانی پاتشایی 2 تۆپی هاوەنی چکۆلە 3 بادەوەبێ (چکۆلە) لەسەر بادەوەی گەورە 4 جۆرێ گاکێوی هەشت‌شاڵە یان زۆرتر کە شاخەکانی زیاتر لە دوازدە پەلی هاویشتووە 5 (بە تەواوەتی **metric royal**) کاغزی ئەندازە **636 × 480 mm**؛ (بە تەواوەتی **royal octavo**) کتێبی ئەندازە **234 × 156 mm**؛ (بە تەواوەتی **royal quarto**) کتێبی ئەندازە **312 × 237 mm** ۞ *adj* سلطنتی، باشکوه *n* 1 (بیش‌تر در جمع) عضو خانوادەی سلطنتی 2، 3، 4 و 5 رویال

Royal Automatic Club = RAC

royal antelope *noun*
جۆرێ ئاسکی پشت‌کووری ئەفریکای رۆژاوا [*Neotragus pygmaeus* خێزان Bovidae] ۞ نوعی آهو

royal blue *noun, adjective*
(رەنگی) شینی تۆخ، شینی تێر یان تۆخ ۞ (رنگ) آبی سیر، آبی سیر

Royal Commission *noun*
لێژنەی لێکۆڵینەوەی پاتشایی ۞ کمیسیون تحقیق سلطنتی

Royal Family *noun*
خێزان یا بنەماڵەی پاتشایی ۞ خانوادەی سلطنتی

royal flush *noun*
(پوکێر) رویاڵ فلاش ۞ رویال فلاش

Royal Highness *noun*
خاوەن‌شکۆ ۞ والاحضرت

royalist /ˈrɔɪəlɪst/ *noun, adjective*
1 پاتشایی‌خواز، شاخواز، لایەنگری بنەما و سیستمی پاتشایەتی 2 لایەنگری پاتشا لە بەرامبەر پارلەماندا، لە شەڕی نێوخۆیی ئینگلتەرەدا 3 لایەنگر یان پشتیوانی بریتانیا بەدرێژایی شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا، Troy ۞ 1 سلطنت‌طلب 2 و 3 رویالیست

royality *noun*
1 پلەوپایەی پاتشایەتی، پۆستی پاتشایەتی 2 شکۆ، گەورەیی، مەزنی ۞ 1 مقام سلطنت 2 جلال

royal jelly *noun*
خۆراک یان هەنگوینی شاهەنگ ۞ غذای ملکه

royally /ˈrɔɪəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی شایانە یان بەشکۆ، شایانە، شاهانە، پاتشایانە: *We feasted royally on salmon and champagne* ۞ به طور باشکوه

royal palm *noun*
دارخومای شایانە [توخم *Roystonea*: چەندین جۆرن، بە تایبەتی *R. regia*] ۞ نوعی درخت خرما

royal prerogative *noun*
دەسەلاتی شایانە یان شاهانە ۞ اختیار ملوکانه

royal purple *noun*
رەنگی ئەرخەوانی مەیلەو سووری تۆخ ۞ رنگ ارغوانی مایل به قرمز سیر

royal stag *noun*
(بریتانیا) گاکێوی (نێراسک) پاتشایی یان شایانە ۞ گوزن نر رویال

royal standard *noun*
ئاڵای پاتشایی یان شایانە ۞ پرچم سلطنتی

royal tennis = real tennis

royalty /ˈrɔɪəlti/ *noun, pl.* royalties
1 پاتشایی، پادشایی 2 بنەماڵەی پاتشایی، ئەندامی بنەماڵە یان بەرەی پاتشایەتی، خێزانی پاتشایەتی 3 مەڵبەندی پاتشایەتی 4 شکۆ، گەورەیی، مەزنی: *Hollywood royalty* 5

مـافی ئیمتیاز، تایبـه‌تمـاف 6 به‌رهه‌مانه، مـافی نووسه‌رانه: *a royalty payment* ۞ 1 سـلطنت 2 خانـدان سـلطنتی 3 قلمـرو سـلطنتی 4 جـلال، صلابت 5 حق امتیاز 6 حق تالیف

rozzer *noun*
(نافه‌رمی، بریتانیا) ئه‌فسه‌ری پۆلیس ۞ پلیس

RP *abbreviation* received pronunciation

RPG *abbreviation* 1 report program generator 2 rocket-propelled grenade
1 ئاری‌پی‌جی: جۆرێ زمانی به‌رنامه‌نووسی ئاسته‌به‌رزی بازرگانی یان بازرگانی ئاسته‌به‌رز 2 ئاری‌پی‌جی (جۆرێ چه‌ک) ۞ آرپی‌جی

RPI *abbreviation* retail price index
ئاری‌پی‌ئای، ئیندیکسی نرخی ورده‌فرۆشی یان ده‌نک‌فرۆشی ۞ آرپی‌آی، شاخص قیمت خرده‌فروشی

rpm *abbreviation* revolutions per minute
(خێرایی) خول له‌ ده‌قه‌دا، سوور له‌ خوله‌کدا ۞ دور در دقیقه

RR *abbreviation* railroad
ڕێگای ئاسن ۞ راه آهن

-rrhoea *suffix*
پاشگر: لێ‌ڕژان، ڕژان، لێ‌هاتن: *diarrhoea* (بنه‌ڕه‌ت: له‌ *rhoia* یونانی‌یه‌وه "flow, flux") ۞ پسوند: جریان، ریزش

RRP *abbreviation* recommended retail prince
نرخ بۆ به‌کارهێنه‌ر ۞ قیمت برای مصرف‌کننده

RSA *abbreviation* 1 Republic of South Africa 2 Royal Society of Arts
1 کۆماری ئه‌فریکای باشووری 2 (له‌ بریتانیا) کۆمه‌ڵه‌ی پاتشایی هونه‌ره‌کان ۞ 1 جمهوری آفریقای جنوبی 2 انجمن سلطنتی هنرها

RSC *abbreviation* Royal Shakespeare Company
(بریتانیا) کۆمپانیای پاتشایی شه‌کسپیه‌ر ۞ شرکت سلطنتی شکسپیر

RSM *abbreviation* Royal School of Music
(بریتانیا) خوێندنگای پاتشایی موسیقا ۞ مدرسه‌ی سلطنتی موسیقی

RSPB *abbreviation* Royal Society for the Protection Birds
(بریتانیا) کۆمه‌ڵه‌ی پاتشایی بۆ پاراستنی باڵنده‌کان ۞ جمعیت سلطنتی جهت حفاظت پرندگان

RSPCA *abbreviation* Royal Society for the Prevention of cruelty to Animals
(بریتانیا) کۆمه‌ڵه‌ی پاتشایی بۆ نه‌هێشتنی دڕندایه‌تی له‌ ئاست گیانه‌وه‌راندا، کۆمه‌ڵه‌ی پاتشایی پشتگیری له‌ گیانه‌وه‌ران ۞ جمعیت سلطنتی جهت منع سبعیت در مقابل جانوران

RSV *abbreviation* Revised Standard Version

RSVP *abbreviation* répondez s'il vous plaît
(له‌ وه‌ڵامی بانگێشت‌نامه‌دا) تکایه‌ وه‌ڵام بده‌وه‌ ۞ لطفاً پاسخ دهید

Rt. Hon *abbreviation* Right Honourable
جه‌نابی به‌ڕێز ۞ عالی‌جناب

Rt. Rev. *abbreviation* Right Reverend
جه‌نابی به‌ڕێز ۞ عالی‌جناب

Rt. Revd. = Rt. Rev.

Ru symb. the chemical element ruthenium

rub /rʌb/ *noun*
1 هه‌ڵسوون، شێلان، ماڵشت، ده‌س‌پیاهێنان، داماڵین، ساوین، سوونه‌وه، مشت‌وماڵ، سڕینه‌وه، پاکه‌وه‌کردن، سڕین: *She gave her knee a quick rub* 2 کۆسپ، له‌مپه‌ر، ئاسته‌نگ، کێشه‌، گرفت 3 زه‌وی ناڕێک ۞ 1 مالش، سایش، صیقل، زدایش 2 مانع، مشکل 3 زمین ناهموار

rubber /'rʌbə(r)/ *noun, adjective*
n 1 جیر، کائۆچۆ، لاستیک: *a ball made of rubber* 2 پێنووس‌سڕ، سڕه‌، ته‌خته‌سڕ، جه‌وهه‌رسڕ 3 ساوه‌ر، مشت‌وماڵده‌ر، داماڵه‌ر، ده‌س‌پیاهێن، ماڵشت‌ده‌ر، ده‌لاک، کیسه‌کێش، ناتر 4 لێخه‌ر 5 (نافه‌رمی و له‌ ئه‌مریکا) کاندۆم، جیر 6 (کایه‌ی) سێ‌ده‌ستێن 7 (rubbers) که‌وشی جیر *adj* جیری، لاستیکی ۞ *n* 1 کائوچو، لاستیک 2 مدادپاک‌کن، تخته‌پاک‌کن 3 مالنده، دلاک 4 ساینده 5 کاندوم 6 سه‌دست‌پیشبر 7 (در جمع) گالش *adj* لاستیکی

rubber band *noun*
که‌ز، جیر، که‌ش، کێش ۞ کش

rubber boot = welington

rubber bullet *noun*
گولله‌ی جیری یا پلاستیکی ۞ گلوله‌ی لاستیکی

rubber dinghy *noun*
به‌له‌م یان گه‌می جیری، گه‌می بایی، به‌له‌می بایی ۞ قایق پلاستیکی

rubberized /'rʌbəraɪzd/ *adjective*
جیرپۆش، لاستیک‌پۆش ۞ لاستیک‌اندود

rubber-like /'rʌbəlaɪk/ *adjective*
جیرئاسا، له‌جیرچوو، لاستیکی، جیری، شێوه‌جیر ۞ لاستیک‌مانند

rubberneck /'rʌbənek, US -bərn-/ *noun*
(نافه‌رمی) به‌پرسیار، خۆتێهه‌ڵقوتێن ۞ کنجکاو، فضول

rubber plant *noun*
داره‌جیر، گیاجیر، ڕابێر پلانت، دارێکی هه‌میشه‌سه‌وزی خێزانی هه‌نجیر [*Ficus elastica*] ۞ درخت کائوچو، گیاه کائوچو

rubber stamp *noun*
1 مۆر (له‌ جیر یان لاستیک) 2 ده‌زگای مۆر یان ئیمزا (ده‌زگایێ به‌ ده‌سکێکه‌وه بۆ چاپکردنی ڕێکه‌وت و نێو له‌سه‌ر کاغز به‌کاردێتێ) ۞ 1

مهر (لاستیکی) 2 ماشین امضا

rubber-stamp *adjective*
فۆرماڵیته، دابودهستووری‌یانه ◇ فرمالیته

rubber tree *noun*
دارەجیر، داری کائوچۆ [*Hevea brasiliensis*]
◇ درخت کائوچو

rubbery /'rʌbəri/ *adjective*
کەزی، جیری، جیرئاسا، نەرم، کێش‌هاتوو، وەکوو جیر، لاستیک‌ئاسا: ◊ *rubbery legs* ◇ کش‌سان، لاستیک‌مانند *rubbery cheese*

rubbing /'rʌbɪŋ/ *noun*
1 پیاهێنانەوە، هەڵگرتنەوە بە لێخستن یان پیاخشاندن (نەخشێ کە پیاخشاندنی پێنووس لەسەر کاغز بەسەر شتێکی بەرجەستەدا بەدەس‌دێ): *She took a rubbing of the plaque* 2 لێخستن، لێخشاندن، لێسووواندن، پیاخشاندن ◇ 1 رابینگ 2 عمل سایش

rubbing spirit = surgical spirit

rubbish /'rʌbɪʃ/ *noun, adjective*
n 1 زبڵ، زبڵوزاڵ، خشت‌وخاڵ، گەن‌وگوو(زاڵ)، خۆڵ‌وخاک 2 قسەی هیچەکە، قۆڕیات، قسەی مفت 3 قسە یان بیرۆکەی بێ‌نرخ *adj* یەکجار خراپ ◇ *n* 1 آشغال 2 چرند 3 حرف یا ایدەی بی‌ارزش *adj* خیلی بد

rubbishy /'rʌbɪʃi/ *adjective*
فلتە، قسەی هیچەکە، بێ‌نرخ، بێ‌بایەخ، هیچەکە، *trashy*: *rubbishy old films* ◇ چرند، ناچیز، بی‌ارزش

rubble /'rʌbl/ *noun*
ورکەبەرد، خرکەبەرد، لەت‌وکوت، ورکەوپرکە، ورکەخشت، کەلوو، ورکەئاجور، تێزە، لەتەسیمان ◇ خردەسنگ، پارەآجر

rubble wall *noun*
دیواری هەرەمەچن ◇ دیوار لاشەسنگی

rubblework /'rʌbl/ *noun*
هەرەمەچنی (ئەندازەی بەردەکانی یەک نین)
◇ لاشەچینی

rubdown *noun*
هەنوون، شێلان، ماڵشت، دەس‌پیاهێنان، داماڵین، ساوین، سوونەوە، کەفماڵ، مشت‌وماڵ ◇ مالش، سایش، مشت و مال

rube /ru:b/ *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) لادێیی گەوج، دێهاتی نەفام
◇ دهاتی احمق

Rube Goldberg /ˌru:b 'gəʊldbɜ:g, US 'goʊldbɜ:rg/ = Heath Robinson

rubefacient /ˌru:bə'feɪʃnt/ *adjective, noun*
(ماک و مادەیێ) سوورکەرەوە ◇ محمر

rubefaction /ˌru:bə'fækʃn/ *noun*
سووری پێست، سووربوونەوە، سوورهەڵگەڕان
◇ احمرار

rubella /ru:'belə/ *noun*
سووریژە، سوورێک، هەروەها German measles ◇ سرخجه

rubellite /'ru:bəlʌɪt/ *noun*
جۆرێکی سووری tourmaline، وەک گەوهەر بەکاردێترێ ◇ گونەی سرخ تورمالین

rubeola /rʊ'bi:ələ/ = rubellad

rubescent /rʊ'bɛs(ə)nt/ *adjective*
1 شەرمێون، کەم‌ڕوو، blushing 2 سوورەوەبوو (rubescence *n*) ◇ 1 خجول 2 قرمزشونده

Rubicon /'ru:bɪkən, US -kɑ:n/ *noun*
رادە، سنوور، تخوب، سەرحەد (بنەڕەت: لە ناوی رووبارێ لە رۆژهەڵاتی باکووری ئیتالیا، نیشانەیێ لە نێوان ئیتالیا و سیسالپاین گۆل Cisalpine Gaul، کە ژۆلیۆس سیزار Julius Caesar لە ساڵی 49 پێش‌زایین پەڕییەوە و قانوونی شکاند و بەو شێوەیە تووشی شەڕ هات)
◇ حد، مرز

rubicund /'ru:bɪkənd/ *adjective*
سوور، سوورکار، سوورباو، ئاماڵ‌سوور، پەمەیی، گوڵی، ruddy ◇ سرخ‌چهره، گلگون

rubicundity /-'kʌndɪti/ *noun*
سووری، سوورکاری، سووربوون ◇ سرخی

rubidium /rʊ'bɪdiəm/ *noun*
(کیمیا) رۆبیدیۆم (بە ژ.گ. 37، ن. Rb، کێشی گەردیلەیی 85.47؛ *rubidic adj*) ◇ ربیدیم

rubiginous /rʊ'bɪdʒɪnəs/ *adjective*
(تکنیکی و ویژەیی) بە رەنگی سوورەوە، ژەنگاوی ◇ دارای رنگ سرخ، زنگاری

rubious *adjective*
سوور (تۆخ) ◇ سرخ

ruble = rouble

rubric /'ru:brɪk/ *noun*
1 سەردێڕ، سەرپەڕ 2 روون‌کردنەوە، دەستوور، دەستووری کار، شێوەی کار(پێ‌کردن) 3 رێنما، رێنوێنی 4 رێسا، دەستوور 5 هێڵی سوور 6 دەستووری نوێژ (کە لە کتێبەکانی نوێژدا بە هێڵی سوور دەنووسرا؛ بنەڕەت: *rubrish* ئینگلیسی نێوەڕاست (لە بنەڕەتا ئاماژە بەو دەق و نووسراوانە کە بە هێڵی سوور بۆ گرنگایەتی و سووربوونی بەکاردێترا)، لە *rubriche* فەرەنسی کۆن، لە *rubrica (terra)* لاتین "سوور (خاک یان ئۆخرا ochre وەک کەرەسە یان مەتریاڵی نووسین)") ◇ 1 عنوان 2 توضیح 3 رهنمود 4 قاعده، روال 5 خط قرمز 6 دستور نماز

rubrical /'ru:brɪkl/ *adjective*
نووسراو یان چاپ‌کراو بە پیتی تایبەتی (*rubrically* /'ru:brɪkli/ *adv*) ◇ نوشته یا چاپ‌شده به حروف خاص

rubrication *noun*
نیشانەدانان بە رەنگی سوور، نیشانەی سوور،

هێڵی سوور، چاپی سوور ۞ روبریکاسیون، نشانەی قرمز، خط قرمز، چاپ قرمز

rubricator *noun*

نیشانەدانەر بە ڕەنگی سوور ۞ روبریکاتور

ruby /ˈruːbi/ *noun* (*pl.* rubies), *adjective*

n یاقووت، لاڵ: *adj* 1 سووری تۆخ، سووری تیژ، سووری مەیلەو ڕەش: *a ruby ring* 2 (چاپ) پیتە چاپییەکانی ئەندازە 5¹/2 پۆینتی: *ruby lips* ۞ *n* یاقوت *adj* 1 قرمز سیر 2 رابی

ruby-red *adjective*

سووری یاقووتی، سووری مەیلەو ڕەش ۞ قرمز یاقوتی

ruby-tail *noun*

کلکسوورە (جۆرێ هەنگەژاڵە، گەراکانی لە هێلانەی هەنگەکانا دادەنێ [*Chrysis ignita* و جۆرەکانی تر]) ۞ نوعی زنبور

rubythroat *noun*

ڕەشێشەیێکی چکۆلە، نێرەکەی ملی سوورە و سەری ڕێری، لە سیبریاوە تا چین دەبینرێ [توخم *Erithacus*: سێ جۆرن] ۞ نوعی پرنده

ruby wedding *noun*, also ruby anniversary

چلەمین ساڵوەگەڕی ژنومێردایەتی ۞ چهلمین سالگرد ازدواج

ruche /ruːʃ/ *noun*

چین، قەد، قۆرت، لۆچ، چرچ (*n* ruching) بنەڕەت: لە فەڕەنسییەوە، لە *rusca* .med Latin "تویکلی دار"، بنەڕەت سێلتی) ۞ چین

ruched /ruːʃt/ *adjective*

چیندار، قەدقەد، چینچین، لۆچاوی: *ruched curtains* ۞ دارای چین

ruck[1] /rʌk/ *noun*

1 خەڵکی ئاسایی، جەماوەر، ڕەشەوڕووتە، گەدەوگودە، خەڵکی کۆڵان و بازاڕ 2 کۆگا، کەڵەکە، کۆما، لودە، کۆمەڵکە 3 خۆیان، پەڕەناو، کلۆش و سروتی خەرمان 4 تاگزرە، (تایە)لۆزین، تایە، تاپەلاش، کۆماهەلیز 5 عەماری دانەویلە 6 بەجێماوان (لە ڕاکردن) (the ruck) 7 کۆبوونەوەی ئەکتەران ۞ 1 مردم عادی 2 تودە 3 تودەی خرمن 4 تودەی علف خشک 5 انبار حبوبات 6 عقب‌ماندگان (از دو) 7 تجمع بازیگران

ruck[2] /rʌk/ *noun*

چین، قۆرت، لۆچ، چرچ ۞ چین، چروک

ruck[3] /rʌk/ *noun*

شەڕوشۆڕ، شەڕەشەق، زرموکوت، لێکدان، هەراوهوریا، قاڵەمەقاڵ، چرەوگورە، هەرا ۞ زدوخورد، قیل و قال، دعوا و مرافعه

ruckle = ruck 2

rucksack /ˈrʌksæk/ *noun*

کۆڵ، تێلەکە، پشتی ۞ کولەپشتی

ruckus /ˈrʌkəs/ *noun*

مشتومڕ، شەڕەقسە، دەمەقرە، قڕە، جوڕڕە، هەرا، بگرەوبەردە، چرەوگورە، شەڕوکێشە، جەنجاڵی ۞ جر و بحث، بلوا، الم‌شنگه

rucola /ˈruːkələ/ = arugula

ructions /ˈrʌkʃnz/ *noun, pl.*

(نافەرمی) جووڕڕە، هەرا، بگرەوبەردە، چرەوگورە، شەڕوکێشە، هەلا، جەنجاڵی، quarrel ،disturbance ۞ بلوا، الم‌شنگه

rudaceous /ruˈdeɪʃəs/ *adjective*

(زەویناسی، تەختەبەردەکان) ورکەبەردینە: پێکهاتوو لە تیکە و کوتی کەمێ گەورەتر لە چەو و زیخ (بنەڕەت: لە لاتینی *rudus* "ورکەبەرد rubble" + -aceous) ۞ رودیشس

rudbeckia /rʊdˈbɛkɪə, US rʌd-/ *noun*

گیایێکی ئەمریکای باکووری لە تیرەی daisy [توخم *Rudbeckia* (بنەڕەت: لە ناوی ڕووەکناسی سویدی ئولاف ڕودبێک Olaf *Rudbeck* (1660–1740)] ۞ رودبکی

rudd *noun, pl.* same

سوورە: جۆرێ ماسی ئەوروپایی، لە تیرەی carp [*Rutilus erythrophthalmus*] ۞ نوعی ماهی

rudder /ˈrʌdə(r)/ *noun*

1 (کەشتی و فڕۆکە) سوکان، فەرمان 2 سوکانەوانی، سوکانداری، سوکانگێری (لە گەمی یان فڕۆکەدا) 3 (خواز) چاوساغ، ڕێنوێن ۞ 1 سکان 2 سکانداری 3 (مجازی) راهنما

rudderless /ˈrʌdələs, US -dərl-/ *adjective*

1 بێسوکان، بێفەرمان، بێسوکاندار، بێسوکانەوان 2 شێواو، ئاڵۆزاو ۞ 1 بدون سکان، بدون سکاندار 2 آشفته

ruddiness /ˈrʌdinəs/ *noun*

سووری ۞ سرخی

ruddle = reddle

ruddy /ˈrʌdi/ *adjective* (ruddier, ruddiest)

سوور، سوورکار، سوور و گەش، سووریاو، ئاماڵسوور ۞ متمایل به سرخ

ruddy duck *noun*

مراوییەسوورە، سوورەمراوی [*Oxyura jamaicensis*] ۞ نوعی مرغابی

rude /ruːd/ *adjective* (ruder, rudest)

1 بێڕەوشت، بێتەربیەت، بێئەدەب، خراپ، گوستاخ، ڕوودار، بێشەرم، ڕووهەڵماڵراو، بێحەیا، دڕ، لەڕووهەڵگەڕاو، ڕووشە، ڕووشکێن، بێئابڕوو، بێئابڕووانە، بێشەرمانە، بێڕەوشتانە، هەرزانە: *a rude comment* ◊ *She was very rude about my driving* ◊ *There's no need to be rude!* 2 پیس، ناشیرین، دزێو: *Someone made a rude noise* 3 (ویژەیی) سەرەتایی، خاو، سروشتی، سادە، primitive: *rude shacks* 4 کوتوپڕ، لەناکاو، چاوەڕواننەکراو 5 ناخۆش، گڕ، ناموزیکاڵ 6 بەهێز، بەشیان، بەزەبر، بەگوڕ، گوستاخ،

بەقەوەت ◯ 1 بی‌تربیت، گستاخ، بی‌ادبانه 2 زننده 3 ابتدایی، طبیعی، خام 4 ناگهانی 5 خشن 6 نیرومند

rudely /'ru:dli/ *adverb*
1 بێ‌ڕەوشتانە، بێ‌ئەدەبانە، ڕووداڕانە، بێ‌شەرمانە: *They brushed -ely past us* ◊ 2 لە ناکاو، کتوپڕانە: *He waved her -y away* *I was -y awakened by the phone ringing* ◯ 1 بی‌ادبانه 2 به طور ناگهانی

rudeness /ru:dnəs/ *noun*
بێ‌ڕەوشتی، بێ‌ئەدەبی، ڕووداری، بێ‌شەرمی، ڕووهەڵماڵراوی، دڕی، ڕووشکێنی، بێ‌حەیایی، لەڕووهەڵگەڕاوی، بێ‌ئابڕوویی، بێ‌ڕێزی، بێ‌حورمەتی: *I want to apologize for my rudeness the other day* ◯ گستاخی، بی‌ادبی، وقاحت، بی‌احترامی

ruderal /'ru:d(ə)r(ə)l/ *adjective, noun*
adj (ڕووەکناسی) گەنکەڕوواو، لە نێو عەرزی پیس و زبڵ و زاڵدا شین دەبێ: *ruderal weeds* *n of old fields and roadsides* ڕووەکی گەنکەڕوواو ◯ رودرال

rudiment /'ru:dɪm(ə)nt/ *noun*
1 بنەڕەت، بنچینە، ماک، بنەما، ئەسڵ 2 (زیندەناسی) بەش یا ئەندامێکی هەڵنەداو یان پەرەنەسەندوو 3 (rudiments) سەرەتاکان، بنەماکان، بنچینەکان 4 ئەندامی هەڵنەداو ◯ 1 اصل، مبدأ 2 (زیست‌شناسی) قسمت یا عضو رشدنکرده 3 (در جمع) مبادی، مقدمات 4 عضو رشدنکرده

rudimentarily *adverb*
1 بە شێوەیێکی سەرەتایی 2 بە شێوەیێکی بنچینەیی یا سەرەکی، بنەڕەتییانە ◯ 1 به طور ابتدایی 2 به طور اساسی

rudimentary /ˌru:dɪ'mentri/ *adjective*, also rudimental /ˌru:də'ment/
1 سەرەتایی، دەسپێک، بەرایی، بنچینەیی، سەرەکی، بنەڕەتی، بنەمایی، بنگەهی: *They were given only rudimentary training in the job* ◊ *His understanding of the language is very rudimentary* 2 کورتە 3 هەڵنەداو، پەرەنەسەندوو، گەشەنەکردوو، گەورەنەبوو، کوێرەوەبوو: *Some dinosaurs had only rudimentary teeth* ◊ *the most rudimentary forms of life* ◊ *the -mentary tail of a hyrax* ◯ 1 ابتدایی، آغازین، بدوی، مقدماتی، بنیادی، اساسی 2 مختصر 3 رشدنکرده

rue[1] /ru:/ *noun*
پەشیمانی، پاشگەزبوونەوە، داخ، خەم ◯ پشیمانی، افسوس، غم

rue[2] /ru:/ *noun*
1 سوداب، سپەند، ئەسپەند، پێچە، پێنجن، نەرمیلی [*Ruta graveolens*]، (هەرمەل، ئەسپەندەر، قانگ wild rue) 2 بۆ ناونانی ئەو ڕووەکانە بەکاردێتن کە شێوەی ئەسپەند دەدەن، ب.ت. meadow rue ◯ سُداب

rufescent /ru:'fesənt/ *adjective*, also rufous
مەیلەو سوور، سووریاو ◯ مایل به قرمز

rueful /'ru:fl/ *adjective*
1 خەمبار، نارەحەت، مات، دڵتەنگ، ماتەمبار، mournful، regretful: *a rueful smile* 2 جێی خەم یان داخ، خەفەتاوی، جێی پەژارە، خەماوی ◯ 1 اندوهگین، افسرده 2 غم‌انگیز

ruefully /'ru:fəli/ *adverb*
خەمبارانە، بە کزییەوە، بە نارەحەتییەوە، بە خەوە، بە پەژارەوە، بە داخەوە: *He laughed ruefully* ◯ به طور اندوهگین، با تأسف

ruefulness *noun*
1 خەمباری، نارەحەتی، ماتی، دڵتەنگی 2 خەفەتاوی‌بوون، جێی خەم و پەژارەبوون، خەماوی‌بوون ◯ 1 اندوهگینی، افسردگی 2 غم‌انگیزی

ruff[1] /rʌf/ *noun*
1 ملیوان یان یەخەی تەوقی 2 جۆرێ ملیوانی دەق‌دراوی پڕچینی خڕی سەدەکانی 16 و 17دا 3 تەوق (بەر یان تووک و موو، بە دەوری ملی باڵندە یان گیانەوەرێ) 4 (*pl.* same or ruffs) جۆرێ wading bird ی یوراسیای باکووری [*Philomachus pugnax*، مێیەکەی reeve] 5 کۆتریکی خۆماڵی تەوقن ◯ 1 یقه‌ی طوقی 2 نوعی یقه 3 طوق 4 پلوه‌ی طوق‌دار 5 نوعی کبوتر

ruff[2] /rʌf/ *noun*
1 (هەروەها tommy ruff) جۆرێ ماسی خۆراکی دەریایی ئاوە کەناری‌یەکانی ئەوسترالیا [*Arripis georgianus*] 2 = ruffe ◯ 1 نوعی ماهی 2 = ruffe

ruffe /rʌf/ *noun*, also ruff
جۆرێ ماسی ئاوی شیرینی ئەورووپایی، لا و ژێرزگ زەرد [*Gymnocephalus cernua*] ◯ نوعی ماهی

ruffed grouse *noun*
کەتێ یان کوڕکوڕەی تەوقن [*Bonasa umbellus*] ◯ باقرقره‌ی طوقی

ruffian /'rʌfiən/ *noun*
مرۆی بێ‌شەرەف، بنیادەمی خراپ و گوناهکار، سێ‌بەندی، لۆتی، خراپکار ◯ آدم خشن و مخصوصاً مجرم

ruffianism *noun*
توندوتیژی، شەڕوتووشی، خراپکاری ◯ خشونت، شرارت

ruffle /'rʌfl/ *noun*
1 دەنگی نەرم (و بەردەوام)ی تەپڵ 2 چینچینی، چین‌داری 3 (ruffles) چین، لۆچ ◯ 1 و 2 رافل 3 (در جمع) والان

ruffled /'rʌfld/ *adjective*
1 نارەحەت، توورە، رقھەستاو، تێکچوو، شێواو،
ئالۆزاو، ئالۆسکاو، پەرێشان 2 نائارام،
شەپۆلاوی، ئالۆز 3 (جلوبەرگ) چیندار ۞ 1
عصبی، آشفته 2 متلاطم 3 (لباس) دارای والان
rufiyaa /'ru:fi:jɑ:/ *noun, pl.* same
یەکەی بنەڕەتی پارەی Maldives بەرامبەر بە
سەد lari ۞ روفیا
rufous /'ru:fəs/ = rufescent
rug /rʌg/ *noun*
1 ڕایەخ، فەرش، مافوور، قالیچە، بەڕە، بارک،
مەرش، زیلۆ 2 (نافەرمی، ئەمریکا) مووچاخ،
کلاوپرچ، کلاوقژ ۞ 1 فرش، قالیچە، زیلو 2
(عامیانه) کلاەگیس
ruga /'ru:gə/ *noun, pl.* rugae
چین، قەد، لۆچ، گنج، چرچولۆچ (وەک پەردەی
کیمی مێعدە) ۞ چین، چین و چروک
rugate *adjective*
چیندار، چینچین، قەدقەد، لۆچاوی،
چرچولۆچاوی ۞ چیندار
rugby /'rʌgbi/ *noun,* also rugby footbal
ڕاگبی (جۆرێ یاری تۆپێن) ۞ راگبی
Rugby League *noun*
لیگی ڕاگبی، ڕاگبی پیشەیی (بە 13 یاریزان لە
هەر تیپێ) ۞ لیگ راگبی
Rugby Union *noun,* also rugby union
ڕاگبی ئاماتۆر (بە 15 یاریزانەوە لە هەر تیپێ)
۞ راگبی آماتور
rugge = rugby
rugged /'rʌgɪd/ *adjective*
1 نارێک، ناتەخت، ددانەددانە، برگەبرگە،
گرنجگرنج، گورگەپشت، پڕکێووتەپ،
بەرزونەوی، چاڵیوچۆڵ، تەپودۆڵ،
بەندەڵەبەند: *The countryside around here*
is very rugged. 2 بەرداوی، تەقتەقان، زبران 3
چینچین، چیندار، شوێنشوێن، چرچاوی،
لۆچاوی 4 سەخت، توند، سەختگر، بێڕەوشت،
بێتۆرە، توندوتیژ: *a rugged individualist* 5
ئالۆز 6 ڕێکوپێک، هەیکەلی، قەلافەتدار ۞
1 ناهموار، دندانەدندانە 2 صخرەای 3 چروکیدە 4
شدید، سختگیر، بی‌نزاکت 5 توفانی 6 تنومند
ruggedization *noun*
ڕەختەسازکردن، قایمسازکردن،
بەرگەگرسازکردن، توندوتۆڵ دروستکردن ۞
بادوام‌سازی
ruggedized *adjective*
ڕەختەسازکراو، قایمسازکراو، بەرگەگرتوو،
توندوتۆڵ دروستکراو ۞ بادوام ساختەشدە
ruggedly /'rʌgɪdli/ *adverb*
1 نارێکانە، بە شێوەیەکی نارێک: *ruggedly*
handsome 2 بێڕەوشتانە ۞ 1 بە طور ناهموار
2 بە طور بی‌نزاکت
ruggedness /'rʌgɪdnəs/ *noun*
1 نارێکی، ناتەختی، بەرزی و نزمێتی،
گورگەپشتی، بەندەڵەبەندی، تەپودۆڵی 2
بێڕەوشتی ۞ 1 ناهمواری 2 بی‌نزاکتی
rugger = (Brit. informal) rugby
rugula /'ru:gələ/ = arugula
rugosa /ru:'gəʊzə/ *noun*
گوڵەباخی گەڵاچرچن، هی باشووری
ڕۆژهەلاتی ئاسیا [*Rosa rugosa*] ۞ روگوسا
rugose /'ru:gəʊs, US rʊ'gəʊs/ *adjective*
چرچ، چرچاوی، لۆچ، لۆچاوی، چاڵوچۆلاوی،
چیندار: *rugose cheeks* ◊ *rugose leaves of*
the sage ۞ چروکیدە، دارای چین
rugosity /'ru:gɒsɪti/ *noun*
چرچاویبوون، لۆچاویبوون، چرچتێکەوتوویی
۞ چروکیدگی
rug rat *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) منالی چکۆلانە، تلف، تفل،
بەچکە ۞ طفل
ruin /'ru:ɪn/ *noun*
1 وێرانی، کاولی، کامباخی، دارماوی،
ڕووخاوی، خاپووری، وێرانە، کاولە، کەلاوە،
تێکوپێکدراو، تیاچوویی، بەربادبوون،
هەلتەکاوی، تیاچوون، فەوتان، لەنێوچوون: *The*
terrorist attack had left the city in a state
of ruin ◊ *The house had been left to go to*
ruin 2 مایەی تیاچوون یان فەوتان:
Gambling was his ruin 3 (ruins) کەلاوە و
دارووخاوەکان، کاولە و وێرانە، شوێنەوارە
دارماوەکان، دارودیوار، وێرانستان، کەلاوە و
وێرانە: *We visited the ruins of a Norman*
castle ◊ *The old mill is now little more*
than a ruin ۞ 1 ویرانی، تباهی. مخروبە 2
باعث تباهی 3 (در جمع) مخروبەها، بقایا
ruination /ˌru:ɪ'neɪʃn/ *noun*
1 تیاچوون، لەنێوچوون، خاپووری، وێرانی،
کاولی، ڕمان، ڕووخان، دارمان، تێکتەپین،
ڕووخاندن، تێکدان، وێرانکردن، هەلتەکاندن،
بەربادکردن، کاولکردن: *Alcohol will be the*
ruination of him ◊ *Urban development*
has led to the ruination of vast areas of
countryside 2 مایەی تیاچوون، هۆی
لەنێوچوون ۞ 1 تباهی، خرابی، نابودی،
ویران‌سازی، تخریب 2 باعث نابودی
ruined /'ru:ɪnd/ *adjective*
1 کاولە، کەلاوە، تێکچوو، وێرانە، ئالۆختە،
موشەخت، وێرانکراو، تێکڕماو، کاولکراو،
ڕووخاو، تێکتەپیو، کامباخ، هەلتەکاو، لەنێوچوو،
تیاچوو، بەرباد(بوو) 2 بەرشکست(بوو)،
لاتکەوتوو، سۆختبوو، مایەپووچ، داتەکاو ۞

1 مخروبه، ویرانشده، تباه‌شده 2 ورشکسته

ruinous /ˈruːɪnəs/ *adjective*

1 داڕووخێنـەر، هەڵـتەکێنەر، وێـران‌کـەر، کاول‌کەر، تێکدەر 2 کاولە، کەلاوە، ویرانە 3 کاول‌کراو، ویران‌کراو، تێک‌ڕماو، ڕووخـاو، تێک‌تـەپیو، هەڵتەکاو، لەنێوچوو، فەوتێنراو، تیاچوو 4 (خەرج‌وبار) بەربادبەر، بەرشکست‌کەر، پشت‌شکێن، ڕیشەدەرهێن ۞ 1 مخرب، تباه‌کننده 2 مخروبه، خرابه 3 ویران‌شده 4 (هزینه) کمرشکن

ruinously /ˈruːɪnəsli/ *adverb*

(خـەرج‌وبـار) بـە شـێوەیەکی پـشت‌شـکێن، بەرشکست‌کەرانە، ڕیشەدەرهێن(ـەر)انـە): *ruinously expensive* ۞ به طور کمرشکن

rukh /ruːk/ = roc

rule /ruːl/ *noun*

1 دەستوور، ڕێسا، ڕوول، قانوون، زاکوون: *It's* ◊ *follow/obey/observe the rules* to 2 *against all rules and regulations* نەریت، ڕێ‌وشوێن، کەفنەشوپ، ڕەسم، خوو، ڕاهاتن، داهاتن: 3 *I go to bed early as a rule* 4 بڕیار (the rule) شتی ئاسایی، دۆخ یان باری ئاسایی، کـردە یـان کـردەوەی ئاسـایی 5 دەسـەلات، فـەرمان‌گێری، فـەرمـان‌ڕانی، فـەرمـان‌ڕەوایـی، سەردەستی، بالادەستی، حکومەت، کۆنترۆڵ 6 ڕاستە، ئەندازە، میتر (شمشە: ڕاستەی بەنا یان قوڕەکار builder's rule) 7 هێڵ یان تیرکی ناسکی چاپ‌کراو (ruleless *adj*؛ بنـەڕەت: ئینگلیسی کۆن، لە reule (ناو)، reuler (کار) فـەڕەنسی کۆن، لە late Latin *regulare*، لە *regula* لاتین "داری ڕاست") ۞ 1 قاعده، قانون 2 عرف، رسم، عادت 3 حکم 4 امر عادی 5 سلطه، حکومت، کنترل 6 خط‌کش، متر 7 (چاپ) خط برنج

rule book *noun*, usually the rule book

(نافەرمی) دەستوورنامە: کۆمەڵە دەستووری کە دەبێ لە ڕێکخراوە، کارێکی تایبەتی یان یاریی‌ێ ڕەچاو بکرێ ۞ آیین‌نامه

ruled /ruːld/ *adjective*

(کاغز) خەتاوی، خەت‌دار، هێلاوی، هێڵدار ۞ خط‌دار

ruled surface *noun*

ئاست یـا ڕووێکـی پێکهـاتوو بـەهۆی هێـڵی ڕاستە(وخۆ)وە ۞ رولد سورفس

rule of the road *noun*

دەستووری ڕێگاوبان: قانوونی بۆ ڕێک‌خستنی لایێ کە دوو ماشێن، کەشتی و هتد لە لەپاڵ یەکدا تێپەڕن و لێک نەکەون ۞ رول اف د رود

rule of law *noun*

حکومەتی قانوون یان یاسا ۞ حکومت قانون

rule of thumb *noun*

هەڵسەنگاندنی گشتی، ڕێسای گشتی (= لەسەر بنچینـەی تـاقی‌کردنـەوەی کردارەکـی یـان پراکتیکی) ۞ برآورد کلی

ruler /ˈruːlə(r)/ *noun*

1 دەسـەلات‌دار، دەسـەلات‌بەدەسـت، حـاکم، دەسەلات‌گێر، حوکم‌ڕان، فەرمان‌ڕەوا، حوکم‌دار، فەرمان‌ڕان، فەرمان‌دار، فەرمان‌گێڕ، sovereign 2 ڕاستە، ئەندازە ۞ 1 حاکم، فرمان‌روا 2 خط‌کش

rulership *noun*

دەسـەلات‌داری، دەسـەلات‌گێـڕی، حـوکم‌ڕانی، حوکم‌داری، مەزناتی، فەرمان‌گێڕی، فەرمان‌ڕانی، سەرکردایەتی ۞ فرمانروایی، ریاست

ruling /ˈruːlɪŋ/ *adjective, noun*

1 *adj* دەسـەلات‌دار، دەسـەلات‌گێڕ، حـوکم‌ڕان، حوکم‌دار، فەرمان‌دار، فەرمان‌گێڕ: *the ruling party* 2 زاڵ، سـوار، سەردەسـت، بالادەسـت، باوسـەندوو، بەبـڕەو، بـڕەودار، بەسەرداشـکاو، ئاسایی، باو *n* 1 حکومەت 2 بڕیار ۞ *adj* 1 حاکم 2 مسلط، رایج، معمول *n* 1 حکومت 2 حکم

rum[1] /rʌm/ *noun*

1 ڕام (= جۆرێ خواردنەوەی توند کە لە ئاوی قامیشی شەکر دەگیرێ) 2 هـەر لیکـۆرێکی مەست‌کەر ۞ رام

rum[2] /rʌm/ *adjective* (rummer, rummest)

سـەیر، نائاسـایی، peculiar، odd (rumly *adv*؛ rumness *n*) ۞ عجیب

Rumanian /ruːˈmeɪnɪən/ = Romanian

Rumansh /rʊˈmanʃ, US -ˈmɑːnʃ/ = Romansh

rumba /ˈrʌmbə/ *noun*, also rhumba

1 ڕامبـا (جـۆرێ هەڵـپەڕکێی بـە ڕەچەڵـەک کوبایی) 2 پارچە موسیقایێ بۆ ئەو هەڵپەڕکێ و سەمایە (لە سپانیایی ئەمریکای لاتین) ۞ رومبا

rumble /ˈrʌmbl/ *noun*

1 گرمـە، شـریخە، زرمـە، گـوڕە، نـەڕە، قـوڕە، زرم‌وکوت: 2 *the rumble of thunder* دەنگی تەقـە، بگرەوبـەردە، چـڕوکوڕە 3 (نافـەرمی، ئـەمریکا) شـەڕی سـەر شـەقام (خراپکـار و گانگستێرەکان) ۞ 1 غرش، تلق و تولوق، زوزه 2 صدای شلیک، همهمه 3 دعوای خیابانی

rumble seat *noun*

(ئەمریکـا) سـەندەلی یان کورسی قەدکراوی (دانەپۆشراوی) پشتەوەی ماشێن ۞ رامبل ست

rumble strip *noun*

کۆسپی خاوکردنەوە، ناوچـەیێ بزمـارڕێژ یـان سنگ‌ڕێـز، کـەرتی سـووک‌کردنەوە، خاوکـەرە، خێرایی‌گر ۞ سرعت‌گیر

rumbling /ˈrʌmblɪŋ/ *noun*

1 دەنگی گرمە، شریخە، زرمە 2 (rumblings) دەنگـۆ، هـات‌وهـاوار، واتـەوات، قـسەلۆک، چاووڕاو ۞ 1 صدای غرش 2 (در جمع) شایعه

rumbustious /rʌmˈbʌstʃəs/ *adjective*

1 شلوق، بزۆز، هاروهاج، دانەکەوتوو، لەجۆش،

سەری‌حاڵ، بەگوڕ، بەکەیف، جۆش‌سەندوو، لەشەوق، rambunctious، boisterous: *a crowd of rumbustious football fans* 2 شەڕانی، جینگزی، سەربەگۆنگەڵ (rumbustiously /rʌmˈbʌstʃəsli/ *adv*) ◌ (rumbustiousness /rʌmˈbʌstʃəsnəs/ *n* 1 شلوغ 2 دعوایی

rum butter *noun*

جۆرێ سۆسی شیرینی کەرە و شەکر بە تامی رامەوە ◌ رام باتر

rumen /ˈruːmen/ *noun, pl.* rumens or rumina /-mɪnə/

(گیانەوەرناسی) ورگ، کرش، هێلگ، گەدە (یەکەمین گەدەی کاوێژکەران؛ بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "throat") ◌ شکمبە، سیرابی

ruminant /ˈruːmɪnənt/ *noun, adjective*

n 1 گیانەوەری کاوێژکەر 2 مرۆی تێڕاماو یا بیرکەرەوە *adj* کاوێژکەر، قەکایی ◌ *n* 1 حیوان نشخوارکننده 2 آدم فکور *adj* نشخوارکننده

rumination /ˌruːmɪˈneɪʃn/ *noun*

1 کاوێژ، قەکایین 2 تێڕامان، تێبینین، تێفکرین، بیرکردنەوە، قووڵبوونەوە (ruminator *n*) ◌ 1 نشخوار 2 تأمل، تفکر

ruminative /ˈruːmɪnətɪv, US -neɪtɪv/ *adjective*, also ruminator

بیرکەرەوە، بیرا، بیریار، بیرمەند، بیرمەندانە، بیریارانە، بیرکەرەوانە، pensive، thoughtful: *in a -e mood* (ruminatively /ˈruːmɪnətɪvli, US -neɪtɪvli/ *adv*: بیرمەندانە، بیریارانە) ◌ فکور، اندیشەکننده

rummage /ˈrʌmɪdʒ/ *noun*

1 گەڕان، پشکنین، مڵ‌ومۆ، لەشوێن‌گەڕان، ئەم‌بارونەوبارکردن، کنە، بەداواگەڕان، لێ‌گەڕان: *Have a -mage around in the drawer and see if you can find a pen* 2 (لە ئەمریکا) ورکەوپرکە، شڕەوشاتاڵ، کۆما شتێکی جوراوجۆر ◌ 1 جست‌وجو، تفتیش 2 خرت و پرت

rummage sale = jumble sale

rummy[1] /ˈrʌmi/ *noun*

جۆرێ قومار یان کایەی بە پەڕ ◌ رامی

rummy[2] /ˈrʌmi/ (rummier, rummiest) = rum 2

rumour /ˈruːmə(r)/ *noun*, US rumor

دەنگو، دەنگ، واتەوات، ئاوازە، قسەلۆک، چاووڕاو، هات‌وهاوار، گوت‌گوتکا: *to start/spread a rumour* (بنەڕەت: ئینگلیسی نێوەڕاست: لە rumur فەڕەنسی کۆن، لە rumor لاتین "noise") ◌ شایعە

rumoured *adjective*

بڵاوەبوو، قاوداکەوتوو، قاو بڵاوە کە... ◌ شایع

rumourmonger /ˈruːmə mʌŋgə(r), US ˈruːmər/ *noun*, US rumormonger

قاوداخەر، چاووڕاوگەر، ئاوازەداخەر، دەم‌بەهاوار، قسەلۆک‌هەڵبەست ◌ شایعەپرداز

rump /rʌmp/ *noun*

1 (گیانەوەر) کەفەڵ، تەڕماڵ، کاماخ، پاشەڵ، هێت، کلۆت: *He slapped the horse on the rump* 2 (باڵندە) پاشەڵ، بەرکلک، کنگەجوولە، سمتەجوولە 3 (بە شۆخی) کنگ، قون، هێت، روونەک، سمت 4 گۆشتی ران 5 دووگی مەڕ، دووف 6 ژمارەیەکی کەم، دەستەیەکی کەم، بن، پاشماوەی کەم (rumpless *adj*) ◌ 1 کفل 2 دمگاه 3 سُرین، ماتحت 4 گوشت ران 5 دنبەی گوسفند 6 تعداد کم، ته و تو

rumpled *adjective*

1 شێواو، تێکەولێکە، ئاڵۆز، ئاڵۆسکاو، شپرزە، پەرێشان، دانەهاتوو 2 چرچاوی، لۆچاوی، قەدقەد، چین‌چین، چرچ‌تێکەوتوو، لۆچ ◌ 1 نامرتب، ژولیده 2 چروکیده

rumpsprung *adjective*

(نافەرمی، کەل‌وپەلی نێوماڵ) شڕ، کۆنە ◌ کهنه

rump steak *noun*

گۆشتی سێبەندە یان سەرپاشوو ◌ رامپ استیک

rumpus /ˈrʌmpəs/ *noun, pl.* rumpuses

جوڕڕە، هەرا، هەراوهوریا، شلوقی، بگرەوبەردە، ژاوە، قڕە، چڕەوگوڕە، شەڕوکێشە، هەلا، جەنجاڵی: *to cause a -mpus* ◌ بلوا، الم‌شنگە

rumpus room *noun*, recreation room

دیوی کایە، ژووری یاری، دیوی سەرقاڵی ◌ اتاق بازی

rumpy pumpy /ˌrʌmpi ˈpʌmpi/ *noun*

(بە شۆخی) خلی‌بلی، چالاکی سێکسی ◌ فعالیت جنسی

run[1] /rʌn/ *noun*

1 هەڵاتن، راکردن، دەو، بدەو، رەڤیان: *a five-mile run* 2 گەشت، گەڕان، سەفەر، سەردان، رێبواری: *They took the car out for a run* 3 مەودا، رێڕەو، رێگا 4 رەوت، پڕۆسە 5 بەردەوامی، درێژەدان، بەردەوام‌بوون، لەسەررۆیشتن 6 رەوش، بار، دۆخ 7 داشکان، هاتنەخوارێ 8 ئالی، لایەن، سووڕ، خول، ماوە، ئاوا، چەشن، رەنگ، جۆر 9 یەک‌لەدوای‌یەک‌بوون، دوابەدوای‌یەک‌هاتن، لەپەستایی 10 زنجیرە، لیزگە 11 هێرش، پەلامار، هورووژم، تێڕژان، گوڕبوون 12 دەستووری بەکارهێنان، مافی لەکارکردن 13 تاڵکێش، شێ‌بوونەوە 14 ماوەی شانۆ یان بەڕێوەبردن (پێرفۆرمانس) 15 تیراژ 16 (پێشبڕکێ) خاڵ، پۆینت: *Our team won by four runs* 17 (هەڵبەست) کێش، رەوت، لەنگەر، هەڤدەن 18 جێ‌لەوەڕ، لەوەڕگا 19 بزاوت، جوولە 20 جۆگە 21 حەوشە، سەرگیر:

a chicken run 22 دەرکەوتن یان
پێشوەچوونی نەخۆشی 23 (نافەرمی، the runs)
زگچوون، زگەشۆرە 24 (ماسی، کۆچی
سالانەیان بە سەروو یان خواری) رەوە، مێگەل،
پۆل ○ 1 دو، فرار، گریز 2 سفر، گردش، سواری
3 مسافت، مسیر 4 جریان 5 تداوم 6 وضع 7 تنزل
8 جهت، دوره، مدت، نوع 9 توالی 10 سلسله 11
هجوم، ازدحام 12 اجازەی بهرەبرداری 13
دررفتگی 14 مدت نمایش یا اجرا 15 تیراژ 16
امتیاز 17 وزن 18 چراگاه 19 حرکت 20 نهر 21
حصار 22 ران 23 اسهال، شکمروش 24 گله

run^2 = past participle of run

runabout /'rʌnəbaʊt/ *noun*
1 ماشێنی چکۆلە یا فڕۆکەی سووک (ب.ت. بۆ
گەڕان و سەفەری کورت) 2 سەرلێشێواو ○ 1
اتومبیل کوچک یا هواپیمای سبک 2 سرگردان

runaround /'rʌnəraʊnd/ *noun*, give someone the runaround
1 خۆدزینەوە، لەسەرخۆلابردن،
لەژێر(کار)دەرچوون: *tired of getting the runaround* 2 = runabout1 ○ تملص

runaway /'rʌnəweɪ/ *noun, adjective*
n هەلاتوو، راکردوو، کەسێکی هەلاتوو:
teenage runaways living on the streets
adj 1 ئاساندەسکەوتوو، ئاسان، سانا، ناکاو،
کۆنترۆلنەکراو، دەسبەسەردانەگیراو،
لەمەهاربەدەر، هەوسارپساندوو، پەتپساندوو: *a runaway winner/victory* ◊ *runaway inflation* ◊ *the runaway success of her first play*
(ئەسپ) سوارهەلگرتوو، بەلەسە،
سەرهەلگرتوو، هەوسارپساندوو،
لەکۆنترۆلدەرچوو، بێمەهار، مەهارنەکراو: *a runaway horse/car* 2 راکردوو ○ *n* فراری،
گریزان، آدم فراری *adj* 1 سهل‌الوصول، ناگهانی،
مهارنشدنی 2 فراری

runcinate *adjective*
(رووەکناسی) ددانەددانە، ددانەڕێز، بڕگەبڕگە
○ مضرس

rundle /'rʌndl/ *noun*
1 ناو(ە)بەرە، پلەی پەیژە یان نەردیوان 2
لوولەکی سووڕاوە یان خولاوە، لووکەی
وەرسووڕ ○ 1 پلەی نردبان 2 استوانەی گردنده

rundlet *noun*, also runlet
1 بەرمیل یان کۆسی چکۆلە 2 پێوەرێکی کۆنە
بۆ شلەمەنی ○ 1 بشکەی کوچک 2 واحدی برای
مایعات

rundown /'rʌndaʊn/ *noun*
1 راپۆر یان روونکردنەوەی بەکورتی، کورتە
راپۆر یا لێکدانەوە 2 کەمکردنەوە 3 خڕکردنەوە،
کۆکردنەوە (وردەوردە) ○ 1 گزارش یا توضیح
مختصر 2 کاهش 3 تعطیل تدریجی

run-down *adjective*
1 ماندوو، شەکەت، دەردەدار، نەخۆش، ناساخ،
ناساز 2 (خانووبەرە) رووخاو، چۆل، کاول،
وێرانە، کەلاوە، نیوەکاول، داتەپیو: *run-down inner-city areas* 3 لەکارکەوتوو، پەککەوتوو،
لەبەریەکدەرچوو، لێکترازاو، شڕ، کۆنە ○ 1
خسته، مریض 2 مخروبه 3 زهوار دررفته

runes *noun, pl.*
1 ئەلفوبێی روونز (هەریەک لەو پیتانەی
ئەلفوبێی ئەلمانی کۆن کە لە لایەن گەلانی
سکاندیناڤی و ئەنگلۆساکسۆنەوە بەکاردێنرا و
لەسەر دار و بەرد هەلدەکەنرا) 2 هۆنراوەی
سکاندیناڤیای کۆن 3 هێمای نهێنی و نادیار 4
واتای جادوویی ○ 1 رونز 2 شعر اسکاتلند
باستانی 3 نماد مرموز 4 معنی جادویی

rung^1 /rʌŋ/ *noun*
1 پلە، پۆست، ئاست، پلەوپایە، قۆناخ 2 پلەی
نەردیوان، ئەستنگ، ناو(ە)بەرە، ناوبەنجە،
ناودەلە، نێودلە، پلیکان 3 میلی پشتی کورسی
○ 1 مقام، درجه، مرحله 2 پلەی نردبان 3 میل
پشت صندلی

rung^2 /rʌŋ/ = past participle of ring

runic /ru:nɪk/ *adjective*
روونی، سەربە ئەلفوبێی روون: *runic inscriptions* ○ رونی

run-in *noun*
1 مشتومڕ، دمەقڕە، جوڕڕە، شەڕەقسە 2
شەڕی بەچەک، شەڕی چەکدارانە 3
شەڕوکێشە، ناکۆکی، کێشە 4 ماوە یان وەختی
پێش روودان، کاتی بەرلە دەسپێکردنی کاری،
سەردەرانە ○ 1 جر و بحث 2 برخورد مسلحانه
3 دعوا، اختلاف 4 زمان قبل از وقوع

runlet /'rʌnlɪt/ = runnel

runnel /'rʌnl/ *noun*
1 پلووسک، ئاوەڕۆ، پلوور، سوول، سوولاف،
پلوورە، لووساوک 2 جۆگەلە، جۆگە، جۆواو،
رفکە، دەراو، باریکاو، میزاو ○ 1 ناودان 2 ریزآبه

runner /'rʌnə(r)/ *noun*
1 راکەر، بدەو(وان)، هەلاتوو 2 ئەسپی راکەر،
ئەسپی پێشبڕکێ 3 راسپاردە، چەپەر، نامەبەر،
نێردراو 4 مشتەریکێش، کڕیارڕاکێش 5
قاچاخچی 6 هەلسووڕێنەر، جوولێنەر،
سووڕێنەر، گەڕێنەر (دەزگا) 7 (بەڕە) کەنارە،
لاکێش، سەرەناز 8 کووز، هێل، خەت، شوێن 9
تەنافی ئالقەدار کە لەنێو خلۆکەدا کار دەکا 10
(بەردە) دار، میلە 11 قەد یان لاسکی
رەگئاژۆکردوو، لاسکی خشۆک 12
(گیانەوەرناسی) شێلاقە، شەلاقە 13 (پێلاوی
باتیناژ، خێشک و هتد) تیغە ○ 1 دونده 2 اسب
مسابقه 3 قاصد 4 مشتری جلب‌کن 5 قاچاقچی 6
گرداننده 7 (قالی) کناره 8 خیاره، خط 9 رانر 10

(پرده) چوب 11 ساقه‌ی رونده 12 آبچلیک 13 تیغه

runner bean *noun*

(زۆرتر له بریتانیا) پاقله‌ی سه‌وز، لوبیای سه‌وز، رووه‌کێکی هه‌ڵچووی ئه‌مریکای ناوه‌ندی [*Phaseolus coccineus*] ◇ لوبیای پیچ

runner-up *noun, pl.* runners-up

(پێشبرکێ) که‌س یان تیمی دووه‌م(هێناو) ◇ نایب قهرمان

running /ˈrʌnɪŋ/ *noun, adjective*

n 1 راکردن، هه‌ڵاتن، ده‌و، راکه‌ری، بده‌و، هه‌لینگ، غاردان: *running shoes* ◊ - *to go* 2 به‌ڕێوه‌بردن، هه‌ڵسووراندن، گێڕان، کارپێکردن، راگرتن، ئاگالێبوون، پاراستن، چاوبه‌سه‌ره‌وه‌بوون: *the day-to-day running of a business* 3 چلک، هه‌وده‌ردان، ده‌ردان، کێم، زووخ *adj* 1 له (حاڵی) هه‌ڵاتن‌دا، له راکردن‌دا 2 بێ‌پسانه‌وه، یه‌کسه‌ره، یه‌کبینه، له‌پشت‌سه‌ریه‌ک، له‌سه‌ریه‌ک، له‌یه‌ستا، په‌ستاپه‌ستا، په‌یتاپه‌یتا، به‌رده‌وام، دوابه‌دوای‌یه‌ک: *She's won the championship three years running* ◊ *No party has won an election four times running* ◊ *a running argument* 3 رۆیو، ره‌ونده، به‌ڕێوه، ره‌وان: *a remote cottage without electricity or running water* 4 (مۆتۆر) هه‌ڵکراو، ئاماده‌ی کار 5 کورت، سه‌رپێیی 6 (له لێکدانا - *a fast-running river* :(tunning ◇ *n* 1 دو 2 اداره، نگهداری 3 چرک، ترشح *adj* 1 دوان 2 بی‌وقفه، متوالی، پیاپی 3 جاری 4 (موتور) روشن 5 اجمالی 6 (در ترکیب)

running battle *noun*

شه‌ڕ و هه‌ڵاتن یان ده‌رچوون ◇ جنگ و گریز

running-board *noun*

(له‌ژێر درگای ماشین‌دا) جێ‌پێ، جێ‌پا ◇ رکاب

running commentary *noun*

(رادیۆ و ته‌له‌فزیۆن) بلاوکردنه‌وه (راپۆرت)ی راسته‌وخۆ، راپۆری زیندوو: *to give a -nning commentary on the game* ◇ گزارش مستقیم

running costs *noun, pl.*

خه‌رجوباری به‌ڕێوه، خه‌رجوباری ره‌ونده، خه‌رج یان تێچوونه به‌ڕێوه‌کان یا ره‌ونده‌کان ◇ هزینه‌های جاری

running fight *noun*

شه‌ڕ و هه‌ڵاتن یان ده‌رچوون ◇ جنگ و گریز

running head *noun*, also running title

سه‌رپه‌ڕ یا سه‌ردێری سه‌ره‌وه‌ی هه‌ر په‌ڕه یان به‌شێ ◇ رانینگ هد

running knot *noun*

گرێ قوڵفه ◇ گره خفت

running mate *noun*

پاڵێوراوی یاریده‌ده‌ر یان پشتیوان، به‌شداری هه‌ڵبژاردن، پاڵێوراو بۆ جێگری سه‌رۆکایه‌تی (ب.ت. هه‌ڵبژاردنی جێگری سه‌رۆکایه‌تی) ◇ کاندیدای معاونت

running order *noun*

ده‌ستوور یان فه‌رمانی به‌ڕێوه ◇ دستور جاری

running repairs *noun, pl.*

چاکردنه‌وه به‌ڕێوه‌کان، سازکردنه‌وه یان چاک‌کردنه‌وه‌ی شته چکۆله‌کان ◇ تعمیرات جاری

running stitch *noun*

(دروومان) ته‌قه‌ڵ، تیک، باخیه، ریزه‌ته‌قه‌ڵی ورد ◇ کوک، کوک ریز

running time *noun*

کاتی بردن، وه‌ختی خایاندن (فیلم، سه‌فه‌ر و هتد) ◇ رانینگ تایم

runny /ˈrʌni/ *adjective* (runnier, runniest)

1 شل، شلپیتاو، ئاوه‌کی، تراو 2 (چاو و لووت) ئاولێ‌هاتوو، ئاو ده‌کا، ئاوی لێدێ، ئاوڕێژ، ئاوکردوو ◇ 1 رقیق 2 آبریز

run-off *noun*

1 (هه‌ڵبژاردنه‌کان) خولی دووه‌م، خولی دیاریکه‌ر، هه‌ڵبژاردنی دوایی 2 پێشبرکێی دووه‌م یان دوایی، پێشبرکێی دیاریکه‌ر 3 ئاوی باران یان بافری تواوه که به‌سه‌ر عه‌رزدا ده‌ڕوا 4 ئاوده‌رکردن، ئاوه‌چۆڕکردن 5 (نیوزیله‌ند) ناوچه یان زه‌وی ئاولێ‌ده‌رکراو یان ئاوه‌چۆڕکراو ◇ 1 (انتخابات) دور دوم 2 مسابقه‌ی دوم 3 رانآف 4 زهکشی 5 زمین زهکشی‌شده

run-off-the mill *adjective*

ئاسایی، نه ئه‌وه‌نده باش، بازاری، ره‌مه‌کی، ساده، شتێکی وا نییه، ده‌سته، ئه‌ندازه، ناتایبه‌تی، *a run-off-the mill job* :commonplace ،ordinary ◇ معمولی، پیش‌پاافتاده، متوسط

run-on *adjective, noun*

adj به‌رده‌وام به‌بێ راوه‌ستانێکی ره‌وانبێژانه rhetorical pause له دێره هه‌ڵبه‌ستێکه‌وه بۆ یه‌کێکی تر *n* 1 شتێ که به‌رده‌وامی یا درێژه‌ی پێ‌ده‌دری (وه‌ک سه‌روشه‌یێکی فه‌رهه‌نگی) 2 = run-on sentence ◇ رانآن

run-on sentence *noun*

رسته‌یێ که چه‌ندین لارسته‌ی (سه‌ره‌کی) تیایه که به هه‌ڵه‌ی رێزمانی یان خاڵبه‌ندی‌یه‌وه پێک به‌ستراونه‌ته‌وه ◇ رانآن سنتنس

runt /rʌnt/ *noun*

1 مرۆی بێ‌نرخ و هیچ 2 گیانه‌وه‌ری هه‌ڵنه‌داو یان شیرمرده، ریوه‌ڵه، گرگن، کورته‌بنه، به‌رازی شیرمرده 3 جۆری کۆتری زله 4 جۆری مانگای چکۆله 5 قه‌د یان لاسکی رووه‌کێ (runtish ،runty *adj* ،runtishly *adv* ،runtishness *n* (*adj* (runtier, runtiest) ◇ 1 آدم بی‌ارزش 2 جانور رشدنکرده 3 نوعی کبوتر درشت 4 نوعی گاو

کوچک 5 ساقەی گیاه

runt-through *noun*
1 مەشــق، کارلەســەرکردن 2 پاچوونــەوە، چاوپیاگێرانەوە، کۆبەندی، کورتە، rchearsal ۞ 1 تمرین 2 بازنگری، جمع‌بندی، خلاصه

run-up *noun*
1 مـاوەی بەرلـە روودان یـان دەس‌پـێ‌کـردن، سـەردەرانە، کـاتی بـەرلـە شتێ، قۆناخی بـەرلـە دەس‌پێ‌کردن 2 زۆربوونی کوت‌وپڕ و نائاسایی لە بارستایی (یان قەبارە volume) یان نرخ و بایی شتێ ۞ 1 زمـان قبـل از وقـوع یـا شـروع، آستانه، مرحله‌ی قبل از شروع 2 ران‌آپ

runway /ˈrʌnweɪ/ *noun*, also catwalk
1 (فڕۆکەخانە) باند، کـەرتی نیشـتـەوەی فڕۆکـە: 2 *The plane taxied along the runway* کۆلکە دارەکان 3 خزینە یان سـەرەوخواری بۆ تلاندنەوە ۞ 1 باند 2 کندەهای چوب 3 سرسره یا سرازیری برای غلتاندن

rupee /ruːˈpiː/ *noun*
روپیە (یەکەی پارەی هێند، پاکـستان، سریلانکا، نێپال، موریس و سـشێل، بەرامـبەر بە 100 پایـسا paisa لە هێند، پاکستان و نێپال؛ و 100 سـێنت لە سـریلانکـا، موریـس و سیشێل؛ بنـەڕەت: بە رێگـای هێنـدی لـە *rūpya* سانـسکریت "زیـوی کوتراو "wrought silver) ۞ روپیە

rupiah /ruːˈpiːə/ *noun*
روپیـا (یەکـەی سـتانداردی پـارە لـە ئیندۆنزیا بەرامبـــەر بـــە 100 ســـێن sen؛ بنـــەڕەت: ئینـدۆنیزیایی، بنـەڕەت: لـە *rūpyah* هێنـدی (بڕوانە rupce) ۞ روپیا

rupture /ˈrʌptʃə(r)/ *noun*
1 پـسان، پچـڕان، شـەق‌بـردن، دابـڕان، قـەتیان، شکان، کەلێن‌تێ‌کەوتن، جیابوونەوە، لێک‌دابڕان 2 تەقین، پەقین 3 دابڕانی پێوەندی، نێوان‌شێوان، تێک‌چوونی پێوەندی 4 (پزشکی) پسان، قۆڕی، گەدەوڵ، گون‌شۆڕی ۞ 1 گسیختگی، قطع، نقض 2 انفجار، ترکیدگی 3 قطع رابطه 4 فتق

ruptured *adjective*
1 تەقیو 2 پساو، قۆڕ، گەدەولی، گون‌شۆڕ ۞ 1 ترکیده 2 دچار فتق

rupturewort *noun*
جۆرێ رووەکی چکۆلانە دنیای کۆن، لە تیرەی pink، جاران باوەڕ وابوو کە قۆڕی تیمار دەکا [*Herniaria glabra*] ۞ نوعی گیاه

rural /ˈrʊərəl, US ˈrʊrəl/ *adjective*
1 لادێیی، دێیی، دەشتەکی، دیهاتی، سادە: *a* -*ral areas* ◊ *rural economy* 2 کشت‌وکاڵی، جووتبەندەیی ۞ 1 روستایی، دهاتی 2 زراعتی

rural delivery (also rural free delivery) = R.D.

rurally /ˈrʊərəli, US ˈrʊrəli/ *adverb*
دیهاتی‌ئاسا، لادێی‌یانە، دەشتەکی‌ئاسا، دیهاتی‌یانە ۞ دهاتی‌وار

rural sociology *noun*
کۆمەڵناسی لادێیی ۞ جامعه‌شناسی روستایی

Rurik /ˈrʊərɪk/ *noun*, also Ryurik
ئەندامی بـەرەی دەسـەڵات‌دار بەسـەر مۆسـکۆ و زۆربـەی رووسـیادا لـە سـەدەی 9وە تـا 16 ۞ روریک

Ruritanian /ˌrʊərɪˈteɪniən, US ˌrʊrəˈt-/ *adjective*
هەســـتبـــزوێن، رۆمانتیـــک، خـــەیاڵاوی (مەڵبـەندیکی خەیاڵـی لە باشووری رۆژهـەڵاتی ئەورووپا، لە رۆمانی *Prisoner of Zenda* (1984 لە لایـەن رۆمان‌نووسـی ئینگلیـسی Anthony Hope)) ۞ خیال‌انگیز، رؤیایی

rusa /ˈruːsə/ *noun*
ئاسکێکی ئیندۆنیزیایی پێست قاوەیی [*Cervus timorensis*] ۞ روسا

ruse /ruːz/ *noun*
فـێڵ، دهـۆ، تەڵـەکە، فـێڵ‌وفـەرەج، stratagem، trick ۞ حقه، نیرنگ

rush[1] /rʌʃ/ *noun, adjective*
n 1 پەلـە، لـەز، تـاو، هـەڵات‌هـەڵات، راکـەڕاک، فڕک‌وهۆڕ، فڕکەفڕک، جـرپ‌وهۆڕ، پڕتاو: *I can't stop—I'm in a rush* 2 هـورووژم، دەرپەڕین، گوڕبوون، تـەوژم، هێـرش، شلوقایی، چڕەبەندان، تێ‌ڕژان، تێ‌مورووکان، لێ‌خڕبوونەوە، ئاپۆرە، چڕەبەندان، قەرەباڵغی، رژانەبەسـەردا 3 (مـاوەی) چـالاکی گـەورە یـان بـەرچاو 4 (بـە تـەوژم) لـێ‌ڕژان یـان هاتـەدەرێ، دەرپـەڕین 5 (rushcs) راش (یەکـەمین چاپـەکانی فیلمێ کە هێشتا مۆنتاژ یان ئامادە نەکرابێ) *adj* بە پڕتاو، بە پەلـە، شانەچرکێ، تێ‌ڕژاو، قەرەباڵـغ، شـلوق ۞ *n* 1 عجله، شتاب 2 هجـوم، حملـه، ازدحـام 3 (مدت) فعالیت چـشم‌گیـر 4 ریـزش 5 (در جمـع) راش *adj* شتاب‌زده، پرازدحام

rush[2] /rʌʃ/ *noun, adjective*
n 1 (گیـــا) قـــامیش، لـــەوەن، زەل، چیـــت [توخمـــەکـــانی *Juncus* و *Luzula*، خێـــزانی Juncaceae] 2 بۆ نـاوی رووەکە هاوشێوەکـان بـەکـاردێنرێ، ب.ن. flowering rush *adj* حەسیری ۞ *n* نی *adj* حصیری

rushed /rʌʃt/ *adjective*
بەپەلـــە، بەپـــڕتاو، بەهەشـــتاو، بەپەلەپـــڕوزکێ، تەنگەتاو ۞ شتاب‌زده

rush-hour *noun*
وەختـی شلوقی یـان پـڕهات‌وچۆ، سـەروبەندی هەڵات‌هەڵات، کات‌وسـاتی تێ‌ڕژانی خەڵک ۞ ساعات ازدحام یا پرترافیک

rushing *adjective*
(رۆیشتنی ئاو) بەلرفە، بەتافە، بەتافەتاف، خوڕاو،

تافاو، خروشاو، لرفن (rushingly *adv*) ◇
خروشان

rushlight /ˈrʌʃlaɪt/ *noun*
(مێژوویی) چرای کز ◇ چراغ کم‌نور

rushy /ˈrʌʃɪ/ *adjective*
1 زەلاوی، قەمیشەلانی، زەل‌داگرتوو، داپۆشراو
بە زەل یان قامیش 2 زەل‌ئاسا، قامیشی، زەلی،
چیت‌ئاسا ◇ 1 پوشیده از نی 2 نی‌مانند

rusk /rʌsk/ *noun*
1 غوڕابی منال، توشەی منال zwieback 2
جۆرێ نانەڕەقە کە لە بنەڕەتا لە عەماری
کەشتی‌دا هەڵدەگیرا ◇ 1 بیسکویت بچه 2 راسک

Russel's viper *noun*
جۆرێ ماری یەکجار ژاراوای ئاسیایی
[*Daboia russelli*] (بنەڕەت: لە ناوی پزشک و
سروشت‌باوەڕی سکاتلەندی *Russell* Patrick)
◇ نوعی مار

russet /ˈrʌsɪt/ *adjective, noun*
adj 1 قاوەیی ئامال زەرد، خەنەیی 2 سادە،
بێ‌غەل‌وغەش، ساکار 3 لادێیی، دێهاتی *n* 1
ڕەنگی قاوەیی مەیلەو زەرد یان زەردباو 2
(جۆرێ) سێوەسوورە 3 (مێژوویی) جۆرێ
کوتاڵی خۆماڵی زبری خەنەیی (زۆرتر خەڵکی
لادێ لەبەری دەکەن؛ (russety *adj*) ◇ *adj* 1
فندقی 2 ساده، بدون پیرایه 3 روستایی *n* 1 رنگ
فندقی 2 و 3 راست

Russia leather *noun*
چەرمی ڕووسی (بۆ تێگرتنی بەرگی کتێب) ◇
چرم روسی

Russian /ˈrʌʃn/ *adjective, noun*
adj سەربە ڕووسیە، ڕووسی *n* 1 خەڵکی
ڕووسیە 2 زمانی (سلاڤیکی رۆژهەلاتی) ڕووسی
(Russianization (also Russianisation) *n*)
◇ *adj* روسی *n* 1 اهل روسیه 2 زبان روسی

Russian boot *noun*
چەکمەی ڕووسی ◇ چکمه‌ی روسی

Russian olive = oleaster

Russian Orthodox Church *noun*
کلێسەی نەتەوەیی یان نیشتمانی ڕووسیە ◇
کلیسای ملی رووسیه

Russian roulette *noun*
رولێتی ڕووسی (= جۆرێ کایەی مەترسی‌دار
کە بە چەک دەکرێ) ◇ رولت روسی

Russian salad *noun*
(بریتانیا) سالاد یان سالاتی ڕووسی (سەوزی
وردکراوی لەگەل مایۆنیز تێکەل دەکرێ) ◇
سالاد روسی

Russian tea *noun*
چایی ڕووسی ◇ چای روسی

Russian thistle *noun*
کەرتەشی ڕووسی [*Salsola pestifera*] ◇
شکاعی روسی

Russian vine *noun*
ڕەز یان تریی [*Fallopia baldschuanica*] ◇
تاک روسی

Russification *noun*
ڕووساندن، ڕووسی‌کردن، کردنەڕووسی، هەروەها
Russianization ◇ روسی کردن، روسی‌سازی

Russki /ˈrʌski/ *noun*, also Russky, *pl.* Russkis or Russkies
ڕووسی هیچ‌وپووچ یان گلاو، ڕووسی چەپەل
◇ روسی کثیف

Russo- /ˈrʌsəʊ, US ˈrʌsoʊ/ *prefix*
پێشگر: 1 ڕووسی، سەربە ڕووسیە و: *Russo-*
Japanese (بە پرکێشی‌یەوە، یەکێتی سۆڤیەت)
2 ڕووسی و... ◇ پیشوند: 1 روسی، وابسته به
روسیه (یا اتحاد جماهیر شوروی) 2 رووسی و...

Russophile /ˈrʌsə(ʊ)fʌɪl/ *noun*
ڕووس‌دۆست، ڕووس‌خۆشەویست، لایەنگری
ڕووسیە، ڕووسی‌دۆست ◇ دوست‌دار روسیه

Russophobe /ˈrʌsə(ʊ)fəʊb/ *noun*
ڕووس‌بێزار، ڕووسی‌بێزار ◇ منزجر از روس‌ها یا
چیزهای روسی

Russophobia *noun*
ڕووس‌بێزاری، ڕووسی‌بێزاری ◇ انزجار از
روس‌ها یا چیزهای روسی

russula /ˈrʌsələ/ *noun*
جۆرێ قارچکەگولانە، کارگی کلاوسوورە
[توخم *Russula*: گەلێ جۆرن] (بنەڕەت: لە
لاتینی نوێ، لە *russus* لاتین "سوور" (چونکو
زۆریان کلاوێکی سووریان هەیە) ◇ نوعی قارچ

rust /rʌst/ *noun*
1 ژەنگ، ژەنگار، ژەنگ‌وزار، سایە 2 (ڕووەک)
گیاژەنگ، ژەنگ: چەند نەخۆشی‌یێکی سەختی
ڕووەک کە لەودا پەڵە و پنکەی سوورباو و
قاوەیی‌باو لەسەر گەلا، قەد و... دەردەکەون،
بەهۆی دەستە کەڕووێکەوە (دەستە
Uredinales) تووش دەبێ؛ (هەروەها rust
fungus) کەڕووەژەنگ، کارگەژەنگ: ئەو
کەڕووەی دەبێتە هۆی ئەم نەخۆشی‌یە؛ چەندین
نەخۆشی تری هۆنەزانراو کە لەودا پنکەی قاوەیی
سوورباو و ڕەنگ‌گۆڕان discoloration لە بەشە
تووش‌بووەکان‌دا دەبینرێ 3 قاوەیی ئامال سوور
(rusted *adj*: ژەنگاوی، ژەنگ‌هەڵێناو،
ژەنگ‌گرتوو؛ rustless *adj*؛ بنەڕەت: *rūst*
ئینگلیسی کۆن، بنەڕەتێکی ئەڵمانی هەیە،
پێوەندی بە سوور redـەوە هەیە) ◇ 1 زنگ 2
(گیاه) زنگ؛ راست 3 قهوه‌ای مایل به قرمز

rust bucket *noun*
(نافەرمی، بە شۆخی) سەتلە ڕزیو، کەشتی یان
ماشینی ژەنگ‌هەڵێناو ◇ کشتی یا ماشین زنگ‌زده

rustic /ˈrʌstɪk/ *adjective, noun*

adj 1 لادێیی، دەشتەکی، دیکانی، دێهاتی: an old cottage full of rustic charm 2 سادە، ساکار: a rustic fence ◊ a -tic garden seat 3 ناخۆش، نالەبار، تووند، بێ‌ڕەوشت 4 (قوڕەکاری) لادێیی‌یانە، ناحەز، ناڕێک n 1 (سووکانە) کەسێکی لادێیی گێژ و بێ‌ئەزموون 2 لادێیی، گوندنشین، جووتبەندە، وەرزێر: a simple rustic in a Shakespearean comedy 3 جۆری پەپوولە (شەوگەڕ)ی وردی قاوەیی‌یاوی ئەورووپایی [حەوت تۆخم و جۆرەکانی لە خێزانی Noctuidae] (rustically adv: دێهاتی‌یانە، دەشتەکی‌یانە) ◯ adj 1 روستایی 2 بی‌پیرایه 3 ناهنجار، خشن 4 ناهنجار n 1 آدم روستایی هالو 2 روستایی 3 نوعی پروانه

rustication *noun*

1 (لە بریتانیا، خوێندکار) دەرکردنی کاتی (بۆ سزادانی) 2 گوندنشینی، گیرسانەوە لە دێ، جێگیربوون لە لادێ، نیشتەجێبوون لە گوند ◯ 1 اخراج موقت 2 اقامت در روستا

rusticity /rʌˈstɪsəti/ *noun*

سادەیی، دێهاتی‌ئاسایی، لادێیی‌ئاسایی ◯ بی‌پیرایگی، دهاتی‌واری

rustle /ˈrʌsl/ *noun*

دەنگی خشەخش، دەنگی گفە، گفەگف، هاژەهاژ، لرفەلرف (با)، وشە، وشەوش: *I heard a faint rustle in the bushes* ◯ صدای خش‌خش

rustler /ˈrʌslə(r)/ *noun*

ئاژەڵدز، چەتەی ماڵات ◯ دام‌دزد

rustling /ˈrʌslɪŋ/ *adjective, noun*

adj خشەخش *n* 1 دەنگی خشەخش، گفەگف: *the soft rustling of leaves* 2 ماڵاتدزی، چەتەی ئاژەڵکردن: *cattle rustling* ◯ *adj* خش‌خش *n* 1 صدای خش‌خش 2 دام‌دزدی

rust mite *noun*

وردەکردم یان مێشوولەی ژەنگ، چەندین جۆرن و دەبنە هۆی قاوەیی‌بوون یان سووورباوبوونی گەڵا و بەر و میوە ◯ زنگ‌زده

rustproof /ˈrʌstpruːf/ *adjective*

ژەنگ‌نەهێن، دژەژەنگ ◯ ضدزنگ

rusty /ˈrʌsti/ *adjective* (rustier, rustiest)

1 ژەنگاوی، ژەنگ‌گرتوو، ژەنگارلێ‌نیشتوو، هەنگ‌هەڵێناو (وەکوو زانیاری و...): *rusty metal* ◊ *a rusty old car* 2 کۆن، شڕ، رزیو، خراپ، لەتامدەرچوو، بەکارنەهاتوو، کاڵەوەبوو، رەنگ‌ڕوێشتوو: *rusty old boots* (rustily /ˈrʌstɪli/ *adv*: ژەنگاوی‌یانە، ژەنگ‌گرتووانە؛ rustiness /ˈrʌstinəs/ *n*) ◯ 1 زنگ‌زده 2 قدیمی، رنگ‌برگشته

rusty dusty *noun*

سمت، پاشڵ، کنگ، کەفەڵ، ڕوونەک، گۆلمە، گووپ(ی سمت)، هیفەڵ، پاشوو، پاشوڵ ◯ کفل، کپل، باسن، کون

rut[1] /rʌt/ *noun*

1 شەقڵی پێچکە، شوێنی چەرخ یان تایە، جێی پێچکە 2 شێوەی ژیانی یەکڕەوتە، ژیانی یەکشێوە ◯ 1 رد چرخ 2 طرز زندگی یکنواخت

rut[2] /rʌt/ *noun*

وەرزی جووتبوون، جووتبەندان، جووتگیران، سەروبەندی بەفالبوون، سەروبەندی جووتگرتن ◯ فصل جفت‌گیری

rutabaga /ˌruːtəˈbeɪgə/ *noun*, swede

1 شەلەمە زەردە، شەلەمی زەرد [*Brassica napus napobrassica*] 2 ڕەگە و ریشەکەی ◯ 1 شلغم زرد 2 ریشه‌ی شلغم زرد

ruth /ruθ/ *noun*

1 بەزەیی، ڕەحم، دڵ، بەزەیی‌پیاهاتن 2 داخ، پەشیمانی، نارەحەتی، remorse ◯ 1 رحم، شفقت 2 افسوس، پشیمانی

Ruth /ruθ/ *noun*, Hebrew *Rūth*

رووت: ژنێکی مواب(ی)یتی Moabite کە لەگەڵ Noami چوو بۆ بەیتلەحم Bethlehem و بووە سەرەچەڵەکی David ◯ روت

Ruthenian /ruːˈθiːnɪən/ *adjective, noun*

adj سەربە رووتێنیا، رووتێنیایی، رووتینیایی *n* دانیشتووی ڕەسەنی رووتێنیا، ناوچەیێ لە ناوەندی ئەورووپا ◯ روتنیایی

ruthenium /ruːˈθiːniəm/ *noun*

(کیمیا) ڕۆتونیۆم (بە ژ.گ. 44، ن. Ru، لاتینی نوێ، لە *Ruthenia* (بڕوانە Ruthenian)، لەبەر ئەوە کە لە بەردە کانە خاوەکانی ئورال دۆزرایەوە) ◯ روتنیم

rutherfordium /ruːˈθiːniəm/ *noun*

(کیمیا) ڕۆتێرفۆردیۆم (بە ژ.گ. 104، ن. Rf، بنەڕەت: لە ناوی فیزیکزانی نیوزیلەندی Ernest *Rutherford*) ◯ روترفوردیم

ruthful *adjective*

بەبەزەیی، دڵنەرم، دڵۆڤان ◯ رحیم

ruthless /ˈruːθləs/ *adjective*

1 بێ‌بەزەیی، دڵڕەق، بێ‌ڕەحم، ڕەش‌کوژ، دڵبەرد، زاڵم 2 زاڵمانە، بێ‌بەزەیی‌یانە (ruthlessly /ˈruːθləsli/ *adv*: زاڵمانە، بێ‌بەزەیی‌یانە، ڕەش‌کوژانە؛ ruthlessness *n*: بێ‌بەزەییتی، ڕەش‌کوژی، بێ‌ڕەحمی، دڵڕەقی، دڵبەردی، زاڵمی) ◯ 1 بی‌رحم، سنگدل 2 بی‌رحمانه

rutilant /ˈruːtɪl(ə)nt/ *adjective*

(وتەیی) درەوشاوە، بریسکەدار، بریقەدار، بە ڕەنگی سووری ورشن یا درەوشاوە ◯ درخشان

rutile /ˈruːtɪl, US ˈruːtaɪl/ *noun*

سوورباوە: کانێکی قاوەیی سوورباو یان ڕەش لە

دوانۆکسایدی تیتانیۆم پێکهاتووە (بنەڕەت: لە *Rutil* ئەڵمانی، لە *rutilus* لاتین "reddish") ◌ روتیل

rutin /ˈruːtɪn/ *noun*
(کیمیا) سپەندین، ئەسپەندین، روتین: ئاویتەیێکی پۆلی فلاڤۆنۆید کە لە ئەسپەندی ئاسایی، گەنمەڕەشە buckwheat، caper، تووتن و گیا و رووەکی تر دا دۆزراوەتەوە و چاروبار وەک dietary supplement دەخوری، گلیکۆزایدی فلاڤۆنۆیدی کریستالی زەرد $C_{27}H_{30}O_{16}$ (بنەڕەت: لە *ruta* لاتین "rue" + -in[1]) ◌ روتین

rutted /ˈrʌtɪd/ *adjective*
1 (ڕێگا) پڕچاڵوچۆڵ، دادرادر، کەندکەند، کەندڕکەندر، قوڵکەقوڵکە، چاڵوچۆڵاوی، ناڕێک 2 شەقڵدادڕیو، شەقڵاوی، شەقڵشەقڵ ◌ 1 پردستانداز 2 پر از رد چرخ

rutting /ˈrʌtɪŋ/ *adjective*
1 بەفاڵ، بەتەگە، بەتەڵەب، بەبا، بەنەورۆ: *rutting deer* 2 سەربە جووتبوون ◌ 1 فحل 2 وابسته به جفت‌گیری

rutting season *noun*
جووتبەندان، سەروبەندی لێهاتن، گوەنێر (هی گیانەوەر کێوی‌یەکان)، جووت‌گیران ◌ موسم جفت‌گیری

ruttish *adjective*
1 بەئاڵۆش، کرمێ 2 بەفاڵ، بەتەگە، بەتەڵەب، بەبا، بەنەورۆ 3 رزیو، دافەتراو ◌ 1 شهوانی 2 به فال آمده 3 پوسیده

rutty /ˈrʌtɪ/ *adjective* (ruttier, ruttiest)
(ڕێگا) پڕچاڵوچۆڵ، دادرادر، پڕکەند، کەندکەند، کەندڕکەندر، قوڵکەقوڵکە، چاڵوچۆڵاوی، ناڕێک ◌ پردستانداز

RV /ˌɑː ˈviː, ˌɑːr/ *abbreviation* recreational vehicle

Rwandan /ruːˈandən/ *adjective, noun,* also Rwandese /ruːˈandiːz/
adj سەربە رواندا یان روانداییی‌یەکان *n* رواندایی دانیشتووی رەسەنی رواندا، ولاتێ لە ناوەندی ئەفریکا ◌ رواندایی

Rx /ˌɑːr ˈeks/ *abbreviation* prescript

-ry = -ery

rye /raɪ/ *noun*
1 چەودان، چاودان، چێودان، چاودار، دەنکە، زیفان، جۆفەرەنگی، قومام، چەودەر [*Secale cereale*] 2 ویسکی چێودان یان چاودار، ویسکی چەودەر 3 = rye bread ◌ 1 چاودار 2 ویسکی چاودار

rye bread *noun*
نانی چەودان یا چێودان، نانەچاودار ◌ نان چاودار

ryegrass /ˈraɪɡrɑːs, US -ɡræs/ *noun*
(رووەک) گەنمڕەنگ [توخم *Lolium*: چەندین جۆرن، بە تایبەت *L. perenne*] ◌ چچم

rye whisky *noun*
ویسکی چەودان یان چێودان یان چاودار ◌ ویسکی چاودار

ryokan /rɪˈəʊkan/ *noun*
ریۆکان (= میوانخانەی خۆماڵی ژاپۆنی) ◌ ریوکان

ryot /ˈrʌɪət/ *noun*
رەعیەت، مسکین (بنەڕەت: لە *raʻā* ی عەرەبی‌یەوە) ◌ رعیت

ryu /rɪˈuː/ *noun, pl.* same or ryus
ریو (= خوێندنگا یان شێوازێ لە هونەرە ژاپۆنی‌یەکاندا ب.ت. لە هونەرە شەڕی‌یەکاندا) ◌ ریو

S s

S[1], **s** /es, *pl.* Ss, S's, s's /'esɪz/ ***noun***
1 ئیس (= نۆزدەیەمین پیتی ئەلفوبێی ئینگلیسی)
2 ئامـاژە بـە دەنگـێ دوای R لـە دەستەیـێ لـە
شتەکان، بابەتەکان و هتد 3 شتێک لە شێوەی
پیتی S ۞ 1 و 2 اس 3 چیز S مانند
S[2] *abbreviation* 1 south, southern (= *S Yorkshire*) 2 Saint (chiefly in Catholic use) 3 small 4 siemens 5 symb. the chemical element sulphur
s *abbreviation* single 2 (Grammar) singular 3 (Chemistry) solid 4 succeeded 5 shilling(s) 6 sabbath 7 schilling 8 scruple 9 second, secondary 10 section 11 senate 12 series 13 shilling 14 signor 15 sine 16 singular 17 smooth 18 snow 19 society 20 son 21 sou 22 subject 23 symmetrical
1 سەڵت، بێ هاوسەر، زگورت (ب.ت. پرسیارنامە
و...) ۞ 1 مجرد
-S[1] /s, z/ *suffix*
پاشگر: نیشانەی کۆ (بۆ زۆربەی ناوەکان، وەک
ـ (ە) کان، گەل، ـێل): *wagons, beliefs, books,*
heads ۞ پسوند: علامت جمع
-S[2] *suffix*
نیشانەی سێیەم کەسی تاک لە سەردەم یان کاتی
ئێستادا ۞ علامت سوم شخص مفرد در زمان حال
-S[3] *suffix*
پاشگر: 1 ئاوەڵکار ساز دەکا: *besides* 2 راناوە
خاوەنداری‌یەکان ساز دەکا: *hers* ۞ 1 قیدساز 2
ضمایر ملکی‌ساز
-S[4] /s, z after a vowel sound or voiced consonant/ *suffix*
پاشگر: سەرناو یان ناوی خۆماڵی دروست دەکا:
ducks ۞ پسوند: لقب یا اسم خودمانی را می‌سازد
's /s, z after a vowel sound or voiced consonant/
(informal) 1 is 2 has 3 us 4 does
-'S[1] /s, z after a vowel sound or voiced consonant, ɪz after a sibilant/ *suffix*
پاشگر: ئاماژە بە یان نیشانەی خاوەنداری لە
ناوە تاکەکاندا و هەروەها لەو ناوە کۆیانە کە
بێ کۆتایین
-'S[2] /s, z after a vowel sound or voiced consonant, ɪz after a sibilant/ *suffix*
پاشگر: ئاماژە بە یان نیشانەی کۆی پیت یان
نیشانە و هێمایێ: 9's
SA *abbreviation* 1 South Africa 2 Salvation Army 3 South America 4 South Australia 5 sex appeal
saag /sɑːg/ *noun*, also sag, Indian term for spinach
ئەسپەناخ (بنەڕەت: لە *sāg* هیندی‌یەوە) ۞ اسفناج
Saanen /'sɑːnən/ *noun*
بزنێکـی شـیری سـپی کـۆل hornless و
تیسک‌کورت، سەرەتا لە ناوچەی Saanenی
سویس پەرەی سەندووە ۞ سانن
sabadilla /ˌsabə'dɪlə/ *noun*
جۆیلکە: جۆرێ گیای مەکسیکی لە تیرەی
lily، کـە تووەکـەی veratrine ی تیایـە
[*Schoenocaulon officinale*] (بنەڕەت: لە
cebadilla سپانیایی، چکۆلێنراوی *cebada* "جۆ
barley") ۞ نوعی گیاه
Sabaean /sa'biːən/ *noun, adjective*

n ئەندامی گەلێکی کۆنی سامی Semitic کە دەسەلاتیان بەسەر سەبا Saba (یان یەمەنی زوو)دا لە باشووری رۆژاوای (کۆدورگەی Peninsula عەرەبستان)دا دەکرد *adj* سەربەو گەلە ۞ صبایی

sabayon /'sabʌɪjɒ̃/ = French term for zabagline

Sabaism *noun*
ئەستێرەپەرستی ۞ ستارەپرستی

Sabbatarian /ˌsabəˈtɛːrɪən/ *adjective, noun*
1 شەممەڕاگر، شەممەبەند 2 (لای کریستانیەت) یەکشەممەڕاگر، یەکشەممەبەند 3 لایەنگری Sabbatarianism ۞ سبتارین

Sabbatarianism *noun*
شەممەڕاگری، شەممەبەندان ۞ سبتاریانیسم

sabbath /ˈsæbəθ/ *noun*
1 (the Sabbath) سەبات، رۆژی شەممە، یەکشەممە، سەبت (شەممە لای جوولەکە و یەکشەممە لای دیانییەکان) 2 (witch's sabbath) کۆبوونەوەیێکی سالانەی خەیاڵی جادووگەرەکان لەگەڵ شەیتان لە نیوە شەودا (بنەڕەت: لە *sabbatum* لاتین، بە ڕێگای لاتین لە *šabāṯ* عیبری، لە *šabbāṯ* "ماندوویێتی دەرچوون، حەسانەوە، راکشان") ۞ سَبْت

sabbatical /səˈbætɪkl/ *noun, adjective*, also sabbatic
n 1 سالی سەبتی 2 (زانکۆ) دەرفەتی خوێندنەوە (یان لێکۆڵینەوە) یان سەفەر: *He's on sabbatical* *adj* 1 سەربە دەرفەتی خوێندنەوە (یان لێکۆڵینەوە) یان سەفەر 2 (لە دین‌دا) شەممەیی، یەکشەممەیی 3 سەربە سالی سەبتی ۞ sabbatical year *n* 1 سال سَبتی 2 فرصت مطالعاتی یا سفر *adj* 1 وابسته به فرصت مطالعاتی یا سفر 2 شنبه‌ای، یکشنبه‌ای 3 وابسته به سال سبتی

sabbatical year *noun*, also sabbatical level
1 سالی سەبتی یان سەباتی (ماوەبێدانی شەش مانگ یان یەک سال (هەر 7 سال جارێ بە مامۆستایانی زانکۆ) 2 (لە سەردەمانی کتێبی پیرۆزدا) بەپێی قانوون یان نەریتی مووسا هەر حەوت سال یەک سال زەویزار رادەگیرا تا بحەسێتەوە یان وەرز بدرێتەوە ۞ سال سَبتی

Sabean *noun, adjective*
n خەڵکی سەبای Saba کۆن *adj* سەربە سەبای کۆن، سەبایی، پێوەندی بە سەبای کۆنەوە هەیە ۞ صبایی

Sabellian *noun, adjective*
n 1 ئەندامی کۆمەڵێ لە گەلانی سەرەتای ئیتالیا کە Sabine و Samnite ـەکان دەگرێتەوە 2 یەک یا گشت ئەو زاراوە یا زمانە چکۆلە ناسراوانەی ئیتالیای کۆن کە لەوە دەچێ پێوەندییێکی نزیکیان بە Oscan و Umbrain ـەوە هەبێ *adj* سەربە ئەو گەلانە یان زمانەکانیان ۞ سابلین

saber = US spelling of sabre

Sabian /ˈseɪbɪən/ *noun, adjective*
n ئەندامی تیرەیێکی ناموسڵمان non-Muslim sect کە لە قورئان‌دا لە ریزی جوو، مەسیحی و زەردەشتییەکان‌دا Zoroastrians دادەنرێن *adj* سەربەو تیرەیە ۞ صابی

sabicu /ˌsabɪˈkuː/ *noun*
سابیکو: درەختێکی دانەوێڵەیی کارائیب، دارەکەی شێوەی mahogany دەدا و زۆرتر بۆ گەمیسازی بەکاردێنرێ [*Lysiloma sabicu*] ۞ سابیکو

sabin *noun*
سابین: یەکەی مژین یان روومژی دەنگ بەرامبەر بە یەک پێ یان فووتی چوارگۆشە (929 سانتیمیتری چوارگۆشە؛ بنەڕەت: لە ناوی فیزیکزانی ئەمریکایی Wallace C. W. *Sabine*، مەرگ 1919) ۞ سابین

Sabine /ˈsabʌɪn/ *noun, adjective*
1 ئەندامی گەلێکی کۆنی ئۆسکانیزمانی Oscan ناوەندی Apenninesی ئیتالیا 2 زمانی ئیتالیایی ئەو گەلە (لە *Sabinus* لاتین) ۞ سابین

sable[1] /ˈseɪbl/ *noun*
(گیانەوەرناسی) 1 سموورە، سەموورە، شیردەرێکی گۆشتخۆر لە خێزانی weasel، زۆرتر لە باکووری ئاسیا دەبینرێ [*Martes zibellina*] 2 کەوڵ یان پێستی سموورە ۞ 1 سمور 2 پوست سمور

sable[2] /ˈseɪbl/ *adjective, noun*
adj تاریک، زەنگ، تنۆک، رەش، سیا *n* (کۆن، sables) جلی رەش، بەرگی ماتەمین یان رەش ۞ *adj* تاریک، سیاه *n* (در صورت جمع) لباس عزا

sable antelope *noun*
(گیانەوەرناسی) جۆرێ ئاسکەکێوی زلەی ئەفریکایی شاخ‌چەماو یا ئالقەئالقە [*Egoceros niger*] ۞ نوعی آهو

sabled *adjective*
رەش‌پۆش، سیاپۆش ۞ سیاەپوش

sablefish *noun, pl.* same or sablefishes
جۆرێ ماسی گەورە، لە سەرتاسەری پاسیفیکی باکووری دەس دەکەوێ [*Anoplopoma fimbria*] ۞ نوعی ماهی

sabot /ˈsabəʊ/ *noun*
تەق‌تەقیلە، پێلاوی دارین یا لەدار ۞ کفش چوبی

sabotage /ˈsæbətɑːʒ/ *noun*
تێکدان، خراپ‌کردن، دەسکاریکردن، ویرانکاری، لێکزەبەردان، شێواندن (ب.ت. دەزگاکانی دوژمن و بە نهێنی، بنەڕەت: لە فەرەنسی، لە *saboteur* "تێهەڵدان بە تەق‌تەقیلە،

ئاگادارانه تێکدان") ۞ خراب‌کاری

saboteur /ˌsæbəˈtɜː(r)/ *noun*

تێکدەر، شێوێنەر، وێران‌کەر (لە فەڕەنسی‌یەوە) ۞ خراب‌کار

sabra /ˈsabrə/ *noun*

جوویێ کە لە ئیسرائیل لەدایک بووە (بەرلە 1948 لە فەلەستین) ۞ سبرا

sabre /ˈseɪbə(r)/ *noun*, US saber

1 شمشێر، شیر، قلێنج (کەمێ چەماو و درێژ و یەک‌دەم) 2 (کۆن) سەرباز و ئەسپی سوارە 3 شمشێرێکی سووکی شمشێربازی (زۆرتر دەمەکەی چەمابێتەوە) ۞ 1 شمشیر 2 و 3 سابر

sabre-cut /ˈseɪbə kʌt/ *noun*

برینی شیر، برینی شمشێر، زامی شمشێر، شیرزام ۞ زخم شمشیر

sabre-rattling *noun*, US saber-rattling

هەڕەشە(لێ)کردن (بە هێرش یان سزادان)، ترساندن، تۆقاندن، هەڕەشەوگوڕەشە، کەلەوەکێشی، هەڕەشەی هێزی سەربازی، خۆبەهێزپیشاندان: *There has been renewed sabre-rattling between the two countries* ۞ تهدید، ارعاب

sabre saw *noun*

jigsawی دەستی یان هەلگیراوی کارەبایی ۞ نوعی اره

sabretache /ˈsabətaʃ/ *noun*

(مێژوویی) هەمانەیێ کە لای چەپی پشتێنەی سەربازی سوارە هەلدەواسرا ۞ سابوتاش

sabre-tooth /ˈseɪbətuːθ, US -bərt-/ *noun*

پلێنگی ددان‌شمشێری، بەوری ددان‌شفرەیی [Smilodon (Pleistocene) و توخمەکانی تر] ۞ ببر دندان‌خنجری

sabre-toothed *adjective*

ددان‌شمشێری، ددان‌شفرەیی، ددان‌خەنجێری، دان‌خەنجەری، ددان‌شیری ۞ دندان‌خنجری

sabre-toothed tiger *noun*, also saber-toothed cat

پلێنگی ددان‌شمشێری، بەوری ددان‌شفرەیی ۞ ببر دندان‌خنجری

sabreur /saˈbrəː/ *noun*

سەیبرباز، سایبرەوان، سەربازی سوارە یان شمشێربازێ کە شیری saber بەکاردێنێ ۞ سابریور

sabrewing *noun*

باڵ‌شمشێری، باڵ‌شمشێرە: جۆری hummingbirdی زلەی گەرمێنانی ئەمریکا [توخم *Campylopterus*: چەندین جۆر] ۞ نوعی پرنده

sabulous = sandy

SAC *abbreviation* Strategic Air Command

(لە ئەمریکا) ئێس‌ئەی سی: فەرماندارێ هێزی ئاسمانی ستراتژیک، یەکەی ستراتژیکی ئاسمانی یان هەوایی ۞ اس‌ای‌سی

sac[1] /sæk/ *noun*

(توێکاری، رووەک و گیانەوەران) توورەکە، کیسە: پێکهاتەیێکی نەرم و هولۆڵ کە شێوەی توورەکە یان کیسە دەدا؛ بۆشاییێ کە بە پەردەیێ دەور دراوە (لەنێو ئۆرگانیزمێکی زیندوودا)؛ کیسە یان توورەکەیێکی گیانەوەر یان رووەک کە پتر شلە یان ئاوێکی تیایە: *a synovial sac* (saclike *adj*؛ بنەڕەت: لە *sac* فەڕەنسی یان *saccus* لاتین "bag ,sack") ۞ کیسه، محفظه

sac[2] *abbreviation* sacrifice

sacahuiste *noun*, also sacahuista

گیاورچەی باشووری رۆژاوای ئەمریکا و مەکسیکۆ کە رەنگە بۆ هێندێ ئاژەڵ ژاراوی بێ یان بیانگرێ [*Nolina texana*] ۞ نوعی گیاه

sacaton *noun*

جۆرێ گیای چەندساڵە، هی باشووری رۆژاوای ئەمریکا، وەک تفاق بەکاردێترێ [*Sporobolus wrightii*] ۞ نوعی گیاه

saccade /saˈkɑːd/ *noun*

(زۆرتر saccades) چاوەفڕکێ؟: جوولانی خێرا و ناڕێکی چاو (ب.ت. کاتێ کە تیشکۆی چاو لە خاڵ و شوێنێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕدرێ، وەک لە کاتی خوێندنەوەدا. لە فەڕەنسەوە بەواتای فڕین) ۞ ساکاد

saccadic /saˈkadɪk/ *adjective*

سەربە ساکاد (یان چاوەفڕکێ)، ساکادی، پێوەندی بە ساکادەوە هەیە ۞ وابسته به ساکاد، ساکادی

saccate /ˈsakeɪt/ *adjective*, also saclike

(رووەک‌ناسی) توورەکەئاسا، شێوەتوورەکە، کیسەیی، کیسەئاسا: *saccate pollen grains* ۞ کیسه‌مانند

sacchar(i, o)- *prefix*

پێشگر: شەکر، شەکرە، قەند: *saccharometer* (بنەڕەت: بە رێگای لاتینەوە لە *sakkharon* یۆنانی‌یەوە "sugar") ۞ پیشوند: قند، شکر

saccharase = invertase

saccharic acid *noun*

ترشەلۆکی شەکری یا ساکارین ۞ اسید ساکاریک

saccharide /ˈsakərʌɪd/ *noun*

(زیندەکیمیا) ساکاراید، ساکارید ۞ ساکارید

saccharification *noun*

شەکراندن، گۆڕین بۆ شەکر ۞ تبدیل به قند

saccharimeter *noun*, also saccharometer /ˌsakəˈrɒmɪtə/

شەکرپێو، ساکاری‌پێو ۞ ساکاری‌متر

saccharin /ˈsækərɪn/ *noun*

ساکارین، شەکرین، شەکرینە، ساخارین $C_7H_5NO_3S$ ۞ ساکارین، ساخارین

saccharine /'sækəri:n, US -rın/ *adjective, noun*
1 *adj* (خوازە) بەسۆز، هەستبزوێن، سۆزاوی، 2 *a saccharine love story* :mawkish *saccharine* : یەکجار شیرین، بێداد شیرین 3 *flavor* سەربە یان شێوەی شەکر دەدا، شەکری تیایە یان دەیگری: ◊ *saccharine taste* *n* وشەیێکی تر بۆ *saccharine vegetables* 1 *adj* ◌ saccharin احساساتی 2 بسیار شیرین 3 وابستە بە شکر، دارای شکر

saccharinity *noun*
شیرینێتی، شیرینی ◌ حالت قندی، شیرینی

saccharoidal *adjective*
شەکری: *saccharoidal marble* ◌ قندی

saccharomyces *noun*
کارگ یان تەم (یان کەڕوو)ی هەوێن (ی ئاوجۆ): توخمی (Saccharomyces) لە خێزانی Saccharomycetaceae، زۆرتر تاکخانەیی، زۆر و زەبەندن، لەباری ئابووری‌یەوە گرنگایەتی‌یێکی زۆریان هەیە ◌ قارچ مخمر

saccharose /'sakərəuz, US -s/ *noun*
شەکری چۆنەر یان چەوەندەر، ساکارۆز، وشەیێکی دی بۆ sucrose ◌ قند نیشکر

sacciform *adjective*
توورەکەئاسا، توورەکەیی، کیسەیی ◌ کیسەمانند

saccular /'sakjələ(r)/ *adjective*
توورەکەئاسا، توورەکەیی، شێوەتوورەکە ◌ کیسەمانند

sacculate *adjective*, also sacculated
توورەکەدار، کیسەدار ◌ دارای کیسە

saccule /'sakju:l/ *noun*, also sacculus /'sakjʊləs/
(زیندەناسی و توێکاری) 1 توورەکۆچکە، چیکلدانە، توورەکەی بچووک، کیسەی چکۆلانە، وردەکیسە 2 دوو کیسەی چکۆلە(تر)ی پڕشلە کە بەشی پێچەلانەی labyrinth ی گوێی نێوەوە پێکدێنێ (بڕوانە utricle، بنەڕەت: لە لاتینەوە، چکۆلێتراوی *saccus* "sack") ◌ 1 کیسەی کوچک 2 ساکیول

sacerdocy *noun*
پۆست یان پلەوپایەی قەشەیی ◌ مقام کشیشی

sacerdotal /ˌsæsə'dəutl, US -sər'dootl/ *adjective*
1 قەشەیی: *saceradotal* ◊ *saceradotal robes* 2 سەربە قەشەکان 3 سەربە یان پێوەندی بە قەشەباوەڕی sacerdotalism یەوە هەیە (sacerdotally *adv*، بنەڕەت: لە فەرەنسی کۆنەوە، لە *sacerdotalis* لاتین، لە *sacerdos* - *sacerdot*ـەوە "قەشە") ◌ 1 کشیشی 2 وابستە بە کشیشان 3 وابستە بە کشیش‌گرایی

sacerdotalism *noun*, also sacerdotage
قەشەباوەڕی (باوەڕ بە دەسەلاتی قەشەکان وەکوو ناوەندیکی بنچینەیی لە نێوان خودا و مرۆڤدا) ◌ کشیش‌گرایی

sacerdotalist *noun*
قەشەباوەڕ ◌ کشیش‌گرا

sac fungus = ascomycete

sachem /'seıtʃəm, US 'satʃəm/ *noun*
1 ساچێم (ڕیبەر یان پێشەوای سووورپێستەکان) 2 (نافەرمی و ئەمریکا) سەرۆک، ڕیبەر، پێشەوا ◌ 1 ساچم 2 رئیس

Sachertorte /'zaxəˌtɔ:tə, German 'zaxɐˌtɔrtə/ *noun, pl.* Sachertorten /-ˌtɔ:t(ə)n, German -ˌtɔrtn/
جۆری کەیکی چاکلێتی کە پڕ لە مرەبای قەیسی‌یە و بە ڕەنگ و لیاو glaze ی چاکلێت داپۆشراوە، تۆرتێکی پڕچاکلێتی (لە ناوی هوتێلی Sacher لە ڤیەنای نوتریش یان ئەوستریا) ◌ ساکر تورت

sachet /'sæʃeı, US sæ'ʃeı/ *noun*
1 (گەردە یان شتی ئاوەکی تیایە) توورەکۆچکە یان بەستەی یەکجارە (یەکجار بەکاردێتری): *a sachet of sauce/sugar/shampoo* 2 (یەغدان یان دۆلابی جل) توورەکەی بۆنخۆش ◌ 1 ساچت 2 کیسەی معطر

sack[1] /sæk/ *noun*
1 توورەکە، کیسە، تەلیس، تەلیسەبەن، هۆر، گالە، خێس، فەردە، گۆنیە، گوێتی، هەگبە، هەمانە، هەمبانە، بنۆلە (چکۆلە)، جەوال 2 بەستە، دەلق، پاکەت 3 کراسێکی قولەی هەراو (بۆ ژنان و منالان) ◌ 1 کیسە، گونی 2 پاکت 3 پیراهن کوتاه و گشاد

sack[2] /sæk/ *noun*
تالان، ڕاوڕووت، چەپاو، یۆر ◌ غارت، تاراج

sack[3] /sæk/ *noun*
جۆرێ مەی سپی (جاران لە سپانیا و دوورگەکانی کەناری‌یەوە دەچوو بۆ بریتانیا) ◌ ساک

sackbut /'sækbʌt/ *noun*
سەکبوت: جۆرێ ئامێری موسیقایی کۆنە لە شەیپوور دەچێ ◌ ساکبت

sackcloth /'sækklɒθ, US -klɔ:θ/ *noun*
کوتال یان پارچەی تەلیس، پارچەی خێش، گوش، کوتالی گۆنیە ◌ پارچەی گونی

sack coat /'sæk kəut/ *noun*
چاکەت یان کەوایێ بە یەک یان دوو ڕیز دوگمەوە ◌ کت ساکی

sack dress *noun*
کراسێکی فش و کورتی ژنان، باوی پەنجاکان ◌ پیراهن ساکی

sackful /'sækful/ *noun, pl.* sackfuls, also sackload

پڕ تەلیسی، گونیەیی، تاپی، توورەکەیی ◊ بە اندازەی یک گونی

sacking /'sækɪŋ/ *noun*

1 کوتاڵ یان پارچەی تەلیس، پارچەی خێش، کوتاڵی گونیە 2 چەپاو، تالان 3 دەرکردن، وەدەرنان ◊ 1 پارچەی گونی 2 غارت 3 اخراج

sack race *noun*

توورەکێن، پێشبڕکێی (هەڵاتن بە) توورەکە(وە)، توورەکەبڕکێ، کیسەبڕکێ ◊ مسابقه با کیسه

sacque /'sæk/ *noun*

کراسێکی قوڵەی هەراو (بۆ ژنان و منالان) ◊ پیراهن کوتاه و گشاد

sacr(o)- *prefix*

پێشگر: 1 پیرۆز، پاک، پاکژ: *sacral* 2 سەربە یان پێوەندی بە سێبەندە یان ئێسکەپیرۆزەوە (os) sacrum هەیە: *sacroiliac* (بنەڕەت: لە "sacrum" لاتینەوە) ◊ پیشوند: 1 *sacrum* مقدس، اشو 2 وابسته به استخوان خاجی

sacra = plural form of sacrum

sacral /'seɪkr(ə)l, US 'sak-/ *adjective*

1 سێبەندەیی، سەربە سێبەندە یان دەکەوێتە نزیک سێبەندە: *the sacral region of the spinal cord* 2 (دین یان مرۆڤناسی) سەربە نەریت یان هێما پیرۆزەکان: *sacral authority* ◊ 1 وابسته به استخوان خاجی 2 ساکرال

sacralization *noun*

پیرۆزاندن، کردنەپیرۆز، وەک شتێکی پیرۆز لەگەڵ جووڵانەوە ◊ مقدس‌سازی، ساکرالیزاسیون

sacrament /'sækrəmənt/ *noun*

1 (کلیسەی کاسۆلیکی ڕۆمانی و ئەنگلیکان و کلیسەکانی تر) نەریتی دینی، سرووتی دینی یان ئایینی 2 نهێنی یان رازی پیرۆز 3 ڕێوڕەسم یان ئاهەنگی پیرۆز 4 نان و مەی شێوی خواوەندی یان پیرۆز: *to receive the sacrament* 5 سوێند 6 نیشانە، بەرزەنگ ◊ 1 شعیرەی دینی 2 سر مقدس 3 مراسم مقدس 4 نان و شراب عشاء ربانی 5 سوگند 6 علامت

sacramental /ˌsækrə'mentl/ *adjective, noun*

adj 1 پیرۆز، دینی، ئایینی، پاک: *-ntal wine* 2 سەربە نەریت یان سرووتی دینی یان ئایینی 3 سەربە نهێنی یان رازی پیرۆز *n* کار یان ڕێوڕەسمێ کە لە نەریتی دینی یان ئایینی بچێ ◊ *adj* 1 مقدس 2 وابسته به شعیرەی دینی 3 وابسته به سر مقدس *n* ساکرامنتال

sacramentally /ˌsækrə'mentli/ *adverb*

پیرۆزانە، بە شێوەیێکی پیرۆز ◊ به طور مقدس

sacramentalism *noun*

(کلیسە) نهێنیباوەڕی (باوەڕ بە نهێنییە پیرۆز یان پێویستەکان بۆ ڕزگاربوون) ◊ ساکرامنتالیسم

sacramentalist *noun*

نهێنیباوەڕ ◊ ساکرامنتالیست

sacramental wine *noun*

بادەی پیرۆز، مەی پیرۆز ◊ شراب مقدس

sacrarium /sə'krɛːrɪəm/ *noun, pl.* sacraria /-rɪə/

1 پەرستگە، پەرستگە، نزرگە، شوێنی پیرۆز 2 پێشنوێژگە، میحراب 3 (لە کلیسەی کاتۆلیکی ڕۆم) = piscine 4 جێگای شتومەکی پیرۆز 5 (لە (دنیای) ڕۆمی کۆندا) شەباک یا شوێنێکی پیرۆز لە پەرستگە یان لە ماڵ کە شتە پیرۆزەکانیان تیا هەڵدەگرت ◊ 1 معبد، مکان مقدس 2 محراب 3 و 4 و 5 ساکراریوم

sacred /'seɪkrɪd/ *adjective*

1 پیرۆز، پاک، خودایی: *a sacred image/shrine/temple* ◊ *Cows are -d to Hindus* 2 دینی، ئۆلی، ئایینی 3 بەڕێز، گرنگ، جێیڕێز: *Human life must always be -d* 4 پارێزراو 5 تایبەتی، تایبەت بە، تەرخانکراو بۆ، تەرخانی ◊ 1 مقدس 2 مذهبی 3 محترم 4 مصون 5 خاص، نثار

sacred baboon = hamadryas baboon

sacred cow *noun*

بنەمای پیرۆز، بت، بنەمای ڕەخنەلێنەگیراو (لە جێی ڕێزبوونی گا لای هیندوسەکان): *the sacred cow of free market economics* ◊ اصل مقدس

Sacred College *noun*

کۆلێژی پیرۆز ◊ دانشکدەی مقدس

sacred ibis *noun*

لەکلەکە گەرمێنەی پیرۆز (لای میسرییانی کۆن پیرۆز بوو [*Threskiornis aethiopicus*]) ◊ نوعی پرنده

sacredly /'seɪkrɪdli/ *adverb*

پیرۆزانە، بە شێوەیەکی پیرۆز ◊ به طور مقدس

sacred mushroom = magic mushroom

sacredness /'seɪkrɪdnəs/ *noun*

پیرۆزی، پیرۆزبوون، پاکی، پاکژی ◊ قداست، تقدس

sacred places *noun, pl.*

شوێنە پیرۆزەکان ◊ اماکن مقدسه

sacred tree *noun*

داری پیرۆز ◊ درخت مقدس

sacrifice /'sækrɪfaɪs/ *noun*

1 گەردانی، سەرگەرد، قوربانی، گاوگەردوون، گۆری، پێناو، فیدا: *They offered sacrifices to the gods* 2 گیانبازی، خۆبەختکردن، لەخۆبوردوویی، لەدەورگێڕان 3 زیان، زەرەر، خەسار: *goods sold at a sacrifice* 4 loss = sacrifice fly ◊ 1 قربانی، ذبح 2 فداکاری، ایثار 3 ضرر، خسارت

sacrifice fly *noun*

(لە بەیسبۆڵدا) تۆپی هەوایی کە لە دەرەوەی

یاریگـا یـان گـۆڕەپـان لـە لایـەن یاریزانـی دەگیرێتەوە ◌ ساکریفایس فلای

sacrificial /ˌsækrɪˈfɪʃl/ *adjective*
سـەربە سـەرگەرد، گـەردانی، گاوگـەردوونی، سـەربە قوربـانی، سـەرگەردانە 1 2 گیانبازانـە 3 (خوازە) هەرزان، خۆڕایی، مفت ◌ 1 وابسته بـه قربانی 2 ایثارگرانه 3 ارزان

sacrificial ceremony *noun*
ڕێوڕەسمـی گـەردانی یـان گاوگـەردوون، ئاهەنگی گۆری یان قوربانی ◌ مراسم قربانی

sacrificially /ˌsækrɪˈfɪʃlɪ/ *adverb*
لە ڕووی گەردانی یان قوربانی‌یەوە ◌ از روی قربانی

sacrilege /ˈsækrəlɪdʒ/ *noun*
سـووکایەتی، بێ‌ڕێزی، بێ‌حورمـەتی (بـە شـتە پـیرۆزەکـان)، دزیـنی شـتومـەکـی پـیرۆز ◌ بی‌حرمتی، هتک حرمت، سرقت اشیاء مقدسه

sacrilegious /ˌsækrəˈlɪdʒəs/ *adjective*
بـێ‌ڕێزی‌پێکـەر، سـووکی‌پێکـەر، بـە نیـشانەی بـــێ‌ڕێـــزی (sacrilegiousness /ˌsækrəˈlɪdʒəsnəs/ *n*) ◌ بـی‌حرمتـی‌کننـده، حاکی از بی‌احترامی

sacrilegiously /ˌsækrəˈlɪdʒəslɪ/ *adverb*
سووکی‌پێکەرانە، (بە شێوەیەکی) سووکایەتی‌یانە یان سووکانە ◌ به طور توهین‌امیز

sacrist /ˈsakrɪst, US ˈseɪ-/ = sacristan

sacristan /ˈsækrɪstən/ *noun*
1 (کـون، کلیـسە) مجیـور، مجێـوری parish 2 بەرپرسـی پیرۆزخانـە یـا گەنجینـەی church کلیسە ◌ متولی

sacristy /ˈsækrɪsti/ *noun, pl.* sacristies
گەنجینـەی کلیـسە، سـنووقخانـە، پیرۆزخانـە (دیوی هەڵگرتنی شـتومـەک یان جلوبـەرگی قەشەکان)، vestry ◌ صندوق‌خانه

sacro- /ˈseɪkrəʊ, US ˈsakrəʊ-/ = sacr-

sacroiliac /ˌseɪkrəʊˈɪlɪak, US ˌsak-/ *adjective, noun*
adj تایبەتە بە شوێنی پێکگەیشتنی سینەبندە و خاڵیگە *n* شـوێنی پێـکگەیـشتنی سـینەبندە و ئێسکی کەڵەکە ilium ◌ ساکروایلیاک

sacrosanct /ˈsækrəʊsæŋkt, US -kroʊ-/ *adjective*
بێ‌ئەملاوئەولا، بێ‌قسەلەسەر، حورمەت‌پێویـست، نـەگۆڕ، یـەکجار پـیرۆز، لـە ڕادەبـەدەر پـیرۆز، inviolable ◌ تغییرناپذیر، بیش از حد مقدس

sacrosanctity *noun*
نـەگۆڕی، پـیرۆزی، حورمـەت‌پێویـستی ◌ تغییرناپذیری، تقدس

sacrum /ˈseɪkrəm, US ˈsæk-/ *noun, pl.* sacra /-krə/ or sacrums
(توێکاری) سـینەبندە، ئێـسکەپیرۆزە: بەشێ لە تیرەگەی پشت، لە پێنج بڕبڕەی پێکەوەنووساو پێکهـاتووە (بنـەڕەت: لـە *os sacrum* لاتـین، وەرگیـراوی *hieron osteon* یۆنـانی "ئێـسکی پـیرۆز" (چونکو باوەڕ وابوو کە ڕۆح لەوێدا دەمێنێتەوە) ◌ استخوان خاجی، عظم عجز

SACW *abbreviation* Senior Aircraftwoman

SAD *abbreviation* seasonal affective disorder

sad /sæd/ *adjective* (sadder, saddest)
1 دڵـتەنگ، نارەحـەت، مـات، جـەرگاوس، خـەمبار، بەپـەژارە، لێوبـەبار 2 خـەماوی، دڵـتەنگ‌کـەر، خەفـەتاوی، جێـی‌خـەم 3 جێـی‌ڕەخنـە، خـراپ 4 (ڕەنـگ) تاریـک ◌ 1 افسرده، غمگین 2 غم‌انگیز 3 بد 4 (رنگ) تیره

sad-coloured /sæd kʌləd/ *adjective*
ڕەش، تاریک، سیا ◌ سیاه

saddened *adjective*
خـەمبار، لێوبـەبار، دڵـتەنگ، دڵـپڕ، دەس‌بەئـەژنۆ ◌ اندوهگین

saddening *adjective*
دڵـتەنگ(کـەر)، نارەحـەت‌کـەر، خەفـەتاوی، خەماوی، مایەی نارەحەتی ◌ حزن‌انگیز

saddle /ˈsædl/ *noun*
1 زیـن، (خـوان: جـێ‌کنـگ) 2 کورتـان جـل، کوپان، پـالان 3 ملـە، بـستو، زینـو، کـەل، یـال، دیرەک 4 گۆشتی پشت یان پشتەمازە (بەشێ لە مۆغەرە و پەراسووەکانی) 5 (ماتماتیـک) زینـە: ناوچـەیێکی نـزم یـان نـەوی چـەماوەیێ curve نێوان دوو خاڵی بەرز ◌ 1 زین 2 پالان 3 گردنه 4 گوشت گرده 5 سادل

saddleback *noun*
1 (بیناسـازی) پـشتەزینی، بـانی دوولێـژە یـان دووشیروانی 2 بەرازی پشتەزینە یان پشتەزینی: جۆرێ بەرازی ڕەش، بە میلی سپی لەسەر پشتی 3 پـشتەزینـە: wattlebird ی نیوزیلەنـد [*Creadion carunculatus*] ◌ سادلبک

saddlebacked *adjective*
زین‌ئاسا، وەکوو زین، زینی، پش(ت)چاڵ ◌ زین‌مانند

saddle-bag /ˈsædlbæg/ *noun*, also saddlebag
(ئەسپ، دووچەرخە و هتد) تیر، خورج، تیوەرە، شەڵتە، هەگبە، گالە، باردان، بارەڵێن ◌ خورجین

saddle-blanket /ˈsædl blænkɪt/ *noun*
لمەدی زین، نمەدزین، وەرزین، بن‌زین ◌ نمد زین

saddle-bow /ˈsædl bəʊ/ *noun*
زینکۆ، پێشکۆ، بەرکۆ، کۆ، قەڵپوز، سەمەرە ◌ کوهەی زین

saddle-cloth /ˈsædl klɒθ/ *noun*
ژێرزین، تەکەڵتوو، بن‌زین، تـەرلک، گردەڵە،

ئارەقگیر، لمەدی زین، وەرزین ◯ نمد زین
saddle-cover /'sædl kʌvə(r)/ *noun*
زینپۆش، بەرگی زین، بەرگەزین، زینپێچ ◯ زین‌پوش
saddle-girth *noun*
قەپاسە (چنراو) ◯ سادل گیرت
saddle horse *noun*
ئەسپی سواری، بەرزین ◯ اسب سواری
saddle leather *noun*
چەرمی زین، چەرمەزین ◯ چرم زین‌سازی
saddle-nose /'sædl nəʊz/ *noun*
لووتی چاڵداکەوتوو یان قوپاو ◯ بینی فرورفته
saddler /'sædlə(r)/ *noun*
زیندروو ◯ سراج
saddlery /'sædləri/ *noun, pl.* saddleries
1 زیندروویی، زینفرۆشی 2 رەختی ئەسپ، زین و رەخت، زین و بەرگ ◯ 1 سراجی 2 یراق
saddle soap *noun*
سابوونی زین ◯ صابون زین
saddle-sore *noun*
برین، کنگەرێژە ◯ زخم
saddle-stitch *noun*
تەقەڵی زلە یا درشت، تەقەڵتروزی، گاو یا تەقەڵی زینی ◯ کوک درشت
saddle-strap /'sædl stræp/ *noun*
بەنسامۆتە، سامۆرتە، ئاڵقەوبەند ◯ فتراک
saddle-tree /'sædl tri:/ *noun,* also saddletree
چوارچێوەی دارینی زین ◯ بدنەی چوبی زین
Sadducean /-'si:ən/ *adjective*
زەندیقی ◯ صدوقی
Sadducee /'sadjusi:/ *noun*
زەندیقی، زەندیق: ئەندامی تیرەیێکی کۆنی جوولەکە کە نکۆڵییان لە رۆژی زیندووبوونەوە، بوونی گیان و فریشتەکان و پێبەندی بە نەریتی زارەکی دەکرد و تەنیا قانوونی نووسراویان لا پەسند بوو (بنەڕەت: ئینگلیسی کۆن *sadducēas* (کۆ)، بە رێگای late Latin لە *Saddoukaios* یۆنانی، لە *ṣĕḏōqī* عیبری بە واتای "تۆرەمە (یان لایەنگری) زادۆک "Zadok (2 Sam. 8:17) ◯ صدوقی
Sadduceeism *noun*
زەندیقیباوەری، زەندیقباوەری ◯ صدوقی‌گرایی
sadhe *noun,* also tsadhe, Hebrew *ṣādhē*
سادهی، تسادهی، (تـ)سادهی: هەژدەیەمین پیتی ئاوێتی عیبری ("צ") ◯ سادهه
sadhu /'sɑ:du:/ *noun,* also saddhu
(هیندی) سادهو، سادوو (پیاوی پیرۆزی هیندی کە زۆر بە سادەیی دەژی، لە سانسکریتییەوە) ◯ سادهو، سادو
sadiron /'sædaɪərn/ *noun*
(مێژوویی) ئوتو (خەڵووزی، لە sad، واتای بێباوی "weighty") ◯ اتو
sadism /'seɪdɪzəm/ *noun*
ئازارگەری، ئازارگەریتی سێکسی یان رەگەزی، سادگەری (بنەڕەت: لە *sadisme* فەرەنسییەوە، لە ناوی نووسەری فەرەنسی سەدەی هەژدەهەم مارکی دۆساد *Sade* de Marquis) ◯ آزارگری، آزارگری جنسی
sadist /'seɪdɪst/ *noun*
سادگەر، ئازارگەر، ئازارگەری سێکسی ◯ آزارگر جنسی
sadistic /sə'dɪstɪk/ *adjective*
1 ئازارگەرییانە، سادیستی، سادگەرییانە: *He took sadistic pleasure in taunting the boy* 2 سادگەر، ئازارگەر، سادیست (**sadistically** /sə'dɪstɪkli/ *adv*: ئازارگەرانە، بە شێوەیەکی سادگەری یان سادیستی، سادیستانە) ◯ 1 آزارگرانه 2 آزارگر
sadly /'sædli/ *adverb*
بە نارەحەتییەوە، یەکجار خراپ، بە داخەوە: *She shook her head sadly* ◊ *Sadly, after eight years of marriage they had grown apart* ◯ با اندوه، بدجوری، متأسفانه
sadness /'sædnəs/ *noun*
خەم، خەفەت، پەژارە، کۆقان، دەرد، مخابن، خەمباری، دڵپڕی: *memories tinged with sadness* ◯ اندوه، غم، غمگینی
sadomasochism /ˌseɪdəʊ'mæsəkɪzəm, US -doʊ-/ *noun*
سادۆمازۆخیزم (← تێکەڵەی سادیزم و مازۆخیزم) ◯ سادومازوخیسم
sadomasochist /ˌseɪdəʊ'mæsəkɪst, US -doʊ-/ *noun*
سادۆمازۆخیست ◯ سادومازوخیست
sadomasochistic /ˌseɪdəʊˌmæsə'kɪstɪk, US -doʊ-/ *adjective*
سادۆمازۆخیستی ◯ سادومازوخیستی
sad sack *noun*
کەسێکی بێکارە یا بێخێرە، پیاوی دەستەوسان ◯ ادم بیکاره
sae /ˌes eɪ 'i:/ *abbreviation* 1 stamped addressed envelope 2 self-addressed envelope
1 بەرگەنامەی پوول و نیشاندار 2 بەرگەنامەی نیونیشانپێوەبوو، بەرگەنامەی نیونیشاندار ◯ اس‌ای‌ای
Safar *noun,* Arabic *ṣafar*
سەفەر: مانگی دووهەمی ساڵی ئیسلامی ◯ سفر
safari /sə'fɑ:ri/ *noun*
(ب.ت. لە ئەفریکا) سەفاری، راوەگەشت، راو و گەران ◯ سفاری
safari jacket *noun*

چاکەتی راوەگەشت یان راووگەشت ۞ ژاکت سفاری

safari park *noun*

پارکی گیانەوەرە کێوی‌یەکان ۞ پارک وحش

safari suit *noun*

دەستەجلی راو(وگەشت) ۞ لباس شکار

Safavid /ˈsafəvɪd/ *noun*

سەفەوی (= ئەندامی بەرە یان زنجیرەی سەفەوی‌یەکان 1502-1736) ۞ صفوی

safe[1] /seɪf/ *adjective* (safer, safest)

1 پارێزراو، ئاگاداری‌کراو، لە ئەماندا، لە ئاسایش(ت)دا، دابین، بێ‌مەترسی، بێ‌ترس، بێ‌بیم، تانەهە ساخ، خۆش، سلامەت، ساخلەم، دڵنیا، جێی‌متمانە، لێ‌راپێنراو، جێی‌باوەڕ، باش، بێ‌مەترسی: *The children are quite safe* ◊ *The street is not safe for children to play in here* 2 هۆشیار، ئاگادار، وریا، قوت، زیرەک ۞ 1 ایمن، محفوظ، بی‌خطر، مطمئن، معتمد 2 محتاط

safe[2] /seɪf/ *noun*

گاسنووق، سنووقی ئاسن ۞ گاوصندوق

safe bet *noun*

کاری جێی‌متمانە، شتی بێ‌مەترسی، کاری بێ‌مەترسی، شتی مسۆگەر ۞ شرط مسلم

safebreaker *noun*, also safeblower, safecracker

دزی گاسنووق یان سنووقی ئاسن، گاسنووق‌بڕ، قاسەبڕ ۞ دزد گاوصندوق

safe conduct *noun*

دەستوورنامەی پیارۆیشتن، تێپەڕنامە ۞ پروانەی عبور

safe deposit *noun*, also safety deposit

(بانک) بەشی ئەمانەت پێ‌سپاردن ۞ قسمت امانت‌سپاری

safe deposit box *noun*

(بانک) سنووقی ئەمانەتەکان یا شتە بەنرخەکان، سنووقی بێ‌سپێردراوەکان ۞ صندوق امانات

safeguard /ˈseɪfɡɑːd, US -ɡɑːrd/ *noun*

پەنا، پاڵپشت، پشتیوان، پاراستن، ئاگالێ‌بوون، ئاگاداری، فەرسهاندن، safe escort ،convoy conduct ۞ حفاظ، پاس‌داشت، حفاظت

safe haven *noun*

پەنای ئەمن یان جێی‌متمانە ۞ پناەگاه امن

safe house *noun*

(تاوانکاران) ماڵ یان خانووی بێ‌مەترسی، ماڵی ئەمن یان لە ئەماندا ۞ خانەی امن

safekeeping /ˌseɪfˈkiːpɪŋ/ *noun*

پاراستن، ئاگالێ‌بوون، ئاگاداری، ئەمانەتی ۞ حفاظت، نگهداری

safely /ˈseɪfli/ *adverb*

هۆشیارانە، بە پارێزەوە، بە وریایی(یەوە)، بە دوور لەمەترسی، لە ئاسایشدا، لە ئەماندا، بە دڵنیایی‌یەوە: *The plane landed safely* ◊ *The money is safely locked in a drawer* ۞ با احتیاط، در امان، با اطمینان

safeness /seɪfnəs/ *noun*

پارێزراوی، ئاسایش، ئاسایشت، تەناهی، بێ‌مەترسیتی ۞ امنیت

safe passage = safe conduct

the safe period *noun*

قۆناخی دڵنیایی، ماوەی رێ‌تێنەچوونی سکپڕی (ماوەی لە سەروبەندی بێ‌نوێژی کە لەوەناچێ ژنان سکپڕ بن) ۞ دورەی عدم احتمال آبستنی

safe seat *noun*

کورسی جێی‌متمانە یان دڵنیایی، ئەسکەمل یان کورسی بێ‌مەترسی یا پارێزراو ۞ کرسی مطمئن

safe sex *noun*

نزیکی بێ‌مەترسی (بەکارهێنانی کاندۆم بە دژی نەخۆشی‌یەکان) ۞ آمیزش مطمئن

safety /ˈseɪfti/ *noun, pl.* safeties

1 سلامەتی، ساخلەمی، تەناهی، ساخ‌بوون، بێ‌مەترسیتی، پاراستن، دابینی، ئاسایش(ت)، هێمنایەتی، ئەمان، ئاسوودەیی 2 (چەک) زمانە یان بەلەزمانەی بێ‌مەترسیتی یان پاراستن 3 (ئەمریکا، نافەرمی) کاندۆم، جیر ۞ 1 ایمنی، امنیت، بی‌خطری 2 (اسلحه) ضامن 3 کاندوم

safety-belt = seat belt

safety catch *noun*

(چەک‌وچۆڵ) زمانە یان بەلەزمانەی بێ‌مەترسیتی (یان پاراستن)، قوفڵی پاراستن، تەقین‌ڕاگر ۞ ضامن

safety curtain *noun*

پەردەی پاراستن ۞ پردەی ایمنی

safety deposit = safe deposit

safety deposit box = safe deposit box

safety factor *noun*

رادەی پاراستن، رێژەی بێ‌مەترسیتی یان دابینی ۞ ضریب امنیت

safety fuse /ˈseɪfti fjuːz/ *noun*

1 کلیلی پاراستن 2 پلیتەی بێ‌مەترسی ۞ 1 فیوز ایمنی 2 فتیلەی بی‌خطر

safety glass *noun*

شووشەی بێ‌مەترسی یا پاراستن ۞ شیشەی ایمنی

safety island = traffic island

safety lamp /ˈseɪfti læmp/ *noun*

(لە کاندا) چرای پاراستن یان بێ‌مەترسی، گڵۆپی بێ‌مەترسی یان بێ‌خەتەر ۞ چراغ ایمنی

safety match /ˈseɪfti mætʃ/ *noun*

شەمچەی بێ‌مەترسی، شەمچەی زووهەڵنەبوو ۞ کبریت بی‌خطر

safety net *noun*

1 تۆڕی پاراستن 2 (خوازە) پشتیوان، پاڵپشت:

a financial safety net ۞ 1 تور ایمنی 2 (مجازی) تکیه‌گاه

safety pin /ˈseɪfti pɪn/ *noun*
دەرزی سنجاخ، لاک، دەرزی داخستن، دەرزیلە ۞ سنجاق قفلی

safety razor /ˈseɪfti reɪzə(r)/ *noun*
تیغ یان گوێزانی بێمەترسی ۞ تیغ خودتراش

safety-valve /ˈseɪfti vælv/ *noun*
1 دەمەوانەی دڵنیایی یان پاراستن، دەمەوانەی بەردەر (ئەگەر زۆری بۆ بێ) 2 (خوازە) جێی دەربازبوون، دەروو، دەرەتان: *Exercise is a good safety valve for the tension that builds up at work* ۞ 1 دریچەی اطمینان 2 (مجازی) مفر

safety zone = traffic island

safflower /ˈsæflaʊə(r)/ *noun*
(ڕووەکناسی) کاخلی، قاقلی، جۆری گیای کەرتەشی ئاسای گوڵنارنجی [*Carthamus tinctorius*] ۞ گل‌رنگ، کافشه

saffron /ˈsæfrən/ *noun, adjective*
n زافەران [*Crocus sativus*] *adj* زافەرانی، زەعفەرانی، (ڕەنگ) زەردی پرتەقاڵی، پرتەقاڵی ڕۆشن ۞ *n* زعفران *adj* زعفرانی، زرد پرتقالی

saffrony *adjective*
زەرد، زافەرانی ۞ زرد

safranine /ˈsafrəniːn/ *noun,* also safranin /-nɪn/
(کیمیا) سەفرانین، ڕەنگی ئەندامی سوور ۞ سفرانین

safrole *noun*
سەفرۆل (= شلەیەکی بێڕەنگە، بۆ دروستکردنی گوڵاو) ۞ سفرول

sag[1] /sæg/ *noun*
1 داکەوتوویی، زگداوی، داتەپیوی، دانەویوی، داچوویی، شۆڕەوەبوویی، قووڵداکەوتوویی، قوپاوی، داهاتوویی، چەماوی، دانووشتاوی 2 دابەزین، کەمبوونەوە، هاتنەخوارێ، داکەوتن، نزمبوونەوە 3 سستی، داچۆڕاوی، داکەوتوویی، شۆڕی، شلی، خاوبوونەوە ۞ 1 فروافتادگی، خمیدگی 2 تنزل 3 سستی

sag[2] = saag

saga /ˈsɑːgə/ *noun*
1 ساگا (= سەربردەی دوورودرێژی قارەمانانە، ب.ت. قارەمانان و پاڵەوانی فایکینگەکانی ئایسلەند و نۆرویج) 2 چیرۆک یان سەربردەی دوور و درێژ: *a family saga* 3 سیریاڵ یان زنجیرەی تەلەفزیۆنی ۞ 1 ساگا 2 داستان طولانی 3 سریال تلویزیونی

saga boy *noun*
ڕابوێر، خۆشگوزەران، خانمباز، زوڵ ۞ عیاش

sagacious /səˈgeɪʃəs/ *adjective*
1 ژیر، ئاقڵ، ئەقڵمەند، پێتۆڵ، تێگەیشتوو، زیرەک، زانا، بەئاوەز، wise، discerning: *sagacious judge of character* 2 ژیرانە ۞ 1 خردمند، فراست‌مند 2 خردمندانه

sagacious decision *noun*
بڕیاری تێگەیشتووانە یان ژیرانە، بڕیاری ئاقڵانە ۞ رای خردمندانه

sagacity /səˈgæsəti/ *noun*
ژیری، ئاقڵی، ئەقڵمەندی، تێگەیشتوویی، زیرەکی، زانایی، بەئاوەزی ۞ فراست، خردمندی

sagamore /ˈsagəmɔː/ *noun*
ساگامۆر (سەرکردە یان پێشەوا (لای سوورپێستەکان) ۞ ساگامور

sage[1] /seɪdʒ/ *noun, adjective*
n بنیادەمی ژیر یان تێگەیشتوو، مرۆی زیرەک و بەئاوەز *adj* ژیرانە، زیرەکانە: *sage remarks* ۞ *n* آدم بافراست *adj* معقول، داهیانه

sage[2] /seɪdʒ/ *noun*
(ڕووەکناسی) گوڵە مریەمە، سێفەڵووکە؟، مریەمی، دامەگ، پووردای [*Salvia officinalis*] ۞ مریم‌گلی

sagebrush /ˈseɪdʒbrʌʃ/ *noun*
(ڕووەکناسی) پێزانە، بۆزانە [*Artemisia tridentate*] و جۆرە پێوەندیدارەکان ۞ برنجاسپ

sage Derby *noun*
جۆرێ پەنیری ڕەق ۞ نوعی پنیر

sage green *noun*
ڕەنگی سەوزی بۆرباو ۞ رنگ سبز مایل به خاکستری

sage grouse *noun*
کورکوڕەی (زلەی ڕۆژاوای) ئەمریکایی (باکووری، بە کلکی پەڕداری درێژ و تیژەوە) [*Centrocercus urophasianus*] ۞ نوعی پرنده

sagely /ˈsægɪli/ *adverb*
پێتۆڵانە، ژیرانە، ئەقڵمەندانە، ئاقڵانە: *She nodded sagely* ۞ خردمندانه

saggy /ˈsægi/ *adjective* (saggier, saggiest)
داکەوتوو، شل، داچۆڕاو، شۆڕ(ەوەبوو)، بەچاڵداکەوتوو، بەقووڵداکەوتوو، زگداو، قوپیو، قوپاو، داهاتوو، داچوو، ڕۆچوو، چەماو: *a saggy mattress* ۞ آویزان، فروهشته

Sagitta /səˈdʒɪtə/ *noun, pl.* Sagittae
(ئەستێرەوانی) تیر(ە) ۞ سهم

sagittal /ˈsadʒɪt(ə)l, US səˈdʒɪ-/ *adjective*
1 تیری، تیرئاسا، شێوەی تیر یان تیرکەوان دەدا 2 سەربە درز یان قەڵەشی تیری (کاسەی سەر؛ بنەڕەت: لە *sagittalis* لاتینی سەدەکانی نێوەڕاست، لە *sagitta* لاتین "تیر" ("arrow") ۞ 1 سهمی 2 وابسته به درز سهمی

sagittal suture *noun*

(تویکاری) درز یا قەلەشی تیری ⬡ درز سهمی

Sagittarian *noun*, also Sagittarius

ساگیتاریەن (کەسێ کە لە نێوان 23ی نۆڤامبر و 21 دیسامبردا لە دایک بووە) ⬡ ساگیتارین

Sagittarius /ˌsædʒɪˈteəriəs, US -ˈter-/ *noun*

(ئەستێرەوانی) کەوان، کەوانە (نۆیەمین کەلوو لە زۆدیاک) ⬡ قوس

Sagittary[1] /ˈsædʒɪtəri/ *noun*, *pl.* Sagittaries

کەلووی کەوان یان کەوانە، برجی کەوانە ⬡ برج قوس

Sagittary[2] /ˈsædʒɪtəri/, *pl.* Sagittaries = centaur

sagittate /ˈsadʒɪteɪt/ *adjective*

تیرئاسا، تیری، لەتیرچوو، شێوەتیر: *a sagittate leaf* ⬡ سهمی‌شکل

sago /ˈseɪɡəʊ, US -ɡoʊ/ *noun*, *pl.* sagos

1 ساگۆ، ئاردی ناوکەخورما (= نشاستەی خۆراکی کە لە جۆرێ دارخورما دەگیرێ) 2 دارخورمای ساگۆیی: هەی زەلکاوەکانی باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا (sago palm) ([*Metroxylon sagu*] ⬡ ساگو

saguaro /səˈɡwɑːrəʊ, US -ˈwɑː-/ *noun*, also saguaro cactus, *pl.* saguaro

کاکتوسی شەمدانی، رەسەنی باشووری رۆژاوای ئەمریکا و مەکسیک، هەروەها giant cactus [*Carnegiea gigantea*] ⬡ نوعی کاکتوس

Sahaptin *noun*

1 زمانێ بە چەندین زاراوەوە کە گەلانی رەسەنی ئەمریکایی (وەک Yakama کان) لە نێوەوەی هەرێمەکانی باکووری ئۆریگۆن Oregon و باشووری واشینگتۆن Washigton قسەی پێدەکەن 2 ئەندامی گەلێکی ساهاپتین‌زمان ⬡ ساهاپتین

Saharan /səˈhɑːrən/ *adjective*

سەربە بیابان یان دەشتی سەحارا یان سەحرا ⬡ وابسته به بیابان صحرا

Sahelian /səˈhiːliən/ *adjective*

سەربە Sahel، ناوچەیێکی نیمچەوشکی باکووری ئەفریکا ⬡ ساحلی

sahib /sɑːb, US ˈsɑːɪb/ *noun*

(ب.ت. جاران و لە هیندوستاندا، بۆ هەرالیکردن یان ئاماژەکردن بە پیاوێکی ئەورووپایی ب.ت. سەروبەندی دەسەلاتداریتی بریتانیا) گەورە، سەیدا، هێژا، بەرێز ⬡ صاحب‌زاده

Sahiwal /ˈsɑːhɪvɑːl, US -wɑːl/ *noun*

گیانەوەرێ لە رەگەزی ولاخ، شاخ‌چکۆلە و کۆپارەدار ⬡ ساهیوال

said[1] /sed/ *adjective*

باس‌کراو، نێودێرکراو، وتراو، نێوبراو: *the said company* ⬡ مذکور، نام‌برده

said[2] /sed/ = past and past participle of say

saiga /ˈseɪɡə, US ˈsʌɪɡə/ *noun*

(رووسی) جۆرێ ئاسکی ئاسیایی، بە لمۆزی قیتی جیاوازەوە، لە دەشتە ساردەکانا دەژی [*Saiga tartarica*] ⬡ سایگا

sail /seɪl/ *noun*

1 بادەوە، چارۆکە، بایەوان، هێلەکان، پەرکەن، باگەر 2 (ئاشی بایی) پەرە 3 کەشتی، گەمی 4 سەفەری دەریایی، گەشت و گەرانی دەریایی ⬡ 1 بادبان، شراع 2 پره 3 کشتی 4 سفر دریایی

sailable /seɪləbl/ = navigable

sail-arm *noun*

پەرەی ئاشی بایی ⬡ پرەی آسیاب بادی

sailboard /ˈseɪlbɔːd, US -bɔːrd/ *noun*

(شەپۆل‌سواری) تەختەباگەر، تەختەی بادەوەدار ⬡ سیل‌بورد

sailboarder *noun*

تەختەباگەرەوان، شەپۆل‌سواری تەختەی بادەوەدار ⬡ سیل‌بوردر

sailboarding *noun*

تەختەباگەرەوانی، شەپۆل‌سواری بە تەختەی بادەوەدار ⬡ سیل‌بوردینگ

sailboat /ˈseɪlbəʊt, US -boʊt/ = sailing boat

sailcloth /ˈseɪlklɒθ, US -klɔːθ/ *noun*

1 پارچە یان کوتالی بادەوە، پارچەی چارۆکەیی 2 جاو، داوەرێس ⬡ 1 پارچەی بادبان 2 کرباس

sailer *noun*

کەشتی بادەوەیی یان چارۆکەدار، گەمی باگەر، بازۆ ⬡ کشتی بادبانی

sailfin molly *noun*

جۆرێ ماسی چکۆلە، رەسەنی ئەمریکای باکووری و ناوەندی [*Poecilia latipinna* و *Poecilia velifera*] ⬡ نوعی ماهی

sailfish *noun*, *pl.* same or sailfishes

بادەوەماسی: جۆرێ ماسی خۆراکی کوچەر، لمۆزی شیرئاسایە [*Istiophorus platypterus* و جۆرە پێوەندیدارەکان] ⬡ نوعی ماهی

sail-fluke = megrim[1]

sailing /ˈseɪlɪŋ/ *noun*, *adjective*

n 1 بەلەمەوانی، گەمی‌یەوانی 2 وەرزشی بەلەمەوانی (چارۆکەدار): *a sailing club* 3 کەشتی‌گیری، کەشتی لێخورین، کەشتی‌ئاژۆیی، دەریاوانی، navigation 4 سەفەر یان گەشتی دەریایی *adj* بادەوەیی، چارۆکەیی، باگەری، بایەوانی ⬡ *n* 1 قایق‌رانی 2 ورزش قایق‌رانی 3 کشتی‌رانی 4 سفر دریایی *adj* بادبانی

sailing boat *noun*

بەلەمی باگەردار، گەمی بادەوەیی یان بایەوان، گەمی بازۆ، بازۆگەمی ⬡ قایق بادبانی

sailing ship *noun*, also sailing vessel
بازۆ، کەشتی بادەوەیی یان چارۆکەدار، گەمی باگەڕ ۞ کشتی بادبانی

sailor /'seɪlə(r)/ *noun*
مەلەوان، زریوان، دەریاوان (ب.ت. لە خوار نەفسەرەوە) ۞ ملاح، ملوان

sailor hat *noun*
کلاوی مەلەوانی ۞ کلاه ملوانی

sailor suit *noun*
جل‌وبەرگی مەلەوانی، بەرگی مەلەوانی (یان دەریاوانی)، جلی مەلەوانی ۞ لباس ملوانی

sailory *noun*
مەلەوانی، زریوانی، دەریاوانی ۞ ملاحی، ملوانی

sailplane *noun*
فڕۆکەی باگەڕ یان بازۆ، فڕۆکەی بادەوەیی یان چارۆکەدار، سووکەگلایدێر، سووکەخزۆکە، فڕۆکەی بێ‌مۆتۆر ۞ سیل‌پلان

sainfoin /'seɪnfɔɪn, US 'san-/ *noun*
پووشەخاسە: جۆرێ گیای دانەویلەیی گوڵ‌پەمەیی، زۆرتر وەک گیای تفاق وایە، ڕەسەنی ئاسیا [*Onobrychis viciifolia*] (بنەڕەت: لە *sanum foenum* لاتینی نوێ "wholesome hay"، ئاماژە بە لایەن یان تایبەتمەندی پزشکی‌یەکەی) ۞ اسپرس

saint /seɪnt, US s(ə)nt/ *noun*
1 سەینت 2 پیرۆز 3 ئەولیا، پاک، پیاوچاک، وەلی 4 سەرناوی سەینت، سەن ۞ 1 قدیس 2 مقدس 3 ولی 4 لقب سنت، سَن

Saint Agnes's Eve *noun*, also St Agnes's Eve
شەوی پیرۆزی ئەگنیس ۞ شب مقدس اگنس

Saint Andrew's cross *noun*, also St Andrew's cross
چەپ‌وڕاستەی پیرۆزی ئاندریو (هێمای X، وەکوو نیشانەی نەتەوەیی سکاتلەند) ۞ صلیب مقدس اندرو

Saint Anthony's cross *noun*, also St Anthony's cross
خاچی پیرۆزی ئانتۆنی ۞ صلیب مقدس آنتونی

Saint Anthony's fire *noun*, also St Anthony's fire
1 ئاگری پیرۆزی ئانتۆنی 2 (پزشکی) بای ماشەرە، سوورەبا، ergotism = 3 erysipelas ۞ 1 آتش مقدس آنتونی 2 باد سرخ

Saint Bernard *noun*, also St Bernard
قەپەگۆل، سەگی زل، سەینت بێرنارد ۞ سنت برنارد

sainted /'seɪntɪd/ *adjective*
(بە شۆخی یا گاڵتە) پیرۆز، وەلی، پاک، saintly، pious ۞ مقدس

saintdom *noun*
پیرۆزیتی، پیرۆزبوون، پاکیتی، پاک‌بوون ۞ تقدس

Saint Elmoe's fire /'ɛlməʊz/ *noun*, also Saint Elmo's light, also St Elmoe's fire, also St Elmo's light
ڕۆشنایی یان ڕووناکی سەینت ئێلموز: ڕۆشنایی‌یێ کە لەسەر کەشتی و فڕۆکە (لە کەش و هەوایێکی ئاڵۆز stormy دا) دەبینرێ (corposant /'kɔ:pəzant/ یشی پێ دەڵێن) ۞ سنت الموز فایر

Saint George's fire *noun*, also St George's fire
خاچی پیرۆزی جۆرج (هێمای +، وەکوو نیشانەی نەتەوەیی ئینگلتەرە) ۞ صلیب مقدس جورج

(پزشکی) لوو یان تومۆری مەترسی‌داری شانەی پێکبەند connective، تومۆری شێرپەنجەیی ◇ سلعەی لحمی

sarcomatosis *noun*
تووش‌بوون بە لوو یان تومۆری مەترسی‌داری شانەی پێکبەند؛ نەخۆشی بوون و تەشەنەکردنی سارکۆما ◇ سارکوماتوسیس، سارکوماتوز

sarcomatous /sɑː'kəʊmətəs/ *adjective*
تووش‌بوو ◇ sarcomatosis مبتلا بە سارکوماتوسیس یا سارکوماتوز

sarcomere /'sɑːkə(ʊ)mɪə/ *noun*
(توێکاری) گۆشت‌پار(چە)، گۆش(ت)پارژە، سارکۆمێر: یەکەیێکی پێکهاتەیی تاڵەماسوولکەی myofibril ماسوولکەی هێڵاوی ◇ سارکومر

sarcophagic *adjective,* also sarcophagous or carnivorous
گۆشت‌خۆر ◇ گوشت‌خوار

sarcophagus /sɑː'kɒfəgəs, US sɑːr'kɑːf-/ *noun, pl.* sarcophagi /-gʌɪ, US -dʒʌɪ/
دارتەرمی یان تابووتی بەردین a stone coffin (و نەخشێنراو یان لەسەر هەڵکۆڵراو، لە میسر،

یونان و رۆمی کۆندا) ۞ تابوت سنگی
sarcophagy *noun*
گۆشتخۆری ۞ گوشتخواری
sarcoplasm /ˈsɑːkə(ʊ)plaz(ə)m/ *noun*
گۆشتۆپلازم، پلازمی ماسوولکەیی، سارکۆپلاسم (سایتۆپلازمی خانەکانی ماسوولکەی ریزێ) ۞ سارکوپلاسم
sarcoplasmic *adjective*
سەربە گۆشتۆپلازم ۞ وابستە بە سارکوپلاسم
sarcoplasm reticulum *noun*
تۆڕی پلازمی ماسوولکەیی یان گۆشتۆپلازم: تۆڕێکی بەردە لوولەییەکانی دەوری ریشاڵە ماسوولکەییەکان کە ئایۆنی کالسیۆم ئازاد دەکەن ۞ رتیکولوم سارکوپلاسم
sarcoptic mange *noun*
گەڕی یان گەڕۆڵی گۆشتی (پتر زگ و پاشوو، بەهۆی گەنەیەکەوە کە دەچێتە نێو پێستەوە ب.ت. لە سەر و دەمەوە [تۆخم *Sarcoptes*]؛ بنەڕەت: لە *sark- sarx* یونانییەوە "گۆشت flesh" + -ic) ۞ گری سارکوپتیک
sarcosomal *adjective*
تەنەگۆشتینەیی، سەربە گۆش(ـت)تەن ۞ وابستە بە سارکوسوم
sarcosome *noun*
تەنەگۆشتینە، گۆش(ـت)تەن: mitochondrion نێو ریشاڵی ماسوولکەیی، دەنکۆڵەدەزووی دیشاڵی ماسوولکەی هێڵهێڵ ۞ سارکوسوم
sarcous /ˈsɑːkəs/ *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە گۆشتەوە هەیە، پێکهاتووە یان پێوەندی هەیە بە گۆشت یان ماسوولکەی هێڵهێڵەوە ۞ وابستە بە گوشت
Sard /sɑːd/ = Sardinian
sard /sɑːd/ *noun*
ئاقیقی سووری (توند) ۞ عقیق قرمز (سیر)
Sardanapalian *adjective*
یەکجار(زۆر) خۆشگوزەران و ئالۆشاوی sensual (ئاماژە بە پادشای ئاشوور Sardanapalus) ۞ ساردانایالین
Sardanapalus *noun*, also Sardanapallus
پادشای ئاشوور، جاروبار لەگەڵ ئاشووربانیپاڵ Ashurbanipal (ماوەی دەسەڵات 668-627 پێش زایین) وەک یەک دادەنرێ (یونانی Sardanápal(l)os) ۞ ساردانایالوس
sardar /ˈsəːdɑː/ *noun*, also sirdar
1 سەردار، سالار 2 Sikh ی ۞ سردار
sardelle /sɑːˈdɛl/ *noun*
ساردێل، جۆرێ ماسی ۞ ساردل
sardine /ˌsɑːˈdiːn, US ˌsɑːrˈd-/ *noun, pl.* same or sardines
1 ساردین، وردەماسی: ماسییانی ورد و پنەگەیشتووی خێزانی herring، ب.ت. pilchard ی ئەورووپایی [*Sardina pilchardus*] 2 چەندین جۆری ماسی ورد (وەک anchovy) کە شێوەی ساردینی راستەقینە دەدەن 2 (sardines) جۆرێ کایەی منالان ۞ ساردین
sardine /ˈsɑːdʌɪn/ = sardius
Sardinian *adjective, noun*
adj سەربە Sardinia، گەلەکەی یان زمانەکەی
n 1 خەڵکی ساردینیا، ساردینیایی 2 زمانی رۆمیایی ساردینیا (هی ناوەند و باشووری ساردینیا)، کە چەندین زاراوەی جیای هەیە ۞ ساردینیایی
sardius /ˈsɑːdɪəs/ *noun*
ئاقیقی سوور، سوورەئاقیق (باسکراو لە Bible دا، ب.ن. Exod. 28:17، بنەڕەت: بە رێگای لاتین لە *sardios* یونانی) ۞ عقیق سرخ
sardonic /sɑːˈdɒnɪk, US sɑːrˈdɑːnɪk/ *adjective*
توانجاوی، تیزاوی، گاڵتەجارانە، تەوساوی، پێلاراوی: *his sardonic comment* ◊ *a sardonic smile* ◊ *sardonic expression* ۞ تمسخرآمیز
sardonically /-kli/ *adverb*
بە شێوەیەکی توانجاوی، بە گاڵتە، بە تیزەوە: *He looked down at her sardonically* ۞ بە طور تمسخرآمیز
sardonyx /ˈsɑːdənɪks/ *noun*
ئانیکسی ئاقیقی ۞ جزع عقیقی
saree = sari
sargassum /sɑːˈgasəm/ *noun*, also sargasso
گیاکەنداو؟، قەوزە یان گیایێکی دەریایی قاوەیی بە تۆقڵەی تووناساوە، زۆرتر بە کۆڕ دەکەونە سەرئاو [تۆخم *Sargassum*] ۞ نوعی گیاه
sarge /sɑːdʒ, US sɑːrdʒ/ = sergeant
sari /ˈsɑːri/ *noun*, also saree, *pl.* saris or sarees
ساری (جلی ژنانی هیندی) ۞ ساری
sarin /ˈsɑːrɪn/ *noun*
(لە ئەڵمانییەوە) گازێکی دەماری organophosphorus، بەدرێژایی شەڕی جیهانی بەرەی سەندووە، چەکێکی کیمیایی یەکجار ژاراوی $C_4H_{10}FO_2P$ کە وەک گازی دەماری کوشندە بەکاردێترێ ۞ سارین
sark *noun*
(سکاتلەند) کراس یان ژێرکراس ۞ پیراهن یا زیرپیراهن
sarkar /səːˈkɑː/ *noun*
سەرکار، کاربەدەست، ب.ت. خاوەنزەوی ۞ سرکار، زمین‌دار
sarky /ˈsɑːki, US ˈsɑːrki/ = sarcastic
sarmentose *adjective*

تەرزناسا، تەرزی (باریک، چەمیو و هەڵچوو، وەک لاولاوە) ⟡ سارمنتوس

sarnie /'sɑːni, US 'sɑːrni/ *noun*
(بریتانیا، نافەرمی) بابۆڵە ⟡ ساندویچ

sarod /sə'rəʊd/ *noun*, also sarode
جۆرێ عوود لە موسیقای کلاسیکی هیندی باکووریدا بەکاردێتری (بنەڕەت: لە "سرود"ەوە وەرگیراوە) ⟡ سارود

sarong /sə'rɒŋ, US -'rɔːŋ, -'rɑːŋ/ *noun*
سیرانگ، سارۆنگ: جۆرێ بەرگی پیاوانی ئیندونیزیا و مالزی ⟡ سارونگ

saros /'sɛːrɒs/ *noun*
(ئەستێرەوانی) قۆناغ یان ماوەی 18ساڵە، نێوان دووپاتەبوونەوەی گیرانی مانگ یان خۆر (لە یۆنانییەوە، لە بابلی *(šār(u)* Babylonian (3,600) ساڵ ⟡ ساروس

Sarpedon *noun*, Latin, from Greek *Sarpēdōn*
سارپێدۆن: کوڕی Zeus و Europa و پادشای Lycia و لە شەڕی ترۆجان Trojan دا کوژرا (لە میتۆلۆژی یۆنانیدا) ⟡ سارپدون

sarracenia *noun*
گیا مێرووخۆرە چەندساڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای باکووری، لە خێزانی pitcher plant [تۆخم *Sarracenia* (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە ناوی *Sarrazin* Michel ناتۆرالیست و پزشکی فەرەنسی، مەرگ 1734)] ⟡ ساراسنیا

sarrusophone /sə'rʌsəfəʊn/ *noun*
ئەندامی کۆمەڵە ئامێرێکی بایی هاوشێوەی ساکسۆفۆن، بەڵام بە دوو reed ەوە ⟡ ساروسوفون

sarsaparilla /ˌsɑːs(ə)pə'rɪlə/ *noun*
1 ئامادەکردنی وردەڕەگی وشکەوەبووی چەندین گیای جۆراوجۆر، ب.ت. smilax، بۆ تام و بۆنی خواردنەوە یا دەرمان و جاران وەک tonic بەکاردێترا 2 جۆرێ گیای هەڵچووی گەرمێنانی ئەمریکا کە ئەو ڕەگ و ڕیشانە دێتێ [*Smilax regelii* و جۆرەکانی تر] ⟡ 1 سارساپاریلا 2 غشبە

sarsen /'sɑːs(ə)n/ *noun*
سارسێن: جۆرێ تەختەبەردی (یان گاشەبەردی) بەردەڵمی sandstone سیلیکێنراو کە لە ستونهێنج Stonehenge و چەندین شوێنەواری تری پێشمێژوو لە باشووری ئینگلتەرە بەکاردێترا ⟡ سارسن

sarsenet /'sɑːsnɪt/ *noun*, also sarcenet
1 جۆرێ کوتاڵی هەوریشمی نەرم (و داکەوتوو) 2 کراسێکی ئەو کوتاڵ یان پارچەیە ⟡ تافتەشکن

sartorial /sɑː'tɔːriəl, US sɑːr't-/ *adjective*
1 سەربە جلوبەرگ (یان لەبەرکردن)، جلوبەرگی، بەرگی 2 سەربە بەرگدروویی، سەربە دروومان (ب.ت. هی پیاوان) 3 سەربە خەیاتە ⟡ 1 وابستە بە لباس 2 وابستە بە خیاطی 3 وابستە بە سارتوریوس

sartorially /-riəli/ *adverb*
لەباری جلوبەرگی(یەوە) ⟡ از لحاظ لباسی

sartorius /sɑː'tɔːriəs/ *noun, pl.* sartorii
(توێکاری، ماسوولکەی) بەرگدروو یان خەیاتە: ماسوولکەیێکی درێژ و باریک (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *sartor* لاتین "tailor") ⟡ عضلەی خیاطە

SAS /ˌes eɪ 'es/ *abbreviation* Special Air Service
ئێس‌ئەی‌ئێس، ئێس‌ئێی‌ئێس (= یەکەی تایبەتی (هێزی) ئاسمانی بریتانیا) ⟡ اس‌ای‌اس

SASE *abbreviation* self-addressed stamped envelope
بەرگەنامەی پوول و نیونیشان‌دار (یان پوول و نیونیشان‌بەخۆوە) ⟡ پاکت‌نامە با تمبر و آدرس

sash /sæʃ/ *noun*
1 چوارچێوە 2 پشتێنە (بەشێ لە یونیفۆرم) 3 دەستار، پێچ، مێزەر ⟡ 1 قاب 2 حمایل 3 عمامە

sashay /sa'ʃeɪ/ *noun*
گەڕان، سەیر، گەشت، سەفەر ⟡ گردش، سفر

sash bar *noun*
ئالەت، باهووەتا (ئەوەی کە لاولاوەی پێوەبێ) ⟡ وادار

sash cord *noun*
پەتی لەنگەر یان پەنجێرە، کەژی پەنجێرە ⟡ طناب پنجرە

sashimi /'saʃɪmi/ *noun*
جۆرێ چێشتی ژاپۆنی ⟡ ساشیمی

sash window *noun*
ڕەوانی، پەنجێرەی عوورووسی یان (بۆ سەرەوە) هەڵدراوە ⟡ ارسی

sasine /'seɪsɪn/ *noun*
(مێژوویی) بەخشینی سامان و دارای دەرەبەگی ⟡ ساسین

sasquatch /'saskwatʃ, US -wɒtʃ/ = Bigfoot

sass /sæs/ *noun*
1 قسەی ناحەز، ناونیتکە، قسەی ساردوسووک: *Don't give me any of your sass!* 2 وەڵامی بێ‌شەرمانە ⟡ 1 حرف زشت 2 جواب وقیحانە

sassafras /'sasəfras/ *noun*
1 دارێکی گەڵاوەریوی ئەمریکای باکووری، بە گەڵا و تۆتەڵاشی بۆن‌خۆشەوە [*Sassafras albidum*] 2 ناوی گەڵا و تۆتەڵاشی ئەم دارە، لە بواری دەرمانی و گوڵاودا بەکاردێتری ⟡ ساسافراس

Sassanian /sa'seɪnɪən/ *adjective, noun*, also Sassanid *adj* ساسانی‌یەکان، ساسانیان (لە 226ەوە تا 2-651، سالی 11ای کۆچی) *n* ئەندامی بەرەی پاتشایی ساسانی‌یەکان ◯ ساسانیان

Sassenach /ˈsasənax, US -nak/ *noun, adjective*
(لە ئیرلەند و سکاتلەند، بەسووکی) *n* کەسێکی ئینگلیسی *adj* ئینگلیسی، ئینگلتەرەیی ◯ ساساناکس

sassy /ˈsæsi/ *adjective* (sassier, sassiest)
1 بێ‌شەرم، رووداری، رووشە، impudent 2 جوان، شۆخ: *a sassy black linen dress* ◊ *his sassy, streetwise daughter* ◯ 1 وقیح 2 شیک

sastrugi /saˈstruːgi/ *noun, pl.*
زنجیرە شەپۆلئاسایێکی هاوتەریبی سەر بەفری بەستوو یان رەقەوەبوو بەهۆی کاری باوە (لە *zastrugi* رووسی) ◯ ساستروگی

sat /sæt/ = past and past participle of sit

Sat *abbreviation* Saturday

Satan /ˈseɪtn/ *noun*
شەیتان (بنەرەت: لە *śāṭān* عیبری‌یەوە "دوژمن، نەیار adversary") ◯ شیطان

satang /ˈsataŋ/ *noun, pl.* same or satangs
یەکەی پارەی تایلەند، بەرامبەر بە سەدیەکی baht (بنەرەت: لە *sata* پالی "سەد") ◯ ساتانگ

satanic /səˈtænɪk, US seɪˈt-/ *adjective,* also satanical
1 شەیتانی، شەیتان‌ئاسا، شەیتان‌پەرستانە: *satanic rites* 2 سەربە شەیتان‌پەرستی یان شەیتان‌باوەری: *satanic pride* ◯ 1 شیطانی 2 وابستە بە شیطان‌پرستی

satanically /səˈtænɪkli/ *adverb*
شەیتانانە، شەیتان‌ئاسا ◯ شیطان‌وار

Satanism /ˈseɪtənɪzəm/ *noun*
شەیتان‌پەرستی، شەیتان‌باوەری، شەیتان‌خوویی، خووی شەیتانی، diabolism ◯ شیطان‌پرستی، خوی اهریمنی

Satanist /ˈseɪtənɪst/ *noun, adjective*
n شەیتان‌پەرست، شەیتان‌باوەر *adj* شەیتان‌پەرستانە ◯ *n* شیطان‌پرست *adj* شیطان‌پرستانە

satay /ˈsateɪ/ *noun,* also saté
جۆرێ چێشتی مالیزیایی و ئیندۆنیزیایی ◯ نوعی غذا

satchel /ˈsætʃəl/ *noun*
جانتای خوێندن، جانتا یا کیفی سەرشان، جانتای پەت‌پێوەبوو یان بەستی (بنەرەت: لە *saccellus* لاتین "کیفی چکۆلە") ◯ کیف رودوشی

satcom /ˈsætkɒm, US -kɑːm/ *noun,* (also SAT·COM)
پێوەندی‌یەکانی ساتەلایتی، پێوەندی(یە) ساتەلایتی(یەکان) ◯ ارتباطات ماهوارەای

sate = satay

sated /ˈseɪtɪd/ *adjective*
تێر، مر، (لێ)بێزراو، تێرکراو، پڕ، جێ‌نەبوو ◯ سیر، دلزدە، اشباع‌شدە

sateen /saˈtiːn/ *noun*
ساتین، ساتینی شووشەیی ◯ ساتین

satellite /ˈsætəlaɪt/ *noun, adjective*
n 1 هەسارەسوور، مانگە moon، تەنی سروشتی کە بە دەور تەنێکی گەورەتردا دەسووڕێتەوە 2 ساتەلایت 3 حکومەت یان وڵاتی پاشکۆ 4 (زیندەناسی) جۆرێ DNA کە پێوەندی‌یێکی لاوەکی بە ژینۆمی DNAـەوە هەیە *adj* 1 ساتەلایتی 2 پاشکۆ، پێوەبەند، پشت‌پێ‌بەستوو، پاشڕەو، بەدواکەوتوو، شوێن‌کەوتە 3 شارۆچکە 4 ◯ *n* 1 قمر 2 ماهوارە 3 کشور یا دولت وابستە 4 ساتلیت *adj* 1 ماهوارەای 2 وابستە، تابع 3 شهرک

satellite dish *noun*
سێڵ یان ساجی ساتەلایت ◯ آنتن ماهوارەای

satellite state *noun*
دەوڵەتی پاشکۆ یان شوێن‌کەوتە، حکومەتی بەند بە وڵاتێکی ترەوە ◯ دولت وابستە یا تابع

satellite station *noun*
وێستگەی ساتەلایتی ◯ ایستگاه ماهوارەای

satellite town *noun*
شارۆچکە، لاشار (لەپاڵ شارێکی گەورەدا) ◯ شهرک

satellite television *noun*
تەلەفزیۆنی سەتەلایتی ◯ تلویزیون ماهوارەای

satellitic /ˌsætəˈlɪtɪk/ *adjective,* also satellitory
سەربە مانگە، مانگەیی، سەربە هەسارەسوور ◯ وابستە بە قمر

satem *adjective*
ساتێم (= سەربە کۆمەڵی رۆژاوایی زمانە هیند و ئەورووپی‌یەکان کە لە سەردەمانی پێش‌مێژووودا گۆی palatal و aveolar یا بووە، بڕوانە centum، بنەرەت: لە *satəm* ئاڤێستایی "سەت یان سەد") ◯ ساتم

sati /ˈsʌtiː, US sʌˈtiː/, *pl.* satis = suttee

satiable /ˈseɪʃəbl/ *adjective*
لەپڕ(کردن)هاتوو، لەتێر(کردن)هاتوو، پاراو دەبێ، پڕ دەبێ، تێر دەبێ: *satiable curiosity* ◯ قابل اشباع

satiate /ˈseɪʃɪeɪt/ *adjective*
1 پڕ، تێر، پاراو، ناپێویست، سەرڕێژ 2 (کۆن) رازی، قایل (بنەرەت: لە *satis* لاتین "enough") ◯ 1 اشباع، سیر 2 راضی

satiation /ˌseɪʃiˈeɪʃn/ *noun*
1 پڕکردن، تێرکردن، پڕاندن 2 پاراوی، تێری، پڕی، سەرڕێژی، ناپێویستی ◯ 1 عمل اشباع

کردن 2 سیری

satiety /sə'taɪəti/ *noun*

(فەرمی و تکنیکی) تێری، پڕی، ناپێویستی، سەرڕێژی، (لێ)بێزراوی، دڵنەبردوویی ◌ سیری، اشباع، دلزدگی

satin /'sætɪn, US 'sætn/ *noun, adjective*

n ساتین، ساتێن، ئەتڵەس: *a white -tin ribbon adj* 1 ساتێنی 2 نەرم، خز، لووس، گیرنەبوو، بریقەدار ◌ *n* ساتن *adj* 1 ساتنی 2 لغزنده، براق

satinette /ˌsatɪ'net, US 'satnɪt/ *noun,* also satibet

(کوتاڵ یان کەتان یان ریشاڵی دەسکرد) ساتێنئاسا ◌ ساتن‌مانند

satin spar *noun*

جۆرێ گەچی ریشاڵاوی یان ریشاڵ‌ریشاڵ ◌ نوعی گچ رشته‌ای

satinwood *noun*

1 داری ساتین 2 درەختی ساتین، دارساتین [*Chloroxylon swietenia* (هیند و سریلانکا)، *Zanthoxylum flava* (ناوچەی کارائیب) و جۆرەکانی تر] ◌ 1 چوب اطلس 2 درخت اطلس

satiny /'sætɪni, US 'sætni/ *adjective*

نەرم، ناسک، ورشن، بریقەدار، بریقەهاتوو ◌ نرم، براق

satire /'sætaɪə(r)/ *noun*

1 تەنز، سەتایێر، ساتیر 2 بەرهەمی تەنزاوی (فیلم، نووسراوە، شانۆ و هتد) 3 فڕ 4 فڕنامە (*n* /'sætərɪst/ satirist: 1 تەنزنووس، ساتیرنووس، سەتیریست 2 فڕنووس) ◌ 1 طنز 2 اثر طنزآمیز 3 هجو 4 هجونامه

satiric /sə'tɪrɪk/ = satirical

satirical /sə'tɪrɪkl/ *adjective*

تەنزاوی، رەخنەگرانە، تەنزانە، رەخنەیی (*adv* /sə'tɪrɪkli/ satirically: تەنزاوی‌یانە، بە شێوەیەکی تەنزاوی یان رەخنەگرانە) ◌ طنزآمیز

satisfaction /ˌsætɪs'fækʃn/ *noun*

1 رازی‌کردن، قایل‌کردن، تێرکردن، هێنانەسەرڕێ 2 پێخۆش‌بوون، رەزامەندی، خۆشحاڵی 3 مایە خۆشحاڵی یا پێخۆش‌بوون 4 (پێ)بژاردن، بۆ بژاردن، زیان‌دانەوە 5 بەجێ‌هێنان، بەدی‌هێنان، جێبەجێ‌کردن ◌ 1 ارضا 2 خشنودی 3 موجب خشنودی 4 جبران 5 برآوردن

satisfactory /ˌsætɪs'fæktəri/ *adjective*

1 قایل‌کەر، رازی‌کەر، سەرڕێ‌هێنەر 2 تەواو، باش 3 گونجاو (*adv* /-tərəli/ satisfactorily: رازی‌کەرانە، قایل‌کەرانە؛ *n* satisfactoriness) ◌ 1 رضایت‌بخش 2 کافی 3 مناسب

satisfied /'sætɪsfaɪd/ *adjective*

رازی، قایل، پێخۆش‌بوو، خۆشحاڵ، رەزامەند: *a satisfied customer* ◌ خشنود، خرسند، قانع

satisfying /'sætɪsfaɪɪŋ/ *adjective*

1 قایل‌کەر، رازی‌کەر، سەرڕێ‌هێنەر: *I found a wood carving -isfying* 2 تەواو: 3 ژیرانە، ماقووڵ، ئاقڵانە *satisfying meal* (*adv* /'sætɪsfaɪɪŋli/ satisfyingly: قایل‌کەرانە) ◌ 1 ارضاکننده 2 کافی 3 معقول

satnav /'satnav/ *noun*

دەریاوانی بە یارمەتی زانیاری لە ساتەلایتەوە ◌ ساتناو

satori /sə'tɔːri/ *noun*

(بوودایزم) رۆشن‌گەری کت‌وپڕ، راچڵەکان ◌ ساتوری

satrap /'satrap/ *noun*

1 ساتراپ، فەرمانـدار، دەسەڵاتدار، حاکم، حوکمدار 2 دەسەڵاتداری خۆجێیی (-*kšathra pāvan* "وڵات‌پارێز" لە فارسی کۆنەوە Old Persian) ◌ 1 ساتراپ 2 حاکم محلی

satrapy /'satrəpi/ *noun, pl.* satrapies

ساترایی، خاک یان مەڵبەند و و دەسەڵاتی ساترایێ ◌ ساترایی

satsuma /sæt'suːmə/ *noun*

1 نارنگی، وشداکەنە (بە شۆخی، شێوەی نارنگی ماندارین دەدا) 2 - /also 'satsumə, sjʊ-/ (Satsuma or Satsuma ware) جۆرێ گلێنەی ژاپۆنی، وەستایانە رەنگ کراوە (بنەڕەت: لە *Satsuma*، ناوی هەرێمێکی پێشووی ژاپۆن) ◌ 1 نارنگی ژاپنی 2 ساتسوما

saturable /'sætʃərəbl/ *adjective*

پڕ دەبێ، تێر دەبێ ◌ قابل اشباع

saturant /'sætʃərənt/ *adjective*

تێرێنەر، پڕێنەر، تێرکەر، پڕکەر، پاراوکەر ◌ اشباع‌کننده

saturated /'sætʃəreɪtɪd/ *adjective*

1 خووساو، لەخووس‌نراو، soaked 2 تێر، پڕکراو، تێراو، پاراو، تێرکراو، تێربوو، پڕ، (کیمیا، گیراوەیی): زۆرترین بڕی شیاوی ماددە یان مەتریاڵی تواوەی solute تیایە؛ (لەمەڕ گەرد یان مۆلۆکولی) گەورەترین ژمارەی شیاوی گەردیلە یان ئەتۆمەکانی هایدرۆژێنی تیایە (بەبێ بەند یان پەیوەستی bond دووانی یان سیانی): *saturated fats* ◌ 1 خیس 2 اشباع‌شده

saturated compounds *noun, pl.*

(کیمیا) ئاوێتە تێرەکان یان پاراوەکان ◌ ترکیبات اشباع‌شده

saturated fat *noun*

چەوری تێر یا پاراو، چەوری پڕ یان تێر(بوو یان کراو) ◌ چربی اشباع‌شده

saturated solution *noun*

گیراوەی تێر یان پاراو ◌ محلول اشباع‌شده

saturation /ˌsætʃə'reɪʃn/ *noun, adjective* n 1 تێربوون، پاراوی، تێری، پڕی، سەرڕێژی (کیمیا: دۆخێ کە لەودا توێنەر چیتر ناتوانێ بڕێکی زۆرتر لە مادە یان مەتریاڵی تەواوە solute لە خوێدا بتوێنێتەوە) 2 خووساوی، تێراوی، لەخووسڕاوی، لەناو هەڵکێشراوی adj بەربلاو، گشتی، سەرتاسەر ◌ n 1 اشباع، سیری 2 خیس‌شدگی adj گسترده

saturation point *noun*
خاڵی تێربوون، ڕادەی پاراوی ◌ حد اشباع

Saturday /ˈsætədeɪ, -di, -tərd-/ *noun, adverb, Latin*
n شەممە adv شەممانە، هەر شەممە جارێ (بنەڕەت: لە ئینگلیسی *Sætern(es)dæg* کۆنەوە، وەرگیراوی لاتینی *Saturni dies* "ڕۆژی کەیوان یان سەتێرن "day of Saturn") ◌ n شنبه adv هر شنبه یکبار

Saturday night special *noun*
(نافەرمی، ب.ت. ئەمریکای باکووری) جۆرێ حەوتیری هەرزان ◌ نوعی هفت‌تیر

Saturn /ˈsætɜːn, -tən, US -tɜːrn/ *noun*
1 (ئەستێرەوانی) کەیوان، سەتێرن (= شەشەمین هەسارە بە ڕیز لە خۆرەوە، تیرەی پشتێنەیی 120.000 کیلۆمیتر (74,600 مایل)، مەودای لە خۆرەوە 1427 میلیۆن کیلۆمیتر (886.7 میلیۆن مایل)، ماوەی سووڕانەوەی 29.46 ساڵ، 23 مانگی نەزانراوی هەیە، زنجیرەیێ ئاڵقەی تەنک و پان دەوری داوە کە لە پارچۆلکەی وردی سەهۆڵی پێکهاتووە 2 ناوی خوای کشتوکاڵی ڕۆمی، هاوسەری Ops (بڕوانە Cronus) 3 کانزای سورب یان قورقوشم ◌ 1 کیوان، زحل 2 ساتورن 3 فلز سرب

saturnalia /ˌsætəˈneɪliə, US -tərˈn-/ *noun, pl.* saturnalias
1 (Saturnalia) جەژنێکی ڕۆمی کۆن بەبۆنەی Saturn ـەوە، لە دیسامبر دەگیرێ 2 ڕادان، ڕابواردن، هەوەسبەردانەوە، هەرزەیی (saturnalian *adj*) ◌ 1 ساتورنالیا 2 عیاشی، شهوت‌رانی

Saturnian /səˈtɜːnɪən/ *adjective*
1 کەیوانی، سەتێرنی، سەربە سەتێرن یان کەیوان 2 سەربە خودای ساتۆرن ◌ 1 وابسته به کیوان 2 وابسته به خدای ساتورن

saturniid /səˈtəːnɪɪd/ *noun, adjective*
(مێرووناسی) n پەپوولەیێکی شەوگەڕی خێزانی (Saturniidae) کە emperor moth ـەکان و silk moth هێندێیە زەبەلاحەکان دەگرێتەوە adj سەربە یان پێوەندی بە خێزانی ساتۆرنیدی‌یەوە هەیە ◌ ساتورنید

saturnine /ˈsætənaɪn, US -tərn-/ *adjective*
1 مڕومۆچ، ڕووتاڵ، نەدوێن، ڕووگرژ، مات، دڵتەنگ 2 لەدایکبوو لەژێر کاریگەری هەسارەی کەیوان 3 (کۆن) سەربە قورقوشم، پێوەندی بە سووربەوە هەیە (saturninely *adv*؛ saturnineness *n*؛ saturninity *n*) ◌ 1 عبوس، افسرده 2 زائیده‌شده تحت تأثیر سیارهٔ کیوان 3 وابسته به سرب

saturnism *noun*
(کۆن) ژاراوی‌بوون بە قورقوشم (saturnic *adj*) ◌ مسمومیت با سرب

satyagraha /sʌˈtjɑːgrəhɑː/ *noun*
بەرهەڵستی سیاسی لاشەڕانە (لە لایەن مەهاتما گاندی‌یەوە Mahatma Gandhi، سانسکریت، لە "persistence, obstinacy" *āgraha* + "truth" *satya*) ◌ مقاومت منفی

satyr /ˈsætə(r), US ˈseɪtər/ *noun*
1 (میتۆلۆژی یۆنانی و ڕۆمی) بزنمێر (بزن و مێر) 2 پیاوی زۆر بەئالۆش، زەنەک، کیرچلێس، گانۆک، پیاوی زۆر هەوەسباوی 3 جۆرێ پەپوولە، زۆرتر بە باڵی قاوەیی تاریکەوە [*Satyrus* و توخمەکانی تر] (satyrlike *adj*) ◌ 1 ساتیر 2 مرد شهوت‌ران 3 نوعی پروانه

satyriasis /ˌsatɪˈrʌɪəsɪs/ *noun*
زەنەکی، کیرچلێسی، بەئالۆشی، بەگانی، گانۆکی ◌ شهوت‌رانی

satyric *adjective*, also satyrical
سەربە بزنمێر، مێزنی ◌ وابسته به ساتیر

sauce /sɔːs/ *noun*
1 سۆس 2 ڕوو، ڕووداری، بێشەرمی، ڕووهەڵماڵراوی 3 (the sause) خواردنەوەی ئەلکۆلی، ئارەق ◌ 1 سس 2 وقاحت 3 مشروب

sauce boat /ˈsɔːs bəʊt/ *noun*
سۆس‌خۆری، دەفری سۆس ◌ ظرف سس

sauced *adjective*
(نافەرمی) مەست، کەیل، کەلەلا ◌ مست

saucepan /ˈsɔːspən, US -pæn/ *noun*
قابلەمە، مەنجەڵۆکە، دیزە (دیزۆڵکە، دیزەڵە small saucepan) ◌ قابلمه

saucepanful *noun, pl.* saucepanfuls
قابلەمەیێ، پڕ مەنجەڵۆکەیێ، دیزەیێ ◌ گنجایش یک قابلمه

saucer /ˈsɔːsə(r)/ *noun*
ناڵبەکی، ژێرپیاڵە، ژێرئیسکان، گاڵش ◌ نعلبکی

saucerful *noun, pl.* saucerfuls
پڕ ژێرپیاڵەیێ، ناڵبەکیێ، پڕ ژێرئیسکانێ ◌ بە اندازهٔ یک نعلبکی

saucerless *adjective*
بێ‌ژێرپیاڵە، بێ‌ناڵبەکی، بێ‌ژێرئیسکان ◌ بدون نعلبکی

saucier /ˈsəʊsɪeɪ/ *noun*
سۆس‌گرەوە، سۆ(س)ساز ◌ سوسر

saucily /-ɪli/ *adverb*
ڕوودارانە، بێ‌شەرمانە: *She winked saucily*

at him ⬡ به طور گستاخ
sauciness /'sɔːsɪnəs/ *noun*
ڕووداری، ڕووهەڵماڵراوی، بێشەرمی ⬡ گستاخی، پررویی
saucy /'sɔːsi/ *adjective* (saucier, sauciest)
1 ڕوودار، بێشەرم، دەرپێبەشان، ڕووهەڵماڵراو 2 (ب.ت. جل‌وبەرگ) جوان 3 سۆساوی ⬡ 1 گستاخ، وقیح 2 قشنگ 3 سوس‌اندود
Saudi /'saudi, US 'sɔːdi/ = Saudi Arabian
Saudi Arabian *adjective, noun*
adj سەعودیایی، سەربە سەعودیا *n* خەڵکی سەعودیا، سەعودیایی ⬡ *adj* سعودی *n* اهل عربستان سعودی
sauerkraut /'sauəkraut, US 'sauərk-/ *noun*
(ئەڵمانی) ترشیاتی کەلەم، کەلەم‌شۆر، سوێراتی کەلەم ⬡ ترشی کلم
sauger /'sɔːgə/ *noun*
جۆرێ باریکەماسی ئەمریکای باکووری ئێواران و شەوان چالاک [*Stizostedion canadense*] ⬡ سوگر
Sauk *noun*, also Sac, *pl.* Sauk or Sauks or Sac or Sacs
سۆک: ئەندامی گەلێکی سووریێست، جاران لە Wisconsin ی ئێستا دەژیان ⬡ سوک
Saul *noun*, late Latin *Saulus*, from Greek *Saulos*, from Hebrew *Shā'ūl*
1 شائوول: یەکەمین پادشای ئیسرائیل 2 حەواری Paul ⬡ شاؤل
sauna /'sɔːnə, US 'saunə/ *noun*
(بنەڕەت: لە فینلەندیەوە) سۆنا، گەرماوی هەڵم ⬡ سونا
saunter /'sɔːntə(r)/ *noun*
گەڕان، پیاسە، بە ژاژوفەرەوە ڕێگا ڕۆیشتن، لۆژەلۆژڕۆیشتن ⬡ گردش
saunterer *noun*
ڕێگارەو، قەدەم‌لێدەر، پیاسەکەر، پیاسەچی ⬡ گردش‌کننده
-saur *suffix*
پاشگر: مارمێلک، سۆر (ناوی خشۆکە قرتێکەوتووەکان پێکدێنێ: *ichthyosaur*: بنەڕەت: لە *sauros* یۆنانیەوە "lizard") ⬡ پسوند: مامولک، سور
saurian /'sɔːriən/ *adjective, noun*
adj 1 سۆریەن، ساوریەن (لە تیرەی زەردەقۆرە (زەردەقۆرە، کراکۆدیل و هێندی گیانەوەری دیکەی قرتێکەوتوو) 2 سەربە مارمێلکە، مارمێلکەیی، مارمێلکی *n* خشۆکێکی گەورە، ب.ت. دایناسۆر ⬡ *adj* 1 ساورین 2 مارمولک‌مانند *n* خزنده‌ای بزرگ، به ویژه دایناسوری
saurischian /sɔː'rɪskɪən, US -'rɪʃən/ *noun, adjective*
(مار)مێلکەدیزەڵ: جۆرێ دایناسۆر کە کلۆتەکەی pelvis لە هی مارمێلکە دەچێ، گیاخۆر herbivorous یان گۆشتخۆرن carnivorous [دەستە Saurischia] (بڕوانە ornithischian) ⬡ نوعی دایناسور
sauropod /'sɔːrəpɒd, US 'saur-/ *noun, adjective*
(گیانەوەرناسی) (مار)مێلکەپا، apatosaurus و brachiosaurus دایناسۆرێکی کە تەی گیاخۆری وا کە مل و کلکی درێژ و پەلی ئەستووریان هەیە، سۆرپۆد، ساورپۆد (بنەڕەت: لە *Sauropoda* (کۆ) لاتین، لە *sauros* یۆنانی "مارمێلک" + *pous, pod*- "پێ") ⬡ ساورپود
Sauropoda *noun, pl.*
(گیانەوەرناسی) مارمێلکەپایان، سۆرپۆدیان ⬡ ساورپودیان
-saurus *suffix*
پاشگر: ناوی تیرەیێ لە خشۆکە ب.ت. قرتێکەوتووەکان پێکدێنێ: *stegosaurus* ⬡ پسوند: سوروس
saury /'sɔːri/ *noun, pl.* sauries
جۆرێ ماسی خۆراکی دەریایی [*Scomberesox saurus* (ئاتلانتیک)، *Cololabis saira* (پاسیفیک)، و جۆرەکانی تر] ⬡ نوعی ماهی
sausage /'sɒsɪdʒ, US 'sɔːs-/ *noun*
باسترمە، زونگ، ساسیج، سۆسیس، کالباس ⬡ سوسیس، کالباس
sausage dog = dachshund
sausage meat *noun*
گۆشتی سۆسیس یان زونگ ⬡ گوشت سوسیس
sausage roll *noun*
بابۆڵە سۆسیس، بابۆڵەزونگ ⬡ دست‌پیچ سوسیس
sausage tree *noun*
دارسۆسیس، دارزونگ [*Kigelia pinnata*] ⬡ درخت سوسیس
sauté /'səuteɪ, US səu'teɪ/ *adjective, noun*
adj سوورەوەبوو، لە ڕۆندا سوورەوەکراو، هەڵکزاو، هەڵپرووزاو، (هەڵ)چزاو *n* 1 خۆراکی لە ڕۆندا سوورەوەکراو 2 (لە باڵێ‌دا) بازی زیادی هەر دوو پێ (لە فەرەنسەوە "بازداو") ⬡ *adj* تفت‌داده *n* سوتی
sautéed *adjective*
سوورەوەبوو، لە ڕۆندا سوورەوەکراو، هەڵکزاو، هەڵپرووزاو، (هەڵ)چزاو (لە نێو ڕۆنێکی کەم‌دا) ⬡ تفت‌داده
Sauternes /sə(u)'tɜːn, French sotɛʀn/ *noun*
1 جۆرێ مەی سپی شیرینی Sauternes ی ناوچەی Bordeaux ی فەرەنسی 2 (زۆرتر

(sauternes) جۆری مەی سپی ئەمریکایی نیوەشیرین یان نیوەتاڵ کە تێکەڵەی چەندین ترێیە ◯ سوترن

Sauvignon /'səuvɪnjɒ̃/ *noun*, also Sauvignon Blanc

1 جۆری ترێ‌ سپی مەی 2 مەی سپی ئەو ترێیە (فەرەنسی) ◯ ساووگنون

savable /'seɪvəbl/ *adjective*

شیاوی ڕزگاربوون، لە دەربازهاتوو ◯ قابل نجات

savage /'sævɪdʒ/ *adjective, noun*

adj 1 دڕندە، دڕ، کێوی، هەڵەپاس، بۆهاتوو، یانیگر، هۆڤ: *savage dogs* 2 سەرەتایی، بێ‌شارستانیەت، بێ‌ژیار، نارۆشنبیر، primitive: *a savage tribe* 3 دڕندانە، هەڵەپاسانە، هۆڤانە، دڕانە، بێ‌بەزەییانە 4 سەخت، توند، بێ‌ئەمان، توندوتیژ *n* کەسێکی دڕندە یا کێوی (بنەڕەت: لە *sauvage* فەرەنسی "کێوی"، لە *silvaticus* لاتینی، لە *silva* "دار(ێ)") ◯ *adj* 1 وحشی 2 بدوی، بی‌تمدن 3 وحشیانە 4 سخت *n* آدم وحشی

savagely /'sævɪdʒli/ *adverb*

هۆڤانە، دڕندانە، یانیگرانە، هۆڤانە، بە توندی، توندوتیژانە، بێ‌بەزەییانە: *savagely attacked ◊ criticized* ◯ وحشیانە، بە شدت، بی‌رحمانە

savageness /'sævɪdʒnəs/ *noun*

دڕندەگەری، دڕندایەتی، هۆڤیگەری، بێ‌بەزەییتی، بێ‌ڕەحمی ◯ وحشی‌گری، بی‌رحمی

savagery /'sævɪdʒri/ *noun, pl.* savageries

دڕندەگەری، دڕندایەتی، هۆڤیگەری، بێ‌بەزەییتی، بێ‌ڕەحمی، کردەوەی دڕندانە یان بێ‌بەزەییانە ◯ وحشی‌گری، بی‌رحمی، عمل وحشیانە

savagism *noun*

دڕندەگەری، دڕندایەتی، ڕەوشتدڕی، بەربەریەت ◯ سبعیت، توحش

savannah /sə'vænə/ *noun*, also savanna

1 ساڤانا، سەڤەنا (= دەشتی سەوزەڵانی و بێ‌داری ناوچە گەرمێنەکان) 2 دەشت (لە *sabana* سپانیایی، لە Taino *zavana*) ◯ 1 ساوانا 2 جلگە

savant /'sav(ə)nt, French savɑ̃/ *noun*, or -e /'sav(ə)nt, French savɑ̃t/

زانیار، زانا، کەسێکی لێزان ◯ دانشمند

savarin /'savərɪn/ *noun*

ساڤارین: جۆری کەیکی سووکی ئاڵقەئاسا (یان ئاڵقەئاڵقە؛ بنەڕەت: لە ناوی خۆراکناسی فەرەنسی (Anthelme Brillat-*Savarin* ◯ ساوارین

savate /sə'vɑ:t/ *noun*

ساڤات: شێوەی بۆکسی فەرەنسی لەگەڵ مشت و لەقە ◯ ساوات

save[1] /seɪv/ *preposition*

بێجگەلە، ژبلی، جگە except ◯ بجز، بە استثنای

save[2] /seɪv/ *noun*

(ب.ت. تۆپێن) گۆڵنەکران، گۆڵنەبوون ◯ نجات دروازە

save as you earn *noun*

(لە ئینگلتەرە) شێواز یان بەرنامەی دەس‌خستن و پاشەکەوت‌کردن ◯ روش یا برنامەی کسب و ذخیرە

saver /'seɪvə(r)/ *noun*

1 پاشەکەوت‌کەر، لاخەر، گڵ‌دەرەوە: *The increase in interest rates is good news for savers* 2 ڕزگارکەر، دەربازکەر 3 بلیت یان تیکێتی هەرزانبایی ◯ 1 پس‌اندازکنندە 2 نجات‌دهندە 3 بلیت تخفیفی

save for = save, *preposition*

savin /'savɪn/ *noun*

1 جۆری گیا 2 ناوی ئەو گیایە، جاران بۆ لەباربردن بەکاردێترا [*Juniperus sabina*] ◯ ابهل

saving[1] /'seɪvɪŋ/ *noun, adjective*

n 1 دەس‌پێوەگرتن، دەس‌گیرۆیی، پاشەکەوت‌کردن، گڵ‌دانەوە، لاخستن 2 ڕزگاری، دەربازی، ڕزگارکردن 3 (savings) پاشەکەوت، پاشەمەندە، پەزمەندە، پارەی خەوتوو یان نوستوو، پارەمۆڵ: *He put all his savings into buying a boat* *adj* 1 دەس‌گیرۆ، دەس‌پێوەگر 2 جگەدار، ئاوارتەدار 3 ڕزگارکەر، دەربازکەر ◯ *n* 1 صرفەجویی، پس‌اندازی 2 نجات 3 (در جمع) پس‌انداز *adj* 1 صرفەجو 2 استثنادار 3 نجات‌دهندە

saving[2] *preposition*

1 بێجگەلە، ژبلی، جگە، سەرەڕای، except، 2 دوور لە، دوولەڕووی، پەرژینێکی ئێوە save ◯ 1 بجز، بە استثنای 2 دور از

saving grace *noun*

(تەنیا) باشی، چاکی، لایەنی ئەرێنی ◯ حسن

savings account *noun*

هەژماری پاشەکەوت، حیسابی پاشەکەوت ◯ حساب پس‌انداز

savings and loan association = building society

savings bank *noun*

بانکی پاشەکەوت ◯ بانک پس‌انداز

saviour /'seɪvjə(r)/ *noun*, US savior

1 ڕزگارکەر، دەربازکەر، ئازادکەر، ڕزگارگەر 2 (Saviour) خودا یان عیسای مەسیح ◯ 1 ناجی، رهانندە 2 (با S) خدا یا عیسی مسیح

saviour faire /ˌsavwɑ: 'fɛ:, French savwaʀ fɛʀ/ *noun*

سەڤوار فێر، قانوونزانی، ئاگاداری ڕێ‌وشوێن

یـان دەسـتوور (نێـو کۆمـەڵگا)، ڕێوشـوێنزانی، دەستوورزانی ۞ آداب‌دانی

savor = US spelling of savour

savory[1] /ˈseɪvərɪ/ = savoury

savory[2] /ˈseɪvərɪ/ *noun*

(ڕووەک‌ناسـی) مـەزرە، هـەزوە، جـاترەکێویلکـە، جـاترە [*Satureja hortensis* (هـی هـاوینی) و *S. montana* (هی زستانی)] ۞ مرزه

savour /ˈseɪvə(r)/ *noun*, US savor

1 تـام، چێـژ، بـۆن، مـەزە، بەرامـە 2 ڕەنـگ‌وبـۆ، تایبەتمەندی (savourless *adj*: بێ‌تام، بێ‌چێژ، بێ‌مەزە) ۞ 1 طعم، نکهت 2 خصلت

savoury /ˈseɪvəri/ *adjective*

1 خـۆش، بـەتام، شـیرین، بـەچێژ، پـڕخوێ، تـام‌خـۆش، بـۆن‌خـۆش، تونـد، پەسـند(گـراو)، بەدڵەوەنووساو، بۆن‌خۆش 2 (savouries) نوقڵ و شـیرینی سـوێر، سـوێرکە (savourily *adv*؛ savouriness *n*: 1 بـەتامی، بـەچێژبوون 2 بۆن‌خۆشـی) ۞ 1 مطبوع، خوش‌طعم، دل‌چسب 2 (در جمع) تنقلات شور

savoy /səˈvɔɪ/ *noun*

(ڕووەک‌ناسـی) تۆپەکەلـەم، کەلـەم‌پێچ، کەلـەمی هەڵپێچراو ۞ کلم‌پیچ

Savoyard *noun*

خەڵکی ناوچـەی Savoy باشووری ڕۆژهـەڵاتی فەرەنسە ۞ اهل ساوی

savoy cabbage *noun*

(ڕووەک‌ناسـی) تۆپەکەلـەم، کەلـەم‌پێچ، کەلـەمی هەڵپێچراو ۞ کلم‌پیچ

savvy /ˈsævi/ *adjective* (savvier, savviest), *noun*

adj زیـرەک، تێگەیـشتوو، زرینـگ *n* مێـشک، مـرخ، تێگەیـشتوویی (لاسـایی *sabe usted* سپانیایی "تۆ دەزانی") ۞ *adj* باشعور *n* شم

saw[1] /sɔː/ *noun*

1 مـشار، هـەرە، ئـەرە، بـرە، بـرەک 2 (گیانـەوەرناسـی) هـەرە: ئـەندام یـان بـەشـێکی برگـەبرگـە serrated، ب.ن. وەک لمـۆزی sawfish ۞ 1 اره 2 سو

saw[2] /sɔː/ *noun*

پەنـد، فـەرموودە، وتـە، proverb، maxim ۞ ضرب‌المثل

saw[3] /sɔː/ = past of see

sawbill = merganser

sawbones /ˈsɔːbəʊnz, US -boʊnz/ *noun*, *pl.* same

(لە ئەمریکا و نافەرمی و بە شۆخی) دوکتور، برینکار، نەشتەرگەر، ئێسک‌بڕ ۞ دکتر

saw doctor *noun*

(کـەس یـان شـتێ) مـشارتیژکەر، هەرەتیژکـەر، هەرەتیژەک ۞ اره‌تیزکن

sawdust /ˈsɔːdʌst/ *noun*

خاکەمـشار، هـاڕەی مـشار، بـرە، ئاردەمـشار، خاکەهەرە ۞ خاک اره

sawed-off shotgun = sawn-off shotgun

sawed timber *noun*

تەختەی چوارپاڵوو ۞ الوار چهارتراش

sawfish /ˈsɔːfɪʃ/ *noun*, *pl.* same or sawfishes

هەرەماسی، مشارە، ماسی‌یەمشارە، جۆرێ ماسی زلەی سـەربە ray ـەکـان [خێزان Pristidae: چەندین جۆرن] ۞ اره‌ماهی

sawfly *noun*, *pl.* sawflies

هەرەمێش [ژێردەستە Symphyta: زۆر جۆرن] ۞ سوفلای

sawgrass /ˈsɔːgrɑːs/ *noun*

سێ‌سوو؟، جۆرێ جگەن [توخم *Cladium*] ۞ نوعی جگن

saw-horse /ˈsɔːhɔːs, US -hɔːrs/ *noun*, also sawbuck

شـەقە، چێوشـەق، ئەسپەدارین (مـشارکردن) ۞ خرک

sawmill /ˈsɔːmɪl/ *noun*

1 (کارگـەی) داربڕی 2 دەزگـای داربـڕ، دارهـاڕ ۞ 1 چوب‌بری 2 چوب‌بر

sawn /sɔːn/ = past participle of saw

sawn-off shotgun *noun*

تفـەنگی ڕاوی لوولـەکورت ۞ تفنـگ شـکاری لوله‌کوتاه

saw palmetto *noun*

جـۆرێ دارخورمـای باوەشـێنی، ڕەسـەنی باشووری ڕۆژهـەڵاتی US [*Serenoa repens* و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی درخت خرما

saw-pit /ˈsɔːpɪt/ *noun*

جێگای بڕاوی مشار، چاڵایی هەرە یان مشار ۞ جای اره‌کشی

saw set *noun*

سێ‌سوو، بڕبەند ۞ ساوست

sawtimber *noun*

تەختەی هەرەکێشی یان گونجاو بۆ بەمشاربڕین ۞ الوار اره‌کشی

sawtooth *adjective*, also sawtoothed

ددانەددانە، بڕگەبڕگە، مشاری ۞ دندانه‌دندانه

saw-wort *noun*

گیاهەرە؟، هەرەگیا؟ (تیرە daisy [*Serratula tinctoria*]) ۞ نوعی گیاه

sawyer /ˈsɔːjə(r)/ *noun*

1 هـەرەکار، هـەرەکێش، مـشارکێش 2 داری لەڕەگـەوە هەڵکێـشراوی سـەرئاوکەوتوو 3 مێروویێکی زلە، قۆزاخەکەی ڕەهەندیکی لە دار پێکدێنێ و لێی دەخوا [توخم *Monochamus* (longhorn beetle) و جـۆرەکـانی تـر] ۞ 1 اره‌کش 2 و 3 ساویر

sax[1] /sæks/ = (informal) 1 saxophone 2 saxophone player (saxist n)

sax[2] /sæks/ *noun*, also zax
جۆری تەور بۆ برین و داتاشینی slateـەکانی سەربان، نووکێکیشی هەیە بۆ هەڵکەندنی کونی بزمار (ئەڵمانی بنەڕەت) ⬡ ساکس

saxatile /sæksətɪl/ *adjective*, also saxicolous
بەردەژی، لەسەر بەرد ئەژی یان شین دەبێ ⬡ سنگزی

saxaul *noun*
(دار) تاوک، تەعەو [*Haloxylon*] ⬡ (درخت) تاغ

saxe *noun*
رەنگی شینی گەش یان کاڵ ⬡ رنگ آبی روشن

saxhorn /sækshɔːn/ *noun*
ئامێرێکی موسیقای زەردی بایی، شەیپووری بۆڕ ⬡ ساکس‌هورن

saxifrage /'saksɪfreɪdʒ/ *noun*
(رووەکناسی) سەکسیفریج ، گیابەرد، بەردەشکێنە [*Saxifraga*] (بیبـ لە لاتینەوە: ⬡ ("break" *frangere* + "rock" *saxum* سفرس

Saxon /'sæksn/ *noun, adjective*
n ساکسۆن *adj* سەربە ساکسۆنەکان (ئەندامی گەلێ کە سەردەمێ لە باشووری رۆژاوای ئەڵمانیا دەژیان، برێ لەوان لە سەدەکانی 5 و 6دا بریتانیایان داگیریان کرد و تیاگیرسانەوە)، ساکسۆن، زمانی ساکسۆن، ساکسۆنی ⬡ *n* ساکسون *adj* وابسته به ساکسون‌ها، زبان ساکسون

saxony /'saks(ə)ni/ *noun*
1 جۆرێ خوری باش 2 کوتاڵێکی باشی خورییە ⬡ ساکسونی

saxophone /'sæksəfəʊn, US -foʊn/ *noun*
ساکسۆفۆن (ب.ت. بۆ جاز و موسیقای دانس) ⬡ ساکسوفون

saxophonic /-'fɒnɪk/ *adjective*
ساکسۆفۆنی، سەربە یان پێوەندی بە ساکسۆفۆنەوە هەیە ⬡ وابسته به ساکسوفون

saxophonist /sæk'sɒfənɪst, US 'sæksəfoʊnɪst/ *noun*
ساکسۆفۆن‌ژەن، ساکسۆفۆنیست ⬡ ساکسوفون‌نواز

saxtuba *noun*
ساکس‌توبا، سەکس‌هۆرنی گەورە ⬡ سکس‌توبا

say[1] /seɪ/ *noun*
1 وتە، قسە، گوتە، پەیف 2 دەرفەتی دەربرین یان هێنانەسەرزمان 3 دەسەڵات یان هێزی بڕیاردان، مافی بڕیاردان ⬡ 1 حرف 2 فرصت اظهار نظر 3 اختیار یا قدرت تصمیم‌گیری

say[2] /seɪ/ *adverb*
بۆ نموونە، بۆ وێنە ⬡ به عنوان مثال

say[3] /seɪ/ *interjection*
چاوا! تەح! تیاح! شا! ⬡ هی!

SAYE *abbreviation* save as you earn

saying /'seɪɪŋ/ *noun*
1 پەند، فەرموودە، 2 adage وتە، پەیف، قسە ⬡ 1 ضرب‌المثل، مثل مشهور 2 گفته

say-so *noun*
1 دەستوور 2 دەسەڵات، هێز (ی بڕیاردان)، سەرپشکی 3 وتە، پەیف، قسە ⬡ 1 اجازه 2 اختیار 3 گفته

Sb symb. the chemical element antimony (from Latin *stibium*)

S-bend *noun*
1 (ڕێگا) پێچی شێوەS 2 (بۆری یان لوولە) وشترگەروو، قۆرتم، گووزەڵە ⬡ 1 پیچ اس‌شکل 2 شترگلو

sc *abbreviation* scene
(شانۆ) دیمەن، سین ⬡ صحنه

s.c. *abbreviation* small capitals
پیتە چکۆلەکان ⬡ حروف کوچک

scab /skæb/ *noun*
1 قرتماغە، پەترۆ، پترۆک، قەتماغە، توێژاڵی سەربرین 2 کرێکاری مانبڕ، خاین، مانبڕ، مانشکێن، مانبەردەر 3 نەخۆشی گەڕوڵی، گەڕی ⬡ 1 پوست زخم 2 کارگر اعتصاب‌شکن 3 گری

scabbard /'skæbəd, US -bərd/ *noun*
(شمشێر) کالان، کیف، کێلان، بەرگەشیر، قلێف ⬡ نیام، غلاف

scabbardfish *noun, pl.* same or scabbardfishes
کالانەماسی [چەندین توخم و جۆر، سەبی زیوی *Lepidopus caudatus* خۆراکی‌یەکە دەگیرێتەوە] ⬡ نوعی ماهی

scabbily /'skæbɪli/ *adverb*
بە گەڕوڵی، بە گەڕی، گەڕانە ⬡ با جرب

scabbiness /'skæbinəs/ *noun*
گەڕی، گەڕوڵی ⬡ جَرَب

scabby /'skæbi/ *adjective* (scabbier, scabbiest)
1 قرتماغاوی، قرتماغەبەستوو، پترۆک‌گرتوو: *a* :contemptible ,mean = 2 *scabby skin* دلمەبستە ⬡ *scabby trick*

scabies /'skeɪbiːz/ *noun*
گەڕوڵی، گەڕی ⬡ گال، جَرَب

scabious /'skeɪbɪəs/ *noun, adjective*
n سکابیوس، گیاقرتماغە؟، گیابەترۆ، لە تیرەی تر، چەندین جۆرن (کە teasel *Knautia Scabiosa*] و توخمەکانی devil's bit scabious دەگرێتەوە)] *adj* قرتماغاوی، scabby ⬡ *n* ماميثا، توسک *adj* دلمەبستە

scabrous /'skeɪbrəs, US 'skæb-/ *adjective*
1 زبـر، نارێـک، زوور، گـرنی، گـروێ، گـرنج، دەسگر، زرک 2 ئاڵۆز، سەخت، لێ تێنەگەیشتوو 3 هەرزە، بێشەرم 4 بێشەرمانە ۞ 1 زمخـت 2 پیچیده، غامض 3 وقیح 4 وقیحانه

scads /skædz/ *noun, pl.*
1 دەڵیایێ، کۆگایێ، خەڵواری، کۆڵێ، لۆدەیێ 2 لەشکرێ، کەرەگەڵ، کۆمەڵێ ۞ 1 یک عالمە 2 یک فوج

scaffold /'skæfəʊld, US -foʊld/ *noun*
1 داربەسـت، داربـازە، داڵـوت 2 هەرزاڵـەی لەسێدارەدان، سەکۆی هەڵواسین (بنەڕەت: لە فەرەنسەی ئانگلۆنۆرمانەوە، لە *(e)schaffaut* فەرەنسی کۆن، لە catafalque) ۞ 1 چوب‌بست 2 سکوی اعدام

scaffolding /'skæfəldɪŋ/ *noun*
داربەسـت، داڵـوت، چێوبەسـت، داربەنـد، داربازە ۞ داربست، چوب‌بست

scag = skag

scagliola /skal'jəʊlə/ *noun*
بەردی مەرمەڕئاسا، مەرمەڕەدرۆزنە، پوولەکچە ۞ سنگ مرمرنما

scalability /ˌskeɪlə'bɪləti/ *noun*
لەپیاسەرکەوتن‌هاتوویی، لەپیاهەڵچوون‌هاتوویی ۞ قابلیت بالارفتن

scalable /'skeɪləbl/ *adjective*
1 شیاوی پیاسەرکەوتن، بۆ پیاهەڵچوون دەبێ، پیاهەڵـدەگەڕ درێ 2 دەگـۆڕدرێ، دەسـکاری دەکرێ: *a scalable computer network* ۞ 1 بالارفتنی 2 تغییرپذیر

scalage *noun*
رادە، ئەندازە، رێژە، پلە ۞ میزان، درجه

scalar /'skeɪlə(r)/ *adjective, noun*
(بیرکـاری و فیزیـک) *adj* سـکالێر، ژمـارەیی، پەیژەیی، نەردیوانی، ژمارەئاسا، ئاناراستە، پلەپلە *n* چەندێتی ژمارەیی یان ژمارەئاسا ۞ اسکالر

scalariform /skə'lærɪfɔːm/ *adjective*
(رووەکناسی) پەیژەیی، پلەپلە ۞ نردبانی

scalawag /'skæləwæg/ = scallywag

scald[1] /skɔːld/ *noun*
سووتان، داپلۆخان، هەڵقرچان، داتولان، تۆقلە، بلۆق ۞ سوختگی، تاول

scald[2] = skald

scald-head /skɔːld hed/ *noun*
کەچەڵی، سەرڕووتاوی، مووەرێژە ۞ کچلی

scald-headed *adjective*
کەچەڵ، سەرڕووتاو ۞ کچل

scalding /'skɔːldɪŋ/ *adjective, adverb*
adj 1 کوڵاتـوو، گـەرم، سـووتێنەر: *scalding water* 2 تاڵ، تونـد: *Scalding tears poured down her face* *adv* یەکجار: *scalding hot* ۞ *adj* 1 جوشان، سوزان 2 گزنده *adv* فوق‌العاده

scale[1] /skeɪl/ *noun*
1 پوولەک، پوولەکە، پوولەک، قەرتیش، قرش 2 تـوێ، توێـشک، توێـک، تـوێخ، تـۆخ، کـاژ، توێژاڵ، تـوێ یـان پـەڕە و تـەبەقێکی ناسـکی چکۆلـە کـە پوولـەکەی ماسـی بیر دەخاتـەوە: *the scales on a moth's wing*؛ بـەرگ یـان پۆشـەیێکی پوولـەکـاوی گیانەوەرێکی پوولەکەرێز *scales of mica* 3 scaled animal بەڵغ، سۆنە، بار (ددان، کتری و هتد) 4 گەڵای پوولەکەئاسا، پوولەک یان پوولەکەی سەر خونچەی گوڵ، گەڵا، پەڕ یان bract سەرەتایی 5 تێـدان؛ scale insect 6 scale armour – infestation یـان نـەخـۆش‌کەوتن بـە مێرووی پوولەکەرێز (scaleless *adj* ؛scaled *adj*) ۞ 1 فلس، پولک 2 پوسته 3 جرم 4، 5 و 6 اسکیل

scale[2] /skeɪl/ *noun*
1 پێوەر، پێودانگ، پێوانە، ئایەر، هەڵـەنگێنە، پێوانە یان پێوەری نەخشە: *the social scale* 2 پلـە، ئەنـدازە، رادە، رێـژە: *Here was corruption on a grand scale* ◊ *On a global scale, 77% of energy is created from fossil fuels* 3 *a scale of charges* ◊ پۆلانـدن 4 زنجیـرە، لیزگـە، رێـز 5 (موسیقا) پەیژە: *the scale of C major* ۞ 1 مقیاس، مقیاس نقشه 2 میزان، درجه 3 طبقه‌بندی 4 رشته، ردیف 5 (موسیقی) گام

scale[3] /skeɪl/ *noun*
تا، پەلە، (scales) تەرازوو ۞ کفه، (در جمع) ترازو

scale armour *noun*
(مێژوویی) زرێی پوولەکەرێز یا پوولەکاوی یا پوولەکەدار ۞ زره پولک‌دار

scale-board /skeɪl bɔːd/ *noun*
تەختەی ناسک، ناسکەتەختە ۞ تختەی نازک

scale down *noun*
داشـکاندن، چکۆلەکردنـەوە، هێنانـەخوارەوە، بچووک‌کردنەوە، نزم‌کردنەوە، کەم‌کردنەوە ۞ تقلیل

scaled-down *adjective*
داشکاو، چکۆلەوەبوو، نزمەوەبوو، کەمەوەبوو (بە رێژەیێکی دیاری‌کراو) ۞ تقلیل‌یافته

scale insect *noun*
مێرووی پوولەکەرێز [خێزان Coccidae: زۆر جۆرن] ۞ نوعی حشره

scale leaf *noun*
(رووەکناسی) گـەڵای پوولـەکەیی یـان پوولـەکەئاسـا یـان شـێوەپوولـەکە (لـەسـەر وردەڕەگ یان سەلکێ) ۞ برگ پولک‌مانند

scalene /'skeɪliːn/ *adjective, noun*
adj (ئەندازە) لاجیا، لاجیاواز، پالووجیاواز *n*

(تویکاری) وشەیێکی تر بۆ scalenus (بنەڕەت: لـــە یۆنـــانی *skalēnos* ("unequal" ◯ *adj* مختلف‌الاضلاع

scalenus /skəˈliːnəs/ *noun, pl.* scaleni /-naɪ/
سکالینۆس، هەریەک لەو چەند ماسوولکە کە لە ملەوە تا پەراسووی یەکەم و دووەم کێشراوە (بنەڕەت: لە late *scalenus (musculus)* Latin بڕوانە scalene) ◯ اسکالنوس

scaling /ˈskeɪlɪŋ/ *noun*
جـوان‌کـردن یـا ڕازاندنـەوە بـە پوولـەکە، پوولەکەڕێژی ◯ تزئین فلسی

scallion /ˈskæliən/ *noun*
1 پیوازەشینە، تەرەپیواز، تەرەپیاز، پیواز، پیواز یان پیازی ساوا 2 توور 3 موسلی، زیسک ◯ 1 پیازچە 2 ترەفرنگی 3 موسیر

scallop /ˈskɒləp, US ˈskæləp/ *noun*
1 سکالۆپ، گوێچکەماسی، لەیکە یان سەدەفی سـکالۆپ [*Pecten* ،*Chlamys* و توخمەکانی تر] 2 دالبر، برگەبرگە، کەوانەکەوانە، گرنج‌گرنج، مشارەبڕکردن، پەرەپەرەیی ◯ 1 اسـکالوپ، صدف اسکالوپ 2 دالبر

scalloped *adjective*
سکالۆپیت، دالبردالبر، مشارەبڕ، برگەبرگە(یی)، پەرەپەرە ◯ دالبری

scalloped capital *noun*
سەرکۆلی پەرەپەرە ◯ سرستون صدفی

scalloped edge *noun*
کەنار یان پەراوێزی پەرەپەرەیی ◯ لبەی دالبری

scally *noun, pl.* scallies
کەسێکی بێ‌ئابروو، پیاوی هیچ‌وپووچ یان چەپەڵ ◯ آدم رذل، پست

scallywag /ˈskæliwæg/ *noun*
1 (بە شوخی و لەگەڵ منال) لە شەیتانبوو، توخمی سەگ، لە شەیتان‌داکەوتوو، جنی سەگ، زۆڵی سەگ: *You little scallywag!* 2 (ئەمریکا) کۆماری‌خواز ◯ 1 تخم جن 2 جمهوری‌خواه

scaloppine *noun,* or scalloppini
تیکە یان برشتی ناسک لە گۆشتی سوورەوەبوو sautéed، ب.ت. هی گوێلک ◯ اسکالوپینی

scalp /skælp/ *noun*
1 پێستی سەر یان تەوقەسەر، توخماخ، پێستەسەر، چەرم یان کەوڵی سەر: *A dry scalp can lead to dandruff* چەرمەسەری گیانەوەری (وەک هی گورگ و ڕێوی) 2 (مێژوویی، لە نێو هێندێ لە گەلانی هێندی ڕەسەن) پێستی سەر بە مووەوە کە لە سەری دوژمن وەک نیشانە و یادگاری سەرکەوتن لێدەکرایەوە، توخماخ 3 یادگاری سەرکەوتن یان ڕابەڕاندنی accomplishment شتێ، نیشانەی سەرکەوتن 4 (نافەرمی) هێمای ئەو ڕاستی‌یە کە کەسێ بەزیوە یان سزا دراوە: *They have claimed some impressive scalps in their bid for the championship* 5 (زۆرتر سکاتلەندی، کۆمەڵکە) تەختەبەرد یان زەوی‌یێکی دەرپەڕیوی ڕووت 6 کەللەی نەهەنگ 7 هێلەک، بێژنگ 8 خێر و قازانجێکی کەمە کە سەوداگەرێ خێرا لە سەودایێ دەیکا ◯ 1 پوست سر، فرق سر 2 اسکالپ 3 یادگاری پیروزی یا انجام کاری 4، 5، 6، 7 و 8 اسکالپ

scalpel /ˈskælpəl/ *noun*
چەقۆی برینکاری یان نەشتەرگەری ◯ چاقوی جراحی

scalper /ˈskælpə(r)/ = tout

scalping-iron /ˈskælpɪŋ aɪən/ *noun*
ئێسک‌تاش ◯ استخوان‌تراش

scalpriform /ˈskælprəfɔːm/ *adjective*
ئەسکەنەیی، شێوەئەسکەنە، ئەسکەنەئاسا ◯ اسکنه‌ای

scaly /ˈskeɪli/ *adjective* (scalier, scaliest)
1 تـوێ‌تـوێ، تـوێژاڵ‌تـوێژاڵ 2 پوولـەکەدار، پوولەکەڕێژ 3 بەڵغ‌گرتوو، بەڵغاوی، سوناوی، بارلێ‌نیشتوو (scaliness *n*: 1 بەڵغ‌گرتوویی 2 توێ‌توێ‌بوون) ◯ 1 پوستەپوستە 2 فلس‌دار 3 جرم‌گرفته

scaly anteater = another term for pangolin

scam /skæm/ *noun*
(نافەرمی و بە مەبەستی خراپ) نەخشە، پلان، ڕێ، قـۆڵ، فـێڵ، تەڵـەکە، بەرنامـە، کەڵـەک (scammer *n*) ◯ طرح، نقشه، حقه

scammony /ˈskaməni/ *noun*
گیایـێ لـە تـیرەی لاولاوە(پـێچ)، ڕەگـی وشکەوەکراوی دەرمـانێکی ڕەوانی بەقووەتە [دوو جۆر: *Convolvulus scammonia* هی ئاسیا و *Ipomoea orizabensis* هی مەکسیک] ◯ محمودە

scamp /skæmp/ *noun*
(نافەرمی) لە شەیتانبوو، توخمی سەگ، زۆڵی سەگ ◯ تخم جن

scamper /skæmpə(r)/ *noun*
1 غارغارێن، هەڵاتن، بدەو، ڕاکردن، ڕەقیان 2 هەڵبەزودابەز، هەڵپەڕودابەز ◯ 1 دو، گریز 2 جست و خیز

scampi /ˈskæmpi/ *noun, pl.* same
(ئیتالیایی) 1 شامەیگو 2 چێشت یا خۆراکی شامەیگو ◯ 1 شاەمیگو 2 غذای شاەمیگو

scan /skæn/ *noun*
1 بڕگاندن، شی‌کردنەوە، بڕین 2 پێوان 3 ڕوانین، چاوپیاخشاندن، لێ‌وردبوونەوە، گەڕان، ورد پشکنین، ئەم‌بار و ئەوبارکردن، لێکدانەوە 4 سکەن، گەڕان، پشکنین، دۆزین، وێنەی

سکەن کراو (بە scanner) ۞ 1 تقطیع 2 پیمایش 3 نگاه 4 بررسی دقیق 5 اسکن، تصویر اسکنی

scandal /'skændl/ *noun*

1 ئابڕووچوون، حەیانەمان، ئابڕووتکان، ڕووڕەشی، ڕووسیایی، نێوزڕاوی، نێوشری 2 مایەی ئابڕووچوون، مایەی ڕووڕەشی، شووورەیی، نەنگ، مایەی سووکبوون 3 زەمکردن، پاشملە(قسەکردن)، خراپەوتن 4 قسە بۆ هەڵبەستن، تۆمەت 5 دەنگۆ، بەندوباو، لۆغەت، قاو، چەڵتە، قسەڵۆک ۞ 1 رسوایی 2 مایەی آبروریزی 3 بدگویی 4 تهمت 5 شایعه

scandalization *noun*

ئابڕووبردن، ڕووڕەش کردن، ڕووسیاکردن، بێزڕاندن، زڕاندن ۞ رسواسازی

scandalmonger /'skændlmʌŋgə(r)/ *noun*

دەمبەهاوار، قاوداخەر، ئابڕووبەرە، قسەڵۆک هەڵبەست ۞ شایعەپراکن

scandalmongering *noun*

دەمبەهاواری، قاوداخەری، قسەڵۆک هەڵبەستی ۞ شایعەپراکنی

scandalous /'skændələs/ *adjective*

1 جێی شەرم، مایەی سەرشۆڕی، ڕووڕەشێنەر، شەرماوی، نەنگ(اوی)، ئابڕووبەرە، شوورەیی، تەرۆ، نێوزڕێن 2 دەمبەهاوار، قاوداخەر 3 زەمکەر، خراپەبێژ، بەدگۆ ۞ 1 ننگ‌آور، رسواکننده 2 شایعه‌پرداز 3 بدگو

scandalously /'skændələsli/ *adverb*

بە شێوەیەکی شەرماوی، ڕووسیایارانە، ئابڕووبەرانە ۞ به طور ننگ‌آور

scandent /'skandənt/ *adjective*

(ڕووەک) پیاهەڵچوو، پیاهەڵگژاو، پیاهەڵگەڕاو، پیاسەرکەوتوو، پیاسەرچوو: ◊ *scandent stems* ۞ بالارو *scandent vines*

Scandian *adjective, noun*

adj سکاندیناڤیایی، scandinavian، سەربە زمانانی سکاندیناڤیایی *n* خەڵکی سکاندیناڤیا ۞ *adj* اسکاندیناویایی *n* اهل اسکاندیناوی

Scandinavian /,skændɪ'neɪviən/ *adjective, noun*

adj سکاندیناڤیایی، سەربە سکاندیناڤیا (دانمارک، نۆرویژ، سوید و ئایسلەند) *n* 1 خەڵکی سکاندیناڤیا، سکاندیناڤی 2 لقی باکووری زمانە ئەڵمانییەکان (دانمارکی، نۆرویژی، سویدی، ئایسلەندی و فارۆئیزی) ۞ *adj* اسکاندیناویایی *n* 1 اهل اسکاندیناوی 2 اسکاندیناوی

Scandinavian languages *noun, pl.*

زمانە سکاندیناڤییەکان ۞ زبان‌های اسکاندیناوی

scandium /'skændiəm/ *noun*

(کیمیا) سکاندیۆم (بە ز.گ. 21 ن. Sc؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *Scandia* کورتەی *Scandinavia* (جێگایێ کە ئەو کانزایانەی لێ دەدۆزرایەوە کە ئەم توخمەی تیابوو) ۞ اسکاندیم

scanner /'skænə(r)/ *noun*

پشکێنە، دەزگای سکەن، سکەنێر: *a document scanner* ۞ پویش‌گر، اسکنر

scansion /'skænʃn/ *noun*

(هەڵبەست) بڕگاندن، شیکردنەوە، بڕگەبەندی ۞ تقطیع

scansorial /skæn'sɔːrɪəl/ *adjective*

پیاهەڵچوو، پیاهەڵگژاو، پیاسەرکەوتوو، پیاسەرچوو ۞ بالارونده

scant /skænt/ *adjective*

1 کەم، ناتەواو، نەختەڵان، بەشنەکردوو 2 کورت 3 چکۆلە (scantness *n* ؛scantly *adv*) ۞ 1 مختصر، ناقص 2 کوتاه 3 کوچک

scanty /'skænti/ *adjective* (scantier, scantiest)

1 ناتەواو، نیوەچڵ، بەشنەکردوو، کەم، نە ئەوندەش 2 چکۆلە، تەنگ 3 (جلوبەرگ) کورت، (نیوە)ڕووت: *a scanty bikini* (scantily *adv*: بڕێ، نەختێ، بە بڕێکی کەم، بە کەمی: *scantily dressed models*؛ scantiness *n*: ناتەواوی، کەمی، بەشنەکردوویی) ۞ 1 ناکافی 2 کوچک 3 (لباس) کوتاه

scantling *noun*

1 بڕێکی کەم، بەشێکی کەم 2 نموونە 3 میلەی پێوان یان ئەندازەگرتنی گەز 4 (هەروەها scantlings) کۆمەڵە ئەندازەیێکی ستاندارد یان پێوانەیی بۆ بەشەکانی پێکهاتە یان دەزگایێ، ب.ت. لە کەشتیسازیدا 5 پایە یان پاچکەی چوارچێوە 6 ئەندازە، ئەندازەی نموونە، ڕادە، پلە 7 چوارچێوەی ژێرکۆس یان بەرمیل ۞ 1 مقدار کم، جزء کوچک 2 مسطوره، نمونه 3، 4 و 5 اسکانتلینگ 6 ابعاد، درجه 7 چهارچوب زیر بشکه

scape *noun*

1 (مێرووناسی) بەشی بنەڕەتی شاخ، میل، لاسک، ساقەت 2 میل یان لاسکی پەڕ 3 هەڵاتن، دەربازبوون ۞ 1 ساقه، میل 2 ساقەی پر 3 فرار

-scape *suffix*

پاشگر: دیمەن، پێشچاو: *moonscape* ۞ پسوند: چشم‌انداز، منظره، صحنه

scapegoat /'skeɪpgəʊt, US -goʊt/ *noun*

1 (لە کتێبی پیرۆزدا) بزنێ کە بەرەڵای بیابان کرا پاش ئەوەی کە گەورەقەشەی جوو بە شێوەیێکی هێمایی لە ژوور سەریەوە گوناهانی خەڵکی لەسەر دانابوو (Lev. 16) 2 قۆچی قوربانی، پێناو، بەلاگێرەوە، سەرگەرد، قەزاوەگێر (scapegoatism *n*) ۞ 1 بز طلیقه 2 سپر بلا

scapegoating *noun*

خستنە ئەستۆی خەڵکەوە ۞ انداختن مسؤلیت بر گردن دیگران

scapegrace /'skeɪpgreɪs/ *noun*
لە شەیتان‌بوو، توخمی سەگ، زۆلی سەگ ۞ تخم جن

scaphoid /'skafɔɪd/ *adjective, noun,* also navicular
adj (تویکاری) بەلەمی، لۆتکەیی *n* ئێسکی بەلەمی (لە *skaphos*ی یۆنانی‌یەوە بە واتای بەلەم یان لۆتکە) ۞ *adj* زورقی *n* استخوان زورقی

scapolite *noun*
کۆمەڵێکی کانە چوارلاکان کە لە سیلیکاتەکانی ئالومینیۆم، کالسیۆم و سۆدیۆم لەگەڵ کلۆرین یان کاربۆنات پێکهاتوون ۞ اسکاپولیت

scapose *adjective*
لە شێوەی لاسکی بێ‌گەڵا، خاوەن یان پێکهاتوو لە scape ۞ اسکاپوس

scapula /'skæpjʊlə/ *noun, pl.* scapulae /-liː/ or scapulas
1 (تویکاری) ئێسکی شان، شەپکەشان، شەپکەی شان، باڵەکە (تکنیکی‌ترە لەبری dorsal 2 ئێسکی پشتی (shoulder-blade pectoral پشتێنەی شانی یان سەرشان bone لاتین *scapulae* تاکی ,late Latin لە ,girdle 2 اسکاپولا ۞ 1 استخوان کتف ("shoulder-blades"

scapular /'skæpjʊlə(r)/ *adjective, noun*
adj 1 سەربە 2 scapula (باڵندەناسی) سەربە پەڕی ناوشان یا سەرشان *n* 1 برین‌پێچی سەرشان 2 عەبا یا جبەی کورتی کڵاودار ۞ *adj* 1 وابستە بە استخوان کتفی 2 اسکاپولار *n* 1 پانسمان کتف 2 ردای کوتاه باشلق‌دار

scapulary *noun, pl.* scapularies
1 پەڕی ناوشان یان سەرشان 2 عەبا یان جبەی بێ‌قۆڵی کڵاودار ۞ 1 اسکاپیولار 2 ردای بی‌استین باشلق‌دار

scar /skɑː(r)/ *noun*
1 جێ‌برین، نیشانەی برین، گرێ، شوێنی برین یان زام، بزماتە 2 شوێنەواری خراپ، کاریگەری ناڵەبار، ئەزموونی ناخۆش 3 داغ 4 شوێنی خراپ‌بوو یان زیان‌پێ‌گەیشتوو 5 هەڵدێر، تەمباز، ڕەوەز ۞ 1 اثر زخم 2 اثر نامطلوب 3 داغ 4 محل آسیب‌دیده 5 پرتگاه

scarab /'skærəb/ *noun,* also scarab beetle
1 قالۆنچە، کێزک، گازۆلک [*Scarabaeus sacer*] 2 (لە میسری کۆندا) هەڵکەندنی شێوەی قالۆنچەیی، کرمێ وەکوو خشڵێ یان تەلەسمێ، وێنەی بەردینی قالۆنچە ۞ 1 جُعَل، سرگین‌غلتان 2 سکاراب

scarabaeid /ˌskarə'biːɪd/ *noun, adjective*
n تیرەی قالۆنچەیی‌یەکان، کێزکیان (Scarabaeidae) *adj* قالۆنچەیی، کێزکی ۞ *n* جعل‌سانان *adj* جعلی

Scarabaeidae *noun, pl.*
قالۆنچەیی‌یەکان، تیرە(ی)قالۆنچەیی(یەکان) ۞ جعلیان، جعل‌سانان

scaramouch /'skarəmaʊtʃ, US -muːtʃ/ *noun*
(کۆن) کەسێکی خۆهەڵکێشی ترسەنۆک ۞ آدم لاف‌زن بزدل

scarce /skeəs, US skers/ *adjective* (scarcer, scarcest), *adverb*
adj 1 دەگمەن، دەس‌نەکەوتوو، کەم، قات، دانسقە، ناوازە، ناپەیدا، کەم‌دەسکەوتوو، کەم‌پەیدا 2 کەم، ناتەواو، بەش‌نەکردوو، نیوەچڵ *adv* بە سەختی، بە زۆر، بە ئاستەم ۞ *adj* 1 کم‌یاب 2 ناکافی *adv* به زحمت

scarcely /'skeəsli, US 'skers-/ *adverb*
بە دەگمەن، زۆر کەم، بە سەختی، بە ئاستەمی، بە دژواری، تازە، هەرکە، زۆری نەمابوو کە، بڕێ لەوە پێش، تەنیا: *I can -arcely believe it* ◊ *We -rcely ever meet* ۞ بە ندرت، بە سختی، بە محض این‌کە، کمی قبل، فقط

scarceness *noun*
دەگمەنی، کەمی، کەم‌پەیدایی، دەس‌نەکەوتوویی، قاتی، دانسقەیی، کەم‌دەسکەوتوویی ۞ ندرت، کم‌یابی

scarcity /'skeəsəti, US 'skers-/ *noun, pl.* scarcities
1 دەگمەنی، دەس‌نەکەوتوویی، کەم‌پەیدایی، دانسقەیی، قاتی، ناپەیدایی 2 کەمی، ناتەواوی ۞ 1 کم‌یابی، ندرت 2 کم‌بود

scare /skeə(r), US sker/ *noun*
ترس، تۆقین ۞ هراس، واهمە، رعب

scarecrow /'skeəkrəʊ, US 'skerkroʊ/ *noun*
1 داوەڵ، چاتۆڵ، مەترسی، قەیلۆک، هەراسە، لۆپک، بووکەدارینە 2 شتێکی ترسناک بەڵام بێ‌وەی 3 کەسێکی شڕۆڵ یان ڕەقەڵ ۞ 1 مترسک، افچە 2 چیز ترسناک اما بی‌ضرر 3 آدم ژندەپوش یا استخوانی

scared /skeəd, US skerd/ *adjective*
تۆقیو، ترساو، زراوچوو، ترس‌لێ‌نیشتوو، نگەران، دڵ‌لەدوا: *The thieves got scared and ran away* ۞ وحشت زدە، ترسیدە، دلواپس

scaredy-cat *noun*
(نافەرمی) کەسێکی حیز یان شەرمێون ۞ آدم بزدل یا خجالتی

scare-head *noun*
ڕەشەسەردێڕ، سەردێڕی ترسناک (یان ڕەش) ۞ عنوان وحشتناک

scare-headline *noun*
ڕەشەسەردێڕ، سەردێڕی ترسناک ۞ عنوان

وحشتناک

scaremonger /ˈskeəmʌŋgə(r), US ˈskerm-/ *noun*
(مرۆی) ترس‌نەرەوە، تۆقێنەر، ترسێنەر، چۆکشکێن ◇ آدم هراس‌انگیز

scaremongering *noun*
ترس‌نانەوە، تۆقاندن، ترساندن، زراوبردن، ترس‌خستنەوە ◇ هراس‌انگیزی

scare story *noun*
راپۆر یان دەنگۆی ترس‌نەرەوە ◇ گزارش یا شایعەی هراس‌انگیز

scarf /skɑ:f, US skɑ:rf/ *noun*
1 لەچکە، سەرپۆش 2 شاڵگەردن، ملپێچ، شاڵ ◇ 1 روسری 2 شال گردن

scarf joint /skɑ:f dʒɔɪnt/ *noun*
جووت‌بوون یان جووت‌کردنی نیواونیو ◇ اتصال نیمانیم

scarfskin /skɑ:fskɪn/ *noun*
توێژ، توێخ، توێخ، رووپێست ◇ بشره

scarification /skɑ:rɪfɪˈkeɪʃn/ *noun*
نەشتەرکاری، نەشتەرلێدان، تیغ‌لێدان، برین ◇ نشترزنی

scarifier *noun*
نەشتەرکار، نەشتەرلێدەر، تیغ‌لێدەر ◇ نشترزن

scarlatina /ˌskɑ:ləˈti:nə/ *noun*, also scarlet fever or scarletina
(پزشکی) مێکوتە، میرکوت، مێکوتک ◇ مخملک (scarlatinal *adj*)

scarlet /ˈskɑ:lət, US ˈskɑ:rlət/ *noun, adjective*
1 ئاڵ، رەنگی سووری کاڵ(قرمز)، سووری رۆشن 2 پارچەی سووری کاڵ، جل‌وبەرگی سووری کاڵ 3 (گوناه و هتد) قورس، بێ‌شەرمانە ◇ 1 رنگ قرمز روشن 2 پارچە یا لباس قرمز روشن 3 سنگین

scarlet fever *noun*
(پزشکی) مێکوتە؟، سوورەتا، نیرگوتک (بەهۆی streptococcusـەکانی کۆمەڵ یان گرووپی A تووش دەبێ) ◇ مخملک

scarlet letter *noun*
پیتی سوور (پیتی A بە نیشانەی تاوانباری بە زینا) ◇ حرف سرخ

scarlet runner = runner bean

scarlet woman *noun*
قەحبە، حیز، گاندەر، کوونی، هەردەم بە دەس کەسێکەوە ◇ فاحشه

scarey = scary

scarp /skɑ:p, US skɑ:rp/ *noun*
1 تەلان، لێژی توند، توندایی، سەرەوخواری، سینەکێش، لاپێ 2 هەڵدێر 3 دیواری نێوەوەی خەندەک یان کەندەلان ◇ 1 شیب تند، سراشیبی 2 پرتگاه 3 اسکارپ

scarves /skɑ:vz, US skɑ:rvz/ = plural form of scarf

scary /ˈskeəri, US ˈskeri/ *adjective* (scarier, scariest)
1 ترسناک، ترسێنەر 2 ترسەنۆک، حیز ◇ 1 وحشتناک 2 بزدل

scat(o)- *prefix*
پێشگر: پیسی، پیسایی، گوو، گلاو (بنەرەت: لە یۆنانی‌یەوە skōr, skat "dung") ◇ پیشوند: مدفوع، نجس

scat *noun*
پشقەڵ، تەرس، تەرسەقول ◇ فضله

scathe /skeɪð/ *noun*
زەرەر، زیان، وەی، زەپ، خەسار، سەدەمە، بەلا ◇ گزند، آسیب

scathing /ˈskeɪðɪŋ/ *adjective*
1 زیاناوی، زیان‌پێگەیێن 2 ناخۆش، رەق، جەرگبڕ، توند، تاڵ، توندوتیژ، سەخت: *a scathing remark* ◊ *a scathing condemnation* 3 رەخنەگرانە، رەخناوی ◇ 1 آسیب‌رسان 2 گزنده، خشن 3 انتقادآمیز

scathingly /ˈskeɪðɪŋli/ *adverb*
1 ناخۆشانە، توندانە، توندوتیژانە 2 (بە شێوەیێکی) رەخنەگرانە ◇ 1 به طور گزنده یا خشن 2 به طور انتقادآمیز

scatology /skæˈtɒlədʒi/ *noun*
1 پیسایی‌ناسی (بۆ مەبەستەکانی پۆلاندن یان دیاری‌کردنی بەرنامە و رژیمی خۆراکی) 2 هەرزەبێژی (scatological or scatologic *adj*): 1 سەربە پیسایی‌ناسی 2 پڕ لە قسەی هەرزە) ◇ اسکاتولوژی

scatter /ˈskætə(r)/ *noun*
ژمارەیێ، بڕێ، هێندێ، تاک‌وتەروک، چەند دەنکێ ◇ تعدادی

scatterbrain /ˈskætəbreɪn/ *noun*
مرۆی بیربڵاو یان پەرێشان ◇ آدم حواس‌پرت

scatterbrained /ˈskætəbreɪnd/ *adjective*
بیربڵاو، بێ‌هۆش، کاس، پەرێشان، کەم‌هۆش ◇ حواس‌پرت

scattered /ˈskætəd, US -tərd/ *adjective*
پرژ، بڵاو، هەترە، پەرت، پەخش، پرش‌وبڵاو، پەرێشان، لێرەولەوێ، تاق‌ولۆق، تاک‌ولۆک، تووناتوون، تاک‌وتەرا(ڕ)ۆک، تاک‌وتەرا ◇ پراکنده

scattergun *noun*
تفەنگی راو ◇ تفنگ شکار

scatter pin *noun*
دەرزی بەرسنگ ◇ سنجاق سینه

scatter rug *noun*
بەرە یان قالیچەی چکۆلانە ◇ قالیچەی کوچک

scattering *noun*

1 ژمارەیـــی، بـــڕێ، هێنـــدێ، تـــاک‌وتـــەرا، تاک‌وتروک 2 پەرش‌بوونەوە، پرژبوون(ەوە)، بلاوبوونەوە، پرژان، بلاوەبوون ۞ 1 تعدادی 2 پراکندگی

scattily /'skætɪli/ *adjective*

گەوجانە، شێتانە، حۆلانە، حەپۆلانە ۞ احمقانـە، دیوانەوار، بە طور خل

scattiness /'skæɪməs/ *noun*

گەوجی، شێتی، حۆلی، حەپۆلی، حەپەیی ۞ حماقت، دیوانگی، خلی

scatty /'skæti/ *adjective* (scattier, scattiest)

گێژ، حەپە، حەپۆل، گەوج ۞ خل، احمق

scaup /skɔ:p/ *noun*

(باڵندەناسـی) لـوورەمراوی (نێرەکـەی سـەری ڕەشـــە [*Aythya marila*] و جـــۆرە پێوەندی‌دارەکان]) ۞ اسکوپ

scauper = scorp

scaur *noun*

هەڵدێر (ڕێنووسی کۆنی وشەی scar (واتای 5) ۞ پرتگاه

scavenger /'skævɪndʒə(r)/ *noun*

1 کەلاک‌خـۆر، لاشـەخۆر 2 زبڵ‌گـەڕ، زبڵ‌دۆز، سپور ۞ 1 مردارخوار 2 زباله‌گرد، سپور

ScD *abbreviation* Doctor of Science

SCE /ˌes si: 'i:/ *abbreviation* Scottish Certificate of Education

ئێس‌سی‌ئی: بڕوانامەی سـکاتلەندی بۆ پەروەردە یا خوێندن ۞ اس‌سی‌ای

scena /'ʃeɪnə/ *noun*

شـانۆ یـان سـێنی ئۆپێرا (ئیتالیـایی، لـە لاتینـەوە "scene") ۞ صحنه‌ی اپرا

scenario /sə'nɑ:riəʊ, US sə'næriou/ *noun, pl.* scenario

1 فیلم‌نامە، سیناریۆ 2 پلان، نەخشە، سیناریۆ: *a* ◊ *Let me suggest a possible scenario* *nightmare scenario* ۞ 1 فیلم‌نامه 2 طرح

scenarist /sɪ'nɑ:rɪst/ *noun*

فیلم‌نامەنووس، سیناریست ۞ فیلم‌نامه‌نویس

scend /sɛnd/ *noun*, also send

(کۆن) چوونەسـەرێ و خـوارێی کەشـتی لەبـەر شەپۆل ۞ سند

scene /si:n/ *noun*

1 پەردە، (سەر)شانۆ، سێن 2 جێ، شوێن، حەن، جێگـــا، وار: *the scene of the* 3 *accident/attack/crime* شـــوێنی ڕوودان، ڕوودانگــە 4 دیمــەن، پێـشچاو 5 جەنجاڵـی، بگرەوبەردە، گۆنگەڵ، کێـشە، هـەلا 6 ڕووداو، بەسـەرهات: *She witnessed some very* *distressing scenes* 7 بازار ۞ 1 صـحنه 2 جا، محل 3 محل وقوع 4 منظره 5 الم‌شنگه 6 واقعـه 7 بازار

scenery /'si:nəri/ *noun, pl.* sceneries

1 دیمـــەن، پێـــشچاو 2 دیمـــەن‌ڕێکخـــستن، دیمـەن‌ڕێـژی، دیمـەن‌ڕێکخـەری، شـانۆڕێژی، پەردەڕێژی ۞ 1 منظره 2 صحنه‌پردازی

scene-shifter *noun*

دیمــەن‌گــۆڕ، شــانۆگۆڕ، کرێکــاری دیکــۆڕ، پەردەگۆڕ ۞ سن‌شیفتر

scenic /'si:nɪk/ *adjective*

scrivener /'skrɪv(ə)nə/ *noun*

(مێژوویـی) 1 نووسـەر، نقیسـکار، نقیسـەڤان 2 سـوودخۆر، سـووخۆر، قـەرزدەر، وامدەر ۞ 1 نویسندە 2 رباخوار، وام‌دە

scrod /skrɒd/ *noun*

(ئەمریکا) بەچکەماسی cod، haddock و لەو شێوەیە ۞ اسکرود

scrofula /'skrɒfjʊlə, US 'skrɔːf-, 'skrɑːf-/ *noun*, also king's evil

زەریکـە، سـیلی ڕژێنـە لیمفـاوی‌یـەکانی مـل، خەنازیر ۞ خنازیر

scrofulous *adjective*

1 زەریکەیی، خەنازیری، تووش‌بوو بە زەریکە 2 پـیس، تێـوەدراو (لـەبـاری ئاکـاری‌یـەوە؛ *scrofulousness n* ؛*scrofulously adv*) ۞ 1 خنازیری، وابستە بە خنازیر 2 فاسد (از نظر اخلاقی)

scroll /skrəʊl, US skroʊl/ *noun, adjective*

n 1 تۆمار، گۆرۆز، لوولە، کتێبی کۆنی نووسـراو بە شێوازی تۆماری، (بیناسازی و هتد) تۆماری، پـێچ‌پێچۆکـە، نەخشـی تۆمـاری، قالـبی پـێچ‌پێچۆکـەیی *adj* تۆمـاری، پـێچ‌پێچۆکـەیی،

گوروزی ◊ n 1 طومار، اسکرول، (معماری) نقش طوماری 2 گچبری طوماری adj طوماری

scrollbar *noun*, also scroll bar
(کامپیوتیر) سکرولبار، سکرول‌بار ◊ اسکرول‌بار

scrolled *adjective*
(بیناسازی و هتد) تۆماری ◊ طوماری

scroll saw *noun*
هەرە یان مشاری تۆماری یان پێچپێچۆکەیی ◊ ارەی طوماری

scrollwork *noun*
گەچبری یا نەخشی پێچپێچۆکەیی، تۆمارکاری ◊ پیچک‌چنگ

Scrooge /skru:dʒ/ *noun*
پیسکە، رژد، بەرچاوتەنگ، لەچەر (لە ناوی Ebenezer *Scrooge* کەسێکی بەرچاوتەنگ لە رۆمانی Charles Dickens دا) ◊ لئیم

scrota /'skrəʊtə, US 'skroʊ-/ = plural form of scrotum

scrotal /'skrəʊtəl/ *adjective*
سەربە هێلکەدان یا گوندێن یا توورەکەی گون ◊ وابسته به بیضه‌دان

scrotitis *noun*
هەوکردنی گوندێن، ئاوسانی گوندێن ◊ التهاب کیسەی بیضه

scrotum /'skrəʊtəm, US 'skroʊ-/ *noun*, *pl.* scrota /-tə/ or scrotums
گوندێن، باتوودان، رتل، هەویج، کیسە یا توورەکەی گون ◊ کیسەی بیضه

scrounge /'skraʊndʒ/ *noun*
دزەدز، مووشە، بەدەس‌هێنانی شتێ بە فێڵ و سواڵ ◊ اسکرونج

scrounger *noun*
سەربار، مشەخۆر، مووشەخۆر ◊ انگل

scrub[1] /skrʌb/ *noun*
شتن، شوشتن، شواردن، ساوین، مشت‌ومال، داماڵین ◊ شستشو، مالش

scrub[2] /skrʌb/ *noun, adjective*
n 1 دەوەن، شەخەڵ 2 جارەدەوەن، دەوەنەلان، دەشتی چاڵووکاوی یان درکاوی، زەوییێ کە بە درک و داڵ داپۆشرابێ 3 داری هەڵنەداو یان ریوەڵە، داری گەورەنەبوو یان گرگنە *adj* هەڵنەداو، گەورەنەبوو، ریوەڵە، گرگن ◊ *n* 1 بوته 2 بوته‌زار 3 درخت رشدنکرده *adj* رشدنکرده

scrubber /'skrʌbə(r)/ *noun*
دەزگای شواردن، شۆرەک ◊ ماشین شوینده

scrubbiness /'skrʌbinəs/ *noun*
پیسکەیی، رژدی، لەچەری، بەرچاوتەنگی ◊ لئامت

scrubbing-brush *noun*, also scrub-brush
فلچەی عەرزشتنەوە، فلچە یان فرچەی زبر ◊ برس زمین‌شویی

scrubby /'skrʌbi/ *adjective* (scrubbier, scrubbiest)
1 چاڵووکاوی، درکاوی، دەوەناوی، داروەدەوەناوی، دەوەن‌پۆش، چقڵداتەنیو: *a scrubby hillside* 2 چکۆلە، ورد، هەڵنەداو، چکۆلانە، کورتەبالا، بالاکورت: *-y vegetation* ◊ 1 پوشیده از خار 2 کوچک، کوتاه

scrubland /'skrʌblənd/ *noun*
جارەدەوەن، دەوەنەلان، دەشتی چاڵووکاوی یان درکاوی، درکستان ◊ بوته‌زار

scrub oak *noun*
(لە ئەمریکای باکووری) بەڕووەگرگنە، داربەڕووی گرگنە، بیشە پێکدێنێ [*Quercus ilicifolia* و جۆرە پێوەندیدارەکان] ◊ نوعی بلوط

scrub-turkey = brush-turkey

scrub typhus *noun*, also tsutsugamushi disease
جۆرێ نەخۆشیی بەکتریایی لە bacterial ئەنجامی تا(وتوێ)ی febrile ئاستەم (*Orientia tsutsugamushi* syn. *Rickettsia tsutsugamushi*) شێوەی typhus دەدا، بەهۆی جۆرێ جانەوەری ورد بۆ مرۆڤ رادەگوێزرێ و لە چەند بەشێکی رۆژهەڵاتی ئاسیا دۆزراوەتەوە ◊ نوعی بیماری

scrubwoman = charwoman

scruff[1] /skrʌf/ *noun*, the scruff of the neck
پشمل، پشتەمل، بۆقەتە، ئەستوگوردە، پاتک، قەمتک ◊ پس گردن

scruff[2] /skrʌf/ *noun*
کەسێکی شێواو، شڕوشپرزە، نارێک‌وپێک ◊ آدم شلخته

scruffily /'skrʌfili/ *adverb*
شێواو، شڕوشپرزە، نارێک‌وپێک، شپرزە ◊ نامرتب، شلخته

scruffiness /'skrʌfinəs/ *noun*
پیسی، چەپەڵی، سووکی، چرووکی ◊ کثافت، پستی

scruffy /'skrʌfi/ *adjective* (scruffier, scruffiest)
1 شێواو، شڕوشپرزە، نارێک‌وپێک، شپرزە: *He looked a little scruffy* 2 پیس، چەپەڵ 3 سووک، نزم 4 پیسکە، رژد، بەرچاوتەنگ ◊ 1 شلخته 2 کثیف 3 پست 4 خسیس

scrum /skrʌm/ *noun*
1 لەشکر، خێڵ، لەشکر 2 جەماعەت، خەڵک، گەل 3 (هەروەها scrummage راگبی) هێرش؛ کۆبوونەوە، خڕبوونەوە، هەڵا 4 تێ‌ڕژاوی، قەرەباڵغی، جڕەبەندان، جەنجاڵی، شڵوقی، ئاپۆرە ◊ 1 فوج 2 جمعیت 3 (راگبی) هجوم؛ تجمع 4 ازدحام، غوغا

scrummage /'skrʌmidʒ/ = scrum

scrum half *noun*

(له راگبیدا) هافبەکی پشت هێڵی کۆبوونەوە یان خڕبوونەوە، یاریزانێ کە تۆپ دادەنێتە نێو scrum ◌ هافبک پشت خط تجمع

scrummy *adjective* (scrummier, scrummiest)
(نافەرمی) خۆش، بەتام، بەلەززەت، delicious: *a -y cake* ◌ خوشمزه

scrumptious /'skrʌmpʃəs/ *adjective*
خۆش، بەتام، بەلەززەت، delightful، excellent، ب.ت. delicious) scrumptiously /'skrʌmpʃəsli/ *adv*: خۆشانە، بەتامانە، بەلەززەت؛ scrumptiousness /'skrʌmpʃəsnəs/ *n*) ◌ خوشمزه

scrumpy /'skrʌmpi/ *noun*
سکرامپی (خواردنەوەیەکی قورسە لە سێو دەگیرێ) ◌ اسکرامپی

scrunch /skrʌntʃ/ *noun*
دەنگی خرمەخرم، دەنگی خرمە یان کرمە، دەنگی خشەخش: *the scrunch of tyres on the gravel* ◌ صدای خرچ و خرچ

scruple /'skru:pl/ *noun*
1 یەکەی پێوان بەرامبەر بە 20 گەنمە 2 (کۆن) بڕێکی زۆر کەم نەختێ، نیسکەلانێ 3 (scruples) ویژدان 4 نارەحەتی ویژدان(دەروون) 5 نیگەرانی، دوودڵی 6 نەهێشتن، ڕێلێگرتن ◌ 1 اسکروپل 2 مقدار بسیار کم 3 (در جمع) وجدان 4 دغدغەی خاطر 5 تردید 6 منع

scrupulosity *noun*
دوودڵی، نیگەرانی، دڵەڕاوکێ ◌ وسواس، تردید

scrupulous /'skru:pjələs/ *adjective*
1 سەرڕاست، دەروونپاک، ڕاست، پیاوچاک، دروست 2 سەرڕاستانە، بەئابڕووانە 3 ورد، وردەوەبوو، سەرنجپێدەر 4 هەستیار 5 سەختگر، عەمەلی ◌ 1 شریف، صادق 2 صادقانە 3 دقیق 4 حساس 5 وسواس

scrupulously /'skru:pjələsli/ *adverb*
سەرڕاستانە، دروستانە، بەئابڕووانە، بەوردی، وردبینانە، ئاگادارانە: *Her house is scrupulously clean* ◊ *to be scrupulously honest* ◌ صادقانە، موشکافانە

scrupulousness /'skru:pjələsnəs/ *noun*
1 سەرڕاستی، دەروونپاکی، ڕاستی، دروستی 2 وردبوونەوە، سەرنجپێدان ◌ 1 صداقت 2 دقت

scrutator /skru:'teɪtə/ *noun*
پشکنەر، وردەوەبوو، وردبین (بنەڕەت: لە لاتینی، لە *scrutari* "گەڕان، بە دواداگەڕان، تاقیکردنەوە، examine، search") ◌ موشکاف

scrutineer /ˌskru:tə'nɪə(r), US -'nɪr/ *noun*
(لە بریتانیا) پشکنەر یان چاودێری هەڵبژاردن ◌ بازرس انتخابات

scrutinization *noun*
پشکنین، وردبوونەوە، لێکۆڵینەوە ◌ بازرسی، بررسی، مداقه

scrutinizer *noun*
پشکێنەر، وردەوەبوو، وردبین ◌ موشکاف

scrutiny /'skru:təni/ *noun, pl.* scrutinies
پشکنین، (لێ)وردبوونەوە، قووڵبوونەوە، وردپشکنین، بەسەرکردنەوە، وردپیاچوونەوە، بەسەرکردنەوە، سەنگوسووکردن، وردتاقیکردنەوە، ڕاگەیشتنی بەوردی، لێکدانەوە، لێکۆڵینەوە، تێڕوانین، موو لە ماست دەرکێشان ◌ مداقه، بررسی، رسیدگی دقیق، مشاهده

scuba /'sku:bə, US 'skju:bə/ *noun*
(مەلەوانی) ماسکی ئۆکسیژن، دەمامکی مەلەوانی، دەزگای هەناسەدانی ژێرئاو (سەروشەی self-contained underwater breathing apparatus) ◌ ماسک اکسیژن

scuba diver *noun*
مەلەوان بە دەزگای هەناسەدانی ژێرئاوەوە ◌ غواص با ماسک اکسیژن

scuba diving /'sku:bə daɪvɪŋ/ *noun*
مەلەوانی بە دەزگای هەناسەدانی ژێرئاوەوە ◌ غواصی ماسک اکسیژن

Scud /skʌd/ *noun*
مووشەکی سکاد ◌ اسکاد

scud /skʌd/ *noun*
جووڵانەوەی توند و خێرا، ڕۆیشتنی بەتاوی هەور (بە ڕامالینی با) ◌ حرکت تند، حرکت سریع ابر

scudo /'sku:dəʊ/ *noun, pl.* scudi /-di/
(مێژوویی) کۆینی جارانی هەرێمە جیاجیاکانی ئیتالیا ◌ اسکودو

scuff /skʌf/ *noun*
سوانەوە، خورانەوە، ڕووشان، مەرت، خەت، شوێن (پێخشکێ)، خەتتێکەوتن ◌ رفتگی، خراش

scuffed *adjective*
ڕووشاو، ڕووشڕووش، خوراو، کۆن، سوواو ◌ خراشیده، سائیده‌شده

scuffle /'skʌfl/ *noun*
شەڕ، کێشە، بگرەوبەردە، تێکهەڵچوون، تێکسرەواندن، تێکبەربوون، کنگەشەڕ ◌ درگیری، زد و خورد

scuffle hoe *noun*
پاچەکۆلەی باخەوانی، پێمەڕەی باخەوانی ◌ کجبیل باغبانی

scuffling /'skʌflɪŋ/ *noun*
دەنگی پێخشاندن، پێخشکە ◌ صدای لخ‌لخ

scuffmark *noun*
ڕووشان، مەرت، شوێن، ڕووش، خەتتێکەوتن ◌ خراش

scull /skʌl/ *noun*

1 چەپە، کلکە، کاپۆل، سەوڵ، سەوڵی دواوە 2 (sculls) کۆمەڵـە پێـشبرکێی بەلەمـەوانی یـان گەمیلێخوڕی ◌ 1 پـارو، پـاروی عقبـی 2 (در جمع) مسابقات قایقرانی

sculler /'skʌlə(r)/ *noun*

1 بەلەمەوان، بەلەملێخوڕ، گەمیگێڕ، بەلەمگێڕ 2 سەوڵلێدەر، سەوڵچی، چەپەگێڕ ◌ 1 قـایقران 2 پاروزن

scullery /'skʌləri/ *noun, pl.* sculleries

قاپشۆرخانە، دوێر، دیوی شتنی قاپوکەوچک (لە پەنای چێشتخانەدا) ◌ اتاق شستشوی ظروف

sculling /'skʌlɪŋ/ *noun*

1 بەلەمـەوانی، بەلـەملێخـوڕی، بەلـەمگێـڕی 2 سـەوڵلێدەری، چەپەگێـڕی ◌ 1 قـایقرانـی 2 پاروزنی

scullion /'skʌlɪən/ *noun*

(کۆن) قاپشۆر، شاگردی ئاشپەز، دوائاشپەز ◌ کمک‌آشپز

sculpin /'skʌlpɪn/ *noun*

ماسـیبەسـەرپانە [چـەنـد جـۆرن و لـە خێـزانی Cottidae] ◌ نوعی ماهی

sculptor /'skʌlptə(r)/ *noun*

1 پەیکـەرتاش، پەیکەرسـاز 2 بـەردتاش ◌ 1 مجسمەساز 2 سنگ‌تراش

sculptress /'skʌlptrəs/ *noun*

پەیکەرتاش، پەیکەرساز (ژن) ◌ مجسمەساز (زن)

sculptural /'skʌlptʃərəl/ *adjective*

پەیکەری، پەیکەرئاسا ◌ مجسمەای، تندیس‌گون

sculpture /'skʌlptʃə(r)/ *noun*

1 پەیکەرتاشـی، پەیکەردروسـتکـردن، پەیکەرسـازی 2 بەردتاشـی 3 پەیکـەر، کۆتـەڵ (بنەڕەت: لە *sculptura* لاتین، لە *sculpere* ـەوە "داتاشـین، هـەڵکـەنـدن "carve") ◌ 1 مجسمەسازی 2 سنگ‌تراشی 3 تندیس، مجسمه

sculptured /'skʌlptʃəd, US -tʃərd/ *adjective*

بە شێوەی پەیکەر، پەیکەرئاسـا، جوان، دەرکەوتوو، بە دیارەوە ◌ بە صورت تندیس، شکیل

sculptured head *noun*

پەیکەری سەر، سەرپەیکەر ◌ سردیس

sculpture in the round *noun*

پەیکـەری سـەربەخۆ، پەیکـەری هەمەلایەنـە (بـە هـیچ جێگایێکـەوە نەنووسـاوە و لـە گـەمـوو لایێکەوە دیارە) ◌ مجسمەی مستقل

sculpturesque *adjective*

بـە شـێوەی پەیکـەر، پەیکەرئاسـا، پـەیکـەرانـە، جـوان، شـۆخ، دەرکـەوتوو، بـە دیـارەوە ◌ بـە صورت تندیس، شکیل

scum /skʌm/ *noun*

1 کـەف، کـەفاو، تـوێ، قرتماخـە، تـوێژاڵ، سـەرکۆزەر، سـەرکوڵ 2 (scums) قەلەوقوتـە، لاتولـووت، بەرەڵاوهـەرەڵا، گـەدەوگودە 3 (خوازە) پاشماوە، بەرماوە (ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ 1 کـف، لایـه 2 (در جمـع) اراذل و اوبـاش 3 (مجازی) پس‌مانده

scumbag *noun*

(نافەرمی) کەسێکی خوێڕی و هیچوپووچ ◌ آدم رذل

scumble /'skʌmb(ə)l/ *noun*

1 نەرمکردنەوەی ڕەنگ، پیاساوین بە ڕەنگی مات 2 نەرمی بەرچاوکەوتوو لە ئەنجامی ئەو شێوەیە ◌ اسکامبل

scummy /'skʌmi/ *adjective* (scummier, scummiest)

(شلەمەنی) کەفکردوو، کەفاوی: *scummy water* ◌ کف‌کرده، کف‌آلود

scuncheon /'skʌn(t)ʃ(ə)n/ *noun*

دیوی نێوەوەی لاشیپانەی درگا یان چوارچێوەی پەنجێرە ◌ اسکانشون

scunge *noun*

(نیوزیلەند و ئەوسترالیا) مرۆی مڕومۆچ، نەمرچ ◌ آدم بدعنق

scunner *noun*

1 قین و بێزاری زۆر 2 مایەی قین و ڕق ◌ 1 تنفر شدید 2 موجب تنفر شدید

scup *noun, pl.* same

جـۆری porgy ئاسـایی [*Stenotomus chrysops*] ◌ نوعی ماهی

scupper /'skʌpə(r)/ *noun*

1 کونی دیـواری کەشتی، کونی لێڕژانی ئـاو (ئاوی سەر پشتی کەشتی) 2 قاحبە، لەش‌فرۆش ◌ 1 روزنەی خروج آب 2 فاحشه

scurf /skɜːf/ *noun*

1 کەپـەک 2 کرێژ، نەمەس، کەلەی، کەفشک، تەفشک، کەپەک ◌ 1 پوسته 2 شورەی سر

scurfy *adjective*

کـرێژی، نەمەسـی، کـرێژداگرتوو، تەفـشکاوی، کرێژاوی ◌ شورەای

scurrility *noun, pl.* scurrilities

1 دەمشڕی، دەمچەفتی، دەمپیسی، زمانپیـسی، دەمبەجنێوی 2 ناحـەزی ◌ 1 فحاشی، بددهنی 2 زشتی

scurrilous /'skʌrələs, US 'skɜːr-/ *adjective*

1 دەمشـڕ، دەمپیـس، جنێـوفرۆش، پڕلـە قـسەی ساردوسـووک، پڕ لـە نێوونێتکـە، جنێوفرۆشـانە، سووکایەتی‌یانە، سووکانە، دەمشڕانە 2 ناحەز ◌ 1 فحاش، هتاکانه، فحاشانه 2 زشت

scurrilously /'skʌrələsli, US 'skɜːr-/ *adverb*

جنێوفرۆشـانە، سـووکایەتی‌یانـە، سـووکانە، پڕلـە نێوونێتکە ◌ هتاکانه

scurrilousness /'skʌrələsnəs, US 'skɜ:r-/ *noun*
دەمشڕی، دەمپیسی، زمانپیسی، سووکایەتی،
دەمبەجنێوی، ناحەزی ۞ هتاکی، فحاشی

scurry /'skʌri, US 'skɜ:ri/ *noun*
1 دەنگی زرموکوت (هەلاتن)، زرمە، زرمەزرم
2 ژاوە، هەراوهوریا، قاووقیژ 3 پەلەپچڕکێ،
جرپوهۆڕ، پەلەپڕووزە، پەلەپەل ۞ 1 صدای
دویدن 2 هیاهو 3 جنب و جوش

scurvily /'skɜ:vɪli, US 'skɜ:rvɪli/ *adverb*
نامەردانە، حیزانە، ناپیاوانە، بێشەرەفانە ۞ رذیلانە

scurviness /'skɜ:vinəs, US 'skɜ:rvinəs/ *noun*
سووکی، چروکی، نزمی، ناپیاوی، پەستی ۞
رذالت، فرومایگی

scurvy /'skɜ:vi, US 'skɜ:rvi/ *noun, adjective* (scurvier, scurviest)
n سکێرفی، سکوربوت (جۆرێ نەخۆشی کە لە
ئەنجامی کەمی ڤیتامین C دەکەوێتەوە) *adj* 1
سووک، چروک، نزم، چەپەل، بێشەرەف،
خوێڕی، ناپیاو، contemptible: *a scurvy*
trick 2 ناپیاوانە، نامەردانە، بێشەرەفانە ۞ *n*
اسکوربوت *adj* 1 رذل 2 رذیلانە

scurvy grass *noun*
جۆرێ گیای کووزەلەئاسای cress-like چکۆلە،
جاران دەخورا تا بەری نەخۆشی سکێرفی بگرێ
[توخم *Cochlearia*] ۞ اسکروی گراس

scut[1] *noun*
قولەکلک، کلککولی، کلکی کورت و رەپ
یان قوت ۞ اسکات

scut[2] *noun*
(ئیرلەند، نافەرمی)مرۆی کەر و هیچوپووچ ۞
آدم احمق و پست

scuta = plural form of scutum

scutage /'skju:tɪdʒ/ *noun*
(لە کۆمەلگای دەرەبەگایەتیدا) پارەیێ کە لە
لایەن رەعیەتێکەوە دەدرا بە ئاغاکەی لە بری
خزمەتی لەشکری، مەتالە، مەتالانە ۞ اسکوتاژ

scutcheon = escutcheon

scutate *adjective*
(گیانەوەرناسی) داپۆشراوە بە پوولەکەی زلە ۞
اسکوتیت

scutellar *adjective*
مەتالژەیی، مەتالچەیی، مەتالۆچکەیی،
پوولەکەیی، سەربە یان پێوەندی بە scutellum
ەوە هەیە ۞ وابستە بە سپرچە یا فلس

scutellate *adjective*
مەتالئاسا، قالغانئاسا، مەتالی، قەلغانی،
شێوەمەتال ۞ سپرمانند

scutellation *noun*
داپۆشران بە پوولەکە، پوولەکەپۆشی،
پوولەکەڕیزی ۞ پوشش فلسی

scutellum /skjʊ'tɛləm/ *noun, pl.* scutella /-lə/
(گیانەوەرناسی و رووەکناسی) مەتالژە،
مەتالچە، بەرگی مەتالی گیانەوەران، مەتالۆچکە،
پوولەکە (scutellar *adj*) ۞ سپرچە، فلس

scutiform *adjective*
قەلغانئاسا، مەتالی، شێوەمەتال، قەلغانی،
شێوەقەلغانی ۞ سپرمانند

scuttle[1] *noun*
1 هەلەداوان، پرتاو، پەلەپرووزێ، جرپوهۆڕ،
هەنگاوی توند و زووزوو 2 هەلاتن، راکردن 3
پاشەکشێ ۞ 1 گام تند 2 گریز 3 عقبنشینی

scuttle[2] /'skʌtl/ = coal scuttle

scuttle[3] *noun*
کونی سەردار لەسەر پشتی کەشتی یان
تەنیشتیدا ۞ اسکاتل

scuttlebutt *noun*
(نافەرمی) قسەلۆک، دەنگۆ، هاتوهاوار ۞ شایعە

scutum /'skju:təm/ *noun, pl.* scuta /-tə/
1 مەتالی لاکێشەیی یان درێژکۆلە (هی رۆمی
کۆن) 2 (توێکاری) کلاوە یان کاسەی ئەژنۆ 3
(گیانەوەرناسی) قاوخ، مەتال ۞ 1 سپر مستطیلی
2 کاسەی زانو 3 پوستەی استخوانی

scutwork *noun*
(نافەرمی) کاری ناخۆش یان شەکەتکەر ۞
کار کسلکنندە

Scyphozoa /ˌsʌɪfə'zəʊə, ˌskʌɪf-, ˌskɪf-/ *noun, pl.*
(گیانەوەرناسی) کاسازەلەکان: دەستەیێ لە
گیانەوەرانی coelenterate ناوی کە jellyfish
ەکان دەگرێتەوە (بنەڕەت: لە *skuphos* یۆنانی
"کاسە" + *zōion* یۆنانی "ئاژەل") ۞ سایفوزوا

scyphozoan *noun, adjective*
(گیانەوەری) کاسازەلە ۞ سایفوزوان

scyphus *noun, pl.* scyphi
کاسە، بایە، جام، پیالە (بە دوو قولفەوە) ۞
کاسە، قدح

scythe /saɪð/ *noun*
1 مەلەغان، کەرەنتوو، قرتم، ترپان، کەلەندەر،
کاسۆخ 2 تیغێکی داسئاسا کە لە لایێکی
ئەرابەیان دەبەست ۞ سایس

Scythian /'sɪðɪən/ *noun, adjective*
n 1 ئەندامی گەلێکی رەوەند، دانیشتوو یان
رەسەنی Scythia، ناوچەیێکی کۆن (سەکێستان
یان سیستانی ئێستا) 2 زمانی ئێرانی سەکاکان
adj سەربە سیسیا یان سیتیا ۞ سکایی

SDLP /ˌes di: el 'pi:/ *abbreviation* Social and Democratic Labour Party
(لە ئیرلەندی باکووریدا) پارتی کۆمەلایەتی و
دیموکراتی کار ۞ اس‌دی‌ال‌پی

SDP *abbreviation* Social Democratic Party
(سیاسەتی بریتانیا) پارتی سۆشیال دیموکرات
○ اس‌دی‌پی
SE *abbreviation* south east
باشووری رۆژهەلات یان رۆژهەلاتی ○ جنوب‌شرق
Se *symb.* the chemical element selenium
sea /si:/ *noun*
1 دەریا، زەریا، زرێ، ئۆقیانووس: *to travel by sea* ◊ *The waste was dumped in the sea* ◊ *The wreck is lying at the bottom of the sea* 2 ئاوی *the cold seas of the Arctic* ◊ دەریا 3 شەپۆلی دەریا یان زەریا، زرێپێل: *It was a calm sea* ◊ *The sea was very rough* 4 پانتایی، مەلبەند، گۆرەپان ○ 1 دریا، اقیانوس 2 آب دریا 3 موج دریا 4 گستره
sea air *noun*
هەوای دەریا، هەوای پاڵ زرێ ○ هوای دریا
sea anchor *noun*
لەنگەری کەشتی ○ لنگر کشتی
sea anemone *noun*
گوڵەنیسانی ئاوی یان زەریایی [دەستە Actiniaria] ○ شقایق دریایی
sea-animal *noun*
گیانەوەری ئاوی ○ جانور آبزی
seabag *noun*
توورەکە یا جانتای (جلی) مەلەوان ○ کیف ملوان
sea bass *noun*
جۆرێ ماسی، شێوەی perchی ئاوی شیرین دەدا [زۆر جۆرن، پتر لە خێزانی Serranidae] ○ نوعی ماهی
sea bathing *noun*
مەلە، خۆشتن (لە دەریا) ○ آبتنی
seabed /'si:bed/ *noun*
تەرکی دەریا، تەختی زەریا، بنکی زرێ ○ بستر دریا
sea bird /'si:bɜ:d, US -bɜ:rd/ *noun*
مراو، باڵندەی دەریایی، باڵندە یان پەلەوەری ئاوی (وەک gull یان albatross) ○ مرغ دریایی
seaboard /'si:bɔ:d, US -bɔ:rd/ *noun*
ناوچەی کەناری، کەنارستان، کەناری، قەراخ ئاو، گوێئاوان، دەمئاوان ○ ناحیەی ساحلی
seaborgium /si:'bɔ:gɪəm/ *noun*
(کیمیا) سیبۆرجیۆم (بە ز.گ. 106، ن. Sg؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە ناوی کیمیازانی ناوکی ئەمریکایی Glenn *Seaborg*) ○ سیبورجیم
seaborne /'si:bɔ:n, US -bɔ:rn/ *noun*
دەریایی، لە ڕێگای دەریاوە ○ دریابرد
sea bream *noun*
بریمی دەریایی، لە شێوەی بریمی ئاوە شیرینەکان [چەندین جۆرن، زۆرتر لە خێزانی Sparidae] ○ نوعی ماهی
sea breeze *noun*
شنەی دەریا، سروەی زرێ، سریوەی زەریا ○ نسیم دریا
sea buckthorn *noun*
(رووەکناسی) جۆرێ دەوەن کە لە کەناری لمیدا شین دەبێ، بەریکی پرتەقاڵی دەگرێ [*Hippophae rhamnoides*] ○ نوعی درختچه
sea butterfly *noun*
(مێروناسی) پەپوولەی دەریایی: جۆرێ molluscی زگپێی چکۆلە [دەستەکانی Gymnosomata و Thecosomata] ○ نوعی پروانه
sea-calf /'si: kɑ:f/ *noun*
بەرازی دەریایی، گوێلک یان گوێرەکەی دەریایی ○ خوک دریایی
sea captain *noun*
کەشتییەوان ○ ناخدا
sea change *noun*
گۆڕانی بنەڕەتی، گۆڕانی بنچینەیی، گۆهارتنا بنگەهی (بنەڕەت: لە *Tempest* شەکسپیر .I. ii 403) ○ دگرگونی بنیادی
sea chest *noun*
سنووقچەی مەلەوان ○ صندوقچەی ملوان
sea coast *noun*
زرێبار، کەناری دەریا ○ ساحل دریا
sea cow *noun*
مانگای دەریایی، گاناوی ○ گاو دریایی
sea cucumber *noun*
خەیاری دەریایی: پێسدرکێ [پۆل Holothuroidea] ○ کوکومبر سی
Sea Dayak = Iban1
sea dog *noun*
1 مەلەوانی کۆنەکار یان لێهاتوو، مەلەوانی بەبین، کۆنەمەلەوان، ناقزەن 2 بەرازی گوێرەکەی دەریایی 3 heraldry گیانەوەرێکی ئەفسانەیی وەک سەگ کە باڵی هەیە، پای پەردەییە و کلکی پوولەکەریزە ○ 1 ملاح کارکشته 2 خوک دریایی 3 سی داگ
sea eagle *noun*
هەڵۆی دەریایی، هەڵۆی ماسیخۆرە [*Haliaeetus albicilla* و جۆرە پێوەندیدارەکان] ○ عقاب دریایی
sea elephant = elephant seal
sea fan *noun*
باوەشێنی دەریایی، جۆرێ گیانەوەری شێلانی یان مەرجانی شاخدار horny coral کە ئیسکبەندێکی شێوە باوەشێن یان داری هەیە [*Gorgonis* و توخمەکانی تر] ○ نوعی جانور مرجانی
seafarer /'si:feərə(r), US -fer-/ *noun*

مەلەوان، دەریاوان ◌ ملاح

seafaring /ˈsiːfeərɪŋ, US -fer-/ *noun*

1 سەربە دەریاوانی، دەریاگەڕ، دەریاوان 2 دەریاگەڕی، دەریاڕەوی، سەفەری دەریایی ◌ 1 وابستە بە دریانوردی، دریانورد 2 دریاروی

sea fight *noun*

شەڕی دەریایی ◌ جنگ دریایی

sea-fish *noun*

ماسی دەریا (لە بەرامبەر ماسی چۆمدا) ◌ ماهی دریا

sea fog *noun*

تەم یان مژی کەنار ◌ مه ساحل

seafolk *noun*

دەریاوانان، دەریاگەڕان، (گەلی) مەلەوانان ◌ دریانوردان

seafood /ˈsiːfuːd/ *noun*

خۆراکی دەریایی ◌ غذای دریایی

seafront /ˈsiːfrʌnt/ *noun, adjective*

ڕووڵەدەریا، ڕوو بە زەریا، قەراخی دەریا، کەناری دەریا، کەنار، ڕۆخ: *the grand houses along the seafront* ◌ سمت دریا، کنار ساحل

sea-girt /ˈsiː gɜːt/ *adjective*

دەوردراو بە دەریا، دەریاگیر ◌ محصور بە وسیلەی دریا

seagoing /ˈsiːgəʊɪŋ, US -goʊ-/ *adjective*

دەریاپێو، زەریاڕەو، دەریابڕ، زەریابڕ، زرێڕەو ◌ دریاپیما

sea-green /ˌsiː ˈgriːn/ *noun, adjective*

ڕەنگی سەوزی شین، کەسک یا سەوزی شین ◌ رنگ سبز آبی، سبز آبی

seagull /ˈsiːgʌl/ = gull

sea holly *noun*

(ڕووەکناسی) توسی: جۆرێ گیای گەلادڕکاوی لە تیرەی parsley [*Eryngium maritimum*] ◌ نوعی گیاه

seahorse *noun*

1 ئەسپەماسی (جۆرێ ماسی سەری لە ئەسپ دەچێ [توخم *Hippocampus*: زۆر جۆرن]) 2 بوونەوەرێکی ئەفسانەیی بە سەری ئەسپ و کلکی ماسییەوە ◌ 1 اسب‌ماهی 2 سیهورس

sea island cotton *noun*

لۆکەی کانیاو، لۆکەی باش یان گەرمێن ◌ پنبەی مرغوب

seakale *noun*

کەلەمی دەریایی. ڕووەکێکی دەریایی لە تیرەی کەلەم [*Crambe maritima*] ◌ کلم دریایی

seal[1] /siːl/ *noun*

سیل، بەرازی ئاوی [تیرەکانی Phocidae و Otariidae (eared seals): زۆر جۆرن] ◌ فک (بنەڕەت: لە *phōkē* یۆنانییەوە وەرگیراوە)

seal[2] /siːl/ *noun*

1 مۆر (مۆرهەڵکەن یان مۆرساز seal-engraver)، مۆرک، لۆک، لاکومۆر، پۆلۆمب 2 واشەر، کونگر، قەڵەشبڕێن، درزگر، قەڵەشگر، قەڵەشبەند، کونبێن، درزبەند 3 نیشانە، بەرژەنگ 4 پەیمان، دەربەستی 5 دەستەبەری، کەفالەت 6 پەسندکردن، مۆرکردن ◌ 1 مهر، پلمب 2 واشر، درزگیر 3 علامت 4 تعهد 5 تضمین 6 تأیید

sea lane *noun*

ڕێڕەوی دەریایی، ڕێگای دەریایی، ڕێڕەوی کەشتیگێری، کەشتییەڕێ ◌ خط دریایی

sealant /ˈsiːlənt/ *noun*

کەرەسە یا ماکی درزگر (درزبەند)، کونبەندە، کونگرە ◌ مادەی درزگیر

sea lavender *noun*

لاوانتەی دەریایی [توخم *Limonium*] ◌ اسطوخودوس دریایی

sea leg *noun*, get or find sea legs

بە دەریا داهاتن، ڕاهاتن یان خووگرتن بە ڕۆیشتنی کەشتی ◌ بە دریا عادت کردن

sealer[1] /ˈsiːlə(r)/ *noun*

واشەر، کونگر، کونبێن، درزبێن، درزگر، قەڵەشگر، قەڵەشبەند، کونبێن، درزبەند ◌ درزگیر

sealer[2] /ˈsiːlə(r)/ *noun*

(کەشتی یان کەسێ) ڕاوچی بەرازی ئاوی یان سیل ◌ سیلر

sea lettuce *noun*

کاهووی دەریایی [*Ulva lactuca*] ◌ کاهوی دریایی

sea level *noun*

ئاستی دەریا، ڕێکی زەریا ◌ سطح دریا

sea lily *noun*

زەمبەقی دەریایی [پۆل Crinoidea] ◌ سوسن دریایی

sealing[1] /ˈsiːlɪŋ/ *noun*

1 درزگرتن، کونگرتن، قەڵەشبەستن یان گرتن، ئاوبەستکردن 2 لاکومۆرکردن ◌ 1 آب‌بندی 2 پلمب کردن

sealing[2] /ˈsiːlɪŋ/ *noun*

ڕاوەسیل، ڕاوە بەرازیئاوی ◌ شکار فک

sealing-wax *noun*

لاک، لۆک، مۆم ◌ لاک

sea lion *noun*

شێری دەریایی، شێری ئاوی، شێری زەریایی (نزیک بە کەناری ئۆقیانووسی گەورە یان پەسیفیک [پێنج جۆر و توخم لە خێزانی Otariidae]) ◌ شیر دریایی

sea locust *noun*

کوولەی دەریایی ◌ ملخ دریایی

Sea Lord *noun*

هەریەک لە دوو گەورەئەفسەی هێزی دەریایی پاشایی (First Sea Lord, Second Sea

دریاسالار ◇ (Lord

seal-ring *noun*

ئەنگوستیلەی مۆری ◇ انگشتر خاتم

sealskin /'si:lskın/ *noun*

کەوڵی بەرازی ئاوی، پێستە یان چەرمی سیل ◇ پوست سیل

Sealyham /'si:lıəm/ *noun*

سیلیم (ڕەگەزێکی تاجی بێ‌کوڵی سەردرێژ؛ بنەڕەت: لە *Sealyham*، ناوی دێیەکی باشووری ڕۆژاوای وێلز، لەوێ پەرەی سەند) ◇ سیلیم

seam /si:m/ *noun*

1 درز، قەڵەش، شەبەق، قلیش: *Light was spilling in through the seams of the door* 2 کەڵوپەلی درزگیری یان درزگرتن 3 (کان) ڕەگە، باریکەی ڕەگی کان، توێ، چین، لوو (ناسک): *They struck a rich seam of iron ore* 4 هێڵی پێکەوەبەستران یان پێکەوەنووسان 5 چین، تیک، تەقەڵ، باخیە، لۆچی، چرچی؛ (لە نەشتەرگەری‌دا) تەقەڵ‌لێدان، دوورینەوە، باخیەلێدان 6 جێی برین، داخ، بزماتە 7 درزی نێوان تەختەکانی کەشتی؛ مەودای نێوان تەختەکانی کەشتی 8 قەڵەشتی سمی ئەسپ 9 هێڵ و رووشی سەر پۆلا کە بە خۆی نیشانەی عەیبی پۆڵایە (at the seams: بە تەواوەتی، completely، entirely: *falling apart at the seams*؛ seamlike *adj*: فریزەکان: bursting (or bulging) at the seams: (نافەرمی، ب.ت. لە خەڵک) هەر جمەهاتن، ئەوندە پڕە خەریکە دەتەقێتەوە ◊ come (or fall) apart at the seams: (نافەرمی، لە دۆخێکی زۆر شپرزەدا) لە دارمان‌دا، لە داروخانا؛ بنەڕەت: *sēam* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ◇ 1 درز 2 لوازم درزگیری 3 رگە، لایە 4 خط اتصال 5 چین، بخیە؛ (در جراحی) بخیەزنی 6 جای زخم 7، 8 و 9 سیم

sea-maid *noun*, also sea-maid

1 خوابانوو goddess یان پەری nymph دەریاکان 2 = mermaid ◇ سی‌مایند

seaman /'si:mən/ *noun, pl.* seamen

مەلەوان، دەریاوان (لەسەر کەشتی یا لە هێزی دەریایی‌دا؛ seamanlike *adj*: مەلەوان‌ئاسا، وەکوو دەریاوان؛ seamanly /'si:mənli/ *adj*؛ seamanship /'si:mənʃıp/ *n*: مەلەوانی، دەریاوانی) ◇ ملوان

seaman recruit *noun*

سەربازی سادەی هێزی دەریایی ◇ سرباز سادەی نیروی دریایی

sea-mark /si: mɑ:k/ *noun*

نیشانەی دەریایی، بەرزەنگی زەریایی ◇ علامت دریایی

seamed /si:md/ *adjective*

1 درزدار، قلیش‌دار 2 (سەروچاو) چرچ، لۆچ، چرچ‌ولۆچ، گنجاوی، پرچین ◇ 1 درزدار 2 پرچین

sea mile *noun*

مایلی زەریایی یان دەریایی (1852 میتر) ◇ مایل دریایی

sea mist *noun*

تەمی دەریا، مژی زەریا(یی)، تەم‌ومژی دەریا ◇ مه دریایی

seam joint *noun*

درز یان قەڵەشی جووت‌بوون یان جووت‌کردن ◇ درز اتصال

seamless /'si:mləs/ *adjective*

1 بێ‌درز، بێ‌شەبەق، بێ‌قەڵەش، یەک‌تیکە 2 پێکەوەبەستراو، بێ‌ڕادە و سنووریکی دیار(ی‌کراو؛ seamlessly /'si:mləsli/ *adv*: بێ‌درز، بێ‌شەبەق، بێ‌قەڵەش) ◇ 1 بدون درز 2 بدون مرز مشخص

seamless floor *noun*

تەرکی بێ‌قەڵەش یان بێ‌درز ◇ کف بی‌درز

seamlike *adjective*

درزئاسا، قەڵەش‌ئاسا، شێوەقەڵەشت ◇ درزمانند

seamount *noun*

کێوی بن‌دەریایی، چیای ژێردەریا ◇ کوه زیر دریا

sea mouse *noun*

مشکی دەریایی [توخم *Aphrodite*] ◇ موش دریایی

seamstress /'si:mstrəs, US 'sem-/ *noun*

بەرگ‌درووی ژن، خەیاتی ژن ◇ خیاط زن

seamy /'si:mi/ *adjective* (seamier, seamiest)

ناحەز، ناشیرین، کرێت، دزێو، ناخۆش، ناپاکاری، sordid، disreputable، unpleasant: *the seamy side of urban life* (seaminess *n*) ◇ زشت، ناخوشایند، غیراخلاقی

séance /'seıɒ̃s, US 'seıɑ:ns/ *noun*

کۆبوونەوە یان کۆڕی بانگ‌کردنی ڕۆح ◇ جلسەی احضار روح

sea nettle = jellyfish

sea onion = squill 1

sea otter *noun*

سەگلاو یان دەڵەکی دەریایی، هی کەنارەکانی پاسیفیکی باکووری، کەوڵەکەی بەنرخە [*Enhydra lutris*] ◇ سمور آبی دریایی

sea pen *noun*

جۆری coelenterate ی دەریایی [دەستە Pennatulacea] ◇ پن سی

Sea Peoples *noun, pl.*

گەلانی دەریا: پەلاماردەرانی نەناسراو کە دەس‌درێژی‌یان کردە سەر میسر و ڕۆژهەڵاتی مەدیتەرانە لە عەرز و لە دەریاوە لە دوایی‌یەکانی سەدەی سێزدەی بەرلە زایین ◇ پیپلز سی

sea pink = thrift 3

seaplane /'si:pleɪn/ *noun*
فڕۆکەی ئاوی ۞ هواپیمای آب‌نشین

seaport /'si:pɔ:t, US -pɔ:rt/ *noun*
بەندەر، شاری بەندەری، زەریابەندەر ۞ بندر

sea power *noun*
هێز یان دەسەلاتی دەریایی ۞ قدرت دریایی

seaquake /si:kweɪk/ *noun*
زەریالەرە، دەریالەرزە، بوومەلەرزەی دەریایی ۞ زمین‌لرزەی دریایی

sear /sɪə(r), US sɪr/ *adjective*
(گیا یا رووەک) وشک، وشکھەلگەڕاو، ژاکاو، سیس، چرچ(هەلگەڕاو) ۞ خشکیده، پژمرده

search /sɜ:tʃ, US sɜ:rtʃ/ *noun*
1 گەڕان، لەدواگەڕان، سەنگ و سووژن‌کردن، کەلوکوون‌کردن، کنە، پشکنین، دۆزینەوە، لێکۆلینەوە: *a long search for the murder weapon* ◊ *The search for a cure goes on* 2 (کامپیوتێر) گەڕان، پشکنین: *a search and rescue team to do a search on the Internet* ۞ 1 جستجو، تجسس، بازرسی، پژوهش، تفتیش 2 جستجو

searchable /sɜ:tʃəbl, US sɜ:rtʃəble/ *adjective*
(تۆڕ یان بنکەی زانیاری کامپیوتێری) لەگەڕان‌هاتوو: *The CD contains 200 fully searchable film clips* ۞ قابل جستجو، سرچبل

search engine *noun*
(کامپیوتێر و لە ئینتێرنێت‌دا) مۆتۆڕ یان بزوێنەی گەڕان، بزوێنەی گەڕۆک ۞ موتور جستجو(گر)

searcher /'sɜ:tʃə(r), US 'sɜ:rtʃ-/ *noun*
1 لەدواگەڕ، گەڕەندە، پشکێنەر، بەدواداگەڕ 2 (کامپیوتێر) پشکێنەر، بەرنامەی گەڕان، search engine ۞ جوینده، جستجوگر

searching /'sɜ:tʃɪŋ, US 'sɜ:rtʃ-/ *adjective*
1 لەدواگەڕ، پشکێنەر، بەدواداگەڕ 2 ورد، تەواو، تیژ، بڕا: *a searching investigation/analysis/examination* ۞ 1 جستجوگر 2 دقیق، نافذ

searchingly /'sɜ:tʃɪŋli, US 'sɜ:rtʃ-/ *adverb*
بەدواداگەڕانە، بە وردی، ورد ۞ به طور جستجوگر، با دقت

searchlight /'sɜ:tʃlaɪt, US 'sɜ:rtʃ-/ *noun*
شەوقاوێژ، ڕووناکی‌دێر، ڕووناکی دۆزینەوە یان داشتن (دەسووڕێتەوە) ۞ نورافکن

search party *noun*
دەستەی لەدواگەڕان: *to send out a search party* ۞ گروه جستجو

search-warrant *noun*
دەستووری گەڕان، فەرمانی پشکنین (بۆ ماڵ و دارایی دزراو) ۞ حکم تفتیش

searing /'sɪərɪŋ, US 'sɪrɪŋ/ *adjective*
1 یەکجار گەرم، سووتێنەر، بڕووکێنەر: *the searing heat of a tropical summer* ◊ *searing pain* 2 ڕەخنەگرانە، توند، سەخت، توندوتیژ: *a searing attack on the government* ◊ *a searing review* ۞ (**searingly** /'sɪərɪŋli, US 'sɪrɪŋli/ *adv*) 1 سوزان 2 انتقادآمیز، شدید

sea rover *noun*
1 چەتەی دەریایی، دەریاگەڕەکان 2 کەشتی چەتەی دەریایی ۞ 1 دزدان دریایی 2 کشتی دزدان دریایی

sea salt *noun*
خوێی دەریایی (بەهۆی هەڵمینی ئاوی دەریا) ۞ نمک دریایی

sea scallop *noun*
سکالۆپی دەریایی: جۆرێ سکاپۆلی گەورەی قووڵایی‌یەکانی کەناری ئەتلانتیکی ئەمریکا (*Placopecten magellanicus*) ۞ اسکالوپ دریایی

seascape /'si:skeɪp/ *noun*
دیمەن یان پێشچاوی دەریایی، دیمەنی دەریا ۞ منظره‌ی دریایی

sea serpent *noun*
ماری ئەفسانەیی دەریایی ۞ مار افسانه‌ای دریایی

sea shanty = shanty

seashell /'si:ʃel/ *noun*
گوێچکەماسی، گوێ‌ماسی، سەدەف ۞ صدف

seashore /'si:ʃɔ:(r)/ *noun*
کەنار، زەریابار، گوێئاو، کەفێ، بەستێن، دەمناو (دەریا) ۞ ساحل

seasick /'si:sɪk/ *adjective*
دەریاگرتوو، دەریابردوو (*n* seasickness) ۞ دریاگرفته

seaside /'si:saɪd/ *noun, adjective*
n زرێبار، زەریابەر، کەناری دەریا، پاڵ دەریا *adj* لە کەناری دەریادا، کەناری ۞ *n* کنار دریا *adj* ساحلی

sea slug *noun*
جۆرێ لەشنەرمی بێ‌قاوخ [دەستە Nudibranchia] ۞ نوعی نرم‌تن

sea snail *noun*
1 شەیتانۆکەی دەریایی: لەشنەرمێکی دەریایی بە لەیکەی پێچ‌پێچەوە [ژێرپۆل Prosobranchia] 2 = snailfish ۞ نوعی حلزون

sea snake *noun*
ماری ئاوی، ماری (ژاراوی) دەریایی، هی ئاوە گەرمە کەناری‌یەکانی ئۆقیانووسی هێند و گەورە Pacific coastal [ژێرخێزان Hydrophiinae: چەندین جۆرن] ۞ مار دریایی

season /'si:zn/ *noun*
وەرز، کەژ، کز، هەفرونگ، کەشە، سێ‌مانگە،

هەنگاو، هەرەت، جەنگە، گۆنەڵ، تاف (بنەرەت: لە *seson* فەرەنسی کۆن، لە *satio(n-)* لاتین "چاندن، وەشاندن"، پاشتر کات یان سەروبەندی چاندن) ◌ فصل، موسم

seasonable /ˈsiːznəbl/ *adjective*

1 بەجێ، بەوەخت، پڕبەپێست 2 بابەت یان گونجاوی وەرز (seasonability /ˌsiːznəˈbɪləti/ or seasonableness *n*: 1 بەجێبوون، بەوەختبوون 2 گونجاوی؛ seasonably /ˈsiːznəbli/ *adv*: بەجێ، پڕبەپێست، بە وەختی خۆی) ◌ 1 بهنگام 2 مناسب فصل

seasonal /ˈsiːzənl/ *adjective*

وەرزی، کەژی، وەرزانە، کەژانە: *seasonal storms* (seasonality /ˌsiːzəˈnæləti/ *n*: وەرزیبوون، وەرزانەیی، وەرزیێتی، وەرزوەرزیبوون؛ seasonally /ˌsiːzəˈnəli/ *adv*: بە شێوەیێکی وەرزی، وەرزانە) ◌ فصلی

seasonal affective disorder *noun*

ئێس ئەی دی، ساد (جۆرێ نەخۆشی کە وا دەکا خەڵک لە زستاندا هەست بە ناڕەحەتی و ماندوویی بکەن، چونکو تیشکێکی وا لە خۆرەوە نایێ) ◌ اس‌ای‌دی (ساد)

seasoned /ˈsiːznd/ *adjective*

1 بەئەزموون، پوختە، لە کاردەرهاتوو، لەکاڵدەرهاتوو، کۆنەکار، خاراو: *a seasoned campaigner/performer/traveller, etc.* 2 چێشتی کە خوێ، بیبار و... پێوەکرابێ ◌ 1 مجرب 2 سیوند

seasoning /ˈsiːzənɪŋ/ *noun*

بەهارات، دەرمانک، ئەزبیە، هەزوێلە، تامخۆشکە ◌ ادویە

season lake *noun*

گۆماوی وەرزی، وەرزەگۆم، دەریاچەی وەرزی ◌ دریاچەی فصلی

season river *noun*

وەرزەچۆم، چۆمی وەرزی، ڕووباری وەرزی ◌ رودخانەی فصلی

season ticket *noun*

بلیتی درێژماوە، تیکێتی وەرزی، بلیت بۆ ماوەیەکی زۆر ◌ بلیت فصلی

sea spider *noun*

جاڵجاڵۆکەی ئاوی یان دەریایی (لەشباریک و کورت، چوار تا شەش جووت لاقی درێژی هەیە) [پۆل Pycnogonida] ◌ نوعی عنکبوت

sea squirt *noun*

(گیانەوەرناسی) فیشقنەی دەریایی [پۆل Ascidiacea] ◌ نوعی جانور

seat /siːt/ *noun*

1 کورسی، ئەسکەمل، سەندەڵی، چوارپاچکە، تەخت، چوارپایە، مێز 2 بنی کورسی یان سەندەڵی 3 جێگا، جێ، وار 4 دەسەڵات، کاربەدەستی 5 ئەندامێتی لە ئەنجومەنی قانووندانان یان لێژنەی دەوڵەت 6 سمت، کنگ، ڕوونەک، نشێنگە، جێگای دانیشتن 7 ناوەند، بارەگا، چەق، بنکە، مەڵبەند، شوێنی چالاکی 8 سەر کورسی یان ئەسکەمل، سەر سەندەڵی 9 (شەڵوار) نافەک، ناوگەڵ، تلینگ، هێفگە 10 شێوەی دانیشتن لەسەر ئەسپ 11 خانووی ئاغاواتی، کۆشک و بەرە، دەزگا ◌ 1 صندلی، نیمکت 2 تە صندلی 3 جا 4 مسند 5 عضویت در مجلس قانونگذاری یا هیأت دولت 6 نشیمن‌گاه، جای نشستن 7 مرکز، پایگاه 8 روی صندلی 9 خشتک 10 سیت 11 عمارت اربابی

seat-belt *noun*, also safety belt

پشتێنەی کورسی یان خۆتوندکردن، پشتێنە یان کەمەری بەستنەوە، پشتێنە یان کەمەربەندی خۆبەستنەوە ◌ کمربند ایمنی

seated *adjective*

دانیشتوو ◌ نشستە

-seater *suffix*

پاشگر: ـکەسە، ـکورسی، ـسەندەڵی ◌ پسوند: ـنفرە، ـصندلی

seating /ˈsiːtɪŋ/ *noun*

1 کورسی، کورسییەکان، ئەسکەمل(ەکان)، سەندەڵییەکان: *The room had a seating capacity of over 200* 2 دانانی کورسی یان سەندەڵییەکان، ڕێکخستنی ئەسکەملەکان ◌ 1 صندلی(ها) 2 آرایش صندلی‌ها

seatmate /ˈsiːtmeɪt/ *noun*

هاوکورسی، پێکەوەدانیشتوو، هاوسەندەڵی ◌ هم‌صندلی

sea trout *noun*

کەشینە یان ماسییەخاتوونەی دەریایی: 1 کەشینەی قاوەیی لە ڕەگەزی کۆچەر و شێوەسەلمون [*Salmo trutta trutta*] 2 جۆرێ ماسی ئاوی شێوەکەشینە لە خێزانی drum، لە ڕۆژاوای ئەتلانتیکدا هەیە [توخم *Cynoscion*: چەندین جۆرن، weakfish دەگرێتەوە] ◌ قزل‌آلای دریایی

sea urchin /ˈsiː ɜːtʃɪn/ *noun*

ژیشکی دەریایی [پۆل Echinoidea] ◌ توتیای دریایی

sea wall *noun*

دیواری کەنار(ی) یان دەریایی، کەنارەدیوار ◌ دیوارەی ساحلی

seaward /ˈsiːwəd, US -wərd/ *adjective, adverb*

ڕوو لە دەریا، بەرەو دەریا، لە (لای) دەریاوە: *Her gaze was fixed -rds* ◊ *the -d side of the coastal road* ◌ بە سوی دریا، از سمت دریا

seawards /-wədz, US -wərdz/ = seaward

sea water *noun*, also seawater
ئاوی دەریا، ئاوی زەریا، ئاوی سویر، زەریاو ⬡
آب دریا
seaway /'siːweɪ/ *noun*
ڕێڕەو یان ڕێگای دەریایی، زەریاڕێ، ڕێڕەوی
کەشتی‌گێری، کەشتی‌یەڕێ، زرێڕێ، ڕەهەندی
دەریایی ⬡ راه یا مسیر دریایی
seaweed /'siːwiːd/ *noun*, also sea wrack
گژوگیای دەریایی، گیای دەریایی، قەوزە، کەفزە
⬡ گیاهان دریایی، جلبک
sea wolf = wolf fish
seaworthy /'siːwɜːði, US -wɜːrði/
adjective
(کەشتی و هتد) گونجاو بۆ دەریاوانی یان
سەفەری دەریایی (seaworthiness
:/'siːwɜːðinəs, US -wɜːrðinəs/ *n*
گونجاوبوون بۆ دەریاوانی یا بە دەریادا
ڕۆیشتن) ⬡ مناسب برای دریانوردی یا سفر دریایی
sebaceous /sɪ'beɪʃəs/ *adjective*
1 چەور، بەزاوی 2 چەوری‌پێکهێن، چەوری‌ساز
⬡ 1 چرب 2 چربی‌زا
sebaceous cyst *noun*
ئاورنگی بەزاوی، کیستی چەوری ⬡ کیست چربی
sebaceous glands *noun, pl.*
چەورەڕژێنە، ڕژێنەی چەوری یان بەزی ⬡
غدەی چربی
Sebat /'siːbat/ *noun*, also Shebat, Shevatd
(لە ڕۆژمێری جوولەکەدا) شوبات (مانگی
پێنجەمی نادینی و مانگی یازدەیەمی دینی،
بنەڕەت: لە *šĕbaṭ*) ⬡ شبات
seborrhoea /ˌsɛbə'riːə/ *noun*, US seborrhea
(پزشکی) یەکجاردەردانی چەوری لە ڕژێنەی
چەوری‌یەوە (seborrhoeic *adj*) ⬡ سیبوریا
sebum /'siːbəm/ *noun*
دەردانی چەوری لە ڕژێنەی چەوری‌یەوە،
چەورەڕژێ (بنەڕەت: لاتین "ماسلە grease،
tallow") ⬡ سیبوم
Sec (US also Secy.) *abbreviation* secretary
سکرتێر ⬡ دبیر
sec. *abbreviation* second(s)
چرکە ⬡ ثانیه
sec *adjective*
(مەی)تاڵ (بنەڕەت: لە *siccus* لاتینەوە) ⬡ تلخ
SECAM /'siːkæm/ *noun*
شێوەیێکی بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆنی، لە
فەرەنسە و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەکاردێتری
(بڕوانە PAL, NTSC) ⬡ سیکام
secant /'siːk(ə)nt, US 'sɛk-/ *noun*
1 (بیرکاری) بازنەبڕ، سیکانت 2 (هێڵی) بڕا ⬡
1 سکانت 2 (خط) قاطع
secateurs /ˌsekə'tɜːz, US -'tɜːrz/ *noun, pl.*
(زۆتر لە بریتانیا) مقەستی هەڵپاچین، دووکێردەی
هەڵپاچین (بنەڕەت: لە *sécateur* فەرەنسی، لە
secare لاتین "بڕین") ⬡ قیچی باغبانی
secco /'sɛkəʊ/ *noun*, also fresco secco
شێوەی ڕەنگ‌کردن لەسەر گەچی وشک
(بنەڕەت: لە ئیتالیایی‌یەوە بە واتای "وشک"، لە
siccus لاتینەوە) ⬡ سکو
seceder *noun*
گۆشەگیر، جیاوەبوو، خۆلەکارکێش ⬡ کنارەگیر
secernent /sɪ'sɜːnənt/ *noun, adjective*
(دەرمانی) دەردەر ⬡ (داروی) تراوش‌کننده
secession /sɪ'seʃn/ *noun*
1 گۆشەگیری، خۆ(لەکار)کێشانەوە retirement
2 (سیاسەت) جیابوونەوە، جودابوونەوە،
چوونەدەرێ، لق‌لێ‌بوونەوە 3 (thr Secession،
مێژوویی) جیابوونەوە یان پاشەکێشی یازدە
ئەیالەتی باشووری لە یەکێتی ئەمریکا لە 1860،
کە شەڕی نێوخۆیی Civil War لێکەوتەوە ⬡
1 انزوا 2 جدایی 3 سیشن
secessionism /sɪ'seʃənɪzəm/ *noun*
جیابوونەوەخوازی، جودایی‌خوازی
(secessionist /sɪ'seʃənɪst/ *n*:
جیابوونەوەخواز، جودایی‌خواز) ⬡ جدایی‌طلبی
secluded /sɪ'kluːdɪd/ *adjective*
1 گۆشەگیر، لاتەریک، دوورەپەرێز، کنارین،
تەنیا، جیا 2 دوورکەوتە، چەپەک، دوور، پەنا،
لاپەڕ، دوورەدەس ⬡ 1 منزوی 2 دورافتاده
seclusion /sɪ'kluːʒn/ *noun*
گۆشەگیری، لاتەریکی، پەرگیری، کەنارنشینی،
دوورەپەرێزی، تەنیایی: *the seclusion and*
peace of the island ◊ *He spends much of*
his time in seclusion in the mountains
(seclusive *adj*، seclusively *adv*،
seclusiveness *n*) ⬡ انزوا، عزلت
Seconal /'sɛk(ə)nal, US -(ə)l/ *noun*
(دروشمی بازرگانی) دەرمانێکی باربیوتیورەیت،
بۆ ئارامکردنەوە و خەواندن بەکاردێتری
(تێکەڵی allyl + secondary) ⬡ اسکونال
second[1] /'sekənd/ ordinal number *noun*
1 دووەم، دووهەم، دووەمی 2 دووەمین کەس
یان شت 3 چرکە، تاو، سات، دەم: *The light*
flashes every 5 seconds ◊ *The water flows*
at about 1.5 metres per second 4 گێڕی
دوو 5 پشتیوان، کۆمەک ⬡ 1 دومی 2 دومین نفر
3 ثانیه. لحظه 4 دندەی دو 5 کمک
second[2] /'sekənd/ *adjective, adverb*
adj لایەنگر، پشتیوان، یاریدەدەر *adv* 1 دووەم،
دووهەم، دووەمین: *This is the second time*
it's happened ◊ *He was the second to*
arrive 2 زیادی، دیسان، سەرلەنوێ، ئەویدی،
ئەویتر، تر، دی ⬡ *adj* حامی، هوادار *adv* 1

دوم، دومین، ثانی 2 مجدد، دیگر

the Second Advent = the Second Coming

secondarily /'sekəndrəli, US ˌsekən'derəli/ *adverb*

بە شێوەیەکی لابەلایی، لاوەکییانە: *Their clothing is primarily functional and only secondarily decorative* ◌ بە طور ثانوی

secondary /'sekəndri, US -deri/ *adjective*

1 دووەم، دووەمی، لە دوای 2 لاوەکی، سەربار، لابەلایی، ناگرنگ، ناسەرەکی، دەستی دوو: 3 *That is just a secondary consideration* (خوێندن) ناوەندی، ئامادەیی (لە تەمەنی 11 سالانەوە تا 16 یا 18): *the secondary curriculum* 4 بریکار، نوێنەر، شاند، نێردراو، راسپاردە 5 (زەویناسی) "Secondary" جاران لە بری "Mesozoic" ◌ 1 ثانوی، فرعی، دست دوم 2 متوسطه 3 وکیل 4 نماینده، فرستاده 5 اسکونداری

secondary accent = secondary stress

secondary action *noun*

(مانگرتنی کرێکاران) کرداری لاوەکی ◌ اقدامات ثانوی

secondary carbon *noun*

(کیمیا) کاربۆنی جۆری 2، لاکاربۆن ◌ کربن نوع 2

secondary cause *noun*

(فەلسەفە) هۆی لاوەکی یان دووەمی، هۆکاری لاوەکی ◌ علت ثانوی

secondary cell = storage battery

secondary colour *noun*

رەنگی دووەم یا لاوەکی، لارەنگ (وەک بنەوش، سەوز...) ◌ رنگ ثانوی

secondary education *noun*

خوێندن یان پەروەردەی ناوەندی یان ئامادەیی ◌ تحصیلات متوسطه

secondary emission *noun*

دەرچوون یان بلاوبوونەوەی لاوەکی (ئێلیکترۆنەکان لە ئاستێکەوە کە بەهۆی پارچۆلکەکانەوە particle بۆمباران دەکرێ) ◌ صدور ثانویه

secondary radiation *noun*

تیشک(دان)ی لاوەکی (کە بەهۆی گەرد یان گەردیلەکانی کە پاش بۆمباران بەهۆی تیشک(دان)ی سەرەتاییەوە دەردەچێ) ◌ اشعەی ثانویه

secondary feather *noun*

لاپەڕ، پەڕی لاوەکی (هی باڵندەیێ) ◌ پر جانبی

secondary modern *noun*

خوێندنگای کەوتووان: جۆرێ کە تا ساڵی 1960دا بەردەوام بوو و ئەو خوێندکارانەی کە دەرنەچوبوون، دەنێردرانە ئەوێنە ◌ اسکونداری مدرن

secondary modern *noun*

خوێندنگای کەوتووان: جۆرێ کە تا ساڵی 1960دا بەردەوام بوو و ئەو خوێندکارانەی کە دەرنەچوبوون، دەنێردرانە ئەوێنە ◌ اسکونداری مدرن

secondary planet = satellite

secondary road *noun*

ڕێگای لاوەکی، لاڕێ، لاڕێگا ◌ جادەی فرعی

secondary root *noun*

ڕەگی دووهەمی، لاڕەگ، لاڕیشە (لقی primary root) ◌ ریشەی ثانوی

secondary school *noun*

خوێندنگای ئامادەیی (هەم قۆناخی ناوەندی و هەم کۆتاییش دادەگرێ) ◌ دبیرستان

secondary sex *noun*

ڕەگەزی دووەم ◌ جنس دوم

secondary sex characteristics *noun, pl.*

تایبەتمەندی(یەکان) ڕەگەزی دووەم یا لاوەکی ◌ خصیصەهای جنسی ثانوی

secondary source *noun*

سەرچاوەی لاوەکی، لاسەرچاوە، لاژێدەر، چاوکانی لاوەکی ◌ منبع ثانوی

secondary standard *noun*

پێودانگ یا ستانداردی لاوەکی ◌ استاندارد ثانویە

secondary stress *noun*

(دەنگناسی) هێز، زەبر یان گوشاری دووەمی ◌ تکیەی ثانوی یا دومین

secondary structure of protein *noun*

پێکهاتەی دووەمی پرۆتین، لاپێکهاتەی پرۆتین ◌ ساختمان دوم پروتئین

secondary syphilis *noun*

قۆناغی دووهەمی ئاگرە یان فەرەنگی ◌ مرحلەی ثانوی سفلیس

second ballot *noun*

(هەڵبژاردن) دەنگدانی خولی دووەم ◌ رأیگیری دور دوم

second base *noun*

بنکە یان جێگای دووهەم لە مەیدانی یاری بەیسبۆڵدا (second baseman *n*) ◌ جایگاه دوم در بیسبال

second-best *adjective, noun*

adj لە پلەی دووەمدا، لە باشترین خوارتر، دواتر، دوایی، دووەم: *my second-best suit* *n* شتی پلەدوو یا لە باشتر خوارتر ◌ *adj* در درجەی دوم، بعدی *n* چیز درجە دو

second chamber = upper house

second childhood *noun*

سەردەمی پیری، سەروبەندی منداڵیتی دووەم، dotage ◌ دوران کهولت

second class *adjective, noun, adverb*

adj نمرەدوو، پلە دوو، پلەی دووەم *n* پۆست و

کـاری نمـرەدوو یـان پلـە دوو، (شـەمەندەفەر، پۆسـت و هتـد) *adv* بە نمرەدوو یـان پلـە دوو ۞ *adj* درجه دو *n* پـست درجه دو، (قطار، پـست و...) *adv* با درجه دو

the Second Coming *noun*, also Second Advent
هاتنەوەی مەسیح، دەرکەوتنەوە یان گەڕانەوەی مەسیح ۞ ظهور مجدد یا بازگشت مسیح

second cousin *noun*
نەوەی مام یان پوور، نەوەی خاڵ یان پوور (خوشکی دایک) ۞ نوەی عمـو یـا عمـه، نـوەی دایی یا خاله

second-degree *adjective*
(ماف، ئەمریکا) بابەتی تاوانی، ب.ت. کوشتن کە سووکترە لە تاوانی یەکەم ۞ اسکوند دیگری

second-degree burn *noun*
سووتانی پلەدوو ۞ سوختگی درجه دوم

Second Empire *noun, adjective*
n ئیمپراتۆری دووهەم (1852–70)، لە فەڕەنسە و لە لایەن Louis Napoleon ـەوە دامەزرا *adj* سەربە شێواز یان تایبەتمەندی (وەک کەلوپەلی نیومال) ناپلیۆنی سێهەم لە فەڕەنسە ۞ سکوند امپایر

seconder /'sekəndə(r)/ *noun*
(پێشنیار، وتوویژ و هتد) پشتیوان، ڕێککەوتوو، پەسندکەر ۞ تأییدکننده، موافق

second fiddle *noun*
کەسێکی لاوەکی، کەسێ کە ئەرکی لاوەکی بە دەستە ۞ شخص فرعی

second floor *noun*
دوونهۆم، دوومەرتەبە ۞ سکوند فلور

second-generation *adjective*
1 بەرە یان وەچەی دووەم 2 بەرە یان قۆناخی پێشکەوتووتری تێکنۆلۆژی لەچاو ڕێکخستە و مۆدێلەکانی پێشتری ۞ نسل دوم

second growth *noun*
شینبوونەوە یان ڕووانی دووهەمجار (پاش وێرانبوون یان سووتانی دارستانی خۆڕسک) ۞ رشد ثانویه

second- guesser *noun*
پێشبینیکەر ۞ پیش‌بینی‌کننده

second hand *noun*
(میلی کاتژمێر) چرکەژمێر ۞ ثانیه‌شمار

second-hand *adjective, adverb*
1 دەستی دوو، نیمداشت، کارکرد(ە) 2 (هەواڵ، زانیاری و هتد) ناڕاستەوخۆ، دووەمی ۞ 1 دست دوم 2 غیرمستقیم

second-hand shop *noun*
کۆنەفرۆشی، نیمداشتفرۆشی ۞ سمساری

second home *noun*
ماڵی دووەم، نیشتمانی دووەم ۞ خانـەی دوم، وطن دوم

second-in-command *noun*
1 جێگر، یاریدەدەر، ئالیکار 2 (سەربازی) جێگری فەرماندار یان فەرماندەر ۞ 1 جانشین 2 جانشین فرمانده

Second International *noun*
نێونەتەوەیی یان ئینتێرناسیۆنالی دووهەم (لە ساڵی 1889 بۆ یەکخستنەوەی کۆمەڵ و پارتییە سۆشیالیستەکان) ۞ انترناسیونال دوم

second language *noun*
زمانی دووەم ۞ زبان دوم

second lieutenant *noun*
ئەفسەری ئەرتەش یا سپا خوارتر لە پلەی lieutenant ۞ ستوان دوم

second line *noun*
1 هێڵی دوای (هێڵی) پێشەوە بەرەی شەڕ، هێڵی پشتیوانی 2 (وەک ئاوەڵناو) لە پلە یان ڕیزی دووهەمدا ۞ اسکوند لاین

secondly /'sekəndli/ *adverb*
دووەم ئەوە کە، دووەم، سەرەڕای (ئەمەش)، سەرباری ئەمەش، لەگەڵ ئەمەشدا، بێجگەلە ئەمەش ۞ ثانیاً، علاوه بر این

second master *noun*
جێگری بەڕێوەبەری خوێندنگا ۞ معاون مدیر مدرسه

secondment *noun*
ڕاسپاردەیی، ڕاسپێریتی، فەرمانبەری ۞ مأموریت

second name *noun*
1 پاشنێو، دوانێو، ناوی خێزانی 2 ناوی دووەم ۞ 1 نام خانوادگی 2 نام دوم

second nature *noun*
1 سروشتی دووەم یا لاوەکی، سروشتی دووهەم 2 شتی ئاسایی ۞ 1 طبیعت ثانوی 2 امر عادی

secondo /sɪ'kɒndəʊ/ *noun, pl.* secondi /-di/
(مۆسیقا) بەشی خواروو یان دووەمی duet ێ ۞ اسکوندو

second person *noun*
(ڕێزمان) دووەمکەس، دووهەمکەس ۞ دوم‌شخص

second-rate *adjective*
1 نمرەدوو، پلەدوو، دەستە، ئەندازە، نە زۆرباش، خراپ نییە 2 ناگرنگ، کەمنرخ، بێنرخ (second-rateness *n*) ۞ 1 درجه‌دو 2 کم‌اهمیت

second-rater *noun*
نمرەدووفرۆش، پلەدووفرۆش، دەستەفرۆش ۞ جنس وسط‌فروش

Second Reader *noun*
خوێنەری دووهەم (لە کڵێسەی ڕۆمدا) ۞ قاری ثانی

second sight *noun*
پێشزانی، غەیبزانی، پێشەوەبینی، clairvoyance

۞ غیب‌گویی

second-storyman *noun*
دزێ کە لە پەنجێرەی نهۆمی دووەمەوە دەچێتە ماڵێ ۞ اسکونداستوریمن

second-string *adjective, noun*
۞ (second-stringer *n*) (یـاریزانی) جێگـر (بازیکن) ذخیره

second thought *noun*
(second thoughts) 2 1 تێڕامان، سەرنج‌پێدان دوودڵـی، دڕدۆنگـی، گومـان ۞ 1 تأمـل 2 (در جمع) تردید

second wind *noun*
گیانی تازە، هێزی نوێ یا تازە، گوڕ یان وزەی تازە ۞ انرژی تازه

Second World *noun*
جیهانی دووەم (بلوکی کۆمۆنیستی جاران) ۞ جهانی دوم

Second World War *noun*
شەڕی جیهانی دووەم ۞ جنگ جهانی دوم

secrecy /'si:krəsi/ *noun, pl.* secrecies
1 شاراوەیی، نادیاری، شاردنەوە، نهێنی‌گەری، نهێنـێتی 2 دەم‌قورسـی، قـسەنەگێڕەوەیی، نـادەم‌پـەرتی، نهێنی‌پۆشـی، قـسەقوت‌دەری، نهێنی‌گری، سڕپۆشی، رازداری، رازپۆشی ۞ 1 پنهانی، اختفا 2 رازداری

secret /'si:krət/ *adjective, noun*
adj 1 نهێنی، نەهێنی، نەتەنی، بندەسی، شاراوە، سـەربـەسـتە، نادیـار، حەشـاردراو: *secret Details of ◊ information/meetings/talks* *the proposals remain secret* 2 بەنامـەکی، نهێنی‌یانە، نەهێنی‌یانە 3 (شوێن) چەپەک، پەرت، دوورەدەس، لاپەڕ 4 لەنێو خۆیدا، بێ‌دەنگ(و هەرا)، سڕپۆش، رازدار، رازراگر، دەم‌قورس *n* راز، سڕ، رەمز، نهێنی *secretly adv*: بە نهێنی، نەهێنی‌یانە، نهێنی‌یانە، لە بنەوە، سەربەستە، بەنامەکی، بندەسی: *The police had secretly (filmed the conversations* ۞ *adj* 1 سـری، مخفی 2 مخفیانه 3 دورافتاده 4 رازدار *n* راز، رمز

secret agent *noun*
سـیخور، شـوفار، شـەیتان، کاربەدەسـت یـان فەرمانبەری نهێنی ۞ جاسوس، مأمور مخفی

secretagogue /sɪ'kri:təgɒg/ *noun*
مەتریاڵێ کە دەردان زیاتر دەکا ۞ مادەی ترشح‌زا

secretaire /ˌsɛkrɪ'tɛ:/ *noun*
مێزی چکۆلەی نووسین ۞ میز تحریر کوچک

secretarial /ˌsekrə'teəriəl, US -'ter-/ *adjective*
مونـشی‌گـەری، نووسـینگەوانی، بـاوەڕداری، میرزایی؟ ۞ منشی‌گری

secretariat /ˌsekrə'teəriət, -iæt, US -'ter-/ *noun*
سـکرتاریەت، بەڕێوەبەرخانـە، ئافیـسی بەڕێوەبەرایەتی حکومی ۞ دبیرخانه

secretary /'sekrətri, US -teri/ *noun, pl.* secretaries
1 مونشی، باوەڕدار؟، نووسینگەوانی 2 سکرتێر، باوەڕپێکەر 3 (لە ئەمریکا) وەزیـر، شـالیار 4 یاریـدەدەری سـەرەکی شـالیار یـان باڵـیوزی بریتانیا ۞ 1 منشی 2 دبیر 3 وزیر 4 سکرتاری

secretary bird *noun*
(باڵندەناسـی) پۆیـەخامـەپـەڕ: باڵـندەیێکی ئـەفریکایی بـاریکی لـنگ‌درێـژ، خێـزانی [*Sagittarius serpentarius*] Sagittariidae ۞ نوعی پرنده

secretary-general *noun, pl.* secretaries-general
سکرتێری گشتی، بەڕێوەبەری سەرەکی ۞ دبیر کل

Secretary of State *noun*, also Secretary ministry
1 (لە بریتانیا) شالیار، وەزیر: *the Education Secretary* 2 (لە ئەمریکا) شالیاری یان وەزیری دەرەوە ۞ 1 وزیر 2 وزیر امور خارجه

secretaryship *noun*
نووسـینگەوانی، بـاوەڕداری، مونـشی‌گـەری ۞ منشی‌گری

secret ballot *noun*
دەنگی نهێنی یان بەنامەکی ۞ رأی مخفی

secretin *noun*
جۆرێ هۆرمـۆنی proteinaceous ریخۆڵـەیـی ۞ سکرتین

secretion /sɪ'kri:ʃn/ *noun*
1 دەردان: *the secretion of bile by the liver* 2 (زۆرتـر Secretion) مـەتریاڵ یـان کەرەسـەی دەردراوە، مـاکی دەردراوە، دەردراوە: *bodily secretions* 3 شاردنەوە، بزرکـردن، حەشـاردان، لەبـەرچاولابردن ۞ 1 ترشـح، تـراوش 2 مـادەی مترشحه 3 نهان‌سازی

secretive /'si:krətɪv/ *adjective*
1 سڕپۆش، راز(را)گر، دەم‌قورس، قـسەنەگێڕەوە، قـسەقوت‌دەر، نـەدرکێن، کـەم‌قـسە، نهێنی‌گـر، نەهێنی‌پۆش، نهێنی‌گەر، نهێنی‌پارێز، شاراوەکار 2 سـەربە دەردان (/'si:krətɪvli/ secretively *adv*: بە نهێنی یا نەهێنی، نهێنی‌یانە، لە بنەوە، سەربەستە، بەنامەکی: *She smiled secretively*؛ secretiveness /'si:krətɪvnəs/ *n*: نهێنیگەری، نهێنی‌گەری، شاراوەکاری، لەبنەوەکاری) ۞ 1 رازدار، مرموز، پنهان‌کار 2 ترشحی

secretory /si:'kri:təri/ *adjective*
دەردەرانە، سەربە دەردان، دەردانی ۞ ترشحی

secret police *noun*
پۆلیسی نهێنی ۞ پلیس مخفی

secret service *noun*
وەزارەتی ئاسایش(ـت) و پاراستن ۞ وزارت اطلاعات و امنیت

secret society *noun*
کۆمەڵەی نهێنی ۞ انجمن سری

sect[1] /sekt/ *noun*
1 دەستە، گروپ، تاقم، تیرە، کۆمەڵ، تیرەی دینی، دەستایین (ب.ت. دەستەیێ لە نێو دینێ) 2 کۆمەڵێ بە بیروباوەڕێکی سیاسی یان فەلسەفی (یەکجار) پڕمەترسییەوە 3 (زۆرتر سووکانە) کۆمەڵێکی جیاوەبوو و یەکنەکەوتوو لەگەڵ کلێسە ۞ 1 فرقە 2 و 3 سکت

sect[2] *abbreviation* section

sectarian /sek'teəriən, US -'ter-/ *adjective, noun*
1 *adj* سێکتاریەن، سەربە تیرەیێکی دینی یان دەستاین یان دەستاینەکان، دەستایینی، تیرایینی، پشتیوانی لە گرویێکی ئایینی تایبەت و بیروبۆچوونەکانی: *sectarian violence* ◊ 2 بیرتەسک، دەمارگرژ، *sectarian attacks* بیرکورت، بیرتەنگ، parochial *n* ئەندامی تیرەیێ ۞ *adj* 1 فرقەای، فرقەگرا 2 تنگ‌نظر، شیعی *n* عضو فرقەای

sectarianism /sek'teəriənɪzəm, US -'ter-/ *noun, adjective*
سێکتاریەنیزم، تیرەگەری؛ سەربە sect یان sectarian ۞ فرقەگرایی

sectary /'sektəri/ *noun, pl.* sectaries
ئەندامی تیرەیێکی ئایینی یان سیاسی ۞ عضو فرقەی مذهبی یا سیاسی

section /'sekʃn/ *noun*
1 بەش، بڕ، تیلماسک، کەرت، خانە، پارچە، قاش، کووز، پاژ، پارچە، پەلە، کووز 2 گەڕەک، تاخ 3 (پزشکی) بڕین 4 (زیندەناسی) بڕەک، بڕگە (تیکە یان بڕگەیێکی ناسک لە شانەی رووەک یان گیانەوەرێ بۆ تاقیکردنەوەی وردبینی یان مایکرۆسکۆپی) 5 دەستە، گروپ، کۆمەڵ 6 (سەربازی) دەستە 7 (کتێب، سەر)بەش، پاژ 8 داڕێژەی خانووبەرە (sectioned *adj*) ۞ 1 بخش، قسمت، قطعە 2 ناحیە، محلە 3 (پزشکی) برش 4 (زیست‌شناسی) مقطع 5 گروە 6 (نظامی) گروە 7 فصل 7 طرح ساختمان

sectional /'sekʃənl/ *adjective*
1 بەش‌بەش، کەرت‌کەرت، پارچەپارچە، تیکەتیکە، بڕبڕ: ◊ *a sectional building* 2 هەرێمی، ناوچەیی، خۆجێیی *sectional furniture* 3 بەکۆمەڵ دەستەیی، تیرەیی، گرویی: *sectional interests* (sectionally *adv*) ۞ 1 بخش‌بخش 2 محلی، منطقەای 3 گروهی

sectionalism *noun*
1 دەستەگەری، تیرەگەری 2 ناوچەگەری (sectionalist *n, adj*: *n* 1 دەستەگەر، تیرەگەر 2 ناوچەگەر *adj* 1 دەستەگەرانە، تیرەگەرانە 2 ناوچەگەرانە) ۞ 1 فرقەگرایی 2 ناحیەگرایی

Section Eight *noun*, Section VIII
1 دەرکردن لە ئەرتەشی ئەمریکا بەهۆی ناڵەباری جەستەیی یان ناکاری physical or mental unfitness 2 سەربازی دەرکراو ۞ سکشن ایت

section gang *noun*, also section crew
کارکەرانی بەرپرسی بەشێ لە ڕێی ئاسن ۞ سکشن گانگ

section hand *noun*
کرێکارێ لە دەستەی کارکەرانی ڕێی ئاسن ۞ سکشن هند

section mark *noun*
نیشانەی پاچوونەوە (§) ۞ علامت ارجاع

sector /'sektə(r)/ *noun*
1 (بازنە) کەرت، بڕگە، بڕەک، بەشەبازنە 2 بەش، پارچە، کەرت: *the manufacturing sector* 3 ناوچە، دەڤەر: *each sector of the* 4 بەشێ لە بەرەی شەڕ (بەرەت): *war zone* (لە لاتین late Latin "cutter"، لە *secare* "برین") ۞ 1 (دایرە) قطاع 2 بخش 3 منطقە 4 بخشی از جبهە

sectorial /sek'tɔːrɪəl/ *adjective*
1 سەربە کەرت، بەشەبازنەیی، بڕگەیی 2 (گیانەوەرناسی) سەربە ددانی carnassial ۞ 1 وابستە بە قطاع 2 وابستە بە carnassial

secular /'sekjələ(r)/ *adjective, noun* (*pl.* same or seculars)
1 *adj* دنیایی، مادی، نادینی، نائایینی: *secular -cular* ◊ *Ours is a secular society* ◊ *music He spoke about preserving the* ◊ *concerns country as a secular state* 2 ئازاد (قەشەکان، کە سەربە هیچ دەستە یان کۆمەڵێکی قەشەکان نەبێ) 3 ناوەناوەڕووداو، سەدەیی، *n* 1 قەشەی ئازاد 2 (ئەستێرەوانی) سەربە سووکە گۆڕانێ لە جوولانی رۆژ یان هەسارەکان (secularly /'sekjələli/ *adv*) ۞ *adj* 1 مادی، غیرمذهبی، غیرروحانی 2 شخصی 3 دیربەدیر رخ‌دهندە، قرنی *n* 1 کشیش آزاد 2 سکولار

secular culture *noun*
چاند یا فەرهەنگی دنیایی یا مادی، کولتووری نائایینی ۞ فرهنگ دنیوی

secular improvement *noun*
پێشوەچوون یان پێشکەوتنی دنیایی یا مادی ۞ پیشرفت دنیوی

secularism /'sekjələrɪzəm/ *noun*
نادین‌باوەری، نائایین‌باوەری، دنیاپەرستی، دنیا(یی)باوەری (باوەڕێ کە ئاکار (مۆراڵیتی)، پەروەردە و هتد نابێ لەسەر بنچینەی ئایین بن؛ secularist /'sekjələrɪst/ *noun, adj*: *n*

مرۆی نادین‌باوەڕ، مرۆی دنیاپەرست، بنیادەمی
دنیا(یی)باوەڕ: *The country is being torn to pieces by conflict between fundamentalists and secularists* نـــادین‌باوەڕانـــە، *adj*
نائـــایین‌باوەڕانـــە: *a secularist culture*؛
adj (secularistic ۞ نادین‌مداری، دنیویت

secularity *noun*
نائـــاینی‌بـــوون، نـــادینی‌بـــوون، دنیـــایی‌بـــوون، مادی‌بوون ۞ غیرمذهبی بودن، مادیت

secularization /ˌsekjələraɪˈzeɪʃn, US -rəˈz-/ *noun*
دنیـــایی‌کـــردن، نـــادینی‌کـــردن، نائـــاینی‌کـــردن، مـــادی‌کـــردن، کردنەنائاینی، کردنەنادینی: *the secularization of society/education*
(secularizer *n*) ۞ غیرمذهبی‌سازی

secularized *adjective*
تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگایانە کە چیتر لەژێر مەهار و دەسەلاتی دین‌دا نین: *The Pope had no great sympathy for the secularized West* ۞ سکولارایزد

secund /sɪˈkʌnd/ *adjective*
(ڕووەک‌ناســی) یــەک‌لایــەنی، لاڕێکخــراو، ڕێکخراو لەسەر لایەنێ، یەک‌لایی (secondly *adv*) ۞ آرایش دادەشدە بە روی طرفی، یک‌طرفی

secundine /ˈsekəndaɪn/ *noun*
1 ئاوەڵمناڵ 2 (ڕووەک‌ناسی) ئاوەڵتوو ۞ 1 مشیمە 2 مشیمەی تخمک

secure /sɪˈkjʊə(r), US səˈkjʊr/ *adjective* (securer, securest)
1 دڵنیا، گومان‌لێ‌نەکراو، ئارخایەن، نانیگەران، جێی‌باوەڕ، خاترجەم، جێی‌متمانە، لێ‌ڕابینراو، پـــشت‌گـــەرم، پـــشت‌ســـوور، پـــشت‌ئەســـتوور، dependable ،trustworthy: *a -re foundation*
2 پـــارێزراو، تەنـــاهـــ لەئـــەمان‌دا، لەئاســـایش‌دا، بـێ‌مـەترسـی، ڕەهـا لـە مـەترسـی: *a secure hideaway* 3 پتـەو، تونـد، قـورس، دانـەهاتوو، قـایم، تۆکمـە 4 ئاسـایش، هـێمن، ئـارام، دابـین، ئەمن، ئاگاداری‌کراو 5 بێ‌ئەملاوئەولا، مسۆگەر (securable *adj*؛ securely *adv*: بـە دڵـنیایی، دڵـنیایانە، پارێزراوانـە، بـە شـێوەیەکی پارێزراو؛ secureness *n*) ۞ 1 مطمـــئن، خـــاطرجمع 2 مصون، بی‌خطر 3 محکم 4 امن 5 قطعی، حتمی

securement *noun*
دابین؛ (بێ‌باو) = protection ۞ تأمین

security /sɪˈkjʊərəti. US səˈkjʊr-/ *noun*, *pl.* securities
1 ئاسایش(ت)، هێمنایەتی، ئەولەکاری، تەناهی 2 دڵنیایی، گومـان‌لێ‌نەکراوی، جێی‌باوەڕبوون، خاترجەمی، ئارخایەنی، دڵ(لێ)ئاوخواردنەوە، جێـی‌متمانـەبوون، لێ‌ڕابینـراوی، پـشت‌گـەرمی، پشت‌سووری، پـشت‌ئەسـتووری 3 پارێزراوی، بێ‌مەترسێتی، دابینی، سلامەتی، ئەمان 4 بارمتە، گرێـو 5 دەســتەبەری، کەفالــەت، کــەفیلی 6 دەســـتەبەر، کـــەفیل 7 قەبالـــە، بەڵـــگە 8 (securities) قەبالــە و ســەنەدە مالــی‌یــەکان، ستاک و بەشەکان لە کۆمپانیایەک‌دا ۞ 1 امنیت 2 اطمینان 3 ایمنی 4 وثیقە 5 ضـمانت 6 ضـامن 7 سـند 8 (در جمع) اوراق بهادار

security clearance *noun*
دەستوورنامەی ئاسایش(ت) ۞ مجوز امنیتی

Security Council *noun*
ئەنجومـــەنی ئاســـایش(ت)، جـــڤاتی تـــەناهی (ڕێکخـــراوەی نەتـــەوە یـــەک‌گرتووەکـــان) ۞ شورای امنیت

security guard *noun*
پاسەوان یا پارێزەری ئاسایش(ت)، ئاسایش‌پارێز ۞ محافظ امنیتی

security light *noun*
چرای ئاسایش(ت) یان پاراستن ۞ چراغ امنیتی

security risk *noun*
مەترسی ئاسایش(ت) یا پاراستن ۞ خطر امنیتی

Security Service *noun*
ڕێکخـــراوەی زانیـــاری(گـــری) و ئاســـایش(ت)، ڕێکخـــراوەی ئاســـایش و پاراســـتن ۞ ســـازمان اطلاعات و امنیت

sedan /sɪˈdæn/ *noun*
1 ماشـــێنی چواردرگـــا (بـــە ســـندووقی دواوە) 2 دەســـتەبەرە (ب.ت. لـە سـەدەکانی 17 و 18دا) ۞ 1 اتومبیل چهاردر 2 تخت روان

sedan chair *noun*
دەستەبەرە ۞ تخت روان

sedate /sɪˈdeɪt/ *adjective*
1 مەنـد، قـورس، ئـارام، لەسـەرەخۆ، سـەنگین 2 بەڕشـت، شـێلگیر (sedately /sɪˈdeɪtli/ *adv*: مەندانە، قورسانە، لەسەرەخۆیانە؛ sedateness *n*: مەنـدی، قورســـی، ئـارامی، سـەنگینی) ۞ 1 موقر، متین 2 جدی

sedated *adjective*
هێورەوەبوو، ئارامەوەبوو، دامرکاو، ئارام‌گرتوو ۞ تسکین‌شدە

sedation /sɪˈdeɪʃn/ *noun*
1 ئـارام‌کردنـەوە، هێـدی‌کردنـەوە، داکاسـاندن، دامرکاندن، داشکاندن 2 دەرمـانی ئـارام‌کردنـەوە ۞ 1 تسـکین 2 داروی مسـکن

sedative /ˈsedətɪv/ *adjective, noun*
(دەرمـانی) دامرکانـدن یـان هێورکردنـەوە ۞ (داروی) مسـکن

sedentary /ˈsedntri, US -teri/ *adjective*
1 دانیشتوو، جێوار، نیشتەجێ، جێگیر، گیرساوە، هەمیشەنشین، بەند(بوو)، سەقامگیر، ناکۆچەر، نامشەخت 2 بێ‌جوولە، نەجووڵ، بێ‌بزووتن 3 (گیانەوەرناسـی) ناکۆچـەر، نیـشتەجـێ sissile

1 ◌ (sedentariness *n* ؛sedentarily *adv*)
نشـتـه، ساكن، مـسـتقر 2 بی‌حركت 3 غیرمهاجر
Seder /'seɪdə/ *noun,* from Hebrew *sēder* "order, procedure"
ڕێوڕەسمی سروتێکی جوولەکە و شێوێکی داب‌ودەستووری بۆ یەکەمین شەو یان دووشەوی Passover ◌ سدر
sederunt /sɪ'dɪərənt, US -'dɛː-/ *noun*
(لە سکاتلەند) ئەنجومەنی پیاوانی دینی یان ئایینی ◌ شورای روحانی
sedge /sedʒ/ *noun*
(ڕووەکناسی) لەوان، جەگەن، سێ‌سوو، جگەن، زەل، زەلەوردە، زۆرتر لە زەوی تەڕدا شین دەبێ [*Carex* و توخمەکانی تر] ◌ جگن
sedilia /sɪ'dɪlɪə/ *pl. noun, sing.* sedile /sɪ'dʌɪli/
میزەبەردینە، میزەبەردینە، یەکێ لە سێ کورسی لە بەردی میحراب یا سەرووی کلیسە (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "seat") ◌ سدیلیا
sediment /'sedɪmənt/ *noun*
1 نیشتوو، نیشتە 2 خلتە، بەلخ، تلتە، پەگر (بنەڕەت: لە *sédiment* فەرەنسی یان لە *sedimentum* لاتینی "settling") ◌ 1 تەنشست، رسوب 2 لرد
sedimentary /ˌsedɪ'mentri/ *adjective*
(زەویناسی) نیشتوو(یی)؛ بەهۆی نیشتنەوە پێکهاتووە: *sedimentary deposits* ◊ *sedimentary rock*: بەردەنیشتوو، نیشتەبەرد ◌ رسوبی
sedimentation /ˌsedɪmen'teɪʃn/ *noun*
نیشتن، نیشاندن ◌ رسوب‌گذاری
sedimentology *noun*
نیشتووناسی، نیشتن‌ناسی (sedimentologic or ؛sedimentological *adj* sedimentologist ؛sedimentologically *adv* *n*) ◌ رسوب‌شناسی
sedition /sɪ'dɪʃn/ *noun*
ئاژاوەگێری، سەربەگوێبەندبوون، پشێوی‌نانەوە (دژی دەسەلاتی حکومەت یان پاتشایێ) ◌ فتنه‌انگیزی، اغتشاش
seditionary *adjective*
ئاژاوەگێر، سەربەگوێبەند، پشێوی‌نەرەوە، ئاژاوەنەرەوە ◌ فتنه‌انگیز
seditionist *noun*
ئاژاوەگێر، سەربەکێشە، پشێوی‌نەرەوە، ئاژاوەنەرەوە ◌ فتنه‌انگیز
seditious /sɪ'dɪʃəs/ *adjective*
ئاژاوەگێر، سەربەگوێبەند، پشێوی‌نەرەوە، شوفار: *The letter was declared* ◊ *seditious activity* (-tiously /sɪ'dɪʃəsli/ *adv*؛ -us seditiousness: ئاژاوەگێرانە، پشێوی‌نەرەوانە ؛ /sɪ'dɪʃəsnəs/ *n*) ◌ فتنه‌انگیز
seducer /sɪ'djuːsə(r), US sɪ'duːsə(r)/ *noun*
تاودەر، تەفرەدەر، هەڵخەڵەتێنەر، فریودەر، هەڵفریوێنەر (seductress /sɪ'dʌktrəs/ *n*: ژنی تەفرەدەر (یان دڵرفێن)) ◌ اغواگر
seducible /sɪ'djuːsəbl/ *adjective*
تەفرە دەدرێ، هەڵدەخەڵەتێنرێ، فریو دەدرێ ◌ قابل اغوا
seduction /sɪ'dʌkʃn/ *noun*
تاودان، تەفرەدان، هەڵخەڵەتاندن، فریودان، خاپاندن، هەڵفریواندن، سازکردن، لەڕێ‌بەدەرکردن، گومڕاکردن، لەخشتەبردن، دڵرفێنی ◌ اغوا، گمراهی، گمراه‌سازی، گول‌زنی
seductive /sɪ'dʌktɪv/ *adjective*
تاودەر، تەفرەدەر، فریودەر، دڵرفێن، سەرنج‌ڕاکێش، جوان، لەبار، سێکسی: *a seductive woman* ◊ *She used her most seductive voice* (seductively /sɪ'dʌktɪvli/ *adv*: تەفرەدەرانە، تاودەرانە، فریودەرانە؛ seductiveness /sɪ'dʌktɪvnəs/ *n*: تاودان، تەفرەدان، فریودان، خەڵەتاندن، هەڵفریواندن، جوانی، دڵرفێنی) ◌ اغواکننده، جذاب
sedulity /sɪ'djuːlɪti/ *noun*
1 لەسەرمانەوە، سووربوون، کۆڵنەدان، شێلگیری 2 تێکۆشان، حەوڵدان، diligence ◌ 1 پشتکار، مداومت 2 سعی
sedulous /'sedjʊləs, US 'sedʒələs/ *adjective*
تێکۆشەر، سوور، مجد، بەرشت، شێلگیر، حەوڵدەر: *a sedulous student* ◊ -us *attention to detail* (sedulously /'sedjʊləsli, US 'sedʒələsli/ *adv*: تێکۆشەرانە، شێلگیرانە؛ sedulousness /'sedjʊləsnəs, US 'sedʒələsnəs/ *n*) ◌ ساعی، کوشا
sedum /'siːdəm/ *noun*
گوڵەنازە؟ (← گیایێکی گەڵاگۆشتن [توخم *Sedum*]، بنەڕەت: لە لاتینی نوێ، ئامازە بە houseleek ێ) ◌ ابرون صغیر
see /siː/ *noun*
مەڵبەند یان بنکەی سەرقەشە، سەرقەشەنشین ◌ قلمرو یا مقر اسقف
seed /siːd/ *noun*
1 دەنک، دان، تۆو، توو، تۆڤ، توخم، هەرک، نۆتک، ناوک، چنچک: *sesame seeds* ◊ *seed potatoes* 2 بەرە، نەوە، توخم، فرزندان، وەجاخ 3 (کۆن) تۆماو، تۆواو، ئاو، توو، پشتاو ◌ 1 دانه، بذر، هسته 2 ذریه، اولاد 3 منی
seedbed /'siːdbed/ *noun*
1 شێوەرد؟، بەرەجووت؟، بەرەتوو؟، جێ‌توو (ڕەپستە، ئاوەنیا یان کوڵەبەس: ئەو زەوییەی

که شێو براوە و ئاو دراوە تا شتێکی لێ داچێنن) 2 (خـــوازە) شـــوێنی پەرەســـەندن، ناوەنـــد، ســەرچاوە، مەکۆ، چەق، شـوێنی (سـەر)هەڵدان ◌ 1 بستر بذر 2 (مجازی) کانون، خاستگاه

seedcake /ˈsiːdkeɪk/ *noun*
کەیکی زیرە یان زیرە caraway، سیدکەیک ◌ کیک زیره

seed capital = seed money

seed capsule *noun*
کەلوو، قاپیلک، بەرگەتوو، دانپوش ◌ پوشش دانه

seedcase *noun*
چەڵـــتووک، کـــەلوو، قاپیلـــک، بەرگـــەتوو ◌ پوستەی بذر

seedcorn /ˈsiːdkɔːn, US -kɔːrn/ *noun*
1 بنەتوو 2 ئەو خەڵکانە یان ئەو شتانەی کە لە داهاتوودا دەتوانن بەسوود یان سەرکەوتوو بن ◌ سید کورن

seeded /ˈsiːdɪd/ *adjective*
1 (زەوی) توو پێوەکراو، توو وەشێنراو، کێڵراو، چێنـراو، داچێنـراو 2 بـێنـاوک، بـێنێـوک 3 هەڵبژاردە ◌ 1 بذرافشانده 2 بی‌هسته 3 نخبه

seeder *noun*
1 تووچێن، توودەر، تووەشێن 2 دانگر، تووگر ◌ 1 بذرپاش 2 سیدر

seed fern = pteridosperm

seedful *adjective*
بەبەرهەم، بەبرشت، بەپیت، زۆربـر، دانگـر ◌ بارور

seediness /ˈsiːdinəs/ *noun*
بارودۆخی شپرزە، رەوشی شێواو یان شپرزە ◌ وضع بەهم‌ریخته

seed leaf = cotyledon

seedless /ˈsiːdləs/ *adjective*
بێدەنک، بێدان، بێناوک، بێنێوک، بێتوو، بێتوخم، بێهەرک (seedlike *adj*) ◌ بی‌دانـه، بدون هسته، بدون تخم

seedling /ˈsiːdlɪŋ/ *noun*
چەقەرە، چەکەرە، نەمام، چووز، خەڵف، زیل، داڵـــیە، شـــەتڵ nursery plant: *tomato seedlings* ◌ جوانه، گیاه نورسته

seed-lip *noun*
(مێژوویی) تووچێن، تووەشێن: سەوەتەیێ بۆ هەڵگرتنی توو ◌ سیدلیپ

seed money *noun*, also seed capital
دەسمایـــە، ســـەرمایە، مایـــە، بنەمایـــە، بنـــەپارە، بنەپووڵ ◌ سرمایه

seed pearl *noun*
مرواری ورد ◌ مروارید ریز

seed-plant *noun*
گیای توویی، رووەکی توودار یان تووی ◌ گیاه تخم‌دار

seed potato *noun*
پەتاتەی (بنە)توو ◌ سید پوتاتو

seedsman /ˈsiːdzmən/ *noun, pl.* seedsmen
تووفرۆش، تـووفرۆش، تـووچێن، تووەشێن ◌ بذرفروش، بذرافشان

seedtime /ˈsiːdtaɪm/ *noun*
وەختی توودان، تووان، جووت‌بەندان، جەنگەی تـوودان، تووەشـانان، سـەروبـەنـدی کـردن یـان وەشانی توو ◌ موسم بذر

seed vessel = seedcase

seed-wool /ˈsiːd wʊl/ *noun*
پەمووی خـاو، پەمـوودانە، لۆکەی پاکەوەنەکراو ◌ پنبەی خام

seedy /ˈsiːdi/ *adjective* (seedier, seediest)
1 بـردان، تووبـر، تووبـر، بـرنێوک، بـرناوک 2 گـــەرەکی هـــەژار و نـــەداران، هەژارنـــشـین، فەقیرنـــشین، شـــڕە، پـــواو 3 پـــیس، نـــاخۆش (seedily /ˈsiːdɪli/ *adv*) ◌ 1 پـــرتخم 2 فقیرنشین، ژنده 3 کثیف

seeing *conjunction, noun*
(seeing that یان seeing as هەروەها) *conj* چونکـە، لەبـەر ئـەوە کـە، چونکـو، بـە خـاتری ئـەوەی کـە 1 *n* بـینـین، روانـین، چـاولێکردن 2 توانایی دیتن یان بینایی ◌ *conj* به خاطر این‌که *n* 1 رؤیت، مشاهده 2 قوەی دید

Seeing Eye dog = guide dog

seeker /ˈsiːkə(r)/ *noun*
داخواز، خوازگار، خوازیار، داواکار، بەدواداگەڕ، (لە لێکدانا) ـگەڕ، ـخواز ◌ جوینده، طالب، ـجو

seeming /ˈsiːmɪŋ/ *adjective, noun*
adj رواڵەتی، وادیارە، لەوەچوو: *the seeming immortality of our heroes* ◊ *a seeming impossibility* *n* رواڵـــەت، دیـــوی دەرەوە، رووکـەش (ب.ت. فریـودەر) ◌ *adj* ظـاهری *n* ظاهر

seemingly /ˈsiːmɪŋli/ *adverb*
وادیارە، بە رواڵەت، لەوە دەچێ: *a seemingly endless journey* ◌ ظاهراً، از قرار معلوم

seemliness /ˈsiːmlinəs/ *noun*
1 شیاوی، لێوەشاوەیی، لێهاتوویی، پێکەوتوویی 2 باشی، لەباری، گونجاوی ◌ 1 شایـستگی 2 مناسبت

seemly /ˈsiːmli/ *adjective* (seemlier, seemliest)
1 شیاو، لێوەشاوە، پێکەوتوو 2 پەسند، بەجێ، بـەرێوجـێ، بـاش، گونجـاو، good-looking، handsome ◌ 1 شایـسته 2 مناسب

seen /siːn/ = past participle of see

See of Rome = Holy See

seepage /ˈsiːpɪdʒ/ *noun*

دادان، دلۆپە(کردن)، داچۆڕان، دەڵاندن، وەرقین، لێچوون، تێزان: *Water gradually escapes by* ◯ نشت، تراوش *-epage through the ground*

seer[1] /sɪə(r), US sɪr/ *noun*

1 پێشزان، پێشبین، داهاتووبین 2 چاودێر 3 بینەر ◯ 1 غیب‌گو 2 ناظر 3 بیننده

seer[2] /sɪə(r), US sɪr/ *noun*

(پێمچەوشکاری هیند) سەنگ یان ئایەرەیێ نزیک بە یەک کیلۆ یان لیتری (بنەڕەت: لە *ser* هیندییەوە) ◯ سیر

seersucker /ˈsɪəsʌkə(r), US ˈsɪrs-/ *noun*

کریشە، کەتانی شیروشەکرە: جۆرێ کوتاڵی سووکی کەتانی یان ڕیۆنی، ڕێڕێ و چرچ (بنەڕەت: لە "*šir o šakar*"ی ئێرانی) ◯ کتان شیر و شکر

seesaw /ˈsiːsɔː/ *noun*

1 حاقلیمەقۆ، حیندرحۆ، حەندەرحۆ، سیسۆ، هیلاهۆب، جێجەلقانە، زیقوزەر 2 شەکانەوە، ڕاژان، لەرانەوە، تەکەتەک، پاش‌وپێش‌کردن، سەروخوارچوون ◯ 1 الاکلنگ 2 نوسان

seething *adjective*

شێواو، شڵەژاو، پڕ، جمە(هاتوو) ◯ آشفته، مملو

see-through *adjective*

(جل‌وبەرگ) تەنک، لێوەدیار، شاش، ناسک، ئەودیودیار، ڕووتەنک، transparent ◯ بدن‌نما، فرانما

Sefardin = Sephardim

Sefer /ˈseɪfə/ *noun, pl.* Sifrei

1 سەیفر، سێفر (کتێبی ویژەی دینی جوولەکە) 2 (زۆرتر Sefer Torah /ˈtɔːrə, ˈtəʊr/) تۆماری کە تەورات و Pentateuchی تیایە (بنەڕەت: لە *sēpher tōrāh* عیبرییەوە "کتێبی قانوون") ◯ سفر

segment /ˈsegmənt/ *noun*

1 کوت، قاش، برگە، بڕ، بڕەک، ئالقە، کووز، تیکە، پارچە، کەرت، بەش، پشک، پار، پاژ 2 پل 3 (ئەندازە) برگە، کوت؟ 4 (دەنگناسی) پارچە، برگە 5 (بیناسازی) تاق یان کەوانەی بازنە (کەمتر لە نیوبازنەیێ) ◯ 1 قطعه، تکه، بخش، قسمت 2 فصل، لب 3 (هندسه) قطعه 4 (آواشناسی) پاره، برش 5 قوس دایره

segmental /segˈmentl/ *adjective*, also segmentary

1 پارچەپارچە، کوت‌کوت، کەرت‌کەرت، بەش‌بەش، پاژپاژ، بڕبڕ، برگەبرگە، پل‌پل 2 (دەنگناسی) پارچەیی، برگەیی 3 (بیناسازی) سەربە تاق یان کەوانەی بازنە(یی) ◯ 1 قطعه‌قطعه، بخش‌بخش، بندبند 2 وابسته بە پاره، برشی 3 وابسته به قوس دایره

segmentation /ˌsegmenˈteɪʃn/ *noun*

1 دابەش‌کردن، دابەشاندن، بەش‌کردن، بەش‌بەش‌کردن، پەرچقاندن، پرووسکاندن، بەشاندن 2 کەرتاندن، برگاندن، برگەبرگەکردن 3 پل‌پل‌بوون، پلاویبوون ◯ 1 تقسیم 2 تقطیع 3 تفصص

segmented *adjective*

پارچەپارچە، کوت‌کوت، کەرت‌کەرت، بەش‌بەش، پاژپاژ، بڕبڕ، برگەبرگە، پل‌پل، دابەش‌کراو، دابەشێنراو، بەش‌بەش‌کراو، کەرتێنراو ◯ قطعه‌قطعه، بخش‌بخش، بندبند، تقسیم‌شده

segregate /ˈsegrɪgət/ *adjective*

تاق، تاک، تەنیا، جیا، جودا ◯ تک، سوا، مجزا

segregated *adjective*

1 (لەباری ڕەگەزی، ئایینی و هتد) جیاوەکراو، لێک‌هەڵبڕاو، لێک‌دابڕێنراو، جوداکراو 2 جیا، جودا ◯ 1 تفکیک‌شده 2 مجزا

segregation /ˌsegrɪˈgeɪʃn/ *noun*

جیاکردنەوە، (لێک)دابڕاندن، لێک‌هەڵبڕاندن، جیایی، جیابوونەوە ◯ تفکیک، جدایی

segregationist /ˌsegrɪˈgeɪʃənɪst/ *adjective, noun*

adj سەربە جیاکردنەوەخوازی، جیاکردنەوەخوازییانە، لایەنگری جیاکردنەوەخوازی *n* جیاکردنەوەخواز ◯ *adj* تفکیک‌گرایانە *n* تفکیک‌گرا

segregationist policies *noun, pl.*

ڕامیاری یا سیاسەتە جیاکردنەوەخوازییەکان ◯ سیاست‌های تفکیک‌گرایانە

segregative /ˈsegrəgeɪtɪv/ *adjective*

جیاکەرەوە، جیاگەر، دابڕێنەر، هەڵبڕێنەر، جیاکردنەوەیی ◯ تفکیک‌کننده، تفکیکی

segue /ˈsegweɪ/ *noun*

نەرمەگۆڕان، گۆڕانی بە ئەسپایی، سووکەگۆڕان ◯ تغییر ملایم

seguidillia /ˌsegɪˈdiːljə, US -ˈdiːjə/ *noun*

جۆرێ سەما یان هەڵپەرکێی سپانیایی (سپانیایی، لە *seguida* "sequence") ◯ نوعی رقص

sehnsucht /ˈzeɪnzuːxt, German ˈzeːnzuxt/ *noun*

ئاواتی بەتین، تاسەی یەکجار زۆر (بنەڕەت: لە ئەڵمانییەوە) ◯ آرزوی مشتاقانە

seicento /seɪˈtʃentəʊ/ *noun*

(لاتینی) سەدەی حەقدەیەم (ب.ت. سەبارەت بە ویژە و هونەری ئیتالیایی) ◯ سیتو

seicentoist *noun*

هونەرمەند یان ویژەوانی سەدەی حەقدەیەم ◯ سیسنتونیست

seif /siːf, US seɪf/ *noun*

شمشێرە (dune، لە "سەیف"ی عەرەبییەوە) ◯ سیف

seigneur /seɪˈnjɜː/ *noun*, also seignior

(فەرەنسی) ئاغا، خان، دەرەبەگ، سەیدا، هێزا، بەڕێز ⬡ ارباب، آقا

seigneurial *adjective*

(فەرەنسی) ئاغاتاسا، دەرەبەگ‌ئاسا ⬡ ارباب‌وار

seigneury /ˈseɪnjəri/ *noun, pl.* seigneuries

1 دەرەبەگایەتی، بالادەستی، سەروەریتی، سەرداریتی، سەروەرایەتی 2 مەڵبەندی دەرەبەگایەتی ⬡ 1 سینیوری، سلطه، سیادت 2 قلمرو اربابی

seigniorage /ˈseɪnjərɪdʒ/ *noun,* also seignorage

لێدەرانە، مزی لێدانی کۆین ⬡ حق‌الضرب

seigniory /ˈseɪnjəri/ *noun,* also seigneury, *pl.* seigniories

مەڵبەند یان زەوی‌وزاری دەرەبەگایەتی، dominion ;lordship هێز و دەسەلاتی دەرەبەگ ⬡ قلمرو اربابی؛ قدرت ارباب

seine /seɪn/ *noun*

شۆرەتۆڕ، تۆڕی شۆڕەوەبوو، سین ⬡ سین

seiner *noun*

شۆرەتۆڕراخەر، تۆڕهاوێژ ⬡ سینر

seisin /ˈsiːzɪn/ *noun, also* seizin

داگیرکردنی بە تەواوەتی، تەواو دەس‌بەسەرداگرتن ⬡ تصرف مطلق

seism *noun*

بوومەلەرزە، عەردهەژیان ⬡ زمین‌لرزه

seismic /ˈsaɪzmɪk/ *adjective,* also seismal or seismical

1 بوومەلەرزەیی، لەرینەوەیی، لەرزەیی، لەرەیی، بەهۆی بوومەلەرزەوە، هەروەها لەرزە یان لەرینەوەی عەرز (وەک تەقینەوە یان لێ‌کەوتنی meteorite ێ) 2 سەربە لەرینەوەی تەنێکی ئاسمانی celestial body (وەک مانگ) لەچاو رووداوی لەرزەیی سەر عەرز 3 خاوەنی کاریگەرییێکی بەربلاو و بەهێز، *a* ◊ *seismic social changes* :earthshaking *seismic shift in the political process* 1 ⬡ (seismically /ˈsaɪzmɪkli/ *adv*) زلزله‌ای، لرزه‌ای 2 و 3 سایزمیک

seismic focus *noun*

چەقی بوومەلەرزە، ناوەندی بوومەلەرزە ⬡ کانون زمین‌لرزه

seismicity /saɪzˈmɪsɪti/ *noun*

روودان(ەوە) یان چەندبارەبوونەوەی بوومەلەرزەکان لە ناوچەیێدا ⬡ تکرار زمین‌لرزه

seismic waves *noun, pl.*

شەپۆلە بوومەلەرزەیی‌یەکان، شەپۆلەکانی بوومەلەرزە ⬡ امواج زمین‌لرزه

seismism *noun*

دیاردەکانی بوومەلەرزە ⬡ پدیده‌های زمین‌لرزه

seismity *noun*

لەرینەوەیی‌بوون، بوومەلەرزەیی‌بوون ⬡ زلزله‌ای بودن، زمین‌لرزه‌ای بودن

seismo- *prefix*

پێشگر: بوومەلەرزە، عەردهەژیان، لەرینەوە، لەرزە، لەرە: (بنەڕەت: لە *seismometer* (seismos یۆنانی‌یەوە (بوومەلەرزە) ⬡ پیشوند: زلزله، لرزه

seismogram /ˈsaɪzmə(ʊ)gram/ *noun*

وێنە یان هێڵی چەماوەی تۆمارکراو لە لایەن لەرەنووسێکەوە ⬡ سیزموگراف

seismograph /ˈsaɪzməgrɑːf, US -græf/ *noun*

لەرەنووس، لەرزۆگراف، لەرینەوەنووس، سایزیمۆگراف، سیزیمۆگراف ⬡ لرزه‌نگار، زلزله‌نگار

seismographic *adjective,* also seismographical

سەربە لەرەنووسی، لەرزۆگرافیک، سەربە لەرینەوەنووسی، سایزیمۆگرافیک ⬡ وابسته به زلزله‌نگاری

seismography /saɪzˈmɒgrəfi/ *noun*

لەرەنووسی، لەرزۆگرافی، لەرینەوەنووسی، سایزیمۆگرافی ⬡ زلزله‌نگاری، لرزه‌نگاری

seismological /ˌsaɪzməˈlɒdʒɪkl, US -ˈlɑːdʒ-/ *adjective,* also -ologic

سەربە بوومەلەرزەناسی، بوومەلەرزەناسی‌یانە ⬡ زلزله‌شناختی

seismologist /-dʒɪst/ *noun*

بوومەلەرزەناس ⬡ زلزله‌شناس

seismology /saɪzˈmɒlədʒi, US -ˈmɑːl-/ *noun*

بوومەلەرزەناسی ⬡ زلزله‌شناسی

seismometer /saɪzˈmɒmɪtə/ *noun*

لەرەپێو، لەرینەوەپێو، بوومەلەرزەپێو ⬡ لرزه‌سنج، زلزله‌سنج

seismometry *noun*

لەر(ینەو)ەپێوی، بوومەلەرزەپێوی ⬡ لرزه‌سنجی، زلزله‌سنجی

seismosaurus /ˈsaɪzmə(ʊ)sɔːrəs/ *noun*

(بوومە)لەرزە(مار)مێلکە: جۆرێ دایناسۆری sauropod ی زلەی دوایی‌یەکانی ژووراسیک Jurassic ⬡ سیزموسوروس

sei whale /seɪ/ *noun,* also sei

خەڵووزماسی‌نەهەنگ: جۆرێ rorqual ی چکۆلە، درێژی‌یەکەی رەنگە تا 18 میتر (60 پێ) بگا [*Balaenoptera borealis*] ⬡ سی وال

seizable /ˈsiːzəbl/ *adjective*

شیاوی گرتن یان داگیرکردن، گرتەنی، دەستی بەسەردا دەگیرێ، داگیر دەکرێ ⬡ قابل تصرف

seizer *noun,* also seizor

داگیرکەر، دەس‌بەسەرداگر، زەوت‌کەر ⬡

تصرف‌کننده، مصادره‌کننده

seizin = seisin

seizing *noun*

1 (دەریاوانی) دریژی تەناف، گوریس یان پەتی بۆ بەستن یا گریدان 2 گرتن، دەس‌بەسەراگرتن، زەوت ۞ 1 سیزینگ 2 ضبط، مصادره

seizure /'si:ʒə(r)/ *noun*

1 گـرتن، داگیرکـردن، زەوتکـردن، دەس‌بەسەرداگرتن، پێەدانەوە، بەزۆر لێ‌سەندن: *The court ordered the seizure of his assets* 2 *the army's seizure of power* ◊ (فنی) لێهاتن: *an epileptic seizure* ۞ 1 تصرف، مصادره 2 (صرع) حمله

sejant /'si:dʒ(ə)nt/ *adjective*

(Heraldry، نازەلـی) قیـتدانیشتوو، راست‌قنچکەکردوو، رەپ‌هەلتروشکاو، sitting ۞ راست‌نشسته

Sejm /seɪm/ *noun*

ئەنجومەنی ژێرینی پارلەمانی پۆلەند ۞ سیم

Sekt /zɛkt/ *noun*

جۆرێ مەی سپی هەلچووی ئەلمانی ۞ زکت

selachian /sɪ'leɪkɪən/ *noun*

(گیانەوەرناسی) تیرەیێ ماسی کرۆژەیی کە بریتین لە dogfish و shark ـەکان (بنەڕەت: لە *Selachii* لاتینی نوێ (ناوی پۆلی پێشوو) ۞ سیلاکین

seladang /sə'lɑ:daŋ/ = gaur

selah /'si:lə, US -lɑ:/ *interjection*

ئامین (بنەڕەت: لە *selāh* عیبری‌یەوە) ۞ آمین

seldom /'seldəm/ *adverb, adjective*

adv بە دەگمەن، کەم، بە هەلکەوت، جاروبار: ◊ *She -om, if ever, goes to the theatre adj They -m watch television these days* (کۆن) کەم، کەم‌ڕووداو، دەگمەن، چۆنها ۞ *adv* به ندرت *adj* نادر، گاه‌گاهی

select /sɪ'lekt/ *adjective*

هەلبژاردە، دەستەبژێر، سەرگول، گولبژێر، تایبەتی، بۆ دەستەیەکی جیاواز، ئیکسکلوسیف: *a select wine list* ۞ برگزیده، خاص

select committee *noun*

(لە بریتانیا) لیژنەی لێکۆلینەوە ۞ کمیته‌ی تحقیق

selected *adjective*

هەلبژێردراو، هەلبژێراو، هەلبژاردە ۞ انتخاب‌شده

selectee *noun*

1 مرۆی هەلبژێراو یان هەلبژاردە 2 (ئەمریکا) سەرباز، بانگکراو بۆ سەربازی ۞ 1 آدم برگزیده 2 مشمول، سرباز وظیفه

selection /sɪ'lekʃn/ *noun*

1 هەلبژاردن، هەلبژار، پەسندکردن، هەلگرتن، سەرپشکی، سەرپشکبوون 2 کۆمەلە 3 (زیندەناسی) هەلبژاردنی سروشتی ۞ 1 انتخاب، گزینش 2 مجموعه 3 (زیست‌شناسی) انتخاب طبیعی

selectional *adjective*

(زمانەوانی) هەلبژێرانە ۞ گزینشی

selection error *noun*

هەلەی هەلبژاردن ۞ خطای انتخاب

selection process *noun*

رەوتی هەلبژاردن ۞ فرایند انتخاب

selection restriction *noun*

بەرتەنگی یان سنوورداری هەلبژاردن ۞ محدودیت انتخاب

selective /sɪ'lektɪv/ *adjective*

1 هەلبژاردە 2 سەربە هەلبژاردن، هەلبژێرانە 3 تایبەتی، عەلاحیدە 4 سەختگر، درەنگ‌هەلبژێر، بۆپەسندنەکراو 5 هەلبژێر ۞ 1 برگزیده 2 گزینشی 3 خاص 4 مشکل‌پسند 5 انتخاب‌کننده

selectively /sɪ'lektɪvli/ *adverb*

هەلبژێراوانە، بە شێوەیەکی هەلبژێر(در)او ۞ به طور انتخاب‌شده

selectiveness /sɪ'lektɪvnəs/ *noun*

هەلبژاردەیی ۞ برگزیدگی

selective service *noun*

سەربازی ۞ خدمت نظامی الزامی

selectivity *noun*

هەلبژاردن، پەسندکردن، هەلگرتن، سەرپشکی، سەرپشکبوون ۞ انتخاب، گزینش

selectman *noun, pl.* selectmen

1 مرۆی هەلبژاردە 2 ئەندامی دەستەی حکومەتی خۆجێیی شارێکی ئینگلتەرەی نوێ ۞ 1 شخص برگزیده 2 سلکت‌من

selectness /sɪ'lektnəs/ *noun*

هەلبژاردەیی ۞ نخبگی

selector /sɪ'lektə(r)/ *noun*

1 هەلبژێر (ئەندامانی دەستە یان تیمێ) 2 (تکنیکی) هەلبژێرە: *a selector switch* ◊ *a gear selector* ۞ انتخاب‌کننده 2 (فنی) سلکتور

selen- = seleno-

selenic *adjective*, also selenious

سەربە سیلینیۆم ۞ وابسته به سلنیم

selenic acid *noun*

ترشەلۆکی سیلینیۆم ۞ اسید سلنیم

selenite /'selɪnaɪt/ *noun*

بەردەمانگ، بەردی مانگ (بنەڕەت: بە ریگای لاتین لە *selēnitēs lithos* یۆنانی "moonstone") ۞ سنگ قمر

selenium /sə'li:niəm/ *noun*

(کیمیا) سیلینیۆم (بە ز.گ. 34، ن. Sc؛ *n* selenide؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *selēnē* یۆنانی‌یەوە "مانگ") ۞ سلنیم

selenium cell *noun*

باتری یان سێلی سیلێنیۆم ◇ پیل سلنیم

Selene *noun*

سیلێن، سێلێن: خواژنی مانگ لای یۆنانییەکان ◇ سیلین

seleno- *prefix*

پێشگر: مانگ، هەیڤ: *selenography* (بنەڕەت: لە *selēnē* یۆنانی) ◇ پیشوند: ماه

selenocentric *adjective*

سەربە ناوەندی مانگ؛ مانگناوەندی، مانگتەوەری ◇ سیلنوسنتریک

selenography /ˌselɪˈnɒgrəfi, US ˌsiː-/ *noun*

مانگوگرافی، لقێ لە ئەستێرەوانی لەمەڕ نەخشەهەلگرتەوەی زانستییانەی ڕوو یا سەر مانگ (selenographic or selenographical *adj*: سەربە مانگوگرافی، سەربە نەخشەهەلگری زانستییانەی مانگ؛ selenographer *n*: سێلێنیۆگرافی، مانگوگرافیر) ◇ سلنوگرافی

selenology /ˌselɪˈnɒlədʒi, US ˌsiː-/ *noun*

مانگناسی، مانگەوانی: لێکۆلینەوەی زانستییانەی مانگ (selenological *adj*؛ selenologist *n*) ◇ ماه‌شناسی

Seleucid /sɪˈluːsɪd/ *noun*

سیلوکی، ئەندامی بەرەیێ (جێگری ئەسکەندەری مەزن Alexander the Great) کە بەسەر سووریا و ڕۆژاوای ئاسیادا لە 311 تا 65 پێش‌زایین حکومەتیان کرد (بنەڕەت: لە ناوی Seleucus Nicator یەکێ لە ژێنرالەکانی ئەسکەندەر) ◇ سلوکی

self /self/ *noun, pl.* selves

1 خۆ، خود، بە خۆ: *a lack of confidence in the self* 2 بەرژەوەندییەکانی خۆ ◇ 1 خود، خویش، خویشتن 2 منافع خود

self- /self/ *prefix*

پێشگر: خۆ‌ـ خود‌ـ: *self-hatred* ◇ *self-adhesive* پیشوند: خود‌ـ

self-abandoned *adjective*

هەوسارپساندوو، بەربەرەڵا، خۆبەرەڵاکردوو، جڵەوی خۆش شل‌کردوو ◇ افسارگسیخته

self-abandonment *noun*

1 گیان‌بازی، لەخۆبوردوویی، خۆبەخت‌کردن 2 هەوسارپساندوویی، بەربەرەڵایی، جڵەوی خۆش شل‌کردن ◇ 1 ایثار 2 افسارگسیختگی

self-abasement *noun*

خۆسووک‌کردن، خۆهێنانەخواری، خۆداشکاندن ◇ خودخوارسازی

self-abnegation *noun*

گیان‌بازی، لەخۆبوردوویی، خۆبەخت‌کردن، لەخۆگوزەران، خۆبەخشی ◇ ایثار

self-absorbed *adjective*

خۆبین، خۆلەبیر، قووڵەوەبوو لە کاروباری خۆیدا، لەخۆداگلاو ◇ خوداندیش، خودخواه

self-absorption *noun*

خۆبینی، بیرلەخۆکردنەوە، خۆلەبیری ◇ خوداندیشی، خودخواهی

self-abuse *noun*

1 خۆخەسارکردن، خۆزایەکردن، خۆسووک‌کردن 2 دەسپەڕ، مشتاو، کابلەمە ◇ 1 تضییع نفس، توهین به نفس 2 استمنا

self-acceptance *noun*

خۆپەسندکردن ◇ خودپذیری

self-access *noun*

(لە ئەمریکا) خۆبەدەس‌خستن، خۆبەدەس‌هێنان (شێوازێکی فێربوونە): *self-access allows students to learn at their own speed* ◇ خوددستیابی

self-accusation *noun*

خۆتاوانبارکردن، خۆگوناهبارکردن ◇ متهم ساختن خویشتن

self-accusatory *adjective*

خۆتاوانبارکەر، خۆگوناهبارکەر ◇ خویش را متهم‌ساز

self-acting *adjective*

خۆکار، ئۆتوماتیک ◇ خودکار

self-actualization *noun*

خۆبەدیهێنان، خۆپێ‌گەیاندن ◇ تحقق نفس

self-addressed *adjective*

(بەرگەنامە) نیونیشان‌دار، نیونیشان‌پێوەبوو، نیونیشانبەخۆوەبوو: *Please enclose a stamped self-addressed envelope* ◇ آدرس‌دار

self-adhesive *adjective*

خۆ(پێکەوە)لکاو، خۆپێوەنووساو، خۆچەسپ، چەسپ‌پێوەبوو، خۆپێوەلکاو: *self-adhesive labels ◊ tape* ◇ خودچسب

self-admiration *noun*

لەخۆبایی‌بوون، خۆلاپەسندی، خۆهەلکێشی ◇ تکبر

self-advertisement *noun*

بۆ خۆ ڕاگەیاندن، بۆ خۆ بانگەشەکردن، بۆ خۆ بلاوکردنەوە ◇ تبلیغ شخصی

self-advertiser *noun*

بۆ خۆ ڕاگەیێنەر، بانگەشەچی بۆ خۆ، بۆ خۆ بلاوکەرەوە ◇ تبلیغ‌کنندەی شخصی

self-affected *adjective*

لەخۆبایی، لووت‌بەرز، بەدەمار، فیزن، بادیهەوا ◇ مغرور

self-affirmation *noun*

خۆپەسندکردن، خۆپێ‌تەواوبوون ◇ تأیید نفس

self-aggrandizement *noun*

خۆگەورەکردنەوە: *He was interested in service, not self-aggrandizement* ◇ تعظیم

نفس

self-alienation *noun*
لەخۆنامۆبوون ۞ ازخودبیگانگی

self-analysis *noun*
خۆشیکاری، خۆشی کردنەوە، شیتەڵ کردنی خۆ، خۆشیتەڵی ۞ خودکاوی

self-annihilation *noun*
خۆتیابردن، خۆلەنێوبردن، خۆفەوتاندن، خۆنەهێشتن ۞ نابودسازی خویشتن

self-apotheosis *noun*
خۆکردنەخودا، خۆبەخواکردن، خۆبەخوادانان ۞ خدا ساختن خویش

self-applauging *adjective*
خۆهەڵکێش، بەخۆداهەڵدەر، تاریفی خۆی دەدا ۞ خودستا

self-applause *noun*
خۆهەڵکێشی، بەخۆداهەڵدان، تاریفی خۆدان ۞ خودستایی

self-appointed *adjective*
خۆکردوو، خۆکردە، دانراو لە لایەن خۆوە، خۆبەرێوەناو (کار، بەرپرسایەتی، پۆست و هتد بێ ئەوەی لەگەڵ خەڵکانی تر یەک کەوتبێ): *the new self-appointed leaders of the movement* ۞ خودگمارده

self-approbation *noun*
خۆچاک کردن، خۆخستنەسەرڕێ ۞ اصلاح خود

self-assembly *noun*
(کەلوپەلی ناوماڵ) لەسەریەک دانراو، لەسەریەک خراو ۞ سوارکردنی

self-assertion *noun*, also self-assertiveness
باوەڕبەخۆبوون، خۆپێش خستن، سووربوون لەسەر قسەی خۆ، خۆدەرخستن، خۆنواندن، خۆهەڵکێشان، منەمن کردن ۞ ابراز وجود

self-assertive *adjective*
خۆهەڵکێش، سوور(لەسەر قسەی خۆ)، باوەڕبەخۆ، خۆپێش خەر، خۆدەرخەر، خۆدەربڕ، منەمن کەر، ڕوودار: *If you want good relationships, you must have the confidence to be self-assertive when required* ۞ پرمدعا

self-assessment *noun*
خۆهەڵسەنگاندن، خۆنرخاندن ۞ خودارزیابی

self-assumption *noun*
لەخۆبایی بوون، خۆبەزل زانی، لووت بەرزی ۞ عجب، تکبر

self-assurance *noun*
لەخۆڕابینین، لەخۆڕاپەرموون، خۆباوەڕی، باوەڕبەخۆبوون، پشت بەخۆبەستن ۞ اعتماد به نفس

self-assured *adjective*
لەخۆڕابینیو، لەخۆڕاپەرموو، باوەڕبەخۆ، لەسەرەخۆ، پشت بەخۆبەستوو: *He's a self-assured, confident negotiator* ۞ متکی به خود

self-aware *noun*
لەخۆئاگادار: *She was sufficiently self-aware to recognize the cause of her problems* ۞ خودآگاه

self-awareness *noun*
ئاگاداربوون لە خۆ، لەخۆئاگاداربوون ۞ خودآگاهی

self-betrayal *noun*
خۆفرۆشی، خۆبەگیردان، خۆلەقاودان ۞ خودافشاگری

self-binder *noun*
خۆبەست، دەزگای خۆبەستن، خۆبادەر ۞ سلف‌بیندر

self-build *noun*
(خانووبەرە و هتد) خۆسازکردن، خۆقورەکاری، خۆدروست کردن، خۆبنیات نان: *self-build houses* ۞ خودسازی

self-builder *noun*
خۆسازکەر، خۆقورەکار، خۆدانەر، بەخۆ بەنایی کردوو ۞ خودساز

self-castigation *noun*
بەگژخۆداهاتن، خۆسزادان ۞ تأدیب نفس

self-catering *adjective*
کەل‌وپەلی لێنان تیابوو، خاوەنی چێشتخانە ۞ سلف کاترینگ

self-centred *adjective*
خۆبین، (هەر)خۆلەبیر، خۆبینانە ۞ خودخواه، خودخواهانه

self-centredly *adverb*
خۆبینانە ۞ خودخواهانه

self-centredness *noun*
خۆبینی، خۆلەبیری ۞ خودخواهی

self-charging *adjective*
خۆپڕەوەبوو، خۆشارژەوەبوو ۞ سلف‌شارژینگ

self-clarification *noun*
خۆڕوون کردنەوە، خۆڕۆشن کردنەوە ۞ توضیح خویش

self-clearing *noun*
خۆخاوێن کردنەوە، خۆپاڵێوی، خۆسڕی ۞ خودپالایی

self-closing *adjective*
خۆداخراو، خۆداخستە، خۆپێوە دراو (دوای کردنەوە بە خۆی پێوەدەدرێتەوە) ۞ سلف‌کلوسینگ

self-cocking *adjective*
(چەک‌وچۆڵ) خۆبەرزکەرەوە، خۆهەڵتین ۞ سلف‌کوکینگ

self-collected *adjective*
لەسەرەخۆ، ئارام، هێمن، هێدی ۞ خونسرد

self-colour *noun*
1 یونیفۆمی یەکڕەنگ 2 ڕەنگی سروشتی شتێ، ڕەنگی خۆ، خۆڕەنگ ◊ 1 یونیفورم یکرنگ 2 رنگ طبیعی چیزی

self-coloured *adjective*
یەکڕەنگ، تاکڕەنگ ◊ تکرنگ

self-command *noun*
دەس بەسەرخۆداگرتن، بەسەرخۆدازاڵ بوون، خۆڕاگیرکردن ◊ کف نفس

self-complacency *noun*
لەخۆقایل بوون، خۆپێتەواوی ◊ رضاالذاتی

self-complacent *adjective*
لەخۆقایل، لەخۆڕازی، لەخۆبایی، خۆپێتەواو ◊ از خود راضی

self-composed *adjective*
ئارام، لەسەرەخۆ، مەند، هێمن ◊ خونسرد

self-concept *noun*
بەخۆوادانان، خۆپێوابوون، خۆوازانین ◊ خودپنداری

self-condemnation *noun*
خۆگوناهبارکردن، خۆمەحکووم کردن ◊ محکومیت خویش

self-conceit *noun*
خۆبینی، خۆپێگەورەیی، خۆهەڵکێشی ◊ خودخواهی، خودستایی

self-conceited *adjective*
خۆبین، خۆپێگەورە، خۆپێزلە، خۆهەڵکێش ◊ خودخواه، خودستا

self-confessed *adjective*
خۆپێلێناو، خۆدرکاندوو، خۆدانپیاناو، خۆوتوو، بێحاشا (لێکردن)، :avowed *a self-confessed thief* ◊ مقر، معترف

self-confessedly *adverb*
خۆدرکاندووانە ◊ معترفانە

self-confession *noun*
خۆپێلێنان، خۆدرکاندن، دانپیانان ◊ اعتراف، اذعان

self-confidence *noun*
لەخۆڕابینین، لەخۆڕابەڕموون، باوەڕبەخۆبوون، پشت بەخۆبەستن: *He constantly tried to undermine her self-confidence* ◊ اعتماد به نفس

self-confident *adjective*
لەخۆڕابینیو، لەخۆڕابەڕموو، باوەڕبەخۆ، لەسەرەخۆ، پشت بەخۆبەستوو: *a self-confident manner* ◊ *a self-confident child* ◊ با اعتماد به نفس

self-congratulation *noun*
خۆپەسەندان، خۆهەڵکێشان، خۆتاریفدان، بەخۆداهەڵدان، لافلێدان: *This is not a matter for self-congratulation* ◊ خودستایی

self-congratulatory *adjective*
1 خۆهەڵکێش 2 خۆهەڵکێشانە، خۆپەسەندەرانە، بەخۆهەڵدەرانە: *self-congratulatory memoirs* ◊ 1 خودستا 2 خودستایانە

self-conscious *adjective*
1 کەمڕوو، شەرمێون، بەڕووداکەوتوو، لەڕووهەڵنەهاتوو: *She was a shy, self-conscious girl* 2 لەخۆئاگادار، هۆش لەلای خۆبوو، خۆئاگادار 3 ئارەحەت، شڵەژاو، تێکچوو ◊ 1 خجالتی 2 خودآگاه 3 عصبی

self-consciously *adverb*
1 لەخۆئاگادارانە 2 خۆهوشیارانە، شەرمنانە، کەمڕووانە: *She was self-consciously aware of his stare* ◊ 1 خودآگاهانە 2 با خجالتی

self-consciousness *noun*
1 کەمڕوویی، شەرمێونی، بەڕووداکەوتوویی، لەڕووهەڵنەهاتوویی، لەڕوودامان 2 لەخۆئاگاداربوون، خۆئاگاداری، هۆش لەلای خۆبوون: *her painful self-consciousness* ◊ 1 خجالت 2 خودآگاهی

self-consistency *noun*
لەخۆداتەواوی، سەربەخۆیی ◊ قائمیت بالذات

self-consistent *adjective*
لەخۆداتەواو، سەربەخۆ ◊ قائم‌بالذات

self-contained *adjective*
1 خوددار، کەمقسە، زمانپارێز 2 تەواو، لەخۆداتەواو، ناپێویست، سەربەخۆ: *a self-contained man* ◊ *Her father was a quiet self-contained man* ◊ *a self-contained community* ◊ *Each chapter is self-contained and can be studied in isolation* ◊ 1 تودار 2 خودکفا، قائم‌بالذات

self-containment *noun*
1 خودداری، کەمقسەیی، زمانپارێزی، زمانئامان 2 تەواوی، لەخۆداتەواوی، ناپێویستی، سەربەخۆی ◊ 1 تودداری 2 خودکفایی

self-contemplation *noun*
لەخۆبیرکردنەوە، بیرلەخۆکردنەوە، بەخۆداچوونەوە ◊ خوداندیشی

self-contempt *noun*
خۆسووک کردن، خۆچکۆلەکردنەوە، خۆبەکەمدانان، خۆهێنانەخوارەوە ◊ تحقیرخویش، خودخوارسازی

self-content *noun*
لەخۆڕازی بوون، لەخۆبایی بوون، لەخۆقایلی، خۆپێتەواوی، self-satisfaction ◊ رضایت خاطر

self-contented *adjective*
لەخۆڕازی، لەخۆبایی، لەخۆقایل، خۆپێتەواو ◊ از خود راضی

self-contentment = self-satisfaction

self-contradiction *noun*
1 دژبەیەکبوون، خۆدژی، دژبەخۆیی 2 دژایەتی، پێکدژی ۞ 1 تناقض با خود 2 تناقض

self-contradictory *adjective*
دژبەیەک، خۆدژ، دژبەخۆ: *He is notorious for making unexpected, often self-contradictory, comments* ۞ (ذاتاً) متناقض

self-control *noun*
خۆڕاگرتن، دەس‌بەسەرخۆداگرتن، گیر، خۆمەهاری، خۆڕاگیرکردن، خۆدابین‌کردن، خودداری ۞ خویشتن‌داری، مسک نفس

self-controlled *adjective*
خۆڕاگرتوو، بەسەرخۆدازاڵ، بەگیر، دەس‌پارێز، خوددار، دەسبەسەرخۆداگرتوو، خۆڕاگیرکردوو، خوددار ۞ خویشتن‌دار

self-correcting *noun*
خۆچاککردن، خۆڕاستکردنەوە ۞ اصلاح خویشتن

self-created *adjective*
خۆکرد، خۆڕسک، خۆساز، خۆدروس‌کراو، بەخۆدروس‌کراو، بەخۆخولقێنراو ۞ خودآفرید

self-creating *adjective*
خۆئافرین، خۆدروس‌کەر، خۆڕسکێن، خۆخولقێنەر ۞ خودآفرین

self-creation *noun*
خۆدروس‌کردن، خۆئافراندن، خۆڕسکێنی، خۆڕسکاندن، خۆخولقاندن، خۆسازێنی ۞ خودآفرینی

self-critical *adjective*
ڕەخنەلەخۆگر، بەخۆداچووەوە، خۆهەڵسەنگێنەر ۞ خودمنتقد

self-criticism *noun*
ڕەخنەلەخۆگرتن، بەخۆداچوونەوە، خۆهەڵسەنگاندن ۞ نقد خویشتن

self-deceit *noun*
خۆهەڵفریواندن، خۆفریودان، خۆخاپاندن ۞ خودفریبی

self-deceiver *noun*
خۆفریودەر، خۆهەڵفریوێنەر، خۆتەفرەدەر ۞ خودفریب

self-deceiving *adjective*
خۆفریودەر، خۆهەڵفریوێنەر، خۆتەفرەدەر ۞ خودفریب

self-deception *noun*
خۆهەڵفریواندن، خۆفریودان، خۆخاپاندن ۞ خودفریبی

self-defeating *adjective*
1 خۆشکێن، خۆڕووخێن 2 لەگەڵ ئەنجامی پێچەوانە، کێشەزۆرتر بەدواوە، ئاخرتێشکاو، بێ‌ئەنجام، بێ‌بەرهەم، بێهوودە، لەخۆڕایی: ۞ *Dishonesty is ultimately self-defeating* 1 خودکوب 2 بدون نتیجه

self-defence *noun*, also self-defense
1 لەسەرخۆکردنەوە، خۆپاراستن، بەرگری لە خۆ، بەرەڤانی لە خۆ 2 شارەزایی یان هونەری لەسەرخۆکردنەوە یان بەرگری لە خۆ ۞ 1 دفاع از خود، صیانت نفس 2 مهارت دفاع از خود

self-defensive *adjective*
خۆپارێز، لەسەرخۆکەرەوە، بەرگری لە خۆکردوو ۞ مدافع خود

self-delusion *noun*
خۆهەڵفریواندن، خۆفریودان، خۆخەڵەتاندن، خۆخاپاندن، خۆلەخشتەبردن: *the grandiose self-delusion of the addict* ۞ خودفریبی

self-denial *noun*
گیان‌بازی، لەخۆبوردوویی، خۆبەختکردن، لەخۆگوزەران، خۆبەخشی: *a life of self-denial and sacrifice* ۞ ایثار، ازخودگذشتگی

self-dependence *noun*
لەخۆڕابینین، پشت‌بەخۆبەستن، باوەڕبەخۆبوون، لەخۆڕاپەڕموون ۞ اعتماد به نفس

self-depreciation *noun*
خۆسووک‌کردن، خۆچکۆلەکردنەوە، خۆشکاندنەوە، خۆبەکەم‌دانان، خۆهێنانەخوارەوە ۞ استخفاف خویش، خودخوارسازی

self-destruction *noun*
خۆلەنێوبردن، خۆتیابردن، خۆکوژی ۞ خودتباه‌سازی، خودکشی

self-destructive *adjective*
خۆلەنێوبەر، خۆتیابەر، خۆکوژی‌یانە، خۆکوژانە: *He had a reckless, self-destructive streak* ۞ خودتباه‌ساز، سلف‌دستراکتیو

self-determination *noun*
1 خۆبەڕێوەبەری، خۆبڕیاردان، خودموختاری، دیاری‌کردنی چارەنووس(ی خۆ) 2 ئازادی ویست یان ئیرادە، سەربەخۆیی تاکەکەسی ۞ 1 خودمختاری 2 آزادی اراده

self-determined *adjective*
خۆبڕیاردەر، خۆدیاری‌کەر، سەربەخۆ، خۆبەڕێوەبەر، خودموختار ۞ مستقل، خودمختار

self-developing *adjective*
پەرەبەخۆدەر، خۆپەرەسێن، گەشەبەخۆدەر ۞ خودپروران

self-development *noun*
پەرەبەخۆدان، خۆپەرەسێنی، گەشەبەخۆدان ۞ خودپرورانی

self-devotion *noun*
گیان‌بازی، لەخۆبوردوویی، خۆبەختکردن، خۆفیداکردن، خۆلەدەورگێڕان، لەخۆگوزەران، خۆبەخشی، جان‌گوریتی ۞ فداکاری

self-directed *adjective*

خۆبەڕێوەبردوو، خۆکردوو ۞ سلف دیرکتد

self-discipline *noun*
خۆڕاگرتن، دەس‌بەسەرخۆداگرتن، خۆمەهاری، خۆڕاگیرکردن، خۆدابین‌کردن، خودداری ۞ خویشتن‌داری، کف نفس

self-disciplined *adjective*
خۆڕاگرتوو، دەس‌بەسەرخۆداگرتوو، خۆمەهار، خۆڕاگیرکردوو، خوددار، دان‌بەسەرخۆداگرتوو ۞ خویشتن‌دار، دارای کف نفس

self-disclosure *noun*
خۆئاشکراکردن، لەخۆقاودان، راستی لە خۆوتن ۞ خودافشایی

self-discovery *noun*
خۆدۆزی، خۆدۆزینەوە، خۆدیتنەوە ۞ خودیابی

self-distrust *noun,* also self-doubt
باوەڕبەخۆنەبوون، لەخۆڕانەبینین ۞ عدم اعتماد به نفس

self-division *noun*
لەخۆدادابەش‌بوون، بەخۆکەرت‌بوون، لەخۆداکەرت‌بوون ۞ انقسام ذات

self-drive *adjective*
(ماشینی بەکری) بێ‌شۆفیر، خۆلێخوڕ، خۆئاژۆ، خۆڕان ۞ بدون راننده، خودران

self-driven *adjective*
خۆکاری، بەخۆجوولاو، ئۆتوماتیکی ۞ خودکاری

self-dynamism *noun*
خۆداینەمیزم، خۆدینامیزم ۞ خودپویایی

self-educated *adjective*
خۆفێربوو (لەچاو خوێندن) ۞ خودآموخته

self-education *noun*
خۆفێربوون ۞ خودآموزی

self-effacement *noun*
خۆپاکتاوکردن، خۆلەنێوبردن، خۆسڕینەوە، بێ‌دەماری، بێ‌پۆزی: *He was a shy, self-effacing man* ۞ امحای خود، فروتنی

self-effacing *adjective*
1 خاکینەوخۆلینە، بێ‌دەمار، بێ‌پۆز، :modest
2 He was a shy, self-effacing man
بێ‌دەمارانە ۞ 1 متواضع 2 فروتنانه

self-effacingly *adverb*
بێ‌دەمارانە، بێ‌پۆزانە ۞ متواضعانه

self-employed *adjective*
خۆخاوەن‌کار، ئازاد، سەربەخۆ (لەلایەن کارەوە): *I decided to become self-employed ◊ a self-employed musician* ۞ خویش‌فرما

self-employment *noun*
خۆخاوەن‌کاری، کاری ئازاد، سەربەخۆیی ۞ خویش‌فرمایی

self-esteem *noun*
ڕێزبۆخۆدانان، ڕێزلەخۆنان، لەخۆبایی‌بوون، شانازی بە خۆوەکردن، بادیهەوابوون: *to have high/low self-esteem* ۞ عزت نفس

self-estrangement *noun*
لەخۆدوورکەوتنەوە، نامۆبوون(لەخۆ)، لەخۆتەکینەوە ۞ ازخودبیگانگی

self-evalution = self-assessment

self-evident *adjective*
بەڵگەنەویست، ئاشکرا، روون، دیار، لەبەرچاو، مسۆگەر ۞ بدیهی

self-evidently *adverb*
بەڵگەنەویستانە، مسۆگەرانە ۞ به طور بدیهی

self-examination *noun*
1 بەخۆداچوونەوە، خۆتاقی‌کردنەوە، خۆهەڵسەنگاندن 2 (پزشکی) بە لەشی خۆداچوونەوە بۆ (دۆزینەوەی) هەر نیشانەیەکی نەخۆشی ۞ 1 خویشتن‌نگری 2 معاینەی شخصی

self-exiled *adjective*
بە دڵی خۆی دوورەوەخراو، شاربەدەرکراو بە ئارەزووی خۆ ۞ تبعیدشده به دلخواه

self-excited *adjective*
خۆورووژاو، خۆهاندراو ۞ خودبرانگیخته

self-existence *noun*
خۆبوون، سەربەخۆبوون ۞ وجوب به ذات

self-existent *adjective*
خۆبوو، سەربەخۆبوو ۞ واجب بالذات

self-explanatory *noun,* also self-explaining
روون، ئاشکراو، دیار، لەبەرچاو، خۆروونکەرەوە، خۆدەربڕ، بەخۆدیار، لێکدانەوەنەویست، راڤەنەویست ۞ واضح، گویا

self-exploration *noun*
خۆدۆزین، خۆتوێژینەوە، خۆتۆژینەوە، لەخۆگەڕان ۞ خودجویی

self-expression *noun*
دەربڕینی خۆ، خۆدەربڕین ۞ حدیث نفس

self-feeder *noun*
(کوورە یان دەزگایێ) خۆدەرخوار(د)دەر ۞ سلف‌فیدر

self-feeding *noun*
خۆدەرخوار(د)دان ۞ سلف‌فیدینگ

self-fertile *adjective*
(رووەکناسی) خۆپیتێنەر، خۆچاتێنەر، خۆچات‌کەر ۞ خودبارورساز

self-fertilization *noun*
خۆپیتاندن، خۆچاتاندن، خۆچات‌کردن ۞ خودبارورسازی

self-financing *adjective*
سەربەخۆ، پشت‌بەخۆبەستوو (لەباری ماڵییەوە) ۞ مستقل

self-flagellation *noun*
1 لەخۆشێلاق‌دان (وەک شێوەیێکی بەندوبەستی دینی) 2 توند بەگژخۆدا هاتنەوە، خۆرەخنەگرتنی توند ۞ 1 خودشلاق‌زنی 2 نقد

شدید از خویشتن
self-forgetful *adjective*, also self-forgetting
لەخۆبوردوو، گیانباز، گیانبەختکردوو، خۆبەختکردوو، خۆفیداکردوو ◇ ازخودگذشته
self-fulfilling *adjective*
قایلکەر: *Fear of failure can become a -g prophecy* ◇ رضایتبخش
self-fulfilling prophecy *noun*
پێشبینی یان پێشزانی بە ڕاستەوەرگەڕاو (چونکو خەڵک پێیان وایە، بە لای ڕاستدا ڕوودەدا) ◇ پیشگویی کامبخش
self-fulfillment *noun*
هەستی پێخۆشبوون، لەخۆڕازیبوون، لەخۆبایی‌بوون، لەخۆقایلی، خۆپێتەواوی ◇ احساس رضایت، رضایت خاطر
self-glorification *noun*
بەخۆنازیوی، شانازیبەخۆکردوویی، خۆهەڵکێشی ◇ تفاخر
self-glorifying *adjective*
بەخۆنازیو، شانازیبەخۆکردوو، خۆهەڵکێش ◇ متفاخر
self-governed *adjective*
سەربەخۆ، خۆبەڕێوەبەر، خۆگێڕ ◇ مستقل، خودگردان
self-governing *adjective*
(ولات، ڕێکخراوە و هتد) سەربەخۆ، خۆبەڕێوەبەر، خۆگێڕ: *a self-governing provinc* ◇ مستقل، خودگردان
self-governing states *noun, pl.*
هەرێمە یان ئەیالەتە خۆبەڕێوەبەرەکان ◇ ایالت‌های خودگردان
self-government *noun*
سەربەخۆیی، خۆبەڕێوەبەری، خۆگێڕی ◇ استقلال، خودگردانی
self-gratification *noun*
خۆقایلکردن، خۆخۆشحاڵکردن، خۆپێخۆشکردن ◇ خودخرسندسازی
self-heal *noun*
گیاسارێژە: جۆرێ گیای گوڵئەرخەوانی لە تیرەی mint (جاران بۆ سارێژی برینەکان بەکاردێترا [*Prunella vulgaris*]) ◇ نعناع چمنی
self-help *noun, adjective*
n خۆیارمەتی، خۆئالیکاری، یارمەتی خۆدان *adj* خۆیارمەتیدەر، خۆئالیکار، یارمەتی خۆدەر ◇ *n* خودیاری *adj* خودیار
selfhood *noun*
خۆیی، خۆبوون، کەسێتی، خۆپەسندی، خۆبینی ◇ خودی، شخصیت، خودخواهی
selfhood group *noun*
دەستەی یارمەتی خۆدەر یان خۆیاریدەدەر ◇ گروه خودیار
self-humiliation *noun*
بێدەماری، خاکەڕایی ◇ تواضع، فروتنی
self-humiliating *adjective*
بێدەمار، بێ‌پۆز، خاکەڕا ◇ متواضع
self-ignition *noun*
خۆگرتن، خۆداگیرسان، خۆگڕگرتن، خۆسووتان ◇ احتراق ذاتی
self-image *noun*
خۆچۆن‌بینی، خۆپێ‌وابوون: *to have a positive/negative self-image* ◊ *Children who have a positive self-image are less likely to present behaviour and discipline problems* ◇ خودانگاره
self-immolation *noun*
گیانبازی، لەخۆبوردوویی، خۆبەختکردن، خۆفیداکردن، خۆبەختی ◇ فداکاری
self-importance *noun*
خۆهەڵکێشی، بەخۆداهەڵدان، خۆپەسندی، خۆبەگرنگ‌دانان، فیزنی، خۆپێ‌گرنگی، خۆدەماندن، بەپۆزی، لووتبەرزی، خۆپێ‌زلی، بەدەماری، self-conceit) self-importantly *adv*: خۆهەڵکێشانە، خۆلاپەسندانە) ◇ خودستایی، تفرعن
self-important *adjective*
1 خۆهەڵکێش، بەخۆداهەڵداو، خۆپەسند، خۆدەماندوو، خۆبەگرنگ‌زان، خۆلاگرنگ، خۆپێ‌گرنگ، بەپۆز، لووتبەرز، خۆپێ‌زل، بەدەمار 2 خۆهەڵکێشانە ◇ 1 خودستا، متفرعن 2 خودستایانه
self-imposed *adjective*
خۆداسەپاندوو، خۆویستوو، خۆکردوو، خۆهەڵبژاردوو: *He returned home in the summer of 1974 after eleven years of self-imposed exile* ◇ خودتحمیلی، خودگزیده
self-improvement *noun*
خۆڕاستکردنەوە، خۆچاککردن، خۆش‌باش‌کردن ◇ خوداصلاحی
self-inclusive *adjective*
لەخۆداتەواو، سەربەخۆ ◇ تام فی ذاته
self-incrimination *noun*
خۆتاوانبارکردن، خۆگوناهبارکردن، خۆگومانبارکردن ◇ متهم‌سازی خویش
self-induced *adjective*
(کیمیا) خۆهاندەر، خۆکرد(ە): *self-induced vomiting* ◇ خودواداركننده
self-induction *noun*
(کیمیا) خۆهاندان ◇ خودانگیزش
self-indulgence *noun*
خۆشیگەری، ئارەزووبەردانەوە، لەخۆشی نەپرینگانەوە، جڵەوی خۆ شلکردن، ڕادان ◇ لذت‌جویی

self-indulgent *adjective*
1 خۆش‌گوزەران، خۆش‌رابوێر، خۆشی‌گەر، ئارەزووپەروەردەرەوە، لەخۆشی نەپرینگاوە، رادەر 2 خۆشی‌گەرانە، رادەرانە: *a self-indulgent lifestyle* ◌ 1 لذت‌جو 2 لذت‌جویانه

self-inflicted *adjective*
(برین و هتد) خۆبەسەرخۆهێناو، خۆکرد(ە)، خۆکردوو، خۆ(وا)والی‌کردوو: *a self-inflicted wound* ◌ به دست خود وارد کرده

self-injurious *adjective*
ئێش‌بەخۆگەیێن، خۆئازاردەر، وەی‌بۆخۆبوو ◌ خودآزار

self-instructed *adjective*
خۆفێربوو ◌ خودآموخته

self-insurance *noun*
خۆبیمەکردن، خۆبیماندن ◌ خودبیمه‌گری

self-interest *noun*
1 بەرژەوەندی خۆ 2 خۆبینی ◌ 1 منافع شخصی 2 خودخواهی

self-interested *adjective*
بەرژەوەندی‌خوازانە، لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی خۆ، خۆبینانە: *Narrowly self-interested behaviour is ultimately self-defeating* ◌ مصلحت‌جویانه، خودخواهانه

self-involved = self-absorbed

self-introspection *noun*
بەخۆداچوونەوە، لەخۆڕوانی، لێ‌ڕوانین لە خۆ ◌ معاینه‌ی نفس

selfish /'selfɪʃ/ *adjective*
خۆبین، خۆ(لا)پەسند، خۆخواز، خۆلەبیر، خۆپەرست؛ خۆبینانە، خۆخوازانە، خۆپەرستانە: *selfish behaviour* ◌ خودخواه، خودخواهانه

selfishly /'selfɪʃli/ *adverb*
خۆبینانە، خۆلاپەسندانە، بە خۆبینی‌یەوە: *Cabinet Ministers are selfishly pursuing their own vested interests* ◌ خودخواهانه

selfishness /'selfɪʃnəs/ *noun*
خۆبینی، خۆ(لا)پەسندی، خۆخوازی، خۆلەبیری، خۆپەرستی: *He was the victim of his own greed and selfishness* ◌ خودخواهی

selfism *noun*
خۆگەری، خۆبینی، خۆویستی، خۆخوازی ◌ خودبینی، خودخواهی

selfist *noun*
خۆگەر، خۆبین، خۆویست، خۆخواز ◌ خودبین، خودخواه

self-judgement *noun*
خۆدادگەری، خۆگزیوانی، دادوەری لەبارەی خۆوە ◌ داوری درباره‌ی خود

self-justification *noun*
خۆپاساودان، خۆبۆخۆ هۆهێنانەوە، پاساوی خۆدان ◌ توجیه خویشتن

self-knowledge *noun*
خۆناسی، ناسینی خۆ: *he more -wledge we have, the more control we can exert over our feelings and behaviour* ◌ خودشناسی

selfless /'selfləs/ *adjective*
1 گیان‌باز، لەخۆبوردوو، خۆبەخت‌کردوو، خۆفیداکردوو، مرۆڤ‌دۆست، خۆبەخش: *a life of selfless service to the community* ◊ *Perhaps the only all-enduring and selfless love was that of a mother for her child* 2 گیان‌بەخشانە، خۆبەختکەرانە، لەخۆبوردووانە ◌ 1 فداکار، ازخودگذشته، فارغ از خود 2 فداکارانه

selflessly /'selfləsli/ *adverb*
خۆبەختکەرانە، خۆفیداکردووانە، لەخۆبوردووانە: *I've never known anyone who cared so selflessly about children* ◌ فداکارانه

selflessness /'selfləsnəs/ *noun*
گیان‌بازی، لەخۆبوردوویی، خۆبەخت‌کردن، خۆفیداکردن، خۆلەدەورگێران، لەخۆگوزەران، خۆبەخشی، جان‌گوریتی: *I have enormous regard for his -lessness on behalf of his fellow man* ◌ فداکاری، ازخودگذشتگی

self-loader *noun*
(چەک‌وچۆل) خۆپڕکەرەوە ◌ سلف‌لودر

self-loading *adjective*
خۆپڕکردنەوە، خۆپڕبوونەوە ◌ سلف‌لودینگ

self-locking *adjective*
(درگا و هتد) خۆداخراو، خۆبەسراو، خۆبەستراو، خۆپێوەدراو، خۆقایم‌کراو، خۆقایم‌بوو ◌ سلف‌لاکینگ

self-love *noun*
خۆخۆشەویستی، خۆدۆستی، لەخۆحەزکردوویی ◌ خوددوستی

self-lubricating *adjective*
خۆبەخۆچەورەوەبوو، خۆبەخۆچەوربوو، خۆبەخۆڕەوان‌بوو، خۆڕەوان‌بوو، بەخۆنەرمەوەبوو ◌ سلف‌لابریکاتینگ

self-made *adjective*
خۆکرد، خۆدروس‌کردوو، خۆساز: *He was proud of the fact that he was a self-made man* ◊ *He is a self-made man* ◌ خودساخته

self-making *noun*
خۆدروس‌کردن، خۆبنیات‌نان، خۆدارشتن ◌ ساختن نفس

self-managed *adjective*
خۆبەڕێوەبردوو، خۆگێراو ◌ سلف‌منیجد

self-management *noun*
خۆبەڕێوەبەری، خۆگێری، خۆهەڵسووڕاندن ◌

خودگردانی

self-manifestation *noun*
دەرکەوتن، ئاشکرابوون، کەوتنەبەرچاو ⟡ تجلی

self-mastery *noun*
خودداری، خۆڕاگرتن، دەس‌بەسەرخۆداگرتن، بەسەرخۆداشکانەوە ⟡ خویشتن‌داری

self-motion *noun*
خۆجوولان، خۆبزووتن، بەخۆجوولان ⟡ خودجنبشی

self-mutilation *noun*
خۆبریندارکردن ⟡ مجروح‌سازی خویش

selfness /sɛlfnəs/ *noun*
خۆبینی، خۆپەسندی، خۆپەرستی، منەمنیتی ⟡ خودخواهی

self-observation *noun*
بەخۆداچوونەوە، لەخۆڕوانین ⟡ خویشتن‌نگری

self-operating *adjective*, also self-operative
ئامێری، میکانیکی، خۆکاری، ئوتوماتیکی ⟡ مکانیکی، اتوماتیکی

self-opinion *noun*
1 دەمارگرژی، کەللەڕەقی 2 لەخۆدەرچوویی، لەخۆباییبوون ⟡ 1 تعصب 2 غرور

self-opinionated *adjective*
1 دەمارگرژ، بیرنەگۆڕ، باوەڕگرژ 2 کەللەڕەق، لاسار، سەرەڕۆ، خۆسەر ⟡ 1 متعصب 2 یکدنده

self-organization *noun*
خۆڕێکخستن ⟡ خودسازمانی

self-organizing *adjective*
خۆڕێکخەر ⟡ خودسازمان‌دهنده

self-parody *noun*
لاسایی‌خۆکردنەوە ⟡ سلف‌پارودی

self-partiality *noun*
دەمارگیری خۆیی، خۆدەمارگرژی ⟡ تعصب ذاتی

self-perfect *noun*
خۆتەواوی، لەخۆداتەواوی ⟡ کمال نفس

self-perpetuating *adjective*
نەگۆڕ، لەگۆڕان‌هاتوو، جێگیر، هەمیشەیی، سەقامگیر: *Revenge leads to a self-perpetuating cycle of violence* ⟡ لایتغیر، غیرقابل تغییر، ثابت

self-pity *noun*
دڵ‌بەخۆسووتان، بەزەیی‌بەخۆداهاتن، ئاه و نالە: *Throughout, he ◊ tears of self-pity ⟡ showed no trace of self-pity* ترحم به حال خود

self-pollination *noun*
خۆهەڵادانان، خۆ چاک‌کردن، خۆپیتاندن بە هەڵاڵە ⟡ تلقیح ذاتی، گرده‌افشانی ذاتی

self-pollution *noun*
دەسپەڕ، مشتاو، کابلەمە ⟡ استمناء

self-portrait *noun*
لەخۆکێشراو (وێنەیێ کە وێنەکێش لە خۆی دەکێشێتەوە) ⟡ خودنگاره

self-possessed *adjective*
لەسەرەخۆ، هێمن، هێدی، خوددار، بەسەرخۆدازاڵ، دان‌بەسەرخۆداگرتوو: *She always seems so calm and self-possessed* ⟡ مسلط بر خود

self-possession *noun*
لەسەرەخۆیی، هێمنی، بەسەرخۆدازاڵی، دان‌بەسەرخۆداگرتوویی، خودداری: *He soon recovered his usual self-posssession* ⟡ تسلط بر خویش

self-preservation *noun*
خۆپاراستن، خۆپارێزی، ئاگالەخۆبوون، چاوبەسەرخۆوەبوون: *She was held back by some sense of self-servation* ⟡ صیانت نفس

self-promotion *noun*
1 بۆخۆڕاگەیاندن، بانگەشە بۆخۆکردن 2 بەخۆداهەڵدان، خۆبەسندان، تاریف خۆکردن ⟡ 1 تبلیغ برای خود 2 تعریف از خود

self-propelled *adjective*, also self-propelling
بەخۆهاندراو، بەخۆڕادراو ⟡ خودانگیخته

self-propulsion *noun*
پاڵ‌بەخۆوەنان، خۆڕادان ⟡ خودرانشی

self-protection *noun*
پشتیوانی لەخۆکردن، خۆداکۆکی، داکۆکی لەخۆکردن، لەسەرخۆکردنەوە ⟡ حمایت ذاتی، دفاع از نفس

self-punishment *noun*
خۆسزادان ⟡ مجازات ذاتی

self-purification *noun*
خۆخاوێن‌کردنەوە، خۆسڕی، خۆپاک‌کردنەوە، خۆداتەکاندن ⟡ خودپالایی

self-raising flour *noun*, US baking flour, self-rising flour
ئاردی خۆهەڵهاتوو، ئاردی خۆترشاو، ئاردی بە هەویرترشەوە، ئاردی شلکێنەدار ⟡ آرد مخمردار

self-reacting *adjective*
خۆبەخۆگونجاو، خۆکاردەرەوە ⟡ تطبیق‌شوندەی ذاتی

self-realization *noun*
خۆبەدی‌هێنان، جێبەجێ‌کردن یا بەدی‌هێنانی توانایی خۆ ⟡ تحقق نفس

self-recording *adjective*
خۆتۆمارکەر ⟡ خودضبطی

self-reflection = introspection

self-reformation *noun*
خۆچاک‌کردن، خۆچاک‌سازی، چاک‌کردنی خۆ

۞ اصلاح خویش

self-regard *noun*
He suffers from a :ڕێزلەخۆنان، ڕێزبۆخۆدانان
۞ *lack of self-regard* عزت نفس

self-regulation *noun*
Competition between :خۆڕێکخستن
companies is too fierce for self-regulation
۞ *to work* خودسامانگری

self-regulating *adjective*
۞ *a self-regulating economy* :خۆڕێکخەر
خودسامانگر

self-regulatory *adjective*
For a self- :خۆڕێکخەر، خۆبەڕێوەبەر، خۆگێڕ
ulatory system to work, the consent of all
۞ *those involved is required* خودسامانگر

self-reliance *noun*
پشتبەخۆبەستوویی، سەربەخۆیی، خۆبەندی،
People learned self- :لەسەرپێی خۆوێستان
۞ *reliance because they had to* خوداتکایی

self-reliant *adjective*
پشتبەخۆبەستوو، سەربەخۆ، خۆبەند، لەسەرپێی
She is :خۆوێستاو، لەسەر پێی خۆی
intelligent and self-reliant, speaking her
۞ *mind and not suffering fools gladly*
متکی به خود

self-renunciation = self-abnegation

self-repression *noun*
دانبەسەرخۆداگرتن، خوودداری،
خۆسەرکوتکردن، بەسەرخۆدازاڵبوون،
هەوساری خۆبەدەستەوەگرتن ۞ مسک نفس

self-respect *noun*
Despite poverty :ڕێزلەخۆنان، ڕێزبۆخۆدانان
and appalling conditions, these people
still manage to keep their dignity and
۞ *self-respect* عزت نفس

self-respecting *adjective*
He died as :بەڕێز، جێی‌حورمەت، بەڕوومەت
any -pecting gangster should—in a hail
۞ *of bullets* محترم، شریف، دارای عزت نفس

self-restraint = self-control

self-revelation *noun*
1 مکاشفەی خۆ، پەردەلەخۆهەڵماڵین،
خۆئاشکراکردن، خۆدەرخستن 2 ڕاستی
لەخۆوتن، لەخۆقاودان ۞ 1 مکاشفەی نفس 2
خودافشاگری

self-righteous *adjective*
1 باوەڕگرژ، دەمارگرژ 2 خۆبەڕاستزان،
He is critical of the monks, :خۆبێ‌ڕاست
whom he considers narrow-minded and
self-righteous (*adv* :self-righteously
خۆبێ‌ڕاستانە، دەمارگرژانە، بە شێوەیەکی
خۆبێ‌ڕاست) ۞ 1 جزم‌اندیش 2 حق به جانب

self-righteousness *noun*
1 باوەڕگرژی، دەمارگرژی 2 خۆبەڕاستزانی،
her smug - :خۆبێ‌ڕاستبوون، خۆبێ‌ڕاستی
۞ *usness* 1 جزم‌اندیشی 2 حق به جانب بودن

self-rising flour = self-raising flour

self-rule *noun*
The :(رامیاری) خۆبەڕێوەبەری، خۆگێڕی
agreement gives the territory limited self-
۞ *rule* خودگردانی

self-sacrifice *noun*
گیانبازی، لەخۆبوردوویی، خۆبەختکردن،
خۆفیداکردن، خۆلەدەورگێران، لەخۆگوزەران،
an act of heroic :خۆبەخشی، جانگوریتی
۞ *self-sacrifice* فداکاری، ازخودگذشتگی

self-sacrificing *adjective*
1 گیانباز، لەخۆبوردوو، خۆبەختکردوو،
خۆفیداکردوو، مرۆڤدۆست، خۆبەخش 2
گیانبەخشانە، خۆبەختکەرانە، لەخۆبوردووانە:
love *self-sacrificing* ۞ 1 فداکار،
ازخودگذشته 2 ایثارگرانه

selfsame /'selfseɪm/ *adjective*
دروست هەر ئەوە یا هەر ئەمە، دروست، خودی
Jane had been wondering that :خۆی
۞ *selfsame thing* دقیقاً همین یا همان، دقیقاً

self-satisfaction *noun*
لەخۆڕازیبوون، لەخۆباییبوون، لەخۆقایلی،
۞ *a look of self-satisfaction* :خۆبێ‌تەواوی
رضایت خاطر

self-satisfied *adjective*
1 لەخۆڕازی، لەخۆقایل، خۆلاپەسند، لەخۆبایی،
خۆبێ‌تەواو 2 لەخۆباییانە، لەخۆڕازییانە،
خۆبینانە ۞ 1 ازخودراضی 2 مغرورانه

self-scrutiny = introspection

self-sealing *adjective*
خۆ(پێکەوە)لکاو، خۆپێوەنووساو، خۆچەسپ،
چەسپپێوەبوو، خۆپێوەلکاو ۞ خودچسب

self-seclusion *noun*
خۆتەریککردنەوە، خۆدابڕین، خۆگۆشەگیرکردن،
خۆدوورەپەرێزگرتن ۞ انزوای نفس

self-seeder *noun*
(تووی ڕووەکی) خۆبڵاوەبوو ۞ سلفسیدر

self-seeker *noun*
مرۆی خۆبین، خۆلاپەسند ۞ آدم خودخواه

self-seeking *adjective, noun,* also self-serving
adj خۆبین، خۆلاپەسند *n* خۆبینی، خۆلاپەسندی:
They were accused of self-seeking and
۞ *corruption* *adj* خودخواه *n* خودخواهی

self-selection *noun*
خۆهەڵبژێری، بۆ خۆ هەڵبژاردن ۞ خودگزینی،

انتخاب برای خویش
self-selected *adjective*
خۆهەڵبژێر ◊ خودگزین
self-service *noun*
خزمەت خۆکردن، خۆڕاژەیی ◊ سلف‌سرویس
self-slaughter *noun*
خۆکوژی ◊ خودکشی
self-slayer *noun*
خۆکوژ ◊ خودکش
self-sown *adjective*
خۆچێن، خۆڕسک ◊ افشانده شده به طور طبیعی
self-starter *noun*
1 (میکانیک) ستارت 2 مرۆی تێکۆشەر، حەولدەر، پشت‌بەخۆبەستوو، لێوەشاو، لێهاتوو ◊ 1 استارت 2 آدم کوشا، متکی به خود، باکفایت
self-study *noun*
بەخۆداچوونەوە، خۆتۆژینەوە، لەخۆکۆڵینەوە: *Individuals can enrol on self-study courses in the university's language institute* ◊ خودپژوهی
self-styled *adjective*
بە وتەی خۆی، خۆپێوابوو: *Two of those arrested are said to be self-styled area commanders* ◊ به زعم خود
self-sufficiency *noun*
خۆبژێوی، بەخۆژیوی، پشت‌بەخۆبەستوویی، پێویست‌نەبوون، خۆبەسی ◊ خودکفایی، خودبسندگی
self-sufficient *adjective*, also self- sufficing
خۆبژێو، بەخۆژیو، پشت‌بەخۆبەستوو، پێویست‌نەبوو، خۆبەس، لەسەرپێی خۆ، سەربەخۆ: *The country is totally self-sufficient in food production* ◊ *policies to encourage people to become more self-sufficient and less dependent on welfare* ◊ خودکفا، خودبسنده
self-sufficiently *adverb*
خۆبژێوانە، پشت‌بەخۆبەستووانە، سەربەخۆیانە ◊ به طور خودکفا
self-suggestion *noun*
واخۆتێگەیاندن ◊ تلقین به خود
self-support *noun*
خۆبژێوی، بەخۆژیوی، پشت‌بەخۆبەستوویی ◊ خودکفایی
self-supporting *adjective*
خۆبژێو، بەخۆژیو، پشت‌بەخۆبەستوو، پێویست‌نەبوو، یارمەتی‌نەویست، پشتیوانی‌نەویست، خۆڕاپەڕاندوو: *The income from visitors makes the museum self-supporting* ◊ خودکفا
self-surrender *noun*
خۆبەدەستەوەدان ◊ تسلیم به نفس
self-sustaining = self-supporting
self-taught *adjective*
خۆفێربوو: *a self-taught musician* ◊ *a self-taught artist* ◊ خودآموخته
self-timer *noun*
(کامێرا و هتد) خۆکات‌ڕاگر، خۆوەخت‌ڕاگر ◊ خودوقت‌نگه‌دار
self-torment *noun*
ئێش‌بەخۆگەیاندن، خۆئازاردان، دەردبەخۆدان، وەی‌بۆخۆبوون، خۆوەزەنی ◊ خودآزاری
self-treatment *noun*
خۆتیمارکردن، خۆتیماری، خۆچارەسەرکردن، خۆچارەسەری، خۆدەرمان‌کردن ◊ خوددرمانی
self-trust = self-assurance
self-understanding = self-knowledge
self-unloading *adjective*
خۆهەڵڕێژ، خۆبەتاڵکەر، خۆڕژکەر ◊ سلف‌آنلودینگ
self-will *noun*
لاساری، کەللەڕەقی، کەللەشەقی، لاییی، سەرەڕۆیی، خۆسەری: *She had a little core of self-will* ◊ لجاجت، یکدندگی
self-willed *adjective*
لاسار، کەللەڕەق، کەللەشەق، ناحاڵی، لا، سەرەڕۆ، خۆسەر: *Even at four years old, Carol was stubborn and self-willed* ◊ *He was very independent and self-willed* ◊ لجوج، یکدنده، نافرمان
self-winding *adjective*
(کاتژمێر) خۆقورمێش‌کراو، خۆقورمێش، قورمێشی ئۆتوماتیکی یان خۆکار ◊ اتوماتیک
self-worth = self-esteem
self-worship *noun*
خۆپەرستی ◊ خودپرستی
Seljuk /ˈsɛldʒuːk/ *noun*
ئەندامی بەرەیێکی تورکی کە دەسەلاتیان بەسەر ئاسیای بچووکدا لە سەدەکانی 11ەوە تا 13 کرد ◊ سلجوقی
Seljukian /-ˈdʒuːkɪən/ *adjective, noun*
سەلجووقیان، سەلجووقی‌یەکان ◊ سلجوقیان
selkie /selki/ *noun*, also selky, silkie /sɪlki/
(سکاتلەندی) بوونەوەرێکی ئەفسانەیی شێوەی seal دەدا، سیلکی ◊ سیلکی
sell /sel/ *noun*
فێڵ، تەڵەکە، هۆ ◊ حیله، کلک
sell-by date *noun*
ڕێکەوتی بەکارهێنان (تا کاتی دیاری‌کردنی فرۆشتن)، (خوازە): *These policies are way past their sell-by date* ◊ تاریخ مصرف
seller /ˈselə(r)/ *noun*

a: 1 فرۆشیار، فرۆشەر، (لە لێکدانا) ـفرۆش: *flower seller* 2 شتومەکی فرۆشی ⬡ 1 فروشنده، ـفروش 2 کالای فروشی

seller's market *noun*
بازاڕی گەرم (خۆش)، بازاڕی بەبرەو، بازاڕی فرۆشیاران، گەرمەبازاڕ ⬡ بازار پررونق، بازار مناسب فروش

selling *noun*
فرۆشتن، فرۆت، فرۆشیاری، فرۆش، کاری فرۆشتن ⬡ فروشندگی، فروش

selling point *noun*
1 باشی، چاکی، خاڵی بەهێزی 2 هۆکاری راکێشانی کڕیار یان مشتەری، مشتەریڕاکێش، کڕیارڕاکێش، مشتەریگر، مشتەریکێش ⬡ 1 مزیت 2 عامل جذب مشتری

selling price *noun*
نرخی فرۆش(تن)، بایی (فرۆش) ⬡ قیمت فروش

selling race *noun*
پێشبڕکێی ئەسپەکان، پاش ئەوەی کە ئەسپی براوە دیاری کرا، دەخرێتە auctionەوە ⬡ سلینگ رایس

sell-off *noun*
1 سپاردن یان راگوێستن بۆ کەرتی تایبەتی 2 دابەزین یان نزمبوونەوەی نرخەکان، داشکانی نرخەکان، فرۆشتن ⬡ 1 واگذاری بە بخش خصوصی 2 افت قیمت‌ها، فروش

Sellotape /'scləteɪp/ *noun*
چەسپ یان لکێنەی سکاچ، باریکەچەسپ ⬡ چسب اسکاچ

sell-out *noun*
(توێکاری) پەردەدرۆزنە، پەردەی خوێناوگی یان سیرۆمی یان ئاوەکی (نێو و دەرەوەی ئەندامانی لەش دادەپۆشێ) ⬡ غشای خونابەای

serow /'sɛrəʊ/ *noun*
بزنەکێوی شاخ‌تیژی کورت و تیسک‌زبر، رەسەنی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، تایوان و ژاپۆن [توخم *Capricornis*: دوو جورن] ⬡ سرو

serpent /'sɜ:pənt, US 'sɜ:rp-/ *noun*
1 مار 2 ئاوری ژیرکا، مرۆی بەئازار یان موزیر، treacherous 3 ناوی Satan لە کتێبی پیرۆزدا 4 (مێژوویی) جۆرێ ئامێری فوویی گری چەڵەمەئاسا (بنەڕەت: بە رێگای فەرەنسی کۆن لە -*serpent*- *serpere* لاتین "خشان to creep") ⬡ 1 مار 2 آدم موذی 3 و 4 سرپنت

serpentiform /sɜ:'pentɪfɔ:m/ *adjective*
ماری، مارئاسا، پێچاوپێچ ⬡ مارمانند، مارپیچ

serpentine /'sɜ:pəntaɪn, US 'sɜ:rpənti:n/ *adjective*, *noun*
adj 1 ماری، پێچاوپێچ 2 خایین، ناپاک، ئاوری ژیرکا، زۆڵ، زۆرزان *n* 1 بەردەمار، ماربەرد: کانێکی سەوزی توند کە لە سیلیکاتی مەنیزیۆمی ئاودار پێکهاتووە، زۆرتر رواڵەتێکی خاڵ‌خاڵی هەیە (وەک پێستی مار) 2 هێڵ یان رێگای پێچاوپێچ 3 جۆرێ تۆپ cannon ⬡ *adj* 1 مارپیچ، مارمانند 2 خائن، موذی *n* 1 حجرەالحیە 2 خط یا جادەی مارپیچ 3 نوعی توپ

serpentinite /'sə:p(ə)ntɪˌnʌɪt/ *noun*
(زەویناسی) تەختەبەردێکی گۆڕاو metamorphic rock کە زۆربەی لە بەردەمار serpentine پێکهاتووە ⬡ سرپنتینیت

serpent root *noun*, also viper's grass
ئاڵەکۆک، هاڵەکۆک، هەڵەکۆک، کەوتەبنە، کۆکلاش، کۆکلاشکە، ئاڵەکۆکەپرچنە، چۆرچۆرەم [*Scorzonera*] ⬡ شنگ اسبی

serpiginous /sə:'pɪdʒɪnəs/ *adjective*
بڵاوەبوو، گەڕۆک، دەگەڕێ، بە شێوەی پێچاوپێچ یا مارپێچ دەجوولێتەوە، جێگۆڕ (وەک برینی پێستی): *serpiginous ulcers* ⬡ جابجاشونده

serra *noun*, *pl.* serrae
ددانە، بڕگە، گرنجە ⬡ دندانە

serrate /'sɛreɪt/ = chiefly Botany serrated

serrated /sə'reɪtɪd/ *adjective*
ددانەددانە، بڕگەبڕگە، بڕبڕ، زنجیرە (وەک هی کوێن)، لێوارمشاری، لێوارهەرەیی، گرنج‌گرنج، ددانەڕیز، هەرەیی، مشاری، ددانـاوی: *a knife* *a serrated blade* ◊ *with a serrated edge* ⬡ دندانەدار

serration /se'reɪʃn/ *noun*

دانەدانەبوون، گرنج‌گرنج‌بوون، زنجیرەبوون، برگەبرگەبوون، دانەڕیزی، مشاری‌بوون، تیژە ۞ دندانەداری

serried /'serid/ *adjective*

1 پاڵپێوەنراو، تێک‌ترنجێنراو، لێک‌توندکراو، لێک‌کیپ‌کراو، compact 2 دانەدانە، دانەڕیز، گرنج‌گرنج، مشاری، برگەبرگە، serrate (serriedness *n* ;serriedly *adv*) ۞ 1 بهم‌فشرده 2 مسنن، دندانەدار

sertão /'sɛːtɑ̃ːʊ/ *noun, pl.* sertãos

(لە برازیل) ناوچەیێکی وشکی دەوەنەڵانی (بنەڕەت: پۆرتوگالی) ۞ سرتاو

Sertoli cell *noun*

خانەی سێرتۆلی: ژوورە یان خانەکانی نێو لولەژەکانی tubules تۆماوهەڵگر کە لە spermatid ەکان دەخۆن (بنەڕەت: لە ناوی شانەناسی histologist ئیتالیایی Enrico *Sertoli*، مەرگ 1910) ۞ سلول سرتولی

serum /'sɪərəm, US 'sɪrəm/ *noun, pl.* sera /-rə/ or serums

خوێناوگ، سیرۆم، سیرۆم (بنەڕەت: لە لاتینەوە "whey") ۞ سرم، خونابه

serum protein *noun*

پرۆتینی سیرۆم: هەر پرۆتینێکی نێو سیرۆمی خوێن ۞ پروتئین سرم

serv = *abbreviation* service

serval /'səːv(ə)l/ *noun*

پشیلەکێوییێکی باریکی ئەفریکایی لاق و گوێ‌درێژ، بە تووکی قاوەیی پرتەقاڵی [*Felis serval*] (بنەڕەت: لە *cerval* پۆرتوگالی "deer-like") ۞ سروال

servant /'sɜː ənt, US 'sɜːrv-/ *noun*

بەردەست، نۆکەر، خوڵام، سفرەچی، راژەوان، کەمەربەست، خزمەتکار، بەندە ۞ خدمت‌کار، پیش‌خدمت، خادم

serve /sɜːv, US sɜːrv/ *noun*

(وەرزش) سێرڤ ۞ سرو

server /'sɜːvə(r), US 'sɜːrv-/ *noun*

1 (وەرزش، ب.ت. لە تێنیس و ڤالیبۆل) سێرڤ‌لێدەر 2 (کامپیوتێر) راژەگەیێن، کامپیوتێرێ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت کە ئەوانی‌دی کۆنترۆڵ دەکا) 3 خزمەتکار، راژەوان، بەردەست 4 دواقەشە، ناوەڵقەشە، یاریدەدەری قەشە 5 (servers) کەوچک و چنگاڵ ۞ 1 سروزن 2 سرور 3 خدمت‌کار 4 معاون کشیش 5 (در جمع) قاشق و چنگال

server farm *noun*

سێرڤێرفارم ۞ سرورفارم

servery /'sɜːvəri, US 'sɜːrv-/ *noun, pl.* serveries

بوفه ۞ بوفه

Servian /'səːvɪən/ = Serbian

service[1] /'sɜːvɪs, US 'sɜːrv-/ *noun*

1 خزمەت، راژە، پیاوەتی 2 خزمەتکاری، راژەوانی، خزمەت‌کردن، پێ‌ڕاگەیشتن، پێ‌چاران، بەدەنگەوەبوون 3 ئەرک، پەیور 4 دامەزران، نۆکەری 5 راژەوانی، خزمەت‌گوزاری 6 یارمەتی، کۆمەک، یاریدە، ئالیکاری 7 قازانج، بەرژەوەندی، سوود 8 (لقێ لە) هێزە چەکدارەکان 9 ماوەی خزمەتی سەربازی، ماوەی سەربازی یان خزمەت لەنێو هێزە چەکدارەکاندا 10 (نان خواردن) دەست، سێرڤیس 11 چاک‌کردنەوە، دەس‌پیاگێڕان 12 کەلوپەل 13 دۆعا 14 نوێژ، نوێژی بەکۆڕ، نوێژی گشتی 15 نەریتی دینی، سروتی دینی یان ئایینی 16 رێ‌ورەسم، ئاهەنگ (دینی) 17 (وەرزش) سێرڤ 18 (گیانەوەران) جووت‌بوون، سواربوون ۞ 1 خدمت 2 خدمت‌گزاری 3 وظیفه 4 استخدام 5 خدمات 6 کمک 7 فایده 8 نیروهای مسلح 9 مدت خدمت سربازی 10 سرویس 11 تعمیر 12 لوازم 13 دعا 14 نماز عمومی 15 شعیرەی دینی 16 مراسم 17 (ورزش) سرو 18 جفت‌گیری

service[2] /'sɜːvɪs, US 'sɜːrv-/ *adjective*

سەربە راژەوانی یان خزمەت‌گوزاری ۞ وابسته به خدمات

serviceability /ˌsɜːvɪsə'bɪlətɪ, US ˌsɜːrv-/ *noun*

1 پتەوی، قایمی، بەرگەگری، نەدڕی 2 بەقازانجی، بەکارهاتوویی، پڕسوودی ۞ 1 محکم بودن 2 مفیدبودن

serviceable /'sɜːvɪsəbl, US 'sɜːrv-/ *adjective*

1 پتەو، قایم، بەرگەگر، نەدڕ، نەوڕ 2 بەقازانج، بەکارهاتوو، پڕبەهرە، پڕسوود: *The carpet is worn but still serviceable* ۞ 1 محکم 2 مفید

serviceably /'sɜːvɪsəbli, US 'sɜːrv-/ *adverb*

بە شێوەیەکی پڕسوود، بەکارهاتووانە ۞ به طور مفید

service area *noun*

شوێنێ لەسەر پانەڕێ کە دەتوانێ ماشینەکەتی لێ ڕاگرێ بۆ لێدانی بێنزین، خواردنی نان و هتد ۞ محل سرویس

serviceberry *noun, pl.* serviceberries

1 میوە یان بەری service tree 2 = juneberry ۞ میوەی نوعی درخت

service book *noun*

نوێژنامە، کتێبی نوێژ ۞ کتاب نماز

service ceiling *noun*

ئەوپەڕی ئاستی بەرزبوونەوەی فڕۆکە (وەک 100 پا لە دەقەیێکدا) ۞ سرویس سیلینگ

service charge *noun*

سێرڤیس، پارەی زیاتر پێڕاگەیشتن ◌ سرویس

service club *noun*

مەیخانەی سەربازان ◌ بار سربازان

service dress *noun*

یۆنیفۆرمی فەرمی سەربازی (نەک جلی داب‌ودەستووری) ◌ سرویس درس

service flat *noun*

دەستەخانوو یان بالاخانەی بەکرێ لەگەڵ سێرڤیس لەنێو خۆیەوە ◌ فلات سرویس

service industry *noun*

پیشەسازی راژەوانی (لەچاو بەرهەمهێنان) ◌ صنعت خدمات‌رسانی

service line *noun*

(تێنیس، وەرزشە راکێتی‌یەکان) هێڵی سێرڤیس ◌ خط سرویس

serviceman /'sɜːvɪsmən, US 'sɜːrv-/ *noun, pl.* servicemen

(پیاوی) ئەرتەشی، لەشکری، سپایی ◌ نظامی

service provider *noun*

(کۆمپانی) دابینکەری راژە(وانی ئینتێرنێت) ◌ تأمین‌کنندەی سرویس

service road *noun*

لارێگا، ریگای سێرڤیس، ریگای لاوەکی ◌ جادەی فرعی

service station *noun,* also gas station

پۆمپی بێنزین، وێستگەی بێنزین ◌ پمپ بنزین

service tree *noun*

دارێ لە شێوەی rowan بەرێکی قاوەیی هەیە wild service tree) *Sorbus torminalis*) سوورەچێو) و *S. domestica*) ◌ بارانک، تیس

servicewoman /'sɜːvɪswʊmən, US 'sɜːrv-/ *noun, pl.* servicewomen

ژنی سپایی، ژنی ئەرتەشی ◌ نظامی زن

serviette /ˌsɜːvi'et, US ˌsɜːrv-/ *noun*

سفرەسڕ، پەڕۆی سفرە، دەسرەی سفرە، خوانسڕ ◌ دستمال سفره

servile /'sɜːvaɪl, US 'sɜːrvl, -vaɪl/ *adjective*

کۆیلەئاسا، کاسەلێسانە، سووک، بێنرخ، هیچ، هیچ‌وپووچ، نۆکەرسفەت، نۆکەرایەتی‌پێخۆش، چاوشۆڕ، چڵکاوخۆر، نۆکەر، بەکرێ‌گیراو ◌ بردەوار، پست، سرسپردە، اجیر

servilely /'sɜːvaɪli, US 'sɜːrvli, -vaɪli/ *adverb*

سووکانە، چروکانە، هیچ‌وپووچانە ◌ از روی پستی

servility /sɜː'vɪləti, US sɜːr'v-/ *noun*

نۆکەری، نۆکەرایەتی، کاسەلێسی، چڵکاوخۆری، چاوشۆڕی، بێنرخی، سووکی، هیچ‌وپووچی، ناپیاوی، خوێریەتی، بێشەرەفی، بەستی: *They demand respect and obedience but not servility* ◌ سرسپردگی، پستی، دنائت

serving /'sɜːvɪŋ, US 'sɜːrvɪŋ/ *noun*

1 بەش(خۆراک)، پۆرس: *This recipe will be enough for four -ings* 2 (قاپ و کەوچک و هتد) تایبەتی هێنانی نان ◌ 1 پرس 2 سروینگ

servingman *noun, pl.* servingmen

1 (کۆن) راژەوان 2 کارەکەر یان خزمەتکاری ماڵان ◌ 1 خدمتکار 2 خدمتکار خانگی

servingwoman *noun, pl.* servingwomen

راژەوانی، کارەکەری یا خزمەتکارێی ماڵان ◌ خدمتکار خانگی

Servite /'sɘːvʌɪt/ *noun, adjective*

ئەندامی تیرەی راژەوانانی مریەمە. لە 1233 لە فلۆرانس دامەزرا ◌ سرویت

servitor /'sɘːvɪtə/ *noun*

خزمەتکار، راژەوان، کارەکەر، بەردەس، ژێردەس، خواردەس، نۆکەر ◌ خدمتکار، تابع

servitorship /'sɘːvɪtəʃɪp/ *noun*

خزمەتکاری، راژەوانی، کارەکەری، بەردەسی، ژێردەسی، خواردەسی، نۆکەری ◌ خدمتکاری، تابعیت

servitude /'sɜːvɪtjuːd, US 'sɜːrvətuːd/ *noun*

1 کۆیلەیی 2 نۆکەری، بەندایەتی، بەندەگەری، عەبدایەتی 3 بێگاری، کاری زۆرەملی، خزمەت بەزۆر ◌ 1 بردگی 2 بندگی 3 خدمت اجباری

servo /'sɜːvəʊ, US 'sɜːrvoʊ/ *pl.* servos, *abbreviation* servomechanism or servo-motor

servo- *prefix*

پێشگر: ئەو هێزەی هەیە کە دەس بەسەر میکانیزمێکی گەورەتردا بگرێ ◌ پیشوند: دارای قدرت مهارکنندگی ساز و کار بزرگ‌تر

servo-control *noun*

سێرڤۆکۆنترۆڵ ◌ سروکنترل

servomechanism *noun*

هەر میکانیزمێ کە میکانیزمێکی گەورەتر کۆنترۆڵ بکا ◌ ساز و کار خودمهار

servo-motor *noun*

مۆتۆڕ یان بزوێنەیێ کە دەس بەسەر بزوێنەیەکی گەورەتردا دەگرێ ◌ سروموتور

sesame /'sesəmi/ *noun*

(رووەکناسی) کونجی، پەپکەکونجی [*Sesamum indicum*]، (خامکیش دەیێتە بەڵم یان کای کونجی) ◌ کُنجد

sesamoid /'sesəmɔɪd/ *noun* (also sesamoid bone), *adjective*

1 (رووەکناسی) کونجی‌ئاسا، کونجی‌یانە 2 (توێکاری) کرۆژە یان ئێسکی کونجی‌ئاسا ◌ 1 کنجدی 2 غضروف یا استخوان کنجدی

sesamum /'sɛsəməm/ = sesame

Sesotho /sɛ'suːtuː/ *noun*

زمانی Sothoی باشووری گەلی Basotho ◌

سوتو

sesqui- *prefix*

پێشگر: 1 یەک و نیوی، یەک بەرامبەر و نیو: 2 *sesquicentennial* ،*sesquicentenary* (کیمیا) ناونجی intermediate، لێکدان، پێکهێنان: *sesquicarbonate* (بنەڕەت: لە لاتینەوە -*semi* (بڕوانە -semi) + *que* (و *and*) ◌ پێشوند: 1 یک و نیمی، یک برابر و نیم 2 واسطه، ترکیب

sesquicarbonate *noun*

خوێیێن (وەک Na_2CO_3. $NaHCO_3$. $2H_2O$) کە نە کاربۆناتێکی ئاسایی سادەیە و نە دووکاربۆناتێکی سادە بەڵکوو زۆرتر لێکدراو و پێکهاتەی ئەو دووانەیە ◌ نوعی نمک، سسکوییکاربونات

sesquicentenary /ˌsɛskwɪsɛnˈtiːn(ə)ri, US -ˈtɛn-/ *noun, pl.* sesquicentenaries

سەد و پەنجایەمین ساڵوەگەڕ (ڕووداوێکی گرنگ) ◌ صد و پنجاهمین سالگرد

sesquicentennial *adjective, noun*

(ڕێوڕەسم) سەد و پەنجایەمین ساڵوەگەڕ ◌ (جشن) صد و پنجاهمین سالگرد

sesquipedalian /ˌsɛskwɪpɪˈdeɪlɪən/ *adjective*

1 (وشەیێ) فرەکەرتە، فرەبڕگە، چەندبڕگە، درێژ 2 درێژدادڕ، دووروودرێژ 3 پێ (یان پا) و نیوی درێژ ◌ 1 (واژه) چندهجایی 2 درازنفس، طولانی 3 یک‌پا و نیم دراز

sesquiterperne *noun*

پۆلە تێرپینی $C_{15}H_{24}$؛ هەروەها بەرهەمی تێرپینێکی وا ◌ سسکویترپن

sess = cess

sessile /ˈsɛsʌɪl, US ˈsɛsɪl/ *adjective*

1 (ڕووەکناسی) پێوەنووساو، بێ‌چێوکە، بێ‌قنچک، پێوەچەسپاو، بێ‌لاسک: *a sessile leaf* 2 (گیانەوەرناسی یان زیندەوەر و ئۆرگانیزمێ) ناکۆچەر، جێگیر: *sessile sponges and coral polyps* ◌ 1 بی‌ساقه 2 غیرمهاجر

sessile oak *noun*

جۆرێ بەڕووی جەوت شێوەهێلکەی بێ‌چێوکە، زۆرتر هی گرد و تەپەڵانییەکانە | *Quercus petraea* ◌ نوعی بلوط

sessility *noun*

1 پێوەنووساوی، بێ‌چێوکەیی، بێ‌قنچکی، پێوەچەسپاوی، بێ‌لاسکی 2 جێگیری، سەقامگیری ◌ 1 بی‌ساقگی، چسبیدگی 2 استقرار

session /ˈsɛʃn/ *noun*

1 کۆبوونەوە، کۆمجڤین، جڤین، کۆمبین، دانیشتن، کۆڕ: *a session of the UN General Assembly* 2 دەستەی بەڕێوەبردنی کلێسەی پرێزبیتێری، تێرم یان ماوەیەکی خوێندن لە خوێندنگا، ساڵی زانکۆ یان خوێندنگا ◌ 1 نشست، جلسه 2 سیون

sessional *adjective*

سەربە دانیشتن، کۆبوونەوەیی ◌ وابسته به نشست یا جلسه

session musician *noun*

موسیقاژەنی سەربەخۆ یان کۆڕی، موزیسیەنی سەربەخۆ ◌ نوازندەی مستقل

sesterce /ˈsɛstəːs/ *noun,* also sestertius /sɛˈstəːʃəs/, *pl.* -terces /-siːz/

سێستێرس: کۆین یان یەکەیێکی پارەی ڕۆمی کۆن، بەرامبەر بە monetary unit چواریەکی denarius ◌ سسترس

sestet /sɛsˈtɛt/ *noun*

1 شەش خشتەی دوایی sonnet 2 (موسیقا) = sextet ◌ ستت

sestina /sɛˈstiːnə/ *noun*

سێستینا: هۆنراوەیێ بە شەش‌کۆپلەی شەش‌خشتەکییەوە ◌ سستینا

set[1] /sɛt/ *noun*

1 (قاپ‌وکەوچک) دەست 2 دەستە، کۆمەڵە، گرووپ 3 زنجیرە، ڕیزە، لیزگە 4 گرووپ، دەستە، تیپ، کۆڕ، پۆل، تاقم 5 ڕادیۆ 6 تەلەفزیۆن 7 دەزگا 8 لا، ئالی، ڕێڕەو 9 داشکانەوە، پرزە، مەیل، ویست، حەز 10 بار، دۆخ، ڕەوش، شێوە 11 نەمام، برک، تووڵ، شووڵ، شیف، وەچ، ڕیشە، چووز، قەڵەمە، شەتڵ، دەرخک 12 (وەرزش) سێت، نۆرە 13 (شانۆ، فیلم) سەرشانۆ 14 (خواژە) ئاوابوون، پووکانەوە 15 ڕەق‌بوون، خۆگرتن، سەخت‌بوون ◌ 1 (ظرف) سرویس 2 مجموعه 3 رشته 4 گروه 5 رادیو 6 تلویزیون 7 جهت 8 دستگاه 9 گرایش، میل 10 وضع 11 نهال، قلمه، نشا 12 (ورزش) ست 13 (نمایش، فیلم) صحنه 14 (مجازی) افول 15 سفت‌شدگی

set[2] /sɛt/ *adjective*

1 جێگیر، چەسپیو، پتەو، بێ‌جووڵە، تەکان‌نەخواردوو، چەقیو، چەق‌بەستوو، تۆکمە 2 دیار، دیاری‌کراو، نەگۆڕ 3 تایبەتی 4 بەئانقەست، بەمەبەست 5 جێگیر، هەڵکەوتوو، دانراو 6 پێشەکی‌داڕێژراو، لەوەپێش‌پلان‌بۆدانراو ◌ 1 ثابت، محکم 2 مشخص، مقرر 3 خصوصی 4 عمدی 5 واقع‌شده، نهاده 6 طرح‌ریزی‌شدەی قبلی

set[3] /sɛt/ = past and past participle of set

seta /ˈsiːtə/ *noun,* setae /-tiː/

(زۆرتر گیانەوەرناسی) پژە، مووی زبر، زبرەموو (لە لاتینەوە بە واتای "bristle") ◌ موی زبر

setal *adjective*

پژەیی، سەربە مووی زبر، زبرەموویی، پێوەندی بە سیتاوە هەیە ◌ وابسته به موی زبر

setaceous /-ˈteɪʃəs/ *adjective*

1 درکاوی، دڕاوی، پژاوی، زبرەموودار 2 شێوەی bristle دەدا (لە بیچم و بنیاتدا) ◌ 1

خاردار 2 ستاسیوس

set-aside *noun*

سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا لەسەر بنچینەی بەجێهێشتنی زەوی‌وزار بۆ جووتبەندەکان بەمەبەستی راگرتنی نرخی بازار، کەم‌ترین نرخ، بنەنرخ، نرخی دیاری‌کراو ۞ حداقل قیمت

setback /ˈsetbæk/ *noun*

1 بەربەست، کۆسپ، ریگر، گرفت، کێشە 2 راوێستان، تێشکان، نشوستی، ناوچاوان‌نەهێنان، نەهاتی، نەهامەتی(رووتێ‌کردن)، هەرەس: *The team suffered a major setback when their best player was injured* 3 پاشەکشێ ۞ 1 مانع 2 شکست، بدبیاری 3 عقب‌نشینی

set book *noun*

کتێبی تاقیکاری ۞ کتاب امتحانی

set chisel *noun*

ئەسکەنەی (دەم)پان ۞ اسکنەی پهن

setiferous /sɪˈtɪfəres/ *adjective*

درکاوی، چقلاوی، درواوی، درکدار ۞ خاردار

set hammer *noun*

چەکوشی ریک‌کردن یان تەخت‌کردن ۞ چکش تسطیح

Seth *noun*, Hebrew *Shēth*

شیس: کوری ئادەم و حەوا ۞ شیث

setigerous /sɪˈtɪdʒərəs/ *adjective*

درکاوی، چقلاوی، درواوی، درکدار ۞ خاردار

setline *noun*

زنجیرەقولاپ (ی راوەماسی) ۞ ستلاین

setoff /setˈɑf/ *noun*

1 سەفەر، گەشت، گەران، کۆچ 2 رازاندنەوە 3 ئال‌وگۆر، ئالشت، گۆرینەوە ۞ 1 سفر، کوچ 2 آرایش 3 تهاتر

seton /ˈsiːt(ə)n/ *noun*

(مێژوویی، پزشکی) پلیتە (بنەرەت: لە *seta* لاتینەوە "bristle") ۞ فتیله

setose /ˈsiːtəʊs, -z/ *adjective*

درکاوی، چقلاوی، درواوی، درکدار ۞ خاردار

setout /ˈsetaʊt/ *noun*

1 دەسپێک، سەرەتا، beginning 2 ریکخستن، layout ،arrangement ،array 3 ئامراز، ئامراز، کەرەسە، ئامێر ۞ 1 آغاز 2 ترتیب 3 ابزار

set piece *noun, adjective*

کردەوەی بەجێ‌وری، کاریکی لێکەوەدراو یان پلان‌ریژکراو: *an offensive set -e that caught the enemy off guard* ۞ حرکت حساب‌شده

set screw *noun*

جەری میزان ۞ پیچ تنظیم

set square *noun*

گونیا، گۆشەپێو، گۆشەوارە ۞ گونیا

Setswana /seˈtswɑːnə/ *noun*

سێتسوانا، زمانی بانتویی گەلی تسوانا Tswana ۞ استسوانا

settee /seˈtiː/ *noun*

تەخت، قەنەپە، سۆفا ۞ کاناپە

setter /ˈsetə(r)/ *noun*

1 تانجی، تاژی 2 (لە لێکدانا) ـدانەر ۞ 1 سگ شکاری 2 ـگذار

set theory *noun*

تیۆری کۆمەڵەکان، تیۆری یا بیردۆزی دەستەکان ۞ نظریەی مجموعەها

setting /ˈsetɪŋ/ *noun*

1 جێگیرکردن، گیرکردن، دابەستن، دانان 2 جێگای دابەستن، شوێنی گیرکردن 3 جێگای نقێم، جێ‌نقێم 4 بوار 5 (شانۆ، چیرۆک و هتد) شوێن و کات 6 هەلکەوت، هەلومەرج، بارودۆخ 7 دەوربەشت 8 (دەزگا و هتد) خێرایی، تێمپراچێر 9 ئاواز، مەقام 10 رۆژاوابوون 11 موسیقای فیلم 12 گیرسان، خوگرتن، گیروبەند، توندبوون (شفتە و مالات و هتد) ۞ 1 نصب، نهش 2 جای نصب 3 جای نگین 4 زمینە 5 زمان و مکان 6 موقعیت 7 محیط 8 سرعت، درجە 9 آهنگ 10 غروب 11 موسیقی متن 12 گیرش

settings *noun, pl.*

ریکخستنەکان، کارویاری ریکخستن یان میزان(کردن) ۞ تنظیمات

setting up *noun*

سەقامگیرکردن، جێگیرکردن، دامەزراندن ۞ استقرار

settle /ˈsetl/ *noun*

تەخت (لە دار، مێزێکی دارین بە دەسک و پشتی بەرزەوە) ۞ نیمکت

settled /ˈsetld/ *adjective*

1 جێگیر، چەسپیو، سەقامگیر، نەگۆر، دیاری‌کراو، هەمیشەیی 2 (پێ)دراو 3 ساو ۞ 1 ثابت، معین، دائمی 2 پرداخت‌شدە 3 صاف

settlement /ˈsetlmənt/ *noun*

1 دانەوە، تێ‌کردن، رەت‌کردنەوە، تێ‌رژاندن، تێ‌رشتن، پێدان، دانەوە، پاک‌کردن، پاکتاو 2 دیاری‌کردن 3 ریکخستن 4 ریک‌کەوتن، کێشەرەوانەوە، یەک‌کەوتن، ئاشت‌بوونەوە 5 جێگیرکردن، دامەزراندن، سەقامگیرکردن، نیشتەجێ‌کردن، ئاکنجی‌کردن، گیرساندنەوە 6 راگوێستن 7 کۆلۆنی، شوێنی گیرسانەوەی کۆلۆنیستەکان 8 برانە 9 ئاوەدانی، ئاوایی 10 (ماف) بەنێوکردن، راگوێستن 11 نیشتن، رۆچوون، نشست ۞ 1 واریز، پرداخت، تسویە 2 تعیین 3 تنظیم 4 توافق 5 استقرار، اسکان 6 واگذاری 7 مستعمرە 8 مقرری 9 آبادی 10 (حقوق) واگذاری 11 نشست

settler /ˈsetlə(r)/ *noun*

1 داگیرگەنشین، کۆلۆنی‌نشین، کۆچەر(ی تازە): 2 *white -ttlers in Africa* دانیشتوو، نیشتەجێ،

جیوار، مشەخت، ناکنجی ◇ 1 مهاجر 2 مقیم

settlings *noun, pl.*
نیشتوو، نیشتە، خڵتە ◇ رسوب، تەنشت

set-to /'set tu:/ *noun*
(نافەرمی) لێکدان، تێکسرەواندن، کوتەککاری، تێکبەربوون، پێکاهەڵپڕژان، قڕە، دمەقڕە، شەڕەقسە، مشتومڕ، کێشە، شەڕ: *We had a bit of a set-to with the neighbours* ◇ زدوخورد، جروبحث، دعوا

set-up /'set ʌp/ *noun*
1 ڕێکخراوە 2 پێکهاتە (ی ڕێکخراوێ) 3 دامودەزگا، سیستم، ڕێکخستە 4 پیلان، نەخشە، تەشقەڵە 5 ڕێکخستن ◇ 1 سازمان 2 ساختار 3 سیستم 4 توطئه 5 آرایش

seven /'sevn/ cardinal number *adjective, noun*
adj حەوت (دانە) *n* ژمارە یا ڕەنووسی حەوت ◇ *adj* هفت *n* عدد هفت

sevenfold /'sevnfəuld/ *adjective, adverb*
حەوتبەرامبەر، حەوتئەوندە ◇ هفت برابر

seventeen /ˌsevn'ti:n/ cardinal number *adjective, noun*
adj حەڤدە (دانە) *n* ژمارە یا ڕەنووسی حەڤدە ◇ *adj* هفده *n* عدد هفده

seventeenth /ˌsevn'ti:nθ/ ordinal number *noun, adjective*
n حەڤدەیەک، ژمارەی حەڤدە، حەڤدەمی *adj* حەڤدەم، حەڤدەمین ◇ *n* یک‌هفدهم، هفدمی *adj* هفدهم(ین)

seventh /'sevnθ/ ordinal number *noun, adjective*
n حەوتیەک، حەوتمی، ژمارەی حەوت *adj* حەوتەم، حەوتەمین (in seventh heaven: یەکجار خۆشحاڵ یان بەکەیف، لە ئاسمانی حەوتەمدا: *Now that he's been promoted he's in seventh heaven*) ◇ *n* یک‌هفتم، هفتمی *adj* هفتم، هفتمین

the seventh day = the Sabbath

seventh heaven *noun*
ئاسمانی حەوتەم ◇ عرش اعلا

seventieth /'sevntiəθ/ ordinal number *noun, adjective*
n حەفتایەک، ژمارەی حەفتا *adj* حەفتایەم، حەفتامین، حەفتایەمین ◇ *n* یک‌هفتادم، هفتادمی *adj* هفتادم، هفتادمین

seventhly /'sevnθli/ *adverb*
حەوتەم ◇ سابعاً

seventy /'sevnti/ *adjective, noun* (*pl.* -nties)
adj حەفتا (دانە) *n* ژمارەی یان ڕەنووسی حەفتا، (seventies) دەیەی حەفتا، حەفتاکان ◇ *adj* هفتاد *n* عدد هفتاد، (در جمع) دهه‌ی هفتاد

seventy-eight *noun*
گرامافۆنی کۆنی 78سووڕ ◇ صفحه‌ی هفتاد و هشت دور

Seven Wonders of the World *noun*
حەوت شوێنەواری سەیری جیهان ◇ عجایب هفتگانه

several /'sevrəl/ *adjective, pronoun*
1 چەند، چەندین، بە چەندین، هێندێ، بڕێ (لە)، چەند دانە، چەند کەس: *Several letters arrived this morning* 2 جیاواز، لێکجیا، جیا: *They said goodbye and went their several ways* 3 خۆی(ان)، تایبەتی، تاکەکەسی (بنەرەت: لە separalis لاتینی سەدەکانی نێوەڕاست، لە separ لاتین "جیا(واز)") ◇ 1 چند، چندین، چند تا، چند نفر 2 مختلف، جداگانه، مجزا 3 مخصوص

severally /'sevrəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی جیاواز یا لێکجیا، تاکتاک، تاقولۆق ◇ به طور جداگانه

severalty /'sevrəltɪ/ *noun, pl.* severalties
(کۆن) سەربەخۆیی، جیایی، جیابوونەوە ◇ استقلال، جدایی

severance /'sevərəns/ *noun*
جیاکردنەوە، لێکدابڕین، جیابوونەوە، جیایی، پچڕان، بڕان، دابڕان، هەڵبڕان، قەتیان، لێکبوونەوە ◇ تفکیک، انقطاع، قطع، جداشدگی

severance pay *noun*
ڕاژانە، حەقی ساڵانەی کارکردن ◇ سورنس پَی

severe /sɪ'vɪə(r), US -'vɪr/ *adjective* (severer, severest)
1 بەڕشت، وشک: *His injuries are severe* 2 ڕووگرژ، مڕومۆچ 3 سەختگر، توندگر 4 قایم، سەخت، توند، قووڵ، گران، دژوار، (زۆر)خراپ، چەتوون، ئاسێ، ئاستەم 5 سادە، نەڕازاوە ◇ 1 جدی، خشک 2 عبوس 3 سخت‌گیر 4 ستهم، شدید، طاقت‌فرسا 5 بی‌آذین

severely /sɪ'vɪəli, US -'vɪrli/ *adverb*
بە توندی، بە سەختی، ڕووگرژانە، مڕومۆچانە: *a severely critical report* ◇ به شدت، عبوسانه

severity /sɪ'verəti/ *noun*
1 بەڕشتی، وشکی 2 ڕووگرژی، مڕومۆچی، سەختگری، توندگری 3 قایمی، توندی، قووڵی، سەختی، گرانی، دژواری، چەتوونی، ئاستەمی: *the severity of the problem* ◇ 1 جدیت 2 عبوسی 3 سخت‌گیری 4 شدت، ستهمی

seviche /sɛ'vi:tʃeɪ/ = ceviche

Seville orange /'sɛvɪl/ *noun*
جۆرێ پرتەقاڵی تاڵ، بۆ مرەبا ◇ نوعی نارنجی

sevruga /sɛv'ru:gə/ *noun*
یەکێ کۆچەر، لە تەرکی sturgeon دەریای کاسپیەن و دەریای ڕەشدا دەبینرێ (لەبەر

caviar راو دەکرێ [*Acipenser stellatus*]) ⬡ سوروگا

sewage /'su:ɪdʒ, US 'sju:-/ *noun*
پاشەڕۆ، ئاوەڕۆ، گەناو، پیساو ⬡ فاضلاب، پارگین

sewage disposal *noun*
دەرکردنی پاشەڕۆ، دەرکردنی ئاوەڕۆ (یان گەناو) ⬡ دفع فاضلاب

sewage disposal works = sewage works

sewage farm = sewage works

sewage plant = sewage works

sewage treatment plant = sewage works

sewage treatment works = sewage works

sewage works *noun*
پالێوگەی پاشەڕۆ، شوێنی پالاوتنی پاشەڕۆ ⬡ تصفیەخانەی فاضلاب

sewellel /sɪ'wɛləl/ = montain beaver

sewer[1] /'su:ə(r), US 'sju:-/ *noun*
زێراب، ئاوەڕۆ، پیساوڕۆ ⬡ مجرای فاضلاب

sewer[2] /'su:ə(r), US 'sju:-/ *noun*
درووماندکەر، درووماندکار، درووماندچی ⬡ دوزندە

sewerage /'su:ərɪdʒ, US 'sju:-/ *noun*
تۆڕی ئاوەڕۆ یان زێراب ⬡ شبکەی فاضلاب

sewerage-press /'su:ərɪdʒ, US 'sju:-/ *noun*
(دەزگای) کتێبدروو ⬡ ماشین کتابدوزی

sewerage system /'su:ərɪdʒ, US 'sju:-/ *noun*
سیستمی ئاوەڕۆ، تۆڕی ئاوەڕۆ یان زێراب ⬡ شبکەی فاضلاب

sewing /'səʊɪŋ, US 'soʊ-/ *noun*
1 درووماندن، دروومانکاری، دوورین، دروون: 2 *knitting and sewing* شتی دووراو: *a pile of sewing* ⬡ 1 خیاطی 2 چیز دوختەشدە

sewing machine *noun*
دەزگای درووماندن، چەرخی درووماندن، ماشینە ⬡ چرخ خیاطی

sewn /səʊn, US soʊn/ = past participle of sew

sex /seks/ *noun, adjective*
n 1 ڕەگەزیتی 2 ڕەگەز، ڕەسەن، سێکس، زایەند، نێرمایی، نێر یان مێ، دێل یان گۆل، کوڕ یا کچ، ژن یا پیاو 3 چالاکی یا پرسوباسی سێکسی 4 تێکەڵی سێکسی، نیان، نزیکی *adj* ڕەگەزی، سێکسی ⬡ *n* 1 جنسیت 2 جنس 3 موضوعات یا فعالیتهای جنسی 4 آمیزش جنسی *adj* جنسی

sex(i)- *prefix*
پێشگر: شەش: (بنەڕەت: لە *sex* لاتینەوە) *sexennial* ⬡ پیشوند: شش

sex abuse *noun*
دەستدرێژی ڕەگەزی یا سێکسی، دەستدرێژی، پەلامار ⬡ تجاوز جنسی

sex act *noun*
تێکەڵی سێکسی، نزیکی ⬡ مقاربت، جماع

sexagenarian /ˌseksədʒə'neəriən, US -'ner-/ *noun*
مرۆی شەست (حەفتا)ساڵە (نێوان 60 تا 69 ساڵ) ⬡ آدم شصتساله

sexagenary *noun, pl.* sexagenaries
شەست (حەفتا)ساڵە (لە نێوان 60 تا 69 ساڵ) ⬡ شصتساله

Sexagesima /ˌsɛksə'dʒɛsɪmə/ *noun*
شەستڕۆژە: یەکشەممەی پێش Quinquagesima ⬡ سکاجسیما

sexagesimal /ˌsɛksə'dʒɛsɪm(ə)l/ *adjective*
1 شەستەم، شەستەمین 2 شەستدەنکی ⬡ 1 شصتم 2 شصت تایی

sex appeal *noun*
ڕاکێشانی ڕەگەزی یان سێکسی یان نێرمایی ⬡ جاذبەی جنسی

sex bomb *noun*
(نافەرمی) بۆمبی سێکسی (ژنێکی یەکجار لەبار) ⬡ بمب جنسی

sex cell *noun*
خانەی ڕەگەزی یان سێکسی، خانەی نێرمایی ⬡ یاختەی جنسی

sexcentenary /ˌsɛk(s)sɛn'ti:n(ə)ri, US -'tɛn-/ *noun, pl.* -centenaries
شەشسەدەمین ساڵوەگەڕ یان ساڵیاد ⬡ ششصدمین سالگرد

sex change *noun*
گۆڕانی ڕەگەزی ⬡ تغییر جنسیت

sex chromosome *noun*
کرۆمۆزۆمی ڕەگەزی ⬡ کروموزوم جنسی

sexdecillion *noun*
ژمارەی یەک بە 96 سیفر لە پێشیەوە ⬡ سکسدسیلیون

sex distribution *noun*
بڵاوبوونەوەی ڕەگەز(یت)ی، دابەشێتی ڕەگەزی ⬡ توزیع جنسیت

sex drive *noun*
پاڵنەر یان بزوێنەری سێکسی ⬡ سائق جنسی

sexed *adjective*
خاوەنی ئارەزوو یان ئیشتیای سێکسی ⬡ دارای میل جنسی

sex education *noun*
پەروەردە یان فێرکاری ڕەگەزی (لە خوێندنگاکاندا) ⬡ آموزش جنسی

sexennial /sɛk'sɛnɪəl/ *adjective*
شەشساڵە، هەر شەشساڵ جارێ ⬡ ششساله

sexennium /sɛk'sɛnɪəm/ *noun, pl.*

sexennia /-nɪə/
ماوە یان قۆناخێکی شەش‌ساڵە ۞ دورەی شش‌ساله
sexfoil *noun*
(ب.ت. بیناسازی) شەش‌پەڕ ۞ شش‌پر
sex hormone *noun*
هۆرمۆنی رەگەزی یان سێکسی ۞ هورمون جنسی
sex hygiene *noun*
خاوێنی رەگەزی، پاک‌پارێزی سێکسی، خاوێن‌گەری یان خاوێن‌راگرتنی رەگەزی ۞ بهداشت جنسی
sexi-, also sex- *prefix*
پێشگر: شەش، شەش‌دار، شەش‌ـ ۞ پیشوند: شش، دارای شش
sexily *adverb*
بزوێنەرانە، بە شێوەیەکی هەوەساوی ۞ به طور شهوت‌انگیز
sexiness /'seksinəs/ *noun*
راکێشانی رەگەزی یان سێکسی ۞ گیرایی جنسی
sexism /'seksɪzəm/ *noun*
جیاوازی‌دانانی رەگەزی یان سێکسی، سێکس‌باوەری (ب.ت. زمان): *a study of sexism in language* ۞ جنسیت‌گرایی
sexist /'seksɪst/ *adjective, noun*
adj لەسەر بنچینەی جیاوازی‌دانانی رەگەزی، سێکس‌باوەڕانە: *sexist ◊ a sexist attitude* *n language* سێکس‌باوەڕ، لایەنگری جیاوازی‌دانانی رەگەزی ۞ *adj* جنسیت‌گرایانه *n* جنسیت‌گرا
sexisyllabic *adjective*
شەش‌کەرتەیی، شەش‌بڕگەیی ۞ شش‌هجایی
sexivalent /ˌseksɪ'veɪl(ə)nt/ = hexavalent
sexless /'sekslǝs/ *adjective*
1 نەنێرنەمێ، نێرەمووک، هەرمک 2 سارد، ساردوسڕ، کەم‌ئارەزوو، کەم‌راکێش ۞ 1 فاقد جنسیت 2 سرد، سکس‌لس
sexlessness /'sekslǝsnǝs/ *noun*
ساردی، ساردوسڕی، کەم‌ئارەزوویی ۞ سردی
sex life *noun*
ژیانی رەگەزی یان سێکسی ۞ زندگی جنسی
sex maniac *noun*
مرۆی شێت و خولیای ئارەزووی سێکسی، (یەکجار) بەئالۆش ۞ سکس‌مانیاک
sex object *noun*
شتی دامرکاندنی ئارەزووی رەگەزی (سێکسی) ۞ وسیلەی اطفاء شهوت
sex offence *noun*
تاوانی رەگەزی یان سێکسی ۞ جرم جنسی
sex offender *noun*
تاوان‌کاری رەگەزی ۞ مجرم جنسی
sex offense = sex offence
sexological *adjective*
سەربە رەفتارناسی رەگەزی یان نێرمایی ۞ رفتارشناختی جنسی
sexologist /-dʒɪst/ *noun*
رەفتارناسی رەگەزی یان نێرمایی ۞ رفتارشناس جنسی
sexology /sek'sɒlədʒi, US -'sɑ:l-/ *noun*
رەفتارناسیی رەگەزی یان نێرمایی، رەفتارناسیی نێرمایی ۞ رفتارشناسی جنسی
sex organs *noun, pl.*
ئەندامە رەگەزییەکان، ئەندامانی رەگەزی یا نێرمایی ۞ اندام‌های جنسی
sexpartite /seks'pɑ:tʌɪt/ *adjective*
شەشینە، شەش‌بەشە، شەشە ۞ شش‌جزئی
sexploitation *noun*
(فیلم، کۆڤار و هتد) چەوساندنەوە یان بەکارهێنانی رەگەزی ۞ بهره‌برداری جنسی
sexpot /'sekspɒt, US -pɑ:t/ *noun*
ژنی جوان (و بزوێنەر)، سەرنج‌راکێش، لەبار، قەیسی، جەرگە ۞ زن لوند یا شهوت‌انگیز
sex shop *noun*
دووکان یان فرۆشگەی کەلوپەلی رەگەزی، دووکانی شتومەکی سێکسی ۞ فروشگاه کالاهای جنسی
sex-starved *adjective*
برسی رەگەزی یان سێکسی ۞ گرسنەی جنسی
sex symbol *noun*
هێما یان نموونەی سێکس، هێمای راکێشانی رەگەزی ۞ نماد سکس
sext *noun*
1 نوێژی سەعات شەش (نیوەڕۆ) 2 جۆرێ ئامێری موسیقا ۞ سکست
sextan /'sekstǝn/ *noun*
شەش‌ڕۆژە، (هەر) شەش ڕۆژ جارێ ۞ شش روز یک‌بار
sextant /'sekstǝnt/ *noun*
1 جێدۆز، گۆشەدۆز (لە کەشتی و فڕۆکەدا) 2 شەش‌یەکی بازنە ۞ 1 سکستان 2 یک ششم دایره
sextet /seks'tet/ *noun*, also sextette
1 دەستەی شەش‌دانەیی، گرووپی شەش‌دەنگی، (پارچە موسیقایێ بۆ) شەش گۆرانی‌بێژ یان موسیقاژەن 2 شەش خشتەی دوایی sonnet ۞ 1 مجموعەی شش‌تایی، اسکتت 2 شش بیت آخر غزل
sextillion /seks'tɪljǝn/ *noun*
لە ئەمریکا و فەرەنسە ژمارەی 1 بە 21 سیفر لە پێشیەوە 10^{21}، لە بریتانیا و ئەڵمانیا 1 و 36 سیفر لە پێشیەوە 10^{36} ۞ اسکستیلیون
sexton /'sekstǝn/ *noun*

(کلیسە) مجێور، جانکوش ◯ خادم، متولی
sexton beetle = burying beetle
sex tourism *noun*
گەروانیتی رەگەزی یا سێکسی، گەشتیاریتی رەگەزی ◯ جهانگردی جنسی
sex tourist *noun*
گەروانی سێکسی، گەشتیاری رەگەزی ◯ جهانگرد جنسی
sextuple /'sɛkstjʊp(ə)l, US sɛks'tju:p(ə)l/ *adjective, noun*
شەش‌بەرامبەر، شەش‌ئەوندە، شەش‌چەندانە ◯ شش‌برابر
sextuplet /'sekstʊplət, US sek'stju:plət, -'stʌp-/ *noun*
شەشزا، شەش‌جمک، یەکێ لەو شەشزایە ◯ شش‌قلو، یکی از شش‌قلوها
sextuplicate *noun*
روونووس یان کۆپی شەشەم ◯ نسخەی ششم
sexual /'sekʃuəl/ *adjective*
1 رەگەزی، سێکشوال، سەربە نێرمایی، زایەندی 2 زاوزێیی، سەربە زاوزێ ◯ 1 جنسی 2 تناسلی
sexual assault *noun*
ئازاردانی رەگەزی، هەراسان‌کردنی سێکسی یان رەگەزی ◯ ایذا جنسی
sexual deviation *noun*
لادانی رەگەزی یان سێکسی ◯ انحراف جنسی
sexual harassment *noun*
ئازاردان یان هەراسان‌کردنی رەگەزی ◯ ایذا یا مزاحمت جنسی
sexual intercourse *noun*
نزیکی، نیان، تێکەڵی رەگەزی یان سێکسی ◯ مقاربت، آمیزش جنسی
sexuality /ˌsekʃu'æləti/ *noun, pl.* sexualities
1 رەگەزیتی، سێکشوالیتە، نێرمایتی، نێرمایەتی، زایەندیتی 2 مەیل و ئارەزووی رەگەزی، چالاکی رەگەزی یان سێکشوال 3 تایبەتمەندی رەگەزی یان نێرمایەتی 4 توانایی رەگەزی یان سێکشوال ◯ 1 جنسیت 2 تمایلات یا فعالیت جنسی 3 ویژگی‌های جنسی 4 توانایی جنسی
sexually /'sekʃəli/ *adverb*
لەباری رەگەزی‌یەوە ◯ از نظر جنسی
sexually transmitted disease *noun, abbreviation* STD
ئێس‌تی‌دی (= جۆرێ نەخۆشی نزیکی، وەک ئاگرە syphilis) ◯ اس‌تی‌دی
sexual offence *noun*
تاوانی رەگەزی یان سێکسی ◯ جرم جنسی
sexual orientation *noun*
بەلاداشکانەوەی رەگەزی (کەسێ کە هاورەگەزباز یان ناهاورەگەزبازە) ◯ گرایش جنسی
sexual perversion *noun*
لادانی رەگەزی یان سێکسی ◯ انحراف جنسی
sexual politics *noun, pl.*
رامیاری رەگەزی، سیاسەتی رەگەزی یا سێکسی ◯ سیاست جنسی
sexual relation *noun*
نزیکی، نیان، جووت‌بوون، گان، تێکەڵی رەگەزی یان سێکسی ◯ جماع، مقاربت
sexual selection *noun*
(زیندەناسی) هەڵبژاردنی رەگەزی یان سێکسی ◯ انتخاب جنسی
sex worker *noun*
لەش‌فرۆش، قەحبە، حیز ◯ فاحشە
sexy /'seksi/ *adjective* (sexier, sexiest)
1 رەگەزی، سێکسی، سێکشوال 2 بزوێنەر، وروژێنەر، سەرنج‌راکێش، هەوەساوی، پڕئیشتیا، ئاودار: *a ◊ the sexy lead singer* 2 جنسی 1 ◯ *sexy new range of software* مهیج، جالب، شهوت‌انگیز
SF /ˌes 'ef/ *abbreviation* science fiction
sferics *noun, pl.*
کەش‌ناسی، هەواناسی ◯ هواشناسی
Sg *abbreviation* seaborgium
sgd *abbreviation* signed
(نافەرمی، لەسەر فۆرم و هتد) مۆرکراو، ئیمزاکراو ◯ امضاشده
Sgt *abbreviation* sergeant
sh /ʃ/ *interjection*
وست! بێ‌دەنگ! هەرا! سست!: *Sh! Keep your voice down!* ◯ هیس!
Shaban *noun*
شەعبان: هەشتەمین مانگی سالی ئیسلامی ◯ شعبان
Shabbat /ʃa'bat/ *noun*, Sabbath
نێوان جووەکانی Sephardic ی و ئیسرائیلی‌یەکان ◯ سبت
Shabbos /'ʃabəs/ *noun*, also Shabbes = Sabbath
نێوان جووەکانی Ashkenazic ◯ سبت
shabbily /'ʃæbɪli/ *adverb*
ناپیاوانە، نامەردانە، ناجوامێرانە ◯ ناجوانمردانه
shabbiness /'ʃæbɪlinəs/ *noun*
1 کۆنی، شڕی، پەڕپووتی، شڕووڕی، پواوی، دافەوتاوی، شڕۆڵی، تان‌دەرکەوتوویی، دافەتراوی 2 ناپیاوی، ناجوامێری، سووکی، پەستی، خوێڕیەتی ◯ 1 نخ‌نمایی 2 فرومایگی، پستی
shabby /'ʃæbi/ *adjective* (shabbier, shabbiest)
1 کۆن، شڕ، پەڕپووت، شڕووڕ، پواو، لەت‌وکوت، دافەوتاو، دافەتراو، شڕۆڵ، تان‌دەرکەوتوو 2 شڕەپۆش، قووتەڵە، کۆنەپۆش 3 ناپیاو،

نـاجوامێر، خوێـڕی، نامـەرد، بـێشـەرەف ۞ 1 ژنده، نخ‌نما 2 ژنده‌پوش 3 پـست، لئیم، فرومایه
Shabuoth *noun*
شافووس، جەژنەدرويْنە (هی جوولەکەکان) ۞ شابوس
shabu-shabu *noun*
جۆرێ چێشتی ژاپۆنی ۞ نوعی غذای ژاپنی
shack /ʃæk/ *noun*
کوڵیت، کۆخ، کۆختە، قوڵیت، کەلاوە ۞ کلبه
shackle /ˈʃækl/ *noun*
1 (shackles) کوت‌وزنجیر، پێبەست، دەزبەن، پێوەند، کوت‌وبەند، سندم، کۆستەک، ئەشکێل 2 کۆسپ، بەربەست، تەگەرە ۞ 1 غـل و زنجیر، قید و بند 2 مانع
shacklebone *noun*
ئێسکی مەچەکی دەست ۞ استخوان مچ دست
shacky *adjective*
کۆنـە، شڕ، چەپەرەشڕ، داشقەشکاو، رزیو ۞ زهواردررفته، قراضه
shad /ˈʃæd/ *noun, pl.* same or shades
ماسـیبەچاورەشـە (جـۆرێ ماسـی خـۆراکی ئاـــــــــherring [توخمـــەکـــانی *Alosa* و *Caspialosa*: چەندین جۆرن]) ۞ زبور، گواف
shadbush, also shadblow = junneberry
shadchan /ˈʃadxən, US ˈʃɒd-/ *noun, pl.* same /ˈʃadxɛn/, shadchanim /ˈʃadxənɪm/, or shadchans
دەلالی (ژن‌ومێردایەتی) پیشەیی جوولەکەیی ۞ دلال
shaddock /ˈʃadək/ = pomelo
shade /ʃeɪd/ *noun*
1 سێبەر، سا، سایە، سەهەند، نسێ 2 سەرچرا، کلاوەی لامپا 3 سووکەجیاوازی 4 بڕێکی کەم، نەختەلانێ، نیسکەلانێ، تـۆزێ 5 گیـان، رۆح، تارمـایی، خێـو، سـەهۆیر، تـاپۆ 6 خـەیاڵ 7 (قـووڵایی یـان رادەی) رەنـگ 8 ئاسـت یـان ریـژەی تـاریکی 9 (کێـشراوە و هتـد) شـوێنی تاریـک‌تـر، سـێبەر 10 (the shades) جیهانی ژێرین، دنیای مردووان 11 (shades) چاویلکە یان عەینەکی بەرخۆر ۞ 1 سایه 2 حباب چراغ 3 اختلاف جزئی 4 مقدار انـدک 5 شـبح، روح 6 خیال 7 رنگ 8 میزان تیرگی 9 (نقاشی و...) سـایه 10 عالم اسفل 11 (در جمع) عینک آفتابی
shaded *adjective*
سێبەردار، سێبەراوی، سێبەردارکراو ۞ دارای سایه
shadily /ˈʃeɪdɪli/ *adverb*
گومانلێکراوانە، بە شێوەیێکی گوماناوی ۞ بـه طور مشکوک
shadiness /ˈʃeɪdinəs/ *noun*
گومانلێکراوی، گومانباری، گومانلەسەری ۞ مشکوکیت
shading /ˈʃeɪdɪŋ/ *noun*
1 (کێشراوە و هتد) سێبەر(دار)کردن، سایەلێدان، سـێبەرەکان، شـوێنە تاریکـەکان 2 (shadings) جیـاوازی و گـۆڕانی ورد، جیـاوازی کـەم ۞ 1 سایەزنی، نقاط تیره 2 (در جمع) تفاوت‌های جزئی
shadow /ˈʃædəʊ, US -doʊ/ *noun*
1 سێبەر، سا، سایە، نسێ، تاریکی 2 شـوێنەواری کەم، سووکەئاسەوار 3 وێنە 4 نەختەلانێ، تۆزێ، بڕێ 5 خـەم، خەفـەت، دڵـتەنگی، نارەحـەتی 6 تارمایی، تـاپۆ، خێـو، خـۆف، خـەیاڵ، سـەهۆیر 7 فەرمانبەری نەهێنی، پۆلیسـی نهێنی، سیخوڕ 8 کاریگـەری، بانـدۆر 9 هـاوڕێی هەمیـشـەیی (ئەڵمانی بنەرەت) ۞ 1 سـایه، تـاریکی 2 اثـر جزئی 3 عکس 4 ذره 5 انـدوه 6 شـبح، خیـال 7 مأمور مخفی 8 تأثیر 9 ملازم همیشگی
shadow-boxing *noun*
شەرەمشت لەگەڵ نەیاری نادیار یا خەیاڵی ۞ مشت‌زنی با حریف فرضی
shadow economy *noun*
ئابووری تارمایی ۞ اقتصاد شادو
shadowland *noun*
نـسار، بەرسێبەر، سێبەرایی، جێ یـان جێگـای نسێ، خۆرنەوەزان ۞ جای سایه
shadow price *noun*
(ئابووری) نرخی تارمایی ۞ شادوپرایس
shadow theatre *noun*
شانۆی تارمایی ۞ شادوتئاتر
shadowy /ˈʃædəʊi, US -doʊi/ *adjective* (shadowier, shadowiest)
1 سێبەردار، سێبەراوی، بەنسێ: *Someone was waiting in the shadowy doorway* 2 نادیار، لێڵ، تەماوی، پڕوپووچ، خەیاڵی: *Shadowy figures approached them out of the fog* ۞ 1 سایەدار 2 مبهم، واهی
shady /ˈʃeɪdi/ *adjective* (shadier, shadiest)
1 بەرسێبەر، سـێبەردار 2 نادروسـت، ناڕاسـت 3 گومـانلـێکـراو، بـەرگومان، جێـیشـک، گومانلەسـەر 4 نـاروون، نادیـار، تاریـک ۞ 1 سایەدار 2 نادرست 3 مشکوک 4 نامعلوم
shaft /ʃɑːft, US ʃæft/ *noun*
1 تیر، تەخش، نێزە، رم، نەیزە 2 شافت، شەفت، تـەوەرە، میـل، (تـەور و هتـد) دەسـک 3 چـاڵ، قووڵـک، قوڵـکە، بیر، کـون 4 تیـشک، لێـزگ، تیرێژ 5 پایە یان لاشەی کۆڵەکە، بەژن، کۆتەرە یان قەدی ستوون 6 کێر، کێر، چووک، سیرەت 7 دووکەڵکێش، بابوێر 8 باکێش 9 لاسـک یـان تیرەگە (هی پەڕ) 10 تانە، تەشەر، توانج 11 (لە ئەمریکا) فێڵ، کەلـەک، تەڵـەکە (shafted *adj*) ۞ 1 پیکان، نیزه 2 محور، دسته 3 چـاه، گـودال، سوراخ 4 پرتو 5 تنەی ستون 6 کیـر 7 دودکـش 8 بادکش 9 ساقه 10 طعنه 11 حقه

shafting *noun*
میلەرا، میلبەندان، سیستمی میلەکان بۆ ڕاگوێستنی هێزی بزوێنەر یان مۆتۆڕ لە دەزگایی‌دا ◌ شافتینگ

shag[1] /ʃæg/ *noun*
1 توتنی توند، توتنەزبرە 2 کولکە، تیسک، مووی زبر 3 کۆمەلکە یان کۆمایێکی هەڕەمە و تێکەلوپێکەل 4 شێوازی قژی لێک‌ئالاو و چڕ ◌ 1 توتون تند 2 موی زبر 3 تودەی درهم و برهم 4 شاگ

shag[2] /ʃæg/ *noun*
1 بالندەیێکی دەریایی، بە پەڕوبالی ڕەشی مەیلەو سەوزەوە [*Phalacrocorax aristotelis*] 2 = cormorant ◌ 1 آبقمل تاجدار

shag[3] /ʃæg/ *noun*
گانەگول، گان، نیان ◌ بکن‌بکن، جماع

shag[4] /ʃæg/ *noun*
سەما و هەلپەرکێی لە بنەڕەتا هی ئەمریکا ◌ شاگ

shagged /ʃægd/ *adjective*, also shagged out
ماندوو، شەکەت، لەپێ‌کەوتوو، هیلاک ◌ خستە، هلاک

shaggy /ˈʃægi/ *adjective* (shaggier, shaggiest)
1 زبر، قرژەلۆک 2 تیسکن، کولکن، تووکن 3 ئالۆسکاو، ئالۆز، شێواو: *a shaggy mane of hair* shagginess /ˈʃæginəs/ *n* shaggily /ˈʃægɪli/ *adv*) 1 زبری، قرژەلۆکی 2 تیسکنی، کولکنی، تووکنی 3 ئالۆسکاوی، شێواوی) ◌ 1 زبر 2 پشمالو 3 ژولیدە

shaggy-dog story *noun*
جۆکی درێژ و قۆڕ ◌ جوک طولانی و بی‌مزە

shaggymane *noun*, also shaggy cap
کلاوزبرە: جۆرێ کارگی خۆراکی [*Coprinus comatus*] ◌ نوعی قارچ

shagreen /ʃaˈgriːn/ *noun*
1 پێستە یان کەولی کوسە sharkskin کە بۆ ڕازاندنەوە یان وەک زبرە یان شتی سواندن abrasive بەکاردێترا 2 خاو، چەرم یا کەولی خۆش‌نەکراوی ئەسپ یا گوێرێژ ◌ 1 شاگرین 2 ساغری

shah /ʃɑː/ *noun*
شا، پاتشا، پادشا (سەرناوی شاکانی ئێرانی، بنەڕەت: لە *kšāyatiya* "شا") ◌ شاە

shahdom *noun*
شایەتی، پاتشایی، پادشایی ◌ شاهنشاهی

shahada /ʃaˈhaːda/ *noun*
شادیمان، شەهادە (بنەڕەت: لە *šahāda* عەرەبی "testimony") ◌ شهادتین

shahtoosh /ʃɑːˈtuːʃ/ *noun*
1 جۆرێ پارچەی باش لە خوری chiru 2 دەسمالی ئەو پارچەیە ◌ 1 نوعی پارچە 2 روسری این پارچە

shaitan /ʃeɪˈtɑːn/ *noun*
شەیتان (بنەڕەت: لە *šayṭān* عەرەبی‌یەوە) ◌ شیطان

shake /ʃeɪk/ *noun*
1 جوولان، تەکان، ڕاوەشان، شلەقان، جم وجۆل، جمان، جم، شەکان، لەرینەوە، لەرە، لەرز، لقین، ڕاتلەکان، هەژین 2 داچلەکان، داخورپان، هەلبەزینەوە 3 چرکەسات، تاو 4 (موسیقا) لەرە، لەرینەوە، لەرزە 5 درز، قەلەش 6 (shakes) لەرز، لەرزۆکی ◌ 1 جنبش، تکان، لرزە 2 یکە 3 لحظە 4 (موسیقی) تریل 5 شکاف 6 (در جمع) لرزە

shakedown /ˈʃeɪkdaʊn/ *noun*
1 وردپشکنین، گەڕانی بەوردی 2 بە زۆر پارە لێ‌سەندن، خاوە 3 (فڕۆکە، کەشتی و هتد) دوایین تاقی‌کردنەوە، دوایین سەفەر، سەفەری دوایی 4 گۆڕانی بناخەیی یان ڕیشەیی 5 تەختی کاتی 6 دەسبڕی، گوێبڕی، فروفێل ◌ 1 تجسس 2 اخاذی 3 آزمایش یا سفر نهایی 4 رخت‌خواب موقتی 5 تغییر بنیادین 6 شیادی، کلاەبرداری

shake hole = sinkhole

shaken[1] /ˈʃeɪkən/ *adjective*
داچلەکیو، هەلبەزیو، داخورپاو، داترووسکاو ◌ یکەخوردە

shaken[2] /ˈʃeɪkən/ = past participle of shake

shake-out *noun*
1 گۆڕان، گۆڕانکاری 2 گۆڕینی ڕێکخستن 3 ڕێکخستنەوەی بنەڕەتی 4 گەورە ڕیفۆرم یان چاکسازی، چاکسازی بنەڕەتی 5 دەرکردن، کەم‌بوونەوەی کارکەران ◌ 1 تحول 2 تغییر سازمان 3 تجدید سازمان بنیادی 4 اصلاح بنیادی 5 اخراج

shaker *noun*
1 تەکێنەر، ڕاتلەکێنەر، لێکدەر، شلەقێنەر 2 (لە لێکدانا) ـدان 3 (Shaker) ئەندامی تیرەیێکی دینی کریستانیەتی لە ئەمریکا ◌ 1 تکاندە 2 ـپاش 3 شیکر

Shakeress *noun*
ژنەئەندامی تیرەیێکی دینی کریستانیەت لە ئەمریکا ◌ زن شیکر

Shakespearian /ʃeɪkˈspɪəriən/ *adjective, noun*, also Shakespearean
adj سەر بە تایبەتمەندی یان شێوازی ویلیام William شەکسپیەر (یان شێکسپیەر Shakespeare) *n* شارەزا یان خوێندکاری بەرهەمەکانی شەکسپیەر ◌ شکسپیری

shake-up *noun*
1 گۆڕان، گۆڕانکاری 2 گۆڕینی ڕێکخستن 3 ڕێکخستنەوەی بنەڕەتی 4 گەورە ڕیفۆرم یان

چاک‌سازی، ریفۆرمی بنچینەیی ۞ 1 تحـول 2 تغییر سازمان 3 تجدیـد سـازمان بنیـادی 4 اصـلاح بنیادی

shakily /-ɪli/ *adverb*
لەرزۆکانە، بە ترس و لەرزەوە ۞ بە طور لرزان

shakiness /'ʃeɪkinəs/ *noun*
لەرزۆکی، قرچۆکی، رووخەکی، برووخی، لەقی، فـشەلی، بنکـۆڵ(کـراو)ی، ســستی، لاوازی، ناچەسپیوی، ناجێگیری ۞ تزلزل، نااستواری

shaking /'ʃeɪkɪŋ/ *noun*
تەکان، راتلەکان، هەژیف ۞ تکان

shako /'ʃeɪkəʊ, US 'ʃakəʊ/ *noun, pl.* shakos or shakoes
جۆرێ کڵاوی پەرداری قووچکەیی یا لووکەکی سـربازی ۞ شاکو

Shakta *noun,* also Sakta, *pl.* Shaktas or Saktas
پاشـرەو یـا پـەیڕەوی شـاکتیزم، شـاکتی‌پەرست، لایەنگری شاکتیزم ۞ شاکتا

Shakti /ʃʌk'tiː/ *noun,* also Sakti
(دیـنی هینـدو) بنـەمای مێینـەی وزە و هێـزی خودایی (بنەڕەت: لە *śakti* سـانسـکریتەوە "هێز، وزە، هێزی خودایی divine energy") ۞ شاکتی

Shaktism *noun,* also Saktism
شاکتیزم، شاکتی‌پەرستی، شاکتی‌باوەڕی، پەرستنی شاکتی وەک ژنی شیڤا Shiva ۞ شاکتیسم

shakuhachi /ˌʃakʊ'hatʃi/ *noun, pl.* shakuhachis
جۆرێ فلووتی خـەیزەرانی ژاپۆنی، بە شـێوەی ستوونی لە وەختی لێدانا دەگیرێ ۞ نوعی ساز

shaky /'ʃeɪki/ *adjective* (shakier, shakiest)
1 لەرزۆک، سـست، قرچۆک، لەق، فشەل، لاواز، بنکۆل، شکاو، رووخـەک 2 دوودڵ، نگەران ۞ 1 لرزان، متزلزل، ضعیف 2 مردد

shale /ʃeɪl/ *noun*
(زەویناسی) تلیشـەبەرد، تەڵەزمە(بەرد)، دویل، تەنکەبـەرد، تەلاشـەبەرد، بەردەناسـکە، تـەموخ، تـەموخ (shaly (also shaley) *adj*) ۞ پلمەسنگ

shale-oil *noun*
رۆنی تەڵەزمە(بەرد) ۞ روغن پلمەسنگ

shalloon /ʃæ'luːn/ *noun*
جۆرێ پارچەی لەخوری بـەری (ئاستەرِی) ۞ شالون

shallop /'ʃaləp/ *noun*
جـۆرێ گـەمی بـادەوەداری سـووک، بـۆ تەنکاوەکان ۞ شالوپ

shallot /ʃə'lɒt, US -'lɑːt/ *noun*
موسـلی، زیـبـک، زیـزک [*Allium ascalonicum*] ۞ موسیر

shallow /'ʃæləʊ, US -loʊ/ *adjective*
1 پەل، تەنک، تەخت، تەسک، تەنکاو، تەسکایی ئاو، کـەم‌قـووڵ، بـن‌دیـار، تـەرک‌دیـار، پێـدەر: 2 *shallow water* سەرسـەرەکی، سـەرپۆرتی، فشە، روالەتی، بێ‌مایە ۞ 1 کم‌عمق 2 سطحی، ظاهری

shallowly /'ʃæləʊli, US -loʊ/ *adverb*
تەنکانـە، بـە شـێوەیەکی تـەنک یـان تەسـک، هێواش، بە ئارامی، نەرم: *He was breathing shallowly* ۞ بە طور کم‌عمق، آهسته، ملایم

shallowness /'ʃæləʊnəs, US -loʊ/ *noun*
1 سەرسەرەکی‌بوون، فشەبوون، سەرپۆرتی‌بوون، بێ‌مایەبوون، بێ‌مایەیی، بێ‌نێوەرۆکی 2 تـەنکی، تەسکی، پەلی، تەختی، کـەم‌قوولی، پێـدەری ۞ 1 سطحی بودن 2 کم‌عمقی

shallows /'ʃæləʊz, US -loʊz/ *noun*
(دەریـا) ناوچـەی تـەنک، تـەنکایی، تەسـکایی، شوێنی تەسک یان تـەنکاو، جێگـای تـەرک‌دیار ۞ قسمت کم‌عمق

Shalom /ʃə'lɒm, US ʃə'lɔːm/ *interjection*
شالۆم!: وشەیەکی بۆ سڵاو و مالاوایی بەکاردێتری (لە *šālōm* عیبرییەوە "peace") ۞ شالوم!

shalwar /ʃʌl'wɑː/ = salwar

sham /ʃæm/ *noun, adjective*
n 1 بنیادەمی دەسبڕ و فێلاوی 2 درۆ، فشە، فێڵ، دهـۆ، تەڵـەکە، خۆنوانـدن، رووکەشـی، واخۆیـشاندان، واخۆدەرخـستن *adj* درۆ، فێلاوی‌یانە، فشە، گەند: *a sham marriage* ۞ *n* 1 آدم شیاد 2 دروغ، کلک، تظاهر *adj* ساختگی

shaman /'ʃeɪmən, US 'ʃɑːmən, 'ʃæmən/ *noun*
شـەمەن، جادووگـەری خـێل، نـۆژدار و جادووگـەری هـۆز (ب.ت. لـە نێـوان گـەلانی باکوری ئاسیا و سووریێستەکاندا، بنەڕەت: لە *Schamane* ئەڵمانی و *shaman* رووسی، لە *šaman* تونگوسی Tungus) ۞ جادوپزشک

shamanic /ʃə'manɪk/ *adjective*
سـەربە شەمەن، سەربە جادووگەری خێل، نۆژدار و جادووگەری هۆز ۞ وابسته به جادوپزشک

shamanism *noun*
شەمەن‌گەری، شەمەن‌باوەڕی ۞ شمن‌گرایی

shamanist *noun, adjective*
n شەمەن‌گەر، شـەمەن‌باوەڕ *adj* شەمەن‌باوەڕانە، شەمەن‌گەرانە، شـەمەن‌گەری‌یانە ۞ *n* شـمن‌گـرا *adj* شمن‌گرایانه

shamanistic *adjective*
شـەمەن‌گـەری‌یانـە، شـەمەن‌گەرانـە، سـەربە شەمەن‌باوەڕی ۞ شمن‌گرایانه

shamble /'ʃæmb/ *noun*
تلاوتل، خاوەخاو، ساوەساو ۞ لخ و لخ

shambles /'ʃæmblz/ *noun, pl.*
1 شێواوی، تێکەولێکەیی، جەنجالی، شێرزەیی 2

(کۆن) قەسابخانە، کوشتارگا ◌ 1 آشفتگی، افتضاح 2 کشتارگاه

shambling *adjective*

تلاوتلێ ڕەو، خاوەخاوکردوو، ساوەساوکردوو ◌ لخ و لخ راه رونده

shambly *adverb*

ڕووخەک، کۆنە، شڕ، چەپەرەشڕ، ڕزیو ◌ زهواردررفته، فراضه

shambolic /ʃæm'bɒlɪk, US -'bɑ:l-/ *adjective*

شێواو، تێکەولێکە، شێرزە، disorganized، آشفته، افتضاح ◌ *a -olic campaign* :chaotic

shame /ʃeɪm/ *noun*

1 شەرم، شەرمداگرتن، شەرمەزاری، خەجالەتبوونەوە، تریقبوونەوە، بەخۆداشکانەوە، ئابڕوو، شەرم، حەیا، ئابوور 2 سەرشۆڕی، ملخواری، بێئابڕوویی، ڕووسیاباری، ملکەچی، ڕووڕەشی 3 مایەی سەرشۆڕی، شووڕەیی، عەیب 4 جێگای داخ، مایەی ئاڕەحەتی ◌ 1 شرم، خجالت، حیا 2 سرافکندگی 3 خجالت‌آور 4 مایەی تأسف

shamefaced /ˌʃeɪm'feɪst/ *adjective*

ڕووزەرد، بەخۆداشکاو، شەرمداگرتوو، شەرمبار، خەجالەتەوەبوو، خەجالەتبار، تریقەوەبوو ◌ خجالت‌زده، شرمنده

shamefacedly /ˌʃeɪm'feɪstli, US -'feɪsɪdli/ *adverb*

بە ڕووزەردی، شەرمداگرتووانە ◌ با شرمندگی

shamefacedness /ˌʃeɪm'feɪstnəs/ *noun*

ڕووزەردی، بەخۆداشکانەوە، شەرمداگرتن، ڕووسیاباری، خەجالەتباری، شەرمباری، شەرمەزاری، تریقبوونەوە ◌ شرمندگی

shameful /'ʃeɪmfl/ *adjective*

شەرماوی، ئابڕووبەرە، جێی شەرم، عەیب، شووڕەیی، مایەی داڕزان، مایەی سەرشۆڕی، ڕووڕەشاوی ◌ شرم‌آور، ننگین

shamefully /-fəli/ *adverb*

شەرماوییانە، ئابڕووبەرانە، سەرشۆڕکەرانە، ڕووسیابارانە، بە شێوەیەکی بێشەرمانە ◌ بە طور ننگین، به طور وقیحانه

shamefulness /'ʃeɪmflnəs/ *noun*

بێشەرمی، ڕووڕەشی، داڕزان، شووڕەییبوون، عەیببوون، سەرشۆڕی، ڕووسیایی، ناحەزی، عەیب ◌ وقاحت، ننگینی، عار

shameless /'ʃeɪmləs/ *adjective*

بێحەیا، بێشەرم، بێئابڕوو، ئاوەسوو، چوختی، بێعار، ڕوودار، ڕووهەڵماڵراو، بێڕوو، *a shameless display of greed* :unashamed ◊ *a shameless braggart* ◌ بی‌حیا، وقیح

shamelessly /'ʃeɪmləsli/ *adverb*

بێشەرمانە، بە بێشەرمی، بە بێحەیایی، بێئابڕووانە: *The whole film is shamelessly romantic and glamorous* ◌ با وقاحت

shamelessness /'ʃeɪmləsnəs/ *noun*

بێحەیایی، بێشەرمی، بێئابڕوویی، ئاوەسوویی، بێعاری، بێڕوویی، عەیبەڵێهەڵگیراوی، چوختیبوون، ڕووداری، ڕووهەڵماڵراوی، ڕووداماڵراوی ◌ بی‌حیایی، وقاحت

shaming /'ʃeɪmɪŋ/ *adjective*

شەرماوی، ئابڕووبەرە، عەیب، شووڕەیی، مایەی خەجالەتی: *a shaming defeat by a less experienced team* ◌ شرم‌آور

shamisen = samisen

shammer *noun*

فێڵاوی، دەسبڕ، بەفێڵوفەرەج ◌ شیاد

shammy /'ʃæmi/ (*pl.* shammies) or shammy leather = chamois

shampoo /ʃæm'pu:/ *noun*

(لە هیندییەوە) سەرشۆر، شامپۆ، شواردن بە شامپۆ، شامپۆشۆر ◌ شامپو، شستشو با شامپو

shamrock /'ʃæmrɒk, US -rɑ:k/ *noun*

(ڕووەکناسی) شەوەری ئیرلەندی (هێمای نیشتمانی ئیرلەند [*Trifolium minus* و جۆرەکانی تر]) ◌ شمراک

shamus /'ʃeɪməs/ *noun*

(نافەرمی و لە ئەمریکا) پۆلیسی نهێنی تایبەتی ◌ کارآگاه

Shan /ʃɑ:n/ *noun, pl.* same or Shanes

1 ئەندامی گەلێ کە زۆربەیان لە باکووری بیرمە (میانمار) و چەندین بەشی وڵاتی چاد دەژین 2 زمانی شان، سەربە Thai ◌ شان

shandrydan *noun,* also shandradan

کالیسکە یان عەرەبانەی دووپێچکەی یەکئەسپە ◌ شاندریدان

shandy /'ʃændi/ *noun, pl.* shandies

1 شەندی (خواردنەوەیێ کە لە تێکەڵکردنی ئاوجۆ و لیمۆناد دروست دەبێ) 2 شەندیخۆری، شووشەی شەندی ◌ 1 شندی 2 گلاس شندی

shandygaff *adjective, noun*

1 خەیاڵی 2 پردەنگ، بەرز ◌ 1 رؤیایی 2 پرصدا

Shangaan /'ʃaŋgɑ:n/ *noun, pl.* same or Shangaans

1 ئەندامی گەلی Tsonga، لە باشووری ئەفریکا 2 زمانی بانتۆیی ئەو گەلە ◌ شانگان

shanghai /ʃaŋ'hʌɪ/ *noun, pl.* shanghais

(لە ئەوستراڵیا و نیوزیلەند) مەنجەنیک، بەردهاوێژ ◌ منجنیق

Shangri-la /ˌʃæŋgri 'lɑ:/ *noun*

بەهەشتی خەیاڵی سەرعەرز، یۆتۆپیا، هیواشار؟ ◌ مدینەی فاضلە

shank /ʃæŋk/ *noun*

1 پێ، لاق، قاچ، لولاک، لولاق، بەلەک، پووز 2 ئێسکی پووز یا بەلەک 3 گۆشتی ران 4 شافت، میلە، قەد، بەدەنە، تەوەر 5 (رووەکناسی) لاسک، قەد، ساقەت 6 ملی گۆرەوی ۞ 1 پا، ساق پا 2 استخوان درشتنی 3 گوشت ران 4 شافت، بدنە 5 (گیاه) ساقە 6 ساقەی جوراب

shanks' s pony *noun*, also Shanks's mare

بە پێیان، بەپێ، بە پیادە، بەرێگارەوی ۞ پای پیادە

shanny *noun*, *pl.* shannies

جۆرێ blenny حکۆلەی قاوەیی بۆرباو [*Blennius pholis*] ۞ شانی

shan't *abbreviation* shall not

shantung *noun*

شەنتانگ (= کوتاڵێکی خوری قورس ب.ت. رەنگنەکراو، لە *Shantung* چینەوە، لە بنەڕەتدا لەوێ دروست کرا) ۞ شانتانگ

shanty[1] /'ʃænti/ *noun*, *pl.* shanties

کۆختە، کۆلیت، کەلاوە، کاولاش ۞ آلونک

shanty[2] /'ʃænti/ *noun*, also chanty or sea shanty, *pl.* shanties

گۆرانی مەلەوانان ۞ آواز ملاحان

shantyman *noun*, *pl.* shantymen

کەلاوەنشین، کۆختەنشین ۞ ساکن آلونک

shanty town *noun*

شارەکۆختە، شارەکەلاوە، کۆختاوا، گەڕەکی سوالکەران، هەژاراوا ۞ حلبی‌آباد

shape /ʃeɪp/ *noun*

1 شێوە، بیچم، تەرح، شکل، روخسار، فۆرم، تاپۆ، رووە، رواڵەت، رووکەش 2 جۆر، ئاوا، رەنگ، چەشن 3 رەوش، وەزع، واز، بار، مەرەد، بارودۆخ 4 تارمایی، خێو، سەهوێر، تاپۆ، سێبەر 5 قالب، نموونە ۞ 1 شکل، ریخت 2 گونە 3 وضع، حالت 4 شبح 5 الگو

SHAPE *abbreviation* Supreme Headquarters of Allied Powers in Europe

شەیپ (= بارەگای بەرزی هێزە یەکگرتووەکانی ئەوروپا) ۞ شاپ

shape change *noun*

گۆڕانی شێوەیی یان رووکەشی ۞ تغییر صوری

shaped /ʃeɪpt/ *adjective*

بە شێوەی، لە شێوەی ۞ بە شکل

-shaped *suffix*

پاشگر: بە شێوەی، ـئاسا، شێوەـ ـسار: *an L-shaped room* ۞ پسوند: ـشکل

shapeless /'ʃeɪpləs/ *adjective*

بێشێوە، بێبیچم، بێشکل، بێنموود، ناقۆلا، بەودیمەن، نا(لە)بار، ناهەموار، ناتەرز، لەهیچنەچوو (shapelessly *adv*: بێبیچمانە؛ shapelessness *n*: بێبیچمی، بێشێوەیی) ۞ بی‌شکل، بی‌ریخت، بدترکیب

shapely /'ʃeɪpli/ *adjective* (shapelier, shapeliest)

قیافەجوان، جوانچاک، گوڵەندام، خۆشدیمەن، رێکوپێک، شۆخوشەنگ (shapeliness *n*: جوانچاکی، جوانهەڵکەوتوویی، شۆخوشەنگی، خۆشدیمەنی، رێکوپێکی) ۞ خوش‌ترکیب

shapen *adjective*

خاوەنی شێوەیەکی دیاریکراو ۞ دارای شکل مشخص

shaper *noun*

دەزگای دارشتن یان دارێژەگەری ۞ ماشین ریخته‌گری

shape-shifter *noun*

شێوەگۆڕ، خۆگۆڕ، بیچمگۆڕ (بوونەوەرێکی خەیاڵی کە دەتوانێ خۆی بگۆڕێ) ۞ شیپ‌شیفتر

shape-shifting *noun*

شێوەگۆڕی، خۆگۆڕی، بیچمگۆڕی ۞ شیپ‌شیفتینگ

shard /ʃɑ:d, US ʃɑ:rd/ *noun*

1 (شووشە، گڵێنە و هتد) لەت، لەتکە، کوت، قاشوولە، قاشوولکە، تیکە 2 بەرگی باڵ، قاوغ (هی قالۆنچە) ۞ 1 تکە، پارە 2 غلاف بال

share[1] /ʃeə(r), US ʃer/ *noun*

بەش، پشک، پار، پرزە، بەهر، کەرت ۞ سهم، قسمت، بخش

share[2] = ploughshare

sharecropper /'ʃeəkrɒpə(r), US 'ʃerkrɑ:pər/ *noun*

وەرزێری بەشبەر، بەنیجارەگر ۞ صاحب نسق

sharecropping *noun*

بەشبەری، بەنیجارەگرتن، بەنیجارەگری ۞ مزارعه

shareholder /'ʃeəhəʊldə(r), US 'ʃerhoʊ-/ *noun*

بەشدار، پشکدار، خاوەنبەش، بارەبەر ۞ سهام‌دار

shareholding /'ʃeəhəʊldɪŋ, US 'ʃerhoʊ-/ *noun*

بەشداری، پشکداری، بار(ە)بەری ۞ سهام‌داری

share index *noun*

(ئابووری) ئیندێکسی بەشەکان یان پشکەکان ۞ شاخص سهام

share-out *noun*

دابەشکردن، بەشینەوە، دابەشاندن، بەشبەشکردن ۞ پخش، توزیع

shariah /ʃə'ri:ə/ *noun*, also sharia

(ئیسلام) شەرع (بنەڕەت: لە *šarī'a* عەرەبییەوە) ۞ شریعت

sharif /ʃə'ri:f/ *noun*

1 شەریف، نەوەی پێغەمبەر (لە فاتمەوە) 2 دەسەڵاتدار یان حاکمی موسڵمان، رێبەری ئایینی ۞ 1 شریف 2 حاکم مسلمان، رهبر مذهبی

shark[1] /ʃɑ:k, US ʃɑ:rk/ *noun*

1 نەهەنگ، کۆسە، شارک [زۆر جۆرن و لە ژێرپۆلی Elasmobranchii] 2 جۆرێ ماسی رەشی وردی ئاوە شیرینەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا [*Labeo bicolor* و *Morulius chrysophekadion*] 3 جۆرێ پەپوولەی شەوگەڕی قاوەیی بۆرباو [*Cucullia umbratica*] ۞ 1 کوسەماهی 2 نوعی ماهی 3 نوعی پروانە

shark[2] /ʃɑ:k, US ʃɑ:rk/ *noun*

فێڵاوی، گوێبڕ، دەسبڕ، زۆڵ ۞ شیاد

sharkskin *noun*

1 پێستە یان چەرمی کۆسە یان شارک 2 (وەکوو ئاوەڵناو) لە پێستە یان چەرمی کۆسە ۞ 1 پوست کوسەماهی 2 از پوست کوسە

sharon fruit /ˈʃɛ:r(ə)n, US ˈʃar(ə)n/ *noun*

خورمالو، ب.ت. جۆرێ نارنگی ئیسرائیلی ۞ میوەی شارون

sharp /ʃɑ:p, US ʃɑ:rp/ *adjective, adverb, noun*

adj 1 تیژ، بڕندە، بڕا، نووکتیژ، نووکدار، دڕوک 2 دیار، ئاشکرا، بەرچاو، روون 3 (چێژ و هتد) تیژ، توند 4 توند(وتۆڵ)، گورج (وگۆڵ)، هەڵسووڕ، وریا، قوت، زیرەک، هۆشیار، زیت، چاوتیژ 5 چاوتیژانە 6 (دەنگ و هتد) ناخۆش، گوێدڕ 7 ورد، سەری وەخت 8 توند، سەخت، ئاستەم، گران *adv* دروست، بێئەملاوئەولا 9 کوتوپڕ، لە ناکاو *n* 1 (موسیقا) نۆتێ کە نیوپلە semitone سەرتر لە pitchی ئاسایی بێ 2 نیشانەی (#) کە ئاماژە بەمە دەکا ۞ *adj* 1 تیز، نوکتیز 2 واضح، مشخص 3 (غذا) تند 4 سریع، زبل، تیزبین 5 تیزبینانە 6 گوشخراش 7 دقیق 8 شدید، ستهم *adv* 1 دقیقاً 2 ناگهان *n* 1 و 2 شارپ

sharp-cut /ˈʃɑ:p cʌt/ *adjective*

ئاشکرا، دیار، روون، خویا، تیژ ۞ واضح، حاد

Shar Pei /ʃɑ: ˈpeɪ/ *noun, pl.* Shar Peis

جۆرێ سەگی نژادچینی (بنەڕەت: لە *shā pi* چینی "پێست زبخی") ۞ شار پی

sharpener /ˈʃɑ:pnə(r), US ˈʃɑ:rp-/ *noun*

(لە لێکدانا) ـتاش، ـدادەر، ـتیژکەر، قەڵەمدادەر، *a pencil -rpener*: پێنووسدادەر، پێنووستاش ◊ *a knife sharpener* ۞ ـتراش، مدادتراش

sharper *noun*

دەسبڕ، گزەون، پاستۆڕچی گزەون ۞ شیاد، (ورقباز) متقلب

sharp-eyed *adjective*

چاوتیژ ۞ تیزبین

sharp-fanged *adjective*

ددانتیژ، کەڵپەتیژ، کەڵبەتیژ ۞ دارای دندان تیز

sharpie *noun, pl.* sharpics, also sharpy

شارپی (= کەشتییەکی بادەوەداری درێژ و باریک) ۞ شارپی

sharpish /ˈʃɑ:pɪʃ, US ˈʃɑ:rpɪʃ/ *adjective, adverb*

(لە بریتانیا و نافەرمی) *adj* کەمێ تیژ، تا رادەیێ تیژ *adv* کوتومت، دەسبەجێ، لەڕێوە، خێرا ۞ *adj* نسبتاً تیز *adv* بیدرنگ، فوراً

sharply /ˈʃɑ:pli, US ˈʃɑ:rpli/ *adverb*

1 تیژ 2 بە روونی، بە ئاشکرایی، بە راشکاوی 3 بە توندی، توند، بە سەختی، خێرا، لەڕێوە، دەسبەجێ ۞ 1 تیز 2 بە وضوح، بە طور ناگهانی 3 بە شدت، بە سرعت

sharpness /ʃɑ:pnəs, US ʃɑ:rpnəs/ *noun*

1 تیژی، ساو، بڕندەیی، بڕایی، نووکتیژی 2 روونی، دیاربوون، ئاشکرایی، راشکاوی 3 زیرەکی، زیتی، وریایی، قوتی، هۆشیاری، چاوتیژی 4 تاڵی، ناخۆشی، توندی ۞ 1 تیزی 2 وضوح 3 ذکاوت، تیزبینی 4 تلخی

sharp-nosed *adjective*

1 بەبۆن، بۆنتیژ 2 لووتتیژ، لمۆزتیژ ۞ 1 شمام 2 دارای بینی تیز

sharp practice *noun*

فێڵوفەرەج، تەڵەکەبازی، فڕتوفێڵ ۞ حقەبازی

sharp-set /ʃɑ:p set/ *noun*

قڕهاتوو، زۆر برسی ۞ بسیار گرسنە

sharpshooter /ˈʃɑ:pʃu:tə(r), US ˈʃɑ:rp-/ *noun*

سێرەگر، تیرهاوێژ، یەکەنیشانەچی ۞ تکتیرانداز، تیرانداز

sharpshooting *noun*

سێرەگری، تیرهاوێژ، یەکەنیشانەچێتی ۞ تکتیراندازی، تیراندازی

sharp-sighted /ˌʃɑ:p ˈsaɪtɪd/ *adjective*

چاوتیژ، بەهەتەر، (چاو)بەحوکم ۞ تیزبین

sharp-tongued *adjective*

زمانتیژ، دەمشڕ، دەمچەوت، زمانشڕ ۞ بدزبان

sharp-witted /ʃɑ:p ˈwɪtɪd/ *adjective*

هۆشیار، وریا، زیرەک، زیت، بەهۆش (sharp-wittcdly *adv*: هۆشیارانە، بە وریاییەوە، زیرەکانە؛ sharp-wittedness *n*: هۆشیاری، وریایی، زیرەکی، زیتی، بەهۆشی) ۞ تیزهوش

shashlik /ˈʃaʃlɪk/ *noun, pl.* same or shashliks, also shaslik

کەباب (بنەڕەت: لە *shashlyk* رووسی، لە *şiş* تورکی "skewer") ۞ کباب

Shasta daisy /ˈʃastə/ *noun*

مینا یان چاوشیلەی شەستا: گیایێکی درێژی Pyrenean daisyئاسای سپی گەورە دەگرێ [*Leucanthemum maximum*] (لە ناوی چیای *Shasta* لە کالیفۆرنیا) ۞ نوعی گیاه

shat /ʃæt/ = past and past participle of shit

shattered /ˈʃætəd, US -tərd/ *adjective*

1 وردبوو، وردوخاشبوو، شکاو، تێکهاڕاو،

تێکشکاو 2 لێکهەڵوەشاو، لێکزەبەردراو 3 ماندوو، ماندوو و مردوو ◯ 1 خردشده 2 متلاشی‌شده 3 هلاک

shattering /ˈʃætərɪŋ/ *adjective*
1 دڵتەزێن، جەرگبڕ، وردکەر، تێکشکێنەر، وردوخاشکەر، ماندووکەر: *a shattering experience* 2 زۆر بەرز، :deafening *a shattering crash of thunder*) shatteringly
/ˈʃætərɪŋli/ *adv*: دڵتەزێنانە، جەرگبڕانە) ◯ 1 تکان‌دهنده، خسته‌کننده 2 گوش‌خراش، بسیار بلند

shatter-proof *adjective,* also shatterproof
(شووشەی ماشێن و هتد) وردنەبوو، نەشکێن ◯ نَلَقی، نشکن

shave /ʃeɪv/ *noun*
1 تاشینی ریش، ریش‌کورت‌کردنەوە 2 رەندە ◯ 1 اصلاح 2 رنده

shaveling /ˈʃeɪvlɪŋ/ *adjective*
(کۆن و سووکانە) سەرتاشراو، قەشە ◯ کشیش، سرتراشیده

shaven[1] /ˈʃeɪvn/ *adjective*
تاشراو: *a shaven head* ◯ تراشیده

shaven[2] = past participle of shave

shaver /ˈʃeɪvə(r)/ *noun,* electronic razor
1 دەزگای ریش‌تاشین، ریش‌تاش 2 رەندە 3 (تافەرمی) منداڵ، هەرزە، کوڕ ◯ 1 ریش‌تراش 2 رنده 3 پسر، جوانک

shavetail *noun*
1 (سووکانە و لە ئەمریکا) ئەفسەری تازەکار، 2 (تافەرمی) second lieutenant مرۆی خاو و بێ‌ئەزموون ◯ 1 شاوتایل 2 آدم بی‌تجربه

Shavian /ˈʃeɪvɪən/ *adjective, noun*
adj سەربە شێوازی شانۆنامەنووسی ئیرلەندی جۆرج بێرنارد شاو George Bernard Shaw (1856–1950) و بەرهەم و بۆچوونەکانی *n* لایەنگری شاو یان کارەکانی ◯ شاوی

shaving brush *noun*
فڵچە(ی ریش) ◯ فرچه

shaving cream *noun*
هەویر(ە)ی ریش، خەمیر یان کریمی ریش ◯ خمیر ریش

shaving foam *noun*
کەفی ریش‌تاشین، کەفی کریمی ریش ◯ کف ریش

shavings /ˈʃeɪvɪŋz/ *noun, pl.*
(دار، ئاسن و هتد) تەڵەزمە، تەڵەزم، دڵۆ، تەلاش(ە)، تەفشک، قەشقەلیک، تەلاشەدار ◯ تراشه

shaving stick *noun*
سابوونی ریش‌تاشین ◯ صابون ریش‌تراشی

Shavuoth /ʃəˈvuːəs, US ʃɑːvʊˈɒt/ *noun,* also Shavuot
جەژنێکی گەورە جووەکان، 50 رۆژ دوای دووەم‌رۆژی Passover دەگیرێ ◯ شاووس

shaw[1] *noun*
(سکاتلەندی) بن یان بنج یان برکەی پەتاتە ◯ بوتەی سیب‌زمینی

shaw[2] *noun*
بێشەلان، بێشە، تەرت، دڕکوداڵ، چوغوور، دارەلان، چڕ ◯ بیشه

shawl /ʃɔːl/ *noun*
1 دەسماڵ، لەچک، سەرپۆش 2 چارەکە، کوڵوانە، وەرپۆش (بنەرەت: لە *šāl* ئێرانی یا فارسی، رەنگە لە *Shāliāt* شاریکی هیند) ◯ 1 روسری 2 اشارپ

shawm /ʃɔːm/ *noun*
شوم (ئامێرێکی موسیقایی کۆنە دارین) ◯ شوم

Shawnee /ʃɔːˈniː/ *noun, pl.* same or Shawnees
1 ئەندامی گەلێکی سووریێست، جاران لە رۆژهەلاتی ئەمریکا دەژیان 2 زمانی Alqonquianی ئەو گەلە ◯ شونی

Shawwal *noun*
شەو(و)اڵ: دەیەمین مانگی ساڵی ئیسلامی (بنەرەت: لە *shawwāl* عەرەبی) ◯ شوّال

shay = chaise1

shaykh = sheikh

shchi /ʃtʃiː/ *noun*
سوپی کەلەمی رووسی ◯ نوعی سوپ روسی

she[1] /ʃi, strong form ʃiː/ *pronoun, noun*
pron (جێناوی کارا، سێیەم کەسی تاکی مێینە) ئەو، وی *n* مێ، ماچە، دێڵ: *she-cat she-cousin* ◯ 1 او، وی، آن 2 ماده

she[2] /ʃiː/ *noun*
1 ژن، کچ 2 مێ، مێو، مێینە ◯ 1 زن، دختر 2 ماده

she-
پێشگر: مێ، ما، ماچە، دێڵ ◯ پیشوند: ماده

shea /ʃiː, US ˈʃiːə/ *noun*
(رووەکناسی) دارەکەرە؟ [*Vitellaria paradoxa* و *Butyrospermum parkii*] ◯ درخت روغن قلم

shea butter *noun*
کەرەی دارەکەرە ◯ کرەی درخت روغن قلم

sheading /ˈʃiːdɪŋ/ *noun*
هەریەک لە شەش کەرتی بەڕێوەبەرایەتی دورگەی Man ◯ شیدینگ

sheaf /ʃiːf/ *noun*
چەپک، سواڵە، دراخە، مەڵۆ، گورزە، چەکە (لە شتەکان ب.ت. کاغەز) ◯ دسته، بافه

sheared *adjective*
بڕاو، بڕینگ‌کراو ◯ چیده‌شده

shearer *noun*

خوری‌بڕ، برینگ‌چی ۞ پشم‌چین
shearing *noun*
برینەوە، خوری‌برینەوە ۞ پشم‌چینی
shearling *noun*
1 مەڕێ کە یەک‌جار خوری‌یەکەی براوەتەوە 2 خوری ئەو مەڕە 3 کوت یان کەوای ئەو خوری‌یە ۞ شیرلینگ
shears /ʃɪəz, US ʃɪrz/ *noun, pl.*
1 مقەستی باخەوانی یان هەڵباچین 2 برینگ، برنگ، کەرک، خوریبر، چارک، هەورینگ، جەو، جەوبر ۞ 1 قیچی باغبانی 2 قیچی پشم‌چینی
shearwater *noun*
جۆرێ باڵندەی دەریایی باڵدرێژی سەریە *petrel* و *Puffinus*] توخمەکانی تر: زۆر جۆرن] ۞ نوعی پرنده
she-ass /ˈʃiː æs/ *noun*
ماکەر، ماچەکەر، هەرە ۞ الاغ ماده
sheath /ʃiːθ/ *noun, adjective, pl.* sheaths /ʃiːðz, ʃiːθs/
1 بەرگ، کیف، قاوغ، کالان 2 کاندۆم، جیر 3 تەنگ(وتۆمان)، پێوەچەسپ 4 = sheath dress ۞ 1 غلاف، جلد 2 کاندوم 3 چسب
sheathbill *noun*
دەنووک‌کێلانی، دەنووک‌کالانی [توخم *Chionis*] ۞ نوعی پرنده
sheath dress *noun*
کراسی تەنگی ژنان ۞ لباس چسبی زنان
sheathing /ˈʃiːðɪŋ/ *noun*
بەرگ، کێلان، کالان ۞ غلاف
sheath knife *noun*
چەقۆی کالان‌دار یا بەرگ‌دار، کێرد یا چەقۆی ڕاو ۞ چاقوی غلاف‌دار
sheave /ʃiː/ *noun*
پێچکەی تەناف‌خۆر، خولخولەی خلۆکە ۞ چرخ قرقره
sheaves /ʃiːvz/ = plural form of sheaf
shebang /ʃɪˈbæŋ/ *noun,* the whole shebang
1 هەمووشتێ، هەرشتێ 2 پرس، مەسەلە، شت ۞ 1 همه‌چیز 2 مسأله
Shebat /ˈʃiːbat/ = Sebat
shebeen /ʃɪˈbiːn/ *noun*
(ب.ت. لە ئیرلەند، سکاتلەند و ئەفریکای باشووری) شوێنی فرۆشی خواردنەوە ناقانوونی یان ڕێگەنەدراوەکان، ئارەق‌فرۆشی ناقانوونی یان قاچاخ ۞ محل فروش مشروبات غیرقانونی
shed[1] /ʃed/ *noun*
1 تێولە، تەویلە، پشتێر، گەوڕ، (بەهاریەند: تەویلەی سەرنەگیراو (بیاش زستان پاتالی تێ‌دەکری)، عەمار 2 کارگە یان کارخانەی سەرگیراو 3 کەپر ۞ 1 طویله، انبار 2 کارخانەی سرپوشیده 3 آلونک
shed[2] = past and past participle of shed
she'd /ʃiːd/ *abbreviation* she had, she would
shedder *noun*
1 تێکەر، تێرژێن 2 (گیانەوەر) کاژفرێدەر 3 ماسی گەرادان‌او یان گەراخستوو ۞ 1 ریزنده 2 پوست‌انداز 3 شدر
she-devil *noun*
ژنی بوغزاوی یا ناجسن ۞ زن مغرض یا بدجنس
shedload *noun*
(نافەرمی، بریتانیا) بڕ یان ژمارەیێکی زۆر ۞ مقدار یا تعداد بسیار
sheen /ʃiːn/ *noun*
درەوشانەوە، بریسکانەوە، تریفە، بریقانەوە، ورشنی ۞ درخشندگی
sheeny *adjective, noun*
adj درەوشاوە، ورشن، بریقەدار، lustrous *n* (وەک جنێو) کەسێکی جوو ۞ *adj* درخشان *n* آدم یهودی
sheep /ʃiːp/ *noun, pl.* same
1 مەڕ، بەز، مەڕەکان [*Ovis aries*]: جۆرێ گوان‌داری کێوی کە پێوەندی بە مەڕەوە هەیە، ب.ن. bighorn 2 بنیادەمی سادە یان ملکەچ (sheeplike *adj*) ۞ 1 گوسفند، گوسفندان 2 آدم ساده‌لوح
sheepberry *noun, pl.* sheepberries, also black haw
تووەمەرانە؟، خێزانی honeysuckle [*Viburnum lentago*] ۞ شیپ‌بری
sheepdip *noun*
مەڕەشۆرە، گیراوەی پاکژکردنەوە، تەشت یان حەوزی پاکژکردنەوە (یان مەڕەشۆرە) ۞ شیپ‌دیپ
sheepdog /ˈʃiːpdɒg, US -dɔːg/ *noun*
سەگی لای مەڕ، سەگی شوان، سەگی ڕان ۞ سگ گله
sheep fescue *noun,* also sheep's fescue
جۆرێ گیای بەربلاو [*Festuca ovina*] ۞ نوعی گیاه
sheepfold /ˈʃiːpfəʊld, US -foʊld/ *noun,* also sheepcote
سەرگێر، کۆز، گهار، بنگوفک، هۆڵ، هۆڵەمەڕ، گۆف، ئاخلەمەڕ، ژڤنگ، پاگە، تەژیر، ئاخیر، هەرخان، تەیمان یان پەرژینی مەڕ ۞ آغل
sheephead *noun,* also fathead, redfish, sheepshead
مەڕسەرە، سەرپەزە، سەرمەمەڕانە، جۆرێکی زلەی خۆراکی کالیفۆرنیا، لە خێزانی wrasse ـەکان [*Semicossyphus pulcher*] ۞ نوعی ماهی
sheepherder /ˈʃiːphɜːdə(r), US -hɜːrd-/ *noun*

شوان، مەڕەوان، شڤان (**sheepherding** *n*: شوانی، شڤانی) ۞ چوپان

sheep-hook /ˈʃi:p huk/ *noun*
گۆچانی شوانی ۞ عصای شبانی

sheepish /ˈʃi:pɪʃ/ *adjective*
1 پەشۆکاو، سەرسووڕماو، دەستەپاچە، تاساو، سەرسام 2 شەرمێون، کەمڕوو: *Mary gave her a sheepish grin* 3 ترسەنۆک، حیز 4 دەستەمۆ، وەکوو بەرخ (**sheepishly** /ˈʃi:pɪʃli/ *adv*: پەشۆکاوانە، سەرسووڕماوانە، بە شێوەیەکی تاساو؛ **sheepishness** /ˈʃi:pɪʃnəs/ *n*: 1 پەشۆکاوی، سەرسووڕماوی، تاساوی، سەرسامی 2 ترسەنۆکی، حیزی) ۞ 1 دستپاچه 2 خجالتی 3 بزدل 4 سربەراه

sheep laurel *noun*, also lambkill
پاتاڵکوژە؟، دەفنەمەڕانە؟ [*Kalmia angustifolia*] ۞ نوعی گیاه

sheep-pen *noun*
پەچە، پەچەمەڕ، شەوێن، حەوشە، شەوگا، تاخیر، کوڕوزمان (شەوانە)، گەوڕ، گەورک، سەرگێر، جێمۆڵ، مۆڵگە ۞ شیپ‌پن

sheep's bit *noun*
رووەکێکی گوڵشینی شێوە scabious [*Jasione montana*] ۞ شیپ‌بیت

sheep's eye *noun*, *pl*.
نیگا یان چاولێکردنی دڵدارانە و شەرمنانە ۞ نگاه عاشقانه و خجالتی

sheepshank *noun*
1 گرێی تەناف یان گوریس کورتکردنەوە 2 (سکاتلەند) شتێ بێ‌نرخ یان هیچ و پووچ ۞ 1 نوعی گره 2 چیز بی‌ارزش

sheepshead *noun*, *pl*. same
جۆرێ ماسی خۆراکی ئاوە گەرمەکانی ئەمریکا (ئاتلانتیک) [*Archosargus probatocephalus* و (کالیفۆرنیا) *Semicossyphus pulcher*] ۞ نوعی ماهی

sheepshearing *noun*
1 بڕینەوە، خوری‌بڕینەوە 2 کات و زەمان و وەرزی مەڕبڕینەوە، پووش‌پەڕان (**sheepshearer** *n*) ۞ 1 پشم‌چینی 2 زمان و فصل پشم‌چینی

sheepskin /ˈʃi:pskɪn/ *noun*
کەوڵی مەڕ، پێستەی مەڕ یا پەز ۞ پوست گوسفند

sheep's sorrel *noun*
(رووەکناسی) گوێ‌بەرخە؟، ترشۆکە: جۆرێ گیای بزاری باریک، لە خێزانی buckwheat، هی خاکی وشک، گەڵاکانی شێوەتیرن و تامێکی ترش دەدەن [*Rumex acetosella*] ۞ ترشک میشی

sheep tax *noun*
مەکات، مەڕانە ۞ مالیات گوسفند

sheeptick *noun*, also sheep ked
گەنەی مەڕ، مێج، قرنوو [*Melophagus ovinus*] ۞ کنەی گوسفندی

sheepwalk /ˈʃi:p wɔ:k/ *noun*
جێ‌لەوەڕی مەڕ، لەوەڕ و بژوێنی مەڕ ۞ چراگاه گوسفند

sheer[1] /ʃɪə(r), US ʃɪr/ *adjective, adverb*
1 *adj* 1 تەواو، رەبەق، بێ‌ئەملاوئەولا، پەتی 2 ناسک، تەنک، رووتەنک، ئەودیودیار، روون، تۆڕی 3 راست، ئەستوونی، هەڵدێر *adv* بە تەواوەتی ۞ *adj* 1 محض، صرف 2 بدن‌نما، نازک 3 عمودی *adv* به کلی

sheer[2] /ʃɪə(r), US ʃɪr/ *noun*
لادان (کتوپڕی) ۞ انحراف (ناگهانی)

sheer legs /ʃɪə(r) legz/ *noun*, *pl*., also sheers
گرانکێش یا جەڕەسقیلی سێ‌پاچکە ۞ ماچونه

sheet[1] /ʃi:t/ *noun*
1 مەلافە، چارشێو، مێتێل 2 پەڕە، تەڵش، تەبەق، تەخت، تەختە، چاوە، گەڵا، توێ، تەنکە، توێژاڵ، گەردال، پانتایی 3 کۆقار، بڵاونامە ۞ 1 ملافه 2 ورقه، ورق، برگه، صفحه 3 مجله، نشریه

sheet[2] /ʃi:t/ *noun*
تەناف یان زنجیرێ کە لە گۆشەی خوارەوەی بادەوێ توند دەکرێ تا گۆشەی نێوان بادەوە و با راگرێ ۞ بندینک

sheet anchor *noun*
1 لەنگەری گەورە، لەنگەری تەنگەتاوی، لەنگەری سەرەکی 2 (خوازە) داڵدە، پەنا، پشت، هیوا، پشت‌وپەنا ۞ 1 لنگر بزرگ 2 (مجازی) تکیه‌گاه

sheet glass *noun*
ناسکەشووشە، تەنکەشووشە ۞ شیشەی جام

sheet ice *noun*
(رێگا و بان) توێژاڵی سەهۆڵ، تەنکەسەهۆڵ، جەڵغە ۞ لایەی یخ

sheeting /ˈʃi:tɪŋ/ *noun*
1 پارچەی مەلافەیی 2 (کانزا و هتد) تەڵش، پەڕە، پەڕکە ۞ 1 پارچەی ملافه‌ای 2 (فلز و...) ورقه

sheet lightning *noun*
پانەبرووسکە، پانەچەخماخە، تەبەقەبرووسکە ۞ برق پهن

sheet metal *noun*
کانزای تەبەق یان پەڕە یان تەڵش، ئاسنی تەنکە ۞ فلز ورق

sheet music *noun*
پەڕەی نۆت، نۆتپەڕ، پەڕەنۆت، پەڕەی موسیقا ۞ ورق موسیقی

sheet-pile *noun*
قەڵغانی ئاسن، مەتاڵی لە ئاسن یان ئاسنین ۞ سپر آهن

sheikh /ʃeɪk, US ʃi:k/ *noun*, also shaykh, sheik

ریبەر یان سەرۆکی عەرەبی ب.ت. هی خێزان، خێڵ یان گوندێ؛ پیر، شێخ (بنەڕەت: لەسەر بنچینەی *šayḵ* عەرەبی "پیاوی پیر، شێخ") ۞ شیخ

sheikhdom /'ʃeɪkdəm, US 'ʃiːk-/ *noun*
شێخنشین، مەڵبەند یان ناوچەیێ کە شێخ دەسەڵاتی بە سەریدا هەیە ۞ شیخ‌نشین

sheila /'ʃiːlə/ *noun*
(ئەوستراليا و نیوزیلەند) کەنیشک، کچ یا ژنی گەنج ۞ دختر یا زن جوان

shekel /'ʃekl/ *noun*, also sheqel, *pl.* shekels or sheqels or shekelim or shekalim or sheqalim
1 کۆینی زیوینی کۆنی ئیسرائیلی کۆن و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست 2 یەکەی بنەڕەتی پارەی ئیسرائیل، بەرامبەر بە سەد agora (shekels) 3 پارە، پوول، ماڵ، دارایی ۞ 1 و 2 شکل 3 (در جمع) پول، دارایی

shelduck /'ʃeldʌk/ *noun*, also sheldrake
(گیانەوەرناسی) مراوی کێوی، مراوی دەریایی [*Tadorna tadorna* و جۆرە پێوەندیدارەکان] ۞ عروس‌مرغابی

shelf[1] /ʃelf/ *noun*, *pl.* shelves
1 ڕەف، ڕەفحە، تاق، تەخشک، زیادەدیوار 2 قەفەسە: *supermarket/library shelves* 3 (زەویناسی) تەپی دەریایی، سەکۆ، دورگەئاسا ۞ 1 تاقچه، رف 2 قفسه 3 تپه‌ی دریایی

shelf[2] /ʃelf/ *noun*
(نافەرمی، لە ئەوستراليا و نیوزیلەند) سیخوڕ، ناگادەر ۞ جاسوس

shelf life *noun*
(خواردەمەنی و هتد) ماوەی ڕاگرتن، تەمەنی بەقازانج یان بەکارهاتوو ۞ عمر مفید

shelf mark *noun*
ژمارەی ڕاگرتن (کتێب لە کتێبخانەدا) ۞ شماره‌ی نگهداری

shell /ʃel/ *noun*
1 توێکڵ، توێخڵ، بەرگە، تەڵش، قاوغ، قاپیلک، لەپکە، قاقلە، سەدەف 2 گوللەتوپ 3 گوللە، تیر، بەرک، فیشەک 4 قاوغە گوللە، قاپور 5 لاشە، چوارچێوە، بەدەنە 6 ڕواڵەت، ڕووکەش 7 جۆری گەمی یا بەلەمی پێشبڕکێی سووک ۞ 1 پوسته، صدف، لاک 2 گلوله‌ی توپ 3 فشنگ 4 پوکه‌ی فشنگ 5 بدنه 6 ظاهر 7 نوعی قایق مسابقه‌ای

she'll /ʃiːl/ *abbreviation* she will

shellac /ʃə'læk, US 'ʃelæk/ *noun*
لاکی ڕۆشن یا ڕوون، لاکی شووشەیی ۞ شلاک

shellacking *noun*
تێشکانی سەخت یان گورچکبڕ، شکستی سەخت ۞ شکست سخت

shellback *noun*
مەلەوانی بەئەزموون یا کۆنەکار ۞ ملاح باتجربه

shell bean *noun*
باقلە، ماشەسوورە، لوبیا (ناوکەکەی دەخورێ) ۞ لوبیا

shelled *adjective*
توێکڵلێوەکراو، پاککراو ۞ پوست‌کنده

shell egg *noun*
هێلکە بە توێکڵ یان قاوغەکەیەوە ۞ تخم‌مرغ

shellfire /'ʃelfaɪə(r)/ *noun*
گوللەباران، تۆپباران ۞ آتش‌باری

shellfish /'ʃelfɪʃ/ *noun*, *pl.* same
1 گیانەوەری لەپکەدار یان سەدەفدار، گیانلەبەری قاپیلکدار 2 لەپکەداران ۞ 1 جانور صدف‌دار 2 صدف‌داران

shell game *noun*
گوێزین ۞ گردوبازی

shelling /'ʃelɪŋ/ *noun*
گوللەباران، تۆپباران ۞ آتش‌باری

shell jacket *noun*
چاکەتێکی تەنگی ئەفسەری ئەرتەشی تا پشتێنە ۞ شل ژاکت

shell pink *noun*
ڕەنگی سووری زەردباو ۞ رنگ قرمز مایل به زرد

shell-proof /'ʃel pruːf/ *adjective*
دژەگوللە، تیرنەبڕ ۞ ضدگلوله

shell-shock *noun*
دەروونتێکچوونی شەڕ، شەڕشێتی (ئەو سەربازانەی کە ماوەیەکی زۆر لە شەڕدا ماونەتەوە): shell-shocked *adj* 1 دەروونتێکچووی شەڕ، شەڕشێت 2 تاساو، سەرسام، گێژ، وڕ، کاس) ۞ روان‌رنجوری جنگ

shell suit *noun*
جلی ماڵ(ەوە) ۞ لباس راحتی

shellwork *noun*
نەخشاندنی لەپکەئاسا یان لەپکەیی (سەدەفی) ۞ تزئینات صدفی

shelly *adjective* (shellier, shelliest)
لەپکەئاسا یان لەپکەیی، قاوغی، سەدەفی، توێتوێ ۞ صدفی

Shelta /'ʃɛltə/ *noun*
زمانێکی نهێنیی کۆن، لە لایەن مسگەران و کاولییەکانی gypsy ئیرلەند و ویلز بەکاردێترا ۞ شلتا

shelter /'ʃeltə(r)/ *noun*
پەنا، جێپەنا، پەناوپەسیو، پشتوپەنا، پشتیوان، سەرپەنا، هێور، پەرێز، پارێزە، ئەنوا، داڵدە، سامە، سابات، کەپر، حەشارگە، شوێنی پاراستن، پەنا، (ب.ت. لە باران، با و هێرش)، پاراستن، پشتیوانی، داکۆکی ۞ پناه، پناهگاه، حفاظ، محافظت، حمایت

shelter belt *noun*

پـشتینەی پاراستن (ریزە دار و دەوەنی) ◌ کمربند حفاظتی

sheltered /ˈʃeltəd, US -tərd/ *adjective*

1 پـارێزراو، پـەرێزدار، پـەنادار، سـەرپەنادار، پەنابەنـدان، سـەرگیراو 2 سـەختی‌نەچێشتوو، ئاسوودە 3 پشتیوانی‌لێکراو ◌ 1 محفوظ، دارای سرپناه 2 مرفه 3 تحت حمایت

shelterer *noun*

1 پـارێزەر 2 پـەنادەر، دالـدەدەر، ریکـەر ◌ 1 محافظ 2 پناه‌دهنده

shelterless *adjective*

بێ‌پەنا، بێ‌پەرێز، بێ‌ئەنوا ◌ بی‌پناه

sheltie *noun,* also shelty

سـەگی لای مـەڕ یـان ئەسـپی چکۆلانـەی Shetland ◌ شلتی

shelves /ʃelvz/ = plural form of shelf

shelving[1] /ˈʃelvɪŋ/ *noun*

رەف، قەفەسـە(قەفەسـەکردن)، قەفەسـەبەندان، رەفحەبەندان، رەفحەرەفحەکردن، shelves؛ شتی نێو قەفەسە ◌ قفسه(بندی)؛ شلوینگ

shelving[2] *noun*

1 ئاست یان شوێنی لێژ، تەلان، لاپێ 2 پلە یان رێژەی لێژی ◌ شلوینگ

shelvy *adjective*

لێژ، تەلان، لاپێ ◌ سرازیر

shemozzle /ʃɪˈmɒz(ə)l/ *noun,* also schemozzle

(نافەرمی) شەڕوهەرا، بگرەوبەردە، چرەوگوڕە، هـەراوهوریا، شەڕوکێشـە، سرمەسـرم، muddle ◌ داد و قال

shen /ʃɛn/ *noun, pl.* same

(لە هزری چینی‌دا) رەگەز یان توخمی مانایی لەشی کەسێ ◌ شن

shenanigans /ʃɪˈnænɪgənz/ *noun, pl.*

1 فێڵ، تەڵەکە، فروفێڵ 2 شەیتانی، هاروهاجی ◌ 1 حیله، حقه 2 شیطنت

Sheol /ˈʃiːəʊl, US ˈʃiːɒl/ *noun,* Hebrew *Shō'ōl*

(عیبری) دۆزە، جەهەنم، دۆزەخ، شوێن یان زێدی مردووان ◌ جهنم

shepherd /ˈʃepəd, US -ərd/ *noun,* also shepherder

1 شـوان 2 = pastor 3 = german shepherd ◌ چوپان

shepherd dog *noun*

سەگی شوان، سەگی لای مەڕ ◌ سگ گله

shepherdess /ˌʃepəˈdes, ˈʃepədəs, US ˌʃepərˈdes, ˈʃepərdəs/ *noun*

(بێ‌باو) شوانی ژن ◌ چوپان زن

shepherd's needle *noun*

دەرزی شوانان: جۆرێ گیای گوڵ‌سپی لە تیرەی parsley، بەریکی دەرزی‌ئاسای درێژی هەیە [*Scandix pecten-veneris*] ◌ نوعی گیاه

shepherd's pie *noun*

شێپێردزپای (جۆرێ چێشت) ◌ شپردزپای

shepherd's purse *noun*

(رووەک‌ناسی) قجیلـە، گیـاقجی، قجیلکـە، خوارخورکـە، قجـی، پـێ‌مریـشکە، گیاچاوانـە؟ [*Capsella bursa-pastoris*] ◌ کیسه‌ی کشیش

Sheraton /ˈʃɛrət(ə)n/ *adjective*

شێراتون: (سەربە) شێوازێکی کەل‌وپەلی ناومالی ئینگلیسی لە دوای‌یەکانی سەدەی هەژدەیەم(دا؛ بنـەڕەت: لـە نـاوی Thomas Sheraton) ◌ شراتون

sherbet /ˈʃɜːbət, US ˈʃɜːrbət/ *noun*

1 گـەردەی میـوە، هـاراوەی میـوە 2 شـەربەت، شەکراو، خۆشاو، شیرناو 3 ئەلاسکە ◌ 1 پودر میوه 2 شربت 3 بستنی یخی

sherd /ʃɜːd, US ʃɜːrd/ = shard

shereef, also sheriff = sharif

sheriff /ˈʃerɪf/ *noun*

1 (لە ئەمریکا) یاساپارێز، زاکوونپارێز، شێریف 2 دادگەری سەرەکی ناوچەیێ لە سکاتلەند 3 نوێنەری شا یان شاژن لە ستانەکانی ئینگلتەرە و وێلز ◌ 1 کلانتر 2 و 3 شریف

sheriff court *noun*

(سـکاتلەند) دادگـای خـۆجێیی (بەرامبـەری country court) ◌ دادگاه بخش

sherlock /ˈʃɜːlɒk, US ˈʃɜːrlɑːk/ *noun*

پۆلیسی نهێنی ◌ پلیس مخفی

Sherpa /ˈʃɜːpə, US ˈʃɜːrpə/ *noun, pl.* same or Sherpas

شێرپا: خەڵکی هیمالایا کە شاخەوانەکان رێنوێنی دەکا و کەل‌وپەلیان بۆ هەڵدەگرێ ◌ شرپا

sherry /ˈʃeri/ *noun, pl.* sherries

1 شـێری (= جـۆرێ بادەی تونـد؛ بنـەڕەت: لـە Xeres (ئێـستا *Jerez*) لـە باشـووری رۆژاوای سپانیا) 2 شێری‌خۆری، لیوانی شێری ◌ 1 شری 2 گلاس شری

she's *abbreviation* she is /ʃiːz, US ʃiz/, she has /ʃiːz/

Shetland *noun*

خـوری شـێتلەند (= جـۆرێ خـوری مـەڕی سـکاتلەند) ◌ شتلند

Shetlander /ˈʃɛtləndə/ *noun*

خەڵکی دورگەکانی شێتلەند ◌ اهل شتلند

Shetland pony /ˌʃetlənd ˈpəʊni, US ˈpoʊni/ *noun*

ئەسپی چکۆلانەی شێتلەندی ◌ تاتوی شتلندی

the Shetlands *noun, pl.*

کۆمەڵە دورگەیەکی کەناری باکووری سکاتلەند ◌ شتلندس

Shetland sheepdog *noun*
جۆرێ سەگی چکۆلانە لە ڕەگەزی collie ۞
نوعی سگ

Shetland wool *noun*
خوری شێتلەندی ۞ پشم شتلندی

sheugh *noun,* also sheuch
خەنەک، چاڵ، قوڵکە ۞ خندق، حفره

Shevat /'ʃi:vat/ = Sebat

shewbread /'ʃəʊbrɛd/ *noun,* also -owbread
ئەو دوازدە نانەی کە هەر شەممەیێ لە پەرستگە
دادەنرێ و قەشەکان دەیخۆن ۞ شوبرید

SHF = superhigh frequency

shh = sh

Shia /'ʃɪə/ *noun,* also Shi'a
شیعە (بنەڕەت: لە *šī'a* عەرەبی "دەستە، تیرە و
بەرە (ی ئیمامی عەلی") ۞ شیعە

shiatsu /ʃɪ'atsu:/ *noun*
قامکەشێل: شێوەیێکی تیمار و دەرمانی ژاپۆنی
شێوەی acupuncture دەدا (لە ژاپۆنی‌یەوە بە
واتای داگرتن بە قامک یان پەنجە) ۞ شیاتسو

shibboleth /'ʃɪbəleθ/ *noun*
1 بیروباوەڕی پوواو، باوەڕی رزیو، بیری کۆن،
بیری رزیو، دروشمی پوواو 2 ئەزموون،
تاقی‌کردنەوە ۞ 1 اندیشه یا اصل قدیمی 2 امتحان

shicer /'ʃʌɪsə/ *noun*
1 (نافەرمی، ئەوسترالیا و نیوزیلەند) مرۆ یان
شتێکی بێ‌نرخ 2 (کان‌کەنی) کانێکی بێ‌بەرهەم،
زڕەکان (لە *Scheisser* ئەڵمانی " contemptible
person") ۞ 1 آدم یا چیز بی‌ارزش 2 شبـر

shicker /'ʃɪkə/ *noun, adjective,* also shikker
(مرۆی) مەست، کەلەلا، کەیل ۞ (آدم) مست

shied = past and past participle of shy

shield /ʃi:ld/ *noun*
1 قەڵغان، مەتاڵ، سپەر 2 پارێزە، پەرێز،
پشت‌وپەنا، پشت، پشتیوان، پەنا 3 نەخشی مەتاڵ
4 دروشمی ئەفسەری پۆلیسی ئەمریکا 5
(زەوی‌ناسی) قەڵغان: ناوچەیێکی بەربلاوی
ڕەقەنی تەختەبەردەکانی پریکامبریەن
Precambrian کە ڕەوت و پرۆسە دواترە
توێکڵی‌یەکان کاری تێ‌نەکردووە؛ کۆمەڵکەیێکی
ناوکی nuclear mass پریکامبریەنی وشکاری
continent کە نیشتووە پاشینەکان دەوری داوە؛
ناوچەیێکی بەربلاوی تەختەبەرد یان کەفرە
توێکڵی‌یە دێرینەکان کە پێکەوە لەگەڵ سەکۆیێ
هێزەیێ craton پێکدێنێ 6 (هەروەها dress
shield یان dress preserver) پەڕۆیێ کە
دەنرێ بە بن‌هەنگڵەوە تا ئارەقە هەڵمژێ 7
پێکهاتەیێکی پتەوی دەوری ریاکتۆری ناوکی تا
وەک بەربەستی بە دژی دەرچوونی تیشک‌دانەوە
کار بکا 8 پێکهاتەیێکی پارێزەرانەی هێندێ لە
گیانەوەران (وەک قاپیلک یان لەپکە carapace،
پوولەکە scale؛ ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ 1 سپر 2
حفاظ، حامی 3 طرح سپر 4، 5 سپر 6، 7 و 8 شیلد

shield bug *noun*
مێرووەقەڵغانە: جۆرێ مێرووی جیابالی
لەش‌قەڵغانی و پان [زۆر جۆرن و لە خێزانی
Pentatomidae و هی تر] ۞ نوعی حشره

shielded *adjective*
(کیمیا) پارێزراو، ڕاگیراو ۞ حفاظت‌شده

shielder *noun*
مەتاڵ‌بەدەست، قەڵغان‌دار، مەتاڵ‌دار ۞ سپردار

shield fern *noun*
(ڕووەک‌ناسی) فێرنی مەتاڵی، سەرەخسی
قەڵغانی [*Polystichum* و تۆخمەکانی تر] ۞
نوعی سرخس

shielding region *noun*
ناوچەی پارێزەر ۞ ناحیەی حفاظت‌کننده

shield law *noun*
قانوونی قەڵغان، زاگۆنی مەتاڵی (بۆ پاراستنی
ڕۆژنامەوانان) ۞ شیلد لو

shield volcano *noun*
(زەوی‌ناسی) گڕکانی قەڵغانی: جۆرێ فۆلکانی
زۆر پان و پۆر کە دیوار و لاکانی لێژایی‌یێکی
کەمیان هەیە ۞ آتش‌فشان سپری

shieling /'ʃi:lɪŋ/ *noun,* also shealing
1 کۆختەی شوانان 2 جێ‌لەوەڕ، لەوەڕگە،
لەوڕستان ۞ شیلینگ

shift /ʃɪft/ *noun*
1 گۆڕان، جێ‌گۆڕکێ، ڕاگوێستن، گوێزانەوە 2
لادان، لاگۆڕین 3 گۆڕین 4 نۆرەکار، دان(ی
کار)، ئەو کەسانەی کە لەو نۆرەکارەدا کار
دەکەن 5 چارە، کارزانی 6 فێڵ، تەڵەکە 7
(کامپیوتێر، کلیلی) شیفت یان گۆڕە 8 کراسی
ڕاستە، (مێژوویی) ژێرکراسی فش و درێژ ۞ 1
تغییر، جابجایی 2 تغییر جهت 3 تعویض 4 شیفت
5 تدبیر 6 حیله 7 کلید شیفت 8 پیراهن راسته،
زیرپیراهن گشاد و دراز

shifter /'ʃɪftə(r)/ *noun*
گیربۆکس، گێڕ یا دەندەکانی چەرخ ۞
جعبه‌دنده، دنده‌های دوچرخه

shifting *adjective*
بگۆڕ، زۆرگۆڕاو، زووزووگۆڕاو، ناجێگیر،
ناسەقامگرتوو، لەرزۆک، چەق‌نەبەستوو ۞
متغیر، بی‌ثبات، متحرک

shift key *noun*
(کامپیوتێر) کلیلی شیفت یا گۆڕە ۞ کلید شیفت

shiftless /'ʃɪftləs/ *adjective*
1 هیچ‌لەدەس‌نەهاتوو، بێ‌دەسەڵات، بەیدەس،
بێکارە، خوێڕی، تەوەزەل، تەمەڵ 2
بێ‌فێڵ(وفەرەج)، بێ‌فرت‌وفێڵ (shiftlessly
adv؛ *n* shiftlessness: هیچ‌لەدەس‌نەهاتوویی،
بێ‌دەسەڵاتی، بەیدەسی، بێکارەیی، خوێڕیەتی،

تەوەزەلی، تەمەڵی) ۞ 1 بی‌عرضە، تنبل 2 بی‌حیلە
shift level *noun*, also shift stick
دەسکەگێر، دەسکەدەندە ۞ دستەدندە
shifty /ˈʃɪfti/ *adjective* (shiftier, shiftiest)
1 زیرەک، زرینگ، وریا 2 فێلاوی، زۆڵ، بەفروفێڵ، فریودەر، فێڵەباز 3 فێلاوی‌یانە، زۆلانە 4 باوەڕپێ‌نەکراو، لێ‌ڕانەبینراو، ناڕاست (shiftily /-ɪli/ *adv*: فێلاوی‌یانە، فێڵەبازانە، بە شێوەیەکی فێلاوی؛ shiftiness /ˈʃɪftɪnəs/ *n*) ۞ 1 زرنگ 2 مکار، حیلەگر 3 حیلەگرانە 4 غیرقابل اعتماد
shigella /ʃɪˈgɛlə/ *noun, pl.* same or shigellae /-ɪiː/ or shigellas
شیگێلا، شیگەلا: بەکتریای توخمێ کە هێندێ جۆری هەیە کە بەرپرسی زگەشۆرەی خوێنی‌یە [توخم *Shigella*] (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە ناوی بەکتریاناسی ژاپۆنی *Shiga* Kiyoshi. مەرگ 1957) ۞ شیگلا
shigellosis *noun, pl.* shigelloses
زگچوونی خوێنی بە هۆی شیگەلا ۞ شیگلوز
shih-tzu /ʃiːˈtsuː/ *noun*
(چینی) جۆرێ سەگی مووبژی درێژ و پێ‌کوڵ ۞ نوعی سگ
shiitake /ʃɪˈtɑːkeɪ, US ʃɪɪ-/ *noun*, also Shi'ism
کارگەبەڕوو: جۆرێ قارچکەخۆشانە لە چین و ژاپۆن دەکرێ [*Lentinus edodes*] ۞ نوعی قارچ
Shiism /ˈʃiːɪz(ə)m/ *noun*, also Shi'ite
شێعەگەری، شێعایەتی ۞ تشیع
Shiite /ˈʃiːaɪt/ *noun, adjective*
n شێعە *adj* سەربە شێعایەتی یا شێعەگەری ۞ *n* شیعه *adj* وابستە بە تشیع
shikar /ʃɪˈkɑː/ *noun*
(هێندێ) راو، نێچیروانی (بنەڕەت: لە *šikār* ئێرانی یان فارسی‌یەوە) ۞ شکار
shikari *noun*
راوچی، نێچیروان ۞ صیاد، شکارچی
shikker = shicker
shiksa /ˈʃɪksə/ *noun*
(سووکانە، ب.ت. لە لایەن جووەکانەوە) کچ یا ژنی ناجوولەکە ۞ شیکسا
shill *noun*
(لە ئەمریکا (ی باکووری) و نافەرمی) شەریک یان بەشداری فرۆشیار، بازاڕخۆش‌کەر، بازاڕگەرم‌کەر ۞ شریک فروشندە، شیل
shillalah *noun*, also shillelagh /ʃɪˈleɪlə, -li/
داردەست، تێلا، دار ۞ چماق
shilling /ˈʃɪlɪŋ/ *noun*
شیلینگ (هەتا 1971) کۆینێ لە بریتانیا بایی 12 پێنی)، یەکەی پارە لە ولاتانی ئۆگاندا، سۆمالیا، کینیا و تانزانیا ۞ شیلینگ
shilly-shally /ˈʃɪlɪ ʃælɪ/ *noun*
دوودڵی، دلاودڵ، ڕاڕایی، ئەگەرونەگەر، یەکلایی‌نەبوونەوە (shilly-shallyer (also shilly-shallier) *n*) ۞ تردید
shim /ʃɪm/ *noun*
تەڵەزمە، تەلاش، پوازە (لە دار یا کانزا) ۞ لایی
shimmer /ˈʃɪmə(r)/ *noun*
بریسکە، ورشە(ورش)، ورشانەوە، دروەشانەوە، پرشنگ، ترووسکە، شەوق (shimmering *adj*: بریسکەدار، ورشن، درەوشاوە، بریقەدار، ترووسکەدار، شەوق‌دار، زریوەزریوکەر؛ shimmeringly *adv*: بریسکەدارانە، ورشنانە، درەوشاوانە، بریقەدارانە، ترووسکەدارانە؛ shimmery *adj*: بریسکەدار، ورشن، درەوشاوە، بریقەدار، ترووسکەدار، شەوق‌دار؛ ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ درخشش، برق
shimmy *noun, pl.* shimmies
1 جۆرێ ragtime لەودا هەموو لەش دەلەرێتەوە 2 لەرە، لەق(ی) (ناناسایی، ب.ت. هی تایەی پێشەوەی ماشێن) 3 = chemise ۞ شیمی
shin[1] /ʃɪn/ *noun*
لولاق، لولاک، پووز، گیتر، بەلەک، قەلەمەی پێ، لەتەر، قامیشە، گاللۆر؛ گۆشتی لوولاکی پێ (وەکی هی مانگا) ۞ ساق پا؛ گوشت قلم پا
shin[2] /ʃɪn/ *noun*
شین: بیست و دووەمین پیتی ئاوبێی عیبری ("sh") ۞ شین
Shin /ʃɪn/ *noun*
شین: گەورە تیرەدینی بودائیستی ژاپۆنی کە پێ لەسەر پەرستشتی خەست و خۆڵی Amida Buddha دادەگرێ ۞ شین
Shina *noun*
شینا: زمانێکی هێند و ئاریایی Indo-Aryan لە Gilgit ی باکووری کەشمیر Kashmir قسەی پێ‌دەکرێ ۞ شینا
shin-bone /ʃɪn bəʊn/ *noun*
ئێسکی لولاک یان بەلەک، دروشە، ئێسکی گاللۆر یان قامیشە، رەقەڵە، ئێسکی لوولاق ۞ استخوان ساق پا
shindig /ˈʃɪndɪg/ *noun*
(نافەرمی) 1 میوانی بە بەزم و رەزم، میوانی شلووق 2 شەڕوکێشە، بگرەوبەرد ۞ 1 مهمانی پر سروصدا 2 قشقرق
shindy /ˈʃɪndi/ *noun, pl.* shindies
شەڕوکێشە، بگرەوبەرد، چرەوگوڕە، هەلا ۞ دعوا، قشقرق
shine /ʃaɪn/ *noun*
بریسکە، ورشە، دروەشانەوە، ئارنگ، بریقە، پرشنگ، چرسنی، ترووسکە، شەوق (ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ درخشش، برق، فروزش
shiner /ˈʃaɪnə(r)/ *noun*
1 شین‌بوونەوەی ژێرچاو (لەبەر لێدران) 2 شتی

درەوشاوە، شتی تروسکەدار یان بریقەدار 3 جۆرێ ماسی زیوی چکۆلەی ئەمریکای باکووری [*Notropis* و توخمەکانی تر، چەندین جورن] 4 پارەی زیر یان زیو 5 پارە، کۆین 6 پێلاو یان کەوشی چەرمی ورشن یان بریقەدار 7 مرۆی زیرەک و پڕهۆش 8 کلاوی لەخوری ◌ 1 کبودی زیر چشم 2 چیز درخشان 3 نوعی ماهی 4 پول طلایی یا نقرەای 5 پول. سکە 6 کفش چرمی براق 7 آدم زیرک 8 شاینر

shingle[1] /'ʃɪŋgl/ *noun*

1 چەو، زیخ، خیز، گەلال (لووسی ناو ئاو) 2 کەناری زیخی یان زیخەلان، خیزخۆر ◌ 1 ریگ 2 ساحل ریگی

shingle[2] /'ʃɪŋgl/ *noun*

1 تەختە، ناسکەتەختە، دەپ (بۆ داپۆشینی دیوار و میچ) 2 (ئەمریکا) تەختەناو، تابلۆ (چکۆلە) ب.ت. لە دەرەوەی ئافیس ◌ 1 وفال 2 تابلو

shingle beach *noun*

کەناری زیخەلانی، خیزخۆر ◌ ساحل ریگی

shingled /'ʃɪngld/ *adjective*

تەختەپۆش‌کراو ◌ پوشیدەشدە با وفال

shingles /'ʃɪŋglz/ *pl. noun,* also herpes zoster

زۆنا، شینگلیس، شینگلز (بە هۆی ڤایرۆسی herpes zoster) ◌ زونا

shin-guard *noun,* also shin-pad

(وەرزش) پووزەوان، پووزپێچ، بەلەکپێچ ◌ ساق‌بند

shining *adjective*

1 بریسکەدار، گەش، ورشن، درەوشاوە، بریقەدار، چرسن، تروسکەدار، بروسکەدار، شەوق‌دار، شەوقن، رووناک 2 بەرز، دیار، بەرچاو ◌ 1 درخشان، براق، فروزان 2 شاخص

shinny *noun*

(ئەمریکا) شێوەیێکی نافەرمی هاکی سەرسەهۆڵ کە لەسەر شەقام یان سەهۆڵ دەکرێ ◌ شینی

shinplaster *noun*

(ئەمریکا، ئەوستralia) ئیسکناسی کەم‌نرخ و بێ‌پشتیوانە ◌ شینپلاستر

Shinto /'ʃɪntəʊ, US -toʊ/ *noun*

شینتۆ (= دینی خۆماڵی کۆنی ژاپۆنی‌یەکان؛ Shintoism /'ʃɪntəʊɪzəm, US -toʊ-/ *n*؛ Shintoist /'ʃɪntəʊɪst, US -toʊ-/ *n, adj*: شینتۆباوەڕ؛ Shintoistic *adj*) ◌ شینتو

shiny /'ʃaɪni/ *adjective* (shinier, shiniest)

گەش، بریسکەدار، ورشن، درەوشاوە، بریقەدار، تروسکەدار، شەوق‌دار: *His face was red -iny and -iny black hair ◊* ◌ درخشان، براق

-ship *suffix*

پاشگر: ـی، یەتی، ـایەتی، ـێتی، ـیەتی، ـێنی، ـاتی، ـانی، ـینی، بار، دۆخ، بارودۆخ، رەوش، پلە(وپایە)، پۆست، شارەزایی، لێهاتوویی، کار، کردە، کردەوە، کردار؛ سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە چالاکی‌یێکی تایبەتی‌دا بەشداری‌یان هەیە، تێکرای کەسەکانی کۆمەڵێ: *companionship*، *citizenship*، *chairmanship*، *workmanship*، *readership*، *listenership* ◌ پسوند: وضع، حالت، مرتبە، مقام، مهارت، قابلیت، عمل

ship /ʃɪp/ *noun*

1 کەشتی، ناوە، گەمی 2 (نافەرمی) کەشتی ئاسمانی 3 (لە ئەمریکا) فڕۆکە ◌ 1 کشتی 2 سفینەی فضایی 3 هواپیما

shipboard /'ʃɪpbɔːd, US -bɔːrd/ *noun*

سەرکەشتی، پشتی کەشتی، تەختی کەشتی، لاتەنیشتی کەشتی: *shipboard romances* ◌ عرشە یا روی کشتی، پهلوی کشتی

ship-breaker /'ʃɪp brɪkə(r)/ *noun*

کەشتی‌شکێن (کەسێ کە کەشتی‌یە کۆنەکان دەکڕێ و وردیان دەکا) ◌ شیپ‌بریکر

shipbuilder /'ʃɪpbɪldə(r)/ *noun*

کەشتی‌ساز، وەستای کەشتی (سازکردن)، کەشتی‌گەر ◌ کشتی‌ساز

shipbuilding /'ʃɪpbɪldɪŋ/ *noun*

کەشتی‌سازی، کەشتی‌دروس‌کردن، کەشتی‌گەری ◌ کشتی‌سازی

ship canal *noun*

نۆکەنی کەشتی، کەشتی‌یەڕێ، کەشتیڕێ، کاناڵی کەشتی‌لێخوڕین یان کەشتی‌گێڕی ◌ کانال کشتی‌رانی

shipload /'ʃɪpləʊd, US -loʊd/ *noun*

پڕکەشتی‌یێ، باری کەشتی‌یەک، کەشتی‌یێ، باری تەواوی کەشتی‌یێک: *a shipload of food and medical supplies* ◌ ظرفیت کشتی

shipman *noun, pl.* shipmen

مەلەوان، دەریاوان ◌ دریانورد، ملاح

shipmaster *noun*

خاوەن‌کەشتی، کەشتی‌خێو، کەشتی‌وان ◌ کاپیتان

shipmate /'ʃɪpmeɪt/ *noun*

مەلەوانی هاوکار، هاومەلەوان، هاوکەشتی، هاوسەفەری کەشتی ◌ ملوان همکار

shipment /'ʃɪpmənt/ *noun*

1 ناردن، بەڕێ‌کردن 2 راگوێستن یان هەڵگرتن بە کەشتی 3 بار، کەل‌وپەل ◌ 1 ارسال 2 حمل با کشتی 3 محمولە

ship money *noun*

کەشتی‌یانە، باجی کەشتی ◌ مالیات کشتی

ship of the desert *noun*

(وێژەیی) وشتر، کەشتی بیابان یا دەشت ◌ شتر

ship of the line *noun*

کەشتی شەڕکەری هێڵی پێشەوەی شەڕ ◌ کشتی خط مقدم

shipowner /'ʃɪpəʊnə(r), US -oʊn-/ *noun*

خـاوەنکەشـتی، کەشـتیخێـو، کەشـتیوان ۞ صاحبکشتی

shippable *adjective*
(کەشـتی) شـیاوی بارلێنـان، بـاردەکرێ، بـاری لێدەنرێ ۞ قابل بارگیری

shippen /ˈʃɪp(ə)n/ = shippon

shipper /ˈʃɪpə(r)/ *noun*
کۆمپانیـای نـاردنی بـار بـە کەشـتی ۞ شـرکت باربری دریایی

shipping /ˈʃɪpɪŋ/ *noun*
1 کەشتیگێری، کەشتیلێخوڕی 2 کەشتییەکان، کەشتیگەلی دەریایی 3 راگوێستن بە کەشتی 4 خەرجوباری راگوێستن بە کەشتی، بارانەی کەشتی ۞ 1 کشتیرانی 2 کشتیها 3 حمل با کشتی 4 هزینەی حمل با کشتی

shipping agent *noun*
نوێنـەر یـان بریکـاری کەشـتییـەوانی یـان خـاوەنکەشـتی، نوێنـەری کەشـتییـەوان ۞ نمایندەی کشتیرانی

shipping clerk *noun*
فەرمانبەری بارلێنان ۞ کارمند بارگیری

shipping forecast *noun*
پێشبینی کەشوهەوای دەریا (بۆ کەشتییەکان) ۞ پیشبینی وضع هوای دریا

shipping lane *noun*
رێگا یان ڕێڕەوی کەشتیگێری، رێگا یان هێڵی کەشتیلێخوڕین ۞ مسیر کشتیرانی

shipping office *noun*
ئافیسی بریکاری یا نوێنەرایەتی کەشتییەوان ۞ دفتر نمایندگی کشتیرانی

shipping room *noun*
ژووری بارلێنان، دیوی بارلێنان ۞ اتاق بارگیری

shippon /ˈʃɪp(ə)n/ *noun*, also shippen
گەوڕ یان تیولەی وڵاخ ۞ گاودانی

ship-rigged *adjective*
(کەشتی بادەوەدار) خاوەنی بادەوەی چوارگۆشە ۞ دارای بادبان مربعی

ship's biscuit *noun*
جۆرێ غورابی رەق و زبر، نانەوشکە، نانەڕەقە (جاران لە سەفەری دەریاییدا دەخورا) ۞ نوعی بیسکویت

ship's chandler *noun*
مۆمدروستکەر بۆ کەشتییەکان، مۆمسازی کەشتی ۞ شمعساز کشتی

ship's company *noun*
کارکەرانی (سەر) کەشتی ۞ خدمەی کشتی

shipshape /ˈʃɪpʃeɪp/ *adjective*
رێکوپێک، خاوێن، تەمیز ۞ منظم، تمیز

ship's paper *noun*
بەڵگە(نامە)ی کەشتی، کەشتینامە ۞ اوراق یا مدارک کشتی

ship-to-shore *adjective, noun*
adj لە کەشتییەوە بۆ سەر عەرز: *a ship-to-shore radio* *n* رادیۆتەلەفۆنێ بۆ ئەو کارە ۞ شیپ تو شور

shipway /ˈʃɪpweɪ/ *noun*
1 تۆکەنی کەشتی، کەشتییەڕێ، رێگا یان کاناڵی کەشتیلێخوڕین 2 لێژ یان خزێنەی کەشتی ۞ 1 کانال کشتیرانی 2 سرسرەی کشتی

shipworm = teredo

shipwreck /ˈʃɪprek/ *noun*
1 شکان یان نوقمبوونی کەشتی، تیاچوونی کەشتی 2 پاشماوەی کەشتی شکاو: *The contents of shipwrecks belong to the state* 3 تێشکان، نشوستی ۞ 1 شکستن یا غرق کشتی 2 بقایای کشتی شکستە 3 شکست

shipwright /ˈʃɪpraɪt/ *noun*
1 وەستای کەشتی، کەشتیساز، کرێکاری کەشتیدروستکردن (بۆ دروستکردن یان چاککردنەوە) 2 دارتاشی کەشتی ۞ 1 کشتیساز، کارگر کشتیسازی 2 نجار کشتی

shipyard /ˈʃɪpjɑːd, US -jɑːrd/ *noun*
کەشتیگە، سازگەی کەشتی (جێی دروستکردن و چاککردنەوەی کەشتییەکان) ۞ کارگاه کشتیسازی

shiralee /ˈʃɪrəliː/ *noun*
(نافەرمی، ئەوسترالیا) بارگەوبنە، باروبنە، بوخچە ۞ باروبنە

Shiraz /ˈʃɪəraz, US ʃɪˈraz/ *noun*
1 جۆرێ ترێیڕەشەی مەی 2 مەی ئەو ترێیە (شاری ئێران) ۞ شیراز

shire /ˈʃaɪə(r)/ *noun*
1 هەرێم، ناوچە، قەزا، ستان، کۆنتنشین (ب.ت. لە ئینگلتەرە) 2 (ئەوسترالیا) هەرێمێکی لادێیی کە ئەنجومەنی هەڵبژێراوی خۆی هەیە 3 ناوچەیێکی بەڕێوەبەرایەتی سەدەکانی نێوەراست کە لە لایەن sheriff و alderman پێکەوە دەگێردرا ۞ 1 ناحیە، ایالت، استان 2 شایر

-shire /ʃɪə, ʃə/ *suffix*
پاشگر: ناوی کۆنتنشینەکان پێکدێنێ: *Oxfordshire* ۞ پسوند: شایر

shire-horse *noun*
بارگین، ئێستر، قاتر ۞ یابو

shirk /ʃɜːk/ *noun*
مرۆی خۆدزەرەوە، لەژێرکاردەرچوو، دەغەڵ ۞ آدم شانەخالیکن

shirker *noun*
خۆدزەرەوە، لەژێرکاردەرچوو، خوێڕی، نەکرکار ۞ شانەخالیکن

shirring *noun*
تیکلێدان، تەقەڵدان، چیندان ۞ کوکزنی

shirt /ʃɜːt, US ʃɜːrt/ *noun*

a short-sleeved :کراس (پیاوانه)، گوملک
shirt (ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ پیراهن
shirtfront /ˈʃɜːtfrʌnt/ *noun*
پێشەوەی کراس، بەری کراس (پیاوانە) ۞ جلوی پیراهن
shirting *noun*
کوتاڵ یان پارچەی کراس ۞ پارچەی پیرهنی
shirtlifter *noun*
(بریتانیا، نافەرمی و سووکانە) هاوڕەگەزبازی نێر ۞ همجنس‌باز زن
shirtmaker *noun*
کراس‌دروو ۞ پیراهن‌دوز
shirtsleeve /ˈʃɜːtsliːv, US ˈʃɜːrt-/ *noun*
(زۆرتر کۆ) قۆڵی کراس، باڵی کراس (پیاوانە، shirtsleeved *adj*: (کراس) قۆڵدار، باڵدار) ۞ آستین پیراهن
shirttails *noun*
بنەوەی کراس، خوارەوەی کراس (پیاوانە) ۞ پایین پیراهن
shirtwaist *noun*
کراسی ژنانەی دوگمەڕیز یا دوگمەدار (پیاوانە) ۞ پیراهن بلوز زنانه
shirty /ˈʃɜːti, US ˈʃɜːrti/ *adjective* (shirtier, shirtiest)
1 زووتوڕە(بوو)، فیشەکی، هەڵتۆز، زوودڵئێشاو، زووزیز، دڵناسک، angry، irritated 2 ڕووتاڵ، مرومۆچ، بەدخولک (shirtily /ˈʃɜːtɪli, US shirtiness /ˈʃɜːtinəs, US ;ˈʃɜːrtɪli/ *adv* ˈʃɜːrtinəs/ *n*: 1 زووتوڕە(بوو)یی، زوودڵئێشاوی، دڵناسکی 2 ڕووتاڵی، مرومۆچی، بەدخولکی) ۞ 1 زودخشم 2 بدعنق
shish kebab /ˈʃɪʃ kɪbæb/ = kebab
shit[1] /ʃɪt/ *noun*
1 گوو، پیسایی، تەرس، ڕیان، گووکردن، تێ‌ترخاندن: *a pile of dog shit on the path* 2 *to have/take a shit* ◊ (قسە یان نووسراوە) هیچەکە، گەوجانە، کەرانە، پڕوپووچ، هەڵیت‌وپەڵیت 3 (خوازە) گوو، تەرەس، گەن‌وگووزاڵ، گەن‌وگوو 4 (shits) فیرکە ۞ 1 گه، مدفوع، عمل ریدن 2 چرت و پرت 3 (مجازی) کثافت، آشغال 4 (در جمع) ریق
shit[2] /ʃɪt/ *interjection*
ئەها!: *Shit! I've lost my keys!* ۞ آ!
shite = shit[2]
shithead *noun*
مرۆی (یەکجار) کەر، سەرگوو ۞ آدم احمق
shithole /ˈʃɪthəʊl, US -hoʊl/ *noun*
کونەگوو، گووخانە ۞ شیت‌هول
shitless /ˈʃɪtləs/ *adjective,* be scared shitless
(سووکانە و زمانی ڕەمەکی) یەکجار ترسەنۆک ۞ بزدل

shitload *noun*
(سووکانە و زمانی ڕەمەکی) بڕ یا ژمارەیێکی زۆر ۞ مقدار یا تعداد بسیار
shit scared *adjective*
(لە ترسان) خۆ پیس‌کردوو، گووبەخۆداکردوو، خۆزەردکردوو ۞ خود را زردکرده
shittim *noun, pl.* shittahs or shittim, from Hebrew shiṭṭāh
جۆرێ درەختی ناسنامەنادیار، ڕەنگە acacia بێ بێ (*Acacia seyal*)، لە دارەکەی سندووقی پەیمان the ark of the covenant و چەند بەشێکی tabernacle لێ ساز کرا. Ex. 25, 26 ۞ شیتیم، درخت صمغ سنگالی
shittimwood *noun*
1 دار و چێوی shittah 2 ئەو چەند دار و درەختەی خێزانی sapodillaی باشووری وڵاتە یەکگرتووەکان [*Bumelia, especially B. lanuginosa*]؛ هەروەها ئەو دار و چێوە سەختەکەی ۞ شیتیم‌وود
shitty /ˈʃɪti/ *adjective* (shittier, shittiest)
گەن‌وگوو، گواوی، گوو، چەپەڵ، هیچ‌وپووچ، خوێری، بێ‌شەرەف، گلاو: *What a shitty way to treat a friend!* ۞ کثافت، پست
shiur /ˈʃiːʊə/ *noun, pl.* shiurim /-rɪm/, from Hebrew *šiʿūr* "measure"
وانەی خوێندنەوەی Talmudic (لە لایەن rabbi یەوە) ۞ شیور
shiv /ʃɪv/ *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) تیخ، چەقۆ (وەک ئامێری شەڕ) ۞ شیو
Shiva *noun,* also Siva, Sanskrit *Śiva*
شیفا (= خوای ڕووخاندن و وێران(گەری) و یان ژیاندنەوەی سیانەی پیرۆزی هیندییەکان، بڕوانە Brahma و Vishnu) ۞ شیوا
shiva /ˈʃɪvə/ *noun,* also shivah
حەوتە، شیفا (لەناو جوولەکاندا: قۆناخێکی حەوت‌ڕۆژەی فەرمی بۆ شین‌گێڕی، کە دەس‌بەجێ دوای ناشتن دەس‌پێدەکا؛ بنەڕەت: لە *šibʿāh* عیبرییەوە بە واتای حەوت) ۞ شیوا
shiver[1] /ˈʃɪvə(r)/ *noun*
1 تەزوو، تەز، لەرزین، لەرز، لەرزە، موچڕک، موچووڕک، ددانەموچڕکێ، لێوەلەرێ 2 (shivers) تەزوو، تەز، لەرزین، لەرز، موچڕک، موچووڕک: *I don't like him. He gives me the shivers* ۞ 1 لرز، لرزه 2 (در جمع) لرزه
shiver[2] /ˈʃɪvə(r)/ *noun*
تەڵەزم، چقڵ، باریکە، تەفشک، تەلاشە، وردە، ورکە، پرزەومرزە ۞ تراشه، خرده
shivery /ˈʃɪvəri/ *adjective*
(لەبەر ترس، سەرما، نەخۆشی و هتد) لێوەرۆک، لێوەلەرێ‌گرتوو، وەک‌مێزووکە(لەرزیو)،

ددان‌به‌خۆدانه‌گرتوو، له‌رزلێ‌نیشتوو ۞ دچار لرز

shlub /ʃlʌb/ = schlub

shmear /ʃmi:ə/, also shmeer = schmear

shmo, *pl.* shmoes = schmo

Shoah /'ʃəʊə/ *noun,* mod. Hebrew "Holocaust"
جوو(له‌که‌)کوژی، کۆمه‌ڵ‌کوژی جووله‌که‌کان ۞ کشتار یهودیان

shoal[1] /ʃəʊl, US ʃoʊl/ *noun*
1 (ده‌ریا و هتد) جێگای ته‌نک، بوار، ته‌نکاو، که‌م‌قووڵ، ته‌سک 2 ته‌پ(ۆلکه‌)ی ژێرئاو (له‌ زیخ که‌ بۆ گه‌میه‌کان مه‌ترسی‌داره‌)، دورگه‌ئاسا 3 (خوازه‌) مه‌ترسی نادیار یان شاراوه‌ ۞ 1 گدار، قسمت کم‌عمق 2 آبتل 3 (مجازی) خطر پنهان

shoal[2] /ʃəʊl, US ʃoʊl/ *noun*
1 کۆڕ، پۆل، ده‌سته‌ (ماسی که‌ پێکه‌وه‌ به‌ ئاودا ده‌ڕۆن) 2 (زۆرتر به‌ شێوه‌ی کۆ) له‌شکر، خێڵ، زۆر ۞ 1 گله 2 فوج

shoat /ʃəʊt/ *noun,* also shote
(ئه‌مریکا) به‌رازی ساوا، چۆخه‌بازه‌ڵه‌، په‌ڵخ، به‌چکه‌به‌راز (ب.ت. تازه‌ له‌ شیر برابێته‌وه‌) ۞ بچه‌خوک

shock[1] /ʃɒk, US ʃɑ:k/ *noun*
1 گورز، ته‌زوو، لێدان، زه‌ربه‌، پیاکێشان، راتڵه‌کان، راوه‌ش، راوه‌شان، ته‌کان 2 داخورپان، زه‌ربه‌، کسپه‌ی دڵ، خورپه‌ 3 برق‌گرتوویی، برق‌گرتن، کاره‌باگرتوویی، راته‌کانی ئێلیکتریکی 4 پێکاکێشان، پێکادان، لێکدان ۞ 1 ضربه، لطمه 2 ضربه‌ی روحی 3 برق‌گرفتگی 4 تصادم

shock[2] *adjective*
داخورپێنه‌ر ۞ تکان‌دهنده

shock[3] *noun,* shock of hair
تۆپه‌ڵه‌قژ، تۆپه‌قژ، مووی ئاڵۆسکاو و شێواو ۞ بافه‌ی مو

shock absorber /'ʃɒk əbsɔ:bə(r)/ *noun*
ته‌کان‌گێره‌وه‌، له‌ر(ز)ه‌گیر، شۆک‌گێره‌وه‌، فه‌نه‌ریار ۞ کمک فنر

shock cord *noun*
ته‌نافی خۆبه‌ردانه‌وه‌، ته‌نافی قورسی کێشی ۞ شوک کورد

shocked *adjective*
تاساو، واق‌وڕماو، حه‌په‌ساو، واقماو، داخورپاو، گێژ، وڕ، کاس: *For a few minutes we stood in shocked silence* ۞ مبهوت، حیرت‌زده

shocker /'ʃɒkə(r), US 'ʃɑ:k-/ *noun*
1 مرۆ یا شتی داخورپێنه‌ر 2 شتی داخورپێنه‌ر یان دڵته‌زێن: *Last night's match was a - cker* ۞ 1 آدم یا چیز بهت‌آور 2 چیز تکان‌دهنده

shock-headed /'ʃɒk 'hedɪd/ *adjective*
قژشێواو، مووئاڵۆز، قژئاڵۆسکاو، سه‌رته‌پڵه‌گوێنی، باغه‌به‌ڵم ۞ ژولیده‌مو، انبوه‌گیسو

shocking /'ʃɒkɪŋ, US 'ʃɑ:k-/ *adjective*
1 دڵته‌زێن، داخورپێنه‌ر، جه‌رگبڕ، ترسناک 2 پیس، ناحه‌ز، ناشیرین، قه‌به‌، زه‌ق، ناپه‌سند، (زۆر) خراپ، بێزاوی، قێزه‌ون (shockingly /'ʃɒkɪŋli, US 'ʃɑ:k-/: داخورپێنه‌رانه‌، جه‌رگبڕانه‌، به‌ شێوه‌یه‌کی دڵته‌زێن) ۞ 1 تکان‌دهنده 2 مستهجن، زشت، بد، نفرت‌انگیز

shockingness /'ʃɒkɪŋnəs, US 'ʃɑ:k-/ *noun*
1 دڵته‌زێنی، داخورپێنه‌ری، جه‌رگبڕی، ترسناکی 2 پیسی، ناحه‌زی، ناشیرینی، قه‌به‌یی، زه‌قی، ناپه‌سندی، (زۆر) خراپی، قێزه‌ونی ۞ 1 تکان‌دهنده 2 مستهجنی، زشتی، بدی، نفرت‌انگیزی

shocking pink *adjective, noun*
په‌مه‌یی زه‌ق، ره‌نگی په‌مه‌یی توند ۞ صورت زننده، رنگ صورتی زننده

shockproof /'ʃɒkpru:f, US 'ʃɑ:k-/ *adjective*
(ب.ت. سه‌عات) زه‌ربه‌گێره‌وه‌، نه‌شکێن: *My watch is -roof and waterproof* ۞ ضدضربه

shock tactics *noun, pl.*
تاکتیکی کت‌وپڕانه‌ (یان کوت‌وپڕانه‌) ۞ روش ضربتی

shock treatment *noun,* also shock therapy
چاره‌سه‌رکردن به‌ ته‌زووی کاره‌بایی ۞ شوک‌درمانی

shock-troops *noun, pl.*
هێزی لێ‌ڕاکێشان، هێزی په‌لاماری کت‌وپڕ، هێزی هێرشی توندوتیژانه‌، هێزی زووپه‌لاماردان ۞ نیروی ضربتی

shock waves *noun, pl.*
1 شه‌پۆله‌ کت‌وپڕه‌کان 2 (خوازه‌) کاردانه‌وه‌ تونده‌کان، لێدانه‌ گورچکبڕه‌کان، لێدانه‌ دڵته‌زێنه‌کان: *The murder sent -s through the whole community* ۞ 1 امواج ضربه‌ای 2 (مجازی) ضربه‌های تکان‌دهنده

shod[1] /ʃɒd, US ʃɑ:d/ *adjective*
که‌وش‌له‌پێ(کردوو)، که‌وش‌پۆشیو، پێلاوهه‌ڵکێشاو ۞ کفش‌پوشیده

shod[2] /ʃɒd, US ʃɑ:d/ = past and past participle of shoe

shoddy /'ʃɒdi, US 'ʃɑ:di/ *adjective* (shoddier, shoddiest), *noun*
adj شڕوشێواو، شپرزه‌، فشه‌، خراپ، گه‌ند، ئایه‌خ، جه‌له‌ب، جه‌له‌بی، به‌کارنه‌هاتوو، گه‌ن‌وگوو(ژاڵ) *n* 1 پارچه‌ی خراپ، سپاڵ، ده‌زووی کۆن 2 کاری به‌فشه‌کراو، تره‌که‌ڵه‌ک، فشه‌کاری، کاری سه‌رهه‌م‌به‌ندی (shoddily /'ʃɒdili, US 'ʃɑ:dɪli/ *adv*: به‌ شێوه‌یه‌کی شڕوشێواو یان شپرزه‌، سه‌رسه‌ره‌کی، به‌

shoddiness /ˈʃɒdinəs, US ˈʃɑːdinəs/ *n* شێوەیەکی خراپ؛ شڕوشێواوی، شپرزەیی) ◌ *adj* شلخته، نامرغوب، آشغال *n* 1 پارچەی نامرغوب، نخ کهنه 2 سرهم‌بندی‌شده

shoe /ʃuː/ *noun*
1 کەوش، پێڵاو، پاڵا، پێتاو، سووڵ: *What's your shoe size?* ◊ *a pair of shoes* 2 پاژنە، پانیە 3 (ئەسپ) ناڵ، 4 horseshoe (وەستێنە) لێنت، ناڵک، (وەستێنەی دووچەرخە: لوقمە) ◌ 1 کفش 2 پاشنه 3 نعل 4 لنت

shoebill *noun*
دەنووککەوشی، لەکلەکی ئەفریکایی، هی زنەلانەکانی رۆژهەلاتی ئەفریکایە، دەنووکیان و ئەستوور [*Balaeniceps rex*] ◌ نوعی لک‌لک

shoeblack /ˈʃuːblæk/ *noun*
بۆیاخچی ◌ واکسی

shoebox /ˈʃuːbɒks, US -bɑːks/ *noun*
1 قوتوی کەوش یان پێڵاو 2 جێگای تەنگ و چکۆلانە، کنکەجن(ـۆکە)، کونەمشک ◌ 1 جعبه‌ی کفش 2 جای تنگ و کوچک

shoehorn /ˈʃuːhɔːn, US -hɔːrn/ *noun*
پاژنەهەڵکێش، پانیەکێش، پاژنەکێش، کەرەتە ◌ پاشنه‌کش

shoelace /ˈʃuːleis/ *noun*, also lace or shoestring
قەیتان، بەن، سۆلبەند ◌ بند کفش

shoemaker /ˈʃuːmeɪkə(r)/ *noun*
کەوشدروو، پینەچی، پێڵاودروو (-making /ˈʃuːmeɪkɪŋ/ *n*) ◌ کفاش

shoer *noun*, also shoesmith
ناڵبەند، ناڵبەن، سۆلبەند، قەڵەمتراش ◌ نعل‌بند

shoeshine /ˈʃuːʃaɪn/ *noun, adjective*
n بۆیاخکردن، واکسکردن، واکسلێدان، بۆیاخ، واکس *adj* بۆیاخچی (shoeshiner *n*: بۆیاخچی) ◌ *n* واکس‌زنی، واکس *adj* واکسی

shoesmith /ˈʃuːmɪθ/ *noun*, also shoer
ناڵبەند، ناڵبەن، سۆلبەند، قەڵەمتراش ◌ نعل‌بند

shoestring /ˈʃuːstrɪŋ/ *noun, adjective*
1 قەیتان، بەن (ی کەوش) 2 کەم، نانەواو ◌ 1 بند کفش 2 مختصر، ناچیز

shoestring /ˈʃuːstrɪŋ/ *noun*, on a shoestring
بە پارەیێکی کەم یا دەسمایە یا سەرمایەیێکی کەمەوە ◌ با پول ناچیزی

shoetree /ˈʃuːtriː/ *noun*
(پێڵاو) قاڵب ◌ قالب

shofar /ˈʃəʊfə/ *noun, pl.* shofars or shofroth /ˈʃəʊfrəʊt/
کەرەنا یا شەیپووری شاخەبەران. هی رێورەسمی دینی جووەکان، ب.ت. بە دریژایی Rosh Hashana و کۆتایی Yom Kippur ◌ شوفار

shogun /ˈʃəʊɡʊn/ *noun*
(لە ژاپۆنی دەرەبەگایەتی‌دا) فەرمانداری گشتی کەلەپووری یان میراتی ◌ شوگون

shogunal *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە شۆگۆنەوە هەیە ◌ وابسته به شوگون

shogunate /ˈʃəʊɡʊnət/ *noun*
(لە ژاپۆنی دەرەبەگایەتی‌دا) پلەوپایە یان دەسەڵاتی شۆگۆن، ناوچەی بندەسەڵاتی شۆگۆن، شۆگۆن‌نشین ◌ شوگونیت

shoji /ˈʃəʊdʒi/ *noun, pl.* same or shojis
(لە ژاپۆن) درگای لادان یان پەردەیی (لا دەدری) ◌ در کشوئی

Shona /ˈʃəʊnə/ *noun, pl.* same or Shonas
1 ئەندامی کۆمەڵێ لە گەلانی دانیشتووی چەند بەشێکی باشووری ئەفریکا، ب.ت. زیمبابوێ 2 هەریەک لە زمانەکانی ئەو گەلانە (کە پێکەوە پێوەندی‌یان هەیە) ◌ شونا

shone /ʃɒn, US ʃoʊn/ = past and past participle of shine

shonky *adjective* (shonkier, shonkiest)
نادروست، لێنەبینراو، بێباوەر، ناقانوونی، ناپاسایی، ناڕەوا، unreliable ،dishonest، illegal ◌ غیرقابل اعتماد، غیرقانونی

shoo /ʃuː/ *interjection*
کشەکش! ختەخت! چغە! چغەچغە!: *Shoo, all of you, I'm busy!* ◌ کیش‌کیش!

shoofly /ʃuːflaɪ/ *noun, pl.* shooflies
1 ئەسپەدارینەی تایبەتی منداڵان 2 ئەو چەند رووەکەی کە بۆ دەرکردنی مێش و مەگەز بەکاردێتن، مێشەکشە؟ 3 ریی ئاسنی یان ئاسنەرێی کاتی ◌ شوفلای

shoofly pie /ˌʃuːflaɪ ˈpaɪ/ *noun*
پای شووفلای یان مێشەکشە: جۆری پای پر لە شەکری قاوەیی، ئارد، کەرە، دۆشاو و...، پاشان دەبرژێندرێ ◌ شوفلای پای

shoogly /ˈʃuɡli/ *adjective*
(سکاتلەندی) لەق، لۆق، ناجێگیر، لەرزۆک، unsteady ◌ بی‌ثبات، متزلزل

shoo-in *noun*
براوەی مسۆگەر یا بێ‌ئەملاوئەولا ◌ برنده‌ی حتمی

shook[1] /ʃʊk/ = past of shake

shook[2] *noun*
تەختە و دەپی کۆس و سنووق یا سیپ ◌ تخته‌های چلیک و جعبه

shoot /ʃuːt/ *noun*
1 نەمام، قەڵەمە، بن، تیل، مشتەلە، دەرخ، سیخک، سوە، ریشە، چلاک، چووز، چزوو، تووز، وەچ، پەلک، پرژ، واژبر، گەوک، برک، لزگ، چەکەرە، خەلف، پاجۆش، بنتا، چەقەرە، زیک، تووڵ، شووڵ، شیف: *new green shoots* ◊ *bamboo shoots* 2 تیرخستن، گوللەخستن 3

راو 4 دەستەی راوچی‌یان 5 وێنە (گرتن): *a* (سینەما) فیلم‌هەلگرتنەوە، 6 *fashion shoot* فیلم‌هەلگری 7 خوڕاپی رووبار، سەرەوخواری یان لێژی چۆم 8 رەگە یان چینی کان ◇ 1 نهال، جوانه 2 تیراندازی 3 شکار 4 گروه شکارچیان 5 عکس 6 فیلم‌برداری 7 سراشیب رودخانه 8 رگه‌ی معدن

shooter /ˈʃuːtə(r)/ *noun*
1 (نافەرمی) تفەنگ، شەشتیر: - *'You got a - er?' he asked* 2 تیرهاوێژ، گوللەخەر، تیرخەر 3 راوچی ◇ 1 تفنگ 2 تیرانداز 3 شکارچی

shooting /ˈʃuːtɪŋ/ *noun, adjective*
1 *n* تیرخستن، گوللەخستن: *Terrorist groups claimed responsibility for the shootings a serious shooting ◊ and bomb attacks the shooting incident* 2 راو (بە تفەنگ): *season* 3 فیلم‌هەلگری 4 وێنەگری، وێنەگرتن، وێنەخستن *adj* 1 سەربە راو 2 چلدەر ◇ *n* 1 تیراندازی 2 شکار 3 فیلم‌برداری 4 عکس‌گرفتن *adj* 1 وابسته به شکار 2 تیرکشنده

shooting brake = estate car

shooting gallery *noun*
1 سالۆن یان گەلێری تیرخستن، تیرخستنگا، تیرگە، تیرهاوێژگە (بۆ مەشق‌کردن) 2 (نافەرمی، ئەمریکا) شوێنی لێدانی دەرزی و بەنگ ◇ 1 سالن تیراندازی 2 محل تزریق مواد مخدر

shooting iron *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) چەک، چەکی گەرم، چەکی ئاگرین ◇ اسلحه

shooting jacket = safari jacket

shooting pain *noun*
چل، بروسکە، چریکە، ژانی توند ◇ تیر

shooting star *noun*, also falling star
1 بەردی ئاسمانی، نەیزەک 2 جۆرێ گیای ئەمریکای باکووری بە گوڵی ئەرخەوانی، پەمەیی و سپی‌یەوە و پەڕی پشتەوەشکێن یان پشتەوەچەماو [تۆخم *Dodecatheon*] ◇ 1 شهاب 2 نوعی گیاه

shooting stick *noun*
گۆچانی راو ◇ عصای شکار

shooting war *noun*
شەڕ بە چەکی گەرم، شەڕی گەرم ◇ جنگ با سلاح گرم

shootist *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) نیشانەچی ◇ تیرانداز

shoot-out *noun*
شەڕەتفەنگ، شەڕی یەک‌بەیەک، تیرتیرخستن ◇ جنگ تن به تن

shop /ʃɒp, US ʃɑːp/ *noun*
1 دووکان، فرۆشگا، دامەزراوەی بازرگانی یان کارداری 2 کارگە، دەزگا ◇ 1 مغازه، فروشگاه 2 کارگاه

shop assistant *noun*, also saleclerk or assistant
فرۆشیار ◇ فروشنده

shop-board *noun*
مێزی کار، مێز ◇ پیش‌خوان

shop-bought *adjective*, also store-bought
کڕیاری، کڕدراو لە دووکان، دووکانی (نە لە ماڵێ دروس‌کراو): *shop-bought cakes* ◇ خریدشده از مغازه

shop-fitter *noun*
دووکان‌ڕێکخەر ◇ مغازه‌آرا

shop-fitting /ˈʃɒpfɪtɪŋ, US ˈʃɑːp-/ *noun*
دووکان‌ڕێکخستن، دووکان رازاندنەوە ◇ مغازه‌آرایی

shop floor *noun*
1 (کارگە) کرێکاران 2 شوێنی کارکردنی کرێکاران (لە کارگەیەکدا) 3 بەش یان شوێنی بەرهەم‌هێنانی کارگە، هۆڵی کارگە، کارخانە ◇ 1 کارگران 2 محل کار کارگران 3 کارخانه

shopfront /ˈʃɒpfrʌnt, US ˈʃɑːp-/ *noun*, also storefront
بەردووکان، پێشەوەی دووکان ◇ در مغازه

shopkeeper /ˈʃɒpkiːpə(r), US ˈʃɑːp-/ *noun*, also storekeeper
دووکاندار (*n* shopkeeping: دووکان‌داری) ◇ مغازه‌دار

shoplifter /ˈʃɒplɪftə(r)/ *noun*
شت‌دز، شت‌هەڵگر، دزی دووکان ◇ جنس‌بلندکن

shoplifting /ˈʃɒplɪftɪŋ, US ˈʃɑːp-/ *noun*
شت‌دزی، شت‌هەڵگری، دزی‌کردن لە دووکان ◇ جنس‌بلندکنی

shopman /ˈʃɒpmən/ *noun, pl.* shopmen
دووکاندار، فرۆشیار ◇ مغازه‌دار

shopper /ˈʃɒpə(r), US ˈʃɑːp-/ *noun*
1 کڕیار، مشتەری: *The streets were full of Christmas shoppers* 2 دووچەرخی پێچکەچکۆلانەی قرتالەدار ◇ 1 خریدار، مشتری 2 شاپر

shopping /ˈʃɒpɪŋ, US ˈʃɑːp-/ *noun*
کڕین، دووکان‌گەڕی کردن، سەندن ◇ خرید

shopping arcade = arcade

shopping bag *noun*
دەلق، پاکەت (ی کڕین) ◇ کیسه‌ی خرید

shopping basket *noun*
سەوەتە یان قرتالەی کڕین، سەوەتەی سەندن ◇ سبد خرید

shopping centre *noun*, US shopping center
ناوەندی کڕین، کڕینگە، بازاڕ، نێوەندی سەندن ◇ مرکز خرید

shopping list *noun*
1 لیستی کرین یا سەندن 2 لیستی بابەتە
پێوەندیدارەکان: *the biggest possible -t of*
budget cuts — Leonard Silk ۞ صورت
خرید

shopping mall = mall

shop-soiled *adjective,* also shopworn /ˈʃɒpwɔːn, US ˈʃɑːpwɔːrn/
1 پیس بوو، پیس کراو، کاڵەوەبوو،
دەس لێ کەوتوو، ئەمارەپۆ (ئەو کەلوپەلەی کە لە
دووکاندا زۆر ماونەتەوە): *a sale of shop-*
soiled goods at half price 2 (خوازە) کۆن،
رزیو، چەندبارەوەبوو: *a shopworn argument*
۞ 1 کثیف شده 2 (مجازی) قدیمی

shop steward *noun*
دەمڕاست یان نوێنەری (یەکێتی) کرێکاران
(دامەزراوە یان کارگەیێ) ۞ نمایندەی کارگران

shoptalk *noun*
قسە لەبارەی بازاڕەوە ۞ صحبت بازاری

shopwalker /ˈʃɒpwɔːkə(r)/ *noun*
پیشاندەر یا ڕێنوێنی دووکان ۞ راهنمای مغازه

shop-window *noun,* US store-window, also window
شووشەبەن، جامخانە، جامەکان، پەنجێرەی
دووکان ۞ ویترین

shore[1] /ʃɔː(r)/ *noun*
1 کەنار، گوێئاو، بەستێن، رۆخ، بەر 2 وشکانی
3 (shores) وڵات، ناوچەیێکی جوگرافیایی ۞
1 ساحل 2 خشکی 3 (در جمع) کشور

shore[2] /ʃɔː(r)/ *noun*
دەستەک، کۆڵەکە، پاڵەوانە، کەشتیڕاگر ۞
شمعک

shore leave *noun*
پشوو و مۆڵەتی مەوانان بۆ چوونە کەنار و
وشکانی ۞ شور لیو

shoreline /ˈʃɔːlaɪn, US ˈʃɔːrl-/ *noun*
هێڵی کەناری؛ باریکە زەوی هێڵی کەناری ۞
خط کرانی؛ شورلاین

shore patrol *noun*
پۆلیسی کەناری، کەنارپارێز ۞ گشت ساحلی

shoreward *adjective, adverb*
بەرەو کەنار، روو لە کەنار ۞ به سوی ساحل

shoreweed *noun*
گیاکەنار؟، گیاگۆلاو؟ (لە دەم گۆلاوا شین دەبێ
[*Littorella uniflora*]) ۞ نوعی گیاه

shoring *noun*
فیلپایە ۞ شمع

shorn[1] *adjective*
(قژ، مێرگ و هتد) کورتەوەکراو، لەبناڵێدراو،
سوورکراو، سوورکردوو ۞ ازتەزده

shorn[2] /ʃɔːn, US ʃɔːrn/ = past participle of shear

short /ʃɔːt, US ʃɔːrt/ *adjective* (shorter, shortest), *adverb, noun*
adj 1 کورت، قولە، قول، کول، نزم: *a short*
skirt 2 کورتەباڵا، چکۆلە، کورتەبنە، بستەباڵا،
وردە، گزگل: *She was short and dumpy* 3
کورتماوە، کەمخایەن: *I'm going to France*
for a short break 4 کەم، بەشنەکردوو،
ناتەواو 5 کورتە 6 ناکاو، کتوپڕ، لەپڕ 7 ناسک،
تورت، قرچ(ۆک) 8 بێڕەوشت، (وەڵام) کورت،
رەق، وشک، سارد 9 (ئارەق و خواردنەوە)
بەقەوەت، کەڵخەر 10 (دەنگناسی) کورت
adv لەپڕ، کتوپڕ، لە ناکاو، لەڕێوە *n* 1
کورتەفیلم، فیلمی کورت 2 ئارەق 3 (نافەرمی)
لێککەوتن (وایەرەکان) 4 دەنگ، بزوێن یان
برگەی کورت 5 شتی پێشەکیفرۆشراو 6 کەمی
7 ئاردی زبر یان درشتە (shortness *n*) ۞ *adj*
1 کوتاه 2 کوتاەقد 3 کوتاەمدت 4 نابسنده، ناقص
5 مختصر 6 ناگهان 7 ترد 8 بی‌ادب، رسمی،
خشک 9 قوی 10 (آواشناسی) کوتاه *adv* ناگهان،
بی‌مقدمه *n* 1 فیلم کوتاه 2 عرق 3 (عامیانه) اتصالی
4 صدا، واکە یا هجای کوتاه 5 چیز
پیش‌فروخته‌شده 6 کمبود 7 آرد زبر

shortage /ˈʃɔːtɪdʒ, US ˈʃɔːrt-/ *noun*
کەمی، کێماسی، بەشنەکردوویی، لێبڕاوی ۞
کمبود، کسری

short back and sides *noun, sing.*
شێوەی ئاڵمانی، لاکورتکردنەوە، خولامانە ۞
مدل آلمانی

shortbread /ˈʃɔːtbred, US ˈʃɔːrt-/ *noun*
کولیچەی ناسک، نانەقولە، نانەکەرە (جۆرێ
تۆشەی شیرین و رەقی پڕ لە کەرە) ۞
شورت‌برید

shortcake /ˈʃɔːtkeɪk, US ˈʃɔːrt-/ *noun*
نانەقولە، نانەکەرە، کولیچەی ناسک ۞ شورت‌کیک

short circuit *noun*
لێککەوتن (وایەرەکان) ۞ اتصالی

shortcomer /ˈʃɔːtkʌmə(r)/ *noun*
درێخیکردوو، خەتابار، کەمتەرخەم ۞ مقصر

shortcoming /ˈʃɔːtkʌmɪŋ, US ˈʃɔːrt-/ *noun*
1 عەیب، کەمی، کەمێتی، کەموکوڕی،
کەموکورتی، defect؛ (خاڵی) لاوازی، گرفت:
Despite a number of shortcomings, the
project will still go ahead 2 درێخی،
کەمتەرخەمی ۞ 1 نقص، عیب 2 قصور

shortcrust pastry *noun*
(بریتانیا) نان‌شیرینی ناسک ۞ شورت‌کراست
پاستری

shortcut /ˈʃɔːtkʌt/ *noun*
لابڕ، ناقبڕ، سەربڕ، قەدبڕ، کورتەڕێ: *a*

میانبر ○ *shortcut to success*

short division *noun*
دابەشـاندنی بـەکورتی، کورتەدابـەش‌کـردن ○ تقـیم باختصار

shortening /ˈʃɔːtnɪŋ, US ˈʃɔːrt-/ *noun*
1 کورت‌کردنەوە، قولەکردنەوە، (لێ)قارس‌کردن 2 رۆن (بـۆ شـیرینی دروسـت‌کـردن) ○ 1 کوتاەسازی 2 چربی

shortfall /ˈʃɔːtfɔːl, US ˈʃɔːrt-/ *noun*
کەمی، بەش‌نەکردوویی، لێبڕاوی ○ کـسری، کم‌داشت

shorthand /ˈʃɔːthænd, US ˈʃɔːrt-/ *noun, adjective*
n 1 کورتەنووسـی، خێرانووسـی، توندنووسـی 2 شێوەی کورت‌تر *adj* کورتە ○ *n* 1 تندنویـی 2 شکل مختصر *adj* مختصر

short-handed /ˌʃɔːt ˈhændɪd/ *adjective*, short-staffed
ئەنـدامکـەم، کـەمکارکـەر، کـەمکرێکـار، کرێکاربـەش‌نـەکردوو، short-staffed ○ دارای کمبود عضو

shorthand typist *noun*
تایپیسـتی کورتەنووس یان خێرانووس ○ منـشی توندنویس

short-haul *adjective*
(فـڕین و هتـد) کـورت، مـەوداکورت، لـە مەودایەکی کورت‌دا، (فڕۆکە) بۆ مەودای کورت، مەوداکورت ○ کوتاە

shorthorn /ˈʃɔːthɔːn, US ˈʃɔːrthɔːrn/ *noun*
(گیانەوەری) شاخ‌کورت، کۆڵ ○ (حیوان) دارای شاخ کوتاە

shortie *noun, adjective*
n بنیـادەمی گزگـل، مـرۆی گـرگن، بـستەبالا، کورتـەبالا، چکۆلانـە *adj* (جـل و هتـد) کـورت، قولە، نەگەیشتوو ○ *n* آدم کوتولە *adj* کوتاە

shortish *adjective*
کەمێ کورت، کورتیلە، تـا ئەندازەیێ کورت، تـا رادەیێ قولە ○ نسـبتاً کوتاە

short line *noun*
هێـلی کـورت، رێـی ئاسـنی کـەممـەودا ○ خـط کوتاە

shortlist /ˈʃɔːtlɪst, US ˈʃɔːrt-/ *noun*
لیستەی کورت، کورتەلیستە، پێرستی کورت: *a -ortlist for a literary prize* ○ فهرست کوتاە

short-lived /ˌʃɔːt lɪvd, US -laɪvd/ *adjective*
کـورتمـاوە، کـاتی، تێژپـەڕ، کـەم، کـەممـاوە ○ زودگذر، موقتی

shortly /ˈʃɔːtli, US ˈʃɔːrt-/ *adverb*
بە زوویی، بەم نزیکانە، زوو، بە کـورتي، کـەمێ: *I saw him -tly before* ◊ *I'll be ready -rtly he died* ○ بە زودی، بە طور مختصر، اندکی

short mark = breve2

short odds *noun*
(گرێـوکردن) بـە ئەگـەرێکی زۆرەوە، (زۆر) لەوەدەچێ بیباتەوە (ئاماژە بە ئەسپ و هتـد) ○ احتمال قوی

short order *noun*
(خواردنگـە) خـۆراکي خێـرا(لـێ‌نـراو)، چێـشتی زووسازبوو، چێشتەپەلە ○ غذای فوری

short-order cook *noun*
ئاشپەزی چێشتی زووسازبوو یان زوولێ‌نراو ○ آشپز غذای فوری

short-range *adjective*
1 (مووشـەک و هتـد) کـەممـەودا، مـەوداکورت، کورت‌هاوێژ، زۆرنەڕۆیشتوو 2 کورت‌ماوە ○ 1 کوتاەبرد 2 کوتاەمدت

short rib = floating rib

short-run *adjective*
کورت‌ماوە، کـاتی، تێژپـەڕ، بەروەخت، کـەمماوە، ماوەکەم ○ کوتاەمدت، گذرا

shorts /ʃɔːts, US ʃɔːrts/ *noun, pl.*
شەڵوار یان پانتۆڵی کورت، شـۆرت (پیاوانە) ○ شلوار کوتاە، شورت

short sale *noun*
پێش‌فرۆشی، پێشەکی‌فرۆشی ○ سَلَم‌فروشی

shortsighted /ˌʃɔːt ˈsaɪtɪd/ *adjective*
1 نزیک‌بین، کورت‌بین 2 بیرکورت، بیرتەسک 3 بیرتەسـکانە: *a short-sighted policy* ○ 1 نزدیک‌بین 2 کوتەنظر 3 کوتەنظرانە

shortsightedly /ˌʃɔːt ˈsaɪtɪdli/ *adverb*
بیرتەسکانە، کورت‌بینانە ○ کوتەنظرانە

shortsightedness /ˌʃɔːt ˈsaɪtɪdnəs/ *noun*
1 نزیک‌بینی، کورت‌بینی 2 بیرکورتی، بیرتەسکی، کورت‌بینی ○ 1 نزدیک‌بینی 2 کوتەنظری

short-staffed *adjective*
ئەنـدامکـەم، کـەمکارکـەر، کـەمکرێکـار، کرێکاربەش‌نەکردوو، بوونی ئەندامانی کەم‌تر لە پێویـست ○ دارای کمبود عضو

short-stay *adjective*
مانـەوە یـان راوێـستان بـۆ مـاوەیـێکی کـورت ○ برای اقامت کوتاە

short story *noun*
چیرۆکی کورت، کورتەچیرۆک ○ داستان کوتاە

short syllable *noun*
بڕگە یان کەرتەی کورت، کورتەبڕگە ○ هجـای کوتاە

short temper *noun*
سـەرتوندی، تونـدی، زووتـووڕە(بـوو)یـی، زووهەڵچوویی، جینگزێتی ○ تندخویی

short-tempered /ˌʃɔːt ˈtempəd/ *adjective*
سـەرتوند، تونـد، زووتـووڕە(بـوو)، زووهەڵـچوو،

جینگزی، فیشه‌کی: *Being tired makes me*
very short-tempered ◯ تندخو

short-term /ˌʃɔːt ˈtɜːm/ *adjective*
کورت‌ماوه، کەم‌خایەن، ماوەکەم: *a short-term*
loan ◯ کوتاه‌مدت

short-termism *noun*
بەرنامەدارشتن یان پلان‌ڕیزی کورت‌ماوە ◯
برنامه‌ریزی کوتاه‌مدت

short time *noun*
وەختی کارکردنی کەم‌تر لە ئاسایی، کورتەدان
◯ شیفت کوتاه

short title *noun*
کورتەناو ◯ عنوان کوتاه یا مختصر

short vowel *noun*
بزوێنی کورت ◯ واکەی کوتاه

short wave *noun, abbreviation* SW
شەپۆلی کورت، کورتەشەپۆل (نێوان 3 و 30
مێگاهێرتز) ◯ موج کوتاه

short-winded /ˌʃɔːt ˈwɪndɪd/ *adjective*
1 هەناسەسوار، هەناسەتەنگ، پشووسوار 2
کورت، کورتە، brief ◯ 1 تنگ‌نفس 2 مختصر

shorty /ˈʃɔːti, US ˈʃɔːrti/ = shortie

Shoshone /ʃəˈʃəʊni/ *noun, pl.* same or Shoshones
1 ئەندامی گەلێکی سوورپێست، زۆرتر لە
Wyoming، Idaho و Nevada دەژین 2 زمانی
Uto-Aztecanی ئەو گەلە ◯ شوشونی

Shoshonean *noun, adjective*
n لقێ لە خێزان یا کۆمەڵە زمانی Uto-Aztecan
کە بریتی‌یە لە Comanche و Shoshone *adj*
سەربەو کۆمەڵە زمانە ◯ شوشونی

shot[1] /ʃɒt, US ʃɑːt/ *noun*
1 دەنگی تەقینەوە 2 تەقاندنەوە، گوللەخستن 3
گوللە، تیر، بەرک 4 (خستنی قورسە) قورسە،
ئەو ئاسنەی کەوا دەیخەن 5 پلار، هاوێژە 6
هاویشتن، هەلدان، حەوادان، خستن، لێدان 7
حەول، بزاف، تەقەلا 8 تاقی‌کردنەوە 9
دەرزی‌لێدان 10 دەرزی 11 تیرهاوێژ، تیرخەر
12 وێنە 13 مەودای دیدی کامێرا یان دووربینێ
14 (سینەما) دیمەن، پلان 15 بەش، پشک 16
(ئافەرمی) قوم، پێک 17 (کریکێت، تۆپێن و
هتد) لێدان، شووت 18 مەودا، ماوەبر، مەودای
برکردن ◯ 1 صدای شلیک 2 شلیک 3 گلوله 4
وزنه 5 پرتابه 6 پرتاب 7 کوشش 8 امتحان 9
تزریق 10 آمپول 11 تیرانداز 12 عکس 13 شات
14 صحنه، نما 15 سهم 16 پیک 17 ضربه 18 برد

shot[2] /ʃɒt, US ʃɑːt/ *adjective*
(خوازە) تەواوکراو، تەواوبوو، فەوتاو، تیاچوو،
لەنێوچوو ◯ (مجازی) تمام‌شده

shot[3] /ʃɒt, US ʃɑːt/ = past and past participle of shoot

shote = shoat

shotgun /ˈʃɒtgʌn, US ˈʃɑːt-/ *noun*
1 تفەنگی ڕاو، تاپڕ 2 زۆرەملێ، بەزۆری، ناچار،
بە زەبری تفەنگ ◯ 1 تفنگ شکاری 2 اجباری

shotgun wedding *noun,* also shotgun marriage
زەماوەندی بەزۆر (لەبەر سکپڕبوونی ژن) ◯
ازدواج اجباری

shot hole *noun*
1 کونی گوللە 2 کونی خڕ لە گەڵادا بەهۆی
کەڕوو یا بەکتریا، یان لە داردا لە لایەن مێروو و
هتد ◯ 1 سوراخ گلوله 2 شوت هول

shot-put *noun*
(وەرزشی) هاویشتنی قورسە یان ئاسنی خڕ ◯
پرتاب وزنه

shot-putter *noun*
1 قارەمان یان پاڵەوانی خستنی قورسە 2
قورسەخەر، قورسەهاوێژ ◯ 1 قهرمان پرتاب
وزنه 2 وزنه‌پران

shotten /ˈʃɒt(ə)n/ *adjective*
(herring) تازەگەراخستوو ◯ تخم‌ریزی‌کرده

should /ʃəd, strong form ʃʊd/ = past of shall

shoulder /ˈʃəʊldə(r), US ˈʃoʊ-/ *noun*
1 شان، کۆل، مازە، هەرمە 2 (جل‌وبەرگ)
سەرشان، بانشان 3 سەرشانی باڵندە یا مێروو 4
hard shoulder = ◯ 1 شانه 2 (لباس) سرشانه
3 شولدر

shoulder-bag *noun*
ساکی سەرشان، جانتای (سەر)کۆل یان سەرشان
◯ کیف رودوشی

shoulder belt /ˈʃəʊldə belt/ *noun*
پشتێنەی چەپ‌وڕاستی شان، زێروالا ◯ حمایل

shoulder-blade /ˈʃəʊldə bleɪd/ *noun,* also scapula
ئێسکی شان، دەفەی شان، شەپکەی شان،
شەپکەشان، باڵەکە، (shoulder-blade) تەختی
پشت ◯ استخوان کتف

shoulder-high *adjective, adverb*
adj تا سەرشان، تا سەرقۆل یان شان، تا شان:
a shoulder-high wall *adv* سەرشان ◯ *adj*
adv تا شانه روی شانه

shoulder girdle *noun,* also pectoral girdle
پشتێنە یان کەمەربەندی شانی یان سەرشان،
کەمەربەند یان پشتێنەی بەرسینگ: کەوانێکی
کرۆژەیی cartilaginous یان ئێسکی کە باڵ یان
پەلە پێشووەکانی بربڕەداری vertebrate
ڕادەگرێ ◯ نوار سرشانه

shoulder knot /ˈʃəʊldə nɒt/ *noun*
باریکەی سەرشان ◯ نوار سرشانه

shoulder-length *adjective*

(قژ و هتد) تا سەرشان، تا شان ۞ تا سر شانه
shoulder mark *noun*
نیشانەی سەرشان (ئەفسەران) ۞ درجەی سردوشی
shoulder patch *noun*
نیشانەی سەرقۆڵی پلەداران ۞ درجەی روی بازوی درجەداران
shoulder-strap /'ʃəʊldə stæp/ *noun*
(جل، جانتا و هتد) پەت، بەست یان پەتی سەرشان، سەرشان، شانبەست ۞ بند سر شانه
shouldn't *abbreviation* should not
shouldst
شێوەی دووەم‌کەسی تاک لە کاری should ۞ صورت دوم شخص مفرد فعل should
should've *abbreviation* should have
shout /ʃaʊt/ *noun*
1 هاوار، قیژە، هەرا، شریخە، گوڕە، نارەتە، نەڕە: *I heard her warning -t too ◊ a -t of anger* 2 *late* تەقینەوە، پەقین ۞ 1 فریاد، داد 2 انفجار
shouter *noun*
هاوارکەر، هەراکەر ۞ فریادزن
shouting /'ʃaʊtɪŋ/ *noun*
شیوەن و ڕۆڕۆ، قوڕپێوان، شین و شەپۆڕ، شین، قاوەقاو ۞ گریه و مویه
shouting match *noun*
شەڕ، کێشە، بگرەوبەرد، نەڕەوگوڕە، چەقەوهەرا، جنێو و جنێوفرۆشی ۞ دعوا، مرافعه
shout song *noun*
سرودی دینی یان ئایینی ۞ سرود مذهبی
shove /ʃʌv/ *noun*
پاڵ (پێوەنان، بە نهێنی، ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ هل
shovel /'ʃʌvl/ *noun*
1 پێمەڕە، بێل، خاکەناز، بێلۆچکە، بێرک (گەورە)، بێلۆکە، دەمەپێمەڕە، پارو (لە دار)، سەوڵ 2 (بێلی) لۆدێر، شۆفڵ ۞ 1 بیل، پارو 2 بیل مکانیکی
shovelbill *noun*, also shoveler
کرێکاری پێمەڕەکار ۞ کارگربیل‌زن
shovelboard = shuffleboard
shovelful /'ʃʌvlfʊl/ *noun*, *pl.* shovelfuls
پێمەڕەیێ، بێلێ، پڕپێمەڕەیێ، پڕبێلێ ۞ بە اندازەی یک بیل
shovel hat *noun*
جۆرێ کڵاوی ڕەشی لمەدێ لێواریان، جاران لە لایەن پیاوانی دینی یان قەشەکانەوە دەکراسەر ۞ نوعی کلاه
shovelman *noun*, *pl.* shovelmen
کرێکاری پێمەڕەکار ۞ کارگربیل‌زن
show /ʃəʊ, US ʃoʊ/ *noun*
1 پێرفۆرمانس، نواندن، شانۆ، نمایشت، پیشان‌دان، رانان، نواندن، خستنەبەرچاو 2 شۆ، بەرنامەی رادیۆیی یان تەلەفزیۆنی 3 پیشانگە 4 دیمەن 5 ڕواڵەت، دەرەوە، ڕووکەش 6 واخۆپیشان‌دان، وانواندن، واخۆدەرخستن 7 ئەدا، تەور 8 نیشانە، بەرژەنگ 9 پێشبڕکێ (نێوان دوو شت چ شت یان گیانەوەر کە باشترینیان هەڵبژێردرێ) 10 داموەزگا، ڕێکخراوە 11 ئەدا، خۆبادان، ترلیدان، کەش‌وفش 12 (ئەمریکا، ئەوسترالیا و نیوزیەند) دەرفەت، بەخت ۞ 1 نمایش 2 شو 3 نمایشگاه 4 منظره 5 ظاهر 6 وانمود 7 ادا 8 علامت 9 مسابقه 10 تشکیلات، سازمان 11 اطوار 12 فرصت، شانس
show and tell *noun*
(لە خوێندنگا) نیشانی‌دە و بیڵێ (یان باسی‌کە) ۞ شو اند تل
show bill /'ʃəʊ bɪl/ *noun*
ڕاگەیاندنی گەورە یان بەربڵاو، ڕاگەیاندنی مەزن ۞ اعلام بزرگ
showbiz /'ʃəʊbɪz, US 'ʃoʊ-/ = show business
showboat *noun*
1 بەلەمی شانۆگەری 2 بنیادەمی خۆهەڵکێش، فروفیشاڵ‌کەر، فشەچی ۞ 1 شوبوت 2 شخص چاخانی
show business *noun*
کار یان پیشەی شانۆگەری (ب.ت. لە تیاتر، سینەما، تەلەفزیۆن و هتد) ۞ حرفەی نمایش
showcase /'ʃəʊkeɪs, US 'ʃoʊ-/ *noun*
1 شووشەبەند، جامەکان 2 (خوازە) نموونەی تەواو، ئاوێتەی باڵانوێن ۞ 1 ویترین 2 (مجازی) نمونەی بارز
showdown /'ʃəʊdaʊn, US 'ʃoʊ-/ *noun*
ڕووبەڕووبوونەوەی یەکلاییکەرەوە، شەڕی دیاری‌کەر ۞ جنگ یا مقابلەی سرنوشت‌ساز
shower /'ʃaʊə(r)/ *noun*
1 ڕەهێڵە، ڕێژنە 2 دوش، خۆشتن لەبەر ئاوێ کە بەسەرتا دەڕژێ 3 دەستەیەکی گەوج و تەمبەڵان، گەلێ کەر و تەمەڵان 4 (خوازە) لێشاو، زۆری، فراوانی، هووروژم، تێڕژان ۞ 1 رگبار 2 دوش، عمل دوش گرفتن 3 گروه افراد احمق و تنبل 4 وفور
shower cap *noun*
کڵاوی دوش یان خۆشتن (کە نایەڵێ سەر تەڕ بێ) ۞ کلاه دوش
shower gel *noun*
ولولە یان ژێلی خۆشتن ۞ ژل دوش یا حمام
showerproof *adjective*
(جل‌وبەرگ) ئاودانەدەر (لە بارانی سووکدا داینادا) ۞ ضد آب
showery /'ʃaʊəri/ *adjective*
(هەوا) تاوتاو باران(او)ی، تاوەباران ۞ رگباری
showgirl /'ʃəʊgɜːl, US 'ʃoʊgɜːrl/ *noun*
کچی گۆرانی‌بێژ یان سەماکار لە شۆی موسیقادا

○ شوگرل

showground *noun*
جێگای شانۆگەری ○ جایگاه نمایش

show house *noun*, also show home
ماڵ یا خانووی نموونە (بە هەموو کەلوپەلێکی ناوماڵەوە، وەکوو نموونەیێ بۆ ماڵەکانی تر) ○ خانەی نمایشی

showily /-ɪli/ *adverb*
بە ئالاوواڵا، بە زریقەوبریقە ○ بە طور نمایشی، با زرق و برق

showiness /ˈʃəʊinəs, US ˈʃoʊinəs/ *noun*
1 ئالاوواڵا، زریقەوبریقە 2 خۆنیشاندان، واخۆدەرخستن، وانواندن، خۆنواندن ○ 1 زرق و برق 2 وانمود

showing /ˈʃəʊɪŋ, US ˈʃoʊ-/ *noun*
1 پیشاندان، ڕانان، خستەروو، بەرچاونان، نمایشت، نمایش: *There are three showings a day* 2 ڕواڵەت، ڕووکار ○ 1 نمایش 2 ظاهر

show jumper *noun*
بازدەر بە ئەسپ، بە ئەسپ بازدەر ○ پرش‌کنندە با اسب

show jumping /ˈʃəʊdʒʌmpɪŋ, US ˈʃoʊ-/ *noun*
(وەرزش) بازدان بە ئەسپ، پەڕین بە ئەسپ ○ پرش با اسب

showman /ˈʃəʊmən, US ˈʃoʊ-/ *noun, pl.* showmen
1 بەڕێوەبەری شانۆ (ب.ت. بەرنامەی موسیقایی، کۆنسێرتی پاپ و هتد)، شانۆگێڕ، ڕێکخەری شانۆ 2 دەرهێنەری شانۆ و شانۆگەری ○ 1 مجری نمایش 2 کارگردان نمایش یا نمایش‌پردازی

showmanship /ˈʃəʊmənʃɪp, US ˈʃoʊ-/ *noun*
(شارەزایی لە) شانۆگێڕی یان پیشاندان (و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک) ○ نمایش‌پردازی

shown /ʃəʊn, US ʃoʊn/ = past participle of show

show-off *noun*
بنیادەمی خۆهەڵکێش، مرۆی فڕوفیشاڵ‌کەر ○ شخص چاخانی

show of hands *noun*
دەنگدان بە دەست (هەڵێنان) ○ رأی‌گیری با (بلند کردن) دست

show of power *noun*
ڕانانی هێز، پیشاندانی هێز ○ نمایش قدرت

showpiece /ˈʃəʊpiːs, US ˈʃoʊ-/ *noun*
1 نموونەی بەرز یان تەواو، (سەر) نموونە 2 گوڵی سەرتۆپ، سەرگوڵ، شاکار ○ 1 نمونەی بارز 2 گل سرسبد

show-place /ˈʃəʊpleɪs, US ˈʃoʊ-/ *noun*
جێگای خۆش (یان جوان)، جێگای پیشاندان ○ جای دیدنی

showroom /ˈʃəʊruːm, -rʊm, US ˈʃoʊ-/ *noun*
(ب.ت. ماشێن و کەلوپەلی ئێلیکتریک) پیشانگە ○ نمایشگاه

showtime /ˈʃəʊtaɪm, US ˈʃoʊ-/ *noun*
کاتی پیشاندان، وەختی نواندن یان ڕانان ○ زمان نمایش

show trial *noun*
دادگایی ڕواڵەتی یا فیشاڵی، دادگایی‌کردنی فشە ○ محاکمەی فرمایشی

show window *noun*
شووشەبەند، جام‌خانە ○ ویترین

showy /ˈʃəʊi, US ˈʃoʊi/ *adjective* (showier, showiest)
1 بەزریقەوبریقە، بەئالاوواڵا، ڕەنگاوڕەنگ، جوان‌نوێن 2 خۆنوێن، خۆدەرخەر، خۆپیشاندەر ○ 1 پرزرق و برق 2 متظاهر، خودنما

shoyu /ˈʃəʊjuː/ *noun*
جۆرێ سۆسی soyی ژاپۆنی ○ شویو

shrank /ʃræŋk/ = past of shrink

shrapnel /ˈʃræpnəl/ *noun*
(بۆمب، گوللە و هتد) پریشکە، تیکە، تەڵەزمە ○ ترکش

shred /ʃred/ *noun*
1 باریکە، لەتی چکۆلانە، تیکە، کوت، لەتی باریک، تیزماڵک 2 برێکی کەم ○ 1 قطعەی کوچک، تکە 2 مقدار کم، ذرە

shredder /ˈʃredə(r)/ *noun*
کاغزوردکەر، کاغەزجن، دەزگای وردکردنی کاغز (دەزگایێ کە بەڵگەنامەکان وا ورد ئەکا کە نەتوانرێن بخوێنرێنەوە) ○ شریدر

shrew /ʃruː/ *noun*
1 مشکی لمۆزدرێژ، مشکی شەوگەڕ [خێزان Soricidae: زۆر جۆرن] 2 ژنی سەلیتە، پەتیارە، جانانە، بلێربەزێن، دەم‌هەراش، زمان‌شڕ، بەیتەشە، شێڕناڵی ○ 1 موش پوزەدراز 2 زن سلیطە

shrewd /ʃruːd/ *adjective*
1 زیرەک، قوت، زۆرزان، وریا، وشیار، زیت، مدریک، زرینگ، پڕهۆش، زیرەکانە 2 (لێدان) توند، بەحوجەت ○ 1 زرنگ، باهوش، هوشمندانە 2 شدید

shrewdly /ʃruːdli/ *adverb*
زیرەکانە، بە وریایی(یەوە)، بە زیرەکی، بە تیژی ○ هوشمندانە

shrewdness /ʃruːdnəs/ *noun*
زیرەکی، وریایی، وشیاری، مدریکی، زۆرزانی، زیتی، قوتی، زرینگی، بەهۆشی، ڕوڵەلەبەردایک‌هەڵگرتوویی ○ زرنگی، هوشمندی

shrewish /ˈʃruːɪʃ/ *adjective*

سەلیتە، پەتیارە، بلێربەزێن، قەرەچی، زمانشڕ، شەڕانی، شەڕفرۆش: **his shrewish wife** ◇ سلیطه، دعوایی

shrewishly /ˈʃruːɪʃli/ *adverb*
شەڕفرۆشانە، شەڕاشوویانە، قەرەچییانە ◇ بە طور دعوایی

shrewishness /ˈʃruːɪʃnəs/ *noun*
شەڕانیتی، شەڕفرۆشی، سەرلەشەڕخوراوی، قەرەچێتی، پەتیارەیی ◇ دعوایی بودن، سلیطه بودن

shri /ʃriː, US sriː/ *noun*, also Shri or sri
شری (= سەرناوێکی ڕێزلێنانە کە بەرلە پیاو، خودا و کتێبێکی پیرۆز دێ) ◇ شری

shriek /ʃriːk/ *noun*
قیژە، زیکە، چریکە، زریکە، هاوار، زیرە، گوڕە ◇ جیغ، فریاد

shrieval /ˈʃriːv(ə)l/ *adjective*
سەربە شێریف، سەربە کەلانتەر ◇ وابستە بە کلانتری

shrievalty *noun, pl.* shrievalties
پۆست یان پلەوپایەی شێریفی، پۆستی کەلانتەری ◇ مقام کلانتری

shrift /ˈʃrɪft/ *noun*
1 دانپیانان، درکاندن، چوونەژێر گوناه، ب.ت. لە بەردەم قەشەیێ 2 لێخۆشبوون، لێبوردن لە لایەن قەشەییکەوە ◇ 1 اعتراف 2 آمرزش

shrike /ˈʃraɪk/ *noun*
مەلێکی دەنگخۆشی ڕاوی predatory songbird بە دەنووکی قولاییەوە [خێزان Laniidae: زۆر جۆرن] ◇ نوعی پرنده

shrill /ʃrɪl/ *adjective*
زریکە، زیکە، جیکە، زیرە، دەنگی ناخۆش، زەنگولی، دەنگی تیژ، توند (ئەلمانی بنەڕەت) ◇ گوشخراش، صدای زیر، شدید

shrillness /ʃrɪlnəs/ *noun*
توندی، توندبوون، تونڕەوی ◇ شدت

shrilly /ˈʃrɪlli/ *adverb*
1 بە زریکە، بە زیکە، بە زیرە، بە دەنگێکی ناخۆش(ەوە) 2 کەمێ تیژ یان زیکن ◇ 1 بە طور گوشخراش 2 نسبتاً تیز

shrimp /ʃrɪmp/ *noun*
مەیگو، کێنجی (*pl.* same or shrimps) 1 دەریا، ڕوبیان، شریمپ [*Crangon Pandalus* و توخمەکانی تر] 2 شت یان مرۆی هیچ و ئایەخ، مرۆی وردیلانە ◇ 1 میگو 2 چیز یا آدم ناچیز و بی‌اهمیت، آدم ریز

shrimping /ˈʃrɪmpɪŋ/ *noun*
ڕاوەمەیگو، ڕاوەکێنجی دەریا، شریمپ گرتن ◇ صید میگو

shrimp plant *noun*
جۆرێ دەوەن مەکسیکی بە هێشووی گوڵی وردەوە، دەوترێ شێوەی مەیگوو دەدا [*Justicia brandegeana*] ◇ نوعی بوته

shrine /ʃraɪn/ *noun*
1 گڵکۆ، گۆڕ، قەبر، شەباک، چاک، شەخس، قسن، نزرگە 2 جێ یان شتی پیرۆز ◇ 1 مرقد، ضریح 2 مکان یا شیء مقدس

shrink /ʃrɪŋk/ = informal psychiatrist

shrinkage /ˈʃrɪŋkɪdʒ/ *noun*
1 چوونەیەک، کرژبوون، چکۆلەبوونەوە، کۆبوونەوە، هەڵقرچان، هاتنەیەک 2 چوونەئاو، لەئاوچوون 3 کەمبوونەوە، داشکان، دابەزین: 1 ◇ **the shrinkage of heavy industry** انقباض 2 آب‌رفتگی 3 کاهش

shrinkage violet *noun*
کەسێکی شەرمێون، بنیادەمی کەمڕوو ◇ آدم خجول

shrink-wrapped *adjective*
(خواردەمەنی و هتد) لەنایلۆنپێچراو، بە پلاستیک‌پێچراو، پلاستیک‌پێچ، نایلۆن‌پێچ (کراو)، نایلۆن‌بەسەرداکێشراو ◇ پوشیده‌شده با پلاستیک

shrivelled *adjective*
ژاکاو، سیس‌بوو، وشک‌هەڵگەڕاو، (دەم‌وچاو) گرژ، گنج‌تێکەوتوو، چرچ‌تێکەوتوو، داچۆڕاو، چرچۆڵ، (بنیادەم) تێقوپاو، تێشکاو، پێچوو ◇ پژمرده، چروکیده، (شخص) تکیده

shroud /ʃraʊd/ *noun*
1 کفن، جامەمەرگ، گۆڕجامە، خەلاتی، تاوس، جاوپێچنەک 2 (خوازە) پەردە، توێ، داپۆشە، بەرگ 3 پەتی چەتر 4 پەیژەی تەنافی 5 (shrouds) تەنافی ڕاگیرکردن یان ڕاگرتن یان مەهار (ئەلمانی بنەڕەت) ◇ 1 کفن 2 (مجازی) لفافه 3 بند چتر 4 نردبان طنابی 5 (در جمع) طناب مهار

shroud-laid *noun*
(تەناف یا گوریس) چوارلۆنە ◇ چهاررشته(ای)

shroud-waving *noun*
کاتێ خەڵک ب.ت. دوکتور و سیاسەتوانەکان بە ئاشکرایی ڕەخنە لە چۆنیەتی باری پزشکی سێرڤیسی تەندروستی نیشتمانی بریتانیا دەگرن تا حکومەت ناچار بکەن پارەیەکی زۆرتری بۆ دابین بکا ◇ شرود ویوینگ

shrove = past of shrive

Shrovetide *noun*
دوو ڕۆژ پێش سێ‌شەممەی دانپیانان ◇ confession شرووتاید

Shrove Tuesday /ˌʃrəʊv ˈtjuːzdeɪ, -di, ˌʃroʊv ˈtuːz-/ *noun*
(کریستانیەت) سێ‌شەممەی دانپیانان ◇ سه‌شنبه‌ی اعتراف

shrub[1] /ʃrʌb/ *noun*
دەوەن، دەوەنەد، دەڤی، دارۆکە، دارۆچکە، شێخەڵ، پنج، تەپکە، کان: ◇ **evergreen shrubs**

shrub roses ۞ درخت‌چه، بوته

shrub² /ʃrʌb/ *noun*
خۆشاو یان شەربەتی ئەلکۆلی ۞ شروب

shrubbery /ˈʃrʌbəri/ *noun, pl.* shrubberies
جارەدەوەن، دەوەنەلان، پنجەلان، تەپکەلان، دەوەنجار ۞ بوتەزار

shrubby /ˈʃrʌbi/ *adjective* (shrubbier, shrubbiest)
جارەدەوەن، دەوەنەلان، پنجەلان، تەپکەلان، دەوەنجار ۞ بوتەزار

shrug /ʃrʌg/ *noun*
شان هەڵتەکاندن، شان بردنەسەر، گوێ‌پێنەدان، نادەربەستی، بێ‌خەیالی، کەمتەرخەمی ۞ بالا انداختن شانه، بی‌اعتنایی

shrunk /ʃrʌŋk/ = past and past participle of shrink

shrunken /ˈʃrʌŋkən/ *adjective*
1 هەڵقرچاو، چووەیەک، کرژبوو، چرچبوو، کۆوەبوو 2 لەناوچوو ۞ 1 چروکیده 2 آب‌رفته

shtetl /ˈʃtɛt(ə)l/ *noun, pl.* shtetlach /ˈʃtɛtlɑːx/ or shtetls
(مێژوویی) شارۆچکە یان دێی جووەکان لە رۆژهەلاتی ئەورووپادا (بنەڕەت: یەدی Yiddish بە واتای شاری بچوک little town) ۞ اشتتل

shtook /ʃtʊk/ *noun*, also schtuck
گیروکێشە، سەرێشە، کێشە، ئاستەنگ ۞ گرفتاری، مشکل

shtum /ʃtʊm/ *adjectiv*, also schtum
(نافەرمی) بێ‌دەنگ، کەم‌دوو، خوددار ۞ کم‌حرف

shtup /ʃtʊp/ *noun*, also schtup
(لە یەدی‌یەوە) گان، نیان، نزیکی ۞ جماع

shubunkin /ʃʊˈbʌŋkɪn/ *noun*
جۆری زەردەماسی رەش‌خاڵ و کلک و باڵدرێژ ۞ نوعی ماهی

shuck /ʃʌk/ *noun*
1 (زۆرتر لە ئەمریکای باکووری) تویکڵ، قاپیلک، قاوغ، توێخ، توێخڵ 2 (shucks) شایی، پەنابات، قرآن ۞ 1 پوسته، پوست 2 (در جمع) پشیز

shucker *noun*
پاکەر، توێخ‌لێکەرەوە ۞ پوست‌کننده

shucks /ʃʌks/ *interjection*
'You're real cute.' 'Aw -s, do ئاخ! ئەهـ!: *you think so?'* ۞ وای!

shudder /ˈʃʌdə(r)/ *noun*
1 لەرز، لەرزوتەز، موچرک، مچورک، تەزوو، تەز: *A cold shudder* ◊ *a shudder of fear* 2 لەرینەوە، راوەشان (توند): *ran through him* ◊ *The elevator rose with a shudder* ۞ 1 لرز 2 لرزش

shuddery *adjective*
لەرزپیاهاتوو، لەرزوتەزگرتوو، موچرکپیاهاتوو ۞ لرزان

shuffle /ˈʃʌfl/ *noun*
1 (پەرێن) بۆر، تێکەڵ(کردن) 2 گۆران 3 (کابینە) راستکردنەوە، رێکخستنەوە، 4 reshuffle بێ‌خشکێ، پێ بە عەرزدا خشاندن، خێشەخێش 5 فێڵ، تەڵەکە ۞ 1 بُر 2 تغییر 3 (کابینه) ترمیم 4 لخ‌لخ 5 حیله

shuffleboard /ˈʃʌflbɔːd, US -bɔːrd/ *noun*
شافل‌بۆرد (جۆرێ کایە) ۞ شافل‌بورد

shuffler /ˈʃʌflə(r)/ *noun*
بۆڕلێدەر، بۆڕچی، تێکەڵکەر (پەڕەکانی کایە) ۞ برزن

shul /ʃuːl/ = synagogue

shunner *noun*
خۆدوورگر، خۆپارێز، پرینگاوە ۞ پرهیزکننده

shunpike *noun*
لارێ‌یێ بۆ دەربازبوون لە دانی باجی رێ ۞ شان‌پایک

shunt /ʃʌnt/ *noun*
1 لادان، لاگۆڕی، لادان یان گۆڕانی رێ یان هێڵ، خستنەسەر هێڵێکی تر (قەتار)، دوورپانە، دووڕێ‌یانە 2 رووداوی لێکدانی موتۆرسیکلێت 3 گەیێنەرێکی ئێلیکتریکی کە دوو خالی circuit پێک دەبەستێتەوە ۞ 1 انحراف، دوراهی 2 تصادف موتور سیکلت 3 شانت

shunter *noun*
1 هێڵ‌بێ‌گۆڕ، رێگابێ‌گۆڕ 2 کرێکاری رێی ئاسن (ئەو کارانە دەکا) ۞ 1 تغییرمسیر یا خط دهنده 2 شانتر

shunting *noun*
(فەرەنسی) دووڕیانە، دووڕێ‌یانە ۞ دوراهی

shuriken /ˈʃʊərɪkɛn/ *noun*
چەکێکی چەندپەرەیی، لە هونەرە شەڕییەکاندا وەکوو پلارێ بەکاردێنرێ (ژاپۆنی: خەنجێر لە دەس‌دا) ۞ شوریکن

shush /ʃʊʃ/ *interjection*
هەرا! وست! بێ‌دەنگ! ۞ هیس! ساکت!

shut¹ /ʃʌt/ *adjective*
داخراو، پێوەدراو، گرتی، قایم‌کراو، بەستراو، قەپات‌کراو، قووچاو، نووقاو (چاو): *The door* ◊ *Keep your eyes shut* ◊ *was shut* ۞ بسته

shut² /ʃʌt/ = past and past participle of shut

shutdown /ˈʃʌtdaʊn/ *noun*
1 (کارگە و هتد) داخستن، داخران: *factory* 2 (کامپیوتر) شات‌داون، *shutdowns* کوژاندنەوە ۞ 1 تعطیل 2 شات‌داون

shut-eye *noun*
(نافەرمی) خەو، نووستن ۞ (عامیانه) خواب

shut-in *noun*

(بنیادەمی) لەجێ‌کەوتوو ◇ (آدم) بستری
shutoff *noun*
پچڕین، دابڕین، هەڵبڕین، وێستان ◇ قطع، وقف
shutter /ˈʃʌtə(r)/ *noun*
1 پەنجێرەی پەرەپەرە یان قەدقەد یان کرکرەیی 2 (کامێرا و هتد) داخەر، شاتێر 3 (موسیقا) بابوێریکی جوولاو لە pipe organ دا، بۆ مەهارکردنی قەبارەی دەنگ بەکاردێتری ◇ 1 (shutterless *adj* ،shuttering *n*) پنجرەی کرکرەای 2 شاتر. مسدودکنندە 3 شاتر
shutterbug /ˈʃʌtəbʌg, US ˈʃʌtər-/ *noun*
شەیدای کامێرا، خولیای دووربین، کامێرادۆست ◇ شاترباگ
shuttered /ˈʃʌtəd, US -tərd/ *adjective*
(پەنجێرە) پەرەپەرەیی، کرکرەیی، کرکرەدار: *shuttered windows* ◇ کرکرەدار
shuttle /ˈʃʌtl/ *noun, adjective*
n 1 سێرڤیس یان کاروانی هاتوچۆ 2 شاتێل (حەوا یان سپەیس) 3 تۆپی بەدمینتۆن، تۆپی پەڕدار 4 (چەرخی دروومان، جۆلایی و هتد) مەکووک، مەکووکە، مەکوو، ماکوو *adj* هاتوچۆیی ◇ *n* 1 سرویس رفت و برگشت 2 شاتل 3 توپ بدمینتون 4 ماکو *adj* رفت و برگشت
shuttlecock /ˈʃʌtlkɒk, US -kɑːk/ *noun*
تۆپی بەدمینتۆن، تۆپی پەڕدار ◇ توپ بدمینتون
shuttle diplomacy *noun*
(سیاسەت) نێوگێڕوانی یان دیپلۆماسی هاتوچۆیی ◇ دیپلوماسی رفت‌وبرگشتی
shuttle service *noun*
(پاس، فڕۆکە، شەمەندەفەر و هتد) کاروان یان سێرڤیسی هاتوچۆ ◇ سرویس رفت و برگشت
shy /ʃaɪ/ *adjective* (shyer, shyest)
1 شەرمێون، کەمڕوو، بەحەیا، شەرمن: *She was too -y to ask anyone for help* 2 هۆشیار، وریا، ئاگادار 3 (گیانەوەر) سڵ، تۆر، قۆشقی، سرک، ڕەڤۆک، ترسەنۆک ◇ 1 خجالتی 2 محتاط 3 (حیوان) رموک
shyly /ʃaɪli/ *adverb*
شەرمنانە، شەرمێونانە، کەمڕووانە: *She smiled shyly* ◇ خجولانە
shyness /ʃaɪnəs/ *noun*
شەرمێونی، بەحەیایی، بەشەرمی، شەرمنی، کەمڕوویی، ترسەنۆکی: *He tried to overcome his shyness* ◇ حجب، خجالتی بودن
shyster /ˈʃaɪstə(r)/ *noun*
(ئافەرمی) مرۆی فێڵاوی، ناپاک ◇ آدم حقەباز
si /siː/ *noun*, also te
(موسیقا، نۆت) سی (یێتە سەرەتای *Sancte Iohannes*) ◇ سی
Si symb. the chemical element silicon
SI /ˌes ˈaɪ/ *abbreviation* French, Systeme International
ئێس‌ئای (- سیستمی جیهانی یەکەکانی پێوان) ◇ اس‌آی
sialagogic *adjective*
سیالاگۆژیک، لیکپێڕێژ، لیکڕژێن ◇ سیالاگوژیک
sialagogue /ˈsʌɪələgɒg/ *noun*
سیالاگۆگ، دەرمانی لیکپێڕێژ یان لیکپێدەردان ◇ سیالاگوگ
sialic acid /sʌɪˈalɪk/ *noun*
(زیندەکیمیا) ترشەڵۆکی سایالیک یان لیکیک: ئاکێکی نێو لیک کە لە شەکر و کۆمەڵەکانی ئێستێر و ئەمینۆ پێکهاتووە ◇ اسید سیالیک
siamang /ˈsʌɪəmaŋ, US ˈsiːə-/ *noun*
جۆرێ gibbon ی ڕەشی زلە، ڕەسەنی سوماترا Sumatra و مالایا [*Hylobates syndactylus*] ◇ سیامانگ
Siamese /ˌsaɪəmiːz/ *adjective, noun*
adj سیامی، سەربە سیام یان تایلەند *n* 1 خەڵکی سیام، سیامی، تایلەندی 2 زمانی تایلەندی 3 پشیلەی سیامی ◇ *adj* سیامی *n* 1 اهل سیام یا تایلند 2 زبان تایلندی 3 گربەی سیامی
Siamese cat /ˌsaɪəmiːz ˈkæt/ *noun*
پشیلەی سیامی ◇ گربەی سیامی
Siamese twins *noun, pl.*, also technical conjoined twin
دووانە پێکەوەنووساوەکان ◇ دوقلوهای سیامی
sib /sɪb/ *noun*
1(زیندەناسی) خوشکیوبرایی 2 خزم‌وکەس، کەس‌وکار 3 خزمایەتی، نزیکایەتی ◇ 1 خواهر برادری 2 خویشاوندان 3 قرابت
Siberian /sʌɪˈbɪərɪən/ *noun, adjective*
n 1 خەڵکی یان دانیشتووی سیبیریا 2 سەربە سیبیریا ◇ سیبریایی
Siberian hysky *noun*
هاسکی سیبیریایی: جۆرێ ڕەگەزی سەگی گوێ‌قوتی دەستەی پەرەسەندوو لە سیبیریا، بۆ کێشانی خێشک ◇ هاسکی سیبریایی
sibilance /ˈsɪbɪləns/ *noun*
دەنگی فیکەیی ◇ صفیر
sibilant /ˈsɪbɪlənt/ *adjective, noun*
adj (دەنگناسی) سیکەیی، سئاسایی (بە پێوانەی فیکە) (وەکوو *s, sh*) *n* (دەنگناسی) دەنگی سیکەیی ◇ *adj* صفیری *n* صدای صفیری
sibilation *noun*
فیکەلێدان، فیتوولێدان، فیکەفیک کردن، فیکە ◇ سوت‌زنی، صفیر
siblicide /ˈsɪblɪsʌɪd/ *noun*
(گیانەوەرناسی) هاوشیرکوژی، هاوگوان‌کوژی، هاومەمک‌کوژی، کوشتنی خوشک یان برا ◇ سیبلیسایید

sibling /ˈsɪblɪŋ/ *noun*
هاوشیر، هاوممک، خوشک یان برا ○ همشیر
sibyl /ˈsɪbl/ *noun*
1 سیبیل (له میسۆلۆژی یۆنانی و رۆمیدا، ژنی غەیبزان یا داهاتووبین) 2 ژنی جادووگەر یان پێشبین یان غەیبزان ○ 1 سیبیل 2 زن غیبگو
sibyllic *adjective*, also sibylic
سەربە ژنی جادووگەر یان غەیبزان ○ وابسته به زن غیبگو
sibylline /ˈsɪbəlaɪn/ *adjective*
غەیبی، لەدڵنراو ○ الهامی
sic /sɪk, US siːk/ *adverb*
(لاتینی) ئاوایە لە دەقەکەدا، وایە (لە بنەڕەتا) ○ چنین است، کذا
siccative /ˈsɪcətɪv/ *noun, adjective*
(مەتریالی) وشککەرە(وە)، وشکەک (وەک پێکهێنەرێکی رەنگ) ○ خشک‌کننده
sice[1] /sʌɪs/ *noun*
(لە قوماردا) شەش (لەسەر مۆرە یا زار) ○ شش
sice[2] = syce
Sicilian /sɪˈsɪlɪən/ *adjective, noun*
adj سیسیلی، سەربە سیسیل Sicily (دورگەیێکی باشووری ئیتالیا) *n* خەڵکی سیسیل، سیسیلی ○ *adj* سیسیلی *n* اهل سیسیل
sick[1] /sɪk/ *adjective, noun*
adj 1 نەخۆش، ناساز، بیمار، دەردەدار 2 دڵتێکەڵهاتوو، لە حاڵی هێڵنجدانا 3 ناقایل، ناڕازی، پێخۆش‌نەبوو، نارەحەت، خەمبار، لێوبەبار 4 تێر، بێزراو، بێزار 5 بەتاسە، تامەزرۆ 6 رەنگ‌پەڕیو، رەنگ‌بزرکاو، زەرد (هەڵگەڕاو) *n* 1 رشانەوە، هێنانەوە، هێڵنجدان، دڵتێکهەڵاتن، دڵپێکاهاتن 2 (the sick) نەخۆشەکان (ئەڵمانی بنەڕەت) ○ *adj* 1 بیمار، مریض 2 دارای حال تهوع 3 ناخشنود 4 سیر، متنفر 5 مشتاق 6 زرد *n* 1 استفراغ 2 (the sick) بیماران
sickbay /ˈsɪkbeɪ/ *noun*
ژوور یان دیوی نەخۆشەکان ○ اتاق بیماران
sickbed /ˈsɪkbed/ *noun*
(سەر)جێی نەخۆش ○ بستر بیماری
sick buildings *noun, pl.*
خانووبەرە نەخۆشخەرەکان ○ ساختمان‌های بیماری‌آور
sick building syndrome *noun*
کۆنیشانەی نەخۆشی خانووبەرە ○ نشانگان بیماری ساختمان
sickener /ˈsɪkənə(r)/ *noun*
نەخۆشخەر ○ بیماری‌آور
sickening /ˈsɪkənɪŋ/ *adjective*
رشێنەرەوە، هێڵنج‌پێدەر، قێزەون، بێزاوی، ناخۆش: *She was the victim of a -ckening attack* ○ تهوع‌آور، نفرت‌انگیز، نامطبوع

sickeningly /ˈsɪkənɪŋli/ *adverb*
قێزەونانە، بێزاوی‌یانە، بە شێوەیەکی بێزاوی ○ به طور نفرت‌انگیز
sick headache *noun*
میگرێن ○ میگرن
sickle /ˈsɪkl/ *noun*
داس (داسوولکە small sickle کێلەندی: داسی گەورە) ○ داس
sick-leave /ˈsɪk liːv/ *noun*
مۆڵەت‌پێدانی (لەبەر) نەخۆشی ○ مرخصی استعلاجی
sickle cell *noun*
خانەی داسی: خرۆکەی سووری ناسایی شێوەداس ○ سلول داسی
sickle-cell anaemia *noun*, also sickle-cell disease
کەم‌خوێنی داسی (نەخۆشی‌یەکی سەختە کە لە ئەنجامی بوونی خرۆکەسوورەکانی داسی دەکەوێتەوە) ○ کم‌خونی داسی
sickly /ˈsɪkli/ *adjective* (sicklier, sickliest)
1 نەخۆش(دیار)، دەردەدار، دەغەزەدار، ناساخ 2 لاواز، کز 3 رشێنەرەوە، ناخۆش، بێزاوی ○ 1 علیل، ناسالم 2 ضعیف 3 مهوع
sickness /ˈsɪknəs/ *noun*
1 نەخۆشی، ناسازی، دەردەداری، ناساغی 2 رشانەوە، هێنانەوە، هێڵنجدان، دڵتێکهەڵاتن، دڵپێکاهاتن ○ 1 بیماری 2 تهوع
sickness benefit *noun*
حەق یان مووچەی سەردەمی نەخۆشی، نەخۆشانە ○ حقوق ایام بیماری
sick note *noun*
نامەی (دایک‌وباوک یان) دوکتور (لەبەر نەچوونەوەی بۆ خوێندنگا) ○ گواهی پزشک
sick-out /ˈsɪkaʊt/ *noun*
مانگرتنی خۆنەخۆش‌خستن یان خۆنەخۆش‌خەرانە ○ اعتصاب تمارضی
sick pay *noun*
حەق یان مووچەی سەردەمی نەخۆشی، نەخۆشانە ○ حقوق ایام بیماری
sickroom /ˈsɪkruːm, US -rʊm/ *noun*
دیو یان ژووری نەخۆش ○ اتاق بیمار
sic passim *adverb*
لە هەموو جێ یا شوێنێکدا وایە ○ و قس علیهذا
sidalcea /sɪˈdalsɪə/ *noun*
گیایێکی جۆری ئەمریکای باکووری، لە تیرەی mallow [*Sidalcea* تۆخم] ○ سیدالسیا
siddhi /ˈsɪdi/ *noun, pl.* siddhis
(لە سانسکریتەوە) تێگەیشتنی تەواو، روونبوونەوە، enlightenment ○ فهم کامل
side /saɪd/ *noun, adjective*
n 1 لا، ئالی، سمت، لایەن، روو، بەر، کێلەک،

کیلایی، فەر، تیم، دیو، پالوو، خشتەکی 2 دیوار 3 پاڵ، گوێ، دەم، کن، تەک، پەنا، پەر، تەنیشت، بەراسوو، قەدپاڵ، قەراغ، رەخ، دەف 4 لایەن، ئالی، بارە 5 نەیار، هەفرک، بەرچەپ، لایەنی بەرامبەر 6 تیپ یان تیمە وەرزشییەکان 7 کانالی تەلەفزیۆنی 8 کەلەکە، قەبرغە، خالیگە، لاتەنیشت 9 هەڵوێست، روانگە، بۆچوون 10 بەش، پشک، کەرت 11 بنار، بەروار، قەدپاڵ *adj* لابەلایی، لاتەنیشتی، لاوەکی، لاپالی، لایی، دووەمی ۞ *n* 1 طرف، سو، وجه، ضلع 2 دیوار 3 کنار، جنب 4 جنبه 5 حریف 6 تیم‌های ورزشی 7 کانال تلویزیونی 8 پهلو 9 موضع، دیدگاه 10 قسمت 11 دامنه *adj* فرعی، جانبی، ثانوی

sidearm /'saɪdɑːm/ *noun*

چەکی (لا)تەنیشتی، چەکی کەمەری یان پشتێنەیی (بەرپشتێن) ۞ سلاح کمری

sideboard /'saɪdbɔːd, US -bɔːrd/ *noun*

1 مێز (ی لا، بە دراوێر و دۆلابەوە بۆ چێشتلێنان) 2 (زۆرتر لە کۆدا sideboards) خەتی ریش ۞ 1 بوفه 2 (بیشتر در جمع) خط ریش

sideburns *noun, pl.,* also sideboard(s)

خەتی ریش ۞ خط ریش

sidecar /'saɪdkɑː(r)/ *noun*

(مۆتۆرسیکلێت) پەدەک ۞ سایدکار

side chain *noun*

(کیمیا) لازنجیرە، زنجیرەی لاوەکی یان (لا)تەنیشتی ۞ زنجیر جانبی

side chair *noun*

کورسی دارینی راستی بێدەسک (یان بێ‌لا) ۞ ساید چیر

side dish *noun*

لاخۆراک، تەواوکەری چێشت (وەک سەوزی و شتی وا) ۞ غذای جانبی

side drum *noun*

لاتەپل، تەپڵی چکۆلە ۞ طبل کوچک

side effect *noun*

لاکاریگەری، کاریگەری لاوەکی یا لاتەنیشتی ۞ اثر یا عارضەی جانبی

side-glance *noun*

(نیگای) لاچاو، ئاماژەی ناراستەوخۆ ۞ نگاه جانبی، اشارەی غیرمستقیم

sidehill = hillside

side issue *noun*

بابەتی لاوەکی، لاپرس، کێشەی ناسەرەکی، دۆزی ناسەرەکی یان لاوەکی، بابەتی لابەلایی یان لاتەنیشتی ۞ موضوع ثانوی

sidekick /'saɪdkɪk/ *noun*

1 (ئافەرمی) بەردەست، یاریدەدەر: *Batman and his young sidekick Robin* 2 دۆستی گیانی‌گیانی ۞ 1 وردست 2 رفیق صمیمی

sidelight /'saɪdlaɪt/ *noun*

1 (ماشین) چرای چکۆلە، لاچرا، چرای لای ماشین 2 زانیاری لاوەکی 3 (sidelights) چراکانی کەشتی ۞ 1 چراغ کوچک 2 نکتەی فرعی 3 (در جمع) چراغ‌های کشتی

sideline /'saɪdlaɪn/ *noun*

1 کاری دووەم، کاری لاوەکی، دەمکار، لاکار 2 لاهێل، هێلی لاتەنیشتی ۞ 1 شغل فرعی 2 خط فرعی

sidelines *noun, pl.*

1 (یاریگەی تۆپێن، تێنیس و هتد) هێڵە لاتەنیشتی‌یەکان، هێڵە لاپالەکان، لاهێڵەکان: *The coach stood on the sidelines yelling instructions to the players* 2 پەراوێز، قەراغ ۞ 1 خطوط کناری 2 حاشیه

sidelong /'saɪdlɒŋ, US -lɔːŋ/ *adjective, adverb*

بە سیلەی چاو، لە ژێر چاوەوە، لە گۆشەی چاوەوە، ئاوڕ ۞ زیرچشمی

sideman *noun, pl.* sidemen

ئەندام لە تیپی موسیقا یان سازبەندا ۞ عضو در گروه موسیقی یا ارکستر

side-on *adjective, adverb*

لە پاڵ، لە پەنا، لە قەراغ، لە تەنیشت، لە لاوە: *The car hit us side-on* ۞ از بغل

side order *noun*

(خواردنگە) راسپاردنی زیادی، خۆراکی زیادی ۞ سفارش اضافه

sidepiece *noun*

لاپارچە، پارچەی لاوەکی یان ناسەرەکی ۞ قطعەی جانبی

sider(o)-[1] *prefix*

پێشگر: ئاسن: *siderophore hemosiderin* (بنەڕەت: لە *sidēros* یونانییەوە "ئاسن") ۞ پیشوند: آهن *siderolite*

sider(o)-[2] *prefix*

پێشگر: ئەستێرە (بنەڕەت: لە *sidus, sider-* لاتینەوە) ۞ پیشوند: ستاره

side reaction = sidereal

sidereal /saɪ'dɪəriəl, US -'dɪr-/ *adjective*

ئەستێرەیی، سەربە ئەستێرەکان ۞ نجومی، ستارگانی

sidereal day *noun*

رۆژی ئەستێرەیی: 23 سەعات و 56 دەقە و 4/09 ی چرکە ۞ روز نجومی

sidereal hour *noun*

کاتژمێر یا سەعاتی ئەستێرەیی ۞ ساعت نجومی

sidereal minute *noun*

دەقەی ئەستێرەیی، وردەکی ئەستێرەیی ۞ دقیقەی نجومی

sidereal noon *noun*

نیوەڕۆی ئەستێرەیی ۞ ظهر نجومی

sidereal second *noun*
چرکەی ئەستێرەیی ۞ ثانیەی نجومی
sidereal time *noun*
کاتی ئەستێرەیی ۞ زمان نجومی
sidereal year *noun*
ساڵی ئەستێرەیی (365 رۆژ و 6 سەعات و 10 دەقە) ۞ سال نجومی
siderite /'sʌɪdərʌɪt, US 'sɪd-/ *noun*
1 کاناسن: کانێکی قاوەیی، کاربۆناتی ئاسنی تیایە $FeCO_3$ 2 بەردێکی ئاسمانی کە زۆرتر نیکل و ئاسنی تیایە ۞ سیدریت
sideritic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە siderite ـەوە هەیە ۞ وابستە بە سیدریت
side-road *noun*
ڕێگای لاوەکی، لاڕێ ۞ جادەی فرعی
siderocyte *noun*
خڕۆکەسووری ئاسن‌دار ۞ سیدروسیت
siderolite *noun*
بەردێکی ئاسمانی meteorite ئاسن‌دار ۞ سیدرولیت
siderophile *adjective, noun*
adj ئاسن‌دۆست *n* توخم، شانە یا خانەیێکی ئاسن‌دۆست ۞ سایدروفیل
siderophore /'sɪdərə(ʊ)ˌfɔː, 'sʌɪ-/ *noun*
(زیندەکیمیا) ئاسن‌هەڵگر: گەردیێ کە ئاسن لە وردەزیندەوەرەکاندا micro-organism ڕادەگوێزێ ۞ سیدروفور
siderosis *noun*
جۆرێ نەخۆشی سییەکان lungs کە بەهۆی هەڵمژینی پارچۆلکەکانی ئاسن یان کانزاکانی ترەوە تووش دەبێ ۞ سیدروز
siderotic *adjective*
سەربە یا پێوەندی بە سایدێرۆزەوە siderosis هەیە ۞ وابستە بە سیدروز
side-saddle /'sʌɪdsædl/ *adverb, noun*
adv (ئەسپ‌سواری) لابەلا، لەلایێ *n* زینی ژنانە ۞ *adv* یکوری *n* زین زنانه
side salad *noun*
سالاتێ کە وەکوو چێشتی لاوەکی ئامادە دەکرێ ۞ ساید سالاد
sideshow /'saɪdʃəʊ, US -ʃoʊ/ *noun*
1 لاشانۆ، پیشان‌دانی لاوەکی، نواندنی ناسەرەکی 2 چالاکی یا ڕووداوی ناگرنگ، لاڕووداو ۞ 1 نمایش جنبی 2 فعالیت یا رویداد کم‌اهمیت
sideslip *noun*
لاخزین، خلیسکانی لابەلایی، لاخزکێ، لاخلیسکێ ۞ لیزخوردگی جانبی
sidesman *noun, pl.* sidesmen
یاریدەدەری churchwarden ۞ سایدسمن
side-splitting *adjective*
(زۆر) پێکەنینی، بەزم: *side-splitting anecdotes* ۞ مضحک، خنده‌آور
side-splittingly *adverb*
(زۆر) پێکەنینییانە، بەزمانە: *side-splittingly funny* ۞ مضحکانه
sidestep /'saɪdstep/ *noun*
(شەڕەمشت) هەنگاوی لابەلایی، خۆلادان، جێ‌خاڵی ۞ جاخالی
sidestepper *noun*
هەنگاوهەڵێنەری لابەلایی، خۆلادەر ۞ جاخالی دهنده
sidestepping *noun*
خۆدزینەوە، لەژێردەرچوون ۞ طفره
side-street *noun*
شەقامی لاوەکی، لاشەقام، شەقامی ناسەرەکی ۞ خیابان فرعی
sidestroke /'saɪdstrəʊk, US -stroʊk/ *noun*
وشترەمەلێ، مەلێی لەسەرتەنیشت، تەنیشتەمەلە، وشترەمەلە، لامەلێ، مەلێی لاتەنیشتی، تەنیشتەمەلێ ۞ شنای پهلو
sideswipe /'saɪdswaɪp/ *noun*
1 لە لاوە لێک‌کەوتن، لە تەنیشتەوە لێک‌سرەواندن: ◊ *a sideswipe by a truck* - *ped a parked car* 2 تانەوتوانج، تانەوتەشەر، لارەخنە: *It was a good speech, but he couldn't resist taking a sideswipe at his opponent* ۞ 1 تصادف از پهلو 2 گوشه و کنایه
sidetrack /'saɪdtræk/ *noun*
1 (ڕێی ئاسن) لاهێڵ، دووڕیانە، هێڵی لاوەکی 2 لادان لە بابەتی سەرەکی ۞ 1 خط فرعی 2 نکتەی انحرافی
side-view /'saɪd vjuː/ *noun*
دیمەنی لە لاوە، دیمەنی لاتەنیشتی، لاجانگ ۞ منظرەی جانبی
side-view mirror *noun*
(ماشێن) ئاوێنەی لاباڵ یا لەلاوە، ئاوێنەی لا یان باخەڵ ۞ آینەی بغل
sidewalk /'saɪdwɔːk/ *noun*
1 پیادەڕەو، پیادەڕێ، پێڕەو 2 باڵ شەقام، تەنیشت شەقام، لەسەر پیادەڕەو ۞ 1 پیادەرو 2 توی پیادەرو
sidewalk artist *noun*
وێنەکێشی باڵ شەقام ۞ نقاش کنار خیابان
sidewall /'saɪdwɔːk/ *noun*
1 لادیوار، دیوار تەنیشتی یان لابەلایی 2 تەنیشتی تایە یان پێچکەی ماشێن ۞ 1 دیوار پهلویی 2 کنار لاستیک
sideward /'saɪdwəd, US -wərd/ *adjective, adverb,* also sidewards
لە لاوە، لە باڵەوە، لە تەنیشتەوە، لە قەراغەوە: *a*

از پهلو ۞ *sideward glance*

sideways /ˈsaɪdweɪz/ *adverb, adjective*
لابەلا، لەلاین، لە لاوە، لە پاڵەوە، لە قەراغەوە، لە تەنیشتەوە، ئاوڕ، بە سیلەی چاو: *a sideways move* ۞ یکوری، از پهلو،زیرچشمی

side-wheel *noun*
پێچکەدار، ڕەوڕەوەدار، پەروانەدار ۞ چرخدار

side-wheeler *noun*
گەمی هەڵمی پێچکەدار یان ڕەوڕەوەدار، بەلەمی هولمی پەروانەدار ۞ قایق بخاری چرخدار

side-whiskers *noun, pl.*
ڕیش بە چەناگەی تاشراوەوە، ڕیشی دوو لای دەم‌وچاو ۞ ریش دو طرف صورت

side wind *noun*
لابا، بای تەنیشتی، باێ کە هەمیشە لە لایێکەوە دێ ۞ باد کناری

sidewinder[1] /ˈsʌɪdˌwʌɪndə/ *noun*
ماری زەنگوڵەداری لارەو [*Crotalus cerastes*] ۞ نوعی مار زنگی

sidewinder[2] /ˈsʌɪdˌwɪndə/ *noun*
(لە ئەمریکای باکووری) لێدانی قورس لە تەنیشتەوە ۞ ضربەی سنگین از پهلو

sidewise = sideways

siding /ˈsaɪdɪŋ/ *noun*
1 هێڵی لاوەکی، لاهێڵ، هێڵی لاتەنیشتی 2 داپۆشینی ڕووکاری دیوار، کەرەسەی داپۆشینی دەرەوەی دیوار 3 دووڕیانە، دوڕیانە 4 لایەنگری، ئالیگری ۞ 1 خط فرعی 2 سایدینگ 3 دوراهی 4 جانبداری

sidle /ˈsaɪdl/ *noun*
ڕۆیشتن بە ماتە، پێدزە (ب.ت. لەسەر لاێ) ۞ پاورچین

SIDS *abbreviation* Sudden Infant Death Syndrome
مەرگەخەوی منال ۞ خواب‌مردگی کودک

siege /siːdʒ/ *noun*
گەمارۆ، دۆردان، ئابلۆقە، دەورگرتن، دەوردان: *the siege of Troy* ۞ محاصره

siege mentality *noun*
هەستی خۆپاراستن، مینتالیتی خۆپاراستن ۞ ذهنیت دفاعی

Siegfried *noun*, German
زیگفرید: پاڵەوانی ئەفسانەیی هەژدیهاکوژی ئەڵمانی و پاسەوانی خەزێنەی زێڕ، Brunhild لە خەوی جادوویی هەڵدەستێنێ ۞ زیگفرد

Siegfried line *noun*
هێڵی بەرگری زیگفرید ۞ خط دفاعی زیگفرد

siemens /ˈsiːmənz/ *noun, pl.* same
(فیزیک) یەکەی جیهانی گەیێنەریتی، بەرامبەر بە یەک ئۆهمی دوولایەنە (کورتەکەی S؛ بنەڕەت: لە ناوی ئەندازیار Sir Charles William *Siemens*) ۞ زیمنس

sienna /siˈenə/ *noun*
سیەنا: جۆرێ گڵەسوورە کە وەک ڕەنگی وێنەکێشی بەکاردێترێ، بنەڕەت: لە *(terra di) Sienna* ئیتالیایی "(earth of) Sienad" ۞ سینا

sierra /siˈerə/ *noun*
1 سیەرا، سیێرا (ب.ت. لە سپانیا و ئەمریکای سپانیایی) زنجیرەکێوێکی دووڕودرێژ بە چیای بەرز و ددانەددانەوە) 2 نیشانەی کۆدێ کە پیتی S دەردەخا، لە پێوەندی ڕادیۆیی‌دا بەکاردێترێ ۞ سیرا

Sierra Leonean /lɪˈəʊnɪən/ *noun, adjective*
n خەڵکی یان دانیشتووی Sierra Leone، *adj* سیرالیۆنی، ولاتێ لە ئەفریکای باکووری سەربە سیرالیۆن، سیرالیۆن ۞ سیرالئونی

siesta /siˈestə/ *noun*
سەرخەوی دوانیوەڕۆ، خەوی نیوەڕوان ۞ خواب بعد از ظهر

sieve /sɪv/ *noun*
1 هێلەک، بێژنگ، ئاردابێژ 2 ئاوکێش، ئاوەچۆڕە ۞ 1 الک، غربال 2 آبکش

sieve cell *noun*
(ڕووەکناسی) خانەی بێژنگی یان ئاوکێش ۞ سلول غربالی

sieve element *noun*
(ڕووەکناسی) توخمی بێژنگی یان ئاوکێش ۞ عنصر غربالی

sieve plate *noun*
(ڕووەکناسی) تەختە یان تەبەقی بێژنگی یا ئاوکێش ۞ صفحەی غربالی

sieve shaker *noun*
(کیمیا) بێژنگ‌ڕاوەشێن ۞ تکان‌دهندەی غربال

sievert /ˈsiːvət, US -vərt/ *noun*
(فیزیک) سیڤێرت (= یەکەی جیهانی پێوانی بڕی تیشکێ کە دەچێتە نێو لەشەوە، کورتەکەی Sv) ۞ سیورت

sieve tissue *noun*
(ڕووەکناسی) شانەی بێژنگی یان ئاوکێش ۞ بافت غربالی

sieve tube *noun*
(ڕووەکناسی) لوولەی بێژنگی یان ئاوکێش، ئاوخۆرەی بێژنگی، لوولەی کونکون: زنجیرەیێکی خانە لوولەکی‌یە cylindrical cell ستوونی یان پۆیی‌یەکانی vertical یان phloem، تایبەتی گەیاندنی ماک و مەتریالی خۆراکی ۞ آوند غربالی

sifaka /sɪˈfakə/ *noun*
جۆرێ لیمۆری زلەی میگەڵژی، ڕاست لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر بازدەدا [توخم *Propithecus*: دوو جۆرن] ۞ سیفاکا

sift /sɪft/ *noun*
دابێژان، لەبێژنگ‌دان، تەتەڵە، گێژدان ۞ عمل الک کردن، بوجاری

sifter /'sɪftə(r)/ *noun*
دابێــژەر، لـــەبێژنگ‌دەر، بێژنــگ، هێــڵەک ۞ غربال‌کننده، الک

siftings *noun, pl.*
بن‌بێژنگ، بنژیل، چەت، کۆتەڵ، کۆزەرە، کزمک، درشتە، سەرکوت، پاژینە (هی گەنم) ۞ نخاله

Sigatoka /ˌsɪɡə'təʊkə/ *noun*
جۆرێ نەخۆشی کەڕوویی گیا و ڕووەکی مۆز ۞ سیگاتوکا

sigh /saɪ/ *noun*
ئاخ، ئاهـ ئاخ‌هەڵکێشان، داخ، هەناسە، هەناسەی قووڵ، پرزە: *to give/heave/let ◊ a deep sigh out a sigh* ۞ آه، حسرت، نفس عمیق

sight /saɪt/ *noun*
1 بینایی، دید 2 توانایی بینین 3 نێرین، ڕوانین، چاولێ‌کردن، تەماشاکردن، دیتن، نیگا 4 دیمەن، بەرچاو، پێشچاو 5 هەتەر، بڕکردنی چاو، چاوبڕ، بیناویژ 6 ڕا، بیر، بۆچوون، بیروڕا، ڕوانگە، نێرین، دیتن 7 قیافە 8 (لەسەر تفەنگ) سێرە، سێپ، دەزگای نیشانەگرتن 9 (sights) شوێنە جوان یا گەڕوانی‌یەکان ۞ 1 بینایی 2 باصره 3 رؤیت، نگاه 4 منظره 5 دیدرس 6 عقیده، دیدگاه 7 قیافه 8 وسیله‌ی نشانه‌گیری 9 (در جمع) دیدنی‌ها

sighted /'saɪtɪd/ *adjective*
بینا (لە بەرامبەر کوێردا) ۞ بینا

sight hound *noun*
تـــاژی یـــان ســـەگـــی ڕاوی بـــە دیـــتن (وەک greyhound، لەچاو تاژی بۆن(کردن، بڕوانە scent hound) ۞ سایت هوند

sighting /'saɪtɪŋ/ *noun*
بینین، نێرین، چاولێ‌کردن، ڕوانین، دیتران، بینران ۞ مشاهده، رؤیت، دیده شدن

sightless /'saɪtləs/ *adjective*
1 کوێر، نابینا. blind 2 نەبینراو ۞ 1 کور 2 نامرئی

sightlessly /'saɪtləsli/ *adverb*
1 کوێرانە 2 نەبینراوانە ۞ 1 کورانـه 2 بـه طـور نامرئی

sightlessness /'saɪtləsnəs/ *noun*
1 کـوێری، نابینـایی 2 نـەبینراوی ۞ 1 کـوری 2 نامرئی بودن

sight line *noun*
هێڵی بینایی یا دیتن (هێڵێکی خەیاڵی لە چاوی مرۆڤەوە بۆ ئەو شتەی دەیبینێ) ۞ خط دید

sightliness /saɪtlinəs/ *noun*
جوانی، خۆشی، دیمەن‌جوانی، خۆش‌دیمەنی ۞ خوش‌منظری

sightly /saɪtli/ *adjective* (sightlier, sightliest)
جـوان، خـۆش، دیمـەن‌جـوان، خـۆش‌دیمـەن، attractive ۞ زیبا

sight-reader *noun*
(بێ‌بیرلێ‌کردنەوە) پێرفۆرمێر یا گۆرانی‌بێژ ۞ فی‌البداهه اجراکننده یا خواننده

sight-reading *noun*
جێبەجێ‌کردن یا (گۆرانی) وتن (بێ‌بیرلێ‌کردنەوە) ۞ اجرا یا خوانندگی (فی‌البداهه)

sightseeing /'saɪtsiːɪŋ/ *noun*
ســەردان(کـردن)ی شـوێنە توریـستی‌یـەکان ۞ بازدید از اماکن توریستی

sightseer *noun*
گـــەڕوان، گەڕیـــدە، گەشـــتیار، توریـــست، سەردان‌گەر ۞ جهان‌گرد، توریـست

sight unseen *adjective*
بـێ‌پـشکنین، بـێ‌تێـڕوانین، بـێ‌چاولـێ‌کـردن، بێ‌نرخاندن، بێ‌هەڵـسەنگاندن، بێ‌لێکدانەوە ۞ بدون بازرسی، بدون ارزیابی

sigil /'sɪdʒɪl/ *noun*
1 مۆر، واژۆ، ئیمزا 2 نیـشانە، بـەرزەنگ، هێما، سیمبول 3 نیشانە یان هێمای (هێزی نەهێنی) ئەستێرەوانی یان جادوویی ۞ 1 مهر، امضا 2 علامت، نماد 3 علامت نجومی یا سحری

sigillate /'sɪdʒəleɪt/ *adjective*
مۆرکراو، مۆردار، مۆرکردە، ئیمزاکراو، ئیمزادار ۞ امضادار

siglum /'sɪɡləm/ *noun, pl.* sigla
پیت یان هێمایێ بە نیشانەی وشە یان ناوێ، ب.ت. بـۆ ئامـــاژە بـــە دەس‌نـــووس یـــان پیاچوونەوەی دەقێ ۞ سیگلوم

sigma /'sɪɡmə/ *noun, pl.* sigmas
1 سیگما (= هەژدەیەمین پیتی ئەلفوبێی یۆنانی Σ, σ) 2 هێمایە بـۆ: لادانی سـتاندارد یـان پێوانـەیی، standard deviation (بنـەڕەت: لـە یۆنانی‌یەوە) ۞ 1 سیگما 2 نماد: انحراف استاندارد

sigmate /'sɪɡmət/ *noun*
بە شێوەی پیتی S یان Σ ۞ مانند حرف S یا Σ

sigmoid /'sɪɡmɔɪd/ *adjective*, also sigmoidal
1 بە شێوەی S، Sئاسا، دوولاچەماو، سیگمائاسا، شێوەسیگما، سـیگمایی 2 داسـی، مانگیلـەیی، نیوەبازنە(یی)، لابازنـەیی، شێوە C، داس‌ئاسا، سی‌ئاسا 3 ئاڵقەیی 4 (توێکاری) سەربە یان لە نزیک sigmoid flexure ی ڕیخۆڵە گـەورە هەڵکەوتووە، ئاماژە بە بەشی چەمیوی کۆلۆن کە لە کۆمدا دەبڕێتـەوە ۞ 1 مانـند S 2 هلالـی 3 حلقوی 4 سیگموئید

sigmoid colon *noun*, also sigmoid flexure
کۆلۆنی سیگموید یان سیگمایی: بەشی چەمیوی ڕیخۆڵـەگـەورە، لـە ژوور کـۆم rectum (هـی مرۆڤ) هەڵکەوتووە ۞ کولون سیگموئید

sigmoid flexure *noun*
1 چـەمیوی‌یێکـی Sئاسـای بـەشێکی لـەش 2 -

خمیدگی Sمانند در قسمتی ◌ sigmoid colon از بدن

sigmoidoscope *noun*
سیگمۆیدۆسکۆپ، سیگمۆیدبین: نێوەبینی endoscope کە لە نێو کۆم دەخرێ بۆ تاقیکردنەوەی کۆلۆنی سیگمۆید ◌ سیگموئیدوسکوپ

sigmoidoscopic *adjective*
سەربە سیگمۆیدۆسکۆپی یا سیگمۆیدبینی ◌ وابسته به سیگموئیدوسکوپی

sigmoidoscopist *noun*
سیگمۆیدۆسکۆپیست ◌ سیگموئیدوسکوپیست

sigmoidoscopy /ˌsɪgmɔɪˈdɒskəpi/ *noun*
سیگمۆیدبینی، سیگمۆیدۆسکۆپی: تاقیکردنەوەی کۆلۆنی سیگمۆید بەهۆی لوولەیێکی نەرم کە بەنێو کۆمدا تێدەخرێ ◌ سیگموئیدوسکوپی

sign /saɪn/ *noun*
1 نیشانە، نیشان، بەرژەنگ، دروشم، زناک، بەڵگە، درف، هێما 2 نیشانە، بەرژەنگ 3 شوێنەوار، مۆرک، نیشانە، شوێن، شەقڵ 4 ئاماژە، مێزە 5 تابلۆ 6 راگەیاندن، تێبینی، سەرنج 7 (ئەستێرەوانی) کەلوو، برج (بنەرە ت: لە *signum* لاتین "نیشانە") ◌ 1 علامت، نشانه، نماد 2 آیت 3 اثر 4 اشاره 5 تابلو 6 اعلان، آگهی 7 برج

signage *noun*
نیشانەکان بەگشتی، ب.ت. هی بازرگانی ◌ علائم

signal[1] /ˈsɪgnəl/ *noun*
1 سیگناڵ، پەیام، نیشانە، sing: *a*
2 *danger/warning/distress, etc. signal* ئاگادارکردنەوە ◌ 1 علامت، پیام 2 اخطار

signal[2] /ˈsɪgnəl/ *adjective*
بەرچاو، جێی‌سەرنج، بەرز، دیار، ئاشکرا: *a signal failure of leadership* ◌ چشم‌گیر

signal box *noun*
(رێی ئاسن) دیوی چاودێری یان کۆنترۆڵ، رێدێری، دیوی ئامازەوانی ◌ اتاق سوزنبان

signalization *noun*
نیشانەدانان، نیشانەپێدان ◌ علامت‌گذاری، علامت‌دهی

signaller *noun*, also signaler
1 نیشانەدەر 2 ئاگادارکەرەوە ◌ 1 علامت‌دهنده 2 اخطارکننده

signally /-nəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی بەرچاو، بە شێوەیەکی دیار ◌ بە طور چشم‌گیر

signalman /ˈsɪgnəlmən/ *noun, pl.* -gnalmen
(رێی ئاسن) ئامازەوان، بەرپرسی کۆنترۆڵ، نیشانەوان، رێدێر ◌ سوزنبان

signalment /ˈsɪgnəlmənt/ *noun*
دیاریکردنی ناسنامەی کەسێ بە هەڵدانی نیشانە رواڵەتی‌یەکانی کەسێ ◌ تعیین هویت

signal tower = signal box

signatory /ˈsɪgnətri, US -tɔːri/ *noun, pl.* signatories
ئیمزاکەر، مۆرکەر ◌ امضاکننده

signature /ˈsɪgnətʃə(r)/ *noun*
1 مۆر، ئیمزا، واژۆ 2 پەسندکردنی مۆر یان ئیمزا 3 کورتەی key signature یان time signature ◌ 1 امضا 2 صحه

signature tune *noun*
(تەلەفزیۆن و رادیۆ) ئاواز یان نیشانەی بەرنامە ◌ آهنگ یا آرم برنامه

signboard /ˈsaɪnbɔːd, US -bɔːrd/ *noun*
تابلۆ، تەختەئاگاداری ◌ تابلو

signer *noun*
مۆرکەر، ئیمزاکەر، ئیمزاکار، واژۆکار ◌ امضاکننده

signet /ˈsɪgnət/ *noun*
1 مۆر 2 (زۆرتر the Signet) مۆری پاتشایی، جاران بۆ مەبەستی تایبەتی لە ئینگلتەرە و سکاتلەند و دواتر لە سکاتلەند وەکوو مۆری دادگای بەرز بەکاردێترا ◌ 1 مهر، خاتم 2 سیگنت

signet ring /ˈsɪgnət rɪŋ/ *noun*
ئەنگوستیلەی مۆردار، ئەنگوستیلەی نەخش‌دار ◌ انگشتر خاتم

significance /sɪgˈnɪfɪkəns/ *noun*, also significancy
1 واتا، مانا، مەبەست: *Do these symbols have any particular significance?* 2 گرنگی، گرنگایەتی، پێشەم‌بوون، بایەخ: *a decision of major political significance* ◌ 1 معنی، مقصود 2 اهمیت، قدر

significant /sɪgˈnɪfɪkənt/ *adjective*
1 واتادار، مەعنادار، مانادار، پرواتا، پرمەعنا، بەمەعنا، بەمەبەست، suggestive: *a significant glance* 2 گرنگ، بەرکەفتی، پێشەم، important: *a significant piece of legislation* 3 بەرچاو، جێی‌سەرنج، شایانی تێبینی، شیاوی سەرنج: *producing significant profits* ◌ 1 معنی‌دار 2 مهم 3 چشم‌گیر

significantly /sɪgˈnɪfɪkəntli/ *adverb*
بە شێوەیەکی جێی‌سەرنج، بە شێوەیەکی بەرچاو ◌ به طور چشم‌گیر

signification /ˌsɪgnɪfɪˈkeɪʃn/ *noun*
1 (زمانەوانی) واتا، چەمک 2 نیشانە(ی شتێ)بوون، ئامازەپێکردن، دەلالەت 3 = importance، consequence ◌ 1 معنی 2 دلالت

significative /sɪgˈnɪfɪkeɪtɪv/ *adjective*
1 واتادار، مانادار، significant 2 نیشانەی...، نیشاندەر، نیشانکەر، ئامازەپێکەر، بەمانا، indicative: *symptoms significative of malaria* 3 گرنگ ◌ 1 معنی‌دار 2 دال 3 مهم

signified /ˈsɪgnɪfaɪd/ *adjective*

مەدلول، نیشانە، ئاماژەپێکراو، نیشانەی ئەو (شتە)بوو، ئامازیاو ۞ مدلول
signifier /'sɪgnɪfaɪə(r)/ *noun*
دال، نیشانگەر، ئامازەپێکەر ۞ دال
signing /'saɪnɪŋ/ *noun*
1 بەکارهێنانی زمانی ئامازە: *the use of* 2 مۆر یان ئیمزاکردن *signing in classrooms* (بنەوەی بەڵگەنامە بۆ ئەوەی کە پیشان بدا ئەوەی پەسند کردووە): *the signing of the Treaty of Rome* ۞ کاربرد زبان اشارە 3 عمل امضا کردن
signior = signor
sign language *noun*
زمانی ئامازە: *They communicate in sign language* ۞ زبان اشارە
sign of the cross *noun*
نیشانەی خاچ ۞ علامت صلیب
signor /'si:njɔ: , US si:'njɔ:/ *noun, pl.* signori /-'njɔ:ri:/ also signore or Sir. or Mr.
(ئیتالی) بەرێز، کاک، هێژا، سەیدا، گەورە ۞ سید، آغا، سینیور
signora /si:'njɔ:rə/ *noun,* also madame, Mrs.
کچ، کەنیشک، خانم، خاتوون، خاتوو، دادە، سینیۆرا ۞ دختر، خانم، سینیورا
signore = signor
signorina /,si:njə'ri:nə/ *noun, pl.* signorinas or signorine
ژنی ئیتالیایی، خانم، خاتوون ۞ سینورینا
signorino *noun*
گەنجی ئیتالیایی ۞ سینیورینو
signory /'si:njəri/ *pl.* signories = seigniory
signpost /'saɪnpəʊst, US -poʊst/ *noun*
1 (ڕێگاوبان) نیشانە، ڕێنیشان، نیشانەڕێ، تابلۆ: *Follow the signposts to the superstore* 2 (خەوازە) ڕێپیشاندەر، ڕێنیشاندەر، guide 3 - sign، indication ۞ 1 علامت 2 (مجازی) رهنمود
signposted *adjective*
(ڕیگاوبان) خاوەننیشانە، بە نیشانەی سەرڕیگاوە، بە نیشانەڕێوە، ڕێنیشانی هەیە ۞ دارای تابلوی راهنما
signwriter /'saɪnraɪtə(r)/ *noun,* also sign painter
تابلۆنووس ۞ تابلونویس
signwriting /'saɪnraɪtɪŋ/ *noun*
تابلۆنووسی ۞ تابلونویسی
sika /'si:kə/ *noun,* also sika deer
گاکێوی دارستانی، ڕەسەنی ژاپۆن و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بە زستان و هاوین ڕەنگ دەگۆڕێ *[Cervus nippon]* ۞ سیکا
sike /sʌɪk/ *noun*
جۆگەلە، لاجۆگە ۞ جوی کوچک
Sikh /si:k/ *noun, adjective*
n سیک: ئەندامی دەستەیەکی ئایینی سەربە هیندوئیزم کە لە دوایی‌یەکانی سەدەی 15ی زایینی‌دا، لەسەر بنچینەی باوەڕ بە یەکخودایی لە لایەن گورو ناناک Guru Nanakەوە پەرەی سەندووە *adj* سەربە سیکەکان یان سیکباوەڕی (لە پەنجابی "disciple"، سانسکریتی) ۞ سیک
Sikhism /'si:kɪz(ə)m, US 'sɪk-/*noun*
ئایینزای سیک، سیکباوەڕی ۞ مذهب سیک
Siksika /'sɪksɪkə/ *noun, pl.*
سێ گەلی هەرەباکووری کە کۆنفیدراسی Blackfoot پێکدێنن (بنەڕەت: لە -siksi بلەکفووتی "ڕەش" + -ka "پا") ۞ سیکسیکا
silage /'saɪlɪdʒ/ *noun*
تفاقی عەمارکراو یان هەڵگیراو (ب.ت. لە سیلۆدا) ۞ علوفەی انبارشدە
silane /'sʌɪleɪn/ *noun*
ئاوێتەیەکی گازی خۆگرگرتووی سیلیکۆن و هایدرۆژین ۞ سایلین
sild *noun, pl.* same
بەچکە herring (بنەڕەت: لە دانمارکی و نۆروێژی‌یەوە وەرگیراوە) ۞ سیلد
silence /'saɪləns/ *noun*
بێدەنگی، کپی، کڕی، وسکوتی، قسەنەکردن، ماتی، کشومات، زمانبەستراوی ۞ سکوت، خاموشی
silencer /'saɪlənsə(r)/ *noun,* also muffler
1 دەنگبڕ، دەنگپۆش، کپکەر 2 کوورەی ئیگزوز، سەرەئیگزۆز ۞ 1 صداخفەکن 2 منبع اگزوز
silent /'saɪlənt/ *adjective*
بێدەنگ، کپ، خپ، کڕ، کشومات، مات، وسکوت، زمانبەستراو، کەمقسە، بێقسە، لاڵ، بێزمان، (پیتەکان) نەوتراو، گۆنەکراو (وەکوو b لە doubt دا) ۞ ساکت، خاموش، گنگ، (حروف) غیرملفوظ
silent film *noun*
فیلمی بێدەنگ ۞ فیلم صامت
silently /'saɪləntli/ *adverb*
1 بێدەنگ 2 بە بێدەنگی 3 بێقسە ۞ 1 ساکت 2 با سکوت 3 بی‌حرف
silent majority *noun*
زۆرینەی بێدەنگ ۞ اکثریت خاموش
silent partner = sleeping partner
Silenus *noun*
(میتۆلۆژی یۆنان) سیلێنوس: خواژنی دارستان ۞ سیلنوس
silesia /sɪ'li:ʒə/ *noun*
جۆرێ کوتاڵ یا پارچەی ناسکی بەری ۞ سیلسیا
Silesian /sʌɪ'li:zɪən, US -'li:ʒən/ *noun, adjective*

n خەڵکی یان دانیشتووی Silesia، ناوچەیێ لە ناوەندی ئەورووپا *adj* سەربە سایلیزیا، سایلیزیایی ۞ سایلیسیایی
silex /ˈsʌɪlɛks/ *noun*
سایلێکس، بەردەچەخماخ، دوانۆکسایدی سیلیکۆن ۞ سایلکس
silhouette /ˌsɪluˈet/ *noun*
1 وێنەی سێبەر(ی)، وێنەی سێبەرئاسا، وێنەی بەرسێبەری، وێنەڕەش، شێوەڕەش (پشتەوەی ڕووناک بێ): *the silhouette of chimneys and towers* 2 لاجانگ، لابەلا، لەلاوە ۞ 1 تصویر سایەنما 2 نیمرخ
silhouetted *adjective*
بە شێوەی سێبەر ۞ بە صورت سایەنما
silic(o)- *prefix*
پێشگر: سیلیکۆن (بنەڕەت: لە *silex, silic-* لاتین = flint) ۞ پیشوند: سیلیکون
silica /ˈsɪlɪkə/ *noun*
بەردەچەخماخ، بەردەئەستێ، سیلیکا SiO_2 (بنەڕەت: لە *silic- silex* لاتین "flint"، بەپێی پێوانەی وشەگەلێکی وەک *alumina*) ۞ آتش‌زنە
silica gel *noun*
(کیمیا) وڵوڵە یان ژێلی سیلیکا ۞ ژل سیلیکا
silicate /ˈsɪlɪkeɪt/ *noun*
سیلیکات: *aluminium silicate* ۞ سیلیکات
siliceous /sɪˈlɪʃəs/ *adjective*
چەخماخی، ئەستێیی ۞ سیلیسی
silicic /sɪˈlɪsɪk/ *adjective*
(زەویناسی) سیلیکاوی، پڕسیلیکا، سیلیکایی، لە سیلیکا یان سیلیکۆن گیراوە ۞ دارای سیلیکا
silicic acid *noun*
(کیمیا) ترشەڵۆکی سیلیکیک ۞ اسید سیلیکیک
silicide /ˈsɪlɪsʌɪd/ *noun*
(کیمیا) ئاوێتەی سیلیکۆن لەگەڵ کانزا یان توخمێ ۞ سیلیساید
silicification *noun*
(کیمیا) سیلیکاندن، سیلیکێن ۞ تسلیک
silico- = silici-
silicon /ˈsɪlɪkən/ *noun*
(کیمیا) سیلیسیۆم، سیلیکۆن (بە ژ.گ. 14، ن. Si) ۞ سیلیسیم
silicon carbide *noun*
کاربایدی سیلیسیۆم یان سیلیکۆن، کاربیدی سیلیکۆن ۞ کربور سیلیسیم
silicon chip *noun*
(ئیلیکترۆنیک) تەڵەزمەی سیلیکۆنی یان سیلیسیۆمی ۞ تراشەی سیلیکونی یا سیلیسیومی
silicon dioxide *noun*
دوانۆکسایدی سیلیکۆن یان سیلیسیۆم ۞ دی‌اکسید سیلیسیم
silicone /ˈsɪlɪkəʊn, US -koʊn/ *noun*
سیلیکۆن: *a -one breast implant* ۞ سیلیکون
silicone rubber *noun*
جیری سیلیکۆن ۞ رابر سیلیکون
silicon nitride *noun*
نیترایدی سیلیکۆن: یەکێ لە چەند ئاوێتەیێکی سیلیکۆن و نایترۆژێن، ب.ت. ئاوێتەی Si_3N_4 ۞ نیترید سیلیکون
silicosis /ˌsɪlɪˈkəʊsɪs, US -ˈkoʊ-/ *noun*
سیلۆکۆسیس، سیلیکۆز: نەخۆشی سی‌یەکانە لە ئەنجامی هەڵمژینی (لە ماوەیەکی) زۆری پارچۆڵکەکانی سیلیسە ۞ سیلیکوز
silicotic *adjective*
سەربە سیلۆکۆسیس ۞ وابستە بە سیلیکوز
siliqua /ˈsɪlɪkwə/ *noun*, also silique /sɪˈliːk/, *pl.* siliquae /-kwiː/ or siliques /sɪˈliːks/
1 (ڕووەکناسی) لاقە 2 کۆینێکی زیوی ڕۆمی سەدەکانی 4 و 5ی پێش‌زایین، بایی 1/24 solidus ۞ سیلیکوا
silk /sɪlk/ *noun, adjective*
n 1 هەوریشم 2 پارچە یان کوتاڵی هەوریشمی، چەتارە 3 جلوبەرگ یان بەرگی هەوریشمی، خەزگ، بەرگی ئاوریشم 4 دەزووی هەوریشمی 5 (لە بریتانیا) پارێزەر، بەرەڤانکار *adj* هەوریشمی ۞ *n* 1 ابریشم 2 پارچەی ابریشمی 3 لباس ابریشمی 4 نخ ابریشمی 5 وکیل مدافع *adj* ابریشمی
silk cotton = kopak
silk-cotton tree *noun*
درەخت یان داری kapok *Bombax ceiba*] (هیند) و *Ceiba pentandra* (the ceiba، گەرمێنانی ئەمریکا)] ۞ درخت کاپوک
silken /ˈsɪlkən/ *noun*
هەوریشمی، نەرم، ناسک، نیان ۞ ابریشمی، لطیف
silk gland *noun*
ڕژێنەی هەوریشمی (لە silkworm، جاڵجاڵووکە و جومگەدارانندا) ۞ غدەی ابریشمی
silk hat *noun*
کڵاوی هەوریشمی: جۆرێ کڵاوی درێژ و لوولەکی ۞ نوعی کلاە
silkie /ˈsɪlki/ *noun*
1 مریشکی هەوریشمی 2 = selkie ۞ سیلکی
silkily /ˈsɪlkɪli/ *adverb*
بە نەرمی، نەرم، نەرمانە: *'How have I changed?' he asked silkily* ۞ با لطافت
silkiness /ˈsɪlkinəs/ *noun*
نەرمی، نیانی ۞ لطافت
silk moth *noun*
جۆرێ پەپوولەی شەوگەڕی زلە، پەپوولەی (شەوگەڕی) هەوریشم یان ئاوریشم (مۆرانەی زلە لەگەڵ کرمی دار (تەتلەمیران) کە ئاوریشم دەنێنەوە [*Bombyx mori* (ئاسیا) و توخمەکانی تر]) ۞ بید ابریشم

Silk Road *noun*
ریگـای هـەوریـشم (لـە چینـەوە تـا دەریـای مەدیتەرانە) ◌ راه ابریشم
silk-stocking *adjective*
(ئـەمریکا) دەوڵـەمەند، خـۆش‌گـوزەران ◌ ثروتمند، مرفه
silk-screen *adjective, noun*
adj سەربە چاپی هەوریشمی یا سیلک *n* چاپی سیلک ◌ *adj* وابسته به چاپ سیلک *n* چاپ سیلک
silk-screen printing *noun*
چاپی هەوریشم، چاپی سیلک ◌ چاپ سیلک
silk-screen process *noun*
شێوەی چاپی هەوریشمی یان سیلکی ◌ روش چاپ سیلک
silk tree *noun*
دار(ی گوڵی) هەوریشم [*Albizia julibrissin*] ◌ درخت ابریشم
silk-weed *noun*
گیاهەوریشم، رووەک یان گیای هـەوریشمی ◌ گیاه ابریشمی
silkworm /ˈsɪlkwɜːm, US -wɜːrm/ *noun*
کرمی هەوریشم (یان ئەوریشم) ◌ کرم ابریشم
silky /ˈsɪlki/ *adjective* (sicklier, sickliest)
1 نەرم، نیان، ناسک: *He spoke in a silky tone* ◊ 2 هەوریشم‌ئاسا، هەوریشمی *silky dance moves* ◌ 1 لطیف 2 ابریشم‌مانند
sill /sɪl/ *noun*, (also chiefly Building cill)
1 (هـەروەهـا windowsill) لێـواری پـەنجێرە، بەرپەنجێرە، هێرەی پەنجێرە، (دەرگا) ژێربـەران، ژێردرگا، بەردرگانە، بن‌دەرانە، دەرماڵ، پاگە، شۆپ 2 بنک یان تەرکی کانی خەڵـووز (ی بـەرد) 3 بـەشی ژووروویی بەنـداو کە جاروبار دەکەوێتە بن ئاو 4 قاڵب، تەختە یان شتێکی ئاسـۆیی وا horizontal کـە وەک بناخـەی foundation دیوار، ماڵ و هتد لەکار دەکرێ 5 (لە ماشێن‌دا) ئەو پارچە ئاسنەی ژێر دەرگای ماشێن و هتد 6 بەرزایی نێوان دوو (بەیەکەرەی) ئاو کە لێکیان دادەبڕێ 7 تەختەبەردی ئاگرین کە لە نێوان چینە نیشتووەکان و ئاگرپژێنی‌یەکان و چین و توێ بەردی‌یە هاوشێوەکانەوە ماوەتەوە و بەرەبەرە سارد بووەتەوە؛ پەرە یان تەبەقێکی ئاسـترێکی (تـەختە)بـەردی ئـاگرین کـە هاوتەریبانە چووەتە نێو(ان) چینەکانەوە strata (زۆرتـر لـە نێـوان چـین و تـوێی تـەختـەبـەردە نیشتووەکـانی دەرهاوێـشتەکـانی گـڕکان یـان ئـاگرپژێن‌دا volcanic ejecta، بـڕوانـە dyke[1]؛ بنـەڕەت: sylle syll ئینگلیـسی کـۆن "تیرگـە beam"، ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ 1 هره، لب پنجره، آستانەی در 2، 3 و 4 سیل 5 رکاب 6 و 7 سیل
sillabub = syllabub
sillily /ˈsɪlɪməs/ *adverb*
کەرانە، بە کەرێتی، بە گەوجێتی ◌ با حماقت
silliness /ˈsɪlinəs/ *noun*
کەرێتی، گەوجێتی، نەفامی، نەزانی: *Stop this -ss and get back to work!* ◌ حماقت، بلاهت
sillimanite /ˈsɪlɪmənʌɪt/ *noun*
جۆرێ کانی ئالۆمینۆسیلیکات بە شێوەی بلوور یـان کریـستالی ریشاڵی Al_2SiO_5، زۆرتـر لـە schist و gneiss (بنەڕەت: لە ناوی شیمی‌زانی ئـەمریکـایی بنیـامین سـیلیمان Benjamin Silliman وەرگیراوە) ◌ سیلیمانیت
silly /ˈsɪli/ *adjective* (sillier, silliest), *noun* (sillies)
adj 1 کـەر، گـەوج، نـەفام، بودەڵـە، نـەزان 2 گەوجانە، کەرانە: *a silly idea* 3 (کۆن) بێچارە، بێ‌یارمەتی *n* (هـەروەهـا silly billy، نافـەرمی) کەرە(گیان)! شێتە! گەوجە! ◌ *adj* 1 احمق، ابله 2 احمقانه 3 بی‌دفاع *n* خره!
silly season *noun*
(نافـــەرمی) وەرزی قۆڕیـــات، بـــۆرەوەرز (سەرووبەندێ لە ساڵ ب.ت. هاوین کە رۆژنامە و سینەماکان ئەوندە سەرنجڕاکێش نین) ◌ (عامیانه) فصل مزخرفات
silo /ˈsaɪləʊ, US -loʊ/ *noun, pl.* silos
1 سیلۆ، سایلۆ، شاکەندوو، زڵکەنوو، عەماری گەنم (یان دەغڵ و دان)، تاپۆ 2 زاخە، عەماری ژێرزەمینی (هی مووشەکە ئاراستەکراوەکان) ◌ 1 سیلو، انبار غله 2 آشیانه، زاخه
silt /sɪlt/ *noun*
1 قـوڕ، لیتـە، لـەزم، قیـشاف، سیـلخان، حـەری، قوڕوچـڵپاو 2 (تکنیکـی) نیـشتوویێ کـە پارچۆڵکەکانی لە باری ئەندازەوە لە نێوان گڵ و لـیم‌دان (0.06- 0.002 میلی‌میتر) ◌ 1 گـل و لای، لای 2 سیلت
siltation *noun*
پێکهاتنی لیتە، لیتەدروس‌بوون ◌ تشکیل لجن
silting *noun*
جۆماڵ، لیتـەماڵ، قـوڕگرتن، لیتەدەرکێشان ◌ لای‌گیری
siltstone *noun*
بەردەلیتـە: بـەردێکـی نیـشتووی دەنـکورد ◌ سیلت‌استون
silty *adjective*
پـڕ لـە قـوڕ (و چـڵپاو)، قـوڕاوی، لیتـاوی، قوڕگرتوو، قوڕتێدابوو: *the silty bottom of the river* ◊ *silty soils* ◌ پر از لای و لجن
Silurian /sʌɪˈljʊərɪən, US sɪ-/ *adjective*
(زەویناسـی) سیلۆریەن، سـیلۆریایی: سـەربە سێیەمین سـەردەم لـە سـەردەمـانی Palaeozoic (نێـوان ســەردەمــەکــانی Ordovician و Devonian، دەوروبـەری 439 تـا 409 میلیـۆن سـاڵ لەوەپێش)، کاتێ کە گیا عـەرزی‌یـەکان و

یەکەمین ماسی ڕاستەقینە پەیدابوون (بنەڕەت: لە *Silures*، نـاوی لاتـینی گـەلێکـی باشـووری ڕۆژهەڵاتی وەیلزی کۆن + ian-) ۞ سیلورین

silvan = variant spelling of sylvan

silver /ˈsɪlvə(r)/ *noun, adjective*

n 1 زیـو (بـە ز.گ. 47، ن. Ag)، زیـو، سـپی 2 قاپوقاچاخی لە زیو 3 خشڵوزەمبەری لە زیو یان زیوی 4 کۆین (لە زیو) 5 ڕەنگی زیوی یان خۆڵەمێشی 6 (زۆرتر سکاتلەند) پارە، پووڵ *adj* زیـوی، زیـوین، زیـوین، لـەزیو، سـەربە زیـو (ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ *n* 1 نقـره، سیـم 2 ظـروف نقره‌ای 3 زیورآلات نقره‌ای 4 سکه 5 رنگ نقـره‌ای 6 پول *adj* نقره‌ای، وابسته به نقره

silver age *noun*

سەردەمی زیو(ین) ۞ عصر نقره

silver anniversary = silver jubilee

silverback *noun*

گوریلی پشتزیوی ۞ گوریل پشت‌نقره‌ای

silver birch *noun*

داری تـووس [*Betula pendula*] ۞ درخـت غان یا توس

silver bromide *noun*

(کیمیا) برۆمایدی زیو AgBr ۞ برمور نقره

silver chloride *noun*

کلۆرایدی زیو AgCl ۞ کلرید نقره

silver cord *noun*

خۆشەویستی دایک و فرزەندی ۞ محبت مادر و فرزندی

silver disc *noun*

پەپکەی زیوین ۞ دیـسک نقره‌ای

silvered *adjective*

زیوین، زیوئاسا ۞ سیم‌گون، نقره‌فام

silver fern *noun*

1 = ponga 2 گەڵای سەرەخـسی زیوی، هێمای نیوزیلەند ۞ سیلور فرن

silverfish /ˈsɪlvəfɪʃ, US -vərf-/ *noun, pl.* same or silverfishes

1 ماسـیلکە، خزیلـک، ماسـی زیـوین، چەنـدین جۆری مێرووی بێباڵی ورد کە لە ماڵاندا دەژین و زۆرتـر شـەوگـەڕن و لـەسـەر شـتومـەکـی نـشاستەی دەخـۆن [*Lepisma saccharina*] 2 چەندین جۆری ماسی زیـوین (وەک tarpon و silverside) ۞ نقره‌ماهی

silver foil = foil

silver fox *noun*

ڕێوی زیوین یـان زیوباو، ڕێویەزیوە (ئەمریکا) ۞ روباه نقره‌ای‌فام

silver gilt *noun*

زیوی زێڕکفت ۞ نقره‌ی طلاکاری‌شده

silver iodide *noun*

(کیمیا) ئایۆداری زیو(ین) AgI ۞ یدور نقره

silver jubilee *noun*

(ئاهەنگ یا جەژنی) بیست و یەکەمین ساڵوەگەڕ (یان ساڵیاد) ۞ (جشن) بیست و پنجمین سالگرد

silver Latin *noun*

لاتـینی زیـوین (لاتـینی وێژەیـی لـە مـردنی Augustus، 14ی پـاشزایـین تـا نیوەڕاسـتی سەدەی دووەم) ۞ لاتین نقره‌ای

silver lining *noun*

skip[1] /skɪp/ *noun*

1 باز، بازدان، پەڕین، قەلەمباز 2 هەڵبەزودابەز، هەڵخەوداخە، قونە، بازبازوکێنە 3 لابردن، پەڕاندن، بواردن ۞ 1 پرش 2 جست و خیز 3 حذف

skip[2] /skɪp/ *noun*

1 جێگای پاشەڕۆ یان زبڵوزاڵ 2 = skep ۞ 1 کانتینر زبالە 2 = skep

ski pants *noun, pl.*

جۆرێ شەڵواری ژنانە (لە کوتاڵی کێشی) ۞ نوعی شلوار زنانە

skipjack /ˈskɪpdʒæk/ *noun*

1 ماسییەهەڵبەزە (جۆرێ tuna ی ورد بە میلی پـۆیی رەشـەوە [*Katsuwonus pelamis*]) 2 جۆرێ گەمی بادەوەداری کەنارەی رۆژهەلاتی ئەمریکا ۞ 1 نوعی ماهی 2 نوعی قایق

ski plane *noun*

فڕۆکەی سکیدار ۞ هواپیمای اسکیدار

ski pole *noun*

داردەستی بەفرەخلیسکێ، دارەسکی ۞ اسکی پول

skipper[1] /ˈskɪpə(r)/ *noun*

کاپیتان، کەشتیوان، گەمیوان، (ب.ت. کەشتی چکۆلەی بازرگانی)، (تیپی وەرزشی ب.ت. تۆپێن و کریکێت) کاپیتان، کاپیتانی فڕۆکە ۞ کاپیتان

skipper[2] /ˈskɪpə(r)/ *noun*

1 (کەسێک یان شتێک) هەڵبەزەرەوە 2 جۆرێ پەپوولەی وردی تیژە [خێزان Hesperiidae: زۆر جۆرن] ۞ 1 جستوخیزکنندە 2 نوعی پروانە

skippet *noun*

(مێژوویی) سنووقێکی لەداری خڕی چکۆلانە ۞ اسکیپت

skipping *noun*

تەنافێن ۞ طنابْبازی

skipping rope *noun*

(تەنافێن) تەناف ۞ طناب

skip rope = skipping rope

skirl /skɜːl/ *noun*

1 دەنگی بەگپاییپس یان مەشکەنایە 2 قیژە، هاوار، زیکە، جیکە، زریکە، دەنگی تیژ ۞ 1 صدای نیانبان 2 جیغ، صدای تیز

skirmish /ˈskɜːmɪʃ, US ˈskɜːrmɪʃ/ *noun*

شەڕ، نیمچەشەڕ، وردەشەڕ، لێکدان، لێکسرەواندن، کنگەشەڕ، مشتومڕ، شەڕوکێشە، بگرەوبەردە، شەڕەقسە، کێشمەکێش (skirmisher *n*: تێگلاو (یان تێوەگلاو) یان تێئالاو یان تێوەپێچراو لە شەڕدا، پێوەبوو لە شەڕدا، بەشداریکەر لە شەڕدا) ۞ درگیری، کشمکش

skirret /'skırıt/ *noun*
خەرکووز، رووەکێ لە تیرەی parsley، بنەکەی لە هی گێزەر دەچێ و خۆراکییە (لە تیرەی parsley [*Sium sisarum*]) ◇ شقایق جویباری

skirt /skɜ:t, US skɜ:rt/ *noun*
1 داوێن، چاک، تەنوورە 2 بەشێ لە کەوا یان کراس کە لە خوار پشتێنەوە شۆڕ دەبێتەوە 3 بەراوێز، زێوار 4 داوێن، بنار، قەدپاڵ 5 (بە گشتی) ژن، کچ، کەنیشک 6 (skirts) دەوروبەر، دەورپشت، دەوروبەری شار 7 پارێزە، بەرگ 8 پشتێنە، داوێنە ◇ 1 دامن 2 اسکیرت 3 حاشیە 4 دامنە کوه 5 زن، دختر 6 (در جمع) حوالی، حومە 7 حفاظ 8 ازارە

skirting board *noun*, also skirting
قەرنیز، هێرە ◇ قرنیز

ski run *noun*
تەلانی بەفرەخلیسکێ، تەلان یان لێژی سکی ◇ شیب اسکی

ski stick = ski pole

skit /skıt/ *noun*
1 گاڵتەشانۆ، گاڵتەجار: *a skit on daytime TV programmes* 2 پارچەنووسراوەیەکی گاڵتەجار(انە) ◇ 1 نمایش فکاهی، مسخره 2 اسکیت

skite /skʌıt/ *noun*
(نافەرمی، ئینگلیسی ئەوسترالیا و نیوزیلەند) 1 = boastfulness ،boasting = 2 boaster ◇ اسکایت

skittery = skittish, restless

skittish /'skıtıʃ/ *adjective*
1 سڵ، تۆر، قوشقی، سرک، بەیدەس، واپۆک، رەڤۆک، 2 *a skittish horse* :restive ناشیلگیر، نە زۆر بەرشت یان توند 3 نگەران، دڵلەدوا 4 قۆشمە، بەناز، بەعیشوە، بەنەدا skittishly /'skıtıʃli/ *adv*: قوشقییانە، سرکانە، لە رووی نازەوە یان عیشوەوە، بەعیشوانە؛ skittishness /'skıtıʃnəs/ *n*: 1 سڵی، تۆری، سرکی، رەڤۆکی، ترسەنۆکی 2 ناز، عیشوەگەری) ◇ 1 رمو، چموش 2 نە زیاد جدی 3 نگران 4 عشوەگر

skittle /'skıtl/ *noun*
1 سنگ یان میلەی دارین (هەریەک لەو سنگ یا میلانەی کە لە یاری سکیتلزا بەکاردێترێن) 2 (skittles) نۆسنگێن، سکیتلز (کایەیێ کە شێوەی بۆلینگ دەدا) ◇ 1 میلەی چوبی 2 (در جمع) اسکیتلز

skive /skʌıv/ *noun*
1 (نافەرمی) خۆدزینەوە، لەژێرکاردەرچوون، دەغەڵی 2 هەڵبژاردن یان بژارەی ئاسان ◇ 1 شانەخالی‌کنی 2 انتخاب سادە

skiver *noun*
1 چەرمی ناسک، چەرمی تەنک، توێژاڵەچەرم، پێستەی توێکراو یان تاشراو 2 مرۆی خۆلەکاردزەوە، کنگی کارنەبوو، دەغەڵ، توخنی کارنەکەوتوو، لەژێرکاردەرچوو، خوێری، کارنەکەر 3 پێستەتاش ◇ چرم نازک 2 آدم از زیر کار دررو 3 پوستەتراش

skivvy /'skıvi/ *noun, pl.* skivvies
1 بەردەست، کارەکەر، کلفەت، قەرەواش 2 ژێرکراسی بێ‌قۆڵ یان قۆڵ‌کورت 3 (skivvies) ژێرکراسی پیاوانە، جلی بنەوەی پیاوانە ◇ 1 کلفت 2 پیراهن بی‌آستین یا آستین‌کوتاه 3 (در جمع) زیرپیراهن مردانە

skookum /'sku:kəm/ *adjective, noun*
adj بەهێز، بەقەوەت، بەزەبر، بەگوڕ، بەتین، بەسام، بەئەندیش *n* (کۆن) میوانی سەرشەقام ◇ *adj* قوی، پرحرارت *n* پارتی خیابانی

skookum house *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) زیندان، بەندیخانە ◇ زندان

skosh /skəʊʃ/ *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) تۆزێ، برێ، نەختێ، برێکی کەم ◇ مقدار اندک

Skraeling /'skreılıŋ/ *noun*
کەسێکی رەسەنی گرینلەند یان باکووری رۆژهەڵاتی ئەمریکا (ی باکووری) لە سەروبەندی سەقامگیری سەرەتای نۆروێژییەکان ◇ اسکرلینگ

skua /'skju:ə/ *noun*
سکوویا (جۆرێ باڵندەی گەورەی دەریایی راوییە [*Catharacta skua* (هی گەورە)، *Stercorarius parasiticus* (هی باکووران) و جۆرە پێوەندیدارەکان]) ◇ اسکوا

skulduggery /skʌl'dʌgəri/ *noun*, also skullduggery
فروفێڵ، فێڵ، تەڵەکە، پیلان، سازوباز ◇ حیلەگری، دسیسە

skulk /skʌlk/ *noun*
مێگەلەرێوی (بنەڕەت سکاندیناڤی) ◇ گروە روباە

skulker *noun*
مرۆی دەغەڵ، لەبەرکارهەڵاتوو، خۆمات‌دەر ◇ آدم از زیر کاردررو

skull /skʌl/ *noun*
1 کەڵە، کەللەسەر، کاپۆڵ، قەپۆڵ، کەڕاکە، قاپیلکەسەر، کاسەسەر 2 (نافەرمی) سەر یان مێشکی مرۆ، کەللە ◇ 1 جمجمە 2 سر یا مغز آدم

skull and crossbones *noun, pl.* skulls and crossbones
ئێسکی کەڕاکە و باسک، ئێسکی کاسەسەر و باسک (نیشانەی مەترسی مردن یان دز و چەتەی دەریایی) ◇ استخوان‌های بازو و جمجمە

skull bone *noun*
ئێسکی کەڕاکە یا کاسەسەر ◇ استخوان جمجمە

skullcap /'skʌlkæp/ *noun*
1 کڵاو، ئارەقچین، ئارەقچن، فینە، فیست 2 تەپڵەسەر، بانسەر، تەوقەسەر 3 بەشی سەرەوەی کڵاو 4 گیایی لە تیرەی mint [تـوخم *Scutellaria*] ◌ 1 عرقچین 2 فرق‌سر 3 قسمت بالای عرقچین 4 نوعی گیاه

skunk /skʌŋk/ *noun*
1 (گیانەوەرناسی) گەندەسمۆرە، بۆگەنکەسمۆرە، دەڵەک، سمۆری ئەمریکایی [*Mephitis mephitis* و جۆرەکانی تر] 2 کەسێکی چەپەڵ و هیچ‌وپووچ 3 کورتەی skunweed ◌ 1 اسکانک 2 آدم پست

skunk cabbage *noun*
(رووەکناسی) کەلەمەبۆگەنکە، کەلەمەبۆگەنە [*Lysichiton americanum* و *Symplocarpus foetidus*] ◌ نوعی کلم

skunkweed *noun*
گیابۆگەنە، گیابۆگەنکە (جۆرێ گیابەنگ) ◌ اسکون‌وید

sky /skaɪ/ *noun, pl.* skies
1 ئاسمان، حەوا، مینا 2 ئاو و هەوا، تەوشک، کەش 3 (ویژەیی) هێزی ئاسمانی یان خودایی ◌ 1 آسمان 2 آب و هوا 3 نیروی ملکوتی

sky-blue /ˌskaɪ 'blu:/ *adjective*
شینی ئاسمانی، شینی گەش یان رۆشن ◌ آبی آسمانی

skycap /'skaɪkæp/ *noun*
بارکێش یان بارهەڵگر یان کۆڵکێشی فرۆکەخانە ◌ باربر فرودگاه

sky-clad /skaɪ klæd/ *adjective*
رووت، ئاسمانپۆش (بنەرەت: رەنگە وەرگێڕاوی *Digāmbara* سانسکریت بێ، بڕوانە Digambara) ◌ آسمان جل

skydiver *noun*
چەترباز لە فرۆکەوە، ئاسمانباز ◌ چترباز نمایشی

skydiving /'skaɪdaɪvɪŋ/ *noun*
چەتربازی لە فرۆکەوە، ئاسمانبازی ◌ چتربازی نمایشی

Skye terrier *noun*
سەگێکی چکۆلە و تووکدرێژ و پاکوڵی سکاتلەندی ◌ نوعی سگ

skyey *adjective*
ئاسمانی، سەربە یان شێوەی ئاسمانی دەدا، ethereal ◌ آسمانی، لاجوردی

sky-high *adjective, adverb*
گەردنکەش، یەکجار بڵیند یان بەرز، سەرلەئاسمان سواو، یەکجار لەسەرێ ◌ بسیار بلند، سربه فلک کشیده

skyjack *noun*
فرۆکەرفینی، رفێنەری ◌ هواپیماربایی

skyjacker /'skaɪdʒækə(r)/ *noun*
فرۆکەرفین، رفێنەر ◌ هواپیماربا

skylark /'skaɪlɑ:k, US -lɑ:rk/ *noun*
جوورە، جوورەبۆپنە، جوورەکڵاونە [*Alauda arvensis*] ◌ چکاوک

skylight /'skaɪlaɪt/ *noun*
کڵاورۆژنە، پەنجێرەی سەربان یان بنمیچ، پەنجێرەی کولاوکەیی، کولاوکە، تەشاوی، رۆچنە (هی بان و پشتی کەشتی) ◌ نورگیر سقف

skyline /'skaɪlaɪn/ *noun*
ئاسۆ، ئاسۆگ، هێڵی ئاسۆ، ئاسمانهێڵ، horizon ◌ افق، کران

skylit *adjective,* also skylighted
رۆشن لەبەر کڵاورۆژنە ◌ دارای نور نورگیر سقف

sky marshal *nonu*
بەرپرسێکی چەکدارە بۆ رێگرتن لە رفاندنی فرۆکە ◌ اسکای مارشال

skype /skaɪp/ *non*
سکایپ: سیستمێکی تەلەفونی کە لەودا بەکارهێنەرانی کامپیوتێر لەسەر ئینتێرنێت راستەوخۆ پێوەندی ساز دەدەن بێ ئەوەی کە پێویستییان بە سێرڤێری ناوەندی هەبێ

skypecast /'skaɪpkɑ:st US skaɪpkæst/)

skypecast /'skaɪpkɑ:stɪŋ US :n (skaɪpkæstɪŋ/ *n* ◌ اسکایپ

skyphos *noun,* also scyphus
کاسە یان جامی قوڵفنی یۆنانی ◌ اسکایفوس

sky pilot = clergyman

skyr /skɪə/ *noun*
چێشتی ئیسلەندیک، لە شیری مەیو سازدەکرێ ◌ اسکیر

sky-rocket /'skaɪrɒkɪt, US -rɑ:k-/ *noun,* also skyrocket
تۆقتۆقە، فیشەکەشێتە ◌ فشفشه

skysail /'skʌɪseɪl, US -s(ə)l/ *noun*
بادەوەی سووکی سەرەوەی کەشتی ◌ بادبان سبک فوقانی کشتی

skyscape *noun*
دیمەنی ئاسمان ◌ منظرەی آسمان

skyscraper /'skaɪskreɪpə(r)/ *noun*
(خانووبەرە و پەرنهۆم) سەرلەئاسمانسواو، یەکجاربەرز، بڵیندی بڵێند، حەوابڕ، هەوابڕ ◌ آسمانخراش

skyward /'skaɪwed(z)/ *adjective, adverb,* also skywards/'skaɪwədz, US -wərdz/
بەرەو ئاسمان، روو لە ئاسمان، رووەو ئاسمان، رووەو یا رووڵە حەوا؛ *The rocket* upward: *soared skywards* ◌ به سوی آسمان

skywatcher *noun*
ئاسمانڕوان (ب.ت. فرۆکە یان تەنی ئاسمانی) ◌ آسمان‌نگر

sky wave *noun*
شــەپۆلی ئاسمــانی (لــە ionosphere ـەوە دەدرێتەوە) ⬡ موج سماوی

skywriter *noun*
ئاسمان‌نووس ⬡ سکای رایتر

skywriting *noun*
ئاسمان‌نووسی (بە دووکەڵی فڕۆکە) ⬡ سکای رایتنگ

slab /slæb/ *noun*
1 تەخت، تەختە، تات، تاشە، خشت، تەڵش، تەبەق، تەنکە، پەڕە، قالب 2 تەختەبەرد، تاشەبەرد، تاتەبەرد ⬡ 1 صفحە، ورق 2 تختەسنگ

slabber *noun*
1 تکەی لیک 2 دەزگای داتاشین، داتاشەک ⬡ 1 قطرەی آب دهان 2 ماشین تراش

slab-sided *adjective*
لاپان، لاتەخت ⬡ دارای پهلوی پهن

slack[1] /slæk/ *adjective* (slacker, slackest), *noun*
adj 1 کەمتەرخەم، بێ‌گوێ، گوێ‌پێ‌نەدەر، بێ‌دەربەست، لامەرلا، لاسار، بەهێندنەگر: *Discipline in the classroom is very slack* ◊ *We lost because of some slack defending on our part* 2 بێ‌بازاڕی، کەساس، بێ‌برەو، سست، بازاڕخەوتوو: *a slack period* ◊ *Wednesdays are always slack* ◊ *demand for beef* 3 شل، شۆڕ، داکەوتوو، لەق: *slack* ◊ *The rope suddenly went slack* 4 *muscles* تەمەڵ، سست، لاژگ، تەوەزەل، تەپ، تەپلۆس، لەش‌گران، خوێڕی، داهێزراو، خاو، خاووخلیچک 5 هێواش، خاو، ئارام، نەرم، مەند، پۆنگ(خواردوو)، سست *n* 1 شلی، شۆڕی، داکەوتوویی، لەقی 2 بێ‌بازاڕیی، بازاڕکزی، بێ‌برەویی، بازارسستی 3 جێگای داکەوتوو یان شل 4 (slacks /slæks/) شەڵوار، پاتۆڵ ⬡ *adj* 1 بی‌توجە 2 کساد 3 شل 4 تنبل 5 کند، آهستە *n* 1 شلی 2 رکود 3 اسلاک 4 (در جمع) شلوار

slack[2] /slæk/ *noun*
خۆڵوخاک یا لەت‌وکوتی خەڵووز ⬡ خاکەی زغال

slackening *noun*
کەم‌بوونەوە، دابەزین، هاتنەخوارەوە، نزم‌بوونەوە، داشکان ⬡ کاهش، تخفیف

slacker /ˈslækə(r)/ *noun, adjective*
(نافەرمی و سووکانە) مرۆی تەمەڵ، تەوەزەل، تەپلۆس، دەغەڵ، لەش‌گران، لاژگە، خوێڕی ⬡ آدم تنبل

slackly /slækli/ *adverb*
بە شێوەیەکی شل، شل و شەوێق، بە بێ‌بازاڕی، بێ‌برەوانە: *Her arms hung slackly by her sides* ⬡ شل و ول، با کسادی

slackness /slæknəs/ *noun*
1 کەمتەرخەمی، بێ‌گوێیی، بێ‌سەرنجایەتی، گوێ‌پێ‌نەدان 2 شلی، شۆڕی، لەقی ⬡ 1 بی‌توجهی، بی‌دقتی 2 شلی

slack suit *noun*
جلی ئاسوودەیی یان گەڕان ⬡ لباس راحتی

slack water *noun*
پەنگاو، پۆنگاو، ئاوی پەنگەوەخواردوو ⬡ آب راکد

slag /slæg/ *noun*
1 (سەر)کۆزەر، چەت، کەف، پاشەڕۆ، خڵتەی کانزا، تڵتە 2 هەویرە یان تواوەی گڕکان 3 قەحبە، حیز 4 مرۆی خوێڕی و هیچ‌وپووچ (slaggy *adj*, slagier, slagiest) ⬡ 1 تفالە، سرباره 2 گذار آتش‌فشانی 3 فاحشە 4 آدم پست

slag heap *noun*
کۆماکۆزەر، کۆگاچەت ⬡ تپەی سرباره

slain /sleɪn/ = past participle of slay

slaked lime *noun*
قسڵی ئاودراو (هایدرۆکسایدی کالسیۆم، لە تێکەڵاندنی ئاو و قسڵی زیندوو دروست دەبێ) ⬡ اسلاکد لیم

slalom /ˈslɑːləm/ *noun*
(بەفرەخلیسکێ، بەلەمەوانی و هتد) پێشبڕکێی پێچاوپێچ (پێچەڵاوپێچ) ⬡ مسابقەی مارپیچ

slalomer /ˈslɑːləmə(r)/ *noun*
پێشبڕکێدەری پێچاوپێچ (پێچەڵاوپێچ) ⬡ مسابقەدهندی مارپیچ

slam[1] /slæm/ *noun*
1 دەنگی توند پێوەدانی درگا، شەقە، شریخە 2 ڕەخنەی توند 3 (نافەرمی ئەمریکا) زیندان ⬡ 1 صدای محکم بستن در 2 انتقاد شدید 3 هلفدونی

slam[2] /slæm/ *noun*
(لە پەڕیندا) سلەم ⬡ شلم

slam-bang *adjective*
نەترسانە، بێ‌باکانە، توند، بە توندی ⬡ با بی‌پروایی، شدیداً

slam dancing *noun*
شەقەسەما (جۆرێ سەما بۆ موسیقای راک کە لەودا بە ئانقەست خۆ لەیەک دەدەن؛ slam dancer *n*: شەقەسەماباز، شەقەسەماکێش) ⬡ سلام‌دانسینگ

slam-dunk *noun*
(بەسکێتبۆڵ، توند) تۆپ خستنەنێو تۆڕەوە ⬡ سلام‌دانک

slammer /ˈslæmə(r)/ *noun*
1 زیندان، کون 2 شەقەسەماکێش 3 (هەروەها tequila slammer) جۆرێ کوکتایل لە تەکیلا، شامپاین و خواردنەوەی گازداری تر ساز دەبێ ⬡ 1 زندان، هلفدونی 2 سلام‌دانسر 3 سلامر

slander /ˈslɑːndə(r), US ˈslæn-/ *noun*

تۆمــەت، بوختــان، چەفتــە، قسەبەدواخــستن، هەڵبەســت، تیتاڵ ◌ افترا

slanderer *noun*
بوختـان(پـێ)کـەر، قـسەبەدواخەر، بوختـانچی، قـسەهەڵبەست، قـسەساز، تۆمەتلێدەر ◌ مفتری

slanderous /-dərəs/ *adjective*
بوختـان(پـێ)کەرانـە، تیتاڵـیانـە، قـسەسازانە، بوختانچییانە ◌ افتراآمیز

slang /slæŋ/ *noun*
زمـانی نافەرمی یـان بـازاڕی، زمـانی خۆماڵـی، زمانی رەمەکی، زمانی ناوێژەیی ◌ زبان عامیانه

slangily /'slæŋɪli/ *adverb*
رەمەکییانە، بازاڕییانە، نافەرمییانە ◌ به طـور عامیانه

slanginess /'slæŋinəs/ *noun*
رەمـەکیبوون، بـازاڕیبوون، نافـەرمیبـوون ◌ عامیانه بودن

slanging match *noun*
جنێوپێکدان، شەڕەجنێو، ناوتێکە لێکهەڵدان ◌ ناسزاگویی به همدیگر

slangy /'slæŋi/ *adjective* (slangier, slangiest)
پـڕ لـە وشـەی بـازاڕی، بـەکارهێنانی وشـەی نافەرمی: *a slangy style* ◌ پر از لغات عامیانه

slant /slɑːnt, US slænt/ *noun, adjective*
n 1 لێـژی، سـەرەوخواری، تـەلان 2 هێـڵی لار، لارەهێڵ 3 لاری، خواری: *The sofa faced the fire at a slant* 4 لایەنگری، تـالیگری، لاگـیری 5 (نافەرمی) دیتن، بۆچوون، روانگە 6 شێواندن، چەواشـەکاری، دەسـکاری 7 هەڵوێـست یـان بۆچوونی خۆ *adj* 1 خوار، لار 2 لێژ، لاپێ ◌ *n* 1 شـیب 2 خـط مایـل، خـط ممیـز 3 کجـی 4 طرفـداری 5 نقطـەنظر 6 تحریـف 7 موضـع یـا نگرش شخصی *adj* 1 کج، مایل 2 شیبدار

slanted /'slɑːntɪd, US 'slæntɪd/ *adjective*
1 شـێوێنراو، دەسـکاریکـراو، چەواشـەکراو 2 لایەنگرانـە، لاگیرانـە، تالیگرانـە: *a biased and slanted view of events* ◌ 1 تحریـفشـده 2 سوگیرانه

slanting /'slɑːntɪŋ, US 'slæntɪŋ/ *adjective*
1 خوار، لار، خێچ 2 لێژ، لاپێ، سـەرەوخواری، تەلان ◌ 1 کج 2 شیبدار

slantwise /'slɑːnwaɪz/ *adverb*
بە شێوەیەکی لار، خوار(انە) ◌ به طور کج

slap /slæp/ *noun, adverb*
n 1 زللە، شەبلاغە، شـەقەزللە، تـەپ، چەپـەخان 2 دەنگـی زللـە، شـریخە، شـلپە 3 سـووکایەتی، بێڕێزی *adv* راستەوخۆ، یەکسـەر، راست ◌ *n* 1 سیلی 2 صدای سیلی 3 اهانت *adv* مستقیم

slap-bang *adverb*
راسـت، راسـتەوخۆ، بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ، دروست ◌ مـستقیماً، دقیقاً

slapdash /'slæpdæʃ/ *adjective*
بە جرپوهۆڕ، بە پەلە و وردنەبوونەوە، جرپنانە، بـە پەلەپـەل، (کـاری) سەرسـەرەکی، بەفـشە، تڕەکەڵـەک، هـەرچۆنێ بـێ، haphazard ◌ *a slapdash piece of writing* :slipshod ◌ با عجله و بیدقت، سرسری

slap-happy *adjective*
1 بـێخـەم، ئاسـوودە، بـێئەندیـشە، بـێخـەیاڵ، بێدەربەست، لەخۆوەخۆشحاڵ 2 گێژ، کاس ◌ 1 بیخیال، فارغالبال 2 گیج

slaphead /'slæphed/ *noun*
(لە بریتانیا و نافەرمی، سـووکانە) پیـاوی کـەچـەڵ (یان رووڵەتاسی و کەچەڵی) ◌ مرد کچل

slapjack *noun*
جـۆرێ pancake، لـەناو تـاوەدا سـاز دەبـێ ◌ اسلاپجک

slapper /'slæpə(r)/ *noun*
(لە بریتانیا، نافەرمی و سـووکانە) قەحبـە، جنـدە، حیز ◌ جنده

slapstick /'slæpstɪk/ *noun, adjective*
سلەپـستیک، گاڵـتەبازاڕی، گاڵـتەجاڕ ◌ اسـلپ استیک

slapstick comedy *noun*
کۆمیدی گاڵتەجاڕانە ◌ کمدی اسلپ استیک

slap-up *adjective*
(خـۆراک) شـایانە، (زۆر) چـاک، حیـسابی: *a slap-up dinner at a fancy restaurant* ◌ عالی، حسابی

slash /slæʃ/ *noun*
1 بـڕین 2 قـڵیش، دادڕ(یـن)، هەڵقڵیـشـان، دڕ، داتلیشـان 3 برین، زام، برین، براوی 4 جێبرین، گـرێ، شـوێنی بـڕین 5 هێـڵی لار، لارەهـێڵ، سلەش 6 (نافەرمی، بریتانیـا) میز ◌ 1 بـرش 2 شکاف، چاک 3 زخم 4 جای زخم 5 خط مـورب، ممیز 6 شاش

slasher /'slæʃə(r)/ *noun*
هەڵقلیشێنەر، دڕێنەر، داتلیشێنەر ◌ چاکدارکننده

slashing *adjective*
1 (نافەرمی) فیلمی توندوتیژ(انە) یان ترسناک 2 توند، سەخت، ترسـناک ◌ 1 فـیلم وحـشتناک 2 شـدید، وحشتناک

slat /slæt/ *noun*
1 سلەت، تەختە، پەڕە، تووڵ (باریـک و ناسـک، هـێ پـەردەی کرکـرەیی: *the slats of the venetian blinds* 2 (تەکنیکی) پـەڕە: بەشـێکی باڵـی فڕۆکـە کـە مـەهاری control جـووڵانی رووڵەسـەرێ و رووڵەخـوارێ دەکـا ◌ 1 توفـال، چوبەی کرکره 2 اسلت

slate /sleɪt/ *noun*
1 تەتەڵـە، تەختەبـەرد، تاتەبـەرد، تەڵـەبەرد، تەبەقەبەرد و بەردی توێتوێ، رێزەڵۆک، دوێڵ،

تەلاشەبەرد 2 لیستەی پاڵێوراوانی هەڵبژاردن، لیستی بەرئەندامانی هەڵبژاردن 3 ڕەنگی بۆری مەیلەوشین 4 (بریتانیا) تۆماری قەرز یان باوەڕی کەسێ ۞ 1 سنگ لوح، پلمە، سنگ متورق 2 فهرست کاندیداهای انتخاباتی 3 رنگ خاکستری مایل به آبی 4 اسلیت

slate black *noun*
ڕەنگی ئەرخەوانی مەیلەو ڕەش ۞ رنگ ارغوانی مایل به سیاه

slate blue *noun*
ڕەنگی شینی بۆرباو یان مەیلەو بۆر ۞ رنگ آبی مایل به خاکستری

slate-coloured *adjective*
بۆری شینباو یان مەیلەو شین ۞ خاکستری مایل به آبی

slated /'sleɪtɪd/ *adjective*
بە تاتەبەرددابۆشراو، تاتپۆش، دوێڵبەند، بە تەختەبەرد(سەر)گیراو: *a slated roof* ۞ پوشیده از سنگ لوح

slate-grey *noun*
بۆری ئاماڵڕەش، بۆری تاریک، بۆری مەیلەوڕەش ۞ خاکستری متمایل به سیاه

slatelike *adjective*
شێوەتەتەڵە، دوێڵئاسا، تاتەبەردئاسا ۞ مانند سنگ لوح

slater *noun*
1 کەسێ کە سەربان بە تەختەبەرد دادەپۆشێ 2 کەرەکەولە، کەرەجنە، خلیرە، woodlouse ۞ 1 اسلاتر 2 خرخاکی

slather /'slaðə/ *noun*, also slathers
(ئەمریکا) بڕێکی زۆر، کۆماێ ۞ مقدار زیاد

slatted /'slætɪd/ *adjective*
تووڵتووڵ، تەختەتەختە، دروسکراو لە تووڵ، تووڵبەند ۞ اسلاتد

slattern /'slætən, US -tərn/ *noun*
ژنی پیسوپۆخڵ، ژنی شروشپرزە، پنجل ۞ زن شلخته

slatternliness /'slætənlinəs, US -tərnlinəs/ *noun*
پیسوپۆخڵی، شروشپرزەیی، پنجلی ۞ شلختگی

slatternly /'slætənli, US -tərnli/ *adjective*
پیسوپۆخڵ، شروشپرزە، پنجل: *a slatternly girl* ۞ شلخته

slaty /'sleɪti/ *adjective*, also slatey
تەختەبەردئاسا، تاتەبەردئاسا، وەکوو تاتەبەرد، تەڵەبەرداوی، تەختەبەردی تیایە، سەربە تەختەبەرد یان تاتەبەرد ۞ سنگلوحمانند، دارای سنگ لوح

slaughter /'slɔːtə(r)/ *noun*
1 کوشتن، کوشت، سەربڕین 2 کوشتوبڕین، خوێنڕێژی، تەفکوژی، کۆکوژی، کوشتوکوشتار، کوشتار، کۆمەڵکوژی، قڕتێخستن 3 تێشکان یان شکستی تەواو ۞ 1 سلاخی 2 کشت و کشتار، قتلعام 3 شکست کامل

slaughterer *noun*
سەربڕ، گوڕین ۞ سلاخ

slaughterhouse /'slɔːtəhaʊs, US -tərh-/ *noun*, BrE also abattoir
قەسابخانە، سەربڕینخانە ۞ کشتارگاه

slaughterous /'slɔːtərəs/ *adjective*
پیاوکوژ، بکوژ، کوشتارگەر، کوژەر ۞ قاتل

Slav /slɑːv/ *noun, adjective*
n سلاف، سلاف *adj* سلاڤی، سلاڤی ۞ *n* اسلاو *adj* اسلاوی

slave /sleɪv/ *noun*
1 کۆیلە، بەندە 2 نۆکەر، ئەڵقەلەگوێ، غوڵام 3 گیرۆدە، دیل، سەوداسەر: *We are slaves of the motor car* ۞ 1 برده 2 غلام 3 اسیر

slave ant *noun*
مێرووڵەی کارکەر یا کرێکار ۞ مورچەی کارگر

slave driver *noun*
بەرپرس یا چاودێری کۆیلەکان، مرۆڤی چەوسێنەر، کارلێکێش، ڕەتێنەر ۞ آدم بهرەکش، مراقب بردگان

slave-holder /sleɪv həʊldə(r)/ *noun*
خاوەنکۆیلە، کۆیلەدار، کۆیلەڕاگر، کۆیلەوان ۞ صاحببرده

slave-holding *noun*
خاوەنکۆیلەیی، کۆیلەداری، کۆیلەڕاگری، کۆیلەوانی ۞ صاحببردگی

slave labour *noun*
1 کۆیلە 2 کرێکاری مفت 3 کاری سەخت ۞ 1 برده 2 کارگر مفت 3 کار طاقتفرسا

slaver[1] /'sleɪvə(r)/ *noun*
1 کەشتی کۆیلەبەری، کۆیلەکێش، کەشتی کۆیلەهەڵگرتن 2 کۆیلەفرۆش ۞ 1 کشتی بردەکشی 2 بردەفروش

slaver[2] /'slævə(r)/ *noun*
1 شیلاوگەبەستنی لیک، لیکەڕژێ 2 کلکەسووتێ، کلکەلەقێ، مەرایی، زمانلووسی ۞ 1 سیلان بزاق 2 تملق

slavery /'sleɪvəri/ *noun*
1 کۆیلەیی، کۆیلەداری، بەندەیی، بەندایەتی، بەندەگەری 2 کاری سەخت، کۆڵکێشی، کۆلەمەرگی ۞ 1 بردگی، بردەداری 2 جانکنی

slave state *noun*
(مێژوویی) هەرێم یان ئەیالەتی کۆیلەداری (هەریەک لە ئەیالەتە باشووریەکانی ئەمریکا، کە تا شەڕی نێوخۆیی کۆیلەداری لەوێ ئازاد و قانوونی بوو) ۞ ایالت بردەداری

slave trade *noun*
کارداری یان بازرگانی کۆیلە، کۆیلەفرۆشی ۞

تجارت برده

slave trader *noun*
کاردار یان بازرگانی کۆیلە، کۆیلەفرۆش ۞ تاجر برده

slave world *noun*
دنیا یان جیهانی کۆیلەیی، جەهانی کۆیلایەتی ۞ جهان بردگی

Slavey /'sleɪvi/ *noun*
1 ئەندامی گەلی Deneی باکووری رۆژاوای کەنەدا 2 هەریەک لە دوو زمانی (سلەیڤی باکووری و باشووری) ئەو گەلە ۞ اسلیوی

slavey *noun, pl.* slaveys
(نافەرمی، بریتانیا) کارەکەر، کەلفەت (ب.ت. کارسەخت) ۞ کلفت

Slavic /'slɑ:vɪk, US 'slævɪk/ *noun, adjective*
n لقێکی خێزانە زمانە هیند و ئەورووپاییەکان، کە بریتین لە رووسی، چێک Czech، پۆلەندی Polish، بولگاریایی Bulgarian و سێربی کرواتی *adj* سەربە ئەم لقە زمانییە یان ئاخێوەران و قسەپێکەرانی ۞ اسلاوی

Slavicist *noun*
زانای زمانی سلاڤی ۞ دانش‌مند زبان اسلاوی

slavish /'sleɪvɪʃ/ *adjective*
کۆیلەئاسا، کۆیلانە، گوێڕایەڵ، گوێلەمست، ملکەچ ۞ برده‌وار، مطیع

slavishly /'sleɪvɪʃli/ *adverb*
کۆیلەئاسا: *You don't need to stick slavishly to the recipe* ۞ برده‌وار

slavishness /'sleɪvɪʃnəs/ *noun*
کۆیلەئاسایی، کۆیلەیی، گوێڕایەڵی، ملکەچی ۞ برده‌واری، اطاعت

Slavicist = Slavicist

Slavonian /slə'vəʊnɪən/ *adjective*
سلاڤی ۞ اسلاوی

Slavonian grebe *noun*
ئاوبرەی سلاڤی: جۆرێکی باکووری، بنەوەی سوورباوە [*Podiceps auritus*] ۞ نوعی پرنده

Slavonic /slə'vɒnɪk/ = Slavic

slaw = coleslaw

slayer *noun*
پیاوکوژ، بکوژ ۞ قاتل

slaying /'sleɪɪŋ/ *noun*
پیاوکوژی، کوشتن، کوشتن‌کاری ۞ قتل

sleave /'sli:v/ *noun*
هەوریشمی خاو یا نەریسراو، گەردە ۞ ابریشم خام

sleaze /sli:z/ *noun*
پیسی، گڵاوی، چەپەڵی، خراپی، هەرزەیی ۞ کثافت

sleziness /'sli:zinəs/ *noun*
پیسی، گڵاوی، چەپەڵی، خراپی، هەرزەیی ۞ کثافت

sleazy /'sli:zi/ *adjective* (sleazier, sleaziest)
1 پیس، چەپەڵ، گڵاو، هەرزە، بەدناکار، ناکارناپەسند، disreputable: *a sleazy bar* ◊ *a sleazy neighbourhood* ◊ *a -azy reporter* 2 (پارچە) تەنک، ناسک 3 شل (slezily /'sli:zɪli/ *adv*: هەرزانە، پیسانە؛) ۞ 1 مستهجن، کثیف، غیراخلاقی 2 نازک 3 سست

sled /sled/ = sledge

sledge /sledʒ/ *noun*
1 کیشک، تاخورک، خیشکە، کاشە 2 = toboggan ۞ سورتمه

sledgehammer /'sledʒhæmə(r)/ *noun*
1 پیک، کوتک، پوتک، زومب 2 (وەک ئاوەڵناو) زۆر بەهێز، دیار، ئاشکرا، روون، بەرچاو: *sledgehammer blows* ۞ 1 پتک 2 قدرت‌مند، مشهود

sledging *noun*
خیشکەسواری، کیشکین، تاخورکسواری: *to go sledging* ۞ سورتمه‌سواری

sleek /sli:k/ *adjective*
1 (قژ) نەرم، بریقەدار، لووس: *the sleek dark* 2 *sleek black hair* ◊ *head of a seal* (کەسێ) شۆخ‌وشەنگ، شۆخ: *-ek businessmen* 3 جوان، ڕێک‌وپێک، شیک: *a sleek yacht* ۞ 1 لخت 2 خوش‌سروپز 3 شیک

sleekly /sli:kli/ *adverb*
بە شێوەیەکی نەرم، لووسانە، جوان، بە شێوەیەکی جوان: *sleekly groomed* ۞ به طور لخت، به طور شیک

sleekness /sli:knəs/ *noun*
1 نەرمی، لووسی 2 جوانی، شۆخی، شۆخ‌وشەنگی ۞ 1 لختی 2 شیک بودن، خوش‌سروپزی

sleep /sli:p/ *noun*
1 خەو، خەون 2 ماوەی خەو، چێن، وچان: *Did you have a good sleep?* 3 ڕیبۆق، شەلق ۞ 1 خواب 2 مدت خواب 3 قی

sleeper /'sli:pə(r)/ *noun*
1 (لە لێکدانا) خەو- (خەوسووک، خەوقورس و هتد) 2 شەمەندەفەری تەخت(ی خەو)هەبوو، واگۆنی تەخت(ی خەو)ەدار یان خەو 3 دەستەک(ڕاکشاو، چ دار یان ئاسن یان کۆنکریت)ی ڕێی ئاسن 4 (کتێب، فیلم، شانۆ و هتد) سەرکەوتنی کتوپڕ، درەنگ‌ناسراو 5 بەرگی منالی ساوا 6 ئاڵقە یان شتێ بۆ گوێی کون (تا نەیووچێتەوە) 7 جۆرێ ماسی خڕینەی خاڵ‌خاڵ [*Dormitator* و تۆخمەکانی تر] ۞ 1 ـخواب، آدم خواب 2 قطار دارای تخت‌خواب، واگن تخت‌خواب‌دار 3 تراورس 4 موفقیت غیرمنتظره 5 لباس بچه 6 اسلیپر 7 نوعی ماهی

sleepily /-ɪli/ *adverb*

خەوالووانە، بە خەوالوویی ۞ بە طور خواب‌آلود
sleepiness /'sli:pinəs/ *noun*
خەوالوویی، چاوبەخەوڕبوون ۞ خواب‌آلودی
sleeping bag *noun*
توورەکەخەو، توورەکەی خەو ۞ کیسەخواب
sleeping car *noun*, also sleeping carriage
واگۆنی تەختەخەودار یان بە تەختەی خەوەوە ۞ واگن تخت‌خواب‌دار
sleeping partner *noun*, silent partner
شەریک یان بەشداری ناچالاک (کەسێ کە لە سەرمایەی کۆمپانیایێ بەشدارە و بەلام کاری تیاناکا) ۞ شریک غیرفعال
sleeping pill *noun*, also sleeping tablet
حوب یان حەبی خەو ۞ قرص خواب
sleeping policeman = speed hump
sleeping sickness *noun*
نەخۆشی خەو ۞ بیماری خواب
sleepless /'sli:pləs/ *adjective*
بێ‌خەو، خەولێ‌زڕاو، خەوزڕاو، خەولێ‌نەکەوتوو ۞ بی‌خواب
sleeplessly /'sli:pləsli/ *adverb*
بێ‌خەوانە، بە شێوەیەکی خەوزڕاو ۞ بە طور بی‌خواب
sleeplessness /'sli:pləsnəs/ *noun*
بێ‌خەوی، خەولێ‌زڕاوی، خەولێ‌نەکەوتوویی، خەوڕەوینەوە ۞ بی‌خوابی
sleepwalker /'sli:p wɔ:kə(r)/ *noun*
خەوڕەو، لەخەوداڕۆیشتوو ۞ خواب‌گرد
sleepwalking /'sli:p wɔ:kɪŋ/ *noun*
خەوڕەوی، لەخەوداڕۆیشتوویی ۞ خواب‌گردی
sleepy /'sli:pi/ *adjective* (sleepier, sleepiest)
1 خەوالوو، چاوبەخەو 2 خەوێنەر 3 ئارام، بێ‌دەنگ، سڕیوەنەهاتوو، مردوو: *a sleepy little town* ۞ 1 خواب‌آلود 2 خواب‌آور 3 بی‌سر و صدا
sleepyhead /'sli:pihed/ *noun*
کەسێکی خەوالوو، بنیادەمی چاوبەخەو، خەوار ۞ آدم خواب‌آلود
sleet /sli:t/ *noun*
شلێوە، شلۆقە، لێلاق، لاسەمە، وەشەن، دوودانگ، بەرفەشو، بەفرەباران، تەرزەلووکە، باکوروقە: *The rain was turning to sleet* (sleety *adj*, sleetier, sleetiest: بنەڕەت: ئەلمانی بنەڕەت) ۞ برف و باران، برفابە
sleeve /sli:v/ *noun*
1 قۆل، باڵ، چمک؛ sleevelet 2 بەرگ 3 جەڕی ماسوولە 4 = windsock ۞ 1 آستین 2 جلد 3 مهرەی ماسولە 4 = windsock
sleeved *adjective*
بە قۆلەوە، قۆڵدار ۞ آستین‌دار
-sleeved *adjective*
(لە لێکدانا) قۆڵ ـ باڵ ـ ۞ آستین ـ
sleeveen /'sli:vi:n, US sli:'vi:n/ *noun*
(ئیرلەند) کەسێکی باوەڕپێنەکراو ۞ شخص غیرقابل اعتماد
sleeveless *adjective*
بێ‌قۆڵ، بێ‌باڵ ۞ بی‌آستین
sleevelet *noun*
نیوەقۆڵ، قۆڵکورت، باڵکورت ۞ نیم‌آستین
sleeve-link /'sli:v lɪŋk/ *noun*
دوگمەی زنجیری ۞ دکمەی زنجیری
sleigh /sleɪ/ *noun*
خزێنکە، کێشک، تاخورک (ب.ت. بە ئەسپ یان گاکێوی رابکێشری، بۆ سەر بەفر یان سەهۆڵ بەکاردێتری) ۞ سورتمە
sleight /slaɪt/ *noun*
1 شارەزایی، لێزانی، کارزانی، skill ،dexterity
2 فێڵ، دەغۆ، تەڵەکە، stratagem ۞ 1 مهارت 2 خدعە، نیرنگ
sleight of hand /ˌslaɪt əv 'hænd/ *noun*
1 چاوبەستی، تەردەستی 2 فێڵ، تەڵەکە ۞ 1 تردستی 2 نیرنگ
slender /'slendə(r)/ *adjective* (slenderer, slenderest)
1 باریک، زراف، ناسک، باریکەڵە، تیشکەڵە: *a glass with a slender* ◊ *her slender figure* 2 لاواز، کز، ڕەقەڵ، چەقەڵ، تووڵئاسا 3 *stem* کەم، ناتەواو، بەشێ‌نەکردوو ۞ 1 باریک 2 ضعیف، اندک 3 غیرکافی
slenderness *noun*
1 باریکی، زرافی، ناسکی، باریکەڵەیی، تیشکەڵەیی 2 لاوازی، ڕەقەڵی، کزی ۞ 1 باریکی 2 ضعیف بودن
slept /slept/ = past and past participle of sleep
sleuth /slu:θ/ *noun*
پۆلیسی نهێنی detective ۞ پلیس مخفی
sleuth-hound *noun*
1 = bloodhound 2 (تافەرمی) لێکۆڵەر یان پۆلیسی نهێنی ۞ 1 = bloodhound 2 بازجو یا پلیس مخفی
sleuthing /'slu:θɪŋ/ *noun*
کاری پۆلیسی نهێنی ۞ کارآگاهی
slew[1] /slu:/ *noun*
1 بڕ یان ژمارەیەکی زۆر، کۆلێ، پێتخوێی، دنیایێ، دەریایێ 2 زەل، زنە 3 گۆماو، دەریاچە ۞ 1 مقدار یا تعداد زیاد 2 محل باتلاقی 3 دریاچە
slew[2] /slu:/ = past of slay
slew[3] /slu:/ *noun*, also slue
1 گەڕان، خولخواردن، پێچخواردن، سوورخواردن، خولانەوە، باهەڵدران، بادان 2 خزین، خلیسکان ۞ 1 گردش، چرخش 2 لغزش

slewed *adjective*
کەلەلا، مەست، کەیل ۞ مست، پاتیل
slice /slaɪs/ *noun*
1 قاش، کوت، کووز، برگە، بڕ، لەت، بەش،
کەرت، پشک، portion، share، segment
:sample *a slice of* ◊ *a slice of the profits*
society 2 (چێشتخانە) کەوچک، ئەستێول،
ئاسوێلک، ئەستێولک، کەوگیر (هەڵگێڕانەوە):
a fish slice ۞ 1 تکە، قطعە، سهم، قسمت 2
کفگیر گ
slice bar *noun*
شیش یان میلی شێواندنی رەژی، رەژیشێوێن،
کۆلەوەژی رەژی ۞ سیخ به هم زدن زغال
slick /slɪk/ *adjective, noun*
adj 1 خز، خلیسک، خاز، تەڕ، لووس 2
زمانچەور، زمانلووس، زۆڵ، زیرەک 3
شارەزیانە، زیرەکانە *n* 1 عەرزی خلیسک 2
شوێنی خلیسک، جێگای خز، تورتەماڵ، شەمت،
خزگە 3 لکە یان پەڵەی نەوت (لەسەر ئاو) 4
(ئەمریکا) کۆڤاری ورشن یان بریقەدار ۞ *adj*
1 لیز، سر 2 چرب‌زبان 3 ماهرانه *n* 1 زمین لیز 2
محل لیز 3 لکەی نفت 4 اسلیک
slick-ear *noun*
کەڕە، کەڕیل، گیانەوەری بێگوێ ۞ حیوان
بدون گوش
slickenside *noun*
(زەویناسی، بەرد) رووەسوو، لووس، بەرەسوو
۞ سودەرخ
slicker /'slɪkə(r)/ *noun*
1 بنیادەمی زیرەک، زۆڵ، رۆڵەلەبەردایکهەلگر،
زۆڵی رۆژگار 2 (باڵتە) بارانی، باراندانەدەرە،
ئاودانەدەر 3 = city slicker ۞ 1 آدم زبل 2
بارانی
slid /slɪd/ = past and past participle of slide
slidable *noun*
دەخزێ، دەخلیسکێ، لەخزینهاتوو ۞ قابل لغزش
slide /slaɪd/ *noun*
1 خلیسکان، خزان، ساتم، ساتمە 2 خلیسکێن،
خزخزێنە، خزێنە 3 کەمبوونەوە، دابەزین،
هاتنەخوارێ 4 سلاید 5 کەشەو 6
هەرەس(هێنان)، رمان، داڕووخان 7 خزکە،
خزەک، بەشێ لە ماشێن یا ئامێرێ کە دەخزێ
یان دێتودەچێ 8 دابەزین، داشکان 9 (بریتانیا)
= hairslide ۞ 1 لغزش، سرش 2 سرسره 3
کاهش 4 اسلاید 5 کشو 6 ریزش 7 اسلاید 8 نزول
slide fastener *noun*
زنجیر، زریزە، زیپ ۞ زیپ
slide projector *noun*
سلایدپیشاندەر، پیشاندەری سلایدەکان ۞
پروژکتور اسلاید
slider /'slaɪdə(r)/ *noun*
1 خلیسک، خز، لووس 2 هەڵخلیسکاو، خزیو 3
رەقە یان کیسەڵێکی ئەمریکا باکووری
[*Trachemys scripta* (هی گۆلاو) و جۆرە
پێوەندیدارەکان] ۞ 1 لغزنده، لیز، سرخورنده 2
نوعی لاک‌پشت
slide rule *noun*
راستەی ئەندازیاری، راستەی لێکدانەوە ۞
خط‌کش مهندسی
slide valve /'slaɪd vælv/ *noun*
زمانە یان دەمەوانەی جوولۆک، زمانەخلیسکە
۞ دریچەی متحرک
slideway *noun*
ڕێگای خلیسک ۞ راه لغزنده
sliding door /ˌslaɪdɪŋ 'dɔ:(r)/ *noun*
خلیسکەدرگا، درگای خزیو یان کەشەوی یان
رەیلی ۞ در کشوی
sliding scale *noun*
پێوەری گۆڕاو، پێوەری بگۆڕ ۞ مقیاس متغیر
slight[1] /slaɪt/ *noun*
بەهێندنەگرتن، بەهیچدانان، گوێپێنەدان،
لێگەڕان، بێڕێزیپێکردن، بەکەمدانان ۞
بی‌اعتنایی، تحقیر
slight[2] /slaɪt/ *adjective* (slighter, slightest)
1 باریک، زراف، تیشکەلە، باریکەڵە 2 هیچ،
هیچەکە، چکۆلە، ناگرنگ: *a slight*
delay/difference ◊ *a slight increase* ◊ *a*
slight change ۞ 1 باریک 2 جزئی، کوچک
slighted *adjective*
سووکیپێکراو، بێڕێزیپێکراو، بەهێندنەگیراو،
بەهیچدانراو ۞ تحقیرشده
slighting /slaɪtɪŋ/ *adjective*
سووکایەتییانە، بێڕێزیپێکەرانە،
بێحورمەتانە، سووکیپێکەرانە، :disparaging
a -ing remark ۞ توهین‌آمیز
slightingly /slaɪtɪŋli/ *adverb*
بە شێوەیەکی سووکایەتییانە، سووکانە ۞ بە
طور توهین‌آمیز
slightly /'slaɪtli/ *adverb*
کەمێ(ک)، برێ(ک)، نەختێ(ک)، پشکێ: *a*
slightly different version ۞ اندکی
slightness /'slaɪtnəs/ *noun*
کەمی، هیچی، هیچەکەیی، ناگرنگی ۞ ناچیزی،
کمی
slily = slyly
slim /slɪm/ *adjective*
1 باریک، زراف، تیشکەلە، باریکەڵە 2 کەم،
بەشنەکردوو، ناتەواو 3 چکۆلە، کەم ۞ 1
باریک 2 غیرکافی 3 کوچک
slime /slaɪm/ *noun*
1 مەتریاڵی لینج، شت یان کەرستەی لیچق:
The pond was full of mud and green

Snails and slugs leave a trail of - ◊ slime e 2 قور، حەری، لەزم، قیشاف 3 قەوزە، کەفزە
◇ 1 مادەی لزج 2 لجن 3 جلبک

slimeball *noun*
(نافەرمی) مرۆی بێزاوی ◇ آدم نفرت‌انگیز

slime mould *noun*
کەرووەلینجە [دیـڤیژن Myxomycota یـان
(وەک protestی) لـــق Gymnomyxa] ◇
کپک لجن

slim-jim *noun*
مرۆی کز و رەقەڵ ◇ آدم لاغر

slimline /'slımlaın/ *adjective*
1 (خواردنەوەیێ کە) کالۆری لە جۆری ئاسایی
خـۆی کـەم‌تـرە 2 دەزگایـێ کـە چکۆلـەتر و
ناسک‌ترە لە هەمان جۆری خۆی، نوقلی، قوتو،
چکۆلانە: *a slimline phone* ◇ 1 اسلیملاین 2
نقلی، کوچک

slimmer /'slımə(r)/ *noun*
پارێزگرتوو، پارێزکردوو، پارێزگر: *a calorie-controlled diet for -s* ◇ رژیم‌گیرنده

slimming /'slımıŋ/ *noun*
باریکی، زراڤی، تیـشکەڵەیی، کزبوون، لاوازی،
شیرین‌کزی ◇ لاغر شدن

slimness /slımnəs/ *noun*
کـزی، لاوازی، سـتی، فـشەڵی ◇ بـاریکی،
لاغری، سـتی

slimy /'slaımi/ *adjective* (slimier, slimiest)
1 قوڕاوی، لیتاوی، قوڕوچڵپاوی، تەقن 2 لینج،
توچن، لیچق، پێوەنووساو، viscous 3 قەوزاوی،
پڕقـەوزە، کـەفزەداگرتوو 4 دووڕوو، فـێلاوی 5
نادروست، ناپاک، باوەڕپێ‌نەکراو ◇ 1 پر از لجن
2 چـسناک، لزج 3 پر از جلبک 4 حقەباز 5 پـست

sling[1] /slıŋ/ *noun*
1 بەت، پەتک، بەست 2 بەردەکانی، قۆچەقانی،
قەڵماسک، قەڵماسەنگ، کەهێنک، بەرەقانی 3
خستن، هاویشتن، حەوادان، فڕێدان، تووڕهەڵدان
4 کۆڵی منال 5 پەتی تفەنگ 6 کەندر، گوریس،
زنجیر 7 پـەڕۆی هەڵـپێچان یـان ڕاگـرتن و
هەڵواسینی جێگایێکی برین‌دار ◇ 1 تـسمە 2
فلاخن، قلاب‌سنگ 3 پرتاب 4 کولەی بچە 5 بند
تفنگ 6 ریسمان 7 اسلینگ

sling[2] /slıŋ/ *noun*
ئـارەق یـان خواردنـەوەی شیرین‌کراو، ب.ت.
جین ◇ اسلینگ

slings and arrows *noun, pl.*
سـەختی‌یـەکان، گێرەوکێشە، تـەنگ‌وچەڵـەمە،
کوێرەوەی ◇ مشکلات

slingshot /'slıŋʃɒt, US -ʃɑ:t/ *noun*
تیروکەوان ◇ تیرکمان

slink /'slıŋk/ *noun*
1 جـووڵانی دزەکی یان بە ماتەیی 2 بەراوێتە،
بەرفڕێـدراو، گـوێلکی بەراوێتـە ◇ 1 حرکـت
دزدکی 2 سقط‌شدە، گوسالەی سقط‌شدە

slinky /'slıŋki/ *adjective* (slinkier, slinkiest)
1 (جل‌وبەرگ) تەنگ، تەنگ‌وتۆمان، پێوەچەسپ
2 سێکـسی، سـەرنج‌ڕاکـێش، هەڵـفریوێنەر،
بزوێنـەر، ئیـشتیاهەستێن 3 دزەکـی، بەماتـە، بـە
دزی‌یەوە ◇ 1 چـسبان 2 وسوسەآمیز 3 دزدکی

slip /slıp/ *noun*
1 لێ‌شێوان، لێ‌داقڵیشان، چەوتی، شاشی، زەلە،
هەڵخلیسکان، ترازان، هەڵە (ی چکۆلە)، سەهو،
لێ‌شێوان، لەدەم‌دەرچوون 2 خزان، هەڵخلیسکان
3 نـزم‌بوونـەوە، لێژبوونـەوە، داچـوون، داکـەوتن،
هاتنەخوارێ 4 منـاڵ، بەرە، فرزەند 5 ژێرپۆش،
ژێرکراس، بن‌کراس 6 چـووز، تـوول، خەڵـف،
شەتڵ، نەمام، چەکەرە، کورس (چـەکـەرەی تازە
سەر دەرهێناو) 7 تیکە، باریکە، تیلماسکەکاغز،
باریکـەکاغز، کوتـە کـاغز، لەتـە کـاغز 8
بەرگەباڵـنج، بەرگەسـەرین 9 جێـی
کەشتی‌دروست‌کردن و چاک‌کردنەوە، خلیسکێنە،
لێژگە 10 گڵەڕەنگە، رووکێشی گڵێنە، لۆعاب،
لیاو 11 پەتی سەگ ◇ 1 لغزش 2 سـرخوردگی،
سرش 3 افت، تنـزل 4 اولاد، فرزنـد 5 زیرپـوش 6
نهـال، قلمـه 7 تکـه، تکـەی کاغـذ 8 روبالـشی 9
تعمیرگاه کشتی 10 لعاب 11 ریـسمان سگ

slip carriage /slıp kærıdʒ/ *noun*, also slip coach
(بریتانیـا و مێژوویـی) عەرەبانـە یـان واگـۆنی
لێوەکراو (لە شەمەندەفەر) ◇ واگون ول‌شده

slipcase *noun*
قوتو، سنووق، بەرگەڕەق، جێ‌کتێب ◇ جعبه

slipcover *noun*
1 (کورسی، کەل‌وپەل و هتد) بەر، بەرگ، روو 2
جێ‌کتێب، بەرگەڕەق ◇ 1 روکش 2 جعبه

slipknot /slıpnɒt/ *noun*
گرێ قولفە، قولفە، گرێ خزیو یان خلیسک ◇
گره خفت

slip-on *noun, adjective*
n پێلاوی بێ‌قەیتان یان بێ‌بەن، هاسان‌لەپێ‌کراو،
ئاسان‌پۆش *adj* بێ‌بەن، بێ‌قەیتان ◇ *n* کفش
بی‌بند *adj* بی‌بند

slipover /'slıpəʊvə(r), US -oʊ-/ *noun*
پۆلاڤر، پۆلۆڤێر (بێ‌قۆڵ) ◇ پلیور

slippage /'slıpıdʒ/ *noun*
1 هەڵخلیسکان، خـزان 2 بەرەبەرەکەوتنـەخوار
◇ 1 سـرش 2 افت تدریجی

slipped disc *noun*
(پزشـکی و نافەرمی) دیـسک ◇ دیـسک

slipper /'slıpə(r)/ *noun*
سەرپێیی، سەرپایی، سۆل، نالک ◇ دمپایی

slippered *adjective*
سـەرپایی‌پـۆش، سـەرپێیی‌لـەپێ‌کـردوو،

سەرپایی‌لەپێ‌کردوو ۞ دمپایی‌پوش
slipper flower = calceolaria
slipperiness /'slɪpərinəs/ *noun*
خزی، خلیسکی، خلیسک‌بوون ۞ لیزی
slippery /'slɪpəri/ *adjective* (slipperier, slipperiest)
1 خلیسک، تەهس، خز، لووس: *slippery* (کەسێ) 2 *a slippery fish ◊ roads* باوەرپێنەکراو، نادروست، ناپاک، فێڵاوی 3 - 2 لیز ۞ 1 لغزنده، (slipperily *adv*) unstable غیرقابل اعتماد
slippery elm *noun*
وزمەلینجە (هی رۆژهەلات و ناوەندی ئەمریکای باکووری، بۆ دەرمان [*Ulmus fulva*]) ۞ نوعی نارون
slippy /'slɪpi/ *adjective* (slippier, slippiest)
(عەرز و هتد) خلیسک، خز، لووس، تەهس، ۞ لیز slippery
slip-road *noun*
ریگایێ لە نێو و دەرەوەی پانەڕێ، ریگای دەرەوەی پانەڕێ، ریگای نێوەوەی پانەڕێ ۞ ورودی یا خروجی اتوبان
slip rope /'slɪp rəʊp/ *noun*
راگیرە یان تەناف و گوریسێ کە هەردوو سەری بە کەشتی‌یەوە بێ (نێوەڕاستەکەی بە کەنارەوە بەسرابێتەوە) ۞ اسلیپ روپ
the slips = slipway
slip sheet *noun*
(چاپ) نێونەپەرە، پەرەبەینە (پەڕێ کە دەخرێتە نێوان دوو پەڕی چاپ‌کراو، تا یەکتر خالاوی نەکەن) ۞ اسلیپ شیت
slipshod /'slɪpʃɒd, US -ʃɑ:d/ *adjective*
1 جرین، پۆخل، پنجل، کەمتەرخەم، سەرسەرەکی 2 (کۆن، کەوش) پاژنەدادراو، پاژنەخەواندوو ۞ 1 شلخته، بی‌دقت 2 پاشنه خوابیده
slipslop /'slɪpslɒp/ *noun*
(کۆن) 1 چێشتی ئاوەکی یان شلپیتاو، سایری 2 قسە یا نووسراوەی بێ‌مایە ۞ 1 و 2اسلیپ‌اسلوپ
slipstick = slide rule
slipstone /'slɪpstəʊn/ *noun*
هەسانی (تیژکردنی) ئەسکەنە ۞ اسلیپ‌استون
slip stitch *noun*
تەقەڵی نەبینراو یان ژێرەوە ۞ بخیه‌ی نامریی
slipstream /'slɪpstri:m/ *noun*
با (بایێ کە بە هۆی ماشێن و شتی وا بەرەو دواوە دەچێ) ۞ باد
slip-up *noun*
لێ‌شێوان، هەڵە، شاشی، سەهو ۞ اشتباه، سهو
slipware *noun*
گلێنەی لیاوکراو یان رەنگ‌کراو ۞ ظروف سفالی لعابی

slipway /'slɪpweɪ/ *noun*
خلیسکە یان خلیسکێنەی کەشتی، لێژایی بارخستن، لێژگە ۞ سرسره
slit[1] /slɪt/ *noun*
درز، قەڵەش، دراف، تلیش، کەلێن، کەلەبەر، کون (درێژ و باریک؛ slitless *adj*) ۞ شکاف، درز
slit[2] = past and past participle of slit
slither /'slɪðə(r)/ *noun*
خزین، خزان، خلیسکان، شەمتین ۞ لغزش
slithery /'slɪðəri/ *adjective*
خز، خلیسک: *We began our slithery descent to the shore* ۞ لغزنده
slitter *noun*
هەڵقلیشێنەر، داتلیشێنەر، دادڕێنەر ۞ چاک‌دهنده
slitting *noun*
ئاسن‌بڕی ۞ آهن‌بری
slit trench *noun*
خەنەک یان سەنگەری قەڵەشی، باریکەسەنگەر، باریکەخەنەک ۞ خندق یا سنگر شکافی
slitty *adjective* (slittier, slittiest)
(چاو، هەرزانە) درێژ و باریک ۞ دراز و باریک
sliver /'slɪvə(r)/ *noun*
1 تەڵەزم، تەلاش، مووره، چقڵ، تەخشک، تەڵش، باریکە، تیکە، لەت، کوت 2 وردە، ورکە 3 خوری، تالی خاو (با هەڵنەدرابێ) ۞ 1 تراشه، تکه 2 خرده 3 اسلیور
slivovitz /'slɪvəvɪts/ *noun*
جۆرێ براندی هەڵووژە، زۆرتر لە یۆگسلافیای جاران و رۆمانیا دروست دەکرا ۞ اسلیوویتز
Sloane /sləʊn, US sloʊn/ *noun*, also Sloane Ranger
(نافەرمی) سلەون (مروف ب.ت. ژنێ کە لە چینی سەرەوە لە گەڕەکێکی بەنێوبانگی لەندەن دەژی) ۞ اسلون
slob /slɒb, US slɑ:b/ *noun*
1 مرۆی لەش‌گران، بنیادەمی تەپلووس 2 مرۆی شروشپرزە ۞ 1 آدم تنەلش 2 آدم شلخته
slobber /'slɒbə(r), US 'slɑ:b-/ *noun*
دەماو، لیک ۞ آب دهان
slobbery *adjective*
(ماچ) تەڕ، ئاودار ۞ خیس
sloe /sləʊ, US sloʊ/ *noun*
هەڵووچەی جەنگەڵی ۞ آلوچه‌ی جنگلی
sloe-eyed *adjective*
چاورەش ۞ سیاه‌چشم
sloe-gin *noun*
جین (خواردنەوەیەکی ئەلکۆلی) ۞ جین
slog /slɒg, US slɑ:g/ *noun*
1 (ماوەی) کاری سەخت 2 ریگای دووورودرێژ، ریگای یەکجار دوور ۞ 1 کار طاقت‌فرسا 2 راه دور و دراز

slogan /'sləʊgən, US 'sloʊ-/ *noun*
1 دروشم، دەمەجوو: ***a campaign slogan*** 2 (مێژوویی) نەڕە و گوڕەی چیانشینانی سکاتلەند (**sloganeering** *n*) ۞ 1 شعار 2 اسلوگان

sloganeer *noun*
دروشمدارێژ، دروشمساز ۞ شعارساز

sloka /'ʃləʊkə/ *noun*
خشتەییەکی هۆنراوەی سانسکریتی ۞ اسلوکا

slo-mo = slow motion

sloop /slu:p/ *noun*
1 سلوپ (گەمی یەکداراڵا و چارۆکەدار) 2 (**sloop war**) جۆرێ گەمی شەڕکەری دوو یان سێ داراڵا 3 کەشتییەکی چکۆلانەی دژەژێردەریایی شەڕی جیهانی دووەم 4 عەرەبانەی هەڵگرتن تەختە ۞ اسلوپ

sloosh *noun*
(بریتانیا) حوجحەتی ئاو یان تێهەڵکێشانی بە تەوژم ۞ اسلوش

sloot /slu:t/ *noun*, also sluit
1 (ئەفریکای باشووری) باراندڕ، ئاودڕ، دڕکەند (قووڵ، بەهۆی داشۆرانی بارانەوە) 2 (مێژوویی) جۆگەی باریک، جۆگەلە ۞ اسلوت

slop[1] /slɒp, US slɑ:p/ *noun*
1 (چێشت) شلپیتاو، شۆرباو، ئاوەکی، سایری 2 (زۆرتر بە شێوەی کۆ **slops**) بەرماوەی چێشت 3 ئاوەڕۆ، گەناو، چڵکاو، پاشاو، پاشەڕۆ 4 دەریای پرشەپۆل یان ئاڵۆز یان نائارام 5 (ئەمریکا) زمانی بەسۆز 6 لیتە، قوڕ و چلپاو، زەلکاو 7 (زیندان) سەتڵی دەسبەئاو ۞ 1 آب زیپو 2 (اغلب به صورت جمع) تەماندەی غذا 3 فاضلاب 4 دریای متلاطم 5 زبان احساسی 6 لجن، باتلاق 7 سطل توالت

slop[2] /slɒp, US slɑ:p/ *noun*
1 جلی هەراوی کرێکار 2 شەڵواری دەلب و فش، ب.ت. هی سەرباز 3 جلوبەرگی ئامادە و هەرزان ۞ اسلوپ

slope /sləʊp, US sloʊp/ *noun*
1 لێژ، لێژایی، خێسی، تەلان، لاپێ، سەرەوخوار، (لاری، خواری)، ڕوو یان ئاستی لاپێ، ئاستی لێژ(ایی) 2 بەرزی و نزمی، هەورازونشێو، کەندولەند 3 (تافەرمی، ئەمریکا، سووکانە) کەسێکی ڕۆژهەلاتی، ب.ت. ڤیتنامیی ۞ 1 شیب، سطح شیبدار 2 پستی و بلندی 3 اسلوپی

sloping *adjective*
لێژ، تەلان، سەرەوخوار، ئاوڕێژن، سەربەرەوژێر، سەرەولێژ، خێس، لاپێ، خوار ۞ شیبدار

slop pail *noun*
سەتڵی دەسبەئاو یان پاشەڕۆ ۞ سطل توالت

sloppily /-ɪli/ *adverb*
شڕوشپرزانە، شڕوشێواوانە، جەربوهۆڕانە، ناڕێکوپێکانە ۞ شلختەوار

sloppiness /'slɒpinəs, US 'slɑ:pinəs/ *noun*
شڕوشێوای، شپرزەیی، پۆخڵی، جەربی، پنجلی ۞ شلختگی

sloppy /'slɒpi, US 'slɑ:pi/ *adjective* (sloppier, sloppiest)
1 شێواو، شپرزە، پیسوپۆخڵ، پنجڵ، جەربن، شپلۆخ، شڵوشەوێق، ناڕێکوپێک، **slovenly**: 2 پیس، گڵاو، قوڕاوی ***a sloppy dresser*** 3 فشە، سەرسەرەکی، تێکەوڵێکە، تێکەڵوپێکەڵ 4 شڵ، ئاوەکی، ئاودار، بڵ، تراو ۞ 1 شلختە، نامرتب، بیدقت 2 کثیف 3 درهم و برهم 4 آبکی

sloppy joe *noun*
(تافەرمی) **sweater**ی فش و درێژ ۞ اسلوپی جو

slop shop *noun*
فرۆشگەی جلی ئامادە یان دووراو ۞ فروشگاه لباس دوخته

slopwork *noun*
جلی ئامادە یان دووراو ۞ لباس دوخته

slopworker *noun*
فرۆشیاری جلی ئامادە یا دووراو ۞ دوختەفروش

slosh /slɒʃ, US slɑ:ʃ/ *noun*
1 شلپەشلپ، دەنگی شلپەشلپ 2 قوڕ، لیتە ۞ 1 (صدای) چلپ و چلوپ 2 لجن

sloshed /slɒʃt, US slɑ:ʃt/ *adjective*
(تافەرمی) کەلەلا، مەست، سەرخۆش، **drunk** ۞ مست

sloshy *adjective* (sloshier, sloshiest)
1 تەڕ و لیچق 2 یەکجار بەسۆز ۞ 1 چسناک 2 احساساتی

slot[1] /slɒt, US slɑ:t/ *noun*
1 کون، درز، قەڵەش، کەلەبەر، کەلێن، تلیش، شەق: ***to put some coins in the slot*** 2 جێکلیل 3 جێی باش، جێگای گونجاو، شوێنی چاک، وەخت، کات ۞ 1 سوراخ، شکاف 2 جای کلید 3 جای مناسب، وقت

slot[2] *noun*
شوێن یا شەقلی ئاسکێ، جێسم (لەسەر عەرزی نەرم) ۞ اسلوت

sloth /sləʊθ, US sloʊθ/ *noun*
1 تەمەڵی، تەپلۆسی، لەشگرانی، تەوەزەلی 2 (گیانەوەرناسی) تەمەڵ، ستەلە: لە ئەمریکای ناوەندی و باشووری و ب.ت. لەسەر دار دەژی [تۆخم *Bradypus* (هی سێ پەنجە) و *Choloepus* (هی دوو پەنجە)] ۞ 1 کاهلی، تنبلی 2 (جانورشناسی) تنبل

sloth bear *noun*
ورچێکی تیسکنی هیندی چنگدرێژی چەماوە، ورچەتەمەڵە، ورچەستەلە [*Melursus ursinus*] ۞ نوعی خرس

slothful /'sləʊθfl, US 'sloʊθfl/ *adjective*
1 تەمەڵ، لەشگران، تەپلۆس، کارنەکەر،

ناچالاک، گیانداوەشاو، تەوەزەل، 2 lazy
تەمەلانە، تەونەزەلانە، تەپلۆسانە ۞ 1 تن‌پرور، تنبل 2 کاهلانه

slothfulness *noun*
تەمەڵی، تەپلۆسی، لەش‌گرانی، تەوەزەلی ۞ کاهلی، تنبلی

slot machine *noun*, also fruit machine
دەزگای (فرۆشتنی) کۆینی، دەزگایێکی قوماری کۆینی ۞ ماشین سکه‌ای

slotted /'slɒtɪd, US 'slɑːt-/ *adjective*
قلیش‌دار، درزاوی، کەلێن‌دار، کەلەبەردار، شەق‌بردوو، کون‌کون، کوناوی ۞ شکاف‌دار، دارای چاک

slotted spoon *noun*
کەوچکی کون‌کون یان کوناوی یان کون‌دار ۞ قاشق سوراخ‌دار

slouch /slaʊtʃ/ *noun*
مرۆی هیچ‌لەدەس‌نەهاتوو یان بێکارە، مرۆی بێ‌دەسەلات یان بەیدەس ۞ آدم بی‌عرضه

sloucher *noun*
کەسێکی هیچ‌لەدەس‌نەهاتوو، مرۆی بێ‌دەسەلات ۞ آدم بی‌عرضه

slouch hat *noun*
کلاوی لێوارپان و شۆڕ ۞ کلاه شاپوی لبه‌پهن

slouchy *adjective* (sloshier, sloshiest)
1 داچەماو، چەمیو 2 تەمەڵ، تەپلۆس، تەوەزەل ۞ 1 خمیده 2 تنبل

slough[1] /slaʊ, US sluː/ *noun*
1 زەل، زەلکاو، زۆنگاو، چامۆر 2 (لە ڕۆژاوای کەنەدا) گۆلاوێ کە لەبەر باران یان بەفری تواوە پێکهاتووە، گۆلاو، گۆل 3 باری ڕۆحی، واز، ورە 4 داچوون ۞ 1 باتلاق 2 اسلو 3 حالت روحی 4 انحطاط

slough[2] /slaʊ, US sluː/ *noun*
1 کەراژ، کراس، کاژ 2 قرتماغە، قەتماغە؟ ۞ 1 پوست مار 2 خشک‌ریشه

Slovak /'sləʊvak/ *noun*
1 خەڵکی Slovakia، یان کەسێ لە ڕەگەزی سلۆڤاکی 2 زمانی سلاڤی ڕۆژاوایی سلۆڤاکیا ۞ اسلوواک

Slovakian /slə'vakɪən, US -'vɑːkɪən/ *noun*, *adjective*
n ڕەسەن یان خەڵکی سلۆڤاکیا، سلۆڤاکیایی *adj* سەربە سلۆڤاکیا، سلۆڤاکیایی ۞ اسلوواکی

sloven /'slʌvn/ *noun*
مرۆی شڕوشپرزە، پیس‌وپۆخڵ، جرپن، پنجل، شل‌وشەویق ۞ آدم شلخته

Slovene /'sləʊviːn, US sləʊ'viːn/ *noun*
1 خەڵکی Slovenia، یان کەسێ لە ڕەگەزی سلۆڤینیایی، سلۆڤینیایی 2 زمانی سلاڤی باشووری ئەو گەلە، سلۆڤینیایی ۞ اسلوونی

Slovenian *noun*, *adjective*
n ڕەسەن یان خەڵکی سلۆڤینیا، سلۆڤینیایی *adj* سەربە سلۆڤینیا، سلۆڤینیایی ۞ اسلوونیایی

slovenliness /'slʌvnlinəs/ *noun*
شڕوشپرزەیی، پیس‌وپۆخڵی، جرپنی، پنجلی ۞ شلختگی

slovenly /'slʌvnli/ *adjective*
شڕوشپرزە، کاڵ‌وکرچ، پیس‌وپۆخڵ، کارپیس، جرپن، پنجل، شل‌وشەویق، شپلۆخ، نارێک‌وپێک ۞ شلخته، کثیف، بی‌دقت

slow /sləʊ, US sloʊ/ *adjective*, *adverb*
adj 1 خاو، خلیچک، هێواش، شینەیی، فلق، ئەسپا(یی)، شینەیی، سووک، نەرم 2 حەپۆل، گێل، دەبەنگ، حۆل، درەنگ‌فێربوو، گێژ 3 درەنگ‌کار(لێ)کردوو (وەکوو ژار) 4 بەرەبەرەیی، کەم‌کەمە، وردەوردە 5 ماندووکەر 6 کەم‌جم‌وجۆڵ، سست، خاو، تەپلۆس، دەس‌قورس، خرس، هەڵنەسووڕاو 7 (کات‌ژمێر) لەدوا 8 مایەی خاوکردنەوە، سووک‌کەرەوە 9 (وێنە) نە زۆر هەستیار (یان ناسک)، ناهەستیار (لەبەر ڕوشنایی) *adv* هێواش، بە هێواشی، بە ئەسپایی، سووک ۞ *adj* 1 آهسته، کند، ملایم 2 کندذهن، دیرآموز 3 دیراثر 4 تدریجی 5 بی‌روح 6 (ساعت) عقب 7 کم‌تحرک 8 کندکننده 9 (عکس) غیرحساس *adv* آهسته، یواش

slowcoach /'sləʊkəʊtʃ, US 'sloʊkoʊtʃ/ *noun*, also slowpoke
کەسێکی خاووخلیچک، تەپلۆس، نەبەگە، خاو، تەمەڵ، تەوەزەل ۞ آدم شل و ول، تنبل

slow cooker *noun*
دیگی چێشت‌لێنانی بە هێواشی ۞ دیرپز

slowdown /'sləʊdaʊn, US 'sloʊ-/ *noun*
1 کەم‌بوونەوە، خاوبوونەوە، هاتنەخوارێ، نیشتنەوە، سووک‌بوونەوە، دابەزین 2 (مان‌گرتن) کەم‌کاری، خاوەخاوکردن ۞ 1 افت، کاهش 2 (اعتصاب) کم‌کاری

slow-footed /ˌsləʊ 'fʊtəd/ *noun*
سووک‌ڕەو، بە خاوی ڕۆیشتوو، تەپڕەو، تەپڕۆ ۞ کندرو

slow-footedness *noun*
سووک‌ڕەوی، بە خاوی ڕۆیشتوویی، تەپڕەوی، تەپڕۆیی ۞ کندروی

slow lane *noun*
هێڵی خاوکردنەوە، بەشی سووک‌کردنەوە (یانەڕێ) ۞ خط یا قسمت کندرو

slowly /'sləʊli, US 'sloʊli/ *adverb*
بە هێواش، هێواش، خاو، بە ئەسپایی، شینەیی، بەحاڵ و دووبەلا، بەرەبەرە، وردەوردە، کەم‌کەم: *to move slowly* ۞ یواش، به تدریج

slow match /'sləʊ mætʃ/ *noun*
(مێژوویی) پلیتەی بە هێواشی سووتاو ۞ فتیله‌ی

کندسوز

slow motion *noun*
(فیلم، تەلەفزیۆن و هتد) جووڵانی بە خاوی، بزووتنی بە نەرمی یان شێنەیی، جووڵانی هێواش (یان بە هێواشی) ۞ حرکت آهسته

slowness /'sləʊnəs/ *noun*
هێواشی، ئەسپایی(بوون) خاوی، سووکی، نەرمی، شێنەییتی، سستی ۞ آهستگی، کندی

slowpoke /'sləʊpəʊk, US 'sloʊpoʊk/ = slowcoach

slow puncture *noun*
وردەکون، وردەپەنچەری (درەنگ بایەکە دەرەچێ) ۞ ریزپنچری

slow-witted /ˌsləʊ 'wɪtəd/ *adjective*
حەپۆل، گێل، دەبەنگ، حۆل، درەنگفێربوو، گەمژە، گێژ، حەپە (دژی quick-witted) ۞ کندذهن، خنگ

slowworm /'sləʊwɜ:m/ *noun*, also slow-worm
کوێرەمار، مارمێلکی خشۆک (خشۆکێکی ئەورووپایی چکۆلەی بێژار، لاق‌وپلی نییە [*Anguis fragilis*]) ۞ مارمولک خزنده

SLR *abbreviation* single-lens reflex
(کامێرای) یەکهاوێنەی دانەوەیی (پەرچدەرەوە) ۞ تکلنزی بازتابی

slub /'sləb/ *noun*
1 خوری یان هاوریشمی نیوەریس، گرێی ریس 2 پارچەی لەو جۆرە 2 (پارچە) گرێ‌دار ۞ 1 پشم یا ابریشم نیم‌تاب 2 و 3 اسلوب

sludge /slʌdʒ/ *noun*
1 قوڕ، لیتە، لەژم، قیشاف، سیلخان، حەری، قوڕوچلپاو، تلتە، نیشتوو، slime: *There was some sludge at the bottom of the tank* 2 گەناو، پاشەڕۆ 3 سەهۆڵی تازەلەتلەت 4 جێگای لیتاوی یان قوڕاوی ۞ 1 لجن، تەنشست 2 فاضلاب 3 اسلاج 4 جای لجن‌آلود

sludgy *adjective*
قوڕاوی، لیتاوی، لەژماوی، پڕ لە قوڕوچلپاو ۞ پر از لجن

slue = slew

slug[1] /slʌg/ *noun*
شەیتانۆکەی بێ‌لەپکە [دەستە Stylommatophora] ۞ حلزون بی‌صدف

slug[2] /slʌg/ *noun*
1 گوللە، تیر 2 (خواردنەوە) قوم، گوڵپ، فڕ، پێک 3 کۆینی قەلب 4 لێدانی توند (ب.ت. سیخورمە یان مستەکۆڵە) ۞ 1 گلوله 2 پیک 3 سکەی قلابی 4 ضربەی قوی (بە ویژە سقلمە)

slugabed *noun*
(کۆن) کەسێکی تەمەڵ و ترشاو ۞ آدم تنبل و دیرخیز

sluggard /'slʌgəd, US -gərd/ *adjective*
لەش‌گران، کنگ‌گران، تەمەڵ، تەپلۆس، خاو، تەوەزەل، لاژگ، کالووم ۞ کاهل، تنبل

sluggardiness /'slʌgədlinəs, US -gərdlinəs/ *noun*
لەش‌گرانی، تەمەڵی، تەپلۆسی، تەوەزەلی ۞ کاهلی، تنبلی

sluggardly /'slʌgədlu, US -gərdli/ *adverb*
بە لەش‌گرانییەوە، تەمەڵانە، تەپلۆسانە ۞ کاهلانه، با تنبلی

slugger *noun*
بۆکسۆری توندوەشێن یان توندپیاکێش ۞ بوکسور با ضربەی قوی

sluggish /'slʌgɪʃ/ *adjective*
خاو، سست، بێ‌جم‌وجۆڵ، داهێزراو، داوەشاو، خاووخلیچک، تەمەڵ، لاژگ، تەپلۆس، لەش‌گران: *a sluggish* ◊ *sluggish traffic* ◊ *the sluggish black waters of* ◊ *economy the canal* ۞ کند، کم‌تحرک، تنبل

sluggishly /'slʌgɪʃli/ *adverb*
بە خاوی، هێواش، بە شێنەیی، بە هێواشی، بە ئەسپایی، بە لاژەلاژ ۞ بە کندی، یواش، بە تنبلی

sluggishness /'slʌgɪʃnəs/ *noun*
خاوی، سستی، خاووخلیچکی، هێواشی، سووکی، بێ‌جم‌وجۆڵی، داهێزراوی، داوەشاوی، تەمەڵی، تەپلۆسی، لەش‌گرانی ۞ کندی، آهستگی، کم‌تحرکی، تنبلی

sluice /slu:s/ *noun*
1 دەمەوانە، ئاوگرەوە، ئاوبەست، بەریانە، شەلەگە، بەنداوی دەمەوانەیی 2 ئاوی پشت دەمەوانە، بناوان 3 ئاوەڕێ، کاناڵ ۞ 1 دریچە، آب‌بند 2 آب پشت دریچە 3 کانال

sluice-gate /slu:s geɪt/ *noun*, also sluice-valve
دەمەوانە، ئاوگرەوە، ئاوبەست، بەریانە، شەلەگە ۞ آب‌بند

sluice-way *noun*
ئاوەڕێ، کاناڵ ۞ کانال

sluit /slu:t, US 'slu:ɪt/ = sloot

slum /slʌm/ *noun*
1 گەڕەکی هەژارنشین یان فەقیرنشین، هەژاراوا، سواڵکەراوا: *a slum area* 2 (نافەرمی) جێگای زۆر پیس، گەڕەکی کەلاوەکان، تەنەکاوا ۞ 1 منطقەی فقیرنشین 2 جای کثیف

slumber /'slʌmbə(r)/ *noun*
(ویژەیی) خەو: *She fell into a deep and peaceful slumber* ۞ خواب

slumberer *noun*
کەسێکی خەوتوو، خەولێ‌کەوتوو ۞ آدم خواب

slumberous /'slʌmbərəs/ *adjective*, also slumbrous or slumbery

خەوالـــوو، داهێزرێنـــەر، داوەشـــێنەر، خەوێنـــەر، سست، ئارام، بێدەنگ: *slumberous state of peace* ۞ خواب‌آلود، رخوت‌آور، بی‌سر و صدا

slumber party *noun*
میوانی خەو (دەستەیێ لە رفێقەکان دەچنەوە ماڵێ رفێقێکیتر بۆ خەو) ۞ پارتی خواب

slumgullion /slʌm'gʌljən/ *noun*
1 (نافەرمی) شۆرباوی بێتام یان بێمایە 2 خواردنەوەی بێتام ۞ 1 سوپ بی‌مزه 2 مشروب بی‌مزه

slummock *noun*
مرۆی شڕوشپرزە ۞ آدم شلخته

slummy *adjective* (slummier, slummiest)
1 هەژارنشین یا فەقیرنشین، هەژاراوا، سوالکەراوا: 2 *slummy streets* پیس ۞ 1 فقیرنشین 2 کثیف

slump /slʌmp/ *noun*
1 (نـــرخ و هتـــد) هاتنـــەخوارێ، داشـــکان، نزمبوونـەوە، دابـەزین 2 بێبازاڕێتی، کەساسی، بازاڕناخۆشـی، بازاڕسـتی، بێبـرەوێتی ۞ 1 سقوط 2 کسادی

slung /slʌŋ/ = past and past participle of sling

slunk /slʌŋk/ = past and past participle of slink

slur /slɜ:(r)/ *noun*
1 ئامـــاژە، مێـــزە 2 خراپـــەوتن، بوختـــان، قسـەلەدواخـــستن، قـــسەبۆهەڵبەستن 3 پەڵـــە، ڕووڕەشـی، شـوورەیی، عـەیب، لکـەی عـەیب و نەنگ، پینە، لکەی نێوڕاوی 4 (موسیقا)کەوانی (پێکەوە) بەستن ۞ 1 اشاره 2 افترا، لکه‌ی عیب و عار 3 (موسیقی) خط اتحاد

slurp /slɜ:p, US slɜ:rp/ *noun*
لرفە، لرفوهۆڕ، دەنگی لرفە یان ماشینەوە ۞ صدای هُرت، هرت

slurred *adjective*
(موسیقا) بەستراو، پەیوەست، نووساو، لکاو ۞ (موسیقی) متصل

slurry /'slʌri, US 'slɜ:ri/ *noun*
1 دۆغاب، دۆغاو، سمیتاو 2 قوڕاو، گلاو، گەچی گیراوە، سواغاو 3 شیاکاو، پەیناو ۞ 1 دوغاب 2 گل‌آب 3 کودآبه

slush /slʌʃ/ *noun*
1 بەفر یان سەهۆڵێ کە ماویەتی تەواو بتوێتەوە 2 شـــلاو، چـــلپاو، بـــەفراو، قـــوڕاو، لـــێلاف 3 (نافـەرمی) بەسـۆز (گەوجانـە) ۞ 1 اســـلاش 2 برفابه 3 احساساتی

slush fund *noun*
(سیاسەت) بودجە یان دراونامەی نهێنی (ب.ت. بۆ مەبەستێکی خراپ) ۞ بودجه‌ی مخفی

slushy /slʌʃi/ *adjective* (slushier, slushiest)
1 شلاو، چلپاو، بەفراو، قوڕاو 2 بەسۆز ۞ 1 برفابه 2 احساساتی

slut /slʌt/ *noun*
1 ژنی بێسەروبەرە یان شپرزە، جرپن 2 قەحبە، قووندەر، کنگدەر، حیز ۞ 1 زن شلخته 2 جنده

sluttish /'slʌtɪʃ/ *adjective*
1 بـێسـەروبەرە، شـپرزە 2 هـەرزە، وازخـراپ، قەحبـە، قوونـدەر، قوونـەڵـە، کنگـدەر، حیـز (sluttishly *adv*) ۞ 1 شلخته 2 جنده

sluttishness /'slʌtɪʃnəs/ *noun*
شپرزەیی، پنجلی، جرپنی ۞ شلختگی

slutty /'slʌti// *adjective* (sluttier, sluttiest)
بێسەروبەرە، شپرزە، هەرزە، وازخراپ، قەحبە، حیز ۞ شلخته، جنده

sly /slaɪ/ *adjective* (slyer, slyest)
1 فێلاوی، دایکەخۆگێ، لەبنەوەبڕ، ئاوری ژێرکا، زۆڵ، بـەزەڕ، جـابر، عـەیار 2 شـەیتان، شـلوق، قۆشـمـە، ناجـــن، هاروهـاج 3 ریـایـیبازانـە، دووڕووانە، لەبنەوەبڕانە ۞ 1 فریب‌کار، موذی 2 بازیگوش 3 مزورانه

slyboots *noun*
(نافەرمی) کەسێکی زۆڵ یان لەبنەوەبڕ ۞ آدم حیله‌گر

slyly /slaɪli/ *adverb*
ناجـسنانە، زۆلانـە، فـێلاوییانـە، فێـلەبازانە ۞ موذیانه، حیله‌گرانه

slyness /slaɪnəs/ *noun*
فـروفێڵ، زۆڵـێتی، لەبنەوەبـڕی، ناجـسنی ۞ حیله‌گری، موذی‌گری

slype *noun*
باریکەڕێ، تووڵەڕێ ۞ راه باریک

Sm symb. the chemical element samarium

smack[1] /smæk/ *noun*
1 شەقەماچ 2 لێدان، مشت، *a smack* :punch 3 زللە، شەپلاغە، دەنگی شەقە: *on the jaw* 4 *She closed the ledger with a smack* هێرۆیین: *smack addicts* ۞ 1 اسماک 2 ضربه 3 سیلی، صدای تق 4 هروئین

smack[2] /smæk/ *noun*
1 تام، چێژ، مەزە (کەم) 2 بۆن 3 ڕەنگوبۆ، شوێنەوار (کەم)، نیشانە ۞ 1 مزه، طعم 2 بو 3 اثر

smack[3] /smæk/ *adverb*
دروست، ڕاست، بە وردی، لە ناکاو، توندوتیژانە، بە توندی: *It landed smack in the middle of the carpet* ۞ دقیقاً، درست، ناگهان، به شدت

smack[4] /smæk/ *noun*
بەلەم، گەمی، لۆتکە (باگەڕدار و بە دارالایەکەوە) ۞ قایق

smack-dab *adverb*, also smack
دروست، ڕاست، بە وردی، ڕاستەوخۆ: *She kissed me -ack on the lips* ۞ درست، دقیقاً

smacker /'smækə(r)/ *noun*, also smackeroo
1 شـەقەماچ، ماچی ناودار 2 پەوند، دۆلار ۞ 1

بوسه‌ی صدادار 2 پوند، دلار

smacking /'smækɪŋ/ *noun*
لێدان بە لەپی دەست، بە شەپلاغە لێدان، کوتەک(کاری): *He gave both of the children a good -cking* ۞ زدن با کف دست

small /smɔ:l/ *adjective, adverb, noun*
adj 1 چک، چکۆلە، چکۆلانە، بوچک، ورد، تەواو هەڵنەداو، پچکۆلە، پچووک، جووکەلە، پیت، کەم، چکێ 2 هیچ، نیوەچڵ، هیچەکە، ناگرنگ، نایەخ 3 پایەنزم، بێنرخ، خوێری، سووک 4 (نامە، چاپکراو یان نووسراو بە پیتی) چکۆلە، هوور(ە)ک *adv* ورد *n* (نافەرمی، بریتانیا، smalls) جلی ژێرەوە ۞ *adj* 1 کوچک، خرد، ریز، اندک 2 جزئی، کم‌اهمیت 3 فرومایه 4 با حروف کوچک *adv* ریز *n* لباس زیر

small ads = classified advertisements

smallage /'smɔ:leɪdʒ/ *noun*
۞ [*Apium graveolens*] کەرەوزی کێوی ۞ کرفس کوهی

small ale *noun*
ئاوجۆی ئاوەکی (و هەرزان) ۞ آب‌جوی آبکی

small arms *noun, pl.*
چەکی سووک، چەکی دەستی، چەکی چکۆلە ۞ اسلحه‌ی سبک

small beer *noun*
1 مرۆی هیچ، بەلگی چەوەندەر 2 شتی بێنرخ و بەکارنەهاتوو ۞ 1 آدم غیرمهم 2 چیز ناقابل

small-bore *adjective*
(نافەرمی) هیچەکە، هیچ، هیچوپووچ، نایەخ، بێبایەخ، سەرسەرەکی، قشە، بێمایە ۞ جزئی، ناچیز، پیش‌پاافتاده، سطحی

small capital *noun*
پیتی گەورەی ئەندازەچکۆلە ۞ اسمول کاپیتال

small-cell lung cancer *noun,* also small-cell carcinoma
شێرپەنجەی سی خانەورد: جۆرێ شێرپەنجەی زۆر پڕمەترسی، دەداتە سییەکان و تەشەنە دەکاتە سەر بەشەکانی تری لەش ۞ نوعی سرطان

small change *noun*
وردەپارە، قەرەپوول، قۆشە، وردەپوول، وردە ۞ پول خرد

smallclothes *noun, pl.*
1 شەڵواری کورت، نیوەشەڵوار، پاتۆلی کورت 2 جلوبەرگی بنەوە ۞ 1 شلوار کوتاه 2 البسه‌ی زیرپوش

small coal = slack 2

smaller European elm bark beetle = elm bark beetle 2

small fortune *noun*
پارەیەکی زۆر، کۆلێ پوول ۞ پول زیاد

small fry *noun*
مرۆی هیچ و ناگرنگ، بنیادەمی پایەنزم ۞ آدم بی‌اهمیت

smallholder /'smɔ:lhəʊldə(r), US -hoʊ-/ *noun*
وردەخاوەن، وردەخاوەنداری، کەمزەوی، وردەماڵک، وردەجووتبەندە، وردەجووتیار، وردەوەرزێر ۞ خرده‌مالک

smallholding /'smɔ:lhəʊldɪŋ, US -hoʊ-/ *noun*
زەویوزاری کەم، پەڵەزەوییەکی چکۆلە ۞ زمین کوچک

small hours *noun, pl.*
(the small hours) کەمێ دوای نیوەشەو، کاتوساتی دەمەوبەیانی، برێ پێش نیوەشەو ۞ ساعات اول صبح

small intestine *noun*
(توێکاری) ریخۆڵەچکۆلە، ریخۆڵەی چکۆلە ۞ روده‌ی کوچک

spittle /ˈspɪtl/ *noun*

تف، خۆز، خوویز، خۆزی، لیک، ده‌ماو، ئاوی ده‌م، saliva، spit (spittly *adj*: تفن، لیکن) ۞ تف، آب دهان

spittlebug (also spittle insect) = froghopper

spittoon /spɪˈtuːn/ *noun*

تفدان، تفدین، ته‌په‌تف، cuspidor ۞ سلفدان

spitz *noun*

جۆری سه‌گی ره‌گه‌ز چکۆلانه، به لموزیکی دریژه‌وه، ب.ت. Pomeraninan یی (بنه‌ره‌ت: له Spitz(hund) ئه‌لمانی) ۞ نوعی سگ

spiv /spɪv/ *noun*

(ئافه‌رمی، بریتانیا) فیلباز، ده‌سبر (spivvish *adj* ،spivvy *adj*) ۞ شیاد

splake /spleɪk/ *noun, pl.* splakes

که‌شینه‌ی دووره‌ی گۆماوه‌کانی ئه‌مریکای باکووری (تیکه‌لی sp(eckled trout) و lake (trout)) ۞ اسپلاک

splanchnic /ˈsplaŋknɪk/ *adjective*

سه‌ربه هه‌ناو یان پزور، visceral، سه‌ربه viscera و ئه‌ندامانی نێوه‌وه، ب.ت. هینه‌کانی زگ abdomen ۞ وابسته به احشاء، اندرونه‌ای

splanchnology *noun*

هه‌ناوناسی ۞ احشاءشناسی، اندرونه‌شناسی

splash /splæʃ/ *noun*

1 پرژاندن 2 شلپه، شلپ‌وهۆر، چلپه(چلپ)، شلپه‌شلپ، خوشه، ده‌نگی شلپه 3 لکه، په‌له 4 خۆنواندن، خۆوانیشان‌دان ۞ 1 عمل پاشیدن 2 شلپ، صدای شلپ 3 لکه 4 تظاهر

splashboard /ˈsplæʃdaʊn/ *noun*

قورگیر، پرژه‌گر، پرژه‌گیر ۞ گل‌گیر

splashdown /ˈsplæʃdaʊn/ *noun*

(که‌شتی ئاسمانی) نیشتنه‌وه (له‌سه‌ر ئاو) ۞ فرود

splash guard /ˈsplæʃdaʊn/ *noun*

قورگیر، پرژه‌گر، پرژه‌گیر ۞ گل‌گیر

splashy /ˈsplæʃi/ *adjective* (splashier, splashiest)

1 قوراوی 2 خال‌خال، کونج‌کونج، گول‌گول ۞ 1 گل‌آلود 2 خال‌خال

splat[1] /splæt/ *noun*

ته‌خته‌ی نیوه‌راستی پشتی کورسی ۞ اسپلات

splat[2] /splæt/ *noun, adverb*

n ده‌نگی شلپه(شلپ)، *adv* تلپه شلپه ۞ *n* صدای شلپ *adv* شلپ

splatter /ˈsplætə(r)/ *noun*

ده‌نگی شلپه، ده‌نگی شلپه‌شلپ ۞ صدای شلپ

splay /spleɪ/ *noun, adjective*

n کشان، پانبوونه‌وه، فراوانی، به‌رینبوونه‌وه، کرانه‌وه *adj* لار، خوار، پەخ ۞ *n* اتساع، گستردگی *adj* مایل

splayed *adjective*

1 کشاو، پانه‌وه‌بوو، فراوان، به‌رین(ه‌وه‌بوو) 2 کراوه، لیکه‌وه‌کراو، لیکه‌وه‌بوو ۞ 1 ممتد، گسترده، متسع 2 باز

splayfoot *noun, adjective*

n هه‌نگاوی دریژ، شه‌قاو *adj* شه‌قاودریژ، هه‌نگاوپان (splayfooted *adj*: شه‌قاودریژ، هه‌نگاوپان) ۞ *n* گام بلند *adj* دارای گام‌های بلند

spleen /spliːn/ *noun*

1 سپل، سیه‌لاک، فشک، ددان‌خۆشک،

گـورگـنـەخۆرە، دیـدک، شوشـو 2 رووتالـی،
بەدخولکی 3 کین، قین، رق، کینلەزگی 4 ماتی،
دلـتەنگی، کـزی ۞ 1 طحـال، اسـپرز، سـپرز 2
بدخلقی 3 غضب، کینه 4 افسردگی

spleenful *adjective*
1 توند، ترو، توورە، جینگزی 2 مات، دلـتەنگ،
کز 3 قیناوی، رقاوی، کینلەزگ ۞ 1 آتشیمزاج
2 افـسرده 3 کینەدار

spleenwort /spli:nwɜ:t/ *noun*
گیاسپل: جۆرێ سەرەخـی چکۆلە، لەسـەر بەرد
و دیـوار شـین دەبـێ، جـاران بـۆ تیمـاری سـپل
بەکاردێترا [توخم *Asplenium*] ۞ اسپلینورت

splen- *prefix*
پێـشگر: سـپل، سـپەلاک (بنـەڕەت: لـە *splēn*
یۆنانی) ۞ پیشوند: طحال، اسپرز

splendent /'splendənt/ *adjective*
(کۆن) تروسـکەدار، پرشـنگدار، درەوشـاوە ۞
درخـشان

splendid /'splendɪd/ *adjective, interjection*
adj 1 بەشـکۆ، بەفـەر، بەدەبدەبـە، بەشـانوشـکۆ،
بەزاژوفەر، جوان، مەزن، گەورە 2 تروسکەدار،
پرشـــنگدار، درەوشـــاوە، brilliant shining
interj (نافـەرمی) چ باشـــە! (splendidly
adv /'splendɪdli/: بەشـکۆیانە، بە شـێوەیـێکی
بـەشـکۆ؛ splendidness /'splendɪdnəs/ *n*:
شکۆ، فەر، دەبدەبە، زاژوفەر) ۞ *adj* 1 باشکوه،
عالی، عظیم 2 درخشان *interj* عالیه!

splendiferous /splen'dɪfərəs/ = splendid

splendour /'splendə(r)/ *nounm* US splendor
1 فـەر، دەبدەبـە، شـکۆ، زاژوفـەر، گـەورەیی،
مەزنی، شانوشکۆ، سام، بەسامی، هەیبەت: *the*
splendours of Rome (= its fine buildings, etc.) ◊ *a view of Rheims Cathedral, in all its splendour* ◊ *The palace has been restored to its former splendour* 2 درەوشـــانەوە، تروسـکانەوە،
ئارنگ، ورشانەوە ۞ 1 شکوه، ابهت 2 درخـشش

splenectomy /splɪ'nɛktəmi/ *noun, pl.* splenectomies
سـپلبـری، نەشـتەرگـەری لابردن یـا دەرکێـشانی
سـپل ۞ اسپلینکتومی

splenetic /splə'netɪk/ *adjective, noun*
1 بەدخولک، سـەرتوند، زووتـوورە، سـەرگـەرم 2
وشـەیێکی کۆنـە بـۆ splenic (splenetically
adv) ۞ بدخلق، زودخشم

splenic /'splɛnɪk, US 'spli:nɪk/ *adjective*
سەربە سپل، پێوەندی بە سـپڵەوە هەیە ۞ وابـسته
به طحال

splenitis /splɪ'naɪtɪs/ *noun*
ئاوسـانی سپل ۞ آماس طحال

splenius /'spli:nɪəs/ *noun, pl.* splenii /-nɪʌɪ/
(توێکـاری) هـەردوو ماسـوولکەی لای مـل
(بنـەڕەت: لاتـینی نـوێ، لـە *splēnion* یۆنـانی
"bandage") ۞ اسپلینیوس

splenomegaly /ˌspli:nə(ʊ)'mɛg(ə)li/ *noun*
سپـلەزلێ، گـەورەبوونی نائاسـایی سـپل ۞
اسپلینومگالی

splice /splaɪs/ *noun*
1 پێکـەوەنان، پێکەوەبەسـتن، پێکـەوەگرێدان 2
شوێنی پێکەوەبەستن (splicer /'splaɪsə(r)/ *n*:
پێکەوەنـەر، پێکەوەبەسـت، پێکەوەبەسـتەر،
پێکبەست) ۞ 1 اتصال 2 محل اتصال

spliff /splɪf/ *noun*
(نافەرمی) جگەرەی مەریوانەدار ۞ اسپلیف

spline /splʌɪn/ *noun*
1 لێواری قولـفوبەند، زمانـه 2 باریکـه 3 slat
۞ 1 لبەی کام و زبانه 2 نوار

splint /splɪnt/ *noun*
1 پالپـشت، تەختـە، تەختـەی شـکستەبەندی 2
توول و تەختە (با سەوەتەچنی یان ئاورکردنەوە)
3 ماسینی ئێسکی لە نێوەوەی ئێسکی بەلەکی
ئەسـپ ۞ 1 تختەی شکستەبندی 2 و 3 اسپلینت

splint-bone /'splint bəʊn/ *noun*
1 ئێسـکی تەلـەزمە 2 (هـی ئەسـپ) ئێـسکی
بەلەک، لوولاک ۞ 1 نازکنی 2 استخوان ساق

splinter /'splɪntə(r)/ *noun*
تەلـەزم، چقل، باریکە، تەفشک، دلۆ، تەلاشـە،
وردە، ورکە، پرزەومرزە (splintery *adj*: زبر،
پرتەلەزم، پرپرزەومرزە، لووسنەکراو، دلۆدلۆ،
بەرداخنەکراو) ۞ تراشه، خرده

splinter group *noun*, also splinter party
(سیاسـەت یـا دیـن) کۆمەلـی جیـاوەبوو، لادەر
(رێکخراوێکـی چکۆلـە کـە لـە گـەورەکـە جیـا
بۆتەوە) ۞ گروه انشعابی

splinter-proof *adjective*
بێتەلەزم، تەلەزمبەند، دژەتەلەزمە ۞ ضد تراشه

split[1] /splɪt/ *noun, adjective*
n 1 کەلێن، درز، کـەل، قەلـەش، تلیش، شـەقار،
داقلیـــشان، داتلیـــشان، دوولـــەتبـــوون،
دووکـەرتبـوون، لـێبوونـەوە، دووبەرەکایـەتی،
جیـایی 2 (splits) پـێتـەخت، لنـگکردنـەوە
(کردنـەوەی پـێ بـە ئەنـدازەی 180 پلـە) *adj*
هەلقلیشاو، داقلیـشاو، داتلشاو، دوولەتکراو ۞
n 1 شکاف، ترک، انشقاق، انشعاب 2 (در جمع)
پاباز *adj* شکافته

split[2] = past and past participle of split

split ends *noun, pl.*
مووخۆرە، چەندچلەبوونی سەری موو ۞ موخوره

split infinitive *noun*
(ڕێزمـانی ئینگلیـسی) چـاوگی لێـکدابـڕاو،

ژیدەری پساو (بە لایەن هێندێ نەریتباوەڕەوە traditionalist بە هەڵە دادەنرێ) ◌ مصدر گسسته

split-level *adjective*
1 (خانووبەرە و هتد) ئاستجیاواز، نیوەنهۆم 2 (گاز) کوانووجیا، فیزەکەی جیایە ◌ 1 دارای سطوح مختلف 2 اسپلیت لول

split peas *noun, pl.*
لەپە، نۆکەلەپە، ئارینۆک، لەتکەنۆک ◌ (نخود) لپه

split personality *noun*
(پزشکی) شیزوفیرنیا، چەندکەسایەتی ◌ شخصیت چندگانه

split pin *noun*
بزماری بنلەت، بزماری بنقلیشاو ◌ خار دولا

split ring *noun*
ئالقەی کلیل(ی)، ئالقەی کراوە ◌ حلقەی بازشو

split screen *noun*
(کامپیوتێر، فیلم و هتد) پەردەی دوولەت، پەردەی چەندلەتکراو، پەردەی دابەشکراو ◌ نمای دونیمه، صفحه‌ی نمایش تقسیم‌شده

split second *noun, adjective*
n تاوێ، ساتێ (split-second) *adj* یەکجار ورد، زۆر تیژ، یەکجار خێرا ◌ *n* یک لحظه *adj* بسیار دقیق، خیلی سریع

split shift *noun*
نۆرەکاری دووسەرە، چەندین نۆرەکار ◌ چند شیفته

splitter *noun*
1 دووبەرەکینەرەوە، داتلیشێنەر 2 دابەشگەر: یەکێ کە زیندەوەرەکان organism بۆ کۆمەڵێکی وردتری taxonomic دەپۆلێنێ یان دابەش دەکا (بڕوانە lumper) ◌ 1 شکاف‌انداز 2 اسپلیتر

split ticket *noun*
پەڕی هەڵبژاردنی لێکجیا ◌ ورق انتخابات مجزا

splitting /ˈsplɪtɪŋ/ *adjective*
1 (ب.ت. سەرێشە) توند، سەخت، گران، بەژان، بەئێش 2 هەڵقلیشێنەر، داقلیشێنەر، داتلیشێنەر ◌ 1 شدید 2 شکافنده

split-up *noun*
داقلیشان، داتلیشان، دوولەتبوون، دووکەرتبوون، لێبوونەوە، داقلیشان یان کەرتبوون بۆ چەندین بەش یان کۆمەڵە ◌ انشقاق، انشعاب

splodge /splɒdʒ, US splɑːdʒ/ *noun*, also **splotch** /splɒtʃ, US splɑːtʃ/
پەڵە، لکە، لەکە، spot، blotch، splash، smear: *He had a odge of oil on his cheek* ◌ لکه

splodgy *adjective*
پەڵەپەڵە، لکاوی، پرلەک، لەکاوی، پەڵاوی، پرپەڵە ◌ لکه‌دار

splosh *noun*
1 (دەنگی) شلپەشلپ 2 پرژەئاوی ناو هەوا 3 (کۆن) پارە، پوول ◌ 1 (صدای) شلپ‌شلپ 2 اسپلوش 3 پول

splore *noun*
1 (سکاتلەندی) frolic، carousal 2 (سکاتلەندی) commotion ◌ اسپلور

splotchy *adjective* (splotchier, splotchiest)
لکاوی، لەکاوی، پرلکە، پرلەک، پەڵاوی، پەڵەپەڵە ◌ پرلکه

splurge /splɜːdʒ, US splɜːrdʒ/ *noun*
عەبلەخەرجی، هەڵەخەرجی، دەسبڵاوی، تەخشانوپەخشان، پیاکێشان، دەسنەگیرانەوە، بالانی ◌ ولخرجی، ریخت و پاش

splurt *noun*
فیشقەی ناکاوی شلە، هەڵفیشقان ◌ فوران ناگهانی مایع

splutter /ˈsplʌtə(r)/ *noun*
1 (دەنگی) بلمەبلم، منجەمنج، بلتە، پت 2 دەنگی شلپوهۆر: *The car started with a loud splutter* ◌ 1 اسپلوتر 2 صدای چلپ و چلوپ

spoil /spɔɪl/ *noun*
1 ماڵی دزراو، دزیتی، کەلوپەلی دزراو 2 (spoils) دەسکەوتی شەڕ 3 خرتوخاڵ ◌ 1 مال دزدی 2 (در جمع) غنیمت 3 خار و خاشاک

spoilage /ˈspɔɪlɪdʒ/ *noun*
(خۆراک و هتد) خراپبوون، ترشان ◌ فاسدشدگی

spoiled *adjective*
(ب.ت. منال) نازدار، خراپ، بەبەهانە، گرەزۆک ◌ لوس

spoiler /ˈspɔɪlə(r)/ *noun*
1 (فڕۆکە) سپۆیلێر، وەستێنەی هەوایی 2 تالانچی، ڕاوڕووتکەر 3 تێکدەر، خراپکار، خۆشیشێوێن 4 کڕیاری دەسکەوتی شەڕ، دەسکەوتکڕ ◌ 1 اسپویلر 2 غارتگر 3 کاربهم‌زن 4 خریدار غنائم جنگی

spoilsport /ˈspɔɪlspɔːt, US -spɔːrt/ *noun*
ملۆزم، (خۆشی)تێکدەر، خۆشیشێوێن ◌ آدم ضد حال

spoils system *noun*
سیستەمی دەسکەوتەکان ◌ نظام غنایم

spoilt[1] /spɔɪlt/ *adjective*
(ب.ت. منال) نازدار، خراپ، بەبەهانە، بەهانەگر، گرەزۆک، بەدەمەوەدراو ◌ لوس

spoilt[2] /spɔɪlt/ = past and past participle of spoil

spoke[1] /spəʊk, US spoʊk/ *noun*
1 پەرە، تێل، میلە، کاشە، قامکە (ب.ت. لە پێچکە یان چەرخی عارەبانەدا) 2 پلەی

نەردیوان 3 پەرە یان تێل و میلی چەتر (-spoked *adj*) ◊ 1 پرە 2 پلەی نردبان 3 اسپوک

spoke[2] /spəʊk, US spoʊk/ = past of speak

spoken[1] /'spəʊkən, US 'spoʊ-/ = past participle of speak

spoken[2] /'spəʊkən, US 'spoʊ-/ *adjective*
ئاخافتن، ئاخاوتن (لەچاو زمانی نووسین): *spoken Kurdish* ◊ گفتاری

spoken[3] *adjective*
(لە لێکدانا) ـزمان ◊ ـزبان

spoken for *adjective*
1 فرۆشراو، راگیراو، سەوداکراو 2 خاوەندار ◊ 1 فروختەشدە 2 دارای صاحب

spoken word *noun*
زمانی ئاخافتن یان ئاخاوتن ◊ زبان گفتاری

spokeshave *noun*
رەندەی خڕ(کردن): لە هەردوو لای تیغەکەی دەسکێکی هەیە، لە بنەڕەتا بۆ پەرە یان قامکەی spoke چەرخەکان ◊ رندەی کیوتری

spokesman /'spəʊksmən, US 'spoʊ-/ *noun, pl.* spokesmen
دەمڕاست، قسەکەر، وتەبێژ، پەیڤدار ◊ سخنگو

spokesperson /'spəʊkspɜ:sn, US 'spoʊkspɜ:rsn/ *noun, pl.* spokespersons or spokespeople
دەمڕاست، قسەکەر، وتەبێژ، پەیڤدار ◊ سخنگو

spokeswoman /'spəʊkswʊmən, US 'spoʊ-/ *noun, pl.* spokeswomen
دەمڕاست، قسەکەر، وتەبێژ، پەیڤدار (ژن) ◊ سخنگو (زن)

spoliation /ˌspəʊlɪ'eɪʃ(ə)n/ *noun*
1 تێکدان، خراپکردن، وێرانکردن، کاولکردن، تیابردن 2 تالان، راوڕووت، ڕووتکردنەوە، کالەت، دزین 3 (ماف) دەسکاری(کردن)، رووشاندن، شێواندن، دەستێوەردان، چەواشەکردن 4 دەسبەسەراگرتن، داگیرکردنی کەشتییە بێلایەنەکان (لە لایەن ئەو ولاتانەی کەوا لە شەڕدان) ◊ 1 تضییع، تخریب 2 غارت، دزدی 3 مخدوش‌سازی، تحریف 4 ضبط کشتی‌های بی‌طرف

spoliator *noun*
تالانچی، راوڕووتکەر، چەتە ◊ غارتگر

spondaic /spɒn'deɪɪk/ *adjective*
تایبەت بە سپاندییەوە ◊ خاص فعلن

spondee /'spɒndi: , US 'spɑ:n-/ *noun*
(تکنیکی) سپاندی، سپۆندی (دوو برگەی درێژ یان زەبرلەسەر) ◊ فعلن

spondulicks /spɒn'd(j)u:lɪks/ *noun, pl.*
(نافەرمی، بریتانیا) پارە ◊ پول

spondylitis /ˌspɒndɪ'laɪtɪs/ *noun*
ئاوسانی جومگەکانی بڕبڕەی پشت، بڕبڕەئاوسین (بڕوانە ankylosing spondylitis، بنەڕەت: لە spondylus لاتین "vertebra" + itis-) ◊ اسپوندیلیتیس

sponge /spʌndʒ/ *noun*
1 (گیانەوەری دەریایی) سپانج، ئیسفەنج [لق Porifera] 2 هەور، ئەبر 3 (نافەرمی) کەلەلا، مەستی مەست 4 لاخۆر، مفتەخۆر، سەربار، لاخەرج، کەدخوار 5 کانزایی لە شێوەی کونکون (sponge-like ،spongeable *adj*) ◊ 1 (جانور دریایی) اسفنج 2 اسفنج 3 پاتیل 4 طفیلی، اسپوناج 5 فلز اسفناجی

sponge bag = toilet bag

sponge cake *noun*
کەیکی پفەڵ، کەیکی هەوری، کەیکەسووکە ◊ کیک اسفنجی

sponge pudding *noun*
پودینگی پفەڵ یا هەوری (چێشتێکی بریتانیایی) ◊ پودینگ اسفنجی

sponger /'spʌndʒə(r)/ *noun*
مفتەخۆر، سەربار، لاخۆر، لاخەرج، مشەخۆر ◊ طفیلی، سربار

sponge rubber *noun*
جیری هەوری یان ئەبری ◊ لاستیک اسفنجی

sponge tree = opoponax 1

spongiform /'spʌndʒɪfɔ:m/ *adjective*
هەورئاسا، ئەبرئاسا، شێوەئیسفناج ◊ اسفنجی‌شکل

spongy /'spʌndʒi/ *adjective* (spongier, spongiest)
هەورین، هەورئاسا، هەوری، ئەبری، پووچەڵ، بۆش، وەکوو هەور، کونکون، نەرم، سووک: *The ground was soft and ◊ spongy moss* (spongily /'spʌndʒɪli/ *adv*، -iness /'spʌndʒinəs/ *n*): هەوریبوون، لەهەورچوویی، وەکوو هەوربوون) ◊ اسفنجی، ابرمانند، متخلخل، نرم

spongy parenchyma *noun*, also spongy layer or spongy tissue
پارانشیمی هەوری یان هەورین، پارانشیمی بۆشاییدار یان بۆشاییمەند ◊ پارانشیم اسفنجی

sponson /'spɒns(ə)n/ *noun*
1 سەکۆی دابەستنی چەکوچۆڵ لە لاێکی کەشتی شەڕکەر 2 لابالی کورتی لەنگەرراگری فڕۆکەی ئاوی 3 سەکۆێکی سێگۆشە بۆ راگرتنی چەرخ یان پێچکەی کەشتی هەڵمی ◊ اسپونسون

sponsor /'spɒnsə(r), US 'spɑ:n-/ *noun*
1 دەستەبەر، کەفیل 2 پشتیوان، پالپشت 3 بناخەدانەر، بنیاتنەر 4 دایک و باوکی تەوفنکراو، باوانی تەوفنکراو یان تەعمیدی ◊ 1 ضامن 2 حامی 3 بانی 4 پدر و مادر تعمیدی

sponsored *adjective*

پشتیار یان پێشنیازکراو لە لایەن، پشتیوانیکراو
لە لایەن ✪ پیشنهاد شده از طرف، مورد حمایت
sponsorship /'spɒnsəʃɪp, US 'spɑːnsərʃɪp/ *noun*
1 پشتیوانی، پشتگیری، کێشانی خەرجوبار، پشتیوانی ماڵی (یان دارایی)، یارمەتیدان، پشتگرتن: *a $50 million sponsorship deal*
2 کەفیلی، دەستەبەری ✪ 1 حمایت، حمایت مالی 2 ضمانت
spontaneity /ˌspɒntəˈneɪəti, US ˌspɑːn-/ *noun*, also spontaneousness
خۆبەخۆیی، خۆڕسکی، لەخۆوەیی: *There is a lack of spontaneity in her performance* ◊ *the contrast between an adult's formality and a child's -y* ✪ خودانگیختگی، خودجوشی
spontaneous /spɒnˈteɪniəs, US spɑːn-/ *adjective*
1 خۆبەخۆ، خۆیی، خۆڕسک، لەخۆوە، بەدەسخۆنەبوو، بێئیختیار 2 سروشتی، خۆڕسک 3 (زیندەناسی، جووڵە یان چالاکیی) خۆنەویستە، instinctive یا 4 involuntary (کۆن، رووەک) خۆڕسک، بەخۆشیبوو، خۆڕواو، خۆڕوووەک
spontaneously /spɒnˈteɪniəsli, US spɑːn-/ *adv*: لەخۆوە، خۆبەخۆ، خۆڕسکانە، پەرەسەندوو، رووداو بەبێ کاریگەری، هێز یا هۆیێکی دەرەکی بەرچاو، بێپلاندانانی لەوەپێش، indigenous؛ spontaneousness /spɒnˈteɪniəsnəs, US spɑːn-/ *n* ✪ 1 خودجوش، خودانگیخته 2 طبیعی 3 غیرارادی 4 خودرو
spontaneous combustion *noun*
لەخۆوە سووتان، خۆبەخۆ داگیرسان، سووتانی خۆڕسک، ئاورگرتنی لەخۆوە ✪ اشتعال خودانگیخته
spontaneous generation = abiogenesis
spontoon /spɒˈtuːn/ *noun*
رمی کورت، رمۆچکە، رمۆکە، نیزەچە ✪ نیزک
spoof /spuːf/ *noun, adjective*
1 دەمەلاسکێ، لاسایی گاڵتەجارانە 2 شۆخی، جەفەنگ 3 فێڵ، دهۆ، تەشقەڵە، تەڵەکە ✪ 1 تقلید مسخره 2 مزاح 3 حیله
spook /spuːk/ *noun*
1 تارمایی، سەهوێر، خێو، تاپۆ، جنۆکە، ghost
2 (زۆرتر لە ئەمریکا(ی باکووری) سیخوڕ ✪ 1 شبح، جن 2 جاسوس
spooky /'spuːki/ *adjective* (spookier, spookiest)
1 وەکوو تارمایی، تاپۆئاسا، جنۆکەئاسا 2 ترسێنەر، ترسناک: *a spooky old house* ◊ *a - y atmosphere* 3 فیشەکی، جینگزی، هەڵتۆز

spookily /'spuːkɪli/ *adv*؛ spookiness /'spuːkinəs/ *n*: 1 وەک تارمایی‌بوون، تاپۆئاسایی 2 فیشەکی‌بوون ✪ 1 شبح‌مانند 2 هولناک 3 جوشی
spool /spuːl/ *noun*
1 مەکەرە، گەرگەرە، قرقرە، غەرغەرە، ئارماز، بەکرە، ماسوورە، ماسوور، خولخولە، ماسۆلە، لوولەک (بۆ هەڵکردنی دەزوو، فیلم، بەت یان دەزووی راوەماسی، تەیپی مەگناتیکی و هتد) 2 بڕی هەڵگرتنی مەکەرەیێ، مەکەرەبەر، ئەو بڕەی لەسەر مەکەرەیێ هەڵدەکرێ، بارەقرقرە ✪ 1 قرقره، ماسوره، استوانه 2 اسپول
spoon /spuːn/ *noun*
1 کەوچک، مەلاک، کەفک 2 کەوچکێ، پڕکەوچکێ 3 سەوڵی دەمپانی چەماوە ✪ 1 قاشق 2 به اندازه‌ی یک قاشق 3 نوعی پارو
spoonbill /spuːnbɪl/ *noun*
(باڵندەناسی) دەنووککەوچکە [توخمەکانی *Ajaia* و *Platalea*: چەندین جۆرن] ✪ کفچه‌نول
spoonbill cat *noun*
✪ [*Polyodon spathula*] paddlefish
اسپون‌بیل کت
spoon bread *noun*
(ئەمریکا) نانە گەنمەشامی نەرم ✪ نان نرم ذرت
spoonerism /'spuːnərɪzəm/ *noun*
سەرەتاگۆڕی، گۆڕینی دەنگە سەرەتاکانی وشە (وەکوو *"sew you to a sheet"* لە جیاتی *"show you to a seat"*) ✪ ابدال آغازی
spoonery = spoony
spoonful /'spuːnfʊl/ *noun, pl.* spoonfuls
کەوچکێ، پڕکەوچکێ ✪ به اندازه‌ی یک قاشق
spoony *adjective* (spoonier, spooniest), *noun* (spoonies)
1 *adj* بەسۆز 2 گەوج، کەر *n* (کۆن) مرۆی گەوج، foolish؛ spoonily *adv*؛ spooniness (*n* ✪ 1 *adj* احساساتی 2 احمق *n* آدم احمق
spoor /spʊə(r), US spʊr/ *noun, pl.* same or spoors
1 (گیانەوەر) جێپێ، جێگای پا، شوێنپێ 2 شەقڵ، شوێن، جێ، شوێ ✪ 1 رد پا 2 رد، اثر
sporadic /spəˈrædɪk/ *adjective*
بڵاو، تاکوتووک، تاکوتروک، تاوتاو، پچڕپچڕ، نارێکوپێک، نایەکینە، ناهەمیشە، جاروبار، ناوەناوە، تاقولۆق، لێرەولەوێ، جارناجار: *a sporadic disease* ◊ *sporadic protests*
sporadically /-kli/ *adv*: (بە شێوەیەکی) تاقولۆق، نارێکوپێکانە) ✪ پراکنده، گه‌گاهی
sporangium /spəˈran(d)ʒɪəm/ *noun, pl.* sporangia /-dʒɪə/
(رووەکی نزم و فێرن) جێگایێ کە لەودا سپۆر یان تووە توخمییەکان پێکدێن، توورەکەسپۆر،

کیسەسپۆر (sporangial *adj*) ◯ اسپورانگیوم

spore /spɔ:(r)/ *noun*

تۆو، توو، گەردە، تۆز، تۆزە، توخم، سپور، سپۆر: *Ferns, mosses and fungi spread by means of spores* ◯ هاگ

sporicidal *adjective*

سپۆرکوژ، تۆوکوژ، تۆزەکوژ، توخمکوژ (sporicide *n*: مەتریالی سپۆرکوژ یان توخمکوژ، ماک یا مادەی تۆزەکوژ) ◯ هاگکش

sporiferous *adjective*

سپۆرهێنەر، سپۆر یان تۆزە دێنێ ◯ هاگآور

spor(o)- *prefix*

پێشگر: تۆو، توو، گەردە، تۆز، تۆزە، توخم، سپۆر، پێوەندی بە سپۆرەوە هەیە: *sporogenesis* (بنەڕەت: لە *spora* یۆنانییەوە) ◯ پیشوند: هاگ

sporocarp *noun*

سپۆردان، سپۆربەر، تۆزەبەر: (لە قەوزە سوور، کەڕوو و کرێژەبەردەکاندا) پێکهاتەیێکی فرەخانەیی کە لەودا سپۆرەکان پێکدێن (یان بەرهەم دێنرێن)، بەشی بەرهەمهێنەر یان پێکهێنەری سپۆری ڕووەک، ئەندامی بەرهەمهێنەری سپۆر ◯ هاگزایی

sporocyst *noun*

(گیانەوەرناسی) کیسەی سپۆر، کیسەتۆو، کیسەتوو، توورەکەی سپۆر، کیسەتۆزە: 1 کرمۆکە یان لارفی بێڕیخۆڵەی کرمی پەپوولە fluke کە پرگی تازە بە ئەندامی مژۆک و ریخۆڵەوە لە نێو ئەودا پێکدێ 2 بەرگێ کە لەودا سپۆری مژۆڵداران دابەش دەکرێ 3 (لە مشەخۆرەکاندا) sporozoan زیگۆت یان توخمێکی کیسەیی لە هاوخوانێکی بێبڕبڕەدا 4 یەکەمین قۆناخی توورەکەیی یان کیسەئاسای زۆرێک لە کرمە trematode ـەکان، پەردەی کیسەیی یان توورەکەئاسای سەرەتاکیان و کرمە کونەوەرەکان 5 خانەیێکی مات یان خەوتوو dormant کە سپۆر یان تۆزەکان بەرهەم دێنێ ◯ کیسەی هاگ

sporogenesis /ˌspɒrə(ʊ)'dʒɛnɪsɪs, US ˌspɔ:rə(ʊ)-/ *noun*

پێکهاتنی سپۆر یان تۆو، سپۆرۆژنێنیز ◯ هاگزایی

sporogenous /spə'rɒdʒɪnəs/ *adjective*, also sporogenic or sporogeny

پێکهێنەری سپۆر یان تۆو، تۆوپێکهێن، تۆوساز ◯ هاگزا

sporogonium *noun, pl.* sporogonia

ئەندامی پێکهێنەری تۆو لە ڕووەکە نزمەکاندا، تۆوساز ◯ اسپوروگونیوم

sporogony /spə'rɒgəni/ *noun*

(گیانەوەرناسی) ڕەوتی نارەگەزی پێکهاتنی تۆو یان سپۆر لە گیانەوەرە مشەخۆرە سەرەتاییەکاندا (sporogonic *adj*) ◯ اسپوروگونی

sporophore /'spɒrəfɔ:, US 'spɔ:-/ *noun*

(ڕووەکناسی) ئەندامی تۆوهەڵگری کەڕوویی، تۆوهەڵگر ◯ اسپوروفور

sporophyll *noun*

(ڕووەکناسی) گەڵای سپۆرهێنەر ◯ برگ هاگآور

sporophyllary *adjective*

(گەڵا) سپۆرهێنەر، تۆوهێنەر ◯ هاگآور

sporophyte /'spɒrəfʌɪt, US 'spɔ:-/ *noun*

(ڕووەکناسی) سپۆرۆفایت، تۆوەگیا (sporophytic *adj*) ◯ اسپوروفیت

Sporozoa /ˌspɒrə'zəʊə/ *noun, pl.*

گیانەوەرە سەرەتا(یی) مشەخۆرەکان، سەرەتاکە مشەخۆرەکان، سپۆرداران، تۆوداران (sporozoan *n, adj*: گیانەوەری سەرەتایی مشەخۆر، سەرەتاکی مشەخۆر، سپۆردار، تۆودار؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *zōia* + spore یۆنانی "گیانەوەران") ◯ هاگداران

sporozoite /ˌspɒrə(ʊ)'zəʊʌɪt, US ˌspɔ:-/ *noun*

سەرەتاکی مشەخۆر ◯ آغازی انگلی

sporran /'spɒrən, US 'spɔ:rən, 'spɑ:-/ *noun*

هەمانەی سکاتلەندی، جانتای سکاتلەندی ◯ کیف اسکاتلندی

sport /spɔ:t, US spɔ:rt/ *noun*

1 وەرزش، سپۆرت 2 کایە، یاری 3 ڕابواردن 4 شۆخی، جەفەنگ، گاڵتە، گاڵتەبازاڕی 5 پیاوی چاک، جوامێر، پیاوخاس، مرۆی بەتەنگەوەهاتوو ◯ 1 ورزش 2 بازی 3 تفریح 4 مزاح، مسخرگی 5 آدم خوب

sport coat = sport jacket

sport fish = game fish

sportful *adjective*

قۆشمە، بزۆز، شلوق، کایەبێخۆش، شەیتان، بە شۆخی، playful, entertaining (sportfully *adv*، sportfulness *n*) ◯ بازیگوش، غیرجدی

sportif /spɔ:'ti:f/ *adjective*

1 هۆگری وەرزشە قارەمانی یان پاڵەوانییەکان 2 (جل) گونجاو بۆ وەرزش ◯ 1 علاقمند به ورزش‌های قهرمانی 2 (لباس) مناسب ورزش

sporting /'spɔ:tɪŋ, US 'spɔ:rtɪŋ/ *adjective*

1 وەرزشی: *a major sporting event* 2 وەرزشکارانە 3 نازایانە، نەترسانە، پیاوانە، جوامێرانە، بەدادانە (sportingly /'spɔ:tɪŋli, US 'spɔ:rtɪŋli/ *adv*) ◯ 1 ورزشی 2 ورزشکارانه 3 دلیرانه، منصفانه

sporting chance *noun*

بەختی باش، دەرفەت(ی باش)، هەلی ڕەخساو ◯ شانس خوب

sportive /spɔːtɪv/ *adjective*
1 قۆشمە، بزۆز، شلوق، کایەپێخۆش، شەیتان، بە شۆخی، نە بەرشتی، 2 frolicsome (زۆر) هەوەساوی، بەئالۆش، ئاورگرتوو، شەهوانی :sportiveness *n* قۆشمانە؛ :sportively *adv*) قۆشمەیی، بزۆزی، شلوقی، شەیتانی) ◌ 1 بازی‌گوش، غیرجدی 2 شهوانی

sport jacket = sports jacket

sports *noun, adjective*
n پێشبرکێ وەرزشی‌یەکان *adj* وەرزشی ◌ *n* مسابقات ورزشی *adj* ورزشی

sports car *noun*
ماشێنی سپۆرت ◌ اتومبیل اسپورت

sportscast /ˈspɔːtskɑːst, US ˈspɔːrtskæst/ *noun*
1 دەنگ‌وباسی وەرزشی 2 بەرنامەی وەرزشی 3 راپۆری وەرزشی ◌ 1 اخبار ورزشی 2 برنامەی ورزشی 3 گزارش ورزشی

sportscaster /ˈspɔːtskɑːstə(r), US ˈspɔːrtskæstər/ *noun*
1 بێژەری دەنگ‌وباسی وەرزشی، پێشکەش‌کاری هەواڵە وەرزشی‌یەکان 2 پەیام‌نێری وەرزشی ◌ 1 گویندەی اخبار ورزشی 2 گزارش‌گر ورزشی

sports centre *noun*
ناوەندی پێشبرکێ وەرزشی‌یەکان ◌ مرکز مسابقات ورزشی

sports day *noun*
(خوێندنگا) رۆژی پێشبرکێ(کان) ◌ روز مسابقات

sports-editor *noun*
(رۆژنامە) بەرپرسی لاپەرە یا بەشی وەرزشی ◌ مسؤل صفحەی ورزشی

sports jacket *noun*, US also sport jacket or sports coat
کەوا یان چاکەتی سپۆرت ◌ کت اسپورت

sportsman /ˈspɔːtsmən, US ˈspɔːrts-/ *noun, pl.* sportsmen
وەرزش‌کار، وەرزش(ە)وان، وەرزش‌دۆست، هۆگری وەرزش (sportsmanlike
1 :/ˈspɔːtsmənlaɪk, US ˈspɔːrts-/ *adj*
وەرزش‌کارانە 2 پیاوانە، جوامێرانە، رەوشت‌بەرزانە؛ sportsmanship
1 :/ˈspɔːtsmənʃɪp, US ˈspɔːrts-/ *n*
جوامێری، پیاوەتی، رەوشت‌بەرزی 2 وەرەی وەرزش‌کارانە) ◌ ورزش‌کار، علاقەمند به ورزش

sportsperson /ˈspɔːtspɜːsn, US ˈspɔːrtspɜːrsn/ *noun, pl.* sportspeople
وەرزشەوان، ورەزش‌کار ◌ ورزش‌کار

sports shirt *noun*
کراسی سپۆرت ◌ پیراهن اسپورت

sportster *noun*
ماشێنی سپۆرت ◌ اتومبیل اسپورت

sportswear /ˈspɔːtsweə(r), US ˈspɔːrtswer/ *noun*
جل‌وبەرگی سپۆرت یان وەرزش، جلی وەرزشی ◌ لباس ورزشی

sportswoman /ˈspɔːtswʊmən, US ˈspɔːrts-/ *noun, pl.* sportswomen
1 ژنی وەرزشکار، ژنی وەرزشەوان، ژنی وەرزش‌دۆست یان لایەنگری وەرزش 2 ژنی بە وەرەی وەرزش‌کاری‌یەوە ◌ 1 زن ورزش‌کار، زن علاقەمند به ورزش 2 زن دارای روحیەی ورزش‌کاری

sports writer *noun*
رۆژنامەوانی وەرزشی ◌ نویسندەی ورزشی

sport-utility vehicle = SUV

sporty /ˈspɔːti, US ˈspɔːrti/ *adjective* (sportier, sportiest)
(نافەرمی) 1 لایەنگری وەرزش، وەرزش‌دۆست: *I'm not very sporty* 2 وەرزش‌کارانە 3 (ماشێن و هتد) تونرەو 4 (جل‌وبەرگ) جوان، خۆش‌رەنگ: *a sporty cotton top* (sportily
/ˈspɔːtɪli, US ˈspɔːrtɪli/ *adv* ; sportiness
/ˈspɔːtinəs, US ˈspɔːrtinəs/ *n*) ◌ 1 علاقەمند به ورزش 2 ورزش‌کارانه 3 (ماشین و...) تیز 4 (لباس) قشنگ

sporulation *noun*
پێکهاتنی تۆو یان سپۆر، سپۆرسازی (sporulative *adj*: پێکهێنەری تۆو یان سپۆر، تۆوپێکهێن، سپۆرساز) ◌ هاگ‌زایی

spot /spɒt, US spɑːt/ *noun*
1 خاڵ، لکە، پەڵە، گوڵ، تەوقن، پن، پنۆک، قۆندەرە 2 زیپکە، زیرکە 3 عەیب، شکستی، ناتەواوی، کەم‌وکووری 4 نەنگ، پینە 5 دڵۆپ، نەختێ، برێ، کەمێ، برێکی کەم 6 جێ، وار، شوێن، حەن 7 تیشکاوێژ، شەوق‌هاوێژ 8 ناوەند، چەق (spottedness *n*) ◌ 1 خال، لکه 2 جوش 3 نقص 4 ننگ 5 قطره، ذره 6 محل 7 نورافکن 8 مرکز

spot check *noun*
پشکنینی لەناکاو یا سەرسەرەکی، پشکنینی هەرەمەکی ◌ وارسی تصادفی

spot heigh *noun*
بەرزایی شوێن یان خاڵێ، ب.ت. لەسەر نەخشە ◌ اسپوت بال

spot kick = penalty kick

spotlamp = spotlight

spotless /ˈspɒtləs, US ˈspɑːt-/ *adjective*
1 بێ‌لکە، بێ‌پەڵە، خاوێن، پاک‌وخاوێن، تەمیز، 2 immaculate بێ‌گەرد، بێ‌خەوش، بێ‌عەیب: *a spotless reputation* (:spotlessly *adv*) بێ‌گەردانە، بێ‌خەوشانە، بە شێوەیەکی بێ‌عەیب؛ :spotlessness *n* 1 خاوێنی، تەمیزی 2

بێ‌گەردی، بێ‌عەیبی) ۞ 1 بدون لک، تمیز 2 بی‌نقص

spotlight /'spɒtlaɪt, US 'spɑ:t-/ *noun*
1 رووناکی شانۆ، شەوقاوێژ 2 رووناکی شوێنی، رۆشنایی دۆزینەوە یان دیتنەوە 3 سەرنج(پێدان)ی گشتی، ناوەندی سەرنج‌پێدان ۞ 1 نورافکن 2 نور موضعی 3 کانون توجه

spotlit[1] /'spɒtlɪt/ *adjective*
رووناک، رۆشن(کراو) ۞ نورانی‌شده

spotlit[2] /'spɒtlɪt/ = past and past participle of spotlight

spot-on *adjective, adverb*
تەواو، تەواوی تەواو، دروستی دروست، راستی راست، perfect ،accurate: *a spot-on forecast* ۞ کامل، دقیق دقیق

spot pass *noun*
پاسی تۆپ بۆ گۆشەی مەیدان (لەچاو راستەوخۆ) ۞ اسپوت پاس

spotted /'spɒtɪd, US 'spɑ:t-/ *adjective*
گوڵ‌گوڵ، خاڵ‌خاڵ، تەوقن‌تەوقن، پڵنگ‌پڵنگ، پنۆک‌پنۆک، پەڵاوی، خاڵاوی، لکاوی ۞ خال‌خال، دارای لک

spotted alfalfa aphid *noun*
مێشوولەی خاڵ‌خاڵی وێنجە [*Therioaphis maculata*] ۞ نوعی شته

spotted cucumber beetle *noun*
قالۆنچەی خاڵ‌خاڵی خەیار [*Diabrotica undecimpunctata howardi*]، راگوێزەری نەخۆشی wilt، ب.ت. خەیار و کالەک ۞ نوعی سوسک

spotted dick *noun*
پودینگی مێوژ ۞ پودینگ کشمش

spotted dog = 1 Dalmatian 2 spotted dick

spotted fever *noun*
تای خاڵ‌خاڵ یان پنکەپنکە ۞ تب خال‌خال

spotted knapweed *noun*
(رووەک‌ناسی) پەمەلەی خاڵ‌خاڵ یان پنکەپنکە، رەسەنی ئەورووپا و ئاسیا [*Centaurea maculosa syn. C. biebersteinii*] ۞ نوعی گیاه

spotted owl *noun*
کوندەبووی خاڵ‌خاڵ یا پنکەپنکە [*Strix occidentalis*] ۞ نوعی پرنده

spotted salamander *noun*
سالاماندێری خاڵ‌خاڵ یا پنکەپنکەی ئاسایی، هی رۆژهەلاتی ئەمریکای باکووری [*Ambystoma maculatum*] ۞ نوعی سمندر

spotted sea trout *noun*, also sea trout, speckled trout, spotted weakfish
کەشینەی دەریایی خاڵ‌خاڵ یا پنکەپنکە، وەک ماسی راو یان خۆراکی [*Cynoscion nebulosus*] ۞ نوعی ماهی

spotted turtle *noun*
رەقە یان کیسەڵی خاڵ‌خاڵ یا پنکەپنکە، هی ئاوە شیرینەکانی رۆژهەلاتی ئەمریکا US [*Clemmys guttata*] ۞ نوعی لاک‌پشت

spotter /'spɒtə(r), US 'spɑ:t-/ *noun*
1 دۆزەرەوە، دۆزینەوەیی، دیتنەوەیی 2 دوژمن‌دۆز، پشکێنەر 3 (لە لێکدانا) ـگەر، لەدواگەڕ ۞ 1 اکتشافی 2 تجسی 3 (در ترکیب) ـجو، جویندەی

spotter plane *noun*
فڕۆکەی پشکێنەر یان دۆزەرەوە ۞ هواپیمای تجسسی

spotty /'spɒti, US 'spɑ:ti/ *adjective* (spottier, spottiest)
1 (سەروچاو) زیپکاوی، پڕ لە زیپکە 2 لکاوی، پەڵەپەڵە، پەڵاوی 3 ناڕێک، ناجۆر، نایەک‌جۆر، ناچونیەک، جۆراوجۆر: *the performance was spotty* *data* ◊ *spotty attendance* ◊ *spotty* 4 گوڵ‌گوڵ، خاڵ‌خاڵ (spottily *adv*؛ spottiness *n*: پەڵاوی‌بوون، لکاوی‌بوون، گوڵ‌گوڵ‌بوون) ۞ 1 پر از جوش 2 لک‌دار 3 ناهموار، ناهمگن 4 خال‌خال

spot welder *noun*
لکێن‌گەری خاڵی یا خاڵ‌خاڵ ۞ جوشکار نقطه‌ای

spot welding *noun*
لکێن‌گەریی خاڵی یا خاڵ‌خاڵ، لکێن‌گەریتی خاڵی ۞ جوشکاری نقطه‌ای

spousal /'spaʊzl, US 'spaʊsl/ *adjective*
سەربە هاوسەر یان زەماوەند، هاوسەری، nuptials ۞ وابسته به همسر

spouse /spaʊs, US spaʊz/ *noun*
هاوسەر، ژن یان مێرد، خێزان، wife ،husband ۞ همسر

spout /spaʊt/ *noun*
1 لوولە، لوولک 2 لوولەی قۆری یان چایی‌دان 3 پلووسک، زەمووروک، شرک، لووساوک 4 فیشقە، کوفارە، fountain (spouted *adj*؛ spoutless *adj*) ۞ 1 لوله 2 لولەی قوری 3 ناودان 4 فواره

sprag *noun*
1 ئەستوون یان دەستەکی کانی خەڵووز 2 پواز ۞ 1 اسپراگ 2 گوه

sprain /spreɪn/ *noun*
وەرگەڕان، بادران، باخواردن، پێچ‌خواردن (sprained *adj*: وەرگەڕاو، پێچ‌خواردوو، بادراو) ۞ رگ به رگ(شدگی)

spraing *noun*
جۆرێ ئازار یان نەخۆشی ڤایرۆسی viral پەتاتەکان ۞ اسپرائینگ

spraint /spreɪnt/ *noun*, also spraints
پشقەڵ یان تەرسی دەڵەک otter ۞ فضلەی

سمورآبی

sprang /spræŋ/ = past of spring

sprat /spræt/ *noun*

1 جـۆرێ ماسـی وردی دەریـایی لـە تـیرەی herring [*Sprattus sprattus* (ئـەوروپـا) و جۆرەکانی تر] 2 (ناڤەرمی) هەر ماسی‌یێکی چکۆلەی دەریایی ۞ 1 ماهی خمسی 2 اسپرات

sprauncy /'sprɔːnsi/ *adjective* (sprauncier, spraunciest)

1 زیـرەک، چاومـار، زیـت، قۆچاخ، زرینـگ 2 بەزریقەوبریقـە، بـەئالاووالا، رەنگاورەنـگ، جوان‌نوێن ۞ 1 باهوش، زرنگ 2 پرزرق و برق

sprawl /sprɔːl/ *noun*

1 درێژبوونـەوە، بلاوبوونـەوە، پـان‌بوونـەوە 2 نارێکی 3 ناوچە، گەرەک ۞ 1 پخش و پلایی 2 بی‌نظمی 3 منطقه

sprawled /sprɔːld/ *adjective*

بلاوەبـوو، درێژەوبـوو، پانـەوەبوو، لنگەوتلورکەوتوو، پاڵ‌کەوتوو ۞ ولوشده

sprawling /'sprɔːlɪŋ/ *adjective*

بلاوەبوو (بە شێوەیەکی نارێک)، پەراگەندە، *a modern sprawling town* :کونـاوکون (**sprawlingly** /'sprɔːlɪŋli/ *adv*) ۞ پراکنده، تو در تو

spray[1] /spreɪ/ *noun*

1 چلەگوڵ، چەپکەگوڵ، تاجەگوڵینە 2 شوول، توول، لق، خەلف، چل ۞ 1 شاخەی گل، دستەی گل 2 ترکه، شاخه

spray[2] /spreɪ/ *noun*

1 پـرژە، پـرژ، نمـەی ئـاو، نمـە 2 پرژێنـە ۞ 1 اسپری، قطرات ریز 2 افشانه

spray can *noun*

قوتوی پرژێنە، ئیمشی، فش‌فشە، پژێژە ۞ قوطی اسپری

sprayer /'spreɪə(r)/ *noun*

پیاپژێن، پیاپرژێن، پژێنەر، پرژێنەر، (لە لێکدانا) ـپرژێنە، ـپژێنە، پرژێنە(ک)، سپریی، ئیمشی ۞ اسپری‌زننده، ـافشان، افشانه

spray gun *noun*

ژارپژێن، ژارپژێن ۞ افشانک

spray-on *adjective*

بە شێوەی پژێنە یان پرژێنە، پژێنەیی، پرژێنەیی ۞ افشانه‌ای

spray paint *noun*

رەنگی پرژێنە(یی)، رەنگ‌پرژێنە، رەنگ‌پژێنە ۞ رنگ اسپری یا افشانه‌ای

spread[1] /spred/ *noun*

a broad spread :1 پانتایی، بەرینایی، راخستە *of opinions* :پانتـایی بەلهاویـشتن یـان پـەرەسـەنـدن، رادەی بلاوبوونـەوە 2 پانـایی 3 بلاوبوونـەوە، پەلهاویـشتن، تەنینـەوە، پیاهـەڵپـەڕین، پەرەسـەندن، پـەل‌وپۆهاویـشتن، بەخشان، expansion، diffusion: *to prevent the spread of disease* 4 توانایی بلاوبوونەوە 5 سفرە یان خوانی رەنگین، کلاشە(کردن)، سوور، جەژن، سفرەی شایانە: *They had laid on a huge spread for the party* 6 بەرگ، روو، بەرگەتەخت، bedspread 7 (ئـەمریکا) کێڵگە یان ranchی گەورە 8 جیاوازی نێوان دوو نرخ و بایی 9 (لە رۆژنامە یان کۆڤارێک‌دا) مژار یان بابەتی دوولاپەڕەیی: *The story continued with a double-page spread on the inside pages* 10 شتێ بۆ پیاوساوین یان تێهەڵسوون لە نان (وەک توێژ، کەرە، مرەبا و هتد): *cheese spread* 11 مەودای نێوان دوو شت (یان خاڵ)، جیاوازی، جیایی، جیابوونـەوە، پسان، دابڕان، پچڕان، gap 12 بەرینایی یان پانتایی شتێ، وەک هی تەختە timber 13 - wingspan (بنەڕەت ئەلمانی رۆژاوا(یی)) ۞ 1 پهنـه، گستره، دامنـه؛ دامنەی گسترش 2 عرض 3 اشاعه، انتشار، پخش 4 قابلیت گسترش یا اشاعه 5 سفرەی رنگین 6 روتختی 7، 8 اسپرید 9 مطلب دوصفحه‌ای 10 کرم، اسپرید 11 اختلاف، جدایی، انقطاع 12 اسپرید

spread[2] = past and past participle of spread

spread eagle *noun*

وێنـەی هـەڵـۆێکی لاق و بـاڵ فـشەوەکـردوو، هێمای ئەمریکا ۞ ولوشده

spread-eagled /ˌspred'iːgld/ *adjective*

بلاوەبـوو، پانـەوەبوو، درێژاودرێژکـەوتوو، پاڵ‌کەوتوو، تخێل، سلار ۞ ولوشده

spreader /'spredə(r)/ *noun*

دەزگای بلاوکردنەوە، پەرەئاژۆ، بلاوکە، بلاوگەر، بلاوکەرەوە، پەرەپێدەر: *a muck spreader* ۞ پخش‌کن، گسترش‌دهنده، انتشاردهنده

spreadsheet /'spredʃiːt/ *noun*

(بەرنامەیەکی کامپیوتێری) پەڕیان، پانەپەڕ ۞ صفحەی گسترده

spree /spriː/ *noun*

1 رابواردن، خۆش‌گوزەرانی، مەی‌خواردنەوە، ئارەق‌خواردنەوە 2 زگ‌بەردانەوە، دەس‌بلاوی 3 زیـادەڕۆیی، زیـادەڕەوی ۞ 1 خـوش‌گـذرانی، باده‌گـاری 2 ولخرجی 3 افراط

sprig[1] /sprɪg/ *noun*

چـووز، وەچ، پـژ، پـژاڵ، چـل، لـک، خەلـف، سـوورچە، لقـی چکۆلـە، twig: *a sprig of parsley* ۞ شاخەی کوچک

sprig[2] /sprɪg/ *noun*

بزماری چکۆلەی بێ‌سەر ۞ میخ کوچک بی‌سر

sprigged *adjective*

(پارچـە یـان کاغـەز) گـوڵ‌دار، بـە دار و گـوڵـەوە ۞ دارای گل و برگ

sprightly /'spraɪtli/ *adjective* (sprightlier,

sprightliest), also sprighful
بەکەیف، چالاک، خۆشحاڵ، سەرخۆش، بەدەماخ، لەگوڕ (sprightliness *n*: بەکەیفی، چالاکی، بەگوڕی، شادی، سەرخۆشی) ❁ بانشاط، سرزنده

spring /sprɪŋ/ *noun*
1 بەهار، بوهار، واسار، کەپران 2 (ئەستێرەوانی) ماوەی نێوان vernal equinox تا summer solstice 3 بازدان، پەڕین، هەڵبەزینەوە، قەڵەمباز، هەڵبەودابەز 4 چاوە، سەرکانی، سەرچاوە، کانی، یەن، کانیاو 5 فەنەر، زەمبەلەک، سپرینگ، تایبەتمەندی ئێلاستیک، جیری (springlet *n*؛ springless *adj*؛ springlike adj) ❁ 1 بهار 2 اسپرینگ 3 جهش، جست‌وخیز 4 چشمه 5 فنر، خاصیت ارتجاعی

spring balance *noun*
تەرازووی زەمبەلەکی یا فەنەری ❁ ترازوی فنری

springboard /ˈsprɪŋbɔːd, US -bɔːrd/ *noun*
تەختەباز، تەختەی پەڕین، تەختەی بازدان ❁ تختەی پرش

springbok /ˈsprɪŋbɒk, US -bɑːk/ *noun*
1 ئاسکی ئەفریکایی [*Antidorcas marsupialis* (Springbok) 2 [ئەندامی تیم یان دەستەیێکی وەرزشی ئەفریکای باشووری، ب.ت. بە یەکێتی ڕاگبیدا ❁ 1 آهوی افریقایی 2 عضو تیم ورزشی

spring chicken *noun*
1 جووچک، جووجەڵە 2 (خوازە) بێ ئەزموون، منداڵ، جووچک ❁ 1 جوجه 2 (مجازی) بی‌تجربه، بچه

spring-clean *noun*, also spring-cleaning
ماڵ تەکاندن، ماڵ هەڵگرتن، ماڵ خاوێن کردنەوە ❁ خانه‌تکانی

springe /sprɪn(d)ʒ/ *noun*
داو، تەڵە، تەپکە، کەمەند ❁ دام، کمند

springer /ˈsprɪndʒə(r)/ *noun*
1 کەمەندهاوێژ 2 مانگای ئاوس 3 (بیناسازی) بەردەتاق، بەردەبنی تاق (تاق لەوێوە دەس پێدەکا) ❁ 1 کمنداندار 2 گاو آبستن 3 پاطاق

spring fever *noun*
1 گوڕ(وتینی) بەهاری، بەهارجمان 2 (پزشکی) تای بەهاری، بەهارەتا ❁ 1 تب(وتاب) بهاری 2 تب بهاری

spring-loaded *adjective*
زەمبەلەکی، فەنەری، فەنەردار، زەمبەلەکدار ❁ فنری

spring onion *noun*
پیوازەشینە، تەرەپیواز، پیواز، پیوازی ساوا ❁ پیازچه

spring peeper = peeper2

spring roll *noun*
جۆرێ خۆراکی چینی ❁ نوعی غذای چینی

springtail *noun*
زەمبە(لەک)کلکە: مێروویێکی وردی بێباڵ کە ئەندامێکی springئاسای بۆ هەڵبەزینەوە لەژێر زگەوە هەیە [دەستە Collembola] ❁ نوعی حشره

spring tide *noun*
هەڵکشان و داکشانی ئاو (لە وەختی مانگی یەکشەوە new moon و مانگی پڕدا full moon) ❁ مەکشند

springtide /ˈsprɪŋtaɪd/ = springtime

springtime /ˈsprɪŋtaɪm/ *noun*
وەرزی بەهار، بەهاران، ئاخەلێوە، ئاخلێقە، خوێن‌جمان ❁ فصل بهار

springy /ˈsprɪŋi/ *adjective* (springier, springiest)
1 زەمبەلەکی، فەنەری، جیری، کەژناسا: *We walked across the springy grass* 2 بەکەیف، بەگوڕ (springily /ˈsprɪŋɪli/ *adv*؛ springiness /ˈsprɪŋinəs/ *n*) ❁ 1 فنری، ارتجاعی 2 سرزنده

sprinkle /ˈsprɪŋkl/ *noun*
1 (ئەمریکا(ی باکووری) پرووشە، سووکەباران، نمەباران، پریشکە، 2 sprinkling 2 پڕژاندن، پیاپڕژان ❁ 1 باران سبک 2 پاشیدن

sprinkler /ˈsprɪŋklə(r)/ *noun*
ئاوپڕژێن، ئاوپژێن، ئاوڕشێن ❁ آب‌پاش

sprinkler irrigation *noun*
ئاودێری پڕژاندن، ئاوبارانی، پڕژەدێری ❁ آبیاری قطره‌ای

sprinkling /ˈsprɪŋklɪŋ/ *noun*
1 بڕێکی کەم، ژمارەیەکی کەم، بڕێ، هێندێ 2 پرووشە، (نم)نمەی باران ❁ 1 تعداد کم، مقدار اندک 2 نم‌نم باران

sprint /sprɪnt/ *noun*
(مەودایەکی کەم) ڕاکردنی بە توندی، هەڵاتنی (بە) خێرایی (400 میتر یان کەمتر؛ sprinter *n*: ڕاکەری خێرا) ❁ دو سرعت

sprint relay *noun*
ریلەی ڕاکردنی خێرا ❁ رله‌ی دو سرعت

sprit /sprɪt/ *noun*
(دەریاوانی) دارالای چکۆلە ❁ دکل کوچک

sprite /spraɪt/ *noun*
1 جنۆکە 2 پەری 3 تارمایی، خێو، سەهۆیر، تاپۆ ❁ 1 جن 2 پری 3 شبح

spritely = sprightly

spritz /sprɪts/ *noun*
فیشقە، فیچقە، کوفارە (بنەڕەت: لە *spritzen* ئەڵمانی "فیشقەکردن") ❁ فواره

spritzer /ˈsprɪtsə(r)/ *noun*

سپریتزر (= تیکەڵەیێکی مەی (سپی) و ئاوی سۆدا ۞ اسپریتزر

sprocket /ˈsprɒkɪt, US ˈsprɑːkɪt/ *noun*
1 پێچکەی ددانەدار یان ددانەڕیز، چەرخی ددانەڕیز، پێچکەی موورچەدار، پێچکەی زنجیرخۆر 2 (پێچکە) زنجیرخۆر، ددانە، موورچە، زنجیرکێش ۞ 1 چرخ دندانەدار 2 دندانە

sprocket-wheel /ˈsprɒkɪt siːl/ *noun*
موورچە، چەرخ یان پێچکەی ددانەدار یان ددانەڕیز، پێچکەی زنجیرخۆر یان زنجیرکێش ۞ چرخ دندانەدار

sprog /sprɒg, US sprɑːg/ *noun*
(لە بریتانیا و نافەرمی) 1 منداڵ، زارۆک، تولف 2 (ڕەمەکی) recruit یان trainee ۞ طفل، بچە

sprout /spraʊt/ *noun*
1 چووز، وەچ، بەرک، چەکەرە، کورس 2 Brussels sprout ۞ جوانە

spruce[1] /spruːs/ *adjective* (sprucer, sprucest)
جوان، خاوێن، پاکوخاوێن، ڕازاوە، تەمیز، trim (sprucely *adv*: جوان، بە شێوەیەکی خاوێن یان جوان؛ spruceness *n*: جوانی، شۆخی، خاوێنی، پاکوخاوێنی) ۞ شیک، آراستە، پاکیزە

spruce[2] /spruːs/ *noun, pl.* same or spruces
(دار) سنەوبەر، ناژ، ناژین، نەوژ، داروک [توخم *Picea*: زۆر جۆرن] ۞ صنوبر

spruce budworm *noun*
کرمی خونچەی سنەوبەر یان ناژ، جۆری پەپوولەی شەوگەڕی tortricid، کرمۆکەکانیان لەسەر دارە هەمیشەسەوزەکان (وەک نەوژ و balsam fir) دەخوا [*Choristoneura fumiferana*] ۞ نوعی پروانە

sprue[1] /spruː/ *noun*
1 ڕەهەند یان جۆگەیێ کە کانزا یان پلاستیکی دەڕژێتەنێو دارێژگە یان قاڵبەوە 2 پارچە کانزا یان جۆگە کە بەو ڕێگاوە ڕەق بۆتەوە ۞ اسپرو

sprue[2] /spruː/ *noun*, also tropical sprue
1 بۆزە 2 = coeliac disease (بنەڕەت: لە *spruw* هوڵەندی "thrush") ۞ برفک

spruit /spreɪt/ *noun*
(ئەفریکای باشووری) ئاوەڕێ یان ئاوەڕۆی چکۆلە (وشک بێجگەلە وەرزی بارین) ۞ آبراە کوچک

sprung[1] /sprʌŋ/ = past participle of spring

sprung[2] /sprʌŋ/ *adjective*
زەمبەلەکی، فەنەری، زەمبەلەکدار ۞ فنری

sprung rhythm *noun*
جۆری کێش یان ڕیتمی هۆنراوەیی (لە لایەن هۆنەری ئینگلیسی Gerard Manley Hopkins (1844-1889) داڕێژراوە) ۞ بحر طویل

spry /spraɪ/ *adjective* (spryer, spryest)
بەدەماخ، بەکەیف، شاد، خۆشحاڵ، سەرخۆش، چالاک، چابک، گورج: *a spry 75-year-old* (spryly *adv*: بەکەیفانە، بە شێوەیەکی شاد یان سەرخۆش؛ spryness *n*: بەکەیفی، شادی، بەدەماخی، سەرخۆشی، خۆشحاڵی، چالاکی، گورجی) ۞ بانشاط، سرزندە، فعال

spud /spʌd/ *noun*
1 بێلچە، بێلەکان، فیشەکان 2 (نافەرمی) پەتاتە، سێفەزەمینی، یەرەماسی 3 مرۆی سووک ۞ 1 بیلچە 2 سیب‌زمینی 3 آدم پست

spud-bashing *noun*
(نافەرمی، بریتانیا) بێگاری پاکردنی پەتاتە ۞ اسپودباشینگ

spumante /spuːˈmænteɪ, US -ˈmɑnti/ *noun*
جۆری مەی سپی هەڵچووی ئیتالیایی (بنەڕەت: ئیتالیایی "sparkling") ۞ اسپومانتی

spume /spjuːm/ *noun*, also foam
کەف، سەرکەف، سەرکوڵ، دەوژن ۞ کف

spumy *adjective*, also spumous
کەفاوی، کەفدار، سەرکوڵدار، دەوژناوی ۞ کف‌آلود کف‌دار

spumoni /spuːˈməʊni/ *noun*, also spumone
دیسێریکی بەستەنی توێ‌توێ و ڕەنگوتام جیاواز ۞ اسپومونی

spun /spʌn/ = past and past participle of spin

spun glass *noun*
شووشەی ڕیشاڵناسا ۞ پشم شیشە

spunk /spʌŋk/ *noun*
1 (نافەرمی) دڵ، وێران، دڵوجەرگ، courage 2 (نافەرمی) تۆواو، ئاو، توخم، determination 3 semen (نافەرمی، ئەوسترالیا) کەسێکی سێکسی ۞ 1 جرأت 2 (عامیانە) منی 3 آدم سکشوال

spunky /ˈspʌŋki/ *adjective* (spunkier, spunkiest)
(نافەرمی) نەترس، بەجەرگ، سڵنەکردوو، شێرکوڕ ۞ (عامیانە) باجرأت

spun rayon *noun*
هەوریشمی دەسکردی بادراو ۞ اسپون ریون

spun silk *noun*
1 (خراپ) دەزووی هەوریشم، خەیاتە، هەوریشمی بادراو 2 پارچە لە هەوریش ۞ 1 نخ ابریشم 2 پارچەی ابریشمی

spun sugar *noun*
پەشمەک ۞ پشمک

spun yarn *noun*
1 بەنی ڕیسراو، ڕیس 2 گوریس یان تەنافی چەندلۆنە، کەندر، گوریس ۞ 1 نخ تابیدە 2

طناب چندلایه

spur /spɜː(r)/ *noun*
1 مامزە، مامیزەک، زیخت، چەنگ 2 هاندەر، هانە، گورپێدەر، بزوێنەر، گور 3 ژەنگ یان نەخۆشی چەودان 4 دەربەریوی، قوتکە، لووتکە (کێو یان زنجیرەکێوی) 5 نووچکە، تیژایی نووکی کێو 6 نیشانەکردنی پەری قومار بە رووشاندنی (بۆ گزە) 7 شەقل یان شوێنپێی گیانەوەر 8 = climbing iron (spurless *adj*) (spurred *adj* ✧ 1 مهمیز 2 انگیزه 3 سگاله 4 برآمدگی 5 تیزی نوک کوه 6 ردپای حیوان 7 اسپور

spurdog *noun*
جۆرێ سەگماسی بۆری پنکەپنکەی سپی گەورەی ئەتلانتیکی باکووری [*Squalus acanthias*] ✧ اسپورداگ

spurge /spɜːdʒ/ *noun*
مراوکە، رووەک یان دەوەنی بە گوڵی مەیلەوسەوزەوە [تۆخم *Euphorbia*: گەلێ جۆرن] ✧ اسپورگ، ماذریون

spur gear = spur wheel

spurge laurel *noun*
جۆرێ دەوەنی هەمیشەسەوزی کورتەباڵا، بە پەری زاراوی رەش و گەڵای سەوزی وردەوە [*Daphne laureola*] ✧ اسپورگ لورل

spurious /ˈspjʊəriəs, US ˈspjʊr-/ *adjective*
درۆ، ساختە، نارەسەن، نائەسڵ، قەڵب؛ زۆڵ، بیژوو، حەرامزادە، bastard: *a spurious argument ◊ signature* (spuriously /ˈspjʊəriəsli, US ˈspjʊr-/ *adv*: بە شێوەیێکی درۆ یا ساختە؛ spuriousness /ˈspjʊəriəsnəs, US ˈspjʊr-/ *n*: درۆبوون، قەڵببوون، قەڵبی) ✧ کاذب، ساختگی؛ حرامزاده

spur-of-the-moment *adjective*
کوتوپڕ، لەڕێوە، پلانڕێژنەکراو، لەوەپێش بەرنامەبۆدانەنراو، سەرپێیی: *I phoned him up on the spur of the moment* ✧ فی‌البداهه

spurner *noun*
شەقتێهەڵدەر، توورهەڵدەر، رەتکەرەوە ✧ لگدزننده، ردکننده

spurred *adjective*
مامزەدار ✧ دارای مهمیز

spurrey /ˈspʌri/ *noun*, also spurry, *pl.* spurreys or spurries
(رووەکناسی) گیایێکی ورد لە تیرەی pink، بە گوڵی سپی و پەمەیی [تۆخمەکانی *Spergula* و *Spergularia*: چەندین جۆرن] ✧ اسپوری

spurrier *noun*
(دەگمەن) مامزەبەند، مامزەگەر، مامزەساز، مامزەدروسکەر ✧ مهمیزساز

spur royal *noun*
کۆینێکی زێرین بایی پازدە شیلینگ، سەردەمی دەسەڵاتداری جەیمزی یەک لێدەدرا (وێنەی خۆر بە تیشکەوە) ✧ اسپور رویال

spurt /spɜːt, US spɜːrt/ *noun*
1 فیشقە، کفە، دەرپەرین، کوفارە، بازرەقە، بەنهێم هاتنەدەرەوە 2 زۆربوونی کتوپڕ 3 حەول یان تێکۆشانی لە ناکاو و بەتەوژم، لێنەوین ✧ 1 فوران 2 افزایش ناگهانی 3 کوشش ناگهانی و کوتاه

spur track *noun*
هێڵی ناسەرەکی یا لاوەکی، لاهێڵ (لە هێڵی ئاسنی سەرەکی) ✧ خط فرعی

spur wheel *noun*
پێچکەی ددانەریز یان ددانەدار، مووڕچە ✧ چرخ دندانه‌دار

sputnik /ˈspʌtnɪk, US ˈspʊt-/ *noun*
ساتەلایتی دەسکردی رووسییەکان (لە ئۆکتۆبری 1957 هەڵدرا و یەکەمین ساتەلایت بوو کە نرایە خولگەی زەوییەوە؛ بنەڕەت: لە رووسییەوە) ✧ قمر مصنوعی

sputterer *noun*
کەفچن، بلمن (بە تووڕەیی قسە دەکا و کەف دەچنێ) ✧ اسپوترر

sputum /ˈspjuːtəm/ *noun*, *pl.* sputums, sputa
بەڵغەم، خرێن، ب.ت. لە ئەنجامی نەخۆشییەوە ✧ خلط

spy /spaɪ/ *noun*, *pl.* spies
1 سیخور، شەیتان، شوفار 2 کاربەدەست یان فەرمانبەری نهێنی (ئەڵمانی بنەڕەت) ✧ 1 جاسوس 2 مامور مخفی

spyglass /ˈspaɪɡlɑːs, US -ɡlæs/ *noun*
دووربینی چکۆلە، دووربینی تێلێسکۆپی ✧ تلسکوپ کوچک

spy-hole /ˈspaɪ həʊl/ = peep-hole

spying *noun*
سیخوری، شوفاری ✧ جاسوسی

sq *abbreviation* square
(لە پێوانی رووبەردا) چوارگۆشە: *10 sq cm* ✧ مربع

Sq *abbreviation* square
مەیدان، گۆرەپان، مەیان ✧ میدان

Sqn Ldr *abbreviation* squadron leader

squab /skwɒb/ *noun* (*pl.* squabs), *adjective*
n 1 بەچکەکۆتر، بێچووە کۆتر (دەوروبەری 4 حەوتوو) 2 میزی بێپشت 3 دۆشەکی ئەستوور *adj* (کۆن) کورتەبنە، خڕیلانە، خڕبنە ✧ *n* 1 جوجەکبوتر 2 نیمکت بی‌پشت 3 کوسن *adj* خپل

squabble /ˈskwɒbl, US ˈskwɑːbl/ *noun*
قرە، قرەقر، کێشە، شەڕوهەرا، مشتومڕ، دەمەدەمە، هەراهەرا، سێودوو، quarrel: *The*

:squabbler *n*) *party is split by internal -es*
سەربەقرە، قرەباز، سەربەکێشە، سەربەگوێنگەڵ، گوێنگەڵباز) ۞ کلنجار، مجادلە

squab pie *noun*
پای کوتر ۞ پای کبوتر

squacco heron /ˈskwakəʊ/ *noun*
جۆرێ شاهۆی پۆپنەی سپی و نوکی، لە باشووری ئەورووپا، رۆژهەلاتی نێوەراست و ئەفریکا دەبینرێ [*Ardeola ralloides*] ۞ نوعی بوتیمار

squad /skwɒd, US skwɑːd/ *noun*
1 پەل، سکواد، تیم، دەستە 2 (وەرزش) تیم، تیپ، دەستە (بنەرەت: کورتەی *escouade* فەرەنسی، گۆڕاوی *escadre* لە *squadra* ئیتالیایی‌یەوە "square") ۞ 1 جوخە 2 تیم

squad car *noun*
ماشێنی پۆلیس ۞ اتومبیل پلیس

squaddie /ˈskwɒdi, US ˈskwɑːdi/ *noun*, also squaddy
(نافەرمی) سەرباز، تازەسەرباز (ب.ت. تازەهاتوو) ۞ سرباز

squadron /ˈskwɒdrən, US ˈskwɑːd-/ *noun*
بڕەک، سکادران ۞ گردان، اسکادران

squadron leader *noun*
ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی بریتانیا خوارتر لە پلەی wing commander ۞ سرگرد نیروی هوایی

squalid /ˈskwɒlɪd, US ˈskwɑːlɪd/ *adjective*
1 پیس، چلکن، ناخاوێن، چەپەڵ 2 هەژارانە، فەقیرانە 3 فەقیر، خاکەسار، لێقەوماو، قوربەسەر(کراو) 4 ناحەز، ناشیرین، دزێو، لەناکاربەدوور، شەرماوی: *a squalid attempt* :squalidly *adv*) *to buy votes* قوربەسەرانە، لێقەوماوانە، بەدبەختانە، بە شێوەیەکی ناحەز؛) ۞ 1 کثیف 2 فلاکت‌بار 3 مفلوک 4 زننده، زشت

squalidness *noun*, also squalidity /ˈskwɑːˈlɪdəti/
1 پیسی، چلکنی، ناخاوێنی، چەپەڵی 2 قوربەسەری، خاکەساری، لێقەوماوی، بەدبەختی، رۆژەڕەشی 3 ناحەزی، ناشیرینی، دزێوی، کرێتی ۞ 1 کثافت 2 فلاکت 3 زنندگی، زشتی

squall /skwɔːl/ *noun*
1 قیژە، جیقە، زیکە، چریکە، زریکە 2 توفوبەند، با و بۆران، با و باران (squally /ˈskwɔːli/ *adv*: بە با و باران، پڕبا، ئالۆز، تووش، باهاتوو، لەگەڵ بای توند یان رەشەبا) ۞ 1 جیغ 2 باد و بوران

squalling *adjective*
جیقن، قیژەون، زیکن ۞ جیغ‌جیغو

squalor /ˈskwɒlə(r), US ˈskwɑːl-/ *noun*, also squalidness
1 پیسی، چلکنی، ناخاوێنی، چەپەڵی 2 رۆژەڕەشی، قوربەسەری، کلۆلی، خاکەساری، نەهاتی، مەینەتی، بەدبەختی، لێقەوماوی، داماوی، نەگبەتی: *the poverty and squalor of the slums* ۞ 1 کثافت 2 نکبت، فلاکت

squam(o)- *prefix*
پێشگر: پوولەکە، توێژاڵ، توێ (بنەرەت: لە *squama* لاتینەوە) ۞ پیشوند: پولک، فلس، لایە

squama *noun*
1 پوولەکە، پوولەک 2 توێ، توێژاڵ، لۆ ۞ 1 پولک، فلس 2 لایە

Squamata /skwəˈmɑːtə/ *noun, pl.*
(گیانەوەران) پوولەکەوەران، پوولەکەداران: دەستەیێکی بەربڵاوی خشۆکەکان کە مارەکان، مارمێلکەکان و مارمێلکەکرمەکان worm lizard دەگرێتەوە (گیانەوەری) *n* :squamate *n, adj* پوولەکەوەر یان پوولەکەدار *adj* پوولەکەدار، پوولەکاوی، پوولەکەڕێژ) ۞ اسکواماتا

squamation *noun*
1 پڕتوێژاڵی، توێژاڵ‌توێژاڵ‌بوون، توێ‌توێ‌بوون، پڕتوێ‌بوون 2 پوولەکە ۞ 1 لایەداری 2 پولک

squamoid *adjective*, also squamosal or squamose
پوولەکەئاسا، لەپوولەکەچوو، شێوەپوولەکە، پوولەکی، پوولەکەئاسا ۞ فلس‌مانند

squamosal bone *noun*
ئێسکی پوولەکەیی یان پوولەکی: بەشێ لە ئێسکی لاجانگی مرۆڤ ۞ استخوان فلسی

squamous /ˈskweɪməs/ *adjective*
1 پڕتوێژاڵ، پڕتوێ، پڕلۆ، لۆلۆ، توێ‌توێ 2 پوولەکەڕێژ، پوولەکاوی، پڕپوولەکە، پوولەکە، پوولەکی، داپۆشراو بە پوولەکە ۞ 1 پرلایە 2 پولک‌دار

squamous cell *noun*
خانەی پوولەکەڕێژ یان پوولەکەدار: خانەیێ کە لە squamous epithelium بەرهەم هاتووە یان دارێژراوە ۞ اسکواموس سل

squamous cell carcinoma *noun*
لووی شێرپەنجەی خانەی پوولەکەڕێژ یان پوولەکەدار: لوویێکی شێرپەنجەیی کە لە خانە پوولەکەڕێزەکانەوە سەرهەڵدەدا و زۆرتر لەو ناوچانە پێکدێ کە زۆر سەخت بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەبەر خۆردا بووە ۞ اسکواموس سل کارسینوما

squamous epithelium *noun*
رووکەشەشانەی پوولەکەڕێژ یان پوولەکەدار ۞ اپیتلیوم اسکواموس

squamule /ˈskweɪmjuːl/ *noun*
(رووەک‌ناسی و گیانەوەرناسی) پوولەکەچە، پوولەکچە، پوولەکۆچکە، پوولەکیلە، پوولەکەی چکۆلە (بنەرەت: لە *squamula*

لاتین، چکۆلێنراوی *squama* "پوولەکە "scale")
◌ پولک کوچک

squamulose *adjective*
خاوەن پوولـەکەی چکۆلانە، پوولـەکچـەیی ◌
دارای فلس‌های کوچک

squanderer *adjective*
دەس‌بلاو، بالانی، عەبلەخـەرج، هەڵـەخـەرج ◌
ولخرج، مسرف

square /skweə(r), US skwer/ *adjective, adverb, noun*
1 *adj* چوارسـوو، چوارگـۆش، گۆنیا، چوارسووئاسا 2 ئەستوونی، گۆشەڕاست، راست، ویستاو، ڕێکەوەرێک، هاوتەریب، هاوئاست، بەرامبەر، یەکسان، بەقەدیەک 3 ڕێک‌وپێک، خشت، تەکوز 4 تەواو، بێ‌ئەملاوئەولا، بێ‌کەم‌وکورتی 5 بێ‌گری‌وگۆڵ، بێ‌فروفێڵ، بێ‌شێلەوپێلە 6 سەرراستانە، پیاوانە، دادپەروەرانە، عادڵانە 7 ئەستوور، قەوی، پان 8 گۆشەدار، پاڵوودار *adv* یەک‌ڕاست، ڕاستەوخۆ، ڕاستەوڕاست، ڕاست *n* 1 چوارگۆشە 2 شێوەی چوارسووچ یان چوارگۆشە 3 چوارێن، مەیدان، مەیان، گۆڕەپان 4 ڕاستەی گۆشەڕاست، گونیا 5 خانەی شەترەنج 6 (ئەستێرەوانی) چارەکەبازنە، نەوەدپلە 7 مرۆی کۆنەپەرست 8 ڕاستەی تی (لەسەر بنچینەی *quadra* لاتین "square") ◌
1 *adj* مربع 2 قائم، عمودی، زاویەدار، موازی، مساوی 3 منظم 4 کامل 5 بی‌تقلب 6 منصفانە، صادقانە 7 ستبر 8 گوشەدار *adv* مستقیم *n* 1 مربع 2 شکل چهارگوش 3 میدان 4 گونیا 5 خانەی شطرنج 6 اسکوار 7 آدم امل 8 خط‌کش تی

square-bashing *noun*
مەشقێکی سەربازی ◌ مشق قدم‌رو

square brackets *noun*
جووت‌کەوانەی ڕاست‌گۆشە، جووت‌کەوانەی ڕێک [ ] ◌ کروشە

square-built *adjective*
چوارشانە، هەیکەلی، بەقەلافەت، دووباد ◌ تنومند

squared /skweəd, US skwerd/ *adjective*
1 دووجا، بە توانی دوو، لەخۆدراو 2 شەترەنجی، خانەخانە، چوارخانە: *squared paper* ◌ 1 بە توان دو 2 شطرنجی

square dance *noun*
(لە ئەمریکا) سەمای چوارگۆشەیی، سەمای چوارژن‌ومێردە (*square dancer n*: ڕەخس‌کێشی چوارگۆشە؛ *square dancing n*) ◌ اسکوار دانس

squared circle *noun*
ئالقەی شەڕەمشت ◌ حلقەی مشت‌بازی

square deal *noun*, give someone a square deal
سەودای سەرراستانە یان بێ‌گری‌وگۆڵ ◌
معاملەی منصفانە

squared paper *noun*
کاغەزی شەترەنجی یا خانەخانە یا چوارگۆشە ◌ کاغذ شطرنجی

square go *noun*
(سکاتلەند) شەڕوشۆڕ، شەڕەشەق، زرم‌وکوت، لێک‌سرەواندن، لێکدان، تێکبەربوون (بێ چەک) ◌ زدوخورد

square knot = free knot

squarely /'skweəli, US 'skwerli/ *adverb*
1 ڕاست، بە شێوەیەکی ئەستوونی یان ویستاو 2 بێ‌قەلەودەلە 3 ڕووبەڕوو، بەرەوڕوو 4 ڕاستەوخۆ، ڕاست: *The responsibility for the crisis rests squarely on the government* ◌
1 قائم 2 منصفانە 3 مقابل 4 مستقیماً

square meal *noun*
چێشتی شایانە، چێشتی حیسابی یان چاک ◌ غذای حسابی

square measure *noun*
پێوانی ڕووبەر (بەپێی میتری چوارگۆشە یان فوت و بەپێی چوارگۆشە) ◌ اندازەگیری مساحت

square of opposition *noun*
چوارگۆشەی دژایەتی یان دژەکان: چوارگۆشەیێ (بە شێوەی دیاگرام) بۆ پیشاندانی پێوەندی لۆژیکییەکانی contrary، contradictory، subcontrary، subaltern و superaltern ◌ مربع تباینات

square one *noun*, back to square one
گەڕانەوە سەر جێی هەوەڵ، خانەی یەکەم، سەرەتاخانە، دەسپێک‌خانە: *the failure set us back to square one* ◌ محل آغاز

square piano *noun*
پیانۆی چوارگۆشە ◌ پیانوی مربعی

square-rigged *adjective*
خاوەنی چەند بادەوەبێکی چوارگۆشە بە شێوەی بادەوە سەرەکییەکان (*square-rigger n*) ◌ اسکواررێگد

square root *noun*
ڕەگی دووجا: the *square root* of 9 is ± 3 ◌ ریشەی دوم

square sail *noun*
بادەوەی چوارگۆشە ◌ بادبان مربعی‌شکل

square shooter *noun*
کەسێکی ڕاست یا بەئینساف (square shooting *n*) ◌ آدم صادق یا منصف

square-shouldered *adjective*
چوارشانە، بەشان‌وباهۆ ◌ چهارشانە

square-toed *adjective*
1 (پێڵاو) نووک‌پان، پێش‌پان، پەنجەچوارگۆش، پەنجەپان 2 (کۆن) فەرمی، ڕەسمی، دیوانی، کۆن، لەباوکەوتوو، old-fashioned،

1 ۞ (square-toedness *n*) conservative نوک‌پهن 2 رسمی، قدیمی

squarish /ˈskweərɪʃ, US ˈskwer-/ *adjective*
تا ئەندازەیێ چوارگۆش (squarishly *adv*) ۞ نسبتاً چهارگوش

squark /skwɑːk/ *noum*
(فیزیک) سکوارک (هاوتای supersymmetric کوارکێ (وادادەنرێ کە دەستوور و ریسای سوپێرسیمیتری بەسەردا زاڵ بێ)؛ بنەڕەت: لە (quark[1] + s(uper) ۞ اسکوارک

squarrose *adjective*
(زیندەناسی) زبر یا پووڵەکەدار (squarrosely *adv*) ۞ خشن یا فلس‌دار

squash[1] /skwɒʃ, US skwɑːʃ, skwɔːʃ/ *nounk*
1 فلیقاندنەوە، پلیشاندنەوە، پان‌وفلیچ‌کردنەوە، جیق‌وفیق‌دەرهێنان، جیق‌دەرهێنان 2 شتی فلیقێنراو یان فلیقاو، فلیقاتە 3 ئاپۆرە، چڕەبەندان، حەشامات 4 ئاوی میوە، ئاوی پرتەقاڵ: *a glass of orange/lemon squash* 5 دەنگی بەربوونەوەی شتی نەرم، دەنگی تلپە، شلپە (squashiness *n* ؛squashily *adv*) ۞ 1 عمل له کردن 2 چیز لەشده 3 ازدحام 4 آب میوه، آب پرتقال 5 صدای تپ

squash[2] /skwɒʃ, US skwɑːʃ, skwɔːʃ/ *noun, pl.* same or squashes
1 کوولەکە، کەدوو 2 برکەی کوولەکە، خێزانی gourd [چەندین جۆر و قارتە لە توخمی *Cucurbita*] ۞ 1 کدو 2 بوتەی کدو

squash[3] /skwɒʃ, US skwɑːʃ, skwɔːʃ/ *noun*
سکواش (- جۆرێ یارێ کە شێوەی تێنیس دەدا): *a squash court* ۞ اسکواش

squash bug *noun*
مێرووی کوولەکە: جۆرێ مێرووی قاوەیی ڕەش، شێلەی گەڵای کوولەکە، pumpkin و گیای وا دەمژێ [*Anasa tristis*] ۞ نوعی حشره

squashy /ˈskwɒʃi, US ˈskwɑːʃi, ˈskwɔːʃi/ *adjective* (-ier, squashiest)
فلیقاو، زۆرگەیو، بڵ، شل، نەرم: *a squashy leather armchair* (squashily /ˈskwɒʃɪli, US ˈskwɑːʃɪli, ˈskwɔːʃɪli/ *adv* ؛-iness /ˈskwɒʃinəs, US ˈskwɑːʃinəs, ˈskwɔːʃinəs/ *n*) ۞ شل، نرم

squat /skwɒt, US skwɑːt/ *noun, adjective* (squatter, squattest)
n 1 هەڵتروشکان، هەڵتوتان، کوشکە(کردن)، قینچکە(کردن)، لەسەرچینچک‌دانیشتن، قنگەڵتس، قەلەفسک، توولنج، گەماڵفس، دون، قونەلتیس‌دان 2 ماڵی داگیرکراو *adj* خرپنە، خڕوخۆل (squatness *n* ؛squatly *adv*) ۞ *n* 1 چمباتمه 2 خانەی غصبی *adj* خپل

squatt *noun*
کرمۆکە یا پرگی مێشی ئاسایی، وەکوو چەشکە بەکاردێترێ ۞ اسکوات

squatter /ˈskwɒtə(r), US ˈskwɑːt-/ *noun, adjective*
1 هەڵتروشکاو، هەڵتوتاو، قنگەڵتساو 2 (بە زۆر) داگیرکەر 3 (ئەوستراڵیا) ئاژەڵدار ۞ 1 چمباتمەزننده 2 متصرف عدوانی 3 گلەدار

squatty *adjective* (squattier, squattest)
خڕیلانە، خرپنە، خڕوخۆل، thickset ،dumpy ۞ خپل

squaw /skwɔː/ *noun*
ژنی سووورپێست (ئێستا وەک ناوێتکە وایە) ۞ زن سرخ‌پوست

squawbush *noun*, also skunkbrush
(رووەکناسی) چالێ [*Rhus trilobata*] ۞ دیوخار

squawfish *noun, pl.* same or squawfishes
ژنەماسی، ماسی‌یێکی راوی گەورە لە تیرەی carp [*Ptychocheilus oregonensis* و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی ماهی

squawk /skwɔːk/ *noun*
1 جیقە، زیکە، زریکە، قیرە(قیر)، قیژە، قیژەقیژ، جیکەجیک 2 ئاهـ و ناڵە، گلەیی و گلەشت، کزەونزە، ئاەونزوولە، گلەیی و گازندە (squawker *n*: جیقن، زیکن، قیژەون) ۞ 1 جیغ، غرغر 2 شکوە و شکایت

squawk box *noun*
(ئافەرمی، ئەمریکا) بڵیندگۆ ۞ بلندگو

squaw man *noun*
(ئەمریکا و سووکانە) پیاوێکی سپی یان رەش کە ژنی سووورپێستی هێنابێ ۞ اسکوا من

squawroot *noun*
جۆرێ رووەکی بێ‌گەڵای گۆشتن، لە خێزانی broomrape، رەسەنی رۆژهەڵاتی ئەمریکای باکووری [*Conopholis americana*] ۞ اسکواروت

squeak /skwiːk/ *noun*
1 جیقە، زیقە، زیکە، زریکە، قیژە، جیکە 2 دەنگی جیرە، جیروهۆر (لاولاوەی چەورنەکراو) 3 دەرفەت، هەل، دەلیقە، شانس، بەخت (squeakiness *n* ؛squeakily *adv*) ۞ 1 جیغ 2 صدای جیر 3 فرصت

squeaker *noun*
1 جیقن، زیقن، زیکن، قیژەون، جیکن 2 بردنەوە یان سەرکەوتن بە جیاوازی‌یێکی کەمەوە 3 (بریتانیا) بەچکەکۆتر ۞ 1 جیغ‌جیغو 2 برد یا پیروزی با اختلاف جزئی 3 جوجەی کبوتر

squeaking *adjective*
جیرجیرکەر، جیرن، قیژەون، زیکن، قیرەون،

زیقن، جیقن، زیکن ⟡ جیرجیری، جیغ‌جیغو

squeaky /ˈskwiːki/ *adjective* (squeakier, squeakiest)

جیرجیرکەر، جیرن، قیژەون، زیکن، جیقن، زیقن، زیکن: *a high squeaky voice* ◊ *squeaky floorboards* (squeakily /ˈskwiːkɪli/ *adv*، squeakiness /ˈskwiːkɪnəs/ *n*) ⟡ جیرجیری، جیغ‌جیغو

squeaky clean *adjective,* also squeaky-clean

خاوێن، یەکجار خاوێن، پاکی پاک، تەواو خاوێن یان تەمیز: *squeaky clean hair* ⟡ منزه، کاملاً تمیز

squeal /skwiːl/ *noun*

جیقە، جیق، زیکە، زیقە، زریکە، قیژە، جیکە ⟡ جیغ، داد

squealer *noun*

1 قیژەون، زیکن، جیقن، زیکن 2 (نافەرمی) سیخوڕ، تێلچی ⟡ 1 جیغ‌جیغو 2 (عامیانە) خبرچین

squeamish /ˈskwiːmɪʃ/ *adjective, noun*

1 *adj* دڵناسک، زووڕەنجاو، زووزیز 2 بەئیراد، سەختگر *n* (the squeamish): خەڵکانی دڵناسک: *This movie is not for the squeamish* (squeamishly /ˈskwiːmɪʃli/ *adv*: دڵناسکانە، زووڕەنجاوانە؛ squeamishness /ˈskwiːmɪʃnəs/ *n*: دڵناسکی، زووڕەنجاوی، زوودڵ‌ئێشاوی) ⟡ 1 نازک‌طبع، حساس 2 ایرادی

squeegee /ˈskwiːdʒiː/ *noun*

شووشەسڕ ⟡ شیشەپاک‌کن

squeeze /skwiːz/ *noun*

1 گوشین، گڤاشتن، پەستاوتن، پەستاندن 2 گوشار 3 تەنگانە، تەنگی، سەختی 4 باوەش 5 ئاوی میوە 6 شتی گوشراو 7 بە زۆرلێ‌سەندن ⟡ 1 عمل فشردن 2 فشار 3 مضیقه 4 بغل 5 آب میوه 6 چیز فشرده‌شده 7 اخاذی

squeezebox *noun,* also squeeze box

(نافەرمی) ئاکاردیۆن ⟡ آکاردئون

squeezer *noun*

دەزگای گرتنی ئاوی میوە، دەزگای گوشین ⟡ دستگاه آب‌میوه‌گیری

squeezy *adjective*

1 (جێگای شتێ) دەگوشرێ، نەرم 2 (کۆن) بەرتەسک، تەنگەبەر ⟡ 1 فشردنی 2 محدود

squelch /skweltʃ/ *noun*

دەنگی جڵقە، دەنگی فڵقە، دەنگی شڵپە (squelcher *n*): شڵپن، شڵپێنەر، فڵقێنەر، شڵپەشڵپ‌کەر؛ squelchy *adj*) ⟡ صدای شلپ

squib /skwɪb/ *noun*

1 تۆقتۆقە، فیشەکەشێتە، وزەک 2 ڕەخنەی گاڵتەجارانە 3 فر 4 فرنامە 5 (نافەرمی) مرۆی دەسەوسان یان چکۆلانە ⟡ 1 فشفشه 2 انتقاد مسخره‌آمیز 3 هجو 4 هجویه 5 آدم ضعیف یا کوچک

squid /skwɪd/ *noun, pl.* same or squids

1 سکوید [*Loligo* و توخمەکانی تر: زۆر جۆرن] 2 گۆشتی سکوید 3 چەشکەی دەسکردی سکویدئاسا ⟡ 1 ماهی مرکب 2 گوشت ماهی مرکب 3 اسکوید

SQUID *noun, abbreviation* superconducting quantum interference device

ئامێرێ بۆ دۆزینەوە و پێوانی مەیدانی مەگناتیکی زۆر لاواز ⟡ اسکوید

squidgy /ˈskwɪdʒi/ *adjective* (squidgier, squidgiest)

(نافەرمی و ب.ت. لە بریتانیا) نەرم، زووفلیقاو ⟡ نرم، به آسانی له‌شونده

squiffed *adjective*

سەرگەرم، نیوەمەست، سەرخۆش، بەکەیف، شاد ⟡ نیمه‌مست

squiffy /ˈskwɪfi/ *adjective* (squiffier, squiffiest)

1 سەرگەرم، نیوەمەست، سەرخۆش، بەکەیف، شاد 2 خواروخێچ، بەلایەکەوە، لابەلا، لار، گەڕاو، خوار ⟡ 1 نیمه‌مست 2 کج و کوله

squiggle /ˈskwɪgl/ *noun*

خەتی خواروخێچ، هێڵی لاروخوار ⟡ خط کج و کوله

squiggly /ˈskwɪgli/ *adjective*

(ب.ت. خەت) خواروخێچ، لاروخوار، شەقلی بە تەقلی ⟡ کج و کوله

squill *noun*

1 (هەروەها sea squill): پیازەخووگانە: گیایێکی سەلک‌داری کەنارەکانی مەدیتەرانە، گەلاپان و گوڵ‌سپی [*Drimia maritima*] 2 (هەروەها squills) ئاوی ئەم گیایە (ژاراوییە و بۆ دەرمان دەبێ) 3 ڕووەکێکی چکۆلە شێوەی hyacinth دەدا [*Scilla verna*، *Puschkinia scilloides* و جۆرەکانی تر] ⟡ 1 پیاز عنصل 2 و 3 اسکویل

squinancywort /ˈskwɪnənsɪˌwɜːt/ *noun*

جۆرێ گیای چکۆلەی گەلاباریک و گوڵ‌سپی بۆن‌خۆش (جاران بۆ تیماری نەخۆشی quinsy بەکاردێنرا [*Asperula cynanchica*]) ⟡ نوعی گیاه

squint /skwɪnt/ *noun, adjective*

n 1 خێلی، چاولاری، چاوشاشی 2 چاولێ‌کردنی بە دزییەوە، نیگای دزانە *adj* 1 خێل، چاولار 2 (سکاتلەند) نارێک، ناتەخت ⟡ *n* 1 لوچی 2 نگاه زیرچشمی *adj* 1 لوچ 2 غیرمسطح

squint-eyed /ˈskwɪnt aɪd/ *adjective*

1 چاوشاش، خێل، چاولار 2 (کۆن) بوغزاوی،

رقاوی ◌ 1 لوچ 2 کینه‌دار

squinty *adjective*

چاوشاش، خێل، چاولار ◌ لوچ

squire /ˈskwaɪə(r)/ *noun*

1 دەرەبەگ، خان، ئاغا، بەڕێز 2 (مێژوویی) بەردەستی سوارچاک یان شێڤالیە 3 (کۆن، ئەمریکا) پارێزەر یان دادگەری دادگای خۆجێیی 4 (بریتانیا، بۆ بانگ‌کردن) براکەم، کاکە، بەڕێز ◌ 1 ارباب، آقا 2 همراه شوالیه 3 وکیل دعاوی یا قاضی دادگاه بخش 4 (در خطاب) آغا

squirearchy /ˈskwaɪərɑːki, US -ɑːrki/ *noun, pl.* squirearchies

چینی دەرەبەگ(ان)، چینی خانان، چینی ئاغاوات ◌ طبقه‌ی اربابان

squireen /ˌskwʌɪəˈriːn/ *noun*

(بریتانیا) دەرەبەگی چکۆلە، ب.ت. لە ئیرلەند ◌ ملاک کوچک

squirl *noun*

(نافەرمی) کێش‌وسوور یان پێچ‌وچەمی جوانی، ب.ت. لە دەس‌وخەتدا ◌ پیچ‌وخم

squirm /skwɜːm, US skwɜːrm/ *noun*

پێچ‌خواردن، گینگڵ‌خواردن، بەدەورخۆداسووڕان، تل‌دان، ژان‌کردن ◌ وول وول، عمل به خود پیچیدن

squirmy *adjective*

پێچ‌خواردوو، گینگڵ‌خواردوو، ژان‌کردوو ◌ پرپیچ و تاب

squirrel /ˈskwɪrəl, US ˈskwɜːrəl/ *noun*

1 سموورە، مشکی خورما [*Sciurus* و توخمەکانی تر، گەلێ جۆرن] 2 بۆ ناوی کرتێنەرانی تری هەر ئەم خێزانە (Sciuridae) بەکاردێتری، ب.ن. ground squirrel 3 کەوڵ یان پێستەی سموورە ◌ 1 سنجاب 2 اسکویرل 3 پوست سنجاب

squirrelfish *noun, pl.* same or squirrelfishes

سموورەماسی [خێزان Holocentridae: چەندین جۆرن] ◌ نوعی ماهی

squirrelly /ˈskwɪrəli, US ˈskwɜːrəli/ *adjective*

1 سموورەئاسا، سموورەیی، شێوەسموورە 2 بێ‌ئۆقرە، نارام‌لێ‌هەڵگیراو 3 شێت، دەلوو ◌ 1 سنجاب‌مانند 2 عصبی 3 دیوانه

squirrel monkey *noun*

(گیانەوەرناسی) مەیموونەسموورە (هی ئەمریکای باشووری، بە کلکی نابگیرەوە [*Saimiri sciureus* و جۆرەکانی تر]) ◌ نوعی میمون

squirt /skwɜːt, US skwɜːrt/ *noun*

1 فیشقە، فیچقە، ئاوپژێن، فیشقاو، فیشقە 2 تەوژم، لێشاو 3 مرۆی ڕوودار و ڕووشە ◌ 1 فواره 2 جریان 3 آدم پررو

squirt gun = water pistol

squirting cucumber *noun*

خەیارەفیشقە [*Ecballium elaterium*] ◌ نوعی خیار

squish = squash

squishy /ˈskwɪʃi/ *adjective* (squishier, squishiest)

نەرم و تەڕ، بڵ ◌ نرم و خیس

squit *noun*

1 (نافەرمی، بریتانیا) مرۆی ناگرنگ 2 (the squits) زگ‌چوون، زگەشۆرە ◌ 1 آدم بی‌اهمیت 2 اسهال

squitters *noun, pl.*

(نافەرمی) زگ‌چوون، بەلەفیرە، زگەشۆرە ◌ اسهال

squiz *noun*

(نافەرمی، ئەوسترالیا) چاوپیاخشاندن، سەیرکردن، ڕوانین ◌ نگاه

Sr[1] *abbreviation* 1 symb. the chemical element strontium 2 Senior 3 Sister 4 Señor

1 (کیمیا) سترۆنتیۆم 2 (بە دوای ناودا دێ) باوک، گەورە 3 خوشک (ئایینی یان دینی) ◌ 1 استرونتیم 2 پدر، بزرگ 3 خواهر

sr *abbreviation* steradian(s)

Sranan /ˈsrɑːnən/ = Taki-Taki

sri = shri

Sri /sri/ *noun*, also Shri

(هیندی) سەرناوی ڕێز (بەرلە ناوی پیاو، خودا یان کتێبێکی پیرۆز، بنەڕەت: لە *Śrī* سانسکریتەوە "جوانی، بەخت") ◌ سری

Sri Lankan /sri ˈlaŋkən, US ʃri/ *adjective, noun*

adj سەربە یان پێوەندی بە سریلانکاوە هەیە، سریلانکایی *n* خەڵکی سریلانکا، سریلانکایی ◌ *adj* وابسته به سریلانکا *n* اهل سریلانکا

SRC *abbreviation* Science Research Council

(بریتانیا) ئێس‌ئارسی (ئەنجومەنی توێژینەوەی زانست(ی)) ◌ اس‌آرسی

SRN *abbreviation* State Registered Nurse

(بریتانیا) نەخۆشەوانی ڕاهاتوو، نەخۆشیاری دەورەدیتوو (ی فەرمی) ◌ پرستار دوره‌دیده

SS[1] /ˌesˈes/ *abbreviation* 1 saints 2 steamship 3 social security 4 Baseball shortstop

SS[2] *abbreviation* of Ger. *Schutzstaffel*

هێزی پۆلیسی تایبەتی نازی (= بڕەک یا سکادرانی بەرگری) ◌ اس‌اس

st *abbreviation* stone

ستۆن (یەکەی کێشان لە بریتانیا کە 6 کیلۆ و 356 گرەمە) ◌ استن

St *abbreviation* 1 saint 2 street

1 (سەرناو) سەینت، سەن 2 شەقام ◌ 1 قدیس، سن 2 خیابان

Sta *abbreviation* station
(ب.ت. لەسەر نەخشە) وێستگە ۞ ایستگاه

stab /stæb/ *noun*
1 لێدان بە چەقۆ یان خەنجێر، برینی چەقۆ یان خەنجێر 2 ژان و ئێشی توند و کتوپڕ (stabber *n*: چەقۆکێش) ۞ 1 ضربە یا زخم چاقو یا خنجر 2 درد شدید و ناگهانی

Stabat Mater /ˌstɑːbat ˈmɑːtə, US ˈmeɪtə/ *noun*
سرودی لاتینی سەدەکانی نێوەراست، لەبارەی ڕەنج و ژانی مریەمە بۆ مەرگی عیسا ۞ استابات ماتر

stabbing /ˈstæbɪŋ/ *adjective, noun*
adj (ژان) سەخت، گران، سەخت، گیانکێش، کەسکوون: *a stabbing pain in the chest* *n* چەقۆکێشی: *a fatal stabbing* ۞ *adj* شدید *n* چاقوکشی

stabilator /ˈsteɪbɪleɪtə/ *noun*
لێکدراوی stabilizer و elevator لە کلکی فڕۆکەدا ۞ استابیلاتور

stabile /ˈsteɪbʌɪl/ *noun, adjective*
1 جێگیر، بێ تەکان، بێ جوولە، نەبزێو، stationary 2 خۆڕاگر لە بەرامبەر گەرمادا ۞ 1 مستقر، بی‌حرکت 2 مقاوم در برابر گرما

stability /stəˈbɪləti/ *noun*
1 جێگیری، سەقامگرتوویی، ڕاگیری، چەسپیوی، دامەزراوی، نەگۆڕی، چەقبەستوویی، بنجبەستوویی، خۆڕاگری، خۆگرتوویی، داکوتراوی 2 پتەوی، تۆکمەیی، هیچ‌لێ‌نەهاتوویی ۞ 1 ثبات، پایداری 2 استحکام

stabilization /ˌsteɪbəlaɪˈzeɪʃn, US -ləˈz-/ *noun*, also stabilisation
جێگیرکردن، ڕاگیراندن، سەقامگیرکردن، چەسپاندن، دامەزراندن، جێگیری، سەقامگرتوویی، چەسپیوی، چەقبەستوویی، نەگۆڕی ۞ تثبیت، ثبات

stabilizer /ˈsteɪbəlaɪzə(r)/ *noun*, also -liser
1 جێگیرکەر، ڕاگیرکەر، چەسپێنەر 2 هاوسەنگ‌کەر، لەنگەرڕاگر 3 (stabilizers لە دووچەرخەدا) چەرخ، تگەر یا پێچکەی لەنگەر 4 گیراوە یان مەتریالی ڕاگرتن، ب.ت. لە خۆراک یان ڕەنگ‌دا، ماکی ڕاگیرکەر ۞ 1 تثبیت‌کنندە 2 متعادل‌کنندە 3 چرخ کمکی 4 مادەی ثبوت

stable[1] /ˈsteɪbl/ *adjective* (stabler, stablest)
جێگیر، سەقامگرتوو، ڕاگیر(او)، چەسپیو، دامەزراو، چەقبەستوو، نەگۆڕ، بنجبەستوو، خۆڕاگر، خۆگرتوو، داکوتراو، پتەو، سرک، تۆکمە، هیچ‌لێ‌نەهاتوو، بەرگەگر(توو)، بەدەوام، *in -ble* ◊ *stable opinions* :steadfast ,fixed *condition* ۞ باثبات، پایدار، مستقر، محکم

stable[2] /ˈsteɪbl/ *noun*
1 (هی ئەسپ و پاتاڵ و دەوڵەت) تێولە، تەویلە، پشتێر، کوول، ئاخوڕ، گەوڕ، لار، کەڵەلان (بەهاربەند: تەویلەی سەرنەگیراو (پاش زستان پاتاڵی تێ‌دەکرێ) 2 ئەسپی پێشبڕکێی تەویلە 3 (خوازە، وەرزشکاران، نووسەران و هتد) گرووپ، کۆمەڵ، دەستە (stableful (*pl.* stablefuls) *n*) ۞ 1 طویلە، اصطبل 2 استابل 3 گروە

stable boy *noun*, also stable lad
مەیتەر، ئەسپەوان ۞ مهتر

stable girl = stable girl

stable companion = stablemate

stable door *noun*
درگای دووتایی پۆیی تێولە ۞ در اصطبل

stable fly *noun*
مێشی تەویلە یا پشتێر، خوێنمژ [*Stomoxis calcitrans*] ۞ نوعی مگس

stablemate /ˈsteɪblmeɪt/ *noun*
هاوتەویلەیی، هاوگەوڕی ۞ هم‌اصطبلی

stabler *noun*
تەویلەدار، خاوەن‌تەویلە، خاوەن‌تێولە، تێولەدار، تێولەوان، خاوەن‌گەوڕ ۞ صاحب اصطبل

stabling /ˈsteɪblɪŋ/ *noun*
تەویلە، تێولە، پشتێر، کوول، گەوڕ، جێگای ڕاگرتنی ئەسپ، یەختەرمەخانە ۞ طویلە

stably /ˈsteɪbli/ *adverb*
پتەوانە، جێگیرانە، چەسپیوانە ۞ بە طور محکم، بە طور ثابت

stab wound *noun*
برینی چەقۆ، جێ‌چەقۆ ۞ زخم چاقو

staccato /stəˈkɑːtəʊ, US -toʊ/ *adverb, adjective, noun*
adv (موسیقا) بە شێوەیێکی پچڕ *adj* پچڕ، پچڕپچڕ *n* (موسیقا) بڕگە یان پێرفۆرمانسی پچڕپچڕ ۞ *adv* استاکاتو، مقطع *adj* منطقع *n* استاکاتو

staccato mark *noun*
نیشانەی پچڕ ۞ علامت مقطع

stack /stæk/ *noun*
1 کۆما، کۆگا، کەڵەکە، لۆدە، تایە، گیشە، تەرمەک 2 بڕێکی زۆر، کۆگا، لۆدە، کۆمەڵ، دەریایێ، کۆڵ 3 دووکەڵکێش، قوڵەکوورە 4 (کتێب) ڕەف، قەفەسە، ڕیزە 5 فڕۆکەی چاوەڕێی نیشتنەوە 6 (تفەنگ) سێ‌پاچکە 7 ستوونە(تەختە)بەردی نێو دەریا 8 پێوانەیێکی کۆمانێزنگ یان دار بەرامبەر بە 108 فوتی سێ‌جا ۞ 1 کپە، کومە 2 مقدار زیاد 3 دودکش 4 (کتاب) قفسە 5 هواپیمای فرودی 6 چاتمە 7 و 8 استاک

stacked *adjective*
1 (نافەرمی، ژن) مەمک‌زل 2 ئاخنراو یان تەپێنراوی لە کەلوپەل 3 کەڵەکەکەڵەکە، کۆماکۆما ۞ 1 خوش‌پستان 2 استاکت 3 تودەمانند

stacker *noun*
کۆماچن، کەڵەکەکەر ۞ تودەکنندە

staddle *noun*
1 سەکۆ یان چوارچێوەی ڕاگرتنی کۆما یان تایەیێ 2 بەشی بنەوە یان ژێرەوە 3 پاڵپشت، ڕاگیرگە ۞ 1 استادل 2 قسمت تحتانی 3 تکیەگاه
stadium /ˈsteɪdiəm/ *noun, pl.* stadiums or stadia /ˈsteɪdɪə/
1 وەرزشگا، یاریگا، (لە یۆنان و ڕۆمی کۆندا) گۆرەپان یان مەیدانی پێشبڕکێ 2 پێوانەیێکی یۆنان و ڕۆمی کۆن بۆ دووری یان درێژایی بەرامبەر بە 185 میتر 3 (پزشکی) قۆناخ، ماوە ۞ 1 ورزشگاه 2 استادیوم 3 مرحله، دوره
stadthodler /ˈstadˌhəʊldə, US ˈstat-/ *noun*, also stadholder
(مێژوویی) دادگەری ئاسایشی سەرەکی هەرێمە یەکگرتووەکانی هولەند ۞ استادهولدر
staff¹ /stɑːf, US stæf/ *noun*
1 تێلا، داردەست، کوتەک، دار، گۆچان 2 دەستەک، کوڵەکە، ڕازە، دیرەک، ئەستوون، ستوون 3 نەیزە، نێزە، ڕم 4 دارئالا 5 کارکەران، ئەندامان، دامەزراوان 6 (موسیقا) پلیکانە 7 کۆمەڵ یان دەستەی یاریدەدەران، گرووپێ لە ئەفسەرانی بالادەستی ئەرتەش کە یاریدەی ئەفسەری فەرماندەر دەدەن 8 (خوازە) پاڵپشت ۞ 1 چماق، عصا 2 تیر، دیرک 3 نیزە 4 چوب پرچم 5 کارکنان 6 (موسیقی) حامل 7 ستاد 8 (مجازی) تکیەگاه
staff² /stɑːf, US stæf/ *noun*
تێکەڵەی گەچ و چیمەنتۆ یان سیمان ۞ مخلوط گچ و سیمان
staffage /stəˈfɑːʒ/ *noun*
بابەتە لاوەکییەکانی وێنەکێشی یان ڕەنگکاری ۞ استافیج
staff college *noun*
کۆلێژی ئەفسەران ۞ دانشکدەی افسری
staffers *noun, pl.*
دەستەودایرە، کارمەندان، فەرمانبەران ۞ پرسنل، کارمندان
staffing *noun, adjective*
n دەستەودایرە، کارمەندان، فەرمانبەران *adj* سەربە کار فەرمانبەران، فەرمانبەری، کارمەندی، کارکەری ۞ *n* کارمندان *adj* وابستە بە پرسنل، کارمندی
staff nurse *noun*
(لە نەخۆشخانەکانی بریتانیا) نەخۆشیار ۞ پرستار
staff officer *noun*
ئەفسەری یاریدەدەر، دوائەفسەر، ئاوەڵئەفسەر ۞ افسر معاون
Staffordshire bull terrier *noun*
جۆرێ تێرییەر (یان تاژی)ی چکۆلە و گوێشۆڕ ۞ نوعی تری‌یر
staffroom /ˈstɑːfruːm, -rʊm, US ˈstæf-/ *noun*
دیوی مامۆستایان لە خوێندنگا یان کۆلێژێ ۞ اتاق معلمان
staff sergeant *noun*
پلەیەکی نزمە لە سپا یا مارینز و هێزی ئاسمانی ئەمریکا، سەرتر لە sergeant ۞ استوار
stag /stæg/ *noun, adverb*
n 1 ئاسکەنێر، نێراسک 2 گای خەساو 3 نێرەقەلی پێگەیشتوو 4 جوانوو 5 (میوان و کۆبوونەوە) پیاوان 6 (بورسی بەش یا ستاکەکان) دەلاڵ *adv* بەبێ ژن (پیاوێ کە ژن لەگەڵ خۆی ناگێرێ، لە میوانی) ۞ *n* 1 گوزن نر 2 گاو اختە 3 بوقلمون نر بالغ 4 کرەی اسب 5 مردانە 6 دلال *adv* استاگ
stage /steɪdʒ/ *noun*
1 شانۆ، سەکۆ، نیار، بەرزەک، ستەیج، هەرزاڵە 2 کاری تیاتر، هونەری تیاتر 3 قۆناخ، ڕادە، پێوازۆک، خان، چەقژ، گەڕ 4 (لە سەفەردا) قۆناخ، کاروانگە، مزڵگە 5 داربەست، داربەند 6 نهۆم، نوهۆم، مەرتەبە 7 (زەویناسی) چین 8 جاران لە بری stagecoach بەکاردێنرا 9 (لەسەر وردبین) سەکۆ یان بەرزەکی تاقیکردنەوە، هەرزاڵە 10 بوار، پانتایی (at :stagelike *adj* :stageful *n* this stage: لەم قۆناخەدا) ۞ 1 صحنە 2 کار تئاتر 3 مرحلە 4 منزل 5 چوب‌بست 6 اشکوب، طبقە 7، 8 و 9 استاج 10 عرصە
stagecoach /ˈsteɪdʒkəʊtʃ, US -koʊtʃ/ *noun*
کالیسکەی چەپەری، کالیسکەی سوارهەڵگر ۞ دلیجان (بنەڕەت: لە وشەی فەرەنسی diligence ـەوە وەرگیراوە)
stagecraft /ˈsteɪdʒkrɑːft, US -kræft/ *noun*
هونەری شانۆ (شارەزایی لە نووسین و سازدانی بەڕێوەبردنی شانۆیێ) ۞ هنر صحنە
stage direction *noun*
دەستووری (سەر)شانۆیی ۞ راهنمایی‌های نمایش
stage door *noun*
(تیاتر) درگای پشتەوە، درگای دواوە ۞ در عقب
stage fright *noun*
لەشانۆترسی، ترس لە شانۆ، ترس لە هاتنە سەرشانۆ ۞ صحنەهراسی
stagehand /ˈsteɪdʒhænd/ *noun*
کرێکاری شانۆ ۞ کارگر صحنە
stage left *noun*
لای چەپی شانۆ (لە چاوی بینەرانەوە) ۞ سمت چپ صحنە
stage management *noun*
بەڕێوەبەریتی شانۆ، شانۆگێری ۞ مدیریت صحنە
stage manager *noun*
بەڕێوەبەری شانۆ، شانۆگێر ۞ مدیر صحنە
stage name *noun*

ناو یان نێوی شانۆیی ◌ اسم صحنه‌ای

stager *noun*
(کۆن) ئەکتەر ◌ بازی‌گر

stage right *noun*
لای راستی شانۆ (لە چاوی بینەرانەوە) ◌ سمت راست صحنه

stage-struck *adjective*
خولیای ئەکتەری ◌ شیفتەی بازیگری

stage whisper *noun*
سرتەی سەر شانۆ ◌ نجوای روی صحنه

stagey = stagy

stagflation /stæg'fleɪʃn/ *noun*
(ئابووری) هەڵاوسان لەگەڵ بێ‌بازاڕ(یت)ی: هەڵاوسانێکی باڵای بەردەوام کە لەگەڵ بێکاری و کەساسی داخوازی ئابووری وڵاتێ تێکەڵاو بێ (بنەرەت: لە *stag*nation و in*flation* پێکهاتووە) ◌ تورم توأم با کسادی

stagger /'stægə(r)/ *noun*
بەم‌لاوبەولاداکەوتن، تلاوتل، لەتردان، لابەلا، لاوەلاڕۆیشتن، لالاموو کردن، رەت‌بردن ◌ تلوتلو

staggered /'stægəd, US -gərd/ *adjective*
گێژووێژ، تاساو، سەرسووڕماو، سەرسام، واق‌وڕماو، کاس‌وور، کاس‌ومەنگ ◌ گیج و ویج

staggers *noun, pl.*
(نەخۆشی ئاژەڵ) لەرزە، لەرزۆک ◌ استاگرز

staggering /'stægərɪŋ/ *adjective*
سەرسووڕمێنەر، گێژکەر، تاسێنەر، کاس‌کەر: *They paid a staggering £5 million for the house* (staggeringly /'stægərɪŋli/ *adv*: سەرسووڕمێنەرانە، بە شێوەیەکی گێژکەر) ◌ مبهوت‌کننده

staghorn *noun,* also stag's horn
شاخەنێراسک ◌ شاخ گوزن نر

staghorn fern *noun,* also stag's horn fern
فێرنە شاخەنێراسک [توخم *Platycerium*] ◌ نوعی سرخس

staghound *noun*
سەگێکی زلە بۆ راوە ئاسک، تاجی ئاسک‌گر ◌ سگ شکاری گوزن

staging /'steɪdʒɪŋ/ *noun*
1 داربەست، داڵوت 2 (شانۆنامە) بەڕێوەبردن یان پێشکەش‌کردن، شێوەی پێرفۆرمانس 3 رەفحەبەندان یان قەفەزەبەندان گیا لە greenhouse ◌ 1 داربست 2 اجرا، نحوه‌ی اجرا 3 استاجینگ

staging area *noun*
ناوچە یان شوێنی (دەس‌پێکردنی) کرداری شەڕی ◌ منطقه‌ی عملیاتی

staging post *noun*
(فڕۆکە، کەشتی و هتد) وێستگەی نێوڕێ ◌ ایستگاه میان راه

stagnancy /'stægnənsɪ/ *noun,* also stagnation
1 بۆنگی، پەنگی، پەنگ‌خواردنەوە 2 بێ‌بڕەوی، بێ‌بازاڕیتی، بازاڕخەوتوویی، بازاڕساردی، کەساسی، سستی ◌ 1 رکود 2 کسادی

stagnant /'stægnənt/ *adjective*
1 بۆنگ(خواردوو)، پەنگ، مەند، ماش، وێستاو 2 بێ‌بڕەو، بێ‌بازاڕ، بازاڕخەوتوو، بازاڕسارد، کەساس، سست ◌ 1 راکد 2 بی‌رونق

stagnating *adjective*
بێ‌بڕەو، بێ‌بازاڕی، بازاڕخەوتوو، سست، کەساس ◌ راکد

stagnation /stæg'neɪʃn/ *noun*
1 بۆنگ‌خواردوویی، مەندی، وێستاوی، نەڕۆیشتوویی، بێ‌تەکانی 2 بێ‌بڕەوی، بێ‌بازاڕیتی، کەساسی، بازاڕخەوتوویی، بازاڕکزی، سستی (ئابووری): *a period of economic -tion* ◌ 1 رکود، ایستایی 2 کسادی

stag-night *noun,* also stag-party
میوانی پیاوان ◌ پارتی مردانه

stagy /'steɪdʒɪ/ *adjective* (stagier, stagiest)
شانۆیی، ساختە، درۆ، ناراست، ناسروشتی (stagily /'steɪdʒɪli/ *adv*: بە شێوەیەکی شانۆیی، بە شێوەیەکی ساختە؛ staginess /'steɪdʒɪnəs/ *n*: شانۆیی‌بوون، ساختەبوون) ◌ نمایشی، غیرطبیعی

staid /steɪd/ *adjective* (staider, staidest)
1 مڕومۆچ، وشک، رووگرژ، بەدخولک 2 ماندووکەر، ناخۆش، شەکەت‌کەر، وەڕەس‌کەر 3 بەرشت، سوور 4 کۆنەپەرست، کۆنەباریێز، باوەڕکۆن (staidly *adv*: وەڕەس‌کەرانە؛ staidness *n*: 1 مڕومۆچی، وشکی، رووگرژی 2 ناخۆشی، وەڕەس‌کەری 3 کۆنەپەرستی، کۆنەباریێزی، باوەڕکۆنی) ◌ 1 عبوس 2 ملالت‌آور 3 جدی 4 محافظه‌کار

stain /steɪn/ *noun*
1 رەنگ 2 لکە، پەڵە، خاڵ 3 عەیب، خەوش، نەنگ، پینە، شوورەیی، بێ‌ئابڕوویی، ناوزڕاوی ◌ 1 رنگ 2 لکه 3 عیب، خدشه، بدنامی

stained /steɪnd/ *adjective*
لکاوی، پەڵاوی، پەڵەپەڵە، خاڵ‌خاڵ، تەوقن‌تەوقن ◌ لک‌دار، نقطه‌نقطه

stained glass *noun*
شووشەی رەنگی یا رەنگاورەنگ (ب.ت. لە کلێسە) ◌ شیشه‌ی رنگی

stainless *adjective*
1 بێ‌عەیب، بێ‌خەوش، بێ‌گەرد، بەئابڕوو، پاک، بێ‌لکە، بێ‌پەڵە 2 رەشەوەنەبوو، ژەنگ‌نەهێن(یاو)، نەڕز، لە ماک یان شتێکی وا دروست کراوە کە وا زوو ژەنگ ناهێنێ ◌ 1 بی‌خدشه، بی‌لک 2 ضد زنگ

stainless steel /ˌsteɪnləs ˈstiːl/ *noun*
پۆلای ژەنگ‌نەهێن: دارشتەیێ لە پۆلا لەگەڵ کرۆمیۆم و جاروبار هێندێ توخمی تر (وەک نیکل یان molybdenum) کە لە بەرامبەر ژەنگ یان رزین‌دا خۆڕاگرە ۞ فولاد ضد زنگ

stair /steə(r), US ster/ *noun, adjective*
n پلیکان، هەر یەک لەو پلیکانانە، پێ‌پلیکانە، پێ‌پلکە، پلیکە، پلە *adj* پلیکانی ۞ *n* پلە، پلکان *adj* پله‌ای

stair-carpet *noun*
رایەخی (سەر)پلیکان، پلیکان‌پۆش، پلەپۆش ۞ فرش پلکان

staircase /ˈsteəkeɪs, US ˈsterk-/ *noun*
پلیکان، پێ‌پلیکان، پلەڕێ ۞ پله‌ها

stairhead /ˈsteəhed/ *noun*
سەرپلیکان landing ی سەرەوەی پلیکانەڕێ‌یێ ۞ پاگرد فوقانی

stair-rod /ˈsteə rɒd/ *noun*
میل یا بەستی فەرشی پلیکان ۞ بست فرش پله

stairway /ˈsteəweɪ, US ˈsterweɪ/ = staircase

stairwell /ˈsteəwel, US ˈsterwel/ *noun*
ڕێگای پلیکان، پلیکانەڕێ، پلیکانە، پلەڕێ، ڕێ‌پلیکان، ڕێ‌پلە، بەشی پلیکانەکان لە خانووبەرەدا ۞ راه‌پله

stake[1] /steɪk/ *noun*
1 دەستەک، ئەستووندەک، ئەستوون، قیسپ، چیخن 2 سنگ، مهین، مۆلە، سنجووق، قرک 3 دەستەک یان داری مەرگ (کە تاوانباریان پێوە دەبەستەوە و بە زیندوویی دەیان سووتاند) 4 توولەدرێژەی راستی سەوەتەچنی 5 دابەش‌بوونی خۆجێیی کلیسەی Mormon ۞ 1 تیر، دیرک 2 میخ چوبی 3 چوبه‌ی مرگ 4 و 5 استاک

stake[2] /steɪk/ *noun*
1 (قومار) پارەی دانراو، داو 2 پارەی وەبەرهێنراو یان سەرمایەنراو 3 (لە کۆدا، لە پێشبڕکێی ئەسپاندا) خەلاتی پارەیی، پارەخەلات 4 گرێو، شەرت، مەرج 5 (stakes) بارودۆخی رقەبەری‌یانە یان پێشبڕکێ‌یانە ۞ 1 (قمار) پول وسط 2 مبلغ سرمایه‌گذاری‌شده 3 گرو 4 (در جمع) جایزه‌ی پولی 5 وضعیت رقابتی

stake boat *noun*
جۆرێ گەمی لەنگەردار بۆ نیشانەکردنی ڕێگای بەلەمی پێشبڕکێ ۞ استاک بوت

stakeholder /ˈsteɪkhəʊldə(r), US -hoʊ-/ *noun*
پارەڕاگر، پارەهەڵگر (کەسێ کە لە گرێودا پارەکە لای ئەو دادەنێن)، (ماف) بارمتەهەڵگر (کەسێ کە تا یەکلایی‌بوونەوەی کێشەیێ ماڵ و دارایی لای ئەو رادەگرن) ۞ استاک‌هولدر

stake-out *noun*
1 (پۆلیس) چاودێری، چاوبەسەرەوەبوون، خستنەژێرچاوەوە 2 ماڵ یان شوێنی (لە)ژێر چاودێری ۞ 1 نظارت، مراقبت 2 خانه یا منطقه‌ی تحت مراقبت

stalactite /ˈstæləktaɪt, US stəˈlæktaɪt/ *noun*
چلوورە، شووشەسەهۆڵ، دالۆسکە، گلیزە، شوسیەخ، زەنبەلوولە (بنەڕەت: لە *stalactites* لاتینی نوێ، لە *stalaktos* یۆنانی "تکیو"، لەسەر بنچینەی *stalassein* "تکان") ۞ چکنده، گلفهشنگ

stalactitic *adjective*
چلوورەیی، سەربە دالۆسکە یان گلیزە ۞ وابسته به چکنده

stalag /ˈstalag, US ˈʃtalag/ *noun*, also Stalag
ستالاگ: زیندانی ئەڵمانی‌یەکان، لە شەڕی جیهانی دووەمدا ۞ استالاگ

stalagmite /ˈstæləgmaɪt, US stəˈlæg-/ *noun*
چلوورەی ناوەژوو (stalagmitic *adj*؛ بنەڕەت: لە *stalagmites* لاتینی نوێ، لە *stalagma* یۆنانی "دڵۆپێ، تکەیێ"، لەسەر بنچینەی *stalassein* (بڕوانە stalactite) ۞ چکیده

stale /steɪl/ *adjective* (staler, stalest)
1 بەیات، پەزێرە، تەقوڕەق، کۆن، ماوە، بێ‌تام، کۆن، سوواو، رزیو، ناسەرنج‌ڕاکێش، وەڕەس‌کەر 2 میزی مانگا یان ئەسپ 3 بڕیو، لەکارکەوتوو (stalely /steɪli/ *adv*: بە شێوەیەکی بەیات یان کۆن، تەقوڕەقانە؛ staleness /steɪlnəs/ *n*: کۆنی، پەزێرەبوون، بەیاتی، مانەوە) ۞ 1 بیات، بی‌مزه، مبتذل 2 شاش گاو یا اسب 3 تحلیل‌رفته

stalemate /ˈsteɪlmeɪt/ *noun*
1 (شەترەنج) پات، مات، قەپات 2 بن‌بەست ۞ 1 پات 2 بن‌بست

Stalinism *noun*
ستالین‌گەری (ئایدیۆلۆژی و رامیاری‌یەکانی سەرۆکی حکومەت و ڕیبەری پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت Joseph Stalin (1879–1953)، لەسەر بنچینەی ناوەنداندن، زۆرداری یان دیکتاتۆری و بەدواداچوونی کۆمۆنیزم) ۞ استالین‌گرایی

Stalinist *noun, adjective*
n ستالین‌گەر *adj* سەربە ستالین‌گەری ۞ *n* استالین‌گرا *adj* استالین‌گرایانه

stalk /stɔːk/ *noun*
1 لاسک (قەد یان تەوەری سەرەکی ڕووەکی‌(کی herbaceous)، دارک، چێوک، پایە، میلە، چێوکە، قنچک، کوتە، پیکە(دەغڵ)، لاسک، ساقەت، لاچک، قاسک، 2 peduncle لاسکە: بەشێکی پێکهاتەی وا لە گیانەوەرێکدا 3 قەد، میلە، پایە یان بەشێکی راگیرکەری شتێکی وا 4 دووکەڵ‌کێشی بەرز 5 (لە ماشین‌دا)

دەسک یان میلێکی سەر ستوونی فەرمان بۆ مەهار یان کۆنتڕۆلی چراکانی لاگۆڕین (indicator چراکان و هتد **stalked** *adj*؛ **stalk-like** *adj*؛ بنەڕەت: *stalke* ئینگلیسی نێوەڕاست، سەربە *stela* ئینگلیسی کۆن "stalk support") ◌ 1 ساقە، پایە، میلە، دمگل 2 و 3 استالک 4 دودکش بلند 5 استالک

stalker /ˈstɔːkə(r)/ *noun*
1 لە دوورەوەشوێنکەوتوو، بەشوێنکەوتووی هەڕەشەلێکەر 2 کەسێ کە بە خشپە و بە دزی و بە ئەسپایی شوێن ئاژەلێ دەکەوێ تا بیکوژێ یان بیگرێ ◌ 1 تعقیب‌گر مزاحم 2 استالکر

stalk-eyed *adjective*
چاولاسکەدار، چاوپایەدار: خاوەنی چەند چاوێکی سەر پایە یان لاسکێکی جوولۆک، وەک مەیگوکان shrimp ◌ استالک‌اید

stalking /ˈstɔːkɪŋ/ *noun*
لە دوورەوە شوێنکەوتن، بەشوێنکەوتنی هەڕەشەلێکەرانە ◌ تعقیب ایذایی

stalking horse *noun*
1 پەردە، پەردەپۆش، دیزەبەدەرخۆنە 2 پاڵێوراوی فشە یا ڕواڵەتی 3 ئەسپ یان شتێکی وا کە ڕاوچی لە پشتییەوە خۆی دەشارێتەوە ◌ 1 لفافە 2 کاندیدای ظاهری 3 استالکینگ هورس

stalkless *adjective*
بێلاسک، بێچیوکە، بێکوتە، بێقنچک ◌ بدون ساقە

stalklet /ˈstɔːklɪt/ *noun*
چیوکە، چیوکەلە، کوتەچە، کوتەلە، لاسکەلە، لاسکۆچکە ◌ ساقەی کوچک

stalky *adjective* (stalkier, stalkiest)
1 چیوکەدار، لاسکدار، کوتەدار، لاسکاوی، پڕلاسک 2 باریک و درێژ (**stalkily** *adv*؛ **stalkiness** *n*) ◌ 1 ساقەدار، پرساقە 2 باریک و دراز

stall /stɔːl/ *noun*
1 (حەیوان لە تەویلە) بەند، ئاخوڕ 2 تەویلە، گەوڕ، پشتیر 3 بوتکە، دەکە، دووکانۆچکە 4 ڕاوێستان، ڕاگیران 5 بەش، خانە 6 جێگای تایبەتی 7 بازاڕ 8 (stalls) کورسییەکانی سالۆن یان هۆل 9 (فڕۆکە) دابەزینی خێرایی (یا بەرزایی) ◌ 1 استال، آخور 2 اصطبل 3 کیوسک، دکە 4 توقف 5 قسمت 6 جایگاه ویژە 7 بساط 8 صندلی‌های سالن 9 افت سرعت (یا ارتفاع)

stallage /ˈstɔːlɪdʒ/ *noun*
1 بازارانە 2 کرێی دووکانچە ◌ 1 استالیج 2 کرایەی غرفە

stalled *adjective*
1 ڕاوێستاو، ڕاگیراو 2 دابەستە، ڕاگیراو ◌ 1 متوقف 2 پرواری

stall-fed /ˈstɔːl fed/ *adjective*
دابەستە، ڕاگیراو، دەرماڵە ◌ پرواری

stallholder /ˈstɔːlhəʊldə(r), US -hoʊ-/ *noun*
بوتکەدار، خاوەندەکە، دەکەدار ◌ دکەدار

stallion /ˈstæliən/ *noun*
ئەسپی پەڕین، ئەسپی فاڵ، ئەسپی توخمی، ئەسپی نێر، مایینبەڕاز، ئەسپی کەش ◌ اسب تخم‌کشی

stalwart /ˈstɔːlwət, US -wərt/ *adjective, noun*
1 *adj* هەیکەلی، بەقەلافەت، لۆزەندەر، دووباد 2 ئازا، نەترس 3 بەبڕیار، شێلگیر، سوور، دڵسۆز 4 پتەو، تۆکمە *n* (سیاسەت) لایەنگری دڵسۆز ◌ 1 *adj* تنومند 2 شجاع 3 مصمم 4 محکم *n* طرفدار دوآتشە

stalwartly /ˈstɔːlwətli, US -wərtli/ *adverb*
بە شێوەیەکی شێلگیر، شێلگیرانە ◌ بە طور مصمم

stalwartness /ˈstɔːlwətnəs, US -wərtnəs/ *noun*
1 هەیکەلیبوون، بەقەلافەتی، دووبادی 2 ئازایەتی، نەترسی 3 شێلگیری، بەبڕیاری ◌ 1 تنومندی 2 شجاعت 3 مصمم بودن

stamen /ˈsteɪmən/ *noun*
(گوڵ) پۆڕگ، پۆرگ، نێر(ئ)ەندامی گوڵ، نێرەک، ڤیڤار ◌ پرچم

stamin(i)- *prefix*
پێشگر: پۆڕگ، پۆرگ، نێرەک: *staminodium* ◌ پیشوند: پرچم

stamina /ˈstæmɪnə/ *noun*
توانایی، بڕشت، بەرگە، کێش، هێزی ژیوار، بنگە، تاقەت، تین، خۆگری ◌ بنیە، تاب

staminal *adjective*
پۆڕگی، سەربە پۆڕگ، نێرەکی ◌ وابستە بە پرچم

staminate /ˈstæmɪnət/ *adjective*
پۆڕگدار، پۆڕگن، نێرەکدار ◌ دارای پرچم

staminode /ˈstamɪnəʊd/ *noun*
پۆڕگی نەزۆک، پۆڕگی زڕ یان بێبەر، زڕنێرەک ◌ پرچم عقیم

stammer /ˈstæmə(r)/ *noun*
زمانگرتن، لالی، زمانگیری، تورەتور، لالەپەتە ◌ لکنت زبان

stammerer *noun*
زمانگر، لال، لالەپەتە، تورەتورکەر، زمانگیرکردوو ◌ الکن

stamnos *noun*
کاسەی دووقولفەی یۆنانی ◌ استامنوس

stamp /stæmp/ *noun*
1 مۆر، باسمەچاپ، نەخش، مۆرک، شەقل، نیشان، نیشانە، شۆپ، شوێن 2 پووڵ 3 جۆر، ڕەنگ، ئاوا، چەشن، جۆر، پۆل 4 پێکوتان، پێ بە عەرزاکوتان، پێکوتە ◌ 1 مهر، نقش، اثر 2

تمبر 3 نوع 4 پای‌کوبی

stamp album *noun*

ئەلبۆمی پوول ۞ آلبوم تمبر

stamp collecting *noun*

خڕکردنەوەی یا کۆکردنەوەی پوول، پوولەچنی ۞ جمع‌آوری تمبر

stamp collector *noun*

خڕکەرەوەی پوول، کۆکەرەوەی پوول ۞ جمع‌آورندەی تمبر

stamp duty *noun*, also stamp tax

(بریتانیا) پوولانە، باج یان حەقی پوول ۞ هزینەی تمبر، مالیات تمبر

stamped *adjective*

پوول‌پێوەبوو، پوول‌دار، پوول‌لێدراو ۞ تمبردار

stamped addressed envelope *noun*

بەرگەنامەی پوول‌ونیونیشان‌پێوەبوو یان پوول‌دار ۞ پاکت‌نامەی دارای تمبر و آدرس

stampede /stæm'pi:d/ *noun*

1 رەوینەوە، سڵەمینەوە، سڵ‌کردنەوە، رەقیان، بەلەسە(بوون)، هەڵاتن 2 ترس، هەڵات‌هەڵات، تۆقین ۞ 1 رمش، گریز، رم 2 وحشت

stamping ground *noun*, also stomping ground

مەکۆ، مۆلگە ۞ پاتوق

stamp mill *noun*

ئاشی بەردی کان یان کانە، کاناش ۞ آسیاب سنگ معدن

stamp-pad *noun*

ستامپ ۞ استامپ

stance /stæns, US sta:ns/ *noun*

1 شێوە یان باری راوێستان، هەڵوێستان (ب.ت. لە وەرزش‌دا، ب.ت. لە یاری کریکێت، گۆلف و هتد) 2 شێوەی رووبەڕووبوونەوە، هەڵوێست 3 (شاخەوانی) جێ‌پێ، جێ‌پا ۞ 1 طرز ایستادن 2 موضع 3 جای پا

stanchion /'stæntʃən, US 'sta:n-/ *noun*

کۆڵەکە، ستوون، ئەستوون ۞ ستون

stanchioned *adjective*

کۆڵەکەدار، ستوون‌ڕێز، ئەستوون‌بەند، ستووندار، کۆڵەکەبەند ۞ دارای ستون

stand /stænd/ *noun*

1 شێوە یان باری راوێستاو 2 بەربەرەکانی، لەسەرخۆکردنەوە، بەگژداچوونەوە، خۆڕاگری، راوێستان، بەرهەڵستی 3 شوێن، جێ، جێگا، وار 4 دەکە، کیوسک، دووکانۆچکە، دووکانچە 5 سەکۆ، هەرزاڵە، بەرزەک 6 وێستگە 7 (دادگا) شوێنی ئاگادێر یان شاهیدان، جێگای گەواهی‌دەران، شانشین، هەرزاڵە 8 جێگا یان شوێنی بینەران یان تەماشاکەران 9 سێ‌پایە، میزی چکۆلانە ۞ 1 حالت ایستاده 2 مقاومت 3 جا، موضع 4 دکه 5 صحن 6 ایستگاه 7 (دادگاه) جایگاه شهود 8 جایگاه تماشاچیان 9 میز کوچک

stand-alone *adjective*

(کامپیوتێر و هتد) سەربەخۆ: *a stand-alone word processor* ۞ مستقل

standard /'stændəd, US -dərd *noun*, *adjective*

1 *n* پێوانە، پێوەر، ستاندارد، پێودانگ: *The standard of this year's applications is a man of high moral* ◊ *very low* ئاست، 2 *industry standards* ◊ *standards* کۆڵەکە، (ئە)ستوون 3 (رووەکناسی) متوربە، تووز، پەیوەست، پەیوەند 4 ئاڵا، بەیداخ، نیشان: 5 نموونەی قانوونی یان *the royal standard* یاسایی 6 سەرچاوە، ژێدەر 1 *adj* ستاندارد، پێوانەیی، پەسندکراو، نموونە، قانوونی، یاسایی: ئاسایی، ئاناوارتە، 2 *Standard English* نەسەیر، باو، داب (standardly *adv*) ۞ 1 *n* معیار، ملاک 2 سطح، تیر 3 (گیاه‌شناسی) پیوند 4 پرچم، درفش 5 استاندارد 6 مأخذ 1 *adj* استاندارد، استانده، پذیرفته، قانونی 2 رایج

standard bearer *noun*, also standard-bearer

ئاڵاهەڵگر، رێبەر ۞ پرچم‌دار

standard conditions *noun, pl.*

هەل‌ومەرجی پێوانەیی یان ستاندارد ۞ شرایط استاندارد

standard conductivity *noun*

گەیێنێتی پێوانەیی، گەیێنەریتی ستاندارد ۞ رسانایی استاندارد

standard deduction *noun*

داشکاندنی پێوانەیی یا ستاندارد ۞ کسر استاندارد

standard deviation *noun*

لادانی پێوانەیی یا ستاندارد ۞ انحراف استاندارد

standard gauge *noun*

پانایی پێوانەیی یا ستاندارد (رێی ئاسن 143/5 cm) ۞ عرض استاندارد

Standard Grade *noun*

(لە سکاتلەند) تاقی‌کاری‌یێ بەرامبەر بە GCSE ۞ استاندارد گرید

standardization /stændədaɪ'zeɪʃn, US -dərdə'z-/ *noun*

ستانداردکردن، پێوانەسازی، یەکدەس‌کردن، چونیەک‌کردن، راست‌کردنەوە، پێک‌گرتن لەگەڵ ستاندارد ۞ معیارسازی، یکسان‌سازی، استاندگی

standardized *adjective*

ستاندارد(کراو)، یەکدەس‌کراو، چونیەک‌کراو ۞ یکسان‌شده

standard lamp = floor lamp

standard language *noun*

زمانی پێوانە(یی) یان ستاندارد، زمانی پێودانگ ۞ زبان معیار

standard of living *noun*
ئاستی ژیان ۞ سطح زندگی
standard solution *noun*
گیراوەی ستاندارد ۞ محلول استاندارد
standard time *noun*
کاتی ستاندارد، کاتی فەرمی ۞ زمان استاندە
standby /'stændbaɪ/ *adjective, noun* (standbys)
adj 1 ئامادەبەکار 2 یەدەکی، دەژ، تەنگەتاوی، تەنگافی *n* شتی حازربەدەست، شتی ئامادە، جێگری حازر و ئامادە، شتی بەدەستەوە ۞ *adj* 1 استاندبای 2 ذخیره، اضطراری *n* چیز همیشه‌حاضر
standby battery *noun*
باتری تەنگەتاوی ۞ باتری اضطراری
standby time *noun*
(کامپیوتێر) کاتی چاوەڕوانی ۞ زمان انتظار
standee /stæn'diː/ *adjective*
راوێستاو، بەپێوە، لەسەرپێ (لەنێو ماشێن، شانۆ و هتد) ۞ ایستاده
stand-in *noun, adjective*
1 جێگر، جێگرەوە 2 ستەندئین (لە فیلم دروستکردندا) ۞ 1 جانشین، عوض 2 بدل
standing /'stændɪŋ/ *noun, adjective*
n 1 ماوە 2 بایەخ، پرەو، پێگە، پلەوپایە، پایە، ستاتوس 3 بەند، جێگەی بەستەوەی ئەسپێ لە تەویلەدا *adj* 1 هەمیشەیی، دامەزراو، سەقامگیر، جێگیر، چەسپیو، ریکوپێک، نەجوولاو، تەکاننەخواردوو، داکوتراو، بەردەوام، وێستاو، بەپێوە، لەسەرپێ، نەدووراوە، راست 2 پۆنگنەخواردوو 3 جێی متمانە، باوەڕپێکراو، بەبرەو ۞ *n* 1 مدت 2 منزلت 3 اصطبل *adj* 1 دائمی، مستمر، ثابت، ایستاده 2 راکد 3 معتبر
standing army *noun*
سپای هەمیشەیی، ئەرتەشی جێگیر یان هەمیشەیی ۞ ارتش دائمی
standing committee *noun*
لیژنەی هەمیشەیی ۞ کمیتەی دائمی
standing order *noun*
1 (بانک) دەستووری پێدانی هەمیشەیی 2 دەستوورنامە ۞ 1 دستور پرداخت دائمی 2 نظامنامه
standing ovation *noun*
پێشوازی یان دەربڕینی (بە پەرۆشانەی) کوڵوکۆ بەپێوە ۞ ابراز احساسات ایستاده
standing room *noun*
جێی وێستان، جێگای راوێستاو یان بەپێوە، شوێنی لەسەرپێ‌بوون، لە یاریگە، تیاتر و هتد) ۞ جای ایستاده
standing stone = menhir
standing wave *noun*
(فیزیک) شەپۆلی وێستاو، شەپۆلی راست ۞ موج ایستاده
standish *noun*
جێ‌پێنووس، جێ‌قەڵەم، جێ‌جەوهەر ۞ جاقلمی
stand of arms *noun*
(کۆن، بریتانیا) چەکوچۆڵی تاکەکەسێ، دەستێکی تەواوی چەکوچۆڵی کەسێ ۞ مجموع سلاح یک فرد
stand of colours *noun*
(بریتانیا) ئاڵای هێز یان هەنگ ۞ پرچم گردان
stand-off *noun, adjective*
1 (دانوستان و هتد) بن‌بەست، سەرنەگرتن، بە هیچ کوێ نەگەیشتن، بێ‌ئەنجام مانەوە 2 توخم یان کارای هاوسەنگکەر (هاوسەنگکردن)، پارسەنگ ۞ 1 بن‌بست 2 موازنه‌ای
stand-offish /ˌstænd 'ɒfɪʃ, US -'ɔːf-, -'ɑːf-/ *adjective*
وشک، سارد(وسڕ)، نەدوێن، فەرمی 2 دوورەپەرێز، پەرگیر، لاتەریک ۞ 1 خشک، دیرجوش 2 غیرمعاشر
stand-offishly *adverb*
بە شێوەیەکی ساردوسڕ ۞ به طور رسمی
stand-offishness *noun*
ساردوسڕی، وشکی، نەدوێنی ۞ خشک بودن
stand-out /'stændaʊt/ *adjective, noun*
(نافەرمی، کەس یا شت) دیار، دەرکەوتوو، بەرجەستە ۞ بارز، برجسته
standpat *noun, adjective*
کۆنەپارێز، دژ و بەرهەڵستی گۆڕان(کاری) ۞ محافظه‌کار
standpatter *noun*
کۆنەپارێز ۞ محافظه‌کار
standpipe /'stændpaɪp/ *noun*
لوولە یا شێرەی ئاوی گشتی ۞ لولەی آب عمومی
standpoint /'stændpɔɪnt/ *noun*
روانگە، نێرین، بۆچوون، *a* :perspective ۞ *political/theoretical, etc. standpoint* نقطه‌نظر، دیدگاه
standstill /'stændstɪl/ *noun*
راوێستان، وێستاوی، چەقبەستوویی، تەکاننەخواردوویی، راگیراوی: *The security alert brought the airport to a standstill* ۞ وقفه، ایستش
stand-up *adjective, noun*
adj 1 راوێستاو، بەپێوە، لەسەرپێ 2 راست، راوێستاو، هەڵنەگەڕاو (یەخە و هتد) 3 (شەڕ و هتد) توند، سەخت *n* 1 کۆمیدیەنی بەپێوە: *She started out as a stand-up* 2 کۆمیدی بەپێوە ۞ *adj* 1 ایستاده 2 عربی 3 جدی، خشن *n* کمدین یا کمدی ایستاده
stanhope /'stanəp, US -həʊp/ *noun*
(مێژوویی) جۆرێ کالیسکەی سووکی ئەسپی تاکەکەسی دوو یان چوارچەرخ (بنەڕەت: لە

ناوی پیاوی ئاینی ئینگلیسی Fitzroy Stanhope کە بۆ جاری یەکەم بۆ ئەو دروست کرا) ◯ نوعی درشکه

stank /stæŋk/ = past of stink

stank /stæŋk/ *noun*
بەنداوی چکۆلانە، بەنداوچە، بەندۆک ◯ سد کوچک

Stanley knife /'stænli naɪf/ *noun*
چەقۆی ستانلی (تیژ و یەکدم؛ بنەڕەت: لە ناوی بەرهەمهێنەرەکەیەوە، The Stanley Rule and The Stanley (ئێستا Level Company Works) ◯ چاقوی استانلی

stannary /'stan(ə)ri/ *noun, pl.* stannarieies
(مێژوویی) کانی قالایی، کانەژرێژ، کانەقالایی ◯ معدن قلع

stannic /'stanɪk/ *adjective*
(کیمیا) خاوەنی قالایی بە هاوهێزی چوار ◯ دارای قلع

stannous /'stanəs/ *adjective*
(کیمیا) خاوەنی قالایی بە هاوهێزی دوو ◯ وابسته به قلع

stanza /'stænzə/ *noun*
(هەڵبەست) پارچە، کۆپلە، برگە؛ گروپێکی چواردێری لە کێشی لاتین و یۆنانی کۆندا stanza'd *adj*, also stanzaed) ئیتالیایی "room ،abode ،stay") ◯ قطعه، بند؛ استانزا

stanzaic /-'zeɪɪk/ *adjective*
سەربە پارچە، کۆپلەیی، برگەیی، پێکهاتوو لە چەند کۆپلە ◯ وابسته به قطعه

stapedial *adjective*
(توێکاری) ئاوزەنگی، سەربە ئاوزەنگی، نزیک بە ئاوزەنگی ◯ رکابی

stapes /'steɪpi:z/ *noun, pl.* same
(توێکاری) ئێسکی ئاوزەنگی، زینەئێسک، زەنگوو ◯ استخوان رکابی

staph /staf/ = staphylococcus

staphylococcal *adjective*
سەربە ستافیلوکوک ◯ وابسته به استافیلوکوک

staphylococcus /ˌstæfɪlə'kɒkəs, US -'kɑ:k-/ *noun, pl.* staphylococci /-'kɒk(s)ʌɪ, US -'kɒk(s)i:/
ستافیلوکوک (جۆری بەکتریا [تۆخم *Staphylococcus*]) ◯ استافیلوکوک

staple[1] /'steɪpl/ *noun, adjective*
n 1 بەرهەمی سەرەکی، سەربەرهەم: *Rubber became the staple of the Malayan economy* 2 ریشاڵ، موو، تاڵ 3 کەرەسەی خاو 4 بنەڕەت، بنەما، مایە،ماک *adj* بنەڕەتی، سەرەکی، بنچینەیی، بنگەهی، هەرەگرنگ: *The staple crop is rice* (ئەڵمانی بنەڕەت) ◯ *n* 1 فرآورده یا محصول عمده 2 لیف، رشته 3 مواد خام 4 اصل، اساس *adj* اصلی، عمده

staple[2] /'steɪpl/ *noun*
تێل یان سێمی بندروو، گیرە، بەستی ئاسنی، مەفتوول ◯ مفتول

staple diet *noun*
خۆراکی سەرەکی: *a staple diet of meat and potatoes* ◯ غذای اصلی

staple gun *noun*
دەزگای پیاکردنی تێل بە نێو دیواردا، دەزگایێ بۆ چەسپاندنی کاغز و هتد بە دیوارەوە ◯ ماشین دوخت تپانچه‌ای

stapler /'steɪplə(r)/ *noun*
(کاغز) پێکەوەدروو، سنجاخکوب، دەزگای پێکەوەدروون، لێکدروو ◯ دوخت‌گر

star /stɑ:(r)/ *noun*
1 ئەستێرە، ستێر، هەسارە 2 نیشانەی ئەستێرە 3 (ئەکتەر، وەرزشکار، گۆرانیبێژ و هتد) ئەستێرە، نێوبەدەرەوە: *pop/rock/Hollywood, etc. stars* 4 بەخت، شانس، هات، ناوچاوان 5 (stars) ئەستێرەبینی، بەختبینی، horoscope 6 چارەنووس 7 ئەستێرەکان (ئەڵمانی بنەڕەت) ◯ 1 ستاره 2 علامت ستاره 3 ستاره، هنرپیشه 4 اقبال 5 (در جمع) طالع‌بینی 6 تقدیر 7 ثوابت

-star
(لە لێکدانا) ـ ئەستێرە ◯ ـستاره

star anise *noun*
1 میوەیێکی ئەستێرەئاسای چکۆلە بە تامی دەنکی ڕەزیانەوە، لە لێنان یان ئاشپەزی ئاسیاییدا بەکاردێت 2 داری چینی ئەو بەرە [*Illicium verum*] ◯ بادیان ختایی

star apple *noun*
سێوی ئەستێرەیی، بەرێکی ئەرخەوانی خۆراکی دارێکی گەرمێنانی ئەمریکا (*Chrysophyllum cainito*) ◯ سیب ستاره‌ای

starboard /'stɑ:bəd, US 'stɑ:rbərd/ *noun, adjective*
(فڕۆکە و کەشتی) لا یان دەسی ڕاست، ڕاست ◯ سمت راست

starburst *noun*
تەقینەوەی ئەستێرەیی ◯ انفجار ستاره‌ای

starch /stɑ:tʃ, US stɑ:rtʃ/ *noun*
1 نشاستە، چێشتی نشاستەدار (لە پەتاتە، برنج، ئارد و هتد): *There's too much starch in your diet* 2 نشاستەی ئامادەکراو (یان لە کوردەواریدا کەتیرە) بە شێوەی گەردە یان پرژێنە spray بۆ ڕەقڕاگرتن یان دەقاقدانی جلوبەرگ و هتد، دەقاق 3 وشکی، ڕەقی ◯ 1 نشاسته، غذای حاوی نشاسته 2 آهار 3 خشکی، یبس

starched *adjective*
بەدەق، دەقاقدراو، ستارچلێدراو، شەق؟، ڕەق؟، چەندەرەدراو؟، ئاشدراو؟، شۆدراو؟ ◯ آهارزده

starchily /'stɑ:tʃɪli, US 'stɑ:rtʃɪli/ *adverb*
به شێوەیەکی وشک، هەڵنەکردووانە ◌ به طور نجوش

starchiness /'stɑ:tʃinəs, US 'stɑ:rtʃinəs/ *noun*
1 وشکی، رەقی، وشکبوون، فەرمیبوون 2 هەڵنەکردوویی، نەحەواوەیی ◌ 1 خشک بودن 2 نجوشی

starchy /'stɑ:tʃi, US 'stɑ:rtʃi/ *adjective* (starchier, starchiest)
1 نشاستەیی، نشاستەدار، نشاستەتیابوو، نشاستەی تیایە، نشاستاوی، پێکهاتوو لە نشاستە، نشاستەئاسا: *starchy foods like rice and bread* 2 هەڵنەکردوو، رەق، وشک: stiff formal ◊ *a starchy lawyer* ◊ *Museums are trying to shake off their starchy image* ◌ 1 نشاستەای، حاوی نشاستە، نشاستەمانند 2 خشک

star-crossed *adjective*
بەختڕەش، بێبەخت، رۆژەڕەش، بەختهەڵگەڕاو ◌ بدفرجام

stardom /'stɑ:dəm, US 'stɑ:rdəm/ *noun*
(هەرەتی) ئەستێرەبوون، ئەستێرەییبوون، نێوبەدەرەوەیی ◌ ستارەبودگی

stardust /'stɑ:dʌst, US 'stɑ:rd-/ *noun*
خەیاڵپلاوی، ساویلکەیی، سادەیی ◌ سادەلوحی

stare /steə(r), US ster/ *noun*
چاوتێبڕین، چاولێنەترووکاندن، چوونەچاو، زەقزەق تەماشاکردن: *He fixed the interviewer with a penetrating stare* (ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ نگاه خیره

starer *noun*
چاوتێبڕ، چاوبڕەوەکردوو، زەقزەقتەماشاکردوو ◌ خیرەشوندە

starfish /'stɑ:fɪʃ, US 'stɑ:rfɪʃ/ *noun, pl.* same or starfishes
ئەستێرەی دەریایی [پۆل Asteroidea: زۆر جۆرن] ◌ ستارەی دریایی

starfruit *noun*
1 = carambola 2 گیایێکی چکۆلەی ئاوی، بە گوڵوەردی سپی و بەر شەشپەری ئەستێرەئاسا [*Damasonium alisma*] ◌ استارفروت

stargazer /'stɑ:geɪzə(r), US 'stɑ:rg-/ *noun*
(نافەرمی) ئەستێرەوان، (نافەرمی) ئەستێرەبین ◌ (عامیانه) منجم، طالع‌بین

stargazing *noun*
1 (نافەرمی) ئەستێرەوانی 2 (نافەرمی) ئەستێرەبینی، ئەستێرەژمێری، بەختبینی ◌ 1 منجمی 2 طالع‌بینی

stark /stɑ:k, US stɑ:rk/ *adjective, adverb*
adj 1 بەهێز، سەخت، توند(وتیژ) 2 وشک، ساردوسڕ 3 ئاشکرا، دیار 4 رووت، رووتاوە، بێبەرگ 5 تەواو، رەبەق *adv* بە تەواوەتی ◌ *adj* 1 قوی، شدید 2 خشک 3 واضح 4 لخت 5 کامل، مطلق *adv* کاملاً

stark contrast *noun*
دژایەتی ئاشکرا یان دیار ◌ مغایرت محض

starkers /'stɑ:kəz, US 'stɑ:rkərz/ *adjective*
رووتوقووت، تەواورووت، رووتی رووت ◌ کاملاً لخت

starkly /stɑ:kli, US stɑ:rkli/ *adverb*
بە تەواوەتی، بە ئاشکرایی: *The interior is -y simple* ◌ به کلی، به وضوح

stark naked *adjective*
رووتوقووت، تەواورووت، رووتی رووت ◌ کاملاً لخت

starkness /stɑ:knəs, US stɑ:rknəs/ *noun*
1 رووتی، رووتاوەیی، بێبەرگی 2 سەختی، توندی، دژواری، گرانی ◌ 1 لختی 2 صعوبت

starless /'stɑ:ləs, US 'stɑ:rləs/ *adjective*
بێئەستێرە ◌ بی‌ستاره

starlet /'stɑ:lət, US 'stɑ:rlət/ *noun*
1 ئەستێرۆکە، ئەستێرەی چکۆلە 2 ئەستێرەی داهاتوو، ئەستێرەی پاشەڕۆژ ◌ 1 ستارەی کوچک 2 ستارەی آتیه

starlight /'stɑ:laɪt, US 'stɑ:rl-/ *noun*
شەوقی ئەستێرەکان، رووناکی یان رۆشنایی ئەستێرەکان ◌ نور ستارگان

starling[1] /'stɑ:lɪŋ, US 'stɑ:rlɪŋ/ *noun*
(گیانەوەرناسی) سێروو، گاوانی، ڕیشۆڵی، ڕیشۆڵە، رەشێلەک [*Sturnus vulgaris* و جۆرەکانی تر، خێزان Sturnidae] ◌ سار

starling[2] /'stɑ:lɪŋ, US 'stɑ:rlɪŋ/ *noun*
چەقاندنی دەستەک بە دەور کۆڵەی پردا ◌ تیرکوبی دور پایەی پل

starlit /'stɑ:lɪt, US 'stɑ:rlɪt/ *adjective*
رووناک بەهۆی شەوقی ئەستێرەکان، پڕئەستێرە، ئەستێرەداشت: *a starlit night* ◌ نورانی‌شده توسط ستارگان

star network *noun*
تۆڕی ئەستێرەیی ◌ شبکەی ستارەای

star-of-Bethlehem *noun, pl.* stars-of-Bethlehem
گێلاخە، رووەکێی لە تیرەی lily گوڵئەستێرەئاسای زەردوسپی [*Ornithogalum umbellatum* و جۆرەکانی تر] ◌ شیرمرغ

star of Bethlehem *noun*
ئەستێرەیێ کە بەپێی نەریتی کریستانیەت رێنوێنی Magi کرد لە بەیتی لەحمدا (یان بەیتولەحم، Matt. 2:1-10) ◌ ستاره بیت اللحم

Star of David *noun*
ئەستێرە دەیڤید (ئەستێرەیەکی شەش‌پەڕە کە هێمـای جودیزمـە و دەوڵـەتی ئیسرائیل) ⬡ ستارەی دیوید
starry /ˈstɑːri/ *adjective* (starrier, starriest)
1 پڕئەستێرە، ئەستێرەدار 2 ڕووناک بەهۆی شەوقی ئەستێرەکان، درەوشاوە، ورشـن، ڕووناک، پڕشەوق ⬡ 1 پرستاره 2 نورانی
starry-eyed *adjective*
خۆش‌باوەڕ، خەیاڵاوی ⬡ در عالم رؤیا
Stars and Bars *noun, pl.*
(مێژوویی) ئـاڵای ئەیالەتـە کۆنفیدراتـەکانی ئەمریکا ⬡ پرچم ایالات کونفدرات امریکا
Stars and Stripes *noun, pl.*
ئاڵای (نیشتمانی) ئەمریکا ⬡ پرچم امریکا
star sapphire *noun*
یاقووتی شینی ئەستێرەیی ⬡ یاقوت کبود ستاره‌ای
starship /ˈstɑːʃɪp, US ˈstɑːrʃ-/ *noun*
کەشتی ئەستێرەیی ⬡ استارشیپ
star sign *noun,* also informal sign
(ئافەرمی، ئەستێرەبینی) بـرج، کـەلوو، دوازده نیشانەی زۆدیاک ⬡ برج
star-spangled *adjective*
ئەستێرەنیشان ⬡ مرصع بالنجوم
Star-Spangled Banner *noun*
1 سـرودی نیشتمانی ئەمریکا 2 ئاڵای ئەمریکا ⬡ 1 سرود ملی امریکا 2 پرچم امریکا
star-studded *adjective*
(فیلم و هتد) پڕئەستێرە، پـڕ لـە ئەکتـەری نێوبەدەرەوە، پڕ لە ئەستێرەی سینەمایی: *a star-studded cast* ⬡ پرستاره
star thistle *noun,* also caltrops
جـۆرێ knapweed درواوی [*Centaurea calcitrapa*] ⬡ نوعی گیاه
start /stɑːt, US stɑːrt/ *noun*
1 سەرەتا، دەسپێک، هەوەڵ: *a perfect start to the day* 2 (پێشبڕکێ) هێڵی دەسپێک، شوێنی دەست‌پێ‌کردن 3 داچڵەکان، داخورپان، ڕاچەنین، هەڵبەزینەوە، داترووسکان 4 دەرفەت، شانس، بەخت 5 قازانج، باشی، چاکی ⬡ 1 آغاز، ابتدا 2 (مسابقه) خط آغاز 3 یکه 4 فرصت 5 مزیت
starter /ˈstɑːtə(r), US ˈstɑːrt-/ *noun*
1 دەس‌پێکەر 2 سەرەتا، دەسپێک، یەکەمین، هەوەڵین 3 (ماشێن) ستارت، دەسپێکە ⬡ 1 آغازگر 2 نخستین 3 استارت
starter motor *noun*
مۆتۆری ستارت ⬡ موتور استارت
starting-block *noun*
تەختەی دەسپێک یان دەست‌پێ‌کردن ⬡ تختەی شروع
starting-gate *noun,* also starting gate
دەروازەی دەسپێک یـان دەست‌پێ‌کـردن (پێشبڕکێی ئەسپ، بۆ دڵنیابوون کە هاوکات پێکەوە دەست پێ‌بکرێ) ⬡ دروازەی شروع
starting line *noun*
هێڵی دەسپێک، هێڵی سەرەتا ⬡ خط شروع
starting pistol *noun*
دەمانچەی دەسپێک(ردن) ⬡ هفت‌تیر شروع
starting-point *noun*
خاڵی دەسپێک، شوێنی دەست‌پێ‌کردن: *The article served as a useful starting point for our discussion* ⬡ نقطەی شروع
starting post *noun*
شوێن یا جێگای دەست‌پێ‌کردن ⬡ جایگاه شروع
starting price *noun*
ئەگـەری بردنـەوەی یـەکجارەکی بەرلـە دەست‌پێ‌کردنی پێشبڕکێی ئەسپ‌سواری ⬡ احتمال برد نهایی قبل از آغاز مسابقەی اسب‌سواری
startle /ˈstɑːtl, US ˈstɑːrtl/ *noun*
داچڵەکان، داخورپان، ڕاچەنین، هەڵبەزینەوە، داترووسکان ⬡ یکه
startled /ˈstɑːtld, US ˈstɑːrtld/ *adjective*
1 داچڵەکاو، داخورپاو، ڕاچەنیو، هەڵبەزیو، داترووسکاو 2 (گیانەوەر) سڵ‌کردوو، ڕەقۆک، ڕەوەکردوو ⬡ 1 یکەخوردە 2 رم‌کردە
startling /ˈstɑːtlɪŋ, US ˈstɑːrt-/ *adjective*
1 سەرسووڕمێنەر، سەرسام‌کەر، سەیر، نائاسایی: 2 دڵتەزێن، جەرگبڕ *a startling discovery* ⬡ 1 شگفت‌آور، عجیب 2 تکان‌دهندە
startlingly /ˈstɑːtlɪŋli, US ˈstɑːrt-/ *adverb*
سەرسووڕمێنەرانە، بە شێوەیەکی سەیر: *She was -rtlingly beautiful* ⬡ به طور شگفت‌آور
start-up *noun, adjective*
adj دەست‌پێ‌کردنی کـار، دەسپێکی کـار *n* سەرەتایی، دەسپێک: *start-up costs* ⬡ *n* شروع کار *adj* آغازی
star turn *noun*
بەرنامەی سەرەکی، بەرنامەی تایبەتی، (ئەکتەر، موسیقاژەن، وەرزش‌کار) سەرەکی ⬡ برنامەی اصلی
starvation /stɑːˈveɪʃn, US stɑːrˈv-/ *noun*
برسێتی، مردن لەبەر بێ‌نانی یان برسێتی ⬡ گرسنگی، مرگ بر اثر بی‌غذایی
starvation wages *noun*
حەق و مووچەی یەکجار کەم، حەقی نانەزگی ⬡ دستمزد بخور و نمیر
starveling /ˈstɑːvlɪŋ/ *adjective, noun*
adj برسـی، برچـی، لاواز، کـز، بـێ‌گیـان، نەداری‌چێشتوو، نەبوونی‌دیتوو *n* مرۆ یـا گیانەوەری برسی ⬡ *adj* گرسنه، محرومیت‌کشیده *n* آدم یا جانور گرسنه
Star Wars *noun, pl.,* also Strategic Defense

Initiative

(میلیتاری) شەڕی ئەستێرەکان (بەرنامەیێکی توێژینەوە کە لە 1983 دا لە ئەمریکا دەستی پێ‌کرد، لە ناوی فیلمی چیرۆکی زانستی "شەڕی ئەستێرەکان" لە 1977 دا) ۞ جنگ ستارگان

starwort *noun*

گیانەستێرە، گوسارە، گوستێر [*Stellaria,* (هی ناوی) *Callitriche* و توخمەکانی تر: چەندین جۆرن] ۞ ستاره‌ای

stases /-si:z/ = plural form of stasis

stash /stæʃ/ *noun*

1 حەشارگە، پەناوپەسیو، پەنا، عەماری شاردنەوە 2 شتی شاردراوە ۞ 1 مخفی‌گاه 2 چیز پنهان‌شده

stasis /'steɪsɪs/ *noun, pl.* stases

1 ویستاوی، پۆنگ‌خواردوویی، پەنگین، راگیراوی، تەکان‌نەخواردوویی، چەق‌بەستوویی 2 (پزشکی) ویستانی جوولانی شلەی نێو لەش، گیران ۞ 1 سکون، ایستایی 2 استاسیس، گرفتگی

-stasis, *pl.* stases *suffix*

پاشگر: راوێستاوی، وێستاوی، گیران، بەندان: *haemostasis* (بنەڕەت: لە *stasis* یۆنانی‌یەوە "stoppage standing") ۞ پسوند: سکون، ایستایی

stat /stat/ *abbreviation* 1 photostat 2 statistic(s) 3 thermostst

-stat *suffix*

پاشگر: 1 ئامازە بە دەزگا، کەرستە، ماک و مەتریالی و هتد: *thermostat* 2 راوێستاوی، وێستاوی، گیران، بەندان ۞ پیشوند: 1 اشاره به ابزار، ماده و... 2 سکون، ایستایی

statant /steɪtənt/ *adjective*

(heraldry) گیانەوەری) لەسەر دوو دەست و دوو پێ ۞ استاتانت

state /steɪt/ *noun, adjective*

n 1 دۆخ، بار، بارودۆخ، رەوش، کاودان، مەرەد 2 چۆنیتی 3 حکومەت، دەوڵەت، وڵات 4 کۆمار 5 هەرێم، ویلایەت، ئەیالەت، ستەیت 6 نەتەوە، گەل 7 پلەوپایە، پایەبەرزی، پێگە، پلە، رادە، پۆست 8 دابوەدەستوور 9 چینی کۆمەڵایەتی یان سیاسی (رامیاری) *adj* 1 دەوڵەتی، حکومی 2 فەرمی 3 سیاسی ۞ *n* 1 وضع، حالت 2 کیفیت 3 حکومت، دولت، کشور 4 جمهوری 5 ایالت 6 ملت 7 مقام، رتبه 8 تشریفات 9 طبقه‌ی اجتماعی یا سیاسی *adj* 1 دولتی 2 رسمی 3 سیاسی

state attorney *noun*

(ماف) جێگری گشتی ۞ نائب‌العام

state benefit *noun*

برانەی حکومی یان دەوڵەتی ۞ مقرری دولتی

state capitalism *noun*

سەرمایەداری دەوڵەتی یان حکومی ۞ سرمایه‌داری دولتی

state church *noun*

کلێسەی حکومی یان دەوڵەتی ۞ کلیسای دولتی

state college *noun*

کۆلێژی هەرێمی یان ویلایەتی ۞ کالج ولایتی

state court *noun*

دادگای هەرێمی یان ویلایەتی ۞ دادگاه ولایتی

statecraft /'steɪtkrɑ:ft, US -kræft/ *noun*

دەوڵەت‌گێڕی، وڵات‌گێڕی ۞ کشورداری

stated *adjective*

دیاری‌کراو، راگەیەنراو، وتراو، دەربڕاو ۞ معین، اعلام‌شده

State Department *noun*

(ئەمریکا) وەزارەتی دەرەوە، شالیارگە یان وەزارەتی کاروباری دەرەوە ۞ وزارت امور خارجه

State Enrolled Nurse = SEN

state guard *noun*

هەرێم‌پارێز، گاردی ویلایەت یان هەرێم ۞ گارد ولایت

statehood /'steɪthʊd/ *noun*

1 سەربەخۆیی نیشتمانی یان نەتەوەیی: *Slovakia's path to independent statehood* 2 (ئەمریکا) سەربەخۆیی هەرێمی یان ویلایەتی: *West Virginia was granted statehood in 1863* ۞ 1 استقلال ملی 2 استقلال ایالتی

statehouse *noun*

1 (لە ئەمریکا) ئەنجومەنی هەرێمی یان ویلایەتی 2 خانووبەرەی ئەنجومەنی هەرێمی، خانووبەرەی ئەنجومەنی قانووندانان (لە هەرێم‌دا) ۞ 1 مجلس ایالتی 2 ساختمان مجلس ایالتی

stateless /'steɪtləs/ *adjective*

بێ‌دەوڵەت، بێ‌حکومەت، بێ‌ناسنامەی نەتەوەیی: *a stateless refugee* ۞ بی‌دولت

statelessness /'steɪtləsnəs/ *noun*

بێ‌دەوڵەت‌بوون، بێ‌حکومەتی، نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی ۞ بی‌دولت بودن

statelet *noun*

دەوڵەتۆکە، دەوڵەتچە، دەوڵەتی چکۆلە یان پچووک ۞ دولت کوچک

state line *noun*

سنووری هەرێم یان ویلایەت ۞ مرز ایالتی

stateliness /'steɪtlinəs/ *noun*

شکۆ، جوانی، گەورەیی، مەزنی، فەر، کەشخە، ژاژوفەر ۞ جلال، شکوه

stately /'steɪtli/ *adjective* (statelier, stateliest)

بەشکۆ، شکۆمەند، شکۆدار، جوان، گەورە، بەفەر، مەزن، فەرمی، شایانە، *an* :majestic *a* ◊ *avenue of stately chestnut trees The procession made its* ◊ *stately dance*

stately progress through the streets of the city ۞ شکوەمند، مجلل، رسمی
stately home *noun*
(لە بریتانیا) کۆشک‌وبەرە، خانووی دەولەمەند، خانووی شایانە ۞ خانەی اشرافی یا مجلل
statement /'steɪtmənt/ *noun*
1 وتن، دەربڕین، هێنانەزمان، لێدوان 2 وتە 3 راگەیاندن‌نامە، داخویانی، بەیان‌نامە 4 پێ‌وابوون، وابێژی 5 راپۆر، راپۆرت 6 لیست ۞ 1 اظهار 2 گفته 3 اعلامیه 4 ادعا 5 گزارش 6 صورت‌حساب
state of affairs *noun, pl.*
بارودۆخ، رەوش، کاودان، دەستودار، هەل‌ومەرج ۞ اوضاع
state of emergency *noun*
دۆخی تەنگەتاوی، رەوشی نائاسایی ۞ وضع اضطراری، حالت فوق‌العاده
state of mind *noun*
باری دەروونی (یان هۆشی) ۞ حالت روحی
state of nature *noun*
دۆخ یان رەوشی سروشتی، باری خورسکی ۞ حالت طبیعی
state of the art *noun*
زۆرترین رادەی پێشکەوتن: *a state-the-art The system was state of the art* ◊ *system* ۞ حد اعلای پیشرفت
state-of-the-art *adjective*
پێشکەوتووترین ۞ پیشرفته‌ترین
state of war *noun*
دۆخی شەڕ، باری شەڕ ۞ حالت جنگ
state prisoner = prisoner of state
State Registered Nurse = SRN
stateroom /'steɪtruːm, US -rʊm/ *noun*
1 (کەشتی) دیو یان کابینی تایبەتی بۆ خەوتن 2 دیوەخان (لە کۆشکدا) ۞ تالار تشریفات
stater /'steɪtə/ *noun*
کۆینی زێڕین یان زیوینی یۆنانی کۆن ۞ استاتر
the States *noun*
(ولاتە یەک‌گرتووەکانی) ئەمریکا ۞ امریکا
state school *noun*
خوێندنگای دەولەتی یان حکومی ۞ مدرسەی دولتی
state's attorney = state attorney
State's evidence *noun*, turn State's evidence = Knight's evidence
States General *noun*, also Estates General
دەستەی قانوون‌دانەری هولەند لە سەدەی 15ەوە تا 18، و لە فەرەنسە تا 1789 ۞ هیأت قانون‌گذاری هلند و فرانسه
stateside /'steɪtsaɪd/ *adjective, adverb*
adj ئەمریکایی، سەربە ئەمریکا *adv* لە ئەمریکادا ۞ *adj* وابسته به امریکا *adv* در امریکا

statesman /'steɪtsmən/ *noun, pl.* statesmen
سیاسەتوان، رامیار، دەولەت‌گێڕ، پیاوی رامیاری یا سیاسی ۞ دولتمرد
statesmanlike /'steɪtsmənlaɪk/ *adjective*
سیاسەتوانانە، رامیارانە، دەولەت‌گێرانە ۞ دولتمردانە
statesmanship /'steɪtsmənʃɪp/ *noun*
سیاسەتوانی، رامیاری، دەولەت‌گێڕی، دەسەلات‌داری، دەسەلات‌گێڕی ۞ دولتمردی
state socialism *noun*
سۆشیالیزمی حکومی ۞ سوسیالیزم دولتی
state's rights *noun, pl.*
مافە ویلایەتی‌یەکان، مافەکانی هەرێم ۞ حقوق ولایات
state university *noun*
زانکۆی ویلایەتی یان هەرێمی ۞ دانشگاه ایالتی
statewide /'steɪtwaɪd/ *adjective, adverb*
لە سەرانسەری ویلایەتەکاندا، تەیالەتی، هەرێمی، لە تێکڕای هەرێمەکاندا ۞ در سرتاسر ایالت
static /'stætɪk/ *adjective, noun*
adj راوێستاو، وێستاو، چەق‌بەستوو، نەگۆڕ، نەجوول، تەکان‌نەخواردوو، نەبزێو، جێگیر، چەسپیو، سەقامگیر، نادایندمیک، بەند: *The balance sheet provides a static picture of* ◊ *the financial position at a point in time static pressure* ◊ *a static population level*
n 1 ئێلیکتریسیتەی وێستاو 2 (رادیۆ، تەلەفزیۆن و هتد) پارازیت، خشەخش ۞ *adj* ایستا، ارکد *n* 1 الکتریسیتەی ساکن 2 پارازیت
-static *suffix*
پاشگر: (ئاوەلناو ساز دەکا) سەربە یان پێوەندی بە ‎-stasis‎ ـەوە هەیە ۞ پسوند: (صفت‌ساز) وابسته به ‎-stasis‎
statically *adverb*
چەق‌بەستووانە، بە شێوەیەکی راوێستاو، جێگیرانە ۞ به طور ساکن
statice /'statɪsi/ = sea lavender
static electricity *noun*
ئێلیکتریسیتەی وێستاو ۞ الکتریسیتەی ساکن
static culture *noun*
چاند یا فەرهەنگی چەق‌بەستوو ۞ فرهنگ ایستا
static equilibrium *noun*
هاوسەنگی وێستاو، لەنگەر(گرتن)ی وێستاو ۞ تعادل ایستا
static line *noun*
تەناف یان پەنی تایبەتی کرانەوەی چەتر دوای بازدانی چەترباز لە فڕۆکەوە ۞ طناب استاتیک
statics /'stætɪks/ *noun, pl.*
(فیزیک) نەجوول‌ناسی، نەبزێوناسی: زانستێ کە سەروکاری لەگەل ئەو هێزانەیە کە هاوسەنگی

ئەو شتانە رادەگری کە ناجوولێن ۞ ایستایی‌شناسی

statin /'stætɪn/ *noun*

(پزشکی) هەریەک لەو کۆمەڵە دەرمانانەی کەوا ئاستی کۆلیسترۆل لە خوێن‌دا کەم دەکەنەوە یان دێنەخوارەوە ۞ استاتین

station /'steɪʃn/ *noun*

1 وێستگە 2 جێ، وار، شوێن، جێگا 3 پلەوپایە، بایەخی کۆمەڵایەتی، پێگە 4 (سەربازی) بنکە 5 کۆمپانی بڵاوکردنەوەی جۆرێ تایبەتی 6 شوێنێکی گەورەی حەوانەوەی ئاژەڵ یان پاتاڵ 7 شوێن، جێگا، جێ، ناوەند ۞ 1 ایستگاه 2 موضع 3 مقام، مرتبه 4 (نظامی) پایگاه 5 و 6 استیشن 7 محل، مرکز

station agent = stationmaster

stationary /'steɪʃənri, US -neri/ *adjective*

راوێستاو، وێستاو، چەقبەستوو، نەگۆڕ، نەجووڵ، تەکان‌نەخواردوو، نەبزێو، نەگەڕ، جێگیر، چەسپیو، سەقامگیر ۞ ثابت، ساکن، ناجنبا

stationary bicycle *noun*

(دوو)چەرخی مەشق یان راهێنان ۞ دوچرخەی تمرین

stationary state *noun*

باری راوێستاو، دۆخی وێستاو، رەوشی جێگیر ۞ حالت ایستاده

stationary wave = standing wave

station break *noun*

(رادیۆ و تەلەفزیۆن) بڕینی بەرنامە یان بڵاوکردنەوە ۞ قطع پخش

stationer /'steɪʃənə(r)/ *noun*

نووسینەمەنی‌فرۆش، پێنووس‌فرۆش، پەڕاوفرۆش ۞ نوشت‌افزارفروش

stationer's *noun*

نووسینەمەنی‌فرۆشی، پێنووس‌فرۆشی، پەڕاوفرۆشی ۞ نوشت‌افزارفروشی

stationery /'steɪʃənri, US -neri/ *noun*

نووسینەمەنی، کەرەسەی نووسین، پێنووسە، پەڕاو ۞ نوشت‌افزار

station hand *noun*

(ئەوستراليا و نیوزیلەند) کرێکاری شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵ ۞ کارگر مزرعەی بزرگ احشام

station house *noun*

وێستگەی پۆلیس، پۆلیس‌خانە، وێستگەی پۆلیس، نووسینگەی هێزی پۆلیسی خۆجێیی ۞ کلانتری

stationmaster /'steɪʃnmɑːstə(r), US -mæs-/ *noun*

(رێی ئاسن) چاودێری وێستگە، بەرپرسی وێستگە، وێستگەوان، وێستگەپرس ۞ رئیس ایستگاه

Stations of the Cross *noun*

قۆناخەکانی لە خاچ‌دان (ئەو 14 وێنەی کە مەینەتی و مردنی پێغەمبەر مەسیح پیشان‌دەدا) ۞ مراحل تصلیب

station wagon /'steɪʃn wægən/ *noun*, also estate car

ماشینی ستەیشن ۞ اتومبیل استیشن

statism /'steɪtɪzəm/ *noun*

دەوڵەتگەری (چڕبوونەوەی دەسەڵاتی ئابووری لە دەستی دەوڵەت‌دا) ۞ دولت‌گرایی

statist /'steɪtɪst/ *noun, adjective*

n دەوڵەتگەر *adj* دەوڵەتگەرانە ۞ *n* دولت‌گرا *adj* دولت‌گرایانه

statistic /stə'tɪstɪk/ *noun, adjective*

n راستی و فەکتی پارچە زانیاریێکی بەدەس‌هاتوو لە لێکۆڵینەوەی ژمارەیێکی زۆری زانیاری *adj* statistical - ۞ *n* شاخص آماری *adj* آماری

statistical /stə'tɪstɪkl/ *adjective*

هەڵژماری، هەڵژمێری، سەربە سەرژمێری، هەڵژمێرییانە ۞ آماری

statistically /-kli/ *adverb*

لەباری هەڵژمێرییەوە، سەرژمێرانە، بە شێوەیەکی هەڵژمێری ۞ از نظر آماری، بە طور آماری

statistician /ˌstætɪ'stɪʃn/ *noun*

سەرژمێر(زان)، هەڵژمار، هەڵژمێر ۞ آماردان

statistics /stə'tɪstɪks/ *noun, pl.*

1 سەرژمێری، هەڵژمێری، ئەژمار، هەڵژماری 2 زانستی سەرژمێری، سەرژمێری‌ناسی، هەڵژمێری‌ناسی ۞ 1 آمار 2 علم آمار

stative /'steɪtɪv/ *adjective*

(رێزمان) دۆخی، دۆخەکار، دۆخ‌دەربڕ (پێوانە dynamic) ۞ حالتی

stative verb /'steɪtɪv vɜː(r)b/ *noun*

(رێزمان) کاری دۆخی یان دۆخ‌دەربڕ، دۆخەکار (وەکوو بوون، دیتن، تێگەیشتن و هتد) ۞ فعل حالتی

states /stæts/ = statistics

stato- *prefix*

پێشگر: سەربە یا پێوەندی بە statics ـەوە هەیە، (را)وێستاو، نەبزێو، چەقبەستوو، لەنگەر، هاوسەنگی (بنەڕەت: statocyst :equilibrium لە *statos* یونانی "(را)وێستاو" (standing ۞ پیشوند: استاتو، ایستاده، تعادل، موازنه

statoblast *noun*

(گیانەوەرناسی) چەکەرەوێستاو: خونچە (یان خانەی) bryozoan یکی ناوی شیرین کە زستان لە نێو کیسە یان بەرگێکی کیتینی (لە باروودۆخێکی سەختدا) تێدەپەڕێنێ و لە بەهاردا دەپشکوێ (و کۆلۆنیێکی نوێ دادەمەزرێنێ) ۞ استاتوبلاست

statocyst *noun*

(گیانەوەرناسی) وێستاوتوورەکە، وێستەکیسە، ئەندامی لەنگەر و هاوسەنگی یان رێڕەوگیری

هێندێ بڕبڕەداری ئاوی ◌ استاتوکیست

statocyte *noun*
راوێستاوخانە، وێستەخانە: هەریەک لە خانە ڕووەکییەکان کە یەک یان چەند وێستەبەردیان تیایە ◌ استاتوسیت

statolith *noun*
(گیانەوەرناسی) وێستەبەرد: پارچۆلکەیێکی گەچی یان قسڵی نێو وێستەکیسە کە وەرگرە هەستییەکان sensory receptors لە کاردانەوە بە ڕاکێشان دەبزوێنێ؛ تەنێکی کلسی شۆڕی نێو statocyst ◌ استاتولیت

statolithic *adjective*
وێستەبەردی، سەربە وێستەبەرد، پێوەندی بە وێستەبەردەوە هەیەس ◌ وابستە بە استاتولیت

stator /'steɪtə/ *noun*
راوێستە، وێستەک: بەشی نەجووڵ یان وێستاوی (مۆتۆری) ماشێن یان بەرهەمهێنەری کارەبا ◌ استاتور

statoscope *noun*
1 بەرزیپێوی فڕۆکە 2 پەستانپێوی کانزایی گۆڕانە وردەکانی گوشار یان پەستان ◌ استاتوسکوپ

stats = *pl.* n. informal statistics

statuary /'stætʃuəri, US -eri/ *noun* (*pl.* statuaries), *adjective*
n 1 پەیکەرەکان، هونەری دروستکردن یان تاشینی پەیکەرەکان، پەیکەرتاشی، پەیکەرسازی: *a collection of marble -tuary* 2 (کۆن) پەیکەرتاش *adj* سەربە پەیکەر یان پەیکەرتاش ◌ *n* 1 مجسمەها، مجسمەسازی 2 مجسمەساز *adj* وابستە بە مجسمە یا مجسمەسازی

statue /'stætʃuː/ *noun*
پەیکەر، کۆتەڵ: *a bronze/marble statue* ◌ مجسمە، تندیس

Statue of Liberty *noun*
(ئەمریکا) پەیکەری ئازادی: پەیکەرێکی گەورەی مسینی ژن کە مەشخەڵێکی torch داگیرساوی بە دەستی ڕاست هەڵگرتووە، لە دوورگەی لیبێرتی لە بەندەری نیویۆرک هەڵکەوتووە ◌ مجسمەی آزادی

statuesque /ˌstætʃu'esk/ *adjective*
1 پەیکەرئاسا 2 (ژن) گوڵئەندام، بەژنڕێک، شۆخەژن، پەیکەرئاسا، جوانچاک، imposing 3 قورس، مەند ◌ 1 مجسمەوار 2 خوش قدوبالا 3 موقر، متین

statuette /ˌstætʃu'et/ *noun*
پەیکەرۆکە، پەیکەرۆچکە، پەیکەرچە ◌ مجسمەی کوچک

stature /'stætʃə(r)/ *noun*
1 بەژن، باڵا، بەژنوباڵا، گەت، قەد، قەدوباڵا: *a woman of short stature* 2 پلەوپایە، بایەخ، وەج، بڕەو، گز: *an actress of considerable stature* ◌ 1 قامت 2 مقام، ارج، توانمندی

status /'steɪtəs, US 'stætəs/ *noun*
1 پلەوپایە، پلە، پێگە، حورمەت، ڕێز، بایەخی کۆمەڵایەتی، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی 2 ڕەوشی یاسایی، باری قانوونی، دۆخی قانوونی یان زاکوونی 3 پایەبەرزی، گرنگایەتی، گرنگی، بایەخ، باوەڕی، بڕەوی 4 ڕەوش، بار، دۆخ، بارودۆخ ◌ 1 مرتبە، مقام، پایگاه، منزلت اجتماعی 2 وضع قانونی 3 اهمیت، اعتبار 4 وضع

status quo /ˌsteɪtəs 'kwəʊ, US 'kwoʊ/ *noun*
(لاتین) بار(ودۆخ)ی ئێستا، بارودۆخی هەنووکە: *to defend/restore the status quo* ◊ *conservatives who want to maintain the status quo* ◌ وضع موجود

status quo ante /kwəʊ 'anti/ *noun*
(لاتین) ڕەوشی جاران، دۆخی پێشوو ◌ وضع سابق

status symbol *noun*
نیشانەی بایەخی کۆمەڵایەتی: *Exotic pets are the latest -us symbol* ◌ نماد منزلت اجتماعی

statute /'stætʃuːt/ *noun*
1 قانوون، زاکوون، یاسا: *Penalties are laid down in the statute* 2 دەستوورنامە، ڕێسانامە: *Under the statutes of the university they had no power to dismiss him* 3 قانوون یان دەستووری خودایی یان میری ◌ 1 قانون 2 مقررات، آیین‌نامە 3 استاتوت

statute book *noun*
کۆمەڵەقانوون، کۆمەڵەیاسا، تۆماری قانوونەکان، سەرجەم قانوونەکانی نەتەوەیێ ◌ قانون مصوبە، مجموعەی قوانین

statute law *noun*
کۆمەڵەقانوونی تێپەڕێنراو، کۆمەڵەیاسای دەرکراو (لە لایەن دەستەی قانووندانەرانەوە) ◌ مجموعەی قوانین مصوب

statute mile *noun*
مایلی فەرمی یان قانوونی بەرامبەر بە 5280 پێ ◌ مایل قانونی

statute of limitation *noun*
قانوونی تێپەڕینی وەخت یان کات، قانوونی تێپەڕینی زەمان ◌ قانون مرور زمان

statutorily *adverb*
بەپێی قانوون، بەگوێرەی یاسا، ل گۆرا زاگۆن: *The broadcasting media are statutorily required to be impartial* ◌ مطابق قانون

statutory /'stætʃətri, US -tɔːri/ *adjective*
1 قانوونی، یاسایی، زاکوونی: *The authority failed to carry out its statutory duties* ◊ *When you buy foods you have certain*

2 *a statutory age limit* ◊ *statutory rights*
سزایی ۞ 1 قانونی 2 کیفری
statutory offence *noun*
تاوانی قانوونی یان یاسایی ۞ جرم قانونی
statutory rape *noun*
زینا لەگەڵ چکۆلە یا کەمتەمەن ۞ زنای با صغیر
staunch /stɔːntʃ/ *adjective*
1 بەئەمەگ، دڵسۆز، بەکلا، بەوەفا، بەڵێن‌ڕاست، پێبەند، سوور، بەبڕیار، شێلگیر، پتەو، نەڕووخ، قایم، تۆکمە: 2 *a staunch friend* (گۆن، کەشتی) بێ‌کون، ئاوبەند، کیپ، ئاونەدز ۞ 1 وفادار، ثابت‌قدم، محکم 2 بی‌منفذ
staunchly /stɔːntʃli/ *adverb*
بە توندی، بە سەختی، بەئەمەگانە، بەوەفایانە: *She staunchly defended the new policy* ۞ قویاً، وفادارانه
staunchness /stɔːntʃnəs/ *noun*
1 بەوەفایی، وەفاداری، دڵسۆزی، پێبەندی، ئەمەگداری 2 پتەوی، تۆکمەیی 3 بێ‌کونی، ئاوبڕی، ئاوبەندی، کیپی، ئاونەدزی ۞ 1 وفاداری 2 استحکام 3 بی‌منفذی
staurolite /ˈstɔːrəlaɪt/ *noun*
کانەخاچینە؟: کانێکی شووشەیی قاوەیی، سیلیکاتی ئالۆمینیۆم و ئاسنی تیایە $HFeAl_5Si_2O_{13}$ (بنەڕەت: لە *stauros* یۆنانی "cross") ۞ استاورولیت
staurolitic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە ستۆرۆلیتەوە هەیە ۞ وابسته به استاورولیت
stave /steɪv/ *noun*
1 تەختەی چەمیو یان بەدەنە (بەرمیل)، تەختەکۆس 2 (موسیقا) پلیکانە 3 (هەڵبەست) کۆپلە، برگە، پارچە 4 تێلا، داردەست، کوتەک، گۆپاڵ 5 پلەی نەردیوان یان پەیژە، ئاوبەرە 6 لوولەی ئاو ۞ 1 تختەی بدنەی چلیک 2 (موسیقی) حامل 3 قطعه 4 چماق 5 پلەی نردبان 6 لولەی آب
stave church *noun*
کلیسەی دارین (لە سەرەتای سەدەی دوازدە لە ئەورووپای باکووری، و زۆرتر لە نۆرویژ پەرەی سەند) ۞ کلیسای چوبی
staves = plural form of staff
stavesacre /ˈsteɪvˌzeɪkə/ *noun*
مێوژەکێوی: جۆرێ larkspurی باشووری ئەورووپا، جاران دەنکەکانی وەکوو مێروکوژێ بەکاردێترا [*Delphinium staphisagria*] (بنەڕەت: بە ڕێگای لاتین لە *staphis agria* یۆنانی "wild raisin") ۞ نوعی گیاه
stay[1] /steɪ/ *noun*
1 تەناف، گوریس، کەمەندر (هی ڕاگرتنی دارالاکانی کەشتی)، هەریەک لەو گوریس یان کەندرانە 2 پشتیوان، پشتوپەنا، پشت، پاڵپشت 3 وایەر یان کابلی ڕاگری سەر فڕۆکە ۞ 1 مهار 2 حامی 3 استای
stay[2] /steɪ/ *noun*
1 ڕاوێستان، مانەوە 2 ڕاوێستاندن، پێش‌گرتن، گلدانەوە، نەهێشتن، ڕاگرتن، ڕاگیرکردن، خستنەدواوە، پاش‌خستن، دواخستن، بەدرەنگ‌خستن 3 کاتی جێبەجێ‌کردن 4 تاقەت، پشوودرێژی 5 (stays) زگبێن، زگبەست، پشتێنی زگ ۞ 1 توقف 2 موقوف‌سازی، جلوگیری، تعلیق 3 زمان اجرا 4 طاقت 5 (در جمع) شکم‌بند
stay-at-home /ˈsteɪ ət həʊm/ *noun*
پیاوی بنەداکوتاو یان خانەبگیر، لەماڵەوەماو، بەکرکەوتوو، خانەنشین، گۆشەگرتوو ۞ آدم خانەنشین
stayer /ˈsteɪə(r)/ *noun*
1 کۆڵەکە، ڕاگر 2 مرۆڤ یان گیانەوەری هەڵکردوو، بەتاقەت، بەرگەگر، حەواوە، خۆگرتوو ۞ 1 شمع 2 انسان یا جانور پرطاقت
staying power *noun*
(نافەرمی) تاقەت، بەرگە(گرتن)، خۆگرتن، خۆگیری، توانایی مانەوە، هێزی هەڵکردن، توانایی حەوانەوە، دەوام‌هێنان، خۆڕاگری، توانایی یان هێزی بەردەوام‌کردن (بەبێ لاوازبوون) ۞ طاقت، تاب، استقامت
stay of execution *noun*
1 دواخستنی جێبەجێ‌کردنی بڕیاری لەسێدارەدان (یان کوشتن)، دواخستنی جێبەجێ‌کردنی بڕیاری دادگا 2 (خوازە) دەستووری دەس‌ڕاگرتن، دەستووری ڕاوێستان ۞ 1 تعویق اجرای حکم اعدام یا دادگاه 2 دستور توقف
staysail /ˈsteɪseɪl, US -s(ə)l/ *noun*
بادەوەی سێ‌گۆشەی پاش‌وپێشی سەر stay1 ۞ استایسایل
St Bernard /ˌsnt ˈbɜːnəd, US ˌseɪnt bɜːrˈnɑːrd/ *noun*
سەینت بێرنارد (= جۆرێ سەگی سویسی) ۞ سن برنارد
std *abbreviation* standard
STD *abbreviation* 1 sexually transmitted disease 2 subscriber trunk dialing
1 نەخۆشی (لە ئەنجامی) نزیکی(نزیک‌کەوتنەوە) (وەکوو herpes و aids) 2 سیستمی تەلەفونی ڕاستەوخۆی ڕێی دوور ۞ 1 بیماری مقاربتی 2 سیستم تلفن مستقیم راه دور
stead /sted/ *noun*, in someone's or something's stead
لەجیاتی، لەبری، لەباتی (کەسێ یان شتێ) ۞ به جای
steadfast /ˈstedfɑːst, US -fæst/ *adjective*

نەگۆڕ، جێگیر، چەسپیو، دامەزراو، دڵسۆز، توند، پتەو، بەردەوام، بەوەفا، بەئەمەک، یەکدڵ، سوور، شێلگیر، پێبەند: ◯ *steadfast loyalty* ثابت، وفادار

steadfastly /ˈstedfɑːstli, US -fæstli/ *adverb*
شێلگیرانە، بە برایی‌یەوە، جێگیرانە، چەسپیوانە: ◯ *She steadfastly refused to speak* قاطعانه، به طور ثابت

steadfastness /ˈstedfɑːstnəs, US -fæstnəs/ *noun*
نەگۆڕی، جێگیری، چەسپیوی، دڵسۆزی، پتەوی، بەردەوامی، بەوەفایی، بەئەمەکی، سووربوون، شێلگیری، لەسەرمانەوە، پێبەندی ◯ ثبات‌قدم، استواری، وفاداری

Steadicam *noun*
(دروشمی بازرگانی) ستیدیکام ◯ استیدی‌کم

steadily /ˈstedɪli/ *adverb*
یەکبینە، یەکریز، بە بەردەوامی، بێ‌وچان، بێ‌پسانەوە، یەک‌تەکان، بە ئارامی، مەندانە، لەسەرەخۆیانە ◯ پیوسته، مدام، با خونسردی

steadiness /ˈstedinəs/ *noun*
1 پتەوی، تۆکمەیی، داکوتراوی 2 بەردەوامی، یەکبینەیی ◯ 1 استواری 2 پیوستگی

steading = (Scotland) farmstead

steady /ˈstedi/ *adjective* (steadier, steadiest), *noun* (*pl.* steadies), *interjection*
adj 1 توند، پتەو، تۆکمە، قایم، بەگیر، داکوتراو، نەگۆڕ، جێگیر، سەقامگیر، چەسپیو، نەجووڵ، نەبزێو 2 ڕێک‌وپێک، لەسەریەک، هەمیشەیی، یەکبینە 3 لێ‌ڕابینراو، جێی‌متمانە، باوەڕپێکراو 4 تێکۆشەر *n* دۆست (چ کچ یان چ کوڕ) *interj* هۆشت بێ! ئاگادار بە! لەی‌گەڕێ! هەڵمەبە! ◯ *adj* 1 محکم، ثابت 2 منظم، دائمی، پایدار 3 قابل اطمینان 4 ساعی *n* دوست دختر، دوست پسر *interj* مواظب باش! کوتاه بیا!

steady-going *adjective*
1 ژیرانە 2 نەرم‌ڕەو، مەیانەڕەو ◯ 1 معقول 2 میانەرو

steady-state theory *noun*
(فیزیک یان ئەستێرەوانی) تیۆری دۆخی جێگیر (بڕوانە big bang theory) ◯ نظریەی حالت پایا

steak /steɪk/ *noun*
ستیک، لەتە گۆشتێ (ڕانی ولاخ) بۆ برژاندن یا سوورکردنەوە ◯ استیک

steak-house /ˈsteɪkhaʊs/ *noun, pl.* steak-houses
ستیک‌خانە ◯ استیک‌خانە

steak taetare /ˌsteɪk tɑːˈtɑː(r), US -ɪk tɑːrˈtɑːr, -ɪk tɑːrˈtər/ *noun*
چێشتێ کە تێکەڵەی ستیکی قیمەی خاو و هێلکەی کاڵە ◯ نوعی غذا

steal /stiːl/ *noun*
1 دزی، هەڵگرتن 2 (نافەرمی) سەودا، مامەڵە 3 بیرۆکەی دزراو یان دریێتی ◯ 1 دزدی 2 (عامیانه) معامله 3 ایدەی مسروقه

stealing *noun*
دزی، چەتەگەری، چەتەیی ◯ سرقت

stealth /stelθ/ *noun*
1 هێواشی، هێواش‌کاری، کاری بە بێ‌دەنگ‌وهەرا، بێ‌خشپەیی، بێ‌چرکەیی: *Lions rely on stealth when hunting* 2 بە دزی‌یەوە کارکردن، نهێنی‌کاری، لەبنەوەکاری، شاردنەوە ◯ 1 آهستگی 2 اختفا، مخفی‌کاری

stealth aircraft *noun*
فڕۆکەی بەرڕادارنەکەوتوو یان ڕادارنەدۆز (وا داڕێژراوە کە ڕادار نایدۆزێتەوە) ◯ هواپیمای رادارگریز

stealth bomber *noun*
بۆمباوێژی بەرڕادارنەکەوتوو یان ڕادارنەدۆز ◯ بمب‌افکن رادارگریز

stealth fighter *noun*
(فڕۆکەی) شەڕکەری بەرڕادارنەکەوتوو یان ڕادارنەدۆز ◯ جنگندەی رادارگریز

stealthily /-ɪli/ *adverb*
بە هێواشی، لەبنەوە، بەپەنا، بە پەنامەکی، بێ‌دەنگانە، دزانە، بە دزی‌یەوە: *She crept stealthily along the corridor* ◯ یواشکی، پنهانی

stealthiness /ˈstelθinəs/ *noun*
هێواش‌کاری، کاری بە بێ‌دەنگ‌وهەرا، بە دزی‌یەوە (یا ماتە(ماتەوە) کارکردن، نهێنی‌کاری، لەبنەوەکاری، شاردنەوە ◯ مخفی‌کاری

stealthy /ˈstelθi/ *adjective* (stealthier, stealthiest)
هێواش، بێ‌دەنگ، بێ‌هەرا، لە بنەوە، بە شاراوەیی، ماتانە، بە دزی‌یەوە، دزەکی، پەنامەکی، (بە)نەهێنی: *a stealthy movement* ◯ مخفیانه، آهسته

steam /stiːm/ *noun, adjective*
n 1 هوڵم، بۆخ، کەلدوومان، هەڵم، قەزەن، هالاو 2 هێزی هەڵم 3 هێز، وزە 4 سیستمی ڕێی ئاسن کە بە هەڵم کار دەکا *adj* هەڵمی (ئەڵمانی بنەڕەت) ◯ *n* 1 بخار آب 2 نیروی بخار 3 نیرو 4 استیم *adj* بخاری

steam age *noun*
سەردەمی هەڵم (لۆکۆمۆتیف پەیدا بوون) ◯ عصر بخار

steam bath *noun*
گەرماوی هەڵم، حەمامی هالاو ◯ حمام بخار

steamboat /ˈstiːmbəʊt, US -boʊt/ *noun*
گەمی هەڵمی، بەلەمی هەڵمی ◯ قایق بخار

steam chest *noun*, also steam box

سنووقی هەڵم، هەڵمخانە ۞ صندوق بخار

steam distillation *noun*

(کیمیا) دڵۆپاندنی هەڵم ۞ تقطیر بخار

steamed *adjective*

1 (نافەرمی) شەش‌دانگ مەست، کەلەلا 2 تووڕە، نارەحەت 3 (چێشت) سازکراو بە هەڵم ۞ 1 پاتیل 2 عصبانی، ناراحت 3 بخارپخت

steamed-up *adjective*

فیشەکی، دەهری، کفردەرهاتوو، زووهەڵچوو، بێئارام، بێئۆقرە، بێحەجمان، ئارام‌لێ‌هەڵگیراو، وورووژاو ۞ جوشی، هیجان‌زده

steam engine /'stiːm endʒɪn/ *noun*

دەزگایا مۆتۆری هەڵم، لۆکۆمۆتیف یان مۆتۆری هەڵمی ۞ ماشین بخار

steamer /'stiːmə(r)/ *noun*

1 کەشتی یان گەمی هەڵم 2 دیگی هەڵم، دیگەهەڵم 3 (نافەرمی) جلی مەلەوانی ۞ 1 کشتی یا قایق بخار 2 ظرف بخاری 3 لباس غواصی

steamer clam = softshell clam

steamer duck *noun*

مراویەهەڵمە (بۆرباوی ئەمریکای باشووری [*Tachyeres brachypterus*) دوورگەکانی Falkland نەفڕ) و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ۞ نوعی پرنده

steamer rug *noun*

بەڕەی سەرپشتی کەشتی ۞ گلیم عرشه

steam fitter *noun*

وەستا(کار)ی بۆری یان لوولەی هەڵمی ۞ تعمیرکار لوله‌های بخار

steam fog *noun*

مژی هەڵم، هەڵمەمژ، هەڵمەتەم ۞ مه بخاری

steam gauge /æstiːm 'geɪdʒ/ *noun*

هەڵمپێو ۞ بخارسنج

steaming *adjective*

1 (نافەرمی) شەش‌دانگ مەست 2 بەردبەباکەر ۞ 1 پاتیل 2 خیلی عصبانی

steam iron *noun*

ئوتوی بەهەڵم، ئوتوی هەڵمی ۞ اتوی بخار

steamroller /'stiːmrəʊlə(r), US -roʊ-/ *noun*

غەڵتەک، ڕێ‌تەختکەر، تەختەک، تەختکەرە ۞ غلتک

steamship /'stiːmʃɪp/ *noun*

کەشتی هەڵم، هەڵمەکەشتی (کورتەکەی SS) ۞ کشتی بخار

steam shovel *noun*

دەزگای هەڵکەندنی هەڵمی، شۆڤێلی هەڵمی ۞ ماشین بخاری حفاری

steam-tight /'stiːmtaɪt/ *adjective*

هەڵمبڕ، هەڵمبەند، هەڵمەکیپ، ناهێڵی هەڵمی دەرچێ ۞ مانع خروج بخار

steam train *noun*

شەمەندەفەری هەڵمی، قەتاری بەهەڵم‌کارکردوو ۞ قطار بخار

steam turbine *noun*

توربینی هەڵم ۞ توربین بخار

steamy /'stiːmi/ *adjective* (steamier, steamiest)

1 هەڵمین، هەڵمی، هەڵم‌ئاسا، وەک هەڵم، هەڵماوی، پڕهەڵم، هەڵمن: *a steamy bathroom* 2 گەرم و شێ‌دار: *a steamy afternoon* (steamily /'stiːmɪli/ *adv*؛ steaminess /'stiːminəs/ *n*: هەڵم‌ئاسایی، لەهەڵم‌چوویی، هەڵماوی‌بوون) ۞ 1 بخارمانند، بخارآلود 2 گرم و مرطوب

steapsin *noun*

ئاووگی شیلاوک ۞ لیپاز

stearate *noun*

خوێ یان ئێستێری stearic acid ۞ استئارات

stearic acid /'stɪərɪk, US stɪ'ærɪk/ *noun*

(کیمیا) ترشەلۆکی پیوی یان بەزی $C_{18}H_{36}O_2$ (هی بەز و پیوی گیانەوەران و گیا و ڕووەک) ۞ اسید استیاریک

stearin /'stɪərɪn/ *noun*

(پێکهێنەری سەرەکیی) پیو، بەز (بنەڕەت: لە یونانی *stear* "tallow") ۞ استیارین

steatite /'stɪətʌɪt/ *noun*

بەردەسابوون (*adj* :steatitic سەربە بەردەسابوون) ۞ سنگ صابون

steato- *prefix*

پێشگر: ماک یان مەتریاڵ یان شانەی چەور (بەزاوی، لە *stear, steat-* یونانی‌یەوە "بەز، چەوری، پیو") ۞ پیشوند: (وابسته به) ماده یا بافت چرب

steatopygia /ˌstɪətə(ʊ)'pɪdʒɪə/ *noun*

سمت‌زلی (= کۆبوونەوەی چەورییەکی زۆر لە سمت‌دا، ب.ت. وەک دۆخێکی ئاسایی لە نێو گەلی Khoikhoi و گەلانی تری باشووری ئەفریکادا؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *steat- stear* ("tallow" + *pugē* "rump") ۞ بزرگی کفل

steatopygous /ˌstɪətə(ʊ)'pʌɪgəs, US ˌstɪə'tɒpɪgəs/ *adjective*

سمت‌زل ۞ دارای کفل بزرگ

steatorrhoea /ˌstɪətə(ʊ)'riːə/ *noun*

بەزەشۆرە، پیوەشۆرە ۞ استیاتوریا

stedfast = steadfast

steed /stiːd/ *noun*

(کۆن، ویژەیی) ئەسپ(ی خۆش‌بەز یا بەکەیف، بۆ شەڕ) ۞ اسب، توسن

steel /stiːl/ *noun*

1 پۆلا، کارۆک 2 پیشەسازی پۆلا، پۆلاگەری 3 بەرهەمهێنانی پۆلا 4 چەقۆتیژکەر ۞ 1 فولاد 2

صنعت فولاد 3 تولید فولاد 4 چاقوتیزکن

steel band *noun*
باندی موسیقاژەنانی تەپلە کانزاییەکان (سووڕپێستەکانی ڕۆژاوا) ۞ گروه نوازندگان طبل‌های فلزی

steel blue *noun*
شینی پۆلایی، شینی مەیلەو بۆر ۞ آبی فولادی

steel-clad /sti:l klæd/ *adjective*
زرێپۆش ۞ زره‌پوش

steel drum *noun*, also steel pan
تەپلی کانزایی یان ئاسنین ۞ طبل فلزی

steel engraving *noun*
هەڵکۆڵین لەسەر پۆلا، پۆلاکۆڵی ۞ نقش‌برداری فولاد

steelhead *noun*
سەرپۆلا (جۆرێ کەشینەی کۆلکەزێڕینەی کۆچەر) ۞ نوعی ماهی

steeliness /'sti:linəs/ *noun*
تایبەتمەندی پۆلایی، پۆلاییتی، پۆلاییبوون ۞ خاصیت فولادی

steel wool *noun*
زبرە یان سیمی قاپشۆری، خوری پۆلا، خوری وایەری (wire wool) ۞ سیم‌ظرف‌شویی یا فولادی

steelwork *noun*
پۆلاواڵە، شتومەکی پۆلایی ۞ اشیاء ساخته‌شده از فولاد

steelworker /'sti:lwɜ:kə(r), US -wɜ:rk-/ *noun*
کرێکاری پۆلاسازی یان کارگەی پۆلا، پۆلاگەر ۞ کارگر ذوب آهن

steelworks /'sti:lwɜ:ks, US -wɜ:rks/ *noun, pl.*
کارگەی پۆلاسازی، کارخانەی پۆلا، کارخانەی پۆلادروستکردن، پۆلاگەری ۞ کارخانەی ذوب آهن

steely /'sti:li/ *adjective* (steelier, steeliest)
1 پۆلایی، پۆلایین، پۆلاتاسایی 2 سەخت، توند، بڕا: *steely blue ◊ steely determination* ۞ 1 فولادی، فولادین 2 سخت، قاطع

steelyard /sti:ljɑ:d/ *noun*
(دەزگای) قەپان ۞ قپان

steenbok /'sti:nbɒk, US 'steın-/ *noun*, also steinbok, steenbuk
جۆرێ ئاسکی چکۆلەی ئەفریکایی گوێزل، کلککول و شاخڕاستی لووس [*Raphiceros campestris*] ۞ نوعی آهو

steep /sti:p/ *adjective, noun*
adj 1 لێژ، تەلان، توند(ایی)، سەرەوخوار، لاپێ: *a steep ◊ a steep hill/slope/bank a steep flight of ◊ climb/descent/drop stairs* 2 یەکجار گران، لە ڕادەبەدەر، ناژیرانە، ڕێتێنەچوو: *a steep decline in the birth £2 ◊ a steep rise in unemployment ◊ rate for a cup of coffee seems a little steep to me* *n* هەڵدێر، تەلان، لێژایی، سەرەوخواری توند ۞ *adj* 1 شیب‌دار 2 گزاف، نامعقول *n* پرتگاه

steeped *adjective*, steeped in
نوقمی، پڕ لە، تژی، دارماڵ (لە) ۞ غرق در، آکنده از

steeper *noun*
دەفری خووساندنی شتێ ۞ ظرف برای خیساندن چیزی

steeple /'sti:pl/ *noun*
کەلوو یان بورجی کلێسە، قوللەی کلێسە، کەلووی منارەیی یان منارەدار ۞ برج کلیسا

steeplechase /'sti:pltʃeıs/ *noun*
پێشبڕکێی ئەسپسواری بە کۆسپەوە (بەسەر کۆسپان)، پێشبڕکێی ڕاکردن بەسەر پەرژینەوە ۞ اسب‌دوانی با مانع، مسابقه‌ی دو با مانع

steeplechaser /'sti:pltʃeısə(r)/ *noun*
1 ئەسپی بەشداری کردوو، لە پێشبڕکێی ئەسپسواری لەسەر کۆسپەوە) 2 ڕاکەر بەسەر پەرژیندا ۞ 1 اسب شرکت‌کننده 2 دونده‌ی دو با مانع

steeplejack /'sti:pldʒæk/ *noun*
کەسێ کە لەسەر برج و قوللەکوورە بەرزەکان کاردەکا یان چاکیان دەکاتەوە، بەرزەکار، قوولەکار، بەرزەوان ۞ کارگر ارتفاع‌کار

steeply /sti:pli/ *adverb*
بە لێژی توندەوە، بە شێوەیەکی سەرەولێژ یان سەرەوخوار، (بە شێوەیەکی) ناژیرانە: *a steeply The path climbed steeply ◊ sloping roof Prices rose steeply ◊ upwards* ۞ بە طور شیب‌دار، به طور نامعقول

steepness /sti:pnəs/ *noun*
لێژی توند، لاپێی سەخت، سینەکێش، تەلانی گرژ ۞ شیب تند

steer /stıə(r), US stır/ *noun, pl.* steers
1 مانگای دابەستە 2 گای خەساو 3 گوێرەکەی نێر، پانێر، پارێن ۞ 1 گاو پرواری 2 گاو اخته 3 گوساله‌ی نر

steerage /'stıərıdʒ, US 'stır-/ *noun*
1 بەڕێوەبردن، کۆنترۆڵ، ئاراستەکردن، ئاژۆتن، ڕاندن، لێخوڕین، ڕانین، بەڕێدابردن، ڕێبەریکردن، 2 direction (مێژوویی) بەشی هەرزانبایی کەشتی ۞ 1 هدایت 2 بخش ارزان‌قیمت کشتی

steerage way *noun*, also steerageway
خێرایی پێویست بۆ باش جوولانی یا مانۆڕدانی کەشتی یان گەمی، ڕێژەی جوولانی کەشتی بەهۆی بزووتنی سوکان یا فەرمان ۞ استراجوی

steerer *noun*

1 ریبەر 2 سوکان‌دار، سوکان‌چی، فەرمان‌گێر ⬡ 1 رهبر 2 سکان‌دار

steering /ˈstɪərɪŋ, US ˈstɪr-/ *noun*
(ماشێن و هتد) فەرمان ⬡ فرمان

steering-column *noun*
ستوونی فەرمان، میلی فەرمان ⬡ میل فرمان

steering committee *noun*, also steering group
لیژنەی ڕێکخستن، لیژنەی ئامادەکاری، لیژنەی بڕیاردان (یا ڕێبەریکردن) ⬡ کمیتەی سازماندهی

steering gear *noun*
دەزگای بەڕێدابردن، دەزگای ڕێبەری‌کردن ⬡ دستگاه هدایت

steering lock *noun*
قوفڵی فەرمان، فەرمان‌بەست ⬡ قفل فرمان

steering wheel *noun*
فەرمان، پێچکە یان چەرخی فەرمان، فەرمان ⬡ چرخ فرمان

steersman /ˈstɪərzmən/ *noun, pl.* steersmen
(کەشتی، گەمی و هتد) سوکان‌دار، سوکان‌چی، سوکان‌بەدەست، فەرمان‌بەدەست، فەرمان‌گێر، سوکان‌گێر ⬡ سکان‌دار

steeve /ˈsti:v/ *noun*
میل یا شیشی قولاپ‌داری تاقی‌کردنەوەی بار یا لەباڵیەکاچنین ⬡ استیو

stegosaur /ˈstɛgəsɔ:/ *noun*, also stegosaurus /ˌstɛgəˈsɔ:rəs/
جۆرێ دایناسۆری چوارپێی گیاخۆری کریتاسە Cretaceous و ژووراسیک Jurassic خێزانی Stegosauridae ⬡ استگوسور

stein /stain/ *noun*
ئاوجۆخۆری، بیرەخۆری، لیوانی ئاووجۆ ⬡ آبجوخوری

steinbock /ˈstʌɪnbɒk/ *noun, pl.* same or steinbocks
جۆرێ بزنەکێوی (ب.ت. هی چیاکانی ئالپ) ⬡ نوعی بزکوهی

steinbok /ˈstʌɪnbɒk/ = steenbok

stela /ˈsti:lə/ *nounpl.* stelae /-li:/
کێلەستوون یان بەردەنووسی کێلی بیرەوەری ⬡ ستون‌سنگی یادبود

stelar *adjective*
1 سەربە stela 2 سەربە stele ⬡ 1 وابستە بە stela 2 وابستە بە stele

stele /sti:l, US ˈsti:li/ *noun*
1 (ڕووەکناسی) لولەکی ئاوخۆرە 2 = stela ⬡ اسطوانەی آوندی

stellar /ˈstelə(r)/ *adjective*
1 ئەستێرەیی، سەربە ئەستێرە یان ئەستێرەکان 2 پڕئەستێرە 3 ئەستێرەئاسا، وەکوو ئەستێرە 4 ئەستێرەی سینەمایی، بەرز، دیار ⬡ 1 ستارەای، اختری 2 پرستارە 3 ستارەمانند 4 برجستە

stellar wind *noun*
(ئەستێرەوانی) بایی ئەستێرەیی (بارچۆلکە بارگاوی‌یەکان) ⬡ باد اختری

stellate /ˈstelert, US -lət/ *adjective*, also stellated
ئەستێرەئاسا، شێوەئەستێرە، وەکوو ئەستێرە، ئەستێرەیی ⬡ ستارەمانند

stelliform /ˈsteləfɔ:m/ *adjective*
ئەستێرەئاسا، شێوەئەستێرە، وەکوو ئەستێرە، ئەستێرەیی ⬡ ستارەمانند

stellular /ˈsteljələ(r)/ *adjective*
ئەستێرۆکەئاسا، لە شێوەی ئەستێرەی چکۆلە ⬡ مانند ستارەی کوچک

stem /stem/ *noun*
1 لاسک، ساقەت، قاسک، قەد، لاچک، قالۆر، دەمار، چێوکە، پایە، قنچک، دارک (ب.ت. توتن): *a tall ◊ long, trailing stems of ivy* (ڕیزمان) 2 *plant with branching stems* قەد، بن(ە)، ڕەگ یان بنج، بیچم یان شێوەی بنەڕەت (= بەشی بنەڕەتی ناو، کار و هتد): 3 دەسکی *strength is the stem of strengths* قورمیش (ی سەعات)، دەستەکۆک 4 ڕەچەڵەک، بنەچە، تۆمەرە، کۆک، هێڵی سەرەکی ڕەگەزی خێزان یان نەتەوەیی 5 لووتکەی کەشتی، سەر، پێشەڵ 6 میلی میکانیزمی 7 قەدی پیت یان نۆتەی موسیقا 8 دار، دەسک (لە سەبیلەدا)، ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی *stefn stemn* بنەڕەت) ⬡ 1 ساقە، تنە 2 (دستور زبان) ستاک 3 دستەی کوک 4 دودمان، اصل 5 دماغەی کشتی 6 میل 7 استم 8 دستەی چپق

stem body *noun*
تەنی بنەڕەتی ⬡ جسم بنیادی

stem bundle *noun*, also cauline vascular bundle
گورزە یان چەپکە یان دەسکی لاسکی ⬡ دستەی ساقەای

stem cell *noun*
خانەی بنەڕەتی، ژوورەی بنەڕەتی: *-m cells are the key to the body's ability to renew hematopoietic -m cells in bone ◊ itself -m cell research is the essential ◊ marrow first step for cloning* ⬡ سلول بنیادی

stemless *adjective*
بێ‌لاسک، بێ‌ساقەت، بێ‌قەد، acaulescent ⬡ بدون ساقە

stemlike *adjective*
لاسک‌ئاسا، لاسکی، قەدی، شێوەلاسک ⬡ ساقەمانند

stemma /ˈstɛmə/ *noun, pl.* stemmata /-mətə/

1 ڕەچەڵەک، ڕەچەڵەکنامە، بنەچەک، توخم، تۆمەرە 2 (گیانەوەرناسی) چاو ◯ 1 نسبت‌نامە، دودمان 2 چشم

stemmed *adjective*
a long-stemmed rose: (لە لێکدانا) ـ لاسک ◯ ـساقە

stemmy *adjective*
پڕلاسک، لاسکاوی، پڕقەد ◯ پرساقە

stemware /ˈstemweə(r), US -wer/ *noun*
1 لیوانی پایەدار یان قەددار 2 هێربـاری شووشەیی پایەدار (یان قەددار) ◯ 1 لیوان پایەدار 2 کریستال پایەدار

stem-winder /ˈstem ˌwaɪndə(r)/ *noun*
سەعاتی دەسکەکۆک یان دەسکەقورمیشی ◯ ساعت دستەکوک

sten(o)- /ˈstɛnəʊ/ *prefix*
پێشگر: تەسک، تەنگ، باریک، کەم، کێم: *stenothermal* (بنەڕەت: لە *stenos* یۆنانییەوە) ◯ پیشوند: تنگ، باریک، ضیق، اندک، کم

stench /stentʃ/ *noun*
بۆگەن، بۆنی ناخۆش، بۆسار، reek ◯ بوی گند

stencil /ˈstensl/ *noun*
ستێنسیل، نموونە ◯ استنسیل، شابلون

stencil paper *noun*
کاغزی ستێنسیل ◯ کاغذ استنسیل

Sten gun *noun*
شەستیری دەستی (چکۆلەی) بریتانیایی، جۆری شەستیری دەستی 9ـمیلیمیتری سووکی سادە (بنەڕەت: لە R. V. Shepherd، ئەفسەری ئەرتەشی ئینگلتەرە سەدەی بیستەم + H. J. Turpin، فەرمانبەری دەوڵەتی ئینگلتەرە + Enfield "ئینگلتەرە England") ◯ استین گان

steno /ˈstɛnəʊ/ *noun, pl.* stenos = 1 shorthand typist 2 short for stenography

stenobathic *adjective*
(گیانەوەران) کەمقووڵژی، لە قووڵایی کەما دەژی ◯ استنوباتیک

stenograp = stenography

stenographer /stəˈnɒgrəfə(r), US -ˈnɑːg-/ *noun*, also stenographist
توندنووس، خێرانووس، کورتکەرەوە، نیشانەنووس ◯ تندنویس

stenographic *adjective*
سەربە نیشانەنووسی، سەربە stenography ◯ وابستە بە تندنویسی

stenography /stəˈnɒgrəfi, US -ˈnɑːg-/ *noun*
توندنووسی، خێرانووسی، کورتکردنەوە، نیشانەنووسی ◯ تندنویسی

stenohaline /ˌstɛnəʊˈheɪlʌɪn, US -liːn/ *adjective*
(ژینگەناسی) تەنیا لە ڕێژەیێکی سوێری تایبەتیدا ئەتوانێ هەڵکا، کەمەخوێژی ◯ استنوهالین

stenophagous *adjective*
کەمجۆرخۆر ◯ استنوفاگوس

stenosis /stɪˈnəʊsɪs/ *noun, pl.* stenoses
تەنگان، تەسکان، تەنگبوونەوە یان باریکبوونەوەی هێندێ بۆری یان جۆگەی لەش ◯ استنوز، استنوسیس

stenothermal /ˌstɛnə(ʊ)ˈθəːm(ə)l/ *adjective*
(ژینگەناسی) کەمەگەرماژی: تەنیا لە ڕێژەیێکی کەمی گۆڕانی کەش و هەوادا ئەتوانێ هەڵکا (بڕوانە eurythermal) ◯ استنوترمال

stenotype *noun*
دەزگای تۆمارکردنی وتار بە شێوەی بڕگە یان فۆنیم ◯ استنوتایپ

stentor /ˈstentɔ/ *noun*
مرۆی دەنگگڕ، بنیادەمی دەنگبەرز (بنەڕەت: لە "*Stentōr*"ی یۆنانی، ناوی ڕاسپاردەیێ لە شەڕی Trojanدا) ◯ ادم دارای صدای رسا

stentorian /stenˈtɔːriən/ *adjective*
stentorian tones: (دەنگی کەسێ) بەرز، گڕ ◯ رسا

step /step/ *noun*
1 هەنگاو، گاف، شەقاو، لۆق، پێنگاو، پێنگاف 2 مەودای کەم، ماوەی کورت یان کەم 3 دەنگی پێ، خشپە، خرمە، دەنگی ڕۆیشتن 4 ڕەوت، ڕەو، مەش، شێوەی ڕێڕۆیشتن 5 کردەوە، کار، کردار، کردە 6 جێبەجێ کردن، کردن، ڕاپەڕاندن 7 پلە، ئاست، ڕادە، پایە، پلەوپایە 8 قۆناخ، کاروانگە، پێواژۆک 9 (steps) نەردیوانی دوولا، نەردیوانی قەدکراو، پەیژەی ئاسنی، پلیکانی داری 10 (لە پەیژەی موسیقادا) پلە، ناوبەرە، مەودا 11 جووڵانی هەر دوو پێ لە هەڵپەڕکێدا ◯ 1 قدم، گام 2 مسافت کوتاه 3 صدای پا 4 طرز راه رفتن 5 عمل، اقدام 6 اجرا 7 رتبە، درجە 8 مرحلە 9 (در جمع) نردبان تاشو 10 (موسیقا) فاصلە، درجە 11 استپ

stepbrother /ˈstepbrʌðə(r)/ *noun*
زڕبرا ◯ برادر ناتنی

step-by-step *adjective, adverb*
هەنگاوبەهەنگاو، قۆناخبەقۆناخ، بەرەبەرە ◯ گامبەگام، بە تدریج

step change *noun*
گۆڕانی بنەڕەتی، وەرچەرخان (لە ڕێکخراوە و هتد) ◯ تغییر بنیادی

stepchild /ˈsteptʃaɪld/ *noun, pl.* stepchildren
زڕکچ، زڕکوڕ، هەنەزا ◯ ناپسری، نادختری

stepdaughter /ˈstepdɔːtə(r)/ *noun*

زڕکچ، هەنەزا ۞ نادختری

stepdown *noun*

کەم‌بوونەوە، کەمی ۞ کاهش، کاستی

stepfather /ˈstepfɑːðə(r)/ *noun*

زڕباوک، زڕباب، باوەپیارە ۞ ناپدری

stephanotis /ˌstɛfəˈnəʊtɪs/ *noun*

گوڵەتاجە، تاجەگوڵێنە: گیایێکی هەڵچووی ماداگاسکانی [تۆوخم *Stephanotis*] (لە یۆنانی‌یەوە *stephanos* "گونجاو بۆ تاج، لە "تاج، تاجەگوڵێنە") ۞ نوعی گیاه

stepladder /ˈsteplædə(r)/ *noun*

نەردیوانی دوولا یان قەدکراو یان نووشتاو، پەیژەی ئاسنی، ناوبەرە یان پلەکانی تەختێن ۞ نردبان تاشو

stepmother /ˈstepmʌðə(r)/ *noun*

زڕدایک، باوەژن، ژنباب ۞ نامادری

stepparent *noun*

1 زڕباوک، باوەپیارە 2 زڕدایک، باوەژن ۞ 1 ناپدری 2 نامادری

stepped *adjective*

پلەپلە، پلێنراو، ئەندازێنراو، پلەدار ۞ مدرج

stepped-up *adjective*

تاوسەندوو، بەخۆکەوتوو، بەپەلەکەوتوو ۞ شتاب‌گرفته

steppe lemming *noun*

جۆرێ مشکی ئاوی ڕەهۆڵێدەری ئاسیای ناوەندی، جاروبار بەلای بەرەوبوو و لەوەڕە [*Lagurus lagurus*] ۞ نوعی موش

steppe /step/ *noun, usu.* steppes, from Russ. *step'*

(جوگرافی) ستێپ (دەشتێکی فراوان و بەرین، کەم‌سەوز و دار لە رووسیە، ئاسیا و باشووری رۆژهەڵاتی ئەورووپا) ۞ استپ

stepping-stone *noun*

1 بەردەباز، جێ‌پا، پێباز، بەردەپەڕینەوە (بۆ پەڕینەوە لە ئاو یان چۆم و...) 2 (خوازە) یەکەمین هەنگاو 3 مایەی پێشکەوتن، مایەی پێش‌وەچوون، هۆی پێشکەوتن: *a stepping stone to a more lucrative career* ۞ 1 سنگ‌چین 2 (مجازی) اولین گام 3 موجب پیشرفت

steps = stepladder

stepsister /ˈstepsɪstə(r)/ *noun*

زڕخوشک ۞ خواهر ناتنی، ناخواهری

stepson /ˈstepsʌn/ *noun*

زڕکوڕ، هەنەزا ۞ ناپسری

stepwise /ˈstepwaɪz/ *adjective*

1 هەنگاوبەهەنگاو، بەرەبەرەیی 2 (موسیقا، ئاواز یان مێلۆدی‌یێ) بە شێوەیێ دەجووڵێ کە تەنیا ئەو نۆتانەی کە لە دوای یەک لە پەیژەیێکدان بەکاردێنێ ۞ 1 گام‌به‌گام، تدریجی 2 استپ‌وایز

ster(o)- *prefix*

پێشگر: 1 سێ‌لایی، سێ‌ڕەهەندی، تەندار: 2 *stereophonic* ،*stereography* سەخت، ڕەق، پتەو، تۆکمە (لە یۆنانی‌یەوە *stereos* "solid") ۞ پیشوند: 1 سه‌بعدی 2 سفت، استوار

steradian /stəˈreɪdɪən/ *noun*

ستێرادیەن، ستێرەیدیەن: یەکەی سیستمی جیهانی گۆشەی سێ‌لایی یان تەندار (کورتەکەی sr) ۞ استرادین

stercoraceous *adjective,* also stercoricolous or stercoral

شیکەیی، ڕیخی، گویی، سەربە پیسایی ۞ برازی

stercovorous *adjective*

پیسایی‌خۆر، گووخور ۞ کثافت‌خوار

stere /stɪə/ *noun*

میتری سێ‌جا ۞ مترمکعب

stereo /ˈsterɪəʊ, US -oʊ/ *noun, adjective, pl.* stereos

n 1 ستێریۆ، ستریۆ 2 بڵاوبوونەوەی دەنگی ستریۆ 3 سیستمی دەنگی ستریۆیی *adj* ستریۆ، ستێریۆیی ۞ *n* 1 استریو 2 پخش صوت استریو 3 سیستم صوت استریویی *adj* استریویی

stereobate /ˈstɛrɪə(ʊ)beɪt, US ˈstɪə-/ *noun*

هەرزاڵە، بنکە، بنچینە، بنڕەقینە، بنەڕەت، بناخە ۞ صفه، پی

stereobatical *adjective*

سەربە یان پێوەندی بە stercobate ـەوە هەیە ۞ وابسته به صفه، پی

stereochemical *adjective*

سەربە کیمیای سێ‌لایی یان سێ‌ڕەهەندی ۞ وابسته به شیمی فضائی

stereochemically *adverb*

لەباری کیمیای سێ‌لایی یان سێ‌ڕەهەندی‌یەوە ۞ از لحاظ شیمی فضائی

stereochemistry *noun*

کیمیای سێ‌لایی یان سێ‌ڕەهەندی یان سپەیشڵ spatial (ڕێکخستنی سێ‌لایی گەردیلەکان لەنێو گەردێ‌دا) ۞ شیمی فضائی

stereogram *noun*

وێنەی سێ‌لایی، وێنەی سێ‌ڕەهەندی ۞ تصویر سه‌بعدی

stereograph *noun*

وێنەی سێ‌لایی، وێنەی سێ‌ڕەهەندی ۞ تصویر سه‌بعدی

stereographic *adjective,* also -reographical

سەربە ستریۆگرافی، سەربە ڕەقۆگرافی: - *graphic projection* ۞ وابسته به استریوگرافی

stereography *noun*

ستریۆگرافی، ڕەقۆگرافی (هونەری پیشاندانی تەنە ڕەقەکان لەسەر ئاستێ) ۞ استریوگرافی

stereoisomer /ˌstɛrɪəʊˈʌɪsəmə, ˌstɪə-/ *noun*

ستریۆئیزۆمێر، ئیزۆمێری سێ‌ڕەهەندی یان سپەیشل: هەریەک لە دوو یان چەندین گەرد کە تەنیا لە ڕێکخستنی سێ‌ڕەهەندی یان سپەیشلی گەردیلەکانیان جیاوازییان هەیە ۞ استریوایزومر، ایزومر فضایی

stereoisomeric *adjective*
(کیمیا) سەربە یان پێوەندی بە ستریۆئیزۆمێرەوە هەیە ۞ وابسته به استریوایزومر

stereoisomerism *noun*
ستریۆئیزۆمێریزم ۞ استریوایزومریسم

stereolithographic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە ستریۆلیتۆگرافی‌یەوە هەیە ۞ وابسته به استریولیتوگرافی

stereolithography *noun*
(سینەما و فیلم) ستریۆلیتۆگرافی ۞ استریولیتوگرافی

stereological *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە سێ‌لایی‌ناسی‌یەوە هەیە ۞ وابسته به استریولوژی

stereologically *adverb*
لەباری سێ‌لایی‌ناسی(یەوە) ۞ از لحاظ استریولوژی

stereology *noun*
سێ‌لایی‌ناسی: لقێ لە زانست کە لەمەڕ دیاری‌کردنی پێکهاتە یان تایبەتمەندی سێ‌لایی شتەکان یان ماک و مادە دەکۆڵێتەوە کە زۆرتر دوولایی دەنوێنن ۞ استریولوژی

stereome *noun*
شانەی سەخت، سەختەشانە، ڕەقەشانە (شانەی پتەوی گیا) ۞ استریوم

stereometer *noun*
بارستەپێو، قەبارەپێو ۞ حجم‌سنج

stereometry *noun*
بارستەپێوی، قەبارەپێوی ۞ حجم‌سنجی

stereomicroscope *noun*
ستریۆووردبین، ستێریۆمایکرۆسکۆپ ۞ استریو میکروسکوپ

stereomicroscopic *adjective*
سەربە ستریۆووردبین ۞ وابسته به استریو میکروسکوپ

stereomicroscopically *adverb*
لەباری ستریۆووردبینی(یەوە) ۞ از لحاظ استریو میکروسکوپی

stereophonic /ˌsteriəˈfɒnɪk, US -ˈfɑːnɪk/ *adjective*
ستێریۆ، ستریۆ: *stereophonic sound* (stereophony *n* stereophonically *adv*) ۞ استریو

stereopsis /ˌsterɪˈɒpsɪs, ˌstɪərɪ-/ *noun*
بینینی سێ‌ڕەهەندی، سێ‌لایینی، توانایی دیتن لە سێ لا یان ڕەهەندەوە. binocular vision ۞ رؤیت سەبعدی

stereoptic *adjective*
سەربە سێ‌لایینی یان بینینی سێ‌ڕەهەندی ۞ وابسته به رؤیت سەبعدی

stereopticon /ˌsterɪˈɒptɪk(ə)n, ˌstɪərɪ-/ *noun*
1 جۆرێ پرۆژێکتۆری سلایدەکان کە دوو وێنە یان ئیماژ پێکدێنێ تا ئیفێکتێکی سێ‌لایی ساز بکا 2 = stereoscope ۞ استریوپتیکورن

stereoscope *noun*
دەزگای سێ‌لایی‌بین، دەزگای پیشان‌دانی سێ‌لایی یان سێ‌ڕەهەندی، ستریۆسکۆپ، سێ‌لایینە ۞ برجسته‌نما

stereoscopic /ˌsteriəˈskɒpɪk, US -ˈskɑːpɪk/ *adjective*
(وێنە و هتد) سێ‌لایی، سێ‌ڕەهەندی، سێ‌لایین: (stereoscopically *adv*) *stereoscopic vision* ۞ سەبعدی، استریوسکوپیک

stereoscopy *noun*
سێ‌لایینی، ستریۆسکۆپی ۞ برجسته‌نمایی

stereotactic /ˌsterɪə(ʊ)ˈtaktɪk, ˌstɪərɪə(ʊ)-/ *adjective*, also stereotaxic /-ˈtaksɪk/
سەربەو شێوە و تەکنیکانەی چارەسەری نەشتەرگەری یان لێکۆڵینەوەی زانستی کە ڕێگا خۆش دەکا بۆ دیاری‌کردنی شوێنی وردی میل و پرۆب لە نێو مێشک یان بەشێکی تری لەشدا (stereotactically *adv*) ۞ استریوتاکتیک

stereotaxis *noun*
جووڵان یان بزووتنی زیندەوەرێ لە ئەنجامی کاردانەوە بە لێکەوتن لەگەڵ شتێکی ڕەق یان سالیددا ۞ جامدگرایی، استریوتاکسیس

stereotomic *adjective*, also stereotomical
سەربە یان پێوەندی بە ستریۆتۆمی‌یەوە هەیە ۞ وابسته به استریوتومی

stereotomy *noun*
هونەری بڕینی ڕەقەمەنی وەک بەرد بۆ شێوەی تایبەتی ۞ استریوتومی

stereotype /ˈsteriətaɪp/ *noun*
1 باوەڕ یان بیرۆکەی کلیشەیی، خەیاڵ یان ئیماژی کلیشەیی 2 (چاپ) قالب (stereotypy *n*) ۞ 1 عقیده یا اندیشه‌ی قالبی، پندار قالبی 2 کلیشه

stereotyped *adjective*
کلیشەیی، چەندبارەوەبوو، قاڵبی، چەق‌بەستوو(انە)، نەگۆڕ: *a play full of stereotyped characters* ۞ قالبی، متحجر

stereotypical /ˌsteriəˈtɪpɪkl/ *adjective*, also stereotypic
کلیشەیی، چەندبارەوەبوو، قاڵبی، چەق‌بەستوو(انە) ۞ قالبی

stereotypically /ˌsteriəˈtɪpɪkli/ *adverb*
بە شێوەیێکی کلیشەیی یا قاڵبی، چەق‌بەستووانە،

چەندبارەوەبووانە ۞ به طور قالبی

stereotyping /'steriətaɪpɪŋ/ *noun*
بۆچوونی کلیشەیی یا چەندبارەوەبوو: *sexual - g* ۞ تصور یا نظر قالبی

steric /'stɛrɪk, 'stɪərɪk/ *adjective*, also sterical
(کیمیا) سەربە ڕێکخستنی شوێنی گەردیلەکان لەنێو گەردیدا، ب.ت. ئەوەی کە دەبێتە مایەی کاردانەوە (sterically *adv*) ۞ استریک

sterigma *noun, pl.* sterigmata or sterigmas
پاچکە، پایەژە: لاسکێکی چکۆلە کە sporangium، conidium و ب.ت. basidiospore هەڵدەگرێ (بنەڕەت: لە *stērigma* یۆنانی "پایە") ۞ استریگما

sterilant /'stɛrɪl(ə)nt/ *noun*
هۆکاری نەزۆککێنەر یان نەزۆکاندن، نەزۆکێنە، ئەستێورە: هۆکارێ کە بۆ فەوتاندن یان تیابردنی وردەزیندەوەرەکان، ئازار و نەخۆشییەکانی نێو گڵ یان خاک بەکاردێنرێ ۞ استریلانت

sterile /'steraɪl, US 'sterəl/ *adjective*
1 نەزۆک، ووتکاو، ئەستێور، قسر، وەجاخ‌کوێر، بەیچەڵ، نەزۆک، هەرکان، ستێور، قرد، سکنەکەر، infertile 2 بایەر، بێ‌بڕشت، رووتەن، قاقڕ، بێ‌پیت، بێ‌بەرهەم، نەبڕ: *a sterile region* 3 بێ‌ئەنجام، بێهوودە، سەرنەگرتوو، بەهیچ‌دەرچوو، *arid*، fruitless: *a sterile debate* 4 خاوێن(ەوەبوو)، پاکژ، گەندەسڕکراو؟، بێ‌بەکتریا: *sterile bandages* ◊ *a sterile syringe* ◊ *sterile water* (sterilely *adv*: بنەڕەت: لە *sterilis* لاتینەوە، ئەویش پێوەندی بە *steira* یۆنانییەوە هەیە "مانگای قسر یان ئەستێور") ۞ 1 نازا، عقیم 2 لم‌یزرع 3 بی‌نتیجه 4 گندزدایی‌شده

sterility /stə'rɪləti/ *noun*
1 نەزۆکی، ئەستێوری، بەیچەڵی، نەزۆکی، هەرکانی، ستێوری، قسری، قردی، سکنەکەری 2 بایەری، بێ‌بڕشتی، رووتەنی، قاقڕی، بێ‌پیتی، بێ‌بەرهەمی، بێ‌خێرە، نەبڕی 3 بێ‌ئەنجامی، بێهوودەیی، بێ‌کەڵکی، بێ‌فازانجی، بێ‌سوودی، بەکارنەهاتوویی، سەرنەگرتوویی، بەهیچ‌دەرچوویی 4 خاوێنی، پاکژی، خاوێن‌کراوی، خاوێنەوەبوویی ۞ 1 نازایی، سترونی 2 بی‌حاصلی 3 بی‌فایدگی 4 گندزدایی‌شدگی

sterilization /ˌsterəlaɪ'zeɪʃn, US -lə'z-/ *noun*
1 نەزۆکاندن، ووتکاندن، نەزۆک‌کردن، ئەستێورکردن، قسراندن، لەزگ‌خستن، نەزۆکێنراوی 2 خاوێن‌کردن(ەوە)، پاکژاندن، پاکژکردن ۞ 1 عقیم‌سازی، سترون‌سازی، عقیم‌شدگی 2 ضدعفونی، گندزدایی

sterilized *adjective*
1 خاوێن، خاوێن‌کراو، خاوێنەوەبوو 2 پاکژێنراو، پاکژکراو ۞ 1 گندزدایی‌شده 2 ضدعفونی‌شده

sterilizer /'sterəlaɪzə(r)/ *noun*
خاوێن‌کەرەوە، پاکژێنەر، پاکژکەر(ەوە) ۞ ضدعفونی‌کننده

steriling /'stɜːlɪŋ, US 'stɜːrlɪŋ/ *adjective*
1 (کۆین و هتد) تەواوعەیار، رەسەن، بە عەیارێکی ستانداردەوە 2 بەرز، بەنرخ، بەبایەخ، بەرز، یەکجارباش، هەرەچاک ۞ 1 تمام‌عیار، اصیل 2 عالی

sterlet /'stɜːlɪt/ *noun*
جۆرێ ماسی خاویاری بنکی Danube و دەریای کاسپیەن (خەزەر) [*Acipenser ruthenus*] ۞ استرلت

sterling /'stɜːlɪŋ, US 'stɜːrlɪŋ/ *noun, adjective*
n ستێرلینگ (یەکەی ستانداردی پارەی بریتانیا لەسەر بنچینەی پەوند) *adj* یەکجار باش، عال ۞ *n* استرلینگ *adj* عالی

sterling area *noun*, also sterling block
ناوچەی ستێرلینگ (کۆمەڵێ لەو وڵاتانەی کە پارەکەیان سەربە ستێرلینگی بریتانیایە) ۞ منطقەی استرلینگ

sterling silver *noun*
زیوی ستێرلینگ (بە لای کەمەوە سەدی 92 زیوی پەتی بێ) ۞ نقرەی استرلینگ

stern[1] /stɜːn, US stɜːrn/ *adjective*
1 توندوتیژ، توند، سەخت، بەزەبروزەنگ 2 وشک، رووناخۆش، رووتاڵ، مرۆموچ، بەدخولک، دیژ 3 بەرشت، بێ‌بەزەیی، بێ‌دڵ، بێ‌ڕوحم 4 پتەو ۞ 1 خشن 2 خشک، عبوس 3 جدی، بی‌رحم 4 محکم

stern[2] /stɜːn, US stɜːrn/ *noun*
1 پاژنەی کەشتی، کنگ یان پاشەوەی کەشتی یان گەمی 2 (خوازە) پاشکۆ، پشتەوە، دواوە، پاشەوە، پاشەڵ (لە *stjórn* نۆرسی کۆن "steering") ۞ 1 پاشنەی کشتی یا قایق 2 (مجازی) عقب

sternal /'stɜːnl/ *adjective*
ئێسکەکۆلەیی، سەربە سنگەچەڵەمە، سەربە کۆلەی سنگ، سەربە یان پێوەندی بە sternum ـەوە هەیە ۞ جناغی، وابستە بە جناغ

sternalgia *noun*
سنگێشە، ژانەسنگ ۞ سینەدرد

sternal rib = true rib

stern chase *adverb*
شوێن‌کەوتن یان بەدواکەوتنی کەشتی هەڵاتوو ۞ تعاقب کشتی فراری

sternly /'stɜːnli/ *adverb*

1 رووگرژانە، بەدخولکانە 2 توندوتیژانە، توند، بە توندی 3 زۆردارانە، بە زۆری ۞ 1 عبوسانە 2 بە طور خشن 3 با تحکم

sternmost *noun*
بەشی هەرەپاشی کەشتی ۞ عقب‌ترین قسمت کشتی

sternness /stɜːnnəs, US stɜːrnnəs/ *noun*
1 توندوتیژی، توندی، سەختی، (بە)زەبروزەنگ(ی) 2 وشکی، رووناخۆشی، رووتاڵی، مرومۆچی، بەدخولکی 3 بەرشتی، بێبەزەیی‌بوون، بێ‌ڕوحمی ۞ 1 خشنی 2 خشکی، عبوسی 3 جدی بودن، بی‌رحمی

sternocleidomastoid /ˌstɜːnə(ʊ)ˌklʌɪdə(ʊ)ˈmastɔɪd/ *adjective*
(توێکاری) ئێسکەکوڵەیی پەراسوویی ۞ دندەای و جناغی

sternocostal *adjective*
ئێسکەکوڵەیی پەراسوویی ۞ دندەای و جناغی

sternpost *noun*
کوڵەکەی ئەستوونی نێوەراستی پاژنەی کەشتی، کوڵەکەی راستی دواوەی کەشتی ۞ تیر عمودی عقب کشتی

stern sheets *noun, pl.*
بەشی دواوەی گەمی‌یێکی سەربەتاڵ ۞ استرن شین

sternum /ˈstɜːnəm, US ˈstɜːrnəm/ *noun*, sternums or sterna /-nə/
(توێکاری) هەریەک لە جووتە ماسوولکە درێژەکان کە ئێسکەکوڵە، ئێسکەچەلەمە clavicle و پەڕی گوێ mastoid process پێک دەبەستێتەوە و کاریان سووڕاندن و تەکاندانی ملە. breastbone ۞ جناغ سینە

sternutation /ˌstɜːnjʊˈteɪʃ(ə)n/ *noun*
پژمە، سەبر، پشمە ۞ عطسە

sternutative /ˌstɜːˈnjʊtətɪv/ *adjective*, also sternutatory
پژمێنەر، پشمەهێنەر، پژمە دێنێ ۞ عطسه‌آور

sternward(s) *adverb, adjective*
بەرەو پشتەوە یان دواوەی کەشتی ۞ بە طرف عقب کشتی

sternway *noun*
(کەشتی) رۆیشتن بەرەو دواوە یان پشتەوە ۞ حرکت بە عقب

sternwheeler *noun*
کەشتی خاوەن پێچکە یان چەرخی پەرەدار لە دواوە ۞ استرن‌ویلر

steroid /ˈsterɔɪd, BrE also ˈstɪər-, US also ˈstɪr-/ *noun*
1 (زیندەکیمیا) ستێرۆید: هەریەک لە دەستە بەربلاوەکانی ئاوێتە ئەندامی‌یەکان (کە زۆر هۆرمۆن، ئالکالوید alkaloid و ڤیتامین دەگرێتەوە) بە گەردیکەوە کە چوار ئاڵقەی گەردیلەی کاربۆنی تیایە 2 کورتەی anabolic steroid ۞ استروئید

steroidal *adjective*
ستێرۆیدی، سەربە ستێرۆید ۞ وابستە بە استروئید

stertor *noun*
پرخە، قرخە، سیخە ۞ خرخر، خرناس

sterol /ˈstɪərɒl, ˈsterɒl/ *noun*
(زیندەکیمیا) ستێرۆل: هەریەک لە کۆمەڵی ئەلکۆلە ستێرۆیدە جۆربەجۆرەکان (وەک cholesterol) کە بەربلاوانە لە لیپیدە رووەکی و گیانەوەری‌یەکاندا بلاوبۆتەوە ۞ استرول

stertorous /ˈstɜːt(ə)rəs/ *adjective*
(هەناسە) لرخە(ی لەگەڵە)، سیخە، قرخە، مرخە، لرخەلرخ، سیخەسیخ ۞ صدادار

stertorously /ˈstɜːt(ə)rəslɪ/ *adverb*
بە لرخەوە، بە سیخەسیخەوە، بە لرخەلرخەوە ۞ بە طور صدادار

stethoscope /ˈsteθəskəʊp, US -skoʊp/ *noun*
بیستۆک، ستێتۆسکۆپ، هەناسەبین ۞ گوشی

stethoscopic *adjective*, also stethoscopical
سەربە بیستۆک یان هەناسەبین، سەربە ستێتۆسکۆپ ۞ وابستە بە گوشی

stethoscopy /ˈsteθəskəʊpɪ, US -skoʊpɪ/ *noun*
پشکنین بە بیستۆک، لێ‌ڕوانین بە ستێتۆسکۆپ، هەناسەبینی، پشکنین یان لێ‌ڕوانین بە هەناسەبین ۞ معاینە با گوشی

stetson /ˈstetsn/ *noun*, US Stetson
(دروشمی بازرگانی، ئەمریکا) کڵاوی کاوبۆی یا ویستێرن ۞ کلاه کابوی

stevedore /ˈstiːvədɔː(r)/ *noun*
کرێکاری لەنگەرگا، کۆڵکێش یان باربەری کەشتی، کرێکاری بەندەر ۞ کارگر باراندازی

stew[1] /stjuː, US stuː/ *noun*
1 چێشت، خۆرشت 2 نگەرانی، دڵەتەپە، نارەحەتی، دڵەڕاوکە 3 قاحبەخانە، حیزخانە ۞ 1 خوراک 2 نگرانی 3 فاحشه‌خانه

stew[2] /stjuː, US stuː/ *noun*
1 حەوز یان گۆلاوکەیێ بۆ راگرتنی ماسی بۆ خواردن 2 سەدەفەلانی دەسکرد ۞ استیو

steward /ˈstjuːəd, US ˈstuːərd/ *noun*
1 (فرۆکە، کەشتی و هتد) میواندار 2 وەکیلخەرج 3 کارکەر، خزمەتکار 4 بەڕێوەبەر، سەرپەرشت، چاودێر، زێرەڤان 5 نوێنەری یەکێتی کرێکاران ۞ 1 مهماندار 2 مأمور خرید 3 پیشکار 4 ناظر 5 نمایندەی اتحادیەی کارگران

stewardess /ˌstjuːəˈdes, ˈstjuːə-, US ˈstuːərdəs/ *noun*
1 (فرۆکە و کەشتی) میواندار 2 کارکەر، خزمەتکار (ژن) ۞ 1 مهماندار 2 پیشکار (زن)

stewardship /'stju:ədʃɪp, US 'stu:ərdʃɪp/ *noun*
1 چـــاودێری، سەرپەرشـــتی، ســـەخبێری 2 کارکەری، خزمەتکاری 3 وەکیل‌خەرجی ◌ 1 نظارت 2 پیشکاری 3 وکیل‌خرجی

stewed /stju:d, US stu:d/ *adjective*
1 (چایی) کولاو، ماوە، کۆن 2 کەلەلا، کەیل، مەســت ◌ 1 جوشیده 2 مست

stewing steak *noun*
گۆشتی چێشت یان خۆرشت ◌ گوشت خورشی

stew-pan /'stju: pæn/ *noun*
قابلەمە یان دیزەی چێشت یان خۆرشت ◌ قابلمەی خورشی

Sth *abbreviation* south

sthenia *noun*
چالاکی، بەقەوەتی، بەتینی، بەهێزی، توندی ◌ فعالیت، قوی بودن

sthenic /'sθɛnɪk/ *adjective*
1 چـالاک، بەقـەوەت، بـەتین، بـەهێز، تونـد، خاوەنی ئاستێکی بەرز لە هێز یان وزە 2 جێی ترس، مەترسی‌دار ◌ 1 فعال، قوی 2 خطرناک

STI /ˌes ti: 'ai/ *noun, abbreviation* sexually transmitted infection
ئێس‌تی‌ئای: نەخۆشی‌ی‌ێ کە بە درێژایی کاری سێکس لە یەکیکەوە بۆ یەکێکی‌تر رادەگوێزرێ: *a fact sheet on the symptoms and treatment of STIs* ◊ *STIs cause a wide range of illnesses* ◌ اس‌تی‌آی

stibnite /'stɪbnʌɪt/ *noun*
ستیبنایت، ستینیت: گازێکی بێ‌رەنـگ و ژاراوی Sb_2S_3، لە سولفایدی ئانتیمۆنی پێکهاتووە ◌ استیبنیت

sticomythia /ˌstɪkə(ʊ)'mɪθɪə/ *noun*, also sthicomythy
پرسیار و وەلامی دووکەسە، وت‌وویژی بەنۆبەی دیرەهەلبەستی لە لایەن دووکەسەوە (لە شانۆی یۆنانی کۆندا) ◌ استیکومیتیا

sticomythic *adjective*
سەربە پرسیار و وەلامی دووکەسە ◌ وابسته به استیکومیتیا

stick /stɪk/ *noun*
1 چیلکەوچال، وشکەل، لق‌وپۆ، چرپی(وچال) 2 گۆچـان، کاشـۆ، کاشـۆ، بـاکوورە، داردەسـت، جەریت، جریت 3 تـوول، شـوول، شیف، خامە، دار، چینو 4 چیلکە، دار (هی رێبەری سازبەند یـان ئۆرکێسـتر) 5 (نافـەرمی) بنیـادەمی حەپەمێش‌خۆر، مرۆی گێژ و بەخمە 6 تیکە، کوت، لەت 7 (sticks، سووکانە) بەرودیهات، دەرودیهات، دەرەوەی شار، ناوچە لادێیی‌یەکان 8 (ماشین، نافەرمی) دەسکەگێر، دەسک، دەسکەدەندە 9 (فڕۆکە) دەسک (ی کۆنترۆل) 10 دەستەبۆمبی بەرەوەبووی فڕۆکەیێ 11 ئەو دەستە چەتربازەی کە لە فڕۆکەیێ خۆیان بەردەدەنەوە 12 (دەریـاوانی و کـۆن) دارالا، کاریتە ◌ 1 تکەچوب 2 عصا، چوگان 3 چوب‌دستی 4 چوب 5 آدم گیج 6 قطعە 7 (در جمع) در و دهات، مناطق روستایی 8 (عامیانە) دسته‌دنده 9، 10 و 11 (هواپیما) استیک 12 دکل

sticker /'stɪkə(r)/ *noun*
1 یافتـە، بەرچەسـپ 2 (نافـەرمی) مـرۆی بەرنـەدەر، کلـک، پێوەنووسـاو (وەک چەقـە)، بنیادەمی لاگر، گەنە ◌ 1 برچسب 2 آدم مصر

sticker price *noun*
نرخی یافتە یا بەرچەسپ(ی)، نرخ یان بایی پێوەنراو ◌ قیمت برچسبی

stick figure *noun*, also matchstick figure
وێنە یا کێشراوەی سادەی کەسێ ◌ تصویر ساده

stickiness /'stɪkinəs/ *noun*
لینجی، پێوەلکان، پێوەنووسان، پێوەچەسپان، پیاچەسپان ◌ چسبندگی

sticking-plaster *noun*
چەسپی برین ◌ چسب زخم

sticking point *noun*
پرسی کێشەلەسەر، گرێی سەرەکی، کۆسپی گەورە، گرفتی سەرەکی، کێشەی سەرەکی: *This was one of the major -cking points in the negotiations* ◌ مسألەی مورد منازعه، مانع عمده

stick insect *noun*
(گیانەوەرناسی) مێرووە گۆچـانی، سـتیک ئینسێکت [خێـزان Phasmatidae: زۆر جۆرن]، بە گشتی phasmid ◌ عصاریخت

stick-in-the-mud *noun*
(نافەرمی) مرۆی کۆنەپەرست یان نۆدژ ◌ آدم محافظه‌کار

stickleback /'stɪklbæk/ *noun*
ماسی پشت‌درکاوی، ماسی وردی ئاوی شیرین یـا کـەنـار [*Gasterosteus aculeatus* (هی سێ‌بڕبڕەیی) و جۆرەکانی تر] ◌ ماهی آبنوس

stickler /'stɪklə(r)/ *noun*, be a stickler for
پێ‌داچەقاندن لەسەر، زۆر سووربوون لەسەر، یەکجار گرنگی‌دان بە: *a stickler for punctuality* ◌ اصرار نمودن روی

stick-on *adjective*
پشت‌چەسپی، لاچەسپ، چەسپ‌دار، پشت‌چەسپ‌پێوەبوو، چەسپاوی: *stick-on labels* ◌ چسب‌دار

stickpin /'stɪkpɪn/ *noun*
دەرزی کراڤات ◌ سنجاق کراوات

stick shift *noun*, gear level
(ماشین) دەسکەگێر، دەسک، دەسکەدەندە ◌ دسته‌دنده

stick-to-it-iveness *noun*

لاساری، لایی، پێچەقینی، سووری ۞ سماجت

stickweed = ragweed

stick-up *noun*

دزی بەچەک یا بە هەرەشەی کوشتنەوە، چەتەگەری ۞ سرقت مسلحانه

sticky /ˈstɪki/ *adjective* (stickier, stickiest)

1 لینج، لیچق، پێوەنووساو، پێوەچەسپ، پیاچەسپاو 2 (هەوا) ناخۆش و شێدار، گەرموخاو 3 پڕگرفت، دژوار، سەخت (stickily /-ɪli/ *adv*: لینجانە، بە شێوەیەکی پێوەنووساو؛ stickiness *n*: لینجی، لیچقی، پیاچەسپاوی) ۞ 1 چسبناک، چسب‌دار 2 شرجی 3 پرمشکل

stickybeak /ˈstɪkibiːk/ *noun*

(ئەوسترالیا) کەسێکی بەپرسیار یان ورد ۞ آدم کنجکاو

sticky end *noun*

ئاخری ناخۆش یا تاڵ، کۆتایی ناخۆش یا دڵتەزێن یا تاڵ ۞ پایان شوم

sticky tape *noun*. Sellotape

چەسپەباریکە، شریتی چەسپ، نەوارچەسپ، باریکەچەسپ ۞ نوارچسب

sticky wicket *noun*

بارودۆخی ناسک یا سەخت، ڕەوشی دژوار ۞ موقعیت حساس

stifado /stɪˈfɑːdəʊ/ *noun*

چێشتی یۆنانی (گۆشت لەگەڵ پیواز و جاروبار تەماتەش) ۞ استیفادو

stiff /stɪf/ *adjective* (stiffer, stiffest), *adverb*, *noun*

adj 1 ڕەق، سەخت، وشک، توند، پتەو، تۆکمە 2 گران، سەخت، چەتوون، پڕگرفت، دژوار، ئاسێ 3 (ڕەفتار و هتد) وشک، فەرمی، نادۆستانە 4 توند، توندوتیژ، بەقەوەت 5 (نرخ و هتد) گران، لەسەری، یەکجار *adv* بە تەواوەتی *n* 1 تەرم، جەندەک، لاشەی مردوو 2 مرۆی ماندووکەر، وەڕەزکەر ۞ *adj* 1 سفت، سخت، محکم 2 مشکل 3 خشک 4 قوی، شدید، خشن 5 سنگین *adv* کاملاً *n* 1 جنازه 2 آدم خسته‌کننده

stiffener *noun*

ڕەقکەرە(وە)، سەختکەر(ەوە) ۞ سفت‌کننده

stiffening /ˈstɪfnɪŋ/ *noun*

بەر ۞ لایی

stiffly /stɪfli/ *adverb*

بە سەختی، سەخت، بە چەتوونی، بە دژواری، (نافەرمی) ڕەقوڕەپ: *The key turned stiffly in the lock* ۞ به طور دشوار، شق و رق

stiff-necked /ˌstɪf ˈnekt/ *adjective*

سەرسەخت، کەللەڕەق، لاسار، بێ گوێ، stubborn ۞ کله‌شق، سرسخت

stiffness /stɪfnəs/ *noun*

1 ڕەقی، سەختی، توندی، سفتی 2 ڕەپی 3 توندی، توندوتیژی، چەتوونی، سەختی، دژواری، بەئەرکی، ئاسێبوون ۞ 1 سفتی، سختی 2 شقیت 3 خشونت، دشواری، شدت

stiffy *noun*, *pl.* stiffies

(زمانی ڕەمەکی) هەستان یان ڕەپبوونی کیر ۞ نعوظ کیر

stifle /ˈstaɪfl/ *noun*, also stifle-joint

ئەژنۆی ئەسپ، سەگ و... ۞ زانو اسب، سگ و...

stifle bone *noun*

ئێسکی ئەژنۆی ئەسپ، سەگ و... ۞ استخوان زانو اسب، سگ و...

stifling /ˈstaɪflɪŋ/ *adjective*

خنکێنەر، پرووکێنەر، پشوولێبڕ، خەفەکەر ۞ خفه‌کننده

stiflingly /ˈstaɪflɪŋli/ *adverb*

پرووکێنەرانە، بە شێوەیەکی خنکێنەر ۞ به طور خفقان‌آور

stigma /ˈstɪgmə/ *noun*, *pl.* stigmata /-mətə, US -ˈmɑːtə/ or stigmatas

1 نیشانە، نیشان، داخ، پەڵە، لکە، پینە، عەیب، بێئابڕوویی، شووورەیی، ڕووڕەشی، نەنگ، نێوزڕاوی، بەدناوی، دەڵق: *the social stigma of alcoholism* 2 (ڕووەکناسی) نێرک، ستیگما 3 برینی لەخاچدان یا جێگا برینەکانی عیسای مەسیح 4 نیشانەی بینراوی نەخۆشییێ، نیشانە یان خاڵ 5 = petechia (stigmal *adj*) ۞ 1 نشان، ننگ، لکه 2 (گیاه‌شناسی) کُلاله 3 زخم‌های عیسای مسیح 4 علامت مرئی بیماری، خال

stigmatic /stɪgˈmætɪk/ *adjective*

ناوزڕاو، ملکەچ، بەدنێو، بێئابڕوو، پیناوی، پەڵاوی ۞ لکه‌دار، بدنام

stigmatist = stigmatic

stigmatization /ˌstɪgmətaɪˈzeɪʃn, US -təˈz-/ *noun*

ناوزڕاندن، ئابڕووبردن، پیناویکردن، بەدنێوکردن ۞ لکه‌دارسازی

stilb *noun*

یەکەی ڕووناکیتی بەرامبەر بە یەک candela لەهەر سانتیمیتری چوارگۆشەدا (بنەڕەت: لە *stilbein* یۆنانییەوە "درەوشانەوە") ۞ استیلب

stilbene /ˈstɪlbiːn/ *noun*

هایدرۆکاربۆنی ئارۆماتیکی aromatic پێکهێنراو یا سینتێتیک کە بلوور یان کریستاڵە phosphorescent crystal فۆسفۆریسێنتەکان پێکدێتی [$C_{14}H_{12}$]؛ هەروەها ئاوێتەیێ کە لە ستیلبین بەرهەم دێتێ ۞ استیلبن

stilboestrol /stɪlˈbiːstrɒl/ *noun*. US stilbestrol, also diethylstilbestrol

ئاوێتەیێکی پێکهێنراوی بێڕەنگی کریستاڵی $C_{18}H_{20}O_2$، وەک oestrogen بەهێز

بەکاردێتریێ بەلاّم لە سکێرێدا لەبەر ئەوە رەنگە بێتە هۆی شێرپەنجە و شتی تر، بەکارناهێنرێ (هەروەها DES) ◌ استیلبواسترول

stile /staɪl/ *noun*
1 پلیکان، نەردیوان، پەردچن (بۆ پیاسەرکەوتن بەسەر شتێدا) 2 (درگا) لاشیپانە، باهو، کێلێزە، لاولا، لاجامە ◌ 1 پلکان 2 باهو

stiletto /stɪ'letəʊ, US -toʊ/ *noun, pl.* stilettos or stilettoes
1 تووشگ، گریمی، خەنجەر(وکە) 2 درەوشە، کونکەرە 3 (stilettos) پێلاوی پاژنەبڵیند، کەوشی پاژنەتیژ یان ناڵچەبەرز ◌ 1 دشنە 2 درفش 3 (در جمع) کفش پاشنە صناری

stiletto heels *noun, pl.*
پێلاوی پاژنەبڵیند، کەوشی یان ناڵچەبەرز ◌ کفش پاشنەی صناری

still[1] /stɪl/ *adjective, noun*
adj 1 بێجووڵە، ئارام، مەند، نەبزێو، بێتەکان، سرەوتوو، مات، بێدەنگ: *still water* 2 بێبا، بانەهاتوو 3 بێگاز، هەڵنەچوو، بێکەف *n* 1 بێدەنگی، ئارامی، کپی، ماتی 2 (سینەما) وێنە، وێنەی نەجووڵ ◌ *adj* 1 بی‌حرکت، ساکت 2 بدون باد 3 بی‌جوش *n* 1 سکوت 2 عکس

still[2] /stɪl/ *noun*
دڵۆپێنە، دڵۆپێن، دەزگای دڵۆپاندن ◌ انبیق

still[3] /stɪl/ *adverb*
هێشتا، هێـژ، ئێستاش، تا ئێستا، سەرەرای ئەوەش، سەرباری ئەمەش، لەگەڵ ئەمەش، *Mum, I'm still* بێجگەلە ئەمەش، دیسان: *hungry!* ◊ *Do you still live at the same address?* ◌ هنوز، با وجود این، باز

stillage /'stɪlɪdʒ/ *noun*
داربەستێ کە شتێکی لەسەر دادەنێن تا ئاوەکەی بچۆرێتەوە ◌ استیلاج

stillbirth /'stɪlbɜːθ, US -bɜːrθ/ *noun*
لەمە، لەبارچوو، زگمردە، لەزگامردوو، ئاولمەی مردوو بوون، مردەزایی ◌ نوزاد مرده، مرده‌زایی

stillborn /'stɪlbɔːn, US -bɔːrn/ *adjective*
1 بەراویتە، لەمە، لەبارچوو، لەزگامردوو، مردەزگ، زگمردە، مردەزا 2 نەزۆک، بێئەنجام، تێشکاو، سەرنەگرتوو، abortive، unsuccessful: *a stillborn venture* ◌ 1 سقط‌شده، مرده‌زاد 2 نافرجام

stillhouse *noun*
کارگەی دڵۆپاندن، دڵۆپاندنگە ◌ کارخانەی تقطیر

still-hunt *noun*
دزەراو (*n* still-hunting) ◌ استیل هانت

still life *noun, pl.* still lifes
وێنەکێشی یان کێشانەوەی شتە بێگیانەکان، وێنەی شتە بێگیانەکان: *She prefers still life to landscape painting* ◌ استیل لایف

stillness /'stɪlnəs/ *noun*
بێجووڵەبوون، بێتەکانی، نەبزێوی، نەجووڵی، تەکاننەخواردوویی، داکەوتوویی، ئارامی، مەندی، ماتی، بێدەنگی ◌ آرامش، سکوت

Stillson /'stɪls(ə)n/ *noun,* also Stillson wrench
هاچەری گیرەیی یا دوودەسکە یا جووتدەسک (بنەرەت: لە ناوی داهێنەری ئەمریکاییەوە *Daniel C. Stillson*) ◌ آچار شلاقی

stilly /'stɪli/ *adjective, adverb*
adj ئارام، هێدی، مات، سرەوتوو، still، quiet *adv* بە ئارامی، quietly ◌ *adj* آرام *adv* به آرامی

stilt /stɪlt/ *noun*
1 دارەپێ، دارپا 2 (خانووبەرە) کۆڵەکە، دەستەک، ستوون 3 پایەی چکۆلە یان شتێ (وەک قوری سوورەوەبوو) بۆ راگرتنی شتومەکی سێرامیک لە کوورە یان کڵدا 4 جۆری باڵندەی نووکدرێژ و لاقی زۆر باریک و درێژ [توخمەکانی *Himantopus* و *Cladorhynchus*: چەندین جۆرن] ◌ 1 چوب‌پا 2 شمع 3 استیلت 4 نوعی پرنده

stilted /'stɪltɪd/ *adjective*
1 تەقورەق، وشک، فەرمی، بەتەتەنە، دەسکرد، 2 formal ،lofty ،pompous ناسروشتی، (بیناسازی، تاقێ) بە پارچەی راست(دانراو نێوان impost و springer ـەکان)، پا(یە)بەرز (کەمێ هەڵدەستێ و دوایی دەچەمێرێتەوە، stiltedly /'stɪltɪdli/ *adv*: تەقورەقانە، بە شێوەیەکی وشک؛ *n* stiltedness /'stɪltɪdnəs/) ◌ 1 تصنعی، خشک 2 پابلند

Stilton /'stɪltən/ *noun*
ستیلتۆن (جۆرێ پەنیر، لە بنەرەتا هی Leicestershire) ◌ استیلتون

stimulant /'stɪmjələnt/ *noun, adjective*
n 1 مەتریاڵی هاندەر 2 خواردنەوەی هاندەر یان گۆڕپێدەر *adj* هاندەر، گۆڕپێدەر، بزوێنەر، تاودەر، تیندەر، بەگوڕخەر، پاڵنەر، ورووژێنەر ◌ *n* 1 مادەی محرک 2 نوشابەی محرک *adj* محرک، انگیزان

stimulating /'stɪmjuleɪtɪŋ/ *adjective*
گۆڕپێدەر، هاندەر، تیندەر، بزوێنەر، پاڵنەر: *a stimulating discussion* (stimulatingly /'stɪmjuleɪtɪŋli/ *adv*) ◌ تحریک‌کننده

stimulation /ˌstɪmju'leɪʃn/ *noun*
خستنەگوڕ، گۆڕپێدان، هاندان، تیژکردن، تاودان، تیندان، بزواندن، بەگوڕخستن، پاڵنان ◌ تحریک، انگیزش

stimulative *adjective,* also stimulator
گۆڕپێدەر، هاندەر، تیندەر، بزوێنەر، پاڵنەر ◌ محرک، مشوق

stimulatory *adjective*

گوڕپێدەر، هاندەر، بزوێنەر، بەگوڕخەر، پاڵنەر ۞ محرک، مشوق

stimulus /ˈstɪmjələs/ *noun, pl.* stimuli /-lʌɪ, US -liː/
گوڕپێدەر، هاندەر، بزوێنەر، بەگوڕخەر، پاڵنەر: *Books provide children with ideas and a sensory/verbal/visual ◊ stimulus for play The animals were conditioned ◊ stimuli to respond to auditory stimuli* (= sounds) (پێنەرەت: لە لاتینەوە بە واتای "incentive ,spur ,goad") ۞ محرک، مشوق

sting /stɪŋ/ *noun*
1 چزوو، چزە، ئەستینگ، کالەگ، چووزە، هەلافە (گیا)، گەز، پێوەدان، جێگای پێوەدان، جێ‌چزە، جێی چزوو 2 سووتانەوە، کزانەوە، بەسوێ‌هاتنەوە، کولانەوە، چووزانەوە 3 ڕەنج، دەرد، ئازار 4 پلار، تانە ۞ 1 نیش، جای نیش 2 سوزش 3 رنج 4 کنایه

stingaree /ˌstɪŋɡəˈriː, US ˈstɪŋɡəriː/ *noun*
1 جۆری stingray قاوەیی مەیلەو زەردی تەنکاوەکانی ئەوستراڵیا [*Urolophus testaceus*] 2 (نافەرمی، ئەوستراڵیا) هەر ماسی‌یێکی stingray ۞ نوعی ماهی

stinger *noun*
پێوەدەر، گەزەر، چزەهەستێن ۞ نیش‌زن

stinging *adjective*
تاڵ، ناخۆش، ڕەخناوی (stingingly *adv*) ۞ گزنده، نیشدار

stinging-nettle = nettle

stingray /ˈstɪŋreɪ/ *noun*
کارتووخەک، ماسی گەزۆک، قاڵغانەماسی پێوەدەر [خێزانەکانی Dasyatidae و Urolophidae: چەندین جۆرن] ۞ سفره‌ماهی

stingy /ˈstɪndʒi/ *adjective* (stingier, stingiest)
پیسکە، ڕژد، لەچەر، سەقیل، گوونەکەر، دەس‌قووچاو، بەرچاوتەنگ، بەخیل، گونک‌بژێر، هیچ‌لێ‌هەڵنەوەریو: *Don't be so stingy with the cream!* :stingily /ˈstɪndʒɪli/ *adv*) پیسکانە، بە پیسکەیی، بەرچاوتەنگانە، سەقیلانە؛ stinginess /ˈstɪndʒinəs/ *n*: پیسکەیی، ڕژدی، لەچەری، سەقیلی، گوونەکەری، دەس‌قووچاوی، بەرچاوتەنگی، بەخیلی، هیچ‌لێ‌هەڵنەوەریوی) ۞ ناخن‌خشک، کنس

stink /stɪŋk/ *noun*
1 بۆگەن، بۆنی پیس، بۆنی ناخۆش، هەڕنەمووت، هەفن، بۆسار، لووتاوێژ: *the stink of sweat and urine* 2 جەنجاڵی، بگرەوبەردە، هەلا: *The whole business caused quite a stink* ۞ 1 بوی تعفن، بوی گند 2 قشقرق

stink bomb *noun*
دەرزی یان قوتوی بۆگەن، بۆگەنکە (ئەگەر پێتوو بشکێ، بۆگەنێکی سەیر بلاو دەکاتەوە) ۞ آمپول یا ظرف عفن

stink bug *noun*
مێرووەبۆگەنە، shield bugی (کاتێ ئازار بدرێ یان دەستی لێ بدرێ، بۆنێکی ناخۆش و بۆگەناوی لە خۆی دەردەدا) ۞ حشره‌ی بدبو

stinker /ˈstɪŋkə(r)/ *noun*
1 مرۆ یان شتی بۆگەن، بۆگەنکە، شتی خراپ، بتۆیل 2 کاری یەکجار سەخت، کاری گیان‌کێش ۞ 1 شخص یا چیز متعفن، بنجل 2 کار شاق

stinkhorn *noun*
شاخ‌بۆگەنە: جۆری fungus بە سەلکی ولولەیی خڕی قاوەیی مەیلەوسەوز [خێزانی Phallaceae: زۆر جۆرن] ۞ نوعی قارچ

stinking /ˈstɪŋkɪŋ/ *adjective, adverb*
1 بۆگەن، بۆگەناوی: *stinking garbage* 2 زۆر خراپ، یەکجار خراپ، یەکجار، زۆر، گەلێ ۞ 1 بدبو 2 خیلی بد، بسیار

stinko *adjective*
1 (پزشکی) میلۆچکە، میلچە، میلی باریک 2 خەنجێر، تووژگ، کێرد 3 (گیانەوەرناسی) دڕک(ینە) ◌ 1 سوند باریک 2 دشنه 3 سیخک

styli = plural form of stylus

styliform *adjective*
خامەئاسا، قەڵەمانە ◌ قلم‌مانند

styling /'staɪlɪŋ/ *noun*
1 قژڕازاندنەوە، کورتکردنەوە و جوانکردنی قژ: *styling gel* ◊ *a styling brush* 2 ماشێن و (هتد) مودێل ◌ 1 آرایش مو 2 (اتومبیل) مدل

stylised = stylized

stylish /'staɪlɪʃ/ *adjective*
جوان، مۆدی ڕۆژ، باو، ڕۆژبابەت، fasgionable: *It was a stylish performance by both artists* (stylishness /'staɪlɪʃnəs/ *n*) ◌ شیک

stylishly /'staɪlɪʃli/ *adverb*
جوان، بە شێوەیەکی باو یان جوان: *a stylishly dressed young man* ◌ به طور شیک

stylist /'staɪlɪst/ *noun*
1 سەلمانی، ئارایشتگەر، جوانکار 2 (دابی جلوبەرگ و هتد) داڕێژەر، ستایلیست 3 (ب.ت. نووسەر) خاوەن‌شێواز(ە) ◌ 1

آرایش‌گر 2 طراح 3 صاحب سبک
stylistic /staɪˈlɪstɪk/ *adjective*
شێوازی، شێوازەیی، سەربە شێواز(ە، ب.ت. شێوازێکی ویژەیی) ⬡ سبکی
stylistically /-kli/ *adverb*
لەباری شێوازەوە یان شێوازەناسی‌یەوە ⬡ از نظر سبکی یا سبک‌شناسی
stylistics /staɪˈlɪstɪks/ *noun, pl.*
شێواز(ە)ناسی، ستایل‌ناسی (لە زمانی ئاخافتن یان نووسیندا: لێکۆڵینەوەی شێواز و ستایلە ویژەیی‌یەکانی کۆمەڵە نووسراوە یان جۆر و ژانرێکی تایبەتی) ⬡ سبک‌شناسی
stylite /ˈstʌɪlʌɪt/ *noun*
(مێژوویی) ستوونژی (کەسێکی پارێزگاری سەدەکانی نێوەراست یان کۆن کە لەسەر تۆپی ستوونی دەژی) ⬡ استیلیت
stylization /ˌstaɪlaɪˈzeɪʃn, US -ləˈz-/ *noun*
دانان بەپێی شێوازێکی دیاری‌کراو، شێوازاندن ⬡ استیلیزاسیون
stylized /ˈstaɪlaɪzd/ *adjective*
1 نەریتی 2 فەرمی، دانراو بەپێی شێوازێکی دیاری‌کراو 3 دەسکرد، ناناسایی، ناڕاست، ناخۆمالی، ناسروشتی: *the highly stylized form of acting in Japanese theatre* ⬡ 1 سنتی 2 رسمی 3 تصنعی
stylo- = styl-
stylobate /ˈstʌɪlə(ʊ)beɪt/ *noun*
بنکی ستوونەکان، هەرزاڵەکۆڵەکە، بنکی یەک‌تەختەی ریزە کۆڵەکەیێ (لە ئەرکیتێکچێری یونانی کۆندا) ⬡ پایه‌ی ستون‌ها
stylograph /ˈstʌɪləgræf/ *noun*
پێنووسی خودنووس یان خودکار، پاندان ⬡ خودنویس
stylography *noun*
هەڵکۆڵین ⬡ حکاکی
styloid /ˈstʌɪl *adjective*
1 خامەئاسا، پێنووس‌ئاسا 2 (توێکاری) تیری ⬡ 1 قلم‌مانند 2 سهمی
styloid process *noun*
چوکڵە یان زیادەی تیری ⬡ زائده‌ی سهمی
stylometric /ˌstʌɪləˈmɛtrɪk/ *adjective*
سەربە شێوازپێوی ⬡ وابسته به استایلومتری
stylometry /stʌɪˈlɒmɪtri/ *noun*
شێوازپێوی (شی‌کردنەوەی ئاماری گۆڕانەکانی شێوازی ویژەیی نێوان نووسەران و جۆر یان ژانرەکان) ⬡ استایلومتری
stylophone *noun*
ستیلۆفۆن، ئامێرێکی موسیقایی ئێلیکترۆنی چکۆلە ⬡ استایلوفون
stylopodium *noun, pl.* stylopodia
ستوونژەپا، ستوونژەپێ، بنکەستوونژە، بنەستوونژە، ستایلۆپۆدیۆم: پەیکە یان disk گەورەبوونەوەیێکی expansion خڕی سەر توودان ovary کە پشتیوانی ستوونژەکان دەکا (لە رووەک و گیای خێزانی parsley دا)؛ قێتکەی بنکی ستوونژە لە بنی ovary دا ⬡ استایلوپودیوم
-stylous *suffix*
پاشگر: ستووندار، کۆڵەکەدار، خاوەن کۆڵەکە ⬡ پسوند: ستون‌دار
stylus /ˈstaɪləs/ *noun, pl.* styli /-lʌɪ, US -liː/ or styluses
1 دەرزی (گرامافۆن) 2 (لە سەردەمانی زوودا) پێنووس، قەڵەم خامە 3 دەزگایێ تیژی پێنووس‌ئاسا کە بۆ ئینپوت یان تێخستنی زانیاری بۆ نێو کامپیوتێر بەکاردێنرێ 4 ئامێرێکی نووسینی کۆنە بۆ رووشاندنی پیتەکان لەسەر تەختەڵە گڵی و مۆمی‌یەکان بەکاردێنرێ ⬡ 1 سوزن (گرامافون) 2 قلم 3 ابزاری برای درون‌داد داده‌ها به کامپیوتر 4 استیلوس
stymied *adjective*
لەکارخراو، پووچەڵ‌کراو ⬡ خنثی‌شده
styptic /ˈstɪptɪk/ *adjective, noun*
(دەرمان) خوێن‌بڕ، خوێن‌بەست، خوێن‌ڕاگر، خوێن‌وشک‌کەر، خوێن‌وێستێن، astringent ⬡ خون‌بند
stypticity *noun*
خوێن‌بڕی، خوێن‌بەستی، خوێن‌ڕاگری ⬡ بندآوری خون
styrax /ˈstʌɪraks/ = storax
styrene /ˈstʌɪriːn/ *noun*
ستیرین، ستایرین (مەتریالێکی هایدرۆکاربۆنی C_8H_8، بۆ دروس‌کردنی پلاستیک و شتی وا بەکاردێنرێ؛ لە styrax + -ene) ⬡ استیرن
Styrofoam *noun,* also styrofoam
پۆلیستیرین، پلاستیک ⬡ پلی‌استیرن
Styx *noun,* Latin *Styg-, Styx,* from Greek
ستیکس: رووباری سەرەکی دۆزەخ یان جیهانی مردووان لە میتۆلۆژی یونانی‌دا (کە دەڵێن حەوت قەفی بە دەور دۆزەخدا داوە) ⬡ استیکس
suability *noun*
لەدادگایی‌هاتوویی ⬡ قابلیت محاکمه
suable /ˈsuːəbəl/ *adjective*
لەدادگایی‌هاتوو، شیاوی دادگایی(کردن)، رەوایە بۆ دادخوازی لە دادگا، ئەتوانرێ بدرێتە بەر دادگا ⬡ قابل محاکمه
suasion /ˈsweɪʒ(ə)n/ *noun*
هاندان، دنەدان، هەڵخراندن، تەفرەدان، هێناسەرڕێ، هەڵخەڵەتاندن، تێن‌دان، پێ‌کردن ⬡ تحریک، اغوا، وادارسازی
suasive *adjective*
هاندەرانە، هەڵخرێنەرانە، تێن‌دەرانە، پێکەرانە ⬡ تحریک‌آمیز

suave /swɑ:v/ *adjective* (suaver, suavest)
1 بەڕەوشـــت، بەماریفــەت، بەئــەدەب، مەنــد، نەرم(ونیـان)، ئـارام، urbane: *The manager* *was suave and sophisticated* 2 بەڕەوشتانە: ۞ *He gave his usual suave performance*
1 مؤدب، ملایم 2 مؤدبانه

suavely /swɑ:vli/ *adverb*
بەڕەوشتانە، بەئەدەبانە، بە رەوشتەوە، بە ئەدەبەوە، بە نەرمی، بە نەرم و نیانی: *'My pleasure,' he said suavely* ۞ مؤدبانه

suaveness /swɑ:vnəs/ *noun*
نەرمی، ئارامی، مەندی، نەرمونیـانی ۞ ملایمت

suavity /-vɪti/ *noun, pl.* suavities
نەرمی، ئارامی، مەندی، ئەدەب، (بە)ڕەوشـت(ی) ۞ ملایمت، نزاکت

sub /sʌb/ *abbreviation* 1 substitute (especially in a sporting team) 2 submarine 3 sub-editor 4 subscription 5 substitute teacher

sub- /sʌb/ also suc- before *c*; suf- before *f*; sug- before *g*; sup- before *p*; sur- before *r*; sus- before *c*, *p*, *t* *prefix*
پێشگر: ژێر- خوار- بن- وردە- خواروو، لا- بەشە- لاوەکی، کەمتر لە، نە تەواو، نزیکەی، کـەمێ، تـا رادەیـێ، نیمچە- شێوە-: *subsoil*، *subantarctic*، *subdeacon*، *subalpine*، *subdivision*؛ (کیمیا) لە ناوی ئەو ئاوێتانە کە تا ڕێژە یان ئەندازەیێکی کەم پێکهێنەرێکی تیایە: *suboxide* (بنـەڕەت: لـە *sub* لاتینـەوە "under، below، secretly، below، from، near") ۞
پیشوند: زیر، مادون، فرعی، کم‌تر از، تقریباً، شبه-

subacid /sʌb'æsɪd/ *adjective*
مزر، میخۆش، ترش‌وشیرین ۞ ملس

subacute *adjective*
1 (پزشـــکی) نیوەتونـــد(وتیـــژ)، ژێرتونـــد، نیمچەتونـــدوتیژ (نێـــوان acute و chronic): *subacute endocarditis* ◊ *subacute pain* 2 نیمچەتیژ (شێوە یـان گۆشـە): *subacute leaves* (subacutely *adv*) ۞ نیمه‌حاد

subacute sclerosing panencephalitis *noun*
جـۆرێ نـەخۆشـی نورۆلۆژیـک لـە منـدالان و مێرمنـدالان (کـە زۆرجـار کوشـندەیە) کـە لـەودا مێشـک تووشی جۆرێ ڤایرۆسی سووریژەی مت دەبـێ، latent measles نیـشانەکـانی ب.ت. تێکچوونی هۆشی intellectual deterioration، گۆڕانی هەڵسوکەوتی، لێهاتنی ماسوولکەکرژێ و هتد دەگرێتەوە ۞ نوعی بیماری

subadult *adjective*
(گیانەوەرناسی) نیمچەهەراش، نیمچەپێگەیشتوو ۞ نیمه‌بالغ

subaerial *adjective*
(زەویناسـی) سـەرعەرزی (نـە لـەژێر ئـاو یـا ژێرعـەرز)، هەڵـکەوتوو، ڕووداو یـان پێکهـاتوو لەسەر عـەرز یـان خـاک: *subaerial erosion* ◊ *subaerial roots* (subaerially *adv*) ۞ سابایریال

subagency /sʌb'eɪdʒənsɪ/ *noun*
لاکـاریی، کـارایی لاوەکـی، لابریکـاری، نوێنەرایەتی لاوەکی، لانوێنەرایەتی ۞ عاملیت فرعی، نمایندگی فرعی

subagent /sʌb'eɪdʒənt/ *noun*
لاکارا، کـارای لاوەکـی، لابریکـاری، نوێنـەری لاوەکی، لانوێنەر ۞ عامل فرعی، نمایندەی فرعی

subaltern /'sʌbltən, US sə'bɔ:ltərn/ *noun, adjective*
n سابۆلتێرن (هەر ئەفسـەرێ لە سپادا خوارتر لە پلەی captain) *adj* ژێردەس، پایەنزم، خواردەس، subordinate ۞ *n* ستوان *adj* تابع، زیردست

subantarctic *adjective*
سەربە ناوچـەی سـەروو یـا بـاکووری سـوورگەی باشووران ۞ سابآنتارکتیک

subapical *adjective*
هەڵکەوتوو لەژێر یان نزیک بە نووک یان تەوق، ژێرنووچکە، ژێرنووک، ژێرلووتکە ۞ ساباپیکال

sub-aqua *adjective*
1 بناو، ژێراو: *sub-aqua equipment* 2 سەربە وەرزشە ژێراوییەکان: *sub-aqua diving* ۞
1 زیرآبی 2 وابسته به ورزش‌های زیرآبی

sub-aquatic *adjective*
ژێرئاوی، بنئاوی، بناوی، ژێراوی: *subaquatic vegetation* ۞ زیرآبی

sub-aqueous *adjective*
هەیە، پێکدێ یان ڕوودەدا لەژێر ئاوا ۞ ساب آکویوس

subarachnoid *adjective*, also subarachnoidal
ژێر(داوە)جاڵجاڵووکەیی: سەربە یان هەڵکەوتوو لـەژێـر پـەردەی داوەجاڵجاڵـووکەیـییـەوە: *arachnoid haemorrhage* - ۞ سابآراکنوئید

subarctic *adjective, noun*
سەربە ناوچەی باشووری سوورگەی باکووران ۞ سابآرکتیک

subarea *noun*
بەشی لاوەکی ناوچەیێ، لاناوچە ۞ بخش فرعی منطقه

subarid *adjective*
نیمچەوشکانی، لابەژ ۞ نیمه‌خشکی

subassembly *noun*, also sub-assembly, *pl.* subassemblies
بەستنەوە یان سوارکردنەوەی بەشێ لە دەزگایێ ۞ سابآسمبلی

Sub-Atlantic *adjective*
(زەویناسـی) سـەربە پێنجـەمین قۆنـاخی

ئاووهەوایی سەردەمی پاش‌سەهۆڵبەندان لە باکووری ئەورووپا (نزیک بە 2,800 ساڵ لەوەپێش تا ئێستا) ◊ سابآتلانتیک

subatmospheric *adjective*
ژێرکەشی، خوارتر یان کەمتر لە کەش: *subatmospheric pressure* ◊ تحت‌جوی

subatomic /ˌsʌbəˈtɒmɪk, US -ˈtɑːm-/ *adjective*
ژێرگەردیلەیی، بن‌ئەتۆمی، ژێرئەتۆمی، سەربە ئەو پارچۆلکانەی چکۆلەتر لە گەردیلە: *subatomic particles* ◊ زیراتمی

subaverage *noun*
کەمتر لە رادەی مامناوەند، خوار ئەندازە ◊ کمتر از حدمتوسط

subaxillary /sʌbˈæksələri/ *adjective*
ژێرهەنگلی، ژێرباخلی ◊ زیربغلی

subbase *noun*
بنی بن، ژێربنک، بنچینە، بناخە، بنەڕەت ◊ زیربنا، بنیاد

subbasement *noun*
ژێرخان ◊ زیرزمین

subaudition *noun*
1 لاتێگەیشتن، تێگەیشتنی دەرنەبراو یان لاوەکی 2 وتە یان بیرێکی وا ◊ 1 فهم یا درک ضمنی 2 ساباودیسیون

Sub-Boreal /ˈbɔːriəl/ *adjective*
(زەویناسی) سەربە چوارەمین قۆناخی ئاووهەوایی سەردەمی پاش‌سەهۆڵبەندان لە باکووری ئەورووپا (نزیک بە 5,000 تا 2,800 ساڵ لەوەپێش) ◊ سابوریال

subbranch *noun*
بن‌لق، ژێرلک، چڵ (بانک یان) ◊ زیرشاخه
bank or business.

sub-cartilaginous *adjective*
ژێرکڕۆژە، ژێرکڕۆژەیی، بن‌کڕۆژەیی، هەڵکەوتوو لەبن کرکراگە یان کڕۆژەدا ◊ زیرغضروفی

subcategory *noun, pl.* subcategories
ژێربابەت، بن‌بابەت، ژێرکاتیگۆری
subcategorization (also) (subcategorisation) *n* ◊ زیرمقوله

subcelestial *adjective*
1 لە بنەوەی ئاسمانەکان، ژێرئاسمانی، خاکی، زەمینی، worldly mundane = 2 terrestrial ◊ خاکی، زمینی

subcellar *adjective*
ژێرناویس، ژێرژێرخان، بن‌ژێرزەمین، ژێرخانی بنەوەی ژێرخانی سەرەکی ◊ main cellar سابسلار

subcellular *adjective*
ژێرخانەیی، بن‌خانەیی: *subcellular organelles* ◊ زیرسلولی

subcentral *adjective*
1 ژێرناوەندی، نزیک‌ناوەندی (نە خودی ناوەند) 2 ژێرناوەندی: هەڵکەوتوو لەژێر ناوەندەوە (subcentrally *adv*) ◊ 1 زیرمرکزی 2 واقع در زیر مرکز

subcentre *noun*
ناوەندی لاوەکی، ژێرناوەند (وەک لە شوێنی بازرگانی‌یێ) ◊ مرکز فرعی

subchaser *noun*
راونەری ژێردەریایی ◊ تعقیب‌کنندەی زیردریایی

subclass /ˌsʌbˈklæs/ *noun*
لاپۆل، پۆلی لاوەکی، چینی لاوەکی (لەژێر class و لەژوور order) ◊ ردەی فرعی، طبقەی فرعی

subclassification *noun*
لاپۆلاندن، پۆلاندنی لاوەکی: 1 دابەشاندنی سەرەتایی پۆلاندنێ 2 ڕێکخستن بۆ لاپۆلاندنێ ◊ ردەبندی فرعی، طبقەبندی فرعی

sub-clause *noun*
1 (ڕێزمان) بڕگەی شوێن‌کەوتوو؟، رستۆکەی پێوەبەند یان بەستراو؟، subordinate clause 2 (ماف) لابەند، ژێربەند، ژێرمادە ◊ 1 بند وابسته 2 سابکلاوز

subclavian /sʌbˈkleɪviən/ *adjective*
(توێکاری) ژێرچەڵەمەیی، بن‌چەڵەمەیی، هەڵکەوتوو لە ژێر چەڵەمەدا ◊ واقع در زیر ترقوه، زیرترقوەای

subclavian artery *noun*
خوێنبەری ژێرچەڵەمەیی یان بن‌چەڵەمەیی ◊ سرخرگ یا شریان زیرترقوەای

subclavian vein *noun*
خوێن‌هێنەری ژێرچەڵەمەیی یان بن‌چەڵەمەیی، خوێن‌هێنی ژێرچەڵەمەیی ◊ سیاهرگ زیرترقوەای

subclimax *adjective*
ژێرترۆپک: قۆناخی بەرلە دوایین رادەی (یان ئەوپەڕی) پەرەسەندن ◊ زیراوج، سابکلایمکس

subclinical *adjective*
(پزشکی) سەربە قۆناخی سەرەتای نەخۆشی‌یێ (بەبێ کۆنیشانەی کلینیکی بەرچاو)؛ بەهۆی تێست و تاقیکاری کلینیکی دەستنیشان *subclinical* ◊ *a -bclinical infection* ناکرێ: (subclinically *adv*) *cancer* ◊ سابکلینیکال

subcommittee /ˈsʌbkəmɪti/ *noun*
لالیژنە، لیژنەی لاوەکی، ژێرلیژنە، لالیژنە ◊ کمیسیون فرعی

subcompact /ˈsʌbkəmpækt/ *noun*
سابکۆمپاکت (جۆرێ ماشێنی زۆر چکۆلە) ◊ سابکومپاکت

subconscious /ˌsʌbˈkɒnʃəs, US -ˈkɑːn-/ *adjective, noun* *adj* نەست، نیوەهۆشیار، ناخودئاگا، نیمچەهۆشیار، نیوەئاگادار، بێئاگا: *a the subconscious* ◊ *subconscious motive* بەشی ناخودئاگا یان نیوەئاگادار *n mind* ◌ (subconsciousness *n*) ناخودآگاه، *adj* نیمەآگاه *n* قسمت ناخودآگاه

subconsciously /ˌsʌbˈkɒnʃəsli, US -ˈkɑːn-/ *adverb*
بێئاگایانە، بە شێوەیەکی نیمچەهۆشیار: *-nsciously, she was looking for the father she had never known* ◌ به طور نیمەآگاه

subcontinent /ˌsʌbˈkɒntɪnənt, US -ˈkɑːn-/ *noun*
نیمچەکیشوەر، نیمچەوشکار، کەرتەکیشوەر، لاکیشوەر، لاوشکانە، لاوشکار: *the Indian subcontinent* ◌ شبەقارە

subcontinental *adjective*
نیمچەکیشوەری،نیمچەوشکاری،کەرتەکیشوەری، لاوشکانەیی، لاوشکاری ◌ شبەقارەای

subcontract /ˌsʌbkənˈtrækt, US ˌsʌbˈkɑːntrækt/ *noun*
نیمچەکۆنتراکت، نیمچەقۆنتەرات، لاکۆنتراکت، سابکۆنتراکت: *a government subcontract* ◊ *subcontract work* ◌ پیمانکاری فرعی، قرارداد فرعی

subcontracting /ˌsʌbˈkɒntrækt, US -kɑːn-/ *noun, adjective*
نیمچەکۆنتراکت، لاکۆنتراکت، نیمچەقۆنتەرات، سابکۆنتراکت ◌ پیمانکاری فرعی

subcontractor /ˌsʌbkənˈtræktə(r), US sʌbˈkɑːntræk-/ *noun*
نیمچەکۆنتراکتکار یان قۆنتەراتچی ◌ پیمانکار فرعی

subcontrary /sʌbˈkɒntrəri/ *adjective, noun*
لە لایەکەوە دژبەیەک یان پێکدژ یان پێکناکۆک (ئەتوانن هەردووکیان دروست بن، بەلام ناتوانن هەردووکیان هەلە بن) ◌ از یک جهت متناقض

subcortex *noun, pl.* subcortices
ناوچەیێ لە مێشک کە لەژێر توێکلی مێشکەوەیە، ژێرتوێکلەمێشک ◌ واقع در زیر قشر مخ

subcortical *adjective*
(توێکاری) لەژێر توێکلی مێشکەوە، ژێرتوێکلەمێشکی ◌ واقع در زیر قشر مخ

subcostal /sʌbˈkɒstl/ *adjective*
ژێرپەراسوویی، بنپەراسوویی ◌ زیردندەای

subcritical *adjective*
لەژێر قۆناخی مەترسیدارەوە، ژێرتەنگژەیی؟ ◌ زیر مرحلەی خطرناک

subcrustal *adjective*
هەلکەوتووە یان لە بنەوەی توێکلی زەوی هەلکەوتووە، ژێرتوێکلی، بنتوێکلی ◌ سابکروستال

subcultural *adjective*
سەربە وردەفەرهەنگ، ژێرکولتووری، وردەچاندی، بەشەچاندی، بنفەرهەنگی ◌ وابستە بە خردەفرهنگ (subculturally *adv*)

subculture /ˈsʌbkʌltʃə(r)/ *noun*
1 وردەفەرهەنگ، ژێرکولتوور، وردەچاند، بەشەچاند، بنفەرهەنگ: *the* 2 *criminal/drug/youth, etc. subculture* لاچاند، ژێرچاند، چاند(ن)ی لاوەکی (بەرەت: لە چاندێکی کەوە وەرگیراوە) ◌ 1 خردەفرهنگ 2 کشت فرعی

subcutaneous /ˌsʌbkjuˈteɪniəs/ *adjective*
لەژێر پێستەوە، بنپێستی، ژێرپێست: *subcutaneous tissues* ◌ زیرپوستی

subcutaneously /ˌsʌbkjuˈteɪniəsli/ *adverb*
بە شێوەیەکی بنپێستی یان ژێرپێستی ◌ به طور زیرپوستی

subcutis *noun*
قوولترین بەشی ژێرپێست ◌ عمیقترین قسمت زیر پوست

subdeacon *noun*
(لە هێندێ کلێسەی کریستانیەتا) خواردیاکۆن، قەشەی تیرەیێ خوارتر لە deacon ◌ سابدیاکون

subdermal = subcutaneous

subdirectory /ˈsʌbdərektəri, US -dɪ-, -daɪ-/ *noun, pl.* -bdirectories
ژێردیرێکتۆری (شوێنێ لە کامپیوتێر کە فایلەکان لە دیرێکتۆرییەکی تردا هەلدەگیرێن) ◌ سابدیرکتوری

subdistrict *noun*
لاناوچە، ناوچەی لاوەکی، لامەلبەند، بەشەناوچە ◌ منطقەی فرعی

subdivision /ˌsʌbdɪˈvɪʒn, US ˈsʌbdɪvɪʒn/ *noun*
دابەشکردن بەسەر چەندین بەشی چکۆلەتردا، ژێربەش، ژێربار، بەشی لاوەکی، لابەش، دابەشکردنی وردتر ◌ زیربخش

subdominant *noun*
نۆتی چوارەمی پەیژەی دیاتۆنیکی هەر کلیلێ ◌ سابدومینانت

subduable /səbˈdjuːəbl/ *adjective*
ملکەچ دەکرێ، ملی پێ دادەنوێنرێ، رادێنرێ ◌ مطیع‌کردنی

subdued /səbˈdjuːd, US -ˈduːd/ *adjective*
نەرم، نەزەق، مات، کشومات، ئارام، هێور، دامرکاو (subduedness *n* ;subduedly *adv*) ◌ ملایم، تسکین‌یافته

subduer *noun*

راهێنەر، دامرکێنەر، دابین‌کەر، ژێرکێف‌خەر ◌ مطیع‌کننده

sub-editor /ˌsʌbˈedɪtə(r)/ *noun*
(ڕۆژنامە، دەقی کتێب و هتد) بژارەوان، دوا یان یاریدەدەری سەرنووسەر، پێداچووەوە (sub-editorship *n* ؛editorial *adj*) ◌ ویراستار

subemployment *noun*
بێکاری، دەس‌بەتاڵی، underemployment (subemployed *adj*) ◌ بیکاری

suber *noun*
(ڕووەک‌ناسی) شانەی تەپەدۆری یان چێوپەمەیی ◌ بافت چوب‌پنبه‌ای

subereous /sʊˈbiːrɪəs/ *adjective*, also suberic /sʊˈberɪk/ or suberose /ˈsuːbərəʊs/
(ڕووەک‌ناسی) تەپەدۆری، چێوپەمەیی ◌ چوب‌پنبه‌ای

suberin *noun*
ماکی مێوی یان چەوری چێوپەمەیی یان تەپەدۆری ◌ سابرین

suberization *noun*
گۆڕین بۆ شانەی تەپەدۆری یان چێوپەمەیی، تەپەدۆراندن ◌ تبدیل به بافت چوب‌پنبه‌ای

subfamily *noun, pl.* subfamilies
بن‌خێزان، لاخێزان، ژێرخێزان، خێزانی لاوەکی، لاتیرە، لەژێر family و لەژوور tribe یان genus ◌ زیرخانواده

subfloor *noun*
1 بنەرەتی نهۆمی یەکەم یا تەرک لە خانووبەرەدا 2 تەختەبەندی ژێر تەرک ◌ سابفلور

subfossil *noun, adjective*
n نیمچەبووبەرد، نیوەبووبەرد، لابووبەرد، نیوەفوسیل *adj* بە تەمەنی کەم‌تر لە فوسیلی نموونە typical fossil، بەلام بەشێکی فوسیلێنراوە یان بووەتە بووبەرد: *subfossil bones* ◌ *n* نیمه‌سنگواره *adj* سابفوسیل

subframe *noun*
چوارچێوەی پشتوانە یان ڕاگر، نیمچەچوارچێوە ◌ نیمه‌چهارچوب

subfreezing *adjective*
لەژێر یان خوارەوەی خاڵی بەستن ◌ زیر نقطه‌ی انجماد

subfusc /ˈsʌbfʌsk, US sʌbˈfʌsk/ *adjective, noun*
adj مات، لێڵ، تاریک، تەڵخ *n* جلی فەرمی (بۆ تاقی‌کاری یان بۆنەیێکی فەرمی هێندێ زانکۆ) ◌ *adj* تیره، کدر *n* لباس رسمی

subgeneric *adjective*
لاتوخمی، سەربە توخم یان ڕەگەزی لاوەکی، ژێرتوخمی، ژێرڕەگەز، لاڕەگەزی ◌ وابسته به جنس جز یا فرعی

subgenus /ˈsʌbdʒɪnəs/ *noun, pl.* subgenera
لاتوخم، ژێرتوخم، توخم یان ڕەگەزی لاوەکی، لاڕەگەز، لەژێر genus و لەژوور species ◌ جنس جز یا فرعی

subglacial *adjective*
1 (زەوی‌ناسی) هەڵکەوتوو یان ڕوودەدا لەژێر glacier یا تەپەقە سەهۆڵێ 2 سەربە لاسەردەمی سەهۆڵبەندان (subglacially *adv*) ◌ 1 واقع در زیر یخ‌رود 2 وابسته به دوره‌ی فرعی یخبندان

subgrade *noun*
ئاست یان بەشی ئامادەکراو و خۆش‌کراوی زەوی یان تەختەبەردێ (وەک هی ڕێگاوبان) ◌ ساب‌گرید

subgroup /ˈsʌbɡruːp/ *noun*
وردەدەستە، وردەکۆمەڵ، لاکۆمەڵ، لادەستە، ژێرکۆمەڵ، بەشەکۆمەڵ یان گرووپ ◌ زیرگروه

subheading /ˌsʌbˈhedɪŋ/ *noun*, also subhead
لاسەردێر، سەردێری لاوەکی، بەشەسەردێر، ژێر یان بن‌سەردێر ◌ عنوان فرعی

subhuman /ˌsʌbˈhjuːmən/ *adjective, noun*
adj 1 لە خوار مرۆڤەوە، نامرۆڤانە، نائینسانی: -*uman living conditions* 2 (گیانەوەرناسی، سەرەتاکێ) پێوەندی‌یێکی توندی بە مرۆڤەوە هەیە *n* بوونەوەر یان مرۆڤی لەخوار مرۆڤەوە ◌ *adj* 1 مادون انسان، غیرانسانی 2 (نخستی) ساب‌هیومن *n* موجود یا آدم مادون انسان

subindex *noun, pl.* subindexes or subindices
1 ئیندێکسی بۆ دابەش‌کردنی پۆلاندنێکی سەرەکی 2 main classification = subscript ◌ سابِ‌اندیکس

subinfeudation *noun*
بەخشینی بەشێ لە ملک یان زەوی‌زار لە لایەن ئیجارەدارێکی tenant دەرەبەگەوە بۆ ئیجارەگری دووهەمی subtenant (یان لە لایەن میرێکەوە بە میرێکی تر بۆ پەیمان‌دان بەو. subinfeudatory *adj*) ◌ ساب‌انفئداسیون

subinterval *noun*
مەودای لاوەکی، لامەودا ◌ فاصله‌ی فرعی

subirrigation *noun*
ژێر(ئاو)دێری: ئاودێری لە بنەوەی ئاستی زەوی (بە سیستمێکی لوولە و بۆری کون‌کونی ژێرعەرزەوە) ◌ ساب‌ایریگاسیون

subito *noun*
(موسیقا) کوت‌وپڕ، لە ناکاو، suddenly ،immediately ،abruptly: *subito pianissimo* ◌ به طور ناگهانی

subj. *abbreviation* 1 subject 2 subjective 3 subjectively 4 subjunctive

subjacent /səbˈdʒeɪs(ə)nt/ *adjective*
بنەوە، ژێررۆو، خوارین، خوارۆو، ژێرەوە ◌ (subjacently *adv* ؛subjacency *n*)

تحتانی، زیرین

subject /'sʌbdʒekt, US -dʒɪkt/ *adjective, noun*

adj 1 پاشکۆ، ژێردەس، ملکەچ، گوێڕایەڵ 2 (لەباری سیاسییەوە) ناسەربەخۆ، لەژێر دەسەلاتی، دەسەلاتبەسەر 3 ئامادە، پێکراو 4 لەبەر، کەوتنەبەر، کەوتووەبەر 5 بەندە بە، بەستراوەتەوە بە، بەستە بە *n* 1 هاونیشتمانی، هاوولاتی 2 بابەت، مژار، مژاد، نیار، بارە 3 وانە، دەرس 4 بواری خوێندن، لقی خوێندن 5 لەسەرتاقیکراو، تاقیکراوە 6 (ڕێزمان) کارا، بکەر، سابجێکت 7 مایە، هۆ(ی) 8 نموونە 9 (فەلسەفە) گەوهەر، ماک، مادە، کرۆک، مایند، زەین ۞ *adj* 1 مطیع، تابع، پیرو 2 تحت سلطه 3 مستعد 4 در معرض 5 مشروط بە *n* 1 تبعه 2 موضوع، جستار 3 درس 4 رشتەی تحصیلی 5 آزمایش‌شونده 6 (دستور زبان) فاعل، نهاد، مبتدا، مسندالیه 7 موجب 8 مورد 9 (فلسفه) جوهر، ذهن

subjection /səb'dʒekʃn/ *noun*

1 گوێڕایەڵی، ملکەچی، گوێ‌لەمستی، ژێردەستی، بن‌دەستی 2 ملکەچ‌کردن، خستنەژێر ڕکێفەوە، سەرکوت‌کردن، مل(یان سەر)پێدانەواندن، گوێڕایەڵ‌کردن 3 پێوەبەستنەوە، بەندکردن بە شتێکەوە ۞ 1 انقیاد، تابعیت، اطاعت 2 مطیع‌سازی 3 موکول‌سازی

subjective /səb'dʒektɪv/ *adjective*

1 سابجێکتیف، سابجەکتیف، نابابەتی، زەینی، دەروونی 2 خەیاڵی، بۆچوونی 3 کەسی، خۆیی 4 (ڕێزمان) کارایی (subjectiveness /səb'dʒektɪvnəs/ *n*) ۞ 1 ذهنی 2 تصوری 3 شخصی 4 (دستور زبان) فاعلی

subjective case = nominative

subjective complement *noun*

تەواوکەری کارا(یی)، وەک sick لە " *he had fallen sick*" ۞ متمم فاعلی

subjectively /səb'dʒektɪvli/ *adverb*

لەباری زەینی یان دەروونییەوە، لە دەروونەوە: *People who are less subjectively involved are better judges* ۞ از نظر ذهنی

subjectivism /səb'dʒektɪvɪzəm/ *noun*

سابجێکتیڤیزم، زەین‌باوەڕی ۞ ذهن‌گرایی

subjectivist /səb'dʒektɪvɪst/ *noun*

سابجێکتیڤیست، زەین‌باوەڕی ۞ ذهن‌گرا

subjectivistic *adjective*

سابجێکتیڤیستی، زەین‌باوەڕییانە، زەین‌باوەڕانە ۞ ذهن‌گرایانە

subjectivity /ˌsʌbdʒek'tɪvəti/ *noun*

خودێتی، خۆیەتی، سابجێکتیڤیتی، زەینیتی: *There is an element of subjectivity in her criticism* ۞ ذهنیت

subject matter /'sʌbdʒek mætə(r)/ *noun*

بابەت، مژار، مادە، ناواخن ۞ موضوع، محتوا

sub judice /ˌsʌb 'dʒu:dəsi, US -seɪ, -keɪ/ *adjective*

(لاتینی، ماف) لەژێر لێکۆڵینەوە(دا)، لەبەردەم دادگادا، لە دادگا باس‌کراو، دادگایی‌لەسەرکراو یان دراو (کەوایە نابێ لە ڕۆژنامەدا باس بکرێ یان بخرێتەڕوو) ۞ مطروحە، در دست رسیدگی

subjugation /ˌsʌbdʒu'geɪʃn/ *noun*

1 گوێڕایەڵی، ملکەچی، گوێ‌لەمستی، ستوخواری، ژێردەستی، بن‌دەستی 2 ملکەچ‌کردن، خستنەژێر ڕکێفەوە، سەرکوت‌کردن، مل(یان سەر)پێدانەواندن، گوێڕایەڵ‌کردن، دەس‌بەسەراگرتن، گرتن، بەزاندن ۞ 1 انقیاد، استیلا 2 مهارسازی، مقهورسازی

subjugator *noun*

گوێڕایەڵکەر، ملکەچکەر، ژێرڕکێفخەر، سەرکوتکەر، مل‌پێدانەوێنەر، دەس‌بەسەراگر، بەزێنەر ۞ مطیع‌سازندە، مقهورساز

subjunction *noun*

لکاندن، خستنەسەر، پێوەزیادکردن، دانەدەم، سەرخستە، پاشکۆ ۞ الحاق، الحاقی، ضمیمە

subjunctive /səb'dʒʌŋktɪv/ *adjective, noun*

adj مەرجی، (قاڵبی) پەیڕەوی، ئەگەرتیابوو، وێچوو، ئەگەردار *n* دەمکاتی مەرجی، دارشتی ئەگەردار (subjunctively /səb'dʒʌŋktɪvli/ *adv*) ۞ *adj* شرطی *n* وجه یا صیغەی شرطی

subkingdom /'səbkɪŋdəm/ *noun*

1 مەڵبەندی لاوەکی، لامەڵبەند 2 پاتشایی سەربە پاتشاییێکی تر 3 ژێرشایەتی: بابەتێکی پۆلاندنی زیندەوەری لەژێر kingdom و لەژوور phylum ۞ 1 قلمرو تابعه 2 و 3 ساب‌کینگدوم

sublation *noun*

گۆڕان، گۆڕانکاری، تێکچوون ۞ تحول، تغییر

sublease /ˌsəb'li:s/ *noun*

(بە)کرێدان بە کەسێکی‌تر، ئیجارە بە کەسێکی‌تر (قسە لەسەر بەکرێ‌گرتوو یان ئیجارەگرتووی سەرەکییە) ۞ اجارەی ثانوی یا بە غیر

sublessee /səblə'si/ *noun*

لاکرێ‌نشین، کرێ‌نشینی لاوەکی ۞ مستأجر فرعی

sublessor *noun*

بەکرێ‌دەرەوەی لاوەکی ۞ موجر فرعی

sublet = past and past participle of sublet

subletting *noun*

بەکرێدان یا ئیجارە بە کەسێکی‌تر ۞ اجارەی ثانوی یا بە غیر

sub-lieutenant *noun*

ئەفسەرێکی دەریاوانی خوارتر لە پلەی lieutenant ۞ ناوبان دوم

sublimate /'sʌblɪmət/ *adjective, noun*

(مەتریالی) هەڵچوو یان پاڵێوراو ۞ (مادەی) تصعیدشده یا تصفیه‌شده

sublimation /ˌsʌblɪˈmeɪʃn/ *noun*

1 هەڵچوون، بالاوتن (لە دۆخی رەقییەوە بۆ هەڵمان) 2 بەرزبوونەوە، بەرزەوەبوون، هەڵکشان ۞ 1 تصعید 2 والایش

sublime /səˈblaɪm/ *adjective*

1 بەرز، بالا، پایەبەرز، جێی‌پەسن، بلیند، گەورە، مەزن، جوان 2 سەیر، سەرسووڕهێنەر: *a sublime combination of flavours* 3 بێ‌ئەندازە، لە رادەبەدەر ۞ 1 والا، عالی 2 شگفت‌انگیز 3 بی‌حدوحصر

sublimely /səˈblaɪmli/ *adverb*

بە شێوەیەکی سەیر، بەرزانە، یەکجار، گەلێ، لە رادەبەدەر، لە ئەندازەبەدەر، بێداد: *He dances sublimely ◊ beautiful* ۞ بە طور شگفت‌انگیز، به طور عالی، فوق‌العاده

sublimeness /səˈblaɪmnəs/ *noun*, also sublimity /səˈblɪmətɪ/

بەرزی، بلیندی، مەزنی، پایەبەرزی ۞ والایی، رفعت

subliminal /ˌsʌbˈlɪmɪnl/ *adjective*

بێ‌ئاگایانە، ناهۆشیارانە: *subliminal advertising* ۞ زیرآستانه‌ای

subliminally /ˌsʌbˈlɪmɪnli/ *adverb*

بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە، (بە شێوەیکی) بێ‌ئاگایانە ۞ به طور زیرآستانه‌ای

sublingual /ˌsəbˈlɪŋgwəl/ *adjective*

1 (تویکاری و پزشکی) هەڵکەوتوو لەژێر زماندا، ژێرزمانی 2 ئاماژە بەو جووتە لیکەرژێنەی ژێر زمانە ۞ 1 واقع در زیر زبان 2 ساب‌لینگوال

sublittoral /sʌbˈlɪt(ə)r(ə)l/ *adjective*

(زۆرتر ژینگەناسی) ئەزی، هەڵەدا یان هەڵکەوتووە نزیک بە یان خوارووی کەنارەوە ۞ ساب‌لیتورال

sublunar *adjective*

(ئەستێرەوانی) لەنێو سوورگەی مانگا و بابەتێکە بۆ کارتێکردنی، هەڵکەوتوو لەژێر مانگا ۞ واقع در زیر قمر

sublunary *adjective*

دنیایی، ئەمجیهانی ۞ زمینی، خاکی

subluxation /ˌsʌblʌkˈseɪʃ(ə)n/ *noun*

لەجێچوون یان وەرگەڕانی نیوەچڵ ۞ دررفتگی جزئی

sub-machine gun *noun*

شەستێر یان رەشاشی دەستی، شەستێری سووک ۞ مسلسل دستی

submandibular /ˌsʌbmanˈdɪbjʊlə/ *adjective*

(تویکاری) هەڵکەوتوو لەژێر شەویلکە یان شەویلکەی خواروو ۞ واقع در زیر آرواره یا آروارەی پایینی

submandibular gland *noun*, also submaxillary gland

(تویکاری) هەریەک لەو جووتە رژێنەی هەڵکەوتوو لە بنەوەی رژێنە پارۆتیدییەکان ۞ parotid glands ساب‌ماندیبولار گلند

submarine /ˌsʌbməˈriːn, US ˈsʌbməriːn/ *noun, adjective*

n ژێردەریایی، بنەدەریایی *adj* لەژێر ئاوەوە، ژێرئاوی، بناوی، سەربە ژێردەریایی ۞ *n* زیردریایی *adj* زیرآبی، وابسته به زیردریایی

submariner /sʌbˈmærɪnə(r), US ˌsʌbməˈriːnər/ *noun*

1 دەریاوان، مەلەوان 2 ئەندامی کارکەرانی ژێردەریایی ۞ 1 ملاح 2 عضو خدمه‌ی زیردریایی

submaxilla *noun*

شەویلکەی بنەوە یان خواروو ۞ آروارەی زیرین

submaxillary /ˌsʌbˈmæksəlerɪ/ *adjective*

بنشەویلکەیی، ژێرشەویلکەیی ۞ زیرآرواره‌ای

submediant *adjective*

نۆتی شەشەم لە پەیژەی دیاتۆنیکی هەر کلیلێ ۞ ساب‌میدیانت

submerged *adjective*

1 ژێرئاوچوو، بناوکەوتوو، بنئاوکەوتوو 2 کلۆل، قوربەسەر، لێقەوماو 3 نوقم(بوو)، قومبوو: *Her submerged car was discovered in the river by police divers* ۞ 1 زیر آب رفته 2 مفلوک 3 غرقه

submergence /səbˈmɜdʒəns/ *noun*

نوقمی، نوقمبوویی، نوقومبوون ۞ غوطه‌وری

submersible /səbˈmɜːsəbl, US -ˈmɜːrs-/ *adjective, noun*, also submergible /səbˈmɜːdʒəbl, US -ˈmɜːrdʒ-/

adj ژێرئاوی، بناوگەڕ، ژێراوی *n* کەشتی یان فرۆکەی ژێرئاوی یان بناوگەڕ ۞ *adj* زیرآبی *n* کشتی زیرآبی

submersion /səbˈmɜːʃn, US -ˈmɜːrʒn/ *noun*

نوقماندن، قومکردن، قوماندن، تێهەڵکێشان ۞ غوطه‌ورسازی

submicroscopic *adjective*

ژێروردبینی، یەکجار چکۆلە یا ورد کە بە وردبینی ئاسایی ڕووناکی ببینرێ (submicroscopically *adv*) ۞ ساب‌میکروسکوپیک

subminiature *adjective*

یەکجار چکۆلە یان ورد ۞ بسیار کوچک یا ریز

submiss *noun*

(کۆن) ژێردەستە، گوێڕایەڵ، ملکز، ملکەچ، گوێلەمست، humble ،submissive ۞ مطیع

submission /səbˈmɪʃn/ *noun*

1 خۆبەدەستەوەدان، پەسند یان قەبووڵکردنی ژێردەستەیی، گوێڕایەڵی، ملکەچی، ملدان، گوێلەمستی، ژێردەستی، بندەستی 2 بێدەماری، خاکەڕایی 3 بیر، بۆچوون، بیروڕا، دیتن، نێرین 4 خستنەڕوو، پێشکەش کردن ۞ 1 تسلیم، اطاعت 2 تواضع 3 عقیده 4 عرضه

submissive /səb'mɪsɪv/ *adjective*
گوێڕایەڵ، ملکەچ، گوێلەمست، ژێردەست، بندەست، ملپاکردوو، خۆبەدەستەوەداو، بەیدەس، سەرکز: ◊ *submissive employees* *She followed him like a submissive child* ۞ مطیع، رام

submissively /səb'mɪsɪvli/ *adverb*
گوێڕایەلانە، ملکەچانە، ژێردەستانە، بە ملکەچییەوە ۞ مطیعانه

submissiveness /səb'mɪsɪvnəs/ *noun*
ملکەچی، فەرمانبەری، ژێردەستی ۞ فرمانبرداری، اطاعت

submodifier *noun*
(ڕێزمان) ئاوەڵکارێ کە بەرلە ئاوەڵناو یان ئاوەڵکارێکی تر بەکاردێنرێ تا ئاڵوگۆڕی واتایی پێکبێنێ (submodification *n*؛ وەکوو "زۆر سارد" یان *very cold*) ۞ وابستەی فرعی

submontane /sʌb'mɒnteɪn/ *adjective*
بناری، قەرتاڵی، دامێنی، سەربە بنار یان قەدی کێو ۞ کوەپایەای

submultiple *noun, adjective*
(ژمارەی) بەرکەوت یان ئەنجامی دابەش کردن، کۆلکە، بەرکەوت ۞ (عدد) خارج قسمت، برخەشمار

subnormal /ˌsʌb'nɔːml, US -'nɔːrml/ *adjective*
نائاسایی، ژێرئاسایی، خوارتر لە ئاستی ئاسایی؛ کەمهۆش: ◊ *subnormal temperatures* *educationally subnormal children* (subnormally /ˌsʌb'nɔːmli, US -'nɔːrmli/ *adv*) ۞ زیرهنجار، غیرعادی، دون روال

subnormality *noun*
نائاسایێتی، ژێرئاسایێتی، خوارتربوون لە ئاستی ئاسایی، کەمهۆشی ۞ زیرهنجاری، دون روال بودن

sub-nuclear *adjective*
(فیزیک) ژێرناوکی ۞ زیرهستەای

suboceanic *adjective*, also subocean
1 هەڵکەوتوو لەژێر یات قوولایی ئۆقیانووسدا، ژێرئۆقیانووسی، لەژێر تەرکی ئۆقیانووس دایە 2 سەربە یان لەژوور تەرکی ئۆقیانووسەوە ۞ 1 واقع در زیر اقیانوس، زیراقیانوسی 2 وابستە به بستر اقیانوس

subocular *adjective*
هەڵکەوتوو لەژێر چاوا، ژێرچاوی ۞ واقع در زیر چشم

subofficer /sʌb'ɒfɪsə(r)/ *noun*
دوائەفسەر، ناوەڵئەفسەر ۞ افسر جز

suborbital *adjective*
1 ژێرخولگەیی، بنسوورگەیی، کەمتر لە خولگەیێ 2 لەژێر چاودا، لەژێر کاسە یان چاڵی چاوا ۞ 1 زیرمداری 2 در زیر چشم

suborder /'sʌbɔːdə(r)/ *noun*
1 (زیندەناسی) ژێردەستە، بندەستە، لادەستە (لەژێر order و لەژوور family) 2 لاپۆلاندن، پۆلاندن ۞ 1 راستەی فرعی 2 طبقەبندی فرعی

subordinate /sə'bɔːdɪnət, US -'bɔːrd-/ *adjective, noun*
adj 1 ژێردەس، خواردەس، بندەس، خوارتر، نزمتر 2 گوێڕایەڵ، ملکەچ 3 پاشکۆ، بەستراو، پێوەبەند، شوێنکەوتوو *n* ئەندام یا کەسی ژێردەست ۞ *adj* 1 زیردست، پایینتر 2 مطیع، تابع *n* عضو یا شخص زیردست

subordinate clause *noun*, dependant clause
(ڕێزمان) بڕگەی شوێنکەوتوو؟، ڕستۆکەی پێوەبەند یان بەستراو؟، بڕگەی پاشکۆ ۞ بند وابستە

subordination /səˌbɔːdɪ'neɪʃn, US -ˌbɔːrd-/ *noun*
1 بەستراوی، پێوەبەستراوی، بەندبوون، بەندێتی، پێوەبەندی، پاشکۆیەتی 2 ملکەچی، فەرمانبەری، گوێلەمستی، ژێردەستی، بندەستی ۞ 1 وابستگی 2 تبعیت، اطاعت، انقیاد

subordinating conjunction *noun*
پیتی پێوەندی پێوەبەند (ب.ن. *although* و *because* بڕوانە coordinating conjunction) ۞ حرف ربط وابستە

subordinative /sə'bɔːdɪnetɪv, US -'bɔːrd-/ *adjective*
1 ملکەچ، فەرمانبەر، گوێلەمست، ژێردەست، بندەست 2 ژێرڕکێفخەر، ژێردەسخەر ۞ 1 تابع، مطیع 2 تابع قراردهنده

subornation /ˌsəbˌɔː'neɪʃn/ *noun*
بەرتیلدەرخوارددان، بەرتیلپێدان، بە تەماحاخستن، فیتدان، هەڵخڕاندن، تاودان (بۆ کاری خراپ؛ subornative *adj*) ۞ تطمیع، اغوا

suborner *noun*
بەرتیلدەر، بەرتیلپێدەر، بە تەماحاخەر، فیتدەر، هەڵخڕێنەر، تاودەر (بۆ کاری خراپ) ۞ تطمیع‌گر، اغواگر

subosine *adjective, noun*
adj ژێر چۆلەکەییەکان: سەربە ئەو باڵندانەی ژێردەستەی Suboscines، هی دەستەی Passeriformes. ئەمانە لە چاو باڵندە چۆلەکەییەکان ئەندامە دەنگییەکانیان کەمتر پەرەی سەندووە *n* باڵندەیێکی ژێرچۆلەکەیی ۞

سابوسین

suboxide *noun*

(کیمیا) ژێرئۆکساید، بنۆکساید: ئۆکسایدی توخمێ کە کەم ترسن چکۆلەترین ڕێژەی ئۆکسیژێنی تیایە ⬡ ساب‌اکسید

subovate *adjective*

نیمچەهێلکەیی ⬡ نیمەبیضوی

subphylar *adjective*

ژێرلقی، بن‌لکی، لالکی، بەشی ⬡ وابستە بە شاخەی فرعی

subphylum *noun, pl.* subphyla

(گیانەوەرناسی) ژێرلق، بن‌لک، لالک، بەش: بابەتێکی زیندەوەری پۆلاندن لەژێر phylum و لەژوور class ⬡ شاخەی فرعی

sub-plot /'sʌbplɒt, US -plɑ:t/ *noun*

لاپلۆت، دارشتنی لاوەکی، لادارێژە ⬡ طرح فرعی

subpoena /sə'pi:nə/ *noun, pl.* subpoenas

(قانوون) بانگێشتنامە، دەستوورنامە ⬡ احضاریە، حکم احضار

subpoena ad testificandum *noun*

(لاتینی نوێ) بانگ‌کردنی (بە نووسراوە) شایەت یان گەواهـ بۆ دادگا بۆ شایەتی‌دان (یان گەواهی‌دان) ⬡ احضار شاهد بە دادگاه برای ادای شهادت

subpoena duces tecum *noun*

(لاتینی نوێ) بانگ‌کردن (بە نووسراوە) بۆ دادگا بۆ دەرخستنی ڕاستی‌یەکان ⬡ احضار بە دادگاه برای بیان حقایق

subprincipal *noun*

دوابەڕێوەبەر یا یاریدەدەری بەرپرسی خوێندنگا ⬡ معاون رئیس مدرسە

subprogram = subroutine

subregion *noun*

لاناوچە، ناوچەی لاوەکی، هەرێمی لاوەکی ⬡ منطقەی فرعی

subreption *noun*

شێواندنی ڕاستی‌یەکان، دەسکاری یان چەواشەکردنی ڕاستی‌یەکان، بەدەس‌خستنی شتێ لە ڕێگای هەڵەوە ⬡ مخدوش‌سازی حقایق

subrogation /ˌsʌbrə'geɪʃ(ə)n/ *noun*

1 جێگری، جێگرایەتی، بریکاری 2 لەبری‌دانان، لەجێ‌دانان ⬡ 1 جانشینی، وکالت 2 جانشین‌سازی

sub rosa /sʌb 'rəʊzə/ *adjective, adverb*

(لاتین) بە نهێنی، نەهێنی، بە پەنامەکی، لە بنەوە، بندەسی، تایبەتی (واتای خۆی: لەژێر دەوەنی گوڵەباخ‌دا) ⬡ مخفیانە

subroutine /'sʌbru:ti:n/ *noun*

(کامپیوتێر) ساب‌ڕۆتین ⬡ زیرروال

subs *noun*

حەقی بەئەندام‌بوون، حەقی ئەندامێتی ⬡ حق عضویت

sub-Saharan *adjective*

ساب‌ساهاران: بەشی ناوچە ئەفریکایی‌یەکانی باشووری (یان بەشی باشووری ناوچەکانی ئەفریکا) بیابانی سەحرا پێکدێنێ ⬡ ساب‌ساهاران

subsample *noun*

لانموونە، وێنەی لاوەکی، نموونەی لاوەکی ⬡ نمونەی جز

subsaturated *adjective*

نیمچەپاراو ⬡ شبەاشباع‌شدە

subscapular *noun*

ژێرشانی، لە بن شانەوە، هەڵکەوتوو لە ژێر شانەوە ⬡ تحت کتفی

subscriber /səb'skraɪbə(r)/ *noun*

هاوبەش، یارمەتی‌دەر، باربووپێدەر ⬡ مشترک، اعانەدهندە

subscriber trunk dialing *noun*

(سیستمی) تەلەفونی ڕاستەوخۆی مەودا (ڕێگا)ی دوور (لە جیاتی بەکارهێنانی ئۆپێراتۆر) ⬡ تلفن مستقیم راە دور

subscript *adjective, noun*

adj ژێرنووس، ساب‌سکریپت *n* پیت، ژمارە یان هێمای ژێرنووس ⬡ *adj* زیرنوشت *n* حرف، عدد یا نماد زیرنویس

subscription /səb'skrɪpʃn/ *noun*

1 باربوو، کۆمەک، یارمەتی (ماڵی)، پارە، پیتاک 2 پارە یان حەقی ئەندامێتی، حەقی بە ئەندام‌بوون 3 مۆر، ئیمزا، واژۆ 4 (کۆن) ڕاگەیاندن‌نامە یان ڕێک‌کەوتن‌نامەی مۆرکراو ⬡ 1 اعانە 2 حق عضویت 3 امضا 4 اعلامیە یا توافق‌نامەی امضاشدە

subscription concert *noun*

کۆنسێرتێ کە گشت بلیتەکانی پێش‌فرۆش کراوە ⬡ کنسرت ساب‌سکریپسیون

subsection /'sʌbsekʃn/ *noun*

لابەش، بەشی لاوەکی، لابڕگە (ب.ت. بەڵگەنامەیێکی فەرمی): *The case is described in -ction six below* ⬡ بخش جز

subsequence /'sʌbsɪkw(ə)ns/ *noun*

دوابەدوای‌یەک ڕوودان، بەداوادهاتن ⬡ تأخر

subsequent /'sʌbsɪkwənt/ *adjective*

دواتر، پاش‌تر، پاشین، دوا، لە دوای، دوابەدوای: *Subsequent* ◊ *subseequent generations events confirmed our doubts* ⬡ بعدی، بە دنبال

subsequently /'sʌbsɪkwən-əns tli/ *adverb*

دوابەدوای، دوایی، پاشان، دواتر، لە دوایی‌دا، لە پاشا، لەوە بەدوا: *The original interview notes were subsequently lost* ⬡ بعداً، سپس

subsequent to *preposition*

(فەرمی) لە دوای، لە پاش، دوابەدوای، after، following، since: *subsequent to our discussion* ◊ *There have been further developments subsequent to our meeting* ۞ بعد از، پس از، به دنبال، متعاقب

subsere *noun*
پەیتایی یان یەکبەودوای یەکهاتنی دوایی یان پاشین (= گیانەوەر یان رووەک پاش سووتان و هتد) ۞ توالی بعدی

subservience / səb'sɜːviəns/ *noun,* also subserviency
1 ملکەچی، فەرمانبەری، ژێردەستی، بندەستی، بەقسەکردوویی: *his subservience to his brother* 2 سوود، قازانج، بەهرە، بەکارهاتوویی، بەرژەوەندی ۞ 1 اطاعت، تبعیت، فرمانبرداری 2 فایده

subservient /səb'sɜːviənt, US -'sɜːrv-/ *adjective*
1 زمانلووس، خۆڕیخەر، گوێڕایەڵ، ملکەچ، بەقسەکردوو، حاڵی: *The press was accused of being subservient to the government* 2 بەکارهاتوو، بەقازانج، بەکەڵک، بەسوود ۞ 1 چاپلوس، مطیع، فرمانبردار 2 مفید

subserviently /səb'sɜːviəntli, US -'sɜːrv-/ *adverb*
زمانلووسانە، خۆڕیخەرانە ۞ چاپلوسانە

subset /'sʌbset/ *noun*
ژێرکۆمەڵە، ژێردەستە، وردەدەستە، بەشێ لە گرووپێ یان کۆمەڵێ، بەشەکۆمەڵە: *a subset of the people who took part in the survey*: portion، division: *a subset of our community* ۞ زیرمجموعه

subshrub *noun*
(رووەکناسی) وردەدەوەن، پنچک، وردەلق ۞ سابشروب

subshrubby *adjectiv*
وردەدەوەناوی، پنچکاوی، وردەلقاوی ۞ سابشروبی

subsidence /səb'saɪdns, US 'sʌbsɪdns/ *noun*
(خانووبەرە) نیشتن، رۆچوون، داچوون، نشست، تلیانەوە ۞ نشست

subsidiarity /səbˌsɪdi'ærɪti, ˌsʌbsɪdi-, US -'erɪti/ *noun*
دەسەڵاتی بڕیاردان ۞ اختیار تصمیم‌گیری

subsidiary /səb'sɪdiəri, US -dieri/ *adjective, noun*
1 *adj* لاوەکی، ناسەرەکی، لابەلایی 2 یارمەتیدەر، یاریدەدەر، زیادی 3 (کۆمپانی) پاشکۆ، پێوەبەستراو، پێوەبەند *n* کۆمپانی پاشکۆ، نێوکۆیی پێوەبەستراو یا پێوەبەند ۞ *adj* 1 فرعی 2 کمکی 3 تابع *n* شرکت وابسته

subsidiary company *noun*
کۆمپانی پاشکۆ، نێوکۆیی پێوەبەستراو یا پێوەبەند ۞ شرکت وابسته

subsidization /ˌsʌbsɪdaɪ'zeɪʃn, US -də'z-/ *noun*
یارمەتیدان، بارئاریدان، باربووپێکردن، یارمەتیپێگەیاندن، کۆمەکپێکردن ۞ یارانه‌دهی

subsidized *adjective*
باربوودار، باربوولەسەر، یارمەتیپێگەیەنراو، کۆمەکانە ۞ یارانه‌دار

subsidy /'sʌbsədi/ *noun, pl.* subsidies
باربوو، کۆمەک، یارمەتی، یارمەتی ماڵی، بەرئاری، ئازرین، پیتاک: *agricultural subsidies* ◊ *to reduce the level of subsidy* ۞ یارانه

subsistence /səb'sɪstəns/ *noun*
1 مان، بەردەوامبوون، continuation، persistence، existence، بوون، ژین، ژیان(کردن، بە نان و ئاوێکی کەم)، گوزەران، بەڕێچوون، ژیوار(کردن): *Many families are living below the level of -istence* 2 نەمرنەژی، بەشخۆکردوویی، سەگمەرگی، نانەزگی 3 پێویست، (یەکجار) گرنگ 4 مایەی بەڕێچوون یان ژیوار (subsistent *adj*) ۞ 1 هستی، امرار معاش 2 بخور و نمیر 3 حیاتی 4 وسیله‌ی امرار معاش

subsistence agriculture *noun*
کشتوکاڵ بۆ ژیوار (کردنی خێزانی خۆی، نە بۆ بەرهەمهێنان یان فرۆشتن) ۞ اگیکالچر سابسیستنس

subsistence allowance *noun,* also subsistence money
ژیوارانە، یارمەتی بەڕێچوون، پارە یا باربووی ژیوار ۞ مدد معاش

subsistence crop *noun*
بەرهەم یان بەروبوو بۆ خودی جووتیار ۞ محصول مصرفی کشاورز

subsistence farming *noun*
کشتوکاڵ بۆ ژیوار(کردنی خێزانی خۆی، نە بۆ بەرهەمهێنان یا فرۆشتن) ۞ سابسیستنس فارمینگ

subsistence level *noun,* also subsistence wge
هێڵی هەژاری، ئاستی هەژاری ۞ خط فقر

subsoil /'sʌbsɔɪl/ *noun*
گڵی ژێرەوە، ژێرگڵ، بنگڵ، ژێرخاک ۞ زیرخاک

subsolar *adjective*
ژێرخۆری، بنخۆری، لەژێر رۆژەوە یان خۆرەوە ۞ سابسولار

subsonic /ˌsʌbˈsɒnɪk, US -ˈsɑːn-/ *adjective*
کەم‌تر یان خوارتر لە خێرایی دەنگ، ژێردەنگ، بن‌دەنگ، خواردەنگ (subsonically *adv*) ⬡ زیرصوت

subspace *noun*
لابۆشایی، نیمچەبۆشایی، بۆشایی لاوەکی ⬡ فضای فرعی

subspecies /sʌbˈspiːʃɪz/ *noun, pl.* same
بن‌جۆر، ژێرجۆر، لاجۆر، چەشنی خوارتر، بەشەجۆر ⬡ زیرگونه

subspecific *adjective*
بن‌جۆری، ژێرجۆری، لاجۆری، سەربە چەشنی خوارتر، بەشەجۆری ⬡ وابسته به زیرگونه

substance /ˈsʌbstəns/ *noun*
1 مادە، مەتریال، ماک، مایە، کەرستە، پێزە، شت، بابەرە، نیوپشک: *a* ◊ *chemical/radioactive, etc. substance* 2 زات، سابستەنس، *sticky substance* گەوهەر، کرۆک 3 گرنگایەتی، پێشەم‌بوون: *matters of substance* 4 بنەرەت، بنچینە، بنەما، بنگەهـ 5 مانەوە، خۆراگری، خۆگرتوویی 6 واتای بنچینەیی 7 ناوەرۆک، فەریز، ناواخن 8 دارایی، سامان، ماڵ، پارە، پووڵ ⬡ 1 ماده، جسم 2 ذات، جوهر 3 اهمیت 4 اساس 5 استحکام 6 معنای بنیادی 7 مفاد، محتوا 8 دارایی، پول

substandard *adjective*
ژێرستاندارد، ئایەخ، خراپ، بازاڕی ⬡ نامرغوب

substantial /səbˈstænʃl/ *adjective*
1 قایم، رەختە، نەڕووخ، بەرگەگر، پتەو: *a substantial house* 2 گەورە، زۆر، بەرچاو، جێی سەرنج، گرنگ، پێشەم، important: *a* ◊ *substantial sums of money* 3 مایەوەر، بەمایە، پڕمایە، *substantial change* دەوڵەمەند، مایەدار 4 بنچینەیی، بنەرەتی، بنەمایی، بناخەیی، بنگەهی 5 زاتی، گەوهەری، کرۆکی، جەوهەری 6 راستەقینە ⬡ 1 محکم 2 عظیم، مهم 3 غنی 4 اساسی، بنیادی 5 ذاتی، جوهری 6 واقعی

substantialism *noun*
گەوهەرباوەری، کرۆک‌باوەری، کرۆک‌گەری، گەوهەرگەری (*n* substantialist: گەوهەرباوەر، کرۆک‌باوەر، کرۆک‌گەر، گەوهەرگەر) ⬡ جوهرگرایی

substantiality *noun*
مەتریالی‌بوون، مادی‌بوون، گەوهەریتی، کرۆکی‌بوون ⬡ مادیت، جوهریت

substantially /səbˈstænʃəli/ *adverb*
1 بە شێوەیەکی بنچینەیی، بنەرەتی‌یانە، بنچینەیی‌یانە 2 زۆر، بڕێکی زۆر: *The plane was substantially damaged in the crash* ◊ *The costs have increased substantially* ⬡ 1 به طور بنیادی 2 به مقدار زیاد

substantia nigra *noun, pl.* substantiae nigra
مایەرەشە: توێیەکی ماکە بۆرینەی پڕپیگمێنت کە لە midbrain دا هەڵکەوتووە و تەنەکانی خانەیی دەزگای خانە تێرقەکانی دۆپامین بەرهەم‌هێنەر (یان دۆپامین‌ساز)ی dopamine تیایە ⬡ سابستانیا نیگرا

substantiation /səbˌstænʃiˈeɪʃn/ *noun*
سەلماندن، ساخ‌کردنەوە، پشت‌راست‌کردنەوە، ئیسپات(کردن)، راستی‌وەدەرخستن (substantiative *adj*) ⬡ اثبات، تحقق

substantival /-ˈtaɪv(ə)l/ *adjective*
(رێزمان) نێوی، ناوی ⬡ اسمی

substantive /səbˈstæntɪv, US ˈsʌbstəntɪv/ *adjective, noun*
1 *adj* بنچینەیی، بنەرەتی، بنگەهی، گەوهەری، بنەمایی 2 خاوەنی بوونی جیا یان سەربەخۆ 3 راستەقینە، راست 4 هەمیشەیی، بەردەوام، نەکاتی *n* (رێزمان) ناو، نێو (وشە یان کۆمەڵە وشەیێ کە لەباری رستەسازی‌یەوە وەک ناوێ کار دەکەن) ⬡ 1 *adj* اساسی، بنیادی 2 دارای هستی جداگانه یا مستقل 3 واقعی 4 دائمی *n* (دستور زبان) اسم

substantively /səbˈstæntɪvli, US ˈsʌbstəntɪvli/ *adverb*
بە شێوەیەکی بنچینەیی، بنەرەتی‌یانە ⬡ به طور اساسی

substantive right *noun*
مافی بنەرەتی یان بنچینەیی ⬡ حق بنیادی

substantivization *noun*
(رێزمان) گۆڕین بۆ ناو، بەکارهێنانی (ئاوەڵناو، کار verb و هتد) وەک ناو، ناواندن ⬡ سابستانتیویزاسیون

substation /ˈsʌbsteɪʃn/ *noun*
1 (ناوەندی) پۆستی لاوەکی، لاپۆست، ئافیسی پۆستی چکۆلەی خۆجێیی 2 لاوێستگە، وێستگەی لاوەکی ⬡ 1 پست فرعی 2 ایستگاه فرعی

substituent /səbˈstɪtjuənt/ *noun*
گۆڕین ⬡ تعویض

substitute /ˈsʌbstɪtjuːt, US -tuːt/ *noun*
جێگر، جێ‌نشین، جێگرەوە، بریکار ⬡ جانشین، جای‌گزین، بدیل

substitute teacher *noun*
مامۆستای جێگر(ەوە) ⬡ معلم ذخیره

substitution /ˌsʌbstɪˈtjuːʃn, US -ˈtuː-/ *noun*
1 جێگر، جێگرەوە 2 لەجێ‌دانان، لەبری‌دانان، لەبری‌خستن، جێ‌گرتنەوە (substitutional *adj*) (-titutionally *adv*) ⬡ 1 جانشین 2

جانشین‌سازی

substitutionary /ˌsʌbstɪ'tjuːʃn, US -'tuː-/ *adjective*, also -bstitutional /ˌsəbstə'tjuːʃnəl/
لەبری، دانراو لە جیاتی شتێکی تر ۞ عوضی

substrate /'sʌbstreɪt/ *noun*
1 = substratum 2 بنکـە، ئاسـت یـان ماکـێ material کـە زینـدەوەرێ لـەسـەری دەژی یـان شین دەبێ یان (لـەسـەری) دەخـوا 3 ماکێ کـە کاری تێ‌دەکرێ (وەک بـەهـۆی هـەوێنـەیێکـەوە enzyme)، ماکێ کـە هـەوێنـەیێ کـاری لـەسـەر دەکا 4 ئاستێ کە لەسەر ئەوەوە شتێ دەنیشێ یان هەڵدەکۆڵرێ یان دەنووسرێ ۞ ساب‌استرات

substratosphere *noun*
چینی ژێرەوەی ستراتوسفێر، ژێرستراتوسفێر ۞ ساب‌استراتوسفر

substratum /'sʌbstrɑːtəm, US 'sʌbstreɪtəm/ *noun*, *pl.* substrata /'sʌbstrɑːtə, US 'sʌbstreɪtə/
1 بنـەڕەت، مـاک، بنـەما، بناخـە، بنچینـە، بنگەهـ ـێم، foundation: *the substrata of society* 2 (زەویناسـی) بەشـەچین، ژێرتـوێ، تـوێی ژێرەوە: *a substratum of clay* ۞ 1 اساس، شالودە، بنیاد 2 (زمین‌شناسی) زیرلایە

substructural *adjective*
1 بنـەڕتی، مـاکی، بنـەمایی، بناخـەیی، بنچینـەیی، بنگەهی 2 ژێرپێکهاتی، ژێرخانی ۞ 1 شالودەای 2 زیرساختی

substructure /'sʌbstrʌktʃə(r)/ *noun*, also substruction
1 بنەڕت، ماک، بنەما، بناخە، بنچینە، بنگەهـ: *a substructure of timber piles* 2 ژێرپێکهات، ژێرخان ۞ 1 شالودە 2 زیرساخت

subsumption *noun*
1 (لۆژیک) لاپێشـەکی، بەشەپێشـەکی، پێشـەکی چکۆلـە 2 پۆلانـدن 3 گرتنەبـەرخۆ، لـەخۆگرتن، داگـرتن 4 ئـەنجامگـیری، بۆدەرکـەوتن ۞ 1 مقدمەی صغری 2 ردەبندی 3 مشمول 4 استنتاج

subsurface *noun*
چینی ژێر روو، چینی بن‌ڕوو ۞ طبقەی زیرسطحی

subsystem *noun*
ژێرسیـستم، لاڕێکخـستە، لادەزگـا، دەزگـای لاوەکـی، ڕێکخـستە یـان سیـستمی لاوەکـی ۞ زیرنظام، دستگاه یا سیستم فرعی

subtenancy /'sʌbtenənsɪ/ *noun*
کـرێ‌نـشینی دوومـی، بـەکرێ‌دانی دووەمـی، لائیجارەداری، لائیجارەگری ۞ استیجار ثانوی، اجارەداری دست دوم

subtenant /'sʌbtenənt/ *noun*
کرێ‌نشینی کرێ‌نشین، لائیجارەدار، ئیجارەگری یان کرێ‌نشینی دووەمی (کرێ‌نشینێ کە ملک و ماڵەکەی لە کرێ‌نشینێکی تر بەکرێ گرتووە) ۞ مستأجر ثانوی

subtended angle *noun*
(بیرکاری) گۆشەی بەرامبەر ۞ زوایەی مقابلە

subtense /sʌb'tns/ *noun*
(ئەندازە) ژێ ۞ وتر

subter- *suffix*
پاشگر: ژێر، بن، کەم‌تر لە ۞ پسوند: زیر، کم‌تر از

subterfuge /'sʌbtəfjuːdʒ, US -tərf-/ *noun*
فێڵ، تەڵـەکە، بیانوو، پەڵـپ، فێڵ یـان شـتێکی فریـودەر، حـەشارگە، شـوێنی (خـۆ)شـاردنەوە: *Journalists often use subterfuge to obtain material for stories* ۞ ترفند، مـتمـسک، چیـز فریبندە، محل اختفاء

subterminal *adjective*
نزیـک بـە دوایـی یـا کۆتـایی زنجـیرێ یـا پێکهاتەیێکی تر ۞ ساب‌ترمینال

subterranean /ˌsʌbtə'reɪnɪən/ *adjective*, also subterraneous
1 ژێرعـەرزی، بـن‌عـەرزی، لـە ژێـرەوەی (رووی)عـەرز (subterranean canal - کـارێز؛ subterranean siphon - گونجـە، گـووزەڵـە، وشترگەروو یان وشترگەڵو) 2 شاراوە، نهێنی، نەتـەنی، پەنامـەکی، لـە بنـەوە، بنـەکی ۞ 1 زیرزمینی 2 نهفتە، مخفی

subterranean animal *noun*
گیانەوەری ژێرعەرزی یان بن‌عەرزی یان خـاکی ۞ جانور زیرزمینی

subtext /'sʌbtekst/ *noun*
واتـای شـاراوە، واتـای نهێنی یـان نادیـار، واتـای بنەوە ۞ معنای نهفتە

subtilization *noun*
1 ناسـک‌کردنەوە، باریک‌کردنەوە، وردکردنەوە 2 پاڵاوتن، پوختاندن، پوختەکردن، خاوێن‌کردنـەوە ۞ 1 لطیف‌سازی 2 تصفیە

subtitle /'sʌbtaɪtl/ *noun*
1 (کتێـب و هتـد) نـاوی دووەم، لانێـو 2 (subtitles) (فیلم و هتد) ژێرنووس، بنەوەنووس ۞ 1 عنوان فرعی 2 (در جمع) زیرنویس

subtitled *adjective*
بـە نێـوی دووەمـەوە، خـاوەن نێـوی دووەم ۞ دارای عنوان فرعی

subtle /'sʌtl/ *adjective* (subtler, subtlest)
1 ناسک، ورد، باریک، شـیاوی سـەرنج، وردبـین 2 زیـرەک، زرینـگ، مـدریک، چاومـار، عـەیار، زوڵ، فێڵاوی 3 شارەزا، لێهاتوو، لێزان، پێویـست بـە سـەرنج 4 وردبینانـە، زیرەکانـە، زرینگانـە (بنـەڕەت: لـە *sotil* فـەڕەنـسی کـۆن، لـە *subtilis* لاتـین) ۞ 1 ظریف 2 مکار، عیار، محیل 3 مـاهر، موشکاف 4 موشکافانە، هوش‌مندانە

subtlety /'sʌtlti/ *noun*, *pl.* subtleties
1 ناسـکی، وردی، وردبـینی، باریـک(بـین)ی 2

زیرەکی، فێلاوی‌بوون ○ 1 ظرافت، موشکافی 2 حیله‌گری

subtly /'sʌtli/ *adverb*

1 وردبینانە، بەوردی، ورد، زیرەکانە 2 کەمێ، برێک، بە شێوەیەکی نیوەچڵ ○ 1 موشکافانه 2 اندکی

subtonic *noun*, also leading tone

نۆتی خوارووی تۆنیک، نۆتی حەوتەمی پەیژەی دیاتۆنیکی هەر کلیلێ ○ ساب‌تونیک

subtotal /'sʌbtəʊtl, US -toʊtl/ *adjective*

1 لاسەرجەم، بەشێ لە سەرجەم 2 (برین یان نەشتەرگەری) کەم، بەشی، نەسەرجەم ○ 1 جمع جزء 2 جزئی

subtracter *noun*

لێدەرکەر، کەمکەرەوە، لێداشکێنەر، لێ‌کەم‌کەرەوە ○ تفریق‌کننده

subtraction /səb'trækʃn/ *noun*

لێدەرکردن، کەمکردنەوە، لێداشکاندن، لێ‌کەم‌کردن ○ تفریق

subtractive /ˌsəb'træktɪv/ *adjective*

کەمکردنەوەیی، لێداشکێنراو، لێدەرکراو، لێ‌کەم‌کراو ○ تفریقی

subtrahend /sʌbtrəhend/ *adjective*

لێدەرکراو، لێ کەمکراو، لێداشکێنراو، لێ‌دەرهاویژراو، لێ‌فڕێدراو ○ کاسته

subtropical /ˌsʌb'trɒpɪkl, US -'trɑ:p-/ *adjective*

نیمچەگەرمێن، نیمچەترۆپیکاڵ، نیمچەپشتێنەیی ○ نیمه‌استوایی

subtropics /ˌsʌb'trɒpɪks, US -'trɑ:p-/ *noun, pl.*

ناوچە نیمچەپشتێنە(یی‌یە)کان، نیمچەپشتێنان، مەڵبەندە نیمچەگەرمێنەکان، نیمچەگەرمێنان ○ مناطق نیمه‌حاره

subulate /'sju:bjʊlət, US -leɪt/ *adjective*

(گیانەوەرناسی و رووەکناسی) درەوشەیی، درەوشی، نووکتیژ (بنەڕەت: لە *subula* لاتین "درەوشە" + atc 2-) ○ سابولیت

subunit *noun*

بەشێکی جیای شتێ ○ جزء جداگانه‌ی چیزی

suburb /'sʌbɜ:b, US -ɜ:rb/ *noun*

دەوروبەر، پاڵشار، لاشار، دەورووپشت ○ حومه

suburban /sə'bɜ:bən, US -'bɜ:rb-/ *adjective*

1 هەڵکەوتوو لە دەوروبەر، لاشاری، خەڵکی دەوروبەری شار 2 دێهاتی، کێوی ○ 1 حومه‌ای، اهل حومه‌ی شهر 2 دهاتی

suburbanite /sə'bɜ:bənaɪt, US -'bɜ:rb-/ *noun*

لاشارنشین، پاڵشارنشین، دەوروبەرنشین (هی شار) ○ حومه‌نشین

suburbia /sə'bɜ:biə, US -'bɜ:rb-/ *noun*

1 دەوروبەری شار، دەوروپشتی شار 2 دانیشتووانی دەوروپشتی شار ○ 1 حومه‌ی شهر 2 حومه‌نشینان

subvention /səb'venʃn/ *noun*

یارمەتی، کۆمەک، باربوو، ئارزین، بەرئاری (لە لایەن حکومەتەوە و نادرێتەوە) ○ اعانه، کمک مالی (بلاعوض)

subversion /səb'vɜ:ʃn, US -'vɜ:rʒn/ *noun*

هەڵگێڕانەوە، لێک‌هەڵوەشاندن، ژێروژوورکردن، هەڵتەکاندن، رووخاندن، هەرەماندن، هەلاوگێرکردن، لابردن، تێکدان، لادان، خستنەلاوە، هەرەس‌پێهێنان، رووخان، هەڵتەکان، لێک‌هەڵوەشان ○ براندازی، واژگونی، انهدام

subversive[1] /səb'vɜ:sɪv, US -'vɜ:rs-/ *adjective, noun*

1 *adj* سەرهەڵداو، یاغی، سەربزێو 2 هەڵتەکێنەر، هەڵوەشێنەر، رووخێنەر، ژێروژوورکەر، تێکدەر، وێرانکەر، رکەبەری حکومەت، دژی رژێم *n* مرۆی سەرهەڵداو یان تێکدەر ○ *adj* 1 شورشی 2 واژگون‌سازنده، مخرب *n* آدم مخرب یا شورشی

subversive[2] /səb'vɜ:sɪv, US -'vɜ:rs-/ *noun*

1 سەرهەڵداوان 2 بەرهەڵستکارانی حکومەت، رکەبەرانی رژێم ○ 1 شورشیان 2 مخالفان حکومت

subversively /səb'vɜ:sɪvli, US -'vɜ:rs-/ *adverb*

تێکدەرانە، وێرانکەرانە ○ به طور مخرب

subversiveness /səb'vɜ:sɪvnəs, US -'vɜ:rs-/ *noun*

هەڵگێڕانەوە، لێک‌هەڵوەشاندن، ژێروژوورکردن، هەڵتەکاندن، رووخاندن، تێکدان، هەرەماندن، هەلاوگێرکردن، لابردن، لادان ○ تخریب، واژگونی

subverter *noun*

هەڵتەکێنەر، هەڵوەشێنەر، رووخێنەر، ژێروژوورکەر، تێکدەر ○ واژگون‌کننده

subviral *adjective*

سەربە یان لە ئەنجامی بەشێکی پێکهاتەیی ڤایرۆسێ (وەک پرۆتێینێ): structural part ○ ساب‌ویرال *subviral infection*

subway /'sʌbweɪ/ *noun*

1 بنەڕێ، ژێرەڕێ، رەهەندەڕێ، رەهەند یان تونێلی پیادەڕەوی ژێرعەرز، رێڕەوی ژێرعەرز 2 (ئەمریکا) مێترۆ، ترێنی ژێرعەرز ○ 1 زیرگذر عابر پیاده‌ی زیرزمینی 2 مترو

subwoofer *noun*

ساب‌ووفێر ○ ساب‌ووفر

subzero *adjective*

(تێمپراچێر) ژێر سیفر، خوار سیفر ○ زیر صفر

succah /'sʊkə/ *noun*, also sukkah

دیوێ کە لەودا بەشێ لە جەژنی Tabernacle

بەڕێوەدەچێ (بنەڕەت: لە عیبری یەوە sukkāh
"hut") ◯ سوکا

succedaneum /ˌsʌksɪˈdeɪniəm/, *pl.* succedanea /-nɪə/ = substitute

succedent *adjective*, also succedaneous
پاشین، دواتر، پاش‌تر، پاشکۆ، succeeding، subsequent ◯ بعدی، لاحق

succeeding *adjective*
دوا، پاش، دوایی، دواتر، داهاتوو ◯ بعد، آینده

success /səkˈses/ *noun*
1 سەرکەوتن، بەختەوەری، سەرکەوتوویی 2 کار یان کردەوەی سەرکەوتووانە 3 ئەنجامی سەرکەوتوو یان باش 4 مرۆی سەرکەوتوو ◯ 1 موفقیت 2 اقدام موفقیت‌آمیز 3 نتیجەی مطلوب 4 شخص موفق

successful /səkˈsesfl/ *adjective*
1 سەرکەوتوو، بەختەوەر 2 سەرکەوتووانە 3 بەکارهاتوو، کاریگەر، کارا، بەئەنجام 4 بەقازانج، بەسوود، بەکەڵک، پرمەفا ◯ 1 موفق، کامروا 2 موفقیت‌آمیز 3 مؤثر 4 مفید

successfully /-fəli/ *adverb*
سەرکەوتووانە، بە سەرکەوتنەوە ◯ با موفقیت

succession /səkˈseʃn/ *noun*
1 یەک‌لەدوای‌یەک‌بوون، دوابەدوای‌یەک‌ترهاتن، لەسەریەکی، پەیتایی، بەستایی، پشت‌سەریەک‌بوون، دوای یەک‌ترهاتن 2 زنجیرە، لیزگە، ریز 3 (مافی) جێگرتی 4 میرات، کەلەپوور ◯ 1 توالی، تعاقب 2 رشتە 3 (حق) جانشینی 4 وراثت

successive /səkˈsesɪv/ *adjective*
یەک‌لەدوای‌یەک‌هاتوو، دوابەدوای‌یەک‌ترهاتوو، پشت‌سەریەک، دوای یەک‌ترهاتوو، پەیتاپەیتا، لەپەستا ◯ متوالی، متعاقب، پی‌درپی

successively /səkˈsesɪvli/ *adverb*
لەپەستا، پەیتاپەیتا، لە پشت‌سەریەک، لەسەریەک، یەک‌لەدوای‌یەک: *This was their fourth successive win* ◯ بە طور متوالی

successor /səkˈsesə(r)/ *noun*
جێگر، جێ‌نشین ◯ جانشین

success story *noun*
(مرۆڤ یان شت) نموونەی سەرکەوتوو ◯ نمونەی موفق

succinct /səkˈsɪŋkt/ *adjective*
کورتە، پوختە، نوێشک: *a succinct explanation* ◯ موجز، مختصر

succinctly /səkˈsɪŋktli/ *adverb*
بە کورتی، بە شێوەیەکی کورت: *You put that very succinctly* ◯ بە طور موجز، با ایجاز

succinctness /səkˈsɪŋktnəs/ *noun*
1 کورتی، پوختی 2 روونی، رۆشنی ◯ 1 ایجاز، اختصار 2 وضوح

succinic acid /sʌkˈsɪnɪk/ *noun*
(زیندەکیمیا) ترشەڵۆکی ساکسینیک $C_4H_6O_4$ ◯ اسید ساکسینیک

succory /ˈsʌk(ə)ri/ *noun*
(رووەک‌ناسی) چەقچەقە، کاسنی، هندوبا، chicory ◯ کاسنی

succotash /ˈsʌkətæʃ/ *noun*
ساکوتاش (چێشتێکە بە لوبیا و گەنمەشامی لێدەنرێ) ◯ ساکوتاش

Succoth /sʊˈkəʊt, US ˈsʌkəθ/ *noun*
جەژنێکی گەورەی جوولەکە لە پاییزا دەگیرێ ◯ از اعیاد یهودی

succour /ˈsʌkə(r)/ *noun*, US succor
یارمەتی، یاریدە، فریا، کۆمەک، دەس‌گرتن، هانا، هاوار، بەهاناوەهاتن (بنەڕەت: لە لاتین succurrere "چوون بە فریای") ◯ مدد

succourless *adjective*
بێ‌یارمەتی، بێ‌یاریدە، بێ‌کۆمەک، بێ‌هانا ◯ بی‌مدد

succuba = succubus

succubus /ˈsʌkjʊbəs/ *noun*, *pl.* succubi /-baɪ/
ساکیوباس (ژنە شەیتانێکە لە خەودا لەگەڵ پیاوان (ی خەوتوو) هاوجێیی دەکا؛ بنەڕەت: لە لاتینی سەدەکانی نێوەڕاست succubus "prostitute"، لە succubare لە -sub "لەژێر" + cubare "راکشان") ◯ ساکیوباس

succulence /ˈsʌkjələns/ *noun*
(میوە و هتد) ئاوداری، ئاوداربوون، پڕئاوبوون ◯ آب‌داری

succulent /ˈsʌkjələnt/ *adjective*, *noun*
1 *adj* (میوە و گۆشت) ئاودار، بەئاو، پڕئاو، خۆش 2 (گیا و هتد) گۆشتن، نێوپڕ *n* رووەکی ئاودار ◯ *adj* 1 آب‌دار 2 گوشتی *n* گیاە آب‌دار

succusion *noun*
شەکانەوە، راوەشان، لەرینەوە، هەژان ◯ اهتزاز

such /sʌtʃ/ *adjective*, *pronoun*
ئاوا، وا، وەها، ئاوها، ئەوسا، بەم‌شێوە، بەم‌جۆرە، بەم‌چەشنە، بەوشێوە، بەوجۆرە، بەوچەشنە، بەورەنگە، ئەوتۆ، ئەو جۆرە، ئەوندە، ئەمە، ئەوە، شتێکی وا، وەک، وەکوو، فەکی، مینا، بە تەنیا، تەنیا، بەخۆی، هەر بە خۆی ◯ چنین، این‌چنین، چنان، آن‌چنان، این‌گونە، آن قدر، این، آن، مانند، بە خودی خود

suchlike /ˈsʌtʃlaɪk/ *adjective*, *pronoun*
لەم چەشنە، لەم دەستە، وەکوو ئەمە، و شتی وا ◯ از این قبیل

suck /sʌk/ *noun*
مژین، چەکاندن، هەڵلوشین، هەڵمژین ◯ مکش

sucker /ˈsʌkə(r)/ *noun*
1 مژۆک، مژەر، هەڵمژ، چەکێنەر، قورتم،

ئەندامی هەڵلوشین یان مژین، مژمژۆکە 2 لوولە یان بۆری هەڵمژین 3 بەستێنە یان پێستۆنی ترومپای هەڵمژین 4 (بەچکە بەراز) شیرەخۆرە، بەرگوان(کە) 5 مرۆی ساویلکە و سادە 6 (رووەک) وەچ، چووز، چەکەرە، خەڵف، چەقەرە، پرز، تەرک 7 جۆرێ ماسی ئاوە شیرینەکان، لێوی ئەستوورە و خۆراک لە بنەوە هەڵدەلوشێ [ختیزان Catostomidae: گەلیک جۆرن] ◌ 1 مکندە 2 لولەی مکش 3 پیستون تلمبەی مکشی 4 (بچەی خوک) شیرخوار 5 آدم سادەلوح 6 (گیاە) پاجوش 7 نوعی ماهی

suckerfish, *pl.* same or suckerfishes = remora1

sucker punch *noun*

مشت یان لێدانی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو ◌ مشت یا ضربەی ناگهانی

suckhole *noun*

1 (نافەرمی، ئەمریکا) گێژاو، گەرداو، ناشەتەنوورە، پێچاو 2 کنگەلێس، ریاییباز ◌ 1 گرداب 2 چاپلوس

sucking /'sʌklɪŋ/ *adjective*

1 (منال) بەرمەمکان، شیرەخۆرە 2 (حەیوان) بەرگوان(کە)، شیرمژ، شیرەخۆرە ◌ 1 کودک شیرخوارە 2 حیوان شیرخوار

suckling /'sʌklɪŋ/ *noun*

1 منالی بەرمەمکان، شیرەخۆرە، شیرمێژ 2 (حەیوان) بەرگوان(کە)، شیرمژ، شیرەخۆرە ◌ 1 کودک شیرخوارە 2 حیوان شیرخوار

suckling louse *noun*

ئەسپێی هەڵمژ ◌ شپش مکندە

suckling-pig *noun*

بەچکەبەرازی شیرخۆرە ◌ بچەخوک شیرخوار

sucky *adjective* (suckier, suckiest)

(نافەرمی) ناخۆش، تاڵ، ناپەسند، نالەبار ◌ نامطلوب

sucrase /'s(j)u:kreɪz/ = invertase

sucre /'su:kreɪ/ *noun*

یەکەی بنەڕەتی پارەی ئیکوادۆر، بەرامبەر بە سەد centavo ◌ سوکری

sucrier /'su:krɪeɪ/ *noun*

کاسەشەکر، شەکردان (چینی و رووکێشدار) ◌ سوکریر

sucrose /'su:krəʊz, -krəʊs, US -kroʊs, -kroʊz/ *noun*

سووکرۆز، شەکرە یا قەندی ئاسایی ◌ ساکاروز

suction /'sʌkʃn/ *noun*

1 مژین، چەکاندن، هەڵلوشین، هەڵمژین، مروس 2 مژۆک، هەڵلوش (بنەڕەت: لە *suctio(n-)* late Latin لە *sugere* لاتین "(هەڵ)مژین") ◌ 1 مکش 2 مکشی

suction filter *noun*

پاڵێونەی مژین یان هەڵلوشین ◌ صافی مکندە

suction pump *noun*

supply /sə'plaɪ/ *noun, pl.* supplies
1 دابینکردن، ئامادەکردن، تەیارکردن، ئامادەکاری، دابینکەری، جێبەجێکردن، گەیاندن، بۆ ناردن، پێدان 2 پاشەکەوت، قەبوور، کەلوپەلی هەڵگیراو 3 (ئابووری) خستەڕوو، خستەبازاڕ 4 (supplies) کەلوپەل، تفاق، تەروتفاق، شتومەک، ویستەمەنی 5 (supplies) بڕانە 6 خەرج، تێچوون، مەزاخ ◊ 1 تأمین، تهیه 2 موجودی 3 (اقتصاد) عرضه 4 (در جمع) لوازم 5 (در جمع) مقرری 6 هزینه

supply and demand *noun*
خستەڕوو و داخوازی یا داوا ◊ عرضە و تقاضا

supply line *noun*
ڕێڕەوی دابینکردن، ڕێگای گەیاندن ◊ مسیر تدارک

supply-side economics *noun*
ئابووری لە ڕوانگەی (لەچاو) خستنەڕووەوە (پێوەندی هەیە بە ڕامیاری کەمکردنەوەی باجەکان بۆ هاندانی گەشە و هەڵدانی ئابووری (economic growth ◊ اقتصاد از دیدگاه عرضه

supply teacher *noun*
مامۆستای جێگر(ەوە)، دوامامۆستا، ئاوەڵمامۆستا ◊ معلم ذخیره

support /sə'pɔ:t, US sə'pɔ:rt/ *noun*
1 پشتیوانی، پشتگیری، لەسەرکردنەوە، پشت، داکۆکی، لایەنگری، دازداری 2 پشتیوان، پاڵپشت،

کۆسـت، پـشت، داکـۆک، کۆمـەک، پـشتمێر 3 بەخێوکـەر 4 دەستەک، سـتوون، کۆلـەکە، پایـە، پاژدەر، پاشدەر، تیرەک، دیرەک ◌ 1 پـشتیبانی، حمایت 2 حامی 3 نانآور 4 تیر قائم

supportable /'səpɔ:təbl/ *adjective*
1 لەپـــشتیوانهـــاتوو، لـــەداکۆکیهـــاتوو 2 لەهەلّکردنهاتوو، لەدەربردنهاتوو، دەردەبردریّ ◌ 1 حمایتپذیر 2 تحملپذیر

supporter /sə'pɔ:tə(r), US -'pɔ:rt-/ *noun*
پـشتیوان، لایـەنگر، داکـۆکیکـەر، پالّپـشت، پالّـــووبەن، لەپـــشت، دەســـتە، کۆمـــەک، لەســـەرکەرەوە: *a strong/loyal/staunch supporter* ◌ حامی

support group *noun*
تیپی پشتیوانی، دەستەی داکۆکی، دەستە، گرووپی پـشتگیری: *a support group for single parents* ◊ *a victim support group* ◌ گروه حمایت

supporting /sə'pɔ:tɪŋ, US -'pɔ:rt-/ *adjective*
1 (بەلّگە و هتد) پتەو، قایلکەر، برا 2 (ئەکتەر و هتد) لاوەکی، ناسەرەکی 3 پالّپشت، پشتیوان ◌ 1 قانعکنندە 2 درجه دو 3 کمکی

supporting beam *noun*
دەســتەک یــان ســتوونی پــشتیوان، دەســتەکی پالّپشت ◌ تیر کمکی

supporting wall *noun*
دیـواری پالّپـشت، بەرەیلاخ، فیلّپایە، بـەرەریخ، بەرەلاخ، پالّـەوانە، پشتیوان، پـشتەک ◌ دیـوار کمکی

supportive /sə'pɔ:tɪv, US -'pɔ:rt-/ *adjective*
1 دلّسۆز، یاریدەدەر، دەسگر، پشتیوان، پالّپشت، لایـەنگر، داژدار: *a supportive family* 2 دلّـــسۆزانە، یاریدەدەرانـــە، دەســـگرانە (supportively /sə'pɔ:tɪvli, US -'pɔ:rt-/ *adv* - supportiveness /sə'pɔ:tɪvnəs, US -'pɔ:rt-/ *n*) ◌ 1 مهربـان، مـددکار، حـامی 2 دلسوزانە

supportless *adjective*
بێپشتیوان، بێپالّپـشت، بێلایەنگر، بێپالّـووبەن ◌ بیحامی

supposable /sə'pɔ:zəbl/ / *adjective*
شـیاوی وادانـان، لـەوادانانهـاتوو، وادادەنـرێ، وادەگـیرێ، conceivable (supposably *adv*) ◌ فرضکردنی

supposal *noun*
وادانان، گریمانە ◌ فرض، فرضیه

supposed /sə'pəʊzd, US sə'poʊzd/ *adjective*
وادانراو، پێوابوو، روالّەتی، خەیالّی، بۆچوونی، وازانراو: *This is the opinion of the supposed experts* ◌ فرضی، ظاهری، تصورشده

supposedly /sə'pəʊzɪdli, US -'poʊ-/ *adverb*
لە روالّـەتا، وادیارە، گرتمـان، گوایـە، وامـاندانا، گریمان ◌ ظاهراً، فرضاً

supposing /sə'pəʊzɪŋ, US -'poʊ-/ *conjunction*
گرتمـان، وامـاندانا، گریمـان، وایدانێین، ئەگـەر وایدانێین کە، ئەگەر پێمان وابێ، ئەگەر وابێ: - *Supposing (that) you are wrong, what will you do then?* ◊ *Supposing I did agree with you* ◌ بر فرض اینکه

supposition /ˌsʌpə'zɪʃn/ *noun*
وادانان، پێوابوون، گومان، مەزندە، hypothesis ◌ فرض، حدس

suppositional /ˌsʌpə'zɪʃənl/ *adjective*
وادانراو ◌ فرضی

suppositive *adjective*
وادانراو ◌ فرضی

suppository /sə'pɒzətri, US sə'pɑ:zətɔ:ri/ *noun, pl.* suppositories
شیاف، شاف (هەم بۆ نێو rectum و هـەم بـۆ نێـو vagina) ◌ شـیاف

suppositious /ˌsʌpə'zɪʃəs/ *adjective*
وادانـراو، supposititious (suppositiously /ˌsʌpə'zɪʃəsli/ *adv* - suppositiousness /ˌsʌpə'zɪʃəsnəs/ *n*) ◌ فرضی

supposititious /səˌpɑ:zə'tɪʃəs/ *adjective*
قالّـب، سـاختە، درۆزنـە، چـرووک، فرتوفێلّاوی ◌ تقلبی

suppressant /sə'presnt/ *noun*
دامرکێنەر، سەرکوتکەر، پێشگر، بەرگیر، رێگر ◌ فرونشان، بازدارنده

suppressed *adjective*
سەرکوتکراو، دابلّۆسێنراو، خەفەکراو، کپکراو، دامرکێنراو ◌ سرکوفته

suppressible /sə'presəbl/ *adjective*
دامرکـاو، لـەدامرکانهـاتوو، دادەمرکـێ، پێـشی دەگیرێ ◌ فرونشاندنی

suppression /sə'preʃn/ *noun*
1 سـەرکوتکـردن، داپـلّۆسـاندن، کـپکـردن، دامرکاندن، کپاندن، خەفەکردن، پێشخواردنەوە، نەدرکانـــدن، کردنەدلّـــەوە، بـــاسنـــەکردن، نەگێرانـــەوە، بـــێدەنـــگمانـــەوە، شـــاردنەوە، حەشاردان، کوژاندنەوە، داکوژاندن، دامرکاندن: *the suppression of a rebellion* ◊ *the suppression of emotion* 2 پـێشگـیری، پێشگرتن، رێ(لێ)گرتن، نەهێشتن، راوێستاندن، راگرتن ◌ 1 سرکوب، فرونـشانی، واپـسزدگـی، کتمان 2 جلوگیری، توقیف

suppressive *adjective*
1 سەرکوتگەرانە، دامرکێنەرانە، داپلۆسێنەرانە 2 ڕێگر، پێشگر 3 دامرکێنەر، داکوژێنەر ◌ 1 سرکوبگرانە 2 جلوگیر 3 فرونشان

suppressor /sə'presə(r)/ *noun*
1 دامرکێنەر، داکوژێنەر، سەرکوتکەر: *the body's pain suppressors* 2 پێشگر، بەرگیر، ڕێگر ◌ 1 سرکوبگر 2 بازدارندە

suppurating *adjective*
ئاوەدزکردوو، زنچکاو دەردراو، زووخ کردوو، چلک کردوو یان دەرداو ◌ چرکی

suppuration /ˌsʌpju'reɪʃn/ *noun*
1 ئاوەدزکردن، ئاوکردن، زنچکاو دەردان، زووخ کردن، چلک کردن، جەراحەت کردن 2 جەراحەت، چلک، زووخ، کێم، زنچکاو، ئاوەدز ◌ 1 چرک کردن 2 چرک

suppurative /ˌsʌpju'rətɪv/ *adjective*
چلکی، کێمی ◌ چرکدار

supra- /'s(j)u:prə/ *prefix*
پێشگر: سەرووـ سەرـ ژوورـ بانـ زلـ گەلەـ: *supranational suprarenal* (بەرلە لاتینەوە) *supra* ◌ پیشوند: فراـ زبرـ ابرـ

supra-logical *adjective*
ژوورلۆژیکی، سەروولۆژیکی ◌ فرامنطقی

supramolecular *adjective*
ژوورگەردی سەرووگەردی، سەرمۆلۆکولی ◌ فرامولکولی

supranational /ˌsu:prə'næʃnəl, US ˌsju:-/ *adjective*
(فەرمی) سەرروونەتەوەیی، ژوورنەتەوەیی، سەرنەتەوەیی، باننەتەوەیی: *a supranational authority* (supranationality *n*) ◌ فراملی

supranationalism *noun*
سەرروونەتەوەگەری، ژوورنەتەوەگەری (*n* supranationalism: سەرروونەتەوەگەر، ژوورنەتەوەگەر) ◌ فراملی گرایی

supranational organization *noun*
ڕێکخراوەی سەرروونەتەوەیی یان ژوورنەتەوەیی ◌ سازمان فراملی

supraphenomenal *adjective*
سەرووديارده‌یی، ژوورديارده‌یی ◌ فراپدیداری

suprarenal *adjective*
سەرووگورچیلەیی، ژوورگورچیلەیی، ژوورولکی ◌ فوق‌کلیوی

suprarenal gland *noun*
رژێنەی سەرووگورچیلەیی ◌ غدەی فوق‌کلیوی

suprascientific *adjective*
سەرووزانستی، ژوورزانستی، سوپرازانستی ◌ فراعلمی

supremacist /su:'preməsɪst, US sju:-/ *noun, adjective*
n سەرترخواز، خۆپێسەرتر: *a white supremacist* *adj* سەرترخوازانە ◌ *n* برتری‌جو *adj* برتری‌جویانه

supremacy /su:'preməsi, US sju:-/ *noun, pl.* supremacies
زاڵبوون، سەردەستی، بالادەستی، سەرتریتی، (لە)سەرتربوون، زاڵی، سەرکەوتن: *the battle for -premacy in the region* ◌ برتری، تفوق

suprematism *noun*
سوپرێماتیزم: بزووتنەوەیێکی هونەری ئابستراکتی رووسی، لە 1915 دامەزرا ◌ سوپرماتیسم

suprematist *noun*
سوپرێماتیست ◌ سوپرماتیست

supreme /su:'pri:m, US sju:-/ *adjective*
سەرتر، بەرزتر، بەرزترین، هەرەبەرز، گرنگ‌ترین، گەورەترین، بەرز، سەروو، ژووروو، ژۆرین، باشترین، هەرە، زۆرترین: *the Supreme Commander of the armed forces* ◊ *a the supreme champion* ◊ *She smiled with supreme effort* ◊ *supreme confidence* ◌ برتر، والاتر، اعلی، زبرین، مهم‌ترین، بزرگ‌ترین، بهترین، بیش‌ترین

the Supreme Being *noun*
خودای ژووری سەر، خوای بانی سەر ◌ باری تعالی

the Supreme Court *noun*
دادگای بالا، دادگای بەرز ◌ دیوان عالی

supremely /su:'pri:mli, US sju:-/ *adverb*
یەکجار، زۆری زۆر، لە رادەبەدەر ◌ فوق‌العاده

supreme pontiff = pontiff

the Supreme Soviet *noun*
دەستەی قانوون‌دانانی یەکێتی سۆڤیەت ◌ سوپرم سوویت

supremo /su:'pri:məʊ, sju:-, US su:'pri:moʊ/ *noun, pl.* supremos
(نافەرمی) مرۆڤی بەدەسەلات، دەس‌ڕۆیشتوو ◌ آدم مقتدر

Supt *abbreviation* superintendent

sur- *prefix*
پێشگر: سەرووـ سەرـ ژوورـ بانـ زلـ گەلەـ زیادی: *surbase surtax surprint* ◌ پیشوند: فراـ فوقـ زبرـ اضافی

sura /'sʊərə, US 'sʊrə/ *noun*, also surah
سوورە، سووڕەت (قورئانی پیرۆز، بنەڕەت: لە عەرەبی‌یەوە *sūra*) ◌ سوره

surah /'sʊərə, US 'sjʊərə/ *noun*
جۆرێ پارچەی هەوریشمی (شاریکی هیندوستان کە ئەو پارچەی لێ دروست کرا) ◌ نوعی پارچەی ابریشمی

surahi /sʊ'rɑ:hi/ *noun, pl.* surahis
تونگە، جەرە، گۆزەی ملباریک، سوراحی (بنەڕەت: لە عەرەبی‌یەوە *ṣurāḥiya* "مەی پەتی

"pure wine") ⬡ صراحی

sural /'s(j)ʊər(ə)l/ *adjective*
سەربە ماسوولکەی پووز یا بەلەک ⬡ وابستە بە ماهیچەی ساق پا

surcease *noun*
وێستان (کاتی و کورت)، هەڵوەستە، دوایی، کۆتایی ⬡ توقف، پایان

surcharge /'sɜ:tʃɑ:dʒ, US 'sɜ:rtʃɑ:rdʒ/ *noun*
1 سەربار، تەمبەلیت 2 خەرجی زیادی 3 سەرباج، باجی زیادی، زیدەباج 4 نرخی زیادی، زیدەنرخ، سەرنرخ ⬡ 1 اضافەبار 2 هزینەی اضافی 3 اضافەمالیات 4 قیمت اضافی

surcingle /'sɜ:sɪŋg(ə)l/ *noun*
1 تەنگە، قەیاسە، کەژک 2 پشتێنە یا کەمەربەندی سەرقەشە و قەشە (بنەڕەت: لە لاتین، لە *cingula* ("gird" *cingere*) ⬡ 1 تنگ 2 کمربند اسقفان و کشیشان

surcoat /'sə:kəʊt/ *noun*
1 (مێژوویی) سەرزرێ، جلی سەر زرێ، کۆڵوانەی سەر زرێ 2 جۆرێ کراسی بێ‌قۆڵی کورت، بەشێکی نیشانەی knighthood ⬡ شنل روی زره

surd /sɜ:d, US sɜ:rd/ *noun*
1 (بیرکاری) کوێر، ژمارە یان ڕەگی کوێر: irrational number 2 کپ 3 (ڕێزمان) پیتی بێ‌دەنگ یان کپ (ب.ت. *p* و *k* و *f*) ⬡ 1 اصم، عدد یا جذر گنگ 2 گنگ 3 حرف صامت

sure /ʃʊə(r), ʃɔ:(r), US ʃʊr/ *adjective* (surer, surest), *adverb*
adj 1 دڵنیا، ئارخایەن، یەکلا، خاترجەم، مسۆگەر، بێ‌ئەملاوئەولا، یەکلاییکەرەوە، بێ‌چەندوچوون 2 باوەڕپێکراو، لێ‌ڕابینراو، جێی‌متمانە 3 پتەو، تۆکمە *adv* حەتمەن، بە دڵنیاییەوە، بێ‌گومان، هەڵبەت، بەڵێ، ئەرێ ⬡ *adj* 1 مطمئن، مسلم، قطعی 2 قابل اعتماد، موثوق 3 راسخ، محکم *adv* حتماً، البته

sure enough *adverb*
بێ‌گومان، بێ ئەملاوئەولا ⬡ محققاً

sure-fire *adjective*
مسۆگەر، بێ‌ئەملاوئەولا، یەکلاییکەرەوە، بێ‌چەندوچوون ⬡ مسلم

sure-footed /ˌʃɔ: 'fʊtɪd/ *adjective*
1 هەڵنەکەوتوو، سەرسم‌نەبردوو، بێ‌توندکردوو، پێ‌گیرکردوو، پێ‌قایم 2 (خوازە) دڵنیا، باوەڕبەخۆ، لەخۆڕابینیو، متمانەبەخۆ، لەخۆڕاپەڕموو ⬡ 1 دارای پاهای محکم 2 (مجازی) مطمئن

sure-footedly *adverb*
بە شێوەیەکی دڵنیا، بە دڵنیاییەوە ⬡ بە طور مطمئن، مطمئناً

sure-footedness *noun*
دڵنیایی، لەخۆڕابینیوی، لەخۆڕاپەڕموویی، متمانەبەخۆیی ⬡ اطمینان

surely /'ʃʊəli, 'ʃɔ:li, US 'ʃʊrli/ *adverb*
بێ‌ئەملاوئەولا، بێ‌گومان، بێ‌شک، بە دڵنیاییەوە ⬡ یقیناً، مسلماً

sureness /'ʃʊənəs, 'ʃɔ:- , US 'ʃʊrnəs/ *noun*
1 دڵنیایی، ئارخایەنی، خاترجەمی، یەکلایی 2 پتەوی، تۆکمەیی، قایمی ⬡ 1 اطمینان 2 محکمی، راسخیت

sure thing *interjection*
هەڵبەت! ئەرێ! بێ‌گومان! بەڵێ! ⬡ البته!

surety /'ʃʊərəti, 'ʃɔ:r-, US 'ʃʊr-/ *noun, pl.* sureties
1 دڵنیایی، خاترجەمی 2 بێ‌ئەملاوئەولایی، یەکلاییکەرەوەیی، بێ‌چەندوچوونی 3 دەستەبەریتی 4 دەستەبەر، کەفیل: *She has promised to stand surety for £5000* ⬡ 1 اطمینان 2 قطعیت 3 تضمین 4 ضامن

suretyship *noun*
دەستەبەری، گەرەنتی ⬡ ضمانت

surf /sɜ:f, US sɜ:rf/ *noun*
شەپۆلی کەنار، قەڵبەزە (بە کەفەوە) ⬡ موج ساحلی

surface /'sɜ:fɪs, US 'sɜ:rfɪs/ *noun, adjective*
n 1 ڕوو، ئاست، دیو، سەر، بان، بانەگا، سەرئاو، سەرەوەی ئاو (ب.ت. دەریا): *an uneven road surface* ◊ *a broad leaf with a large surface area* ◊ *the earth's surface* 2 *adj* ڕواڵەت، ڕووکار، ڕووکەش، دەرەوە، سەرسەرەکی ⬡ *n* 1 سطح، رویه، سطح آب 2 ظاهر *adj* سطحی

surface area *noun*
ڕووبەری دەرەوە (ی شتێ) ⬡ مساحت بیرونی

surface mail *noun*
پۆستی عەرزی (و دەریایی لەچاو ئاسمانی) ⬡ پست زمینی

surface structure *noun*
(ڕێزمانی transformational) سەرڕیا ڕووپێکهات(ە)، ڕووبنیات، پێکهاتەی دەستەوشە یا ڕستەیێ لە زمانێ‌دا (بڕوانە deep structure) ⬡ روساخت

surface tension *noun*
(فیزیک) کرژبوونی ڕوویی یان ڕووەکی، ڕووکرژی، کرژی ڕوویی، کێشانی ڕوویی ⬡ کشش سطحی

surface-to-air *adjective*
(مووشەک) لە عەرزەوە بۆ ئاسمان، عەرز بۆ حەوا ⬡ زمین به هوا

surface-to-air missile *noun*
مووشەکی لە عەرزەوە بۆ ئاسمان، عەرز بۆ حەوا ۞ موشک زمین به هوا

surface-to-surface *noun*
(مووشەک) عەرز بۆ عەرز، ڕووبەڕوو، زەوی بە زەوی ۞ زمین به زمین

surface-to-surface missile *noun*
مووشەکی عەرز بۆ عەرز، مووشەکی ڕووبەڕوو یان زەوی بە زەوی ۞ موشک زمین به زمین

surface wave *noun*
شەپۆلی ڕوویی ۞ موج سطحی

surfboard /'sɜ:fbɔ:d, US 'sɜ:rfbɔ:rd/ *noun*
تەختەی شەپۆلسواری، تەختەشەپۆل ۞ تختەی موج‌سواری

surfboarder *noun*
تەختەشەپۆلسوار ۞ سورف‌بوردر

surfboat *noun*
گەمی تایبەتی ڕەشەبا و شەپۆل ۞ سورف‌بوت

surfeit /'sɜ:fɪt, US 'sɜ:rfɪt/ *noun*
1 دنیایی، دەلیایی، بڕیکی زۆر، کۆڵی، خەڵواری، پێخوێ، لۆدەیێ (ب.ت. خۆراک و خواردنەوە) 2 زیادەڕەوی، زیدەڕەوی، زیدەڕۆیی، زۆرخۆری، زگبەردانەوە ۞ 1 یک عالمه 2 افراط، زیاده‌روی

surfeiter *noun*
زۆرخۆر ۞ پرخور

surfer /'sɜ:fə(r), US 'sɜ:rfər/ *noun*
شەپۆلسوار، شەپۆلڕەو ۞ موج‌سوار

surficial /sə'fɪʃ(ə)l/ *adjective*
ڕوویی، ڕووەکی، سەرەکی ۞ سطحی

surfie *noun*
(نافەرمی) هۆگری شەپۆلسواری ۞ علاقمند به موج‌سواری

surfing /'sɜ:fɪŋ, US 'sɜ:rf-/ *noun*
شەپۆلسواری، شەپۆلەخلیسکێ، شەپۆلڕەوی ۞ موج‌سواری

surf-riding *noun*
شەپۆلسواری، شەپۆلەخلیسکێ، شەپۆلڕەوی ۞ موج‌سواری

surge /sɜ:dʒ, US sɜ:rdʒ/ *noun*
1 شەپۆل، تەوژم 2 هەڵچوون 3 لێشاو، زۆربوونی کتوپڕ، تەقینەوە، وروژم، گوڕبوون، تێڕژان، دەرپەڕین، تەوژم، *a surge of* :rush *excitement* ۞ 1 موج 2 غلیان 3 افزایش ناگهانی، هجوم

surgeon /'sɜ:dʒən, US 'sɜ:rdʒən/ *noun*
a brain/heart, etc. :1 برینکار، نەشتەرگەر 2 پزشک لە هێزی دەریاییدا *surgeon* ۞ 1 جراح 2 پزشک نیروی دریایی

surgeoncy *noun*
پلەوپایە یا شوێنی کاری برینکار یا نەشتەرگەر ۞ مقام یا محل کار جراح

surgeonfish *noun, pl.* same or surgeonfishes
ماسییەنەشتەرگەرە، جۆرێ ماسی ئاوی گەرمێنان [خێزان Acanthuridae: زۆر جۆرن] ۞ نوعی ماهی

surgeon general *noun*
(لە ئەمریکا) سەرۆک یان گەورەی پزشکان ۞ رئیس بهداری

surgeon's knot *noun*
گرێی تەقەڵی نەشتەرگەری ۞ گره بخیه‌ی جراحی

surgery /'sɜ:dʒəri, US 'sɜ:rdʒ-/ *noun, pl.* surgeries
1 نەشتەرگەری، برینکاری 2 شوێنی بینینی نەخۆشەکان ۞ 1 جراحی 2 مطب

surgical /'sɜ:dʒɪkl, US 'sɜ:rdʒ-/ *adjective*
1 نەشتەرگەری، برینکاری، بە نەشتەرگەری، لە ڕێگای برینکارییەوە 2 (زۆر)ورد ۞ 1 جراحی، با جراحی 2 دقیق

surgically /-kli/ *adverb*
لەباری نەشتەرگەرییەوە ۞ از نظر جراحی

surgical spirit *noun,* also rubbing alcohol
گیراوەی خاوێن(کردنەوە) ۞ محلول ضدعفونی

surging *adjective*
(نرخ و هتد) ڕوولەزۆری، ڕوولەپەرە ۞ افزاینده

suricate /'s(j)ʊərɪkeɪt/ *noun*
بانیانک؟: جۆرێ meerkat ی ڕەهۆڵێدەری مێگەلژی، ڕەسەنی باشووری ئەفریکا [*Suricata suricatta*] ۞ سوریکیت

Surinamer /ˌsʊərɪ'namə, US -'nɑ:mə/ *noun*
خەڵکی Surinam، ولاتێ لە باکووری ڕۆژهەلاتی کەناری ئەمریکای باشووری، سۆرینامی، سۆرینامیر ۞ سورینامی

Surinamese /-nə'mi:z/ *adjective, noun*
سۆرینامی، سورینامی ۞ سورینامی

surliness /'sɜ:linəs, US 'sɜ:rlinəs/ *noun*
بەدخولکی، ڕووگرژی، ڕووتاڵی، مرومۆچی ۞ بدعنقی، ترش‌رویی

surly /'sɜ:li, US 'sɜ:rli/ *adjective* (surlier, surliest)
بێڕەوشت، بێئەدەب، بەدخولک، ڕووگرژ، گرژ، ڕووتاڵ، مرومۆچ، *a surly youth* :crabbed surly :surlily /'sɜ:lɪli, US 'sɜ:rlɪli/ *adv*) (/'sɜ:linəs, US 'sɜ:rlinəs/ *adv* ۞ بی‌ادب، بدعنق

surmise /'sɜ:maɪz, US 'sɜ:rm-/ *noun*
گومان، مەزندە، وازانین، بێوابوون، conjecture ۞ حدس

surmountable /'səmaʊnəbl/ *adjective*
(گیروگرفت) چارەسەرکراو، جێبەجێ دەبێ،

شیاوی زاڵبوون، چارەسەر دەبێ ۞ فائق‌آمدنی، قابل حل

surmullet /sə'mʌlɪt/ *noun*
سوورەماسی‌یەجوولەکانە: جۆرێ mullet ی سووری گەرمێنانی هیندوپاسیفیک [*Pseudupeneus fraterculus*] ۞ شاەماهی قرمز

surname /'sɜ:neɪm, US 'sɜ:rn-/ *noun*
1 ناوی خێزانی، پاشناو 2 سەرناو ۞ 1 نام خانوادگی 2 لقب

surnamed *adjective*
بە پاشناوی ۞ با نام خانوادگی

surpassing *adjective*
یەکجار، ئاوارتە، بێ‌هاوتا، نائاسایی، سەیر ۞ عالی، استثنایی

surpassingly *adverb*
بە شێوەیەکی ئاوارتە یان نائاسایی، بێ‌هاوتایانە ۞ بە طور استثنایی

surplice /'sɜ:pləs, US 'sɜ:rp-/ *noun*
جبە و باڵاپۆشێکی سپی کەتانی (هی قەشەکان، لە کاتی ڕێوڕەسمی دینیدا) ۞ سورپلس

surpliced *adjective*
سۆرپلیس‌پۆش ۞ سورپلس‌پوش

surplus /'sɜ:pləs, US 'sɜ:rp-/ *noun, adjective*
1 زیادی، لەپێویست‌بەدەر، زێدە، سەرڕێژ: *-plus grain is being sold for export* 2 بەرماوە، پاشماوە، سەرباقی ۞ 1 مازاد، اضافی 2 ماندە

surplus value *noun*
زێدەبایی ۞ ارزش اضافی

surprised /sə'praɪzd, US sər'p-/ *adjective*
سەرسووڕماو، تاساو، سەرسام، غافڵگیر، حەپەساو، ماقماو ۞ شگفت‌زدە

surprisedly /sə'praɪzdli, US sər'p-/ *adverb*
سەرسووڕماوانە، بە شێوەیەکی تاساو، بە شێوەیەکی سەرسووڕماو ۞ بە طور شگفت‌زدە

surprising /sə'praɪzɪŋ, US sər'p-/ *adjective*
سەیر، سەرسووڕمێنەر، سەرسامکەر: *A -rising number of people came* ۞ شگفت‌انگیز

surprisingly /sə'praɪzɪŋli, US sər'p-/ *adverb*
بە شێوەیەکی سەیر، بە سەرسووڕمانەوە: *Surprisingly, he agreed straight away* ۞ بە طور شگفت‌انگیز

surreal /sə'ri:əl/ *adjective*
سەیر، خەیاڵی، سووڕریئاڵ، سووڕریاڵ، fantastic، unbelievable: *surreal sums of money ◊ surreal images* (surreality *n*) (surreally *adv*) ۞ شگفت

surrealism /sə'ri:əlɪzəm/ *noun*
خەیاڵگەری، سووڕریئالیزم، سووڕریالیزم: بزووتنەوەیێکی پێشەنگ یان پێشڕەوی avant-garde movement سەدەی بیستەم لە بواری هونەر، ویژە، فیلم و تیاتردا کە لەودا کۆمەڵێ وێنە یان ڕووداو کە پێوەندی‌یان پێکەوە نییە بە شێوەیێکی سەیر پێکەوە دادەنرێن تا ئەوە دەربڕێ کە لە قووڵایی مایند و زەینیدا چی ڕوودەدا ۞ سوررئالیسم

surrealist /sə'ri:əlɪst/ *noun, adjective*
n خەیاڵگەر، سووڕریئالیست *adj* خەیاڵگەری‌یانە، خەیاڵگەرانە، سووڕریالیستی ۞ *n* سوررئالیست *adj* سوررئالیستی

surrealistic /sə,ri:ə'lɪstɪk/ *adjective*
1 خەیاڵگەری‌یانە، سووڕریالیستی 2 خەیاڵی، ناڕاستەقینە (surrealistically *adv*) ۞ 1 سوررئالیستی 2 غیرواقعی، شگفت‌انگیز

surrender /sə'rendə(r)/ *noun*
1 خۆبەدەستەوەدان، رادەست‌بوون: *He raised his hands in surrender* 2 وازلێهێنان، دەس‌لێهەڵگرتن ۞ 1 تسلیم 2 صرف‌نظر

surreptitious /,sʌrəp'tɪʃəs, US ,sɜ:r-/ *adjective*
نهێنی، پەنامەکی، نەتەنی، (ڕوانین و هتد) بە دزی‌یەوە، دزەکی، لەبنەوە، clandestine: *a -reptitious glance* ۞ مخفیانە، زیرجلی، دزدانە

surreptitiously /,sʌrəp'tɪʃəsli, US ,sɜ:r-/ *adverb*
نهێنی، پەنامەکی، بە شێوەیەکی نهێنی، سەربەستە، بە دزی‌یەوە، لەبنەوە ۞ مخفیانە، دزدانە

surrey *noun, pl.* surreys
(مێژوویی) جۆرێ کالیسکەی سووکی چوارپێچکە ۞ سوری

surrogacy /'sʌrəgəsi, US 'sɜ:r-/ *noun*
منداڵبوون لە جیاتی ژنێکی‌تر، بریزایی (کە ناتوانی منداڵی ببێ یان نەزۆکە) ۞ سارگاسی

surrogate /'sʌrəgət, US 'sɜ:r-/ *noun, adjective*
n 1 جێگر، جێگرەوە، بریکار، نوێنەر 2 = surrogate mother *adj* لەجیاتی، لەبری ۞ *n* جانشین، نمایندە *adj* بە جای

surrogate mother *noun*, also surrogate
دایکێ کە لەجیاتی دایکێکی‌تر منداڵی دەبێ، دایکی بریزا یان نێونجی ۞ مادر میانجی

surround /sə'raʊnd/ *noun*
1 دەور، پەراوێز: *a fireplace with a tiled -* 2 surroundings = surrounds 2 *nd* ۞ حاشیە

surrounding /sə'raʊndɪŋ/ *adjective*
دەوروبەر، دەوروپشت، دۆرمادۆر ۞ اطراف

surroundings /sə'raʊndɪŋz/ *noun, pl.*
مەڵبەند، ژینگە، دەوروبەر، سووڕوپشت، چوارلا، دەوروپشت، دۆرمادۆر، دەورانەدەور،

محیط، اطراف ◌ environment

surroyal *noun*

لقلێبوونەوەی شاخی گاکێوی 4 ساڵە ◌ انشعاب شاخ گوزن 4 ساله

surtax /'sɜːtæks, US 'sɜːrt-/ *noun*

زێدەباج، سەرباج، باجی زیادی لەسەر(ووی) داهات(ەوە) ◌ اضافه‌مالیات بر درآمد

surtout /'səːtuː, US səː'tuː(t)/ *noun*

(مێژوویی) سەربەرگ، جۆری باڵتەی پیاوانە ◌ سورتوت

surveillance /sɜː'veɪləns, US sɜːr'v-/ *noun*

چاودێری، زووررِوانی، زێرەڤانی، سەرپەرشتی، سەخبێری، خستنەژێرچاو: *surveillance cameras/equipment* ◌ نظارت، مراقبت

surveillant /sɜː'veɪlənt, US sɜːr'v-/ *adjective*

چاودێر، چاوبەسەرەوەبوو، زێرەڤان، سەرپەرشت، سەخبێر ◌ ناظر، مراقب

survey /'sɜːveɪ, US 'sɜːrveɪ/ *noun*

1 لێکۆڵینەوە، لێکدانەوە، هەڵسەنگاندن 2 راپرسی، چاوپیاگێران، پیاچوونەوە، چاولێکردن: *a detailed structural survey* 3 رووپێوی، زەویپێوی، عەرزپێوی: *a geological survey* 4 نەخشە، نەخشەهەڵگرتنەوە (بنەرەت: لە *surveier* فەرەنسی ئانگلۆنۆرمان، لە *supervidere* لاتینی سەدەکانی نێوەراست، لە *super-* "لە ژوور" + *videre* "بینین") ◌ 1 بررسی 2 نظرخواهی، وراندار 3 ساحی 4 نقشه، نقشه‌برداری

surveying *noun*

رووپێوی، عەرزپێوی، نەخشەهەڵگرتنەوە ◌ پیمایش، مساحی، نقشه‌برداری

surveyor /sə'veɪə(r), US sər'v-/ *noun*

1 رووپێو، عەرزپێو، زەویپێو 2 نەخشەهەڵگر 3 نرخدانەر، هەڵسەنگێنەر، لێکدەرەوە ◌ 1 مساح 2 نقشه‌بردار 3 ارزیاب

surveyor's chain *noun*

زنجیری رووپێو یان عەرزپێو ◌ سلسله‌ی مساح

surveyor's measure *noun*

پێوەری رووپێو ◌ مقیاس مساح

survivable /sə'vaɪvəbl, US sər'v-/ *adjective*

خۆراگر، بەرگەگر، بمێن(ەرەوە)، خۆگر، تیانەچوو: *a survivable air crash* (*survivability n*) ◌ مقاوم، بازمان

survival /sə'vaɪvl, US sər'v-/ *noun*

مان، مانەوە، پارێزران، ژیان، تیانەچوون، نەفەوتان، بەرگەگرتن، خۆراگری، خۆگیری، پاشماوە: *problems of survival in arctic conditions* ◊ *the struggle/battle/fight for survival* ◊ *The ceremony is a survival from pre-Christian times* ◌ بقا، بازمانده

survival ability *noun*

توانایی مانەوە ◌ قابلیت بقا

survivalism *noun*

مانەوەگەری ◌ سوررویوالیسم

survivalist *noun, adjective*

1 مانەوەگەر: کەسێ کە ئامادەکاری دەکا بۆ کارەساتێکی بەربڵاو وەک شەڕی ناوکی، ب.ت. بە هەڵگرتنی خۆراک و چەک‌وچۆڵ لە شوێنێکی پارێزراودا 2 مانەوەگەر(ی‌یـ)انە ◌ 1 سوررویوالیست 2 سوررویوالیستی

survival kit *noun*

سنووقی رزگاربوون، بوخچە یان بەستەی رزگاربوون (بەستەیێکی شتومەکی تەنگەتاوی وەک خۆراک، کەڵوپەلی پزشکی و کەرەسە و شتی وا، ب.ت. لە دەریادا) ◌ صندوق نجات

survival of the fittest *noun*

مانەوەی باش‌تر، مانەوەی چاک‌ترین ◌ بقای انسب یا اصلح

survival rate *noun*

رێژە یان رادەی مانەوە ◌ میزان بقا

survival value *noun*

نرخی مانەوە، بەهای مانەوە، بایەخی مانەوە ◌ ارزش بقا

surviving *adjective*

زیندووماو، زیندوو، گیانبەدەربردوو ◌ زنده

survivor /sə'vaɪvə(r), US sər'v-/ *noun*

پاشماوە، زیندووماو، گیانبەدەربردوو، تیانەچوو: ◊ *the sole/only survivor of the massacre* *A movie has been made about the last remaining -vor of the tribe* ◌ بازمانده، باقی

survivorship *noun*

1 مانەوە، گیانبەدەربردن، تیانەچوون 2 مافی قانوونی کەسێ سەبارەت بە مڵک و ماڵی پاش مردنی شەریک یا هاوبەشەکەی ◌ 1 بقاء 2 سرویورشیپ

susceptibility /sə,septə'bɪləti/ *noun,* also susceptibilities

1 هەستیاری، زووکارتێکراوی، زووکارلێکراوی، 2 sensitivity (susceptibilities) کوڵوکۆ، هەست‌ونەست، رەگی دڵ، sensibilities feelings 3 توانایی، بۆهەبوون، ئامادەیی 4 رێژەی ئامادەیی ماک یان سابتەنێ بۆ مەگناتیسەبوون، توانایی گرتنی هێزی مەگناتیسی ◌ 1 حساسیت 2 (در جمع) احساسات 3 استعداد 4 سوسپتیبیلیتی

susceptible /sə'septəbl/ *adjective,* also susceptive

هەستیار، زووکارلێکراو، زووکارتێکراو، لێهاتوو، ئامادە، بەتوانا، شیاو، لێوەشاو، پێکراو، لەدەس‌هاتوو، زوو دەیگری، بەرگە ناگرێ،

a :responsive ،impressionable ،ناسک
susceptible to ◊ *theory susceptible to proof*
There ◊ *a susceptible mind* ◊ *pneumonia*
are few known diseases which are not
susceptible to medical treatment
:susceptibly *adv* ؛susceptibleness *n*)
هەستیارانە، زووکارلێکراوانە، زووکارتێکراوانە،
بە شێوەیێ کە زوو کاری تێدەکرێ) ۞ حساس،
قابل، مستعد

susceptive = archaic susceptible

sushi /'su:ʃi/ *noun*
سووشی (= جۆرێ چێشتی ژاپۆنی) ۞ سوشی

suspect /sə'spekt/ *noun, adjective*
n بنیادەمی گومانبار یان گومانلێکراو *adj*
گومانبار، گومانلێکراو، شکلێکراو،
شکلەسەر، بەرگومان، گومانلەسەر،
باوەڕپێنەکراو، بەشک، گومانبار، ،suspected
investigates :questionable ،doubtful
۞ *a suspect package* ◊ *suspect employees*
n فرد مظنون *adj* مشکوک

suspected *adjective*
suspected ◊ *suspected terrorists* :گومانبار بە
tax evasion ۞ مشکوک بە

suspected spy *noun*
گومانبار بە سیخوڕی ۞ مظنون بە جاسوسی

suspected terrorist *noun*
گومانبار بە تیرۆریست، گومانبار بە ترۆرکار ۞
مظنون بە تروریست

suspended *adjective*
هەڵواسراو، هەڵپەسێردراو، داڵەقاندی،
شۆڕەوەبوو، ڕاگیراو ۞ معلق

suspended animation *noun*
1 دۆخی زیندوومان بەلام ئاگالەخۆنەبوون یان
ناچالاک 2 (خوازە) (دۆخی) تیامانەوە،
بڕیارپێنەگیران، یەکلاییەنەبوونەوە، دڵەڕاوکێ
۞ 1 تعلیق کارکردهای حیاتی 2 (مجازی) بلاتکیفی

suspended sentence *noun*
an 18- :ماف) بڕیاری سزادانی هەڵپەسێردراو)
۞ *month suspended sentence for theft*
حکم مجازات تعلیقی

suspender belt *noun*
کەژی گۆرەوی ۞ بند جوراب

suspenders /sə'spendəz/ *noun, pl.*, also
braces at brace
کەژی گۆرەوی، بەند یان بەستی شەڵوار ۞ بند
جوراب، بند شلوار

suspense /sə'spens/ *noun*
1 ڕاگرتن، ڕاوێستاندن، هەڵپەساردن، تیامانەوە،
بڕیارپێنەگیران، یەکلاییەنەبوونەوە (کاتی،
2 (indecisiveness دڵەڕاوکە، دڵەتەپە،
دڵەخورپە، پەریشانی، نیگەرانی، شڵەژاوی ۞ 1
تعلیق، بلاتکلیفی 2 دلهره

suspense account *noun*
حسابی خەرج‌وباری کاتی، هەژمارە
هەڵپەساردەکان ۞ حساب‌های معلق

suspension /sə'spenʃn/ *noun*
1 ڕاگیران، ڕاوێستان، داخران، ڕاگرتن،
ڕاوێستاندن، هەڵپەساردن، هێشتنەوە:
suspension from school 2 بەدواخستن،
پاشخستن، خستنەدواوە 3 (ماشێن و هتد)
زەمبەلەکبەست(ان)، فەنەربەست، سیستمی
دابەستنی زەمبەلەک و فەنەرەکان لە ماشێن و
ب.ت. لەسەر تەوەرەی پێچکەکان): *the*
front/rear suspension 4 (لە کلێسەدا)
هەڵپەساردنی (پلە و) پایە 5 (فیزیک) قوناخی
هەڵپەساردن ۞ 1 توقف، تعلیق 2 واپس‌اندازی 3
فنربندی 4 تعلیق مقام 5 مرحلەی تعلیق

suspension bridge *noun*
پردی هەڵواسراو ۞ پل معلق

suspension points *noun, pl.*
نیشانەی لابردن (سێ خاڵ دادەنرێ بە نیشانەی
لاچوونی شتێ) ۞ علامت حذف

suspensive *adjective*
هەڵواسراو، هەڵپەسێردراو، داڵەقاندی، داهێڵراو،
بەحەواوە، شۆڕەوەبوو، ڕاگیراو، ڕاوەستێنراو،
معلق، ۞ *a suspensive veto* :suspending
تعلیقی

suspensively *adverb*
هەڵواسراوانە، هەڵپەسێردراوانە، داهێڵراوانە، بە
حەواوە، ڕاگیراوانە ۞ بە طور معلق یا تعلیقی

suspensory *adjective, noun, pl.*
suspensories, also suspensor
1 هەڵواسراو، هەڵپەسێردراو، داڵەقاندی،
بەحەواوە، شۆڕەوەبوو، ڕاگیراو، ڕاوەستێنراو 2
مایەی ڕاگرتن یان هەڵپەساردن 3 گیانپارێز،
ناوگەڵپارێز، ناوگەڵبەند ۞ 1 معلق 2 موجب
تعلیق 3 بیضەبند

suspicion /sə'spɪʃn/ *noun*
1 گومان، شک، دردۆنگی، دڵکرمۆڵی، دڵپیسی
بەدگومانی 2 نیشانە، ڕەگ 3 تامی کەم، مەزە
۞ 1 حدس، ظن، سوءظن 2 رد، اثر 3 تەمزە

suspicious /sə'spɪʃəs/ *adjective*
گوماناوی، گومانلەسەر، گومانلێکراو،
گومانبار، جێی‌شک، جێی‌گومان، دڵپیس،
دڵکرمۆڵ، دڵکرمێ، دڵکرمن، کرمێ، بەدگومان:
suspicious of *suspicious characters*
strangers ۞ مشکوک، ظنین، بدگمان

suspiciously /sə'spɪʃəsli/ *adverb*
بە شێوەیەکی گوماناوی یان جێی‌شک، دڵپیسانە،
Everything was :دڵکرمۆڵانە، گومانبارانە
suspiciously quiet ۞ بە طور مشکوک

suspiciousness /sə'spɪʃəsnəs/ *noun*

بەدگومانی، دڵکرمۆڵی، دڵپیسی ◌ سوءظن

suspiration *noun*

هەناسە(هەڵ)کێشان، ئاخ‌وداخ، sigh ◌ تنفس، آه

suss /sʌs/ *noun, adjective*

n 1 گومان‌لێکراو یان گومان‌باری پۆلیس (هەروەها sus) 2 زانیاری یان ئاگاداری بواریکی تایبەتی *adj* وریا، زیرەک، ئاگادار، هۆشیار (هەروەها sus، کورتەی suspect، suspicion) ◌ *n* 1 مظنون پلیس 2 دانش یا آگاهی در موردی خاص *adj* باهوش، زیرک

Sussex *noun*

ساسێکس: جۆرێ پەلەوەری ماڵی پنکەپنکە یان سوور، لە رەگەزی مریشک (هی Sussex لە باشووری ئینگلتەرە) ◌ ساسکس، سوسکس

Sussex spansiel *noun*

سپانیەلی ساسێکس یان سوسێکس (- نژادیکی بێ‌کوڵ و مل‌کورت و لەش‌درێژ) ◌ ساسکس اسپانیل

sustainability /səˌsteɪnəˈbɪləti/ *noun*

لەبەردەوامی‌هاتوویی، پایەداری ◌ قابلیت ادامە، پایداری

sustainable /səˈsteɪnəbl/ *adjective*

لەبەردەوامی‌هاتوو، بەردەوام دەبێ، بۆ درێژەدان یان بەردەوام‌کردن دەبێ، درێژەی پێ‌دەدرێ (بێ ئەوەی کە زیان بە ژینگە بگەیێنێ) ◌ ادامەپذیر

sustaining program *noun*

بەرنامەیێکی رادیۆیی یان تەلەفزیۆنی بەبێ بانگەواز و ئاگاداری بازرگانی (یان پاڵپشتێکی کارداری) ◌ ساستینینگ پروگرام

sustained *adjective*

بەردەوام، پشت‌سەریەک، بێ‌وچان، پەیتاپەیتا، یەکبینە، بێ‌پسانەوە، لەسەریەک (sustainedly *adv*) ◌ مداوم، مستمر

sustenance /ˈsʌstənəns/ *noun*

1 ژیوار، پێ‌بژیو، (هۆی) گوزەران 2 خواردەمەنی، تفاق، خۆراک، بژیو، نان، food، provisions و هەروەها nourishment: *There's not much sustenance in a bowl of soup* ◌ 1 معاش 2 مواد غذایی، غذا

sustentacular cell *noun*

خانە یان ژوورەی راگر: خانەیێکی رووکەشەشانەیی epithelial پشتیوان یان پارێزەر (وەک خانەی Sertoli یان خانەیێکی رووکەشەشانەی بۆنی olfactory epithelium) ◌ سلول نگهدارنده

sustentation /ˌsʌst(ə)nˈteɪʃ(ə)n/ *noun*, also sustention

ئاگالێبوون، پاراستن، ئاگاداری، راگرتن، preservation، upkeep، maintenance، conservation (sustentative *adj*) ◌ حفاظت

Susu *noun, pl.* same or Susus

1 ئەندامی گەلێکی رۆژئاوای ئەفریکا، مالی، گینە و ناوچەکانی بە درێژایی سنووری باکووری سیرالیۆن 2 زمانی Mandeی ئەو گەلە ◌ سوسو

susurration /ˌs(j)uːsʌˈreɪʃ(ə)n/ *noun*, also susruss /s(j)uːˈsʌrəs/

چرپە، قسەی بە سووکی، سرتە، whisper ◌ نجوا

susurrous *adjective*

پرسرتە، پڕ لە چرپە(چرپ)، سرتەیی، چرپەیی ◌ پرنجوا، نجوائی

sutler /ˈsʌtlə/ *noun*

(مێژوویی) دەس‌گێری سپا، بازارچی لەشکر، ئازووخەچی ◌ آذوقەرسان

sutra /ˈsuːtrə/ *noun*

1 نووسراوەی دینی بودایزم یان جاینیزم 2 دەستووری دینی یان شەرعی (بنەڕەت: لە سانسکریت "دەزوو، دەستوور"، لە *siv* *sūtra* "دوورین") ◌ 1 سوترا 2 حکم شرعی

suttee /sʌˈtiː, US ˈsʌti/ *noun*, also sati, *pl.* suttees

ساتی (خۆسووتاندنی ژنی هیندی لەگەڵ تەرمی مێردەکەی کە لە ئاوردا دەسووتێ، هیندی، بنەڕەت: لە *satī* سانسکریت "ژنی بەوەفا") ◌ ساتی

sutural /ˈsuːtʃərəl/ *adjective*

تەقەڵی، پێوەندی بە تەقەڵەوە هەیە (suturally *adv*) ◌ وابستە بە بخیە

suture /ˈsuːtʃə(r)/ *noun*

1 (برینکاری) تەقەڵ 2 دەزوو یان سیمی دوورینەوە 3 تەقەڵلێدان، دوورینەوە، باخیەلێدان، باقیەلێدان 4 درز، قەڵەش (ئێوان دوو بەش، ب.ت. هی کەللەی سەر) ◌ 1 بخیە 2 نخ یا سیم بخیە 3 بخیەزنی 4 درز

suzerain /ˈsuːzəreɪn/ *noun*

1 خاوەن‌دەسەلات، حوکمڕان بەسەر وڵاتێکی تردا، حکومەت یان دەوڵەتێ کە دەسەلاتی بەسەر هێندێ وڵاتی خۆبەڕێوەبەردا هەیە 2 گەورەدەرەبەگ، overlord ◌ 1 اختیاردار 2 ارباب

suzerainty /ˈsuːzərənti/ *noun*

1 خاوەن‌دەسەلاتی، دەسەلات‌گێری، حکومەتداری 2 سەروەری، سەرداریتی، دەسەلات 3 مافی وڵات یان رێبەرێ تا بەسەر وڵاتێکی تردا دەسەلات بکا ◌ 1 اختیارداری 2 سیادت، اقتدار 3 سوزراینتی

SUV *abbreviation* super-utility vehicle

ئێس‌یووڤی (جۆرێ ماشێن گەورەتر لە ماشێنی ئاسایی بۆ رۆیشتن بەسەر رێگای ناڕێکدا بەکاردێنرێ) ◌ اس‌یووی

Sv *abbreviation* sievert

svelte /svelt, US sfelt/ *adjective*

شووش، باریکەلە، کز و شۆخ، قەدشمشالی،

قەدباریک ◌ باریک‌اندام

svelte figure *noun*
قیافەی تیشکەڵە یا شووش ◌ قیافەی باریک‌اندام

Svetambara /swɛ'tɑ:mbərə/ *noun*
سپی‌پۆش: ئەندامی یەکێ لە دوو تیرەی سەرەکی جاینیزم (بەرامبەری Digambara) بنەڕەت: لە سانسکریت *śvetāmbara* "white-clad") ◌ اسوتامبارا

SW *abbreviation* 1 south-west 2 south-west 3 short wave

swab /swɒb, US swɑ:b/ *noun*
1 (پزشکی) سواب، برین‌سڕ، (پزشکی) نموونە: *to take a throat swab* 2 لوولەسڕ، کۆنە، پەڕۆ ◌ 1 سواب، نمونە 2 لولەپاکن

swabber *noun*
کەسێکی سووک، بێ‌نرخ، خوێڕی، هیچ ◌ آدم پست

swabbie *noun, pl.* swabbies
(نافەرمی، سووکانە) مەلەوان، دەریاوان ◌ دریانورد

swabby = swabbie

swacked *adjective*
(نافەرمی) مەست، کەیل ◌ پاتیل

swaddled *adjective*
(منداڵ) مەلۆتکەکراو، داپێچراو، پێچراوە، بابۆڵەکراو ◌ قنداق‌کرده

swaddling clothes *noun, pl.* also swaddling-band
بابۆڵە، مەلۆ،تکەپێچ، کلینچک، پەڕۆی داپێچان یا مەلۆتکەپێچانەوە، پەڕۆوپالی پێچانەوە ◌ قنداق

swag /swæg/ *noun*, also loot
1 (کۆن) ماڵی دزراو، ماڵی دزیتی، تالانی، پارەی دزراو 2 زنجیرەگوڵ، گوڵبەند 3 (ئەوسترالیا) بارگەوبنە، بوخچە، توورەکەی شان، باروبنە 4 (ئەوسترالیا) بڕ یان ژمارەیێکی زۆر ◌ 1 اموال یا پول مسروقە 2 ریسەی گل 3 بازوبنە 4 مقدار یا تعداد بسیار

swage /sweɪdʒ/ *noun*
قاڵب (بە چەکوش‌کاری یان داگرتن pressure) ◌ قالب

swagger /'swægə(r)/ *noun*
1 فیز، یۆز، دەمار 2 کەش‌وفیش، خۆشەکاندن، خۆفش‌کردنەوە، خۆبادان، ڕۆیشتن بە دەمارەوە یان بە قەمزەوناز ◌ 1 افادە 2 اسواگر

swagger stick *noun*, also swagger cane
دار (ئەفسەرانی سپا هەڵیدەگرن) ◌ چوب کوتاه

swagman /'swægmæn/ = tramp

Swahili /swə'hi:li, US swɑ:'h-/ *noun, pl.* same
1 زمانی بانتۆیی کە وەک زمانێکی هاوبەش زۆربەی ئەفریکای ڕۆژهەڵاتی قسەی پێ دەکەن 2 ئەندامی گەلێکی Zanzibar و ناوچە

کەنارییەکانی دەوروبەری ◌ سواحیلی

swain /sweɪn/ *noun*
1 (ب.ت. لاو، بە شۆخی) دلدار، دڵبەستە، ئەویندار، ئاشق(ەرووتە) 2 مرۆ یان کەسێکی دێهاتی، peasant ،rustic ،ب.ت. shepherd (لاو، swainish *adj* ؛swainishness *n*) ◌ 1 (جوان) عاشق 2 آدم روستایی

swale *noun*
شوێنێکی نزم و بۆش، ب.ت. چاڵێکی زەلکاوی ◌ سوال

swallow[1] /'swɒləʊ, US 'swɑ:loʊ/ *noun*
(باڵندەناسی) حاجی‌ڕەش(ک)، تەرنەبابیلە، پەرەسێلکە، پەرەسێلرکە، تەیر، باڵوانە، کاردەپەلە [*Hirundo rustica* و جۆرەکانی تر، خێزانی Hirundinidae] ◌ پرستو، چلچلە

swallow[2] /'swɒləʊ, US 'swɑ:loʊ/ *noun*
قوت: *She took a swallow of coffee* ◌ قورت، بلع

swallow dive *noun*
لووربوونی بە دەس‌بڵاوکردنەوە یا پەرەسێلکەیی، خۆهاویشتنە نێو ئاو بە دەس‌بڵاوکردنەوە خۆهاویشتە نێو ئاو بە باڵەفشێوە ◌ شیرجەی فرشته

swallow hole = sinkhole

swallow tail *noun*
1 کلکی پەرەسێلرکەیی، کلکی باڵوانەیی 2 کلک‌باڵوانەیی: جۆری پەپوولە بە دەرپەڕیوی‌یێکی کلک‌ئاساوە [*Papilio machaon* و جۆرەکانی تر، خێزانی Papilionidae] ◌ 1 دم چلچلەای 2 نوعی پروانه

swallow-tailed /'swɒləʊ teɪld/ *adjective*
کلک‌پەرەسێلرکەیی، کلک‌تەیری، کلک‌تەرنەبابیلە، کلک‌باڵوانەیی ◌ دم‌چلچلەای

swallow-wort *noun*, also celandine
(ڕووەکناسی) مامیران، پەنجەداڵ ◌ ماميران

swam /swæm/ = past of swim

swami /'swɑ:mi/ *noun, pl.* swamis
سوامی (= مامۆستای ئایینی هیندوویی، بنەڕەت: لە سانسکریت *svāmin*) ◌ سوامی

swamp /swɒmp, US swɑ:mp/ *noun, adjective*
1 زەل(کاو)، زۆنگ(او)، چامۆر، چراقی، گەرەک، لیتاو، گەبەڵ، تەقن 2 بابەت یا دۆخێکی دژوار (swampish *adj*) ◌ 1 باتلاق، لجن‌زار 2 اسوامپ

swamper *noun*
زەلکاونشین، زۆنگاونشین ◌ باتلاق‌نشین

swamp buggy *noun*
زەلکاوڕەو، زۆنگ‌ڕەو: ب.ت. شتێکی چوارچەرخ کە پێچکە یان چەرخەکانی زۆر گەورەن،

تراکتۆری زەلکاو ۞ وسیلەی نقلیەی باتلاقی
swamp fever *noun*
تای زەلکاوی، تازۆنگ: جۆرێ نەخۆشی کوشندەی گیرۆی ڤایرۆسی ئەسپەکان؛ = malaria ؛leptospirosis ۞ تب باتلاقی
swamp gas = marsh gas
swampiness /'swɒmpinəs/ *noun*
زەلکاویبوون، زۆنگئاسایی ۞ حالت باتلاقی
swampland /'swɒmplænd, US 'swɑːmp-/ = swamp
swamp rabit *noun*, also marsh rabbit
کەرویشکی زەلکاو(ان) [*Sylvilagus aquaticus*] ۞ نوعی خرگوش
swamp sparrow *noun*
چۆلەکەی زەلکاو(ان) [*Melospiza georgiana*] ۞ نوعی خرگوش
swampy /'swɒmpi/ *adjective* (swampier, swampiest)
زەلکاوی، زۆنگاوی، زەلاوی: *swampy ground* ۞ باتلاقی
swan /swɒn, US swɑːn/ *noun*
قوو، قاز [چەندین جۆرن، زۆرتر لە توخمی *Cygnus*] ۞ قو
swan dive = swallow dive
swan-herd /swɒn hɜːd/ *noun*
قازەوان ۞ قازبان
swank /swæŋk/ *noun, adjective*
n پۆز، بنیادەمی بەپۆز، بەترووتوپ، بەپۆز، خۆگرتوو *adj* شیکوپیک، گران، شۆخوشەنگ ۞ *n* پز، آدم پزی *adj* کلاس‌بالا
swanky /'swæŋki/ *adjective* (swankier, swankiest)
a شیکوپیک، گران، شۆخوشەنگ، بەکلاس: *swank limousine* ۞ کلاس‌بالا
swan mussel *noun*
جۆرێ گوێچکەماسی گەورەی ئاوی شیرین، کرمۆکانی دەمرووکێنە ماسییەکانەوە [*Anodonta cygnea*] ۞ نوعی صدف خوراکی
swan-necked *adjective*
کۆتایی یان ئاخری چەماوی لوولە، ملقازی ۞ انتهای خمیدەی لولە
swannery /swɒnəri/ *noun, pl.* swanneries
شوێنی راگرتنی قاز، قازداری، قازخانە ۞ پرورشگاه قوها
swansdown *noun*
1 پەڕی نەرم و ناسکی قوو یان قاز 2 جۆرێ کوتاڵی کەتانی کولکنی ئەستوور ۞ 1 پر نرم قو 2 نوعی پارچە
swanskin *noun*
پێستی قوو یان قاز، پەڕی نەرمی قوو ۞ پوست قو

swansong /'swɒnsɒŋ, US 'swɑːnsɔːŋ/ *noun*
1 دەنگی خوێندنی قوو یان قاز (وەختی مردن)، قاسپەقاسپ، دەنگی قاز 2 دوابەرهەم یان کار (بەرێتییە لە دوایەمین کار و بەرهەمی موسیقازەن، هونەرمەند یان نووسەرێ) ۞ 1 آواز قو 2 (مجازی) آخرین اثر
swap /swɒp, US swɑːp/ *noun*
تاق، گۆڕینەوە، ئاڵوویر، ئاڵشت، سەربەسەر ۞ معاوضە
SWAPO /'swɑːpəʊ/ *abbreviation*, South West African People's Organisation
سواپۆ: ڕێکخراوەی گەلانی باشووری ڕۆژاوای ئەفریکا ۞ اسواپو
sward /swɔːd, US swɔːrd/ *noun*
1 مێرگ، سەوزەلانی، سەوزایی، چیمەنزار، شینایی، شیناوەرد 2 چینی سەرەوەی گڵ، ب.ت. کاتێ گیای لێ دەڕوێ ۞ 1 چمن‌زار 2 اسوارد
sware = archaic past of swear
swarf /swɑːf/ *noun*
تەڵەزمە، وردە، خاکە ۞ تراشە
swarm /swɔːm, US swɔːrm/ *noun*
1 پوورە، کوڕ، پۆل 2 کۆمەڵ، دەستە، چرەبەندان، ئاپۆرە، جەنجاڵ، شلوقی، قەرەباڵغی، باڵەپەستۆ 3 پوورەهەنگ یان پوورەی هەنگی کۆچەر (لەگەڵ شاهەنگ بۆ دامەزراندنی colony یێکی نوێ، ئەلمانی بنەڕەت) ۞ 1 گروە 2 ازدحام 3 گروە زنبوران مهاجر
swarmer *noun*
خڕەوەبوو، کۆوەبوو ۞ تجمع‌کنندە
swart /swɔːt/ *adjective*
سەوزە، رەشتاڵە، رەشئەسمەر، ئەسمەر، swarthy ۞ سبزە
swarthiness /'swɔːðinəs, US 'swɔːrðinəs/ *noun*
سەوزەبوون، رەشتاڵەبوون، سەوزەیی ۞ سبزە بودن
swarthy /'swɔːði, US 'swɔːrði/ *adjective* (swarthier, swarthiest)
سەوزە، رەشتاڵە، رەشئەسمەر، ئەسمەر ۞ سبزە
swash[1] /swɒʃ, US swɑːʃ, swɔːʃ/ *noun*
1 دەنگی شلپەشلپ 2 تەوژمی ئاو 3 زەوی خز و قوڕاوی ۞ 1 صدای چلپ و چلوپ 2 جریان آب 3 زمین لیز و گل‌آلود
swash[2] /swɒʃ, US swɑːʃ, swɔːʃ/ *adjective*
(چاپ) ئاماژە بە کارەکتەرێکی جوانی نووسراو یان چاپکراو، زۆرتر بە پیتی گەورە ۞ اسواش
swashbuckler *noun*
1 سەربەگۆنگەڵ، مەترسیکار، قارەمان 2 خۆهەڵکێش، لافلێدەر، فشەچی ۞ 1 ماجراجو 2 لاف‌زن

swashbuckling /swɒʃbʌklɪŋ, US swɑːʃ, swɔːʃ/ *noun*
1 سەربەگۆنگەڵ، قارەمان، قارەمانی دیوقران، قارەمانانە 2 فیلم یان کتێبی کەسێکی وا ۞ 1 ماجراجو، ماجراجویانە 2 فیلم یا کتاب ماجراجویانە

swastika /ˈswɒstɪkə, US ˈswɑːs-/ *noun*
1 خاچی شکاو، سواستیکا (نیشانەی پارتی نازی لە ئەڵمانیا 2 لە svastikaی سانسکریتەوە، پاشان svasti بە واتای ئاسوودەیی، su "باش" asti "بوون") ۞ صلیب شکستە

swat /swɒt, US swɑːt/ *noun*
لێدان، پیاکێشان ۞ ضربە

swatch /swɒtʃ, US swɑːtʃ/ *noun*
(پارچە و هتد) نموونە ۞ مسطورە

swathe /sweɪð/ *noun*, US *swath* /swɔːθ, US swɒθ/, *pl.* swathes or swaths /sweɪðz, swɔːðs, US swɒθs/
1 ریز یان هێڵی دووراو یان براو، بەر 2 ناوچە یان باریکەی یان ۞ 1 ردیف دروشدە یا چیدە 2 منطقە یا نوار باریک

swathed *adjective*
تێپێچراو، تێئالاو، پێچراو ۞ پیچیدە

Swat team *noun*, also SWAT team
تیمی سوات (دەستەی لە ئەفسەرانی راهاتووی پۆلیس بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پرمەترسی‌ترین و سەخت‌ترین رەوش) ۞ تیم اسوات

swatter *noun*
مێش‌کوژ ۞ مگس‌کش

sway /sweɪ/ *noun*
1 راژان، تەکەتەک‌کردن، پاش‌وپێش‌کردن، لەرینەوە، داشەکان، شەکە، شەکانەوە 2 کۆنترۆڵ، دەسەڵات، هێز، دەس‌رۆیشتوویی، کاریگەری، باندۆر ۞ 1 نوسان 2 سلطە، تأثیر

swayback *noun*
چەمانەوە لە خوارەوەی بربڕەی پشت، پشت‌چاڵی ۞ سرج

swaybacked /ˈsweɪ bækt/ *adjective*
پشت‌چاڵ، پشت‌پساو ۞ اسرج

swayer *noun*
دەلەرێتەوە، لارەولار دەکا، دەشەکێتەوە ۞ نوسان‌دار

Swazi /ˈswɑːzi/ *noun*, *pl.* same or Swazis
1 ئەندامی گەلێکی دانیشتووی Swaziland و چەند بەشێ لە رۆژهەڵاتی Transvaal 2 زمانی Nguniی ئەو گەلە ۞ اسوازی

swearer *noun*
1 سوێندخۆر 2 جنێوفرۆش، دەمشڕ ۞ 1 محلف 2 فحاش

swearing /ˈsweərɪŋ, US ˈswerɪŋ/ *noun*
جنێوفرۆشی، دەم‌شڕی، زمان‌پیسی ۞ فحاشی

swearing-in *noun*
1 سوێندخواردن 2 ئاهەنگی سوێندخواردن ۞ 1 تحلیف 2 مراسم تحلیف

swear word *noun*
1 جنێو، ناونێتکە، قسەی ساردوسووک، دژوێن، 2 کفر، دیندڕی ۞ 1 فحش 2 کفر expletive

sweat /swet/ *noun*
1 ئارەق، ئارەقە، خۆ، ئارەق‌کردن، ئارەق‌ڕشتن، خووسان لەبەر ئارەق 2 کاری سەخت و گران، کولەمەرگی (ب.ت. ناخۆش و ماندووکەر) ۞ 1 عرق، عرق‌ریزان 2 کار شاق

sweatband /ˈswetbænd/ *noun*
ئارق‌چن، ئارەق‌مژ، ناوچاوبەستی ئارەق‌چن، مەچەک‌پێچی ئارەق‌چن ۞ نوار عرق‌گیر

sweated labour *noun*
بێگاری، کاری سەخت، بێگار، خەڵکی بێگاری‌کردوو، بێگاری‌کەران ۞ خرحمالی، خرحمالان

sweater /ˈswetə(r)/ = jersey

sweat gland *noun*
لوو یان رژێنەی ئارەق، ئارەق‌رژێنە ۞ غدەی عرق‌زا

sweating sickness *noun*
تایێ بە ئارەقێکی زۆرەوە، پەتایێ لە ئینگلتەرە لە سەدەکانی 15 و 16دا ۞ نوعی تب

sweatpants *noun, pl.*
شەڵواری وەرزش ۞ شلوار ورزش

sweatshirt /ˈswetʃɜːt, US -ʃɜːrt/ *noun*
کراسی وەرزشی ۞ پیراهن گرم‌کن

sweatshop /ˈswetʃɒp, US -ʃɑːp/ *noun*
بێگارگە، شوێنی بێگاری، بێگارخانە ۞ محل خرحمالی

sweat sock *noun*
گۆرەوی ئەستوور ئارەق‌چن ۞ جوراب عرق‌گیر

sweatsuit /ˈswetsuːt, US -sjuːt/ *noun*
دەستەجلی وەرزشی، جلی وەرزشی ۞ لباس گرم‌کن

sweaty /ˈsweti/ *adjective* (sweatier, sweatiest)
1 لە ئارەق‌دا خووساو، ئارەق‌خووس، ئارەقاوی، ئارەق‌کردوو: *sweaty socks* 2 گەرم، پرووکێنەر، پشێنەر، (کار و هتد) سەخت، پرئەرک، پرزەحمەت، گران، کەرژاڵ: *a sweaty day* ◊ *It was sweaty work* ◊ *sweaty work, under the hot sun* (sweatiness /ˈswetinəs/ *n* ·/ˈswetɪli/ *adv* sweatily) ۞ 1 خیس عرق، عرق‌کردە 2 داغ 3 شاق

Swede /ˈswiːd/ *noun*
خەڵکی سوێد، سوێدی ۞ سوئدی

swede /swiːd/ *noun*, rutabaga or ScotE tur·nip
شەلەمی زەرد، تێتۆکی زەرد ۞ شلغم زرد

Swedenborgian *adjective, noun*
adj سەربە ئامۆژگاری یان ریبازە و دوکترەینە دینی‌یەکان religious doctrines و لایەن‌گرانی ئیمانوئیل سویدینبۆرگ Emanuel Swedenborg (فیلسووف و زانای سویدی 1772--1688) و کلێسەی تازەی ئورشەلیم New Jerusalem Church (لەسەر بنچینەی ئەو ریباز و ئامۆژگاری‌یانە) *n* باوەڕمەند بە ئامۆژگاری و ریبازە و دوکترەینە دینی‌یەکانی سویدینبۆرگ (Swedenborgianism *n*) ۞ سودنبورگی

swedge /swɛdʒ/ *noun*
(ئافەرمی، سکاتلەند) شەڕوشۆڕ، لێک‌سرەواندن، لێکدان، تێکبەربوون، هەراوهوریا، هەرا ۞ زدوخورد، دعوا

Swedish /'swi:dɪʃ/ *adjective, noun*
adj سویدی، سەربە سوید، پێوەندی بە سویدەوە هەیە *n* سویدی، زمانی سویدی ۞ *adj* سوئدی *n* زبان سوئدی

sweeny *noun*, also sweeney
لەکارکەوتنی شانی ئەسپ ۞ فلج عضله

sweep[1] /swi:p/ *noun*
1 گسک‌لێدان، سڕین، داماڵین، خاوێن‌کردنەوە، پاکەوکردن، ماڵین، دەسپاهێنان 2 chimney - sweep 3 (ئافەرمی) sweepstake 4 رەوت، 5 جوولانی بەتەوژم 6 بوار، راخستە، پانتایی، مەڵبەند 7 سەوڵی قورس و درێژ 8 پەڕی ئاشی بایی 9 خواروخێچی یان پێچاوپێچی رێگا، رووبار و هتد (بنەڕەت: *swāpan* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ 1 نظافت، جاروکشی 2 و 3 اسوبپ 4 جریان 5 حرکت سریع 6 حوزه، گستره 7 پاروی سنگین و دراز 8 پرەی آسیاب بادی 9 پیچ و خم

sweep[2] /swi:p/ = sweepstake

sweeper /'swi:pə(r)/ *noun*
1 (شت یان مرۆڤ) گسک‌دەر، گەسک‌لێدەر، کۆلان‌ماڵ، سپور: *a road* ◊ *a carpet sweeper* 2 *sweeper* گسک، گەسک، گزی ۞ 1 نظافت‌چی 2 جارو

sweeping /'swi:pɪŋ/ *adjective, noun*
adj 1 بەربلاو، بەرین، بەرفرەهـ گشتگرەوە، گشتگیر، هەمەلایەنە، تەواو، رەبەق، یەکلایی‌کەرەوە، بڕیاردەرانە: *sweeping reforms* 2 گشتی، سەرسەرەکی، ناتاوارتە، بەبێ‌ناوارتە، بەرچاو 3 (وەک لافاو و هتد) هەڵتەکێنەر، بەتەوژم، توند، بەحوجەت، سەخت *n* 1 گسک‌لێدان، سڕین، داماڵین، خاوێن‌کردنەوە، ماڵین 2 (sweepings) خۆڵوخاک، زبڵ، پووش‌وپەلاش، ئەشغاڵ ۞ *adj* 1 گسترده، جامع، کامل 2 کلی، بدون استثنا 3 بنیان‌کن *n* 1 جاروب‌کشی 2 (در جمع) آشغال

sweepstake /'swi:psteɪk/ *noun*, also sweepstakes
1 بەخت‌تاقی‌کردنەوە 2 گرێو، مەرج‌بەستن ۞ 1 بخت‌آزمایی 2 شرط‌بندی

sweet /swi:t/ *adjective* (sweeter, sweetest), *noun*
adj 1 شیرین، شیرن، شەکرین 2 (بۆن) خۆش، بەبەرامە 3 (دەنگ) خۆش، بەسۆز، بلاوێن 4 جوان، چەلەنگ، نەشمیلە، نازەنین، نازدار، خۆشەویست، لەبەربەردلان، ژیکەڵە، سەرنج‌ڕاکێش، قایل‌کەر *n* 1 شیرینی 2 دیسێر ۞ *adj* 1 شیرین 2 خوشایند 3 دل‌انگیز، رضایت‌بخش 4 قشنگ، جذاب، عزیز *n* 1 شیرینی 2 دسر

sweet alyssum *noun*
(رووەک‌ناسی) جۆرێ گیای ئەورووپایی گەڵاباریک، لە خێزانی mustard بە هێشووە گوڵی پەمەیی و سپی وردی بۆن‌خۆشەوە [*Lobularia maritima*] ۞ نوعی علف

sweet-and-sour *adjective*
مزر، مێخۆش، ترش‌وشیرین ۞ می‌خوش

sweet basil *noun*
(رووەک‌ناسی) ریحانە، ریحانە [*Rosa rubiginosa*] ۞ ریحان

sweetbread /'swi:tbred/ *noun*
(گۆشت) شیلاوک، شیپلک (گوێلک یان بەرخ) ۞ گوشت لوزالمعده

sweetbriar *noun*, also eglantine
جۆرێ گوڵەباخی کێوی بە گوڵ و گەڵای بۆن‌خۆشەوە، شیلان، نەسرین، دلیق، جلیق [*Rosa rubiginosa*] ۞ نوعی گل محمدی

sweet butter *noun*
کەرەی شیرین ۞ کرەی شیرین

sweet cicely = cicely

sweet clover *noun*, aslo melilot
(رووەک‌ناسی) کەنیرە، کنێرە ۞ اکلیل‌الملک

sweetcorn /'swi:tkɔ:n, US -kɔ:rn/ *noun*
گوڵەپێغەمبەرە، گەنمەشامی، سەرداری، گوڵەکابە ۞ ذرت

sweetened condensed milk = condensed milk

sweetener /'swi:tnə(r)/ *noun*
1 ماک یان مەتریالی شیرین‌کەر، شیرین‌کەرە، شیرینە 2 بەرتیل، دیاری، دەم‌شیرینی، شیرینی ۞ 1 مادەی شیرین‌کننده 2 رشوه

sweetening *adjective, noun*
adj شیرین‌کەر، شیرین‌کەرە *n* مەتریالی شیرین‌کەر، شیرینە ۞ *adj* شیرین‌کننده *n* مادەی شیرین‌کننده

sweet flag *noun*
پیرگیا، ویشن، شاجەگەن، گیایێکی دەم‌ئاوان لە تیرەی arum رەگی لە بواری پزشکی‌دا

بەکاردێتری [*Acorus calamus*] ۞ اگیر ترکی
sweet gale = bog myrtle
sweetgrass *noun*
گیاشـــــیرین؟ [*Glyceria*، *Hierochloe* و جۆرەکانی تر] ۞ اسویت‌گراس
sweet gum *noun*
جـۆرێ درەخـتی liquidambar ی ئـەمریکـای باکووری کـە بالـسام و داریکی جوانی دەگرێ [*Liquidambar styraciflua*] ۞ اسویت گام
sweetheart /ˈswiːthɑːt, US -hɑːrt/ *noun*
گراو، یار، خۆشەویست، ماشقە ۞ معشوقە
sweetheart neckline *noun*
ملیوانی شێوەدڵ یان دڵی ۞ یقەی گلابی
sweetie /ˈswiːti/ *noun*
شیرینی، شیرنی 2 بنیادەمی ژیکەڵە و لەبەردڵان، شـیرین 3 (لـە بانـگ‌کردنـا) خۆشەویـستەکەم، نازیزەکەم، بەندی دڵـەکەم ۞ 1 شـیرینی 2 آدم دوست‌داشتنی 3 عزیزم
sweeting *noun*
1 جۆرێ سێوی شـیرین darling = 2 ۞ نـوعی سیب شیرین
sweetish /ˈswiːtɪʃ/ *adjective*
کەمێ شیرین، شـیرین‌چک ۞ نسبتاً شیرینی
sweetlips *noun, pl.* same
لیوشیرینە، شـیرین‌لیوە: جۆرێ ماسی دەریاکانی هینــــد و پاســـــیفیک [*Plectorhynchus* و توخمەکانی تر، چەندین جۆرن] ۞ نوعی ماهی
sweetly /ˈswiːtli/ *adverb*
1 بە شێوەیەکی بلاوێن 2 جـوان ۞ 1 بـە طـور دلنشین 2 بە طور زیبا
sweetmeat /ˈswiːtmiːt/ *noun*
(زوو بەکارهێنراو) شیرینی، نوقڵ، هەڵوا، ئاسـیدە ۞ شیرینی، نقل، حلوا
sweet milk /ˈswiːtnəs/ *noun*
شیری تازە لەچاو buttermilk ۞ شیر اسویت
sweetness /ˈswiːtnəs/ *noun*
شیرینی، خۆشی، بلاوێنی، بەسـۆزی، نـەرمی ۞ شیرینی، خوشایندی، دلنشینی، نرمی
sweet nothings *noun, pl.*
فروفیشالی دڵدارانە ۞ حرف‌های تصنعی عاشقانە
sweet oil *noun*
رۆنی شـــیرین، رۆنی زەیتـــوون، رۆنی بـــادەمی شیرین ۞ روغن شیرین
sweet pea *noun*
(رووەکـناســـی) پۆڵــــکە، پۆڵـــکەی شـــیرین [*Lathyrus odoratus* و جــــــۆرە پێوەندیدارەکان] ۞ نخود معطر
sweet pepper *noun*
(رووەکـناسی) بیباری دۆڵمەیی، بیبـاری شـیرین ۞ فلفل دلمەای
sweet potato *noun*
(رووەکـناســی) پەتاتــەی شــیرین، هێرەماســی شیرین، سێوکی شـیرین [*Ipomoea batatas*] ۞ سیب‌زمینی شیرین
sweet rocket *noun*
بنەوشیلەی شـیرین؟، تیرەی کەلەم [*Hesperis matronalis*] ۞ نوعی گیاە
sweet-root *noun*, also liquorice
(رووەکـناسی) بەلەک، میکوک، مەکووک، مەلیم ۞ شیرین‌بیان
sweet shop *noun*
بوتکەی فرۆشتنی نوقڵ و جگـەرە، نوقڵ‌فرۆشی ۞ سـویت‌شاپ
sweetsop *noun*
1 جۆرێ سـێوی کاسـتیردی شـێوەدڵ یـان خڕ 2 دەوەنێکـی گـەرمێنانی ئـەمریکایی ئـەو سـێوە [*Annona squamosa*] ۞ اسویت‌سوپ
sweet talk *noun*
1 زمـــان‌لووســی، نەرمەبـڕی، زمـان‌شـیرینی 2 کـەرکردن، لەخـشتەبردن ۞ 1 چـرب‌زبـانی 2 شیرەمالی
sweet tooth *noun, pl.* sweet tooths
پـێ‌خـۆش‌بـوونی شـیرینی، شـیرینی‌دۆسـتی ۞ دوسـت داشتن شیرینی
sweet violet *noun*
وەنەوشەشـیرینە، وەنـەوشـە، بنـەوشـی شـیرین، گەلاکانی شێوەدڵن، لە گوڵاوسازیدا بەکاردێتری [*Viola odorata*] ۞ بنفشەی شیرین
sweet-william /ˌswiːt ˈwɪljəm/ *noun*
(رووەکـناســـی) قـــــەرەنفول، مێخـــــەکی، گوڵـــەمیخەک، خێـــزانی pink [*Dianthus barbatus*] ۞ گل بوقلمون
swell /swell/ *noun, adjective, adverb*
n 1 (دەریـا) شـەپۆلدان، (جوگرافیـا) قەڵـپەزە، نەرمـەپێل، نەرمەشـەپۆل 2 ماسـین، هەڵمسـان، پەنـەمیان، مـاس، ئاوسـان، بـاکردن 3 (موسـیقا) بەرەبەرە زۆربوونی بارسـتەی دەنگ 4 کەسێکی پۆشـتەوپەرداخ *adj, adv* تـەڕپۆش، پۆشـتە، پۆشتەوپەرداخ، شـۆخ، جـوان، شـۆخوشـەنگ، خۆش، یەکجاریاش، پلەیەک، یەکجار چـاک ۞ *n* 1 تلاطـم، خیـزاب 2 آمـاس، ورم 3 (موسـیقی) افزایش تدریجی حجم صدا 4 آدم شیک‌پوش *adj, adv* شیک، زیبا، عالی
swelling /ˈswelɪŋ/ *noun*
1 ماسـین، پەنـەمیان، ئاوسـان، هـەوکردن، مـاس، بـاکردن، هـەوا(کـردن)، ئەسـتووربوون، سـندان، هەستان، خـەمبا (لە گیانەوەراندا): *Use ice to reduce the swelling* 2 هەڵئاوسـان ۞ 1 ورم، آماس 2 تورم
swelter /ˈsweltə(r)/ *noun*
گەرمای کوشندە، پرووکێنەر، پیشێنەر، سـووتێنەر ۞ گرمای سوزان

sweltering *adjective*
پرووکێنەر، پیشێنەر، سووتێنەر، هەڵقرچێنەر ۞ سوزان، داغ

swept /swept/ = past and past participle of sweep

swerve /swɜːv, US swɜːrv/ *noun*
لادان، کلابوون (لە ناکاو، ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ انحراف

swift[1] /swɪft/ *noun*
1 جۆرێ پەرەسلێرکە یان تەرنەبابیلە [*Apus apus* (ئوراسیا) و جۆرەکانی تر، خێزان Apodidae] 2 جۆرێ مارمێلکەیێکی گورجە 3 جۆرێ پەپوولەی شەوگەڕ moth [خێزان Hepialidae] 4 جۆرێ خولخولە ۞ 1 نوعی پرستو 2 نوعی مارمولک 3 و 4 اسویفت

swift[2] /swɪft/ *adjective*
1 گورج، تونـدوتۆڵ، گورجوگۆڵ، چابک، کرژەک، هەرفە، وەکوو هەلووک، چالاک، مەزبووت 2 خێرا، تونـد، کتوپڕ، دەسبەجێ، دەستوبرد، زوو ۞ 1 چابک، فرز 2 فوری، سریع

swiftlet *noun*
جۆرێ swiftی چکۆلە، لە باشووری ئاسیا و ئەوسترالاسیا دەبینرێ [توخمەکانی *Collocalia* و *Aerodramus*] ۞ نوعی پرستوی کوچک

swiftly /swɪftli/ *adverb*
خێرا، بە خێرایی، بە پەلە، بە تاوەترێ، بە پڕتاو، تونـد، زوو: *Surprise was swiftly followed by outrage* ۞ بە سرعت، بە زودی

swiftness /swɪftnəs/ *noun*
1 خێرایی، تونـدی، پەلە، پڕتاو 2 گورجی، تونـدوتۆڵی، گورجوگۆڵی ۞ 1 سرعت، شتاب، تندی 2 فرزی

swig /swɪg/ *noun*
قولپ، فڕ، گولپ، قوم، قورج ۞ جرعە، قلب

swill /swɪl/ *noun*
1 ئاوکێشان، شتن 2 قومێ (زۆر) مەی، قولپێ بادە 3 (نافەرمی) گەندەئارەق یان ئەڵکوڵ 4 (چێشت بۆ) بەراز، رشاوە ۞ 1 آبکشی 2 جرعەی شراب 3 مشروب آشغال 4 (غذا) آشغال

swim /swɪm/ *noun*
1 مەلێ، مەلە، ئازنی، سۆبایی، ئاوبازی 2 گۆلاوکەی راوەماسی (لە چۆمـا) 3 رەوتی کاروبار ۞ 1 شنا 2 اسویم 3 جریان امور

swim bladder *noun*
توورەکەهەوای ماسی (هۆی سەرئاوکەوتنی) ۞ کیسەی هوای ماهی

swimmer /ˈswɪmə(r)/ *noun*
مەلەوان، ئاوباز، ئاژەن، سۆبا ۞ شناگر

swimmeret /ˈswɪmərɛt/ = pleopod

swimming /ˈswɪmɪŋ/ *noun*
1 مەلێ، مەلە، ئازنی، ئاژەنی، سۆبایی، ئاوبازی: 2 *Swimming is a good form of exercise* گێژی ۞ 1 شنا 2 گیجی

swimming baths *noun, pl.*
ئەستێری مەلە، ئەستێرەمەلێ ۞ استخر شنا

swimming cap *noun*, also swimming hat
کڵاوی مەلە ۞ کلاه شنا

swimming costume *noun*
مایۆ (ژنانە) ۞ مایو

swimmingly /ˈswɪmɪŋli/ *adverb*
بە ئاسانی، بە ئاسوودەیی، بە خۆشی، بە خێروخۆشی، بێگیروگرفت ۞ بە راحتی، بدون مشکل

swimming pool *noun*
ئەستێری مەلە، ئەستێرەمەلە ۞ استخر شنا

swimming trunks *noun, pl.* also swim trunks
مایۆی پیاوانە ۞ مایوی مردانە

swimsuit /ˈswɪmsuːt, US -sjuːt/ *noun*
مایۆی ژنانە ۞ مایوی زنانە

swimwear /ˈswɪmweə(r), US -wer/ *noun*
مایۆ: *a new swimwear collection* ۞ مایو

swindle /ˈswɪndl/ *noun*
دەسبڕی، گوێبڕی، تەڵەکە، فروفێڵ، کڵاونانەسەر ۞ شیادی، کلاەبرداری

swindler /ˈswɪndlə(r)/ *noun*
دەسبڕ، گوێبڕ، جامباز، زۆڵ، تەڵەکەباز، فێڵاوی: *an insurance swindle* ۞ شیاد، کلاەبردار

swine /swaɪn/ *noun*
1 (*pl.* same) بەراز 2 (نافەرمی، *pl.* same or swines) کەسێکی یان شتێکی پیس و بێزاوی ۞ 1 خوک 2 آدم یا چیز منفور

swine fever *noun*
تابەراز، بەرازەتا، جۆرێ نەخۆشی ڤایرۆسی ریخۆڵەی بەراز ۞ تب خوک

swineherd /ˈswaɪnhɜːd, US -hɜːrd/ *noun*
بەرازەوان، بەرازلەوەڕێن ۞ خوکچران

swine vesicular disease *noun*
جۆرێ (نەخۆشی) پەتای ڤایرۆسی بەرازەکان کە لای دەم و لاقیان تۆقلە هەڵدەدا، نەخۆشی بلۆقی بەراز ۞ نوعی بیماری خوک

swing /swɪŋ/ *noun*
1 راژان، تەکەتەکەکردن، پاشوپێشکردن، لەرینەوە، هاتوچۆ، شەکە، شەکانەوە، جوولان، بزوات، وەرسووڕان، بادان، سوور، خول 2 جۆلانێ، هەرازگە، هەلۆرکە، دیلانێ 3 گۆڕان، گۆڕانی هەڵوێست، وەرسووڕان، بادانەوە، وەرچەرخان 4 لێدانی تونـد، پیاکێشانی تونـد 5 (موسیقا) تریەی تونـد، ریتمی تونـد، شێوازێکی جاز یان موسیقای سەما بە تریەی تونـدەوە 6 کێش، هەڤدەن، رەوت ۞ 1 نوسان، جنبش،

چرخش 2 تاب‌بازی 3 تغییر (موضع)، چرخش 4 ضربه‌ی سخت 5 (موسیقی) ضرب توند، اسوینگل 6 وزن

swing bridge *noun*
پردی جوولاو، پرده‌جوولە، پردی گەڕۆک یان سووڕاو (بۆ کەشتی‌یەکان بە ژێری‌دا بڕۆن) ۞ پل متحرک

swing door *noun*
درگای دوولایی ۞ در دوسویه

swingeing /ˈswɪndʒɪŋ/ *adjective*
1 (باج، نرخ و هتد) یەکجار زۆر، پشت‌شکێن: *swingeing taxes* ◊ *swingeing fines* 2 توند، سەخت ۞ 1 وحشتناک 2 شدید

swingeingly /ˈswɪndʒɪŋli/ *adverb*
بە توندی، توند، سەخت، بە سەختی ۞ بە شدت

swinger /ˈswɪŋə(r)/ *noun*
1 لاتولووت، قەلەوقوتە، گەدەوگودە، بەڕەلاوهەرەلا 2 داوێن‌تەڕ، داوێن‌پیس، شەلواڕپیس ۞ 1 الواط 2 فاسق

swinging /ˈswɪŋɪŋ/ *adjective*
(نافەرمی) خۆش، پرجموجۆڵ، لەجۆش، لەگوڕ، بەکەیف ۞ پرشور و حال

swinging door = swing door

swing shift *noun*
1 نۆرەکاری ئێواران، دانی ئێواری یان ئێوارە 2 کرێکارانی نۆبەکاری ئێواران (ب.ت. لە سەعات 4ی نیوەڕۆوە تا نیوەشەو) ۞ 1 شیفت عصر 2 کارگران شیفت عصر

swinging sixties *noun*
سالانی شەستەکان، 1960 کە ئازادی کۆمەلایەتی و سێکسی زۆربووە ۞ اسوینگینگ سیکستیس

swingle /ˈswɪŋgl/ *noun*
1 کەتان‌کوت، داری کوتان یان پاکردنەوەی کەتان 2 بەشی وەرسووڕی جەنجەڕی یا خەرمان‌کوب ۞ 1 کتان‌کوب 2 اسوینگل

swing voter *noun*
دەنگدەری بێ‌لایەن، دەنگدەری ناحیزبی ۞ رأی‌دهندەی بی‌طرف

swing-wing *noun*
بە بالی جوولاوەوە، فڕۆکەی بال‌جوولاو ۞ (هواپیما با switch-over) بال متحرک

swinish *adjective*
بێزاوی، پیس، قێزەون، بەرازئاسا، دڕ ۞ نفرت‌انگیز، خوک‌صفت

swipe /swaɪp/ *noun*
1 لێدانی توند، پاکێشانی بە توند: *She took a swipe at him with her umbrella* 2 ڕەخنە ۞ 1 ضربەی شدید 2 انتقاد

swipe card *noun*
کارتی سوایپ، کارتی (تێ)کێشان، کارتی کردنەوە (درگای خانووبەرە و هتد) ۞ کارت اسویپ

swirl /swɜːl, US swɜːrl/ *noun*, also eddy
سووڕان(ەوە)، خولانەوە، دەورلێدان، خولدان، گێژهەلدان، چەرخ‌وخول، گێژوخول ۞ چرخش، پیچ‌وتاب

swirling *adjective*
وەرسووڕاو، خولخواردوو، گێژهەلداو، مزەوق‌ئاسا، چەرخ‌وخولاوی (*swirlingly adv*) ۞ چرخان

swirly /swɜːli, US swɜːrli/ *adjective* (swirlier, swirliest)
وەرسووڕاو، خولخواردوو، گێژهەلداو، چەرخ‌وخولاوی، وەرسووڕ: *the swirly water of the rapids* ۞ چرخان، چرخشی

swish[1] /swɪʃ/ *adjective*
شیک‌وپیک، جوان، گرانبایی، دەولەمەندانە، بەکلاس ۞ کلاس‌بالا

swish[2] /swɪʃ/ *noun*
دەنگی ویزە، وزە، شەقە ۞ صدای غیژ

swishy *adjective*
(نافەرمی) ژنانیلە، ئاریلە، ژناسا، وەکوو ژنان ۞ زنانە

Swiss /swɪs/ *adjective, noun* (*pl.* same)
adj سویسی، سەربە سویس *n* خەلکی سویس، سویسی، سویسرایی ۞ *adj* سوئیسی *n* اهل سوئیس

Swiss chard = chard

Swiss cheese *noun*
پەنیری سویسی ۞ پنیر سوئیسی

Swiss cheese plant *noun*
جۆرێ گیای مالی گەلاکونکون، گیاپەنیری سویسی (وادانراوە کە لە کونی پەنیری سویسی بچێ [*Monstera deliciosa*]) ۞ نوعی گیاه

Swiss roll *noun*
روولێت ۞ رولت

switch /swɪtʃ/ *noun*
1 کلیلی کارەبا یان برق 2 (ڕێی ئاسن) شیش یان دەرزی دووڕیانە 3 شوولک، توول 4 قژی دەسکرد 5 گۆڕان، گوێزانەوە، گوێستنەوە، گۆڕین 6 شێلاق، قەمچی ۞ 1 کلید برق 2 سوزن دوراهی 3 ترکە 4 موی مصنوعی 5 تغییر، انتقال، تعویض 6 قمچی

switchback /ˈswɪtʃbæk/ *noun, adjective*
adj ڕێگای پێچەلاوپێچ، ڕێی پرهەورازونشێو *n* 1 پێچەلاوپێچ، پرهەورازونشێو 2 roller-coaster ۞ *n* راه پرپیچ و خم *adj* پرپیچ و خم

switchblade /ˈswɪtʃbleɪd/ = flick knife

switchboard /ˈswɪtʃbɔːd, US -bɔːrd/ *noun*
1 تەختەکلیل 2 ناوەندی تەلەفون، تەلەفون‌خانە ۞ 1 صفحەی سویچ 2 مرکز تلفن

switched-on *noun*
(نافەرمی، بریتانیا) ئاگادار، دەزانێ، بەخەبەر، لە کاروباردا ◌ مطلع، در جریان
switcheroo /ˌswɪtʃəˈruː/ *noun*
(نافەرمی) گۆڕانی ناکاو ◌ تغییر ناگهانی
switchgear /ˈswɪtʃgɪə(r)/ *noun*
دەزگا یا تەختەکلیلی بەستەوە ◌ دستگاه اتصال
switchgrass *noun*
(ڕووەکناسی) گیایێکی panic ی باڵابەرزی ئەمریکای باکووری، وەک تفاق و پووش بەکاردێنری [*Panicum virgatum*] ◌ نوعی گیاه
switch-hitter *noun*
(نافەرمی) مرۆی دووڕەگەزباز ◌ آدم دوجنس‌باز
switch-hitting *adjective*
(نافەرمی) دووڕەگەزباز ◌ دوجنس‌باز
switch knife = flick knife
switch-man /ˈswɪtʃmən/ *noun*, also pointsman, *pl.* switch-men
ئامازەوان ◌ سوزن‌بان
switch-over /ˈswɪtʃ əʊvə(r)/ *noun*
گوێستنەوە، ڕاگوێستن، گوێزانەوە، ڤەگوهاستن: *the switchover from analogue to digital TV* ◌ انتقال
switchyard *noun*
شوێنی بەستنەوە یا گۆڕینی عەرەبانە یا واگۆنەکان ◌ سویچ‌یارد
swither /ˈswɪðə/ *noun*
(سکاتلەندی) دۆخی بێبڕیاری یا بڕیارپێنەدران، دۆخی تیاماوی ◌ حالت بی‌تصمیمی
swivel /ˈswɪvl/ *noun*
گرێژنەی سووڕاوە، جومگەی گەڕاو یان خولاوە: *a swivel chair* ◌ مفصل گردان
swivel chair *noun*
کورسی یان چەرخی گەڕۆک، کورسی چەرخی، ئەسکەملی سووڕاوە یا خولاوە ◌ صندلی گردان
swivet /ˈswɪvɪt/ *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) پەشۆکان، دەس‌تێکەڵبوون، سەرشێواوی، سەرسامبوون: *in a swivet* ◌ دستپاچگی، آشفتگی
swizz /swɪz/ *noun*, also swiz
(نافەرمی، بریتانیا) دەسبڕی، گوێبڕی ◌ شیادی
swizzle[1] /swɪzl/ = swizz
swizzle[2] /swɪzl/ *noun*
جۆرێ خواردنەوەی ئەلکولی تێکەلاو، ب.ت. لە جین، ڕام و بیتێرز bitters ◌ سویزل
swizzle stick /ˈswɪzl stɪk/ *noun*
شووڵ یا کەوچکی (لە شووشە) کوکتێل (بۆ شلەقاندن) ◌ قاشق کوکتل
swollen[1] /ˈswəʊlən/ *adjective*
1 ماسیو، باکردوو، ئەستووربوو، هەڵمساو، پەنەمیاو: *Her eyes were* ◊ *swollen glands* (ڕوویاری) 2 *red and swollen from crying* پڕئاوتر لە دۆخی ئاسایی‌دا، ئاوی زۆرتری تیایە ◌ 1 متورم، بادکرده 2 (رود) پرآب‌تر
swollen[2] /ˈswəʊlən, US ˈswoʊ-/ = past participle of swell
swollen-headed *adjective*
لەخۆبایی، باڵەخۆکردوو، شێرگیر، سەرماسیو، بەلووت، بەپۆز، بەدەمار، بەترووتۆپ ◌ مغرور
swoon /swuːn/ *noun*
بوورانەوە، لەهۆش(خۆ)چوون، لەسەرخۆچوون، دڵلەخۆبوونەوە ◌ غش
swooner *noun*
بێهۆش دەکەوێ، دەبووریتەوە، لەسەرخۆی ئەچێ ◌ غش‌کننده
swoop /swuːp/ *noun*
1 هەڵبەزینەوە، هەڵپەڕوداپەڕ، پەڕین 2 ڕفاندن، پڕپیاکردن، پچڕین، قۆستنەوە، خۆبۆهەڵاویشتن، ڕاپسکاندن 3 هێرشی کتوپڕ و چاوەڕوان‌نەکراو ◌ 1 پرش 2 ربایش، قاپ‌زنی 3 حملەی غیرمنتظره
swoopstake *adverb*
خۆشانسی، بەختی ◌ شانسی
swoosh /swuːʃ, US swʊʃ/ *noun*
دەنگی شلپەشلپ یان ویزە یا وزە ◌ صدای چلپ و چلوپ، اسوش
swop /swɒb/ *noun*
تاق(لێدان)، گۆڕینەوە، تاڵوگۆڕ، ئاڵشت ◌ معاوضه، تاخت
sword /sɔːd, US sɔːrd/ *noun*
1 شیر، شمشێر، گورد (لەم بەشانە پێکهاتووە a قوبە یان سەرەمشتە pommel .b مشتە یان دەسک hilt .c گارد یان پارێزە؛ guard .d دەم یان تیغ (blade 2 (the sword) هێزی سەربازی یان لەشکری military power، توندوتیژی، زەبروزەنگ violence: *The pen is mightier than the sword*: مایەی مەرگ یان ویرانی و کاولی (swordlike *adj*): at swords' points: فرێزەکان: شیر و تیر لەیەک دەسوون، ئامادەی شەڕ یان بەرەنگاربوونەوە ◊ beat (or turn) swords into ploughshares: تایبەتی‌دان یان تەرخان‌دان بۆ مەبەستی ئاشتی‌خوازانە تا شەڕخوازانە [ئامازەی کتێبی پیرۆز بە Is. 2:4 و Mic. 4:3.] ◊ cross swords: کەوتنە یان گلانە شەڕەوە، شەڕکردن، مشتومڕی توند کردن، کەلەوەکێشی کردن، بە توندی دژایەتی کردن ◊ put to the sword: کوشتن، بە شمشێر یان شیر کوشتن (ب.ت. لە شەڕدا)؛ بنەڕەت: *sw(e)ord* (ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ 1 شمشیر 2 (the sword) نیروی نظامی، خشونت

sword bayonet *noun*
سەرەرم یان سەرنێزەی شمشێری ⬡ سرنیزەی شمشیری
sword-bearer *noun*
شمشێرهەڵگر (لە بۆنەیێکی تایبەتیدا) ⬡ شمشیردار
swordcraft *noun*
1 دەسوشمشێر، دەسوشیر، شارەزایی یان لێزانی لە وەشاندنی شیر 2 هێز یان شارەزایی سەربازی ⬡ 1 مهارت در شمشیرزنی 2 قدرت یا مهارت نظامی
sword-cut /sɔ:d kʌt/ *noun*
برینی شمشێر، برینی تیخ، جێشیر ⬡ زخم شمشیر
sword cutler /sɔ:d kʌtlə(r)/ *noun*
شیرگەر، شمشیرساز، شیرساز ⬡ شمشیرساز
sword dance *noun*
(لـکاتلەندی) سەمای شمشێر ⬡ رقص شمشیر
swordfish /'sɔ:dfɪʃ, US 'sɔ:rd-/ *noun, pl.* same or -rdfishes
شیرماسی، دڕەماسی، شمشێرماسی شیرمایی، لمۆزیکی snout درێژی شمشێرئاسای هەیە [*Xiphias gladius*] ⬡ شمشیرماهی، خارماهی
sword knot *noun*
گرێی شیری، شیرەگرێ، شۆڕابە یان گوڵینگی شمشێری، گرێی شمشێری ⬡ گره شمشیری
swordlike /'sɔ:dlaɪk/ *adjective*
شمشێری، شمشێرئاسا، شیرئاسا، شێوەشمشێر، شیری ⬡ شمشیرمانند
sword of Damocles /'daməkli:z/ *noun*
شمشێری دامێکلیز یان دامۆکلیس (= برێتی لە ڕووداوێ کە وێدەچێ بقەومێ)، نەهامەتی یان مەترسییێ کە لەوە دەچێ ڕووبدا، بەڵای ناگەهان ⬡ شمشیر داموکلس، خطر قریب‌الوقوع
sword of state *noun*
شمشێری حکومەت یان دەوڵەتداری (دەسەڵاتداریَ لە بۆنە حکومییەکاندا هەڵیدەگرێ) ⬡ شمشیر حکومت
swordplay /'sɔ:dpleɪ, US 'sɔ:rd-/ *noun*
شیربازی، شیرەوانی، شمشێربازی ⬡ شمشیربازی
swordsman /'sɔ:dzmən, US 'sɔ:rdz-/ *noun, pl.* swordsmen
شیرباز، شیرەوان، شمشێرەوشێن، شیرەوشێن ⬡ شمشیرباز، شمشیرزن
swordsmanship /'sɔ:dzmənʃɪp, US 'sɔ:rdz-/ *noun*
شیربازی، شیرەوانی، شمشێرەوشێنی، شیرەوشێنی، شمشێربازی ⬡ شمشیربازی، شمشیرزنی
swordtail *noun*
کلکشمشێری (هی ئاوە شیرینەکانی ئەمریکای ناوەندی، لە مۆزەماسیدا ڕادەگیری ([*Xiphophorus helleri*] ⬡ نوعی ماهی
swore /swɔ:(r)/ = past of swear
sworn[1] /swɔ:n, US swɔ:rn/ = past participle of swear
sworn[2] /swɔ:n, US swɔ:rn/ *adjective*
سوێندخواردوو، سوێندخوارده ⬡ قسم‌خورده
sworn enemies *noun, pl.*
دوژمنانی سوێندخواردوو یان ڕقلەبەکسواو، دوژمنانی قەستەسەر ⬡ دشمنان قسم‌خورده
swot /swɒt, US swɑ:t/ *noun*
کرمی کتێب، مرۆی زۆرخوێنەرەوە ⬡ کرم کتاب
SWOT akalysis *noun, abbreviation*
strengths, weaknesses, opportunities and threats
شیکردنەوەی سوۆت: لێکۆڵینەوەیێ کە لە لایەن ڕێکخراوەیێکەوە دەکرێ بە مەبەستی دۆزینەوەی لایەنە لاواز و بەهێزەکان یان دەبێ لەگەڵ گیرەوکێشە یا دەرفەتێ بەرەوڕوو بێتەوە ⬡ تحلیل اسوُت کتاب
swotty *adjective*
کرمی کتێب، زۆرخوێنەرەوە، سەربە کتێبەوەگرتوو ⬡ کرم کتاب
swum /swʌm/ = past participle of swim
swung /swʌŋ/ = past participle of swing
swung dash *noun*
کشتەک یان بەندەکی چەماوی چاپی (~) ⬡ علامت (~)
sybarite /'sɪbərʌɪt/ *noun*
کەسێکی خۆشگوزەران، ئاسوودەخواز، خۆخۆشەویست، ڕابوێر، تەنپەروەر (دانیشتووی Sybarite، شارێکی کۆنی باشووری ئیتالیا، جێی سەرنجە بۆ ئاسوودەیی) ⬡ آدم راحت‌طلب، عشرت‌طلب
sybaritic /ˌsɪbə'rɪtɪk/ *adjective*
ئاسوودەخوازانە، تەنپەروەرانە، ڕابوێرانە ⬡ عشرت‌طلبانه
sybaritism *noun*
خۆشگوزەرانی، ئاسوودەخوازی، خۆخۆشەویستی، ڕابوێری، تەنپەروەری ⬡ راحت‌طلبی، عشرت‌طلبی
sycamore /'sɪkəmɔ:(r)/ *noun*
1 (دار) سیکێمۆر، سیکامۆر، هەنجیرەتوو، ڕەسەنی ناوەند و باشووری ئەورووپا [*Acer pseudoplatanus*] 2 (هەروەها sycomore) دارهەنجیری ڕۆژهەڵاتی نێوەراست 3 = buttonwood tree (بنەڕەت: لە فەرەنسی کۆنەوە sic(h)amor بە ڕێگای لاتین لە sukomoros یۆنانییەوە، لە sukon "هەنجیر" + moron "توو" mulberry") ⬡ 1 افرای چناری، چوب افرای چناری 2 سیکامور
syce /sʌɪs/ *noun*, also sice

(ب.ت. لە هیندوستان) مەیتەر (بنەڕەت: لە sā'is ی عەرەبی‌یەوە) ۞ مهتر

syconium /sʌɪ'kəʊnɪəm/ *noun, pl.* syconia /-nɪə/

(رووەک‌ناسی) هەنجیرە (بنەڕەت: لە *sukon* یۆنانی "هەنجیر") ۞ سیکونیوم

sycophancy /'sɪkəfənsi/ *noun*

زمانلووسی، نەرمەبڕی، کلکەسووتێ، تەشی‌ڕێسی، خۆڕێخەری، ریایی‌بازی، کاسەلێسی ۞ تملق، چاپلوسی

sycophant /'sɪkəfænt/ *noun*

زمانلووس، نەرمەبڕ، ریایی‌باز، خۆڕێخەر، کاسەلێس ۞ متملق، چاپلوس

sycophantic /ˌsɪkə'fæntɪk/ *adjective*

1 زمانلووس، نەرمەبڕ، تەشی‌ڕێس، خۆڕێخەر، کاسەلێس 2 خۆڕێخەرانە: *sycophantic compliments* ۞ 1 چاپلوس 2 چاپلوسانە

sycophantically /ˌsɪkə'fæntɪkli/ *adverb*

زمانلووسانە، خۆڕێخەرانە، کاسەلێسانە ۞ چاپلوسانە

sycosis /sʌɪ'kəʊsɪs/ *noun*

(پزشکی) هەنجیرە، هەنجیرک: ئاوسان یان سووربوونەوەی پیوازەکانی مووی روو، لە ئەنجامی نەخۆشی‌یێکی بەکتریایی (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *sukōsis* یۆنانی، لە *sukon* "هەنجیر") ۞ سیکوز

Sydenham's chorea *noun*

جۆرێ chorea کە زۆرتر منالان تووشی دەبن (بنەڕەت: لە ناوی پزشکی ئینگلیسی سەدەی 17 Thomas *Sydenham*) ۞ داءالرقص کودکان

syenite /'sʌɪənʌɪt/ *noun*

(زەوی‌ناسی) بەردێکی گڕکانی دەنک‌زبرە، زۆرتر لە فێلدسپاری ئەلکالی و hornblende پێکهاتووە ۞ سینیت

syenitic *adjective*

سەربە سایێنایت یان ساینیت ۞ وابستە بە سینیت

syllabary /'sɪləb(ə)ri/ *noun, pl.* syllabaries

کۆمەڵێ نیشانەی نووسراو کە بڕگەکان دەخەنەڕوو، لیستی بڕگەی وشەکان ۞ سیلاباری، فهرست هجای واژگان

syllabi /'sɪləbaɪ/ = plural form of syllabus

syllabic /sɪ'læbɪk/ *adjective*

1 بڕگەیی، کەرتەیی، لەسەر بنچینەی کەرتەکان: *syllabic stress* 2 (نەبزوێنی consonant) کەرتەیێکی تەواو پێکدێنێ، ب.ن. /l/ لە *settle* (-cally /sɪ'læbɪkli/ *adv*) ۞ 1 هجایی، بر اساس هجا 2 هجایی، هجاساز

syllabicity *noun*

بڕگاندن، کەرتاندن ۞ تقطیع هجایی

syllabification /sɪˌlæbɪfɪ'keɪʃn/ *noun*, also -abication or syllabization

1 بڕگاندن، کەرتاندن، کەرتەبەندی، بڕگەبەندی 2 سیستمی دابەش‌کردن بۆ سەر بڕگە یان کەرتەکان 3 پێکهاتەی بڕگاندن یان کەرتاندن ۞ 1 تقطیع هجایی 2 سیستم تقسیم بر هجاها 3 ساختار تقطیع

syllable /'sɪləbl/ *noun*

بڕگە، کەرتە: *a word with two -ables* ◊ *a two-syllable word* ۞ هجا

-syllabled *adjective*

(لە لێکدانا) ـبڕگەیی، ـکەرتەیی ۞ ـهجایی

syllable-timed *adjective*

(دەنگ‌ناسی) خاوەنی کێشێکی ڕێک‌وپێکی بڕگەکان، لەسەر بنچینەی کەرتەکان، کەرتەکات، کەرتەزەمان: *-ble-timed rhythm* ۞ هجازمان

syllabub /'sɪləbʌb/ *noun*, also silabub

سیلاباب، سیلابۆب: دێسێری توێشکەی شلەقێنراو، زۆرتر لەگەڵ مەی سپی یان شێری ۞ سیلابوب

syllabus /'sɪləbəs/ *noun, pl.* syllabuses or syllabi /-bʌɪ/

1 وانەنامە، بەرنامەی خوێندن 2 (لە کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆمدا) کورتەی خاڵەکان ۞ 1 برنامەی درسی 2 رئوس مطالب

syllogism /'sɪlədʒɪzəm/ *noun*

سیلۆژیزم (وەرگرتنی ئەنجام لە زۆرەوە بۆ کەم)، پێوانەی لۆژیکی (وەکوو هەموو مرۆڤێ دەبێ بمرێ، منیش مرۆڤێکم، کەوایە منیش دەبێ بمرم) ۞ قیاس صوری

syllogistic /ˌsɪlə'dʒɪstɪk/ *adjective*, also syllogistical /ˌsɪlə'dʒɪstɪkl/

(بەڵگەهێنانەوە) پێوانەیی: *syllogistic reasoning* ۞ قیاسی

sylph /sɪlf/ *noun*

1 سیلف، جنۆکەی (خەیالی) ئاسمان یان حەوا (لە میسۆلۆژیای کۆندا، بوونەوەرێکی خەیالی کە لە ئاسماندا دەژی) 2 (کچ یان ژن) تیشکەلە، باریکەلە، قەدباریک 3 جۆرێ hummingbirdی شین یان سەوزی توندی کلک‌درێژ [تۆخمەکانی *Aglaiocercus* و *Neolesbia*] ۞ 1 جن هوایی 2 دختر یا زن خوش‌اندام 3 نوعی پرندە

sylphlid *adjective*

1 جنۆکەی ئاسمانی گرگنە 2 کچ یان ژنی باریکەلە، کز و شۆخ، تیشکەلە، توولەنەمام ۞ 1 جن هوایی کوچک 2 دختر یا زن باریک‌اندام

sylphlike /'sɪlflaɪk/ *adjective*

شووش، باریکەلە، کز و شۆخ، قەدشمشالی، تیشکەلە، قەدباریک، توولەنەمام ۞ باریک‌اندام

sylva *noun*

دار و درەختی جەنگەڵی ناوچەیێ ۞ درختان جنگلی یک ناحیە

sylvan /'sılvən/ *adjective*, also sivan
1 دارستانی، دەحلی، جەنگەڵی، پردار: *sylvan*
surroundings 2 لادێیی، دیهاتی ◌ 1 وابسته
به جنگل، پردرخت 2 روستایی

sylvanite *noun*
سیلڤانیت: جۆری ئاوێتەی زێر، زیو و تیلۆرید
$(A_uA_g)\ Te_4$ ◌ سیلوانیت

sylvatic /sıl'vatık/ *adjective*
1 (پزشکی بەیتەری) ئاماژە بە چەند جۆرێکی
نەخۆشی 2 کێوی، بێشارستانیەت، جەنگەڵی
◌ 1 سیلواتیک 2 وحشی

Sylvian fissure /'sılvıən/ *noun*
درز یان قەڵەشتی سیلڤیەن (بلی لاجانگی
مێشک temporal lobe لێک جیادەکاتەوە؛
بنەرەت: لە ناوی توێکاری فلاندێری Flemish
(François de la Boë *Sylvius* ◌ سیلویت

sylvine /'sılvi:n/ = sylvite

sylvite /'sılvʌıt/ *noun*
سیلڤایت، سیلڤیت: کانێکی سپی یان بێڕەنگ،
کلۆرایدی پۆتاسیۆمی تیایە (بنەرەت: لە *(sal*
digestivus) Sylvii لاتینی نوێ، ناوی کۆنی
ئەو خوێیە + $-ite^1$) ◌ سیلویت

sym- before *b, m, p* = syn-

symar = simar

symbionic *noun, adjective*
n بوونەوەر یان زیندەوەری هاوژی یان
پێکەوەژی *adj* هاوژی، پێکەوەژی ◌ *n* موجود
همزی *adj* همزی

symbiont /'sımbıɒnt, US -bʌı-/ *noun*
بوونەوەر یا زیندەوەری هاوژی یان پێکەوەژی
◌ موجود همزی

symbiosis /ˌsımbaı'əusıs, US -'ousıs/ *noun, pl.* symbioses /-si:z/
هاوژینی، پێکەوەژیان 1 پێوەندی نێوان دوو
جۆر، ئۆرگانیزم و هتد کە زۆر پێکەوە نزیکن و
بەندن بە یەکترەوە: *The birds live in*
symbiosis with the cattle, picking insects
from their skin to eat 2 پێوەندی نێوان
کەسەکان، کۆمپانییەکان و هتد: *She*
imagined us living in a perfect mother
and daughter symbiosis ◌ همزیستی

symbiotic /-'ɒtık, US -'ɑ:tık/ *adjective*, also symbiotical
پێکەوەژیاو(انە)، هاوژینانە، لەسەر بنچینەی
هاوژینی: *a symbiotic relationship* ◌
همزیست(انه)

symbiotically /ˌsımbaı'ɒtıkli, US -'ɑ:tık-/ *adverb*
لەباری پێکەوەژیانەوە، پێکەوەژیاوانە ◌ از
لحاظ همزیستی

symbol /'sımbl/ *noun*
1 هێما، نیشانە، دروشم، سەمبول، بەرژەنگ،
نیشاندەر، هێمای تیایە یان هێمای تیا
بەکارهێنراوە: *The dove is symbolic of*
peace ◊ *the lion is a symbol of courage* ◊
Mandela became a symbol of the anti-
apartheid struggle 2 ڕێباز، بیروباوەڕ، باوەڕ
3 نیشانە یا هێما و کارەکتەری وەک شتێکی
دانراو ب.ت. پیتی بۆ دەرخستنی توخمێکی
کیمیایی یان دەزگای نیشانەکانی موسیقایی 4
(دەروونشیکاری) دۆخێکی دەروونی کە لەودا
نەخۆش پێی وایە هەر ڕووداوێ هێما و نموونەی
بیر و هزریەتی ◌ 1 نماد، علامت، دال، سمبل 2
کیش، اعتقاد 3 و 4 نماد، نشانه، سمبل

symbolic /sım'bɒlık, US -'bɑ:lık/ *adjective*, also symbolical
هێمایی، نیشانەیی؛ سەربە یان هێما پێکدێنێ:
◊ *a symbolic dance* ◊ *symbolic thinking*
The Channel Tunnel has enormous
symbolic significance for a united Europe
◌ نمادی، نمادین

symbolically /ˌsım'bɒlıkli, US -'bɑ:lık-/ *adverb*
1 بە شێوەیەکی هێمایی، هێمایانە: *a*
symbolically significant gesture 2 لە
ڕواڵەتدا ◌ 1 به طور نمادین 2 در ظاهر

symbolic language *noun*
زمانی هێمایی ◌ زبان نمادین

symbolic logic *noun*
لۆژیکی هێمایی ◌ منطق نمادی

symbolic value *noun*
بەها یان نرخی هێمایی ◌ ارزش نمادی

symbolism /'sımbəlızəm/ *noun*
1 هێماگەری، نیشانەگەری، هێماباوەری،
هێماخوازی، سیمبولیزم (: بزووتنەوەیێکی
وێژەیی و هونەری هێماباوەڕانی دوایییەکانی
سەدەی نۆزدەهەم)، پیشاندان بە (هۆی)
نیشانەکان 2 نیشانەکان، هێماکان، سیستم یان
دەزگای هێماکان 3 واتا یان نیشانە و کارەکتەری
هێمایی، واتای سیمبولیک ◌ 1 نمادگرایی 2
نمادها، سمبل‌ها، نظام نمادها 3 سمبولیسم

symbolist /'sımbəlıst/ *noun, adjective*
n هێماگەر، هێماخواز، هێماباوەڕ، سیمبولیست
adj هێماگەرییانە، هێماباوەڕانە ◌ *n* نمادگرا
adj نمادگرایانه

symbolistic *adjective*
هێماگەرییانە، سەربە هێماخوازی، سیمبولیستی
◌ نمادگرایانه

symbolization *noun*
بوونەهێما، نیشانە(ی شتێ)بوون، سیمبولیزاسیۆن
◌ سیمبولیزاسیون

symbology *noun*

1 هێماناسی، نیشانەناسی، بەکارهێنانی هێما یان دروشمەکان، هێماکان، نیشانەکان، کۆمەڵە هێما یان نیشانەیی، 2 symbolism لێکۆڵینەوەی هێما و نیشانەکان (symbologist *n*؛ symbological *adj*) ◌ 1 نمادشناسی، بکارگیری نمادها، نمادها 2 نمادپژوهی

symmetalism *noun*
بەکارهێنانی دوو یان چەندکانزا وەک زێڕ یان زیو، بە ڕێژەی دیاریکراو لێک دەرین و وەک پێوانە یا ستانداری پارە بەکاردێتریّ ◌ سیمتالیسم

symmetric /sɪˈmetrɪk/ *adjective*, also symmetrical /sɪˈmetrɪkl/
1 هاوتا، لێکچوو، یەکئەندازە، هاوئەندازە، چونیەک، هاوشێوە، هاوبەرامبەر، وەکوویەک: *a symmetrical* ◊ *symmetrical pattern* 2 گونجاو (دژی asymmetric) ◌ 1 *curves* متقارن، قرینه 2 متناسب

symmetrically /-kli/ *adverb*
هاوتایانە، چونیەکانە، بە شێوەیەکی چونیەک ◌ بە طور متقارن

symmetric arrangement *noun*
ڕێکخستنی هاوتا یان چونیەک ◌ ترتیب متقارن

symmetric relationship *noun*
پێوەندی هاوتا یان چونیەک ◌ رابطەی متقارن

symmetric substance *noun*
مەتریاڵی هاوتا یان چونیەک ◌ مادەی متقارن

symmetrization *noun*
کردنەهاوتا، کردنەچونیەک، هاوتاسازی ◌ متقارن‌سازی

symmetry /ˈsɪmətri/ *noun, pl.* symmetries
1 هاوتایی، چونیەکی، یەکئەندازەیی، (هاو)بەرامبەری، لێکچوویی، هاوشێوەیی، وەکیەکی: *the perfect symmetry of the garden design* 2 گونجاوی ◌ 1 تقارن، قرینگی 2 تناسب

symmetry element *noun*
ڕەگەزی هاوتایی، توخمی چونیەکی ◌ عنصر تقارن

symmetry group *noun*
دەستەی هاوتایی یا چونیەکی، کۆمەڵی لێکچوویی ◌ گروه تقارن

symmetry number *noun*
ژمارەی هاوتایی یا چونیەکی، ژمارەی لێکچوویی ◌ عدد تقارن

sympathectomy /ˌsɪmpəˈθɛktəmi/ *noun, pl.* -athectomies
لابردن یان بڕینی دەماری سیمپاتیتیک ◌ سیمپاتکتومی

sympathetic /ˌsɪmpəˈθetɪk/ *adjective*
1 دڵسۆزانە، خەمخۆرانە 2 دڵسۆز، خەمخۆر، نازکێش، هاوسۆز 3 هاوبیر، ڕێککەوتوو، یەککەوتوو 4 (کارئەندامناسی) سیمپاتیتیک، سیمپاتیک ◌ 1 دلسوزانه 2 دلسوز 3 همفکر 4 (فیزیولوژی) سمپاتیک

sympathetically /ˌsɪmpəˈθetɪkli/ *adverb*
دڵسۆزانە، خەمخۆرانە ◌ دلسوزانه

sympathetic nervous system *noun*
زنجیرەی سیمپاتیک ◌ زنجیرەی سمپاتیک

sympathetic nervous system *noun*
کۆئەندام یان دەزگای دەماری خۆکار یان سیمپاتیک ◌ دستگاه عصبی سمپاتیک

sympathizer /ˈsɪmpəθaɪzə(r)/ *noun*
لایەنگر، ئالیگر، پشتیوان، پشتگیریکەر ◌ طرفدار

sympathy /ˈsɪmpəθi/ *noun, pl.* sympathies
1 هاوسۆزی، دڵسۆزی، نازکێشی، خەمخۆری، دەربڕینی هاوسۆزی یان خەمخۆری 2 ڕێککەوتن، یەککەوتن، هاوبیری 3 لایەنگری، ئالیگری ◌ 1 همدردی، دلسوزی، ابراز همدردی 2 توافق 3 طرفداری

sympatric /sɪmˈpatrɪk/ *adjective*
(زیندەناسی، گیانەوەر یان ڕووەکێ) هاوبوو(م)، هاوزێد، هاونیشتمان، هاوناوچە (لەگەڵ بەراوردی کە) allopatry ◌ سیمپاتریک

sympatry *noun*
هاوبوو(م)یی، هاوزێدی، هاوناوچەیی، هاونیشتمانی ◌ سیمپاتریک

sympetalous /sɪmˈpɛt(ə)ləs/ *adjective*
(ڕووەکناسی) هاوپەڕە ◌ هم‌گلبرگ

sympetaly *noun*
(ڕووەکناسی) هاوپەڕەیی ◌ هم‌گلبرگی

symphonic /sɪmˈfɒnɪk, US -ˈfɑːn-/ *adjective*
سیمفۆنیک، سەمفۆنیایی، سەربە پێکدەنگی ◌ سمفونیک

symphonic poem *noun*, also tone poem
هەڵبەستی سیموفۆنیایی یان سیمفۆنیک ◌ شعر سمفونیک

symphonist *noun*
دانەری سیمفۆنی یان پێکدەنگی، سیمفۆنیست ◌ سمفونیست

symphony /ˈsɪmfəni/ *noun, pl.* symphonies
سیمفۆنی، سەمفۆنیا، پێک(ەوە)دەنگی ◌ سمفونی

symphony orchestra *noun*
سازبەندی سەمفۆنیا، ئۆرکێسترای پێکدەنگی ◌ ارکستر سمفونیک

symphyseal *adjective*, also symphysial /-siːz/
سەربە symphysis ◌ وابسته به پیوستگی

symphysis /ˈsɪmfɪsɪs/ *noun, pl.* symphyses /-siːz/

(توێکـــاری) پێوەنووســـان، پێکەوەنووســـان، پێک(ـەوە)ڕووان، پێوەلکان ۞ (تشریح) پیوستگی

symplasm /ˈsɪmplaz(ə)m/ *noun*
(ڕووەکناسـی) سـایتۆپلازمی سـایتۆپلاسـتی ۞ سیمپلاسم

symplasmic *adjective*
سەربە سایتۆپلازمی سایتۆپلاستی ۞ وابسـته بـه سیمپلاسم

symplast /ˈsɪmplast, US -plɑːst/ *noun*
(ڕووەکناســـــی) تـــــۆرێکی پـــــەیتایی پرۆتۆپلاســـــتەکانی خانـــــەی ڕووەکێکـــــی پێکەوەبەستراو یان پێکەوەبەند ۞ سیمپلاست

symplastic *adjective*
سەربە سیمۆپلاست ۞ وابسته به سیمپلاست

sympodial *adjective*
تەوەرەدرۆزنە ۞ سیمپودیوم

sympodium /sɪmˈpəʊdɪəm/ *noun, pl.* sympodia /-dɪə/
(ڕووەکناسـی) هاوشـێوەی تـەوەر یـان لاسـکی لاوەکی، تەوەرەدرۆزنـەیی، هاوپێ، هاوپـا ۞ سیمپودیوم

symposiast /sɪmˈpəʊzɪast/ *noun*
بەشدار لە کۆڕ یان کۆبوونەوە ۞ شرکت‌کننده در همایش

symposiarch *noun*
سەرکۆڕ، سەرۆکـکۆڕ، سـەرۆکی کۆبوونـەوە ۞ رئیس همایش

symposium /sɪmˈpəʊzɪəm, US -ˈpoʊ-/ *noun, pl.* symposia /-zɪə/ or symposiums
1 کۆبوونەوە، کۆڕ، جڤین، کۆمجڤین، سیمپۆزیۆم، کۆنفرانسی چکۆلە 2 کۆمەڵە وتار 3 (لە یۆنانی کۆن) بەزمی خواردنەوە یان وتووێژی دۆستانە یان بەزمی (دوای شێو) ۞ 1 گردهمایی، همایش 2 مجموعه‌ی مقالات 3 سیمپوزیوم

symptom /ˈsɪmptəm/ *noun*
1 بەرزەنگ، دیاردە، نیشانە (ی شتێکی خراپ)، بەدنیشانە: *The rise in inflation was just one symptom of the poor state of the economy* 2 نیشـانەی نەخۆشـی، بـەرتـا: *Symptoms include a headache and sore throat ◊ Look out for symptoms of depression* ۞ 1 علامت 2 نشانه‌ی بیماری

symptomatic /ˌsɪmptəˈmætɪk/ *adjective,* symptomatic of
نیشـانەی، بـەرزەنگی، نیشـانەی ئـەوەیـە، ئـەوە دەگەیێنێ، ئەو نەخۆشییە دەگەیێنێ، نیشانەی نـەخۆشـییێکی وایـە یـا فـلان نـەخۆشـییـە.
These disagreements are symptomatic of the tensions within the party ◊ a symptomatic infection :indicative *behavior was symptomatic of his character* ◊ (symptomatically *adv*) ۞ علامت، حاکی از بیماری

symptomatology /ˌsɪm(p)tə(ʊ)məˈtɒlədʒɪ/ *noun*
(پزشکی) کۆنیشانە، نیشانەکان، نیشـانەمەنی ۞ نشانگان

symptomless *adjective*
بێنیشانە (نەخۆش) ۞ بدون نشانه

syn- *prefix*
پێشگر: 1 پێکەوە، هەڤ، هاو: *synchrony* 2 هەر لەو کاتەدا، لە هەمان کـاتدا: *synaesthesia* (بنـەڕەت: لـە *sympetalous* یۆنانییەوە "with") ۞ پیشوند: 1 هم 2 در همان موقع یا هنگام

synaeresis *noun,* US syneresis
تێکهەڵکێشانی بڕگەیی یان دەنگی ۞ ادغام هجایی یا صدایی

synaesthesia /ˌsɪnɪsˈθiːzɪə/ *noun,* US synesthesia
(کارئـــەنـــدامناســـی و دەروونناســـی) هەست(پێ)کردن بە سووتانەوە یان ئێش لە ئەندامێکی لەشدا بەهۆی بوونی ئێش لە ئەندامێکی تری لەشدا، هەست(پێ‌کردن)ی هاوتا (یان پێکەوەهاتوو، وەک کاتێ دەنگێکی تایبەت دەبیستی، ڕەنگێکی تایبەتیش دێتە پێش چاوت) ۞ سینِستِزیا

synaesthetic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە سینێستزیاوە هەیە ۞ وابسته به سینِستِزیا

synagogal *adjective*
کەنیسەیی، پێوەندی بە کەنیسەوە هەیە ۞ کنیسه‌ای

synagogue /ˈsɪnəgɒg, US -gɑːg/ *noun*
1 کەنیسە، کەنشت، کەنشتە، پەرستگەی جوولەکە 2 کۆمەڵی دینداراني جوولەکە، ئەنجومەن یان کۆبوونەوەی جووەکان بە مەبەستی پەرستنی دینی یان خواپەرستی 3 (دەگمەن) دینی جوولەکە، ئاینی جوو، جوو(لەکە)گەری، یەهوودیگەری ۞ 1 کنیسه 2 جماعت مؤمنین یهود 3 دین یهود، یهودیت

synaloepha *noun,* also synalepha
تێکهەڵکێشانی دوو یان چەند پیتی دەنگدار ۞ سینالوفا

synapomorphy /sɪˈnapə(ʊ)ˌmɔːfɪ/ *noun, pl.* synapomorphies
تایبەتمەندی یان ڕەوشتی trait کە بە هۆی دوو یان چەند کۆمەڵی پۆلییەوە taxonomic و لە ڕێی گەشەسەندنەوە لە شێوەیێکی هاوڕەچەڵەک وەرگیراون ۞ سیناپومورفی

synapse /ˈsaɪnæps, US ˈsɪn-/ *noun*
(سیستمی دەماری) ساینەپس، هاوبەست(ـە)،

هاوبەند، درزی نێوان دوو خانەی دەماری، سیناپس (بنەڕەت: لە sunapsis یونانییەوە، لە "sun- هاو، پێکەوە" + hapsis ئەمیش لە haptein "پێکەوەبەستنەوە") ◌ سیناپس

synapsis /sɪˈnapsɪs/ *noun*
درزی جووتی کرۆمۆزۆم لە سەرەتای meiosis دا ◌ سیناپسیس

synaptic /saɪˈnæptɪk, US sɪn-/ *adjective*
سیناپسی، سەربە سیناپس، هاوبەستی، هاوبەستەیی ◌ سیناپسی

synarchic *adjective*
سەربە هاوسالاری ◌ وابستە بە سینارشی

synarchy /ˈsɪnɑːki/ *noun*
هاوسالاری (حکومە یان دەسەڵاتی هاوبەش لە لایەن دوو یان چەند کەس یان پارتییەن) ◌ سینارشی

synarthrodia = synarthrosis

synarthrodial *adjective*
سەربە جومگەی نەجووڵ یان نەبزێو یان پێکبەست، چەقەجومگەیی، سەربە خرتی درزاوی ◌ وابستە بە مفصل بی‌حرکت

synarthrosis /ˌsɪnɑːˈθrəʊsɪs/ *noun, pl.* synarthroses /-siːz/
(توێکاری) جومگەی نەجووڵ یان نەبزێو یان پێکبەست، چەقەجومگە، خرتی درزاوی ◌ مفصل بی‌حرکت

sync /sɪŋk/ also synch *abbreviation* synchronization

syncarpous /sɪnˈkɑːpəs/ *adjective*
(ڕووەکناسی) هاونێرک، نێرکپێکبەستە، نێرکیەکگرتوو، چەسپیدەنێرک، خاوەنی نێرکی پێکەوەبەستراو، پێکهاتووە لە یان خاوەنی نێرکی یەکخراو ◌ پیوستەبرچە

syncarpy *noun*
هاونێرکی، نێرکپێکبەستەیی، چەسپیدەنێرکی ◌ پیوستەبرچەگی

synchondrosis /ˌsɪŋkɒnˈdrəʊsɪs/ *noun, pl.* synchondroses /-siːz/
(توێکاری) (پێک)بەستنەوەی کرۆژەیی یان کرکراگەیی، پێکبەستی کرۆژەیی ◌ پیوند غضروفی

synchro- *prefix*
پێشگر: لەگەڵ، تەف، پێکەوە، هاو، هەڤ، هاوکات، هاوزەمان: synchrotron synchromesh ◌ پیشوند: با، با هم، هم، هم‌زمان، متقارن

synchro = 1 (short for) synchromesh 2 synchronized or synchronization 3 (short for) synchronized swimming

synchrocyclotron *noun*
سایکلۆترۆنی هاوکات ◌ (سینکرو)سایکلوترون

synchromesh *noun, adjective,* contr. of *synchronized mesh*
1 (سەربە) گۆڕانی هاوکاتی شتێ 2 (سەربە) دەندە یان میکانیزمێ کە کارەکەی هاوکاتاندنی (یا هاوکاتکردنی) دەزگایێکە ◌ سینکرومش

synchronal *adjective*
هاوزەمان، هاوکات، هەڤدەم ◌ همزمان

synchroneity *noun, pl.* synchroneities
هاوکاتی، هاوزەمانی، هەڤدەمی، دۆخی هاوکاتبوون ◌ همزمانی

synchronic /sɪŋˈkrɒnɪk, US -ˈkrɑːn-/ *adjective,* also synchronical
1 (زمانەوانی) هاوکات (لەبەرامبەر diachronic دا) 2 هاوکات، بە دەمەوە synchronous، هاوزەمان ◌ 1 (زبان‌شناسی) همزمانی 2 همزمان

synchronic axis *noun*
(زمانەوانی) تەوەری هاوکات ◌ محور همزمانی

synchronicity /ˌsɪŋkrəˈnɪsəti/ *noun*
هاوکاتی، هاوزەمانی ◌ همزمانی، تقارن

synchronic linguistics *noun*
زمانەوانی هاوکاتی یان سینکرۆنیک، زمانەوانی هاوزەمانی ◌ زبان‌شناسی همزمانی

synchronism /ˈsɪŋkrənɪz(ə)m/ *noun*
هاوکاتی، هاوزەمانی، هەڤدەمی ◌ همزمانی

synchronization /ˌsɪŋkrənaɪˈzeɪʃn, US -nəˈz-/ *noun*
1 هاوکاتی، هاوزەمانی، هەڤدەمی 2 هاوکاتکردن، گونجاندن 3 یەکگرتنەوە، پێکەوەگونجان، سازان ◌ 1 همزمانی 2 همزمان‌سازی 3 همخوانی

synchronized *adjective*
هاوکات، هاوزەمان، هاودەم، هەڤدەم ◌ همزمان

synchronized swimming *noun*
مەلەی هاوکات یان هاوزەمان (synchronized swimmer *n*) ◌ شنای همزمان

synchronous /ˈsɪŋkrənəs/ *adjective*
هاوکات، هاوزەمان، هەڤدەم، هاوکات ڕوودەدا، خاوەنی یەکانگیری کاتی یان زەمانی، ئاماژە بە synchronism؛ خاوەنی یەک قۆناغ و فاز؛ (synchronousness *n*) geostationary ◌ همزمان، دارای انطباق زمانی

synchronously /ˈsɪŋkrənəsli/ *adverb*
هاوکاتانە، هەڤدەمانە ◌ بە طور همزمان

synchronous motor *noun*
بزوێنە یان مۆتۆڕی هاوکات ◌ موتور همزمان

synchrony /ˈsɪŋkrəni/ *noun, pl.* synchronies
هاوکاتی، هاوزەمانی، هاودەمی، هەڤدەمی، یەکانگیری زەمانی یا کاتی ◌ همزمانی

synchroscope *noun*
هاوکاتبین، سینکرۆسکۆپ: دەزگایێ بۆ پیشاندان یان دیاریکردنی کۆمەڵە دەزگا یان ماشێنێ یان چەندین پارچەی جووڵۆک کە

داخۆ دەتوانن هاوکات یان هاوزەمان پێکەوە کار بکەن ۞ سین‌کرواسکوب

synchrotron /ˈsɪŋkrə(ʊ)trɒn/ *noun*
(فیزیک) دەزگای بەهێزکردن و تاودانی پارچۆلکە بارگاوی‌یە ئێلیکترۆنی‌یەکان ۞ سینکروترون

syncline /ˈsɪŋklaɪn/ *noun*
(زەوی‌ناسی) چالسا، ساچاڵ، چالایی، زەویچاڵ (بڕوانە anticline؛ synclinal *adj*: سەربە ساچاڵ یا چالایی) ۞ ناودیس

synclinorium *noun*
جۆرێ ساچاڵ کە لە کۆمەڵێ چینی ئەرینی و نەرینی چکۆلە و بە دوای یەکدا پێکهاتووە، ساچاڵی چین‌چین؟ ۞ ناودیس شکَنجی

syncopated /ˈsɪŋkəpeɪtɪd/ *adjective*
(موسیقا) سینکوپەیتید ۞ ضدضرب

syncopation /ˌsɪŋkəˈpeɪʃn/ *noun*
(موسیقا) سینکوپەیشن، ترپەگۆڕکێ ۞ ضدضرب

syncope /ˈsɪŋkəpi/ *noun*
1 بوورانەوە، بێهۆش‌بوون، لەهۆش‌چوون 2 (زمانەوانی) لابردن لە نێوەڕاستەوە، نێوەسڕی، کورت‌کردنەوە لە ناوین یان نێوەڕاستەوە (یەک یان دوو پیت یان بڕگە لە نێوەڕاستەوە؛ syncopal /ˈsɪŋkəpəl/ *adj*) ۞ 1 غش 2 سینکوپ 3 (زبان‌شناسی) حذف میانی

syncrasy *noun*
تێکەلاندن، تێکەڵ‌کردن، تێک‌وەردان، لێک‌دان ۞ آمیزش

syncretism /ˈsɪŋkrɪtɪz(ə)m/ *noun*
1 تێک‌هەڵکێشانی دین، چاند و ڕیبازە هزری‌یە جیاوازەکان 2 (زمانەوانی) تێکەڵ‌کردنی جۆر یان شێوە گەردانی‌یە جیاوازەکانی وشەیێ بەدرێژایی پەرەسەندنی زمانێ ۞ سینکرتیسم

syncretist /ˈsɪŋkrɪtɪst/ *noun*
سین‌کریتیست (-cretistic *adj*: سین‌کریتیستی) ۞ سینکرتیست

syncretization *noun*
تێک‌هەڵکێشان ۞ تلفیق

syncytial *adjective*
سەربە یا پێوەندی بە سینسیتیۆمەوە هەیە ۞ وابستە بە سینسیتیوم

syncytium /sɪnˈsɪtɪəm/ *noun, pl.* syncytia /-tɪə/
(زیندەناسی) خانەیێکی تاک یان تۆپەڵەیێکی سایتۆپلاسمیک کە چەندین ناوکی nuclei تیایە ۞ سینسیتیوم

syndactyl /sɪnˈdaktɪl/ *adjective*
هاوپەنجە، پەنجەپەیوەست، پەنجەپێکەوەنووساو (وەک هی گیانەوەرانی پێ‌پەردە) ۞ سین‌داکتایل

syndactylism *noun*
پەنجەپێکەوەنووساوی، پەنجەپەیوەستی، هاوپەنجەیی، هاوقامکی (n :syndactyly پەنجەپەیوەستی، پەنجەپێکەوەنووساوی) ۞ سین‌داکتایلی

syndesmosis /ˌsɪndɛzˈməʊsɪs/ *noun, pl.* syndesmoses /-siːz/
(توێکاری) پێک‌بەستی بەستەری ۞ پیوند رباطی

syndesis *noun*
پێکەوەنووساوی، پێکەوەبەستراوی، پێکەوەچەسپاوی ۞ بهم‌پیوستگی

syndetic /sɪnˈdɛtɪk/ *adjective*
(ڕێزمان) سەربە یان بەکارهێنانی پیتە پێوەندی‌یەکان conjunction ۞ وابستە بە یا استعمال حروف ربط

syndic /sindik/ *noun*
1 فەرمانبەر (حکومی)، مووچەخۆر 2 نێردراو یان شاندی بازرگانی بۆ زانکۆ، کۆمپانیا و هتد 3 سەرۆکی شارەوانی (syndical *adj*؛ بنەڕەت: لە فەرەنسە بە ڕێگای late Latin لە *sundikos* یۆنانی، لە -*sun* "پێکەوە، هاو" + *dikē* "داد") ۞ 1 کارمند، حقوق‌بگیر 2 سندیک 3 رئیس شهرداری

syndicalism /ˈsɪndɪkəlɪzəm/ *noun*
(ئابووری) سەندیکالیزم، یەکێتی‌گەری، یەکێتی‌باوەڕی، سەندیکاگەری: بزووتنەوەیێ بۆ ڕاگوێستنی خاوەن‌داری و مەهار و کۆنتڕۆڵی هۆیەکانی بەرهەم‌هێنان means of production و بلاوبوونەوەیان بۆ یەکێتی‌یە کرێکاری‌یەکان (syndicalist /ˈsɪndɪkəlɪst/ *n, adj*: *n* سەندیکالیست، لایەنگری سەندیکالیزم *adj* سەندیکالیستی) ۞ سندیکالیسم

syndicate /ˈsɪndɪkət/ *noun*
یەکێتی، سەندیکا؛ سەندیکا یان یەکێتی ڕۆژنامەوانان؛ لیژنە یان کومیتەی سەندیکەکان ۞ سندیکا؛ اتحادیەی روزنامەنگاران؛ کمیسیون سندیک‌ها

syndicated *adjective*
هاوبەش (بۆ ئەو بابەت یان بەرنامە تەلەفزیۆنانە دەوترێ کە لە چەندین ڕۆژنامە یان تەلەفزیۆن‌دا بلاو دەبێتەوە) ۞ مشترک

syndication /ˌsɪndɪˈkeɪʃn/ *noun*
1 هاوبەش‌کردن، هاوبەشاندن، کردنەهاوبەش 2 بلاوکردنەوە ۞ 1 عمل مشترک‌کردن 2 انتشار

syndicator *noun*
ئەندامی یەکێتی یان سەندیکا ۞ عضو سندیکا

syndrome /ˈsɪndrəʊm, US -droʊm/ *noun*
1 کۆنیشانە، نیشانەمەنی (هی نەخۆشی، پێکەوە دێن) 2 کۆمەڵە نیشانەیێ، کۆنیشانە، نیشانەکان، بەرزەنگەکان (بیروڕا، هەست و سۆز و هەڵس‌وکەوت syndromic *adj*) ۞ 1 نشانگان، عوارض 2 علائم ویژه

syne /sʌɪn/ *adverb*

(ـسکاتلەندی) لەوەپێش، بەر، پێش، ago ◯ قبل

synecdoche /sɪˈnɛkdəki/ *noun*
(خوازە یان ئیستعارە) هاوداگیری، بەکارهێنانی بەشێ لەجیاتی هەموو (و بە پێچەوانەشەوە، وەک "پەنجا بادەوە" بۆ *fifty ships* "*fifty sail*" "پەنجا کەشتی"، "کەسێ کە مل دەبەڕێنێ یان لێدەدا" بۆ *cutthroat* "پیاوکوژ"، *assassin* "بوونەوەر" بۆ *man* "پیاو یان مرۆڤ"؛ *creature* :synecdochic or synecdochical *adj* (synecdochically *adv* ◯ ذکر جـزء و ارادەی کل (یا برعکس)

synechia *noun*, also synechiae
هەر پیاچەسپان یان پیالکانێ لە بەشەکانی لەشدا، وەک رەشێنە iris بە رەقێنەی چاوەوە cornea ◯ سینکیا

synecological /-ˌiːkəˈlɒdʒɪk(ə)l, US -ˌɛk-/ *adjective*
سەربە هاوژینگەناسی، سەربە لێکۆلینەوەی ژینگەناسییانەی گشت کۆمەڵی گیانەوەر و رووەکەکان ◯ وابستە بە سینکولوژی

synecology /ˌsɪnɪˈkɒlədʒi/ *noun*
هاوژینگەناسی، هاوبوو(م)ناسی، هاومەڵبەندناسی: لێکۆلینەوەی ژینگەناسییانەی گشت کۆمەڵی گیانەوەر و رووەکەکان (بەرامبەری autecology) ◯ سینکولوژی

syneresis /sɪˈnɪərɪsɪs/ *noun*, *pl.* syncreses /-siːz/
1 هاوگیری، تێکهەڵکێشانی دوو پیتی دەنگدار، کورتکردنەوەی دوو بزوێن بۆ بزوێنێکی تاک یان بزوێنی لێکدراو، هەروەها synizesis 2 (کیمیا) جیاکردنەوەی شلە لە وڵوڵە gel بەهۆی چوونەیەک contraction ◯
1 ادغام دو حرف صدادار 2 سینرسیس

synesis *noun*
پێوەندی واتایی، واتابەندی، رێککەوتنی واتایی: پێکهاتەیێکی رێزمانی کە لەودا رێککەوتنەکە بەپێی واتایە هەتا سینتاکس یان رستەسازییێکی روونت (وەک *them* لە *anyone* و " if anyone ◯ ("calls, tell them I am out ◯ توافق یا ارتباط معانی

synergetic *adjective*, also synergic
هاوکردار، پێکەوەکار(کردوو)، هاوکار، هاوکارانە، هاوکردارانە، :cooperating *synergic* هەمیار، هەمیارانە ◯ (synergically *adv*) *muscles*

synergism *noun*
هاوکرداری، هاوکاری، دەستەوام، پێکەوەکارکردوویی ◯ هەمیاری

synergist *noun*
دەرمان، ماسوولکە یان ئەندامی هاوکردار یان هاوکار (لەگەڵ دەرمان، ماسوولکە یان ئەندامێکی تردا هاوکاری دەکا)، هۆکارێ کە لە هاوکرداریدا synergy بەشداری دەکا ◯ سینرجیست

synergistic /ˌsɪnəˈdʒɪstɪk, US -ərˈdʒɪ/ *adjective*
هاوکار، هاوکردار، پێکەوەکارکردوو (synergistically *adv*) ◯ هەمیار

synergy /ˈsɪnədʒi, US -ərdʒi/ *noun*, also synergism, *pl.* synergies
هاوکرداری، هاوکاری، دەستەوام، پێکەوەکارکردوویی، زیارە، هەرەوەز، *attempts to re-establish* :synergism ◊ *synergy between mankind and nature* *Managing effective teams is a matter of achieving synergy between the individual members* ◯ هەمیاری

synesthesia = synaesthesia

synfuel = synthetic fuel

syngamic *adjective*
زاوزێیی، سکوزایی، زگوزایی ◯ تناسلی

syngamy /ˈsɪŋgəmi/ *noun*
هاوجووتی، یەکگرتنی دوو خانە لە زاوزێدا ◯ سینگامی

syngas *noun*
تێکەڵەی یەکۆکسایدی کاربۆن و monoxide هایدرۆژێن (بنەڕەت: کورتەی *synthesis gas*) ◯ سینگاز

syngenesis *noun*
زاوزێ، سکوزا، زگوزایی، خستنەوە، هاوپێکهاتی ◯ تناسل

syngenetic *adjective*
زاوزێیی، سکوزایی، سەربە زگوزایی، خستنەوەیی، سەربە یان پێوەندی بە هاوپێکهاتییەوە هەیە، هاوپێکهات ◯ تناسلی

synizesis *noun*, also syneresis
(زمانەوانی) تێکهەڵکێشانی دوو پیتی دەنگدار، کورتکردنەوەی دوو کەرتە بۆ دانەیێ ◯ ادغام دو حرف صدادار

synkaryon *noun*, *pl.* synkarya
(زیندەناسی) هاوناوک(ـە؛ :synkaryonic *adj* هاوناوکی، هاوناوکەیی، سەربە یان پێوەندی بە هاوناوکەوە هەیە) ◯ سینکاریون

synkinesis *noun*
هاوبزاوتی، هاوجوولی: جووولانی خۆنەویستانەی ئەندامانی لەش وەک دەست لە کاتی رۆیشتندا ◯ هەمجنبی

synod /ˈsɪnəd, US -nɒd/ *noun*
1 ئەنجومەنی کلێسە(یی، بۆ باسکردن و بڕیاردان لەسەر بابەتەکانی ئامۆژگاری دینی، سیاسەت و بەڕێوەبردنی کلێسە)؛ ئەنجومەنی راوێژکاری یان بەڕێوەبەرایەتی کلێسەیی؛ رێکخراوەیێکی ناوچەیی یان نەتەوەیی

congregation لـــوتێری 2 (ئەســـتێرەوانی) جـووتبوون ۞ 1 شـورای کلیـسایی 2 (نجـوم) قران؛ سینود

synodal *adjective*
ســەربە ئەنجومــەنی کلێسـە(یی) ۞ وابــستە بــە شورای کلیسایی

synodic /sɪˈnɒdɪk/ *adjective*
(ئەستێرەوانی) سەربە جووتبوون ۞ وابسته بـه قران

synodical = synodal, synodic

synodic month = lunar month

synodic period *noun*
(ئەستێرەوانی) سەردەم یان ماوەی جـووتبوون ۞ دورەی قران

synoecy *noun,* also synoeky
یـەکگرتن، یـەکگیری، هاوبەنـدی ۞ اتحـاد، ائتلاف

synonym /ˈsɪnənɪm/ *noun*
وشەی هاوواتـا، ب.ن. *shut* و *close* یـان رنـد و جوان ۞ واژەی هم‌معنا

synonymic *adjective,* also synonymical
سەربە وشەی هاوواتا ۞ وابسته به واژەی هم‌معنا

synonymity /ˌsɪnəˈnɪmətɪ/ *noun*
هاوواتایی، هاومانایی ۞ هم‌معنایی

synonymous /sɪˈnɒnɪməs, US -ˈnɑ:n-/ *adjective*
1 هاوواتـــا، هاومانـــا 2 (خـــوازە) وەکیـــەک، هاوســـان، هاوســـەنگ: *Wealth is not necessarily -s with happiness* synonymously /sɪˈnɒnɪməsli, US -ˈnɑ:n-/ *adv*: هاوواتایانـــە، هاومانایانـــە؛ synonymousness *n*: هاوواتایی، هاومانایی) ۞ 1 هم‌معنا، مترادف 2 (مجازی) هم‌سان

synonymy /sɪˈnɒnɪmi, US -ˈnɑ:n-/ *noun, pl.* synonymies
هاوواتایی ۞ هم‌معنایی، ترادف

synopsis /sɪˈnɒpsɪs, US -ˈnɑ:p-/ *noun, pl.* synopses /-si:z/
کورتـە، پوختـە، abstract: *The programme gives a brief -nopsis of the plot* ۞ خلاصـه

synoptic /sɪˈnɒptɪk, US -ˈnɑ:p-/ *adjective,* also synoptical
1 کـورت، کورتـەوەبوو 2 (Synoptic) ســەربە ئینجیلە هاوبۆچوونەکان ۞ 1 خلاصـه 2 وابـسته به انجیل‌های هم‌نظر

the Synoptic Gospels *noun*
ئینجیلە هاوبۆچوونەکان (ئینجیلەکانی Matthew، Mark، Luke کـە لـە روانگەیێکـەوە نووسـراون) ۞ انجیل‌های هم‌نظر

synoptically /sɪˈnɒptɪkli, US -ˈnɑ:p-/ *adverb*
بە شێوەیەکی کورت، بـە کـورتی، کورتەوەبووانـە ۞ به طور اجمالی

synostosis /ˌsɪnɒˈstəʊsɪs/ *noun,* synostoses /-si:z/
بوونەیـــەکی ئێـــسکە لێـــکنزیکـــەکان بـــەهۆی هەڵدانی ماک یان مەتریالی ئێسکی، هاوئێسکان (synostotically *adv* ؛synostotic *adj*) ۞ سینوستوز

synosteology *noun*
جومگەناسـی ۞ مفصل‌شناسی

synovia /səˈnəʊvɪə/ *noun*
لینجی یان تـەڕی جومگـەیی، شـلەی جومگـەیی، ۞ synovial fluid زلال

synovial /sʌɪˈnəʊvɪəl, US sɪ-/ *adjective*
سەربە لینجی یان تەڕی جومگەیی (synovially *adv*) ۞ زلالی

synovial fluid *noun*
شلە یـا ئـاوی جومگـەیی: پـەردەی جومگـەکـان دەریدەدەن ۞ مایع زلالی

synovial joint = diarthrosis

synovial membrane *noun*
پەردەی جومگەیی ۞ غشاء مفصلی

synovitis /ˌsʌɪnə(ʊ)ˈvʌɪtɪs, US ˌsɪn-/ *noun*
ئاوسانی پەردەی لینجی یان تەڕی جومگەیی ۞ ورم غشاء زلال

synsepalous = gamosepalous

syntactic /sɪnˈtæktɪk/ *adjective,* also syntactical
سەربە یان پێوەندی بە سینتاکسەوە هەیە، بەپێی یـان بـە گـوێرەی ســینتاکس یـان syntactics؛ رستەســازییانە (syntactically /-kli/ *adv*: لەباری سینتاکــەوە) ۞ نحوی

syntactics *noun, pl.*
لقـێ لـە نیـشانەناســی semiotics دەربـارەی تایبـەتمەنـدی فـەرمـی زمانـەکـان و دەزگـا و سیـستمی هێماکان و پێوەندی نیشانەکان لەگـەڵ یەکتر(دا) ۞ سینتاکیک

syntactic structures *noun, pl.*
پێکهاتە سینتاکسیـیەکان ۞ ساخت‌های نحوی

syntagm /ˈsɪntæm/ *noun,* also syntagma /sɪnˈtagmə/, *pl.* syntagms, syntagmas, or syntagmata /-mətə/
(زمانەوانی) زنجیرە، سینتام (یەکەیێکی زمانی کە کۆمەڵێ فۆنیم، وشە و دەستەوشەی بەریز کە پێوەندییان پێکەوە هەیە، تیایە؛ syntagmatic /ˌsɪntægˈmætɪk/ *adj*؛ syntagmatically *adv*) ۞ عناصر هم‌نشین

syntax /ˈsɪntæks/ *noun*
1 ســینتاکس، رستەســازی، رێکخــستنی وشــە و فرێــزەکــان بــۆ دارشــتن و پێکهێنــانی رســتەی دروست (یان بەپێی رێزمان)؛ دەسـتە دەسـتوور و

ریسایێ بۆ شیکردنەوەی ئەم باسە 2 پێکهاتەی ڕستەکان لە زمانێکی کامپیوتێریدا ۞ 1 نحو 2 ساختار جملەها در زبان رایانەای

synth /sınθ/ = informal short for synthesizer

synthesis /ˈsınθəsıs/ *noun, pl.* syntheses /-si:z/

1 لێکدان، تێکەڵکردن، پێکەوەنان، گرتنەوە، هاودانان، پێکەوەدانان، یەکخستن، تێکهەڵکێشان: *a synthesis of traditional and modern values* 2 (دژی analysis) پێکهێنان، دروستکردن، سازکردن، بەرهەمهێنان 3 پێکهێنانی دەسکرد، بەرهەمهێنانی دەسکرد 4 (لە فەلسەفەی هیگێلیدا) دوایین قۆناغ لە دیالیکتیکی هیگێلیدا کە لەودا تێز thesis و ئانتی‌تێز antithesis تێکەڵ دەبن 5 (کیمیا) پێکهێنانی ماک یان ئاوێتە ئاڵۆزترەکان لە توخم یان ئاوێتە سادەترەکان، پێکهێنانی دەسکرد: *the synthesis of nucleic acids* 6 (فەلسەفە) ئەنجامگیری لە بەشێکەوە بۆ گشت 7 (ڕێزمان) هاودانان (synthesist *n*) ۞ 1 ترکیب، هم‌نهشت، تلفیق 2 ساخت، تولید 3 ساخت مصنوعی 4، 5 و 6 سنتز 7 ترکیب

synthesis gas *noun*

تێکەڵەیێکی تاکۆکسایدی کاربۆن و هایدرۆژێن ب.ت. لە پێکهێنانی کیمیاییدا بەکاردێتری (وەک ammonia و ئەلکوڵەکان) ۞ گاز سنتز

synthesizer /ˈsınθəsaızə(r)/ *noun*

بەرهەمهێنەر، لێکدەر، تێکەڵگەر (دەزگایەکی ئێلیکترۆنی بۆ بەرهەمهێنانی دەنگە جیاوازەکان) ۞ ترکیب‌گر

synthespian /sınˈθepiən/ *noun*

ئەکتەرێ کە وادیارە پیاوێکی ڕاستی بێ بەڵام شتێکی زیاتر لە وێنە و ئیماژێکی کامپیوتێری نییە، = VActor ۞ سینتسپین

synthetase = ligase

synthetic /sınˈθetık/ *adjective, noun*, also synthetical

adj 1 پێکهێنەرانە، پێکهێنراو، پێکەوەنەرانە، یەکخراو، لێکدراو، پێکهاتە، سازکراو، گیراوە، پێکهاتوو یان بەرهەمهاتوو لە چەندین ماک و مادەی جیاواز، سەربە یان بەهۆی پێکهێنانی زیندەکیمیایی یان کیمیاییەوە بەرهەم هاتووە، سەربە یان ئاماژە دەکا بەو ماک و ئاوێتانەی کە بە ڕێگای پرۆسە و ڕەوتی کیمیاییەوە پێکهاتوون (لە بەرامبەر ئەو شتانەی کە بنەمایێکی سروشتییان هەیە): *synthetic drugs/fabrics* 2 دەسکرد، ناڕاستەقینە، درۆ، ساختە 3 (زمانەوانی) دادەشکێتەوە بۆ بەکارهێنانی گەردانەکان لەجیاو زنجیرەی وشە word order تا پێکهاتەی ڕێزمانی پێ دەربڕێ؛ بەندە بە بەکارهێنانی ڕێکخراو یان سیستماتیک و زۆری وشە گەردانکراوەکان تا پێوەندییە ڕێزمانییەکان دەربڕێ؛ تایبەتمەندی ئەو زمانانەیە کە بگر یان بەندەکان affix لە جیاتی وشە جیا(جیا)کان بەکاردێنن تا پێوەندییە ڕستەسازییەکان دەربڕن، وەک زمانی لاتین (بڕوانە polysynthetic و analytic) 3 *n* کەرەسەی دەسکرد، دەسکردە، ماک یان مەتریالی دەسکرد (ب.ت. ریشاڵی پارچەیی)؛ شتێ کە بە ڕێگای پرۆسەیێکی کیمیایی یان دەسکردەوە ساز کرابێ: *cotton fabrics and synthetics* ◊ *material with the feel of a natural fibre and the durability of a synthetic* ۞ *adj* 1 ترکیبی 2 مصنوعی 3 (زبان‌شناسی) ترکیبی *n* مادەی مصنوعی

synthetically /-kli/ *adverb*

بە شێوەیێکی دەسکرد، دەسکردانە: *the therapeutic use of natural and synthetically produced drugs* ◊ *synthtically produced hormones* ۞ بە طور مصنوعی

synthetic environment *noun*

ژینگەی دەسکرد ۞ محیط مصنوعی

synthetic fibres *noun, pl.*

ریشاڵە دەسکردەکان ۞ الیاف مصنوعی

synthetic fuel *noun*, also synfuel

سووتەمەنی دەسکرد: شلە یان سووتەمەنییێکی گازی ب.ت. لە سووتەمەنی بووبەردی (فوسیلی) بەرهەم هاتووە ۞ سوخت مصنوعی

synthetic rubber *noun*

ڕابەر یان کائوچۆی دەسکرد ۞ کائوچوی مصنوعی

syntonic /sınˈtɒnık/ *adjective*

(دەروونناسی) گونجاو یان سازاو لەگەڵ دەوروبەر ۞ سینتونیک

syntype *noun*

(ڕووەکناسی و گیانەوەرناسی) هاونموونە ۞ سینتایپ

syphil(o)- *prefix*

پێشگر: فەرەنگی، ئاگرە، ئاڵە ۞ پیشوند: سیفلیس

syphilis /ˈsıfılıs/ *noun*

ئاگرە، فەرەنگی، ئاڵە (= بەهۆی *spirochete* [*Treponema pallidum*] یەکەوە تووش دەبێ، بڕوانە primary syphilis، secondary syphilis و tertiary syphilis، بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *Syphilis, sive Morbus Gallicus*، سەرناوی هەڵبەستێکە (1530)، لە ناوی کارەکتەرەکە *Syphilus*، وادەزنرا کە ئەو نەخۆشییەی بێ) ۞ آتشک، سیفلیس

syphilitic /ˌsıfıˈlıtık/ *adjective, noun*

adj سەربە ئاگرە، ئاگرەیی *n* نەخۆشی تووشبوو بە ئاگرە، ئاگرەگرتوو ۞ *adj* وابستە بە سیفلیس *n* بیمار مبتلا بە سیفلیس

syphilology *noun*
ئاگرەناسی (*n* ئاگرەناس :syphilologist) ۞ سیفیلولۆژی

syphiloma *noun*
سیفیلۆما، وەرەمی ئاگرە ۞ سیفلوما

syphon = siphon

Syrah /'si:rə/ = Shiraz

syren = siren

syrette /sɪ'rɛt/ *noun*, also Syrette
(پزشکی، دروشمی بازرگانی) جۆرێ دەرزی کە تاکە دۆزێکی دەرمانی تێدەکرێ، دەرزییێ کە دەرمان و ئاوی دلۆپێتراوی تیایە ۞ سیرت

Syria ixioliron *noun*
(رووەکناسی) گولەخیارە، رووسکە [*ixioliron montanum*] ۞ خیارک

Syriac /'sɪrɪak/ *noun*
زمانی سوریای کۆن، زاراوەیێکی رۆژاوایی Aramaic ۞ سریانی

Syrian /'sɪrɪən/ *adjective, noun*
adj سەربە سوریا، سووریە، سوریایی *n* سوریایی، خەڵکی سوریا، سووریەیی ۞ *adj* وابستە بە سوریە *n* اهل سوریە

Syrian cephalaria *noun*
(رووەکناسی) گوریاو ۞ سردار سرشکافتە، سرشکافتە

syringa /sə'rɪndʒ/ *noun, pl.* syringes = mock orange

syringe /sɪ'rɪndʒ/ *noun*
دەرزی، شرینقە، فیچقە (بنەڕەت: لە *syringa* لاتینی سەدەکان نێوەڕاست، لە *syrinx* ـەوە (پڕوانە syrinx) ۞ سرنگ، آبدزدک

syringomyelia *noun*
سیرینگۆمایلیا، سیرینگۆمیێلیا: جۆرێ نەخۆشی درێژخایەنی برپڕەمۆخ spinal cord کە کۆمەڵێ تێکچوونی هەستی sensory بە دواوەیە ۞ سیرینگومیلیا

syringomyelic *adjective*
تووشبوو بە سیرینگۆمەیلیا یان کۆمەڵێ تێکچوونی هەستی برپڕەی مۆخ ۞ مبتلا بە سیرینگومیلیا

syrinx /'sɪrɪŋks/ *noun, pl.* syrinxes or syringes
1 - panpipe 2 (باڵندەناسی) گەرووی خواروو یان ئەندامی دەنگ، ب.ت. باڵندە دەنگخۆشەکان، زێی دەنگی باڵندەکان 3 ڕێڕەو یان دالانێکی تەنگەبەری گۆڕی میسرییانی کۆن (بنەڕەت: بە ڕێگای لاتینەوە، لە *surinx* یونانییەوە "pipelike ,pipe, channel object") ۞ سیرینکس

Syro- /'sʌɪrəʊ/ *prefix*
پێشگر: سوریا، سووریە، سوریایی و...، سوریەیی و...: *Syro-Palestinian* ۞ پیشوند: سوریە، سوریەای و...

syrphid /'sə:fɪd/ *noun* (also syrphid fly), *adjective*
(مێروناسی) *n* مێشێ لە خێزانی hoverfly *adj* سەربە یان پێوەندی بە (Syrphidae) خێزانی Syrphidae ـەوە هەیە ۞ سرفید

syrup /'sɪrəp/ *noun*, US also sirup
دۆشاو، شیلە، شیرە، شەربەت، خۆشاو، شیرناو ۞ سیروپ، شربت

syrupy /'sɪrəpi/ *adjective*, US also sirupy
1 شیلەئاسا، خۆشاوئاسا، شەربەتی تیایە، خەست و لینج وەک شەربەت، وەکوو شیرناو: *Heat 2 the liquid until it is thick and syrupy* بەسۆز، سێنتیمێنتاڵ: *a syrupy romantic novel* ۞ 1 شربتمانند 2 سوزناک

sysop /'sɪsɒp/ = system operator

system /'sɪstəm/ *noun*
1 ڕێکخستە، سیستم، دەزگا: *a system of government* 2 دەزگا، کۆئەندام: *the digestive system* 3 تۆڕ 4 لەش، جەستە 5 ڕێکی، ڕێکوپێکی، خشتی، ڕێکخراوی 6 شێوە، شێواز، ڕێباز، ڕێچکە، ڕێگا 7 (زەویناسی) دابەشکردنێکی بەربڵاوی تەختەبەردەکانی زنجیرەیێ کە تێکڕایان لە سەردەم period یان سەردەمانێکی زەویناسیدا پێکهاتوون era؛ پانتاییێکی بەربڵاو یان بەرینی چینەکان بەپێی قۆناخێکی زەویناسی 8 وادانان یان تیۆری تایبەتمەندی تەنە ئاسمانییەکان heavenly bodies کە بەهۆی دیاردە، جووڵە، گۆڕانەکان و هتد روون دەکرێنەوە، دەزگا، کۆمەڵە، ڕێکخستە: *the Copernican system* ۞ 1 نظام، سامانە 2 دستگاه 3 شبکە 4 بدن 5 نظم 6 روش 7 سیستم 8 منظومە

systematic /ˌsɪstə'mætɪk/ *adjective*
1 ڕێکوپێک، ڕێک، سیستماتیک: *a systematic attempt to destroy the organization* 2 شێوازدار، بەشێواز، ڕێبازمەند 3 بەڕێوجێ، بەنیزام، دەزگامەند، ڕێکخراو، بەپێی سیستم، سیستمانە، مێتۆدیکاڵ، سیستماتیک 4 پلانڕێژکراو، بەرنامەبۆدانراو، ڕێکخراو، لێکدراوەوە، سیستماتیک (*adv* /-kli/ systematically: بە شێوەیەکی ڕێکوپێک یان ڕێکخراو، ڕێکخراوانە: *The information was systematically recorded and analysed*) ۞ 1 منظم 2 روشمند 3 نظاممند 4 طراحیشدە

systematics *noun, pl.*
پۆلێنەناسی، پۆلێنەوانی، دەستەکردن، پۆلاندن، زانستی پۆلاندن، پۆلێن، taxonomy ۞ ردەبندیشناسی، ردەبندی، علم ردەبندی

systematic theology *noun*
دینناسی یان یەزدانناسی سیستماتیک (شێوەیێ لە دینناسی کە مەبەستی ڕێکخستنی باوەڕە دینییەکانە وەکوو گشتێکی سەربەخۆ) ۞ الهیات سیستماتیک

systematization /ˌsɪstəmətaɪˈzeɪʃn, US -təˈz-/ *noun*
ڕێکخستن، ڕێکوپێککردن، خشتاندن ۞ تنظیم، سازماندهی

systematizer *noun*
ڕێکخەر، ڕێکوپێکینەر، خشتێنەر ۞ تنظیمکننده، سازماندهنده

systemic /sɪˈstemɪk, US sɪˈstiːmɪk/ *adjective, noun*
adj 1 ڕێکوپێک، ڕێبازمەند، بەڕێوجێ، ڕێکخراو، سیستمی، بەپێی سیستم، سیستمانە 2 گشتی، گشتلەشی، سەراپایی، لەشداگرتوو، ناشوێنی (= دەرمان یان شتێکی تر کە کار دەکاتەسەر گشت لەش نەک شوێنێ): *a systemic disease* 3 ڕەگی، ڕیشەیی، لە ڕەگەوە (بۆ ئەو کەڕووکوژ fungicide یان مێرووکوژانە insecticide دەوترێ کە لە ڕەگەوە دەچنەنێو ڕووەکەوە) 4 بنچینەیی، سیستمی 5 (زمانەوانی) ڕێکخراو، دەزگایی، ڕێکخستەیی، سیستمبنەڕەت *n* ئافەتکوژ یان مێرووکوژی ڕەگی ۞ *adj* 1 منظم 2 درونتنی 3 ریشەای 4 بنیادی 5 (زبانشناسی) نظامبنیاد *n* آفتکش یا حشرەکش ریشەای

systemically /sɪˈstemɪkli, US sɪˈstiːmɪkli/ *adverb*
بە شێوەیێکی ڕێکوپێک، ڕێکوپێکانە، ڕێکخراوانە: *substances that are absorbed systemically* ۞ بە طور منظم

systemic disease *noun*
نەخۆشی لەشداگرتوو یان گشتلەشی ۞ بیماری درونتنی

systemic circulation *noun*
(لە شیردەران و باڵندەکاندا) سووڕی گەورە(تر)، گەڕان یا سووڕی خوێنی گەورە، سووڕی گشتی ۞ گردش سازگانی

systemic grammar *noun*
ڕێزمانی ڕێکخراو یا دەزگایی ۞ دستور (زبان) سازگانی یا نظامدار

systemic insecticide *noun*
مێرووکوژی ڕەگی یان لە ڕەگەوە ۞ حشرەکش ریشەای

systemic linguistics *noun*
زمانەوانی ڕێکخراو یان دەزگایی: ڕێبازێکی زمانەوانی کە پێ لەسەر ئەرک و فانکشنە کۆمەڵایەتییەکانی زمان دادەگرێ ۞ زبانشناسی سازگانی یا نظامدار

systemic lupus erythematosus *noun*
جۆرێ نەخۆشی بەستەرەشانەکان connective tissue، پتر نیشانەکانی بریتین لە: سووربوونەوە یان هەڵزلەبانی پێست، ژانی جومگە، سینەپاڵووی سەرهەڵدەرەوە و نەخۆشی گورچیلە ۞ نوعی بیماری

systemization = systematization

systemizer = systematizer

systemless *adjective*
ڕێکنەخراو، ناڕێکوپێک، بێبەری لە سیستمایەتی ۞ بدون نظام

system operator *noun*, also systems operator
کارپێکەر یا ئۆپێراتۆری کامپیوتێر ۞ اپراتور رایانە

systems analysis *noun*
ڕێکخستەشیکاری، شیتەڵکاریی سیستم، سیستمشیکاری، شیکردنەوەی سیستم یان ڕێکخستە ۞ تحلیل سیستمها

systems analyst *noun*
ڕێکخستەشیکار، شیتەڵکاری سیستم، شیکەرەوەی سیستم یان ڕێکخستە، سیستمشیکار ۞ تحلیلگر سیستمها

systems engineer *noun*
ئەندازیاری ڕێکخستە یان سیستمەکان ۞ مهندس سیستمها

systems engineering *noun*
ئەندازیاریی ڕێکخستە یان سیستمەکان ۞ مهندسی سیستمها

systole /ˈsɪstəli/ *noun*
1 (توێکاری) کرژبوونی دڵ، دڵکرژی، دڵەکرژێ (بڕوانە systole) 2 کورتکردنەوەی برگە(ی درێژ)، - systolic /ˌsɪsˈtɒlɪk, US -ˈlɑːl-/ *adj*: سەربە کرژبوونی دڵ یا دڵەکرژێ) ۞ 1 انقباض قلب 2 کوتاەسازی هجا

syzygetic *adjective*, also syzygial
سەربە بەرامبەری یان جووتبوون ۞ وابستە بە مقارنە یا قران

syzygy /ˈsɪzɪdʒi/ *noun, pl.* syzygies
1 (ئەستێرەوانی) جووتبوون، جووت، خاڵی بەرامبەری (کاتێ مانگ، ڕۆژ و زەوی لە ڕێکی یەکدەبن) 2 جووتێ شتی پێکەوەبەند یان بەرامبەر ۞ 1 قران، نقطەی مقارنە 2 سیزیجی

Szechuan *adjective*, also Sichuan or Szechwan
سێچوان، سێشوان (= هەرێمێکی چین): سەربە شێوازێکی ئاشپەزی چینی کە ب.ت. تیژ و پڕبیبار و چەور بێ ۞ سچوان

T t

T[1], **t** /ti:, *pl.* Ts, T's, t's /ti:z/ *noun*
1 تی (- بیستەمین پیتی ئەلفوبێی ئینگلیسی) 2 ئاماژە بە دەنگی دوای S لە دەستەیێ لە شتەکان، بابەتەکان و هتد 3 شتێ لە شێوەی T 4 - T formation ○ تی

T[2] 1 tera- (10^{12}) 2 tesla 3 symb. temperature 4 symb. the chemical element tritium

t *abbreviation* 1 ton(s) 2 temperature 3 transitive (grammar) 4 tense (grammar)

ta /tɑ:/ *interjection*
(نافەرمی یان ڕەمەکی) دەس‌خۆش، سپاست، مەمنوون، thank you ○ مرسی

Ta symb. the chemical element tantalum

TA /ˌti: 'eɪ/ *abbreviation* 1 Territory Army 2 teaching assistant

taarab /tɑ:rʌb/ *noun*
جۆرێ موسیقای باوی ڕۆژهەلاتی ئەفریکا، ب.ت. کەنارەکان، لە موسیقا عەرەبی و هیندی کاریگەری وەرگرتووە ○ تاراب

TAB *abbreviation* typhoid and paratyphoid A and B vaccine
کوتان یا ڤاکسینی کەوتوویی و نیمچەکەوتوویی A و B ○ واکسن حصبە و شبەحصبەهای A و B

tab[1] /tæb/ *noun*
1 زیوار، باریکە، تیکە، تیلماسک، تیزمالک، نەوار 2 یافتە، بەرچەسپ 3 لیستە 4 (نافەرمی) جگەرە، سیگار 5 (لە ئەمریکا) سەر یان درگای ئالقەیی ring pull ○ 1 نوار 2 برچسب 3 صورت حساب 4 (عامیانە) سیگار 5 در حلقەای

tab[2] = tabular

tab[3] /tæb/ *noun*
(نافەرمی) حەب (ب.ت. بەنگی تیابێ) ○ قرص

tab[4] /tæb/ *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) ڕۆژنامەی چکۆلە ○ روزنامە با قطع کوچک

tabanid *noun*
مێشەکەرانە، خەرەنگەز [خێزان *Tabanidae*] (بنەڕەت: لە بنچینەدا لە لاتین *tabanus* ("horsefly") ○ خرمگس

tabard /'tabəd, US -ɑ:d/ *noun*
1 کۆلوانەی سەرزری 2 jerkin یکی بێ‌قۆل ○ 1 شنل روی زرە 2 تابارد

tabaret /'tabərɪt/ *noun*
جۆرێ کوتال یا پارچەی میل‌میل ○ نوعی پارچەی راەراە

Tabasco /tə'bæskəʊ, US -koʊ/ *noun*, also Tabasco souse
تاباسکۆ، تەبەسکۆ (جۆرێ سۆسی بیباری تیژ) ○ تاباسکو

tabbouleh /'təbu:leɪ/ *noun*
جۆرێ چێشتی عەرەبی (گەنمی هاڕاو لەگەل باینجان، پیواز و گیای جنراو، بنەڕەت: لە *tabbūla* عەرەبی‌یەوە) ○ نوعی غذا

tabby /'tæbi/ *noun*, *pl.* tabbies
1 (هەروەها tabby cat) پشیلە، پشیلەی پلینگی (مێ) 2 حەریری شەپۆل‌دار 3 جۆرێ شفتە لە قسل، سەدەف، بەرد و زیخ کە زوو وشک دەبێتەوە ○ 1 گربە 2 حریر موج‌دار، اعتابی 3 نوعی بتن

tabefaction /'teɪb'fækʃn/ *noun*
کزی، لاوازی، ڕەقەلی ○ لاغری

tabernacle /'tæbənækl, US -bərn-/ *noun*
1 (لە دین یان ئایینی جوولەکەدا) کەپرەشینە،

خیوەتی پیرۆز (هەڵدەگیرێ)؛ خێوەتێ کە وەک شوێنێکی پیرۆز sanctuary بۆ دانانی سنووقی تەورات Ark of the Covenant لە لایەن ئیسرائیلییەکانەوە بە درێژایی Exodus (25-27) بەکاردێترا 2 (کریستانیەت) پەرستگە (بۆ نیوکانفۆرمیست و مۆرمۆنەکان) 3 دەفری نانی پیرۆز یان شێوی خواوەندی 4 تاقەی جێ‌بەیەکەر (tabernacular *adj*)؛ بنەرەت: لە *tabernaculum* بە واتای "tent" لاتینەوە، چکۆلیترلەوی *taberna* ("hut, tavern") ◌ 1 خیمەی مقدس؛ تابرناکل 2 (مسیحیت) پرستشگاه 3 ظرف نان مقدس 4 تابرناکل

tabes /'teɪbi:z/ *noun, pl.* same
1 لاوازی، کزی، بێ‌هێزی، سستی، بنێسی، رەقەڵی (ناتاسایی)، tabes = 2 emaciation dorsalis (tabid *adj*) ◌ لاغری، ضعف

tabescent /tə'bɛs(ə)nt/ *adjective*
رووڵە لاوازی، رووڵەکزی (tabescence *n*) ◌ ضعیف‌شونده

tabes dorsalis *noun*, also locomotor ataxia
بنێسی پشت (یان پشتی): دافەترانی رووڵەپەرەی برِبرەمۆخ spinal cord و رەگ و ریشەی دەمارەکان، ب.ت. لە ئەنجامی syphilis (نیشانەکانی بریتین لە: پێچوون، ژان، لاوازی پەلەکان، ataxia و تێکچوونی هەست و بینایی، بنەرەت: لە لاتینەوە بە واتای "tabes of the back") ◌ تیبز دورسالیس

tabetic /tə'bɛtɪk/ *adjective*
تووش‌بوو بە لاوازی یان کزی ناتاسایی ◌ مبتلا به لاغری غیرعادی

tabla /'tæblə, US 'tʌb-/ *noun, pl.* tablas
تەبلە (دوو تەپڵی چکۆلە و لەپاڵ یەکدا، لە مۆسیقای هیندیدا) ◌ طبله

tablature /'tablətʃə/ *noun*
1 جۆری نیشانە و ئاماژەی موسیقایی 2 وێنەی خەیاڵی ◌ 1 تابلاتور 2 تصویر خیالی

table /'teɪbl/ *noun*
1 میز، مێز، سفرە، خوان 2 کەسانی دەوری میز یان سەرمێز، دانیشتووانی دەوری میز 3 خۆراک یان چێشتی سەرمێز 4 (بیرکاری) خشتە (لێکدان) 5 لیستە، بەرنامە 6 بان، بانوو، دەشتی بەرز 7 رووی تەختی گەوهەر، برِشتی گەوهەر بە دوو رووی تەختەوە 8 (بیناسازی) میزە، ئاستێکی تەختی زۆرتر لاکێشەیی ئەستوونی 9 نەخشی سەردیواری (فریزەکان: on the table: پێشنیارکراو بۆ لێدوان، لە دۆخ یان کاتی لێکۆڵینەوە یان دانوستاندا، خەریکە لێکۆڵینەوە یان دانوستانی لەسەر دەکرێ؛ خراوەتە داهاتوو یان دواڕۆژ، بۆ دانوستان لە داهاتوودا ◊ turn the tables: هەڵگێرانەوەی بارودۆخێک، گۆڕینی رەوش یان بارودۆخ (بۆ باریکی باشتر، گۆڕینی بارودۆخ بە سوودی خۆ ◊ under the table: 1 بەرتیل، ژێرمیزی 2 کەلەلا، مەستی مەست) ◌ 1 میز 2 افراد دور میز 3 غذای روی میز 4 جدول 5 فهرست 6 فلات 7 و 8 تابل

tableau /'tæbləʊ, US -loʊ/ *noun, pl.* tableaux /-ləʊz/
1 دیمەن 2 دیمەنی جوان 3 تابلۆ، پەردەی وێنەکێشی 4 وێنە، پیشاندانی وێنە یان سێنێ لە لایەن خەڵکانێکی بێ‌دەنگ ب.ت. لەسەر شانۆ ◌ 1 صحنه 2 منظره‌ی تماشائی 3 تابلو 4 تصویر

tableau vivant /ˌtabləʊ 'vi:vɒ̃, French tablo vivɑ̃/ = tableau, *pl.* tableaux vivants pronunc. same

tablecloth /'teɪblklɒθ, US -klɔ:θ/ *noun*
سەرپۆش، سەرمیز، سەرمێز، میزپۆش، بەرگەمیز ◌ رومیزی

table dancing *noun*
سەمای دەوری میز ◌ دانسینگ تیبل

table d'hôte /ˌtɑ:bl 'dəʊt, US 'doʊt/ *noun*
(خواردنگە) خۆراک یان چێشتی میوان، خۆراکی رۆژ ◌ غذای روز

table-flap *noun*
باڵەمیز، باڵەمێز، باڵی میز: بەشێ لە میز کە دادەدرێتەوە یان هەڵدەستێتەوە ◌ تابل‌فلاپ

table football *noun*
تۆپێنی میزی ◌ فوتبال میزی

table-knife *noun*
چەقۆی خواردن، کارد یان چەقۆی پێ‌خواردن ◌ کارد غذاخوری

table lamp *noun*
چرا یا گڵۆپی سەرمیز، چرامێز ◌ چراغ رومیزی

tableland /'teɪbllænd/ *noun*
بان، بانوو، دەشتی بەرز، تەختان، plateau ◌ فلات، نجد، تختال

table linen *noun*
دەسری خوان یا سفرە، سفرەسڕ ◌ دستمال سفره

table manners *noun, pl.*
داب‌ودەستووری خواردن، دەستووری نان‌خواردن ◌ آداب غذا خوردن

table-mat *noun*
ژێردەوری ◌ زیربشقابی

table napkin = napkin

table salt *noun*
خوێ، خێ ◌ نمک

tablespoon /'teɪblspu:n/ *noun*
کەوچک (ی نان‌خواردن) ◌ قاشق غذاخوری

tablespoonful /'teɪblspu:nfʊl/ *noun, pl.* tablespoonfuls
پڕکەوچکێ (کی نان‌خواردن) ◌ به اندازه‌ی یک قاشق غذاخوری

tablet /'tæblət/ *noun*
1 (دەرمان) حەب، حوب: *an aspirin tablet* 2
تەتەڵە، تابلۆ، تەختە، رووتەخت 3 پەڕە، تەبەقە،
تەختــە 4 چەپکــەکاغز، چەکەکاعــەز 5 قاڵــبی
ســابوون ۞ 1 قــرص 2 لــوح، تــابلو 3 ورقــه 4
دستەی کاغذ 5 قالب صابون

table-talk 'teɪbl tɔ:k/ *noun*
قــەی ســەرمیز، قــەی ســەر نــانخــواردن ۞
صحبت سرغذا

table tennis *noun*
تێنیسی سەرمیز، پینگپۆنگ ۞ تنیس روی میز

table-top /'teɪbltɒp, US -tɑ:p/ *noun, adjective*
n سەرمیز *adj* تایبەتی سەرمیز، سەرمیزی ۞ *n,*
adj (مخصوص) روی میز

tableware /'teɪblweə(r), US -wer/ *noun*
قاپوقاچاخی سەرمیز یان نانخواردن، هێرباری
نانخواردن، پێداویستی میز ۞ ظروف غذاخوری

table wine *noun*
مــەی ســەرمیز، بــادەی ناســایی یــا ســەرمیز ۞
شراب معمولی

tablier /'tablɪeɪ/ = apron

tabloid /'tæblɔɪd/ *noun, adjective*
n رۆژنامەی چکۆلە (لە بارەی ئەندازەوە، بە
کاغەزی A3)، لەتەڕۆژنامە: *The story made*
the front page in all the tabloids *adj*
(رۆژنامە) بە ئەندازەی چکۆلە ۞ *n* روزنامەی
قطع کوچک *adj* قطع کوچک

taboo /tə'bu:/ *noun, adjective,* also tabu, *pl.* taboos or tabus
n 1 تــابوو، تــابۆ، بەربەنــد، بەربەنــدان: *to*
break/violate a taboo ◊ *The subject is*
still a taboo in our family 2 (خـوازە)
نەهێشتن، ڕێ(لـێ)گـرتن *adj* بەربەنـدکراو،
نەهێڵراو، نارەوا، قەدەخە(کراو): *in the days*
when sex was a taboo subject ◊ *Any talk*
of the divorce is strictly taboo ۞ *n* 1
محرمات 2 (مجازی) منع *adj* تحریم‌شده

taboo word *noun*
وشـەی بەربەندکراو یـان قەدەخـەکراو ۞ واژەی
تحریم‌شده

tabor /'teɪbə/ *noun*
(مێژوویی) دمـەک، تـەپڵ(ی چکۆلانـە)، دەهۆڵ،
تەمبوور ۞ طبل، تنبور

taborer *noun*
تەپڵژەن، دەهۆڵکوت ۞ طبل‌زن

tabouret /'tabərɛt, US -reɪ/ *noun,* also taboret
1 چوارپایـە، مێـز یـان چواربەنـدەی چکۆلـە 2
تەپڵۆکە، دەهۆڵچـە، تـەمبووری چکۆلـە ۞ 1
عسلی کوچک 2 طبل‌چە، تنبور کوچک

tabular /'tæbjələ(r)/ *adjective*
1 لیستەئاسا 2 خشتەئاسـا، خشتەکی، بە شێوەی
خشـتە: *tabular data* ◊ *The results are*
presented in tabular form 3 ڕێک، تەخت،
laminar ۞ 1 فهرست‌وار 2 جدولی 3 هموار

tabula rasa /ˌtæbjʊlə 'rɑ:zə/ *noun, pl.* -ulae rasae /ˌtabjʊli: 'rɑ:zi:/
تەتەڵەی سپی (= مێشکی مرۆڤ پێش ئەوەی کە
شتێ فێربووبێ) ۞ لوح سفید

tabulation /ˌtæbju'leɪʃn/ *noun*
1 خشتاندن، بەخشتەکردن، ڕێکخستن بە شێوەی
خشتە، ستوونیکردن، ستووناندن 2 خشـتە ۞ 1
جدول‌بندی 2 جدول

tabulator /'tæbjuleɪtə(r)/ *noun*
(مرۆڤ، دەزگا و هتد) خشتێنەر، خشـتەڕێکخەر،
ستوونێنەر، کلیلی خشتەکێشانەوە ۞ جدول‌بند

tabun /'tɑ:bʊn/ *noun*
تـابون (= گـازی دەمـاری ئۆرگانۆفۆسـفۆرۆس
organophosphorus، لە ئەڵمانیا و بە درێژایی
شەڕی جیهانی دووەم بەرهەم هێنرا) ۞ تابون

tach /tak/ = tachometer

tache = tash

tachi /'tatʃi/ *noun*
(مێژوویـــی) تـــاچی (= شمـــشێری درێـــژی
یەکدەمەی کەمێ چەماوەی سامۆرایییەکان،
بنەڕەت: ژاپۆنی) ۞ تاچی

tachina fly *noun*
مێروو یان مێشە جووتباڵە کولکن و بۆرباو و
ڕەشەکانی خێزانی Tachinidae، کرمۆکەکانی
مشەخۆری مێرووەکانی ترن و زۆرتر لە بواری
biological مـەهـار و کۆنترۆڵـی زینـدەوەری
control مێمل و ملۆزمی مێرووەکان بەکاردێتران
(tachinid *n, adj*) ۞ نوعی حشره

tachism /'taʃɪz(ə)m/ *noun,* also tachisme
پەڵـەگەری: شـێوازێکی وێنەکێـشی فەڕەنـسی
1940، لـەم شـێوازەدا لـەکە و پـەڵـەی ڕەنگـی
بەکاردێنرێ ۞ تاشیـسم

tachistoscope /ta'kɪstəˌskəʊp/ *noun*
تاکیستۆسکۆپ: دەزگای لێکۆڵـینەوەی هـاندەرە
کوتوپڕییە بینایییەکان visual stimuli ۞
تاکیستوسکوپ

tachistoscopic *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە تاکیستۆسکۆپەوە هەیە
۞ وابسته به تاکیستوسکوپ

tacho /'takəʊ/, *pl.* tachos = 1 tachograph 2 tachometer

tacho- *prefix*
پێشگر: خێرایی، توندی (بنـەڕەت: لـە *takhos*
یۆنانی) ۞ پیشوند: سرعت

tachograph /'tækəgrɑ:f, US -græf/ *noun*
(ماشێن و هتد) خێرایینووس ۞ سرعت‌نگار

tachometer /tæ'kɒmɪtə(r), US -'kɑːm-/ *noun*
خێرایی‌پێو، خول‌پێو، سوورپێو (بۆ پێوانی بزوێنەکان motor) ◌ سرعت‌سنج، دورسنج
tachometry *noun*
خێرایی‌پێوی، سوورپێوی، خول‌پێوی ◌ سرعت‌سنجی، دورسنجی
tachy- *prefix*
پێشگر: تووند، خێرا، تیژ (بنەڕەت: لە *takhus* یۆنانی) ◌ پیشوند: تند، سریع
tachycardia /ˌtakɪ'kɑːdɪə/ *noun*
دڵەکوتێ، لێدانی ناسایی دڵ، تون(د)دڵی ◌ تاکی‌کاردیا
tachygraphic *adjective*
سەربە توندنووسی، سەربە خێرانووسی ◌ وابسته به تندنویسی
tachygraphy /ta'kɪgrəfi/ *noun*
توندنووسی، خێرانووسی (ب.ت. لای یۆنانی و رۆمییەکان یان دەس‌نووسەکانی کۆن و سەدەکانی نێوەڕاست) ◌ تندنویسی
tachymeter /ta'kɪmɪtə/ *noun*
دووری‌دۆز، دووربینی رووپێوی، تاکی‌میتر ◌ دوربین مساحی
tachyon /'takɪɒn/ *noun*
(فیزیک) خێراک: پارچۆلکەیێکی وادانراو یان گریمانەیی hypothetical particle کە توندتر لە رووناکی هات‌وچۆ دەکا ◌ تاکیون
tacit /'tæsɪt/ *adjective*
ناڕاستەوخۆ، شاراوە، بێ‌دەنگانە، لە بنەوە، وادەرکەوتوو، بێ‌قسە، نەوتراو: *tacit approval/support/knowledge* ◌ تلویحی، ضمنی
tacit agreement *noun*
رێککەوتنی ناڕاستەوخۆ یان بێ‌دەنگانە ◌ توافق تلویحی
tacitly /'tæsɪtli/ *adverb*
ناڕاستەوخۆیانە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ: *It was tacitly assumed that he would be promoted at the end of the year* ◌ به طور تلویحی
taciturn /'tæsɪtɜːn, US -tɜːrn/ *adjective*
کەم‌قسە، بێ‌دەنگ، کەم‌دوو، نەدوو، کەم‌وتار: *a -iturn and serious young man* ◌ کم‌حرف
taciturnity /ˌtæsɪ'tɜːnəti, US -'tɜːrn-/ *noun*
کەم‌قسەیی، بێ‌دەنگی، کەم‌دوویی، کەم‌وتاری ◌ کم‌حرفی
taciturnly /'tæsɪtɜːnli, US -tɜːrnli/ *adverb*
کەم‌قسانە، بێ‌دەنگانە، کەم‌دووانە، بە شێوەیێکی کەم‌دوو یان کەم‌قسە ◌ به طور کم‌حرف
tack[1] /tæk/ *noun*
1 بزماری سەرپان، پونز: *a carpet tack* 2 تەقەڵ، کۆک، تەقەڵڕیز 3 بادەوەبەست، چارۆکەبەند 4 ڕێڕەوی کەشتی، لایەنی رۆیشتنی کەشتی 5 شێواز، ڕێچکە، رێباز، رێگا، رێکار، شێوەی جووڵانەوە، پرۆسە، رەوت: *a complete change of tack* 6 لکان، چەسپان، پیالکان، پیانووسان 7 جوولەی پێچەلاوپێچ یان حەوت‌وهەشتی، بزووتنەوەی زیگزاگی (پێچاوپێچ) 8 نان، خۆراک ◌ 1 میخ سرپهن، پونز 2 کوک 3 شراع‌بند 4 جهت کشتی 5 روش، خط‌مشی، جریان 6 چسبندگی 7 حرکت پرپیچ و خم 8 غذا
tack[2] /tæk/ *noun*
(بۆ ئەسپ‌سواری) زین‌وهەوسار ◌ زین و لگام
tack[3] /tæk/ *noun*
(نافەرمی) هەرزان، خراپ ◌ (عامیانه) ارزان
tack-hammer /tæk hæmə(r)/ *noun*
چەکوشی بزمازدارکوتان، بزمارکوت (چکۆلانە) ◌ چکش میخ‌کوبی
tackiness /'tækinəs/ *noun*
پێوەنووساوی، پیالکاوی، دۆخی لکاوی یان پێوەچەسپیوی، لیچق‌بوون ◌ حالت چسبندگی
tackle /'tækl/ *noun*
1 کەل‌وپەل، شت‌ومەک، ئامراز، کەرەسە 2 (کەشتی) گوریس یان تەناف و خلۆکە، تەناف و قرقرە 3 (تۆپێن، هاکی، راگبی و هتد) تەکل، تەکل‌لێدان (ب.ت. لە تۆپێنی ئەمریکایی و راگبیدا) 4 (هەروەها wedding tackle) گەل‌وگون، گونەوێلە ◌ 1 ابزار، اسباب 2 طناب و قرقره 3 تکل، تکل‌زنی 4 اعضا تناسلی مرد
tackler /'tæklə(r)/ *noun*
تەکل‌لێدەر، تەکلێنەر ◌ تکل‌زن
tacky /'tæki/ *adjective* (tackier, tackiest)
1 لیچق، پێوەچەسپاو، تەڕ، لینج، وشکەوەنەبوو 2 بەناڵاووالا، پرزریقەوبریقە ◌ 1 چسبناک 2 اجق و وجق، پرزرق و برق
taco /'tækəʊ, US 'tɑːkəʊ/ *noun, pl.* tacos
تاکو (= جۆرێ چێشتی مەکسیکی، بنەڕەت: لە سپانیایی‌یەوە) ◌ تاکو
taconite /'takənʌɪt/ *noun*
بەردی چەخماخی پڕئاسن (بنەڕەت: لە ناوی زنجیرە چیای *Taconic* ی ئەمریکا + ite) ◌ تاکونیت
tact /tækt/ *noun*
1 تێگەیشتوویی، فامیدەیی، وردەوەبوویی، ئاقڵی، وریایی، ئاگاداری، شارەزایی، لێزانی، زیرەکی 2 تەگبیر، کارزانی، سەلیقە، مرخ ◌ 1 ظرافت، مهارت، فراست 2 تدبیر، ذوق
tactful /'tæktfl/ *adjective*
1 تێگەیشتوو، بەسەلیقە، ئاقڵ، فامیدە 2 بەجێ، زیرانە، هەڵسەنگێنراو، لێکەوەدراو: *That*

3 *wasn't a very tactful thing to say!*
کارزان، لیزان، شارەزا، بەتەگبیر، بەمشوور ۞ 1 باظرافت 2 معقول 3 باتدبیر

tactfully /-fəli/ *adverb*
تیگەیشتووانە: *a -y worded reply* ۞ با ظرافت

tactic /'tæktɪk/ *noun*
شێوەی کردن یا راپەڕاندن، شێوازی جێبەجێ کردن ۞ روش اجرا یا انجام

tactical /'tæktɪkl/ *adjective*
1 تەکتیکی، تاکتیکی، شەڕی، شەڕڕێکخەرانە: *He was given tactical command of the tactical* ◊ *a tactical defense* ◊ *operation missiles* 2 سەربە شێوەی کردن، سەربە شێوازی جێبەجێ کردن، سەربە شێوەی راپەڕاندن: *to have a tactical advantage* 3 هەڵپەرستانە، بەرژەوەندی یانە، بەرژەوەندخوازانە، لێکەوەدراو، هەڵسەنگێنراو، بەرنامەڕێژکراو ۞ 1 تاکتیکی، رزمی 2 وابسته به روش اجرا 3 مصلحتی، حساب‌شده

tactically /-kli/ *adverb*
1 لەباری (تەکتیکی) شەڕییەوە، شەڕڕێکخەرانە: *The enemy was tactically superior* 2 بەرژەوەندخوازانە ۞ 1 از نظر رزمی 2 به لحاظ مصلحت

tactical missile *noun*
مووشەکی تاکتیکی ۞ موشک تاکتیکی

tactical move *noun*
جووڵەی تاکتیکی، بزووتنەوەی تەکتیکی ۞ حرکت تاکتیکی

tactical voting *noun*
دەنگدانی بەرژەوەندخوازی‌یانە یا هەڵپەرستانە (بە دەرفەت‌زانیوانە) ۞ رأی‌دهی مصلحتی

tactical weapon *noun*
چەک(وچۆڵ)ی تاکتیکی ۞ سلاح تاکتیکی

tactician /tæk'tɪʃn/ *noun*
شارەزا لە تاکتیک(ی شەڕ)، تاکتیکەوان، تاکتیک‌زان، تاکتیک‌مەند، بەتاکتیک، سپاران، شەڕزان، شەڕڕێکخەر: *a fine political tactician* ۞ رزم‌آرا

tacticity *noun*
(کیمیا) ڕێکخستنی stereochemical ی یەکەکان لە زنجیرەی سەرەکی فرەبارژە یان پۆلیمێردا ۞ تاکتیتی

tactics /'tæktɪks/ *noun*
1 تاکتیک، تەکتیک، شەڕڕێکخستن، هونەری ڕێکخستنی هێزەکانی شەڕ و جووڵاندنیان بۆ شەڕ، شەڕزانی، سپارانی 2 شارەزایی، کارزانی، لێهاتوویی 3 ڕێگا، شێوە، ڕێباز، نەخشە، شێوەی جووڵانەوە، تەگبیر ۞ 1 تاکتیک، رزم‌آرایی 2 مهارت 3 نقشه، شگرد

tactile /'tæktaɪl, US -tl/ *adjective*
1 بەرکەوتەیی، دەس‌لێدراو، سەربە هەستی دەس‌لێدان، هەست‌پێ‌کراو: *tactile stimuli* ◊ *visual and -tile communication* ◊ *Babies who sleep with their parents receive much more tactile stimulation than babies who sleep in a cot* 2 خۆشە بۆ دەس‌لێدان: *Tweed is timeless, tactile and tough* ۞ 1 لمسی، لامسه، بساوایی 2 تاکایل

tactile corpuscle *noun*
لاشۆچکە یان لاشەڵەی بەرکەوتەیی: ئەندامێکی هەستی هێلکەئاسا، لە پێستی بێ‌مووودا (وەک سەری پەنجەکاندا) هەیە، وەک وەرگرێکی بەرکەوت(ەیی) کاردەکا touch receptor ۞ تنیزەی لامسەای

tactile sensation *noun*
هەست یان هەست‌پێ‌کردنی بەرکەوتەیی ۞ حس یا احساس لامسه‌ای

tactility /tæk'tɪləti/ *noun*
دەس‌لێدراوی، هەست‌پێکراوی ۞ محسوسیت

taction *noun*
دەس‌لێدان، بەرکەوتن، دەس‌لێکەوتن، هەست‌پێ‌کردن ۞ لمس

tactless /'tæktləs/ *adjective*
تێنەگەیشتوو، بێ‌فکر، بێ‌سەلیقە، نەزان، بێ‌ئەقلانە، لێکەوەنەدراو، هەڵنەسەنگێنراو، لێ‌وردەوەنەبوو، تاژیرانە، نەزانانە، نەزاندوو، بێجێ، نابەجێ: *a tactless remark* ۞ بی‌فکر، خالی از ظرافت، نامعقول

tactlessly /'tæktləsli/ *adverb*
تێنەگەیشتووانە، بێ‌ئەقلانە ۞ با بی‌ظرافتی

tactlessness /'tæktləsnəs/ *noun*
تێنەگەیشتوویی، بێ‌سەلیقەیی، بێ‌ئەقلی، نەفامی، نەزانی، وردەوەنەبوویی ۞ بی‌ظرافتی

tactual = technical term for tactile (tactually *adv*)

tad /tæd/ *noun, adverb* a tad
(نافەرمی) *n* نەختێ، تۆزێ، توێزاڵێ، بڕێ، بڕێکی کەم *adv* تا ئەندازەیێ، تا رادەیێ، هێندێ، بڕێ ۞ *n* یک‌ذره، مقدار اندک *adv* تا حدی

tadger = todger

Tadjik = Tadzhik

tadpole /'tædpəʊl, US -poʊl/ *noun*
سەرمێکوتە، کەچکەقوڵە، مێکوتەسەرە، ماسی‌خرک، کەشکەسەرە، دەمکەمچە، کەشتێلەسەرە ۞ نوزاد قورباغه

tae-bo /'tʌɪ bəʊ/ *noun*
تای بۆ: شێوەیێکی ڕاهێنانی لەش، تێکەڵەی ئێرۆبیک aerobics و کیک‌بۆکسینگ kick-boxing ۞ تای بو

taedium vitae /ˌtiːdiəm 'viːtʌɪ, US 'vʌɪtiː/ *noun*
(لاتین) بێزاری لە ژیان، لە ژیان بێزران،

ماندووبوون لە ژیان ۞ بیزاری از زندگی

tae kwon do /ˌtaɪ ˌkwɒn ˈdəʊ, US ˌkwɑːn ˈdoʊ/ *noun*
تای کوان دۆ (= شێوەیەکی شەڕکردنی کۆریایی‌یەکانە بە بێ چەک، کۆریایی: هونەری شەڕکردن بە دەس و پێ) ۞ تای کوان دو

tael /teɪl/ *noun*
1 سەنگ یان کێشانەیێکی چینی‌یەکان و ڕۆژهەڵاتی دوور، بەرامبەر بە 38 گرەم (1 1/3 oz) 2 یەکەی پارەی پێشووی چین ۞ تیل

taenia /ˈtiːnɪə/ *noun, pl.* taeniae /-nɪiː/ or taenias, US tenia
1 کرمەباریکە، مۆلک، زووری، تینیا 2 (لە یونانی کۆندا) سەربەست، سەربەند، ناوچاوبەست، سەرپێن 3 (بیناسازی) باریکە یان تیزماڵکی نێوان architraveی دوریسی و frieze ۞ 1 کرم کدو 2 پیشانی‌بند 3 تینیا

taffeta /ˈtæfɪtə/ *noun*
(پارچە) تافتە، تافتە (بنەڕەت: لە *tāftan*ی فارسی‌یەوە) ۞ تافته

taffrail *noun*
سەرووی پاشەوەی کەشتی یا گەمی، نەردەی پشتەوەی کەشتی ۞ تافرایل

taffy /ˈtæfi/ *noun, pl.* taffies
تافی (جۆرێ مینو یان نوقڵ) ۞ تافی

Taffy /ˈtæfi/ *noun,* also Taff, *pl.* Taffies
(لە بریتانیا، سووکانە) ویلزی چەپەڵ یان هیچ‌وپووچ ۞ ولزی کثیف

tafia /ˈtafɪə/ *noun*
تافیا (بادەی مەست‌کەر، لە rum دەچێ) ۞ تافیا

tag[1] /tæg/ *noun*
1 سەرەقەیتان، سەرەپێن، نووکی ئاسنی قەیتانی کەوش 2 بەرچەسپ، یافتە: *He put name tags on all his shirts* 3 گوڵینگ، شۆڕابە، ریشۆلە، ریشکۆ 4 دەستەوشە، زاراوە، بێژە، قسە 5 نووکی کلکی ریوی 6 پاشکۆ 7 سەربەندی سرود، فریزی کۆتایی پارچە موسیقایێ 8 (زمانەوانی) وشە یان فریزێ کە بۆ پێداگیری دەڵێن بە رستەوە، ب.ت. I do لە Yes, I do، پاشەڵ‌رستە، پەیوەست ۞ 1 تاگ 2 برچسب 3 منگولە 4 اصطلاح، عبارت 5 نوک دم روباە 6 ضمیمه 7 برگردان سرود، تاگ 8 جملەی پی‌آیند

tag[2] /tæg/ *noun,* also tig
کایەی خۆشاروکێنە، چاوشاروکێنە، قەرێ‌قەرێ، جۆجۆێن، گوڵ‌گوڵێن ۞ بازی گرگم به هوا

TAG = *abbreviation* the adjutant general

Tagalog /təˈgɑːlɒg/ *noun*
1 ئەندامی گەلی لە بنەڕەتا هی ناوەندی Luzon لە دورگەکانی فیلیپین 2 زمانی Austronesianی ئەو گەلە، بنەڕەتی زمانی نەتەوەیی فیلیپینەکان ۞ تاگالوگ

tagalong *noun*
سەربار، مشەخۆر، موشەخۆر، سەرودڵ‌گر ۞ انگل

tagboard *noun*
مقەبا یا تەختەی یافتەلێدان ۞ مقوای برچسب‌زنی

tag day = flag day

tag end *noun*
کۆتایی، دوومایی، دوایی، بەشی دوایین ۞ پایان، آخرین قسمت

tagetes /təˈdʒiːtiːz/ *noun*
رووەکی تیرەیێ کە هێندێ لە marigoldی ئەفریکایی و ئەمریکایی دادەگرێ [توخم *Tagetes*] (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *Tages* لاتین "ناوی خودایێکی ئیترۆریایی یان ئیترۆسکۆسی Etruscan") ۞ تاجیتیز

tagliatelle /ˌtæljəˈteli, US ˌtɑːl-/ *noun, pl.*
تالیەتێلی (= جۆرێ چێشتی ئیتالیایی لە مەکەڕۆنی دەچێ) ۞ تالیاتلی

tag line *noun*
1 (نافەرمی) دروشم 2 خاڵی هەستیار ۞ 1 شعار 2 نقطەی حساس

tagma /ˈtagmə/ *noun, pl.* tagmata /-mətə/
(گیانەوەرناسی) ریکخستە: ناوچەیێکی جیاوازی لەشێکی کەرت‌کەرت یان بەش‌بەش، ب.ت. سەر، سنگ یان زگی مێرووێ ۞ تاگما

tagmeme /ˈtagmiːm/ *noun*
(زمانەوانی) یەکەیێکی بنەڕەتی شی‌کردنەوەی ڕێزمانی (بنەڕەت: لە *tagma* یونانی "arrangement" + -emc) ۞ نقش‌گیر

tagmemic *adjective*
سەربە یا پێوەندی بە تاگمیمەوە هەیە ۞ وابسته به نقش‌گیر

tag question = question tag

tahini /tɑːˈhiːni/ *noun,* also tahina /tɑːˈhiːnə/
تاهینی: جۆرێ pasteی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە دەنکی کونجی ساز دەبێ (بنەڕەت: لەسەر بنچینەی *ṭahana*ی عەرەبی "وردکردن، پرواندن") ۞ تاهینی

Tahitian /tɑːˈhiːʃ(ə)n, US -ˈhiːtɪən/ *adjective, noun*
adj تاهیتی، تاهیتایی، سەربە تاهیتی *n* زمانی (پۆلینیزیایی) تاهیتی ۞ *adj* وابسته به تاهیتی *n* زبان تاهیتی

tahr /tɑː/ *noun,* also thar
(گیانەوەرناسی) شیردەر یان گوان‌دارێکی بزن‌ئاسا لە عومان، باشووری هیند و هیمالایا [توخم *Hemitragus*: سێ جۆرن] ۞ تا

Tai /tʌɪ/ *noun*
تای: سەربە خێزانی زمانە تۆناڵەکانی tonal باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە Thai و Lao دادەگرێ ۞ تای

t'ai ch = t'ai ch ch'uan

t'ai ch ch'uan /ˌtaɪ tʃiː ˈtʃwɑːn/ *noun*

1 تائیچیچوان (هونەری شەڕی چینییەکان) 2 (لە فەلسەفەی چینیدا) دوایین سەرچاوە و رادەی راستەقینە ◌ تاای چی چوان

Taig /ˈteɪg/ *noun*

(نافەرمی، سووکانە، لە ئیرلەندی باکوور) ناویکی پروتستانی بۆ کاتولیکی ◌ تایگ

taiga /ˈtaɪgə/ *noun*

(جوگرافیا) تایگا (بنەڕەت: لە *taïga* رووسییەوە، لە مۆنگۆلییەوە) ◌ تایگا

tail /teɪl/ *noun*

1 کلک، کوری، جوچکە، دووف: *The dog ran up, wagging its tail* 2 دووگ، تەری (خرایی دووگ "ساکەتە") 3 پشتەوە، دواوە، ئاخر، پاشوو، بەشی دوایی یان کۆتایی 4 بن، بنک، تەخت، خوارەوە 5 لاسک، ساقەت، قەد 6 دیوی خەت 7 پاشەڵ یان پاشووی فڕۆکە، کلکی فڕۆکە 8 فەرمانبەری نهێنی 9 (نافەرمی) پاشوو، پاشەڵ، قوون، هێت، سمت، کنگ 10 (tails، کۆین) خەت 11 کەوای درێژ ◌ 1 دم 2 دنبه 3 عقب، آخر، قسمت پایانی 4 تە 5 ساقە 6 طرف خط 7 عقب هواپیما 8 مأمور پنهانی 9 (عامیانه) کَفَل 10 (در جمع) خط 11 کت دنبالەدار

tailback /ˈteɪlbæk/ *noun*

هێڵێکی درێژی هاتوچۆ، ڕێبەندان، ڕێگیران ◌ خط طویل ترافیک

tailboard /ˈteɪlbɔːd, US -bɔːrd/ = tailgate

tailbone /ˈteɪlbəʊn, US -boʊn/ = coccyx

tailcoat /ˈteɪlkəʊt, US -koʊt/ *noun*

کەوای درێژ، چاکەتی درێژ، جلی داوێنخڕ ◌ کت دنبالەدار

tail-end *noun*

بەشی کۆتایی یان دوایی، دواترین بەش، بەشی ئاخر: *I only caught the tail end of the conversation* ◌ بخش پایانی، قسمتهای آخر

tail fin *noun*

(گیانەوەرناسی) کلکەباڵ، باڵەدرێژە، باڵی کلکی ماسی ◌ تایل فین

tailgate /ˈteɪlgeɪt/ *noun*

(ماشین) دەرگای پشتەوە یان دواوە ◌ در عقب

tailgate party *noun*, also tailgate

میوانی درگا (یا دەرگا)ی دواوە (پێش دەسپێکردنی تۆپێنی ئەمریکایی) ◌ پارتی در عقب

tailing *noun*

1 پاشماوە، بەرماوە، پاشەڕۆک، سەرکۆزەر 2 ئەو بەشەی دەستەک، خشت یان بەردێکی دەرپەڕیو کە سەرێکی لەنێو دیوار دایە 3 دوایی، ئاخر ◌ 1 پسمانده 2 تابلینگ 3 انتها

taille /tɑːj, French taj/ *noun, pl.* pronounced same

1 (لە فەرەنسە بەرلە 1789) باجی دانراو لەسەر خەڵکی ناسایی لە لایەن شا یان گەورەدەرەبەگێکەوە 2 ئاوگ یان مەی لە تلتە (لە گۆشینەوەی ترێ) ◌ تایلی

tailless *adjective*

بێکلک، بێدووف، کوڵ: *Manx cats are tailless* ◌ بیدم

tail-light *noun*, also tail-lamp

چرای دواوە، چرای پشتەوە ◌ چراغ عقب

tail-off *noun*

کەمبوونەوە، دابەزین، داشکان، نزمبوونەوە، هاتنەخواریێ ◌ کاهش

tailor /ˈteɪlə(r)/ *noun*

بەرگدروو، جلدروو، خەیات، دەرزی ◌ خیاط

tailorbird *noun*

باڵندەی بەرگدروو، باڵندەخەیاتە، جۆرێکی چکۆلەی باشووری ئاسیا [توخم *Orthotomus*: چەندین جۆرن] ◌ نوعی پرنده

tailored /ˈteɪləd, US -lərd/ *adjective*

1 (جلوبەرگ) کەسانە، کەسانەدروو، تایبەتی 2 (بۆ مەبەستێکی تایبەتی) دارێژراو، درووس کراو: *tailored benefits* ◌ 1 سفارشی 2 طراحیشده

tailoring /ˈteɪlərɪŋ/ *noun*

بەرگدروویی، جلدروویی، خەیاتی: *a tailoring business* ◌ خیاطی

tailor-made *adjective*

1 (جلوبەرگ) کەسانە، کەسانەدروو، تایبەتی: *a tailor-made suit* 2 (بۆ مەبەستێکی تایبەتی) دارێژراو، درووس کراو: *a tailor-made course of study ◊ a trip -ilor-made just for you* ◌ 1 سفارشی 2 طراحیشده

tailor-made programme *noun*

بەرنامەی دارێژراو ◌ برنامەی طراحیشده

tailpiece /ˈteɪlpiːs/ *noun*

1 پاشکۆ، پاشبەند، سەرخستە 2 نەخشی یان نەخشاندنی بنەوەی لاپەرە (بنپەڕ) یان کۆتایی بەشێکی کتێبێ 3 ژێگر، ژێگرە، ژێبەند ◌ 1 ضمیمه، پیوست 2 آذین تەصفحه یا آخر فصل 3 سیمگیر

tailpipe /ˈteɪlpaɪp/ *noun*

لوولە یان بۆری ئێگزۆز دووکەڵکێشی ئێگزۆز ◌ لولەی اگزوز

tailplane /ˈteɪlpleɪn/ *noun*

(بریتانیا) بەشی ئاسۆیی horizontal رووی (یان سەر) کلکی فڕۆکە ◌ بخش افقی سطح دم هواپیما

tailspin /ˈteɪlspɪn/ *noun*

1 کەوتنەخوارەوەی بە کلکەجوولێ، بەربوونەوەی بە کلکەلەقێوە: *to go into a tailspin* 2 بارودۆخی کۆنترۆڵنەکراو یان لەمەهاربەدەر، شێواوی، ئاڵۆزی ◌ 1 سقوط

ماریچ 2 وضعیت ناگهانی، آشفتگی

tail wind /ˈteɪlwɪnd/ *noun*

بای پشتەوە، بای راستەوانە، بای لەگەڵهاتوو ۞ باد موافق

taimen /ˈtʌɪmən/ *noun, pl.* same

جۆرێ ماسی زلەی خۆراکی، لە سیبیریا و رۆژهەلاتی ئاسیادا دەبینرێ [*Hucho taimen*] (بنەڕەت: لە رووسی‌یەوە) ۞ نوعی ماهی

Taino /ˈtʌɪnəʊ/ *noun*

زمانێکی تیاچووی کاریبیەن یان کارائیبی کۆمەڵی Arawakan (بنەڕەت: لە *taino* Taino "lord ,noble") ۞ تاینو

taint /teɪnt/ *noun*

1 پیسی، تێوەدراوی، لکە، پەڵە، فەساد، چڵکی‌کردوویی، بۆگەن‌بوون، گەنین، کرمی‌بوون، خراپ‌بوون: *to be free from the taint of corruption* 2 (بۆ شتێکی خراپ) نیشان، رەگ 3 بۆگەن، بۆنی ناخۆش ۞ 1 آلودگی، لکه، فساد 2 اثر 3 بوی بد

tainted *adjective*

1 پیس، فاسد، گەنیو، بۆگەن‌بوو، کرم‌تێداو، خراپ‌بوو، هەڵگەڕاو 2 (خوازە) تێوەدراو، پیس، عەیب‌دار، رووشاو ۞ 1 فاسد، گندیده 2 مشوب

taintless *adjective*

خاوێن، تێ‌وەنەدراو ۞ بدون آلودگی

taipan[1] /ˈtʌɪpan/ *noun*

سەرۆکی بێگانەی کارێ لە چین ۞ تایپن

taipan[2] /ˈtʌɪpan/ *noun*

جۆرێ ماری یەکجار ژاراوی زلەی قاوەیی ئەوستـرالیایی [*Oxyuranus scutellatus*] ۞ تایپن

Taiwanese /tʌɪwəˈniːz/ *adjective, noun, pl.* same

adj سەربە تایوان، تایوانی *n* خەڵکی تایوان، تایوانی ۞ *adj* وابسته به تایوانی *n* اهل تایوان، تایوانی

taj /tɑːdʒ/ *noun*

1 تاج، کلاوێکی قووچی درێژی دەروێشەکان 2 (مێژوویی) تاجی میری هێندی (بنەڕەت: لە *tāj* ئێرانی‌یەوە) ۞ تاج

Tajik /tɑːˈdʒiːk/ *noun,* also Tadjik or Tadzhik

1 تاجیک، خەڵکی تاجیکستان 2 زمانی ئێرانی تاجیکی (بنەڕەت: لە *tājik* فارسی‌یەوە "کەسێکی تاتورک و ناعەرەب") ۞ تاجیک، تاجیکی

taka /ˈtɑːkɑː/ *noun, pl.* same

تاکا (= یەکەی بنەڕەتی پارە لە بەنگلادیش، بەرامبەر بە سەد پۆیشا poisha، بنەڕەت: لە *ṭākā* بەنگالی‌یەوە) ۞ تاکا

takahe /ˈtɑːkəhi/ *noun*

(مائۆری) جۆرێ شێلاقە tailی گەورەی نیوزیلەند [*Porphyrio mantelli*] (بنەڕەت: لە مائۆری‌یەوە) ۞ نوعی آب‌چلیک

take /teɪk/ *noun*

1 گرتن 2 (پارە) وەرگیراو، داهات 3 قازانج، خێر، بەرهەم 4 (فیلم‌هەڵگری) هەڵگرتنەوە: *We managed to get it right in just two takes* 5 ئەو ئەندازەی ماسی‌یەی کە راو کراوە، بەرەماسی راوکراو 6 (باڵندە) راو 7 را، بۆچوون، دیتن: *What's his take on the plan?* ۞ 1 گرفت 2 دریافتی 3 سود، محصول 4 (فیلم‌برداری) برداشت 5 تِیک 6 شکار 7 نظر، تلقی

takeaway /ˈteɪkəweɪ/ *noun, adjective*

n 1 خۆراکی بیکڕە و بیبەوە یان بردنەوەیی 2 خواردنگە یان دووکانی بیکڕە و بیبەوە *adj* (خۆراک، رێستوران و دووکان) بیکڕە و بیبەوە ۞ *n* 1 غذای بخر و ببر 2 رستوران یا مغازەی بخر و ببر *adj* بخر و ببر

take-home pay *noun*

وەرگیراوی پوختە (دوای باج و هتد) ۞ دریافتی خالص

taken /ˈteɪkən/ *adjective,* be taken with

دڵ‌تێچوون (لە شتێ یان کەسێ)، خۆش‌لێ‌هاتن ۞ مجذوب شدن

taken /ˈteɪkən/ = past participle of take

take-in /ˈteɪk ɪn/ *noun*

فێڵ، فریو، تەڵەکە ۞ حیله

take-off /ˈteɪk ɒf/ *noun*

1 (فڕۆکە) هەستانی لە عەرزەوە، بەرزبوونەوەی فڕۆکە لە عەرز: *The plane is ready for take-off* 2 جێی هەستان، *take-off speed* ◊ *take-off* جێ‌پەڕین، جێ‌باز (لە وەختی بازداندا) 3 دەمەلاسکێ، لاسایی (کردنەوە بۆ شۆخی)، ئەدادەرهێنان، گێراف 4 (خوازە) باز، پەڕین، قەڵەمباز ۞ 1 خیز 2 پرش‌گاه 3 تیک‌اف، تقلید 4 (مجازی) جهش

takeout = takeaway

takeover /ˈteɪkəʊvə(r), US -oʊ-/ *noun*

1 دەس‌بەسەراگرتن، (کۆنترۆڵی کۆمپانیا و هتد) گرتنەدەست: *a takeover bid for the company* 2 کۆنترۆڵ، مەهار، دەس‌بەسەراگرتن، لێ‌سەندن، داگیرکردن، گرتن 3 وەرگەڕان، کودتا ۞ 1 تصاحب، کنترل 2 مهار، تصرف 3 کودتا

takeover bid *noun*

پێشنیاری کڕینی بەشەکانی کۆمپانیایێ ۞ پیشنهاد خرید سهام یک شرکت

taker /ˈteɪkə(r)/ *noun*

1 خوازیار، داخواز، تالب، داواکار 2 وەرگر ۞ 1 طالب، خواهان 2 گیرنده

-taker /ˈteɪkə(r)/ *suffix*

باشگر: ـبەر، ـهەڵگر، ـگر ۞ پسوند: ـبر، ـگیر
take-up *noun*
پێشوازی، پێرگینی (خەڵک) ۞ استقبال
takht /tɑːkt/ *noun*
تەخت (بنەڕەت: لە *takt* وەرگیراوە) ۞ تخت
takin /ˈtɑːkɪn/ *noun*
جۆرێ بزنەکێوی goat-antelope گەورەی ڕۆژهەڵاتی هیمالایا Himalayas [*Budorcas taxicolor*] ۞ نوعی بزکوهی
taking *adjective, noun*
1 *adj* جوان، دڵڕفێن، نازەنین، نازدار، سەرنجڕاکێش 2 پەتا، درم، بگرەوە، پەڕۆک *n* فرۆش (تیکێتەکانی تیاتر و هتد) (takings /ˈteɪkɪŋz/)، هەڵگرتنەوە، دەرکێشان، وەرگرتن: *The box office takings are up on last week* ۞ 1 *adj* گیرا، جذاب 2 مسری *n* (در جمع) فروش، برداشت
Taki-Taki /ˈtɑːkɪ,tɑːki/ *noun*
زمانی کریۆلی Suriname لەسەر بنچینەی ئینگلیسی ۞ تاکی‌تاکی
tala /ˈtɑːlə/ *noun, pl.* same or talas
یەکەی بنەڕەتی پارەی ساموا، بەرامبەر بە سەد sene ۞ تالا
Talaing /təˈlʌɪŋ/, *pl.* same or Talaings = Mon2
talapoin /ˈtaləpɔɪn/ *noun*
1 پیاوی دینی بودائیستی 2 جۆرێ مەیموونی چکۆلەی ئەفریکای ڕۆژاوا [*Miopithecus talapoin*] ۞ 1 کشیش بودائیستی 2 تالاپوین
talaria /təˈlɛːrɪə/ *noun, pl.*, also Talaria
(لە میتۆلۆژی ڕۆمیدا) سەرپایی (یان پێڵاوی) باڵدار، لە لایەن خودای Mercury یەوە لەپێ دەکرا ۞ تالاریا
Talbot *noun*
تالبۆت: جۆرێ تاجی زل و قورس و زۆربەسپی گوێشۆڕ ۞ تالبوت
talc /talk/ *abbreviation* talcum powder
talcum powder /ˈtalkəm paʊdə(r)/ *noun*
گەردەی تالک، هاراوەی تالک ۞ پودر تالک
tale /teɪl/ *noun*
1 چیرۆک، ڕازە، داستان، حەقایەت، حیکایەت: *a* ◊ *Dickens' 'A Tale of Two Cities'* 2 *fairy/moral/romantic, etc. tale* باسکردن، گێڕانەوە 3 قسەلۆک، بەندوباو، قاو، دەنگۆ، درۆ، فشە 4 سەرجەم، تێکرا ۞ 1 قصه، داستان 2 شرح 3 شایعه، دروغ 4 جمع
talebearer /ˈteɪlbɛːrə(t)/ *noun*, also tale-teller
دووزمان، بەقسەوباس، رابەر، قسەهێنەوبەر، شەیتان، قاوداخەر، tattletale (talebearing /ˈteɪlbɛːrɪŋ/ *n*: شەیتانی، دووزمانی، بەقسەوباسی، رابەری، خەڵک پێکادان) ۞ سخن‌چین، نمام، شایعه‌پراکن
taleggio /taˈlɛdʒɪəʊ/ *noun*
تالێجیۆ (= جۆرێ پەنیری نەرمی ئیتالیایی لە شیری مانگا) ۞ تالجیو
talent /ˈtalənt/ *noun*
1 بەهرە، توانایی، جەوهەر، خواپێداوی: *to have great artistic talent* ◊ *a man of many talents* 2 مرۆی بەبەهرە یان بەهرەوەر یان بەتوانا، کەسانی بەتوانا یان توانا: *There is a wealth of young talent in British theatre* 3 کەسانی سەرنجڕاکێش (لەباری سێکسییەوە): *He is a great talent* ◊ *He likes to spend his time chatting up the local talent* 4 سەنگ یان کێشانەیێکی زوو و یەکەی پارە، لە لایەن یۆنانی و ڕۆمییە کۆنەکانەوە بەکاردێترا (بنەڕەت: *talente* ،*talentan* ئینگلیسی کۆن (وەک یەکەیێکی سەنگ weight)، لە *talenta* لاتین، کۆی *talentum* "سەنگ، کێش، کۆی پارە"، لە *talanton* یۆنانی) ۞ 1 استعداد 2 آدم بااستعداد، افراد بااستعداد 3 افراد جذاب (از لحاظ سکسی) 4 تالنت
talented /ˈtaləntɪd/ *adjective*
بەتوانا، بەبەهرە، بەهرەوەر، بەهرەمەن(د)، بەجەوهەر، جەوهەردار، خواپێداو: *a talented player* ۞ بااستعداد
talentless /ˈtaləntləs/ *adjective*
بێتوانا، بێبەهرە، بێجەوهەر ۞ بی‌استعداد
talent scout *noun*
ڕاوچی کەسانی بەتوانا یان بەبەهرەکان، ڕاوچی بەهرەمەندەکان یان بەهرەوەرەکان ۞ شکارچی استعدادها
talent-spotter = talent scout
talent-spotting *noun*
ڕاوەبەهرە، ڕاوی کەسانی بەتوانا یان بەبەهرە ۞ شکار استعدادها
tali = plural form of talus1
talipes /ˈtalɪpiːz/ = club foot
talipot /ˈtalɪpɒt/ *noun*
باڵمی بەرزی هیندی، گەڵاگەورەی باوەشێنی [*Corypha umbraculifera*] (بنەڕەت: لە *tālī* سانسکریت، لە *tālīpatra* + "palm" *patra* "leaf") ۞ تالیپوت
talisman /ˈtalɪzmən/ *noun, pl.* talismans
تەلەسم، جادوو، چاچۆلە، دیوبەند (talismanic /-ˈmanɪk/ *adj*: ـــــــەربە، talismanically /-ˈmanɪkli/ *adv*) ۞ طلسم
talk /tɔːk/ *noun*
1 قسەکردن، خەبەردان، ئاخافتن، پەیڤین، دوان، وتە 2 وتووێژ، دانوستان: *arms/pay/peace, etc. talks* ◊ *High-level talks on arms*

to ◊ limitation will reopen next month
3 شێوەی قسەکردن 4 بابەتی *hold talks*
قسەکردن یان ئاخافتن 5 وتاردان 6 دەنگۆ،
قسەلۆک، بەندوباو، لۆغەت، چەلتە، مقۆمقۆ،
There was talk in : وتەوت، قسە
7 Washington of sending in troops
(talks) دانوستان(ەکان)، وتوویژەکان ۞ 1
گفتگو، صحبت 2 مذاکره 3 طرز سخنگویی 4
موضوع گفتگو 5 سخنرانی 6 شایعه، حرف 7
(در جمع) مذاکرات

talkathon *noun*
(ئافەرمی) دانوستان، وتوویژ یان مشتومڕی دوورودرێژ (بە مەبەستی سەرنەگرتنی شتێ، لە ئەمریکا) ۞ مذاکره یا بحث طولانی

talkative /ˈtɔːkətɪv/ *adjective*
پڕچەنە، زۆربلە، هەڵەوەڕ، چەنەدرێژ، چەقەسرۆ:
She was in a -tive mood ۞ پرحرف، وراج

talkativeness /ˈtɔːkətɪvnəs/ *noun*
زۆربلەیی، هەڵەوەڕی چەنەدرێژی چەقەسرۆیی ۞ پرحرفی

talk-back = phone-in

talker /ˈtɔːkə(r)/ *noun*
1 زمانباز، بەدەموپل، مرۆی پڕچەنە، زۆربلە، هەڵەوەڕ: *a brilliant talker* 2 مرۆی بێکردەوە
۞ 1 حراف، آدم پرحرف 2 آدم بی‌عمل

talkies *noun, pl.*
(ئافەرمی) فیلمی دەنگدار یان بەدەنگ ۞ فیلم ناطق

talking book *noun*
کتێبی دەنگدار یان بەدەنگ ۞ کتاب ناطق

talking picture *noun*
فیلمی دەنگدار یان بەدەنگ ۞ فیلم ناطق

talking point *noun*
تەوەری باس، بابەتی بەرباس، خاڵی بەرباس ۞ محور بحث

talking-to /ˈtɔːkɪŋ tuː/ *noun*
(ئافەرمی) هەڵشاخان، پیاهەڵکالان، بەگژداچوون، بەسەرداهاتن، شەڕ، سەرکۆنە: *to give sb a good talking-to* ۞ پرخاش، توبیخ، سرزنش

talk show = chat show

tall /tɔːl/ *adjective* (taller, tallest)
1 بەرز، بڵند، درێژ، کەڵەگەت، بالابەرز: *tall ◊ chimneys the tallest building in the world ◊ five feet tall* 2 باوەڕپێنەکراو، پێوەنراو، ڕێتێنەچوو: *a tall story* ۞ 1 بلند، دراز، قدبلند 2 اغراق‌آمیز، غیرمحتمل

tall adonis *noun*
(ڕووەکناسی) چاوکەڵەشێرە ۞ چشم‌خروس

tallage /ˈtalɪdʒ/ *noun*
(مێژوویی) باجێ کە ئیجارەنشین دەیدا بە خاوەنزەوی ۞ تالاژ

tallboy /ˈtɔːlbɔɪ/ = highboy

tallish *adjective*
کەمێ درێژ، تا ڕادەیێ بەرز ۞ نسبتاً بلند

tallith /ˈtalɪθ/ *noun*
کۆڵوانەی ڕیشکۆداری پیاوانی جوولەکە لە کاتی نوێژدا ۞ تالیت

tallness /tɔːlnəs/ *noun*
بەرزی، درێژی، بڵیندی، کەڵەگەتی ۞ بلندی، ارتفاع

tall oil *noun*
لابەرهەمێکی جەوکی resinous by-product لە بەرهەمهێنانی تلتەی دار کە لە بواری سابوون، ڕۆن و هتد بەکاردێنرێ ۞ کار شاق

tall order *noun*
کاری سەخت، کۆڵەمەرگی، کاری دژوار و گران ۞ کار شاق

tallow /ˈtæləʊ, US -loʊ/ *noun*
پیو، بەز (بۆ دروستکردنی مۆم، سابوون و هتد بەکاردێنرێ) ۞ پیه

tallow tree *noun*
دارپیو، داربەز، دەنکەکانی چەورن و ڕۆنەکان لەوەوە دەردێنرێن [*Sapium sebiferum* (ئاسیای ڕۆژهەلات) و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی درخت

tallowy /ˈtæləʊi/ *adjective*
پیوئاسا، پیوی، بەزی، بەزاوی، بەزئاسا، چەور ۞ پیه‌مانند، چرب

tall ship *noun*
(لە ڕابردوودا) کەشتی بەرز (بە دارالای زۆر بەرزەوە) ۞ تول‌شیپ

tall story *noun*
چیرۆکی باوەڕپێنەکراو (زۆرپێوەنراو) ۞ داستان غیرقابل اعتماد

tall tale = tall story

tally /ˈtæli/ *noun, pl.* tallies
1 حیساب، حسێب 2 بەرچەسپ، یافتە (بۆ ناسینەوە یان لێککردنەوە) 3 (پێشبڕکێ) کۆی خاڵەکان 4 لەلە، گاز 5 (کۆن) هاوتا ۞ 1 حساب 2 برچسب 3 (مسابقه) جمع امتیازات 4 چوب‌خط 5 المثنی

tallyho *noun,* also tally-ho
تەلیهو، حەلەلەل، ئەها، هانێ (هەرا و گوڕەی کاتی ڕاوچێ ڕێوی دەبینێ) ۞ تالیهو

tallyman *noun, pl.* tallymen
بازفرۆش، بە شێوەی باز دەفرۆشێ ۞ فروشنده با نظام تقسیطی

Talmud /ˈtælmʊd, US ˈtɑːl-/ *noun*
تەلمود، دینامە (شەریعەتی جوولەکە؛ Talmudism *n*؛ بنەڕەت: لە *talmūd* late "instruction" Hebrew، لە *lāmad* عیبری "فێربوون") ۞ تلمود

Talmudic /ˌtæl'mʊdɪk, US -'mju:d-,ˌtɑ:l-/ *adjective*, also Talmudical
سەربە تەلمود، تەلمودی ۞ وابستە بە تلمود
Talmudist *noun*
تەلمودباوەر، زانای تەلمود، نووسەر یان کۆکەرەوەی تەلمود، تەلمودنووس، تەلموددانەر ۞ تلمودیست
Talmud Torah *noun*
1 بواری لێکۆڵینەوەی قانوون و شەرعی جوولەکە 2 جۆرێ خوێندنگا کە منالان فێری یەهوودیەت دەکرێن ۞ تلمود تورات
talon /'tælən/ *noun*
1 (ب.ت. talons) چنگاڵ، چنگ، پەنجە، چرنووک، نینۆخ 2 پاژنە، پاشنە 3 (پەڕین) پاشماوەی دەست 4 (بیناسازی) نەخشی دووچەم(او، یەکیان بە چاڵدا و ئەوی‌دیان بە رووددا)، پاژنان (بنەڕەت: لە لاتینەوە talus ("ankle bone, heel" ۞ 1 چنگال، ناخن 2 پاشنە 3 تالون 4 ابزار دوخم
taloned *adjective*
چنگاڵ‌دار، چنگن، پەنجەدار، چرنووک‌دار ۞ دارای چنگال
talus[1] /'teɪləs/ *noun, pl.* tali /-lʌɪ/
(توێکاری) قولاپە، گوێزینگ، خرتکە، قولەپێ، دەق ۞ قوزک
talus[2] /'teɪləs/ *noun, pl.* taluses
1 خرکەبەرد، وردکەبەرد 2 لێژ، تەلان، لاپێ ۞ 1 سنگریزە 2 شیب‌دار
TAM /tæm/ *noun, abbreviation* television audience measurement
تام: توێژینەوەیێ کە بۆ نرخاندن یان هەڵسەنگاندنی ژمارەی بینەران و تەماشاکەرانی بەرنامەیێکی تەلەفزیۆنی بەکاردێت ۞ تام
tamable *adjective*, also tameable
لەماڵی‌هاتوو ۞ قابل رام
tamale /tə'mɑ:leɪ, US -'mɑ:li/ *noun*
تەمالی: چێشتێکی مێکسیکی ۞ تامالی
tamandua /tə'mand(j)ʊə, US ˌtam(ə)n'du:ə/ *noun*
تەمەندوا، مێروو(لە)گرە، راوچی مێروولە (جۆرێ مێرووخۆرە [توخم *Tamandua*: دوو جۆرن]) ۞ تاماندوا
tamarack /'tamərak/ *noun*
تەمەراک، رەشەکاژ، داری رەشەکاژ: جۆرێ رەشەکاژی باریکی ئەمریکای باکووری [*Larix laricina*] ۞ تاماراک، چوب تاماراک
tamari /tə'mɑ:ri/ *noun*
جۆرێ سۆسی soy پرشتی بەخۆترشاو (لە ژاپۆنی‌یەوە) ۞ تاماری
tamarillo /ˌtamə'rɪləʊ/ *noun, pl.* tamarillos
بەری سووری هێلکەناسای گیایێکی گەرمێنانی ئەمریکای باشووری [*Cyphomandra betaceae*] ۞ تاماریلو
tamarin /'tam(ə)rɪn/ *noun*
(گیانەوەرناسی) جۆرێ مەیموونی چکۆلەی دارستان‌نشینی ئەمریکای باشووری، لە تیرەی marmoset [توخم *Saguinus* و *Leontopithecus*: چەندین جۆرن] ۞ تامارین
tamarind /'tæmərɪnd/ *noun*
خورمای هیندی (بنەڕەت: *tamr hindī*: عەرەبی)، تەمەرهیند، داری تەمەرهیند، تەمری هیندی [*Tamarindus indica*] ۞ تمرهندی، درخت تمرهندی
tamarisk /'tam(ə)rɪsk/ *noun*
1 گەز، داری گەز، کەفر، داری گزیچار، گەرس، سۆڵەدار [توخم *Tamarix*: زۆر جۆرن] 2 گەزمازوو (tamarisk gall) ۞ 1 درخت گز 2 تماریسک
tambala /tam'bɑ:lə/ *noun, pl.* same or tambalas
تامبالا: یەکەی پارەی مالاوی، بەرامبەر بە سەدیەکی kwacha ۞ تامبالا
tambour /'tæmbʊə(r), US -bʊr/ *noun*
1 تەپڵ، دمەک، دەهۆڵ، تولوم، تەپڵ‌ژەن 2 درگای کەشەوی 3 (چوار)چێوەی نەخشاندن، چوارچێوەیێکی خڕ بۆ راگرتن و کێشانی پارچە و کوتاڵ (بۆ ئۆیەچنی یان گرێ‌چنی embroidery)؛ هەروەها خودی گرێ‌چنی یان ئۆیەچنی‌یەکە 4 (بیناسازی) جۆرێ دیواری لوولەکی و خڕ بۆ راگیرکردنی گومەز؛ هەریەک لەو بەردە لوولەکی‌یانەی cylindrical پێکهێنەری قەدی ستو و کۆلەکەین 5 دیوار یان پشت‌بەستێکی خوار (کە تۆپەکە دەگەرێنێتەوە نێوەڕاستی مەیدان، لە تەنیس و هتد) ۞ 1 طبل، طبل‌زن 2 در کشوی 3 تمبور 4 گریوگنبد 5 تمبور
tamboura /tam'bʊərə/ *noun*, also tambura
1 (هەروەها tanpura) عوودیکی گەورەی چوارژێ، لە موسیقای هیندی‌دا بەکاردێت، تەمبوورە 2 جۆرێ عوود یا ماندۆلینی ولاتانی باڵکان، تەمبوورە ۞ تمبورا
tambourin /'tambərɪn/ *noun*
1 جۆرێ تەپڵ یان دەهۆڵی درێژ و باریک لە Provence 2 هەڵپەڕکێ و سەما بەو دەهۆڵە ۞ تمبورین
tambourine /ˌtæmbə'ri:n/ *noun*
دەف، گەوال، دەفی زریزەدار، دایرەی زەنگی ۞ داریەی زنگی
tambourinist *noun*
دەف‌ژەن، گەوال‌ژەن، دایرەژەنی زەنگی ۞ نوازندەی داریەی زنگی
tamburitza /tam'bʊrɪtsə/ *noun*
جۆرێ ماندۆلینی مل‌درێژ، لە کرواتیا و ولاتانی

دراوسێ لێدەدری (سێربۆ-کرواتیا، چکۆلێنراوی *tambura* (بڕوانە tamboura) ◯ تامبوریتزا

tame /teɪm/ *adjective* (tamer, tamest)
1 دەستەمۆ، دەسازۆ، مالی، رام، کەدی، دەستەمۆ، دەسەلێن، ناکێوی، domesticated، دژی wild: *The bird became so tame* ◊ *tame animals that it was impossible to release it back into the wild* 2 گوێڕایەڵ، ملکەچ، بەقسەکردوو، بەرخ‌ئاسا، بەگوێ، هێمن، قەبیس، ترسەنۆک 3 وەڕەس‌کەر، ناخۆش، قۆر 4 (زەوی) کێڵراو، شێوبراو ◯ 1 رام، اهلی 2 فرمانبردار، ترسو 3 کسل‌کننده 4 شخم‌زده

tameless *adjective*
مالی‌نەبوو، رام‌نەکراو ◯ رام‌نشو

tamely /teɪmli/ *adverb*
بە شێوەیەکی دەسازۆ یان مالی، دەستەمۆیانە: *She's not likely to stand by and tamely accept defeat* ◯ به طور رام

tameness /teɪmnəs/ *noun*
دەبێتە مالی، رام‌بوویی، دەستەمۆیی، دەسازۆیی ◯ رامی

tamer /ˈteɪmə(r), US ˈteɪmər/ *noun*
(زۆرتر لە لێکدانا) رام‌کەر، کەسێ کە گیانەوەرانی دڕ و کێوی دەکاتە مالی: *a lion-tamer* ◯ (در ترکیب) رام‌کننده، اهلی‌کننده

Tamil /ˈtæmɪl/ *adjective, noun*
adj سەربە تامیل، تامیلی *n* 1 خەڵکی تامیل (لە چەند بەشێکی هێندی باشوور و سریلانکادا دەژین) 2 تامیلی، زمانی (دراڤیدی) تامیلەکان ◯ *adj* وابسته به تامیل *n* 1 اهل تامیل 2 زبان تامیلی

Tammany /ˈtaməni/ *noun*, also Tammany Hall
(لە ئەمریکا) کۆمەڵ یان ڕێکخراوەی رامیاری گەندەڵ (بنەڕەت: لە ناوی ڕێکخراوەیێکی بەهێزی نێو پارتی دیموکراتیکی ئەمریکا، بارەگاکەی لە *Tammany* Hall نیویۆرک بوو) ◯ گروه یا سازمان سیاسی فاسد

tammy = tam-o'shanter

Tam-o'shanter /ˌtæməˈʃæntə(r)/ *noun*
1 قارەمانی هۆنراوەی تام و شانتێری Robert Burns (1790) 2 تام ئۆ شانتێر (tam-o'shanter) (کڵاوێکی خڕی سکاتلەندی‌یە) ◯ تام اوشانتر

tamoxifen /təˈmɒksɪfɛn/ *noun*
تامۆکسیفێن $C_{26}H_{29}NO$ (دەرمانێ کە بۆ چارەسەری شێرپەنجەی مەمک (پاش(لە)زگ‌چوونەوە postmenopausal) بەکاردێتری) ◯ تاموکسیفن

Tampax /ˈtæmpæks/ *noun, pl.* same
تامپاکس (ناوی دەستەیێ لە tampon ی ئاسایی) ◯ تامپاکس

tamperer *noun*
1 دەستکاری‌کەر، شێوێنەر، چەواشەکەر 2 دەس‌تێوەردەر، خۆتێکەڵ‌کەر ◯ 1 تحریف‌کننده 2 مداخله‌کننده

tampion /ˈtampɪən/ *noun*, also tompion
(فەرەنسی) تۆپەوانە (لە دار بۆ دەم و درگای تۆپ) ◯ توپی

tampon /ˈtæmpɒn, US -pɑːn/ *noun*
تامپان، تامپۆن، خوێن‌مژک، پەڕۆی بێنوێژی (ژنان دەیخەنە نێو شەرمیان بو بەربەست‌کردنی خوێن لە وەختی بێنوێژی‌دا)، تامپێکس ◯ تامپون، تامپکس

tam-tam *noun*
زەنگی پەیکەیی ◯ ناقوس قرصی‌شکل

Tamworth *noun*, borough in Staffordshire, England
جۆرێ ڕەگەزی لەش‌درێژی بەرازی سوور، لە ئینگلتەرە پەرەی پێدرا ب.ت. لەبەر بەرهەم‌هێنانی bacon ◯ تامورس

tan[1] /tæn/ *adjective, noun*
adj 1 قاوەیی مەیلەو زەرد، قاوەیی کاڵ 2 قاوەیی، سووتاو، رەش‌داگەڕاو *n* 1 رەنگی قاوەیی مەیلەو زەرد یان قاوەیی کاڵ 2 (هەروەها tanbark) جەوت، توێکڵی داربەڕوو یا هی تر ◯ *adj* 1 قهوه‌ای نسبتاً زرد 2 برنزه *n* 1 رنگ قهوه‌ای روشن 2 جفت

tan[2] /tæn/ *abbreviation* tangent

tanager *noun*
(باڵندەناسی) تاناگێر، تەناگێر (= جۆرێ باڵندەی ئەمریکایی [زوورخێزان Thraupinae: گەلێ جۆرن]) ◯ تاناگر

T and AVR *abbreviation* Territorial and Army Voluntary Reserve

Tánaiste /ˈtɔːnɪʃtə, Irish ˈtaːnəsʲtʲə/ *noun*
جێگری سەرۆک‌وەزیر(ان)ی کۆماری ئیرلەند ◯ معاون نخست وزیر جمهوری ایرلند

tanbark /tæn bɑːk/ *noun*
توێخڵی داربەڕوو، جەوت، جفت، کلاوەبەڕوو ◯ پوست بلوط، جفت

tandem /ˈtændəm/ *noun, adverb*, also tandem bicycle
n 1 چەرخی دووکەسە یان دووتەرکە 2 کالیسکەی دوو ئەسپە یان دووگیانەوەری لە دوای یەکتر *adv* 1 دووتەرکە، دووپشتەکی 2 پێکەوە، لەگەڵ‌یەک، هاوکات، بە دوای یەک‌دا، لە دەمێک‌دا ◯ *n* 1 دوچرخەی دونفره 2 تاندم *adv* 1 دوترکه 2 با هم، هم‌زمان

tandoor /ˈtanduə, US tanˈduə/ *noun*
تەنوور، تەندوور ◯ تنور

tandoori /tænˈduəri, US -ˈduri/ *adjective*,

noun
adj تەنووری n لێنانی تەنووری (جۆری چێشتی هێندی کە لەسەر ڕەژی لە کوانوودا ساز دەبێ) ◌ adj تنوری n طبخ تنوری

tandoori chicken *noun*
مریشکی تەنووری ◌ مرغ تنوری

tang[1] /tæŋ/ *noun*
1 بۆنی تیژ، تام یان چێژی تیژ، تامی دۆخ: *the -g of lemons* 2 (چەقۆ یان ئامرازی تر) زمانە، دەرپەڕیوی ◌ 1 بوی تند، مزەی تند 2 زبانه

tang[2] /tæŋ/ *noun*
جۆری surgeonfish دەوروبەری شیلان و بەردەکان [تۆخم *Acanthurus*: چەندین جۆرن] ◌ نوعی ماهی

tangelo /'tan(d)ʒələʊ/ *noun, pl.* tangelos
میوەی دوورەگە لە نارنگی و گریپفروت (لە pomelo + tangerine پێکهاتووە) ◌ تانگلو

tangency /'tændʒənsi/ *noun*
تانژانسی، بەرکەوتەیی، لێکەوتەیی، بەرکەوتن، بەرکەوت ◌ تماس

tangent /'tændʒənt/ *noun, adjective*
n هێڵ یان ئاستی بەرکەوتە یان لێکەوتە یان بەرکەوت adj (هێڵ یان ئاستی) تانژانت، بەرکەوتە، لێکەوتە (بنەڕەت: لە -tangent، *tangere* لاتین "touch") ◌ n خط یا سطح مماس adj مماس، تانژانت

tangential /tæn'dʒenʃl/ *adjective*
لاوەکی، لابەلایی، ناسەرەکی، پەراوێزی، ناڕاستەوخۆ: ◊ *a tangential argument* ◌ *tangential involvement* جنبی، حاشیەای، غیرمستقیم

tangentially /tæn'dʒenʃli/ *adverb*
بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لاوەکییانە ◌ بە طور جنبی یا غیرمستقیم

tangerine /ˌtændʒə'riːn, US 'tændʒəriːn/ *noun*
1 لالەنگی، نارنگی، خۆشداکەنە 2 داری نارنگی [*Citrus reticulata*] 3 ڕەنگی پرتەقالی (تۆخ، لە ناوی *Tangier* ی مۆرۆکۆ) ◌ 1 نارنگی 2 درخت نارنگی 3 رنگ نارنگی

tangibility /ˌtændʒə'bɪləti/ *noun*
دەسلێکەوتوویی، هەستپێکراوی، پێپێبردوویی ◌ لمس‌پذیری

tangible /'tændʒəbl/ *adjective, noun*
adj 1 دەسلێکەوتوو، هەستپێکراو 2 پێپێبردوو، بابەتی، ڕاستەقینە، ڕیال، واقعی، دیار، (لە)بەرچاو، خۆیا، ئاشکرا، ڕوون، ڕۆشن: ◊ *tangible benefits/improvement, etc.* *We cannot accept his findings without -ngible evidence* n شتی هەستپێکراو (کە بتوانرێ دەستی لێبدرێ) ◌ adj 1 لمس‌شدنی 2 عینی، مشخص، معلوم n چیز محسوس

tangibly /'tændʒəbli/ *adverb*
بە شێوەیێکی دیار یا بەرچاو، هەستپێکراوانە ◌ بە طور بارز یا محسوس

tangle /'tæŋgl/ *noun*
1 تێکئالاوی، ئالۆسکاوی، گرێتێکەوتوویی، سەرنادیاری، شانەنەکراوی: *a tangle of branches* 2 گرێ، گیر 3 شێواوی، ئالۆزی، شپرزەیی، گێروگرفت، شەڕ، کێشە، تێکهەڵچوون، تێکبەربوون 4 بارودۆخی ئالۆز ◌ 1 گوریدگی 2 گیر 3 آشفتگی، نابسامانی، درگیری، گرفتاری 4 وضع بغرنج

tangled /'tæŋgld/ *adjective,* also tangled up
1 شانەنەکراو، ئالۆسکاو، تێکئالاو، گرێتێکەوتوو، گریمانە، سەرنادیار 2 شێواو، ئالۆز، شپرزە، هەڵشێویەڵشێو، تێکەولێکە: *tangled hair/bed clothes* 3 ئالۆز، پێچەڵاوپێچ، سەخت ◌ 1 گوریدە 2 آشفتە 3 بغرنج

tango /'tæŋgəʊ, US -gou/ *noun, pl.* tangos
(سەما، ئەمریکای باشووری) تانگۆ، پارچە موسیقایێ بۆ تانگۆ ◌ تانگو

tangram /'tangram/ *noun*
تانگرام: جۆرێ مەتەڵی چینی کە پێکهاتووە لە چوارگۆشەیێکی دابەشکراو بۆ حەوت بەش کە دەتوانرێ ڕێکخرێ و شتی جیاجیای تری لێ سازکرێ ◌ تانگرام

tangy /'tæŋi/ *adjective* (tangier, tangiest)
(بۆن، تام و هتد) تیژ، دۆخ، توند: *a refreshing tangy lemon flavour* ◌ تند

tania = tannia

tank /tæŋk/ *noun*
1 (هەروەها thankful /tæŋkful/) تانکی، گازدان، ئاودان، حەوز، عەماراو، عەمارگاز، تانکێر، تانکییێ: *2 a hot water tank* (میلیتاری) تانک 3 (ماشێن و هتد) تانک، باک، جێبەنزین، جێگازۆل 4 (لە هیند و پاکستان) بناوان، گۆم یان ئەستێرک (بەربەندی دەسکرد بۆ هەڵگرتنی ئاو) ◌ 1 مخزن، بە اندازەی یک مخزن 2 تانک 3 باک 4 تانک

tanka /'tɑːŋka/ *noun, pl.* tankas
وتەکێشی دینی تیبەتی (یان تەبەتی) لەسەر تۆمار، وەکوو ئاڵا دەکرێ بە پەرستگە و لە ڕێپێوانێدا هەڵدەگیرێ ◌ تانکا

tanka /'taːŋkə/ *noun, pl.* same or tankas
هۆنراوەی ژاپۆنی پێنج‌دێری (و 31 بڕگەیی) کە یەکەمین و دووهەمینی 5 بڕگە و ئەوانی‌دیش 7 بڕگەیین syllable ◌ تانکا

tankage /'tæŋkɪdʒ/ *noun*
1 هەڵگرتن (لە تانکدا) 2 حەقی هەڵگرتن 3 جێ یان نێوەڕۆکی تانکێ، تانکاژ ◌ 1 ذخیرەسازی 2 حق ذخیرە 3 تانکاژ

tankard /'tæŋkəd, US -ərd/ *noun*
1 پــارچی ئاســنی درگــادار 2 بیرەخــۆری، ئاوجۆخۆری (دەسکدار) ◌ 1 پارچ فلزی دردار 2 آبجوخوری

tank car *noun*
(ریی ئاسن) واگۆنی عەماری یان تانکیری ◌ واگن مخزنی

tank destroyer *noun*
تانکشکێن ◌ ضد تانک

tanked up *adjective*, also tanked
(ناڤەرمی) مەستی مەست، کەلەلا ◌ پاتیل

tanker /'tæŋkə(r)/ *noun*
1 کەشتی یان فڕۆکەی نەوتهەڵگر (نەوتبەر) 2 تانکیر: *an oil tanker* ◌ 1 کشتی یا هواپیمای نفتکش 2 تانکر

tanker truck *noun*
تانکیر ◌ تانکر

tank-faming *noun*
پەروەردەی گیاوگژ لە پەیناودا (بەبێ گڵ) ◌ تانکفارمینگ

tankful *noun, pl.* tankfuls
تانکیێ، پڕ تانکیێ، تانکیرێ ◌ بە اندازەی یک مخزن

tank top *noun*
پۆلیڤیری بێقۆل ◌ پلیور بیآستین

tank town *noun*
(ناڤەرمی) شاری چکۆلە و ناگرنگ ◌ شهر کوچک و بیاهمیت

tank tread *noun*, also Caterpillar track (trademark) especially in *BrE*
پشتێنەیێکی کانزایی کە بە دەور پێچکە و چەرخی ماشێنە قورسەکاندا دەبەسترێ بۆ رۆیشتن بە جێگای ناڕێک و نەرمدا ◌ تانک ترید

tannage /'tænɪdʒ/ *noun*
دەباغی، پێستەخۆشکردن، تاڵدان، هەڵاڵگەری ◌ دباغی

tannate *noun*
ئاوێتەیێکی تانین tannin، خوێی tannic acid ◌ دباغی

tanned /tænd/ = suntanned

tanner[1] /'tænə(r)/ *noun*
دەباغ، پێستەخۆشکەر، هەڵاڵگەر ◌ دباغ

tanner[2] = (informal) sixpence

tannery /'tænəri/ *noun, pl.* tanneries
دەبباغی، پێستەخۆشکردن، هەڵاڵگەری، گەمارگە، خۆش(ە)خانە، هەڵاڵخانە ◌ دباغی

tannia /'tanɪə/ *noun*, also tania
جۆری رووەکی بالابەرزی کاریبەن یان کارائیب لە خێزانی arum] *Xanthosoma* *sagittifolium*[◌ تانیا

tannic *adjective*
1 سەربە یان بەرهەمهاتوو لە tan یان 2 tannin (دەربارەی مەی) بە تام و مەزەی تاڵەوە، astringent taste لەبەر بوونی تانین ◌ تانیک

tannic acid /'tænɪk 'æsɪd/ *noun*
ترشەڵۆکی تەنیک (تانیک) ◌ اسید تانیک

tannin /'tænɪn/ *noun*
تەنین، تاڵ، هەلاڵ یان دەرمانی پێستەخۆشکردن، مازوو؟ ◌ تانن

tanning *noun*
دەبباغی، پێستەخۆشکردن، تاڵدان، هەلاڵگەری ◌ دباغی

Tannoy /'tænɔɪ/ *noun*, trademark
(بریتانیا) بڵیندگۆ: *to make an announcement over the -y* ◌ بلندگو

Tanoan /tə'nəʊən/ *noun, adjective*
تانۆیی، تانوان: *n* خێزان یان کۆمەڵی زمانە چکۆلەکان کە ژمارەیێکی زمانە سووریپێستەکانی Pueblo دادەگرێ (لە باکوور و ناوەندی نیومەکسیکۆ) *adj* سەربەو خێزان یان کۆمەڵە زمانییە ◌ تانوان، تانویی

tanpura /tʌn'puːrə/ = tamboura1

tansy /'tanzi/ *noun, pl.* tansies
جۆری گیای گەلابۆنخۆش aromatic leaves بۆ پاتاڵ و مالات زاراوییە] *Tanacetum vulgare* و جۆرە پێوەندیدارەکان[◌ تانسی

tantalate *noun*
خوێی ترشەڵۆکی تانتالیک tantalic acid ◌ تانتالات

tantalic *adjective*
سەربە تانتالۆم، تانتالی، پێوەندی بە تانتالۆمەوە هەیە ◌ وابستە بە تانتال

tantalite /'tantəlʌɪt/ *noun*
تانتالیت: کانیکی رەشی چری کەمپەیدا، لە ئۆکسایدی تێکەڵی ئاسن و تانتالۆم پێکهاتووە (بنەڕەت: لە -ite[1] + tantalum) ◌ تانتالیت

tantalizing /'tæntəlaɪzɪŋ/ *adjective*
دەردیێدەر، دیقپێکەر، بەکەڵکەڵەخەر: *The tantalizing aroma of fresh coffee wafted towards them* ◌ وسوسەانگیز

tantalizingly /'tæntəlaɪzɪŋli/ *adverb*
دەردیێدەرانە، دیقپێکەرانە، بەکەڵکەڵەخەرانە: *The branch was tantalizingly out of reach* ◌ بە طور وسوسەانگیز

tantalum /'tæntələm/ *noun*
تانتالۆم، تانتال (بە ژ.گ. 73، ن. Ta؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *Tantalus* لاتین: لە نەتوانینی بۆ مژینی ترشەڵۆک) ◌ تانتال

Tantalus /'tantələs/ *noun*, Latin, from Greek *Tantalos*
1 (لە میسۆلۆژی یونانیدا) پادشای ئەفسانەیی فریژیا لەبەر تاوانەکانی بەوە legendary king

سزا درا کە میوە و ئاوی لەبەردەما بوو (لە Hades)، بەلام دەستی پێ ڕانەدەگەیشت 2 (tantalus) دۆلاب، ڕەفحە و قەفەسە یان cellarette ی قوفڵکراو و داخراو کە لە پشت شووشەکانیەوە خواردنەوە و تونگەمەی خۆشڕەنگی تیایە ◌ تانتالوس

tantamount /ˈtæntəmaʊnt/ *adjective*

(tantamount to) بەرامبەر، وەکوو: *an insult* *a* ◊ *tantamount to a slap in the face* *relationship -mount to marriage* ◌ معادل

tantara /ˈtæntrə/ *noun, pl.* tantaras

دەنگی شەیپوور یان زوڕنا یان سوڕنا ◌ صدای شیپور

tantivy /tanˈtɪvi/ *noun* (*pl.* tantivies), *adjective*

n چوارناڵە، چارگافی، غار، سواری تەخت *adj* زوو، خێرا، توند ◌ *n* تاخت *adj* سریع، تند

tantra /ˈtantrə, US ˈtʌntrə/ *noun*

1 دەقی جادوویی یان نهێنی بودائیستی و هیندوویی 2 لایەنگری لە ڕێباز و بنەماکانی تانترا، کە بریتین لە: meditation ،mantra و ritual و yoga ◌ تانترا

tantric /ˈtantrɪk, US ˈtʌntrɪk/ *adjective*

سەربە تانترا، پێوەندی بە تانتراوە هەیە، تانترایی ◌ وابستە بە تانترا

tantrism *noun*

تانتراگەری، تانتراباوەڕی، تانتریزم ◌ تانتریسم

tantrist *noun*

تانتراگەر، تانتراباوەڕ، تانتریست ◌ تانتریست

tantrum /ˈtæntrəm/ *noun*

نارەحەتی، ڕقهەستاوی، تووڕەیی، (منداڵ) ناجسنی، نارەسەنی، بەهانەگرتوویی، گرەزۆکی، گرینۆکی: *to have/throw a tantrum* ◌ کجخلقی، خشم، (کودک) بهانەگیری، نحسی

Tanzanian /ˌtanzəˈniːən/ *adjective, noun*

adj سەربە تانزانیا، تانزانیایی *n* خەڵکی تانزانیا، تانزانیایی ◌ *adj* وابستە بە تانزانیا *n* اهل تانزانیا، تانزانیایی

tanzanite *noun*

تانزانیت: کانیکی شینی تۆخی zoisite ی، وەک gemstone بەکاردێت (لە ناوی تانزانیای ئەفریکاوە، چونکو لەوێ دۆزرایەوە) ◌ تانزانیت

Tao /taʊ, US ˈtɑːəʊ/ *noun*

تاو (هێزی سروشتی کە پێیوایە هەموو شتێ بەپێی تائۆیزم لە گەردووندا پێکهاتووە، لە چینی: "ڕێگا (ی ڕاست)") ◌ تائو

Taoiseach /ˈtiːʃəx/ *noun*

تیشخ، تائۆشۆک، تائۆسیچ، سەرۆکوەزیری کۆماری ئیرلەند (بنەڕەت: ئیرلەندی بە واتای "ڕێبەر، سەرۆک") ◌ تائوشوک، نخستوزیر جمهوری ایرلند

Taoism /ˈdaʊɪzəm, US ˈtaʊ-/ *noun,* also Daoism

تائۆباوەڕی، تائۆئیزم (لە چینی کۆن سەری هەڵدا و لەسەر بنچینەی نووسراوەکانی لائۆتزۆ Lao Tzu ڕۆنراوە) ◌ تائوئیسم

Taoist /ˈdaʊɪst, US ˈtaʊ-/ *noun, adjective*

تائۆیست، تائۆباوەڕ ◌ تائوئیست

Taoistic /ˈdaʊɪstɪk, US ˈtaʊ-/ *adjective*

تائۆباوەڕییانە، سەربە تائۆباوەڕی یان تائۆئیزم ◌ تائئیستی

tap[1] /tæp/ *noun*

1 (هەروەها faucet) شیرە، بەلووعە، تۆپەوانە، دەمەوانە، بلبلە: *a gas* ◊ *Turn the tap on/off* 2 گوێگرتن، کۆنترۆڵ، گوێهەڵخستن (لە قسەی تەلەفونی): *a phone -p* 3 کون 4 (بریتانیا) مەیخانە، مەیفرۆشی 5 (دەنگناسی) بتە؟: دەنگێ کە لەودا زمان سووک و خێرا بەپێ دەکێشێتە بەش و ناستێکی دەم، وەک /t/ لە *later* (یان *little, city, dirty*) لە ئینگلیسی ئەمریکای و /r/ لە *very* هیندێ زاراوەی بریتانیایی 6 = tap-dancing ◌ 1 شیر، توپی 2 استراق سمع 3 سوراخ 4 بار 5 زنش

tap[2] /tæp/ *noun*

1 پتە، پەلەپیتکە، لێدانی بە سووکی (ب.ت. بۆ ئاگاداری): *He felt a -p on his shoulder* *a tap at/on the door* ◊ *and turned round* 2 نالی پاژنە یان ژێرپەنجەی پێڵاو بۆ دەنگلێوەهاتن لە سەمادا ◌ 1 تلنگر 2 تاپ

tapa /ˈtɑːpə/ *noun*

1 تویکلی ناسکی داری mulberry 2 (هەروەها tapa cloth) پارچەی لەو تویکڵە، لە دورگەکانی پاسیفیکدا بەکاردێت ◌ تاپا

tap dance *noun,* also tap-dancing

سەمای تەپ، تەپدانس ◌ تپرقص

tap dancer *noun*

تەپدانسێر ◌ تپدانسر

tape /teɪp/ *noun*

1 زیوار، باریکە، بەن، بەند، بەنۆکە، تیزماڵک، پەت: *The papers were in a pile, tied together with a tape* 2 شریت یان باریکەی هێڵی کۆتایی پێشبڕکێ: *3 the finishing tape* دەنگبەند، شریت، نەوار، نەواری ڤیدیۆ: *Police* 4 *seized various books and tapes* نەوارچەسپ، باریکەچەسپ: *adhesive/sticky tape* 5 ئەندازە، میتر tape-measure ◌ 1 نوار 2 تیپ 3 نوار ضبط صوت، نوار ویدئو 4 نوارچسب 5 متر

tape deck *noun*

(سیستمی دەنگی) دێک ◌ دک

tape drive *noun*

(کامپیوتێر) تەیپدرایف ◌ نوارگردان

tape measure *noun*
ئەندازە، میتر (بۆ پێوان یان ئەندازەگرتن) ۞ متر
taper /'teɪpə(r)/ *noun*
1 مۆمی درێژ و باریک، مۆمی پلیتە، شەمی باریک 2 بەرەبەرە کەمبوونەوە ۞ 1 شمع دراز و باریک 2 کاهش تدریجی
tape-recorded *adjective*
تۆمارکراو ۞ ضبطشده
tape recorder *noun*
(دەزگای) تۆمارکردن، دەنگگر ۞ ضبط صوت
tape recording *noun*
تۆمار (ی دەنگ): *a tape recording of the interview* ۞ ضبط
taperer *noun*
مۆمهەڵگر (لە ڕێوڕەسمی دینیدا) ۞ حامل شمع
tapestried *adjective*
رازێنراو بە فەرشی دیواری یا پەردەنەخشینە ۞ تزئینشده با فرشینه
tapestry /'tæpəstri/ *noun, pl.* tapestries
1 مافوورەی دیواری، فەرشی دیواری یا هەڵواسراو، پەردەنەخشینە، پەردەی دیواری: *crafts such as* ◊ *medieval tapestries* 2 هونەری چنینی *embroidery and tapestry* ۞ 1 فرشینه 2 تاپستری tapestry
tapetum /tə'pi:təm/ *noun*
پەردە(ک): توێێکی پەرچدەرەوەی choroidی لە چاوی زۆر گیانەوەردا، کە دەبێتە هۆی درەوشانەوەی لە تاریکیدا ۞ تاپتوم
tapeworm /'teɪpwɜ:m, US -wɜ:rm/ *noun*
کرمەباریکە، زووری، مۆلک [پۆل Cestoda: زۆر جۆرن] ۞ کرم کدو
taphole *noun*
کونی تۆپەوانە ۞ سوراخ توپی
taphonomic *adjective*
سەربە taphonimy یان گۆڕەوانی ۞ وابسته به تافونومی
taphonomist *noun*
تافۆنۆمیست، گۆڕەوان ۞ تافونومیست
taphonomy /ta'fɒnəmi/ *noun*
1 گۆڕەوانی: لقێ لە کۆنناسی palaeontology لەمەڕ ڕەوت و پرۆسەی بوونە بووبەردەوە fossilization، لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی ژینگەیی کە کاریگەری لەسەر بوونەبووبەردەوە هەیە 2 باروودۆخ و پرۆسە و ڕەوتی بوونەبووبەرد یان فۆسیلیزاسیۆن (بنەڕەت: لە *taphos* یۆنانی "گۆڕ grave" + -nomy) ۞ تافونومی
tapioca /ˌtæpi'əukə, US -'oukə/ *noun*
تاپیۆکا (= خواردەمەنی نشاستەیی لە شێوەی دانی سپی ڕەق کە لە گیای شیرهەرد دەگیرێ) ۞ تاپیوکا
tapir /'teɪpə(r)/ *noun*
بەرازی لمۆزدار، بەرازەلمۆزنە (لە ئەمریکای ناوەندی و باشووری و باشووری ڕۆژاوای ئاسیادا دەژی [*Tapirus*: چوار جۆرن]) ۞ تاپیر
tapis /'tapi:/ *noun, pl.* same
(کۆن) بەڕە، ڕایەخ، پلاس، قاڵی ۞ گلیم، قالی
tappet /'tapɪt/ *noun*
هەڵێنی سوپاپ، ژێرسوپاپ، ژێرسوپاپ، تاپیت، تەپیت ۞ تاپیت
taproom /'tæpru:m, US -rum/ *noun*
مەیخانە، مەیفرۆشی ۞ بار
taproot /'tæpru:t/ *noun*
سەرڕەگ، بنەڕەگ، شاڕەگ ۞ ریشەی اصلی
tapster /'tæpstə(r)/ *noun*
(کۆن) مەیگێڕ ۞ ساقی
tapu /'tɑ:pu:/ = forbidden, taboo, *adjective*
tap water *noun*
ئاوی لوولە(کێشی)، ئاوی شێرە ۞ آب لولەکشی
tar[1] /tɑ:(r)/ *noun*
1 قیر، قیل، قەتران 2 (توتن) بەڵخ (بنەڕەت: *teru*، *teoru* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ 1 قطران، قیر 2 جرم
tar[2] /tɑ:(r)/ *noun*
(نافەرمی) مەلەوان، زریوان ۞ (عامیانە) ملاح، ملوان
taradiddle /'tarəˌdɪd(ə)l/ *noun,* also tarradiddle
(نافەرمی) هەڵیتوپلیت، حەلەقومەلەق، هیچەکەوپووچەکە، شرەوبرە ۞ لاطائلات
tarakihi /ˌtarə'ki:hi, US ˌtarə'ki:/ *noun*
(مائۆری) جۆرێ ماسی زیوین، سەربە [*Cheilodactylus macropterus*] morwong ۞ تاراکیهی
taramasalata /ˌtærəməsə'lɑ:tə/ *noun,* also tarama /'tarəmə/
تاراماسالاتا (= جۆرێ چێشتی یۆنانی) ۞ تاراماسالاتا
tarantass /ˌtar(ə)n'tas/ *noun*
جۆرێ کالیسکەی رووسی چوارپێچکەی بێزەمبەلەکی ئەسپی (بنەڕەت: لە *tarantas* رووسییەوە) ۞ ترنتاس، طرنطاس
tarantella /ˌtar(ə)n'tɛlə/ *noun,* also tarantelle /-'tɛl/
تارێنتێلا، تەرێنتێلا (= جۆرێ هەڵپەرکێی کرژی ئیتالیایی)، پارچەی موسیقایێ بۆ تەرێنتێلا ۞ ترنتلا
tarantism /'tar(ə)nˌtɪz(ə)m/ *noun,* also tarentism
تارانتیزم، خولیای سەما: جۆرێ نەخۆشی دەروونی، لە باشووری ئیتالیا لە سەدەی 15 تا سەدەی 17 بلاوبووەوە و باوەڕ وابوو کە بەهۆی پێوەدانی پەسپەسەکێیلەوە تووش دەبێ ۞

تارانتیسم

tarantula /təˈræntʃələ/ *noun*
1 پەسپەسەکێویلە، پەزپەزەکێویلە، چنگنی، یزبزە، هەلەپەزە، گاردی [خێزان Theraphosidae] 2 جۆری wolf spider ڕەشی زلەی باشووری ئەورووپا، جاران باوەڕ وابوو کە پێوەدانەکەی دەبێتە هۆی tarantism [Lycosa tarentula] (بنەڕەت: لە ناوی بەندەری Taranto، لە باشووری ئیتالیا وەرگیراوە) ۞ 1 رتیل 2 نوعی عنکبوت

Tarascan *noun*
1 تاراسکەن، تاراسکان: ئەندامی گەلێکی سوورپێستی هەرێمی Michoacán 2 زمانی ئەو گەلە (بنەڕەت: لە tarasco سپانیایی) ۞ تاراسکن

tarboosh /tɑːˈbuːʃ, US tɑːrˈb-/ *noun*
فێنە، سەرپۆش، تاربووش ۞ عرقچین

Tardenoisian /ˌtɑːdɪˈnɔɪzɪən/ *adjective*
سەربە چاندی سەردەمی Mesolithicی دواتری ڕۆژاوا و ناوەندی ئەورووپا، ب.ت. 8,000- 6,000 ساڵ لەوەپێش (بنەڕەت: لە Tardenoisien فەرەنسی، لە ناوی Fère-en-Tardenois لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسە، جێگایێ کە شتومەکی سەربەو فەرهەنگ و چاندە دۆزرایەوە) ۞ تاردنویسین

Tardigrada /ˌtɑːdɪˈɡreɪdə/ *noun, pl.*
خاورەوان، خاورەوەکان، سووکرەوان ۞ کندروان

tardigrade /ˈtɑːdɪɡreɪd/ *noun*
گیانەوەری خاو(ڕەو) یان سووکرەو، خاورۆ ۞ جانور کندرو

tardily /ˈtɑːdɪli, US ˈtɑːrd-/ *adverb*
درەنگ، خاو، بە خاوی ۞ دیر، با کندی

tardiness /ˈtɑːdinəs, US ˈtɑːrdinəs/ *noun*
خاوی، تەپی، سستی، بە درەنگکەوتوویی، درەنگ گەیشتن یان هاتن، مەمس، سستەسست، خاوەخاو ۞ تأخیر، کندی

tardive dyskinesia /ˌtɑːdɪv ˌdɪskɪˈniːzɪə/ *noun*
نارەحەتی یان تێکچوونێکی دەماری کە بە جوولانی خۆنەویستەی دەموچاو و شەویلکە دەردەکەوێ ۞ تاردیو دیسکینیا

tardy /ˈtɑːdi, US ˈtɑːrdi/ *adjective* (tardier, tardiest)
1 خاو، تەپ، سست، درەنگ، بەدرەنگکەوتوو: *people who are tardy in paying their bills* 2 خاورەو، سست، خاو ۞ 1 دیر، کند 2 کندرو

tare[1] /teə(r), US ter/ *noun*
1 کێشی دەفر یان جێگا 2 کێشی وشکە، کێشی بێ‌بار (ماشێنەکە بە تەنیایی و بێ‌بار) ۞ 1 وزن ظرف 2 وزن خشکه

tare[2] /teə(r), US ter/ *noun*
1 مێزووەردا، گادانەی ئاسایی 2 tares، بە پێی کتێبی پیرۆز) گیایژاریکی بەزیانی شێوە corn (Matt. 13:24–30) ۞ 1 ماشک 2 تارس

tarentism = tarantism

targa /ˈtɑːɡə/ *noun*
جۆری ماشێنی وەرزشی convertible ۞ تارگا

targe /tɑːdʒ/ = target3

target /ˈtɑːɡɪt, US ˈtɑːrɡɪt/ *noun*
telephone tapping *noun*, also phone tapping
گوێهەڵخستن، گوێدێری یا کۆنتڕۆڵی تەلەفونی ◌ استراق سمع تلفنی

telephonist /tə'lefənɪst/ *noun*
(بریتانیا) تەلەفونەوان، تەلەفونچی ◌ تلفن‌چی

telephony /tə'lefəni/ *noun*
پێوەندی تەلەفونی ◌ ارتباط تلفنی

telephoto /ˌtelifəʊtəʊ, US -foʊtoʊ/ *noun*
دەزگای ناردنی وێنە فۆتۆگرافییەکان، وێنەی نێردراو بە برووسکەنێر ◌ تلفوتو

telephotograph /ˌteli'fəʊtəʊgrɑ:f/ *noun*
تێلیفۆتۆگراف ◌ تلفوتوگراف

telephotographic *adjective*
تێلیفۆتۆگرافی ◌ تلفوتوگراف

telephotography /ˌtelifəʊ'tɒ:grəfɪ/ *noun*
تێلیفۆتۆگرافی ◌ تلفوتوگرافی

telephoto lens /ˌtelifəʊtəʊ 'lenz/ *noun*
هاوێنەی تێلیفۆتۆ، لێنزی تێلیفۆتۆ ◌ عدسی تلەفتو

teleportation /ˌtelipɔ:'teɪʃn, US -pɔ:r't-/ *noun*
ڕاگوێستن لە (ڕێگای) دوورەوە، دوور(ە)ڕاگوێزی، گوێزانەوە لە دوورەوە (بەهۆی psychokinesis) ◌ انتقال از راه دور

teleprinter /'teliprɪntə(r)/ *noun*, US teletypewriter
دوورچاپگەر، دوورنووس، دوورەچاپکەر: ◌ *information transmitted by teleprinter* دورچاپ‌گر

teleprompter /'telipromptə(r), US -prɑ:m-/ *noun*, also autocue
(تەلەفزیۆن) تێلیپرۆمپتێر، دەزگای پیشاندانی دەق ◌ تلە پرومپتر

telesales /'teliseɪlz/ *noun*, *pl.*, also telemarketing
فرۆشی تەلەفونی ◌ فروش تلفنی

telescope /'telɪskəʊp, US -skoʊp/ *noun*
تێلیسکۆپ، تەلەسکۆپ، دووربین(ی ئەستێرەیی) ◌ تلسکوپ

telescopic /ˌtelɪ'skɒpɪk, US -'skɑ:pɪk/ *adjective*
دووربینی، تەلەسکۆپی، تێلیسکۆپی: *telescopic stars* ◌ تلسکوپی

telescopically /-kli/ *adverb*
بە شێوەیەکی تێلیسکۆپی، لەباری دووربینی یان تەلەسکۆپییەوە ◌ بە طور تلسکوپی، از نظر تلسکوپی

teleselling = telemarketing

teleshopping /'telɪʃɒpɪŋ, US telɪʃɑ:pɪŋ/ *noun*
دوورەکڕی (بە بەکارهێنانی تەلەفزیۆن یان

تەلەفون) ◌ تلشاپینگ

telespectroscope *noun*

دوورەشەبەنگبینی ◌ تلسپکتروسکوپ

teletext /ˈtelitekst/ *noun*

See if the results are on :تێلیتێکست *teletext* ◌ پیام‌نما

telethon /ˈteləθɒn, US -θɑːn/ *noun*

بەرنامەی درێژی خێرخوازی ◌ برنامەی طویل خیرخواهی

teletype *noun*

1 جۆری چاپگەر 2 پەیامی وەرگیراو و چاپکراو بە دوورەچاپگەر ◌ تلتایپ

teletypesetter *noun*

پیتچن لە ریگای دوورەوە، دوورەپیتچن ◌ حروف‌چین از راه دور

teletypesetting *noun*

پیتچنی لە (ریگای) دوورەوە، دوورەپیتچنی ◌ حروف‌چینی از راه دور

teletypewriter /ˌteliˈtaɪpraɪtə(r)/ = teleprinter

televiewer *noun*

بینەری بەرنامەی تەلەفزیونی ◌ بینندەی برنامەی تلویزیونی

television /ˈtelɪvɪʒn/ *noun*, also television set, *abbreviation* TV

a widescreen television :دەزگای تەلەفزیونی ◊ *a plasma screen television* بلاوکردنەوەی تەلەفزیونی، بەرنامە تەلەفزیونییەکان: *We don't do much in the evenings except watch -ion* ◊ *a -n documentary* ◌ دستگاه تلویزیون، پخش تلویزیونی، برنامەهای تلویزیونی

television set *noun*

دەزگای تەلەفزیون ◌ دستگاه تلویزیون

televisor *noun*

بلاوکەرەوە لە تەلەفزیون(دا) ◌ پخش‌کنندە در تلویزیون

televisual /ˌteliˈvɪʒuəl/ *adjective*

تەلەفزیونی، سەربە یان گونجاو بۆ تەلەفزیون ◌ تلویزیونی

teleworker /ˈteliwɜːkə(r), US -wɜːrkər/ *noun*

telecommuter دوورکار، کارکەر لە دوورەوە، ◌ دورکار

teleworking /ˈteliwɜːkɪŋ, US -wɜːrk-/ *noun*

دوورکاری، کارکردن لە دوورەوە، telecommuting ◌ دورکاری

telex /ˈteleks/ *noun*

1 تێلێکس 2 دەزگای تێلێکس (بۆ ناردن و وەرگرتنی پەیامەکان) 3 پەیامی نێردراو بەو دەزگایە: *Several telexes arrived this morning* (بنەرەت: تێکەڵەی teleprinter و exchange) ◌ تلکس

telford *adjective*

لەمەڕ شێوەی قیرتاوی ریگا (بنەرەت: لە ناوی ئەندازیاری سکاتلەندی Thomas *Telford* (1757-1834)، وەرگیراوە) ◌ تلفورد

telial *adjective*

سەربە یان پێوەندی بە تێلیۆمەوە هەیە ◌ وابستە بە تلیوم

telic /ˈtelɪk/ *adjective*

1 (کردەوە یان بۆچوونێ) مەبەستدار، بە ئامانج، مەبەست یان ئامانجێکی هەیە، ئەنجام یا مەبەستێکی دیاریکراوی تیایە 2 (زمانەوانی، لەمەڕ کار verb، پیتی پێوەندی conjunction و سارستەیێ clause) مەبەستدەربڕ (telically *adv*، telicity *n*) ◌ 1 دارای هدف 2 تلیک

teliospore *noun*

chlamydospore ی کە دوایین قۆناخی سووری ژیانی کەروو یان کارگێکی ژەنگی (یان ژەنگەهەڵێن) و بنکەڵە basidium لێ‌دەکەوێتەوە، دیواری ئەستووری دواقۆناخی پێکهاتنی فۆنگۆسی ژەنگ‌هەڵێن (ی رووەکی)، سپۆرێکی ئەستوور کە لە تێلیۆمی کارگ یان کەرووی ژەنگی یان کوێرووی smut پەرە دەسێنێ (teliosporic *adj*) ◌ تلیواسپور

telium *noun*, *pl.* telia

تێلیۆم: هێشوەهەلالە sorus یا کوانێکی pustule تێلیۆسپۆرهێنی teliospore-producing سەر رووەکی هاوخوان host ی فۆنگۆسێکی ژەنگی، کۆمەڵێکی خانە دووناوکی‌یەکان کە تێلیۆسپۆرێ پێکدێنن ◌ تلیوم

teller /ˈtelə(r)/ *noun*

1 چیرۆکبێژ، گێرەوە 2 (هەڵبژاردن) دەنگ‌ژمێر، دەنگ‌بژێر 3 سندووقدار، گەنجینەوان ◌ 1 راوی 2 رأی‌شمار 3 تحویل‌دار

telling /ˈtelɪŋ/ *adjective, noun*

1 *adj* کاریگەر، کارتێکەر، بەباندۆر 2 بەرچاو، ئاشکرا، دیار *n* گێرانەوە، گلی‌کردن ◌ *adj* 1 مؤثر 2 گویا *n* نقل

tellingly /ˈtelɪŋli/ *adverb*

1 کاریگەرانە، بەباندۆرانە، کارتێکەرانە: *a -lling argument* 2 بە ئاشکرایی، بە شێوەیێکی بەرچاو ◌ 1 بە طور مؤثر 2 بە طور گویا

telling-off *noun, pl.* tellings-off

هەڵشاخان، هەڵبەزینەوە، (لێ)توورەبوون، بەگژداهاتن، رووش‌هەلاتن ◌ پرخاش

telltale /ˈtelteɪl/ *noun, adjective*

n سیخوڕ، دووزمان، شەیتان *adj* دەربڕ، نیشاندەر، دەرخەر، هەموو شتێ دەگێڕێتەوە، ئاشکراکەر: *telltale marks/signs/sounds* ◊ *telltale clues* ◌ *n* خبرچین، نمام *adj* گویا

tellur- *prefix*, or telluro-
پێشگر: 1 زەوی، عەرز: 2 *telluric* [لاتینی نوێ tellurium]: تێلوریۆم: *telluride* ۞ 1 زمین 2 تلوریوم

tellurian /tɛˈljʊərɪən/ *adjective, noun*
adj عەرزی، زەوینی، دانیشتووی سەرعەرز *n* دانیشتوویێکی سەر عەرز ۞ *adj* زمینی، ساکن زمین *n* آدم ساکن زمین

telluric[1] /tɛˈljʊərɪk/ *adjective*
1 سەربە گۆی زەوی، پێچەوانەی گەردوونی 2 سەربە خاک، گڵی، خاکی ۞ 1 وابستە بە سیارەی زمین 2 وابستە بە خاک

telluric[2] /tɛˈljʊərɪk/ *adjective*
تێلوریۆمی تیایە، ب.ت. لە دۆخێکی شەش‌هاوهێزیدا ۞ دارای تلوریوم

telluric acid *noun*
(کیمیا) ترشەڵۆکی تێلوریک: جۆرێ ترشەڵۆکی کریستاڵی کە بەهۆی ئۆکساندنی ئۆکسایدی تێلوریۆم پێکدێ ۞ اسید تلوریک

telluride /ˈtɛljʊraɪd/ *noun*
(کیمیا) تێلوراید، تێلورید: ئاوێتەیێکی دووانی binary compound تێلوریۆم بە کۆمەڵ یان توخمێکی electropositive ـەوە ۞ تلورید

tellurion *noun*
تێلوریۆن: دەزگای پیشاندانی شەو و رۆژ بەهۆی جووڵانی زەوی و گۆڕان و پێکهاتنی وەرزەکان ۞ تلوریون

tellurium /tɛˈljʊərɪəm, US tɛˈlʊr-/ *noun*
(کیمیا) تێلوریۆم (بە ز.گ. 52، ن. Te؛ بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە *tellus* ،*tellur-* لاتین "زەوی، عەرز") ۞ تلور، تلوریوم

tellurious *adjective*
تێلوریۆمی سێ‌هاوهێزی تیایە ۞ تلوروس

telly /ˈtɛli/ *noun, pl.* tallies or tellys
(نافەرمی، بریتانیا) تەلەفزیۆن ۞ تلویزیون

telnet / telnet / *noun*
تێلنێت: سیستمێکی کامپیوتێری کە رێگات پێدەدا زانیاری و بەرنامەکان لەسەر دەزگایێکی تر بەکاربێنی (*adj* telnettable؛ لێکدراوی network + telecommunication) ۞ تلنت

telo- or tel- *prefix*
پێشگر: کۆتایی، کۆتا، دوا، ئاخر: *telangiectasia* (لە *telos* یۆنانییەوە) ۞ پیشوند: پایانە، انتها، آخر

telocentric *adjective, noun*
تێلۆسێنتریک: رەنگ‌تەنێ chromosome کە ناو(ەند)پارچەکەی centromere لە کۆتاییەوە هەڵکەوتبێ (بەو شێوەیە شێوەی میلێکی هەیە) <a telocentric chromosome> ۞ تلوسنتریک

telolecital *adjective*
دوورزەردێنە، کۆتازەردێنە: هێلکەیێ کە لە (تزیک) جەمسەری رووەکی vegetal pole دا زەردێنەیێکی زۆر کۆبووەتەوە، وەک هێلکە یان هێلکۆکە ovum کانی باڵندە و خشۆکەکان ۞ تلولسیتال

telome *noun*
تێلۆم: یەکەی بنەڕەتی پێکهاتەی رووەکی ئاوخۆرەیی کە لە لقی کۆتایی و سپۆردان و باشەکەوتی ئاوخۆرەیی پێکهاتووە. پێکهاتەیێکی رووەکی وادانراو لە تیۆری گەشەسەندنی گەڵاکان و sporophylls ـەکانی رووەک یا گیا ئاوخۆرەییەکان vascular کە لە یەک کۆمەڵەی لقۆچکە کۆتاییەکانی زاوزێیی و رووەکی تەوەرێکی لق‌لق پێکهاتووە (telomic *adj*: تێلۆمی، سەربە تێلۆم) ۞ تلوم

telomerase *noun*
تێلۆمێراز: پۆلی‌مێرازێکی DNA کە یەکە کە تاوی ribonucleoprotein درێژبوونەوەی تێلۆمێرە کرۆمۆزۆمییەکانی نێو دابەش‌بوونی خانەی eukaryotic دەدا و ب.ت. لە خانە شێرپەنجەییەکاندا چالاکە ۞ تلومراز

telomere /ˈtiːlə(ʊ)mɪə, US ˈtɛl-/ *noun*
(ژێنێتیک) پێکهاتەیێکی دوایی کرۆمۆزۆمی، کۆتاپارچە، دواپارچە، کۆتایی سروشتی کرۆمۆزۆمێکی eukaryotic، کەرت یان برگەی دی‌ئێن‌ئەی کە لە کۆتاییەکانی کرۆمۆزۆمەکان دایە ۞ تلومر

telomeric *adjective*
دواپارچەیی، کۆتاپارچەیی، سەربە تێلۆمێر ۞ وابستە بە تلومر

telophase /ˈtiːlə(ʊ)feɪz, US ˈtɛl-/ *noun*
(زیندەناسی) کۆتاڕوو، تێلۆفەیز، تێلۆفاز: دواقۆناخی دابەش‌بوونی خانەیی، نێوان anaphase و interphase ۞ تلوفاز

telophasic *adjective*
تێلۆفەیزی، سەربە کۆتاڕوو یا تێلۆفەیز ۞ تلوفازی

telos /ˈtɛlɒs/ *noun, pl.* teloi /-lɔɪ/
(زۆرتر وێژەیی یان فەلسەفی) مەبەست یان ئامانجی دوایی ۞ هدف نهایی

telotaxis *noun*
تێلۆتاکسیس، مەبەست‌بزاوت: جووڵانی راستەوخۆی زیندەوەرێ بەرەو مەبەست یان ئامانجێ، جووڵان یان رووتێ‌کردنی زیندەوەرێ بە کۆمەڵە وەرگرێکی orientation هەستەوەری بەرەو سەرچاوەیێکی تایبەتی بزواندن ۞ پایانەآرایی، تلوتاکسیس

telpher *noun*
تێلفێر: دەزگا، عەرەبانە یان کالیسکەیێکی سووکی هەڵواسراو کە بەسەر وایەری کارەباییدا دەڕوا ۞ تلفر

telpherage *noun*
دەزگای گواستەوەی کارەبایی یان ئێلیکتریکی:

ڕێکخستەیێکی ڕاگوێستن کە لەودا ماشێن یان ئەو دەزگایانەی کە شت هەڵدەگرن بە هەڵواسراوی لەسەر کابلە سیمی یان وایەری یەکان کار دەکەن (ب.ت. دانەیێ کە بە کارەبا یان ئێلیکتریسیتە کار بکا) ۞ تلفراژ

telson /ˈtɛls(ə)n/ *noun*
دواکەرتە: دوایین بەش یان کەرتی زگی chelicerate ،crustacean و مێرووە ئاوەڵمەییەکان ۞ تلسون

Telstar *noun*
(دروشمی بازرگانی) یەکێ لە ساتەلایتەکانی پێوەندی ئەمریکا ۞ تل استار

Telugu /ˈtɛləguː/ *noun*, also Telegu, *pl.* same or Telugu
1 ئەندامی گەلێکی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا 2 زمانی دراڤیدی Dravidian ئەو گەلە ۞ تلوگو

temazepam /təˈmeɪzɪpam, -ˈmazɪ-/ *noun*
(پزشکی) تێمازێپام: دەرمانێکی tranquillizing لە کۆمەڵی benzodiazepine ۞ تمازپام

temblor /tɛmˈblɔː/ *noun, pl.* temblors
(سپانیایی، لە ئەمریکا) بوومەلەرزە، عەردهەژیان، بیبەلەرز ۞ زلزله

Tembu /ˈtɛmbuː/ *noun, pl.* same or Tembus
ئەندامی گەلی بە Xhosa ئاخێو، ئێستا لە Transkei دەژین ۞ تمبو

temenos /ˈtɛmənɒs/ *noun, pl.* temenoi /-nɔɪ/
حەسار و پەرژینی پەرسگە ۞ محوطەی معبد

temerarious /ˌtɛməˈrɛːrɪəs/ *adjective*
(وێژەیی) ڕوودار، بێشەرم، ڕووهەڵماڵراو، بێباک ۞ گستاخ

temerity /təˈmerəti/ *noun, pl.* temerities
ڕووداریی، ڕووشەیی، بێشەرمی، ڕووهەڵماڵراوی، بێباکی، گوستاخی، نەترسی:
۞ *He had the temerity to call me a liar!* گستاخی، جسارت

Temne /ˈtɛmni/ *noun, pl.* same or Temnes
1 ئەندامی گەلێکی سیرالیۆن 2 زمانی Niger-Congoی ئەو گەلە، زمانی سەرەکی سیرالیۆن ۞ تمنی

temp[1] /tɛmp/ *noun*
1 (نافەرمی) سکرتێری کاتی 2 دامەزراوە یان فەرمانبەری کاتی ۞ 1 منشی موقت 2 کارمند موقت

temp[2] /tɛmp/ *abbreviation* temperature

tempeh /ˈtɛmpeɪ/ *noun*
جۆرێ چێشتی ئیندۆنیزیایی ۞ تمپی

temper /ˈtɛmpə(r)/ *noun*
1 خوو، ئاکار، خولک، نیهات، باری دەروونی:
2 *a violent/short/quick, etc. temper* بەدخولکی، ئالۆزی، ڕق، تووڕەیی 3 (کانزاکان) ڕێژەی سەختی (و جیری کانزاکان)، ڕادە یان ئاستی ڕەقی، ڕادەی ئاودراوی یان ئاوداری، (لە کانزادا) ئاو ۞ 1 خلق، اخلاق 2 بدخلقی، خشم 3 (فلزات) ضریب سختی، (در فلزات) آب

tempera /ˈtɛmp(ə)rə/ *noun*
تێمپێرا (= جۆرێ ڕەنگ کە لەودا ڕەنگەکان لەگەڵ شلەیێکی خەستدا لێکدەدرێ) ۞ تمپرا

temperament /ˈtemprəmənt/ *noun*
خولکوخوو، سرشت، خوو و خدە، نیهات، مەزاج: ◊ *to have an artistic temperament* *a horse with an excellent temperament* ۞ مزاج، حالت، سرشت

temperamental /ˌtemprəˈmentl/ *adjective*
مەزاجی، سرشتی، سەربە خولکوخوو، خووخدەیی، سەرگەرم، سەرتوند، ئالۆز، زووهەڵچوو، فیشەکی ۞ مزاجی، آتشی‌مزاج

temperamentally /-təli/ *adverb*
لەباری خولکوخووەوە ۞ از لحاظ مزاج

temperance /ˈtempərəns/ *noun*
خودداری، خۆڕاگری، دەس‌بەسەرخۆداگرتن، نەرم‌ڕەوی، پارێز، ئەندازەڕەوی، مام‌ناوەندی: *The temperance movement was at its* ۞ *peak at the end of the 19th century* خویشتن‌داری، ملایمت، اعتدال

temperate /ˈtempərət/ *adjective*
1 خوددار، خۆڕاگر، پارێزگار، دەس‌بەسەرخۆداگر، بەپارێز، ئەندازەڕەو، نەرم‌ڕەو، مام‌ناوەند 2 (ئاووهەوا) فێنک، مام‌ناوەند، سازگار 3 (ڤایرۆسی) لەسەر ئەو خانە هاوخوانە تووش‌بووانەدا دەژی بەلام بە دەگمەن دەبێتە هۆی خانەرزێ lysis، مام‌ناوەند: *-erate bacteriophages* ◊ *temperate virus*
۞ 1 خویشتن‌دار، میانەرو 2 معتدل 3 تمپریت

temperately /ˈtempərətli/ *adverb*
خوددارانە، بە شێوەیێکی خوددار، مام‌ناوەندانە ۞ بە طور خویشتن‌دار یا معتدل

temperateness /ˈtempərətnəs/ *noun*
خودداری، خۆڕاگری، دەس‌بەسەرخۆداگرتن، نەرم‌ڕەوی، پارێز، ئەندازەڕەوی، مام‌ناوەندی ۞ خویشتن‌داری، ملایمت، اعتدال

temperate rain forest *noun*
دارستانی بارانی مام‌ناوەند (لەنێو ناوچەی مام‌ناوەند temperate zone دایە) بارانێکی قورسی بەسەردا دەبارێ و چەندەها جۆری دار و درەختی لێیە ۞ جنگل بارانی معتدل

Temperate Zone *noun*, also temperate zone
(جوگرافی) ناوچەی فێنک، ناوچەی مام‌ناوەند ۞ منطقەی معتدلە

temperature /ˈtemprətʃə(r), US -tʃʊr/

noun
1 تێمپراچێر، (گەرمی؟)، پلەی ساردی و گەرمی: *a rise in ◊ high/low temperatures* ◊ *The temperature has risen ◊ temperature (by) five degrees* 2 گەرمی لەش 3 تێ، تا، نۆبەتی 4 تین‌وگوڕ، گوڕ، جۆش‌وخرۆش ۞ 1 دما 2 حرارت بدن 3 تب 4 حرارت

temperature gradient *noun*
پلەی گۆڕانی گەرمی یان تێمپراچێری هەوا لە لا یان ڕێڕەوێکی دیاریکراودا ۞ تمپراتور گرادینت

temperature-resistance *noun*
بەرهەڵستی گەرمی، بەرگری گەرمی ۞ مقاومت حرارتی

tempered *adjective*
1 ئاودراو، ڕەقێنراو، زاخاودراو 2 نەرم، نەرم‌ڕەو، شێنەیی ۞ 1 آب‌دیده 2 ملایم

-tempered *suffix*
پاشگر: خاوەنی خولک یان خووێکی تایبەتی: *ill-tempered* (دارشتەکانی: -temperedly بۆ دروستکردنی ئاوەڵکار و -temperedly- بۆ سازکردنی ناو) ۞ پسوند: دارای خلق یا مزاج خاصی

tempest /'tempɪst/ *noun*
1 ڕەشەبا، بۆران 2 (خوازە) وروژان، جۆش‌وخرۆش ۞ 1 توفان 2 هیجان

tempestuous /tem'pestʃuəs/ *adjective*
1 ڕەشەبایی 2 شەپۆلاوی، خرۆشان 3 توندوتیژ، توند، گۆنگەلاوی، جەنجالی، پڕگێرەوکێشە: *a tempestuous relationship* 4 سەرتوند، سەرگەرم، فیشەکی، توند ۞ 1 توفانی 2 متلاطم 3 پرهیجان 4 آتشی

tempestuously /tem'pestʃuəsli/ *adverb*
بە تووڕەیی‌یەوە، بە توندی، بە هەڵشاخانەوە ۞ با عصبانیت

tempestuousness /tem'pestʃuəsnəs/ *noun*
1 پڕڕەشەبایی(بوون) 2 تووڕەیی، ڕق‌هەستاوی، توندی، هەڵشاخاوی ۞ 1 توفانی بودن 2 عصبانیت

tempi = plural form of tempo

Templar /'tɛmplə/ *noun*
1 (لەندەن) پارێزەر یان خوێندکاری ماف 2 سەربە پەرسگە، پەرسگەیی 3 ئەندامی کۆمەڵەی فراماسۆن 4 ئەندامی دەستەیەکی دینی بەهێز و میلیتاری خاچ‌پەرستەکانی سەردەمی سەدەکانی نیوەڕاست ۞ 1 وکیل یا دانشجوی حقوق 2 وابسته به معبد 3 و 4 تمپلار

template /'templeɪt/ *noun*, also templet
1 نموونە، مودێل، قالب، پێوەرە 2 (زیندەکیمیا یان بۆماوەناسی) نموونە، قالب: (تاکە) ریشالێکی DNA کە وەک نموونە pattern یێ بۆ پێکهێنانی ریشالێکی تەواوکەر کار دەکا، گەردێ (وەک هی DNA) کە وەک نموونەیێ بۆ بەرهەمهێنانی macromolecule یکی تر (وەک messenger RNA) کار دەکا 3 تەختە، بەرد یان بلوکێ (کورت) کە بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە تا ئەو قورسایی و زەبر و گوشارەی دەستەک، کاریتە و یان شتێکی وا لە(سەر) دیوار دابەش بکا (وەک لەژوور درگا) ۞ 1 الگو، شابلون 2 الگو 3 تمپلیت

temple[1] /'templ/ *noun*
1 پەرسگە، پەرستگە، پەرستنگا: *a ◊ of Diana at Ephesus* ◊ *the Temple* *Buddhist/Hindu/Sikh temple* 2 (ئەمریکا) کەنشت ۞ 1 معبد 2 کنشت

temple[2] /'templ/ *noun*
(توێکاری) لاجانگ، لاسەر، جانیک: *He had black hair, greying at the temples* ۞ شقیقه، گیج‌گاه

temple[3] /'templ/ *noun*
جاوپێچ، بەشێ لە دەزگای جۆلایی بۆ ڕاگرتنی پارچە (بەش یا وشەکانی تری دەزگای جۆلایی بریتین لە: سنگی جاوپێچ، دارجاوپێچ (یان دارجاوپێچک)، بەرەژەنە (بەرکار)، پاتەتە (یا پێ‌تەتە)، پاگیرە، دارپاتەتە، بەن‌پاتەتە، پشت‌کار، گورد، دارگورد (یا چێوگورد)، سنێژە، لاقەتاجی، شێ (یا شانە یا بەفش)، گیرەی شێ، شەپێتە، شەپکە، گردەڵە، لادار، سەردار، بن‌دار، ساچین، مەکووک، ولالە (وەک خولخولە)، لوولک، هەوداکێش (یان تالکێش heddle)، دەف، شەق، ژێردەف، دەفەگیرە، گوێ‌دەفە، شەپۆپە، لالەنگەرە، شانەی لالەنگەرە، پردەڵە، مۆلەقە، تاپان، چۆلەکە، تەنگ (نێوان دەف و مەکوک)، بەندال، داربەندال، مشارە، کوڕس، سەکۆ (بۆ دانیشتن؛ بنەڕەت: لە فەرەنسی کۆن، ڕەنگە لە temple[2] وەرگیرابێ) ۞ تمپل

templet = template

tempo /'tempəʊ, US -poʊ/ *noun*, *pl.* tempos or tempi /-piː/
1 خێرایی، توندی، لەز 2 (موسیقا) ترپە، ڕادەی خێرایی، ریتم (بنەڕەت: لە ئیتالیایی، لە لاتین *tempus* "کات") ۞ 1 سرعت 2 (موسیقی) ضرب

temporal[1] /'tempərəl/ *adjective*
1 کاتی، بەرووەخت، زووڕابر، تێڕبەڕ، زەمانی، زووڕۆیشتوو، ماوەیی: *a universe which has spatial and temporal dimensions* 2 دنیایی، نائاینی، ئەمجیهانی، گیتی‌یانە، نامانایی، ئەمجیهانی، نامەعنەوی: *Although spiritual leader of millions of people, the Pope has no temporal power* 3 (ڕێزمان) سەردەمی ۞ 1 گذرا، موقت 2 ناسوتی 3 (دستور زبان) زمانی

temporal[2] /'tempərəl/ *adjective*
لاجانگی، سەربە لاجانگ یا لاسەر ۞ گیج‌گاهی

temporal artery *noun*
خوێنبەری لاجانگ(ی) ۞ سرخرگ گیج‌گاهی

temporal bone *noun*
(توێکاری) ئێسکی لاجانگ، پێشەی لاسەر ۞ استخوان گیج‌گاه

temporality *noun, pl.* temporalities
1 داهاتی پیاوانی دینی یان ئایینی 2 بەرووەختی، زووڕابری، تێژپەڕی، زووڕۆیشتوویی ۞ 1 درآمد روحانیون 2 زودگذری، موقتی بودن

temporal power *noun*
هێزی نامانایی یان ئەمدنیایی، ب.ت. پاپ ۞ قدرت ناسوتی

temporarily /ˈtemprərəli, US ˌtempəˈrerəli/ *adverb*
بە شێوەیەکی کاتی، بەرووەختانە، بۆ ماوەیێ: *We regret this service is temporarily unavailable* ۞ موقتاً

temporariness /ˈtemprərinəs, US -pərerinəs/ *noun*
کاتی‌بوون، بەرووەختی ۞ موقتی بودن

temporary /ˈtemprəri, US -pəreri/ *adjective, noun* (*pl.* temporaries)
adj کاتی، دەمی، بەرووەختی، ناهەمیشەیی، بۆ ماوەیێ، زووڕابر: *a -rary relief from pain* ◊ *temporary measure/solution/arrangement* ◊ *They had to move into temporary accommodation* *n* کەسێ کە بۆ ماوەیێ دامەزراوە، دامەزراوی کاتی) ۞ *adj* موقتی *n* تمپوراری

temporary duty *noun*
کار یان ئەرکی کاتی ۞ کار یا وظیفەی موقتی

temporization *noun*
وەختبردنەسەر، کات‌بەفیڕۆدان، دوورخستنەوە ۞ دفع‌الوقت

temporizing *adjective*
بۆ دوورخستنەوە ۞ به منظور دفع‌الوقت

temporomandibular joint /ˌtempərəumanˈdɪbjʊlə/ *noun*
(توێکاری) جومگەی ئەنجامەیی یان لاولاوەیی نێوان ئێسکی لاجانگ temporal bone و شەویلکەی خواروو ۞ جوینت تمپورومانديبيولار

tempranillo /ˌtempraˈniːjəʊ, US -ˈniːljəʊ/ *noun*, also Tempranillo
جۆرێ ترێی مەی سپانیایی، بۆ گرتنی مەی Rioja ۞ تمپرانیلو

temptation /tempˈteɪʃn/ *noun*
1 هەڵفریواندن، لەخشتەبردن، فریودان، تەفرەدان، تێن‌دان 2 مایەی هەڵفریواندن 3 تاقی‌کردنەوە ۞ 1 اغواگری، اغوا 2 چیز اغواگر 3 امتحان

tempter /ˈtemptə(r)/ *noun*
1 هەڵفریوێنەر، لەخشتەبەر، فریودەر، تەفرەدەر، تێن‌دەر 2 شەیتان (the Tempter) ۞ 1 اغواگر 2 شیطان (the Tempter)

tempting /ˈtemptɪŋ/ *adjective*
جوان، سەرنج‌ڕاکێش، هەڵفریوێنەر، لەخشتەبەر، فریودەر، تەفرەدەر، لەڕێ‌دەرکەر، بەهەڵەدابەر: *a tempting offer* ۞ وسوسەانگیز، اغواکننده

temptingly /ˈtemptɪŋli/ *adverb*
بە شێوەیەکی هەڵفریوێنەر، فریودەرانە، خەڵەتێنەرانە، تەفرەدەرانە ۞ به طور اغواکننده

temptress /ˈtemptrəs/ *noun*
ژنی لەبار، ژنی تەفرەدەر، زۆڵەژن ۞ زن لوند یا وسوسەانگیز

tempura /ˈtempʊrə, US temˈpuːrə/ *noun*
تێمپورا، تیمپیورا (= جۆرێ چێشتی ژاپۆنی) ۞ تمپورا

ten /ten/ cardinal number *adjective, noun*
adj دە (دانە) *n* ژمارەی دە، ڕەنووسی دە ۞ *adj* دە (تا) *n* عدد دە

tenability /ˌtenəˈbɪləti/ *noun*, also tenableness
لەبەرگری‌هاتوویی ۞ قابلیت دفاع

tenable /ˈtenəbl/ *adjective*
1 لەبەرگری‌هاتوو، بەرگری‌ناسان، بەرگری لێ دەکرێ، شیاوی بەرگری، دەپارێزرێ 2 باوەڕپێ‌کراو، ژیرانە، حیسابی، ئاقڵانە 3 شیاوی ڕاگرتن یان بەدەس‌هێنان ۞ 1 قابل دفاع 2 پذیرفتنی، معقول 3 نگەداشتنی

tenably /ˈtenəbli/ *adverb*
بە شێوەیەکی ژیرانە، ئاقڵانە ۞ به طور معقول

tenacious /təˈneɪʃəs/ *adjective*
1 توند، توندگرتوو، توندڕاگرتوو، گیر، بەرنەدەر، سەخت، ڕەق، مکوم، قایم، سرک، پتەو: *a tenacious metal* 2 پێوەنووساو، پێوەچەسپ 3 (یادەوەری) بەبیر، بیرتیژ، تیژ، زەین‌باش، بەهێز، *a tenacious memory* :retentive 4 سوور، پێداگر، لاسار، سەرسەخت، کەللەڕەق ۞ 1 سفت، محکم 2 چسبناک 3 (حافظه) قوی 4 مصر

tenaciously /təˈneɪʃəsli/ *adverb*
پێداگرانە، بە شێوەیەکی سوور ۞ مصرانه

tenaciousness /təˈneɪʃəsnəs/ *noun*
1 سەختی، ڕەقی، توندی 2 پێوەچەسپی، پێوەنووساوی ۞ 1 سفتی 2 چسبناکی

tenacity /təˈnæsəti/ *noun*
1 سەختی، ڕەقی، توندی 2 پێوەچەسپی، پێوەچەسپاوی، پێوەنووساوی 3 سووری، سەرسەختی، لاساری، کۆڵنەدان، خۆڕاگری، پێداگری، پێداگیری ۞ 1 سفتی 2 چسبناکی 3 ایستادگی، اصرار

tenaculum /tɪˈnakjʊləm/ *noun, pl.* tenacula /-lə/ or tenaculas

قولایی نەشتەرگەری؛ ئامێری پێوەنووساو و راگر ۞ شریان‌گیر: تاکولوم

tenancy /ˈtenənsi/ *noun, pl.* tenancies
ئیجارە، بەکرێ‌دان، بەئیجارەگری، خاوەنایەتی کاتی، ماوەی ئیجارە یان بەکرێ‌دان ۞ اجارە، اجارەداری، مدت اجارە

tenant /ˈtenənt/ *noun*
1 کرێ‌نشین، بەئیجارەگر، ئیجارەگر، ئیجارەدار، کرێدار، ئیجارەدار 2 (ماف) تیادانیشتوو، لەسەردانیشتوو، داگیرکردوو، occupant، dweller (tenantless *adj*: بێ‌کرێ‌نشین) ۞ 1 مستأجر، اجارەدار 2 (حقوق) متصرف

tenantable *adjective*
شیاوی بەکرێ‌دان یان بە ئیجارەدان ۞ قابل اجارەداری

tenant farmer *noun*
جووتبەندەی بەئیجارەگر ۞ زارع اجارەکار

tenantry = tenancy

Tenebrae /ˈtenɪbriː, -breɪ/ *noun, pl.*
(مێژوویی، کلێسەی کاتولیکی رۆم) نوێژ و بەستنی سێ رۆژی دوایی حەوتووی پیرۆز کە لەودا مۆم دادەگیرسێنن (بۆ یادکردنەوەی مەینەتی‌یەکان و مەرگی کریست) ۞ تنابری

tench /tentʃ/ *noun, pl.* same
ماسی کەپوور [*Tinca tinca*] (بنەرەت: لە late Latin *tinca*) ۞ ماهی کپور

Ten Commandments *noun, pl.*
دە فەرمان، دە راسپاردە، دە دەستوور (لە کێوی سینا Sinai، بە پێی .Exod. 20:1–17) ۞ دە فرمان، احکام عشرە

tendance /ˈtendəns/ *noun*
1 چاودێری، ئاگاداری، سەرنج، care، attention، ministration (وەک هی نەخۆش) 2 (کۆن) دەست‌وپێوەند، خزمەت‌کاران، راژەوانان، retinue، attendants ۞ 1 نظارت، مراقبت 2 ملتزمین

tendency /ˈtendənsi/ *noun, pl.* tendencies
1 داشکانەوە، ویست، لاربوونەوە، سەرلێ‌خوران، ئامادەیی، راکێشان، پێ‌خۆش‌بوون (بۆ لایێ)، سەرنج، مەیل، ئارەزوو، حەز: *to display artistic, etc. tendencies ◊ This material has a tendency to shrink when washed* 2 کۆمەڵێکی نێو پارتی یا بزاوتێکی گەورەتری رامیاری ۞ 1 گرایش، توجە، تمایل 2 تندنسی

tendentious /tenˈdenʃəs/ *adjective*, also tendencious also tendential
لاگرانە، لاگیرانە، لایەنگرانە: *a tendentious novel ◊ tendentious political memoirs* ۞ جانب‌دارانە، سوگیرانە

tendentiously /tenˈdenʃəsli/ *adverb*
(بە شێوەیێکی) لایەنگرانە، لاگرانە ۞ سوگیرانە، جانب‌دارانە

tendentiousness /tenˈdenʃəsnəs/ *noun*
لاگری، لایەنگری ۞ سوگیری، جانب‌داری

tender[1] /ˈtendə(r)/ *adjective* (tenderer, tenderest)
1 قرپ، نەرم، زووشکاو، توورت، ناسک، تەرچک: *tender young plants* 2 زووڕەنجاو، دڵناسک، ناسک 3 بەئێش، بەژان، هەستار، ناسک، بەسوێ 4 دڵسۆز، دڵنەرم، دڵناسک، دلۆڤان، بەباش، مێهرەوان، مێهرەبان، پڕخۆشەویست(ی): *tender words* ۞ 1 ترد، ظریف 2 حساس 3 دردناک 4 مهربان، پرمهر

tender[2] /ˈtendə(r)/ *noun*
1 چاودێر، ئاگادار، هۆشیار، بەرپرس 2 کەشتی دام‌ودەزگا یان کەل‌وپەل، بارکێش یان واگۆنی هەڵگرتنی ئاو و سووتەمەنی (تووساوە بە لۆکۆمۆتیڤی هەڵمی‌یەوە) 3 عەماری لۆکۆمۆتیف، عەرەبانەی سووتەمەنی ۞ 1 مراقب 2 و 3 تندر

tender[3] /ˈtendə(r)/ *noun*
تێندێر، پێشنیاری نرخ ۞ مناقصە، مزایدە

tenderfoot /ˈtendəfʊt, US -dərf-/ *noun, pl.* tenderfoots or tenderfeet
مرۆی تازەکار، بێ‌ئەزموون، بەروەستا، نۆفێر، نۆکار، تازەدەس‌تێداو، greenhorn ۞ آدم تازەوارد

tender-hearted *adjective*
دڵسۆز، مێهرەوان، مێهرەبان، دڵناسک، بەرەحم، دلۆڤان، دڵنەرم ۞ مهربان

tender-heartedness *noun*
دڵسۆزی، مێهرەوانی، مێهرەبانی، دڵناسکی، بەرەحمی، دڵنەرمی ۞ مهربانی، دل‌رحمی

tenderizer *noun*
نەرم‌کەر، ناسک‌کەر، ناسکێنەر، تورتێنەر (گۆشت و لە ناو ناوێکی تایبەتی‌دا) ۞ نرم‌کنندە

tenderloin /ˈtendəlɔɪn, US -dərl-/ *noun*
گۆشتی پاشل یان تەنیشت، پشتەمازە (بەراز، مانگا و هتد) ۞ پشت مازو

tenderly /ˈtendəli/ *adverb*
دڵسۆزانە، بە دڵسۆزی‌یەوە ۞ با مهربانی

tenderness /ˈtendənəs/ *noun*
دڵسۆزی، دڵنەرمی، مێهرەوانی، بەرەحمی، دڵناسکی، دلۆڤانی، مێرەوانی، خۆشەویستی، دلۆڤانی ۞ مهربانی، عطوفت

tendinitis /ˌtendɪˈnaɪtəs/ *noun*, also tendonitis /ˌtendə-/
ئاوسانی ماسوولکەبەست، هەوکردنی ماسوولکەبەند، ئاوسانی ژێ، ژێ‌ئاوسێن ۞ التهاب زردپی

tendon /ˈtendən/ *noun*, also sinew
ماسوولکەبەست، ماسوولکەبەند، بەتان، ژێ (tendinous *adj*: وەکوو ماسوولکەبەست، وەک ماسوولکەبەند یا ژێ) ۞ زردپی

tendresse /tɒ̃ˈdres/ *noun*, also tendre

/'tõdr(ə)/
هەست بە خۆشەویستی یان دڵبەستەیی ۞ احساس دلبستگی
tendril /'tendrəl/ *noun*
تەرز (بەشێ کە لە رووەکی لاسکنەرمدا هەڵدەچێ) ۞ پیچک
tendu leaf /teın'du:/ *noun*
(هیند) گەڵای داری ebony، لەبری جگەرە دەکێشرێ ۞ تیندو لیف
tenebrific /ˌtenə'brıfık/ *adjective*
تاریک، رەش، تاریک‌ئاسا، gloomy ۞ تاریک، تاریک‌مانند
tenebrous /'tɛnıbrəs/ *adjective*
tenebrous (وێژەیی) تاریک، رەش، تار: *depths* ۞ تاریک، تیره
tenement /'tenəmənt/ *noun*
1 دەزگایەکی گەورە کە بەسەر چەندین ئاپارتمانی ناوچە فەقیرنشینەکانی شاردا دابەش کراوە 2 مڵک یان زەوی‌وزاری ئیجارەیی 3 ماڵ یان دیوی بەکرێدان ۞ 1 مستغلات 2 ملک استیجاری 3 خانه یا اتاق اجاره‌ای
tenementary *adjective*
سەربە تینیمینت، پێوەندی بە تینیمێنتەوە هەیە ۞ وابسته به مستغلات
tenement house /'tɛnəmənt haʊs/ *noun*
(لە ئەمریکا) خانوو یان ماڵی بەکرێدان ۞ خانه‌ی استیجاری
tenesmus /tı'nɛzməs/ *noun*
(پزشکی، میز و پیسایی) زۆربۆهاتن و بۆنەکران ۞ زورپیچ
tenet /'tenıt/ *noun*
one of 1 بڕوا، باوەڕ، داکترین، دوکترەین، ڕێباز: *2 the basic/central tenets of Christianity* بنچینە، بنەما، پرینسیپ ۞ 1 ایمان، اعتقاد، مرام 2 اصل
tenfold /'tenfəʊld, US -foʊld/ *adjective, adverb*
دە بەرامبەر، دە ئەوندە، دەچەندان ۞ ده برابر
ten-gallon hat *noun*
کڵاوی کاوبۆیی ۞ کلاه کابوی
tenge /'tɛŋgeı/ *noun, pl. pl.* same or tenges
1 یەکەی بنەرەتی پارەی کازاخستان، بەرامبەر بە سەد tein 2 یەکەی پارەی تورکەمەنستان، بەرامبەر بە سەدیەکی manat ۞ تنگه
tenia = US spelling of taenia
Tenn. *abbreviation* Tennessee
tenner /'tɛnə(r)/ *noun*
(نافەرمی) دەیی (لە ئەمریکا پارەی دە دۆلاری و لە بریتانیا دە پەوندی): *You can have it for a tenner* ۞ دهی
Tennesseean /ˌtɛnə'si:ən/ *noun, adjective*
1 تینیسی، رەسەن یان دانیشتووی هەرێم یان ئەیالەتی Tennessee ئەمریکا 2 سەربە یان پێوەندی بە تینیسی‌یەوە هەیە ۞ تنسی
Tennessee walking horse *noun,* also Tennessee walker
جۆرێ نژادی گەورەی ئەسپی خۆش‌ڕەوتی سواری هەرێمی تینیسی ئەمریکا ۞ نوعی اسب
tenia = taenia
tennies *noun, pl.*
(نافەرمی) کەوش یا پێڵاوی تێنیس ۞ کفش تنیس
tennis /'tenıs/ *noun,* also formal lawn tennis
تێنیس، تەنیس: *a tennis player/tournament/club/court* ۞ تنیس
tennis-ball *noun*
تۆپی تێنیس یان تەنیس ۞ توپ تنیس
tennis-court *noun*
یاریگەی تێنیس، تێنیسگە، گۆرەپانی تێنیس، مەیدانی تێنیس ۞ زمین تنیس
tennis elbow *noun*
ئانیشکی تێنیسەوان (ماسینی بەزانی ئانیشکی تێنیسەوان) ۞ آرنج تنیس‌باز
tennis-racket *noun*
راکێتی تێنیس ۞ راکت تنیس
tennis shoe *noun*
پێلاو یان کەوشی تێنیس ۞ کفش تنیس
Tenno /'tɛnəʊ/ *noun, pl.* Tennos
ئیمپراتوری ژاپۆن (بنەڕەت: لە ژاپۆنی‌یەوە) ۞ تنو
Tennysonian /ˌtenı'səʊnıən/ *adjective; noun*
adj سەربە شێوازی هۆنەری ئینگلیسی Alfred (Lord) Tennyson (1809–92) *n* شاگرد یان لایەنگری تێنیسۆن ۞ تنیسونی
tenon /'tenən/ *noun*
(دارتاشی) زمانە ۞ زبانه
tenon saw *noun*
زمانەهەرە: جۆرێ هەرە بۆ کردنی بڕشتی ورد و چکۆلە ۞ نوعی اره
tenor[1] /'tenə(r)/ *noun*
1 (موسیقا) تێنۆر، (بەرزترین دەنگی ئاسایی پیاو، نێوان baritone و alto یا countertenor) 2 گۆرانی‌بێژێ بەو دەنگە ۞ تنور
tenor[2] /'tenə(r)/ *noun*
1 چەمک یان واتای گشتی، ناوەرۆک، نێواخن 2 مەبەست، خەیاڵ، نیاز 3 رەوت (ی ئاسایی) 4 کەش، کەش‌وهەوا ۞ 1 مفهوم یا معنی کلی، فحوا، مفاد 2 نیت 3 روند 4 فضا
tenorino /ˌtɛnə'ri:nəʊ/ *noun, pl.* tenorini /-'ri:ni/
تێنۆری بەرز (بنەڕەت: ئیتالیایی، چکۆلێنراوی *tenore* "تێنۆر") ۞ تورینو

tenorist *noun*
موزیکژەن یان موسیقاژەنی ئامێری تێنۆر ◌ تنوریست

tenosynovitis /ˌtɛnəʊˌsʌɪnə(ʊ)ˈvʌɪtɪs/ *noun*
ئاوسانی ژێی ماسوولکە، ب.ت. لە مەچەکدا ◌ تنوسینوویتیس

tenotomy /təˈnɒtəmi/ *noun, pl.* tenotomies
ژێبڕی، تاندۆنبڕی، بڕینی تاندۆن، ب.ت. وەک چارەسەرێ بۆ چەوێڵی پێ ◌ تنوتومی

ten pence /ˌten ˈpiː/ *noun*
دەپێنی، دەپێنسی: *Have you got a ten pence piece?* ◌ ده پنی

tenpin /ˈtenpɪn/ *noun*
1 میل، میلە (بۆلینگ) 2 (tenpins) میلی بۆلینگ ◌ 1 میله 2 میلەی بولینگ

tenpin bowling *noun*
میل یان میلەی بۆلینگ ◌ میلەی بولینگ

tenrec /ˈtɛnrɛk/ *noun*
جۆرێ شیردەر یان گیانداری چکۆلەی مێرووخۆری ماداگاسکار و دورگەکانی Comoro [خێزان Tenrecidae: زۆر جۆرن] ◌ تنرک

TENS *abbreviation* transcutaneous electrical nerve stimulation
1 شێوەیێ هاندانی ئێلیکتریکی بۆ داشکاندنی ژان کە لەودا کۆمەڵێ ئێلیکترۆد بە پێستەوە دەنرێ 2 دەزگایێ کە بۆ تێنس بەکاردێنرێ ◌ تنس

tense[1] /tens/ *noun*
(ڕێزمان) کات، سەردەم، دەم، زەمان: *the past/present/future tense* (tenseless *adj*) ◌ زمان

tense[2] /tens/ *adjective*
1 نارەحەت، نگەران، دڵلەدوا، بەدڵەتەپەکەوتوو، تێکچوو، ئارامڵێ هەڵگیراو، بێئارام، بێحەجمان، پەشێو، شڵەژاو، نگەرانکەر، بەدڵەتەپەخەر 2 توند، گرژ 3 (ماسوولکە و هتد) کێشراو، توند، کرژ، گرژ (دەنگناسی، ب.ت. بزوێنێ) کرژ، گرژ (دژی lax): tensely /tensli/ *adv* نارحەتانە؛ tenseness *n* بنەڕەت: لە *tensus* لاتینی *tendere* "(ڕا)کێشان" ◌ 1 عصبی، بیقرار، دلهرهآور 2 تنشزا 3 تنیده (آواشناسی تنیده)

tensed up *adjective*
نگەران، نارەحەت، دڵلەدوا، دڵنگەران، بەدڵەتەپەکەوتوو، تێکچوو ◌ نگران، عصبی، دلواپس

tenseness /tensnəs/ *noun*
نگەرانی، نارەحەتی، دڵلەدوایی، دڵنگەرانی، دڵەخورپێ، دڵەتەپە، بەدڵەتەپێکەوتوویی، تێکچوویی ◌ نگرانی، دلواپسی، دلهره

tensile /ˈtensaɪl, US ˈtensl/ *adjective*, also tensible
کرژ، گرژ، توند(بوو)، لە(ڕا)کێشانهاتوو، دەکشێ، لە کشان دێ، رادەکێشرێ، دەکێشرێ، لە کێشان دێ: *tensile cable* ◌ کششی

tensile force *noun*
هێزی کرژی یان ک(ێـ)شان ◌ قوەی کششی

tensile strength *noun*
بەرهەڵستی یان هێزی کرژی یا ک(ێـ)شان ◌ مقاومت یا قوەی کششی

tensility /tenˈsɪlɪti/ *noun*, also tensibility
کرژی، گرژییانە، توندبوویی، لە(ڕا)کێشانهاتوویی ◌ کشش

tension /ˈtenʃn/ *noun*
1 کرژی، گرژی 2 (ڕا)کێشان، کێشران، کێشراوی، کشان: *muscular tension* ◊ *When knitting, try to keep the same tension throughout* 3 ململانێ، کێشە(وبەرە)، ئاڵۆزی، کێشمەکێش، کەلەوەکێشی، نێوانناخۆشی، تێکچوون یان شێوانی پێوەندی: *There is* ◊ *mounting tension along the border* ◊ *international/racial/political tensions* *Family tensions and conflicts may lead to violence* 4 توندی 5 ڤۆلتاژ 6 نگەرانی، نارەحەتی: *nervous tension* ◌ 1 تنش 2 کشیدگی، کشش، تمدد 3 کشمکش، تیرگی روابط 4 سفتی 5 ولتاژ 6 نگرانی

tensioned *adjective*
(تەناف و هتد) کێشراو، توند(بوو)، ڕاکێشراو، ڕایەڵکراو ◌ کشیده

tensioning *adjective*
(تەناف و هتد) کێشراو، توند(بوو)، ڕاکێشراو، ڕایەڵکراو ◌ کشیده

tension spring *noun*
فەنەری (ڕا)کێشراو، زەمبەلەکی (ڕا)کێشراو ◌ فنر کششی

tensity /ˈtensetɪ/ *noun*
کرژی، گرژی، (ڕا)کێشان، هێزی (ڕا)کێشان ◌ تنش، قوەی کششی

tensive *adjective*
کرژییانە، سەربە گرژی، پێوەندی بە گرژییەوە هەیە ◌ تنشی

tenson /ˈtɛns(ə)n/ *noun*, also tenzon
(مێژوویی) شەرەهەڵبەست، شەرەشێعر، شەرەهۆنە ◌ مشاعره

tensor /ˈtɛnsə, US -sɔː/ *noun*
(توێکاری) ماسوولکەی کرژکەرە یان کرژێنەر یا کێشەر یا توندکەر، تێنسۆر ◌ عضلەی ممدده

tensorial *adjective*
1 سەربە ماسوولکەی کرژێنەر یان کێشە 2 کرژێنەر، کرژکەر، کشێنەر، کێشەر ◌ 1 وابسته به عضلەی ممدده 2 ممدده، کششی

tent[1] /tent/ *noun something that resembles a*

tent.
1 خێوەت، چیخ، کاوڵ، تاوڵ، ئاڵەچۆک (لە نمەد)، ڕەشماڵ (black tent)، دەوار، کەونەدە (مووچن)، کۆن، چادر: *to put up/take down a tent* 2 شتێکی خێوەتی یا خێوەتئاسا 3 dwelling (بنەڕەت: لە *tente* فەڕەنسی کۆن، لەسەر بنەمای *tent-* *tendere* "stretch") ○ 1 چادر، خیمە 2 چیز خیمەمانند

tent² /tent/ *noun*
جۆرێ مەی شیرینی سووری توندی سپانیایی، ب.ت. وەکوو مەی پیرۆز بەکاردێتری ○ تنت

tent³ /tent/ *noun*
1 (نەشتەرگەری) پلیتە: شتێ کە دەخرێتە کونێکەوە تا بەرەبەرە دەمی بێبکاتەوە 2 میل، میلە، شیش (هی نەشتەرگەری؛ بنەڕەت: لە *temptare* لاتین "try, test, handle") ○ 1 فتیله 2 سوند

tentacle /'tentəkl/ *noun*
1 (گیانەوەرناسی) شاخ، شاخۆچکە، ڕەگی هەستیار، (هەشتپێ) قۆڵ 2 مووی هەستیاری رووەکێ، موو یان ریشاڵەیێکی filament هەستەوەری رووەکێ (وەک هی sundew) 3 (tentacles، خوازە) چنگ، چنگاڵ، کاریگەری، باندۆر: *Tentacles of fear closed around her body* (بنەڕەت: ئینگلیزیتراو لە *tentaculum* لاتین، لە *tentare* *temptare* "هەست کردن، دەست لێدان") ○ 1 شاخک، (هشتپا) بازو 2 تتاکل 3 (در جمع، مجازی) چنگال، تأثیر

tentacled *adjective*
1 خاوەن شاخ، خاوەن شاخۆچکە، خاوەن ڕەگی هەستیار، (هەشتپێ) خاوەن قۆڵ 2 خاوەن مووی هەستیاری رووەکێ ○ 1 دارای شاخک، (هشتپا) دارای بازو 2 دارای تتاکل

tentacular *adjective*
سەربە شاخ یان شاخۆچکە ○ وابسته به شاخک

tentaculated *adjective*, also tentaculate
شاخدار، شاخۆچکەدار، شاخاوی ○ دارای شاخک

tentaculiform *adjective*
شاخئاسا، شاخۆچکەئاسا ○ شاخکمانند

tentage *noun*
1 هۆبە، کۆمەڵەڕەشماڵ 2 کەلوپەلی چادر ○ 1 تنتاژ 2 وسائل چادر

tentative /'tentətɪv/ *adjective*
1 تاقیکردنەوەیی 2 کاتی، بەرووەخت، کاتەکی، یەکلاییەوەنەبوو، بڕیارنەدەرانە، نەبڕێنەرەوە: *-ive conclusions* 3 دوودڵ(انە)، دڕدۆنگ(انە)، بە شکەوە: *a tentative greeting* ◊ *Her English is correct but tentative* ○ 1 آزمایشی 2 موقت، غیرقطعی 3 مردد

tentatively /'tentətɪvli/ *adverb*
1 دوودڵانە، بە شکەوە: *They have tentatively agreed to our proposal* ◊ *She smiled -ively* 2 بۆ تاقیکردنەوە ○ 1 با تردید 2 امتحاناً

tentativeness /'tentətɪvnəs/ *noun*
1 کاتیبوون، بەرووەختی 2 دوودڵی، نادڵنیایی ○ 1 موقتی 2 تردد

tent caterpillar *noun*
(زۆرتر ئەمریکا) تەتڵەمێرانی خێوەتی یان چادری (بە کۆمەڵ لەنێو داو و تەون لەنێو داری ب.ت. و *M.* [تووخم *Malacosoma americanum* لە خێزانی Lasiocampidae]) ○ کرم ابریشم چادری

tented /'tentɪd/ *adjective*
خێوەتهەڵدراو، چادری، خێوەتدار ○ چادری

tenter /'tentə(r)/ *noun*
1 چوارچێوەی کوتاڵ یان پارچە وشکبوونەوە(-کردنەوە) 2 ڕاگر 3 خێوەتدروو، چادردروو، ڕەشماڵدروو ○ 1 تنتر 2 نگهدار 3 خیمەدوز

tenterhook *noun*
1 گیرە یان قولاپی چوارچێوەی پارچە وشککردنەوە 2 (tenterhooks /'tentəhʊks, -tərh-/) on tenterhooks لە دڵەڕاوکێدا، لە نیگەرانیدا، لە نارەحەتیدا ○ 1 تنترهوک 2 در اضطراب

tenth /tenθ/ ordinal number *noun, adjective*
n دەیەک، دەیەم، ژمارەی دە(یەم) *adj* دەیەم، دەیەمین ○ *n* یکدهم، دهمی *adj* دهم، دهمین

tentiform *adjective*
خێوەتئاسا، کۆنئاسا، شێوەدەوار ○ چادرمانند

tentless *adjective*
بێکاوڵ، بێچادر، بێخێوەت، بێدەوار ○ بدون چادر

tentmaker *noun*
خێوەتساز، دەوارگەر، کۆنگەر، کاوڵچی، چادردروو، خێوەتدروو ○ چادرساز، خیمەدوز

tent-peg *noun*
مۆلەی پێدابەستنی خێوەت، فرک، سنگ ○ میخ چادر

tent stitch *noun*
تەقەڵی لابەلا ○ کوک اریب

tenuous /'tenjuəs/ *adjective*
1 باریک، ناسک، هەوداری، باریکەلە: *the tenuous threads of a spider's web* 2 کەم، هیچەکە، ناگرنگ ○ 1 ظریف، باریک 2 جزئی

tenuously /'tenjuəsli/ *adverb*
باریکانە، بە شێوەیەکی ناسک یان باریک ○ به طور باریک

tenuousness /'tenjuəsnəs/ *noun*, also tenuity /tɪ'nju:ɪti/
1 باریکی، ناسکی، باریکەلەیی، هەوداییتی 2 لاوازی، لەرزۆکی، قرچۆکی ○ 1 ظرافت، …

باریکی 2 ضعف

tenure /'tenjə(r)/ *noun*
1 تیادانیشتن، داگیرکردن 2 بەکرێدان، ئیجارە، ماوەی بەکرێدان یان ئیجارە 3 (کار، پۆست و هتد) بەدەستەوەگرتن، لە دەس‌گرتن، گرتن، ماوەی بەدەستەوەگرتن: *his four-year -re as President* 4 دامەزرانی هەمیشەیی (ب.ت. مامۆستا لە زانکۆ و هێندێ دەزگای تر) ۞ 1 تصرف 2 اجارە، مدت اجارە 3 تصدی، دورەی تصدی 4 استخدام رسمی

tenurial *adjective*
سەربە tenure 1 و 2 ۞ وابستە بە tenure 1 و 2

tenzon /'ti:nz(ɔ)n/ = tenson

teocalli /ˌti:ə'kali/ *noun, pl.* teocallis
پەرسگەی ئازتێک و گەلانی تری مەکسیکی، ب.ت. بەشێوەی قووچکە (بنەڕەت: لە Nahuatl: *teo:tl* "خوا" + *kalli* "ماڵ") ۞ تیوکالی

teopan *noun*
پەرستگەی قووچکەیی (هی ئازتێکەکان) ۞ تیوپان

teosinte /ˌti:ɔʊ'sɪnteɪ/ *noun*
گیایێکی تفاقی مەکسیکی [*Zea mays subsp. mexicana*] ۞ تیوپان

tepal /'tɛp(ə)l, US 'ti:p(ə)l/ *noun*
(رووەک‌ناسی، فەرەنسی) تێپال، پەڕووچک؟ (بنەڕەت: لە پەڕ petal و قەپووچک sepal پێکهاتووە) ۞ تپال

tepary bean *noun*
جۆرێ باقلە، لە باشووری ڕۆژاوای ئەمریکادا دەکرێ [*Phaseolus acutifolius*] ۞ نوعی لوبیا

tepee /'ti:pi:/ *noun,* also teepee or tipi
خێوەت یان کاولی سوورپێستەکان ۞ تیپی

tepefaction *noun*
شیلەتێن‌کردن، شیلەوگەرم‌کردن، شیلەوگەرماندن ۞ ولرم‌سازی

tephra /'tɛfrə/ *noun*
(زەوی‌ناسی) خۆڵەمێشە: پارچە و لەتی دەرهاوێژراوی بەرد بەهۆی تەقینەوەی گڕکانی (بنەڕەت: لە یۆنانی‌یەوە "خۆڵەمێش") ۞ تفرا

tephrochronological *adjective*
سەربە tephrochronology، پێوەندمەند بە تێفرۆکرۆنۆلۆی‌یەوە ۞ وابستە بە تفروکرونولوژی

tephrochronology /ˌtɛfrɔ(ʊ)krə'nɒlədʒi/ *noun*
دیاری‌کردنی ڕێکەوتی تەقینەوەی گڕکانەکان یان ڕووداوەکانی تر بەهۆی لێکۆڵینەوەی توێی tephra ۞ تفروکرونولوژی

tephrosis *noun*
بوونەخۆڵەمێش ۞ خاکسترشدگی

tepid /'tepɪd/ *adjective*
1 شیلەوگەرم، شیرەتێن، شیلەتێن: *a tepid bath* 2 (خوازە) نە ئەوندە گەرم، سست ۞ 1 ولرم 2 (مجازی) نە چندان جدی

tepidarium /ˌtɛpɪ'dɛ:rɪəm/ *noun, pl.* tepidaria /-rɪə/
ژووری گەرم لە گەرماوی ڕۆمی کۆندا ۞ تپیداریوم

tepidity /tɛ'pɪdətɪ/ *noun,* also tepidness
شیلەوگەرم‌بوون، شیرەتێنی، شیلەتێنی ۞ ولرمی

tepidly /'tepɪdli/ *adverb*
بە شێوەیەکی شیلەوگەرم ۞ بە طور ولرم

tequila /tə'ki:lə/ *noun*
تەکیلا: ئەلکۆلێکی توندی مەکسیکی، لە agave دەگیرێ (بنەڕەت: لە ناوی شاری *Tequila* لە مەکسیکۆ) ۞ تکیلا

tequila slammer = slammer 3

tequila sunrise *noun*
کوکتایلی تەکیلا، ئاوی پرتەقاڵ و grenadine ۞ تکیلا سانرایز

ter- *prefix*
پێشگر: سێ‌ئەوندە، سێ‌قات، سێ‌بەرامبەر، سێ: *tercentenary* (بنەڕەت: لە *ter* لاتینەوە "سێ‌ئەوندە therice") ۞ پیشوند: سەبرابر، سە

tera- /'tɛrə/ *prefix*
پێشگر: 1 ئاماژە بە فاکتۆری 10^{12}: *terawatt* 2 (کامپیوتێر) ئاماژە بە فاکتۆری 2^{40}: *terabyte* (لە *teras* یۆنانیی "monster") ۞ پیشوند: ترا

terabyte *noun*
تێرابایت (یەکەی زانیاری بەرامبەر بە یەک میلیۆن میلیۆن (10^{12}) یان وردتر (2^{40}) بایت) ۞ ترابایت

terai /tə'rʌɪ/ *noun*
تێرای: جۆرێ کڵاوی لێوارپان، ڕێبوارانی ناوچە نیمچەگەرمێنەکان subtropical لەسەر دەکەن ۞ نوعی کلاه

teraph = teraphim

teraphim *noun, pl.*
تێرافیم (= ئەو بتانەی کە سامی‌یەکانی زوو وەکوو خواژنی ماڵەوە ڕایان‌دەگرتن؛ بنەڕەت: لە *theraphin* یۆنانی، لە *tĕrāphīm* عیبری) ۞ ترافیم

terato- *prefix*
پێشگر: سەربە monster یان شێوە و بیچمی سەیر و نائاسایی، خواروخێچی، نوقسانی، لاری، نارێکی، تێکچوون malformation: *teratology*، *teratogenic* (بنەڕەت: لە *teras,* *terat-* یۆنانی‌یەوە "monster") ۞ پیشوند: وابستە بە monster یا اشکال غیرعادی، بدشکلی

teratocarcinoma *noun*
تێراتۆکارسینۆما: تێراتۆمای مەترسی‌دار malignant ۞ تراتوکارسینوما

teratogen /tɛ'ratədʒ(ə)n, 'tɛrətədʒ(ɔ)n/

noun
هۆکار، دەرمان یان ماکێکی تر کە دەتوانێ ببێتە هۆی تێکچوون یان نارێکی ئاولەمە ◊ تراتوژن

teratogenesis *noun*, also teratogeny or teratogenicity
بەرهەمهاتن یا پێکهاتنی تێکچوونەکان، ب.ت. لە ئاولەمەدا، بەرهەمهاتنی تێکچوونە بەرەسێنەرانەکان (teratogenetic *adj*: سەربە تێراتوژێنیسیس) ◊ تراتوژنیز

teratogenic *adjective*
سەربە یان دەبێتە هۆی تێکچوونە پەرەسێنەرانەکان: *teratogenic substances* ◊ *teratogenic effects* ◊ تراتوژنیک

teratoid *adjective*
(زیندەناسی) دێوئاسا، شێوەدێو، دێوی ◊ تراتوید

teratological /-təˈlɒdʒɪk(ə)l/ *adjective*, also -tologic
1 سەربە نائاسایی‌ناسی، تێراتۆلۆژیکی 2 نائاسایی لە هەڵدان یان پێکهاتەدا growth structure ◊ 1 وابسته به تراتولوژی 2 غیرعادی از لحاظ رشد یا ساختار

teratologist *noun*
تێراتۆلۆژیست، نائاسایی‌ناسی ◊ تراتولوژیست

teratology /ˌtɛrəˈtɒlədʒi/ *noun*
1 تێراتۆلۆژی، نائاسایی‌ناسی (باس لە بارەی ئەو گیانەوەرانەی کە سەیر خوڵقاون) 2 میتۆلۆژی سەربەو دێو و بوونەوەرە خەیاڵی‌یانە ◊ تراتولوژی

teratoma /ˌtɛrəˈtəʊmə/ *noun*, *pl.* teratomas or teratomata /-mətə/
لوو یان تومۆرێ کە بە شێوەیێکی ئاسایی لەسەر شانەکانی شوێنێ پێکنەهاتووە، دێوەلوو؟ ◊ تراتوما

teratomatous *adjective*
پێکهاتوو لە لوو یان تومۆرێ کە بە شێوەیێکی ئاسایی لەسەر شانەکانی شوێنێ پێکنەهاتووە ◊ تراتوماتوس

terawatt /ˈtɛrəwɒt/ *noun*
تێراوات، یەکەی هێز بەرامبەر بە 10^{12} وات یان یەک میلیۆن مێگاوات ◊ تراوات

terbium /ˈtɜːbiəm, US ˈtɜːrb-/ *noun*
(کیمیا) تێربیوم (بە ژ.گ. 65، ن. Tb) ◊ تربیم

terce /tɜːs/ *noun*
ڕێوڕەسمێ کە بەشێکە لە Divine Office ی کلێسەی ویستێرن، وەک نەریتێ سێهەمین سەعاتی ڕۆژ (9 ی بەیانی دەوترێ) ◊ ترس

tercel /ˈtɜːs(ə)l/ *noun*, also tiercel
(گیانەوەرناسی) باز، سەقر ◊ قوش

tercentenary /ˌtɜːsenˈtiːnəri, US ˌtɜːrsenˈtenəri/ *noun*, *pl.* -tenaries
(tercentennial *adj*, *n*) (ئاهەنگ) سێسەدساڵە ◊ (جشن) سیصدساله

tercet /ˈtɜːsɪt/ *noun*
سێهەمەکی، سێهەمزە (کۆمەڵە) سێ‌خشتەکی (بنەڕەت: لە فەرەنسی، لە terzetto ئیتالیایی، چکۆلێنراوی terzo "سێهەم"، لە tertius لاتین) ◊ ترست

terebinth /ˈtɛrəbɪnθ/ *noun*
دارەبەن، وەن، دارەوەن، بەن، بەنۆک، داربنێشت [Pistacia terebinthus] (بنەڕەت: لە terebinthos یۆنانی‌یەوە) ◊ درخت سقز

terebinthine *adjective*
وەنی، بەنی، بنێشتی ◊ سقزی

teredo /təˈriːdəʊ/ *noun*, *pl.* teredos
(گیانەوەرناسی) جۆرێ لەش‌نەرمی دووڵەپکەی دەریایی کرم‌ئاسا کە ڕەهۆڵە بۆ نێو دار لێدەدا و دەتوانێ زیان بگەیێنی بە شتومەکی دارین [Teredo navalis] و جۆرە پێوەندی‌دارەکان، shipworm ◊ تردو

terephthalate *noun*
تێریفتالات: خوێ یان ئێستێری ترشەڵۆکی تێریفتالیک ◊ ترفتالات

terephthalic acid /ˌtɛrəfˈθalɪk/ *noun*
ترشەڵۆکی تێریفتالیک: جۆرێ ترشەڵۆکی ئەندامی کریستالی $C_8H_6O_4$، بۆ سازاندنی جەوکی فرەئێستێری polyester resin و فرەپارژەکانی تر بەکاردێترێ ◊ اسید ترفتالیک

terete /təˈriːt/ *adjective*
لووکەکی، لوولەیی، خڕ، ئاڵقەیی ◊ استوانه‌ای، مدوره حلقه‌ای

Tereus *noun*, Latin, from Greek *Tēreus*
تێریئوس، تیریوس: مێردی Procne کە دەس‌درێژی کردە سەر براژنی فیلۆمێلا Philomela ◊ ترئوس

tergal /ˈtɜːg(ə)l/ *adjective*
(گیانەوەرناسی) پشتی، سەربە پشت، سەربە tergum ◊ ظهری، پشتی

tergiversation /ˌtɜˌdʒɪvəˈseɪʃn/ *noun*
هەڵگەڕانەوە، بادانەوە، پشت تێ کردن، ناجێگیری ◊ برگشت، ارتداد

tergiversator *noun*
هەڵگەڕاوە ◊ مرتد

tergum /ˈtɜːgəm/ *noun*, *pl.* terga
(گیانەوەرناسی) پشت (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "پشت") ◊ ظهر، پشت

teredo /təˈriːdəʊ/ *noun*, also shipworm, *pl.* teredos
(گیانەوەرناسی) کرمەکەشتی [Teredo navalis] و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ◊ تردو

teriyaki /ˌtɛrɪˈjɑːki/ *noun*
جۆرێ چێشتی ژاپۆنی ◊ نوعی غذای ژاپنی

term /tɜːm, US tɜːrm/ *noun*
1 ماوە، قۆناخ، سەروبەند، سەردەم، ماوەیەکی دیاریکراو: *during the president's first*

He faces a maximum ◊ *term of/in office*
a long term ◊ *prison/jail term of 25 years*
کۆتـایی، دوایـی، ناکـام، 2 *of imprisonment*
ئـەنجام: 3 *the term of the loan* (خوێندنگا،
زانکۆ و هتد) بەشەساڵ، وەرزی خوێندن، تێرم:
◊ *the spring/summer/autumn/fall term*
Many students now have paid
(ماف) دانیشتنی 4 *employment during term*
دادگا 5 زانستەزاراوە، زاراوە، بێژە، دەستەوشە:
a ◊ *a technical/legal/scientific, etc. term*
(بیرکاری) تێرم، کـەرت، 6 *term of abuse*
رستـە؟ 7 ریـک کـەوتن، پێکهـاتن، سـازان،
(terms /tɜːms, tɜːrms/) 8 تێگەیـشتن
هەل‌ومەرج، پێوەندی(یەکان)، تێکەڵی(یەکان) 9
زمان ◌ 1 دوره، مدت معین 2 نهایت، خاتم 3
ترم، ثلث 4 جلسەی دادگاه 5 اصطلاح، دانش‌واژه،
عبارت 6 (ریاضی) جمله 7 توافق، تفاهم 8 (در
جمع) شرایط، روابط 9 زبان

termagancy /ˈtɜːməgənsɪ, US ˈtɜːrm-/ *noun*
سەڵیتەیی، بێ‌حەیایی، دەم‌شڕی، زمان‌درێژی ◌
پتیارگی

termagant /ˈtɜːməgənt, US ˈtɜːrm-/ *adjective, noun*
ژنی سەڵیتە یان بێ‌حەیا، ژنی پەتیارە، shrew،
زن پتیاره ◌ overbearing، shrewish

term day *noun*
ریکـەوتی بەسـەرچوون، ریکـەوتی
کۆتایی(پێ‌هاتن) ◌ تاریخ انقضا

terminable /ˈtɜːmɪnəbl/ *adjective*
لەکۆتاییهـاتوو، تـەواو دەبـێ، کۆتـایی پێـدێ،
دوایـی پێـدێ، دەگاتـە ئـاخر، بەسـەردێ،
بەسەردەچێ، رادەبڕێ ◌ پایان‌یافتنی، منقضی‌شدنی

terminal /ˈtɜːmɪnl, US ˈtɜːrm-/ *adjective, noun*
1 *adj* تـا ئـاخر، تـا کۆتـایی، تێرمـی، کۆتـایی 2
چارەسـەرنەکراو، بێ‌چارەسـەر، دەرمـان‌نـەکراو،
لەدەرمان‌نەهاتوو، کوشندە: *He has terminal*
1 *n a terminal patient* ◊ *lung cancer*
(کارەبا) جەمسەر، سەر: *a positive/negative*
2 ئاخر، کۆتایی، بن، بنەتا، دووماهی، *terminal*
دوایی: *3 a terminal branch of a tree*
تێرمینال، دواوێستگە: *A second terminal was*
a railway/bus/ferry ◊ *opened in 2008*
4 (تاقی‌کاری و...) تێرمی، وەرزی، *terminal*
خولی 5 (کامپیوتێر) تێرمینال ◌ 1 *adj* پایانی،
نهایی، ترمی 2 علاج‌ناپذیر، درمان‌ناپذیر، لاعلاج *n*
1 محل اتصال، سر 2 ته، پایان 3 پایانه 4 دوره‌ای 5
ترمینال

terminally /-nəli/ *adverb*
1 چارەسـەرنەکراوانە، بێ‌چارەسەرانە: *a hospice*
for the -rminally ill 2 لە کۆتاییدا، لە ئاخردا،
لە دواییدا: *a -minally dull film* ◌ 1 بە طرز
لاعلاجی، بە طرز درمان‌ناپذیری 2 بە طور نهایی

terminally ill *noun*
(نەخۆش) رووڵەمەرگ، بەرەو مردن ◌ مردنی

termination /ˌtɜːmɪˈneɪʃn, US ˌtɜːrm-/ *noun*
1 دوایـی، کۆتـایی، دوومـاهی، ئـاخر 2
بەسـەرچوون، وەخـت‌تەواوبوون 3 تەواوکردن،
کۆتاییپێ‌هێنان، دوایی پێ‌هێنان، گەیاندنە‌ئاخر،
ئـەنجـام 4 ئـەنجام، ناکـام، پێتـاژۆ 5 پاشـگر،
پاشبەند، بەش یان پیتی دوایی وشەیێ ب.ت. لە
گەردان(کردن) یان دارشتندا 6 هەڵوەشاندنەوە
7 لـەباربردن، هەڵـکەندن ◌ 1 پایـان، خاتمـە 2
انقضـا 3 بـە اتمـام‌رسـانی 4 نتیجـە 5 پـسوند،
ترمیناسیون 6 فسخ 7 کورتاژ

terminative /ˈtɜːmənetɪv, US ˈtɜːrm-/ *adjective*
دوایی‌پێ‌هێنەر، بەئاخرگەیێنەر، کۆتایی‌پێ‌هێنەر،
(-minatively *adv*) ending ◌ بە پایان‌رسانندە

terminator *noun*
1 دوایی‌پێ‌هێنەر، بەئاخرگەیێنەر، کۆتایی‌پێ‌هێنەر،
بڕینەرەوە 2 (ئەستێرەوانی) هێڵێکی دابەش‌کەر
لـە نێـوان بەشـی روونـاک و تـاریکی تـەنێکی
هەسارەیی ◌ 1 بە پایان‌رسانندە 2 ترمیناتور

termini /ˈtɜːmɪnaɪ, US ˈtɜːrm-/ = plural form of terminus

terminological /ˌtɜːmɪnəˈlɒdʒɪkl, US ˌtɜːrmənəˈlɑːdʒ-/ *adjective*
زاراوەیی، تێرمینۆلۆژیکاڵ، سەربە زاراوەکان یان
بـەکارهێنانی زاراوەکـان (terminologically
adv: لـەباری زاراوەیـی‌یـەوە) ◌ اصـطلاحی،
وابسته به اصطلاحات یا کاربرد اصطلاحات

terminological inexactitude *noun*
(بە شۆخی) درۆ ◌ دروغ

terminology /ˌtɜːmɪˈnɒlədʒi, US ˌtɜːrməˈnɑːl-/ *noun, pl.* -nologies
1 زاراوەکـان، زاراوەمـەنی، بـەکارهێنانی
زاراوەکان یان زاراوەمەنی، زانستی زاراوەمەنی
2 زاراوەناسـی، تێـرم‌ناسـی: *medical*
Scientists are constantly ◊ *terminology*
The ◊ *developing new terminologies*
disagreement arose over a different use of
◌ 1 اصـطلاحات، کـاربرد *terminology*
اصطلاحات، واژگان، دانش‌واژه‌ها 2 اصطلاح‌شناسی

term insurance *noun*
بیمەی کاتی یان تەنگەتاوی ◌ بیمه‌ی موقت

terminus /ˈtɜːmɪnəs, US ˈtɜːrm-/ *noun, pl.* termini or terminuses
(پـاس، شـەمەندەفەر و...) تێرمینـاڵ، دوابێنگـە،
دواوێستگە ◌ ترمینال

terminus ad quem /ˌtɜːmɪnəs ad ˈkwɛm/ *noun*
(لاتینی) مەبەست، نامانج ◌ هدف

terminus a quo /ɑː ˈkwəʊ/ *noun*
(لاتینی) خاڵی دەسپێک(ردن) یان سەرەتا ◌ نقطەی آغاز یا شروع

termitarium /ˌtɜːmʌɪˈtɛːrɪəm/ *noun, pl.* termitaria
پوورەی مۆریانەکان، پوورەمۆرانە ◌ ترمیتاریوم

termitary /ˈtɜːmɪtəri/, *pl.* termitaries = termitatium

termite /ˈtɜːmaɪt, US ˈtɜːrm-/ *noun*
(مێروناسی) مۆرانە، مۆریانە، تەختەپوت، دارخۆرە، سورک [دەستە Isoptera: زۆر جۆرن]: *a termite colony* ◌ موریانە

termless *adjective*
بێماوە ◌ بی‌مدت

termly /ˈtɜːmli, US ˈtɜːrm-/ *adjective*
(خوێندنگا، زانکۆ و هتد) تێرمی، تێرمانە: *termly reports* ◌ ترمی، ثلثی

term of office *noun*
سەردەم، سەروبەند یان ماوەی سەرۆکایەتی، سەردەمی گرتنەدەست (کاریکی گرنگ)، ماوەی بەدەسەڵاتی ◌ دورەی ریاست یا تصدی

term paper *noun*
نامیلکەی کورت (بە درێژایی وەرزی خوێندنگا یا کۆلێژ) ◌ رسالەی کوتاه

terms of reference *noun*
1 بوار یان پانتایی لێکۆڵینەوە، بواری قەکۆلین 2 مەڵبەندی دەسەڵات ◌ 1 گسترەی تحقیق 2 حوزه یا حیطەی اختیارات

termtime *noun*
1 ماوەی بەدەستەوەگرتنی پۆستێ: *I never went out in the evenings during termtime* 2 ماوەی خوێندن ◌ 1 دورەی تصدی 2 دورەی تحصیلی

tern[1] /tɜːn, US tɜːrn/ *noun*
(گیانەوەرناسی) ماسیخۆرکە، پێوەندی بە gull ەکانەوە هەیە [*Sterna* و توخمەکانی تر، زۆر جۆرن] ◌ پرستوی دریایی

tern[2] /tɜːn, US tɜːrn/ *noun*
دەستەی سیانە، دەستەی سێدانەیی ◌ دستەی سەتایی

ternal *adjective*
سیانە، سێبەشە، لە سێبەش پێکهاتوو ◌ سەگانە

ternary /ˈtɜːnəri/ *adjective*
1 سیانە، سێبەشە، لە سێبەش پێکهاتوو، خاوەنی سێ توخم یان کەرت: *ternary petals* 2 پلەی سێهەم: *a -ry logarithm* ◌ 1 سەگانە 2 ترناری

ternate /ˈtɜːneɪt/ *adjective*
سیانەسیانە ریکخراو یان ژێربەشی subdivision بەم شێوە ریکخراو، سێ‌سێ: *a ternate leaf* ◌ سەتاسەتا مرتب‌شدە (ternately *adv*)

terne /tɜːn/ *noun*
دارشتەی پێکهاتوو لە چواربەش قورقوشم و بەشێ قالایی ◌ ترن

terotechnology /ˌtɛrə(ʊ)tɛkˈnɒlədʒi, US ˌtɪərə(ʊ)-/ *noun*
تێکنۆلوژی پاراستن (یان ناگالیبوون): لقێکی تێکنۆلۆژی و ئەندازیاری لەمەڕ دابەستن و راگرتنی دامودەزگا installation ◌ تروفناوری

terpene /ˈtɜːpiːn/ *noun*
(کیمیا) تێرپین: 1 هەریەک لە دەستە هایدرۆکاربۆنە (ناپاراوە) تاک‌ئالقەییەکان بە شێوەی $C_{10}H_{16}$، لە عەترەڕۆنەکاندا دوزراوەتەوە (وەک لە هی conifers)؛ هەریەک لە هایدرۆکاربۆنەکان $(C_5H_8)_n$، ب.ت. لە عەترەڕۆنەکان، balsam و جەوکەکاندا دۆزراوەتەوە 2 هەریەک لە بەرهەمە ئۆکسیژێنراوەکانی ئەو دەستەیە ◌ ترپن

terpenic *adjective*
تێرپینی، تێرپیندار ◌ وابستە بە ترپن، ترپن‌دار

terpenoid *adjective*
تێرپین‌ئاسا، شێوە تێرپین، تێرپینی ◌ ترپن‌نما

terpineol *noun*
یەکێ لە سێ ئەلکۆلە ئیزۆمێریکە بۆنخۆشەکان $C_{10}H_{17}OH$ کە لە عەترەڕۆنەکاندا دۆزراوەتەوە، زۆرتر بۆ بەرهەمهێنانی گولاوسازی و وەک توێنەرەکان بەکاردێتری ◌ ترپن‌نما

terpolymer *noun*
فرەپارژەیێ کە لە تاک‌پارژە جیاوازەکان پێکهاتووە، وەک جەوک یان زێزینی ABS ◌ ترپولیمر

terpsichorean /ˌtɜːpsɪkəˈriːən/ *adjective, noun*
(فەرمی یان بەشۆخی) *adj* سەربە سەما یان هەڵپەڕکێ *n* سەماباز، رەقسکێش ◌ *adj* وابستە بە رقص *n* رقاص

Terpsichore *noun*, Latin, from Greek *Terpsichorē*
تێرپسیچۆرێ، تێرپسیکۆرێ: Muse یونانی و رۆمی هەڵپەڕکێ و گۆرانی بەکۆر ◌ ترپسیکور

terra /ˈterə/ *noun*
زەوی، خاک، وڵات (بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "earth") ◌ زمین، خطه

terra alba *noun*
ماک و سابتەنی کانی سپی‌ڕەنگ (وەک pipe clay، gypsum، kaolin یان magnesia) ◌ مواد معدنی سفید رنگ

terrace /ˈterəs/ *noun*
1 هەیوان، بانجیلە 2 ریزەماڵ، ریزەخانوو (لە بلوکێکدا) 3 (لە کشتوکاڵدا) زەوی پلیکانی یان پلەپلە، زەوی تەخت و بەرز، تەلان، لێژی

پلیکانی 4 سەکۆ، هەرزالە، پلیکان 5 جێگای بینەران یان تەماشاوانان 6 (terraces) (ستادیۆمی وەرزش) جێگای بینەرانی بەپێوە، پلیکانەکان ۞ 1 مهتابی 2 تراس 3 شیب پلکانی 4 سکو 5 جایگاه تماشاچیان 6 (در جمع) جایگاه تماشاگران ایستاده

terraced /ˈterəst/ *adjective*
تەلان‌تەلان، پلیکانی، تراس‌دار: *a terraced* *a terraced* ◊ *terraced housing* ‹cottage ۞ پلکانی *a terraced hillside* ◊ *garden*

terraced houses *noun, pl.*
ریزە هاومالەکان، ریزە مالە لیکچووەکان ۞ ردیف خانه‌های مشابه

terraced roof *noun*
سەربانی تەخت، بانی ریک ۞ بام مسطح

terracing /ˈterəsɪŋ/ *noun*
1 زەوی پلیکانی یان پلەپلەکراو 2 جێگای بینەران یان تەماشاوانان ۞ 1 زمین تراس‌بندی‌شده 2 جایگاه تماشاچیان

terracotta /ˌterəˈkɒtə, US -ˈkɑːtə/ *noun, pl.* terracottas
1 قوری پێژراو یان سوورەوەکراو، سوفال: 2 *terracotta pots/tiles/roofs* 2 دەفری گلینە 3 رەنگی سووری مەیلەو قاوەیی (بنەرەت: لە ئیتالیایی *terra cotta* ("baked earth" ۞ 1 سفال 2 ظرف سفالی 3 رنگ آجری

terra firma /ˌterə ˈfɜːmə, US ˈfɜːrmə/ *noun*
(لاتینی) زەوی، عەرز، هەرد (پتەو و رەق)، وشکانی، پارچەی سەرەکی، بەژ ۞ زمین، خشکی، قطعه‌ی اصلی

terrain /təˈreɪn/ *noun*
1 زەوی، زەمین، عەرز: *rough terrain* 2 پەلەزەوی، پارچە زەمین 3 ناوچە، مەلبەند 4 بوار، مەلبەند، پانتایی، ناقار، territory ۞ 1 زمین 2 قطعه زمین 3 ناحیه 4 گستره، حوزه

terra incognita /ɪnˈkɒɡnɪtə, US ˌɪnkɒɡˈniːtə/ *noun*
(لاتینی) زەوی نەدۆزراوە ۞ زمین کشف‌نشده

Terramycin = oxytetracycline

terrane /teˈreɪn/ *noun*
(زەوی‌ناسی) تێرەین: ناوچە یان چین و رووبەری کە لە ژوور ئەودا بەردێکی تایبەتی یان کۆمەڵی بەردی پێکهاتووە ۞ ترین

terrapin /ˈterəpɪn/ *noun*
1 (گیانەوەرناسی) تێراپین (یەکێ لە چەندین جۆری رەقە لە ئاوەکانی ناوچە گەرمێنەکان و ئەمریکای باکووری *Malaclemys terrapin*] (هی diamondback، رۆژهەلاتی ئەمریکا) و زۆر جۆری تر لە شوێنی تر] (Terrapin) 2 بریتانیا، دروشمی بازرگانی) خانووێکی پێشکرد یان پێشەکی‌دروستکراوی یەک‌نهۆم بۆ وەختی تەنگەتاوی ۞ تراپین

terraqueous /teˈreɪkwɪəs/ *adjective*
بەژاوایی (لە بەژ (وشکانی) و ئاو پێکهاتوو)، بریتی‌یە لە وشکانی و دەریا ۞ تراکیوس، شامل خشکی و دریا

terrarium /teˈreːrɪəm/ *noun,* terrariums or terraria /-rɪə/
1 شووشەبەند یا شوێنی راگرتنی گیانەوەران (ی چکۆلە، ب.ت. خشۆک و وشکاوەکی‌یەکان) 2 شووشەبەند، گوڵخانە ۞ 1 تراریوم 2 گل‌خانه

terra sigillata /ˌsɪdʒɪˈleɪtə/ *noun*
1 جۆری گڵی astringent هی Lemnos یان Samos، جاران وەک دەرمان بەکاردێنرا 2 کەلوپەلی سامۆسی Samian ۞ ترا سیجیلاتا

terrazzo /teˈrætsəʊ/ *noun*
موزاییکی چیمەنتۆی مەرمەرین ۞ موزائیک سیمانی مرمرنما

terrene /teˈriːn/ *adjective, noun*
1 *adj* سەربە زەوی، زەوی‌ناسا، عەرزی 2 دانیشتووی وشکانی 3 مادی، دنیایی، گیتی‌یانە، نامانایی، earthly ،mundane *n* ،earth terrain ۞ 1 وابسته به زمین، زمین‌مانند 2 ساکن خشکی 3 مادی

terrestrial /təˈrestrɪəl/ *adjective, noun*
1 *adj* سەربە (گۆی) زەوی یان عەرز (لەچاو مانگ یان هەسارەکانی‌تر)، خاکی، عەرزی، زەمینی، هەردی (لەچاو دەریا): *terrestrial life* لە عەرزەوە (بەرنامەی تەلەفزیۆنی و هتد کە لە عەرزەوە بلاوبێتەوە تاکوو ساتەلایت) 2 (گیانەوەران) عەرزی، زەمینی، خاکی: *a terrestrial habitat* 3 دنیایی، گیتی‌یانە، ئەم‌جیهانی 4 (زەوی‌ناسی، هەسارەیی) زەوینی، شێوەی زەوی دەدا *n* دانیشتووی (سەر) عەرز (terrestrially *adv*) ۞ 1 *adj* زمینی، وابسته به زمین، خاکی 2 زمین‌زی 3 دنیایی 4 (سیاره) زمین‌مانند *n* ساکن زمین

terrestrial broadcasting *noun*
بلاوکردنەوەی لە عەرزەوە (یان عەرزی) ۞ پخش زمینی

terrestrial channels *noun, pl.*
کانالە عەرزی‌یەکان ۞ کانال‌های زمینی

terrestrial magnetism *noun*
ئاسن‌کێشی یا تایبەتمەندی مەگناتیسی زەوی ۞ خاصیت مغناطیس زمین

terrestrial telescope *noun*
(کۆن) تریاق، دژەژار، ژارڕەوێن ◌ تریاق
therian *noun, adjective*
n گوانداری زاماڵدار و گیانەوەری توورەکەدار *adj* سەربە توورەکەداران و گوانداراني زاماڵدار ◌ *n* پستاندار دارای جفت و جانورکیسەدار *adj* وابسته به کیسەداران و پستانداران دارای جفت
therianthropic /ˌθɪərɪænˈθrɒpɪk/ *adjective*
(ب.ت. خوایین) بە شێوەی گیانەوەر و مرۆڤ ◌ تریانتروپیک
theriomorphic /ˌθɪərɪə(ʊ)ˈmɔːfɪk/ *adjective*, also theriomorphous
(ب.ت. خوایین) شێوەی گیانەوەری هەیە ◌ تریومورفیک
therm(o)- /ˈθɜːməʊ, US -moʊ/ *prefix*
پێشگر: 1 گەرمایی، گەرمی، 2 *thermostat* تێرمۆئیلێکتریک :thermoelectric (بنەڕەت: لە *thermo* یۆنانی "heat") ◌ پیشوند: حرارت، گرما
therm /θɜːm, US θɜːrm/ *noun*
گەرمیپێو (بەرامبەر بە 100,000 یەکەی گەرمی بریتانی) ◌ حرارتسنج
thermae /ˈθɜːmiː/ *noun, pl.*
(یۆنان و ڕۆمی کۆن) گەرماوە گشتییەکان ◌ حمام‌های عمومی
thermal /ˈθɜːml. US ˈθɜːrml/ *adjective, noun*
adj گەرمایی، گەرمی، گەرم: *thermal insulation* 1 *n* چوونەسەرەوەی تەوژمی هەوای گەرم 2 (termals) جلوبەرگی گەرم، ب.ت. هی بنەوە ◌ *adj* حرارتی، گرم *n* 1 ترمال 2 (در جمع) لباس‌های گرم (زیرین)
thermal camera *noun*
دووربین یا کامێرای گەرمایی ◌ دوربین حرارتی
thermal capacity *noun*
فراوانی یا کاپاسیتی گەرمایی ◌ ظرفیت گرمایی
thermal energy *noun*
وزەی گەرمایی ◌ انرژی گرمایی
thermal expansion *noun*
کشانی گەرمایی ◌ انبساط گرمایی
thermal fracture *noun*
شکانەوەی گەرمی یا گەرمایی ◌ شکست گرمایی
thermal pollution *noun*
پیسی گەرمایی یان گەرمی ◌ آلودگی گرمایی
thermal reservoir *noun*
سەرچاوەی گەرمایی یان گەرمی ◌ منبع گرمایی
thermal spring *noun*
کانی یان کانیاوی ئاوی گەرم، گەرماو ◌ چشمەی آب گرم
thermal unit *noun*
یەکەی پێوانی گەرمی یان گەرما ◌ واحد سنجش گرما
thermic *adjective*
گەرمایی، گەرمی ◌ گرمایی
thermionic *adjective*
سەربە گەرمایۆنی ◌ ترمیونیک
thermionic current *noun*
تەوژمی گەرمایۆنی یان تێرمیۆنیک ◌ جریان ترمیونیک
thermionics *noun, pl.*
زانستی گەرمایۆنی ◌ علم گرمایونی
thermionic valve *noun*, also thermionic tube
گڵۆپ یا زمانەی گەرمایۆنی یا تێرمیۆنی، لوولەی گەرمایۆنی ◌ لامپ گرمایونی، لولەی گرمایونی
thermistor /θɜːˈmɪstə/ *noun*
ڕیسیستۆری ئیلێکتریکی ◌ رسیستور برقی
thermo- /ˈθɜːməʊ, US -moʊ/ = therm-
thermochemistry *noun*
گەرمۆکیمیا، کیمیای گەرمی (*adj* thermochemical: گەرمۆکیمیایی، سەربە کیمیای گەرمی؛ *n* thermochemist) ◌ ترموشیمی
thermocline /ˈθɜːmə(ʊ)klaɪn/ *noun*
گەرماڵێژ، گەرماتوێ، توێی دابڕاوی دمالایه ◌ (thermoclinal *adj*)
thermocoagulation *noun*
(نەشتەرگەری) گەرمەمەیین: مەیینی شانەکان بەهۆی گەرمییەوە ◌ ترموکواگیولاسیون
thermocouple *noun*
جووتەگەرمی، گەرماجووت، تێرمۆکاپڵ ◌ ترموکوپل، دماجفت
thermodynamics /ˌθɜːməʊdaɪˈnæmɪks, US ˌθɜːrmoʊ-/ *noun, pl.*
تێرمۆداینەمیک، تێرمۆدینامیک (*adj* thermodynamic: سەربە تێرمۆداینەمیک یا تێرمۆدینامیک) ◌ ترمودینامیک

thermoelectric *adjective*
گـــــــــەرماکارەبایی، گـــــــــەرمۆکارەبایی، گـــــــەرمۆئێلیکتریکی، تێرمـــــــۆئێلیکتریکی (adv :thermoelectrically
n :thermoelectricity: گـــــەرماکارەبا، گەرمۆکارەبا، گەرمۆئێلیکتریسیتی) ◌ گرمابرقی
thermogenesis /ˌθɜːmə(ʊ)ˈdʒɛnɪsɪs/ *noun*
پەیدابوون یان دەردانی گەرمی لە لەشەوە ◌ پیدایش گرما در تن
thermogram *noun*
تێرمۆگرەم، تێرمۆگرام ◌ دمانگار
thermography *noun*
تێرمۆگرافی (n :thermograph: گەرمیپێوی خۆکار یان ئۆتوماتیک؛ n :thermographer
adj :thermographic) ◌ ترموگرافی، دمانمایی
thermohaline /ˌθɜːmə(ʊ)ˈheɪlʌɪn, -ˈheɪliːn/ *adjective*
(ئۆقیانووسناسی) تێرمۆهالین، بەندە بە کاریگەری هاوبەشی گەرمی و سوێری، کۆمەڵە گۆرانێ لە سوێری و چڕی پێکدێ (لە + *therm* یۆنانی *hals* یان *hal-* "خوێ") ◌ ترموهالین
thermolabile /ˌθɜːmə(ʊ)ˈleɪbʌɪl, US -bɪl/ *noun*
بە گەرما خراپ دەبێ یان لەکار دەکەوێ، ناجێگیر لەبەر گەرما، بە گەرمی گۆڕاو (thermolability *n*) ◌ ترمولابیل
thermolysis /θəˈmɒlɪsɪs/ *noun*
گەرمیشیبوونەوە، شیبوونەوە بە کاری گەرمی (adj :thermolytic: گەرمیشیبوونەوەیی، سەربە گەرمیشیبوونەوە) ◌ گرماکافت
thermometer /θəˈmɒmɪtə(r), US θərˈmɑːm-/ *noun*
گەرمیپێو (n/ :thermometry /θəˈmɒmətrɪ: گەرمیپێوی؛ thermometric /θɔməˈmətrɪk/ :adjective, also thermometrical: سەربە گەرمیپێوی) ◌ دماسنج
thermonuclear /ˌθɜːməʊˈnjuːklɪə(r), US ˌθɜːrmoʊˈnuːk-/ *adjective*
گەرمانیوکی، گەرمانـاوکی، تێرمۆنـاوکی، تێرمۆنیوکلێر ◌ گرماهستەای
thermophile /ˈθɜːmə(ʊ)fʌɪl/ *noun*
(بەکتریا یان وردەزیندەوەرانی تر) گەرمادۆست، گەرماگەشە (بە گەرما گەشە دەکەن) ◌ ترموفیل
thermoplastic /ˌθɜːməʊˈplæstɪk, US ˌθɜːrmoʊ-/ *adjective*
تێرمۆپلاستیک، گەرمۆپلاستیک (بڕوانە therosetting) ◌ ترموپلاستیک
thermoregulation *noun*
(کارتەندامناسی) ڕێکخستنی گەرما یان گەرمی (n :thermoregulator: دەزگای ڕێکخستنی گەرما یان گەرمی؛ adj :thermoregulatory: سەربە ڕێکخستنی گەرما یان گەرمی) ◌ تنظیم گرما
thermos /ˈθɜːməs, US ˈθɜːrmɔs/ *noun*, also thermos bottle or thermos flask or thermos jug
(دروشمی بازرگانی) ساردوگەرم، فلاسک (بنەڕەت: لە یۆنانی "hot") ◌ فلاسک
thermoscope /ˈθɜːməskəʊp/ *noun*
گەرمیبین، گەرمابین، گەرمیدۆز ◌ گرمانما
thermosetting *adjective*, also thermoset
ڕەقبوون پاش گەرمی (بڕوانە thermoplstic) ◌ گرماسخت
thermosphere /ˈθɜːməsfɪə(r), US ˈθɜːrməsfɪr/ *noun*
گەرمۆسفێر، تێرمۆسفێر، چینەگەرمینە، گەرمەگۆ، گۆگەرمینە: ناوچەی ژووروی کەش لە سەرووی مێزۆسفێرەوە ◌ ترموسفر
thermospheric *adjective*
سەربە گەرمۆسفێر، سەربە یان پێوەندی بە تێرمۆسفێرەوە هەیە ◌ وابسته به ترموسفر
thermostability *noun*
(زیندەکیمیا) بە گەرما خراپ نەبوون یان لەکار نەکەوتن، جێگیری لەبەر گەرما، بە گەرمینەگۆڕاوی ◌ ترمواستابیلیتی
thermostable *adjective*
بە گەرما خراپ نابێ یان لەکار ناکەوێ، جێگیر لەبەر گەرما، بە گەرمینەگۆڕاو ◌ ترمواستابل
thermostat /ˈθɜːməstæt, US ˈθɜːrm-/ *noun*
گەرمیڕێکخەر، گەرمیژمێر، تێرمۆستات، مێزانەی گەرما ◌ دمایا
thermostatic /ˌθɜːməˈstætɪk, US ˌθɜːrm-/ *adjective*
گەرمیڕێکخەرانە، بە یارمەتی تێرمۆستات، تێرمۆستاتی ◌ دمایایی
thermostatic control *noun*
کۆنترۆڵی گەرمیڕێکخەر(انە)، مەهاری تێرمۆستاتی ◌ مهار دمایایی
thermostatically /-klɪ/ *adverb*
گەرمیڕێکخەرانە، بە شێوەیەکی تێرمۆستاتی ◌ با استفاده از دمایا
thermotaxis *noun*
گەرمی خۆڕێکخستن، ڕێکخستنی تێمپراچێر یا گەرمی لەش (adj :thermotactic: سەربە گەرمی خۆڕێکخستن) ◌ دماواکنش
thermotropism /ˌθɜːmə(ʊ)ˈtrəʊpɪz(ə)m/ *noun*
(زیندەناسی) گەرماخوازی: داشکانەوەی ڕووەک یان زیندەوەرێکی تر لە کاردانەوەی سەرچاوەیێکی گەرمیدا (adj :thermotropic: سەربە گەرماخوازی یا داشکانەوەی بەرەو گرەما)

◊ ترموترویسم

-thermy *suffix*

پاشگر: 1 گەرما، گەرمی، دۆخی گەرما: 2 بەرهەمهێنانی گەرما، پێکهێنانی گەرما: *endothermy* (بنەڕەت: لە *diathermy* -*thermia* لاتینی نوێ، لە *thermo* یونانی‌یەوە "گەرما") ◊ پەیوەند: 1 گرما 2 گرمازایی

theropod /ˈθɪərə(ʊ)pɒd/ *noun*

دایناسۆر یان کۆمەڵێ لە گۆشتخۆرە دووپێ‌کان وەکوو carnosaur و dromaeosaur ەکان [ژێردەستە *Theropoda*] ◊ تروپود

Thersites *noun*, Latin, from Greek Thersitēs

تێرسیتێز، تێرسیتێس: شەرکەرێکی یونانی لە ترۆی‌دا، بە دەستی Achilles کوژرا چونکوو گاڵتەی پێ‌کردبوو ◊ ترسیتس

thesaurus /θɪˈsɔːrəs/ *noun, pl.* thesauri /-rʌɪ/ or thesauruses

1 فەرهەنگی واتایی، گەنجینەوشە، زاراوەنامە 2 (کۆن) فەرهەنگ، ئینسایکلۆپیدیا encyclopedia 3 گەنجینە، عەمبار، خەزێنە، storehouse ،treasury (*adj* thesaural)، بنەڕەت: بە ڕێگای لاتین لە *thēsauros* یونانی "treasure، storehouse") ◊ 1 فرهنگ معنایی 2 فرهنگ، دایرەالمعارف 3 خزانه، انبار

these *adjective, pronoun* = plural form of this

Theseus *noun*, Latin, from Greek *Thēseus*

تیسۆس، تیسیئۆس: پادشایێکی ئاتینی‌یەکان، بەرلە بەزاندنی ئامازۆنەکان Amazons، Minotaur و Procrustes دەکوژێ و شاژنەکەیان مارە دەکا (لە میتۆلۆژی یونانی‌دا) ◊ تسئوس، تسوس

thesis /ˈθiːsɪs/ *noun, pl.* theses /-siːz/

1 تێز، تیۆری، بۆچوون، بیر، هزر، باوەڕ 2 وادانان 3 تێز، بڕوانامە 4 مەرجی بنەڕەتی 5 (لە فەلسەفەی هێگێل‌دا) تێز 5 بڕگەیێکی زەبرلەسەر یا پایە و بنەمای کێش‌دار لە هۆنراوەی یونانی و لاتین‌دا (بڕوانە arsis) ◊ 1 نظر، نظریه 2 فرض 3 رساله، پایان‌نامه 4 شرط اساسی 5 برنهاد 5 تز

thespian /ˈθespiən/ *noun, adjective*

n (تیاتر) دەورگێر، شانۆگێر، ئاکتۆر، ئەکتەری شانۆ *adj* 1 سەربە دراما یان شانۆگەری، ئەکتەرایەتی، شانۆگەری‌یانە، dramatic: *Her popularity owed much to her thespian talents* 2 (Thespian) سەربە هونەری یونانی Thespis لە 535 بەرلە زایین ◊ *n* بازی‌گر *adj* 1 هنرپیشگی، تئاتری، وابسته به دراما 2 (با T) تسپی

Thess. = Thessalonians (in biblical references).

Thessalonians *noun, pl.*

تێسالۆنیانز: هەرییەک لەو دوو نامەی سەینت Paul بۆ خەڵکی کریستانی Thessalonica، لە پەیمانی نوێی New Testament دایە (Thessalonian: دانیشتووی تێسالۆنیکای کۆن) ◊ تسالونیانز

theta /ˈθiːtə/ *noun, pl.* thetas

1 سیتا، تیتا، تێتا (هەشتەمین پیتی ئەلفوبێی یونانی (Θ, θ)، بەرامبەر بە th ئینگلیسی 2 = theta rhythm (بنەڕەت: لە یونانی‌یەوە) ◊ تتا

theta rhythm *noun*, also theta wave

شەپۆل یان ریتمی تێتا: چالاکی‌یێکی ئێلێکتریکی کە لە هێندێ دۆخ‌دا لە مێشک‌دا بینراوە، لە چەندین لەرە پێکهاتووە کە لە نێوان 4 تا 7 هێرتز لە هەر چرکە دان (لە خەوی سووک‌دا) ◊ ریتم تتا

theta theory *noun*, also θ-theory

(لە ڕێزمانی جیهانی‌دا) تیۆری تێتا: ژێرتیۆری (یان لاتیۆری) sub-theory یان بەشێ لە تیۆری government and binding کە دەربارەی semantic relationships پێوەندی واتایی‌یەکان دەکۆڵێتەوە ◊ نظریەی تتا

theta role = thematic role

thetic *adjective*, also thetical

1 دانراو، دیاری‌کراو، جێگیر، ڕەها، positive، 2 بڕگەی زەبرلەسەر یان زەبرمەند: *a* dogmatic (thetically *adv*) *thetic syllable* ◊ 1 مقرر، معین، مطلق 2 هجای موکد

Thetis *noun*, Latin, from Greek

1 تێتیس: بانووخوای دەریا و ژنی Peleus و دایکی Achilles 2 حەفدەیەمین هەسارەی بچووک نێوان Mars و Jupiter ◊ تتیس

theurgy /ˈθiːɜːdʒi/ *noun**pl.* theurgies

جادوو، جادووگەری، سیحر، خوداکاری (theurgic /θɪˈɜːdʒɪk/ *adj*, or theurgical /θɪˈɜːdʒɪkl/: سەربە جادوو یان سەربە جادووگەری؛ theurgist /ˈθɪɜːdʒɪst/ *n*: جادووگەر، سیحرباز؛ بنەڕەت: لە *theourgia* یونانی "sorcery"، لە *theos* "god" + *-ergos* "working") ◊ سحر، جادو

thewed *adjective*

ماسولکەدار، بەهێز، بەقەوەت ◊ دارای ماهیچه، پرقدرت، نیرومند

thews /θjuːz/ *noun, pl.*

1 ماسولکە(کان)، هێز، قەوەت، ستێن، شیان، تاقەت 2 هەڵسوکەوت، ڕێ‌وشوێن، خوو، عادەت ◊ 1 ماهیچه، قدرت بدنی 2 رفتار، عادت

they /ðeɪ/ *pronoun*

ئەوان، وان ◊ آن‌ها، آنان

they'd /ðeɪd/ *abbreviation* they had, they would

they'll /ðeɪl/ *abbreviation* they will

they're /ðeə(r), US ðer/ *abbreviation* they are

they've /ðeɪv/ *abbreviation* they have

thi- (also thio) *prefix*
پێشگر: گوگرد (بنەڕەت: لە *theion* یونانی "sulphur") ۞ پیشوند: گوگرد

thiabendazole /ˌθʌɪəˈbɛndəzəʊl/ *noun*
(پزشکی) دەرمانی $C_{10}H_7N_3S$ بۆ مەهار و کۆنترۆلی کرمە نێماتۆدە مشەخۆرەکان، یان ئاوێتەیەکی پێکهێنراو یان سینتێتیک بە تایبەتمەندی anthelmintic بەرهەمی thiazole ـە ۞ تیابندازول

thiaminase *noun*
سیامیناس، تیامیناز: هەوێنەیی enzyme کە شیبوونەوەی breakdown تیامینەکان تاوەدا یان کاتالیزە دەکا ۞ تیامیناز

thiamine /ˈθaɪəmɪn, US -miːn/ *noun*, also thiamin or vitamin B_1
تیامین (ڤیتامین B_1، $C_{12}H_{17}N_4OSCl$ لە دەغڵودان (ی پاکەوەنەکراو)و جەرگ، کەمییەکەی دەبێتە هۆی نەخۆشی beriberi) ۞ تیامین

thiazide /ˈθʌɪəzʌɪd/ *noun*
(پزشکی) سیازید، تیازید، تایئازاید: دەستە دەرمانێکی سولفوردار کە دەردانی سۆدیۆم و کلۆراید زیاد دەکەن و وەک دەرمانی میز و هێنانەخوارەوەی پالەپەستۆی خوێن بەکاردێترێن ۞ تیازید

thiazine *noun*
سیازین، تیازین (ئاوێتەیەکی کیمیاییە، لەگەڵ phenothiazine بەراورد کرێ) ۞ تیازین

thiazole /θʌɪˈeɪzəʊl/ *noun*
(کیمیا) 1 سیازۆل، تیازۆل C_3H_3NS، شلەیێکی بێڕەنگی ئاوەتێکەڵ (لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەبێ water-miscible) 2 تێکڕای بەرهەمەکانی ئەم ماکە، وەک ڕەنگ یان ناسەرەوە reagent بەکاردێترێ ۞ تیازول

thick /θɪk/ *adjective* (thicker, thickest), *noun*
1 *adj* ئەستوور، قالند، تەنگەدار، خرسەک، قەڵەو، قەوی: *thick ◊ a thick slice of bread* 2 *How thick are the walls? ◊ fingers* پڕ، چوغور، گەف، چڕ، تێکترنجاو، تێکئالاو، جگەنئاسایی 3 خەست، (بەئاسانی) نەڕژاو، توند، نەتراو، نەتەنک 4 شلوق، چڕەبەندان، بڕئاپۆرە، جمەهاتوو، شانەچرکێ 5 (دەنگ) نووساو، گیراو، گڕ 6 گەوج، گێل، دەبەنگ، گەمژە 7 (زمان) دیار، زەق (the thick) 1 *n* بەشی ئەستوور، ئەستوورایی، نێوقەد 2 بەشی خەست یان توند، خەستایی، توندایی 3 ناوەندی شلوقایی، شلوقایی، شلوقترین جێ (thickish ۞ (thickly /ˈθɪkli/ *adj* ،*adj* 1 کلفت، ضخیم 2 انبوه 3 غلیظ 4 شلوغ 5 (صدا) گرفته 6 کودن 7 (لهجه) غلیظ *n* 1 قسمت ضخیم 2 قسمت غلیظ 3 مرکز ازدحام

thickener /ˈθɪkənə(r)/ *noun*
(مەتریالی) خەستکەرەوە، خەستێنەر، خەستێنە، خەستەک ۞ غلیظ کننده

thickening *noun, adjective*
1 ئەستووری، تەنگەداری، قالندی، ئەستووربوویی، قەڵەوی، قەوی‌بوون 2 (مەتریالی) خەستکەرەوە، خەستەک، خەستێنەر، خەستێنە ۞ 1 ضخیم‌شدگی 2 (مادەی) غلیظ‌کننده

thicket /ˈθɪkɪt/ *noun*
بێشەلان، بێشە، تەرت، دڕکوداڵ، چوغور، دارەلان، چڕ ۞ بیشه

thick-head /ˈθɪkhed/ *noun*, also thicko /ˈθɪkəʊ/
مرۆی دەبەنگ، کەسێکی گەمژە (thick-headed /ˌθɪkˈhedɪd/ *adj*: گەمژە، حەپە، زلکوێر، گێژ، گێل؛ thick-headedness *n*) ۞ آدم کودن

thick-knee = stone curlew

thickness /ˈθɪknəs/ *noun*
1 قالندی، ئەستووری، ئەستوورایی، رفارە، کۆپەرە، قەڵەوی، ڕەوق، قەوی‌بوون: *Use The ◊ wood of at least 12 mm thickness 2 walls are at least two feet in -kness* خەستی، توندی، نەتراوی 3 چڕی، پڕی، چوغوردی 4 توێ، لا، لۆ ۞ 1 کلفتی، ضخامت 2 غلظت 3 انبوهی 4 لایه

thicko /ˈθɪkəʊ/ *noun, pl.* thickos
(نافەرمی) مرۆی پەخمە و حەپە، نازیرەک، گێژ ۞ آدم کودن

thick rope *noun*
گورزەهۆن، گوریسی سێ‌لۆنە ۞ تیک روپ

thickset /θɪkˈset/ *adjective*
1 چوارشانە، هەیکەلی، لەسەریەک، تێکسمراو، بەخۆوە، دووباد، بەقەڵافەت 2 خەست 3 پڕ، چڕ، تێکتەنیو ۞ 1 هیکل‌دار 2 غلیظ 3 پرپشت

thick-skinned /ˌθɪk ˈskɪnd/ *adjective*
1 گوێ‌پێ‌نەبزواو، پێستئەستوور، دڵکەر (بە قسە و تانە و تەشەری خەڵک): *You have to be pretty thick-skinned to do this job* 2 (میوە) پێستئەستوور، توێکڵئەستوور؛ خاوەنی پێستێکی ئەستوور، پێستئەستوور، pachydermatous، قانوون‌دار (بۆ پێستی سک) ۞ پوست‌کلفت

thick-skulled /ˌθɪk ˈskʌld/ *adjective*, also thick-witted
حەپە، گێژ، گەمژە، دەبەنگ ۞ کودن

thief /θiːf/ *noun, pl.* thieves
دز، چەتە، ماڵانبڕ (بنەڕەت: *thēof ,thīof* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ دزد

thievery /ˈθiːvəri/ *noun, pl.* thieveries

دزی، چەتەگەری، theft ◌ دزدی

thieving /'θi:vɪŋ/ *noun, adjective*
n دزی، چەتەگەری *adj* چەتـە، سـەربە دزی، چەتەگـەری‌یانـە ◌ *n* دزدی، سـرقت *adj* دزد، وابسته به دزدی

thievish /θi:vɪʃ/ *adjective*
وەکوو دز، دزانە، چەتانە (thievishly /θi:vɪʃli/ *adv*: دزانە، چەتانە؛ thievishness /θi:vɪʃnəs/ *n*: دزی، چەتەگەری) ◌ دزدوار

thigh /θaɪ/ *noun*
ران؛ هەر ئەو بەشەش لە گیانەوەراندا، ران (- thighed *adj*. بنەڕەت: لە *thīoh ,thēoh ,thēh* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ ران

thigh-bone *noun*
ئێسکی ران، femur ◌ استخوان ران

thigmonasty *noun*
بەرکەوت(ـن)کرژی، لێکەوت(ـن)کرژی ◌ بساوش‌تنجی

thigmotaxis *noun*
بەرکەوت(ـن)ڕێکخستی، لێکەوت(ـن)ڕێکخستی، stereotaxis (thigmotactic *adj*) ◌ بساوش‌آرایی

thigmotrpism /,θɪgmə(ʊ)'trəʊpɪz(ə)m/ *noun*
بەرکەوت(ـن)خوازی، لێکەوت(ـن)خوازی: داشکانەوە و چەمانەوە و وەرسووڕانی گیا یان زیندەوەرێکی تر بە کاردانەوەی بزوێنەرێکی بەرکەوتن touch (thigmotrpic *adj*: سەربە بەرکەوت(ـن)خوازی؛ بنەڕەت: لە *thigma* یۆنانی "بەرکەوتن" + tropism) ◌ تماس‌گرایی، بساوش‌گرایی

thill /'θɪl/ *noun*
(مێژوویی) قۆل، ماڵبەند ◌ مالبند

thiller *noun*
(مێژوویی) ئەسپێ کە بە قۆل یان ماڵبەندەوە بەسرابێتەوە ◌ تیلر

thimble /'θɪmbl/ *noun*
1 قامکەوانە، گشتانە، سەرقامکە، کۆڤک، تیلک، تلەک، قووچەکەی دروومان، دەزگا، ئەموستیلەی دروومان 2 لوولەی کورتی لە ئاسن یان کانزا (thimblelike *adj*) ◌ 1 انگشتانە 2 لولەی فلزی کوتاه

thimbleberry *noun, pl.* thimbleberries
توودڕک یان تووەسوورەی ئەمریکای باکووری، بەرەکەی لە قامکەوانە دەچێ [*Rubus odoratus* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ◌ تیمبلبری

thimbleful /'θɪmblfʊl/ *noun, pl.* thimblefuls
ئەختێ، تۆزاڵێ، برێ، کەمێ، چکێ ◌ یک ذره

thimblerig /'θɪmblrɪg/ *noun*
پیالێن، پیالەپیالێن ◌ فنجان‌بازی

thimblerigger *noun*
پیالێن‌چی، (پیالە)پیالێن‌باز ◌ فنجان‌باز

thin /θɪn/ *adjective* (thinner, thinnest)
1 ناسک، بارێک، تەنک، تەسک: *Cut the vegetables into thin strips* ◊ *The body was hidden beneath a thin layer of soil* 2 لەڕ، کز، لاواز، داڵگۆشت، مردەڵە، قەڵەمی، شووڵی، ئێسک‌وپرووسک: *He was tall and thin, with dark hair* ◊ *thin legs* 3 تەنک، لێک‌بڵاو، لێک‌دوور، شاش 4 ناوەکی، بێ‌چەوری، بێ‌مایە، ئاو، تراو، شل 5 بێ‌کاکڵ، پووچەڵ، پووچەک 6 سووک، لەرزۆک، سست، بێ‌مایە، قرچۆک: *Their arguments all sound a little thin to me* ◊ *The general standard of applicants is pretty thin this year* (thinness /θɪnnəs/ *n*: 1 ناسکی، بارێکی، تەنکی، تەسکی 2 تراوی، ناخەستی، بێ‌مایەیی 3 تەنکی، لێک‌بڵاوی، شاشی) ◌ 1 نازک 2 استخوانی 3 کم‌پشت 4 رقیق 5 بی‌مغز 6 ضعیف، خفیف

thine /ðaɪn/ *pronoun*
(جاران) بۆ تۆ، هانێ، بۆ خۆت، (ئاوەڵناوی خاوەن‌داری، دووەم کەسی تاک) ـەت، هی تۆ ◌ مال تو، ـت

thing /θɪŋ/ *noun*
1 شت، تشت 2 کار، ئیش، شوول 3 پرس، باس، بابەت، گرنگ‌ترین شت یان کار، باش‌ترین کار 4 (things) کەلوپەل، شت‌ومەک، شمەک 5 بارگەوبنە، باروبنە 6 بارودۆخ، دۆخ، هەلومەرج ◌ 1 چیز 2 کار 3 مسأله، مهم‌ترین چیز یا کار 4 (در جمع) لوازم 5 وسایل شخصی 6 اوضاع

thingamabob /'θɪŋəməbɒb/ *noun*, also thingumabob, thingamajig, or thingumajig /'θɪŋəmədʒɪg/
هین، وانێک، ئەو شتە، فلان شت: *It's one of those thingummies for keeping papers together* ◊ *Is thingummy going to be there? You know, that woman from the Sales Department?* ◌ ماسک‌ماسک

things personal *noun*
(ماڵ و) دارایی کەسی یان ڕاگوێزراو، بردەمەنی ◌ اموال منقول

things real *noun*
(ماڵ و) دارایی ناکەسی یان ڕانەگوێزراو، نابردەمەنی، مردەماڵ ◌ اموال غیرمنقول

thingummy /'θɪŋəmi/ = thingamabob, also thingamy

thingy /'θɪŋi/ *noun, pl.* thingies
فلان، کابرا، هین، وانێک، فلان شت ◌ یارو، ماس‌ماسک

think /θɪŋk/ *noun*
(نافەرمی) بیرکردنەوە، تێفکرین ۞ تفکر

thinkable /ˈθɪŋkəbl/ *adjective*
دەهێنرێتە بەرچاو، باوەڕپێکراو، لەباوەڕهاتوو، دەکرێ، دێتە پێش‌چاو: *Such an idea was scarcely thinkable ten years ago* (thinkably /ˈθɪŋkəbli/ *adv*؛ thinkableness *n*) ۞ تصورپذیر

thinker /ˈθɪŋkə(r)/ *noun*
بیریار، هزرمەند، بیرەوەر، هزرڤان ۞ متفکر، اندیش‌مند

thinking /ˈθɪŋkɪŋ/ *adjective, noun*
1 *adj* بیریار، هزرمەند، بیرەوەر، هزرڤان، rational: *the thinking woman's magazine* 2 (thinkings، کۆن) بیروڕامان، بیروهزر: *She explained the thinking behind the campaign* ◊ *What is the current thinking on this question?* n بیرکردنەوە، تێڕامان: *I had to do some quick thinking* ۞ 1 *adj* متفکر 2 (در جمع -ing) اندیشه‌ها، تفکرات *n* تفکر

thinking-cap *noun*, put one's thinking-cap on
(نافەرمی) حەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیێ بە ڕێگای بیرکردنەوەوە، ژیرانە بیرکردنەوە ۞ خوب فکر کردن

think-tank *noun*
(زۆرتر بە گەمە بەوانەی کە زانستی خۆیان بۆ حکومەت دەخەنەگەڕ)، کۆڕی شارەزایان یان لێکۆڵەران، کۆمەڵی پسپۆران یان زانایان: *a study published by a leading economic think-tank* ۞ گروه متخصصان

thinly /ˈθɪnli/ *adverb*
بە شێوەیەکی باریک یان ناسک، تەنک، ناسک، تەنکانە، بە شێوەیەکی لێک‌بلاو، بە شێوەیەکی پەڕاکەندە: *Slice the potatoes thinly* ◊ *The ointment should be spread thinly on the bruised areas* ◊ *a thinly populated area* ۞ به طور نازک، به طور پراکنده

thinner /ˈθɪnə(r)/ *noun*
مەتریاڵی تراوکەرەوە ۞ مادەی رقیق‌کننده

thinning hair *noun*
وەرینی قژ، پرچ‌هەڵوەرین، مووەرین، گەورک ۞ ریزش مو

thin-skinned /ˌθɪnˈskɪnd/ *adjective*
دڵناسک، زووڕەنجاو، پێست‌ناسک ۞ حساس، پوست‌نازک

thio-, esp. before a vowel, thi- *prefix*
پێشگر: (کیمیا) خاوەنی سولفور یان گوگرد، گوگردی تیایە، ب.ت. لە ناوی ئەو ئاوێتە کیمیایی‌یانە کە بڕێ یان گشت گەردیلەکانی ئۆکسیژنیان گۆڕیوەتەوە بە گوگرد یان سولفور: thiosulphate (بنەڕەت: لە یونانی theion "sulphur"، بڕوانە -thi) ۞ پیشوند: تیو

thio acid *noun*
(کیمیا) ترشەڵۆک یان ئەسیدی تیۆ: ترشەڵۆکێ کە لەودا ئۆکسیژین بڕێ یان گشت لەگەڵ گوگرد یان سولفور گۆڕاوەتەوە ۞ اسید تیو

thiobacillus *noun, pl.* thiobacilli
هەریەک لە چەند بەکتریای گوگردی میلەئاسا rod-shaped، لە نێو خاک و پاشەڕۆدان [تۆخم *Thiobacillus*] ۞ تیوباسیلوس

thiocarbamide = thiourea

thiocyanate /ˌθaɪə(ʊ)ˈsaɪəneɪt/ *noun*, also thiocyanide
خوێ یان ئێستێری thiocyanic acid، وەک sodium thiocyanate، NaSCN ۞ تیوسیانیت

thiocyanic acid *noun*
ترشەڵۆکی تیۆسیانیک: ترشەڵۆکێکی ناجێگیر HSCN، زۆرتر لەبەر شێوەی خوێی ناسراوە ۞ اسید تیوسیانیک

Thiokol *noun*
(دروشمی بازرگانی) تیۆکۆل: جۆرێ بەرهەمی جیری دەسکرد، لە polysulfide ئالکالین و هالیدی ئەندامی وەرگیراوە، بۆ سازکردنی کەرەسەی درزبەند sealant، چەسپ و شیلانک بۆ ڕۆن و بێنزین بەکاردێتری ۞ تیوکول

thiol /ˈθaɪɒl/ *noun*, also mercaptan
(کیمیا) سایئال، تیۆل، سیۆل: ئاوێتەیێکی ئەندامی کە کۆمەڵی SH- تیایە (thiolic *adj*: سایئال، سیۆلی، تیۆلی) ۞ تیول

thionyl /ˈθaɪənɪl/ *noun*
(کیمیا، وەک ئاوەڵناو) سایۆنیل، تیۆنیل، سیۆنیل، ئاماژە بە بنەڕەتی دووهاوهێزی SO = ۞ تیونیل

thiopental = North American term for thiopentone

thiopental sodium *noun*
barbiturate ی $C_{11}H_{18}N_2NaO_2S$، وەک سۆدیۆمی تیۆپێنتال: دەرمانی بێ‌هۆشی لە narcoanalysis بەکاردێتری ۞ سودیوم تیوپنتال

thiopentone /ˌθaɪə(ʊ)ˈpentəʊn/ *noun*, also thiopental
(پزشکی، دەرمان) سایۆپێنتۆن، تیۆپێنتۆن: جۆرێ دەرمانی barbiturate کە وەک دەرمانی خەو یان بێ‌هۆشی و (وەک دەوترێ) دەرمانی ڕاست‌گۆیی بەکاردێتری ۞ تیوپنتون

thiophene *noun*
تیۆفین، تایۆفین، سایۆفین: جۆرێ شلەی بێ‌ڕەنگی جیائالقەیی heterocyclic بە شێوەی C_4H_4S، شێوەی benzene دەدا ۞ تیوپتون

thiosulphate *noun*, US thiosulfate
خوێ یان ئێستێری thiosulfuric acid، جۆرێ

خوێ که ئانیۆنی $S_2O_3^{2-}$ تیایه ◊ تیوسولفات

thiosulphuric acid *noun*

ترشەلۆکێ $H_2S_2O_3$ کە لە sulfuric acid بە
ڕێگای جێگۆڕکێی یەک گەردیلەی ئۆکسیژێن
لەگەڵ سولفور وەرگیراوە ◊ اسید تیوسولفوریک

thiouracil *noun*

ئاوێتەیێکی کریستالی تاڵ $C_4H_4N_2OS$ کە
کاری thyroid gland دەشێوێنێ ◊ تیوراسیل

thiourea *noun*

ئاوێتەیێکی تاڵ و کریستالی بێڕەنگ
$CS(NH_2)_2$، شێوەی میز دەدا، ب.ت. لە بواری
وێنەگری و دەرخەر(ە) reagent ی کیمیای
ئەندامیدا بەکاردێنرێ ◊ تیوریا

third /θɜ:d, US θɜ:rd/ ordinal number, *noun, adjective*

n سێیەک، ژمارەیێ سێ، سێهەمی *adj* سێیەم،
سێیەمین، سێهەم، سێهەمین، هیرینە، هێرین، هیرن
◊ *n* یکسوم، سومی *adj* سوم، سومین

third-class *noun, adjective*

١ نمرەسێ، پلەسێ، خراپ: *to travel third*
class 2 (وڵاتانی) جیهانی سێیەمی یان سێیەم
◊ ١ درجه سه، نامرغوب 2 جهان سومی

third degree *noun*

١ (سووتان) قووڵ، پلەسێ، سەخت 2 (بۆ
پێدرکاندن) خستنەژێر ئەشکەنجە و
سەنگییەوە ◊ 1 شدید 2 اعمال فشار و شکنجه

third dimension *noun*

ڕەهەندی سێیەم، لای سێهەم ◊ بعد سوم

third estate *noun*

1 چینی سێیەم 2 (چینی) خەڵکی ڕەمەکی ◊ 1
طبقەی سوم 2 عوام

third eye *noun*

(هیندوئیزم و بودائیزم) چاوی بینین یان
بەدیکردن ◊ چشم بینش

third force *noun*

هێزی سێیەم (هەڵوێستێ کە پارتی یان دەوڵەتێ
لە نێوان دوو هێزی سیاسی و پێکدوژمن
دەیگرێ) ◊ قدرت سوم

third-generation *noun, abbreviation* 3G

بەرەی سێهەم: 1 بۆ باس کردنی ئەو
تێکنۆلۆژییە بەکاردێ کە بۆ ناردنی زانیاری و
دراوەکان بە موبایل و هتد پەرەی سەندووە 2 بۆ
باس کردنی ئەو تێکنۆلۆژییە بەکاردێ و پەرەی
دەسێنێ و پێشکەوتووترە لە دوو قۆناخی پێش
خۆی ◊ نسل سوم

thirdly /'θɜ:dli, US 'θɜ:rd-/ *adverb*

سێیەم ئەوە کە، سێومی، لە سێیەمدا: *Thirdly, I*
would like to say that... ◊ سوم این که، ثالثاً

third party *noun, adjective*

n 1 کەسی سێیەم 2 پارت یان حیزبی سێیەم *adj*
سەربە پارتی یان حیزبی سێیەم ◊ *n* 1 شخص
ثالث 2 حزب سوم *adj* وابسته به حزب سوم

third-party insurance *noun*

بیمەی کەسی سێیەم ◊ بیمەی شخص ثالث

third person *noun*

(ڕێزمان) کەسی سێیەم ◊ سوم شخص

third-rate *adjective*

پلەسێ، خراپ، بازاڕی، خراپۆکە، بەکارنەهاتوو،
نایەخ، هیچەکە، ناگرنگ: *a third-rate actor*
◊ درجەسه، بنجل، کم‌اهمیت

third rater *noun*

شت یان مرۆی ناگرنگ ◊ چیز یا آدم بی‌اهمیت

third reading *noun*

(پارلەمان) خوێندنەوەی سێیەم ◊ قرائت سوم

the Third World *noun*

(وڵاتانی) جیهانی سێیەم ◊ جهان سوم

third world countries *noun, pl.*

وڵاتانی جیهانی سێیەم ◊ کشورهای جهان سوم

thirst /θɜ:st, US θɜ:rst/ *noun*

1 تونێتی، تونیەتی، تینوێتی: *Thousands are*
dying of thirst 2 ئیشتیا، ئارەزوو، تاسە،
کەڵکەڵە، بەپەرۆشی، تامەزرۆیی، بێزوو: *a*
thirst for knowledge (بنەڕەت: *thurst* (ناو)،
thyrstan (کار verb) ئینگلیسی کۆن، بنەڕەت
ئەڵمانی ◊ 1 تشنگی، عطش 2 اشتیاق، میل

thirsty /'θɜ:sti, US 'θɜ:rsti/ *adjective* (thirstier, thirstiest)

1 تینوو، تهنی 2 (وڵات) وشک، بێئاو، تینوو 3
ئاوکێش، تینوێتیهێن 4 بەتاسە، تینوو (**thirstily**
adv /-ɪli/: بە ئیشتیاوە، بە تاسەوە: *Paul*
drank -*irsty* ; **thirstiness** *n*) ◊ 1 تشنه 2
خشک 3 تشنگی‌آور 4 مشتاق

thirteen /ˌθɜ:'ti:n, US ˌθɜ:r't-/ cardinal number *adjective, noun*

adj سێزدە، هیرێس، هیریەس (دانە) *n* سێزدە،
سیانزە، زیادە، ژمارەی سێزدە، ڕەنووسی سێزدە
◊ *adj* سیزده (تا) *n* عدد سیزده

thirteenth /ˌθɜ:'ti:nθ, US ˌθɜ:r't-/ *noun, adjective*

n سێزدەیەک، سێزدەیەمی، ژمارەی سێزدە *adj*
سێزدەیەم، سێزدەیەمین، سیانزەمین ◊ *n*
یکسیزدهم، سیزدهم *adj* سیزدهمی، سیزدهمین

thirtieth /'θɜ:tiəθ, US 'θɜ:rt-/ ordinal number *noun, adjective*

n سییەک، ژمارەی سی، سیومی *adj* سییەم،
سییەمین ◊ *n* یکسی‌ام، شمارەی سی *adj* سی‌ام،
سی‌امین

thirty /'θɜ:ti, US 'θɜ:rti/ cardinal number *adjective, noun* (*pl.* thirties)

adj سی (دانە) *n* 1 ژمارەی سی، ڕەنووسی 2
(thirties) سییەکان، دەیەی سی ◊ *adj* سی (تا)
n 1 عدد سی، شمارەی سی 2 (در جمع) دهەی سی

thirty-eight *noun, adjective*
حەوتیری 38 کالیبر، زۆرتر ئاوا 38. دەنووسرێ ⬡ هفت‌تیر 38 کالیبر

thirty-second note *noun.,* also demisemiquaver
(موسیقا، زۆرتر ئەمریکا) نۆتی سی و دووهەم ⬡ نوت سه‌لاچنگ

thirty-three *noun*
سینلک یا ریکۆردی سی و سێ سوور revolution ⬡ صفحه‌ی سی و سه

thirty-two *noun, adjective*
حەوتیری 32 کالیبر، زۆرتر ئاوا 32. دەنووسرێ ⬡ هفت‌تیر 32 کالیبر

thirty-two-mo *noun, pl.* thirty-two-mos
سی و دوو پەڕدار، خاوەنی سی و دوو پەڕ ⬡ ورق سی و دو برگی

this /ðɪs/ *adjective, pronoun, adverb, pl.* these
ئەم، ئەڤ، لەو: *This is the captain speaking* ⬡ این

thistle /'θɪsl/ *noun*
1 (ڕووەکناسی) کەرتەشی، کەنگر(وێک edible thistle) چاوبازە؟ [*Carlina*، *Carduus* و توخمەکانی تر] 2 ڕووەکێکی لەو جۆرە کە نیشانە و هێمای نەتەوەیی سکاتلەندییەکانە (ئەلمانی بنەڕەت) ⬡ 1 شکاعی 2 تیسل

thistledown *noun*
پشیلکەمیرا، کولکەی گوڵەکەرتەشی، کولکەی سەر درک ⬡ کرک شکاعی

thither /'ðɪðə(r)/ *adverb*
(کۆن، ویژەیی) لەوێ، لەوێنە، بەولای، بۆ ئەوێ، بۆ ئەولا، بۆ ئەوبەر ⬡ آن‌جا، به آن‌جا، به آن طرف

tho = though

thole /θəʊl/ *noun,* also tholepin
سەوڵبەست، سەوڵڕاگر، سەوڵگیر، جی‌سەوڵ، چەپەگیر، میلی سەوڵگر، چەپەبەند، سەوڵبەند (ئەلمانی بنەڕەت) ⬡ پاروگیر

tholeiite /'θəʊlɪʌɪt/ *noun*
بەردی بازاڵتی پرسیلیکا، pyroxene و augite تیایە (لە *Tholei*، ناوی دێیێ (ئێستا *Tholey*)، لە Saarland ئەلمانیا + ite) tholeiitic /ˌθəʊlɪ'ɪtɪk/ *adj* ⬡ تولیت

tholos /'θɒlɒs/ *noun, pl.* tholoi /-lɔɪ/
1 گڵکۆی خڕ یان گومەزی (یۆنانی، ب.ت. Mycenaean) 2 ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ قۆناخی گومەز، قوبە ⬡ 1 مقبره‌ی گرد 2 گنبد

Thomas *noun,* Greek *Thōmas,* from Hebrew *t'ōm* "twin"
تۆماس: یەکێ لە حەوارییەکانی عیسای پێغەمبەر ⬡ توماس

Thomism /'təʊmɪz(ə)m/ *noun*
تۆمیزم (یەزدانناسی و فەلسەفەی Thomas Aquinas (1225–74)، گرنگترین زات و کەسایەتی scholasticism؛ Thomist /'təʊmɪst/ *n, adj* تۆمیست *n* تۆمیستی *adj*؛ (Thomistic *adj* ⬡ تومیسم

Thompson submachine gun *noun*
جۆرێ شەستیر دەستی یان سووک کالیبر 45 (بنەڕەت: لە لایەن John T. *Thompson* داڕێژرا) ⬡ نوعی مسلسل

Thompson's gazelle *noun*
جۆرێ ئاسکی چکۆلانەی دەشتەکانی ڕۆژهەلاتی ئەفریکا [*Gazella thomsonii*] (لە ناوی Joseph Thomson (1858–94) دۆزەری سکاتلەندی) ⬡ نوعی آهو

thong /θɒŋ, US θɔːŋ/ *noun*
دواڵ، زۆڵەچەرم، تاسمە، سیرمە، شیپ، شیپە، قایش، فتراک، شیلاق (بنەڕەت: *thwang* ئینگلیسی کۆن، ئەلمانیبنەڕەت) *thwong* ⬡ تسمه، شلاق

thongs *noun,* also flip-flop
سەرپێیی قامک(تێوەچوو)، سەرپایی قامکەوانە(یی) یان قامکی، سەرپاییقامکە ⬡ دمپایی لاانگشتی

Tohono O'odham *noun, pl.* same
ئەندامی گەلێکی سووریێستی باشووری ڕۆژاوای ئاریزۆنا و باکووری ڕۆژاوای مەکسیکۆ (واتای خۆی: گەلی بیابان) ⬡ توهونو اودام

Thor *noun,* Old Norse *Thōrr*
تۆر: خوای ترێشقە thunder (و ئاسمان)، ئاو و هەوا و بەرهەم و بەروبوو crops لە میتۆلۆژی Norseدا، سازە بە چەکوشێکی جادوویی ⬡ تور

thoracic /θɔː'ræsɪk/ *adjective*
(توێکاری و گیانەوەرناسی) سنگی، سینەیی، سەربە دەفەی سنگ، پێوەندی بە سنگەوە هەیە، هەڵکەوتوو لە نێوەوەی سنگ، سنگ دەگرێتەوە (thoracically /θɔː'ræsɪkli/ *adv*) ⬡ صدری، سینه‌ای

thoracic duct *noun,* also dorsal vertebra
جۆگە یا کاناڵی سنگی ⬡ مجرای صدری یا سینه‌ای

thoracic vertebra *noun*
بڕبڕەی سنگی یان پشتی (= دوازدە بڕبڕەن کە لە نێوان بڕبڕەکانی مل cervical و بڕبڕەکانی پشتێنەدا هەڵکەوتوون) ⬡ مهری سینه‌ای یا پشتی

thoracotomy *noun, pl.* thoracotomies
نەشتەرگەری بڕین یان هەڵدڕینی سنگ ⬡ توراکوتومی

thorax /'θɔːræks/ *noun, pl.* thoraces /'θɔːrəsiːz/ or thoraxes
(توێکاری، گیانەوەرناسی) دەفە یا قەفەزەی سنگ، سینگ، سینە، سێهەمین کەرتی نێوەڕاست و سەرەکی لەشی مێروویی، هەر ئەو بەشە لە

قاپیلکدار crustacean یـا جالـجالۆوکەیـی arachnid (بنەڕەت: لە- *thorax* ،*thorac*- لاتین "breastplate"، لە- *thōrax* ،*thōrak*- یۆنانی) ⬡ قەفەسەی سینە، سینە

Thorazine /ˈθɔːrəziːn/ trademark for chlorpromazine

thoria /ˈθɔːrɪə/ *noun*
(کیمیا) دیئۆکسایدی تۆریۆم، گەردەیێکی ئاوەتوواوی قورس و سپی ThO_2، لە بواری سازکردنی gas mantle دا بەکاردێتری ⬡ توریا

thorianite *noun*
جۆرێ کانی رەش و دەگمەنی یەکجار تیشکدەر radioactive کە ئۆکسایدێکی تۆریۆمە و زۆرتر توخمی دەگمەنی زەوی تیایە ⬡ توریانیت

thorite *noun*
تۆرایت، تۆریت: کانێکی دەگمەنی تیشکدەر، تۆریۆمی سیلیکات $ThSiO_4$، شێوەی zircon دەدا، وەک کریستاڵ بوونی هەیە ⬡ توریت

thoric *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە تۆریۆمەوە هەیە ⬡ وابستە بە توریم، توریک

thorium /ˈθɔːrɪəm/ *noun*
(کیمیا) سۆریۆم، تۆریۆم (بە ژ.گ. 90، ن. Th، لە ناوی *Thor*) ⬡ توریم

thorn /θɔːn, US θɔːrn/ *noun*
1 درووو، درک، چقڵ، ئەستری، پەژەل، لاس، زی، تەنگز، تیکان، گیا یان دەوەنی درکاوی 2 (شت یان کەسێ) مایەی سەریشە، ملۆزم 3 پیتێکی روونی runic ئیسلەندی و ئینگلیسی کۆن، þ و Þ، نەبزوێنە خشەیی ددانییەکان /θ/ و /ð/ دەخاتەروو کە وەک *th* دەردەکەوێ ⬡ 1 خار، تیغ، گیاه یا بوتەی خاردار 2 مایەی مزاحمت 3 تورن

thorn apple /ˈθɔːn æpl/ *noun*
تاتۆڵە، تاتوورە، داتوورە، سێوەدرکاوی (رووەکێکی درکاوی ژاراوی بە گوڵی سپی کەڕەناناسایی گەورەوە [*Datura stramonium*]) ⬡ تاتوره

thornback *noun*
پشتدرکنە، پشتدرکاوی: 1 skate یێ، هی ئاوەکانی ئەورووپا، درووی کورتی لەسەر پشت و کلک هەیە [*Raja clavata*] 2 ray یێ guitarfish کالیفۆرنیایی، سەربە کۆمەڵی [*Platyrhinoidis triseriatus*] ⬡ تورنبک

thornbush *noun*
درکەلان، جارەدروو، درووجار، دردرک، درکەجار، درکستان ⬡ خارستان

thorny /ˈθɔːni, US ˈθɔːrni/ *adjective* (thornier, thorniest)
1 درکاوی، چقلاوی، پردروو، پردرک، درواوی، تیکاندار: *a thorny bush* 2 پڕزەحمەت، سەخت، گران، دژوار، ملۆزم، پڕەدردەسەر، کێشاوی، ticklish، knotty: *a thorny question/issue/problem* (*adv* thornily، thorniness *n*) ⬡ 1 خاردار 2 پردردسر

thoron *noun*
(کیمیا) سۆرۆن، تۆرۆن (= توخمێکی گازی تیشکدەرە) ⬡ تورون

thorough /ˈθʌrə, US ˈθɜːroʊ/ *adjective*
1 تەواو، رەبەق: *a thorough knowledge of the subject* 2 (کەس) بەسەرنج، ورد، پوخت (-oughness *n*: 1 تەواوبوون، تەواوی، تەواوێتی، رەبەقی 2 وردی، پوختی، بەسەرنجی: *I was impressed by the thoroughness of the report* ◊ *I admire his -ss*) ⬡ 1 کامل 2 دقیق

thoroughbred /ˈθʌrəbred, US ˈθɜːroʊb-/ *adjective, noun*
adj رەسەن، رەگەزپاک، نژادپاک *n* 1 ئەسپی رەسەن، سەرکێش 2 گیانەوەری رەسەن (جسن) 3 نموونەی بەرز یان بالا ⬡ *adj* اصیل *n* 1 اسب اصیل 2 حیوان اصیل 3 نمونەی اعلی

thoroughfare /ˈθʌrəfeə(r), US ˈθɜːroʊfer/ *noun*
شەقام، رێی گشتی یان سەرەکی (ب.ت. بۆ هاتوچۆ) ⬡ خیابان

thoroughgoing /ˌθʌrəˈɡəʊɪŋ, US ˌθɜːroʊˈɡoʊɪŋ/ *adjective*
تەواو، رەبەق، سەرلەبەر، بە تەواو مانا، complete، زۆر ورد: *a thoroughgoing revision of the text* ◊ *a thoroughgoing commitment to change* (thoroughgoingly *adv*) ⬡ کامل

thoroughly /ˈθʌrəli, US ˈθɜːr-/ *adverb*
بە شێوەیەکی تەواو یان رەبەق، تەواوانە، بە تەواوەتی، یەکجار: *a -roughly professional performance* ⬡ بە طور کامل، کاملاً، فوق‌العاده

thorough-paced /ˈθʌrə peɪst/ *adjective*
1 (کۆن) تەواو، رەبەق، thorough، complete 2 خۆشڕەوت، رەوتڕێک، هەنگاوڕێک ⬡ 1 کامل 2 خوش‌روش

thorp /θɔːp/ *noun*, also thorpe
گوند، دێ، ئاوایی، لادێ، کوێرەدێ (ئەڵمانی بنەڕەت) ⬡ دهکده

those *adjective, pronoun* = plural form of that

thou[1] /ðaʊ/ *pronoun*
(جاران) تۆ: thou shalt have no other gods before me — Exodus 20:3 (Authorized Version) ⬡ تو

thou[2] /ðaʊ/ *noun, pl.* same or thous
1 (نافەرمی) هەزار 2 هەزاریەکی ئینچێ ⬡ 1 هزار 2 یک‌هزارم اینچ

though /ðəʊ, US ðoʊ/ *conjunction, adverb*

گـــەرچی، ئەگـــەرچی، هەرچەنـــد، ســـەرەڕای ئەمـەش، لەگـەڵ ئەمـەشدا، سـەرباری ئەمـەش، بـەڵام: *Anne was fond of Tim, though he often annoyed her* ◊ *Our team lost. It was a good game ~ugh* ◊ *though I may fail, I will try* ◊ گرچـه، هرچنـد، بـا وجـود این‌که، ولی، مع‌هذا

thought[1] /θɔːt/ *noun*
1 بـیر، هـزر، (پرۆسـه، توانـایی یـا کـاری) بیرکردنـەوە، شـێوەی بیرکردنـەوە، تـێڕامـان، تێ‌بیری، تێ‌فکرین 2 سـەرنج، وردەوەبـوون 3 تێبینی، بیر، ڕا، بۆچـوون، دیتن، نێرین 4 نیـاز، خـەیاڵ، مەبەسـت 5 کـەمێ، نـەختێ، بڕێ ◊ 1 فکر، اندیشـه، تفکر 2 توجه 3 عقیده، دریافت، نظـر 4 نیت، مقصود 5 یک ذره

thought[2] /θɔːt/ = past and past participle of think

thoughtful /ˈθɔːtfl/ *adjective*
1 بیریـار، بـیروان، بیرمەنـد، هزرڤـان، بـیرەوەر، بیرکەرەوە 2 ورد، تێبین، تێ‌فکر، سەرنج‌پێدەر 3 بیریارانـە، بیرمەندانـە ◊ 1 متفکـر 2 دقیـق 3 متفکرانه

thoughtfully /-fəli/ *adverb*
بیرمەندانە، بیریارانە: *Martin looked at her thoughtfully* ◊ متفکرانه

thoughtfulness /ˈθɔːtflnəs/ *noun*
سەرنج‌پێدان، وردەوەبوون، تێبینی: *a state of thoughtfulness* ◊ *his thoughtfulness for others* ◊ توجه، بافکری

thoughtless /ˈθɔːtləs/ *adjective*
1 کەمتەرخـــەم، بـــێ‌فکـــر، نادەربەســـت، گوێ‌پێنەدەر، هەڵەشە، سـەرچڵ بێ‌خـەیاڵ: *a thoughtless remark* 2 خـۆبین، لـەخۆڕازی، لـــەخۆبایی، خۆبینانـــە، لـــەخۆباییانـــە (*adv* thoughtlessly: کەمتەرخەمانـــە، بێ‌خەیالانە، بێ‌فکرانە: *He had behaved thoughtlessly and selfishly* - thoughtlessness *n*: کەمتەرخـەمی، گـوێ‌پـێ‌نـەدان، بێ‌خـەیاڵـی، نـــادەربەســـتی، لامـــەرلایی، بـــێ‌فکـــری، ســـەرنج‌پـێ‌نـەدان: *I was hurt by her thoughtlessness*) ◊ 1 بی‌اعتنا، بی‌فکر، لاقیـد 2 خودخواه، خودخواهانه

thought-out *adjective*
لێکـەوەدراو، هەڵســەنگێنراو، پـلان‌ڕێژکـراو، سەرنج‌پێ‌دراو ◊ سنجیده

thought-provoking *adjective*
جێی تێ‌ڕامان، بیربزوێن ◊ تفکربرانگیز

thought-reader *noun*
بیرخوێن(ەرەوە) ◊ فکرخوان

thought-transference = telepathy

thousand /ˈθaʊznd/ cardinal number *adjective, noun*
adj هـەزار (دانـە) *n* ژمـارەی هـەزار، ڕەنووسـی هـەزار (ئـەڵمانی بنـەڕەت) ◊ *adj* هـزار (تـا) *n* عدد هزار، شمارەی هزار

thousandfold *adjective, adverb*
هەزاربەرامبـەر، هەزارئەونـدە، هەزارچەنـدان ◊ هزاربرابر

thousandth /ˈθaʊznθ/ ordinal number *noun, adjective*
n هەزاریەک، هەزارەک، هـەزار(ە)مین، ژمـارەی هەزار *adj* هەزارەم، هـەزارەمین ◊ *n* یک‌هزارم، هزارمی *adj* هزارام، هزارمین

Thracian /ˈθreɪʃ(ə)n/ *noun, adjective*
n خەڵکی Thrace، وڵاتێکی کۆن هەڵکەوتوو لە ڕۆژاوای دەریای ڕەشBlack Sea و باکووری ئێژە *adj* تراسیایی، سەربە تراسیا ◊ تراسیایی

thraldom /ˈθrɔːldəm/ *noun*, also thralldom
کۆیلەیی، بەندەیی، دیلێتی، گـیراوی، یەخسـیری ◊ بردگی، اسارت

thrall /θrɔːl/ *noun*
کۆیلە، کۆلە، بەندە، عەبد، یەخسیر، دیل، گیراو، کۆیلەیی، عەبدایەتی، دیلێتی: *His gaze held her in thrall* ◊ برده، بنده، اسیر، بردگی، اسارت

thrash /ˈθræʃ/ *noun*
1 کوتـان 2 لێـدان، کوتـەک(کـاری)، دارکـاری، تێ‌هەڵدان 3 (نافەرمی) میوانی شلوق یا بەزماوی ◊ 1 کوبیدن 2 کتک 3 مهمانی بزن و بکوب

thrasher[1] *noun*
1 کەسـی کـە دەغڵێ دەکوتێ، د(یـە)نگ‌کـوت، دنـگ‌چی، دەزگـای پـاک‌کردنـەوە 2 ڕێنووسـی کـۆنی thresher ◊ 1 کوبنـده، تراشـر 2 امـلای قدیمی thresher

thrasher[2] *noun*
جـۆرێ باڵـندەی ڕەشـیشـەئاسـای دەنـگ‌خۆشـی ئـــەمریکایی، لـــە تـــیرەی mockingbird و توخمەکانی تر [*Toxostoma*] ◊ نوعی پرنده

thrashing /ˈθræʃɪŋ/ *noun*
1 لێدان، کوتەک(کاری)، دارکاری، تێ‌هەڵدان: *to give sb/get a thrashing* 2 بـەزین، تێشکانی سـەخت ◊ 1 کتک 2 شکسـت جانانه

thrawn /θrɔːn/ *adjective*
1 (سکاتلەندی) لاداو، لەڕێ‌دەرچوو، خڕیایی، ڕیهەڵ‌کردوو 2 خـوار، لارە گێر، گـەڕاو، پلووچ ◊ 1 منحرف 2 کج

thread /θred/ *noun*
1 تاڵ، هـەودا، دەزوو، دەزگ، دەزی، کـر، کنـدر، کنگر (دروومان)، دەشکە، لیزگ، فریت، تـا، داو، ئاڤـدا، لـۆ، بـەن 2 (جـەر) ڕەزمـە، ڕەزوە، پـێچ، ددانە، شـوێن، کـەنەک 3 (هەڵکەندنی کان) ڕەگ، ڕەگـە، چینـە 4 جـل‌وبـەرگ، شـمەک (threads) (بنەڕەت: *thrǣd* ئینگلیـسی کـۆن (ناو)، ئـەڵمانی

بنەڕەت) ۞ 1 نخ، رشته 2 رزوه، مارپیچ 3 رگه 4 (در جمع) لباس‌ها

threadbare /'θredbeə(r), US -ber/ *adjective*
1 کۆن، هەوداهەودا، تاڵ‌تاڵ، شڕ، تان‌دەرکەوتوو 2 شـڕەپۆش، کۆنـەپۆش، ڕووتـه، ڕووتـەڵ، ڕووتەڵە ۞ 1 کهنه، نخ‌نما 2 ژندەپوش

threaded *adjective*
ڕەزمـەدار، ڕەزوەدار، پێچـاوی، ددانەددانـە ۞ دندەای، دندانه‌دار

threadfin *noun*
باڵدەزوو: جۆرێ ماسی خۆراکی دەریا [خێزان Polynemidae: چەندین جۆرن] ۞ نوعی ماهی

threadlike /'θredlaɪk/ *adjective*
دەزووئاسا، تاڵی، دەزوویی، شێوەدەزوو، تاڵ‌ئاسا ۞ نخ‌مانند

thread snake *noun*
مـاری باریـک، باریکـەمار، تاڵـەمار، توولـەمار، دەزووەمار ۞ مار نخی

threadworm /'θredwɜ:m, US -wɜ:rm/ *noun*
توولەکرم، تاڵەکرم، کرمەدەزوو، کرمەباریکە ۞ کرم نخی

thready /'θredɪ/ *adjective* (threadier, threadiest)
1 دەزوویی، تاڵ‌ئاسـا، دەزووئاسـا، هەودایی: *a thready bark* .filamentous 2 باریک، زراف، ناسک ۞ 1 نخ‌مانند 2 باریک، نازک

threat /θret/ *noun*
هەڕەشە، گوڕەشە، تاپاڵ، گەف، مەترسی، ترس، خەتەر، مایەی مەترسی، جێی خەتـەر: *crimes involving violence or the threat of violence ◊ There is a real threat of war ◊ Drugs pose a major threat to our society* (ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ تهدید، خطر، باعث ارعاب

threatened *adjective*
هەڕەشـــەلێ‌کـــراو، هەڕەشەلەســـەر، بەرهەڕەشەکەوتوو ۞ تهدیدشده

threatening /'θretnɪŋ/ *adjective*
1 هەڕەشـــاوی، پڕهەڕەشـــە، پڕگـــەف، هەڕەشـــەیی‌یانـــە، پڕمەترســـی، :menacing *threatening behaviour ◊ threatening letters* 2 (ئاسمـان) تـەڕوتووش، تـووش، بارانی، هەوری: *The sky was dark and threatening* ۞ 1 تهدیدآمیز، پرخطر 2 ابری

threateningly /'θretnɪŋli/ *adverb*
بـە شـێوەیەکی هەڕەشـاوی، هەڕەشـاوی‌یانـە، پڕهەڕەشـانە: *He glared at her threateningly* ۞ به طور تهدیدآمیز

three /θri:/ cardinal number *adjective, noun*
adj سێ، هیرە، هیریە، سێ (دەنک) *n* ژمارەی سێ، سیان، ڕەنووسی سێ ۞ *adj* سه (تا) *n* عدد سه، شمارەی سه

three-cornered /θri: 'kɔ:nəd/ *adjective*
1 سێ‌گۆش، سێ‌سووچ، سێ‌سوو: *a three-cornered hat* 2 سێ‌قۆڵی، سێ‌لایەنە، سێ‌ئالی: *a thrree-cornered contest* ۞ 1 سەگوش 2 سەجانبه

three-D *adjective, noun*, also 3-D
(فیلمی سینەمایی و هتد) سێ‌لایی، سێ‌ڕەهەندی ۞ سەبعدی

three-day evening = evening

three-decker *noun*
کەشتی بادەوەی سێ‌پشتی، کەشتی باگەری سێ‌ڕوویی، (بابۆلە و هتد) سێ‌لۆ، سێ‌توێ ۞ تری‌دیکر

three-dimensional *adjective*
سێ‌ڕەهەندی، سێ‌لایی: *three-dimensional objects* ۞ سەبعدی

three-dimensionality *noun*
سێ‌ڕەهەندیتی، سێ‌لایتی ۞ حالت سەبعدی

three-dimensionally *adverb*
سێ‌ڕەهەندی‌یانە، بە شێوەیێکی سێ‌لایی ۞ به طور سەبعدی

three-figure *noun*
سێ‌ژمارەیی، سێ‌ڕەنووسی ۞ سەرقمی

threefold /θri:fəʊld/ *adjective*
سێ‌بەرامبەر، سێ‌ئەوندە، سێ‌چەندان ۞ سه برابر

three-fourths *noun, pronoun*
سێ‌چواریەک، سێ‌چارەک ۞ سەچهارم

three-line whip *noun*
(لە پارلیمانی بریتانیا) دەستووری توندی پارتی، فەرمانی ڕشتی حیزبی ۞ امر بی‌چون‌وچرای حزبی

three-pence /ˌθri:'pens, US 'θrepəns/ *noun*
(جاران و لە بریتانیا) سێ‌پەنسی ۞ سەپنسی

three-phase *adjective*
(کارەبا) سێ‌فاز ۞ سەفاز

three-piece *noun, adjective*
n 1 (جلی ژنـان) سێ‌تیکـە، سێ‌کوتـە، (جلی پیاوان) کـوت و شەڵـوار و جلیـقە 2 تیپێکی سێ‌موسـیقاژەنە *adj* سێ‌تیکـە، سێ‌کوتـە، سێ‌تەختە ۞ *n* 1 (لباس) سەتکه 2 گروهی با سه نوازنده *adj* سەتکه

three penny bit *noun*
(لـە بریتانیـا) کۆینـێ کـە تـا سـاڵی 1971 بەکاردەهێنرا ۞ تری پنی بیت

three-ply /θri: plaɪ/ *adjective*
سێ‌لۆ، سێ‌لۆنە ۞ سەلا

three-point turn *noun*
شێوازێکی بادانەوەی ماشێنە بە سێ‌فەرمان ۞ دور دوفرمانه

three-quarter *adjective*
سێچواریەک، سێچارەک: *a three-quarter length coat* ◌ سەچهارم

three-quarters *noun, pronoun, pl.*
سێچواریەک، سێچارەک: *three-quarters of an hour* ◌ سەچهارم

three-ring circus *noun*
1 سیرکی سێئالقەیی (بۆ نواندنی هاوکات) 2 بارودۆخی دژوار، شێواوی، شپرزەیی ◌ 1 سیرک سەحلقەای 2 وضعیت بغرنج، آشفتگی

three-Rs *noun*
1 (خوێندنی سەرەتایی) شارەزاییە سیانییەکان، خوێندنەوە، نووسین و ژماردن 2 سەرەتاکان، بنەماکان، بنچینەکان ◌ 1 خواندن، نوشتن و حساب 2 مبانی

threescore /θriːskɔː(r)/ *noun*
1 شەست 2 تەمەنی شەست سالی ◌ 1 شصت 2 سن شصت سالگی

threesome /'θriːsəm/ *noun*
(دەستەی) سێکەسە، هێری، سیانە، سێدەنکە ◌ (گروه) سەتایی

three-square *adjective, noun*
adj سێگۆشەرێک، بە شێوەی سێگۆشە *n* (بربەند یان کارتیخ) سێسوو ◌ *adj* دارای سە ضلع مساوی *n* تریاسکوار

three-star *adjective*
(هوتێل، پایە و هتد) سێئەستێرە: *a three-star general* ◌ سەستاره

three-way *adjective*
1 سێلایی، سێقوڵی، سێلایەنە، سێئالی: *a three-way discussion* 2 سێڕێ، سێڕیانە: *a three-way switch* ◌ 1 سەسویه 2 سەطریقه

three-wheeler *noun*
(ماشێن و هتد) سێتگەری، سێپێچکە، سێچەرخە ◌ سەچرخه

thremmatology /ˌθreməˈtɑːːəədʒɪ/ *noun*
زانستی راگرتنی رووەک و گیانەوەران ◌ علم پرورش گیاهان و جانوران

threnodial *adjective,* also threnodic
سەردولکەیی، سەربە چەمەری ◌ وابسته به مرثیه

threnody /'θrenədi/ *noun, pl.* threnodies
سەردولکە، چەمەری، شینوشەپۆر (threnodist *n*: سەردولکەبێژ، چەمەرییبێژ، مردوولاوێن، سەردولکەنووس) ◌ مرثیه

threonine /'θriːəniːn/ *noun*
(زیندەکیمیا) تریۆنین، سریۆنین: ترشەلۆکێکی ئەمینۆی hydrophilic کە پێکهێنەرێکی زۆرینەی پرۆتینەکانە و ماکێکی خۆراکی بنەڕەتیشە بۆ خۆراکی بڕبڕەداران، ترشەلۆکێکی ئەمینۆی کریستالی بێڕەنگ $C_4H_9NO_3$ (لە

threose (ناوی شەکرێ) ◌ تریوزین

thresher *noun*
1 دەزگای گێرە، گێرەگەر، جەنجەڕ، موشان، کلۆشار، گام 2 جۆرێ کۆسەماسی در [*Alopias vulpinus*] ◌ 1 خرمن‌کوب 2 نوعی کوسه

threshing *noun*
گێرە، هۆلە، خەرمان‌کوتان ◌ خرمن‌کوبی

threshing machine /'θreʃɪŋ məʃiːn/ *noun*
دەزگای کلۆشار، جەنجەڕ، موشان، باتوز ◌ ماشین خرمن‌کوب

threshold /'θreʃhəʊld, US -hoʊld/ *noun*
1 زێرپەران، زێردرگا، بەردرگانە، بندەرانە، دەرماڵ، پاگە، شۆپ 2 زوورگە، درگا 3 سەرەتا، سەردەرانە، خالی دەسپێک، بەرەبەر 4 (دەروونناسی و کارئەندامناسی) رادەیێ کە لەژێر ئەودا هاندەرێ کاردانەوەی لێناکەوێتەوە، رادەیێ کە کاریگەرییێکی کارئەندامناسییانە یان دەروونناسییانەی لێ دەکەوێتەوە ◌ 1 آستانه 2 مدخل 3 نقطەی شروع، سرآغاز 4 آستانه

threw /θruː/ = past of throw

thrice /θraɪs/ *adverb*
1 سێجار، سێکەشە، سێئەوندە، سێبەرامبەر، سێچەندان(ە)، سێقات 2 یەکجار، زۆر ◌ 1 سەدفعه، سەبرابر 2 فوق‌العاده

thrift /θrɪft/ *noun*
1 دەس‌پێوەگرتن، نادەسبلاوی، دەس‌گیرۆیی 2 (لە ئەمریکا) = savings and loan 3 جۆرێ رووەک بە گوڵی خری پەمەییەوە [*Armeria maritima*] ◌ 1 صرفەجویی 2 = savings and loan 3 نوعی گیاه

thriftily /'θrɪftɪli/ *adverb*
دەس‌پێوەگرانە ◌ با امساک

thriftless /'θrɪftləs/ *adjective*
دەس‌بلاو، عەبلەخەرج، دەس‌قلپ، بالانی، دەسباد ◌ مسرف

thriftlessly /'θrɪftləsli/ *adverb*
دەس‌بلاوانە، عەبلەخەرجانە ◌ مسرفانه

thriftlessness /'θrɪftləsnəs/ *noun*
دەس‌بلاوی، عەبلەخەرجی، تەخشانوپەخشان، بالانیتی ◌ اسراف

thrift shop *noun,* also thrift store
فرۆشگە یان دووکانی فرۆشتنی کەلوپەلی هەرزان، هەرزانفرۆشی ◌ تریفت شاپ

thrifty /'θrɪfti/ *adjective* (thriftier, thriftiest)
1 دەس‌پێوەگر، نادەسبلاو، دەس‌گیرۆ 2 (زۆرتر کۆن، مالات یان گیا livestock) گەشەسێن، هەلدەر، هەلدا، گەشەندە، بەکەیف ◌ 1 صرفەجو 2 رشدکننده، تریفتی

thrill /θrɪl/ *noun*
1 وروژان، هەژین، خرۆش، خۆشی، تین، گوڕ 2 لێدان 3 دلەتەپێ، ترس، دڵەراوکێ 4 لەرینەوە.

شەکین، لەرز، لەرزین ◌ 1 هیجان، لذت، شور 2 تپش 3 دلهره 4 ارتعاش
thrilled /θrɪld/ *adjective*
وروژاو، هەژیو ◌ هیجانزده
thriller /'θrɪlə(r)/ *noun*
(چیرۆک، فیلم و هتد) هەژێنەر، وروژێنەر، کارتێکەر ◌ مهیج
thrilling /'θrɪlɪŋ/ *adjective*
هەژێنەر، وروژێنەر، کارتێکەر: *a thrilling experience/finish* ◌ مهیج
thrillingly /'θrɪlɪŋli/ *adverb*
هەژێنەرانە، وروژێنەرانە ◌ به طور مهیج
thrips /θrɪps/ *noun*, also thrip, *pl.* same
(میرووناسی) میرووی شیلەمژە (رەشی ورد [دەستە Thysanoptera: زۆر جۆرن]؛ بنەڕەت: لە یونانییەوە "woodworm") ◌ نوعی حشره
thriven = past participle of thrive
thriving /θraɪvɪŋ/ *adjective*
گەشەسەندوو، بەرەونەق، پەرەسەندوو، هەڵداو، رسکاو، سەرکەوتوو: *a thriving industry* ◊ (thrivingly *adv*) *a thriving business* ◌ پررونق، موفق
throat /θrəʊt, US θroʊt/ *noun*
1 گەروو، قورگ، مل، بین، ئەوک، قورتم، ئاوەخورە، حەفک 2 بەشی پێشەوەی مل 3 گەروو، ملە 4 دەم، گەروو 5 (وێژەیی) دەنگ (هی مرۆ یان باڵندە) ◌ 1 گلو 2 قسمت جلوی گلو 3 گلوگاه 4 دهانه 5 صدا
throatily /-ɪli/ *adverb*
بە شێوەیەکی گیراو ◌ به طور گرفته
throatiness /'θrəʊtinəs, US 'θroʊtinəs/ *noun*
1 گری، گیراوی، نووساوی 2 وشکی ◌ 1 گرفتگی 2 خشکی
throatlatch *noun*, also throatlash
قایشی بن ملی ئەسپ (بۆ راگرتنی هەوسار)، هەوسارگیرە؟، قایشەملە ◌ تسمەی زیر گلوی اسب
throat microphone *noun*
مایکرۆفۆن یان میکرۆفۆنی گەروو یان (بەر)مل ◌ میکروفن گلو
throaty /'θrəʊti, US 'θroʊti/ *adjective* (throatier, throatiest)
1 (دەنگ) گیراو، گر، نووساو: *a -ty laugh* ◊ (کۆخە) 2 *the throaty roar of the engines* وشک ◌ 1 (صدا) خشن، گرفته 2 (سرفه) خشک
throb /θrɒb, US θrɑ:b/ *noun*
1 لەرزین، لەرز، لەرینەوە 2 لێدان، کوتەکوت 3 (هەروەها throbing) چڵدان، پت، سۆڵە، فرین، لێدان، پتەپتکردن ◌ 1 لرزش، ارتعاش 2 تپش 3 تپرکشی
throbbing *adjective*
چڵدەر، پتدەر ◌ تیرکشنده
throe /θrəʊ, US θroʊ/ *noun*
1 ژانی منداڵبوون، ژانوبرک، ژانوژۆ 2 ئێش و ژانی سەرەمەرگ، ژانی چەناگەکوتێ: *The creature went into its death throes* 3
throes /θrəʊz, θroʊz/ *noun*, in the throes (of) لە بێنەوبەرەی، لە گازوگیری، لە گیرەوکێشەی، لە هاتوچۆی: *The country was in the throes of revolutionary change* ◌ 1 درد زایمان 2 آلام احتضار 3 در گیر و دار
thrombi = plural form of thrombus
thrombin /'θrɒmbɪn/ *noun*
(زیندەکیمیا) مەیینە، ترۆمبین، سرۆمبین: هەوێنەیێکی نێو پلازمای خوێن کە دەبێتە هۆی پەنگینی خوێن بەهۆی گۆڕینی fibrinogen بۆ fibrin (بنەڕەت: لە یونانی *thrombos* "blood clot" + -in¹) ◌ ترومبین
thrombo- *prefix*
پێشگر: خوێنمەیین: *thromboembolism* (بنەڕەت: لە یونانییەوە *thrombos* "blood clot") ◌ پیشوند: بستن خون، خونبستگی
thrombocyte /'θrɒmbə(ʊ)sʌɪt/ = platelet
thrombocytic *adjective*
سەربە platelet ـەکان ◌ وابسته به پلاتلتها
thrombocytopenia
/ˌθrɒmbə(ʊ)ˌsʌɪtə(ʊ)'pi:nɪə/ *noun*
(پزشکی) خانەپەنگینەرکەمی: کەمی خانە پەنگینەرەکانی platelet ی نێو خوێن، دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی نێو شانەکان، شینبوونەوە و درەنگ جەڵغەبوونی خوێن دوای برینداربوون ◌ ترومبوسیتوپینیا
thromboembolic *adjective*
سەربە ترۆمبۆئیمبۆلیزم ◌ ترومبوامبولیک
thromboembolism
/ˌθrɒmbəʊ'ɛmbəlɪz(ə)m/ *noun*
(پزشکی) گیرانی رەگەکانی خوێن بەهۆی جەڵغەی خوێن کە لە جێی بنەڕەتی خۆیان ترازاون، بەستنی خوێن و گیرانی بەهۆی پلاکێتی خوێن ◌ ترومبوامبولیسم
thrombokinase = thromboplastin
thrombolysis /θrɒm'bɒlɪsɪs/ *noun*
(پزشکی) ترۆمبۆلیز، ترۆمبۆلیسیس ◌ ترومبولیز
thrombolytic *adjective*
(پزشکی) thrombus دەفەوتێنێ ◌ ترومبولیتیک
thrombophlebitis *noun*
(پزشکی) ئاوسانی رەگێ کە لەودا جەڵتەیێکی خوێنی دەردەکەوێ یا پێکدێ thrombus، بوونی ترۆمبۆس لە رەگێکدا کە ئاوسانی دیوارەی رەگی لەگەڵە (یان پێوەیە) ◌ ترومبوفلبیتیس
thromboplastic *adjective*, or -mboplastical

تـاودەری پـەنگـین یـان بـەسـتنی خـوێن ◌ ترومبوپلاستیک

thromboplastin *noun*, also thrombokinase
lipoproteinێکی نێو خوێن کە پێش ترۆمبین prothrombin بـۆ تـرۆمبین دەگـۆڕێ، ترۆمبۆپلاستین ◌ ترومبوپلاستین

thrombosis /θrɒm'bəʊsɪs, US θrɑ:m'boʊ-/ *noun, pl.* -boses /-si:z/
ترۆمبوسیس، خوێنمەیین (لە رەگ یان دڵدا) ◌ ترومبوس

thrombotic *adjective*
سـەربە ترۆمبوسیس، سـەربە خـوێنمـەیین ◌ وابسته به ترومبوس

thromboxane /θrɒm'bɒkseɪn/ *noun*
(زیندەکیمیا) ترۆمبۆکسان: ناوێتەیی $C_{20}H_{32}O_5$ کە لە پلاتیلێتەکاندا پێکدێ، رەگەکانی خوێن تەنگ دەکاتەوە و پەنگین یان بەستنی خوێن تاو دەدا ◌ ترومبوکسان

thrombus /'θrɒmbəs/ *noun, pl.* thrombi /-bʌɪ/
(خوێن) مەیین، بەستن، جەڵتەبەستن، پەنگین، گیرسان، توپەڵە خوێنی مەیو، جەڵتەی نێو رەگ، گرێی خوێن، خوێنی مەیوی نێو رەگ، ترۆمبۆس (بنەرەت: بە رێگای لاتینی نوێ لە thrombos یۆنانی "گرێی خوێن "blood clot) ◌ لختگی، لختەی خون

throne /θrəʊn, US θroʊn/ *noun*
1 تـەختی پاتـشایی 2 (دەسـەڵات یـا هێـزی) پاتـشایی، شـایەتی، تـاجوتـەخت (بنـەرەت: لـە thronos یۆنـانی "کورسـی بـڵیند") ◌ 1 تخـت پادشاهی 2 سلطنت

throng /θrɒŋ, US θrɔ:ŋ, θrɑ:ŋ/ *noun*
خەڵک، حەشامات، جەنجاڵ، ئاپۆرە، جمکوت، چڕەبەندان، شلوقی، قەرەباڵغ: *We pushed our way through the -ong* (ئەڵمانی بنەرەت) ◌ جمعیت، ازدحام

throstle /'θrɒs(ə)l/ *noun*
1 (هـەروەها throstle frame) دەزگای رستن، رێسـەک، رێـسـەنە 2 song thrush (ئـەڵـمانی بنەرەت) ◌ ابزار ریسندگی

throttle /'θrɒtl, US 'θrɑ:tl/ *noun*
1 ساسات، زمانەی خەفەکەر، خەفەنە 2 (کۆن) گەروو و قورگی کەسێ (بنەرەت: مێژووی ئەم وشەیە ئەوندە روون نییە) ◌ 1 ساسات 2 گلو

throttler *noun*
خنکێنەر، خەفەکەر ◌ خفەکنندە

throstle = throstle frame

through[1] /θru:/ *adverb, adjective*
1 *adv* نێو، نێوەوە، لە نێو، پیا، پێدا 2 سەراسەر، سەرتاسەر، سەرانسەر، سەرتاپێ 3 لە ماوەی، بە درێژایی 4 لە هەوەڵەوە تا ئاخر، لەمسەر تا ئەوسەر، لە سەرەوە تا خوار، لە سەرەتاوە تا ئاخر 5 بێ‌راوێستان، یەکسەر، راستەوخۆ *adj* 1 (تەلەفون) بەستراو 2 سەرتاسەری، سەرانسەری، سـەرتاپێ ◌ *adv* 1 داخـل 2 سرتاسر 3 در ظرف، طی 4 از اول تا آخر 5 بدون توقف، یکسره *adj* 1 (تلفن) وصل 2 سراسری

through[2] /θru:/ *preposition*
لە نێوان، پیا، بەنێو، لەنێو، لە، سەرتاسەر، سەرپاک، گشت، هەموو، سەرتاپێ، لەبەر، بە خاتری، هەتا: *The burglar got in -ough the window* ◊ *The bullet went straight -ough him* ◊ *The Charles River flows through Boston* ◌ از میان، توی، از، سرتاسر، به علت، تا

through-composed = durchkomponiert

throughother *adjective*
(سکاتلەندی و ئیرلەندی) شێواو، ئاڵۆز، شپرزە، تێکەوڵێکە، شڵەژاو، پەرێشان ◌ بـە هـم‌ریختـە، نابسامان، آشفتە

throughout /θru:'aʊt/ *adverb, preposition*
1 سەرتاسەر، گشت، هەموو جێیێ، گشت شوێنێ، سەرتاپا، سەرتاپێ، سەرانسەر: *They export their products to markets throughout the world* 2 بە تەواوەتی 3 لە هەوەڵەوە تا ئاخر، لەمسەر تا ئەوسەر، لە سەرەوە تا خوار، لە سەرەتاوە تا ئاخر 4 بەدرێژایی، لە ◌ 1 سرتاسر 2 تماماً 3 از اول تا آخر 4 در طول

throughput /'θru:pʊt/ *noun*
توانایی وەرگرتن (یا جێ‌بوونەوە): *high/low throughput* ◊ *The centre has a weekly -put of 200000 shoppers* ◌ ظرفیت پذیرش

throughway (also thruway) = expressway

throve = past of thrive

throw /θrəʊ, US θroʊ/ *noun*
1 خـستن، هاوێـشتن، تێگـرتن، حـەوادان، تووڕهەڵدان، ئاقێتن 2 مەودای خستن 3 مەودا یان ماوەی هاوێشتن 4 هەڵدان یان هەڵخستن (مـۆرە یـان زار) 5 بـەرگ یـان رووکێـشی کەلوپەل(ی ناومال) 6 (زەوی‌ناسی) بەرینایی یـان رادەی جێ‌گـۆڕکێی ئاسۆیی قەڵەشتێ (throwable *adj*) ◌ 1 پرتاب 2 نوبت پرتاب 3 تیررس 4 ریختن تاس 5 روکش اثاثیه 6 ترو

throwaway /'θrəʊəweɪ, US 'θroʊ-/ *adjective*
1 بـۆ جـارێ، بـۆ یـەکجار، یـەکجارە، دوای بـەکارهێنانی دەبـێ فڕێ‌درێ: *throwaway products* 2 وتەی بیرلێ‌نەکراوە، قسەی لەخۆوە یان هەڕوا، سەرسەرەکی ◌ 1 یکبار مصرف 2 گفتەی تصادفی

throwback /'θrəʊbæk, US 'θroʊ-/ *noun*
لە وێنەی، لە شێوەی، وەکوو، وەبیرخەرەوەی، چوونەوەسەر، گەڕانەوە: *The car's design is*

شبیه، بازگشت، رجعت ◌ *a -ck to the 1960s*

thrower /ˈθrəʊə(r), US ˈθroʊ-/ *noun*
هـاوێژەر، توورهەڵـدەر، تێگـر، حـەوادەر: *a* *discus thrower* ◌ پرتاب‌کننده

throw-in *noun*
(تۆپێن) خستن بۆ دەرەوە ◌ پرتاب خارج

thrown /θrəʊn, US θroʊn/ = past participle of throw

throw rug = scatter rug

throwster /ˈθrəʊstə(r)/ *noun*
هەوریشم‌ریس، هەوریشم‌بادەر ◌ پشم‌ریس، نراد

thru = through

thrum[1] /θrʌm/ *noun*
ویزەویز، گیزەگیز ◌ وزوز

thrum[2] /θrʌm/ *noun*
ریشو ◌ ریشه

thrumming *noun*
(هات وجۆی ماشین و هتد) هارەهار، شیرەشیر، دەنگەدەنگ ◌ سر و صدا

thrush[1] /θrʌʃ/ *noun*
رەشێـشـه [*Turdus* و توخمـەکـانی تـر: زۆر جۆرن] ◌ توکا، باسترک

thrush[2] /θrʌʃ/ *noun*
1 بۆقژە، سـراش: نەخۆشـی‌یەکی بگرەوەیە کە ب.ت. منالان (لە گەروو و دەم‌دا) تووشی دەبن و بەهۆی fungus یکەوە بە ناوی *Candida albicans*) تـووش دەبێ 2 نەخۆشـی‌یێن کـە لـە ناوچـەی شـەرمی ژن پەیـدا دەبێ، بـە گـشتی *vaginal -sh* :candidiasis ◌ 1 برفک 2 تراش

thrust[1] /θrʌst/ *noun*
1 تـێ‌ترنجانـدن، تـێ‌تەپانـدن، تـێ‌خـستن، تێ‌ڕۆکـردن 2 هێـرش، پـەلامار، تانـە، تەشـەر، رەخنـە، توانج 3 (فیزیـک) تـەکان، پاڵ، رادان 4 (بیناسـازی) رادان، هێـز و سـەنگی نێـوان بەشـە لێک‌نزیکەکانی پێکهاتە یان دەزگایێ (ب.ت. لە تـاق‌دا) 5 خاڵـی سـەرەکی، کـاکڵ 6 هێـزی رادەرانـە یـان پێش‌بەرانـەی جێـت یـان مۆتـۆری راکێـت ◌ 1 عمل چپاندن 2 حمله، انتقاد، تشر 3 (فیزیک) رانش 4 تراست 5 نکته‌ی عمده 6 تراست

thrust[2] = past and past participle of thrust

thruster /ˈθrʌstə(r)/ *noun*
1 تـەکان‌دەر، رادەر، پـاڵ‌پێوەنـەر 2 کـەسێکی بـەتین یـان بـەگوڕ 3 (لەسـەر کەشـتی ئاسمـانی) مۆتـۆری گـۆڕینی ڕێـڕەو، مۆتـۆری کۆنترۆڵـی ڕێڕەو یان ڕێگا ◌ 1 رانش‌گر 2 آدم پرحرارت 3 موتور تغییر جهت

thrutch *noun*
دەربەند یان دۆڵی تەنگ و باریک ◌ دره‌ی تنگ

thruway /ˈθruːweɪ/ = expressway

thud /θʌd/ *noun*
زرم، تەپ، دەنگی زرمە یان تەپە: *His head hit the floor with a dull thud* ◌ تـالاپ، صدای تالاپ

thug /θʌg/ *noun*
1 مرۆی توندوتیژ، پیاوکوژ، خراپ، تاوان‌کار، gangster 2 (Thug) تـاگ، سـاگ (ئەنـدامی ڕێکخراوی دینی ترۆریستان لە هیندووسـتان، لە 1830 لە لایەن بریتانیاوە سەرکوت کرا) ◌ 1 آدم شرور، خشن 2 (با T) تاگ

thuggee /θʌˈgiː/ *noun*
(مێژوویی) دزی و پیاوکوژی لە لایەن Thugs بەپێی نەریت و سروتیان ◌ توگی

thuggery /ˈθʌgəri/ *noun*
تونـدوتیژی، زەبروزەنـگ، لێـک‌بـەربوون، شەڕوشـۆڕ: *shoplifting, vandalism and petty -gery* ◌ خشونت

thuggish /ˈθʌgɪʃ/ *adjective*
تونـدوتیژ، بـەزەبروزەنگ، شەڕاشـۆ، تـاوان‌کـار، توندوتیژانە، شەڕەنگێزانە: *thuggish brutality* ◌ خشن، جانی، خشونت‌بار

thuggishly /ˈθʌgɪʃli/ *adverb*
توندوتیژانە، بەزەبروزەنگانە، شـەڕاشـۆیانە ◌ بـه طور خشن

thuggishness /ˈθʌgɪʃnəs/ *noun*
تونـدوتیژی، بـەزەبروزەنگی، شەڕاشـۆیی ◌ خشونت

thuja /ˈθ(j)uːjə/ *noun*, also thuya
جـۆرێ داری هەمیـشەسەوزی سـنەوبەری evergreen coniferous کە red cedar ـەکانی رۆژئاوایی دەگرێتەوە [توخم *Thuja*] ◌ توجا

Thule *noun, adjective*
n باکووری‌ترین شوێنی جێی ژیواری جیهانی کـۆن *adj* سـەربـە فـەرهـەنگـی ناوچـە باشووری‌یەکان لە ئالاسکاوە تا گرینلەند لە 500 زایینی تا 1400 زایینی ◌ توله

thulium /ˈθ(j)uːliəm/ *noun*
(کیمیا) تۆلیۆم، سۆلیۆم (بە ژ.گ. 69، ن. Tm، بنەڕەت: لە *Thule* ـەوە) ◌ تولیم

thumb /θʌm/ *noun*
قامکەگـەورە، قامکەکەڵـە، کەلەموسـت، پەنجەگەورە ◌ انگشت شست

thumb index *noun*
(کتێـب) قـامکی، جـێ‌قـامکی، پێـت‌نیـشان، نیندێکس ◌ جاانگشتی

thumbnail /ˈθʌmneɪl/ *noun, adjective*
n 1 نینۆکی قامکەکەڵە، نینۆخی قامکەگەورە 2 (هـەروەهـا thumbnail image) وێنـەی سامبنایل: وێنەیێکی زۆر چکۆلەی سەر پەردەی کـامپیوتێر *adj* کورتـە، پوختـە، brief ،concise ◌ *n* 1 ناخن شست 2 سامبنایل *adj* مختصر

thumbnail sketch *noun*
کورتەباس، بەکورتی باس‌کردن: *The first*

chapter provides a thumbnail sketch of the social and political climate of the US in the 1960s ◌ شرح مختصر

thumb nut = wing nut

thumb piano *noun*, also sansa

جۆرێ ئامێری موسیقا ◌ تامب پیانو

thumbprint /'θʌmprɪnt/ *noun*

جێ‌قامکەگەورە ◌ اثر انگشت شست

thumbscrew /'θʌmskru:/ *noun*

چیوجەلە، پەنجەشکێن، قامک‌شکێن، کەڵەبادەر (ئامرازێ کە جاران بۆ شکاندنی قامکەکان ب.ت. قامکەکەڵە بەکاریان دێنا) ◌ شست‌بند

thumbs-down *noun*

دژایەتی، دژبەری، ناکۆکی، وەرنەگرتن، نەویستن، پەسندنەکردن، بەرپەرچدانەوە، وەڵامی نا ◌ مخالفت، عدم پذیرش، جواب رد

thumb-stall *noun*

کەڵەوانە، ژێگر ◌ شست‌پوش

thumbs-up *noun*

رازی‌بوون، قایل‌بوون، وەڵامی ئەرێ ◌ موافقت

thumbtack /'θʌmtæk/ *noun*, also drawing pin

پونز ◌ پونز

thump /θʌmp/ *noun*

زرمە، تەپە، دەنگی زرمە ◌ تالاپ، صدای تالاپ

thumping /'θʌmpɪŋ/ *adjective, adverb*

adj 1 زل، گەورە، قەبە، گەپ 2 (هەڵبژاردن) سەخت، بەرچاو، برینەرەوە *adv* یەکجار، سەخت ◌ *adj* 1 گنده 2 قاطع *adv* فوق‌العاده

thunder /'θʌndə(r)/ *noun*

تریشقە، گوڕز، هەورەگرمە، گرمە، شریخە ◌ تندر، آسمان‌غرومبه

thunderbird *noun*

باڵندەتریشقە (= باڵندەیێکی ئەفسانەیی mythical bird سوورپێستەکان پێیان وابوو تریشقە دێنێ) ◌ تندربرد

thunderbolt /'θʌndəbəʊlt, US 'θʌndərboʊlt/ *noun*

1 هەورەتریشقە، برووسکە، هەورەگرمە، قوریژن 2 (خوازە) رووداوی سەیر یان سەرسوورهێنەر، هەواڵی داخورپێنەر ◌ 1 رعد و برق 2 (مجازی) رویداد شگفت‌انگیز، خبر شوکه‌کننده

thunderbox *noun*

(نافەرمی) دەس‌بەئاوی کاتی یان سەرەتایی ◌ دست‌شویی موقت

thunderbug (thunderfly) = thrips

thunderclap /'θʌndəklæp, US -dərk-/ *noun*

دەنگی شریخە، گرمە، گوڕز، شقین ◌ صدای رعد

thundercloud /'θʌndəklaʊd, US -dərk-/ *noun*

هەوری هەورەتریشقە یا هەورەگرمە ◌ ابر تندری

thunderhead *noun*

کۆمەڵکە هەورێکی خڕ و کەنارسپی، بەرلە رەشەبای هەورەتریشقە دەردەکەوێ ◌ تندرهد

thundering *adjective*

1 برووسکەئاسا، هەورەتریشقەئاسا 2 سەخت، توند 3 یەکجار، زل ◌ (thunderingly *adv*) 1 رعدآسا 2 شدید 3 فوق‌العاده

thunderous /'θʌndərəs/ *adjective*

برووسکەئاسا، هەورەتریشقەئاسا، زۆر بەرز، گرمەئاسا: *thunderous applause* (thunderously *adv*: بە شێوەیەکی برووسکەئاسا؛ thunderousness *n*: برووسکەئاسایی، هەورەتریشقەئاسایی) ◌ رعدآسا

thundershower *noun*

باوباران ◌ توفان باران

thunderstorm /'θʌndəstɔ:m, US 'θʌndərstɔ:rm/ *noun*

تریشکەرەشەبا، رەشەبای هەورەتریشقە ◌ توفان تندری

thunderstruck /'θʌndəstrʌk, US -dərs-/ *adjective*

کاس، وڕ، گێژ، تاساو، سەرسام، سەرسوورماو ◌ مبهوت، هاج و واج، گیج

thundery /'θʌndəri/ *adjective*

پڕهەورەتریشقە، پڕگرمە و شریخە ◌ پررعدوبرق

Thur *abbreviation* Thursday

thurible /'θjʊərɪb(ə)l/ *noun*

بخوردان، جێ‌بخور (کلێسە) ◌ بخوردان

thurifer /'θjʊərɪfə/ *noun*

بخوردان‌هەڵگر، هەڵگری جێ‌بخور (لە رێورەسمی دینی‌دا) ◌ حامل بخوردان

Thursday /'θɜ:zdeɪ, -di, US 'θɜ:rz-/ *noun, adverb*

n پێنجشەممە *adv* پێنجشەممانە، هەر پێنجشەممەیێ، پێنجشەممە جارێ (بنەڕەت: لە ئینگلیسی کۆنەوە *Thu(n)resdæg* "خودای (هەورە)تریشقە". لە ناوی خودای هەورەتریشقەی ئەڵمانی‌یەوە "*Thor*". وەرگێڕاوی Late Latin "رۆژی هورمز یان ژوپیتێر *Jovis dies* ی "Jupiter) ◌ *n* پنجشنبه *adv* هر پنجشنبه یکبار

Thurs *abbreviation* Thursday

thus /ðʌs/ *adverb*

(وێژەیی) بەم شێوەیە، بەم جۆرە، ئاوا، وەسا، وا، وەها، ئەوها، ئاوها: *Many scholars have argued -us* ◌ بدین ترتیب، بدین نحو، این طور

thusly = (informal) thus

thuya = thuja

thwack /θwæk/ *noun*

1 لێدان، پیاکێشان 2 دەنگی تەقە ◌ 1 ضربه 2 صدای تق

thwart[1] = athwart

thwart[2] /θwɔːt, US θwɔːrt/ *noun*
میزی سەوڵلیدەر، تەختی کلکەوان، چواربەندی سەوڵلیدان، جێگای سەوڵلیدان ۞ نیمکت پاروزن

thwarter *noun*
لەکارخەر، بەتاڵکەرەوە ۞ خنثی کننده

thy /ðaɪ/ *adjective*, also thine before a vowel
(جاران، ئاوەڵناوی خاوەنداری، دووەم کەسی تاک) هی تۆ، بەت: *Honour thy father and thy mother* ۞ مال تو، ـتو، ـت

Thyestean *adjective*, also Thyestian
پیاوخۆر، مرۆخۆر، خۆخۆر، = cannibal ۞ آدم‌خوار

Thyestes *noun*
تی‌ئیستیس: برا و نەیاری Atreus کە بە نائاقەست گۆشتی منالەکەی خۆی خوارد ۞ تی‌استس

thylacine /ˈθʌɪləsiːn, -sʌɪn, -sɪn/ *noun*, also Tasmaninan tiger
بەوری تازمانیایی: توورەکەداریکی گۆشتخۆری سەگئاسای تازمانیایی [*Thylacinus cynocephalus*] ۞ تیلاسین

thylakoid *noun*
ساتوورەکە: پێکهاتەیێکی نێو کلۆرۆپلاستی ئەو خانانەی کە کەوا رووشنەپێکهاتن دەکەن، لە پرۆتئین و لیپید پێکهاتووە ۞ تیلاکوید

thyme /taɪm/ *noun*
(رووەکناسی) هەوشین، ئەزبووە، هەزبیلە، جاترە، هەزوە [*Thymus vulgaris*] و جۆرە پێوەندیدارەکان]، (جاترەکێویلە، ئەسپەناخ، جاترەدەشتەکی، مشکتەرامشیح wild thyme) ۞ آویشن

thymectomy *noun*, *pl.* thymectomies
تیمۆس‌بڕی، نەشتەرگەری لابردنی رژێنەی تیمۆس ۞ تیمکتومی

thymi = plural form of thymus

-thymia *suffix*
پاشگر: دۆخ یان باری دەروونی، کێشەی دەروونی: *cyclothymia* (بنەڕەت: لە لاتینی نوێ، لە یۆنانی‌یەوە، لە *thymos* "soul ,mind" یان "spirit + (-ia) ۞ پسوند: حالت روانی، اختلال روانی

thymic /ˈθʌɪmɪk/ *adjective*
1 هەوشینی، جاترەیی، هەزوەیی 2 (کارئەندامناسی) سەربە رژێنەی تیمۆس یان کار و ئەرکەکەی ۞ 1 وابسته به آویشن 2 وابسته به غدەی تیموس یا عمل کردش

thymidine /ˈθʌɪmɪdiːn/ *noun*
(زیندەکیمیا) نیوکلیۆسایدی $C_{10}H_{14}N_2O_5$ کە لە تایمین و deoxyribose پێکهاتووە و وەک بەشێکی پێکهێنەری نێو DNA دایە ۞ تیمیدین

thymine /ˈθʌɪmiːn/ *noun*
(زیندەکیمیا) سایمین، تایمین، تیمین: ئاوێتەیێ کە یەکێ لە چوار پێکهێنەری سەرەکی ترشەلۆکە نیوکلێئیکەکانە $C_5H_6N_2O_2$ ۞ تیمین

thymocyte *noun*
(کیمیا) خانەی تیمۆس، ب.ت. thymic lymphocyte ۞ تیموسیت

thymol /ˈθʌɪmɒl/ *noun*
(کیمیا) سیمۆل، تیمۆل $C_{10}H_{14}O$ (= ماک یان مەتریالێکە کە لە هەوشین دەردێنرێ بۆ پاکژکردنەوە) ۞ تیمول

thymosin *noun*
تیمۆسین، تایمۆسین: هۆرمۆنێ کە لە لایەن رژێنەی تیمۆسەوە بەرهەم دێ ۞ تیموسین

thymus /ˈθʌɪməs/ *noun*, *pl.* thymi /-mʌɪ/ or thymuses
رژێنەی تیمۆس (هەڵکەوتوو لە ملی بڕبڕەدارانددا) ۞ غدەی تیموس

thymus gland *noun*
رژێنە یان لووی تیمۆس ۞ غدەی تیموس

thyratron *noun*
(دروشمی بازرگانی) لوولەیێکی ئێلیکترۆنی لە گازپڕکراوی گەرم-کاتۆد کە درگاکەی تەوژمی بەردەوامی کارەبا مەهار دەکا ۞ تیراترون

thyroid /ˈθaɪrɔɪd/ *noun*
1 (رژێنە) سایرۆید، تیرۆئید 2 رژێنەی تیرۆئید، لووی زێرمل 3 کرۆژەی تیرۆئید 4 مەتاڵئاسا، شێوەقەڵغان (بنەڕەت: لە *thureos* یۆنانی "مەتاڵی لاکێشەیی") ۞ 1 تیروئید 2 غدەی تیروئید 3 غضروف تیروئید 4 سپرمانند

thyroid body *noun*
رژێنە یان گلەندی تیرۆئید، لووی زێرمل ۞ غدەی تیروئید

thyroid cartilage *noun*
کرۆژە یا کرکراگەی تیرۆئید ۞ غضروف تیروئید

thyroidectomy *noun*, *pl.* thyroidectomies
لابردنی هەموو یان بەشێکی رژێنەی تیرۆئید ۞ تیروئیدکتومی

thyroid gland *noun*
رژێنە یان گلەندی تیرۆئید ۞ غدەی تیروئید

thyroiditis *noun*
ئاوسانی رژێنە یان گلەندی تیرۆئید ۞ التهاب غدەی تیروئید

thyroid-stimulating hormone = another term for thyrotropin

thyrotoxicosis /ˌθʌɪrəʊˌtɒksɪˈkəʊsɪs/ = hyperthyroidism

thyrotropin /ˌθʌɪrə(ʊ)ˈtrəʊpɪn/ *noun*, also thyrotrophin /-ˈtrəʊfɪn/
(زیندەکیمیا) هۆرمۆنی دەردراو لە لایەن رژێنەی pituitary کە بەرهەمهێنانی هۆرمۆنەکانی

thyroid- تیرۆئید ریکدەخا (هەروەها stimulating hormone) ◌ تیروتروپین

thyroxine /θaɪˈrɒksiːn, US -sɪn/ *noun*, also thyroxin

(زیندەکیمیا) هۆرمۆنی $C_{15}H_{11}I_4NO_4$ سەرەکی بەرهەمهاتوو لە لایەن رژێنەی تیرۆئیدەوە، دەردراوەی لووی ژێرمل ◌ تیروکسین

thyrsus /ˈθɜːsəs/ *noun, pl.* thyrsi /-saɪ, -siː/

(لە یۆنان و رۆمی کۆندا) دار یان نەیزەیێ کە سەرەکەیان بە میوەی کاژ دەرازاندەوە، لە لایەن باکوس و لایەنگرەکانی یەوە هەڵدەگیرا ◌ تیرسوس

thyself /ðaɪˈself/ *prououn*

خۆت، شێوەی کۆنی yourself ◌ خودت

Ti symb. the chemical element titanium

ti *noun*, (music) North American form of te

1 سی (= حەوتەمین نۆتە لە پەیژەی سۆلفادا) 2 جۆرێ داری ئاسیایی و پاسیفیک، لە خێزانی agave [توخم *Cordyline*] ◌ تی

Tia Maria /ˌtiːə məˈriːə/ *noun*

(دروشمی بازرگانی) جۆرێ لیکۆری تامقاوەیی، لە بنەڕەتدا لە کارائیب Caribbean ساز دەکرێت (بنەڕەت: لە *Tia Maria* سپانیایی یەوە) ◌ نوعی لیکور

tian /tjɑ̃/ *noun, pl.* pronounced same

1 جۆرێ چێشت 2 تیان، گڵێنەی خڕی گەورە، هەر لە کۆنەوە لە Provence چێشتی تیا لێدەنرا (بنەڕەت: لەسەر بنچینەی *tēganon* یۆنانی "frying pan") ◌ تیان

tiara /tiˈɑːrə/ *noun*

1 تاجی ژنانە 2 تاج (ی سێنهۆمی پاپ) 3 کلاوێ کە لە لایەن پاشاکانی ئێرانی کۆنەوە لەسەر دەکرا ◌ 1 تاج زنانە 2 تاج پاپ 3 تیارا

Tibetan /tiˈbetən/ *adjective, noun*

adj سەربە تەبەت، تیبیتی *n* 1 خەڵکی تەبەت، تەبەتی 2 زمانی (چینی-تەبەتی Sino-Tibetan) تیبیتی ◌ *adj* تبتی *n* 1 تبتی 2 زبان تبتی

Tibetan Buddhism *noun*

بودایزمی تەبەتی: جۆرێ بودایزمی Mahayana کە لە تەبەت پەرەی سەندووە و لە لایەن تیرەی دالای لاماوە رەچاو دەکرێ ◌ بودائیسم تبتی

Tibetan-Burman *adjective*

تەبەتی-بیرمەیی (= سەربە دابەشاندنی خێزانەزمانی چینی-تەبەتی کە تەبەتی، بیرمەیی، و بڕێ لە زمانانی تر کە لە ناوچە شاخاوی یەکانی ئاسیای باشووری ناوەندی قسەی پێدەکرێ) ◌ تبتی‌برمه‌ای

Tibetan terrier *noun*

جۆرێ رەگەزی تاجی، شێوەی Old English Sheepdog دەدا ◌ تریر تبتی

tibia /ˈtɪbiə/ *noun, pl.* tibiae /-biiː/

1 (توێکاری) ئێسکی لولاک، گاللۆر، قامیشە، دروشە 2 (مێروناسی) لوولاکە: بەشی چوارەمی لاقی مێرووییێ، نێوان ران و tarsus (tibial /ˈtɪbiəl/ *adj* بنەڕەت: لە لاتینەوە "shin bone") ◌ 1 استخوان درشت‌نی 2 تیبیا

tic /tɪk/ *noun*

پەڕین، فڕین، پلدان، نقین، نەگ ◌ تیک

tic douloureux = another term for trigeminal neuralgia

tich = titch

tick[1] /tɪk/ *noun*

1 چرکەچرک، چرتەچرت 2 (نافەرمی، بریتانیا) چرکە، سات، تاو 3 راستەنیشان (√) ◌ 1 تیک‌تیک 2 لحظه 3 علامت تیک

tick[2] /tɪk/ *noun*

1 گەنە، گەنەکەوڵە، چنگنە، تەبو، گاوەک، کەرژە، کەرچە، زچ، سێج، کزنگ [ژێردەستە Ixodida: زۆر جۆرن] 2 (نافەرمی، بریتانیا) مرۆی سووک و چرووک (بنەڕەت: ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) *ticia* ◌ 1 کنە 2 آدم بی‌ارزش

tick[3] /tɪk/ *noun*

باوەڕی، متمانە، credit، trust، هەروەها credit account ◌ اعتبار

tick[4] /tɪk/ *noun*

روو، بەرگ (دۆشەک و...) ◌ رویە

ticker /ˈtɪkə(r)/ *noun*

1 (نافەرمی) دڵ 2 سەعات 3 (ئەمریکا) دەزگایێکی تێلگرافی یان ئێلێکترۆنی کە لەسەر باریکە یا تیزماڵکە کاغەز زانیاری و هەواڵ و شت چاپ دەکا ◌ 1 (عامیانە) قلب 2 ساعت 3 تیکر

ticker tape *noun*

باریکەی کاغەز، زۆڵەکاغەز، تیزماڵکەکاغز، باریکەکاغز، نەوارکاغەز ◌ نوار کاغذ

ticket /ˈtɪkɪt/ *noun*

1 بلیت، تیکێت، پەتە، پوسلە 2 بەرچەسپ، یافتە 3 ئاگاداری، تێبینی 4 پەڕی جەریمە یان زیانە (بۆ خراپ رۆیشتن بە ماشێن) 5 (زۆرتر لە ئەمریکا) لیستەی پاڵێوراوانی پارتی 6 کاری باشە شتێکی خۆش 7 (لە ئەمریکا) لیستی پاڵێوراوانی پارتی‌یێ ◌ 1 بلیت 2 برچسب 3 آگهی 4 برگ جریمە 5 تیکت 6 کار مناسب، چیز خوب 7 فهرست نامزدهای حزبی

ticketing /ˈtɪkɪtɪŋ/ *noun*

1 یافتەپێوەنان، بەرچەسپ‌لێدان 2 فرۆشتن یان دروست‌کردنی بلیت ◌ 1 برچسب‌زنی 2 فروش یا تولید بلیط

ticket office *noun*, also ticket window

بلیت‌فرۆشی، تیکێت‌فرۆشی، شوێنی فرۆشتنی بلیت ◌ گیشە

tick fever *noun*

1 تای گەنە، گەنەتا: جۆرێ نەخۆشی لە ئەنجامی

Rocky Mountain spotted تاوە (وەک texas = 2 بەهۆی گەنە رادەگوێزرێ (fever ◌ fever تب کنە

tick-punch *noun*
بلیتکونکەر ◌ بلیط سوراخ‌کن

ticking[1] /'tɪkɪŋ/ *noun*
چرکەچرک، چرتەچرت، دەنگی چرکەچرک ◌ تیک‌تیک، صدای تیک‌تیک

ticking[2] /'tɪkɪŋ/ *noun*
تیکینگ، پارچەی بەرگەدۆشەکی (پارچەیەکی کەتانی ئەستوور و قایم durable بۆ تێ‌گرتنی دۆشەک و باڵنج) ◌ متقال

ticking off *noun*
هەڵشاخان، بەسەردانەڕاندن، بەگژداهاتن، پیاهەڵکالان، telling off ◌ پرخاش

tickle /'tɪkl/ *noun*
1 ختیلکە، ختوکە، هەستی ختیلکەدان: *She gave the child a little tickle* 2 خوران، خارشت ◌ 1 غلغلک، احساس غلغلک 2 خارش

tickler *noun*
1 مەتەڵ، مامک 2 ئاستەنگ، دژوار، کێشە 3 ختیلکەدەر، ختوکێنەر ◌ 1 معما 2 مشکل 3 غلغلک‌دهنده

ticklish /'tɪklɪʃ/ *adjective*
1 زووختیلکەهاتوو، ختیلکن، ختیلۆک: *Are you ticklish?* 2 زووتووڕە، زووهەڵچوو، سرک، تۆرنۆک، زووکارلێکراو، زوونارەحەت‌بوو، ناسک، ورد 3 دژوار، چەتوون، ناسک، هەستیار (ticklishly /'tɪklɪʃli/ *adv*؛ ticklishness /'tɪklɪʃnəs/ *n*: 1 ناسکی، وردی 2 دژواری، سەختی، چەتوونی) ◌ 1 غلغلکی 2 ظریف 3 دشوار، حساس

tick-tack-toe = tic-tac-toe

tick-tacky /ˌtɪki 'tæki/ *noun*
شتی هەرزان یان خراپ یان گەندوگووزاڵ ◌ جنس آشغال یا ارزان

tick-tock /ˌtɪk 'tɒk, US ˌtɪk 'tɑːk/ *noun*
(سەعات) چرکەچرک، چرتەچرت ◌ تیک‌تاک

tic-tac-toe *noun*, also tick-tack-toe = noughts and crosses

tidal /'taɪdl/ *adjective*
خێزاوی و نیشتاوی، کێشاوی، کشاوی، تایداڵ ◌ جزر و مدی، کشندی

tidal analysis *noun*
شیکردنەوەی کێشاوی یان تایداڵ ◌ واکافت کشندی

tidal currents *noun, pl.*
تەوژمە کێشاوی یان تایداڵەکان ◌ جریان‌های کشندی

tidal theory *noun*
تیۆری کێشاوی یان تایداڵ ◌ نظریەی کشندی

tidal wave *noun*
1 شەپۆلی کێشاوی یان تایداڵ 2 (خوازە) شەپۆل، لافاو، لێشاو: *a tidal wave of tourists* ◌ 1 موج کشندی 2 (مجازی) موج

tidbit /'tɪdbɪt/ = titbit

tiddler *noun*
1 وردەماسی، ماسی‌یەوردە 2 منداڵی چکۆلانە، شتی چکۆلانە ◌ 1 ریزەماهی 2 بچە یا چیز کوچک

tiddly[1] /'tɪdli/ *adjective* (tiddlier, tiddliest)
(زۆرتر لە بریتانیا، نافەرمی) سەرمەست، سەرخۆش، بەکەیف ◌ شنگول

tiddly[2] /'tɪdli/ *adjective* (tiddlier, tiddliest)
(بریتانیا، نافەرمی) ورد، چکۆلە، چکۆلانە ◌ ریز

tiddlywink *noun*, US tiddledywink
پوولەکێن ◌ نوعی بازی

tide /taɪd/ *noun*
1 کێشاو، تاید، هەستاو و نیشتاو، هەڵکشەوداکشە، هەڵکێش‌وداکێش: *the ebb and flow of the tide* 2 *The tide is in/out* ◊ (خوازە) شەپۆل، ڕێڕەو، ڕەوت: *There is a growing tide of opposition to the idea* 3 (لە لێکدانا، کۆن) سەروبەند یان ماوە و کاتێکی ساڵ: *Christmastide* ◌ 1 جزر و مد 2 (مجازی) موج، روش 3 (در ترکیب) مدتی از سال

tideland *noun*, also tidelands
زەوی‌وزاری کەناری کە لە هەستاودا دەکەوێتە بن‌ئاو ◌ تایدلند

tideline /'taɪdlaɪn/ *noun*
هێڵی کێشاو، شوێنی هەستان و نیشتنەوەی ئاو ◌ خط کشند

tidemark /'taɪdmɑːk, US -mɑːrk/ *noun*
1 هێڵی کێشاو، شوێنی هەستان و نیشتنەوەی ئاو 2 (لەگەنی حەمام و هتد) شوێنی چڵکی‌نیشتوو ◌ 1 خط کشند 2 خط چرک

tide-table *noun*
خشتەی کێشاو یان هەستان و نیشتنەوەی ئاو ◌ جدول کشند

tidewaiter *noun*
(مێژوویی) پشکێنەری گومرک، کاربەدەستی گومرکی لێواری دەریا یان داگرتنی باری کەشتی ◌ بازرس گمرک

tidewater /'taɪdwɔːtə(r)/ *noun*
کاناڵ یان کەنداوی هەستان و نیشتنەوەی ئاو ◌ مسیر جزر و مد

tideway *noun*
ڕێڕەو یان کاناڵی هەستان و نیشتنەوە یا کێشاوی ئاو ◌ مسیر جزر و مد

tidings /'taɪdɪŋz/ *noun, pl.*
(ویژەیی) هەواڵ، نووچە، دەنگ‌وباس ◌ خبر

tidy /'taɪdi/ *adjective* (tidier, tidiest), *noun*

(*pl.* tidies)

adj 1 ریـک، ریـک‌وپێـک، تـەرز، بـەنیزام، ڕێکخراو، خشت، پوخت، بەتەکوز، بەرێ‌وجێ، 2 خـاوێن، تـەمیز 3 زۆر، بـەرچاو، جێی‌سەرنج، :fair ،acceptable *a tidy solution to their problem* :substantial *It ◊ a tidy profit must have cost a tidy sum* *n* 1 جێگا یـان دەفری شـت‌ومـەکی چکۆلـە یـان ورد، جێگـای ورکەوپرکە: *a desk tidy* 2 بەرگ یـان ڕووی پشتەوەی کورسی و... (*tidily* /ˈtaɪdɪli/ *adv*: *The room was very tidily arranged*؛ *tidiness* /ˈtaɪdinəs/ *n*: خـشتی، ڕێکـی، تەرزی، ڕێک‌وپێکی) ◌ *adj* 1 منظم 2 مرتب 3 قابل توجه *n* 1 ظرف اشیاء کوچک 2 رویەی پشت صندلی و...

tie /taɪ/ *noun*

1 بەسـت، پـەت، بـەن، بەنـد، نەپـسێن، شـریت، بەن‌دروو، پەتک، تێل، سیم 2 گرێ 3 بەستراوی، پێوەنـدی، تێکەڵـی، گرێـدایی، پێوەسـت‌بـوون 4 کۆت‌وبەند، کۆت‌وزنجیر، کۆسپ، لەمپەر، بەند 5 (پێشبڕکێ و هتد) بەرامبەری، ئەنجامی بەرامبەر 6 (موسـیقا) هێـڵی پێکەوەبەسـتن، کەوانـە 7 کراڤات، بۆینباخ، بەندک، مل‌پێچ 8 (بیناسـازی) کاریتە (ی پێک‌بەست)، رایەڵەکاریتە ◌ 1 بنـد، سیم 2 گره 3 بستگی، رابطـه 4 قیـد و بنـد، قیـد 5 (مسابقه و...) تساوی 6 (موسیقی) خـط اتـصال 7 کراوات 8 (معماری) بـست

tieback *noun*

پەتی پەردە ◌ بند پرده

tie-beam *noun*

کاریتە، رایەڵەکاریتە ◌ تیرکش

tie-break /ˈtaɪbreɪk/ *noun*, also tie-breaker

(تێنیس) تای‌بریک ◌ تای‌برک

tied house *noun*

(لـە بریتانیـا) تایبـەتی بیرەفرۆشـی ◌ آب‌جوفروشی انحصاری

tied up *adjective*

پڕکار، خەریکی کار، دەس‌نەپەرژاو، دەس‌گیراو، گرفتار ◌ گرفتار

tie-in *noun*

پێوەنـدی، تێکەڵـی، پێکەوەبەسـتراوی، گرێـدایی ◌ ارتباط، بستگی

tienda /tɪˈɛndə/ = shop

tie-pin /ˈtaɪpɪn/ *noun*

دەرزی کراڤات، گیرەی کراڤات ◌ سنجاق کراوات

tier /tɪə(r)/ *noun*

نهۆم، نۆهۆم، چین، ڕیز، ئاست، لۆ، توێ، توێژاڵ، پلە، پایە (لەنێو زنجیرەپایەدا): *a wedding cake with three tiers* ◊ *The seating is arranged in tiers* ◊ *a two-tier system of management* ◌ طبقه، ردیف، پله، سطح

tiered /tɪəd, US tɪrd/ *adjective*

1 چین‌چین، نهۆم‌نهۆم، توێ‌توێ، لۆلۆ، ڕیزڕیز: *a tiered wedding cake* ◊ *tiered seating* 2 (لە لێکدانا) توێ، ئاست: *a two-tiered system* ◌ 1 طبقه‌طبقه، ردیف‌ردیف 2 ـ لایه، ـ سطح

tierce /tɪəs/ *noun*

1 (لە پێکێتدا) لەدوای‌یەک هاتنی سێ پەڕ لە هـەمان دەسـتدا 2 پێوانەیـەکی زووی مەیـە بەرامبەر بە 35 گالۆن (دەوروبەری 156 لیتر) 3 سێ پەرێ پشت سـەریەک 4 سێ‌یەک 5 = terce ◌ 1، 2 و 3 تیرس 4 ثلث

tierced /tɪəst/ *adjective*, also tiercé /ˈtjɔːseɪ/

(heraldry دا) بەش‌کراو بەسـەر سـێ بەشـی بەرامبەردا (لە بنەڕەتا وەک *tiercé*". بەش‌کراو بەسەر سێ بەش") ◌ تقسیم‌شده بر سه قسمت مساوی

tiercel /ˈtɪəs(ə)l/ = tercel

tiers état *noun*

(فەرەنسی) چینی خەڵکی ڕەمەکی ◌ طبقه‌ی عوام

tie-tack = tie-pin

tie-up *noun*

1 پێوەنـدی، تێکەڵـی، گرێـدایی 2 تێک‌هەڵکێش‌بوون، یـەک‌گرتن، بوونەیـەک، بەشداری، شـەریکایەتی 3 ڕاوێـستان، وێـستاوی، چەق‌بەستوویی، تەکان‌نەخواردوویی، هەڵوەستە 4 (لە ئەمریکا) لینک یان تۆڕی دووره‌پێوەندی ◌ 1 ارتباط 2 اتحاد، مشارکت 3 وقفه 4 تای‌آپ

tiff /tɪf/ *noun*

(نافەرمی) شەڕ، مشت‌ومڕ، مشەرعێن، دەمەقرە، قرە، quarrel ◌ دعوا، مشاجره

tiffany /ˈtɪf(ə)ni/ *noun*

جۆرێ muslinی تۆڕی ناسک ◌ تیفانی

tiffin /ˈtɪfɪn/ *noun*

(هێند) چێشتەنگاو، قاوەڵتوون، نێوەڕۆیانە، بەرکولی نەهار یا نیوەڕۆ ◌ چاشت

tig /tɪg/ *noun*

(کایە) خۆشاروکێنە، قەرێ‌قەرێ، جۆجۆێن ◌ گرگم به هوا

tige *noun*

1 (لە فەرەنسەوە) لاسک، ساقەت، قەد 2 بەژن یان قەدی ستوون ◌ 1 ساقه 2 میله‌ی ستون

tiger /ˈtaɪgə(r)/ *noun*

1 بـەور، بـەبر، پـڵینگ [*Panthera tigris*] 2 مرۆڤی بەکار 3 کەسێکی بێ‌بەزەیی یان دڕ 4 (هەروەها tiger economy) ئابووری بەورین: ئابووری پەرەسەندی یەکێ لە وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات، ب.ت. سینگاپور، تایوان و کۆرەی باشووری ◌ 1 ببر 2 آدم پرانرژی 3 آدم خشن 4 تایگر

tiger beetle *noun*

قالۆنچەبـەورە [خێـزان Cicindelidae: زۆر

جۆرن] ◌ نوعی سوسک

tigereye = tiger's eye

tigerish /'taɪgərɪʃ/ *adjective*

1 بەورئاسا، بەوری، بەورین، وەکوو بەبر یا بەور 2 (خوازە) دڕندە، دڕ

tigerishly /'taɪgərɪʃli/ (*adv*) ◌ 1 ببرمانند 2 (مجازی) وحشی

tiger lily *noun*

زمبەقەبەورانە، زمبەقی خاڵخاڵ یان پنکەپنکە [*Lilium lancifolium*] ◌ سوسن خال‌دار

tiger maple *noun*

کەوتی بەوری (زۆرتر بۆ کەلوپەلی نێومال بەکاردێتری) ◌ نوعی درخت

tiger mosquito = asian tiger mosquito

tiger moth *noun*

پەپوولە(شەوگەرە) بەورە: جۆرێکی کەتە، کرمۆکەکانی تووکنن [*Arctia* و توخمەکانی تر، زۆر جۆرن] ◌ نوعی پروانه

tiger prawn *noun*, also tiger shrimp

شامەیگوبەورە: جۆرێکی خۆراکی، هی ئۆقیانووسەکانی هیند و گەورە | *Penaeus monodon* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ◌ نوعی شاه‌میگو

tiger salamander *noun*

زەردەقورە یا سالاماندێری بەوری (گەورە و لە ئەمریکا، *Ambystoma tigrinum*] لە خێزانی [Ambystomatidae) ◌ نوعی سمندر

tiger's eye *noun*, also tigers eye or tigereye

چاوەبەورە: جۆری کوارتزی نیوەقیمەتی قاوەیی زەردباو، بەردێکی ورشن chatoyant، بۆ خشل و زەمبەر زۆر بەکاردێتری ◌ نوعی کوارتز

tiger shark *noun*

شارکەبەورە: جۆری شارکی پەلامارده‌ری ئاوە گەرمەکان، بە میلی ئەستوونی یان تانی لەسەر لەشی [*Galeocerdo cuvieri*] ◌ نوعی کوسه

tiger shark *noun*

مارەبەورە، مارەبەورینە: جۆری ماری کوشندەی ئەوسترالیایی، هێڵی زەرد و قاوەیی پێوەیە [*Notechis scutatus*] ◌ نوعی مار

tiger worm = brandling

tight /taɪt/ *adjective* (tighter, tightest)

adj 1 توند، نەکراوە، جەڕدراو، شەتەک‌دراو، نەرەواو، (گری)کوێرە، پووچکە، قایم، پتەو، داکوتراو، (لێ)گیر(کراو)، پێوەتوندبوو، تەکان‌نەخواردوو، کێشراو، تەنگ، چەسپ، پێوەچەسپ، لەپاڵ‌یەک‌دا، لێک‌ترنجێنراو: *The rope was stretched tight* ◊ *He kept a tight grip on her arm* ◊ *These shoes are much too tight* 2 پڕ، تژی، پڕی پڕ 3 مەستی مەست، کەلەلا 4 پڕکێشە، دژوار، چەتوون، پڕگیرەوکێشە 5 (پارە) کەم، بەش‌نەکردوو، بێ‌پارە: *We have a very tight budget* 6 (لە لێکدانا) دژ، بێ 7 (بازاڕ) کەساس، سست، بێ‌پارە، بێ‌بازاری 8 (پێچ) توند 9 پیسکە، ڕژد، بەرچاوتەنگ 10 ئاو و هەوای تێناچێ، سەربەستە، کیپ، سەرنراوە، لێنەچوو *adv* قایم، توند ◌ *adj* 1 سفت، محکم، کشیده، (گره) کور، تنگ 2 پر 3 پاتیل 4 پرمخمصه 5 (پول) ناکافی، کم‌یاب 6 (در ترکیب) ضد، بی 7 بی‌رونق 8 تند 9 خسیس 10 تایت *adv* محکم

tight-fisted *adjective*

(نافەرمی) پیسکە، دەس‌قووچاو، مشت‌قووچاو، ڕژد ◌ ناخن‌خشک

tight-fistedness *noun*

پیسکەیی، لەچەری، گوونەکەری، سەقیلی، ڕژدی ◌ ناخن‌خشکی

tight-knit *adjective*, also tightly knit

یەک‌گرتوو، پێک‌بەستراو، پێک‌بەند، بەیەکەوەبەستراو ◌ متحد

tight-lipped *adjective*

لێوپێکەوەدووریو، بێ‌دەنگ، قروقپ، (دەم)کلیلەدراو، دەم‌لێک‌ناو، وسکوت، تقەلێ‌نەهاتوو، کەم‌قسە، ناڕەحەت، دڵتەنگ، مات ◌ خاموش، افسرده

tightly /'taɪtli/ *adverb*

1 چەسپ، تەنگ، بە شێوەیەکی تەنگ‌وتۆمان 2 بە شێوەیەکی توند یان قایم، بە شێوەیەکی کێشراو یان توندکراو 3 (بە) توندی، بە سەختی ◌ 1 به طور چسبان 2 به طور محکم، به طور کشیده 3 شدیداً

tightly-knit = tight-knit

tightness /'taɪtnəs/ *noun*

1 تەنگی، توندی، چەسپی، پێوەچەسپی 2 قایمی، پتەوی، کێشراوی، یەک‌گرتوویی، پێک‌بەستراوی 3 توندی، سەختی، توندوتیژی ◌ 1 تنگی 2 سفتی، محکمی، کشیدگی، اتحاد 3 شدت

tightrope /'taɪtrəʊp, US -roʊp/ *noun*

1 (تەناف‌بازی) تەناف، پەت، گوریس، کەندر 2 بارودۆخێکی ناجێگیری پڕمەترسی ◌ 1 طناب، بند 2 وضعیت بی‌ثبات خطرناک

tightrope walker *noun*

تەناف‌باز، تەنافەوان، تەناف‌ڕەو، دارباز ◌ بندباز

tights /taɪts/ *noun, pl.*

1 جلی تەنگ، بەرگی چەسپ: *a pair of tights* 2 گۆرەوی شەڵواری ◌ 1 لباس بدن‌چسب 2 جوراب شلواری

tightwad /'taɪtwɒd, US -wɑ:d/ *adjective*

سەقیل، بەخیل، ڕژد، لەچەر، پیسکە، بەرچاوتەنگ ◌ بخیل، ناخن‌خشک

tightwire *noun*

تێل یان وایەری تەناف‌بازی ◌ سیم بندبازی

tigon /'tʌɪg(ə)n/ *noun*, also tiglon /'tʌɪglɒn, 'tɪg-/

بەورشێر (دوورەگەی بەوری نێر و شێری مێ،

بروانە liger) ◌ تایگون

Tigre /'ti:greɪ/ *noun*

تیگریی، تیگری (زمانێکی سامی کە لە ئێریتریا Eriteria و چەند بەشێکی سوودان قسەی پێدەکرێ، بروانە Tigrinya) ◌ تیگری

tigress /'taɪgrəs/ *noun*

دێڵەبەور، بەوری مێ، female tiger ◌ مادەببر

Tigrinya /tɪ'gri:njə/ *noun*

تیگرینیایی (= زمانێکی سامی Semitic، لە Tigray (یا باکووری ئەتیۆپیا و ئێریتریە Eritrea) قسەی پێدەکرێ، بروانە Tigre) ◌ تیگرینیا

Tigua = n. & adj. variant spelling of Tiwa

tike = tyke

tikka /'tɪkə, US 'ti:kə/ *noun*

تیکا (= جۆرێ چێشتی هیندی، بنەڕەت: لە ṭikkā پەنجابییەوە) ◌ تیکا

til *abbreviation* till

tilapia /tɪ'leɪpɪə, US -'lap-/ *noun*

جۆرێ ماسی cichlidd ی ئاوی شیرینی ئەفریکایی [*Tilapia* و توخمەکانی تر: چەندین جۆرن] ◌ نوعی ماهی

tilbury /'tɪlb(ə)ri/ *noun, pl.* tilburies

(مێژوویی) جۆرێ عەرەبانەی سووکی دووپێچکە یان دووچەرخ ◌ تیلبوری

tilde /'tɪldə/ *noun, pl* tildes

1 کەشە، برۆ (نیشانەی «~»)، لەسەر *n* سپانیایی دادەنرێ تا *ny* گو بکرێ (وەک لە *señor* دا) یان لەسەر *a* یان *o* پۆرتوگالی کە دەیگێنێ (وەک لە *São Paulo*) 2 = swung dash ◌ ابرو

tile /taɪl/ *noun*

کاشی، ناسکەخشت، تەنکەخشت، دیرەک، سوالەت، کرێچ، تەرکپۆش، هەلان، پختۆک، خام (tiled *adj*: کاشیکاریکراو، کاشیلێدراو، بەکاشیداپۆشراو، کاشیڕێز) ◌ کاشی، سفال، کفپوش

tiler *noun*

1 کاشیکار 2 خشتپێژ، خشتبڕ، کاشیپێژ، کاشیبڕ ◌ 1 کاشیکار 2 آجرپز، تایلر

tiling /'taɪlɪŋ/ *noun*

کاشیکاری، شوێنی کاشیکاری ◌ کاشیکاری، محل کاشیکاری

till[1] /tɪl/ *conjunction, preposition*

هەتا، تا، تاکوو، تاوەکو: *We're open till 6 o'clock* ◌ تا، تا اینکه

till[2] /tɪl/ *noun*

(دووکان) داخلە ◌ صندوق

tillable *adjective*

شیاوی کشتوکاڵ یان داچەندن، چاندەنی ◌ قابل کشت

tillage /'tɪlɪdʒ/ *noun*

1 کشتوکاڵ، چاندن، کێلان 2 زەوی کێڵراو، زەوی داچێنراو یان شێوبراو، کێڵگە، cultivated land ◌ 1 زراعت 2 زمین کشتشده

tillandsia *noun*

جۆرێ دار لە خێزانی pineapple [توخم *Tillandsia*] (بنەڕەت: لە ناوی Elias *Tillands*، رووەکناسی فینلەندی، مەرگ 1693) ◌ تیلاندسیا

tiller[1] /'tɪlə(r)/ *noun*

دەسکی سوکان، نوێلی سوکان ◌ اهرم سکان

tiller[2] /'tɪlə(r)/ *noun*

جووتبەندە، وەرزێر، جووتیار ◌ زارع

tiller[3] /'tɪlə(r)/ *noun*

وەچ، ریشە، خەڵف (کە لە قەدی بنەڕەتی (دار، رووەک و دەغڵودان) شین دەبێ؛ tillering *n*) ◌ تیلر

tillerman *noun, pl.* tillermen

1 سوکانگێر، سوکانەوان 2 جووتیار ◌ 1 تیلرمن، سکاندار 2 شخمزن

Tilsit *noun,* also Tilsiter

تیلسیت: پەنیرێکی نیوەنەرمی کونکونی سووک و زەرد ◌ تیلسیت

tilt /tɪlt/ *noun*

1 لاری، خواری، کەچی، لاربوونەوە، تەلان، خێسی، لێژی، چەمانەوە: *The table is at a slight tilt* 2 پەلامار، هێرش، بۆچوون (بە رمەوە)، رەخنە 3 خێرایی، توندی 4 لێژ، سەرەوخواری (tilted *adj*: لار، خوار، لاپێچ، خێچ؛ tilter *n*) ◌ 1 کجی، خمیدگی 2 حملە 3 سرعت 4 شیب، سرازیری

tilth /tɪlθ/ *noun*

1 کشتوکاڵ، چاندن، کێلان 2 زەوی کێڵراو، زەوی داچێنراو، کێڵگە 3 زەوی خۆشکراو یان پێمەرەکاریکراو، زەوی شێوبراو، شێوەرد ◌ 1 زراعت 2 زمین کشتشده 3 زمین آمادەی کشت

tilt hammer *noun*

چەکوشی دارشتن ◌ نوعی چکش

tiltyard *noun,* also tilting yard

گۆڕەپانی رمبازی یان نەیزەبازان و سوارکاران ◌ تیلیارد

timbal /'tɪmb(ə)l/ *noun,* also tymbal

(کۆن) تەپڵ، دەهۆڵ (هەروەها kettledrum؛ بنەڕەت: لە *aṭ-ṭabl* عەرەبی "تەپڵ") ◌ طبل

timbale /tam'bɑ:l/ *noun*

چێشتێ (گۆشتی قیمەی ماسی، مریشک، پەنیر و هتد) ◌ نوعی غذا

timber /'tɪmbə(r)/ *noun*

1 تەختە 2 داری دارستان یان جەنگەڵی 3 دەستەک یان داری چوارپاڵوو (خانووبەرە) لە دار، داری، دارین؛ timbered /'tɪmbəd, US -bərd/ *adj*؛ timbering *n*) ◌ 1 الوار 2 چوب جنگلی 3 تیر چهارتراش

timberdoodle *noun*
مرەلارە یا مرەباخی woodcock ئەمریکایی ◌
خروس جنگلی امریکایی

timber-frame *adjective, noun*
adj چوارچێوەدار(یـن) *n* ئـەو بەشـە پێشـەکی
دروس‌کراوانـەی لـە دار بـۆ خانوویێ (timber-
framed *adj*; timber-framing *n*) ◌ تیمبرفرم

timberhead *noun*
بنـەوەی نیرگـەی کەشـتی کـە گـوریس یـان
تەنافەکەی پیاشۆردەکەنەوە ◌ تیمبرهد

timber hitch *noun*
جۆرێ گرێ بۆ بەستنەوەی گوریس بە کۆتەرە
یان spar ◌ نوعی گره

timberline = tree line

timberline = tree line

timberman *noun, pl.* timbermen
1 تەختەکار، دارکار، دارکەر، دارتاش، هەروەها
lumberman 2 جـۆرێ قالۆنچـەی شـاخ‌درێژی
بـاکووری دارسـتانەکانی کـاژی ئـەورووپایی
[*Acanthocinus aedilis*] ◌ 1 الوارکار 2تیمبرمن

timber rattlesnake *noun*
مارێکی زەنگی رۆژهەلاتی ئەمریکا [*Crotalus horridus*] ◌ نوعی مار

timber wolf *noun*
گـورگی بـۆر، شـێوی دارسـتان (گـەورە و هـی
ئەمریکای باکووری، بە تووکی قاوەیی رێرێی
بۆرەوە [*Canis lupus*]) ◌ گرگ جنگلی

timberwork *noun*
دارکرد، دارکار، شتی لە دار دروست‌کراو ◌
ساختەشدە از درخت

timbre /ˈtæmbə(r)/ *noun*
زەنـگ، زرنگانـەوە (بنـەڕەت: لـە *tumpanon*
یۆنانییەوە "drum") ◌ طنین

timbrel /ˈtɪmbr(ə)l/ *noun*
(کۆن) دەفەی زرێزەدار، دایرەی زەنگی، گەواڵ
◌ دایرەی زنگی

Timbuktu /ˌtɪmbʌkˈtuː/ *noun*, also -buctoo
رێگـای مـاران، شـوێنێکی زۆر دوور (بنـەڕەت:
ناوی شارێکی باکووری مالی) ◌ مکان بسیار دور

time /taɪm/ *noun*
1 کـات، وەخـت، گـا، گـاف، هـەنگاو، سـات،
سەردەم، دەم، رۆژگار، زەمانە، گونەڵ، دەرفەت،
هەل، فرسەند، دەرفەتی باش، هەلی لەبار: *time
and space* ◊ *The changing seasons mark
the passing of time* ◊ *What time is
it/What's the time?* ◊ *Greenwich Mean
Time* ◊ *in ancient times* 2 وەرز، کۆ 3 ماوە،
تیپەڕینی وەخت یان کات 4 سەعات، کات‌ژمێر
5 سەعاتی بێکاری یان ئازاد، دەسپەرژ 6 جـار،
را، بار، وار، کەلە، چین، کەشە، گەلانکە، سـەرە،
حەل، چەل، پات، (موسیقا) تریە، تێمپۆ: *This
piece is in four-four time* 7 شـاگردی،
تازەکـاری، بەرووەسـتایی 8 مـاوەی زینـدانی،
بـڕیاری زینـدانی (فرێـز و زاراوەکـان: (old)
Father time: پـیری زەمـان یـان رۆژگـار ◊
(and) about time (too): کـاتی هـاتبوو،
چـەندەش درەنگ ◊ ahead of/behind 'time:
زووتـر یـان درەنگ‌تـر لـە کـاتی خـۆی: *We
all finished 15 minutes ahead of time* ◊
at all the time: هەمیشە، لەسەریەک، یەکیە ◊
at the 'times: هەمیشـە، هـەرکات، always ◊
at the best of times: لـە بـاش‌تـرین کاتـا یـان
بـارودۆخ‌دا، لە باش‌ترین هەل‌ومەرج‌دا ◊ at
other times: لە کاتێکی تردا، وەختێکی دی ◊
at the same 'time: (بە شێوەی) هاوکات، لە
کاتێک‌دا، پێکەوە، لە هـەمان کات‌دا، together;
لەگەڵ ئەوەش‌دا، وێڕای، سـەرەڕای ◊ at a time:
بە نۆرە، نـۆرە نـۆرە، یـەک یـەک؛ هـەرجار ◊ at
my, your, his, etc. time of life: لـە تـەمـەنی
من/ تۆ/ ئەو و هتد ◊ at times: جاروبار، ناو بە
ناو، هێنـدێ جـار، sometimes ◊ behind the
times: کـۆن، لەباوکەوتوو، بێ‌باو، قـەدیمی ◊
every time: هەمیشـە، یەکینـە، هـەموو کاتێ ◊
for the time 'being: جـارێ، کـاتی ئێسـتا، بـۆ
ئێسـتا، بۆ ئەم کاتـە: *You can leave your
suitcase here for the time being* ◊ from
time to time: جاروبار، ناوە ناوە، جـاری وایـە،
گاگا، occasionally: *She has to work at
weekends from time to time* ◊ in the
course of time: بە تێپەڕینی کـات یـان زەمـان،
ئاخرسـەر، سـەرئەنجام ◊ in good time: زوو،
پـێش‌تـر، زووتـر لـە کـاتی خـۆی، لـە وەختـی
خۆی‌دا، early ◊ (all) in good time: زەمـانی
خـۆی، کـاتی کـە هـات ◊ in (less than) 'no
time: لـە چـاو تروووکانێـک‌دا، دەس‌بـەجـێ،
لەرێوەوە ◊ in one's time: لە رابردوودا، بە
درێژایی تـەمـەنی خـۆ ◊ in time: ئـاخر(ی)،
ئاقیبەت، سەرەنجام، ئاخرسەر ◊ many a time
many's the time (that)...: زۆر جـار، گـەلێ
جـار، زۆربـەی جـاران، frequently ◊ nine
times out of ten ninety-nine times out of
a hundred: سـەدی نـەوەد و نـۆ، تـەقریبـەن
هـەمیشـە ◊ once upon a time: رۆژێ بـوو
رۆژێ نەبوو، رۆژێ رۆژگارێ، یەکێ بوو یـەکێ
نەبوو ◊ on time: سـەری وەخـت، بـە کـات یـان
وەختـی خـۆی، لـە کـاتی دیـاری‌کراودا، بـەبێ
دواکـەوتن ◊ time and time after time; time
(time) again; times without number:
گـەلێ جـار، زۆر جـاران، زۆربـە، بـارەهـا) ◌ 1
زمان، وقت، عهد، فرصت، فرصت مناسب 2 فـصل
3 مدت، گذشـت زمان 4 سـاعت، ساعت فراغـت 5
بار 6 (موسیقی) ضـرب 7 کـارآموزی، شـاگردی 8

مدت یا حکم زندانی

time and motion study *noun*
لێکۆڵینەوەی کات و جووڵە ۞ بررسی زمان و حرکت

time-barred /'taɪm bɑ:d/ *noun, adjective*
دەکەوێتە بەر تێپەڕینی کات یان وەختەوە ۞ مشمول مرور زمان

time bomb *noun*
1 بۆمبی کاتدار 2 (خوازە) باروودۆخی قەیراناوی، بۆمب، هەلومەرجی تەنگژەیی، باروودۆخی پڕمەترسی (لەوە دەچێ بتەقێتەوە) ۞ 1 بمب ساعتی 2 (مجازی) وضع بحرانی

time capsule *noun*
تایم کەپسوول، کەپسوولی کات یان زەمان ۞ کپسول زمان

time card *noun*
کارتی کارتیانووس یا اتن و نەهاتن، کارنووس ۞ کارت حضور و غیاب

time clock *noun*
تایم ئۆکلاک (سەعاتێ کە وەختی دروستی کەسێ کە کەی دەگاتێ و کەی کارەکەی بەجێدێڵێ، دەنووسێ) ۞ ساعت کارت‌زنی

time-consuming *adjective*
زۆرخایەن، درێژخایەن، زۆرکێش، وەخت‌بەر، وەخت‌گر، زەمان‌بەر ۞ زمان‌بر

timed *adjective*
وەخت دیاریکراو، کات‌دیاریکراو ۞ زمان‌بندی‌شده

time-expired soldier *noun*
سەربازێ کە ماوەی سەربازییەکەی تەواو کردووە ۞ سربازی کە خدمت خود را بە پایان رسانده است

time exposure *noun*
(وێنەگری) خستنەبەر ڕۆشنایی بۆ ماوەیەکی زۆر، بەر ڕووناکی‌دانی درێژخایەن ۞ نوردهی طولانی

time frame *noun*
مۆڵەت، دەرفەت، تەنگەتاوی: *We expect to complete the project within a fairly short time frame* ۞ مهلت، ضرب‌الاجل

time-honoured *adjective*
دێرین، کۆن، لەمێژینە، پێشینەدار، داکوتراو: *time-honored traditions* ۞ ریشه‌دار

time immemorial *noun*, from time immemorial
لە سەردەمانی کۆنەوە، لە زووەوە، لە زەمان یان ڕۆژگارانی دوورەوە (یان کۆنەوە) ۞ زمان‌های گذشته

timekeeper /'taɪmki:pə(r)/ *noun*
1 کات‌ڕاگر، کات‌نووس 2 کات‌ژمێر، سەعات ۞ 1 وقت‌نگه‌دار 2 ساعت

timekeeping /'taɪmki:pɪŋ/ *noun*
کات‌ڕاگری، وەخت‌ڕاگری ۞ وقت‌نگه‌داری

time killer *noun*
وەخت لەدەس‌دەر، وەخت‌بەفیڕۆدەر، وەخت‌کوژ ۞ وقت‌کش

time lag *noun*, also time lapse
مەودا، ماوە (ی نێوان دوو ڕووداوی پێکەوەبەستراو): *There is a long time lag between when I do the work and when I get paid* ۞ فاصله

time-lapse *adjective*
(فیلم‌هەڵگری) ماوەماوە، بە ماوەکەوتنە نێو ۞ با وقفه

timeless /'taɪmləs/ *adjective*
هەمیشەیی، تاسەر، نەمر، بێ‌کۆتایی، بەردەوام: *timeless eternity* ◊ *her timeless beauty* (:timelessly /'taɪmləsli/ *adv* بۆ هەمیشەیی، نەمرانە؛ :timelessness /'taɪmləsnəs/ *n* هەمیشەیی(بوون)، نەمری، تاسەری، هەرماوی، بێ‌کۆتایی‌بوون، بەردەوامیتی) ۞ ابدی، جاودانه

time limit *noun*
کات یان وەختی دیاریکراو، ڕادەی کاتی یان زەمانی: *The work must be completed within a certain time limit* ◊ *We have to set a ti,e limit for the work* ۞ حد زمانی

time loan *noun*, also time money
قەرزی دیاریکراو (بۆ دانەوە لە وەختێکی دیاریکراودا) ۞ وام تعیین‌شده

time lock *noun*
قوفڵی سەعاتی ۞ قفل ساعتی

timely /'taɪmli/ *adjective*
بە وەختی خۆی، پڕبەپێست: *A nasty incident was prevented by the timely arrival of the police* (timeliness /'taɪmlinəs/ *n*) ۞ به موقع

time machine *noun*
دەزگای کات (لە چیرۆکە زانستییە خەیاڵییەکاندا، سەفەرت بە نێو زەمان و کاتدا لە داهاتوو و ڕابردوودا پێدەکا) ۞ ماشین زمان

timeous /'tʌɪməs/ *noun*
(زۆرتر لە سکاتلەند) بە وەختی خۆی، لە کاتێکی باشدا، لە وەختێکی گونجاودا (timeously /'tʌɪməsli/ *adv*) ۞ به موقع، به هنگام

time out /'taɪmaʊt/ *noun*
پشوو یان ڕاوەستانی کەمێ لە یاریدا، کاتی پشوو ۞ تایم‌وات

timepiece /'taɪmpi:s/ *noun*
سەعات، کات‌ژمێر ۞ ساعت

time-poor *adjective*
وەخت‌کەم، کەم‌وەخت، پڕکار، دەس‌نەبەرژاو: *time-poor business owners* ۞ دارای وقت کم

timer /'taɪmə(r)/ *noun*

تایمیر، وەختڕاگر، کاتڕاگر، سەعات یان کاتژمێری کاتڕاگر: *an oven timer* ۞ وقت‌نگەدار، ساعت وقت‌نگەدار

times /taɪmz/ *noun*
(نافەرمی) 1 سەردەم، رۆژگار، زەمانە 2 بارودۆخ، هەلومەرج، کاودان 3 (ژمێرە) لێدراو لە، *two times two is four* :multiplied by ۞ 1 دوره، زمانه 2 اوضاع 3 ضرب‌در

time-saving *adjective*
خێراتر، گورج‌تر، بە قازانج (لەبارەی کاتەوە) ۞ مقرون به صرفه

time scale /'taɪmskeɪl/ *noun*, also timescale
ماوە، مۆلەت، دەرفەت: *a tight timescale* ۞ مدت، مهلت

time-server *noun*
مرۆی هەلپەرست، کوڕی رۆژ، کوڕی وەخت ۞ آدم فرصت‌طلب

time-serving *adjective, noun*
adj ۞ هەلپەرستی *n* هەلپەرست *adj* فرصت‌طلب *n* فرصت‌طلبی

time-share /'taɪmʃeə(r), US -ʃer/ *noun*
(وەکوو خانوویەک بۆ رۆژی پشوو) مافی بەکارهێنانی بە نۆرە: *timeshare apartments* ۞ حق بکارگیری متناوب

time-sharing *noun*
(کامپیوتێر) هاوبەشی کاتی (بەکارهێنانی کامپیوتێرێ لە لایەن چەند کەسێکەوە لە چەندین تێرمینالی جیاجیا لە کاتێکدا) ۞ اشتراک زمانی

time sheet = time card

time signal *noun*
(رادیۆ و هتد) زرەی راگەیاندنی کاتژمێر ۞ بوق اعلام ساعت

time signature *noun*
(موسیقا) سیگنیچێر یان سیگناتۆری تایم (دوو ژمارە لە دەسپێکی هێلێکی موسیقایی کە پێتدەلێ چەندین ترپە لە بار یان خانە دان)، ریبەری کێش ۞ کسر میزان

time-span *noun*
ماوە: *These changes have occurred over a long -me span* ۞ مدت

time switch *noun*
کلیلی کاتژمێری یان سەعاتی ۞ سویچ ساعتی

times table = multiplication table

timetable /'taɪmteɪbl/ *noun* , US schedule
خشتەی کات(وسات)، بەرنامەی هاتن و چوون یان هاتوچۆ، بەرنامە: *a bus/train timetable* ۞ جدول زمانی، برنامه

timetabling *noun*
دیاریکردنی وەخت یان کات، ریکخستنی خشتەی کات، وەختدانان: *Each head of department is responsible for the -tabling of courses* ۞ تعیین وقت، زمان‌بندی

time travel *noun*
کاتبواری، ریبواری یان سەفەری کات (سەفەر بەنێو کاتا لە رابردوو و داهاتوودا، لە زانستە چیرۆکەکاندا) ۞ مسافرت زمان

time traveller *noun*
کاتبوار، ریبواری کات ۞ مسافر زمان

time trial *noun*
تاقیکردنەوەی کات یان نەیارەکان ۞ آزمایش زمان competitor

time wrap *noun*
دابڕانی وەخت، هەلبڕانی وەخت، دابڕانی خەیالی کات (و سات) ۞ گسست زمانی، گسست خیالی زمان

timeworn *adjective*
1 کۆن(کەوتوو)، شڕ، زۆربەکارهێنراو، کارەسوو، لەکارکەوتوو 2 چەندبارەوەبوو، کلیشەیی، سوواو، بازاڕی، بێ‌تام ۞ 1 فرسوده 2 کلیشه‌ای

time zone *noun*, standard time
ناوچەی کاتی یان زەمانی: *a flight crossing several -s* ۞ منطقه‌ی زمانی

timid /'tɪmɪd/ *adjective* (timider, timidest)
1 ترسەنۆک، حیز، نەوێر، بێ‌زات، بێ‌غیرەت: *a timid person* ◊ *Deer are naturally timid creatures* 2 کەمڕوو، شەرمێون، خەجالەتی‌کێش، لەڕووهەلنەهاتوو: *a timid policy* (timidly *adv*: کەمڕووانە، بە خەجالەتی‌یەوە، شەرمنانە، بە شەرمەوە) ۞ 1 بزدل 2 خجالتی

timidity /tɪ'mɪdəti/ *noun*, also timidness
شەرمێونی، کەمڕوویی، شەرمکردوویی، پرکێشی ۞ خجالتی بودن

timing /'taɪmɪŋ/ *noun*
کاتدانان، ریکخستنی وەخت و کات، دیاریکردنی کات یان زەمان، کاتبەندی، زەمانبەندی ۞ زمان‌بندی، تعیین زمان

timing device *noun*
(بۆمب، مووشەک و هتد) دەزگای بەخۆوەختدانەر یان (بە)خۆکاتدانەر ۞ وسیله‌ی زمان‌بندی اتوماتیک

timocracy /tɪ'mɒkrəsi/ *noun*, *pl.* timocracies
1 شێوەیێکی حکومەت لەسەر بنەمای سامان و دارایی، سامانسالاری 2 شەرەفسالاری، شێوەیێکی حکومەت لەسەر بنەمای شەرەف و سەربەرزی (timocratic *adj*, also timocratical؛ بنەرەت: لە *timocracie* فەرەنسی کۆن، بە ریگای med. Latin لە *timokratia* یۆنانی، لە *timē* "honour" "worth" + *-kratia* "power") ۞ تیموکراسی

Timorese /ˌtiːmɔː'riːz/ *noun, adjective* n خەڵکی Timor، دورگەیێ لە باشووری کۆمەڵەدورگەی Malay، تیموری adj سەربە تیمۆر، تیمۆری ◌ تیموری

timorous /ˈtɪmərəs/ *adjective*

1 ترسەنۆک، حیز، نەوێر 2 کەمڕوو، شەرمێون، شەرمکردوو، خەجاڵەتی (timorously adv /ˈtɪmərəsli/: کەمڕووانە، بە خەجاڵەتییەوە، بە شەرمەوە؛ timorousness n /ˈtɪmərəsnəs/: شەرمنی، شەرمێونی، کەمڕوویی، لەڕووهەڵنەهاتن، شەرمکردوویی) ◌ 1 بزدل 2 خجالتی

timothy /ˈtɪməθɪ/ *noun*, also timothy-grass

گیا، لەوەڕ، پووش، ئالف [*Phleum pratense*] (بنەڕەت: لە ناوی *Timothy Hanson* کشتکاری ئەمریکایی هەڵگیراوەتەوە) ◌ علف

Timothy /ˈtɪməθɪ/ *noun*, Latin *Timotheus*, from Greek *Timotheos*

1 تیمۆتیۆس: ناوی یەکێ لە شاگردانی ئەپۆستل Paul 2 هەریەک لەو دوو نامەی پۆڵی حەواری بۆ تیمۆتیۆس لە پەیمانی نوێدا ◌ تیموتاوس

timpani /ˈtɪmpəni/ *noun*, *pl.* also tympani

تیمپانی، دەهۆڵ، کۆس (*n* timpanist: تیمپانیژەن، دەهۆڵژەن، تیمپانیکوت؛ بنەڕەت: لە ئیتالیایی، کۆی *timpano* "kettledrum"، لە لاتین *tympanum* (بڕوانە tympanum) ◌ تیمپانی، کوس، نقاره

tin /tɪn/ *noun*, *adjective*

n 1 قالایی، مز، ژرێز (بە ژ.گ. 50 ن. Sn) 2 تەنەکە یان قوتوی خوراکتێکراو، تەنەکە، پووتی، چەلەنگ *adj* لە قالایی، دروسکراو لە قالایی (ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ *n* 1 قلع 2 قوطی کنسرو، حلبی *adj* ساختەشدە از قلع

tinamou /ˈtɪnəmuː/ *noun*

تینامۆ (= جۆرێ باڵندەی grouse ئاسای گەرمێنانی ئەمریکا، سەربە rhea [خێزان Tinamidae: زۆر جۆرن]؛ بنەڕەت: لە Galibi *tinamu*) ◌ تینامو

tin can *noun*

تەنەکە یا قوتوی خوراکتێکراو ◌ قوطی کنسرو

tincal /ˈtɪŋkəl/ *noun*

بۆرەکی خاو یان سروشتی ◌ بورەی طبیعی

tinct /ˈtɪŋkəl/ *adjective*, *noun*

adj ڕەنگی، coloured، tinged *n* شوێنەوار یان ڕەنگی کەم، tincture، tinge ◌ *adj* رنگی *n* اثر یا رنگ جزئی

tinctorial /tɪŋ(k)ˈtɔːrɪəl/ *adjective*

سەربە تینکچێر، ڕەنگی ◌ وابستە بە تنتور، رنگی

tincture /ˈtɪŋktʃə(r)/ *noun*

1 تینکچێر، تینتۆر (=گیراوە یان مادەیێ کە لەنێو ئەلکوڵدا تواوەتەوە تا وەک دەرمان بەکاربێنرێ): *medicine given in powder or tincture form* 2 شوێنەواری کەم، ڕەگ، نیشانەی کەم، trace: *a tincture of doubt* 3 بۆیە، ڕەنگ، بنەڕەنگ، colour، tint 4 کانزا، ڕەنگ یان کەوڵێ کە لە نیشانە یان دروشمی لەشکری و خێزانە کۆنەکاندا coats of arms بەکاردێتری ◌ 1 تنتور 2 اثر جزئی 3 تەرنگ 4 تنکچر

tinder /ˈtɪndə(r)/ *noun*

پووش، پووشکە، پۆشوو، قاو، دەستەچیلە: *The fire started late Saturday in -er-dry grass near the Snake River* ◌ فروزینە، آتش‌زنە

tinder-box /ˈtɪndəbɒks, US ˈtɪndərbɑːks/ *noun*

1 (زوو) قوتوی پووشکە، پووشکەدان 2 (خوازە) شوێنی مەترسیلەسەر، عەماری تەقەمەنی ◌ 1 جعبەی آتش‌زنە 2 (مجازی) انبار باروت

tine /taɪn/ *noun*

1 نووک، سەر، تیژایی، prong 2 (لقە)شاخ 3 ددانە (tined *adj*) ◌ 1 نوک 2 شاخ 3 دندانە

tinea /ˈtɪnɪə/ = ringworm

tinea cruris *noun*, also jock itch, New Latin, literally "tinea of the leg"

جۆرێ کەچەڵی ringworm کە groin و perineum دەگرێتەوە ◌ نوعی کچلی

tin-filler *noun*

پووتیپڕکەر، چەلەنگپڕکەر، تەنەکەپڕکەر ◌ حلبی پرکن

tinfoil /ˈtɪnfɔɪl/ *noun*

(کاغز) جفجفە، فۆیل (زۆرتر لە ئالومینیۆم دارشتەی tin-lead): *Cover with tinfoil and bake for 20 minutes* ◌ زرورق

ting /ˈtɪŋ/ *noun*

زرینگانەوە، دەنگی زرینگە ◌ جیرینگ‌جیرینگ، صدای دنگ‌دنگ

ting-a-ling *adverb*

(دەنگی) زرینگەزرنگ ◌ صدای دلنگ‌دلنگ

tinge /tɪndʒ/ *noun*

1 (سووکە) مۆرک، نیشانە، ڕەگ: *a tinge of* 2 *a visit tinged with sadness* ◊ *guilt* ڕەنگی کەم: *There was a faint pink tinge to the sky* ◌ 1 رد، اثر 2 تەرنگ

tinged *adjective*

تێکەڵ بە ◌ آمیختە با

tin glaze *noun*

لیاو یان لوعابی قالایی ◌ لعاب قلع

tingle /ˈtɪŋgl/ *noun*

کزەکز، مێرووله، چزانەوە، چزەچز، تەزەتەز، هەستێکی ناخۆش یان ورووژێنەر: *to feel a tingle of excitement* ◌ سوزش، جزجز

tingling *noun*

کزەکز، مێرووله، چزانەوە، چزەچز، تەزەتەز ◌ سوزش، جزجز

tin hat *noun*
(ئافەرمی) کلاوتەنەکە، تاس‌کلاوی سەربازی، کلاوزری، کلاوی لە ئاسن یا ئاسنینی سەربازان ۞ کلاه فلزی سربازی

tinhorn *noun*
(لە ئەمریکای باکووری، ئافەرمی) خۆبەدەوەڵەمەندنیشاندەر، خۆهەڵکێش، لافلێدەر (پارە، هێز و هتد) ۞ تین‌هورن، لاف‌زن

tinker /ˈtɪŋkə(r)/ *noun*
1 تەنەکەچی، تەنەکەساز، مسگەر، سپیگەر 2 گاوچی، گاوکەر، گاوگەر 3 مرۆی ئاوارە و بێ‌ماڵ‌وحاڵ 4 (لە بانگ‌کردنی منداڵدا) شەیتان! ناجسن! بەدرەسەن! 5 منداڵی ناجسن ۞ 1 تعمیرکار دوره‌گرد 2 بندزن 3 آدم خانه‌به‌دوش 4 (در خطاب به بچه) بدجنس! 5 بچه‌ی تخس

tinkle /ˈtɪŋkl/ *noun*
1 دەنگی زرنگەزرنگ، زرنگە: *the tinkle of glass breaking* 2 (ئافەرمی) زرەی تەلەفون، زەنگی تەلەفون، جرینگەی تەلەفون 3 میزکردن ۞ 1 صدای جیرینگ‌جیرینگ 2 (عامیانه) زنگ تلفن 3 عمل شاشیدن

tin Lizzie *noun*
(ئافەرمی، ئەمریکای باکووری) مۆتۆر یا بزوێنەی ماشێن، هی Fordی زۆر کۆن ۞ تین لیزی

tinned /tɪnd/ *adjective*
لەقوتوکراو، ئامادەکراو لە قوتودا: *tinned fruit* ۞ کنسروشده

tinnitus /ˈtɪnɪtəs/ *noun*
(پزشکی) زرینگەی گوێ، ویزەویزی گوێ، زرەی گوێ ۞ وزوز گوش

tinny /ˈtɪni/ *adjective* (tinnier, tinniest), *noun* (*pl.* tinnies)
adj 1 قالایی‌ئاسا، شێوەزریژ 2 (کانزاکان) تەنەکەئاسا، خراپ 3 (دەنگ) ناخۆش 4 (ئەوسترالیا) بەبەخت، بەشانس 5 هەرزان، سووک، بێ‌مایە *n* قوتوی بیرە یا ئاوجۆ (tinniness *n*, tinnily *adv*) ۞ *adj* 1 قلع‌مانند 2 حلبی‌مانند، نامرغوب 3 گوش‌خراش 4 بااقبال 5 ارزان، سبک *n* قوطی آب‌جو

tinny music *noun*
موسیقای ناخۆش ۞ موسیقی گوش‌خراش

tin-opener *noun*
قوتوهەڵپچڕ، هەڵپچڕ، تەنەکەکەرەوە ۞ دربازکن

tin plate /ˈtɪnpleɪt/ *noun*
تەنەکەیی، تەبەقی (لە) تەنەکە (تەبەق یان تەڵشی ئاسن یان پۆڵا کە بە قالایی یان تین داپۆشرابێ) ۞ حلبی، ورق حلبی

tinpot /ˈtɪnpɒt, US -pɑːt/ *noun*
(ب.ت. وڵاتێ یان رێبەرەکەی) هیچ(وپووچ)، ناگرنگ، هیچ‌لەدەس‌نەهاتوو، بێ‌بایەخ، فشە ۞ بی‌ارزش، بیزری

tinsel /ˈtɪnsl/ *noun, adjective*
n 1 زێڕوەرەق، پوولەکە 2 ئالاوواڵا، زریقەوبریقە 3 راکێشانی سەرسەرەکی *adj* پڕورشە، بەزریقەوبریقە، پڕئاڵاوواڵا (tinselled *adj*, tinselly *adj*) ۞ *n* 1 زرورق 2 زرق و برق 3 جذبه‌ی سطحی *adj* پرزرق و برق

Tinseltown /ˈtɪnsltaʊn/ *noun*
هالیوود (= سووکانە، بریتی لە زریقەوبریقەی فیلم‌سازی هالیوود) ۞ هالیود

tinsmith *noun*, also tinman
تەنەکەچی، تەنەکەساز، تەنەکەگەر ۞ حلبی‌ساز

tinsnips *noun, pl.*
مقەستی تەنەکەبڕی، دووکێردەی تەنەکەبڕی ۞ قیچی حلبی‌بری

tinstone = cassiterite

tint /tɪnt/ *noun*
1 رەنگێکی کەم، بەرەنگ، سێبەر: *leaves with the* ◊ *red and gold autumn tints* 2 رەنگی کاڵ، رەنگی قژ یان سەر: *brownish tint of an old photo to* ◊ *a blond tint* 3 شوێن، شوێنەوار، رەگ، نیشان *have a tint* ۞ 1 تەرنگ 2 رنگ مو 3 اثر

tinted *adjective*
(شووشە، هاوێنە و هتد) رەنگی: *tinted glasses* ۞ رنگی

tintinnabulary *adjective*
سەربە زەنگ، زەنگی، سەربە زرنگانەوەی زەنگەکان، زرنگانەوەیی (بنەڕەت: لاتین: tintinnabulum bell) ۞ وابسته به زنگ یا جیرینگ‌جیرینگ زنگ‌ها

tintinnabulation /ˌtɪntɪnæbjuˈleɪʃn/ *noun*
زرنگانەوەی زەنگەکان، جرینگەجرینگ ۞ جیرینگ‌جیرینگ زنگ‌ها

tintometer *noun*
رەنگ‌پێو ۞ رنگ‌سنج

tinware *noun*
قاپ‌وکەوچکی لە تەنەکە، حاجەت و هێرباری تەنەکەیی ۞ ظروف حلبی

tin whistle *noun*
شمشاڵ؟، بلوێر؟ (ئامێرێکی موسیقا بە 6 کونەوە) ۞ نی حلبی

tinwork *noun*
شتی دروس‌کراو لە قالایی، تەنەکەکرد ۞ شیء ساخته‌شده از قلع

tiny /ˈtaɪni/ *adjective* (tinier, tiniest), *noun* (*pl.* tinies)
adj چکۆلە، چکۆلانە، پچووک، بچیک، وردیلانە، گچکەلە *n* منداڵی گچکەلە یان وردیلانە ۞ *adj* خرد، کوچک *n* بچه‌ی کوچک

-tion = -ion: forming nouns of action, condition, etc. such as *completion*

-tious *suffix*
پاشگر: خاوەنی، بەـ ـدار، ـوەر ۞ پـیـوند: دار، دارای

tip[1] /tɪp/ *noun*
the tips of your fingers 1 نووک، سەر، تەوق:
2 بن، کنگە، قنچک 3 کنگەجگەرە، قونچکەسیگار، ناغزە ۞ 1 نوک 2 تە 3 فیلتر سیگار

tip[2] /tɪp/ *noun*
1 ئەشغالدان، شوێنی لێداکردنی زبڵوزاڵ 2 (خوازە) تێولە، شوێنی پیس ۞ 1 زبالەدانی 2 (مجازی) آشغالدانی

tip[3] /tɪp/ *noun*
1 شاگردانە، دەس‌خۆشانە 2 رێنوێنی، رێ‌پیشاندان، ئامۆژگاری، نەسیحەت 3 راگەیاندن یان ئاگاداری نهێنی، هۆشداری پەنامەکی، زانیاری نهێنی. هۆشیارکردنەوەی پەنامەکی یان نهێنی 4 لێدانی بەسووک، باڵ، تەکان ۞ 1 انعام 2 راهنمایی، توصیه 3 اطلاع پنهانی، اطلاعات محرمانه، اخطار مخفیانه 4 ضربەی آهسته، هل

tip-and-run /ˈtɪp ən ˈrʌn/ *noun*
(وەکوو ئاوەڵناو، هێرشێکی سەربازی) لێدە و هەڵێ، پیاکێشە و دەرچۆ ۞ بزن و دررو

tip-cat /ˈtɪp kæt/ *noun*, also tipcat
1 (مێژوویی، جۆرێ) هەلووکێن، خچ‌خچێن 2 کڵاوی نووک‌تیژ یان قووچ ۞ 1 (نوعی) الک و دولک 2 کلاه نوک‌تیز

tipi = tepee

tip-off *noun*
1 (نافەرمی) زانیاری نهێنی 2 هەواڵ، نووچە 3 ورياکردنەوە یان ئاگاداری نهێنی ۞ 1 اطلاعات محرمانه 2 خبر 3 اخطار نهانی

tipped *adjective*
1 سەردار، نووک‌دار، بەنووک 2 بن‌دار، بەبن 3 (جگەرە) فیلتێردار ۞ 1 سردار 2 تەدار 3 فیلتردار

tipper *noun*
1 هەمیشەمەست 2 وەرگەڕێنەر، بەلاداخەر ۞ 1 دائم‌الخمر 2 واژگون‌کننده

tipper lorry *noun*
لۆری هەڵڕێژ، ماشێنی بارهەڵڕێژ یان ڕۆکەر ۞ کامیون کمپرسی

tipper truck = tipper lorry

tippet /ˈtɪpɪt/ *noun*
شاڵگەردن، شان‌پۆش، شتێ لەو مایە کە دادگەر، پیاوی دینی و هتد لە سەرشانی دەپێچن ۞ شال‌خز

Tipp-Ex /ˈtɪpeks/ *noun*, also Tippex
لاک، سڕە (= مەتریالێکی سپی بۆ سڕینەوەی هەڵەکان) ۞ لاک

tipple /ˈtɪpl/ *noun*
خواردنەوە (ئەلکولی)، ئارەق ۞ مشروب

tippler[1] /ˈtɪplə(r)/ *noun*
ئارەق‌خۆر، بخۆرەوە، هەمیشەمەست ۞ مشروب‌خور، دائم‌الخمر

tippler[2] /ˈtɪplə(r)/ *noun*
چوارچێوەیێ بۆ هەڵگەڕاندنەوەی ماشێنێکی باری بۆ هەڵڕشتنی ۞ تیپلر

tippy *adjective* (tippier, tippiest)
سست، لەرزۆک، بێ‌هێز، لۆق، لەرزیو، لەقیو، ناهاوسەنگ، ناپتەو، دانەکوتراو، بگۆڕ، ناجێگیر، ناسەقامگرتوو، لەوە دەچێ وەرگەڕێ: *a tippy boat* ۞ نااستوار، سست، لرزان، بی‌ثبات

tipster /ˈtɪpstə(r)/ *noun*
رێ‌پیشاندەری گرێو، راسپێری گرێو ۞ راهنمای شرط‌بندی

tipstaff /ˈtɪpstɑːf/ *noun*
1 ئەفسەری شێریف یان زاکوونپارێز یان کەلانتەری 2 گۆچانی سەرناسنی ۞ 1 افسر کلانتری 2 عصای سرفلزی

tipster /ˈtɪpstə(r)/ *noun*
کەسێ کە لەبارەی ئەگەری بردنەوە و سەرکەوتنی پێشبرکێ‌یێ بۆچوونی هەیە و پارە وەردەگرێ ۞ تیپ‌استر

tipsy /ˈtɪpsi/ *adjective* (tipsier, tipsiest)
سەرمەست، سەرخۆش، نیوەمەست، سەرگەرم (*adv* tipsily: سەرخۆشانە، سەرمەستانە، سەرگەرمانە؛ *n* tipsiness) ۞ شنگول

tiptoe /ˈtɪptəʊ, US -toʊ/ *noun, adjective*
n سەری قامکی پێ، پەنجەی پا *adj* لەسەر پەنجەی پا، لەسەر نووکی پێ ۞ *n* سرانگشت پا، پنجەی پا *adj* روی پنجەی پا

tip-top /ˌtɪpˈtɒp/ *adjective, noun*
adj یەکجارباش، فرەخاس، عال، هەرەچاک: *The house is in tip-top condition* *n* بەرزترین بەش ۞ *adj* عالی *n* عالی‌ترین قسمت

tip-up /ˈtɪp ʌp/ *adjective*
بەرزەوەبوو (ئاماژە بە کورسی) ۞ بلندشو

TIR *abbreviation* international road transport
گواستنەوەی نێونەتەوەیی ڕێگەیی، گواستنەوەی جیهانی (یان نێونەتەوەیی) بە ڕێگاوە ۞ حمل و نقل بین‌المللی جاده‌ای

tirade /taɪˈreɪd/ *noun*
وناردانی بەتوندی، لێدوانی توند (بنەڕەت: لە فەڕەنسەوە بە واتای "لێدوان یان گوتاری درێژ") ۞ سخنرانی آتشین

tiramisu /ˌtɪrəmɪˈsuː/ *noun*
جۆرێ دیسێری ئیتالیایی ۞ تیرامیسو

tire /ˈtaɪə(r)/ *noun*, US spelling of tyre
attire = 1 تایە، تگەر، پێنچکە، چەرخ 2 (بێ‌باو) 2 (کۆن) سەرپێچ یان خشڵی قژ و مووی ژن ۞ 1 تایر، چرخ، لاستیک 2 و 3 تایر

tired /ˈtaɪəd, US ˈtaɪərd/ *adjective*
1 ماندوو، شەکەت، کفت، هیلاک 2 کۆن،

چەنـدبارەوەبوو، وەڕەس‌کـەر، سـواو، بـازاڕی،
tiredness کلیـشەیی (tiredly *adv*: ماندووانە؛
n: مانـدوویی، شـەکەتی، کفـتی، هیلاکـی) ۞ 1
خـسته 2 قدیمی، تکراری

tired out *adjective*
لەپێ‌کەوتوو، ماندوو و مردوو ۞ فرسوده

tire iron *noun*
تـارویر، تـایرویر، پێچکەدەرێنـە، دەسـکاسـنگی
پێچکەدەرهێنان ۞ تایرور

tireless /'taɪələs, US 'taɪərləs/ *adjective*
مانـــدوویی‌نـــاس، کۆڵـــنەدەر، ماندوونـــەبوو،
a tireless worker :indefatigable بێ‌سووک،
a tireless campaigner for human rights ◊
نـستوه، خـستگی‌ناپذیر ۞ *to have -ess energy* ◊

tirelessly /'taɪələsli, US 'taɪərləsli/ *adverb*
He has worked tirelessly for :ماندوونەبووانە
peace ۞ به طور نـستوه

tirelessness /'taɪələsnəs, US 'taɪərləsnəs/ *noun*
مانـدوویی‌نەناسـی، کۆڵـنەدەری ۞ نـــستوهی،
خـستگی‌ناپذیری

Tiresias *noun*, Latin, from Greek *Teiresias*
تیریـسیاس، تیریزیـاس: غـەیـب‌بێژیکـی کـوێری
تیـبێـس Thebes، لـه یـەکـێ لـه ئـەفـسانەکـانی
یۆنـانی‌دا بـۆ مـاوەی چـەنـد سـاڵ دەبـێ بـه ژن و
پاشان دەبێتەوە پیاو ۞ تیرسیاس

tiresome /'taɪəsəm, US 'taɪərsəm/ *adjective*
1 ماندووکەر، وەڕەس‌کەر، عاجزکەر، بێزارکەر،
ناخۆش، شەکەت‌کەر 2 ملۆزم، مایەی سـەرێشە:
Buying a house can be a very tiresome
tiresomely /'taɪəsəm, US (*business*
'taɪərsəmli/ *adv*: ماندووکەرانـــــە،
tiresomeness نارەحەت‌کەرانە، وەڕەس‌کەرانە؛
/'taɪəsəm, US 'taɪərsəmnəs/ *n*: ناخۆشـی،
وەڕەس‌کـــەری، نارەحـــەت‌کـــەری) ۞ 1
خـسته‌کننده 2 مزاحم

tiring /'taɪərɪŋ/ *adjective*
ماندووکەر، ناخۆش، نارەحەت‌کەر، لەپێ‌خەر:
Shopping can be very tiring ۞ خـسته‌کننده

tiro = tyro

'tis /tɪz/ = it is

tisane /tɪ'zan/ *noun*
دەرمانی کوڵێنراو (له فەرەنـسی‌یەوە وەرگیراوە)
۞ داروی جوشانده

Tishah-b'Ab *noun*, Hebrew *tish'āh bō Ābh* "ninth in Ab"
تیشاباف: پـشووێنکی جووله‌که لەگەڵ رۆژووی
نۆیـەمـی مـانگی ئـاب، بـه یـادی ویـران‌بـوونی
پەرسـتگەکانی ئورشەلیم (بنەڕەت: عیبری "نۆیەمی
Ab") ۞ تیشاباو

Tishri /'tɪʃri:/ *noun*, also Tisri /'tɪzri:/
(لـه رۆژمێـری جووله‌کـەدا) تیـشرین: مـانگی
یەکەمی نادینی و مـانگی حەوتەمی سـاڵی دینی
(بنەڕەت: له *tišrī* عیبری‌یەوە) ۞ تیشری

tissue /'tɪʃu:, US 'tɪsju:/ *noun*
1 (زیندەناســـــی) شـــــانە، ئەتـــــەم:
scar ◊ *muscle/brain/nerve, etc. tissue*
tissue 2 تەون، تەڤن، چنراو، پارچە، کوتاڵ 3
دەسرەی کاغەزی 4 کاغەزی پێچانەوە (ناسک):
a box of tissues 5 پێکهاتـه یـان تـۆڕی
a tissue of lies :تەون‌ئاسا، زنجیرە، ریز، رستە
tissual *adj*, *a tissue of falsehoods* ◊
tissuey *adj*) ۞ 1 بافت، نـسج 2 منسوج، پارچـه
3 دستمال کاغذی 4 تیشو 5 رشته

tissue culture *noun*
(زیندەناسی و پزشکی) چاندنی شانە یان ئەتەم
۞ کشت بافت

tissue fluid *noun*
شـلەی (نێـوان)شـانەیـی یـان ئـەتـەمـی، شـلەی
نێوان‌خانەیی ۞ مایع بافتی

tissue paper *noun*
کاغەزێکی نەرم و زۆرناسک ۞ نوعی کاغذ نـرم
و بسیار نازک

tissue plasminogen activator *noun*, *abbreviation* TPA
چالاکێنەری پلازمینۆسازی شانە: هـەوێنـەیێکـی
دژەمـەیـینی خـوێن کـه بـەهـۆی ئـەندازیاریی
بۆماوەیی‌یەوە بەرهەم دێنرێ ۞ تی‌پی‌ای

tit[1] /tɪt/ *noun*, tit for tat
ئەمە بەو، ئەمە له جیاتی ئەو ۞ این به آن در

tit[2] /tɪt/ *noun*
1 مـەمک، سـنگ، گـۆی مـەمک، سـەرچێچک،
گۆپکە (هی ژن) 2 کەسێکی یان مرۆێکی گەوج
۞ 1 پستان، نک پستان 2 آدم احمق

tit[3] /tɪt/ *noun*, also titmouse

titan /'taɪtn/ *noun*, Greek
1 کـەڵ، مرۆڤـی زلـە 2 (Titan) هـەریـەک لـه
خێزانی خـودا زەبەلاحـەکانی میتۆلۆژی یۆنـانی،
کـــوڕی Uranus و Gaca، لـــەســـەر عـــەرز
دەســەڵاتیـان دەکـرد تـا لـه لایـەن خواکـانی
ئۆلیمپیـەنەوە ژێـروژوور کـران، تایتـان، تیتـان 3
مـانگی هـەسـارەی کـەیـوان، گـەورەترین مـانگی
کۆمەڵەی خۆری ۞ 1 غول 2 و 3 تیتان

titan- or titani- *prefix*
پێـــشگر: تیتـــانیۆم titanium: *titanate* ۞
پیشوند: تیتانیوم

titanate /'tʌɪtəneɪt/ *noun*
(کیمیا) 1 خوێێ که لەودا ئانیۆن هەم تیتانیۆم و
هـەم ئۆکـسیژێنی تیایـه 2 ئێـستێری تیتـانیۆم بـه
شێوگی گشتی $Ti(OR)_4$ ۞ تیتانات

titaness *noun*

1 (زۆرتر Titaness) تایتان یان تیتانی مێ 2 ژنی زەبەلاح ◌ تیتانس
titania = titanium dioxide
Titania *noun*
1 چۆلەچرا، شاپلیتە، مەشخەڵ، خەتیرە، مێلەدە: 2 *a flaming torch* ◊ *the Olympic torch* 3 چراقەوە، چرای (کارەبایی) دەستی، چراقـەوە پـەرەمێز یـان چـرای لکـێن‌گـەری، چراجـاخی جۆش‌کاری یان لەحیم، blowlamp ◇ 1 مشعل 2 چراغ‌قوه 3 مشعل جوش‌کاری

torchbearer /tɔ:tʃbeərə(r)/ *noun*
1 مەشخەڵ‌هەڵگر، چۆلەبەدەست، مێلەدەهەڵگر 2 پێشەوا، ریبەر ◇ 1 حامل مشعل 2 زعیم

torchère /tɔ:ˈʃɛ:/ *noun*
پایەی درێژی جوانی بۆ مۆمدان یا چرا ◇ تورشر

torchlight /ˈtɔ:tʃlaɪt, US ˈtɔ:rtʃ-/ *noun*
1 شـەوقی چۆلـەچرا، رووناکی مەشـخەڵ، رۆشنایی مێلەدە: *She read in bed at night by torchlight* 2 *a torchlight procession* ◊ *by -ight* و روون، بوولێلە ◇ 1 نور مشعل 2 گرگ و میش

torch song *noun*
:torch singer *n*) هەڵبەستی بەسۆز و دڵدارانە) گۆرانی‌یێژی هەڵبەستی بەسۆز و دڵدارانە) ◇ شعر احساساتی و عاشقانه

torchwood *noun*
داری مەشخەڵـەکان، داری چۆلـەچراکان ◇ چوب مشاعل

tore[1] /tɔ:(r)/ = past of tear

tore[2] = archaic term for torus

toreador /ˈtɒriədɔ:(r), US ˈtɔ:r-, ˈtɑ:r-/ *noun*
گابازی ئەسپ‌سوار، شەڕەگاکەر (سوار بەسەر ئەسپەوە؛ بنەڕەت: سپانیایی، لە *torear* "شەڕەگا"، لە *toro* "جوانەگا، کەڵ bull") ◇ گاوباز

torero /tɒˈrɛ:rəʊ/ *noun, pl.* toreros
گاسوار، گاباز، شەڕەگاکار، ب.ت. پیادە ◇ گاوباز

toreutic *adjective*
سـەربە toreutic ◇ وابسته به toreutic

toreutics /təˈru:tɪks/ *noun, pl.*
هونەری هەڵکۆڵین لەسەر کانزا، بە شێوەیێ کە

نەخش و نیگارەکانی بەدەرەوە بن ۞ فن حکاکی
torgoch /'tɔ:gɒx/ *noun*
(لە ویلز) زگسوورەی Arctic ۞ تورگاکس
tori = plural form of torus
torii /'tɔ:rii:/ *noun, pl.* same
دەروازەی گلکۆی شینتۆ Shinto (بە دوو پارچە لاوانەی راست و دووانی پۆیی لەسەرەوە، ژاپۆنی: جێگای هەلنیشتنی باڵندە)۞ توری
torment /'tɔ:ment, US 'tɔ:rm-/ *noun*
نارەحەتی، مەینەتی، ئازار، کەنەفتی، ئەشکەنجە، چەپاڵە، جەزرەبە، زەحمەت، ئەرک، زەجر، دیق، دەرد، رەنج، ئێش، ژان، مایەی نارەحەتی ۞ زجر، زحمت، عذاب، مایەی عذاب
tormentil /'tɔ:m(ə)ntɪl/ *noun*
جۆرێ گیای درەنگهەلدەری گوڵزەردی کاڵ، رەگ و ریشەی لە دەرمانی گیایی دا بۆ چارەسەری زگەشۆرە بەکاردێترا [*Potentilla erecta*] ۞ تورمنتیل
tormentor /tɔ:'mentə(r), US tɔ:r'm-/ *noun,* also -enter, *fem.* -ntress
پڕئەرک، نارەحەتکەر، ئەشکەنجەدەر، رەنجدەر، دەردپێدەر، دیقپێکەر، ئازاردەر ۞ زجردهندە
torn /tɔ:n, US tɔ:rn/ = past participle of tear
tornadic /-'nadɪk/ *adjective*
سەربە گێژەڵووکە، گەردەلوولەیی: *tornadic winds* ۞ وابستە بە ترنادو
tornado /tɔ:'neɪdəʊ, US tɔ:r'neɪdoʊ/ *noun, pl.* tornadoes or tornados
گێژەڵووکە، گەردەلوول، بابلیسک ۞ ترنادو
torpedo /tɔ:'pi:dəʊ, US tɔ:r'pi:doʊ/ *noun, pl.* torpedoes
1 تۆرپیدۆ، مووشەکی ژێردەریایی 2 (هەروەها torpedo ray) ماسی کارەبایی یان ئێلیکتریکی، برووسکەماسی ۞ 1 اژدر 2 ماهی برق یا رعاد
torpedo boat *noun*
گەمی تۆرپیدۆ، بەلەمی تۆرپیدۆ ۞ ناوچەی اژدرافکن
torpedo tube *noun*
مووشەکخەر یان مووشەکهاوێژی ژێردەریایی ۞ اژدرانداز
torpid /'tɔ:pɪd, US 'tɔ:rpɪd/ *adjective*
1 تەپلۆس، تەمەڵ، خاوخلیچک، کنگگران، لەشگران 2 داهێزراو، داگیراو، سڕ، سست، ناچالاک ۞ 1 کاهل 2 خمود، بی‌حال
torpidity /'tɔ:'pɪdəti/ *noun,* also -dness or -por /'tɔ:pə(r), US 'tɔ:rp-/
1 تەپلۆسی، تەمەڵی، خاوی، لەشگرانی، کنگگرانی 2 داهێزراوی، داگیراوی، سڕی، سستی، ناچالاکی ۞ 1 کاهلی 2 خمودی، بی‌حالی
torpor /'tɔ:pə(r), US tɔ:rpɔr/ *noun*
In the heat they sank into a :lethargy *state of torpor* ۞ تورپور
torque /tɔ:k, US tɔ:rk/ *noun*
تەوژم، گوژم، زەبر، هێزی گەڕینەر یان سووڕێنەر یان خولێنەر، تەکانەخول، تەکانەسوور: *The more torque an engine has, the bigger the load it can pull in the same gear* ۞ گشتاور
torrent /'tɒrənt, US 'tɔ:r-, 'tɑ:r-/ *noun*
1 سێلاو، لافاو، لەهی، تافاو، لێمشت، شیپ: 2 *The rain was coming down in torrents* (خوازە) لێشاو، رێژنە، لێزمە، لافاو: *a torrent* ۞ *a torrent of words* ◊ *of abuse/criticism* 1 سیلاب 2 (مجازی) سیل، رگبار
torrential /tə'renʃl/ *adjective*
1 سێلاوئاسا، قورس 2 ئاومالک، خشک (torrentially *adv*) ۞ 1 سیلابی 2 سیل‌آوردە
torrential rain *noun*
لێزمەباران، بارانی قورس، شەستەباران، بارانی لافاوئاسا، بارانی رێژنەیی یان لافاوی، خوڕزم ۞ باران رگباری
torrid /'tɒrɪd, US 'tɔ:r-, 'tɑ:r-/ *adjective*
1 یەکجار گەرم، پرووکێنەر، گەرم و وشک، هەڵقرچێنەر، سووتێنەر: *torrid sands* ◊ *a torrid summer* 2بەتین، ئاگرین، پرسۆز، داگیرساو، :passionate ,ardent *torrid love* 3 دژوار، سەخت، ئاسێ، ئاستەم *letters* (torridly /'tɒrɪdli, US 'tɔ:r-, 'tɑ:r-/ *adv*; torridness /'tɒrɪdnəs, US 'tɔ:r-, 'tɑ:r-/ *n*) ۞ 1 سوزان 2 پرحرارت 3 دشوار
torridity /'tɒ'rɪdəti/ *noun,* also torridness
(یەکجار) گەرمبوون، پرووکێنەربوون، پرووکێنەریتی، بەتینی، پرسۆزی ۞ سوزندگی، پرشوری
Torridonian /ˌtɒrɪ'dəʊnɪən/ *adjecive*
(زەویناسی) تۆریدۆنیەن (= سەربە دوایین قۆناخی سەردەمی پرۆتێرۆزۆئیک Proterozoic لە رۆژاوای باکووری سکاتلەند، دەوروبەری 1100 تا 600 میلیۆن ساڵ لەوە پێش؛ بنەڕەت: لە ناوی Loch *Torridon* لە باشووری رۆژاوای سکاتلەند + ian-) ۞ توریدونین
torrid zone *noun*
ناوچەی گەرم یا گەرمێن، گەرمێنان (نێوان دوو ترۆپیک) ۞ منطقەی حارە
torsade *noun*
گوریس یان تەنافی گیراوە یان باهەڵدراو ۞ طناب تابیدە
torse /tɔ:s/ *noun*
تاجەگوڵینە، جەلە، گوڵبەند ۞ حلقەی گل
torsion /'tɔ:ʃn, US 'tɔ:rʃn/ *noun*
1 بادران، باهەڵدان، پێچخواردن، هەڵپێچران،

2 لـوول‌بـوون، پـێچ‌دران، پـێچ‌خـواردوویی باهه‌ڵـدانی سـه‌ری ڕه‌گـی نه‌شـته‌رگه‌ری‌کراو بۆ ڕاوه‌سـتاندنی خـوێن‌هـاتن ۞ 1 پـیچش، تـاب، پیچ‌خوردگی 2 تورسیون

torsional *adjective*

پـێچ‌خـواردوو، پـێچ‌هه‌ڵـدراو، باهه‌ڵـدراو، لووله‌وه‌بوو ۞ پیچشی

torsional angle *noun*

گۆشه‌ی لوول‌بوو یان پێچ‌خواردوو، ~ باهه‌ڵدراو ۞ زاویه‌ی پیچشی

torsional vibration *noun*

له‌رینـه‌وه لوولـه‌وه‌بوو، لـه‌ره‌ی پـێچ‌خـواردوو یـا باهه‌ڵدراو ۞ ارتعاش پیچشی

torsion pendulum *noun*

له‌نگـه‌ره‌ی سـووڕاوه (لـه جیـاتی ته‌که‌تـه‌ک ده‌خولێته‌وه) ۞ پاندول دورانی

torsk /tɔːsk/ *noun*

جـۆرێ ماسـی قـوولایی‌یـه‌کانی ئـه‌تلانتیکی باکووری، لـه تیره‌ی cod [*Brosme brosme*] (له *thorskr* نۆرویژی کۆنه‌وه) ۞ نوعی ماهی

torso /ˈtɔːsəʊ, US ˈtɔːrsoʊ/ *noun, pl.* torsos or US also torsi

1 قـه‌د، کۆتـه‌ره، به‌یکـه‌ری قـه‌د (لـه ملـه‌وه تـا پشتێنه) 2 کاری سـه‌رنه‌گرتوو یـان نیـوه‌چڵ یـان ناته‌واو ۞ 1 تنه، پیکره‌ی تنه 2 کار ناتمام

tort /tɔːt, US tɔːrt/ *noun*

(مـاف) نیمچـه‌تاوان، لاتـاوان، لاگوناهــ زیـان، زه‌ره‌ر ۞ شبه‌جرم، آسیب

torte /ˈtɔːtə/ *noun, pl.* torten /ˈtɔːt(ə)n/ or tortes

که‌یک یان تارتی شیرین ۞ کیک یا تارت شیرین

tortfeasor /ˈtɔːtfiːzə/ *noun*

تـوش‌بـوو بـه نیمچـه‌تاوان، نیمچـه‌تاوان‌کـار ۞ مرتکب شبه‌جرم

torticollis /ˌtɔːtɪˈkɒlɪs/ *noun*, also wryneck

ڕه‌قی‌بـوونی مـل، مله‌ره‌قـه، مـل‌خـواری ۞ تورتی‌کولیس، گردن‌کجی

tortile /tɔːˈtəl/ *adjective*

لـوول، پێچـاوپێچ، پـێچ‌هه‌ڵـدراو، هه‌ڵـپێچراو، پێچ‌خواردوو، باهه‌ڵدراو ۞ پیچیده، تاب‌دار

tortility /tɔːˈtəlɪtɪ/ *noun*

لوولی، پێچاوپێچی، پێچ‌هه‌ڵدراوی، هه‌ڵپێچراوی، پـێچ‌خـواردوویی، باهه‌ڵـدراوی، داهـاتوویی، چه‌میوی ۞ پیچیدگی، خمیدگی

tortilla /tɔːˈtiːə, US tɔːrˈt-/ *noun*

1 تـورتیلا (ب.ت. لـه مه‌کـسیکۆ، نـانی گه‌نمه‌شامی) 2 (له ئاشپه‌زی سپانیایی‌دا) جۆرێ هێلکه و ڕۆنی ئه‌ستوور که په‌تاته و سه‌وزه‌ی تری تیایه (بنـه‌ڕه‌ت: سـپانیایی، چکـۆلێنراوی *torta* "که‌یک") ۞ تورتیلا

tortious /ˈtɔːʃəs/ *adjective*

1 (مـاف) نیمچـه‌تاوان لـه‌خۆگرتوو 2 نادروست، ناڕه‌وا، نابه‌جێ، ناحه‌ق، هه‌ڵـه، خـه‌تا، ناقانوونی، زیاناوی، موزیر، به‌وه‌ی، به‌زه‌ره‌ر (tortiously *adv*) ۞ 1 متضمن شـبه‌جـرم 2 ناصـحیح، خطـا، غیرقانونی، مضر

tortoise /ˈtɔːtəs, US ˈtɔːrtəs/ *noun*

کیسـه‌ڵ، کیـسو، کووسـی، کاسـه‌پـشت، جلـه، پـه‌لاس‌ماسـی [خێـزان Testudinidae: زۆر جـۆرن] (بنـه‌ڕه‌ت: *tortu* ،*tortuce* ئینگلیـسی نێوه‌ڕاست: له *tortue* فه‌ڕه‌نسی کۆن و *tortuga* سپانیایی، هه‌ردوو له *tortuca* لاتینی سـه‌ده‌کانی نێوه‌ڕاست "بنه‌ڕه‌تی نادیاره") ۞ لاک‌پشت

tortoiseshell /ˈtɔːtəsʃel, ˈtɔːtəʃel, US ˈtɔːrt-/ *noun, adjective*

n 1 قاپیلـک، قـاوخ (ی کیـسه‌ڵ) 2 پـشیله‌ی بلێنگی یا ڕیزێ 3 په‌پووله‌ی گوڵ‌گوڵ یا خالاوی [*Aglais urticae*] (هی چکۆله) و جۆره‌کانی تر *adj* دروسـت‌کـراو لـه قـاپیلکی کیـسه‌ڵ، لـه قاوخه‌کیسه‌ڵ ۞ *n* 1 لاک 2 گربـه‌ی پلنگـی 3 پروانه‌ی خال‌مخالی *adj* از جنس لاک لاک‌پشت

tortricid = tortrix

tortrix /ˈtɔːtrɪks/ *noun*, tortrices /-trɪsiːz/

بـا(هه‌ڵـ)ده‌ره: جـۆرێ mothی چکۆلـه‌ی کـه کرمۆکه‌کانی له‌نێو گه‌ڵای لوولدا ده‌ژین [خێزان Tortricidae: زۆر جۆرن] ۞ تورتریکس

tortuosity /ˌtɔːtʃʊˈɒsətɪ/ *noun, pl.* tortuosities

پێچه‌لاوپێچی، پێچاوپێچی، پێچ‌وپلوچی، پلوچی، چـه‌میو و چـه‌ماوی، پـێچ‌وخـه‌م؛ شـتێکی پێچه‌لاوپێچ، پێچ ۞ پیچ و خم؛ پیچ

tortuous /ˈtɔːtʃʊəs, US ˈtɔːrtʃ-/ *adjective*

1 پێچه‌لاوپێچ، ناڕاسته‌وخۆ، پێچ‌وپلوچ، به‌پێچ، پـلوچاوی، پـلۆچاوی، پـێچ‌پـێچ 2 ڕیـایی‌بـاز، به‌پێچ‌وپه‌نا، ناسه‌رراست 3 ئاڵۆز، پێچه‌لاوپێچ، تێگه‌یشتن‌سه‌خت ۞ 1 پرپیچ و خـم 2 ریاکـار 3 بغرنج

tortuously /ˈtɔːtʃuəsli, US ˈtɔːrtʃ-/ *adverb*

پێچاوپێچانـه، بـه شـێوه‌یه‌کی پێچـه‌لاوپێچ: - *a rtuously slow system* ۞ به طور پرپیچ و خم

tortuousness /ˈtɔːtʃuəsnəs, US ˈtɔːrtʃ-/ *noun*

پێچـه‌لاوپێچی، پێچـاوپێچی، پێچـه‌ڵپێچـی، پێچ‌وخه‌م، پرپێچی، پێچ‌وپه‌نا، چه‌میو و چه‌ماوی، پرپێچاوپێچی، خواروخێچی ۞ پیچ و خم، پرپیچ و خمی

torture /ˈtɔːtʃə(r), US ˈtɔːrtʃ-/ *noun*

ئه‌شـکه‌نجه، جه‌زره‌بـه، چه‌پاڵـه، ده‌رد، ئـازار: *Many of the refugees have suffered terrible* ◊ *the use of torture* ◊ *torture His confessions* ◊ *instruments of torture were made under -rture* ۞ شکنجه، عذاب

torturer /'tɔ:tʃərə(r), US 'tɔ:rtʃ-/ *noun*
ئەشکەنجەدەر، جەزرەبەدەر ۞ شکنجەگر

torturous /'tɔ:tʃərəs/ *adjective*
نــاخۆش، بــەئێش، بــەژان، ئەشــکەنجەدەرانە، جەزرەبەدەرانە: *a ◊ torturous inquisitions* ◊ *torturous day* ۞ متضمن زجر، عذاب‌آمیز

torula /'tɒru:lə, US -(j)ʊlə/ *noun*, torulae /-li:/, also torula yeast
1 ترشێنەیێکی نێو دەرمان [*Candida utilis*] 2 کەرووی ترشێنەئاسا کە لە زنجیرە خانەیێکی خڕ پێکهاتووە ۞ تورولا

torus /'tɔ:rəs/ *noun*, *pl.* tori /-raɪ/ or toruses
1 (بیناســازی) نەخــشێکی قــۆقزی گــەورەی نیوەبازنــەی (ب.ت. خــوارترین بەشــی) بنکــی ســتوون یــان کوڵــەکە 2 (رووەکناســی) پایــەی تەختی گوڵ، بنکەگوڵ 3 (تویکاری) دەربەرپوی یــان چوکــڵەی ئێــسک یــان ماســوولکە ۞ 1 گچ‌بری بزرگ هلالی ته ستون 2 طبق 3 توروس

Tory /'tɔ:ri/ *noun* (*pl.* Tories), *adjective*
1 (لــە بریتانیــا) ئەنــدامی پــارتی کۆنــەپارێز، کۆنــەپارێز 2 ســـەربە پــارتی کۆنــەپارێز 3 (ئــەمریکا) کۆلۆنیــستی لایــەنگری بریتانیــا بەدرێژایی شۆڕش یان وەرگێڕانی ئەمریکایی ۞ 1 عضو حزب محافظه‌کار 2 وابــسته بــه حــزب محافظه‌کار 3 توری

Toryism *noun*
توریئیزم، توریزم ۞ توری‌ایسم

Tory Party *noun*
پارتی کۆنەپارێز (ناوێکیتر بۆ Conservative Party بریتانیایی) ۞ حزب محافظه‌کار

tosa /'təʊsə/ *noun*
جۆرێ رەگەزی سەگ، لە بنەڕەتا بۆ شەڕەسەگ رادەگیرا ۞ توسا

tosh /tɒʃ, US tɑ:ʃ/ *noun*
هەڵــیت‌وپــڵیت، حەڵــەق‌ومەڵــەق، شــرم‌وبــرم، هاتەران‌وپاتەران، قــەی هــیچ، bosh، twaddle ۞ چرت و پرت

Tosk /tɒsk/ *noun*, *pl.* same or Tosks
1 ئەنــدامی یــەکێ لــە دوو کۆمەڵــی رەگــەزی سەرەکی ئالبانیا، زۆرتر لە باشووری وڵاتدا دەژین 2 زاراوەیێکی ئەلبانیایی ئەو گەلە ۞ توسک

toss /tɒs, US tɔ:s/ *noun*
1 خـــستن، هاویـــشتن، هەڵـــدان، حـــەوادان، تووڕهەڵدان، ئاوێتن، فڕێدان 2 تەکان، راوەشان، لەقان(دن) 3 شیروخەت، ئەسکەمل، بەرزیلان 4 تلانــەوە، بــەملاو بەولاداکــەوتن ۞ 1 پرتــاب 2 تکان 3 شیر یا خط 4 غلت

tosser /'tɒsə(r), US 'tɔ:s-/ *noun*
مرۆی کەر و گەوج ۞ آدم احمق

tosspot *noun*
(نافەرمی) هەمیشەمەست ۞ دائم‌الخمر

toss-up /tɒs ʌp/ *noun*
1 شیروخەت، بەرزیلان، ئەسکەمل 2 (نافەرمی) بەخت یان شانسی بەرامبەر، پرسی گومانــاوی ۞ 1 شیر یا خط 2 (عامیانه) شانس مساوی

tostada /tɒ'stɑ:də/ *noun*, also tostado /tɒ'stɑ:dəʊ/, *pl.* -as or tostados
ئاردی گەنمەشامی مەکسیکی ۞ توستاد

tostone /tɒ'stəʊneɪ/ *noun*
(سپانیایی) جۆرێ چێشتی مەکسیکی ۞ توستون

tot /tɒt, US tɑ:t/ *noun*
1 منداڵ، ساوا، کۆرپە 2 قوم، فڕ، گوڵپ ۞ 1 کودک 2 جرعه

total /'təʊtl, US 'toʊtl/ *adjective, noun*
1 *adj* تەواو، ئازگار، رەبەق: *The room was* ◊ *the total profit* ◊ *in total darkness* *The evening was a total disaster* 2 تــەواو، هەمەلایەنە، گشتگیر *n* سەرجەم، تێکڕا، گردی: *His businesses are worth a combined total of $3 billion* ۞ 1 *adj* کامل، مطلق 2 *n* حاصل جمع جامع

total eclipse *noun*
گیرانی تــەواو (خــۆر یــان مانــگ) ۞ کــسوف یــا خسوف کامل

total heat = enthalpy

totalitarian /təʊˌtælə'teəriən, US toʊˌtælə'ter-/ *adjective, noun*
1 *adj* (حکومەتی) تاکپارتی یان یەکحیزبی: *a totalitarian state/regime* 2 زۆردار، دیکتــاتۆر *n* لایــەنگری تــاکپــارتی ۞ 1 *adj* تک‌حزبی 2 استبدادی *n* طرفدار تک‌حزبی

totalitarianism /-ɪzəm/ *noun*
1 حکومــەتی تــاکپارتی یــان یــەکحیزبی: *to oppose dictatorship and totalitarianism* 2 زۆرداری، دیکتــاتۆری، ملهوڕی ۞ 1 حکومــت تک‌حزبی 2 استبداد

totalitarian regime *noun*
رەژیمی تاکپارتی یا دیکتاتۆری ۞ رژیم استبدادی

totalitarian state *noun*
دەوڵەتی تاکپارتی یان یەکحیزبی ۞ دولــت تک‌حزبی

totality /təʊ'tæləti, US toʊ-/ *noun*
1 گشتێتی، تەواوێتی، گشتگیرێتی، گشت شتێ، تێکڕای شتێ 2 سەرجەم، گشت، تێکڕا، هەموو 3 (ئەستێرەوانی) ماوەی گیرانی (چ خۆ و چ مانگ) تەواو ۞ 1 کلیت، تمامیت 2 مبلغ کل 3 توتالیتی

totalizator *noun*, also totalisator or totalizer
1 دەزگــای تۆمــاری گرێــوی پێشبڕکێ (ب.ت. غارەئەســپ) 2 = tote ۞ ماشـــین ثبـــت شرط‌بندی‌ها در مسابقه (اسب‌دوانی)

totally /'təʊtəli, US 'toʊ-/ *adverb*
بە تەواوەتی، تەواو، بە گشتی، تێکڕا، یێقا: *They*

This ◊ come from -tally different cultures ◊ کاملاً *behaviour is totally unacceptable*

tote /təʊt, US toʊt/ *noun*

(نافەرمی) تۆت (جۆرێ گریو لەسەر ئەسپ، هەروەها tote) ◊ تُت

tote bag *noun*

قرتالە ◊ زنبیل

totem /ˈtəʊtəm, US ˈtoʊ-/ *noun*

1 تۆتیم، دروشمە، دروشم 2 نیشانە، هێما (بنەڕەت: لە *nindoodem* ئۆجیبوایی Ojibwa بە واتای "my totem") ◊ 1 توتم 2 نماد

totemic /təʊˈtemɪk, US toʊ-/ *adjective*, also totemistic

سەربە تۆتیم یان دروشمە، دروشمەیی: *totemic animals* ◊ وابسته به توتم

totemism *noun*

تۆتیمیزم، تۆتیمباوەڕی، دروشمەباوەڕی، دروشمەگەری، تۆتیمگەری، تۆتیمپەرستی (totemist *n*؛ totemistic *adj*: تۆتیمیستی، تۆتیمباوەڕانە، تۆتیمگەرانە، دروشمەباوەڕانە) ◊ توتمیسم

totem pole *noun*

1 ستوونی تۆتیم، کۆڵەکەی تۆتیم یان دروشمە 2 (ئەمریکا) پلەمەندی، پلەبەرزبوونەوەیی، زنجیرەپلە ◊ 1 دیرک توتم 2 سلسله مراتب

toter *noun*

ڕاگوێزەر، گوێزەرەوە ◊ انتقالدهنده

t'other /ˈtʌðə(r)/ *abbreviation* the other

-toting *adjective*

(لە لێکدانا) هەڵگری، ـهەڵگر، ـبەر ◊ حملکنندەی، حامل

totopotency /təʊˈtɪpət(ə)nsɪ/ *noun*

(زیندەناسی) فرەتوانی، پڕتوانی، توانمەندی، توانایی هەڵدان و پێکهاتنی زیندەوەر یان ئۆرگانیزمێ لە بەشێکەوە ◊ توتیپوتنسی

totopotent /təʊˈtɪpət(ə)nt/ *adjective*

فرەتوان، پڕتوان، توانمەند، خاوەنی توانایی هەڵدان و پێکهاتنی زیندەوەر یان ئۆرگانیزمێ لە بەشێکەوە ◊ توتیپوتنت

toto *adverb*, in toto

بە تەواوەتی، بە گشتی، (لە entirely ،totally لاتینەوە) ◊ کاملاً

tottering *adjective*

1 لەق، ناجێگیر، ناچەسپیو، سست، روو لەبەربوونەوە، رووڵەهەڵوەشان، رووخەک 2 لەرزۆک، خۆرانەگرتوو، بەملاوبەولاداکەوتوو، لەرەلەرکردوو ◊ 1 متزلزل 2 لرزان

tottery *adjective*

1 لەق، ناجێگیر، سست، رووخەک، قرچۆک، ناچەسپیو، لۆق، روو لەبەربوونەوە، روو لەکەوتن 2 لەرزۆک، لەرەلەرکردوو، لاواز، رەتبەر ◊ 1 متزلزل 2 لرزان

toucan /ˈtuːkæn/ *noun*

(گیانەوەرناسی) دەنووکزلە (باڵندەیەکی ئەمریکایی [تۆخمەکانی *Ramphastos* و *Andigena*: چەندین جۆرن]) ◊ توکان

touch /tʌtʃ/ *noun*

1 هەستی دەسلێدان یان بەرکەوتن، ساوانی، ساوایی، توانایی هەستپێکردن بە دەس لە شتێ دان، دەسلێدان، لێکەوتن، بەرکەوتن 2 عەیب، لکە، زەدە، پەڵە 3 لێدانی بەسووک، ئاماژە، پەڵەپیتکە 4 برێ، ریزالی، کەمێ 5 رەگ، نیشانە 6 وردەکاری 7 شارەزایی، وەستایی، پەنجە(دانان، موسیقا) 8 شێوە، شێواز 9 (تۆپێن، راگبی) دەرەوەی یاریگە ◊ 1 حس بساوایی، لامسه، احساس بساوشی، لمس 2 لکه 3 ضربەی خفیف 4 ذره 5 اثر، رد 6 پرداخت 7 مهارت 8 اسلوب 9 بیرون زمین

touchable *adjective*

شیاوی دەسلێدان، دەسێ لێدەدرێ، بەردەس دەکەوێ ◊ قابل لمس

touch-and-go /ˌtʌtʃ ən ˈɡəʊ/ *adjective*

شانسی، دووبەختەکی، ناڕۆشن، نادیار، ناڕوون ◊ شانسی، نامعلوم

touchdown /ˈtʌtʃdaʊn/ *noun*

(فڕۆکە) نیشتنەوە ◊ فرود

touché /ˈtuːʃeɪ, US tuːˈʃeɪ/ *interjection*

(فەرەنسی) بژێ! نافەرین! ◊ احسنت!

touched /tʌtʃt/ *adjective*

1 کارلێکراو، کارتێکراو 2 خۆشحاڵ، رازی، قایل، بەکەیف 3 گێژ، کەمئەقڵ، حەپە ◊ 1 تحت تأثیر قرارگرفته 2 خرسند 3 خل

touch football *noun*

(لەئەمریکا) تۆپێنی دەسلێدان ◊ فوتبال تاچ

touchhole *noun*

(کۆنی) جێگای پلیتە، جێپلیتە (لە تۆپی کۆندا) ◊ جای فتیله

touching /ˈtʌtʃɪŋ/ *adjective*, *preposition*

adj جێیبەزەیی، گوناح، کارتێکەر، جەرگبڕ: *It was a touching story that moved many of us to tears prep* لەمەڕ، لەبارەی، لەبابەت (touchingly /ˈtʌtʃɪŋli/ *adv*: بە شێوەیەکی جێیبەزەیی؛ touchingness *n*) ◊ *adj* رقتانگیز *prep* در خصوص

touch-line /ˈtʌtʃlaɪn/ *noun*

هێڵی تەنیشت، هێڵی لایەکی یاریگەی تۆپێن ◊ خط کناری

touch-me-not /ˈtʌtʃ miː nɒt/ *noun*

جۆرێ گیای گوڵزەرد، هەرکە گەیی و دەستی لێدەی، کەلووەکەی دەتەقێتەوە [*Impatiens noli-tangere*] ◊ گل حنا

touchpaper /ˈtʌtʃpeɪpə(r)/ *noun*

(تۆقتۆقێن) پلیته ◌ فتیله

touch screen *noun*
(کامپیوتێر) پەردە یان شاشەی دەس‌لێدان ◌ اسکرین لمسی

touchstone /'tʌtʃstəʊn, US -stoʊn/ *noun*
بەردی مەحەک، پێودانگ، پێوەر، پێوانە ◌ محک، ملاک

touchwood /tʌtʃwʊd/ *noun*
وشکەڵ، پووشوو ◌ آتش‌افروزنه

touchy /'tʌtʃi/ *adjective* (touchier, touchiest)
دڵناسک، تورینۆک، تورنۆک، زووتۆراو، زووڕەنجاو، ناسک، هەستیار: *he's a little touchy about his past* ◌ نازک‌نارنجی، ظریف، حساس (touchily /'tʌtʃɪli/ *adv*; touchiness /'tʌtʃinəs/ *n*)

tough /tʌf/ *adjective, noun*
adj 1 توند، نەپچڕ، چەق، جیڕ، چیڕ، ڕەگرەگاوی، چەرمەچەقاڵتە، چەرم‌ئاسا، کرچ، چڕ 2 پتەو، قایم، سەخت، نەشکێن، نەدڕ، نەوڕ، بەدەوام، بەرگەگر: *a tough pair of shoes* 3 بەهێز، خۆڕاگر، گیان‌سەخت، گوێ‌نەبزواو، پڕتاقەت، پتەو 4 توندوتیژ، دڕ، بەزەبروزەنگ 5 سەخت، توند 6 گران، ئاستەم، دژوار، چەتوون *n* مرۆی توندوتیژ و شەڕانی، مرۆی دڕ (toughish *adj*; toughness *n*; toughly *adv*) *adj* 1 خۆگرتوویی، نەشکێنی، نەدڕی، بەرگەگری، توندی 2 نەپچڕی، چەقی، چیڕی، کرچی، چەرم‌ئاسایی، چڕی 3 پتەوی، قایمی، سەختی) ◌ *adj* 1 سفت 2 محکم، بادوام 3 قوی، استوار 4 خشن 5 جدی 6 مشکل *n* آدم خشن

toughened *adjective*
قایم‌کراو، پتەوکراو، توندکراو، سەخت‌کراو، نەشکێنراو ◌ محکم‌شده، مقاوم

toughie /'tʌfi/ *noun*
1 (نافەرمی) مرۆی توندوتیژ یان دڕ 2 پرس یان کێشەی دژوار و سەخت ◌ 1 آدم خشن 2 مسألەی پیچیده

tough luck *noun*
نەهاتی، نەهامەتی، بێ‌شانسی، بێ‌بەختی، ناوچاوڕەشی ◌ بدبیاری

tough-minded *adjective*
بەبڕیار، تۆکمە، بەئیرادە، سوور، پتەو، شێلگیر ◌ مصمم، بااراده

toupee /'tu:peɪ, US tu:'peɪ/ *noun*, also toupet /'tu:peɪ, US 'tu:pɪt/
مووچاخ، کڵاوبرچ، زڕبرچ (بیاوانە) ◌ کلاه‌گیس

tour /tʊə(r), tɔ:(r), US tʊr/ *noun*
1 گەڕان، سەفەر، گەشت، تور، (کورتە) سەردان، سەرکێشی، زنجیرە سەردانێکی فەرمی بۆ مەبەستی یاری‌کردن و هتد: *a coach tour of northern France* ◊ *The band is on tour in France* 2 ماوەی ڕاسپێری (بۆ دەرەوە) ◌ 1 تور، گردش، بازدید، دیدار 2 دورەی مأموریت

touraco = turaco

tourbillion *noun*, also tourbillon
گێژەڵووکە، گەردەلوول، گێژاو ◌ گردباد، گرداب

tour de force /,tʊə də 'fɔ:s, US ,tʊr də 'fɔ:rs/ *noun, pl.* tours de force pronunc. same
(فەرەنسی) شاکار: *a cinematic tour de force* ◌ شاهکار

tourer *noun*
ماشێن، عەرەبانە، چەرخ و هتد بۆ گەڕان و سەفەر ◌ تورر

Tourette *noun*
(کەسێکی) تووش‌بوو بە کۆنیشانەی توریت ◌ مبتلا به نشانگان تورت

Tourette's syndrome /tʊ'rɛts/ *noun*
کۆنیشانەی توریت: جۆرێ تیکچوونی نۆروڵۆژیک neurological کە بە فڕین و تیکی خۆنەویستە و ورینە نیشانە دەکرێ (بنەڕەت: لە ناوی دەمارناسی فەرەنسی Gilles de la Tourette) ◌ نشانگان تورت

touring *noun*
گەڕوانی، شاران‌گەڕی، گەشتەوانی ◌ گردش‌گری

touring car *noun*
ماشێنی گەڕوانی یان شاران‌گەڕی ◌ اتومبیل گردش‌گری

tourism /'tʊərɪzəm, 'tɔ:r-, US 'tʊr-/ *noun*
گەڕوانی، شاران‌گەڕی، گەشتەوانی، گەشت‌یاری، گەڕیدەیی، توریزم؛ ڕێنوێنی و بەڕێوەبەرێتی گەڕوانەکان ◌ گردش‌گری؛ توریسم

tourist /'tʊərɪst, 'tɔ:r-, US 'tʊr-/ *adjective, noun*
adj گەڕوان، شاران‌گەڕ، گەشت‌یار، گەڕیدە *n* 1 گەڕوانی، گەشت‌یاری، شاران‌گەڕی 2 ئەندامی تیمی وەرزشی گەڕوانی (touristic *adj*; touristically *adv*) ◌ *adj* گردش‌گر *n* 1 جهان‌گردی 2 توریست

tourist class = second class

tourist court = motel

tourist trap *noun*
داوی گەڕوانەکان، داوی شاران‌گەڕەکان ◌ دام توریست‌ها

touristy /'tʊərɪsti, 'tɔ:r-, US 'tʊr-/ *adjective*
توریستی، گەڕیدەڕاکێشی ◌ توریستی

tourmaline /'tʊəməlɪn, US -li:n/ *noun*, also tourmalin
(بەردناسی) تۆرمالین، کارەبای ڕەسەن یان عەسل ◌ تورمالین

tournament /'tʊənəmənt, 'tɔ:n-, 'tɜ:n-, US 'tʊrn-, 'tɜrn-/ *noun*

1 زنجیرەپێشبرکێ، خول: *a golf/squash/tennis, etc. tournament* 2 پێشبرکێی سوارچاکان یان پاڵەوانی، شمشێرەوانی سوارە لە سەدەکانی نێوەڕاستا 3 ڕووداوێکی سەردەمی ئێستا بۆ پیشاندانی شێوە و تکنیک و مەشقی میلیتاری ◌ 1 یک دورە مسابقە 2 مسابقەی سلحشوران 3 تورنمنت

tourney /'tʊəni, 'tɜ:ni, US 'tʊrni, 'tɜ:rni/, *noun, pl.* tourneys
پێشبرکێی سوارچاکان یان پاڵەوانی، شمشێرەوانی سوارە لە سەدەکانی نێوەڕاستا medieval ◌ مسابقەی سلحشوران

tourniquet /'tʊənɪkeɪ, US 'tɜ:rnəkət/ *noun*
(پزشکی) تورنیکە، خوێنبەست، خوێنبەند، ڕەگبەست ◌ تورنیکە

tour operator *noun*
ئاژانسی ڕێبواری یان گەشتی ◌ آژانس مسافرتی

tousled *adjective*
شێواو، ئاڵۆسکاو، ئاڵۆزاو، شپرزە، تێکئاڵاو ◌ ژولیدە، آشفتە

tout /taʊt/ *noun*
1 دەلالی بازاڕی ڕەش 2 (نافەرمی، لە سکاتلەند و ئیرلەند) هەواڵدەر، سیخوڕ ◌ 1 دلال بازار سیاە 2 جاسوس

tout a fait *adverb*
quite ,altogether بە تەواوەتی، بە تەواوی، (بنەڕەت: لە فەرەنسییەوە) ◌ کاملاً

tout court /tu: 'kʊə, French tu kuʀ/ *adverb*
بەکورتی: *It was a lie, tout court* ◌ بە اختصار، خلاصە این کە

touter = tout

tovarish /tɒ'vɑ:rɪʃ/ *noun*, also tovarich
(لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران) هاوڕێ، هەڤاڵ (زۆرتر وەک شێوەیێکی بانگکردن) ◌ رفیق

tow[1] /təʊ, US toʊ/ *noun*
بۆکسێل، کێشکردن، زنجیرکردن، ڕاکێشان: *a tow truck* (ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ بکسل

tow[2] /təʊ, US toʊ/ *noun*
ڕیشاڵ یان پاشەڕۆکی کەتان یان گوش ◌ الیاف کتان یا شاهدانە

towage *noun*
1 بۆکسێل، کێشکردن، زنجیرکردن، ڕاکێشان 2 مز یان حەقی ڕاکێشان، کرێی ڕاکێشان، بۆکسێلانە، ڕاکێشانە ◌ 1 کشش 2 حق کشش

toward /tə'wɔ:d, US tɔ:rd/ = towards

towards tə'wɔ:dz, US tɔ:rdz/ *preposition*
1 بەرەو، بەربە، بۆ لای، سەربەرە، سەربەرەو، ڕووەو، بۆ، بەرف: *They were heading towards the German border* 2 سەبارەت بە، دەربارەی، لەبەر، بە خاتری: *our attitude* 3 لە دەوروبەری *towards death* ◌ 1 بە سوی، در جهت 2 نسبت بە، برای 3 در حدود

tow bar *noun*
قولاپی بۆکسێل یان ڕاکێشان ◌ قلاب یدککشی

tow boat *noun*
گەمی ڕاکێشان، بەلەمی بۆکسێل یان کێشکردن ◌ قایق یدککشی

tow car *noun*
ماشێنی ڕاکێشان یا کێشکردن ◌ ماشین یدککشی

towel /'taʊəl/ *noun*
خاولە، خاولی، پەشتەماڵ ◌ حولە

towelling /'taʊəlɪŋ/ *noun*, US toweling
پارچەی خاولەیی، پارچەی کولکن ◌ پارچەی حولەای

towel rack = towel rail

towel rail *noun*, also towel rack
میلی خاولە، جێخاولە، سنگی هەڵواسینی خاولە، قولاپی خاولە ◌ میلەی حولە

tower /'taʊə(r)/ *noun*
برج، کەلوو، قەڵا، قوللە: *a clock/bell tower* ◊ *a television tower* ◌ برج

tower block *noun*
(بریتانیا، خانووبەرە) قوللە، برج ◌ برج

towering /'taʊərɪŋ/ *adjective*
1 بەرز، بڵیند، لەئاسمانخشاو، گەردنکەش 2 توند، بەتاو، توندوتیژ 3 دیار، بەرچاو، دەرکەوتوو ◌ 1 رفیع، افراشتە 2 ستهم، شدید 3 شاخص

tower of silence *noun*
دەخمە ◌ دخمە

tower of strength *noun*
پشتیوان، پاڵپشت، پشتوپەنا، پشت، دڵسۆز، نازکێش، خەمخۆر ◌ تکیەگاە، حامی، غمخوار

towery *adjective*
بەرز، بڵیند، لەئاسمانخشاو، گەردنکەش، هەوابڕ ◌ رفیع، سر بە فلککشیدە

towheaded *adjective*
بە قژی زەردی مەیلەو سپی (*towhead n*: قژی زەردی مەیلەو سپی) ◌ دارای موی زرد مایل بە سفید

towhee /'təʊ(h)i:, US 'taʊ-/ *noun*
(باڵندەناسی) جۆرێ باڵندەی دەنگخۆشی ئەمریکای باکووری، لە خێزانی bunting [توخم: *Pipilo* چەندین جۆرن] ◌ توهی

towing /'təʊɪŋ/ *noun*
بۆکسێل(کردن)، کێشکردن، ڕاکێشان، زنجیرکردن ◌ یدککشی

to wit *adverb*
واتا، واتە، یانی: *Pilot error, to wit failure to follow procedures, was the cause of the accident* ◌ یعنی

towline *noun*
بۆکسیل، زنجیری کێش‌کردن، تەناف یان گوریسی راکێشان ۞ بکسل

town /taʊn/ *noun*
1 شار، ئاوەدانی، بازێر، ناوەندی شار، چەقی شار، ناوەراستی شار، نێوشار 2 بازار، ناوەندی کرین 3 دانیشتووانی شار 4 ژیانی شاری 5 دانیشتووانی جێگیر یان هەمیشەیی زانکۆی شار (بڕوانە gown) ۞ 1 شهرستان، شهر، مرکز شهر 2 بازار 3 اهالی شهر 4 زندگی شهری 5 تاون

town car = limousine (US)

town centre *noun*
ناوەندی شار، چەقی شار، نێوشار ۞ مرکز شهر

town clerk *noun*
(ئەمریکا) کاربەدەستی گشتی بەرپرسی تۆمارەکانی شار، تۆمارنووسی شار ۞ کارمند ثبت احوال

town council *noun*
ئەنجومەنی شار (town councillor *n*: ئەندامی ئەنجومەنی شار) ۞ شورای شهر

town crier *noun*
(مێژوویی) جارچی، بانگەوازکەر، بانگەوازچی ۞ جارچی

townee = townie

town gas = coal gas

town hall *noun*
1 شارەوانی 2 دەزگا یان خانووبەرەی شارەوانی ۞ 1 شهرداری 2 ساختمان شهرداری

town house *noun*
1 ماڵی شاری، خانووبەرەی شاری (لە بەرامبەر هاوینەهەواردا) 2 هۆڵ یان تالاری شارەوانی ۞ 1 خانه‌ی شهری 2 تالار شهرداری

townie /ˈtaʊni/ *noun*, also townee
(نافەرمی) مرۆی شاری، شارستانی، بازێری: *Country life isn't as idyllic as townies imagine* ۞ آدم شهری

townland = township

town manager *noun*
شارەوانی دانراو یا هەڵبژاردە ۞ شهردار انتصابی

town mayor *noun*
(بریتانیا) سەرۆکی ئەنجومەنی شار ۞ رئیس شورای شهر

town meeting *noun*
کۆبوونەوەی شاری (بۆ باس‌کردن لەسەر کێشە و گرفتی شار) ۞ گردهمایی شهری

town planning *noun*
شارسازی، شارداڕێژی، داڕشتنی شار، پلان‌ڕێژی شار (town planner *n*: شارساز، شارداڕێژ، پلان‌دانەری شار) ۞ شهرسازی

townscape /ˈtaʊnskeɪp/ *noun*
رووکار یا دیمەنی شار، بیچم، سیما یا وێنەی شار ۞ نما یا منظره‌ی شهر

townsfolk /ˈtaʊnsfəʊk, US -foʊk/ *noun*
خەڵکی شار، دانیشتووانی شار، شارنشینان، townspeople ۞ اهالی شهر

township /ˈtaʊnʃɪp/ *noun*
1 شاری چکۆلە، شارۆچکە 2 (لە ئەفریکای باشووری و جاران) شارۆچکەی خەڵکی رەش یان رەشەکان ۞ 1 شهر کوچک 2 (افریقای جنوبی) شهرک سیاه‌نشین

townsman /ˈtaʊnzmən/ *noun*, *pl.* townsmen
شاری، شارنشین، بازێری، هاوشاری ۞ شهری، هم‌شهری

townspeople /ˈtaʊnzpiːpl/ = townsfolk

townswoman *noun*, *pl.* townswomen
شاری، شارنشین، بازێری، هاوشاری (ژن) ۞ شهری، هم‌شهری (زن)

towpath /ˈtəʊpɑːθ, US ˈtoʊpæθ/ *noun*
ڕێگای پاڵ چۆم یان ڕەهەندداو ۞ راه کنار رودخانه یا کانال

towrope *noun*
گوریس یا تەنافی راکێش‌کردن، زنجیر یا بۆکسیلی راکێشان ۞ سیم بکسل

tox(o)- *prefix*
پێشگر: دەرمان، ژار، ژاراوی، دەرماناوی ۞ پیشوند: سم، سمی، زهرآگین

toxaemia /tɒkˈsiːmiə, US tɑːk-/ *noun*, US toxemia
1 ژاراوی‌بوونی خوێن، ژاراوی‌بوون بە خوێن 2 pre- = (toxaemia of pregnancy هەروەها) (toxaemic *adj*) eclampsia ۞ مسمومیت خون

toxaphene /ˈtɒksəfiːn/ *noun*
جۆرێ مێرووکوژ $C_{10}H_{10}Cl_8$، ئێستا لە ئەمریکا بەربەندە ۞ توکسافن

toxic /ˈtɒksɪk, US ˈtɑːk-/ *adjective*, *noun*
adj ژاراوی *n* (toxics) مەتریاڵی ژاراوی (toxically *adv*؛ بنەڕەت: لە لاتین *toxicum*) ("poison") ۞ *adj* سمی *n* ماده‌ی سمی

toxic(o)- *prefix*
پێشگر: ژار، دەرمان (بنەڕەت: لە *toxemia* یۆنانی *toxicon*) ۞ پیشوند: زهر، سم

toxicant /ˈtɒksɪk(ə)nt/ *adjective*, *noun*
adj ژاراوی، ژاری، دەرماناوی *n* دەرمان یان مەتریاڵی ژاراوی، ب.ت. pesticide ۞ *adj* سمی *n* دارو یا ماده‌ی سمی

toxicity /tɒkˈsɪsəti, US tɑːk-/ *noun*, *pl.* toxicities
ژاراوی‌بوون، دەرماناوی‌بوون، ژاراویێتی ۞ سمیت، زهرآگینی

toxicogenic *adjective*
بەرهەم یان دەرمانە ژاراوییەکان بەرهەم دێنێ

ⓒ توکسیکۆژنیک

toxicology /ˌtɒksɪˈkɒlədʒi, US ˌtɑːk-/ *noun*

دەرمانناسی، ژارناسی، ژارەوانی toxicological /ˌtɒksɪkəˈlɒdʒɪkl, US ˌtɑːksɪkəˈlɑːdʒɪkl/ *adj*؛ toxicologically *adv*؛ toxicologist /-dʒɪst/ *n*: دەرمانناس، ژارناس، ژارەوان) ⓒ سمشناسی، زهرشناس

toxicosis *noun*

1 ژاراویبوونی خوێن 2 نەخۆشی لە ئەنجامی خواردنەوەی دەرمان یان ژار ⓒ 1 مسمومیت خونی 2 بیماری ناشی از خوردن زهر

toxic shock syndrome *noun*, also toxic shock

(نەخۆشییەکی گرژە لە ژناندا بە هۆی بەکتریایەکی بەزیان (*Staphylococcus aureus*) لە نێو شەرمیان، لەبەر بەکارهێنانی تامپۆن تووش دەبێ) ⓒ توکسیک شوک سیندروم

toxigenic /ˌtɒksɪˈdʒenɪk/ *noun*

(ب.ت. بەکتریایی) ژاراوپێکهێن، ژاراوساز: *toxigenic bacteria and fungi* (toxigenicity *n*) ⓒ سمزا

toxin /ˈtɒksɪn, US ˈtɑːk-/ *noun*

ژاراوک، ژاراو، زەهراو (هی وردەزیندەوەر یا زیندەوەرانی تر) ⓒ زهرابه

toxocara /ˌtɒksəˈkɑːrə/ *noun*

سەرژار(اوی): جۆرێ کرمی نێماتۆدی مشەخۆری سەگ، پشیلە و گیانەوەرانی تر و دەتوانێ بۆ مرۆڤ راگوێزرێ [توخم *Toxocara*] (بنەرەت: لە toxo- + *kara* ی یۆنانی "سەر ;"head (toxocariasis *n*) ⓒ توکسوکارا

toxoid *noun*

(پزشکی) جۆرێ توکسینی بەکتریایی کە بەهۆی ماکە کیمیاییەکانەوە لە زیان خراوە و وەک ڤاکسین بەکاردێنرێ ⓒ توکسوید

toxoplasma *noun*

دەستە sporozoan ی کە زۆرتر هۆکاری نەخۆشخەری بربڕەدارەکانن [توخم *Toxoplasma*] (toxoplasmic *adj*) ⓒ توکسوپلاسما

toxophillite /tɒkˈsɒfɪlʌɪt/ *noun*, *adjective*

n شاگرد یا هۆگری تیراوێژی *adj* سەربە تیراوێژان یان کەوانەوانی (toxophily *n*) ⓒ *n* شاگرد یا دوستدار تیراندازی *adj* وابسته بە تیراندازان یا تیراندازی

toxoplasmosis /ˌtɒksəʊplazˈməʊsɪs/ *noun*, *pl.* toxoplasmoses

جۆرێ نەخۆشی کە بەهۆی سەرەتاژیاوێکی (*Toxoplasma gondii*) protozoan مشەخۆرەوە تووش دەبێ و زۆرتر بە رێگای گۆشتی باشنەکولاو، گڵ یان پیسایی پشیلەوە

رادەگوێزرێ ⓒ توکسوپلاسموز

toy /tɔɪ/ *noun*

1 کەلوپەلی کایە، لیستوک، لەیزتوک، شتی کایە 2 کەرەسەی سەرگەرمی، شتی رابواردن، شتی بۆ سەرقاڵی یان رابواردن 3 (وەکوو ئاوەڵناو، سەگ) چکۆلە ⓒ 1 اسباب بازی 2 وسیلەی سرگرمی 3 کوچک

toy boy *noun*

(نافەرمی) دڵداری ژنێ کە زۆلە و منداڵکارترە ⓒ توی بوی

toyer *noun*

سازەری کەلوپەلی کایە یان یاری ⓒ سازندەی اسباببازی

toyshop *noun*

دووکانی فرۆشتنی کەلوپەلی کایە ⓒ اسباببازیفروشی

trabeated /ˈtreɪbɪətɪd/ *adjective*

دارەڕاکراو ⓒ ترابیتید

trabeation /ˌtreɪbɪˈeɪʃ(ə)n/ *noun*

دارەڕا (لەچاو تاق و...) ⓒ ترابیاسیون

trabecula /trəˈbekjʊlə/ *noun*, trabeculae /-liː/

(توێکاری و رووەکناسی) دەستەکژە، دەستەکۆلە، میلەمیلە (trabecular *adj*: خاوەن دەستەکژە، دەستەکۆلەدار، میلەمیلەیی؛ trabeculate /-lət/ *adj*: دەستەکۆلەدار، میلەمیلەیی) ⓒ ترابکیولا

trace[1] /treɪs/ *noun*

1 شوێن، مۆرک، نیشان، جێپێ، جێپا، شوێنپێ، تونگ، رەگە، شەقڵ، رێگا، شوپ، شوێنەوار، ئاسەوار، vestige، engram: *It's exciting to discover traces of earlier civilizations* ◊ *Police searched the area but found no trace of the escaped prisoners* 2 بڕێکی (زۆر) کەم، نەختاڵ: *The post-mortem revealed -es of poison in his stomach*؛ بڕێکی یەکجار کەمی هێندێ ئاوێتەی کیمیایی chemical component 3 (ئەمریکا و سووڕینستەکان) رێگا، رێ، رێڕەو 4 بارشتی کەمتر لە 0.127 میلیمیتر (0.005 ئینچ) 5 نیشانە یا هێڵێکی کێشراو؛ کێشانەوە 6 شوێن یا شوێنەواری دەزگای بوومەلەرزەپێو یان لەرەپێو seismograph و شتی وا ⓒ 1 رد، اثر 2 مقدار اندک 3 مسیر، راه 4،5 و 6 تریس

trace[2] /treɪs/ *noun*

1 قایش یان تاسمەی بەستنەوەی ئەسپ بە عەرەبانەوە 2 (فریز kick over the traces) سەربزێوی کردن، بەلەسەبوون، یاخی بوون، کۆتوبەند فڕێدان، سەرهەڵگرتن، بوونە نافەرمان یان سەرچەوت، بوونە سەربەخۆ، پەت پچڕاندن ⓒ 1 پاسرنگه 2 نافرمانی کردن، سرپیچی کردن

traceable /'treɪsəbl/ *adjective*
شـــیاوی شـــوێن‌کـــەوتن یـــا بـــەدواداچوون، ئەدۆزرێتـــەوە، بـــۆ لەدواکـــەوتن دەبـــێ، شـــیاوی بەدواکەوتن، شوێنی هەڵدەگیرێ (traceability *n*) ۞ قابل تعقیب

trace element *noun*, also minor element
توخمی کەم‌ترە یان کەمینە، بڕەتوخم (ڕەگەز یان توخمێ کە گیانداران بۆ مانەوەیان بڕێ پێویستی‌یان بەو هەیە) ۞ عنصر کمینه

trace fossil *noun*
(زەوی‌ناسی) بووبەردی شوێنەوار (تا خودی گیانەوەرەکە) ۞ فسیل اثر

traceless /'treɪsləs/ *adjective*
بێ‌نیشان، بێ‌شەقڵ، بێ‌شوێنەوار ۞ بی‌اثر

tracer /'treɪsə(r)/ *noun, adjective*
n 1 فیشەکی ڕەسام، گوللەی ڕەسام: *tracer bullets* 2 نەخشەکێش 3 (مەتریاڵ) شوێن‌دۆز، شوێن‌هەڵگر: *Radioactive tracers have been used to map the metabolic activity of the brain* *adj* ڕەسام ۞ *n* 1 گلولەی رسام 2 نقشەکش 3 ردیاب *adj* رسام

tracer element *noun*
(کیمیا) توخمی شوێن‌هەڵگر ۞ عنصر ردیاب

tracery /'treɪsəri/ *noun, pl.* traceries
نەخشی تۆڕی (= بەشی سەرووی پەنجێرەی کلێسە، لە شێوازی گۆتیک‌دا) ۞ نقش توربافت

trache(o)- /trə'kiːəʊ, 'trakɪəʊ, 'treɪkɪəʊ/ *prefix*
پێشگر: بۆری هەوا یا هەناسە، هەناسەڕێ: *tracheotomy* ۞ پیشوند: نای

trachea /trə'kiːə , US 'treɪkiə/ *noun, pl.* tracheae /-'kiːiː/ or tracheas
1 (توێکاری) قوڕقوڕاگە، بۆری هەناسە یان هەوا، بینەڕێ، هەناسەڕێ، نێ، نەی، windpipe (بۆری یان لوولەیێکی پەردەیی، بۆ ڕاگوێستنی هەوا لە قوڕگەوە larynx بۆ بۆریچەکانی هەوا bronchial tube) 2 (مێروناسی) بۆری هەوا لە لەشی مێرووییێ 3 لوولە یان ڕەگ لە ڕووەکێک‌دا، ئاوخۆرە ۞ 1 نای، قصبه‌الریه 2 تراکیا 3 (گیاەشناسی) مجرا، آوند

tracheal /'treɪkɪəl/ *adjective*, also trachean
قوڕقوڕاگەیی، سەربە بۆری هەوا یان هەناسەڕێ، نەیی ۞ وابسته به نای

tracheate /'treɪkɪeɪt/ *adjective*, also tracheated
قوڕقوڕاگـــەدار، خـــاوەنی قوڕقوڕاگـــە، هەناسەڕێ‌دار، خاوەن بۆری هەناسە، نەی‌دار (وەک ئەندامێکی هەناسەدان) ۞ دارای نای

tracheid *noun*
ئاوخۆرەدارینە: خانەیێکی درێژ و لوولەیی ئاوخۆرەی داری (tracheidal *adj*: سەربە ئاوخۆرەدارینە، ئاوخۆرەدارینەیی) ۞ تراکید

tracheitis *noun*
ئاوسانی قوڕقوڕاگە، هەوکردنی بۆری هەناسە ۞ ورم یا آماس نای

tracheobronchial *adjective*
سەربە قوڕقوڕاگە یا بۆری هەناسە و بۆری هەوا ۞ وابسته به نای و نایژه

tracheole *noun*
قوڕقوڕاگچە، نەیچک، نەیچە، نێچک، بۆریچەی هەناسە (ی مێروویی، tracheolar *adj*) ۞ نایژک

tracheophyte *noun*
ڕووەک یان گیا ئاوخۆرەیی‌یەکان [بەش Tracheophyta] ۞ تراکیوفیت

tracheostomy *noun, pl.* tracheostomies
1 تێ‌کردنی کونێکی دەسکرد لە ملەوە بۆ بۆری هەناسە (یان قوڕقوڕاگە)، ب.ت. بۆ هەناسەدانی ئاسان 2 کونێکی وا ۞ تراکیوفیت

tracheotomist *noun*
قوڕقوڕاگەبڕ، نەی‌بڕ ۞ نای‌شکاف

tracheotomy /ˌtræki'ɒtəmi, US ˌtreɪki'ɑːt-/ *noun*, also tracheostomy /-'ɒstəmi/, *pl.* tracheotomies
(پزشکی) نەشتەرگەری بۆ بڕینی کونێ لە بۆری هەوادا کە بتوانرێ لەوێوە هەناسە هەڵکێشرێ، نەی‌بڕی، قوڕقوڕاگەبڕی، دەرکێشانی بۆری هەناسە ۞ نای‌شکافی

tracheotomy tube *noun*
لوولەی هەناسە(کێشان) دەخرێتە کونی قوڕقوڕاگەوە ۞ تراکیوتومی تیوب

trachoma /trə'kəʊmə/ *noun*
تراخوما، ئالەکە؟، بۆخۆیی، وەردێنە (جۆرێ نەخۆشی بەکتریایی گیرۆ یان بگرەوەی درێژخایەن contagious chronic، بەهۆی chlamydia پێکەوە تووش دەبێ (*Chlamydia trachomatis*، ئەگەر چارەسەر و دەرمان نەکرێ کوێری بە دواوە دەبێ) ۞ تراخوما

trachyte /'treɪkʌɪt, US 'trakʌɪt/ *noun*
(زەوی‌ناسی) تراکایت، زبرە(بەرد، جۆرێ بەردی گڕکانی دەنک‌وردی بۆر، زۆرتر لە فێلدسپاری ئالکالی پێکهاتووە؛ trachytic *adj*) ۞ تراکیت

tracing /'treɪsɪŋ/ *noun*
کێشانەوە، کۆپی (نەخشە و هتد) ۞ ترسیم، کپی

tracing-paper *noun*
کاغەزی ڕوون یان چەرمی، کاغزی کاڵک ۞ کاغذ کالک

track /træk/ *noun*
1 شوێن، شەقڵ، مۆرک، جێ، نیشانە، نیشان، سۆراخ، شۆپ: *We followed the bear's tracks in the snow* ◊ *tyre tracks* 2 لاڕێ، کوێرەڕێ، باریکەڕێ، توولەڕێ، ڕێڕەو، ڕێباز،

ریگا، ریٚ‌وشویٚن: *a muddy track through the forest* 3 (ریٚــی ئاســن) هـــیٚل: *India has* ◊ *railway/railroad tracks* (تانک و هتد) 4 *thousands of miles of track* زنجیر 5 ئاواز، هەوا 6 رەیل 7 زنجیرە، یەک بە دوای یەک‌هاتن، زنجیرەی رووداوەکان 8 بنی پێ یان لاقی باڵندە 9 پارچە موسیقایێ لەسەر سی‌دی، کاسیت و هتد، تراک: *a track from their latest album* 10 مەیدان، گۆرەپان، پیست، شوێن، ڕێڕەو (بۆ پێشبڕکێ) ◯ 1 رد، اثر 2 کوره‌راه، راه، مسیر 3 (راه‌آهن) خط 4 (تانک و...) شنی 5 آهنگ 6 ریل 7 تسلسل، تسلسل وقایع 8 کف پای پرنده 9 تراک 10 پیست، زمین

trackage /'trækɪdʒ/ *noun*
هێڵ(ەکان)ی ڕێی ئاسن ◯ خطوط راه‌آهن

track and field *noun*, athletics
ڕاکردن و گۆرەپان (وەرزشی وەک ڕاکردن، بازدان و هتد) ◯ دو و میدانی

tracked *adjective*
(تانک، رادەر و هتد) زنجیری، زنجیردار، زنجیربەند ◯ شنی‌دار، زنجیردار

tracker /'trækə(r)/ *noun*
شوێن‌هەڵگر، شوێ‌گر، شوێن‌دۆز، سۆراخ‌گر، بەدواداگەڕ، شوێپاژۆ: *The trackers located the rhino and darted it with tranquillizing drugs* ◯ ردیاب، ردگیر

tracker dog *noun*
سەگی شوێن‌هەڵگر ◯ سگ ردیاب

track event *noun*
پێشبڕکێی ڕاکردن، ڕا(کردن)بڕکێ ◯ مسابقه‌ی دو

tracking *noun*
شوێن‌هەڵگری، شوێناژۆیی، شوێ‌گری، شوێ‌گیری، بەدواداگەڕان، مڵ‌ومۆ، شوێپاژۆیی ◯ ردیابی، ردگیری

tracking station *noun*
(ڕاکێت، ساتەلایت و هتد) وێستگەی شوێن‌هەڵگری ◯ ایستگاه ردیابی

tracklayer /'trækleɪə(r)/ *noun*
وەستاکاری رەیل یان ڕێی ئاسن، رەیل‌ساز ◯ تعمیرکار ریل

trackless *adjective*
بێ‌ڕێڕەو، بێ‌ڕیگا ◯ بدون مسیر

trackless trolley = trolleybus

trackman *noun*, *pl.* also trackmen
وەستاکاری رەیل یان ڕێی ئاسن، رەیل‌ساز ◯ تعمیرکار ریل

track meet *noun*
زنجیرە پێشبڕکێی بازدان، ڕاکردن و هتد ◯ مسابقات دو و میدانی

track record *noun*
پێشینە، رابووری، ڕابوردە ◯ سابقه

track shoe *noun*
پێڵاو یان کەوشی ڕاکردن ◯ کفش دوندگی

tracksuit /'træksu:t/ *noun*
جلی وەرزشی ◯ گرمکن

tract[1] /trækt/ *noun*
1 ماوە 2 پانتایی، مەڵبەند، پارچە، ناوچە، ناوان، دەڤەر 3 نیشان، شوێن، شەقڵ، جێ، شوێنەوار 4 (توێکاری) کۆئەندام، دەزگا: *the digestive tract* ◯ 1 مدت 2 گستره، قطعه، منطقه 3 اثر، رد 4 (کالبدشناسی) دستگاه

tract[2] /trækt/ *noun*
نامیلکە، سپیارە (ب.ت. لەباری ئاکار، دین و هتد) ◯ رساله

tractability /ˌtræktə'bɪləti/ *noun*
1 گوێڕایەڵی، ملکەچی، بەقسەکردوویی، قسەبیسی، ڕامی، ڕام‌بوویی، لەکۆنترۆڵ‌هاتوویی، کۆنترۆڵ‌ئاسانی، مەهارکراوی، زووداپین(کراو)ی، زووکۆنترۆڵ‌کراوی 2 نەرمی ◯ 1 رام‌شدگی، اطاعت 2 چکش‌خواری

tractable /'træktəbl/ *adjective*
1 گوێڕایەڵ، ملکەچ، دەستەمۆ، بەقسەکردوو، بەگوێ، قسەبیس، ئارام، ڕام، ڕام‌بوو، لەکۆنترۆڵ‌هاتوو، زووداپین(کراو)، مەهارئاسان، کۆنترۆڵ‌ئاسان، زووکۆنترۆڵ‌کراو 2 نەرم ◯ 1 رام، مطیع 2 چکش‌خوار

tractarianism /trak'tɛːrɪənɪz(ə)m/ *noun*, also Tractarianism
1 تراکتاریەنیزم (بزووتنەوەیەکی دینی کە لە 1833 لە ئاکسفۆرد دامەزرا) 2 لایەنگر یان پشتیوانی بزاوتی ئاکسفۆرد ◯ تراکتاریَنیسم

tractate /'trakteɪt/ *noun*
1 (فەرمی) سپیارە، نامیلکە 2 دانوستان، وتووێژ ◯ 1 رساله 2 مذاکره

traction /'trækʃn/ *noun*
1 (ڕا)کێشان، کێشمان، هێزی (ڕا)کێشان، جوونەیەک، کرژبوون 2 (پێچکە و هتد) لێک‌خشان، خشان 3 ئاست یان ڕووی (لێک)خشان ◯ 1 کشش، نیروی کشش، انقباض 2 (چرخ و...) اصطکاک 3 سطح اصطکاک

traction engine *noun*
ماشێنی بارکێشی هەڵمی یان دیزڵی ◯ وسیله‌ی نقلیه‌ی بخاری یا دیزلی

tractive /'træktɪv/ *adjective*
کێشەر، ڕاکێشە، سەربە هێزی ڕاکێشان ◯ کشنده، وابسته به نیروی کشش

tractive power *noun*
هێزی ڕاکێشان ◯ نیروی کشش

tractor /'træktə(r)/ *noun*
تراکتۆر، ڕاکێشە(ک)، دەزگای کێلان ◯ تراکتور

tractor-trailer *noun*, also trailer truck

ترێلی ۞ تریلی

trad /træd/ = trad jazz

trade /treɪd/ *noun*

1 سەودا، مامەڵە، مامەڵە، کڕین و فرۆشتن، دانوستان 2 کارداری، بازرگانی، سەوداگەری، بازاڕداری: *international/foreign trade* ◊ *the international trade in oil* 3 کار، *building/food/tourist, etc. trade* پیشە، ئیش، کاسپی، کار و کاسپی 4 پیشەسازی، پیشەگەر 5 بەرزەوەندەبا 6 (وەرزش، لە ئەمریکا) راگوێستن، گوێستنەوە، گۆڕینەوە ۞ 1 معامله 2 تجارت، بازرگانی 3 شغل، حرفه 4 صنعت، اهل فن 5 باد بسامان 6 (ورزش) انتقال، تعویض

tradeable /ˈtreɪdəbl/ *adjective,* also tradable /ˈtreɪdəbl/

لەسەوداهاتوو، سەودا دەکرێ ۞ قابل معامله

trade balance = balance of trade

trade deficit *noun,* also trade gap

لاسەنگی کارداری، ناهاوسەنگی بازرگانی (داشکانەوەی هاوردە بەسەر هەناردەدا) ۞ عدم موازنەی بازرگانی

trade discount *noun*

پەرچەژمارەی بازرگانی ۞ شمارش معکوس تجاری

trade fair *noun*

پیشانگا یان فرۆشگای (کەلوپەلی) بازرگانی، پیشانگای کەلوپەلی پیشەسازی ۞ نمایشگاه یا فروشگاه تجاری

trade-in *noun,* also part exchange

ئاڵوگۆڕ، ئاڵشت، گۆڕینەوە ۞ معاوضه

trade magazine *noun*

کۆڤاری پیشەیی ۞ مجلەی حرفەای

trademark /ˈtreɪdmɑːk, US -mɑːrk/ *noun*

1 دروشمی بازرگانی، ناو یا دروشمی کارداری، نیشانەی بازرگانی (کورتەکەی: TM) 2 تایبەتمەندی، رەوشت ۞ 1 نام بازرگانی 2 ویژگی

trade name *noun*

دروشم یا ناوی بازرگانی، دروشم یا ناوی کارداری ۞ نام تجارتی

trade-off *noun*

1 هاوسەنگی، هاوکێشی: *a trade-off between increased production and a reduction in quality* 2 ئاڵوگۆڕ، دانوستان، گۆڕینەوە، ئاڵشت 3 یەککەوتنەوە، ئاشتبوونەوە، سازان ۞ 1 توازن 2 معاوضه 3 سازش

trade price *noun*

نرخی کارداری یان بازرگانی، بەهای کۆفرۆشی یان جوملەفرۆشی ۞ قیمت تجارتی

trader /ˈtreɪdə(r)/ *noun*

1 کاردار، بازرگان، تاجر، سەوداگەر 2 کەشتی کارداری یان بازرگانی ۞ 1 تاجر، بازرگان 2 کشتی بازرگانی یا تجاری

trade route *noun*

ڕێڕەوی بازرگانی یان کارداری، ڕێباز یان ڕێگای کارداری ۞ مسیر تجاری یا بازرگانی

trades = trade wind

tradescantia /ˌtrædɪˈskæntɪə/ *noun*

گیایێکی ئەمریکایی گوڵسێپەڕەی سێگۆشە، زۆرتر وەک گیای ماڵی شین دەبێ [تۆخم *Tradescantia*] (بنەڕەت: لە ناوی ڕووەکناسی ئینگلیسی *John Tradescant* (1570 1638) ۞ نوعی گیاه

trade school *noun*

(لە ئەمریکا) خوێندنگای پیشەیی ۞ هنرستان فنی و حرفەای

trade secret *noun*

1 نهێنی یان سڕی کارداری، راز یان نهێنی بازرگانی: *to give away trade secrets* 2 (خوازە) راز، سڕ، نهێنی، نەهێنی ۞ 1 راز تجارتی 2 (مجازی) راز

trade show = trade fair

tradesman /ˈtreɪdzmən/ *noun, pl.* tradesmen

دووکاندار ۞ مغازەدار

tradespeople /ˈtreɪdzpiːpl/ *noun*

دووکانداران، خەڵکی بازاڕی، خەڵکی نێو بازاڕ ۞ کسبه

the Trades Union Congress *noun*

(بریتانیا) کۆنگرەی یەکێتی کرێکاران ۞ کنگرەی اتحادیەهای کارگری

trades unionist = trade unionist

trade surplus *noun*

زیادی کارداری، پاشماوەی بازرگانی ۞ مازاد تجاری

tradeswoman *noun, pl.* tradeswomen

دووکاندار ۞ مغازەدار

trade union *noun,* Brit. also trades union

یەکێتی کرێکاری ۞ اتحادیەی کارگری

trade unionism *noun*

سیستەم یان ڕێکخستەی یەکێتییانە، یەکێتیخوازی: *the history of trade unionism* ۞ نظام اتحادیەای، اتحادیەگرایی

trade unionist *noun*

ئەندامی یەکێتی کرێکاری ۞ عضو اتحادیەی کارگری

trade wind *noun*

بای ئالیزە، بەرزەوەندەبا، بای بەرزەوەندی (لە باشووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو پشتێنەی زەوی) ۞ باد بسامان

trading /ˈtreɪdɪŋ/ *noun*

سەودا، مەعامەلە، کڕین و فرۆشتن، دانوستان،

گۆڕینەوە، ئاڵشت، تاق(لێدان): *Shares worth*
$8 million changed hands during a day
معامله، معاوضه ⟐ *of hectic trading*

trading estate *noun*
ناوچە یان شارۆچکەی پیشەسازی ⟐ منطقه یا شهرک صنعتی

trading partner *noun*
لایەنی سەودا یان کارداری یان بازرگانی ⟐ طرف معامله یا تجارت

trading post *noun*
ناوەندی کڕین و فرۆشتنی دوورەشار، بازاڕی دەرەوە (ی شار) ⟐ مرکز خرید و فروش دور از شهر

trading stamp *noun*
پوولی لێدەرکردن ⟐ تمبر تخفیف

tradition /trəˈdɪʃn/ *noun*
1 نەریت، کەلەپوور، یاسا، ڕوسم، داب، دەستوور، ڕێوشوێن، هەر شێوە یا پرەکتیسێکی داکوتراو یا بنجبەستوو، کەڤنەشوێن: *This* ◊ *religious/cultural, etc. traditions*
باوەڕی باو 2 *region is steeped in tradition*
3 (ئایینی) فەرموودە، حەدیس، گێڕانەوە، in the tradition of) Hadith: بە شێوەی، بە شێوازی: *He's a politician in the tradition*
2 عرف، فراداد، رسم، سنت 1 ⟐ *(of Kennedy*
عقیدەی رایج 3 حدیث، روایت

traditional /trəˈdɪʃənl/ *adjective*, also traditionary
1 نەریتی، خۆماڵی، کەڤنەشوێنی: *traditional*
Their ◊ *traditional values* ◊ *dress*
2 ئاسایی، باو، *marriage is very traditional*
کۆن، لەمێژینە، دێرین، کەونار، باستانی:
3 *traditional methods of teaching*
فەرموودەیی 4 (جاز) بەپێی شێوازی سەرەتاکانی سەدەی بیستدا ⟐ 1 سنتی 2 مرسوم، قدیمی، باستانی 3 حدیثی 4 تراديسيونال

traditionalism /trəˈdɪʃənəlɪzəm/ *noun*
نەریتباوەڕی، فەرموودەباوەڕی ⟐ سنت‌گرایی، تراديسيوناليسم

traditionalist /trəˈdɪʃənəlɪst/ *noun*, *adjective*
n نەریتباوەڕ *adj* نەریتباوەڕییانە، نەریتی *adj* ⟐ *n* سنت‌گرا (traditionalistic *adj*) سنن‌گرایانه

traditionally /-ʃənəli/ *adverb*
نەریتییانە، بە شێوەیەکی نەریتی، هەر لە کۆنەوە، بەپێی نەریت: *The festival is*
The study ◊ *traditionally held in May*
compared the results of mature and -ally
به طور سنتی ⟐ *qualified students*

trad jazz *noun*
موسیقای جازی نەریتی ⟐ تراد جاز

traducement *noun*
تۆمەتبارکردن، بوختانپێکردن، چەفتەلێدان، قسەبۆهەڵبەستن، تۆمەتلێدان، گوناهبارکردن ⟐ عمل تهمت زدن، افترا، اتهام

traducer *noun*
بوختانپێکەر، بوختانچی، بوختانباز، چەفتەلێدەر، قسەبۆهەڵبەست، نێوزڕێن ⟐ مفتری

traffic /ˈtræfɪk/ *noun*
1 هاتوچۆ، هامووشۆ، ترافیک 2 گوێزانەوە، گوێستنەوە 3 ژمارەی ئەو خەڵک و بارانەی کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر بە ڕێگای دەریا، ئاسمان و عەرزەوە رادەگوێزرێن، بار یان ڕێبوار (بەگشتی) 4 قاچاخ 5 سەودا، مامەڵە، دانوستان، کڕین و فرۆشتن، ئاڵوگۆڕ، گۆڕینەوە 6 ئەو پەیام و ئاماژە و سیگناڵانەی کە بە ڕێگای سیستم یان دەزگای پێوەندییەوە رادەگوێزرێن ⟐ 1 عبور و مرور 2 حمل و نقل 3 بار یا مسافر 4 قاچاق 5 معامله، مبادله 6 ترافیک

trafficator /ˈtrafɪkeɪtə/ *noun*, also traffic indicator
(ماشین) چرای هاتوچۆ، ترافیکاتۆر (بۆ پیشاندانی ئەو لایە کە ماشینەکە لادەدا) ⟐ چراغ راهنما

traffic calming *noun*
خاوکردنەوەی هاتوچۆ (خاوکردنەوەی بەئانقەستی هاتوچۆ لە شوێن و گەڕەکی نیشتەجێ بەهۆی سازکردنی سەکۆ و قوتایی سەر ڕێ یان شتێکی وا؛ بنەڕەت: وەرگێراوی ئەڵمانی) *Verkehrsberuhigung* ⟐ ترافیک کامینگ

traffic circle = North American term for roundabout

traffic cop *noun*
پۆلیسی هاتوچۆ ⟐ پلیس راهنما

traffic court *noun*
دادگای هاتوچۆ (یان ترافیک، بۆ ئەو کەسانەی کە ماشینەکانیان خراپ لێخوڕیوە) ⟐ دادگاه ترافیک

traffic island *noun*
دوورگەی بێمەترسی (قوتایی نێوەڕاستی ڕێگا کە خەڵک دەتوانن چاوەڕێ بمێننەوە تا بارودۆخ بۆ پەڕینەوە باشتر دەبێ) ⟐ جزیره‌ی ایمنی

traffic jam *noun*
ڕێبەندان، ڕێبەستان، ڕێگیران ⟐ راه‌بندان

trafficker *noun*
قاچاخچی ⟐ قاچاقچی

trafficking *noun*
قاچاخ، کڕین و فرۆشتنی ناقانوونی ⟐ قاچاق

traffic lights *noun, pl.*, also traffic light or traffic signal

چراکانی هات‌وچۆ (زەرد، سوور و سەوز) ۞ چراغ‌های راهنمایی

traffic school *noun*

خوێندنگای هات‌وچۆ ۞ مدرسه‌ی ترافیک

traffic warden *noun*

چاودێری راگرتن، پارکەوان ۞ مأمور پارک

tragacanth /ˈtragəkanθ/ *noun*

(رووەکناسی) کەتیرە، گۆنی، گوێنی، گەون (هەروەها tragacanth shrub] *Astragalus gummifer*]) ۞ کتیرا

tragedian /trəˈdʒiːdiən/ *noun*

1 تراژیدی‌نووس 2 ئەکتەری تراژیدی ۞ 1 تراژدی‌نویس 2 بازیگر تراژدی

tragedienne /trəˌdʒiːdiˈen/ *noun*

ئەکتەری ژنی تراژیدی ۞ بازیگر زن تراژدی

tragedy /ˈtrædʒədi/ *noun, pl.* tragedies

تراژیدی، کارەسات، رووداوی جەرگبڕ، لێقەومان، نەهامەتی، بەڵا، کوست، تەڵەزگە، خەمنامە، کوستنامە، کارەساتنامە، شانۆی کارەسات یان تراژیدی ۞ تراژدی، فاجعه، مصیبت‌نامه

tragic /ˈtrædʒɪk/ *adjective*

1 سەربە (شێوازی) تراژیدی، تراژیک 2 یەکجارناخۆش، جەرگبڕ، کارەساتاوی، کارەساتبار، دڵتەزێن، پڕبەڵا، بەلابار، خەماوی، ترسناک، کوستخەر، ماڵوێرانکەر ۞ 1 وابسته به تراژدی 2 فاجعه‌آمیز، غم‌انگیز

tragically /-kli/ *adverb*

جەرگبڕانە، بە شێوەیەکی کارەساتاوی، کارەساتبارانە ۞ به طور غم‌انگیز

tragic flaw = less technical term for hamartia

tragicomedy /ˌtrædʒiˈkɒmədi, US -ˈkɑːm-/ *noun, pl.* tragicomedies

تراژیدی-کۆمیدی، تاڵوشیرین، خۆش‌وناخۆش، کارەسات-بەزمەسات ۞ تراژدی-کمدی

tragicomic /-ˈkɒmɪk, US -ˈkɑːm-/ *adjective*, also tragicomical

1 یەکجارناخۆش، جەرگبڕ، دڵتەزێن، کارەساتاوی، کارەساتبار، پڕبەڵا، خەماوی، ترسناک، کوستخەر، ماڵوێرانکەر 2 سەربە تراژیدی-کۆمیدی (tragicomically *adv*) ۞ 1 غم‌انگیز 2 وابسته به تراژدی-کمدی

tragopan /ˈtragəpan/ *noun*

pheasant ی ئاسیایی [تۆخم: *Tragopan* چەندین جۆرن] ۞ تراگوپان

tragus /ˈtreɪgəs/ *noun, pl.* tragi /ˈtreɪgʌɪ, US ˈtreɪdʒʌɪ/

(توێکاری و گیانەوەرناسی) کرۆژە یا کرکراگەی پێشەوەی گوێ، زمانەی گوێ (بنەڕەت: بە رێگای لاتین لە *tragos* یونانی "بزن") ۞ عضروف جلو گوش

trail /treil/ *noun*

1 پاشکۆ، کلک 2 شوێن، شەقڵ، مۆرک، جێ، نیشانە، سۆراخ، شوێنەوار، ئاسەوار، شۆپ، رچە: *a trail of blood* 3 لارێ، رێچکە، کوێرەرێ، باریکەرێ، توولەرێ 4 (لە تۆپ‌دا) گاسن ۞ 1 دنباله 2 رد، اثر 3 کوره‌راه 4 گاوآهن

trailblazer /ˈtreɪlbleɪzə(r)/ *noun*

1 رچەشکێن، پێشەنگ، سەرکێش، سەرجەلە: *a trailblazer in the field of genetic engineering* = 2 innovator (trailblazing *adj, n*: 1 نەترسانە، بوێرانە، چاونەترسانە 2 پێشەنگ، سەرکێش، رچەشکێن: *trailblazing scientific research*) ۞ پیشاهنگ، پیش‌کسوت

trailer /ˈtreɪlə(r)/ *noun*

1 رووەکی خشۆک یان هەڵچوو 2 تریلێر، تریلی، بارکێشی پێچکەدار، پاشبەست، کاراڤان 3 بەرنامەی داهاتوو، پێش‌پەردە، کورتەی فیلم ۞ 1 گیاه خزنده 2 تریلر، کاراوان 3 برنامه‌ی آینده

trailer park *noun*, also trailer camp or trailer court

پارکینگ یا شوێنی کاراڤان ۞ پارکینگ کاراوان

trailer truck *noun*

ماشێنی باری مەنجەڵی یان جومگەدار ۞ کامیون مفصل‌دار

trailing /ˈtreɪlɪŋ/ *adjective*

(رووەک) خشۆک یان هەڵچوو، تەرزفرێدەر، تەرزئاژۆ ۞ خزنده

trailing arbitus *noun*

جۆرێ گیای خشۆکی گەڵاچەرمینەی سەوزەونی ئەمریکای باکووری، لە خێزانی heather [*Epigaea repens*] ۞ نوعی گیاه خزنده

trailing edge *noun*

لێواری پشتەوەی تیغەی پەرە یا پەروانە یا باڵی فڕۆکە ۞ ترایلینگ ادج

trailing plant *noun*

گیا یان رووەکی خشۆک یان پیاهەڵچوو ۞ گیاه خزنده

trailing wheel *noun*

پێچکە، رەوڕەوە یا چەرخی دواوە ۞ چرخ عقب

train /treɪn/ *noun*

1 کاروانە، شەمەندەفەر، قەتار، ترێن: *to get on/off a train* / *a passenger/commuter train* / *freight train* 2 کاروان، قەتار، ریز، لێزگە، زنجیرە، رێچکە، جەلە، خێزەرە: *a camel train* 3 کلک، دووف 4 (جل‌وبەرگ) پاڵلێم، کلک، پاشەڵ، خێشکە (لە دوای کەسێکەوە دەخشێ) 5 دەس‌وپێوەند، لەگەڵبووان 6 هێڵ یان رێچکەی باروت (بۆ تەقاندنەوە؛ لە *trahere* لاتین "(را)کێشان") ۞ 1 قطار 2 ردیف، رشته 3 دم 4 (لباس) دنباله 5 ملتزمین 6 خط باروت

trainband *noun*

(مێژوویی) کۆمەڵە سەربازی راهاتوو، ب.ت. لە

سەردەمی Stuart دا ۞ ترین‌باند

trained *adjective*

1 ڕاهێنراو، فێرکراو، پەروەردەکراو، هۆژاندی 2 (گیانەوەر) دەستەمۆ، بەرزین، دەساژۆ، فێر، ماڵی، کەدی، کەوی ۞ 1 تربیت‌شده، آموزش‌دیده 2 (حیوان) دست‌آموز

trainee /ˌtreɪˈniː/ *noun*

مەشق‌بین، فێرخواز ۞ کارآموز

traineeship *noun*

مەشق‌بینی، فێرخوازی ۞ کارآموزی

trainer /ˈtreɪnə(r)/ *noun*

1 ڕاهێنەر، مەشق(پێ)دەر 2 فڕۆکە یان سیمیولاتۆری مەشق (بۆ فڕۆکەوانان)، فڕۆکەی ڕاهێنان 3 (trainers، هەروەها training shoes، لە بریتانیا) پێلاوی وەرزشی، کەوشی ڕاهێنان، کەوشی وەرزشی ۞ 1 مربی، تربیت‌کننده 2 هواپیمای تمرین 3 (در جمع) کفش ورزشی

training /ˈtreɪnɪŋ/ *noun*

1 ڕاهێنان، مەشق، پەروەردە(کردن)، هۆژاندن، ئاخاوتن (ئەسپ): *pre-season training* 2 فێرکردن، فێرکاری، فێراندن، ئامۆژ، هین‌کردن: *a staff training ◊ training course* ۞ 1 تعلیم، تربیت 2 آموزش

training college *noun*

کۆلێژی ڕاهێنان، خانەی مامۆستایان ۞ دانشکده‌ی تربیت

training school *noun*

خوێندنگای پیشەیی ۞ مدرسه‌ی فنی و حرفه‌ای

training shoes = trainers

training wheels = stabilizers

trainload *noun*

باری شەمەندەفەر یان ترێن، بارەکاروانە ۞ محموله‌ی قطار

trainman /ˈtreɪnmən/ *noun, pl.* trainmen

کارکەری شەمەندەفەر، ئەندامی دەستەی کارکەرانی کاروانە یا شەمەندەفەر ۞ کارگر قطار

train mile *noun*

مایلی شەمەندەفەر (مایلێ کە شەمەندەفەر دەیبڕێ) ۞ مایل قطار

train oil *noun*

(زۆرتر مێژوویی) ڕۆنی نەهەنگ ۞ روغن نهنگ

train set *noun*

کۆی کەلوپەلی کایەی شەمەندەفەر، ڕەیل و شەمەندەفەری کایە ۞ مجموعه‌ی اسباب‌بازی قطار

trainsick *adjective*

تووشبوو بە سەرەگێژەی نێو شەمەندەفەر، شەمەندەفەرگرتوو ۞ قطارزده

trainspotter /ˈtreɪnspɒtə(r), US -spɑːt-/ *noun*

(بریتانیا) کەسێ کە ژمارەکانی لۆکۆمۆتیف کۆدەکاتەوە (وەک سەرقاڵی‌یێ)، ترێن‌ژمێر ۞ ترناسپوتر

trainspotting *noun*

کۆکردنەوەی ژمارەکانی لۆکۆمۆتیف، ترێن‌ژمێری ۞ ترناسپوتینگ

traipse /treɪps/ *noun*

1 (کۆن) ژنی شڕوشپرزە یان کارپیس، پنجل، slovenly 2 ڕێگاڕەوی لە ڕووی وەڕەزی‌یەوە ۞ 1 زن شلخته 2 پیاده‌روی از روی خستگی

trait /treɪt/ *noun*

1 تایبەتمەندی، ڕەوشت، خەسڵەت: *personality -its* 2 نیشانەی تایبەتی، جیانیشانە ۞ 1 ویژگی، خصلت 2 علامت اختصاصی

traitor /ˈtreɪtə(r)/ *noun*

بێگانەپەرست، خۆفرۆش، ناپاک، گورگانگاز، وڵاتفرۆش، خەیانەتکار، خایین، بێ‌بەڵێن، پەیمانشکێن ۞ خائن، پیمان‌شکن

traitorous /ˈtreɪtərəs/ *adjective*

بێگانەپەرست، خۆفرۆش، ناپاک، وڵاتفرۆش، خەیانەتکار، خەیانەتکارانە، بێگانەپەرستانە، خۆفرۆشانە: *traitorous behaviour ◊ a traitorous thought*

traitorously /ˈtreɪtərəsli/ *adv*

خەیانەتکارانە، بێگانەپەرستانە، خۆفرۆشانە) ۞ خائن، خائنانه

traitorousness /ˈtreɪtərəsnəs/ *noun*

خەیانەت، بێگانەپەرستی، خۆفرۆشی ۞ خیانت

traitress *noun*

بێگانەپەرست، خۆفرۆش، ناپاک، وڵاتفرۆش، خەیانەتکار (ژن) ۞ خائن (زن)

trajectory /trəˈdʒektəri/ *noun, pl.* trajectories

1 (گوللە، مووشەک و هتد) ڕێگا، ڕێڕەو، شوێن، هێڵی ڕۆیشتن، ڕێی خستن: *a missile's trajectory ◊ the trajectory of an artillery shell* 2 ڕەوت: *My career seemed to be on a relentlessly upward trajectory ◊ a downward career trajectory* ۞ 1 مسیر، خط سیر 2 روند

Trakehner *noun*

تراکێنێر: جۆری نژادی ئەسپی سواری زلە و بەقەوەتی پرۆسیای Prussia ڕۆژهەڵات ۞ تراکهنر

tram /træm/ *noun*, also tramcar

1 ترام 2 (مێژوویی) عەرەبانەی چوارپێچکەیی کانی خەڵووز ۞ تراموا

Traminer /trəˈmiːnə/ *noun*

1 جۆرێ ترێی مەی سپی، زۆرتر لە ئەڵمانیا و Alsace شین دەبێ 2 مەی سپی ئەو ترێیە ۞ ترامینر

tramlines /ˈtræmlaɪnz/ *noun*

ڕەیلی ترام، هێڵی ترام ۞ ریل تراموا

trammel /ˈtræm(ə)l/ *noun*

1 (trammels) کۆتوبەند، کۆتوزنجیر،

کۆسپ و تەگەرە، بەرتەنگی، بەرتەسکی، سنووورداری، بەستنەوە 2 (هەروەها trammel net، راو) تۆڕی سێ‌لۆنە یان سێ‌لا 3 پرگاری قۆڵقۆڵ یان قۆڵدار 4 قولاپ (ی کتری و... سەر ئاگردان؛ بنەڕەت: لە *tramail* فەرەنسی کۆن، لە *tremaculum* late Latin، لە *tres* یان *tri-* لاتین "سێ" + *macula* "spot، mesh") ◇ 1 قیود، محدودیت 2 نوعی تور 3 پرگار بازودار 4 قلاب

tramontana /ˌtrɑmɒnˈtɑːnə/ *noun*
Turkish delight *noun*
جۆرێ شیرینی ◊ راحت‌الحلقوم
Turkish slipper *noun*
سەرپایی تورکی (بێ‌پاژنە) ◊ نوعی دمپایی
Turkish Van *noun*
پشیلەی وان (نژادێکی پشیلەی تووکدرێژ و لەش‌سپی، بە خاڵی خورمایی لەسەر کلک و سەری، چاوی نارنجی گەشە، لە ناوی شاری وان لە باکووری کوردستان) ◊ نوعی گربه
Turkmen /'tə:kmən/ *noun, pl.* same or Turkmens
1 ئەندامی کۆمەڵێ لە گەلانی Turkic، دانیشتووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای کاسپیەن (خەزەر) و باشووری دەریای ئارال 2 زمانی تورکیکی ئەو گەلە ◊ ترکمن
Turkoman /'tə:kə(ʊ)mən/ *noun,* also Turcoman, *pl.* Turkomans
= 1 Turkmen 2 بەرەی تورکمان ◊ 1 = Turkmen 2 قالی ترکمن
Turk's cap lily = martagon lily
turmeric /'tɜ:mərɪk, US 'tɜ:rm-/ *noun*
1 زەردەچێوە، ئەسپەرە، ڕەهازەر، سەلەکێوی؟، هاڕاوەی گیایەکی هیندی (زوو وەک ڕەنگی چل و بەرگ) 2 ڕووەکی زەردەچێوە [*Curcuma longa*] ◊ 1 زردچوبه 2 گیاه زردچوبه
turmoil /'tɜ:mɔɪl, US 'tɜ:rm-/ *noun*
پشێوی، شێواوی، گەرەلاوژە، پاشاگەردانی، ئاڵۆزی، ئاژاوە، ئائارامی، شڵەژان، confusion: *Her ◊ emotional/mental/political turmoil mind was in (a) turmoil* ◊ اغتشاش، آشوب
turn /tɜ:n, US tɜ:rn/ *noun*
1 پێچ، خولانەوە، سووڕانەوە، چەرخ(خواردن)، چەمیوی، بادانەوە، گەڕاندنەوە، پێچدانەوە، دەورلێدان، گەڕانەوە، گەردان، وەرچەرخان، وەرسووڕان، گۆڕان، گۆڕین: *Give the handle a few turns ◊ Make a left/right turn into West Street ◊ a surprising turn of events* 2 (ڕێگا) پێچ: *a lane full of twists and turns* 3 نۆرە، دەور، خول، سوور، گەڕ: *Please wait your turn* 4 تەکان، زەبر، زەربە، خورپە 5 داشکانەوە، مەیل، لارەوەبوون 6 (نەخۆشی) هەڵەسوونهێنانەوە، نەخۆشی 7 پیادەڕەوی کورت، سواری کورت‌ماوە: *We took a turn around the park* 8 (تیاتر و هتد) بەرنامە 9 (turns) بێ‌نۆرێ، حەیز (زاراوە و ئیدیۆمەکان: continually ,at every turn: هەمیشە، هەموو کات: variously ,alternately ,by turns ◊ بە نۆرە، یەک لە دوای یەک، بە نۆبە، لە ڕووی نۆرەوە ◊ in turn: بە نۆرە، لە نۆرەی خۆیدا، لە جێی خۆیدا، پشت سەر یەک، بە ڕیز ◊ on the turn: لە کاتی گۆڕیندا، بە نۆرە، لە ڕووی نۆرەوە: *tide is on the turn* ◊ out of turn: بێ‌نۆرە، نۆرەی خۆی نییە: *play out of turn*؛ ناوەخت، نابەجێ، بێجێ، لە وەخت یان کاتی خۆیدا نییە، لە جێی خۆیدا نییە: *talking out*

به ریز، به :turn and turn about ◊ *of turn*
نۆره، یەک بە دوای یەک ◊ the turn of the
:century/year دەسپێک یان سەرەتای ساڵ،
It was built at the turn of the :سەدە
شێوەی :a turn of mind ◊ *century*
بیرکردنەوە، سروشت، تایبەتمەندی ◊ a turn
:of phrase شێوەی دووان یان قسەکردن، راوێژ
◊ a turn of the screw: گوشار یان پەستانی
زیادی، هەلومەرجی سەختتر، بارودۆخی
:a turn of speed ◊ گرانتر یان سەختتر
زۆربوونی کوتوپڕی خێرایی یان رادەی
پێشکەوتن) ۞ 1 پیچ، چرخش، گردش، برگشت،
تغییر، تبدیل 2 پیچ 3 نوبت، دور 4 تکان، شوک 5
گرایش 6 (بیماری) عود، بیماری 7 قدم‌زنی کوتاه،
ترن 8 برنامه 9 (در جمع) پریود

turnabout /'tɜ:nəbaʊt, US 'tɜ:rn-/ *noun*
لاگۆڕین، لادان، گەڕانەوە، بادانەوە، وەرچەرخان
(ب.ت. بیروباوەڕ) ۞ تغییر جهت، تغییر موضع

turnaround /'tɜ:nəraʊnd, US 'tɜ:rn-/
noun, also turnround
1 لادان، گەڕانەوە، بادانەوە، وەرچەرخان
They remain suspicious about :(بنەڕەتی)
the government's turnaround on
education policy 2 (خێرا) پێشکەوتن،
a :پەرەسەندن، هەڵدان، چوونەپێش، بازدان
turnaround in the economy 3 (کەشتی،
a :فڕۆکە و هتد) وەختی بەتاڵکردن و بارلێنان
quick -naround between flights ۞ 1 تغییر
موضع، چرخش 2 ترقی، رشد 3 (کشتی، هواپیما
و...) زمان تخلیه و بارگیری

turnbuckle *noun*
زنجیرکێش، چەپوڕاست، چەپگەرد، توندکەرە
۞ ترنبوکل، مهارکش

turncoat /'tɜ:nkəʊt, US 'tɜ:rnkoʊt/ *noun*
مرۆی هەلپەرست، کەسێ کە دژایەتی لایەنێکی
پارتی دەکا، خەیانەتکار، خائین، خایین، ناپاک،
هەڵگەڕاوە، traitor ۞ آدم فرصت‌طلب، خائن

turned *adjective*
گۆڕاو ۞ تبدیل‌شده

turner /'tɜ:nə(r)/ *noun*
تاشینگەر، خەڕات، سدان ۞ تراش‌کار، خراط

turnery *noun, pl.* turneries
1 تاشینگەری، خەڕاتی 2 دووکان یان کارگە
(کارخانە)ی تاشینگەری 3 شتومەکی داتاشراو
۞ 1 تراش‌کاری، خراطی 2 مغازه یا کارخانەی
تراش‌کاری 3 ترنری

turning /'tɜ:nɪŋ, US 'tɜ:rnɪŋ/ *noun*
1 پێچ، شوێنی لادان یان بادانەوەی ماشین،
بادانەوە، پێچدانەوە، گەڕانەوە، دەورلێدان 2
تاشین، تاشینگەری 3 دووڕییان، دوڕیانە ۞ 1
پیچ، گردش 2 تراش، خراطی 3 دوراهی

turning circle *noun*, also turning radius
چکۆلەترین بازنەی بادانەوە ۞ کوچک‌ترین دایره
برای دورزنی

turning motion *noun*
جووڵەی سووڕانەوە، جووڵانی وەرسووڕاوانە،
بزاوتی سووڕانەوە یان خولانەوەیی ۞ حرکت
چرخشی

turning point *noun*
خاڵی وەرچەرخان، خاڵی گۆڕان، گۆڕانگە ۞
نقطەی عطف

turnip /'tɜ:nɪp, US 'tɜ:rnɪp/ *noun*
(رووەکناسی) 1 شەلەم، شێلم، تێتۆک،
سەلکەشەلەم 2 رووەکی شەلەم [*Brassica*
rapa] ۞ 1 شلغم 2 گیاه شلغم

turnix *noun*
تورنیکس (باڵندەیەکی چکۆلانە) ۞ تورنیکس

turnkey /'tɜ:nki: , US 'tɜ:rn-/ *noun* (*pl.*
turnkeys), *adjective*
n (جاران) زیندانەوان، کلیلداری زیندان *adj*
(دەزگا و هتد) ئامادەی کار، ئامادەبەکار،
کلیللەدەست، ساز یان ئامادە بۆ دەسبەکاربوون
۞ *n* زندانبان *adj* آمادەی کار

turn-off *noun*
1 ڕێگای لاوەکی، لاڕێ، لابڕ: *We missed the*
turn-off for the airport 2 شوێنی سووڕانەوە
یا بادانەوە 3 گرتنەوە، بەستن 4 (نافەرمی)
وەڕەسکەر، بەسەرداچوو، ملۆزم، حاڵگر
(ب.ت. لەباری سێکسییەوە) ۞ 1 راه فرعی 2
محل چرخش 3 عمل بستن 4 (عامیانه) ضد حال

turn-on *noun*
بزوێنەر، تینیدەر، هاندەر، سێکسی،
ئیشتیاهەستێن ۞ محرک

turnout /'tɜ:naʊt, US 'tɜ:rn-/ *noun*
1 ژمارەی بەشداربووان، ژمارەی ئامادەبووان،
ژمارەی کەسانی هاتوو یان حازر، ژمارەی
حازریان 2 (هەڵبژاردن) ژمارەی دەنگدەران 3
خاوێنکردنەوە، داماڵین، سڕین، ماڵهەڵگرتن 4
سەروسەکوت، لیباس و تەشکیلات 5 چوارڕێ
(هی ڕێی ئاسنیش) 6 عەرەبانە و ئەسپ یان
ئەسپەکان ۞ 1 تعداد شرکت‌کنندگان 2 تعداد
رأی‌دهندگان 3 نظافت 4 سر و وضع 5 تقاطع جاده
یا راه‌آهن 6 درشکه و اسب یا اسب‌ها

turnover /'tɜ:nəʊvə(r), US 'tɜ:rnoʊ-/
noun
1 فرۆشی سەرجەم، فرۆشی تێکڕا (لە ماوەیەکی
an annual turnover of $75 :(دیاریکراوا
million 2 ڕێژەی گۆڕان (و پڕوەوبوونی
جێگەیان)ی کارکەران یان دامەزراوان، ڕێژە یان
رادەی جێگرتنەوەی کارکەران، هاتن و
a high :لاچوونی کارکەران یان دامەزراوان
turnover of staff 3 سووڕان یان گەڕانی

سەرمایە 4 گەڕانی کەل‌وپەل (دووکان)، ڕێژەی فرۆشراوان و پڕبوونەوەی (جێی) کەل‌وپەل ◌ 1 فروش کل 2 نسبت تغییر در کارمندان 3 گردش سرمایه 4 گردش کالا

turnover tax *noun*
باجی فرۆش، فرۆشانە ◌ مالیات فروش

turnpike /ˈtɜːnpaɪk, US ˈtɜːrn-/ *noun*
1 ڕێگا یان گەورەڕێی باج‌لەسەر، باجەڕێ 2 شوێنی وەرگرتنی باج ◌ 1 بزرگراه عوارضی 2 محل اخذ عوارض

turnround /ˈtɜːnraʊnd, US ˈtɜːrn-/ = turnaround

turn signal = indicator

turnsole /ˈtɜːnsəʊl/ *noun*
گوڵەبەرۆژە، ڕۆژپەرست، شەبەنگەبەرۆژ [*Chrozophora tinctoria*] (بنەڕەت: لەسەر بنچینەی *tornare* لاتین "turn" + *sol* "sun") ◌ آفتاب‌پرست

turnspit *noun*
بەردەست یا شتێ کە شیشی برژاندنی گۆشت دەسووڕێنێتەوە ◌ ترناسیت

turnstile /ˈtɜːnstaɪl, US ˈtɜːrn-/ *noun*
دەرگای سووڕاوە، دەرگای نەردەیی سووڕاو ◌ نرده‌ی گردان

turntable /ˈtɜːnteɪbl, US ˈtɜːrn-/ *adjective*
1 (گرامافۆن) جێ‌سێلکی سووڕاوە یان گەڕۆک، سێلک‌خوری سووڕاوە، پەپکەخوری خولاوە 2 ڕووتەختی لۆکۆمۆتیف لەسەر سووڕاوە، تەختەسووڕ، سەکۆی وەرسووڕ یان گەڕۆک یان سووڕاوە، تەختەگەڕۆک، لۆکۆمۆتیف‌وەرگێر، لۆکۆمۆتیف‌سووڕێن (بۆ سەرەوبن کردنی لۆکۆمۆتیف) ◌ 1 دیسک صفحه‌گردان 2 صفحه‌ی لوکوموتیو گردان

turn-up *noun*
1 (شەڵوار) هەڵگەڕاوە، نووشتاو 2 (نافەرمی) ڕووداوی سەیر یان چاوەڕواننەکراو ◌ 1 پاکتی 2 اتفاق عجیب

turpentine /ˈtɜːpəntaɪn, US ˈtɜːrp-/ *noun*
1 تێرپانتین، تێرپێنتین (شلەیەکی بێ‌ڕەنگ کە لە هێندێ جەوک یان ڕیزینی دار بەدەس دێنرێ، وەنە 2 (turpentine tree) داروەن، کولەنگ، کولێنگ؛ بنەڕەت: لە *ter(e)bentine* فەرەنسی کۆن، لە *ter(e)binthina (resina)* لاتین (جەوکی) دارەوەن terebinth) ◌ تربانتین، سقز

turpitude /ˈtɜːprtjuːd, US ˈtɜːrpətuːd/ *noun*
ڕەفتار یا هەڵسوکەوتی بێ‌ڕەوشتانە یا ناتاکار(ی‌یـ)انە، بێ‌سەرەوبەرەیی، کردەوەی خراپ یان بە دژی تاکار: *moral turpitude* ◌ انحطاط، فساد، عمل شنیع

turps /tɜːps, US tɜːrps/ = turpentine

turquoise /ˈtɜːkwɔɪz, US ˈtɜːrk-/ *noun, adjective*
n پیرۆزە، ڕەنگی شینی مەیلەو سەوز *adj* شینی مەیلەو سەوز ◌ *n* فیروزە، آبی فیروزه‌ای *adj* فیروزه‌ای

turret /ˈtʌrət, US ˈtɜːrət/ *noun*
1 برجۆکە، کەلووزە، قوللەی چکۆلانە (ب.ت. قەلا)، برج یان قوللەی تانک یان کەشتی، کەلووی تانک یان تۆپ 2 کەلوو یان قوللەی سووڕاوە یان گەڕۆک، برجی سوورەک ◌ 1 برجک 2 برج چرخان

turreted /ˈtʌrətɪd, US ˈtɜːr-/ *adjective*
برج‌دار، قوللەدار، کەلوودار ◌ دارای برج

turtle /ˈtɜːtl, US ˈtɜːrtl/ *noun*
1 ڕەقە، کیسەڵ(ی ئاوی)، جلە، پەلاس‌ماسی، سیلە [زۆر جۆرن، دەستە Chelonia] 2 گۆشتی کیسەڵ ◌ 1 لاک‌پشت 2 گوشت لاک‌پشت

turtledove /ˈtɜːtldʌv/ *noun*, also turtle dove
پاکەریم، کۆترەباریکە، توتاک، قومری [*Streptopelia turtur* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ◌ قمری، فاخته

turtle grass *noun*
گیاکیسەڵە؟، جۆرێ ڕووەکی بن‌ئاوی دەریایی، هی کارائیب بە گەڵای دریژی گیائاساوە [*Thalassia testudinum*] ◌ نوعی گیاه

turtleneck /ˈtɜːtlnek, US ˈtɜːrtl-/ *noun, adjective*
n کراسی (لە خوری) ملیوان‌پان *adj* ملیوان‌پان، ملیوان‌بەرز، یەخەویستاو، یەخەهەڵگەڕاو ◌ *n* پلیور یقه‌ایستاده *adj* یقه‌ایستاده

turves = plural form of turf

Tuscan /ˈtʌskən/ *adjective, noun*
1 *adj* سەربە Tuscany، دانیشتوانی یان زاراوەی ئیتالیایی ئەوێ 2 سەربە شێوازی ئارکیتێکچێری توسکانی کە شێوەی دوریسی دەدا *n* خەڵکی توسکانی 3 زاراوەی توسکانی، شێوازی ئارکیتێکچێری توسکانی ◌ توسکانی

Tuscarora /ˌtʌskəˈrɔːrə/ *noun, pl.* same or Tuscaroras
1 گەلێکی سوورپێست کە بەشێ لە کۆنفیدراسی Iroquois پێکدێنێ 2 زمانی ئیرۆکوایی ئەو گەلە ◌ توسکارورا

tush[1] /tʌʃ/ *interjection*
ئەهـا! چش! ◌ آه!

tush[2] /tʊʃ/ *noun*
کنگ، قوون، سمت ◌ کون، ماتحت

tush[3] /tʊʃ/ *noun*
کەڵبە، کەڵبە (هی ئەسپ) ◌ دندان نیش

tushy, *pl.* tushies = /ˈtʊʃi/= tush2

tusk /tʌsk/ *noun*
1 (ددان) شفرە، لەم (بەراز)، کەڵبە، عاج 2

کەلپە، شتێکی دەرپەڕیوی درێژ (tusked *adj*، tusklike *adj*) ۞ 1 عاج 2 چیز برآمدەی دراز

tusker *noun*

گیانەوەری شفرەدار، فیل ۞ جانور عاجدار، فیل

tusk shell *noun*

لەپکەشفرە: جۆرێ molluscی رەهۆڵلێدەر، لەپکەکەی شفرەئاساییکی باریکە و لە هەردوو سەرەوە کونە [*Dentalium* و توخمەکانی تر، پۆل Scaphopoda (class)] ۞ نوعی نرم‌تن

tussah /ˈtʌsə/ = tusser

tusser *noun*, also tussore or tussah

کرمی هەوریشم ۞ کرم ابریشم

tussie-mussie /ˈtʌsɪmʌsi/ *noun*, *pl.* tussie-mussies

چەپکە گوڵ یان گیای بۆنخۆش ۞ دستەی گل یا گیاه خوش‌بو

tussive /ˈtʌsɪv/ *adjective*

(پزشکی) سەربە کۆخە، کۆخەیی، کۆخە دەگرێتەوە ۞ وابستە بە سرفە

tussle /ˈtʌsl/ *noun*

شەڕ، کێشە، کێشمەکێش، هەرا، یەکتر راکێشان، لێکدان، مشتومڕ ۞ دعوا، نزاع، زدوخورد، مشاجرە

tussock /ˈtʌsək/ *noun*

1 (گیا، قژ و هتد) چەپک، چنگ، تۆپ، قوڵ 2 تەوقنە گیایێ کە لەچاو دەوروبەری چڕترە، چڕایی ۞ 1 دستەی علف 2 توسوک

tussock grass *noun*

(رووەکناسی) گیای نێو مێرگ یان نێو tussockەکان [*Deschampsia cespitosa* و جۆرەکانی تر] ۞ علف چمن

tussock moth *noun*

جۆرێ پەپوولەی شەوگەڕی بێشەلان یان دارستان [خێزان Lymantriidae: زۆر جۆرن] ۞ نوعی پروانە

tussocky *adjective*

چەپکئاسا ۞ دستەمانند

tussore /ˈtʌsɔː, US ˈtʌsə/ = tusser

tut /tʌt/ = tut-tut

tutee /tjuːˈtiː/ *noun*

شاگرد یان خوێندکاری tutor ۞ دانش‌آموز یا دانش‌جوی tutor

tutelage /ˈtjuːtəlɪdʒ, US ˈtuː-/ *noun*

1 سەرپەرشتی، چاودێری، پاراستن، سەخبێری 2 ماوەی چاودێری 3 فێرکردن، فێرکاری 4 کاریگەری، باندۆر، دەس‌ڕۆیشتوویی (بنەڕەت: لە *tutela* لاتین "keeping"، (لە *tut-* ،*tueri* "watch" + -age) ۞ 1 قیمومت، سرپرستی 2 مدت قیمومت 3 آموزش 4 تأثیر، نفوذ

tutelary /ˈtjuːtɪləri/ *adjective*, also tutelar

سەرپەرشت، چاودێر، پارێزەر، سەخبێر: *a tutelary goddess* ۞ قیم، محافظ

tutor /ˈtjuːtə(r), US ˈtuː-/ *noun*

1 مامۆستای تایبەتی، مامۆستای سەرماڵ 2 (لە بریتانیا) مامۆستای چاودێر (لە زانکۆ) 3 (لە ئەمریکا) یاریدەدەری وانەبێژ، دواوانەبێژ، ناوەڵوانەبێژ 4 (موسیقا) کتێبی فێرکردن، فێرنامە ۞ 1 معلم خصوصی 2 (در بریتانیا) استاد راهنما 3 (در امریکا) دستیار مربی 4 (موسیقی) کتاب تعلیم

tutorage *noun*

1 فێرکردن 2 ئەرکی مامۆستای تایبەتی ۞ 1 آموزش 2 وظیفەی معلم خصوصی

tutoress *noun*, *fem.* tutor

ژنەمامۆستای تایبەتی، مامۆستای ژنی تایبەتی ۞ معلمەی خصوصی

tutorial /tjuːˈtɔːriəl, US tuː-/ *adjective*, *noun*

adj 1 سەربە مامۆستای تایبەتی 2 سەربە مامۆستای چاودێر *n* 1 ماوەی فێربوون و باسکردن لەگەڵ مامۆستای چاودێر (ب.ت. زانکۆکانی بریتانیا) 2 (کامپیوتێر) بەرنامەی فێرکردن ۞ *adj* 1 وابستە بە معلم خصوصی 2 وابستە بە استاد راهنما *n* 1 جلسەی گفت‌وشنود آموزشی 2 برنامەی آموزشی

tutorship *noun*

1 رێبەری، رێنوێنی، چاودێری، زێرەڤانی 2 مامۆستایەتی تایبەتی 3 سەرپەرشتی، قەییمیەت ۞ 1 هدایت، نظارت، مراقبت 2 معلمی خصوصی 3 قیمومت

tutsan /ˈtʌts(ə)n/ *noun*

جۆرێ St John's wort بە گەڵای بۆنخۆشی گەورەوە، جاران لە بواری پزشکیدا بەکاردێنرا [*Hypericum androsaemum*] ۞ توتسان

Tutsi /ˈtʊtsi/ *noun*, *pl.* same or Tutsis

توتسی: ئەندامی گەلێ کە زۆرینەی دانیشتوانی رواندا Rwanda و بوروندی Burundi پێکدێنێ ۞ توتسی

tutti /ˈtʊti/ *adverb*, *adjective*

(موسیقا) پێکەوە (دەنگ و ئامێرەکان، ئیتالیایی، کۆی *tutto* "هەموو، گشت"، بنەڕەت: لە *totus* لاتینەوە) ۞ توتی

tutti frutti /ˌtuːti ˈfruːti/ *noun*, *pl.* tutti fruttis

جۆرێ بەستەنی (میوەی تیابێ) ۞ نوعی بستنی

tut-tut *interjection*, also tut

ئەهـ ئەهـ!: *Tut-tut, I expected better of you* ۞ اوەاوە

tutu[1] /ˈtuːtuː/ *noun*

تەنوورەی کورت، داوێنی کورت (لە سەمای باڵەدا) ۞ توتو

tutu[2] /ˈtuːtuː/ *noun*

جۆرێ دەوەنی نیوزیلەندی، بەرێکی ژاراوی

رەشـی ئەرخـەوانیباو دەگـری [*Coriaria*
arborea] ◌ توتو
Tuvaluan /ˌtuːvəˈluːən, US tuːˈvɑːluən/ *noun, adjective*
n 1 توڤالوویی، خەڵکی Tuvalu، وڵاتێ کە لە ژمارەیێ دوورگە لە باشووری ڕۆژاوای پاسیفیک پێکهاتووە 2 زمانی ئاوستڕۆنیزیایی ئەو گەلە *adj* سەربە توڤالوو یان زمانەکەیان ◌ توواڵویی
tu-whith tu-whoo /təˌwɪt təˈwuː/ *noun*
(دەنگی کوندەبوو) کوکو، هەپو ◌ هوهو
tux /tʌks/ = tuxedo
tuxedo /tʌkˈsiːdəu, US -dou/, *pl.* tuxedos or tuxedoes = dinner-suit
tuyère /twiːˈjɛː, US tuː-/ *noun*
1 (فەرەنسی) لوولە، بۆری 2 کون یا دەمی لوولە، زاری بۆری 3 دەمی مووشەدەمەی ئاسنگەری ◌ 1 لوله 2 دهانەی لوله 3 دهانەی دم آهنگری
TV /ˌtiː ˈviː/ *abbreviation* television
TV dinner *noun*
چێشتی ئامادە، خۆراکی لەبەردەست ◌ غذای پخته
TVP /ˌtiː ˌviː ˈpiː/ *abbreviation* textured vegetable protein
Twa /twɑː/ *noun, pl.* same or Twas
ئەندامی گەلی کورتەبەڵای دانیشتووی چەندین بەشی بوروندی، ڕواندا و کۆماری دیموکراتیکی کونگۆ ◌ توا
twaddle /ˈtwɒdl, US ˈtwɑːdl/ *noun*
(نافەرمی) قسەی قۆڕ، مفت، فڵتە، هیچ، هەڵیتوپلیت ◌ چرند
twaddler *noun*
قسەی قۆڕکردوو، فڵتەبێژ، مفتەبلێ ◌ چرندگو
twain /twein/ *adjective, noun*
دوو، دژبەیەک، پێکدژ، یەکنەگرەوە، ئاسمان و ڕیسمان ◌ دو، ضدین
twaite shad /tweit/ *noun*
[*Alosa fallax*] shad جۆری ماسییەچاورەشە ◌ نوعی ماهی
twang /twæŋ/ *noun*
1 منگنی، گنی: *He spoke with a cockney twang* 2 دەنگی قرینگە، قینگە، قارە، دەنگی درنگە، دەنگی ژێ ◌ 1 حرف زدن تودماغی 2 صدای درینگ
twangy *adjective*
منگن، گن ◌ تودماغی
'twas /twɒz, US twɑːz/ = it was
twat /twæt, twɒt, US twɑːt/ *noun*
1 قوز، خەمشە، کوز 2 (وەک جنێو، نافەرمی و تابۆ) قوندەر، گەواد، حیزە ◌ 1 کس 2 کس‌کش
twayblade *noun*
جۆری گیاسارمە، گیاسارمەی جووتگەڵا [*Listera ovata*] و جۆرە پێوەندیدارەکان (بنەڕەت: وەرگێردراوی *bifolium* لاتین) ◌ نوعی ثعلب
tweak /twiːk/ *noun*
1 نەقورچک، نقورینچک، قورینچک، خرمووسک، کورینگان، نەقوس 2 ڕاکێشان، کێشان ◌ 1 نیشگون 2 کشش
twee /twiː/ *adjective* (tweer, tweest)
بەزریقەوبریقە، بەئاڵاووالا، پڕدیدیوبۆدی ◌ پرزرق و برق
tweed /twiːd/ *noun*
1 (جۆرێ پارچە) توید (لە بنەڕەتا لە سکاتلەند دەکرا) 2 (tweeds) جلوبەرگی لە توید یان تویدی ◌ 1 توید 2 (در جمع) لباس توید
Tweedledum and Tweedledee *noun*
دوو کەس یان دوو کۆمەڵی لێکەوەنەکراو یان زۆرلێکچوو ◌ دو فرد یا دو گروه غیر قابل تمایز
tweedy /ˈtwiːdi/ *adjective* (tweedier, tweediest)
1 لە توید، لە ماڵی توید، تویدی، تویدپۆش، تویدلەبەرکردوو: *a tweedy jacket* ◊ *a tweedy academic* = 2 *tweedy wool blend* (tweediness *n*) *tweedy authors* :scholarly ◌ 1 تویدی، با لباس توید 2 تویدی
'tween = between
tweenager *noun*, also tweenie
(نافەرمی) مێرمنداڵ، تازەلاو (لە نێوان 10 تا 14 ساڵان) ◌ نوجوان
'tween decks *noun, pl.*
مەودای نێوان دیک و پشتەکانی کەشتی ◌ فضای میان عرشەها
tweet /twiːt/ *noun*, also tweet tweet
1 جووکەجووک، جیکەجیک، زاقوزروق، زریقەزریق 2 (هەروەها twitter) پەیامێ کە بە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتێرەوە Twitter social networking دەنێردرێ ◌ 1 جیک‌جیک 2 تویت
tweeter /ˈtwiːtə(r)/ *noun*
تویتێر (= جۆرێ سپیکێر بۆ بەرهەمهێنانی دەنگی تیژ) ◌ تویی‌تر
tweezers /ˈtwiːzəz, US -ərz/ *noun, pl.*
مووکێش، جفتە ◌ موچین
twelfth /twelfθ/ ordinal number *noun, adjective*
n دوازدەیەک، دوازدەیەمی، ژمارەی دوازدەیەم *adj* دوازدەیەم، دوازدەیەمین ◌ *n* یک‌دوازدهم، دوازدهمی *adj* دوازدهم، دوازدهمین
Twelfth Day *noun*
جەژنی دەرکەوتن Epiphany ◌ عید تجلی یا ظهور
Twelfth Night *noun*

شەوی جێژنی دەرکەوتن یان هاتنی مەسیح ◊ شب عید تجلی مسیح

twelve /twelve/ cardinal number *adjective, noun*

adj دوازدە(دانە) *n* 1 ژمارەی دوازدە، ڕەنووسی دوازدە 2 (the Twelve) دوازدە یار یان حەواری، حەوارییەکان ◊ *adj* دوازده(تا) *n* 1 عدد یا شمارەی دوازده 2 دوازده حواری

twelvemo = duodecimo

twelvemonth /'twelvmʌnθ/ *noun*

(کۆن) سالێ، دوازدەمانگە ◊ یک سال

Twelve Tables *noun, pl.*

(دەستوور و قانوونی ڕۆمی) دوازدەتەختە، دوازدەتەختە ◊ الواح دوازده‌گانه

twentieth /'twentiəθ/ ordinal number *noun, adjective*

n بیستەیەک، بیستەمی، ژمارەی بیستەم *adj* بیستەم، بیستوم، بیستەمین ◊ *n* یک‌بیستم، بیستمی *adj* بیستم، بیستمین

twenty /'twenti/ cardinal number *adjective, noun (pl.* twenties)

adj بیست(دانە) *n* ژمارەی بیست، ڕەنووسی بیست ◊ *adj* بیست(تا) *n* عدد یا شمارەی بیست

twenty-first *noun*

بیست‌ویەکەمین سالوەگەڕی لەدایکبوون، ئاهەنگی (لەدایک)بوونی بیست‌ویەکەمین سالە ◊ بیست و یکمین سالگرد تولد

twenty-four-hour clock *noun*

بیست و چوار سەعاتە (تا دوازده سەعاتە) ◊ بیست و چهار ساعته

twenty-one *noun*

(بەڕێن) بیست و یەک ◊ بیست و یک

twenty pence /ˌtwenti 'pi:/ *noun,* also twenty pence piece

(لە بریتانیا، کۆینی) بیست‌پێنی ◊ بیست پنی

twenty-something *noun, adjective*

n مرۆی بیست‌سالە (لە نێوان 20 تا 29 سال) *adj* بیست‌سالە ◊ *n* آدم بیست‌ساله *adj* بیست‌ساله

twenty-twenty vision *noun,* also 20/20 or twenty-twenty

بینایی تەواو، چاوی ساغ، توانایی بینین بە بێ چاویلکە ◊ دید کامل

twenty-two *noun*

بیست‌ودوو، تفەنگی کالیبر 22 ◊ تفنگ کالیبر 22

twerp /twɜ:p, US twɜ:rp/ *noun*

(نافەرمی) مرۆی کەر، نەفام، گەوج ◊ آدم احمق

Twi /twi: , US tʃwi:/ *noun, pl.* same or Twis

1 ئەندامی گەلێکی Akan زمانی گانا 2 Akan (زمان) ◊ توی

twibill /'twʌɪbɪl/ *noun*

(کۆن) تەورزینی دوودەم یان جووت‌تیخ، تەوری دووسەر double-bladed ◊ تویل

twice /twaɪs/ *adverb*

دووجار، دووکەڕەت، دووکەشە، دووچەل، دووپات، دووبەرامبەر، دووچەندانە، دووئەوندە ◊ دودفعه، دوبرابر

twice-told *adjective*

چەندبارەوەبوو، دووبارەوەبوو، سوواو ◊ تکراری

twiddle /'twɪdl/ *noun*

خولانەوە، سووڕانەوە (twiddler *n*) ◊ پیچش

twiddly /'twɪdli/ *adjective*

1 ئالۆز، دووورودرێژ 2 قۆرتاوی، گرێدار ◊ 1 بغرنج، مشروح 2 پیچ‌دار

twig /twig/ *noun*

1 پەلکە، پەلک، وەچ، تازان، خیزەر، چووز، تووز، چڵ، خیزەر، سنوورچە، پاپل 2 (تویکاری) لقێکی چکۆلە یان چڵی ڕەگ یان دەمار (twiggy *adj* ؛twigged *adj*: وەچ‌ئاسا، شێوەپەلکە، وەچی، چووزئاسا، تازان‌ئاسا) ◊ 1 ترکه 2 تویگ

twilight /'twaɪlaɪt/ *noun*

1 هەوای تاریک‌وروون، تاریک‌ولێل، کازیوە، شەبەق، بوولێلە، تەنگەی ئێوارە، دوای ڕۆژاوا، زەردەپەڕ، زەرکەتاف، زەردە، درەنگان، تاریکان، شێوان 2 سەرەتا، پەیدابوون، دەرکەوتن 3 ئاوابوون، پووکانەوە، داشکان، داچوون 4 ماوەی پووکانەوە 5 بەرزەخ ◊ 1 هوای تاریک و روشن، بامداد، شامگاه 2 آغاز 3 انحطاط 4 مدت افول 5 برزخ

twilight world *noun*

1 جیهانی پڕنهێنی، دنیای پڕ لە ڕەمزوڕاز 2 (باروودۆخ) هەڵومەرجی تەماوی، دنیای سەیر ◊ 1 جهان رمزآلود 2 وضعیت مبهم

twilight years *noun, pl.*

دواسالەکانی ژیان یان تەمەن، سالانی ئاخروئۆخری تەمەن ◊ واپسین سال‌های زندگی

twilight zone *noun*

1 هەڵومەرجی تەماوی 2 ناوەندی شار ◊ 1 وضعیت مبهم 2 مرکز شهر

twilit /'twaɪlɪt/ *adjective,* also twilighted

1 تاریک، بوولێلە، تاریک‌وروون، شەبەق: *She hurried out into the twilit street* 2 نادیار، تەماوی ◊ 1 تیره، گرگ و میش 2 نامشخص

twill /twɪl/ *noun*

تویل (جۆرێ پارچەی قایم): *a cotton twill skirt* ◊ تویل

twilled *adjective*

تویلی، تویل‌چن، لە تویل (دروس‌کراو) ◊ تویلی

twin /twin/ *noun, adjective*

n 1 دوانە، دووانە، جووتە، جمک، ئاوەڵدوانە 2 کریستاڵێکی ئاوێتە کە لە دوو یان چەند

کریستال یان بلووری سادە پێکهاتووە *adj*
لێکچوو، هاوشێوە، هاوتا، جووت ◌ *n* 1 دوقلو،
همزاد، جفتی 2 توین *adj* شبیه

twin bed *noun*
تەختی یەک‌کەسە ◌ تخت‌خواب یک نفره

twin-bedded *adjective*
(هوتێل و هتد) دووتەختە، جووت‌تەختە ◌ دوتخته

twin bedroom *noun*
(هوتێل و هتد) ژووری دووتەختە، دیوی جووت‌تەختە ◌ اتاق دوتخته

twin beds *noun, pl.*
دووتەخت یا جووت‌تەختی یەک‌کەسە (لە دیویکا) ◌ دوتخت یک‌نفره

twin crystal *noun*
دووکریستالە، جووتەکریستال، کریستالی دوانە ◌ کریستال جفتی

twine /twain/ *noun*
1 گشتەک، نەپسێن، بەنی چەندلۆنە، دەزووی چەن‌لۆ، بەنی دوولۆنە 2 ناڵقە، قەف، پێچ ◌ 1 نخ چندلا 2 حلقه، پیچ

twin-engined *adjective*
(فڕۆکە) دوومۆتۆرە، جووت‌مۆتۆرە، دووبزوێنە، جووت‌بزوێنە ◌ دوموتوره

twiner *adjective*
چەندلۆنەبادەر، چەندلۆنەڕێس ◌ چندلاکننده

twinflower *noun*
جۆرێ ڕووەکی خشۆکی باریکی هەمیشەسەوز، ڕەسەنی دارستانە سنەوبەرییەکانی باکوور [*Linnaea borealis*] ◌ نوعی گل

twinge /twɪndʒ/ *noun*
1 ئێش، ژان، برووسکە، پیاچوون، چڵ‌دان، چەخماخە(دان): *He felt a twinge in his knee* 2 نارەحەتی ویژدان، پەشیمانی: *a twinge of disappointment* ◌ 1 درد، تیرکشی، نیش 2 عذاب وجدان

twinkie *noun, pl.* twinkies
1 (دروشمی بازرگانی) جۆرێ کەیکی سپانجی چکۆلە و پەنجەناسا 2 (نافەرمی، سووکانە) پیاوێکی ژنالیلە effeminate یان هاورەگەزباز homosexual ◌ توینکی

twinkle /ˈtwɪŋkl/ *noun*
1 زریوە، زریوەزریو، جریوە، ورشەورش، تروکە، درەوشانەوە، ورشە، بریسکانەوە، بریسکە، بریقە، چەخماخە، بریسکە 2 چرکەسات، تاو 3 تەکان، جووڵانەوە ◌ 1 سوسو، چشمک، جرقه، برق 2 لحظه 3 حرکت

twinkling /ˈtwɪŋklɪŋ/ *noun*, in the twinkling of an eye
لە چاوتروکانێکا، چرکەسات، یەکجار خێرا ◌ یک‌چشم به‌هم‌زدن، لحظه

twinset /ˈtwɪnset/ *noun*
بلوزی سەروژێر ◌ بلوز دوگانه

twin towns *noun, pl.*
شارە دوانەکان، شارە هاوتاکان ◌ شهرهای دوقلو

twirl /twɜːl, US twɜːrl/ *noun*
(هەڵ)سووڕان، بەدەوورداهاتن، پێچ‌خواردن، بادان، گەڕان، هەڵچەرخان، خولانەوە، سووڕ، خول ◌ پیچ، چرخش، دور

twirler *noun*
(هەڵ)سووڕێنەر، پێچ‌دەر، بادەر، گەڕێنەر، هەڵچەرخێنەر، خولێنەر ◌ پیچ‌دهنده، چرخاننده

twist /twɪst/ *noun*
1 بادان، تاو، تێ‌ئالاندن، باهەڵدان، سووڕاندن، پێچان، سووڕان، پێچ‌کەوتن، خواروخێچی، لارووێری، پێچەلاوپێچی، چەم‌وخەم، پێچاوپێچی 2 شێواندن، دەسکاری(کردن)، چەواشەکردن 3 لادان 4 داشکانەوە، مەیل، حەز 5 گۆڕان، پەرەسەندن، گەشە 6 (سەما) تویست، خۆبادان (باو لە شەستەکان‌دا) 7 دەزوو، گشتەک، پەشت، ڕێس، بەن (بادراو) 8 بابۆڵە، نان یا توتنی لوول‌کراو، توتنی باهەڵدراو (twistability *n*; twistable *adj*) ◌ 1 تاب، پیچ، پیچ و خم، تحریف 2 انحراف 3 تمایل 4 توسعه، تغییر 5 (رقص) تویست 6 نخ 7 نان یا توتون پیچیده

twisted /ˈtwɪstɪd/ *adjective*
1 گرمۆڵەبوو، گلۆلەبوو، باهەڵدراو، تێک‌هەڵشێلراو، پان‌وفلیچەوەبوو، خواروخێچ، چەپ‌وگێر، گێروخوار، لوول‌بوو 2 (هۆش یا هەڵس‌وکەوت) سەیر، نائاسایی، لادراو 3 (قسە و...) دەسکاری‌کراو، چەواشەکراو، شێوێنراو (-edly /ˈtwɪstɪdli/ *adv*) ◌ 1 مچاله 2 غیرطبیعی 3 تحریف‌شده

twister /ˈtwɪstə(r)/ *noun*
1 مرۆی فێڵاوی، نادروست، زۆڵ 2 گێژەڵووکە، گەردەلووک، بالوول 3 بادەر، باهەڵدەر، پێچ‌دەر ◌ 1 آدم حقه‌باز 2 ترنادو 3 تاب‌دهنده

twisty /ˈtwɪsti/ *adjective*
پێچەلاوپێچ، لارووێر، خواروخێچ، چەم‌وخەماوی، پرپێچ، پێچاوپێچ، پێچ‌پێچ: *a narrow twisty lane leading to the farm* ◌ پرپیچ و خم

twit /twɪt/ *noun*
(نافەرمی) بنیادەمی کەڕ و بێ‌مێشک (twittish *adj*) ◌ آدم نفهم

twitch /twɪtʃ/ *noun*
1 فرین، جووڵانی لەخۆوەی ماسوولکە، لەرزانە، پەرین، وردەجووڵە: *She has a twitch in her left eye* 2 (لە ناکاو) تەکان، لەقین، ڕاتەکان، کرژبوون، ڕاتڵەکان، کێشان، ڕاپسکاندن ◌ 1 تیک 2 کشیدگی، انقباض

twitch grass = couch grass

twitchy /ˈtwɪtʃi/ *adjective* (twitchier, twitchiest)

(نافەرمی) نگەران، نارەحەت، شڵەژاو، ترساو، هەژیو) twitchily /'twɪtʃɪli/ *adv*: بە نیگەرانی‌یەوە، نارەحەتانە؛ twitchiness *n*: نگەرانی، نارەحەتی، دڵەخورپە، دڵلەدوایی) ◌ عصبی، دلواپس

twite /twʌɪt/ *noun*
سەیرەی دەشتەبوورە، پاشەڵی ئەرخەوانی‌یە [*Acanthis flavirostris*] ◌ تویتی

Twitter /'twɪtə(r), US 'twɪtər/ *noun*, trademark
سێرڤیسێکی تۆڕی کۆمەڵایەتی کە ڕێگات پێ دەدا پەیامەکانت بۆ هەموو لایێ بنێریێ و خەڵک دەتوانن لەسەر ئینتێرنێت یان موبایلەکانیان دەسیان پێی ڕابگا (بڕوانە microblogging و tweet) ◌ توپتر

twitter /'twɪtə(r)/ *noun*
1 جووکە، جووک، جووکەجووک، جریوەجریو، جیکەجیک، زرووقەزرووق 2 دڵەخورپە، دڵەتەپە، دڵەڕاوکێ، دۆخی نارەحەتی، حاڵەتی نیگەرانی twittery *adj*: نگەران، twitterer *n*) نارەحەت، دڵلەدوا، شڵەژاو، ترساو) ◌ 1 جیک‌جیک 2 دلهره، حالت اضطراب

twitteration /'twɪtəreɪʃn/ *noun*
جووکە(جووک)، جریوەجریو، جروکەجروک، زریوەزریو ◌ جیک‌جیک

twittering *noun*
جووکەجووک، جوکە، زیقەزیق، قلی‌بلی، جریوەجریو، جروکەجروک، زریوەزریو ◌ جیک‌جیک

twixt /twɪkst/ = between

two /tu:/ cardinal number *adjective, noun*
adj دوو(دانە) *n* ژمارەی دوو، ڕەنووسی دوو (بنەڕەت: *twā* ئینگلیسی کۆن، ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ *adj* دو(تا) *n* عدد دو، شمارەی دو

two-
(لە لێکدانا) دوو- ◌ (در ترکیب) دو-

two-a-penny *adjective*
هەرزان، خۆڕایی، مفت، زۆر، زەبەند ◌ ارزان، زیاد

two-bit *adjective*
1 (نافەرمی) خراپ، هیچ، هیچەکە، نایەخ، ناگرنگ، بێ‌نرخ 2 (لە ئەمریکا) بیست و پێنج سێنتی، بای بیست و پێنج سێنت ◌ 1 ناچیز، بنجل، پیش‌پاافتادە 2 (در امریکا) بیست و پنج سنتی

two bits *noun, pl.*
(لە ئەمریکا) بیست و پێنج سێنت ◌ (در امریکا) بیست و پنج سنت

two-by-four *noun*
1 دوو بە چوار (پارچە داری لە خانوودا، درێژی 4 و پانی 2 ئینج) 2 (ئەمریکا، ب.ت. خانوو) کونەگورگ، تەنگەبەر ◌ توی بای فور

two-dimensional *adjective*
1 دوولایی، دوورەهەندی، تەخت، ڕێک: *a two-dimensional drawing* 2 ناڕاستەقینە، سادە، سەرسەرەکی، ئاسایی: *two-dimensional characters* ◌ 1 دوبعدی 2 غیرواقعی، معمولی

two-dimensionality *noun*
دوولایێتی، دوورەهەندیێتی، تەخت‌بوون ◌ حالت دوبعدی

two-edged /ˌtu:'edʒd/ *adjective*
1 (چەقۆ، شمشێر و هتد) دوودم، دوودەم، جووت‌تیغ، دووتیغ، جووت‌دەم 2 (خوازە) دوولایەنە، دوانە، بە دوو واتاوە (یەکیان چاک و ئەوی‌تر خراپ): *a two-edged remark* ◌ 1 دولبه 2 (مجازی) دوپهلو

two-edged knife *noun*
چەقۆی دوودەم ◌ چاقوی دولبه

two-edged sword *noun*, also double-edged sword
شیری دوودم، شمشێری دووتیغ یان دوودەم ◌ شمشیر دولبه

two-faced *adjective*
1 ڕیایی‌باز، دووڕوو، ناڕاست 2 دووڕوو(یی) ◌ 1 ریاکار 2 دوروجهی

two-fisted *adjective*
بەقەوەت، بەهێز، بەبڕشت، بەزەبر، سەخت، توند ◌ قوی، شدید

twofold /'tu:fəʊld, US -foʊld/ *adjective, adverb*
دوانە، دوولا، دووچەندان، دووئەوەندە، دووبەرامبەر، دووباد، دووبەشی، دووبەشە، دوو ئەوەندە، دوو چەندانە ◌ دوگانە، دوبرابر، دوقسمتە، دو برابر

two-handed *adjective*
دوودەستی، بە دوو دەس، دووکەسە، دوانە ◌ دودستی، دونفره

two-horse *noun*
(پێشبڕکێ و...) دووئەسپە، جووت‌ئەسپە ◌ دو اسبه

two-man *noun*
دووکەسە (داڕێژراوە بۆ دووکەس) ◌ دونفره

twonk /'twɒŋk/ *noun*
(بریتانیا، نافەرمی) کەسێکی گەوج، بنیادەمی نەفام یان کەر ◌ ادم احمق

twoness = duality

two pence /ˌtu: 'pi:/ *noun*, also two pence piece
(لە بریتانیا) کۆینی دووپێنی یان دووپێنس ◌ سکەی دوپنی

twopence /'tʌpəns/ *noun*, also tuppence
1 دووپێنی، بایی دووپێنس (ب.ت. بەرلە decimalization، 1971) 2 (جاران) کۆینی دووپێنی 3 (خوازە، نافەرمی) تاقڕانی، شایی،

پەناباتی، بێ‌نرخ، بێ‌بایەخ، هیچ، هیچ‌وپووچ، بێ‌نرخ و بایی ◇ 1 دوپنی 2 سکەی دوپنی 3 (مجازی) یک پشیز، بی‌ارزش، ناچیز

twopenny /'tʌpəni, US 'tu:peni/ *adjective*, also tuppeny

دوویێنی، بایی دوویێنس: *a twopenny stamp* ◇ دوپنی

twopenny-halfpenny *adjective*

(بریتانیا و نافەرمی) بێ‌نرخ، بێ‌بایی، هیچ‌نەهێناو، بەکارنەهاتوو، نابەخ، بێ‌بایەخ، ناگرنگ ◇ بی‌ارزش، ناچیز، معمولی

two-person *noun*

دووکەسە، (دووکەسی تیایە) = two-man ◇ دونفره

two phase *noun*

(ئیلیکتریسیتە) دووفاز ◇ دوفاز

two-piece *adjective, noun*

adj دووتیکە، دووکوت *n* کراس و ئاوەڵ‌کراس یان شەڵوار، کۆت و داوێن یان شەڵوار (ژنانە) ◇ *adj* دوتکه *n* کت و دامن یا شلوار

two-ply /'tu: 'plaɪ/ *adjective*

دوولا، دوولۆ، دوولۆنە، دووتوێ ◇ دولا، دولایه

two-seater *noun*

(ماشێن و هتد) دووسوارە، دووکەسە، دووکورسی ◇ دوسرنشینه

two-sided *adjective*

دوولایەنە، دوولایی، دووئالی ◇ دوسویه

twosome /'tu:səm/ *noun*

1 گرووپی دووکەسە، دوانە، جووت: *We enjoy working in a twosome* 2 کایەی دووکەسە یان جووتە ◇ 1 گروه دونفره 2 بازی دونفره

two-star *noun*

1 (هوتێل، خواردنگە و هتد) جووت‌ئەستێرە، دووئەستێرە، مام‌ناوەندی 2 (ئەمریکا) خاوەنی دووئەستێرە، جووت‌ئەستێرە (پلە یان پایەی سەربازی کە یونیفۆرمی جووت‌ئەستێرە دەپۆشێ) ◇ دوستاره

two-step *noun*

(جۆرێ هەڵپەرکێ) دووپێیی، دووپایی، چەپی ◇ دوگامه

two-timer *noun*

خاین، خەیانەت‌کار، ناپاک (ب.ت. دڵداری یا ژن‌ومێردایەتی) ◇ خائن

two-tone *noun*

1 دوورەنگە، جووت‌رەنگ: *two-tone shoes* 2 دوودەنگ، جووت‌دەنگ، دوودەنگە: *a two-tone car horn* ◇ 1 دورنگ 2 دوصدایی

two-way *adjective*

1 دوولایی، دوولایە، دووئالی، دووسەرە، لە دوولاوە، دوولایەنە، دووقۆڵی 2 (رادیۆ) هەم پەیام دەنێرێ و هەم وەریشی‌دەگرێ، نێرەر–وەرگر ◇ 1 دوسویه، دوطرفه، دوجانبه 2 (بی‌سیم) گیرنده–فرستنده

two-way mirror *noun*

شووشەی ئاوێنەیی، شووشەی دوولایی ◇ شیشەی آینه‌ای

two-way process *noun*

رەوتی دوولایەنە، پرۆسەی دووقۆڵی دوولایەنە ◇ فرایند دوجانبه

two-way street *noun*

شەقامی دوولا(یی) یا لە دوولاوە، شەقامی دووسەرە ◇ خیابان دوطرفه

two-way trade *noun*

بازرگانی یا کارداری دوولایەنە ◇ تجارت دوجانبه

two-way traffic *noun*

هات‌وچۆ لە دوو لاوە یا دوولایە، هات‌وچۆی دووسەرە ◇ تردد دوطرفه

two-wheeler *noun*

چەرخ، دووچەرخە، مۆتۆرسیکلێت ◇ دوچرخه، موتورسیکلت

twp *abbreviation* township

-ty, also **-ity** *suffix*

پاشگر: 1 دۆخ، رەوش، بار، پلە، ـی، ـێتی، ـنایەتی: *apriority, beauty* 2 پاشگرێ کە بە دوای ژمارەکانەوە دێ: *forty* (بنەڕەت: 1 لە *-tat*, *-tas*- لاتینەوە 2 لە *-tig* ئینگلیسی کۆن) ◇ پسوند: حالت، وضع، درجه، ـی

tyche *noun*

(یونانی) رێکەوت، هەڵکەوت ◇ صدفه

tychism /'tʌɪkɪz(ə)m/ *noun*

تایچیزم، رێکەوت‌باوەری، هەڵکەوت‌باوەری، رێکەوت‌گەری (*n* /tychist /'tʌɪkɪst: بنەڕەت: لە *tukhē* یونانی‌یەوە "chance" + ism-) ◇ صدفه‌گرایی

tycoon /taɪ'ku:n/ *noun*

1 (خوازە) خودا، کەڵ، شا، کەسێکی دەوڵەمەند و دەس‌ڕۆیشتوو لە بواری بازرگانی یان پیشەسازیدا 2 سەرناوێ لە لایەن بیانی‌یەکانەوە بۆ shogun ی ژاپۆنی لە نێوان 1857 تا 1868 (بنەڕەت: لە *taikun* ژاپۆنی‌یەوە "گەورە لۆرد") ◇ 1 غول 2 تایکون

tying = past participle of tie

tyke /taɪk/ *noun*, also tike

1 (نافەرمی) مرۆی هیچ‌وپووچ، منالی دانەکەوتوو، شلوق، هاروهاج، وددە، شەیتان، هەوهەوێن‌نەرەوە، تیر بە ئاسمانەوەنەر، ناجسن، بەلا، ولات‌خۆر 2 سەگی بەرەڵا، سەگی نارەسەن 3 (ئەوستراليا، سووکانە) کاتولیک ◇ 1 (عامیانه) آدم ناچیز، بچەی تخس، زلزله 2 سگ ولگرد 3 کاتولیک

Tylenol /'θʌɪlənɒl/ = paracetamol (trademark)

tymbal *noun*, also timbal
تەپڵ، دەهۆڵ (گۆڕاوی timbal) ۞ طبل
tympan /ˈtɪmpən/ *noun*
1 پەردەی ناسک، تویَ، پەردە 2 شتێک کە دەخرێتە نێوان لوولەکی platen چاپ و پەڕی چاپ، بۆ ڕاگرتنی تەرازی گوشار و پەستانی دەزگاکە 3 (بیناسازی) وشەیەکی تر بۆ tympanum ۞ 1 پردەی نازک، غشاء 2 تیمپان
tympana = plural form of tympanum
tympani = timpani
tympanic /tɪmˈpanɪk/ *adjective*
1 سەربە پەردەی گوێ، سەربە tympanum 2 تەپڵی، دەهۆڵی، تەپڵ‌ئاسا، شێوەدەهۆڵ ۞ 1 وابسته به پردەی گوش 2 طبلی، طبل‌مانند
tympanic membrane *noun*, also eardrum
پەردەی گوێ، تەپڵی گوێ ۞ طبل گوش
tympanist *noun*
تەپڵ‌ژەن، تەپڵ‌کوت، دەهۆڵ‌ژەن ۞ تیمپانیست
tympanites /ˌtɪmpəˈnʌɪtiːz/ *noun*
(پزشکی) زگ‌هەستان، باکردنی زگ، هەورازە، زگ وەک تەپڵ لێ‌هاتن (tympanitic *adj*: سەربە tympanites) ۞ تیمپانیتس
tympanitis /tɪmpəˈnaɪtəs/ *noun*
ئاوسانی پەردەی گوێ ۞ التهاب پردەی گوش
tympanum /ˈtɪmpənəm/ *noun*, tympanums or tympana /-nə/
1 گوێی نێوەڕاست 2 پەردەی گوێ، تەپڵی گوێ 3 دەهۆڵە، تەپڵە: 3a پەردەیێکی تەنکی کرز کە ئەندامی بیستنی مێرووییە دادەپۆشێ 3b resonator پەردەیی بەرهەم‌هێنەری دەنگی مێروو 4 (بیناسازی) سێ‌گۆشەی سەردرگا یان سەردەرانە (بنەڕەت: لە tumpanon یۆنانی: "drum") ۞ 1 گوش میانی 2 پردەی گوش یا صماخ 3 تیمپانیم 4 سینەی ستوری
tympany /ˈtɪmpəni/ *noun*
1 = tympanites 2 دەهۆڵ، تەپڵ ۞ 1 = tympanites 2 طبل
Tyndareus *noun*, Latin, from Greek
تینداریۆس: پادشای سپارتا Sparta و مێردی Leda لە مێتۆلۆژی یۆنانی‌دا ۞ تینداریوس
Tynwald /ˈtɪnw(ə)ld/ *noun*
پەرلەمان یا ئەنجومەنی دوورگەی Man ۞ تینوالد
typal *adjective*
نموونەیی، سەربە یان پێوەندی بە type ـەوە هەیە ۞ نمونه‌ای
type /taɪp/ *noun*
1 جۆر، ئاوا، ڕەنگ، بابەت، چەشن، نموونە، میناک، نیشانە، وێنە 2 پیت یان پیتە چاپی‌یەکان 3 وێنە یان نەخش و دیزاینی هەر دوو بەری نیشان یان کۆین medal 4 (زمانەوانی) جۆر، چەشن ۞ 1 نوع، سنخ، نمونه 2 حرف یا حروف چاپ 3 تایپ 4 (زبانشناسی) نوع
-type *suffix*
پاشگر: (ئاوەڵناو ساز دەکا) لە جۆرێکی تایبەت: *a champagne-type fizzy wine* ۞ پسوند: از نوع خاص
type 1 diabetes *noun*, also insulin-dependent diabetes, insulin-dependent diabetes mellitus, type 1 diabetes mellitus
شەکرەی جۆری یەک: جۆری diabetes mellitus کە زۆرتر لە سەروبەندی منالی یان نوجوانی‌دا پەرە بسێنێ، دەرمانی ئینسۆلین سەخت روولەکەمی‌یە ۞ دیابت نوع یک
type 2 diabetes *noun*, also non-insulin-dependent diabetes, non-insulin-dependent diabetes mellitus, type 2 diabetes mellitus
شەکرەی جۆری دوو: جۆرێکی ئاسایی diabetes mellitus کە ب.ت. لە سەروبەندی گەورەیی یان کاملی‌دا پەرە بسێنێ ۞ دیابت نوع دو
Type A *noun*
جۆری ئا، تیپی A: تیپێکی کەسایەتی کە نیشانەکانی بریتین لە: بەرزەفڕی ambition، بێ‌ئۆقرەیی impatience و ڕقەبەرایەتی competitiveness و لەوەش دەچێ و زۆر زوو تووشی نارەحەتی و نەخۆشی دڵی بن ۞ تیپ آ
Type B *noun*
جۆری ب، تیپی B: تیپێکی کەسایەتی کە نیشانەکانی بریتی‌یە لە: ڕووخۆشی، لێبوردەیی، لەوەش دەچێ زۆر زوو تووشی نارەحەتی (یان نەخۆشی دڵی) نەبن ۞ تیپ ب
typecast[1] /ˈtaɪpkɑːst, US -kæst/ *adjective*
یەک‌ڕۆڵ‌پێدراو ۞ تیپ ساخته
typecast[2] = past and past participle of typecast
typecasting *noun*
تیپاندن، یەک‌ڕۆڵ‌پێدان ۞ تیپ‌سازی
typeface /ˈtaɪpfeɪs/ *noun*
(چاپ) فۆنت، شێوە، دەستەپیت ۞ قلم
typefounder *noun*, also type founder
(چاپ) پیتەچاپ‌دارێژگە، دارێژەری پیتە چاپی‌یەکان (typefoundery *n*: پیتەچاپ‌دارێژگە، دارێژگەی پیتە چاپی‌یەکان) ۞ تیپ‌فوندر
type metal *noun*
(چاپ) کانزای پیتە چاپی‌یەکان ۞ فلز حروف چاپی
type of plankton *noun*
(زیندەناسی) جۆری سەراوەکی ۞ نوع دروازی
typescript /ˈtaɪpskrɪpt/ *noun*
تێکست یان بەڵگەنامەی تایپ‌کراو، نوسخە یان ڕوونووسی تایپ‌کراو ۞ نسخەی تایپ‌شده
type selection *noun*

(زیندەناسی) هەڵبژاردنی جۆر ◌ انتخاب نوع
typeset[1] *adjective*
پیتچنیکراو ◌ حروفچینیشده
typeset[2] = past and past participle of typeset
typesetter /'taɪpsetə(r)/ *noun*
پیتچن، تیپڕیکخەر (typesetting /'taɪpsetɪŋ/ *n*: پیتچنی، تیپڕیکخستن، تیپڕیکخەری) ◌ حروفچین
type site *noun*
(شوێنەوارناسی) شوێنی نموونە ◌ سایت تایپ
type species *noun*
(ڕووەکناسی و گیانەوەرناسی) جۆری نموونە، جۆری دیار یان ناسێنەر ◌ اسپیشز تایپ
type specimen *noun*
(ڕووەکناسی و گیانەوەرناسی) سەرنموونە، نموونەی دیار یان ڕاستەقینە (بڕوانە holotype و syntype) ◌ نمونەی شاخص
typewriter /'taɪpraɪtə(r)/ *noun*
دەزگای نووسین، نووسەنە (typewriting /'taɪpraɪtɪŋ/ = typing typewritten /'taɪprɪtn/ *adj*: تایپکراو) ◌ ماشین تحریر
typhlitis /tɪ'flaɪtɪs/ *noun*
ئاوسان یان هەوکردنی ڕیخۆڵەکوێرە caecum (typhlitic *adj*: سەربە ئاوسان یا هەوکردنی ڕیخۆڵەکوێرە) ◌ التهاب رودەی کور
Typhoean *adjective*
1 وەک تیفۆئیۆس 2 گەورە، زل، بەسام ◌ 1 شبیه تیفوایوس 2 مهیب
Typhoeus (Latin, from Greek *Typhōeus*) = Typhon
typhoid /'taɪfɔɪd/ *adjective, noun*, also typhoid fever
adj 1 سەربە یان ئاماژە دەکا بە ڕەشەگرانەتا typhus 2 سەربە یان پێوەندی بە گرانەتاوە هەیە *n* 1 گرانەتێ، گرانەتا، کەوتوویی، کەفتەیی، سیڕۆژە 2 جۆرێ نەخۆشی پاتاڵی ماڵییە کە لە typhus یان typhoid دەچێ ◌ 1 حصبە 2 تیفوئید
typhoidal *adjective*
سەربە گرانەتێ یان گرانەتا، سەربە typhoid ◌ وابستە بە حصبە
Typhoid Mary *noun, pl.* Typhoid Marys
(ئافەرمی) ڕاگوێزەری بیروڕا یان تێڕوانینی نەشیاو یان نایەسند (بنەڕەت: سەرناوی Mary Mallon (مەرگ 1938) ئاشپەزێکی ئیرلەندی کە نەخۆشی کەوتوویی بۆ ئەمریکا ڕاگوێست) ◌ تیفوئید ماری
Typhon *noun*, Latin, from Greek *Typhōn*
تایفۆن: دێوێکی دەنگزل، بەپێی میتۆلۆژی کلاسیک باوکی Cerberus، Chimera و Sphinx بوو ◌ تایفون

typhoon /taɪ'fu:n/ *noun*
گەردەلوول، ڕەشەبا، گێژەڵووکە، باتونەد (typhoonic *adj*؛ کە لە پاسیفیکی ڕۆژاوایی هەڵدەکا؛ بنەڕەت: لە *ṭūfān*ی عەرەبییەوە) ◌ توفند
typhous *adjective*
ڕەشەگرانەتایی، سوورەیاوی، تایەڵەیی ◌ تیفوسی
typhus /'taɪfəs/ *noun*
ڕەشەگرانەتا، سوورەیاو، تایەڵە، ڕەشەگرانەتێ (= چەندین نەخۆشی بەکتریایین کە بەهۆی rickettsia کانەوە تووش دەبن، وەک 1 جۆرێ نەخۆشی سەختی مرۆڤ لە ئەنجامی تاوە febrile کە بەهۆی ریکێتسیاییکەوە بە ناوی (*Rickettsia prowazekii*) تووش دەبێ و ئەسپێ بۆ لەشی مرۆڤی ڕادەگوێزێ و نیشانەکانی بریتین لە: تای گران، سەری لەگەڵ ورێنە، سەرئێشەی سەخت و زیپکەی ڕەش و سوور 2 scrub typhus، murine typhus - (بنەڕەت: لاتینی نوێ، لە tuphos یۆنانی "smoke"، stupor) ◌ تیفوس
typical /'tɪpɪkl/ *adjective*, also typic
1 نموونە، نموونەیی، میناک: *This is a typical example of Roman pottery* 2 دیار، ئاسایی، تایبەتی: *On a typical day, we receive about 50 letters* 3 هێمایی، نیشانەیی، سیمبولیک ◌ 1 نمونه 2 برجسته، عادی، خاص، ویژه 3 نمادی
typical galaxy *noun*
(ئەستێرەوانی) کاکێشانی نموونە ◌ کهکشان نمونه
typicality *noun*
نموونە، نیشانە، هێما، تایبەتمەندی ◌ نمونه، علامت، خصوصیت
typically /'tɪpɪkli/ *adverb*
زۆرتر، بە زۆری، زۆربەی جاران، وەکوو هەمیشە، تایبەتی، بە شێوەیەکی تایبەتی: *The factory -ally produces 500 chairs a week* ◊ *typically American hospitality* ◊ ◌ *Typically, she couldn't find her keys* معمولاً، خاص، به طور خاص
typical nebula *noun*
(ئەستێرەوانی) تەم یان تەمانی نموونە ◌ سحابی نمونه
typification *noun*
دیاریکردنی نموونە، وەک نموونەوابوون، پۆلاندن ◌ تعیین نمونه، تیپیفیکاسیون، طبقه‌بندی
typing /'taɪpɪŋ/ *noun*, also less frequent typewriting
تایپ(کردن): *typing* ◊ *to do the typing errors* ◌ ماشین‌نویسی
typing pool *noun*

ژووری تایپیستەکان ۞ اتاق ماشین‌نویس‌ها

typist /ˈtaɪpɪst/ *noun*
تایپیست ۞ ماشین‌نویس

typo /ˈtaɪpəʊ, US -poʊ/ *noun, pl.* typos
هەڵەی چاپی، چەوتی ۞ غلط چاپی

typographer /taɪˈpɒɡrəfə(r), US -ˈpɑːɡ-/ *noun*
1 پیت‌ڕێژ، داڕێژەی پیتە چاپی‌یەکان 2 پیت‌چن ۞ 1 طراح حروف چاپی 2 حروف‌چین

typographical /ˌtaɪpəˈɡræfɪkl/ *adjective,* also typographic /-k/
چاپی، سەربە چاپ: *typographic design* (typographically /-kli/ *adv*: لەباری چاپی‌یەوە) ۞ چاپی

typographical error *noun*
هەڵەی چاپی، چەوتی ۞ غلط چاپی

typography /taɪˈpɒɡrəfi, US -ˈpɑːɡ-/ *noun*
1 چاپ، ئامادەکردن بۆ چاپ، هونەری چاپ 2 چاپ بە قورقورشم یا قورقورشمی 3 شێوە یا شێوازی چاپ ۞ 1 چاپ، آماده‌سازی برای چاپ، فن چاپ 2 چاپ سربی 3 نحوه‌ی چاپ

typological /-əˈlɒdʒɪk(ə)l/ *adjective*
سەربە یا پێوەندی بە typology ـەوە هەیە ۞ وابستە بە تیپولوژی

typologist *noun*
1 تایپۆلۆژیست 2 نیشانەناس، نیشانەوان ۞ تیپولوژیست

typology *noun, pl.* typologies
1 تایپۆلۆژی، تیپۆلۆژی (پۆلاندنی بەپێی جۆری گشتی، ب.ت. لە بواری شوێنەوارناسی، دەروونناسی و زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا) 2 نیشانەناسی، نیشانەوانی (لێکۆڵینەوە یان لێکدانەوەی نیشانە و هێماکان، ب.ت. کتێبی پیرۆز) ۞ تیپولوژی

Tyr *noun*
تیر (خوای شەڕ لە میسۆلۆژیای سکاندیناڤی یان Norseدا) ۞ تیر

tyramine /ˈtʌɪrəmiːn/ *noun*
ئاوێتەیێ $C_8H_{11}NO$ لە پەنیر و هێندێ شتی ترا، کە لە بڕێ هەڵومەرجدا دەتوانێ بیتەهۆی هەستانی پەستانی خوێن blood pressure (بنەڕەت: لە amine + *tyr(osine)*) ۞ تیرامین

tyrannical /tɪˈrænɪkl/ *adjective,* also tyrannic, also formal tyrannous
ستەمگەر، ستەمکار، زۆردار، بێبەزەیی، دڵڕەق، ملهوڕ، کەڵەگا، زاڵم، زاڵمانە، زۆردارانە: dictatorial, autocratic, despotic - ◊ *a tyrannical ruler* ◊ *tyrannical rule* ◊ *a tyrannical government* ◊ *nical power* (tyrannicalness *n*) ۞ مستبد، ستمگر، ظالمانه

tyrannically /tɪˈrænɪkli/ *adverb*
زۆردارانە، زاڵمانە، سەرکوتگەرانە، ستەمکارانە، ستەمگەرانە ۞ ظالمانه

tyrannicidal *adjective*
سەربە زاڵمکوژی یان زۆردارکوژی ۞ وابستە بە مستبدکشی

tyrannicide /tɪˈranɪsʌɪd, US tʌɪ-/ *noun*
1 زاڵمکوژ، زۆردارکوژ، ستەمکارکوژ، ستەمگەرکوژ 2 زۆردارکوژی، ستەمکارکوژی، ستەمگەرکوژی ۞ 1 مستبدکش 2 مستبدکشی

tyrannosaur /tɪˈrænəsɔː(r), US taɪ-/ *noun,* also tyrannosaurus /tɪˌrænəˈsɔːrəs/
1 مێلکەزۆردارە، زۆردارە(مار)مێلکە، مێلکەستەمگەرە، تیرانۆزۆرۆس، تیرانۆسۆریس (دایناسۆرێکی زلەی گۆشتخۆری دوایی‌یەکانی سەردەمی کرێتاسە Cretaceous period، هی باکووری ئەمریکا و ئاسیا، بە شەویلکەی بەهێز و دەستی چنگ‌ناساوە) ۞ تیرانوزوروس

tyrannous /ˈtɪrənəs/ *adjective*
زۆردار، بێبەزەیی، ملهوڕ، زاڵم، ستەمکار، ستەمگەر، ماریس، زاڵمانە، بێبەزەیی‌یانە، ستەمکارانە، ستەمگەرانە، زۆردارانە: *tyrannous new laws* ۞ مستبد، ستمگر، ظالمانه

tyrannously /ˈtɪrənəsli/ *adverb*
زۆردارانە، ستەمکارانە، ستەمگەرانە، زاڵمانە ۞ ظالمانه

tyranny /ˈtɪrəni/ *noun, pl.* tyrannies
1 زۆرداری، ملهوڕی، سەرکوتگەری، ستەمکاری، ستەمگەری، زوڵم (و زۆری)، کەڵەگایی، ستەم، جەور، دیسپۆتیزم، کردەوەی زاڵمانە یان زۆردارانە، کردەوەی سەرکوتگەرانە، حکومەتی زۆرداری، ماوەی حکومەتی زۆردارانە: *a victim of oppression* ◊ *the tyrannies of Nazi rule* ◊ *and tyranny* ◊ *Any political system refusing to allow dissent becomes a tyranny* 2 (لە یونانی کۆندا) دەسەڵاتی tyrany ۞ استبداد، ستم، اقدام ظالمانه، حکومت استبدادی، مدت حکومت استبدادی

tyrant /ˈtaɪrənt/ *noun*
1 دەسەڵاتداری دیکتاتۆر یان زۆردار، دیسپۆت، حوکمداری زاڵم، ستەمگەر، ستەمکار، کەڵەگا، بنیادەمی ملهوڕ: *The country was ruled by a succession of -ts* 2 (لە یونانی کۆندا) حوکمداری تەواودەسەڵات بەبێ مافی قانوونی ۞ 1 فرمانروای دیکتاتور، آدم زورگو 2 تیرانت

tyrant flycatcher *noun*
جۆرێ قولەچەقە لە تیرەیێکی بەربڵاو کە تێکرای جۆرەکانی ئەمریکا دەگرێتەوە [خێزانی Tyrannidae] ۞ نوعی مگس‌گیر

tyre /ˈtaɪə(r)/ *noun,* US tire
تایە، تایر، پێچکە، تگەر: *a front tyre* ◊ *a*

a flat/burst/punctured ◊ *back/rear tyre* ◌ تایر، لاستیک *bald/worn tyres* ◊ *tyre*

tyre gauge *noun*
بایێو ◌ درجەی باد

Tyrian /ˈtɪrɪən/ *adjective, noun*
adj تیریایی، سەربە تیری *n* خەڵکی تیری (شارێکی فینیکیایی کۆن، بەندەرێ لە مەدیتەرانە، ئێستاش لە باشووری لوبنانە) ◌ تیرایی

Tyrian purple *noun*, also Tyrian dye
ڕەنگی تیریەن، ڕەنگی ئەرخەوانی یان سوور(ی تیریەن، لە لایەن یۆنانی و ڕۆمیانی کۆن لە gastropod mollusc ـەکان دەگیرا و ئێستا بەشێوەی دەسکرد بەرهەم دێنرێ) ◌ رنگ تیریایی

tyro /ˈtaɪrəʊ, US -roʊ/ *noun*, tiro, *pl.* tyros
تازەکار، ناشی، بەروەستا، تازەفێر(بوو)، کەمئەزموون ◌ مبتدی

Tyrolean /ˌtɪrəˈliːən/ *adjective, noun*, also Tyrolese /ˌtɪrəˈliːz/
adj خەڵکی Tyrol، ناوچەیێکی Alpine ی ڕۆژاوای ئوتریش و باکووری ئیتالیا *n* سەربە تیرۆل، تیرۆلی ◌ تیرولی

tyrosine /ˈtʌɪrəsiːn/ *noun*
بەنیرین، تایرۆسین (بنەڕەت: لە *turos* یۆنانی "cheese" + -ine) ◌ تیروسین

Tyrrhene = Etruscan

tzar = tsar

tzarevich = tsarevich

tzarina = tsarina

tzarism = tsarism

tzarist = tsarist

tzatziki /tsatˈsiːki/ *noun*
خەیارماست (ماست بە خەیار، سیر و زۆرجار مەزرەوە) ◌ تاتسیکی

tzedakah /tsɛˈdɒka/ *noun*
(لە نێو جوولەکاندا) خێر، خێرات (بنەڕەت: لە *ṣĕdāqāh* ی عیبرییەوە وەرگیراوە) ◌ صدقه

Tzeltal /tselˈtɑːl, ˈtseltɑːl; s-/ *noun, pl.* same or Tzeltals
1 تسێلتال، تزێلتال (= ئەندامی گەلێکی سووریێست، دانیشتووی چەند بەشێ لە مەکسیکۆ) 2 زمانی مایایی ئەو گەلە ◌ تزلتال

tzetze fly = tsetse fly

tzigane /tsɪˈgɑːn/ *noun, pl.* same or tziganes
دۆم یان کاولی هەنگاریایی ◌ کولی مجاری

tzimmes (tzimmis) = tsimmes

T-zone *noun*
تیزۆن (= بەشی ناوەندی دەموچاوی کەسێ، ناوچاوان، لووت و چەناگە) ◌ تی‌زون

Tzotzil /ˈtsəʊtsɪl, tsəʊtˈsɪl, s-/ *noun, pl.* same or Tzotzils
1 تسۆتسیل، تزۆتزیل: ئەندامی گەلێکی سووریێست (یان دانیشتووی ڕەسەنی ئەمریکا)، دانیشتووی چەند بەشێ لە مەکسیکۆ 2 زمانی مایایی Mayan ئەو گەلە) ◌ تزوتسیل

U u

U[1], **u** /ju:, *pl*. Us, U's, u's /ju:z/ *noun*
1 یوو (= بیست و یەکەمین پیتی ئەلفوبێی ئینگلیسی) 2 ئاماژە بە دەنگێ دوای T لە دەستەیێ لە شتەکان، بابەتەکان و هتد 3 شتێک لە شێوەی پیتی U ۞ یو

U[2] *abbreviation* upper class
(نافەرمی و زۆرتر لە بریتانیا) سەربە چینی سەرەوە یان بالا ۞ وابستە بە طبقەی بالا

U[3] *abbreviation* you
کورتەی تۆ (= لە ئیمەیل و پەیامی نووسراوەدا بەکاردێنرێ) ۞ تو

U[4] /u:/ *noun*
سەرناوێکی بێرمەیی Burmese title بۆ ڕێزلێنان لە پیاوان، بەرامبەر بە Mr) ۞ یو

U[5] *abbreviation* 1 universal 2 symb. the chemical element uranium 3 university 4 unit(s) 5 union 6 unsatisfactory 7 uracil
1 گشتی، بۆ هەموو (= ئەو فیلمانەی کە هەموو کەس دەتوانێ چاوی لێکا، بۆ نموونە منالان) ۞ 1 عمومی

u *symb*. [in combination] micro- (10-6). [substituted for mu]

UAE *abbreviation* United Arab Emirate

uakari *noun, pl*. uakaris
یوکاری: جۆرێ مەیموونی ڕووتەڵی ئامازۆن، تەنیا مەیموونی کلککورتی جیهان یان دنیای نوێ [*Cacajao melanocephalus* و *C. calvus*] ۞ یوکاری

UAR *abbreviation* United Arab Republic

ubac /'ju:bak/ *noun*
(جوگرافی) نسار، پەسار (بەر و لایێکی کێو کە خۆر کەم لەیدەکەوێ، بڕوانە adret؛ بنەڕەت: لە فەرەنسی، ڕەنگە لە *opacus* لاتین "shady") ۞ اوباک

U-bend *noun*
بەشێ لە لوولە، ب.ت. هی ئاوەڕۆ، بە شێوەی چەڵەمە یان U ۞ یوبند

uber- /'u:bə(r), US 'u:bər/ *combining form*
(نافەرمی) پێشگر (لە ناو و ئاوەڵناوەکاندا): گەورەترین، باشترین، هەرە: *a world of uber-consumption* ◊ *The movie stars the uber-cool Jean Reno* ◊ *This stylish new restaurant is futuristic and uber-cool* (بنەڕەت: لە *über* ئەڵمانی "over") ۞ پیشوند: بزرگترین، بهترین، ابر

ubiquinone /ju:'bɪkwɪnəʊn/ *noun*
(زیندەکیمیا) یوبیکوینۆن: ئاوێتەیێ لە دەستەی کوینۆن کە وەک هۆکارێکی ئێلێکترۆنڕاگوێز electron-transfer لە هەناسەدانی خانەدا کار دەکا (بنەڕەت: تێکەڵەی ubiquitous و quinone) ۞ یوبیکوینون

ubiquitarian /ju:ˌbɪkwɪ'tɛ:rɪən/ *noun, adjective*
n کەسێ، ب.ت. لوتێری، کە پێی وایە مەسیح هەمیشە و لە هەموو جێیێکدا ئامادەیە *adj* سەربە باوەڕێکی وا ۞ یوبیکویتارین

ubiquitin /ju:'bɪkwɪtɪn/ *noun*
(زیندەکیمیا) جۆرێ پۆلیپێپتاید polypeptide کە لە خانە زیندووەکاندا living cell دۆزراوەتەوە ۞ یوبیکویتین

ubiquitous /ju:'bɪkwɪtəs/ *adjective*

لەگشتجێبوو، لە هەموو شوێنێ ئامادە، لە هەموو جێگایێ بوو، هەمیشەلێبوو، باو، :widespread *the ubiquitous bicycles of university towns ◊ the ubiquitous movie star, Tom Hanks* (

ubiquitously /juːˈbɪkwɪtəsli/ *adv* بە شێوەیێ کە لە هەموو جێگایێ بێ؛

ubiquitousness /juːˈbɪkwɪtəsnəs/ *n* ۞ همەجاحاضر

ubiquity /juːˈbɪkwəti/ *noun*

لەهەمووجێیبوون، گشتجێبوویی، لە هەموو جێگایێ بوون (ب.ت. لە کاتێکیشدا)، باوبوون، omnipresence ۞ حضور همەجایی

U-boat *noun*

ژێردەریایی یان بندەریایی ئەڵمانی (شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم؛ بنەڕەت: کورتەی *Unterseeboot*) ۞ زیردریایی آلمانی

UCAS /ˈjuːkas/ *abbreviation* Universities and Colleges Admissions Service

(لە بریتانیا) ناوەندی وەرگرتنی زانکۆ و کۆلێژەکان ۞ یوکاس

UCCA /ˈʌkə/ *abbreviation* Universities Central Council on Admissions

(لە بریتانیا) ئاکا، ئەنجومەنی ناوەندی وەرگرتنی زانکۆکان ۞ آکا

udder /ˈʌdə(r)/ *noun*

(گیانەوەرە شیردەرەکان) گوان، گرێز، لەم (- uddered *adj*) ۞ پستان

UDI *noun, abbreviation* unilateral declaration of independence

ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی ۞ اعلام یکجانبەی استقلال

udometer *noun*

بارانپێو ۞ بارانسنج

udon /ˈuːdɒn/ *noun*

هەریشتەی درشت (لە ئاردی سپی و لە ئاشپەزی ژاپۆنیدا) ۞ اُدون

UDR /juː diː ˈɑː(r)/ *abbreviation* Ulster Defence Regiment

یوودیئار: ڕێکخراوێکی سەربازی ناقانوونی لە ئیرلەندی باکووری کە دەیەوێ ئەوێنە وەکوو بەشێ لە بریتانیای گەورە بمێنێتەوە ۞ یودیآر

UEFA /juˈeɪfə/ *abbreviation* Union of European Football Associations

یوفا: یەکێتیی یانەکانی تۆپێنی (تۆپیێی) ئەورووپا ۞ یوفا

UFO /juː ef ˈəʊ, ˈjuːfəʊ, US juː ef ˈoʊ, ˈjuːfoʊ/ *abbreviation* unidentified flying object, also flying saucer

شتی (هەڵ)فڕیوی نەناسراو، قاپ یان سێلکی فڕیو ۞ بشقاب پرنده

ufology /juːˈfɒlədʒi, US juːˈfɑːlədʒi/ *noun*

لێکۆڵینەوە دەربارەی قاپ یان سێلکە فڕیوەکان ۞ یوفولوژی، اوفولوژی

Ugandan /juːˈgandən/ *adjective, noun*

adj سەربە یوگەندە، ئوگاندایی، یوگەندەیی *n* خەڵکی یوگەندە، یوگەندەیی، ئوگاندایی ۞ *adj* اوگاندایی *n* اهل اوگاندا

Ugaritic /juːgəˈrɪtɪk/ *adjective, noun*

adj سەربە زمانی یوگاریتیایی *n* زمانی سامی پێشفینیکیایی pre-Phoenician، بە ئەلفوبێی پوازی cuneiform دەنووسی، لە یوگاریت Ugarit شارێکی کۆنی باکووری سووریا قسەی پێ دەکرا ۞ یوگاریتیایی

ugh /ɜː/ *interjection*

ئەهـ!: *Ugh! How can you eat that stuff?* ۞ آه!

Ugli /ˈʌgli/ *noun, pl.* sama, also Ugli fruit

ئاگلی (- جۆرێ میوە، متوربەی grapefruit و tangerine) ۞ آگلی

ugliness /ˈʌglinəs/ *noun*

1 ناحەزی، کرێتی، بەدچارەیی، بەددیمەنی، ناشیرینی، دزێوی، ناهەمواری: *He was depressed by the extreme ugliness of the city* 2 شتێکی ناحەز یان ناشیرین ۞ 1 زشتی، قباحت، کراهت 2 چیز زشت

ugly /ˈʌgli/ *adjective* (uglier, ugliest)

ناحەز، ناشیرین، ناقۆڵا، ناتەرز، لەسەگچوو، ئێسکقورس، ئێسکگران، ناهەموار، کرێت، پیس، دزێو، ناخۆش، ترسێنەر، هەڕەشاوی، پرمەترسی، تۆقێنەر، :unattractive *an ugly face ◊ an ugly building ◊ an ugly incident* ۞ زشت، کریە، قبیح، وحشتناک

ugly duckling *noun*

زەرنەقووتە، بلیمەت، سوورەساقە (= کەسێ کە لە هەوەڵەوە ناحەز و بەکار هیچ نایێ، بەلام دواتر زۆر باش دەردەچێ، لە بنەڕەتا دەگەڕێتەوە بۆ (سەر)ناوی داستانەکەی هانس کریستیەن ئاندێرسێن Hans Christian Andersen، لەودا بەچکەقوویێ پێ وایە بەچکەمراوێکی ناحەزە هەتاکوو گەورە دەبێت و دەبینێ قوویێکی پێگەیشتووی جوان) ۞ جوجەاردک

Ugrian /ˈuːgrɪən, US ˈjuː-/ = Ugric

Ugric /ˈuːgrɪk, US ˈjuː-/ *adjective*

یوگریک، ئوگرایی: سەربە لقێ خێزانی زمانی فین-ئوگرایی کە بریتییە لە هەنگارییایی و زمانانی ئۆب-ئوگرایی ۞ اوگرایی

UHF /juː eɪtʃ ˈef/ *abbreviation* ultra-high frequency

یووئێچئێف، زوورلەرە، بانلەرە، سەروولەرە، سەروولەرینەوە (لەرەی رادیۆیی نێوان 300 تا 3000 میگاهێرتز) ۞ یواچاف

uh huh *interjection*
ئەری! ئم! ئهم! وایە!: *'Did you read my note?' '-h-huh.'* ۞ اوهوم!

UHT /ju: eɪtʃ 'tiː/ *abbreviation* ultra-heat treated
بە گەرمای زۆر بەرهەمهاتوو، عەمەلهاتوو بە گـەرمای زۆر، یەکجارکولـێنراو (ب.ت. بەروبووی شیر) ۞ عمل‌آمده در حرارت بالا

UHT milk *noun*
شـیری دریژمـاوە یـان زۆرخایانـدوو، شـیری درەنگ‌خراپ‌بوو (بزرکاو) ۞ شیر استریلیزه

Uighur /'wiːɡə/ *noun*, also Uigur, Uygur
1 ویگـور، ئویگـور: ئەنـدامی گـەلی تـورکی رۆژاوای بـاکووری چـین 2 زمـانی تـورکی Turkic ئەو گەلە ۞ اویگور

uillean pipes /'ɪlɪn, US 'ɪlən/ *noun, pl.*
مـەشـکە(نایـە) یـان بەگپاییـی ئیرلەنـدی ۞ نی‌انبان ایرلندی

uitlander *noun*, also Uitlander
بیـانی، دەرەکـی، بێگانـە، ب.ت. دانیـشتوویێکی بریتانیـایی کۆمـارە پێـشووەکـانی ترانـسڤال Transvaal و ئۆرانژ لە ئەفریکای باشووری یان کۆماری بوئیری Boer جاران ۞ بیگانه، خارجی

Uitzilopochtli = Huitzilopochtli

ujamma /ˌʊdʒa'mɑː/ *noun*
1 (لـە تانزانیـا) برایـەتی (= سیـستەمێکی سۆشیالیستی هەرەوەزی لادێیی خۆیارمەتی 2 لە 1960 دامەزرا) ۞ اخوت، یوجاما

UK /juː 'keɪ/ *noun, adjective, abbreviation* United Kingdom, also U.K.
n پاتـشایەتی یـەکـگرتـوو، بریتانیـا، ئینگلتـەرە، *adj* بریتانیـای گـەورە (و ئیرلەنـدی بـاکووری) *adj* سـەربە بریتانیـای گـەورە ۞ *n* انگلـستان *adj* وابسته به انگلستان

ukase /juː'keɪz/ *noun*
(لـە رووسـیەی تـزاری‌دا) فـەرمان، دەسـتوور، فەروار ۞ فرمان

ukiyo-e /uːˌkiːjəʊ'eɪ/ *noun*
یوکیۆئێ (خوێندنگای هونەری ژاپۆنی کە شت و بابەتی رۆژانەی ئەکێشاوە، لە سەدەی 17 تا 19 باو بووە) ۞ یوکیونو

Ukrainian *adjective, noun*
1 *adj* ئوکراینی، سـەربە ئوکراین 2 سـەربە گـەل یـان زمـانی ئـوکراینی *n* 1 خەلـکی ئـوکراین، ئوکراینی 2 زمانی (سلاڤی رۆژهەلاتی) ئوکراین ۞ *adj* وابسته به کشور، مردم یا زبان اکراینی *n* 1 اوکراینی 2 زبان اوکراینی

ukulele /juːkə'leɪli/ *noun*
ئوکێلیل، گیتاری هاوایی (ئامێرێکی موسیقایی بە 4 ژیـوە؛ بـنەرەت: لـە هاواییـاییـەوە بـە واتـای "کێچی بازدەر "jumping flea) ۞ اوکولل

ulama = ulema

-ular *suffix*
پاشگر: سەربە، بەستراوەتەوە بە، پێوەندی هەیە بـە (یـان لەگـەل ... *-ularis* لـە *valvular*، لاتینەوە، *-ularity*: ناوساز) ۞ پسوند: وابسته به

ulcer /'ʌlsə(r)/ *noun*
برین، هەو، نژد، ریش، ریژ، زام (*ulcered adj*، بنەرەت: لە *ulcus*، *ulcer-* لاتین) ۞ زخم

ulcerated *adjective*
برین‌دار، برینار، زامار، زەخمار ۞ زخمی

ulceration /ˌʌlsə'reɪʃn/ *noun*
بـرین، ریـش، برینـاری، بـرین‌داری، بوونـەبرین، هەوکردن، برین‌دەرکردن ۞ زخم، زخم‌شدگی

ulcerative /'ʌlsəreɪtɪv/ *adjective*
مایەی برین‌تێ‌کەوتن، برین‌پێ‌دەرکەر ۞ موجب زخم‌شدگی

ulcerous /'ʌlsərəs/ *adjective*
بـرین‌دار، زامـار، ریـش‌دار، برینـار، هـەوکردوو، برین‌دەرکردوو ۞ زخمی

-ule *suffix*
پاشگر: چکۆلە، بچوک، ـۆکە، ـۆلکە، ـۆچکە و هتد: *capsule*، *ductule* (بنەرەت: لە - *-ulus*، *-ulum*، *ula* لاتینەوە) ۞ پسوند: کوچک

ulema /'ʊləmə, 'uːlɪmə, ˌuːlə'mɑː/ *noun*, also ulama
1 عولەما، کۆمەلی زانایانی ئیسلامی 2 ئەندامی ئەو کۆمەلە ۞ علما

-ulent *suffix*
پاشگر: زۆر، پر، زەبەند: *fraudulent* (‎-ulence پاشـگرێکە کـە نـاو دروسـت دەکـا لـە *-ulentus* لاتین) ۞ پسوند: کثیر، بیش

ullage /'ʌlɪdʒ/ *noun*
کـەمی کـۆس یـان بەرمیل، لە دەمـردانی ئـاو بـە لێچـوون leakage یـان هەلـمین ۞ کمبـود یـا کسری چلیک، یولاج

ulna /'ʌlnə/ *noun, pl.* ulnae /-niː/ or ulnas
(توێکـاری و گیانـەوەرناسـی) ئێـسکی باسـکی خوارەوە یـان بـەوش، باسکەخـواروو (بـنەرەت: لاتینی نوێ، لە لاتینـەوە "elbow") ۞ اسـتخوان زند زیرین

ulnar /'ʌlnər(r)/ *adjective*
باسـکەخـوارووی، سـەربە ئێـسکی باسـکی خوارەوە، سـەربە ئێـسکی بەوشی ۞ وابسـتە بـە استخوان زند زیرین

U-lock = D-lock

ulster /'ʌlstə(r)/ *noun*
ئالـستێر، ئۆلـستێر (= بالـتەیێکی دریژ و هەراوی ئیرلەندی، بنەرەت: لە *Ulster* ئیرلەند، شوێنێ لە بنەرەتا لێی فرۆشرا) ۞ اولـستر

Ulsterman *noun, pl.* Ulstermen
ئالـستێری، ئۆلـستێری، خەلـکی ئیرلەنـدی

باکووری ◊ اولستری

Ulsterwoman *noun, pl.* Ulsterwomen

ئالستێری، ئۆلستێری، خەڵکی ئیرلەندی باکووری ◊ اولستری

ulterior /ʌlˈtɪəriə(r), US -ˈtɪr-/ *adjective*

1 نهێنی، نادیار، شاراوە، پەنامەکی، لەبنەوە: *She must have some ulterior motive for being nice to me—what does she really want?* 2 ئەوبەری، ئەولایی، دوورتر 3 دواتر، دوایی، پاشین، پاشتر ◊ 1 مخفی، پنهانی 2 آن‌سویی، دورتر 3 بعدی

ulteriorly *adverb*

دواتر، لە پاشان، پاشتر ◊ بعداً

ulterior motive *noun*

پاڵنەری شاراوە، هاندەری نادیار یان نهێنی (لە بنەوە) ◊ انگیزەی پنهانی

ulterior purpose *noun*

مەبەستی نادیار یان پەنامەکی ◊ قصد پنهانی

ultima *noun, pl.* ultimas

دوابڕگە، دوایین بڕگە، دوایین کەرتە (لە وشەیێ) ◊ مقطع واپسین

ultima ratio *noun,* New Latin

دوایین ڕێگا، دوایین چارە، resort (وەک هێز) ◊ آخرین تدبیر

ultima ratio regum *noun,* Latin

دوایین ڕێگا، دوایین چارە، دوایین ڕێگاچارە (وەک شەڕ): دروشمێکی هەڵکۆڵراو لەسەر تۆپی لوئی چاردەهەم Louis XIV (مەزن، پادشای فەرەنسە 1643–1715، کوڕی Louis XIII) ◊ واپسین یا آخرین تدبیر

ultimata = ultimatum

ultimate /ˈʌltɪmət/ *adjective, noun*

1 *adj* دوایین، ئاخر، دوایی، ئاخری، هەرەدواتر، ترۆپک، لووتکە: *our ultimate goal/aim/objective/target* ◊ *The ultimate decision lies with the parents* 2 سەرەکی، سەرەتایی، گەوهەری، بنچینەیی، بنەڕەتی: *the ultimate truths of philosophy and science* ◊ *We could not trace the ultimate source of the rumours* 3 سەرترین، بەرزترین، باشترین، گرنگترین: *Nuclear weapons are the ultimate deterrent* ◊ *Silk sheets are the ultimate luxury* 4 خراپترین *n* ڕادەی ئاخر، دوایین‌ڕادە، خاڵی ترۆپک، بەرزترین ئاست، ئەوپەڕ، ترۆپک، لووتکە: *the ultimate in modern design*; ultimacy *n* (*pl.* ultimacies)؛ (ultimateness *n*) ◊ *adj* 1 نهایی، نهایت، اوج 2 اصلی، اولیه 3 برترین، بهترین، مهم‌ترین 4 بدترین *n* حد نهایی، نهایت، اوج

ultimate analysis *noun*

دواشیکردنەوە، دوایین‌شیتەڵکردنەوە ◊ تحلیل نهایی

ultimate cause *noun*

دواهۆ، دوایین‌هۆ، دواکۆز ◊ علت نهایی

ultimate constituent *noun*

(زمانەوانی) پێکهێنەری دوایی، دوایین پێکهێنەر، دواپێکهێنەر، وەک مۆرفیم کە چی‌تر ناتوانێ بۆ پێکهێنەری تر دابەش بکرێ (بڕوانە immediate constituent) ◊ سازەی نهایی

ultimately /ˈʌltɪmətli/ *adverb*

لە ئاخردا، لە ئەنجامدا، لە کۆتاییدا، لە ئاخرسەردا، finally، لە بنەڕەتا، لە بنچینەدا: *A poor diet will ultimately lead to illness* ◊ *Ultimately, you'll have to make the decision yourself* ◊ در نهایت، سرانجام، در اساس

ultimate power *noun*

هێزی بنەڕەتی یان بنچینەیی ◊ نیروی اصلی

ultimate principle *noun*

دوابنچینە، دوابنەما، دوایین بنچینە، دوایین‌پرەنسیپ ◊ اصل نهایی

ultimate source *noun*

دواسەرچاوە، دوایین‌ژێدەر، ژێدەری دوایی ◊ منشأ نهایی

ultimate truth *noun*

دواڕاستی، دوایین‌ڕاستی، دوایین حەقیقەت ◊ حقیقت نهایی

ultimate Thule = thule

ultimatum /ˌʌltɪˈmeɪtəm/ *noun, pl.* ultimatums or ultimata /-tə/

دواهۆشداری، دوایین‌ئاگادارکردنەوە، دوایین‌پێشنیار ◊ اتمام حجت

ultimo /ˈʌltɪməʊ/ *adjective*

(کۆن) لە مانگی ڕابردوودا (بنەڕەت: لە *ultimo mense* لاتین) ◊ در ماه گذشته

ultimogeniture *noun*

مافی کوڕەچکۆلەیی: شێوەیێ میراتگری کە لەودا بەش و دارایی دەدرێ بە چکۆلەترین کوڕ (ultimogeniary *adj*) ◊ اولتیموژنیتور

ultra /ˈʌltrə/ *adjective, noun* (*pl.* ultras)

adj تونڕەو، توندڕۆ، پەڕگیر *n* مرۆی تونڕەو ◊ *adj* افراطی *n* آدم افراطی

ultra- /ˈʌltrə/ *prefix*

پێشگر: زۆور، سەر، بان، سەروو، سەرووی، لەژوور، لە پشتەوەی، لەوبەری، لە ئەندازەبەدەر، بەکجار، لە ڕادەبەدەر، excessively، extremely: *ultramontane*، *ultraviolet*، *ultramicroscopic* (بنەڕەت: لە *ultra* لاتینەوە "beyond") ◊ پیشوند: فرا، ماوراء، فوق، مافوق، فوق‌العاده، بیش از حد

ultrabasic *adjective*

(لەمەڕ (تەختە)بەردەکان) ئالترابەیسیک، ئۆلترابەیسیک: ئاسن و مەنیزیۆمی (لەگەڵ برێ

لەوبەری دەریاوە 2 شینی کاڵ، شینی ئاسمانی ⬡ n رنگ آبی روشن adj 1 ماوراءالبحر 2 لاجوردی

ultramicroscope *noun*
ژووروردبین، وردبینی تایبەتی شتی یەکجار چکۆلە ⬡ الترامیکروسکوپ

ultramicroscopic *adjective*, also ultramicroscopical
1 لە ژووروردبینەوە، یەکجار ورد، ئەوندە وردە کە بە وردبینی ئاسایی نابینرێ 2 سەربە ژووروردبین ⬡ الترامیکروسکوپیک

ultramicroscopy *noun*
ژووروردبینی ⬡ فراریزبینی، اولترامیکروسکوپی

ultramicrotome *noun*
ژووروردبڕ، microtome ی بۆ بڕینی کۆمەڵە بەشێکی یەکجار ناسک بۆ مایکرۆسکۆپی ئیلیکترۆنی (ultramicrotomy *n*) ⬡ اولترامیکروتوم

ultraminiature = subminiature

ultramodern *noun*
یەکجارنووژەن، زۆر تازە، یەکجار پێشکەوتوو، ئالتراموديرن (ultramodernism *n*؛ ultramodernist *n*) ⬡ الترامدرن، متجدد

ultramontane /ˌʌltrəˈmɒnteɪn/ *adjective, noun*
adj لەوبەری چیای ئالپەوە 1 *n* 1 دانیشتووی باشووری ئالپ، باشوورنشینی ئالپ 2 لایەنگری دەسەڵاتی تەواوی پاپ ⬡ *adj* ماوراء کوه آلپ *n* 1 ساکن جنوب آلپ 2 طرفدار قدرت مطلق پاپ

ultramontanism *noun*
(جاروبار بە U) رامیاری پارتی کلێسەی کاتۆلیکی رۆم کە پێویە هێز و دەسەڵاتی پاپ زیاتر کا (ultramontanism *n*) ⬡ اولترامونتانیسم

ultramundane /ˌʌltrəˈmʌndeɪn/ *adjective*
1 لەوبەری جیهان یان دنیاوە، لە جیهان بەدەر 2 لەوبەری کۆمەڵەی خۆرییەوە ⬡ 1 ماوراء جهان 2 ماوراء منظومەی شمسی

ultranationalism *noun*
ناسیۆنالیزمی توندڕەوانە، نەتەوەگەریی پەرگیرانە یان توندڕۆیانە، رەشەناسیونالیزم (ultranational *n*؛ ultranationalist *n*: ناسیۆنالیستی پەرگیر یان توندڕەو؛ ultranationalistic *adj*) ⬡ ملی گرایی افراطی

ultraplankton *adjective*
ژوورسەراوەکی (بە ئەندازەی 5 تا 10 میکرۆمیتر) ⬡ اولتراپلانکتون

ultrapure *adjective*
یەکجارپەتی (بێ هیچ تێکەڵی یان ناپوختییێ؛ impurity *adv* ultrapurely *n*؛ ultrapurity) ⬡ اولتراپیور

ultrashort *adjective*
یان هیچ سیلیکایێ) تیایە ⬡ اولترابازیک

ultracentrifuge *noun*
ناوەندڕەوێنەیێ بە سووڕێکی یەکجار زۆر کە دەتوانێ ئەو پارچۆلکە وردانەی وەک گەرد یا مۆلۆکۆلی پرۆتین بنیشێنێ، یەکجارناوەندڕەوێن: centrifuge ی زۆر خێرا بۆ نیشاندن یان جیاکردنەوەی گەردە زیندەناسییە گەورەکان (ultracentrifugation *n*) ⬡ اولترا‌سنتریفیوژ

ultraclean *adjective*
یەکجارخاوێن، ب.ت. extremely clean میکرۆبەکان: *an ultraclean laboratory* ⬡ اولتراکلین

ultraconservative *noun*
یەکجارکۆنەپارێز، کۆنەپارێزی توندڕە ⬡ محافظەکار افراطی

ultracritical *adjective*
(-acritically *adv*) hypercritical ⬡ عیب‌جو

ultradian /ʌlˈtreɪdɪən/ *adjective*
(کارئەندامناسی) زیاتر لە جارێ لە رۆژدا دووبارە دەبێتەوە (لەگەڵ infradian بەراوردی بکە) ⬡ اولترادین

ultrafilter *noun*
ژووروپاڵێو، ژووروپاڵێو (بۆ پاڵاوتنی sol ـەکان؛ ultrafiltration *n*: ژووروپاڵێوی، ژووروپاڵاوتن) ⬡ فراپالایە

ultrafine *adjective*
یەکجارورد، ژووروورد، یەکجار چکۆلە یان وردە تا ئەوەیکە لەژێر وردبینی رووناکیدا ببینرێ: *ultrafine cell structure* ⬡ اولترافاین

ultra-high frequency = UHF

ultraism *noun*
توندڕەوی، پەرگری، پەرگیری، زێدەڕەوی ⬡ extremism افراط

ultraist *noun*
توندڕەو، توندڕۆ، پەرگر، پەرگیر، زێدەڕەو ⬡ افراطی

ultraliberal *adjective, noun*
(کەسێکی) یەکجار ئازادیخواز، ب.ت. لە سیاسەتدا ⬡ بسیار آزاداندیش

ultralight alloy *noun*
دارشتەی یەکجارسووک ⬡ آلیاژ التراسبک

ultramafic /ˌʌltrəˈmafɪk/ *adjective*
(زەویناسی) ژوورمافیک: ئاماژە بەو (تەختە)بەردانە ئاگرینانەی کە زۆربەیان لە کانە مافیکەکان پێکهاتوون ⬡ اولترامافیک

ultramarathon *noun*
هەر پێشبڕکێیەکی 50 مایلی یا زیاتر (ultramarathoner *n*) ⬡ اولتراماراتون

ultramarine /ˌʌltrəməˈriːn/ *noun, adjective*
n رەنگی شینی ئاسمانی *adj* 1 هەڵکەوتوو

یەکجارکورت: 1 خاوەنی wavelength کەمتر لە 10 میتر: ultrashort radiation زۆر 2 کورت لە duration دا ◌ اولتراشورت

ultrasonic /ˌʌltrəˈsɒnɪk, US -ˈsɑːn-/ *adjective*
زووردەنگی، سەروودەنگی، بانردەنگی (مرۆ ناتوانی بیبیستی، دەوروبەری 20,000 هێرتز: ◌ (ultrasonically *adv* :*ultrasonic waves* فراصوتی

ultrasonics *noun, pl.*
1 زووردەنگناسی، زانستی سەروودەنگ 2 ~ ◌ ultrasound فراصوتشناسی

ultrasonogram *noun*
وێنەی هەلگیراوە بە سۆنۆگرافی ◌ ultrasonography اولتراسونوگرام

ultrasonographic *adjective*
سەربە سۆنۆگرافی ◌ وابسته به سونوگرافی

ultrasonography /ˌʌltrəsəˈnɒgrəfi/ *noun*
سۆنۆگرافی، زووردەنگنووسی ◌ سونوگرافی

ultrasound /ˈʌltrəsaʊnd/ *noun, adjective*
1 *n* زووردەنگ، سەروودەنگ، بانردەنگ 2 سۆنۆگرافی: *Ultrasound showed she was expecting twins* ◊ *adj an ultrasound scan* ◌ *n* 1 فراصوت 2 سونوگرافی *adj* وابسته به سونوگرافی

ultrastructural *adjective*
زووریێکهاتەیی، سەربە زووریێکهاتە ◌ فراساختاری

ultrastructure *noun*
(زیندەناسی) زووریێکهاتە: پێکهاتەی کە تەنیا بە وردبینی ئێلیکترۆنی electron microscope دەبینری ◌ فراساختار، اولترااستراکچر

Ultrasuede *noun*
دروشمی کوتالێکی جیری و synthetic و شۆراو ◌ اولتراسوید

ultraviolet /ˌʌltrəˈvaɪələt/ *adjective*
زووربنەوش، سەروونبەوش، بانرەنەوش: *an* ~ *iolet lamp* ◌ فرابنفش

ultraviolet radiation *noun*
تیشکدان(ەوە)ی سەروونبەوش ◌ تشعشع فرابنفش

ultraviolet rays *noun, pl.*
تیشکە زووربنەوشەکان ◌ پرتوهای فرابنفش

ultraviolet spectrum *noun*
شەبەنگی زووربنەوش ◌ طیف فرابنفش

ultra vires /ˌʌltrə ˈvʌɪriːz, US ˌʊltrɑː ˈviːreɪz/ *adjective, adverb*
بەدەر لە چوارچێوەی دەسەلات (یان هێز) ی قانوونی ◌ خارج از حدود اختیارات قانونی

ultravirus *noun, pl.* ultraviruses
ڤایرۆسی یەکجار چکۆلە، filterable virus ◌ اولتراویروس

ulu /ˈuːluː/ *noun, pl.* ulus
جۆرێ چەقۆی دەسکورت و دەمپانی ژنانی ئیسکیمو ◌ اولو

ululant *adjective*
لوورەون، لوورن، لوورەکەر ◌ زوزەکش

ululation /ˈjuːləʊleɪʃn, ˈʌləʊleɪʃn, US ˈʌljʊleɪʃn/ *noun*
هاوار، قوورانەوە، گریان، شین، بۆران، شەپۆر، شیوەن، گابۆر، قوورپێوان 1 2 لوورە، لووراندنەوە ◌ 1 بانگ، شیون 2 زوزه

ulva *noun, pl.* ulvas, also sea lettuce
جگەنە: قەوزەیێ سەوزی گەش، لە توخمی *Ulva*، خێزان Ulvaceae، بە تەختەی زۆر پان و بەرین شین دەبێ (لاتین "sedge") ◌ اولوا

Ulysess = Odysseus (Latin Ulysses, Ulixes, from Greek Oulixes, Olysseus, Odysseus)

um *interjection*
ئام! ئێێ!: *Um, I'm not sure how to ask you this....* ◌ اومم!

Umayyad *noun,* also Omayyad, *pl.* -yads, -yades
ئومەوی، ئومەوی: 1 ئەندامی بەرەباتشایی خەلیفەکان کە لە دیمەشق لە 661 تا 750 حکومەتیان کرد 2 ئەندامی بەرەیێکی وا کە لە ئەمیر و خەلیفەکان پێکهاتبوو و لە باشووری سپانیا لە 756 تا 1031 فەرمانرەوایان کرد ◌ اموی

Umbanda /ʊmˈbandə/ *noun*
جۆرێ دینی خۆمالی بریزیلی، پێکهاتوو لە توخمەکانی ماکومبا، کاتۆلیکگەری و پرەکتیسە سوورپێستییەکان ◌ اومباندا

umbel /ˈʌmb(ə)l/ *noun*
(رووەکناسی) چەترە، گیاچەترە (umbellate *adj*: بنەرەت: لە *umbella* لاتین "sunshade") ◌ امبل، گل آذین چتری

umbellar *adjective,* also umbellate /ˈʌmbəlert/
چەترەئاسا، چەتری ◌ امبل‌مانند، چتری

umbellifer /ʌmˈbɛlɪfə/ *noun*
رووەکێ لە خێزانی parsley (Umbelliferae) ◌ نوعی گیاه

umbelliferous /ˈʌmbəˈlɪfərəs/ *adjective*
چەتری، چەتردار ◌ چتردار

umbellule *noun*
چەترۆکە (umbellulate *adj*) ◌ آمبولـول، گل آذین چتری کوچک

umber /ˈʌmbə(r)/ *noun, adjective*
1 ئامبیر، گلی ئامبیر 2 رەنگی قاوەیی ئامال زرد یا سووورباو، قاوەیی ئامال زرد یا سووورباو، قاوەیی سووورباو ◌ 1 آمبر 2 (رنگ) قهوه‌ای مایل

به زرد

umbilical /ʌm'bɪlɪk(ə)l, US ˌʌmbɪ'lʌɪk(ə)l/ *adjective, noun*
adj 1 سەربە ناوک، ناوکی، نێوکی، سەربە پەت یان ریخۆڵەی نێوک 2 جیانەکراوە، بەستراو، لەجیابوونەوەنەهاتوو، یەکجار نزیک: *the town's umbilical rail line* *n* پەت یان ریخۆڵەی نێوک umbilical cord (umbilically *adv*) ◌ 1 *adj* وابسته به ناف، نافی، وابسته به بند ناف 2 تفکیک‌ناپذیر *n* بند ناف

umbilical cord /ʌmˌbɪlɪkl 'kɔːd, US 'kɔːrd/ *noun*
پەت یان ریخۆڵەی نێوک، ناوکەپەت ◌ بند ناف

umbilicate /ʌm'bɪlɪkət/ *adjective*, also umbilicated
نێوک‌ئاسا، نێوکەدار، ناوکی، شێوەناوک، لەنێوک‌چوو ◌ نافی‌شکل

umbilicus /ʌm'bɪlɪkəs, US ˌʌmbɪ'laɪkəs/ *noun, pl.* umbilici /-sʌɪ/ or umbilicuses
1 ناوک، نێوک، چاڵی یان رۆچوویی نێوک‌ئاسا 2 (خوازە) ناوەند، چەق، نێوەراست، جەرگە (umbiliform *adj*) ◌ 1 ناف 2 (مجازی) مرکز

umbles = numbles

umbo /'ʌmbəʊ/ *noun, pl.* umbones /-'bəʊniːz/ or umbos
1 قوبە یان گۆپکەی مەتاڵ، کڵاوە 2 (زیندەناسی) دەرپەریوی یان ماسی(وی) ناوەندی، کۆمی (umbonate *adj*: گۆپکەدار، قوبەدار، بنەرەت: لە لاتین "shield boss") ◌ 1 قبه‌ی سپر 2 برآمدگی، قوز

umbonal *adjevtive*
سەربە قوبە یان گۆپکەی مەتاڵ ◌ وابسته به قبه‌ی سپر

umbra /'ʌmbrə/ *noun, pl.* umbras or umbrae /-briː/
1 (رۆژگیران یان مانگ‌گیران) سێبەر، سایە 2 بەشی تاریکی (ناوەندی) sunspot، 3 تارمایی، ghost، phantom 4 ناوچەیەکی سێبەردار، سار 5 سێبەر، نسێ، سایە، shade، shadow (umbral *adj*، بنەرەت: لە لاتینەوە "shade، shadow") ◌ 1 سایه، ظل 2 آمبرا 3 شبح 4 آمبرا 5 سایه

umbrage /'ʌmbrɪdʒ/ *noun*, take umbrage
1 لەبەرگران‌هاتن، پێ‌ناخۆش‌بوون، عاجزبوون، دڵ‌ئێشان، دڵ‌رەنجان، لاگران‌بوون، زیزبوون 2 (کۆن) سێبەر، نسێ (ب.ت. ئەوەی بە دار بێ) ◌ 1 دلخور شدن، آزردگی 2 سایه، ظل

umbrageous *adjective*
زوورەنج(او)، دڵ‌ناسک، زووڕدڵ‌ئێشاو (umbrageously *adv*) ◌ زودرنج

umbrella /ʌm'brelə/ *noun, pl.* umbrellas
1 چەتر 2 چەتر، باڵ، پاراستن، چاودێری، پشتیگری، پشتیوانی 3 (وەک ئاوەڵناو) پەرێز، پارێزە 4 گشتگیر، هەمەلایەنە، گشتی 5 (وشە و هتد) گشتی (بنەرەت: لە *ombrella* ئیتالیاییەوە، چکۆلەکراوی *ombra* "سێبەر "shade") ◌ 1 چتر 2 حمایت 3 (صفت‌گونه) حفاظ 4 فراگیر 5 (واژه و...) کلی

umbrellabird *noun*
(باڵندەناسی) باڵندەچەترە، چەترەمەل cotinga ی زلەی رەش [تۆخم *Cephalopterus*: سێ جۆرن] ◌ نوعی پرنده

umbrella pine *noun*
1 جۆرێ سنەوبەری درێژی ژاپۆنی، سنەوبەری (گەڵا)چەتری [*Sciadopitys verticillata*] = 2 stone pine ◌ امبرلا پاین

umbrella plant *noun*
(رووەک‌ناسی) رووەکەچەترینە، جۆرێ sedge ی گەرمێنان، زۆرتر وەک گیای ماڵێ وایە [*Cyperus involucratus*] ◌ امبرلا پلانت

umbrella tree *noun*
گیاچەترە، دارچەترە، دارەچەترینە (گەڵاکانی بە ریکخستنێکی چەتری‌یەوە [*Schefflera actinophylla* (ئەوستڕالیا) و *Magnolia tripetala* (ئەمریکای باکووری)]) ◌ نوعی گیاه

umbrella term *noun*
زاراوەی گشتی ◌ اصطلاح کلی

umbrella word *noun*
وشەی گشتی ◌ واژه‌ی کلی

Umbrian *noun, adjective*
n 1 ئۆمبریایی دانیشتووی ئۆمبریا، ناوچەیەکی ئیتالیای ناوەندی 2 زمانی تیاچووی ئیتالیایی *adj* سەربە ئۆمبریا، ئیتالیای ناوەندی، خەڵکەکەی یان زمانەکەیان ◌ اومبریایی

umbriferous /ʌm'brɪf(ə)rəs/ *adjective*
(ویژەیی) سێبەرخەر، سارخەر، سێبەرکەر ◌ سایه‌افکن

umiak /'uːmɪak/ *noun*
یوومیاک، ئۆمیاک (گەمی ناواڵەی ئیسکیموکان، لە دار و کەوڵ دروست دەکرێ و ژنان لەی دەخورن) ◌ امیاک

umlaut /'ʊmlaʊt/ *noun*
1 (زمانەوانی) بزوێن‌گۆڕکێ، گۆڕانی بزوێنێ 2 (وەک /ü/ بە /ö/ لە goose بە geese) نیشانەی (¨) لەسەر بزوێنێکی ئەڵمانی دەنووسرێ تا ئەوە پیشان بدا کە چۆن دەوترێ (ب.ت. *der Månna/ die Männer* پیاوەکە، پیاوەکان) ◌ اوملاوت

umma /'ʊmə/ *noun*, also ummah
ئۆممەت، سەرجەم کۆمەڵگای مسوڵمانەکان (لە عەرەبیەوە) ◌ امت

ump = umpire

UMPC /ˌjuː em piː ˈsiː/ *noun, abbreviation* ultra-mobile personal computer
کامپیوتێرێکی چکۆلە کە بە ئاسانی هەڵدەگیرێ و پەردە یا سکرینەکەی بەرکەوتی یە، جارویاریش پێویستی بە کەیبۆرد نییە ◌ یوام‌پی‌سی

umph = oomph

umpirage *noun*
بڕیاری دادوەر یان نێوبژی‌کەر ◌ حکم حَکَم

umpire /ˈʌmpaɪə(r)/ *noun*
(پێشبڕکێ) نێوگزێوان، دادوەر، سەرپشک، ناقبەر، نێونجی‌کەر، نێوبژی‌گەر، ناوبژی‌کەر (umpireship *n*) ◌ داور، حکم

umpiring *noun*
نێوگزێوانی، دادوەری، ناقبەری، نێونجی‌کەری، نێوبژی‌گەری ◌ داوری

umpteen /ˌʌmpˈtiːn/ *adjective*
(ئاقەرمی) گەلێ، سەدان، دەیان، هەزاران، یەکجار، بێ‌هەژمار: *I've told this story umpteen times* ◌ صدها، بسیار

umpteenth /ˌʌmpˈtiːnθ/ *adjective*
دەیەمین، سەدەمین، هەزارەمین، چەندەمین: *'This is crazy,' she told herself for the umpteenth time* ◌ دهمین، صدمین، هزارمین، چندمین

UMTS *abbreviation* Universal Mobile Telephone System
سیستمی تەلەفونی موبایلی جیهانی ◌ سیستم تلفن موبایل بین‌المللی

umu /ˈʊmʊ/ *noun*
تەنوور (شتێ تیا ساز دەکرێ (لەسەر بەردی گەرم)، لهمانۆری) ◌ تنور

UN /ˌjuː ˈen/ *abbreviation* United Nations, also U.N. especially in US
ڕێکخراوەی نەتەوە یەک‌گرتووەکان، ڕێکخستیا نەتەفەیێت ئێک‌گرتی: *the Un security council* ◌ سازمان ملل متحد

un- /ʌn/ *prefix*
پێشگر: بێ، بەبێ، نە، نا، پێچەوانە، بەرچە، بەرەوژوور: *unselfish, untruth* (بنەڕەت: *unconsciously, untruth*) لە ئینگلیی کۆن، ئەڵمانیی بنەڕەت) ◌ پیشوند: بدون، فاقد، نه، معکوس، وارونه، وا

'un /ən/ = one

unabashed /ˌʌnəˈbæʃt/ *adjective*
لەڕوودانەماو، شەرمدانەگرتوو، بێ‌شەرم، گوێ‌لێ‌نەبوو، نەپەشۆکاو، خەجاڵەتەوەنەبوو، بێ‌نیگەرانی، بێ‌دڵەتەپە، undisguised: *He was unabashed by the reaction he had caused ◊ She watched them kissing with unabashed interest ◊ He appeared unabashed by all the media attention* (unabashedly /-ʃɪdli/ *adv*: بێ خەجاڵەتی داگرتن، نەپەشۆکاوانە) ◌ بدون خجالت، بدون دستپاچگی

unabated /ˌʌnəˈbeɪtɪd/ *adjective*
1 دانەمرکاو، دانەکوژاو، ئارام‌نەگرتوو، هەر وەکوو پێشوو (توندوتیژ، بەهێز، بەڕشت و هتد) 2 نەخستوو (با و هتد)، کەمەوەنەبوو، نەنیشتوو، خۆشەوەنەکردوو، سووک‌نەبوو، هێورەوەنەبوو، دانەکەوتوو: *The rain continued unabated* ◌ 1 فروکش‌نکرده 2 کاهش‌نیافته

unable /ʌnˈeɪbl/ *adjective, be unable*
ناتوانێ، لە دەستی نایە، پێ ناکرێ، لە توانای دا نییە، نەتوانین، لەدەس‌نەهاتن، پێ‌نەکران، نەشیان، دەرەقەت‌نەهاتن ◌ ناتوان، نتوانستن

unabridged /ˌʌnəˈbrɪdʒd/ *adjective*
تەواو، دووروودرێژ، کورتەوەنەکراو، دەس‌لێ‌نەدراو ◌ کامل، کوتاه‌نشده

unaccented *adjective*
بێ‌زەبر، بێ‌هێز ◌ بدون تکیه

unacceptability /ˌʌnəkseptəˈbɪləti/ *noun*
لەپەسندنەهاتوویی، پەسندنەکراوی، نادروستی، ناڕەوایی، ناژیرانەیی، قەبووڵنەکراوی ◌ غیرقابلیت قبول، نامعقولی

unacceptable /ˌʌnəkˈseptəbl/ *adjective*
لەپەسندنەهاتوو، پەسندنەکراو، پەسند ناکرێ، نادروست، وەرناگیرێ، ناڕەوا، ناژیرانە، قەبووڵنەکراو ◌ غیرقابل قبول، نامعقول

unacceptable face *noun*
لایەنی خراپە، لایەنی نەرێنی ◌ جنبه‌ی منفی

unacceptably /-bli/ *adverb*
پەسندنەکراوانە، بە شێوەیەکی نادروست ◌ به طور غیرقابل قبول

unaccommodated *adjective*
نەگونجاو، دانەهاتوو، نەسازاو، خووپێ‌نەگرتوو ◌ ناسازگار

unaccompanied /ˌʌnəˈkʌmpənid/ *adjective*
1 تەنیا، تاک و تەنیا، (کەس) لەگەڵ‌نەبوو 2 (موسیقا) تەنیا ◌ 1 بدون همراه 2 (موسیقی) بدون همراهی

unaccountable /ˌʌnəˈkaʊntəbl/ *adjective*
ڕوونەوەنەکراو، لەپاساونەهاتوو، لەڕوون‌کردنەوەنەهاتوو، ڕوون ناکرێتەوە، سەیر، نائاسایی، strange (unaccountability *n*) ◌ توضیح‌ناپذیر، عجیب

unaccountably /ˌʌnəˈkaʊntəbli/ *adverb*
لەخۆوە، بێ‌ئەوەی شتێ بێ، بەبێ‌هۆ ◌ بی‌دلیل

unaccounted /ˌʌnəˈkaʊntɪd fɔː(r)/ *adjective, unaccounted for*
1 گوم‌بوو، بێ‌سەروشوێن، پەیدانەبوو، ون‌بوو 2

بێ‌لێکدانەوە، بێ‌روون‌کردنەوە، لێک نەدراوەتەوە، ناچار نیە بۆ کەسی روون کاتەوە ⟡ 1 مفقود 2 بدون توضیح، فعال مایشاء

unaccustomed /ˌʌnəˈkʌstəmd/ *adjective*
دانەهاتوو، عادەت‌نەگرتوو، خوو(پێ)نەگرتوو، رانەهاتوو، نائاسایی، نەعەدەتی، سەیر ⟡ نامأنوس، خونگرفته، غیرعادی

unachievable /ˌʌnəˈtʃiːvəbl/ *adjective*
رانەپەڕێنراو، لەکردن‌نەهاتوو، ناکرێ، نەکراو، نەکرد، بەدەس‌نەهاتوو، بەدەس‌نەهێنراو، بە دەس ناهێنرێ. دەس ناکەوێ: *unachievable goals* ⟡ انجام‌نشدنی، غیرقابل حصول

unacknowledged /ˌʌnəkˈnɒlɪdʒd, US -ˈnɑːl-/ *adjective*
1 پێ‌نەزانراو، رێزلێ‌نەگیراو، قەدرلێ‌نەگیراو، بەسەرەوەنەکراو، سپاس‌لێ‌نەکراو، نەناسراو 2 دەرنەبڕاو، نکۆڵی(لێ)کراو 3 سەرنج‌پێ‌نەدراو، بەهێند‌نەگیراو، پشت‌گوێ‌خراو: *unacknowledged feelings* ⟡ 1 قدرنشناخته 2 اذعان‌نشده 3 نادیده‌گرفته‌شده

unacquainted /ˌʌnəˈkweɪntɪd/ *adjective*
بێگانە، نەناس، نائاشنا، نەناسیاو ⟡ ناآشنا

unadaptation *noun*
نەسازان، نەگونجان، دانەهاتن ⟡ عدم انطباق

unadaptated *adjective*
نەگونجاو، نەسازاو، دانەهاتوو ⟡ نامنطبق

unadjusted /ˌʌnəˈdʒʌstɪd/ *adjective*
نەگونجاو، نەسازاو، دانەهاتوو ⟡ ناسازگار

unadjustment *noun*
نەسازان، نەگونجان، دانەهاتن ⟡ ناسازگاری

unadorned /ˌʌnəˈdɔːnd, US -ˈdɔːrnd/ *adjective*
سادە، جوان‌نەکراو، نەڕازێنراو، رووت ⟡ بدون تزئینات

unadulterated /ˌʌnəˈdʌltəreɪtɪd/ *adjective*
1 تێکەڵ‌نەکراو، ناتێکەڵ، بێ‌غەش، پوخت، پەتی، هیچی تێکەڵ نەکراوە 2 تەواو، رەبەق ⟡ (**unadulteratedly** /-eɪtɪdli/ *adv*) 1 خالص 2 محض

unadventurous /ˌʌnədˈventʃərəs/ *adjective*
ئاسوودەخواز، نامەترسی‌کار، خۆدوورگرتوو لە گێچەڵ و هەند، cautious، دژەکەی adventurous ⟡ فاقد روحیه‌ی ماجراجویی

unadvised /ˌʌnədˈvaɪzd/ *adjective*
نازیرانە، نائاقلانە، لێکەوەنەدراو، بیری لێ‌نەکراوەتەوە، پرس‌ورانەکراو، هەڵنەسەنگێنراو ⟡ غیرمعقول، نسنجیده

unadvisedly /ˌʌnədˈvaɪzdli/ *adverb*
نازیرانە، (بە شێوەیەکی) نائاقلانە ⟡ بە طور غیرمعقول

unaffected /ˌʌnəˈfektɪd/ *adjective*
سادە، خۆماڵی، بێ‌ریایی، کارتێ‌نەکراو، نەگۆڕاو: *People's rights are unaffected by the new law* ⟡ بی‌تکلف، بدون پیرایه، تحت تأثیر قرارنگرفته (**unaffectedness** *n*)

unaffectedly /ˌʌnəˈfektɪdli/ *adverb*
بە شێوەیەکی سادە، خۆماڵی‌یانە ⟡ به طور بی‌تکلف

unafraid /ˌʌnəˈfreɪd/ *adjective*
بێ ترس، نەترس، بێ‌باک، بەجەرگ، بەغیرەت ⟡ بدون ترس، بی‌پروا

unaided /ʌnˈeɪdɪd/ *adjective*
بێ‌یارمەتی، بێ‌یاریدە، نە لەگەڵ، بەتەنیا، تەنیا ⟡ بدون کمک، به تنهایی

unalienable *adjective*, also inalienable
بەنیوونەکراو، رانەگوێزراو، جیاوەنەبوو، لێک‌دانەبڕاو، لێکەوەنەبوو، inalienable ⟡ غیرقابل انتقال، لاینفک

unaligned *adjective*
1 سەربە هیچ پارتی یان رێکخراوەیێ نیە 2 ریزنەکراو ⟡ 1 غیروابسته به حزب یا سازمانی 2 بودن صف آرایی

unalloyed /ˌʌnəˈlɔɪd/ *adjective*
(کانزا) نادارشتە، ناتێکەڵ، هیچی تێکەڵ نەکراوە، شک‌لێ‌نەکراو، تەواو، رەبەق ⟡ خالص، ناب

unalterable /ʌnˈɔːltərəbl/ *adjective*
نەگۆڕ، دەس‌لێ‌نەدراو، چەسپیو، جێگیر، داکوتراو ⟡ نامتغیر

unalterably /ʌnˈɔːltərəbli/ *adverb*
نەگۆڕانە، بە شێوەیەکی چەسپیو ⟡ به طور نامتغیر

unaltered /ʌnˈɔːltəd/ *adjective*
نەگۆڕ، دەس‌لێ‌نەدراو، چەسپیو، نەگۆڕاو ⟡ بدون تغیر

unambiguous /ˌʌnæmˈbɪgjuəs/ *adjective*
ئاشکرا، دیار، لەبەرچاو، رۆشن، روون، ناتەماوی ⟡ صریح، غیرمبهم

unambiguously /ˌʌnæmˈbɪgjuəsli/ *adverb*
ئاشکرایانە، بە شێوەیەکی روون یان ناتەماوی ⟡ به طور صریح

unambitious /ˌʌnæmˈbɪʃəs/ *adjective*
قانع، رازی، کەم‌قنیات، نابەرزەفڕ ⟡ قانع

un-American *adjective*
نائەمریکایی، دژی ئەمریکایی ⟡ غیرامریکایی، ضدامریکایی

un-American activities *noun, pl*
کۆمەڵێ کردەوە یان کردەوەگەلێ بە دژی ئەمریکا ⟡ اقدامات ضدامریکایی

Unani /juːˈnɑːni/ *noun*
یونانی: شێوازێکی پزشکی لە هیندوستان،

ویدەچێ بە ڕێگای پزشکانی مسوڵمانەوە لە یونانەوە وەرگیرابێ ۞ اونانی، یونانی

unanimity /juːnəˈnɪməti/ *noun*
ڕێک کەوتن، یەک دەنگی، یەک ڕیزی، هاوبیری، کۆی دەنگ، تێکڕایی، یەک زمانی، ڕێک کەوتن یان یەکێتی گشتی ۞ اتفاق، وحدت نظر

unanimous /juˈnænɪməs/ *adjective*
ڕێک کەوتوو، یەک کەوتوو، یەک دەنگ، یەک دڵ، تێکڕا، یەک ڕیز، هاوبیر، یەک زمان، یەک وشە، بە کۆمەڵ، بەگشتی، یەکالە، یەک پارچە: *The decision was not unanimous* ۞ متفق‌اللقول، هم‌رأی، واحد

unanimously /juˈnænɪməsli/ *adverb*
بە کۆی دەنگ، بە تێکڕایی، بە گشتی: *The motion was passed unanimously* ۞ به اتفاق آرا

unannounced /ˌʌnəˈnaʊnst/ *adjective*
بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو، ڕانەگەیێنراو، بێ خەبەر، چاوەڕواننەکراو، کتوپڕ، ناخافڵ ۞ غیرمنتظره، بی‌خبر

unanswerable /ʌnˈɑːnsərəbl, US ʌnˈæn-/ *adjective*
بێ ئەملاوئەولا، بێ چەندوچوون، قەلەسەرنەکراو، بێ وەڵام: *They presented an -rable case for more investment* ۞ محرز، بدون پاسخ

unanswered /ʌnˈɑːnsəd, US -sərd/ *adjective*
بێ وەڵام، بێ بەرسڤ، وەڵام پێونەدراو: *- answered letters* ۞ بی‌جواب

unanticipated /ˌʌnænˈtɪsɪpeɪtɪd/ *adjective*
چاوەڕواننەکراو، کتوپڕ، ناخافڵ ۞ غیرمنتظره، غیرمترقبه

unapologetic /ˌʌnəˌpɒləˈdʒetɪk, US -ˌpɑːl-/ *adjective*
نالێبوردن‌خوازی، بەبێ داوای لێبوردن کردن ۞ بدون عذرخواهی

unapologetically /-kli/ *adverb*
بەبێ داوای لێبوردن کردن ۞ بدون عذرخواهی

unappealing /ˌʌnəˈpiːlɪŋ/ *adjective*
ناخۆش، ناسەرنج‌ڕاکێش، ناحەز، دێز، ناشیرین، خراپ: *The room was painted in an unappealing shade of brown* ۞ بدون جاذبه، زشت، بد

unappetizing /ʌnˈæpɪtaɪzɪŋ/ *adjective*
(چێشت) ناخۆش، بێ تام، بێ چێژ ۞ نامطبوع

unappreciated /ˌʌnəˈpriːʃieɪtɪd/ *adjective*
1 پێ‌نەزانراو، ڕێزلێنەگیراو، قەدرلێنەگیراو، بەهەرەوەنەکراو 2 (سەرمایەنانەوە) بێ قازانج، بێ خێر ۞ 1 قدرنشناخته 2 بدون سود

unapproachability /ˌʌnəprəʊtʃəˈbɪləti, US -proʊ-/ *noun*
ڕووناخۆشی، ڕووتاڵی، دێزی، گۆشتاڵی، وشکی ۞ بدبرخوردی

unapproachable /ˌʌnəˈprəʊtʃəbl, US -ˈproʊ-/ *adjective*
1 ڕووناخۆش، ڕووتاڵ، دێز، گۆشتاڵ، سارد، وشک 2 (کوێن، شوێن) دوور، دوورەدەس، چەپەک، پەڕ ۞ 1 بدبرخورد، نجوش 2 دوردست

unapt *adjective*
1 نەگونجاو، نالەبار، نەشیاو، نابەجێ 2 دەبەنگ، گێژ ۞ 1 نامناسب 2 کند

unaptly *adverb*
نەگونجاوانە، نالەبارانە، نالەبار، نەشیاو، نەشیاوانە ۞ به طور نامناسب

unaptness *noun*
نەگونجاوی، نالەباری، نەشیاوی، نابەجێ‌بوون ۞ نامناسب بودن

unarguable /ʌnˈɑːɡjuəbl, US -ˈɑːrɡ-/ *adjective*
بێ ئەملاوئەولا، بێ چەندوچوون، مسۆگەر، مشت‌ومڕلەسەرنەکراو، یەکلایی‌یەوەبوو، گومان‌لێنەکراو ۞ غیرقابل بحث، مسلم

unarguably /ʌnˈɑːɡjuəbli, US -ˈɑːrɡ-/ *adverb*
بە دڵنیاییەوە، بێ گومان، بێ شک ۞ به طور قطع

unarmed /ˌʌnˈɑːmd, US ˌʌnˈɑːrmd/ *adjective*
1 بێ چەک، چەکی پێ نییە: *2 -d civilians* بەکارهێنانی چەکی تیانییە یان ناگرێتەوە: *The soldiers were trained in -d combat* ۞ غیرمسلح

unarmed combat *noun*
شەڕی بێ چەک ۞ جنگ غیرمسلحانه

unashamed /ˌʌnəˈʃeɪmd/ *adjective*
بێ شەرمانە، ڕووهەڵماڵراوانە، ڕوودارانە، بێ پەردە، بێ خەجاڵەتی: *She talked openly about her unashamd love of money* ۞ وقیحانه، بدون خجالت

unashamedly /ˌʌnəˈʃeɪmɪdli/ *adverb*
بێ شەرمانە، بە بێ شەرمی، حەیالێ‌هەڵگیراوانە ۞ با وقاحت

unasked /ˌʌnˈɑːskt, US ˌʌnˈæskt/ *adjective*
1 نەپرسراو، باس‌نەکراو، دانەڕێژراو 2 بێ بانگهێشتن، لەخۆوە، لێ‌نەگیردراو، نەویستراو، داوانەکراو ۞ 1 مطرح‌نشده 2 سرزده، نطلبیده

unasked for *adjective*
داوانەکراو، نەخوازراو، نەویستراو، خۆویستوو(انە) ۞ نطلبیده، داوطلبانه

unassailability /ˌʌnəseɪləˈbɪləti/ *noun*
1 لەشکاننەهاتوویی، خۆڕاگری، نەبەزی، نەگیراوی، پتەوی، تۆکمەیی 2 مسۆگەری،

بــێ ئەملاوئــەولایی، بەرپـــەرچ نـــەدراوی، رەتەوەنــەکراوی ◌ 1 غیرقابلیـــت شکـــست، حملەناپذیری 2 مسلم بودن

unassailable /ˌʌnəˈseɪləbl/ *adjective*

1 لەشـکان نـەهاتوو، خـۆڕاگر، نەبـەز، نـەگیراو، هێرشی ناکرێتەسـەر، پتـەو، تۆکمە 2 مـسۆگەر، بــێ ئەملاوئـەولا، بەرپـــەرچ نـــەدراو، بـــەدرۆ ناخرێتەوە، رەتەوەنەکراو ◌ 1 غیرقابل شکـست، حملەناپذیر 2 مـسلم، بلامنازع

unassertive *adjective*

شەرمێون، کەم ڕوو، پرکێشی نەکردوو ◌ کم رو

unassisted /ˌʌnəˈsɪstɪd/ *adjective*

بێ یارمەتی، بێ یاریدە، تەنیابال، بەتەنیا، تـەنیا، نـە لەگـەڵ، بـە تـەنیایی: *an unassisted double play* ◌ بدون کمک، به تنهایی

unassuming /ˌʌnəˈsəʊmɪŋ, US ˌʌnəˈsuː-/ *adjective*

سـادە، بێ ڕیا، خۆماڵی، بێ دەمار، خاکەڕا، خاکینە (وخۆڵینە)، بێ پۆز، خاکی ◌ بی تکلف، فروتن

unassumingly /ˌʌnəˈsəʊmɪŋli, US ˌʌnəˈsuː-/ *adverb*

بێ دەمارانە، بێ پۆزانە ◌ با فروتنی

unattached /ˌʌnəˈtætʃt/ *adjective*

1 ســــەربەخۆ، سەربەســــت، ئـــازاد، پشت بەکەس نەبەستوو، سەربە (هیچ لایەن یـان گروپــێ) نــەبوو، ئـازاد، نەبەســتراو، بـــەرەڵا، زنجیرنــەکراو 2 بــێ هاوســەر، ســەڵت، رەبـەن، زگورتی ◌ 1 مستقل، آزاد 2 مجرد

unattainable /ˌʌnəˈteɪnəbl/ *adjective*

دەس نـــــەخراو، دەس نەکــــــــەوتوو، دەس پێ ڕانەگەیشتوو، گیرنەخراو، دەس ناکەوێ، گیرناکەوێ، پێی ناگەیێنرێ، بە دەس نایێ، نەکرد ◌ (unattainably *adv* ؛unattainableness *n*) غیرقابل حصول، دست نیافتنی

unattended /ˌʌnəˈtendɪd/ *adjective*

1 تــاک وتــەنیا، تــاق وتــەنیا، بــە تــەنیایی، چاوبەسەرەوەنەبوو، ئاگاداری نەکراو، بێ چـاودێر: ◌ 2 کەس لەگەڵ نەبوو *unattended vehicles* 1 بدون مراقب 2 بدون همراه

unattractive /ˌʌnəˈtræktɪv/ *adjective*

ناخۆش، ناسـەرنج ڕاکێش، ناحەز، بێ نموود، دێز، ناشـــــیرین، خـــــراپ، :dull ،plain *an unattractive brown colour* ◌ بدون جاذبـه، زشت، نامطلوب

unattractively /ˌʌnəˈtræktɪvli/ *adverb*

بە شێوەیەکی خراپ ◌ به طور نامطلوب

unauthorized /ʌnˈɔːθəraɪzd/ *adjective*, also unauthorised

ڕێگەنـەدراو، نایاسـایی، ناقـانوونی، ڕێ نـەدراو، دەستوورلەسەرنەدراو، بێ دەسـتوور: *No access for unauthorized personnel* ◌ غیرمجاز

unavailability /ˌʌnəveɪləˈbɪləti/ *noun*

دەگمـــــــــەنی، گیرنەکـــــــــەوتوویی، دەس پــێ ڕانەگەیـشتوویی، دەس نەکـەوتوویی: *Many of the problems were caused by the unavailability of suitable equipment* ◌ نایابی، خارج بودن از دسترس

unavailable /ˌʌnəˈveɪləbl/ *adjective*

دەگمـەن، گیرنەکـەوتوو، دەس نەکـەوتوو، دەس ناکەوێ، دەس پەی ڕاناگا، دەس پێ ڕانەگەیشتوو: *Such luxuries are unavailable to ordinary people* ◌ نایاب، خارج از دسترس

unavailing /ˌʌnəˈveɪlɪŋ/ *adjective*

بێهـوودە، بـێ ئـەنجام، بـێ سـوود، بـێ کەڵـک، سەرنەکەوتوو، سەرنەگرتوو، لەخۆڕایی: *Their efforts were unavailing* ◌ بیهوده، بی نتیجه

unavoidable /ˌʌnəˈvɔɪdəbl/ *adjective*

دووری لێ نەکراو، لێ دەرباز نەبوو، نـاتوانی خـۆی لـێ بپەرێنێتەوە، دووری لـێ نـاکرێ، هـەر دەبێ، پێـشی نــاگیرێ، نــاتوانی خــۆتی لــێ لادەی: *Recession at the time seemed -oidable* ◌ اجتناب ناپذیر، گریزناپذیر

unavoidably /-əbli/ *adverb*

بــە شــێوەیێ کــە نــاتوانی خــۆتی لــێ لادەی، دووری لێ نەکراوانـە: *I was unavoidably delayed* ◌ به طور اجتناب ناپذیر

unaware /ˌʌnəˈweə(r), US -ˈwer/ *adjective*

نائاگادار، بێ ئاگا، بێ خەبەر، ناهایدار: *unaware of the problem* ◌ بی خبر، غافل

unawareness *noun*

نائاگاداری، بـێ ئاگـایی، بـێ خەبـەری، ناهایـداری ◌ بی اطلاعی

unawares[1] /ˌʌnəˈweəz, US -ˈwerz/ *adverb*

لـە ناکـاو، کـت وپـڕ، ناناگادارانـە، بـێ خەبـەر ◌ غفلتاً، با بی اطلاعی

unawares[2] /ˌʌnəˈweəz, US -ˈwerz/ *adverb*, take *or* catch someone unawares

سەرسـووڕماندن، سـەرسـام کـردن، تاسـاندن ◌ شگفت زده کردن

unbacked *adjective*

بێ یاریدەدەر، بێ کۆمەک، بێ یارمەتی، بـێ ئالیکـار ◌ بدون کمک

unbalanced /ˌʌnˈbælənsl/ *adjective*

1 شـێواو، شـپرزە، پەرێـشان، شـێت، دەڵـوو، ناهاوسـەنگ، لاسـەنگ، ناهـاوکێش 2 لاگرانـە، نادادپەروەرانە: *an unbalanced article* ◊ *an unbalanced diet* ◌ 1 آشــفته، نامتعـــادل، نامتوازن 2 غیرمنصفانه

unbearable /ʌnˈbeərəbl, US -ˈber-/ *adjective*

لەدەربردن نەهاتوو، نـاتوانرێ لەگەڵـی هەڵکرێ،

دەرنابری، سەخت، دژوار، چەتوون، ناستەم: - *bearable pain* ۞ غیرقابل تحمل، طاقت‌فرسا

unbearably /-əbli/ *adverb*
لەدەربردننەهاتووانە: *unbearably hot* ۞ بە طور غیرقابل تحمل

unbeatable /ʌn'bi:təbl/ *adjective*
لەشکاننەهاتوو، نەبەز، تێکنەشکاو، بێهاوتا، بێنەیار، رقەبەرایەتی لەگەڵنەکراو ۞ مغلوب‌نشدنی، شکست‌ناپذیر، بی‌نظیر

unbeaten /ʌn'bi:tn/ *adjectivef*
لەشکاننەهاتوو، نەبەز، تێکنەشکاو، نەدۆڕاندوو، نەبەزیو: *The team are unbeaten in their last four games* ۞ شکست‌نخورده، بی‌رقیب

unbecoming /ˌʌnbɪ'kʌmɪŋ/ *adjective*
بەکارنەهاتوو، نالەبار، نەگونجاو، لێنەوەشاو، نەشیاو، جوان نییە، لەشاننەبوو، عەیب، نەوەشاو ۞ نامناسب، ناشایست

unbeknown /ˌʌnbɪ'nəʊn, US -'noʊn/ *adjective*, also unbeknownst
بەبێئاگاداری، بەبێ زانینی، لە بنەوە ۞ بدون اطلاع

unbelief /ˌʌnbɪ'li:f/ *noun*
بێباوەڕی، ناباوەڕی، بێدینی، بێئیمانی، کفر ۞ بی‌اعتقادی، بی‌ایمانی

unbelievable /ˌʌnbɪ'li:vəbl/ *adjective*
باوەڕپێنەکراو، لەباوەڕبەدەر، یەکجار باش، بەڕاستنەگیراو، بۆ باوەڕ نابێ، زۆرخراپ، سەیر ۞ باورنکردنی، حیرت‌انگیز

unbelievably /ˌʌnbɪ'li:vəbli/ *adverb*
باوەڕپێنەکراوانە، بە شێوەیێکی سەیر ۞ بە طور باورنکردنی یا حیرت‌انگیز

unbeliever /ˌʌnbɪ'li:və(r)/ *noun*
بێئیمان، بێدین، بێئایین، دینەدڕ، گاوڕ، کافر، زەندیق، بێبڕوا، بێباوەڕ ۞ بی‌ایمان، ناگرویده، شکاک

unbelieving /ˌʌnbɪ'li:vɪŋ/ *adjective*
بێباوەڕ، باوەڕنەکردوو، جێی گومان، شکلەسەر ۞ مشکوک

unbelted *adjective*
بێپشتێنە، بێبەست ۞ بدون کمربند

unbending /ˌʌn'bendɪŋ/ *adjective*
وشک، ڕەق، سەخت، دانەهاتوو، بیرنەگۆڕ، پتەو، تۆکمە، قایم، شێلگیر، سوور: *He gazed at the letter, -ieving* ۞ خمش‌ناپذیر، محکم، مصمم

unbendingly /ˌʌn'bendɪŋli/ *adverb*
1 دانەهاتووانە 2 شێلگیرانە، سوور ۞ 1 بە طور خمش‌ناپذیر 2 مصممانه

unbendingness /ˌʌn'bendɪŋnəs/ *adjective*
وشکی، ڕەقی، سەختی، دانەهاتووی، پتەوی، تۆکمەیی، قایمی، شێلگیری، سووربوون ۞ خمش‌ناپذیری، محکم‌بودن، مصمم بودن

unbent /ˌʌn'bent/ = past and past participle of unbend

unbiased /ʌn'baɪəst/ *adjective*, also unbiassed
بێلایەن، لانەگر، بێغەرەز، ئالینەگر، لانەگرانە، بێلایەنانە (unbiasedness *n*) ۞ بی‌طرف، بی‌طرفانه

unbidden /ʌn'bɪdn/ *adjective*
1 بانگهێشتننەکراو، خۆتێهەڵقورتاندوو، لێنەگیردراو، داوانەکراو، نەویستراو 2 خۆنەویستە، خۆبەخۆ، بێئیختیار، لەخۆوە ۞ 1 ناخوانده 2 بی‌اختیار

unbirthday *noun*
هەر ڕۆژێ بێجگەلە لە (ڕۆژی لەدایک) بوون ۞ ان‌برثدی

unbleached /ʌn'bli:tʃt/ *adjective*
سپینەکراو، سپیەوەنەکراو، چەرموونەکراو ۞ سفیدنشده

unblemished /ʌn'blemɪʃt/ *adjective*
1 بێعەیب، بێگەرد، بێخەوش، پاک، بێئیراد 2 بێلکە، بێپەڵە، ساف، جوان، ساخ، ساخلەم، زیانلێنەکەوتوو، دەسلێنەدراو: *her pale unblemished skin* ۞ 1 بی‌خدشه 2 بدون لکه، سالم، دست‌نخورده

unblessed *adjective*, also unblest
ناپیرۆز، نامەبارەک، بەنەحلەتکراو، خوداگرتوو، نەفرەتکراو: accursed، evil، *an unblessed marriage* ۞ نامیمون، نفرین‌شده

unblinking /ʌn'blɪŋkɪŋ/ *adjective*
چاوتێبریو، (چاو)زەقەوەکردوو، بزەوەکردوو ۞ خیره، زل

unblinkingly /ʌn'blɪŋkɪŋli/ *adverb*
چاوتێبریوانە، بە چاوانی تێبریوەوە: *Tara stared -inkingly back at her* ۞ با نگاه خیره

unblushing *adjective*
بێشەرمانە، ڕووداوانە، ڕووهەڵماڵراوانە، shameless ۞ وقیحانه

unblushingly *adverb*
بێشەرمانە، ڕووداوانە ۞ با وقاحت تمام

unbodied *adjective*
بێشێوە، لەهیچنەچوو، بێلەش، بێجەستە ۞ عدیم‌الشکل، بدون جسم

unboned *adjective*
بێ ئێسک، نەرمە ۞ بدون استخوان

unborn /ˌʌn'bɔ:n, US -'bɔ:rn/ *adjective*
لەدایکنەبوو، نەبوو، هێشتا لە زگ دایکابوو، نەزاده ۞ زاده‌نشده

unbound[1] = past and past participle of unbind

unbound[2] *adjective*
لێکەوەکراو، ڕەواو، ڕەها، نەبەستراو، بەردراو،

بەربوو، بەرەڵا ◌ بازشده، رها، بسته‌نشده

unbounded /ʌn'baʊndɪd/ *adjective*
بێ‌ڕادە، بێ‌سنوور، بێ‌ئەندازە، لە رادەبەدەر، بەرنەگیراو، لە ئەندازەبەدەر، دیاری‌نەکراو، *unbounded* :uncontrolled ،unrestrained (unboundedness *n*) *joy* ◌ بی‌حد، نامحدود

unboundedly /ʌn'baʊndɪd/ *adverb*
بێ‌ئەندازە، لە رادەبەدەر، لە ئەندازەبەدەر ◌ به طور نامحدود

unbowed /ˌʌn'baʊd/ *adjective*. bloody but unbowed
1 برینداری بەڵام خۆبەدەستەوەنەداو: *bloodied* 2 نەچەمیو، دانەهاتوو، نەنووشتاو *but -bowed* ◌ 1 زخم‌خورده اما تسلیم‌نشده 2 خم‌نشده

unbranded *adjective*
بێ‌ناوی کارداری، بێ‌دروشمی بازرگانی ◌ بدون علامت تجاری

unbreakable /ʌn'breɪkəbl/ *adjective*
نەشکێن: *This new material is virtually unbreakable* ◌ نشکستنی

unbreathable *adjective*
(هەوا) بۆ هەناسە باش نییە ◌ غیرقابل تنفس

unbridgeable /ʌn'brɪdʒəbl/ *adjective*
(کێشە و هتد) چارەسەرنەکراو، لەچارەنەهاتوو ◌ غیرقابل حل

unbridled /ʌn'braɪdld/ *adjective*
کۆنترۆڵنەکراو، لە کۆنترۆڵنەهاتوو، لەمەهارنەهاتوو، نەحەواوە، بێ‌جڵەو، بێ‌ئامان، بێ‌مەهار، دەس‌بەسەردانەگیراو، هەوساری‌پساندوو: *unbridled passion* ◌ مهارگسیخته، رام‌نشدنی

unbroken /ʌn'brəʊkən, US -'broʊ-/ *adjective*
1 نەگیراو، قوشقی، سڵ، سرک، تۆر، رەفۆک، دەستەمۆنەکراو: *unbroken colts* 2 بێ‌پسانەوە، لەسەریەک، یەکبینە، بێ‌وچان، 3 continuous نەشکاو ◌ 1 رام‌نشده 2 بی‌وقفه 3 نشکسته

unburnt *adjective*, also unburned
1 نەسووتاو، ئاورنەگرتوو 2 (خشت) سوورەوەنەکراو ◌ آنبرنت

unbuttoned /ˌʌn'bʌtnd/ *adjective*
1 بە دوگمەی دانەخراو، بە قۆپچەی ترازاوەوە (یان کراوەوە)، بە دوگمەی کراوەوە 2 (خوازە) خۆمانە، نافەرمی، بێ‌داب‌ودەستوور ◌ 1 با دکمه‌های بسته‌نشده 2 (مجازی) بی‌تکلف

uncalled *adjective*
بانگهێشتنەکراو، لێی نەگیردراوەتەوە ◌ دعوت‌نشده

uncalled-for *adjective*
ناپێویست، زیادی، بێجێ، نەگونجاو، نابەجێ ◌ غیرلازم، بیجا

uncannily /ʌn'kænɪli/ *adverb*
بە شێوەیەکی نائاسایی ◌ به طور غیرعادی

uncanny /ʌn'kæni/ *adjective* (uncannier, uncanniest)
نائاسایی، ئاوارتە، رەمزاوی، سەختە بۆ روونکردنەوە، سەیر ◌ غیرعادی، فوق‌العاده

uncapped *adjective*
بێ‌بەرگ ◌ بدون پوشش

uncared for *adjective*, also uncared
ئاگاداری‌لێ‌نەکراو، ئاگالێ‌نەبوو، چاوبەسەرەوەنەبوو، پشت‌گوێ‌خراو: *The garden looked uncared for* ◌ مراقبت‌نشده

uncaring /ʌn'keərɪŋ, US -'ker-/ *adjective*
بێ‌هەست، ساردوسڕ، بێ‌سۆز، نادڵسۆز، :callous *He was selfish and uncaring* ◌ بی‌احساس

unceasing /ʌn'siːsɪŋ/ *adjective*
بێ‌پسانەوە، لەسەریەک، یەکبینە، بێ‌وچان، یەکسەرە، ◊ *unceasing efforts* :incessant *Planes passed overhead with unceasing regularity* ◌ بی‌وقفه

unceasingly /ʌn'siːsɪŋli/ *adverb*
بێ‌پسانەوە، لەسەریەک، یەکبینە، بێ‌وچان، یەکسەرە: *Snow fell unceasingly* ◌ بی‌وقفه

uncensored /ʌn'sensəd, US -sərd/ *adjective*
سانسۆرنەکراو، لێ‌هەڵنەگیراو، نەپەڕێنراو: - *an* *ensored newspaper article* ◌ سانسورنشده

unceremonious /ˌʌnˌserə'məʊniəs, US -'moʊ-/ *adjective*
بێ‌داب‌ودەستوور، بێ‌داب‌وناب، بێ‌دیدی‌وبۆدی، نافەرمی، دەسبووری، بێ‌ڕەوشتانە، بە دوور لە رەوشت ◌ بی‌تشریفات، غیررسمی، بی‌ادبانه

unceremoniously /ˌʌnˌserə'məʊniəsli, US -'moʊ-/ *adverb*
بێ‌ڕەوشتانە، بە شێوەیەکی کوت‌وپڕ: *They dumped his belongings unceremoniously on the floor* ◌ بی‌ادبانه، به طور ناگهانی

uncertain /ʌn'sɜːtn, US ʌn'sɜːrtn/ *adjective*
1 ناجێگیر، ناسەقامگرتوو، بگۆڕ، لەگۆڕانهاتوو، نامسۆگەر، روون نییە، ناڕۆشن، یەکلاییەوەنەبوو، نادیار، پشت‌پێ‌نەبەستراو، نادڵنیا، گومانـاوی، جێی‌گومان 2 دوودڵ، دڕدۆنگ، بڕیاربۆنەگیراو ◌ 1 ناپایدار، تغییرپذیر، نامعلوم، نامطمئن، مشکوک 2 مردد

uncertainly /ʌn'sɜːtnli, US -'sɜːrtn-/ *adverb*
بە دوودڵییەوە: *They smiled uncertainly at one another* ◌ با تردید

uncertainty /ʌn'sɜːtnti, US -'sɜːrtn-/ *noun*, *pl.* uncertainties

1 یەکلایینەبوونەوە، روونەوەنەبوون، روشنەبوونەوە 2 گومان، شک، دوودڵی، دردۆنگی 3 ناجێگیری، ناسەقامگرتوویی 4 شتی یەکلاییەوەنەبوو، شتی لەپێشبینینەهاتوو، شتی گوماناوی یان نادیار ◇ 1 عدم قطعیت 2 شبهه، شک، تردید 3 بی‌ثباتی 4 امر نامعلوم

unchallengeable /ʌnˈtʃælɪndʒəbl/ *adjective*
مسۆگەر، بێ‌ئەملاوئەولا، چەندوچوونی ناوێ، مشتومڕنەویست، پتەو، تۆکمە: *unchallengeable evidence* ◇ مسلم، چالش‌ناپذیر، غیرقابل بحث

unchallenged /ʌnˈtʃælɪndʒd/ *adjective*
مسۆگەر، بێ‌ئەملاوئەولا، بەڵگەنەویست، یەکلاییەوەبوو، بێ‌ڕکەبەر، بێ‌لەمپەر، بێ‌پرسیار و وەڵام، بێ‌دژایەتی، بەربەرەکانی‌لەگەڵ‌نەکراو ◇ مسلم، قطعی، بلامنازع، بدون مخالفت

unchancy = unlucky

unchangeability /ʌnˌtʃeɪndʒəˈbɪləti/ *noun*
نەگۆڕی، لەگۆڕان‌نەهاتوویی، چەق‌بەستوویی، تێکنەچوویی، جێگیری، سەقامگرتوویی ◇ تغییرناپذیری، ثبات

unchangeable /ʌnˈtʃeɪndʒəbl/ *adjective*
نەگۆڕ، لەگۆڕان‌نەهاتوو، ناگۆڕدری، چەق‌بەستوو، تێکنەچوو، جێگیر، سەقامگرتوو: *unchangeable laws* ◇ تغییرناپذیر، ثابت

unchanged /ʌnˈtʃeɪndʒd/ *adjective*, also unchanging /ʌnˈtʃeɪndʒɪŋ/
بێ‌گۆڕان، نەگۆڕاو، جێگیر، سەقامگرتوو، هەرواماو ◇ بی‌تغییر

uncharacteristic /ˌʌnˌkærəktəˈrɪstɪk/ *adjective*
نائاسایی، سەیر، چاوەڕوان‌نەکراو، بە دوور لە تایبەتمەندی کەسێ، بە دوور (لە کەسێ) ◇ غیرعادی، دور از ویژگی‌های فردی

uncharacteristically /-kli/ *adverb*
بە پێچەوانەی هەمیشە ◇ برخلاف معمول

uncharismatic *adjective*
ناکاریزماتیک ◇ غیرکاریزماتیک

uncharitable /ʌnˈtʃærɪtəbl/ *adjective*
نادادپەروەرانە، بێ‌ئینسافانە، دڵڕەقانە، توند، نالێبوردە، توندگرانە، بێ‌بەزەییانە: *I don't want to be uncharitable, but he isn't very intelligent, is he?* ◊ *uncharitable thoughts* ◇ غیرمنصفانه، بی‌گذشت (uncharitableness *n*)

uncharitably /-əbli/ *adverb*
(بە شێوەیەکی) نادادپەروەرانە ◇ بە طور غیرمنصفانه

uncharted[1] /ˌʌnˈtʃɑːtɪd, US -ˈtʃɑːrt-/ *adjective*
1 نەهاتوو، نیشانەنەکراو، نەنووسراو، دەس‌نیشان‌نەکراو 2 نەناسراو، نەدۆزراو 3 بێ نەخشە ◇ 1 واردنشده 2 نامکشوف 3 فاقد نقشه

uncharted[2] /ˌʌnˈtʃɑːtɪd, US -ˈtʃɑːrt-/ *adjective*, uncharted waters *or* territory
بارودۆخی بێ‌پێشینە یان تاقی‌نەکراو، ڕەوشی لەوەپێش تاقی‌نەکراو: *an uncharted island* ◇ وضع بی‌سابقه

unchaste *adjective*
ناتوندوتیژ، داوێن‌پیس، ناپاک، بێ‌ناموس ◇ غیرخشن، بی‌عفت (unchasteness *n*)

unchastely *adverb*
بە داوێن‌پیسی، ناپاکانە، بێ‌ناموسانە ◇ با بی‌عفتی

unchastity *noun*
داوێن‌پیسی، ناپاکی، بێ‌ناموسی ◇ بی‌عفتی

unchecked /ˌʌnˈtʃekt/ *adjective*
1 کۆنترۆڵ‌نەکراو، دەس‌بەسەرداگیرنەکراو، مەهارنەکراو، بەرنەگیراو 2 چاوپیانەخشێنراو ◇ 1 مهارنشده 2 بازبینی‌نشده

unchivalrous *adjective*
(پیاوێ) بێ‌ڕەوشت، بێ‌ئەدەب، توند، ب.ت. سەبارەت بە ژن: *an unchivalrous rivalry* ◇ بی‌تربیت، بی‌ادب

unchivalrously *adverb*
بێ‌ڕەوشتانە، بێ‌ئەدەبانە، توند ◇ بی‌ادبانه

unchristian /ˌʌnˈkrɪstʃən/ *adjective*
1 نادیانی، نامەسیحی، ناکریستیانەت 2 دوور لە جوامێری، نادادپەروەرانە؛ uncivilized، barbarous ◇ 1 غیرمسیحی 2 غیرمنصفانه

unchurched *adjective*
پێوەندی بە کلێساوە نییە، بەری بە کلێساوە نەداوە، ناپێوەندیدار بە کلێساوە ◇ بی‌ارتباط با کلیسا

uncia /ˈʌntʃɪə/ *noun, pl.* unciae
1 دوازدەیەک 2 یەک ئینچ 3 یەک ئەونس ◇ 1 یک دوازدهم 2 یک اینچ 3 یک اونس

uncial /ˈʌnsɪəl, US -ʃ(ə)l/ *adjective, noun*
1 *adj* سەربە نووسراوەیێ بە پیتی گەورە و خڕ، لە دەس‌نووسەکانی سەدەکانی چوارەم تا هەشتەم، پیتە گەورەکانی ئێستاش لەو کەوتوونەتەوە 2 (دەگمەن) سەربە ئینچ یان ئەونس *n* دەس‌نووس یان پیتی گەورە ◇ آنشیال (uncially *adv*)

unciform /ˈʌnsɪfɔːm/ *adjective*
قولاپی، سەرلار، سەرخوار، سەرکەچ ◇ قلاب‌مانند، قلاب‌دار

uncinate /ˈʌnsɪnət, US -eɪt/ *adjective*
قولاپی، قولاپ‌ئاسا، شێوەقولاپ، سەرلار، سەرکەچ ◇ قلاب‌مانند، قلاب‌دار

uncircumcised *adjective*
1 (کوڕ یان پیاوێ) خەتەنەنەکراو، سوننەت‌نەکراو 2 (کۆن) بێ‌دین، کافر، زەندیق،

heathen ۞ 1 خەتەنەنەکراو 2 کافر

uncircumcision *noun*
خەتەنەنەکراوی، سوونەتنەکراوی ۞ ختنەنشدگی

uncivil /ˌʌnˈsɪvl/ *adjective*
1 بێشارستانیەت، سەرەتایی، ناشارستانی، barbarous 2 بێرەوشت، discourteous، impolite: *-l remarks* ۞ 1 بی‌تمدن 2 بی‌ادب

uncivilized /ʌnˈsɪvəlaɪzd/ *adjective*, also uncivilised
1 بێشارستانیەت، سەرەتایی، ناشارستانی، barbarous 2 دوور لە شارستانیەت، ناحەز، ناشایست ۞ 1 بی‌تمدن 2 ناشایست

uncivilly *adverb*
بێرەوشتانە، رووداراانە ۞ بی‌ادبانه

unclad *adjective*
بێبەرگ، رووت ۞ برهنه، بدون لباس

unclaimed /ˌʌnˈkleɪmd/ *adjective*
(نامە و هتد) بێخاوەن، بێساحەب: *Unclaimed property will be sold off after three months* ۞ بی‌صاحب

unclassifiable *adjective*
لەپۆلیننەهاتوو، پۆلیننەکراو، نەپۆلینری ۞ غیرقابل طبقه‌بندی

unclassified /ʌnˈklæsɪfaɪd/ *adjective*
1 پۆلیننەکراو، نەپۆلینراو: *unclassified information* 2 لەبەر دەستی هەمووان، گشتی ۞ 1 طبقه‌بندی‌نشده 2 غیرمحرمانه

uncle /ˈʌŋkl/ *noun*
1 خاڵ 2 مام، تاپ 3 مێردی پوور (خ هی دایک یا هی باوک) 4 (کۆن، نافەرمی) pawnbroker ۞ 1 دایی 2 عمو 3 شوهر خاله، شوهر عمه

unclean /ˌʌnˈkliːn/ *adjective*
1 پیس، تیوەدراو، گلاو، ناخاوین، نەپاک، ناپاک، گەمار، چەپەڵ 2 ناتاکاری، بێرەوشتانە ۞ 1 آلوده، نجس، پلید 2 غیراخلاقی

uncleanness *noun*
پیسی، تیوەدراوی، گلاوی، ناخاوینی، نەپاکی، گەماری، چەپەڵی ۞ آلودگی، نجسی، پلیدی

unclear /ˌʌnˈklɪə(r), US -ˈklɪr/ *adjective*
نادیار، ناروون، روون نیە، لێڵ، تەماوی، لێتێنەگەیشتوو: unclean: *Our plans are - ear at the moment* ۞ نامشخص، مبهم، گنگ

Uncle Sam *noun*
مام(ە)سام (نافەرمی، گەل یان حکومەتی ئەمریکا) ۞ عمو سام

Uncle Tom *noun*
مام(ە)تام (بریتییە لە رەشپێستێ کە وەکوو کۆیلەیێ لە بەرامبەر سپی‌پێستدا رەفتار دەکا) ۞ عمو تام

unclimbable *adjective*
بۆ پیاهەلگەران نابێ، لەی سەرناکەوی، چر ۞ غیرقابل صعود

unclimbed *adjective*
بۆ پیاهەلگەران نابێ، لەی سەرناکەوی، چر ۞ غیرقابل صعود

unclothed /ˌʌnˈkləʊðd, US -kloʊðd/ *adjective*
رووت، هیچ‌لەبەرنەکردوو، بێبەرگ، naked، دژەکەی clothed ۞ عریان، لخت

unclouded *adjective*
1 (ئاسمان) بێهەور، ساو، ساماڵ 2 (بینایی) ساخ 3 بێخەم، ئارام، سەرسووک، ئاسوودە ۞ 1 بدون ابر 2 سالم 3 راحت

uncluttered /ˌʌnˈklʌtəd, US -tərd/ *adjective*
سادە، بێدیدیوبۆدی: *an uncluttered room* ۞ بی‌پیرایه

unco /ˈʌŋkə/ *adjective, noun* (*pl.* uncos)
(سکاتلەندی) *adj* 1 سەیر، ناتاسایی، جیی سەرنج، unusual، remarkable 2 یەکجار، سەرنجراکێشانە، remarkably *n* 1 (uncos) بێگانە، نامۆ، غەیرە، لاوە، نەناس، ناشناس، نەناسیاو، stranger، unknown 2 هەواڵەکان، دەنگ‌وباس، نووچە ۞ *adj* 1 عجیب، غیرعادی، جالب 2 فوق‌العاده، به طور چشم‌گیر *n* 1 بیگانه، غریبه 2 اخبار

uncoined *adjective*
1 (کۆین) لێنەدراو 2 سروشتی، خۆرسکی ۞ 1 غیرمضروب 2 طبیعی

uncoloured /ˌʌnˈkʌləd, US - ərd/ *adjective*, US uncolored
1 بێرەنگ، رەنگ‌نەکراو: *plain, uncoloured glass* 2 پێوەنەنراو، سادە، بێلێ‌وپێ ۞ 1 بدون رنگ 2 بدون مبالغه، ساده

uncombed /ʌnˈkəʊmd, US -ˈkoʊmd/ *adjective*
(قژ) شانەنەکراو، دانەهێنراو، شێواو، شپرزە ۞ شانه‌نشده، نامرتب

uncomfortable /ʌnˈkʌmftəbl, US, also BrE -fət-, US -fərt-/ *adjective*
1 ناخۆش، ناقۆلا، نالەبار، تەنگ، ناتاسوودە، نارەحەت، نەحەساوە 2 نارەحەت‌کەر، عاجزکەر، ئازاردەر ۞ 1 ناراحت، معذب 2 ناراحت‌کننده

uncomfortably /ʌnˈkʌmftəbli, US, BrE also -fət-, US -fərt-/ *adverb*
نارەحەت‌کەرانە، بە شێوەیێکی نارەحەت‌کەر ۞ به طور ناراحت‌کننده

uncommercial *adjective*
1 ناکارداری، نابازرگانی، نابازارداری 2 نابازاری، بێخێر، بێقازانج ۞ 1 غیربازرگانی 2 غیرپول‌ساز، ناسودآور

uncommitted /ˌʌnkəˈmɪtɪd/ *adjective*
بەلێنی نەداو، ناپێبەند، ئازاد، سەربەخۆ: *uncommitted voters* ۞ مستقل

uncommon /ʌnˈkɒmən, US -ˈkɑːm-/ *adjective, adverb*
adj نائاسایی، سەیر، سەراسا، ئاوارتە، هەڵکەوتوو *adv* (کۆن) بە شێوەیێکی جێی سەرنج ۞ *adj* نامتعارف، فوق‌العاده *adv* به طور چشمگیر

uncommonly /ʌnˈkɒmənli, US -ˈkɑːm-/ *adverb*
بە شێوەیەکی نائاسایی، یەکجار، یەکجار زۆر: *Not -commonly, there is a great deal of rain in August* ۞ به طور نامتعارف، فوق‌العاده

uncommunicative /ˌʌnkəˈmjuːnɪkətɪv/ *adjective*
کەم‌قسە، کەم‌دوو، بێ‌دەنگ، reserved ۞ کم‌حرف

uncompetitive /ˌʌnkəmˈpetətɪv/ *adjective*
پێشبڕکێ‌پێ‌نەکراو، رقەبەرایەتی‌پێ‌نەکراو، پڕرقەبەر، ناتوانی پێشبڕکێ بکا (uncompetitiveness *n*) ۞ غیررقابتی

uncomplaining /ˌʌnkəmˈpleɪnɪŋ/ *adjective*
پشوودرێژ، بەسەبر، سەخت، هەڵکردە، دەربڕدە، بەتاقەت، سنگ‌فراوان، پشوودرێژانە، بەسەبرانە: *-complaining acceptance* ۞ شکیبا، صبورانه

uncomplainingly /ˌʌnkəmˈpleɪnɪŋli/ *adverb*
بە سەبرەوە، هەڵکردووانە، بێ‌گلەیی و گازندە، بێ‌گلەیی و گناشت، بێ‌بۆڵەبۆڵ ۞ با شکیبایی

uncompleted /ˌʌnkəmˈpliːtɪd/ *adjective*
ناتەواو، نیوەچڵ ۞ ناتمام

uncomplicated /ʌnˈkɒmplɪkeɪtɪd, US -ˈkɑːm-/ *adjective*
سادە، ساکار، ناپێچەڵاوپێچ، روشن، روون، دیار ۞ ساده، واضح

uncomplimentary *adjective*
ناتەواو، derogatory: *uncomplimentary remarks* ۞ غیرکامل

uncomprehending /ʌnˌkɒmprɪˈhendɪŋ, US -kɑːm-/ *adjective*
گێژ، وڕ، کاس، تاساو (uncomprehendingly *adv*) ۞ گیج

uncompromising /ʌnˈkɒmprəmaɪzɪŋ, US -ˈkɑːm-/ *adjective*
کەللەڕەق، سەرسەخت، سازشت‌نەکەر، لێ‌نەبوردە، لێ‌خۆش‌نەبوو، ناشتەوەنەبوو، پتەو، تۆکمە، بەبڕیار، یەکلایی‌کەرەوە، inflexible، unyielding: *an uncompromising attitude* (uncompromisingness *n*) ۞ سازش‌ناپذیر، محکم، قطعی

uncompromisingly /ʌnˈkɒmprəmaɪzɪŋli, US -ˈkɑːm-/ *adverb*
کەللەڕەقانە، سازشت‌نەکەرانە، سەرسەختانە، لێ‌نەبوردانە ۞ به طور سازش‌ناپذیر

unconcealed /ˌʌnkənˈsiːld/ *adjective*
روون، دیار، ئاشکرا، بێ‌پەردە، روشن، obvious: *unconcealed curiosity* ۞ نمایان، واضح

unconcern /ˌʌnkənˈsɜːn, US -ˈsɜːrn/ *noun*
کەمتەرخەمی، بێ‌خەیاڵی، نادەربەستی، خەمساری، بێ‌خەمی، گوێ‌پێ‌نەدان، نیگەران‌نەبوون، indifference: *She received the news with apparent unconcern* ۞ بی‌اعتنایی، بی‌توجهی

unconcerned /ˌʌnkənˈsɜːnd, US -ˈsɜːrnd/ *adjective*
بێ‌نیگەرانی، بێ خەم، کەمتەرخەم، بێ‌دەربەست، گوێ‌پێ‌نەدەر، ناتامەزرۆ، ناهۆگر ۞ بدون اضطراب، بی‌توجه، بی‌علاقه

unconcernedly /ˌʌnkənˈsɜːnɪdli/ *adverb*
بێ نیگەرانی، کەمتەرخەمانە ۞ بدون تشویش، با بی‌توجهی

unconditional /ˌʌnkənˈdɪʃənl/ *adjective*
بێ‌ئەملاوئەولا، بێ‌شەرت‌ومەرج، بێ‌مەرج، رەها، بێ‌چەندوچوون، unqualified، absolute: *unconditional love* ۞ بی‌قید و شرط

unconditionally /-ʃənəli/ *adverb*
بێ ئەملاوئەولا، (بە شێوەیەکی) بێ‌مەرج ۞ بدون قید و شرط

unconditional surrender *noun*
خۆبەدەستەوەدانی بێ‌ئەملاوئەولا (یان بێ(شەرت‌و)مەرج)، رادەستبوونی بێ‌چەندوچوون ۞ تسلیم بدون قید و شرط

unconditioned /ˌʌnkənˈdɪʃnd/ *adjective*
فێرنەکراو، رانەهاتوو، ئینستینکتیڤ: *an -tioned response* ۞ غیرشرطی

unconfident *adjective*
1 نادڵنیا، ناپشتگەرم، ناپشت‌ئەستوور 2 ناباوەڕبەخۆ، لەخۆڕانەدیتوو 3 دوودڵ، بەگومان ۞ 1 نامطمئن 2 فاقد اعتماد به نفس 3 مردد

unconfirmed /ˌʌnkənˈfɜːmd, US -ˈfɜːrmd/ *adjective*
مۆرنەکراو، نەسەلمێنراو، هێشتا راستی‌وەدەرنەخراو، پشت‌راست‌نەکراو: *unconfirmed rumours* ۞ تأییدنشده

unconformity *noun*
1 (زەوی‌ناسی) لێک‌نەچوونی چینێکی زەوی 2 یەک‌نەگرتنەوە، ناسازان، یەک‌نەکەوتن ۞ 1 دگرشیبی 2 عدم انطباق

uncongenial /ˌʌnkənˈdʒiːniəl/ *adjective*
ناخۆش، خەفە، خۆش نییە، نادۆستانە ۞

نامطبوع، غیردوستانه

unconnected /ˌʌnkəˈnektɪd/ *adjective*
پێوەنەبەستراو، ناپێوەندیدار، پێکەوەنەبەستراو ۞ بدون ارتباط

unconnectedness /ˌʌnkəˈnektɪdnəs/ *noun*
پێوەنەبەستراوی، ناپێوەندیداری، پێکەوەنەبەستراوی ۞ عدم ارتباط

unconquerable /ʌnˈkɒŋkərəbl, US -ˈkɑːŋ/ *adjective*
لەشکاننەهاتوو، تێنەشکاو، نەبەزیو، کۆڵنەدەر ۞ مغلوب‌نشدنی

unconscionable /ʌnˈkɒnʃənəbl, US -ˈkɑːn-/ *adjective*
1 لە ئەندازەبەدەر، یەکجار، بێداد، لە رادەبەدەر، ناژیرانە، *found* :unreasonable ،excessive
an unconscionable number of defects in an - :unscrupulous = 2 *the car*
unconscionability) *nconscionable villain*
(unconscionableness *n* ،*n* ۞ نامعقول

unconscionably /ʌnˈkɒnʃənəbli, US -ˈkɑːn-/ *adverb*
لە ئەندازەبەدەر، یەکجار، بێداد، بێحەد، لە رادەبەدەر ۞ بیش از حد

unconscious /ʌnˈkɒnʃəs, US -ˈkɑːn-/ *adjective, noun*
adj 1 بێهۆش، لەخۆوەبوو، بێخۆ، لەسەرخۆچوو 2 نائاگادار، بێخەبەر، غافل، نەزانیو 3 نائاگادارانە، نادانستە، نەزانستە، نامەبەست، نائانقەست (the unconscious) *n* نەست، بەشی ناخۆئاگادار یا ناخودئاگای مێشک یان زەین ۞ *adj* 1 بیهوش 2 بی‌اطلاع 3 ناآگاهانه *n* ضمیر ناخودآگاه

unconscious conflict *noun*
ململانێی نەست یان ئانکانشیس ۞ تعارض ناخودآگاه

unconsciously /ʌnˈkɒnʃəsli, US -ˈkɑːn-/ *adverb*
نائاگادارانە، بە شێوەیەکی نائاگادار یان بێخەبەر ۞ به طور ناآگاه

unconsciousness /ʌnˈkɒnʃəsnəs, US -ˈkɑːn-/ *noun*
بێهۆشی، لەخۆبوونەوە، لەسەرخۆچوون، بوورانەوە ۞ بی‌هوشی

unconsecrated *adjective*
ناپیرۆز ۞ غیرمتبرکه

unconsidered /ˌʌnkənˈsɪdəd, US ərd/ *adjective*
1 هەڵنەسەنگێنراو، لێکەوەنەدراو بێبیرلێکردنەوە، نەچووەسەریەک 2 ناگرنگ، بێنرخ، بێبایەخ، حیسابۆنەکراو ۞ 1 نسنجیده 2 بی‌اهمیت

unconsolable *adjective*, also inconsolable
دڵپڕ، کۆڵیل، نارەحەت، کز، خەمبار ۞ تسلی‌ناپذیر، غمگین

unconstitutional /ˌʌnˌkɒnstɪˈtjuːʃənl, US -kɑːnstəˈtuː-/ *adjective*
نادەستووری، بە پێچەوانەی قانوون یان یاسای بنچینەیی، نە بەپێی دەستوور، نادەستوورییانە ۞ خلاف قانون اساسی

unconstitutionality *noun*
نادەستووریێتی، بە پێچەوانەی قانوون یان یاسای بنچینەیی بوون، نە بەپێی دەستوور بوون ۞ خلاف قانون اساسی بودن

unconstitutionally /-ʃənəli/ *adverb*
بە پێچەوانەی قانوون یان یاسای بنچینەیی، بەپێی دەستوور نەبێ ۞ بر خلاف قانون اساسی

unconstrained *adjective*
دیارینەکراو، لەرادەبەدەر ۞ غیرمحدود

unconstrainedly *adverb*
بە شێوەیێکی دیارینەکراو، لەرادەبەدەرانە ۞ به طور غیرمحدود

unconsummated *adjective*
پێکنەبڕاو، پێکنەگەیشتوو ۞ وصال‌نیافته

uncontainable *adjective*
(هەست و سۆزی) یەکجار بەهێز، زۆر بەقەوەت ۞ خیلی قوی

uncontaminated /ˌʌnkənˈtæmɪneɪtɪd/ *adjective*
(ئاو و هتد) خاوێن، ساز، سازگار، پیس نییە: *uncontaminated water* ۞ سالم

uncontentious /ˌʌnkənˈtenʃəs/ *adjective*
نامشتومڕلەسەر، ناکێشەلەسەر، بێکێشە، بێجەنجاڵی، بێناکۆکی، کێشە نانێتەوە، شتێکی وا نییە، بێدژایەتی: *The proposal is relatively -tentious* ۞ بحث‌نابرانگیز

uncontested /ˌʌnkənˈtestɪd/ *adjective*
بێنەیار، بێهەڤرک، بێڕقەبەر، بێبەرهەڵست، بێبەرامبەر، بێهاوتا: *an uncontested election/divorce* ۞ بلامنازع، بدون مخالف

uncontrollable /ˌʌnkənˈtrəʊləbl, US -ˈtroʊ-/ *adjective*
کۆنترۆڵنەکراو، نەحەواوە، بێمەهار، لەمەهارنەهاتوو، لەکۆنترۆڵنەهاتوو، بێئەمان، لەپێشگیرینەهاتوو، بەرنەگیراو، دەسبەسەردانەگیراو، پێشی ناگیرێ، خۆنەویستە، بێئیختیار ۞ مهارنشدنی، غیرارادی

uncontrollably /-əbli/ *adverb*
بە شێوەیەکی کۆنترۆڵنەکراو یان لەمەهارنەهاتوو، راگیرنەکراوانە، بە شێوەیەکی دەسبەسەردانەگیراو ۞ به طور مهارنشدنی

uncontrolled /ˌʌnkənˈtrəʊld, US -ˈtroʊld/ *adjective*
کۆنترۆڵنەکراو، دەسبەسەردانەگیراو،

راگیرنەکراو، بێ مەهار، لەکۆنترۆڵ نەهاتوو، لەپێشگیری نەهاتوو، بێ جڵەو، هەوسارپساندوو، پێشی ناگیرێ ◯ مهارنشده، غیرقابل جلوگیری

uncontroversial /ˌʌnˌkɒntrəˈvɜːʃl, US ˌʌnkɑːntrəˈvɜːrʃl/ *adjective*
نامشتومڕلەسەر، ناکێشەلەسەر، بێ ناکۆکی، بێ دژایەتی، نادژایەتی لەسەر: *He chose an uncontroversial topic for his speech* ◯ غیرقابل مناقشه

unconventional /ˌʌnkənˈvenʃənl/ *adjective*
USD *abbreviation* United Stated dollar(s)
دۆلاری ولات یان ویلایەتە یەکگرتووەکان ۞ دلار ایالات متحده

use /juːs/ *noun*
1 بـــەکارهێنان، خـــستنەکار، لـــەکارکردن، بـەهـرەلێوەرگرتن، کەڵـکلێوەرگرتن، کـار، چوانـدن، application، employment 2 مـافی بەکارهێنان 3 شێوە یان شێوازی بەکارهێنان 4 توانـایی بـەکارهێنان 5 قـازانج، بەرژەوەنـدی، سوود، مەفا، کەڵک 6 حەوەجێ، چاولەدەستی، پێویـستی 7 نـەریت، داب، ڕێوشـوێن، خـوو، عـادەت، دەسـتوور (ناوەکـەی لـە *us* فـەرەنـسی کـۆن، لـە *usus* لاتـین، لـە *uti* "بـەکارهێنـان، لەکارکردن"، کارەکەی (verb) لە *user* فەرەنـسی کۆن، لەسەر بنچینەی *uti* لاتین) ۞ 1 استعمال، استفاده، کاربرد، مصرف 2 حق استفاده 3 نحوەی استفاده 4 قدرت استفاده 5 فایده، نفع 6 احتیاج، ضرورت 7 عرف، عادت، رسم

useable = usable

used /juːzd/ *adjective*
1 کـارکردوو، کـارکردە، نیمداشـت، کۆنـە، لەکارکراو، دەستی دوو، بەکارهێنراو، (بە)کارهاتە، accustomed – 2 *a used car* :secondhand habituated ۞ کارکرده، استفاده‌شده

used stamp *noun*
پوولی بەکارهێنراو یان لەکارکراو ۞ تمبر باطله

used to /juːst/ *adjective*
خووگرتوو، خدەگرتوو، داهاتوو، ڕاهاتوو، فێر، عادەتکردوو، گیرۆدە ۞ عادت‌کرده، معتاد

useful /ˈjuːsfl/ *adjective*
بەسـوود، پڕسـوود، ئـادان، بـەکارهاتوو، هـاوە، بەقازانج، بەکار، بەبەهرە، بەهرەمەند، بەکەڵک، باش، چاک، competent :*a useful gadget* ◊ *He's a very useful player* ◊ *useful tools* ۞ مفید، سودمند، رضایت‌بخش

useful energy *noun*
وزەی بەسوود یان بەکارهاتوو، وزەی بەکەڵک ۞ انرژی مفید

usefully /-fəli/ *adverb*
بەسـوودانە، بەکارهاتووانە، بەقازانجانە: *The money could be more usefully spent on new equipment* ۞ به طور مفید

usefulness /ˈjuːsfəlnəs/ *noun*
بەسوودی، پڕسـوودی، بەکارهاتوویی، بەکاری، بەبەهرەیی، بەهرەمەندی، بەقازانجی، بەکەڵکی: *There are doubts about the usefulness of these tests* ◊ *The building has outlived its usefulness* ۞ سودمندی، مفیدیت

useless /ˈjuːsləs/ *adjective*
1 بەکارنـەهاتوو، بێکـارە، هـیچ، بـێکەڵـک، بێ‌سـوود، بێ‌بەهـرە، بێ‌قـازانج، بەرباد، پاتاڵ، بێهوودە، بێداوی، هیچ‌لێ‌هەڵنەوەریو، بێ‌ئەنجام، بێ‌بەرهەم، ineffectual :*a useless attempt* ◊ 2 بێ‌دەسەلات، بێکارە، بەکارنـــــەهاتوو، نابـــــەکار، بەیـــــدەس، هیچ‌لەدەس‌نەهاتوو، خراپ، inept :*This pen is useless* ◊ *I'm useless at French* ◊ *Don't ask her to help. She's useless* ۞ 1 غیرقابل استفاده، بی‌فایده، بی‌نتیجه، بی‌حاصل 2 بی‌عرضه

uselessly /ˈjuːsləsli/ *adverb*
بێهوودە، لەخۆوە، بەکارنەهاتووانە، بە هەوانتـە، بـە شێوەیەکی بێ‌قـازانج: *His arm hung uselessly at his side* ۞ به طور بی‌فایده

uselessness /ˈjuːsləsnəs/ *noun*
بێ‌قازانجی، بێ‌سوودی، بێ‌کەڵکی، بێ‌بەهرەیی، بەکارنـەهاتوویی، بێهـوودەیی ۞ بـی‌فایـدگی، بی‌مصرفی، عبث بودن

Usenet /ˈjuːznet/ *noun*
یوزنێت: ڕاژە یان سێرڤیسێکی (سـەر) ئینتێرنێت ۞ یوزنت

user /'ju:zə(r)/ *noun*
بەکارهێنەر، کارێنەر، چوێنەر، مەسرەفکەر، بەهەرەگیر، لەکارکەر، بەهرەلێوەرگر، کەڵکلێوەرگر: *computer* ◊ *road users* ۞ *a user manual* ◊ *software users* مصرف‌کننده، کاربر

user-friendly *adjective*
ئاسانبەکارهێنراو، کارئاسان، کارخۆش (بۆ کامپیوتێر) :friendliness *n* user- ئاسانبەکارهێنراوی، کارئاسانی، کارخۆشی) ۞ کاربرپسند

user group *noun*
کۆمەڵی بەکارهێنەران (شتێکی تایبەت بەکاردێنن) ۞ گروه کاربران

username /'ju:zənem, US 'ju:zər/neim *noun*
ناوی بەکارهێنەر: *Please enter your username* ۞ اسم کاربر

U-shaped *adjective*
چەلەمەیی، شێوەچەلەمە، U-شێوە ۞ U-شکل

Ushas *noun*
خودای بەرەبەیان یا گزنگ، کەنیشکی ئاسمان و خۆشکی شەو (بانووخوایێکی Vedic، لە مێتۆلۆژی هیندیدا) ۞ اوشاس

usher /'ʌʃə(r)/ *noun*
1 (سینەما و هتد) رێپیشاندەر، ژوورەوەبەر 2 برازاوا 3 (کۆن) دوامامۆستا، ناوەڵمامۆستا، یاریدەدەری مامۆستا ۞ 1 کنترل‌چی 2 ساقدوش 3 کمک معلم

usherette /ˌʌʃə'ret/ *noun*
(سینەما و هتد) رێپیشاندەر، ژوورەوەبەر (ژن) ۞ کنترل‌چی (زن)

USN /ju: es 'en/ *abbreviation* United States Navy
هێزی دەریایی (وڵاتە یەکگرتووەکانی) ئەمریکا ۞ نیروی دریایی امریکا

USNA *abbreviation* United States Naval Academy
ئاکادیمیای هێزی دەریایی (وڵاتە یەکگرتووەکانی) ئەمریکا ۞ آکادمی نیروی دریایی امریکا

usnea *noun, pl.* usneas
جۆرێ کرێژەبەردی قەوزەئاسای سەوزێکی کاڵ، هی سەر تەختەبەرد و دار و درەخت [توخم *Usnea*] ۞ نوعی گل‌سنگ

USNA *abbreviation* United States National Guard, also U.S.N.G.
پاسەوانی نیشتمانی (وڵاتە یەکگرتووەکانی) ئەمریکا ۞ گارد ملی امریکا

Usonian /ju:'səʊniən/ *adjective, noun*
adj 1 سەربە وڵاتە یەکگرتووەکان 2 ئاماژە بەو خانوو و دەزگا هەرزانانە دەکا کەوا لە لایەن ئارشیتێکت Frank Lloyd Wright لە 1930 داڕێژرا *n* 1 دانیشتووی وڵاتە یەکگرتووەکان 2 خانووی یوسۆنیایی ۞ اوسونیایی

usquebaugh /'ʌskwibɔ:/ *noun*
(لە ئیرلەند و سکاتلەند) ویسکی (بنەڕەت: لە *uisge beatha* گەیلیەوە بە واتای ناوی ژیان) ۞ آسکوبیو

USS /ju: es 'es/ *abbreviation* 1 United States Ship
کەشتی وڵاتە یەکگرتووەکان، کەشتی (هێزی دەریایی) ئەمریکا ۞ کشتی (نیروی دریایی) امریکا

USS /ju: es 'es/ *abbreviation* United States Ship
کەشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: *USS Oklahoma* ۞ یواس‌اس

USSR /ju: es es 'ɑ:(r)/ *abbreviation* Union of Soviet Socialist Republics
(جاران) یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت ۞ اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی

usual /'ju:ʒuəl, US -ʒəl/ *adjective, noun*
adj ئاسایی، عەدەتی، هەمیشەیی، بۆرینە، normal: *She made all the usual excuses* ◊ *She He came home later than usual* ◊ *He sat in her usual seat at the back* ◊ *He didn't sound like his usual happy self* *n* شتی ئاسایی ۞ *adj* عادی، معمولی *n* چیز عادی

usually /'ju:ʒuəli, US -ʒəli/ *adverb*
بە شێوەیێکی ئاسایی، وەکوو هەمیشە، زۆربەی جار، زۆرتر: *I'm usually home by 6 o'clock* ◊ *We usually go by car* ۞ معمولاً، غالباً

usualness *noun*
ئاساییبوون، هەمیشەییبوون ۞ حالت عادی، معمولی بودن

usucaption /ju:zjʊ'kæpʃ(ə)n/ *noun*, also usucapion /ju:zjʊ'keɪpɪən/
(مێژوویی، لە رۆمدا، ماف) دەسبەسەراگرتنی تەواو (لەبەر تێپەڕینی ماوەیێکی دیاریکراو) ۞ تصرف بلامعارض

usufruct /'ju:zjʊfrʌkt/ *noun*
(لە رۆمدا، ماف) مافی بەکارهێنانی بەروبوومی زەویوزار و خانووی کەسێکی تر بەبێ زیانپێگەیاندنی ۞ حق استفاده از منافع یا نماآت مالی بدون تضییع عین آن، حق استفاده از عین و نماآت

usufructuary /'ju:zjʊfrʌktʃʊəri/ *noun*
(لە رۆمدا، ماف) کەسێ کە ئەو مافەی هەیە کە بەروبوومی زەویوزار و خانووی کەسێکی تر بەبێ زیانپێگەیاندنی بەکاربێنێ ۞ کسی که از منافع یا نماآت مالی حق دارد استفاده کند

usurer /'ju:ʒərə(r)/ *noun*
سوودخۆر، سووخۆر، سووتخۆر ۞ رباخوار
usurious /ju:'ʒʊəriəs, US ju:'ʒʊr-/ *adjective*
usuriously) سوودخۆر، سووخۆر، سووتخۆر
adv: سوودخۆرانە، سووخۆرانە، سووتخۆرانە؛
(usuriousness *n* ۞ رباخوار
usurpation /ju:zɜ:'peɪʃn, US -zɜ:r'p-/ *noun*
داگیرکردن، دەسبەسەرداگرتن، زەوتکردن،
بەزۆر لێسەندن، نەدانەوە (*n* :usurper
داگیرکەر، دەسبەسەرداگر، زەوتکەر) ۞ غصب
usury /'ju:ʒəri/ *noun, pl.* usuries
1 سوودخۆری، سووخۆری، سووتخۆری 2 ئەو
سوود و بەهرەیەی کە بەو شێوەیە بە دەست دێت
۞ 1 رباخواری 2 بهرەی حاصله
UT *abbreviation* Universal Time
کاتی جیهانی ۞ زمان بین‌المللی
Ute /ju:t/ *noun, pl.* same or Utes
1 ئەندامی گەلێکی سوورپێستی کە زۆربەیان لە
کۆلۆرادۆ Colorado، یۆتا Utah و نیومەکسیکۆ
New Mexico دەژین 2 زمانی یۆتۆ-ئازتێکی
Uto-Aztecan ئەو گەلە ۞ یوتی
utensil /ju:'tensl/ *noun*
1 کەل‌وپەل، کەرەسە، ئامێر، ئالاف، شت، ئامراز
2 دەفر، بایە، حاجەت، قاپ و کەل‌وپەلی
چێشتخانە: *cooking/kitchen utensils* ۞ 1
ابزار، آلت 2 ظرف یا وسیلەی آشپزخانه
uteri = plural form of uterus
uterine /'ju:tɔrɪn, US -ʌɪn/ *adjective*
1 سەربە uterus: *the* ◊ *uterine cancer*
2 هەر دایکێکیان هەیە بەلام *uterine lining*
هەر لەو باوکە نین: *uterine brothers* ۞ 1
وابسته به رحم 2 اوترین
uterine cavity *noun*
بۆشایی منال‌دان یان پزدانی ۞ حفرەی رحمی یا
زهدانی
uterine tube *noun,* also Fallopian tube
لوولە یان بۆری منال‌دان ۞ لولەی رحم
uterus /'ju:tərəs/ *noun, pl.* uteri /-rʌɪ/
1 منال‌دان، کاردانک، پێزەدان، پزدان، زی،
گللک، زامار، پاور، پرزانگ، هەلپەز، womb،
ئەندامێکی ماسوولکەیی muscular organ
شیردەران 2 پێکهاتەیێکی وا لە هێندێ گیانەوەرانی
نزم بە هەمان شێوەی پزدان کە بێچوو یان هێلکە
و گەرا لەوێدا پەرە دەسێنن ۞ رحم، زهدان
utile[1] /'ju:tʌɪl/ *adjective*
(دەگمەن) بەسوود، پڕسوود، بەکارهاتوو، هاوە،
بەقازانج، بەکەلک، باش، چاک، useful ۞
مفید، سودمند، رضایت‌بخش
utile[2] /'ju:tɪli/ *noun*
پڕسوودە: درەختێکی سەختەداری hardwood
گەورەی گەرمێنانی tropical ئەفریکایی، لەبری
ماهوون mahogany بەکاردەهێنرێت
[*Entandrophragma utile*] (بنەڕەت: لە
utilis لاتین "useful") ۞ نوعی درخت
utilitarian /ju:tɪlɪ'teəriən, US -'ter-/ *adjective, noun*
adj قازانجپەرستانە، قازانجباوەڕانە، بەکارهاتوو،
بەقازانج، قازانجپەرست: *spare utilitarian*
furnishings n لایەنگری بەرژەوەندباوەڕی ۞
adj سودجویانە، مفید، سودگرا *n* طرف‌دار سودگرایی
utilitarianism /ju:tɪlɪ'teəriənɪzəm, US -'ter-/ *noun*
قازانجپەرستی، قازانجباوەڕی، قازانجگەری،
بەرژەوەندباوەڕی: ئەو باوەڕ و ڕێبازە کە پێی
وایە باشی و خراپی هەر شتێ بەندە بە رادەی
بەهرەداری و بەسوودی ئەو شتە بۆ خەلک ۞
سودگرایی
utility /ju:'tɪləti/ *noun* (*pl.* utilities), *adjective*
n 1 قازانج، بەرژەوەندی، بەکارهاتوویی،
سوودمەندی: *This information is of the* usefulness
highest utility to a historian 2 (utilities)
ڕاژەوانی یان سێرڤیسی خۆشگوزەرانی یان
ژیـنفرەهی، ڕاژەوانی یان خزمەتگوزاری
گشتی: *the administration of public*
utilities ◊ *Rescue teams worked*
desperately to restore utilities in the area
shattered by the hurricane 3 (کامپیوتێر)
پارچەیێ لە سافتوێری کامپیوتێر کە لە بوارێکی
تایبەتیدا بەکاردێنرێ *adj* چەندکارە، فرەکارە،
زۆرکارە، زۆرمەبەستە، فرەمەبەستە،
چەندمەبەستە: *an all-round utility player*
(= one who can play equally well in several different positions in a sport)
a utility tool ۞ *n* 1 فایده، منفعت 2 (در جمع)
وسایل رفاهی 3 (کامپیوتر) یوتیلیتی *adj* چندکاره
utility knife = Stanley knife
utility pole *noun*
کۆلەکەی کارەبا یان تەلەفون ۞ تیر برق یا تلفن
utility program *noun*
(کامپیوتێر) بەرنامەی یۆتیلیتی ۞ برنامەی یوتیلیتی
utility room *noun*
دیوی دام‌ودەزگا ۞ اتاق تأسیسات
utility vehicle *noun,* aslo utility truck
ماشێنی کەم‌بار (باخەل یا لاکانی نەوین) ۞
یوتیلیتی وهیکل
utilizable *adjective*
شیاوی خستنەکار، دەخرێتەکار، بەکار دێنرێ،
لەکار دەکرێ، کەلکی لێ وەردەگیرێ، بەهرەی
لێ وەردەگیرێ ۞ قابل بهرەبرداری، قابل استفاده

utilization /ju:təlaɪ'zeɪʃn, US -lə'z-/ *noun*
خستنەکار، بەکارهێنان، لەکارکردن، بەهرەگیری، کەڵکلێوەرگرتن، بەهرەلێوەرگرتن: *the utilization of resources* (utilizer *n*: بەکارهێنەر، لەکارکەر، کاربنەر، بەهرەگیر، کەڵکلێوەرگر) ◊ بهرەبرداری، استفادە

utilization of waste *noun*
بەکارهێنانی پاشەڕۆک، بەهرەگیری لە پاشەڕۆک ◊ استفادە از زبالە

utilization rate *noun*
ڕێژەی بەکارهێنان، ڕادەی بەهرەگیری ◊ میزان مصرف

utilization time *noun*
کاتی بەکارهێنان، زەمانی بەهرەگیری ◊ زمان مصرف، زمان استفادە

utmost /'ʌtməʊst, US -moʊst/ *adjective, noun*
adj زۆرترین، سەرترین، هەرەزۆر، ئەوپەڕ: *This is a matter of the utmost importance* ◊ *You should study this document with the utmost care* *n* دوارادە، زۆرترین ئاست: *Our resources are strained to the utmost* ◊ *adj* بیشترین *n* بیشترین حد

Uto-Aztecan /ju:təʊ'æztek(ə)n/ *noun, adjective*
یوتی-ئازتێکی: *n* خێزانی زمانی ئەمریکای ناوەندی و ئەمریکای باکووری ڕۆژاوا *adj* سەربەو خێزانە زمانییە ◊ یوتی-آزتکی

utopia /ju:'təʊpiə, US -'toʊ-/ *noun*, also Utopia
1 هیواشار، یوتوپیا، ئوتوپیا، ناشوێن، خەیاڵشار 2 بەرنامەیێکی ناکرداری بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی (بنەڕەت: لە ناوی کتێبی سێر تۆماس مۆر Sir Thomas More (1516)، لەسەر بنچینەی *ou* یۆنانی "نا" + *topos* "جێ، شوێن") ◊ 1 آرمانشهر، مدینەی فاضلە 2 اوتوپیا

utopian /ju:'təʊpiən, US -'toʊ-/ *adjective, noun*
adj ئایدیالیستیک، نموونەیی، خەیاڵی، خەیاڵپەرست، یوتوپیایی: *utopian idealists* ◊ *utopian doctrines* *n* (مرۆی) خەیاڵاوی یان ئایدیالیستیک، یوتوپیایی ◊ *adj* آرمانی، واهی *n* آدم آرمانگرا

utopianism *noun*
خەیاڵباوەری، خەیاڵپەرستی ◊ رؤیاگرایی

utopian socialism *noun*
سۆشیالیزمی یوتوپیایی یا خەیاڵی ◊ سوسیالیزم آرمانگرا

utopian society *noun*
کۆمەڵگای یوتوپیایی یان خەیاڵی ◊ جامعەی تخیلی

utricle /'ju:trɪk(ə)l/ *noun*
1 (ڕووەکناسی یان گیانەوەرناسی) هەمانە، توورەکە 2 (توێکاری، هەروەها utriculus /ju:'trɪkjʊləs/) دوو کیسەی گەورە(تر)ی پڕشلە کە بەشی پێچەڵانە labyrinth ی گوێی نێوەوە پێکدێنێ (بڕوانە saccudle، لە *utricule* فەرەنسییەوە، لە *utriculus* لاتینەوە، چکۆلەکراوی *uter* "leather bag") ◊ اوتریکل

utricular /ju:'trɪkjʊlə/ *adjective*
(ڕووەکناسی یان گیانەوەرناسی) هەمانەیی، سەربە یان پێوەندی بە هەمانەوە هەیە ◊ اوتریکولار

utter /'ʌtə(r)/ *adjective*
تەواو، ڕەبەق، ڕووت، ئازگار، پەتی، ئەبسولوت، total, absolute: *That's utter darkness* ◊ *complete and utter nonsense!* *To my utter amazement she agreed* ◊ *He felt an utter fool* ◊ کامل، محض

utterly *adverb*
بە تەواوەتی، بە تەواوی، پاک، تەواو: *We're so utterly different from each other* ◊ *She utterly failed to convince them* ◊ کاملاً

utterance /'ʌtərəns/ *noun*
1 وتن، دوان، ئاخافتن، دەربڕین، هێنانەزمان، وتە، گوتە، قسە، پەیڤ: *to give utterance to your thoughts* ◊ *one of her few recorded public utterances* 2 (زمانەوانی) گوتە: زنجیرە وشەیێکی بەردەوامی ئاخافتن یان نووسین ◊ 1 بیان، نطق، اظهار، گفتە، حرف 2 پارە گفتار

uttermost /'ʌtəməʊst/ = utmost

U-turn *noun*
1 (ماشێن و هتد) بادانەوە، دەورلێدان، گەڕانەوە، بادانەوەی 180 پلەیی، پێچدانەوە: *to do/make a U-turn* 2 گۆڕانی بنەڕەتی، وەرسووڕان، وەرچەرخان، هەڵگەڕانەوە، بادانەوە ◊ 1 دور زدن 2 تغییر بنیادی

U2 *noun*
یوو توو: تیپێکی پاپی ئیرلەندی کە لە 1977 لە دوبلین Dublin دامەزرا، ئالبومە سەرکەوتووەکانی بریتین لە: *Boy* (1980)، *Achtung Baby* (1991)، *Pop* (1997)، *All That You Can't Leave Behind* (2000) و *How to Dismantle an Atomic Bomb* (2004). گۆرانیبێژی سەرەکی تیپەکە Bono (ناوی خۆی Paul Hewson) ◊ یو تو

the U-2 incident *noun*
ڕووداوی یوو دوو یان یوو توو: ڕووداوێ لە مانگی مەی 1960، کاتێ فڕۆکەی سیخوڕی ئەمریکا (لە شوێن و بنکەکانی دوژمن وێنەی ئەهێنی هەڵدەگرتەوە) لە لایەن ڕووسەکانەوە

لەژوور ئاسمانی ئەوێ خرایە خوارەوە. فڕۆکەوانەکە گریی پاوێرز Gary Powers مایەوە. ڕێبەری ڕووسیە نیکیتا خرۆشۆچۆف Nikita Khrushchev کۆتایی بە کۆبوونەوەکەی پاریس لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەمریکا ئایزنهاوێر Eisenhower هێنا. پاوێرز لەگەڵ سیخوڕی ڕووسی ڕۆدۆلف ئابێل Rudolf Abel لە 1962 گۆڕدرایەوە ◌ حادثەی یو تو

UV *abbreviation* ultraviolet

uvea /'ju:vɪə/ *noun*
تویێ یان پەردەی ڕەنگی چاو (uveal *adj*: سەربە تویێ یان پەردەی ڕەنگی چاو؛ بنەڕەت: لە *uva* لاتین "تری") ◌ اوویا، عنبیه

uveitis *noun*
ئاوسانی تویێ یان پەردەی ڕەنگی چاو ◌ التهاب اوویا

uvula /'ju:vjʊlə/ *noun, pl.* uvulae /-li:/
(توێکاری) زمانۆک، زمانۆکە، زمانەچکۆلە، زیل، ئەلەنگە، دوامەلاشوو، یوڤیولا (بنەڕەت: لە late Latin، لە *uva* لاتین "grape") ◌ ملاز، لهات، زبان کوچک

uvular /'ju:vjələ(r)/ *adjective, noun*
1 *adj* (زمانەوانی) زمانۆکەیی، زمانەچکۆلەیی، سەربە زمانەچکۆلە، ئەلەنگەیی (وەکوو *r* لە فەرەنسی دا) 2 (توێکاری) سەربە زمانەچکۆلە *n* ئەبزوێنی زمانۆکەیی یان زمانەچکۆلەیی ◌ *adj* 1 (زبان‌شناسی) ملازی، وابسته به ملاز 2 وابسته به زبان کوچک یا لهات *n* هم‌خوان ملازی

uxorial /ʌk'sɔ:rɪəl/ *adjective*
ژنی، خێزانی، هاوسەری، سەربە ژن یان خێزان ◌ عیالی

uxoricidal *adjective*
سەربە ژنکوژی، سەربە خێزانکوژی ◌ وابسته به عیال‌کشی

uxoricide /ʌk'sɔ:rɪsʌɪd/ *noun*
1 ژنکوژی، خێزانکوژی 2 ژنکوژ، خێزانکوژ ◌ 1 عیال‌کشی 2 عیال‌کش

uxorilocal /ˌʌksɒrɪ'ləʊk(ə)l/ = matrilocal

uxorious /ʌk'sɔ:rɪəs/ *adjective*
ژنپەرست، ئاڵی، ژنخۆشەویست، خولیای ژنی خۆ، قوزەخۆرە (uxoriously *adv*: ژنپەرستانە، ژنخۆشەویستانە، قوزەخۆرانە؛ uxoriousness *n*: ژنپەرستی، ژنخۆشەویستی، ئاڵێتی، خولیای ژنی خۆبوون، قوزەخۆرەیی؛ بنەڕەت: لە *uxoriosus* لاتین، لە *uxor* "wife") ◌ زن‌ذلیل

Uygur = Uighur

Uzbec /'ʊzbɛk, US 'ʌz-/ *noun*
1 ئەندامی گەلی تورکی کە زۆربەیان لە ئۆزبەکستان دەژین 2 خەڵکی ئۆزبەکستان 3 زمانی (تورکی) ئۆزبەکی ◌ 1 و 2 ازبکی 3 زبان ازبکی

Uzi /'u:zi/ *noun*
(چەکی) یوزی (بنەڕەت: ئەفسەرێکی هێزی ئیسرائیل بە ناوی Uziel Gal دایرشت) ◌ یوزی

V v

V[1], **v** /vi:, *pl.* Vs, V's, v's /vi:z/ *noun*

1 ڤـی (- بیـــست و دووەمــین پـیتی ئـەلفوبێی ئینگلیـسی) 2 پێنج (- لە ژمارەنووسی رۆمی‌دا) 3 ئامـاژە بـە دەنگـی دوای U لـە دەسـتەیـێ لـە شتەکان، بابەتەکان و هتد 4 شتێک لە شێوەی پیتی V ۞ 1 وی 2 پنج 3 وی 4 چیز V شکل

V[2] *noun*

حەوت‌ئاسا، بە شێوەی حەوت، حـەوتی، حەوتـە ۞ بە شکل هفت

V[3] *abbreviation* 1 victory 2 volt(s) 3 symb. the chemical element vanadium 4 symb. voltage or potential differencc 5 (in mathematical formulac) volume

v *abbreviation* 1 verse 2 versus 3 very 4 (grammar) verb 5 vide 6 volt 7 symb. velocity 8 verso

V-1 *noun*

بۆمبـێکی چـکۆلە، ئـەڵمانی‌یەکان لـە شـەڕی جیهـانی دووەمدا بـەکاریان دەهێنـا (بنـەڕەت: کورتــەی *Vergeltungswaffe* "چــەکی تۆڵە(سێنەرانە") ۞ نوعی بمب

V-2 *noun*

جۆری راکێت، ئەڵمانی‌یەکان لە جەنگی جیهانی دووەمدا بەکاریان دەهێنا (بڕوانە V-1) ۞ نـوعی راکت

V-8 = V-eight

VA *abbreviation* 1 Veterans Administration 2 Vicar Apostolic 3 Vice Admiral

ڤی ئەی، ڤی ئێی: بەڕێوەبەرایەتی یان ڕێکخراوەی کۆنەسەربازان ۞ وی‌ای

Va *abbreviation* Virginiá

vac *abbreviation* 1 vacuum cleaner 2 vacation

vacancy /'veɪkənsi/ *noun, pl.* vacancies

1 جێگـای چـۆڵ یـان بـەتاڵ، چـۆڵایی، شـوێنی چۆڵ 2 پۆستی بەتاڵ یان بێکار 3 کار، ئیش: *a temporary vacancy* 4 (هوتێل و هتد) دیوی چۆڵ یان نەگیراو، ژووری خاڵی یان بەتاڵ: *I'm sorry, we have no vacancies* 5 بۆشـی، هـیچ‌تیانـەبوون، چـۆڵایی، بـەتاڵایی، بۆشـایی، ڤالاهی 6 بێ‌مێشکی ۞ 1 جـای خـالی 2 پـست خالی 3 شغل 4 اتاق خالی 5 خالی بودن 6 تهی‌مغزی

vacant /'veɪkənt/ *adjective*

1 بـۆش، بـەتاڵ، چـۆڵ، ڤالاهـ خاڵـی، ئـاواق، نـەگیراو، تیادانەنیـشتوو، پـڕ نەبۆتـەوە، بێکـار، (کەس) لەسـەرنەبوو (کـار): ◊ *a vacant office* ◊ *a vacant room* ◊ *vacant thrones* (وخـت) 2 *vacant land* ◊ *vacant houses* بێکاری، ئازاد، دەسپەرژ، *vacant* :disengaged 3 سـست، بـێ‌تاقـەت، بـێ‌کـەیف 4 *hours* بـێ‌مێشک، سـەربۆش، کەللـەپووک 5 بـێ‌مانـا، دەرنەبڕ : *a vacant smile* (vacantness *n*) ۞ 1 خالی، تهی، اشغال‌نـشده، بلامتـصدی 2 (وقـت) فراغت 3 بی‌حال 4 تهی‌مغز 5 عاری از بیان

vacantly /'veɪkəntli/ *adverb*

بە سـستی‌یەوە، بێ‌تاقەتانە، لە ڕووی سـستی یان بێ‌تاقەتی‌یەوە: *to stare -tly* ۞ از روی بی‌حالی

vacant possession *noun*

(زۆرتر لە ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەکان‌دا) ماڵی چۆڵ، خـانووی چـۆڵ (کـە کـڕیار دەتـوانی دەسـبەجێ تیادانیشـێ) ۞ ملک بدون مستأجر

vacation /və'keɪʃn, US veɪ'k-/ *noun*

1 پشوو، وچـان، پێندان، ڕۆژانی پـشوو، مـاوەی

پشوو(دان)، بێکاری، لەکاربوونەوە، لێبوونەوە، سەرسووک بوون، داخراوی، حەسانەوە، سانەوە، ئاسوودەیی : *the Christmas/Easter/summer vacation* 2 مۆڵەت 3 چۆڵ کردن، خاڵی کردن، بەتاڵ کردن، بەجێهێشتن 4 خۆلێ‌کێشانەوە، واز(لێ)هێنان، بەجێهێشتن، دەس(لێ)هەڵگرتن ۞ 1 تعطیلات، استراحت، فراغت 2 مرخصی 3 تخلیه 4 کناره‌گیری

vacationer /vəˈkeɪʃnə(r), US veɪˈk-/ *noun*, also holidaymaker
گەڕوان، پشووڕەو، پشووگەڕ، گەڕۆک، شارانگەڕ (لە ماوەی پشوودا) ۞ توریست

vacation pay *noun*
1 حەق یان مووچەی ماوە یان ڕۆژانی پشوو، پشووانە، پشوومز 2 حەق یان مووچەی ڕۆژانی مۆڵەت، مۆڵەتانە ۞ 1 حقوق ایام تعطیل 2 حقوق ایام مرخصی

vaccinal *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە کوتانەوە هەیە، کوتانی: *a vaccine with vaccinal efficacy of 95 percent* ۞ وابسته به مایه‌کوبی، واکسنی

vaccination /ˌvæksɪˈneɪʃn/ *noun*
1 کوتان: *vaccination against typhoid* 2 جێ‌کوتان، جێگای کوتان ۞ 1 مایه‌کوبی 2 جای مایه‌کوبی یان واکسن، جای آبله‌کوبی

vaccinator *noun*
ئاوڵەکوت، کوتانگەر، کوتانەوان، کوتانکار ۞ تلقیح‌کننده

vaccine /ˈvæksiːn, US vækˈsiːn/ *noun, adjective*
n 1 مایە، دەرمانی کوتان، کوتانە، ڤاکسین: *a There is no vaccine ◊ measles vaccine against HIV infection* 2 بەرنامەیێ کە ڤایرۆسەکانی کامپیوتر دەدۆزێتەوە و ناهێڵێ بکەونەکار *adj* سەربە کوتان ۞ *n* 1 واکسن، مایه 2 واکسن *adj* وابسته به مایه‌کوبی

vaccinee *noun*
کەسێ کە کوتراوە یان کوتان کراوە ۞ شخص مایه‌کوبی شده

vaccine-point *noun*
دەرزی کوتان ۞ سوزن تلقیح

vaccinia /vakˈsɪnɪə/ *noun, pl.* vaccinias
1 (پزشکی) ئاوڵە مانگا یان ڕەشەوڵاخ (بۆ مرۆڤیش ڕادەگوێزرێ) 2 ی poxvirus (جۆر *(Orthopoxvirus* لە توخمی *Vaccinia virus* کە مایەی smallpox یان cowpox ـن (هەروەها vaccinia virus؛ vaccinial *adj*) ۞ 1 آبله‌ی گاوی 2 ویروس آبله‌ی گاوی

vacillant *adjective*
دوودڵ، ڕاڕا، وازیوازی، تاوتاو، لەق، vacillating، wavering ۞ مردد، متزلزل، جنبنده

vacillating *adjective*
دوودڵ، ڕاڕا، وازیوازی، تاوتاو، ناشێلگیر، بڕا نیە، بێ‌بڕیار، indecisive، wavering، fluctuating، swaying، oscillating (vacillatingly *adv*) ۞ مردد، متزلزل

vacillation /ˌvæsəˈleɪʃn/ *noun*
1 لەرینەوە، جمان، جووڵانەوە، پاش‌وپێش‌کردن، بەملاوبەولاداکەوتن، لارەولار، تەکەتەک‌کردن، ڕاژان 2 (خوازە) ڕاڕایی، دوودڵی، سەرسەرێتی، دڕدۆنگی، بیرەبیر، لەقی (vacillator *n*؛ vacillatory *adj*) ۞ 1 نوسان، جنبش 2 (مجازی) تردید، تزلزل

VActor = synthespian

vacua = plural form of vacuum

vacuity /vəˈkəuːəti/ *noun, pl.* vacuities, also vacuousness
1 بێ‌نێوەرۆکی، هیچ(وپووچ)ی، بێ‌مانایی، بێ‌واتایی 2 چۆڵبوون، بۆشیتی 3 شتی بەتاڵ یان خاڵی 4 بەتاڵایی، چۆڵایی، بۆشایی، ڤالاهی 5 کەرێتی، گەمژەیی، گەوجیتی، نەفامی، بێ‌مێشکی، کردەوەی گەوجانە، قسەی گەوجانە یان کەرانە ۞ 1 بی‌محتوایی 2 خالی بودن 3 چیز خالی 4 خلأ 5 حماقت، ابلهی، عمل احمقانه، سخن ابلهانه

vacuolation *noun*
پێکهاتنی بۆشاییەکان، بوونەبۆشایی ۞ حفره‌شدگی

vacuole /ˈvækəuəʊl, US -oʊl/ *noun*
(زیندەناسی) ڤاکیوئۆل، بۆشیلە، بۆشایی، چۆڵایی (بۆشایی لە خانەی زیندەوەردا؛ vacuolar /ˈvakjuələ/ *adj* بەرەت: چکۆلێنراوی *vacuus* لاتین "empty") ۞ حفره، واکوئل

vacuous /ˈvækəuəs/ *adjective*
1 بێ‌نێوەرۆک، تڕۆ، بێ‌مانا، بێ‌واتا، هیچ، هیچ‌وپووچ، بێ‌مەبەست: *a vacuous expression* 2 گەوجانە، بێ‌مێشکانە، نەفامانە: *a vacuous mind* 3 بەتاڵ، بۆش، پووت، خاڵی، هیچ‌تیانەبوو (vacuousness /ˈvækəuəsnəs/ *n*) ۞ 1 بی‌محتوا، تهی، بی‌هدف 2 احمقانه 3 خالی

vacuously /ˈvækəuəsli/ *adverb*
گەوجانە، نەفامانە، بێ‌مێشکانە، لە ڕووی نەفامییەوە: *He stared down at her, grinning -cuously* ۞ احمقانه، از روی نفهمی

vacuum /ˈvækəuəm/ *noun, adjective, pl.* vacuums or vacua /-juə/
n 1 بۆشایی، چۆڵایی، ڤالایی 2 ڤاکیوم کلینێر، گ(ە)سکی کارەبایی *adj* سەربە بۆشایی ۞ *n* 1 خلأ 2 جاروبرقی *adj* وابسته به خلأ

vacuum cleaner *noun*
دەزگای سڕین یا خاوێن‌کردنەوە ۞ جارو برقی

vacuum distillation *noun*
بۆشەدڵۆپاندن، دڵۆپاندنی بۆشایی یان لە

بۆشایی‌دا ◇ تقطیر در خلأ

vacuum filtration *noun*

بۆشەپالاوتن، پالاوتن لە بۆشایی‌دا ◇ پالایش در خلأ

vacuum flask *noun*, also vacuum bottle or thermos

ساردوگەرم، فلاسک ◇ فلاسک

vacuum gauge *noun*

بۆشایی‌پێو ◇ خلأسنج

vacuum-packed *adjective*

هەڵلووشراو، هەوا(لێ)لابراو، بێ‌هەوا، هەوا(لێ)دەرکراو ◇ بدون هوا

vacuum pump *noun*

پۆمپی بۆشایی، مژێنە ◇ پمپ خلأ

vacuum trap *noun*

تەڵەی بۆشایی، بۆشەتەڵە ◇ تلەی خلأ

vacuum tube *noun*

گڵۆپی بۆشایی ◇ لامپ خلأ

vada /ˌvɑːdə/ *noun*, also wada

ڤادا (= چێشتێکی هیندی؛ بنەڕەت: لە *vaḍā* هیندی‌یەوە) ◇ وادا

vade-mecum /ˌvɑːdi ˈmeɪkəm/ *noun*

دەفتەرچەی تیانووسین، دەسنامە (ڕێ‌پیشاندان) ◇ دفترچەی یادداشت

vadose /ˈveɪdəʊs/ *adjective*

(زەوی‌ناسی) سەربە ئاوی ژێرعەرز لەو ناوچانەی کە لە سەرووی ئاستی تێراوی دان (بڕوانە phreatic) ◇ وادوس

vagabond /ˈvægəbɒnd, US -bɑːnd/ *adjective, noun*

(مرۆی) دەربەدەر، سەرلێ‌شێواو، لانەواز، بێ‌سەروشوێن، تەرە، سەرسەری، تار، پەرتەوازە، بە شارانەوە، هەڵوەدا، وێڵ، عەودال، بێ‌ماڵ‌وحاڵ، بێکار: *beggars, rogues and vagabonds* (vagabondage or vagabondism *n*) ◇ (آدم) آوارە، خانەبدوش

vagarious /vəˈgɛːriəs/ = erratic, unpredictable

vagary /ˈveɪg(ə)ri/ *noun, pl.* vagaries

1 (زۆرتر vagaries) گۆڕان، تێکچوون، نارێکوپێکی 2 خولیا، هەوا، گز، ئیشتیا (بنەڕەت: لە لاتینی *vagary* "wander") ◇ 1 تغییر، بی‌نظمی 2 هوس

vagi = plural form of vagus

vagina /vəˈdʒaɪnə/ *noun, pl.* vaginas or vaginae /-niː/

1 گولنک، نێولەش، ناوگیان، زێ، نێوشەرم 2 (ڕووەک‌ناسی) کالان، کێلان، بەرگ، کیف (vaginal /vəˈdʒaɪnl/ *adj*: سەربە نێولەش، نێوشەرمی، پێوەندی بە نێوشەرمەوە هەیە) ◇ 1 مهبل 2 (گیاەشناسی) نیام، غلاف

vaginismus /ˌvadʒɪˈnɪzməs/ *noun*

چوونەیەکی بەژانی جاروباری نێوشەرم، تات ◇ منسدالمهبل

vaginitis /ˌvadʒɪˈnʌɪtɪs/ *noun*

هەوکردنی نێوشەرم یان زێ، ئاوسانی نێولەش ◇ التهاب مهبل

vagotomy /veɪˈgɒtəmi/ *noun, pl.* vagotomies

نەشتەرگەری برینی دەماری ڤاگیوس، ب.ت. بۆ کەم‌کردنەوەی دەردانی گەدە (vagotomized *adj*) ◇ واگوتومی

vagrancy /ˈveɪgrənsi/ *noun, pl.* vagrancies

گەڕالی، گەڕیدەیی، بەرەڵایی، کۆڵانگەڕی، ئاوارەیی، لانەوازی، وێڵی، بێ‌ماڵ‌وحاڵی، تەرەیی، سەرلێ‌شێواوی، دەربەدەری، هەڵوەدایی، گەڕۆکی ◇ ولگردی، آوارگی

vagrant /ˈveɪgrənt/ *noun, adjective*

n کەسێکی بەرەڵا، گەڕال، کۆڵانگەڕ، سەگی بێ‌سووتاو *adj* ئاوارە، بێ‌ماڵ‌وحاڵ، تەرە، پەرەوازە، لانەواز، سەرلێ‌شێواو، هەڵوەدا، وێڵ، دەربەدەر، گەڕۆک، سواڵکەر، درۆزەکەر، گەدا (vagrantly /ˈveɪgrəntli/ *adv*) ◇ *n* آدم ولگرد *adj* آوارە، گدا

vague /veɪg/ *adjective* (vaguer, vaguest)

1 تەماوی، تەژمە، لێڵ، نەڕوون، ناڕۆشن، نادیار، نامەعلووم: *They had only a vague idea* 2 نەورد، نادروست، ورد *where the place was* نییە 3 کەم، هیچ (vaguely /ˈveɪgli/ *adv*: بە شێوەیەکی تەماوی، لێلانە، کەمێ، نەختێ، برێ؛ vagueness /veɪgnəs/ *n*) ◇ 1 مبهم، دوپهلو، نامعلوم، نامشخص 2 نادقیق 3 جزئی، خفیف

vagus /ˈveɪgəs/ *noun, pl.* vagi /-dʒʌɪ, -gʌɪ/, also va,gus nerve

(توێکاری) ڤاگیوس، ڕەوەندە دەمار (دەمارەکانی سی، دڵ و ئەندامانی تری سنگ و زگ؛ بنەڕەت: لە لاتینی *vagus nervus* نوێ، دەقاودەق دەبێتە "wandering nerve") ◇ واگیوس، عصب واگوس

vain /veɪn/ *adjective*

1 بێهوودە، بێ‌ئەنجام، بێ‌فایدە، بێ‌مەفا، بێ‌بایەخ، بێ‌کەڵک، بەکارنەهاتوو، بێ‌بەرهەم، ناکرنگ، هیچ، خاو، هیچەکە، پڕوپووچ، هیچ‌وپووچ 2 بەپۆز، بەخۆنازیو، فیزن، بەدەمار، لەخۆبایی، لووت‌بەرز، لەخۆدەرچوو (vainly /ˈveɪnli/ *adv*: لەخۆوە، بە خۆڕایی، لە خۆڕایی، بێ هیچ شتێ: *He shouted after them, vainly trying to attract their attention*؛ vainness *n*: 1 بێهوودەیی، هیچی، لەخۆڕایی‌بوون 2 لەخۆدەرچوویی، بەدەماری، بەفیزی) ◇ 1 بی‌ثمر، بی‌فایدە، باطل، واهی 2 مغرور

vainglorious /ˌveɪnˈglɔːriəs/ *adjective*
بەخۆنازیو، بەپۆز، بەدەمار، بەفیز، ترزل، خۆهەڵکێش، خۆهەڵکێشانە، boastful (vaingloriously /ˌveɪnˈglɔːriəsli/ *adv*: خۆهەڵکێشانە، بە پۆزەوە، بە دەمارەوە، بە فیزەوە؛ ۞ (vaingloriouness /ˌveɪnˈglɔːriəsnəs/ *n* متفرعن، غره، خودستایانه

vainglory /ˌveɪnˈglɔːri/ *noun*
لاف(لێدان)، خۆهەڵکێشی، هارەوگیفە، ترزلی، شاتوشووت، پۆز، فیز، دەمار، لەخۆدەرچوویی ۞ خودستایی، لاف، تفرعن

vair /veː/ *noun*
1 کەوڵی جۆرێ سمۆرەی سوور، لە سەدەکانی 13 و 14 بۆ بەری جل بەکاریان دێنا 2 heraldry کەوڵ یان فەروویێ بە کۆمەڵە ڕیزێکی شین و سپی تێکهەڵکێشراو و نەخشی قەڵغان یان زەنگی پێوەیە ۞ وایر

Vaisya /ˈvʌɪsjə, -ʃjə/ *noun,* also Vaishya
ڤایسیا (ئەندامی سێیەمین یان چوارەمین کاستی هیندی، کاردار merhcant و وەرزێر دەگرێتەوە)، وەرزێران ۞ وایسیا

valance /ˈvæləns/ *noun, pl.* valencies, also valence
(تەختی خەو و هتد) پەردە (ی کورت)، لێواربۆش، لێوارە ۞ والان

vale[1] /veil/ *noun*
(وێژەیی) شیو، دۆڵ، دەرە، بوهل، دەربەند: *a wooded vale* ۞ دره

vale[2] /ˈvɑːleɪ/ *interjection, noun*
(کۆن) *interj* خوات لەگەڵ! *n* ماڵاوایی، خاترخازی، خوداحافیزی ۞ *interj* خداحافظ! *n* خداحافظی

valediction /ˌvælɪˈdɪkʃn/ *noun*
1 ماڵئاوایی، ماڵاوایی 2 وتاردان یان قسەکردنی ماڵئاواییانە ۞ 1 خداحافظی 2 سخنرانی تودیع

valedictorian /ˌvælɪdɪkˈtɔːriən/ *noun*
(ئەمریکای باکووری، لە خوێندنگا یان کۆلێژدا) شاگردیەکەم ۞ شاگرد اول

valedictory /ˌvælɪˈdɪktəri/ *adjective, noun* (*pl.* valedictories)
adj ماڵئاواییانە، ماڵاواییانە: *a -edictory speech* (valedictories) *n* وتاری ماڵاواییانە ۞ *adj* تودیعی *n* (در جمع) سخنرانی تودیعی

valence[1] /ˈveɪlənsi, US ˈveɪləns/ *noun,* also valency (*pl.* valencies)
(کیمیا) 1 هاوهێزی: *Carbon has a valency of 4* 2 (زمانەوانی) توانایی: ژمارەی ئەو توخمە ڕێزمانییانە کە وشەیێ ب.ت. کاریێ verb لە نێو ڕستەیێکدا توانایی لێکدانی combination هەیە 3 توانایی ڕێزەیی relative capacity بۆ ڕێکخستن، کاردانەوە یان کارلێککردن (وەک لەگەڵ ئانتیژێنەکان یان substrate بایۆلۆژیکی) (بنەڕەت: لە late Latin *valentia* "هێز") ۞ 1 والانس، ظرفیت 2 ظرفیت 3 ظرفیت، گنجایش

valence[2] = valance

-valent *suffix or combining form*
پاشگر یان وشەی لێکدەر: 1 خاوەنی هاوهێزییێکی یان چەندین هاوهێزی (تایبەت): *bivalent, multivalent* 2 خاوەنی (گەلێ) ڕیشاڵ یان لۆ کرۆمۆزۆمی chromosomal strands یا کرۆمۆزۆمە چوونیەکەکان homologous chromosomes: *univalent* ۞ پسوند یا صورت ترکیب‌ساز: 1 دارای یک ظرفیت یا چند ظرفیت (مخصوص) 2 دارای رشته‌های کروموزومی یا کروموزوم‌های مشابه

valentine /ˈvæləntaɪn/ *noun*
1 کارتی ڤالانتاین 2 یار، گراو، خۆشەویست، دڵدار (ئەو کەسەی کەوا کارتەکەی بۆ دەنێردرێ) ۞ 1 کارت والانتین 2 معشوق

valentine card *noun*
کارتی ڤالانتاین ۞ کارت والانتین

Valentine's Day *noun*
ڕۆژی خۆشەویستی، ڕۆژی دڵان، ڤالانتاین (14ی فێبریوێری یان ڕەشەمە) ۞ روز والانتین

valerian /vəˈlɪəriən, US -ˈlɪr-/ *noun*
1 ئاورێژە، گیاکتک، ڕیخەداروو [*Valeriana officinalis*، *Centranthus ruber* (هی سوور) و جۆرەکانی تر] 2 جۆرێ دەرمانی هێورکەرەوە sedative کە لە ڕەگی گیاکتک بەدەس دێترێ ۞ سنبل‌الطیب

valeric acid /vəˈlerɪk, US -ˈlɪərɪk/ *noun*
(کۆن) ترشەڵۆکی ڤالێریک: هەریەک لە چوار ترشەڵۆکی چەوری ئیزۆمێریک $C_5H_{10}O_2$ (valerate *n*) ۞ اسید والریک

valet /ˈvæleɪ, US ˈvælɪt, US also væˈleɪ/ *noun*
نۆکەر، خزمەتکار، کارەکەر، بەردەست ۞ نوکر، مستخدم، پیشخدمت

valeta = veleat

valet parker *noun*
(هوتێل و خواردنگە) ماشێنڕاگر، بەردەستی ماشێنڕاگرتن (کەسێ کە لەجیاتی تۆ ماشێنەکە ڕادەگرێ) ۞ والت پارکر

valet parking *noun,* also valet service
ماشێنڕاگری، خزمەتکاریتی ماشێنڕاگرتن ۞ والت پارکینگ

valetudinarian /ˌvælɪtjuːdɪˈneːriən/ *noun* (*pl.* valetudinaries), *adjective*
n بنیادەمی نەخۆش، دەردەدار *adj* کەسێ کە سەبارەت بە سلامەتی خۆی دڵەڕاوکێی هەیە ۞ *n* مریض *adj* بیمار وسواسی

valetudinarianism *noun*
هەست بە سستی سلامەتی یان لەش‌ساغی ⟡ وسواس سلامتی

valetudinary /ˌvalɪˈtjuːdɪn(ə)ri/ = valetudinarian

valgus /ˈvalgəs/ *noun, adjective*
(پزشکی) چەویلی، پێ‌کەوانی (بنەڕەت: لە لاتین "knock-kneed") ⟡ پاکمانی

Valhalla /vælˈhælə/ *noun*
1 ڤالهالا، ڤەلهەل (لە میتۆلۆژی سکاندیناڤی‌دا)
2 شوێنی سەربەرزی و بەختەوەری (یان شکۆ): *an academic's Valhalla* ⟡ والهالا

valiant /ˈvæliənt/ *adjective*
1 شێرکوڕ، دیوقران، ئازا، قارەمان، بەجەرگ، نەترس، بوێر، شێردڵ، ئازایانە، نەترسانە، شێرکوڕانە: courageous *-iant warriors* ◊ 2 سەرسەخت، پتەو، بەبڕیار، شێلگیر، شێلگیرانە: *-iant feats* (valiance /ˈvæliəns/ *n*: شێرکوڕی، ئازایەتی، بەجەرگی، قارەمانی، نەترسی، بوێری، شێردڵی؛ -liantly /ˈvæliəntli/ *adv*: نەترسانە، ئازایانە، قارەمانانە، شێلگیرانە) ⟡ 1 شجاع، متهور، متهورانه 2 مصمم، مصممانه

valid /ˈvælɪd/ *adjective*
1 بەبایەخ، بەپوێتە، باوەڕپێکراو، باوەڕمەند، جێی‌باوەڕ، قانوونی، یاسایی، مۆرکردە، دروست، ڕاست، ڕەوا، پەسند، بەجێ، ژیرانە، لۆژیکی: *a bus pass valid for 1 month* ◊ *a valid passport* ◊ *They have a valid claim to compensation* ◊ *The point you make is perfectly valid* 2 (کامپیوتێر) پەسند، بەهۆی دەزگا یان سیستەمەکەوە پەسند کراوە: *a valid password* (validly /ˈvælɪdli/ *adv*: *The contract had been validly drawn up* ◊ *It can be validly argued that they were not to blame*) ⟡ 1 معتبر، ارزش‌مند، قانونی، موجه 2 والید

validation /ˌvælɪˈdeɪʃn/ *noun*
باوەڕپێدان، بەبایەخ‌کردن، بایەخاندن، نرخاندن، پەسندکردن، سەلماندن، مۆرکردن، بەڕاست‌دانان ⟡ معتبرسازی، تأیید، اثبات

validity /vəˈlɪdəti/ *noun*
بابەیەخی، باوەڕی، باوەڕپێکراوی، لۆژیکیتی، ڕاستبوون، ڕەوایی، بەجێیی، دروستیتی: *The period of validity of the agreement has expired* ◊ *We had doubts about the validity of their argument* ⟡ اعتبار

valise /vəˈliːz, US vəˈliːs/ *noun*
باوول، جلبەند، چەمەدان، جامەدانە، جاتای جل ⟡ چمدان

Valium /ˈvæliəm/ *noun, trademark*
ڤالیۆم (دەرمانی هێدی‌کردنەوە یان دیازیپام diazepam) ⟡ والیوم

Valkyrie /valˈkɪəri, US ˈvalkɪri/ *noun*, from Old Norse *valkyrja*
(میتۆلۆژی سکاندیناڤی) ڤالکیەری: هەریەک لە دوازدە کارەکەری (لە ژنان) ئۆدین Odin ⟡ والکیری

vallation *noun*
(لاتین) خەنەک، پاردە، سەنگەر، مەتەریز ⟡ خندق، سنگر

vallecula /vaˈlɛkjʊlə/ *noun, pl.* valleculae /-liː/
(توێکاری و ڕووەک‌ناسی) کووز، شوێن، دۆڵک، شیوک (vallecular *adj*): لە Latin چکۆلێنراوی *vallis* "valley" ⟡ شیار

valley /ˈvæli/ *noun, pl.* valleys
1 دۆڵ، شیو، دەربەند، بۆهەل، نواڵ، گەلی، بۆل، دەرە، گیر 2 چاڵ، قولکە 3 ئاوەڕۆی سەربان: شوێنی پێک‌گەیشتنەوەی دوو لێژی سەربان کە پێکەوە گۆشەیێکی چاڵ reentrant پێکدێنن ⟡ 1 دره 2 گودی 3 والی

vallum /ˈvaləm/ *noun*
(لە ڕۆمی کۆن‌دا) دیوار، شوورە یان پەرژینەی بەرگری ⟡ والوم

valonia /vaˈləʊnɪə/ *noun*
دارمازوو؟، دارمازگ؟: جەوتی داربەڕووی هەمیشەسەوز (*Quercus macrolepis*)، بۆ پێستەخۆش‌کردن ⟡ والونیا

valor = US spelling of valour

valorization *noun*
چەسپاندنی نرخەکان ⟡ تثبیت قیمت‌ها

valorous /ˈvælərəs/ = valiant

valour /ˈvælə(r)/ *noun*, US valor
شێرکوڕی، ئازایەتی، بەجەرگی، قارەمانی، نەترسی، بوێری، شێردڵی، دیوقرانی (ب.ت. لە شەڕدا) ⟡ شجاعت، تهور، دلیری

Valpolicella *noun*
جۆرێ مەی سووری تاڵی باکووری ئیتالیا (لە ناوی Valpolicella، ناوچەیێکی مەی‌سازی باکووری ڕۆژاوای Verona) ⟡ والپولیسلا

valproic acid /valˈprəʊɪk/ *noun*
(کیمیا) ترشەلۆکی ڤالپرۆئیک: ئاوێتەیێکی کریستاڵی پێکهێنراو $C_8H_{16}O_2$، بۆ تیمار و چارەسەرکردنی فێ بەکاردێنرێ ⟡ اسید والپروئیک

Valsalva manueuvre /valˈsalvə/ *noun*
(پزشکی) مەشق یان مانۆڤری ڤالسالڤا: هەوڵ بۆ دەرکردنی هەوا لە کاتێکا گەروو، لێو و کونەلووتەکان داخراون، بۆ میزان‌کردنی گوشار یان پەلەپەستۆ لە گوێی نێوەڕاست بەکار دێنرێ (بنەڕەت: لە ناوی توێکاری ئیتالیایی Antonio M. Valsalva (1666–1723)) ⟡ مانور والسالوا

valse /vals, US vɔ:ls/ *noun, pl.* pronounced same, also waltz
(فەرنسی) ڤالس (= هەڵپەڕکێ و سەما یان موسیقای ڤالس) ۞ والس

valuable /'væləuəbl/ *adjective, noun*
1 *adj* بەبایەخ، بەنرخ، بەبایی، بپویتە، بەهادار، پڕبایی، زۆر نەژی، گرانبایی، لەکڕین‌نەهاتوو:
Luckily, nothing ◊ *valuable antiques*
My home is my ◊ *valuable was stolen*
most -luable asset 2 بەسوود، پڕسوود، بەبەهرە، بەقازانج، بەکارهاتوو، بەکەڵک: *a -*
This advice was to ◊ *luable experience*
Spinach is a valuable ◊ *prove valuable*
(valuables /'væləuəblz/) *n source of iron*
Never leave :شتومەکی بەنرخ (یان گرانبایی
:*cash or other valuables lying around*
1 *adj* ۞ (valuably /'væləuəbli/ *adv*
ارزش‌مند، قیمتی 2 مفید *n* چیزهای قیمتی

valuation /ˌvæləu'eɪʃn/ *noun*
1 نرخ‌دانان، بایی‌دانان، قیمەت یان نرخ‌لەسەردانان: *Experts set a high valuation on the painting* 2 نرخاندن، بایەخ‌پێدان، سەنگاندن، بەهادانان، قەبلاندن، هەڵسەنگاندن 3 نرخ، بایی 4 بایەخ، پویتە، بەها ۞ 1 قیمت گذاری 2 ارزیابی، تقویم، ارزش گذاری 3 قیمت 4 قدر، ارزش

valuator = valuer (archaic)

value /'vælɔu:/ *noun*
1 بایەخ، پویتە، بەها، نرخ، قازانج، بەهرە، بەکارهاتوویی، سوود، مەفا، فایدە، گرنگایەتی، پێشەم‌بوون، قیمەت، نرخ، بایی، بوها 2 (بیرکاری) بڕ، نرخ 3 (هونەر) پێوەندی نێوان رووناکی و سێبەر 4 (موسیقا) ڤالیو 5 (زمانەوانی) واتا 6 (values) بایەخەکان، بەهاکان ۞ 1 ارزش، فایده، اهمیت، قیمت 2 (ریاضیات) مقدار 3 (هنر) رابطەی روشنایی و سایه 4 (موسیقا) کشش نت 5 (زبان‌شناسی) معنا 6 (در جمع) ارزش‌ها

value added tax *noun, abbreviation* VAT
باج لەسەر بەهای سەرخراو، زێدەباج، زیادەباج (باجێ کە دەخرێتەسەر بەهای بەرهەمێ لە هەر ئاست و قۆناخێکی بەرهەم‌هێناندا) ۞ مالیات بر ارزش افزوده

valued *adjective*
بەبایەخ، بەنرخ، بەهادار، پڕبایی، پڕبایەخ، جێی‌باوەڕ، گرنگ، پێشەم ۞ ارزش‌مند، معتبر، مهم

value date *noun*
(ئابووری) ڕێکەوتی پێدان ۞ تاریخ پرداخت

value judgement *noun*
دادگەری کەسی، دادوەری خۆیی، هەڵسەنگاندن لەسەر بنچینەی بیروبۆچوونی خۆیی (نە لەسەر بنچینەی ڕاستی‌یەکان) ۞ قضاوت ارزشی

valueless /'vælɔu:ləs/ *adjective*
بێ‌نرخ، بێ‌بایی، بێ‌بەها، بێ‌بایەخ، ئایەخ، پڕوپاتاڵ، بەکارنەهاتوو، بازاڕی، هیچ‌نەهێناو، هیچ، ناگرنگ، بێ‌سوود، بێ‌بەهرە، بێ‌قازانج، بێ‌ئەنجام: *Her shares in the company have become valueless* (valuelessness /'vælɔu:ləsnəs/ *n*) ۞ بی‌ارزش، بی‌فایده، بی‌قیمت

valuer /'vælɔu:ə(r)/ *noun*
نرخێنەر، هەڵسەنگێنەر، قەبلێنەر، نرخ‌دانەر ۞ ارزیاب

valuta /və'lju:tə, US -'lu:-/ *noun*
1 دراو، پارەی بیانی 2 بایەخەکان، بەهاکان 3 نرخی پارەیێ لەچاو پارەیەکی تر ۞ 1 ارز 2 ارزش‌ها 3 والیوتا

valvate /'valveɪt/ *adjective*
زمانەدار، دەمەوانەدار، سەرپۆش‌دار، سەردار: *valvate sepals* ۞ دریچەدار

valve /vælv/ *noun*
1 زمانە، شێرە، شێرفەلەکە، سوپاپ، پشک، پاشەوانە، دەمەوانە، سەرپۆش، سەر 2 (توێکاری و گیانەوەرناسی) لوو یان چینی پەردەیی membranous fold نێو ئەندام یان ڕەگێ کە ڕێگا دەدا بە خوێن یان شلەیێکی تر تا بە لایێکدا بچێ، زمانە 3 گلۆپی بۆشایی 4 (تایەی ماشێن و هتد) ڤالف، بایە 5 (زیندەناسی) لەپ، لەپکە، تا (valved *adj* :valveless *adj*) ۞ 1 دریچە، شیر، شیرفلکه، سوپاپ 2 دریچه 3 لامپ خلأ 4 (لاستیک و...) والف 5 کفه

valvate /'valveɪt/ *adjective*
زمانەدار، بەزمانە، دەمەوانەدار، زمانەئاسا، زمانەوەر، خاوەنی زمانە یان بەشێکی زمانەئاسا: *valvate sepals* ۞ دریچەدار، دریچەمانند

valvular *adjective*
زمانەیی، سەربە زمانە، سەربە یان پێوەندی بە زمانەکانی دڵەوە هەیە ۞ دریچەای، وابستە بە دریچەهای قلب

valvulitis /ˌvalvjʊ'lʌɪtɪs/ *noun*
ئاوسان یا هەوکردنی زمانەی دڵ، زمانەدڵ‌ئاوسێ ۞ التهاب دریچەی قلب

vambrace /'vambreɪs/ *noun*
(مێژوویی) زرێی دەست ب.ت. قۆڵ، قۆڵ‌پۆش، قۆڵەوانە ۞ زره ساعد

vamoose /və'mu:s/ *interjection*
دەرکەوە! بڕۆ گوم‌بە! یەکێ لەخۆت‌هەڵدە! دایکێشە! ۞ برو گم‌شو!

vamp[1] /væmp/ *noun*
(نافەرمی) ژنی لەبار، بەناز ۞ زن لوند

vamp[2] /væmp/ *noun*
بەشی سەرووی پێشەوەی پۆتین یا پێلاو، سەرلووت، سەرپەنجە ۞ وامپ

vampire /'væmpaɪə(r)/ *noun*

1 خوێنمژ (له چیرۆکاندا: ڕۆحی مردوویێ که خوێنی زیندووان دەمژێ) 2 (هەروەها vampire bat) شەمشەکوێرەی خوێنمژ (زۆرتر لە گەرمێنانی ئەمریکادا [Desmodus rotundus و جۆرەکانی تر]) 3 (هەروەها vampire trap. له شانۆدا) درگایێ بۆ گومبوون یان نەمانی له ناکاو لەسەر شانۆ (vampirc /-'pɪrɪk/ *adj*؛ vampirism /'væmpaɪərɪzəm/ *n*: هەلفریواندن، فریودان، هەلخلەتاندن، تەفرەدان، لەخشتەبردن، دەسپیسی، دزی) ۞ 1 خونآشام 2 نوعی خفاش 3 وامپایر

vamplate /'vampleɪt/ *noun*

(مێژوویی) شتێکی خڕ لەسەر نێزە یان ڕم کە بۆ پاراستنی دەس لەوێ نراوە، دەسەوانە ۞ وامپلیت

van[1] /væn/ *noun*

1 بارکێشی چکۆلانە، واگۆن (بارهەلگر) 2 caravan ۞ وانت، واگن

van[2] /væn/ *noun*

1 (سپا یان لەشکر) پێشڕەو، پێشەنگ 2 بەرەی شەڕ، ریزی پێشەوە، پێشڕیز، هێلی پێشەوە ۞ 1 طلایه 2 جبهه، صف مقدم

van[3] /væn/ *noun*

1 بالی بالندە 2 دەزگا یان پانکەی بەباکردن ۞ 1 بال 2 وان

vanadate *noun*

خوێیێ که له پێنتۆکسایدی ڤانادیۆم vanadium pentoxide بەرهەم دێ و ڤانادیۆمی پێنجهاوهێزی pentavalent تیایه ۞ وانادیک

vanadic *adjective*, also vanadous

ڤانادیک، سەربە ڤانادیۆم ۞ وانادیک

vanadic acid *noun*

ترشەلۆکی ڤانادیۆم ۞ اسید وانادیک

vanadium /və'neɪdiəm/ *noun*

(کیمیا) ڤانادیۆم (بە ژ.گ. 23، ن. V. بنەڕەت: لە ناوی *Vanadis* نۆرسی کۆن، خواژنی سکاندیناڤی Freyja) ۞ وانادیم

vanadium pentoxide *noun*

پێنتۆکسایدی ڤانادیۆم: ئاوێتەیێکی کریستالی V_2O_5 ۞ وانادیم پنتوکسید

Van Allen belt *noun*

پشتێنەی ڤان ئالێن: هەریەک لەو دوو ناوچە کەشییانە atmospheric region کە خاوەنی پارچۆلکە بارگاوی (یان بارگدار) یەکجار پڕوزەن (و لە لایەن مەیدانی مەگناتیکی زەوییەوە مەهار دەکرێ یان دەخرێتە داو و تەلەوە) و یەکیان بە بەرزایی دەوروبەری 3200 کیلۆمیتر (2000 مایل) و ئەوی تریان لە 14,500 (2000 مایل) تا 19,000 کیلۆمیتر (9000 تا 12,000 مایل، بنەڕەت: لە ناوی فیزیکزانی ئەمریکایی James A. *Van Allen* لە دایکبووی 1914) ۞ کمربند وان آلن

vancomycin /ˌvaŋkə'mʌɪsɪn/ *noun*

(پزشکی) جۆرێ دژەزیندە(وەر)ی بەکتریایی bacterial antibiotic $C_{66}H_{75}Cl_2N_9O_{24}$، لە actinomycete بەرهەم دێ [*Amycolatopsis orientalis syn. Streptomyces orientalis*] ۞ وانکومیسین

V and A *abbreviation* Victoria and Albert Museum

ڤی ئەند ئێی (ئەی، لە لەندەن) مۆزەخانەی ڤیکتۆریا و ئالبێرت ۞ وی اند ای، موزەی ویکتوریا و آلبرت

vandal orchid *noun*, also vanda

جۆرێ گیاسارمەی ئاسیای ڕۆژهەلات [توخم *Vanda*] ۞ نوعی ثعلب

vandal /'vændl/ *noun*

1 مرۆ یان کەسێکی تێکدەر، ڕووخێنەر، تێکتەپێنەر، ویرانکەر 2 (Vandal) ئەندامی گەلی ئەلمانی کە گۆل، سپانیا، ڕۆم و باکووری ئەفریکایان لە سەدەکانی 4 و 5دا تالان و ویران کرد (لە *Vandalus* لاتین، ئەلمانی بنەڕەت) ۞ 1 آدم ویرانگر 2 (با V) واندال

vandalism /'vændəlɪzəm/ *noun*

(تاوانی) تێکدان، ویرانکردن، ڕووخاندن، تێکتەپاندن، کاولکردن (vandalistic *adj*؛ vandalistically *adv*) ۞ ویرانسازی

vandalization *noun*

تێکدان، خراپکردن، زیانپێگەیاندن ۞ ویرانسازی

Van de Graaf generator /ˌvan də 'grɑːf/ *noun*

(فیزیک) ژێنراتۆری ڤان دۆ گراف (لە ناوی فیزیکزانی ئەمریکایی Robert J. *Van de Graaf*، مەرگ 1967) ۞ مولد وان دو گراف

van der Waals forces /ˌvan də 'wɑːlz, 'vɑːlz/ *noun, pl.*

هێزەکانی ڤان دێر والز (یان ڤالز): ئەو هێزە ڕاکێشەرە لاوازانەی کە کار دەکەنە نێوان گەردیلە یا گەردە ناکاراکان (لە ناوی فیزیکزانی هولەندی Johannes *van der Waals* (1837–1923) ۞ نیروهای وان در والز

Vandyke /van'dʌɪk/ *noun*

1 جۆرێ ملیوانی پان، باو لە سەدەی 18 2 (هەروەها Vandyke beard) ڕیشی بزنی یان بەرچەنە ۞ 1 نوعی یقەی پهن 2 ریش بزی

Vandyke brown *noun*

ڕەنگی قاوەیی ڕەشباو یان توند ۞ رنگ قهوەای سیر

vane /vein/ *noun*

1 فرفرە، پەڕەبا، کەلەشێرەی با، فرفرۆکە 2 پەڕە، تیغەی پەڕە، پەروانە 3 پەڕی کۆتایی تیر و کەوان (نزیک بە لەلە nock) 4 کەسێکی ڕارا یان

تاوتاو (vaned *adj*، vaneless *adj*) ۞ 1 بادنما 2 پره 3 و 4 وین

vanguard /'vængɑ:d, US -gɑ:rd/ *noun*
1 (سپا یان لەشکر) پێشڕەو، پێشەنگ، یەکەی پێشەوە، سەرسپا: *The army was advancing steadily and the -guard was already at the border* 2 پێشەنگ، ڕێبەر: *The company is proud to be in the -nguard of scientific progress* ◊ *The party claimed to be the vanguard of the world revolutionary movement* (vanguardism *n*، vanguardist *n*) بنەڕەت: کورتەی ئینگلیسی کۆن لە *avan(t)garde* فەرەنسی کۆن، لە *avant* "before" + *garde* "guard") ۞ 1 پیش قراول، طلایه، 2 پیشگام

vanilla /və'nılə/ *noun, adjective*
n 1 ڤانیلا، بەستەنی یان دۆندرمەی ڤانیلی 2 جۆری (گیا)سارمە orchid ی هەڵچووی گەرمێنانی گوڵ بۆنخۆش [*Vanilla planifolia*] و جۆرە پێوەندیدارەکان] *adj* ئاسایی، ناسەرنجڕاکێش، بێبۆنوبەرام ۞ *n* 1 وانیل، بستنی وانیلی 2 نوعی گیاه *adj* عادی، معمولی

vanillin *noun*
ڤانیلین: ئاوێتەیێکی بۆنخۆش $C_8H_8O_3$ کە پێکهێنەری ڤانیلایە ۞ وانیلین

the vanished *noun*
کەسانی تێکشکاو یان بەزیو، تێکشکاوان ۞ افراد شکست‌خورده

vanishing cream *noun*
کریمی یا مەرهەمی بێشوێنەوار ۞ کرم وانیشینگ

vanishing point *noun*
1 (لە پێرسپێکتیڤ دا) خاڵی پێک گەیشتن(ەوە)، جەمسەر، خاڵی دەرچوون 2 (خوازە) خاڵی کۆتایی، خاڵی بزربوون، بزرگە، خاڵی تیاچوون، خاڵی ڕاویستان، خاڵی دوایی‌هاتن ۞ 1 نقطەی تلاقی 2 (مجازی) نقطەی پایان

vanitas /'vanıtɑ:s/ *noun*
ڤانیتاس: وێنەکێشی مەرگ‌نیشان یا بیرخەرەوەی مەرگ (لە سەدەی 17دا) ۞ وانیتاس

vanity /'vænəti/ *noun, pl.* vanities
1 لەخۆبایی‌بوون، لەخۆدەرچوویی، لووت‌بەرزی، دەمار، بەپۆزی 2 بێهوودەیی، هیچی، هیچ‌وپووچی، بێبایەخی، بێنرخی 3 شتی بێبایەخ، هیچەکە 4 (ئەمریکا) میزی خۆڕازاندنەوە، میزی خۆجوان‌کردن ۞ 1 تکبر، غرور 2 بی‌اعتباری 3 چیز بی‌ارزش 4 میز آرایش

vanity case *noun,* also vanity bag or box
جانتا یا کیفی کەلوپەلی خۆڕازاندنەوە یا سووروسپیاو ۞ کیف لوازم آرایش

vanity table = dressing table

vanquishable *adjective*
بەسەریدا سەردەکەوی، دەشکێ، دەبەزێ ۞ غلبه‌کردنی

vanquisher *noun*
سەرکەوتوو، بەزێنەر، زاڵ ۞ پیروز

vantage point /'vɑ:ntıdʒ pɔınt, US 'væn-/ *noun,* also vantage
1 جێگای زاڵ، شوێنی بەرز یان باش، بەرزەوەند، جێی بەسەرداروانین 2 ڕوانگە، دید، بۆچوون، نێرین ۞ 1 موضع مناسب 2 دیدگاه، نظر ۞ point of view

Vanituan /ˌvanu:'ɑ:tu:ən/ *noun, adjective,* formerly New Hebrides
n خەڵکی ڤانواتا Vanitua، ڤانواتایی *adj* سەربە ڤانواتا، ڤانواتایی ۞ وانواتایی

vapid /'væpıd/ *adjective*
وەڕەس‌کەر، ناخۆش، وشک، بێ‌تام، هیچ(وپووچ)، کاڵت‌آور، بی‌مزه ۞ (vapidly *adv*)

vapidity /və'pıdəti/ *noun,* also vapidness
1 وەڕەس‌کەری، ناخۆشی، وشکی، بێتامی، هیچ(وپووچ)ی 2 قسەی ناخۆش یا وەڕەس‌کەر ۞ 1 کسالت‌آوری، بی‌مزگی 2 سخن کسالت‌آور

vapor = US spelling of vapour

vaporretto /ˌvapə'rɛtəʊ/ *noun, pl.* vaporetti /-ti/ or vaporettos
(لە ڤێنیز) گەمیی بۆ ڕاگوێستن (بنەڕەت: ئیتالیایی، چکۆلەتراوی *vapore* "هەڵم" لە لاتینەوە *vapor*) ۞ واپورت

vaporable *adjective*
لەهەڵماندن‌هاتوو، دەهەڵمی، دەهوڵمێنرێ ۞ قابل تبخیر

vaporific /ˌveıpə'rıfık/ *adjective*
سەربە هەڵم، هوڵمی، پێوەندی بە هەڵمەوە هەیە ۞ وابسته به بخار

vaporimeter /veıpə'rımıtə(r)/ *noun*
هەڵم‌پێو (vaporimetry *n*: هەڵم‌پێوی) ۞ بخارسنج

vaporization /ˌveıpəraı'zeıʃn, US -rə'z-/ *noun*
هەڵماندن، هوڵماندن، هەڵمین (vaporizable *adj*) ۞ تبخیر

vaporization curve *noun*
(فیزیک) چەماوەی هەڵماندن، هێڵی هەڵماندن ۞ منحنی تبخیر

vaporizer *noun*
(پزشکی) پرژێنە ۞ افشانه

vaporous /'veıpərəs/ *adjective*
1 تەماوی، مژاوی، هەڵماوی: *clouds of* misty 2 بەرهەم‌هێنەری هەڵم، هەڵم‌ساز *vaporous air* (vaporously /'veıpərəsli/ *adv*، vaporousness /'veıpərəsnəs/ *adj*) ۞ 1 مه‌آلود 2 تولیدکننده‌ی بخار

vapour /'veɪpə(r)/ *noun*, US vapor
1 هەڵــم، هوڵــم، هــاڵاو، بــۆخ، کەڵــدوومان 2 (خــوازە) خەیاڵــی پــڕوپووچ، فــاک‌وفیــک 3 (vapours) هەســتی کــت‌وپڕی نەخۆش‌کەوتن (vapourish *adj*) ۞ 1 بخار 2 خیـال بیهـوده 3 (در جمع) احساس ناگهانی ضعف

vapour density *noun*
(کیمیا) چڕی هەڵم، چڕەهەڵم ۞ چگالی بخار

vapour pressure *noun*
(کیمیـا) پەســتان یـان گوشـاری هەڵـم، پەسـتان هەڵم ۞ فشار بخار

vapour trail *noun*
هەوری فڕۆکە، شوێنی فڕۆکە ۞ رد هواپیما

vapourware *noun*
(نافەرمی) هەڵمەواڵە (= کەل‌وپەلی کـامپیوتێری بانگەشـە بـۆکراو و هێشـتا لـە بـازاڕدا نییـە) ۞ وایوروار

vaquero /və'kɛːrəʊ/ *noun*, *pl*. vaqueros
(لە بەشە سپانیایی‌زمانەکانی ئەمریکا USA دا) گاوان، گالەوەڕێن (بنەڕەت: سـپانیایی، لە *vaca* "cow") ۞ گاوچران

vara *noun*
ڤـارا (= یەکـەی پێـوانی درێژایـی بەرامبـەر بـە 31ـ34 ئینچ) ۞ وارا

Varangian /və'randʒɪən/ *noun*, *adjective*
n ئەنــدامی چەنــدین کۆمەڵــی سـکاندیناڤــی کۆچ‌کردوو بۆ رووسیا لە سەدەکانی 9 و 10 دا و لەوێ بـەرەی Rurikیـان دامەزرانـد *adj* سـەربە ڤارانجیەنەکان ۞ وارانجێن

varec /'varɛk/ *noun*
قــەوزە ب.ت. kelp (بنــەڕەت: لــە *varec(h)* فەرەنسی، لە نۆروێژی کۆنەوە) ۞ وارک

vari(o)- *prefix*
پێشـگر: جۆراوجـۆر، زۆر، جیـاواز، چەندینـە، گـەلێ: *variform*, *varicolored* (بنـەڕەت: لـە *varius* لاتین) ۞ پیشوند: گوناگون، مختلف، چند

variable /'veəriəbl, US 'ver-, 'vær-/ *adjective*, *noun*
adj جۆراوجـــۆر، جەستەجەســـتە، جیـــاواز، لـەگۆڕان‌هـاتوو، تێکچـوو، گـۆڕاو، هەمیـشە دەگۆڕدرێ، لە گۆڕان دایە، گۆڕاوگۆڕ، بگۆڕ، گۆڕان‌بار، ناجێگیر، ناسـەقام‌گرتوو: *The drill has variable speed control* *n* شت یـان بڕی گـــۆڕاو، شـــتی بگـــۆڕ (variability /ˌveəriə'bɪləti, US ˌver-, ˌvær-/ *noun*, also: variableness: جۆراوجـــــۆری، جەستەجەستەیی، جیاوازی، لەگۆڕان‌هاتوویی، گۆڕان؛ variably /-iəbli/ *adv*: بە شێوەیەکی گۆڕاو، لەگۆڕان‌هاتووانە) ۞ *adj* گوناگون، متغیر، تغیرپذیری، ناپایدار *n* عامل متغیر

variable and constant *noun*
بگۆڕ و نەگۆڕ، گۆڕاو و جێگیر ۞ متغیر و ثابت

variable-geometry *adjective*
ئاماژە بە فڕۆکەی باڵ‌جووڵاو ۞ مبنی بر هواپیما با بال متحرک

variable star *noun*
(ئەستێرەوانی) ئەستێرەی بگۆڕ (یان گۆڕاو) ۞ ستارەی متغیر

variance /'veəriəns, US 'ver-, 'vær-/ *noun*
1 جۆراوجۆربوون، جەستەجەستەیی، جیـاوازی، فـەرق، هەمـەڕەنگی 2 گـۆڕان 3 (بیرکـاری) ڤاریانس 4 کێشە، ململانێ، ناکۆکی، شـەڕ، قـڕە، مشت‌ومڕ، رێک‌نەکەوتن، ناسازی، ناخۆشی ۞ 1 تنوع، گوناگونی 2 تغیر 3 واریـانس، پـراکنش 4 تباین، مغایرت، عدم توافق، اختلاف

variant /'veərɪənt, US 'ver-, 'vær-/ *adjective*, *noun*
adj جۆراوجـۆر، جیاجیـا، جەستەجەسـتە، جیـا، جیاواز، جۆربەجۆر، ئەویدی: *variant forms of spelling* ◊ *a variant form of oxygen known as ozone* *n* جۆر، شێوە: *This game is a variant of baseball* ۞ *adj* گونـاگون، متفاوت *n* گونە، شکل

variate /'vɛːrɪət/ *noun*
(ئامار و سـەرژمێری) ڤاریەت، بگۆڕە؟ ۞ متغیر

variation /ˌveəri'eɪʃn, US ˌver-/ *noun*
1 گـــۆڕین، گۆڕانـــدن، گـــۆڕان، تێکچـــوون، جۆراوجـــۆری، جەســتەجەســـتەیی، جیـــاوازی، جۆربـــەجۆری، گۆڕاوگـــۆڕی، نـــاجێگیری، ناسـەقام‌گرتوویی، بگۆڕی 2 (زیندەناسـی) شێوە، بـــیچم، جـــۆر، چەشـــن 3 (موســـیقا) دووبارەبوونەوەی مێلۆدی‌یەکی سـادە (ب.ت. ئاڵـۆزتر) لـە شـێوەیەکی جیـاوازدا 4 دانـــێکی سـۆلۆ وەک بەشێکی پێرفۆرمـانس (variational *adj*) ۞ 1 تغیـــر، گونـــاگونی، بـــی‌ثبـــاتی 2 (زیـستـشناسی) گونە 3 و 4 واریاسیون

variationist *noun*
گۆڕانەوان (= لێکۆڵینەوەی گۆڕانەکانی جیاوازی نێوان ئاخێوەرانی زمانێ) ۞ واریاسیونیست

variceal /ˌvarɪ'siːəl/ *adjective*
سـەربە یـان پێوەنـدی بـە varix ـەوە هەیـە ۞ وابسته به varix

varicella /ˌvarɪ'sɛlə/ = technical term for chickenpox

varices = plural form of varix

varicocele /'varɪkə(ʊ)ˌsiːl/ *noun*
(پزشکی) ڤاریکۆسێل: فراوان‌بوونی رەگەکانی گونەوێلە spermatic cord ۞ واریکوسیل

varicoloured /'vɛːrɪˌkʌləd/ *adjective*, US varicolored
رەنگاوڕەنگ، هەمەڕەنگ، رەنگین ۞ رنگارنگ

varicose /ˌværɪkəʊs, US -koʊs/ *noun*

1 پاگره، ڤاریس 2 فراوان‌بوون، هەراوبوونەوە یا
کشانی رەگ، رەگەفشێ، رەگ‌هەراوی، رەگەکشێ
(varicosed *adj*) ۞ 1 واریس 2 رگ‌فراخی
varicose veins /ˌværɪkəʊs ˈveɪn/ *noun*
پاگرە، ڤاریس ۞ واریس
varicosity *noun*
فراوان‌بوونی رەگ، رەگ‌هەراوی، رەگەفشێ،
رەگ‌کشێ ۞ رگ‌فراخی
varied /ˈveərid, US ˈverid, ˈvær-/ *adjective*
1 جۆراوجۆر، جیاجیا، جیاواز، جەستەجەستە،
هەمەچەشنە، هەمەڕەنگ هەمەبابەتە، جۆربەجۆر
2 گۆڕاو، بگۆڕ، لەگۆڕان‌هاتوو، جێگیر، چەسپێو
(variedly /ˈveəridli, US ˈveridli, ˈvær-/ *adv*) ۞ 1 گوناگون 2 متغیر
varied = past and past participle of vary
variegated /ˈveəriəgeɪtɪd, US ˈveərɪg-, ˈver-/ *adjective*
ڕەنگاوڕەنگ، نەخشاوی، خاڵ‌خاڵ، چەندڕەنگ،
بەئاڵاووالا، نەخشین، جۆراوجۆر، جیاجیا،
جەستەجەستە، جیاواز، جۆربەجۆر (بنەڕەت: لە
لاتین *variegare* ،*variegat-* "کردنە جیاجیا
یان هەمەڕەنگ make varied") ۞ رنگارنگ،
متنوع، گوناگون
variegated cutworm *noun*
جۆرێ پەپوولەی شەوگەڕی noctuid ی
دنیاتەنیو، کرمۆمەکانی بەلا و ماڵ‌ویرانکەری
دەغڵ‌ودانن [*Peridroma saucia*] ۞ نوعی
پروانه
variegation /veəriˈgeɪʃn/ *noun*
ڕەنگاوڕەنگی، خاڵ‌خاڵی، ئالاووالا، ئاڵ‌والایی،
چەندڕەنگی، نەخشاوی‌بوون، نەخشینی،
جیاوازی ڕەنگ ۞ رنگارنگی
varietal /vəˈrʌɪət(ə)l/ *adjective, noun*
adj جۆراوجۆر، هەمەڕەنگ، هەمەچەشن:
varietal names *n* مەی جۆراوجۆر
(varietally *adv*) ۞ *adj* متنوع، گوناگون *n*
شراب متنوع
variety /vəˈraɪəti/ *noun, pl.* varieties
1 جۆراوجۆری، هەمەچەشنی، هەمەڕەنگی،
جەستەجەستەیی، جیاوازی، جۆربەجۆری،
ئاڵ‌وگۆڕ: *He resigned for a -riety of*
reasons 2 جۆر، چەشن، ئاوا، بابەت، ڕەنگ 3
ئاهەنگی جۆراوجۆر، تێکەڵە، ڤاریتی 4 جۆرێکی
گیانەوەر یان ڕووەکێ کە بە هەڵبژاردنی دەسکرد
artificial selection بەرهەم هاتووە؛ هەریەک
لە کۆمەڵە جیاجیاکانی گیانەوەر و ڕووەکەکان
خوار جۆر یان species ـەوە؛ subspecies یان
5 cultivar = variety show ۞ 1 تنوع،
گوناگونی 2 نوع، گونه 3 و 4 واریته
variety show *noun*
ئاهەنگی هەمەڕەنگ یان جۆراوجۆر، ڤاریتی،
ڤێرایتی ۞ واریته
variety meats = offal
variety store *noun*
دووکانی کەل‌وپەلی هەمەڕەنگ،
وردەوپردەفرۆشی ۞ خرازی(فروشی)
variform /ˈvɛːrɪfɔːm/ *adjective*
هەمەشێوە، هەمەڕەنگ، جۆراوجۆر، هەمەبابەت
۞ گوناگون
variola /vəˈrʌɪələ/ *noun,* technical term for smallpox
ئاولە، هاولە، خورێلکە (تکنیکی‌یە لە جیاتی
smallpox، بنەڕەت: لە لاتینی سەدەکانی
نێوەڕاست بە واتای "pock ،pustule") ۞ آبله
variolar = variolous
variolation *noun*
ئاولەکوت، پەترمە ۞ تلقیح مایەی آبله
variole /ˈvɛːriːəʊl/ *noun*
جێگای خورێلکە، قولکەی ئاولە، چاڵ، کونج،
کون‌کونی جێگای خورێلکە (وشەیێکی تکنیکی
بۆ smallpox) ۞ جای آبله
varioloid /ˈvɛːrɪəlɔɪd/ *adjective, noun*
(پزشکی) *adj* ئاولەئاسا، شێوەهاولە، کونجاوی،
خورێلکەئاسا *n* سووکە ئاولە، خورێلکەی
سووک ۞ *adj* آبله‌مانند *n* آبلەی خفیف
variolous /ˈvɛːraɪələs/ *adjective*
ئاولاوی، خورێلکاوی، گڕوێ‌گڕوێ، کونج‌کونج،
گڕنی‌گڕنی، کرناس ۞ آبله‌ای
variometer /ˌvɛːrɪˈɒmɪtə/ *noun*
1 گۆڕان‌پێو: دەزگایێ بۆ پێوانی ئاڵ‌وگۆڕی
بواری مەگناتیکی زەوی 2 دەزگایێ بۆ ئاماژە بە
ڕێژەی سەرچوون و داچوونی فڕۆکە ۞
واریومتر
variorum /ˌvɛːrɪˈɔːrəm/ *adjective, noun*
adj فرەپەراوێز (کتێبێ کە بە دەس چەندین
ڕەخنەگرەوە بێ) *n* پیاچوونەوەی فرەپەراوێز
(بنەڕەت: لە لاتین *editio cum notis variorum*
"پیاچوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێ بۆچوون و تێبینی
چەندین شی‌کەرەوە") ۞ *adj* دارای حواشی
گوناگون *n* ویرایش دارای حواشی گوناگون
various /ˈveəriəs, US ˈver-, ˈvær-/ *adjective*
جۆراوجۆر، چەشناوچەشن، هەمەچەشن،
هەمەڕەنگ، ڕەنگاوڕەنگ، هەمەبابەت،
جۆربەجۆر، جەستەجەستە، جیاواز، جیاجیا،
لێک‌نەچوو، ئالەیەک، زۆر، گەلێ، فرە، چەندینە،
زیاد، ناجێگیر، variable ،different،
inconstant: *Tents come in various shapes*
and sizes؛ varicolored: *birds of various*
plumage؛ multifarious ،unlike: *animals*
as various as the jaguar and the sloth؛

rate increases :separate individual variously) granted in the various states :/'veəriəsli, US 'ver-, 'vær-/ adv بـه
چەندین شێوە، بە هەموو شێوەیێ؛ variousness
n: جۆراوجـۆری، هەمەچەشـنی، هەمـەڕەنگی، هەمەبابەتی، جۆربەجۆری، جیـاوازی، نالەیەکی)
◯ گوناگون، متنوع، مختلف، متعدد، بی‌ثبات

varisized *adjective*
خاوەنی ئەندازەگەلێکی جیاواز یـان جۆراوجـۆر
◯ دارای ابعاد مختلف

variscite *noun*
ڤاریسیـــت: کـــانێکی فۆســـفاتی ئاســـنی ئالومینیۆمی ئاودار hydrous aluminum-iron phosphate $(Ac,Fe)PO_4.2H_2O$ ◯ واریسیت

varistor /vɛː'rɪstə, və-/ *noun*
ڤاریستۆر: دایۆد یـان دیۆدێکی نیوەگـەیێنـەر semiconductor diode کە بەرهەڵـستی یـان خـۆڕاگری‌یـەکـەی بـەنـدە بـە ڤۆڵـتاژی ئێلیکتریـسیتەوە (یـان کـارپێکراوەوە، کورتـەی (varying resistor ◯ واریستور

varix /'varɪsiːz/ *noun*, *pl.* varices /'varɪsiːz/
1 پـاگرە، فێـلبا، ڕەگـهـەڕاوی، هـەڕاوبوون یـا فراوانبوونی خوێنهێنەکان 2 (گیانەوەرناسی) هەریەک لەو برگە یان تیغانەی سەر لەپکەی (یـان قاپێلـک shell) لـەشڕنـەرمێکـی زگپـا gastropod mollusk کـە نیـشانەی شـوێنی پێـشووی former position کـەلـەبـەر یـان کەلێنیانە aperture (varicose vein، بنەڕەت: لە لاتینەوە) ◯ 1 دوالی، واریس 2 واریس

varlet /'vaːlɪt/ *noun*
1 (مێژوویی) نۆکەر، بەردەست، خزمەتکار 2 (کۆن) مرۆی خوێڕی و چەپەڵ، زۆڵ (varletry
n: 1 نۆکـەران، بەردەسـتان، خزمـەتکـاران، دەسـتەی نۆکـەران 2 جـەماوەری ڕەشـەورووتە)
◯ 1 خدمتکار 2 آدم پست و رذل

varmint /'vaːmɪnt/ *noun*
(ئەمریکا و نافەرمی) مرۆ یان گیانەوەری ملۆزم، زیانـەخورۆ، زیـانیخـورۆ، rascal (گـۆڕاوی vermin) ◯ انسان یا جانور مزاحم

varna /'vaːnə/ *noun*, *pl.* varnas
هەریەک لە چوار چینی هیندی، پیاوانی دینی Brahman، وەرزێـران Vaisya، لەشـکری‌یـان Kshatriya و کرێکاران Sudra ◯ وارنا

varnish /'vaːnɪʃ, US 'vaːrnɪʃ/ *noun*
1 ڕۆنی بریقەدانـەوە، ڕۆنەبریقـە، ڕۆنـەورشـنە، لۆعـاب، ورشـەڕۆن، ڤـارنیش، بریقـە، بریـسکە، ورشـانەوە: *Her nails were varnished a brilliant shade of red* 2 لاکی نینوک، nail polish 3 (کۆن) ڕووکـەش، ڕواڵـەت (جـوان و خەڵەتێنەر یا فریودەر: *an outward varnish of civilization* (adj :varnished ڕۆنەبریقـە

تـێ‌هەڵـسواو، ورشـن، بریقـەدار، بریـسکەدار، بریقەهاتوو، پەرداخکراو؛ varnishy adj) ◯ 1 روغن جلا، جلا، لعاب، ورنی 2 لاک ناخن 3 ظاهر (فریبنده)

varnish tree *noun*
داری ڤارنیش: داری یەکێ لە چەندین درەختی بەرهـەمهێنـەری جـۆرێ شـیلەی شیرئاسا کـە لـەمـەوە هێنـدێ جـۆری ڤـارنیش و lacquer دەگیرێ؛ ب.ت. درەختێکی ئاسیایی، لە خێزانی cashew ـەکـان (*Rhus verniciflua syn.* (*Toxicodendron vernicifluum* ◯ درخت جلا

varroa /'varəʊə/ *noun*, also varroa mite
گەنەیێکی ئاسیایی [*Varroa jacobsoni syn.* [*V. destructor* (بنەڕەت: لە ناوی نووسـەری ڕۆمـی *Varro* (ئامـاژە بـە کـارەکـەی لـەمـەڕ هەنگداری) ◯ وارُوا

varsity /'vaːsəti, US 'vaːrs-/ *noun* (*pl.* varsities), *adjective*
n تیپی زانکۆ، کۆلێژ یان خوێندنگا *adj* زانکۆیی ب.ت. ئاکسفۆرد و کەمبریج ◯ *n* تیم دانشگاه، دانشکده و... *adj* دانشگاهی

Varuna *noun*, Sanskrit *Varuṇa*
ڤـاروونا: گـەورە خـودایێکی ڤـیدایی Vedic بەرپرسی نەزم و ڕێکوپێکی ئاکاری و سروشتی جیهان و گەردوونە ◯ وارونا

varus /'vɛːrəs/ *noun*, *adjective*
(پزشکی) کەوانی، چەمیوە: ئاماژە بە نوقسانێکی ئێـسکی یان جومگەیی: *varus* ◊ *a varus heel* angulation of the little toe ◯ واروس

varve /vaːv/ *noun*
(زەویناسی) چینـساڵ، ساڵـەتوێ، ساڵـەچین (varved adj: لە لایەن Baron G. de Geer سـویدی خراوەتـەڕوو؛ بنـەڕەت: سـویدی varv "چین") ◯ سالچینه

varying *adjective*
جیـاواز، لێـکجیـا، جیاجیـا، جۆراوجـۆر ◯ متفاوت، گوناگون

vas /vas/ *noun*, *pl.* vasa /'veɪsə/
(تویکـاری) ڕەگ، جۆگـەلە، duct (vasal /'veɪs(ə)l/ adj) ◯ رگ، مجرا

vas(o)- *prefix*
پێشگر: ڕەگ، بـۆری خـوێن، لوولـەی خـوێن، ڕەگـــــــــی، لوولـــــــــەیی: vasomotor، vasoconstriction (بنـەڕەت: لـە vas لاتینـەوە "vessel") ◯ پیشوند: رگ، وعایی

vascular /'væskjələ(r)/ *adjective*
ڕەگی، سەربە بۆری‌یە خوێنی‌یەکان، لوولەیی، ئاوخۆرەیی، سەربە ئاوبەرە، ئاوگـێش، سـەربە ڕەگـاو: *vascular* ◊ *a vascular system* disease ◊ *a -scular tumor* ◯ عروقی، آوندی

vascularity /-'larɪti/ *noun*

رەگێتی، ئاوبەرێتی، لوولەیی‌بوون، ئاوخۆرەیێتی ۞ حالت عروقی یا آوندی

vascular plants *noun, pl.*
1 گژوگیای ئاوخۆرەیی 2 رووەکی ئاوگ‌کێش ۞ گیاهان آوندی

vascular bundle *noun*
گورزە یان چەپکی ئاوخۆرەیی، دەسکی ئاوخۆرەیی ۞ دستەی آوندی

vascular cylinder *noun*
لوولەکی ئاوخۆرەیی ۞ استوانەی آوندی

vascular membrane *noun*
پەردەی ئاوخۆرەیی ۞ غشای آوندی

vascular plant *noun*
رووەکی ئاوخۆرەیی ۞ گیاە آوندی

vascular ray *noun*
تیشکی ئاوخۆرەیی ۞ اشعەی آوندی

vascular strand *noun*
تاڵ یان ریشاڵی ئاوخۆرەیی، هەودای ئاوخۆرەیی ۞ رشتەی آوندی

vascular tissue *noun*
شانەی رەگی یان ئاوخۆرەیی ۞ بافت عروقی یا آوندی

vascular system *noun*
ریکخستە یا سیستمی ئاوخۆرەیی ۞ سیستم آوندی

vasculature /ˈvaskjʊlətʃə/ *noun*
(سیستمی) رەگاژۆ، رەگ‌بەندان ۞ واسکیولاتور

vasculitis /ˌvaskjʊˈlʌɪtɪs/ *noun, pl.* vasculitides /-ˈlʌɪtɪdiːz/
ئاوسان یان هەوکردنی رەگ، رەگەئاوسین (vasculitic /-ˈlɪtɪk/ *adj*: سەربە یان پێوەندی بە vasculitis ـەوە هەیە) ۞ واسکیولیتیس

vasculum /ˈvaskjʊləm/ *noun, pl.* vascula /-lə/
1 سنووقێ بۆ نموونەی رووەک یان گیاوگژ 2 رەگۆچکەی ئاوخۆرەیی (بنەڕەت: لە لاتینەوە، چکۆلێنراوی *vas* "vessel") ۞ واسکولوم

vas deferens /ˈdɛfərɛnz/ *noun, pl.* vasa deferentia /ˌdɛfəˈrɛnʃɪə/
(توێکاری) لوولەی تۆماو، رەگی تۆواو یا پشتاو (لە باتووەوە testicle بۆ میزەڕۆ urethra) ۞ وعاء منی

vase /vɑːz, US veɪs, veɪz/ *noun*
گوڵدان: *a vase of flowers* (بنەڕەت: لە فەرەنسی، لە *vas* لاتین "vessel") ۞ گلدان

vasectomy /vəˈsektəmi/ *noun, pl.* vasectomies
ڤازێکتۆمی، رەگ‌دەرکێشی، نەزۆکاندنی پیاو ۞ وازکتومی

Vaseline /ˈvæsəliːn/ *noun,* also vaseline
(دروشمی بازرگانی) ڤازێلین (وەک مەرهەم یان lubricant) ۞ وازلین

vasiform *adjective*
ئاوخۆرەئاسا، ئاوخۆرەیی ۞ آوندمانند

vasoconstriction *noun*
رەگەکرژێ، رەگەتەنگی (vasoconstrictor *n*) ۞ وازوکونستریکسیون

vasoconstrictive *adjective*
رەگەکرژێیانە، سەربە رەگەتەنگی ۞ وازوکونستریکتیو

vasodilation *noun,* also vasodilatation /-ˌdʌɪleɪˈteɪʃ(ə)n/
رەگەکشێن، کشان یان گەورەبوونەوەی رەگەکانی خوێن، کە پەستانی خوێن زیاد دەکا (vasodilator *n* vasodilatory *adj*) ۞ وازودیلاسیون

vasomotor *adjective*
دەبێتەهۆی رەگەکرژێ و رەگەکشێن ۞ وازوموتور

vasopressin /ˌveɪzəʊˈprɛsɪn/ *noun,* also antidiuretic hormone, ADH
(زیندەناسی) جۆرێ هۆرمۆن کە لە لایەن رژێنەی pituitary ی پاشین دەردەدرێ و رەگە وردەکانی خوێن تەنگ دەکاتەوە و مزینی ئاو بەهۆی گورچیلەکانەوە زیاد دەکا، هۆرمۆنێکی polypeptide کە لە لایەن پلی lobe پاشەوەی ژێرمێشکەرژێنەوە دەردەدرێ، پەستانی خوێن دەباتەسەرەوە و هاتنی میز کەم دەکاتەوە ۞ وازوپرسین

vasopressor /veɪzəʊˈprɛsə/ *noun*
رەگەداگر، رەگەبەستێن، دەرمان یان شتێکی تر کە دەبێتە هۆی کرژبوونەوەی رەگەکانی خوێن ۞ وازوپرسور

vasospasm *noun*
تەنگی لە ناکاوی artery یان vein (vasospastic *adj*) ۞ وازواسپاسم

vasotomy *noun, pl.* vasotomies
بڕشت یان کونتێ‌کردنی لوولەی تۆماو vas deferens ۞ وازوتومی

vasotocin *noun*
ڤاسۆتۆسین: هۆرمۆنێکی ژێرمێشکەرژێنی pituitary polypeptide زۆربەی شیردەرە نزمەکان mammals کە تایبەتمەندی property هاوشێوەی oxytocin و vasopressin هەیە ۞ وازوتوسین

vasovagal *noun*
سەربە یان خاوەنی یان بەهۆی دەماری vagus و رەگەکان ۞ وازوواگال

vassal /ˈvæsl/ *noun, adjective*
1 (مێژوویی) ڤەسێل، ڤاساڵ (لە سەدەکانی نێوەڕاستدا) 2 (وڵات، کەس و هتد) ژێردەست، پشت‌پێ‌بەستوو، پاشکۆ، پێوەبەستراو، پێوەبەند، دانراو، ژێرچاودێری، ژێرکۆنترۆڵ، ملکەچ، خواردەس، دەس‌نێژ، دەسندەخۆر 3 بەندە، کۆیلە، کۆلە، مسکێن، گجە، رەعیەت

(*n* /ˈvæslɪdʒ/ vassalage: 1 قاسالی 2 ژێردەستی، پشت‌بێ‌بەستوویی، پاشکۆیتی، پێوەبەستراوی، پێوەبەندی، دانراوی، ژێرکۆنترۆڵی، ملکەچی، خواردەسی 3 بەندەیی، کۆیلەیی، مسکینی، رەعیەتی؛ بنەڕەت: بە ڕێگای فەرەنسی کۆن لە *Latin vassallus* .med "retainer"، بنەڕەتێکی سێلتی هەیە) ◇ 1 واسال 2 تابع، وابستە، تحت کنترل، دست‌نشانده 3 بنده، رعیت

vast /vɑːst, US væst/ *adjective, noun*
adj 1 پان، بەرین، بەرفرەه، بەربلاو، هەراو، زل، فراوان: *a vast area of forest* ◊ *a vast amount of information* ◊ *His business empire was vast* 2 زۆر، زەبەند، زیاد، گەورە، مەزن *n* (کۆن) شوێنێکی بەربلاو، بەرینایی (*adv* /ˈvɑːstli, US ˈvæstli/ vastly: یەکجار، بێ‌ئەندازە، لە رادەبەدەر، بێداد، گەلێ؛ *n, also vastitude* vastness: 1 بەرینایی، پانی، بەربلاوی، بەرفرەهی، فراوانی: *the vastness of space* 2 گەورەیی، مەزنی، بنەڕەت: لە *vastus* لاتین "immense ,void") ◇ *adj* 1 وسیع، پهناور، گسترده 2 هنگفت، کلان *n* فضای وسیع

vastation *noun*
1 پاکتاوی توندوتیژانە 2 = devastation ◇ پاک‌سازی خشونت‌آمیز

vat /væt/ *noun*
مەرکانە، کوپە، خوم: *a wine vat* (ئەڵمانی بنەڕەت) ◇ خمره

VAT /viː eɪ ˈtiː/ *abbreviation* value added tax, also Vat

vat dyes *noun, pl.*
رەنگە خومی‌یەکان ◇ رنگ‌های خمره‌ای

vatic /ˈvætɪk/ *adjective*
(وێژەیی) سەربە غەیب‌زانی، پێش‌زانی‌یانە ◇ وابسته به غیب‌گویی

Vatican /ˈvætɪkən/ *noun, adjective*
(هەروەها Vatican Palace) ڤاتیکان (بنکە یان شوێنی نیشتەجێ‌بوونی پاپ)، دەسەلات یان حکومەتی پاپ ◇ واتیکان، حکومت پاپ

vaticination *noun*
پێش‌بینی، پێش‌زانی، پێش‌بێژی، پێش‌گۆیی (*adj* vaticinal: پێش‌گۆیی‌یانە؛ *n* vaticinator؛ *adj* vaticinatory) ◇ پیش‌بینی، تنبوء

vatu /ˈvatuː/ *noun, pl.* same
یەکەی بنەڕەتی پارەی ڤانواتو Vanuatu، بەرامبەر بە 100 centime ◇ واتو

vaudeville /ˈvɔːdəvɪl/ *noun*
1 ئاهەنگی هەمەرەنگ، گەلەئاهەنگ، رێورەسمی جۆراوجۆر، گەلەشانۆ، فرەشانۆیی، قاریتی 2 (کۆن) گۆرانی رەخنەگرانە یان تەنزی (*adj, n* vaudevillian) ◇ 1 مراسم چندگانه، واریته 2 آواز طنزی

Vaudois[1] /ˈvəʊdwɑː/ *noun, pl.* same
n 1 خەڵکی Vaud لە سویس 2 زاراوەی فەرەنسی ئەو ناوچەیە *adj* سەربە ڤۆد، خەڵکەکەی یان زاراوەکەیان ◇ وودوا

Vaudois[2] /ˈvəʊdwɑː/ *noun, pl.* same
n (مێژوویی) ئەندامی تیرەی دینی religious sect والدینسیس *adj* سەربە والدینسیس Waldenses ◇ وودوا

vault[1] /vɔːlt/ *noun*
1 تاقی کەوانەیی، تاقی گومەزی، شکستە، گومبەت، میچی کەوانەیی یان تاقی، قوبە، قوقزی 2 گاسنووق 3 ژێرخان، سەرداب (ب.ت. لەژێر کڵێسەوە بۆ هەڵگرتنی تەرمەکان) 4 (توێکاری) میچی تاقی یان کەوانەیی بۆشایی، ب.ت. ئەوەی کاسەسەر، تاقی بۆشایی ◇ 1 تاق قوسی 2 گاوصندوق 3 زیرزمین، سردابه 4 ولت

vault[2] /vɔːlt/ *noun*
باز، پەڕین، قەڵەمباز، سنگەوباز ◇ پرش

vaulted /ˈvɔːltɪd/ *adjective*
(تاق) گومەزی، تاقی، کەوانەیی، چەماوی، سازکراو بە شێوەی تاق و گومەز یان زنجیرەیێ لەوان: *a vaulted ceiling/cellar* ◇ قوسی

vaulter *noun*
1 (پێشبرکێی بازدان) بازدەر 2 تاق‌ساز، گومەزساز ◇ 1 پرنده 2 تاق‌زن

vaulting /ˈvɔːltɪŋ/ *noun*
1 باز، پەڕین، سنگەوباز 2 تاق‌کاری ◇ 1 پرش 2 ولتینگ

vaulting ambition *noun*
بەرزەفڕی لە رادەبەدەر ◇ جاه‌طلبی مفرط

vaulting horse *noun*
(ژیمناستیک) ئەسپۆکە، کەرک، ئەسپی پەڕین، ئەسپەباز ◇ خرک

vaunt /vɔːnt/ *noun*
(کۆن) هارەوگێفە، لاف‌وگەزاف، فشە، لاف‌لێدان، لاف، فروفیشاڵ، ترلێدان، خۆهەڵکێشان (-nting *adj*؛ vauntingly *adv*) ◇ لاف و گزاف، لاف

vaunt-courier *noun*
(کۆن) پێشەنگ، پێش‌ڕەو herald ,forerunner ◇ پیشاهنگ، پیشرو

vaunted /ˈvɔːntɪd/ *adjective*, much vaunted
یەکجار خۆهەڵکێشراو، فشەکراو، لاف پێوەلێدراو، لافە، زۆری پێوەنراوە: *Their much vaunted reforms did not materialize* ◇ مبالغه‌شده، گزافه‌گویی بسیارشده

v. aux. = auxiliary verb

vav *noun*, also waw
واو: شەشەمین پیتی ئەلفوبێ یا ئاوبێی عیبری (بنەڕەت: عیبری "hook") ◇ واو

vavasory /ˈvavəs(ə)ri/ *noun, pl.* vavasories
(مێژوویی) ملک یان زەوی‌وزاری ڤاڤاسۆر ◇

واوسوری
vavasour /ˈvavəsʊə/ *noun*, also vavasor
پیاوی سەردەمی دەرەبەگایەتی یەکسەر خوارتر لە baron ◌ واوسور
vaward *noun*
1 بەشی پێشەوە، پێشایی، بەرایی 2 پێشەنگ ◌ 1 قسمت جلو 2 پیش‌قراول
vb. 1 verb 2 verbal
VC /ˌviː ˈsiː/ *abbreviation* 1 Victoria Cross 2 vice-chancellor 3 Vice-Consul
1 (بریتانیا) نیشانەی ئازایەتی، خاوەنی نیشانەی ئازایەتی ◌ 1 وی‌سی
VCR /ˌviː siː ˈɑː(r)/ *abbreviation* video cassette recorder
VD /ˌviː ˈdiː/ *abbreviation* venereal disease
VDU /ˌviː diː ˈjuː/ *abbreviation* visual display unit
V-day *noun*
رۆژی سەرکەوتن (کورتەی Victory Day) ◌ روز پیروزی
-'ve *abbreviation* have
veal /viːl/ *noun*
گۆشتی گوێرەکە یان گوێلک ◌ گوشت گوساله
vealer *noun*
گوێلکی دابەستە، گوێرەکەی گۆشتی ◌ گوسالەی پرواری
vealy *adjective*
1 گوێلک‌ئاسا، شێوەگوێرەکە 2 = immature ◌ گوسالەمانند
vector /ˈvektə(r)/ *noun*
1 (بیرکاری) ڤێکتۆر، هەڵگر، ئاراستە 2 (فڕۆکە) ڕێڕەو 3 (نەخۆشی) ڕاگوێزەر، هەڵگر، ئۆرگانیزمێ کە نەخۆشی‌یەکی تایبەتی ڕادەگوێزێ 4 (بۆماوەناسی) ڕاگوێزە: bacteriophage یان plasmid ێ کە ماکی بۆماوەیی بۆ نێو خانەیێ ڕادەگوێزێ (vectorial /-ˈtɔːrɪəl/ *adj*: سەربە vector؛ vectorially *adv*) ◌ 1 (ریاضیات) بردار 2 مسیر 3 ناقل 4 وکتور
Veda /ˈveɪdə, US ˈviːdə/ *noun*
ڤیدا، ڤیدا (= کۆن‌ترین نووسراوەکانی هیندی، بە تایبەتی ریگ ڤیدا Rig Veda، ساما ڤیدا Sama Veda، یاجور ڤیدا Yajur Veda و ئەتارڤا ڤیدا Atharva Veda، بنەڕەت: سانسکریت "زانست یان زانایی (پیرۆز)") ◌ ودا
Vedanta /vɪˈdɑːntə, -ˈdæ-, ve-/ *noun*
ڤێدانتا: دەزگا یان سیستەمێکی فەلسەفی هیندی، لەسەر بنەمای ڤیدا یان ریبازی Upanishad ـەکان دامەزراوە (Vedantic *adj*؛ Vedantist *n*) ◌ ودانتا
VE day *noun*
رۆژی 8ی مایس (بانەمەڕ) سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە ئەورووپا لە 1945دا (بنەڕەت: کورتەی Victory in Europe) ◌ وی دی
Vedda /ˈvedə/ *noun*
ئەندامی دانیشتووانی ڕەسەنی دارستانەکانی سریلانکا ◌ ودا
vedette /vɪˈdet/ *noun*
(فەرەنسی) بەلەمی دیدەوانی، گەمی زانیاریگری ◌ قایق اکتشافی
Vedic /ˈveɪdɪk, US ˈviːd-/ *noun, adjective*
n زمانی ڤیداکان، شێوەی سەرەتای سانسکریتی *adj* ڤیدایی، ڤیدایی، سەربە ڤیدا یان ڤیداکان ◌ *n* ودیک *adj* وابسته به ودا
vee *noun*
شتی دووفلیقانەئاسا یان دووفلیقانەیی، شتی حەوت‌ئاسا ◌ چیز vشکل
veena /ˈviːnə/ *noun*, also vina
ئامێرێکی ژێ‌بەندی هیندی، بە چوار یان سێ لاژێوە (بنەڕەت: لە vīṇā سانسکریتەوە) ◌ وینا
veep /viːp/ = vice-president
veer /ˈvɪə(r)/ *noun*
لادانی کوت‌وپڕ، بادانی لە ناکاو: a veer to the right ◌ تغییر جهت ناگهانی
veery /ˈvɪəri/ *noun*
ڕەشێشەی ئەمریکایی (باکووری [Catharus fuscescens]) ◌ ویری
veg /vedʒ/ *abbreviation* *pl.* same, vegetables
vega /ˈveɪgə/ *noun*
(لە سپانیا و ئەمریکای سپانیایی‌زمان‌دا) دۆڵ یان دەشتی گەورەی سەرسەوز (بنەڕەت: لە سپانیایی و کاتالانەوە وەرگیراوە) ◌ ویگا
vegan /ˈviːgən/ *noun, adjective*
n (مرۆڤی) گیاخۆر *adj* سەربە گیاخۆری، گیاخۆری‌یانە (لە -an + vegetarian) ◌ *n* (آدم) گیاه‌خوار *adj* وابسته به گیاه‌خواری
Vegeburger /ˈvedʒibɜːgə(r), US -bɜːrg-/ *noun*
(ناوی کارداری) کەیکێکی خڕی پانکەڵە، گیابێرگێر ◌ وجبورگر
vegetable /ˈvedʒtəbl/ *adjective, noun*
adj گیایی، ڕووەکی، ڕو(و)انی، پێکهاتوو لە گیاکان، vegetational: -table ◊ -etable soup *n* fat گیا، شینایی، سەوزە، سەوزی، ڕووەک ◌ *adj* گیاهی، نباتی *n* نبات، سبزی، رستنی
vegetable ivory *noun*
1 ماکێکی سپی ڕەق، لە ئێندۆسپێرمی ivory دەگیرێ 2 وشەیێکی تر بۆ ivory nut ◌ وجتیبل ایوری
vegetable knife *noun*
چەقۆی سەوزی(وردکردن) یان سەوزەجنین ◌ چاقوی سبزی‌خردکنی

vegetable kingdom *noun*
دنیا یان جیهانی گیا و رووەک، جیهانی رووەک ۞ کینگدوم وجتیبل
vegetable marrow *noun*
کەدوو، کوولەکە، کوندک ۞ کدو
vegetable oil *noun*
رۆنی گیایی یان رووەک (لە میوە یا دەنک و دانی گیا) ۞ روغن نباتی
vegetable oyster = salsify
vegetable pear = chayote
vegetable spaghetti *noun*
(لە بریتانیا) سپاگیتی گیایی یان رووەکی ۞ اسپاگیتی گیاهی
vegetable spnage = loofah
vegetable tallow *noun*
پیوی گیایی یان رووەک (بۆ شەم، سابوون و هتد) ۞ پیە نباتی
vegetable wax *noun*
میوی گیایی یان رووەک (چەند گیا وەک palm wax) ۞ واکس وجتیبل
vegetal /'vedʒətl/ *adjective*
1 رووەکی، گیایی 2 گەشندە، هەڵدەر ۞ 1 نباتی 2 نامی
vegetality /vedʒə'tælɪtɪ/ *noun*
گیایێتی، رووەکێتی، گیایی‌بوون ۞ گیاهی بودن
vegetarian /ˌvedʒə'teəriən, US -'ter-/ *noun, adjective*
1 گیاخۆر، گۆشت‌نەخۆر (لەبەر هۆی سلامەتی، دینی، پارێز و هتد) 2 گیایی، رووەکی ۞ (vegetarianism /-ɪzəm/ *n*) 1 گیاه‌خوار 2 گیاهی
vegetated /'vedʒəteɪtɪd/ *adjective*
شیناوەرد، سەوزەڵانی، سەوزایی، گیاتەنیو، سەوزەداتەنیو، گیاداگرتوو، گیاپۆش، گیاتەنیو: *a densely/sparsely -d area* ۞ دارای پوشش گیاهی
vegetation /ˌvedʒə'teɪʃn/ *noun*
1 گژوگیا، گیا، رووەک، سەوزایی، شینایی: *The hills are covered in lush green vegetation* 2 *Desert areas have little -tion* ◊ سەوزبوون، شین‌بوون، رسکان، چەقەرەکردن، رووان ۞ 1 گیاهان، رستنی 2 رویش
vegetational *adjective*
سەربە یان پێوەندی بە vegetation ـەوە هەیە ۞ رویشی
vegetative /'vedʒɪtətɪv, US -teɪtɪv/ *adjective*, also vegetive
1 گیایی، رووەکی 2 گەشندە، هەڵدەر، شین‌بوو 3 رەوشێ کە لەودا مرۆڤ ناتوانێ بیربکاتەوە یان بجووڵێ، چونکو مێشکی ئێشی پێگەیوە (یان زەربەی لێکەوتووە؛ vegetatively *adv*: 1 لەباری گیاییەوە 2 گەشندانە، بە شێوەیێکی گەشندە، هەڵدەرانە) ۞ 1 گیاهی 2 نامی 3 وجیتاتیو
vegetative state *noun*
رەوشێ کە لەودا مرۆڤ ناتوانێ بیربکاتەوە یان بجووڵێ، چونکو مێشکی زەربەی دیوە یان ئێشی پێگەیشتووە ۞ وجیتاتیو
veggie /'vedʒi/ = vegetable
vehemence /'viːəməns/ *noun*, also -mency
تووڕەیی، رق، توندی، توندوتیژی، هەڵبوون، جۆش‌سەندن، تاوسەندن، داگیرسان ۞ خشم، حرارت، برآشفتگی
vehement /'viːəmənt/ *adjective*
بەسۆز، بەتین، کڵپەکردوو، بەزەبر، بەکوڵ، خرۆشاو، ورووژاو، داگیرساو، بەتاو، هەڵبوو، بەگوڕ، توند، توندوتیژ (vehemently *adv*) ۞ پرشور، شدید
vehicle /'viːəkl, US 'viːhɪkl/ *noun*
1 ماشێن، وەسیلە: *2 rows of parked vehicles* کەرەسە، دەزگا، هۆ: *Art may be used as a vehicle for propaganda* ◊ *The play is an ideal vehicle for her talents* (بنەرەت: لە لاتین، لە *vehere* "هەڵگرتن") *vehiculum* ۞ 1 وسیلەی نقلیە، خودرو 2 وسیلە، آلت
vehicle currency *noun*
(ئابووری) پارەی دەلالی، دەلالانە ۞ پول واسطە یا میانجی
vehicular /və'hɪkjələ(r), US viː'h-/ *adjective*
1 ماشێنی، سەربە یان پێوەندی بە ماشێنەوە هەیە 2 راگوێزراو بە ماشێن 3 بەهۆی یان لە ئەنجامی کارپێکردن بە ماشێن: *vehicular homicide* ۞ 1 وابستە بە وسایل نقلیە 2 حمل‌شدە بە وسیلەی وسایل نقلیە 3 وهیکیولار
vehicular language *noun*
زمانی ناوەندی، زمانی نێونجی ۞ زبان میانجی
V-eight *noun*, also V-8
بزوێنە یان مۆتۆری V هەشت لوولەکی هەیە، جۆرێ بزوێنەی نێوەسووت internal combustion cylinder بە دوو بانکی (سووتەمەنی) و چوار لوولەک لە هەر لایێ؛ ماشێنێ بەو جۆرە بزوێنەوە ۞ وی ایت
veil /veɪl/ *noun*
1 پووشی، رووبەند، رووپۆش، رووپێچ، رووهەڵبێنە، پەچە، تەقر، دەمامک، تۆری دەموچاو 2 (خوازە) پەردە، درەخۆنە، داپۆشە، دەمامک 3 پەردە ۞ 1 روبندە، نقاب 2 (مجازی) لفافە، سرپوش 3 غشاء
veiled /veɪld/ *adjective*
1 رووداپۆشیو، رووهەڵپێچاو، پەچەلێداو، خۆداپۆشیو: *a mysterious veiled woman* 2 داپۆشراو، نادیار 3 (خوازە) نارِاستەوخۆ، نە بە

1 ◯ *a thinly veiled threat*: ئاشـكرايى: روبندزده، محجبه 2 پوشيده 3 (مجازى) غيرمستقيم

veiling *noun*

1 پارچەى تەنک 2 پووشى، پەچە، رووپۆش، رووهەڵبینە ◯ 1 پارچەى شفاف 2 روبند

vein /vein/ *noun*

1 خوێنهێن (بەر: ئەو رەگانەى كە لە سەرتاسەرى لەشەوە خوێن هەڵدەگرن و بۆ دڵى دێننەوە) 2 *the jugular vein*: رەگى گەلا، دەمارەگەلا، گەلارەگ 3 (كان و هتد) رەگ، رەگە، چین، دەمار 4 (خوازە) نیشانە، شوێنەوار، شوێن، رەگە، پاشماوە 5 دۆخ، بار (ى رۆحى) ◯ 1 سیاهرگ 2 رگبرگ 3 رگه 4 (مجازى) رد پا، اثر 5 حالت

veined /veind/ *adjective*, also **veiny** (veinier, veiniest)

1 (پێست) رەگاوى، رەگدیار، پڕرەگ، رەگرەگ (دیار بێ) 2 گەلارەگدار، گەلاكان رەگاوى بن 3 رەگاوى، دەماراوى، رەگرەگ ◯ 1 با رگهاى برجسته 2 داراى رگبرگ 3 رگهدار

veining /'veɪnɪŋ/ *noun*

the blue veining in Gorgonzola: رەگەكان ◯ *cheese* رگهها

veinlet /'veɪnlɪt/ *noun*

رەگەى چكۆلانە، رەگچە، رەگۆچكە ◯ رگەى كوچک

veinous *adjective*

رەگاوى، رەگرەگاوى، پڕرەگ، رەگرەگ ◯ با رگهاى برجسته

veinstone = gangue

vela = plural form of velum

velamen /vɪ'leɪmən/ *noun*, *pl.* velamina /-mɪnə/

(رووەكناسى) پەردە، كاژى: تویى دەرەوەى خانە بۆشەكان **empty cell** لە رەگ و ریشەى هەوایى گیاسارمە **epiphytic** و **aroid** كاندا ◯ غشا

velar /'vi:lə(r)/ *adjective, noun*

1 *adj* (دەنگناسى) نەرمەمەلاشوویى، مەلاشوویى، گەروویى (وەكوو **k** و **g**) 2 پەردەیى، سەربە كاژى *n* دەنگى (نەرمە)مەلاشوویى یان گەروویى ◯ 1 *adj* (آواشناسى) نرمكامى 2 غشایى *n* صداى نرمكامى

velarity *noun*

نەرمەمەلاشوویى‌بوون، مەلاشوویى‌بوون، گەروویى‌بوون ◯ نرمكامى بودن

velarization *noun*

بوونە(نەرمە)مەلاشوویى، بوونەگەروویى ◯ نرمكامى‌شدگى

velarium /vɪ'lɛ:rɪəm/, *pl.* velaria/-rɪə/ *noun*

ڤێلاریۆم، (گەورە) چەتر یان سێبەرى سەر شانۆگە (لە رۆمادا، بۆ خۆر و باران؛ بنەڕەت: لە لاتینەوە) ◯ ولاریوم

velate *adjective*

1 پەردەدار 2 خۆداپۆشیو ◯ 1 غشادار 2 محجب

Velcro /'velkrəʊ, US -kroʊ/ *noun*, also velcro

(دروشمى بازرگانى) ڤێلكرۆ، چەسپ ◯ ولكرو

veld /velt/ *noun*, also veldt

مێرگ (لە باشوورى ئەفریكا، پڕگیاوگژ و كەمدار) ◯ ولت

veldscoen /'fɛltskʊn, US 'fɛls-/ *noun*

1 جیر یان چەرمى قایمى كەوش یان چەكمە 2 (لە ئەفریكاى باشوورى) كۆنەپەرست، كۆنەپارێز ◯ 1 ولدسكون 2 محافظه‌كار

veleta /və'li:tə/ *noun*, also valeta

ڤێلیتا: جۆرێ سەما، كرژتر لە **waltz** ◯ ولتا

veliger /'vi:lɪdʒə/ *noun*

(گیانەوەرناسى) پەردەدار، پەردەوەر: دوایین قۆناخى كرمۆكەیى هێندێ لەشنەرم ◯ ولیگر

velitation *noun*

(لاتین) كێشە، شەڕ، ناكۆكى، مشتومڕ، قڕە، شەڕەقسە، ململانێ ◯ نزاع، ستیز، مناقشه

velite /vi:lət/ *noun*

(لە رۆمى كۆندا) سەربازى چەكسووک ◯ ولیت

velleity /vɛ'li:ɪti/ *noun*, *pl.* velleitis

(لاتین) سووكەئارەزوو، سووكەئیشتیا، سووكەمەیل، ئیشتیاى كەم، حەزى كەم، **inclination** ◯ میل جزئى

vellum /'veləm/ *noun, adjective*

1 كەوڵ یان چەرمى گوێلک 2 پێستە(تەنک)، چەرم، كەوڵ (سالانێ زوو بۆ لەسەر نووسین) 3 كاغەزى كەوڵى یا پێستەیى (جۆرێ كاغەزى باش) *adj* كەمێ زبر (وەک كاغەز) ◯ 1 پوست گوساله 2 پوست، چرم 3 كاغذ پوستى، رق *adj* ولوم

vellum paper *noun*

كاغزى كەوڵى یا پێستەیى (جۆرێ كاغەزى باش) ◯ كاغذ پوستى، رق

velocimeter /ˌvɛlə(ʊ)'sɪmɪtə/ *noun*

خێرایى‌پێو (*n* **velocimetry**: خێرایى‌پێوى) ◯ سرعت‌سنج

velocipede /vɪ'lɒsɪpi:d/ *noun*

1 (فەرەنسى) سێ‌پێچكە(یى)، سێ‌چەرخە 2 (ئەمریكا) رەوڕەوەى منال *n* **velocipedist**: سێ‌پێچكەسوار، سێ‌چەرخەسوار، سێ‌چەرخەئاژۆ) ◯ سەچرخه

velociraptor /vɪˌlɒsɪ'raptə/ *noun*

تیژڕەوكە، ڤێلۆسیراپتۆر: دایناسۆرێكى چكۆلانەى دوایى یەكانى قۆناخى كریتاسە **Cretaceous** [توخم *Velociraptor*] ◯ ولوسیراپتور

velocity /və'lɒsəti, US -'lɑ:s-/ *noun*, *pl.* velocities

◊ *to gain/lose velocity* :خێرایی (فیزیک) 1 تونـدی، پەلـە، تـاو، 2 *the velocity of light* خێرایی زۆر ◌ 1 (فیزیـک) سـرعت 2 شـتاب، تندی

velocity constant *noun*
(فیزیک) جێگیری خێرایی ◌ ثابت سرعت

velocity of circulation *noun*
خێرایی دەساودەس‌کردن (ی پارە) ◌ سرعت گردش پول

velocity ratio *noun*
(میکانیک) ڕێژەی خێرایی ◌ نسبت سرعت

velometer *noun*
خێرایی‌پێو ◌ سرعت‌سنج

velour /vəˈlʊə(r), US vəˈlʊr/ *noun, adjective*, also velours
n پارچـەی مـەخمووری یـان مەخمەڵـی *adj* مـەخمووری، مەخمەڵی (بنـەڕەت: لـە *velours* فەرەنسی "velvet") ◌ *n* پارچـەی مخملـی *adj* مخملی

velouté /vəˈluːteɪ/ *noun*
(لە فەرەنسی‌یەوە) جۆرێ سۆس ◌ نوعی سس

velum /ˈviːləm/ *noun, pl.* vela /-lə/
1 (گیانەوەرناسـی) پـەردە، کـاژی 2 (توێکـاری) نەرمەمەلاشـوو 3 (ڕووەکناسـی) پـەردە یـان پەچـەی قارچکەمارانە toadstool (بنـەڕەت: لـە لاتـین "veil ،covering ،curtain ،sail") ◌ 1 شامە، پردە 2 ملاز 3 ولوم

velutinous /viːˈluːtnəs/ *adjective*
مەخمووری، مەخمەڵی ◌ مخملی

Velux *noun*
(دروشمی بازرگانی) ڤیلوکس (= پەنجیرەیێ بۆ بانی لێژ) ◌ ولوکس

velvet /ˈvelvɪt/ *noun*
فـرەز، مـەخموور، مەخمـەر، مەخمـەڵ، قەدیفـە (*velvety* /ˈvelvəti/ *adj* ،*velveted adj*): 1 مەخمەری، مەخمەڵی 2 نەرم، نیان) ◌ مخمل

velvet ant *noun*
مێروولەمەخمەری، مێروولەی مەخمەری: جۆرێ مێـرووی پـەردەباڵـی hymenopterous کـە کرمۆکە مشەخۆرەکانی دەمرووکێنە سەر هەنگ و هەنگەزاڵەکان [خێزان Mutillidae: گەلێ جۆرن] ◌ نوعی حشرە

velvet bean *noun*
باقلـەی مـەخمـەری: گـیایێکی یـەکساڵـەی دانـەویـلـەیـی، ب.ت. لـە باشـووری وڵاتـە یەکگرتووەکان دەروێترێ (بۆ پەیینی سەوز یان گیالەوەڕ)؛ هەروەها دەنک و دانەکەی کە زۆرتر بـۆ خـۆراک و تفـاقی ئـاژەڵ بـەکـاردێترێ [*Mucuna deeringiana syn. Stizolobium deeringianum*] ◌ نوعی گیاه

velveteen /ˌvelvəˈtiːn/ *noun*
1 پارچـەی کـەتانی مەخمەڵی (بە مـووەوە کـە شێوەی مەخمەر دەدا) 2 جل‌وبەرگی مەخمووری ◌ 1 پارچەی کتانی 2 لباس‌های مخملی

velvet flower *noun*
جۆرێ گوڵ ◌ تاج‌خروس، زلف‌عروسان

velvet plant *noun*
گیای مەخمەری، ڕووەکی مەخمەڵی ◌ گیاه مخملی

velvet worm *noun*
کرمەمەخمەری: جۆرێکی بێبڕبڕەی گەرمێنان و لاق خـڕوخۆڵ [لـک Onychophorac] ◌ نوعی کرم

Ven. *abbreviation* Venerable (as the title of an archdeacon)

ven(i, o)- *prefix*
پێـشگر: ڕەگ، خـوێن‌هـێن، venepuncture، venography (بنـەڕەت: لـە لاتـین *vena*) ◌ پیشوند: رگ، سیاەرگ

vena = vein

vena cava /ˌviːnə ˈkeɪvə/ *noun, pl.* venae cavae /-niː -viː/
ڕەگەبۆشە، خوێن‌هێنی بۆش (خوێن بۆ دڵ دێنێ، vena caval *adj*. بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "خوێن‌هێنی بۆش hollow vein") ◌ ورید اجوف، بزرگ سیاەرگ

venal /ˈviːnl/ *adjective*
بـەرتیل‌خۆر، پوولـەکی، بـە زەبری بـەرتیل، بـە ڕێگای بەرتیلـەوە: *a venal arrangement* ◊ *-nal journalists* ◊ *with the police* (venally *adv*: بەرتیل‌خۆرانە) ◌ رشوەخوار، بە زور رشوە

venality /viːˈnæləti/ *noun*
بەرتیل‌خۆری، پوولەکی‌بوون ◌ رشوەخواری

venation /vɪˈneɪʃ(ə)n/ *noun*
ڕەگازۆیی، تۆڕی ڕەگ، ڕەگبەندان (= سیستمی بڵاوبوونەوەی ڕەگەکان لەسەر گەڵا یان باڵی گیانەوەرێ) ◌ رگبندی

venational *adjective*
سـەربە تـۆڕی ڕەگ، سـەربە ڕەگبەنـدان ◌ وابستە بە رگبندی

Venda /ˈvendə/ *noun, pl.* same or Vendas
1 ئەندامی گەلێ کە لە ترانسڤالی باکووری و باشووری زیمبابوێ دەژین 2 زمانی بانتۆیی ئەو گەلە ◌ وندا

vendace /ˈvendɪs/ *noun*
ماسی‌یەسپی: جۆرێ ماسی سپی خۆراکی، هی گۆماوەکانی باکووری ئەورووپا [*Coregonus albula*] ◌ وندیس

vendee /venˈdiː/ *noun*
کڕیار، مشتەری ◌ خریدار، مشتری

vendetta /venˈdetə/ *noun*
1 قینەبەرایـەتی بنەماڵـەیی، دوژمنایـەتی،

ڕقەبەرایەتی 2 شەڕ، ململانێ، کێشە، (هێرش و)کردەوەی دوژمنکارانە: *She conducted a personal vendetta against me* 1 ۞ کینەجویی خانوادگی 2 ستیزه، اقدامات خصمانه

vendibility /ˈvendəˈbɪlətɪ/ *noun*
لەفرۆشهاتوویی، برەو ۞ قابلیت فروش

vendible /ˈvendəbl/ *adjective*, also vendable
لەفرۆشهاتوو، بەبرەو، دەفرۆشرێ ۞ قابل فروش

vending machine /ˈvendɪŋ məʃiːn/ *noun*
دەزگای فرۆشتنی کۆینی ۞ فروشگاه سکه‌ای

vendition *noun*
فرۆشتن، فرۆتن ۞ عمل فروختن

vendor /ˈvendə(r)/ *noun*, US vender
1 فرۆشیار، فرۆشەر، (ماف) فرۆشیار، (لە لێکدانا) ـفرۆش vending machine 2 ۞ فروشنده، (حقوق) بایع، (در ترکیب) ـفروش

vendue /vɛnˈdjuː/ *noun*
(ئەمریکا) هەراج یان مەزاتی گشتی ۞ مزایده‌ی عمومی

veneer /vəˈnɪə(r), US vəˈnɪr/ *noun*
1 (دارتاشی) ڤینیر، توێژاڵی دارین یان پلاستیکی، رووکێش، ناسکە 2 ڕواڵەت، پەردە، ڕووکەش، ڕواڵەتی درۆ ۞ 1 (نجاری) روکش 2 لفافه

venepuncture /ˈvɛnɪˌpʌŋ(k)tʃə, ˈviːnɪ-/ *noun*, chiefly N. Amer. also venipuncture
کونکردنی ڕەگ بۆ دەرزی‌لێدان یان خوێن‌گیری ۞ ونیانکچر

venerability /ˌvenərəˈbɪlətɪ/ *noun*
بەڕێزبوون، جێی‌ڕێزبوون ۞ قابل احترام بودن

venerable /ˈvenərəbl/ *adjective*
1 بەڕێز، جێی‌ڕێز، ڕێزدار، جێی‌حورمەت، بەرووممەت 2 پیرۆز 3 (لە کلێسەی ئەنگلیکان‌دا) سەرناوێ بۆ archdeacon 4 (لە کلێسەی کاتۆلیک‌دا) سەرناوێ بۆ کەسێ کە سێ قۆناخی سەرەتایی بڕیوە (venerableness *n*) ۞ 1 قابل احترام 2 مقدس 3 و 4 ونربیل

venerably /ˈvenərəbli/ *adverb*
بەڕێزانە، بە ڕێزەوە ۞ به طور قابل احترام

veneration /ˌvenəˈreɪʃn/ *noun*
1 (یەکجار) ڕێزدانان، ڕێزگرتن، حورمەت‌دانان (وەکوو شتێکی پیرۆز دانرێ) 2 پەرستن ۞ 1 حرمت‌گذاری، احترام 2 پرستش

venerator *noun*
ڕێزدانەر، ڕێزلێنەر، ڕێزگر ۞ احترام‌گذارنده

venereal /vəˈnɪərɪəl, US -ˈnɪr-/ *adjective*
1 سەربە نزیکی، سەربە جووت‌بوون، زاوزێیی 2 سەربە venereal disease ۞ 1 مقاربتی، آمیزشی 2 وابسته به venereal disease

venereal disease *noun*
نەخۆشی لە ئەنجامی نزیکییەوە (یان وەکوو syphilis و gonorrhea) نزیکایەتی) ۞ بیماری مقاربتی

venereology /vɪˌnɪərɪˈɒlədʒi/ *noun*, also venerology
ڤینێرۆلۆژی (پسپۆڕیی لە نەخۆشییەکانی نزیکیدا؛ venereological *adj*؛ venereologist *n*) ۞ ونرولوژی

venery[1] /ˈvɛn(ə)ri/ *noun*
(کۆن) نیان، نزیکی، جووت‌بوون، sexual indulgence ۞ جماع

venery[2] /ˈvɛn(ə)ri/ *noun*
(کۆن) 1 ڕاو 2 گیانەوەرێ کە ڕاو دەکرێ، نێچیر ۞ 1 شکار 2 ونری

venesection /ˌvɛnɪˈsɛkʃ(ə)n, ˈvɛnɪ-/ = phlebotomy

Venetian /vəˈniːʃn/ *adjective, noun*
adj سەربە Venice یان خەڵکەکەی، ڤەنیزی، ڤێنیزی *n* خەڵک یان هاووڵاتی ڤێنیز، ڤەنیزی، ڤێنیزی ۞ *adj* وابسته به ونیز *n* اهل ونیز

Venetian blind /vəˌniːʃn ˈblaɪnd/ *noun*
ڤێنیشین بلایند، پەنجێرەی پەرەپەرە یان دەرابەیی (کرکرەیی) (جوولۆک یان میزان‌کراو) ۞ پنجره‌ی کرکره‌ای متحرک

Venetian window *noun*
پەنجێرەی پەرەپەرە یان دەرابەیی (کرکرەیی) (جوولۆک یان میزان‌کراو) ۞ پنجره‌ی کرکره‌ای متحرک

Venezuelan /ˌvɛnɪˈzweɪlən, Spanish beneˈswelan, -θwelan/ *noun, adjective*
n خەڵکی ڤێنیزوێلا یان ڤێنزوێلا، ڤێنزوێلایی *adj* سەربە ڤێنیزوێلا یان ڤێنزوێلا ۞ *n* اهل ونزوئلا *adj* وابسته به ونزوئلا

vengeance /ˈvendʒəns/ *noun*
1 تۆڵە(سەندن)، حەق‌سەندن، حەق‌کردنەوە، تۆڵەکردنەوە، تووڵهەڵدان 2 توندی، گوژم، تەوەژم، توندوتیژی ۞ 1 انتقام 2 شدت

vengeful /ˈvendʒfl/ *adjective*
تۆڵەسێن، حەقەوەسێن، ڕقاوی، بەقین، قین‌هەڵگر، تۆڵەسێنەرانە: *He was not a vengeful man* (vengefully /-fəli/ *adv*: تۆڵەسێنەرانە؛ vengefulness *n*: تۆڵەسێنی، حەقەوەسێنی) ۞ انتقام‌جو، انتقام‌جویانه

venial /ˈviːnɪəl/ *adjective*
شیاوی بەخشین، لە بەخشین دێ، چکۆلە، سووک، هیچ (زۆرتر لە بەرامبەر mortal دا دێ)، forgivable، pardonable، excusable: *venial faults* (veniality /-ˈalɪti/ *n*: لەبەخشین‌هاتوویی، چکۆلەیی، سووکی؛ venially *adv*) ۞ قابل گذشت

venin *noun*
ڤینین، ڤەنین: مەتریالێکی ژاراوی لە ژاری

کۆلەوەبیاب (ئەفعی) ◌ ونین

venireman *noun*

ئەندامی دەستەی سوێندخۆرانی دادگا ◌ عضو هیأت منصفەی دادگاه

venison /ˈvenɪsn, US -zn/ *noun*

گۆشتی ئاسک یان بزنەکێوی ◌ گوشت آهو

Venite /vɪˈnʌɪti, vɪˈniːti, -teɪ/ *noun*

Psalmی 95، وەک سروودی دینی لە ڕێوڕەسمی کریستیانیەتدا ب.ت. لە نوێژی بەیانیدا دەوترێتەوە ◌ ونیت

vennel /ˈvɛn(ə)l/ *noun*

(سکاتلەند) کۆلان، کووچە ◌ کوچە

venology = phlebology

venom /ˈvenəm/ *noun*

1 ژار، ژەهر، کرانتی (وەکوو مار، دووپشک) 2 رق، قین، کین، بێزاری، کینە، دوژمنایەتی (venomed *adj*) ◌ 1 زهر 2 کینە، عداوت

venomous /ˈvenəməs/ *adjective*

1 ژاراوی، ژارین 2 دوژمنانە، رقاوی، ژاراوی، بە رقەوە، تاڵ، رەق، ناخۆش (venomously /ˈvenəməsli/ *adv*: بە رقەوە، دوژمنانە، بە شێوەیەکی تاڵ و ناخۆش؛ venomousness /ˈvenəməsnəs/ *n*: 1 ژاراویبوون، ژارینی 2 تاڵی، ناخۆشی) ◌ 1 سمی، زهردار 2 گزندە

venose /ˈviːnəʊs/ *adjective*

پڕڕەگ، ڕەگاوی، ڕەگڕەگ، دەماراوی ◌ کثیرالعروق

venosity /vɪˈnɒsɪti/ *noun*

پڕڕەگی، ڕەگاویبوون، ڕەگڕەگبوون ◌ کثرت‌العروق

venous /ˈviːnəs/ *adjective*

1 (توێکاری) سەربە خوێنهێنین 2 گەڵاڕەگدار، گەڵای ڕەگڕەگ، دەماراوی، گەڵای ڕەگاوی ◌ 1 وابستە بە سیاهرگ 2 دارای رگبرگ

vent[1] /vent/ *noun*

1 کون، دەلاقە، کەلێن، دەرچە، دەرک، بابوێژ، کولاوکە، کلاوڕۆژنە، باکێش، هەواکێش، کلاوڕۆژنە 2 دەرەتان، دەروو 3 (باڵندە، ماسی و هتد) قن، قنچک، قنگ، کنگ 4 جێی پلیتە 5 (زۆرتر لە فرێزی give vent to) دەربڕین، هەڵڕشتن، ئازادکردن (vented *adj*؛ ventless *adj*) ◌ 1 منفذ، هواکش 2 مفر 3 مقعد، سوراخ کون 4 جای فتیلە 5 ابراز

vent[2] /vent/ *noun*

(جلوبەرگ) درز، داقلیشاوە ◌ (لباس) چاک

ventage /ventɪdʒ/ *noun*

کونی چکۆلانە ◌ سوراخ کوچک

ventail *noun*

بەشی جوولۆکی movable و ژێرەوەی کلاوخودی medieval ◌ ونتایل

venter *noun*

1 (توێکاری، گیانەوەرناسی) سک، زگ، ورگ، belly ،abdomen 2 چاڵ یان بۆشاییەکی زگی یان ورگئاسا bellylike cavity، دەربەرێوییەکی زگئاسا؛ لای ژێرەوەی زگی arthropodی 3 مناڵدان، سکی دایک یان ژن، ژن یان دایک وەک سەرچاوەی فرزەندان 4 بەشی ماسیوی بنەوەی archegoniumی کە لەودا تووەکان گەشە یان پەرە دەسێنن، بنکی ماسیو یان بەنەمیوی سەرەڕەگەزەیی archegonium (بنەڕەت: لە لاتینەوە "سک، مناڵدان") ◌ 1 شکم 2، 3 و 4 ونتر

venthole /ˈventhəʊl/ *noun*

کون ◌ سوراخ

ventiduct /ˈvɛntɪdʌkt/ *noun*

1 ڕێگا یا ڕێڕەوی هەواگۆڕین 2 هەواکێش ◌ 1 مسیر تهویە 2 هواکش

ventifact /ˈvɛntɪfakt/ *noun*

(زەویناسی) باسوو، باوەسوو ◌ ونتیفاکت

ventil /ˈvɛntɪl/ *noun*

1 زمانە (هی ئامێرێکی بایی) 2 هەواکێش، بابوێژ ◌ 1 ونتیل 2 هواکش

ventilation /ˌventɪˈleɪʃn/ *noun*

1 هەواگۆڕی، پالاوتن، هەواگۆڕین، هەواکێشی 2 دەزگای هەواگۆڕی(ن)، هەواکێش ◌ 1 تهویە، تصفیە 2 وسیلەی تهویە

ventilator /ˈventɪleɪtə(r)/ *noun*

هەواکێش، هەواگۆڕ، دەزگای هەواگۆڕی ◌ هواکش، اسباب تهویە

ventral /ˈventrəl/ *adjective*

1 سەربە زگ، زگی، ورگی، سکی 2 پێشەوە ◌ 1 شکمی، بطنی 2 قدامی

ventral fin = pelvic fin

ventricle /ˈventrɪkl/ *noun*

1 زگ، سک، ورگ، سکۆلە، زگۆلەی دڵ یان مێشک 2 بۆشایی (بنەڕەت: لە لاتین، چکۆلێنراوی *venter* "سک") ◌ 1 بطن 2 کاواکی

ventricose /ˈventrɪkəʊs/ *adjective*, also ventricous

باکردوو، ماسیو، سکزل، زگمەشکە ◌ بادکردە، شکم‌گندە

ventricular /-ˈtrɪkjʊlə/ *adjective*

سکۆلەیی، زگۆلەیی: *ventricular fibrillation* ◊ *ventricular pressure* ◊ *myocardium* ◌ وابستە بە بطن

ventriculus *noun*

سکۆلە، زگچە، ورگیلە، بۆشایی digestive، بۆشاییێکی سکی کە کاری هەرساندنە (وەک gizzard یان stomach) ◌ حفرەی داخلی شکم

ventriloquial *adjective*

سەربە ڤێنتریلۆکویزم، سەربە زگبێژی ◌ وابستە

به تکلم بطنی

ventriloquism /ven'trɪləkwɪzəm/ *noun*, also ventriloquy
ڤێنتریلۆکویزم، زگبێژی ⬡ کلام بطنی

ventriloquist /ven'trɪləkwɪst/ *noun*
ڤێنتریلۆکویست، زگبێژ ⬡ متکلم بطنی

venture /'ventʃə(r)/ *noun*
کار و سەودای مەترسیدار یان دووبەختەکی، سەودای قوماری، کار، کاروکاسپی (venturer *n*) ⬡ ریسک، مخاطره، کسب و کار

venture capital *noun*
سەرمایەنانەوە (یان وەبەرهێنان)ی دووبەختەکی یان مەترسیلەسەر ⬡ سرمایەگذاری همراه با ریسک

venture capitalist *noun*
سەرمایەنەرەوەی دووبەختەکی ⬡ سرمایەگذار مخاطرەآمیز

venturesome /'ventʃəsəm, US -tʃərs-/ *adjective*
1 سەرەڕۆ، نەترس، بەجەرگ، بێباک 2 پڕمەترسی، دووبەختەکی: *a venturesome journey* (venturesomely *adv*: سەرەڕۆیانە، نەترسانە؛ venturesomeness *n*) ⬡ 1 ماجراجو، جسور 2 مخاطرەآمیز

venturi /ven'tjʊəri/ *noun, pl.* venturis
خێراییپێوی ڕەوتی شلە، دەزگای پێوانی ڕێژەی ڕەوتی شلە ⬡ ونتوری

venturous /'ventsərəs/ *adjective*
venturesome (venturously *adv*؛ venturousness *n*) ⬡ ماجراجو

venue /'venəu:/ *noun*
1 (کۆنسێرت، پێشبڕکێ و هتد) شوێن یان جێگای سازدان، شوێنی کردن، شوێنی ڕێکخستن 2 شوێنی ڕوودان (ی تاوان)، شوێنی دادگاییکردن ⬡ 1 محل برگزاری 2 محل ارتکاب، حوزەی صلاحیت

venule /'venju:l/ *noun*
(توێکاری) خوێنهێنچە، خوێنهێنۆچکە، خوێنهێنی چکۆلە (venular *adj*)، بنەڕەت: لە لاتین، چکۆلێنراوی *vena* ("vein" *venula*) ⬡ سیاەرگ کوچک

Venus /'vi:nəs/ *noun*, from Latin *Vener-, Venus*
1 ناهید، ناهیە، ڤێنوس، گەلاوێژ؟، ڤێنوس (دووەمین و درەوشاوەترین هەسارە لە کۆمەڵەی خۆری‌دا، تیرەی پشتێنەیی 12,104 کیلۆمیتر (7521 مایل)، مەودای لە خۆرەوە 108.2 میلیۆن کیلۆمیتر (67.2 میلیۆن مایل)، ماوەی سوورانەوەی 224.68 ڕۆژ و هیچ مانگێکی نییە 2 خواژنی خۆشەویستی و جوانی (لە میتۆلۆژی ڕۆمی (یان ئیتالیایی)دا) بروانە Aphrodite) 3 ژنێکی یەکجار جوان 4 (هەروەها figure) پەیکەرۆکەیێکی لە ماهی ivory و زۆرتر بە بەروسنگ، زگ و سمت و پاشەلێکی زۆر زلەوە، هی فەرهەنگ و جاندەکانی Paleolithic پاشین لە سیبرییاوە تا فەرەنسە ⬡ 1 ناهید، زهره 2 ونوس 3 زن بسیار زیبا 4 ونوس

Venusberg *noun*
چیایێکی ناوەندی ئەڵمانیا کە بەپێی داستان و ئەفسانەکانی سەدەکانی نێوەڕاست لە ئەشکەوتەکانی‌دا مەکۆی ڤێنوس بووە ⬡ ونوس‌برگ

Venus flytrap *noun*
(ڕووەکناسی) گیامێشگرە، جۆرێ مێرووی گۆشتخۆری carnivorous ڕووەک [*Dionaea muscipula*] ⬡ علف مگس‌گیر

Venus-hair *noun*, also Venus's-hair
فێرنێکی پەلی سیاوشانی maidenhair خۆش، زۆرتر لەسەر تەختەبەردی تەڕی قەڵی شێن دەبێ [*Adiantum capillus-veneris*] ⬡ ونوسی

Venusian /vɪ'nju:zɪən/ *adjective*
سەربە ناهیە یان ڤێنوس، پێوەندی بە ناهیەوە هەیە ⬡ ونوسی

veracious /və'reɪʃəs/ *adjective*
1 (مرۆڤ) ڕاست، سەرڕاست، ڕاستاڵ، بێدرۆ، ڕاستگۆ، ڕاسگۆ، ڕاستڕۆیشتوو 2 ڕاست، دروست (veraciously *adv*: ڕاستانە، سەرڕاستانە؛ -ousness *n*) ⬡ 1 صادق 2 صحیح

veracity /və'ræsəti/ *noun, pl.* veracities
ڕاستی، دروستی، سەرڕاستی، ڕاستگۆیی، ڕاسگۆیی، ڕاستڕۆیشتوویی، accuracy: *They questioned the veracity of her story* ⬡ صحت، راستی، صداقت، صحت

veranda /və'rændə/ *noun*, also verandah, *pl.* verandas or verandahs
هەیوان، بەرهەیوان، شانشین، دالان، تارمە، سەکۆ، بەرسفک، بەربێلایی، بەرباک (verandaed or verandahed *adj*) ⬡ ایوان، رواق

verapamil *noun*
ڤێراپامیل: گەردەیێکی کریستالی و سپی $C_{27}H_{38}N_2O_4$، ویکهێنەری کانالی کالسیوم، بۆ چارەسەری angina و هێندێ arrhythmia بەکاردێتری ⬡ وراپامیل

veratrine /'verətri:n, US -ɪn/ *noun*
(کیمیا) ڤێراترین: ماک یان مادەیێکی ژاراوی کە لە تێکەڵەیێکی ئالکالۆیدەکان پێکهاتووە و لە دان و دەنکی sabadilla و گیا پێوەندیدارەکان‌دا هەیە ⬡ وراترین

veratum *noun*
hellebore ی سپی ⬡ خربق سفید

verb /v3:b, US v3:rb/ *noun*
(ڕێزمان) کار، کاروشە، کردار، فرمان، لەیکر

(بنەڕەت: لە *verbe* فەرەنسی کۆن یان *verbum*
لاتین "verb ،word") ◯ (دستور زبان) فعل

verbal /'vɜ:bl, US 'vɜ:rbl/ *adjective, noun*
adj 1 زمانی، زارەکی، دەمی، دەڤکی، قسەیی، بێژەکی، بە قسە، وتەیی، گوتەیی، نەنووسراو 2 سەربە کار یان فرمان، کاری، فرمانی، سەربە یا پێکهاتوو لە کار: *a verbal adjective* 3 وشەبەوشە، دەقبەدەق، پیتبەپیت *n* ناوی کار
◯ *adj* 1 کلامی، زبانی، شفاهی 2 فعلی 3 لفظ بە لفظ *n* اسم فعل

verbal auxiliary *noun*, also auxiliary verb
کاری یاریدەدەر، auxiliary verb ◯ فعل کمکی

verbal image *noun*
ئیماژی وتەیی ◯ انگارەی لفظی

verbal information *noun*
زانیاری زمانی یا وتەیی (یا بە قسە)، زانیاری زارەکی ◯ اطلاعات لفظی

verbalism /'vɜ:bəlɪzəm/ *noun*
دەستەوشە، فریز، بێژە، زاڵبوونی وتە بەسەر واتادا، چڕبوونەوە بەسەر شێوە و فۆرمی دەربڕین هەتا ناوەڕۆک ◯ عبارت، غلبەی لفظ بر معنی

verbalist /'vɜ:bəlɪst/ *noun*
وتەناس (= شارەزا لە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشەکاندا) ◯ وربالیست

verbalization *noun*
1 دەربڕین، بەزمان هێنان 2 درێژدادڕی، زۆربلەیی 3 گۆڕین وشەیێ ب.ت. ناو بۆ کار، کاراندن (verbalizer *n*: درێژدادڕ، زۆربلە) ◯
1 بیان 2 درازگویی 3 تبدیل بە فعل

verbally /'vɜ:bəli, US 'vɜ:rb-/ *adverb*
بە دەم، بە دەمی، بە زمان، بە شێوەیەکی زارەکی: *The company had received complaints both verbally and in writing*
◯ شفاهاً، بە طور شفاهی، بە طور زبانی

verbal noun *noun*, also gerund
ناوی کار (= لە زمانی ئینگلیسی ناوی کار بە خستنەسەری ing بە کۆتایی چاوگەوە دروست دەبێت) ◯ اسم فعل

verbascum /vɜ:'baskəm/ *noun*
(رووەکناسی) رووەکی تیرەیی کە mullein ـەکان دەگرێتەوە، کۆکەم [تۆخم *Verbascum*]
(بنەڕەت: لە لاتینەوە بە واتای "mullein") ◯
گل ماهور

verbatim /vɜ:'beɪtɪm, US vɜ:r'b-/ *adverb, adjective*
وشەبەوشە، دەقبەدەق، موبەموو، خاڵبەخاڵ، یەکەبەیەکە، ورد، word for word ◯ کلمە بە کلمە، دقیق

verbena /vɜ:'bi:nə, US vɜ:r'b-/ *noun*, *pl.* verbenas
مینا، گولەتەوقە، گولی شاپەسند [تۆخم *Verbena*] ◯ گل شاەپسند

verbiage /'vɜ:biɪdʒ, US 'vɜ:rb-/ *noun*
درێژدادڕی ◯ اطناب

verbid = verbal

verbigeration *noun*
پاتەکردنەوەی بەردەوامی دەستەوشەیێکی stereotyped (وەک لە هێندێ شێوەی نەخۆشی دەروونیدا) ◯ وربیجراسیون

verbose /vɜ:'bəʊs, US vɜ:r'boʊs/ *adjective*
دووردرێژ، درێژدادڕانە: *a* ◊ *a verbose reply*
verboseness ،verbosely *adv*) *verbose style*
verbosity /vɜ:'bɒsəti, US vɜ:r'bɑ:s-/ *n*
n: درێژدادڕی، زۆربێژی) ◯ طولانی، مطول

verboten /vɜ:'bəʊt(ə), German fɛɐ'bo:tn/ *adjective*
(لە ئەڵمانییەوە) بەربەند، قەدەغە(کراو)، بەربەندکراو، نارەوا، یاساغ، نەهێڵراو، forbidden ◯ ممنوع، تحریمشده، منعشده

verb phrase *noun*
(ڕێزمان) فرێزی کاری، دەستەی کاری ◯ گروه فعلی

verdancy /'vɜ:dənsɪ, US 'vɜ:rdənsɪ/ *noun*
1 سەوزەڵانی، سەوزیتی، سەوزایی‌بوون 2 کەمئەزموونی، خاوی، نوێبوون، تازەیی ◯ 1 سبزی 2 کمتجربگی، تازگی

verdant /'vɜ:dnt, US 'vɜ:rdnt/ *adjective*
1 سەوز، سەوزەڵان، سەوزایی، سەرسەوز 2 تازە، نوێ، کەمئەزموون، خاو (verdantly *adv*)
◯ 1 سرسبز 2 تازە، بی‌تجربه

verd-antique /ˌvɜ:dan'ti:k/ *noun*
1 زەنگ بە مەفرەغ یان مسی کۆنەوە 2 مەڕمەڕی سەوزی ڕەگڕەگ 3 جۆرێکی سەوزی porphyry ◯ ورد آنتیک

Verdelho /vɔ:'dɛlju:, US -ljəʊ/ *noun*, *pl.* Verdelhos
ڤێردێلیۆ (= ترێی سپی لە بنەڕەتا هی مادیرا (Madeira ◯ وردلیو

verderer /'vɔ:d(ə)rə/ *noun*, also verderor
(بریتانیا) ڤێردێرێر (کاربەدەستی قانوونی یان کەسی بەڕاگەیشتوویی دارستانەکانی پاتشایی) ◯ وردرر

verdict /'vɜ:dɪkt, US 'vɜ:rd-/ *noun*
1 بڕیار، بڕیاری دەستەی سوێندخۆران: *Has The jury* ◊ *the jury reached a verdict? returned a verdict* (= gave a verdict) *of guilty* 2 فرمان، دید، بۆچوون، ڕا، نێرین: *The coroner recorded a verdict of accidental death* ◯ 1 رأی، رأی هیأت منصفه 2 حکم، نظر

verdigris /'vɜ:dɪgri:-gri:s, US 'vɜ:rd-/ *noun*

ژەنگ، ژەنگار، ژەنگاری مس (کاتێ مس لە بەرامبەر هەوادا کاردانەوە پیشان دەدا) ۞ زنگار

verdure /ˈvɜːdjə(r), US ˈvɜːrd-/ *noun*
سەوزی، سەوزەلانی، گژوگیا، سەرسەوزی؛ (*adj* verdured: سەرسەوز، سەوزەلان؛ verdurous /ˈvɜːdjərəs/ *adj*: سەوز، سەسەوز) ۞ سرسبزی

verge[1] /vɜːdʒ, US vɜːrdʒ/ *noun*
1 قەراغی ڕێگای خاکی 2 لێوار، قەراغ، دەم، تەنیشت، پاڵ، کەنار، کەنارە، پەراوێز 3 نزیکی 4 سەرحەد، رادە، سنوور ۞ 1 شانەی خالی جادە 2 لب، لبه، کنارە، حاشیه 3 نزدیکی 4 مرز

verge[2] /vɜːdʒ, US vɜːrdʒ/ *noun*
1 گۆچان، دار، داردەس 2 قەد، میل(ـە، کۆڵەکە) ۞ 1 عصا، چوب 2 میل

verger /ˈvɜːdʒə(r), US ˈvɜːrdʒ-/ *noun*
1 مجێوری کڵێسە 2 گۆچاندار، گۆچانهەڵگر، داربەدەس (لە پێش گەورەقەشەوە وەک نیشانەی ئافیس) ۞ 1 خادم کلیسا 2 عصاکش

Vergilian = Virgilian

verglas /ˈveɪɡlɑː/ *noun*
شووشەسەهۆڵ (بنەڕەت: لە فەرەنسییەوە، لە verre "شووشە" + glas (ئینستا glace) "سەهۆڵ") ۞ ورگلاس

veridical /vɪˈrɪdɪk(ə)l/ *adjective*
ڕاست، ڕاستگۆ، سەرڕاست، بێدرۆ، ڕاستاڵ، truthful، veracious (-ridically /vɪˈrɪdɪkli/ *adv*: ڕاستانە، سەرڕاستانە، بێ درۆ) ۞ راستگو

veridicality *noun*
ڕاستی، سەرڕاستی، بێدرۆیی، ڕاستاڵی، ڕاستگۆیی ۞ راستگویی

verifiable /ˈverɪfaɪəbl/ *adjective*
لەسەلماندنهاتوو، دەسەلمێنرێ، پشتڕاست دەکرێتەوە: *a verifiable fact* (verifiableness *n*؛ verifiably /ˈverɪfaɪəbli/ *adv*: لە سەلماندن هاتووانە، بەشێوەیێ کە بسەلمێنرێ) ۞ قابل اثبات، اثبات‌شدنی

verification /ˌverɪfɪˈkeɪʃn/ *noun*
1 ڕاستی، دروستی، سەلماندن، پشتڕاستکردنەوە، ساغکردنەوە، لێکۆڵینەوە، مۆرکردن، پەسندکردن، لێکۆڵینەوە: *the verification of hypotheses* 2 بەڵگە، شایەت ۞ 1 صحت، اثبات، تحقیق، تأیید، تحقیق 2 دلیل

verification principle *noun*
بنەمای سەلماندن، بنچینەی سەلماندن ۞ اصل اثبات

verifier *noun*
سەلمێنەر، پشتڕاستکەرەوە، ساغکەرەوە ۞ اثبات‌کننده

verily /ˈverɪli/ *adverb*
لە ڕاستیدا، بێ گومان، really، truely ۞ در واقع

verisimilar /ˌverɪˈsɪmələ(r)/ *noun*
لەڕاستچوو، بۆهەبوو، ڕاستئاسا، ڕێتێچوو، لەوانەیە، بۆی هەیە، وێدەچێ ۞ واقعیت‌نما، عین‌نما، محتمل

verisimilitude /ˌverɪsɪˈmɪlɪtjuːd, US -tuːd/ *noun*
لەڕاستچوویی، ڕاستئاسایی، ڕێتێچوون (ڕاستی)، بۆهەبوون، لەوانەبوون، authenticity: *To add verisimilitude, the stage is covered with sand for the desert scenes* ۞ واقعیت‌نمایی، احتمال

verism *noun*
ڤێریزم، ڕاستیگەریی تەواو ۞ واقع‌گرایی محض

verismo /veˈrɪzməʊ/ *noun*
ڕیالیزم لە هونەرەکاندا (ب.ت. گەڕانەوە بۆ ئۆپێرای ئیتالیایی دوایی‌یەکانی سەدەی نۆزدە) ۞ وریسمو

verist *noun*
ڤێریست، ڕاستیگەری تەواو ۞ واقع‌گرای محض

veristic *adjective*
ڤێریستی، سەربە ڕاستیگەریی تەواو، سەربە ڤێریزم ۞ وابسته به واقع‌گرایی محض

veritable /ˈverɪtəbl/ *adjective*
ڕاست، ڕاستەقینە، تەواو، ڕەبەق، حیسابی، بێکەموزیاد، بێدرۆ، بێپێوەنان: *a veritable price explosion* ۞ واقعی، تمام‌عیار، حسابی

veritably /ˈverɪtəbli/ *adverb*
بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، تەواو ۞ به طور واقعی

vérité /ˈverɪteɪ, French veʀite/ *noun*
ژانرێ فیلم و تەلەفزیۆن کە پێ لەسەر ناتۆرالیزم و ڕیالیزم دادەگرێ (بنەڕەت: لە فەرەنسییەوە بە واتای "truth") ۞ وریتی

verity /ˈverəti/ *noun, pl.* verities
1 دروستی، ڕاستی (وتە و هتد)، ڕاستەقینە، ڕاستبوون، ڕاستی بنچینەیی 2 (verities) ڕاستی یەکان ۞ 1 درستی، صحت، واقعیت 2 (در جمع) واقعیات

verjuice /ˈvɜːdʒuːs/ *noun*
بەرسیلە، ئاوی بەرسیلە، ئاوقورە، ئاوی هاڵە ۞ آب‌غوره

verkrampte /fɛːˈkramptə/ *adjective*, also verkramp /fɛːˈkramp/
(ئەفریکای باشووری) کۆنەپارێز، کۆنەپەرست، بیرکۆن ۞ محافظه‌کار

verligte /fɛːˈlɪxtə/ *noun*, also verlig
(ئەفریکای باشووری) ڕۆشنبیر، ڕووناکبیر، پێشکەوتنخواز، بیرکراوە ۞ روشن‌فکر، ترقی‌خواه

vermeil = vermilion

vermeology *noun*
کرمناسی، کرمەوانی (vermeologist *n*: کرمناس، کرمەوان) ۞ کرم‌شناسی

vermi- *prefix*
پێشگر: کرم: (بنەڕەت: لە *vermis* ‌*vermiform*
لاتین "worm") ۞ پیشوند: کرم
vermian /'vɜːmɪən/ *adjective*
کرم، کرمئاسا، شێوەکرم ۞ کرمی، کرممانند
vermicelli /ˌvɜːmɪ'tʃeli, US ˌvɜːrm-/ *noun*
هەریشتەباریکە، رستە ۞ رشتەفرنگی
vermicidal /'vɜːmɪsʌɪdl/ *adjective*
کرمکوژ ۞ کرمکش
vermicide /'vɜːmɪsʌɪd/ *noun*
(دەرمانی) کرمکوژ، ماکێکی ژاراوی بۆ کرمان ۞ کرمکش
vermicular /və'mɪkjʊlə/ *adjective*
1 کرمئاسا، کرماسا، لەکرمچوو، شێوەکرم، 2 کرمی، کرمەڕێژ، کرمۆڵ، vermiculate کرمتێداو، کرمخواردوو، کرمزن (بنەڕەت: لە vermiculus لاتین، چکۆلێنراوی vermis "کرم") ۞ 1 کرممانند 2 کرمخوردە
vermiculate /və'mɪkjʊlət/ *adjective*, also vermiculated
کرمئاسا، کرماسا، لەکرمچوو، شێوەکرم ۞ کرممانند
vermiculation *noun*
1 کرمیبوون، کرمەڕێژبوون، کرمۆلی، کرمتێدان 2 جووڵەی کرمی، قۆرتخستن، کرمەجووڵە ۞ 1 کرمخوردگی 2 حرکت دودی
vermiculite /və'mɪkjʊlʌɪt/ *noun*
ڤێرمیکیۆلایت، کرمۆکان: کانێکی زەرد یان قاوەیی ۞ ورمیکولیت
vermiform /'vəməfɔːm/ *adjective*
کرمئاسا، کرماسا، لەکرمچوو، شێوەکرم ۞ کرممانند
vermiform appendix *noun*
(پزشکی) پەلەڕیخۆڵە، ریخۆڵەکوێرە (درێژایی 8 تا 10 cc) ۞ آپاندیس
vermifuge /'vəːmɪfjuːdʒ/ *adjective, noun*
(دەرمانی) کرمکوژ، دەرمانی کرم ۞ کرمکش
vermilion /və'mɪliən, US vər'm-/ *noun*, also vermillion
رەنگی سووری کاڵ، سووری کاڵ یا رۆشن ۞ رنگ قرمز روشن، قرمز روشن
vermin /'vɜːmɪn, US 'vɜːrmɪn/ *noun*
1 ئازار یان ئافاتی گیانەوەری (وەکوو، مشک، جرج، ریوی، کونە و هتد) 2 مێرووی مشەخۆر (ب.ت. ئەسپێ و هتد) 3 لاتولووت، بەرەڵاوهەرەڵا، قەلەوقوتە 4 مرۆی بەزەر یان پیس ۞ 1 آفات جانوری 2 حشرات انگلی 3 اراذل و اوباش 4 آدم موذی
verminosis *noun*
کرمهەڵێنان، تووشبوون بە کرم ۞ ورمینوز، ورمینوسیس
verminous /'vɜːmɪnəs, US 'vɜːrm-/ *adjective*
ئەسپێون، رشکن، رشکاوی، (مرۆ) پیس، گلاو، خوێڕی، چەپەڵ: *verminous garbage* ۞ شپشو، (آدم) کثیف
verminous diseases *noun, pl.*
نەخۆشییە کرمی یان مشەخۆرییەکان ۞ بیماریهای انگلی
vermivorous *adjective*
کرمخۆر ۞ کرمخوار
vermouth /'vɜːməθ, US vər'muːθ/ *noun*
ڤێرموت (جۆری مەی سپی و شیرین بە تامی گیاییەوە)، ڤێرموتخۆری، لیوانی ڤێرموتتیاخواردنەوە ۞ ورموت، گلاس ورموت
vernacular /və'nækjələ(r), US vər'n-/ *adjective, noun*
adj (زمان، زاراوە و هتد) خۆماڵی، ناوچەیی، خۆجێی: *n the vernacular name* زمانی خۆجێیی، خۆجێیی، زمانی دایکی یان خۆماڵی (لە بەرامبەر زمانی فەرمیدا؛ vernacularly *adv*: خۆماڵییانە، بە شێوەیەکی ناوچەیی) ۞ *adj* بومی، محلی *n* زبان بومی یا مادری
vernacular architecture *noun*
سازەوانی خۆماڵی یان ناوچەیی، بیناسازی خۆجێیی ۞ معماری بومی یا محلی
vernacularism *noun*
بەکارهێنانی زمان یان زاراوەی خۆماڵی (خۆجێیی)، وشە یان زاراوەیێکی خۆجێی vernacular ۞ استعمال زبان یا لهجەی بومی
vernacularity *noun*
1 خۆماڵیبوون 2 خۆماڵیتی، خۆجێییتی ۞ 1 بومی بودن 2 حالت محلی
vernacular language *noun*
زمانی خۆماڵی یا ناوچەیی ۞ زبان بومی یا محلی
vernal /'vɜːnl, US 'vɜːrnl/ *adjective*
بەهاری، بەهارە، سەربە یا لە بەهاردا، لە بەهاردا روودەدا؛ تازە و نەو وەک بەهار: *vernal sunshine* (vernally *adv*) ۞ بهاری، ربیعی
vernal breeze *noun*
شنەی بەهاری، سروەی بەهاری ۞ نسیم بهاری
vernal equinox *noun*
(ئەستێرەوانی) رۆژگەڕانەوەی بەهاری، بەرامبەران یان بەرامبەربوونەوەی بەهاری ۞ اعتدال بهاری
vernal flowers *noun, pl.*
گوڵە بەهارییەکان، گوڵانی بەهاری ۞ گلهای بهاری
vernalization *noun*
بەهاراندن، بەهاریکردن ۞ ورنالیزاسیون
vernation /vəː'neɪʃ(ə)n/ *noun*
ڕێکخستنی گەڵاکان لە گۆپکەدا، ڕێکخستنی گۆپکەیی ۞ ورناسیون
vernicle /'vɔːnɪk(ə)l/ *noun*

پارچە، پەڕۆ یان کوتاڵێ کە وێنەی ڕوخساری کریست (مەسیح)ی لەسەر بێ (دەڵێن ژنێ بە ناوی ڤێرنیکا ئەو پەڕۆیەی داوە بە مەسیح کاتێ دەیانبردە بەر خاچ، تا ئارەقی دەموچاوی پێ بسڕێ و بەو شێوەیە شەقڵی ڕوخساری کەوتۆتەسەر ئەو پەڕۆیە) ◌ ورنیکل

vernier /ˈvɜːnɪə/ *noun*

ڤێرنیە (دەزگایێ بۆ پێوان زۆر ورد) ◌ ورنیه

vernier caliper *noun,* also vernier micrometre

پرگار یان تیرەپێوی ڤێرنیە (بە چەندین بەشی پلەپلەوە) ◌ پرگار ورنیه

vernier engine *noun*

بزوێنەی ڤێرنیە (رادەرێ لەسەر کەشتی ئاسمانی) ◌ موتور ورنیه

vernissage /ˌvɛːnɪˈsɑːʒ/ *noun, pl.* pronounced same

(فەرەنسی) چاولێکردنی تایبەتی وێنە (کێشراوە)کان بەرلە کردنەوەی پیشانگای گشتی ◌ ورنیساژ

veronal /ˈvɛrən(ə)l/ = barbitone

veronica /vəˈrɑːnɪkə/ *noun*

1 (ڕووەکناسی) گیاتیراوێ [توخم *Veronica*: زۆر جۆرن، speedwell ـەکان دەگرێتەوە] 2 = vernicle ◌ سیزاب

verruca /vəˈruːkə/ *noun, pl.* verrucae /-kiː, -siː/ or verrucas

(پزشکی) بالووکە، گەنمە، مێخەکە (لە لاتینەوە) ◌ زگیل

verrucose /ˈvɛrʊkəʊz, US vəˈruː-/ *adjective*

بالووکەدار، بالووکاوی، مێخەکاوی، گەنمەدار ◌ زگیل‌دار

verrucous /ˈvɛrʊkəs, US vəˈruː-/ *adjective*

بالووکەدار، بالووکاوی، بالووکەدەرکردوو، گەنمەدار ◌ زگیل‌دار

versal /ˈvɜːs(ə)l/ *noun*

سەرپیتی نەخشێنراو ◌ ورسال

versant /ˈvɜːs(ə)nt/ *noun*

1 داوێن، بنار، قەد، قەرتاڵ، بەروار 2 تەلان، لاپێ، لێژایی (گشتی ناوچەیێ) ◌ 1 دامنه 2 شیب

versatile /ˈvɜːsətaɪl, US ˈvɜːrsətl/ *adjective*

1 هەمەکارە، هەزارپیشە: *He's a versatile actor who has played a wide variety of parts* 2 چەندکارە، فرەکارە، زۆرکارە، لە زۆر بواردا بەکارهێنراو: *Eggs are easy to cook and are an extremely versatile food* 3 بگۆڕ، ناجێگیر، گۆڕانخواز، حولحولی، وازیوازی، ڕارا، تاوتاو 4 گەڕۆک، وەرسوور، خولاوە، سووڕۆک ◌ 1 همه‌فن‌حریف 2 چندکاربردی 3 متغیر، دمدمی 4 گردنده

versatility /ˌvɜːsəˈtɪləti, US ˌvɜːrs-/ *noun*

1 هەمەکارەیی، هەزارپیشەیی 2 چەندکارەیی، زۆرکارەیی، لە زۆر بواردا بەکارهێنراوی 3 بگۆڕی، ناجێگیری، گۆڕانخوازی 4 گەڕۆکی، وەرسووری، خولاوەیی، سووڕۆکی ◌ 1 همه‌فن‌حریفی 2 چندمنظورگی 3 تغییرپذیری 4 گردندگی

vers de société *noun*

هەڵبەستی سووکی توانجاوی ironic light (یان گاڵتەجارانە؛ بنەڕەت: لە فەرەنسی بە واتای "society verse") ◌ اشعار سبک و طعنه‌آمیز

verse /vɜːs, US vɜːrs/ *noun*

1 هۆنە، هۆنراوە، هەڵبەست 2 کۆپلە، پارچەهەڵبەست 3 مالک، نیوەدێڕ، خشتە، لادێڕ، دێڕەهەڵبەست، دێڕ 4 ئایەت، ئایە، بەند 5 = versicle ◌ 1 نظم، شعر 2 قطعه 3 مصرع، بیت 4 آیه

versed /vɜːst, US vɜːrst/ *adjective*

بەئەزموون، خاراو، شارەزا، لێهاتوو، لێزان: *He was well versed in employment law* ◌ باتجربه، زبردست، ماهر

versed sine *noun*

1 (بیناسازی) بەرزایی کەوانە یان تاقی پردێ 2 (بیرکاری) یەک لە دەرکردەی cosine، یەک لە کۆزین دەرکرێ (هی گۆشەیێکی دیاریکراو) ◌ 1 ارتفاع قوس پلی 1 یک منهای کوسینوس

versicle /ˈvɜːsɪk(ə)l/ *noun*

کورتەهەڵبەست، کورتەڕستە، دێڕ، بەند ◌ جمله‌ی کوتاه، شعر کوتاه

versicoloured /ˈvɜːsɪˌkʌləd/ *adjective,* US versicolored

ڕەنگاوڕەنگ، چەندڕەنگە ◌ چندرنگه

versification /ˌvɜːsɪfɪˈkeɪʃn, US ˌvɜːrs-/ *noun*

1 هونەری ڕێکخستنی شیعر یان هەڵبەست، هونەری هۆنەری یان هەڵبەستوانی 2 عەرووز، کێش، میتر metre 3 هۆنینەوە (*n* versifier: هۆنەر، هەڵبەستدانەر، شاعیر، بەخشانهەڵبەست) ◌ 1 فن شاعری 2 عروض، وزن 3 تبدیل به نظم

version /ˈvɜːʃn, -ʒn, US ˈvɜːrʒn/ *noun*

1 گێڕانەوە، باسکردن، گلیکردن، کاتکردن، لێکدانەوە، شیکردنەوە 2 وەرگێڕان (ب.ت. کتێبی پیرۆز)، کتێبێ کە وەرگێردراوی کتێبێکی ترە 3 دەق، دانە، ڤێرژن، ڕوونووس: *the film version of 'War and Peace'* ◊ *the latest version of the software package* 4 شێوە، جۆر، چەشن، ئاوا، ڕەنگ 5 لارکەوتن یان لادانی منداڵدان، وەرسووڕانی منداڵدان 6 لاری،

خواری ◯ 1 روایت، نقل، شرح، تفسیر 2 ترجمە، نسخەی ترجمەشدە 3 متن، نسخە 4 شکل، گونە، نوع 5 انحراف رحم 6 کجی

versional *adjective*
خۆویستوو، خۆویست، حەزی، بەدەس‌خۆیی،
خوایـشتی، نـازۆرەملی، نابـەزۆری، مـەیلی.
◊ *a voluntary agreement* : ئـارەزوویی
Attendance on the course is purely
voluntary 2 (جـوولانی بەشـێ لـە لـەش)
خۆویستوو، خۆوالێکردوو، خۆویستە 3
(کارکردن و هتد) لە رووی پیاوەتییەوە، خۆڕایی،
I do some voluntary work at : خێرخوازانە
voluntary ◊ *the local hospital*
n services/bodies/agencies/organizations
1 کـاری خۆویـست(انـە) یـا خۆبـەخـشانە 2
ڤالێنتاری (پارچە موسیقایێ کە ب.ت. بە ئۆرگ
volontaire لـە کلێسە لێدەدرێ؛ بنـەڕەت: لـە
فـەرەنـسی کـۆن، لـە *voluntaries* لاتـین، لـە
voluntas ("will") ◊ *adj* 1 داوطلبانە، داوطلب،
اختیاری 2 ارادی 3 رایگان، بلاعوض *n* 1 کار
داوطلبانە 2 والنتاری

voluntaryism /'vɒlənt(ə)rɪˌɪz(ə)m/ = voluntarism

volunteer /ˌvɒlən'tɪə(r), US ˌvaːlən'tɪr/ *noun, adjective*
n خۆبەخش، خۆبەخشیو، خۆئامادە، خۆویستوو،
◊ *volunteer helpers* : خۆویستە، داوتەڵەب
Schools need -lunteers to help children to
read adj 1 خۆبەخشیوانە، خوایشتی، خواستی،
Are there any -lunteers to : خۆویستوانە
help clear up? 2 (رووەکناسی) خۆرسک ◊
n داوطلب *adj* 1 داوطلبانە 2 خودرو

voluptuary /və'lʌptʃuəri, US -ueri/ *noun* (*pl.* -luptuaries), *adjective*
n 1 مرۆی خۆش‌گوزەران، رابوێر 2 هەوەساوی

adj رابوێرانه، خۆشی‌پەرستانه ◌ *n* 1 آدم عیاش 2 شهوت‌ران *adj* عیاشانه

voluptuous /vəˈlʌptʃuəs/ *adjective*
1 (ژن) لەبار، ڕێک‌وپێک و ئەندام‌ڕێک، گۆلەندام، *a voluptuous woman* :luxurious
a voluptuous ◊ *a voluptuous body* ◊ 2 (جەستەی ژن) دەرپەڕیو، بەدەرەوە، *dance* قوت، سمت‌دەرپەڕیو 3 سێکسی، حەشەری، شەهوانی، بزوێنەر: ◌ *-luptuous perfume* 1 زن خوش هیکل 2 برجسته 3 شهوت‌انگیز، شهوانی

voluptuously /vəˈlʌptʃuəsli/ *adverb*
بزوێنەرانه، بە شێوەیەکی شەهوانی ◌ بە طور شهوت‌انگیز

voluptuousness /vəˈlʌptʃuəsnɛs/ *noun*
1 شەهوانی‌بوون، بزوێنەری، هەوەس‌بزوێنی: 2 *the voluptuousness of her body* خۆشی، لەزەت ◌ 1 شهوت‌انگیزی 2 لذت

volute /vəˈl(j)uːt/ *noun, adjective*
n (بیناسازی) سەرکۆڵەکەی قەف‌قەف یان لوول‌دراو، سەرستوونی هەڵپێچراو (ب.ت. لە شێوازی بیناسازی ئایۆنیایی‌دا Ionic (یۆنانی) *adj* 1 پێچ‌پێچۆکەیی، پێچی، قەف‌قەف، لوول‌هەڵدراو 2 پێچ یان پێچ‌پێچۆکەی لەیەکە ◌ *n* طوماری سرستون *adj* 1 طوماری 2 پیچ

voluted *adjective*
قەف‌قەف، قەفاوی، هەڵپێچراو، لوول‌دراو، پێچاوپێچ، پێچ‌پێچۆکە، پێچ‌دراو، تۆماری ◌ طوماری

voluted column *noun*
کۆڵەکەی سەرهەڵپێچراو یان تۆماری، ستوونی سەرلوول‌دراو یان قەفاوی ◌ ستون سرطوماری

volution /ˈvəˈluːʃən/ *noun*
قەف، ئاڵقە، پێچ، خول، سوور، شێوەی قەفاوی یان گۆرۆزی یا تۆماری ◌ حلقه، شکل طوماری

volvox /ˈvɒlvɒks/ *noun*
(زیندەناسی) پێچ‌پێچۆکە (زیندەوەرێکی سەوزی ئاوی تاک‌خانەیی [تۆخم *Volvox*]) ◌ ولوکس

volvulus /ˈvɒlvjʊləs/ *noun, pl.* volvuli /ˈvɒlvjʊlʌɪ, -liː/ or volvuluses
پێچ‌کەوتن، لێک‌ئالان (گەدە یان ریخۆڵە) ◌ ولوولوس

vomer /ˈvəʊmə/ *noun*
(توێکاری) کۆڵەکە (ئێسکێکی چکۆلە لە لووتی مرۆڤ و زۆر گیانەوەری بڕبڕەداری کە، بنەڕەت: لە لاتینەوە "ploughshare" (لەبەر شێوە و بیچمەکەی) ◌ وومر، استخوان تیغه‌ی بینی

vomit /ˈvɒmɪt, US ˈvɑːm-/ *noun*
1 ڕشانەوە، هێنانەوە، پەرۆش‌کردن، یەق‌دانەوە، نشر، قەرەشیان: *You must ensure that an unconscious person does not choke on their own vomit* 2 ڕشاوە ◌ 1 استفراغ 2 چیز قی کرده

vomiting *noun*
ڕشانەوە، هێنانەوە، پەرۆش‌کردن، یەق‌کردنەوە، نشر، قەرەشیان ◌ استفراغ

vomitorium /ˌvɒmɪˈtɔːrɪəm/ *noun, pl.* vomitoria /-rɪə/
1 (لە ڕۆمی کۆن‌دا) ڕشانگە 2 دەرگای هاتنەژوورەوە یان چوونەدەرەوەی ئامفی‌تیاتر یان تیاتری ڕۆمی کۆن ◌ ومیتوریوم

vomitory /ˈvɒmɪt(ə)ri/ *adjective, noun* (*pl.* vomitories)
1 (دەرمانی) ڕشێنەرەوە 2 (لە کۆندا vomitorium 2 وشەیێکی تر بۆ (vomitorics ◌ (داروی) استفراغی

vomiturition /ˌvɒmɪtʃʊˈrɪʃən/ *adjective, noun*
هێڵنج‌دان، یەقەیەق، ڕشانەوەی لەپەستا ◌ استفراغ پیاپی

vomitous *adjective*
(زۆرتر لە ئەمریکا (ی باکووری) هێڵنج‌پێدەر، ڕشێنەرەوە ◌ قی‌آور

vomitus /ˈvɒmɪtəs/ *noun*
ڕشاوە ◌ ماده‌ی مستفرغه

voodoo /ˈvuːduː/ *noun*
ڤوودوو، ڤودوو، ڤوودووباوەڕی (دینێ کە لەسەر بنچینەی باوەڕ بە جادووگەری و سرووتە جادوویی‌یەکان ڕۆنراوە و لە لایەن ڕەشەکان لە ڕۆژاوای هیندوستان و ب.ت. Haiti بەڕێوەدەبرێ) ◌ وودو

voodoo economics *noun*
ئابووری ڤوودوویی (= کۆمەڵێ بیرۆکە و ئایدیای ئابووری کە وادیارن باش بن، بەڵام لە ماوە و قۆناخێک‌دا کاریگەری وایان نییە) ◌ اقتصاد وودویی

voodooism = voodoo

voodooist *noun*
ڤوودووباوەڕ ◌ وودوگرا

voodooistic *adjective*
ڤوودووباوەڕانە، سەربە ڤوودووباوەڕی ◌ وودوگرایانه

Voortrekker /ˈfʊəˌtrɛkə/ *noun*
1 (ئەفریکای باشووری، مێژوویی) ڤۆرتریکێر: ئەندامی کۆمەڵێکی هولەندی‌زمان 2 ئەندامی بزووتنەوەی لاوانی ئەفریکانێر، هاوشێوەی Boy Scout و Girl Guides ◌ ورترکر

voracious /vəˈreɪʃəs/ *adjective*
1 بەچەخۆرە، چڵێس، زۆرخۆر، چاوچنۆک، ئەوسن، تێرنەخۆر، زگ‌بەرداوە 2 (بەکجار بەپەرۆش، تامەزرۆ: *to* ◊ *a voracious eater* ◌ *have a -cious appetite* 1 حریص 2 پرولع

voraciously /vəˈreɪʃəsli/ *adverb*

زۆرخۆرانە، تێرنەخۆرانە: *Ever since her*
◊ childhood she had read voraciously
Some animals feed -raciously in summer
حریصانە ⬡ *and hibernate in winter*

voraciousness /vəˈreɪʃəslinəs/ *noun*
بەچەخۆرەیی، چلێسی، زۆرخۆری، تێرنەخۆری
⬡ حرص، پرخوری

voracity /vəˈræsəti/ *noun*
بەچەخۆرەیی، چاوچنۆکی، چلێسی، زۆرخۆری،
تێرنەخۆری، نەوس، تامەزرۆیی، بەپەرۆشی ⬡
حرص، پرخوری، ولع

-vorous /v(ə)rəs/ *suffix*
پاشگر: ـخۆر: *carnivorous* (بنەڕەت: لە –
vorus لاتینەوە (لە *vorare* (devour) "ماشینەوە،
هەڵلووشین + ous-) ⬡ پسوند: ـخوار

vortex /ˈvɔːteks, US ˈvɔːrt-/ *noun, pl.* vortexes or vortices /-tIsi;z/
1 گێژاو، ئاشەتەنوورە، تەمباف، پێچاو، کەندال،
گێژک 2 (خوازە) گێژاو: *They were caught*
3 up in a whirling vortex of emotion
گەردەلوول، گێژەلووکە ⬡ 1 گرداب 2 (مجازی)
گرداب 3 گردباد

vortical *adjective*, also vorticose
گێژاوی، سەربە ئاشەتەنوورە، تەمبافی ⬡ وابستە
بە گرداب

vorticella /ˌvɔːtɪˈsɛlə/ *noun*
گیانەوەرێکی ئاوی تاکخانەیی [توخم
Vorticella] ⬡ ورتیسلا

vorticism /ˈvɔːtɪsɪsm/ *noun*, also Vorticism
ڤۆرتیسیزم: بزووتنەوەیەکی هونەری هاوچەرخی
بریتانیا 15-1914، بزاڤێکی هونەری ئابستراکتی
کەمتەمەن کە کوبیزم cubism و فۆتۆریزم
futurism کاریگەرییان لەسەربوو ⬡
دوران‌گرایی

vorticist /ˈvɔːtɪsɪst/ *noun, adjective*, also Vorticist
n ڤۆرتیسیست *adj* ڤۆرتیسیستی ⬡ *n* دوران‌گرا
adj دوران‌گرایانە

votable /ˈvəʊtəbl/ *adjective*
دەنگی پێ دەدرێ، شیاوی دەنگ‌دان ⬡ قابل رأی

votaress = female of votary

votary /ˈvəʊtəri, US ˈvoʊt-/ *noun, pl.* votaries
1 لایەنگری بەپەرۆش، لایەنگری دەمارگرژ،
پشتیوانی قایم: *2 a votary of John Keats*
ڕەبەن، سوێندخواردە، لەخواترس، پارێزگار،
دەس‌بەحەوا 3 مرید، شاگرد ⬡ 1 طرفدار پرشور
2 راهب، پارسا 3 مرید

vote /vəʊt, US voʊt/ *noun*
1 دەنگ، دەنگەکان، کۆی دەنگ، سەرجەم
دەنگەکان: *The chairperson has the*
The motion was ◊ casting/deciding vote
There were 21 ◊ passed by 6 votes to 3
votes for and 17 against the motion,
3 مافی دەنگ‌دان 2 *with 2 abstentions*
دەنگ‌دان، دەنگ‌تێخستن 4 دەنگ‌نامە، پەڕی
دەنگ ⬡ 1 رأی، مجموع آرا 2 حق رأی 3
رأی‌گیری 4 ورقەی رأی

voteless *adjective*
بێبەش لە مافی دەنگ‌دان یان هەڵبژاردن ⬡
محروم از حق رأی دادن یا انتخاب

vote of censure *noun*
دەنگی ناباوەڕی، دەنگی ناپشتگیری ⬡ رأی
عدم اعتماد

vote of confidence *noun*
1 دەنگی باوەڕی، دەنگی متمانە، دەنگی
پشتگیری: *The leader was given a vote of*
confidence by the party 2 (خوازە) نیشانەی
باوەڕی یان متمانە ⬡ 1 رأی اعتماد 2 نشانەی
اعتماد

vote of no confidence *noun*
دەنگی نابادەڕی، دەنگی ناپشتگیری: *The*
assembly passed a vote of no confidence
in the government ⬡ رأی عدم اعتماد

vote of thanks *noun*
سپاس‌لێ‌کردن (ب.ت. لە کۆبوونەوەیەکی
گشتی‌دا): *He proposed a vote of thanks to*
the speaker ⬡ اظهار تشکر

voter /ˈvəʊtə(r)/ *noun*
دەنگ‌دەر، دەنگ‌تێخەر: *A clear majority of*
voters were in favour of the motion ⬡
رأی‌دهندە

voting /ˈvəʊtɪŋ, US ˈvoʊ-/ *noun, adjective*
دەنگ‌دان، دەنگ‌تێخستن: *to be of voting*
age ◊ tactical voting ◊ Voting will take
place on May 1 ⬡ رأی‌گیری

voting booth = polling booth

votive /ˈvəʊtɪv, US ˈvoʊ-/ *adjective*
نەزری، نەزرکردوو، پێشکەشی، شەرتی،
پێشکەش‌کراو (بە خودا یان سەینت: *a votive*
prayer؛ *adv* votively؛ *n* votiveness
(بنەڕەت: لاتین، لە *votivus* لە *votum* ـەوە
"vow") ⬡ نذری

votive Mass *noun*
(لە کلیسەی کاسۆلیکی رۆمی‌دا) ئاهەنگی شێوی
خواوەندی کە بە بۆنەیێکی تایبەتی‌یەوە دەگیرێ
⬡ وتیو ماس

voucher /ˈvaʊtʃə(r)/ *noun*
1 دەستەبەر، کەفیل 2 بەڵگە، قەباڵە، کاغز،
شایەت، حەواڵە، ڕیسیت، پسوولە، پوسلە،
بەرات، نامەی پێدران (پارە و هتد) 3 کۆپین،
قەوچێر ⬡ 1 ضامن 2 مدرک، سند، گواه، حوالە،

رسید 3 بن، ژتون، کوپن

vouchsafement /ˈvautʃˈseɪfmənt/ *noun*
پێدان، بەخشین ◌ اعطا

voussoir /ˈvu:swɑ:/ *noun*
(میعماری یان نارکیتێکچێر) بەردەپوازە (بۆ دروس‌کردنی تاق) ◌ قطاع

Vouvray /ˈvu:vreɪ, French vuvʀe/ *noun*
جۆرێ مەی سپی تاڵ، هی ناوچەی Vouvrayی Loire Valley ◌ نوعی شراب

vow /vau/ *noun*
1 پەیمان، بەڵێنی، سوز، گفت، سوێند، وتە، پەیڤ، پێشکەش(کردن)، نەزر، شەرت 2 مەرج، شەرت ◌ 1 عهد، قسم، قول، نذر 2 شرط

vowel /ˈvauəl/ *noun*
بزوێن، دەنگ‌دار، پیتی دەنگ‌دار، واک، یەکیتە، تیپەبزوێن، پیتی بزوێن‌دەرخەر، پیتە بزوێن‌دەرخەرەکان (وەک: u, o, i, e, a و جاروبارێش y؛ بنەرەت: لە *vocalis (littera)* لاتین "پیتەبزوێن") ◌ مصوت، واک، حرف یا حروف صدادار

vowel chart *noun*
هێلکاری یان چارتی (تیپە)بزوێنەکان ◌ نمودار مصوت‌ها

vowel gradation = ablaut

vowelization *noun*
دانانی سەروبۆر، (لە عیبری‌دا بە خاڵ دیاری دەکەن) خاڵ‌دانان ◌ اعراب‌گذاری، نقطه‌گذاری

vowelled *adjective*
بەبزوێن، (تیپە)بزوێن‌دار، واکەدار ◌ واکه‌دار

vowelless *adjective*
بێ‌بزوێن، بێ(تیپە)بزوێن، بێ‌واکە ◌ بدون واکه

vowel-like /ˈvauəl laɪk/ *adjective*
بزوێن‌ئاسا، بزوێنی، شێوە(تیپە)بزوێن ◌ مصوت‌گونه

vowel point *noun*
سەروبۆر (لە زمانە سامی‌یەکانا وەک عیبری و عەرەبی) ◌ حرکت یا اعراب

vowel shift *noun*
گۆڕانی (تیپە)بزوێن(ەکان) ◌ تغییر واکه‌ای

vowel sound *noun*
دەنگی (تیپە)بزوێن یان واکەیی ◌ صوت واکه‌ای

vowel system *noun*
سیستم یان دەزگای (تیپە)بزوێنەکان، دەزگای واکەکان ◌ دستگاه واکه‌ها

vox pop /ˌvɒks ˈpɒp, US ˌvɑ:ks ˈpɑ:p/ = vox populi

vox populi /ˈpɒpjuli:, US -laɪ/ *noun*
(لاتین) (لە راپۆرتی رۆژنامە، تەلەفزیۆن و رادیۆدا) دەنگی گەل، دەنگی خەڵک، بیروبۆچوونی خەڵک یان زۆرینە، رای خەڵک ◌ صدای مردم، نظر مردم یا اکثریت

voyage /ˈvɔɪɪdʒ/ *noun*
سەفەری دەریایی یان لە حەوادا، ئاسمان‌گەڕی، دەریاگەڕی، گەشتی ئاسمانی یان دەریایی (بە گەشتی ئاسمانی یان کەشتی): *The Titanic sank on its maiden voyage* (= first *an around-* ◊ *a -age in space* ◊ journey) *the-world voyage* ◌ سفر دریایی (یا فضایی)

voyage policy *noun*
بیمەنامەی سەفەر ◌ بیمه‌نامه‌ی سفر

voyager /ˈvɔɪɪdʒə(r)/ *noun*
دەریاگەڕ، رێبوار (ب.ت. لە دەریادا) ◌ مسافر

voyageur /ˌvwʌjəˈʒɜ:, US ˌvɔɪə-/ *noun*
(مێژوویی، لە کەنەدا) بەلەمەوانێکی کرێگرتە بۆ راگوێستنی کەل‌وپەل و رێبوارەکان ◌ ویاژور

voyeur /vwaɪˈɜ:(r), US vɔɪˈɜ:(r)/ *noun*
1 سەرەتاتکێ‌باز، سەرەتاتکێ‌کەر، نهێنی‌بینی سێکسی، چاوڵێ‌کەر بە دزی‌یەوە 2 کەسێ کە لە کوڵۆڵی و دەرد و مەرگی خەڵکدا خۆشی پێدەگا ◌ 1 تماشاگر جنسی 2 ویور

voyeurism /vwaɪˈɜ:rɪzəm, US vɔɪˈɜ:-/ *noun*
سەرەتاتکێ، نهێنی‌بینی سێکسی، چاوڵێ‌کردنی بە دزی‌یەوە ◌ تماشاگری جنسی

voyeuristic /ˌvwaɪəˈrɪstɪk, US ˌvɔɪəˈr-/ *adjective*
سەرەتاتکێ‌یانە، سەربە نهێنی‌بینی سێکسی: *a voyeuristic interest in other people's lives* ◌ وابسته به تماشاگری جنسی

voyeuristically /ˌvwaɪəˈrɪstɪkli, US ˌvɔɪəˈr-/ *adverb*
لەباری سەرەتاتکێ‌وە، لەباری چاوڵێ‌کردنی بە دزی‌یەوە (سێکسی‌یەوە) ◌ از لحاظ تماشاگری جنسی

VP /ˌvi: ˈpi:/ *abbreviation* vice-president

vroom /vru:m/ *noun*
(نافەرمی) هاڕە (دەنگی بزوێنەی ماشێن): *Vroom! A sports car roared past* ◌ ورووم

vs *abbreviation* versus

VS *abbreviation* veterinary surgeon

V-sign *noun*
نیشانەی سەرکەوتن ◌ علامت پیروزی

VSO /ˌvi: es ˈəu/ *abbreviation* Voluntary Service Overseas
(لە بریتانیا) ڤی‌ئێس‌ئۆ: رێکخراوەی خۆبەخشیوانی خزمەت لە دەرەوەی وڵات (ب.ت. لە وڵاتانی رووڵەبەرە) ◌ وی‌اس‌او

vt *abbreviation* transitive verb

VTOL /ˌvi: ti: əu ˈel/ *abbreviation* vertical take-off and landing
(فڕۆکە و هتد) راست هەڵدەستێ و دەنیشێتەوە ◌ عمودپرواز

vug /vʌg/ *noun*, also vugg or vugh
کونۆچکە، کونیلە، بۆشیچکە (کون یان بۆشایی چکۆلانە لە ڕەگی کانزایی یان لە بەرد و کەڤردا) ۞ وُگ

Vulcan /ˈvʌlkən/ *noun*, Latin *Volcanus*, *Vulcanus*
ڤولـــکان: خێـــوی ئـــاگر و کانزاگـــەری metalworking یان کەلوپەل دروس‌کردن، لە میتولـوژی رۆمـی‌دا (بڕوانـە Hephaestus) ۞ وُلکان

vulcanian /vʌlˈkeɪnɪən/ *adjective*
گڕکانی ۞ آتشفشانی

vulcanianism /ˈvʌlkənɪz(ə)m/ = volcanism

vulcanite /ˈvʌlkənʌɪt/ *noun*
جیر یان لاستیکی بە گوگرد ڕەقینراو (بنەڕەت: لە *Vulcan* "خودای ئاگر لە میتولوژی رۆمی‌دا + -ite[1]") ۞ ولکانیت

vulcanization /ˈvʌlkənaizeɪʃn/ *noun*
ڕەقاندن، زاخاواندن، زاخاودان، ڤۆلکاندن (جیر لەگەڵ سۆلفور و هتد لە گەرمایی‌یەکی یەکجار زۆردا بۆ ئەوەی ڕەق بێ) ۞ وُلکانش

vulcanized /ˈvʌlkənaɪzd/ *adjective*
ڕەقینراو، زاخاودراو، ڤۆلکینراو ۞ وُلکانیده

vulcanizer *noun*
ڕەقینەر، ڤۆلکینەر ۞ ولکانیزر

vulcanological = volcanological

vulcanologicist = volcanologist

vulcanology /ˌvʌlkəˈnɒlədʒi, US -ˈnɑːl-/ = volcanology

vulgar /ˈvʌlgə(r)/ *adjective*
1 ناحەز، ناشیرین، هەرزە، عەیب، ئابڕووبەرە، شوورەیی، سووک، پیس، شپرزە، بێ‌ڕەوشت، بێ‌ئەدەب: *vulgar jokes* 2 ڕەمەکی، ڕەشۆکی، بازاڕی، باو، داب، ئاسایی: *a vulgar man* ◊ *She found their* ◊ *vulgar decorations laughter and noisy games coarse and rather vulgar* ۞ 1 زننده، مبتذل، بی‌نزاکت 2 عامیانه، معمول، متعارفی

vulgar era = the Christian Era

vulgar fraction *noun*
(بریتانیا) کەرتی ئاسایی: *½ and ¾ are vulgar fractions* ۞ کسر متعارفی

vulgarian /vʌlˈgɛːrɪən/ *noun*
تازەپیاکەوتووی بازاڕی، دەوڵەمەندی ڕەشۆکی ۞ توانگر پست

vulgarism /ˈvʌlgərɪzəm/ *noun*
1 هەرزەیی، بێ‌شەرمی، بێ‌ئەدەبی، عەیب‌بوون، ئابڕووبەرەیی، پیسی، ناحەزی، ناشیرینی 2 وشە یان دەستەوشەی هەرزە یان ناشیرین ۞ 1 بی‌نزاکتی، زشتی 2 کلمه یا عبارت مبتذل

vulgarity /vʌlˈgærəti/ *noun*, *pl.* vulgarities
بێ‌ڕەوشتی، بێ‌ئەدەبی، ناحەزی، ناشیرینی، هیچ‌وپووچی، بازاڕیتی، ڕەشۆکیتی، هیچیتی، نزمیتی، شوورەیی‌بوون، عەیب‌بوون، ئابڕووبەرەیی، هەرزەیی، پیسی: *She was offended by the vulgarity of their jokes* ◊ *a pornographic magazine full of vulgarities* ۞ بی‌نزاکتی، پیش‌پاافتادگی، زشتی، رکیک بودن، ابتذال

vulgarization /ˌvʌlgəraɪˈzeɪʃn, US -rəˈz-/ *noun*
بازاڕی‌کردن، ڕەمەکی‌کردن، ڕەمەکاندن، ڕەشۆکاندن، سووک‌کردن، هێنانەخوارەوە، ئاسان‌کردنەوە، سادەکردنەوە، دانانی شتێ لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵک، ئاسایی‌کردن ۞ عامیانه‌سازی، عوام‌فهم کردن

Vulgar Latin *noun*
زمانی لاتینی ڕەمەکی (یان نافەرمی) ۞ لاتینی عامیانه

vulgarly *adverb*
بە شێوەیەکی ناحەز، ڕەمەکی یان بازاڕی ۞ به طور زننده یا عوامانه

vulgar tongue *noun*
زمانی ڕەمەکی یان بازاڕی (ب.ت. لەچاو زمانی لاتین)، بۆرەزمان ۞ زبان عوامانه

the Vulgate /ˈvʌlgeɪt, US -gət/ *noun*
1 ڤـالگێیت، ڤـالگەیت (وەرگێڕاوی باوەڕپێکراوی کتێبی پیرۆز بە زمانی لاتینی لە سەدەی چوارەمی زایینی‌دا، دەقی فەرمی لای کلێسەی کاسۆلیکی رۆمی‌دا) 2 دەق یان خوێندنەوەی پەسندکراوی لای خەڵک ۞ 1 وولگات 2 متن یا قرائت مقبول

vulnerability /ˌvʌlnərəˈbɪləti/ *noun*, *pl.* -abilities, also vulnerableness
زووبرینـــداربوویی، زووکوڵـــەواربوویی، بەرمەترسی‌کەوتوویی، نەپارێزراوی، لاوازی، ناسکی، کزی، سستی: *the vulnerability of newborn babies to disease* ◊ *He was intensely aware of his own vulnerability* ۞ آسیب‌پذیری، ضعف

vulnerable /ˈvʌlnərəbl/ *adjective*
زووبرینـــداربوو، زووکوڵـــەوار(بـــوو)، بەرمەترسی‌کەوتوو، مەترسی‌لەسەر، هێرش‌لەسەر، ڕەخنەلەسەر، نەپارێزراو، لاواز، ناسک، کز، سست: *to be vulnerable to criticism* ◊ *Old people are vulnerable to attack* ◊ *We should particularly protect the most vulnerable members of our society* ◊ *-rable to the flu* ◊ *Animals are at their most vulnerable when searching for food for their young* ۞ آسیب‌پذیر، انتقادپذیر، ضعیف

vulnerably /-əbli/ *adverb*

His condition left him زوویریندار‌بووانە: *vulnerably exposed to the slightest cold or cough* ۞ به طور آسیب‌پذیر

vulnerary /ˈvʌln(ə)rərɪ/ *adjective, noun* (*pl.* vulneraries)

adj سارێژکەرەوەی برین، خۆشەوەکەری برین، خووزیبی‌هەڵبنینی برین، بەبەهەرەیە بۆ سارێژکردنەوە: *n vulnerary plants* دەرمانی برین، مەڵهەم، مەرهەم، هەتوان ۞ *adj* شفاهنده‌ی زخم *n* مرهم

vulpine /ˈvʌlpaɪn/ *adjective*

1 ریوی‌ئاسا، شێوەریوی، ریوی‌یانە 2 فێڵاوی، بەفروفێل، زۆڵانە، فێڵاوی‌یانە، فێڵەبازانە (بنەرەت: لە *vulpinus* لاتین، لە *vulpes* "ریوی fox") ۞ 1 روباه‌مانند 2 حیله‌گر، حیله‌گرانه

vulture /ˈvʌltʃə(r)/ *noun*

1 خەرتەل، سەرگەر، دالاش، کەرگەس، دال، کەلاکخۆر، سیسارک، سیسارگەکەچەڵە، سیسالک، دالەکەرخۆر، کەبەنەکدال، کەرخۆر [چەندین جۆرن و لە خێزانەکانی Accipitridae (دنیای کۆن) و Cathartidae (دنیای نوێ)] 2 مرۆی کەرخۆر یان کەلاکخۆر، مرۆی چڵێس یان چاوبرسی، مرۆی درندە (بنەرەت: لە *vulture* فەرەنسی ئانگلۆنۆرمان، لە *vulturius* لاتین) ۞ 1 کرکس، لاشخور 2 آدم لاشخور

vulturine /-rʌɪn/ *adjective*

1 سیسارک‌ئاسا، سەرگەرئاسا، دالی، وەکوو دال 2 کەلاکخۆر، چڵێس، چاوبرسی، درندە ۞ 1 کرکس‌مانند 2 لاشخور، حریص

vulturish *adjective*

کەلاکخۆر، چڵێس، چاوبرسی، درندە ۞ حریص

vulturous /ˈvʌltʃərəs/ *adjective*

1 سیسارک‌ئاسا، سەرگەرئاسا، وەکوو دال، شێوەسیسارک 2 کەلاکخۆر، چڵێس، درندە ۞ 1 کرکس‌مانند 2 لاشخور، حریص

vulva /ˈvʌlvə/ *noun, pl.* vulvae

1 (توێکاری) قوز، گیان، زێ، خەمشە، شەرمی ژن، گللک، بوچ، فرچک، بەشی دەرەکی یان دەرەوەی ئەندامی زاوزێی مێ 2 (گیانەوەرناسی) زێ (لاتین: واتا "womb") ۞ فرج

vulval *adjective,* also vulvate /ˈvʌlveɪt/ or vulvar

گللکی، قوزی، زێیی، پێوەندی بە شەرمی ژنەوە هەیە، سەربە گیانی ژن، زێ‌ئاسا ۞ فرجی، فرج‌مانند

vulvar *adjective*

گللکی، قوزی، پێوەندی بە شەرمی ژنەوە هەیە، سەربە گیانی ژن، زێ‌ئاسا ۞ فرجی، فرج‌مانند

vulviform *adjective*

شێوەقوز، قوزئاسا، گللکی، خەمشەئاسا، شێوەبوچ ۞ فرج‌مانند

vulvitis /vʌlˈvʌɪtɪs/ *noun*

ئاوسانی قوز یان شەرمی ژن، هەوکردنی گیانی ژن ۞ التهاب فرج

vulvovaginits *noun*

ئاوسان یان هەوکردنی inflammation هاوکاتی coincident شەرم vulva و نێولەشی ژن vagina ۞ التهاب فرج و مهبل

vuvuzela /vu:vu:zeɪlə/ *adjective*

(لە ئەفریکای باشووری) جۆرێ ئامێر یان سازی پلاستیکی درێژ لە شێوەی trumpet، دەنگێکی زۆر بەرزی هەیە ۞ ووزیلا

vv *abbreviation* verses

vying

1 دەمکاتی ناوەڵناوی ئێستای vie 2 رقەبەر، رکەبەر، پێشبڕکێ‌کەر ۞ رقابت‌کننده

W w

W[1], **w** /'dʌbləu:, *pl.* Ws, W's, w's /'dʌblju:z/ *noun*
1 دابلیوو (- بیست و سێیەمین پیتی ئەلفوبێی ئینگلیسی) 2 ئاماژە بە دەنگێ دوای V لە دەستەیێ لە شتەکان، بابەتەکان و هتد 3 شتێک لە شێوەی پیتی W ۞ دابلیو

W[2] *abbreviation* 1 west 2 western 3 watt(s) 4 Cricket (on scorecards) wicket(s) 5 women's (clothes size) 6 symb. the chemical element wolfram (from modern Latin *wolframium*)

wabble = wobble

WAC *abbreviation* 1 Washington (State) (in official postal use) 2 Western

WAC *abbreviation* Women's Army Corps
(لە ئەمریکا) وەک، واک (- کۆمەڵی سپایی ژنان، لە سالانی شەڕی جیهانی دووەمدا) ۞ واک

wack /wæk/ *noun, adjective*
n 1 (نافەرمی، ئەمریکا) کەسێکی شێت 2 بیرۆکە یان کاری گەوجانە *adj* خراپ، بازاڕی، ئایەخ، ڕەشۆکی: *That movie was really wack* ۞ *n* 1 ادم احمق 2 ایده یا عمل احمقانه *adj* بد، نامرغوب

wacked = whacked

wackiness /'wækinəs/ *noun*
شێتی، دەلوویی، پێکەنینیبوون ۞ خل بودن، مضحک بودن

wacko /'wækəu/ *adjective, noun* (*pl.* wackos or wackoes)
(نافەرمی، کەسێکی) شێت، گەوج، سەیر، crazy، *wacko opinions* :not sensible ۞ (آدم) دیوانه، احمق، عجیب

wacky /'wæki/ *adjective* (wackier, wackiest)
شێت، دەلوو، پێکەنینی، گەوج، سەیر: *wacky ideas* (wackily *adv*) ۞ خل، خندەدار، احمق

wacky baccy = cannabis (Brit. informal)

wad /wɒd, US wɑ:d/ *noun*
1 چەپک، گورزە، چەکە، بەستە، پارە، گرمۆلکە، گلۆلە، تۆپەلە؛ بڕێکی کەمی شتێ بۆ جاوین: *He pulled a thick wad of £10 notes out of his pocket* ◊ *a wad of gum* 2 (لە پێچانەوەدا) ناواخن، کونە، پەڕۆ: *The nurse used a wad of cotton wool to stop the bleeding* 3 (لە بریتانیا) بابۆلە، کەیک، bun 4 بڕێکی بەرچاو (وەک پارە) ۞ 1 دستە، پول، گلوله 2 پوشال، کهنه 3 (در بریتانیا) ساندویچ، کیک، بان 4 مقدار قابل توجه

wada = vada

wadding /'wɒdɪŋ, US 'wɑ:d-/ *noun*
1 (لە پێچانەوەدا) لاخن، نێواخن، ناوئاخن، پالاخن، دەورەپێچ، لمەد، کۆنە، پەڕۆ 2 دەمەوانە یان پشکی تفەنگی سەرپڕدا muzzle-loading 3 قول، چەکە، مەلۆ، چەپک، گورزە 4 چەکە، چەپک، بڕێکی بەرچاو یان زۆر (پارە) 5 تۆپ یان بەستەیێ پارەی کاغەزی 6 بڕێکی کەمی شتی جاوین، دەمەجاو ۞ 1 لایی، کهنه 2 گلولەی ىمدی 3 و 4 و 5 بسته 6 واد

waddle /'wɒdl, US 'wɑ:dl/ *noun*
(ڕۆیشتنی) گەلاوگەل، خلەخل، مراویئاسا، بەملاوبەولاداکەوتن، کنگ هەڵتەکاندن: *She walked with a waddle* ۞ تاتی تاتی

waddler /'wɒdlə(r), US 'wɑ:dlər/ *noun*
گەلاوگەلڕۆیشتوو، خلەخلڕۆیشتوو ۞

تاتی‌تاتی‌خور

waddy /ˈwɒdi/ *noun, pl.* waddies

1 تیلا یا کوتەکی شەڕی ڕەسەن‌نشینانی ئەوستڕالیا 2 تیلا، داردەس، گۆچان ◌ 1 چماق بومیان استرالیا 2 چماق، عصا

wade /weɪd/ *noun*

پیارڕۆیشتن، خۆکێش‌کردن، پەڕینەوە، بەنێو ئاودا ڕۆیشتن، بە زەحمەت ڕۆیشتن ◌ بە گذشتن، سختی رفتن

wader /ˈweɪdə(r)/ *noun*

1 (گیانەوەرناسی) باڵندەی بەئاوادارۆیشتنوو، ئاوەگەڕ، وەیدێر، وادێر، مەل یان باڵندەی درێژپا یان پادرێژ 2 (waders) چەکمەی ڕاوەماسی، چەکمەی مل‌درێژ (بۆ لەنێو ئاو ڕاویستان ب.ت. ڕاوەماسی): *a pair of waders* ◌ 1 پرندەی آبچر 2 (در جمع) وادیرز

wadge = wodge

wadi /ˈwɒdi, US ˈwɑːdi/ *noun,* also wady, *pl.* wadis or -dies

(لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئەفریکای باکووریدا) وادی، شیو، دۆڵ، بوهڵ، ئاودڕ، وەرزەچۆم، ڕەهەند، کاناڵ، دڕکەند، جۆگە (وشک تا باران؛ بنەڕەت: لە *wādī* عەرەبی‌یەوە) ◌ وادی، رود موسمی، کانال، جویبار

wading bird *noun*

باڵندەی ئاوەگەڕ، باڵندەی ماسی‌گرەی دەریایی (وەک crane, heron, ibis, stork, spoonbill, و flamingo) ◌ پرندەی آبچر

wading pool *noun,* also paddling pod

ئەستێری منالان (بۆ کایە تیاکردن و تەنکە) ◌ استخر بچەها

WAF *abbreviation* Women in the Air Force

(لە ئەمریکا) ژنان لە هێزی ئاسمانی‌دا ◌ واف

wafer /ˈweɪfə(r)/ *noun*

1 غورابی ناسک، توشەناسکە، وەیفر 2 پەنجکە نانی ناسک و خڕی هەڵنەهاتوویی شێوی خواوەندی 3 توێژاڵکە، ناسکە 4 چەسپ 5 لاک‌ومۆر: پەیکە یان دیسکێ لە کاغەزی سوور کە دەنرا بە بەڵگەیێکی قانوونی‌یەوە (وەک مۆر)؛ (مێژوویی) پەیکەیێکی چکۆلە لە هەویر یان سرێشی وشکەوەبوو کە جاران بۆ پێک‌بەستنی نامە یان هەڵگرتنی کاغەزەکان پێکەوە بەکاردێترا 6 (ئێلیکترۆنیک) پارچە یا تیکەیێکی زۆر ناسک لە کریستالی نیوەگەیێنەر (وەک سیلیکون، وەک بنکی خولگە یان بەشێکی ئێلیکترۆنیک بەکاردێنری)، ناسکە، توێژاڵ(کە)، وەیفێر ◌ 1 ویفر 2 قرص نازک فطیر در عشاء ربانی 3 ویفر 4 چسب 5 مهروموم 6 ویفر

wafer-thin *adjective, adverb*

1 زۆر ناسک، وەک پەڕەکاغەز، کاغەزی: *Our profit margin is* ◊ *wafer-thin mints* 2 *already wafer-thin* کەم، ناگرنگ، هیچەکە ◌ 1 بسیار نازک 2 جزئی، ناچیز

Waffen SS /ˈvaf(ə)n/ *noun*

یەکە شەڕی‌یەکانی SS لە ئەڵمانی نازی‌دا (بنەڕەت: لە *Waffen* «وە "armed"») ◌ وافن اس‌اس

waffle[1] /ˈwɒfl, US ˈwɑːfl/ *noun*

هەلیت‌وپلیت، قسەی هیچەکە، قۆڕیات: *The report is just full of waffle* ◌ چرت و پرت، بی‌معنی

waffle[2] /ˈwɒfl, US ˈwɑːfl/ *noun*

وافل (= جۆری کەیک) ◌ وافل

waffle iron *noun*

کەشەفی وافل(سازکردن) ◌ وافل‌پزی

waft /wɒft, US wɑːft/ *noun*

بۆن، بەرامە، لابانتە، شنە، سروە، سریوە، کزەبا ◌ رایحه، نسیم، وزش ملایم

wag[1] /wæg/ *noun*

جووڵان، جووڵە، لەقین، تەکان، ڕاوەشان، هەڵتەکان، لەقین ◌ جنبش، تکان

wag[2] /wæg/ *noun*

(جاران، نافەرمی) 1 شۆخی‌باز، جەفەنگ‌باز، گاڵتەبێژ، نوکتەبێژ 2 (لە ئەوستڕالیا و نیوزیلەند) truant = ◌ بذله‌گو

wage /weɪdʒ/ *noun, pl.* wages

کرێ، کارانە، حەق، مووچە، بەرات، حەقدەس، مز، دەسمز، مزووری، ئاوان، دەرامەت، داهات: *a* ◊ *wage demands/claims/settlements a weekly wage of* ◊ *wage increase of 3%* ◌ *Wages are paid on Fridays* ◊ *£200* دست‌مزد، اجرت، مزد، درآمد

wage-claim *noun*

داخوازی زۆرکردنی حەقدەس یان دەسمز، داواکاری زۆربوونی کرێ ◌ درخواست افزایش دست‌مزد

waged /weɪdʒd/ *adjective*

1 بە کرێ و حەقدەسی ڕێک‌وپێکەوە، بە دەهاتێکی ڕێک‌وپێک یان چەسپیوەوە: *waged* (the waged) 2 *workers* کەسانێ بە کرێ و حەقدەسی ڕێک‌وپێکەوە ◌ 1 دارای دست‌مزد منظم، دارای درآمد ثابت 2 (در جمع) افراد دارای دست‌مزد منظم

wage-differentials *noun, pl.*

جیاوازی حەقدەس یان کرێ ◌ تفاوت مزد

wage-earner *noun*

مووچەخۆر، مزگر، کرێگر، کرێکار(ی حەقدەس‌وەرگر) ◌ مزدبگیر

wage-freeze *noun*

کۆنترۆڵی زۆرکردنی کرێ، چەسپاندنی نرخەکان، کرێ‌بەست ◌ تثبیت قیمت‌ها

wageless *adjective*

بێ‌مز، بێ‌حه‌قده‌س، بێ‌حه‌ق، بێ‌کرێ ◌ بدون دستمزد

wage level *noun*
ئاستی حه‌قده‌س یا کرێکان ◌ سطح دستمزدها

wage-packet *noun*
به‌سته‌ی حه‌قده‌س یا مووچه، به‌رگه‌مووچه ◌ پاکت حقوق

wager /ˈweɪdʒə(r)/ *noun*
1 گرێو، مه‌رج‌به‌ستن، مه‌رج‌کردن 2 پاره‌ی گرێو، گرێوه‌پوول (*n* :wagering گرێو، مه‌رج‌به‌ستن) ◌ 1 شرط 2 پول شرط‌بندی

wage scale *noun*
1 نه‌ردیوانی حه‌قده‌س(ت)ه‌کان، پەیژه‌ی ده‌س‌مزه‌کان، په‌یژه‌ی کرێکان 2 = wage level ◌ نردبان دستمزدها

waggery /ˈwæɡəri/ *noun, pl.* waggeries
گاڵته‌بێژی، نوکته‌بێژی، شوخی‌بازی ◌ لطیفه‌گویی

waggish /ˈwæɡɪʃ/ *adjective*
(نافه‌رمی) شوخی‌باز، شوخ، قوشمه، جه‌فه‌نگ‌باز، گاڵته‌بێژ، نوکته‌بێژ، گاڵته‌جارانه، ◌ *-gish remarks* :playful ,humorous بذله‌گو، طنزآمیز

waggishly /ˈwæɡɪʃli/ *adverb*
به شوخی‌یه‌وه، گاڵته‌بێژانه، گاڵته‌جارانه ◌ با شوخی

waggishness /ˈwæɡɪʃnəs/ *noun*
گاڵته‌بێژی، نوکته‌بێژی، شوخی‌بازی، جه‌فه‌نگ‌بازی ◌ بذله‌گویی

waggle /ˈwæɡl/ *noun*
جووڵان، جووڵه، راوه‌شان، له‌قین، ته‌کان، هه‌ڵته‌کان، له‌قین (waggly *adj*) ◌ جنبش، تکان

Wagnerian /vɑːɡˈnɪəriən/ *adjective, noun*
adj سه‌ربه ئاوازدانه‌ری ئه‌ڵمانی ریچارد واگنێر *n* Richard Wagner (1813–83) شوێن‌که‌وته یان لایه‌نگری ریچارد واگنێر ◌ واگنری

wagon /ˈwæɡən/ *noun, Brit.* also waggon
1 داشقه، ئه‌رابه (پێکهاتوو له‌م به‌شانه: یا (یانه یا قوڵ)، پاش‌داره، دارتار، لاتار، دارچه‌رخ، داربورغ، داردوڵ، پشتیوانه، ته‌خته، جیغ یان به‌رجیغ، گه‌ردوون، گرده‌ڵه، چه‌رخ یا پێچکه (پروانه wheel)، مازه (axle)، ماشه (له شێوه‌ی خاموت)، کیسه‌ڵه (له بن ماشه‌وه)، خرچه، په‌نجێره (یان چه‌پەره)، جێگای که‌ڵه‌وان، نیر، نیونیره، که‌ڵه‌وه، قایش، دارقایش، دارسه‌رینه (سه‌نیره)، عه‌ره‌بانه، چوارپێچکه (به چوار پێچکه‌وه که به گا یان ئه‌سپ راده‌کێشرێ) 2 واگۆن، بارکێش (ب.ت. خه‌ڵووز) ◌ 1 گاری 2 واگن

wagoner *noun, Brit.* also waggoner
داشقه‌چی، ئه‌رابه‌گێر، ئه‌رابه‌وان، گاریه‌چی، داشقه‌گێر، عه‌ره‌بانه‌لێخوڕ، عه‌رابه‌چی ◌ گاری‌چی

wagonette *noun, Brit.* also waggonette
جۆرێ کالیسکه یان واگۆنی چوارپێچکه‌یی ئه‌سپ‌کێش به دوو لا کورسی رووبه‌رووه‌وه، واگۆنچه ◌ واگونت

wagon-lit /ˌvaɡõˈliː, French vaɡõli/ *noun*
واگۆنی خه‌و ◌ واگن خواب

wagonload /ˈwæɡənləʊd, US -loʊd/ *noun*
پڕواگۆنێ، واگۆنێ، باری واگۆنێ ◌ به اندازه‌ی یک واگن

wagon-roof (*also wagon-vault* = barrel-vault)

wagon train *noun*
(مێژوویی) کاروان، قه‌تاره (رۆژاوای ئه‌مریکا له سه‌ده‌ی 19دا، هی کۆلۆنی‌نشینانی ئه‌مریکای باکووری) ◌ قافله

wagtail /ˈwæɡteɪl/ *noun*
(گیانه‌وه‌رناسی) کلک‌هه‌ڵته‌کێنه، به‌رگایلکه، گاچه‌رینگ، تووتره‌واسک، فیقه [*Motacilla alba* (هی به‌ڵه‌ک) و جۆره‌کانی تر] ◌ دم‌جنبانک

Wahhabi /wəˈhɑːbi/ *noun,* also Wahabi, *pl.* Wahabis
وه‌هابی: ئه‌ندامی ده‌سته‌ی مسوڵمانه سوننی‌یه توندڕه‌وه‌کانی زاڵ به‌سه‌ر که‌شی دینی عه‌ره‌بستاندا، له ناوی دامه‌زرێنه‌ری محه‌مه‌د ئیبن عه‌بد ئه‌لوه‌هاب Muhammad ibn Abd al-*Wahhab* (1703–92) ◌ وهابی

Wahhabism *noun*
وه‌هابی‌باوه‌ڕی ◌ وهابی‌گرایی

wahine /wɑːˈhiːni/ *noun*
(نیوزیله‌ند) ژنی به‌ڕه‌وان، که‌یبانوو ◌ زن خانه‌دار

wahoo[1] /wɑːˈhuː/ *noun*
1 (هه‌رووه‌ها wahoo elm یان winged elm) وزمی ئه‌مریکای باکووری [*Ulmus alata*] 2 دارته‌شی ئه‌مریکای باکووری spindle tree [توخم *Euonymus*: دوو جۆرن] ◌ واهو

wahoo[2] /wɑːˈhuː/ *noun*
جۆرێ ماسی گه‌وره‌ی راوی گه‌رمێنان، خێزانی [*Acanthocybium solanderi*] maxkerel ◌ نوعی ماهی

wah-wah /ˈwɑː wɑː/ *noun,* also wa-wa
واوا (= ئیفێکتێکی تایبه‌تی دروس‌کراو له‌سه‌ر ئامێره موسیقایی‌یه ئێلێکتریکی‌یه‌کان ب.ت. گیتار) ◌ واوا

waiata /ˈwʌɪətə/ *noun*
گۆرانی مائوری ◌ آواز مائوری

waif /weɪf/ *noun*
1 منداڵی ده‌ربه‌ده‌ر و بێ‌ماڵ‌وحاڵ، هه‌ڵوه‌دا: *the -ifs and strays of our society* (= people with no home) 2 گیانه‌وه‌ری ته‌ره *waif-like young* :waif-like *adj* ,(بێ‌خاوه‌ن)

(girls ◌ 1 بچەی بی‌خانمان 2 ویف

waifs and strays *noun, pl.*

1 منالانی دەربەدەر یان بێ‌ماڵ‌وحاڵ، منالانی پەرپوە 2 گیانەوەرانی تەرە ◌ 1 بچەهای بی‌خانمان 2 جانوران ولگرد

wail /weɪl/ *noun*

هاوار، نەرە، شیوەن، گریان، ناڵە، شین‌وشەپۆر، گاپۆر، لوورە، نەکوچ، دەنگی شین‌وشەپۆر، زایلە، زایەلە، دەنگی گریان، قورە، واقە: *The child let out a high-pitched wail* ◌ فریاد، شیون، صدای گریه

wailful *adjective*

خەمبار، پەژارەبار، لێوبەبار ◌ اندوهناک

wailing /weɪlɪŋ/ *noun*

شیوەن، گریان، گریان و رۆرۆ، واقەواق، قوولە، قوولەقوول، قورەقور، زایلە، زایەلە، رۆرۆ، شین، شین و شەپۆر، دەنگی گریان: *a high-pitched wailing* (wailingly /weɪlɪŋli/ *adv*) ◌ گریە و زاری، صدای گریه

Wain /weɪn/ *noun*, also Big Dipper

(ئەستێرەوانی) ورچی گەورە (بنەرەت: کورتەی Charles's Wain) ◌ دب اکبر

wain /weɪn/ *noun*

(کۆن) ئەرابە، عەرەبانە، گاریە، واگۆن، بارکێش: *a hay wain* ◌ گاری، واگن

wainscot /'weɪnskət/ *noun*

1 تەختەکوت، تەختەپۆش (ی خوارەوەی دیوار) 2 داری بەرووی باش (بۆ تەختەپۆشی) ◌ 1 تختەکوب 2 چوب مرغوب بلوط

wainscoted *adjective*

تەختەرێز، تەختەلێدراو، تەختەپۆش(کراو)، تەختەلێنراو ◌ تختەکوب‌شده

wainscoting *noun*

تەختەکوت، تەختەپۆش ◌ تختەکوب

wainwright *noun*

عەرابەساز، وەستای عەرابە ◌ تعمیرکار یا سازندەی گاری

waist /weɪst/ *noun*

1 پشتێنە، پشت، کەمەر، قەد، میانە، کەمبەر، تەنگە، دەوری پشتێنە یان کەمەر 2 سیخمە، سوخمە، کولۆنجە، بلوز، کراس (waistless *adj*) ◌ 1 کمر، دور کمر 2 بالاتنه، بلوز

waistband /'weɪstbænd/ *noun*

(جل‌وبەرگ) پشتێنە، کەمەرە، کەمەر، پزوو: *an elasticated waistband* ◌ کمر

waistbelt *noun*

کەمەرە ◌ کمر

waist cloth /'weɪsklɔθ/ = loincloth

waistcoat /'weɪs(t)kəʊt, US 'weskɪt/ *noun*

سیخمە، سوخمە، جلیقە، جلیقە، یەلەک ◌ جلیقه

waist-deep *adjective, adverb*

(قوولایی ئاو و هتد) پشتێنە، تا پشتێنە، تا نێوقەد، تا کەمەر ◌ تا کمر

waisted *adjective*

(جل) کەمەرتەنگ، کەمەرچەسپ، (لە لێکدانا) کەمەرـ پشتێنەـ ◌ کمرکرستی، (در ترکیب) کمرـ

waist-high *noun*

(قوولایی ئاو و هتد) پشتێنە، تا پشتێنە، تا نێوقەد، تا کەمەر ◌ تا کمر

waistline /'weɪstlaɪn/ *noun*

(قەڵەوی و کزی) دەوری کەمەر، دەوری پشتێنە، کەمەرە، پشتێنە ◌ دور کمر، کمر

wait /weɪt/ *noun*

1 راوێستان، لەسەرراوێستان، چاوەڕێ‌بوون، چاوەڕوانی 2 (waits) گۆرانی‌بێژانی سەرشەقامی سرودی کریسمەس ◌ 1 انتظار 2 ویت

wait-a-bit *noun*

(ب.ت. لە ئەفریکای باکووری) ئەکاکیا یان دەوەنێکی تری درکاوی ◌ نوعی اقاقیا یا درختچه

waiter /'weɪtə(r)/ *noun*

1 (لە خواردنگە) گارسۆن، بەردەست، راژەکار، خزمەتکار 2 کەشەف، سینی 3 کەسێکی چاوەڕوان ◌ 1 پیش‌خدمت 2 سینی 3 آدم منتظر

waiting /'weɪtɪŋ/ *adjective, noun*

adj چاوەڕێ، چاولەڕێ، لەسەرراوێستاو، *n* (ماشێن) راوێستان، وێستان، راگیران ◌ *adj* منتظر *n* توقف

waiting game *noun*

(سیاسەت) لەسەر راوێستان بۆ رەخسانی دەرفەتێکی باش، سیاسەتی دەساودەس‌پێ‌کردن: *to play a waiting game* ◌ دفع‌الوقت

waiting list *noun*, also wait list

لیستەی چاوەڕوانی ◌ فهرست انتظار

waiting maid *noun*, also waiting woman

بەردەست، کارەکەر (ژن) ◌ خادم، خدمتکار

waiting man *noun*

بەردەست، کارەکەر، خزمەتکار، نۆکەر (پیاو) ◌ نوکر، خادم

waiting room *noun*

ژووری چاوەڕوانی، دیوی چاوەڕوانی، (وێستگەی شەمەندەفەر) هۆڵ یان ساڵۆنی چاوەڕوانی ◌ اتاق انتظار، سالن انتظار

waitperson /'weɪtpɜːsn, US -'pɜːrsn/ *noun*, *pl.* waitpersons

چاوەڕوان (چ ژن یان پیاو) ◌ منتظر

waitress /'weɪtrəs/ *noun, fem.* waiter

(لە خواردنگە) گارسۆن، راژەکار، بەردەست، خزمەتکار (ژن؛ waitressing *n*) ◌ پیش‌خدمت

waitron *noun*

(ئەمریکا) چاوەڕوان (چ ژن یان پیاو) ◌ منتظر

wait staff *noun*

(ئەمریکا) چاوەڕوانان (چ ژن یا پیاو) ◇ منتظران

waiver /ˈweɪvə(r)/ *noun*

(لـە مـاف و هتـد) وازلـێ‌هێنـان، گـوزەران، چاوپۆشـی، دەس‌لـێ‌هەڵـگرتن، لـێ‌گـەڕان، لـێ‌بـوردن، هەڵوەشـاندن، پـووچ‌کردنـەوە، بەتاڵ‌کردنەوە، بەڵگە یا سەنەدی وازلێ‌هێنان ◇ صرف‌نظر، اسقاط حق، لغو، سند اعراض از حق

Wakamba /waˈkambə/ = plural form of Kamba

wakame /ˈwakameɪ/ *noun*

جـۆرێ گیـای دەریـایی قـاوەیی کـە چینـی و ژاپۆنی‌یەکان لە چێشتی دەکەن [*Undaria pinnitafida*] ◇ نوعی گیاه

Wakashan /waˈkaʃ(ə)n/ *noun*

واکاشـــان: خێـــزانی چکۆلـــەی زمانـــانی نیمچـەتیاچووی سـوورپێـستەکانی American Indian کەناری پاسیفیکی باکووری، بریتین لە کواکیوتـــل Kwakiutl و نووکتـــا Nootka ◇ واکاشان

wake[1] /weɪk/ *noun*

شەقڵ یان شوێنی کەشتی یان بەلەم (لەسەر ئاو) ◇ رد قایق یا کشتی

wake[2] /weɪk/ *noun*, in the wake of

لە دوای، بەدوای، لە شوێن، لە ئەنجامی (ب.ت. شتێکی خراپ): *A group of reporters followed in her wake* ◇ به دنبال، در نتیجه‌ی

wakeful /ˈweɪkfl/ *adjective*

1 کـــەم‌خـــەو، بـــێ‌خـــەو، خـــەوڵێ‌زڕاو، خەولەچاونەچوو، خەوڵێ‌نەکەوتوو: *He lay wakeful all night* 2 هۆشیار، ئاگادار، وریا ◇ 1 کم‌خواب، بی‌خواب 2 مواظب، هشیار

wakefully /ˈweɪkfli/ *adverb*

بێ‌خەوانە، بە بێ‌خەوی، خەوڵێ‌زڕاوانە ◇ بـه طور بی‌خواب

wakefulness /ˈweɪkflnəs/ *noun*

کـــەم‌خـــەوی، بـــێ‌خـــەوی، خـــەوڵێ‌زڕاوی، خەوڵێ‌نەکەوتوویی: *A sudden noise jolted him into wakefulness* ◇ کم‌خوابی، بی‌خوابی

wake-robin = trillium

waking /ˈweɪkɪŋ/ *adjective, noun*

adj ئاگادار، وریا، هۆشیار: *He thought of her every waking moment* *n* وریـایی، ئاگاداری، هۆشـیاری، لەسـەرئاگابوون ◇ *adj* مواظب *n* بیداری

wakizashi /ˌwakɪˈzaʃi/ *noun, pl.* same

واکیزاشـی (= شمـشێری ژاپـۆنی کـورت‌تر لـە کاتانا) ◇ واکیزاشی

Waldenses /wɒlˈdɛnsiːz/ *pl. noun, pl.*

تیرەیەکی دینـی تونـد دەرکـەوتوو لـە باشـووری فەرەنـسە ◇ والدنـس

Waldorf salad /ˈwɔːldɔːf/ *noun*

جـۆرێ سـالادی سێو، کـەرەوز، گـوێز و مـایۆنیز (بنـەڕەت: لـە نـاوی هـوتێلی *Waldorf*-Astoria لە نیۆیۆرک، کە بۆ یـەکـەم جـار لـەوێ دانـرا) ◇ نوعی سس

wale /weɪl/ *noun*

1 شوغاڵ، شووڵ، جێگای قەمچی لەسـەر پێـست 2 تەختەدار (بە شێوەی ناسۆیی) بۆ قـایم‌کردنی لاتەنیـشتی کەشـتی (بنـەڕەت: *walu* ئینگلیـسی کـۆن "weal stripe") ◇ 1 اثـر شـلاق بـر روی پوست 2 ویل

wale knot *noun,* also wall knot

جۆرێ گرێ (= لە سەرێکی تەناف و بە بادانی تاڵەکانی) ◇ نوعی گره

walk /wɔːk/ *noun*

1 گـەڕان (بـە پیـادە)، ڕێگـاڕەوی، سـووڕانەوە، ڕۆیشتن، مەش، پیاسە، راوێچکە، پیادەڕەوی 2 پیادەڕێ، پیادەڕەو 3 شێوەی ڕێگاڕۆیـشتن، ڕەو، ڕەوت 4 ڕێگا، مەودا، ماوە 5 ڕێڕەو یـان ڕێگـای ڕۆیشتن، جێرەوگە، شوێن یان جێگـای گـەڕان 6 شەقام ◇ 1 گردش 2 پیادەرو 3 طـرز راه رفـتن 4 مـسافت 5 مـسیر قدم‌زنی 6 خیابان

walkabout /ˈwɔːkəbaʊt/ *noun,* go walkabout

1 (کەسایەتی‌یەکی گرنگ) بۆنێو خەڵک چوون: *went walkabout in the streets* 2 چوونـە دەشـت، گـەڕانی کێـو یـان دەشـت (لـە نێـو سەرەتانشینانی ئەوسترالیادا) ◇ 1 به میان مـردم رفتن 2 سفر صحرایی

walkathon *noun*

(نافـەرمی) گـەڕانی دوور و درێـژ بـە مەبەسـتی کۆکردنەوەی یارمەتی ◇ سفر طویـل بـه منظـور جمع‌آوری اعانه

walkaway *noun*

1 (نافەرمی) سەرکەوتنی ئاسان 2 کاری ئاسـان، کاری بێ‌گێرەوکێشە ◇ 1 (عامیانه) پیروزی آسان 2 کار راحت

walker /ˈwɔːkə(r)/ *noun*

1 پیـادەڕەوی‌کـەر، ڕەونـدە، پـیادەڕۆچی، ڕێـڕۆ، ڕێبـر 2 دێـوەرە، چـەرچی 3 ڕەوڕەوە، وۆکێـر، واکیر، ڕێدابەرە، ڕێبەرە، = walking frame ◇ 1 پیادەروی‌کننده 2 فروشنده‌ی دوره‌گرد 3 واکر

walkie-talkie /ˌwɔːki ˈtɔːki/ *noun*

دەزگـــای رادیـــۆیی پـــەیامگر و پـــەیامنێر، ووکی‌تۆکی ◇ بی‌سیم

walk-in *adjective*

1 گـەورە، بـە جێگـای زۆرەوە، هـەراو، فـراوان، جێ‌دار: *a walk-in closet* 2 (دەستەخانوو) بـە دەرگـای خۆیـەوە، دەرگـای سـەربەخـۆی هـەیە 3 هاسـان، سـانا، سـادە ◇ 1 جـادار 2 (آپارتمـان) دارای ورودی مـستقل 3 آسان

walking /ˈwɔːkɪŋ/ *noun, adjective*

n پیادەڕەوی، ڕێگارەوی، پیادەڕۆیی، ڕێگاڕۆیی،
بەپێ‌ڕۆیشتوویی: *a -g holiday in Scotland*
adj گەڕۆک، گەڕیدە ۞ *n* پیادەروی *adj* متحرک

walking bird *noun*
باڵــــندەی ڕێگــــارەو، وەک کــــۆتر [دەســــتە
Columbiformes] ۞ واکینگ برد

walking catfish *noun*
نقـە یـا پـشیلەماسـی ڕێگـارۆ، بـاقوی ڕێگـارەو:
جۆرێ پـشیلەماسـی ئـاوی شـیرینی ئاسـیایی کـە
دەتوانێ بەسـەر عـەرزا بڕوا، هـی نێـو ئـاوەکانی
فلۆریـــدا، خێـــزانی Clariidae [*Clarias*
batrachus] ۞ نوعی گربەماهی

walking delegate *noun*
نوێنـەری گـەڕۆک (هـی یـەکێتی کرێکـاران) ۞
نمایندەی سیار

walking leaf *noun*
گەڵاڕێگارەوە، گـەڵای گـەڕۆک: ئـەو مێروانـەی
کـە لاق و باڵـیان شـێوەی گـەڵا دەدا [خێـزان
Phylliidae] ۞ نوعی حشرە

walking papers *noun, pl.*
دەسـتووری دەرکـردن، فـەرمانی بـەجێ‌هێشـتن،
دەرکردن‌نامە ۞ حکم اخراج

walking pneumonia *noun*
جۆرێ سـینەپالو، بەهۆی mycoplasma یێکـەوە
بە ناوی *Mycoplasma pneumoniae* تووش
دەبێ، کۆخە، زۆربە تای لەگەڵە ۞ نوعی بیماری

walking stick *noun*
1 گۆچـان، بـاکوورە، باسـقەندە 2 (ئـەمریکا،
هـەروەها walking-stick insect) وشـەیێکی
ئـەمریکـای بـاکووری بـۆ stick insect
[*Diapheromera femorata*] ۞ عصا

walking wounded *noun, pl.*
برینـدارانی بەڕێگاداڕۆیشتوو یان ڕێگارەو: *The*
walking wounded were treated at the
scene of the crash ۞ زخمیان قادر به راه رفتن

walkman /ˈwɔːkmən/ *noun, pl.* Walkmans
or Walkmen
(دروشمی بازرگانی) واکمەن ۞ واکمن

walk of life *noun,* from all walks of life
1 لـە هـەموو دەسـتەیێ، لـە هـەموو تیرەیـێ، لـە
هەموو چینێ یان جۆرێ 2 کار، پیشـە، ئیش ۞
1 از همەی طبقات جامعە 2 شغل

walk-on *adjective*
(شـانۆ و هتـد) ڕاگـوزەری، سـەرسـەرەکی، فـشە،
ناگرنگ (جێی قسـەلەسەر کردن نییە) ۞ عبوری،
بی‌اهمیت

walkout /ˈwɔːkaʊt/ *noun*
مـانگـرتن (ناکـاو)، بـەجێ‌هێـشتن بـە نیـشانەی
ناڕەزایی‌دەربڕین: *200 employees staged a*
walkout in protest at the new pay deal
۞ اعتصاب

walkover /ˈwɔːkəʊvə(r)/ *noun*
1 سـەرکەوتنی ئاسـان: *The game was a*
walkover for the visiting team 2 کاری
ئاسان یان سادە ۞ 1 پیروزی آسان 2 کار سادە

walk-up *noun, adjective*
n خانووبـــەرە یـــان دەزگـــای بەرزکـــەرە یـــان
ئاسـانسۆر، خانووبـەرەی بـێ‌هەڵـگرە *adj*
بێ‌بەرزکـەرە یان ئاسانسۆر، بێ‌هەڵگرە ۞ *n*
ساختمان بدون آسانسور *adj* بدون آسانسور

walkway /ˈwɔːkweɪ/ *noun*
ڕێگای پیادە، پیادەڕێ، جێڕەو ۞ پیادەراه

wall /wɔːl/ *noun*
1 دیـوار، وارش، حـەسـار: *The fields were*
divided by stone walls 2 (توێکـاری و
گیانەوەرناسی) توێی پەردەئاسا، دیوارە، دیوار:
تـوێ‌یێکـی پـەردەیـی دەرەوەی ئـەنـدام یـان
بۆشایی‌یێ 3 تەگەرە، کۆسپ، بەربەست، بەربەند
4 (کان‌کەنی) دیوار، دیوارە: تەختـەبەردێ کە
دەوری ڕەگـە lode یـا چینێکـی seam داوە 5
wall brown ۞ 1 دیوار 2 جدارە 3 مانع 4 وال

wallaby /ˈwɒləbi, US ˈwɑːl-/ *noun, pl.*
wallabies
1 والابی: گیانـەوەرێکی ئەوسـترالیایی، شـێوە
کـانگۆرۆ [گـەڵـێ جـۆرن و لـە خێـزانی
Macropodidae] 2 (the Wallabies، نافەرمی)
تیمی ڕاگبی نێونەتەوەیی ئەوسترالیا ۞ والابی

wallace's line *noun*
(گیانـەوەرناسـی) هێـڵی والاس: هێـڵێکی
گریمانەیی یان وادانراو بۆ دیاری‌کردنی سنوور
نێوان ناوچە گیانەوەرییەکانی ئەوسترالیا و
ڕۆژهەلات (بنەڕەت: لە ناوی سروشت‌خوازی
ئینگلیـسی *Wallace* Alfred Russel (1823–
1913)) ۞ خط والاس

Wallachain /wɒˈleɪkɪən/ *noun, adjective*
n خەڵکی والاکیا، میرنشینی پێشووی باشووری
ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا *adj* سەربە یان پێوەندی بە
والاکیاوە هەیە، والاکیایی ۞ والاکیایی

wallah /ˈwɒlə, US ˈwɑːlə/ *noun,* also walla
(لە هیندووستان و پاکستان‌دا) خاوەن، ساحەب،
ئاغا، سەیدا، گەورە: *office wallahs* ۞ مالکم،
صاحب، والا

wallaroo /ˌwɒləˈruː/ *noun*
جـۆرێ کـانگۆرۆی زلـە و تێـکسمـڕاو
[*Macropus robustus*] ۞ والارو

wallboard *noun*
تەختەی دیواری (ناسک، بۆ داپۆشینی دیوار و
هتد) ۞ لوح دیواری

wall brown *noun*
جـۆرێ پەپوولـەی قـاوەیی [*Lasiommata*
megera] ۞ نوعی پروانە

wallchart /ˈwɔːltʃɑːt, US -tʃɑːrt/ *noun*

هێلکاری یا دیاگرامی دیواری ۞ نمودار دیواری
wallcreeper *noun*
جۆرێ باڵندەی سوور یان بۆر، سەربە nuthatch ـەکان، لە نێو بەرداندا دەژی [*Tichodroma muraria*] ۞ نوعی پرنده
wall cress = arabis
walled *adjective*
دیوارکێش(راو)، دیواردار، دیوارکراو، دیواربەند، ڕێ‌گیراو، (لە لێکدانا) بە دیواری ۞ دیواردار، (در ترکیب) با دیوار
wallet /'wɒlɪt, US 'wɑ:l-, 'wɔ:l-/ *noun*
هەمانە، جانتای پارە، جزدان، کیسەباخەڵ، کیف، بوخچە، پڕیسکە، توێشوودان: *a document wallet* ۞ کیف بغلی، توشه‌دان
wall eye *noun*
1 چاوی سپی 2 (walleye) جۆری pikeperch ی ئەمریکای باکووری [*Stizostedion vitreum*] ۞ 1 چشم سفید 2 نوعی ماهی
wall-eyed *adjective*
خێل، چاولار ۞ لوچ
wallflower /'wɔ:lflaʊə(r)/ *noun*
1 گوڵی شەوبۆ، بە گوڵی بۆن‌خۆشەوە، سەرەتای بەهار دەپشکوێ [*Cheiranthus cheiri*] 2 مەرزی شەرمێون، کەمڕوو، دیوارچەسپ، دیوارگیر (ب.ت. کچێ بۆ سەر شایی) ۞ 1 گل شب‌بو 2 آدم خجالتی
wall hanging *noun*
بەرماڵ یان پەردەی دیواری (بۆ جوانی) ۞ سجاده یا پرده‌ی دیواری
walling /'wɔ:lɪŋ/ *noun*
دیوار، دیوارکردن، دیوارکێشان ۞ دیوار، دیوارکشی
wall lable *noun*
یافتە یان بەرچەسپی دیواری: نیشانێ کە دەنرێ بە دیوارەوە نزیک بە کار یان بەرهەمێکی هونەری، وەک لە مووزەدا، لەمەڕ خستنەڕووی کۆمەڵە زانیارییێکی مێژوویی یان بەرهەمێ ۞ برچسب دیواری
wall-like *adjective*
دیوارئاسا، دیواری، شێوەدیوار، وەک دیوار ۞ دیوارمانند
wall-mounted *adjective*
دیواری، دابەستراو لەسەر دیوار، دیواربەست، بە دیوارەوە ۞ دیواری
Wall of Death *noun*
دیواری مەرگ یان مردن ۞ دیوار مرگ
Walloon /wɒ'lu:n/ *noun*
1 ئەندامی گەلێ کە بە زاراوەیێکی فەرەنسی قسە دەکەن و لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی بێلژیک و چەندین بەشی دراوسێی فەرەنسە نیشتەجێن 2 ئەو زاراوەیە ۞ والون

wallop /'wɒləp, US 'wɑ:l-/ *noun*
1 لێدان، پیاکێشان (توند و ب.ت. بە دەست) 2 (لە بریتانیا) بیرە، ئاووجۆ ۞ 1 ضربه 2 (در بریتانیا) آب‌جو
walloper *noun*
(لە ئەوسترالیا) پۆلیس ۞ مأمور پلیس
walloping /'wɒləpɪŋ, US 'wɑ:l-/ *noun, adjective*
n کوتک، کوتەک‌کاری، تێلاکاری، (پێشبڕکێ و هتد) تێ‌شکانی قورس، بەزینی بە تەواوی: *Our team got a real walloping last week* *adj* یەکجار زۆر، (پێ‌بژاردن) قورس ۞ *n* کتک، شکست حسابی *adj* خیلی زیاد، سنگین
wallow /'wɒləʊ, US 'wɑ:ləʊ/ *noun*
1 قومبوون، نوقم‌بوون، گەوزان، تل‌دان، تەپاوتل 2 سەرتەپۆڵکان، تەپۆلکەخۆلەمێش، جێ‌گەوزان (شوێنی گەوزانی گیانەوەران، ئەڵمانی بنەڕەت) ۞ 1 غوطه‌وری، غلت 2 جای غلت حیوانات
wallower *noun*
خۆگەوزێنەر، خۆتلێنەر ۞ غلت‌خور
wall-painting *noun*, also mural
وێنەکێشی دیواری یا سەردیوار، کێشانەوەی سەردیوار ۞ نقاشی دیواری
wallpaper /'wɔ:lpeɪpə(r)/ *noun*
کاغەزی دیواری ۞ کاغذ دیواری
wall pepper *noun*
stonecrop ی زەرد ۞ نوعی گیاه
wall plug = socket
wall presure *noun*
دیوارەپەستان، گوشار یان پاڵەپەستۆی دیوارە، پەستانی دیوارە: ئەو پاڵەپەستۆیەیە کە نێوەڕۆکی خانە بۆ دیوارەی دێنن ۞ فشار دیواره
wall rocket *noun*
(ڕووەک‌ناسی) جۆرێ گیای گوڵ‌زەردی شێوەخەرتەلە mustard [*Diplotaxis muralis*] ۞ نوعی گیاه
wall rue *noun*
ئەسپەند یا پێچەی دیواری [*Asplenium ruta-muraria*] ۞ نوعی گیاه
Wall Street *noun*
1 وال ستریت: شەقامێ لە نیویۆرک لە گرنگ‌ترین ناوەندی دارایی و ئابووریی لە ئەمریکا 2 بورسی ئەوراقی ئەمریکایی ۞ وال‌استریت
wall thickening *noun*
ئەستوورایی دیوارە ۞ ضخامت دیواره
wall-to-wall *adjective*
1 (ڕایەخ و هتد) دیوبەکەر، دیواربەدیوار، پڕکەرەوە، گۆش‌تاگۆش 2 گشت‌لایەنە، گشتگیر ۞ 1 (فرش و...) کیپ تا کیپ 2 همه‌جانبه
wall-wort /'wɔ:l wɜ:t/ *noun*
(ڕووەک‌ناسی) گوێمشکە [*Parietaria*] ۞

اذن‌الفار

wally /'wɒli, US 'wɑ:li/ *noun, pl.* wallies
(بریتانیا و نافەرمی) گوێلک، کەسێکی کەر، گوێرەکە، کەر، گێژی خودا، گێژولّلا ◌ (عامیانه) الاغ

walnut /'wɔ:lnʌt/ *noun*
1 گوێز 2 دار یان درەختی گوێز، گوێز و جۆرە پێوەندی‌دارەکان [*Juglans regia*]، بەری گوێز، گوێز، داری گوێز (زەرک یان زەرک: توێکلی (سەوزی) گوێز) ◌ 1 گردو 2 درخت گردو، چوب گردوو

walnut tree *noun*
داری گوێز، درەختی گوێز ◌ درخت گردو

Walpurgis night /val'pʊəgɪs/ *noun*
(لە فۆلکلۆری ئەڵمانیدا) شەوی 30 ئاپریل کە جادووگەرەکان لەسەر چیای Brockern یەک دەگرن و لەگەڵ شەیتان بەزم ساز دەکەن (بنەڕەت: لە *Walpurgisnacht* ئەڵمانی، لە ناوی *St Walburga*) ◌ والپورگیس نایت

walrus /'wɔ:lrəs/ *noun*
فیلی دەریایی یان ئاوی، بەرازەماسی، ماسی‌بەبەرازە، مێگەڵژین و پێوەندی‌یان بە eared seal ـەکانەوە هەیە و دوو شفرەی گەورەی ڕوولەخواری‌یان هەیە [*Odobenus rosmarus*] ◌ فیل دریایی

walrus moustache *noun*
سمێلی شۆڕ یا چەنگیزی (پڕ و لە هەردوو لاوە شۆڕ) ◌ سبیل چنگیزی

waltz /wɔ:ls, US wɔ:lts/ *noun*
(هەڵپەرکێ یان سەما) ڤالس، والس، پارچە موسیقایێ بۆ ئەو هەڵپەرکێیە (waltzer *n*): ڤالسێر، والسێر؛ لە *Walzer* ئەڵمانی) ◌ والس

Wampanoag wɑ:mpə'nəʊəg/ *noun, pl.* same or Wampanoags
ئەندامی کۆنفیدراسی(ـێ)ی گەلانی سوورپێستی ڕۆژهەڵاتی باشووری ماساچوسێت Massachusetts (بنەڕەت: واتا: easterners) ◌ وامپانوج

wampum /'wɒmpəm/ *noun,* also wampumpeag
(مێژوویی) وامپوم (خشڵی دروس‌کراو لە لەپکە (shell) کە پێش‌تر سوورپێستەکانی ئەمریکا وەکوو پوول و پارە بەکاریان دێنا) ◌ وامپوم

wan /wɒn, US wɑ:n/ *adjective* (wanner; wannest)
ماندوو، شەکەت، لاواز، کز، ڕەنگ‌پەڕیو، کەم‌خوێن، ڕەنگ‌بزرکاو، زەرد، زەردهەڵگەڕاو، پێچوو، تێکچوو، دەردەدار، دەغەزەدار (wanly /'wɒnli, US wɑ:nli/ *adv* ؛wanness /'wɒnnɪs/ *n*) ◌ خسته، ضعیف، رنگ‌پریده

wand /wɒnd, US wɑ:nd/ *noun*
1 گۆچان، گۆچانی جادوویی، داری جادوو، داردەستی سێحرباز 2 گورز، گۆپاڵ 3 (نافەرمی) داردەستی ڕێبەری سازبەند 4 (لە سکاتلەند) داری ڕاوەماسی ◌ 1 عصا، عصای جادوگری 2 گرز 3 واند 4 چوب ماهی‌گیری

wander /'wɒndə(r), US 'wɑ:n-/ *noun*
گەڕان، پیاسە، خول، چەرخ، دەور، سوورەسوور، سووڕانەوە: *I went to the park and had a wander around* ◌ دور، گردش

wanderer /'wɒndərə(r), US 'wɑ:n-/ *noun*
کەسێکی دەربەدەر، سەرلێ‌شێواو، ئاوارە، هەڵوەدا ◌ آدم آواره

wandering /'wɒndərɪŋ, US 'wɑ:n-/ *adjective*
گەڕیدە، گەڕۆک، ڕەوەند، بێ‌ماڵ‌وحاڵ، ئاوارە، دەربەدەرە، هەڵوەدا؛ nomadic، vagrant: *wandering tribes* ◌ سیار، خانەبەدوش

wandering albatross *noun*
ئالباترۆسی هەڵوەدا [*Diomedea exulans*] ◌ نوعی آلباتروس

Wandering Jew *noun*
1 جوولەکەی هەڵوەدا یان سەرلێ‌شێواو: جوولەکەی ئەفسانەی سەدەکانی نێوەڕاست کە لە لایەن کریستەوە بە تاوانبار زانرا و تا هاتنەوەی دووهەم جاری کریست هەڵوەدایە 2 جۆرێ tradescantia هەڵچوو [*Tradescantia* و *albiflora* *T. pendula*] ◌ 1 یهودی سرگردان 2 نوعی گیاه

wanderings /'wɒndərɪŋz, US 'wɑ:n-/ *noun, pl.*
1 بێ‌ماڵ‌وحاڵی، ئاوارەیی، دەربەدەرەیی: *His wanderings took him first to India* - 2 وڕێنە، هاتەران‌وپاتەران ◌ 1 خانەبەدوشی 2 هذیان

wanderlust /'wɒndəlʌst, US 'wɑ:ndərl-/ *noun*
خولیای هات‌وچۆ، شێتی گەڕان، ئارام‌نەگرتوویی، عەرز بەخۆوەنەگرتن (بنەڕەت: لە *Wanderlust* ئەڵمانی‌یەوە) ◌ بی‌قراری

wane /weɪn/ *noun*
1 ئاوابوون، پووکانەوە، پووچانەوە، کەم‌بوونەوە 2 کەڵ‌بوون 3 داشکان، دابەزین، هاتنەخوارێ، نشوستی‌هێنان (wancy *adj*): ڕوولەئاوابوون، بەرەوپووکانەوە، پووچەوەبوو، کەمەوەبوو) ◌ 1 زوال 2 افول 3 نقصان

wangle /'wæŋgl/ *noun*
فرووفێڵ، قەلەودەلە، هات‌وهووت، زیرەکی، زرینگی ◌ کلاشی، دوز و کلک

waning *adjective*
کەڵ (مانگ)، ڕوولەئاوابوون، بەرەوپووکانەوە، کەمەوەبوو، ڕوولەداشکان ◌ در حال افول

wank /wæŋk/ *noun*

(بریتانیا، زمانی رەمەکی و تابوو) دەسپەڕ، کابلەمە، مشتە، مشتاو ◌ جلق
Wankel engine /ˈwaŋk(ə)l, US ˈvaŋ-/ *noun*
بزوێنە یان مۆتۆری وانک(ێ)ل یان وانگکل ◌ موتور وانکل
wanker /ˈwæŋkə(r)/ *noun*
1 وڵاغ، نەفام، تەرەس: *a bunch of wankers* 2 کابلەمەکێش، مشتەچی، دەسپەڕچی، دەسپەڕکەر ◌ 1 الاغ 2 جلق‌زن
wanna /ˈwɒnə, US ˈwɑːnə, ˈwɔːnə, ˈwʌnə/ = 1 want to 2 want a
wannabe /ˈwɒnəbi, US ˈwɑːn-, ˈwɔːn-, ˈwʌn-/ *noun, adjective*
(تافەرمی، سووکانە) لاسایی‌کەرەوە، چاولێکەر: *a rock star -e* ◌ مقلد
want /wɒnt, US wɑːnt, wɔːnt/ *noun*
پێویستی، پێداویستی، خوستەک، گەرەکبوون، ئاتاجی، حەوەجێ، لارەملی، چاولەدەستبوون، هەژاری، نەداری، دەستەنگی، نەبوون، کەمی: *a want of adequate medical facilities* ◌ نیاز، احتیاج، نیازمندی، نقدان، عدم
want ads = classified ads
wanted /ˈwɒntɪd, US ˈwɑːn-, ˈwɔːn-/ *adjective*
1 پێویست، پێویستی‌پێ‌هەبوو، بەرویست 2 پۆلیس‌بەشوێن، قاچاخ، دەوڵەت‌بەدواوە، ڕاونراو، بەداواگەراو ◌ 1 مورد نیاز 2 تحت تعقیب
wanting /ˈwɒntɪŋ, US ˈwɑːn-, ˈwɔːn-/ *adjective*
کەم، ناتەواو، نیوەچڵ، بێ، بەبێ ◌ ناقص، فاقد
wanton /ˈwɒntən, US ˈwɑːn-, ˈwɔːn-/ *adjective, noun*
1 *adj* بەئانقەست، دانستە، ئاگادارانە 2 کۆنتڕۆڵنەکراو، بەیەکاداو، چڕوپڕ، زۆرهێناو، دەرەقەتنەهاتوو، unruly ،undisciplined 3 لەخۆوە، لەخۆڕایی 4 قۆشمە، شلوق 5 ئالۆزی 6 بزوێنەر، شەهوانی، بەئالۆش *n* (ژن) هەرزە، سووک، بێ‌شەرم، قەحبە، بێ‌ناموس، بێ‌سەروبەرە، بێ‌ئابڕوو (wantonly *adv*: 1 لە خۆوە، لە خۆڕایی 2 لە ئانقەست، ئاگادارانە، بە مەبەستەوە 3 هەرزانە) ◌ *adj* 1 عمدی 2 غیرقابل کنترل، وحشی 3 بی‌جهت 4 بازی‌گوش 5 لاابالی 6 شهوت‌انگیز *n* (زن) بی‌حیا، هرزه
wantonness *noun*
1 قۆشمەیی، شلوقی 2 ئالۆزیتی، گوێ‌پێ‌نەدان 3 بێ‌ناموسی، هەرزەیی، بێ‌شەرمی، ناپاکی ◌ 1 بازی‌گوشی 2 لاابالی‌گری 3 بی‌عفتی
WAP /wæp/ *abbreviation* wireless application protocol
واپ، پرۆتۆکۆلی بەکارهێنانی وایەرلێس (سیستمێ کە شەپۆلە رادیۆیی‌یەکان بەکاردێنێ تا ڕێگایدا بە دەزگا ئێلیکترۆنیکی‌یەکان کە بە شێوەیەکی فیزیکی نەبەستراونەتەوە بە کامپیوتێر، وەکوو موبایل تا ئینتێرنێت بەکاربێنن) ◌ واپ
wapentake /ˈwɒp(ə)nteɪk, ˈwap-/ *noun*
(مێژوویی) دابەش‌کردنی وردتری هێندێ لە شایر یان county یەکانی باکوور و نێوەڕاستی ئینگلتەرە، بەرامبەر بە hundred ◌ بخش
wapiti /ˈwɒpɪti, US ˈwɑːp-/ *noun, pl.* wapitis
(گیانەوەرناسی) باشەڵ‌سپی: گاکێوی ئەمریکایی باکووری ◌ واپیتی
war /wɔː(r)/ *noun*
شەڕ، جەنگ، هەرف، سواژ، ململانێ، کێشمەکێش، خەبات، بەرخۆدان: *the threat of* ◌ *a trade war ◊ (a) nuclear war* جنگ، پیکار، مبارزه
waratah /ˈwɔːrətɑː, US ˌwɒrəˈtɑː/ *noun*
جۆرێ دەوەنی ئەوسترالیایی کە جۆرێ گەڵای چەرمی باریک دەگرێ [*Telopea speciosissima* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ◌ نوعی بوته
war baby *noun*
منالی شەڕ (لە سەردەمی شەڕا بووە) ◌ بچەی جنگ
warble[1] /ˈwɔːbl, US ˈwɔːrbl/ *noun*
چریکە، خوێندن، جریوە ◌ چهچهه
warble[2] /ˈwɔːbl, US ˈwɔːrbl/ *noun*
1 پشتەرێژە، پشتەرێشە، ناوکەرێژە (nawkerêje)، برینی سەر پشتی ئەسپ، وڵاخ و ئاژەڵی تر 2 بەچکە یان کرمی مێشەکەرانە ◌ 1 پینە 2 نوزاد خرمگس
warble fly *noun*
مێشەکەرانە، مۆزک؟ (کرمەکانی دەمرۆکێنە سەر پشتی ئەسپ و... [*Hypoderma bovis* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان]) ◌ خرمگس
warbler /ˈwɔːblə(r), US ˈwɔːrb-/ *noun*
(باڵندەناسی) جورە، مەلی خوێندوو، باڵندەی خوێندوو یان چریکێنەر، مەلی دەنگ‌خۆش، ئاوازەخوان، ئاوازەبێژ، جریونە [زۆر جۆرن، ب.ت. لە خێزانەکانی Sylviidae (جیهانی کۆن)، Parulidae (ئەمریکای باکووری) و Acanthizidae (ئەوسترالاسیا)] ◌ چکاوک، مرغ آوازخوان
war bonnet *noun*
کڵاوی پەردار (شەڕکەرانی هۆزە سوورپێستەکان لەسەری دەکەن) ◌ کلاه آذین
warby = shabby, decrepit
war chest *noun*
1 دراونامە یان بوودجەی شەڕ 2 (شالاوی هەڵبژاردن و هتد) دراونامە، بوودجە ◌ 1 بودجەی جنگ 2 بودجه

war clouds *noun, pl.*
تارمایی شەڕ، تاپۆی شەڕ ۞ شبح جنگ

war crime *noun*
تاوانی شەڕ ۞ جنایت جنگی

war criminal *noun*
تاوانکاری شەڕ ۞ جنایت‌کار جنگی

war cry *noun*
نارەتە یان نەعرەتەی شەڕ، هەرای شەڕ، گوڕەی شەڕ ۞ غریو جنگ

ward /wɔːd, US wɔːrd/ *noun*
1 (نەخۆشخانە) بەش، ژووری تایبەتی، دیوی جیا 2 (زیندان) دیوی جیا، بەند 3 گەڕەک، تاخ، ناوچە 4 سەرپەرشتی، چاوبەسەرەوەبوون، ئاگالێبوون، پاراستن، ئاگادێری، چاودێری 5 (ماف، ب.ت. منال) سەغیر، ئاگاداری‌کراو، سەرپەرشتی‌کراو، لەژێرچاودێری 6 (کلیل، قفل و هتد) بڕگە، ددانە، گرنجە ۞ 1 (بیمارستان) بخش 2 (زندان) بند 3 ناحیە، منطقە 4 قیمومت 5 (حقوق) مولی‌علیە 6 دندانە

-ward *suffix*
پاشگر: ڕوولە، بەرەو، بەربە، ڕووەو، بۆلای (بنەڕەت: لە *weard*- ئینگلیسی کۆنەوە، ئەلمانی بنەڕەت "turn") ۞ پسوند: به طرف، به سوی

war dance *noun*
(لە لایەن شەڕکەرانی خێڵە سوورپێستەکانەوە) سەمای شەڕ (بۆ نموونە بەرلە شەڕ یان گێڕانی جەژن و ڕێوڕەسمی سەرکەوتن) ۞ رقص جنگ

warded *adjective*
ددانەددانە، گرنج‌گرنج، ددانەدار، بڕگەبڕگە ۞ دندانه‌دار

warden /'wɔːdn, US 'wɔːrdn/ *noun*
1 بەرپرس، سەرپەرشت، پارێزەر، لێپرسراو، چاوبەسەرەوەبوو، چاودێر، کەتوان، سەرۆک، بەڕێوەبەر 2 بەڕێوەبەری زیندان یان گرتووخانە ۞ 1 مسؤل، ناظر، رئیس 2 رئیس زندان

wardenship *noun*
1 بەرپرسایەتی، سەرپەرشتی، پارێزەری، چاوبەسەرەوەبوون، چاودێری، کەتوانی، بەڕێوەبەری: *a forest warden*، *the warden* (*of a youth hostel*) 2 بەڕێوەبەرایەتی زیندان ۞ 1 ریاست، نظارت 2 ریاست زندان

warder /'wɔːdə(r), US 'wɔːrd-/ *noun*
1 زیندانەوان، بەندەوان، نۆبەداری گرتووخانە، بەنیوان 2 گورز یان گۆچانی پاتشایی یان دەسەلاتداریتی ۞ 1 زندانبان 2 عصای سلطنتی

wardress /'wɔːdrəs, US 'wɔːrd-/ *noun, fem.* warder
زیندانەوان، بەندەوان، نۆبەداری گرتووخانە (ژن) ۞ زندانبان (زن)

wardrobe /'wɔːdrəubm 'wɔːrdroub/ *noun*
1 دۆلاب، کومێد، جێجل 2 جلوبەرگ، جلەکان 3 (تیاتر، تەلەفزیۆن و هتد) بەشی جلوبەرگ، جلخانە ۞ 1 کمد 2 لباس‌ها 3 قسمت لباس

wardrobe mister *noun*
(تیاتر، تەلەفزیۆن و هتد) بەرپرسی جلوبەرگ، جلەوان ۞ لباس‌دار

wardrobe mistress *noun*
(تیاتر، تەلەفزیۆن و هتد) بەرپرسی جلوبەرگ، جلەوان ۞ لباس‌دار

wardroom /'wɔːdruːm, -rʊm, US 'wɔːrd-/ *noun*
(کەشتی شەڕکەر) جێگای ئەفسەران، ژووری ئەفسەران ۞ اتاق افسران

-wards = variant spelling of -ward *suffix*
پاشگر: ڕوولە، بەرەو، ڕووەو، بۆلای ۞ پسوند: به طرف، به سوی

wardship /'wɔːdʃɪp, US 'wɔːrd-/ *noun*
(ماف) سەرپەرشتی، چاودێری، ئاگادێری ۞ قیمومت

ware[1] /weə(r), US wer/ *noun*
1 (لە لێکدانا) کەلوپەلی، سواڵە، قاپوکەوچک، قاپوقاچاخ، حاجەت، هێربار 2 (wares) شتومەکی فرۆشتن (ب.ت. لە دووکان) ۞ 1 آلات، وسایل، ظروف 2 (در جمع) اجناس فروشی

ware[2] /weə(r), US wer/ = aware (archaic)

warehouse /'weəhaʊs, US 'werh-/ *noun*
عەمار، ئەمبار، کۆگە، بارخانە ۞ انبار

warehouseman *noun, pl.* warehousemen
عەمار، ئەمبار، کۆگە، بارخانە ۞ انبار

warehouse receipt *noun*
وەرگرنامە یان ڕیسیتی عەمار ۞ قبض انبار

warehouse store *noun,* also warehouse club
جۆرێ فرۆشگا کە شتەکان لەچاو بازاڕ و فرۆشگاکانی‌تر هەرزان‌تر دەفرۆشێ ۞ فروشگاه تعاونی

warehousing /'weəhaʊzɪŋ, US 'werh- *noun*
عەمارداری، عەمارەوانی ۞ انبارداری

warfare /'wɔːfeə(r), US 'wɔːrfer/ *noun*
1 شەڕ، هەرف، سواژ 2 پێکادان، لێکدان، شەڕ، تێک‌هەڵچوون، تێک‌بەربوون، بەربوونەیەک، لێک‌بەربوون، ململانێ، کێشمەکێش، خەبات، بەرخۆدان ۞ 1 جنگ 2 درگیری، مبارزه

warfarin /'wɔːfərɪn/ *noun*
وارفارین: ئاوێتەیێکی دژەمەیین $C_{19}H_{16}O_4$، بۆ دەرمانی مشک و چارەسەرکردنی thrombosis بەکاردێنرا ۞ وارفارین

war game *noun*
1 مانۆڕ، مەشقی شەڕ 2 هاوتاسازی گۆڕەپان یا مەیدانی شەڕ (war-gamer *n*؛ war gaming

n) ۞ 1 مانور 2 شبیه‌سازی صحنه‌ی جنگ

war gas *noun*
گازی شەڕ ۞ گاز جنگی

warhead /'wɔ:hed, US 'wɔ:rhed/ *noun*
سەرەمووشەک، نووکەمووشەک، سەرە، بەشی تەقەمەنی مووشەک و...: *nuclear warheads* ۞ کلاهک

warhorse /'wɔ:hɔ:s, US 'wɔ:rhɔ:rs/ *noun*
1 (جاران) ئەسپی شەڕ 2 کۆنەسەرباز، کۆنەسیاسەتوان، سیاسەتوانی خاراو یان پڕئەزموون، کۆنەرامیار ۞ 1 اسب کارزار 2 سرباز کهنه‌کار، سیاست‌مدار کارکشته

warily /'weərəlim US 'werəli/ *adverb*
بە هۆشیاری‌یەوە، بە پارێزەوە، بە ترسەوە: *The cat eyed him warily* ۞ از روی احتیاط

wariness /'weərinəs US 'werinəs/ *noun*
هۆشیاری، وشیاری، وریایی، بەپارێزی، ئاگاداری: *feelings of wariness* ۞ احتیاط

warison *noun*
کەرەنا یا دەهۆڵی شەڕ (یا هێرش) ۞ واریسون

warlike /'wɔ:laɪk, US 'wɔ:rl-/ *adjective*
1 شەڕخواز، جەنگاوەر، شەڕەنگێز، شەڕنەرەوە، شەڕفرۆش، شەڕخوازانە 2 توند، توندوتیژ ۞ 1 جنگ‌طلب، جنگ‌طلبانه 2 خشن

warlock /'wɔ:lɒk, US 'wɔ:rla:k/ *noun*
پیاوی سیحرباز، جادووگەر (ب.ت. هێزە شەیتانی‌یەکان)، sorcerer؛ conjurer ۞ ساحر، مرد جادوگر

warlord /'wɔ:lɔ:d, US 'wɔ:rlɔ:rd/ *noun*
فەرماندەری میلیتاری، ڕێبەری گرووپێکی میلیتاری نافەرمی کە بە دژی حکومەت، پاتشا یان گرووپێکی‌تر شەڕ دەکەن ۞ فرمانده‌ی نظامی

warm /wɔ:m, US wɔ:rm/ *adjective* (warmer, warmest)
1 گەرم، بەتین: *Wash the blouse in warm soapy water* 2 (جل‌وبەرگ) گەرم، پڕوکێنەر 3 بەتین، بەگوڕ، بەتاو، گەرموگوڕ، توند، توندوتیژ 4 گەرموگوڕ(انە)، دڵسۆز، خوێن‌گەرم، لە دڵەوە، پڕبەدڵ، دڵنەرم، بەبەزەیی 5 (ڕەنگ، سوور، زەرد یان پرتەقاڵی) شاد، ڕۆشن، گەرم، گەش 6 (شوێن یان بۆن) تازە 7 (لێکدانەوە یان پێ‌وابوون) نزیک (بە مەبەست) 8 سەخت، دژوار، ناخۆش ۞ 1 گرم 2 (لباس) گرم 3 پرشور، حاد 4 صمیمی، قلبی، مهربان 5 (رنگ) روشن 6 تازه 7 (حدس) نزدیک 7 ناگوار

warm-blooded /ˌwɔ:m 'blʌdɪd/ *adjective*
خوێن‌گەرم ۞ خون‌گرم

warm-bloodedness *noun*
خوێن‌گەرمی ۞ خون‌گرمی

war memorial *noun*
دەزگای یادکردنەوەی شەڕ، مۆنۆمێنتی یادکردنەوەی شەڕ ۞ یادمان جنگ

warmer /'wɔ:mə(r), US 'wɔ:rm-/ *noun*
(لە لێکدانا) ـگەرمکەر، گەرمێنە: *a plate warmer* ۞ ـگرم‌کن

warm front *noun*
(کەش‌ناسی) بەرەی هەوای گەرم ۞ جبهه‌ی هوای گرم

warm-hearted /ˌwɔ:m 'hɑ:tɪd/ *adjective*
دڵسۆز، دڵنەرم، بەبەزەیی، میهرەوان ۞ مهربان

warm-heartedly *adverb*
دڵسۆزانە، بە دڵنەرمی‌یەوە، میهرەوانانە ۞ با مهربانی

warm-heartedness *noun*
دڵسۆزی، دڵنەرمی، بەبەزەیی‌بوون، میهرەوانی ۞ مهربانی

warming /'wɔ:mɪŋ, US 'wɔ:rmɪŋ/ *adjective, noun*
adj گەرمکەرەوە، گەرمێنەر *n* گەرمەوەبوون، گەرمداهاتن، گەرماندن، گەرمکردن ۞ *adj* گرم‌کننده *n* گرم‌شدگی، گرم‌کنندگی

warming-pan *noun*
(جاران) مەنقەڵ، سکلدان (بۆ گەرمکردنی جێ‌خەو) ۞ منقل

warmly /'wɔ:mli, US 'wɔ:rmli/ *adverb*
بە گەرمی(یەوە)، گەرموگوڕانە ۞ بە گرمی، صمیمانه

warmonger /'wɔ:mʌŋgə(r), US 'wɔ:rm-/ *noun*
شەڕخواز، شەڕەنگێز، شەڕنەرەوە، شەڕفرۆش ۞ آدم جنگ‌طلب

warmongering *noun*
شەڕخوازی، شەڕەنگێزی، شەڕنەرەوەیی، شەڕفرۆشی ۞ جنگ‌طلبی

warm seas *noun, pl.*
ئاوە گەرمەکان ۞ آب‌های گرم

warmth /wɔ:mθ, US wɔ:rmθ/ *noun*, also warmness
1 گەرمی، گەرمایی، تین، هالاو، ئالاف، بەتینی: *The animals huddled together for warmth* 2 بەگوڕی، بەتینی، بەتاوی، بەپەرۆشی، تاسە، تامەزرۆیی، گەرموگوڕی، خۆشەویستی: *His expression lacked warmth or encouragement* 3 توندی ۞ 1 گرمی، حرارت 2 اشتیاق، صمیمت 3 شدت

warm-up *noun*
1 (وەرزش) خۆگەرمکردن، خۆنەرمکردن، مەشق(کردن)، خۆئامادەکردن: *warm-up exercises* 2 (زۆرتر بە کۆ، نافەرمی) جلی مەشق یان خۆگەرمکردن ۞ 1 نرمش، تمرین 2 (عامیانه) لباس نرمش

warmwater *noun*

ئاوە گەرمەکان ۞ آب‌های گرم

warning /'wɔ:nɪŋ, US 'wɔ:rn-/ *noun, adjective*
1 ئاگاداری، ئاگادارکردنەوە، هۆشیارکردنەوە، وریاکردنەوە، هێنانەوەسەرهۆش، هۆژداری: *he had warning of his illness* 2 هۆژداری‌دەر، ئاگادارکەرەوە ۞ 1 اخطار 2 اخطاردهنده

warning coloration *noun*
(گیانەوەرناسی) ڕەنگی ئاگادارکەرەوانە ۞ رنگ اخطارآمیز

warningly /'wɔ:nɪŋli, US 'wɔ:rn-/ *adverb*
ئاگادارکەرەوانە ۞ به طور اخطارآمیز

war of attrition *noun*
شەڕی لاوازاندن یان شەکەت‌کردن ۞ جنگ فرسایشی

war of nerves *noun, pl.*
شەڕی ورەبەرانە یان دەروونی ۞ جنگ اعصاب

war of words *noun, pl.*
شەڕەقسە، دەمەقاڵە، دمەقرە ۞ جنگ لفظی

warp /wɔ:p, US wɔ:rp/ *noun*
1 گەڕان، خواری، لاری، خواروخێچی، بادران، پێچ‌هەڵدران، پێچ، باهەڵدران 2 گوریس، کەندر، تەناف 3 ڕاهێل، ڕایەڵ، تان (بەرامبەر بە پۆ weft) 4 (خوازە) تان‌وپۆ، بنەڕەت، بنچینە، بنگەهـ 5 لادان، ڕێهەڵ‌کردن، لەڕێ‌دەرچوون، خریایی(بوون)، وەرگەڕان 6 کەمی، عەیب، کەم‌وکووڕی 7 (کۆن) نیشتوو، چینی نیشتوو ۞ 1 تاب، تاب‌خوردگی 2 طناب 3 تار 4 (مجازی) شالوده 5 انحراف 6 عیب 7 رسوب، طبقەی تەنشستە

war paint /'wɔ:peɪnt, US 'wɔ:rp-/ *noun*
1 خۆڕەنگ‌کردن بۆ شەڕ (هێندێ خێڵ و تیرە (شەڕکەرانی خێڵە سوورپێستەکان) لە پێش چوون بۆ شەڕ لە خۆیان دەساون) 2 سووروسپیاو ۞ 1 رنگ‌آمیزی جنگ 2 بزک(دوزک)

warp and woof *noun*
بنەڕەت، بنچینە، بنگەهـ خیم، تان‌وپۆ، foundation ۞ اساس، شالوده

warpath /'wɔ:pɑ:θ, US 'wɔ:rpæθ/ *noun,* pl. warpaths
1 ڕێگا(وبان)ی شەڕ، شەڕەڕێ (سوورپێستەکان) 2 (be *or* go the warpath) تووڕەبوون، ڕق‌هەستان، لەدین‌دەرچوون، کفردەرهاتن، ئامادە بۆ (تێوە گلانە) شەڕ ۞ 1 مسیر جنگی 2 عصبانی بودن

war party *noun*
1 کۆمەڵێ سوورپێستی ئامادەی شەڕ 2 پارتی یان کۆمەڵێکی ڕامیاری political شەڕخواز (یان لایەنگری لە شەڕ دەکا) ۞ وار پارتی

warped /wɔ:pt, US wɔ:rpt/ *adjective*
1 گەڕاو، باهەڵدراو، پێچ‌هەڵدراو، خوار، لار 2 نائاسایی، لاداو، خریایی، لەڕێ‌دەرچوو، ڕێ‌هەڵکردوو 3 شێواو، دەس‌کاری‌کراو، چەواشەکراو ۞ 1 تاب‌برداشته، کج 2 غیرعادی، منحرف 3 تحریف‌شده

warplane /'wɔ:pleɪn, US 'wɔ:rp-/ *noun*
فڕۆکەی شەڕکەر، فڕۆکەی جەنگی ۞ هواپیمای جنگنده

war power *noun*
هێزی شەڕ، هێزی سەربازی یان میلیتاری ۞ نیروی نظامی

warragal = warrigal

warrant /'wɒrənt, US 'wɔ:r-, 'wɑ:r-/ *noun*
1 دەستوور، فەرمان، فەروار، دەستووری نووسراو، دەستوورنامە، فەرمانی بەنووسراوە 2 حەواڵە، فیش 3 دەستووری گرتن، فەرمانی دەس‌بەسەری 4 ڕێدان، دەستوور، ئیجازە، ڕێ‌لەسەربوون 5 دەستەبەری، کەفیلی 6 بەڵگەی بەجێ یان باش (قایل‌کەر) ۞ 1 حکم، حکم کتبی 2 حواله، فیش 3 حکم بازداشت 4 اجازه 5 ضمانت 6 عذر موجه

warrantable /'wɒrəntəbl/ = justifiable

warranted *adjective*
ڕێدراو، ڕێ‌پێدراو، دەستوورلەسەر ۞ مجاز، موجه

warrantee /ˌwɒrən'ti:/ *noun*
(ماف) دەستەبەری‌گر، کەفیلی‌گر ۞ متعهدله

warrant officer *noun*
ئەفسەرێ بە پلەی مام‌ناوەندی‌یەوە لە ئەرتەش‌دا، هێزی ئاسمانی و دەریایی ئەمریکادا: *-rrant Officer Gary Owen* ۞ ستوان سوم

warrantor /'wɒrəntɔ(r)/ *noun,* also warranter
دەستەبەر، کەفیل، لەمل‌گرتوو، بەرعۆدە، بەئەستۆگر، بەڵێندەر، پێبەند، پێبەست ۞ ضامن، متعهد

warranty /'wɒrənti, US 'wɔ:r-, 'wɑ:r-/ *noun, pl.* warranties
1 دەستەبەری، پێبەندان، بەرعۆدەیی، لەمل‌گرتن، بەئەستۆگرتن، هەڵگرتنەوە: *Is the car still under warranty?* 2 نامەی دەستەبەری 3 دەسەڵات 4 ڕێدان 5 بەڵگە، دەلیل، پاساودان، خۆبەڕاندنەوە ۞ 1 ضمانت، تضمین، تعهد 2 ضمانت‌نامه 3 اختیار 4 اجازه 5 دلیل، توجیه

warren /'wɒrən, US 'wɔ:r-, 'wɑ:r-/ *noun*
1 (هەروەها rabbit warren) کونەکەرویشک، بوودڕ 2 (خوازە) هەزاربەهەزار، شلوق، پێچەڵاوپێچ: *The offices were a warren of small rooms and passages* ۞ 1 لانەی خرگوش 2 (مجازی) تودرتو

warrigal /'wɒrɪg(ə)l/ *noun, adjective,* also

warragal
n 1 سەگی دینگۆ 2 ئەسپی سرک یان نەگیراو *adj* نەگیراو، کێوی، سرک، لاور، هۆڤ ۞ *n* 1 سگ دینگو 2 اسب وحشی یا رموک *adj* وحشی

warring /'wɔ:rɪŋ/ *adjective*
1 لە شەڕدا، پێکەوەشەڕکردوو، لە حاڵی شەڕدا 2 پێکەوەنەگونجاو، پێکەوەهەڵنەکردوو، پێکەوەناکۆک، دژبەیەک ۞ 1 متخاصم 2 ناسازگار

warrior /'wɒriə(r), US 'wɔ:r-, 'wɑ:r-/ *noun*
(ب.ت. لە سەردەمانی زوودا) شەڕکەر، شەڕڤان، قارەمان، نەبەز، کۆنەسەرباز، شۆڕەشەڕکەر: *a warrior nation* ۞ جنگجو، سلحشور

warship /'wɔ:ʃip, US 'wɔ:rʃɪp/ *noun*
کەشتی شەڕکەر، کەشتی شەڕ ۞ رزمناو

wart /wɔ:t, US wɔ:rt/ *noun*
1 (پزشکی و ڕووەکناسی) بالووکە، گەنمە، ئازەخ، گرێ 2 (نافەرمی) مرۆی بێزەون یا پیس ۞ 1 زگیل، وارت 2 (عامیانه) آدم نفرت‌انگیز

wart disease *noun*
ئازار یان نەخۆشی بالووکە (هی پەتاتە) ۞ نوعی آفت

warted *adjective*
بالووکاوی، بالووکەڕێژ، بالووکەدەرکردوو ۞ زگیل‌دار

warthog /'wɔ:thɒg, US 'wɔ:rthɔ:g, -hɑ:g/ *noun*
(گیانەوەرناسی) بەرازی کێوی ئەفریکایی، بەرازی بالووکاوی [*Phacochoerus aethiopicus*] ۞ گراز وحشی افریقایی

wartime /'wɔ:taɪm, US 'wɔ:rt-/ *noun*
سەردەمی شەڕ، زەمانی شەڕ، سەروبەندی شەڕ، کاتی شەڕ: *Different rules applied in wartime* ۞ زمان جنگ

war-torn *adjective*
شەڕتیاکراو، کاولبوو ۞ جنگ‌زده

warty /'wɔ:ti, US 'wɔ:rti/ *adjective*
بالووکاوی، گەنماوی، بالووکەئاسا، شێوەبالووکە، وەک بالووکە ۞ زگیل‌دار، زگیل‌مانند

wartwort *noun*, also sun spurge
(ڕووەکناسی) شەڵواربەکوڵ، شەرواڵبەکوڵ، ترپۆکە، شەواڵەسوورە، ئاڵقەتیز [*Euphorbia helioscopia*] ۞ شیرسگ

war vessel *noun*
کەشتی شەڕ، کەشتی شەڕکەر ۞ رزمناو

war whoop *noun*
نەعرەتەی شەڕ، نەرەوگوڕەی شەڕ (لای سوورپێستەکان) ۞ نعره‌ی جنگ

war widow *noun*
بێوەی شەڕ، بێوەژنی شەڕ (ژنێ کە مێردەکەی لە شەڕا کوژرابێ) ۞ بیوه‌ی جنگ

wary /'weəri, US 'weri/ *adjective* (warier, wariest)
ئاگادار، هۆشیار، قایمکار، وریا، ترسلەدڵ، نگەران، هۆشیارانە: *He gave her a wary look* ۞ مواظب، احتیاط‌کار، محتاطانه

war zone *noun*
ناوچەی شەڕ، مەڵبەندی شەڕ (کە ئێستا خەریکە شەڕی تیادەکرێ) ۞ منطقه‌ی جنگی

was /wɒz, wɒz, US wɑ:z/ = first and third person singular past of be

wasabi /wə'sɑ:bi/ *noun*
جۆرێ گیای ڕەگسەوزی ئەستووری ژاپۆنی، بۆ چێشت بەکاردێتری [*Eutrema wasabi*] ۞ نوعی گیاه

wash /wɒʃ, US wɑ:ʃ, wɔ:ʃ/ *noun*
1 (بە ئاو، سابوون و هتد) شتن، شواردن، شوشتن، خاوێنکردنەوە 2 جلوبەرگی شوراو، جلی شوراو 3 جلی چڵکن، بالاف 4 (دەنگی) ڕۆیشتنی ئاو یان تەوژمی هەوا (ب.ت. لە دواوەی کەشتی و فڕۆکە)، شەپۆل 5 (وێنەکێشی) ڕەنگاو، کفت، توێژاڵێکی ڕەنگ، توێی ناسکی ڕەنگ، توێژاڵکەڕەنگ (کە ئەودیو دیار بێ) 6 ناسکەسواخ 7 تیغە یان دەمی سەوڵ 8 نیشتن، نیشتە (زیخ و لیتە) ۞ 1 شستشو 2 لباسهای شسته 3 رختهای چرک 4 (صدای) جریان آب یا هوا، امواج 5 رنگابه 6 اندود رقیق 7 تیغه‌ی پارو 8 رسوب

washable /'wɒʃəbl, US 'wɑ:ʃ-, 'wɔ:ʃ-/ *adjective*
لەشتنهاتوو، دەشۆرێ، شوشتەنی، شتەنی: *machine washable* ۞ قابل شستشو، شستنی

wash and wear *noun*
بیشۆ و لەبەریکە (توتوی ناوێ) ۞ بشور و بپوش

washbag /'wɒʃbæg, US 'wɑ:ʃ-, 'wɔ:ʃ-/ = sponge bag, toilet bag

washbasin /'wɒʃbeɪsn, US 'wɑ:ʃ-, 'wɔ:ʃ-/ *noun*, also washbowl
کاسەی دەسشۆری، دەسشۆرگەی دیواری، کاسە یان تەشتی دیواری ۞ کاسه‌ی دستشویی

washboard /'wɒʃbɔ:d, US 'wɑ:ʃbɔ:rd, 'wɔ:ʃ-/ *noun*
1 (جاران) تەختەی شیووکوڵ یان شتن 2 (ئەمریکا) ڕێگای ئاوەشۆر (ناڕێک) ۞ 1 تخته‌ی رخت‌شویی 2 واش‌بورد

washcloth /'wɒʃklɒθ, US 'wɑ:ʃklɔ:θ, 'wɔ:ʃ-/ *noun*, also face-cloth
لفکە ۞ لیف

washday /'wɒʃdeɪ, US 'wɑ:ʃ-, 'wɔ:ʃ-/ *noun*
(جاران) ڕۆژی شیووکوڵ ۞ روز رخت‌شویی

wash drawing *noun*
1 ڕەنگاوکێشی، کێشانەوە بە ڕەنگاو 2 وێنەی ڕەنگاوکێش ۞ 1 نقاشی رنگابه 2 تصویر رنگابه‌ای

washed out *adjective*
1 کاڵەوەبوو، ڕەنگڕۆیشتوو، ڕەنگ‌ورووی(پێوە)نەماو: *a pair of washed-out old jeans* 2 زەردهەڵگەڕاو، ڕەنگ‌بەرپو، پێچوو، تێکچوو، لەپێکەوتوو، ماندوو ۞ 1 رنگ و رو رفته 2 رنگ‌پریده، ازپاافتاده

washed up *adjective*
بەسەرچوو، تەواوبوو، لێوەبوو، فاتیحاخوێنراو، بەحەو ئاوشۆراو: *Her singing career was all wshed up by the time she was 27* ۞ بەسرآمده

washer /ˈwɒʃə(r), US ˈwɑːʃ-, ˈwɔːʃ-/ *noun*
1 دەزگای جل‌شتن (جل‌شۆر)، جل‌شۆرە 2 بەرجەپ، بەڕیچ، پووڵەکە 3 (ئەوستراليا) = face-cloth ۞ 1 ماشین لباس‌شویی 2 واشر

washerwoman /ˈwɒʃəwʊmən, US ˈwɑːʃər-, ˈwɔːʃər-/ *noun, pl.* washerwomen
ژنی جل‌شۆر، جل‌شۆر ۞ زن رخت‌شور

washeteria = launderette

wash-hand-basin = washbasin

washing /ˈwɒʃɪŋ, US ˈwɑːʃ-, ˈwɔːʃ-/ *noun*
1 شتن، شواردن، شۆردن، شوشتن، شیو، شیووکوڵ 2 جلی شۆراو، جلی چڵکن: *a pile of dirty washing* ۞ 1 شستشو 2 لباس‌های شسته یا چرک

washing machine *noun*
دەزگای جل‌شتن یا جل‌شۆر، جل‌شۆر، جل‌شۆرک، دەزگای شیووکوڵ ۞ ماشین لباس‌شویی

washing powder *noun*
گەردە یان هاڕاوەی جل‌شتن ۞ پودر لباس‌شویی

washing soda = sodium carbonate

washing-up /ˌwɒʃɪŋ ˈʌp, US ˈwɔː-/ *noun*
1 شتنی قاپ‌وکەوچک، قاپ‌شۆری، قاپ‌شتن 2 قاپ‌وکەوچکی نەشۆراو، هێرباری پیس ۞ 1 عمل شستن ظرف‌ها 2 ظروف نشسته

washing-up liquid *noun*
کەفاوی قاپ‌شۆری یان قاپ‌شتن، شلە یان سابووناوی قاپ‌شتن ۞ مایع ظرف‌شویی

washing-up machine *noun*
دەزگای قاپ‌شۆری یان قاپ‌شتن، قاپ‌شۆرە ۞ ماشین ظرف‌شویی

washland *noun*
زەوی بەرلافاو، زەوی سێلاوگرتوو ۞ زمین سیلاب‌گیر

wash leather /ˈwɒʃ leðə(r)/ *noun*
تیمانج، کودەری، تیماج یان شتێکی وا ۞ تیماج یا از این قبیل

washout /ˈwɒʃaʊt, US ˈwɑːʃ-, ˈwɔːʃ-/ *noun*
1 (نافەرمی) تێشکانی (بە)یەکجاری، مایەی ئابڕووچوون، سەرنەکەوتوو، کەوتوو 2 داشۆران، ئاوەشۆر، باران‌شۆر، ئاوەسوویی، لەئاوچوویی 3 کەلێن و کەلەبەری ڕێگا بە هۆی لافاوەوە ۞ 1 شکست کامل، رفوزه 2 آب‌بردگی 3 واش‌اوت

washrag = face-cloth

washroom /ˈwɒʃruːm, US -rʊm, ˈwɑːʃ-, ˈwɔːʃ-/ *noun*
دەس‌بەئاو، دەستاو، ئاودەس‌خانە ۞ توالت، دست‌شویی

washstand /ˈwɒʃstænd, US ˈwɑːʃ-, ˈwɔːʃ-/ *noun*
(جاران) مێزێ بە تەشت یان تاسەیێ لەسەری بۆ دەم‌وچاوشتن ۞ کمد دست‌شویی

wash-tub /ˈwɒʃtʌb, US ˈwɑːʃ-, ˈwɔːʃ-/ *noun*
(جاران) تەشتی شیووکوڵ (ب.ت. لە دار) ۞ تشت رخت‌شویی

washwoman = washerwoman

washy /ˈwɒʃɪ/ *adjective* (washier, washiest)
1 کاڵەوەبوو، ڕەنگ‌ڕۆیشتوو، لەئاوچوو 2 تراو، زەرکاو، کاڵ، بێ‌ڕەنگ، ئاوەکی 3 ڕەنگ‌بەرپو، ڕەنگ‌هەڵبرووسقاو، تێکچوو 4 بێ‌ڕەنگ، بێ‌گیان، بێ‌هێز، مردەڵە ۞ 1 رنگ ور رفته 2 رقیق 3 رنگ‌پریده 4 بی‌روح

wasn't /ˈwɒznt, US ˈwʌznt/ = was not

wasp /wɒsp, US wɑːsp, wɔːsp/ *noun*
1 هەنگەژاڵە، زەرەواڵە، ئەستێگ، سوورەمۆزە، سێرەمۆزە [*Vespula*، *Polistes* و تۆخمەکانی تر] 2 جۆرێ مێرووی پەردەباڵی hymenopterous کۆمەڵێکی بەربلاو، شێوەی هەنگەژاڵە دەدا ۞ زنبور

WASP /wɒsp, US wɑːsp, wɔːsp/ *abbreviation* White Anglo-Saxon Protestant, also Wasp
واسپ (= پرۆتێستانتە سپی‌پێستەکانی ئەمریکایی بەرەچەڵەک (باکووری) ئەورووپایی (کە وەکوو بەهێزترین گرووپی کۆمەڵایەتی چاولێ‌دەکرێن) ۞ واسپ

waspish /ˈwɒspɪʃ, US ˈwɑːs-, ˈwɔːs-/ *adjective*
1 تاڵ، ناخۆش، پڕژان، زمان‌شڕ، دەم‌پیس، جنێوفرۆش، زمان‌نارەحەت، بەتەشەر 2 بەدخولک، رووناخۆش، سەرتوند، توند، زووتووڕە، بەدخوو: *waspish temper* ۞ 1 گزنده، بدزبان 2 بدخلق، بدخو

waspishly /ˈwɒspɪʃlɪ, US ˈwɑːs-, ˈwɔːs-/ *adverb*
بەدخولکانە، بەدخووانە ۞ با بدخلقی

waspishness /ˈwɒspɪʃnəs, US ˈwɑːs-, ˈwɔːs-/ *noun*
1 تاڵی، ناخۆشی، بەزانی، بەتەشەری، تەشەرخەری 2 بەدخولکی، سەرتوندی، توندی، بەدخوویی ◌ 1 گزندگی 2 بدخلقی

wasp waist *noun*
نێوقەدباریکی، کەمەرباریکی، نێوقەدزراڤی (*adj* wasp-waisted: (ژن) نێوقەدباریک، کەمەرباریک، نێوقەدزراڤ) ◌ کمرباریکی

wassail /ˈwɒseɪl, US ˈwɑːs-/ *noun*
1 (کۆن، ب.ت. لە کریسمەسدا) خواردن و خواردنەوە 2 جۆری ئاوجۆی تیژ یان مەی گەرم و بە مەزەوە، لە ڕێوڕەسمی شەوی دوازدەیەم و شەوی کریسمەس دەخورێتەوە ◌ 1 میگساری 2 واسالی

wassailer *noun*
ئارەقخۆر، مەیخۆر، ڕابوێر، خۆشگوزەران ◌ میگسار، عیاش

Wassermann test *noun*, also Wassermann reaction
ئازمایشتی واسێرمەن، جۆری تاقیکردنەوە یان ئازمایشت بۆ دەسنیشانکردنی فەرەنگی syphilis (لە ناوی August von *Wassermann*) ◌ آزمایش واسرمن

wast /wɒst, wəst/ = archaic or dialect second person singular past of be

wastage /ˈweɪstɪdʒ/ *noun*
1 بەفیڕۆچوون، بەزایەچوون، زایەبوون، خەساربوون، خراپبوون، نیفت، ئەو شتانەی کەوا خەساربوون، خەسارە، خەسارەمەنی، زایەمەنی، خراپی، فیڕۆمەنی 2 کەمبوونەوە 3 کەمبوونەوە یان داشکانی هێزی کار ◌ 1 اتلاف، ضایعات 2 کاهش 3 کاهش نیروی انسانی

waste /weɪst/ *adjective, noun*
1 *adj* بوورە، دەهم، بایەر، بەیار، نەکێڵراو 2 بێکارە، بەکارنەهاتوو، زیادی 1 *n* خەسارکردن، بە هەدەردان، بەفیڕۆدان، زایەکردن، خراپکردن، بەبادادان 2 پاشماوە، پاشەڕۆ، بەرماوە: *the frozen -tes of Siberia* 3 زەوی بوورە، زەوی بێخێرە، زەوی نەکێڵراو و بێبەرهەم ◌ 1 *adj* بایر 2 باطله 1 *n* اتلاف 2 فضولات 3 زمین بایر

wastebasket /ˈweɪstbɑːskɪt, US -bæs-/ = wastepaper basket

waste-bin = wastepaper basket

wasted /ˈweɪstɪd/ *adjective*
1 بەفیڕۆچوو، خەساربوو، لەخەسارگەڕاو، بەهەدەردراو، خراپکراو، زایەبوو، بەبادادراو 2 بێقازانج، بێهوودە، لەخۆڕایی، ناپێویست، بێئەنجام، بێبەرهەم 3 پێچوو، لاواز، کز 4 کەلەلا، مەستی مەست ◌ 1 تلفشده، ضایعشده 2 بیفایده، بینتیجه 3 تحلیلرفته 4 پاتیل

waste disposal unit *noun*, also waste disposal or garbage disposal
دەزگای (تێک)هاڕینی زبڵوزاڵ (لە چێشتخانەدا) ◌ دستگاه انهدام زباله

wasteful /ˈweɪstfl/ *adjective*
دەسبڵاو، عەبلەخەرج، باڵانی، دەسباد، دەسقلپ، عەبلەخەرجانە (wastefulness /ˈweɪstflnəs/ *n*: دەسبڵاوی، عەبلەخەرجی، تەخشانوپەخشان، دەسپێوەنەگرتن) ◌ مسرف، ولخرج، مسرفانه

wastefully /-fəli/ *adverb*
دەسبڵاوانە، عەبلەخەرجانە ◌ مسرفانه

waste ground *noun*
زەوی بێخێرە، بوورەزەوی، زەوی بوورە ◌ زمین بایر

wasteland /ˈweɪstlænd/ *noun*
1 زەوی بوورە (بێخێرە)، وشکارۆ: *industrial -teland* 2 (خوازە) شتی بێئەنجام (بێبەرهەم) ◌ 1 زمین بایر 2 (مجازی) چیز بیحاصل

waste paper *noun*
کاغزی بێکارە یان بێخێرە، کاغزی بەکارنەهاتوو ◌ کاغذ باطله

wastepaper basket *noun*
سەتڵ یان قرتاڵەی کاغزی بێکارە (بێخێرە) ◌ سطل کاغذ باطله

waste pipe *noun*
لوولەی پاشەڕۆ، بۆری یان لوولەی ئاوەڕۆ ◌ لولەی فاضلاب

waste products *noun, pl.*
بەرماوە، پاشماوە، پاشەڕۆ ◌ فضولات

waster /ˈweɪstə(r)/ *noun*
1 کەسێکی بێکارە، بنیادەمی بێخێرە، مرۆی بەکارنەهاتوو: *He's a time-waster* 2 مرۆی دەسبڵاو، باڵانی، دەسشاش 3 (لە لێکدانا) خەسارکەر، زایەکەر، بەفیڕۆدەر، هەدەردەر، بەبادادەر ◌ 1 آدم عاطل و باطل 4 آدم ولخرج 3 (در ترکیب) ضایعکننده، تلفکننده

wasting /ˈweɪstɪŋ/ *adjective*
(نەخۆشی) پێچوێنەر، پووکێنەر، لەبنهێنەر، کزێنەر، لاوازکەر، هێزچن: *wasting diseases such as tuberculosis* ◌ تحلیلبرنده

wasting disease *noun*, also wasting illness
نەخۆشی پێچوێنەر یان هێزلێبڕ ◌ بیماری تحلیلبرنده

wastrel /ˈweɪstrəl/ *noun*
1 (وێژەیی) مرۆی لەشگران، تەپلۆس، بێکارە، بێخێرە 2 مرۆی دەسبڵاو ◌ 1 آدم تنبل 2 آدم ولخرج

watch /wɒtʃ, US wɑːtʃ, wɔːtʃ/ *noun*
1 چاودێری، چاوبەسەرەوەبوون، پاس، بەدیارەوەبوون، ئاگاداری، پاسەوانی، ئێشک،

کیشک 2 شەوگەڕ، کیشکدێر، ئێشکگر، داروغە، پاسەوان، نۆبەدار، چاودێر، ئاگادار 3 سەعات، کاتژمێر (چ هی دەس یان هی گیرفان) ◇ 1 مراقبت، حراست، کشیکچی 2 مراقب 3 ساعت

watchband /'wɒtʃəbl, US 'wɑ:tʃ-, 'wɔ:tʃ-/ *noun*
دەزبەن یان دەسبەندی سەعات، کۆستەک ◇ بند ساعت

watch cap *noun*
جۆرێ کڵاوی چنراوی تەنگ، مەلەوانەکان لە هەوای ساردا دەیکەنەسەر ◇ نوعی کلاه

watch-chain *noun*
زنجیری سەعات یان کاتژمێر ◇ زنجیر ساعت

watchdog /'wɒtʃdɒg, US 'wɑ:tʃdɔ:g, 'wɔ:tʃ-/ *noun*
1 سەگی نۆبەداری یان چاودێری، شەولەبان، سەگی پاس(ەوانی) 2 (کەس یان ڕێکخراوەیی) چاودێر، پارێزەر، پاسەوان (هێندێ لە ڕێکخراوەکان بریتین لە: National Lottery Commission، Ofgem (بەتەواوی Office of Gas and Electricity Markets)، Ofcom (بە تەواوی the Office of Communications) و Ofwat (بە تەواوی the Office of Water Services) ◇ 1 سگ نگهبان 2 ناظر، پاسدار

watcher /'wɒtʃə(r), US 'wɑ:tʃ-, 'wɔ:tʃ-/ *noun*
چاودێر، زێرەڤان، چاولێکەر، تەماشاوان، بینەر ◇ ناظر، تماشاگر

watch fire *noun*, also watchfire
ئاگری نۆبەداری یان پاسەوانی، ئاوری کیشکدان ◇ آتش نگهبانی

watchful /'wɒtʃfl, US 'wɑ:tʃ-, 'wɔ:tʃ-/ *adjective*
گوێقوڵاخ، چاوکراوە، لەسەرهەست، هۆشیار، ئاگادار، وریا، زیت: *Her expression was watchful and alert* ◇ مترصد، مراقب

watchfully /-fəli/ *adverb*
ئاگادارانە، گوێقوڵاخانە، وشیارانە ◇ گوش بە زنگ

watchfulness /'wɒtʃflnəs, US 'wɑ:tʃnəs, 'wɔ:tʃnəs/ *noun*
گوێقوڵاخی، ئاگاداری، چاوکراوەیی، لەسەرهەستبوون، وشیاری، وریایی، زیتی ◇ گوش به زنگ بودن، مراقبت

watch glass *noun*
شووشەی سەعات ◇ شیشەی ساعت

watch guard *noun*
زنجیری سەعات، قەیتانی سەعات ◇ زنجیر ساعت

watching brief *noun*
چاودێری، زێرەڤانی ◇ نظارت

watchmaker /'wɒtʃmeɪkə(r), US 'wɑ:tʃ-, 'wɔ:tʃ-/ *noun*
سەعاتساز، وەستای سەعات یان کاتژمێر ◇ ساعتساز

watchmaking /'wɒtʃmeɪkɪŋ, US 'wɑ:tʃ-, 'wɔ:tʃ-/ *noun*
سەعاتسازی ◇ ساعتسازی

watchman /'wɒtʃmən, US 'wɑ:tʃ-, 'wɔ:tʃ-/ *noun, pl.* watchmen
نۆبەدار، کیشکچی، کیشکدێر، دیدەوان، پاسەوان، ئێشکگر، پاوان، وەردیان، سەگمان، ئێشکچی، ئاگاوان (لە شوێنێ) ◇ نگهبان

watch night *noun*
1 شەوی سەری ساڵی نوێ 2 ڕێوڕەسمی شەوی سەری ساڵی نوێ ◇ 1 شب سال نو 2 مراسم شب سال نو

watch-night service *noun*
(دینی) ڕێوڕەسمی شەوی سەرساڵی نوێ ◇ مراسم شب سال نو

watch spring *noun*
شازەمبەلەک یان شافەنەری سەعات ◇ شاەفنر ساعت

watchstrap *noun*
دەزبەندی سەعات ◇ بند ساعت

watchtower /'wɒtʃtaʊə(r), US 'wɑ:tʃ-, 'wɔ:tʃ-/ *noun*
برج یا کەلووی چاودێری، چاودێرگە، کەلووی دیدەوانی ◇ برج مراقبت

watchword /'wɒtʃwɜ:d, US 'wɑ:tʃwɜ:rd, 'wɔ:tʃ-/ *noun*
1 نێوی شەو، پەسوۆرد 2 (خوازە) دروشم ◇ 1 اسم رمز 2 (مجازی) شعار

water /'wɔ:tə(r), US 'wɑ:t-/ *noun*
1 ئاو، ئاڤ: *water pollution* 2 دەریا، ڕووبار، چۆم، گۆم 3 هەڵکشان و داکشانی ئاو ◇ 1 آب 2 دریا، رود، دریاچه 3 جزر و مد، کشند

water animal *noun*
گیانەوەری ئاوی ◇ جانور آبزی

water bailiff *noun*
(مێژوویی) ئەفسەری گومرک (لە بەندەر) ◇ افسر گمرک

water ballet *noun*
باڵەی ئاوی، باڵەی سەرئاو ◇ بالەی آبی

water-based *adjective*
1 لەسەر بنەمای ئاو، ئاوبنەما 2 ئاوی، لەنێو ئاوا دەکرێ (وەرزش) ◇ 1 بر مبنای آب 2 آبی

waterbed /'wɔ:təbed, US 'wɔ:tərb-, 'wɑ:t-/ *adjective*
دۆشەکی ئاوی، تەختەخەوی ئاوی، دۆشەکی جیر ◇ تشک آبی

water bird *noun*
باڵندەی ئاوی، پەلەوەری ئاوی، مەلی ئاوی ◇

پرندەی آبی

water-biscuit *noun*
غورابی ئاوی (= شیرین نییە و زۆرتر لەگەڵ نانی بەیانی دەخورێ) ◌ بیسکویت صبحانە

water blinks = blinks

water bloom = bloom

water-borne /'wɔ:tə bɔ:n/ *adjective*
ئاوی، هەڵگیراو بە رێگای دەریاوە، راگوێزراو بە رێگای ئاوەوە: *cholera and other –er- borne diseases* ◌ آبی، حمل‌شده از راه دریا

water-bottle *noun*
قومقومە، مەتارە، ئافدەف، بوتڵی ئاو، شووشەی ئاو ◌ قمقمە، بطری آب

waterbuck *noun*
جۆرێ ئاسکی زلەی ئەفریکایی، لە نزیک رووبار و گۆماوەکانی ساڤانا savannah [*Kobus ellipsiprymnus*] ◌ نوعی آهو

water buffalo *noun*
گامێشی ئاوی، گامێش یان بوفالوی هیندی [*Bubalus bubalus* (ماڵی) و *B. arnee* (تراوە کێوییەکەی)] ◌ بوفالوی هندی

water bug *noun*
جانەوەر یا جووجەی ئاوی، مێرووچکەی ئاوی، لە خێزانی Belostomatidae ◌ ساس آبی

water-bus *noun*
گەمی چۆم، لەبەمی رووبار، لۆتکەی چۆم ◌ قایق رودخانەای

water butt *noun*
بەرمیلی باراناو، کۆس یان بۆشکەی ئاوی باران ◌ بشکەی آب باران

water calla = bog arum

water cannon *noun*
(لە خۆپیشاندانەکاندا) دەزگای ئاوپرژاندن، دەزگای ئاوبەرژێن یان ئاوپژێن، دەزگای ئاوپیاکردن ◌ ماشین آب‌فشان

water caltrop = water chestnut

water-carrier *noun*
ئاوکێش، ئاوبەر، ئاوهەڵگر ◌ سقا

water chestnut *noun*
شابەرووی ئاوی، کەستانەی ئاوی [*Trapa natans*] ◌ شاه‌بلوط آبی

water chinquapin *noun*
زەمبەقی ئاوی ئەمریکایی [*Nelumbo lutea*] ◌ زنبق آبی امریکایی

water clock *noun*
(مێژوویی) سەعات یان کاتژمێری ئاوی ◌ ساعت آبی

water closet *noun, abbreviation* WC
دەس‌بەئاو، ئاودەس‌خانە، مستەراح، دەستاو، ئافرێژ، کەناراو ◌ توالت

watercolour /'wɔ:təkʌlə(r), US 'wɔ:tərk-, 'wɑ:t-/ *noun*, US -color
1 رەنگاو 2 وێنەی رەنگاو، کێشانەوە بە رەنگاو، رەنگاوکێشی 3 هونەری کێشانەوە بە رەنگاو ◌ 1 آب‌رنگ 2 تصویر یا نقاشی آب‌رنگ 3 هنر نقاشی با آب‌رنگ

watercolourist /'wɔ:təkʌlərɪst, US 'wɔ:tər-/ *noun*
رەنگاوکێش، وێنەکێشی رەنگاو، وێنەکێش بە رەنگی ئاوی ◌ نقاش آب‌رنگ

water-cooled *adjective*
(دەزگا و شتی وا) فێنکەوەبوو بە ئاو، بە ئاو ساردەوەبوو یان فێنکەوەبوو ◌ خنک‌شونده با آب

water cooler *noun*
ئاوسارکەر، دەزگای ئاوساردکردن ◌ آب‌سردکن

watercourse /'wɔ:təkɔ:s, US 'wɔ:tərkɔ:rs, 'wɑ:t-/ *noun*
1 ئاوەڕۆ، کەنداو، ئاوەڕێ 2 جۆگە، زێ، جۆمەڵ 3 کاناڵ 4 رووبار، چۆم ◌ 1 آب‌راه 2 نهر 3 کانال 4 مسیل رودخانە

watercraft /'wɔ:təkrɑ:ft/ *noun*
گەمی، لۆتکە، بەلەم ◌ قایق

watercress /'wɔ:təkres, US 'wɔ:tərk-, 'wɑ:t-/ *noun*
(رووەکناسی) تەرەتێزەی ئاوی، کووزەڵە، تویزەڵە، کێزەکە، گیاکووز، بەرگەمێ [*Nasturtium officinale*] ◌ شاهی آبی

water cure *noun*
(مێژوویی) چارەسەرکردن بە ئاو ◌ آب‌درمانی

water cycle *noun*, also hydrologic cycle
سووڕی ئاو ◌ چرخەی آب

water distributer *noun*
میراو، میراف، کەراخ ◌ میراب

water diviner *noun*
کەسێ کە بە dowsing rod لە ئاو دەگەڕێ ◌ واتر دیوینر

water drum *noun*
1 (سوورپێستەکان) تەپڵ یان دەهۆڵی ئاوی (بەشێکی پڕ دەکرێ لە ئاو تا دانگەکەی pitch میزان بکرێ) 2 (لە ئەفریکای رۆژاوا) دەهۆڵی ئاوی: ئامێرێکە بە جام یان کوولەکە دەکوترێ ◌ طبل آبی

watered-down *adjective*
1 لاوازتر، بێ‌هێزتر، داشکاوتر، نەرمتر، بێ‌برشتتر 2 تراوکراو، ئاوتێکراو 3 ئاوەکی، تراو ◌ 1 ضعیف‌تر 2 رقیق‌شده 3 رقیق

watered silk *noun*
پارچەی هەوریشمی (ورشن) بە نەخشی شەپۆلاوییەوە (دەڵێی ئاوە شەپۆلی تیا دەدا) ◌ پارچەی ابریشمی موج‌دار

waterfall /'wɔ:təfɔ:l, US 'wɔ:tərf-, 'wɑ:t-/ *noun*

هەڵدێر، تافگە، سۆرک، سەروەشێن، سۆلاف ⬡ آبشار

waterflea = daphnia

waterfowl /ˈwɔːtəfaʊl, US ˈwɔːtərf-, ˈwɑːt-/ *noun, pl.*
باڵندە(کان)ی ئاوی، پەلەوەری ئاوی، مەلی ئاوی، مراوی ⬡ مرغ(های) آبزی، مرغابی

waterfront /ˈwɔːtəfrʌnt, US ˈwɔːtərf-, ˈwɑːt-/ *noun*
کەنار، گوێئاو، دەمئاو، قەراخ ئاو، لێواری ئاو ⬡ ساحل

water gas *noun*
گازی ئاو، گازاو ⬡ گاز آب

watergate *noun*
ئاوگرەوە (رووبار، دەریا یان گۆماوێ) ⬡ دریچەی آب

watergauge *noun*
قووڵایی‌پێوی ئاو ⬡ عمق‌سنج آب

water hemlock = cowbane

waterhen *noun*
1 رەشبەش، گامارۆ یان باڵندەیێکی وا coot 2 ی ئەمریکایی [*Fulica americana*] ⬡ 1 چنگر 2 واترهن

waterhole /ˈwɔːtəhəʊl, US ˈwɔːtərhoul, ˈwɑːt-/ *noun*
گۆلاو، قووڵکاو، گۆل ⬡ چالاب

water hyacinth *noun*
سملی ئاوی، گیایێکی سەرئاوکەوتووی ئازادی گەرمێنانی ئەمریکا، جاروبار بۆ جوانی و لە هێندێ شوێنیشدا بژارێکی چری ئاوەڕێکانە [*Eichhornia crassipes*] ⬡ سنبل آبی

water ice = sorbet

watering can *noun*. also watering pot /ˈwɔːtərɪŋ pɒt/
ئاوپرژێن، ئاوپژێن ⬡ آب‌پاش

watering hole *noun*
1 (ئاخەرمی) مەکۆ یا شوێنی ئارەق‌خواردنەوە 2 (عامیانە) پاتوق عرق‌خوری، بار ⬡ water hole =

watering place *noun*
1 گەڕاو 2 = water hole ⬡ چشمەی آب معدنی

watering-trough *noun*
کۆل، داردینک، ئاوەخۆرە ⬡ آبشخور

waterish = watery

water jacket *noun*
سنووقی ئاو، ئاودان ⬡ صندوق آب

water jump *noun*
(پێشبڕکێ، ئەسپ‌سواری و...) چالاو، کۆسپی ئاوی، قولکەئاو ⬡ مانع آبی

waterless /ˈwɔːtələs, US ˈwɔːtərləs, ˈwɑːt-/ *adjective*
بێ‌ئاو، وشک، برینگ، بەژ: *a waterless* ⬡ *barren region* بی‌آب

water level /ˈwɔːtə levl/ *noun*
1 ئاستی ئاو، ڕێکی ئاو 2 = water table ⬡ سطح آب

water lily *noun*
لاولاوەی ئاوی، لیلوپەری ئاوی، نیلووفەری ئاوی [خێزان Nymphaeaceae: زۆر جۆرن] ⬡ نیلوفر آبی

waterline /ˈwɔːtəlaɪn, US ˈwɔːtərl-, ˈwɑːt-/ *noun*
1 هێڵی ئاو، هێلاو، هێڵی ئاوگرتن، لەئاوچووی کەشتی 2 نەخشی بنەوەی هێڵ‌هێڵی کاغەز ⬡ 1 خط آب 2 واترلاین

waterlogged /ˈwɔːtəlɒgd, US ˈwɔːtərlɔːgd, ˈwɑːt-, -lɑːgd/ *adjective*
1 (زەوی) تێراو، (پەلەداو)، پاراو، ئاوبەسەرداکشاو، خووساو: *They couldn't play because the pitch was -gged* 2 (گەمی و هتد) پڕلەئاو، ئاوداگرتوو، رووڵەقلپ‌بوونەوە ⬡ 1 سیراب 2 (قایق) آب‌گرفته

waterlogged ground *noun*
زەوی پاراو یا تێراو، کەشاوکراو ⬡ زمین سیراب

Waterloo /ˌwɔːtəˈluː, US ˌwɔːtərˈluː, ˈwɑːt-/ *noun*, usu. meet one's Waterloo
تێشکانی بەتەواوی، شکستی سەخت، بەزینی بەیەکجاری: *a political waterloo* (بنەڕەت: لە *Waterloo*، دێیێک کە ئێستا لە بێلژیکە، شوێنی شەڕێ لە (18 ژوئەنی) 1815 کە ناپلیۆن سەرەنجام لە بریتانیایی‌یەکان بە ڕێبەرایەتی دووکی ویلینگتۆن شکستی خوارد (ویلینگتۆنیش وەک قارەمانی نیشتمانی لێهات). ئەمە دوایین شەڕ لە جەنگەکانی ناپلیۆنی بوو) ⬡ شکست کامل

water main *noun*
شالوولە، شابۆری، سەرلوولە، شالوولەی ئاو ⬡ لولەی اصلی

waterman /ˈwɔːtəmən/ *noun, pl.* watermen
گەمی‌یەوان، بەلەمچی، لۆتکەئاژۆ ⬡ قایقران

watermanship *noun*
گەمی‌یەوانی، بەلەمەوانی ⬡ قایقرانی

watermark /ˈwɔːtəmɑːk, US ˈwɔːtərmɑːrk, ˈwɑːt-/ *noun*
1 هێڵ یان نیشانەی ئاو (ب.ت. بۆ هەڵکێشان و داکشانی ئاو) 2 (کاغەز، چەکی بانکی و هتد) نەخشی بنەوە (تەنیا بە دانەبەر ڕووناکی دەبینرێ) ⬡ 1 علامت یا خط آب 2 (کاغذ، چک و...) تەنقش

water meadow / *noun*
مێرگی دەم‌چۆم، گیاجاڕی گوێی چۆم یان چەم، چیمەنی قەراخ چۆم ⬡ چمن‌زار حاشیەی رودخانە

water measurer *noun*
جۆرێ bug ئاوی درێژ و بارێک، کە ئارام

لەسەر تویژاڵێکی ئاوا دەڕوا [تــوخم *Hydrometra*: چەندین جۆرن] ۞ نوعی ساس

watermelon /ˈwɔːtəmelən, US ˈwɔːtərm-, ˈwɑːt-/ *noun*
شووتی، هەنی، شفتی، جەبەژ (*Citrullus lanatus*) ۞ هندوانه

water meter *noun*
ئاوپێو ۞ آب‌سنج

watermill /ˈwɔːtəmɪl, US ˈwɔːtərm-, ˈwɑːt-/ *noun*
ئاشی ئاو، ئاسیاو ۞ آسیای آبی

water moccasin *noun*, also cottonmouth
ماری موکاسین (جۆرێ کولەوەیباب) ۞ مار موکاسین

water nymph *noun*
پەری ئاو(ی) یان دەریایی، خێوی ئاو، خێوی زەریا ۞ حوری آبی یا دریایی

water opossum = yapok

water ouzel = dipper1

water ox = water buffalo

water parting *noun*
دیواری ئاوی، بەربەستی ئاوی (دوو چۆم لێک جیادەکاتەوە) ۞ دیوار آبی

water pepper *noun*
(رووەکناسی) بیباری ئاوی، خێزانی dock و جۆرە *Polygonum hydropiper*] پیوەندیدارەکان] ۞ فلفل آبی

water pipe *noun*, also hookah
1 لوولە یان بۆری ئاو، لوولاو، ئاوەڕۆ، بەلوعە 2 قلیان، نێرگەلە ۞ 1 لولەی آب 2 قلیان

water pistol *noun*
دەمانچەی ئاوپرژێن یان ئاوی (منالان) ۞ هفت‌تیر آب‌پاش

water plant *noun*
گیای ئاوی، رووەکی ئاوی ۞ گیاه آبی یا آب‌زی

water polo *noun*
واتێرپۆلۆ، توپێنی سەرئاو ۞ واترپولو

water power *noun*
هێزی ئاو، هێزاو (بۆ خستنەکاری دەزگا و ژێنراتۆرەکان) ۞ نیروی آبی

waterproof /ˈwɔːtəpruːf, US ˈwɔːtərp-, ˈwɑːt-/ *adjective, noun*
adj ئاوی، ئاودانەدەر، ئاوگیرەوە: *waterproof n a waterproof camera ◊ clothing* جلی ئاوی یان بارانی ۞ *adj* ضد آب *n* لباس بارانی

waterproof coat *noun*
میتوینە ۞ کت واترپروف

waterproofness *noun*
ئاوی‌بوون، ئاودانەدەری، ئاوگیرەوەیی ۞ ضد آب بودن

water purslane *noun*
پەلپینە یان پرپرەی ئاوی، رووەکێکی خشۆکی زنە(لانە)کان و شوێنە رووتەنەکان [*Lythrum portula*] ۞ خرفەی آبی

water rat *noun*, also water vole
مشکی ئاوی، کرتێنەرێکی مشک‌ئاسای نیوئاوی گەورە [*Hydromys* (ئەوسترالاسیا) و توخمەکانی تر] ۞ موش آبی

water rates *noun, pl.*
ئاوبایی، پارەی ئاو، حەقی ئاو ۞ آب‌بها

water-repellant *adjective*
ئاوگیرەوە، ئاودوورخەرە، ئاوبەرێن ۞ دافع آب

water-resistance *noun*
ئاوگیرەوەیی، ئاوتێنەچوویی، ئاوبەرگری ۞ مقاومت در برابر آب

water-resistant *adjective*
ئاوگیرەوە، ئاوتێنەچوو، ئاوبەرگر ۞ مقاوم در برابر آب

water right *noun*
ئاوانە، حەقاو، مافاو، ماف یان حەقی بەکارهێنانی ئاو (وەک بۆ ئاودێری، ب.ت. مافی کەنارنشینی riparian right) ۞ حق استفاده از آب

waterscape *noun*
دیمەنی ئاوی دەریا، ئاوی زەریا ۞ منظرەی آب دریا

water sapphire *noun*
یاقووتەشینەی ئاوی: جۆرێ cordierite شینی تۆخ، جاروبار وەک گەوهەر بەکاردێنرێ ۞ نوعی کردیریت

water scorpion *noun*
(گیانەوەرناسی) دووپشکی ئاوی [خێزان Nepidae] ۞ کژدم آبی

watershed /ˈwɔːtəʃed, US ˈwɔːtərʃed, ˈwɑːt-/ *noun*
1 (جوگرافی) ئاوەڕێژ 2 (زەوی) ئاوبلاوکەرەوە 3 خاڵی وەرچەرخان، هێڵی جیاکەرەوە ۞ 1 آب‌پخشان 2 مقسم آب 3 نقطەی عطف

water shield *noun*
(رووەکناسی) مەتاڵی ئاوی، قەڵغانی ئاوی ۞ سپر آبی

waterside /ˈwɔːtəsaɪd, US ˈwɔːters-, ˈwɑːt-/ *noun*
کەنار، گوێ‌ئاو، دەم‌ئاو، قەراخ ئاو، لێواری ئاو ۞ ساحل، کنار آب

waterski *noun, pl.* waterskis
داری ئاوەخلیسکێ، دارەسکی سەرئاو ۞ چوب اسکی روی آب

waterskier *noun*
سکی‌بازی سەرئاو، ئاوەخلیسکەوان ۞ اسکی‌باز روی آب

waterskiing *noun*
سکی سەرئاو، ئاوەخلیسکێ، ئاوەخلیسکەوانی

◌ اسکی روی آب

water-skin /ˈwɔːtə skɪn/ *noun*

کونده، کوندک ◌ مشک

watersmeet *noun*

دواوان ◌ واترزمیت

water snake *noun*

ماری ئاوی، هی ئاوە شیرینەکان [زۆربەیان لە توخمی *Natrix*] ◌ مار آبی

water softener *noun*

(دەزگا یان دەرمان) ئاوپالێو ◌ آب‌سبک‌ساز

water soldier *noun*

جۆرێ گیای ئاوی گەلاباریک [*Stratiotes aloides*] ◌ نوعی گیاه

water-soluble *adjective*

لەئاوداتواو، لە ئاودا دەتوێتەوە یان دەگیرێتەوە ◌ حل‌شدنی در آب

water spaniel *noun*

سەگێکی تووک و گوێدرێژ ◌ نوعی سگ

water speedwell *noun*

(رووەکناسی) کوزەماسە، ماکووز، ماکووس ◌ سیزاب آبی

water splash *noun*

چالی پڕئاوی ڕێگا ◌ گودال پرآب در جاده

water sports *noun, pl.*

وەرزشە ئاوییەکان ◌ ورزش‌های آبی

waterspout /ˈwɔːtəspaʊt, US ˈwɔːtərs-, ˈwɑːt-/ *noun*

1 گەردەلوولی دەریایی، ستووناو، گێژەلووکەی ئاوی یان دەریایی 2 لوولەی ئاو، بۆری ئاو 3 بلووسک، لووساوک 4 بارانی بەلێشاو و ناکاو، قورسەباران، تاوەباران، لێزمەبارانی کوتوپڕ ◌ 1 گردباد دریایی 2 لولەی آب 3 ناودان 4 باران سیل‌آسا و ناگهانی

water stone *noun*

هەسانە، جا لە جیاتی رۆن ئاوی لێدەدەن ◌ واتر استون

water strider = pond skater

water supply *noun, pl.* water supplies, also water system

تۆڕ یان سیستمی دابەشکردن و هەڵگرتنی ئاو، سیستمی گەیاندنی ئاو، ئاوی هەڵگیراو (بۆ شار، ناوچە یان خانووبەرەیێ)، ئاوی لوولەکێشی ◌ سیستم آب‌رسانی، مقدار آب ذخیره‌شده، آب لوله‌کشی

water table *noun*

ئاستی خوار عەرز کە ئاوی لێیە، ئاستی تێراوی یا پاراوی ◌ سفرەی آب

waterthrush *noun*

رەشێشەی ئاوی [توخم *Seiurus*: دوو جۆرن] ◌ باسترک آبی

watertight /ˈwɔːtətaɪt, US ˈwɔːtərt-, ˈwɑːt-/ *adjective*

1 ئاوبڕ، ئاوتێنەچوو، سەربەست، ئاوگیراوە، مووبڕ، دزەتێنەکردوو، ئاولێنەچوو، ئاودانەدەر: *a -rtight container* 2 (خوازە) بێنەملاونەولا، بێچەندوچۆن، رەتەوەنەبوو، مسۆگەر، بێهەڵە ◌ 1 ضد آب 2 مسلم، بحث‌ناپذیر

water torture *noun*

ئەشکەنجە بە ئاو یان ئاوی ◌ شکنجەی آبی

water tower *noun*

کەلوو یان برجی ئاو، تانکی ئاو، کەلووی تانکی ئاو ◌ برج مخزن آب

water turbine *noun*

توربینی ئاوی ◌ توربین آبی

water vapour *noun*

هەڵمی ئاو، هوڵماو ◌ بخار آب

water vole *noun*

(گیانەوەرناسی) مشکی ئاوی، لە کەناری رووبارانا رەهۆڵ لێدەدا [*Arvicola terrestris* ئەورووپا] و جۆرەکانی تر] ◌ موش آبی

waterway /ˈwɔːtəweɪ, US ˈwɔːtərw-, ˈwɑːt-/ *noun*

1 ئاوەڕێ، کانال، ئاوڕێ، ئاوڕێگە، رەهەنداو: *a* 2 *navigable waterway* رووبار، چۆم، کەشتییەڕێ ◌ 1 راه آبی، کانال 2 رودخانه

waterweed *noun*

گیای ئاوی یان ئاوەڕێ ◌ گیاه آب‌زی

waterwheel /ˈwɔːtəwiːl, US ˈwɔːtərw-, ˈwɑːt-/ *noun*

دۆلاب، گەردوونە، کۆلوبیر، لولەپە، چەرخەئاو، پێچکەی ئاوی، جەنجەڕ(ی ئاو) ◌ چرخ آبی

water-wings *noun, pl.*

باڵە ئاوییەکان، باڵەکانی ئاوی (بۆ فێربوونی مەلە) ◌ بازوبند شنا

water witch (also water witcher) = water diviner

waterworks /ˈwɔːtəwɜːks, US ˈwɔːtərwɜːrks, ˈwɑːt-/ *noun, pl.*

1 داموودەزگای گەیاندنی ئاو، تۆڕ یان سیستمی دابەشکردن و هەڵگرتنی ئاو، سیستمی گەیاندنی ئاو 2 سیستم یان ئەندامانی دەردانی ئاوی لەش (میز و هتد) 3 شیوە، گریان، (فرمێسک) جدلەبەستن، (دا)باراندن، هەڵوەراندن، رێژنە ◌ 1 تأسیسات آب‌رسانی، سیستم آب‌رسانی 2 سیستم دفع ادرار 3 گریه و زاری، فواره

waterworn /ˈwɔːtəwɔːn/ *adjective*

ئاوەسوو، لەئاوچوو، بەئاوسواو، ئاوەشۆرە ◌ آب‌سوده

watery /ˈwɔːtəri, US ˈwɑːt-/ *adjective*

1 ئاوی، ئاوەکی، سەربە ئاو 2 تراو، بێتام، پڕئاو، ئاودار، هەرئاو، ئاوەکی 3 کاڵ، کەمڕەنگ، رەنگ‌بەڕیو 4 تەڕ، پڕلەئاو، فرمێسکاوی 5 (ئاسمان و خۆر) لێڵ، چڵکن، داگیراو، بارانی

پێوەیە، باراناوی (wateriness *n*: 1 تراوبوون، ئاوەکیبوون 2 لیلی، کەمڕەنگی 3 پڕئاوی، ئاوداری) ۞ 1 وابسته به آب 2 آبکی، بی‌مزه 3 کم‌رنگ، رنگ‌پریده 4 اشک‌آلود 5 گرفته

Watsu *noun*
(دروشمی بازرگانی) جۆرێ shiatsu، لە نێو ئاودا دەکرێ ۞ واتسو

watt /wɒt, US wɑːt/ *noun*
وات (یەکەی پێوانی هێزی ئێلیکتریکی، کورتەکەی W، بنەڕەت: لە ناوی داهێنەر و ئەندازیاری سکاتلەندی James *Watt* (1819-1736) ۞ وات

wattage /ˈwɒtɪdʒ, US ˈwɑːt-/ *noun*
وات‌پێو، بڕی وات ۞ توان، مقدار وات

watt-hour *noun*
وات-سەعات، وات-کات‌ژمێر ۞ وات‌ساعت

wattle[1] /ˈwɒtl, US ˈwɑːtl/ *noun*
1 چەپەر، کەپر، شوولپێچ، چیخ 2 توول، شیف، شوول 3 توولینە، شوولینە، سەوەتە (لە توول) 4 داردەرزی ئەوسترالیایی [*Acacia pycnatha* (هی زێڕین، نیشانەی نەتەوەیی ئەوسترالیا) و جۆرە پێوەندیدارەکان] ۞ 1 چپر 2 ترکه 3 سبد 4 اقاقیای استرالیایی

wattle[2] /ˈwɒtl, US ˈwɑːtl/ *noun*
1 (پەلەوەر) پۆپە، پۆپەمشار 2 بەرخەبە ۞ 1 تاج 2 غبغب

wattle and daub *noun*
چەپەری قوڕەسواخ، پەرژین (ی سواخ‌دراو) ۞ چپر گل‌اندود

wattlebird *noun*
1 هەنگەخۆرەی ئەوسترالیایی [توخمەکانی *Anthochaera* و *Melidectes*] 2 مەلێکی دەنگ‌خۆشی نیوزیلەندی، بەرخەبەی بەرزێر دەنووکییەوە شۆڕ بۆتەوە [خێزان Callaeidae] ۞ نوعی پرنده

wattmeter *noun*
وات‌پێو، وات‌میتر، واتمیتر (بۆ پێوانی هێزی ئێلیکتریکی لە واتدا) ۞ واتمتر

Watusi /wəˈtuːsi/ *noun*, also Watutsi /wɔˈtʊtsi/, *pl.* Watusi or Watusis
1 گەلی Tutsi بە گشتی، تووتسی‌یەکان (ئێستا لە ئینگلیسیدا بەکارناهێنرێ) 2 جۆرێ سەمای کرژی شەستەکان ۞ واتسو

wave /weɪv/ *noun*
1 شەپۆل، پێل، خێزاو، (کەف‌بڕژێن: ئەو شەپۆلانەی کەوا کەف بڵاو دەکەنەوە): *Huge waves were breaking on the shore* 2 تەکانی دەست 3 تەکان، جوولە، راوەشان، راتلەکان 4 پێچ 5 (قژ) فڕ، لوول 6 زۆربوونی کت‌وپڕ (کاتی) 7 دەریا، زرێ 8 شەپۆل، لێشاو ۞ 1 موج 2 تکان دست 3 جنبش، تکان 4 تاب 5 فر 6 افزایش ناگهانی 7 دریا 8 موج

waveband /ˈweɪvbænd/ *noun*
(بڵاوکردنەوەی رادیۆیی) باندی شەپۆل ۞ باند موج

waved *adjective*
شەپۆلاوی، دانەدانە، گرنج‌گرنج، گرنجاوی ۞ متموج، دندانه‌دار

wave equation *noun*
هاوکێشەی شەپۆلی ۞ معادلەی موجی

waveform *noun*
(فیزیک) شێوەشەپۆل ۞ ویوفرم

wave front *noun*
(فیزیک) بەرەی شەپۆلی، پێشەوەی شەپۆل، پێشەپێل ۞ جبهەی موج

wave guide *noun*
شەپۆل‌بەرە، رەهەندی بردنی شەپۆل ۞ کانال هدایت موج

wavelength /ˈweɪvleŋθ/ *noun*
درێژایی شەپۆل، درێژیی شەپۆل ۞ طول موج

waveless *adjective*
1 بێ‌شەپۆل 2 بێ‌تەکان، بێ‌جوولە، راوەستاو ۞ 1 بی‌موج 2 بی‌جنبش

wavelet /ˈweɪvlət/ *noun*
پێل، قەڵپەز، شەپۆلی چکۆلە، شەپەلک، برینجە؟ ۞ موجک

wavelike /ˈweɪvlaɪk/ *adjective*
شەپۆلی، شەپۆل‌ئاسا، شێوەشەپۆل ۞ موجی، موج‌مانند

wave mechanics *noun, pl.*
میکانیکی شەپۆلی ۞ مکانیک موجی

wave motion *noun*
جوولەی شەپۆلی، جوولانی شەپۆلی ۞ حرکت موجی

wave number *noun*
(فیزیک) ژمارەی شەپۆلی ۞ عدد موجی

waverer /ˈweɪvərə(r)/ *noun*
مرۆی دوودڵ، دڕدۆنگ ۞ آدم متزلزل

wavering /ˈweɪvərɪŋ/ *adjective*
1 سست، لەرزۆک، بەملاوبەولاداکەوتوو، لەق، تەکان‌خواردوو، لەقیو، لەرەلەرکەر 2 دوودڵ، دڕدۆنگ، نادڵنیا ۞ 1 لرزان 2 متزلزل

waveringly /ˈweɪvərɪŋli/ *adverb*
بە دوودڵییەوە، دڕدۆنگانە، بە دڕدۆنگییەوە ۞ به طور متزلزل

WAVES *noun, pl.*, acronym from Women Appointed (later Accepted) for Volunteer Emergency Service
بەشی ژنانەی هێزی دەریایی ئەمریکا ۞ ویوس

wave theory *noun*, also undulatory theory
(مێژوویی) تیۆری شەپۆل: تیۆرییێ لە فیزیکدا کە دەڵێ: ئەو رۆشناییەی کە لە تەنێکی

روونا‌کەوە دەگاتە چاو یان شتێکی تر، لە ئەنجامی جوولان یان بزاوتی شەپۆلی‌یەوەیە ◌ نظریه‌ی موج

wavicle /ˈweɪvɪk(ə)l/ *noun*
(فیزیک) پارچۆلکەی شەپۆلی، پار(چۆلکە)(شە)پۆلی (تیکەڵەی wave و particle) ◌ ویویکل

wavily /ˈweɪvili/ *adverb*
بە شێوەیەکی شەپۆلاوی ◌ به طور موج‌دار

waviness /ˈweɪvinəs/ *noun*
شەپۆل‌داری، پرچاڵ‌وچۆلی، شەپۆلاوی‌بوون ◌ موج‌داری

wavy /ˈweɪvi/ *adjective* (wavier, waviest)
1 شەپۆل‌شەپۆل 2 پرچاڵ‌وچۆل، چاڵ‌وچۆلاوی، پرچەم، قورتاوی، شەپۆلاوی، شەپۆل‌دار، بەپێل 3 فرفری، فر ◌ 1 مواج 2 موج‌دار 3 فرفری

waw *noun*, also vav
واو، ڤاف: شەشەمین پیتی ئاوێتی عیبری ("w") ◌ واو

wa-wa = wah-wah

wax[1] /wæks/ *noun*
1 مێو، پیو، کراژ، مۆم 2 چڵکی گوێ، مێوی گوێ 3 پارافین ◌ 1 موم 2 جرم گوش 3 پارافین

wax[2] /wæks/ *noun*
(نافەرمی، بریتانیا) تووڕەیی ◌ خشم

wax bean *noun*
جۆری پاقلە، لووبیاچیتی ◌ نوعی لوبیا

waxberry *noun*
bayberry یان دەوەنێکی تر کە بەرەکەی مێوی‌یە ◌ واکس‌بری

waxbill *noun*
دەنووک‌مێوینە، مەلێکی دەنگ‌خۆشی چکۆلانەی سەیرەئاسا [خێزان Estrildidae: چەندین جۆرن] ◌ نوعی پرنده

waxcloth *noun*, also waxed cloth
1 مێوینە 2 = oilcloth ◌ واکس‌کلوت

waxed jacket *noun*
چاکەتی مێوینە ◌ نوعی ژاکت

waxed paper *noun*
کاغزی مێوی، کاغزی ڕۆنی ◌ کاغذ مومی

waxen /ˈwæksn/ *adjective*
1 مێوی، مێوئاسا، مۆم‌ئاسا، نەرم، شێوەمێو، مێواوی، مێوتێ‌هەڵسواو: *waxen images* 2 (دەم‌وچاو) زەردهەڵگەڕاو، ناساز، زەرد، ڕەنگ‌هەڵبرووسقاو: *a waxen face* ◌ 1 مومی، موم‌اندود 2 (چهره) رنگ‌پریده، علیل

waxiness *noun*
مێوی‌بوون، نەرمی ◌ مومی‌بودن

wax insect *noun*
مێرووی مێوی، مێرووەمێو(ـی)نە (چەندین مێرووی پوولەکەڕێژ کە ماکێکی مێوی بەنرخ دەردەدەن، ب.ت. Ericerus pe-la) ◌ نوعی حشره

wax light *noun*
مۆم، شەمی مۆمی یان لەمۆم ◌ شمع مومی

wax moth *noun*
پەپوولە(شەوگەڕەی) مێوخۆرە: جۆری پەپوولەی شەوگەڕی [*Galleria mellonella* و جۆرەکانی تر] ◌ نوعی پروانه

waxmuseum = waxworks

wax myrtle = bayberry

wax palm *noun*
هەریەک لە چەند جۆری درێژی دارخورماکان کە مێو دەگرن: 1 دارخورمای گەلابەرئاسای ئاندی، قەد و گەڵاکانی مێوێکی جەوی دەگرێ کە لە مۆمدا بەکاردێنرێ [*Ceroxylon alpinum* یان *C. andicola*] 2 هەریەک لە چەندین جۆری دارخورما کە سەرچاوەی مێون، وەک carnauba ◌ انواعی از درختان

wax paper /wæks peɪpə(r)/ *noun*
کاغزی مێوی یان ڕۆنی ◌ کاغذ مومی

wax plant *noun*, also waxplant
گیا یان ڕووەکی مێوی، گیامێو(ـی)نە؟: هەریەک لە چەندین جۆری ڕووەکی تەرزخەر یان هەڵچووی گەرمێنان، لە خێزانی milkweed [توخم *Hoya*] ◌ نوعی گیاه

waxwing *noun*
(باڵندەناسی) باڵ‌مێوینە [توخم *Bombycilla*: سێ جۆرن] ◌ نوعی پرنده

waxwork /ˈwækswɜːk, US -wɜːrk/ *noun*
1 پەیکەری مێوی یان مۆمی 2 (waxworks) مۆزەخانەی پەیکەرە مۆمی‌یەکان ◌ 1 مجسمه‌ی مومی 2 (در جمع) موزه‌ی مجسمه‌های مومی

waxy[1] /ˈwæksi/ *adjective* (waxier, waxiest)
1 مێوی، مێوین، مێوئاسا، مێوکرد، مۆم‌ئاسا، نەرم، شێوەمێو، مێواوی، مێوتێ‌هەڵسواو: *The cheese has a red waxy rind* 2 زەردهەڵگەڕاو، زەرد، ڕەنگ‌هەڵبرووسقاو ◌ 1 مومی، موم‌اندود، موم‌وار 2 رنگ‌پریده

waxy[2] /ˈwæksi/ *adjective* (waxier, waxiest)
تووڕە، غەیدی، ڕق‌هەستاو، رووگرژ، بەدخوو ◌ عصبانی، بدعنق

way /weɪ/ *noun, adverb*
n 1 ڕێگا، ڕێ، شێوە، شێواز، تەور، ئاسا، تەرز، جۆر 2 لایەن، لا، ئالی، سمت، بەر 3 مەودا 4 لایەن 5 بار، ڕەوش، چۆنیەتی 6 ئەندازە، بڕ *adv* زۆرزۆر، یەکجار ◌ *n* 1 راه، طریق، شیوه، سبک 2 جهت، سو 3 مسافت 4 لحاظ 5 وضع، چگونگی 6 اندازه *adv* خیلی خیلی

wayang /ˈwɑːjaŋ/*noun*
1 (لە ئیندۆنیزیا و مالیزیا) بەڕێوەبردنی شانۆگەری‌یانە کە مرۆڤ و بیجبیجەخانەی تیایە 2 (هەروەها wayang kulit) جۆری شانۆی

بیجیجـــەخانەی بـــالی Balinese و جاڤـــایی (بنەڕەت: لە جاڤایی‌یەوە) ◇ وایانگ

waybill /weɪ bɪl/ *noun*
لیستی سوار و باری ماشێنێ، بارنامە ◇ بارنامە

waybread *noun*
گەلاڕکێشە (گەلایان)، توخم‌سپی، گوێ‌بزنە، ئیسپەرزە ◇ بارهنگ

wayfarer /ˈweɪfeərə(r), US -fer-/ *noun*
(وێژەیی) ڕێبوار، ڕێڤینگ، ڕێبڕ، ڕابگار، گەڕیدە، هات‌وچۆکەر (زۆرتر بە پیادە) ◇ سالک، رهرو، رهنورد

wayfaring /ˈweɪfeərɪŋ, US -fer-/ *noun*
ڕێبواری، ڕێڤینگی، ڕێبڕی، سەفەری پیادە، گەڕیدەیی ◇ رهروی، رهنوردی

wayfaring tree *noun*
جۆرێ دەوەنی گوڵسپی [*Viburnum lantana*] ◇ نوعی درختچه

way in *noun*
درگای چوونەنێوەوە، دەروازە، درگای چوونەژوورەوە ◇ در ورودی

waylaid /weɪˈleɪd/ = past and past participle of waylay

waymark /ˈweɪmɑːk, US -mɑːrk/ *noun*, also waymarker
ڕێ‌نیشان، نیشانەی ڕێگا، نیشان‌کردی ڕێ یان ڕێگا ◇ علامت راه

waymarked /-mɑːkt, US -mɑːrkt/ *adjective*
(ڕێگا و هتد) بە ڕێ‌نیشانەوە، نیشانەدانراو، نیشان‌کرد: *-rked routes* ◇ علامت‌گذاری‌شده

way of life *noun*
1 شێوەی ژیان، شێوازی ژیان یان بەڕێ‌چوون 2 (خوازە) شتێ کە کاردەکاتە سەر تێکڕای ژیان، وەکوو ژیان، شتی ئاسایی، دیاردەی ئاسایی ◇ 1 شیوه‌ی زندگی 2 (مجازی) جزء لاینفک زندگی، چیز عادی

Way of the Cross = Station of the cross

way out *noun*
1 درگای دەرەوە، درگای هاتنەدەرەوە، دەرچە 2 (خوازە) دەرەتان، دەروو، ڕێگای دەرچوون ◇ 1 در خروجی 2 (مجازی) مفر

way-out *adjective*
تازەدەرکەوتوو، سەیر، ناوازە، عاجباتی، سەمەرە، نائاسایی، far-out: *way-out ideas* ◇ عجیب‌وغریب، غیرمعمول

-ways *suffix*
پاشگر: (ئاوەڵناو و ئاوەڵکار ساز دەکا) لایەن، لا، ئالی، ڕوولە، ئاست، سەمت: *lengthways* *sideways* ◇ پسوند: جهت، سوی، طرف

ways and means *noun*
ڕێ‌وشوێن، فروفێڵ، ڕێگا، بار ◇ فوت و فن

wayside /ˈweɪsaɪd/ *noun*
تەنیشت ڕێ، قەراخ ڕێگا: *wild flowers growing by the wayside* ◇ کنار جاده

way station *noun*
1 وێستگەی نێوڕێ 2 وێستگەی لاوەکی یان چکۆلەی ڕێی ئاسن ◇ 1 ایستگاه میان راه 2 ایستگاه فرعی راه آهن

wayward /ˈweɪwəd, US -wərd/ *adjective*
1 لاسار، گوێ‌نەدەر، خۆسەر، سەرەڕۆ، کەللەڕەق، لا، سەربزێو، نافەرمان، کۆنترۆڵ‌نەکراو، بەقسەنەکردوو: *a wayward child* 2 وازی‌وازی، تاوتاو، ڕاڕا ◇ 1 نافرمان، سرکش 2 دمدمی

waywardness /ˈweɪwədnəs, US -wərdnəs/ *noun*
لاساری، خۆسەری، سەرەڕۆیی، کەللەڕەقی، سەربزێوی، نافەرمانی، کۆنترۆڵ‌نەکراوی، بەقسەنەکردوویی ◇ نافرمانی، سرکشی

wazir /wəˈzɪə/ = vizier

wazoo /wəˈzuː/ *noun*
(نافەرمی، ئەمریکا) کنگ، سمت، کفل، کۆم ◇ سُرین، مقعد، کون

wazoock /ˈwazək/ *noun*
(نافەرمی، بریتانیا) مرۆی گەوج، کەر ◇ آدم احمق

WC *abbreviation* waste closet
دەستاو، دەس‌بەئاو، ئاودەس‌خانە، سەرئاو ◇ توالت

WCC *abbreviation* World Council of Churches
ئەنجومەنی کلێسەکانی دنیا (یان جیهان) ◇ شورای کلیساهای جهان

W/Cdr *abbreviation* Wing Commander
فەرماندەری باڵ، فەرمانداری باسک یان قۆڵ ◇ فرمانده‌ی جناح

we /wi/ *pronoun*
(جێناوی کارا، یەکەم کەسی کۆ) ئێمە، مە، ئەم ◇ ما

WEA *abbreviation* Worker's Educational Association
کۆمەڵەی فێرکردنی کرێکاران ◇ انجمن آموزشی کارگران

weak /wiːk/ *adjective* (weaker, weakest)
1 لاواز، کز، سست، سیـەڵە، بێ‌تین، بێ‌گیان، بێ‌ئێنگە، زەبوون، بێ‌دەسەڵات، بەیەدەس، لەدەس‌نەهاتوو، بێ‌ڕەگ، بێ‌هێز: *She is still weak after her illness* ◊ *His legs felt weak* 2 کەم‌شەوق، کز، بێ‌سۆما، بێ‌شەوق 3 تراو، زەرد، زەرکاو، کەم‌مایە 4 (ڕێزمان. لە زمانە ئەڵمانی‌یەکاندا) ئاسایی (کە سەردەمی ڕابردوو و past participle بە سەرخستنی پاشگری ساز دەکا (لە ئینگلیسیدا ب.ت. *-ed*)): weakish

۞ ١ ضعیف، بی‌بنیه 2 کم‌سو 3 آبکی 4 *(adj*
(دستور زبان) باقاعده
weak anthropic principle = anthropic principle 1
weaker sex *noun*
جنسی زایفه، زایفه‌کان، ژنان به گشتی ۞ جنس ضعیفه
weakfish *noun, pl.* same or weakfishes
نه‌رمه‌ناسی، ماسی‌یه‌نه‌رمه (هی که‌ناری رۆژهه‌لاتی ئه‌مریکای باکووری [*Cynoscion regalis*]) ۞ نوعی ماهی
weak interaction *noun*, also weak force
(فیزیک) کارلێکی لاواز، هێزی لاواز ۞ برهم‌کنش یا نیروی ضعیف
weak-kneed /ˌwi:k ˈni:d/ *adjective*
بێ‌ده‌سه‌لات، هیچ‌له‌ده‌س‌نه‌هاتوو، ترسه‌نۆک، حیز، خوێڕی: *a - ◊ weak-kneed cowards*
ak-kneed defence policy ۞ بی‌اراده، ترسو
weakling /ˈwi:klɪŋ/ *noun*
(مرۆڤ و گیانه‌وه‌ر) بوونه‌وه‌ری کز، پاتاڵ (یان لاواز) بێ‌گیان، گوناح، بێ‌ڕه‌گ ۞ موجود ضعیف
weakly /ˈwi:kli/ *adjective* (weaklier, weakliest), *adverb*
adj لاواز، بێ‌گیان، جیقن، بێ‌هێز، بێ‌په‌روباڵ، کز *adv* کزانه، به کزی، به لاوازی (weakliness
n) ۞ *adj* ضعیف *adv* به طور ضعیف
weak-minded /ˌwi:k ˈmaɪndɪd/ *adjective*
1 بێ‌ده‌سه‌لات، هیچ‌له‌ده‌س‌نه‌هاتوو، هیچ، راست، ده‌سته‌وسان 2 که‌م‌ئه‌قل، ئه‌قل‌ناته‌واو، ئه‌قل‌سووک، که‌م‌هۆش، بێ‌مێشک (-weak
adv mindedly: بێ‌ده‌سه‌لاتانه، به ده‌سته‌وسانی، راستانه؛ weak-mindedness
n: بێ‌ده‌سه‌لاتی، هیچ‌له‌ده‌س‌نه‌هاتوویی، باوه‌ڕستی، راستی، به‌یده‌سی، بێ‌ئیراده‌یی، ده‌سته‌وسانی) ۞ 1 ضعیف‌النفس 2 ناقص‌عقل
weakness /ˈwi:knəs/ *noun*
1 لاوازی، کزی، سستی، بێ‌تینی، بێ‌گیانی، بێ‌بنگه‌یی، بێ‌ڕه‌گی، بێ‌هێزی، که‌م‌شه‌وقی، کزی، بێ‌سۆمایی 2 که‌می، عه‌یب، که‌م‌وکووڕی، ناته‌واوی ۞ 1 ضعف 2 نقطه ضعف، نقص
weak-sighted /ˌwi:k ˈsaɪtɪd/ *adjective*
چاوکز، که‌م‌سۆما ۞ دارای چشم کم‌سو
weak sister *noun*
(نافه‌رمی) ئه‌ندامی لاواز (ی کۆمه‌ڵ یان گرووپێ) ۞ عضو ضعیف
weak verb *noun*
(رێزمان) کاری ئاسایی ۞ فعل باقاعده
weal[1] /wi:l/ *noun*
شوغاڵ، شووڵ، شین‌بوونه‌وه، شوێنی لێدان ۞ اثر ضربه

weal[2] /wi:l/ *noun*
خێر، به‌ره‌که‌ت، به‌خته‌وه‌ری: *guardians of the public weal* ۞ خیر، سعادت
wealth /welt/ *noun*
1 سامان، ماڵ، نه‌وا، بوونی، ده‌وڵه‌ت، گه‌نجینه 2 زۆری، زه‌به‌ندی 3 (کۆن) = well-being ۞ 1 ثروت، دولت، گنجینه 2 وفور
wealthiness *noun*
ده‌وڵه‌مه‌ندی، ماڵداری، سامانداری ۞ثروتمندی
wealth tax *noun*
باجی سامان (یان دارایی که‌سێ) ۞ مالیات بر سرمایه‌ی شخصی
wealthy /ˈwelθi/ *adjective* (wealthier, wealthiest)
سامان‌دار، ماڵدار، ده‌وڵه‌مه‌ند: *The couple are said to be fabulously wealthy* (wealthily
adv: ده‌وڵه‌مه‌ندانه) ۞ متمول، ثروتمند
weaner *noun*
له‌شیرگره‌وه، له‌مه‌مک‌بڕه‌وه ۞ ازشیرگیرنده
weaning *noun*
له‌شیرگرتنه‌وه، له‌مه‌مک‌بڕینه‌وه، مه‌مک‌پێ‌نه‌دان ۞ ازشیرگیری
weanling *noun*
منداڵ یان به‌چکه‌ی تازه له‌شیر بڕاوه ۞ بچه‌ی تاز ازشیرگرفته‌شده
weapon /ˈwepən/ *noun*
1 چه‌ک(وچۆڵ): *◊ a lethal/deadly weapon The police still haven't found the murder weapon* 2 (خوازه) چه‌ک، که‌ره‌سه (بنه‌ڕه‌ت: ئینگلیسی کۆن *wǣp(e)n*، بنه‌ڕه‌ت ئه‌ڵمانی) ۞ 1 سلاح 2 (مجازی) حربه
weaponed *adjective*
چه‌کدار، چه‌کرێژ، پڕچه‌ک ۞ مسلح
weaponless *adjective*
بێ‌چه‌ک(وچۆڵ) ۞ بدون سلاح
weapon of mass destruction *noun*, *abbreviation* WMD
چه‌ک(وچۆڵ)ی کۆکوژی یان کۆمه‌ڵکوژی (وه‌ک چه‌کی کیمیایی یان بایۆلۆژیکی) ۞ تسلیحات کشتار جمعی
weaponry /ˈwepənri/ *noun*
1 چه‌ک‌وچۆڵ، چه‌که‌مه‌نی، ئه‌رکان، سامانی جه‌نگی: *high-tech -nry* 2 چه‌ک‌دروس‌کردن، چه‌ک‌سازی ۞ 1 جنگ‌افزار 2 اسلحه‌سازی
wear /weə(r), US wer/ *noun*
1 له‌به‌رکردن، پۆشین، خۆت‌کردن، کردنه‌به‌ر 2 پۆشاک، جل‌وبه‌رگ، کنج 3 خورانه‌وه، له‌کارچوون، کاره‌سوو، ساورانه‌وه، سووان، کۆنه‌بوون 4 به‌رگه‌(گرتن) ۞ 1 پوشش 2 پوشاک، جامه 3 فرسودگی 4 دوام
wearable /ˈweərəbl, US ˈwer-/ *adjective*

whether /'weðə(r)/ *conjunction*
داخۆ، ئایا، ئەرێ، داخوا، ئاخۆ، کە ئایا، کە ئاخۆ، چ ◌ آیا، کە آیا، چە، خواە

whetstone /'wetstəʊn, US -stoʊn/ *noun*
هەسان، سانی، بەردەزبرە، بەردێ بۆ تیژکردنی دەمی تیغ و هتد ◌ سنگ چاقوتیزکنی

whew /hwəʊ:, US fəʊ:/ *interjection*
تەح، حەهە بەح، تیاح، ئۆخەی، گیان: *Ten grand? -w!* ◌ وای، جانمی

whey /weɪ/ *noun*
شیراو، پەنیراو، سزگاو (ئەڵمانی بنەڕەت) ◌ آب پنیر

wheyey *adjective*
پەنیراوئاسا، سزگاوئاسا ◌ آب پنیرمانند

whey-faced *adjective*
ڕەنگ‌پەڕیو، زەردهەڵگەڕاو، سپییەوەبوو ◌ رنگ‌پریده

which /wɪtʃ/ *adjective, pronoun*
کام، کێها، کامیان، کە، کە ئەو، کەو ◌ کدام، کدام یک، کە، چە، کە آن

whichever /wɪtʃ'evə(r)/ *adjective, pronoun*
هەرکام، هەرکامیان، هەریەک، هەر، کام ◌ هرکدام، هریک، هر، کدام

whichsoever /wɪtʃsəʊ'evə(r)/ = whichever

whicker *noun*
حیلە ◌ شیهە

whidah = whydah

whiff[1] /wɪf/ *noun*
1 بۆن 2 (بریتانیا و نافەرمی) بۆگەن، بۆهەڕنەمووت 3 سریوە، سروە، کزە، شنە 4 نیشانەی کەم، بۆن، ڕەگە، ڕەگ 5 هەناسە، بین 6 دووکەڵ، دوومان، دوو 7 جگەرەی بەڵگی چکۆلە 8 مژ ◌ 1 بو 2 بوی بد 3 وزش ملایم، نسیم 4 اثر جزئی 5 نفس 6 دود 7 سیگار برگ کوچک 8 پک

whiff[2] /wɪf/ = megrim2

whiffed *noun*
مرۆی هیچ، مرۆی خوێڕی ◌ آدم فرومایە

whiffletree = swingletree

whiffy /'wɪfi/ *adjective* (whiffier, whiffiest)
بۆگەن، بۆگەند، بۆهەڕنەمووت، بۆناخۆش ◌ بدبو

Whig /wɪg/ *noun*
1 (لە ئینگلتەرە) ویگ (ئەندامی) پارتی سیاسی

گۆڕانخواز یان ریفۆرمیستی سەدەکانی 18 و 19 کە دەیویست دەسەلاتی پاتشایی کەمکاتەوە، پاشان بووە پارتی لیبرال) 2 لایەنگری شۆڕش یان وەرگۆڕانی ئەمریکایی 3 ئەندامی کلێسەی پرێزبیتێری سکاتلەندی سەدەی حەڤدەیەم (Whiggery *n*: بنەماکانی ویگی، بنچینەکانی ویگیتی؛ Whiggish *adj*؛ Whiggism *n*) ⬡ ویگ

while /wail/ *noun*
ماوە، وەخت، کات ⬡ مدت، وقت

while /wail/ *noun, conjunction, preposition*
n ماوە، وەخت، کات: *They chatted for a while* *conj* کاتێ کە، وەختێ کە، فەسلایێ کە، ئەو دەمانەی کە، لە کاتێکا، ئەگەرچی، گەرچی، هەرچەن، سەرەڕای ئەوەش، بەلام: *We must have been burgled while we were asleep* ⬡ *n* مدت، وقت *conj* هنگامی کە، until *prep* وقتی کە، در حالی کە، اگرچە، اما until *prep*

whiles = while (conjunction, archaic)

whilom /waɪləm/ *adverb, adjective*
(کۆن) *adv* لەوەپێش *adj* جاران، زوو، پێشوو ⬡ *adv* سابقاً *adj* سابق

whilst /waɪlst US hwaɪlst/ *conjunction*
لە کاتێکا، ئەگەرچی، گەرچی، هەرچەند ⬡ در حالی کە، ارچە

whim /wɪm/ *noun*
1 هەوەس، ئارەزوو، گز، فلووف، هەوا، ڕاڕایی، نگە، تاوتاوی، ئیشتیا، خێتک (تاکاو): *We bought the house on a whim* 2 (کۆن) خولخولەی بەرزکردنەوەی بەردی کان (کانزای خاو) یان ئاو لە کانیکەوە، گرانکێشی کان(گا) ⬡ 1 هوس، ویر 2 نوعی جرثقیل (معدن)

whimbrel /ˈwɪmbr(ə)l/ *noun*
جۆرێ curlewی کۆچەری چکۆلانەی پۆپەڕێڕی [*Numenius phaeopus*] ⬡ نوعی پرندە

whimper /ˈwɪmpə(r)/ *noun*
1 نالە، نووزە، نرکە، نکەنک، زووکە، نوورەنوور، زووکەزووک، پۆکەپۆک، نووکەنووک، هەنسک 2 قرووسکەقرووسک، لوورە: *The puppy gave a little -mper of fear* ⬡ 1 نالە، هق‌هق 2 زوزە

whimsical /ˈwɪmzɪkl/ *adjective*
1 هەوەساوی، دەمدەمی، نگاوی، پرنگە، تاوتاو، ڕاڕا، وازیوازی 2 سەیر، نائاسایی (whimsically /-kli/ *adv*: 1 بە شێوەیەکی ڕاڕا، تاوتاوانە، ڕاڕایانە 2 (بە شێوەیەکی) سەیر) ⬡ 1 بلهوس، دمدمی 2 شگفت

whimsicality /ˌwɪmzɪˈkæləti/ *noun*
1 هەوەساویبوون، دەمدەمیبوون، تاوتاوبوون، ڕاڕابوون 2 سەیربوون، نائاساییتی ⬡ 1 بلهوسی 2 شگفتی

whimsy /ˈwɪmzi/ *noun*, also whimsies or whimseys
1 هەوەس، کەلکەلە، ئارەزوو، هەوا، ڕاڕایی، گز، نگە، تاوتاویی، ئیشتیا، خێتک 2 سەیربوون، نائاساییبوون ⬡ 1 هوس 2 شگفتی

whim-wham *noun*
(کۆن) هەوەس، کەلکەلە، ئارەزوو، هەوا، نگە، گز، تاوتاوی، دەمدەمی، خێتک ⬡ هوس، ویر

whin[1] *noun*, also whinstone
وین، بەردی گرگانی (سەخت و ڕەش) ⬡ وین

whin[2] = 1 furze 2 gorse

whinchat /ˈwɪntʃæt/ *noun*
(باڵندەناسی) جۆرێ باڵندەی دەنگخۆشی چکۆلەی سەربە stonechat [*Saxicola rubetra*] ⬡ وینچات

whine /waɪn/ *noun*
1 لوورە، نووکە، نووزە، زووکە 2 قیژە، زیکە، زریکە، کرووزە، منجە(منج): *Her voice took on a nasal whine of complaint* ⬡ 1 زوزە، نالە 2 جیغ

whinge /wɪndʒ/ *noun*
پرتە، ئاهـ و نالە، بۆڵە، بڵمەبڵم، خوتەخوت، منجەمنج، گازندە، سکالا (whingeing *adj*؛ whingeingly *adv*؛ whingy *adj*) ⬡ غرغر، شکوە

whinger *noun*
1 خوتەخوتکەر، پرتن، بەبۆڵە، پرتەوبۆڵەکەر 2 کێرد، تووڕگ ⬡ 1 غرغرکنندە 2 دشنە

whinny /ˈwɪni/ *noun, pl.* whinnies
حیلە، حیلکە، لوشکە ⬡ شیهە

whinstone = whin1

whip /wɪp/ *noun*
1 شێلاق، قەمچی، جەڵدە، قورپاچ (خەرەزەن: شێلاقی درێژی کەڵێخورین (یان کەلازویی) 2 کاربەدەستی ڕێکوپێکی یان دیسپلینی بەرلەمانی (لە نێوان ئەندامانداو ب.ت. بۆ ئامادەبوون و دەنگدانیان لە دانوستانەکاندا) 3 ئاگاداری نووسراوی بۆ ئامادەبوون لە کاتی دەنگدانا (the whip) 4 ئەندامێتی (بریتانیا) پارتی Member of Parliament 5 دیسێری لە هێلکە و سەرتوێ 6 جوولانەوەیێکی توند (بە لێدانەوە) 7 تەناف و خلۆکە (یان خولخولە) 8 = (کورتەی whipper-in) ⬡ 1 شلاق، تازیانە 2 ناظم پرلمانی 3 و 4 ویپ 5 دسر تخم‌مرغ و خامە 6 حرکت سریع 7 طناب و قرقرە

whip aerial *noun*, also whip antenna
ئانتێن (کە ڕادەوەشێ) ⬡ آنتن

whip and derry /ˈwɪp ən derɪ/ *noun*
تەناف و خلۆکە ⬡ طناب و قرقرە

whipbird *noun*
مەلێکی دەنگخۆشی کلکدرێژی ئەوستراڵیایی لە تیرەی logrunner [توخم: *Psophodes*] دوو

جۆرن] ۞ نوعی پرنده

whipcord /'wɪpkɔːd, US -kɔːrd/ *noun*
1 گشتەک، بەنی بادراو یان گشت 2 زێ 3 جۆرێ پارچەی فاسۆنی worsted ناخۆش‌لەبەر ۞ 1 ویپ‌کورد 2 زه 3 نوعی پارچه

whip hand *noun*
شێلاق‌بەدەستی، بەسەرداشکانەوە، زاڵی، کۆنترۆڵ، دەسەلات، بالادەستی، سەردەستی ۞ برتری، سلطه

whiplash /'wɪplæʃ/ *noun*
1 قایشی قەمچی، تەسمەی شێلاق 2 لێدان بە قەمچی، پیاکێشان بە جەڵدە: *Her sharp voice cut the air like a -plash* 3 زەربەلێ‌کەوتن (یان ئێش‌پێگەیشتنی) مل بە لێک‌دانی ماشێن، وەرگەڕانی مۆرەکانی مل ۞ 1 تسمەی تازیانه 2 ضربەی تازیانه 3 آسیب‌دیدگی گردن بر اثر تصادف

whiplash injury *noun*
زەربەلێ‌کەوتنی مل بە لێک‌دانی ماشێن، وەرگەڕانی بڕبڕە یان مۆرەکانی مل ۞ آسیب‌دیدگی گردن بر اثر تصادف

whipped *adjective*
شلەقێنراو، شێواو، تێک‌وەردراو، لێک‌دراو (تا خەست دەبێتەوە) ۞ هم‌زده

whipped cream *noun*
سەرتوی یان توێشکەی شلەقێنراو ۞ خامەی هم‌زده

whipper-in *noun, pl.* whippers-in
قەمچی‌بەدەست، دواڕاوچی، ئاوەڵ‌ڕاوچی ۞ کمک‌شکار

whippersnapper /'wɪpəsnæpə(r), US 'wɪpərs-/ *noun*
(کۆن و نافەرمی) ئالۆری، لووسکە، جەحێلی لەخۆبایی ۞ چلغوز

whippet /'wɪpɪt/ *noun*
ویپێت (= جۆرێ تاجی، زۆرتر بۆ پێشبڕکێ بەکاردێنرێ) ۞ ویپت

whipping /'wɪpɪŋ/ *noun*
سزادان بە قەمچی، تەمێ‌کردن یان باسرمە بە جەڵدە، شێلاق‌کاری: *He threatened the boy with a whipping* ۞ مجازات یا تنبیه با تازیانه

whipping-boy *noun*
قەزاوەگێڕ، بەلاگێڕەوە، قۆچی قوربانی ۞ سپربلا

whipping cream *noun*
توێشکەی شلەقێنراو، توێژی لێک‌دراو یان شێواو ۞ خامەی هم‌زده

whipping post *noun*
(مێژوویی) کۆلەکەی شێلاق(لێدان، تاوانباریان پێوە دەبەستەوە و وەک سزای گشتی شێلاق‌کارییان دەکرد) ۞ تیر شلاق‌زنی

whippletree /'wɪp(ə)ltriː/ = swingletree

whippoorwill /'wɪpəwɪl, US -pərw-/ *noun*
جۆرێ nightjarی قاوەیی ئەمریکای ناوەندی و باکووری، بە دەنگی جیاوازەوە [*Caprimulgus vociferus*] ۞ نوعی پرنده

whippy *adjective*
1 نەرم، دەچەمێتەوە، دادێتەوە 2 شێلاق‌ئاسا، شێوەجەڵدە، شێلاقی ۞ 1 خم‌شدنی 2 تازیانەای شکل

whip-round *noun*
(بریتانیا و نافەرمی) خڕکردنەوەی پارە، کۆکردنەوەی پوول: *We had a whip-round at the office to buy her a leaving present* ۞ (عامیانه) جمع‌آوری پول

whipsaw *noun*
جۆرێ هەڕە یان مشاری دووسەری دەم‌باریک (لە هەر دوو سەر دەسکی هەیە، زۆرتر دوو کەس بەکاری دێنن) ۞ نوعی اره

whip scorpion *noun*
دووپشکەشێلاقە، دووپشکی شێلاقی [دەستە Uropygi] ۞ نوعی عقرب

whip snake *noun*
(گیانەوەرناسی) ماری شێلاقی، ماری خێرای باریک [*Coluber viridiflavus* (ئۆراسیا) *Desmansia psammophis* (ئەوستralia و ژاراوی) و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی مار

whipstock *noun*
دەسکی شێلاق یان قەمچی ۞ دستەی تازیانه

whipstitch *noun*
1 ماوە، چرکە، ماوەیەکی کورت 2 سەردروو، لێواردروو ۞ 1 مدت، مدت کوتاه 2 پاک‌دوزی

whipworm *noun*
کرمی جەڵدەیی یا شێلاقی، شێلاقەکرم، کرمێکی مشەخۆری نیماتۆد، دەداتە ریخۆڵەی پاتاڵی ماڵی [تۆخم *Trichuris*] ۞ کرم تازیانەای

whir = whirr

whirl /wɜːl, US wɜːrl/ *noun*
1 سووڕانەوە، خولانەوە، چەرخین، دەورلێدان، گەڕان، زڤرین: *a whirl of dust* 2 دوابەدوای یەک‌هاتنی خێرای چالاکی‌یەکان، کاری بەپەلە یان فڕکەفڕک 3 گێژی، کاسی 4 خێرایی، توندی، تاو 5 شیرینی یان نوقڵی قەفقەفە یان پێنچ‌پێنچۆکەیی ۞ 1 چرخش، گردش، دَوَران 2 توالی سریع فعالیت‌ها 3 گیجی 4 سرعت 5 ویرل

whirligig /'wɜːlɪgɪg, US 'wɜːrl-/ *noun*
1 فڕفڕە، فڕفڕۆکە، ڤرڤرۆک 2 سارسارۆک، چەرخ‌وفەلەک 3 (هەروەها whirligig beetle) قالۆنچەی فڕفڕە یان خولخولۆکە (لەسەر ئاو [خێزان Gyrinidae]) ۞ 1 فرفره 2 چرخ و فلک 3 نوعی سوسک

whirling disease *noun*

جۆرێ نەخۆشی بگرەوە و زۆرتر کوشندە، ب.ت. هی بەچکە ماسی‌یانی ئازاد salmon بەهۆی protozoan یەکەوە (*Myxobolus (cerebralis syn. Myxosoma cerebralis* تووش دەبێ ◌ نوعی بیماری

whirlpool /'wɜ:lpu:l, US 'wɜ:rl-/ *noun*
گێژاو، گەرداو، ئاشەتەنوورە، تەمباف، پێچاو، کەندال ◌ گرداب

whirlpool bath *noun*
گەرماوی گێژاوی، حەمامی گەرداوی یان گێژاوی ◌ حمام گردابی

whirlwind /'wɜ:lwɪnd, US 'wɜ:rl-/ *noun*
1 گێژەڵووکە، گەردەلوول، باگێژە، واگژە، واگێژە، گەرەپێچ، زلان، گەژگەرینک، باهۆز 2 مرۆی بەکار 3 (وەک ئاوەڵناو) خێرا، چاوەڕوان‌نەکراو ◌ 1 گردباد 2 آدم پرانرژی 3 سریع، غیرمتظره

whirlybird *noun*
(نافەرمی) هێلیکوپتێر، تەیارە ◌ (عامیانە) هلیکوپتر

whirr /wɜ:(r)/ *noun*, also whir
قرە، فرە، ویژە، هاژە، سیرە، دەنگی قرە(قر)، دەنگی سیرە، فرەفر: *There was a whirring of machinery* ◌ ور، صدای ورّ

whirring = whirr

whisht /(h)wɪʃt/ *interjection*, also wheesht, whist
(سکاتلەندی و ئیرلەندی) بێ‌دەنگ!، وسکوت!، وست! ◌ ساکت!

whisk /wɪsk/ *noun*
1 راوەشان، لەقان، راتلەکان، تەکان، شێوان، شلەقان، جوولەیەکی توند یان خێرا 2 ماستاوشلەقێنە، لێکدەرە، شلەقێنە، شت یان ئامێرێ (قەفقەفی سیمی و بە دەسکێکەوە) بۆ لێکدان و شلەقاندنی هێلکە، سەرتوێ و هتد 3 ئادووە: چەپکێ لە گیا، کلۆش، پەڕ، شوول، موو و یا شتێکی وا کە بە دەسکێکەوە دەکرێ و بۆ سڕین و تەکاندن بەکاردێترێ 4 = whisk broom ◌ 1 تکان، حرکت، حرکت سریع 2 همزن 3 گردگیر

whisk broom *noun*
گەسکی جل، جل‌سڕ: گەسکێکی چکۆلەی دەسککورت، ب.ت. وەک بڕۆسی جل بەکاردێترێ ◌ بروم ویسک

whiskered /'wɪskəd, US -kərd/ *adjective*, also whiskery
1 سمێلی 2 ریشی ◌ 1 سبلو 2 ریشو

whiskers *noun, pl.*
1 (پشیلە، مشک و هتد) سمێل 2 ریش (ب.ت. هی سەر کولمە یان چەنە (یان بەشی خوارووی) 3 نافەرمی) بڕێکی زۆر کەم 4 a whisker) هەریەک لە دوو میل یا قۆڵی outrigger دوو لای کولەکەی بەرزی لاشە یان پەیکەری کەشتی کە بادەوەی پێشەوەی کەشتی رادەگرێ 5 ریشۆلەی پەراوێزی جل، گولنگ 6 - hairbreadth ◌ 1 سبیل 2 ریش 3 مقدار بسیار کم 4 و 5 ویسکر

whiskery *adjective*
سمێل‌ئاسا، سمێلی ◌ سبیل‌وار

whisky /'wɪski/ *noun, pl.* whiskies, also Irish & US whiskey
ویسکی، ویسکی‌خۆری، شووشەی ویسکی تیاخواردنەوە: *Scotch -sky ◊ a bottle of -ky ◊ highland -kies* ◌ ویسکی، گیلاس ویسکی

whisky sour *noun*
جۆرێ خواردنەوە، ویسکی، ئاولیمۆ و لیمۆترشی تیایە ◌ ویسکی سور

whisper /'wɪspə(r)/ *noun*
1 سرتە، سرپە، چرپە، قسەی بن‌گوێ 2 دەنگۆ، قسەلۆک، قاو، گوتگۆتکا 3 - hint ◌ 1 نجوا، پچ‌پچ 2 شایعه (whispery *adj*)

whispered *adjective*
سرتەیی، بەچرپە، بەسرتە، نهێنی، نەهێنی ◌ محرمانه

whisperer *noun*
1 قاوداخەر، بەندوباوبلاوکەرەوە 2 سرتێنەر، چرپێنەر ◌ 1 شایعه‌پراکن 2 نجواکن

whispering compaign *noun*
قاوداخستن، دەنگۆبلاوکردنەوە، دەنگۆسازی، بەندوباوبلاوکردنەوە، درۆ و دەلەسەداخستن ◌ شایعه‌پراکنی

whist[1] /wɪst/ *noun*
(پەڕین) ویست، حوکم ◌ حکم

whist[2] /wɪst/ = whisht

whistle /'wɪsl/ *noun*
فیتە، فیتوو، دەنگی فیکە، فیسە، فیق‌فیقە، فیقنە، فیکە، فیت‌فیتە، ماسوولە: *He gave a low long -istle of surprise* ◌ سوت، صدای سوت، ویسل

whistle-blower *noun*
(نافەرمی) راپۆرت‌چی، سیخوڕ، شەیتان، پێوەکەر ◌ مخبر

whistle-blowing *noun*
(نافەرمی) راپۆرت‌چێتی، سیخوڕی، پێوەکردن ◌ مخبری

whistle-stop *noun*
1 (شەمەندەفەر) لاوێستگە، وێستگەی ئامازە (یان چکۆلە) 2 (خوازە) کورتەوێستان (سیاسەتوانێ بەدرێژایی شالاوی هەڵبژاردنا) ◌ 1 ایستگاه فرعی 2 (مجازی) توقف کوتاه

whistle-stop tour *noun*
سەفەری چرووپڕ، سەفەر بۆ مەبەستی بانگەشە، سەردانی بانگەشەیی (سیاسەتوانێ بۆ زۆر شوێن، لە ماوەیەکی کەمدا) ◌ سفر فشرده

whistle-stop trip = whistle-stop tour

whistling swan *noun*
قوو یان قازەفیکەنە (هی ئەمریکای باکووری [*Cygnus columbianus columbianus*]) ۞ نوعی قو

Whit /wɪt/ = Whitsun

whit /wɪt/ *noun*
برێکی زۆر کەم، نەختێ، نەختەلانێ، تۆزاڵێ، تۆزقاڵێ (every whit: wholly؛ not a whit: هەر هیچ، تۆزێکیش، عەسڵەن) ۞ ذره

white /wait/ *adjective, noun*
adj 1 سپی، چەرموو، کەمڕەنگ، کاڵ، سپیپێست 2 سەربە ڕەگەزی سپیپێست *n* 1 ڕەنگی سپی 2 سپیپێست، قەوقازی 3 جلی سپی، بەرگی سپی یان چەرموو 4 (هێلکە) سپێنی، سپێنە، چەرمینە، سپووچک 5 (چاو) سپێتی 6 جۆرێ پەپوولەی کریمی یان سپی [*Pieris brassicae* (سپی گەورە)، *P. rapae* (سپی چکۆلە، هەر دووکیان مێملی بەروبوون) و جۆرەکانی تر] 7 (whites) جلی سپی، بەرگی سپی 8 جلوبەرگی سپی وەرزشی ۞ *adj* 1 سفید، سفیدپوست 2 وابسته به نژاد سفید *n* 1 رنگ سفید 2 سفیدپوست 3 لباس سفید 4 (تخم مرغ) سفیده 5 (چشم) سفیدی 6 نوعی پروانه 7 (در جمع) رخت سفید 8 لباس ورزشی سفید

white admiral *noun*
جۆرێ پەپوولەی باڵ قاوەیی تۆخ [*Ladoga camilla* (ئەوروپا) و جۆرەکانی تر] ۞ نوعی پروانه

white ant *noun*, also termite
مۆریانە، مۆرانە، خۆرکە، مۆر، دارخۆرکە، تەختەکالۆس، لێوەنگ، قەرەونە، سورک ۞ موریانه

white aescnic *noun*
زەرنیخی سپی ۞ زرنیخ یا آرسنیک سفید

whitebait /ˈwaɪtbeɪt/ *noun*
وردەماسی خۆراکی ۞ انواع ماهی‌های کوچک خوراکی

whitebeam *noun*
درەختێکی سەربە rowan بە بەری سوور و گەڵای کوڵکنی هێلکەیی‌یەوە [*Sorbus aria*] ۞ نوعی درخت

white beet *noun*
چەوەندەری شەکر، چۆنەری شەکر ۞ چغندر قند

white behen *noun*
(ڕووەکناسی) تاڵگەتاڵە، تاڵووەتاڵە، تیلگ ۞ گل گندم طلایی

white belt *noun*
پشتێنە یا کەمەری سپی (بۆ دەس‌پێکەری کاراتە و جودۆ) ۞ کمربند سفید

white blood cell *noun*, also leukocyte, white blood corpuscle
خڕۆکەی سپی ۞ گویچەی سفید

whiteboard /ˈwaɪtbɔːd, US -bɔːrd/ *noun*
تەختەسپی ۞ وایت‌برد

whitecaps /ˈwaɪtkæps/ = white horses

white cell = white blood cell, leucocyte

white Christmas *noun*
کریسمەسی سپی یان چەرموو یان بەفران ۞ کریسمس برف‌باران

white clover *noun*, also Dutch clover, also white Dutch clover
شەوەرەسپی، سێبەرە یان شەوەری سپی: جۆرێ شەوەری ئوراسیایی، بە سەرەگوڵی سپی خڕەوە، سەرچاوەیێکی گرنگی شێلەیە بۆ هەنگەکان [*Trifolium repens*] ۞ شبدر خزنده، شبدر سفید

white coffee *noun*
شیرقاوە، قاوەی سپی ۞ شیرقهوه

white-collar *adjective*
فەرمانگەیی، کارگێڕی، ئیدارەیی، دامەزراوە، دیوانی، دەوڵەتی، یەخەسپی، دەس‌وپێ‌سپیلکە (لەچاو کرێکاری) ۞ اداری، دفتری

white-collar worker *noun*
فەرمانبەری کارگێڕی یا دیوانی ۞ کارمند اداری

white corpuscle = white blood cell

white archangel *noun*, also white dead-nettle
گەزنەسپی، گەزنەچەرمگ [*Lamium Album*] ۞ گزنه سفید

white dwarf *noun*
(ئەستێرەوانی) گڕگنەی سپی ۞ کوتولەی سفید

white elephant *noun*
شتی گران و هیچەکە، شتی بەکارنەهاتوو یان بێکارە، فیلی سپی، مایە بەفیڕۆچوونی پارە، پارەخەسار ۞ مایەی اتلاف پول

white ensign *noun*
ئاڵای هێزی دەریایی بریتانیا ۞ پرچم نیروی دریایی بریتانیا

white-eye *noun*
چاوسپی: جۆرێ باڵندەی دەنگخۆشی چکۆلە، بە ئاڵقەیێکی پەڕی سپی بە دەور چاوییەوە [*Zosterops* و توخمەکانی تر] ۞ نوعی پرنده

white-faced *adjective*
سپی‌هەڵگەڕاو، ڕەنگ‌هەڵبڕووسقاو ۞ رنگ‌پریده

white feather *noun*
نیشانەی ترسەنۆکی ۞ علامت بزدلی

whitefish *noun*, *pl.* same or whitefishes
ماسی سپی وەک cod، plaice و haddock [*Coregonus* و توخمەکانی تر: چەندین جۆرن] ۞ ماهی سفید

white flag *noun*
ئاڵای سپی یان چەرموو (نیشانەی خۆبەدەستەوەدان یان پەسندکردنی بەزین یان

تیشکان) ○ پرچم سفید

whitefly *noun, pl.* same or whiteflies

مێشەسپی [خێزان Aleyrodidae: زۆر جۆرن] ○ وایت‌فلای

white gold *noun*

زێڕی سپی، دارشتەی زیوی لە زێڕ، نیکل، پلاتینیۆم و کانزای تر ○ طلای سفید

white goods *noun, pl.*

1 کەلوپەلی سپی (بەفرخەرە، دەزگای جل‌شتن و هتد) 2 (کۆن) کەتانی خۆماڵی ○ 1 لوازم خانگی بزرگ 2 کتان خانگی

white-haired *adjective*

مووسپی ○ سپیدمو

Whitehall /ˈwaɪthɔːl/ *noun*

1 حکومەتی بریتانیا 2 وایت‌هاڵ، هۆڵەسپی (شەقامێ لە لەندەن کە زۆربەی دامودەزگای حکومی لەوێن) ○ 1 دولت بریتانی 2 وایت‌هال

whitehead *noun*

سەرسپی: جۆرێ باڵندەی دەنگ‌خۆشی نیوزیلەندی، سەر و ژێرزگ سپی [*Mohoua albicilla*] ○ نوعی پرنده

white heat *noun*

تینی سپی، گەرمایی سپی (زیاتر لە 1200 پلەی گەرمی) ○ حرارت سفید

white hole *noun*

چاڵەسپی: ئەو دیوە وادانراوەی چاڵەڕەش کە لەوێوە مادە و وزە سەر هەڵدەدا (لە بەرامبەر چاڵەڕەش‌دا black hole) ○ حفرەی سفید

white hope *noun,* also great white hope

جێگەی هیوا یان هومێد، ڕۆشنایی، هیوا(ی داهاتوو) ○ نقطەی امید

white horses *nounl, pl.*

شەپۆلە نووچکەسپی‌یەکان (سەرسپی‌یەکان)، شەپۆلە کەفاوی‌یەکان ○ امواج سپیدنوک

white-hot *adjective*

1 (کانزا و هتد) سوورەوەبوو، یەکجار گەرم 2 (خوازە) توند، بەتین، قووڵ، ئاورین، ئاگراوی، ئاگرین ○ 1 گداخته 2 (مجازی) شدید، آتشین

White House *noun*

1 کۆشکی سپی، سەرای سپی 2 رایەداران یان کاربەدەستانی کۆشکی سپی (سەرکۆمار و راوێژکارانی): *The White House has issued a statement* ◊ *White House aides* ○ 1 کاخ سفید 2 مقامات کاخ سفید

white information *noun*

زانیاری سپی (باش لەبارەی باوەڕی کەسێکەوە) ○ اطلاعات سفید

white knight *noun*

کەس یان شتێ کە بە یارمەتی یەکێکەوە دێ ○ وایت نایت

white land *noun*

زەوی سپی ○ زمین سفید

white lead *noun*

قورقوشمی سپی، سپیاوی قورقوشم ○ سرب سفید

white lie *noun*

درۆ سپی، درۆی بێ‌زیان، درۆی بەرژەوەندانە ○ دروغ مصلحت‌آمیز

white light *noun*

شەوقی سپی، ڕۆشنایی سپی، ڕووناکی چەرموو ○ نور سفید

white ligtning = moonshine

white lime = whitewash

white line *noun*

هێڵی سپی ○ خط سفید

white list *noun*

لیستی سپی (هی بەرهەم یا کەلوپەلی پەسندکراو) ○ فهرست سفید

white magic *noun*

جادووی سپی (کە بۆ مەبەستی باش دەکرێ) ○ جادوی سفید

white man *noun*

پیاوی سپی‌پێست ○ مرد سفیدپوست

white matter *noun*

ماکەسپی، مادەی سپی ○ مادەی سفید

white meat *noun*

گۆشتی سپی ○ گوشت سفید

white metal *noun*

کانزای سپی ○ فلز سفید

white mouse *noun*

مشکی سپی ○ موش سفید

white mustard *noun*

خەردەلەسپی، خەرتەلەسپی، تینەگیا؟، تاسی‌ئەور؟، لە خێزانی خەردەل، وەک charlock [*Brassica hirta*] ○ خردل سفید

whitener *noun*

(مادە یان مەتریالی) سپی‌کەرەوە ○ (مادەی) سفیدکنندە

whiteness *noun*

سپێتی، چەرموویی، سپی‌بوون ○ سفیدی

white night *noun*

شەوی بێ‌خەو، شەوی سپی ○ شب بدون خواب

whitening = whitener

white noise *noun*

(فیزیک) دەنگی سپی ○ وایت نویز

white oak *noun*

1 بەڕووی سپی، بەڕووەسپی، بە گەڵا و کڵاوەی بەڕووی خڕەوە 2 داری سەخت و قایمی بەڕووەسپی ○ 1 بلوط سفید 2 چوب بلوط سفید

whiteout *noun*

بۆران، تۆف، تۆف‌وبەند، باوبۆران ○ کولاک

White Paper *noun*

راپۆری (فەرمی) حکومەت ○ گزارش (رسمی)

دولت

white pepper *noun*

بیبارەسپی ◌ فلفل سفید

white pointer = great white shark

white poplar *noun*

(رووەکناسی) شاتانی سپی، سپیدار، بیچەرمگ؟ [*Populus alba*] ◌ درخت تبریزی سفید

white pudding *noun*

جۆرێ باسترمە، لە oatmeal و suet دروست دەبێ ◌ پودینگ سفید

white revolution *noun*

شۆرشی سپی، وەرگۆران یان گۆرانکاری سپی ◌ انقلاب سفید

white Russian *noun, adjective*

n 1 بێلارووسی 2 دژی بولشیفیکەکان بە درێژایی شەری نێوخۆیی رووسیا *adj* سەربە بێلارووسی ◌ *n* 1 بلاروسی 2 مخالف بولشویک‌ها در جنگ داخلی روسیه *adj* وابسته به بلاروسی

white sauce *noun*

سۆسی سپی ◌ سس سفید

white shark *noun*, also great white shark

(گیانەوەرناسی) کۆسە یان شارکی سپی ◌ کوسەی سفید

white slave *noun*

کۆیلەی سپی ◌ بردەی سفید

white slaver *noun*

لەشپێفرۆش ◌ مجبورساز به فحشا

white slavery *noun*

لەشپێفرۆشی، کارداری قەحبەگەریتی ◌ روسپی‌گری اجباری

white slavery trade *noun*

کارداری قەحبەگەریتی ◌ تجارت روسپی

whitesmith /'waɪtsmɪθ/ *noun*

مسگەر، سپیکەرەوە ◌ رویگر

white spirit *noun*

بێنزینی سپی ◌ بنزین سفید

white stick *noun*

گۆچانی سپی، گۆچانی کوێران یان نەبینان ◌ عصای سفید

white supremacist *noun*

سپیباوەر، سپیبەسەرترزان ◌ سفیدبرترانگار

white supremacy *noun*

سپیباوەری، سپیبەسەرترزانی ◌ سفیدبرترانگار

whitethorn = hawthorn

whitethroat *noun*

ملسپی، جۆرێ مەلی دەنگخۆشی کۆچەر [*Sylvia communis*] و جۆرە پێوەندیدارەکان ◌ نوعی پرنده

white-tie *noun, adjective*

n گرێسپی، پاپیۆنی سپی *adj* (میوانی و هتد) فەرمی، بە جلی فەرمییەوە ◌ *n* پاپیون سفید *adj* رسمی

white trash *noun*

(سووکانە، لە ئەمریکای باکووری) گەلی سپیپێستی هەژار، هی باشووری ئەمریکا ◌ مردم فقیر سفیدپوست جنوب امریکا

whitewall *noun*

دەوری سپی تایە یان پێچکەیێ ◌ دورەی سفید لاستیک

whitewash /'waɪtwɒʃ, US -wɑːʃ, -wɔːʃ/ *noun*

1 دۆغاب، گەسلاو، تێکەڵەیێ لە گەچ، قسل و ئاو 2 (خوازە) دیزەبەدەرخۆنە، سەرنانەوە ◌ 1 دوغاب 2 (مجازی) ماست‌مالی

white water *noun*

خوراو، لرفاو، گوراو، لێزاو، توندئاو، تەوژماو، نێرایی ئاو ◌ تندآب

white wedding *noun*

ئاهەنگی زەماوەند، رێورەسمی شایی ◌ مراسم عروسی

white whale = beluga 1

white willow *noun*, also yellow willow or golden osier or water willow or Huntingdon willow

(رووەکناسی) بی سپی، سپییەبی، بیچەرمگ، ویرۆلەچەرمە [*Salix Alba*] ◌ بید سفید

white wine *noun*

مەی سپی، بادەی چەرموو یا سپی ◌ شراب سفید

white-winged chough *noun*

جۆرێ باڵندەی دەنگخۆشی رەش و سپی یان بەڵەکی ئەوسترالیایی، هەروەها chough ◌ نوعی پرنده

whitewood *noun*

سپیدار، دار و درەختی دارسپی: 1 دارێکی ئەوسترالیایی لە خێزانی soapberry [*Atalaya*] درختان چوب سفید ◌ tulip tree 2 [*hemiglauca*

white woman *noun*

ژنی سپیپێست ◌ زن سفیدپوست

whitey /'waɪtɪ/ *noun* (*pl.* whiteys), *adjective*

n (نافەرمی، سووکانە) کەسێکی سپی *adj* بە بنەرەنگێکی سپییەوە ◌ *n* آدم سفیدپوست *adj* با تەرنگ سفید

whither /'wɪðə(r)/ *adverb, conjunction*

بۆ کوێ، بۆ چ جێگایێ، بۆ چ شوێنێ، کوێ، تا کوێ، بۆ ئەوێ، کە، هەرشوێنێ، هەر جێگایێ، هەرجێیێ: *They did not know whither they should go* ◌ به کجا، کجا، تا کجا، به آن(جا)، که، هرکجا، هرجا

whithersoever = wherever

whiting[1] /'waɪtɪŋ/ *noun, pl.* same

ماسییە سپی، ماسییەچەرموو [*Merlangius merlangus* (خێزان cod، تەنکاوەکانی ئەورووپا)

و جۆرەکانی تر] ۞ ماهی مرلان

whiting² /'waɪtɪŋ/ *noun*
(مادە یان مەتریالی) سپی‌کەرەوە ۞ (مادەی) سفیدکنندە

whitish /'waɪtɪʃ/ *adjective*
کەمێ سپی، مەیلەوسپی، سپی‌کار، ئامال‌سپی، سپی‌واشت، سپی‌باو: *a bird with a whitish throat* ۞ نسبتاً سفید

whitleather *noun*
چەرمی سپی ۞ چرم سفید

whitlow /'wɪtləʊ/ *noun*, also felon2
(نەخۆشی) موو، مووماں، میمار، برنجۆک، قامکێشە ۞ عقربک، کژدمە

whitlow-grass *noun*, also whitlow grass
(رووەکناسی) برنجۆک، گیادوویشک، زوو باوەڕ وابوو کە موو چا دەکاتەوە [*Erophila verna* و جۆرە پێوەندی‌دارەکان] ۞ ویتلوگراس

Whitsun /'wɪtsn/ *noun*
ویتسان (حەوتەمین یەکشەممە دوای جەژنە فتیرە، کاتێ دیانی‌یەکان بۆ هاتنەخوارەوەی گیانی پیرۆز ئاهەنگ دەگێڕن)، ڕۆژانی ویتسان ۞ عید پنجاهە، ایام عید پنجاهە

Whit Sunday = Whitsun

Whitsun tide /'wɪtsntaɪd/ *noun*
ڕۆژانی ویتسان ۞ ایام عید پنجاهە

whittling *noun*
بڕین یان تاشین، دادان، نووک‌تیژکردن ۞ عمل بریدن یا تراشیدن

whizz /wɪz/ *noun*, also whiz
1 ویزە، ویزە، هازە، فشە، دەنگی ویزە 2 (خوازە) مامۆستا، وەستا، خودا 3 جووڵانی خێرا یان سەفەری کورت 4 (کاری) میزکردن 5 (نافەرمی، بریتانیا) amphetamine = ـەکان ۞ 1 ویز، ویژ، صدای ویژ 2 (مجازی) استاد 3 حرکت سریع یا سفر کوتاه 4 (عامیانە) شاشیدن

whizz-kid *noun*, also whiz-kid
(نافەرمی) مرۆی زیرەک، زرینگ، وریا، زیت، بلیمەت، مدریک: *financial whizz-kids* ۞ آدم باهوش، زبل

whizzo *adjectiv*, also wizzo
(نافەرمی) یەکجار باش، چاک، عال ۞ عالی

who /hu:/ *pronoun*
کێ، چ کەسێ، چ کەسانێ، کێن، کە ئەوان، کەوان، کە، کە ئەو، بۆ کێ، بۆ چ کەسێ: *Who is that woman?* ◊ *Who's the money for?* (کێیەتی who-ness) ۞ کی، چە کسی، چە کسانی، کی‌ها، کە آنها، کە، کە او

WHO /ˌdʌbləu, eɪtʃ 'əʊ/ *abbreviation*
World Health Organization
ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی ۞ سازمان بهداشت جهانی

whoa /wəʊ, US woʊ/ *interjection*, also wo
1 (ئەسپ و هتد) هۆش، هۆش، پێسە 2 (بە کەسێ) هێواش، سووک ۞ 1 هش، چش 2 هی

who'd /hu:d/ *abbreviation* who had, who would

whodunit /ˌhu:'dʌnɪt/ *noun*, US whodunnit
(نافەرمی) چیرۆکی پۆلیسی، چیرۆکی تاوانکارانە ۞ داستان جنایی

whoever /hu:'evə(r)/ *pronoun*
هەرکەس، هەرکە، هەر کەسێ، هەر کەسێ کە، کێ، چ کەسێ: *Whoever says that is a liar* ۞ هرکە، هرکس کە، هرکسی را کە، کی

whole /həʊl, US hoʊl/ *adjective, noun*
1 *adj* گشت، هەموو، تێکڕا، یەکڕا، گ، ساماڵ، تەواو، ڕەبەق، ساغ، نەشکاو، بێ‌گەرد، بێ‌عەیب، بێ‌خەوش 2 گشت، تەواو، سەرجەم *n* 1 یەکە، شتێکی تەواو 2 هەمووی، گشت، گشتی، تێکڕای ۞ *adj* 1 همەی، کامل، تمام، سالم 2 کل *n* 1 واحد، چیز تمام 2 تمام، کل، همەی

wholefood /'həʊlfu:d, US 'hoʊl-/ *noun*, also wholefoods
چێشتی خۆماڵی، خۆراکی سروشتی ۞ غذای طبیعی

wholefood restaurant *noun*
خواردنگەی چێشتی خۆماڵی یا خۆراکی سروشتی ۞ رستوران غذای طبیعی

wholegrain /'həʊlgreɪn, US 'hoʊl-/ *adjective*
سۆس‌دار، زبرەدار، سۆستاوی ۞ سبوس‌دار

wholehearted /ˌhəʊl'hɑ:tɪd, US ˌhoʊl'hɑ:rtəd/ *adjective*
لە دڵەوە، بێ‌دوودڵی: *The plan was given - ted support* ۞ صمیمانە

wholeheartedly *adverb*
لە قووڵایی دڵەوە، لە ناخی دڵەوە، لە دڵەوە، لە کانگای دڵەوە: *She threw herself - leheartedly into her work* ۞ از صمیم قلب

wholeheartedness *noun*
لە دڵەوەبوون، بێ‌دوودڵی‌بوون ۞ صمیمیت

wholemeal /'həʊlmi:l, US 'hoʊl-/ *noun, adjective*
(ئارد، نان و هتد) زبرەدار، سۆستاوی، سۆستەدار، سۆس‌دار، درشتەلەگەڵ، کەپەکدار (هەروەها graham (بنەڕەت: لە ناوی لایەنگری چاکسازی خۆراکی *Sylvester Graham*) ۞ سبوس‌دار

wholemeal bread *noun*
نانی سۆستاوی یان بە گەنم و کەپەکدارکراو ۞ نان سبوس‌دار

whole milk *noun*

شیری توێژاڵنەگیراو یا پڕتوێژ، شیری توێژاڵی یا پەتی ◌ شیر خالص
wholeness /həʊlnəs, US hoʊlnəs/ *noun*
یەکێتی، یەکپارچەیی، یەکاڵەیی، تێکڕایی، تەواویتی، سەرتاسەریتی، گشتیتی ◌ وحدت، تمامیت، کلیت
whole note = semibreve
whole number *noun*, integer
ژمارەی دروست (راست)، ژمارەی تەواو ◌ عدد صحیح
wholesale /'həʊlseɪl, US 'hoʊl-/ *noun, adjective, adverb*
n کۆفرۆشی، جوملەفرۆشی، تێکرافرۆشی *adj* 1 بە نرخی جوملەفرۆشی 2 بەربلاو، تەواو، بەرین، هەمەلایەنە، گشلایەنە *adv* 1 لە ئەندازەیەکی بەربلاودا 2 بە شێوەیەکی بەربلاو ◌ *n* عمده‌فروشی *adj* 1 به قیمت عمده‌فروشی 2 گسترده، کامل *adv* 1 در مقیاس وسیع 2 به طور گسترده
wholesaler *noun*
کۆفرۆش، جوملەفرۆش، تێکرافرۆش ◌ عمده‌فروش
wholesaling /'həʊlseɪlɪŋ, US 'hoʊl-/ *adjective*
کۆفرۆش، جوملەفرۆش، سەربە جوملەفرۆشی ◌ عمده‌فروش، وابسته به عمده‌فروشی
wholescale = *adjective* wholesale
wholesome /'həʊlsəm, US 'hoʊl-/ *adjective*
تەواو، سازگار، گەوار، خۆش، سلامەت، مایەی لەشساغی، سووک، باش، بەکارهاتوو، بەبەهرە، بەقازانج، بەکەڵک: *fresh, wholesome food* ◌ سالم، مفید (wholesomely *adv*)
wholesomeness /'həʊlsəmnəs, US 'hoʊl-/ *noun*
تەواوی، خۆشی، سازگاری، سلامەتی، سووکی، باشی، بەکارهاتوویی، بەقازانجی ◌ سالم بودن، مفید بودن
wholewheat /'həʊlwiːt, US 'hoʊl-/ = wholemeal
who'll /huːl/ *abbreviation* who shall, who will
wholly /'həʊlli, US 'hoʊlli/ *adverb*
تەواو، بە تەواوی، سەرپاک، سەرتاسەر: *wholly inappropriate behaviour* ◌ کاملاً، به کلی
whom /huːm/ *pronoun*
کێ، کەسێ کە، بە کێ، کە ئەو، کە ئەوان: *The author whom you criticized in your review has written a reply* ◊ *To whom should I write?* ◊ *whom did they invite?* ◌ چه کسی را، کی را، که او را، که آنها را
whomever /ˌhuːm'evə(r)/ *noun*
هەرکەسێ، بە هەر کەسێ: *He was free to marry whomever he chose* ◌ هرکه، هر آن که، هر آن‌کس را که
whomp /wɒmp/ *noun*
(نافەرمی) زرمە، تەپە، دەنگی زرمە ◌ تالاپ، صدای تالاپ
whomsoever /ˌhuːmsəʊ'evə(r), US -soʊ-/ = whomever
whoop /wuːp, US huːp/ *noun*
1 هاوار، هەرا، قریوە، قوولە، گوڕە، نەعرەتە: 2 دەنگی کۆخەڕەشە، نرکە *whoops of delight* ◌ 1 غریو، فریاد 2 صدای سیاه‌سرفه
whoopee /wʊ'piː/ *interjection, noun*
interj ئاخ گیان! ئۆخەی! ئۆخەیش: *Whoopee, we've won!* *n* بەزمورەزم، بەزموهوڕ ◌ *interj* آخ جون! *n* جشن همراه با هیاهو
whooper /'huːpə, US 'w-/ *noun*
قوویۆرنە، جۆرێ قووی زلەی کۆچەر [*Cygnus cygnus*] ◌ نوعی قو
whooping cough /'huːpɪŋ kɒf, US kɔːf/ *noun*, also pertussis
کۆخەڕەشە، خەندخەندوک (بە هۆی بەکتریای *Bordetella pertussis* تووش دەبێ) ◌ سیاه‌سرفه
whoop crane /'huːpɪŋ, US 'w-/ *noun*
لەکلەکەقیرنە (یان بۆرنە)، لەلکەک یان شینەقورینگی ئەمریکایی (یاکووری [*Grus americana*]) ◌ درنای امریکایی
whoopla *interjection*
ئاخ گیان! ئۆخەیش! ◌ هورا!
whoops /wʊps/ *interjection*, also whoops-a-daisy
ئەی! ئاخ! وەی! ئەها!: *Whoops! Careful, you almost spilt coffee everywhere* ◌ آخ! وای!
whoosh /wʊʃ, US wuːʃ/ *noun, interjection*, also woosh
n دەنگی ویزە، ویزە *interj* ویزا! ◌ *n* صدای ویز *interj* ویژ!
whop /wɒp/ *noun*, also whap
لێدانێکی قورس یان دەنگەکەی ◌ ضربه‌ی سنگین یا صدایش
whopper /'wɒpə(r), US 'wɑːp-/ *noun*
1 درۆی زلە یان قەبە، شەقەدرۆ، درۆی حەوایی، درۆی باڵدار: *She's told some whoppers about her past* 2 (خوازە) یەکجار زلە، زەبەلاح: *Pete has caught a whopper (= a large fish)* ◌ 1 دروغ شاخدار 2 (مجازی) غول‌پیکر
whopping /'wɒpɪŋ, US 'wɑːp-/ *adjective, adverb*
adj زلە، زەلام، زەبەلاح، گەپ، گەورە: *The company made a whopping 75 million*

adv dollar loss یه‌کجار، گه‌لێ ⬡ *adj* گنده،
عظیم *adv* خیلی

who're /'hu:ə(r)/ *abbreviation* who are

whore /hɔ:(r)/ *noun*
1 قه‌حبه، له‌شفرۆش، ژنی داوێن‌پیس یان هه‌رزه، گانده‌ر، کوونی‌به‌ده‌ر، کێره‌خۆره، فاحیشه، کێرخۆر، حیز، جنده، 2 prostitute که‌سێکی به‌رتیل‌خۆر یان ناپیاو و بێ‌شه‌ره‌ف ⬡ 1 روسپی، فاحشه 2 آدم رشوه‌خوار یا بی‌شرف

whoredom /hɔ:dəm/ *noun*
قه‌حبه‌گه‌ری، قه‌حبه‌یی ⬡ فاحشگی

whorehouse /'hɔ:haus, US 'hɔ:rh-/ *noun*
(نافه‌رمی) قه‌حبه‌خانه، brothel ⬡ فاحشه‌خانه

whoremaster *noun*
جنده‌باز، خانمباز ⬡ جنده‌باز

whoremonger /hɔ: mʌŋgə(r)/ *noun*
جنده‌باز، خانمباز ⬡ جنده‌باز

whoreson /'hɔ:s(ə)n/ *noun*
(کۆن) زۆڵ، بیژوو، بیژی، حه‌رامزاده ⬡ حرامزاده

whoring /'hɔ:rɪŋ/ *noun*
(له ئه‌مریکا) جنده‌بازی، خانمبازی ⬡ جنده‌بازی

whorish *adjective*
زۆڵ، داوێن‌ته‌ڕ، پاشه‌ڵ‌پیس، داوێن‌پیس ⬡ فاسق

whorl /wɜ:l, US wɜ:rl/ *noun*
1 (رووه‌کناسی) ئالقه، بازنه 2 (شوێنی سه‌ر قامک) ئالقه، پێچ، قه‌ف 3 (مێژوویی) پێچکه یان خولخوله‌ی چکۆلانه له خه‌ره‌کدا spinning wheel ⬡ 1 (گیاه‌شناسی) حلقه 2 پیچ 3 وُرل

whorled *adjective*
ئالقه‌یی، ئالقه‌ئالقه، قه‌فاوی، قه‌فقه‌ف، پێچ‌پێچ ⬡ حلقه‌ای

whortle = whortleberry

whortleberry /'wɜ:tlberi, -bəri, US 'wɜ:rtlberi/ = bilberry

who's /hu:z/ *abbreviation* who is, who has

whose /hu:z/ *pronoun*
هی کێ، هی چ که‌سێ، که‌... ـه‌ی، که‌... ـه‌یان، هیٚ کێیان ⬡ مال کی، مال چه شخصی، که... ـش، که... ـشان، مال چه کسی را

whosesoever = whoever

whoso = whoever

whosoever /ˌhu:səu'evə(r), US -sou-/ = whoever

who've /hu:v/ *abbreviation* who have

whump /wʌmp, US wump/ *noun*
زرمه یا ته‌په‌ی ناخۆش (یان عاجزکه‌ر) ⬡ وُمپ

why /waɪ/ *adverb, interjection, noun*
adv بۆچی، له‌به‌رچی، چما، بۆچی مه‌گه‌ر: *Why were you late?* *interj* ئاخ! ئای! *n* (whys) به‌ڵگه، هۆ، روونکردنه‌وه، لێکدانه‌وه ⬡ *adv* چرا، که چرا، چرا مگر *interj* هی! وای! *n* (در جمع) دلیل، توضیح

whydah /'wɪdə/ *noun*, also whyda
1 جۆرێ باڵنده‌ی جۆلای ئه‌فریکایی، نێره‌که‌ی پشتی ره‌شه و کلکی زۆر درێژه [توخم *Vidua*: چه‌ندین جۆرن] 2 = widowbird ⬡ ویدا

WI /ˌdʌbləu, 'aɪ/ *abbreviation* Women's Institute
(بریتانیا و نافه‌رمی) ئه‌نستیتۆی ژنان، کۆمه‌ڵه‌ی ژنان ⬡ انجمن زنان

Wicca /'wɪkə/ *noun*
تیره‌یێکی دینی religious cult جادووگه‌ری نوێ modern (Wiccan *adj, n*) ⬡ ویکا

wick[1] /wɪk/ *noun*
1 پلیته، ماسول 2 په‌رۆی برین (تا وشکی کاته‌وه؛ ئه‌ڵمانی بنه‌ڕه‌ت) ⬡ 1 فتیله 2 ویک

wick[2] /wɪk/ *noun*
1 (له ناوی شوێن‌دا) شار، گه‌ره‌ک، تاخ، دێ، گوند، کوێره‌دێ، ئاوایی 2 = dairy farm ⬡ شهر، منطقه، دهکده

wick[3] /wɪk/ = 1 quick 2 lively

wicked /'wɪkɪd/ *adjective* (wickeder, wickedest)
پیس، گڵاو، چه‌په‌ڵ، خوێڕی، خراپ، به‌دکار، گوناه‌کار، خراپ‌کار، بێ‌به‌زه‌یی، ده‌روون‌ره‌ش، بێ‌به‌زه‌یی‌یانه، خوێڕی‌یانه، به‌دکارانه، به‌زه‌ر، به‌دخوو، جێی‌ترس، پرمه‌ترسی، ترسناک، شه‌یتانی، خراپانه ⬡ پلید، شریر، خبیث، بی‌رحم، بی‌رحمانه، خطرناک، شیطنت‌آمیز

wickedly /'wɪkɪdli/ *adverb*
به شێوه‌یه‌کی جێی‌ترس یان پرمه‌ترسی، به‌دکارانه، به شێوه‌یه‌کی خراپ: *Martin grinned wickedly* ◊ *a wickedly sharp blade* ⬡ به طور خطرناک، شریرانه

wickedness /'wɪkɪdnəs/ *noun*
خراپی، پیسی، چه‌په‌ڵی، خوێڕیه‌تی، ده‌روون‌ره‌شی، به‌دخوویی ⬡ شرارت، خباثت

wicker /'wɪkə(r)/ *adjective*
شووڵ‌چن، تووڵ‌چن، شووڵ‌پێچ، تووڵ‌پێچ، تووڵینه، حه‌سیری؛ بێ بۆ تووڵینه یان سه‌وه‌ته‌یی، بێ سه‌وه‌ته‌چنین؛ تووڵ یان لقی نه‌رم و چه‌میو (وه‌ک هی osier)؛ سه‌وه‌ته‌سازی، سه‌وه‌ته‌چنی، تووڵینه‌سازی ⬡ از ترکه‌بافته، حصیری؛ بید سبدی؛ سبدسازی

wickerwork /'wɪkəwɜ:k, US 'wɪkərwɜ:rk/ *noun*
تووڵینه‌سازی، سه‌وه‌ته‌سازی حه‌سیرسازی ⬡ حصیرسازی، سبدسازی

wicket /'wɪkɪt/ *noun*
1 ده‌روازه‌ی چکۆله، درگا، ده‌رک 2 (کریکێت) ویکێت 3 (ئه‌مریکا، له دیوار یان درگادا) کون،

کەلەبەر، بابوێر 4 قەف یان ئاڵقەی گۆینێ
croquet ○ 1 دروازەی کوچک 2 در، ویکت 3
سوراخ 4 ویکت

wicket-gate *noun*
دەرگای چکۆلانە، دەرچە، دەروازەی چکۆلانە
(لەپاڵ دەروازە یان دەرگای گەورە) ○ دریچە

wickiup /'wɪkɪʌp/ *noun*
جۆرێ کۆختەی سوورپێستەکان (چوارچێوە
هێلکەیی و بە گیاوگژ و دەوەن داپۆشراو، لە
Algonquian یییەوە) ○ ویکیاپ

widdle *noun*
1 (نافەرمی) میزکردن 2 میز ○ 1 شاشیدن 2
شاش، ادرار

wide /waɪd/ *adjective* (wider, widest), *adverb*
1 پان، بەرین، نەتەسک، هەراو، فراوان، بەربڵاو،
هەمەلایەنە، بەرین، بەرفرەهـ، جۆراوجۆر،
هەمەرەنگ 2 (چاو) کراوە، تەواوکراوە،
زەقەوەکردوو 3 دوور، دوور لە، لە دەرەوەی،
دوورتر لە 4 بە بەرینی، بە پەنایی، بە پانی 5 بە
تەواوەتی، تەواو ○ 1 عریض، پهن، گشاد،
گسترده، وسیع، گوناگون 2 باز، کاملاً باز 3 دور،
دور از 4 بە عرض 5 کاملاً

wide-angle lens *noun*
(کامێرا) هاوێنەی گۆشەکراوە ○ لنز واید

wide awake *adjective*
(تەواو) هەستاو یان بەخەبەر، ئاگادارانە،
هۆشیار، ئاگادار، گوێقوڵاخ ○ (کاملاً) بیدار،
آگاهانە، مترصد

wide-awakeness *noun*
هەستاوی، بەخەبەری، ئاگاداری، هۆشیاری،
وریایی، گوێقوڵاخی ○ بیداری، گوش‌بەزنگی

wide boy *noun*
(نافەرمی) دەسبڕ، چاوبەست، زۆڵ ○ شیاد

wide-eyed *adjective*
1 واقوڕماو، چاودابچڕیو، چاوبزەوەکردوو،
دۆشداماو، تاساو، سەرسووڕماو: *She stared at him in wide-eyed amazement* 2 سادە،
ساویلکە، زووباوەڕ، ساویلکانە ○ 1 حیرت‌زدە
2 سادەلوح، سادەلوحانە

widely /'waɪdli/ *adverb*
بە تەواوەتی، تەواو، بە شێوەیەکی بەربڵاو: *a widely held belief* ◊ *The idea is now widely accepted* ○ کاملاً، بسیار، بە طور وسیع

widemouthed /'waɪd maʊðd/ *adjective*
1 دەمزل، دەمپان، دەمگاوس 2 چڵێس ○
1 دهن‌گشاد 2 حریص

wide-ranging *adjective*
بەربڵاو، بەرین، هەمەلایەنە، گشلایەنە، بەرفرەهـ:
a -e-ranging discussion ○ گسترده، همه‌جانبه

widescreen /'waɪdskriːn/ *noun*
پەردەپان، شاشەپان، پانەسکرین: *a widescreen TV* ○ وایداسکرین

widespread /'waɪdspred/ *adjective*
باو، بڵاوبوو، بەربڵاو، هەمەلایەنە، بەرفرەهـ
دنیاتەنیو، جیهانی: *widespread damage* ◊ *widespread public interest* ◊ *The plan received widespread support throughout the country* ○ شایع، متداول، گسترده، جهانی

widgeon = also wigeon

widget /'wɪdʒɪt/ *noun*
(نافەرمی) دەزگا یان ئامێرێکی چکۆلە، دەزگای
میکانیکی ○ وسیلە یا ابزار کوچک

widow /'wɪdəʊ, US 'wɪdoʊ/ *noun*
1 بێوە، بێوەژن، مێردمردوو، شوونەماو 2 (بە
شۆخی) ژنێ کە مێردەکەی زۆربەی وەخت
خەریکی وەرزش یان چالاکییێکی ترە 3 (لە
چاپدا) دوایین وشە یان دوارستەیێکی کورتی
بڕگەیێ کە دەکەوێتە سەرەوەی لاپەڕەیێ یان
ستوونێ، بێوە ○ 1 بیوە، بیوەزن 2 و 3 ویدو

widowbird *noun*
1 بێوەمەل، باڵندەبێوە، جۆرێ باڵندەی جۆلای
ئەفریکایی [توخم *Euplectes*: چەندین جۆرن]
2 = whydah ○ نوعی پرندە

widowed *adjective*
بێوە، مێردمردە ○ بیوەشدە

widower /'wɪdəʊə(r), US 'wɪdoʊ-/ *noun*
بێوەمێر، بێوەپیاو، ژنمردوو، ژنمردە ○ بیوەمرد

widowhood /'wɪdəʊhʊd, US 'wɪdoʊ-/ *noun*
1 بێوەیی، بێوەواری، بێوەژنێتی، بێوەمێرێتی 2
سەروبەند یان ماوەی بێوەیی ○ 1 بیوگی 2
دوران بیوگی

widow's mite *noun*
یارمەتییێکی کەمی پارە لە لایەن کەسێکەوە کە
دەستەنگ و هەژارە، دیارییێکی کەم کە تێکرای
دارایی کەسێ بێ (ئاماژە بە Mark 12:43) ○
ویدوز میت

widow's peak *noun*
تیژایی قژ یان مووی بەرەو ناوچاوان (بە شێوەی
V) ○ ویدوز پیک

widow's walk *noun*
(ئەمریکای باکووری) سەکۆی نەردەرێز یان
میلداری سەر بانی ماڵە سەرەتاکانی
نیوئینگلەند، بۆ روانینی دەریا (ئاماژە بە
گەڕانەوەی هاوسەرەکانیان لە سەفەری
دەریاییدا) ○ ویدوز پیک

widow's weeds *noun, pl.*
جلوبەرگی رەشی بێوەژنان، جلی ماتەم ○ لباس
عزا بیوەزنان

width /wɪdθ, US wɪtθ/ *noun*
1 پانایی، پانی، بەر، بەرینی، بەربڵاوی،

1 ◊ بەرفرەهی 2 (پارچە) تەختە، بەر، قەوارە
عرض، پهنا، گستردگی 2 (پارچە) تختە
widthways /ˈwɪdθweɪz, US ˈwɪtθ-/
adverb, also widthwise
بە پانایی، لە بەرینایی، نە بەدرێژایی ◊ از عرض
wielder /ˈwiːdə(r)/ *noun*
بەکارهێنەر ◊ استفادەکنندە
wieldy *adjective* (wieldier, wieldiest)
1 رام، ئاسان، سادە، گوێڕایەڵ، سووک 2 بەهێز، بەقەوەت ◊ 1 رام 2 قوی
wiener /ˈwiːnə(r)/ *noun*, also weenie, wienie /ˈwiːni/
1 = frankfurter 2 (رەمەکی) دەزگای پیاو، کیر، کێر 3 (نافەرمی) کەسێکی گەوج و کەر (بنەڕەت: لە *Wienerwurst* ئەڵمانی "سوسیسی ڤیەنا") ◊ 1 کیر، آلت مرد 2 آدم احمق
wienerwurst = frankfurter
wife /waɪf/ *noun*, *pl.* wives
ژن، خێزان، هاوسەر، ئافرەت، خانم (ئەڵمانی بنەڕەت) ◊ خانم، همسر
wifehood /waɪfhʊd/ *noun*
ژنێتی، ژنەواری، هاوسەرێتی ◊ زنی
wifeless *adjective*
بێژن، رەبەن ◊ عزب، مجرد
wifely /ˈwaɪfli/ *adjective*
زنانە: *wifely duties* ◊ زنانە
wife swapping *noun*
(نافەرمی) گۆڕینەوەی ژن، ژن بە ژن، سەربەسەرکردنی ژن. ژنگۆڕینەوە ◊ تاخت زدن زن
Wi-Fi /ˈwaɪ faɪ/ *noun*, *abbreviation* wireless fidelity
(کامپیوتێر) سیستمی ناردنی زانیاری بە کامپیوتێر بە رێگای شەپۆلە رادیۆیی‌یەکانەوە لە جیاتی وایەرلێس ◊ وای‌فای
wifie *noun*, *pl.* wifies
(سکاتلەندی) ژن (جکۆلێنراوی wife) ◊ زن
wig /wɪg/ *noun*
زرپرچ، مووچاخ، کلاوقژ ◊ کلاەگیس
wigeon /ˈwɪdʒ(ə)n/ *noun*, also widgeon
مراوی سەرسوور، نێرەکەی دەنکی فیکەیی‌یە [*Anas Penelope* (ئەوروپا) و *A. Americana* (ئەمریکای باکووری)] ◊ نوعی اردک
wigged *adjective*
بە کلاوقژەوە، بە مووچاخەوە، مووچاخ‌لەسەر ◊ با کلاەگیس
wigging /ˈwɪgɪŋ/ *noun*, also scolding
سەرکۆنە، هەڵکالان، هەڵشاخان، بەسەردانەڕاندن، بەگژداهاتن، بەسەرداگوڕاندن، تی‌خوڕین، پێ‌کردن ◊ سرزنش، پرخاش، گوشمالی
wiggle /ˈwɪgl/ *noun*
لوول‌بوون، قۆرتە(قۆرت)، قۆرت‌خستن، لوولان، لابەلاکردن، تەکان، هەڵتەکان، جوولەجوول، راتلەکان، بەملاوبەولاداکەوتن، پێچ‌خواردن، جوولە، تەکان‌تەکان ◊ تکان، حرکت، وول
wiggly /ˈwɪgli/ *adjective* (wigglier, wiggliest)
1 قۆرت‌خەر، کە قۆرد دەخا 2 پڕپێچ، پێچ‌پێچ، راست نەبێ، پێچەلاوپێچ، پێچەڵپێچ، خواروخێچ، لارووێر، لابەلا، کەڵ‌وکۆم، پڕچەم، قۆرت‌قۆرت، پڕقۆرت ◊ 1 ویگلی 2 موج‌دار، پرانحنا
wight /waɪt/ *adjective*
1 ئافرێنراو، خوڵقێنراو، دروس‌کراو، زیندەوەر، بوونەوەر 2 (وێژەیی) گیان، رۆح، تارمایی، خێو ◊ 1 آفریدەشدە، موجود زندە 2 روح، شبح
wigmaker *noun*
مووچاخ‌فرۆش، مووچاخ‌ساز ◊ فروشندە یا سازندەی کلاەگیس
wigwam /ˈwɪgwæm, US -wɑːm/ *noun*
ویگوام، دەوار یا چادری سوورپێستی ◊ ویگوام
wilco /ˈwɪlkəʊ, US -koʊ/ *interjection*
ویلکۆ، وەرگیرا (پەیامی رادیۆیی و هتد؛ کورتەی *will comply*) ◊ دریافت شد، ویلکو
wild /waɪld/ *adjective* (wilder, wildest), *noun*
adj 1 کێوی، کێفی، لاور، رەوەڵ، رەوێڵ، هۆڤ، ئەنگر، نەگیراو، بۆهاتوو، دەستەمۆنەکراو، دەسازۆنەکراو، سرک، نادەسەڵێن، بەیدەس، نامالی، مالی‌نەکراو: *wild animals/flowers* ◊ *The plants grow wild* ◊ *wild strawberries along the banks of rivers* 2 خۆڕسک، کێویلە، سروشتی، خۆشین‌بوو، دانەچێنراو، 3 کێوی، دەشتی، دەشتەکی: *a wild rabbit* زەوی بوورە، رووتەن، مووش، نەکێڵ، خەرشۆف 4 بێ‌شارستانیەت، دڕندە 5 چۆڵ، ئاوەدان‌نەکراو، سروشتی 6 رەشەبایی، پڕبا، باهاتوو: *a wild night* 7 توند، توندوتیژ، *The sea was wild* بێ‌ئەمان، سەخت 8 تووڕە، ورووژاو، هەژیو، شێتانە، خولیا، بەپەرۆش، تامەزرۆ، شێت: *The crowd went wild* ◊ *She's totally wild about him* ◊ *I'm not wild about the idea* 9 گەوجانە، بێ‌نەخشە، سەنگ‌وسوونەکراو، گۆترە، هەڵنەسەنگێنراو، نازیرانە، لێکەوەنەدراو، بەلان‌ڕێژنەکراو، هەرەمەکی، رەمەکی، دووبەختەکی: *wild accusations* ◊ *He made a wild guess at the answer* ◊ *We had a wild time in New York* *n* 1 سروشتی کاکی‌بەکاکی، وایلد، سروشتی خۆڕسک: *The bird is too tame now to survive in the wild* ◊ *The animals were released back into the wild when they had recovered* 2 (wilds) ناوچە لاپەڕەکان، دەڤەرە چەپەرەکان،

3 *the wilds of Alaska* :مەڵبەندە دوورەکان
ولات و مەڵبەندی چۆل و نەکێڵراو (خۆرسک)
◌ *adj* 1 وحشی، غیراهلی 2 خودرو 3 زمین بایر
4 بی‌تمدن 5 بی‌سکنه 6 توفانی 7 شدید 8
هیجان‌زده، عصبانی، عاشق، مشتاق 9 احمقانه،
حساب‌نشده *n* 1 محیط وحشی 2 (در جمع) مناطق
دورافتاده 3 سرزمین‌های وحشی

wild arum = cuckoo pint

wild ass *noun*

کەرەکێوی، ئەسپەکێوی، گوڕ ◌ گورخر

wild bassil *noun*

(رووەک‌ناسی) ڕیحانە کێویلە، ویژەبرە،
مریس‌مریسۆک [*Clinopodium vulgare*] ◌
ریحان کوهی

wild bergamot *noun*

جۆرێ monarda ی بۆن‌خۆشی ئەمریکای
باکووری، بە گوڵی ئەرخەوانی یان پەمەیی‌یەوە
[*Monarda fistulosa*] ◌ نوعی گیاه

wild camomile *noun*, also bitter chamomile or German camomile

(رووەک‌ناسی) چاوپشیلە ◌ بابونەی دارونی

wild boar *noun*

بەراز، یەکانە، بڕەک، بۆرە ◌ گراز

wild carrot *noun*

(رووەک‌ناسی) گێزەرەکێوی، گێزەری خۆرسک،
گێزەرەدیمی، چەپۆلە؟ [*Daucus carota*] ◌
هویج خودروی

wild card *noun*

1 (یەرین) ژووکێر 2 (کەسێ بە ڕەفتار و هتد)
نەناسراو، پێشبینی‌نەکراو، دیاری‌نەکراو، هۆکاری
نەناسراو یان دیاری‌نەکراو 3 (کامپیوتێر) هێمایێ
کە دەتوانێ هەر یێتێ لە هێندێ دەستووری
کامپیوتێری‌دا بخاتەڕوو ◌ 1 ژوکر 2 عنصر
غیرقابل پیش‌بینی 3 (کامپیوتر) نویسه‌ی عام

wildcat /'waɪldkæt/ *noun* (*pl.* wildcats), *adjective*

n 1 پشیلەی کێوی، گوڕواسە [*Felis silvestris*]؛ bobcat یان felid یکی چکۆلەی
تر 2 مرۆی بەدخولک، بەدخوو، عەبووس،
تووڕە، توند 3 بیرەنەوتی دۆزینەوەیی یان
لێکۆڵینەوەیی *adj* 1 (کار، پرۆژە و هتد)
لێکەوەنەدراو، هەڵنەسەنگێنراو، دووبەختەکی 2
(مان‌گرتن) ناقانوونی، نافەرمی، قاچاخ، قەدەغە،
ڕێگەنەدراو (بێ‌پشتیوانی یەکێتی کرێکاران):
wildcat work stoppages ◌ *n* 1 گربه‌ی
وحشی 2 آدم بدخلق، عصبانی 3 چاه نفت اکتشافی
adj 1 حساب‌نشده 2 (اعتصاب) غیرمجاز

wildcat strike *noun*

مان‌گرتنی ناقانوونی یان نافەرمی (بێ‌پشتیوانی
یەکێتی کرێکاران) ◌ اعتصاب غیرمجاز

wildcatter *noun*

مانگرێ ناقانوونی یان نافەرمی ◌
اعتصاب‌کننده‌ی غیرمجاز

wild celery *noun*

کەرەوزەکێویلە [*Apium graveolens*] ◌
کرفس وحشی

wild cherry = gean

wild duck = mallard

wildebeest /'wɪldəbi:st/ *noun*, gnu, *pl.* same or wildebeests

ئاسکەکێوی ئەفریکایی، گاکێوی ئەفریکایی ◌
گوزن افریقایی

wilderness /'wɪldənəs, US -dərn-/ *noun*

1 کاکی‌بەکاکی، بیابان، چۆلگە، ئاواق، چۆڵەوار،
سروشتی کاکی‌بەکاکی: *The Antarctic is the world's last great wilderness* ◊ *Their garden is a wilderness of grass and weeds*
2 یاتایی، بوار: *the barren -rness of modern life* ◌ 1 برهوت، طبیعت وحشی 2 گستره

wilderness area *noun*

ناوچەیێ کە گژوگیای سروشتی‌یەکەی
دەپارێزرێ و هەر چالاکی‌یێکی پیشەسازی‌یانە و
ڕابواردن لەوێ بەربەندە ◌ وایلدرنس آریا

wildfire[1] /'waɪldfaɪə(r)/ *noun*

1 ئاورگرتنی زووبلاوەبوو، سووتمان، سووتانی
زووتەنیو 2 Greek fire ◌ آتش‌سوزی هولناک

wildfire[2] /'waɪldfaɪə(r)/ *noun*, spread like wildfire

زووبلاوبوونەوە، زووداگرتن، زووتەنینەوە:
Rumours of his death spread like wildfire
◌ انتشار سریع

wild flower *noun*

گوڵەکێویلە، گوڵی خۆرسک ◌ گل وحشی

wildfowl /'waɪldfaʊl/ *noun*, *pl.*

باڵندە یان پەلەوەرە کێوی‌یەکان، مەلی کێوی ◌
پرندگان وحشی

wild garlic = ramsons

wild geranium *noun*

شەمدانی ئاوی، جۆرێ عەترەچایی ئەمریکای
باکووری، بە بۆلی بلاوی گوڵی lavender
[*Geranium maculatum*] ◌ نوعی گیاه

wild ginger *noun*

زەنجەفیلی کێوی(لە، هی ئەمریکای باکووری،
ریشەکەی بۆنی خۆشە [*Asarum canadense*]) ◌ زنجبیل وحشی

wild goose *noun*

(گیانەوەرناسی) سی، قازی کێوی، قولینگ ◌
غاز وحشی

wild-goose chase *noun*

ڕێژگاو، کاری ڕەنج‌بەخەسار، کاری بێهوودە،
کاری هیچەکە، حەولی بێهوودە، تێکۆشانی
بێ‌ئەنجام، بەدواداگەڕانی لەخۆرایی یان بێهوودە:

The police had been sent on a wild goose chase ◌ تلاش بیهوده، جستجوی بی‌سرانجام

wild hemp *noun*

(رووه‌کناسی) کلت، گووشه‌کیویله ◌ کنف وحشی

wild hyacinth = bluebell 1

wild indigo *noun*

گیاهه‌شه‌کیویله: رووه‌کیکی سه‌ربه توخمی Baptisia له خیزانی legume، ب.ت. B. tinctoria که گولی زه‌ردی هه‌یه ◌ کنف وحشی

wilding[1] /'wʌɪldɪŋ/ *noun*

1 گیانه‌وه‌ری کیوی، تیرو، تیروو (وشکانی) 2 کیوی، لاور ◌ 1 حیوان وحشی 2 وحشی

wilding[2] /'wʌɪldɪŋ/ *noun*

گیای کیوی، گیاکیویله، رووه‌کی کیوی (ب.ت. سیوی چولگه) ◌ گیاه وحشی

wild land *noun*

بیابان، چولگه، کاکی‌به‌کاکی، زه‌وی بووره ◌ بیابان

wild lettuce *noun*

خوشه‌تالوو، خاسه‌کیوی، کاهووکیوی، کاهووی ده‌شته‌کی ◌ کاهوی وحشی

wildlife /'waɪldlaɪf/ *noun*

رووه‌ک و گیانه‌وه‌رانی کیوی، سروشتی کیوی یان کاکی‌به‌کاکی، ژیانی خورسکیتی: *a -ldlife habitat/sanctuary* ◌ طبیعت وحشی

wildling *noun*

گیای خورسک، رووه‌کی خوشین‌بوو، گیاکیویله ◌ گیاه خودرو

wildly /'waɪldli/ *adverb*

کیویانه، درندانه، شیتانه، به‌په‌له، په‌شوکاوانه، به توندی، یه‌کجار: *Interest rates have been fluctuating -y* ◌ وحشیانه، شتاب‌زده، فوق‌العاده

wild marjoram = oregano 1

wild mint *noun*

(رووه‌کناسی) پونگه، پنگه، پوودینه، پوونگه، پنگ ◌ پونه

wild mustard *noun*

خه‌رته‌له، تیرپوکه، خه‌رده‌ل یان خه‌رته‌له‌ی خورسک یان کیویله، گه‌رمه‌زن، وه‌ک charlock [توخم Brassica] ◌ خردل خودرو

wildness *noun*

1 سروشتی ده‌س‌لی‌نه‌دراو یا مۆر 2 درندایه‌تی، هۆڤی‌گه‌ری، توندوتیژی، زه‌بروزه‌نگ 3 خورسکیتی، سروشتی‌بوون، خوشین‌بوون 4 ورووژان، هه‌ژان، به‌په‌روشی، تامه‌زرویی، کونترول‌نه‌کراوی، توندی، ده‌س‌به‌سه‌ردانه‌گیراوی، شیتیتی 5 (ده‌ریا) ئالوزبوون، په‌شه‌پولی ◌ 1 طبیعت بکر 2 وحشی‌گری 3 خودروی 4 هیجان، اشتیاق، دیوانگی، عدم کنترل 5 تلاطم

wild oat *noun*

1 په‌رشه‌کیوی: گیایکی سه‌ربه په‌رشه‌ی داچینراوه‌وه [*Avena fatua*] 2 (sow one's wild oats) که‌یفی دنیا بو کردن، کنگی دنیا درین، (به ئیشتیای خو) رادان ◌ 1 نوعی گیاه 2 عشق دنیا را کردن

wild olive *noun*

زه‌یتوونه‌کیویله، سنجوو، سرینجک (شیوه‌ی زه‌یتوون ده‌دا له پیکهاته و میوه و به‌ردا) ◌ سنجد

wild onion *noun*

پیازه‌خووگانه، پیازوک، گونگونه‌سه‌گانه، پیازه‌مشکانه ◌ ویلد آنیون

wild plant *noun*

گیای خورسک، رووه‌کی کیوی(له) یان خورسک ◌ گیاه وحشی

wild pansy *noun*

وه‌نه‌وشه‌ی سی‌ره‌نگ، Johnny-jump-up ◌ بنفشه‌ی فرنگی

wild pink *noun*

میشه‌گیره یان چه‌وروکه‌ی ئه‌مریکایی، به گولی په‌مه‌یی یان مه‌یله‌وسپی [*Silene caroliniana*] ◌ سیلن امریکایی

wild rice *noun*

1 برنجه کیویله (گیایکی دریژی ئاوی، هی باکووری ئه‌مریکا و چین [*Zizania aquatica*]) 2 دانی ئه‌و گیایه (بو خوراک) ◌ برنج وحشی

wild rose *noun*

(رووه‌کناسی) شیلان، نه‌سرین ◌ ویلد رز

wild rye *noun*

چه‌ودانه‌کیویله، قومامه‌کیویله [توخم *Elymus*] ◌ چاودار وحشی

wild sarsaparilla *noun*

گیایکی چه‌ندساله‌ی ئاسایی ئه‌مریکای باکووری له خیزانی ginseng، به ره‌گی بون‌خوشه‌وه، وه‌ک جیگره‌وه‌یکی سارساپاریلای راسته‌قینه به‌کاردیتری [*Aralia nudicaulis*] ◌ آرالیا

wild turkey *noun*

بوقله‌کیویله، قه‌له‌موونه‌کیویله، قه‌له‌کیویله: جوری سه‌ره‌تایی قه‌له ماڵی‌یه‌کان ◌ بوقلمون وحشی

wild type *noun*

(بوماوه‌ناسی) جوری خورسک، چه‌شنی وایلد: phenotype، genotype یان ژین یان تایبه‌تمه‌ندی‌یکی بوماوه‌یی که له نیوان تاکه‌کان له بارودوخیکی سروشتی‌دا زاله و جیاوازه له جوریکی ره‌گه‌زگوراو یان بازداوی atypical mutant نائاسایی یان (هه‌ل)ئاوارته، زاراوه‌یی که به تایبه‌ت له بواری بوماوه‌ی تاقی‌گه‌ری‌دا به مه‌به‌ستی ئاماژه به ئالیلیکی سروشتی (که زورتر به نیشانه + پیشان ده‌دری) یان فینوتایپیکی سروشتی به‌کاردیتری ◌ نوع وحشی

wild vanilla *noun*

ڤانیلاکیویله: رووه‌کیکی گیاناوته composite

ی باشووری رۆژهەلاتی ئەمریکا، گەلاکانی بۆنی قانیلایان هەیە و بۆ تامی توباکۆ بەکاردێتێ [*Trilisa odoratissima*] ◌ وانیلای وحشی

Wild West *noun*

رۆژاوای درندە (یان بێ‌سەرێ‌وبێ‌بەری، هەرێمەکانی رۆژاوای ئەمریکا لە سەرەتای گیرسانەوەی ئەوروپاییەکان لەو ناوچەیە و بێ‌سەروبەرەییان) ◌ غرب وحشی

wildwood *noun*

دارستانی خۆرسک یا سروشتی ◌ جنگل وحشی

wiles /waɪlz/ *noun*

فێڵ، تەڵەکە، دەهۆ، فریو، زۆڵی، قەلەودەلە ◌ نیرنگ، حیله

wilful /ˈwɪlfl/ *adjective*

لاسار، کەللەرەق، سەرسەخت، لا، سەرەڕۆ، لاسارانە، (بە)ئانقەست (wilfully /-fəli/ *adv*: ئاگادارانە، بە ئانقەست، لە رووی زانینەوە، کەللەرەقانە، سەرەڕۆیانە؛ wilfulness *n*: لاساری، کەللەرەقی، لایی، سەرەڕۆیی) ◌ لجباز، یکدنده، با یکدندگی، عمد

wilga /ˈwɪlgə/ *noun*

جۆرێ داری گوڵسپی چکۆلەی ئەوسترالیایی، بۆ وشکەساڵی خۆراگرە، سەرچاوەیێکی بەنرخی تفاقە [*Geijera parviflora*] ◌ نوعی درخت

will /wɪl/ *noun*

1 ویست، ئیرادە، خواست: *to have a strong will* ◊ *It is God's will* ◊ *to have an iron will* 2 پێوەبوون، نیاز، خەیاڵ 3 دەسەلات، ئیختیار، خودداری، بڕیار، لێبڕان، ویست، مەیل، ئارەزوو، ئیشتیا، هۆگری، تاسە، تامەزرۆیی 4 راسپێری، وەسێت، راسپێرینامە، وەسیەتنامە ◌ 1 اراده، خواست، مشیت 2 نیت 3 اختیار، تصمیم، رغبت، میل 4 وصیت، وصیت‌نامه

willet /ˈwɪlɪt/ *noun*, same or willets

جۆرێ sandpiper زلەی ئەمریکای باکووری [*Catoptrophorus semipalmatus*] (بنەرەت: بە لاسایی دەنگی *pill-will-willet*) ◌ نوعی پرنده

willful = wilful

willie = willy

willies /ˈwɪliz/ *noun, pl.*

(نافەرمی) دلەتەپێ، دلەخورپە، دلەراوکێ، ترس، هەستی ناڕەحەتی ◌ دلهره، هراس، ترس

willie wagtail *noun*, also willy wagtail

1 جۆرێ flycatcher ی ئاسایی ئەوسترالیا [*Rhipidura leucophrys*] 2 (نافەرمی، بریتانیا) کلکەهەڵتەکێنەی بەڵەک ◌ ویلی واگتایل

willing /ˈwɪlɪŋ/ *adjective*

پێ‌خۆشبوو، خوازیار، حەزلێ‌کردوو، تامەزرۆ، بەتاسە، بەپەرۆش، تامەزرۆیانە، بەپەرۆشانە، بەدڵەوە: *She's very willing* ◊ *willing support* ◊ *willing helpers/volunteers* ◊ *I'm perfectly willing to discuss the problem* (willingly /ˈwɪlɪŋli/ *adv*: بە دڵەوە، لە دڵەوە، تامەزرۆیانە، بە دڵ: *I would never willingly upset you*; willingness /ˈwɪlɪŋnəs/ *n*: ویست، پێ‌خۆش‌بوون، حەزلێ‌بوون، بەپەرۆشی، تامەزرۆیی، بەتاسەیی: *Success in studying depends on a willingness to learn*) ◌ مایل، مشتاق، مشتاقانه

williwaw /ˈwɪlɪwɔː/ *noun*

باوبۆرانی توند و ناکاو، لە کوێستانەکانەوە هەڵدەکا ◌ ویلیوو

will of God *noun*

ویستی خودا، خواستی خودا ◌ خواست یا مشیت خدا

will-o'-the-wisp /ˌwɪl ə ðə ˈwɪsp/ *noun*

1 = ignis fatuus 2 شتی نەکرد، هیوای بەتاڵ، ئاواتی پرپووچ، تراویلکە، نەخشە یان پلان و گەلاڵەیێکی نەکرد، سەرلێ‌شێوێن، سەرلێ‌تێکدەر، رێ‌لێ‌هەڵەکەر، لەرێ‌دەرکەر ◌ چیز غیرممکن، امید واهی، نقشه‌ی غیرعملی، فریبنده

willow /ˈwɪləʊ, US ˈwɪloʊ/ *noun*

